


مێژووی کوردستانێتیی شاری موسڵ
بەرگی یەکەم و دووەم
2014
مێژووی کوردستانێتیی شاری موسڵ
بەرگی یەکەم و دووەم
Méjwy Kudistanéty
Şari Musil

# مێژووی
# کوردستانێتیی شاری موسڵ

## بەرگی یەکەم

نووسین و لێکۆڵینەوەی
**دەرســـــیم پێشـــــەوا**

دانمارک 2014

**ناوی پەرتووک:** مێژووی کوردستانێتیی شاری موسڵ
**بابەت:** مێژوویی
**نووسەر:** دەرسیم پێشەوا
**تیراژ:** (1000) دانە.
چاپی یەکەم: مانگی ئەیلولی ساڵی (2008)، هەولێر – باشووری کوردستان.
لە بەڕێوەبەریێتی گشتی پەرتووکخانە گشتییەکانی باشووری کوردستان ژمارە (1848)ی ساڵی (2008)ی پێدراوە.
چاپی دووەم: سلێمانی 2014.
**بەرگی پێشەوە:** نەخشەی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)، کە دەسەڵاتدارانی عوسمانی لە ساڵی (1893)دا چاپیان کردووە.
**بەرگی دواوە:** نەخشەی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)، کە لە لاپەڕە (12)ی ئەتڵەسی کەرکوک وەرگیراوە.
**دیزاینی بەرگ:** سەیوان ئەمین.
مافی لە چاپدانەوەی تەنیا بۆ نووسەرە.
بۆ پێوەندیکردن بە نووسەر، ئەو فەیسبووک و ئیمێیڵەی خوارەوە بەکاربێنە:
Dersim Peshewa
Darsim2009@gmail.com

## پێشـــــــکەشە:

**ئەم بەرهەمە نۆبەرەیەم پێشکەشە بە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان و زیندانییە ڕامیارییەکانی کورد و کوردستان.**

# نـــــــــاوەڕۆک:


- بەشی یەکەم (7-373).
- چەند وتەیەکی پێویست (8).
- پێشەکی چاپی دووەم (9-10).
- گوتەی مامۆستا عەبدولواحید دیبەگەیی بۆ چاپی یەکەم (11-13).
- پێشەکیی چاپی یەکەم (14-18).
- دەربارەی ویلایەت و شاری موســــڵ یان نین ئاوا (نون ئاوا)ی کۆن (19-32).
- فەرمانڕەواکانی موسڵ و والییە کوردەکانی سەردەمی عوسمانییەکان (33-55).
- گرنگیی شارو پارێزگای موسڵ بۆ کورد و باشووری کوردستان (56-57).
- بەراوردێک لە نێوان پێوەندییەکانی هەر یەک لە کورد و عارەب بە نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی ترەوە (58-86).
- کێشەی ویلایەتی موسـڵ: پەیماننامەی سایکس پیکۆ (ئەنگلۆ - فەرەنسی)، دەقی خاڵەکانی پەیماننامەی سایکس پیکۆ، بەندەکانی پەیماننامەکە (87-98).
- ئاگربەستی مۆدرۆس (99-104).
- کۆنگرەی ئاشتیی پاریس (105-130).
- کۆنگرەی کارگێڕە فەرمییەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی (131-133).
- کۆنگرەی یەکەمی لەندەن (134-135).
- کۆنگرەی سان ڕیمۆ (136-146).
- پەیماننامەی سێڤرە (147-178).
- کۆنگرەی گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست (179).
- کۆنگرەی دووەمی لەندەن (180-185).
- کۆنگرەی قاهیرە (186-198).
- کۆنگرەی یەکەم و دووەمی لۆزان و پەیماننامەی لۆزان (199-220).
- پەیماننامەی (10.10.1922)ی نێوان بەریتانیا و ئێراق (ئەنگلۆ – ئێراقی). (221-226).
- کۆمیسیۆنی توێژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ و لکاندنی ویلایەتەکە بە ئێراقی عارەبییەوە (227-251).

- ئێراقی دوای لکاندنی باشووری کوردستان (252-265).
- دامەزراندنی حکومەتی باشووری کوردستان لە لایەن شێخ مەحمودی نەمرەوە (266-301).
- هۆکارەکانی لکاندنی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بە ئێراقەوە، یەکەم: هۆکارە دەولییەکان، دووەم: هۆکارە ناوخۆییەکان (302-325).
- ئێزیدی کوردی ڕەسەنە لە باشووری کوردستان، سەرچاوەکانی ئێزیدی کوردی ڕەسەنە لە باشووری کوردستان (326-355).
- شەبەک کوردی ڕەسەنە لە باشووری کوردستان، سەرچاوەکانی شەبەک کوردی ڕەسەنە لە باشووری کوردستان (356-368).
- سەرچاوەکانی بەشی یەکەم (کێشەی ویلایەتی موسڵ). (369-373).
- بەشی دووەم: مێژووی کوردستانێتیی شاری موسڵ لە بەڵگەنامەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکاندا (374-425).
- بەشی سێیەم: مێژووی کوردستانێتیی شاری موسڵ لە بەڵگەنامە بیانییەکاندا (426-614).
- بەشی چوارەم: مێژووی کوردستانێتیی شاری موسڵ لە بەڵگەنامە عوسمانی و تورکییەکاندا (615-662).
- بەرگی دووەمی مێژووی کوردستانێتیی شاری موسڵ (663-1327).
- بەشی پێنجەم: مێژووی کوردستانێتیی شاری موسڵ لە بەڵگەنامەکانی ئێراقی و عارەبیدا (664-792).
- بەشی شەشەم: مێژووی کوردستانێتیی شاری موسڵ لە بەڵگەنامە کوردییەکاندا (793-1294).
- دەرئەنجام (1295-1297).
- ڕاسپاردەکان (1298-1299).
- چەمکی ناوی کوردستان (1300-1309).
- وەڵامێک بۆ ڕەگەزپەرستانی عارەب، تورک و فارس (1310-1312).
- خوێندنەوەی دادوەر قاسم محەمەد مستەفا بۆ پەرتووکی مێژووی کوردستانێتیی شاری موسڵ (1313-1318).
- پەرتووکی مێژووی کوردستانێتیی شاری موسڵ بۆ چاپ نەکرا (1319-1327).

# بەشی یەکەم

هەواڵنامەی کتێب

# چەنـد وتەیەکـــــی پێویست:

پێویستە ئەوە باس بکەم کە:

1- بۆ نووسینی بەشی یەکەمی پەرتووکەکەم واتە (دەربارەی شاری موسڵ، کێشەی ویلایەتی موسڵ، کۆنگرە و پایماننامەکان، ئێراقی دوای لکاندنی باشووری کوردستان، دامەزراندنی حکومەتی باشووری کوردستان و هۆکارەکانی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە ئێراقەوە) بەشێوەیەکی گشتی سوودم لە بەشێکی ئەم سەرچاوانە وەرگرتووە کە بۆ نووسینی ئەو پەرتووکەم بەکارم هێناون. سوودی زۆریشم لە ماڵپەڕی ویکیپیدیا بە زمانەکانی دانمارکی، کوردی، عارەبی و ئینگلیزی وەرگرتووە لەگەڵ سەرچاوەکانی بەشی یەکەم کە لە کۆتایی ئەو بەشە ئاماژەم پێکردوون.

2- لە بری پەیماننامەی سیڤەر کە بە هەڵە لە زۆربەی سەرچاوە کوردییەکاندا نووسراوە، ناوە ڕاستییەکە (سیڤرە)م بەکارهێناوە.

3- ئێراقم بەکار هێناوە لە بری عێراق، چونکە یەکەمیانم پێ ڕاستترە.

4- (کۆمەڵەی نەتەوەکان)م بەکارهێناوە لە بری (کۆمەڵەی گەلان)، کە یەکەمیانم پێ ڕاستترە.

5- چەندی بۆم کرابێ لەکاتی وەرگرتنی دەقێکدا، وشە بێگانەکانم گۆڕیوە بۆ کوردییەکی پەتی، هەروەها لەکاتی وەرگێڕانیشدا هەمان شتم کردووە.

6- لەکاتی نووسینی ناوی کوردستان و کورد بە عارەبی، لە بری (کردستان و الاکراد)، وشەکانی (کوردستان و الکورد)م بەکارهێناوە کە بە ڕاستترم زانیون.

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی چاپی دووەم:

هیوادارم بەری ڕەنج و تێکۆشانی نزیکەی هەشت ساڵی نووسینی ئەم پەرتووکەم، سوود بە کورد و پرسی کوردستان بگەیەنێت. پەیامی سەرەکی و بنچینەیی من لەو لێکۆڵینەوە مێژووییەدا بریتییە لەم چەند خاڵەی خوارەوە:

1. ڕاستکردنەوەی نەخشە و سنووری خاکی باشووری کوردستان بەوەی کە تەواوی پارێزگای موسڵ بە شاری موسڵ-ەوە بخرێتە ناو سنووری هەرێمی کوردستان (باشووری کوردستان). بەڕاستی جێگەی داخە کە ئەو نەخشەیەی دەوڵەتی عوسمانی کە لە ساڵی (1893)دا بۆ ویلایەتی موسڵ کێشراوەو، لەسەر نەخشەکە نووسراوە کوردستان کە شاری موسڵ-یش دەگرێتەوە، کەچی ئەو نەخشانەی دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (1991)، کە لە لایەن کورد و حکومەتی کوردییەوە لە چاپ دراون، شاری موسڵ نەخراوەتە ناو سنووری باشووری کوردستان.
2. بەگوێرەی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە بەڵگەنامە، دیدو بۆچوونی گەڕیدە، جوگرافیناس، مێژوونووس، پسپۆر، ئەکادیمی، ڕۆشنبیران و سەرکردەکانی دۆست و دوژمنانمان، شاری موسڵ شارێکی کوردی و بەشێک بێت لە خاکی باشووری کوردستان، کەچی جێگەی نیگەرانییە ئەگەر مێژوونووس، جوگرافیناس، پسپۆر، ڕۆشنبیران، سەرکردە و بەرپرسی کورد هەبن ئەم شارە کوردستانییە، بە شارێکی کوردی یان بە بەشێکی خاکی کوردستان نەزانن.
3. پێوانەی هەرێمی کوردستان (باشووری کوردستان) نزیکەی (130.000) سەد و سی هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە دەبێت، کەچی کورد خۆی بە پشتبەستن بە خەمڵاندنی دوژمنانی کورد بۆ پێوانەی باشووری کوردستان، پێوانەکەی بە (86.000) هەشتاو شەش هەزار کیلۆمەتری چوار گۆشە دادەنێن. بۆیە زۆر گرنگە ئەم زانیارییە هەڵەیەش ڕاست بکرێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

پێویستە ئەوە بڵێم کە چاپی یەکەمی ئەم پەرتووکەم لە مانگی سپتێمبەری ساڵی (2008)دا لە دوو بەرگدا بەچاپ گەیشت، بەڵام چاپی دووەم بە بیانوی ئەوەی گوایە کەموکوڕی و هەڵەی تیایە و ئەوان چەندان تێبینییان لەسەر ناوەڕۆکی پەرتووکەکەم هەیە، لەلایەن فەرید ئەسەسەردی بەرپرسی (مەکتەبی بیرو هۆشیاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)دا کە ئێستاکە ناوەکەی بۆتە (مەکتەبی هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران/ ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران) ڕێگەی پێنەدرا ڕووناکی ببینێت. لە کۆتاییدا هیوادارم ئەوانەی کە شارەزای مێژوون، مێژوونووسن یان پسپۆرن لەم بوارەدا بۆ ڕاستی و ناڕاستی قسەکانی فەرید ئەسەسەرد بەچاوی دەستنیشان کردنی کەموکوڕی و هەڵەکان خوێندنەوەیەک بۆ ئەم پەرتووکەم بکەن و دواتر ئاگادارم بکەنەوە. ئاواتەخوازم بە گەیاندنی ئەم پەرتووکە بە پەرتووکخانەی کوردی و خوێنەران، توانیبێتم خزمەتێکی بچووک بە کورد و کوردستان بکەم و بەشێکی کەم لەو ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییەی کە لەسەر شانمە جێبەجێم کردبێت. هەروەها داوای لێبووردن لە تەواوی خوێنەران دەکەم ئەگەر هەر هەڵەیەکم کردبێت، لە هەمان کاتدا سوپاسی زۆری ئەو کەسانە دەکەم کە هەڵەکانم بۆ ڕاست دەکەنەوە.

دەرسـیم
چوارشەممە (16.3.2011)
دانمارک – هۆرسنس

هەواڵنامەی کتێب

# گوتەی مامۆستا عەبدولواحێد دیبەگەیی بۆ چاپی یەکەم:

دەرسیم پێشەوا، لە ئاگردانێکی نیشتمانپەروەر چاوی هەڵێناوە، بەرلەوەی پێنووس ئاوێزانی بێ، هێشتا هەرزەکار بوو پەنجەی لەو کونانە وەردەدا کە بۆنی کوردایەتی لێوە دەهات.... دۆستایەتی ئەو گروپ و ئایدۆلۆژیایەی دەکرد کە دروشمی گوزارشتی ڕزگارکردنی کورد و کوردستانی دەکردە بەرنامەی خەباتی. ڕقی لە وێرانکارو هۆکارو ئالێیەتی وێرانکردنی کوردستان دەبۆوە، بەو قەدەرە خاکی وڵاتی خۆی خۆشدەویێ کە هەموو بڕوبیانوەکانی گەمەی کاتی و ستراتیژیەتی پارتایەتی تەسک و خۆپاڕێزی ڕەتدەکاتەوە، ئەم یەک هەڵوێستیەی هاندەری نەحەوانەوەی بوو لە کوردستان! چونکە ئەو سیاسەتی (زمان لووسی زگ ڕەشی) تەڵاق دابوو!

ئەو مرۆڤە هەست و دەستپاکە، هێندە بە دۆغری بۆ کورد و وڵاتەکەی لە خەمدابوو تا زیندانە ترسناکەکانی بەعس دەستیان لە هەوکێ نا، هێندەی نەمابوو (ملی) بە پەتەکەوە بکرێ، بەڵام یەغباری هێناو دەرچوو. دەرسیم جگە لە خەباتی بێ هەدادانی خۆی، براو چەندانی تری لە خانەوادەکەی خۆی کردۆتە قوربانی خاک و نەتەوەی کورد. شەپۆڵەکانی هزری ئەو ئاپری بوو لەگەڵ چەمکە جۆراو جۆرەکانی قادێکە (مەیدان)! ئەو خۆی بە لاگیری کورد و کێشە ڕەواکەی دەکرد نەک دۆزی کورد بە لاگیری خۆی بکات.

ئەوەندەی لێم دیاربوو نەدەحەحجما. دوای ئەوەی سێپارەی گەمە جۆراو جۆرەکانی خوێندەوە، نائومێدی بەربینگی گرت، چونکە ئەوەی ئەو سێرەی لێگرتبوو، تیرەکان بە پێچەوانەوە هەڵدەدران! ئەو زوو تێگەیشت لەبارترین بارودۆخ گۆڵمێک بە کورد پیشان دەدرێ، بەڵام گاییکی لێ دەدزرێ! ئەو بۆ دزینی (کەستەکێکی) کورد روندک هەڵدەڕێژێ، کەچی لەبەر هەندێ هۆکاری دەرەکی و ناوەکی، ناوچەو شاری کوردان قووت دەدرێ!! ئەو خۆی لە گێلی نەدا چونکە چاوی لەخۆ لەوەڕاندن نەبوو، بۆیە ناچارما هەڵگەڕێتەوە و یاخی بێ لە هەموو ئەو دیاردانەی کە زیان بە کورد و کوردستان دەگەیەنن!!

ئەوەتا ئەمڕۆ سەرەڕای ئەوەی لە هەندەران بە جەستە سەقامگیرە، بەڵام بە دڵ و بە بیرکردنەوە نەک هەر لە خەمی کوردان دایە بەڵکو ڕۆژ و شەو لێک گرێدەدا تا کورد لەو خەوە گرانەی وەئاگابێنێ و ڕاستییە دەمامکدراوەکانی بۆ ئاشکرا بکات!

ئەو لەوێڕا تەقە لە هەر کەسێک و پلە و پایاییێک دەکا کە ڕێخۆشکەربن بۆ تێچۆڵاندنی بستێک زەوی کورد، وەک شیرێکی هەڵکێشرا و ناچێتەوە ناو کالانی خۆکرکردن و، پێ لێخشاندن، تەتەرێکی گەڕۆکە بەدوای زانیاری کۆکردنەوە. دەیەوێ هەگبەکەی تژی بکات لەو کەرەستەو تفاقانەی کە بە بەڵگەی دادگایی دان بنرێت بەو تاپۆیەی کە وەک پۆشاک دراوە بە بەژنی وڵاتەکەی، بۆیە بەگژ درۆ، پیلان و دزیندا دەچێتەوە. کورد بەسەرزارەکی دەڵێ چیای حەمرین تخوبی ناوبژی نێوان کورد و عارەبە، ئەو دەیەوێ ئەو شوێنە بکا بە مەزاری خۆی. بە بەڵگەو دیکۆمێنت ... ئەوەتا وەک سەرپاڵەی بۆواری لێکۆڵینەوە سەر بەهەر کونج و کەلەبەرێکدا دەگرێت کە زانیارییەکی لێ چەنگ کەوێ دەربارەی ئاخا کوردستانێ ... ئەگەر تائێستا خاکی کوردستان وەک ڕەوسە شەنەبای پێکراببێ و! یان لێرەو لەوێ بەهەر برِو بیانوویێک مقەسی لێ وەگەر خرابێ! ئەو دەیەوێ تیلمەکانی کۆبکاتەوەو بەنەیارانی بڵێ (داوی درۆ کورتە)، ئەوەندەی من ئاگام لێ بێ لە ساڵی (2003)دا ئەوکاتە من لە سوێد بووم جارێک هاتە سەردانم کە ساڵانێک بوو لێک دابڕابووین پێم وانەبوو دەرسیم لەو ماوەیەدا بیری هێندە گەشەی کردبێ، بەڵام کە ئاڵ و گۆڕی زانیاریەکانمان کرد دیتم نەک هەر گۆڕانێکی زۆری بەسەر داهاتووە بەڵکو ملی لەبەر کارێکی زۆر سەخت ناوە کە بە ڕاستی هەر کەسێک ناوێرێ خۆی لە قەرە بدات، ئەویش دنەدانی کێشەی شاری – نەینەوا = نوون ئاوا = نین ئاوایە .. چونکە خودی ئەم شارە لەوەتەی بنیات نراوە جگەلەوەی بە درێژایی ڕۆژگار بێ کێشە نەبووە، هەر گەلێک دەستی گەیشتبێتێ هەوڵیداوە بەناوی خۆی تاپۆی بکات، هەر ئەمەش ئاڵۆزکاندوویەتی، بۆیە دەبوو پێشی دەرسیم سەرکردەکانی کورد لێی وەخۆ کەوتبان بۆ بەخاوەن کردنەوەی!! دوای ئەوانیش پسپۆرەکانمان لە زانکۆکانی کوردستان دەیان لێکۆڵینەوەو تۆژینەوەی دەربار ئەنجام بدەن و کاریان لەسەر ناسینەوەی بکردبا، بەڵام مخابن! برێ سەرکردایەتی کورد لەسەر ئاستی زۆر بەرز سایلی عارەب ئەم شارە کۆنەی کورد بەهی عارەب دەزانن!! ئەمەش زەنگێکی ترسناکە!! ئەگەر دۆزەکە (مەسەلەکە) دیبلۆماسیەتە قەت ئەوە ناچێتە پێتەرازووی

دیبلۆماسیەت!! چونکە کورد دەڵێ: ((کەس بۆی نیە پیاوەتی بە ماڵی کەس بکات))!! ئەکادیمینستەکانیشمان ((سەریان نایەشێ تا سێتای لێ بئاڵێنن))!! .......

لە ڕاستیدا کە دەرسیم پرۆژەی بەخاوەن کردنەوەی (ویلایەتی موسڵ)ی پێگوتم، من پێم وابوو وڕێنە دەکات، چونکە کارێک کە لە قەوامی سەرکردایەتی کورد و پسپۆران و زانکۆکانمان نەبێ ئەو بەتاکە باڵی و بەم بێ کەم تفاقیە چۆن دەتوانێ خۆی لە قەرەی کارێکی ئاوا بدات .. لای من ئەو بیرۆکەیە هێشتا لە قۆناغی گاگۆڵە کردندابوو. ڕۆژێ (داوەتی) دانیمارکی کردم. کە خۆی لەوێ نیشتەجێیەو لەگەڵ سوێد هەر ئاویان نێوانە، من بە کەشتی پەڕیمەوە ئەویش لەوبەر خۆی و دڵپاکی هاوسەری و هەر دوو کچۆڵە خونچەکانی (سۆکار و سانا) پێشوازیان لێکردم، ئیدی بەرەو ماڵەوەیان کەوتینە رێ ... دەرسیم هەر هێندە بواری دام تا هیلاکی ڕێگا لە لەشم وەک گەڵای پایز هەڵوەری، ئیدی قەزاتەی هێنایە گۆڕێ و شەن و کەوی کردم بە پرسیاران ... دیتم ئەو بیرۆکەیەی کە لە سوێد لێوەی دەدوا لە دانیمارک کردوویەتی بە بەرنامەی کاری، زانیاری و دیکۆمێنتێکی زۆری دەربارەی بابەتەکە کۆکردبۆوە دوای کەین و بەینێکی زۆر دیتم شاکارێکی ئەنجام داوە، لێرەوە دەمەوێ بڵێم هەق وایە، زانکۆکانمان ئەو دەرگایە بکەنەوە ئەوەی داهێنان و شاکاری وا مەزن پێشکەش دەکەن – باوەرنامەی دکتۆرای فەخریان – پێ ببەخشێ)) ....

بە ڕاستی ئەم کارەی دەرسیم پێشەوا کودەتایەکە لەسەر پێکهاتەی هزرە دەق پێگیراوەکەی ڕۆشنفکری کورد، شایستەی ڕێزلێنان و بایەخ پێدانە ...

دەک ئافەرین پێنووسەکەی دەشتی هەولێر بۆ ئەو بەرهەمە دەگمەنە.

عەبدولواحێد دیبەگەیی
تۆژەرەوەی بواری مێژوو
شەممە (28.6.2008).

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکیی چاپی یەکەم:

ئامانجم لە نووسینی ئەم پەرتووکەدا بە پلەی یەکەم خستنەڕووی ڕاستییەکان و خزمەتکردنی نەتەوەی کورد، خاکی کوردستانی نیشتمانمانە، بە پلەی دووەمیش دەوڵەمەندکردنی پەرتووکخانەی کوردییە سەبارەت بە خاوەنداریێتی ویلایەتی موسڵ بەشێوەیەکی گشتی و کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ بەتایبەت، کە پێم وایە تا ئێستاکە هیچ لێکۆڵینەوەیەک، توێژینەوەیەک، ماستەرنامەیەک و دکتۆرایەک لەسەر پرسی کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ نە نووسراوە!! ئەوەی لەم پەرتووکەدا دەمەوێت هەوڵی بۆ بدەم لە لایەک پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە گەورەیە، کە لە پەرتووکخانەی کوردستانیی و کوردی بەدیی دەکەم، لە لایەکی تریشەوە هەوڵی ئەوە دەدەم لە ڕێگای چەندان بەڵگەنامە و بۆچوونی کەسانی جیاجیاوە کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ بسەلمێنم. لەوانەشە یەکێک لە هۆکارەکانی نووسینی ئەم بابەتەم بە بێ ئەوەی خۆم ئەوەندە هەستم پێکردبێت، ئەوەبێ کە خۆشم یەکێکم لە قوربانیانی سیاسەتی شۆڤینیستانەی ڕاگواستنەوەی زۆرەملێیانە و بەعارەبکردن لە باشووری کوردستان، لە لایەن عارەبی ڕەگەزپەرست و داگیرکەری فەرمانڕەوا لە ئێراقدا، کە لە ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی (22.8.1987)دا، دانیشتوانی شارۆچکەی دیبەگە کە نزیکەی (12) هەزار کەس دەبوون، بەزۆر بەرەو شارۆچکەی (خەبات)ی نێوان هەولێر و موسڵ ڕاگوێزران، دوای ئەوەی بڕیاری ژمارە (442)ی ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی (18.7.1987)ی (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش)ی حزبی بەعس و سەدام حوسێن تکریتی، کە هەڵوەشاندنەوەی هەر دوو شارەدێکانی دیبەگە و خۆشناوی ڕاگەیاند - سەرچاوە: (الوقائع العراقية، ژمارە (3160)، ڕێکەوتی (27.7.1987)، ل452، گۆڤاری ئەنفال، ژمارە دوو، دڵشاد تاڵەبانی، ل175-189)، دواتر لە ڕۆژی (1996.12.2)دا بەپێی فەرمانێکی کۆماری لەگەڵ تەواوی قەزای مەخمور بە پارێزگای موسڵ-ی بەستنەوە.

بۆ سەلماندنی کوردێتیی و کوردستانێتیی نەک تەنیا شاری موسڵ، بەڵکو تەواوی ویلایەتی موسڵ بە پارێزگاکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی، دیالە و هەر یەک لە بەدرە، زڕباتیە و جەسان لە پارێزگای واست (کوت) و، عەلی غەربی،

عەلی شەرقی، شێخ سەعد و تەیب لە پارێزگای میسان (عەماره)، بەڵگەی یەکجار زۆر هەن، بەڵام ئێمە لەم پەرتووکەدا هەوڵ دەدەین بە گوێرەی بەڵگەنامە جیاجیاکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان و کۆنگرە و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان، بەڵگەنامە ئێراقی و عارەبییە ئیسلامییەکان، بەڵگەنامە عوسمانی و تورکییەکان، بەڵگەنامە بیانییەکان و بەڵگەنامە کوردییەکان بیسەلمێنین کە شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە خاکی باشووری کوردستان بووە. بەڵگەکانیش بریتین لە دوکۆمێنتی نێودەوڵەتی، بەڵگەنامەی مێژوویی، جوگرافی، بیرو بۆچوونی شوێنەوارناس و گەڕیدەکان، بیرو بۆچوونی پسپۆران، مێژووناسان، جوگرافیناسان، دیپلۆماتکاران، سیاسەتمەداران، سەرکردەی وڵاتان و نووسەران.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دواوە، بۆمان دەردەکەوێت کە ویلایەتی موسڵ و شاری موسڵ هیچ پێوەندییەکیان بە عارەب و ئێراقەوە نەبووە، تاوەکو ڕۆژی لکاندنی ئەو ویلایەتە لە لایەن (کۆمەڵەی نەتەوەکان)ەوە لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا بە دەوڵەتی ئێراقی عارەبییەوە، کە ئەوکاتی پێکدەهات لە (ویلایەتەکانی بەغداو بەسرا). بێگومان ئەو بڕیارەی کۆمەڵەی نەتەوەکان، بڕیارێکی زۆر نابەجێ و ستەمکارانە بوو، چونکە دژی خواست و ئاواتەکانی نەتەوەی کوردمان بوو، بەتایبەت کە کورد لەو ڕاپرسیەی کە بۆ لکاندنی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) ئەنجام درا، دژی وەستایەوە، دانیشتوانی شارەکانی سلێمانی و کەرکوک هەر دەنگیان نەدا، هەروەها دانیشتوانی پارێزگاکانی هەولێر و موسڵ (نەینەواو دهۆک) بە مەرجێک دەنگیاندا کە حکومەتێکی کوردی لە ویلایەتی موسڵ لە چوارچێوەی ئێراقدا بۆ کورد دامەزرێنن! کەچی کۆمەڵەی نەتەوەکان گوێی لە کورد نەگرت و لکاندنەکەی بەزۆر سەپاند. جا لەبەر ئەو هۆکارە ئەو لکاندنە زۆرەملێیانە، لکاندنێکی نایاساییەو یەکگرتنێکی ئارەزوومەندانە نییە تاوەکو شێوەیەکی یاسایی وەرگرتبێت!

ئەو مەرجانەی کە بۆ لکاندنەکەش دایان نابوو، هیچی جێبە بێ نەکرا، کەواتە لکاندنە زۆرەملێ و مەرجدارەکەش، لکاندنێکی یاسایی نییە، چونکە هیچ کام لەو مەرجانەی کە لکاندنەکەی پێوە بەندکراوە، تاوەکو ئێستاش جێبەجێ نەکراون!! بۆ نموونە بە گوێرەی بەندەکانی (62، 63، 64)ی پەیماننامەی سێڤرە، دەبوایە کۆمەڵەی نەتەوەکان سەرپەرشتی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بکات لە باکووری کوردستان، دواتریش ئەگەر کوردەکانی ویلایەتی موسڵ ئارەزوویان کرد بچنە پاڵ

ئەو دەوڵەتە کوردییە، ئەوکاتە تەواوی ویلایەتی موسڵ بۆی هەبوو بچێتە پاڵ دەوڵەتە کوردییەکەی باکووری کوردستان. بەڵام کۆمەڵەی نەتەوەکان خۆی کرکرد، نە دەوڵەتە کوردییەکە دامەزراو نە ویلایەتی موسڵ-یش چووە پاڵی. جگە لەوەش مەرجەکانی بڕیاری کۆمەڵەی نەتەوەکان بە لکاندنی باشووری کوردستان بە ئێراقی عارەبی لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا، چوار خاڵی لەخۆدەگرت، کە بە گوێرەی خاڵی سێیەم دەبوایە ئێراق زمانی کوردی بکات بە زمانی فەرمی لە تەواوی دامودەزگاکانی ویلایەتی موسڵ و، بە گوێرەی خاڵی چوارەمیش دەبوایە بەریتانیای مەزن بەرنامەی مافی بەڕێوەبەرێتی دانیشتوانی کوردی ویلایەتی موسڵ بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان بەرزکاتەوەو، ڕاسپاردەکانی (کۆمیسیۆنی توێژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ) سەبارەت بە ویلایەتەکە جێبەجێ بکات. کە هیچ لایەکیان نە ئێراق و نە بەریتانیا جێبەجێیان نەکردن! هەروەها بە گوێرەی بڕیاری کۆمیسیۆنی ناوبراو لە سەرەوەدا، کە ئەو کۆمیسیۆنە سەر بە کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە بووە، لە خاڵێکدا مەرجی ئەوەی دانابوو ئەگەر هەرکاتێک دەسەڵاتدارانی عارەبی ئێراق، نکۆڵیان لە ناسنامەی نەتەوەیی ناوچەی کەرکوک کرد (کە ناسنامە نەتەوەییەکەی ناسنامەی کوردێتییە)، ئەوکاتە بڕیاری کۆمەڵەی نەتەوەکان سەبارەت بە لکاندنی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) هەڵدەوەشێتەوە - سەرچاوە: (مام جەلال: لە پەیامی ساڵی (2005)دا بۆ جەماوەری کوردستان مام جەلال: پێویستە بە بەشداری چالاکانە بوونی کورد لە ئەنجومەنی نیشتمانی داهاتوودا بسەلمێنین – کوردستانی نوێ، ژمارە (3562)، ڕۆژی دوشەممە، ڕێکەوتی 3.1.2005). بە درێژایی (90) ساڵەی تەمەنی حکومەتی ئێراق هەر لە (25.10.1920-10.5.2010)، کە ماوەی ئەو حەوت ساڵەی دوای ڕوخانی سەدامیشی لەگەڵدا بێت، دەسەڵاتدارانی عارەبی داگیرکەری ئێراق، نەک تەنیا نکۆڵیان لە ناسنامەی کوردێتییو کوردستانێتیی ناوچەو شاری کەرکوک کردووە، بەڵکو هەمیشە هەوڵی تواندنەوەو لەناوبردنی کوردیان داوە لە پارێزگای کەرکوک و تەواوی ناوچەکانی تری باشووری کوردستان. بۆیە بڕیاری لکاندنی زۆرەملێیانەی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بە ئێراقی عارەبەوە لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە، بە گوێرەی مەرجەکەی خۆیان پووچەڵ بۆتەوەو هیچ بایەخێکی یاسایی نەماوە. هەر دوای لکاندنی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا بە ئێراقی

هەواڵنامەی کتێب

عارەبییەوە، میری بەریتانیا لە ڕێکەوتی (24.2.1926)دا، گەرەنتی دابینکردن و بەدەست هێنانی مافی نەتەوایەتی کوردی لە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)دا، دا بە کۆمەڵەی نەتەوەکان. کەچی گەرەنتییەکە هیچ سوودێکی بۆ کورد لێ نەکەوتەوە.

کۆمەڵەی نەتەوەکان، لە ڕێکەوتی (28.1.1932)دا، دوو مەرجی دانا بۆ وەرگرتنی دەوڵەتی ئێراق وەک ئەندامێکی هەمیشەیی ئەنجومەنی کۆمەڵی نەتەوەکان، کە بریتیبوون لە ڕێزگرتن و مسۆگەرکردنی تەواوی مافەکانی مرۆڤ و دامەزراندنی بەڕێوەبەرێتیەکی کوردی لە تەواوی ویلایەتی موسڵ، هەروەها مسۆگەرکردنی تەواوی مافی کەمە نەتەوەکان و ئازادبوون لە هەڵبژاردنی ئایین و ئایینزاکان. بەهۆی سەپاندنی دوو مەرجەکەی (کۆمەڵەی نەتەوەکان) بەسەر ئێراقدا سەبارەت بە وەرگرتنی وەکو ئەندامێکی هەمیشەیی ئەو کۆمەڵەیە، میری ئێراق لە ڕۆژی (19.5.1932)دا، ڕاپۆرتێکی بۆ ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان بەرزکردەوەو، لە یاسایەکدا دانپێدانانی خۆی بە مافە نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتییەکانی کورد دەربڕیبوو. کەچی بۆ ئەمەشیان، نە ئێراق مافەکانی نەتەوەی کوردی سەلماند، هەروەها نە کۆمەڵەی نەتەوەکان لە دوو مەرجەکانی خۆی پێچایەوە.

نوری سەعیدی سەرۆک وەزیرانی ئێراق، لە دەربڕینێکی (16) برگەییدا کە لە ڕۆژی (30.5.1932)دا ڕایگەیاند و، بە گوێرەی مادەی دووی ئەو ڕاگەیاندنە کە لە دوو خاڵ پێکدێت، گەرەنتی پاراستنی تەواوی ژیانی دانیشتوانی ئێراق دەکات، بە بێ جیاوازیکردن لە نێوان نەتەوە، زمان، ڕەگەز و ئایین، هەروەها گەرەنتی ئازادی هەڵبژاردنی هەر ئایین و ئایینزایەک بۆ هەر دانیشتویەکی ئێراق. هەروەها لە مادەی (9)ی هەمان دەربڕیندا، کە لە سێ خاڵ پێکدێت، خاڵی یەکەم باسی بە فەرمی کردنی زمانی کوردی دەکات شانبەشانی زمانی عارەبی لە تەواوی پارێزگاکانی (موسڵ (نەینەوا+دهۆک)، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی)، بەتایبەت لەو قەزایانەی کە زۆربەیان کوردن. هەروەها دوای ئەوەی ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕۆژی (24.10.1945)دا، دامەزرا، کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ڕێکەوتی (18.4.1946)دا خۆی هەڵوەشاندەوە و بڕیارێکی دەرکرد بۆ گواستنەوەی گشت پەیماننامە و بڕیارە نێودەوڵەتییەکانی پێشوو بۆ ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان بەبێ هیچ دەستکاریی و گۆڕانکارییەک، ئەو بڕیارەش لە لایەن ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان

پەسەندکرا. بە گوێرەی مادەی (27)ی یاسای (دادگای دادپەروەری نێودەوڵەتی) ڕێگای پێویست دەگیرێتە بەر لەکاتی جێبەجێ نەکردنی ئەو بڕیارەدا. بەڵام نە ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەیدا کە پێشتر لە بەرژەوەندی کورد درابوون، وە نە دادگای دادپەروەری نێودەوڵەتی ڕێگای پێویستی گرتەبەر.

سەرەڕای هەموو ئەمانەش بە گوێرەی ئەو بەڵگەنامانەی کە تاوەکو ئێستاش لە بارەگای (ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان) پارێزراون، دەیسەلمێنن کە شارو ویلایەتی موسڵ خاک و نیشتمانی کوردن. مادام بە گوێرەی ئەو هەموو بەڵگەنامانەی کە لەم پەرتووکەدا خراونەتە ڕوو بۆ سەلماندنی کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ، کەواتە لەسەر هەموو ئەوانەی لە سەرکردایەتی کورد، مێژوونووسانی کورد، جوگرافیناسانی کورد، شوێنەوارناسان و نووسەرانی کورد پێویستە ئەو هەڵەیە ڕاست کەنەوە، کە تەنیا بەشی چەپی شاری موسڵ بە کوردستان بزانن، یاخود تەنیا چەند قەزایەکی سەر بەو شارە بە خاکی کورد و بە بەشێک لە کوردستان بزانن و کەچی شاری موسڵ و قەزاکانی شێرگەت (شەڕگەت/ شەرگات/ شەرقات)، بەعاج، حەمدانییە و شارۆچکەی ڕەبیعە بە خاکی عارەب و بەشێک لە ئێراق بزانن، لە کاتێکدا کە هەموویان لەسەر خاکی کوردستانن!

ماوە ئەوە بڵێم کە سوپاس و ڕێزی بێ پایانم بۆ هەموو ئەوانەی هاوکاری و پشتیوانیان کردم بۆ چاپکردنی ئەم پەرتووکە. بەدڵنیاییەوە ئەم پەرتووکەی کە شەش ساڵ خەریکی بووم و ئێستا لەبەر دەستدایە بە ئاسانی ڕووناکی نەدەبینی و چاپ نەدەکرا، ئەگەر پشتیوانی و هاوکاری ئەوان نەبوایە.

لە کۆتاییشدا داواکارم لە پسپۆران، زانایان، مێژوونووسان، سیاسەتمەداران و نووسەران و هەرچی سەرنج و تێبینییەکیان هەبوو لەسەر ئەم پەرتووکە، هەم لە پێناوی ڕاستکردنەوەی هەر هەڵەیەک کە بەسەرمدا تێپەڕبووبێت، هەروەها هەم لە پێناوی دەوڵەمەندکردنی ئەم بەرهەمە، بەهۆی ئیمێڵەکانمەوە بۆمی بنێرن، گومانیشم لەوەدا نییە کە پەرتووکەکەم بێ کەموکوڕی نابێ، هیواداریشم بەهۆی هاوکاری و یارمەتییەکانی ئێوەی ئازیزەوە تەواوی کێماسییەکان لابەرین و چاپی دووەمی دەوڵەمەندتر و بێ کێماسی بێت.

هەینی (20.6.2008)

هەواڵنامەی کتێب

# دەربارەی ویلایەت و شاری موســــــــڵ یان نین ئاوا (نون ئاوا)ی کۆن:

شاری نەینەوا (مسیلا/ میسیل/ مویسیل/ مسپیلا/ موسڵ) چەند سەدەیەک پێش زایین لە لایەن کوردەوە دروستکراوە. هەندێک لە مێژوونووسان دەڵێن کەسێک بەناوی (نون/ نینە) کە پەیامبەرێکی کورد بووە، ئەم شارەی دروستکردووەو دواتر بەناوی ئەوەوە ناونراوە (نون ئاوا) و بە تێپەڕبوونی ڕۆژگاریش بووە بە (نەین ئاوا/ نەینەوا). بۆ نموونە مێژوونووس و ڕۆژهەڵاتناسی ڕوسی (م. دیانۆکوف)، لە پەرتووکی (میدیا)دا لە باسکردنی شاری موسڵ-دا دەڵێت: پیاوێک ناوی (نین) بوو ئەو شارەی دروستکرد، ئەو پیاوە کورد بوو بۆیە گوتیان نین ئاوەدانی کردۆتەوە واتە (نین ئاوا)، دواتر بە تێپەڕبوونی کات بۆتە نەینەوا – سەرچاوە: جەبار سابیر، کەرکوک شارێکی کوردستانییە، کوردستانی نوێ، ژمارە (3307)، سێشەممە (2.3.2004)، لاپەڕە 9). موسڵ یەکێکە لە شارە دێرینەکانی کوردان و بەشێک لە مێژوونووسان بڕوایان وایە کە کورد دروستی کردووە، سەرەتاش ناوی شارەکە ناوێکی کوردی بووە (نون ئاوا/ نی ئاڤا/ نوێ ئاوا/ نەینەوا) واتە (نون ئاوەدان/ نوێ ئاوەدان)، دواتریش لە ئەنجامی شاڵاوی بەعارەبکردندا، عارەبەکان ناوەکەیان گۆڕیوە بۆ (نینوی) و پاشانیش بۆ موسڵ. ناوی نەینەوا زۆرتر لە ناوێکی کوردی دەچێت، نەک ناوێکی عارەبی، تورکی، ئاشووری یان فارسی! نە عارەب نە تورک و نە ئاشووریش هیچ ناوێکیان نییە بە پاشگری (ئاوا/ ئاوە/ اوە) کۆتایی بێت، بەڵکو تەنیا لە زمانی کوردیدا بەدی دەکرێت، بۆ نموونە: (نەینەوا، باداوە، تەیراوە، مەنتکاوە، تۆبزاوا، عەلیاوا، دینگاوا، قالاوا، سەروچاوە، حاجیاوا و هتد ....، هەرچی فارسیشە ئەوە بە پاشگری (ئاباد) کۆتایی دێت، خۆ ئەگەر نەینەوا فارسی بووایە، ئەوکاتە دەبوو بە (نەین ئاباد)، لەبەر ئەوەی ئاوایی کوردی بەرانبەر بە ئابادی فارسییە، هەروەکو (ئەسەد ئاباد، ئیسلام ئاباد، خەسرەو ئاباد، خوڕەم ئاباد، خۆرسیباد، سەعد ئاباد، زڕین ئاباد (زێڕین ئاباد)، فەرەح ئاباد، شاه ئاباد، میهر ئاباد)، کە ناوی فارسیین. سەلاحەدینی عەبباسی، وەرگێڕی پەرتووکی (کورد و نیشتمانەکەی) لە لاپەڕە (40)دا نووسیویەتی: (نەینەوا وشەیەکی کوردییە (نین + وا)

مانای ئەو شوێنەیە کە لە لایەن (نینە) یەکێک لە پاشاکانی ئاشورەوە لە (2018پ.ز)دا ئاوا کراوەتەوە). بۆ زیاتر دڵنیابوون لەوەی کە شاری موسڵ نە شارێکی عارەبییەو نە ئەوانیش دروستیان کردووە، بۆ نموونە مێژوونووسی عارەب ئەلمقەدەسی (محەمەد کوڕی ئەحمەد کوڕی ئەبوبەکر 998ز)، لە لاپەڕە (123)ی پەرتووکی (أحسن التقاسیم في معرفة الاقالیم)دا، دەڵێت: (موسڵ ولاتێکی خۆشە، خانووەکانی باشن، ئاوو هەوایەکی سازگاری هەیە. پێشتر ناوی موسڵ خولان (کە زۆرتر پێدەچێت گولان بووبێت – دەرسیم) بووە، بەڵام کە عارەب گەیشتنە ئەوێ نۆژەن و ئاوەدانیان کردەوەو ناویان نا موسڵ – سەرچاوە: ڕەحیم ئەحمەد ئەمین، بەعارەبکردن لە هەرێمە کوردنشینەکاندا 637-847ز، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی تیشک، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 2008، ل102 + دکتۆر حەکیم ئەحمەد خۆشناو، الکورد وبلادهم عند البلدانیین والرحالة المسلمین (232-626 کۆچی/ 846-1229 زایینی)، ل165). بەپێی قسەکانی مێژوونووس ئەلمقەدەسی بۆمان دەردەکەوێت کە بەر لە هاتنی عارەب وەکو داگیرکەر بۆ شاری موسڵ، ئەو شارە هەبووەو ناوەکەی خولان (گولان) بووە، بەڵام عارەب هاتوون بۆ داگیرکردنی شارەکەو دواتریش ناوەکەیان لە (خولان)ی کوردییەوە گۆڕیوە بۆ موسڵ (موصل)، واتە تەنانەت ناوی شارەکەشیان بەعارەب کردووە! هەروەها مێژوونووسی ئێراقی عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی لە لاپەڕە (77)ی پەرتووکی (العراق قدیما وحدیثا)دا، نووسیوێتی: (نەینەوا لە هەزارەی چوارەمی پێش زاییندا گوندێکی بچوک بووە کە هیچ گرنگییەکی نەبووە. وەلێ کاتێک کە ئاشوورییەکان هاتن و تێیدا نیشتەجێبوون، هەروەها لە گوندەکانی دەوروبەریشیدا نیشتەجێبوون، نەینەوا گەشەی کردو ئاوەدان بووەوەو بووە شارێکی جێگەی گرنگی پێدان. کار گەیشتە ئەوە کە کارگێڕانی شارەکە لە لایەن پادشاکانی دەسەڵاتدارەوە دەستنیشان بکرێن. یەکێک لە پادشاکانی ئاشووری لە دەوروبەری ساڵی (1080)ی پێش زاییندا کردی بە پایتەخت و پەرستگای خوای عەشتاری لێ دروستکرد، هەروەها لە سەردەمی شا سەنحاریب ساڵانی (705-681)ی پێش زایین پێگەی بەرزی هەبوو، شارەکە فراوانکراو کۆشکی بەرز بەرزی لێ دروستکرا لەگەڵ پەرستگای ڕەنگین، خانووبەرەی نایاب کە بە قەڵاو شورە چواردەوری درا. بەمشێوەیە بە پایتەختی پادشاکانی ئاشوور مایەوە تاوەکو ڕوخانی دەسەڵاتی ئاشوورییەکان لە ساڵی

(612)ی پێش زایندا). ئەوەی کە مێژوونووسی ناسراوی ئێراقی عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی باسی کردووە، دەیسەلمێنێ کە شاری نەینەوا (موسڵ)، نەک هەر عارەبەکان دروستیان نەکردووە بەڵکو بەر لە هاتن و کۆچی ئاشوورییەکانیش ئاوەدان بووە، واتە نە عارەبەکان و نە ئاشوورییەکان دروستیان نەکردووە، بۆیە بەدڵنیاییەوە دەڵێین بەر لەهاتنی ئاشووری و عارەبەکان شاری نەینەوا (موسڵ) لەسەر دەستی کوردەکان دامەزراوەو ئاوەدان کراوەتەوە، کەچی لە هەزارەی چوارەمی بەر لە زایین ئاشووری و دواتریش عارەبەکان لە ساڵی (637)ی زایینیدا وەکو داگیرکەر هاتوون بۆ نەینەواو داگیریان کردووە.

هەندێکی تر لە مێژوونووسان پێیان وایە شەبەک (شاهبەنگ/ شابەنگ/ شەبەنگ/ شابەک)ەکان نەوەی کوردە میدییەکانی دانیشتووی موسڵ-نو، هەر ئەوان یەکەمین مرۆڤ و کورد بووینە کە بەر لە هەموو نەتەوەکانی دیکە و نزیکەی پێنج سەدە بەر لە هاتنی ئاشورییەکان، لە شارەکە نیشتەجێ بووینە و شاری موسڵی کۆنیان دروستکردووە و ناویان ناوە (نەو ئەردەشێر/ نیو ئەردەشێر) واتە ئەردەشێری نوێ یان تازە، کە ناونانی موسڵ بە (نیو ئەردەشێر) دەگەڕێتەوە بۆ سەرکردەی کوردی میدی (ئەردەشێر) – سەرچاوە: (فارس ناسر حوسێن، الشبک الکورد بین التذویب العرقي والانتماء القومي، جریدة الاتحاد، ژمارە (1097)، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (28.8.2008)، ل8). بۆ زیاتر جەختکردن لەسەر ڕاستی دروستکردنی شاری موسڵ لە لایەن کوردە وە، ئاماژە بە (میم ئاورێنگ) دەدەم کە لە لاپەڕە (24)ی پەرتووکی (کوردناسی)دا نووسیویێتی: (لەسەر زەمینی موسڵ لە سەردەمی ساسانییەکانا شارێک هەبووە کە ئاردەشێر دروستی کردووە ناوی (بوزاردشیر/ بوزئەردەشێر) بووە، کە پادشای ساسانی بۆ نیشتەجێکردنی کوردەکان دروستی کردبوو). ئەوەی کە میم ئاورینگ باسیکردووە، ئاماژەیەکی ترە بۆ دروستکردنی شاری (نیو ئەردەشێر/ بوزئەردەشێر) دواتر (نەینەوا/ موسڵ) لە لایەن کوردەکانەوە. بە گوێرەی زۆرێک لە مێژوونووسان کوردە شەبەکەکان تەنانەت نزیکەی پێنج سەد ساڵێکیش بەر لە هاتنی ئاشورییەکان لە موسڵ و دەڤەرەکەدا ژیاون، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە کوردەکان شاری نەینەوا (موسڵ)یان دروستکردووە نەک ئاشوورییەکان هەروەکو سەلاحەدینی عەبباسی ئاماژەی پێداوە. لە ڕاستیدا دیار نییەو بەدڵنیایی نازانرێ موسڵ کەی و لە چ ساڵێکدا دروستکراوە، بەڵام (زەینەفون

430-355پ.ز) فەیلەسوف و سەرکردەی لەشکری دە هەزاری یۆنانی، کاتێک لە ساڵی (401 پ.ز) بە کوردستاندا تێپەڕیوە، باسی شاری (مسیلا/ مسپیلا -Mespila)ی کردووە کە ئەم شارە کەوتۆتە نزیک کەلاوەکانی (نەینەوا)و، چەند سەدەیەک بەر لە زایین لەبەری ڕۆژئاوای دیجلە دروستکراوە – سەرچاوە: (ئەحمەد شەبەک، الشبک الكورد المنسیون، ل50). مسیلا، ئەوکاتی بریتی بووە لە قەلایەک و دەکەوتە بەری دەستە ڕاستی کەناری خۆرئاوای ڕووباری دیجلە. هەروەکو زانراوە لە کۆتایی سەدەی حەوتەمی پێش زایین ساڵی (612پ.ز)، کوردەکانی ڕۆژهەلات و باشووری کوردستان (کوردە میدییەکان) بەیەکەوەو لەژێر سەرکردایەتی شا (کەیئەخسار – سیاگزار - کیاکسەر - کواکسار) و هاوپەیمانی لەگەڵ (نابوبلاسەر/ نابو پۆلاسەر/ نەبو ئاپلاسەر)ی پاشای (بابلیەکان)، کە لە ساڵانی نێوان (625-605پ.ز)دا بەر لە (نەبو خوزنەسر 605-562پ.ز)، دەسەلاتی بەدەستەوە بووە هێرشیان بۆ سەر نەینەوا هێناوەو، ئەو دەڤەرەیان لەژێردەستی ئاشوورییەکان دەرهێناو فەرمانڕەوایەتی ئەوانیان لەناوبرد. ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای موسڵ بەپێی دوا خەملاندن نزیکەی سێ ملیۆن کەس دەبن کە نزیکەی نیوە یان لە نیوە زۆرتری کوردن. تەنیا ژمارەی کوردی شەبەک لەناو مەڵبەندی شاری موسڵ (150) هەزار کەس دەبێت و، لە گوند و ناوچەکانی دەوروبەری موسڵدا نزیکەی (350) هەزارێک دەبێت، کەواتە ئەوان نزیکەی (500) هەزار کەسێک لە دانیشتوانی ئەو پارێزگایە پێکدەهێنن – سەرچاوە: (ئەحمەد شەوکەت، الشبک الكورد المنسیون، ل35 + ڕاپۆرتی هیومەن ڕایتس ووتچ، العراق: على أرضية هشة العنف ضد الأقليات في المناطق المتنازع عليها في محافظة نينوى، حوادث قتل الأزيديين، ئۆکتۆبەری ساڵی (2009)، ل27). هەروەها ژمارەی کوردی ئێزیدیش لەناو شارو لە پارێزگای موسڵ-دا نزیکەی (800) هەزار کەسێک دەبێت – سەرچاوە: (ڕاپۆرتی هیومەن ڕایتس ووتچ، العراق: على أرضية هشة العنف ضد الأقليات في المناطق المتنازع عليها في محافظة نينوى، حوادث قتل الأزيديين، ئۆکتۆبەری ساڵی (2009)، ل31)، بەلام ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (2987)ی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی (5.10.2008)، پەرلەمانتارێک: ئیئتیلافی شیعە ئاستەنگی خستۆتە بەردەم مادەی (50) لە یاسای هەڵبژاردنەکان، لاپەڕەکانی (2+13)دا، ژمارەی کوردە ئێزیدییەکانی لە پارێزگای موسڵ بە زۆرتر لە (600) هەزار کەس داناوە. کەواتە کوردە ئێزیدییەکان و

شەبەکەکان بەیەکەوە ژمارەیان دەگاتە نزیکەی (1.300.000) یەک ملیۆن و سێ سەد هەزارێک لە پارێزگای موسڵ، ئەوە جگە لە کوردانی تری وەکو هۆزەکانی ئەرتۆشی، باجەلان، بەرواری، ڕۆژبەیانی، ڕێکانی، زراری، زێباری، گەرگەری، گۆران، گۆیی، کیکان، سوورچی، مزوری، هەرکی و هتد (بەمشێوەیە تێکڕای کورد لەو پارێزگایەدا بەلای کەمەوە زۆرتر لە نیوەی دانیشتوانی موسڵ پێکدێنن – خەسرەو گۆران، کورد لە پارێزگای موسڵ، ل109). بە درێژایی مێژووی ئەو شارە کوردستانییە، ژمارەی کورد هەردەم لە ژمارەی پێکهاتەکانی تری وەکو ئاشووری، تورکمان و عارەب نەک هەر زۆرتر بووە، بەڵکو هەر بەراورد نەدەکرا. بۆ نموونە تەنیا ژمارەی کوردە ئێزیدییەکان لە سەدەی نۆیەمی کۆچی کە دەکاتە سەدەی پازدەهەمی زایینی، نزیکەی (300) هەزار کەسێک دەبوون کە زۆربەیان لە ویلایەتی موسڵ لە پارێزگای موسڵ بە هەر دوو کەناری خۆرهەڵات و خۆرئاوای ڕووباری دیجلە دادەنیشتن، بەتایبەت لە شێخان، شەنگال و ئاسکی کەلەک. بەڵام پەلاماری عوسمانییەکان، هەندێک لە والییە عارەبەکانی موسڵ و بەغدا و کوردە موسڵمانەکان، ئێزیدییەکانی ناچارکرد تا ڕادەیەک بەری دەستە چەپی ڕووباری دیجلە بەتایبەت ئاسکی کەلەک کە دێیەکی گەورەی ئێزیدییەکان بووە، چۆڵ بکەن و پەنا بەرنە بەر چیاکانی کەناری دەستە ڕاست یان چیاکانی باکووری موسڵ و شارۆچکەی شێخان یان کۆچ بکەن بۆ دەرەوەی کوردستان و بەتایبەت بۆ ڕوسیا. سەرەڕای ئەوەی کە دوژمنانمان هۆکاری سەرەکی بووینە بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی کورد لە شارو پارێزگای موسڵ، بەڵام کوردەکان خۆشیان بەشێوەیەک لە شێوەکان هۆکارێک بووینە بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی کورد لەناو شارو پارێزگای موسڵ، ئەمەش لە ئەنجامی هێرشی کوردە موسڵمانەکان بۆسەر کوردە ئێزیدییەکان و کوشتن و لەناوبردنی ژمارەیەکی زۆریان و کۆچکردنی ژمارەیەکی تریان بۆ دەرەوەی موسڵ و کوردستان. هەندێک لە مێژوونووسان تەنیا ژمارەی ئەو کوردە ئێزیدییە کوژراوانەی کە لە ساڵی (1831)دا لەسەر دەستی میلیشیاو پیاوە نەزانەکانی میر محەمەدە کوێری ڕواندز، لە دوای فەتوای حەڵاڵکردنی کوشتن و قڕکردنیان لە لایەن (مەلای خەتێ)وە کوژراون، بە زۆرتر لە (100) هەزار کەس دادەنێن. کەچی هێرش و پەلامارەکانی موسڵمانە عارەب، تورک و کوردەکان بۆتە هۆکاری کەمبوونەوەی ژمارەی ئێزیدییەکان، کە لە ساڵی (1914)دا ژمارەیان شەست و نۆ هەزارو لەکاتی

کۆنگرەی لۆزاندا لە ساڵی (1923)دا ژمارەیان دابەزیوە بۆ نزیکەی هەژدە هەزار کەسێک. هەر سەبارەت بە ژمارەی کورد لەناو شاری موسڵ لە کۆتایی سەدەی هەژدەدا، وەهاب شا محەمەد لە وتارێکیدا نووسیویێتی: (تاکو کۆتایی سەدەی هەژدە (83%)ی دانیشتوانی شاری موسڵ کورد بووینە – سەرچاوە: وەهاب شا محەمەد، شەبەک یەکێک لە هۆزە گرنگ و دانەبڕاوەکانی کورد، کوردستانی نوێ، ژمارە (4104)، ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (20.10.2006)، ل9). نەک لە کۆتایی سەدەی هەژدە ژمارەی کورد لە پارێزگای موسڵ زۆرتر بووە لە ژمارەی عارەب، بەڵکو ژمارەی کورد لە سەدەی نۆزدەم و چارەگی یەکەمی سەدەی بیستیش زۆرتر بووە لە ژمارەی عارەب، چونکە پارێزگای موسڵ لە ساڵی (1930)شدا لەو قەزایانە پێک دەهات: (موسڵ، دهۆک، زاخۆ، ئامێدی، زێبار (مێرگەسوور)، تەلەعفەر، شەنگال، شێخان و ئاکرێ – سەرچاوە: محەمەد سەعید سۆفی، پارێزگای کەرکوک لەناو پاکتاوکردنی ڕەگەزییدا، ل296)، کە هەموویان قەزای کودین و جگە لە قەزای موسڵ عارەب لە هیچ کام لە هەشت قەزاکەی تر بوونیان نەبووە، سەبارەت بە قەزای موسڵ-یش ساڵنامەی ویلایەتی موسڵی عوسمانی ساڵانی (1891+1912)دا باسیانکردووە کە قەزای موسڵ لە هەر دوو شارەدێی بەردەڕەش (العشائر السبعة)و شێخان (ئێسڤنێ) پێکدێت. ڕێژەی کورد لە بەردەڕەش (90%) بووە – سەرچاوە: (دڵشاد نوعمان فەرحان، لە لاپەڕە (35)ی پەرتووکی (معاناة الكورد الإيزديين في ظل الحكومات العراقية 1921-2003)، ل35 + دکتۆر فازڵ حوسێن، مشكلة الموصل، ص87، کێشەی ویلایەتی موسڵ، ل120-121)، کە ئێستا دانیشتوانی هەر دوو شارۆچکەی بەردەڕەش و شێخان بە تەواوی کوردن. هەروەها دەرباری سەرژمێری بەریتانی لە ساڵی (1919)دا ژمارەی دانیشتوانی ویلایەتەکانی بەسرا، بەغداو موسڵی کە دواتر ئێراقیان پێکهێنا بە دوو ملیۆن و حەوت سەدو پەنجا هەزار دادەنا، کە حەوت سەدو هەشتاو هەشت هەزار لە ویلایەتی موسڵ بوو کە دەکاتە (28.65%)ی کۆی گشتی دانیشتوانی هەر سێ ویلایەتەکە واتە ئێراق – سەرچاوە: (گەلێکی پەژمودەو نیشتمانی پەرت، ل329). دەتوانین بڵێین ئەوکات ڕێژەی کورد نزیکەی (30%)ی دانیشتوانی ئێراق بووە، چونکە لە لایەک بەدڵنیاییەوە ئەوەندەی ئاشووری، ئەرمەنی، تورکمان و عارەب لە باشووری کوردستاندا هەبووە، زۆر زیاتر کورد لە ئێراق (ویلایەتەکانی بەغداو بەسرا)دا هەبووە، لە لاکەی تریشەوە هەم

دوژمنان و هەندێک لە وڵاتانی تریش هەردەم هەوڵی ئەوەیان داوە کە چەند تیرەو هۆزێکی کوردی ڕەسەنی وەکو (ئێزیدی، شەبەک، کاکەیی، فەیلی، لوڕو چەندان هۆزی تر) لە ژمارەیان کەم کەنەوەو لە کورد جیایان بکەنەوە یان بیانخەنە سەر نەتەوەکانی خۆیان لە پێناوی مەبەستە سیاسییەکانیاندا. بۆیە ئەگەر ئەو ڕێژەیەی سەرەوە واتە (30%) بۆ کورد لە دوای دامەزراندنی زۆرەملێیانەی دەوڵەتی ئێراق لە هەر سێ ویلایەتەکانی (موسڵ، بەغداو بەسرا)دا لە ساڵی (1925)دا دابنێین، ڕێی تێدەچێت و زیادەڕۆیی پێوە نابێت. سەبارەت بە ڕەچەڵەکی کوردی لوڕ، دکتۆر شاکر خەسباک، لە لاپەڕە (19)ی پەرتووکی (کورد و مەسەلەی کورد)دا، سەبارەت بە سنووری کوردستان نووسیویێتی: (ئەگەر لوڕ بە کورد بژمێرین – وەک چۆن گەلێک بەڵگەی مێژوویی و زمانەوانی ئەوە دەسەلمێنن – ئەوا سنووری کوردستان بە درێژایی چیاکانی زاگرۆسدا تا کەنداوی فارسی دەڕوا). بە گوێرەی ئەو دەست نیشان کردن و بۆچوونەی دکتۆر شاکر خەسباک بۆمان دەردەکەوێت کە کوردبوون یان کورد نەبوونی تیرەو هۆزەکانی کوردی وەکو (ئێزیدی، شەبەک، کاکەیی، لوڕو فەیلی)، تەنانەت کار دەکەنە سەر گەورەیی و بچووکی سنووری باشووری کوردستان–یش. کوردبوون و کورد نەبوونی هەر یەک لە ئێزیدی و شەبەک کار دەکەنە سەر کوردستانی بوون و نەبوونی پارێزگای موسڵ. کوردبوون و کورد نەبوونی کاکەییەکان، کار دەکاتە سەر کوردستانی بوون و نەبوونی پارێزگاکانی موسڵ، کەرکوک و دیالە، هەروەها کوردبوون و کورد نەبوونی لوڕو فەیلییەکان کاردەکاتە سەر کوردستانی بوون و نەبوونی پارێزگای دیالە، بەشێک لە هەر یەک لە پارێزگاکانی واست (کوت) و عەمارە (میسان). سەبارەت بە کوردبوونی لوڕەکان کە هیچ گومانی لەسەر نییە، بەڵام بۆ زۆرتر دڵنیابوون ئاماژە بە لاپەڕە (13)ی پەرتووکی (حوسێن مەدەنی، کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم)دا، باسی ئەوەیکردووە کە هەر یەک لە مەسعودی لە پەرتووکی (التنبیه والاشراف)، نووسەری (تاج العروس)، جوگرافیناس ئیبن بەلخی، جوگرافیناس ئیستەخری، دکتۆر ڕەبیعی بەدیعی مامۆستای زانکۆ لە تاران، لۆرد کورزۆنی وەزیری دەرەوەی بەریتانی و (میستەر کلۆدیوس جێمس ڕیچ)ی گەڕیدەی بەریتانی، لوڕەکان بە کورد دادەنێن. دوای چەند ساڵێک دکتۆر شاکر خەسباک، لە لاپەڕە (520)ی پەرتووکێکی نوێدا بەناوی (الكورد دراسة جغرافية أثنوغرافية)دا سەبارەت

بە ڕەچەڵەکی کوردە لوڕەکان، کە دیسان دکتۆری ناوبراو لوڕ بە کورد دەزانێت، نووسیویێتی: (لوڕە کوردەکان لە هەر دوو پارێزگای عەمارە و کوت بڵاوبوونەتەوە. هەروەها ژمارەیەکی زۆریشیان لە بەغدا، بەسرا و هەموو شارەکانی تردا دەژین). سەبارەت بە دەستکاری و شێواندنی نەژادی کوردی ئێزیدی لە لایەن ئینگلیزەکانەوە بۆ بەرژەوەندی عارەبی ئێراقی، دەبینین کە ئەو نەخشەیەی کۆمەڵەی جوگرافی شاهانەی بەریتانی لە ساڵی (1910)دا لە لەندەن بڵاویکردبۆوە، هەمان ڕەنگی بەکارهێنابوو بۆ ئاماژەکردن بە کورد و ئێزیدییەکان، کەچی لە نەخشە نوێکەی میری بەریتانیادا کە لە ساڵی (1924)دا پێشکەش بە کۆمەڵەی نەتەوەکانی کردووە دوو ڕەنگی جیای بۆ کورد و ئێزیدییەکان بەکارهێناوە – سەرچاوە: پێداچوونەوەو لێکۆڵینەوە عەبدولڕەزاق مەحمود ئەلقەیسی، ولایة الموصل تقریر عصبة الأمم الخاصة بحل النزاع الترکي – البریطاني حول ولایة الموصل 1924–1925، ل98). ئەوکارەی میری بەریتانیا بۆمان دەردەخات کە ئینگلیزەکان بەدەستی ئەنقەست کوردە ئێزیدییەکانیان لە کورد جیاکردۆتەوە، هەتاوەکو بە پلەی یەکەم ڕێژەی کورد لەچاو ڕێژەی عارەب لە ویلایەتی موسڵ کەم بێتەوەو بە پلەی دووەم ڕێژەی عارەب و نەتەوەکانی تر بە یەکەوە لە بەرانبەر کورددا بەرزبێتەوە. لەپێناوی هەمان مەبەست ئینگلیزەکان جولەکە کوردەکانیشیان لە کورد جیاکردەوە، ئەگینا تاوەکو ئێستاکەش جولەکە ڕاگوێزراوەکانی کوردستان بۆ ئیسرائیل خۆیان بە کورد دەزانن.

سەبارەت بە پێوانەی خاکی ویلایەتی موسڵ چەندان بیروبۆچوونی جیاجیا هەیە، لێرەدا هەندێک لە بۆچوونەکان دەخەینەڕوو. بۆ نموونە شێخ سالاری حەفید و نەجم سوورچی پێوانەی ویلایەتی موسڵ-یان بە (91.009) نەوەدو یەک هەزارو نۆ کیلۆمەتری چوارگۆشە داناوە – سەرچاوە: (پارێزەر شێخ سالاڕ حەفید، جنوب کوردستان في موازین السیاسة الدولیة، ل(84) + نەجم عومەر سوورچی، مصیر ولایة الموصل (کوردستان الجنوبیة) مابعد عام 2000، ل39). هەرچی جوگرافیناسی عارەب دکتۆر جاسم محەمەد خەڵەفە، لە پەرتووکی (محاضرات في جغرافیة العراق الطبیعیة والاقتصادیة والبشریة)دا، پێوانەی باشووری کوردستان (هەرێمی چیا) بە (90.370) کیلۆمەتری چوارگۆشە دادەنێت – سەرچاوە: (عەبدولڕەقیب یوسف، حدود کوردستان الجنوبیة تأریخیا وجغرافیا خلال خمسة الاف عام، ل208). بەڵام دکتۆر فازڵ حوسێن لە لاپەڕە (111)ی پەرتووکی (کێشەی ویلایەتی موسڵ)دا،

هەواڵنامەی کتێب

پێوانەی خاکی ناوچەی ململانی (باشووری کوردستان/ویلایەتی موسڵ) بە (91.890=3.500+87.890) کیلۆمەتری چوارگۆشە داناوە. کەچی دکتۆر محەمەد عەبدوللا، لە لاپەڕە (76)ی پەرتووکی (مباحث كوردية فيلية)دا پێوانەی باشووری کوردستان (کوردستانی ئێراق)ی بە (94.164) کیلۆمەتری چوارگۆشە دادەنێت. وەلێ ویلایەتەکە شارەکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی، دیالەو بەشێک لە شارەکانی عەمارەو کوت) دەگرێتەوە، بەڵام دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لە لاپەڕە (97)ی پەرتووکی (أقليم كوردستان العراق)دا، باسی ئەوە دەکات کە ویلایەتی موسڵ ئەو پارێزگایانە دەگرێتەوە: (نەینەوا، دهۆک، هەولێر، سلێمانی، کەرکوک و سەلاحەدین). باشووری کوردستان کە ویلایەتی موسڵ بە تەواوی دەگرێتە خۆیی‌و کەمێک لەوە فراوانترە، لەبەر ئەوەی بەشێکی خاکی کورد دەکەوتە ناو سنووری ویلایەتی بەغدای عارەبی، بە هێنانەوەی ئەو بەشە، باشووری کوردستان پارێزگاکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی، دیالەو لە پارێزگای واست (کوت) هەر یەک لە بەدرە، زڕباتیە، جەسان و لە پارێزگای عەمارە (میسان) عەلی غەربی، عەلی شەرقی، شێخ سەعد و تەیب) دەگرێتەوە. نووسەری کۆچکردوو محەمەد سەعید سۆفی، لە لاپەڕە (99)ی پەرتووکی (پارێزگای کەرکوک لەناو پاکتاوکردنی ڕەگەزییدا)، پێوانەی خاکی باشووری کوردستانی بە زۆرتر لە (97.000) کیلۆمەتری چوارگۆشە داناوە، هەرچی دکتۆر عەبدولستار تاهیر شەریفە، لە لاپەڕە (21)ی پەرتووکی (الجمعيات والمنظمات والأحزاب الكوردية في نصف قرن 1908–1958)دا پێوانەی خاکی باشووری کوردستانی بە (130.300) کیلۆمەتری چوارگۆشە داناوە، کە کەس لەو زۆرتری دانەناوە. هەر سەبارەت بە پێوانەی باشووری کوردستان، لەنێو مێژوونووسانی بێگانەدا تاوەکو ئێستاکە بە گوێرەی زانیارییەکانی خۆم کەسێکم نەدیووە لە (باسیلی نیکیتین)ی ڕۆژهەڵاتناسی ڕوسی زۆرتری دانابێ، کە پێوانەکەی بە (105.000 کیلۆمەتری چوارگۆشە و ڕێژەی کوردیشی لە ئێراقدا بە (28%) داناوە – سەرچاوە: (باسیلی نیکیتین، الكورد دراسة سوسيولوجية وتأريخية، تقديم لويس ماسينيون، نقله من الفرنسية وعلق عليه الدكتۆر نوری تاڵەبانی، دار سپیرێز للطباعة والنشر، الطبعة الاولى، مطبعة خانی، دهۆک – جنوب كوردستان 2008، ل459). وەلێ بە گوێرەی زانیارییەکان پێوانەی خاکی ویلایەتی موسڵ و باشووری کوردستان زۆر لەوە زۆرترە کە ئەو پێنج

هەواڵنامەی کتێب

نووسەرەی سەرەوە ئاماژەیان پێکردووە، چونکە ئەگەر پێوانەکەی لەوەی دکتۆر عەبدولستار شەریف زۆرتر نەبێت، ئەوە هەرگیز کەمتر نییە، ئەوە لە کاتێکدا کە هیچ جوگرافیناس، مێژوونووس، ئەکادیمی، نووسەر و زرنگکارێک پێوانەی (باشووری کوردستان)یان لەوان بە بەرزتر دانەناوە. بەڵام بە گوێرەی ئەو دەستنیشان کردنەی شارو شارۆچکەکانی باشووری کوردستان، پێوانەکەی دەکاتە (129.111) سەدو بیست و نۆ هەزارو سەدو یازدە کیلۆمەتری چوارگۆشە، کە بەمشێوەیەی خوارەوەیە: (موسڵ (40.955)، دهۆک (9.926)، هەولێر (16.484)، کەرکوک (20.800)، سلێمانی (11.993)، دیالە (15.938)، بەدرە (889)، زرباتیە (787)، جەسان (3007)، عەلی غەربی (2309)، شێخ سەعد (1828)، عەلی شەرقی (1913)و تەیب (2282) کیلۆمەتری چوارگۆشە – سەرچاوە: دکتۆر شاکر خەسباک، الاكراد (الكورد) دراسة جغرافية أثنوغرافية، 128-132 + عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی، العراق قديما وحديثا في طبعة الثانية، ل206+216+235 + دکتۆر محەمەد عەبدوڵلا عومەر لهۆنی، مباحث كوردية فيلية، ل75). کەچی حکومەتی بەعس و سەدام، بە گوێرەی یاسای ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆمداری ژمارە (33)ی ڕۆژی (11.3.1974)، ناوچەی ئۆتۆنۆمداری کوردستان ڕووبەرەکەی پێکدەهات لە (37.062) کیلۆمەتری چوارگۆشە، کە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆکی دەگرتەوە لەگەڵ چەمچەماڵ (2329) کیلۆمەتری چوارگۆشەو کەلار (2747) کیلۆمەتری چوارگۆشە، کە تێکڕا دەکاتە (42.138) کیلۆمەتری چوارگۆشە. کە ئەویش دەکاتە نزیکەی (32%)ی خاکی باشووری کوردستان، خرابووە چوارچێوەی دەسەڵاتی هەردوو ئەنجومەنی یاسادانان و ئەنجومەنی جێبەجێکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان کە دەستکرد و سەر بە دەسەڵاتی بەعس و سەدام بوون. بەڵام دوای نسکۆی شۆڕشی کوردستان لە (6.3.1975)دا، حکومەتی بەعس هەڵسا بە دابڕین و بەعارەبکردنی (13.100) سێزدە هەزارو سەد کیلۆمەتری چوارگۆشەی لەو پێوانەیەی کە خۆی بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستانی دانابوو – سەرچاوە: (محەمەد سەعید سۆفی، پارێزگای کەرکوک لەناو پاکتاوی ڕەگەزیدا، ل306). بەر لە هەموان چەمچەماڵ و کەلاری لە سلێمانی داماڵی و خستنیەوە سەر کەرکوک، لەگەڵ چەندان شارو شارۆچکەی سەر بە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک، کە هەندێکیانی خستنە سەر پارێزگای کەرکوک و هەندێکیشیان بۆ سەر پارێزگای

هەواڵنامەی کتێب

موسڵ، کە لە بنچینەدا ئەو دوو پارێزگایەش هەر خاکی کورد و سەر بە باشووری کوردستان بووینە، بەڵام سەدام و میری عارەب دایان بڕیون. دوای دابڕینی سەدان دێ و چەندین شارۆچکە لە سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان (42.138-29.038=13.100) کیلۆمەتری چوارگۆشە کە دەکاتە نزیکەی (22.5%)ی ڕێژەی خاکی باشووری کوردستان. کەواتە عارەب و حکومەتی بەعس تاوەکو ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (1991)، نزیکەی (100.073) سەد هەزارو حەفتاو سێ کیلۆمەتری چوارگۆشە واتە (77.5%)یان لە خاکی باشووری کوردستان دابڕیبوو و بەعارەبیان کردبوو. خۆ ئەگەر بێتوو ناوچە قەدەغەکراوەکانیشی لێدەرکەین، بە هەمووی بەقەد پێوانەی پارێزگایەکی ئێستای باشووری کوردستان بۆ تێکڕای دانیشتوانی کورد نەدەمایەوە. باشووری کوردستان کە پێوانەکەی دەکاتە (129.111) سەدو بیست و نۆ هەزارو سەدو یازدە کیلۆمەتری چوارگۆشە، ئەوەی کە ئێستاکە لەبەردەستی کورد خۆیدایە (واتە هەرێمی کوردستانی ئێستاکە)، نزیکەی تەنیا چل و دوو هەزار (41.939) کیلۆمەتر چوارگۆشەیە – سەرچاوە: (المحامي طارق جامباز و الدكتورة ڕۆژان دزەیی، كوردستان العراق وجنوب السودان من الحكم الذاتي الى الفدرالية، ل51)، کە (32%)ی پێوانەکەی دەگرێتەوەو ئەوەی دیکە نزیکەی (87.172) هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیەو نزیکەی (68%)ی پێوانەی باشووری کوردستان پێکدەهێنێت، جەستەکەی ئەو بەشەیان کەوتۆتە ژێر خەنجەری ژاراوی عارەب و خوێنی دابڕین و پارچە پارچەکردن و بەعارەبکردنی لێدەتکێت! پێوانەی کوردستانی ئۆتۆنۆم بەر لە ڕاپەڕین (29.038) کیلۆمەتری چوارگۆشەو دوای ڕاپەڕین نزیکەی (42.000) کیلۆمەتری چوارگۆشە، کەواتە بەهۆی ڕاپەڕینەوە توانرا (12.962) کیلۆمەتری چوارگۆشە بخرێتەوە سەر باشووری کوردستان. لە هەر شار، شارۆچکە و دێیەکی باشووری کوردستان نەوت هەبووبێت و خاکەکەی دەوڵەمەند بووبێت، ئەوان بە خاکی عارەب و ئێراقیان زانیوە و هەوڵیان داوە کوردی لێ وەدەرنێن.

ویلایەتی موسڵ ئەکەوێتە نێوان هێڵی پانی (37.2-34.2)ی باکووری هێڵی یەکسانی. پێوانەی پارێزگای موسڵ نزیکەی (40.955) کم دووجایەو بە تەواوی خاکی کوردە، بەڵام کورد تەنیا داوای (15.442)کم دووجای دەکاتەوە (خەسرەو گۆران، کورد لە پارێزگای موسڵ، ل172)، کە دەکاتە نزیکەی (38%)ی پێوانەی

خاکی پارێزگای موسڵ کەچی عارەب مل نانێن بۆ ئەوەندەش. شاری موسڵ (223) مەتر لە ئاستی دەریاوە بەرزەو بە دووری (402) کم دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای شاری بەغدا. شارەکە دەکەوێتە نێوانی هێڵی پانی (35-36) و (43-40) پلە درێژایی ڕۆژهەڵات. خودی شاری موسڵ دەکەوێتە کەناری خۆرئاوای ڕووباری دیجلە، واتە کەناری دەستە ڕاست، هەرچی نەینەوایە دەکەوێتە کەناری خۆرهەڵات کە دەکاتە دەستە چەپی ڕووباری دیجلە. بەر لەهاتنی میلیشیا داگیرکەرەکانی عارەبە ئیسلامییەکان، موسڵ بریتی بووە لە دوو قەڵا، قەڵای دەستە ڕاست واتە ئەو قەڵایەی کە دەکەوتە خۆرئاوای دیجلە بە (قەڵای خۆرئاوا - حصن الموصل/ عبورایا) دەناسراو لەسەر گردی (گلێعات/ قليعات) دروستکرابوو، قەڵای دەستە چەپ واتە ئەو قەڵایەی کە دەکەوتە خۆرهەڵاتی دیجلە بە (قەڵای خۆرهەڵات - حصن نەینەوا/ حصن الشرقي) دەناسراو لەسەر گردی (تۆبە)دا دروستکرابوو. بەرزترین منارە لەناو شاری موسڵ-دا منارەی (حەدبا)یە، کە بەرزییەکەی (55) مەترەو، عارەبەکان زۆر پێیەوە دەنازن، کەچی لە ڕاستیدا کوردێکی دانیشتووی شاری موسڵ بەناوی (کاکە حەمە) ئەم منارەیەی دروستکردووە - سەرچاوە: (سەعید مەموزینی، موسڵ و کورد لە دوای ئازادی، ل29). ڕووباری دیجلە شاری موسڵی کردووە بە دوو بەش، هەروەکو پێشتریش گوتمان بەری دەستە ڕاستی کە بریتییە لە کەناری خۆرئاواو بە موسڵ دەناسرێت و دانیشتوانەکەی ئێستا زۆرتری عارەبن و لە (87) گەڕەک پێکدێت - سەرچاوە: (خەسرەو گۆران، کورد لە پارێزگای موسڵ، ل106)، کورد لە کەناری خۆرئاوادا لە گەڕەکەکانی فاروق، ناوچەی ڕەئس ئەلکور، مەیدان و بازاڕی سەفارییین هەن، بەتایبەت گەڕەکەکانی مەنسور، وادی حەجەرو فاروق لە گەڕەکە دێرین و کوردنشینە گەورەکانی کەناری ڕاستی ئەو شارەن و زۆربەی دانیشتوانەکەیان تاوەکو ئێستاش کوردن. قەزاکانی کەناری ڕاستی ڕووباری دیجلە بریتین لە موسڵ، شەنگال، تەلەعفەر، بەعاج، شێرگەت (شەڕگات)و حەزەر. قەزاکانی کەناری چەپی ڕووباری دیجلە بریتین لە موسڵ، ئاکرێ، شێخان، قەرەقۆش و تلکێف. شەڕگات یان شەڕقات کە ناوە عارەبییەکەیەتی و لە بنچینەدا (شێرگەت)ی کوردی بووە کە مانای (شێری گەورە) دەگەیەنێت. گەت لە کوردیدا مانای (گەورە/ مەزن/ بەرز) دەگەیەنێت، شێرگەت لەسەر کێشی کەڵەگەت/ باڵابەرز هاتووە، بۆ نموونە (سەرگەت- لە هەورامان) مانای (سەری مەزن/ گەورە)

دەگەیەنێت. بەری دەستە چەپی شاری موسڵ کە بریتییە لە کەناری خۆرهەڵاتی دیجلە (الساحل الايسر)، بە نەینەوا ناسراوەو زۆربەی هەرە زۆری کوردن و لە (120) گەڕەک پێکدێت - (سەرچاوە: خەسرەو گۆران، کورد لە پارێزگای موسڵ، ل106)، گۆڕی یونس پێغەمبەریش دەکەوێتە بەری دەستە چەپی شار، گەڕەکەکانی نەبی یونس، گەڕەکی بەکر، گەڕەکی جەزائیر، گەڕەکی کەڕامە، ڕەشیدیە، زەهراء، قاهیرە، قودس، عەتشانە، نەینەوای ڕۆژهەڵات، نەینەوای باکوور، گەڕەکی نوعمانییە، گەڕەکی بەرید، گەڕەکی ئەرپەچی، حەدباو دەرکەزلییە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانیان کوردن، هەروەها گەڕەکەکانی تەئمیم، تەحریر، فەیسەڵیە، سۆمەر، سوکەر، زهور، وەحدە و مەساریف کوردێکی زۆری تێدا نیشتەجێن. گەڕەکی (چوار سوچ) کە گەڕەکێکی کۆنی شاری موسڵ-ەو ناوەکەی کوردییە، تاوەکو ئێستاش هەر ماوە – سەرچاوە: (دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، دهۆک – نینوی دراسات في الخصائص الديموغرافية للسكان، ل18).

پێش نزیکەی سەد ساڵێک لەمەوبەر شاری موسڵ بە تەواوی دەکەوتە کەناری ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە، واتە هیچ گەڕەکێک یا خانوویەکی شاری موسڵ لە کەناری ڕۆژهەڵاتەوە نەبووە جگە لە گوندێکی کوردان بەناوی (نەبی یونس)، کە ناوچەیەکی بە تەواوی کوردی و سەر بە خاکی کوردستان بووە – سەرچاوە: (دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، مدرسة 11 اذار أول مدرسة كوردية في مدينة الموصل، ل17). هەر لە کۆنەوە شاری موسڵ و دەقەرەکە کەش و هەوایەکی فێنکی هەبووە و هەمیشە لە بەهاران و پایزاندا گژو گیاو سەوزایی دەردەچێت، هەر لەبەر ئەوەشە موسڵ کە درێژکراوەی خاکی بادینانە بە (دایکی دوو بەهاران) ناسراوە.

داگیرکەرانی کوردستان تەنیا بە بەعارەبکردن، تورککردن و فارسکردنی خاکی کوردستان وازیان نەهێناوە، بەڵکو هەردەم شانبەشانی داگیرکردنی خاکەکە هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەیی کوردیشیان داوەو بەزۆریش بێت بنەچەی زۆر لە بنەماڵە کوردەکانیان گەڕاندۆتەوە سەر نەتەوەی خۆیان. زۆربەی هەرە زۆری بنەماڵە بەناوبانگەکانی شاری موسڵ لە بنچینەدا کوردن، بەڵام لە ئەنجامی سیاسەتی بەعارەبکردن هەندێکیان لەژێر کاریگەری ئاییني ئیسلام و هەندێکی کەیان بەزۆر کراون بەعارەب، دیارترینیان بنەماڵەی (جەلیلی)یەکانە کە کوردی فەلە بووینە و بۆ ماوەی نزیکەی سەد ساڵێک لە نێوان ساڵانی (1136-1249ک/1724-1834ز)دا

ویلایەتی موسڵ-یان بەڕێوەبردووە. جگە لە جەلیلییەکان، بنەماڵەکانی: (ئەلحەساوی، ئەلشەهوان، بن هیلال، جۆلبۆ، جومێرد، قەسار، جادری، ئاغەوات، کەشمولە، ئەلعومەری، چلمێران (لە بنچینەدا خێڵی شامێران/ شەمێرانی کوردی بووە، کە لە دەوروبەری هەڵەبجە و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەن، بەڵام عارەبەکان ناوەکەیان گۆڕیوە بۆ چلمێران)، دیوەچی، سابونچی، مەحەلی، حەمۆ جەبەلی، ئال کەسۆ، شۆشی، شەفخون، قەدۆ، نەجم جادر، ڕەزوانی، ئال ڕەشاد و مودەڕیس)، کە هەر هەموویان کورد بووینەو نەک تەنیا بە دەردی جەلیلییەکان چووینە، بەڵکو بووینە بە پشتیوان و هێزێک بۆ نەتەوەی داگیرکەری (عارەب)و دوژمنایەتی خواست و ئاواتە نەتەوەییەکانی کورد دەکەن، کە پێشتر ئەوان خۆیان بەشێک بووینە لەو نەتەوە مافخوراوە. بۆ نموونە ڕۆژهەڵاتناسی ڕوسی ئەلبێرت میخائیلۆڤیچ مینتیشاشڤیلی، لە لاپەڕە (52)ی پەرتووکی (العراق في سنوات الأنتداب البريطاني)دا ئاماژەی بە هۆزی (خاسینان)ی شارستانی کوردی بەعارەبکراو کردووە، کە لە ناوچەکانی چواردەوری شاری موسڵ خەریکی کاری چاندنی گەنم، جۆو گەنمەشامی بووینە. سەرەڕای ئەمەش ژمارەیەکی زۆر خێڵی عارەب بە بەردەوامی بە مەبەستی بەعارەبکردن و داگیرکردنی خاکی کورد بۆ ناو شاری موسڵ و دەوروبەری هێنراون، ئەو خێڵانەی کە بەشداری بەعارەبکردنی کوردستانیان کردووە ئەمانەن: (خەزرەج، تەمیم، ئەزد، تەغلەب، شەیبان، سەلەمی، تەی، کیندە، عەبد، قەیس، ئەلبو بەزون، حەرب، زەوبەع، دلێم، بەنو خالید، بەنو عەقیل، بیکات، عەگیدات، مەوالی، لهێب، شەممەڕ، ئەشمتە، ئەلبوحەیات، شیاهنە، شورتان، ئەلبوغزات، جبور، ئەلواوی، ئەلبوعمێرە، ئەلبوحەمادە، ئەلبوسەلمان، ئەلبوسالم، ئەلبومفرج، ئەلبوحەمدان، ئەلبوجەواری، ئەلبونەجاد، حەدیدی و نەوافلە - سەرچاوە: دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی، (الحياة الحزبية في الموصل 1926-1958) + خەسرەو گۆران، کورد لە پارێزگای موسڵ + سەعید مەموزینی، موسڵ و کورد لە دوای ئازادی).

هەواڵنامەی کتێب

# فەرمانڕەواکانی شاری موسڵ و والییە کوردەکانی سەردەمی عوسمانییەکان:

لە سەردەمی عومەر کوڕی خەتابدا (583-644)، کە دووەم دەسەڵاتداری ئیسلامی بووەو، ماوەی دەسەڵاتی ئەو لە نێوان ساڵانی (634-644)دا بووە، لە سەردەمی ئەوداو ساڵی (641ز)ی هەرسەمەی کوڕی عەرفەجەی ئەلبارەقی یەکەم کەس بووە کە عارەبی بۆ موسڵ هێناوەو لەم شارە کوردییەدا نیشتەجێی کردوون. لە ساڵی (654)ی زایینی حەکیم کوڕی سەلام ئەلحەزامی لە لایەن عوسمان کوڕی عەفانەوە (576-656)، کە سێیەم دەسەڵاتداری ئیسلام بووەو، لە نێوان ساڵانی (644-656)دا دەسەڵاتی بەدەستەوە بووە، کرا بە نوێنەری عوسمان لە موسڵ و، ئەویش دەستیکرد بە بەعارەبکردنی شارەکە لە ڕێگەی هێنانی عارەب و نیشتەجێ کردنیان لەو شارەدا. لە سەردەمی دەسەڵاتی عەلی کوڕی ئەبی تالیب (17.3.599-28.2.661)، کە چوارەم دەسەڵاتداری موسڵمانان بووە لە نێوان ساڵانی (656-661)دا، مەعقەل کوڕی قەیس ئەلڕیاحی کرا بە والی موسڵ و ئەویش عارەبێکی زۆری هێنایە ئەم شارە. عارەبەکان تەنیا بە بەعارەبکردنی شاری موسڵ نەوەستاون، بەڵکو پەلیان هاوێشت بۆ ناوچەو شارەکانی دەوروبەریش، شارۆچکەی (نوێکرد) یان (نەوکرد)ی کوردیشیان کە نزیکەی چەند کیلۆمەترێک دەکەوێتە باشووری شاری موسڵ بەعارەبکردو، دواتر تەنانەت ناوەکەشیان گۆڕی بۆ (حەدیسە)، حەدیسەی موسڵ: شارێکی کۆنەو دەکەوێتە خۆرهەڵاتی دیجلە و نزیک زابی سەروو. حەدیسە سەر بە پارێزگای موسڵ-ەو، نێوانی ئەو شارۆچکەیەو شاری موسڵ (9 فرسەخ/ 54 کم)ە. یاقوتی حەمەوی لە لاپەڕە (126)ی بەرگی سێیەمی پەرتووکی (معجم البلدان)دا نووسیویێتی: (حەدیسە بەعارەبکراوی نوێکرد/ نوکرد)ە - سەرچاوە: (الدکتۆر عەتا عەبدولڕەحمان محیّدین، حرکات ألخوارج في بلاد ألکورد و ما جاورها (41-218ک/ 661-833ز)، من منشورات مرکز الدراسات الکوردیة (کوردۆلۆجی)، الطبعة الاولی، مطبعة شڤان، جنوب کوردستان - سلێمانی 2007، ل102). نەوکرد یان نوێکرد مانای (شاری نوێ) دەگەیەنێت!

له بەرنامەیەکی مێژوویی کەناڵی (ڕۆژ تیڤی)دا، که ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (30.10.2004)دا پەخشکرا، باسی ئەوەکرا که له ساڵەکانی (710-740)ی زایینییدا کوردە ئێزیدییەکان فەرمانڕەوایەتی شاری موسڵ و دەڤەرەکەیان کردووە.

کۆچی عارەبەکان ڕۆژ له دوای ڕۆژ بۆناو شاری موسڵ ڕووی له پەرەسەندنا بووە، تا وای لێهات ئەو شارە کوردییە بوو به بنکەیەکی گرنگی عارەبی ئیسلامی، بەتایبەت له سەردەمی ئەمەوییەکان (661-750)ی زایینی.

خالید بەرمەکی، له ساڵی (765)ی زایینی له لایەن دووەم دەسەڵاتداری عەباسی ئەبو جەعفەری مەنسووری (عەبدوڵلا کوڕی محەمەد کوڕی عەلی کوڕی عەبدوڵلا کوڕی عەباس 712-775) که له نێوان ساڵانی (754-775)دا دووەم فەرمانڕەوای دەوڵەتی عەباسی (750-1258ز) بووە له بەغدا، کراوە به والی موسڵ.

ساڵی (816)ی زایینی عەبدوڵلای کوڕی سەید کوڕی ئانیسە له لایەن خەلیفەی عەباسی کرا به والی موسڵ.

حەسەن باوکی هیجاء کوڕی حەمدون، له ساڵی (905)دا له لایەن ئەلموکتەفی بیللا (ئەبو ئەحمەد ئەلموکتەفی بیللا عەلی بن ئەحمەد ئەلموعتەمد 878-908)، که له نێوان ساڵانی (902-908) دەسەڵاتدارێکی عەباسی بووە، کراوە به والی موسڵ.

دوای کوژرانی (مەودودی کوڕی شەتکینی) والی موسڵ (501-508ک/ 1107-1114ز)، سوڵتان محەمەد سەلجووقی بڕیاریدا (ئەتابەگ ئەمیر ئاق سەنگەر بەرسەگی) که کوردێکی لوڕی گەورەو دانیشتووی شاری ڕەستاق بوو بکرێ به والی موسڵ. میر ئاق سەنگەر، که له بنەماڵەیەکی کوردی ئەتابەگەکانی لوڕستان بووە، له ساڵانی (508-619/ 1114-1222) ویلایەتی موسڵ له لایەن خۆیی و نەوەکانیدا بەڕێوەچووە – سەرچاوە: (حوسێن حوزنی موکریانی، سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی، بەرگی یەکەم، ل171-177). دوای کوژرانی میر ئاق سەنگەر له ساڵی (520/ 1126)دا، بۆ ماوەی ساڵێک میر عزەدینی کوڕی بوو به والی موسڵ و له ساڵی (521-1127)دا مرد. دوای ئەویش میر عمادەدینی زەنگی برای میر عزەدینی کوڕی ئاق سەنگەر بوو به والی موسڵ و تاوەکو له ڕۆژی پێنجەمی ڕەبیعی دووەمی ساڵی (540ک/ بەرانبەر به دوشەممە 24.9.1145)ی زایینی کوژرا فەرمانڕەوایی ئەوێی بەدەست بوو. میر سەیفەدینی غازی یەکێک له کوڕەکانی میر عمادەدین دەسەڵاتی ویلایەتی موسڵی گرتە دەست تاوەکو ساڵی

(544/ 1149) کۆچی دواییکرد. میر قوتبەدین کوڕی میر سەیفەدین هاتە شوێنی باوکیو تاوەکو ساڵی (559/ 1163) والی موسڵ بوو. دوای مردنی میر قوتبەدین لە ساڵی (559/ 1163)دا، میر سەیفەدینی کوڕی میر قوتبەدین هاتە شوێنی باوکی و تا لە ساڵی (567/ 1171)دا مرد. دوای مردنی میر سەیفەدین، میر عزەدین کوڕی مەسعود کوڕی قوتبەدین مەودود بووە والی موسڵ و تاوەکو شەعبانی ساڵی (589/ 1193) بەردەوام بوو. دوای مردنی میر عزەدین مەسعود، میر نورەدین ئەرسەلانی کوڕی کرا بە والی موسڵ تا لە ساڵی (607/ 1211)دا مرد. دوای مردنی ئەو، میر عزەدین مەسعودی کوڕی کە بە (شا تاهیر) ناونرا، بوو بە والی موسڵ تا ساڵی مردنی لە بیست و حەوتی ڕەبیعی یەکی ساڵی (615/ هەینی 22.6.1218)دا. دوای مردنی میر عزەدین، ئەرسەلان شای کوڕی تەمەنی دە ساڵان بوو کرا بە والی موسڵ، بەڵام هەموو کارەکانی لە لایەن بەدرەدین لوولوو بەڕێوەدەبراو سەرپەرشتی دەکرا. ئەرسەلان شا لە ساڵی (616/ 1219)دا مردو نەسرەدینی برا بچووکی هاتە شوێنی، بەڵام دیسان بەدرەدین لوولوو میری بەڕێوەدەبرد. میر نەسرەدین لە ساڵی (619/ 1222) مرد و کۆتایی بە دەسەڵاتی ئەو بنەماڵەیە هات و بنەماڵەی لوولوو دەسەڵاتی موسڵ-یان گرتە دەست. هەر لە ساڵی (619-657/ 1222-1258) بەڕێوەبردنی ویلایەتی موسڵ بەدەست میر بەدرەدینی لوولوو بووە. بەڵام دوای مردنی بەدرەدین، شا ساڵحی کوڕی بەدرەدین کرا بە والی موسڵ و، ئەویش تاوەکو ساڵی (663/ 1264) مایەوە، ئەو ساڵەی کە ئامەدو موسڵ بەناوی (هەرێمی دیاربەکر) کران بە میرنشینێکی سەربەخۆ. هەر لە هەمان ساڵدا بوو کە ئەو میرنشینە (هەرێمی دیاربەکر) خرایە ژێر دەسەڵاتی هۆلاکۆ (هۆلاکۆ کوڕی تولویخان کوڕی جەنگیزخان 1217-8.2.1265)، کە لە نێوان ساڵانی (1256-1265)دا فەرمانڕەوای مەغۆلەکان بووە. شاری موسڵ هەر لە سەرەتای سەدەی دەیەمی زایینییەوە تاوەکو لە ساڵی (1261)دا کە کەوتە ژێردەستی مەغۆلەکان، کە لە نێوان ساڵانی (1252-1335)دا فەرمانڕەوایەتی وڵاتی فارس، میسۆپۆتامیا، شام، کوردستان و قەفقاسیایان کردووە، لە لایەن چەندان میرو میرنشینی جیاجیا کە زۆربەیان کورد بووینە بەڕێوەچووە، لە نێویاندا میرەکانی ئەتابەگییەکان کە لە ماوەی نێوان ساڵانی (508-619/ 1114-1222) واتە بۆ ماوەی نزیکەی (108) ساڵ شاری موسڵ-یان لەبەردەست بووەو بەڕێوەیان

هەواڵنامەی کتێب

بردووە. سەرەڕای هەموو ئەوانەش سەلاحەدینی ئەیوبی و بنەماڵەی ئەیوبییەکان کە کورد بوون، لە ساڵانی نێوان (1171–1249)دا چەندان جار فەرمانڕەوایەتی شاری موسڵ و ناوچەکەیان کردووە یاخود ئەو شارە سەر بە وان بووە. لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بدەم کە تورکمانەکان هەم حکومەتی ئەتابەگەکان و هەم حکومەتی زەنگی لە موسڵ بە دوو هۆزو دوو حکومەتی سەربەخۆیان واتە بە تورکمان دەزانن، بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە مێژوونووس حوسێن حوزنی موکریانی هەر دوو هۆزو هەر دوو حکومەت بە کورد دەزانێت، مێژوونووسی ناوداری کورد محەمەد مەردۆخی کوردستانی، لە لاپەڕە (73)ی پەرتووکی (مێژووی کورد و کوردستان)دا باسی ئەوەی کردووە کە لە ساڵی (495) کۆچیدا پێکهاتنی دەوڵەتی ئەتابەکانی کوردی بەمشێوەیە بووە: 1- دەوڵەتی ئەرتەکیە لە حەسەنکێف و ماردین. 2- دەوڵەتی شا ئەرمەن لە ئەخلاق. 3- دەوڵەتی زەنگی لە موسڵ، سوریا، جەزیرە، شەنگال و هەولێر. 4- دەوڵەتی ئەتابەکانی ئازەربایجان. 5- دەوڵەتی ئەتابەکانی لوڕستان. بەپێی ئەو بۆچوونانەی مەردۆخی کوردستانی کە هاوبۆچوونە لەگەڵ حوزنی موکریانی، هەم ئەتابەگەکان و هەم زەنگییەکانی موسڵ کوردن.

موسڵ هەتا بەر لە شەڕی چاڵدێران (23.8.1514)ی نێوان تورکە عوسمانییەکان بە سەرکردایەتی سوڵتانی نۆیەم سوڵتان سەلیمی یەکەم (سەلیم کوڕی بایەزید کوڕی محەمەد فاتیح)، کە لە ماوەی نێوان (10.10.1465–22.9.1520)دا ژیاوەو، لە ماوەی نێوان (25.4.1512–22.9.1520)دا دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی عوسمانی بە دەستەوە بووە لە لایەک و فارسە سەفەوییەکان بە سەرکردایەتی شا ئیسماعیلی سەفەوی (ئەبو موزەفەر شا ئیسماعیل هادی ئەلوالی)، کە دامەزرێنەری دەوڵەتی سەفەوی فارسی بووەو، لە ماوەی نێوان (25.7.1487–31.5.1524)دا ژیاوەو لە ساڵی (1501–31.5.1524)دا شای دەوڵەتی سەفەوی بووە لە لاکەی ترەوە، لەژێر دەسەڵاتی ئێرانییەکاندا بووە. موسڵ لە دوای شەڕی چاڵدێرانەوە (چاڵدێران بریتییە لە دەشتێکی پان و بەرینی ویلایەتی (وان)ی باکووری کوردستان و دەکەوێتە نێوان دوو زنجیرە شاخ و پانتاییەکەی نزیکەی (750) کیلۆمەتری چوارگۆشەیەو (120) کیلۆمەترێک لە خوارووی تەورێزەوە دوورەو دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای شاری خۆی)، ڕێک لە ساڵی (1516)دا کەوتە ژێر قەڵەمڕەوی عوسمانییەکان و لە لایەن سوڵتانی نۆیەمی عوسمانی سەلیمی یەکەمەوە کرا بە

سەنجەقێکی سەر بە ویلایەتی دیاربەکر. تورکەکان لە ساڵی (1517)دا هەر لە سەردەمی سوڵتان سەلیمی یەکەم توانیان خەلافەتی ئیسلامی لەژێردەستی عارەبەکان لە خەلیفەی عەباسی (ئەلمتەوەکەل عەلا ئەڵڵا)دا دەربێنن. دواتر لە ساڵی (1539)دا بە فەرمانێکی سوڵتانی دوازدەهەمی عوسمانی (سوڵتان سلێمان قانونی کوڕی سەلیم) کە لە ماوەی نێوان (1495–5.9.1566)دا ژیاوەو بۆ ماوەی (46) ساڵ لە ماوەی نێوان (22.9.1520–5.9.1566)دا دەسەڵاتی عوسمانی بەدەستەوە بووە، موسڵ کرا بە ویلایەتێکی سەربەخۆ. کەچی لە شەڕێکی نێوان سەفەوییەکان و عوسمانییەکان لە ساڵی (1623)دا، شاری موسڵ کەوتەوە ژێردەستی سەفەوییەکان و دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ واتە لە ساڵی (1626)دا، دووبارە کەوتەوە ژێردەستی عوسمانییەکان. پاشان لە ساڵی (1638)دا بە فەرمانێکی تری بیستەم سوڵتانی عوسمانی (سوڵتان مورادی چوارەم کوڕی ئەحمەد کوڕی محەمەد کوڕی موراد کوڕی سەلیم کوڕی سلێمان قانونی)، کە لە ماوەی نێوان (1609–9.2.1640)دا ژیاوەو لە ماوەی نێوان (10.9.1623–9.2.1640)دا سوڵتان بووە، دیسان شاری موسڵ کرایەوە بە مەڵبەندی ویلایەتی موسڵ – سەرچاوە: (سەلام ناوخۆش، هۆکارەکانی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە ئێراقی عارەبییەوە، ل76). وەلێ لە ساڵی (1830)دا بە فەرمانێک کە لە لایەن سوڵتانی سی و سێیەمی عوسمانی (سوڵتان مەحمودی دووەم)، کە لە نێوان ساڵانی (1785–1839)دا ژیاوەو لە ماوەی نێوان (28.7.1808–1.7.1839)دا دەسەڵاتی بەدەست بووە، دەرچووە بۆ گێڕانەوەی موسڵ وەکو سەنجەقێک، بەڵام دواجار لە ساڵی (1879)دا بۆ جارێکی تر لە سەردەمی (سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم)دا کە لە ماوەی نێوان (21.9.1842–10.2.1918)دا ژیاوەو لە ماوەی نێوان (31.8.1876–27.4.1909)دا سوڵتانی ژمارە سی و حەوتی عوسمانی بووە، موسڵ کرا مەڵبەندی ویلایەتێکی سەربەخۆ بەناوی ویلایەتی موسڵ، کە پێکدەهات لە سەنجەقەکانی (سەنجەقی موسڵ (نەینەوا و دهۆک)، سەنجەقی کەرکوک (کەرکوک و هەولێر) و سەنجەقی سلێمانی). هەر لەو ساڵەدا، ساڵی (1296ک/1879ز)دا کاتێ فەیزی پاشای کوڕی حوسێن پاشا کرا بە والی موسڵ، ئەویش پایتەختی ویلایەتەکەی گواستەوە بۆ کەرکوک، بەڵام دوای نزیکەی سێ ساڵ واتە لە کۆتایی ساڵی (1298ک/1881ز)دا بۆ جارێکیتر موسڵ کرایەوە مەڵبەندی ویلایەت.

عوسمانییەکان لە ماوەی نێوان (5.11.1918–4.5.1516)دا، واتە بۆ ماوەی نزیک بە چوار سەد ساڵ فەرمانڕەواییتی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان)یان کردووەو سەرەتا موسڵ-یان کرد بە پارێزگایەکی سەر بە ویلایەتی ئامەد (دیاربەکر). تارادەیەکی زۆر میرو سەرکردەکانی ئەوکاتی کوردی، لەبەر هۆکارو کاریگەری ئایینی ئیسلام هەر خۆیان ڕێخۆشکەر بووینە بۆ هاتنی عوسمانییەکان و بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیان لە لایەن ئەوانەوە، چونکە عوسمانییەکان گوایە بەناوی ئیسلام و خەلافەتی ئیسلامەوە دەیانەوێت فەرمانڕەوایەتی تەواوی خاکی نەتەوەکانی موسڵمان و جیهان بکەن و یەکێتییەکی موسڵمانان دامەزرێنن. بەڵگەش بۆ ئەو بۆچوونەی سەرەوە، بەستنەوەی (46) میرنشینی کوردی بوو بە دەوڵەتی عوسمانی کە بەپێی ڕێکەوتنێکی نێوان میرە کوردەکان و سوڵتانی عوسمانی لە ڕێکەوتی (9.8.1515)دا ئەنجامدرا. وەکو ئاشکرایە ئەم ڕێکەوتنە لەژێر کاریگەری مەلا ئیدریسی بەتلیسی (ئیدریس حوسامەدین عەلی بەدلیسی 1452- 1520)یەوە بووە بەسەر تەواوی میرو پاشا کوردییەکاندا. مەلا ئیدریسی بەتلیسی ڕاوێژکاری سوڵتان سەلیمی یەکەم (سەلیم کوڕی بایەزیدی دووەم کوڕی محەمەد فاتیح) بووە، کە ئەم سوڵتانە لە ماوەی نێوان (22.9.1520–10.10.1465)دا ژیاوەو لە ماوەی نێوان (22.9.1520–25.4.1512)دا وەکو خەلیفەی ژمارە یازدەی عوسمانی توانی لە ماوەیەکی زۆر کورتدا هەر چل و شەش میرە کوردەکان قایل بکات بەوەی کە ببنە بەشێک لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دواتریش لە کۆی ئەو (46) میرنشینە کوردییەدا لە کوردستان، تەنیا (16) میرنشین مانەوەو ئەوانەی تریش کران بە (50) سەنجەقێکی کوردی و هەر یەکەو سەرۆک خێڵێکی کوردیان بۆ دانان – سەرچاوە: (دکتۆر سادقی شەرەفکەندی، بزوتنەوەی نەتەوایەتییەکانی کورد، ل12). مەرجێکی دیکەی تورکە ڕەگەزپەرستە عوسمانییەکان ئەوەبوو کە ڕێگە نادرێت بە میرنشینە کوردییەکان هیچ گۆڕانکارییەک بەسەر سنووری میرنشینەکانیاندا بێنن! بێگومان دابەشکردنی میرنشینە کوردەکان بە گوێرەی ڕێکەوتنەکەو ڕێگەگرتن لە فراوانکردنی سنوورەکانیان یاخود یەکتر گرتنەوەیان، مەبەستێکی شاردراوەی تورکەکانی لە پشتەوە بووە، ئەو مەبەستەش لە پێناوی کارئاسانی دەست بەسەر داگرتن و لەناوبردنی یەک لە دوایەکی میرنشینەکان بوو هەرکاتێک بیانەوێت. عوسمانییەکان نزیک بە کۆتایی سەدەی حەڤدەهەم تەواوی میرنشینە کورییەکانیان بە ئاسانی و

هەواڵنامەی کتێب

یەک لە دوای یەک لەناوبردن و، کۆتایی بەو هاوپەیمانێتییەی کورد و عوسمانییەکان هات کە ماوەی (170) ساڵێکی خایاند. هەر لە ساڵی (1515–1683)، تا ئەوکاتەی کە عوسمانییەکان لە سەردەمی سوڵتان سلێمانی دووەم (سلێمان کوڕی خەلیفە ئیبراهیم کوڕی ئەحمەد)، کە لە ماوەی نێوان (1642–23.7.1691)دا ژیاوەو لە ماوەی نێوان (8.11.1687–23.7.1691)دا سوڵتانی بیست و سێیەم بووە، لە شەڕەکانیاندا کە بەسەر وڵاتی (نەمسا) و ئەوروپایاندا سەپاندبوو لە شەڕی ڤییەنا کە لە ماوەی نێوان (14.7.1683–12.9.1683)دا درێژەی هەبوو، هێزەکانی ئەڵمانیا، پۆڵۆنیاو نەمسا بە سەرۆکایەتی پادشای پۆڵۆنیا – لیتوانیا (جۆن سێیەمی سۆبییێسکی – John 3. Sobieski)، کە لە ماوەی ساڵانی نێوان (17.8.1629–17.6.1696)دا ژیاوەو نازناوی (شێری پۆڵۆنیا)ی هەبووە، توانی لە ڕێکەوتی (12.9.1683)دا شکستێکی گەورە بە هێزەکانی عوسمانی بێنێ کە بە سەرکردایەتی قەرە مستەفای سەرۆک وەزیران و فەرماندەی هێزەکانی عوسمانی گەیشتبوونە نزیک ڤییەنا – (ماڵپەڕی ویکیپیدیا بە زمانەکانی دانمارکی، ئینگلیزی و عارەبی). عوسمانییەکان دوای ئەو تێکشکاندنە گەورەیان وەکو پیشەی هەمیشەییان پەلاماری میرنشینە کوردییەکانیان داو هەوڵی پەردەپۆشکردنی شکستەکانی خۆیاندا بە تۆڵەسەندنەوە لە کورد و لەناوبردنی میرنشینەکانیان، هەروەها ئەو زیانە ئابوورییانەی لەو شەڕانەدا بەریان کەوتبوو، لە ڕێگای تاڵان و دزینی زێڕو سامانی کورد بە سەد قات تێیان دەهێنایەوە. ئاخر چۆن دەبێت (46) میری کوردی بە قسەی مەلایەک و لە ماوەیەکی کورتدا میرنشینەکانیان بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ببەستنەوە، ئەگەر میرەکان خۆشیان حەزیان بەوکارە نەکردبێت؟ پێم وایە چۆن مەلا ئیدریسی بەتلیسی کاریگەری ئایین و خەلافەتی ئیسلامی بەسەرەوە بووە، میرە کوردەکانیش تاڕادەیەکی زۆر کاریگەری ئایین و خەلافەتیان بەسەرەوە بووەو، هەر ئەو کاریگەرییە ئایینیەش وای لێکردبوون کە بە ئاسانی بچنە ژێر چەتری ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی عوسمانی!

سوڵتانی عوسمانی (سوڵتان سەلیمی یەکەم)، هەر لە یەکەم ساڵی فەرمانڕەوایی کردنیاندا لە کوردستان واتە لە ساڵی (1516)دا میر بەدر بەگی یەکەم، میری میرنشینی (بۆتان)ی کرد بە فەرمانڕەوای موسڵ و ئەویش تاوەکو ساڵی (1518) بەردەوام بوو. دوای میر بەدر بەگ، کوردێکی کەیان بەناوی میر حاجی بەگ لەو

ساڵەوە کرد بە فەرمانڕەوای موسڵ. کاتێک کە سوڵتان سلێمانی قانونی (سلێمان قانونی کوڕی سەلیم)، کە لە ساڵانی نێوان (1495-1566)دا ژیاوەو لە ساڵی (1543)دا ویلایەتی موسڵی بە تەواوی داگیرکردو بە شێوەیەکی فەرمی بە دەوڵەتی عوسمانی گرێدا، بەڵام لەبەر ئەوەی تەواوی ویلایەتەکە بەشێک بووە لە خاکی کورد و کوردستان، بە فەرمانێک میرێکی ئێزیدی بەناوی میر حوسێن بەگی داسنی دامەزراندو کردی بە فەرمانڕەوای ئەو شارو دەڤەرەیە. دوای لادانی میر حوسێنی داسنی، سوڵتان سلێمانی قانونی بڕیاریدا فەرمانڕەوای گۆرگیل میر ئەحمەد بەگی کوڕی میر شەمسەدین بکرێت بە فەرمانڕەوای موسڵ، کە ناوبراو بۆ چەند ساڵێک مایەوە، پاش نەمانی ئەویش کوڕە براکەی لە شوێنی ئەودا کرا بە فەرمەنڕەوای شاری ناوبراو. دواتر لە ساڵی (997ک/1588-1589ز)دا میر حوسێن پاشای کوڕی جانپۆلا کرا بە والی موسڵ و بۆ ماوەی ساڵێک و هەشت مانگ مایەوە.

میری میرنشینی بادینان حەسەن پاشا لە ساڵی (1600)ی زایینیدا بۆ ماوەی سێ ساڵ والی موسڵ بووە، دواتریش لە ساڵانی (1649-1650)دا میری ئێزیدی داسنی میرزا پاشا والی موسڵ بووە، شاباز پاشا لە ساڵی (1066ک/1649-1650ز)دا، شاسوار زادە محەمەد پاشا لە ساڵانی (1119-1121) کۆچیدا بەرانبەر بە ساڵانی (1707/1708-1709/1710)ی زایینی و، مامەش پاشا لە ساڵی (1146کۆچی /1733-1734ز) و، کوردێکی شاری (وان)ی باکووری کوردستان بەناوی (تەیمور پاشای وانلی) لە نێوان ساڵانی (1198-1199ک/1783/1784-1784/1785ز)دا والی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بووینە.

یەکێک لە هۆکارەکانی دانانی ئەو هەموو میرە کوردە یەک لە دوای یەکە لە لایەن سوڵتانەکانی عوسمانی بە فەرمانڕەواو والی ویلایەتی موسڵ، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە عوسمانییەکان نەیانتوانیوە ڕاستەوخۆو بە بێ هاوکاری و پشتیوانی و ڕاگرتنی دڵی کوردەکان، فەرمانڕەوایی ئەو ناوچەیە بکەن. هۆکارێکی تری دانانی میرە کوردەکان لە لایەن سوڵتانەکانی عوسمانییەوە، گرنگی ستراتیژی هەڵکەوتەی ویلایەتی موسڵ بووە بۆ ئەوان و، ویستوویانە لە ڕووبەڕووبوونەوەکانیاندا لەگەڵ فارسە سەفەوییەکان سوود لە خاک و چیاکانی کوردستان، بەرهەمی دانەوێڵەو میوەو سەوزەی زۆری کوردستان و هێزو توانای دانیشتوانەکەی کە کوردن وەرگرن، لە هەمان کاتیشدا کوردستانیان کردبوو بە گۆڕەپانی جەنگەکانیان بۆ

هەوالنامەی کتێب

دوورخستنەوەی شەڕەکانیان لەناو خاکی خۆیان، بۆ ئەوەی هەم دێهات و شارەکانیان هەروەها هەم دانیشتوانەکانی خۆیان و بەروبووم و بەرهەمەکانیان لە زیان پێگەیشتن بە دووربن. تورکەکان هەردەم هەوڵیان داوە هەست و سۆزی ئایینزای کوردەکان لە ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان)دا، کە زۆربەیان سوننەن بۆلای خۆیان ڕاکێشن (کە کوردەکان نزیکەی (70%)یان وەکو تورکەکان موسڵمانی سوننەن و کەمێکیشیان شیعەن و، ئەوانەی تریش ئێزیدی، کاکەیی، هەققە، کریستانو جوولەکەن). ئەم هەوڵەی تورکەکان بۆ ڕاکێشانی کوردەکان، لە پێناوی پاراستنی پارسەنگی هێزەکانیان بوو لە بەرانبەر دوژمنەکانیان و مسۆگەرکردنی سەرکەوتنیان لە شەڕەکانی داهاتوویاندا لە دژی سەفەوییە فارسەکان. کەواتە هەڵبژاردنی والی کورد بۆ ویلایەتی موسڵ لە لایەن عوسمانییەکان، بە پلەی یەکەم لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بووەو بە پلەی دووەمیش ڕاستییەکی سەپێنراو بوو (خاکەکە خاکی کورد بوو و زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانەکەشی کورد بوون) بۆیە دەبوایە کوردێک دابنێن. محەمەد فازڵ پاشای داغستانی، لە ماوەی نێوان (22.1.1910-23.6.1910)دا، والی ویلایەتی موسڵ بووە - سەرچاوە (عەلی تەتەر تۆفیق نێروەیی، الحياة السياسية في كوردستان 1908-1927، ل312). تاهیر پاشا لە ماوەی نێوان (13.10.1910-24.10.1912)دا والی موسڵ بووە - سەرچاوە: (عەلی تەتەر تۆفیق نێروەیی، الحياة السياسية في كوردستان 1908-1927، ل316). دوا بەدوای ئەویش ئەسعەد پاشای دۆرری لە نێوان (24.10.1912-19.11.1913)دا کراوە بە والی موسڵ – سەرچاوە: (دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، الحركة القومية الكوردية التحررية دراسات ووثائق، ل29). هەتا لە سەرەتای سەدەی بیستەم و کاتی دەستپێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانیشدا، والییەکانی موسڵ کورد بووینە بۆ نموونە سلێمان نەزیف (سلێمان کوڕی نەزیف کوڕی سەعید کوڕی سلێمان نەزیف ئەفەندی کوڕی ئیبراهیم جهدی)، کە لە ساڵانی نێوان (1870-1927)دا ژیاوەو لە ماوەی نێوان (19.11.1913-1.1.1915)دا والی ویلایەتی موسڵ بووە – سەرچاوە: (دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، الحركة القومية الكوردية التحررية دراسات ووثائق، ل30+40). دوای ئەویش محەمەد فازیل پاشا بۆتە والی موسڵ.

عوسمانییەکان یەکەم ویلایەتی کوردیان کە (ویلایەتی موسڵ) بوو، لەساڵی (1539)دا لە سەردەمی (سوڵتان سلێمانی قانونی)دا لەسەر خاکی کورد و نیشتمانی کورد لە باشووری کوردستان دامەزراندو، شاری موسڵ-یش کرا بە مەڵبەندی ئەو ویلایەتە نوێیەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. هەروەها ویلایەتی دووەمیان لە ساڵی (1554)دا هەر لە سەردەمی سوڵتان سلێمان قانونی (سلێمانی گەورە) لە باشووری کوردستان دامەزراند، کە (ویلایەتی شارەزوور) بوو، پایتەختی ئەم ویلایەتە شاری کەرکوک بوو کە لە لایەن گووتییەکانی باپیرە گەورەی کورد دروستکراوە. خاکی ویلایەتی موسڵ بەر لە هاتن و دوای هاتنی عوسمانییەکانیش هەر لە لایەن میرنشینە کوردییەکانی ئەردەڵان، بابان و سۆران خۆیانەوە بەڕێوەدەبردرا.

هەر هەڵکەوتی ستراتیژی و گرنگی ویلایەتی موسڵ بوو وای لە سەفەوییەکان کردبوو کە چاوەڕێی دەرفەتێکی گونجاو بکەن، لە پێناوی دەست بەسەرداگرتن و داگیرکردنی ویلایەتی موسڵ-دا. کاتێ کە بەکر سۆباشی (سۆباشی مانای بەڕێوەبەری پۆلیس، کارمەندی ئاودێری یان سەرکاری ئاوو خاوەنی سوپاش دەگەیەنێت)، کە یەکێک بوو لە سەرۆکەکانی (یەنیچەری/ یەنکیجەری/ ئینکیشاری کە دەکاتە هێزی نوێ)ی عوسمانی لە بەغدا، هەروەها لە هەمان کاتدا بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی بەغدا بوو، کە زۆرتر لە دوازدە هەزار پاسەوانی هەبووە (باقر یاسین، مێژووی خوێناوی ئێراق ڕووداوەکان – هۆکارەکان چارەسەرەکان، وەرگێڕانی حەمەساڵح گەلاڵی، پێشەکی و پەراوێز مەلا بەختیار، چاپی یەکەم، چاپخانە داناز، باشووری کوردستان – سلێمانی 2004، ل135)، لە ساڵی (1623)دا لەناو شاری بەغدا کێشەیەکی نایەوەو کۆتایی بە دەسەڵاتی یوسف پادشای والی بەغدا هێنا. سۆباشی داوایکرد خۆی بکرێت بە والی بەغدا، بەڵام سوڵتانی عوسمانی پەسندی نەکردو سلێمان پاشای کردە والی نوێی بەغدا، بۆیە بەکر سۆباشی داوای لە شا عەباسی سەفەوی کرد بە سوپاوە بێت و بەغدای ڕادەست بکات، بەمەش عوسمانییەکان ناچاربوون دانبنێن بە والێتی سۆباشی بەسەر بەغداوە. دوای ئەوەی بەکر کرا بە والی، ئەو پەشیمان بووەوە لەوەی کە شاری بەغدا ڕادەستی سەفەوییەکان بکات، بەڵام لە ئاکامدا سەفەوییەکان بەیارمەتی دەروێش محەمەدی کوڕی سۆباشی توانیان لە ڕێکەوتی (28)ی نۆڤێمبەری ئەو ساڵەدا دەست بەسەر بەغداو دواتریش تەواوی ویلایەتی موسڵ-دا بگرن –

سەرچاوە: (المستر ستیڤن هێمیسلی لونگریگ، أربعة قرون من تأريخ العراق الحديث، ص70-80). ویلایەتی موسڵ بۆ ماوەی سێ ساڵێک لەژێردەستی سەفەوییەکان مایەوە، ئەوەبوو عوسمانییەکان توانیان لە ساڵی (1626)دا بۆ جارێکی دیکە بە یارمەتی کوردەکان دەست بەسەر موسڵ و ناوچەکەدا بگرنەوە. هەروەها لە ساڵی (1638)داو لە سەردەمی سوڵتان موڕادی چوارەم (موڕادی چوارەم کوڕی ئەحمەد کوڕی محەمەد موڕاد کوڕی سەلیم کوڕی سلێمان قانونی)، کە لە نێوان ساڵانی (1612-10.2.1640)دا ژیاوەو بۆ ماوەی حەڤدە ساڵ لە ماوەی نێوان (11.9.1623-10.2.1640)دا خەلیفەی ژمارە بیست و دووی ئیمۆراتۆریەتی ئیسلامی عوسمانی بووە، ویلایەتی موسڵ بە بڕیارێکی ئەو خرایە سەر دەوڵەتی عوسمانی و، لە هەمان کاتدا کردیان بە ویلایەتێکی سەربەخۆ، بەڵام ساڵی دواتر واتە لە ساڵی (1639)دا سوڵتان موراد میرێکی کوردی ئێزیدی بەناوی (میر میرزا بەگی داسنی 1600-1651) بە فەرمانڕەواو میری موسڵ دامەزراندو پلەی پاشای پێبەخشی. هەروەها سێ لە میرەکانی میرنشینی بادینان، فەرمانڕەوایێتی موسڵ-یان گرتۆتە دەست لە نێوانیاندا (سوڵتان حوسێن بەگ وەلی). میرێکی تری کورد کە لە نەوەی (سەیدی خان بەگ) بووە لە سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمدا بۆ ماوەی زۆرتر لە سێ ساڵ و حەوت مانگ فەرمانڕەوایێتی موسڵ-ی کردووە. لە سەردەمی عوسمانییەکاندا بەڵای کەمەوە فەرمانڕەوایێتی شاری موسڵ بۆ ماوەی نزیک بە (100-150) ساڵێک بەدەست کوردە وە بووە، ئەوە جگە لە بنەماڵەی جەلیلییەکان کە نەوەی عەبدولجەلیل ئاغان کە لە نێوان ساڵانی (1726-1834)دا فەرمانڕەوایێتی شاری موسڵ-یان بەدەستەوە بووە، کە بنەماڵەیەکی کوردی فەلەی دیاربەکری بووینەو دواتر هاتوون بۆ موسڵ. کەسێکی دیاری ئەو بنەماڵەیە ئەمین پاشای جەلیلی بووە کە لە ساڵانی نێوان (1761-1768)دا والی موسڵ بووە، بەڵام ئەو بنەماڵەیە بەعارەبکراون و ئەمڕۆکە خۆیان بە عارەب دادەنێن.

موسڵ هەر بە ویلایەتی نەمایەوە، بەڵکو لە ساڵی (1835)دا بۆ جارێکی تر لە سەردەمی سوڵتان مەحمودی دووەم (1785-1839)دا، کە لە ماوەی نێوان (28.7.1808-2.7.1839)دا سوڵتانی ژمارە سی و سێی عوسمانی بووە، کرایەوە بە سەنجەق و، بەمشێوەیە مایەوە تاوەکو لە ساڵی (1876)دا کاتێک کە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (عەبدولحەمید کوڕی عەبدولمەجیدی یەکەم)، کە لە ماوەی

نێوان ساڵانی (1842–10.2.1918)دا ژیاوەو لە ماوەی نێوان (31.8.1876–27.4.1909)دا، کە خەلیفەی ژمارە سی و حەوت بووە، دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی گرتۆتە دەست و، سیستێمی ویلایەتەکان لە ساڵی (1879)دا لەکاتی والیێتی (مەدحەت پاشا)دا دانراو، موسڵ بۆ جارێکی تریش کرایەوە بە ویلایەتێکی سەربەخۆ. بە گوێرەی سیستێمی ویلایەتەکان، شێوەی بەڕێوەبەرێتی ویلایەتە عوسمانییەکان لە کوردستان کە ویلایەتەکانی (موسڵ، کەرکوک (شارەزوور)، وان، دیاربەکر و دێرەزوور)ی دەگرتەوە، تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی پیادەکرا. دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک و هەر لە ساڵی (1879)دا عوسمانییەکان ویلایەتی شارەزوور کە پارێزگاکانی ئێستای (کەرکوک، هەولێر و سلێمانی) دەگرتەوە، بە ویلایەتی موسڵ-ەوە لکاند، بەمشێوەیە لەوکاتیدا ویلایەتی موسڵ بریتیبوو لە سەنجەقەکانی (موسڵ، کەرکوک، سلێمانی، سەنجەقی موسڵ پێکدەهات لە قەزاکانی: دهۆک، زاخۆ، ئامێدی، شەنگال و ئاکرێ، سەنجەقی کەرکوک هەر یەک لە قەزاکانی هەولێر، ڕانیە، ڕواندز، کۆیە و کفری دەگرتەوە، هەرچی سەنجەقی سلێمانی-ش بوو قەزاکانی بازیان، هەڵەبجە، شارەزوور و مەرگەی دەگرتەوە – سەرچاوە: ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ، أربعة قرون من تأريخ العراق الحديث، ل376). ئەوکاتی پارێزگای هەولێری ئێستاکە وەکو قەزایەک بە تەواوی قەزاو شارۆچکەکانی ئێستاکەیەوە سەر بە سەنجەقی کەرکوک بووە.

لە سەردەمی سوڵتان موڕادی چوارەمدا تورکە عوسمانییەکان توانیان دەست بەسەر بەشێکی گەورەی ئەو ئێراقەی ئێستادا بگرن و، سەرەتا سێ ویلایەتی موسڵ، شارەزوورو بەغدایان دامەزراند، کە دووی یەکەمیان لەسەر خاکی کورد و هی سێیەمیان لەسەر خاکی عارەبی سوننە بوو، پاش چەند ساڵێکیش توانیان بەسرا داگیربکەن و ویلایەتی چوارەم لەسەر خاکی عارەبی شیعە بەناوی ویلایەتی بەسرا دروست بکەن. لەو ساڵەشدا واتە لە ساڵی (1879)دا پارێزگای موسڵ لەو قەزایانە پێکدەهات: (موسڵ، ئامێدی، ئاکرێ، دهۆک، شەنگال و زاخۆ – سەرچاوە: سەلام ناوخۆش، هۆکارەکانی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە ئێراقی عارەبییەوە، ل77)، کە هەر هەموویان شارو شارۆچکەی کوردین و لە لایەک دەکەونە ناو خاکی باشووری کوردستان و، لە لایەکی تریشەوە هەر چوار دەوری شاری موسڵ-یان داوە. ئەگەر لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراقیش واتە لە ساڵی (1920)ەوە، کە تا ئەوکاتەش

هەواڵنامەی کتێب

هەستی ئێراقی بوون لەناو عارەبەکانی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)دا نەبووە، هەر قەزاو شارۆچکەو نشینگەیەکی تایبەت بە عارەب لە پارێزگای موسڵ و دەڤەری جەزیرەدا دروستکرابێ، هەر هەمووی لەسەر خاکی کورد و نیشتمانەکەی (باشووری کوردستان) بووە، بۆیە تەواوی قەزاکانی تری سەر بەو پارێزگایە و نشینگەکانی عارەبی (مستوطنات العربية)، کە بە مەبەستی بەعارەبکردنی خاکی کوردستان لەو پارێزگایەو هێنانی عارەب بۆ ئەو دەڤەرە دروستکراون، دەکەونە سەر خاکی کورد و ناو باشووری کوردستان. جا گرنگ نییە ئەگەر تەواوی دانیشتوانی قەزا نوێکان و نشینگە عارەبییەکان (مستوطنات العربية)کان (100%)ی دانیشتوانەکانیان عارەب بن، چونکە هەروەکو ئاماژەم پێدا هەموویان لەسەر خاکی باشووری کوردستان دروستکراون. بۆ سەلماندنی نەبوونی هەستی خۆ بە ئێراقی زانین لای عارەبەکانی باشووری کوردستان، یەکەم: دەقەکانی کۆنگرەی سێڤرە و خوێندنەوەیەکی تر، خوێندنەوەی مەسعود محەمەد، چاپی یەکەم، ل65، کە نووسیویێتی: (خەڵکی موسڵ تا سامەڕا ناوی ئێراقیان نەبیستووە – سەرچاوە: دکتۆر فازڵ حوسێن، لە لاپەڕە (80)ی پەرتووکی (کێشەی ویلایەتی موسڵ). دووەم: هەر دکتۆر فازڵ حوسێن، لە لاپەڕەکانی (164-165)ی هەمان سەرچاوەدا، ئاماژە بە ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی توێژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ دەکات کە تیایدا هاتووە: (ئەنجامە سەرەتاییەکانی لێکۆلینەوەکان دەریدەخەن کە هەستی نیشتمانی ئێراقی لە ناوچەی جێناکۆکەکان (ویلایەتی موسڵ)دا نیە، جگە لە هەندێک عارەبی خوێندەوار. هەستی ئەوانە جگە لە هەستێکی عارەبی توندڕەو، کە بەزۆری ئاراستەکراوە لە دژی بێگانەکان –نەتەوەکانی تر. کەچی هەستی نیشتمانی لەنێو کوردەکاندا، دەبینین هەستێکی نەتەوەیی گەشەکردووە، کە هەستێکی کوردی تایبەتەو هەستێکی ئێراقییانە نییە – سەرچاوە: مراجعة وتحقيق عەبدولڕەزاق مەحمود ئەلقەیسی، ولاية الموصل تقرير لجنة عصبة الأمم بحل النزاع التركي – البريطاني حول ولاية الموصل 1924–1925، ل202–203). پاشان دکتۆر فازڵ حوسێن لە لاپەڕە (305–306)ی هەمان سەرچاوەداو، لەسەر زاری (دکتۆر جەمیل دەلالی) سەرۆکی (پارتی سەربەخۆیی – حزب الاستقلال)دا ئاماژە بە هەڵوێستی هەندێ بنەماڵەی موسڵاوی دەکات کە ئەو بە عارەب ناویان دەبات، وەکو بنەماڵەکانی (ال النجيفي، ال كشمولة، ال النقيب، ال سليمان بگ، ئاغاکانی باب البيض و بنەماڵەی مستەفا سابونی)، کە

پشتیوانیان لە گەڕانەوەی تورک کردووە بۆ بەڕێوەبردنی ویلایەتی موسڵ، نەک موسڵ بخرێتە سەر ئێراق. کە ئەمەش هەر هەستی خۆ بە ئێراقی نەزانینی ئەو چەند هەزار عارەبەی ویلایەتی موسڵ دەسەلمێنێت کە کەمینە بووینە لە ویلایەتەکەدا.

ئەحمەد ئەفەندی موسلّی، لە ساڵی (1808)دا کرا بە والی موسڵ دوای ئەوەی فەرمانی دامەزراندنی لە لایەن دیوانی سوڵتان (بابی عالی)یەوە بۆ دەرچوو. هەر لەو ساڵەدا کەسێکی تریش بەناوی زەکی پاشاوە کە پێدەچێت بەر لە ئەحمەد ئەفەندی بووبێت، والی موسڵ بووە. مەحمود پاشای جەلیلی لە ساڵی (1809)دا دەسەڵاتی ویلایەتی موسڵی کەوتە دەست. ویلایەتی موسڵ هەتاوەکو ساڵی (1834) نیمچە سەربەخۆییەکی هەبووە، بەتایبەتی لەکاتی فەرمانڕەوایەتی بنەماڵەی (ئال جەلیل)دا، کە دوا فەرمانڕەوای ئەو بنەماڵەیە (یەحیا پاشا) بوو کە لە هەمان ساڵدا لادرا.

مەحمود ئینجە بیرقدار (هەڵگری زانست) لە ساڵانی نێوان (1835–1843) والی موسڵ بووە، کە ئەفسەرێکی زۆر توندوتیژ بووەو هەردەم لە هەوڵی لەناوبردنی میرنشینە کوردییەکاندا بووە – سەرچاوە: (ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ، أربعة قرون من تأريخ العراق الحديث، ل139–140). لە تەمەنی درێژی دەوڵەتی عوسمانیدا، چەند جارێ دەستکاری ناوچە بەڕێوەبەرێتییەکان کراوە، بە گوێرەی دوا گۆڕانکاری کە لە ساڵی (1874)دا ئەنجام درا ویلایەتی موسڵ لە سێ سەنجەق پێکدەهات بەمشێوەیەی خوارەوە:

1– سەنجەقی مەڵبەند (موسڵ): کە هەر یەک لە قەزاکانی (موسڵ، ئامێدی، ئاکرێ، دهۆک، شەنگال و زاخۆ)ی دەگرتە خۆی، کە هەر هەموویان کوردین و دەکەونە باشووری کوردستان.

2– سەنجەقی کەرکوک: کە هەر یەک لە قەزاکانی (کەرکوک، هەولێر، ڕانیە، کۆیە، کفری و ڕواندز)ی دەگرتە خۆی، کە ئەوانیش هەر هەموویان کوردین و دەکەونە باشووری کوردستانە وە.

3– سنجەقی سلێمانی: کە ئەویش هەر یەک لە قەزاکانی (سلێمانی، بازیان، هەڵەبجە، مەرگە و شارەزوور)ی دەگرتە خۆی، کە ئەوانیش وەکو دوو سەنجەقەکەی پێشوو هەر هەموویان کوردین و دەکەونە نێو باشووری کوردستانە وە – سەرچاوە: (کاکە مەم بۆتانی، لە دووتوێی یادداشتی شاردا، ل35).

لە ڕێکەوتی (25.8.1880)دا یەکەمین ژمارەی هەفتەنامەی (موسڵ) بۆ یەکەم جار بەهەر دوو زمانەکانی عارەبی و تورکی لەناو شاری موسڵ دەرچووە – سەرچاوە: (حەمید گەردی، ڕۆژی کورد لە مێژوودا، ل177)، بەڵام دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، لە لاپەڕە (597)ی پەرتووکی (وثائق عن الحركة القومية الكوردية)دا نووسیویێتی: (یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی موسڵ لە ڕێکەوتی (25.6.1885)دا وەکو ڕۆژنامەی فەرمی ویلایەتی موسڵ دەرچووە، کە خولی یەکەمی هەتا مانگی حەوتیساڵی (1908) دەردەوام بووە. خولی دووەمی هەتا سەرەتای دەستپێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی (1914)دا بەردەوام بووە. خولی سێیەمیشی لە نێوان (13.11.1918–1934) بەردەوام بووە – سەرچاوە: عەلی تەتەر تۆفیق نێروەیی، الحياة السياسية في كوردستان 1908–1927، ل305).

سەیرکە سەرەڕای ئەوەی کە ڕێژەی کورد نزیکەی (85%)ی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ بووینە – سەرچاوە: (ڕۆینە لۆمبۆرن، کورد گەلێکی بێ وڵات، ل43)، کەچی زمانی کوردی فەرامۆش کراوەو بەکار نەهاتووە لە ڕۆژنامەی یان هەفتەنامەیەکی تایبەت بە ویلایەتەکە، هەر چەندە ڕۆژنامەکە پشتیوانی زۆری لە پرسی کورد و مافە ڕەواکانی خەڵکی کورد و دانیشتوانی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) دەکرد. سەبارەت بە بڵاوکراوەی موسڵ، نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە لاپەڕە (158)ی پەرتووکی (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی (1898–1918)، بەرگی یەکەم)دا، نووسیویێتی: (ڕۆژنامەی موسڵ بە تورکی و عارەبی لە نێوان ساڵانی (1885–1918)دا دەردەچوو).

لە ڕۆژانی سێشەممە و چوارشەممە، ڕێکەوتی چوار و پێنجی مانگی یەنیوەری ساڵی (1909)دا، کاتێک کە شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحمود (شێخ سەعید کوڕی شێخ ئەحمەد کوردی شێخ سەعید) کە سەرجەمیان زۆرتر لە حەفتا کورد دەبوون لە موسڵ بە پلانێکی چەپەڵ شەهیدکران و نزیکەی سەد کەسیش بریندار کران، فەریق زەکی پاشای حەلەبی والی ویلایەتی موسڵ بووە. پاش ئەم کارەساتە بە نزیکەی مانگێک فەریق زەکی پاشا حەلەبی لادراو، ڕەشید پاشا کرا بە والی ویلایەتی موسڵ – سەرچاوە: (محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی یەکەم، لە لایەن بلاک ڕۆز چاپکراوە، لەندەن – بەریتانیا 1990، ل163 + دکتۆر عوسمان عەلی، الكورد في الوثائق

البريطانية، الطبعة الاولى، مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر، جنوب كوردستان – هەولێر 2008، ل93–101).

حکومەتی بەعسی شۆڤینیستی عارەبی لە ئێراقدا، بە بڕیاری ژمارە (211)ی بەناو (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش)دا بە سەرۆکایەتی ئەحمەد حەسەن بەکری شۆڤینی و دیکتاتۆر، کە لە ڕێکەوتی (27.5.1969)دا دەرچووە، پارێزگای دهۆکی لە هەر یەک لە قەزاکانی (دهۆک، زاخۆ، ئامێدی، ئاکرێ و شارەدێی مزوری) پێکهێنا، کە بەشێک بوون لە پارێزگای موسڵ – سەرچاوە: (الاستاذ الدكتور خليل إسماعيل محمد، الدكتور محمد عبدالله عمر، سيروان كاكەيي و محمود حاجي، سياسة التعريب في أقليم كوردستان العراق، ص40). ئەو بڕیارەی سەدامییەکان و بەعس لە لایەک لە پێناوی کەم کردنەوەی ڕێژەی کورد و بەرزکردنەوەی ڕێژەی عارەب بووە لە پارێزگای موسڵ، هەروەها لە لایەکی تریشەوە بە مەبەستی کارئاسانی بۆ بە ئەنجام گەیاندنی بەعارەبکردنی مرۆڤی کورد بەتایبەت کوردانی ئێزیدی، شەبەک، کاکەیی و گەرگەڕی کە پاڵەپەستۆی زۆریان دەخستنە سەر بۆ ئەوەی خۆیان بە عارەب ناونووس بکەن.

حکومەتە ڕەگەزپەرستەکانی ئێراق، لە ماوەی پەنجا ساڵدا، توانیان ڕێژەی (10.8%)دا لە کۆی دانیشتوانی کورد لەسەر ئاستی ڕێژەی دانیشتوانی ئێراق کەم بکەنەوە، گومانیش لەوەدا نامێنی کە ئەو ڕێژەی چۆتە سەر ڕێژەی دانیشتوانی عارەب لە ئێراقدا. بۆ نموونە لە ساڵی (1947)دا ڕێژەی کورد لە وڵاتی ئێراقدا (30.4%)دا بووە، کەچی دوای پەنجا ساڵ واتە لە ساڵی (1997)دا ئەو ڕێژەیە دابەزیوە بۆ (19.6%)دا، کەواتە لە ماوەی ئەو پەنجا ساڵەدا ڕێژەی کورد لە ئێراقی بەعس و سەدام–دا، بەڕێژەی (10.8%)دا لەسەر ئاستی ئێراق کەمی کردووە – سەرچاوە: (جەلال جەوهەر عەزیز، وەڵامی چەند پرسیارێکی تایبەت بە پاکتاوکردنی نەژادی لە کوردستان، گۆڤاری کەرکوک، ژمارە (11)، زستانی ساڵی (2002)، ل7–34). لەپاش دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراق لە ڕێکەوتی (25.10.1920)داو لکاندنی زۆرەملێیانەی تەواوی خاکی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا، بەو دەوڵەتە دەستکردەی وەکو عارەب گوتەنی (ئیمپریالیزمی ئینگلیزی)، کە دەبوایە عارەب هەتاوەکو ماون سوپاسی ئەوان بکەن، چونکە لە دوای کۆتایی پێهێنانی جەنگی یەکەمی جیهانی ئینگلیزەکان چەند دەوڵەتێکی عارەبییان بۆ

دامەزراندن، ڕێژەی دانیشتوانی کورد و عارەب لە شار و پارێزگای موسڵ بە گوێرەی ڕاپۆرتی تورکەکان، عارەبەکان، ئینگلیزەکان و کۆمەڵەی نەتەوەکان هەمیشە کورد زۆرتر بووە یان ڕێژەکان لێکتر نزیک بووە، بۆ نموونە لە ڕاپۆرتی (کۆمیسیۆنی توێژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ)ی سەر بە کۆمەڵەی نەتەوەکاندا هاتووە، کە بەدڵنیاییەوە ڕێژەی عارەب لە پارێزگای موسڵ بەرزکراوەتەوەو هی کوردیش کەمکراوەتەوە، سەرەڕای ئەوەش ئینجا عارەب (39%)ی دانیشتوانی پارێزگای موسڵی پێکهێناوە – سەرچاوە: محەمەد سەعید سۆفی، پارێزگای کەرکوک لەناو پاکتاوکردنی ڕەگەزییدا، ل295). هەروەکو دەزانین کە کۆمیسیۆنی ناوبراو لە مانگی یەنیوەری ساڵی (1925)دا سەردانی شاری موسڵی کردووەو، دواتر ڕاپۆرتی خۆی لەسەر لێکۆڵینەوەکان ئامادەکردووە، کەچی دوای پەنجاو دوو ساڵ واتە لە ساڵی (1977)دا ڕێژەی عارەب لە (39%)ەوە بەشێوەیەکی وا بەرزبۆتەوە بۆ (85.4%)ی تێکڕای دانیشتوانی پارێزگای موسڵ – سەرچاوە: (محەمەد سەعید سۆفی، پارێزگای کەرکوک لەناو پاکتاوکردنی ڕەگەزییدا، ل295). ئەوەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لە ماوەی ئەو (52) ساڵەدا نەتەوەی عارەبی باڵادەست و خاوەن دەسەڵات لە ئێراقدا، توانیویەتی ڕێژەی (46.4%)ی عارەب بۆ دانیشتوانی پارێزگای موسڵ زیاد بکات، ئەمەش لە ئەنجامی ڕاگواستنەوەی زۆرەملێیانەی کورد و ناچارکردنی کوردانی ئێزیدی، شەبەک، کاکەیی، گەرگەڕی و چەندان هۆزو تیرەی دیکەی کوردی بۆ گۆڕینی باری نەتەوەیی خۆیان لە کوردە وە بۆ عارەب و لە هەمان کاتدا هێنانی سەدان هەزار عارەبی کۆچەر بەتایبەت لە خێڵی شەممەڕ لە بیابانەکانی نەجدو حیجازو باشووری ئێراقەوە بۆ ئەو پارێزگایەو نیشتەجێکردنیان لە دێهات، شارەدێ و ناوچەکانی تری کوردی و لەسەر خاکی پارێزگای موسڵی بەشێک لە باشووری کوردستان، هەروەکو داگیرکەرانی کوردستان لە ڕابردووشدا ئەو سیاسەتانەیان لە دژی کورددا پەیڕەو کردووە! بۆ نموونە تورکەکان بەدەستی ئەنقەستەوە کوردە کاکەیی، ئێزیدی، شەبەک، زەنگەنە، دەلوو بەیاتیان بە تورک دادەنا، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە لە ڕاپۆرتی فەرمی تورکی ساڵانەی ویلایەتی موسڵ بۆ ساڵی (1330ی کۆچی – 1912ی زایینی)دا، سەبارەت بە تیرەی زەنگەنە نووسرابوو: (زەنگەنە تیرەیەکی کوردین) – سەرچاوە: مراجعة وتحقيق عەبدولڕەزاق مەحمود قەیسی، ولاية الموصل تقرير لجنة عصبة الأمم الخاصة بحل النزاع التركي

– البريطاني حول ولاية الموصل 1924–1925، ل104). هەر لە هەمان لاپەڕەی سەرچاوەی ناوبراو لە سەرەوەدا هاتووە: (لە لێکۆڵینەوەکانماندا توانیمان بگەینە ئەوەی کە تیرەکانی زەنگەنە و دەلف (دەلۆ)، کە لە ڕەگەزی کوردن و، هیچ خوو و ڕەوشتێکی تورکی ڕەسەنیان نییە. بەڵام نەمانتوانی بگەینە ڕاستی هەبوونی تیرەی تاتران. هەرچی سەبارەت بە زەنگەنەیە، ڕاپۆرتی فەرمی ساڵانەی ویلایەتی موسڵ بۆ ساڵی (1324ی کۆچی – 1906ی زایینی)، دەقەکەی دەڵێت کە ئەوان لە شارەدێی (گیل – گل)دا نیشتەجێن و دانیشتوانی ئەو شارۆچکەیەش بە تەواوی کوردن). هەرچی سەبارەت بە کاکەییەکانە، لە لاپەڕە (105)ی سەرچاوەی پێشوودا، هاتووە: (کاکەیی کوردی ڕەسەنەو، هیچ گومانێک لە کوردێتیی ئەوان و باری نەتەوەییان ناکرێت). ئێستاکەش لە دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدامی ڕەگەزپەرست، دەسەڵاتدارانی عارەب هەر بە پێوەری بەرژەوەندی و شۆڤینیانەی خۆیان ئێزیدی و شەبەک بە عارەب دادەنێن، کوردی کاکەیی و کوردی فەیلی لەگەڵ چەندان تیرەو هۆزی تری کوردی بە کورد دانانێن. سەبارەت بە هۆزە کوردە کاکەیی و ماولیانییەکانی تەلەعفەر، دکتۆر شاکر خەسباک لە لاپەڕە (146)ی پەرتووکی (العراق الشمالي)دا نووسیویێتی: (کورد و عارەب لەو شارۆچکەیەدا دادەنیشن. ئەو هۆزە کوردانەی بە تەلەعفەرییەکان ناسراون گەورەترین ڕێژەی دانیشتوانی تەلەعفەر پێکدێنن. وە هۆزی کوڕکوڕی کوردی ئێزیدی ڕێژەیەکی باشی دانیشتوان پێکدێنن). ئەوە لە کاتێکدا کە زۆربەی هەرە زۆری عارەبە شۆڤینی و تورکە تۆرانییەکان شاری تەلەعفەر بە شارێکی عارەبی و تورکمانی دادەنێن، بێئەوەی هیچ ڕەچاوی هەستی نەتەوایەتی کوردی خاوەن ئەو شارەیە بکەن. هەر سەبارەت بە هۆزە کوردەکانی نیشتەجێی شارۆچکەی تەلەعفەر، یاسین ئەلعومەری لە پەرتووکی (منية الادباء في تأريخ الموصل الحدباء)دا، نووسیویێتی: (خەڵکی تەلەعفەر دوو تیپن، سارلیان (کاکەیی) و ماولیانن و یەکێکیان بێباوەڕو هەمان پێوەندی کۆمەڵایەتیش لە نێوان هۆزی تەلەعفەرییەکان و کاکەییەکانی پارێزگای کەرکوک دروست بووە – سەرچاوە: خەسرەو گۆران، کورد لە پارێزگای موسڵ، ل134). ئەوەی کە یاسین ئەلعومەری باسیکردووە بۆمانی دەردەخات کە تەنیا کورد دانیشتوانی سەرەکی شارۆچکەی تەلەعفەرن، چونکە نووسەری ناوبراو دانیشتوانی شارەکە بە کاکەیی و ماولیان ناودەبات کە هەر دووکیان دوو تیرەی کوردین. جگە لە دکتۆر شاکر

ملوانانەی کتێب

خەسباک نووسەری عارەب یاسین ئەلعومەری دانیشتوانی تەلەعفەر بە کورد دادەنێت و، هیچ ئاماژەیەک بە بوونی تورکمان یان عارەب لە تەلەعفەر ناکات! هەرچی سەبارەت بە هەر دوو شارۆچکەی کوردی ئێزیدی (شەنگال و شێخان)ە، ئەوە پەرتووکی (کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا)، لە لاپەڕە (6)دا، بەمشێوەیە باسی کردوون: (شەنگال و شێخان نیشتمانی کوردە ئێزیدییەکانن). هێنانەوەی ئەو نموونانەی سەرەوە زۆرتر وەکو وەڵامێکە بۆ عارەبە شۆڤینییەکان‌و تورکمانە تۆرانییەکان، کە پێیان وایە نەک کورد خاوەنی ڕەسەنی شاری موسڵ نییە، بەڵکو کورد خاوەنی تاکە ناوچەیەک، شارۆچکەیەک بگرە گوندێکیش نییە لە پارێزگای موسڵ. کەچی بە گوێرەی لێکۆڵینەوە مێژوویی، جوگرافی و ئەتنۆگرافییەکان دەردەکەوێت کە لە ڕووی ڕەگەز، جوگرافیا و مێژووەوە تەواوی پارێزگای موسڵ، خاک و نیشتمانی کورد بووە!

باشە ئەگەر ڕژێمەکانی ئێراق و بەتایبەتی (حزبی بەعسی عارەبی ئیشتراکی) لە ماوەی پەنجا ساڵدا توانیبێتیان (11%)ی ڕێژەی کورد لە سەرانسەری ئێراق و (46.4%)ی ڕێژەی کورد لە پارێزگای موسڵ کەم بکەنەوە، دەبێت ڕێژەی چەندیان لە خاکی باشووری کوردستان خستبێتە سەر خاکی ئێراقی عارەبی و بەعارەبیان کردبێت، بەتایبەت ئەو پارێزگایانەی کە سنوورەکانیان دەکەوێتە سەر سنووری پارێزگاکانی باشووری کوردستان؟ بە گوێرەی ژمارەیەک لێکۆڵینەوە کە سەبارەت بەم پرسە ئەنجام دراوە، هەرێمی کوردستانی ئازاد (ئەو خاکەی کە لەژێردەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کورد دایە) تەنیا نزیکەی چل و دوو هەزار (41.939) کیلۆمەتر چوارگۆشەیە – سەرچاوە: (المحامي طارق جامباز و الدکتورة ڕۆژان دزەیی، کوردستان العراق وجنوب السودان من الحکم الذاتي الی الفدرالیة، ل51)، بەمەش بۆمان دەردەکەوێت کە نزیکەی (68%)ی خاکی باشووری کوردستان بەعارەب کراوەو تاوەکو ئێستاکەش هەر بە داگیرکراوی لەژێردەستی عارەبی شۆڤینی مایتەوە!

داگیرکردنی وڵاتان و فراوانخوازی خاک و بەعارەبکردنی نەتەوەکانی تری لاواز، لە ڕاستیدا بەشێکە لە کولتوری عارەب و ئیسلامی عارەبی، ئەوەی عارەبی سەردەمی نەزانی (جاهلیة) بەناوی (غارە)و عارەبی سەردەمی ئیسلامی بەناوی فتوحات و شۆڤینیزمی ئێستاکە کردویانەو دەیکەن، لەناوەڕۆکدا بە موو جیاوازییان

نییەو، جگە لە ئیمپریالیزمی ئیسلامی و ئیمپریالیزمی پان عارەبیسیزم و داگیرکردن و دەستبەسەر داگرتنی خاک و نیشتمانی نەتەوەکانی تر شتێکی دیکە نییە. بە گوێرەی مێژوو کە بۆمانی سەلماندووە، عارەب توانیان لە کۆی هەشت دەوڵەتی عارەبی لە نیمچە دوورگەی عارەبی (کە بە تەنیا ئەو شوێنە خاک و نیشتمانی ڕەسەنی عارەب بووە، نیشتەجێبوونی عارەب لە دەرەوەی ئەو سنوورە مانای وایە کە عارەب لە دەروەی نیشتمانی عارەبی دەوڵەتی بۆ خۆی دروستکردووە، دوای ئەوەی خاکی نەتەوەکانی تری داگیری کردووەو دەری کردوون یان لەناوی بردوون) بیکەن بە بیست و دوو دەوڵەت، کەواتە عارەب توانیویانە چواردە دەوڵەت لە دەرەوەی خاکی نیشتمانی عارەبی دامەزرێنن. پێوانەی نیمچە دوورگەی عارەبی یان خاک و نیشتمانی عارەبی، هەروەکو ئاماژەم پێکرد هەشت دەوڵەتی لەسەر دامەزراوە، بەمشێوەیە دابەشبووە بە کیلۆمەتری چوارگۆشە: (1- وڵاتی سعودیە (2.149.690)، 2- وڵاتی یەمەن (527.970)، 3- وڵاتی عەممان (212.460)، 4- وڵاتی ئوردەن (92.300)، 5- وڵاتی ئیمارات (83.600)، 6- وڵاتی کوێت (17.820)، 7- وڵاتی قەتەر (11.437)، 8- وڵاتی بەحرەین (665) کیلۆمەتری چوارگۆشەیەو، کۆی تێکڕای خاکی عارەبستان (لە نیمچە دوورگەی عارەبی) دەکاتە (3.095.942) سێ ملیۆن و نەوەت و پێنج هەزارو نۆ سەدو چل و دوو کیلۆمەتری چوارگۆشە). هەروەها لە ئەنجامی پرۆسەکانی داگیرکردن و بیری فراوانخوازی ئیمپریالیزمی ئیسلامی عارەبییەوە کە لەژێر پەردەی داگیرکردنەکانیان بەناوی (فتوحاتی ئیسلامییەوە) جێبەجێیان کردن، توانیان پێوانەی (10.963.106) دە ملیۆن و نۆ سەدو شەست و سێ هەزارو سەدو شەش کیلۆمەتری چوارگۆشە، واتە نزیکەی چوار بە قەد پێوانەی خاکی خۆیان لە خاکی نەتەوەکانی دیکەوە بکەنە خاک و نیشتمانی خۆیان، کە بەمشێوەیە خوارەوەیە بە کیلۆمەتری چوارگۆشە: (1- وڵاتی سودان (2.505.810)، 2- وڵاتی جەزائیر (2.381.741)، وڵاتی لیبیا (1.759.540)، 4- وڵاتی چاد (1.284.000)، 5- وڵاتی میسر (1.001.450)، وڵاتی سۆماڵ (637.657)، 7- وڵاتی مەغریب (446.550)، 8- ئێراق (437.072- 129.111 پێوانەی باشووری کوردستان = 307.961)، وڵاتی کۆماری عارەبی بیابانی دیموکراتی (266.000)، 10- وڵاتی سوریا (185.180-18.300 پێوانەی ڕۆژئاوای کوردستان = 166.880)، 11- وڵاتی تونس (163.610)، 12- وڵاتی

جیبۆتی (23.000)، 13- وڵاتی لوبنان (10.452)، 14- وڵاتی کۆماری جزر قەمەر (2.235)، هەروەها فەلەستینیش وەکو بیست و سێیەم وڵاتی عارەبی بە ڕێگاوەیەو پێوانەکەی (6.220) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە). پێوانەی تێکڕای ئەو چواردە وڵاتە لەگەڵ خاکی فەلەستین دەکاتە (10.963.106) دە ملیۆن و نۆ سەدو شەست و سێ هەزارو سەدو شەش کیلۆمەتری چوارگۆشە. کاتێک کە پێوانەی نیمچە دوورگەی عارەبی واتە هەشت وڵاتەکە (3.095.942) کیلۆمەتری چوارگۆشە بێت، لەگەڵ پێوانەی خاکی ئەو چواردە وڵاتە عارەبییەی کە لە دەرەوەی سنووری نیشتمانی عارەبی دروست بووینە لەگەڵ پێوانەی فەلەستین کە دەکاتە (10.963.106) کیلۆمەتری چوارگۆشە کۆبکەینەوە، ئەوکاتە کۆی پێوانەی خاکی هەر بیست و دوو وڵاتەکەو فەلەستین دەکاتە (14.059.048) چواردە ملیۆن و پەنجاو نۆ هەزارو چلو هەشت کیلۆمەتری چوارگۆشە – (ویکیپیدیا بە زمانەکانی دانمارکی، ئینگلیزی و عارەبی).

کەواتە لە لایەک خاکی عارەب لە ڕێگای داگیرکردن و بەناو فتوحاتەکانی ئیسلامەوە بۆتە نزیکەی پێنج جار بەرانبەر بە قەد پێوانەی خاکی ڕاستەقینەی خۆی، لە لایەکی تریشەوە ژمارەی وڵاتانی عارەبی لە هەشت وڵاتەوە بۆ نزیکەی بیست و سێ دەوڵەت، کەواتە بۆتە نزیکەی سێ بەرانبەر بە پێشوو، هەروەها عارەبەکان لە ڕێگای داگیرکارییەکان (فتوحات)ەوە توانیویەتی بەشێکی زۆر لە کەسانی سەر بە نەتەوەکانی (کورد، ئاشووری، چیچان، چەرکەس، ئەمازیغ، بەربەری، قیپتی، فینیقی، دورزی، نەبەتی، لاز، جولەکە و ئەفریقی) بکەن بە عارەب. عارەبەکان توانیان چواردە دەوڵەت لەسەر خاکی نەتەوەکانی تری ناعارەبی دامەزرێنن، بۆ نموونە (ئێراق هی کورد و ئاشووری، میسر هی قیپتییەکان، سوریا هی کەنعانی، عیبرانی، فینیقییەکان و دورزییەکان، لوبنان هی نەبەتییەکان و فینیقی و دورزییەکان، جەزائیر هی بەربەرییەکان و ئەمازیغیەکان، تونس هی قرتاچییەکان و فینیقی و ئەمازیغییەکان، سۆماڵ هی زنجی و ئەفریقی (سۆماڵی زمانێکی جیایە لە عارەبی و عارەب تێیناگەن)، سودان هی زنجییە ئەفریقییەکان، لیبیا هی ئەمازیغییەکان و هۆزی لیبۆی ئەفریقی، مەغریب هی ئەمازیغ و بەربەرییەکان، کۆماری عارەبی بیابانی دیموکراتی (بە سەرۆکایەتی بەرەی پۆلیساریۆ) هی بەربەری و ئەمازیغیە ئەفریقییەکان، جیبۆتی هی زنجییەکان و ئەفریقییەکان، وڵاتانی عارەب لە باکووری

ئەفریقیا هی (ئەمازیغی و بەربەرییەکان)، کۆماری جزر قەمەر هی ئەفریقییەکان، فەلەستینیش هی جوولەکەکان بووە – (ویکیپیدیا بە زمانەکانی دانمارکی، ئینگلیزی و عارەبی).

باشە کورد و سەرکردایەتی کورد، ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم پرسیارەیان لە خۆیان کردووە، یان بیریان لەوە کردۆتەوە کە هۆکارەکانی تواندنەوەی کورد و لە کورتدانی پێوانەی خاکی کوردستان چین؟ یاخود بۆچی تاوەکو ئێستاکە کورد ڕزگاری نەبووە؟ لە کاتێکدا کە هەم ژمارەی عارەب و پێوانەی خاکەکەی و ژمارەی وڵاتەکانی لە زۆربوون و فراوانبوون دایە، کەچی بە پێچەوانەوە هەم کەسی کورد (تاکی کورد) بەعارەب دەکرێن و هەم پێوانەی خاکی کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژدا بەرتەسکتر دەبێتەوە؟ بۆچی عارەب توانی سەرەڕای پاراستنی خاکی خۆی، ئەو خاکە فراوانەی نەتەوەکانی تریش داگیربکات و بیخاتە سەر نیشتمانی خۆی، بۆ نموونە لە کۆتایی سەدەی حەڤدەهەم لە کۆی بیست سەنجەقی سەر بە ویلایەتی بەغدای عوسمانی، سێزدە سەنجەقی کوردی بووە – سەرچاوە: (دکتۆر سەعدی عوسمان هەروتی، كوردستان والامپراتورية العثمانية في تطور سياسة الهيمنة في كوردستان 1514–1851م، ص99–101)، لەجیاتی ئەوەی ئەو سێزدە سەنجەقە کوردییە حەوتەکەی تر بتوێننەوە، کەچی حەوتەکەی عارەب لەژێر کاریگەری ئایینی ئیسلامدا سێزدەکەی کوردیان تواندۆتەوە! خۆ هەرنا لە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)، دەبوایە کورد بیتوانیبایە دەسەڵات بگرێتە دەست و ڕێگا بەو (5–10%)ی عارەبی ویلایەتەکە نەدا، کە بە تەنیا لەناو شاری موسڵ-دا بوونیان هەبوو، تەواوی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) ڕاکێشن و بیخەنە سەر دەوڵەتی ئێراق و، بەم دەردەی ئەمڕۆکەمان ببەن کە نزیکەی (68%)ی خاکی باشووری کوردستانیان داگیرکردووەو نایانەوێت بۆ کوردی بگەڕێننەوە، لە لایەکی تریش هەتاوەکو ئێستاش لە هەوڵی بەعارەبکردنی کوردانی ئێزیدی، شەبەک، کاکەیی، گەڕگەڕی و چەندان هۆزو تیرەی تری کوردی بەردەوامن!

نازانم و تێناگەم بۆچی دوژمنانی ئێمە لە تورک، عارەب و فارس هەردەم لە پایەختەکان-مانەوە دەستیان بە داگیرکردن و گۆڕینی باری پێکهاتەی نەتەوایەتی ئەو شارانەی کوردستان کردووە؟ ئایا ئەوان میرنشین، ویلایەت و دەوڵەتە کوردییەکان بە سەری مارە مەترسیدارەکە بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان

دەزانن، بۆیە لەوێوە دەست دەکەن بە داگیرکردن و گۆڕینی باری پێکهاتەی دیمۆگرافیای نەتەوەیی لە بەرژەوەندی نەتەوەکانی خۆیان؟ بۆ نموونە سارد (سەردەشت) پایتەختی دەوڵەتی لیدیا، هەمەدانی پایتەختی دەوڵەتی میدی، خورەم ئابادی پایتەختی لوڕستان، موسڵ پایتەختی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) و کەرکوکی پایتەختی ویلایەتی شارەزووری کوردی.

# گرنگی شارو پارێزگای موسڵ بۆ کورد و باشووری کوردستان:

سەرەڕای ئەوەی کە شاری موسڵ لە ڕابردوودا بەشێک بووە لە خاکی کورد و باشووری کوردستان، کەچی عارەبی داگیرکەر بە درێژایی مێژوو هەر لە سەردەمی داگیرکارییەکانی میلیشیا ئیسلامییەکان هەتاوەکو ئێستاکەش، بە بەردەوامی بەپێی نەخشە و پلانێکی تۆکمە لە هەوڵی گۆڕینی باری پێکهاتەی نەتەوەیی ئەم شار و پارێزگایە بووینە بۆ بەرژەوەندی خۆیان، بە مەرجێک بە زیانی کوردەکان کۆتایی پێبێت. گرنگی شارو پارێزگای موسڵ بۆ باشووری کوردستان یاخود هەرێمی کوردستان، ئەگەر لە گرنگی شاری کەرکوک لە ئەمڕۆو دواڕۆژدا بۆ باشووری کوردستان زۆرتر نەبێت ئەوە هەرگیز کەمتر نییە.

گرنگی شارو پارێزگای موسڵ لە چەند خاڵێکدا بەدی دەکرێت کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

1. گرنگی شوێنی ستراتیژی شاری موسڵ و هەڵکەوتنی جیۆپۆلیتیکی ئەو شارە، کە باشووری کوردستان بە وڵاتەکانی دراوسێ هەر یەک لە باکووری کوردستان (ژێردەستی تورکیا)، ڕۆژئاوای کوردستان (ژێردەستی سوریا) هەروەها ئێراق دەبەستێتەوە.
2. گرنگی شوێنی ستراتیژی سەربازی شار و پارێزگای موسڵ بۆ باشووری کوردستان کە لە لایەک دەبێتە لەمپەرێکی گەورە لە بەردەم هەر هێرشێکی وڵاتەکانی تورکیا و سوریا، لە لایەکی ترەوە ئەگەر شاری موسڵ لەسەر باشووری کوردستان نەبێت و سەر بە عارەب و دەوڵەتی ئێراق بێت، ئەوە هەردەم باشووری کوردستان و پایتەختەکەی شاری هەولێر کە نزیکەی (95) کیلۆمەتر دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ، دەکەونە ژێر هەڕەشەی ڕاستەوخۆی عارەب و دەوڵەتی ئێراقی. یەکێک لە هۆکارە هەرە گرنگەکانی شکستی ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (1991)ی کۆمەڵانی خەڵکی باشووری کوردستان و هاتنەوەی ڕژێمی سەدام و میلیشیای عروبەی ڕەگەزپەرست، ڕزگار نەکردنی شاری موسڵ بوو بەگوێرەی نەخشە و پلانی بەرەی

کوردستانی کە پارتی دیموکراتی کوردستان ڕزگارکردنی ئەم شارەی گرتبووە ئەستۆی خۆی، بەڵام نەخشەی ڕزگارکردنەکەی فەرامۆش کرد.

3. گرنگی ئابووری پارێزگای موسڵ بۆ باشووری کوردستان، کە ئەو پارێزگایە دەوڵەمەندە بە نەوت لە عەینزالە (کانی ژاڵە)، هەروەها گاز و کەرەستەی خاوی ژێر زەوی و کانزاکان. سەرچاوەی سروشتی و چەندان کارگەو دامەزراوی گەورەی تیایە.
4. دەوڵەمەندی پارێزگای موسڵ لە ڕووی سەرچاوە سروشتییەکان و ئاوی ڕووباری دیجلە و لقەکانی تر کە دەڕژێنە ئەو ڕووبارەوە. کە دەکرێت هەموو باشووری کوردستان سوودی لێوەرگرێت هەم بۆ خواردنەوە، ئاودێری، پڕۆژەی بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا و چەندان پڕۆژەی تری سوودبەخش وەکو بەخێوکردنی ماسی.
5. دەوڵەمەندی خاکی پارێزگای موسڵ و گونجاوی ئاووهەواکەی بۆ بەرهەم هێنانی کشتوکاڵی لە دانەوێڵە، میوەجات و سەوزە. بەتایبەت کە هەم بەهاران و هەم پایزان گیا و گوڵ سەوز دەبێت و بە دایکی دوو بەهاران ناسراوە و بۆ بەرهەم هێنانی گشت جۆرەکانی سەوزە و میوە و دانەوێڵە دەشێت.
6. پارێزگای موسڵ لە ڕووی فراوانی خاکەکەیەوە گەورەترین پێوانەی هەیە کە نزیکەی (40.955) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە. ئەمەش یارمەتیدەرێکە بۆ سوود وەرگرتن لە فراوانی پێوانەکەی لە زۆر بواری جیاجیادا.
7. پارێزگای موسڵ لە ڕووی دانیشتوانەوە گەورەترین شاری باشووری کوردستانە، کە زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی هەیە و نزیکەی (3) ملیۆن کەس دەبێت. زۆری ژمارەی دانیشتوانی ئەو پارێزگایە کاریگەری ئەرێنی فرە لایەنی دەبێت بۆ باشووری کوردستان.
8. دەکرێت لەکاتی پێویستدا کورد سوود لە ڕووباری دیجلە وەربگیرێت، بە مەبەستی کەشتییەوانی و گواستنەوە لە باشووری کوردستان-ەوە بەرەو تورکیا، ئێراق و جیهانی دەرەوە، هەروەها بە پێچەوانەوە.

# بەراوردێک لە نێوان پێوەندییەکانی هەر یەک لە کورد و عارەب بە نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی ترەوە:

ئەو ئێراقەی ئێستا کە بە بێ خواست و ئارەزووی گەلانی ئێراق و بەتایبەتی دژی خواستی کورد دامەزواوە، لە دوو خاکی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)ی کوردی و هەر دوو ویلایەتی بەغدای سوننە و بەسرای شیعەی عارەب پێکهاتووە، ڕۆژێک دادێت هەڵبوەشێتەوە و پارچە پارچە بوونیشی زۆر ئاسانە، یەکەم: لەبەر ئەوەی ئەو دەوڵەتە لە ئەنجامی داگیرکردنی باشووری کوردستان و بڕیاری لکاندنی زۆرەملێیانە لە دژی خواستی دوو پێکهاتەی سەرەکی کە کورد و شیعەی عارەبە دروستبووە، داگیرکردن، سەپاندن و زۆرداریش تاسەر بەردەوام نابێت. دووەم: لەبەر ئەوەی وڵاتێک کە عارەب بە تەنیا تێیدا دەسەڵاتدار و باڵادەست بێت، نکۆڵی تەواویش لە بوونی نیشتمان و خاکی کورد (باشووری کوردستان)دا بکات و نەتەوەی کوردیش بە بەشێک لە نەتەوەی عارەب دابنێت، جگە لەو هەموو ستەم، زۆرداری، سەرکوتکردن، کوشتن، بەعارەبکردنی خاک و نەتەوەکانی دیکەی چوارچێوەی ئێراق بەتایبەت لە دژی کورددا، کوشتار، کۆمەڵکوژی، کیمیاباران، ئەنفالکردنی کوردی فەیلی، ئەنفالکردنی بارزانییەکان، ئەنفالکردنی سەدو هەشتا و دوو هەزار مرۆڤی بێتاوانی کورد و بەعارەبکردنی (68%)ی خاکی باشووری کوردستان، چۆن تاسەر و وا بە یەکگرتوویی زۆرەملێیانە دەمێنێتەوە!! سەبارەت بە داگیرکردنی خاکی باشووری کوردستان، پارێزەر عەزیز شەریف عەبدولحەمید، سیاسەتمەدار و وەزیری دادی ئێراقی لە کۆتایی ساڵی شەستەکاندا، لە لاپەڕە (36)ی پەرتووکی (المسألة الكوردية في العراق)دا، نووسیویێتی: (گومان لەوەدا نییە کە پێوەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە نێوان باشووری کوردستان و ناوەڕاستی ئێراقدا هەیە، بەڵام ئەو پێوەندییانە نابنە بیانۆی لکاندنی داگیرکەرانە، کەچی لکاندنی باشووری کوردستان بە ئێراق-ەوە لکاندنێکی داگیرکەرانەی ئابڕووبەرانەی هەڵپەرستانەیە). گرنگترین شت بۆ ئێمە لە گەواهیدانی مافناسێکی عارەبی وەکو عەزیز شەریف، ئەوەیە کە ناوبراو هاو بۆچوونە لەگەڵمان بەوەی کە باشووری کوردستان لە لایەن عارەب و دەوڵەتی ئێراقەوە داگیرکراوە، نەک لە ئەنجامی

دەنگدان و گشتپرسییەکی ئازادانە لەگەڵ ئەم وڵاتە یەکیان گرتبێت، وەکو زۆر لە عارەب و داگیرکەران بانگەشەی بۆ دەکەن و کردیان.

سەبارەت بە بیرکردنەوەو هزری عارەب لەمەڕ خاوەنداریێتی خاکی ئێراق لە دوای پێکەوەبەستنی زۆرەملێیانەی هەر سێ (ویلایەتی بەغدای عارەبی سوننە، ویلایەتی بەسرای عارەبی شیعەو ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان)ی کوردی)، ئەوان هەر پێیان وایە کە تەواوی خاکی ئێراق خاکی عارەبەو دانیشتوانەکەشی عارەبن. بۆ زانیاری زۆرتر (بڕوانە تەواوی دەستووورە یەک لەدوا یەکەکانی ئێراقی لە یەکەم دەستووری ساڵی (1925)ەوە تا دەگاتە دەستووری ساڵی (2005)ی بەناو ئێراقی فرەنەتەوە و فیدڕاڵی، کە هەموویان ئێراق بە بەشێک لە خاکی عارەب و نەتەوەکانی ئێراقیش بە بەشێک لە نەتەوەی عارەب دانراون. ئێستاکەش زۆربەی سەرکردە عارەبەکان لێدوانی وا دووبارە دەکەنەوە کە ئێراق خاکی عارەب و گەلەکەشی (گەلانی ئێراقی) بەشێکی دانەبڕاون لە نەتەوەی عارەب، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە لە دەستووری دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام (2005)، ئێراق بە وڵاتێکی فرە نەتەوە و وڵاتێکی هاوبەشی نێوان کورد و عارەب پێناسە دەکات. هەر چەندە لەم دەستوورەشدا عارەبەکان بە شێوەیەک لە شێوەکان هەوڵیان داوە ئێراق وەکو دەوڵەتێکی عارەبی پێناسە بکەن، بەتایبەت لە مادەی سێیەمدا کە دەڵێت: ئێراق بەشێکە لە جیهانی ئیسلامی و ئەندامێکی دامەزرێنەری کارای کۆمکاری عارەبییە و پابەندی بەڵێننامەکەیەتی). لە مادەی (1)ی بەڵێننامەی کۆمکاری دەوڵەتانی عارەبی، دەڵێت: (کۆمکاری دەوڵەتانی عارەبی لە دەوڵەتە سەربەخۆ عارەبییەکان پێکدێت، کە واژۆی ئەو بەڵێننامەیان کردووە و هەر یەک لە دەوڵەتانی عارەبی سەربەخۆ، مافی ئەوەیان هەیە بێنەناو ئەو کۆمکارە). بە گوێرەی مادەی یەکی بەڵێننامەی کۆمکاری دەوڵەتانی عارەبی، کە عارەبەکان بە نیازێکی شاردراوە، ئەو دەستەواژەیان خستۆتە ناو دەستووری ئێراقی، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا پرسی ناسنامەی عارەبێتیی ئێراق بهێننە پێشەوە، کە ئێستاکە لە کۆمیسیۆنەکانی هەمووارکردنی چەند مادەیەکی دەستووردا باسی جێگیرکردنی پێناسەی ناسنامەی عارەبێتیی ئێراق دەکەن، کە پێم وایە نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی ئێراق لە مەبەستی شاردراوەی بەستنەوەی ئێراق بە کۆمکاری دەوڵەتە عارەبەکان بێئاگا بوونەو لە نیازی ئاییندەی عارەبەکان نەگەیشتوون! ئەگەر ئێراق لە ڕابردوودا دەوڵەتێکی عارەبی و دانیشتوانەکەی عارەب

بووبن، ئەوە لە دوای گرێدانی ستەمکارانەی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بەشێوەیەکی فەرمی بە ئێراقی عارەبی لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا، ئێراق بۆتە دەوڵەتێکی هاوبەشی هەر دوو نەتەوەی کورد و عارەب، هەروەها بەشێکی خاکەکەی بەشێکی نیشتمان و خاکی کوردە، بەشەکەی تریشی بەشێکی نیشتمان و خاکی عارەبە. باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) هەرگیز لە ڕووی ڕەگەزی، مێژوویی و جوگرافییەوە بەشێک نەبووە لە دەوڵەتی ئێراق (هەر یەک لە ویلایەتەکانی بەغداو بەسرا)دا.

سەبارەت بە بۆچوونی کەسایەتی دیار و ناسراوی بیانی و عارەبی لەسەر پێکهاتەی ڕەگەزی و ناسنامەی ئێراق، ئاماژە بە بۆچوونی چەند کەسایەتییەک دەدەم. ئەفسەرو سیاسەتمەداری بەریتانی (ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ)، کە لە ساڵانی دەسەڵاتی بەریتانی لە ئێراقدا ئەفسەری بەڕێوەبردن بووە، لەمەڕ ئێراق، نووسیوێتی: (ئێراق لە ڕووی ڕەگەزییەوە هەرگیز وڵاتێکی عارەبی نەبووە - سەرچاوە: (المستر ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ، أربعة قرون من تأريخ العراق الحديث، ل20). سەبارەت بە هەمان پرس، دکتۆر شاکر خەسباکی جوگرافیناسی عارەبی ئێراقی، لە لاپەڕە (6)ی پەرتووکی (مەسەلەی کورد)دا دەڵێت: (ئێراق نەک هەر تەنێ دەوڵەتێکی عارەبی نییە، بەڵکو دەوڵەتێکی عارەبی – کوردییە). ئەم پێناسەیەی کە دکتۆر شاکر خەسباک بۆ ناسنامەی ئێراق کردوویەتی، دەتوانین بڵێین پێناسەیەکی بەویژدانانەی کەسایەتییەکی عارەبی ئێراقییە و وەڵامی بۆچوونی ڕەگەزپەرستانی عارەبی ئێراقی دەداتەوە لەوەی کە ئێراق وڵاتێکی عارەبی و گەلەکەشی عارەبن. هەروەها کەسایەتی ئاشتیخواز و ناسراوی عارەبی ئێراقی، عەزیز شەریف: لە لاپەڕە (2)ی چاپی چوارەمی پەرتووکی (المسألة الكوردية في العراق)دا دەڵێت: (لەبەر ئەوەی ئێراق پێکهاتووە لە هەرێمێکی فرە نەتەوەیی، کە چارەسەرکردنی کێشە بنچینەییەکانی پرسی سەربەستی و پێشخستن، بە بێ چارەسەرکردنی پرسە نەتەوەییەکان تیایدا ئەستەمەو ناکرێت. بۆیە پێویستە لەسەر هەموو تێکۆشەرێکی دژ بە داگیرکەرو هێزە کۆنەپەرستەکانی لایەنگریان، هەروەها پێویستە لەسەر هەموو تێکۆشەرێکی ڕێگای سەربەستی و پێشکەوتنی ئەو وڵاتە، کاربکات لە پێناوی خەباتی سەرەکی کە چارەسەری پرسی نەتەوەکانە بەشێوەی چارەسەرێکی نیودەوڵەتییانەی پرۆلیتاریانە، هەموو گەردێکی دەمارگیری و جیاوازی ڕەگەزایەتی

و هەڵپەرستی و چەوسانەوەی نەتەوایەتی لابەرێت. چارەسەرێک کە بەشێوەیەکی ئازادانە چارەنووسی نەتەوە چەوساوەکان دیاری بکرێت، لە هەنگاوی یەکەمدا چارەسەرکردنی پرسی کورد، پرسی ئازادانەی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد، بە مافی جیابوونەوەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی). بە گوێرەی بۆچوونی نووسەری بەناوبانگی عارەبی ئێراقی عەزیز شەریف، بۆمان دەردەکەوێت کە دەوڵەتی ئێراق دەوڵەتێکە لە خاکی دوو نەتەوەی کورد و عارەب پێکدێت، چونکە بەشێکی خاکەکەی بەشێکە لە خاکی کوردستان و بەشێکی پێکهاتەکەشی بەشێکە لە نەتەوەی کورد.

مرۆڤ خاوەنی یان هەڵگری هەر بیروباوەڕێک و ئایینێک بێت هەر لە بێباوەڕی، زەردەشتی، ئیسلامی، کریستان، فەلە، چەپ، ڕاست، ئەوپەڕی نەتەوەیی، کۆمۆنیستی و ئەنتەرناسیۆنالیستی، پێویستە باوەڕی تەواوی بە مافەکانی نەتەوە ژێردەستەکان هەبێت و، پشتیوانی لە مافی ڕزگاری و جیابوونەوەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوە چەوساوەکان و خاک داگیرکراوەکان بکات، پێم وایە هەر بۆچوون و کارێک دژی ئەوە بێت، تەنیا شەرمەزاری بۆ هەڵگری بیروباوەڕەکە دەهێنێت و بەجێدەهێڵێت.

لێرەدا هەوڵدەدەم سەرەتا ئاماژە بە چەند نموونەیەک بکەم، کە باسی بێزاری دەبڕینی بەزۆر لکاندنی خاکی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بە ئێراقی عارەبییەوە، هەروەها پەرچەکردارەکانی هەر یەک لە کورد و شیعە، دەکەن. سەبارەت بە کورد پێویست بە نموونە هێنانەوەی زۆر ناکات، لەبەر ئەوەی هەر لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنی دەوڵەتەکە، کورد پەنای بردۆتە بەر خەبات و شۆڕش کە تاوەکو ئێستاش هەر بەردەوامە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کوردەکان بەو لکاندنە زۆرەملێیانە قایلنین، بەڵام چەند نموونە دێنمەوە کە یەکەمیان بە گوێرەی لاپەڕەکانی (207-214)ی پەرتووکی (وثائق بريطانية عن تشكيل دولة كوردية مستقلة 1924-1927، ئامادە و پێشکەشکردنی دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی)دا، کە بە پشتبەستنی بە ڕاپۆرتی ئەفسەرێکی هێزی ئاسمانی ئێراق کە بۆ ئەفسەری ڕوکنی ئیستخباراتی یەکەم لە بارەگای فەرماندەیی هێزی ئاسمانی – فەرماندەیی ئێراق لە بەغدا بە ژمارە (10/2)ی ڕێکەوتی (22.9.1927)دا ناردوویەتی. لە ڕاپۆرتەکەدا ئەفسەری بەرپرس بۆچوونی پارتێکی کوردی ڕێگەپێدراو لە لایەن حکومەتی ئێراقی

دەخاتەڕوو کە پارتە کوردەکە دەڵێت: (لێمان گەڕێن با لە دژی عارەبەکان ڕاپەڕین و لە وڵاتی خۆمان دەریانکەین. ئێمە کوردین و پاڵپشتی هەڵبژاردنی فەیسەڵ ناکەین، بەڵام بەریتانییەکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ناچاریانکردین سوێندی لایەنگیری بۆ ئەو بخۆین. کورد لە سەرانسەری وڵاتدا (باشووری کوردستان)دا ڕقی لە دەسەڵاتی عارەب، سوپای عارەب، کارمەندی عارەب و بگرە لە وەزیرو پەرلەمانتارە کوردەکانیشە کە لە خزمەتی عارەبدان). هی دووەمیشیان هەر بە گوێرەی هەمان بەڵگەنامەی سەرەوەیە، کە لەژێر ناوی (داواکاری دانیشتوان)، لە لاپەڕەکانی (215–218)دا بڵاوکراوەتەوەو، بۆچوونی سەرکردەو دەمڕاستی دانیشتوانی سلێمانی، هەولێر و کەرکوکن، کە دەڵێت: (ئێمە کورد و تورکمانین، بە تەواوی عارەب ڕەتدەکەینەوە، ئەگەر داواکەمان پەسند ناکەن لێمان گەڕێن ئێمە خۆمان کاروبارەکانی خۆمان بەڕێوە دەبەین. کۆمەڵەی نەتەوەکان، لە هەموو شوێنێک نەفرەتی لێدەکرێت. ئێمە بە کۆمیسیۆنی ئەوانمان گوتبوو ئەگەر ناماندەنە بەریتانییەکان، بە هیچ شێوەیەک ناخوازین لەگەڵ عارەب بین. با ڕادەستی هەر هێزێکی ترمان دەکەن بیکەن جگە لە عارەب، کەچی کۆمەڵەی نەتەوەکان بە پێچەوانەوە ئێمەیان ڕادەستی عارەبەکان کرد بۆ ئەوەی فەرمانڕەوایی ئێمە بکەن). مێژوونووس و ڕۆژهەڵاتناسی ڕوسی میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریف، لە لاپەڕە (50)ی پەرتووکی (المسألة الكوردية (1917–1923)دا باسی ئەوەیکردووە: (بە پێچەوانەی عارەبە موسڵمانەکان کە دەنگیان دابوو لە بەرژەوەندی دامەزراندنی دەوڵەتێکی عارەبی، کوردەکانی موسڵ و ئێزیدییەکانی چیای شەنگال بەیاننامەیەکیان لەکاتی ڕاپرسییە گشتییەکەدا لە دژی دامەزراندنی بەڕێوەبەرێتییەکی عارەبی ڕاگەیاند). دوا نموونەش هەروەکو نووسەر (جۆن س. گیست) نووسیویێتی: (مس بێڵ گرترود بێڵ، لە مانگی دووی ساڵی (1919)دا ئاماژەی بەوە کردووە کە پەنجا کەس لە نێوانیاندا تەواوی سەرۆکە ئێزیدییەکان، بەیاننامەیەکیان بەناوی ئێزیدییەکانی دیاربەکر و موسڵ دەرکرد، کە تیایدا ڕاگەیاندبوو ئەوان دەیانەوێت بخرێنە ژێر سەرپەرشتی بەریتانیای مەزن، وە هەرگیز نایانەوێت میرییەکی عارەبی فەرمانڕەوایان بێت – سەرچاوە: (جۆن س. گیست، الحياة بين الكورد .. تأريخ الإيزديين، ترجمة عيماد جەميل مزوری، ل394). سەرەڕای شۆڕش و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی کورد لەگەڵ حکومەتە یەک لەدوا یەکەکانی

ئێراقدا، کورد لە ڕێگای بەیاننامەو یاداشتیشدا چەندان جار پرۆتێستی ئەوەی کردووە بۆ ئەوەی نەخرێتە سەر حکومەتی ئێراق و نایەوێت لەگەڵ عارەبدا بەیەکەوە بژین.

هەرچی سەبارەت بە شیعەکانیشە، ئاماژە بە پەرچەکرداری ئەوانیش دەکەم. بەڵام با بە بیروبۆچوونی کەسانی بیانی دەستی پێبکەم، کە دوو نووسەر بەناوەکانی (پییەر سالینجەرو ئێریک لۆران) لە لاپەڕە (24)ی پەرتووکی (حرب الخليج: الملف السري)دا، نووسیویانە: (ئێراق بەرهەمی شێتایەتیی وینستۆن چەرچڵە، کە دەیویست دوو کێڵگەی نەوتی کەرکوک و موسڵ بە ئێراقەوە ببەستێتەوە، کە هیچ شتێکی هاوبەشیان لەگەڵ ئەو وڵاتەدا نەبوو، هەر لەبەر ئەو هۆیەش بوو هەر سێ گەلی کورد، سوننە و شیعە کە هیچ شتێکی وەک یەک و هاوبەشیان نەبوو، لەگەڵ یەکتردا کۆکردەوەو لێکی گرێدان. ئەوەش کارێکی ناڕەوا بوو، چونکە کوردەکان لە ڕەگەزی سامی نین، بەڵکو ئەوان لە بنچینەدا هیندو ئەوروپی‌ین و لە ڕووی ئایینیشەوە زۆربەیان موسڵمانی سونین. ئەو شتانە هەمووی خەسڵەتی دەستکردێتیی دەوڵەتی ئێراقیان پێوەدیارە - سەرچاوە: دکتۆر فوئاد حەمە خورشید، كركوك قلب كوردستان، ص80، لە بيار سالينجر، إريك لوران، حرب الخليج: الملف السري، ص24)دا وەریگرتووە + حوسێنی مەدەنی، کوردستان و ئیستراتیژیی دەوڵەتان، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ل300، بەڵام لە چاپی دووەمی ساڵی 2009دا کەوتۆتە ل304). لە سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە لەکاتی دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراقدا، تەنیا بەرژەوەندی ئینگلیز و عارەبی سونە ڕەچاوکراوە، چونکە هەروەکو دوو نووسەرەکە ئاماژەیان پێداوە، پێکهاتەکانی کورد، سونە و شیعە هیچ شتێک و بەرژەوەندییەکی هاوبەش نەبووە لە نێوانیاندا.

(ئۆریل دان) سەبارەت بە دەوڵەتی ئێراق دەڵێت: (هیچ کاتێک ئێراق لە ڕابردوودا یەکەیەکی سیاسی سەربەخۆ نەبووە، سنووری ئێستای ئێراق لە سەردەمێکدا کە زۆر لە زیندووەکان بە باشی بەبیریانە، کە لەسەر ویست و خواستی وڵاتانی بێگانەوە کێشراوە بەزۆری لە پێناوی خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی دەرەوە - سەرچاوە: ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، سایکس - پیکۆو ترازاندنی جەمسەری کێشەی کوردی باشوور، ل77). ئەو لێدوانەی (ئۆریل دان) ئەوە دەسەلمێنێ کە سەرەڕای بەزۆر لکاندنی باشووری کوردستان بە ئێراق و کۆکردنەوەی کورد،

سوننە و شیعەی عارەب لە چوارچێوەی یەک دەوڵەتی بەزۆر دروستکراو، هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکە هەرگیز نەیانتوانیوە بەیەکەوە بگونجێن. هەروەها شا فەیسەڵ (فەیسەڵ کوڕی شەریف حوسێن کوڕی شەریف عەلی ئەلهاشمی 20.5.1883–8.9.1933)، یەکەم شای ئێراق لە نێوان سالآنی (23.8.1921–8.9.1933)دا، سەبارەت بە وڵات و دانیشتوانی ئێراق لە ڕێکەوتی (15.3.1932)دا گوتوویەتی: (ئەم وڵاتەی ئێراقە بریتییە لە یەکێک لەو وڵاتانەی کە یەکێک لە گرنگترین توخم لە توخمەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی تێدا بەدی ناکرێت، کە یەکێتیی بیرو نەتەوە و ئایینە. بۆیە لەم دۆخەی ئێستادا تواناکانی پەرش و بڵاون لە یەکتر. سەبارەت بەمە دەتوانم بەکورتی لە کاتێکدا کە دڵیشم پڕ لە پەژارەیە بڵێم، بە باوەڕی من لە ئێراقدا هێشتاکە گەلی ئێراق بوونی نییە، بەڵکو چەند کۆمەڵە مرۆڤێکی بەتاڵ لە هەر بیرێکی نیشتمانی بوونیان هەیە، کە هیچ شتێک بەیەکەوە کۆیان ناکاتەوە. بەڵێ ئەو گەلە بوو کە ئەرکی پێکهێنانی کەوتبووە ئەستۆی منەوە – سەرچاوە: ئینسکلۆپیدیای ویکیپیدیا بەشی عارەبی + نجدة فتحي صفوة، مذكرات جعفر العسكري، ل191–199). بە گوێرەی قسەکانی شا فەیسەڵی کوڕی شەریف حوسێن، بۆمان دەردەکەوێت کە ئێراق وڵاتێکی دەستکردی ئینگلیزەو، ئەوان لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیان و بەرژەوەندی عارەبدا چەندان گروپ، دەستە، نەتەوە، ڕەگەز، تیرەو تیرەی ئایینیان کۆکردۆتەوە لەگەڵ نیشتمان و خاکی دوو نەتەوەی کورد و عارەب و، دەوڵەتی ئێراقیان بۆ عارەب دروستکردووە. ئەوە لە کاتێکدا نە کوردەکان و نە زۆرێک لە عارەبەکانیش بەتایبەت عارەبی شیعە، قایل نەبوون بە دانانی فەیسەڵ کوڕی حوسێنی هاشمی بە پادشای ئێراق و، بە کەسێکی نەگونجاو بۆ ئەو پۆستەیان ناودەبرد، کە لە ڕێکەوتی (23.8.1921)دا دەسەلاتدارانی بەریتانی بەزۆر سەپاندیان – سەرچاوە: (میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، المسألة الكوردية (1917–1923)، ل216). هەروەها نووسەرێکی بیانی بەناوی (گیرارد چالییاند) کە لە لاپەڕە (60–64)ی پەرتووکی (کوردستانی کوردەکان)دا، نووسیویێتی: (وڵاتەکانی خۆرهەلاتی ناوەڕاستی وەکو ئێراق، سوریا، لوبنان و هی دیکەش لە ئەنجامی ململانێی بۆرجوازی یان خەباتی شۆڕشگێڕانەی ئەو وڵاتانەدا دروست نەبووینە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لەسەر دەستی ئیمپریالیزمی بەریتانی و فەرەنسی دامەزراون بۆ خزمەتکردنی ئامانجەکانیان و گونجاندنی بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزم. ئەگەر

ئیمپریالیزمی بەریتانی و فەرەنسی بیانویستایە دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ دامەزرێنن، بە گوێرەی ڕێکەوتنی نێوانیان دایان دەمەزراند، کە سەرکردایەتی کوردیش نزیکەی لە هەمان ئاستی دواکەوتوویی بوو کە باڵی بەسەر زۆر لە دەوڵەتانی عارەبی ناوچەکەدا کێشابوو – سەرچاوە: ئەیوب بارزانی، المقاومة الكوردية للأحتلال 1914–1958، ل25).

سەبارەت بە پەرچەکرداری شیعەی عارەب لەمەڕ دامەزراندنی دەوڵەتێک بەناوی ئێراق، کاکەمەم بۆتانی، لە لاپەڕە (14)ی پەرتووکی (لە دوو توێی یاداشتی شاردا)، نووسیویێتی: (بابەتی بەیەکەوە بەستنی هەر دوو ویلایەتی بەغداو بەسرا – با عارەبیش بن – کارێکی زۆر گران بوو، دەمڕاست و دەسەڵاتدارەکانی هەر دوو ویلایەت سەریان بۆیەک شۆڕنەدەکرد .. لەپڕ، هەرا سەری هەڵدەداو عارەبەکانی ویلایەتی بەسرا داوای جیابوونەوەو میری سەربەخۆیان دەکرد). بە گوێرەی ئەو ئاماژە پێکردنەی کاکەمەم بۆتانی، بۆمان دەردەکەوێت کە تەنیا کوردەکان نەبووینە کە بە یەکگرتنی هەر سێ ویلایەت و هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی (کورد، سونە و شیعە)، ناقایل بوو بن، بەڵکو شیعەی عارەبیش ئەم لکاندن و یەکگرتنە زۆرەملێیانەی بە دڵ نەبووە، بۆیە هەڕەشەی جیابوونەوەو دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی تایبەت بە خۆیان کردووە! هەر سەبارەت بە پەرچەکرداری شیعەی عارەب، لە هەمان لاپەڕەو هەمان سەرچاوەی ناوبراو لە سەرەوەداو، بە پشتبەستنی بە (عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی، مێژووی وەزارەتەکانی ئێراق، بەشی یەکەم، ل65–97)، نووسیویێتی: (لەپڕ، چوار هەزارو پێنج سەد کەس لە دانیشتوانی ویلایەتی بەسرا لە ڕێکەوتی (13.6.1921)دا یاداشتنامەیەکیان ئامادەکردو گەیاندیانە بارەگای نوێنەری باڵا. داواکانیان بریتیبوو لە دانانی: ئەنجومەنی یاسادانانی سەربەخۆ بۆ ویلایەتی بەسرا. ئەم ناوچەیە سوپای پۆلیسی خۆی هەبێ، کاروباری ناوخۆی ویلایەتەکە بدرێتە دەست خەڵکی بەسرا.. هەتا بەوەش قایل نەبوون کە ئەوانەیان بدرێتێ و سەر بە ویلایەتی بەغدا بن، بەڵکو داوایان کرد لە هیندستانەوە سەرپەرشتی بکرێن). ئەگەر بەراوردێک لە نێوان ئەو داواکارییەی چوار هەزارو پێنج سەد کەسەی دانیشتوانی ویلایەتی بەسرای ئەوکات و، داواکاری ئێستای شیعەکانی باشووری ئێراق بکەین بەتایبەت دانیشتوانی بەسراو ناسریە، سەرەتا دەبینین لە هەر دوو سەردەمدا ئەوان پەرچەکرداریان هەبووەو، داواکاریشیان لەیەکەوە زۆر

نزیکن و مرۆڤ دەتوانێت بڵێت هەمان شتن، کە بریتیین لە نیمچە سەربەخۆییەک یان شێوازێکی فیدراڵی. ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن، لە لاپەڕە (363)ی بەشی دووەمی پەرتووکی (بلاد مابين النهرين بين ولاءين خواطر شخصية وتأريخية)دا، نووسیویێتی: (بۆچوونی دانیشتوانی ویلایەتی بەسرا، دژی ئەوەیە کە بەغدا دەسەڵاتی بەسەر ئێراقدا هەبێت. خەڵکی وا هەیە حەز دەکات تورکەکان بگەڕێنەوە، کەسێکیش نییە حەزبکات حکومەتێکی عارەبی دامەزرێت کە مەڵبەندەکەی لە بەغدا بێت). هەر سەبارەت بە بۆچوونی دانیشتوانی بەسرا، ئارنۆڵد ویلسۆن، لە لاپەڕە (382)ی هەمان سەرچاوەدا نووسیویێتی: (لەناو دانیشتوانی ویلایەتی بەسرا ئارەزوویەکی بەهێزی جیابوونەوە هەبوو). هەروەها لە لاپەڕە (10)ی سەرچاوەی ناوبراودا، فوئاد جەمیلی وەرگێڕی هەر سێ بەشەکەی پەرتووکەکە، ئاماژەی بە وتارێکی مستەر وینستۆن چەرچڵی وەزیری کۆلۆنییەکانی بەریتانی دەدات کە لە ڕێکەوتی (14.6.1921)دا دەڵێت: (هەندێک خەڵک داوایەکیان پێشکەش کردبوو بۆ جیاکردنەوەی بەسرا لە ئێراق و وەکو ناوچەیەکی سەربەخۆ لەژێر بەڕێوەبەرێتی بە تەنیای بەریتانیا دابێت. بەڵام نابینین ئەو کارە بکرێت، چونکە سیاسەتی ئێمە ئەوەیە کە حکومەتێکی عارەبی دامەزرێنین). لە ڕێگای یاداشتەکانی (ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن)دا بۆمان دەردەکەوێت کە شیعەی دانیشتوانی ویلایەتی بەسرا (باشووری ئێراق)، دڵخۆش نەبووینە بەوەی کە بخرێنە سەر ئێراق، بەڵکو داوای سەربەخۆیی ویلایەتی بەسراو دامەزراندنی دەوڵەتێکی جیا لە ئێراق یان گێڕانەوەیان بۆسەر دەوڵەتی عوسمانی کردووە. ئارنۆڵد ویلسۆن، لە درێژەی نووسینەکەیدا هەر لە لاپەڕە (382)ی سەرچاوەی پێشوو، سەبارەت بە بۆچوونی کوردەکانی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ لەمەڕ چوونە ژێر باڵی حکومەتێکی عارەبی نوێ لە بەغدا، نووسیویێتی: (سێ لەسەر چواری دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ عارەب نین. پێنج لەسەر هەشتیان کوردن، یەک لەسەر هەشتیان کریستان و ئێزیدین. دەرکەوت کە پرسی کورد ناتواندرێت چارەسەر بکرێت. سەرکردەکانی کورد سیاسەتێکی یەکگرتوویان نییە. ڕۆڵەکانیان لەسەر هیچ شتێک کۆک نین بەیەکەوە، جگە لە دژایەتیکردنیان بۆ هەر جۆرێک لە جۆرەکانی حکومەتێک کە بیانخاتە ژێر دەسەڵاتی عارەب). هەروەها وینستۆن چەرچڵی وەزیری کۆلۆنیالییەکانی بەریتانی لە ڕێکەوتی (14.6.1921)دا لە وتارێک دەربارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پەرلەمانی بەریتانیدا

ووتی: (کوردەکان حەزناکەن بخرێنە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عارەبی، لە هەموو کوردستان پرسیار لە خەڵکی کراوە، ئەوە ڕوون بۆتەوە کە دانیشتوانی کوردستانی خواروو بە یەکێتیی (إتحادي) لەگەڵ ئێراق قایلدەبن بە مەرجێک ڕاستەوخۆ لە لایەن کۆمیسیاری باڵاوە فەرمانڕەوایی بکرێن نەک لە لایەن حکومەتی عارەبی. کەواتە سێر پێرسی کۆکس دوو دەسەڵاتی دەبێت، یەکیان بۆ ئێراق و ئەوی تریشیان بۆ کوردستان. هەروەها کوردستانیش لەشکری خۆی دەبێت کە دەبێتە قەڵایەکی سەخت دژی خۆخزاندنی بۆلشۆڤیک و کەمالیستەکان بۆ ناوچەکە - سەرچاوە: دکتۆر جاسم تۆفیق خۆشناو، مەسەلەی کورد و یاسای نێو دەوڵەتان، ل171). بە گوێرەی ئەو ڕاپۆرتانەی سێر ئارنۆڵد ویلسۆنی کۆمیسیاری باڵا کە ئاماژەی پێکردوون، هەروەها وتارەکەی وینستۆن چەرچڵ بۆمان دەردەکەوێت کە نە کوردەکان و دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ هەروەها نە دانیشتوانی ویلایەتی بەسرا نەیانویستووە بچنە ژێر رکێفی دەوڵەتێکی عارەبی لە ئێراق کە مەڵبەندەکەی بەغدا بێت، چونکە هەر سێ ویلایەتەکە جیا بووینەو هەتاوەکو کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی، نەک هیچ پێوەندییەک لە نێوانیاندا نەبووە، بەڵکو هەر یەکەی بۆ خۆی سەربەخۆ بووە.

سەبارەت بە ڕەفتاری کوردەکان لەگەڵ کەمە نەتەوەکانی باشووری کوردستاندا، ئاماژە بە چەند نموونەیەک دەکەم. کاستن نیببوهر (26.4.1815-17.3.1733)ی گەڕیدەی ئەڵمانی، کە لە نێوان ساڵانی (1767-7.1.1761)دا لەسەر داخوازی و بە پارەی پادشای دانمارک (فریدریک-ی پێنجەمی کوڕی کریستیان-ی شەشەم)دا گەشتێکی بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی عارەبیدا کردووەو، لە ڕێکەوتی (18.3.1766)دا هاتۆتە موسڵ و، لە لاپەڕە (350)ی بەرگی دووەمی پەرتووکی (ڕاڤەکردنی گەشتی کاستن نیببوهر لە وڵاتی عارەب و وڵاتەکانی تری دەوروبەردا)، کە بەمشێوەیە باسی ژیانی کریستانەکانی هەرێمی موسڵی کردووە: (بەدڵنیایی زۆر بەزەحمەت ناوچەیەک لە تەواوی ئیمپراتۆریەتی تورکی دەبینی، کە کریستانەکان ژیانێکی بەختەوەریان هەبێت لەگەڵ موحەمەدییەکان (موسڵمانەکان)، وەکو ئەو ژیانەی کریستانەکانی هەرێمی موسڵ هەیانە). گومان لەوەدا نییە، کە هەم لەناو شاری موسڵ و هەم لە سەرانسەری ویلایەتی موسڵ (هەرێمی موسڵ)دا لەو ساڵەی کە کاستن نیببوهری گەڕیدەی ئەڵمانی گەشتەکەی تێدا ئەنجامداوە، ژمارەی کورد

زۆر زۆرتر بووە لە ژمارەی تەواوی نەتەوەکانی تری وەکو، عارەب، تورکمان و ئاشووری (کریستانەکان). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕەفتاری کوردە موسڵمانەکان لە بەرانبەر ئاشووری و ئەرمەنییە کریستانەکان، ڕەفتارێکی برایانەی پڕ لە دڵۆڤانی و مرۆڤدۆستانە بووە.

لە ڕاپۆرتێکی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا، کە لە ساڵی (1925)دا سەبارەت بە بارودۆخی ئێراق ئامادەکراوە، هاتووە: (کوردەکان، نە عارەبن نە تورک و نە فارس، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی تر لە فارسەکان نزیکترن. جیاوازییەکانی کورد لەگەڵ تورکدا زۆر جیاوازی زەقن، لەگەڵ عارەبدا جیاوازییەکانیان گەورەترن. هەر چەندە کورد جەنگاوەری بێ سیستەمن و یەکگرتوو نین، گیانی تۆڵەسەندنەوەیان هەیە لەگەڵ یەکتردا، کەچی توانیویانە بەشێوەیەکی زۆر دۆستانە لەگەڵ تەواوی ئەو نەتەوانەی کە لەسەر خاکی ئەواندا (کوردستان)دا دەژین، بە باشی و بە ئاشتی بژین. هەروەها بە تەواوی بۆمان دەرکەوتووە کە کوردەکان لە هەموو نەتەوەکانی تری موسڵمان باشتر لەگەڵ کریستانەکان دەگونجێن – سەرچاوە: پێداچوونەوەو لێکۆڵینەوە عەبدولڕەزاق مەحمود ئەلقەیسی، ولاية الموصل تقرير عصبة الأمم الخاصة بحل النزاع التركي – البريطاني حول ولاية الموصل 1924–1925، مركز الدراسات الكوردية (کوردۆلۆجی)، مطبعة ڕەنج، باشووری کوردستان – سلێمانی 2009، ل127 + عصبة الامم، مسألة الحدود بين تركية والعراق وهو التقرير الذي رفعته البعثة المؤلفة وفقا لقرار المجلس في 30 أيلول 1924، ل54–55). نووسینی ڕاپۆرتێکی بەمشێوەیە لە لایەن کۆمیسیۆنێکی سەر بە کۆمەڵی نەتەوەکان و، گەواهی دانی کۆمەڵەی نەتەوەکان بەوەی کە کوردەکان لە هەموو نەتەوەکانی تری موسڵمان باشتر لەگەڵ کریستانەکان دەگونجێن، بەڵگەیەکی گرنگە بۆ دڵفراوانی کورد لە بەرانبەر نەتەوەکانی ترو ڕێزگرتنیان لە ئایینەکانی تری ناوچەکەو دراوسێ.

جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری ئێراق و سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە لاپەڕە (5)ی ئەو پێشەکییەی کە بۆ وەرگێڕدراوە کوردییەکەی شێخ محەمەد شاکەلی بۆ پەرتووکی (دکتۆر فازڵ حوسێن، کێشەی ویلایەتی موسڵ)ی نووسیوە، باسی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی توێژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ–ی سەر بە کۆمەڵەی نەتەوەکان دەکات، کە بە سەرۆکایەتی (ئاینەر تروە ئێف. ڤێرسن)ی سویدی، لە مانگی یەکی ساڵی (1925)دا هاتبوونە باشووری کوردستان (ویلایەتی

موسڵ) و، دواتر ڕاپۆرتی خۆیان بۆ ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان بەرزکردەوە، سەبارەت بە پێکەوە ژیانی نەتەوەکانی کوردستان نووسیبوویان: (گوزەراندنی خەڵکی کوردستان لەگەڵ کریستانەکان لە هی هەموو نەتەوەکانی تری ناوچەکە باشترو دۆستانەتر بووە). مام جەلال، هەمان شتی بەشێوەیەکی تر لە لاپەڕە (45)ی پەرتووکی (کوردستان والحرکة القومیة الکوردیة)دا دەربڕیوە، کە دەڵێت: (کۆمیسیۆنی توێژینەوەی سەر بە (کۆمەڵەی نەتەوەکان)، لە ساڵی (1925)دا نووسیویەتی: پێوەندی نێوان گەلی کورد و کریستانەکان لە باشترین جۆرەکانی پێوەندی بووە لە نێوان موسڵمان و کریستانەکان). ئەوەی کە کۆمەڵەی نەتەوەکان ئاماژەی پێکردووە، دووبارە گەواهیدانی ئەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە دووبارە دەکاتەوە بۆ ڕێزگرتن و گونجاندنی باشتری کورد لە نەتەوەکانی تری دەوروبەر لە بەرانبەر کریستانەکانی ناوچەکەدا.

ئەکادیمستی ڕوسی (ڤ. أ. گەردلێڤسکی)، کە یەکێکە لە خۆرهەڵاتناسە دیارەکانی سۆڤیەت، لە لاپەڕە (126–127)ی بەرگی سێیەمی پەرتووکەکەیدا بەناوی (کارە هەڵبژاردەکان)، سەبارەت بە میانڕەوی کورد نووسیویەتی: (هەرگیز جیاوازی ئایین لە نێوان کوردە موسڵمان و ئەرمەنە کرستانەکاندا ڕۆڵی نەبینییوە – سەرچاوە: دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، ل119). ئەوەی کە ڕۆژهەڵاتناسی ناوداری ڕوسی گەردلێڤسکی باسیکردووە، دەیسەلمێنێ کە جیاوازی نەتەوەو ئایین نەبۆتە کێشە بۆ پێکەوە ژیانی کورد لەگەڵ کریستانەکانی کوردستان.

ڕۆژهەڵاتناسی ڕوسی باسیلی نیکیتین لە لاپەڕە (323)ی پەرتووکی (الکورد دراسة سوسیولوجیة وتأریخیة)دا نووسیویەتی: (دەتوانم ئەوە بڵێم کە کوردەکان بەشێوەیەکی گشتی دڵفراوانن لە بەرانبەر جولەکەکاندا). ئەو ئاماژەیەی کە باسیلی نیکیتین باسیکردووە سەبارەت بە دڵفراوانی و لێبوردەیی کوردەکان کە بەرانبەر بە جولەکە هەیەتی، بەڵگەیەکە بۆ ئامادەیی پێکەوە ژیانی کورد لەگەڵ ڕەگەزو ئایینە جیاوازەکان، هەر چەندە جولەکەکان لە ڕووی ڕەگەزەوە جیاوازیان لەگەڵ کورددا نەبووەو ئەوانیش هەر کوردن. هەر ڕۆژهەڵاتناسی ڕوسی باسیلی نیکیتین لە لاپەڕە (129)ی هەمان سەرچاوەدا، باسی ئەوەی کردووە کە (موژدەهێنەر ویگرام) لە

پەرتووکەکەی خۆیدا (تأريخ الكنيسة الاثورية عام 1910)دا باسی کردووە کە توندڕەوی لە خەسڵەتی کوردەکاندا نییە.

مێجەر (ڕائید) کینیس ماسۆن، لە لاپەڕە (329)ی پەرتووکی (کوردستانی ناوەند)دا کە بە زمانی ئینگلیزی نووسیویەتی، سەبارەت بە ڕەفتاری کورد لەگەڵ ئەرمەنەکاندا دەڵێت: (لەوانەیە زۆربەمان بیرێکی شێواومان هەبێ کە گوایە کورد بەرپرسی کوشتارەکانی ئەرمەنن، بەڵام کەممان ئەوە دەزانین کە بەشێکی یەکجار زۆری کریستانەکان لە ڕۆژانی پێش شەڕدا (شەڕی یەکەمی جیهان) زۆر بە بەختیاری لە کوردستاندا دەژیان؛ سەرچاوە: دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، ل119). ئەوەی کە مێجەر کینیس ماسۆن ئاماژەی پێداوە، دەیسەلمێنی کە بەهۆی جیاوازی ڕەگەز و ئایین، کورد هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ئەرمەنییەکان نەبووە، ئەگەر دواتریش هەندێک کوردی هەڵخەڵەتاو بەشداری کوشتاری ئەرمەنییەکانیان کردبێت، ئەوە بە بڕیاری حکومەتی عوسمانی بووە، ئەگینا ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان بە دەیان هەزار ئەرمەنی تریان لە مردن ڕزگار کردووە و پەنایان داون.

سەرەڕای ئەو هەموو دڵفراوانی، بەخشندەیی، لێبووردەیی، گونجاندن و ژیان بەشێوەیەکی ئاشتیانەی کورد لەگەڵ تەواوی نەتەوە و ئایینە جیاکاندا لە کوردستان، کەچی ئاماژە بە چەندان نموونەی ڕەفتاری نەتەوەی عارەبی سەردەست دەکەین لەگەڵ کورد و کەمە نەتەوەکانی چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراق، کە بریتیین لەوانەی خوارەوە:

1. لە ڕۆژانی سێشەممە و چوارشەممە، ڕێکەوتی چوار و پێنجی مانگی یەنیوەری ساڵی (1909)دا، بە بەرنامە و نەخشەی (عەلی سەعید بەگ)ی سەرۆک ئەرکانی سوپای ویلایەتی موسڵ و بەرپرسی ئیتحاد و تەرەقی لەو ویلایەتەدا، بەدەستی عارەبەکانی ناو شاری موسڵ (شێخ سەعید کوڕی شێخ ئەحمەد کوڕی شێخ سەعید)ی باوکی شێخ مەحمود و زۆرتر لە حەفتا کوردی دیکە لەناو شاری موسڵ-دا شەهیدکران و نزیکەی سەد کەسیش بریندار کران؛ سەرچاوە: (محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی یەکەم، لە لایەن بلاک ڕۆز چاپکراوە، لەندەن – بەریتانیا 1990، ل163 + دکتۆر عوسمان عەلی،

الکورد في الوثائق البريطانية، الطبعة الاولی، مؤسسة موکرياني للبحوث والنشر، جنوب کوردستان – هەولێر 2008، ل93–101).

2. دوو دەستە (سرية)ی هێزەکانی لیڤی ئاشووری کە سەر بە سوپای ئێراق بوون لە ڕۆژی (24.5.1924) تەقەیان لە دانیشتوانی بێتاوانی کورد و تورکمانی کەرکوک کرد و (56) کەسیان شەهید و (44) کەسیان بریندار کردن؛ سەرچاوە: (الدکتور عصام عزيز شريف، مذکرات عزيز شريف، شباط 2010، ص155).

3. لە ڕێکەوتی (5.8.1933)دا میلیشیای بەناو سوپای ئێراقی عروبەی ئیسلام، پەلاماری ئاشوورییەکانی بادینان و موسڵی دا، ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە دانیشتوانی سیڤیلیان لە ناوچەکەدا کوشت و بریندارکرد؛ سەرچاوە: دکتۆر جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، ل110). لەو پەلامارەدا بۆ سەر ئاشوورییەکان، (130) کوژراو و (80) برینداری لێکەوتەوە، ئەوە جگە لە بە کۆمەڵکوشتنی نزیکەی (500) ئاشووری سیڤیل لەناو شارۆچکەی سمێل و دەوروبەریدا، لە ئەنجامی شاڵاوێکی دڕندانە و هۆڤییانەی تۆڵەسەندنەوەدا کە بە بێ هیچ هۆکارێک، لە ناکاودا کرایە سەریان؛ سەرچاوە: محمود الدرة، القضية الکوردية، ل179). کەچی ئاشووریەکان ژمارەی قوربانییەکانی خۆیان بە (600) کەس دادەنێن، کە زۆربەی هەرە زۆرییان ژن، منداڵ و پەککەوتە بووینە. لەکاتی ئەو کۆمەڵکوژییەدا، حکمەت سلێمان وەزیری ناوخۆ، بەکر سدقی عەسکەری فەرماندەی هێزە سەربازییەکان، تەها هاشمی سەرۆکی ئەرکانی سوپا و عەبدوڵلاتیف نوری وەزیری بەرگری بووینە.

4. لە ماوەی نێوان (1.10.1935–17.10.1935)دا، میلیشیای ئێراقی بە فەرماندەی لیوا ڕوکن حوسێن فەوزی، بە بیانوی بەزۆر گرتنی سەرباز لەناو ئێزیدییەکاندا، کەوتە پەلاماردانیان لە شەنگال و دەوروبەری موسڵ-دا، لە ئەنجامدا بە گوێرەی بەیانێکی فەرمی حکومەتی ئێراقی کە لە ڕێکەوتی (17.10.1935)دا دەرچووە (203) کوردی ئێزیدی شەهیدکران، (102) بریندار و (395) کەسیان خۆیان بەدەستەوەدا یان بەدیلگیران، نۆ کەس لەوانەدا کە سەرکردەی کوردی ئێزیدی بوون هەر لەوێدا لە سێدارە

دران؛ سەرچاوە: ئەحمەد خواجە، چیم دی، بەرگی سێیەم، ل35-37 + محمود الدرة، القضية الكوردية، ل189). لەکاتی ئەو هێرش و پەلامارە دڕندانەیەدا یاسین هاشمی سەرۆک وەزیران، فەریق ڕوکن محەمەد ئەمین ئەلعومەری سەرۆک ئەرکانی سوپا، جەعفەر عسکەری وەزیری بەرگری و ڕەشید عالی گەیلانی وەزیری ناوەخۆ بووینە. ئەوەی شایەنی گوتنە لیوا ڕوکن حوسێن فەوزی، کە بە نەژاد کوردی هەمەوەندی بووە و پاشان لە ساڵی (1941)دا لەکاتی کۆدەتای ڕەشید عالی گەیلانی و ڕاکردنی شێخ مەحمودی نەمردا لە ڕێکەوتی (20.5.1941)دا لە بەغدا و گەڕانەوەی بۆ کوردستان، ئەو حوسێن فەوزی-یە پارێزگاری سلێمانی بووە؛ سەرچاوە: محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، ل797-798).

5. لە کۆمەڵکوژییەکی دیکەدا کە هەر عارەب و سوپاکەی عارەبی ئێراق لە ڕێکەوتی (25.10.1941)دا لە دژی ئێزیدییەکاندا ئەنجامدرا، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بێتاوان کوژران. ئەو شاڵاوە دڕندانەیە بە فەرمانی وەزیری بەرگری ئەوکاتی ئێراق جەمیل مەدفەعی (جەمیل محەمەد عەباس مەدفەعی 1890-26.10.1956) و سەرۆک ئەرکانی سوپای ئێراق (فەریق ڕوکن محەمەدئەمین ئەلعومەری) و سەرپەرشتی و فەرماندەیی ڕاستەوخۆی لیوا ڕوکن مەحمود ئەلدوڕە، کە سەرۆکی ئەرکانی ئەو هێزە بوو کە نێردرابوو بۆ شەنگال و لە دوو فەوجی پیادە و بەتارییەکی تۆپ هاوێژی پێکدەهات؛ سەرچاوە: (محمود الدرة، القضية الكوردية، ص190-191).

6. کۆمەڵکوژییەکەی شەشی ئەیلولی ڕەشی سلێمانی لە ساڵی (1930)دا، کە لە ئەنجامی دوو هۆکار بوو یەکەمیان مۆرکردنی پەیمانی ساڵی (1930)ی نێوان ئینگلیز و ئێراق، کە بە هیچ شێوەیەک باسی کوردی تیادا نەکرابوو، هۆکاری دووەمیشیان ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نوێی پەرلەمانی ئێراق بوو لە ئایندەیەکی نزیکدا، کە لەو ڕۆژەدا خەریکی پێکهێنانی کۆمیسیۆنێکی سەرپەرشتیکار بوون بۆ هەڵبژاردنەکە (کە دواتر هەڵبژاردنەکە لە ڕێکەوتی (1.11.1930)دا ئەنجام درا)، ئەمەش وایکرد دانیشتوانی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بەگشتی و شاری سلێمانی بەتایبەتی ڕاپەڕن

لە دژی ئەم پەیمانەدا. دانیشتوان خۆنیشاندانێکی گەورەیان لە ڕێکەوتی (6.9.1930)دا لە بەردەم سەرای سلێمانی سازدا، لە ئەنجامدا سەرباز و پۆلیس تەقەی لە خۆنیشاندەران کرد و نزیکەی (45) کەس شەهید و (200) کەسیش بریندار بوون، هەروەها نزیکەی (100) کەسیش گیران؛ سەرچاوە: (شۆڕش حەسەن عومەر، حقوق الشعب الكوردي في الدساتير العراقية، 71، کە پشتی بەستووە بە هەر یەک لە: ڕۆژنامەی (التآخي)، ژمارە (828)ی ڕۆژی (6.9.1970) + عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی، تأريخ الوزارات العراقية، ج3، الطبعة الرابعة، مطبعة دار الكتب بيروت 1974، ص70).

7. لە ڕێکەوتی (5.2.1963)دا، هێزێکی سوپای عروبەی ئێراق، بە فەرماندەیی زەعیم سدیق مستەفای خوێنڕێژ، فەرماندەی لیوای (20)ی سوپای ئێراق، لە ئەنجامی شکستێکی خۆیاندا لە بەرانبەر هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا، پەلاماری گوندی (سێدارە)ی نزیک شارۆچکەی (دەربەندیخان)یان داو هەژدە هاووڵاتی بێتاوانیان گوللەبارانکرد.

8. لە ڕێکەوتی (25.5.1963)دا پاسەوانی نەتەوەیی (الحرس القومي) سەر بە بەعس، بە سەرۆکایەتی زەعیم سدیق مستەفای فەرماندەی لیوای (20)ی بەناو سوپای ئێراق، لە هەموو ڕاستێکدا هێرشیان کردە سەر خەڵکی سیڤیلی کوردستان و، لە بتوێن (73) کەسیان گرت و بە بێ دادگاییکردن، هەموویان گوللەباران کردن.

9. لە ڕێکەوتی (9.6.1963)دا پاسەوانی نەتەوەیی (الحرس القومي) سەر بە بەعس، لە هەموو ڕاستێکدا هێرشیان کردە سەر خەڵکی سیڤیلی کوردستان و لە سلێمانی (83) کەسیان لەپشت سەربازگەی سلێمانی گوللەباران کرد و دواتریش (276) کەسیان هەر لەو شارەدا کوشت و بە بلدۆزەر تەرمەکانیان کردنە ژێر زەوی. هەر لەو ڕۆژەدا هێزەکانی تاوانبار عەمید تەها شەکرچی لە کۆیە (25) کەسیان گرت و بە بێ دادگاییکردن، تێکڕایان گوللەباران کردن. زەعیم سەدیق مستەفا لە ماوەی نزیکەی ساڵێکدا لە پارێزگای سلێمانی زۆرتر لە (500) هاووڵاتی سیڤیل و بێتاوانی گوللەباران کرد، تەنیا لە شەوی (9.6.1963)دا هەشتاو دوو کەسی لەناو جەرگەی

شاری سلێمانیدا گوللەباران کرد؛ سەرچاوە: (تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، ڕۆژی دوشەممە، ڕێکەوتی (9.6.2009). ئەو تاوانانەی کە هەریەک لە زەعیم سدیق مستەفای فەرماندەی لیوای (20)، عەمید تەها شەکرچی و عەقید غانم مسباح ئەلئەمینی فەرماندەی لیوای (20) لەدوای زەعیم سدیق لەدژی کورد ئەنجام دراون، هەمووی بە بڕیاری فەرماندەی فەیلەقی دووی ئەوکاتی کەرکوک (عەمید ڕوکن ئیبراهیم فەیسەڵ ئەلئەنساری ئەلخەزرەجی 1916–3.12.2010) بووە، کە مامی فەریق ڕوکن نزار عەبدولکەریم فەیسەڵ ئەلخەزرەجی گەورە تۆمەتباری ئەنفال و کیمیا بارانی هەڵەبجەیە.

10. ڕژێمی ئێراق لە ڕۆژی (23.6.1963)دا (29) هاووڵاتی بێتاوانی کوردی شاری کەرکوکی بە تاوانی کوشتنی تورکمان لە سێدارە دا، یەکێکیان شێخ مارف شێخ عەبدولکەریم شێخ حوسێن بەرزنجی سەرۆکی شارەوانی کەرکوک و هەڵبەستوان و چیرۆکنووس بوو. کوشتنی تورکمانەکان لە ڕۆژانی (14–15)ی تەموزی ساڵی (1959) لەسەر دەستی حکومەتی قاسم و کۆمۆنیستەکان ئەنجام درا، نەک کورد.

11. زەعیم سەدیق مستەفا، لە ڕێکەوتی (18.11.1963)دا پەلاماری گوندی (سەیار)ی نزیک دەربەندیخان–دا، لە ئەنجامدا (33) هاووڵاتی سیڤیلی بێتاوانی دانیشتووی گوندی ناوبراوی دەستگیرکرد و هەر لەوێ هەموویانی گوللەبارانکرد؛ سەرچاوە: (عەبدوڵلا کەریم مەحمود، ڕەشەبای ژەهر و ئەنفال، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، وەزارەتی ڕۆشنبیریی – بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی – باشووری کوردستان 2003).

12. نووسەر عومەر هەمزە ساڵح پشدەری، لە لاپەڕە حەفتای پەرتووکی (ڕاگواستن لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافیی و مێژوویی ڕاگواستنی زۆرەملێی گوندنشینەکانی کوردستانە، پشدەر وەک نموونە)دا، نووسیوێتی: (لە ڕێکەوتی (25.5.1966)دا ئەفسەرێکی میلیشیای ئێراقی بەناوی غانم ئەلمسباح فەرماندەی لیوای (21)، (بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی کە من پێیگەیشتووم ئەو فەرماندەیە ناوی تەواوی (عەقید غانم مسباح ئەلئەمین) بووە و فەرماندەی لیوای (20) بووە نەک لیوای (21)، کە دوای لادانی زەعیم سدیق ئەو بۆتە فەرماندەی لیوای (20) لە شوێنی ئەوەی پێشوو –

دەرسیم پێشەوا)، دوای شکستێکی گەورەی هێزەکەی لە بەرانبەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان و کوژرانی (110) چەکداری هێزەکەی، بەردەبێتە گیانی دانیشتوانی بێتاوانی گوندەکانی (کفرە دۆڵ، چۆلیاوا، سەروچاوە و ترشاوە) و لە ئەنجامدا سی و سێ هاووڵاتی دەکوژن).

13. لە ڕێکەوتی (18.8.1969)دا بەناو سوپا دڕندەکەی حزبی بەعسی عارەبی، لە دەڤەری شەمکانی سەر بە قەزای شێخان بە سەرکردایەتی (عەمید ڕوکن عەبدولجەبار عەبدولڕەحیم ئەلئەسەدی)، کە دواتر لە ساڵانی (1981–1982)دا بە پلەی فەریق ڕوکن گەیشتە پۆستی سوپا سالاری ئێراق، تەواوی ئەو ژن، منداڵ و پیرە پیاوانەی کە ژمارەیان حەفتاو چوار کەس بوو، پێکهاتبوون لە کورد و ئاشووری و پەنایان بردبووە بەر ئەشکەوتێک لە نزیک گوندی (دەکان)ی شێخان، ئاگری بەردایە ئەشکەوتەکە و هەموویانی سوتاندن. نووسەر وەسفی حەسەن، لە ژمارە (21)ی گۆڤاری دهۆک، ساڵی (2003)دا ناوی هەر حەفتاو چوار شەهیدی نووسیوە. بەڵام نووسەری ناوبراو باسی ئەوەی نەکردووە، کە شەش ژن لە سووتاوەکان دوو گیان بووینە، بەمەش ژمارەی تێکڕای قوربانییەکان دەبێتە هەشتا کەس.

14. هێزێکی میلیشیای بەعسی عروبە، کە بریتی بوو لە فەوجی چواری سەر بە لیوای (23)، لە ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (16.9.1969)دا لەسەر بڕیاری فەرماندەی لیوا عەقید ڕوکن ڕازی لەفتە و بە فەرماندەیی (مولازم عەبدولکەریم خەلیل ئەلجحەیشی)، پەلاماری گوندی (سۆریا)ی باشووری زاخۆی دا ؛ سەرچاوە: (ئەفسەری خانەنشین داود برنۆ، بعض الحقائق عن مذبحة قرية صوريا، موقع نينوى لتجمع أشور الوطني، 15.9.2009)، لە ئەنجامدا حەفتا کەسی سیڤیلیان کوشت و پەنجا و پێنج کەسیش بریندار بوون کە دواتر پازدەیان مردن. مولازم عەبدولکەریم خەلیل ئەلجحێشی خەڵکی گوندێکی سەر بە تەلەعفەر بوو بەناوی (ئەلبوغە)، لە دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام لە شاری موسڵ–دا دەژیا و تاوەکو نووسینی وتارەکەی داود برنۆش هەر لە ژیاندا مابوو. دواتر حکومەتی هەرێمی کوردستان تەرمی (39) کەسی لە گۆڕێکی بەکۆمەڵدا دۆزییەوە، کە بیست و پێنجیان

کریستان و چواردەشیان کورد بوون، لە ڕێکەوتی (16.9.2011)دا بە سەرپەرشتی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی کوردستان گواسترانەوە و لە گۆڕستانی گوندی سۆریا نێژرانەوە.

15. بەعسییەکان لە مانگی سپتێمبەری ساڵی (1971)دا چل هەزار خێزانی کوردی فەیلی کە ژمارەیان نزیک بە سەد و هەشتا هەزار کەس دەبوو لە ئێراقدا، بە بیانووی ئەوەی ئەمانە شیعەن و بەڕەچەڵەک ئێرانین دەرکرد؛ سەرچاوە: (ئیبراهیم جەلال، خوارووی کوردستان، ل320). دەرکردنی ئەو خێزانە کوردانە، لە کاردانەوەی شۆڤینیانەی حکومەتی بەعس بوو، لە ئەنجامی دەستبەسەرداگرتنی ئێران بۆ هەر سێ دوورگەکانی تونبول کوبرا، تونبول سوغرا و ئەبو موسا لە ڕێکەوتی (30.11.1970)دا.

16. بۆردومانکردنی شاری قەڵادزێ لە ڕێکەوتی (24.4.1974)دا لە لایەن هێزی ئاسمانی ئێراق، کە بووە هۆی شەهیدکردنی نزیکەی (163) کەس و بریندارکردنی نزیکەی (350) کەس لە ژن و منداڵی بێتاوان. دوو لە فڕۆکەوانە ناسراوەکان کە شاری قەڵادزێ-یان بۆردومان کرد (ڕائیدی فڕۆکەوان سالم سوڵتان عەبدوڵڵا بەسۆ موسڵاوی و نەقیب محەمەد نەبیل ئەحمەد موسڵاوی) بوون. ڕائید سالم سوڵتان بەسۆ کە برای (غانم سوڵتان بەسۆ)ی پارێزگاری موسڵ و ڕەگەزپەرست و دژ بە کورد بوو. ڕائید سالم سوڵتان عەبدوڵڵا بەسۆ، سەرکردایەتی ئەو پۆلە فڕۆکەیەی کردووە کە شاری قەڵادزێ-یان ناپاڵم و فسفۆر باران کرد، لەکاتی شاڵاوەکانی ئەنفال لە ساڵی (1988)دا بە پلەی لیوا ڕوکنی فڕۆکەوان پۆستی بەڕێوەبەری هەواڵگری ئاسمانی (مدير الاستخبارات الجوية)ی هەبووە، بەڵام سەدام لە ڕێکەوتی (13.11.1993)دا بەتۆمەتی کۆدەتا گوللە بارانی کرد. هەروەها نەقیبی فڕۆکەوان محەمەد نەبیل ئەحمەد موسڵاوی (أبو صدام) دوای ڕوخانی ڕژێم (أبو حسام)، بە پلەی لیوا ڕوکن لەلایەن نوری کامل مالیکی سەرۆک وەزیران کرا بە بەڕێوەبەری گشتیی لە دەزگای هەواڵگری نیشتمانیی (2007-26.1.2010)، سەرەڕای ئەو تاوانەی کە لە ساڵی (1974) لەدژی دانیشتوانی قەڵادزە ئەنجامی دابوو هەروەها سەرەڕای

ئەوەی کە بەر لە ڕوخانی ڕژێمی سەدام لە حزبی بەعس پلەی (عضو فرقة)ی هەبووە لە وەزیریەی بەغدا.

17. بۆردومانکردنی شاری هەڵەبجە لە ڕێکەوتی (27.4.1974)دا، بەهۆی چەکی ئاسمانی و شەهیدکردنی (43) کەس و بریندارکردنی زۆرتر لە (50) کەسی تر.

18. بۆردومانکردنی ئاسمانی شارۆچکەی گەڵاله لە ڕێکەوتی (29.4.1974)داو شەهیدکردنی بیست و نۆ کەس لەسەر پردەکەی گەڵاڵەدا، کە یەکێکیان ئامۆزازایەکی خۆم بوو بەناوی (شەهید مەجید ئەحمەد مەحمود دیبەگەیی).

19. کۆمەڵکوژی کوردە فەیلییەکان لە ڕێکەوتی (4.4.1980)دا جارێکی دیکە دەستی پێکردەوە، کە نزیکەی سی هەزاری لێکوشتن و زۆرتر لە (120) هەزاری لێ دەرکردن بۆ ئێران. ئەوە جگە لەوەی کە لە ماوەی ساڵانی نێوان (1968–1971)، نزیکەی دوو سەد هەزار کوردی فەیلی دەرکرد بۆ ئێران. بە هەمووی لە نێوان ساڵانی (1968–1982)دا زۆرتر لە سێ سەد هەزار کەسیان دوورخستەوە بۆ ئێران؛ سەرچاوە: (1–44، ئەمین قادر مینە (چیا)، ئەمنی ستراتیجیی عێراق و سێکوچکەی بەعسییان: تەرحیل تەعریب تەبعیس، ل124). عەقید نەسروڵڵا ئەلتکریتی، بەڕێوەبەری ئەمنی ناوچەی کیفاح، کە سەرکردایەتی شاڵاوەکانی گرتن و لەناوبردنی کوردی فەیلی کردووە، دواتریش بووە بە بەڕێوەبەری ئەمنی بەغدا.

20. پۆلێک فڕۆکەی حکومەتی سەدام و حزبی بەعسی عارەبی ئێراقی، کە پێکهاتبوون لە چوار فڕۆکەی جەنگی و شەش هەلیکۆپتەری جەنگی لە ڕێکەوتی (7.5.1981)دا، بەنیازی بۆردومانکردنی شوێنی کۆنگرەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بۆردومانی دۆڵەتووی کرد، بەندیخانەیەکی حزبی دیموکراتی کوردستان بەرکەوت کە بەشوێنی کۆنگرەی تێکەیشتبوون، لە ئەنجامی ئەو بۆردومانەدا زۆرتر لە (150) کەس دەکوژرێن و بریندار دەبن؛ سەرچاوە: (شاخەوان شۆڕش، قادر شۆڕش چل ساڵ خەبات و تێکۆشان، ل197).

21. کۆمەڵکوژی بارزانییەکانی قوشتەپە، بەحرکە، حەریر، باتاس و دیانا لە ڕێکەوتی (31.7–3.8.1983)دا، کە حکومەتی بەعس و سەدام زۆرتر لە هەشت هەزار مرۆڤی بارزانی بێتاوانیان لەناوبرد.
22. شەهیدکردنی (15) هاووڵاتی و بریندارکردنی (11) کەسی دیکەی بێتاوانی گوندی (چیمەنی گەورە)ی سەر بە پارێزگای کەرکوک؛ سەرچاوە: (نەوزاد عەلی ئەحمەد، ئاڵا بڵاوکراوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لقی ئەمەریکای باکوور 1979–1983، ل218.
23. شەهیدکردنی (22) هاووڵاتی و بریندارکردنی ژمارەیەکی لەوە زۆرتر لە دانیشتوانی گوندەکانی بەردەقەل، بەردەکەپران و کۆنەلاجان لە ڕێکەوتی (13.9.1983)دا، لە ئەنجامی هێرشی چەند فڕۆکەیەکی ڕژێمی سەدام و بەعس؛ سەرچاوە: (2–233، کوردستانی نوێ، ژمارە (5579)، ل19). گوندەکانی بەردەقەل، بەردەکەپران و کۆنەلاجان دەکەونە نێوان هەردوو شارۆچکەی خانە و نەغەدە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
24. لە ڕۆژی (8.3.1985)دا میلیشیا دڕندە و شۆڤینیستەکەی حکومەتی سەدام و حزبی بەعسی عارەبی، لە پەلامارێکی نامرۆڤانەیاندا بۆ سەر گوندەکانی (ئازیانە، قەشقەو جلبەسەر)دا، بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە لە سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هەر سێ گوندی ناوبراویان لەگەڵ خاک تەختکرد و (43) هاووڵاتی بێتاوانی ئەو سێ گوندەشیان شەهیدکرد.
25. لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (9.6.1985)دا، هێزێکی ئاسمانی ئێراقی کە لە هەشت فڕۆکە پێکهاتبوو، لە کاتژمێری (9:15)ی بەیانی ئۆردوگای (زێوە)ی پەنابەرانی کوردی باشووری کوردستانی لەناو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (کوردستانی ئێران)دا بە چەکی فسفۆر و ناپاڵم بۆردومانکرد، لە ئەنجامدا (313) هاووڵاتی بێتاوانی شەهید و (373)ی دیکەشی بریندارکرد، کە زۆربەیان قاچ یان دەستیان براوەتەوە یان دەموچاو و جەستەیان سووتاوە، سەرچاوە: (بەیاننامەی سەنتەری ئەنفال بەبۆنەی بۆردومانکردنی ئۆردوگای زێوە + خۆشەوی عەلی کانیەلنجی، وێنەی شەهیدانی ئۆردوگای زێوە، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (3195)، ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (10.6.2009)، ل1+7).

26. له ماوەی نێوان دوو مانگی سپتێمبەر و ئۆکتۆبەری ساڵی (1985)دا، میلیشیا دڕندەکەی ئێراق، سێ سەد منداڵی کوردی ژێر تەمەنی هەژدە ساڵی دانیشتووی سلێمانی گوللەبانکرد، کە دواتر هەڵبەستوان شێرکۆ بێکەس هۆنراوەیەکی بۆ داناون.
27. شەهیدکردنی (21) هاووڵاتی بێتاوانی گوندەکانی دەشتی کۆیە لە ڕێکەوتی (28.11.1985) بەدەستی هێزەکانی حکومەتی بەعسی ئێراقی.
28. حکومەتی بەعسی ڕەگەزپەرستی ئێراقی، لە ڕێکەوتی (14.1.1986)دا هەژدە هاووڵاتی کوردی لەناو شاری کەرکوک بە ئاشکرا و بەرچاوی خەڵک، گوللەبارانکرد، کە پێشتر هەموویان لە ڕێکەوتی (15.11.1985)دا لە ڕۆژی قەدەغەکردنی هاتوچۆ (منع التجوال)ەکەدا بێتاوان دەستگیر کرابوون؛ سەرچاوە: (کوردستانی نوێ، ژمارە (5378)، ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (14.1.2011)، ل19).
29. چەند فڕۆکەیەکی هێزی ئاسمانی ڕژێمی بەعس، لە پەلامارێکدا لە ڕێکەوتی (1.6.1986)دا بۆ سەر گوندی تلیان لە ناحیەی شوان، هەژدە هاووڵاتی بێتاوانی ئەو گوندەیان شەهیدکرد؛ سەرچاوە: (نشرة أخبار کوردستان، العدد (158)، حزیران 1987، ص3+8).
30. لە ڕێکەوتی (15.4.1987)دا، هێزی ئاسمانی سوپای ئێراق گوندەکانی سەرگەڵو و بەرگەڵو-یان کیمیاباران کردو ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی هەر دوو گوندی ناوبراویان شەهیدکرد.
31. لە ئەنجامی هێرش و پەلاماری دڕندانەی بەعس بۆ سەر گوندەکانی (بالیسان و شێخ وەسانان)ی دۆڵی بالیسان لە ڕێکەوتی (16.4.1987)دا، نزیکەی (315) هاووڵاتی شەهیکران و نزیکەی (500) کەسیش بریندار بوون. شەهیدەکان (شێخ وەسانان 183، بالیسان 45 و ئەوانەی تریش هی گوندەکانی بەلاروکاوە (بالوکاوە)، بێراوە، توتمە (توتمێ)، خەتێ، دەراش، وەرێ و چەند گوندێکی کە)، بریندارەکانیش لە نەخۆشخانەکاندا بە سەرپەرشتی نەقیب حەسەن ئەلدوری کۆکرانەوە و گوللە باران کران.
32. لە ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (13.5.1987)دا، لە ڕاپەڕینێکی فراوانی کۆمەڵانی خەڵکی شاری هەڵەبجەدا لە دژی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی

ڕژێمی فاشی و ڕەگەزپەرستی عارەبی سەدام–دا، هێزەکانی سوپا، ئەمن و ئیستخبارات، ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیانی شارەکەیان دەستگیرکرد، دواتر هەشتاو پێنج کەسیان بە فەرمانی عەلی حەسەن مەجید و نزار خەزرەجی، فەرماندەی ئەوکاتی فەیلەقی یەکی زیندەبەچاڵ کرد. دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (1991)، تەرمی ئەو شەهیدانە لە چەند گۆڕێکی بە کۆمەڵدا لە (بامۆکی) لای هەڵەبجە و سەید سادق و شانەدەری دۆزرانەوە؛ سەرچاوە: (عەبدوڵلا کەریم مەحمود، ڕەشەبای ژەهر و ئەنفال، بەرگی یەکەم، ل228). دوای تێپەڕبوونی بیست و دوو ساڵ بەسەر ئەو تاوانە، یەکەم دانیشتنی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی دۆسیەی گەڕەکی کانی ئاشقانی هەڵەبجە لە ڕێکەوتی (4.11.2009)دا دەستپێکرد و ئەمانەی خوارەوە وەکو تۆمەتبارانی سەرەکی ناویان هاتووە: (عەلی حەسەن مەجید، فەریق ڕوکن نزار عەبدولکەریم فەیسەڵ ئەلخەزرەجی، فەرماندەی فەیلەقی یەکی ئەوکات، لیوا ڕوکن خالید محەمەد عەباس عەلی ئەلجبوری بەڕێوەبەری ئیستخباراتی کەرتی خۆرهەڵات (لە مانگی ئازاری ساڵی 2008دا لە زیندانی ئەمریکییەکان مرد)، مونزر عەزیز بەڕێوەبەری ئیستخباراتی سلێمانی، عەمید ڕوکن غانم ساڵح حەسەن فەرماندەی جەحفەلی سووکی بەگری نیشتمانیی پێنج و عەلی حەسەن عوەید ئەلمەلکاوی فەرماندەی فرقەی (43)ی سوپای ئێراق).

33. لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (7.6.1987)دا، چەند فڕۆکەیەکی جەنگی حکومەتی سەدام و ئێراق، بە چەکی کیمیاوی پەلاماری شاری سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان–یان داو نزیکەی (530) هاووڵاتی بێتاوانی ئەم شارە لە منداڵ، ژن و پیر شەهید بوون؛ سەرچاوە: (کوردستانی نوێ، ژمارە (5499)، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (7.6.2011)، ل23).

34. لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (28.6.1987)دا، چوار فڕۆکەی جەنگی ئێراقی، لە کاتژمێری (16:30)ی دوای نیوەڕۆدا شاری (سەردەشت)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ژەهر باران کرد و نزیکەی هەشت هەزار هاووڵاتی بێتاوانی کورد لەم شارەدا شەهید و بریندارکران.

35. لە ڕێکەوتی (11.11.1987)دا هێزەکانی میلیشیای حکومەتی بەعس و سەدام، نزیکەی (150) هاووڵاتییان لە گوندی (چیمەن)ی سەر بە پارێزگای کەرکوک بە چەکی کیمیاوی شەهیدکرد و تەواوی گوندەکەیان کاولکرد.
36. حکومەتی بەعس لە ڕێکەوتی (17.10.1987)دا نزیکەی (300) هاووڵاتی بێتاوانی لە شارۆچکەی شەقڵاوە گرت، کە دواتر بەگوێرەی نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر بۆ بەڕێوەبەرێتی ئەمنی شەقڵاوە کە لە ڕێکەوتی (15.11.1987)دا نێردراوە، ئەمنی هەولێر (22) هاووڵاتی شاری شەقڵاوەی گوللەباران کردووە.
37. چەند فڕۆکەیەکی ڕژێمی بەعس و سەدام لە ڕێکەوتی (16.11.1987)دا، هەڵسان بە بۆردومان کردنی گوندی فریز-ی سەر بە شارەدێی هیران لە پارێزگای هەولێر کە (12) هاووڵاتی شەهید و (13)ی دیکەش بریندار بوون.
38. تەنیا بەهۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە مانگی ئازاری ساڵی (1988)دا لە ناوچەی قەرەداغ، لە لایەن هێزی ئاسمانی ئێراق و تۆپ هاوێژی سوپا، نزیکەی چوار سەد کەس شەهیدبوون. لەنێویاندا هێزەکانی میلیشیای سەدام و بەعس بە فڕۆکە لە ڕێکەوتی (22.3.1988)دا گوندی سێوسێنان-ی بۆردوومان کرد، کە (78) شەهید و نزیکەی دوو سەد برینداری لێ کەوتەوە.
39. ژمارەیەک برینداری چەکی کیمیاوی لە پارێزگای سلێمانی کە ژمارەیان چوار سەد کەس دەبوو لە لایەن دەزگاکانی ڕژێم لە نەخۆشخانەکان دەرهێنران، لە ڕێکەوتی (2.4.1988)دا لە سەربازگەی تانجەڕۆ هەموویان گوللەباران کران؛ سەرچاوە: (دکتۆر جاسم تۆفیق خۆشناو، مەسەلەی کورد و یاسای نێودەوڵەتان، ل243).
40. هێزی ئاسمانی ئێراق، لە ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (3.5.1988)دا، بە چەکی کیمیاوی پەلاماری گوندەکانی گۆپتەپە و عەسکەر-یان دا. دوو سەد هاووڵاتی شەهید و (305)ی تریش برینداربوون. دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێم ئەو بریندارانەش کە گەیەنرابوونە نەخۆشخانە و بنکەکانی تەندروستی شار

و شارۆچکەکانی کوردستان، کۆکردەوە و هەموویان گوللەباران کردن یان لەناویان بردن.

41. هەر لە یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی قۆناغی ئەنفالەکانی پێنج، شەش و حەوتدا، هێزە دڕندەکەی ئاسمانی ئێراق، لە ڕێکەوتی (15.5.1988)دا بە چەکی کیمیاوی پەلاماری گوندی (وەرێ)ی دۆڵی بالیسان-یان دا، بیست و دوو کەسی بێتاوانی ئەو گوندە شەهیدبوون.

42. لە بەرەبەیانی ڕۆژی (10.7.1988)دا چەند فڕۆکەیەکی جەنگی حکومەتی بەعسی ئێراق بە چەکی کیمیایی پەلاماری ئۆردوگای (هەوارەخۆڵ)ی شاری بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان دا، کە بەهۆیەوە (20) هاووڵاتی شەهید و زۆرتر لە (150) برینداری لێکەوتەوە. ئۆردوگای هەوارەخۆڵ نزیکەی (513) خێزانی ئاوارەی (40) گوندی ناوچەی دۆڵی جافایەتی لەخۆگرتبوو کە لە ترسی ستەمی ڕژێمی سەدام و حکومەتی بەعسی ئێراق لەکاتی ئەنفالی یەکەم لە ساڵی (1988)دا پەنایان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بردبوو؛ سەرچاوە: (کوردستانی نوێ، (6126)، ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (10.7.2013)، ل14، سامان حەمەکەریم، شەهیدبوون لە دەرەوەی سنوورەکانی ترسەوە لە یادی 25 ساڵەی کیمیا باران کردنی ئۆردوگای هەوارەخۆڵدا).

43. چەند فڕۆکەیەکی سەر بە هێزی ئاسمانی ئێراقی لە بەرەبەیانی ڕۆژی (22.7.1988)دا، بەرامبەر بە (31)ی پوشپەڕی ساڵی (1367)ی هەتاوی کە یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان بوو، کیمیا بارانی گوندی (زەردە)ی بناری دالاهۆی سەر بە شارستانی کرندی ڕۆژئاوا لە پارێزگای کرماشان-یان کرد، کە بووە هۆی شەهیدکردنی (275) کەس و بریندارکردنی (1146) کەسی دیکە؛ سەرچاوە: (ئیقبال سەفەری، لە یادی 19 ساڵەی بۆردومانی شیمیایی گوندی زەردە لە ناوچەی داڵەهۆ، ماڵپەڕی گیارەنگ، ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتیی سەربەخۆی کوردییە، (19.7.2007).

44. لەکاتی ئەنفالەکانی ساڵی (1988)دا، زۆرتر لە سێ هەزار منداڵ لە تۆبزاوە لەبەر نەخۆشی و لەبرسان مردن.

45. ئەنفال و کیمیابارانکردنی کوردستان لە نێوان (6.9.1988–23.2.1988)دا، کە ژمارەی قوربانییەکان بە گوێرەی قسەی سەرۆک ئەرکانی بەناو سوپای ئەوکاتی ئێراق (فەریق ڕوکن نزار عەبدولکەریم فەیسەڵ ئەلئەنساری ئەلخەزرەجی، کە خۆی نەخشەی بۆ داڕشتووە و سەرپەرشتی شاڵاوی ئەنفالەکانی کردووە و بۆ دەسەڵاتدارانی دانمارکی باسیکردووە) زۆرتر لە (250) هەزار مرۆڤی کورد دەبوو نەک (182) هەزار، کە زۆربەی هەرە زۆرییان منداڵ، ژن و پیر و پەککەوتە بوون.
46. لە بەرەبەیانی ڕۆژی (29.8.1988)دا دوازدە فڕۆکەی سەر بە هێزی ئاسمانی ئێراق، کەوتنە بۆردومانکردنی گەلی بازێ و (2980) هاووڵاتی بێتاوانی ئەو دەڤەرەیان بە چەکی کیمیاوی شەهیدکرد؛ سەرچاوە: (دکتۆر مارف عومەر گوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، ل45).
47. چوار فڕۆکەی حکومەتی بەعسی ئێراق، لە ڕێکەوتی (14.10.1988)دا گوندەکانی (چەمی ڕێزان)یان کیمیا باران کرد و لە ئەنجامدا (47) هاووڵاتی بێتاوانی کوردیان شەهید کرد کە زۆربەیان منداڵ و ژن بوون؛ سەرچاوە: (کوردستانی نوێ، (5904)، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (14.10.2012)، ل23، گۆشەی بۆ مێژوو).
48. لە ڕێکەوتی (21.12.1988)دا حکومەتی بەعسی ئێراق (1800) کەسی لەو کوردانەی کە سودیان لە لێبووردنەکەی ڕۆژی (30.11.1988)ی دوا بەدوای لێبووردنەکانی ژمارە (736–737)ی ڕێکەوتی (6.9.1988)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس وەرگرتبوو، گوللەباران کرد؛ سەرچاوە: (طالب الصحفي، الأستقرار المفقود في عهد صدام، دار الوفاء، الطبعة الاولى 1995).
49. دەستگیرکردنی (33) گەنجی کوردی گەڕەکی شۆڕیجەی کەرکوک لە بەرەبەیانی ڕۆژی (11.3.1991)دا بە فەرمانی عەلی حەسەن مەجیدی ئامۆزای سەدام. دوای ئازار و ئەشکەنجەی زۆری ئەو (33) لاوەی کە نووسەری بابەتەکە ناوەکانیانی نووسیوە، لەسەر بڕیاری عەلی حەسەن لە گەڕەکی شۆڕیجە و لە بەردەم (عیادەی دکتۆر سەعدی)، بەدەستی

کەلەپچەکراو و چاوی بەستراوەوە گوللە بارانیان دەکەن؛ سەرچاوە: (2-241، کەرکوکی نوێ، ژمارە (84)، هەینی، ڕێکەوتی (1.4.2011)، ل5).

50. هێزەکانی سوپاو میلیشیای حزبی بەعسی عارەبی، لە ڕۆژی (28.3.1991) لەناو شارەدێی پردێ (75) هاووڵاتی بێتاوانی تورکمان و کوردی ئەم شارۆچکەیان گوللە باران کرد، کە ناوی هەموویانم لە ڕێگای ڕابەر ڕەشید بۆ هات.

51. لەم ڕۆژانەدا (کۆتایی مانگی دووی ساڵی 2010) یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەکو هەڵمەتی هەڵبژاردن وتارێکی کۆنی مام جەلال سکرتێری گشتی (ی. ن. ک) کە ساڵی (1992)ی لەسەر نووسراوە، بەسەدان جار لە هەر دوو کەناڵی ئاسمانی کوردسات و گەلی کوردستان دووبارە کردەوە، مام جەلال باسی ئەوە دەکات کە ڕژێمی بەعس (288) کوردی ئەو شارەی بە یەکجار لە سێدارە داوە.

52. بەگوێرەی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (411)ی ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (13.6.1993)، حکومەتی سەدام و بەعس تەرمی (20) هاووڵاتی بێتاوانی کوردی شاری کەرکوک-یان دایەوە دەست کەسوکاریان.

53. دەستپێکردنی شاڵاو و پەلاماری دڕندانەی شۆڤێنیستانی عارەب هەر لە سەرەتای ڕوخانی ڕژێمی دیکتاتۆری (سەدام)ەوە تاکو ئێستاشی لەگەڵ دابێ لە دژی تەواوی کورد، کوردی ئێزیدی، کوردی شەبەک، کوردی کاکەیی، کلدوئاشووری (کریستانەکان)ی پارێزگای موسڵ و سابیئییەکان بەردەوامە. هەروەکو هێرش و پەلاماری عارەبی شۆڤێنیست بۆ سەر کریستانەکانی پارێزگای موسڵ و هانا هێنانیان بۆ شارەکانی تری کوردستان پاراستنیان لە مەترسی ڕەگەزپەرستە عارەبە ئیسلامی و بەعسییەکان، دیسان دەیسەلمێنی کە ڕەفتاری کوردەکان لەگەڵ ئەو نەتەوانەی کە لە کوردستاندا دەژین، زۆر باشترە و هەرگیز بەراورد ناکرێت لەگەڵ ڕەفتاری عارەبەکان لەگەڵ ئەو نەتەوانەی کە لە چوارچێوەی ئێراقدا لەگەڵ ئەواندا دەژین. ئەوانە لە هەر شوێنێک بۆیان گونجابێت بە بیانۆی نابەجێ و ناڕەوا بەتایبەت لە پارێزگاکانی (موسڵ، کەرکوک و دیالا)ی باشووری کوردستان، کە دەمێکە لە لایەن ڕەگەزپەرستانی

عارەبەوە هەوڵی گۆڕینی سیمای نەتەوایەتی ڕاستەقینەی خۆیان کە سیمای کوردایەتییە دراوە، هەروەها لەسەر ڕێگای سەرەکی کەرکوک – بەغدا و لەو دیوی کێوەسوور (چیای حەمرین)ەوە کوردیان کوشتووە. توندوتیژی، دڕندەیی، کاری نامرۆڤانە و ئەو هەموو کوشتار و هەوڵی لەناوبردن و سڕینەوەی نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان لە لایەن ڕەگەزپەرستانی عارەب لە ئێراقدا، شیمانەی بەیەکەوە ژیانی کورد و عارەبی لە چوارچێوەی یەک دەوڵەتدا نەهێشتۆتەوە. بۆیە لە پێناوی نەهشتنی ئەو مەترسیانە لەسەر کورد و کوردستان و مسۆگەرکردنی ژیانێکی بێ کێشەو پڕ لە ئاسوودەیی بۆ نەتەوەی کورد، لەسەر ڕۆشنایی دەستووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە سەبارەت بە مافی چارەنووسی نەتەوە ژێردەست و هەڕەشە لە سەرەکان دەڵێت: (ئەگەر دەوڵەت هەر گەلێک بخاتە دۆخێکی واوە کە بوونی بکەوێتە مەترسییەوە. وەکو ئەنجامدانی جینۆساید یا ئەپارتید، یا هەلومەرجێکی وا خراپ پەیدا بێت هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی بکات، ئەوکاتە کۆمەڵگەی جیهانی بە گوێرەی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆی هەیە پشتگیری ئەو گەلە بکات بۆ دیاریکردنی چارەنووسی؛ سەرچاوە: دکتۆر مارف عومەر گوڵ، کێشەی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی گەلی کورد، ل31)، هەروەها لەسەر ڕۆشنایی ئەو بەیانە ئێراقییەی کە لە ڕێکەوتی (30.3.1932)دا دەرچووە کە دەڵێت: (یەکێتیی خاکی ئێراق پەیوەستە بە جێبەجێکردنی مەرجەکان و ڕەچاوکردنە تایبەتییەکان سەبارەت بە ویلایەتی موسڵ. سەروەری ئەو وڵاتە (ئێراق) بەندە بە پاراستنی کەمە نەتەوەکان؛ سەرچاوە: المحامي الشيخ سالار الحفيد، جنوب كوردستان في موازين السياسة الدولية، ص35–36). پێویستە لەسەر تەواوی کورد و سەرکردایەتی کوردستان، داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری کۆمەڵەی نەتەوەکان، بڕیاری ڕێکەوتی (16.12.1925)ی پەیوەست بە لکاندنی زۆرەملێیانەی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بە ئێراقەوە و داوای جیابونەوەی باشووری کوردستان لە ئێراق بکەن لە پێناوی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لە کوردستاندا، چونکە حکومەتەکانی عارەبی

ئێراق نەک تەنیا مەرجەکان و ڕەچاوکردنە تایبەتییەکانیان سەبارەت بە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) جێبەجێ نەکردووە و مافی کەمە نەتەوەکانیان لە چوارچێوەی ئێراقدا نەپاراستووە، بەڵکو بە درێژایی تەمەنی دەوڵەتی ئێراق لە ڕێکەوتی (25.10.1920)دا تاوەکو ڕوخانی ڕژێم لە ڕێکەوتی (9.4.2003)دا، بە بەردەوامی هەوڵی تواندنەوە و لەناوبردنی نەتەوەی کورد و کەمە نەتەوەکانی تریان داوە. هەروەها بە گوێرەی بڕیاری دادگای تاوانەکانی باڵای ئێراق، کە لە ڕێکەوتی (24.6.2007)دا تاوانی ئەنفال و لە ڕێکەوتی (28.2.2010)دا تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە، تاوانی کۆمەڵکوژی کوردە فەیلییەکان لە ڕێکەوتی (29.11.2010)دا و تاوانی کۆمەڵکوژی بارزانییەکانی لە ڕێکەوتی (3.5.2011)دا بە جینۆساید ناسی، کورد بۆی هەیە داوای پاراستنی خۆی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خۆی بکات. لە دوای ڕوخانی ڕژێمیش تاوەکو ئێستاش هەندێک لە سیاسەتی شۆڤینیستانەی عارەبی لە دژی نەتەوەی کورد و کەمە نەتەوەکانی تردا جێبەجێ دەکرێت بۆ نموونە کارە تیرۆریستییەکەی مەڵبەندی سێی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی (1.2.2004)دا لە هەولێر، کە بووە هۆی شەهیدبوونی (161) کەس و برینداربوونی ژمارەیەکی زۆرتر. تیرۆریستە ئیسلامییەکان، لە ڕێکەوتی (22.4.2007)دا، بیست و چوار کرێکاری کوردی ئێزیدییان لە ڕێگای نێوان موسڵ – بەعشیقە کوشت، کە گوایە لە تۆڵەی (دوعا ئەسوەد خەلیل)ی کچە ئێزیدی، کە لە ڕێکەوتی (15.2.2007)دا کوژرابوو، ئەوانەیان کوشتووە. هەروەها پەلامارە خۆکوژیەکەی (14.8.2007)ی دەڤەری ئێزیدییەکان کە لە ڕێگای چوار کامیۆنەوە لە گرد عوزێر و سیپا شێخ خدری سەر بە قەزای شەنگال ئەنجامدران، بووە هۆی شەهیدبوونی نزیکەی (344) هاووڵاتی کورد و بێسەر و شوێنبوونی (77) هاووڵاتی و برینداربوونی (396)ی دیکە.

# کێشەی ویلایەتی موسڵ:

## پەیماننامەی سایکس پیکۆ (ئەنگلۆ - فەرەنسی):

هەوێنی پەیماننامەی (سایکس پیکۆ) دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهانی، کاتێک کە وەزیری دەرەوەی بەریتانی (ئێدوارد گرای ڤیسکاونت گرای – Edward Gray Viscount Gray)، کە لە ماوەی نێوان سالآنی (25.4.1862–7.9.1933)دا ژیاوە و ماوەی نێوان سالآنی (16.12.1905–110.12.1916)دا پۆستی ئاماژە پێکراوی هەبووە، کە لەگەڵ هەر یەک لە باڵوێزی ڕوسی لە لەندەن و نوێنەری فەرەنسی کۆبووەوە. دوای گفتوگۆیەکی زۆر لە مانگی ئەپریلی ساڵی (1915)دا گەیشتنە ڕێکەوتنێکی سێقۆڵی سەبارەت بە دابەشکردنی خاکی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. پاشان لە مانگی نۆڤێمبەری ساڵی (1915)دا حکومەتی فەرەنسی دیپلۆماتکارو سیاسەتمەدار (شارل فرانسوا ماری دینیس جۆرج پیکۆ – Francois Marie Danis Georges Picot)ی بە کۆمیسیاری باڵای فەرەنسی بۆ کاروباری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دامەزراندو، دەسەڵاتی درایێ بۆ سەرکردایەتی کردنی گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەتی بەریتانی سەبارەت بە دابەشکردنی وڵاتانی (نیمچە دوورگەی عارەبی، ئەرمینیا، میسۆپۆتامیا، کوردستان و سوریا) لە نێوان خۆیاندا. جۆرج پیکۆ لە ماوەی نێوان (21.12.1870–20.6.1951)دا ژیاوەو، پێشتر بۆ ماوەیەکی زۆریش کۆنسوڵی گشتی فەرەنسی بووە لە هەر یەک لە بەیروت، لەندەن و پیترۆگراد. هەر دوای دامەزراندنی بە پلەی کۆمیسیاری باڵا، جۆرج پیکۆ لە پێناوی بەستنی پەیمانێک لە نێوان هەر سێ وڵاتی فەرەنسا، بەریتانیا و ڕوسیا، لە هەمان مانگدا سەردانی شاری قاهیرەی پایتەختی وڵاتی میسری عارەبی کردو، لە ڕۆژی (23.11.1915)دا لەگەڵ هەر یەک لە کۆلۆنێل (سێر مارک سایکس بارۆنی شەشەم – Sir Mark Sykes 6th. Baronet)ی بەریتانی، کە ئەفسەرو گەڕیدەیەکی ئینگلیزی بووەو، لە نێوان (16.3.1879–16.2.1919)دا ژیاوەو، پسپۆرو کۆمیسیاری باڵای بەریتانی بوو بۆ کاروباری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و، لەگەڵ نوێنەری ڕوسیاش کۆبووەوە. ئەو کۆبوونەوانەی نێوانیان ڕێکەوتنێکی سێقۆڵی نێوان بەریتانیا، فەرەنسا و ڕوسیای

لێکەوتەوە کە لە ڕێکەوتی (3.1.1916)دا نوێنەرانی هەر سێ وڵات مۆریانکردو بە (ڕێکەوتنامەی قاهیرەی نهێنی) ناسرا، بەڵام سەرەتا ڕوسیا تۆزێک گلەیی هەبوو، چونکە داوای تەواوی ئەرمەنستان و کوردستانی دەکرد. بە مەبەستی قایلبوونی تەواوەتی ڕوسیای قەیسەری و گفتوگۆی زۆرتر هەر دوو دیپلۆماتکاری بەریتانی و فەرەنسی مارک سایکس و جۆرج پیکۆ، لە مانگی یەکی ساڵی (1916)دا بەیەکەوە سەردانی شاری (پترۆگراد)ی ڕوسیایان کردو، لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ڕوسی (سێرجی دمیتریڤیچ سازانۆڤ – Sergei Dmitrivich Sazanov)، کە لە ماوەی ساڵانی نێوان (10.8.1860–25.12.1927)دا ژیاوەو لە ماوەی نێوان (سپتێمبەری ساڵی 1910- مانگی یونی ساڵی 1916)دا پۆستی ناوبراوی هەبووە، کۆبوونەوەو سەرەنجام دوای هەندێک دەستکاری کردن بەسەر (ڕێکەوتنامەی قاهیرەی نهێنی)دا، وەزیری دەرەوەی ڕوسیاش وازی لە باشووری کوردستان هێنا بۆ فەرەنسا و ڕێکەوتنەکەی پەسندکرد، بەڵام باکووری کوردستان بەر ئەوان کەوت. لە دوای گەڕانەوەی مارک سایکس و جۆرج پیکۆ لە ڕوسیا، بە مەبەستی ئاڵوگۆڕ کردنی بەڵگەنامەکانی نێوان هەر دوو لایەنی بەریتانی و فەرەنسی، ئەوان بۆ جارێکی تر لە لەندەن درێژەیان بە گفتوگۆکانی نێوانیاندا کە لە نێوان ڕۆژانی (9.5.1916–16.5.1916)ی خایاند، سەرەنجام لە ڕۆژی (16.5.1916)دا ڕێکەوتنێکی دووقۆڵی (12) خاڵی، نێوان هەر دوو لایەنی بەریتانی و فەرەنسی لێکەوتەوە کە بە پەیماننامەی (سایکس پیکۆ) ناسرا. لە پێناوی بە فەرمی پەسەندکردنی پەیماننامەکە لە لایەن ڕوسەکان، هەر دوو کۆمیسیاری باڵا مارک سایکسی ئینگلیزی و جۆرج پیکۆی فەرەنسی دووبارە سەردانی ڕوسیایان کردو، بۆ جاری دووەم لەگەڵ وەزیری دەرەوە (سێرجی سازانۆڤ)دا کۆبوونەوەو لە ڕێکەوتی (1.9.1916)دا هەر سێ لایەن پەیمانی (سایکس پیکۆ)یان واژۆکرد. کەواتە پەیمانی سایکس پیکۆ لە ماوەی نێوان مانگی ئەپریلی (1915–1.9.1916)دا درێژەی هەبووەو چەندان دانیشتنیان ئەنجامداوە تاوەکو لە ڕێکەوتی (16.5.1916)دا بە چارەسەرێکی گونجاو گەیشتن بۆ دابەشکردنی خاکی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.

بە گوێرەی پەیماننامەی (سایکس پیکۆ)، بەشی هەرە زۆری سوریا، باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)و بەشێک لە باکووری کوردستان بەر فەرەنسا و، باشووری سوریا و ویلایەتەکانی بەغداو بەسرا بەر بەریتانیا و، ئەو هەرێمە

کوردییانەی کە دەکەوتنە باکووری خۆرهەڵاتی تورکیا واتە (باکووری کوردستان) بەر ڕوسیا دەکەوتن. هەروەکو باسکرا ئەم پەیمانە لە نێوان هەر سێ وڵاتی بەریتانیا، فەرەنسا و ڕوسیا بوو، بەڵام دواتر ئیتاڵیا پێیزانی و هاتە دەنگ، کەچی هەرزوو بێدەنگیان کرد بەپێدانی بەشێک لە ئەنادۆڵ (باکووری کوردستان)، کە بریتیبوو لە شارەکانی (ئایدن، ئەدالیا، ئەزمیرو کیلیکیا) لەگەڵ دورگەی (دودیکانیز)، بەڵام ئیتاڵیا خۆی بەستەم لێکراو دەزانی و بەشەکەی خۆی پێ کەمبوو.

سەرەڕای پەیماننامەی سایکس پیکۆ، پێشتر ڕێککەوتنێک لە نێوان ڕوسیاو فەرەنسا لە ڕێکەوتی (26.4.1916)دا واژۆکرابوو، کە بە پەیمانی (سۆزانۆف – بالیۆلۆچ) ناسرابوو، کە دەکرێت بە هەنگاوی یەکەمی بەستنی پەیماننامەی (سایکس پیکۆ) دابنرێت، چونکە ئەو ڕێکەوتنە بوو وای لە بەریتانیا کرد پەلە بکات لە مۆرکردنی (سایکس پیکۆ) لە ڕێکەوتی (16.5.1916)دا سەرەتا لەگەڵ فەرەنسا و دواتریش هەردوو لا لە ڕێکەوتی (1.9.1916)دا لەگەڵ ڕوسیادا، لە پێناوی دابەشکردنی خاکی نەتەوەکانی ژێردەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەوەی پێویستە لێرەدا ڕوونکرێتەوە ئەوەیە لە زۆربەی سەرچاوەکاندا هاتووە کە هەر یەک لە کۆلۆنێڵ سێر مارک سایکس و شارل فرانسوا جۆرج پیکۆ وەزیرانی دەرەوەی بەریتانیا و فەرەنسا بووینە، بەڵام ئەمە دوورە لە ڕاستی و هیچیان ئەو پۆستەیان نەبووە.

ئەم پەیمانی (سایکس پیکۆ)یە بە نهێنی مایەوە تاوەکو بەرپابوونی شۆڕشی ڕوسی لە ڕێکەوتی (25.10.1917)دا، بە سەرکردایەتی لینین (ڤلادیمیر ئیلیتش ئۆلیانۆف لینین-Vladimir Iljitj Uljanov Lenin)، کە لە ماوەی نێوان (22.4.1870-21.1.1924)دا ژیاوەو، سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی ڕوسیا (بەلشەویکەکان – پارتی زۆرینە)، کە تاڕادەیەک کۆتایی بەستەم و چەوسانەوەی کۆمەڵانی خەلک هێنا لە لایەن دەسەڵاتی قەیسەری نیکۆلاسی دووەم (نیکۆلاس ئەلیکساندرۆڤیچ ڕۆمانۆڤ – Nicholas Alexandrovich Romanov)، کە لە نێوان ماوەی (18.5.1868-17.7.1918)دا ژیاوەو لە ماوەی نێوان (1.11.1894-25.10.1917)دا قەیسەری/تزاری روس بووە، کە لەو ڕۆژەدا دەستگیرکراو لە ڕێکەوتی (17.7.1918)دا لەگەڵ تەواوی ئەندامانی تزار لە ناوچەی (جێکاتێرین بۆرگ) کە (1667) کیلۆمەتر دەکەوێتە خۆرهەڵاتی مۆسکۆ هەڵواسران – (ویکیپیدیا بە زمانەکانی دانمارکی،

ئینگلیزی‌و عارەبی). ئەوەبوو سەرکردەکانی شۆڕشی سۆڤیەتی لە ڕێکەوتی (8.11.1917)دا بێزاری خۆیان لە هەموو پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نهێنییەکانیان بەتایبەت (سایکس پیکۆ)دا دەربڕی و بەڵێنیاندا کە یەکە یەکەیان ئاشکرا بکەن و لە ڕۆژنامەکاندا بڵاویان کەنەوە. ئەوەبوو لە ڕێکەوتی (23.11.1917)دا پەیماننامەی (سایکس پیکۆ)یان بڵاوکردەوەو ئاشکرایانکرد، هەروەها وەکو میری ڕوسیا (یەکێتیی سۆڤیەت) خۆیان لە پابەندبوون بە تەواوی پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نهێنییەکان کێشایەوە.

پێشترو لەکاتی مۆرکردنی پەیماننامەی (سایکس پیکۆ)دا، سەرەڕای ئەوەی کە ئینگلیزەکان زۆر چاویان لەسەر باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی نەیان دەویست ببنە دراوسێی ڕوسیا، بۆیە بە گوێرەی پەیماننامەی ناوبراو ویلایەتی موسڵ-یان دابوو بە فەرەنسا. بەڵام چاوتێبڕینی ئینگلیزەکان لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی بە ماوەیەکی کەم، کاتێک کە لۆرد کورزۆنی وەزیری دەرەوەی بەریتانی، لە ساڵی (1911)دا لە بەردەم ئەنجومەنی لۆرداتی بەریتانی ڕایگەیاند: (هەڵەیە ئەگەر بگوترێ کە بەرژەوەندییە ڕامیارییەکانمان تەنیا لە ناوچەی کەنداودایە، ئەو بەرژەوەندیانە تەنیا لەو سنوورەدا نین و تەنانەت ناوچەی نێوان بەسراو بەغداش ناگرنەوە، بەڵکو گەلێک دوورتر لە باکووری بەغداش دەگرنەوە - سەرچاوە: دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، ل20-21). گومان لەوەدا نییە مەبەستی لۆرد کورزۆن باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بووە، چونکە تەنیا باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)ە، کە دەکەوێتە باکووری بەغدا. ئینگلیزەکان دەیانویست لە ڕێگای بەکارهێنانی هێزەوە بێت یان لە ڕێگای دیبلۆماسییەوە، دەستیان بگاتە نەوتی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ). بۆ گەیشتن بەو مەبەستە ئەوان پلانێکی تۆکمەو ڕێکوپێکیان دارشت، هەروەها لە لایەن ئەنجومەنی گشتی بەریتانیا وە کۆمیسیۆنێکی شایانە دامەزرابوو، کە ئەرکی لێکۆڵینەوەو دارشتنی پلانێک بۆ چۆنیەتی گەیشتن بە چاڵە نەوتەکانی ویلایەتی موسڵ-ی گرتبووە ئەستۆ. وینستۆن لیۆنارد سپێنسەر چەرچڵ، کە ئەندامی خولی ژمارە (30)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی بەریتانی بووەو، لە ماوەی نێوان (3.12.1910-14.12.1918)دا درێژەی کێشاوە، دواتریش لە ساڵی (1914)وە

تاوەکو کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی وەزیری جەنگ بووە، لە ڕێکەوتی (17.7.1913)دا، لە کۆبوونەوەی ناو پەرلەمانی بەریتانیدا گوتویەتی: (دەبێ دەستبگرین بەسەر ئەو شوێنانەی کە نەوتیان تێدایە، بۆ ئەوەی پێویستییەکانی خۆمان لە نەوت مسۆگەر بکەین – سەرچاوە: محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی یەکەم، ل376). لێدوانەکانی هەر دوو بەرپرسی بەریتانی (لۆرد کورزۆن و وینستۆن چەرچڵ)، لە سالآنی (1911–1913)دا بووە، گومانیش لەوەدا نییە کە وینستۆن چەرچڵ ئاگاداری ووتەکانی لۆرد کورزۆن بووە، چونکە هەر دوو لێدوان لەناو پەرلەماندا دراون، کە ئەوەی دووەمیشیان ئەندامی پەرلەمان بووە، بۆیە مەبەستی وینستۆن چەرچڵ لەو شوێنانەی کە نەوتی تێدایە، هەر باکووری بەغدا واتە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بووە.

وەلێ دوای ئەوەی ڕوسەکان شۆڕشی ئۆکتۆبەریان بەرپاکردو دەقی پەیماننامەکەیان لە کۆتایی مانگی نۆڤێمبەری ساڵی (1917)دا ئاشکرا کردو خۆیان کێشایەوە، بۆیە ئینگلیزەکانیش دوای ئەو گۆڕانکارییانەو هاتنە پێشی ئەو هەلومەرجە نوێیانە، هەڵوێستیان گۆڕاو لەگەڵ کۆتایی پێهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، سەرەتا بە گوێرەی دوو خاڵی (7)و (16)ی ئاگربەستی مۆدرۆس و بەزۆرەملێ هاتنە ناو ویلایەتی موسڵ و داگیریانکرد، دواتریش لە ڕێگای گفتوگۆوە لەگەڵ فەرەنسییەکان توانیان ویلایەتی موسڵ بەدەست بهێنن.

هەر سەبارەت بەو پەیماننامەیە شا حوسێنی شەریفی مەکە (حوسێن کوڕی عەلی کوڕی محەمەد کوڕی عەبدولموئمین کوڕی عۆن حوسێن هاشمی قورەیشی)، کە لە سالآنی نێوان (1854–1931)دا ژیاوە، لە ڕۆژی (14.7.1915)دا نامەیەکی ناردبوو بۆ باوەڕپێکراوی بەریتانیا لە قاهیرە (کۆلۆنێڵ سێر ئارسەر هێنری مەکماهۆن – Colonel Sir Arthur Henry McMahon)، کە لە ماوەی نێوان (28.11.1862–29.12.1949)دا ژیاوە، شەریف حوسێن لە نامەکەدا نووسیبووی: (ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بخەرە ناو سنووری وڵاتی عارەبی – سەرچاوە: پارێزەر کامیل ژیر، کوردایەتی و سەربەخۆیی، ل47). بە گوێرەی ئەو نامەیەی کە (شا حوسێنی شەریفی مەکە) بۆ (کۆلۆنێڵ سێر ئارسەر هێنری مەکماهۆن)ی ناردووە، بۆمان دەردەکەوێت کە ویلایەتی موسڵ هیچ پێوەندییەکی بە

عارەب و ئێراقەوە نەبووە. بەپێی ئەو نامەیە، ئەو داوا دەکات سنووری عارەبستان لەلای باکوورەوە لە شارەکانی مێرسین – ئەدەنەوە لەهێڵی (37)ی پانییەوە شۆڕبێتەوە کە شارەکانی بیرەچک، ئورفە، ماردین، میدیەت، بۆتان (جەزیرەی ئیبن عومەر)و ئامێدی دەگرێتەوە تاوەکو سەر کەنداوی فارس، هەروەها سنووری لای خۆرهەڵاتی عارەبستان لە وڵاتی فارسەوە هەتاوەکو سەر کەنداوی بەسرا درێژبێتەوە. شا حوسێن جگە لە داواکردنی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)، داوای چەندان شاری کوردی و پانتاییەکی فراوانی خاکی باکووری کوردستانی کردووە. پێدەچێت سەرەتا ویلایەتی موسڵ بە بیری حوسێن شەریفی مەکەدا نەهاتبێت، ئەویش لەبەر ئەوەی کە خاک و نیشتمانی عارەب نەبووە، بەڵام کاتێک کە گرنگی ئەو نیشتمانەی زانیوە نەک تەنیا داوای ویلایەتی موسڵ-ی کردووە، بەڵکو پەڕیوەتەوە بۆ باکووری کوردستان و داوای شارە ناوبردووەکانی سەرەوەی کردووە. کاپتن ستیڤان هێمسلی لۆنگریک، لە پەرتووکی (ئێراق لە نێوان ساڵانی 1900–1950)دا، بۆچوونەکەی ئێمە پشتڕاست دەکاتەوە کاتێک کە دەڵێت: (لە ساڵانی 1915–1916دا سێر مەکماهۆن لەگەڵ شەریفی مەکەدا باسی حکومەتێکی عارەبی کردووە، کە هاتووەتە سەر باسی عارەب لە ئێراقدا تەنیا باسی ویلایەتی بەسراو بەغدای کردووەو بە هیچ جۆرێک باسی ویلایەتی موسڵ و کوردستانی نەکردووە – سەرچاوە: محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی یەکەم، بەریتانیا – لەندەن 1990، ل368). ئەو چاو تێبڕینەی شا حوسێن کاریگەری بەسەر شا فەیسەڵی کوڕیشیەوە هەبووە، بۆ نموونە ڕەنگدانەوەی ئەو چاوتێبڕینە لە وتارێکی شا فەیسەڵدا بە ئاشکرا دەرکەوتووە هەروەک لە کۆتایی مایسی ساڵی (1923)دا لە شاری موسڵ خوێندویەتیەوەو تیایدا هاتووە: (ئایا تورکەکان لەبیریان چووە کە دیاربەکر، ئورفەو ماردین لە بنەڕەتدا شاری عارەبین، کەواتە ئێراق مافی خۆیەتی داوای ئەو ناوچانە بکات، ئەگەر تورکیا بەهۆی بوونی ژمارەیەکی کەمی تورکمان لە هەولێر و کەرکوکدا داوای ویلایەتی موسڵ بکەن – سەرچاوە: فازڵ حوسێن، کێشەی ویلایەتی موسڵ، وەگێڕانی شێخ محەمەد شاکەلی، ل285).

هەروەکو پێشتر ئاماژەم پێکرد، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری بەلشەویکەکان لە ڕێکەوتی (25.10.1917)دا، ڕوسیا خۆی لەم پەیمانەو هەموو

پەیماننامەکانی سەردەمی ڕوسیای قەیسەری کێشایەوەو، بەندە نهێنییەکانی (سایکس پیکۆ)ی ئاشکرا کردن. بە ماوەیەکی زۆر کەم دوای کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی (28.6.1914–11.11.1918)، لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی (1918)دا سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی حکومەتی فەرەنسا (دکتۆر جۆرج بنیامین کلیمەنسۆ – Georges Benjamin Clemenceau)، کە لە نێوان ساڵانی (28.9.1841–24.11.1929)دا ژیاوەو، لە ماوەی ژیانیدا بۆ دووجار لە ساڵانی نێوان (25.10.1906–24.7.1909)و (16.11.1917–20.1.1920)دا پۆستی سەرۆک وەزیرانی فەرەنسای وەرگرتووە، داوای لە سەرۆک وەزیرانی  حکومەتی بەریتانیا (سێر دیڤید لۆید جۆرج – Sir David Lloyd George)ی کرد، کە لە ساڵانی نێوان (17.1.1863–26.3.1945)دا ژیاوەو لە ماوەی نێوانی (6.12.1916–19.10.1922)دا سەرۆک وەزیران بووە، سەر لەنوێ دانبنێن بە پەیماننامەی (سایکس پیکۆ)، چونکە حکومەتی فەرەنسی ترسی جێبەجێ نەکردنی هەبوو، بەتایبەتی کە ڕوسیای قەیسەری نەمابوو، بەلشەویکەکان دەسەڵاتی ئەو وڵاتەیان گرتبووە دەست و کشانەوەی خۆیان لە پەیماننامەی ناوبراودا ڕاگەیاندبوو. لەو سەردانەدا لۆید جۆرج داوای لە جۆرج کلیمەنسۆ کرد کە ویلایەتی موسڵ بدات بە بەریتانیا، سەرۆک وەزیرانی فەرەنساش بە سێ مەرج یەکسەر سەرزارەکی داواکەی ئەوی پەسندکرد، کە تەنیا بەڵێنێک بوو بە قسەو هیچ ڕێکەوتنێک نەبوو لە نێوانیان، بەڵام دواتر کلیمەنسۆ بەڵێنەکەی خۆی گەیاندە جێ، سەرەڕای ئەوەش کە بە گوێرەی ڕێکەوتنامەی (برینجی لۆنگ–Bringer Long) کە لە (8.4.1919)دا لە نێوان فەرەنسا و بەریتانیا بە سەرپەرشتی (بین برینجی) و مستەر ولتەر لۆنگ بەسترابوو، ویلایەتی موسڵ هەر بەر فەرەنسا کەوتبوو، سەرەڕای ئەوەی کە بە گوێرەی خاڵی چوارەمی ڕێککەوتننامەی ناوبراو، بەریتانیا پشکەکەی ئەڵمانیا لە هەر دوو ویلایەتی موسڵ و بەغدا کە هەر یەکە (25%) بوو دای بە فەرەنسا – سەرچاوە: (ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن، بلاد مابین النهرین بین ولاءین خواطر شخصیة وتأریخیة، الجزء الثالث، ل11). بەڵام بەریتانیا هەر چاوی بڕیبووە تەواوی ویلایەتی موسڵ و گرنگی ئەو ناوچەیەی دەزانی، بۆیە بە بەردەوامی داوای لە فەرەنسا دەکرد کە ویلایەتی موسڵ–ی بداتێ لە بری هەندێک دەستکەوتی تر. هەر بۆ ئەو مەبەستە سەرۆک وەزیرانی فەرەنسی (دکتۆر جۆرج بنیامین کلیمەنسۆ) سەر لەنوێ سەردانی

سەرۆک وەزیرانی بەریتانی (دێڤید لۆید جۆرج)ی لە لەندەن کردو، لەو سەردانەدا بەریتانیا پێشنیاری ئەوەی خستە بەردەم فەرەنسا کە ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان)و فەلەستین بدات بە بەریتانیا، لە بری ئەوەش بەریتانیا هەندێک قەرەبوو، هەروەها پشکێکی گەورەش لە نەوتی ویلایەتەکە کە بریتیبوو لە (25%) بدات بە فەرەنسا. ئەوەبوو لە ئەنجامدا، فەرەنسا لە ڕێکەوتی (15.9.1919)دا بەیاداشتێک وەڵامی میری بەریتانیای دایەوەو پێشنیارەکەی ئەوانی پەسەندکرد، بەو سێ مەرجەی کە پێشتر لە کانوونی دووەمی ساڵی (1918)دا بە سەرزارەکی ڕێکەوتنی لەسەر کرابوو، کە ئەمانەی خوارەوە بوون:

1- پشکێک نەوتی موسڵ بدرێت بە فەرەنسا لە بری گۆڕینی ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ.
2- بەریتانیا پشتیوانی و هاوکاری فەرەنسا بکا لە دژی ئەمەریکا، ئەگەر هاتوو ئەوان ناڕەزاییان نیشاندا سەبارەت بە مەرجی یەکەم.
3- ئەگەر هاتوو کار بەسیستەمی ماندێت کرا، ئەوا دەبێ دیمەشق، حەڵەب، ئەسکەندەروونەو بەیروت بکەونە ژێر ماندێتی فەرەنسا – سەرچاوە: (ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن، بلاد مابین النهرین بین ولاءین خواطر شخصیة وتأریخیة، الجزء الثالث، ل10).

بەریتانیای مەزن بە هەر سێ مەرجەکەی فەرەنسا قایل بوو، فەرەنساش ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) و فەلەستینی دایە بەریتانیا و، بەڵام بەشێوەیەکی فەرمی فەرەنسا لە پەیماننامەی (سان ڕیمۆ)دا دەستی لە ویلایەتی موسڵ هەڵگرت بۆ بەریتانیا. هەروەکو پێشتر ئاماژە بەوەکرا کە دوای سەردانی سەرۆک وەزیرانی فەرەنسی (جۆرج بنیامین کلیمانسۆ) لە ڕێکەوتی (1.12.1918)دا سەردانی سەرۆک وەزیرانی بەریتانی (دێڤید لۆید جۆرج)ی کردو، گفتی ئەوەی پێدا کە ویلایەتی موسڵ بدات بە بەریتانیا، کەچی پاش ئەم ڕێککەوتنەو لە ڕێکەوتی (22.5.1919)دا بە (دێڤید لۆید جۆرج)ی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیای ڕاگەیاندبوو، ئەگەر بێتوو بیزانیبایە ویلایەتی موسڵ ناوچەیەکی گەورەیەو ئەوەندە بە نرخەو نەوتی تێدایە، ئەوا هەرگیز دەستبەرداری نەدەبوو – سەرچاوە: (ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن، بلاد مابین النهرین بین ولاءین خواطر شخصیة وتأریخیة، الجزء الثالث، ل10 + دکتۆر فازل حوسێن، کێشەی ویلایەتی موسڵ، ل17).

**دەقی خاڵەکانی پەیماننامەی سایکس پیکۆ:**

نەخشەی دابەشکردن بە گوێرەی پەیماننامەی سایکس پیکۆ:

لە مانگی نۆڤێمبەری ساڵی (1915)دا میری فەرەنسی بڕیاریدا بە دامەزراندنی (جۆرج پیکۆ)ی کۆنسوڵی گشتی پێشووی خۆی لە بەیروت، کە وەکو کۆمیسیاری باڵای فەرەنسی بۆ جێبەجێکردنی کاروبارەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و، گفتوگۆکردن لەگەڵ میری بەریتانی سەبارەت بە دوارۆژی وڵاتە عارەبییەکان. جۆرج پیکۆ یەکسەر گەشتی قاهیرەی کردو، لەوێ لەگەڵ (مارک سایکس)ی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی بۆ کاروباری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بە سەرپەرشتی نوێنەری ڕوسیا کۆبووەوە. ئەو کۆبوونەوە سێقۆڵییە بووە هۆی بەستنی پەیماننامەیەک کە بە (پەیماننامەی قاهیرەی نهێنی) ناسرا، پاشانیش گواستیانەوە بۆ شاری (پترسبۆرگ)ی ڕوسیا، کە گفتوگۆکانی ئەوێ پەیماننامەیەکی سێ لایەنەی لێکەوتەوە بۆ دیاریکردنی ناوچەکانی دەسەڵاتی هەر دەوڵەتێک کە بەمشێوەیە بوو:

- فەرەنسا دەستبگرێت بەسەر خۆرئاوای سوریا، لوبنان و ویلایەتی ئەدەنە.
- بەریتانیا دەستبگرێت بەسەر ویلایەتەکانی بەغداو بەسرا، لەگەڵ دەربەندەکانی عەکاو حەیفا لە فەلەستین.
- ڕوسیا دەستبگرێت بەسەر باکووری کوردستان ویلایەتەکانی ئەرمەنی لە تورکیا. پەیماننامەکە دان بە مافی ڕوسیادا دەنێت بە بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی ئەرسەدۆکس لە شوێنە پیرۆزەکانی فەلەستین.
- ئەو ناوچانەی کە دەکەونە نێوان ئەو هەرێمانەی کە فەرەنسا بە دەستی دەهێنێ و، ئەو هەرێمانەی کە بەریتانیا بە دەستیان دەهێنێ، دەبێتە یەکێتیی وڵاتانی عارەبی یان وڵاتانی عارەبی یەکگرتوو، کە ئەو دەوڵەتە دابەش دەبێت بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بەریتانی و فەرەنسی و دەسەڵاتی فەرەنسی خۆرهەڵاتی سوریا و ویلایەتی موسڵ دەگرێتەوە، کەچی دەسەڵاتی بەریتانی درێژ دەبێتەوە بۆ خۆرهەڵاتی ئوردەن و ویلایەتی بەسراو بەشی باکووری ویلایەتی بەغدا تا دەگاتە سنووری ئێران.
- دەست بەسەر داگرتنی ئەو بەشەی فەلەستین دەمێنێتەوە لە لایەن بەڕێوەبەرێتییەکی نێودەوڵەتی.
- بەندەری ئەسکەندەرۆنە سەربەست دەبێت.

**بەندەکانی پایماننامەکە:**

بەندی یەکەم: هەر یەک لە فەرەنسا و بەریتانیای مەزن ئامادەن بە دانپێدانان و پاراستنی دەوڵەتێکی عارەبی کە بە سەرۆکایەتی سەرۆکێکی عارەبی لە دوو ناوچەی (أ) و (ب) کە لەسەر نەخشەی هاوپێچ کراو بەو پەیماننامەیەدا دیاریکراوە. فەرەنسا لە ناوچەی (أ) و بەریتانیا لە ناوچەی (ب)دا مافی یەکەمیان هەیە سەبارەت بە پڕۆژەکانو قەردە ناوخۆییەکان. هەر یەک بەجیا فەرەنسا لە ناوچەی (أ) و بەریتانیا لە ناوچەی (ب)دا، هەڵدەستن بە پێشکەشکردنی ڕاوێژکار و فەرمانبەری بێگانە لەسەر داواکردنی حکومەتی عارەبی یان هاوپەیمانی حکومەتە عارەبییەکان.

بەندی دووەم: ڕێگا دەدرێت بە فەرەنسا لە ناوچەی شین (دەشتی سوریا)و ئینگلتەرا لە ناوچەی سوور (ویلایەتی بەسرا)، بەئارەزووی خۆیان و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ یان شێوەی چاودێریکردن، دوای ڕێککەوتن لەگەڵ میری یان هاوپەیمانی میرییە عارەبییەکان جۆری فەرمانڕەوایەتی دامەزرێنن.

بەندی سێیەم: بەڕێوەبەرێتیەکی نێودەوڵەتی لە ناوچەی سەمرا (فەلەستین) دادەمەزرێت، کە دوای ڕاوێژکاری بە ڕوسیاو بە ڕێککەوتن لەگەڵ هاوپەیمانەکانی ترو نوێنەری شەریفی مەکە، شێوەی فەرمانڕەوایەتێکە دیاری دەکرێت.

بەندی چوارەم: بەریتانیا ئەمانەی خوارەوەی دەست دەکەوێت:

1- دەربەندەکانی حەیفاو عەکا.

2- بڕێکی دیاریکراو لە ئاوی دیجلە و فورات لە ناوچەی (أ)ەوە مسۆگەر دەکرێت بۆ ناوچەی (ب)، هەروەها میری خاوەنشکۆ لە لایەنی خۆیەوە بەڵێن دەدات بەوەی کە لە هیچ دانوساندنێک لەگەڵ دەوڵەتێکی ترو یەک لایەنانە، سازش نەکات لەسەر دوورگەی قوبرس، تەنیا دوای پەسەندکردنی پێشەکی لە لایەن میری فەرەنسییەوە.

بەندی پێنجەم: دەربەندی ئەسکەندەرۆنە سەربەست دەبێت بۆ بازرگانیکردنی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی. مامەڵەی جیاواز دروست ناکرێت سەبارەت بە باجی دەربەندەکە، هەروەها ئاسانکاری تایبەت بۆ کەشتییەوانی و کەلوپەلی بەریتانی ناسەپێندرێت. ڕێگەی سەربەستی گواستنەوەی کەلوپەلی ئینگلیزی دەدرێت بە ڕێگای ئەسکەندەرۆنەو هێڵی ئاسنی لە ناوچەی شین، چ ئەوانەی هێنراون بۆ ناوچەی

سوور یان بۆ هەر دوو ناوچەکانی (أ) و (ب) یان لێیانەوە بۆ دەرەوە نێردراون. هەوەها مامەڵەی جیاواز بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە هەر یەک لە هێڵی ئاسنی یان لە هەر دەربەندێک لە دەربەندەکانی ناوچەکانی ناوبراو سەبارەت بە کەلوپەل و کەشتییەکانی بەریتانی. حەیفا دەبێتە بەندەرێکی سەربەست بۆ بازرگانیکردنی فەرەنسا و وڵاتە داگیرکراوەکانی و ئەو وڵاتانەی کەوتونەتە ژێر چاودێریکردنی ئەو، بە هیچ شێوەیەک مامەڵەی جیاواز ناکرێت و ئاسانکاری بۆ کەشتییەوانی و کەلوپەلی فەرەنسی رەتناکرێتەوە. لەگەڵ ئازادکردنی گواستنەوەی کەلوپەلەکان لە ڕێگای حەیفاو لەسەر هێڵی ئاسنی ئینگلیزی لە ناوچەی سەمرا (فەلەستین)، چ ئەگەر کەلوپەلەکان لە ناوچەکانی شین و سوورەوە نێردرابن، یان لە ناوچەکانی (أ) و (ب)ەوە یان هێنرابنە ناوەوە. کەمترین جیاوازی ناکرێت لە ئاڵوگۆڕکردن بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ سەبارەت بە کەلوپەل و کەشتییەکانی فەرەنسی، لە هیچ یەکێک لە هێڵەکانی هێڵی ئاسنی یاخود دەربەندێک لە دەربەندە ناوبراوەکان.

بەندی شەشەم: هێڵی ئاسنی بەغدا لە ناوچەی (أ) درێژتر ناکرێتەوە بۆ پشتی موسڵ لەلای باشوورەوە، هەروەها نە بۆ ناوچەی (ب)اش بۆ دوای سامەڕا بەرەو باکوور، تاوەکو دامەزراندنی هێڵێکی ئاسنی کە بەغدا بە حەڵەب بگەیەنێت، کە بە دۆڵی فوراتدا تێبپەڕێت، ئەوەش بە یارمەتی هەر دوو حکومەت دەکرێت.

بەندی حەوتەم: بەریتانیای مەزن مافی دامەزراندن، بەڕێوەبردن و تاکە خاوەندارێتی دەدرێتێ بۆ بەستنەوەی هێڵی ئاسنی حەیفا بە ناوچەی (ب). سەرەڕای ئەوەش مافی هەمیشەیی هەبێت بۆ گواستنەوەی سەرباز لە هەر کاتێکدا بێ بە درێژایی هێڵە ئاسنییە، وە دەبێت هەر دوو دەوڵەت ئەوە باش بزانن کە ئەو هێڵە دەبێت کارئاسانی پێوەندییەکانی نێوان حەیفاو بەغدا بکات. ئەگەر هاتوو نەتوانرا هێڵی پێوەندی لە ناوچەی سەمرا دروست بکرێت بەهۆی گیروگرفتی هونەری یان گوژمەی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی، ئەوکاتە بە داوای لێبووردنەوە دانامەزرێت، کەچی میری فەرەنسا ڕێگای پێدەدرێت بە تێپەڕبوون بە ڕێگای بەربۆرە - ئوم قەیس – مەلقا – ئیدار – غەستا – مەغایر تاوەکو دەگاتە ناوچەی (ب).

بەندی هەشتەم: مانەوەی پیتاکی گومرگی تورکی تاوەکو بیست ساڵی تر لە هەموو ڕاستێکی ناوچەکانی شین و سوور لە ناوچەکانی (أ) و (ب)، وە هیچ

بەرزبوونەوەیەک ناخرێتە سەر بڕی باجەکە، وە بنچینەی نرخاندنی باجەکان نابێت بگۆڕدرێت بۆ بنچینەی خەملاندن، مەگەر بە گوێرەی ڕێککەوتنی حکومەتەکان ئەو گۆڕانە بکرێت. نابێ گومرگی ناوخۆ لە نێوان ناوچەیەک و ناوچەیەکی ترەوە لە ناوچەکانی ناوبراو لە سەرەوەدا دابمەزرێت. ئەو باجی گومرگیەی کە بەسەر کەلوپەلی نێردراو دەسەپێندرێت، دەبێت بدرێتە بەڕێوەبەرێتی ئەو ناوچەیەی کە کەلوپەلەکانی بۆ نێردراوە.

بەندی نۆیەم: پێکهاتوون لەسەر ئەوەی کە میری فەرەنسی گفتوگۆ لە هیچ کاتێکدا نەکات بۆ وازهێنان لە مافەکانی خۆیدا، وە ئەو مافانەی کە لە ناوچەی شیندا هەیەتی نەیدات بە دەوڵەتێکی تر جگە لە دەوڵەتەکە خۆی یان هاوپەیمانێکی دەوڵەتە عارەبییەکان بە بێ پەسەندکردنی پێشەکی میری خاوەنشکۆ، کە هەمان بەڵێن و ماف بە میری فەرەنسی دەدات لە ناوچەی سوور.

بەندی دەیەم: هەر دوو میری بەریتانی و فەرەنسی پێکهاتوون، کە هەر دووکیان پارێزەرو چاودێریکەری دەوڵەتە عارەبییەکانن لەسەر ئەوەی کە نە خاوەندارێتی نە ڕێگە بدەن بە دەوڵەتی سێیەم کە ببێتە خاوەنی هیچ وڵاتێک لە نیمچە دوورگەی عارەب، یان بنکەی دەریایی دامەزرێنن لەسەر خۆرهەڵاتی کەناری دەریای سپی ناوەڕاست، بە مەرجێک ئەوە ڕێگەگر نەبێت لەئاست ڕاستکردنەوەی سنووری عەدەن، کە لەوانەیە پێویست بێت بەهۆی دژایەتیکردنی ئەم دواییەی تورک.

بەندی یازدەهەم: دانوستان بەردەوام دەبێت لەگەڵ عارەبەکان بەناوی هەر دوو میری بەریتانی و فەرەنسی بەهەمان شێوەی پێشوو، بۆ دیاریکردنی سنووری وڵاتێک یان یەکێک لە وڵاتە هاوپەیمانەکانی عارەبی.

بەندی دوازدەهەم: هەر دوو میری بەریتانی و فەرەنسی جگە لەوانەی کە لە سەرەوەدا ناویان بردراوە، پێکهاتوون لەسەر ئەوەی کە هەر دوو میری چاوبگێڕن بە ئامێرە پێویستەکانی چاودێریکردنی هێنانی چەک بۆ وڵاتە عارەبییەکان (سەرچاوە: ویکیپیدیا، بە زمانی دانمارکی و ئینگلیزی).

# ئاگربەستی مۆدرۆس:

ئەوکاتەی کە ئاگربەستی (مۆدرۆس – Mudros)، لە هەمان کاتیش بە (پەیمانی ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی)ش ناسراوە، لە ڕێکەوتی (30.10.1918)دا لە نێوان هەدوو دەوڵەتی بەریتانیا و عوسمانییەکان، لەنێو پاپۆڕی (ئێچ. ئێم. ئێس. ئاگامەمنوون – HMS Agamemnon) لە بەندەری (مۆدرۆس) کە دەکەوێتە دوورگەی (لیمنۆس – Lemnos)ی دەریای (ئێجە)ی یۆنانی کە لە پێناوی کۆتایی پێهێنانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا (28.6.1914–11.11.1918) ڕاگەیەندرا. بە گوێرەی بۆچوونی زۆربەی نووسەران و بەرپرسانی ئەوکات گوایە سوپای ئینگلیز دوازدە میلی مابوو بگاتە ناو شاری موسڵ – سەرچاوە: (دکتۆر فازڵ حوسێن، کێسەی ویلایەتی موسڵ، ل7)، بەڵام تاکە کەس ئەفسەری ئینگلیزی (سیسیل جۆن ئێدمۆندز – Secil John Edmonds)، کە لە نێوان ساڵانی (26.11.1889–1979)دا ژیاوەو، ماوەی نێوان ساڵانی (1922–1925) ئەفسەری ڕامیاری ئینگلیز بووە لە شاری کەرکوک، دەڵێت: (کە شەڕ وەستا هێزەکانی ئینگلیز گەیشتبوونە گەیارە، کە چل میل لە باشووری موسڵ هەڵکەوتووە – سەرچاوە: کورد، تورک و عارەب، ل50). بەڵام لە ڕۆژی (1.11.1918)دا هێزێکی تری بەریتانی بە سەرپەرشتی (ژەنەڕاڵ کاسلس) گەیشتبووە حەمام ئەلعەلیل، کە تەنیا (14) کیلۆمەتر کەوتۆتە باشووری موسڵ – سەرچاوە: (ئاڕنۆڵد تالبوت ویلسۆن، بلاد مابين النهرين بين ولاءين خواطر شخصية وتأريخية، الجزء الثاني، ل191).

سەرۆکی شاندی ئینگلیزی بۆ مۆرکردنی ئاگربەستی مۆدرۆس (سۆمەرسیت ئارسوە گۆوگ کارلسۆرپ – Somerset Arthur Gough Carlthorpe)و لایەنی تورکی (حوسێن ڕەئوف ئۆربای – Huseyin Rauf Orbay) بووە، کە لە ماوەی نێوان ساڵانی (1881–16.7.1964)دا ژیاوەو وەزیری کاروباری دەریاوانی عوسمانی بووە، حوسێن ئۆربای دواتر لە ماوەی نێوان (12.7.1922–4.8.1923)دا سەرۆک وەزیران بووە، لەگەڵ هەر یەک لە ڕەشاد حکمەت بەگی ڕاوێژکاری وەزارەتی دەرەوەو عەقید ڕوکن سەعدوڵڵا بەگ – سەرچاوە: (ئاڕنۆڵد تالبوت ویلسۆن، بلاد مابين النهرين بين ولاءين خواطر شخصية وتأريخية، الجزء الثاني،

ل193). نوێنەری فەرەنسیش ئەفسەری کۆلۆنێل (ئەدمیراڵ ئامێت – Admiral Amet) بووە، بەڵام نوێنەری بەریتانیا ڕێگەی پێنەدا بەشداربێت. بەپێی ئەو ئاگربەستە کە لە بیست و پێنج خاڵ پێکدەهات (دەبوایە گشت قەڵا سەربازییەکانی عوسمانی کە دەکەوتنە سەر تەنگە ئاوەکانی دەردەنیلیس و بسفۆر ڕادەستی هێزەکانی هاوپەیمانان بکرێت، نەهێشتنی دەسەڵاتی عوسمانی بەسەر وڵاتانی تردا، خاڵی پێنجەم: هەڵوەشاندنەوەی سوپای عوسمانی، جگە لەو هێزانەی کە بۆ چاودێری سنوورەکان و پاراستنی ئاسایشی ناوەوە پێویستن. خاڵی حەوتەم: هاوپەیمانان مافی ئەوەیان هەبوو هەر خاڵێکی سەربازی عوسمانی کە هەڕەشە لە ئاسایشی هاوپەیمانان بکات دەستی بەسەردا بگرن. خاڵی دەیەم: هاوپەیمانەکان مافی دەست بەسەرداگرتنی تونێلی چیات تۆرۆس–یان هەبێت. خاڵی یازدەم: کشانەوەی دەستبەجێی سوپای عوسمانی لە باکوورو خۆرئاوای وڵاتی فارس، بۆ ئەو شوێنانەی کە بەر لە هەڵگیرسانی شەڕ بەدەستیەوە بووە. خاڵی پازدەم: کشانەوەی هێزەکانی عوسمانی لە قەوقاز بۆ شوێنەکانی خۆیان کە بەر لە دەستپێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانەوە لێیەوە هاتبوون، دەرچوونی عوسمانییەکان لە سەرانسەری ئەفریقیا، هاوپەیمانەکان مافی بەکارهێنانی هێڵەکانی شەمەندەفەرو شوێنە ستراتیژییەکانیان هەبێت لەناو سنووری خاکی عوسمانی. لە هەمان کاتیشدا بە گوێرەی خاڵی شازدەهەم: تەواوی سەربازگەکانی عوسمانی لە حیجاز، میسر، میسۆپۆتامیا، سوریا و یەمەن، ڕادەستی نزیکترین فەرماندەی هاوپەیمانان بکرێت. خاڵی بیست و دوو: پەیوەستبوونی تورکیا بەو فەرمانانەی کە پەیوەندن بە ئامێرەکان، چەک، تەقەمەنی و هۆیەکانی گواستنەوە کە لە خاڵی پێنج سەبارەت بە سوپای تورکی ڕێکەوتنی لەسەر کراوە. خاڵی بیست و سێ: پێویستە لەسەر تورکیا پێوەندی خۆی لەگەڵ تەواوی دەوڵەتە ناوەندییەکان بپچڕێنێت و، گوێڕایەڵی فەرمانەکانی هاوپەیمانان بێت. خاڵی بیست و چوار: هاوپەیمانەکان مافی دەست تێوەردانیان هەبوو لە هەر شەش ویلایەتەکانی بەناو ئەرمەنی (لە خۆرهەڵاتی عوسمانی – ئامەد، ئەرزڕۆم، بەدلیس، خەرپووت، سیواس و وان - کە لە ڕاستیدا هەر شەشیان خاکی کورد و سەر بە باکووری کوردستان بوون)، لە کاتێکدا کە کێشەیەک لەوێ سەرهەڵبدات. خاڵی بیست و پێنج: ئاگربەستی نێوان هاوپەیمانان و دەوڵەتی عوسمانی لە نیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (31.10.1918)دا

دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە – سەرچاوە: (ویکیپیدیا بە زمانی دانمارکی + ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن، بلاد مابين النهرين بين ولاءين خواطر شخصية وتأريخية، الجزء الثاني، ل194–195). ئینگلیزەکان بەر لە واژۆکردنی ئاگربەستی مۆدرۆس نزیکەی ساڵ و نیوێک دەبوو (ویلایەتی بەغدا)یان بە فەرماندەیی (ژەنەڕاڵ ستانلی مۆد) داگیرکردبوو، داگیرکردنی ویلایەتی بەغدا لە ڕێکەوتی (11.3.1917)دا بەگرتنی بەغدا کۆتایی پێهات – سەرچاوە: (عەلی سەیدۆ گەورانی، لە عەمانەوە بۆ ئامێدی، ل41).

هەر لە یەکەم ڕۆژی داگیرکردنی بەغداوە لە لایەن سوپای بەریتانیا وە، ئەفسەرو دیپلۆماتکاری بەریتانی (سێر پێرسی زەکەریا کۆکس – Sir Percy Zachariah Cox)، کە لە ماوەی ساڵانی نێوان (20.11.1864–20.2.1937)دا ژیاوە، کرا بە کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغداو، ئەویش لە ڕێکەوتی (16.3.1917)دا لەسەر پێشنیاری وەزارەتی جەنگی بەریتانی بەڕێوەبەرێتییەکی بۆ شارەکە لەژێر ناوی (دەستەی بەڕێوەبردنی میسۆپۆتامیا) بە سەرۆکایەتی وەزیری دەرەوەی بەریتانی لۆرد کورزۆن و سەرپەرشتیکردنی خۆی دامەزراند، هەروەها ئەفسەری پلەبەرزی ئینگلیزی (سێر ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن – Sir Arnold Talbot Wilson)، کە لە ماوەی نێوان (18.7.1884–31.5.1940)دا ژیاوە، کرا بە یاڕێدەری سێر پێرسی کۆکس. ئارنۆڵد ویلسۆن لە نێوان (27.5.1918–4.10.1920)دا پۆستی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی هەبووە لە بەغدا، چونکە دوای گواستنەوەی سێر پێرسی کۆکس لە مانگی مای ساڵی (1918)دا بۆ ئێران و کردنی بە باڵوێزی وڵاتەکەی لە تەهران، ئەو پۆستی کۆمیسیاری باڵای وەرگرت. کۆلۆنێل ئارنۆڵد ویلسۆن وەکو کۆمیساری باڵا بەردەوام بوو تاوەکو ڕێکەوتی (4.10.1920)، کە تێکڕا (30) مانگ ئەو پۆستەی هەبووە لە ئێراق، پاشانیش کرا بە بەڕێوەبەری کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ – فارسی لە عەبادان، دواتر لە ڕێکەوتی (31.5.1940)دا لە فەرەنسادا کوژرا. بەڵام دوای ئەوەی ڕاپەڕینی بیستی ئێراقییەکان لە ڕێکەوتی (30.6.1920)دا لە (ڕومێسە) لە دژی ئینگلیزەکان هەڵگیرساو نزیکەی مانگ و نیوێک درێژەی کێشا، کە شێخی خێڵی زەواڵم (شێخ شەعلان ئەبولجۆن) سەرکردایەتی دەکردن و دواتریش دەستگیرکرا. ئەوەبوو لە ڕێکەوتی (4.10.1920)دا ئینگلیزەکان (ئارنۆڵد ویلسۆن)یان لەسەر کارەکەی لاداو، هەر لە هەمان ڕۆژدا واتە لە ڕێکەوتی (4.10.1920)دا بۆ جاری

دووەم (سێر پێرسی کۆکس)یان هێنایەوە شوێنەکەی خۆی لە بەغدا. ئەویش دوای دە ڕۆژ گەڕایەوەو درێژەی بە کارەکانی خۆیدا. بەرپرسێتی سێر پێرسی کۆکس بۆ جاری دووەم لە ئێراق لە نێوان (4.10.1920–4.5.1923)دا درێژەی کێشا، کە بە هەمووی نزیکەی دوو ساڵ و نیوی پێچوو.

پێشتریش کە ئینگلیزەکان لە ڕێکەوتی (5.11.1914)دا شەڕیان لە دژی تورکی عوسمانی ڕاگەیاندبوو، ڕۆژی دواتر شارۆچکەی (فاو) و دواتریش لە ڕێکەوتی (22.11.1914)شدا، بە سەرکردایەتی (ژەنەڕاڵ دیلامین) شاری بەسرا–یان گرت. بە کەوتنی شاری بەسرا تەواوی ویلایەتەکە کەوتە ژێردەستی ئینگلیزەکان و داگیرکرا. لە سەردەمی هەڵکشانی سوپای ئینگلیز بەرەو ویلایەتی موسڵ، ژەنەڕاڵ (عەلی ئیحسان پاشا)، فەرماندەی لەشکری شەشەمی سوپای عوسمانی بوو لە ویلایەتی موسڵ (بارەگای لەشکری شەشەم لەناو شاری موسڵ بوو)، وەلێ لە ترسی سوپای ئینگلیز لە سەرەتای مانگی یانزەی ساڵی (1918)دا، ئاگاداری عەلی ڕەزا قۆنیەیی کرد کە پاراستن و بەرپرسیارێتی پارێزگای سلێمانی لە ڕووی سوپایی، سەربازی، ڕامیاری و شارستانی ڕادەستی شێخ مەحمودی حەفید بکرێت، واتە شێخ بکرێت بە پارێزگاری ئەو شارە – سەرچاوە: (ئەحمەد خواجە، چیم دی، بەرگی یەکەم، ل19). زۆر لە مێژوونووس و نووسەران لە بری لەشکری شەشی موسڵ، نووسیویانە لەشکری دوازدەی موسڵ، بەڵام ئەوەی دووەمیان لە بەغدا بووەو دوای داگیرکردنی بەغدا لە لایەن سوپای ئینگلیزەوە، لەشکری دوازدەهەمیش هاتۆتە موسڵ، هەروەکو لە بروسکەی ئەحمەد عزەتی سەرۆک وەزیران و سەرۆکی دەستەی ئەرکانی جەنگی عوسمانی کە بۆ سەرۆکایەتی سوپای شەشی ناردووە، دەردەکەوێت کە لەشکری شەش لە شاری موسڵ بووە – سەرچاوە: (ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن، بلاد مابين النهرين بين ولاءين خواطر شخصية وتأريخية، الجزء الثاني، ل192). ژەنەراڵ سێر ولیەم مارشاڵ، کە سەرکردەیەکی سوپای ئینگلیزەکان بوو، بە بڕیارێکی خۆی و لەسەر بەرپرسێتی خۆی (بە پشتبەستنی بە بەندی حەوتەم و شازدەهەمی ئاگربەستی مۆدرۆس، کە یەکەمیان ڕێگەی بە وڵاتانی هاوپەیمان دابوو مافی ئەوەیان هەبێت هەر خاڵێکی سەربازی عوسمانی کە هەڕەشە لە ئاسایشی هاوپەیمانان بکات، دەستی بەسەردا بگرن. وە ئەوەی تریشیان دەڵێت: تەواوی سەربازگەکانی عوسمانی لە حیجاز، میسر، میسۆپۆتامیا، سوریا و یەمەن، دەبێت

ڕادەستی نزیکترین فەرماندەی هاوپەیمانان بکرێت – سەرچاوە: (دکتۆر فازڵ حوسێن، کێسەی ویلایەتی موسڵ، ل7). بوونی سوپای عوسمانی لە موسڵ و ویلایەتی موسڵ هەڕەشەیەک بوو بۆ سەر بەریتانیا و هاوپەیمانەکان، کە ئەمەش بەندی حەوتەم دەیگرتەوە، هەروەها بوونی سەربازگەی عوسمانی لە ویلایەتی موسڵ کە میسۆپۆتامیای سەرووشی پێدەگوترا، ئەمەش بەندی شازدەهەم دەیگرتەوە، بۆیە دەبوایە سەربازگەی عوسمانی لە ویلایەتی موسڵ-یش ڕادەستی هاوپەیمانان بکرێت، لەو ناوچەیەش نزیکترین فەرماندەی هاوپەیمانەکان تەنیا فەرماندەکان و سوپای ئینگلیز بووە. بۆیە  ژەنەڕاڵ سێر ولیەم مارشاڵ فەرمانی داگیرکردنی موسڵ-ی بە (ژەنەڕاڵ کوپ) سپاردو، هێزەکانی بەریتانی لە (7.11.1918)دا گەیشتنە ناو شاری موسڵ و شارەکە داگیرکرا (سەرچاوە: سێر ئارنۆڵد تالبوت ولسۆن، بلاد مابين النهرين بين ولاءين خواطر شخصية وتأريخية، الجزء الثاني، ل199 + ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ، العراق الحديث من سنة 1900-1950، الجزء الاول، ل156، کە هەر دووکیان ئاماژەیان بە بەستنی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی کردووە کە لە ڕێکەوتی (7.11.1918)دا لەناو شاری موسڵ-دا بەستراوەو، هەر دووکیان باسی ئامادەبوونی ژەنەڕاڵ ولیەم مارشاڵ و ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن دەکەن لەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەدا). دوای هاتنە ناوەوەی سوپای ئینگلیز بۆ ناو شاری موسڵ، (کۆلۆنێل ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن) کۆمیسیاری باڵای بەریتانیا لە بەغدا، دەستبەجێ دەستخۆشی ئەوکارەی لە (ژەنەراڵ ولیەم مارشاڵ) کردو، پاشانیش ئینگلیزەکان لە ڕێکەوتی (13.11.1918)دا نوری بەگی جێگری والی موسڵ-یان دەرکردو ئەویش گەڕایەوە بۆ تورکیا. ئینگلیزەکان لەگەڵ داگیرکردنی ئەم شارەدا بەڕێوەبەرێتییەکی سەربازییان لە ویلایەتی موسڵ دامەزراند، کەچی پێشتر لە هەر دوو ویلایەتی بەغدای عارەبی سوننەو بەسرای عارەبی شیعەدا دوو بەڕێوەبەرێتی سیڤلیان دامەزراندبوو – سەرچاوە: (میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، المسألة الكوردية (1917-1923)، ل38). هەروەها سەرهەنگ (جێرالد ئیڤلیون لیچمەن – Gerald Evelyn Leachman)، کە لە ماوەی نێوان (1880-12.8.1920)دا ژیاوە، کردیان بە فەرمانڕەوای سەربازی (حاكم عسكری) ویلایەتی موسڵ و بە ئەفسەری ڕامیاری شاری موسڵ (تاوەکو لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (1919)دا گواسترایەوە بۆ ناوەڕاستی ئێراق و (J. H. H. Bill) هاتە شوێنەکەی

ئەو. لیچمەن لە ڕێکەوتی (12.8.1920)دا بە گوللەی سلێمانی کوڕی شێخ زاری بریندارکراو، دواتر بە شمشێری دەستی شێخ زاری سەرۆک و شێخی خێڵی زەوابع لە نێوان بەغداو فەلوجە سەری بڕدرا – سەرچاوە: (ئاڕنۆڵد تالبوت ویلسۆن، بلاد مابین النهرین بین ولاءین خواطر شخصیة وتأریخیة، الجزء الثالث، ل265–266). وە (کاپتن ئاڕ. ئێف، جاردین – R. F. Jardine) کرا بە جێگری ئەو، وەلێ جێگری نوێنەری بەرزی بەریتانی (ئاڕنۆڵد تالبوت ویلسۆن) مافی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی کردنی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)ی بۆ خۆی هێشتەوە، نەک بۆ دەوڵەتی ئێراقی و، بە هیچ شێوەیەک میری ئێراق بۆی نەبوو دەست بخاتە ناو کاروبارەکانی ئەم ویلایەتە. بەهەمان شێوەش دوای ڕاگەیاندنی دامەزراندنی حکومەتی ئێراقی لە ڕێکەوتی (25.10.1920)دا، پاشانیش دوای ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئێراق و دانانی فەیسەڵ کوڕی حوسێن بە شای ئێراق لە ڕێکەوتی (23.8.1921)دا، لە هەر دوو جاردا کۆمیسیاری باڵای بەریتانی (سێر پێرسی کۆکس) دەسەڵاتی سەرپەرشتیکردنی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)ی بۆ خۆی هێشتەوە – سەرچاوە: (دکتۆر فازڵ حوسێن، مشکلة الموصل، ل14 + دکتۆر فازڵ حوسێن، کێشەی ویلایەتی موسڵ، ل24)، نە هێشتی عەبدولڕەحمان نەقیبی یەکەم سەرۆک وەزیرانی حکومەتی کاتی ئێراقی و نە شا فەیسەڵ دەست لە کاروبارەکانی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) وەربدەن.

# کۆنگرەی ئاشتیی پاریس:

دوای ئەوەی دەوڵەتی ئەڵمانیا لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا کە لە نێوان (28.6.1914–11.11.1918)دا درێژەی کێشا، شکستی هێناو ئاگربەستی مودرۆس لە ڕێکەوتی (30.10.1918)دا واژۆکرا، زەمینەیەکی لەبار هاتە پێش بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشانەی هەروەکو دەزانین کە ئەو شەڕە دروستیکردبوو و نەدەکرا بە بێ چارەسەر بمێننەوە. پێشتریش هەر لەکاتی شەڕی یەکەمی جیهانییەوە بیرۆکەی دامەزراندنی (کۆمەڵەی نەتەوەکان) لە لایەن دەوڵەتە گەورەکان بەگشتی و، ئەمەریکاو فەرەنسا بەتایبەتی سەری هەڵدابوو. سەرۆکی ئەوکاتی ئەمەریکا (وودرۆ تۆماس ویلسۆن – Woodrow Thomas Wilson)، کە لە ڕێکەوتی (28.12.1856)دا لە ڤیرجینیا لە دایکبووەو لە ڕێکەوتی (3.2.1924)دا لە واشنتۆن مردووە، ڕۆڵی بەرچاوو پڕ لەبایەخی بینی، بەتایبەت کە پێشتر لە ڕێکەوتی (4.12.1917)دا ئەو بەیانەی ڕاگەیاند: (ئومێدم وایە گەلانی نێو ئیمپراتۆریەتی تورکی مافی خۆیان پێبدرێت، ژیانێکی ئاشتی ئاسایشیان بۆ دابین بکرێت. چارەنووسیان لە دوژمنان و ستەم و داهاتە نێگەتیڤەکانی کۆمپانیایی دارایی و پارتە بێگانەکان بپارێزێت – سەرچاوە: سەلام ناوخۆش، کوردستان چۆن داگیرکراو دابەشکرا، ل69). هەروەها لە ڕێکەوتی (8.1.1918)دا وودرۆ ویلسۆن لە بەردەم کۆنگرێس و ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکیدا چواردە بیروباوەڕەکە (پرنسیپەکە)ی خۆی سەبارەت بە سەقامگیری ئاشتی جیهانی خوێندبووەوە، کە بەمشێوەیە بوون:

1. پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر بنچینەی ئاشتی گشتی ببەسترێت و، دەبێت پەیمانە نێودەوڵەتییەکان بە ئاشکرا بن و نابێت نهێنی بن.
2. دابینکردنی سەربەستی کەشتییەوانی لەنێو دەریاکانی دەرەوەی ئاوی هەرێمەکان لەکاتی ئاشتی و شەڕدا، تەنیا ئەگەر دەقی ڕێکەوتنێکی نێودەوڵەتی ناکۆک بوو لەگەڵیدا.
3. لادانی ڕێگری ئابووری بەپێی تواناو دابینکردنی یەکسانی لە نێوان دەوڵەتە هاوکارەکان بۆ پاراستنی ئاشتی.

4. چەک داماڵین تا ئەو ئاستەی کە بتوانێ ئاسایيشی ناوخۆ دابینکات.
5. دانانی بەڕێوەبەریتی یەکسان بۆ وڵاتە ژێردەستەکان (کۆلۆنییەکان)، کە جێبەجێکەری دابینکردنی ماف و بەرژەوەندییەکانی دانیشتوانەکانی بێت.
6. بەجێهێشتنی تەواوی خاکی ڕوسیاو هاوکاریکردنی هەر میرییەکی ڕوسیا کە گەل هەڵیدەبژێرێت.
7. بەجێهێشتنی خاکی بەلجیکا و نۆژەنکردنەوەی.
8. بەجێهێشتنی فەرەنسا و گەڕاندنەوەی ئەلزاس و لۆرین و نۆژەنکردنەوەیان لەوەی کە بەهۆی جەنگەوە کاول بووینە.
9. دووبارە چاو پێداخشاندنەوەی سنووری ئیتاڵیا، بەم مەرجەی کە تەواوی ڕەگەزی ئیتاڵی بگرێتە خۆی.
10. ئەو نەتەوانەی کە ژێردەستەی ئیمپراتۆریەتی نەمساوین، مافی چارەی خۆنووسینیان بدرێتێ.
11. جێهێشتنی هەر یەک لە سربیا، ڕۆمانیا و چیای ڕەش (الجبل الاسود)و، پێدانی دەرگایەک بە سربیا بۆ سەر دەریا، وە دامەزراندنی پێوەندی نوێ لە نێوان وڵاتانی بەلقان، کە لەسەر بنچینەی نەتەوەیی، مێژوویی و مسۆگەرکردنی سەربەستییە سیاسی و ئابوورییەکان دامەزرابێ.
12. مسۆگەرکردنی سەروەری بەشەکانی تورکیا و، پێدانی مافی چارەی خۆنووسین بەو نەتەوانەی کە تورک نین و ژێردەستەی ئەوانن، هەروەها دابینکردنی سەربەستی هاتوچۆ بۆ تەواوی کەشتییەکان لە تەنگەئاوەکاندا بەتایبەت لە تەنگاوی دەردەنیل بە گەرەنتییەکی نێودەوڵەتی.
13. نۆژەنکردن و بوژاندنەوەی وڵاتی پۆڵەندی بە مەرجێک کە تەواوی ڕەگەزی پۆڵەندی بگرێتەوەو، پێدانی ڕێچکەیەک بۆسەر دەریاو، دابینکردنی سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری ئەو وڵاتە بەشێوەیەکی نێودەوڵەتی.
14. دامەزراندنی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە پێناوی مسۆگەرکردنی سەربەخۆیی سیاسی تەواوی وڵاتانی جیهان – سەرچاوە: (ماڵپەڕی ویکیپیدیا بە زمانەکانی دانمارکی و ئینگلیزی).

وودرۆ تۆماس ویلسۆن، سەبارەت بە خاڵی دوازدەهەم و مافی چارەی خۆنووسین و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ نەتەوەکانی ژێردەستی تورک،

ناوی (کوردستان، ئەرمەنستان و عارەبستان)ی بردووە. هەر لە پاداشتی ئەم هەوڵانەی (وودرۆ تۆماس ویلسۆن)دا بوو سەبارەت بە خاڵی چواردەهەم و لە پێناوی دامەزراندنی ئەو دەزگا نێودەوڵەتییەدا (کۆمەڵەی نەتەوەکان)، ناوبراو لە ساڵی (1919)دا خەڵاتی ئاشتی جیهانی وەرگرت.

کۆنگرەی ئاشتیی پاریس، لە (ڤێرسای) کۆشکی شاهانەی فەرەنسی، لە نێوان ڕۆژانی (18.1.1919–30.1.1919)دا بە ئامادەبوونی (32) وڵاتی هاوپەیمان و لایەنگرەکانیان بەسترا، کە هەندێکیان ئەمانە بوون (هەندێک لە وڵاتانی بەشداربوو لە کۆنگرەی ناوبراودا: (ئەمەریکا، ئەفریقای باشوور، ئیتاڵیا، ئوسترالیا، بەلجیکا، بەڕازیل، بەریتانیا، چین، حیجاز، فەرەنسا، فنلەندا، گواتیمالا، هایتی، هیندۆراس، کەنەدا، کوبا، نیوزلەندا، یابان و یۆنان)، بەڵام تەنیا چوار وڵاتی ئەمەریکا، ئیتاڵیا، بەریتانیا و فەرەنسا ڕۆڵی سەرەکییان بینی و مەرجەکانی خۆیان بەزۆر سەپاند، کەچی ڕێگە نەدرا بە (وڵاتە دۆڕاوەکان، وڵاتی ڕوسیا، چین و وڵاتە بێلایەنەکان) بەشداری بکەن. کەچی ئالان پالسمر، لە لاپەڕە (167)ی پەرتووکی (موسوعة التاريخ الحديث 1789–1945)دا نووسیویێتی: (کۆنگرەی ئاشتیی پاریس، کۆنگرەی بەیەکگەیشتنی هێزە یەکگرتوو و هاوپەیمانەکان بوو. لە ڕێکەوتی (18.1.1919)دا لە پاریس بەستراو تا (20.12.1920)ی خایاند، بۆ ئەوەی بگەن بە چارەسەرێکی ئاشتیانەو ئەم پەیماننامانەی بەخۆوە گرت، ڤرسای، نیولی (Neuily) کە لە ڕێکەوتی (29.11.1919)دا مۆرکرا، تریانان و سیڤرە – سەرچاوە: کامەران ئەحمەد محەمەدئەمین، کوردستان لە نێوان ململانێی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا 1890–1932، ل170). لە ڕاستیدا کۆنگرەی ئاشتیی پاریس لە ڕێکەوتی (18.1.1919)دا دەستی بەکارەکانی کردو لە ڕێکەوتی (10.8.1920)دا بە پەیماننامەی سیڤرە کۆتایی بە کارەکانی ئەو کۆنگرەیە هات.

کۆنگرەی ئاشتیی پاریس، لە وڵاتی فەرەنسا و بە سەرپەرشتی (دکتۆر جۆرج بنیامین کلیمەنسۆ – Dr. Georgs Benjamin Clemenceau)ی سەرۆک وەزیرانو بەشداری (وودرۆ تۆماس ویلسۆن – Woodrow Thomas Wilson)ی سەرۆکی ئەمەریکا، (دیڤید لۆید جۆرج – David Lloyd George)ی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیای مەزن، (ڤیتۆریۆ ئەمانۆئیل ئۆرلاندۆ – Vittorio Emanuele Orlando)ی سەرۆک وەزیرانی ئیتاڵیا، کە لە ماوەی نێوان

(19.5.1860–1.12.1952)دا ژیاوەو لە نێوان (29.10.1917–23.6.1919)دا سەرۆک وەزیران بووە، هەروەها سەرۆک وەزیرانی ئوسترالی (ویلیام مۆریس بیللی هوگهیس – William Morris Billy Hughes)، کە لە ماوەی نێوان (25.9.1862–28.10.1952)دا ژیاوەو لە ماوەی ساڵانی نێوان (27.10.1915–9.2.1923)دا سەرۆک وەزیران بووە، (شاژنە ماریا – Quin Marie)ی شاژنی ڕۆمانیا، (هۆ شی مینە - Ho Chi Minh)، کە لە ماوەی نێوان (19.5.1890–2.9.1969)دا ژیاوەو، لە ماوەی نێوان (2.9.1945–2.9.1969)دا سەرۆک کۆماری ڤێتنامی باکوور بووە، لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی یابان (سایۆنجی کینمۆچی – Saionji Kinmochi)، کە ئەو لە ماوەی نێوان (23.10.1849–24.11.1940)دا ژیاوەو، لە دوو ماوەی جیا جیای نێوان (7.1.1906–14.7.1908)و (30.8.1911–21.12.1912)دا پۆستی ناوبراوی هەبووە، هەروەها بە بەشداری هەر یەک لە (سێر ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن)ی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغداو (ژەنەڕاڵ جان کریستیان سموتس – Field Marshal Jan Christiaan Smuts)، کە لە ماوەی نێوان (24.5.1870–11.9.1950)دا ژیاوەو، دواتر دوای کۆنگرەی ناوبراو لە ماوەی نێوان (3.9.1919–30.6.1924)دا پۆستی سەرۆک وەزیرانی یەکێتیی باشووری ئەفریقای وەرگرتووە، بەسترا. ژەنەڕاڵ جان سموتس داهێنەری بیرۆکەی سیستەمی سەرپەرشتیکردن (ماندات) بووە. سەبارەت بە ڤیتۆریۆی ئۆرلاندۆی سەرۆک وەزیرانی ئیتاڵی، لەبەر ئەوەی ئینگلیزی نەزانیوە تووشی کێشەی زۆر هاتووە، چەند ڕۆژێک بەر لە واژۆکردنی ئەم پەیماننامەیە فەرەنسای بەجێهێشتووەو دەستی هەڵگرتووە لە پۆستەکەیدا. تالبوت ویلسۆن کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغدا هەر لە کۆنگرەی ئاشتیی پاریسدا، پێشنیازی ئەوەی کردبوو کە ناوی میسۆپۆتامیا بگۆڕدرێ و بکرێت بە ئێراق، بە مەرجێک کە هەر سێ ویلایەتی بەغدای سوننە، بەسرای شیعە و موسڵی کوردی بگرێتەوە.

هاوپەیمانان لە سەرەتادا دەیانوویست چواردە مەرجە بنچینەییەکانی ئاشتی جیهانی سەرۆکی ئەمەریکا (وودرۆ ویلسۆن)، کە لەوێدا خۆی خوێندیەوە بکەنە سەرچاوەیەک و تەوەری گفتوگۆکانیان لە پێناوی داڕشتنی پەیماننامەیەک بۆ چارەسەرکردن و بنبڕکردنی دەرهاویشتە نێگەتیڤەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی. بەڵام وانەبوو بەڵکو ئەم کۆنگرەیە زۆرتر لە کۆبوونەوەیەکی وڵاتانی سەرکەوتوو لە

شەڕی یەکەمی جیهانی و هاوپەیمانەکانیان دەچوو لە پێناوی دابەشکردنی دەستکەوتەکانی شەڕو سەپاندنی دەسەڵات و مەرجەکانیان بەسەر وڵاتانی دۆڕاو لەبەرەی شەڕ بەتایبەت (ئەڵمانیا و دەوڵەتی عوسمانی)، چەندان جار سەرۆکی ئەمریکی هەڕەشەی کشانەوەی ئەمریکای کرد لەو کۆنگرەیەدا، لەبەر هەمان هۆکارو بێزاری نەزانینی زمانی ئینگلیزی سەرۆک وەزیرانی ئیتاڵیاش هەمان هەڕەشەی کردووە. دوای نزیکەی شەش مانگ لە گفتوگۆ لە ڕێکەوتی (28.6.1919)دا (پەیمانی ئاشتیی پاریس/ ڤێرسای) لە نێوان وڵاتانی سەرکەوتووی شەڕ لە لایەک و ئەڵمانیای دۆڕاو لە شەڕدا کە ناچاریانکرد بەزۆر مۆرکرا. لەم کۆنگرەیەدا چەند بڕیارێکی گرنگ دران و زۆربەشیان جێبەجێکران، لەنێویاندا لەسەر داواکردنی ئەمەریکاو فەرەنسا لە ڕۆژی (25.1.1919)دا، بڕیاری دامەزراندنی (کۆمەڵەی نەتەوەکان) لە لایەن (44) وڵاتەوە دراو، شاری (جنێڤ)ی سویسری کرا بە بارەگای کۆمەڵەی نەتەوەکان. یەکێک لە مادە هەرە گرنگەکانی پەیماننامەی کۆمەڵەی نەتەوەکان، مادەی بیست و دوو بوو کە وەک بەشێک لە ڕێکەوتنامەی ئاشتی (ڤێرسای) لە یونی (1919)دا واژۆکرا، بەپێی مادەی ناوبراو لە سەرەوەدا دەبوایە: (هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی (تەواوی ئەو نەتەوانەی) کە پێشتر لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بوون، دەتوانن بەشێوەیەکی کاتی وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ بناسرێن بە مەرجێک لەژێر چاودێری دەوڵەتێکی پاڵپشت لە باری بەڕێوەبەرێتییەوە سەرپەرشتی و ڕێنوێنی و یارمەتیان بکات، تا ئەوکاتەی خۆ لەسەر پێ ڕادەگرن و ئەو مەرجانەیان تیا دروست دەبێت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی تایبەت بە خۆیان – سەرچاوە: سیسیل جۆن ئیدمۆندس، کورد تورک و عارەب، ل150 + دکتۆر فوئاد حەمە خورشید، کەرکوک لە بەڵگەنامەکاندا، ل89). مادەی بیست و دووی پەیماننامەی کۆمەڵەی نەتەوەکانیش، سوودی نەبوو بۆ کورد و نەیانهێشت کورد نە وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ بناسرێت و نە مادەکەش بیگرێتەوە. بە گوێرەی پەیمانی ئاشتیی پاریس (18.1.1919–21.1.1920)، کە بریتی بووە لە زنجیرەیەک کۆنفرانس و پەیماننامە، بۆ نموونە پەیمانی ڤێرسای بەشێکی پەیماننامەی ئاشتیی پاریس و تایبەت بوو بە ڕێکەوتنامەی نێوان هاوپەیمانەکان و ئەڵمانیا، نەخشەی ڕامیاری ئەورووپا گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هات. لە لایەک سێ وڵاتی نوێ دروستبوون کە (چیکۆسلۆڤاکیا، مەجەڕو یۆگۆسلاڤیا) بوون، لە لایەکی تریشەوە

(25) بیست و پێنج هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیان لە خاکی ئەڵمانیا دابڕی و بە (چیکۆسلۆڤاکیا، دانمارک و پۆڵەندە) درانەوە. (سەبارەت بە دانمارک، لە ساڵی (1864)دا ئەڵمانیا ناوچەیەکی فراوانی لە خاکی دانمارک کە بریتیبوون لە ناوچەکانی (لاوینبۆرگ، هۆلستین و سلێسڤیگ)، کە دەیکردە (40%)ی خاکی دانمارک بەزۆر بۆ خۆی دابڕی و دواتریش سەرۆک وەزیرانی ئەڵمانیا بسمارک (ئۆتۆ ئیدوارد لیوپۆلد ڤۆن بسمارک 1.4.1815–30.7.1898)، کە لە نێوان ڕێکەوتی (23.9.1862–15.3.1890)دا لەو پۆستەدا بووە، بەزۆر لە کۆنگرەی ئاشتی (ڤییەنا)دا کە لە ڕێکەوتی (30.10.1864)دا بەستراوە، واژۆی بە دانمارک کرد کە دەستبەرداری ئەو خاکانە بێت بۆ ئەڵمانیا. ئەوەی کە دانمارک بە گوێرەی کۆنگرەی ئاشتیی پاریس و دواتر لە ڕاپرسییەکدا وەریگرتەوە زۆر کەمتر بوو لەو خاکەی کە لە ساڵی (1864)دا لێی داگیرکرابوو، چونکە ئەڵمانییەکان لەو ماوە درێژەدا ژمارەیەکی یەکجار زۆر ئەڵمانی نەژادیان هێنابوو بۆ ئەم ناوچە دانمارکیە داگیرکراوانە، هەروەکو عارەبی ئێراق کە ژمارەیەکی زۆر عارەبیان گواستۆتەوە بۆ شارە کوردییەکانی موسڵ، کەرکوک، دیالە، بەدرەو هتد. دواتر لە دوو ڕاپرسی جیادا، کە یەکەمیان لە ڕێکەوتی (10.2.1920)دا لە باکووری ناوچەی سلێسڤیگ کە شارەکانی (ئۆبنغۆ، هەدەسلیو، سۆنەبۆرگ و تۆنە)ی دەگرتەوە، ئەنجامدرا. لەم ڕاپرسییەدا دانمارکییەکان (75%)ی دەنگەکانیان هێناو باکووری سلێسڤیگ کەوتەوە سەر دانمارک، بەڵام لە ڕاپرسی دووەمدا کە لە ڕێکەوتی (14.3.1920)دا لە باشووری ناوچەی سلێسڤیگ کە بریتیبوو لە چوار پارێزگای (سلێسڤیگ–فلانسبۆرگ، نۆرد فغیسلاند، شاری فلانسبۆرگ و ڕێندسبۆرگ–ئییەن فۆرد) بەڕێوەچوو، ئەڵمانییەکان (80%)ی دەنگەکانیان هێناو باشووری ناوچەی سلێسڤیگ بۆ خۆیان مایەوە، لەبەر ئەوەی هەروەکو ئاماژەم پێکرد ژمارەیەکی یەکجار زۆر ئەڵمانی لەو ناوچانەدا نیشتەجێ کرابوون. پێوانەی ناوچەکانی سلێسڤیگ و هۆلستین (15.763) کیلۆمەتری چوارگۆشەن – سەرچاوە: ویکیپیدیا بە زمانی دانمارکی).

هەر ئەم پەیماننامەیە بڕیاری دابوو، کە سوپای ئەڵمانی هەڵوەشێنێتەوە کە سوپایەکی شەڕخواز بوو، نەیەڵن لە سەد هەزار سەربازی بێ تانک و فڕۆکە زۆرتری هەبێت. دواتریش لە ڕێکەوتی (10.1.1920)دا ئەم پەیماننامەیە هەموار کرایەوەو، بڕیاردرا کە ئەڵمانیا بەرپرسێتی هەڵگیرساندن و درێژەپێدانی شەڕی

یەکەمی جیهانی گرتبووە ئەستۆی خۆی، بۆیە دەبێت بە گوێرەی بەندی (232)ی پەیماننامەی (پاریس/ ڤێرسای) قەرەبووی تەواوی زیانە داراییەکان بکاتەوە، کە بە (269) بلیۆن مارکی ئەڵمانی زێڕ مەزەندە کرابوو، بەڵام دواتر بۆیانکرد بە (132) بلیۆن مارکی زێڕ (سەرچاوە: ویکیپیدیا بە زمانی دانمارکی). مسیۆ جۆرج کلیمانسۆی سەرۆکی کۆنگرەی ئاشتی لە کۆنگرەی ناوبراودا گوتوویەتی: (تورکەکان زۆر بە ئاشکرا سەلماندیان، کە بەهۆی بەڕێوەبردنی خراپیان و زۆرداری هەمە چەشنەیانەوە، لە چەندان سەردەمدا، توانای ئەوەیان نییەو شایستەی ئەوە نین ڕەگەزی ناتورک بەڕێوەببەن، بۆیە ئەگەر دۆخەکە وابڕوات پێویستە نەیەڵین هیچ نەتەوەیەک لەژێر بەڕێوەبەریێتی تورکدا بێت – سەرچاوە: دکتۆر بلەچ شێرکۆ (میر جەلادەت بەدرخان)، کێشەی کورد، ل65). کلیمانسۆ داوای ڕزگاری و سەربەخۆیی بۆ تەواوی نەتەوەکانی ژێردەستی عوسمانی کرد، هەر بۆیە بەشدارانی کۆنگرە بەتایبەت ئەمەریکاو بەریتانیا پشتیوانیان لەم داوایە کردو بڕیاریاندا بە مسۆگەرکردنی (سەربەخۆیی ناوەخۆیی) بۆ تەواوی نەتەوەکانی ژێردەستەی ئەڵمانی و عوسمانی، بەڵام ئەو بڕیارەشیان کوردی نەگرتەوە.

لە کۆتایی ساڵی (1919)دا (کۆلۆنێل ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن)ی باوەڕپێکراوی پایەبەرزی بەریتانیا لە بەغدا، بانگکرا بۆ پاریس کە کۆنگرەی ئاشتی لە سەرەتای هەمان ساڵدا لەوێ بەسترابوو، ئامادەی ئەو کۆنگرەیەش بوو لە مانگی دووی هەمان ساڵدا، دواتریش بۆ لەندەن بانگکرا، بۆ ئەوەی ئامۆژگارییەکانی خۆی بخاتەڕوو سەبارەت بەو خاکەی لەشێوەی هەرێمێکی سەر بە ئێراق بەڕێوەی دەبرد. ئارنۆڵد ویلسۆن، پێشنیاری ئەوەیکرد کە موسڵ بخرێتە سەر ئێراق (ویلایەتەکانی بەغداو بەسرا) بە بێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەک بە مافەکانی کورد بکرێت – سەرچاوە: (ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن، بلاد مابین النهرین بین ولاءین خواطر شخصیة وتأریخیة، الجزء الثاني، ل243). هەر لەو کۆنگرەیەدا ئارنۆڵد ویلسۆن یەکێک بوو لەوانەی کە زۆر مکوڕبوو لەسەر ئەوەی ناوی میسۆپۆتامیا بگۆڕدرێت بۆ زاراوەی ئێراقی عارەبی.

لەکاتی داگیرکردنی موسڵ-دا، بە گوێرەی پەیماننامەی نهێنی (سایکس پیکۆ)ی نێوان هەر سێ وڵاتی ئینگلتەرە، فەرەنسا و ڕوسیا، ویلایەتی موسڵ بەشی فەرەنسا بوو، بەڵام بەریتانیا لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانیدا دەستی بەسەر تەواوی

ویلایەتەکەدا گرت. هەروەکو پێشتریش ئاماژەی پێدرا کە (دکتۆر جۆرج بنیامین کلیمەنسۆ)ی سەرۆک وەزیرانی فەرەنسا لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی (1918)دا داوای لە (دێڤید لۆید جۆرج)ی سەرۆک وەزیرانی بەریتانی کردبوو، کە سەر لەنوێ دان بنێنەوە بە پەیماننامەی (سایکس پیکۆ)، بەڵام ئەو داوای گۆڕانکاری کردو کلیمەنسۆش پەسندیکرد کە ویلایەتی موسڵ بدات بە بەریتانیا، بەڵام بەشێوەیەکی فەرمی دواتر لە ڕێکەوتی (15.9.1919)دا فەرەنسا وازی لە ویلایەتی موسڵ هێنا بۆ ئینگلتەرە. ژەنەڕاڵ محەمەد شەریف پاشا سەعید پاشای ئەحمەد ئاغای خەندان (13.1.1865–22.12.1951)، کە کۆنە ئەفسەرێکی کوردی سوپای عوسمانی و باڵوێزی عوسمانییەکان بوو لە سوید، لە لایەن (کۆمەڵەی بەرزی کوردستان – جمعیة تعالي کوردستان)، کە لە ڕێکەوتی (17.12.1918)دا لە باکووری کوردستان لە لایەن (سەید عەبدولقادری شەمزینی سەرۆک، ئەمین عالی بەدرخان (1851–1926) جێگری یەکەمی سەرۆک، فەریق فوئاد پاشا جێگری دووەم، لیوا ڕوکن فەریق حەمدی پاشا سکرتێر، عەبدوڵڵای کوڕی سەید عەبدولقادری شەمزینی ژمێریار، هەروەها ئەندامێتی هەر یەک لە ئەکرەم جەمیل، ئەمین پاشا ڕواندزی، دکتۆر نوری دەرسیمی، کامەران عالی بەدرخان و چەند کوردێکی تر) دامەزرابوو – سەرچاوە: (قادر سەلیم شەمۆ، موقف الکورد من حرب الاستقلال الترکیة (1919–1922)، ل146–147)، لەگەڵ هەر یەک لە (کۆمەڵەی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵایەتی کوردی – کۆمەڵی تەشکیلاتی إجتماعیەی کوردی)، کە لە سەرەتای ساڵی (1920)دا بە ڕێبەرایەتی ئەمین عالی بەدرخان، مەمدوح سەلیم، دکتۆر شوکری محەمەد بەگ، ئەکرەم جەمیل پاشاو چەند ڕۆشنبیرێکی تر لە کۆمەڵەی بەرزی کوردستانی جیاببووەوە – سەرچاوە: (قادر سەلیم شەمۆ، موقف الکورد من حرب الاستقلال الترکیة (1919–1922)، ل163–164)، هەروەها (کۆمەڵی سەربەخۆیی کوردستان – کۆمەڵی ئیستقلالی کوردستان)دا، کە بە هەر یەک لەو ناوانە ناسرابوو (کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد، یانەی کوردی و کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان). پارتی سەربەخۆیی کورد، کە ساڵی (1918) لە قاهیرە لە لایەن عارف پاشای ماردینی و سورەیا بەدرخان دامەزرابوو، لە ساڵی (1927)دا لەگەڵ کۆمەڵەی خۆیبوون یەکیان گرت – سەرچاوە: قادر سەلیم شەمۆ، موقف الکورد من حرب الاستقلال الترکیة (1919–1922)، ل158–160)، وەکو نوێنەری کورد بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی

ئاشتی لە پاریس دەستنیشان کرا – سەرچاوە: (ڕەفیق حلمی، یادداشت کوردستانی ئێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، بەشی یەکەم، ل19+196). دواتریش کوردێک بەناوی (فەخری عادل بەگ ئامەدی) وەکو یارمەتیدەرو (مێجەر غالب عەلی بەگ) وەکو سکرتێری تایبەتی شەریف پاشا دەستنیشانکران – سەرچاوە: (دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، کوردستان لە سەردەمی ئاشتیدا، ل386). شەریف پاشا، لە ڕێکەوتی (18.1.1919)دا لە کۆنگرەی ئاشتی پاریس، وتارێکی خوێندەوە و تیایدا داوای مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردی کرد، هەروەها ناوبراو لە نێوان ساڵانی (1919–1925)دا بە بەردەوامی وتاری سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستان و بەنێودەوڵەتی کردنی پرسی کورد و کوردستان لە ڕۆژنامەکانی لی ماتین ( Le Matin) و تیمپس (Temps)دا، بە زمانی فەرەنسی بڵاودەکردەوە - سەرچاوە: (دکتۆر فەرهاد پیربال، زێڕی ناو زبڵ، ل101). ئەو پێشتریش لە کۆتایی ساڵی (1918)دا بۆ هەمان مەبەست واتە نوێنەرایەتیکردنی کورد بۆ ئەو کۆنگرەیەو بەدەست هێنانی پشتیوانی، پێوەندی کردبوو بە شێخ مەحمودی حەفید، سمکۆ ئاغای شکاک و سەید تەهای نەهری – سەرچاوە: (حەسەن ئەرفەع، کوردەکان، ل163–164)، ئەوەبوو شەریف پاشا لە لایەن هەر یەک لە شێخ مەحمودی نەمری سەرکردەی باشووری کوردستان و سمکۆ شکاکی سەرکردەی شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پشتیوانی لێکرا – سەرچاوە: (هیوا عەزیز سەعید، ناسیۆنالیزمی کوردی (1880–1939)، ل104). سەرکردەی کورد شێخ مەحمودی نەمر (شێخ مەحمود کوڕی شێخ سەعید کوڕی کاکە ئەحمەد کوڕی شێخ مەعروفی نودهی بەرزنجی – 1881–9.10.1965)، بە مەبەستی بەشداریکردنی کورد و پشتیوانی کردنی (شەریف پاشا) لە کۆنگرەی ئاشتیی پاریس دوو نوێنەری بە ناوەکانی (سەید ڕەشید زەکی کابان و سەید ئەحمەد بەرزنجی) نارد، نامەیەک و مەزبەتەیەکی لەگەڵیاندا بۆ شەریف پاشا ڕەوانکرد، بەڵام بەداخەوە ئەو دوو نوێنەرەی کورد بە پیلانی فەرەنسی و بەریتانیەکانەوە لە شاری حەلەب لە وڵاتی سوریا ڕێگەیان پێگیراو، نەیانتوانی بەرەو فەرەنسا بڕۆن و نەتوانرا بەشداری کۆنفرانسی ئاشتی بکەن – سەرچاوە: (ئەحمەد خواجە، چیم دی، بەرگی یەکەم، ل22). ڕێگەنەدانی ئەو دوو نوێنەرەی کوردستان و شێخ مەحمود بۆ ئامادەبوونی ئەو کۆنگرەیە، لە لایەک لە پێناوی بچووککردنەوەو بە هەند هەڵنەگرتنی پرسی کورد بوو، لە لایەکی تریشەوە

بۆ ئەوەی لە ئامادەنەبوونی کورددا، بتوانن بە ئارەزووی خۆیان نەخشەو پلانەکانیان بۆ دابەشکردنی کوردستان داڕێژن، ئەگینا هەروەکو ئاڕنۆڵد ویلسۆنی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغدا، سەبارەت بە دەسەڵات و کاریگەری شێخ مەحمود لەناو کورد و باشووری کوردستاندا لە پەرتووکی (ئێراق لە نێوان ساڵانی 1917–1920)دا نووسیویێتی: (سەرەڕای هەموو کەموکوڕییەکی شێخ مەحمود، نکۆڵی لەوە ناکەین کە لایەنگرانی شێخ زۆرن، لە باشووری کوردستاندا کە ڕێژەی لایەنگرانی ئەو (80%)ی دانیشتوان پێکدەهێنن – سەرچاوە: ئەحمەد خواجە، چیم دی، بەرگی یەکەم، ل33+35)، کە لە (ڕۆژنامەکانی الجهادو نداء الشعب)ی ساڵی (1930)دا ژمارە (50) وەریگرتووە، هەروەها دوڕیە عەونی، لە لاپەڕە (126)ی پەرتووکی (الأكراد)دا باسی ئەوەیکردووە کە ئاڕنۆڵد تالبوت ویلسۆن لایەنگرانی داخوازییەکانی شێخ مەحمود بە زۆرتر لە چوار لەسەر پێنج دادەنێت، کە دەکاتە زۆرتر لە (80%)ی ڕێژەی دانیشتوان. نووسەری عارەبی میسریش نەبیل زەکی، سەبارەت بە ڕێژەی پشتیوانی کورد لە شێخ مەحمودی حەفید، نووسیویێتی: (لە هەر پێنج کوردێک چواریان پشتیوانیان لە پلانەکانی سەرۆکی کورد شێخ مەحمود دەکرد لە پێناوی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ – سەرچاوە: نەبیل زەکی، الاكراد الاساطير والثورات والحروب، العدد (8)، المشرف على التحرير جەمال الغيطاني، طبعت بمطابع دار إخبار اليوم، حوزەیرانی 1991، ل62). ئەو قسانەی نووسەری میسری نەبیل زەکی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە کوردەکانی باشووری کوردستان نزیکەی (80%)یان داوای سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیان کردووە، بە پێچەوانەی بانگەشەی عارەبەکان و ئینگلیزەکان کە گوایە کوردەکان دەنگیان دابێت بۆ چوونە پاڵ دەوڵەتی ئێراق! هەر سەبارەت بە کاریگەری و خۆشەویستی شێخ مەحمود لەناو دانیشتوانی کوردی باشووردا، میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریف، لە لاپەڕە (29)ی پەرتووکی (المسألة الكوردية (1917–1923)دا باسی ئەوەیکردووە کە شێخ مەحمود لە هەموو سەرکردەکانی تری باشووری کوردستان دەسەڵاتدار ترەو دیارترین سەرکردەی بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانیی کوردەکانی ئێراقە و، ڕێزێکی زۆری هەیە لەنێو کوردەکاندا. هەروەها سیسیل جۆن ئێدمۆندسی ئەفسەری ڕامیاری بەریتانی لە شارەکانی کەرکوک و سلێمانی و ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی ئێراق لە نێوان ساڵانی (1935–1945)دا، لە ڕۆژی (21.10.1922)دا لە

هەولێرەوە بۆ کۆمیسیای باڵای بەریتانی لە بەغدا (سێر پێرسی کۆکس زەکەریا) دەنووسێ و دەڵێ: (شێخ مەحمود هەر بەجارێک ڕێگە نادات بە هیچ شێوەیەکی سەروەری ئێراقی، پاڵپشتییەکی زۆریش ئەکرێت لە هەولێر و کەرکوکەوە، داراییەکەشی بریتییە لە باجی تووتن - سەرچاوە: کامیل ژیر، کوردایەتی و سەربەخۆیی، ل43). هەروەها ئەفسەری ڕامیاری بەریتانی لە کەرکوک باسی ئەوەی کردووە، کە شێخ مەحمود ئەوەندە لایەنگرو ڕێزی هەیە، هەربۆیە تاکە کاندیدە بۆ سەرۆکایەتی حکومەتێکی کوردی کە لە باشووری کوردستان پێکبێت - سەرچاوە: (المستر ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ، العراق الحدیث من سنة 1900 الی سنة 1950، الجزء الأول، ل173). بە گوێرەی ئەو سێ ڕاپۆرتەی هەر سێ بەرپرسی بەریتانی لە ئێراق دوو ڕاستمان بۆ دەردەکەوێت، کە ئەمانەن: یەکەم: تەواوی بوختان و بۆچوونە ناڕاستەکانی بەرپرسانی ئینگلیز، ئێراقی و دوژمنانمان بۆ دەردەکەوێت سەبارەت بە دەسەڵات و کاریگەری شێخ مەحمود، کە ئەوان لەکاتی دژایەتیکردنی شێخی نەمر، شێخیان بە کەسێکی بێ کاریگەرو بێدەسەڵات ناوبردووە. دووەم: بۆمان دەردەکەوێت کە شێخ مەحمودی قارەمان خاوەنی کاریگەری، دەسەڵات، ڕێز و خۆشەویستییەکی یەجگار مەزن بووە لەناو دانیشتوانی تەواوی باشووری کوردستان.

هەروەکو پێشتریش ئاماژەی پێدرا، کۆنگرەی ئاشتیی پاریس لە (30.1.1919)دا کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا، کە ڕۆژی پێشتر (29.1.1919)، بە گوێرەی ئەو ڕەشنووسەی کە ژەنەڕاڵ جان کریستیان سموتسی ئەندامی شاندی بەریتانی دایڕشتبوو، باسی جیابوونەوەی کوردستانی کردبوو لە دەوڵەتی عوسمانی و بڕیارەکە بەمشێوەیە بوو: (دەوڵەتە هاوپەیمانە گەورەکان و وڵاتە بێلایەنەکان، لە پێناوی ئازادی سەرجەم نەتەوەکان و ئاسایشیان، وە بەتایبەتی بەهۆی خراپی فەرمانڕەوایەتی تورکان بە درێژایی مێژوویان بەسەر ئەو نەتەوانەی کە لەژێر ستەمی ئەوان ناڵاندویانە، وە لەبەر هۆکاری کوشتاری تۆقێنەری ئەرمەنەکان و گەلانی تریش لە ڕابردوویەکی نزیکدا، لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە ئەرمینیا، سوریا، میسۆپۆتامیا، کوردستان، فەلەستین و وڵاتانی نیمچە دوورگەی عارەبی بە تەواوی لە ئیمپراتۆریەتی تورک دابماڵرێن – سەرچاوە: میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، المسألة الكوردیة (1917–1923)، ل145 + دکتور حامد محمود عیسی، القضیة

الكوردية في العراق، ل104)، کەچی لە گفتوگۆکانی ڕۆژی (30.1.1919)و بەر لە کۆتایی هێنانی کۆنگرەکە، ئەنجومەنی دە لایەنی (کە دەستەی بەڕێوەبردنی کۆنگرە بوون و پێکهاتبوو لە سەرۆکی حکومەتەکانی ئەمریکا (وودرۆ ویلسۆن)، ئیتاڵیا (ڤیتۆریۆ ئەمانۆئیل ئۆرلاندۆ)، بەریتانیا (دیڤید لۆید جۆرج)، فەرەنسا (دکتۆر جۆرج کلیمانسۆ)و یابان (سایۆنجی کینمۆچی) لەگەڵ هەر یەک لە وەزیرانی دەرەوەی ئەو پێنج وڵاتەدا – میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، المسألة الكوردية (1917–1923)، ل145 + ساڵح محەمەد حەسەن عزەت بادی، شەریف پاشا حياته ودوره السياسي 1865–1951، ل138)، هەستیان کرد کە لە پڕۆژەی یەکەمی ئەنجومەن ناوی کوردستانی تیا نەبووە، بەڵام بەریتانیا لە ڕێگای (دیڤید لۆید جۆرج)ەوە ڕوونیکردەوە کە بە بۆچوونی ئەوان میسۆپۆتامیا و ئەرمینیا (کوردستان)یش دەگرێتەوە، ئەوەبوو دوای گفتوگۆیەکی چڕوپڕ لەسەر داخوازی سەرۆکی ئەمریکا وودرۆ ویلسۆن، بڕیاردرا کە ئەو وڵاتانەی لە سەرەوەدا ناویان هاتووە بە کوردستان-یشەوە لە تورکیا جیابکرێنەوە - سەرچاوە: (میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، المسألة الكوردية (1917–1923)، ل145–146). هەر لە هەمان ڕۆژدا بڕیاری سەرپەرشتیکردن (مانداتی) وڵاتانی ناوبراویش درا. ڕاستە سەبارەت بە داماڵینی کوردستان لە تورکیا، بەشێکی بڕیارەکە جێبەجێکراو تەنیا باشووری کوردستانی لێ جیاکرایەوە، کە ئینگلیزەکان پێیان وابوو بەو کارەیان شتێکی باشیان کردووە هەروەکو لە ژمارە (1)ی ڕۆژنامەی (ژیانەوە)، ڕێکەوتی (18.8.1924)دا کە لە سلێمانی دەردەچوو، نووسیویانە: (باشبوو ویلایەتی موسڵ لە تورکیا جیاکرایەوە، ئەگینا کورد تووشی دەردی سەری وماڵوێرانی ئەبوو – سەرچاوە: محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، ل593–594). وەلێ هیچ گۆڕانکارییەک یان بەرەوپێش چونێک لەو بەشەدا بەسەر پرسی کورددا نەهات، چونکە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)یان لەژێردەستی تورک دەرهێناو دووبارە خستیانەوە ژێردەستی داگیرکەرێکی تر کە عارەبی ئێراقە، ئەوانیش نیوەی زۆرتری باشووری کوردستانیان بەعارەب کرد، ژمارەیەکی زۆر لە تیرە، هۆزو خێڵی کوردیان بەعارەب کرد، کوردیان ئەنفال و کیمیابارانکرد. خۆ ئەگەر کوردستان بە یەک پارچەیی و لەژێردەستی یەک داگیرکەردا بمایەوە، زۆر باشتربوو لەوەی کە بەسەر چەند

دەوڵەتێکی ڕەفتار ئیمپریالیزمی و چەند نەتەوەیەکی ڕەگەزپەرست و داگیرکەردا دابەشکرێت، کە زۆر زیاتریان بە کورد و کوردستان کرد لەوەی کە ئیمپریالیزمی بەریتانی بەسەر کوردی هێنا.

یەکێک لە چالاکییەکانی (ژەنەڕاڵ شەریف پاشا) ئەوەبوو کە لە ڕێکەوتی (6.2.1919)دا توانی چاوی بکەوێت بە (دکتۆر جۆرج بنیامین کلیمەنسۆ)ی سەرۆکی کۆنگرەی ئاشتیی (پاریس)و، دوو یاداشت و نەخشەیەکی کوردستانی گەورەی دایێ، داوای سەربەخۆیی کوردستان و جیاکردنەوەی سنوورەکانی کرد، هەروەها لەسەر داخوازییەکانی کورد و دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی لە ویلایەتەکانی (ئامەد، ئورفە، بەتلیس، خەرپووت و باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)، گفتوگۆی لەگەڵ کردو پێی ڕاگەیاند کە ئەو داوای تەواوی کوردستان و مافەکانی کورد ناکات، بەڵکو تەنیا مەبەستی ئەو جێگایانەیە کە ڕایگەیاندووە – سەرچاوە: (کریس کۆچیرا، کورد لە سەدەی 19–20دا، ل60). شەریف پاشا هەر بەوە نەوەستا، بەڵکو لە ڕۆژانی (1.3.1919 و 22.3.1919)دا دوو یاداشتی تری دایە شاندی بەریتانیا لە کۆنگرەی ئاشتیی پاریس و، داوایکردبوو کە پرسی کورد و کوردستان لەو کۆنگرەیەدا باسبکرێ و دان بە سەربەخۆیی کوردستان دابنرێت، لە هەمان کاتیشدا وڵاتی بەریتانیا پێشەکی ماندێتی خۆی بەسەر دەوڵەتی کوردستاندا ڕابگەیەنێت – سەرچاوە: (ڕەفیق حلمی، یادداشت کوردستانی ئێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، بەشی یەکەم، ل19 + هیوا عەزیز سەعید، ناسیۆنالیزمی کوردی (1880–1939)، ل19). پاشای ناوبراو چەندان یاداشتنامەو بیرخەرەوەی بۆ کۆنگرەی ئاشتیی پاریس و ئەنجومەنی باڵای وڵاتە سوێندخۆرەکان و پەیمانی سێڤرە ناردووە، یەکێک لەو یاداشتنامانەی کە لە ڕێکەوتی (20.5.1919)دا هەر ئەو بۆ (سێر لویس ماڵێت – Sir Louis Mallet)و، یاداشتنامەیەکی تری لە ڕێکەوتی (29.7.1919)دا کە تاڕادەیەکی زۆر لە ناوەڕۆکی نامەی پێشوو دەچوو بۆ کۆمیسیۆنی ئامادەکردنی کۆنگرەی سێڤرە و بۆ (ڕۆبەرت ڤانسیتارت – Robert Vansittart)ی سکرتێری یەکەمی باڵوێزخانەی بەریتانیا لە فەرەنسا نارد، تاوەکو هەر دوو یاداشتنامەکان بگەیەنرێنە دەست (ئارسەر جێمس بلفۆڕ – Arthur James Balfour)ی وەزیری دەرەوەی بەریتانی، کە لە ماوەی نێوان (25.7.1848–19.3.1930)دا ژیاوەو لە ماوەی نێوان (10.12.1916–23.10.1919)دا وەزیری دەرەوەی بەریتانی بووە، لە

یاداشتنامەکاندا ژەنەڕاڵ شەریف باسی ئەوە دەکات کە ئەو لە لایەن سەرکردە کوردەکانەوە بە سەرۆکی دەوڵەتی کوردستان هەڵبژێردراوە – سەرچاوە: (کریس کۆچیرا، کورد لە سەدەی 19–20دا، ل61 + دکتۆر فەرهاد پیربال، ژەنەڕاڵ شەریف پاشا (1865–1951)، ل29)، هەروەها پاشا ئامادەشە بۆ بە ئەستۆ گرتنی ئەرکێکی ئاواو، داواش دەکات کە شاندێکی هاوبەشی بەریتانی و کوردی دروست بکرێ و، ئەو ناوچانە دیاری بکەن کە زۆربەی دانیشتوانیان کوردن، بەریتانیاش هەندێک پارەی بداتێ تاوەکو ئەو بەسەر سەرۆک هۆزە کوردەکانی دابەش بکات، بەڵام میری بەریتانیا هیچکام لە داواکانی جێبەجێ نەکرد. وەڵامی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، بەتایبەت وەڵامی ڕۆژی (6.6.1919)یان سەبارەت بە یاداشتی یەکەم، باسی ئەوەیکردووە کە شەریف پاشا پیاوێکی پیرە، هەروەها پێیان وایە کە ئەو ماوەیەکی زۆرە کوردستانی جێهێشتووەو بێئاگایەو ناگونجێت بۆ سەرۆکی کوردستان و، زانیاری و ئاگادارییەکانی ئەو گوایە هەر بەقەد زانیاری و ئاگاداری ڕۆژنامەنووسێکی فەرەنسییە لەسەر کورد و کوردستان – سەرچاوە: (دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، بەرگی یەکەم، ل257 + دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، کوردستان لە سەردەمی ئاشتیدا، ل375–387). کەچی دیڤید ماکداول، لە هەمان لاپەڕەدا سەبارەت بە تواناو لێهاتوویی شەریف پاشا نووسیویێتی: (شەریف پاشا زۆر لە سەرۆکە بێسەروبەرەکانی هۆزەکانی کوردستان نەدەچوو. ئەو یەکێک لە پیاوماقوڵە خوێندەوارو پەروەردەکراوەکان و ڕاهاتووی ژیانێکی خۆش و جێگیرو لەم شارەدا بەشداری چالاکی لیبراڵی کۆمەڵە ناقایلەکان بوو). هەر سەبارەت بە شەریف پاشای خەندان، دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، لە لاپەڕە (265)ی پەرتووکی (کوردستان لە سەردەمی ئاشتیدا)، نووسیویێتی: (بەڵگەنامەی ژمارەکانی (371) و (188326) لە ڕێکەوتی (15.6.1918)دا بروسکەیەکی لە حاکمی مەدەنی سلێمانییەوە تیا پارێزراوەو دەڵێ: مێجەر نۆئیل لە بڕوسکەی نۆی نۆڤێمبەردا دەڵێ کە شەریف پاشا پیاوێکە لەناو کوردەکاندا بە چاکە باس دەکرێت و جەماوەرێکی زۆری لە باشووری کوردستاندا هەیەو، داوا دەکات کە سەردانی سلێمانی بکات). بەڵام ڕەتکردنەوەی شەریف پاشا وەکو سەرۆکی کوردستان لە لایەن بەریتانیەکانەوە، تەنیا بیانوویەک بوو بۆ ئەوەی هیچ بۆ کورد نەکەن، ئەگینا ئەوان دەیانتوانی کەسێکی وەکو شێخ مەحمود یان حەمدی بەگ کە

دۆستی نزیکی خۆیان بوو، ئەو ئامادەش بوو بۆ کارێکی وا بە مەرجێک دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە باشووری کوردستان بۆ کورد دابمەزرێنن – سەرچاوە: (میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، المسألة الكوردية (1917-1923)، ل100).

لە پێناوی یەک دەنگی و یەک ڕێزی کورد و ئەرمەنەکان، هەردوو لا لە ڕێکەوتی (20.11.1919)دا بە سەرکردایەتی هەر یەک لە شەریف پاشا لەگەڵ هەر دوو نوێنەری ئەرمەنی (بۆگۆس نۆبار پاشاو دکتۆر م. ئۆهاندجانیان – M. Ohandjanian)دا کۆبوونەوەو، لە پێناوی خۆئامادەکردن بۆ کۆنگرەی (سێڤرە)، لەسەر ئەوە کۆک بوون کە کوردستان جیا بێت لە ئەرمینیا و ڕێککەوتنێکیان مۆرکرد، کە ناوەڕۆکەکەی بەمشێوەیە بوو (ئێمە کە لە خوارەوە مۆرمانکردووەو نوێنەرانی گەلی کورد و ئەرمەنین، شەرەفی ئەوەمان پێبڕاوە کە کۆنفراسی ئاشتی ئاگادار بکەین کە داوای ئەوەی لێدەکەین بڕیاری دامەزراندنی حکومەتێکی ئەرمینیای یەکگرتووی سەربەخۆو کوردستانی سەربەخۆ بدات بە یارمەتی دەوڵەتە گەورەکان – سەرچاوە: محەمەد ڕەسوڵ هاوار، کورد و باکوری کوردستان، بەرگی دووەم، ل88). سەبارەت بە ڕێکەوتی ڕێکەوتنەکەی نێوان شەریف پاشاو بۆگوس نۆباری ئەرمەنی، چەندان ڕێکەوتی جیاجیای وەکو (20.9.1919، 20.11.1919 و 20.12.1919) نووسراوە، بەڵام بە گوێرەی بەڵگەنامەی ژمارە (20747)ی ڕێکەوتی (20.11.1919)ی بەریتانیەکان ئاماژەیان بە ڕێکەوتی نووسراو لە سەرەوەدا کردووە، وەکو ڕۆژی بەستنی ڕێکەوتنی نێوان کورد و ئەرمەن بە سەرۆکایەتی هەر دوو سەرکردەی ناوبراو لە سەرەوەدا – سەرچاوە: (دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، کوردستان لە سەردەمی ئاشتیدا، ل201). لۆرد کورزۆنی وەزیری دەرەوەی بەریتانی لەژێرەوەی ڕاپۆرتێکی سکرتێری کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە تورکیا (ت. ب. هۆهلەر)دا، کە لە ڕێکەوتی (8.1.1919)دا، بە ژمارە (FO 406-41, P. 425-426. 194-1)دا بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی، سەبارەت بە پێکهاتنی کورد و ئەرمەن ناردوویەتی، نووسیویێتی: (پشتگیری ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و ڕێککەوتنی کورد و ئەرمەن دەکەم، بەڵام ئەو هێزانەمان لەکوێ بوو کە بتوانین داواکارییەکانی کوردان بهێنینەدی؟ – سەرچاوە: جەرجیس فەتحوڵڵا، يقظة الكورد، ل151، وریابوونەوەی کورد 1900-1925، ل170، کە ئەویش لە (دکتۆر بلەچ شێرکۆ، پرسی کورد بنەماکانی و هۆکارەکانی، قاهیرە –

میسر 1930، ل24–25 وەریگرتووە). بەمەش کورد و ئەرمەنەکان یەکیانگرت لە دژی دەوڵەتی عوسمانی و، داوای مافەکانی هەر دوو نەتەوەی کورد و ئەرمەنیان لەسەر خاکی خۆیان کوردستان و ئەرمەنستان کرد. بەپێی ئەو ڕێکەوتنەی نێوان کورد و ئەرمەن، جەنەڕاڵ شەریف پاشای خەندان و بۆگۆس نۆبار پاشا لە ڕێکەوتی (1.3.1920)دا یاداشتێکیان دایە هاوپەیمانەکان و ئەنجومەنی باڵای وڵاتە سوێندخۆرەکان، لەو یاداشتەدا داوای ئەوە کرابوو نەکەن بە بیانوی دابەشکردنی سامانی سروشتی کورد، خاکی کوردستان دابەشکەن بۆ چەند ناوچەیەک، چونکە بەڵگەنامە مێژوویی و نەتەوەییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە کوردستان یەک پارچەیەو نابێت دابەشکرێت. بەڵام ئەنجومەنی باڵای وڵاتە سوێنخۆرەکان بەگشتی و بەریتانیا بەتایبەت نەخشەو پلانی دابەشکردنی کوردستانیان هەبووەو، کورد و شەریف پاشا هەئاشکرا هەستیان پێی کردبوو، بۆیە شەریف پاشا لە یاداشتێکی خۆیدا بۆ سەرۆکایەتی کۆنفرانسی ئاشتی، کە لە ڕێکەوتی (1.3.1920)دا ناردوویەتی و، بە ژمارە (5067/371)دا لە وەزارەتی دەرەوە ئەرشیف کراوە، نووسیوێتی: (کوردستان یەکەو جیاناکرێتەوە، ئەگەر بڕیاربێ لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی جودابێتەوە، بە مەبەستی دابینکردنی گەشەی ئابوورییەکەی دەبێ لەژێر سەرپەرشتیکردنی تەنیا یەک وڵاتدا بێ – سەرچاوە: دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، بەرگی یەکەم، ل279+315). کەچی هەر دوو نوێنەری کورد و ئەرمەن (شەریف پاشاو بۆگۆس نۆبار)، لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە دیاریکردنی سنووری کوردستان و ئەرمینیایان بۆ سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (وودرۆ تۆماس ویلسۆن) بەجێبهێڵن. شەریف پاشا لە هەوڵەکانی خۆیدا هەر بەردەوام بوو، بۆ نموونە لە ڕێکەوتی (20.5.1920)دا لە ڕێگای باڵوێزی بەریتانی لە پاریس (سێر لویس مالیت)ی هەولێدا، کە چەند داواکارییەکی کورد بە (ئارسەر جێمس بلفۆر – Arthur James Balfour)، کە لە ماوەی نێوان (25.7.1848–19.3.1930)دا ژیاوەو لە ماوەی نێوان (10.12.1916–23.10.1919)دا وەزیری دەرەوەی بەریتانی بووە ڕابگەیەنێت، کە بە فەرمی سەربەخۆیی کوردستان ڕابگەیەنن و سەرۆکێکی کوردیش بۆ کوردستانی سەربەخۆ (کە شەریف پاشا داوایکردبوو خۆی بکرێت بە پادشای کوردستان) دەستنیشان بکرێ – سەرچاوە: (کریس کۆچیرا، کورد لە سەدەی 19–20دا، ل61).

بەڵام لە ئان و ساتی كۆنگرەی ئاشتیی پاریس، ژەنەڕاڵ گۆروی كۆمیسیاری باڵای فەرەنسی لە سوریا و لوبنان، پێشنیازی دامەزراندنی دەوڵەتێكی ئاسووری كلدانی كردبوو، كە لە بەندەری ئەسكەندەروونەوە دەستی پێدەكردو تەواوی باشووری كوردستان و پارێزگاكانی حەلەب، ئورفە، دێرەزۆر، سەعرەت، ویلایەتەكانی ئامەد، بەتلیس و وان، هەروەها شارەكانی هەكاری، ئورمێ و سەڵماس تا دەگاتە سەر دەریا دەگرتەوە – سەرچاوە: دكتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەكر، كوردستان لە سەردەمی ئاشتیدا، ل22). هەمان كات دەوڵەتی فارس-یش لەسەر زاری وەزیری دەرەوە (فەیروز میرزا ناسرولدەولە) لە كۆنگرەی ئاشتیی پاریس داوایكرد لە نوێنەرانی ئەنجومەنی وڵاتانی هاوپەیمان (ئیتاڵیا، بەریتانیا و فەرەنسا) كە كۆنگرەكەیان بەڕێوەدەبرد، هەوڵدەن سەر لەنوێ سنووری كوردستانی نێوان فارس و دەوڵەتی عوسمانی بكێشنەوەو بەرژەوەندی ئێران ڕەچاو بكرێت، بە بیانوی ئەوەی كە كوردەكان بە ڕەگەز فارسن تاوەكو بەشێكی كوردستانی ژێردەستی عوسمانییەكانی دەست كەوێت، هەروەها دەوڵەتی فارس ڕێگەی پێبدرێت نوێنەری خۆی بۆ بەشداریكردن لە كۆنگرەی لۆزان بنێرێت، بەڵام كورزۆن داواكارییەكەی ئەوانی پەسند نەكردو خەونەكانی فارسەكانی لە گۆڕناو، پێی ڕاگەیاندن كە كێشەی سنووری نێوان فارس و عوسمانی پێش جەنگی یەكەمی جیهانی دیاریكراوە – سەرچاوە: (میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، المسألة الكوردیة (1917-1923)، ل196). مەبەستی لۆرد كورزۆن لە دیاریكردنی سنووری نێوان دەوڵەتی عوسمانی و فارسی لە پێش جەنگ، ئەو كۆمیسیۆنە بوو كە بۆ ئەو مەبەستە لە ساڵی (1913)دا بەناوی (كۆمیسیۆنی نەخشەكێشانی سنووری نێوان فارس‌و دەوڵەتی عوسمانی) دروستبوو، یەكێك لە ئەندامانی ئەو كۆمیسیۆنە دیپلۆمات و مێژوونووسی ڕوسیا (مینۆرسكی) بوو، ئەو كۆمیسیۆنە لە دوای نێوبژیوانیكردن لەپێناو چارەسەركردنی كێشەی سنووری نێوان هەردوو لادا، لە ساڵی (1913)دا بەشێك لە ڕۆژهەڵاتی كوردستانی (خانەقین، مەندەلی و بەدرە)ی سەر بە دەوڵەتی فارسی جیاكردەوەو خستیە سەر دەوڵەتی عوسمانی.

لە بەرانبەر هەوڵ و كۆششە چڕو پڕەكانی ژەنەڕاڵ شەریف پاشادا، توركەكان دەستەوەستان نەوەستان، بەڵكو دوای ئەوەی حكومەتی عوسمانی لە ڕێكەوتی (11.7.1919)دا (ژەنەرال مستەفا كەمال پاشای)ی ناسراو بە (كەمال ئەتاتورك)، كە

لە ماوەی نێوان ساڵانی (1881–10.11.1938)دا ژیاوە لە ڕیزی سوپا دەرکرد – سەرچاوە: (دکتۆر فازڵ حوسێن، کێسەی ویلایەتی موسڵ، ل39)، ئەویش لە نێوان ڕۆژانی (23.7.1919 – 4.8.1919) کۆنگرەی یەکەمی (پارتی نیشتمانی) لە شاری (ئەرزڕۆم)ی باکووری کوردستان، لەژێر دروشمی (خەباتی میللەت لە دژی داگیرکەران ... لە ڕێگای سەربەخۆیی نیشتمان)دا، بە ئامادەبوونی (56) کوردی نوێنەری شارەکانی (ئەرزڕۆم، ئەرزنجان، بەتلیس، موش، وان، قارس، سیواس و تەرابزۆن) بەسترا، کە مەترسی ئەوەیان هەبوو بخرێنە نێو دەوڵەتی ئەرمەنی بڕیار لەسەردراو، ئەوەبوو بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەو مەترسییەی ئەرمەن (ئەنجومەنی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات)یان لە باکووری کوردستان پێکهێنا – سەرچاوە: (کەندال، قاسملو، عیسمەت شەریف وانلی، مستەفا نازدار، ئارچی ڕوزیفیلد، کامەران قەرەداغی، ئەلیزا مارکۆس و بیل فریلیک، گەلێکی پەژمودەو نیشتمانی پەرت، ل121)، هەر لەکاتی بەستنی کۆنگرەی ناوبراودا کوردەکان (100) هەزار لیرەی زێڕی عوسمانیان بۆ ئەتاتورک کۆکردەوەو (دکتۆر جەمال نەبەز، بیری نەتەوەیی کوردی، ل70–71)، هێزێکی سەربازییان لە مانگی ئابی ساڵی (1919)دا پێکەوەنا کە ژمارەکەی دەگەیشتە نزیکەی (35) هەزار سەرباز لە دانیشتوانی ئەنازۆڵ و بارەگای ئەو هێزەی لە سیواس دانا – سەرچاوە: (دکتۆر وەلید حەمدی، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، ل16). ئەو هێزەی ئەتاتورک زۆربەی هەرە زۆریان لە کوردەکانی باکووری کوردستان پێکهاتبوو. پێشتریش عوسمانییەکان هەردەم پشتیان بە هێزی کورد بەستووە، بۆ نموونە ئەم ڕاستییە لە نامەیەکی سەفوەت بەگی ئەندامی پێشووی (کۆمەڵەی یەکێتیی و پێشکەوتن)دا، کە لە ترسی سوڵتان پەنای بۆ ڕوسیا بردبوو دەردەکەوێ، کە لەوێوە بۆ شێخ مەحمودی قارەمانی نووسیبوو: (ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەرەو لەناوچوون دەچێت و هێزو توانای سەربازی لە دەست داوە، ناتوانێ بەرەنگاری حکومەتی قەیسەری بێتەوە، چونکە سوپایەکی بەهێزی نییە بەدەر لە هێزی کوردی – سەرچاوە: دکتۆرە سروە ئەسعەد سابیر، کوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل 1914–1926، ل45). بە گوێرەی ئەو نامەیەی سەفوەت بەگ، سوپای عوسمانی بە پلەی یەک پشتی بەستووە بە هێزی سەربازی کورد، ئەگینا هێزەکانیان لاوازو بێتوانان. هەر سەبارەت بە سەنگ و قورسایی ئەفسەرو سەربازانی کورد وایە

هێزی کوردی لەناو سوپای عوسمانی دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، لە لاپەڕە (23)ی پەرتووکی (وثائق بريطانية عن تشكيل دولة كوردية مستقلة 1924-1927)دا، نووسیویێتی: (ئەوەی شایەنی گوتنە ئەوەیە کە سوپای تورکی بەشێوەیەکی باش موتربەکراوە بە ئەفسەرانی کورد کە ڕێژەیان لە (50%)ی ئەفسەران کەمتر نییە، هەر چەندە زۆربەیان پلەکانیان نزمە). بەڵام بەداخەوە تەنانەت کورد لەکاتی لاوازی و سەرەمەرگی دەوڵەتی عوسمانیدا نەیانتوانیوە سوود لەو هێزو ئەفسەرە بەتواناو زۆرەی کورد لەناو لەشکری عوسمانی وەرگرن، کەچی هەر تورکەکان جارێکی تر بە سەرۆکایەتی مستەفا کەمال توانیویانە هێزی کورد بۆ بەرژەوەندی خۆیان و ڕزگارکردنی تورکیا و دەرپەڕاندنی یۆنانییەکان و تەنانەت لەناوبردنی شۆڕشەکانی کوردیش بەکاربێنن!

پێشتریش بەهاندانی دەوڵەتی عوسمانی بۆ ئەوەی ویلایەتە کوردییەکانی باکووری کوردستان (ئەرزڕۆم، تەرابزۆن، وان و بەتلیس) نەخرێتە سەر ئەرمەنستان، سلێمان نەزیف، کۆنە والی عوسمانی لە ویلایەتی موسڵ، لە مانگی نۆڤێمبەری ساڵی (1918)دا بەهاوبەشی لەگەڵ هەر یەک لە (ئیسماعیل حەقی ڕەجەب ئەفەندی (1859-1936)، مەحمود نەدیم بەگ، فەوزی بەگ و برینجی زادە زولفی بەگ)دا (کۆمەڵەی داکۆکی مافی نیشتمانیی لە ویلایەتەکانی خۆرهەڵات - باکووری کوردستان)یان دامەزراند، دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیە زۆرتر لەبەر ڕاکێشانی سەرنجی کوردەکان بوو بۆلای دەوڵەتی عوسمانی یان نزیکبوونەوەیان بوو لە تورکەکان و دوورخستنەوەیان لە دژایەتیکردنی تورک و، بە دوورگرتنی کوردەکان بوو لە هەر هاوکاری و پاڵپشتیکردنی هەوڵدانێک بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی یەکجاری کورد و کوردستان - سەرچاوە: (قادر سەلیم شەمۆ، موقف الكورد من حرب الاستقلال التركية (1919-1922)، ل51-52). دکتۆر مانڤێل ئارسێنۆڤیچ هەسرەتیان لە لاپەڕەکانی (13-14)ی پەرتووکی (القضايا القومية في تركيا)دا، سەبارەت بە کۆنگرەی ئەرزڕۆم باسی ئەوە دەکات کە (کۆمەڵەی داکۆکی لە مافی کەمە نەتەوەکانی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات - باکووری کوردستان)، کە ژمارەیەکی زۆری لە سەرکردە کوردەکان دەگرتە خۆی و بەشداری کۆنگرەکەیان کرد. سەرکردە کوردەکان پرسی کوردیان لەو کۆنگرەیەدا هێنایە پێشەوە، بەڵام لێرەشدا تورکەکان لە کورد بەفێڵ بوون و، بەیانی کۆتایی کۆنگرەیان بەمشێوەیە داڕشت:

(ویلایەتەکانی ئەرزڕۆم، سیواس، ئامەد، خەرپوت، وان و بەدلیس بەشێکی جیاوەنەبوون لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و، بە هیچ شێوەیەک و بە هیچ بیانۆیەک ناکرێت لێی جیابکرێنەوە. ئەو موسڵمانانەی لەسەر ئەو زەویانە نیشتەجێن تایبەتمەندێتی ڕەگەزی و کۆمەڵایەتییان لەبەرچاو دەگیرێت. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی تەواوی توخمەکانی موسڵمان بران و دەگەڕێنەوە بۆ یەک دایک و باوک). دیسان تورکەکان لەژێر پەردەی درۆیینەی (برایەتی ئایین و یەکێتیی نەتەوەکانی ئیسلام)دا کڵاویان نایە سەری کورد و، کوردی سادەو خۆشباوەڕیش پێی باوەڕکردن! هەر لە پێناوی تەفرەدانی کورد بوو مستەفا کەمال ئەتاتورک، هەردەم دوو منداڵی هەتیوی کوردی، کە تەمەنیان لە نێوان (8–10) ساڵان دەبوو لەگەڵ خۆی دەبرد بۆ کۆبوونەوەو دیدارەکاندا. منداڵەکان جلی کوردی ڕێکوپێک و پاکیان لەبەردابوو – سەرچاوە: قەدری جەمیل پاشا (زنار سلۆپی)، مسألة كوردستان (60 عاما من النضال المسلح للشعب الكوردي ضد العبودية، ل58). گرنگیدانی کەمال ئەتاتورک بەو دوو منداڵە هەتیوانەی کورد، کە ئەو بۆ بەرژەندی تورک ئەوکارەی دەکرد، کەچی سەرنجی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی باکووری کوردستانی بۆ خۆی ڕاکێشابوو، وای لەو خەڵکە کردبوو کە سۆزیان هەبێت بەرانبەر بە ئەتاتورک و متمانەی تەواوی پێبکەن سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی کورد لە دواڕۆژێکی نزیکدا. هەر لەکاتی بەستنی ئەو کۆنگرە بوو کە مستەفا کەمال گوتبووی: (ئەو نیشتمانە بۆ کورد و تورکە – سەرچاوە: دکتۆر عەلی تەتەر تۆفیق، الحياة السياسية في كوردستان 1908–1927، ل154). کاتێک کە چەند سەرکردەیەکی کورد کە هەندێکیان لە سوپادا بوون، داوای سەربەخۆییان کرد بۆ چەند ویلایەتێکی کوردی لە باکووری کوردستان و، ڕۆژنامەی موسڵ لە ژمارەی (30.1.1921)دا ئەو داواکاریەی کوردەکانی بڵاوکردەوە، کەچی لە پەرچە کردارێکدا مستەفا کەمال پاشا ئەتاتورکی سەرۆکی حکومەتی ئەنقەرە، دەستبەجێ هەموو ئەفسەرە کوردەکانی لە سوپا دوورخستەوەو، کاری سادەی ناگرنگی پێ سپاردن لە سیواس – سەرچاوە: (دکتۆرە سروە ئەسعەد سابیر، كوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل، ل212–213). کاتێکیش کە پەرلەمانی تورکیا لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (1921)دا کۆمیتەیەکی پێکهێنا بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆکاری ڕاپەڕینی دانیشتوانی (قۆچگیری)، لە بروسکەیەکی بەرپرسانی حکومەتی ئەنقەرەدا نووسراوە: (لەم کاتەدا

هێز بۆ سەرکوتکردنی یاخیبوان نەنێردرێ، بەڵکو ئەوپەڕی هەوڵ بدرێ ڕێبەرانی هۆزەکان بەدیاری و شێوازی ئاشتیخوازانەی تر بۆلای حکومەت کێش بکرێن، تا ئەوەی پەیماننامە لەگەڵ ئێران-دا ببەسترێ و بڕیاری لێبدرێ. دەبێ چاوەڕوانی هەلێکی لەبار بکرێ، چونکە پێویستە هێزێکی باش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چل هەزار سواری بنێردرێ کە لە ناوچەیەکی سەختدا دەست بەکارن. کۆمیتەی بەرگری نیشتمانی لەو باوەڕەدایە کە لە هەلومەرج و بارودۆخی ئێستادا هەر هێزێک کە بۆ سەرکوتکردن بنێردرێ لەوانەیە تێکبشکێ – سەرچاوە: ڕۆبەرت ئۆلسن، ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، ل69). نووسەری ناوبراو لە هەمان لاپەڕەو هەمان سەرچاوەدا باسی ئەوە دەکات کە کۆمیتەکە ڕەشنووسی پڕۆژە یاسای ئۆتۆنۆمی بۆ بەڕێوەبردنی کوردستان لە پڕۆژەیەکی هەژدە خاڵدا ئامادەکردو، لە ڕێکەوتی (10.2.1922)دا پڕۆژەکە لەناو پەرلەمانی تورکیادا گفتوگۆی لەسەر کرا. بەڵام تورکەکان بە بیانووی ئەوەی کە خاکی وڵات لەژێر هەڕەشەی یۆنانییە کافرەکانەو جارێ کاتی چارەسەرکردنی پرسی کوردی برا نییەو، لە کاتێکی گونجاودا چارەسەری دەکەین، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە (373) ئەندام لە بەرانبەر (64) ئەندام دەنگیان بۆ جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی پڕۆژەکە دابوو – سەرچاوە: (ڕۆبەرت ئۆلسن، ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، ل70)، کەچی دواخرا بۆ کاتێکی نادیاریکراوو دواتریش لەبیرچووەوە! هەر سەبارەت بە دەستخەڕۆکردن و فرتوفێڵی تورکەکان بەرانبەر بە کوردەکان، قەدری جەمیل پاشا (زنار سلۆپی)، لە لاپەڕە (62)ی پەرتووکی (مسألة كوردستان 60 عاما من النضال المسلح للشعب الكوردي ضد العبودية)دا، نووسیوێتی: (مستەفا کەمال هەر لە (کۆنگرەی سیواس)ەوە یاری بە سۆزی کوردە وە کرد کاتێک کە لە نامەیەکدا بۆ لقی ئامەدی (کۆمەڵەی داکۆکی لە مافی کەمە نەتەوەکانی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات - کوردستان)ی نووسیبوو کە پرسی کورد پرسێکی گرنگی ژیانە بۆ هەر یەک لە کورد و تورک. نیازمان وایە مافی نەتەوەیی برا کوردەکان لە دوای پاککردنەوەی نیشتمان لە داگیرکەری بیانی بدەین). کورد دەبوایە دەمێک بوو فێری ئەوە ببوایە کە بەکارهێنانی دەستەواژەی (نیازمان وایە مافی نەتەوەیی برا کوردەکان لە دوای پاککردنەوەی نیشتمان لە داگیرکەری بیانی بدەین)، لە لایەن داگیرکەرانی عارەب، تورک و فارس مانای ئەوەیە کە دوای وەدەرنانی دوژمنانی بیانی نیازیان وایە بێنە سەر کورد و کوردیش

لەناوبەرن. دیسان لەمەڕ گفت و بەڵێنی درۆزنانەی ئەتاتورک و تورکەکان کە بە کورد و شێخ مەحمودی قارەمان و سەرکردایەتی کوردستان دابوویان، ئاماژە بە نموونەیەکی تر دەدەم، کە ڕەفیق محەمەد ساڵح (ڕەفیق حلمی) ئەندازیارو ئەفسەر (22.4.1898–4.8.1960)، لە لاپەڕە (568)ی بەشی دووەمی پەرتووکی (یاداشت کوردستانی ئێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود)دا، نووسیویێتی: (ئۆزدەمیر، بەناوی حکومەتی ئەنقەرە، واتا بەناوی (مستەفا کەمال)ەوە پەیمانی ئەوەی ئەدا کە لە کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان) وەکو لە (میسر بۆ محەمەد عەلی گەورە)یان کردبوو، (خدێوی)یەک دابمەزرێنن و شێخ مەحمود بکەن بە (والی)یەکی سەربەخۆ). بەشێکی کورد لە ڕواندز باوەڕیان بە گفت و بەڵێنەکانی مستەفا کەمال ئەتاتورک کردبوو، کە ئەمەش ساویلکەیی و خۆشباوەڕی ئەو کوردانە دەسەلمێنێت. ئەو خۆشباوەڕیی و ساویلکەیی کورد و سەرکردایەتییەکەی تاوەکو ئێستاکەش هەر بەردەوامە، بۆ نموونە خۆشباوەڕیی سەرکردەکانی باشووری کوردستان لە ساڵی (2003)دا بە سەرکردە عارەبە ئێراقییەکان لە دامەزراندنی ئێراقێکی فرەنەتەوەیی، فیدڕاڵی، دیموکراتی کە تیایدا کوردەکان بە تەواوی مافە زەوتکراوەکانی خۆیان شادبنەوە، بە گێڕانەوەی تەواوی شارو شارۆچکەو ناوچە بەزۆر دابڕاوو بەعارەبکراوەکانی بۆسەر هەرێمی باشووری کوردستان.

دیارە هەر لە دوای بڕانەوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، هەوڵێکی فراوانی دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکان هەبووە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بۆ ئەرمەنەکان لەسەر پێوانەیەکی زۆرو چەندان ویلایەت و ناوچەی گرنگی خاکی کوردستان، ئەمەش هەروەکو لە نامەیەکی فەرمی فەرماندەی گشتی – وەزارەتی جەنگی بەریتانی (سێر دی. جی. هۆکارس)دا دەردەکەوێت، کە ژمارە (3385/19249/20.11.1918)ی پێدراوەو، لە بەشێکی نامەکەدا هاتووە: (ئەرمینیا ئەو ویلایەتانە (هەر شەش ویلایەتەکەی ڕۆژهەڵاتی تورکیا – باکووری کوردستان) کە زۆرینەیەکی بەهێز لە کوردەکان لە ویلایەتەکاندا دەژین دەگرێتەوە، بەشێوەیەک کە ناتوانرێ ئەرمینیای تیا دابمەزرێت، بەو شێوەیەی خەڵکانی پێ قایل بکەیت – سەرچاوە: دکتۆر ئەحمەد عوسمان، کوردستان لە سەردەمی ئاشتیدا، ل224). مەبەستی کارمەندی وەزارەتی جەنگی بەریتانی (هۆکارس)، لەو شەش ویلایەتە ئەرمەنییە، ویلایەتەکانی (ئەرزڕۆم، سیواس، ئامەد، خەرپوت، وان و بەدلیس)ە، کە هەر شەشیان ویلایەتی کوردین و

سەر بە خاکی کوردستانن، وە لە هیچ کاتێکدا ڕێژەی ئەرمەن لە هەر ویلایەتێک بگریت نەگەیشتۆتە (15%)ی ڕێژەی دانیشتوان. بە گوێرەی زۆرێک لە بەڵگەنامەکان دەردەکەوێت کە بەریتانیا و وەزیری دەرەوە (لۆرد کورزۆن) هەوڵی یەکجار زۆریان داوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەرمەنی لەسەر خاکی باکووری کوردستان، بۆ نموونە لە یاداشتێکی وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا کە بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی ناردووەو، یاداشتەکە لە ڕۆژی (23.12.1919)دا لە لایەن (مسیۆ بیرتێلۆ)ی سکرتێری یەکەمی کاروباری ڕامیاری و بازرگانی لە وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسی بۆ لۆرد کورزۆن ناردراوەو، وەڵامی ئەو پێشنیازانەی لۆرد کورزۆنی داوەتەوە کە لە کۆنگرەی (ئەنگلۆ – فەرەنسی)دا خستووبوویە بەردەم مسیۆ بیرتێلۆ، ئەویش سەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەرمەنی و پاشانیش لکاندنی ویلایەتەکانی باکووری کوردستان بەو دەوڵەتەوە، کە وەڵامەکەی مسیۆ بیرتێلۆ لە بەڵگەنامەی ژمارە (166138)ی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیدا پاڕاستراوە، دەڵێت: (هەرگیز ناتوانرێ کوردستان بلکێنرێ بە ئەرمینیا وە، چونکە ئەوە مانای وایە کە کوردەکان، کە بە ژمارە زۆر زیاترن، لەژێردەستی کەسانێکی بە ژمارە کەمتر لە خۆیان بمێننەوە – سەرچاوە: دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، کوردستان لە سەردەمی ئاشتیدا، ل162). بە گوێرەی بۆچوونەکانی بەرپرسانی بەریتانی و فەرەنسیش وا دەردەکەوێت، کە ئەو شەش ویلایەتەی بەریتانیا دەیەویست بە دەوڵەتی ئەرمەنییەوە بلکێنێت، خاکی کورد و بەشێکی کوردستان بووە، چونکە ئەوان خۆیان زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانەکەی بە کورد دادەنێن لە بەرانبەر کەمینەیەکی یەکجار کەمی ئەرمەنیدا، هەروەکو مسیۆ بیرتێلۆ باسی دەکات کە کوردەکان بە ژمارە زۆر زیاترن لە ئەرمەنەکان و ناکرێت بخرێنە ژێردەستی کەسانێک (ئەرمەنییەکان) کە بە ژمارە زۆر لە کوردەکان کەمترن! هەروەها میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، لە لاپەڕە (160)ی پەرتووکی (المسألة الكوردية (1917–1923)دا باسی ئەوەیکردووە کە بێ هیچ گومانێک لەو سەردەمیدا، کوردەکان زۆرینەی ڕەهایان لە دانیشتوانی هەر چوار ویلایەتی یەکەم (واتە ویلایەتەکانی ئەرزڕۆم، سیواس، ئامەد و خەرپوت) پێکدەهێنا.

دیارە لە دووەم ڕۆژی کۆنگرەی ئەرزڕۆمدا (24.7.1919)دا، کە تاڕادەیەکی زۆر کۆنگرەیەکی تایبەت بە ویلایەتەکانی خۆرهەڵات (باکووری کوردستان) بوو،

لیژنەیەکیان هەڵبژارد بۆ کۆنگرەی داهاتوو لە (سیواس) و بەتێکڕای دەنگ مستەفا کەمال-یان بە سەرۆکی لیژنەکە هەڵبژاردو حوسێن ڕەئوف بەگ ئۆربای (1881-16.7.1964) بە جێگری ئەو هەڵبژێردراو حەوت کەسی تریش وەکو ئەندام هەڵبژێردران کە سێ کەسی یەکەمیان کوردبوون (شێخ فەوزی نەقشبەندی، حاجی موسا بەگی میرزا زادە، سەعدوڵڵا بەگی بەدلیسی، سەروەت بەگ، بەکر سامی موسا بەگ، قۆجە ڕایف بەگ و عزەت بەگ – سەرچاوە: (قادر سەلیم شەمۆ، موقف الکورد من حرب الاستقلال الترکیة (1919-1922)، ل65-67). بەهاندانی ژەنەڕاڵ کەمال ئەتاتورک و (کازم محەمەد ئەمین پاشا)ی ناسراو بە کازم قەرە پاشا (1882-26.1.1948) کە ئەفسەرێکی پایەبەرز بووە لە سوپای عوسمانی و بەر لە مردنیشی سەرۆکی (ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانیی تورکیا) بوو، کوردەکانی باکووری کوردستان لەو کۆنگرەیەدا بە سەدان بروسکەیان بۆ وڵاتە هاوپەیمانەکان ناردبوو، کە تیایدا نووسیبوویان: (ئێمە سەربەخۆیی کوردستانمان ناوێت، برایەتی کورد و تورکمان دەوێت – سەرچاوە: سەلام ناوخۆش، کوردستان چۆن داگیرکراو دابەشکرا؟، ل76). ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەی ئەرزڕۆم دە خاڵی لەخۆ دەگرت، کە هەر هەموویان لە دژی کورد و کوردستان بوو، کەچی نازانم چۆن ئەو نوێنەرە کوردانە ئەوەندە بۆ مستەفا کەمال دڵسۆزو بە پەرۆش بوون و دژی نەتەوەی خۆیان وەستانەوە! بۆ نموونە خاڵی یەکەمی ڕاگەیاندنی کۆنگرەکەی ئەرزڕۆم باسی ویلایەتەکانی باکووری کوردستان (ئەرزڕۆم، بەتلیس، ئامەد، خەرپوت، وان و سیواس) دەکات و بە بەشێکی دانەبڕاوی خاکی تورکی داناون، خاڵی دووەمی داوای یەکگرتنی کورد و تورک دەکات بۆ ئەوەی بە هەردوو لا بەرەنگاری هەر شۆڕشێکی کوردی ببنەوە کە بیەوێت کوردستان ئازاد بکات، خاڵی چوارەم یەکگرتنی هێزە نیشتمانییەکان لە پێناوی دامەزراندنی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری، هەروەها خاڵی شەشەمیش باسی یەکێتیی خاک و گەلانی تورکیا و ڕەتکردنەوەی دابەشکردنی هەر دووکیان دەکات – سەرچاوە: ماڵپەڕی ویکیپیدیا، بە زمانەکانی دانمارکی، ئینگلیزی و کوردی کرمانجی + قادر سەلیم شەمۆ، موقف الکورد من حرب الاستقلال الترکیة (1919-1922)، ل69-70). دوای بەسەرچوونی نزیکەی مانگێک بەسەر کۆنگرەی یەکەمی پارتی نیشتمان لە ئەرزڕۆم، کەمال ئەتاتورک لە نێوان (4.9.1919-11.9.1919)دا لە شاری سیواس کۆنگرەی دووەمی پارتەکەی خۆی (پارتی

نیشتمان)ی بەست، لەو کۆنگرەیەدا (33) ئەندام بەشداربوون و مستەفا کەمال-یان بە سەرۆکی کۆنگرە هەڵبژارد. لە کۆنگرەی (سیواس)دا دەستەیەکی شانزە کەسییان پێکهێنا لە: (مستەفا کەمال سەرۆک، حوسێن ڕەئوف ئۆربای جێگری سەرۆکو، ئەندامێتی هەر یەک لە بەکر سامی بەگ، حاجی موسا بەگی میرزا زادە، حەقی ڕەحیم بەگ، خزرۆ بەگ، قەدە واسف بەگ، قۆجە ڕایف بەگ، شێخ فەوزی نەقشبەندی، سەعدوڵلا بەتلیسی، عومەر مومتاز بەگ، عزەت بەگ، سەروەت بەگ، مستەفا بەگ لیدی، مەزهەر بەگ و موفید بەگ - سەرچاوە: قادر سەلیم شەمۆ، موقف الکورد من حرب الاستقلال الترکیة (1919-1922)، ل78). دواتر ئەو کۆنگرەیە بە (بەڵێننامەی نیشتمانیی تورکی) ناسراو، بڕیاری هەڵبژاردنی لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی مستەفا کەمال ڕاگەیاند، بڕیاری کۆتایی هێنان بە خەلافەتی ئیسلامی لە ئەستەنبۆل لەو کۆنگرەیە دەرچوو، بەڵام بەشێوەیەکی فەرمی لە ڕێکەوتی (3.3.1924)دا خەلافەت هەڵوەشایەوە، هەر لە هەمان ڕۆژی هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتدا زمانی کوردی قەدەغەکراو تەواوی ڕێکخراوە، کۆمەڵە، ڕۆژنامەو خوێندنگە کوردییەکان داخران. کەمال ئەتاتورک لە ڕێکەوتی (3.5.1920)دا، بە سەرۆکایەتی خۆی (حکومەتی ئەنقەرە)ی دامەزراندوو، کاتێکیش کە هێزی هاوپەیمانەکان لە ڕێکەوتی (16.4.1920)دا پایتەختی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییان لە ئەستەنبوڵ داگیرکردو، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی (ئەنجومەنی نمایندەکان)ی سەر بەوانیان دەرکرد، دەرفەتێکی باش بۆ ئەتاتورک هاتە پێش و، ئەو لە ڕێکەوتی (23.4.1920)دا (ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانیی تورکیا)ی لە ئەنقەرە دامەزراند، کە دواتر حکومەتی ئەنقەرەو دەوڵەتی نوێی تورکیایان بەڕەوا ناساند. ئەتاتورک دواتریش لە ڕێکەوتی (16.10.1922)شدا توانی سی و نۆیەمین سوڵتانی عوسمانی سوڵتان محەمەدی شەشەم (سوڵتان محەمەد وەحیدەددین کوڕی خەلیفە مەجید 14.1.1861-16.5.1926) لەسەر دەسەڵات لابدات، کە لە ماوەی نێوان (3.7.1918-1.11.1922)دا دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە دەستەوە بووە بەر لەوەی بەشەڕ لادرێت، کە دواتریش لە ڕێکەوتی (16.5.1926)دا لە شاری سان ڕیمۆی ئیتاڵیا مردووە. ئەتاتورک دوای ئەوەی دەسەڵاتی خەلافەتی هەڵوەشاندەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەستێرەی بەختی لەنێو تورکە ڕەگەزپەرستەکاندا، زۆرتر دەدرەوشایەوە، بەتایبەت دوای سەرکەوتنەکانی بەسەر، کورد، ئەرمەن، یۆنان و

ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیا لە ڕێکەوتی (29.10.1923)دا، کە هەر دووکیان (ئەتاتورک و کۆماری تورکیا)، بوون بە ڕێگر لە بەردەم هەموو خواستەکانی نەتەوەی کوردمان و، هەوڵدان بۆ سڕینەوەی یەکجارەکی نەتەوەی کورد و بە تورککردنی خاکی کوردستان.

# کۆنگرەی کارگێڕە فەرمییەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی:

ئەو کۆنگرەیە بە (کۆنگرەی کارگێڕە فەرمییەکان سەبارەت بە کێشەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست – تێبینییەکان – بارودۆخ لە کوردستان)دا ناسراوە، کە لە ڕێکەوتی (17.4.1919)دا لە لایەن کۆمیتەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە بیرۆی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی و بە بەشداری (ئیتاڵیا، بەریتانیا و فەرەنسا) بەستراوە. بەڕێوەبەری کۆنگرەی ناوبراو (ئایریل لۆرد کورزۆن وەزیری دەرەوە بوو، هەروەها کۆمەڵێک ئەفسەری پایەبەرزو پۆلەتیکی ناسراوی بەریتانی بەشدارییان تێداکرد، کە هەندێکیان ئەمانە بوون: (کۆلۆنێل ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن کۆمیسێری باڵای بەریتانی لە بەغدا، سێر تۆماس کۆلۆنێل هاول لدرنیس و سێر جۆن ئی. شۆکبۆرگ Sir John Shuckburgh –) لە وەزارەتی کاروباری هیند، ژەنەڕاڵ دەبلڤی. بارسۆ لۆمبۆ لە وەزارەتی جەنگ، مستەر ج. کیدستۆن لە وەزارەتی دەرەوە، هەروەها مستەر ئای. جۆنزو مێجەر ئارنۆڵد هیوبەرت یۆنگ ( Arnold Hubert Young)، پسپۆر لە کاروباری دارایی). لەو کۆنگرەیەدا (کۆنگرەی کارگێڕە فەرمییەکان سەبارەت بە کێشەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست) سێ پێشنیاز گفتوگۆی لەسەر کرا کە ئەمانە بوون:

1- ویلایەتی موسڵ بە ئێراقی عارەبییەوە بلکێنرێ.

2- ئینگلیزەکان لە ویلایەتی موسڵ بکشێتەوە (ئەم پێشنیارە هی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی بوو).

3- دامەزراندنی کۆنفیدراڵییەکی کوردی (وەزارەتی دەرەوەی هیند ئەو پێشنیازەی کرد – بڕوانە: (پرۆفیسۆر دکتۆر میم کەمال ئۆڤە، کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ 1918–1926، ل23).

وەلێ (ئێدوارد ویلیام شارلس نۆئیل - Edward William Charles Noel)، ناسراو بە مێجەر نۆئیل، ڕاوێژکاری حکومەتی کوردستان بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمودی نەمر بەشداری نەکرد، تەنیا یاداشتێکی سەبارەت بە پرسی کورد

پێشکەش بە کۆنگرە کرد. کەچی ئارنۆڵد ویلسۆن پێی وابوو کە تەنیا دوو ڕێگا چارە هەن بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکە، کە بەمشێوەیە لە کۆنگرەکەدا خرابوونەڕوو:

1- دامەزراندنی کوردستانی ئۆتۆنۆمی کە مەڵبەندەکەی شاری موسڵ بێت.

2- دامەزراندنی ویلایەتی موسڵ وەکو بەشێک لە وڵاتی نێوان دوو ڕووبار، هەروەها دامەزراندنی پشتێنەیەک لە چەندان دەوڵەتی کوردی ئۆتۆنۆمیدار کە چواردەوری ویلایەتی موسڵ بگرن. بۆ نموونە دەوڵەتی سلێمانی، ڕواندز، ئامێدی و بۆتان، بەڵام هەولێر، ئاکرێ و زاخۆ وەکو بەشێکی سەر بە پارێزگای موسڵ بن. ئەگەریش ئەوە سەرکەوتوو بوو، ئەوکاتە پارێزگای موسڵ، هەولێر، ئاکرێ و زاخۆشی بچێتە سەر – سەرچاوە: دکتۆر ئەحمەد ئەبوبەکر، کوردستان لە سەردەمی ئاشتیدا، ل106-107، هەروەها قادر سەلیم شەمۆ، موقف الکورد من حرب الاستقلال الترکیة (1919-1922)، ل187).

لە کۆتایی ئەم کۆنگرەیەدا، کورزۆنی سەرۆکی کۆنگرە شیمانەی سەرکەوتنی چارەسەری دووەمی هەڵبژاردو، لە پێناوی هەنگاونان بۆ دەست بەکاربوون و جێبەجێکردنی چارەسەری دووەم (ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن)ی ڕاسپارد. کۆنگرەش بە بڕیارێک دەسەڵاتی تەواوی دایە دەست (ئارنۆڵد ویلسۆن)ی کۆمیساری باڵا بۆ ئەوەی دەستبکات بە دروستکردنی پێنج پارێزگا لە ئێراقی عارەبی وەک ئەوەی کە (کۆلۆنێل هاول لدرنیس) پێشنیازی کردبوو، وە لە ویلایەتی موسڵ-دا شاری موسڵ بکات بە پارێزگایەکی عارەبی، کە پشتێنەیەک لە چەندان دەوڵەتی کوردی چکۆڵەی ئۆتۆنۆمیدار بە چواردەوری پارێزگای موسڵ-دا دروستبکات و، لەژێر فەرمانڕەوایی سەرۆکە کوردەکان و بە سەرپەرشتی چەند ڕاوێژکارێکی بەریتانی بێت. دواتریش وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیش بە بروسکەیەک کە لە ڕێکەوتی (9.5.1919)دا بۆ کۆمیساری باڵای ناردووە، بڕیارەکەی کۆنگرەی لەندەنی پەسەند کردوە. یەکێک لە بڕیارەکانی کۆنگرە پێکهێنانی کۆمیسیۆنێک بوو لە لایەن هەر سێ لایەنی (ئیتاڵیا، بەریتانیا و فەرەنسی) کە بنکەکەی لە ئەستەنبوڵ – تورکیا بێت. کاری ئەو کۆمیسیۆنە ئامادەکردنی پرۆژەیەک بێت لە ماوەی شەش مانگدا، بۆ ئۆتۆنۆمییەک بۆ ئەو ناوچانەی کە زۆربەی دانیشتوانەکانیان کوردن. بەرهەمی کۆنگرەی کارگێڕە

فەرمییەکان مۆرکردنی ڕێککەوتننامەیەک بوو لەژێر ناوی کۆنگرەی یەکەمی لەندەن کە لە ڕێکەوتی (24.2.1920)دا لە نێوان ئیتاڵیا، بەریتانیا و فەرەنسا بەسترا.

# کۆنگرەی یەکەمی لەندەن:

کۆنگرەی یەکەمی لەندەن لە ڕێکەوتی (12.2.1920-24.2.1920)دا لە نێوان ئیتاڵیا، بەریتانیا، فەرەنسا و یابان بەسترا. سەرۆک وەزیرەکانی هەر چوار دەوڵەتەکە بەشدارییان تێداکردو کۆنگرەکە بە سەرۆکایەتی سەرۆک وەزیرانی بەریتانی (دیڤید ئێراڵ لۆید جۆرج – David Eral Lloyd George)، کە لە نێوان (7.12.1916-19.10.1922)دا سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا بووە، وە بە بەشداری هەر یەک لە سەرۆک وەزیرانی ئیتاڵی (فرانسیسکۆ ساڤیریۆ ڤینسینزۆ دی پاولا نیتی –Francesco Saverio Vincenzo De Paola Nitti)، سەرۆک وەزیرانی فەرەنسی (ئەلکساندرا میللیراند – Alexandre Millerand)، کە لە نێوان ماوەی (20.1.1920-24.9.1920)دا پۆستی ناوبراوی هەبووەو لە هەمان کاتیشدا وەزیری دەرەوە بووە، لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی یابانی (هارا تاکاشی– Hara Takashi )، کە لە ماوەی نێوان (9.2.1856-4.11.1921)دا ژیاوەو لە ماوەی نێوان سالانی (29.9.1918-4.11.1921)دا، سەرۆک وەزیرانی ژمارە نۆزدەی وڵاتی یابان بووە. هەروەها بە بەشداری سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی یۆنان (ئیلیفسەریۆس کیریاکۆ ڤینیزیلۆس– Eleftherios Kyriakou Venizelos)، کە لە نێوان (23.8.1864-18.3.1936)دا ژیاوەو، لە ماوەی نێوان (27.6.1917-18.11.1920)دا پۆستی ناوبراوری بە دەستەوە بووە. وەزیری دەرەوەی بەریتانیا (لۆرد جۆرج ناسانییێل مارکۆس کورزۆن – George Nathaniel Marquess Curzon)، کە لە ماوەی نێوان (11.1.1859-20.3.1925)دا ژیاوەو چەندان پۆستی گرنگی بینیوە، کە لە ماوەی سالانی نێوان (23.10.1919 -22.1.1924)دا وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بووە، ئەویش بەشدار بووە لەو کۆنگرەیەدا. جگە لە سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوەی بەریتانی، هەر یەک لە (کاپتن لاین، مێجەر رادکلیف و کۆلۆنێل کریبونس لە وەزارەتی جەنگی بەریتانی، مێجەر ئارنۆڵد هیوبەرت یۆنگ و سێر جۆرج بارستاو لە وەزارەتی دارایی بەریتانی، کە یەکەمیان سکرتێری کۆنگرەکە بوو، سێر جۆن تیللی، یاریدەدەری وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی و هەر یەک لە مستەر فۆریس ئادەم و مستەر ئۆلیفات لە وەزارەتی

دەرەوە، وەزیری هیند (سێر ئێدوین ساموئێل مۆنتاگیو – Sir Edwin Samuel Montagu)، کە لە نێوان (1879.2.6–1924.11.15)دا ژیاوەو، لە ماوەی نێوان (1917.7.17–1922.3.19)دا وەزیری وەزارەتی هیند بووە، سێر ئارسەر هیرزلی یاڕێدەریو مستەر سی. کاربت لە وەزارەتی هیند و هەر یەک لە سەرۆک ئەرکانی هێزی ئاسمانی سێر هیوز ترینگاردو کۆلۆنێل چانییرا لە هێزی ئاسمانی بەریتانی) ئامادەی کۆنگرەی لەندەن بوون. خاڵە سەرەکییەکانی ئەو کۆنگرەیە بەستنی پەیمانێکی ئاشتی بوو لەگەڵ تورکەکان و چۆنیەتی داڕشتنی پلان و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی هەر یەک لە ئەرمینیا، فەلەستین، سوریا و میزۆپۆتامیا بوو، بەڵام بێ ئەوەی هیچ لایەکیان ناوی کورد و کوردستان بێنن. هەر لەو کۆنگرەیە بوو کە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لۆرد کورزۆن گوتبووی: پاڵپشتی ئێمەی ئینگلیز بۆ کوردەکان بە تەنیا هاندانێکی ورەیی (ڕەوشتی – مەعنەوی) بووە، لەگەڵ ڕاکێشانی سەرنجی ئەوان بۆلای خۆمان – سەرچاوە: قادر سەلیم شەمۆ، موقف الكورد من حرب الاستقلال التركية (1919–1922)، ل197).

بەڵام هەر کۆنگرەی یەکەمی لەندەن بوو کە کرا بە سەرەتایەک بۆ داڕشتنی بنچینە سەرەکییەکان یاخود دانانی بەردی بناغەی پەیمانی (سان ڕیمۆ)، کە بە نزیکەی دوو مانگێک دواتر لە ئیتاڵیا بەسترا.

# کۆنگرەی سان ڕیمۆ:

میری فەرەنسا بەشێوەیەکی فەرمی لە کۆنگرەی (سان ڕیمۆ کە لە نێوان 19–26ی نیسانی 1920) کە لە شارو دەربەندی سان ڕیمۆی ئیتاڵیا لە نێوان هەر سێ وڵاتی (ئیتاڵیا، بەریتانیا و فەرەنسا)دا بەسترا، دەستی لە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)و فەلەستین هەڵگرت. مەبەست لە بەستنی ئەم کۆنگرەیە ئەوەبوو کە هەر سێ وڵاتی هاوپەیمان بگەنە ئاشتییەک لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دۆڕاو لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا. سەرۆکی شاندی ئیتاڵی (فرانسیسکۆ ساڤیریۆ ڤینسینزۆ دی پاولا نیتی – Francesco Saverio Vincenzo De Paola Nitti)ی بوو، کە سەرۆکی دانیشتنەکانی کۆنگرەکە بووە، فرانسیسکۆ نیتی سەرۆک وەزیرانی سی و شەشەمی ئیتاڵیا بووە لە ماوەی نێوان (23.6.1919–15.6.1920)داو، لە ماوەی نێوان (19.7.1868–20.2.1953)دا ژیاوە، هەروەها سەرۆکی شاندی بەریتانی بریتیبوو لەگەڵ (سێر دێڤید لۆید جۆرج – Sir David Lloyd George)ی سەرۆک وەزیرانی بەریتانی، کە لە نێوان (17.1.1863–26.3.1945)دا ژیاوەو لە ماوەی نێوانی (6.12.1916–12.10.1922)دا سەرۆک وەزیران بووە، شاندی فەرەنسیش پێکهاتبوو لە (ئەلکساندرا میلیراند – Alexandre Millerand)ی سەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیرانی فەرەنسی، کە لە ماوەی نێوان (10.2.1859–7.4.1943)دا ژیاوەو دوازدەهەم  سەرۆک کۆمار بووە لە ماوەی نێوان (23.9.1920–11.6.1924)و هەشتاو شەشەم سەرۆک وەزیرانی فەرەنسی لە نێوان ماوەی (20.1.1920–24.9.1920)داو لە هەمان کاتیشدا وەزیری دەرەوەش بووە، هەروەها یەکێکی تر لە ئەندامانی شاندەکەی فەرەنسی بریتیبوو لە (فیلیپ بیرتیلۆت - Philippe Berthelot)ی کە پسپۆر بوو لە کاروباری کورد. هەر لە کۆنگرەی (سان ڕیمۆ)دا بڕیاری ماندێتی بەریتانیا و فەرەنسا لە ڕۆژی (25.4.1920)دا بەسەر باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)، ئێراق، ئوردەن، فەلەستین، لوبنان، سوریا و سعودیە سەپێنرا). حکومەتی بەریتانیا دوای تێپەڕبوونی نزیکەی هەفتەیەک بەسەر بڕیاری سەرپەرشتیکردن (ماندات)ەکەی کۆنگرەی سان ڕیمۆ، لە ڕێکەوتی (3.5.1920)دا ئەم ماندات کردنەی پەسەندکرد. هەروەها پەیمانی

(سان ڕیمۆ) لە ڕاستیدا ڕاستکردنەوەی پەیماننامەی (برینجی لۆنگ) بوو، بەوەی کە (25%)ی دەستکەوتی نەوتی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بدرێت بە فەرەنسا کە پێشتر بۆ ئەڵمانیا تەرخان کرابوو، لە بەرانبەر دەست هەڵگرتنی فەرەنسا لە ویلایەتی موسڵ بۆ بەریتانیا. دوای ئەوەی ئەمریکییەکان بەم ڕێکەوتنەی نێوان بەریتانیا و فەرەنسایان زانی، بەپێی بەڵگەنامەی ژمارە (C. O. 730-14)ی ناو ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی، کە باسی لە کۆبوونەوەکانی ڕۆژانی (25.4.1929 و 21.6.1920 و 15.12.1920)دا کردووە، ئەمریکییەکان بێزاری خۆیان دەربڕی و بە ئینگلیزەکانیان ڕاگەیاند کە دەست بەسەر داگرتنی بەریتانیا بەسەر نەوتی ویلایەتی موسڵ دژی یاسای سەرپەرشتیکردن (ماندات)ە، کە لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەکان پەسەندکرابوو – سەرچاوە: (محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، ل430-431). هەر سەبارەت بە نەوت و کێشەی ویلایەتی موسڵ مێژوونووسی ناوداری کورد محەمەد ڕەسوڵ هاوار نووسیویێتی: (بەپێی ڕێکەوتنی (سان ڕیمۆ) لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە بیست لە سەدی پشکی کۆمپانیای نەوتی کەرکوک بدرێ بە تورکیا، بەڵام حکومەتی بەریتانیا لە سەرەتای مانگی ئەیلولی ساڵی (1923)دا مەرجێکی بۆ ئەوە دانا کە بریتی بوو لەوەی دەبێ تورکەکان بەرانبەر بەو لە سەدا بیستە دان بەوەدا بنێن کە ویلایەتی موسڵ بەشێک دەبێ لە ئێراق – سەرچاوە: محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، ل436). گرنگترین شت بۆ ئینگلیزەکان جارێ دەست هەڵگرتنی تورکیا بوو لە ویلایەتی موسڵ نەک پێدانی نەوتی کەرکوک بە تورکیا، چونکە ئینگلیزەکان دوای وەدەست هێنانی ویلایەتی موسڵ هەردەم دەیانتوانی لە پێدانی ئەو ڕێژەیەی نەوتی کەرکوک بە تورکیا پەشیمان ببنەوە کە دواتر هەر واشیانکرد. وەزیری دەرەوەی بەریتانی لۆرد کورزۆن پڕۆژەیەکی لە پێناوی سەقامگیری ئاشتی لە جیهاندا پێشکەشکرد، کە بووە هەوێنی ڕێککەوتنێکی هەمەلایەن لە پەیمانی سیڤەرەدا. هەر ئەو پڕۆژەیەی کورزۆن بوو کە دواتر بوون بە بنچینەیەک بۆ داڕشتنی چەند بەندێکی (پەیمانی سیڤەرە)، کە هەر لە (کۆنگرەی سان ڕیمۆ)وە زۆربەی زۆری بەندەکانی ئەو پەیمانە داڕێژرابوو، بەتایبەت ئەو بەندانەی کە پێوەندییان بە مافەکانی نەتەوەی کورد و دواڕۆژی کوردستانە وە هەبوو. دواتریش

لە پەیمانی (سیڤرە)دا کە لە ڕێکەوتی (10.8.1920)دا لە نێوان بەریتانیا و هاوپەیمانەکانی لە لایەک و تورکیادا لە لاکەی ترەوە بەسترا، بە گوێرەی مادەی (94)ی پەیمانەکە، شێوەی فەرمی و یاسایی هەم بە ڕێککەوتننامەی (سان ڕیمۆ)و هەم بە ڕژێمی ماندێتکردن درا. بە گوێرەی ئەو کۆنگرەیە (سان ڕیمۆ)، دەوڵەتی بەریتانیا کرا بە ماندات (سەرپەرشتیکار)و ڕاسپاردە بەسەر وڵاتی نێوان دوو ڕووبار (میسۆپۆتامیا - ئێراق)، وڵاتە سوێندخۆرەکانیش لە هەمان ڕۆژ واتە لە (25.4.1920)دا پەسەندی ئەوەیانکرد کە بەریتانیا بکرێت بە ماندات بەسەر ئێراقەوە. تێکڕا ئێراق نزیکەی دوازدە ساڵ لە ڕێکەوتی (25.4.1920-30.5.1932) بە ماندێتی لەژێردەستی بەریتانیادا مایەوە. بە گوێرەی مادەی (16)هەمی بنەما یاساییەکانی ماندات (دەستووری ماندات) کە لە (9.12.1920)دا ڕاگەیاندرا، مافەکانی نەتەوەی کورد لەبەرچاو گیرابوو، لە خاڵی (16)ی دەستوورەکەدا مافی ئەوە درابوو بە کورد کە حکومەتێکی سەربەخۆی هەبێت. ئەمەش دەقی خاڵی (16)ی یاساکەیە کە تیایدا هاتووە: (هیچ شتێک کە لەو ماندێتەدا هاتبێت ڕێگەگر نابێت لە بەردەم وڵاتی سەرپەرشتیکار کە (حکومەتێکی بەڕێوەبەرێتی سەربەخۆ) لە ناوچە کوردییەکاندا دابمەزرێنێت – سەرچاوە: دکتۆرە سروە ئەسعەد سابیر، کوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل 1914-1926، ل141-142). بەڵام دواتر شۆڤینیستانی عارەب و بەریتانییە داگیرکەرەکان نەک هیچ مافێکی نەتەوەیی کوردیان نەسەلماند، بەڵکو بەئاگرو ئاسن وەڵامی داخوازییە ڕەواکانی کوردیان دایەوە. زۆرجار مێژوو دووبارە دەبێتەوە، بڕوام وایە کە نە ئەوکات کورد لەبەرنامەی بەریتانیا و نە ئێستاش لە بەرنامەی ئەمەریکادا بوونیان نەبووەو نییە.

(وودرۆ تۆماس ویلسۆن - Woodrow Thomas Wilson)ی سەرۆکی ئەمەریکی، کە لە ڕێکەوتی (28.12.1856 لە ڤیرجینیا لە دایکبووەو لە ڕۆژی 3.2.1924دا لە واشنتۆن مردووە) و، لە ساڵانی (1911-1913)دا فەرمانداری ژمارە (45)ی ویلایەتی (نیو جێرسی) و لە ساڵەکانی نێوان (4.3.1913-4.3.1921)دا سەرۆکایەتی وڵاتی ئەمەریکای کردووەو سەرۆکی ژمارە (28)ی وڵاتەکەی بووە، لە ڕێکەوتی (8.1.1918)دا لە وتارێکدا لە بەردەم کۆنگرێسی ئەمەریکادا، مەرجە بنچینەییەکانی ئاشتی جیهانی لە (14) خاڵدا ڕاگەیاند. لە خاڵی

(12)هەمی مەرجە بنچینەییەکانی ئاشتی سەرۆک کۆماری ئەمەریکی (وودرۆ ویلسۆن)دا هاتووە: (مسۆگەرکردنی سەروەری بەشەکانی تورکیا و، پێدانی مافی چارەی خۆنووسین بەو نەتەوانەی کە تورک نین و ژێردەستەی ئەوانن، هەروەها دابینکردنی سەربەستی هاتوچۆ بۆ تەواوی کەشتییەکان لە تەنگەئاوەکاندا بە گەرەنتییەکی نێودەوڵەتی – سەرچاوە: ویکیپیدیا بە زمانی دانمارکی). ئەو خاڵە (خاڵی 12) بە مەبەستی ڕزگارکردن و هاندانی نەتەوە چەوساوەکانی ژێردەستی عوسمانییەکان بوو، لە پێناوی ئەوەی بە مافی چارەنووسی خۆیان بگەن، وەلێ ئەوەشیان هیچ سوودێکی بۆ کورد نەبوو، بەڵکو کورد لەو دەستکەوتەش بێبەشبوو. یەکێک لە هۆکارە هەرە گرنگەکان لەوکاتدا کە کورد نەیتوانی هیچ دەستکەوتێکی هەبێت، ئەوەبوو کە دیبلۆماسییەتی کورد نەگەیشتبووە ئاستێکی بەرزو کورد زمانی خۆناساندنیشی نەدەزانی. هەروەها سەبارەت بە ڕزگارکردن و سەربەخۆیی ئەو نەتەوانەی کە ژێردەستی عوسمانییەکان بوون، بەریتانیا و فەرەنسا لە ڕێکەوتی (7.11.1918)دا ڕاگەیاندنێکی هاوبەشیان بەمشێوەیە دەرکرد: (ئامانجی فەرەنسا و بەریتانیای مەزن لە بەڕێوەبردنی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ڕزگارکردنی تەواو یەکجارەکی ئەو نەتەوانەیە کە ماوەیەکی دوورو درێژە لەژێر دەسەڵاتی تورکەکاندا دەناڵێنن، بە دامەزراندنی حکومەت و بەڕێوەبەرێتی نیشتمانی خۆیان، کە بەپێی ئارەزووی دانیشتوانە ڕەسەنەکانیان هەڵدەبژێردرێن. بۆ بەدیهێنانی ئەو ئاواتە، فەرەنسا و بەریتانیای مەزن، پەسندی دامەزراندنی حکومەت و بەڕێوەبەرێتی ڕەسەن دەکەن لە هەر یەک لە سوریا و وڵاتی نێوان دوو ڕووبار، کە لە سەر دەستی هاوپەیمانەکان ڕزگاریان بووە. ئەمەش لە پێناوی مسۆگەرکردنی دادپەروەرییەکی پاک، یەکسانی دانیشتوان، پەرەپێدانی ئابووری لە وڵاتدا، بەرەو پێشەوە بردنی پرۆسەی خوێندن و دانانی سنوورێک بۆ سیاسەتی جیاوازیکاری لە لایەن تورکەوە، کە ماوەیەکی زۆرە پەیڕەوی دەکات – سەرچاوە: ویکیپیدیا بە زمانی دانمارکی).

سەیرە، بەریتانیا و فەرەنسا لە لایەک داوای ڕزگارکردنی نەتەوەکانی ژێردەستی تورکەکان دەکەن و، لە لایەکی تریش هەر خۆیان نەتەوەی کوردی ژێردەستەی تورک ڕادەستی عارەب دەکەن، وەکو بڵێی ژێردەستەکردنی کورد لە لایەن تورک و عارەبەوە هەر ژێردەستەیی و چەوسانەوە نەبێت و، بەڵکو ژێردەستەیی کوردیان لە

لایەن عارەبەکانەوە پێ ڕزگارکردنی کورد و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بێت! ئەوە لە کاتێکدا کە بە گوێرەی پەیمانی یان ئاگربەستی (مۆدرۆس)، کە لە ڕێکەوتی (30.10.1918)دا لە نێوان دەوڵەتانی هاوپەیمان و دەوڵەتانی دۆڕاو لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا بەسترا کە تورکیا یەکێک بوو لە دەوڵەتە دۆڕاوەکان. پەیمانەکە کۆتایی بە شەڕەکە هێنا، بەڵام بەشێوەیەکی فەرمی شەڕەکە لە ڕێکەوتی (11.11.1918)دا کۆتایی پێهات، دەبوایە نەتەوە ژێردەستەکانی عوسمانییەکان ڕزگاریان بێت. هەروەها سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی بەریتانیا (دێڤید لۆید جۆرج)، لە وتارێکیدا لە بەردەم کۆمەڵەی کرێکارانی بەریتانی لە ڕێکەوتی (5.1.1918)دا باسی لەوە کردبوو کە بەریتانیا بەشداری جەنگی یەکەمی جیهانی کردووە لە پێناوی (داکۆکی لەخۆ کردن، مافی نەتەوەکان، جێبەجێکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان و دامەزراندنی ڕژێمێکی دیموکراتی دەستووری ڕاستەقینە لە ئەڵمانیا)، کە ناوبراو گەڕانەوەی وڵاتە کۆلۆنییەکانی بۆ سەر ئەڵمانیا بە ناکۆک لەگەڵ پرنسیپەکانی مافی چارەی خۆنووسین ناوبردووە. بەهەمان شێوە لۆید جۆرج باسی پێویستی دانپێدانان بە هەلومەرجی تایبەتی نەتەوەیی هەر یەک لە وڵاتانی نیمچە دوورگە (نیمچە دوورگەی عارەبی)، ئەرمینیا، میسۆپۆتامیا و سوریای کردووە – سەرچاوە: دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان في سنوات الحرب العالمنة الاولی، ص318–319). گومان لەوەدا نییە دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کە سەرۆک وەزیرانی بەریتانی بانگێشەی پشتیوانی هاتنەدی داخوازییە نەتەوایەتییەکانی بۆ دەکات کورد و کوردستانیش دەگرێتەوە، چونکە باشووری کوردستان دەکەوێتە نێو میسۆپۆتامیا، کە پێشتر باشووری کوردستان میسۆپۆتامیای سەرووشی پێدەگوترا، بەڵام ئایا قسەو بەڵێنەکانی ئەو هیچ سوودێکی هەبوو بۆ کورد؟ وەڵامەکەی ئەوجارەش هەر بە نەخێر دەدرێتەوە، کەچی لە هەمووی سەیرتر ئەوەبوو کە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی، تورکیا هیچ مافێکی بەسەر باشووری کوردستانە وە نەمابوو، کەچی بە پێچەوانەوە لە دیاریکردنی چارەنووسی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)دا، لە کۆنگرە و پەیماننامە و ڕێکەوتنامەکاندا لایەنێکی سەرەکی کێشەکە بوو نەک کورد کە خاوەنی ڕاستەقینەو تەواوی باشووری کوردستان بوو. لە ڕاستیدا ئەو ڕاگەیاندنەی سەرۆک وەزیرانی بەریتانی دێڤید لۆید جۆرج، لە بەردەم سەندیکای کرێکارانی بەریتانی، زۆرتر لە پێناوی هێورکردنەوەو

دڵنیاکردنەوەی نەتەوەکانی ژێردەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو، چونکە ڕوسیا ناوەڕۆکی ڕێکەوتنی (سایکس پیکۆ)ی ئاشکرا کردبوو، ئەوان (ئینگلیزەکان) لە پەرچەکرداری نەتەوەکانی دانیشتوی (نیمچە دوورگەی عارەبی، ئەرمینیا، کوردستان، میسۆپۆتامیا و سوریا) دەترسان.

هەر چەندە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە ڕێکەوتی (7.5.1919)دا دەسەڵاتیدا بە نوێنەرانی خۆی لە ئێراق، بۆ ئەوەی گەرەنتی تایبەت بە کوردەکان بدەن سەبارەت بەوەی کە بەریتانیا لە بەرانبەر کوردەکان کەمتەرخەم نابێت لە یارمەتیدانیان و دوژمنایەتیان ناکات – سەرچاوە: دکتۆر وەلید حەمدی، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، ل61)، بەڵام گەرەنتییەکە هەر قسەبوو. هەر لە هەمان ڕۆژدا واتە (7.5.1919)دا وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا دەسەڵاتیدا بە (کۆلۆنێل ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن) باوەڕپێکراوی پایەبەرزی بەریتانیا لە بەغدا لە نێوان سالانی (4.10.1920-9.1.1919)، کە وەکو هەرێمێکی ئێراقی ڕەفتار لەگەڵ باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بکات و، دەوڵەتێکی کوردی خاوەن ئۆتۆنۆمی لەژێر ڕاوێژکاری ئینگلیزەکاندا بۆ کوردەکان دابمەزرێنێ (سەرچاوەی پێشوو، ل62). سەبارەت بە گەرەنتی بەریتانیا بۆ کوردەکان و، کەمتەرخەمی نەکردن لە یارمەتیدانیان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لەژێر سێبەری ئینگلیزەکاندا، هەر هەمووی بەڵێن و گفتی بێ بنەما بوون، پەیوەست بە ڕەفتارکردنیش لەگەڵ ویلایەتی موسڵ وەکو هەرێمێکی ئێراقی، ئەوە هەنگاوی یەکەمی بەزۆر لکاندنی ویلایەتەکە و خاکی کوردان بوو بە ئێراقی عارەبەوە. کەچی پاش تێپەڕبوونی نزیکەی مانگێک بەسەر ئەو بڕیارەی وەزارەتی دەرەوە، بۆ جارێکی تر وەزارەتی دەرەوە لە (5.6.1919)دا دەسەڵاتیدا بە (کۆلۆنێل ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن) بۆ ئەوەی بە ڕاوێژکاری لەگەڵ نوێنەری باڵای بەریتانی لە ئەستەنبوڵ (دی ڕۆبیک – De Robeck)، کاروباری کوردەکان بەڕێوەبەرن. بەڵام ئەو بڕیارەش بەشێوەی بڕیارە کۆنەکەی (7.5.1919)، هیچ دەستکەوتێکی بۆ کورد تیا نەبوو، جگە لە دابەشکردنی کوردستان و ماڵوێرانی بۆ نەتەوەکەمان. ئەمانە هەمووی بەیەکەوە ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە هەر لە سەرەتاوە بەریتانیا و هێزە دەسەڵاتدارەکانی جیهان، بڕیاری خۆیان دابوو سەبارەت بەوەی کە بەشێوەیەک بڕیار لەسەر کێشەی کورد و کوردستان بدەن، کە بە بەرژەوەندی خۆیان و زیانی

کورد کۆتایی بێت، بەڵگەش لە لایەک جێبەجێ نەکردنی بڕیارەکانی خۆیان و، لە لایەکی تریشەوە لێدوانەکانی مێژوونووس و دیپلۆماتزانی ئینگلیز (هارۆڵد نیکۆلسۆن) کە ڕۆژهەڵاتناسی ڕوسیا (میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ 1930-9.3.2010)، لە لاپەڕە (218)ی پەرووتوکی (المسألة الكوردية (1917-1923)ی، وەرگێڕانی دکتۆر حاجی عەبدی)داو دکتۆر قاسملوی شەهید لە لاپەڕەکانی (83-84)ی پەرتوکی (کوردستان و کورد)دا ئاماژەیان پێکردووە، کە دەڵێت: (کوردەکان زۆر بە کەمتەرخەمی مانەوە، ئەوکاتەی کە ئێمە دەمانویست هەستی نەتەوەییان هانبدەین و پێمان دەگوتن وەرن ببنە دەوڵەت، هیچ خۆیان بۆ ماندوو نەکرد، کەچی لەناکاو لە ساڵی (1922)دا چواردە بەندەکەی سەرۆک کۆماری ئەمەریکایان لێ داواکردین، کە ئەو داوایەیان نەک بە هیچ شێوەیەک لە شوێنی خۆی نەبوو، بەڵکو بە ڕاستی ئیتر درەنگ بوو). ئەو قسانەی دیپلۆمات و نووسەرو سیاسەتمەداری بەریتانی (سێر هارۆڵد جیۆرج نیکۆلسۆن – Sir Harold George Nicolson)، کە لە ماوەی نێوان ساڵانی (21.11.1886-1.5.1968)دا ژیاوەو، ماوەیەک وەکو سکرتێری دووەم و دواتر یەکەمی وەزارەتی دەرەوە کاریکردووەو بەشداری کۆنگرەی ئاشتیی پاریسی ساڵی (1919)ی کردووە، هەروەها بۆ ماوەیەکیش وەکو سکرتێری تایبەتی (سێر ئێریک درومموٚند – Sir Erik Drummond)ی یەکەم سکرتێری گشتی کۆمەڵەی نەتەوەکان کاریکردووە، تەنیا هێنانەوەی بیانۆیەکی بێبنەماو هیچە بۆ هاوکاری نەکردنی کورد و ڕێگەگرتن لە گەیشتن بە ئامانج و ئاواتەکانیدا، ئەگینا کوردەکان لە سەرەتای هەڵگیرساندنی شەڕی یەکەمی جیهانی هەوڵی خۆیان داوە، ئەمەش لە ڕاپۆرتەکەی سێر پێرسی کۆکسی باڵوێزی ئەوکاتی بەریتانی لە ئێران و کۆمیساری باڵای پێشوو و دواتری بەریتانیا لە ئێراق دەردەکەوێت، کە لەسەر دیدارەکەی خۆی کە لە ڕێکەوتی (3.6.1918)دا لە (مارسیلیا)ی فەرەنسا لەگەڵ (ژەنەڕاڵ شەریف پاشای خەندان)دا لەسەر داوای وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی ئەنجامی داوە، پێرسی کۆکس لە ڕاپۆرتەکەیدا نووسیویێتی: (شەریف پاشا باسی ئەوەیکرد کە پێشتر لە ڕێکەوتی (23.10.1914)دا یاداشتێکی داوە بە حکومەتی بەریتانیا لە پێناوی پشتیوانی و یارمەتیدانی کورد. ئەو ئارەزووی ئەوە دەکات گرنگی بە دۆزی نیشتمانەکەی بدرێت و، بە پێویستیشی دەزانێت کە بەریتانیا هەنگاوی پۆزەتیڤ باوێت بۆ یەکگرتنی کورد و دەربڕینی

سیاسەتی داهاتووی خۆی سەبارەت بە دۆزی کورد، جگە لەمانەش هەندێ پێشنیاری دەربڕی سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی و مافی کورد – سەرچاوە: دکتۆرە سروە ئەسعەد سابیر، کوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل 1914–1926 دراسة تأريخية وثائقية، ص77). نووسەری بەریتانی (گۆدفری ڕۆللیس درایڤەر)، کە لە نێوان سالانی (1892–1975) ژیاوە، لە لاپەڕەکانی (77–79)ی پەرتووکی (کوردستان و کورد)دا نووسیویێتی: (هەر لەکاتی زۆر زوو، لە هەڵگیرساندنی جەنگەکەدا، واتە لە دیسێمبەری ساڵی (1914)دا ژەنەراڵ شەریف پاشا هات و ئامادەیی نیشاندا، بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەریتانیادا، بەڵام چاو لەم کارە پۆشرا، چونکە وا دەزانرا ئەگەری ئەوە لە ئارادا نییە، کە چالاکییەکانمان بگەنە کوردستان، بەڵام زۆر بەداخەوە، بەوەی کە ڕۆژگار ڕێگەی نەداین کەڵک لە هەڵوێستی دۆستە تازەکانمان وەربگرین و کارێکی واش کرا کە واز لەو دۆستانە بهێنین – سەرچاوە: دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، کوردستان لە سەردەمی ئاشتیدا، ل294). بە هەمان شێوە ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن، لە لاپەڕە (18)ی بەرگی سێیەمی (بلاد مابين النهرين بين ولاءين خواطر شخصية وتأريخية)دا باسی ئەوەی کردووە کە شەریف پاشای خەندان، کە کوردێکی دوورە وڵاتەو زۆر لە خەمی باشووری کوردستان دایە، لە مانگی دیسێمبەری ساڵی (1914)دا ئامادەیی هارکاریکردنی خۆی دەربڕیبوو بۆ ئینگلیز. جگە لەمانەش مس بێڵ (گێرترۆد مارگەرێت لۆوسیان بێڵ – Gertrude Margaret Lowthian Bell)، کە لە ماوەی نێوان (14.7.1868–12.7.1926)دا ژیاوەو، لە ڕێکەوتی (3.3.1916–کۆتایی ساڵی 1925)دا ڕاوێژکار و سکرتێرەی کۆمیسیاری باڵای ئینگلیزی بەغدا بووە بۆ کاروباری ڕۆژهەڵات، لە پەرتووکی (فصول من تأريخ العراق القريب)دا، نووسیویێتی: (پرسی پێکهێنانی میرییەک لە خوارووی کوردستاندا کە ئۆتۆنۆمی هەبێت لە ساڵی (1918)دا، لە لایەن ژەنەڕاڵ شەریف پاشاوە هاتە کایەوە، کە لەکاتی خۆیدا لە (مارسیلیا) لەوێ کۆمیسیاری باڵای بەریتانی (سێر پێرسی کۆکس)ی دیبوو(ئەوکاتە پێرسی کۆکس باڵوێزی بەریتانی بووە لە ئێران نەک کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغدا – دەرسیم). شەریف پاشا لە ساڵی (1914)دا خزمەتێکی زۆر گەورەی کردین بەوەی کە هەوڵیدا کوردەکان لە تورکەکان دوور بخاتەوەو، بەلای ئێمەدا دایان بشکێنێت، بەڵام ئێمە

لەوکاتەدا پێوەندیمان لەگەڵ کوردا نەبوو، لەبەرئەوە نەمانتوانی داخوازییەکانی پەسند بکەین – سەرچاوە: شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروویی کوردستان، بەرگی یەکەم، ل385). ڕاپۆرتەکەی سێر پێرسی کۆکس و ڕوونکردنەوەکەی مستەر درایڤەر، ئاماژە پێکردنەکەی ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن و مس بێڵ پوچەڵکردنەوەی قسەکانی (هارۆڵد نیکۆلسۆن) دەگەیەنن، چونکە بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە و ڕوونکردنەوەکان دەردەکەوێت کە نزیکەی تەنیا پێنج مانگ بەسەر دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی (28.6.1914)دا تێپەڕیوە، شەریف پاشا یاداشتێکی (لە ڕێکەوتی 23.11.1914دا) داوە بە بەریتانیا و داوای پشتیوانی و ڕزگاری کوردی لێکردوون، بەڵام ئەوان بە دەنگییەوە نەهاتوون، بۆیە لە دوازدەی مانگی دیسێمبەری هەمان ساڵدا نامەیەک بۆ ئەو مەبەستە دەگەیەنێتە وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسی، ئەوانیش گوێی لێناگرن – سەرچاوە: (دکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا، نامە دیپلۆماتییەکانی شەریف پاشای خەندان لە ئەرشیفخانەکانی بەریتانیا و فەرەنسا 1918–1920، ل13). وە بۆ دیداری شەریف پاشاو سێر پێرسی کۆکس (کۆمیسیاری باڵای پێشووی بەریتانیا لە بەغدا) لە ڕێکەوتی (3.6.1918)دا کە هێشتا نزیکەی پێنج مانگی مابوو بۆ کۆتایی پێهاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی (11.11.1918)، شەریف پاشا دووبارە داوای پشتیوانی بەریتانییەکان دەکات بۆ مافی ئازادی و سەربەخۆیی کورد، بەپێی ڕوونکردنەوەکانی درایڤەر و مس بێڵ بەریتانییەکان خۆیان نەیان ویستووە پێوەندی لەگەڵ نەتەوەی کورد ببەستن و داواکارییەکانی کوردیان خستۆتە دواوە، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوان بارەڕیان بە خۆیان نەبووە کە بگەنە کوردستان، لەوانەشە بیریان لە پەیمانی (سایکس پیکۆ) کردبێتەوە کە کوردستان بەشی فەرەنسا بووەو ئەوان ناتوانن دەست لە کاروباری ئەوێ وەردەن. لە دوای گەیشتنی سوپای بەریتانیا و داگیرکردنی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)، لە لایەن بەریتانیا وە لە (5)ی نۆڤێمبەری ساڵی (1918)دا، کوردەکان بەتێکڕا داوای جێبەجێکردنی (14) خاڵەکەی سەقامگیری ئاشتی جیهانی سەرۆکی ئەمەریکاو ڕاگەیاندنە هاوبەشەکەی ڕێکەوتی (7.11.1918)ی حکومەتەکانی بەریتانیا و فەرەنسییان دەکرد، کە لە هەر دووکیاندا داوای ڕزگارکردن و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆییان دەکرد بۆ نەتەوە ژێردەستەکانی چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. ئەوکاتە کوردەکان بە یەک

دەنگ داوایان دەکرد کە خاڵی (12)ی مەرجە بنچینەییەکانی ئاشتی جیهانی سەرۆکی ئەمەریکا، کوردستانیش بگرێتەوە، سەرەڕای هەموو ئەوانەش شێخ مەحمود هەردەم وەرگێڕدراوی (14) خاڵەکەی مەرجە بنچینەییەکانی ئاشتی جیهانی (وودرۆ ویلسۆن)ی سەرۆکی ئەمەریکی و ڕاگەیاندنە هاوبەشەکەی ئەنگلۆ – فەرەنسی کە سەبارەت بە پرسی مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوە ژێردەستەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تورکی، کە پێشتر لە ڕێکەوتی (7.11.1918)دا ڕاگەیاندبوو، بە زمانی کوردی لە گیرفاندا بووە – سەرچاوە: (ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن، بلاد مابين النهرين بين ولاءين خواطر شخصية وتأريخية، الجزء الثالث، ل30 + ڕەفیق حلمی، یادداشت کوردستانی ئێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، بەشی یەکەم ل170).

بەڵام هەر دوو میری بەریتانی و فەرەنسی، لەمەڕ کورد و کوردستان دژ بە ڕاگەیاندنە هاوبەشەکەی ڕێکەوتی (7.11.1918)ی خۆیان ڕەفتاریان کردووە، بۆ نموونە دکتۆر وەلید حەمدی، لە لاپەڕە (75–77)ی پەرتووکی (کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا) و، بە گوێرەی بەڵگەنامەیەکی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا بە ژمارە (FO. 371/4193)ی ڕێکەوتی (10.1.1920)دا، نووسیویێتی: (لە کۆبوونەوەی سێیەمدا کە لە ڕۆژی (23.12.1919)ی نێوان شاندی هەر دوو میری بەریتانی و فەرەنسیدا بەسترا، لۆرد کورزۆنی وەزیری دەرەوە پێشنیارێکی خستە بەردەم (بیرتیلۆت)ی سەرۆکی فەرمانگەی بازرگانی و ڕامیاری لە وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسی، هەر دووکیان سەبارەت بە پرسی کورد گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە: نابێ و پەسەندیش نییە کە هیچ سەرپەرشتییەکی بەریتانی یان فەرەنسی بسەپێنرێ بەسەر هەموو کوردستاندا، جگە لەو ناوچانەی کە لەبارێکی ئارامیدان لە باشووری کوردستان. هەر دووکیان ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کەوا باشترە جارێ واز لەو پرسە بهێنرێ، تا لە دوای باسی موسڵ و چەند خاڵێکی تر کە پێوەندییان بە دەوڵەتە عارەبییەکانەوە هەیەو لە دواییدا بگەڕێنەوە سەری). ئەو بەڵگەنامەیەی سەرەوە دەریدەخات هەر یەک لە بەریتانیا و فەرەنسا نەیانویستووە ڕاگەیاندنە هاوبەشەکەی ڕێکەوتی (7.11.1918)ی خۆیان سەبارەت بە ڕزگارکردن و مافی نەتەوە ژێردەستەکانی دەوڵەتی عوسمانی، نەتەوەی کوردی بگرێتەوە، بەڵکو تاکە مەبەستیان دابرینی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بووە لە کوردستان و

تورکیا، لە پێناوی کۆکردنەوەو بەستنەوەی لەگەڵ هەر دوو ویلایەتەکانی بەغداو بەسرا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی عارەبی بەناوی ئێراق.

# پەیماننامەی سێڤرە:

ئاشکرایە کە لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا (1914.6.28-1918.11.11)، دەوڵەتی عوسمانی هاوپەیمانی سەرەکی دەوڵەتی ئەڵمانیا بوو، ئەوەبوو لە ئەنجامدا ئەڵمانیا و عوسمانییەکان لە شەڕدا دۆڕان و بەرەی وڵاتانی هاوپەیمان سەرکەوتنیان بەدەست هێنا. لایەنەکانی بەشداربوو لە پەیماننامەی سێڤرەدا، وڵاتانی هاوپەیمان و لایەنگرەکانیان (ئەرمینیا، ئیتاڵیا، بەریتانیا، بەلجیکا، چیکۆسلۆڤاکیا، پورتوگال، پۆڵۆنیا، فەرەنسا، ڕۆمانیا، یابان، یۆگۆسلافیا (کرواتیا، سلۆڤین و سیربیا) و حیجاز (سعودیەی ئێستا) لە لایەک و دەوڵەتی عوسمانی (حکومەتی ئەستەنبۆل) لە لاکەی ترەوە بوون. وەلێ ئەمەریکا بەسیفەتی چاودێرو، شاندێکی کوردیش بە سەرۆکایەتی (شەریف پاشای خەندان 1865-1951.12.22) بەهەمان شێوە بەسیفەتی چاودێر بە مەبەستی گفتوگۆکردنی نێوان کورد و ئەرمەن بەشداربوون – سەرچاوە: (دکتۆر سادقی شەرەفکەندی، کورتە مێژووی بزوتنەوە نەتەوەتییەکانی کورد، ل71). دکتۆر عەبدولستار تاهیر شەریف، لە لاپەڕە (95)ی پەرتووکی (الجمعيات والمنظمات والأحزاب الكوردية في نصف قرن 1908-1958)دا باسی ئەوەی کردووە کە شەریف پاشا سەرۆکایەتی شاندی کوردی کردووە لە کۆنگرەی سێڤرەدا. هەر یەک لە قەدری جەمیل پاشا باسی بەشداریکردنی جەنەڕاڵ شەریف پاشا دەکات لە کۆنگرەی سێڤرە – سەرچاوە: (قەدری جەمیل پاشا (زنار سلۆپی)، مسألة كوردستان (60 عاما من النضال المسلح للشعب الكوردي ضد العبودية)، ل66). لە لاپەڕە (25)ی پەرتووکی (کورد و دەوڵەتی سەربەخۆ)دا، محەمەد ساڵح ئاکرەیی باسی ئەوەی کردووە کە شاندێکی کوردی وەکو چاودێر لە گفتوگۆکانی پرسی کوردستان و ئەرمەنستاندا بەشداری کردووە، بەڵام ئەو ناوی شەریف پاشای خەندانی نەهێناوە. وریا ڕەحمانی، لە لاپەڕە (157)ی پەرتووکی (کوردستان و کورد لە ڕوانگەی نەخشەوانییەوە)، باسی ئەوەیکردووە کە ژەنەڕاڵ شەریف پاشای خەندان لە ماوەی دوو ساڵی (1919-1920)دا نوێنەرایەتی گەلی کوردستانی کردووە لە کۆنفرانسەکانی ئاشتی لە پاریس. سەرەڕای ئەم هەموو هەوڵ و تێکۆشانە بێوچانانەی شەریف پاشا، کەچی لە هەڵەو کەموکوڕی بەدەر نەبووە. بۆ نموونە بە

گوێرەی دوکیۆمێنتی ژمارە (FO. 371-5068)ی ڕۆژی (23.4.1920)دا (واتە نزیکەی چوار مانگ بەر لە مۆرکردنی پەیماننامەی سێڤرە کە دواتر لە ڕێکەوتی (10.8.1920)دا مۆرکرابوو)، شەریف پاشای خەندان لە (مۆنتکارلۆ)وە تەلگرافێکی ناردبوو بۆ ئەستەمبوڵ و بەپێی دوکیۆمێنتەکە لەو تەلەگرافەدا وتبووی: (ئەوپەڕی ڕێزم بۆ پێگەی پیرۆزی خەلیفەی پایەبەرزو نامەویَ بەقسەو بۆچوونی جیاخوازەکان کارێکی وابکەم نیگەرانی ئێوەی تیادا بێت، بۆیە وا لە نوێنەرایەتی کورد وازم هێنا چونکە بەر لە هەموو شتێک من موسڵمانم و هەموو هەوڵ و توانایەکم لە پێناوی خەلیفەدا تەرخاندەکەم بە بێ ئەوەی گوێبدەمە هیچ پارتێکی ڕامیاری – سەرچاوە: محەمەد ڕەسوڵ هاوار، کورد و باکوری کوردستان، بەرگی دووەم، ل101). ئەو وازهێنانەی شەریف پاشا زۆرتر بۆ کێشەو ململانێی ناوخۆی کوردەکان دەگەڕێتەوە، کە لەسەر ڕێکەوتنی کوردی – ئەرمەنی بوو ناوبراو تووشی گلەیی و گازاندەی زۆر بووەوە لە لایەن شێخ عەبدولقادر شەمزینی و بنەماڵەی بەدرخانییەکان. هەر ئەو هۆکارە بوو وایکرد شەریف پاشای خەندان، لە ڕێکەوتی (27.4.1920)دا بە نامەیەک کە بۆ بەریتانییەکانی ناردبوو، دەستی هەڵگرت لە نوێنەرایەتی کردنی گەلی کورد، واتە نزیکەی سێ مانگ و نیو بەر لە بەستنی پەیماننامەی سێڤرە - سەرچاوە: (دکتۆر فەرهاد پیرباڵ، ژەنەڕاڵ شەریف پاشا (1865–1951)، ل30). وڵاتانی بەشداربوو لە کاتژمێری (16.10) خولەکی ڕێکەوتی (10.8.1920)دا لە شاری (سێڤرە)ی ڕۆژئاوای پاریس لە فەرەنسا، پەیماننامەیەکیان لەگەڵ عوسمانییەکاندا واژۆکردو، دواتر پەیمانەکە بەناوی پەیمانی (سێڤرە) ناسرا. هەر چەندە پێشتر پەیماننامەی سێڤرە لە ڕێکەوتی (11.5.1920)دا بڵاوکرایەوە بەڵام نوێنەرانی میری تورک – ئەستانبۆڵ واژۆیان لەسەر نەکرد تاوەکو مانگی ئاوگۆست - بڕوانە: (میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، المسألة الكوردية (1917–1923)، ل199 + ڕەفیق حلمی، یادداشت کوردستانی ئێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، بەشی یەکەم، ل174). بەڵام لەو مێژووەدا تاوەکو ڕۆژی مۆرکردنی پەیماننامەکە، تورکەکان کۆمیسیۆنێکی سێ کەسیان پێکهێنا، کە یەکێکیان کورد بوو لە پێناوی داڕشتنی دژە پێشنیازو زۆر هەوڵیاندا لە ڕێگای یاداشتەکانیاندا کوردستان لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بمێنێتەوە، کەچی هەموو

هەوڵەکانیان لە لایەن ئەنجومەنی دەوڵەتانی هاوپەیمان نێردرایە دواوە – میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو).

پەیماننامەی سیڤرە پێکدەهات لە (13) بەش‌و (433) بەند، کە بەشی سێیەم لەژێر ناوی (کوردستان)دا تەرخان کرابوو بۆ پرسی کورد و کوردستان، ئەو بەشەش لە خاڵەکانی (62، 63، 64)دا پێکدەهات کە بەمشێوەیەی خوارەووە هاتوون:

1- بەندی (62): کۆمیسیۆنێک پێکدێت کە بارەگای بەردەوامی لە قوستەنتینیە دەبێت و، لە سێ ئەندام حکومەتەکانی بەریتانیا، فەرەنسا و ئیتاڵیا بەشێوەیەکی فەرمی دەستنیشانیان دەکەن. لە ماوەی شەش مانگ لەپاش مۆرکردنی ڕێکەوتنەکە ئەم کۆمیسیۆنە پلانێک پێشکەش دەکات بۆ ئۆتۆنۆمی ناوخۆیی ئەو مەڵبەندانەی کە دانیشتوانەکانیان کوردە و دەکەونە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات و خوارووی ئەرمەنییەکان کە دەکرێ لە دواییدا سنووریان دیاری بکرێت، یان کەوتوونەتە باکووری سنووری نێوان تورکیا، سوریا و نێوان دوو ڕووبار، هەروەکو لە مادەی (27) بەشی دووەم خاڵەکانی (2 و 3)دا هاتووە. هەر کاتێک کۆمیسیۆنەکە لەسەر کێشەیەک نەیتوانی بڕیارێکی تێکڕایی وەرگرێ، هەر یەک لە ئەندامان کێشەکە لەگەڵ وڵاتی خۆی باس دەکات. ئەم پڕۆژەی خودموختاریە دەبێ مافی تەواوی ئاشوورییەکان، کلدانییەکان و کەمە نەتەوەکانی تر لە ناوچەکەدا دابین بکات. بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە کۆمیسیۆنێک لە نوێنەرانی بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا، ئێران و کوردەکان پێکدێت، کۆمیسیۆنەکە هەڵدەستێت بە سەردانی ئەم ناوچانە ئەگەر دیتی پێویستە سەبارەت بە بڕیاردان و ساغکردنەوەی هەرچەشنە دەستکارییەک لە سنوورەکانی تورکیا بە گوێرەی مەرجەکانی پەیمانی سنوور لە نێوان تورکیا و ئێران.

2- بەندی (63): حکومەتی عوسمانی تورکی لەسەریەتی بڕیارەکانی هەر دوو کۆمیسیۆنەکە کە لە بەندی (62)دا وەریدەگرن، پەسندیان بکات و لە ماوەی سێ مانگ دوای ئاگادارکردنەوەی جێبەجێیان بکات.

3– بەندی (64): ئەگەر لە ماوەی ساڵێک پاش پەسندکردنی ئەم پەیماننامەیە، کوردەکانی دانیشتووی ئەو ناوچانەی کە بەندی (62) دەیان گرێتەوە،

پێشنیارێکیان بە ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان ڕاگەیاندو بیسەلمێنن کە زۆربەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە دەیانەوێ لە تورکیا جیابنەوەو، ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکانیش بۆی دەرکەوێ کە ئەو خەڵکە بە کەڵکن و شیاوی سەربەخۆیین، بە تورکیا دەسپێرێ کە سەربەخۆیی بدا بە کوردەکان و لە تورکیا جیاببنەوە. دەبێ تورکیا ڕاسپاردەکە پەسند بکاو لە هەموو مافێکی خۆی لەو مەڵبەندەدا دەست هەڵگرێ. بۆ وردەکاری ئەو مافانە دەبێ ڕێکەوتنێکی جیا لە نێوان هاوپەیمانان و تورکیا ببەسترێت، ئەگەر تورکەکان دەستیان هەڵگرت لەو مافانە ئەوکاتە هاوپەیمانان هیچ ڕەخنەیەکیان نابێت بەرانبەر بە کوردەکانی ویلایەتی موسڵ ئەگەر بە خواستی خۆیان ویستیان بچنە پاڵ ئەو حکومەتە کوردە وە، ئەوکاتە هاوپەیمانە گەورەکان هیچ چەشنە بەر پەرچدانەوەیەک ناکەن.

بەپێی پەیماننامەی (سیڤرە)، دەبوایە سنووری دەوڵەتی عوسمانی (پیاوە نەخۆشەکە) سەر لەنوێ دابەش بکرایەوە. پەیمانەکە بە فەرمی کوردستانی ناسیبوو، وە بە گوێرەی بەندەکانی (62، 63، 64)ی پەیمانی (سیڤرە)، دەبوایە دەوڵەتێکی کوردی ڕۆشنایی بدیبایە. بەڵام بە گوێرەی بەندەکانی (88-93)ی بەشی شەشەمی پەیماننامەی سیڤرە لەژێر ناوی (ئەرمەنستان)، مافی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ درابوو بە ئەرمەنییەکان. بە گوێرەی بەندی (89)ی پەیماننامەکە دەسەڵات درابوو بە (وودرۆ تۆماس ویلسۆن)ی سەرۆک کۆماری ئەمەریکا بۆ ئەوەی سنووری نێوان ئەرمەنستان و تورکیا دیاری بکات، ئەویش سەرەتا شارەکانی (ئەرزڕۆم، بەتلیس، تەرابزۆن و وان)ی لە کوردستان دابڕی بوو، کەچی لکاندبوویانی بە ئەرمەنستان – سەرچاوە: (محەمەد ئەمین زەکی، کورتەیەکی مێژووی کورد و کوردستان، بەرگی یەکەم، ل182 + دکتۆر مارف عومەر گوڵ، پێوەندی پرسی کورد بە یاسای نێودەوڵەتانەوە، ل13)، سەرای ئەوەی کە ڕێژەی ئەرمەن لە هیچ کامێک لەم چوار شارە یان ویلایەتە کوردستانیەدا نەدەگەیشتە (15%)ی دانیشتوان و، لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامیش لە باسی شارەکانی باکووری کوردستاندا، باسی ئەوەی کردووە کە بریتیین لە حەڤدە شارو بۆ نموونە هەر یەک لە شارەکانی (ئەرزڕۆم، ئەرزنجان، بەتلیس و موش)ی بە تەواوی بە شاری کوردنشین ناوبردووە – سەرچاوە: (کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا، ل5-6)،

کەچی ئەرمەنەکان بە پشتیوانی ڕۆژئاواو ئەمریکییەکانەوە ویستوویانە بیانکەن بە شاری خۆیان. جگە لەم چوار شارەی لە سەرەوە ناومان بردن، هەر بەپێی بەندی (89)ی پەیماننامەکە بۆ جاری دووەم سەرۆکی ئەمەریکا لە کۆتایی ساڵی (1920)دا، پێشنیاریکرد شارەکانی (ئەرزنجان و موشی)ش بخرێنە سەر دەوڵەتی ئەرمەنی. پێدەچێت ئەو بڕیارەی سەرۆکی ئەمریکی پشتی بەستبێت بە بڕیاری ئەو شاندە سەربازییەی کە خۆی بە سەرۆکایەتی (ژەنەڕاڵ جێمس هارفۆرد) پێکیهێناو، لە مانگی ئاوگۆست تا ئۆکتۆبەری ساڵی (1919) سەردانی تورکیا و باکووری کوردستانی کردبوو. شاندەکە سەرەڕای ئەوەی کە بە هیچ شێوەیەک ناوی کورد و کوردستانی نەهێنابوو، کەچی هەر یەک لە ویلایەتە کوردییەکانی (ئامەد، ئەرزڕۆم، بەتلیس، خەرپوت، سیواس و وان)ی بە خاک و نیشتمانی ئەرمەن دانابوو – سەرچاوە: (میخائیل سیمۆنەڤیچ لازاریڤ، المسألة الکوردیة (1917–1923)، ل160 + دکتۆر حامد مەحمود عیسا، القضیة الکوردیة في العراق، ل413–414). بەڵام دواتر لە ڕێکەوتنێکی نۆزدە خاڵی نێوان بزووتنەوەی خۆیبوونی کوردی و بزووتنەوەی تاشناقی ئەرمەنی لە ڕێکەوتی (29.10.1927)دا، بەپێی خاڵی (ب) مادەی دووەمی ڕێکەوتنەکە، بڕیاردرا کە هەر شەش ویلایەتەکەی ڕۆژهەڵات (باکووری کوردستان)، کە (ڕۆهات ئالاکۆم تەنیا ناوی ئەرزڕۆم، بەتلیس و وانی هێناوەو تەرابزۆنی نەنووسیوە) کە لە بنچینەدا هی کوردن و، سەرۆکی ئەمریکی بەپێی مادەی (89)ی پەیمانی سیڤرە دابوونی بە ئەرمەنەکان، پوچەڵ کرایەوە – سەرچاوە: (ڕۆهات ئالاکۆم، خۆیبوون و شۆڕشی ئاگری، وەرگێڕانی شوکور مستەفا، ل88+133). بەپێی ئەو ڕێکەوتنەی نێوان خۆیبوون و تاشناق هەر چوار ویلایەتەکەو دوانەکەی تریش (ئەرزنجان و موش) کە سەرۆکی ئەمریکی خستبوونیە سەر ئەرمینیا، بۆ سەر کوردستان گەڕانەوە. هەر لەبەر تەسککردنەوەی سنووری کوردستان و دابڕینی شەش ویلایەتەکەی ڕۆژهەڵات لە خاکی باکووری کوردستان بە گوێرەی پەیمانی سیڤرە، دیپلۆماتکارێک بەناوی (ڤان برۆنسن) جوانی بۆچووە کە دەڵێت: (پەیماننامەی سیڤرە ژوورێکی دا بە کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیان لەم ژوورەدا – سەرچاوە: فوئاد حەمە خورشید مستەفا، القضیة الکوردیة في المؤتمرات الدولیة، ل59). بەپێی بەندی (94)ی پەیماننامەی سیڤرە و بە پشت بەستن بە بڕگەی چوارەمی بەندی (22)ی دەستووری کۆمەڵەی نەتەوەکان دەوڵەتە

زلهێزەکان بڕیاریاندا دانبنێن بە دەوڵەتانی سوریا و ئێراق وەکو دوو دەوڵەتی سەربەخۆ. وە بە گوێرەی بەندی (95)یش بڕیاردرابوو کە ڕاگەیاندنەکەی بلفۆر (2.11.1917) جێبەجێ بکرێت سەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بۆ جولەکەکان لە ئیسرائیل – سەرچاوە: (میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، المسألة الكوردية (1917–1923)، ل203). بەپێی مادەی (132)ی پەیماننامەی سێڤرە بەریتانیا دەوڵەتیماندات بوو بەسەر ئێراق و دەوڵەتی عوسمانی تورک دەستی هەڵگرت لەگشت ماف و موڵکێکی خۆی کە لە ویلایەتەکانی بەغداو بەسرای ئێراق کە هەیبوو بۆ دەوڵەتە سوێندخۆرە سەرەکییەکان – سەرچاوە: (ئەحمەد خواجە، چیم دی، بەرگی یەکەم، ل111، کە لە پەرتووکی (كتاب السير ولسۆن)دا وەریگرتووە + دکتۆر محەمەد موزەفەر هاشم ئەلئەدهەمی، المجلس التأسيسي العراقي، الجزء الأول، ل244). هەر بە گوێرەی مادەی (240)ی پەیماننامەی ناوبراو لە سەرەوەدا، تورکیا پەسندی کردبوو کە تەواوی ئەو خاکانەی کە بەناوی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی عوسمانییەوە تۆماریان کردبوو، بیگەڕێننەوە بۆ خاوەنەکانیان – سەرچاوە: (دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، کوردستان لە سەردەمی ئاشتیدا، ل351). بەڵام خاک و زەویوزاری کوردیان لە باشوورو باکووری کوردستان نەگەڕاندەوە بۆ کورد خۆی بەڵکو بەشێکیان دا بە عارەب و بەشەکەی تریشیان بۆ خۆیان هێشتەوە. پەیماننامەی سێڤرە بەندەکانی (310–315)ی تەرخانکردبوو بە بابەتی نەوت بەگشتی و نەوتی کوردستان بەتایبەتی، بۆ نموونە لە بەندی (311)دا باسی ئەو کۆمپانیانەی دەرهێنانی نەوت دەکات کە بەر لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (1914)دا چیاوگی نەوتیان هەبووە، تەواوی مافەکانیان دەپارێزدرێ و گرێبەستەکانیان هەڵناوەشێنرێتەوە – سەرچاوە: (کامەران ئەحمەد محەمەدئەمین مەنتک، کوردستان لە نێوان ململانێی نێودەوڵەتیی و ناوچەییدا 1890–1932، ل179–180).

پەیماننامەی سێڤرە بوو کە سیفەتی یاسایی بە بەندو بڕیارەکانی کۆنگرەی سان ڕیمۆ و ڕژێم و دەستووری ماندات داوە. هەر لەو ساڵەدا، کاتێک کە لە ڕێکەوتی (23.4.1920)دا (ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانیی تورکیا) لە ئەنقەرە دامەزراو لە کۆبوونەوەکانی دواتریدا، ژمارەیەک لە سەرکردەکانی کوردیش لەنێویاندا: (ئیحسان نوری پاشا (1893–1976)، شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبێدوڵڵای نەهری/ شەمزینی، کە ئەندامی ئەنجومەنی سیناتی (پیرانی) تورکی و سەرۆکی کۆمەڵەی

بەرزی کوردستانی بوو، دواتر بەخۆی و سەید محەمەدو سەید عەبدوللای کوڕی و کەمال فەوزی، کور عەبدوللا سوعادی، پارێزەر حاجی ئاختی، پارێزەر محەمەد تۆفیق، دکتۆر فوئاد و خۆجە عەسکەری لە ڕێکەوتی (27.5.1925)دا، کە ژمارەیان نەوەد و یەک کورد بوو لە سێدارە دران، کە پێشتر بەتاوانی ئەندامێتی لە کۆمەڵەی بەرزی کوردستان و پێوەندی هەبوون بە سەرکردەی شۆڕشی کورد شێخ سەعیدەوە لە ڕێکەوتی (12.5.1925)دا دەستگیرکرابوون)، ئەمین عالی بەگ بەدرخان (1851–1926) و حەسەن خەیری، ئەندامی پارتی پێشکەوتن پەروەری کۆماری تورکیا و نوێنەری شاری دەرسیم بوو لە (ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانیی تورکیا)دا، لەسەر داوای کەمال ئەتاتورکدا بە جلوبەرگی کوردی بەشداری کۆبوونەوەکانی ئەو ئەنجومەنەی دەکرد، زۆر خزمەتی نەتەوەی تورک و مستەفا کەمالی کرد، کەچی لە کۆتایی ساڵی (1924)دا ئەتاتورک تەنگی پێ هەڵچنی، چونکە سەر بە پارتەکەی ئەو نەبوو، بۆیە حەسەن خەیری بە ناچاری پەنایبردە بەر سەید ڕەزای دەرسیمی. دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە ڕێکەوتی (8.2.1925)دا، حەسەن خەیری لە ڕێکەوتی (6.3.1925)دا نامەی بۆ دانیشتوانی دەرسیم ناردبوو داوای لێکردبوون کە ئارامی و ئاسایشی ناوچەکە بپارێزن و بێدەنگ و بێلایەن بن و ڕاپەڕین نەکەن لە دژی حکومەتی ئەتاتورک – سەرچاوە: (دکتۆر مانڤێل ئارسێنۆڤیچ هەسرەتیان – Manvel Arsenovic Hasratjan)، ڕاپەڕینی کوردان، وەرگێڕانی جەلال دەباغ، چاپی دووەم، ل63–64 + دکتۆر نوری دەرسیمی، دەرسیم لە مێژووی کوردستاندا، ل204)، کەچی دوای شکستهێنانی شۆڕشەکەی سەید ڕەزاو دەستگیرکردنی سەرکردایەتی شۆڕش بە بەڵێنی بەدرۆو بە فرتوفێڵ، ماوەیەکی زۆر کەم دوای ئەوانیش ئەتاتورک بڕیاری دەستگیرکردن و دادگاییکردنی حەسەن خەیری دەرکرد. ئەوەبوو حەسەن خەیری و برازایەکی گیران و، هەر لە ساڵی (1925)دا بە تۆمەتی پڕوپاگەندە کردنی کوردایەتی بە جلوبەرگی کوردییەوە لەگەڵ جەلال محەمەدی برازایدا لە سێدارەیدان – سەرچاوە: (دکتۆر نوری دەرسیمی، دەرسیم لە مێژووی کوردستاندا، ل204–213، ماڵپەڕی دەزگای موکریانی). یەکێک لە ڕاسپاردە هەرە بوێرەکانی حەسەن خەیری لە زیندان ئەوەبوو کە دوای لە سێدارەدانی تەرمەکەی لەسەر ڕێگایەکی گشتی بنێژن، بۆ ئەوەی هەر کوردێک بەو ڕێگایەدا تێپەڕی، تفێکی لێ بکات و نەفرەتی بۆ بنێرێت لە بری ناپاکی

نەتەوەیی و نیشتمانییەکەی – سەرچاوە: (عەلی تەتەر تۆفیق نێروەیی، الحياة السياسية في كوردستان 1908-1927، ل154). ئەوکاتەی کە حەسەن خەیریان برد بۆ لە سێدارەدان، ئەو بە هەموو دەنگی خۆی هاواریکرد (هۆ شێخ سەعید وا حەسەن کەریش بوو بە شەهید و هات بۆ لاتان – سەرچاوە: حەمە ڕەشید هەرەس، هۆ شێخ سەعید: کەر حەسەنیش بوو بە شەهید، ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە، ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی 20.3.2009). لەنێو ئەو (72) ئەندام پەرلەمانە کوردانە بوون کە نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان (شارەکانی ئامەد، ئورفە، بەتلیس، دەرسیم، مەلاتیەو وان)-یان دەکردو، هاوکاری (مستەفا کەمال) بوون، لە لایەک بەناوی کوردە وە لە دژی ڕاگەیاندنەکەی ڕۆژی (25.2.1920)ی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی بەریتانیا (سێر دیڤید لۆید جۆرج)، لە بەردەم ئەنجومەنی گشتی بەریتانیادا کە ڕایگەیاند کوردیش وەکو هەموو نەتەوە مافخوراوەکانی تری جیهان، مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی، مافی جیابوونەوە لە دەوڵەتی عوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆی هەیە، نامەیان بۆ بەریتانیا، فەرەنسا، کۆمەڵەی نەتەوەکان و سەرۆکی ئەمەریکی دەنارد، کە لە نامەکاندا هاتبوو: (ئێمە هەوڵ نادەین بۆ سەربەخۆیی، نامانەوێ کوردستان لە تورکیا جودا بێتەوە، بەڵکو برایەتی کورد و تورک-مان دەوێت – سەرچاوە: دکتۆر فەرهاد پیرباڵ، ژەنەڕاڵ شەریف پاشا (1865-1951)، ل31 + سەلام ناوخۆش، کوردستان چۆن داگیرکراو دابەشکرا؟، ل76)، لە لایەکی تریشەوە لە پەرتووکی (القومية الكوردية ودکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت)دا، دکتۆری ناوبراو نووسیوێتی: (لە ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانیی تورکیا – پەرلەمان – کورد حەفتاو دوو ئەندامی هەبوو، بە سەرۆکایەتی حەسەن خەیری نوێنەری دەرسیم، ئەتاتورک توانی بەوانە بسەلمێنێ کە کورد جیابوونەوەی لەگەڵ تورکی برای ناوێت، سیڤرەی ناوێت، سوڵتان و ئەستەمبۆڵ و شێخ عەبدولقادری شەمزینی و شێخ سەعیدی پیران (1868-29.6.1925)یان بە نەفام و ڕێز تێکدەری نەتەوەکانی برا ناوزەند کرد – سەرچاوە: (دەقەکانی کۆنگرەی سیڤەر و خوێندنەوەیەکی تر، خوێندنەوەی مەسعود عەبدولخالق، چاپی یەکەم، وەرگێڕانی سەلام ناوخۆش، ل53). بەو شێوەیە مستەفا کەمال شاندێکی ڕێکخست بۆ کۆنگرەی لۆزان بە سەرۆکایەتی (عیسمەت ئینینۆ و بەشداری دوو پەرلەمانتاری کورد کە بریتیبوون لە برینجی زادە عارف محەمەد فەوزی بەگ و برینجی زادە زولفی بەگ،

که هەر دووکیان نوێنەری شاری ئامەد بوون). ئەو دووانە بەناوی کورد بۆ لۆزان چوون و لەوێ وتیان: (ئێمە سێڤرەمان ناوێ و لۆزانمان دەوێ. ئێمەو تورک براین و، هیچ جیاوازییەک لە نێوانماندا نییە، هەروەها ئارەزووی جیابوونەوە لە تورک ناکەین – سەرچاوە: قەدری جەمیل پاشا (زنار سلۆپی)، مسألة کوردستان (60 عاما من النضال المسلح للشعب الکوردي ضد العبودية، ل71–72). دوای خامۆشکردنی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیران، مستەفا کەمال، برینجی زادە عارف محەمەد فەوزی بەگ و برینجی زادە زولفی بەگ-یشی گرت و هەر دووکیانی لە سێدارە دان. لەنێو پەرلەمانی ئەنقەرەش حوسێن عەونی نوێنەری ئەرزڕۆم و نوێنەری دەرسیم حەسەن خەیری، کە پێشتر فەرماندەی فەیلەقی کوردی سوپای عوسمانی بووە، کە بە جلی کوردی ئامادەی دانیشتنەکانی ناو پەرلەمان دەبوو، بەهەمان شێوەی دوو پەرلەمانتارە کوردەکەی کە لە سەرەوەدا ناوم هێنان، دەیگوت: (ئێمە سێڤرەمان ناوێت و لۆزانمان دەوێت، سوڵتانمان ناوێ و مستەفا کەمالمان دەوێ – سەرچاوە: (دەقەکانی کۆنگرەی سیڤەر و خوێندنەوەیەکی تر، خوێندنەوەی مەسعود عەبدولخالق، ل53). جگە لەوانەش کەسانی تری نیشتمانپەروەر هەبوونە کە داوای مافی نەتەوایەتی کوردیان کردووە بۆ نموونە لە (24.3.1920)دا، سەلیم بەکر بەگ، ئەمینداری گشتی پارتی دیموکراتی کورد (کە لە ساڵی 1919دا لە لایەن چەند ڕۆشنبیرێکی کورد لە ئەستەنبوڵ دامەزرا، کە دیارترینیان مەمدوح سەلیم بەگ، عەونی بەدرخان، بابان زادەی عەزیز بەگ و نەجمەدین حوسێن بوون)، سەبری، سەرۆکی کۆمەڵەی خۆیبوون و کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد، ئەمین عالی بەگ بەدرخان، جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی سەرکەوتنی کوردستان (17.12.1918)، باقی سەرۆکی کۆمەڵەی پڕوپاگەندەو مامۆستا نەهری ماروف و کەمال فەیزی بەناوی ڕۆژنامەنووسانی کوردە وە، بروسکەیەکیان لە ڕێگای (ئەدمیراڵ سێر کالسورب) نوێنەری باڵای بەریتانیا (مەندوبی سامی) لە ئەستەنبوڵ ناردووە بۆ سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی بەریتانیا (سێر دێڤید لۆید جۆرج)، سەبارەت بەو لێدوانەی کە ناوبراو لە ڕۆژی (25.2.1920)دا لە بەردەم ئەنجومەنی گشتی بەریتانیادا دابووی، کە ئەمەش دەقی بروسکەی کوردەکانە بۆ ناوبراو: (خاوەن ڕێز سێر لۆید جۆرج سەرۆک وەزیرانی میری خاوەنشکۆ ئێمە کە لە خوارەوە واژۆمان کردووە، نوێنەرانی ڕێکخراوە ڕامیارییە کوردییەکانین، کە لە ڕۆژی (25)ی فێبریوەری لە

بەردەم ئەنجومەنی گشتی بەریتانیادا داتان، سەبارەت بە ڕزگاری گەلی کورد، ئێمە بۆتان دووبارە دەکەینەوە کە ئەوپەڕی باوەڕمان بە هێزە هاوسوێندەکان هەیە، بۆیە داوای یارمەتی لە میری بەریتانیا دەکەین بۆ گەشەکردنی وڵاتەکەمان لە چوارچێوەی نەتەوەییماندا – سەرچاوە: دکتۆر وەلید حەمدی، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، ل277). عەلی شان بەگ-یش بروسکەیەکی نارەزایی بەناوی سەرۆکی کوردانی (ئالعەزیز، دەرسیم، سیواس و قۆچگیری) لە ڕێکەوتی (29.4.1920)دا، بۆ ئەستەمبۆڵ ناردووەو کۆمەڵەی بەرز وێنەی بروسکەکەی بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان، دەوڵەتانی ئەوروپاو تەواوی باڵوێزخانەکانی بیانی لە ئەستەمبۆڵ ناردووە، کە تیایدا هاتووە: (مستەفا کەمال پاشا هەر لەخۆیەوە بەناوی (72) نوێنەری کوردە وەو بێ پرس پێکردنیان ئەو بروسکەیەی بۆ ئەوروپا ناردووە، کە گوایا کوردستان جیابوونەوەو سەربەخۆییان ناوێت. ئەمە هەڵبەستراوەو ئەو کارە بێدەنگ وەرگرتنی گەلی کورد و بێ ئاگاداری سەرۆکەکانی کوردستان کراوە. ئێمەی سەرۆکی کوردان بە خوێن و چەک لایەنگیری سەربەخۆیی کوردستان دەکەین – سەرچاوە: ئومێد ئاشنا، ئیسماعیل حەقی شاوەیس: ژیان و بەرهەمەکانی ئیسماعیل حەقی، ل44-45). ئەوەی جێگەی نیگەرانییە ئەوەیە کە (ئەمین عالی بەگ بەدرخان) هەم لەگەڵ ئەوانەدایە کە برایەتی کورد و تورکیان دەوێ و سەربەخۆییان ناوێت، هەم لەگەڵ ئەوانەشدایە کە ڕزگاری و جیاکردنەوەی کوردستانیان لە تورکیا دەوێت! هەروەها ئەمین عەلی بەدرخان لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی (بوسفۆر) گوتویەتی: (ئێمە سوڵتانی عوسمانی هەر بە خەلیفە دەناسین و داوای جیابونەوە ناکەین، جا بەهەر چەشنێک بێ ئێمە لەگەڵ ئەواندا دەمێنینەوە – سەرچاوە: کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی 19-20دا، ل69). بەهەمان شێوە شێخ عەبدولقادری شەمزینی، لە دیدارێکیدا بۆ ڕۆژنامەی (تەسویری ئیفکار)دا دەڵێت: (بە ڕاستی ئەوە کارێکی زۆر هەڵەیە کە کورد هەڵوێستی بێ لە تورک جودابێتەوە، ئەمن بە بەشیخۆم بەوکارە بەڵێنی نادەم – سەرچاوە: کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی 19-20دا، ل70). هەر شێخ عەبدولقادر لە ڕێکەوتی (27.3.1920)دا بۆ ڕۆژنامەی (ئیقدام) دواوەو باسی ئەوەی کردووە کە ئەو پشتیوانی لە ئۆتۆنۆمی دەکات بۆ کورد و، دژی سەربەخۆیی کوردستان دەوەستێتەوە – سەرچاوە: (سەلیم قادر شەمۆ، موقف الكورد من حرب الاستقلال

التركية 1919-1922، ل156). هەر سەبارەت بە لێدوانەکانی شێخ عەبدولقادری شەمزینی، قەدری فوئاد جەمیل پاشا (زنار سلۆپی 1892-1973)، لە لاپەڕە (69)ی پەرتووکی (مسألة كوردستان (60 عاما من النضال المسلح للشعب الكوردي ضد العبودية)دا نووسیویێتی: (دوای ئەوەی ڕۆژنامەکانی تورکی ڕەخنەی زۆریان ئاراستەی شێخ عەبدولقادر کردو بە دووفاقی تاوانباریان کردو، داوایان لێکرد یان دەست لە سەرۆکی ئەنجومەنی حکومی بکێشێتەوە یان واز لە داواکاری سەربەخۆیی کوردستان بهێنێت. سەبارەت بە وەڵامدانەوەی بۆ ڕۆژنامەکان شێخ عەبدولقادر ڕایگەیاند، کە کوردەکان داوای سەربەخۆیی بۆ تورکیا و مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان دەکەن). ئەم لێدوان و دەربڕینانەی سەرەوە، کە هەر جارەی بەشێوەیەکە، ڕاڕایی و پابەند نەبوونی سەرکردەکانی کورد دەردەخات بەرانبەر بە بیری سەربەخۆیی نەتەوایەتی کورد و دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ لەسەر خاکی کوردستاندا، کە بووە هۆی دەرکردنی شێخ عەبدولقادر لە سەرۆکایەتی کۆمەڵەی بەرزی کوردستان لە ناوەڕاستی مانگی نیسانی ساڵی (1920)و، دواتریش دابەشبوونی کۆمەڵەکە بۆ دوو باڵی دژ بەیەک.

هەروەها کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغدا (سێر ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن)، لە بروسکەیەکی خۆیدا بە ژمارە (8020)ی ڕۆژی (3.7.1920)دا کە بۆ حکومەتی بەریتانیای ناردووە، یاداشتێکی شەست و دوو سەرکردەی کوردی هاوپێچ کردووە، کە لە پێناوی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە باشووری کوردستان داویانە بە ناوبراو بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە لەندەن. کۆمیسیاری باڵا لەم بروسکەیەدا نووسیویێتی: (یاداشتێکم وەرگرت بە واژۆی (62) کەس تیایاندا هەموو سەرکردەی هۆزە کوردەکان و خەڵکی پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و موسڵ کە ئەمە دەقەکەیەتی: ئێمە فەرماندە - سەرکردەی- گەلی کوردین، حەزدەکەین بە دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە نیشتمانەکەمانداو لەژێر ڕاسپاردەی بەریتانیادا، کە لەگەڵ ئێراقدا تێکەڵ بێ و بەهەمان چاوی ئێراق سەیر بکرێ کە ئێراقی پێ سەیر دەکرێ و بە یەکبوونی بەرژەوەندیە هاوبەشەکان.. باج وەرگرتن و یاساو سیستەمەکانی تر لە ناوچە کوردییەکاندا پشت بە دەستوور ببەستێ، ئەگەر ئەمانەمان پێ ببەخشرێ، ئێمە بەڵێنتان دەدەینێ کە کاروبارەکانمان هەمیشە وەک حەزو ئارەزووەکانی حکومەتی خاوەنشکۆ دەبێ – سەرچاوە: دکتۆر وەلید حەمدی، کورد و کوردستان

له بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، ل87). خاڵی لاوازی ئەم یاداشتە ئەوەیە، کە ئەو سەرکردە کوردانە داوا دەکەن باشووری کوردستان تێکەڵ بە ئێراق بکرێت. ئەوەی ئەو سەرکردە کوردانە داوایان کردووە دووشتی دژ بەیەکن، چونکە ئەوان لە لایەک داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ دەکەن، کەچی لە لایەکی ترەوە داوا دەکەن ئەو دەوڵەتە کوردییە سەربەخۆیە تێکەڵ بە ئێراق بکرێت، کە بەمەش سەربەخۆییەکەی خۆی لەدەست دەدات!

پەیمانی سیڤرە، سەرەڕای هەموو کەموکوڕییەک و جێبەجێ نەکردنیشی، بایەخێکی یەکجار زۆری هەبووە بۆ نەتەوەی کورد و کوردستان، چونکە بەدەستهێنانی دانپێدانانێکی نێودەوڵەتی بوو بۆ کورد لە مافی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ، ئەوە شتێکی نوێ و وەرچەرخانێکی زۆر گەورە بوو لە مێژوودا ، کە پێشتر هیچ بڕیارێک یان پەیماننامەیەک دانپێدانانێکی وای لەخۆیدا نەگرتبوو بۆ کورد و کوردستان، بەتایبەتیش ئەگەر ئەو بڕیارو دانپێدانانە بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد، لە گەورەترین دەزگاو دەسەڵاتی نێودەوڵەتییەوە دەرچووبێت، کە بێگومان ڕەوایەتی یاسایی و دەستووری وەردەگرێت! بەڵام هەروەکو کورد دەڵێت: (مانگ لەچواردە حەوجە بە ئەنگوستان نیە)، دیاربوو کە ئەو پەیمانە (سیڤرە) نە لە لایەن بەریتانیا و هاوپەیمانەکانی وە نە لە لایەن تورکیاشەوە جێبەجێ ناکرێت، ئەمەش زۆرتر لەبەر هۆکاری چاوتێبڕینی عارەب و ئینگلیزەکان بە پلەی یەکەم و تورکەکان بە پلەی دووەم بووە لە کانە نەوتەکانی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)، بۆ ڕاستی ئەو بۆچوونەش ئاماژە بە وتەیەکی لۆرد کورزۆنی وەزیری دەرەوەی بەریتانی دەکەم کە گوتوویەتی: (بەریتانیا لە پێناوی نەوتەوە بەشداری جەنگی (جەنگی یەکەمی جیهانی) کرد – سەرچاوە: عومەر محەمەد محەمەد کەریم، القضية الكوردية في الصراع البريطاني العراقي 1918-1932، ل55).

سەبارەت بە سەرەداوی جێبەجێ نەکردنی پەیمانی سیڤرە ئاماژەکان زۆرن، بۆ نموونە بەر لەوەی پەیماننامەی سیڤرە مۆربکرێ، کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغدا (ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن) لە بروسکەیەکدا بۆ وەزارەتی هیند، جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە: (دەوڵەتی نوێی داهاتوو لە ئێراق دەبێت هەر سێ ویلایەتەکانی موسڵ، بەسراو بەغدا لەگەڵ دێرەزور بگرێتەوە – سەرچاوە: ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن، بلاد مابين النهرين بين ولاءين، الجزء الثاني، ل371). (میخائیل سیمیۆنەڤیچ

لازاريڤ)يش، له لاپەڕه (170)ی پەرتووکی (المسألة الكوردية 1917–1923)دا، نووسیویێتی: (کورزۆن له (28.2.1920)دا به ڕاشکاوی گوتی: ئینگلیزەکان دوای ئەوەی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان)یان وەدەست هێنا، هەرگیز چاویان نابڕنه نەوتەکەی، بەڵکو له هەمانکاتدا ئامادەن ڕێوشوێنی پێویست بخەنه ئەستۆی خۆیان له پێناوی پاراستنی دانیشتوانه ناوخۆکەی له هەر دەست درێژییەکی دەرەکی). پێم وایه ئینگلیزەکان مەبەستیان له دەست درێژی دەرەکی تورکەکانه نەک عارەبەکان، چونکه ئەوان خۆیان له لایەک باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)یان به ئێراقەوه لکاندو کوردیان خسته ژێر هەڕەشەو مەترسی عارەب، له لایەکی تریش نەک کوردیان له هەوڵی لەناوبردن له لایەن عارەبەوه نەپاراست (که پێدەچێت ئینگلیزەکان به مەترسی یان کێشەیەکی ناوەخۆی بزانن و دەمێک بێت بڕیاری لکاندنی باشووری کوردستان به ئێراقەوه لەلای ئەوانه کۆتایی پێ هاتبێت)، بەڵکو به چەک، سوپا، هێزی ئاسمانی و پشتیوانی ئەوان بوو بۆ عارەب بەزۆر کوردستانیان به ئێراقەوه لکاندو کوردیان سەرکوت کرد. ئاماژەکانی جێبەجێ نەکردنی پەیماننامەکه له لایەن ئینگلیزەکانەوه هەرزوو سەریان هەڵدا، بەر له بەستنی پەیماننامەی سێڤرە، ئینگلیز له ڕێکەوتی (13.4.1920)دا کۆبوونەوەیەکیان له وەزارەتی دەرەوەدا به سەرۆکایەتی وەزیری دەرەوه (لۆرد کورزۆن) و به بەشداری نوێنەرانی هەر یەک له وەزارەتەکانی دەرەوە، کۆڵۆنییەکان، شەڕ، ئاسمانی و وەزارەتی کاروباری هیند بەست. لەوێدا هەموو وەزارەتەکان لەسەر ئەوه پێکهاتن کە: (بەریتانیا باشووری کوردستان به بەشێک له میسۆپۆتامیا (که مەبەستیان ئێراقه) دەزانێ – سەرچاوە: ڕۆبەرت ئۆلسن، ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، ل93–98). بەپێی بڕیاری وەزارەتەکانی بەریتانی له کۆبوونەوەی ناوبراو له سەرەوەدا، دەردەکەوێت که ئەوان بەر له بەستنی پەیمانی سێڤرە بڕیاری یەکلاییکردنەوەی پرسی باشووری کوردستان واته (ویلایەتی موسڵ)یان داوەو، نەخشەو پلانی شاردراوەی خۆیان هەبووه بۆ کارکردن له پێناوی جێبەجێکردنی نەخشەکانیاداو، دواتر به ئاشکەرا بەشداری هەر کۆبوونەوەیەکیان کردبێ یان هەر ڕێکەوتن و پەیمانێکیان مۆرکردبێ تەنیا بۆ سوود وەرگرتن بووه له کات و لەناخەوه باوەڕیان پێی نەبووە. پاشان له کۆنگرەی (سان ڕیمۆی 19هەتا 26.4.1920)دا که یاسای سەرپەرشتیکردن (ماندات)ی بەریتانیا بەسەر میسۆپۆتامیا وەکو بڕیارێک سەپێندراو،

بە گوێرەی مادە (4)ی یاسای ئەو سەرپەرشتیکردنە، باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)و ئێراقی بە یەک خاک ناوبردووەو هیچ جیاوازییەکی لە نێوان ئەو دوو خاکە نەکردووە، لەکاتێکا کە باشووری کوردستان میسۆپۆتامیای سەروو و ئێراق میسۆپۆتامیای خواروو بووە. مادەی چواری ناوبراو دەڵێ: (پێویستە دەوڵەتی سەرپەرشتیکار ئەوە بخاتە بەرچاو کە بە هیچ جۆرێک نابێ بەشێک لە بەشەکانی میسۆپۆتامیا (مەبەستیان لە میسۆپۆتامیا هەر دوو بەشەکەی میسۆپۆتامیا بوو، میسۆپۆتامیای سەروو کە (باشووری کوردستان) و میسۆپۆتامیای خواروو (هەر دوو ویلایەتەکانی بەغداو بەسرای عارەبی) دەگرتەوە – دەرسیم) وازی لێ بهێنرێ و بدرێ بە هیچ لایەک یا ببەخشرێ بە هیچ دەوڵەتێک یاخود بخرێتە ژێر دەسەڵاتی بێگانەوە – سەرچاوە: محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، ل7+639). گومان لەوەدا نیە کە مەبەستی هەر دوو لایەنی بەریتانی و ئێراقی لە (ڕێگە نادەن هیچ لایەنێک بەشێکی میسۆپۆتامیا ببات)، کوردە و (پەسەندی ئەوە ناکەن کە پارچەیەک لە ئێراق بدرێت بە لایەنێکی تر)، مەبەستیان لە (بەشێکی میسۆپۆتامیا) کوردستانە و مەبەستیشیان لە (نابێ وازی لێ بهێنرێت و بدرێت بە لایەنێکی تر) دیسان لایەنی کوردییە. لە لایەک هەر هەمان ئەو ڕۆژەی کە پەیماننامەی سیڤرەی تێدا واژۆکرا، ڕێکەوتنێکی سێقۆڵی لە نێوان بەریتانیا، ئیتاڵیا و فەرەنسا واژۆکرا لە پێناوی دابەشکردنی باکووری کوردستان – سەرچاوە: (نەجم عومەر سوورچی، مصير ولاية الموصل (كوردستان الجنوبية) ما بعد عام 2000، ل44)، بە هەمان شێوە دکتۆر کەمال مەزهەریش، لە (کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی حوکمەتی بەریتانی)دا، دەڵێت: (ئەو ڕۆژەی جاڕی پەیماننامەی سیڤرە درا ئیتاڵیا، بەریتانیا و فەرەنسا کۆببونەوە بۆ دابەشکردنی کوردستان – سەرچاوە (دەقەکانی کۆنگرەی سیڤەر و خوێندنەوەیەکی تر، خوێندنەوەی مەسعود عەبدولخالق، وەرگێڕانی سەلام ناوخۆش، چاپی یەکەم، ل34). هەر لە خودی پەیماننامەی سیڤرەدا، کاتێک مادەی (27) سنووری نێوان تورکیا و میسۆپۆتامیای خواروو (عارەبی) دیاریدەکات، وەک ئەوەی کە نە کوردستان و نە مادەکانی (62–64)ی پەیماننامەی ناوبراو بوونیان هەبێت وایە – سەرچاوە: (دەقەکانی کۆنگرەی سیڤەر و خوێندنەوەیەکی تر، خوێندنەوەی مەسعود عەبدولخالق، وەرگێڕانی سەلام ناوخۆش، ل49). کەچی لە لایەکی تریشەوە

باوەڕپێکراوی پایەبەرزی پێشووی بەریتانیا لە بەغدا (سێر پێرسی زەکەریا کۆکس)، لە یەکەم ڕۆژی دەست بەکاربوونییەوە وەکو کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغدا لە ڕێکەوتی (11.10.1920)دا، ڕایگەیاند: (حکومەتی بەریتانیا منی ناردووە بۆ ئەوەی لەگەڵ پیران و سەرکردەکانی ئێراق ڕێککەوم، لە پێناوی هاوکاریکردنیان لەپێناو دامەزراندنی حکومەتێکی عارەبی سەربەخۆ لەژێر سەرپەرشتی خۆمدا – سەرچاوە: مەحمود ئەلدوڕە، القضية الكوردية، الطبعة الثانية، ل113)، هەر سێر پێرسی کۆکس، لە ڕێکەوتی (25.10.1920)دا، واتە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنی حکومەتی ئێراقی و ڕێک دوای دوو مانگ و نیو بەسەر تێپەڕبوونی پەیماننامەی سیڤرەدا، نامەیەکی بۆ سەرۆک وەزیرانی ئێراقی (عەبدولڕەحمان گەیلانی نەقیب 1841–1927) ناردووەو، لەو نامەیەدا باسی ئەوەیکردووە کە دەیانەوێت ناوچەکانی کوردنشین (کوردستان) بە ئێراقەوە ببەستنەوە – سەرچاوە: کاکە مەم بۆتانی، لە دوو توێی یادداشتی شاردا، چاپی سێیەم، ل41). بێ هیچ گومانێک مەبەستی ئینگلیز لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی عارەبی لە ئێراق، دامەزراندنی دەوڵەتێکە کە هەر دوو ویلایەتی بەغداو بەسرای عارەبی لەگەڵ ویلایەتی موسڵی کوردی بگرێتەوە، وە مەبەستی پێرسی کۆکسیش لە بەستنەوەی ناوچە کوردییەکان بە ئێراقەوە، لکاندنی زۆرەملێیانەی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)ە بە ئێراقەوە. سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا (وودرۆ تۆماس ویلسۆن)، لە نامەیەکدا کە لە ڕێکەوتی (22.11.1920)دا، سەبارەت بە نێوبژیوانی خۆی لە پێناوی دیایکردنی سنووری ئەرمینیا بۆ ئەنجومەنی باڵای وڵاتانی هاوپەیمانی نووسیوە، دەڵێت: (ئەو خاکانەی کە زۆربەی دانیشتوانەکانی کوردن یان تورکن پێویستە سەر بە تورکیا بمێننەوە – سەرچاوە: (میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، المسألة الكوردية (1917–1923)، ل293)، بێگومان ئەو نامەیەش کاریگەری خۆی هەبووە بەسەر هەڵوێست گۆڕینی بەریتانیا و هاوپەیمانەکانی سەبارەت بە پرسی کورد و کوردستان، بەتایبەت پەشیمان بوونەوەی هەموو لایەک لە خاڵەکانی پەیوەست بە کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بۆ کورد کە بە گوێرەی پەیماننامەی سیڤرە بڕیاری لەسەر درابوو. لە مانگی دیسامبەری ساڵی (1920)دا واتە دوای تێپەڕبوونی چوار مانگ بەسەر مۆرکردنی پەیماننامەی سیڤرەدا، سێر پێرسی کۆکسی کۆمیساری باڵای بەریتانی لە ئێراق، نەخشەی

پڕۆژەیەکی بۆ داهاتووی ئێراق داڕشتبوو، بە گوێرەی ئەو پڕۆژەیە خاڵەکانی پەیوەست بە کوردی ناو پەیمانی سیڤرەی فەرامۆش کردبوو، وە تەواوی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)ی خستبووە ناو سنووری ئەو ئێراقی ئاییندەیەی کە خۆی نەخشەی بۆ کێشابوو – سەرچاوە: (دکتۆر عەزیز شەمزینی، جوڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان، چاپی چوارەم، ل225 + دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، بەرگی یەکەم، ل347–348). دیسان هەر دوای تێپەڕبوونی نزیکەی چوار مانگ و نیو بەسەر پەیمانی سیڤرەدا، بەریتانییەکان لە ڕێکەوتی (24.12.1920)دا باسی ئۆتۆنۆمییان بۆ کورد هێنایە گۆڕێ، ئەوە لەکاتێکا کە هێشتاکە پەیمانی سیڤرە نەکەوتبووە واری جێبەجێکردنەوە – (هەروەکو لە یەکێک لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی کۆلۆنیالی بەریتانیدا بەم ژمارەیە تۆمارکراوە: (FO371/6467 Colonial Office, 12 April 1921 FO)، سەبارەت بە کورد و کوردستان، تەنیا باس لە بەڕێوەبەرێتییەکی ئۆتۆنۆمیداری ناوخۆیی دەکرێت بۆ کورد و هیچیتر – سەرچاوە: دکتۆر وەلید حەمدی، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، ل98). نزیکەی شەش مانگ و نیو دوای بەستنی پەیماننامەی سیڤرە و نزیکەی مانگێک بەر لە بەستنی کۆنگرەی قاهیرەدا، کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغدا (سێر پێرسی زەکەریا کۆکس) بە نووسراوی ژمارە (3330/4)ی ڕێکەوتی (22.2.1921)دا، کە ناردوویەتی بۆ حکومەتی تازە دامەزراوی ئێراقی و فەرمانیان پێدەدا کوردستانی خواروو بخەنە سەر ئێراق – سەرچاوە: دەقەکانی کۆنگرەی سیڤەر، چاپی یەکەم، وەرگێڕانی سەلام ناوخۆش، خوێندنەوەی مەسعود عەبدولخالق، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، ل45، کە لە عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی، تأريخ الوزارات العراقية، ل34 وەرگیراوە، بەڵام بەداخەوە ژمارەی بەرگەکە نەنووسراوە). هەر لە هەمان ڕۆژدا واتە (22.2.1921)دا مس گیرترۆد بێڵ (گێرترۆد مارگەرێت لۆوسیان بێڵ)ی سکرتێری نوێنەری باڵای بەریتانی لە بەغدا (سێر پێرسی کۆکس) نامەیەکی بۆ سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانی ئێراقی ناردووە، کە ناوبراو لە نامەکەیدا داوای لە ئەنجومەنی وەزیرانی ئێراقی دەکات کە داوای لکاندنی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بە ئێراقەوە بکەن. ئەنجومەنی وەزیرانی ئێراقیش لەسەر داواکاری ئینگلیز و بە پشت بەستنیان بەو نامەیەی سکرتێری سێر پێرسی زەکەریا کۆکس، لە

ڕێکەوتی (7.3.1921)دا بە نامەیەک داوا لە ئینگلیز دەکەن کە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بخەنە سەر ئێراق – سەرچاوە: (ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیژیی ئێراق و سێکوچکەی بەعسیان: تەرحیل تەعریب تەبعیس، ل84). ئەم نامەیەی سەرەوە ئاواتی لەمێژینەو مەبەستی هەرە سەرەکی ئینگلیز و عارەبی ئێراقی دەپێکا، هەر بۆیەش بە هەردوو لایان تەواوی تواناو کۆششەکانی خۆیان خستەگەڕ بۆ هێنانەدی ئەم مەبەستەیان تا لە کۆتایی ساڵی (1925)دا بەدەستیان هێناو باشووری کوردستان بەزۆر بە ئێراقەوە لکێنرا. وە بە گوێرەی لاپەڕە (79)ی پەرتووکی (القضية الكوردية والمؤتمرات الدولية)ی عومەر عەبدولعەزیز هەورامانی، مس گیرترۆد بێڵ باسی ئەوەی کردووە کە ئینگلیزەکان لە هیچ کاتێکدا لە نێوان ساڵانی داگیرکردنی باشووری کوردستان و ئێراقدا نە نیازو نە پلانی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیان نەبووە لە باشووری کوردستان، بەڵکو تەواوی هەوڵەکان تەنیا مانۆڕێک بووە لە لایەنی ئینگلیزەوە بۆ تەفرەدانی کورد - سەرچاوە: (پارتی دیموکراتی کوردستان – مەکتەبی سیاسی – مەکتەبی ناوەندیی دیراسات و تۆژینەوە، نەوتی کوردستانی ئێراق نەوت و چارەنووسی سیاسی کورد و کوردستان، بەشی دووەم، ل34). ئەم قسانەی مس گیرترۆد بێڵ کۆتایی بە هەوری تەماوی و هەموو گومانێکی کورد دەهێنێت سەبارەت بە پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی لە لایەن ئینگلیزەوە. لە بەڵگەنامەیەکی ئینگلیزەکان لە ئێراق کە بە ژمارە ( .C 16- 730 .O)ی ڕێکەوتی (26.11.1921)دا تۆمارو ئەرشیف کراوەو ڕاپۆرتێکی تێدایە، ڕاپۆرتەکە باسی یاداشتنامەیەکی (مێجەر ئارنۆڵد هیوبەرت یۆنگ) دەکات لەسەر کورد و، لە بەشێکی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: (سێر پرسی کۆکس وای لاباشە کە وشەی ئێراق بەجۆرێک بەکاربهێنرێ کە لەپێش شەڕەوە (مەبەستی جەنگی یەکەمی جیهانییە) هەر ناوی ئێراق بووەو، ناوی کوردستان هەرچۆنێکی ناوببرێ پێویستە بە بەشێک لە ئێراق بژمێردرێ، ئەگەرچی بۆ ناچاریش بۆ ماوەیەکی کاتی لە ئێراق جیابکرێتەوە - سەرچاوە: محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، ل106–108). دیسان بە گوێرەی خاڵی (8)ەمی پەیماننامەی ئەنگلۆ – ئێراقی کە لە ڕێکەوتی (10.10.1922)دا لە نێوانیاندا مۆرکرابوو، هاتووە کە: (نە بەریتانیا و نە ئێراق سازش لەسەر هیچ بەشێکی خاکی ئێراق ناکەن و، ڕێگە نادەن کە هیچ لایەنێکی تر (لایەنی سێیەم)

بەشێکی ئێراق ببات، هەروەها هیچیان پەسەندی ئەوە نەکەن کە پارچەیەک لە ئێراق بدرێت بە لایەنێکی تر – سەرچاوە: ئەلبێرت میخائیلۆڤیچ مینتیشاشڤیلی، العراق في سنوات الأنتداب البريطاني، ل394). مەبەستیش لە سازش نەکردن لەسەر پارچەیەک یان بەشێکی ئێراق ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بوو، چونکە بەریتانیا لەکاتی گفتوگۆی پەیمانی ساڵی (1922)دا، بەڵێنی بە ئێراق دابوو کە لە چارەسەرکردنی پرسی ویلایەتی موسڵ، پارێزگاری لە مافی ئەو دەوڵەتەدا بکات و بەرژەوەندی ئێراق فەرامۆش نەکاتن. هەر ئەو گفت پێدانەی ئینگلیزەکان بوو وای لە ئەنجومەنی دامەزرێنەری ئێراقی کرد، کە لە ڕێکەوتی (11.6.1924)دا داوای پاراستنی مافی ئێراق لە ویلایەتی موسڵ بکات بە مەرجێک بەسەر بەریتانیادا، لە بری بڕیاردان لەسەر ڕێکەوتنەکە – سەرچاوە: (مریەم عەزیز فەتاح، تحليل العوامل التي رسمت الحدود العراقية – التركية، ل9). هەر لە کۆتایی ساڵی (1922)دا (ڕۆژنامەی عارەبی بەغدا) کوردیان هەراسان کردبوو بەوەی کە باشووری کوردستان-یان بە پارچەیەکی ئێراق و حکومەتی کوردستان-یشیان بە شورای بەڕێوەبەرێتی کوردستان ناودەبرد، بۆیە ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان لە ژمارەی ڕۆژی (27.12.1922)دا، بەمشێوەیە وەڵامیان دەداتەوە: (ڕۆژنامەی عارەبی بەغدا بە جۆرێک باسی کوردستان دەکا، هەروا دەزانێ بەشێکە لە ئێراق و پێی دەڵێ پارێزگاری سلێمانی، چونکە پێوەندیی باشی بازرگانی و ئابووریی لەگەڵ بەغدادا هەیە. بە کابینەی کوردستان دەڵێ: "شورای کوردستان" ئەو قسانە زۆر جێی داخن – سەرچاوە: حوسێنی مەدەنی، کوردستان ئیستراتیژیی دەوڵەتان، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، ل332 + ل342 لە چاپی دووەمی ساڵی 2009). بە بێ هیچ گومانێک ڕووی ڕاستەقینەی ئینگلیزەکان لە ڕاپۆرتێکی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغدا (سێر هێنری ڕۆبەرت کۆنوای دوبس)دا دەردەکەوێ، کە لە ڕێکەوتی (10.2.1926)دا بە ژمارە (NO. G. 4306 – C. O. 730-92)دا بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی ناردووەو تەنانەت مافی ئۆتۆنۆمیش کە سەرەتاییترین مافە بۆ ئەو کەمە نەتەوانەی کە خاوەنی خاکی خۆیان نین و لەسەر خاکی نەتەوەکانی تردا دەژین، بۆ کورد کە خاوەنی خاکی خۆیەتی و خاکەکەی (باشووری کودستان یان ویلایەتی موسڵ)ەو بەزۆر خراوەتە سەر ئێراق بەڕەوا نازانێت، فەرموون ئەوەش بەشێکە لە ڕاپۆرتەکەی سێر هێنری دوبس کە تیایدا هاتووە: (هەتا بەهاری ساڵی

(1923) بڕیاربوو ئۆتۆنۆمی ناوەخۆ بدرێ بە کورد، بەڵام دەرکردنی ئۆردووی تورک لە ڕواندز لە ساڵی (1923)دا، ئەنجامی ئەو داگیرکردنە زۆر گۆڕینی هێنایە ئاراوەو ئاسایش و ئارامی و تیرو تەسەلی لەناو خەڵکدا وایکرد کە ئیتر پێویست بە ئۆتۆنۆمی نەکا بۆ کورد – سەرچاوە: محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، ل646). پێشدەچێت ئینگلیزەکان تەنیا وەکو تاکتیک و بۆ مەبەستێکی تایبەتی خۆیان لە پەیماننامەی سیڤرەدا دانیان نابێ بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی و سەربەخۆیی کوردستان، بۆ ئەوەی وەکو کارتێکی فشار لە دژی عارەب و تورک بەکاری بهێنن هەرکاتێک کە نەیانەوێت سەر بۆ داخوازییەکانی ئەوان دانوێنن، ئەگینا کۆمیسیاری باڵای بەریتانی سێر پێرسی کۆکس لەو باوەڕەدابووە کە ئەگەر بەریتانیا بتوانێ تورکەکان بێنێتە ڕایێ، ئەوا بەریتانیا بێگوێدانە پەیمانی سیڤرە ئامادە دەبێ دەست لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ (باکووری کوردستان) هەڵگرێ، بەمەش ئەنقەرە واز لە خەونەکانی خۆی لە ویلایەتی موسڵ دەهێنێ – سەرچاوە: (پرۆفیسۆر دکتۆر میم کەمال ئۆڤە، کرنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ 1918–1926، ل33). بە گوێرەی ئەم بۆچوونانەی کۆمیسیاری باڵا بۆمان دەردەکەوێت، کە تاکە ئاواتی ئینگلیزەکان دامەزراندنی دەوڵەتێکی عارەبی بووە بۆ عارەبەکان و لکاندنی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بووە بەم دەوڵەتە عارەبییەوە، بە بێ ئەوەی بیر لە هیچ مافێکی کوردەکان بکەنەوە یاخود بەرژەوەندییەکانیان ڕەچاو بکەن، هەروەکو کۆمیسیاری باڵای بەریتانی ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن، کە لە لاپەڕە (34)ی بەرگی سێیەمی پەرتووکی (بلاد مابین النهرین بین ولاءین خواطر شخصیة وتأریخیة)دا، بۆچوونەکەمان پشتڕاست دەکاتەوە کە نووسیوێتی: (پێویست بوو لەسەرمان بە هەموو ڕێگایەک کە لە دەستمان بێت هەر هەوڵێکی جیابوونەوەی کوردەکانی فارس (ئێران) لە حکومەتی فارس شکست پێبێنین، هەروەها پێویست بوو لە سەرمان کە واز لە کوردەکانی دەرەوەی ویلایەتی موسڵ–ی پێشوو بێنین بۆ خۆیان و بۆ حکومەتی تورکی). وەلید حەمدی، لە لاپەڕەکانی (97–98)ی پەرتووکی (کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا)دا، ئاماژەی بە بەڵگەنامەیەک کردووە، کە نووسیوێتی: (وەزارەتی کۆلۆنییەکانی دەوڵەتی بەریتانی بە بروسکەی ژمارە (FO.371/6348–8.3.1921)، ئاگاداری جێگری وەزیری دەرەوەی بەریتانیای کرد

لە لەندەن، بەو داوایەی کە تورکیا دەیکات سەبارەت بە گۆڕینی دەقی بەندی (64)ی پەیمانی سیڤەرەی ساڵی (1920) کە پەیوەندە بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لە ئایندەدا لە باکووری کوردستان و، مافی کوردەکانی باشووری کوردستان کە لە داهاتوودا لەگەڵ ئەم دەوڵەتەدا یەکبگرنەوە. هەروەها وەزارەتی کۆلۆنی بەریتانی وەزارەتی دەرەوە ئاگادار دەکاتەوە، لەوەی کە کاتێکی پێویست بدرێت بە (سێر پێرسی کۆکس)ی کۆمیسیاری باڵا لە بەغدا، لە پێناوی گۆڕینی ئەو مادانەی پەیمانی سیڤەرە کە پێوەندییان بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییەوە هەبوو). بە گوێرەی ناوەڕۆکی ئەم بروسکەیەی وەزارەتی کۆلۆنییەکانی بەریتانی، بۆمان دەردەکەوێت کە بەریتانیا نەک تەنیا باوەڕی بە ناوەڕۆکی پەیماننامەی سیڤەرە نەبووە، بەڵکو دارشتنی مادەکانی (62، 63، 64)ی پەیماننامەکەی لە پێناوی سەپاندنی مەرجەکانی خۆی بەسەر تورکیا و عارەبدا دارشتووە. سەبارەت بە ئاستەنگ دروستکردن لە لایەن حکومەتی ئێراقی ڕۆڵەی بەوەفای ئیمپریالیزمی بەریتانی بۆ جێبەجێکردنی خاڵەکانی پەیماننامەی سیڤەرە و مافەکانی نەتەوەی کورد، دکتۆر محەمەد موزەفەر هاشم ئەلئەدهەمی، لە لاپەڕە (11)ی بەرگی دووەمی پەرتووکی (المجلس التأسيسي العراقي)دا، نووسیویێتی: (سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی ئێراقی هیچ بڕیارێکیان نەدا سەبارەت بە ڕەچاوکردنی مافەکانی ناوچە کوردییەکان، وەکو ئەوەی کە لە پەیمانی (سیڤەرە)دا هاتووە، بەڵکو لە کۆبوونەوەکانی هەر یەک لە ڕۆژانی (27.2.1922، 4.3.1922، 10.4.1922)دا ڕەتیکردەوە کە چاو بەو پرسەدا بخشێنێ، سەرەڕای داواکردنی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی). بە هەمان شێوە لە کۆتایی مانگی سپتێمبەری ساڵی (1922)دا دەوڵەتی ئێران داوای لە هەر سێ دەوڵەتی بەریتانیا، فەرەنسا و ئیتاڵیا کرد، کە لە کۆنفرانسی داهاتووی لۆزانداو سەبارەت بە پرسی دیاریکردنی سنووری ناوچە کوردییەکانی نێوان ئێران و تورکیادا، بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی ئێران لەبەرچاو بگرن. وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لە وەڵامی ئەو داواکارییەی دەوڵەتی ئێراندا ڕایگەیاند کە: (ئیتر پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی یان ناوچەی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە تورکیا نەما، هەروەکو لە پەیمانی سیڤەرە بڕیاری لەسەر درابوو – سەرچاوە: مارف عومەر گوڵ، پێوەندی مەسەلەی کورد بە یاسای نێودەوڵەتانەوە، ل35). بۆ زۆرتر تیشک خستنە سەر ئەم بابەتە، ئاماژە بە بروسکەی ژمارە (543)ی ڕێکەوتی (1.10.1923)ی

کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغدا (سێر هێنری ڕۆبەرت کۆنوای دوبس 4.5.1923- ئۆکتۆبەری 1928) دەکەم، کە بۆ وەزارەتی کۆلۆنییەکانی بەریتانیای ناردووە، کە ئەوکاتە وەزیری کۆلۆنیالی بەریتانی (ڤیکتۆر کریستیان ویلیام کاڤێندیش 31.5.1868-6.5.1938) بووەو، لە ماوەی نێوان (24.10.1922-22.1.1924)دا پۆستی ناوبراوی هەبووە، نووسراوە: (لام وایە ئێمە گفتوگۆی سنوور گەلێ ئاسان دەکەین، ئەگەر بتوانین سەرەتا گفتێکی فەرمی بە تورکیا بدەین کەوا بەهۆی گۆڕانی بارودۆخەوە دەستمان لە بیری پێدانی سەربەخۆیی ناوخۆیی بە کورد هەڵگرتووە کە لە پەیمانی (سیڤرە)دا هەیەو، ئامانجمان ئەوەیە بەو پەڕی توانای خۆمان، لە ئەنجامی گفتوگۆدا، هەموو ئەو ناوچە کوردانەی سەر سنوور کە دەکەونە بەر ویلایەتی موسڵ، بیانخەینە ژێر بەڕێوەبەرێتی ئێراقەوە - سەرچاوە: دکتۆر نوری تاڵەبانی، ناوچەی کەرکوک و هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەییی ئەم ناوچەیە، چاپی دووەم، سوید 1998، ل123). بروسکەی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغدا (سێر هێنری ڕۆبەرت کۆنوای دوبس - Sir Henry Robert Conway Dobbs)، کە بە ڕەگەز پسپۆڕێکی ئەڵمانی بووەو لە ساڵانی نێوان (1871-1934)دا ژیاوەو، لە ماوەی نێوان (4.5.1923-ئۆکتۆبەری 1928)دا ئەو پۆستەی هەبووە و بۆ بەرژەوەندی حکومەتی کۆلۆنیاڵی بەریتانی کاریکردووە، بۆ وەزارەتی کۆلۆنییەکانی بەریتانی دەریدەخات کە ئەوان پرسی کورد و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردی یان مافە نەتەوایەتییەکانی کوردیان بەلاوە گرنگ نەبووە. خۆ چەند ساڵێک دواتریش لە ڕێکەوتی (17.2.1925)دا دیسان کۆمیساری باڵای بەریتانی لە ئێراق (سێر هێنری ڕۆبەرت کۆنوای دوبس)، لە بروسکەیەکدا بۆ وەزارەتی کۆلۆنییەکانی بەریتانی، کە (لیۆپۆلد چارلیس ماوریس ستینێت ئامیری – Leopold Charles Maurice Stennett Amery)، لەوکاتیدا وەزیری کۆلۆنیاڵی بووەو، لە ماوەی نێوان (22.11.1873-16.9.1955)دا ژیاوەو، وە لە ماوەی نێوان (6.11.1924-4.6.1929)دا پۆستی ناوبراوی هەبووە، کۆمیسیاری باڵا باسی ئەوەی کردووە کە (کۆلۆنێل ئەی. پاولس)ی ئەندامی (کۆمیسیۆنی توێژینەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ)، کە لە مانگی یەکی هەمان ساڵدا لە بەغدا بووە بە وەزیری دارایی ئێراق (ساسۆن حسقیل 17.3.1860-31.8.1932)، کە جوولەکەیەکی ئێراقی بووە، گوتووە: (هەر یەک لە ئێراق و تورکیا کامیان زوتر

چیاوگی گرێبەستی گەڕان و دەرهێنانی نەوت لەگەڵ (کۆمپانیای نەوتی تورکی) ببەستێت، ویلایەتی موسڵ دەدرێت بەویان – سەرچاوە: دکتۆرە سروە ئەسعەد سابیر، کوردستان من بدایة الحرب العالمیة الاولی الی نهایة مشكلة الموصل 1914–1926 دراسة تأريخية وثائقية، ص308). هەر مانگێکی پێنەچوو، لە ڕێکەوتی (14.3.1925)دا یەکەم گرێبەستی گەڕان و دەرهێنانی نەوت لە کەرکوک و باشووری کوردستان لە نێوان بەریتانیا و ئێراق بۆ ماوەی حەفتاو پێنج ساڵ لەگەڵ کۆمپانیای ناوبراو واژۆکرا – سەرچاوە: (دکتۆرە سروە ئەسعەد سابیر، کوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل 1914–1926 دراسة تأريخية وثائقية، ص310). ئەوە لە کاتێکدا کە هێشتا باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بە شێوەیەکی فەرمی نەخرابووە سەر ئێراق و لە هەمان کاتدا شاندێکی (کۆمیسیۆنی توێژینەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ)، کە لە مانگی یەنیوەری تاوەکو مانگی ئەپریلی هەمان ساڵ (1925)دا لە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)دا بووە، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە خاوەنداریێتی ئەم خاکە (ویلایەتی موسڵ)، کەچی لەبەر ئەوەی بەریتانیا پێشەکی بڕیاری ئەوەی دابوو کە بەهەر شێوەیەک بێت باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بە ئێراقەوە بلکێنێ، بۆیە گرێبەستی ئەو گەڕان و دەرهێنانەی نەوتی کەرکوک و باشووری کوردستانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ میری ئێراقدا واژۆکرد. نە کۆمەڵەی نەتەوەکان، نە بەریتانیا، نە تورکیا و نە شاندی کۆمیسیۆنی توێژینەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ پرۆتێستی ئەو گرێبەستەیان نەکردو، نەیانگوت کە هێشتاکە ویلایەتی موسڵ بە فەرمی بەشێک نییە لە ئێراق، چۆن دەبێت ئێراق گرێبەستێکی گەڕان و دەرهێنانی نەوت لە خاکی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان)دا لەجیاتی کورد و دەسەڵاتدارانی ویلایەتی موسڵ مۆر بکاتن؟ ئەمەش دەریدەخات کە بەریتانیا و ئێراق و کۆمەڵەی نەتەوەکان باوەڕیان بە جێبەجێکردنی بەندەکانی پەیماننامەی سێڤرە نەبووە سەبارەت بە مافی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لەسەر خاکی کوردستاندا. هەر لە وەڵامی یاداشتێکی شێخ مەحمودی نەمردا کە بۆ کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغدا (سێر هێنری ڕۆبەرت کۆنوای دوبس)ی ناردبوو، کۆمیسیاری باڵا لە ڕێکەوتی (4.11.1925)دا بۆ شێخ مەحمودی نووسیبوو: (حکومەتی شکۆداری بەریتانیا سورەو بڕیاری یەکجاری دەرکردووە کە ئەبێ باشووری کوردستان لە چوارچێوەی شانشینی

ئێراقدا بێت - سەرچاوە: ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، سایکس – پیکۆو ترازاندنی جەمسەری کێشەی کوردی باشوور، ل81). ئەم وەڵامەی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی سێر هێنری دوبس، کە بە نزیکەی مانگێک بەر لە بە فەرمی لکاندنی باشووری کوردستان بە ئێراقی عارەبییەوە بۆ شێخ مەحمودی نووسیوە، بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە لکاندنی باشووری کوردستان بەدەستی بەریتانیایەو کۆمەڵەی نەتەوەکان دەبێت بڕیارەکە جێبەجێ بکات، وە هیچ بایەخێکیش بە خواست و ئارەزووەکانی کورد نادرێت و بەزۆر خاکەکەی دەدرێتە عارەب.

سەرەڕای هەموو ئەمانەش ئینگلیزەکان هیچ بەرنامەیەکیان بۆ کورد پێنەبووە، بەڵکو ئەوان هاتبوون بۆ جێبەجێکردنی نەخشەو پلانەکانی خۆیان کە لە ساڵی (1911)دا کۆمیسیۆنێک لە لایەن هەر یەک لە (ڕوسیا، بەریتانیا، وڵاتی فارس و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی) بەناوی (کۆمیسیۆنی دیاریکردنی سنووری نێوان وڵاتی فارس و عوسمانی)دا دامەزرابوو، کە دەبووایە سنووری باکووری خۆرئاوای وڵاتی فارس لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی دیاری بکەن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو کۆمیسیۆنە لەژێرەوە کاری بۆ دابەشکردنی ئەو ناوچانە دەکرد لە نێوان خۆیاندا، دوو لە ئەندامانی ئەو کۆمیسیۆنە کە یەکەمیان (ڤلادیمیر فیدۆرۆڤیچ مینۆرسکی – Vladimir Fedorovich Minorsky)ی دیپلۆمات و ڕۆژهەڵاتناسی ڕوسیا کە لە ماوەی نێوان (25.3.1966–5.2.1877)دا ژیاوە، ئەندامی لێژنەی نوێنەرایەتی ڕوسیاە بووە لە کۆمیسیۆنی سەرەوەدا، دووەمیشیان کۆلۆنێل (جی. ئێچ. دی. ڕایدەر – G. H. D. Ryder)، کە سەرۆکی بەشی نەخشەگری ئەو کۆمیسیۆنە بووە، دواتر لە ساڵی (1914)دا بووە بە سەرۆکی دەزگای نەخشەگری هیند. هەروەکو لە پێوەندیکردنی شێخ مەحمودی نەمرەوە لە ساڵی (1913)دا بە نوێنەرانی کۆمیسیۆنی ناوبراو لە سەرەوەدا لە ئینگلیز، فەرەنسی و ڕوسەکانەوە، کە بۆ دەستنیشانکردنی سنووری عوسمانی و سەفەوییەکان هاتبوونە ناوچەکە، وەڵامی ئەوان بۆ شێخی نەمر: بڕیار بە دابەشکردنی ڕۆژهەڵات دراوە، ئێراق بۆ ئینگلیز، سوریا بۆ فەرەنسا جەزائیر بۆ ئیتاڵیا، ویلایەتی موسڵ بەر روس کەوتووە – سەرچاوە: ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، سایکس – پیکۆو ترازاندنی جەمسەری کێشەی کوردی باشوور، ل19). دواتریش دابەشکردنی ئەو ناوچەیە (بەشێک لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست) هەر لە پەیماننامەی (سایکس پیکۆ)ەوە داڕێژرابوو.

سەبارەت بە پەیمانی سیڤرە سەرۆک کۆماری فەرەنسا (ڕایمۆند پۆینکارێ – Raymond Poinkare)، کە لە نێوان ساڵانی (20.8.1860–15.10.1934)دا ژیاوەو، لە نێوان (18.2.1913–18.2.1920)دا سەرۆک کۆمارو بۆ سێجاریش لە ماوەی ساڵانی نێوان (21.1.1912–21.1.1913)، (15.1.1922–9.6.1924) و (23.6.1926–29.7.1929)دا سەرۆک وەزیران بووە گوتوویەتی: (پەیمانەکەی تورکیا – پەیمانی سیڤرە – لە کارگەی سیڤرەی نەتەوەکاندا واژۆکرا (کارگەیەکە لە سیڤرە کە دەفرو ئامانی چینی دروست دەکا) و ئەو پەیمانەش وەک هەموو بەرهەمەکانی کارگە شکانی ئاسانە – سەرچاوە: دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملو، کوردستان و کورد، لاپەڕەکانی 56–57).

هۆکارەکانی جێبەجێ نەکردنی پەیمانی سیڤرە زۆرن، بۆ نموونە پشتیوانیکردنی تورکیای کەمالی بە نهێنی بەر لە دەسەڵات گرتنەدەستی لە لایەن سەرۆکی ئەمریکی (وارین گامەلییل هاردینگ – Warren Gamaliel Harding)، کە لە نێوان (2.11.1865–2.8.1923)دا ژیاوەو لە ماوەی نێوان (4.3.1921–2.8.1923)دا سەرۆکی ژمارە بیست و نۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بووە، لە دوایشدا وارین هاردینگی سەرۆکی ئەمریکی (هاملتوی لوی) ئەندامی سیناتۆری بۆ کۆنگرەی لۆزان ناردو پشتیوانی و هاوکاری زۆری دەوڵەتی تورکیان کرد لە پێناوی پووچەڵکردنی پەیمانی سیڤرە و داڕشتنی پەیمانێکی نوێدا. هۆکارێکی تری فەرامۆشکردنی پەیمانی سیڤرە تێکشکاندن و دەرپەڕاندنی سوپای یۆنانی بوو، ئەمەش دوای ئەوەی تورکیا لە شەڕی (ڕووباری ساکاریا)دا، کە لە نێوان ڕێکەوتی (24.8 تاوەکو 16.9.1922)ی خایاند، توانی یۆنانیەکان لە شارەکانی (ئەزمیر، تراکیا، بیلەجاک، ئاسکی شەهر، کوتاهیە، بورسەو مۆدانیا)دا دەرکات و، نزیکەی (100) هەزار سیڤیلی یۆنانی لە ئەزمیر بکوژن و کۆنتڕۆڵی تەواوی شارەکە بکەن، کە پێشتر یۆنانییەکان بە پشتیوانی هێزەکانی بەریتانیا (ئەدمیراڵ کالسرۆپ– Calthrope) هێرشیان کردبووە سەر تورکیا و، لە ڕێکەوتی (15.5.1919)دا (تراکیاو ئەزمیر)یان داگیرکردبوو. لە ئەنجامی ئەو کوشتارەی کە ئەتاتورک لە دژی یۆنانییەکان کردبووی، بەریتانیا خەریک بوو پەلاماری لەشکری تورکیا بدات و شەڕ لە نێوانیان دروست بێت، بەڵام تورکیا زیرەکانە توانی (ئاگربەستی مۆدانیا – Mudanya/Mudania) لەگەڵ بەریتانیا، ئیتاڵیا و فەرەنسادا لە ڕێکەوتی

(11.10.1922)دا مۆر بکات و دواتریش لە ڕێکەوتی (14.10.1922)دا یۆنانیش مەرجەکانی ئەو ئاگربەستەو سەروەری تورکیای بەسەر ئەستەنبۆڵ و داردانیلیس پەسەندکرد. دانیشتنەکانی ئەو ئاگربەستە لە شاری مۆدانیای تورکی لە ماوەی نێوان (3.11.1922–11.11.1922)ی درێژەی کێشا، کە عیسمەت ئینینۆ بە نوێنەرایەتی تورکیا و، مەنبێلی ئیتالی، هارینگتۆنی بەریتانی و ژەنەڕاڵ شارپی فەرەنسی لەسەر چەند خاڵێک ڕێککەوتن، کە دواتریش هەر یەک لە ژەنەڕاڵ سارییانی و مازاراکی یۆنانی ڕێکەوتنەکەیان مۆرکرد، کە گرنگترین خاڵیان ئەمانە بوون: خاڵی یەکەم: کشانەوی هێزەکانی یۆنان لە تراکیای خۆرهەڵات لە ماوەی پازدە ڕۆژدا بە مەرجێک تورک هێزی خۆی بۆ تەراکیا نەنێرێت و هەوڵی دامەزراندنی سوپایەکی تورکی نەدات لەوێ. خاڵی دووەم: کشانەوەی تەواوی هێزە سەربازییەکان و بەڕێوەبەرێتییە یۆنانییەکان لە سەرانسەری خاکی تورکیا. خاڵی سێیەم: لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی یۆنانییەکان هاوپەیمانەکان دەسەڵات دەگرنە دەست تاکو چۆڵکردن و کشانەوەی هێزەکانی یۆنانی. خاڵی چوارەم: ڕادەستکردنی دەسەڵات لەدەستی هاوپەیمانەکانەوە بۆ دەستی تورک، بەلای زۆرەوە (30) ڕۆژ دوای کشانەوەی هێزەکانی یۆنانی. خاڵی دەیەم: مانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە ئەستەنبۆڵ تا دوای واژۆکردنی پەیمانی ئاشتی یەکجارەکی. خاڵی سێزدەم: حکومەتی تورکی لە ئەنقەرە بەڵێن دەدات کە بە هیچ شێوەیەک نە هەوڵدەدات هێزی سوپا بۆ تەراکیای خۆرهەڵات بنێرێت یان سوپایەک لەوێ دامەزرێنێت - سەرچاوە: (سەلیم قادر شەمۆ، موقف الکورد من حرب الاستقلال الترکیة 1919–1922، ل185–186).

سەبارەت بە پێوەندییەکانی نێوان تورک و ڕوسەکان کە هەر لە دوای بەهێزبوونی کەمالییەکانەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پتەوتر دەبوو، تاوای لێهات لە ئەنجامدا ئەو پێوەندییەیان لە ڕێکەوتی (3.1.1920)دا گەیشتە ئاستێکی بەرزو ڕێکەوتنی دوولایەنەی (ئەلکساندەر پۆل)ی نێوان هەردوو لا مۆرکرا. دوای تێپەڕبوونی نزیکەی پێنج مانگ بەسەر ئەو ڕێکەوتنەو هەروەها دوای دامەزراندنی ئەنجومەنی نیشتمانی گەورەی تورکیا، وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی سۆڤییەتی (جیۆرج ڤاسیلیڤیچ چیچێرین – Georgy Vasilyevich Chicherin)، کە لە ماوەی نێوان (12.11.1872–7.7.1936)دا ژیاوە، لە ماوەی نێوان (13.3.1918–1930)دا پۆستی ناوبراور بەدەستەوە بووە، لە ڕێکەوتی (2.6.1920)دا نامەیەکی بۆ ئەو ئەنجومەنە ناردووەو،

لە نامەکدا پشتگیری ڕامیاری میری تورکیا دەکات لە پێناوی سەربەخۆیی و پاراستنی ئەو سنوورەی کە ئەنجومەنی ناوبراو دیاریکردووە – دکتۆر مارف عومەر گوڵ، پێوەندی مەسەلەی کورد بە یاسای نێودەوڵەتانەوە، ل22). بێگومان ئەنجومەنی نیشتمانی گەورەی تورکیا، باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)ی بە بەشێک لە خاکی تورکیا دانابوو. دوای بەرەوپێش چوونی پێوەندی نێوان کەمالییەکان و بەلشەویکەکان، حەقی بەهجەت کە پیاوی ئەتاتورک بوو بۆ زۆرتر سەرنجڕاکێشانی ڕوسەکان و لێکنزیککردنەوەی بەلشەویک و کەمالییەکان هەر لەساڵی (1920)دا لەسەر داواو بەهاندانی مستەفا کەمال ئەتاتورک حیزبی شیوعی تورکیای دامەزراند، هەر ئەو هۆیانەش بوون کە وایان لە لینین و ڕوسەکان کردبوو، لە هەموو کارێکدا پشتیوانی لە ئەتاتورک و حکومەتەکەی بکەن. بەهێزترین پێوەندی نێوان تورکیای کەمالی و کۆمۆنیستەکانی ڕوسیا دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی ساڵی (1920)، کاتێک کە هەر دوو لایان تورکیا و ڕوسیا لە هەوڵی پلاندانان بوون لە دژی کورد و ئەرمەن. لە پلان و پەلامارێکی هاوبەشی بەلشەویکەکان و کەمالیستەکاندا، کە لە ڕێکەوتی (2.12.1920)دا کرایە سەر ئەرمینیا، حکومەتی (ئەرمینیا)یان ڕوخاند، دواتریش ڕوسەکان پشتیوانی تورکە ڕەگەزپەرست و شۆڤینییەکانیان دەکرد لەجێبەجێ نەکردنی پەیمانی سیڤرە. بۆ نموونە توێژەرێکی ناسراوی سۆڤییێتی بەناوی (ئەلیاس م. پاڤلۆڤیچ)، لە مانگی نۆڤێمبەری ساڵی (1920)دا، واتە نزیکەی یەک مانگ بەر لە ڕوخانی میری ئەرمینیا دەڵێت: (شۆڕشێکی سۆڤیەتی لە ئەرمینیادا، پیلانەکانی ئینگلیز پووچ دەکاتەوە، کە گەرەکێتی دەوڵەتێکی کوردیی داردەستەی خۆی لە دژی ئێمەدا دابمەزرێنێت – سەرچاوە: کوردۆ عەلی، سۆڤیەت و بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد، ل35). سەرەڕای ئەوەش ڕوسەکان لە سپتێمبەری ساڵی (1920)دا یاداشتێک دەدەنە بەریتانیا و تیایدا نووسراوە: (میری شوورەوی، پشتگیری خەباتی نەتەوەی تورک دەکات. پشتیوانی هەوڵەکانی تورکیا دەکات سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی (سیڤرە)، کە سەربەخۆیی و یەکێتیی خاکەکەی دەخاتە بەر مەترسییەوە. تورکیا لەو خەباتەیدا گشت هاوولاتیانی ڕوسیای لەپشتە – سەرچاوە: کوردۆ عەلی، سۆڤیەت و بزووتنەوەی نیشتمانی کورد، ل39). میری سۆڤیەت بە سەرۆکایەتی هاوڕێ لینین، کە گوایە پشتیوان و ڕزگارکەری نەتەوە ژێردەستەکانی جیهانە، کەچی لێرەدا بۆتە

پشتیوانی ستەمکارو چەوسێنەران و، درێژە دەدات بەژێردەستەیی نەتەوەیەکی مافخوراوی وەکو کورد! هەروەها تێناگەین بۆ دەبێت دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی تا ئەو ڕادەیە لە دژی سۆڤیەت بووبێت؟ دیارە سۆڤیەتی ئەوکات خۆیان بە بەشێک لە بزووتنەوەی ئەتاتورکی شۆڤینی و دژ بە مرۆڤایەتی دەزانی! هەروەها ڕوسەکان لە کۆنگرەی (لۆزان)یش، پشتیوانی زۆریان لە تورکیا کرد لە پێناوی گۆڕینی پەیمانی سێڤرە بە پەیمانی لۆزان. دواتریش لە ساڵی (1930)دا پەیامنێری (بەرلیز بێرزن کوریێر)ی سۆڤێتیی کۆمەڵێک بوختان و درۆ بۆ شۆڕشە ڕزگاریخوازییەکانی کورد هەڵدەبەستێ و دەنووسێ: (ئامانجی شۆڕشی کوردستان، پێکەوەنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە بۆ کورد، لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزمی ئینگلیزدا ڕێکدەکەوێ کە دەیەوێ لە ناوچەکەدا پایەگایەکی ستراتیژی دژی یەکێتیی سۆڤیەت پێکەوە بنێ – سەرچاوە: دکتۆر عەزیز شەمزینی، جوڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان، ل96). زۆر سەیرە ئەگەر بەرژەوەندییەکانی کورد و ئینگلیز لەگەڵ یەکتر جووت بوونایە، ئەوکاتە ئینگلیزەکان دەوڵەتێک یان چەند دەوڵەتێکی کوردییان دروست دەکرد، هەروەکو ئەو دەوڵەتەی لە ئێراق بۆ عارەبیان دروستکرد لەگەڵ چەند دەوڵەتێکی تری عارەبی لە ناوچەکەدا. ئەو پەیامنێرە دەبوایە دامەزراندنی دەوڵەتی عارەبی لە ئێراق و سوریا لە سەردەستی ئیمپریالیزمی بەریتانی و فەرەنسی بە دوژمنی سۆڤیەت بزانێ، نەک کوردستان کە ئەوەی ئەوان پێی دەڵێن ئیمپریالیزم داگیرو دابەشی کردا!

تورکەکان زۆر لێزانانە توانیان لە ماوەی نزیکەی دوو ساڵدا، لە کۆتایی ساڵی (1919)ەوە تاوەکو کۆتایی ساڵی (1921)دا، هەشت پەیماننامە لەگەڵ دوژمنەکانیان مۆربکەن. بەستنی ئەو کۆمەڵە پەیماننامەیە لە باوەڕبوونی تورکیا وە نەبووە بە دۆستایەتی کردنی ئەوانەی پەیمانی لەگەڵ بەستوون، بەڵکو تەنیا لە پێناوی دەست بەتاڵ بوونیان بۆ کورد و یۆنانییەکان و هەرەس پێهێنانی پەیماننامەی (سێڤرە) بووە، بە مانایەکی تر ئەو پەیمانانە تەنیا لە پێناوی بەرژەوەندی باڵاکانی خۆیان بووە. هەشت پەیمانەکەش بریتیین لە ڕێکەوتنی ئەستەنبۆل لە ڕێکەوتی (29.11.1919)دا لەگەڵ سۆڤیەت، کە جەخت کردنەوە بوو لەسەر (ڕێکەوتنامەی باکۆ)ی ساڵی (1919) کە لە پێناوی لەناوبردنی کۆماری ئەرمینیا بەستبوویان و دواتر لە ڕێکەوتی (2.12.1920)دا لە پەلامارێکی هاوبەشدا کۆماری ئەرمینیایان

ڕوخاند، ڕێکەوتنامەی ئەندروم لە ڕێکەوتی (15.4.1920)دا لەگەڵ سۆڤیەت، ڕێکەوتنی ئاشتی لەگەڵ ئیتاڵیادا لە ڕێکەوتی (13.3.1921)دا مۆرکرا، کە زیاتر ئیتاڵیا لە دژی یۆنان لە تورکیا نزیک دەبووەوە، چونکە ئەوان پێیان وابوو لە دابەشکردنی میراتی دەوڵەتی عوسمانی کەمیان بەرکەوتووە کەچی یۆنان زۆری بەرکەوتووە، پەیمانێک بەناوی (پەیمانی ئەنقەرە) لەگەڵ فەرەنسادا کە لە ڕێکەوتی (20.5.1920)دا مۆرکردا، پەیمانی دووەمی نێوان تورک و فەرەنسییەکان کە لە ڕێکەوتی (20.10.1921)دا لە لایەن (هێنری فرانکلین بویون – Henry Franklin Buen) و یوسف کەمال بەگی وەزیری دەرەوەی حکومەتی ئەنقەرە مۆرکرا، یەکێک لە بەندەکانی ئەو ڕێکەوتنە داوای دەستبەجێ دەرچوونی هێزەکانی فەرەنسی دەکات لە ئەنادۆڵ (باکووری کوردستان)، بە مەرجێک کە تەواوی چەک و تەقەمەنی و ئامێرەکانیان بۆ تورک بەجێبێڵن، لە بەندێکی تردا هاتبوو کە ناوچە کوردییەکانی جەزیرە، کورداغ و عارەب بناری ڕۆژئاوای کوردستان بە فەرەنسا بدرێن. دوای ئەو ڕێکەوتنە حکومەتی فەرەنسی لە ڕێکەوتی (17.11.1921)دا یاداشتنامەیەکی نارد بۆ حکومەتی بەریتانی کە تیایدا هاتبوو: (حکومەتی فەرەنسا سێڤرە بە پەیماننامەیەکی لە کارکەوتوو دادەنێت، چونکە لە لایەن تورکیا وە بڕیاری لەسەر نەدراوە – سەرچاوە: دکتۆر مارف عومەر گوڵ، پێوەندی مەسەلەی کورد بە یاسای نێودەوڵەتانەوە، ل34). هەر دکتۆر مارف گوڵ ئاماژەشی بەوە کردووە کە میری فەرەنسی لە مانگی دیسێمبەری ساڵی (1921)دا بەشێوەیەکی فەرمی ڕایگەیاند کە دەخوازێت چاوێک بە پەیماننامەی سێڤرەدا بخشێنێتەوە. ڕێکەوتنێک لە ڕێکەوتی (16.3.1921)دا لەگەڵ ڕوسەکان کە ناوچەی (قرم)یان دا بە ڕوسەکان، هەروەها ئەو دوو ڕێکەوتنامەیەی کە پێشتر ئاماژەم پێدان لە سەرەوەدا، کە یەکەمیان (ئاگربەستی مۆدانیا) بوو لەگەڵ بەریتانیا، ئیتاڵیا و فەرەنساداو ئەوی دیکەشیان پەیمانی (ئەلکساندەر پۆل) بوو لەگەڵ ڕوسیا. بە گوێرەی خاڵی یەکەمی ڕێکەوتنی (16.3.1921)ی نێوان ئەتاتورک و سۆڤیەت، تەواوی ڕێکەوتن و پەیماننامە کۆنەکان پوچەڵ دەکرێنەوە، هەروەها حکومەتی سۆڤیەتی دان نانێت بە هیچ بەڵگەنامەیەک و پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی کە تورکیا دانی پێدا نەنابێت یان بەزۆر بە سەریدا بسەپێنن، لە هەمان کاتدا دژی هەموو دەستکاری کردنێکی نێودەوڵەتی بێت لە سنووری تورکیا کە لەگەڵ (بەڵێننامەی نیشتمانی تورکی)دا ناکۆک بێت.

بێگومان لەوەیاندا تورکیا مەبەستی پەیمانی سیڤرە و سەروەری تورکیا بوو بۆ ویلایەتی موسڵ، کە بە گوێرەی بەڵێننامەی ناوبراو (ئەنجومەنی نیشتمانی گەورەی تورکیا) باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)ی بە بەشێک لە خاکی تورکیا داناوەو ئەگەر لە ڕێگای ئاشتی و بە خۆشی نەیانتوانی وەریگرنەوە، ئەوکاتە بەهێزی چەک و شەڕ هەوڵدەدەن وەریگرنەوە، بۆیە تورکیا مەبەستی ویلایەتی موسڵ و پەیمانی ناوبراو بووە، چونکە لە لایەک حکومەتی ئەنقەرەی مستەفا کەمال نە پەیماننامەکەی واژۆکردبوو، نە دانیشی نابوو بە پەیمانی سیڤرە، بەڵکو پەیمانەکە لەکاتی (سوڵتان محەمەدی شەشەم)ی حکومەتی ئەستەنبوڵ-و سەرۆک وەزیرانێتی (دامات/زاوا محەمەد عادل فەرید پاشا)دا لە لایەن (ئەفسەری فەریق هادی پاشای سەرۆکی دەستەی ئەرکانی شەڕ، ڕەشاد خاڵس بەگی ڕاوێژکاری وەزارەتی دەرەوەو ڕەزا تۆفیق بەگی هۆزانڤان و فەیلەسوفی تورک واژۆ کرابوو – سەرچاوە: ڕەفیق حلمی، یادداشت کوردستانی ئێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، بەشی یەکەم، ل174)، بەڵام ئەوانیش بڕیاریان لەسەر نەدابوو، چونکە بە گوێرەی پەیماننامەی سیڤرە دەبووایە هەر یەک لە ئیتاڵیا، بەریتانیا، فەرەنسا، یابان و تورکەکان ڕاستاندنی پەیمانەکە بکەن بۆ ئەوەی بخرێتە واری جێبەجێکردنەوە، بەڵام تاکە دەوڵەت ئیتاڵیا بوو کە ڕاستاندنی لەسەر کردبوو (سەرچاوە: میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، المسألة الكوردية (1917-1923)، ل208)، کە ئەویش دواتر لێی پەشیمان بووەوە، هیچ کام لە وڵاتەکانی تر ڕاستاندنیان لەسەر نەکرد، لە لایەکی تریشەوە (بەڵێننامەی نیشتمانی تورکی – 28.1.1920) ویلایەتی موسڵی بە بەشێک لە خاکی تورکیا دانابوو. بەستنی ئەو کۆمەڵە پەیمانە لەگەڵ کەمالیستەکان (کەمال ئەتاتورک)دا، خۆی لە خۆیدا دانپێدانان بوو بەو حکومەتەی ئەتاتورک (حکومەتی ئەنقەرە) کە لە ڕێکەوتی (3.5.1920)دا دامەزرابوو. سەرەڕای دامەزراندنی حکومەتی ئەنقەرە لە لایەن (مستەفا کەمال ئەتاتورک)ەوە، ئەو کۆمەڵێک هەنگاوی تریشی نابوو بۆ ڕێکخستنەوەی نێو ماڵی تورک، بۆ نموونە لە پێناوی بەرژەوەندییە باڵاکانی تورکدا لە ڕۆژی (23.10.1919)دا لەگەڵ نوێنەری حکومەتی ئەستانبۆڵ (عوسمانی)دا کۆبووەوەو لەسەر دیاریکردنی سنووری دەوڵەتی تورکیا پێکهاتن کە (سنووری دەوڵەتی تورک تەواوی خاک و ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە کورد و تورکی تێدا دەژین و، پێویستە بە هەموو شێوەیەک ئەم سنوورانە بپارێزین و،

کوردەکان هەرگیز ناکرێت لە عوسمانییەکان جیاکرێنەوە – سەرچاوە: قادر سەلیم شەمۆ، الموقف الكورد من حرب الاستقلال التركية (1919–1922)، ل81). جگە لەوەش قەدری فوئاد جەمیل پاشا (زنار سلۆپی)، کە لە نێوان ساڵانی 1892–1973) ژیاوە، لە لاپەڕە (63)ی پەرتووکی (مسألة كوردستان (60 عاما من النضال المسلح للشعب الكوردي ضد العبودية)دا نووسیوێتی: (نووسەری پەرتووکی (حرب من أجل الأستقلال)، کازم قەرە بەکر پاشا، لە لاپەڕە (216)دا ئاماژەی بە بەندێکی بنچینەیی کۆنگرەی سیواس کردووە، کە لە ڕێکەوتی (11.9.1919)دا لە سیواس بەسترا، دەڵێت: زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی موسڵمانن و، بە گوێرەی ڕێکەوتنی ئاشتی کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەگەڵ دەوڵەتە هاوپەیمانەکان لە ڕێکەوتی (30.10.1918)دا مۆریکردووە، لە چوارچێوەی سنوورەکانماندا مانەوەو ژیان بەسەر دەبەن. ئەوان یەکێتییەک پێکدەهێنن کە دابەش نابێت و ناکرێت بە هیچ شێوەیەک لە شێوەکان لە یەکتر جیابکرێنەوە، یان دابڕدرێن لە دەوڵەتی عوسمانی). بە گوێرەی ئەو ڕاگەیاندنەی تورکان بێت، جگە لە باکووری کوردستان، هەر یەک لە باشووری کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باشووری بچووکیش خاکی تورکانە، هەروەها عارەبیش لە هەر شوێنێکی باشووری کوردستان نەوت هەبێت، ئەوە ئەو شوێنە بە خاکی عارەب خۆی دادەنێن! خۆ ئێرانییەکانیش تەواوی کوردستانی مەزن بە بەشێک لە ئێران دەزانن، بۆ نموونە ئەفشار وتوویەتی: (لەبەر ئەوەی خاکی کوردستان هەمان خاکی میدیایە، کەواتە کورستانیش بەشێکی ئێران پێکدەهێنێ – سەرچاوە: دکتۆر عەزیز شەمزینی، جوڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان، ل30). کەچی دکتۆر سنجابی لە ژمارە (7)ی ڕۆژنامەی (باستان)ی ساڵی (1324)دا، نووسیوێتی: (پارچەکانی تری کوردستان کە ئەمڕۆ لە دەرەوەی سنووری ئێراندان، لە ڕووی مێژوو و جوگرافیاوە بەشێکی جیانەکراوەی ئێرانن – سەرچاوە: دکتۆر عەزیز شەمزینی، جوڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان، ل31). هەر سەبارەت بە بانگێشەی ئێرانییەکان بەوەی کە کوردەکان ئێرانین و خاکی کوردستان گوایە بەشێکە لە خاکی ئێران، ڕۆژنامەی (مهر ئیران)، کە لە شاری تاران دەردەچوو، لە ژمارەی (1.7.1958)دا نووسیوێتی: (ئەگەر پێویست بێ شتێک بەناوی بزووتنەوەی کورد دەست پێبکرێ، مافی نەتەوایەتی ئێرانە کە دەستی پێبکا، چونکە کورد لە هەر جێگایەک هەبێ

ئێرانییەو خوێنی ئێرانی لە دەمارەکانیدا دەجولێ و دیارە مافی ئێرانە کە ببێتە پێشڕەو و ئەو کوردانەی لە وڵاتەکانی دیکەدا بڵاوبوونەوە لەژێر ئاڵای پیرۆزی خۆیدا کۆبکاتەوە - سەرچاوە: دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو، کوردستان و کورد، ل296).

لە ڕێکەوتی (12.12.1919)دا کەمالییەکان بەشداری هەڵبژاردنێکی نوێیان کرد لە تورکیاداو، توانیان لە کۆی (175) کورسی (166) کورسی بەدەست بهێنن و کەمال ئەتاتورک وەکو نوێنەری ئەرزڕۆم بە دەنگی کورد دەرچوو– سەرچاوە: قادر سەلیم شەمۆ، الموقف الکورد من حرب الاستقلال الترکیة (1919-1922)، ل82). بەندەکانی (بەڵێننامەی نیشتمانی تورکی) کە لە کۆنگرەی سیواس لە لایەن کەمالییەکانەوە بڕیاری لەسەر درابوو، دووبارە لە ڕێکەوتی (20.1.1920)دا داڕێژرایەوەو لە ڕۆژی (28.1.1920)دا لە لایەن ئەو پەرلەمانەوە پەسندکراو بڕیاری لەسەر درا، ئەو پەرلەمانەی کە یەکەم دانیشتنی فەرمی لە ڕێکەوتی (23.4.1920)دا بوو، هەر بۆیەش ئەو ڕۆژە وەکو ڕۆژی دامەزراندنی پەرلەمانی تورکی دەستنیشان کراوە، ئەگینا هەروەکو لە سەرەوەدا باسکرا لە ڕێکەوتی (12.12.1919)دا هەڵبژاردنی پەرلەمان کرابوو، وە لە ڕێکەوتی (19.3.1920)یشدا مستەفا کەمال باسی هەبوونی پەرلەمانێکی تورکی کردبوو، کە خۆی وەکو سەرۆکی ئەو پەرلەمانە ڕاگەیاندبوو. لە یەکەم دانیشتنی فەرمی پەرلەماندا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی گشت ڕێکەوتن و پەیماننامەیەکی حکومەتی ئەستەنبوڵ لەگەڵ بەریتانیا و هاوپەیمانەکانی درا، لەگەڵ پەیوەست بوون بە جێبەجێکردنی تەواوی خاڵەکانی (بەڵێننامەی نیشتمانی تورکی)، ئەو بەڵێننامەیەی کە لە لایەک باکوورو باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)ی بە بەشێک لە خاکی تورکیا دادەناو، لە لاکەی تریشەوە دانینابوو بە مافی چارەی خۆنووسین بۆ نەتەوەی عارەب و نەتەوەکانی تری ژێردەسەڵاتی عوسمانی! هەر لە ئاهەنگی کردنەوەی پەرلەمانی تورکیدا، مستەفا کەمال گوتبووی: (ئامانجی یەکەم و سەرەکی ئێمە ئەوەیە سنووری خوارووی خۆمان دیاری بکەین کە لە باشووری ئەسکەندەرۆنەوە بەرەو خۆرهەڵات دەست پێدەکات، کەوابێ سنووری دەوڵەتی ئێمە موسڵ، سلێمانی و کەرکوک دەگرێتەوە، ئەوە سنوورە نیشتمانییەکانی دەوڵەتی ئێمەن – سەرچاوە: پرۆفیسۆر دکتۆر میم کەمال ئۆڤە، کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ 1918-1926، ل25-26).

بە گوێرەی ڕۆژنامەی (برایەتی)، ژمارە (3002)ی ڕێكەوتی (30.12.1999)دا، مستەفا كەمال سەبارەت بە ویلایەتی موسڵ گوتبووی: (ویلایەتی موسڵ دەكەوێتە چوارچێوەی سنووری نیشتمانی دەوڵەتی توركی و، هیچ كەسێك مافی ئەوەی نییە ئەو هەرێمە لە توركیای دایك دابڕێت و بیكاتە دیاری و بیداتە كەسانیتر – سەرچاوە: عومەر محەمەد محەمەد كەریم، القضية الكوردية في الصراع البريطاني العراقي 1918–1932، ل274). كاتێك كە مستەفا كەمال ئەم وتارەی خوێندەوە و باشووری كوردستانی بە بەشێك لە توركیا دادەنا، خۆ هێشتاكە نە ئەوەندە خۆی بەهێزكردبوو نە كۆماری توركیاش دامەزرابوو، وەلێ ئەو لەم كاتەدا توركیای بەهی كورد و تورك دەزانی، واتە بە ئاشكراو لەژێر چەتری برایەتی و هاوبەشیدا هەرچی نیازی شاردراوەو شۆڤێنیستی خۆی هەبوو دەریدەبڕی، وەكو پەندە كوردییەكەی لێدێت كە سەبارەت بە دز گوتوویانە: (ئەگەر دیتی ئەزم، ئەگەر نەیدیت دزم). ئەتاتوركیش ئەو قسانەی دەكرد، ئەگەر بێتوو ئەوكات كە هێشتاكە بێ هێز و كەم دەسەڵات بوو، كورد لێی بهاتبنایە وەڵام، بەدڵنیاییی دەیگوت: (كورد و تورك لە توركیادا بران و، توركیا دەوڵەتی كورد و توركانە – دكتۆر مانڤێل ئارسێنۆڤیچ هەسرەتیان، القضايا القومية في تركيا، ل4)، هەروەكو بەسەدان جاریتر ئەو قسەیەی دووبارەو سەد بارە كردۆتەوە. یاخود لەكاتی تەنگانەدا هەروەكو ئەتاتورك نامەیەكی لە ڕێكەوتی (13.8.1919)دا بۆ شێخ مەحمودی نەمر ناردووە، لە نامەكەدا ئەو خۆی بە خزمەتكاری شێخی مەزن داناوە – سەرچاوە: قادر سەلیم شەمۆ، الموقف الكورد من حرب الاستقلال التركية (1919–1922)، ل270). ئەوەبوو دواتر مستەفا كەمال ئەتاتورك بەرە بەرە هەم خۆی بەهێزكرد و لە گفتەكانی و نەرمی خۆیدا بەرانبەر بە كوردەكان پەشیمان بووەوە، هەم لە ڕێكەوتی (29.10.1923)دا كۆماری توركیای ڕاگەیاند.

# کۆنگرەی گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست:

کۆنگرەی یەکەمی گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە لە (1-8ی مانگی سپتێمبەری ساڵی 1920)دا لە (باکۆ)ی پایتەختی ئازەربایجان، بە سەرکردایەتی وەزیری دەرەوەی سۆڤییەتی (جیۆرج ڤاسیلیڤیچ چیچێرین – Georgy Vasilyevich Chicherin)، کە لە ماوەی نێوان (12.11.1872-7.7.1936) ژیاوەو، لە ماوەی نێوان ساڵانی (1918-1930)دا بۆ ماوەی سێزدە ساڵ پۆستی ناوبراوی هەبووە بەسترا. لە پێناوی ئامادەبوون و داکۆکیکردن لە کورد و گەیاندنی داخوازییەکانی هەشت نوێنەری کورد بەشداربوون. لەو کۆنگرەیەدا کە هەشت کورد بەشدارییان کردووە وەکو نوێنەرانی کورد، یەکێک لە کوردە بەشداربووەکان (ئیسماعیل حەقی شاوەیس) بووە - سەرچاوە: (محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسوور، ڕۆڵی سیاسی و کەلتوریی ئەفسەرانی کورد لە بزاڤی کوردایەتیی کوردستانی باشووردا (1921-1945)، چاپی یەکەم، پەرتووکی سەنتەری برایەتی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، باشووری کوردستان – هەولێر 2000، ل41)، کەچی بۆ نموونە تەنیا چوار عارەب بەشدارییان کردووە، وە ژمارەی ئەندامە بەشدار بووەکانی چینی لە ژمارەی ئەندامە بەشداربووەکانی کورد کەمتر بووینە. ئەو کۆنگرەیەش وەکو کۆنگرەکانی تر، نە هیچ سوودێکی بە کورد گەیاندووەو نە پرسی کوردی بەرەو پێشەوە بردووە، بەڵکو زیانیشی بۆ کورد هەبوو چونکە سەرەڕای ئەوەی کە بە هیچ شێوەیەک ئاماژەی بە پرسی گەلی کورد نەکرد وەکو یەکێک لە چەوساوەترین گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە کۆنگرە لە پێناوی باسکردنی پرسی نەتەوە و گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و پشتیوانیکردن و دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ چارەسەرکردنی پرسەکانیان بەسترابوو، کەچی کۆنگرە پشتیوانی خۆی بۆ بزووتنەوەی کەمالی شۆڤینی تورکی و حکومەتی ئەنقەرە دەربڕیبوو. لە کاتێکدا کە نزیکەی مانگێک پێشتر لە ڕێکەوتی (10.8.1920)دا پەیمانی سێڤرە، دانی نابوو بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە بەشێکی باکووری کوردستان و، دواتریش یەکگرتنەوەی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) لەگەڵ ئەو دەوڵەتە کوردییەی کە دەبوایە پێشتر دابمەزرێت، کەچی کۆنگرەی باکۆ هیچی پێ نەبوو بۆ کورد.

# کۆنگرەی دووەمی لەندەن:

کۆنگرەی دووەمی لەندەن، لە نێوان ( 12.3.1921-21.2.1921)دا بە بەشداری سەرۆک وەزیرانی بەریتانی دیڤید لۆید جۆرج و لۆرد کورزۆن وەزیری دەرەوەو چەند کەسایەتییەکی تریش، لایەنی فەرەنسی مسیۆ کامبۆو بیرتیلۆ، سکرتێری یەکەمی کاروباری ڕامیاری و بازرگانی لە وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسی و پسپۆر لە کاروباری کوردی و چەند کەسێکی تریش، هەروەها نوێنەرانی ئیتاڵیا و یابان لە کۆشکی (سەنجەیمس)ی سەرۆکایەتی وەزیرانی بەریتانی لە (داوینگ ستریت)دا لە شاری لەندەن بە سەرۆکایەتی سەرۆک وەزیرانی بەریتانی (دیڤید لۆید جۆرج) بەسترا. هاوکات شاندێکی یابانی بە سەرۆکایەتی وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی یابانی (یاسویا ئۆچیدا کۆسای – Yasuya Uchida Kosai)، کە لە ماوەی نێوان (12.3.1936-17.11.1865)دا ژیاوەو لە ماوەیساڵانی نێوان ساڵانی (1918-1923)دا بۆ دووەم جار پۆستی ناوبراوی هەبووە، هەروەها شاندێکی یۆنانی بە سەرۆکایەتی (نیکۆلاوس کالۆگیراپۆولس – Nikolaos Kalogerapoules)ی سەرۆک وەزیران، کە لە ماوەی نێوان ساڵانی (1853-1927)دا ژیاوەو لە ماوەی نێوان (8.4.1921-6.2.1921)دا پۆستی ناوبراوی هەبووە، بەشداری کۆنگرەی دووەمی لەندەنی کردووە. شاندێکی هاوبەشی حکومەتی ئەستانبوڵ (تۆفیق پاشا)ی سەرۆک وەزیرانی عوسمانی و، حکومەتی ئەنقەرە (بەکر سامی موسا بەگ) والی کۆنی عوسمانی لە بەیروت، بە سەرۆکایەتی ئەوەی دووەمیان ئامادەی کۆنگرەکە بوون. وەزیری دەرەوەی ئیتاڵیا (کۆنت کارلۆ سفۆرزا – Conte Carlo Sforza)، لە نێوان (4.9.1952-24.1.1872)دا ژیاوەو لە ماوەی ساڵانی نێوان (1920-1921)دا ئەو پۆستەی هەبووە، لە ڕێکەوتی (21.2.1921)دا واتە یەکەم ڕۆژی کۆنگرەکە داوای هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی سیڤەرەی کردەوەو، هەر یەک لە وەزیرانی دەرەوەی فەرەنسا (ئاریستید بریئاند – Aristide Briand)، کە لە ماوەی نێوان (7.3.1932-28.3.1862)دا ژیاوەو، پۆستی سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوەی لە ماوەی نێوان (15.1.1922-16.1.1921)دا بە دەستەوە بووە، لەگەڵ وەزیری دەرەوەی یەکێتیی سۆڤیێتی (جیۆرج ڤاسیلیڤیچ چیچێرین – Georgy

Vasilyevich Chicherin)دا، کە لە نێوان (7.7.1936-12.11.1872) ژیاوەو لە ماوەی نێوان ساڵانی (1918–1930)دا پۆستی ناوبراوی هەبووە، پشتیوانیان لەو داوایەی وەزیری دەرەوەی ئیتاڵی کردووە. سەبارەت بە پرسی کورد و ئەرمەن لە ڕێکەوتی (25) مانگی دوودا سەرۆکی شاندەکانی ئیتاڵی، بەریتانی، فەرەنسی و یابانی لە نێوان خۆیاندا ڕاویژ و گفتوگۆیان کردو، دواتر لۆید جۆرج بە شاندی تورکی ڕاگەیاند ئەو گۆڕانکارییانەی دوای پەیماننامەی سیڤرە هاتوونەتە پێش، کاریگەرییان هەیە لەسەر ناوەڕۆکی پرسی کورد و ئەرمەن. هەر بۆیەش بوو ئەندامانی دەستەی سەرپەرشتی کردن و بەڕیوەبەرێتی کۆنگرە لە یەکەم ڕۆژی کۆنگرەکەدا بڕیاریاندا کە ڕۆژی (26.2.1921) تەرخان بکرێ بۆ توێژینەوە لە دۆزی کورد و کوردستان، بەڵام لەو ڕۆژەدا تورکیا توانی لە لایەک نوێنەرەکانی هاوپەیمانان قایل بکات بەوەی کە پرسی کورد و کوردستان پرسێکی ناوخۆی تورکیایەو ئەوان لە نێوان خۆیاندا چارەسەریان کردووە، لە هەمان کاتدا باسی ئەوەی کردبوو کە لە پەیمانی سیڤرەدا باسی سەربەخۆیی کوردستان کراوە، وەلێ تورک و کورد لە (ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورەی تورکیا)دا هەر دوو نەتەوە بە یەکەوەن و، کوردەکان بەشێوەیەکی بەرفراوان نوێنەریان هەیە، کەچی ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو نوێنەرانەی کورد باسی سەربەخۆیی کوردستان ناکەن و خواستێکی وایان نەبووە. کوردەکان بە بەردەوامی ڕایدەگەیەنن کە ئەوان یەکێتییەکی پتەوو تەواویان لەگەڵ تورکیا پێکهێناوەو، هەر دوو ڕەگەزی کورد و تورک هەستی هاوبەش، ڕۆشنبیری هاوبەش و ئایینی هاوبەشیان هەیە - سەرچاوە: (ڕەفیق حلمی، یادداشت کوردستانی ئێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، بەشی دووەم، ل205 + میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، المسألة الكوردية (1917–1923)، ل267)، هەروەها لۆرد کورزۆنی وەزیری دەرەوەی بەریتانیش بەناوی ئینگلیز و هاوپەیمانەکانیان ڕایگەیاند کە ئەوان دەیانەوێت چاوێک بە بەندەکانی (62، 63، 64)ی سەبارەت بە کوردستان لە پەیمانی (سیڤرە)دا بخشێننەوە – سەرچاوە: دکتۆر مارف عومەر گوڵ، پێوەندی مەسەلەی کورد بە یاسای نێودەوڵەتانەوە، ل33–34). ئەو لێدوانانەی لۆرد کورزۆن لەناکاو نەبوو، بەڵکو پێش بەستنی ئەو کۆنگرەیە بە چوار ڕۆژ کارمەندێکی بەڕێوەبەرێتی ڕۆژهەڵاتی سەر بە وەزارەتی دەرەوە بەناوی (ئۆسبۆرن) لە ڕۆژی (17.2.1921)دا یاداشتێکی بۆ دیپلۆمات و مێژوونووس هاڕۆڵد نیکۆلسن ناردبوو،

سەبارەت بە پرسەکانی کورد و ئەرمەن نووسیبووی: (بەهەرحاڵ هیچ پلانێکی کوردی – ئەرمەنی جێگەی پەسند نییەو توانای بە ئاوات گەیشتنی لێ ناکرێت، بۆیە پێویستە بەشەکانی کوردی لە دەقی پەیماننامەی نوێی داهاتوودا لەگەڵ تورکیا لادرێت و، بگۆڕدرێت گفت پێدانی تورکەکان بە پێدانانی هەر شێوەیەک لە شێوەکانی خۆبەڕێوەبردنی ناوخۆیی بە کوردەکان، ئەگەر هاتوو داوایەکی لەمشێوەیە بەرزکرایەوە، دوای لێکۆڵینەوەی پرسەکە لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەکان – سەرچاوە: میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریف، المسألة الكوردية (1917–1923)، ل269). هەر دوا بە دوای لێدوانەکانی سەرۆک وەزیرانی بەریتانی (لۆید جۆرج) و وەزیری دەرەوە لۆرد کورزۆن، بەکر سامی سەرۆکی شاندی تورکی ڕایگەیاند کە: (میسۆپۆتامیا لە بەرانبەر دۆستایەتی بەریتانیادا نرخێکی نییەو ئەنقەرە نایەوێت ئازار بە بەریتانیا بگەیەنێت لە موسڵ – سەرچاوە: میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریف، المسألة الكوردية (1917–1923)، ل272). ئەو لێدوانانەی دەسەڵاتدارانی بەریتانی و بەکر سامی نوێنەری کەمال ئەتاتورک، سەرەداوێکی ڕێککەوتنێکی نهێنی نێوان ئینگلیز و مستەفا کەمال دەدات بەدەستەوە، کە ئینگلیزەکان واز لە پرسی کورد و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بهێنێت کەمالییەکانیش قایل دەبن بەوەی کە چاوپۆشی لە لکاندنی ویلایەتی موسڵی کوردی بکەن بە ئێراقەوە. لە لایەکی تریشەوە میری تورکیا توانی بەر لە بەستنی ئەو کۆنگرەیەدا، پێوەندی دۆستایەتی لەگەڵ پاریس و ڕۆما ببەستێت و، پێداویستی شەڕو چەک و تەقەمەنیش لە هەر سێ وڵاتی فەرەنسا، ئیتاڵیا و سۆڤیەت وەربگرێت. هەر ئەو دۆستایەتیەش بوو وای لە وڵاتەکانی ئیتاڵیا، فەرەنسا و یەکێتیی سۆڤیەت کرد کە ئامادەیی خۆیان نیشان بدەن بەوەی کە هەر سێ بەندەکەی پەیوەست بە کورد و کوردستان لە پەیمانی (سیڤرە) لابدەن، تەنانەت لە دژی یۆنانییەکانیش، هەر یەک لە ئیتاڵیا، فەرەنسا و سۆڤیەت لەسەر کێشەی شارەکانی ئەزمیرو تراکیا، پشتیوانی خۆیان بۆ تورک نیشاندا. هەر لەم کۆنگرەیەدا تەنانەت ئینگلیزیش وازی هێنا لە باسکردنی دەوڵەتی کوردی و مافی چارەی خۆنووسین. بە هەمان شێوە لە کۆنگرەدا وەزیری دەرەوەی بەریتانی لۆرد کورزۆن باسی سەربەخۆیی ناوخۆیی کوردی لە چوارچێوەی تورکیا هێنایە گۆڕێ و پەیمانی سێڤرەی لەبیرخۆی بردبووەوە. دانیشتنەکانی کۆنگرەی لەندەن بووە سەرەتایەکی باشتر بۆ دامەزراندنی پێوەندییەکی توندوتۆڵتر لە نێوان هەر دوو وڵاتی تورکیا و

فەرەنسا، کە ئەنجامەکەی بەوە گەیشت هەروەکو پێشتریش ئاماژەم پێکرد، هەردوو لا ڕێکەوتنێکی دووقۆڵیان لە ڕێکەوتی (20.10.1921)دا، واژۆکرد. یەکێک لە خاڵە هەرە گرنگەکانی ئەم ڕێکەوتنە کە لە بەرژەوەندی تورکیادا بوو، دانپێدانانی فەرەنسا بوو بە حکومەتی ئەنقەرەی مستەفا کەمال ئەتاتورک و، پچڕاندنی پێوەندی و کۆتایی پێهێنانی کارکردن بوو لەگەڵ دەسەڵاتدارانی سوڵتانی عوسمانی و هەڵوەشاندنەوەی دانپێدانانی پێشوو بە دەسەڵاتی سوڵتان و هەموو پەیماننامە و ڕێکەوتنێکی ئەو حکومەتە، کە ئەمەش مانای ڕەتکردنەوەی بگرە هەتا پەیماننامەی سیڤرەش دەگەیەنێت، چونکە نوێنەری سوڵتان محەمەدی شەشەم (وەحیدەددین کوڕی محەمەد کوڕی خەلیفە عەبدولمەجید)، کە لە ماوەی نێوان (14.1.1861-16.5.1926)دا ژیاوەو لە ماوەی ساڵانی نێوان (3.7.1918-1.11.1922)دا سوڵتانی ژمارە (39)ی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بووە، دامات محەمەد عادل فەرید پاشای سەرۆک وەزیرانی سوڵتان محەمەدی شەشەم، واژۆی پەیماننامەی سیڤرەی کردووە. هەر بەپێی ئەو پەیمانە سنووری نێوانی دوو وڵاتی تورکیا و سوریا دەستنیشانکراو خێڵە کوردەکانی باکوور و خۆرئاوای کوردستانی لێک دوورخەنەوە. ئەو پەیمانە گەورەترین شکست بوو بۆ کورد و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە داهاتوودا، چونکە هەر دوو وڵات ڕێکبوون لەسەر ئەوەی کە پێویست تەنانەت بە باسکردنی ئۆتۆنۆمی، یان مافی کورد و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی ناکات، بە هیچ شێوەیەکیش بەلای سادەترین ماف کە مافی کولتورییە دانەچوون، هەروەکو لە یەکێک لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی کۆلۆنی بەریتانیدا دەردەکەوێت، بە ژمارە (FO371/6467 Colonial Office, 12 April 1921 FO)، کە تیایدا هاتووە: (سەبارەت بە کوردستان، هاوپەیمانەکان ئامادەن بۆ گۆڕینی پەیماننامەی سیڤرە کە لەگەڵ ئەو هەلومەرجانەدا بیگونجێنن کە ئێستاکە هەن، بە مەرجێک ئاسانکاری بکرێت بۆ دامەزراندنی بەڕێوەبەرێتییەکی ئۆتۆنۆمی ناوخۆیی و دابینکردنی پاراستنێکی گونجاوی بەرژەوەندییەکانی کورد و ئاشووری – کلدانی. کوردەکان لە کوردستانی ئێراقدا لە چوارچێوەی بەڕێوەبەرێتییەکی ئۆتۆنۆمیدا بمێننەوە – سەرچاوە: دکتۆر وەلید حەمدی، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، ل98). کەچی دوای داهێنانی بیرۆکەی مافی ئۆتۆنۆمی لە بری سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە پێناوی چارەسەرکردنی پرسی کورد، دەبینین دوای

نزیکەی چوار ساڵ لە گفتوگۆیەکی نێوان (یاسین حلمی سەلمان ئەلهاشمی 1889-1929) سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی ئێراق و کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغدا (سێر هێنری ڕۆبەرت کۆنوای دوبس) کە لە نێوان (4.5.1923-ئۆکتۆبەری 1928)دا پۆستی ناوبراوی هەبووە، لە ڕێکەوتی (12.4.1925)دا، سەرۆک وەزیران باسی ئەوە لەگەڵ کۆمیسیاری باڵا دەکات، کە هەندێک بەڵگەنامەی بەریتانیا بەدەست ئەوانەوەیە کە دەیانەوێت ئۆتۆنۆمی بدەن بە پارێزگا کوردییەکان، بۆیە سەرۆک وەزیرانی ئێراق داوای ڕاستی و دروستی ئەو نیازەی بەریتانیا دەکات. لە وەڵامدا کۆمیسیاری باڵا باسی ئەوەی کردووە کە ئەمە ڕێی تێناچێت، چونکە کوردستان لە بنکەکانی بەریتانیا و لە دەریاوە دوورە، هەروەها نایانەوێت دڵی عارەبەکان لە خۆیان بڕەنجێنن بەوەی کەوا تێبگەن ئەوان دەیانەوێت هانی جیابوونەوەی کوردەکان بدەن – سەرچاوە: دکتۆر وەلید حەمدی، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، ل159-160). سەرەڕای ئەوەی کە خاکی کوردستان خراوەتە سەر دەوڵەتی ئێراقی عارەبی، کەچی عارەبەکان تەنانەت مافی ئۆتۆنۆمیش کە سەرەتاییترین مافە بە کورد و دانیشتوانی باشووری کوردستان بەڕەوا نابینن! وە ئینگلیزەکانیش لە پێناوی ڕاگرتنی دڵی عارەبەکان، نەتەوەیەکی نزیکەی شەش سەت هەزارییان لە ساکارترین مافەکانیان بێبەش کردن!

لەم کۆنگرەیەدا تەواو ڕووی ڕاستەقینەی هاوپەیمانان و ئینگلیز و دژایەتیکردنی ئەوان بۆ کورد و کوردستان دەرکەوت، چونکە ئەوان تەنانەت لە هەموو گفتەکانی خۆیان سەبارەت بە مافی نەتەوە چەوساوەکانی ژێردەستی عوسمانی و بەتایبەتی کورد و ئەرمەن پەشیمان بوونەوە، کە لە ڕێکەوتی (7.11.1918)دا ئەوان لەگەڵ فەرەنسییەکان ڕاگەیاندنێکی هاوبەشیان بە چەندان زمان بەسەر تەواوی نەتەوە چەوساوەو ژێردەستەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بڵاوکردبووەوە، بەڵام خۆیان لە جێبەجێکردنی پەیماننامەکان و هەر چواردە مەرجە بنچینەییەکانی ئاشتی جیهانی دزییەوە، کە لە لایەن سەرۆکی ئەمەریکا (وودرۆ تۆماس ویلسۆن)دا ڕاگەیاندرابوو. سەبارەت بە مێژووی ئەو ڕاگەیاندنە هاوبەشەی فەرەنسییەکان و ئینگلیز، ئەوەندەی بەرچاوم کەوتبێ دکتۆر جەمال نەبەز، محەمەد ڕەسوڵ هاوار، جەرجیس فەتحوڵڵا و ئەحمەد محەمەد ئەمین قادر (موقف مجلس النواب العراقي من القضية الكوردية في العراق 1925-1945)، بە ڕاستی ئەو مێژووەیان نووسیوە، کەچی مێژوونووسان و

نووسەرانی تر بە هەڵە ئەو مێژووەیان نووسیوە. ئەوانیش بەسەر دوو بەشدا دابەش بووینە، بەشی یەکەمیان ڕێکەوتی (8.11.1918) و بەشی دووەمیشیان ڕێکەوتی (28.11.1918)یان نووسیوە.

# کۆنگرەی قاهیرە:

کۆنگرەی قاهیرە، لە ماوەی نێوان (12.3-30.3.1921)دا بە ئامادەبوونی چل نوێنەری وڵاتان، سەرەتا لە وڵاتی میسری عارەبیدا لە ماوەی نێوان (12.3.1921-24.3.1921)و دواتریش لە شاری (ئۆرشەلیم)دا لە ماوەی نێوان (25.3.1921-30.3.1921)دا بە سەرپەرشتی وەزیری وڵاتانی کۆلۆنیاڵی بەریتانی (سێر وینستۆن لیۆنارد سپێنسەر چەرچڵ – Sir Winston Leonard Spencer Churchill)، کە لە ماوەی نێوان (30.11.1874-24.1.1965)دا ژیاوەو، لە ماوەی نێوان (13.2.1921-19.10.1922)دا وەزیری وەزارەتی ناوبراو بووە، بەسترا. چەرچڵ دواتر لە ماوەی نێوان (26.10.1951-7.4.1955)دا پۆستی سەرۆک وەزیرانی هەبووە. ئەو کۆنگرەیە چوار بابەتی سەرەکی لەخۆ گرتبوو کە بریتیبوون لە: (1- شێوەی دەسەڵات و دانانی پادشایەک بۆ ئێراق. 2- بارودۆخی کەمەنەتەوەکان و پرسی نەتەوەیی کورد و کوردستان و شێوەی پێوەندی داهاتووی کورد بە ئێراق. 3- پێوەندی نێوان ئێراقی نوێ و بەریتانیا و خەرجییەکانیان لە ئێراق. 4- دامەزراندنی سوپای ئێراق و ئەرکی سوپا لە پاراستنی دەوڵەتەکە دوای چۆڵکردنی سەربازگەکانی بەریتانی لە ئێراقدا) – سەرچاوە: (ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ، العراق الحديث من سنة 1900 الى سنة 1950، الجزء الاول، ل212-213). وینستۆن چەرچڵ، بەرپرسە گەورەکانی بەریتانیا، وەزارەتی وڵاتە داگیرکراوەکان و ئێراقی بانگکرد بۆ بەشداریکردنیان لەو کۆنگرەیە. لە ئێراقەوە هەر یەک لەمانە بەشداربوون: (سێر پێرسی زەکەریا کۆکسی کۆمیساری باڵای ئینگلیز لە بەغداو، مێجەر ئێدی ڕاوێژکاری وەزارەتی بەرگری، ئێلمەر هۆڵدان فەرماندەی هێزەکانی بەریتانی لە میسۆپۆتامیا (ئێراق و باشووری کوردستان)، سلێتیرۆ ئانسکن ڕاوێژکاری وەزارەتی کاروباری دارایی و مس گێرترۆد کە ناوی تەواوی بەمشێوەیە بوو (گێرترۆد مارگەرێت لۆوسیان بێڵ – Gertrude Margaret Lowthian Bell)، کە لە ماوەی نێوان (14.7.1868-12.7.1926)دا ژیاوەو، لە ڕێکەوتی (3.3.1916-کۆتایی ساڵی 1925)دا سکرتێرەی کۆمیسیاری باڵای ئینگلیزی بەغداو ڕاوێژکاری کاروباری ڕۆژهەڵاتی کۆمیسیار هەر یەک لە (سێر پێرسی کۆکس و ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن) بووە، هەر لە ساڵی (1916)ەوە لەگەڵ سێر پێرسی کۆکس

هاتۆتە بەسراو دواتریش بۆ بەغداو، وەکو ڕاوێژکاری کۆمیسیاری باڵا کاریکردووە، ناوبراو هەم کەسێکی سیاسی و هەم زانایەکی شوێنەوارناس بووە، دوای بەجێهێشتنی بەغدا گەڕایەوە بەریتانیا، بەڵام لەوێدا لە ڕێکەوتی (12.7.1926)دا دوای خواردنی ژمارەیەکی زۆر لە دەنکی خەوتن مردبوو، کەچی نەزانرا ئایا خۆی ئەو کارەی ئەنجام داوە یان بەزۆر پێی کراوە. سێر پێرسی کۆکس و گێرترۆد بێڵ، هەر دووکیان دۆستی نزیکی عارەب بوون، چوون بۆ ئەو کۆنگرەیە. سێر پێرسی کۆکس هەرزوو وای بڵاودەکردەوە کە وشە و ناوی ئێراق بەر لە داگیرکردنی ئێراق و جەنگی یەکەمی جیهانەوە، بە هەر سێ ویلایەتەکانی بەغدای (سوننە) و بەسرای (شیعە) و موسڵی (کوردان) گوتراوە - بڕوانە: محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، ل106-108). ئەو بانگێشەیەی سێر پێرسی کۆکس هیچ بناغەیەکی نییەو دوورە لە ڕاستی، هەر بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو بانگەشەیە ئاماژە بە قسەیەکی سێر ئاڕنۆڵد تالبوت ویلسۆنی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی دەدەم، کە دەڵێت: (ئێراق زاراوەیەکی جوگرافی بوو، کە ئێمە لە دوای ئاگربەست (ئاگربەستی مۆدرۆس) بۆ ئاماژەکردن بە هەر سێ ویلایەتەکانی بەسرا، بەغداو موسڵ بەکارمان هێنا - سەرچاوە: ئاڕنۆڵد تالبوت ویلسۆن، بلاد مابين النهرين بين ولاءين خواطر شخصية وتأريخية، الجزء الثاني، ل203). هەر ئاڕنۆڵد ویلسۆن لە بەشێکی تری پەرتووکەکەیدا نووسیویێتی: (ناوی ئێراق لەسەر پولی پۆست لە فەرمانگەکانی ویلایەتی موسڵ، هەتا لەژێر سێبەری داگیرکاری بەریتانیادا ڕێگەی پێنەدراو قەدەغەکرا، ئەو پولانەی کە لە ویلایەتی موسڵ بەکاردەهاتن پولی دارایی تورکی بوون و پیتەکانی (ئێم. ئی. ئێف) پۆستیان لەسەر چاپکرابوو - سەرچاوە: ئاڕنۆڵد تالبوت ویلسۆن، بلاد مابين النهرين بين ولاءين خواطر شخصية وتأريخية، ترجمة فؤاد جميل، الجزء الثالث، ل8). ئەو نموونەیە دەیسەلمێنێ کە پێش داگیرکردن و لکاندنی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)، هەرگیز ناوی ئێراق بۆ ویلایەتی موسڵ بەکار نەهاتووە، چونکە هەم سێر پێرسی کۆکس و سێر ئاڕنۆڵد تالبوت ویلسۆن ناوی باشووری کوردستان (کوردستانی باشوور)یان بۆ ویلایەتی موسڵ بەکارهێناوە. وە لە لاپەڕە (66)ی پەرتووکی (ولاية الموصل تقرير لجنة عصبة الأمم بحل النزاع التركي – البريطاني حول ولاية الموصل 1924-1925، مراجعة وتحقيق عەبدولڕەزاق مەحمود

ئەلقەیسی)دا هاتووە: (لۆرد کورزۆن لە کۆنگرەی لۆزاندا گوتی: میسۆپۆتامیا بە تەواوی لە لایەن سوپای بەریتانیا وە لەکاتی شەڕی گەورە (جەنگی یەکەمی جیهانی)دا داگیرکرا. پاش ئەو داگیرکردنە بە ماوەیەکی کەم ناویان لێنا ئێراق کە لە لای ئێمەوە بە میسۆپۆتامیا ناسرابوو). بە گوێرەی قسەکانی لۆرد کورزۆن ناوی ئێراق دوای داگیرکردنی هەر سێ ویلایەتی بەسرای شیعی، بەغدای سونی و ویلایەتی موسڵی کوردی، کە بە دووەکەی یەکەم دەگوترا میسۆپۆتامیای خواروو، هەروەها بەوەی سێیەم (ویلایەتی موسڵ) دەگوترا میسۆپۆتامیای سەروو یان باشووری کوردستان، بۆ هەر سێ ویلایەتەکە بەکارهاتووە، نەک پێشتر بەکارهاتبێ. ئەمەش دەیسەلمێنێت کە قسەکانی سێر پێرسی کۆکس سەبارەت بە بەکارهێنانی زاراوەی ئێراق ڕاست نەبووە. بۆ جارێکی تریش پەنا دەبەمە بەر ئاڕنۆڵد ویلسۆن، کە دەڵێت: (وڵاتانی عارەبی تورکی ئەو ناوە یان (چەمکە) بوو کە فەرمانگە فەرمییەکانی بەریتانی هەتاوەکو ساڵی (1916) بۆ ویلایەتەکانی بەسرا، بەغداو موسڵ بەکاریان هێناوە – سەرچاوە: ئاڕنۆڵد تالبوت ویلسۆن، بلاد مابین النهرین بین ولاءین، الجزء الاول، ل24+211). ئەم قسەیەی ناوبراو کە وڵاتانی عارەبی تورکی ویلایەتی موسڵ-یشی دەگرتەوە، بە هیچ شێوەیەک ڕاست نییە، چونکە عوسمانییەکان ویلایەتی موسڵ یان کوردستان-یان بەکارهێناوە بۆ نیشتمان و خاکی کورد. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەشم پەنا دەبەمە بەر ئەو نەخشەیەی کە مام جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری ئێراق و، سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ڕێکەوتی (9.2.2004)دا، لەناو هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی ئێراق (مجلس الحكم العراقي)دا بەرزی کردەوە، کە نەخشەیەکی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو، لەسەر ویلایەتی موسڵ بە گەورەیی نووسراووە کوردستان. بڵاوکردنەوەی نەخشەیەکی وای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە لە ساڵی (1893)دا وێنەی کێشراوەو ئێستاکە کە ساڵی (2010)یە تەمەنی دەکاتە (117) ساڵ، ئەوە دەگەیەنێت کە عوسمانییەکان لەو ماوە دوورو درێژەدا هەر کوردستان یان ویلایەتی موسڵ-یان بەکارهێناوە. بەڵام ئەو قسەیەی ئاڕنۆڵد ویلسۆن واتە بەکارهێنانی وڵاتانی عارەبی تورکی تەنیا بۆ ویلایەتەکانی بەغدا، بەسراو چەند ناوچەیەکی تری عارەبی بووە، نەک بۆ ویلایەتی موسڵی کوردستانی، چونکە لە لایەک عوسمانییەکان خۆیان کوردستان یان کوردستانی قسمەتی عوسمانی

(کوردستانی بەشی عوسمانی)یان بۆ ویلایەتی موسڵ بەکارهێناوە، لە لایەکی تریشەوە شەمسەدین سامی لە لاپەڕە (3846)ی بەرگی پێنجەمی قاموسی ئەعلامی تورکی عوسمانی (ئەنسکلۆبیدیای عوسمانی)دا نووسیویێتی: (کەرکوک شارێکە، ناوەندی پارێزگای شارەزوورە، لە ویلایەتی موسڵ-ی کوردستان). سەبارەت بە بەکارهێنانی کوردستانی بەشی عوسمانی بڕوانە: (بەشی چوارەمی ئەم پەرتووکە، عەباس سلێمان سمایل، مێژووی ناوچەی گەرمەسێر، کە لە ژمارە (1)ی گۆڤاری (هاواری کەرکوک)دا بڵاوکراوەتەوەو دەڵێت: (ویلایەتی موسڵیش لەگەڵ ویلایەتی دیاربەکر پێی دەگوترا (قسمەتی عوسمانی) واتە کوردستانی ئیمپراتۆری عوسمانی). بۆچوونەکانی هەر دوو کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە دوو کاتی جیادا هەر یەکەیان وەڵامێکە بۆ نادروستی بۆچوونەکەی ئەوەی تریان، هەر لە پێناوی پوچەڵکردنەوەی بانگێشەی هەر دووکیان ئەو نموونەیەم هێنایەوە، بۆ ئەوەی بیسەلمێنم کە نە ناوی ئێراق بە هەر سێ ویلایەتەکە گوتراوە، نە ویلایەتی موسڵ-یش بەشێک بووە لەو ئێراقەی کە دواتر ئینگلیز دروستیکرد. بەڵام بۆ یەکەم جارو بەشێوەی نووسینی فەرمی کە چەمکی ناوی (ئێراق) بەکارهاتبێ، دووجار لە مادەی سێی پەیمانی لۆزانی ڕێکەوتی (24.7.1923)دا، بەکارهاتووە - سەرچاوە: (مەسعود عەبدولخالق، دەقەکانی کۆنگرەی سێڤرە و خوێندنەوەیەکی تر، چاپی یەکەم، ل48). هەر لەو کۆنگرەیە بوو پێرسی کۆکس باسی ئەوەیکرد کە: (باشووری کوردستان بەشێکی تەواوکەری ئێراقە - سەرچاوە: کامەران ئەحمەد محەمەدئەمین مەنتک، کوردستان لە نێوان ململانێی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا 1890-1932، ل218)، کە وەریگرتووە لە: پێرسی کۆکس و هێنری دوبس، صفحة من تأريخ العراق الحديث في سنة 1914-1926، ل186-187). وەزیری کۆلۆنیالی بەریتانی (سێر وینستۆن لیۆنارد سپێنسەر چەرچڵ)یش لە لەندەنەوە دوو دۆستی نزیکی کوردی لەگەڵ خۆی برد کە بریتیبوون لە مێجەر نۆئیلی ناسراو بە (مێجەر ئیدوەرد ولیەم شارلس نۆئیل، پسپۆر لە کاروباری کورد و، ئاڕنۆڵد هیوبەرت یۆنگ (1885-1950 Arnold Hubert Young)، پسپۆر لە کاروباری دارایی). هەروەها (دی. جی. هۆکارس، نوێنەری وەزارەتی جەنگ)، (مێجەر ئاڕ. دی. بابکۆک - R. D. Babckok)، کە سەرپەرشتیکاری کۆنگرەکە بوو)، وە (کۆلۆنێل تۆماس ئێدوەرد لاورانس - Colonel Thomas Edward Lawrence)، ناسراو بە لۆرانسی عارەب کە لە

ماوەی نێوان (16.8.1888-19.5.1935)دا ژیاوەو، زمانی عارەبی باش زانیوەو یەکێک بوو لە پیاوە هەرە ناسراوەکانی ئەوسای دەزگای هەواڵگری (موخابەرات)ی ئینگلیز و بە داینەمۆی شۆڕشی عارەبی ساڵی (1916) ناسرابوو، لەو کاتەشدا ڕاوێژکاری چەرچل بوو ئەوانییش ئامادەبوون. لەم کۆنگرەیەدا دوای خوێندنەوەی یاداشتی بەشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە لە لایەن مێجەر نۆئیل و مێجەر ئارنۆڵد هیوبەرت یۆنگ نووسرابوو، ئەوان هەردووکیان بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ لکاندنی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بە ئێراقی عارەبییەوە نەبوون، تووشی بەرپەرچدانەوەیەکی توند بوونەوە لە لایەن (سێر پێرسی کۆکس)ی کۆمیساری باڵای ئینگلیز لە بەغداو، (خاتوو گێرترۆد بێڵ)ی ئەمینداری کۆمیسیاری باڵای ئینگلیز، ئەو دووانەی کۆتایی زۆر بە توندی لە دژی داواکارییەکانی ناو یاداشتەکە وەستانەوە سەبارەت بەدواڕۆژی کورد و چارەنووسی باشووری کوردستان. (وینستۆن چەرچڵ)یش هەمان بۆچوونی (مێجەر نۆئیل)و (مێجەر ئارنۆڵد هیوبەرت یۆنگ)ی هەبوو، لەوەش زیاتر پێی وابوو ئەگەر ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر ئێراق، ئەوکاتە دەسەڵاتدارانی عارەب کوردەکان دەچەوسێننەوە. سەرەڕای ئەو هەڵوێستە جوانانەی وینستۆن چەرچڵ بەرانبەر بە کوردستان و پرسی کورد، کەچی چەرچڵ لە ماوەی پۆستی وەزیری وڵاتانی کۆلۆنیاڵیدا دەرهەق بە کورد گوتویەتی: (بەکارهێنانی گازە ژەهراوییەکان لە دژی خێڵە ناشارستانییەکان بەتایبەت کوردەکان و ئەفغانەکان زۆر ڕاست و لەجێی خۆیدا بووە - سەرچاوە: ئەحمەد باوەڕ، چارەنووسی گەلی کورد لە کۆنگرە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکاندا، ل49، کە وەریگرتووە لە: نعوم تشومسکي، الغزو مستمر، ل43). بگرە (لۆرانس)یش دژی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ نەبوو، بەڵکو دژی ژێردەستکردنی کورد بوو بۆ حکومەتێکی عارەبی. سەبارەت بە هەڵوێست و بۆچوونی کۆلۆنێل لۆرەنس، ئاماژە بە وەڵامێکی ناوبراو دەدەم دوای ئەوەی وینستۆن چەرچڵی وەزیر پرسیاری لێکردووەو، ئەویش وەکو ڕاوێژکار وەڵامی داوەتەوەو پێشنیاری خۆی بۆ دەربڕیوە. مێژوونووسی ناودار محەمەد ڕەسوڵ هاوار، لە لاپەڕە (72)ی بەرگی دووەمی پەرتووکی (شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان)دا، بەمشێوەیە باسی وەڵامەکەی لۆرانس دەکات: (بەلای منەوە وا باشە کە کورد نەخرێتە ژێردەسەڵاتی حکومەتی عارەبییەوە، ئەگەرچی دەشزانی کە حکومەتی

عارەبی لە تەقەلای خۆی ناکەوێ کە کورد بخاتە ژێردەستی خۆیەوە، بێجگە لەوە ئەوە بە باش نازانم کە دوو پارێزگار هەبێت (نیازی کەرکوک و سلێمانی بووە)، بەڵکو تەنیا پارێزگارێک بۆ هەردوو لا دابنرێت کە مەرج نییە وەکو (پرانس)ێکی کورد ڕەفتار بکا).

دۆزی کورد و کوردستان کە بابەتی سێیەم بوو لە خشتەی بەرنامەی کۆنگرەدا، لە ڕۆژی (15)ی ئازاردا لە کۆبوونەوەی چوارەمی (کۆمسیۆنی سیاسی)دا گفتوگۆی زۆری لەسەر کراو، بۆچوونەکانی سێر پێرسی کۆکس و گێرترۆد بێڵ ئەوەبوو کە بە پێویستیان دەزانی پەیماننامەی سیڤرە چاوی پێدا بخشێنرێتەوەو، ناوچەکانی سەر بە باشووری کوردستان ڕزگار بکرێن و بۆ بەرژەوەندی ئێراق، بەڵام وینستۆن چەرچڵ، مێجەر نۆئیل و عەقید لۆرانس لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی بوون کە ببێتە لەمپەرێک لە نێوان تورک و بەرژەوەندی بەریتانییەکان لە میسۆپۆتامیا (ئێراق) و بە هیچ شێوەیەک باشووری کوردستان نەخرێتە ژێر چنگی حکومەتی عارەبی - سەرچاوە: (میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، المسألة الکوردیة (1917-1923)، ل213-214). بەر لە بەستنی کۆنگرەی قاهرەش، (کۆمیسیۆنی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست)، لە ڕێکەوتی (23.2.1921)دا کۆنگرەیەکی بە سەرۆکایەتی وەزیری دەرەوە (لۆرد کورزۆن)، لە نووسینگەی وەزارەتی ناوبراودا بەست و سێ پێشنیازیان خستبووە روو، ئەو ڕۆژە سێ پێشنیازەکە کران بە بنچینەی گفتوگۆی پرسی کورد، کە بریتیبوون لە:

1- ویلایەتی موسڵ بە ئێراقی عارەبییەوە بلکێنرێ.
2- ئینگلیز لە ویلایەتی موسڵ بکشێنەوە (ئەو بۆچوونە وەزارەتی دەرەوە پێشنیاری کردبوو).
3- کۆنفیدرالییەکی کوردی دابمەزرێ (وەزارەتی دەرەوەی هیندی خاوەنی ئەو پێشنیازە بوو) – سەرچاوە: (دکتۆر میم کەمال ئۆڤە، کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ 1918-1926، ل23).

دوای گفتوگۆیەکی چڕوپڕی نێوان بەشدارانی کۆنگرە و، بە گوێرەی بروسکەی ژمارە (201)ی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغدا بۆ وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری کۆلۆنییەکان (وینستۆن لیۆنارد چەرچڵ) لە ڕێکەوتی (21.6.1921)دا، کە وەڵامێکە بۆ بروسکەی ژمارە (148)ی چەرچڵ، دوو ئەلتەرناتیڤی سیاسی بۆ

چارەسەرکردنی پرسی کورد لای بەشدارانی کۆنگرە گەلاڵە بووە، یەکەم: ناوچە کوردییەکان بەشێک بن لە ئێراق، دووەم: هاندانی ئەو ناوچە کوردییانە بوو بۆ سەربەخۆیی – سەرچاوە: (دکتۆر حامد مەحمود عیسا، القضية الكوردية في العراق من الإحتلال البريطاني الى الغزو الأمريكي 1914–2004، ل75+601). بەشێوەیەکی گشتی کۆنگرەکە لایەنی ڕامیاری و سەربازی زۆری ئەوکاتی لەبەرچاو گرت و، مێجەر (مێجەر ئارِ. دی. بابکۆک – R. D. Babckok)یش بوو بە ئەمینداری گشتی (کۆمیسیۆنی ڕامیاری لە پێناوی کوردستان)، کە لە پێناوی دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ دۆزی ویلایەتی موسڵ هەر لەو ڕۆژەدا بڕیاری پێکهێنانی درابوو. لەم کۆنگرەیەدا هیچ نوێنەرێکی کورد بەشداری نەکردبوو، چونکە بەریتانیا قایل نەبوو، مەبەستیش لە ڕێگە نەدان بە نوێنەرانی کورد بۆ بەشداریکردنیان لە کۆنگرەی قاهیرەدا، لە باربردنی ئەو گفتانە بوو کە بە گوێرەی (پەیمانی سیڤرە) بە کورد درابوو، کە دەبوایە دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێت. بەڵام یەکێک لە نوێنەرانی حکومەتی ئێراقی جەعفەر عەسکەری (محەمەد جەعفەر مستەفا عەبدولڕەحمان عەسکەری 15.9.1885–29.10.1936)، وەزیری بەرگری ئەوکاتی ئێراقی بوو، کە کۆنە ئەفسەرێژکی سوپای عوسمانی بوو، لە ڕێکەوتی (22.10.1920)دا بۆ دامەزراندنی حکومەتی ئێراق هاتەوەو، دواتر لە کۆدەتای (فەریق یەکەمی ڕوکن بەکر 1886–11.8.1937)، لە ڕێکەوتی (29.10.1936)دا کوژرا، ناوبراو گوایە کورد بووە، بەڵام جەعفەر عەسکەری هەم خۆی بە عارەب دادەناو هەم وەکو نوێنەری حکومەتی ئێراقی لەگەڵ (ساسۆن حسقیل 1860–1932)ی وەزیری دارایی بەشداری کۆنگرەی قاهیرەیان کردبوو. سەبارەت بە ڕەگەزی جەعفەر عەسکەری، نەجدەت فەتحی سەفوەت، لە لاپەڕە (9)ی پەرتووکی (مذكرات جعفر العسكري)دا نووسیوێتی: (باپیرە گەورەی جەعفەر عەسکەری ناوی عەبدوڵلا بووەو، لە سەدەی شازدەی زایینییەوە لە شاری مەدینەوە هاتوون و لەدێی عەسکەری نزیک کەرکوک نیشتەجێ بووینە). جا بۆمان ڕوون نییە کە ئایا ناوبراو لە بنچینەدا کورد بووە یان عارەب، هەر چەندە زۆربەی عارەب و مێژوونووسانی عارەب هەر کوردێک خزمەتی بە ئیسلام و عارەب کردبێت، ئەوان هەوڵیانداوە بنەچەکەیان بۆ عارەب بگەڕێننەوە، بەڵام من پێم وایە جەعفەر عەسکەری عارەبە چونکە خۆی باسی ئەوە دەکات کە عارەبە. جەعفەر عەسکەری کاتێک کە لە ڕۆژی یەکشەممەی

ڕێکەوتی (10.8.1930)دا، لەگەڵ هەر یەک لە کۆمیسیاری باڵای بەریتانی (سێر فرانسیس هێنری همفریس) و سەرۆک وەزیرانی ئێراق نوری سەعید (23.3.1930–19.10.1932)و جەمال باباندا سەردانی شاری سلێمانیان کرد. لەو سەردانەدا شاندی بەغدا لەگەڵ بەرپرسان و سەرۆک خێڵەکان و پیاوماقوڵانی سلێمانی کۆبوونەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا، جەعفەر عەسکەری گوتبووی: (براکانم بزانن خوێنی کوردیشم تیایە، بەڵام من عارەبم، بۆ بەرژەوەندی ئێوە قسەدەکەم بە هەستیاریەوە وەری مەگرن. مەبن بە ئامێر بەدەستی خەڵکەوە، بەزەییتان بە نەتەوەکەتاندا بێت و تووشی کارەساتیان مەکەن. وا لە سەرەوە کوردەکان پارچە پارچە دەکەن، سەریان دەبڕنو لە جیهان ئاشکرایە کە کورد نەتەوەیەکی ئایین پەروەرە، لەبیرتان نەچێ کە ئایینتان عارەبییە، قورئانتان عارەبییە، محەمەد عارەبییە، فەیسەڵ کوڕی محەمەدە، براکان تکاتان لێدەکەم کارەساتی کەربەلا دووبارە مەکەنەوە – سەرچاوە: محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، ل734). شرۆڤەکردنی ئەو هەڕەشەو قسە بێمانایانەی جەعفەر عەسکەری بۆ خوێنەران جێدێڵم. هەروەها (ئیلمر هۆلدن)ی فەرماندەی هێزەکانی بەریتانی لە ئێراق و (مێجەر ئیدی) ڕاوێژکاری وەزارەتی بەرگری بەشداری کۆنگرەیان کرد. ئەو کۆنگرەیە لە بنچینەدا بۆ پەشیمان بوونەوە لە پەیمانی (سیڤرە)و لکاندنی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بوو بە ئێراقی عارەب و دەستنیشانکردنی (شا)و دامەزراندنی سوپایەک بۆ ئەو ئێراقەی کە ئینگلیزەکان دەیانویست بیخەنە سەرپێ. لە کۆتاییشدا لە کۆی حەوت ئەندام لە ئەندامانی (کۆمیسیۆنی ڕامیاری لە پێناوی کوردستان)دا، چوار ئەندامیان (سێر وینستۆن چەرچڵی سەرۆکی کۆنگرەی قاهیرە و وەزیری وڵاتە داگیرکراوەکانی بەریتانیا، مێجەر ئیدوەرد نۆئیل و مێجەر ئارنۆڵد هیوبەرت یۆنگ و لۆرانس)، داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردییان دەکرد دوور لە ئێراق، کەچی (سێر پێرسی کۆکس)ی کۆمیساری باڵای ئینگلیز لە بەغداو، (خاتوو گێرترۆد بێڵ)ی ئەمینداری کۆمیسیاری باڵای ئینگلیز بە توندی دژی بوون و جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێت ناوچە کوردییەکان (ویلایەتی موسڵ) بە ئێراقەوە بلکێنرێت، ئەندامی حەوتەمیش کە (مێجەر ئاڕ. دی. بابکۆک – R. D. Babckok)، بوو ئەویش بێدەنگی هەڵبژارد. سەبارەت بە دواڕۆژی کوردستان لەم کۆنگرەیەدا نەگەیشتنە هیچ

چارەسەرێک، بۆیە کۆنگرە بڕیاریدا (کۆنگرە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە هەر هەوڵێکی بەزۆر بۆ دانانی ناوچە کوردییەکان لەژێر سەرپەرشتی حکومەتێکی عارەبی، ڕووبەڕووی بەرەنگارییەکی توندی کوردەکان دەبێتەوە. بۆیە پێویستە کوردستان بخرێتە ژێر سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی نوێنەری باڵای بەریتانیا (مەندوبی سامی)و، بەجیا لە ئێراق بەڕێوەببرێت تا ئەوکاتەی کە تێڕوانینی گشتی کوردی کاریگەرو باوەڕپێکراو دەردەکەوێت بۆ ئەوەی بچنە سەر ئێراق – سەرچاوە: (میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریف، المسألة الكوردية (1917–1923)، ل215 + دکتۆر حامید مەحمود عیسا، القضية الكوردية في العراق من الاحتلال البريطاني إلى الغزو الأمريكي 1914–2004، ل66). هەر دوای پێنج مانگ بەسەر تێپەڕبوونی پەیماننامەی (سیڤرە 10.8.1920)دا، کە مافی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە باکووری کوردستان بە کورد دابوو، دواتریش مافی یەکگرتنەوەی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) لەگەڵ دەوڵەتە کوردییەکە، لە کۆنگرەی قاهیرەدا باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بە گوێرەی بڕیارەکەی کۆنگرەی قاهیرە کە لە سەرەوەدا ئاماژەی پێکرا، لە دەوڵەتی کوردی دانپێدانراو بە گوێرەی پەیماننامەی سیڤرە جیاکرایەوە، کە ئەمەش ئاماژەو سەرەتایەک بوو بۆ جێبەجێ نەکردن‌و هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی ناوبراو. هەر لەو کۆنگرەیەدا وینستۆن چەرچڵ، لە ڕێکەوتی (21.4.1921)دا پێشنیاری ئازادکردن و گەڕانەوەی شێخ مەحمودی لە (سێر پێرسی کۆکس) کرد، لەگەڵ گەڕانەوەی مێجەر نۆئیل. سەبارەت بە پادشاو سوپایەک بۆ ئێراق، تەواوی ئەندامانی کۆنگرەکە لە ڕێکەوتی (12.3.1921)دا لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە (فەیسەڵ کوڕی شەریف حوسێن کوڕی شەریف عەلی کوڕی محەمەد کوڕی عۆن ئەلهاشمی 20.5.1883–8.9.1933) بکرێت بە شای ئێراق و، بەزووترین کاتیش سوپایەک بێتە دامەزراندن. هەر لە کۆنگرەی قاهیرەدا، جەعفەر عەسکەری (15.9.1885–29.10.1936) کە پیاوێکی هەرە دڵسۆزی ئینگلیز و عارەب و ئێراق بوو لە ڕۆژی (25.3.1921)دا، هەواڵی دامەزراندنی سوپای ئێراقی ڕاگەیاند، کە سێر پێرسی کۆکس ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە دامەزراندنیدا. بەڵام لەبەر ئەوەی پێشتر لە ڕێکەوتی (6.1.1921)دا، دە ئەفسەر لەو ئەفسەرە ئێراقی و کوردانەی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) لەبارەگا تایبەتییەکەی جەعفەر پاشای عەسکەری لە بەغدا کۆببوونەوە، بە مەبەستی دامەزراندنی سوپایەک بۆ ئێراق، بۆیە

ئەو ڕۆژەیان کرد بە ڕۆژی دامەزراندنی سوپای ئێراق نەک ڕۆژی (25.3.1921). سەبارەت بەدانانی (فەیسەڵ کوڕی حوسێن) بە شای ئێراق، ئەنجومەنی وەزیرانی ئێراق لە ڕێکەوتی (11.7.1921)دا بڕیاریدا کە ناوبراو بکرێت بە پادشای ئێراق، بەو مەرجەی ئێراق وڵاتێکی دەستووری، پەرلەمانی، ئازادو وابەستە بە یاسا بێت – سەرچاوە: (ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ، العراق الحديث من سنة 1900 الى سنة 1950، الجزء الاول، ل216 + دکتۆر محەمەد موزەفەر هاشم ئەلئەدهەمی، المجلس التأسيسي العراقي، الجزء الأول، ل153)، دواتر ئەنجومەنی بەڕێوەبەرێتی ئێراق (پەرلەمان) لە ڕێکەوتی (21.7.1921)دا بڕیاریدا کە فەیسەڵ بە شای ئێراق دابنرێت، ئەوەبوو دواتر لە ڕێکەوتی (23.8.1921)دا ئاهەنگی کڵاو لە سەرنانی شاهانە بۆ (فەیسەڵ کوڕی حوسێن) بەڕێوەچوو، کە بڕیاردرا کە (سێر کیناهان کۆرنەوالیس)ی ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ بکرێ بە ڕاوێژکاری تایبەتی شا فەیسەڵ. بەر لەو کڵاو لە سەرنانەی شا فەیسەڵ، گوایە ڕیفراندۆمێک لە ڕێکەوتی (18.8.1921)دا بۆ دەنگدان بە پادشایەتی ئەو ئەنجام دراوە، دوو نموونە دێنینەوە کە (کریس کۆچێراو ئێدمۆندس)ن، یەکەمیان باسی ئەوە دەکات کە (90%)و دووەمیشیان نووسیوێتی کە (96%)ی دانیشتوانی هەر سێ ویلایەتی بەغدا، بەسراو موسڵ دەنگیان بە فەیسەڵ داوە – سەرچاوە: (کریس کۆچێرا، مێژووی کورد لە سەدەی 19–20دا، ل111 + سیسیل جۆن ئێدمۆندس، کورد تورک و عارەب، ل151). بە گوێرەی ئەو جیاوازییەی نێوان هەر دوو نووسەری سەرەوە کە (6%)ە جیاوازییەکی زۆرە، ئەمەش بۆمان دەردەخات کە ئەو ئەنجامانە دوورن لە ڕاستیدا. بەڵام لەو ڕاپۆرتە تایبەتییەی کە حکومەتی بریتانیا بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکانی ناردووەو، دواتر لەژێر ناوی (ڕاپۆرتێکی تایبەتیی حکومەتی بەریتانیا بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان لە نێوان ساڵانی 1920–1931)دا لە چاپدراوە، سەبارەت بە ئەنجامی ئەو ڕیفراندۆمەی بۆ هەڵبژاردنی شا فەیسەڵ بە پادشای ئێراق، نووسیوێتی: (کە ساتێک ڕیفراندۆم کرا دەربارەی ئەوەی عارەبێک بکرێ بە پادشای ئێراق، کوردەکان لەوەدا دوودڵ بوون. لە سلێمانی بەشداری دەنگدانیان نەکرد، کوردەکانی کەرکوک داوای پێکهێنانی حکومەتێکی کوردییان کرد. کوردەکانی ناوچەکانی موسڵ و هەولێر (جگە لە ڕواندز) کە تورکی تیادایە، ئەوانیتر دەنگیان بۆ فەیسەڵ دا، بەڵام هەندێ سەرنج و داخوازییان هەبوو کە پێوەندی هەبوو بەو مافانەی کە لە مادەی (64)ی پەیمانی

سێڤرەدا بۆ کورد دەستنیشان کرابوو، کە بەپێی ئەوە دەبوایە حکومەتێکی نا ناوەندی بۆ کورد دامەزرایە – سەرچاوە: محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، ل105). بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی حکومەتی بەریتانیا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەنجامی ڕیفراندۆمەکە ساختەکاری زۆری تێدا کراوە، ئەگینا دانیشتوانی هەر دوو پارێزگای کەرکوک و سلێمانی دەنگیان بە فەیسەڵ نەداوە، هەرچی پارێزگاکانی دهۆک، هەولێر و موسڵ-ە، بەو مەرجە دەنگیان بەو داوە کە مادەی (64)ی پەیماننامەی سێڤرە جێبەجێ بکرێت. کاتێکیش کە هیچ لایەک پابەندی مادەی (64) نەبێت، کەواتە دەنگدانەکە هەڵدەوەشێتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ یاخود باشووری کوردستان دەنگیان بە فەیسەڵ نەداوەو ئەویان هەڵنەبژاردووە، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە لە لاپەڕە (49)ی پەرتووکی (ولایه الموصل تقرير لجنة عصبة الأمم الخاصة بحل النزاع التركي – البريطاني حول ولاية الموصل 1924-1925، مراجعة وتحقيق عبدالرزاق محمود القيسي)دا، هاتووە (لە پێناوی زۆرتر تیشک خستنەسەر ڕاپرسییەکانی پێشوو، شاندەکە (شاندی کۆمیسیۆنی توێژینەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ) داوای لە حکومەتی بەریتانی و دەسەڵاتدارانی بەریتانی کرد کە سەبارەت بە هەر دوو ڕاپرسی وردەکارییەکانی بداتێ. بەڵام لەو زانیارییانەی کە درانە شاندەکە، دەرکەوت کە نە لە ساڵی (1919)و نە لە ساڵی (1921)دا ڕاپرسی ئەنجام نەدراوە). بە گوێرەی ئەو ڕاپۆرتەی کۆمیسیۆنی توێژینەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ بۆمان دەردەکەوێت کە نە ڕاپرسی یەکەم (18.2.1919)و نە ڕاپرسی دووەم (18.8.1921) ئەنجام نەدراون. دکتۆر حامد مەحمود عیسا، لە لاپەڕە (67)ی پەرتووکی (القضية الكوردية في العراق)دا، نووسیویێتی: (دەستنیشانکردنی شازادە فەیسەڵی هاشمی لە لایەن ئینگلیزەکانەوە بۆ پادشای ئێراق، ڕووبەڕووی بەرهەڵستییەکی توند بووەوە، نەک بەتەنیا لە لایەن کوردەکانەوە، بەڵکو لە لایەن بەشێکی گەورەی عارەبەوە بەتایبەت شیعەکانەوە). باشە ئەگەر کورد و بەشێکی زۆر لە عارەبەکان دەنگیان بە فەیسەڵ نەدابێت، ئەی چۆن ئەو (96%)ی دەنگەکانی بەدەست هێناوە!! لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کە ئاڕنۆڵد تالبوت ویلسۆنی کۆمیسیاری پێشووی باڵای بەریتانی لە بەغدا، سەبارەت بە چۆنیەتی دانانی فەیسەڵی کوڕی حوسێن بە پادشا دەڵێت: (بە پێچەوانەی ویست و

ئارەزووی گەلی کوردە وە، پرانس فەیسەڵ-م کردە شای ئێراق. بەرگری کورد بەشێوەیەکی خوێناوی سەرکوت کرا – سەرچاوە: دکتۆر عەزیز شەمزینی، جولانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان، وەرگێڕانی فەرید ئەسەسەرد، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، چاپی چوارەم، ل226). ئەو قسانەی ویلسۆن پێویست بەوە ناکات ئەوەندە ڕوونکردنەوەی لەسەر بدرێت، چونکە ئەو خۆی باسی ئەوە دەکات کە شا فەیسەڵی بە پێچەوانەی خواست و ئارەزووی کوردەکان کردۆتە پادشای ئێراق. ئەمەش تەواوی بانگێشەی دەنگدانی ئازادانەی کورد بۆ پەسندکردنی شا فەیسەڵ و ڕیفراندۆمی سەربەستانە بە درۆ دەخاتەوە. گۆڵد سمیس، کە ئەفسەرێکی رامیاری تازە دانراوبوو بۆ سلێمانی، لە (14.5.1921)دا بۆ کۆمیسیاری باڵا سێر پێرسی کۆکس دەنووسێ و دەڵێ: (کوردەکان بەرهەڵستیی ئەوەش ئەکەن کە تەنانەت بە مەرجیشەوە لەگەڵ ئێراقدا یەک بگرن - سەرچاوە: کامیل ژیر، کوردایەتی و سەربەخۆیی، ل43). ئەمەش دەریدەخات کە کوردەکان هەرگیز نەیانویستووە بچنەپاڵ دەوڵەتێکی عارەبی، بەڵام لەبەر ئەوەی ئینگلیز و عارەبەکان بەرژەوەندییان لەوەدابوو تەنانەت ئەگەر بەزۆرو ساختەکاریش بێت، دەبێت باشووری کوردستان بخرێتە سەر ئێراق. ئەوە سەرەڕای ئەوەی لە ناوەڕاستی مانگی ئابی (1921)دا وەزارەتی کۆلۆنییەکانی بەریتانی (وەزارەتەکەی وینستۆن چەرچڵ) بە بروسکەیەک کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغدا (سێر پێرسی زەکەریا کۆکس)ی ئاگادارکردۆتەوە، بۆ ئەوەی فەیسەڵی کوڕی حوسێن وەکو فەرمانداری ئێراق دابنێن نەک وەکو پادشا، بەڵام کۆمیسیاری ناوبراو کە زۆر دڵسۆزبوو بۆ عارەب و ئێراق دژی ئەو بیرۆکەیە وەستایەوەو سووربوو لەسەر دانانی فەیسەڵ بە پادشای دەستووریو یاسایی ئێراق – سەرچاوە: (ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ، العراق الحدیث من سنة 1900 الی سنة 1950، الجزء الاول، ل217). بەجێ نەهێنانی داواکارییەکەی وینستۆن چەرچڵ لە لایەن سێر پێرسی کۆکس-ەوە کە بێگومان بەرپرسانی تری بەریتانی لەگەڵ بووە، لە پێناوی بەدیهێنانی مەرامەکانی ئینگلیز بووە لە دوارۆژدا لە ڕێگای کردنی فەیسەڵ بە شای ئێراقەوە. سەبارەت بەدوا بڕیاری کۆنگرەی قاهیرە، ئێدمۆندس لە لاپەڕە (151)ی پەرتووکی (کورد تورک و عارەب)دا، نووسیویێتی: (بڕیارێکی تری کۆنگرەی قاهیرە ئەوەبوو کە لە پایزی ساڵی (1923)ەوە، هێزەکانی ئاسمانی شاهانەی بەریتانی بەرپرسیێتی بەرگری کردن لە

ئێراق و، پاراستن و دابینکردنی ڕێکخستن و ئاسایشی ئەو وڵاتە لە سوپا وەرگرن).
بەڵام ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ، لە لاپەڕە (214)ی بەرگی یەکەمی پەرتووکی (العراق الحدیث من سنة 1900 الی سنة 1950)دا، نووسیویێتی: (لە کۆنگرەی قاهیرەدا گەیشتنە ئەوەی بڕیارێکی گرنگ سەبارەت بە پرسی بەرگریکردن بدەن. کۆنگرە بڕیاریدا بە کەمکردنەوەی هێزەکانی بەریتانی و، هێزەکانی ئاسمانی بەریتانی لە ساڵی (1922)دا کۆنترۆڵ و سەرکردایەتی سوپای بەریتانی وەرگرێت). ئەوەی کە هەر یەک لە ئێدمۆندس و لۆنگریگ باسیانکردووە بڕیارێکی کۆنگرەی قاهیرە بووە، هۆیەکەشی زۆرتر لەبەرئەوە بووە کە سوپای ئێراق نە بە تەنیاو نە لەگەڵ سوپای ئینگلیزیش نەیاندەتوانی بەرەنگاری سوپای کورد و پێشمەرگەی شێخ مەحمود ببنەوە، ئەگەر بێتوو هێزی ئاسمانی بەریتانیا لەگەڵیان نەبوایە. لە پێناوی پشت ڕاستکردنەوەی بۆچوونەکەم پەنا دەبەمە بەر لێدوانێکی کۆمیساری باڵای بەریتانی لە بەغدا سێر هێنری ڕۆبەرت کۆنوای دوبس، کە لە ڕێکەوتی (8.3.1931)دا لەیاداشتی ژمارە (4021)دا بۆ دەوڵەتی پایەبەرزی پادشای بەریتانی ناردووە، نووسیوێتی: (سوپای ئێراق ناتوانێ لە ناوچە شاخاوییەکاندا جموجۆڵ بکا، بەتایبەتی کە تائێستا ئێراق هێزێکی چەکداری وای نییە کە بتوانێ بەرپەرچی بچووکترین هێرشی کوردی پێ بداتەوە. کورد هەمیشە بۆ ڕاپەڕین سازو ئامادەیە. لەبەرئەوە سوپای بەریتانیا کە لە ئاشوورییەکان (لیڤی) پێکهاتووەو هێزی ئاسمانیی پاشایەتی بەریتانیا بە جووتەو بە جیا بەردەبنە گیانی کورد و ڕاپەڕینەکەیان دەکوژێننەوە. چەند مانگێک لەمەوپێش فڕۆکەکانی بەریتانیا کەوتنە بۆردومان کردنی لایەنگرانی شێخ مەحمودی پێشەوای یاخیانی کورد - سەرچاوە: دکتۆر عەزیز شەمزینی، جوڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان، ل237).

# کۆنگرەی یەکەم و دووەمی لۆزان و پەیماننامەی لۆزان:

بەستنی ئەو هەموو کۆنفرانس و کۆنگرە یەک لەدوا یەکانەی، هەر لە دوای بەستنی پەیماننامەی سیڤرە، کە لە ڕێکەوتی (10.8.1920)دا لە شارۆچکەی سیڤرەی ڕۆژئاوای شاری پاریس بەسترابوو، مانای جێبەجێ نەکردنی پەیماننامەکەو دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەک بوو بۆ خۆدزینەوە لە جێبەجێکردنی بەندەکانی (62، 63، 64)ی پەیماننامەکە کە تایبەت بوو بە دانپێدانان بە مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کورد و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لە باکوور و باشووری کوردستان. پەیماننامەی سیڤرە و مادەی (58)ی دەستووری کاتی ئێراق و مادەی (140)ی دەستووری هەمیشەیی ئێراق، سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی سنووری نێوان باشووری کوردستان و ئێراق، زۆر لەیەک دەچن، هەر یەک لە پەیماننامەی سیڤرە و مادەی (58) یان (140) لە کاتێکدا بەستراون کە دەوڵەتی ئێراق زۆر بێهێز بووە، بەستنی کۆنگرەکانی لەندەن، قاهیرە، کۆنفرانسی یەکەمی لۆزان، کۆنفرانسی دووەمی لۆزان، پەیمانی لۆزان و دامەزراندنی کۆمیسیۆنی توێژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ، مانای باوەڕنەبوون و خۆدزینەوە لە پەیماننامەی سیڤرە دەگەیەنێت لە لایەن لایەنەکانی پەیماننامەکەو گەڕانە بەدوای دۆزینەوەی چارەسەرێکی تر. سستیکردن لە جێبەجێکردنی مادەی (58) یان (140) و هەوڵدان لە لایەن عارەب بەشێوەیەکی گشتی، بۆ گۆڕینی ناوەڕۆکی هەر دوو مادەی ناوبراو لە هەوڵی یەکەمدا بەمادەی (24)ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی ئێراقی، کە لە ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (22.7.2008)دا پەرلەمانی ئێراق دوای دەرچوونی هەر دوو لیستی کوردستانی (کوردستانی + یەکگرتووی ئیسلامی) بڕیاری لەسەردا، دواتریش لە هەوڵی دووەمدا گۆڕینی بەمادەی (23)ی هەمان یاسای ناوبراو لە سەرەوەدا، کە لە ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (24.9.2008)دا پەرلەمانی ئێراق بە پەسەندکردن و ئامادەبوونی هەر دوو لیستی کوردستان بڕیاری لەسەردا، لە پێناوی کەمکردنەوەی قورسایی مادەی (140)و راکردن و خۆدزینەوە لە جێبەجێکردنی مادەی ناوبراودا، کە ماوەی جێبەجێکردنی کۆتایی ساڵی (2007) بوو، کۆتایی پێهات. بەڵام جیاوازی نێوان ئەو کۆنفراس،

کۆنگرە و پەیمانانەی کە دوای پەیمانی سیڤرە بەستران، کورد لایەنێک یان بەشدار نەبوو سەرەڕای ئەوەی کە گشتیان پێوەندییان بە کورد و کوردستانە وە هەبووە، وەلێ هەموو ئەو مادانەی کە بۆ کەمکردنەوەی قورسایی یان هەرەس پێهێنانی مادەی (140) دادەڕێژرێت، بەناوی دارشتنی یاساکان یاخود هەموارکردنی دەستووری ئێراق بە گوێرەی مادەی (142)ی دەستوورەوە، کورد تێیدا بەشدارە، بۆیە کورد ناشێت قایل بێت بەدارشتنی هیچ مادەیەکی تر کە مەترسی بێت بۆسەر مادەی (140)، کە لایەنی کەمی خواستە نەتەوایەتیەکانی کورد و کوردستانیانی تێدایە. عارەب و تورکمانەکان بانگێشەی ئەوە دەکەن کە مادەی (140)ی دەستووری هەمیشەیی ئێراق مردووە، خۆ ئەگەر کورد خۆی بێدەنگ کات و نێتە وەلام عارەبەکان تەنیا بەشی کوردی لێ دەمرێنن و، هەر بە گوێرەی هەمان مادە ئەو شارۆچکەو خاکانەی کە شیعەنشین بووینەو خراونەتە سەر پارێزگا سونییەکانی وەکو ڕومادی دەیگەڕێننەوە بۆسەر نەجەف و کەربەلا. سەرکردایەتی کورد دەبوایە لەسەر بڕیارەکانی کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی ئێراقی، کە لە ڕێکەوتی (14–16)ی مانگی سپتێمبەری (2002)دا لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا، لەژێر دروشمی (لە پێناوی ڕزگارکردنی ئێراق و دەستەبەرکردنی دیموکراتی)دا بە ئامادەبوونی هەر دوو سەرکردەی کورد مام جەلال و کاک مەسعود بارزانی و شاندی هەر دوو لایەنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان کە ڕۆڵی بەرچاویان تێدا بینی بەسترا، مامەڵە لەگەڵ سەرانی عارەبدا بکات و بە کەمتر قایل نەبێت. بەیاننامەی سیاسی کۆنگرەی لەندەن، کە بیست و دوو خاڵ لەخۆ دەگرێت، بە گوێرەی خاڵی نۆیەم سەبارەت بە ڕاگواستنەوەی زۆرەملێیانەی بەعسییەکان لە پێناوی پاکتاویکردنی ڕەگەزی کورد لە ناوچە دەوڵەمەندەکان بە نەوت، تیایدا هاتووە: (کۆنگرە ڕاگواستنەوەی زۆرەملێ، پاکتاوکردنی ڕەگەزی، بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و گۆڕینی باری ناسنامەی نەتەوایەتی شەرمەزار دەکات، کە لە ڕاستی پێکهاتەی نەتەوایەتی ناوچەکانی کەرکوک، مەخمور، خانەقین، شەنگال، شێخان، زومار، مەندەلی و ناوچەکانی تردا کراون و، کۆنگرە بانگەشەی سڕینەوەی تەواوی پاشماوەکانی ئەو سیاسەتانە دەکات، بە گوێرەی ئەو هەنگاوانەی کە لە خوارەوە هاتوون:

1. گەڕانەوەی ڕاگوێزراوەکان بۆ ناوچەکانی خۆیان و گێڕانەوەی سەرجەم ماڵ و مولکە زەوتکراوەکانیان و قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی کە لێیان کەوتووە.
2. گێڕانەوەی تەواوی هاوردەکان کە ڕژێم نیشتەجێی کردوون لەو ناوچانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە بۆ ناوچەکانی پێشووی خۆیان.
3. گێڕانەوەی سەرجەم کوردە فەیلییەکان و هەموو ئەو ئێراقییانەی بە بیانۆی ڕەگەزنامەی ئێرانی ڕاگوێزرابوون بۆ دەرەوەی وڵات بە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەزنامەیان، کە دەسەڵات بە ناڕەوا مافی هاوڵاتی بوونی ئێراقی لێ وەرگرتبوونەوە، بۆ ئێراق و مسۆگەرکردنی گەڕانەوەی ڕەگەزنامەی ئێراقی بۆیان و گێڕانەوەی تەواوی ماڵ و سامانیان و قەرەبووکردنەوەیان لەو زیانانەی کە لێیان کەوتووەو، ئاشکراکردنی چارەنووسی کوردە فەیلییە گلدراوەکان، کە لە ساڵی (1980)ەوە بێ سەروشوێن کراون.
4. هەڵوەشاندنەوەی گشت ئەو ڕێوشوێنە کارگێڕیانەی ڕژێم، کە لە ساڵی (1968)ەوە بە مەبەستی گۆڕینی باری دیمۆگرافیای کوردستانی ئێراق پەیڕەوی کردووە).

کەچی هەڵەیەکی زەقی سەرکردایەتی کورد، ئەوەبوو کە دوای پرۆسەی ڕوخانی ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام حوسێن، دەستبەجێ قایلبوو بەو ڕاگەیاندنەی دەسەڵاتی هاوپەیمانان بە دیاریکردنی سنووری هەرێمی کوردستان، بەو سنوورەی کە لەپێش ڕێکەوتی (19.3.2003)دا هەیبووە. ئەمەش بەلای عارەبەوە مانای جێبەجێ نەکردن و هەڵوەشاندنەوەی یاخود بایەخ نەدان بوو بە بڕیارەکانی کۆنگرەی لەندەن. لە هەمان کاتدا نەدەبوایە سەرکردایەتی کورد بەوە قایل بێت کە عارەبی هاوردەی داگیرکەر سەربەست بن لەوەی کە دەیانەوێت بۆ ئەو شوێنەی لێیەوە هاتوون بگەڕێنەوە یان بمێننەوە، وەکو ئەوەی کە لە مادەی (140)ی دەستووردا کورد عارەبی دە هەزاری سەربەست کردووە لە مانەوە یان گەڕانەوە، چونکە بە گوێرەی بڕگەی دوو خاڵی نۆی کۆنگرەی ڤیەنا باسی ئەوە دەکات کە تەواوی ئەو عارەبە هاوردانەی ڕژێم بە مەبەستی گۆڕینی باری دیمۆگرافیای شارەکانی کوردستان هێناویێتی، دەبێ بگەڕێنەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە لێیەوە هاتوون.

هەڵەیەکی تری سەرکردایەتی سیاسی باشووری کوردستان ئەوەبوو، کە نابوایە بەمشێوەیە ڕەفتار لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عارەبی ئێراق بکات سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی کورد و کوردستان، چونکە پرسی کورد هەم پرسی خاکە هەم پرسی نەتەوە. پرسی کورد لە ڕاستیدا پرسی داگیرکردنی خاکی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)و پرسی نەتەوەیەکی ماف زەوتکراوە لە باشووری کوردستان، کە نەتەوەی کوردە. کەچی سەرکردایەتی کورد پرسی کوردیان لە پرسی خاکێکی داگیرکراو و زەوتکردنی مافی نەتەوەیەکی بێبەش لە هەموو مافێکی ژیان و مرۆڤایەتی، کردە پرسێکی دیموکراتی و بردیان بۆ ناو پەرلەمانی دوژمن (پەرلەمانی ئێراق)و پرسەکەیان ئەوەندە بچووک کردەوە، کە لەوێش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ عارەبەکان لە هەوڵی بچووک کردنەوەو لەناوبردنیدان. پرسی کورد دەبوایە لەسەر مێزی گفتوگۆ بە ئامادەبوونی لایەنی سێیەم (کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان یان پەرلەمانی ئەوروپی) وەکو چاودێرو گەرەنتی چارەسەری بۆ بدۆزرابایەوە. کاتێک کە سەرکردایەتی کوردستان هەر واشی نەکرد، دەبوایە لەکاتی داڕشتنی دەستووری هەمیشەیی ئێراقیدا، مەرجێکی وایان بکردایە بەندێکی دەستوور، کە بە هیچ شێوەیەک ئەو بەندانەی کە پێوەندییان بە چارەسەرکردنی پرسی کورد و باشووری کوردستان (هەرێمی کوردستان)ەوە هەیە، نە لە ئێستاو نە لە دواڕۆژدا هەڵنەوەشێندرێنەوە یان مادەیەک دابڕێژرێت کە ببێتە کۆسپ لە بەردەم جێبەجێکردنیان یان تەگەرە دروستکردن لە پێناوی شکست پێهێنانیاندا، هەروەکو مادەی یەکەم و دەیەمی ڕاگەیاندنەکەی ڕێکەوتی (25.5.1932)ی حکومەتی ئێراقی لەمەڕ مافە چەسپاوەکانی کورد و بەکارهێنانی زمانی کوردی وەکو زمانێکی فەرمی لە فەرمانگەو دادگەو قوتابخانەکان لە کوردستان و بەڕێوەبردنی فەرمانگەکانی ناوچەکە لە لایەن فەرمانبەرانی کوردە وە، کە ئەو مافانە هەم بە ماف و هەم بە یاسای بنچینەیی چەسپاوی کورد ناودەبات و، ڕێگە نادات هیچ یاسایەکی تر لە هیچ کاتێکدا ئەو یاسایە یان مافانە هەڵوەشێنێتەوە یان لە دژیان بوەستێتەوە، هەروەها مافەکانی کورد یان یاساکەی سەبارەت بە مافی کورد بە پەیمانێک ناودەبات کە سیفەتی نێودەوڵەتییان هەیە – سەرچاوە: مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ل353–362)، چونکە هەموارکردنی دەستووری هەمیشەیی ئێراق بەلای عارەبی سوننە و شیعە، واتە

لەباربردنی مادەی (140)و هەموو مادەکانی تری پەیوەست بە مافە نەتەوایەتییەکانی کورد و دانیشتوانی کوردستان.

کاتی خۆیشی پەیماننامەی سیڤرەی (10.8.1920) بە تەنیا بۆ کورد مرداندیان، کەچی هەر بە گوێرەی هەمان پەیماننامە (سیڤرە) سێ دەوڵەتی ئیسرائیل لە ڕێکەوتی (14.5.1948)داو سودان لە (1.1.1956)و لیبیاش لە ڕێکەوتی (24.12.1951)دا سەربەخۆییان وەرگرت – سەرچاوە: (دەقەکانی کۆنگرەی سیڤرە و خوێندنەوەیەکی تر، خوێندنەوەی مەسعود عەبدولخالق، ل59). هەر لە پێناوی دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەک بۆ خۆ دەربازکردنیان لە پەیماننامەی سیڤرە، هەر سێ وڵاتی بەریتانیا، فەرەنسا و ئیتاڵیا لە ڕێکەوتی (27.10.1922)دا، داوای بەستنی (کۆنگرەی لۆزان)یان کردو، هەر دوو حکومەتەکانی (قوستەنتینیەو ئەنقەرە)ی عوسمانی و کەمالی بۆ کۆنگرەی لۆزان کە لە شاری لۆزانی وڵاتی سویسرا بەسترا بانگهێشت کرابوون، بەڵام بەر لە بەستنی ئەو کۆنگرەیە حکومەتی (ئەنقەرە)ی سەر بە (کەمال ئەتاتورک) توانی لە ڕۆژی (1.11.1922)دا سوڵتان محەمەدی شەشەم (سوڵتان محەمەد کوڕی سوڵتان وەحیدەددین کوڕی خەلیفە عەبدولمەجید)، کە لە نێوان ساڵانی (14.1.1861-16.5.1926)دا ژیاوە، لەسەر تەخت لاداو حکومەتی خەلافەتی ئیسلامی قوستەنتینی لەناو ببات، بەمەش دەرفەتی ئەوەیان بۆ هەڵکەوت کە بە تەنیا نوێنەری خۆیان بڕوات بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەکە. کۆنگرەی یەکەمی لۆزان لە ڕێکەوتی (20.11.1922)دا بە بەشداری هەر سێ وڵاتی بەریتانیا، فەرەنسا و ئیتاڵیا دەستی بەکارەکانی کردو، هەر یەک لە حکومەتەکانی ئەمەریکا، ڕوسیا، بولگاریاو یابان بانگهێشت کران، ئەمەریکا بەشدار نەبوو، کەچی شاندێکی دوو کەسییان بە سەرکردایەتی (ریتشادر دواشیر جالید)ی باڵوێزی ئەمەریکی لە ئیتاڵیادا وەکو چاودێر نارد، بۆ ئەوەی ئاگاداری گفتوگۆکان و بڕیارەکان ببن لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەوێوە ڕوودەدەن. سەرۆکی شاندی بەریتانی (لۆرد جۆرج ناسانییێل مارکۆس کورزۆن – George Nathaniel Marquess Curzon)، کە لە ماوەی نێوان (23.10.1919- 22.1.1924)دا وەزیری دەرەوە بوو، هەروەها (سێر هۆراس ڕامبۆڵد)یش ئەندامی شاندی بەریتانی بووە، سەرۆکی شاندی کەمالییەکان مستەفا عیسمەت ئینینۆی ناسراو بە (عیسمەت ئینینۆ) بووە، کە لە ماوەی نێوان (24.9.1884-25.12.1973)دا ژیاوەو لە ماوەی ساڵانی (1922-

1924)دا وەزیری دەرەوە بووە، بە هاوڕێیەتی لەگەڵ دکتۆر ڕەزا نور بەگ بەشداربوون. مێژوونووسی بەریتانی (ئارنۆڵد یوسف تۆینبی) کە لەکاتی (کۆنگرەی لۆزان) و لە کۆتایی ساڵی (1922)دا سەردانی تورکیای کردووە، لە لایەن سەرکردەکانی تورکیای نوێ هەستی بە دژایەتی کوردەکان کردبوو، بۆیە سەرنجێکی وای لە حوسێن ڕەئوف ئۆربای بەگی سەرۆک وەزیراندا (12.7.1922–4.8.1923) وەرگرتبوو کە: (هۆی سەرەکی لە داواکردنەوەی تورکەکان بۆ گەڕاندنەوەی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان)، نە ئابووری و نە ستراتیژییە، بەڵکو ڕامیارییە و بە تەواوی بە کوردە وە بەندە، چونکە تورکەکان دەیانەوێت کوردەکان لەنێو خۆیاندا بتوێننەوە – سەرچاوە: میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، المسألة الكوردية 1917–1923، ل248). هەر یەک لە وڵاتانی ئەمەریکا، فەرەنسا و سۆڤیەت لەو کۆنگرەیەدا پشتیوانیان لە تورکیای کەمالی کرد لە پێناوی هەڵوەشاندنەوەی بەندەکانی (62–64)ی پەیوەست بە کورد و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لە باکووری کوردستاندا. لە کۆبوونەوەکانی کۆنفراسەکان و کۆنگرەی لۆزاندا، عیسمەت ئینۆنۆی تورک دوو کوردی ئەندام پەرلەمانی بە ناوەکانی (برنجی زادە فوئاد (فەوزی) بەگی نوێنەری دیاربەکر و زولفی زادە زولفی بەگ)ەوە کە بەناو نوێنەری کورد بووینە لە (ئەنجومەنی نیشتمانی گەورەی تورکیا)دا لەگەڵ خۆیدا بردووە، ئەوانیش بەناوی کوردە وە داوایان لە کۆنگرە کردووە کە: (کورد و تورک بران و هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا نییەو، هەر چەندە بە دوو زمان قسە دەکەن، بەڵام لە بارەی ڕەگەز، نەریت و ئایینەوە یەک نەتەوەن، کوردەکان نایانەوێت لە تورک جیاببنەوەو دەوڵەتی سەربەخۆی کوردییان ناوێت – سەرچاوە: م. أ. گیسارۆڤو أ. أ. ڕگووشێن، کوردی تورکیا، وەرگێڕانی جەلال تەقی، ل103 + محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، ل465–466، کە ئەویش لە لاپەڕە (70)ی پەرتووکی (في سبيل كوردستان)ی زنار سلۆپی (قەدری جەمیل پاشا)دا وەریگرتووە). هەر لە لاپەڕە (466)ی هەمان سەرچاوەی ناوبراو لە سەرەوەدا، مستەفا کەمال ئەتاتورک هەڵوێستی نەرێتی ئەم دوو ئەندام پەرلەمانە کوردەی ناوبراوی قۆزتۆتەوەو، لە بەردەم (ئەنجومەنی نیشتمانی گەورەی تورکیا)دا گوتوویەتی: (کوردەکان خۆیان نایانەوێت دەوڵەتێکی سەربەخۆیان هەبێت). لە دوای

بەستنی پەیمانی سیڤرەش، مستەفا کەمال ئەتاتورک زۆر جار دەیگوت: (ئۆتۆنۆمییەکی وا دەدەمە کوردەکان کە سنوورەکەی زۆر فراوانتر بێت لەو سنوورەی کە پەیمانی سیڤرە بڕیاری لێداوە - سەرچاوە: نەجم عومەر سوورچی، مصير ولاية الموصل (كوردستان الجنوبية) ما بعد عام 2000، ل63). بێگومان نەبوونی نوێنەری ڕاستەقینەی نەتەوەی کورد و بردنی چەند ئەندام پەرلەمانێکی کوردی لە پەرلەمانی تورکیادا لەگەڵ شاندی تورکی و وەستانەوەیان لە دژی سەربەخۆیی کوردستان، تاڕادەیەک کاری نەرێنی خۆی هەبووەو هۆکارێک بووە بۆ داڕشتنی بەندەکانی کۆنگرەی لۆزان، کە بە هیچ شێوەیەک ئاماژەی بە مافی کورد و سەربەخۆیی کوردستان نەکردووە. لە کۆتایی مانگی دیسێمبەری ساڵی (1922)دا حکومەتی فارسی داوای لە نوێنەرانی هەر یەک لە ئیتاڵیا، بەریتانیا و فەرەنسا کرد بۆ ئەوەی قایلبن ئێران سنووری کوردستانی نێوان ئێران و تورکیا سەر لەنوێ بکێشرێتەوەو بەرژەوەندی ئێران ڕەچاو بکرێت، هەروەها ئێران نوێنەری خۆی بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی لۆزان بنێرێت، بەڵام کورزۆن هەر دوو داواکارییەکەی ئێرانی گەڕاندە دواوە – سەرچاوە: (میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، المسألة الكوردية (1917-1923)، ل292).

دوای گفتوگۆیەکی زۆر کۆنگرەکە هیچ ئەنجامێکی نەبوو، هەتا لە یەکێک لە دانیشتنەکاندا دکتۆر ڕەزا نور بەگی نوێنەری شاندی ئەنقەرە داوای لە لۆرد کورزۆن کرد، ئەگەر بێتوو ئینگلیزەکان ویلایەتی موسڵ بدەنە تورک، تورکەکان ئامادەن تەواوی پێوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ سۆڤیەت بپچڕێنن، بەڵام کورزۆن ئەو داوایەی ڕەزا نور بەگی گەڕاندە دواوەو، بۆی باسکرد کە بەلای ئینگلیزەوە لەدەستدانی ویلایەتی موسڵ لەدەستدانی ویلایەتی بەغداو تەواوی ئێراقی بە دوادا دێت، لەگەڵ شکستی یەکجاری سیاسەتی ئینگلیز لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا – سەرچاوە: (میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریف، المسألة الكوردية (1917-1923)، ل282). بەرە بەرە بێزاری باڵی بەسەر دانیشتنەکان و گفتوگۆکان دادەهێنا، تا گەیشتە ئەو ڕادەیە کە لایەنی فەرەنسی لە ڕێکەوتی (30.1.1923)دا شاندی خۆی کێشایەوەو بە دەستپێشخەری لۆرد کورزۆنیش لە ڕێکەوتی (4.2.1923)دا کۆنگرە کۆتایی بەکارەکانی خۆی هێناو شاندی کەمالیەکان گەڕانەوە بۆ ئەنقەرەو، ئەو

کۆنگرەکەش لە ئەنجامی قایلنەبوونی نوێنەرانی ئەنقەرە بە پڕۆژەی پەیمانی ئاشتی و جێبەجێکردنی پەیماننامەی سیڤرە، شکستی هێنا.

دوای نزیکەی سێ مانگ بەسەر شکستی کۆنگرەی یەکەم، کۆنگرەی دووەمی لۆزان لە ڕێکەوتی (23.4.1923)دا لە نێوان شاندەکانی هەر دوو لایەنی بەریتانی و تورکیدا دووبارە دەستیان بە گفتوگۆکان کردەوە. لە دوای گفتوگۆیەکی دژوارو پڕ لە کێشە، هەردوو لا گەیشتنە ڕێکەوتنێک کە دواتر بە پەیمانی لۆزان ناسرا. پەیمانی لۆزان لە کۆشکی (ئوشی) لە شاری لۆزانی سەر بە وڵاتی سویسرا لە کاتژمێری (15.00)ی ڕۆژی (24.7.1923)دا لە نێوان بەریتانیا و هاوپەیمانەکانی کە بریتیبوون لە هەر یەک لە (فەرەنسا، ئیتاڵیا، ڕۆمانیا، یۆگۆسلاڤیا، ژاپۆن، بولگاریا و یۆنان) لە لایەک و تورکیا لە لاکەی تردا واژۆکرا، کە دوای ئەوە هەوڵەکانی ئینگلیز لەوە چڕکرایەوە کە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)، بە ئێراقی عارەبییەوە (ویلایەتەکانی بەغداو بەسرا) بلکێنی. سەرۆکی شاندی کەمالییەکان بۆ ئەوجارە (عیسمەت ئینینۆ)ی وەزیری دەرەوە بوو، کە دواتر بۆ دووجار لە ماوەکانی نێوان سالانی (1.11.1923–21.11.1924) و (6.3.1925–27.9.1937)دا بۆتە سەرۆک وەزیران و پاشانیش لە نێوان سالانی (11.11.1938–22.5.1950) وەکو دووەم سەرۆک کۆماری تورکیا دەسەلاتی گرتۆتە دەست. نوێنەری حکومەتی بەریتانیش (لۆرد جۆرج ناسانییل مارکۆس کورزۆن)ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا سەرۆکی شاندی ئەو وڵاتە بووە، سەرۆکی شاندی وڵاتی فەرەنساش (ڕایمۆند پۆینکارێ – Raymond Poinkare)، کە لە نێوان سالانی (20.8.1860–15.10.1934)دا ژیاوەو، کە بۆ جاری دووەم لە ماوەی نێوان (15.1.1922–9.6.1924)دا پۆستی سەرۆک وەزیرانی ئەم وڵاتەی هەبووە، سەرۆکی شاندی وڵاتی ئیتاڵیا سەرکردەی فاشی و دیکتاتۆری ناسراو بینۆشیت (بینیتۆ ئەمیلیکا ئەندریا مۆسۆلۆنی Benito Amilcare Andrea Mussolini)، کە لە ماوەی نێوان (29.7.1883–28.4.1945)دا ژیاوەو وەکو سەرۆک وەزیران لە ماوەی نێوان (31.10.1922–25.7.1943)دا ئەو پۆستەی هەبووە، هەروەها سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی وڵاتی یۆنانستان (ئێلیفسەریۆس کیوریاکۆ ڤینیزیلۆس – Eleftherios Kyriakou Venizelos)، کە ئەو لە ماوەی نێوان (23.8.1864–18.3.1936)دا ژیاوەو لە ماوەی نێوان سالانی (27.6.1917–18.11.1920)دا ئەو پۆستەی بەدەستەوە

بووە، سەرۆکایەتی شاندی یۆنانی کردووە. لە کۆی (142) بەندی پەیماننامەی لۆزاندا، ئاماژە بەناوی کوردستان و کورد و بە مافە نەتەوایەتییەکانی نەکرابوو. لایەنی بەریتانی و تورکی بە گوێرەی بەندی دووی مادەی سێی پەیمانەکە، گەیشتنە ڕێکەوتنێک ئەگەر هەردوو لا لە ماوەی (9) مانگدا لە ڕێگەی گفتوگۆکردن نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک، ئەوکاتە کێشەکە دەنێردرێتە ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان، هەروەها نوێنەرو شاندی کەمالییەکانی ئەنقەرە بە گوێرەی هەدوو مادەکانی سێیەم و شازدەیەمی کۆنگرەی لۆزان، دەستیان هەڵگرت لە تەواوی مافەکانی دەوڵەتی عوسمانی بەسەر تەواوی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) – سەرچاوە: (دکتۆر فازڵ حوسێن، کێشەی ویلایەتی موسڵ، ل280). دواتر شا فەیسەڵی ئێراق لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (1923)دا لە بەرانبەر هەوڵ و تێکۆشانی (لۆرد جۆرج ناسانییل مارکۆس کورزۆن)ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیادا، سوپاسی ناوبراوی کردو داوای لێکرد بە بایەخەوە بڕوانێتە پرسی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) و هەوڵبدات بۆ ئەوەی بخرێتە چوارچێوەی دەوڵەتی تازە دامەزراوی ئێراقی دەستکردی ئینگلیز، چونکە موسڵ بۆ ئێراق وەکو گەوهەرێک وایە لەناو تاجی سەرکەوتنا – سەرچاوە: محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی یەکەم، ل468). ڕۆژنامەی (الإستقلال)ی سەر بە شۆڤینیزمی عارەبی، لە ژمارەی ڕێکەوتی (24.10.1923)ی خۆیدا، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (دۆزی عارەب و کێشەی موسڵ)دا، نووسیبووی: (ویلایەتی موسڵ وەک عارەب و عەجەم دەزانێ ویلایەتێکی عارەبییە، زێدەڕۆیی تیا نییە ئەگەر بڵێین وەکو هەموو وڵاتانی تری عارەب دان بە عارەب بوونی دەنرێت. خەڵکەکەی لە هوموو عارەبەکانی وڵاتانی تر زێتر بنەماکانی زمانی عارەبیان پاراستووە – سەرچاوە: کامەران مەنتک، کوردستان لە نێوان ململانێی نێودەوڵەتیو ناوچەییدا 1890–1932، ل223–224). ئەوەی کە ئەو ڕۆژنامە ڕەگەزپەرستەی عارەبی ئێراقی نووسیوێتی، نەک تەنیا زێدەڕۆییەکی گەورەیەو هیچی بەسەر ڕاستی و ژیربێژی (منطق)ەوە نییە، بەڵکو بێ ویژدانییەکی یەکجار گەورەی ڕەگەزپەرستە بێ ئابڕووکانی سەر بە نەتەوەی عارەبە کە هەم باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بە خاکی عارەب ناودەبەن و هەم دانیشتوانەکەشی (کە بە گوێرەی وتەی کوردناس و ڕۆژهەڵاتناسی ڕوسیا میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ: (ڕێژەی کورد لە

کوردستانی ئێراق (91.75%)ی دانیشتوان پێکدەهێنێت - سەرچاوە: چەند وتارێکی کوردناسی، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە ئەنوەر قادر محەمەد، ل116)، زۆر بە بێ شەرمانە بە عارەب دادەنێن، لە کاتێکدا کە (کۆمیسیۆنی توێژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ)ی سەر بە کۆمەڵەی نەتەوەکان حەوت بەش لە هەشت بەشی دانیشتوانی ئەو ویلایەتە (موسڵ) بە کورد دادەنێت، کە ڕێژەی کورد بە گوێرەی ئەو کۆمیسیۆنەی سەر بە کۆمەڵەی نەتەوەکان دەکاتە (87.5%)ی دانیشتوان ویلایەتەکە.

سپاردنی چارەسەرکردنی کێشەی یەکلاکردنەوەی ویلایەتی موسڵ بە ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان، ئاواتی بەرزی بەریتانیا بوو، چونکە بەریتانیا باش دەیزانی دەتوانێت کاربکاتە سەر ئەندامانی ئەنجومەنەکەو، بڕیارێکی وابدەن کە بتوانن بەتایبەت بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا دابین و ڕەچاو بکەن. لە ڕاستیدا واژۆکردنی پەیمانی لۆزان لە پێناوی لەکارخستنی پەیمانی سێڤرە و هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بوو. سەرکەوتنەکانی تورکیا لە ڕووی سەربازییەوە کە توانی کورد و ئەرمەنەکان سەرکوت بکات و، یۆنانییەکانیش تێکبشکێنێ، لە هەمان کاتدا لە ڕووی دیبلۆماسییەوە چەندان ڕێککەوتنی سەرکەوتوانەی لەگەڵ ڕوسیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا و بەریتانیا گرێدا، دوژمنەکانی تورکیای ناچارکرد کە کۆنگرەی لۆزان لەگەڵ تورکیا مۆرکەن و، پەیمانی سێڤرە پشتگوێ بخەن و وەلاوەی بنێن.

حکومەتی ئێراقی لە ڕێگای ئەنجومەنی وەزیرانەوە لە ڕێکەوتی (11.7.1923)دا، بڕیارێکی سێ خاڵی ڕاگەیاند کە ئەمانەی خوارەوەبوون:

1- حکومەتی ئێراق نیازی نییە هیچ کارمەندێکی عارەب، جگە لە فەرمانبەری تەکنیکی، لە ناوچە کوردییەکان دامەزرێنێ.

2- حکومەتی ئێراق نایەوێ دانیشتوانی ناوچە (دکتۆر ئەلئەدهەمی قەزای بەکارهێناوە) کوردییەکان ناچار بکات زمانی عارەبی بەکاربهێنن، لە هامووشۆ فەرمییەکانیاندا.

3- حکومەت مافی دانیشتوان و دەستەو گروپە ئایینی و شارستانییەکان دەپارێزرێ لەو ناوچانە (قەزایانە)دا - سەرچاوە: (دکتۆر محەمەد موزەفەر هاشم ئەلئەدهەمی، المجلس التأسيسي العراقي، الجزء الثاني، ل54).

هەر چەندە دکتۆر محەمەد ئەلئەدهەمی باسی ئەوەی کردووە کە مەبەستی ئەنجومەنی وەزیران و حکومەتی عارەبی ئێراقی لە ڕاگەیاندنی ئەو بڕیارەدا، هاندانی دانیشتوانی کورد بووە لە پێناوی بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنەکان، بەڵام حکومەت مەبەستی تریشی هەبووە، لە لایەک مەبەستی هێورکردنەوەو دڵنەوایيکردنی کوردی باشووری کوردستان بوو، لە لایەکی تریش لەیادکردنی پەیماننامەی سیڤرە و هەژمار کردنی ئەو بڕیارە وەکو ئەلتەرناتیڤی پەیمانی سیڤرە بوو، سەرەڕای ئەوەی کە بڕیارەکە هیچ ناوەڕۆکێکی وای تیا نەبووە بۆ کورد. هەرچی سەبارەت بە جێبەجێکردنی خاڵەکانی بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیرانە، هیچیان جێبەجێ نەکران، چونکە نە مافی گروپە ئایینییەکان دابین کرا، نە نووسراوە فەرمییەکان بە زمانی کوردی نووسران (بۆ نموونە فەرمانبەرێکی هەولێر لە نامەیەکی فەرمیدا نووسیبووی پارێزگاری هەولێر نەک ئەربیل، حەمید سەرسوڕی پارێزگاری هەولێر پێی گوتبوو: پێت ناخۆش نییە دایکت بەناوی خۆیەوە بانگی نەکەین و پێی بڵێین سۆزانی (قەحپە)؟ ئیتر بەسەو ناوی هەولێر بە کوردی لەبیر خۆتان بەرنەوە – سەرچاوە: ئەحمەد خواجە، چیم دی، بەرگی سێیەم، ل28). هەرچی سەبارەت بە دامەزراندنی فەرمانبەرانی کوردە لە ناوچە کوردییەکان، لە خوارەوە بڕوانە بابەتی (دامەزراندنی حکومەتی باشووری کوردستان لە لایەن شێخ مەحمودی نەمرەوە)، لەوێدا ڕێژەی کارمەندانی سەر بە هەر نەتەوەیەک دیاریکراوە، یان بۆ هەمان مەبەست سەیری ئەو سەرچاوەیە بکە: سەلمان عەلی، کوردستانی ئێراق لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا، ل16).

لە ڕێکەوتی (6.8.1924)داو بڕیاردان و ڕاستاندن کردن لەسەر پەیماننامەی لۆزان لە لایەن ئەو دەوڵەتانەی کە واژۆیان لەسەر کردبوو، پەیماننامەی ناوبراو کەوتە واری جێبەجێکردنەوە. بەشی سێیەمی پەیمانەکە مادەکانی (27–44)ی دەگرتە خۆی، کە سەبارەت بە مافی کەلتووری و پاراستنی تەواوی نەتەوەکانی ناو سنووری دەوڵەتی تورکیا بوو بە بێ جیاوازی نەتەوە و ئایین. ئەوەبوو دوای بڕیادان لەسەر پەیماننامەکە تەواوی خاڵەکانی جێبەجێکران، جگە لە مادەکانی ناوبراو لە سەرەوەدا کە پێوەندییان بە نەتەوەی کورد و کەمە نەتەوەکانی ترو ئایین و ئایینزاکانی ترەوە هەبوو بۆ نموونە:

بەندی (37): تورکیا خۆی بەرپرسیار دەکات کە: لە دەستووورە بنچینەییەکانی وڵاتدا دان بە بڕیارەکانی بەندەکانی (38-44)دا بنێتو، هیچ یاساو دەستوورێکی فەرمی دەست لەم بنەمایانە وەرنەدات و پێچەوانەو دژیان نەوەستێتەوە.

بەندی (38): میری تورکیا بەرپرسیارە لە پاراستنی ژیان و دەستەبەرکردنی ئازادی هەموو دانیشتوانی تورکیا بێ گوێدانە جوداخوازی نەتەوایەتی، زمان، ڕەگەزو ئایینیان.

بەندی (39): میری تورکیا بەڵێن دەدات بەوەی ئەو کوردانەی بە ژمارە لە تورک کەمترن، لە تورکیادا، مافی تەواوی ئاخاوتنیان هەیە لەناو خۆیانداو، لە بەردەم دادگاو، بۆیان هەیە ڕۆژنامە، گۆڤارو پەرتووک بە زمانی کوردی دەربکەن و، کۆمەڵەی کوردی (زانستی، کۆمەڵایەتیو پەروەردەیی) دروست بکەن، بۆشیان هەیە بە ئازادی بە سەرتاسەری تورکیادا هاتوچۆ بکەن و، هەموو ئەو مافانەشیان هەبێ کە تورک پێیدراوە. هەروەها هیچ هاووڵاتییەکی تورکیا، فشاری ناخرێتە سەرو ڕێگەی ئازادی بەکارهێنانی هیچ جۆرە زمانێکی لێ ناگیرێت.

بەندی (44): ئەم پەیمانانەی تورکیا، شتێکە دەوڵەتان لەسەری ڕێککەوتوون و، نابێ بە هیچ جۆرێ لێی پەشیمان بێتەوە، ئەگینا بۆهەر یەکێک لەو دەوڵەتانەی پەیمانی - لۆزان-یان مۆرکردووەو، ئەو دەوڵەتانەش کە - کۆمەڵەی نەتەوەکان-یان پێکهێناوە، بۆیان هەیە بە مەبەستی جێبەجێکردنی بەندەکانی ئەم پەیمانە تورکیا بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان، تاوای لێبکەن ئەوەی لە بەردەم هەموو جیهاندا لە ئەستۆی گرتووە، جێبەجێی بکات - سەرچاوە: دکتۆر جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، ل72 + دکتۆر بلەچ شێرکۆ، کێشەی کورد مێژینەو ئێستای کورد، ل87-88). بە ڕاستی جێگەی سەرسوڕمانە، کە بە بەرچاوی کۆمەڵەی نەتەوەکان و تەواوی وڵاتانی جیهان لە نێویاندا چەندان دەوڵەت کە پەیماننامەی لۆزانیان واژۆ کردووە، لە لایەک دەبینن کە تورکیا هیچ بەندێکی لەو بەندانەی پەیمانی ناوبراو جێبەجێ نەکردووە، لە لایەکی تریشەوە دەبینن کە تورکەکان هەوڵی تواندنەوەو لەناوبردنی نەتەوەی کوردیان داوە، کەچی ویژدانیان نەبزوت و داوایان لە کۆمەڵەی نەتەوەکان نەکرد یان خۆیان هەوڵیان نەدا دەوڵەتی تورک ناچارکەن پابەندی جێبەجێکردنی بەندەکانی (37-39)ی پەیوەست بە مافەکانی کورد و ئەوانەی ترەوە بێت و بەندەکانی (40-45)و بەتایبەت بەندی (45) هەڵوەشێننەوە کە ڕێگرن لە

بەردەم بەندەکانی (37–39)ی پەیمانی لۆزان سەبارەت بە مافی کەمەنەتەوەکانی چوارچێوەی سنووری تورکیا، کە تورکەکان بە گوێرەی بەندەکانی تر مەبەستی لە کەمەنەتەوەیی تەنیا کەمەنەتەوەیی ناموسڵمان بووە! سەبارەت بە پشتگوێ خستنی مافەکانی کورد، دکتۆر سادقی شەرەفکەندی، لە لاپەڕە (80)ی پەرتووکی (کورتە مێژووی بزوتنەوە نەتەوەییەکانی کورد)دا، نووسیویێتی: (دەقی مادەکانی (40–45)ی پەیماننامەی لۆزان دەریدەخا کە تورکەکان مەبەستیان لە کەمایەتییەکان، تەنیا کەمایەتییە ناموسڵمانەکانی وەک ئەرمەنییەکان و یۆنانییەکان و هی دیکەیە). وەلێ بە گوێرەی ئەو مادانەی سەرەوە دەردەکەوێت کە ئەم جارەش تورکەکان فێڵیان لە کوردەکان کردووە، کاتێک کە لە کۆنفرانسی لۆزاندا بەریتانیا پرسی کورد و مافی کوردەکانی ویلایەتی موسڵی کوردستانی لەگەڵ ئەواندا باسکرد. تورکەکان لەوێ لەسەر زاری عیسمەت ئینینۆی وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕایانگەیاند کە: (دەوڵەتی ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانی تورکیا ئەوەندەی دەوڵەتی تورکانە، دەوڵەتی کوردیشە، لەبەر ئەوەی نوێنەرە ڕاستەقینەو ڕەواکانی کوردان لەناو ئەنجومەن (ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانی تورکیا)دا هەن و لە دەوڵەت و بەڕێوەبەرێتی وڵات، تورکەکان چەندە بەشدارن، ئەوانیش هەمان بەشیان هەیە – سەرچاوە: دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، بەرگی یەکەم، ل400). هەر سەبارەت بە بۆچوونی کاتی تەنگانەو پێویستی هەبوون بە کورد، لەمەڕ دەوڵەتی تورکیا لە لایەن تورکەکانەوە، نووسەری ئەرمەنی (دکتۆر مانڤێل ئارسێنۆڤیچ هەسرەتیان)، لە لاپەڕە (4)ی پەرتووکی (القضايا القومية في تركيا)دا، نووسیویێتی: (بە درێژایی ساڵانی شەڕی سەربەخۆیی تورکیا لە ساڵانی (1919–1922)دا سەرکردەکانی تورک دەیانگوت: کوردەکان لە ڕووی ئایینەوە برامانن. تورکیا دەوڵەتی کوردەکان و تورکەکانە. مافەکانی گەلی کورد هەردەم ڕێزی لێدەگیرێت). دوای سەرکەوتنی یەکجارەکی تورکەکان ئەویش بە یارمەتی کوردەکان لە ڕێکەوتی (16.9.1922)دا بەسەر یۆنانییەکان، حکومەتی ئەنقەرەی کەمالییەکان پەیکەرێکی بۆ سەربازی نەناسراو دروستکرد، لەکاتی پەردە لادان لەسەر پەیکەری ناوبراودا، سەرۆکی سوپای ئەتاتورک گوتبووی: (بەوپەڕی سەر بەرزییەوە پەردە لە ڕووی سەربازی نەناسراو لائەبەین کە هیچ گومانم لەوەدا نییە، کە ئەو سەربازە سەربازێکی کورد بووە – سەرچاوە: محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی

خوارووی کوردستان، بەرگی یەکەن، ل291). وەلێ نزیکەی دوو مانگ دواتر، مستەفا کەمال پاشای ئەتاتورک لە ڕێکەوتی (21.11.1922)دا، لە دانیشتنێکی تایبەتی (ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانی تورکیا)دا ڕایگەیاند: (ئەو دەوڵەتەی ئێستا لە دامەزراندنی بووینەوە، بەتەنیا دەوڵەتی تورکە - سەرچاوە: کۆمەڵێک نووسەر، گەلێکی پەژمودەو نیشتمانی پەرت، ل123 + دکتۆر خەلیل عەلی موراد، القضية الكوردية في تركيا 1927–1938، ل27 + شەهید دکتۆر سادقی شەرەفکەندی، کورتە مێژووی بزوتنەوە نەتەوەییەکانی کورد، ل140). سەرەتا تورکەکان دەوڵەتی تورکیایان بە تەنێ وەکو دەوڵەتی تورکان ناوزەند کرد، دواتر زمانی کوردیان قەدەغە کردو، پاشانیش لە بەندی (88)ی دەستووردا نووسییان: تەواوی دانیشتوانی تورکیا بە چاوپۆشین لە ئایین و ڕەگەزی نەتەوەییان تورکن – سەرچاوە: (جەلال تاڵەبانی، كوردستان الحركة القومية الكوردية، مطبعة الجمهورية – بغداد 1969، ل156). مام جەلال لە هەمان لاپەڕەدا باسی لێکدانەوەی ڕۆژنامەکانی تورکی دەکات بۆ ئەو مادەیە، کە پێیان وایە ماناکەی ئەوە دەگەیەنێت: (پێویستە لەسەر بێگانەکان (ئەوانەی تورک نین) یان دەبێت لەنێو تورکیزمدا بتوێنەوە یان بمرن). ئەوەبوو بەرە بەرە زمانی تورکەکان لە برایەتی و هاوبەشی دەوڵەتەوە گۆڕا، تا گەیشتە ئاستی هەڕەشەی لەناوبردنی کورد و گوتیان: (ئێمە ئەو کوردانەی باکوور (باکووری کوردستان) کە داوای مافی مرۆڤایەتی و نەتەوەیی دەکەن، هەر هەموویان دەکوژین، هەموویان سەردەبڕین، ویلایەتی موسڵ-یش هەر دەگرینەوەو لەوێشدا بەهەمان دەردیان دەبەین – سەرچاوە: کامەران ئەحمەد محەمەدئەمین مەنتک، کوردستان لە نێوان ململانێی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا (1890–1932)، ل207). مستەفا کەمال لە چەندان بۆنەی تردا باسی کردووە کە: (نرخی هەر تاکە تورکێک بەقەد گشت جیهانە)، کە ئەو قسەیەش ئەوپەڕی ڕەگەزپەرستێتی و لووت بەرزی مستەفا کەمال و تورکەکان دەردەخات.

دەبوایە سەرانی کورد لە دوای ڕوخانی بەعس و سەدام و لەکاتی داڕشتنی دەستووری کاتی و دەستووری هەمیشەیی ئێراق، سەرەڕای جێبەجێ نەکردنی لە لایەن تورکیا وە سوودیان لە هەر دوو بەندی (37، 44)ی پەیماننامەی لۆزان وەرگرتایەو، بەندێکی وایان بخستایە ناو دەستوورەکە کە هەم ئێراق و هەم نەتەوە یەکگرتووەکان: یەکەم: گەرەنتی بدەن بۆ جێبەجێکردنی دەستووری نوێ. دووەم:

گەرەنتی ئەوە بدەن کە بە هیچ شێوەیەک و لە هیچ کاتێکدا نابێ ئەو بەندانەی کە پەیوەستن بە مافەکانی نەتەوەی کورد بەناوی هەموارکردن دەستکاری بکرێن، یاخود لە داهاتوودا بڕیارێک یان یاسایەک لە لایەن حکومەت و پەرلەمانی ئێراقدا دەربچێت کە پێچەوانەی ئەو بەندانەی پەیوەست بە مافەکانی نەتەوەی کورد بن. یاخود ڕێگە نەدەن وەکو چۆن تورکەکان لە بەندەکانی (40–45)دا فێڵیان لە کوردی باکوور کردو بەندەکانی (37–39)یان پێ هەڵوەشاندەوە، فێڵیان لێبکرێت! هەر چەندە بە گوێرەی بڕگەکانی چوارەم و پێنجەمی مادەی (142)ی دەستووری ئێراقی باسی گشت پرسی دەکات لەسەر مادە هەموار کراوەکان، بەڵام بڕگەی پڕ لە کێشەو ئاڵۆزن.

فشارو پەلەکردنی بەریتانیا لە دامەزراندنی پەرلەمانێک بۆ عارەبی ئێراق، وای لە شا فەیسەڵ کرد کە لە ڕێکەوتی (21.10.1922)دا، بە مەرسومێکی پاشایەتی بڕیار بدات کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دامەزراندنی ئێراق بکرێت (ئەلبێرت میخائیلۆڤیچ مینتیشاشڤیلی، العراق في سنوات الأنتداب البريطاني، ل234)، تاوەکو ئێراقییەکان بەشێوەیەکی یاسایی بتوانن بڕیار بدەن لە دامەزراندنی وەزارەتەکان، دامودەزگانی میری، داڕشتنی دەستوورێک بۆ شانشینی ئێراق، دانانی یاسای هەڵبژاردن و بڕیاردان لەسەر پەیماننامەی ئەنگلۆ – ئێراقی، کە لە ڕێکەوتی (10.10.1922)دا لە نێوان هەر دوو وڵاتدا بەسترابوو، بەڵام پەیمانەکە پێویستی بە بڕیاردان یان ڕاستاندن هەبوو لە لایەن ئەنجومەنێکی نوێنەران، کە لە لایەن دانیشتوانی ئێراقەوە هەڵبژاردرابێ. هەر ئەوەشبوو کە وای لە وەزارەتی ناوخۆی ئێراقی کرد کە لە ڕێکەوتی (14.11.1922)دا داوا لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بکات، دەست بە هەنگاونان بکەن لە پێناوی خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنێکی دامەزرێنەر، ئەنجومەنی وەزیران لە ڕێکەوتی (17.11.1922)دا داواکەی وەزارەتی ناوخۆی پەسندکردو بڕیاریدا، پرسی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دامەزرێنەر لە ڕێکەوتی (24.11.1922)، کە نیازوایە بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی کاتی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دامەزرێنەر کە لە ڕێکەوتی (4.3.1922)دا داڕێژرابوو، بنێرێت بۆ شا فەیسەڵ، ئەوەبوو لە ڕۆژی (19.11.1922)دا دەسەڵاتی شا بڕیاریدا کە هەڵبژاردن لەکاتی دیاریکراودا ئەنجام بدرێت – سەرچاوە: دکتۆر محەمەد موزەفەر هاشم ئەلئەدهەمی، المجلس التأسيسي العراقي، الجزء الأول، ل206–207).

سەرەتا پەیمانەکە بۆ ماوەی (20) ساڵ بوو وە لەو ڕۆژەوە دەست پێبکات کە پەیمانی کۆتایی لەسەر پرسی یەکلایی کردنەوەی ویلایەتی موسڵ لە نێوان تورکیا و ئێراق مۆربکرێت، بەڵام دواتر بە گوێرەی پرۆتۆکۆلی (30.4.1923)ی نێوان بەریتانیا و ئێراق کرا بە چوار ساڵ – سەرچاوە: (دکتۆر فازڵ حوسێن، کێشەی ویلایەتی موسڵ، ل230 + ئەلبێرت میخائیلۆڤیچ مینتیشاشڤیلی، العراق في سنوات الأنتداب البريطاني، ل235، کە لە (عەبدولڕەحمان ئەلبەزاز، محاضرات عن العراق من الأحتلال حتى الأستقلال، الطبعة الثانية، القاهرة 1960، ل188)، وەریگرتووە). ئامانجی ئینگلیزەکان لەو کارەدا وەکو هەنگاوی یەکەم ئەوەبوو کە ڕێکەوتنامەو پەیماننامەکان بەشێوەیەکی فەرمی و یاسایی لەگەڵ عارەبدا مۆر بکەن و مانەوەی خۆیان لە ناوچەکەدا مسۆگەر بکەن، دوومیشیان هەوڵبدەن لە ڕێگای ئەو حکومەتەوە پەیمانی سیڤرە هەرەس پێبێنن و ویلایەتی موسڵ بە ئێراقەوە بلکێن، هەروەکو جەعفەر عەسکەری وەزیری بەرگری ئێراقی باسی ئەوەی کردبوو کە پەیمانی ئینگلۆ – ئێراقی ساڵی (1922) تاکە نێوانکردنێکی ڕامیاری (الواسطة السياسية الوحيدة) بووە، کە پشتیوانی لە یەکێتی کیانی ئێراق کردبێت، چونکە ئێراق هیچ پاڵپشت یان پاساوێکی نییە کە پشتیوانی لە یەکێتییە ڕامیارییەکەی بکات – سەرچاوە: (دکتۆر حامد مەحمود عیسا، المشكلة الكوردية في الشرق الاوسط، ل102). بەو لێدوانەی وەزیری بەرگری ئێراق بۆمان دەردەکەوێت ئەگەر پەیمانی ئەنگلۆ – ئێراقی نەبەسترایەو بڕیاری لەسەر نەدرایە، ئەوە هەرگیز ئەمڕۆکە قەوارەیەکی ئێراقی بەمشێوەیەی ئێستای دروست نەدەبوو! بۆ نموونە بەهۆی بڕیارێکی حکومەتی ئێراق بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی ئەنجومەنی پیران، یەکێک لە ئامانجەکانی ئینگلیزەکان هاتەدی بەوەی کە توانیان کورد ڕاکێشن بۆ ناو حکومەتی ئێراق و بەشداربوونی کورد لە هەڵبژاردنەکان، ئەمەش مانای لێکنزیک بوونەوەو بەستنەوەی ویلایەتی موسڵ–ی خاکی کوردان بە خاکی عارەب (ویلایەتەکانی بەغداو بەسرا)دا دەگەیەنێت لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراقدا. بێگومان تێکەڵبوونی نەتەوەی کورد بە نەتەوەی عارەب و لکاندنی خاکی کورد بە خاکی عارەب، مانای جێبەجێ نەکردنی پەیماننامەی سێڤرە و دانپێدانەنانی سادەترین مافێکی کوردە! دواتریش هەر وای لێهات، کاتێک کە هەڵبژاردنی قۆناغی یەکەمی ئەنجومەنی دامەزرێنەری ئێراقی (المجلس التأسيسي العراقي) لە ڕێکەوتی

(24.10.1922)دا ئەنجامدراو پاڵێوراوانی ناسەرەكی هەڵبژێردران و، لە قۆناغی دووەمیشدا لە ڕێكەوتی (12.7.1923)دا پاڵێوراوانی سەرەكی یان بنچینەیی هەڵبژێردران- سەرچاوە: (دكتۆر محەمەد موزەفەر هاشم ئەلئەدهەمی، المجلس التأسيسي العراقي، الجزء الثاني، ل19-20)، ئەنجومەن یەكەم كۆبوونەوەی خۆی لە ڕێكەوتی (27.3.1924)دا ئەنجامدا – سەرچاوەی پێشوو، ل163). لە دانیشتنی سێیەمی ئەنجومەنی دامەزرێنەردا كە لە ڕێكەوتی (31.3.1924)دا بەسترا، سەرۆك وەزیرانی ئەوكاتی ئێراق (فەریق جەعفەر پاشای عەسكەری) دەقی پەیماننامەی (10.10.1922)ی نێوان بەریتانیا و ئێراق لەگەڵ هەر چوار ڕێكەوتنی پاشكۆی پەیماننامەكە، كە هەر یەك لە جەعفەر عەسكەری و سێر هێنری دوبس لە ڕێكەوتی (25.3.1924)دا واژۆیان لەسەر كردبوو، دایە دەست سەرۆكی ئەنجومەنی دامەزرێنەر (عەبدولموحسین فەهد ئەلسەعدون)، بۆ ئەوەی ئەندامانی ئەنجومەن ناوەڕۆكی پەیمانەكە بزانن - (سەرچاوەی پێشوو، ل166)، تاوەكو لە داهاتوودا دوای گفتوگۆكردن ڕاستاندنی لەسەر بكەن. هەر لە دانیشتنی سێیەمی ئەنجومەندا بڕیاری پێكهێنانی كۆمیسیۆنێك بە مەبەستی ووردبینی و لێكۆڵینەوە لە پەیماننامەی ساڵی (1922)ی نێوان بەریتانیا و ئێراق بە سەرۆكایەتی یاسین هاشمی یەكێك لە جێگرانی سەرۆكی ئەنجومەنی دامەزرێنەرو محەمەد ئەمین زەكی بەگ وەك بڕیاردەری كۆمیسیۆنەكە پێكهات - (سەرچاوەی پێشوو، ل167-168). پێكهێنانی ئەو كۆمیسیۆنە لە پێناوی دەستنیشانكردنی خاڵە لاوازەكانی پەیماننامەكەو پرۆتۆكۆڵە پاشكۆكانی بوو، سەرەڕای ئەوەی بە گوێرەی قسەكانی مس بێڵ سكرتێری كۆمیسیاری باڵا كە دەڵێت: (لە ڕێكەوتی (21.4.1924)دا جەعفەر عەسكەری و شا فەیسەڵ، سووربوون لەسەر وەرگرتنی دوو گەرەنتی لە لایەن حكومەتی خاوەنشكۆ، یەكەمیان بەریتانیا پرسی پاراستنی سنووری ویلایەتی موسڵ بخاتە ئەستۆی خۆی، دووەمیان مانداتی بەریتانیا بەسەر ئێراقەوە بكرێت بە چوار ساڵ، ئەگەر ئێراق وەكو ئەندامی كۆمەڵەی نەتەوەكان وەرگیرێ یان وەرنەگیرێ. ئەوەبوو كۆمیسیاری باڵا سێر هێنری دوبس بروسكەیەكی بۆ خاوەنشكۆ ناردو جەختی لەسەر ئەو دوو داواكارییە كردەوە. حكومەتی بەریتانی پەسندیكرد كە هەر دوو گەرەنتییەكە بدات - سەرچاوە: دكتۆر محەمەد موزەفەر هاشم ئەلئەدهەمی، المجلس التأسيسي العراقي، الجزء الثاني، ل173). بەریتانیا لە درێژەدان بە

بڕیارنەدان لەسەر ئەو پەیماننامەیە زۆر بێزار ببوو، چونکە بە گوێرەی بۆچوونەکانی بەریتانییەکان لەبەر هۆکاری سستی و درێژەدانی گفتوگۆ و کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی دامەزرێنەری ئێراقی لەسەر بڕیادان لەسەر پەیماننامەی ئەنگلۆ – ئێراقی، وای لە تورکەکان کردبوو کە داوای تەواوی ویلایەتی موسڵ بکەن و سووربن لەسەر بۆچوونەکەیان. بۆ نموونە ڕۆژنامەکانی (الأوقات البغدادية و المفيد)، لە ڕێکەوتی (28.5.1924)دا ئاماژەیان بە بروسکەیەکی سێر پێرسی کۆکس داوە، کە لە ئەستانە ناردوویەتی و باسی هەڵوێستی ڕامیاری لە ئێراق و دوودڵی ئەنجومەنی دامەزرێنەر سەبارەت بە پەیماننامەکە، بووە هۆی هاندانی حکومەتی تورکیا بەوەی کە بە توندی دەست بە ویلایەتی موسڵ-ەوە بگرێت، لە کاتێکدا کە سێر پرسی کۆکس سوورە لەسەر مافەکانی مانەوەی بۆ ئێراق – سەرچاوە: دکتۆر محەمەد موزەفەر هاشم ئەلئەدهەمی، المجلس التأسيسي العراقي، الجزء الثاني، ل201). هەر سەبارەت بەو پرسە، کاتێک کە سەرۆکی ئەنجومەنی دامەزرێنەری ئێراقی (عەبدولموحسین فەهد سەعدون) لە دانیشتنی ڕێکەوتی (31.5.1924)دا بۆ ڕۆژی (2.6.1924) دوابخات، کۆمیسیاری باڵای بەریتانی سێر هێنری ڕۆبەرت کۆنوای دوبس سەردانی ئەنجومەنی کردو بە ئەندامانی ئەنجومەنی ڕاگەیاند: (هەندێک لە ئەندامانی ئەنجومەنتان لە ڕاپۆرتێکدا دەرتانبڕیوە کە ئەنجومەن ناتوانێ ڕاستاندن لەسەر پەیماننامەکە بدات، ئەگەر بێتوو حکومەتی بەریتانیا گەرەنتی هەموارکردنی نەدات بە گوێرەی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنەکە (کۆمیسیۆنی وردبینی و لێکۆڵینەوە لە پەیماننامەی ئەنگلۆ – ئێراقی)، حکومەتی بەریتانی ئەو داواکارییە بە ڕەتکردنەوەی پەیماننامە و پرۆتۆکۆڵە پاشکۆکانی دادەنێت. پێویستە لەسەر ئەنجومەنی دامەزرێنەر تێبینی کاریگەری بەڕێوەچوونی گفتوگۆکانیان لەسەر گفتوگۆی پرسی موسڵ بکات، لەبەر ئەوەی ئەو زانیارییانەی پێمان گەیشتووە وادەگەنێت، کە سێر پرسی کۆکس لەکاتی گەیشتنیدا بۆ ئەستانە هەستی بە ئاسانکاری لایەنی تورکی کردبوو بۆ مانەوەی ویلایەتی موسڵ بۆ ئێراق، بەڵام کاتێک تورکەکان زانییان کە چی ڕوودەدات لەناو ئەنجومەنی دامەزرێنەر، بۆچوونیان گۆڕاو داوای ویلایەتی موسڵ دەکەنەوە. دوا هەواڵیش ئەوەیە کە ئەوان تەنانەت پەسندی ناکەن پرسەکە بگوازرێتەوە بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان – دکتۆر محەمەد موزەفەر هاشم ئەلئەدهەمی، المجلس التأسيسي العراقي، الجزء الثاني،

ل195). هەر لەبەر درێژەدادڕی و سستی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی دامەزرێنەر، حکومەتی بەریتانیا لە ڕێکەوتی (5.6.1924)دا داوای لە کۆمیسیاری باڵای خۆی لە بەغدا (سێر هێنری کۆنوای دوبس) کرد کە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی دامەزرێنەری ئێراقی بەجێبهێڵێ - سەرچاوە: (دکتۆر محەمەد موزەفەر هاشم ئەلئەدهەمی، المجلس التأسيسي العراقي، الجزء الثاني، ل217)، دواتریش سێر هێنری کۆنوای دوبس لە ڕۆژی (10.6.1924)دا سەردانی شا فەیسەڵی کردو، یاداشتێکی حکومەتی بەریتانی ڕادەستی ناوبراو کرد، کە کورتەیەکی بڕیاری حکومەتی بەریتانی بوو بەمشێوەیە: (حکومەتی بەریتانیا لەو هەلومەرجەی ئێستادا ناتوانێت ڕێگە بدات بە بەردەوام بوونی ئەو دۆخە سەپاوەی ئێستاکە، کە بەو پلەیە مەترسی هەیە لەسەر ئاشتی ناوەخۆو دەرەوەی ئێراق. بۆیە خاوەنشکۆ داوایلێکردم پێتان ڕاگەیەنم کە تاکە مەرج بۆ پشتیوانیکردنی بەردەوامی حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانی لە ئێوە، دەستبەجێ و دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ ئەنجومەنی وەزارەتەکەتانداو بەهۆی ئەوان، یاسای ئەنجومەنی دامەزراندن هەموار بکەن و مافی دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی دامەزرێنەرتان پێبدات، هەرکاتێک بتانەوێت لە ماوەی چوار مانگ لە ڕێکەوتی دەستپێکردنی کۆبوونەوەکانیدا، بۆ ئەوەی بەهۆی ئەو هەموارکردنە فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەن بدەن لە کاتژمێری دوازدەی شەوی (11/10)ی یونی، وە داوا لە خاوەنشکۆتان دەکەم کە ئەو فەرمانە فەرمییە لە ڕێگای سەرۆک وەزیرانەوە بگەیەننە سەرۆکی ئەنجومەنی دامەزرێنەر بەر لە کاتژمێری حەوتی بەیانی ڕۆژی یازدەی یونی، هەروەها ڕێنمایی دەرکەن بۆ وەزیری ناوخۆ بۆ داخستنی دەستبەجێی باڵاخانەی ئەنجومەنی دامەزرێنەرو چواردەور گرتنی بە ژمارەیەک پۆلیس کە بەشی جێبەجێکردنی ئەو فەرمانە بکەن – سەرچاوە: دکتۆر محەمەد موزەفەر هاشم ئەلئەدهەمی، المجلس التأسيسي العراقي، الجزء الثاني، ل220–221 + ئەلبێرت میخائیلۆڤیچ مینتیشاشڤیلی، العراق في سنوات الأنتداب البريطاني، ل241–242). ئەنجومەنی دامەزرێنەری ئێراقی لە کۆبوونەوەیەکی بە پەلەو لە ئەنجامی فشاری بەریتانیادا، لە کاتژمێری دەو نیوی شەوی سێشەممە لەسەر چوارشەممەی (11/10)ی یونی ساڵی (1924)دا، لە کۆی (69) ئەندامی ئامادەبوو، بە (37) دەنگی بەڵێ و (24) دەنگی نەخێرو (8) دەنگی نەدراو، ڕاستاندنی لەسەر ڕێککەوتننامەی نێوان هەر دوو وڵاتدا کرد – (سەرچاوەی

پێشوو، ل225 + ئەلبێرت میخایلۆفیتچ منتشاشفیلی، العراق في سنوات الأنتداب البريطاني، ل242). ئەنجامی دەنگدانی ئەنجومەنی دامەزرێنەری ئێراقی لە پێناوی ڕاستاندن لەسەر (پەیمانی ئەنگلۆ – ئێراقی)دا، بەوە گەیشت کە زۆرینەی دەنگی ئامادەبوانی هێنا، لە نێویاندا کە زۆربەی ئەندامە کوردەکانیش لەوانە: (محەمەد حەبیب عەلی تاڵەبانی، حازم یوسف شەمدین ئاغا، عەلی حەیدەر سلێمان، عەبدولڕەحمان حەیدەری و داود وەهبی ئیبراهیم پاشای عاسم حەیدەری، کە ئەوەی دواییان یەکێک بووە لە جێگرنی سەرۆکی ئەنجومەنی دامەزرێنەری ئێراقی) دەنگیان بۆ دابوو (دکتۆر حامد مەحمود عیسا، القضية الكوردية في العراق من الإحتلال البريطاني إلى الغزو الأمريكي 1914–2004، ل84)، جگە لە دوو ئەندامی کورد کە لە دژی دەنگدان بوون بە ڕاستاندن لەسەر پەیماننامەکە – سەرچاوە: (مەحمود ئەلدوڕە، القضية الكوردية، الطبعة الثانية، ل116). کەچی لە هەمان کاتدا کۆمیسیۆنی وردبینی و لێکۆڵینەوە لە پەیماننامەی ئێراق – بەریتانیا، کە یاسین هاشمی سەرۆکی کۆمیسیۆنەکە بوو، مەرجێکیان بۆ بڕیاردان لەسەر ڕاستاندنەکە سەپاند، کە بەمشێوەیە بوو: (ئەنجومەنی دامەزرێنەر چاوی خشاند بە پەیماننامەکەو تەواوی ڕێکەوتنو پاشکۆکانی ئەو پەیماننامەیەو بینی، کە لەگەڵ ئەوەشدا ئارەزووی زۆری بۆ ئەو دەست خستنە ناو دەستەی حکومەتی بەریتانی لەگەڵ پاراستنی خۆشەویستی نێوان هەر دوو گەلدا هەیە، هەندێ لە بەندەکانی ئەم پەیمانە گرانە (قورسە) کە ئێراق ناتوانێ بە بەرپرسێتی ئەو هاوپەیمانییە هەڵسێت، بۆیە ئەنجومەن بڕیار لەسەر پەیماننامەکە نادات، ئەگەر بێتوو حکومەتی بەریتانی ئەو هەموارکردن و خۆپاڕێزیانەی لە ڕاپۆرتەکەی کۆمیسیۆنی وردبینی و لێکۆڵینەوەدا هاتووەو بەریتانیای مەزن لە دۆزی موسڵ–دا مافی ئێراق بپارێزێ و بەجێهێنانی پەیمانەکە لە لایەن ئێراقەوە ئەبەستین بەو مەرجەوە – سەرچاوە: دکتۆر محەمەد موزەفەر هاشم ئەلئەدهەمی، المجلس التأسيسي العراقي، الجزء الثاني، ل224 + ڕەفیق حلمی، یاداشت کوردستانی ئێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، بەشی دووەم، ل465 + ئەلبێرت میخائیلۆڤیچ مینتیشاشڤیلی، العراق في سنوات الأنتداب البريطاني، ل242).

ئەوەی جێگەی داخە بۆ ئێمەی کورد و کوردستانییەکان ئەوەیە، کە خاڵەکانی حەوت و هەشتی پەیماننامەی ناوبراو نەک هەر لە بەرژەوەندی کورد و کوردستاندا نییە، بەڵکو بەشێوەیەکی تایبەت لە دژی کوردە و هەوڵدانێکە بۆ جیاکردنەوەی باشووری

کوردستان لە باکووری و دواتریش لکاندنی یەکەمیان بە ئێراقی عارەبییەوە، کەچی پەرلەمانتارانی ناوبراوی کورد لە سەرەوەدا دەنگیان بۆی داوە! ئەوەبوو لە ڕێکەوتی (21.7.1924)دا وەزارەتی کۆلۆنییەکانی بەریتانی پەیماننامەی ناوبراوی ڕەوانەی ئەنجومەنی گشتی بەریتانی کرد بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەن، ئەوان لەو ڕۆژەدا دوای گفتوگۆیەکی تێروتەسەل و ئاماژەکردن بەوەی کە ئەنجومەنی دامەزرێنەری ئێراقی لەژێر هەڕەشەو فشاری زۆری بەریتانیا ڕاستاندنیان لەسەر پەیماننامەکە کردووە، بڕیاریان لەسەر پەیماننامەی ناوبراو کردو ڕاستاندنیان لەسەر کرد. دوابەدوای ئەوەش ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان، لە ڕێکەوتی (27.9.1924)دا پەیماننامەی (10.10.1922)ی نێوان ئێراق – بەریتانیا و پرۆتۆکۆڵە پاشکۆکانی ئەو پەیماننامەیەی پەسندکردو، بە ئەڵتەرناتیڤی ماندێتی دانا بۆ فەرمانڕەواییکردنی بەریتانیا لە ئێراق – سەرچاوە: (ئەلبێرت میخائیلۆڤیچ مینتیشاشڤیلی، العراق في سنوات الأنتداب البريطاني، ل243 + دکتۆر محەمەد موزەفەر هاشم ئەلئەدهەمی، المجلس التأسيسي العراقي، الجزء الثاني، ل232).

بە هەمانشێوە بۆ بڕیاردان لەسەر پەیمانی (30.6.1930)ی نێوان بەریتانیا و ئێراق، کە لە کۆی (88) ئەندام (69) دەنگ بە بەڵێ، (13) دەنگ بە نەخێر دەنگیان دابوو، واتە (6) کەس ئامادەی دەنگدان نەبووینە، وە لە ئەنجومەنی پیرانی ئێراقی یازدە دەنگی بەڵێ و پێنج دەنگی نەخێر (مستەر ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ، العراق الحديث من سنة 1900 الى سنة 1950، الجزء الأول، 304). سەبارەت بە دەنگدان بۆ ڕاستاندن لەسەر پەیمانی شوومیساڵی (1930)، کە شەست و نۆ پەرلەمانتاری ئێراقی دەنگیان بۆیدا لە نێویاندا پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا هەر یەک لە (ئیبراهیم یوسف عوسمان، داود وەهبی ئیبراهیم حەیدەری، سەڵاحەدین ڕۆستەم لامیع ئیسماعیل پاشای بابان، عەلی پاشاو مەعروف حاجی پیرداود عومەر ئاغای دزەیی نوێنەرانی هەولێر، ئەحمەد محەمەد ساڵح، سەیفوڵڵا عزەت حوسێن پاشای خەندان و محەمەد ساڵح محەمەد عەلی بەگ نوێنەرانی سلێمانی، حەبیب عەبدولقادر وەهاب تاڵەبانی، سلێمان میر لیوا فەتاح پاشا، محەمەد عەلی قیرداڕو مستەفا ئەمین نوێنەرانی کەرکوک و جەمال ڕەشید عەبدوڵڵا بابان نوێنەری موسڵ دەنگیان بە بەڵێ دابوو – سەرچاوە: دکتۆر حامد مەحمود عیسا، المشكلة الكوردية في الشرق الاوسط، ل110)، کە بە گوێرەی ئەو پەیمانە ئێراق وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ

دانیپێدانرا. ئەو سێزدە پەرلەمانتارەی کورد کە دەنگیان دابوو بە پەیمانی ساڵی (1930)، ئەوە لە کاتێکدا کە زۆربەی کورد و دانیشتوانی کوردستان دژی پەیمانەکە بوون، چونکە دوای ئەوەی سەرۆک وەزیرانی ئێراق (نوری سەعید ساڵح مەلا تەها 23.3.1930–19.10.1932)و کۆمیسیاری باڵای بەریتانی (سێر فرانسیس هێنری همفریس) لە ڕێکەوتی (8.8.1930)دا سەردانی پارێزگا کوردییەکان و کوردستان-یان کردو ڕایانگەیاند، کە هەر دوو میری بەریتانی و ئێراقی کۆکن لەسەر ئەوەی کە تەنانەت مافی ئۆتۆنۆمیش بە کورد نەدرێت – سەرچاوە: (دکتۆر حامد مەحمود عیسا، المشكلة الكوردية في الشرق الاوسط، ل110)، سەرەڕای ئەوەش لە لایەک پەیمانەکە ئاواتی کوردەکانی لە مافی چارەی خۆنووسین و دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی لەناو بردبوو، لە لایەکی تریشەوە لە ئەنجامی هیچ تیانەبوونی پەیمانی (1930) بۆ کورد و ڕاگەیاندنە هاوبەشەکەی سەرۆک وەزیران و کۆمیسیاری باڵا لە مانگی ئاوگۆست، تازە لە خۆنیشاندانەکانی سلێمانی لە ڕێکەوتی (6.9.1930)دا، کە لە دژی مۆرکردنی پەیمانی ناوبراودا سازکرابوو (45) شەهیدو نزیکەی (200) بریندار لێکەوتبووەوە.

# پەیماننامەی (10.10.1922)ی نێوان بەریتانیا و ئێراق (ئەنگلۆ – ئێراقی):

پەیمانی (ئەنگلۆ – ئێراقی)، کە لە نێوان حکومەتی بەریتانیا و حکومەتی تازە دامەزراوی ئێراق لە ڕێکەوتی (10.10.1922)دا بەسترابوو، زۆرتر لە پێناوی مانەوەی ئینگلیز بوو لە ئێراق لە پێناوی زۆرتر بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆی و چاودێریکردن و پێگەیاندنی شا فەیسەڵ، سەرۆک وەزیران، وەزیرەکان و بەرپرسە عارەبە ئێراقییەکان بوو. سەرەڕای ئەوەی کە ئەو پەیماننامەیە بە تاکە وشەیەکیش باسی کوردی نەکردبوو، هەروەها هیچ دەستکەوتێکی بۆ کورد تیانەبوو، کەچی زۆربەی پەرلەمانتارانی کورد لە پەرلەمانی ئێراقدا دەنگیان بۆی داوە.

ئەمەش دەقی پەیماننامەکەیە:

خاڵی یەکەم: لەسەر داوای ئێراق، پادشای بەریتانیا بەڵێن دەدات بە درێژایی ماوەی ماندێتکردن بە پێشکەشکردنی هەرچی ڕێنمایی و یارمەتییەک کە دەوڵەتی ئێراق پێویستی پێیەتی، بە بێ ئەوەی کاربکاتە سەر سەروەری نیشتمانیی، هەروەها کۆمیسیاری باڵاو کۆنسوڵی گشتی نوێنەرایەتی خاوەنشکۆ پادشای بەریتانیا دەکەن لە ئێراق.

خاڵی دووەم: پادشای ئێراق بەڵێن دەدات کە هیچ کەسێک بە درێژایی ئەو پەیمانە لە ئێراق دانەمەزرێنێت بە بێ پەسندکردنی پادشای بەریتانی.

خاڵی سێیەم: داڕشتنی دەستورێک بۆ ئێراق و، مسۆگەرکردنی مافی تەواوی هەموو نەتەوەکان، ئایین و ئایینزاکان لە ئێراقدا. جیاوازی نەکردن لە نێوان ئێراقییەکان بەهۆی جیاوازی ڕەگەز، زمان و ئایینەوە، هەروەها هەر نەتەوەیەک بۆی هەبێت بە زمانی خۆی بخوێنێت.

خاڵی چوارەم: پادشای ئێراق پەسندی گشت کاروبارە گرنگەکان دەکات کە پەیوەستن بە بەڵێن و بەرژەوەندییە نێودەوڵەتی و داراییەکانی خاوەنشکۆ پادشای بەریتانیا بە درێژایی ماوەی ئەو پەیماننامەیە، بە بێ ئەوەی دەستوەردانە ناو دەقەکانی مادەکانی (17–18)ی ئەو پەیماننامەیە، بە مەرجێک بە گوێرەی ئەو

ڕێنماییانە بێت کە خاوەنشکۆ پادشای بەریتانیا بەهۆی کۆمیسیاری باڵاوە پێشکەشی دەکات.

خاڵی پێنجەم: خاوەنشکۆ پادشای ئێراق مافی نوێنەرایەتی سیاسی هەیە لە لەندەن و پایتەختەکان و شوێنەکانی تر، کە لە نێوان هەر دوو لایەنی ئێراقی و بەریتانی ڕێکەوتنی لەسەر دەکرێت. هەروەها پادشای ئێراق بڕیاری ڕاستاندن لەسەر پەڕاوی بەڵێنداریەتی (أوراق إعتماد)ی نوێنەرایەتی دەوڵەتانی بێگانە لە ئێراق دەدات، دوای ئەوەی خاوەنشکۆ پادشای بەریتانیا دامەزراندنیان پەسند دەکات.

خاڵی شەشەم: خاوەنشکۆ پادشای بەریتانیا بەڵێن دەدات بە هەوڵدەدات بۆ وەرگرتنی ئێراق وەکو ئەندامی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە نزیکترین دەرفەتدا.

خاڵی حەوتەم: خاوەنشکۆ پادشای بەریتانیا بەڵێن دەدات بەوەی کە هاوکاری و یارمەتی سەربازی پێشکەش بە هێزە چەکدارەکانی پادشای ئێراق بکات، کە دواتر لە نێوان هەردوو لا ڕێکەوتنی لەسەر دەکرێت. ڕێکەوتنێک لە نێوانیاندا گرێدەدرێت بۆ دیاریکردنی بڕی ئەو هاوکاری، یارمەتییەو مەرجەکانی، کە ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکانی لێ ئاگادار دەکرێتەوە.

خاڵی هەشتەم: نە بەریتانیا و نە ئێراق سازش لەسەر هیچ بەشێکی خاکی ئێراق ناکەن و، ڕێگە نادەن کە هیچ لایەنێکی تر (لایەنی سێیەم) بەشێکی ئێراق ببات، هەروەها هیچیان پەسەندی ئەوە نەکەن کە پارچەیەک لە ئێراق بدرێت بە لایەنێکی تر. بەڵام ئەوە ڕێگە ناگرێت لە بەردەم پادشای ئێراق بۆ ئەوەی هەنگاوی پێویست بنێت بۆ کارە پێویستییەکانی نیشتەجێبوونی نوێنەرانی سیاسی بێگانەو، لە پێناوی جێبەجێکردنی خاڵی حەوتەم.

خاڵی نۆیەم: پادشای ئێراق بەڵێن دەدات بە پەسندکردنی پلانێکی گونجاو کە لە لایەن پادشای بەریتانییەوە دەخرێتەڕوو، هەروەها گەرەنتی جێبەجێکردنی دەدات لە کاروباری دادپەروەری بۆ مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییەکانی بێگانەکان بەهۆی جێبەجێ نەکردنی چیاوگ و نۆژەنکردنەوەکان کە دەبوایە ئەوان بە گوێرەی مافی چیاوگی بێگانەکان یان پیشەکان هەیانبوایە. دەقی خاڵەکانی پلانەکە لە نێوان هەردوو لا ڕێکەوتنی لەسەر دەکرێت و دواتر ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکانی لێ ئاگادار دەکرێتەوە.

خاڵی دەیەم: هەر دوو لایەنی ڕێککەوتوو پەسندی گرێدانی ڕێکەوتنی نێوانیان دەکەن بۆ مسۆگەرکردنی جێبەجێکردنی پەیماننامە، ڕێککەوتننامەو بەڵێننامەکان، کە پادشای بەریتانیا بەڵێن بدات بۆ ئەوەی پەیوەست بە ئێراق بێت بخرێتە واری جێبەجێکردنەوە. هەروەها پادشای ئێراق بەڵێن دەدات کە ئامادەکاری هۆکارە یاساییە پێویستییەکان بۆ جێبەجێکردنی بکات و ئەو ڕێکەوتنانەش ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکانی لێ ئاگادار دەکەنەوە.

خاڵی یازدەهەم: نابێت هیچ جیاوازی کردنێک لە ئێراق لە نێوان هاووڵاتیانی بەریتانی و ئەوانەی ترەوە بکرێت لە هاووڵاتیانی بێگانەی تر، یان لە نێوان هاووڵاتیانی هەر دەوڵەتێک کە ئەندامی کۆمەڵەی نەتەوەکان بێت لەگەڵ هاووڵاتی هەر دەوڵەتێکی تر کە پادشای بەریتانیا بە گوێرەی پەیماننامەیەک پەسندی کردووە، هەمان مافی بۆ دابینبکات کە ئەگەر بێتوو ئەندامی کۆمەڵەی ناوبراو بوایە. بە هەمان شێوە نابێت جیاوازی لە هیچ شوێنێکی ئێراق لە نێوان دەوڵەتێک لە دەوڵەتەکانی ئاماژەپێکراو بکرێت، کە پەیوەست بێت بە ئاڵوگۆڕی کەلوپەلی نێردراوو هاوردە تیایدا. پێویستە ئازادی تێپەڕبوونی کەلوپەل بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دابین بکرێت بۆ هەموو لایەک لە سەرانسەری ئێراق.

خاڵی دوازدەهەم: هیچ هۆکارێک ناگیرێتەبەر بۆ ڕێگەگرتن لە کاروباری موژدەبەخشەکان یان دەستوەردان لە کارەکانیان، یاخود جیاوازیکردن لە نێوان موژدەبەخشێک و کەسێکی ترەوە بەهۆی باوەڕی ئایینی یان ڕەگەزییەوە، بە مەرجێک ئەوکارە دژی ئاکار و ڕەوشتی گشتی نەبن.

خاڵی سیانزەهەم: بە گوێرەی تواناکان و دەرفەتەکان پادشای ئێراق بەڵێنی یارمەتی کاروبارە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان و هیتریش دەدات، لە پێناوی جێبەجێکردنی هەموو پلانێکی گشتی کە کۆمەڵەی نەتەوەکان دەیگرێتەبەر لە پێناوی ڕێگەگرتن لە نەخۆشییەکان و بەرەنگار بوونەوەیان، کە نەخۆشییە ڕووەکی و ئاژەڵییەکانیش دەگرێتەوە.

خاڵی چواردەهەم: پادشای ئێراق بەڵێن دەدات کاری پێویست ئەنجام بدات لە پێناوی داڕشتنی یاسای پاراستنی شوێنە دێرینەکان، لە ماوەی دوانزە مانگ لە مێژووی کارکردن بەو پەیماننامەیە و جێبەجێکردنی تەواو دەکرێت و ئەو ڕژێمە دادەمەزرێ

لەسەر بنچینە پاشکۆکان بە مادەی (421)ی پەیماننامەی ئاشتی کە لە سیڤرە لە ڕێکەوتی (10.8.1920)دا واژۆی لەسەر کرا.
خاڵی پازدەهەم: ڕێکەوتنێکی هاوبەشی پێوەندی دارایی لە نێوان هەر دوو تیمی پێکهاتوو دەکرێت، کە لە لایەک حکومەتی پادشای بەریتانی بڕی خەرجی دامودەزگا گشتییەکان بداتەوە حکومەتی ئێراق و ماوە ماوەش یارمەتی دارایی بە گوێرەی پێویست بداتە ئێراق. وە ئێراق پێ بەپێ تەواوی ئەو قەرزانە بداتەوە کە لەسەری کۆبۆتەوە لەو پێناوەدا، دەبێت ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان لەو ڕێکەوتنە ئاگادار بکرێتەوە.
خاڵی شانزەهەم: پادشای بەریتانیا بەڵێن دەدات کە بە گوێرەی ئەوەی کە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان ڕێگەی پێدەدەن، هیچ کۆسپێک نەخاتە بەردەم پێوەندییەکانی دەوڵەتی ئێراق بۆ دەزگا گومرگییەکان یان شتی تر لەگەڵ هەر لایەنێک یان دەوڵەتێکی عارەبی دراوسێ کە ئەو ئارەزووی دەکات.
خاڵی حەڤدەهەم: لەکاتی سەرهەڵدانی هەر ناکۆکییەک لە نێوان ئەو دوو لایەنەدا سەبارەت بە شرۆڤەکردنی دەقی ئەو پەیماننامەیە، کارەکە ڕادەستی دادگای دادپەروەری هەمیشەیی نێودەوڵەتی دەکرێت، کە بە گوێرەی مادەی (14)ی ڕێککەوتننامەی کۆمەڵەی نەتەوەکان لەسەری پێکهاتوون.
خاڵی هەژدەهەم: ماوەی کارکردن بەو پەیماننامەیە بیست ساڵ بێ، ئەویش دوای بڕیاردانی لە لایەن ئەنجومەنی دامەزراندنی ئێراقەوە - سەرچاوە: (ئەلبێرت میخایلۆفیتچ منتشاشفیلی، العراق في سنوات الأنتداب البريطاني، ل392-306)، بەڵام لە ڕێکەوتی (3.4.1923)دا لەسەر داوای ئینگلیز ماوەی پەیمانەکە کرا بە چوار ساڵ – سەرچاوە: (دکتۆر فازڵ حوسێن، کێشەی ویلایەتی موسڵ، ل67).
هەر سەبارەت بەو مەرجەی پەرلەمانی ئێراق کە بەستبوویەوە بە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە ئێراقەوە، فاروق ساڵح عومەر، لە لاپەڕە (142)ی پەرتووکی (المعاهدات العراقية – البريطانية وأثرها في السياسة الداخلية 1922-1948)دا، نووسیویێتی: (ئەنجومەنی دامەزراندنی ئێراق مەرجێکی وردی دانابوو بۆ باوەڕدان (ڕاستاندن) بە ڕێککەوتننامەی (1922). ئەویش ڕەتکردنەوەی ئەو ڕێککەوتننامەیە بوو، کە هیچ بڕی نەدەما، ئەگەر ئینگلیزەکان پارێزگاریان لە تەواوی مافەکانی ئێراق نەکردبوایە لە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)دا – سەرچاوە: کامەران

ئەحمەد محەمەدئەمین مەنتک، کوردستان لە نێوان ململانێی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا 1890–1932، ل221)، + المستر ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ، العراق الحدیث من سنة 1900 الی سنة 1950، الجزء الأول، ل249) + دکتۆر فازڵ حوسێن، لە لاپەڕە (70–71)ی پەرتووکی (کێشەی ویلایەتی موسڵ)، کە ئەو دوانەی کۆتاییش ئاماژەیان بە سەپاندنی هەمان مەرجی پەرلەمانی ئێراق بەسەر بەریتانیادا کردووە بۆ بڕیاردان لەسەر پەیمانی ناوبراودا. پەرلەمانی ئێراق ڕاستاندن و بڕیاردانی لەسەر (پەیمانی ئەنگلۆ – ئێراقی)، بە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە ئێراقەوە بەستۆتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئینگلیز کەوتۆتە ژێر بارێکی قورس، یان دەبێت هەوڵبدات بۆ لکاندنی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بە ئێراقی عارەبییەوە، یان هەرەس هێنان و هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەکە لە لایەن میری و پەرلەمانی ساوای ئێراقەوە. بە هەمان شێوەش شکست هێنانی ڕێکەوتنامەی (10.10.1922)ی نێوان دەوڵەتی بەریتانیا و ئێراق، زیانی بۆ هەر دوو دەوڵەت دەبوو. بەڵام سەبارەت بە ئێراق زیانەکەی زۆر گەورەتر بوو لە زیانەکانی ئینگلیز، چونکە دەوڵەتی ئێراق لە ئەنجامی شکست هێنانی ڕێکەوتنامەی ناوبراو، وەکو زیانی یەکەم باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)ی دەدۆڕاند و پێیەوە نەدەلکێنرا، زیانی دووەمیشی لە ئەنجامی نەلکاندنی ویلایەتی موسڵ بەدڵنیاییەوە دەوڵەتی ئێراق توانای بەردەوامبوونی نەدەبوو و دادەڕما و کۆتایی پێدەهات، هەروەکو دکتۆر فازڵ حوسێن، لە لاپەڕەکانی (288–289)دا نووسیوێتی: (یاسین ئەلهاشمی ڕێبەری ئۆپۆزسیۆن، لە وتارێکی دوور و درێژدا گوتی: ئەگەر ئێراق دڵنیا نەبێ لە لەدەست نەدانی ویلایەتی موسڵ هیچ پەیمانێک لەگەڵ بەریتانیای مەزن مۆرناکات). دکتۆر فازڵ حوسێن لە درێژەی نووسینەکەیدا دووبارە دەڵێت: (میری ئێراق، ئەنجومەنی دامەزرێنەری ئێراقی لە بایەخدانی خۆی بە کێشەی موسڵ ئاگادارکردەوە و ڕایگەیاند کە ئەگەر ویلایەتی موسڵ وەکو بەشێکی ئێراق نەمێنێتەوە، نە میری ئێراق دەمێنێتەوە و نە وتووێژ دەکرێ بۆ مۆرکردنی پەیمان لەگەڵ بەریتانیای مەزندا). هەر سەبارەت بە ترس و دڵەڕاوکێی عارەبی ئێراق لە نەلکاندنی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بە ئێراقەوە، لە ڕێکەوتی (10.6.1924)دا ڕۆژنامەی (أوقات العراق – ئەوقات ئەلعێراق)، نووسیوێتی: (ئەگەر ئەنجومەن ئەمڕۆکە پەیمانەکەی ڕەتکردەوە، ئەوە مانای ئەوەیە ئێراقییەکان بە عارەب و کوردە وە لەو

بەڵێنەی جەنەڕاڵ مۆد لادەدەن و ئەوسا بەریتانیاش سەربەست دەبێ و ناچار نابێت لە داکۆکیکردن لە ویلایەتی موسڵ، بۆیە ئەندامانی ئەنجومەنی دامەزراندن ئەرکێکی قورس دەکەوێتە سەرشانیان کە پێویستە جێبەجێی بکەن لە بری خەڵک و نیشتمان. هەروەها پێویستە لەسەریان لە نێوان دامەزراندنی شانشینی ئێراق و کاولکردنیدا یەکێکیان هەڵبژێرن، وە هەر ئەندامێک لەوان بەرپرسە لە بەردەم گەلی ئێراق و نەتەوەکانی تریش لە بڕیاردانی کۆتایی کە دەریدەکەن - سەرچاوە: (دکتۆر محەمەد موزەفەر هاشم ئەلئەدهەمی، المجلس التأسیسي العراقي، الجزء الثاني، دار الشؤون الثقافية العامة، الطبعة الثانية، بغداد - العراق 1989، ل213-214)، ئەو ڕۆژنامە ئێراقیە لێرەدا جۆرە فشارێک دەخاتە سەر ئەندامە کوردەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێراقی یان پێشیان لێ دەگرێت، بۆ ئەوەی ئەوانیش بە هەمان شێوەی ئەندامە عارەبەکان بڕیاربدەن لەسەر ڕێکەوتنەکەی نێوان بەریتانیا و ئێراق، تاوەکو عارەبەکان لکاندنی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بە ئێراقەوە مسۆگەر بکەن، ئەگینا کورد بە پێچەوانەوە شیمانەی قازانج کردنی زۆر زۆرتر بوو لەوەی کە زیان بکات، ئەگەر بێتوو دەنگ بۆ ڕێکەوتنەکەی (10.10.1922)ی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە نەدرابایەو ڕەتکرابایەوە.

دواتر وەزارەتی داد لە ڕێکەوتی (2.8.1924)دا یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی دارشت و ڕۆژی دواتر ئەنجومەنی دامەزراندن خۆی هەڵوەشاندەوە و خۆئامادەکرا بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران – سەرچاوە: ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر، ئەندامە کوردەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێراقی لە ڕۆژگاری پاشایەتیدا (1925-1958)، ل3).

# کۆمیسیۆنی توێژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ و لکاندنی ویلایەتەکە بە ئێراقی عارەبییەوە:

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی (5) مانگێک بەسەر پەیمانی لۆزاندا، بە مەبەستی بەدوا داچوون لە پێناوی جێبەجێکردنی بەندی دووی مادەی سێی پەیمانی لۆزان، کە باسی لەوەکردووە ئەگەر هاتوو ئینگلیز و تورک لە ماوەی (9) مانگدا نەیانتوانی لە ڕێگەی گفتوگۆکردن بگەنە هیچ ئەنجامێک، دەبێت ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان وەکو ناوبژیوان هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکە بدات، هاوپەیمانەکان لە (29.12.1923)دا پڕۆژەی پەیماننامەی لۆزانیان خستە بەردەم شاندی تورکی، سەبارەت بە سپاردنی کێشەکە بە ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان. هەر لە سەرەتاوە هەست بەوە دەکرا کە ئەو دوو وڵاتە ناتوانن بگەنە هیچ ڕێکەوتنێک، بۆیە هەر لایەنەو لە ئاست خۆیەوەو لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە، پێوەندییان بە ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان، ئینگلیزەکان یاخود کاربەدەستانی پەیوەست بەو کێشەیەوە دەکرد. بۆ نموونە (فەیسەڵ کوڕی حوسێن شەریفی مەکە) لە ڕۆژی (1.10.1923)دا نامەیەکی بۆ وەزیری دەرەوەی بەریتانی (لۆرد جۆرج ناسانییێل مارکۆس کورزۆن – George Nathaniel Marquess Curzon) ناردبوو، کە تیایدا دڵخۆشی خۆی دەربڕیبوو بەوەی کە کێشەی (ویلایەتی موسڵ) بە ئەنجومەنی ناوبراو ڕاسپێردراوە. ئەو نامەیە و دڵخۆشی شای ئێراق، سەبارەت بە ڕادەستکردنی پرسی ویلایەتی موسڵ بە ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە، ئاماژەیە بەوەی کە ئینگلیزەکان و ئێراقییەکان هیوایەکی زۆریان بەو ئەنجومەنە هەبووەو، دڵنیا بووینە لەوەی کە ئینگلیزەکان بە ئاسانی دەتوانن کار بکەنە سەر ئەندامانی ئەنجومەنی ناوبراو. وەزیری دەرەوەی بەریتانیا (لۆرد جۆرج کورزۆن)، پێشتر لە ڕۆژی (25.1.1923)دا نامەیەکی بۆ سکرتێری گشتی کۆمەڵەی نەتەوەکان ناردبوو، تیایدا داوای لێکردبوو باسی موسڵ بخاتە ناو خشتەی بەرنامەی کاری ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە – سەرچاوە: (دکتۆر فازڵ حوسێن، کێشەی ویلایەتی موسڵ، ل49).

سەرەڕای ئەوەی کە ڕۆژی (5.10.1923) دەستنیشان کرابوو وەکو یەکەم ڕۆژی جێبەجێکردنی بەندی (2)ی مادەی (3)ی پەیماننامەکە واتە ماوەی (9) مانگەکە، کەچی هەردوو لا دوای تێپەڕبوونی نزیکەی حەوت مانگ و نیو بەسەر وادەکەدا، لە کۆنگرەی قوستەنتینیە (19.5.1924–5.6.1924)دا لە ئەستەنبۆڵ و لە هۆڵی (قۆچی زێڕین)دا دەستیان بە گفتوگۆکانی نێوانیان کردەوە، سەرۆکی شاندی بەریتانی بۆ ئەو کۆنگرەیە (سێر پێرسی کۆکس)ی کۆمیساری باڵای پێشووی ئینگلیز لە بەغدا و سەرۆکی شاندی تورکیش (عەلی فەتحی ئۆکیار بەگ)، کە لە ماوەی نێوان (29.4.1880–7.5.1943)دا ژیاوە و بۆ دووجار لە ماوەکانی نێوان (14.8.1923–27.10.1923)و (21.11.1924–6.3.1925)دا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی تورکی بووە، لایەنی ئێراقیش (تەها حلمی سەلمان هاشمی 1888–1961) سەرۆک ئەرکانی سوپا، بە ناوی ڕاوێژکاری سێر پێرسی کۆکس لەگەڵ شاندی بەریتانی ئامادەبوو. فەتحی ئۆکیار بەگ، لە دانیشتنی ڕۆژی (5.6.1924)دا کە دوا دانیشتنی کۆنگرەی ناوبراو بوو، بە سێر پێرسی کۆکسی گوت کە سووربوونی بەریتانیا لە جیانەکردنەوەی ویلایەتی موسڵ لە ئێراق، ناکۆکە لەگەڵ پەیمانی (سایکس پیکۆ)، کە هەر دووکیانی جیاکردبووەوە، ویلایەتی موسڵ درابووە فەرەنسا و ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرای (ئێراق) درابوونە ئینگلیز! پاشان عەلی فەتحی بەگ لە هەمان ڕۆژدا کە دوا ڕۆژی کۆنگرە بوو، داوای ویلایەتی موسڵی کردەوە لەبەر ئەو هۆکارانە کە گوتی: (تورکیا دەوڵەتێکی کۆماری هاوبەشی نێوان تورک و کوردەکانە بە گوێرەی بنچینەکانی یەکسانی. هەروەها (90%)ی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ کورد و تورکن – سەرچاوە: میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، النضال والإخفاق (المسألة الكوردية في سنوات 1923–1945)، المترجم صادق الجلاد، مراجعة ڕەفیق ساڵح، بنكە ژین، مطبعة شڤان، جنوب كوردستان – سلێمانی 2006، ل139). هەر لەوێ فەتحی ئۆکیار بەگ، سەبارەت بە کوردەکان گوتبووی: (ئەم نیشتمانە تەنیا تایبەتە بە هەر دوو نەتەوەی کورد و تورک – سەرچاوە: قادر سەلیم شەمۆ، موقف الكورد من حرب الإستقلال التركية 1919–1922، ل91). ئەو قسەیەی فەتحی بەگ تەنیا لە پێناوی ئەوەبوو کە ئینگلیزەکان باوەڕیان پێ بکەن کە کورد و تورک جیاواز نین، تاوەکو ویلایەتی موسڵ کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانەکەی کوردن، بۆ تورکیا جێبهێڵن و بیدەن بەوان. سێر پرسی کۆکس لە وەڵامی ئەوەی کە بە گوێرەی

پەیماننامەی سایکس – پیکۆ، موسڵ لە ئێراق جیایە، باسی ئەوەی کردبوو کە ئینگلیز نەیدەویست ببێتە دراوسێی ڕوسیا بۆیە جیای کردبوونەوە – سەرچاوە: دکتۆر فازل حوسێن، کێشەی ویلایەتی موسڵ، ل66). سێر پێرسی کۆکس، پێشنیازی ئەوەی خستە بەردەم عەلی فەتحی ئۆکیار بەگ کە چارەسەرکردنی پرسی ویلایەتی موسڵ بدەنە دەست ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان، بەڵام فەتحی بەگ پەسندی نەکرد، سەرەڕای ئەو پەسند نەکردنەش پرسی کۆکس ڕایگەیاند کە بەریتانیا یەک لایەنانە بە پشتبەستن بە مادەی سێی پەیمانی لۆزان پرسی ویلایەتەکە دەگوازێتەوە بۆ ئەنجومەنی ناوبراو – سەرچاوە: (ئەلبێرت میخائیلۆڤیچ مینتیشاشڤیلی، العراق في سنوات الأنتداب البريطاني، ل258). ئەوەی کە پرسی کۆکس زەکەریا دەریبڕیوە، دڵنیایی بەریتانیا دەردەخات لەوەی کە بەریتانیا توانای ئەوەی هەیە بۆچوونەکانی خۆی بەسەر ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا بسەپێنێ، بۆیە بە لەخۆبایی بوونێکی زۆرەوە دەریدەبڕێت کە بەریتانیا تاک لایەنانە پرسی یەکلاییکردنەوەی ولایەتی موسڵ ڕەوانەی ئەنجومەنی ناوبراو دەکات. دوای وروژاندنی کۆمەڵێک کێشەی نێوان هەردوو لا، نەتوانرا بە هیچ ئەنجامێک بگەن و لە ڕێکەوتی (5.6.1924)دا ئەو کۆنگرەیەش شکستی هێناو کۆتایی پێهات. دوای شکستی ئەو کۆنگرەیە بە نزیکەی مانگێک، ماوەی (9) مانگەکە تەواوبوو بێ ئەوەی ئەو دوو وڵاتە بگەنە هیچ جۆرە ڕێککەوتنێک لەسەر پرسی ویلایەتی موسڵ. لە لایەک ڕەشبینی و باوەڕنەبوونی ئینگلیز بەوەی کە تورکەکان بە ئاسانی بۆ دەوڵەتی ئێراق واز لە ویلایەتی موسڵ بێنن، لە لاکەی تریشەوە پەرۆشی ئینگلیزەکان بۆ ئەوەی چارەسەرکردنی پرسەکە ڕادەستی ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان بکرێت، وایکرد ئینگلیزەکان لە ڕێکەوتی (6.8.1924)دا پرسی (ویلایەتی موسڵ)یان بۆ ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرزکردەوەو، داوایان لە سکرتێری (کۆمەڵەی نەتەوەکان) کرد کە پرسی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بخاتە نێو خشتەی بەرنامەی کۆبوونەوەی داهاتوو – (سەرچاوەی پێشوو، ل73). ئەوەبوو کۆمەڵەی نەتەوەکان لە (11.8.1924)دا پرسی (ویلاتی موسڵ)ی خستە نێو خشتەی بەرنامەی کاری داهاتوویان و تەواوی ئەندامانی کۆمەڵەی نەتەوەکان و تورکیایان ئاگادارکردەوە – (هەمان سەرچاوە، ل74). هەروەها میری بەریتانیا لە ڕۆژی (14.8.1924)دا بەڵگەنامەیەکی نارد بۆ ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان لەژێر ناونیشانی (یاداشتێک سەبارەت بە سنووری

نێوان تورکیا و ئێراق – سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە). لە بەرانبەریشدا میری تورکیا لە (5.9.1924)دا یاداشتێک و نەخشەیەکی بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان ناردو، لە یاداشتەکەدا باسی ئەوەی کردبوو کە ئەو کێشەیە کێشەی بڕیاردانە لەسەر چارەنووسی (ویلایەتی موسڵ) نەک دیاریکردنی سنووری نێوان ئێراق و تورکیا – (هەمان سەرچاوە، ل75)، هەرچی بەریتانیا بوو دەیگوت پرسەکە کێشەی دیاریکردنی سنووری نێوان ئێراق و تورکیایە نەک چارەنووسی ویلایەتی موسڵ. وڵاتەکانی ئەڵمانیا، ئەفغانستان، ئێران و سۆڤیەت پشتیوانی تورکیا بوون لە پرسی (ویلایەتی موسڵ)، هەروەها ئیتاڵیا، بولگاریا، یۆنان و دەوڵەتە عارەبییەکان پشتیوانی بەریتانیا و ئێراق بوون. ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان، یەکەم کۆبوونەوەی خۆی لە ڕۆژی (20.9.1924)دا سەبارەت بە پرسی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بەست. پاشان دوای چەند کۆبوونەوەیەک لە نێوان لایەنە نەیارەکان و کۆمەڵەی نەتەوەکان، لە دانیشتنی ژمارە (30)ی ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە (30.9.1924)دا لە جنێڤ، ئەنجومەن بڕیارێکی دەرکردو داوای لە هەر دوو لایەنی بەریتانی و تورکی کرد، کە نابێت هیچ لایەنێکیان ئەو بارودۆخەی ئێستاکە هەیە بیشێوێنن و هەوڵی ئەنجامدانی هێرش و پەلاماری سەربازی بۆ سەر یەکتر بدەن. ئەنجومەنی ناوبراو پێشنیاری ئەوەیکرد کە کۆمیسیۆنێکی سێقۆڵی نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە پرسی ویلایەتی موسڵ دامەزرێ. بڕیاری دامەزراندنی کۆمیسیۆنێکی ئاوا لە پێناوی لێکۆڵینەوەیەکی بێلایەنانە بوو لەسەر ویلایەتی موسڵ کە لایەنەکانی جوگرافی، ڕەگەزایەتی، مێژوویی، ئابووری، سەربازی و ڕامیاری بگرێتەوە. دوای نزیکەی تێپەڕبوونی مانگێک بەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان، لە ڕێکەوتی (21.10.1924)دا بڕیاری پێکهێنانی کۆمیسیۆنەکە لە سێ ئەندام درا کە ئەمانەی خوارەوە بوون: (1- دیبلۆماتکار و ئەفسەری پایەبەرز و وەزیری مفەوەزی سویدی (ئاینەر ترو ئێف ڤێرسن Einar Thrue af Wirsen) کە لە ڕێکەوتی (20.4.1875)دا لە شاری (ئۆپسالا)ی سویدی لە دایکبووە و لە ڕێکەوتی (5.1.1946)دا لە شاری (ستۆکهۆڵم)ی پایتەختی سوید مردووە، ناوبراو لەکاتی شەڕی یەکەمی جیهاندا ئەفسەرێک بووە لە سوپای عوسمانی و بەچاوی خۆی کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکانی لە لایەن تورکەکانەوە بینیوە، بۆ ماوەیەکیش باڵوێزی سویدی بوو لە ڕۆمانیا-بۆخارست. 2- زانای جوگرافی و مامۆستای زانکۆ،

(کۆنت پۆول تێلەکی - Count Poul Teleki)، کە لە نێوان (1.11.1879-3.4.1941) ژیاوەو، سەرۆک وەزیرانی پێشووی هەنگاریا بووە، یەکێک بوو لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی دژ بە شۆڕشی کۆمۆنیستی بە سەرکردایەتی بیلاکۆن (1919). پۆول تێلەکی، لە مانگی تەمووزی ساڵی (1920دا تاوەکو نیسانی 1921) سەرۆک وەزیران بووە، بۆ جاری دووەمیش لە ساڵی (1939)دا سەرۆکایەتی وەزیرانی وەرگرت و بەردەوام بوو تاوەکو ڕێکەوتی (3.4.1941) واتە ئەو ڕۆژەی کە لە داخی نازییەکانی ئەڵمانیا خۆی کوشت، بەهۆی ئەو ڕێکەوتنەی کە لەگەڵ ئەڵمانییە ڕەگەزپەرستەکانی مۆرکردبوو، ڕێکەوتنەکەش بووە هۆی ئەوەی نازییەکان فێڵ لە هەنگاریاو پۆول تێلەکی بکەن و وڵاتەکەیان داگیر بکەن. 3- ئەفسەری خانەنشینی بەلجیکی (کۆلۆنێل ئا. پاولس – A. Paulis) کە لە نێوانی ساڵانی (1875-1933) ژیاوەو، لە کۆنکۆ کاری دیبلۆماتی کردبوو. لە هەمان کاتدا کۆمیسیۆنەکە سێ یاریدەدەری بۆ خۆی دانا بە ناوەکانی: (سینیور رۆدۆلۆ – Signor Rodolo)ی باڵوێزی ئیتاڵی لە وڵاتی نەرویج، (کۆنت هۆراس دی پۆورتالیس- Count Horace De Pourtalis)ی سویسری و ڕۆژهەڵاتناسی هۆڵەندی (جەی ئێچ کرامێرس - J. H. Kramers). دامەزراندنی ئەو کۆمیسیۆنە (کۆمیسیۆنی تۆژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ) لە پێناوی کۆکردنەوەی زانیاری و ڕاستییەکان بوو بۆ ئەوەی ببێتە یارمەتیدەرێک بۆ گەیشتن بە بڕیارێکی دروست سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی ویلایەتەکە. بۆ یەکەم جار ئەندامانی کۆمیسیۆنەکە لە ڕۆژی (17.11.1924)دا لە شاری (جنێڤ) کۆبوونەوە و (ئاینەر تروە ئێف ڤێرسن)یان بە سەرۆکی کۆمیسیۆنی تۆژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ هەڵبژاردو، ئەرکی وەرگرتن و کۆکردنەوەی هەموو ئەو بەڵگەنامەکانیان گرتە ئەستۆی خۆیان، کە پێوەندییان هەبوو بە سنووری نێوان تورکیا و ئێراق. لە هەمان کاتدا دەست بەکار بوون بۆ لێکۆڵینەوە لە بەڵگەنامەکانی دانیشتنەکانی کۆنگرەی لۆزان، ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان و یاداشتەکانی حکومەتەکانی بەریتانیا و تورکیا.

ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بۆ هەموو لایەک گرنگ بووە، بۆیە هەر یەکەو بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆی باسی گرنگی ئەو ویلایەتەی کردووە، بۆ نموونە شا فەیسەڵی یەکەمی شای ئێراق، لە دوازدەی مایسی ساڵی (1923)دا لە

وتارێکیدا کە لە موسڵ خوێندرایەوە وتی: (حکومەتی بەغدا بە بێ کوردستانی باشوور و موسڵ، ڕۆژێک ناژی – بڕوانە: دکتۆر فازڵ حوسێن، کێشەی ویلایەتی موسڵ، ل291). شا فەیسەڵ بایەخ و گرنگی ویلایەتی موسڵی لە بوارەکانی ئابووری، سەربازی، ستراتیژی و ڕامیارییە وە باش هەست پێکردبوو، بۆیە بەمشێوەیە باسی کردووە. هەروەها شا فەیسەڵ دیسان، لە یاداشتێکدا کە بۆ (کۆمیسیۆنی تۆژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ)ی سەر بە کۆمەڵەی نەتەوەکانی نوسیووە و لەکاتی سەردانەکەی کۆمیسیۆنی ناوبراودا بۆلای شا فەیسەڵ لە ڕۆژی (17.1.1925)دا، فەیسەڵ یاداشتەکەی داوە بە ڤێرسنی سەرۆکی کۆمیسیۆن، ئەویش لەگەڵ ڕاپۆرتەکەی خۆیدا بۆ ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان بەرزی کردۆتەوە، کە فەیسەڵ نووسیوێتی: (بۆیە، موسڵ سەبارەت بە ئێراقەوە لە جێگەی سەر دادەنێم بۆ هەموو لەش. بڕوای پتەویشم ئەوەیە، هەر چەندە بابەتەکە دیاریکردنی سنووری نێوان ئێراق و تورکیایە، بەڵام لە ڕاستیدا، وەکو گشت بابەتی قەوارەی ئێراقە، بۆیە بەختیاری و کوێرەوەریی چوار ملیۆن مرۆڤ ئێستا لەبەر دەستی کۆمیتە بەرزەکەتان دایە – سەرچاوە: سیسیل جۆن ئێدمۆندس، کورد تورک و عارەب، ل478). لەو یاداشتەدا، لە لایەک باسکردنی ویلایەتی موسڵ بەمشێوەیە لە لایەن شا فەیسەڵ و لە لایەکی ترەوە پیاهەڵدان و پاڕانەوەکەی ناوبراو لە کۆمیسیۆنەکە تاوەکو ویلایەتی موسڵ بە ئێراقەوە بلکێنن، مرۆڤ هەست بە دەوڵەمەندی و گرنگی خاکی ویلایەتەکە دەکات. کاتێک کە (کۆمیسیۆنی تۆژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ) لە ڕۆژی (8.12.1925)دا، چەند ڕاسپاردەیەکی داوە بە ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان، لە ڕاپۆرتی ڕاسپاردەکەی خۆیاندا ئاماژەیان بە نامەی ناوبراو لە سەرەوەدا (نامەکەی شا فەیسەڵ)ی شای ئێراق کردووە. هێنری فۆستەر، لە لاپەڕە (281)ی بەشی یەکەمی پەرتووکی (نشأة العراق الحديث)دا، نووسیوێتی: (شا فەیسەڵ، لە گەشتێکیدا بۆ ئەورووپای ڕۆژئاوا، لە ڕێکەوتی (9.10.1925)دا لە شاری لەندەن، لە وتارێکدا گوتی: جوێکردنەوەی موسڵ لە ئێراق دەست وەشاندنێکی ترسناکە، لەوانەیە ڕوخێنەر بێت. ئەمەش پێویستی بە تێچوونی تر هەیە بۆ خۆسازدانی سەربازی – سەرچاوە: کامەران ئەحمەد محەمەدئەمین مەنتک، کوردستان لە نێوان ململانێی نێودەوڵەتیی و ناوچەییدا 1890–1932، ل227). بە گوێرەی وتارەکە و مەترسییەکانی شا فەیسەڵ کە دەریبڕیوون، مرۆڤ

هەست بە شوێنی ستراتیژی پڕ بایەخ، گرنگی ئابووری و دەوڵەمەندی کوردستان (ویلایەتی موسڵ) دەکات، کە وەکو ئەوە وایە شا فەیسەڵ بە ئاشکەرا پێمان بڵێت: (ئەگەر بێتوو ئەو بەشەی کوردستان (ویلایەتی موسڵ) نەخرێتە سەر ئێراق، ئێراق وەکو وڵاتێکی سەربەخۆ توانای بەردەوامبوونی نییە).

کوردەکانیش کەم تا زۆر هەوڵی خۆیان داوە، بەڵام کە هەوڵەکانیان هیچ ئاکامێکی باشی لێنەکەوتۆتەوە، کە ئەوەش کۆمەڵێک هۆکاری خۆی هەبووە، یەکێک لە هۆکارەکان پشیوانیکردنی کورد بووە لە ئیمپراتۆریەتی تورکی عوسمانی لەکاتی شەری یەکەمی جیهانی لە نێوان (28.6.1914-11.11.1918)دا، کە وای لە دەوڵەتە هاوپەیمانەکان کردووە، کوردیش بە هاوپەیمانی تورکەکان بزانن، ئەگینا بۆ پاداشتی عارەبیان دایەوەو دەوڵەتیان بۆ دامەزراندن! یەکێک لە هەوڵەکانی کورد، بۆ نموونە (کۆمەڵەی کوردستان – جمعیة کوردستان) کە لە ڕێکەوتی (21.7.1922)دا بە سەرۆکایەتی مستەفا پاشای یامولکی، لە مزگەوتی سەید حەسەن لە شاری سلێمانی لە لایەن (مستەفا پاشای یامولکی، ڕەفیق حلمی، ئەحمەد تۆفیق بەگ، فایەق عارف، شێخ عەلی سەرکار، شێخ محەمەد گولانی، ساڵح قەفتان، سەدیق ئەفەندی عەلەکە، ئەحمەد بەهجەت، حاجی ئاغا فەتحوڵلا، ئەدهەم یۆزباشی و شوکری عەلەکە) دامەزرابوو – سەرچاوە: (ڕەفیق حلمی، یادداشت کوردستانی ئێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، بەشی دووەم، ل486-487)، کۆمەڵەی ناوبراو لە ڕێکەوتی (1.10.1924)دا یاداشتێکی بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان ناردووە و بانگێشەی تورکەکانی بۆ داواکردنی ویلایەتی موسڵ ڕەتکردۆتەوە و بەرپەرچی ئەوەیان داوەتەوە کە هیچ پێوەندییەک کورد و تورک بە یەکەوە ببەستێتەوە، چونکە تورکەکان دەیانگوت تورک و کورد سەر بەیەک ڕەگەزن و هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا نییە، بەڵکو هەردوو لا هەر تورکن، لەوەش زیاتر دەیانگوت زۆربەی زۆری دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ کوردن کە هەم لە لایەنی ڕەگەزو هەم لە لایەنی ئاینییەوە یەکن، کەواتە ویلایەتی موسڵ هی تورکە. یاداشتەکە داواکاری تورکەکان بە کارێکی ناڕەوا ناوزەند دەکات و داواش دەکات کۆمەڵەی نەتەوەکان یارمەتی کورد بدات – سەرچاوە: (دکتۆر فازڵ حوسێن، کێشەی ویلایەتی موسڵ، ل299). وەکو وەڵامێک بۆ تورکەکان، هەفتەنامەی موسڵ، کە بە عارەبی دەردەچوو لە ژمارەی ڕێکەوتی (10.11.1924)دا بروسکەیەکی هەندێک لە سەرۆک هۆز و

سەرکردە کوردەکانی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)ی بڵاوکردۆتەوە، کە لە ڕێکەوتی (7.11.1924)دا بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان ناردوویانەو، باسی ئەوە دەکەن کە تورکیا زۆر ستەمکارانە لەگەڵ کورددا ڕەفتار دەکات و داوای تورکیا بەدرۆ دەخەنەوە بەوەی کە گوایە کوردەکان لە نەژادی تورکن، لە بروسکەکەشدا باسی ئەوە کراوە کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ کوردن – سەرچاوە: (حەمید گەوهەری، ڕۆژی کورد لە مێژوودا، ل308). بە بێ گوێدانە خواست و هەوڵی کوردەکانی دانیشتووی باشووری کوردستان یان ڕەچاوکردنی باری پێکهاتەی ئەتنیکی و بەرژەوەندیان، ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ڕۆژی (29.10.1924)دا لە (برۆکسل)ی پایتەختی بەلجیکا کۆبوونەوەیەکی نائاسایی سازداو هێڵی سنووری نێوان هەردوو لای کێشەکە (بەریتانیا و تورکیا)ی دەستنیشان کرد و ئەوانیش پەسەندی ئەو بڕیارەیان کرد و دواتریش ئەو هێڵە بە هێڵی (برۆکسل) ناسرا. دیسان هەر لەو مێژووەدا هەردوو لا لەسەر ئەوە ڕێکەوتن بۆ ئەوەی ئەو هێزانەی کە پێشتر لە دژی یەکتر کۆکرابوونەوەو لە ئامادەباشیدا بوون، بکێشنەوە بۆ ئەو هێڵەی کە ناوبژیوانی بەلجیکی (مسیۆ برانتین) دەستنیشانی کردبوو. کۆمیسیۆنەکە بە پێویستی زانی کە سەردانی ویلایەتی موسڵ و هەر دوو لایەنی بەریتانی و تورکی بکات، هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی بابەتییانە لە نزیکەوە لەسەر ناوچەی کێشە لەسەر واتە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بکات. کۆمیسیۆنەکە لە ڕێکەوتی (25.11.1924)دا سەردانی بەریتانیای کرد و چاویان کەوت بە وەزیری دەرەوەو وەزیری وڵاتانی کۆلۆنی و لە دیوانی وەزارەتی وڵاتانی کۆلۆنی لە لایەن (دیڤید سن)دا پێشوازییان لێکرا. ئەو بەرپرسەی بەریتانی دڵخۆشی زۆری حکومەتەکەی خۆی بەوە نیشاندا، کە ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان ئەو کۆمیسیۆنەی دامەزراند لە پێناوی بڕیاردان لەسەر کێشەی ویلایەتی موسڵ، بە بێ ئەوەی پەنا ببەنە بەر جۆرە ڕاپرسییەک لەنێو دانیشتوانی ویلایەتەکە کە ئەو ئەنجامدانی بە کارێکی ئەستەم دەزانی. ئەندامانی کۆمیسیۆنەکە وەڵامی ئەو بەرپرسەیان دایەوە و جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەنجومەن ئەوانی ئازاد کردووە بۆ چارەسەرکردنی پرسی ویلایەتی موسڵ، بێ ئەوەی دەسەڵاتی ئەوان دیاری بکات، کۆمیسیۆنەکە ئازادە لەوەی کە ڕێگای ڕاپرسی یان هەر ڕێگایەکی تر بگرێتە بەر بۆ چارەسەرکردنی پرسەکە کە خۆیان بە گونجاوی بزانن. ئەو

بەرپرسەی ئینگلیز باش دەیزانی، ئەنجامی ئەو ڕاپرسییە بە دڵی ئەوان نابێت بۆیە دەنگدانێکی لەو شێوەیە بە ئەستەم دەزانێت! بۆ نموونە سەبارەت بە سەلماندنی ئەو بۆچوونەم و بیر و بۆچوونی کورد لەمەڕ دواڕۆژی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)، ئاماژە بە بۆچوونی جێگری سکرتێری گشتی کۆمەڵەی نەتەوەکان (ف. ب. واڵتەرس) دەدەم، کە لە لاپەڕە (39)ی پەرتووکی (تأریخ عصبة الامم)دا، لەکاتی باسکردنی کێشەی ویلایەتی موسڵ-دا نووسیوێتی: (کوردەکان (مەبەست کوردەکانی ویلایەتی موسڵ-ە) کە لە ڕووی ژمارەوە لەگشت پێکهاتەکانی تر (دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ) زۆرترن، سەربەخۆیی بە باشتر دەزانن لە مانەوە لەگەڵ هەر لایەنێکی تر. ئەوەی کە دەکرێ بەشێوەیەکی گشتی بگوترێ، ئەوەیە کە ئەگەر هیچ چارەیەکی تریان نەبوو، ئەوکاتە پێکەوە ژیان لەگەڵ ئێراق بە باشتر دەزانن لەوەی کە بلکێنرێنەوە بە تورکیا، بە مەرجێک کە سەرپەرشتیکردن (ماندات)ی بەریتانیا بۆ ماوەی (25) ساڵ بەردەوام بێت – سەرچاوە: دکتۆر عومەر ئیبراهیم تۆفیق، کوردستانیة منطقة کرکوک، ل37-38). جێگری سکرتێری گشتی کۆمەڵەی نەتەوەکان (ف. ب. واڵتەرس) بەشێوەیەکی جوان بۆچوون و ئارەزووی کوردەکانی دانیشتووی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)ی دەربڕیوە، کە ئەگەر بێتوو ناچار نەکرێن جگە لە سەربەخۆیی بە هیچ چارەسەرێکی تر قایل نابن، بەڵام ئەگەر ناچارکران دەیانەوێت بخرێنە سەر ئێراق بەو مەرجەی کە کوردستان و ئێراق بۆ ماوەی (25) ساڵ لەژێر مانداتکردنی بەریتانیدا بمێنێتەوە، ئەمەش لە پێناوی دەستەبەر کردنی مافەکانیان و بە تەواوی جێگیر بوونی دەوڵەتەکەیان و نەمانی مەترسی بووە لەسەر دواڕۆژیان. دەبوایە سەرکردایەتی کوردیش لە دوای ڕوخانی ڕژێمەکەی بەعس و سەدام لە ڕێکەوتی (9.4.2004)دا، هەوڵبدات مەرجێکی ئاوا لە پێناوی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکاو هاوپەیمانان یان هێزێکی سەر بە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئێراق و باشووری کوردستاندا بسەپێنێ و بیخاتە ناو دەستووری ئێراق، بۆ ئەوەی مانەوەی ئەو هێزانە ببنە هۆکارو لایەنی مسۆگەرکردنی جێبەجێکردنی دەستووری ئێراق کە لە لایەن سەرکردایەتی کورد و عارەب ڕێکەوتنی لەسەر کرابوو، کە زۆربەی زۆری دانیشتوانی ئێراق و کوردستان لە ڕیفراندۆمێکدا دەنگیان بۆ دابوو و پەسەندیان کردبوو، چونکە عارەب نە ئامادەیەو نە ئامادەش دەبن مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردستان بە ئاسانی

بسەلمێنن، ئەگەر دەسەڵات و هێزیان هەبێت، وە نە پابەندی دەستوور یان هیچ ڕێکەوتنێک دەبن لەگەڵ کورددا، ئەگەر بێتوو ناچار نەکرێن و بەزۆر بەسەریاندا نەسەپێندرێت! ئەگەر چاو بگێڕینەوە بە تەواوی ڕێکەوتنەکانی نێوان هەموو حکومەتە یەک لەدوا یەکەکانی ئێراق لەگەڵ شۆڕشی کوردستان، کە لەکاتی ناچاری و بێ هێزییاندا ڕێککەوتننامەیان لەگەڵ کورددا مۆرکردووەو، هەموو دەستوورەکانی ئێراق کە لەکاتی ناچاریدا دانیان بە بەشێک لە مافە نەتەوایەتییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا ناوە، بەڵام هەرکاتێک تەرازووی هێزەکان لە بەرژەوەندی ئەواندا گۆڕانکاری بە سەردا هاتبێت، ئەوکاتە بێ هیچ دوو دڵییەک نەک تەنیا پەشیمان بوونەتەوە بەڵکو بە دڕندانەترین شێوە بەربوونەتە گیانی تەنانەت کۆمەڵانی خەڵکی سیڤیل و بێ چەک و بێتاوانی کوردستان!

لەو سەردانەدا کۆمیسیۆنەکە داوای لە حکومەتی بەریتانیا کرد بۆ ئەوەی یارێدەرێک دەستنیشان بکەن، ئەوانیش (ئار. ئێف. چاردن)یان وەکو یارمەتیدەری کۆمیسیۆنەکە دەستنیشانکرد. دوای تەواوبوونی دانیشتنەکانی کۆمیسیۆنەکە لە لەندەن، بۆ هەمان مەبەست کۆمیسیۆنەکە لە (3.12.1924)دا سەردانی تورکیایان کردو لەگەڵ حکومەتی (ئەنقەرە)ی کەمالی کۆبوونەوەو، حکومەتی تورکی سەرنجەکانی خۆیان خستە بەردەم کۆمیسیۆنەکەو، بە پێویستیان زانی کە کۆمیسیۆنەکە دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ سەربەست بکات لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بەمشێوەیەی کە خۆیان دەیانەوێت، سەبارەت بە دەستنیشان کردنی نوێنەریش، حکومەتی تورکیا (جەنەڕال جەواد پاشا)ی پشکێنەری گشتی سوپای ناوچەی ئامەد (دیاربەکر)ی وەکو نوێنەر دیاریکردو، هەر یەک لە (کامیل بەگ (موسڵ)، نازم بەگی نەوتچی (کەرکوک) و فەتاح بەگ (سلێمانی) وەکو پسپۆر دەستنیشانکرد. دواتر کۆمیسیۆنەکە لە ڕێکەوتی (16.1.1925)دا گەیشتە بەغداو، هەوڵی کۆکردنەوەی زانیاری و بەڵگەنامەکانیاندا لەمەڕ پێوەندی ئابووری نێوان هەر دوو ویلایەتی بەغداو موسڵ. لە ڕۆژی دواتر (17.1.1925) کۆمیسیۆنەکە بەهۆی نوێنەری بەرزی بەریتانی (سێر هێنری ڕۆبەرت کۆنوای دوبس)، سەردانی (شا فەیسەڵ)یان کردو ئەویش یاداشتێکی دایە دەست کۆمیسیۆنەکە – بڕوانە: (دکتۆر فازڵ حوسێن، کێسەی ویلایەتی موسڵ، ل86). شا فەیسەڵ سەبارەت بە ڕەهەندە ستراتیژی و ئابوورییەکانی ویلایەتی موسڵ لە بەردەم (کۆمیسیۆنی توێژینەوەی

کێشەی ویلایەتی موسڵ)ی سەر بە کۆمەڵەی نەتەوەکان لەپێناوی تۆمارکردنی ڕاستییەکاندا، گوتبووی: (بوونی حکومەتی ئێراقی بە بەردەوامی و یەکگرتوویی، پابەندە بە پاراستنی باری ئێستا و لەو باوەڕەدام کە لە ڕووی ستراتیژی و ئابوورییەوە لەوانە نییە حکومەت لە بەغدا تاسەر بەردەوام بێت، ئەگەر بێتوو ویلایەتی موسڵی لەگەڵ نەمێنێ و لێی جیاکرێتەوە. ئەزمونەکانم و زانیارییەکانم بە ژیرانە، وە سروشتی دەروونی گەلی تورکی و خواستی مێژووییان لە فراوانخوازی و داگیرکردندا، وای لێکردووم کە ڕایگەیەنم موسڵ بۆ ئێراق وەکو سەرە بۆ تەواوی لەش – سەرچاوە: الدکتور جزا توفیق طالب، المقومات الجیوپولتیکیة للامن القومي في أقلیم کوردستان، ص401–402، کە ئەویش وەریگرتووە لە: عوسمان عەلی، دراسات في الحرکة الکوردیة المعاصرة 1833–1946 (دراسة تأریخیة وثائقیة)، مکتب التفسیر للنشر، مطبعة ثقافة، أربیل، 2003، ل446). شاندی کۆمیسیۆنەکە دوای دەرچوونیان لای شا فەیسەڵ، بە ئامادەبوونی ئەو نوێنەرە بەرزەی بەریتانیا لە باڵویزخانەی بەریتانی کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا، لەو کۆبوونەوەیەدا نوێنەری بەرز باسی ئەوەیکرد کە (نازم بەگو فەتاح بەگ) هەر دووکیان هاوولاتی ئێراقین بێئەوەی باسی کامیل بەگ بکرێت کە خەڵکی موسڵ بوو، بەڵام کۆمیسیۆنەکە بەو نوێنەرەی ڕاگەیاند کە ئەوانە خەڵکی (ویلایەتی موسڵ)ن و ناکرێت بە ئێراقی هەژمار بکرێن، چونکە تاوەکو ئێستا کێشەی سنووری نێوان تورکیا و ئێراق چارەسەر نەکراوە. هەر لەو سەردانەدا (سەبیح نەشئەت)ی وەزیری ڕێگاوبانی پێشووی ئێراق وەکو نوێنەری حکومەت دەستنیشانکرا بۆ کۆمیسیۆنەکە. دواتریش لە ڕێکەوتی (27.1.1925)دا کۆمیسیۆن سەردانی (موسڵ)یان کردو، دەستیانکرد بە لێکۆڵینەوەو زانیاری کۆکردنەوە بە مەبەستی گەیشتن بە ڕاستییەکان. سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی ئێراق یاسین ئەلهاشمی (یاسین حیلمی سەلمان ئەلهاشمی)، لە ڕێکەوتی (6.2.1925)دا بروسکەیەکی نارەزایی لە ڕێگەی مەندوبی سامیەوە نارد بۆ کۆمیسیۆنەکە و بەوە تاوانباری کردبوون کە دەست دەخەنە ناو کاروبارەکی نایاسایی و نابێت لە دانیشتوان بپرسن کە ئارەزووەکانیان و بۆچوونەکانیان ڕابگەیەنن سەبارەت بە دوارۆژی خۆیان. بەڵام کۆمیسیۆنی ناوبراو، هیچ گوێیان نەدا بە بروسکەکەی هاشمی – بڕوانە: (دکتۆر فازڵ حوسێن، کێشەی ویلایەتی

موسڵ، ل91-92). کۆمیسیۆن لە ڕێکەوتی (11.2.1925)دا بڕیاری پێکهێنانی چوار دەستەی لێکۆڵینەوەی دا بەمشێوەیەی خوارەوە:

دەستەی یەکەم: (ئاینەر تروە ئێف. ڤێرسن - Einar Thrue af Wirsen)، لەگەڵ (ئاڕ. ئێف. چاردین) و (جەواد پاشا)ی نوێنەری تورک ئەرکی ئەو کۆمیسیۆنەیان لە شاری موسڵ گرتە ئەستۆو سەردانی شەنگال، تەلەعفەر، ئاکرێ و مەخموریان کرد.

دەستەی دووەم: (کۆنت تێلەکی)، لەگەڵ (نازم بەگ) و (مستەر لیۆنز) ئەفسەری ڕامیاری بەریتانی و (کرامێرس)ی وەرگێڕی کۆمیسیۆنەکە، ئەرکی کۆمیسیۆنەکەیان لە شاری هەولێر و دەوروپشتەکەی گرتە ئەستۆ، ئەو شاندە سەردانی هەولێر، شەقڵاوە و دەور و پشتەکەیان کرد و چاویان کەوت بە چەندان شێخ و سەرۆک هۆزی کوردی ناوچەکە.

دەستەی سێیەم: (کۆلۆنێڵ ئەی. پاولس)، لەگەڵ (سەبیح نەشئەت) و (کامیل بەگ) ئەرکی کۆمیسیۆنەکەیان لە کەرکوک گرتە ئەستۆ و چاویان کەوت بە چەندان سەرۆک هۆزە گەورەکانی کوردی وەکو داودە، تاڵەبانی، شوان، کاکەیی و هی تریش. سەبیح نەشئەت کوردێکی هەولێری بوو، دواتر بوو بە نوێنەری هەولێر لە پەرلەمانی ئێراق و بۆ ماوەیەکیش وەزیری بەرگری ئێراق بووە.

دەستەی چوارەم: (مسیۆ دی پۆورتالیس) کە یەکێک بوو لە ئەندامانی بڕیاردەری کۆمیسیۆنەکە، لەگەڵ (فەتاح بەگ) و ئەفسەرێکی بەریتانی سەردانی سەرۆک هۆزە کوردەکانی جاف، دەلۆ، تاڵەبانی و چەندان هۆزی تریشی کرد لە دەوروپشتی چیای حەمرین. دواتر هەر چوار دەستەکە لە ڕێکەوتی (18.3.1925)دا لە شاری موسڵ یەکیان گرتەوە و پاش تەواوبوونی ئەرکەکانیان موسڵ-یان جێهێشت.

هەر لەوکاتەدا بوو کە کۆمەڵەیەکی کوردی بەناوی (جمعية مدافعة الوطن - کۆمەڵەی داکۆکی نیشتمانیی) لە ڕێکەوتی (14.2.1925)دا، بە سەرۆکایەتی (ئەحمەد بەگ تۆفیق بەگ) لە شاری سلێمانی دامەزرا، ئامانجی دامەزراندنی کۆمەڵەکە وەستانەوە بوو لە دژی داواکارییەکانی تورکیا بۆ خاوەندارێتی ویلایەتی موسڵ، لە ڕاستیدا میری ئێراقی لە پشت دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیەوە بووە، چونکە لایەنگرانی ئەو کۆمەڵەیە حەزیان دەکرد ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر ئێراق نەک تورکیا – سەرچاوە: (فاروق عەلی عومەر، ڕۆژنامەگەری کوردی لە ئێراقدا بەراییەکان

1914–1939، ل122+ عەبدولڕەزاق ئەلحوسێنی، تأريخ الاحزاب السياسية العراقية 1918–1958، ل83). خۆی (کۆمەڵەی داکۆکی نیشتمانیی)ەکەی سلێمانی، بەشێک یان پاشکۆی (جمعية الدفاع الوطني)ەکەی موسڵ بوو کە عارەبەکانی ئەوێ لە مانگی یەکی ساڵی (1925)دا دایانمەزراندبوو. لە هەمان کاتدا بە گوێرەی بەندەکانی (2، 3، 4)ی پەیڕەوە ناوخۆی کۆمەڵەی داکۆکی نیشتمانیی سلێمانی، کە لە ئەنجامی گوشاری بەریتانییەکان وایان داڕشتبوو، کە کۆمەڵەی داکۆکی نیشتمانیی سلێمانی کاردەکات لە پێناوی ئەوەی کە کوردستان ببێتە بەشێک لە خاکی ئێراق – سەرچاوە: (دکتۆر عەلی تەتەر تۆفیق نێروەیی، الحياة السياسية في كوردستان 1908–1927، ل259). بە ڕاستی ئەو خزمەتەی کە کۆمەڵەی داکۆکی نیشتمانیی لە پێناوی ئێراق و عارەبدا کردوویەتی، بگرە هیچی کەمتر نییە لەوەی کە سەرۆک جاشە ئەنفالچییەکان کردوویانە، هەروەکو لە هەمان لاپەڕەی سەرچاوەی ناوبراو لە سەرەوەدا، ئاماژە بەوەکراوە کە هەر ئەو کۆمەڵەیە بووە بۆ یەکەمین جار ناوی کوردی باشووری کوردستانی، بە کوردی ئێراقی ناوبردووە! هەروەها ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ، دوای چۆڵکردنی ناو شاری سلێمانی لە لایەن شێخ مەحمودی نەمر و پێشمەرگەکانی، وەکو یەکەم پارێزگاری سەر بە حکومەتی بەغدا لە ڕێکەوتی (7.3.1925–مانگی نیسانی 1927)دا دامەزراوە، پاشان لە (مانگی ئەیلولی 1930–1935) هەمان پۆستی پارێزگاری سلێمانی بۆ جارێکی تریش وەرگرتۆتەوەو، دواتر گواستراوەتەوە بۆ هەولێر و لە ماوەی نێوان (25.4.1935–24.2.1939)دا پۆستی پارێزگاری هەولێری بەدەستەوە بووە – سەرچاوە: (ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر، ئەندامە کوردەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێراقی لە ڕۆژگاری پاشایەتیدا (1925–1958)، چاپی یەکەم، لە کۆمەڵگای چاپەمەنی شەهاب لە هەولێر چاپکراوە، باشووری کوردستان 2007).

کۆمیسیۆن لە دوای گەڕانەوەیان بۆ جنێڤ، یەکەمین کۆبوونەوەی خۆیان لە ڕێکەوتی (20.4.1925)دا ئەنجامدا و بڕیاریاندا دەست بکەن بە نووسینی ئەو ڕاپۆرتەی کە پێویستە بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکانی بەرز بکەنەوە. داوی تێپەڕبوونی نزیکەی سێ مانگ و ماندوو بوونێکی زۆر، کۆمیسیۆنی ناوبراو توانی لە ڕێکەوتی (16.7.1925)دا لە نووسینەوەی ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەکەی خۆی بێتەوە، ڕاپۆرتەکە پێکهاتبوو لە (91) لاپەڕەو (11) نەخشە. خولی سی و سێی ئەنجومەنی کۆمەڵەی

نەتەوەکان لە نێوان (2 تا 28.9.1925)دا درێژەی بە کۆبوونەوەکانیدا (دکتۆر جاسم تۆفیق خۆشناو، مەسەلەی کورد و یاسای نێو دەوڵەتان، ل218)، کۆمیسیۆنی توێژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ ڕاپۆرتی خۆی لە کۆبوونەوەی ڕێکەوتی (3.9.1925)دا بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان بەرزکردەوە و ڕاپۆرتەکە بەسەر تەواوی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان دابەشکرا و دوای واژۆکردن لە لایەن ئەندامانی ئەنجومەنەوە، بەسەر میدیاداکانیشدا دابەشکرا – سەرچاوە: (دکتۆر فازڵ حوسێن، کێشەی ویلایەتی موسڵ، ل176). لەم دانیشتنەدا گفتوگۆ لەسەر ڕاپۆرتەکە کراو هەر دوو لایەنی بەریتانی و تورکی سەرنج و تێبینیەکانی خۆیان پێشکەشکرد. لەم ڕاپۆرتەدا کۆمیسیۆنی توێژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ پێشنیازی لکاندنی ویلایەتی موسڵ–ی بە ئێراقی عارەبییەوە کردبوو. بەڵام ڕاپۆرتەکە هەندێک ڕاستی سەبارەت بە کورد تێدابوو کە بریتیبوون لە:

(أ)– کوردەکان حەوت بەش لە هەشت بەشی ژمارەی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ پێکدەهێنن. ئەوان گرنگترین ڕەگەزی ململانێکەن و، نە تورکن و نە عارەب. ئەوان جیاوازییان زۆرە لەگەڵ تورکان لە داب و نەریتیاندا وە بەتایبەتی دەربارەی پلەو پایەی ژن لە ناویاندا. هەروەها کوردەکان لە ڕووی پێکهاتەی لەش و دیمەنیشدا جیاوازییان لەگەڵ تورکاندا هەیەو، کوردەکانی ویلایەتی موسڵ لە کوردەکانی ڕوژهەڵاتی کوردستان نزیکترن وەک لە کوردەکانی باکووری کوردستان، بەڵام ئێرانی نین و، توانیویانە ژیانێکی پەسندانە لەگەڵ نەتەوە نیشتەجێکانی نیشتمانەکەیان بژین – سەرچاوە: (دکتۆر فازڵ حوسێن، کێشەی ویلایەتی موسڵ، ل133+139).

(ب)– سنووری ئێراقی عارەبی لە باکوورەوە لە هیت و تکریت، یان زنجیرە چیاکانی حەمرین تێناپەڕێت – سەرچاوە: (دکتۆر فازڵ حوسێن، کێشەی ویلایەتی موسڵ، ل108).

(ج)– لە هەموو سەرچاوە جوگرافییەکاندا هەر لە سەردەمی داگیرکردنی عارەبەوە تا کاتی لێکۆڵینەوەی کۆمیسیۆنەکە لە ساڵی (1925)دا، خاکی ناوچەی ململانێ نە باسکراوە نە دەرکەوتووە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بەشێک بوو بێت لە ئێراق. لە ڕابردوودا ناوی (ئێراق) بۆ دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ ئاشنا نەبووە وەکو ناوی نیشتمانەکەیان – سەرچاوە: (هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕەی پێشوو).

ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە کۆبوونەوەی ڕێکەوتی (19.9.1925)دا، گوێیگرت لە ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی کاتی و، (ئۆستۆن ئۆندن)ی بڕیاردەری ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان ڕاپۆرتەکەی کۆمیسیۆنی توێژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵی خوێندەوە، هەروەها لە چەند بابەتێکی سەرەکی کۆڵییەوە. دواتریش سکرتێری گشتی کۆمەڵەی نەتەوەکان داواکارییەکی لە ڕێکەوتی (23.9.1925)دا نارد بۆ (دادگای دادپەروەری نێودەوڵەتی)، بۆ ئەوەی ئەوانیش بۆچوونی خۆیان ڕابگەیەنن، لەسەر ئەوەی کە ئایا دوای ڕاستاندن (تەسدیق کردن)ی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنەکە لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەکان، بڕیاری ڕاستاندنی ڕاپۆرتەکە لە لایەن ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە بەچی ئەژمار دەکرێت؟ ئایا تەنیا کارێکی ناوبژییە، یان بریتییە لە ڕاسپاردەیەک یاخود بڕیارێکی یەکلاکەرەوەیە؟ سەرەڕای ئەوەی کە تورکیا پرۆتێستی ئەو پێشنیازەی کرد و ڕایگەیاند کە پەنابردن بۆ دادگای لاهای بۆ ئەو پرسە، لایەنی دادپەروەری لە خۆوە ناگرێت بەڵکو لایەنێکی ڕامیاری دەگرێتە خۆیی و، نەیانویست نوێنەری خۆیان بۆ ئەوێ بنێرن، بەڵام هیچ گوێ لە تورکەکان نەگیرا – سەرچاوە: (ئەلبێرت میخائیلۆڤیچ مینتیشاشڤیلی، العراق في سنوات الأنتداب البريطاني، ل263). بۆ ئەم مەبەستە دادگای دادپەروەری نێودەوڵەتی لە ڕێکەوتی (26.10.1925)دا کۆبوونەوەی خۆی کرد و بە دوور و درێژی گفتوگۆی ئەم پرسەی کرد، بەڵام لە کۆبوونەوەی دووەمی خۆیدا لەسەر ئەم پرسە، کە لە ڕۆژی (21.11.1925)دا بەسترا، ڕایگەیاند کە ئەو بڕیارەی لە لایەن ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا دەردەچێ، دەبێتە بڕیارێکی یەکلاکەرەوە و دەبێت هەموو لایەک پەیوەستی جێبەجێکردنی بن – سەرچاوە: (دکتۆر فازڵ حوسێن، کێشەی ویلایەتی موسڵ، 213–214).

دوای ئەوەی ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان، وەڵامی دادگای دادپەروەری نێودەوڵەتی پێگەیشت، ئەنجومەن لە ڕۆژی (8.12.1925)دا بە ئامادەبوونی تەواوی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە جنێڤ کۆبوونەوەی خولی (35)ی خۆی بەست، کە لێکۆڵینەوە لە ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی توێژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ کرا و گوێ لە سەرنج و تێبینییەکانی هەر دوو لایەنی بەریتانی و تورکی گیراو گفتوگۆیەکی زۆرکرا. لەم کۆبوونەوەیەدا ئۆستۆن ئۆندن بڕیاردەری ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان بوو، لیۆپۆلد ئیمیری وەزیری کۆلۆنیالەکانی

بەریتانی، نوێنەری بەریتانیا بوو و مونیر بەگ، نوێنەری حکومەتی تورکیا بوو. ئەوەبوو لە ڕۆژی (10.12.1925)دا، ئەنجومەن کۆبوونەوەی ژمارە (36)ی ئەنجامدا، لەم کۆبوونەوەیەدا ڕاپۆرتی (ژەنەڕاڵ یۆهان لایدۆنێر) خوێندرایەوە سەبارەت بە لێکۆڵینەوە لە ناوچەی  باشووری هێڵی برۆکسل و گفتوگۆی زۆری لەسەر کرا، کە ئەو (ژەنەڕاڵ یۆهان لایدۆنێر) پێشتر لە کۆبوونەوەی ڕێکەوتی (28.9.1925)ی ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان، وەکو نوێنەری ئەنجومەن دیاریکرابوو بۆ سەرکردایەتی کۆمیسیۆنێک بۆ سەردانی ناوچەکانی سنووری هێڵی برۆکسل لە هەر دوو دیوی باشوور و باکووری کوردستاندا – سەرچاوە: (دکتۆر فازڵ حوسێن، کێشەی ویلایەتی موسڵ، ل189–190). خولی سی و حەوتی ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە نێوان (7 تا 16.12.1925)دا درێژەی بە کارەکانیدا – سەرچاوە: (دکتۆر جاسم تۆفیق خۆشناو، مەسەلەی کورد و یاسای نێو دەوڵەتان، ل219)، بەڵام دوای گفتوگۆیەکی چڕ و سەختی کۆبوونەوەی ڕۆژی (10.12.1925) لەسەر کێشەی ویلایەتی موسڵ، ئەندامانی ئەنجومەن گەیشتنە ڕێککەوتنێک لەسەر بۆچوونی (کۆمیسیۆنی توێژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ)، بەوەی ئەو خاکانەی کە دەکەونە باشووری هێڵی برۆکسل بە ئێراقەوە بلکێنرێن، لەگەڵ داواکردن لە بەریتانیا لە پێناوی دابینکردن و گەرەنتیکردنی مافەکانی کورد و ڕێوشوێنی دامەزراندنی بەڕێوەبەریتییەکی ناوخۆیی کوردی کە مافەکانیان مسۆگەر بکات، بەڵام تورکیا قایل نەبوو. ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا، کۆبوونەوەیەکی تری کرد و سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان پێشتر داوای لە نوێنەری تورک (تۆفیق ڕوشدی بەگ) کردبوو، بۆ ئەوەی ئامادەی کۆبوونەوەی ئەم ڕۆژە بێت، بەڵام ناوبراو قایل نەبوو بەشداری کۆبوونەوەکە بکات. لە ئەنجامدا ئەنجومەنی ناوبراو لە ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (16.12.1925)دا (عصبة الأمم: مسألة الحدود بين تركية والعراق، وهو التقرير الذي رفعته البعثة المؤلفة وفقا لقرار المجلس، ل2)، لە کۆبوونەوەی ژمارە (37)ی خۆیدا لە جنێڤ و بە ئامادەبوونی (69) ئەندام لە کۆی (100) ئەندام، کە (37) ئەندام بە بەڵێ و (24) ئەندام بە نەخێر و (8) ئەندام بە کارتی سپی دەنگیان دا، بڕوانە: (پشکۆ حەمەتاهیر ئاغچەلەری، شاری کەرکوک 1917–1926)، کە لەو سەرچاوانەی خوارەوە وەریگرتووە: (سیسیل جۆن ئیدمۆندس، کورد تورک عارەب، و. حامید

گەوهەری، ل466 + سیسیل جۆن ئیدمۆندس، کورد و ترک و عرب، ترجمة جرجیس فتح‌الله، ل349)، هەروەها بە پشت بەستن بەو ڕێککەوتنەی کۆبوونەوەی پێشووی ئەنجومەن خۆی کە لە ڕێکەوتی (10.12.1925)دا کردبووی، لە هەمان کاتدا لەژێر پاڵەپەستۆی بەریتانیا و بڕیاری پێشوەختی ئەوان و، تاڕادەیەک بە پێچەوانەی تەواوی ڕاپۆرت و ڕاسپاردەکانی (کۆمیسیۆنی توێژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ)، بەتایبەت بە پێچەوانەی (بەڵگەکانی ڕەگەزایەتی، مێژوویی و جوگرافی)، بە بڕیاری ژمارە (77)ی خۆی، ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)ی بەشێوەیەکی فەرمی  بە ئێراقەوە لکاند و هێڵی برۆکسلی وەکو سنووری کۆتایی نێوان هەر دوو وڵاتی ئێراق و تورکیا دەستنیشانکرد. بڕیاری لکاندنی باشووری کوردستان لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا لە لایەن ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان بە ئێراقی عارەبی، بەمەرجی پەسەندکردنی بڕیارە چوار خاڵییەکە بوو کە ئەمانەن:

1- هێڵی برۆکسل سنووری جیاکەرەوەی نێوان هەر دوو دەوڵەتی تازەی ئێراق و تورکیا بێت.
2- ئێراق بۆ ماوەی (25) ساڵ لەژێر منداتی بەریتانیادا بێت.
3- دەبێت دەوڵەتی بەریتانیا ئاگادار بکرێتەوە تاوەکو بەرنامەی مافی بەڕێوەبەرێتی دانیشتوانی کوردی ویلایەتی موسڵ بداتە دەست ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان (داخوازی کوردەکان لە بەڕێوەبەرێتییەکی خۆجێیی مسۆگەر بکرێت).
4- دەبێت دەوڵەتی بەریتانیا ئاگادار بکرێتەوە تاوەکو ڕاسپاردەکانی کۆمیسیۆنی توێژینەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ جێبەجێ بکات – سەرچاوە: (دکتۆر فازڵ حوسێن، کێشەی ویلایەتی موسڵ، ل226 + مەحمود ئەلدوڕە، القضیة الکوردیة، طبعة جدیدة موسعة، ل127–128 + دکتۆر مارف عومەر گوڵ، کێشەی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی گەلی کورد، چاپی یەکەم، ل54).

هەر دوابەدوای لکاندنی زۆرەملێیانەی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بە ئێراقەوە، ڕۆژنامەی الموصل: لە وتارێکدا بەناونیشانی (کۆمەڵەی نەتەوەکان کێیە – موسڵ بەخێرهاتنی کۆمیسیۆنی نێودەوڵەتی دەکات)، دووپاتی کردەوە کە ویلایەتی موسڵ خاکێکی عارەبی و ئێراقییە و گیان و دڵی ئێراقە، وەکو چۆن ناکرێ

جەستەیەک بێ گیان و دڵ بژی ئاواش ناکرێ ئێراق بێ ویلایەتی موسڵ بژی – سەرچاوە: دکتۆر فازڵ حوسێن، مشکلة الموصل، ل230، دکتۆر فازڵ حوسێن، کێشەی ویلایەتی موسڵ، ل297). ئەو بۆچوونە ڕەگەزپەرست و نامرۆڤانەی ڕۆژنامەی (الموصل)، ئێستاشی لەگەڵ دابێت بۆچوونی زۆربەی هەرە زۆری عارەبی ئێراق و وڵاتانی عارەبیشە سەبارەت بە نیشتمان و خاکی کورد (کوردستان). ئەوان لە یەکەم پەرچەکردانی نەگێتیڤانەدا بەرانبەر بە کورد لەمەڕ بڕیاری لکاندنی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بە دەوڵەتی ئێراقەوە، نکۆڵی بوونی ئەوەیانکرد کە نەتەوەی کورد خاوەنی خاکی خۆیەتی کە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)ەو، دواتریش بەرەبەرە هەوڵی بەعارەبکردنی کوردستان و مرۆڤی کوردیان کرد، تا کار گەیشتە ئەو ئاستەی هەوڵی جینۆسایدکردن و سڕینەوەی باری نەتەوەیی کوردیاندا لە باشووری کوردستان. بەرپرسانی ئێراقی و کۆمیسیارە بەریتانییەکان لە بەغدا هەردەم نکۆڵی بوونی خاڵی سێیەم و چوارەمی مەرجی (ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان)یان کردووە، سەبارەت بە بڕیاری لکاندنی خاکی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا کە خۆی لە (داخوازییەکانی کوردەکان لە مسۆگەرکردنی بەڕێوەبەرێتییەکی خۆجێیی)دا دەبینێت، کەچی شاکرۆ خدۆ محوی، لە لاپەڕە (69)ی پەرتووکی (المسألة الكوردية في العراق المعاصر)دا، پەردە لە ڕووی ناڕاستگۆیی ئەوان لادەدات و دەڵێت: (کۆمیسیاری باڵای بەریتانی هێنری کۆنوای دوبس لە مانگی نیسانی ساڵی (1926)دا بەر لە گەشتەکەی بۆ لەندەن، لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە دواڕۆژی کوردە ئێراقییەکان گوتی: نەخێر، بە هیچ شێوەیەک ناکرێ قسە لەسەر سەربەخۆیی کورد بکرێت، وە پێویستە لەسەر تورکیا کە دڵنیابێت لەوەی کە پرسی سەربەخۆیی کوردی ڕووناکی نابینێت، سەرەڕای ئەوەی کە کۆمەڵەی نەتەوەکان ڕایسپاردووە کە تایبەتمەندییە نەتەوایەتییەکانی کوردی ڕەچاو بکرێن – لە ئەرشیڤی سەرەکی حکومەتی یەکێتیی سۆڤیەتی وەریگرتووە). لە سەرەوەدا زۆر ڕاشکاوانە بۆمان دەردەکەوێت کە کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغدا (هێنری کۆنوای ڕۆبەرت دوبس)، داندەنێت بەوەی کە کۆمەڵەی نەتەوەکان ڕایسپاردووە تایبەتمەندییە نەتەوەیەتییەکانی کورد ڕەچاو بکرێن، لە کاتێکدا کە جێبەجێکردنی ئەو ڕاسپاردانە لە ئەستۆی دەوڵەتی بەریتانیادا بووە، بەڵام ئەویش لە

پێناوی ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا لەگەڵ عارەبی ئێراقدا نەوەک زیانی پێبگات فەرامۆشی کردوون.

ئینگلیزەکان بەر لە بڕیارەکەی ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان بڕیاری یەکبڕی خۆیان دابوو سەبارەت بە لکاندنی زۆرەملێیانەی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بە ئێراقەوە، هەروەکو لە بەڵگەنامەیەکی حکومەتی بەریتانی بە ڕێکەوتی (12.11.1925) و بە ژمارە (C. O. 780-80)دا تۆمارکراوەو، لە بڕگەی (757)دا هاتووە: (نامەیەکی شێخ مەحمود گەیشتووە باسی ئەوە دەکات کە بەڕێوەبەرێتییەکی نیشتمانی لە کوردستاندا دروستبکرێت و لەو نامەیەدا بێزاریی خۆی دەربڕیوە بەرانبەر چاوتێبڕینی عارەبەکان لە کوردستان-داو داوای دۆستایەتی دەکا لەگەڵ بەریتانیادا. نوێنەری باڵا بە نووسین وەڵامی نەدایەوە بەڵکو بەدەم ڕایسپارد کە تێی بگەیەنرێ ئەوەی بڕیاردراوە بەرانبەر بە کوردستان شتێکی کۆتاییەو نابێ بگۆڕدرێ و تازە بڕیاردراوە کە کوردستان بە بەشێک لە ئێراق هەژمار بکرێ - سەرچاوە: محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، ل679). لە پێناوی زۆرتر سەلماندنی باڵادەستی و کاریگەری ئینگلیز بەسەر کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە، پەنادەبەمە بەر نووسەری بیانی ڕۆبەرت ئۆلسۆن، کە لە لاپەڕە (216)ی (ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران)دا، نووسیویێتی: (لە کۆتایی ساڵی (1925)دا بەریتانیا نە تەنیا لە پرسی موسڵ-دا، بەڵکو لە زرنگکاری (سیاسەتی) دەرەوەشیدا، کۆمەڵەی نەتەوەکانی وەک ئامرازێکی کاریگەر بەکاردێنا). هەر سەبارەت بەو پرسە، ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ، لە لاپەڕە (308)ی بەشی یەکەمی پەرتووکی (العراق الحديث من سنة 1900 الى سنة 1950)دا، ئاماژەی بەوەداوە کە لە ئەنجامی فشاری بەردەوامی بەریتانی و بێئارامی ئێراق، ئەنجومەنی گشتی کۆمەڵەی نەتەوەکان، کە پەنجاو دوو دەوڵەتی دەگرتەخۆی، لە ڕۆژی (2.10.1932)دا بە کۆی دەنگ ئەندامێتی ئێراقی لە کۆمەڵەی نەتەوەکان پەسندکرد. سەبارەت بە دیدی تورکەکانیش بەرانبەر بە کۆمەڵەی نەتەوەکان، ڕۆژنامەی (جمهوريەت)، لە مانگی دووی ساڵی (1926)دا سەبارەت بە بڕیاری لکاندنی زۆرەملێیانەی ویلایەتی موسڵی کوردی، نووسیویێتی: (ئەو بڕیارەی کۆمەڵەی نەتەوەکان بۆ جارێکیتر ئەوەی سەلماندەوە کە کۆمەڵەی نەتەوەکان خزمەتکارێکی بەهێزترین دەوڵەتە بەتایبەت بەریتانیای مەزن، کە ئێمە لە سەدەکانی

ناوەڕاستیشدا بڕیاری وامان بەرچاو نەکەوتووە) - سەرچاوە: (ئەلبێرت میخائیلۆڤیچ مینتیشاشڤیلی، العراق في سنوات الانتداب البريطاني، وەرگێڕانی دکتۆر هاشم سالّح تکریتی، ل266). بۆچوونی پێکهاتە نەتەوەییەکانی یەکێتی سۆڤیەت، لە بۆچوونی شاندی هاوبەشی ڕوسیا – ئۆکرانی – جۆرجی کە بەشداری (کۆنگرەی یەکەمی لۆزان)یان کردبوو دەردەکەوێت، کە لە ڕێکەوتی (30.12.1922)دا یاداشتێکی نارەزاییان لە دژی پەیماننامەی سیڤرە بەرزکردەوە، کە تیایدا هاتووە: (سەبارەت بە پرسی کەمە نەتەوەکان، شاندی ڕوسیا – ئۆکرانی – جۆرجی لە دژی تەواوی ئەو بڕیارانەیە کە تاوەکو ئێستاکە خراونەتە بەردەم کۆنگرەی لۆزان، ئەو بڕیارانەی کە پڕ لە کەموکوڕین و گوایە لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەو کەمەنەتەوانە بەکاردەهێنن، کە لە ڕاستیدا سەرجەم بڕیارەکان خزمەتی یەک پرس دەکەن، ئەمەش بیانوی بوونی کۆمەڵەی نەتەوەکانە کە بە پێکهاتەی ئێستاکەی جگە لە ئامرازێکی نوێ لە پێناوی باڵادەستی دەوڵەتە ئیمپریالیستە گەورەکان شتێکی تر نییە – سەرچاوە: میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، المسألة الكوردية (1917-1923)، ل298). سەبارەت بە بۆچوونی کوردیش جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرۆک کۆماری ئێراق، لە لاپەڕە (142)ی پەرتووکی (کوردستان والحركة القومية الكوردية)دا بەمشێوەیە باسی کۆمەڵەی نەتەوەکان دەکات: (لە ڕاستیدا کۆمەڵەی نەتەوەکان (کۆمەڵەی دزەکان)ی ئەو داگیرکەرانە بووە، کە هیچ شتێک بەلایانەوە گرنگ نەبووە جگە لە مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییەکانی داگیرکەران لە تاڵان و بە کۆیلەکردنی نەتەوەکانی خۆرهەڵات و ئەفریقی و دابەشکردنی تاڵانەکان لە نێوان وڵاتە سەرکەوتووەکاندا. هەر لەبەر ئەوەبوو کە چارەنووسی گەلی کورد و مافەکانی بەلایەوە گرنگ نەبوو، بەڵام هەلومەرج و بارودۆخی نێودەوڵەتی و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ناچاریکرد، کە هەندێک بڕیاری هەڵخەڵەتێنەرانە بدات، کاتێک کە گەلی کورد لە مافی هەرە بەرزی خۆی کە مافی چارەی خۆنووسین بوو بێبەشکرا).

دەوڵەتی توکیا بڕیارەکەی ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکانی سەبارەت بە لکاندنی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بە ئێراقەوە پەسەند نەکرد، بەڵام تەنیا نۆ ڕۆژ دوای بڕیارەکەداو لە ڕێکەوتی (25.12.1925)دا پەرلەمانی تورکیا (ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانیی تورکی) بە سەرۆکایەتی مستەفا کەمال ئەتاتورک کۆبووەوە و

بڕیاری ئەوەیدا کە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بە شەڕو بە زۆر لە دەوڵەتی ئێراق وەرنەگرێتەوە - سەرچاوە: (ئەلبێرت میخائیلۆڤیچ مینتیشاشڤیلی، العراق في سنوات الانتداب البريطاني، وەرگێڕانی دکتۆر هاشمساڵح تكريتی، ل265 + دکتۆر فازڵ حوسێن، کێشەی ویلایەتی موسڵ، ل236-237) + ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیژیی ئێراق و سێکوچکەی بەعسیان: تەرحیل تەعریب تەبعیس، ل109). ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی ناوبراوی تورکی شتێکی چاوەڕوانکراو بوو، چونکە مستەفا کەمال ئەتاتورک پێشتر لە دانیشتنی (23.2.1923)ی ئەنجومەنی نیشتمانی گەورەی تورکیا، سەبارەت بە پرسی ویلایەتی موسڵ گوتبووی: (ئەگەر ئێمە لەسەر پرسی موسڵ سووربین، ئەوا ئێمە دەچینە نێو شەڕەوە - سەرچاوە: پرۆفیسۆر دکتۆر میم کەمال ئۆڤە، کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ 1918-1926، ل45). ئەم لێدوانەی ئەتاتورک دەریدەخات کە ئەگەر بێتوو زۆریان بۆ بێت، ئامادەن دەست لە ویلایەتی موسڵ هەڵگرن، چونکە شەڕکردن نەک لە بەرژەوەندی ئەواندا نییە، بەڵکو دەبێتە هۆی لە ناوبردنیان و پارچە پارچە بوونی تورکیای ئەوکات. لە هەمان کاتدا ئەم بڕیارەی ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانی تورکی خۆی لە خۆیدا دانپێدانانێکی ناڕاستەوخۆیانە بوو بە بڕیارەکەی ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان و دانپێدانانە بە دەوڵەتی ئێراق بە سنووری نوێیەوە. پێم وایە ئەم بڕیارەی پەرلەمانی تورکیا، جێبەجێکردنی مەرجی دووەمی تورکیا بوو لە پێناوی دانپێدانانی حکومەتی بەریتانی بە حکومەتی ئەتاتورک، کە مەرجی یەکەمیان لە ڕێکەوتی (3.3.1924)دا جێبەجێ کردبوو، کە هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی عوسمانی بوو – سەرچاوە: محەمەد ڕەسوڵ هاوار، کورد و باکوری کوردستان، بەرگی دووەم، ل200، باسی ئەوە دەکات لە لاپەڕە (287)ی پەرتووکی (الرجل الصنم - أتاتورك، الجزء الاول و الثاني، ئەفسەرێکی پێشووی تورک)، کە سەبارەت بەم پرسە ئەفسەرەکە نووسیوێتی: (حاخام ڕابین ناعوم، کە جولەکەیەکی چالاک بووە لە پرسی هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتی ئیسلامی بە مستەفا کەمال ئەتاتورکی وتبوو: هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت و وازهێنان لە ویلایەتی موسڵ دوو مەرجی سەرەکین بۆ ئەوەی میری بەریتانیا دان بە دەوڵەتەکەتاندا بنێت). کەچی دوو لە بەرپرسانی ئینگلیز کە هەر یەک لە ئاوستین یوسف چامبرلاین ( Austen Joseph Chamberlain)، کە لە ماوەی نێوان (16.10.1863-17.3.1937)دا ژیاوەو، لە

نێوان ساڵانی (1925–1929)دا وەزیری دەرەوەی بەریتانی بووە، لەگەڵ لیۆپۆلد چارلس مۆرتز ستینیت ئامیری ( Leopold Charles Moritz Stennett Amery)، کە لە نێوان (22.11.1873–16.9.1955)دا ژیاوەو، لە نێوان ساڵانی (1924–1929)دا وەزیری کۆلۆنییەکانی بەریتانی بووە، بە بەیانێک بڕیارەکە و مەرجەکانی ئەنجومەنی ناوبراویان پەسەندکرد. ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان بڕیاریدا، ئەگەر هاتوو لە ڕۆژی (16.12.1925)ەوە تاوەکو شەش مانگی تر لە لایەن بەریتانیا و ئێراق ئاگادارکرایەوە سەبارەت بە جێبەجێکردنی مەرجی دووەم، ئەوکاتە ئەنجومەن ڕایدەگەیەنێت کە بڕیارەکەی کۆتاییە و هەوڵی جێبەجێکردنی خاڵی یەکەم دەدات، کە داڕشتن و دیاریکردنی هێڵی سنووری برۆکسلی نێوان ئێراق و تورکیایە. لەپێناو جێبەجێکردنی خاڵی دووەم، بەریتانیا و ئێراق پێویستییان بە پەیمانێکی نوێ هەبوو. ئێراق دەیویست مەرجی خۆی لەم پەیمانە نوێیەدا بەسەر بەریتانیادا بسەپێنێ، بەڵام کۆمیسیاری باڵای بەریتانی (سێر هێنری ڕۆبەرت کۆنوای دوبس)، لە ڕێکەوتی (4.1.1926)دا نامەیەکی پڕ لە هەڕەشە ئامێزی بۆ شا فەیسەڵ نووسی. لە نامەکەدا کۆمیسیاری باڵا، هەڵبژاردنی یەک لەم دوو پێشنیارەی بۆ ئێراق دیاریکردبوو: (یەک: ئێراق شێوەی داڕشتنی پەیمانەکە لە لایەن بەریتانیا وە پەسند بکات. دوو: گێڕانەوەی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بۆ تورکیا – سەرچاوە: دکتۆر فازڵ حوسێن، کێشەی ویلایەتی موسڵ، ل231). ئەوەبوو هەڕەشەکەی نوێنەری باڵای بەریتانی لە ئێراق سەریگرت و، هەر یەک لە پادشای ئێراق، ئەنجومەنی وەزیران، پەرلەمان و ئەنجومەنی پیرانی ئێراقی مەرجی یەکەمیان هەڵبژارد (واتە سازشکردن و پەسەندکردنی تەواوی مەرجەکانی بەریتانیا لە پێناوی وەدەستهێنانی باشووری کوردستان کە بە (ویلایەتی موسڵ) ناسرابوو).

سەرەڕای ئەوەی کە کۆمیسیۆنی توێژینەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ–ی سەر بە کۆمەڵەی نەتەوەکان لە لاپەڕە (57)ی ئەو ڕاپۆرتەی کە بەرزی کردبووەوە بۆ کۆمەڵەی ناوبراوی نووسیبوو: ( حەوت لەسەر هەشتی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ (کە دەکاتە 87.5% - دەرسیم) کوردن و ئەمەش وامان لێدەکات کە دانبنێین بە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لەم ویلایەتەدا – بڕوانە: (دکتۆر فازڵ حوسێن، کێشەی ویلایەتی موسڵ، ل138+139)، بەڵام کۆمەڵەی نەتەوەکان ئەم پێشنیازەی بە هەند وەرنەگرت و مافە نەتەوەییەکانی کوردستانییانی فەرامۆشکرد. هەروەکو

ئاماژەم پێکرد، ئەم بڕیارە لە بنچینەدا پشتی بە ڕاپۆرتی بەڵگەنامە ڕەگەزی، مێژوویی و جوگرافییەکانی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەو ڕاسپاردەکانی نەبەستبوو، بەڵکو لە ئەنجامی فشاری بەریتانیادا بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، بەڵگەشمان بۆ فشارەکانی ئینگلیز، هەروەکو (سێر کیناهان کۆرنواڵیس – Sir Kinahan Cornwallis)، کە پۆستەکانی ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی ئێراقی، ڕاوێژکاری شا فەیسەڵ، ڕاوێژکاری کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغداو باڵوێزی بەریتانی لە ئێراقدا هەبووە، دوای نزیکەی پێنج ساڵێک لە ڕۆژی (8.2.1931)دا بەنهێنییەوە یاداشتێکی بۆ وەزیرێکی ئێراقی بەناوی (جەمیل محەمەد عەباس مەدفەعی 1890–26.10.1958) ناردووە، کە تیایدا نووسیویێتی: (ئێوە چاک دەزانن کە کۆمەڵەی نەتەوەکان بە فیتی دەوڵەتی خاوەنشکۆی شای بەریتانیای مەزن ئۆتۆنۆمیی نەتەوەیی بۆ کورد نەسەلماند – بڕوانە: دکتۆر عەزیز شەمزینی، جولانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان، ل234–235). مەبەستی باڵوێزی بەریتانی لە ئێراق (کیناهان کۆرنواڵیس)، لە نەسەلماندنی ئۆتۆنۆمی نەتەوەیی کورد لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەکان بە فیتی بەریتانیا، جێبەجێ نەکردنی بەندەکانی (62، 63، 64)ی پەیماننامەی سێڤرە و ڕێگا نەدان بە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی و بڕیارەکەی لکاندنی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بوو، کە لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا بە ئێراقی عارەبی (ویلایەتەکانی بەغداو بەسرا) لکێنرا، کە بێبەشکردنی نەتەوەی کورد بوو لە هەموو مافێکی ڕەوای خۆی، چونکە لەگەڵ بڕیاری لکاندنەکەدا تیشک و خۆری خەون و ئاواتەکانی نەتەوەی کورد ڕوویان لە کزی کردو بەرەو ئاوابوون چوون.

هەروەکو گوتمان حکومەتی بەریتانیا بەشێوەیەکی گشتی و (سێر پێرسی کۆکس و ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن) و دواتریش (سێر هێنری ڕۆبەرت کۆنوای دوبس) بەتایبەتی ڕۆڵی گەورەیان هەبوو، لە دەرکردنی بڕیارەکانی کۆمەڵی نەتەوەکان و لە سەرەوەی هەموویاندا بڕیاری لکاندنی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا بە دەوڵەتی ئێراقی دەستکردی ئینگلیز، کە پێشتر لە ڕۆژی (25.10.1920)دا بەناوی ئەنجومەنی دەوڵەتی کاتی لە سەر دەستی (سێر پرسی کۆکس) و بە سەرکردایەتی عەبدولڕەحمان نەقیب گەیلانی دامەزرابوو. بۆ دڵنیابوونی خوێنەران لەڕادەی دڵسۆزی سێر ئارنۆڵد ویلسۆن بۆ عارەب و ئێراق،

ئاماژە بە لاپەڕە (196)ی بەشی دووەمی پەرتووکەکەی خۆی دەدەم کە لە سێ بەشدا بەناوی (بلاد مابين النهرين بين ولاءين خواطر شخصية وتأريخية)دا بڵاوکراوەتەوە، کە نووسەر دەڵێت: (دوای ئاگربەست (ئاگربەستی مۆدرۆس 30.10.1918)، چەند جارێک پێشنیازم کردو سووربووم لەسەر ئەوەی کە شێوەی ئەو حکومەتەی کە نیاز وایە لە (وڵاتی نێوان دوو ڕووبار)دا دابمەزرێ، زۆر پێویستە و هەر دەبێ هەر سێ ویلایەتەکانی بەسرا، بەغدا و موسڵ بگرێتەوە). هەر ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن، لە لاپەڕە (356)ی هەمان سەرچاوە نووسیویێتی: (هەموو داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی عارەبی لەژێر چەتری پادشایەکی عارەب دەکەن، کە ویلایەتەکانی بەسرا، بەغدا و موسڵ بگرێتەوە، ئەمەش چارەسەرێکی نموونەییە). کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە ئێراق کە نووسەری پەرتووکی ئاماژە پێکراوە لە سەرەوەدا، لە لاپەڕە (364)ی هەمان سەرچاوە دەڵێت: (لە بروسکەیەکدا بۆ سێر ئێدوین ساموێل مۆنتاگو (Sir Edwin Samuel Montagu)، کە لە ڕێکەوتی (22.12)دا بۆم ناردبوو، بەکورتی بۆچوونی شێخی شارەکانی عەمارە و قورنەم بەمشێوەیە بۆ نووسیبوو: پێویستە ویلایەتەکانی بەسرا و موسڵ لەگەڵ ویلایەتی بەغدا یەکبگرن). گومانی تێدا نییە ئەمە بۆچوونی ویلسۆن و ئینگلیزەکانە بەرلەوەی بۆچوونی شێخەکانی ئەو دوو شارە بن، ئەگینا دانیشتوانی شارەکانی باشووری ئێراق کە سەر بە ویلایەتی بەسرا بووینە، هەروەکو پێشتر لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە هەرگیز نە ئارەزووی یەکگرتنیان لەگەڵ ویلایەتی بەغدا هەبووە، نە لەگەڵ ئەوەدا بووینە حکومەتێکی عارەبی لە بەغدا سەرپەرشتیان بکات. ئینگلیزەکان بەڵێنەکانی خۆیان سەبارەت بە عارەب و دامەزراندنی دەوڵەتێکی عارەبی لە ئێراقدا نەک تەنیا بردە سەر، بەڵکو پارچەیەکی گرنگی کوردستانیش کە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بوو بەزۆر بەو دەوڵەتەیان لکاندو مافی نەتەوەی کوردیان لە سەرانسەری کوردستاندا پشتگوێ خست. بڕیاری لکاندنی ویلایەتی موسڵ لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا، بە ئێراقی عارەبییەوە بە چەند مەرجێکەوە بوو، مەرجی یەکەم ئێراق پەیمانێکی نوێ لەگەڵ دەوڵەتی بەریتانیا واژۆ بکات و مەرجی دووەمیش ماندێتکردنی ئێراق لە لایەن بەریتانیا وە بۆ ماوەی (25) ساڵی تر درێژ بکرێتەوە، کە دەبێت لە ماوەی ئەو (25) ساڵەشدا ئێراق بە ئەندامی کۆمەڵەی نەتەوەکان وەربگیرێت. بەمەش دەوڵەتی ئێراق لە نێوان واژۆکردن و بەدەستهێنانی

باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)، یان واژۆنەکردن و لەدەستدانی ویلایەتی موسڵ، بەرژەوەندی باڵاو دوارۆژی خۆی ڕەچاوکرد و یەکەمیانی پەسەندکردو، بەمەش ویلایەتی موسڵ-ی بۆ خۆی مسۆگەرکرد. هەر تەنیا ئینگلیزەکان دڵسۆزو خاوەن گفتی خۆیان نەبوون بەرانبەر بە عارەب و ئێراق، بەڵکو عارەبی ئێراقیش بە هەمانشێوە دڵسۆزو بەوەفا بووینە بۆ ئیمپریالیزمی ئینگلیزی، بۆ نموونە پارێزەر عەزیز شەریف عەبدولحەمید، سیاسەتمەدارو وەزیری دادی ئێراقی لە کۆتایی ساڵی شەستەکاندا، لە لاپەڕە (37)ی پەرتووکی (المسألة الكوردية في العراق)دا، نووسیویێتی: (ئیمپریالیزمی بەریتانی ئەوەیان لە حکومەتی ئێراقی چاوەڕێ دەکرد، کە حکومەتی ئێراق ئەو پۆلیسەی ئەوان بێ و هەڵدەستێ بە خزمەتی پاسەوانی کردن لە ئێراق و کوردستان بۆ ئینگلیزەکان، هەروەها هەرچی تێچووی خۆیی و تێچووی دامرکاندنەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی هەبوو خستیە ئەستۆی جەماوەری زەحمەتکێشی ئێراقی، لەجیاتی ئەوەی کە بخرێتە ئەستۆی گەنجینەی بەریتانی). بە گوێرەی ئەو بۆچوونەی پارێزەر و وەزیری دادی ئێراقی بۆمان دەردەکەوێت کە عارەبی ئێراق تاچ ڕادەیەک دڵسۆز بووینە بۆ ئینگلیز. هەر سەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراق لە لایەن ئینگلیزەکانەوە، ئاماژە بە یەکێک لە بەڵگەنامەکانی ئینگلیزەکان دەکەم کە ژمارە (8481-C.O.730-28-58047)ی ڕێکەوتی (27.10.1928)ی لەسەرە کە نامەیەکی نوری سەعیدی وەزیری بەرگری ئەوکاتی ئێراقی لەگەڵدا هاوپێچ کراوە و بۆ نوێنەری باڵای بەریتانی لە ئێراق (سێر هێنری ڕۆبەرت کۆنوای دوبس)ی ناردووە. لە نامەکەدا نوری سەعید نووسیویێتی: (هەموومان ئاگاداری ئەوەین کە (بالکان) بەهۆی دەوڵەتە گەورەکانەوە حکومەت و دەوڵەتەکانی خۆیان دامەزراندو، بگرە تورکیاش هەر بە یارمەتی سۆڤیەت و تاڕادەیەکیش بە پاڵپشتی فەرەنسا توانی خۆی ڕابگرێت. ئێمەش لە ئێراقدا لەو ڕووەوە دان بە چاکەی بەریتانیادا دەنێین و چاکەی ئەومان قەت لەبیر ناچێتەوە لە ئێراقدا – بڕوانە: محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، ل569).

# ئێراقی دوای لکاندنی باشووری کوردستان:

هەر دوا بەدوای لکاندنی خاکی باشووری کوردستان بە ئێراقەوە، حکومەتی ئێراقی پەیمانێکی نوێی لەگەڵ بەریتانیا لە ڕێکەوتی (13.1.1926)دا مۆرکرد، بە گوێرەی پەیمانەکە دەبوایە ئێراق بۆ ماوەی (25) ساڵ لەژێر سەرپەرشتیکردنی (مانداتی) بەریتانیادا بمێنێتەوە. ئەنجومەنی پیران یان پیاو ماقوڵانی ئێراق لە ڕێکەوتی (16.1.1926)دا، ئەم پەیمانەیان پەسندکرد کە هەر درێژەدان بوو بە پەیمانەکەی ڕێکەوتی (10.10.1922)، کە تاکە جیاوازی ئەوەی یەکەم بۆ ماوەی (20) ساڵ و ئەوەی دووەمیان بۆ ماوەی (25) ساڵ بوو. لە پێناوی پەسندکردنی پەیمانە نوێیەکەدا لە لایەن ئەنجومەنی دامەزرێنەری ئێراقی (المجلس التأسيسي العراقي)یەوە، زۆربەی نوێنەرانی ئەو ئەنجومەنە لە ڕێکەوتی (18.1.1926)دا کۆبوونەوەیەکی تایبەتیان بەست. کاتێک کە ئەندامانی پەرلەمان ویستیان ئەو ئەرکە بە کۆمیسیۆنێکی لێکۆڵینەوە بسپێرن، سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی ئێراق (عەبدولموحسین فەهد ئەلسەعدون 1889–1929) وەڵامێکی توندی دانەوەو، داوایکرد دانیشتنەکە بەنهێنی بەردەوام بێت، بەڵام تەواوی ئەندامە بەرهەڵستکارەکان یەک لە دوای یەک هۆڵەکەیان جێهێشت، کەچی سەرۆک وەزیران چووە پێشیان و لە دەرگا پێی گوتن: (ئەگەر ئەو پەیمانەیە پەسند نەکەین، ئەوا موسڵ-مان دۆڕاند – سەرچاوە: دکتۆر حامید مەحمود عیسا، القضية الكوردية في العراق من الاحتلال البريطاني الى الغزو الامريكي 1914–2004، ص96). ئەوەش وایکرد کە پەرلەمانی ئێراق ناچار بکات لە هەمان ڕۆژدا پەیمانە دوو قۆڵیەکەی ئێراق و بەریتانیا بە زۆرینەی (58)دەنگ پەسەند بکات لە بەرانبەر (19) ئەندام کە دەنگیان نەدا – سەرچاوە: (ڕۆبەرت ئۆلسۆن، ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، ل216)، هەر ڕۆژی دواتریش پەیماننامەکە لە لایەن ئەنجومەنی پیاو ماقولانی ئێراقی بە زۆرینەی حەڤدە دەنگ لە کۆی بیست دەنگ پەسەند کرا – سەرچاوە: (دکتۆر حامد مەحمود عیسا، المشكلة الكوردية في الشرق الاوسط، ل312). ئێراقییەکان (پادشا، ئەنجومەنی وەزیران، پەرلەمانی ئێراق و ئەنجومەنی پیاو ماقولان)، بۆیە وا پەیماننامەکەیان واژۆکردو بڕیاریان لەسەردا، چونکە بەریتانیا بە ئێراقی ڕاگەیاندبوو ئەگەر

پەیمانێکی وای لەگەڵ نەبەستێت، ئەوکاتە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)ی ناداتێ. سەرانی ئێراقیش گرنگی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)یان زۆر باش دەزانی، بۆیە لە لایەک بە هەموو مەرجێکی ئینگلیزەکان قایل بوون و سازشیان بۆ دەکردن، لە لایەکی تریشەوە بۆ ئارام کردنەوەی کوردەکان لەسەر زاری سەرۆک وەزیرانی ئێراق (عەبدولموحسین سەعدون)و لەناو پەرلەماندا لە ڕێکەوتی (21.1.1926)دا بەڵێنی دەستەبەرکردنی تەواوی مافەکانی کورد و کردنەوەی خوێندنگاو خوێندنی بە زمانی کوردیدا لەگەڵ بە فەرمی کردنی زمانی کوردی، وە گوتی: (بەڕێزانم، ئەو وڵاتە تاسەر ناژی ئەگەر بێتوو تەواوی پێکهاتەکانی ئێراقی مافە نەتەوەییەکانی خۆیان نەدرێتێ. هەموومان بینیمان چۆن کارەساتێک بەسەر تورکەکان داهات، لەبەر نکۆڵی کردنیان لە مافەکانی نەتەوەکانی ترو ڕێگەگرتن لە پێشکەوتنیان. پێویستە کوردەکان مافەکانی خۆیان بدرێتێ – سەرچاوە: مەحمود الدورة، القضية الكوردية، الطبعة الثانية، ل154 + إعداد وتقديم الدكتور عبدالفتاح علي البۆتاني، وثائق بريطانية عن تشكيل دولة كوردية مستقلة 1924-1927، ل107).

ڕێک دوای مانگێک بەسەر تێپەڕبوونی پەسندکردنی پەیمانەکە لە لایەن پەرلەمانی ئێراقەوە، پەرلەمانی بەریتانیاش لە ڕۆژی (18.2.1926)دا پەیمانەکەی نێوان خۆیان و ئێراقی پەسندکرد – سەرچاوە: (دکتۆر فازڵ حوسێن، کێشەی ویلایەتی موسڵ، ل232). لە پێناوی ئەوەی ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان، بڕیاری کۆتایی بدات کە مەرجی دووەمی بڕیارەکەی ڕۆژی (16.12.1925)ی ئەنجومەنی ناوبراو جێبەجێکراوە، حکومەتی بەریتانیا لە ڕێکەوتی (2.3.1926)دا داواکارییەک و دەقی پەیمانی (13.1.1926)ی نێوان خۆیان و ئێراقی گەیاندە ئەنجومەن. ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان، لە کۆبوونەوەی ڕێکەوتی (11.3.1926)دا، گفتوگۆی داواکارییەکەی بەریتانیا و ناوەڕۆکی پەیمانەکەی کردو، دوا بڕیاری خۆیشیدا سەبارەت بە دیاریکردنی هێڵی برۆکسل بە سنووری نێوان ویلایەتی موسڵ لە ئێراق و تورکیادا. هەر لە کۆبوونەوەی هەمان ڕۆژدا ئەنجومەن بڕیاریدا کە بڕیاری (16.12.1925) جێبەجێکراوە، چونکە ئەنجومەن پەیمانە نوێکە بە بنەمای سەرەکی دادەنێت بۆ بەردەوام بوونی سەرپەرشتیکردن (ماندات)ی بەریتانیا بەسەر ئێراقەوە بۆ ماوەی (25) ساڵی تر – سەرچاوە: (دکتۆر فازڵ حوسێن، کێشەی ویلایەتی موسڵ، ل234).

دوای بڕیاری لکاندنی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بە ئێراقی عارەبییەوە لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەکان بەو چوار مەرجەی سەرەوە، بەریتانیا لە (24.2.1926)دا لە یاداشتێکی (17) خاڵیدا گەرەنتیدا بە کۆمەڵەی نەتەوەکان کە ئەو خۆی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) دابین و مسۆگەر دەکات – سەرچاوە: (مەحمود الدورة، القضية الكوردية، الطبعة الثانية، ل150–155). بەڵام ئەو بەڵێنەش هەر قسە بوو هیچی لێ شین نەبوو، بۆیە کورد ئێستاش بە گوێرەی بڕیارو مەرجەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان سەبارەت بە لکاندنی باشووری کوردستان بە ئێراقەوە، وە بە گوێرەی گفت و بەڵێنەکانی هەر دوو وڵاتی بەریتانیا و ئێراق کە بە کۆمەڵەی نەتەوەکانیان دابوو، دەتوانێت و مافی خۆیەتی یان داوای جێبەجێکردنی تەواوی بڕیارو گشت مەرجەکان بکات، یاخود داوای هەڵوەشاندنەوەی لکاندنەکە بکات.

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی (6) مانگ بەسەر بڕیاری ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان بە لکاندنی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بە ئێراقی عارەبییەوە، لە ڕێکەوتی (5.6.1926)دا پەیمانێکی سێقۆڵی لە ئەنقەرە بەسترا لە نێوان، نوێنەری بەریتانی (لۆرەنس شارلس لندمای) باڵوێزی بەریتانیا لە ئەنقەرەو (ئاڕ. سی. ئەندسی) بوون، نوێنەری تورکیا (روشدی بەگ)، کە نوێنەری ئەزمیر بوو لە پەرلەمانی تورکی، نوێنەری ئێراق نوری پاشا سەعید (نوری سەعید سالح مەلا تەها 1887–15.7.1958)، وەزیری بەرگری ئێراق – سەرچاوە: (دکتۆر حامد مەحمود عیسا، القضية الكوردية في العراق، ل126). هەر سێ لایەنی پەیمانی سێقۆڵی بەریتانیا، تورکیا و ئێراق ڕایانگەیاند کە ئەوان بە گەڕانەوە بۆ پەیماننامەی لۆزان (24.7.1923) ئەو پەیمانە نوێیەیان بەستووە، لە پێناوی کۆتایی هێنان بە کێشەی سنووری نێوان تورکیا و ئێراق – سەرچاوە: (دکتۆر فازڵ حوسێن، کێشەی ویلایەتی موسڵ، ل239). کە ئەمەش لە لایەک جۆرە فێڵ کردنێک بوو بە پلەی یەکەم لە کورد و بە پلەی دووەم لە تورکیا، لەبەر ئەوەی بە گوێرەی داڕشتنی خاڵەکانی ئەو پەیماننامەیەو پەیماننامەی (لۆزان)یش بەمشێوەیە، واتە ویلایەتی موسڵ بەشێکە لە ئێراق نەک ویلایەتێکی سەربەخۆ بووبێت، لە لایەکی تریشەوە دانپێدانانێکی ناڕاستەوخۆی تورکیایە بە دەوڵەتی ئێراق کە خاوەنی ویلایەتی موسڵ بێت نەک خاوەنە ڕاستەقینەکەی کە کورد بووە. هەر ڕۆژێک دوای ئەو پەیمانە، واتە

ڕۆژی (6.6.1926)دا کۆمەڵەی نەتەوەکان لکاندنی زۆرەملێیانەی باشووری کوردستانی بە ئێراقی عارەبییەوە بەگەڕخست – سەرچاوە: (دکتۆر جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، چاپی سێیەم، ل105). ئەو پەیمانە بە (پەیمانی برایەتی) ناسرا، کە پاشان لە ڕێکەوتی (8.7.1926)دا ڕێکەوتنەکە لە لایەن هەر سێ وڵاتی بەریتانیا، ئێراق و تورکیا ڕاستاندن (تصديق) کراو بڕیای لەسەر درا، بە گوێرەی خاڵی یەکەم و دووەم: هێڵی برۆکسل-یان بە یەکجاری وەکو خاڵی جیاکەرەوەی نێوان ئێراق و تورکیا پەسەندکرد، واتە کوردستانی باکورو باشووریان لێک جیاکردەوە. خاڵی سێیەم: پێکهێنانی کۆمیسیۆنێکی هاوبەشی نێوان بەریتانیا، تورکیا و ئێراق بوو، دوو ئەندام بۆ هەر یەکێکیان و سەرۆکەکەشی سویسری بێت. خاڵی چوارەم: سەبارەت بە زەوی و زارو سەبارەت بە مافی هەڵبژاردنی (وڵاتنامە – الجنسية) بوو بۆ دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کە بە ئێراقەوە لکێنران. خاڵی پێنجەم: بەڵێندانی تورکیا و ئێراق بوو بە یەکتر، کە هیچ لایەکیان دەستدرێژی نەکاتە سەر ئەو سنوورەی کە لە خاڵی یەکەم دیاری کراوە. خاڵی شەشەم: هەردوو حکومەت بەرەنگاری کورد ببنەوە لە هەر دوو دیوی سنووری تورکیا و ئێراق. خاڵی حەوتەم: ئەگەر هاتوو کارمەندە دەسەڵات پێدراوەکان بە گوێرەی خاڵی دوازدەهەم زانییان کەسانی چەکدار هاتنە سەر سنوورەکان، پێویستە زانیاری ئاڵوگۆڕ بکەن و یەکتر ئاگادار بکەنەوە. خاڵی هەشتەم: ئەگەر هاتوو کارمەندە دەسەڵات پێدراوەکانی بە گوێرەی خاڵی دوازدەهەم، لە هەر لایەکیان هەستیان بە ئەنجامدانی کارێکی تێکدەرانە لەناو خاکی لاکەی تر کرد، دەبێت هەم زانیاری بدەن بە لاکەی ترو هەم بە هەموو ڕێگایەک هەوڵی لەباربردنی کارە تێکدەرانەکە بدەن. خاڵی نۆیەم: هەر کەسانێکی چەکدار دوای ئەنجامدانی تاوانێک پەنایان هێنا بۆ سەر سنوور، پێویستە لایەنی دووەم پەنادراوەکان بە چەکەوە ڕادەستی لایەنی یەکەم بکەنەوە. خاڵی دەیەم: هەر دوو وڵاتی تورکیا و ئێراق مافی ئەوەیان پێدرا کە بۆیان هەبێت بە درێژایی (76) کیلۆمەتر بێنە ناو خاکی یەکتر بۆ لێدانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. خاڵی یازدەم: پێویستە پلانی گشتی هاوبەش هەبێت لە نێوان هەر دوو لادا بۆ جێبەجێکردنی گشت خاڵەکانی سەرەوە. خاڵی دوازدەم: هیچ لایەک لە تورکیا و ئێراق بۆیان نەبێت نامەی فەرمی بنووسن بۆ سەرۆک هۆزە کوردەکان یان پێوەندییان لەگەڵ ببەستن، بەڵکو دەبێت ڕێگەگر بن لە دامەزراندنی هەر کۆمەڵەیەک

و هەر چالاکییەکی دەستە کوردییەکان لەسەر سنوور. خاڵی سێزدەم: کۆمیسیۆنێکی هەمیشەیی لەسەر سنوور پێکدێت بۆ کارئاسانی و داڕشتنی دەقی ئەو بەشەی پەیماننامەکە کە لە هەر سێزدە خاڵی سەرەوە پێکدێت. هەروەها هەر دوو لا پارێزگاری لە پێوەندی دراوسێیەتی نێوانیان دەکەن. خاڵی چواردەم: لە بری ئەوەی کە تورکیا بە فەرمی دانی بە (هێڵی برۆکسل) دانا، بۆی هەیە بۆ ماوەی (25) ساڵ لە (10%) داهاتی کۆمپانیای نەوتی تورکی (کە پێشتر کۆمپانیای چیاوگی ئەفریقیای خۆرهەڵاتی سنوردار بوو، لە ساڵی (1911)دا دامەزرابوو، کەچی لە ڕێکەوتی (23.11.1912)دا ناوەکەی بۆ کۆمپانیای نەوتی تورکی گۆڕا، دواتریش بۆ جاری دووەم لە ڕێکەوتی (8.6.1929)دا ناوەکەی بۆ کۆمپانیای نەوتی ئێراق (I.P.C) ئای. پی. سی گۆڕا – سەرچاوە: عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی، العراق قديما و حديثا، ل55+59)، لە نەوتی ئێراق بۆ خۆی ببات. خاڵی پازدەم: بڕیاردانی ڕاستەوخۆی گفتوگۆکردن لە نزیکترین دەرفەتدا سەبارەت بە چیاوگ و ڕادەست کردنەوەی تاوانباران لە نێوان تورکیا و ئێراقدا. خاڵی شازدەم: ئێراق بەڵێن دەدات کە ڕێگە نادات هیچ کەسانێک بێزار بکرێن بەهۆی لایەنگیرییان لە تورکیا، هەروەها دەبێت لێبوردنی گشتیان بۆ دەرچێت و هەموو ئەو سزایەی لە دژیان دەرچووە هەڵوەشێنرێتەوە. خاڵی حەڤدەم: ئەو پەیماننامەیە لە ڕۆژی بڕیاردان لەسەری لە لایەن هەر دوو لاوە کاری پێدەکرێت، هەروەها مەرجەکانی خاڵەکانی شەشەم تا دەیەم بۆ ماوەی دە ساڵ ڕەچاو بکرێن. خاڵی هەژدەم: هەر دوو لای ڕێککەوتوو لەسەر پەیماننامەکە بە زووترین کات دانەی بڕیار لەسەر دراوی پەیماننامەکە لە ئەنقەرە دەگۆڕنەوەو، دەقە ڕاستییەکان دەدەن بە وڵاتانی واژۆکەر لەسەر پەیمانی لۆزان – سەرچاوە: (دکتۆر حامد مەحمود عيسا، القضية الكوردية في العراق، ل(620–624) + کامەران ئەحمەد محەمەدئەمین مەنتک، کوردستان لە نێوان ململانێی نێودەوڵەتیی و ناوچەییدا 1890–1932، ل262). سەبارەت بە خاڵی چواردەم کە بە گوێرەی ئەو مەرجانەی کە لە (14.3.1925)دا دانرابوو، لەمەڕ چیاوگ (ئیمتیازات)ی حکومەتی تورکی، لەگەڵ پێدانی (500) هەزار پاوەنی ئیستەرلینی بە تورکیا – سەرچاوە: (دکتۆر فازڵ حوسێن، کێشەی ویلایەتی موسڵ، ل241). بەڵام تورکیا هیچی نەدرایێ، چونکە ئەو ڕێککەوتنە ناکۆک بوو لەگەڵ مادەی (60)ی پەیمانی لۆزانی ڕێکەوتی (24.7.1923)، کە لە بەشی یەکەمی ئەو

مادەیەدا (مادەی 60) باسی ئەوە دەکات کە دەوڵەتانی شەڕکەر لە دژی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تەواوی هەرێم و موڵکەکانی خۆیان وەردەگرنەوە بە بێ هیچ قەرەبوویەک. ئەنجومەنی دامەزرێنەری ئێراقی (المجلس التأسيسي العراقي)، واتە پەرلەمانی ئێراقی پشکی لە (10%)ی داهاتی نەوتی کۆمپانیای نەوتی ئێراقی بۆ تورکیا پەسەند نەکرد، کەچی زۆر لە مێژوونووس و نووسەران باسی ئەوە دەکەن کە دواتر تورکیا بەشەکەی خۆی بە پێنج سەد هەزار پاوەند فرۆشتۆتەوە.

خۆی پێدانی (10%)ی داهاتی نەوتی ویلایەتی موسڵ لە لایەن ئێراقەوە بە تورکیا، گومانێک لای هەموو کەسێک دروست دەکات و ئەو پرسیارە دێنێتە پێشەوە، باشە ئەگەر پێشتر ویلایەتی موسڵ سەر بە ئێراق بوایە، چ پێویستی دەکرد ئێراق ئەو ڕێژەیە لە داهاتی نەوتی خۆی بدات بە دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر؟ بەڵام پەسندکردنی دەوڵەتی ئێراق بە پێدانی ڕێژەی (10%)ی داهاتی نەوتی ویلایەتی موسڵ بە تورکیا و، دەست هەڵگرتنی تورکیا لە ویلایەتی موسڵ لە بەرانبەر ئەو ڕێژەی داهاتی نەوتەدا، دەیسەلمێنێ کە ویلایەتی موسڵ نە هی ئێراق و نە هی تورکیا بووە، بەڵکو لە ڕاستیدا هی کوردی مافخوراو بووە.

بەریتانیا لە ڕۆژی (14.9.1929)دا بەڵێنی بە دەوڵەتی ئێراق دا وەکو ئەندامی کۆمەڵەی نەتەوەکان وەربگیرێت و، بە بێ هیچ مەرجێک دانبنێت بە مافی سەربەخۆییەکەی. لە هەمان کاتدا لە بەرانبەر ئەو بەڵێنەی کە بە ئێراقیدا، داوای بەستنی پەیمانێکی تری نوێی لەو وڵاتە کرد. ئێراقیش لە بەرانبەردا ئەو مەرجەی بەریتانیای پەسندکردو، لە ڕێکەوتی (30.6.1930)دا، واژۆی چوارەم پەیماننامەی نێوان هەر دوو وڵات کرا – سەرچاوە: (دکتۆر جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، چاپی سێیەم، ل106 + ئەلبێرت میخائیلۆڤیچ مینتیشاشڤیلی، العراق في سنوات الأنتداب البريطاني، ل287). ئەو پەیمانە هیچ ئاماژەیەکی بە مافەکانی نەتەوەی کورد نەکردبوو، بەمەش دڵەڕاوکێیەکی زۆری لەنێو کوردی باشووری کوردستاندا نایەوە. بەڵام نزیکەی دوو مانگێک پێشترو بە مەبەستی هێورکردنەوەو دەستخەڕۆکردنی نەتەوەی کورد، سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی ئێراقی (نوری سەعید پاشا) لە ڕۆژی (10.4.1930)دا ڕایگەیاند، کە ئەو دەیەوێت لە یاسایەکی نوێدا زمانی کوردی بکات بە زمانی فەرمی لە ناوچە کوردییەکان. میری بەریتانی لە ڕۆژی (7.10.1929)دا، دیپلۆماتکارێکی بەریتانی بەناوی (سێر فرانسیس هێنری

هومفریس – Sir Francis Henry Humphrys)، کە لە ماوەی نێوان (24.4.1879–28.8.1971)دا ژیاوەو لە ساڵانی ماوەی نێوان (3.10.1929–3.10.1932)دا کۆمیسیاری باڵای بەریتانی بووە لە بەغدا، وەکو سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای بەریتانی دەستنیشانکرد بۆ سەرکردایەتی کردنی کۆبوونەوەکانی (جنێڤ)ی کۆمەڵەی نەتەوەکان بۆ توێژینەوە لە وەرگرتنی ئێراق بە ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە. یەکێک لە وتە ناسراوەکانی (سێر فرانسیس هێنری هومفریس) کە لە ڕێکەوتی (26.10 و 30.11.1929)دا کردوویەتی، دەڵێت: (لە ڕاستیدا عارەبی ئێراق ڕەگەزێکی دڵ والاو بەخشندەن. بەرانبەر بە نەتەوە و ئایینەکانی دیکە زۆر میهرەبانن – سەرچاوە: جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، ل108). ئاخر ئەو کەسەی کە مێژووی ڕەفتارو کردەوەکانی عارەبی ئێراقی بەرانبەر بە کورد و نەتەوەکانی تر نەخوێندبێتەوە، یاخود لە نزیکەوە نەیبینیبێ، لەوانەیە بە ئاسانی باوەڕ بە قسەکانی (سێر فرانسیس هومفریس)دا بکات، بەڵام بۆ کەسانێک کە لە نزیکەوە شارەزای ڕەفتار، هۆڤییەت، ستەمکاری، زۆرداری و کردەوەکانی عارەب و بەتایبەت عارەبی ئێراقن، قسەکەی (سێر هومفریس) جگە لە رستەیەکی بێماناو دوور لە ڕاستی هیچ شتێکی تر نییە، بەتایبەت کە ڕەفتارو کرداری عارەب لە سەرەوەدا لە باسی (بەراوردێک لە نێوان پێوەندییەکانی هەر یەک لە کورد و عارەب بە نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی ترەوە)دا ڕوون کراوەتەوە! وابزانم عارەبی ئێراقی خۆیان بوێری ئەوەیان تیا نەبووە بەمشێوەیەی کە (فرانسیس هومفریس) باسیکردوون، باسی میهرەبانی و بەخشندەیی خۆیان بکەن لە بەرانبەر نەتەوە و ئایینەکانی تر کە بەزۆر خراونەتە ناو چوارچێوەی سنووری ئەو وڵاتە، بەڵام کەسانێکی داگیرکەر (ئیمپریالیزمی ئینگلیزی و عارەبی) کە ئامادەبن بۆمبی کیمیاوی، فسفۆرو ناپاڵم و چەکی کوشندەمان پێوەبنێن، چۆن قسەی ناڕەواشمان پێوە نانێن!!!

هەروەکو ئاماژەم پێکرد، کاتێک کە کۆمەڵەی نەتەوەکان، یان هەر یەک لە میرییەکانی ئێراق و بەریتانیا بەرژەوەندییەکانیان وای خواستبێت کە بڕیارێک یان چەند گفت و بەڵێنێک بە کورد بدەن یان چەند مەرجێک بۆ خۆیان دابنێن، کە سوودی کوردی تێدابێت، بێ هیچ دوودڵییەک وەکو تاکتیک کردوویانە، بەڵام هەرگیز وابەستەی گفت و بەڵێن و بڕیارەکانی خۆیان نەبووینە، بەڵکو هەرکاتێک ئاواتەکانیان هاتبێتەدی، بە ئاشکرا لێی پاشگەز بووینەوەو، بەدەستی ئاسنین و بارود و ناپاڵم

وەڵامی کوردیان داوەتەوە. بۆ نموونە لە پێناوی ڕێگە خۆشکردن بۆ وەرگرتنی وڵاتی ئێراق لە کۆمەڵەی نەتەوەکان، لە ڕێکەوتی (23.5.1931)دا میری ئێراق (یاسای زمانە ناوخۆییەکان)ی بە ژمارە (74) دەرکرد – سەرچاوە: (دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو، کوردستان و کورد، ل84، هەروەها عەلی سەیدۆ گۆرانی، لە عەمانەوە تا ئامێدی، ل140–142، کە لە ڕۆژنامەی (الوقائع)ی ژمارە (989)ی ڕێکەوتی (1.6.1931)دا وەریگرتووە)، دواتریش حکومەتی ئێراق لە ڕێکەوتی (30.5.1932)شدا ڕاگەیاندنێکی تری دەرکرد (ئەلبێرت میخائیلۆڤیچ مینتیشاشڤیلی، العراق في سنوات الأنتداب البريطاني، ل297)، لەوەشیاندا پابەندی خۆی بەو یاسایەی پێشووی خۆی (یاسای زمانە ناوخۆییەکان) دووپات کردەوەو، زمانی کوردی دیسان بە فەرمی ناسی. بە گوێرەی مادەی نۆیەمی ئەو ڕاگەیاندنە، دەوڵەتی ئێراق بەڵێنیدا کە زمانی کوردی شانبەشانی زمانی عارەبی بکرێتە زمانی فەرمی لە هەر یەک لە پارێزگاکانی موسڵ، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و ئەو قەزایانەی کە زۆربەی دانیشتوانیان کوردن، واتە بە فەرمیکردنی زمانی کوردی لە تەواوی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ). بەڵام هەروەکو ئاماژەی پێدرا ئێراق تەنیا لە پێناوی وەرگرتنیدا لە کۆمەڵەی نەتەوەکان، ئەو یاسایەی دەرکرد، ئەگینا بە هیچ شێوەیەک و لە هیچ کاتێکدا ئەو یاسایە نەچووە واری جێبەجێ کردنەوە. دوای ئەوەی بەریتانیا لە سەرەتای ساڵی (1932)دا ویستی کۆتایی بە ماندێتی خۆی لەسەر ئێراق بهێنێ و، ئەو وڵاتە وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ بناسێت، کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ڕێکەوتی (28.1.1932)دا، نیازی خۆی ڕاگەیاند بەوەی کە کۆتایی بەو مانداتە بهێنرێت بە دوو مەرج تاوەکو ئەم وڵاتە (ئێراق) وەکو ئەندامی ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان وەربگیرێت. دوو مەرجەکەش بریتیبوون لە: یەکەمیان: ڕێزگرتن و مسۆگەرکردنی مافەکانی مرۆڤ، ڕۆشنبیری، کارگێڕی و خۆبەڕێوەبردنی کوردی لە تەواوی ویلایەتی موسڵ، کە پارێزگاکانی (موسڵ (نەینەوا + دهۆک)، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالا) دەگرێتەوە، لە لایەن دەوڵەتی ئێراقەوە بەشێوەیەکی فەرمی، یاسایی و دەستووری. دووەمیان: مسۆگەرکردنی مافی کەمە نەتەوەکان و ئازادی هەڵبژاردنی ئایین، ئایینزاو هەر باوەڕێک بە مەرجێک دژی بنەماکانی ئاکاری گشتی نەبن – سەرچاوە: مەحمود الدورة، القضية الكوردية، الطبعة الثانية، ل164 +

ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ، العراق الحدیث من سنة 1900 الى سنة 1950، الجزء الأول، ل308).

ئەو مەرجانەی كۆمەڵەی نەتەوەكان كە بەریتانیا تیایدا باڵا دەست بوو، لەبەر چاوی كاڵی كورد نەبوو، بەڵكو لە پێناوی بەستنەوەی زۆرتری دەوڵەتی ئێراق بوو بە ئینگلیزەوە، بۆ ئەوەی هەركاتێك ویستی ئەو مەرجانە وەكو كارتێكی فشار لە دژی ئێراق بەكاربهێنێت، تاوەكو ئێراق نەتوانێ لە دژی بەرژەوەندییە باڵاكانی ئینگلیز بوەستێتەوە. بەهۆی مەرجەكانی وڵاتی بەریتانیا وە، ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێراق لە ڕێكەوتی (5.5.1932)دا بڕیاریدا بە پێشكەشكردنی ڕاگەیاندنێك بە ئەنجومەنی كۆمەڵەی نەتەوەكان، كە بەڵێندانی ئێراق بە جێبەجێكردنی هەر دوو مەرجەكەی كۆمەڵەی نەتەوەكان بگرێتە خۆی (ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ، العراق الحدیث من سنة 1900 الى سنة 1950، الجزء الأول، ل308)، كەچی هەم مەسعود مستەفا بارزانی و هەم ئەفسەری ڕەگەزپەرستی عارەب مەحمود ئەلدوڕە، ڕۆژی بڕیاردانی ڕاگەیاندنەكەیان بە (25.5.1932) نووسیوە، هەروەها باسی مادەكانی یەك، نۆو دەی ڕاگەیاندنەكەیان كردووە كە باسی بە فەرمی كردنی زمانی كوردی لە كوردستان، بەڕێوەبردنی ناوچەكە لە لایەن فەرمانبەرانی كورد، مافە چەسپاوەكانی كورد وەكو یاسایەكی بنچینەیی هەژمار دەكرێن و بە هیچ شێوەیەك نە لە ئێستاو نە لە دوارۆژدا هیچ یاسایەك ناتوانێت ڕێگەی جێبەجێكردنیان لێبگرێت یان هەڵیانوەشێنێتەوە، هەروەها مافەكانی كورد بە پەیمانێك هەژمار دەكرێن كە سیفەتی نێودەوڵەتییان هەیە – سەرچاوە: مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەكەم، ل356 + مەحمود ئەلدوڕە، القضیة الكوردیة، الطبعة الثانیة، ل364). لە ئەنجامی ئەو ڕاگەیاندنەی پەرلەمانی ئێراقدا، میری ئێراق لە ڕۆژی (19.5.1932)دا ڕاپۆرتێكی بۆ ئەنجومەنی كۆمەڵەی نەتەوەكان بەرزكردەوەو، لە یاسایەكی نوێدا دانپێدانانی خۆی بە مافە نەتەوایەتی و كۆمەڵایەتییەكانی كورد و ئاشووری دەربڕیبوو – سەرچاوە: (ئەلبێرت میخائیلۆڤیچ مینتیشاشڤیلی، العراق في سنوات الأنتداب البریطاني، ل297 + دكتۆر جەمال نەبەز، كوردستان و شۆڕشەكەی، چاپی سێیەم، ل108). هەر هەمان ڕۆژ واتە ڕۆژی (19.5.1932)، میری ئێراق سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند و كۆتایی بە ماندات هێنا. ئەوەبوو نوری سەعیدی سەرۆك وەزیران لە دەربڕینێكی (16) بڕگەییدا –

سەرچاوە: (عومەر محەمەد محەمەد کەریم، القضية الكوردية في الصراع البريطاني العراقي 1918–1932، ل356)، کە لە ڕۆژی (30.5.1932)دا ڕایگەیاند، بڕیارێکی دەرکرد کە تیایدا هەر دوو مەرجەکەی کۆمەڵەی نەتەوەکانی پەسندکرد، هەروەها بۆ وابەستە بوون بە هەر دوو مەرجەکە واژۆی بەڵێننامەیەکی کردو، ئامادەیی تەواوی وڵاتەکەی نیشاندا بۆ جێبەجێکردنی مەرجەکان و هاوکاریکردنی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە هەر داواکاری و مەرجێکی ئەوان – سەرچاوە: (ئەلبێرت میخائیلۆڤیچ مینتیشاشڤیلی، العراق في سنوات الأنتداب البريطاني، ل297). نوری سەعید پاشا، لە ڕاگەیاندنە شازدە برگەییەکەدا حکومەتی ئێراقی بە چەند مەرجێکەوە بەستبووەوە کە یەکێکیان دەبوایە حکومەتی ئێراق ڕێزی مافە مرۆڤی، ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرێتی کوردی و کەمەنەتەوەکان لە پارێزگاکانی موسڵ، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی بگرێت – سەرچاوە: (المحامي طارق جامباز و الدكتورة ڕۆژان دزەیی، کوردستان العراق وجنوب السودان من الحكم الذاتي الى الفدرالية، ل132)، هەر لەو ڕاگەیاندنەیدا نوری پاشا بەڵێنیدا ئەگەر هەرکاتێک دەوڵەتی ئێراق مەرجەکانی جێبەجێ نەکردو لە دژیان وەستایەوە، ئەوکاتە بە گوێرەی بڕیاری کۆمەڵەی نەتەوەکان هەر یەکێک لە وڵاتانی ئەندام بۆی هەیە داوابکات کێشەکە بخرێتە بەردەم (دادگای دادپەروەری نێودەوڵەتی)و هەر بڕیارێکیش لەو دادگایە دەرچێت، دەبێت جێبەجێکرێت و شایستەی تێهەڵچوونەوە نییە. ئێستاشی لەگەڵ دابێ نە دەوڵەت و نە میری ئێراق مەرجەکانیان جێبەجێ نەکرد، هەروەها نە کۆمەڵەی نەتەوەکان و نە دەوڵەتێکی ئەندام لە کۆمەڵەی نەتەوەکان لەسەر کورد نەهاتنە وەڵام، بۆ ئەوەی کێشەی کورد لەگەڵ دەوڵەتی ئێراقدا بخەنە بەردەم (دادگای دادپەروەری نێودەوڵەتی) سەر بە کۆمەڵەی نەتەوەکان!

نوری سەعید مەلا ساڵح پاشای سەرۆک وەزیرانی ئێراق، لە ڕێکەوتی (12.7.1932)دا داواکارییەکی ناردبوو بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان و، داوای ئەوەی کردبوو کە ئێراق وەکو ئەندامی کۆمەڵەی نەتەوەکان وەربگرێت. دوای پەسندکردنی هەر دوو مەرجەکەی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە لایەن ئێراق و، پێشکەشکردنی داواکارییەکەی سەرۆک وەزیرانی ئێراق، کۆمەڵەی نەتەوەکان لە کاتژمێری (17.11) خولەکی ڕۆژی دوشەممە، ڕێکەوتی (3.10.1932)دا، دەوڵەتی ئێراقی بەشێوەیەکی فەرمی وەرگرت و، بەمەش ئێراق بوو بە ئەندامی ژمارە (57)ی کۆمەڵەی

نەتەوەکان،– سەرچاوە: (خوێندنەوەی مەسعود عەبدولخالق، دەقەکانی کۆنگرەی سێڤرە، وەرگێڕانی سەلام ناوخۆش، ل73–74)، بەڵام ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ، لە لاپەڕە (308)ی پەرتووکی (العراق الحدیث من سنة 1900 الی سنة 1950، الجزء الأول)دا باسی ئەوەی کردووە کە ئەنجومەنی گشتی کۆمەڵەی نەتەوەکان، کە پەنجاو دوو دەوڵەتی دەگرتەخۆی، لە ڕۆژی (2.10.1932)دا بە کۆی دەنگ ئەندامێتی ئێراقی پەسندکرد لە کۆمەڵەی نەتەوەکان. ڕۆژی وەرگرتنی ئێراق بە ئەندامی کۆمەڵەی ناوبراو لە لایەن میری ئێراقەوە کرا بە ڕۆژی سەربەخۆیی دەوڵەتی ئێراق و کۆتایی هاتنی ماندێتی بەریتانی بەسەر ئەو وڵاتەدا، کە پێشتر لە ڕۆژی (25.4.1920)دا ئەو ماندێتە سەپێنرابوو.

کۆمەڵەی نەتەوەکان، کە دەزگایەکی نێودەوڵەتی بوو، لە کۆمیتەی گشتی و ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان پێکهاتبوو. کۆمەڵەی نەتەوەکان لە مانگی یولی ساڵی (1939)وە، واتە نزیکەی دوو مانگ بەر لە هەڵگیرساندنی جەنگی دووەمی جیهانی لە ڕێکەوتی (1.9.1939)دا، هیچکام لە کۆمیتەی گشتی و ئەنجومەن هیچ کۆبوونەوەیەکیان نەکرد تاوەکو دوای کۆتایی پێهاتنی جەنگەکە لە ڕێکەوتی (15.8.1945)دا بە نزیکەی هەشت مانگێک کە لە ڕۆژانی (8 تاوەکو 18.4.1946)دا لە زنجیرە کۆبوونەوەیەکدا، لە دوا کۆبوونەوەیاندا لە ڕێکەوتی (18.4.1946)دا کۆتاییان بە چالاکییەکانی خۆیان هێناو، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی (کۆمەڵەی نەتەوەکان)یاندا – سەرچاوە: (دکتۆر جاسم تۆفیق خۆشناو، مەسەلەی کورد و یاسای نێو دەوڵەتان، ل223). بەر لە بڕیاری ئەنجومەنی ناوبراو بە شەش مانگێک، ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕۆژی (24.10.1945)دا لە شاری (سانفرانسیسکۆ)ی ویلایەتی کالیفۆرنیا لە وڵاتی ئەمریکا دامەزرا. کاتێک کە ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزرا (51) ئەندامی هەبوو، بەڵام ئێستاکە (191) ئەندامی هەیە، ئێراقیش لە ڕێکەوتی (21.12.1945)دا وەکو ئەندامی ئەو ئەنجومەنە نوێیە وەرگیرا – سەرچاوە: (ماڵپەڕی ویکیپیدیا بە زمانەکانی دانمارکی، عارەبی و ئینگلیزی). کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ڕۆژی خۆ هەڵوەشانەوەیدا کە لە ڕێکەوتی (18.4.1946) بوو، بڕیارێکی دەرکرد بۆ گواستنەوەی گشت پەیماننامە و بڕیارە نێودەوڵەتییەکانی پێشوو بۆ ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بێ هیچ دەستکاری و گۆڕانکارییەک – سەرچاوە: (دکتۆر جاسم تۆفیق خۆشناو، مەسەلەی

کورد و یاسای نێو دەوڵەتان، ل223-224)، وە بە گوێرەی مادەی (27)ی یاسای (دادگای دادپەروەری نێودەوڵەتی)، دەکرێت لەکاتی جێبەجێ نەکردنی ئەو بڕیارەدا ڕێگای پێویست بگیرێتە بەر. ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستبەجێ بڕیارەکەی کۆمەڵەی نەتەوەکانی پەسندکردو وابەستەیی خۆی نیشاندا بۆ جێبەجێکردنی تەواوی پەیماننامە و بڕیارە نێودەوڵەتییەکان، بەڵام سەبارەت بە کورد ئەنجومەنی ناوبراو خاوەنی گفت و بەڵێنەکانی خۆی نەبوو، بۆیە هیچ یەکێک لە بڕیارو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان کە هەندێک لە مافەکانی کوردیان سەلماندبوو، جێبەجێ نەکران. دکتۆر جاسم تۆفیق خۆشناو، لە لاپەڕە (224)ی پەرتووکی (مەسەلەی کورد و یاسای نێو دەوڵەتان)دا، ئاماژەی بە هەندێک لەو بڕیارانە کردووە کە ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان وە ئەستۆی خۆی گرتوون: (بڕیاری کۆمەڵەی گشتی لە ڕۆژی (12.2.1946)دا دەربارەی سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ڕێکەوتنە نێودەوڵەتییەکانی سەردەمی کۆمەڵەی نەتەوەکان، بڕیاری کۆمەڵەی گشتی لە ڕۆژی (19.11.1946)دا سەبارەت بە وەرگرتنی دەسەڵاتە سیاسییەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان).

میری ئێراق، باش لەوە دڵنیابوو ئەگەر بێتوو هەر شاڵاوێک یان پرۆسەیەکی سەرکوتکردن لە دژی کوردەکان ئەنجام بدات یاخود هەر بڕیارێک کە پێشێلکردن و زەوتکردنی زەوی، سامان و مافە ڕەواکانی کوردیشی تیابێت دەربکات، نە ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان و نە هیچ وڵاتێکی تری ئەندام لەو دەزگایەدا، لەسەر کورد نایەتە وەڵام، بۆیە لە ساڵانی نێوان (1945-1958)دا لەسەر خاکی کورد و لە باشووری کوردستاندا یەکەیەکی بەڕێوەبەریێتی بەناوی (بادیەی جەزیرە) لە سنووری پارێزگای موسڵ-ی کوردی و سەر بە باشووری کوردستان دروستکرد، کە دواتر کردی بە بنکەی نیشتەجێکردنی خێڵی شەممەرو بەدوە عارەبەکانی تر - سەرچاوە: (دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، دهۆک - نینوی دراسات في الخصائص الديموغرافية للسكان، ل12 + محەمەد سەعید سۆفی، پارێزگای کەرکوک لەناو پاکتاوکردنی ڕەگەزیدا، ل89). دوای ئەو پرۆسە شۆڤینییە، میری ئێراق وەکو جێبەجێکردنی بەرنامە داڕێژراوەکانی خۆی هەستا بە پێکهێنان و دروستکردنی چەندان قەزای نوێی وەکو: شەڕگات، حەمدانییە، حەزەرو بەعاج بە مەبەستی نیشتەجێکردنی خێڵە کۆچەرە عارەبەکان لە ناوچەی جەزیرە و پارێزگای

موسڵ-دا. هەروەها لە ماوەی نێوان ساڵانی (1951-1965)دا شاڵاوەکانی بەعارەبکردن دەشتەکانی تەلەعفەر، شەنگال و باکووری حەزەری گرتەبەرو، نزیکەی تەواوی خێڵە کۆچەرەکانی عارەبی لەو ناوچانە نیشتەجێکران. لە ماوەی ئەو پازدە ساڵەدا (1951-1965)، میری ئێراقی (726) نشینگەی بۆ عارەبەکان لە ناوچەی جەزیرەدا دروستکرد، کە (400) نشینگەیان لە نێوانی حەزەرو شەنگال-دا بوو، (152) نشینگە لە باکوورو ڕۆژهەڵاتی بەرزاییەکانی شەنگال بوو لەگەڵ (174) نشینگەش لە سنووری قەزای شەنگال. لە شەستەکانی هەمان سەدەشدا گوندێکی نموونەیی بۆ عارەبەکان بەناوی (ڕەبیعە) لە ناوچەی جەزیرە دروستکرا، کە زۆر بەخێرایی گۆڕدرا بۆ بنکەی شارەدێی ڕەبیعەی سەر بە قەزای تەلەعفەرو سەرپەرشتی (67) گوندی دەکردو بەڕێوەی دەبردن. لە دەیەی شەشەمی سەدەی ڕابردوودا، میری ئێراق قەزای زێبار (مێرگەسوور)ی لە پارێزگای موسڵ دابڕی، کە هەموو دانیشتوانەکەی کوردبوون و خستیە سەر پارێزگای هەولێر، ئەمەش لە پێناوی جێبەجێکردنی نەخشەی بەعارەبکردن و، بە مەبەستی کەمکردنەوەی ژمارەی کورد و بەرزکردنەوەی ژمارەی عارەب لە پارێزگای ناوبراودا ئەنجام دراوە - سەرچاوە: (دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، دهۆک - نینوی دراسات في الخصائص الديموغرافية للسكان، ل12-13). سەرەڕای ئەمانەش لە ساڵی (1969)دا میری ڕەگەزپەرستی عارەبی ئێراقی، بە بڕیاری ژمارە (211)ی بەناو (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش)، کە لە ڕێکەوتی (27.5.1969)دا دەرچووە، پارێزگای دهۆکی لە قەزاکانی: (دهۆک، زاخۆ، ئامێدی، ئاکرێ و شارەدێی مزوری) کە زۆربەی ڕەهای دانیشتوانەکانیان کوردبوون، دامەزراند - سەرچاوە: (الاستاذ الدكتور خليل إسماعيل محمد، الدكتور محمد عبدالله عمر، سيروان كاكەيي و محمود حاجي، سياسة التعريب في أقليم كوردستان العراق، ص40). دوای چەند ساڵێکیش دووبارە ئاکرێی خستەوە سەر پارێزگای موسڵ. هێنانی عارەب بەشێوەیەکی چڕ بۆ پارێزگای موسڵ لە لایەک و، ڕاگوێزانی کورد لە پارێزگاکە و بەعارەبکردنی کوردی شەبەک، ئێزیدی، کاکەیی و گەرگەڕی لە لایەکی ترەوە، لە ڕێگای ناچارکردنیان بەگۆڕینی باری نەتەوەیی خۆیان بۆ نەتەوەی عارەب و، بە بەردەوامی گۆڕینی نەخشەی بەڕێوەبەرێتی پارێزگای موسڵ، بۆتە هۆکاری گۆڕینی پێکهاتەی نەتەوەیی شارەکە کە شارێکی کوردی بووە، بۆ بەرژەوەندی نەتەوەی داگیرکەرو وونکردنی

سیمای نەتەوایەتی ڕاستەقینەی خۆی لە سیمای کوردایەتییەوە بۆ تاڕادەیەک وەرگرتنی سیمای عارەبی گۆڕیوە. بۆ نموونە لە سەرژمێریساڵی (1987)دا ژمارەیەک خێزانی کوردی شەبەک کە (1630) خێزان بوون، خۆیان بە کورد ناونووسکرد، کەچی بەعس لە ڕێکەوتی (28.8.1988)دا خانووەکانی ڕماندن و هەموویانی ڕاگوێزا بۆ شارۆچکەکانی حەریرو چەمچەماڵ – سەرچاوە: (دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، الموصل مدینة العرب والكورد، گۆڤاری دهۆک، ژمارە (21)، ل72–84). سەیرە بۆ دەبێت ئێزیدییەکانی باشووری کوردستان کە ژێردەستەی دەوڵەتی ئێراق و عارەبن، لە لایەن زۆربەی هەرە زۆری نەک تەنیا عارەبی ئێراقی بەڵکو هەموو عارەب، بە عارەب دادەنرێن، کەچی هەر عارەبەکان خۆیان ئێزیدییەکانی ڕوسیا بە کورد دادەنێن!!

# دامەزراندنی حکومەتی باشووری کوردستان لە لایەن شێخ مەحمودی نەمرەوە:

ئینگلیزەکان لە ڕۆژی (8.10.1918)دا، واتە نزیکەی مانگێک بەر لە کۆتایی پێهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی هاتنە ناو شاری سلێمانی و دەستیان بەسەر شارەکەدا گرت. مێجەر ئێدوەرد ولیەم شارلز نۆئیل کە ئەفسەرێکی پایەبەرزی بەریتانی بوو، هەروەها یەکێک بوو لە دۆستە نزیکەکانی کورد و زمانی کوردی دەزانی و زۆر حەزی دەکرد دەوڵەتی کوردی دامەزرێت، کرا بە ڕاوێژکاری سیاسی شێخ مەحمودی نەمر. ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆنی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغدا، ئاماژەی بەوەکردووە کە مێجەر نۆئیل هەوڵی داوە هەر یەک لە شێخ مەحمود، سمایلخانی شکاک و سەید تەهای شەمزینی لە یەکتر نزیک بکاتەوەو یەکێتییەک لە نێوانیاندا دروست بکات لە پێناوی بەرەنگاربوونەوەی تورک و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی گەورەدا – سەرچاوە: (سیسیل جۆن ئێدمۆندس، کورد تورک و عارەب، وەرگێرانی حامید گەوهەری، ل373 + مەحمود مەلا عززەت، حکومەتی کوردستان لەناو مەتەڵی سیاسەتی بەریتانیادا، چاپخانەی شڤان، بنکەی ژین، باشووری کوردستان – سلێمانی، 2006، ل159 + ئەیوب بارزانی، المقاومة الكوردية للأحتلال 1914–1958، ل52). هەر لەبەر ئەو هەوڵ و تێکۆشان و بیروبۆچوونانەی مێجەر نۆئیل سەبارەت بە کورد و کوردستان بوو، برادەرە ئینگلیزەکانی و بەتایبەت ئەفسەرێکی ڕامیاری کە سکرتێری کۆمیسیاری باڵای بەریتانی بوو لە ئەستەمبوڵ بەناوی (ت. ب. هۆهلەر) نازناوی (پەیامبەری کورد یان لۆرانسی کورد)ی لێناو، ئیتر بە لۆرانسی کورد بانگیان دەکرد – سەرچاوە: (میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، المسألة الكوردية (1917–1923)، ل181). مێجەر ئێدوەرد نۆئیل لە ڕێکەوتی (16.11.1918)دا هاتووە بۆ شاری سلێمانی و، ڕۆژی دواتر واتە لە ڕێکەوتی (17.11.1918)دا مێجەر نۆئیلی نوێنەری بەریتانیا و ڕاوێژکاری شێخ مەحمود، بەناوی میری بەریتانیا وە ڕایگەیاندووە، کە شێخ مەحمودی نەمر (1882–9.10.1956)، کراوە بە فەرمانداری (حوکمدار)ی کوردستان. هەر لەم ڕۆژەدا نۆئیل نامەیەکی کۆلۆنێل ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆنی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی خوێندەوە،

که مژدەی تەواوبوونی سەربەخۆیی کوردستان و بوونی شێخ مەحمود به فەرماندار بەمشێوەیە به شێخی نەمر ڕادەگەیەنێت: (له بەغداوە بۆ فەرماندار (حوکمدار) شێخ مەحمود: له حکومەتی خاوەنشکۆوە فەرمانم پێدرا پێتان ڕابگەیەنم، که لەم ڕۆژانەدا لێدوانی سەربەستی کوردستان تەواو ئەبێت. کورد سەربەخۆو ئێوەش به فەرمانداری کوردستان ناسراون – سەرچاوە: ئەحمەد خواجە، بەرگی یەکەم، ل21-22).

بەپێویستی دەزانم ماوەی پۆستی کۆمیسیارە باڵاکانی بەریتانیا له ئێراق ڕوونکەمەوە، لەبەر ئەوەی تێکەڵییەکی زۆر دەبینم بەتایبەت له نێوان ماوەی دەسەلاتی سێر پێرسی کۆکس و سێر ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن، که کۆمیسیارە باڵاکان بەمشێوەیەو یەک له دوای یەک هاتوون:

1- سێر پێرسی زەکەریا کۆکس، بۆ جاری یەکەم کۆمیسیاری باڵای بەریتانی له ماوەی نێوان (16.3.1917-27.5.1918)داو، لەو ماوەیەی که کۆکس کۆمیسیار بووە، سێر ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن جێگری کۆمیسیاری باڵا بووە.

2- سێر ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن، (له دوای لادانی سێر پێرسی کۆکس لەپۆستی کۆمیسیاری باڵاو گواستنەوەی بۆ ئێران له کۆتایی مانگی مای ساڵی (1918)دا، که کۆکس وەکو باڵوێزی بەریتانی له ئێران دەست بەکاربوو)، ویلسۆن له ماوەی نێوان (27.5.1918-4.10.1920)دا پۆستی کۆمیسیاری باڵای هەبووە. ویلسۆن، دوای گواستنەوەشی له ئێراق پۆستی بەرزی هەبووە له کۆمپانیای نەوتی ئینگلیزی – فارسی، که له کەنداوی فارس کاری بەدوادا گەڕان و دەرهێنانی نەوتی دەکرد.

3- سێر پێرسی زەکەریا کۆکس، بۆ جاری دووەم کۆمیسیاری باڵای بەریتانی له ماوەی نێوان (4.10.1920-4.5.1923)دا. سێر پێرسی کۆکس، ئەو جارەیان لەسەر یاداشتی (11.9.1920)ی وەزیری دەرەوەی بەریتانی لۆرد کورزۆن که بۆ وەزارەتی هیندی ناردبوو، دوای ئەوەی که وەزارەتی ناوبراویش له ڕۆژی (17.9.1920)دا ئاگاداری ئارنۆڵد ویلسۆنی کردبوو، له گەڕانەوەی دەستبەجێی کۆکس بۆ بەغدا – سەرچاوە: (دکتۆر حامد مەحمود عیسا، المشكلة الكردية في الشرق الاوسط، ل47)، ئەویش له

ڕۆژی (4.10.1920)دا لە بەغدا وەکو کۆمیسیاری نوێ دەست بەکاربوو، کۆمیسیاری پێشوو (ئاڕنۆڵد ویلسۆن)یش بەغدای جێهێشت – سەرچاوە: (سێر ئاڕنۆڵد تالبوت ویلسۆن، بلاد مابین النهرین بین ولاءین خواطر شخصية وتأريخية، الجزء الثالث، ل316).

4- سێر هێنری ڕۆبەرت کۆنوای دوبس، کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە ماوەی نێوان (4.5.1923-مانگی ئۆکتۆبەری 1928)دا.

5- سێر گیلبێرت فالکینگهام کلایتۆن، کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە ماوەی نێوان (ئۆکتۆبەری 1928–11.9.1929)دا، کە لە (11.9.1929)دا لە شاری بەغدادا مردووە.

6- سێر فرانسیس هێنری همفریس، کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە ماوەی نێوان (3.10.1929–3.10.1932)دا – سەرچاوە: (ویکیپیدیا، بە زمانەکانی دانمارکی، ئینگلیزی، کوردی کرمانجیو عارەبی).

پێویستە ئەوە بگوترێت کە شێخ مەحمودی نەمر لەو سەردەمەدا، تازە دوای ئازادکردنی لە تورکیا گەڕابووەوە بۆ سلێمانی، چونکە دوای ئەوەی سوپای ئینگلیز لە ڕێکەوتی (7.5.1918)دا هات و شاری کەرکوکی داگیرکرد، شێخ مەحمود دوو نامەی نووسیبوو بۆ ئینگلیزەکان، یەکەمیان بەهۆی عبدوڵڵا سافی یەعقوبی کەرکوکی بۆ ژەنەراڵ سێر ولیەم مارشاڵ و دووەمیشیان بەهۆی سەید محەمەدی موفتی یان موحسین ئاغای کفرییەوە بگاتە (سێر ئاڕنۆڵد تالبوت ویلسۆن)ی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە ئێراق – سەرچاوە: (محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی یەکەم، ل353 + مەحمودی مەلا عزەت، حکومەتی کوردستان لەناو مەتەڵی سیاسەتی بەریتانیدا، ل242+254). شێخی نەمر لەو نامانەی بۆ ئینگلیزەکانی ناردبوو داوای لێکردبوون هاوکاری بکەن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لە باشووری کوردستان و پێخۆشحاڵی کوردی دەربڕیبوو سەبارەت بە سەرکەوتنی ئینگلیز بەسەر تورکەکان و ئاواتی خواستبوو کە جارێکی تر تورک نەگەڕێنەوە بۆ کوردستان. بەڵام لەبەر ئەوەی ئینگلیزەکان لە ڕێکەوتی (24.5.1918)دا واتە دوای نزیکەی هەژدە ڕۆژ لە شاری کەرکوک کشانەوەو دەستبەجێ سوپای تورک هاتەوە ناو شارەکە - سەرچاوە: (سێر ئاڕنۆڵد تالبوت ویلسۆن، بلاد مابین النهرین بین

ولاءين خواطر شخصية وتأريخية، الجزء الثاني، ل 177–178). دوای هاتنەوەی عوسمانییەکان گەیەنەری نامەی یەکەم کە عەبدوڵڵا سافی برای مستەفا یەعقوبی بوو، کە زۆر لە مێژوونووسان بە تورکمانێکی کەرکوکی دژ بە کورد ناوی دەبەن، نامەکەی نەگەیاندبووە ژەنەراڵ سێر ولیەم مارشاڵ، کەچی ڕادەستی تورکەکانی کردبوو – سەرچاوە: (ئەحمەد خواجە، چیم دی، بەرگی یەکەم، ل19). کەچی هەر سەبارەت بە عەبدوڵڵا سافی یەعقوبی، مێژوونووسی کورد محەمەد ڕەسوڵ هاوار شتێکی نووسیوە کە پێناچێت وابێت، دەڵێت: (عەبدوڵڵا سافی لە دواییدا یەکێک بووە لەو کوردە چالاکانەی کە لەگەڵ چەند ئەندام پەرلەمانێکی تری کورددا یاداشتیان داوە بە حکومەت و داوای مافی کوردیان کردووە - سەرچاوە: محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان، بەرگی یەکەم، ل352)، چونکە ناوبراو هەردەم کۆسپ بووە لە بەردەم مافەکانی کورد و خۆی بە تورکمانێکی تۆرانی سەر بە تورکەکان زانیوە. تورکەکانیش بەهۆی خەلیل پاشای سەرلەشکری شەشەمی عوسمانی و لە ڕێگای مستەفا بەگی قایمقامی سەربازی و سەرلەشکری سوپای عوسمانی لە سلێمانی، توانیان بە فڕتوفێڵ شێخ مەحمود بانگ بکەن و، مستەفا بەگ شێخ مەحمودی گرت و ڕەوانەی کەرکوکی کرد – سەرچاوە: (ڕەفیق حلمی، یاداشت کوردستانی ئێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، بەشی یەکەم، ل52). لە کەرکوک شێخیان گرت و لە ڕێکەوتی (30.8.1918)دا سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەرکرد، بەڵام بڕیارەکە جێبەجێ نەکرا لەبەر ئەوەی لە ڕێکەوتی (1.9.1918)دا، عەلی ئیحسان پاشای سەرلەشکری شەشەمی عوسمانی لە موسڵ، کە خۆیشی کوردێکی داردەستی عوسمانیەکان بووەو هاتە شوێنی خەلیل پاشاو، لە ڕێکەوتی (19.9.1918)دا بڕیاری لێبووردنی بۆ شێخی مەزن دەرکرد. عەلی ئیحسان پاشا بۆیە ئەو بڕیارەی دەرکرد، چونکە لە لایەک شەڕی یەکەمی جیهانی بەرەو کۆتایی دەڕۆیشت و نیشانەکانی دۆڕاندنی عوسمانی و هاوپەیمانەکانیان دەرکەوتبوو، لە لایەکی تریشەوە شێخ و بنەماڵەکەیان کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر کوردە وە هەبوو و خۆشەویستی خەڵک بوون، بۆیە لە سێدارەدانی ئەو لایەنگری عوسمانییەکانی لە کوردستان بەگشتی و باشووری کوردستان بەتایبەتی کەم دەکردەوە. دوو ڕۆژ دوای سەردانەکەی مێجەر نۆئیل واتە لە (18.11.1918)دا بە بڕیاری فەرماندەی گشتی بەریتانیا لە ئێراق و، لە هەڵبژاردنێکی جەماوەریدا لە

شاری سلێمانیدا شێخ مەحمودی حەفید وەکو شای کوردستان هەڵبژێردراو، ئەویش هەر هەمان ڕۆژ واتە لە ڕێکەوتی (18.11.1918)دا، لە شاری سلێمانی شانشینی کوردستانی سەربەخۆی ڕاگەیاند. هەروەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا کە مێجەر نۆئیل دۆستی کورد و بووەو هەوڵی زۆریدا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، هەروەکو لە ڕاپۆرتێکیدا دەردەکەوێ، کە لە ڕێکەوتی (8.12.1918)دا سەبارەت بە ڕاگەیاندنە هاوبەشەکەی بەریتانیا و فەرەنسا نووسیویێتی: (بەهاوتابوون لەگەڵ ڕاگەیاندنەکەی ئەنگلۆ – فەرەنسی (7ی نۆڤێمبەری ساڵی 1918ی سەبارەت بە ئازادی نەتەوەکانی ژێردەستی عوسمانی)، ئێمە ئامانجمان دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەستە لەژێر ڕاسپاردەو ڕێنمایی بەریتانی – سەرچاوە: سروە ئەسعەد سابیر، کوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل 1914–1926، ل85). بەڵام کۆمیسیاری باڵای بەریتانی ئەوکات (سێر ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن)، لە یەکەم ڕۆژی دەرچوونی ئەو ڕاگەیاندنە هاوبەشەی ئەنگلۆ–فەرەنسی، پێی وابوو کە بە چەشنی بەڵێنەکانی ئینگلیز (سێر هێنری مەکماهۆن)، کە بە حوسێن شەریفی مەکە دابوو کێشەیان بۆ دروست دەکات، بۆیە دژی وەستایەوەو هەوڵی جێبەجێ نەکردنی و کۆسپ خستنە بەردەمی ئەو ڕاگەیاندنەیدا - سەرچاوە: (ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن، بلاد مابين النهرين بين ولاءين خواطر شخصية وتأريخية، الجزء الثاني، ل348)، چونکە تاکە ئاواتی ئەو ئەوەبوو کە دەوڵەتێکی عارەبی بۆ عارەبەکان، لە هەر سێ ویلایەتەکانی موسڵی کوردی، بەغدای سونەو بەسرای شیعە دروست بکات. هەر سەبارەت بە بێزاری دەربڕینی سێر ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن، لە ڕاگەیاندنی ئینگلیزی – فەرەنسی ڕێکەوتی (7.11.1918)، دکتۆر محەمەد موزەفەر هاشم ئەلئەدهەمی، لە لاپەڕە (42)ی بەشی یەکەمی پەرتووکی (المجلس التأسيسي العراقي)دا باسی ئەوەیکردووە کە کۆمیسیاری باڵا لە ڕێکەوتی (14.11.1918)دا بروسکەیەکی بۆ وەزیری هیند ناردوەو، بۆی ڕوونکردەوە کە ئەو ڕاگەیاندنە هاوبەشە دەیانخاتە ناو کێشەیەکی گەورەوە.

دوای ئەوەی شێخ مەحمود کرا بە فەرمانداری کوردستان و حکومەتی باشووری کوردستان دامەزرا، (کۆلۆنێل ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن) کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە ئێراق – بەغدا، لە ڕێکەوتی (1.12.1918)دا بە مەبەستی پیرۆزبایی کردن لە شێخی نەمر، ڕوویکردە سلێمانی و بە فەرمی بەناوی میری بەریتانیا وە میری

باشووری کوردستان-یان ناسی. ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن لەگەڵ شێخی نەمردا کۆدەبێتەوەو، باسی دامەزراندنی حکومەتی کوردی دەکەن و دووبارە گفتی ئەوەی پێدەدات کە بەمزوانە کاری کورد بۆ دامەزراندنی میری کوردستان تەواو دەبێت، هەروەها بە شێخی نەمر دەڵێت: (تۆ دەبیتە فەرماندار، مێجەر نۆئیل-یش دەبێتە ڕاوێژکارتو بە گوێرەی ئامۆژگارییەکانی ئەو دەجولێیتەوە). شێخی نەمریش دەڵێت: (کەواتە پێویستە لەسەرم وابکەم کە ئەو پێی باشە؟). کۆلۆنێل ئارنۆڵد ویلسۆن دەڵێت: ئەوە ڕاستییەکەیە. ئەوە دەکەیت کە مێجەر نۆئیل پێت دەڵێت. شێخیش لە وەڵامدا بە ویلسۆن دەڵێت: لە بارودۆخێکی وادا با مێجەر نۆئیل ببێت بە فەرماندارو، منیش دەبم بە ڕاوێژکاری ئەو – سەرچاوە: دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، کوردستان لە سەردەمی ئاشتیدا، ل149). ئەفسەرێکی تری ئینگلیزی بەناوی (ئێڵ. بۆند – L. Bond) کرا بە جێگری مێجەر نۆئیل و ئەفسەرێکی تریش بەناوی (مێجەر دانلیس – Majer Danlies)دا کرا بە ڕاوێژکاری سەربازی شێخ، کە لە مانگی نۆڤێمبەری ساڵی (1918)دا لەناو شاری سلێمانی سەبارەت بە بیرو بۆچوونی ئینگلیزەکان لە هەمبەر کورد گوتوویەتی: (لێرەدا مەبەست دروستکردنی حکومەتێکی تەواو نیە بۆ کوردستان بەڵکو مەبەست حوکمدارییەو هیچی تر – سەرچاوە: عەلائەدین سەجادی، شۆڕشەکانی کورد وە کورد و کۆماری ئێراق، ل82-83). هاتنی کۆمیسیاری باڵای بەریتانیا لە ئێراق بۆ سلێمانی بە مەبەستی پیرۆزبایی کردنی دامەزراندنی قەوارەی کوردی و هەڵبژاردنی شێخی نەمر، لە ڕێکەوتی (1.12.1918)دا، مایەی دڵخۆشی سەرجەم نەتەوەی کورد بوو، بەڵام هەموو ئەو هەنگاوانەی حکومەت و بەرپرسانی بەریتانی تەنیا تاکتیک بووە لە پێناوی ڕاگرتنی دڵی شێخی نەمرو کورد، هەروەها کات بەسەربردن بوو تاوەکو کاتێکی گونجاویان بۆ بێتە پێش و حکومەتی ئێراقیش بکەوێتە سەرپێ، ئەوکاتە بەشێوەیەکی فەرمی باشووری کوردستان بخەنە سەر دەوڵەتی ئێراق. ئەگینا دەسەڵاتدارانی بەریتانی نیازی دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆو بەرەو پێشبردنی حکومەتی شێخ مەحمودیان نەبووە، هەروەکو لەو نووسینەی گۆڤارێکی بەریتانیدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئامانجی ئینگلیزەکان بریتیبووە لە : (دامەزراندنی دەوڵەتێکی عارەبی، گەڕان بە دوای نەوتدا، پاراستنی ئاشووری و کوردەکان و مسۆگەرکردنی ئاسایشی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا – سەرچاوە: الدکتور جەزا تۆفیق تالیب، المقومات

الجيوپولتيكية للامن القومي في أقليم كوردستان، ص376). مێژوونووسێک باسی ئەوە دەکات کە هەموو ئاماژەکان دەری دەخەن ئینگلیزەکان نایانەوێت کورد بگات بە هیچ دەستکەوتێکی خۆی، چونکە هەرگیز ڕێگەیان نەدەدا دەسەڵاتەکەی یاخود حکومەتەکەی باشووری کوردستان بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمود لە سلێمانی بپەڕێتەوە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو ئینگلیزەکان بە ئەنقەست چەند ناوچەیەکی سەر بە پارێزگای سلێمانییان دابڕی و خستیانە سەر هەر یەک لە هەولێر و کەرکوک – سەرچاوە: (ئەلبێرت میخائیلۆڤیچ مینتیشاشڤیلی، العراق في سنوات الأنتداب البريطاني، ل328). نیازی شاردراوەی ئینگلیز لە نووسینەکانی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی (سێر ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن)دا دەردەکەوێت، کە باسی لە سەردانی خۆی کردووە بۆ لای شێخ مەحمودی حەفید لە سلێمانی و، دواتر بەمشێوەیە لە لاپەڕە (16)ی پەرتووکەکەی خۆیدا (ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن، بلاد مابين النهرين بين ولاءين خواطر شخصية وتأريخية، الجزء الثالث)دا، نووسیوێتی: (لە ڕێکەوتی (1.12.1918)دا بەرێگای ئاسمانی چوومە سلێمانی و، چاوم کەوت بە هەندێک لە سەرکردەکانی کورد و، دواتریش لەگەڵ شێخ مەحمودو هەندێک لەو سەرۆکانە گفتوگۆیەکی دوورودرێژ کرا. شێخ مەحمود دڵنیایی کردمەوە لەوەی کە دانیشتوانی ناوچەکە ڕووبوڕووی تورکەکان دەبنەوە، ئەگەر ئەوان بیانەوێت بەزۆر بگەڕێنەوە. شیمانەی گەڕانەوەی تورکەکان تاوەکو ئێستاکەش هەر ماوە، بۆیە لەژێر تیشکی ئەو بارو هەڵوێستەدا جۆرە بەڵێن و پەیمانێک لە لایەن بەریتانیا وە بۆ کورد شتێکی پێویست بوو. هەندێک لە سەرۆکە کوردەکان بە نهێنییەوە پێیان گوتم کە ئەوان ئەوە پەسند ناکەن کە شێخ مەحمود ببێتە سەرۆکی کورد). بە گوێرەی قسەکانی ئارنۆڵد ویلسۆن بۆمان دەردەکەوێت کە ئەوان لە لایەک دەیانەوێت لەکاتی هێرش و مەترسییەکانی تورک بۆسەر بەرژەوەندییەکانیان کوردەکان لە دژی ئەواندا بەکاربێنن و، لە لایەکی تریشەوە گفتی یارمەتی و هاوکاری کورد دەدەن تاوەکو هەلومەرجێکی باش دێتە پێشەوەو ئەوکاتە پەشیمان دەبنەوە، کە ئەمانەش دەیسەلمێنی ئینگلیزەکان باوەڕیان بە مافی کورد و چارەسەرکردنی پرسی کورد نەبووە لە باشووری کوردستاندا. هەروەها نیازی شاراوەی ئەوان دیسان لە خاڵی (4)ی یاسای سەرپەرشتیکردن (ماندات)دا دەردەکەوێت کە کۆمەڵەی نەتەوەکان بەسەر ئینگلیزەکانی داسەپاندبوو کە دەڵێت: (پێویستە دەوڵەتی سەرپەرشتیکار (کە

مەبەستیان بەریتانیایە) ئەوە بخاتە بەرچاو  کە نابێ هیچ بەشێک لە بەشەکانی میسۆپۆتامیا واز لێ بێنێت یا بدرێ بە هیچ لایەک یا ببەخشرێ – سەرچاوە: محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، ل639+7). هەروەکو لە شوێنی تریشدا باسی ئەوە کراوە کە میسۆپۆتامیا هەم ئێراق و هەم باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)ی گرتۆتەوە، چونکە ئێراق بە میسۆپۆتامیای خواروو و باشووری کوردستانیش بە میسۆپۆتامیای سەروو ناسرابوون. ئاشکرایە کە لە خاڵی چواری یاسای سەرپەرشتیکردن (ماندات)دا مەبەستیان لە (<u>کە نابێ هیچ بەشێک لە بەشەکانی میسۆپۆتامیا واز لێ بێنێت)</u> باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)ەو، مەبەستیشیان لە (<u>یا بدرێ بە هیچ لایەک)</u> کوردە، بەمەش دەردەکەوێت کە کورتەی مەبەستەکەیان ئەوەیە: کە نابێت ویلایەتی موسڵ بدرێت بە کورد!

هەر بێ بەرنامەیی ئینگلیز و بڕوا نەبوونیان بە مافی ڕەوای کورد بوو، وای لێکردبوون کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بیانوویان بە شێخ مەحمود دەگرت، تا کار گەیشتە ئەوەی داوای دەست لەکار کێشانەوەیان لە شێخی نەمر کردو، پێیان ڕاگەیاند ئەگەر بێتوو داواکەی ئینگلیز جێبەجێ بکات، ئەوە هەرچی زەوی و زاری سلێمانی و دەوروبەری هەیە بەناوی ئەو تۆماری دەکەن و مووچەکەشی نابڕن. بەڵام شێخ داواکەی ئەوانی پەسەند نەکردو ڕایگەیاند کە بڕیاری شەڕ دەدات لە دژی ئینگلیز، ئەگەر بێتوو ئەوان بیانەوێ لە ڕێگای شەڕەوە لایدەن و حکومەتی باشووری کوردستان لە سلێمانی لەناو ببەن. لە یەکەم کاردانەوەی ئینگلیزەکان لە کۆبوونەوەیەکی نێوان (کۆلۆنێل جیرالد ئەی. لچمەن، ئێلی بانیستەر سۆن، گۆردن والکەرو مێجەر ئێدوارد نۆئیل)دا، بە لابردنی (مێجەر نۆئیل)ی دۆستی کورد و، دواتر دانانی (مێجەر ئێلی بانیستەر سۆن – Majer Ely Bannister Soane)ی دوژمنی سەرسەختی کورد کۆتایی هات. مێجەر سۆن لە نێوان ساڵانی (16.8.1881–24.3.1923)دا ژیاوەو مردنەکەی لەناو کەشتییەکەوە بوو کە بەرەو ئوستراليا دەڕۆیشت. مێجەر سۆن لە نێوان (24.4.1919– مانگی ئەیلولی 1922)دا ڕاوێژکاری شێخ مەحمودی نەمر یان حاکمی سیاسی سلێمانی بووە لە شوێنەکەی (مێجەر نۆئیل)دا، ناوبراو زمانەکانی فارسی و کوردی بەتایبەتی ئەوەی دووەمیانی بە باشی زانیوە، هەروەها سەرپەرشتی دەرکردنی ڕۆژنامەکانی (تێگەیشتنی ڕاستی)،

کە لە بەغداوە بە زمانی کوردی و لە ڕێکەوتی (1.1.1918)دا یەکەم ژمارەی دەرچووەو بۆ ماوەی نزیکەی ساڵێک تاوەکو (7.1.1919) بەردەوام بووە، کە بە هەمووی بیست و شەش ژمارەی دەرچووە، لەگەڵ ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)، کە لە شاری سلێمانی و لە ڕێکەوتی (29.4.1920)دا یەکەم ژمارەی لە لایەن خاوەنی ئیمتیاز (مێجەر ئێلی بانیستەر سۆن)دا دەرچووە کە هەم سەرنووسەرو هەم سەرپەرشتکاریش بووە، دوا ژمارەی (118)ی ئەو ڕۆژنامەیە لە ڕێکەوتی (27.7.1922)دا دەرچووە – سەرچاوە: (فاروق عەلی عومەر، ڕۆژنامەگەری کوردی لە ئێراقدا، ل76+82). سەرەڕای دەرچوونی ئەو دوو ڕۆژنامە کوردییە، بەڵام زمانی نووسین و پێوەندییەکان لە فەرمانگەکانی حکومەتی کوردستاندا بە فارسی بووە نەک کوردی، شێخ مەحمود تاکە کەس بووە کە لە دیوانی فەرمانداری کوردستان وەڵامەکانی بە کوردی ناردووە بۆ ئینگلیزەکان – سەرچاوە: ئەحمەد خواجە، چیم دی، بەرگی یەکەم ل27).

دوای ئەوەی کە شێخی نەمر لە فڕوفێڵی ئینگلیزەکان گەیشت، داوای یارمەتی لە (مەحمود خانی دزڵی) کرد، ئەویش بەخۆی و هێزێکەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە وە بەهانای شێخ مەحمودەوە هات و، لە ڕێکەوتی (21.5.1919)دا لە نزیک سلێمانی هێزی لیڤی پێشیان لێگرت و شەڕ لە نێوان (مەحمود خانی دزڵی)و ئەو هێزەی سەر بە ئینگلیزەکان دامەزرا، لە ئەنجامدا هێزەکەی (مەحمود خانی دزڵی) سەرکەوت و هەمان ڕۆژ گەیشتە ناو سلێمانی و، ئەوێش لە سوپای داگیرکەران پاککرایەوەو (مێجەر ئێلی بانیستەر سۆن) زووتر لە سلێمانی خۆی دزیبووەوەو ڕابکردبوو بۆ کەرکوک (شەوی 20–21ی مایسی ساڵی (1919)دا سەری خۆی دەرکردوو چوو بۆ کەرکوک – سەرچاوە: ئەحمەد خواجە، چیم دی، بەرگی یەکەم، ل38)، ئەو نەگەڕایەوە سلێمانی تاوەکو ڕێکەوتی (18.8.1919). ڕۆژێک دوای سەرکەوتنەکەی مەحمود خانی دزڵی واتە لە ڕێکەوتی (22.5.1919)دا، سەرۆکێک و حەوت ئەندام بۆ بەڕێوەبردنی حکومەتی کوردستان هەڵبژێردران. پاش تێپەڕبوونی نزیکەی مانگێک بەسەر ئەو داستانەو، لە ڕێکەوتی (18.6.1919)دا هێزێکی (40–50) هەزار سەربازی ئینگلیزی و هێزی بەکرێگیراوی ئێراقی و لیڤی (لەنێویاندا هێزی سی و دووی سوارەی بەریتانی کە فەرماندەکەی (ئێف. پی. جی. دێنهی F. P. G. Denhey –) بوو، بە سەرکردایەتی (ژەنەڕاڵ سێر تیۆدۆر فرایزەر/ فرێزەر– Sir

Theodore Fraser) و بەشداری (مێجەر سی. ئاوچلینک، فایلد مارشاڵ و مێجەر سیسیل جۆن ئێدمۆندس) لە کەرکوک-ەوە بە پشتیوانی هێزی ئاسمانی بەریتانی هێرشیان کردە سەر شاری سلێمانی و، هێزی کوردیش بە سەرکردایەتی شێخ مەحمودی نەمر چوونە پێشیان، ئەوەبوو لە (دەربەندی بازیان) شەڕێکی سەخت لە نێوان هەردوو لادا دەستیپێکردو، دوای چەند کاتژمێرێک هێزەکەی کورد شکاو شێخ مەحمودی نەمر بە زامداری لەژێر بەردە قارەمان لە دەربەندی بازیان، بەچاوساغی (موشیری حەمەی سلێمان ئاغا)ی هەمەوەندی کە پێشتر فەرماندەی چەمچەماڵی سوپای شێخ مەحمود بوو، لە لایەن فەرماندەی گشتی سوپای ئینگلیز لە ئێراق (ژەنەڕاڵ فرایزەر) دەستگیرکراو، دواتریش گواسترایەوە بۆ بەغدا بە مەبەستی دادگاییکردنی – سەرچاوە: (ئەحمەد خواجە، چیم دی، بەرگی یەکەم، ل48). بەڵام کاپتن والاس لیۆنی ناسراو بە (کاپتن لاین) لە لاپەڕە (36)ی پەرتووکی (کورد عارەب بەریتانییەکان بیرەوەرییەکانی کاپتن لاین لەمەڕ ڕووداوەکانی باشووری کوردستان 1919-1929)دا، باسی ئەوە دەکات کە ئەفسەری ڕامیاری مێجەر سیسیل جۆن ئێدمۆندز شێخ مەحمودی دۆزییەوە. هەر لەگەڵ دەستگیرکردنی شێخی نەمرەوە تاوەکو هێنانەوەی بۆ کوردستان، چەندان کۆمەڵەی ڕامیاری نهێنی کوردی دروستبوو لە پێناوی ڕزگاری کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی، بۆ نموونە: (کۆمەڵەی گزنگ، بەرزی وڵات، فیداکاری کورد، نیشتمان پەروەران و سەربەخۆیی کوردستان). هێزەکە بە سەرکردایەتی (ژەنەڕاڵ سێر تیۆدۆر فرایزەر) لە ڕۆژی (18.6.1919)دا بەرەو سلێمانی ڕۆیشت و هەمان ڕۆژیش چوونە ناو سلێمانی و، کۆتایی بەتەمەنی حەوت مانگو نیوی حکومەتی باشووری کوردستان کە لە نێوان (17.11.1918-18.6.1919)دا درێژەی هەبوو، هێنرا. لە دوای دەستگیرکردنەکەی شێخ مەحمود، ئینگلیزەکان شێخی نەمریان گواستەوە بۆ بەغداو، دوای تێپەڕبوونی نزیکەی مانگێک بەسەر دەستگیرکردنی شێخی نەمردا، ئەوەبوو دادگای ئینگلیز و ئێراقی لە ڕێکەوتی (25.7.1919)دا سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرکرد. سێر ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆنی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی، بە گوێرەی قسەکانی خۆی هەر چەندە پێی باشبووە کە بەزووترین کات شێخ مەحمودی نەمر سزاکەی جێبەجێ بکرێت و لە سێدارە بدرێت، بەڵام (کۆلۆنێل سێر جۆرج ماکمن)ی فەرماندەی گشتی سوپای بەریتانیا لە ئێراق، بڕیارەکەی لە

سێدارەوە گۆڕیوە بۆ زیندانیکردن بۆ ماوەی دە ساڵ و دوورخستنەوەی شێخی نەمر بۆ دوورگەی (هینگام) لە هیندستان – سەرچاوە: (سێر ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن، بلاد مابين النهرين بين ولاءين خواطر شخصية وتأريخية، الجزء الثالث، ل31). بە گوێرەی سزاکە دەبوایە شێخی نەمر هەتاوەکو (24.5.1929) لەوێ بمایە، بەڵام دوای تێپەڕبوونی نزیکەی (3) ساڵ و، لەژێر فشاری خەڵکی کوردستان بەگشتی و دانیشتوانی شارەکانی سلێمانی، چەمچەماڵ و ڕانیە، وە بەهۆی لادان و گواستنەوەی مێجەر سۆن و، لەسەر ڕاسپاردەی (گۆڵد سمیث)ی ئەفسەری ڕامیاری نوێی بەریتانیا کە لە مانگی نۆی ساڵی (1922)دا هاتۆتە سلێمانی و، دواتر ئەویش لەناو کەشتییەکدا لە کەنداوی سوەیس لە ڕێکەوتی (31.5.1924)دا بە نەخۆشی مرد، ئینگلیز ناچاربوو دوای کۆبوونەوەی سێر پێرسی کۆکسی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغدا، لە ڕێکەوتی (5.9.1922)دا لەگەڵ نەجیبزادەو پیاوماقووڵانی شاری سلێمانی، بڕیار بدەن شێخ مەحمودی نەمر بۆ کوردستان بگەڕێننەوە. هەر لە کۆبوونەوەکەدا سێر پێرسی کۆکس گوتی: (بۆ ئەوەی ساردی لە نێوانماندا نەمێنێ، حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا بڕیاریدا سلێمانی بەجێبێڵێت و، گەلی کورد دەبێت خۆی دەزگایەکی حوکمداری دامەزرێنێت و پارێزگاری لە ئارامی و ئاسایشی شارەکە بکات و، بیانخاتە ئەستۆی خۆی بە هیوای ئەوەی سەربەخۆیی و ڕزگاریتان لە ماوەیەکی کەمی داهاتوودا دیاری بکرێت – سەرچاوە: شێخ مەحمود شێخ کاوەی حەفید، یادداشتەکانی شێخ (لەتیف)ی حەفید لەسەر شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی حەفید، ل83). سێر پێرسی کۆکس لە سەرەتادا لە ڕێکەوتی (12.9.1922)دا توانی شێخ بگەڕێنێتەوە بۆ بەغداو، دواتریش لە ڕۆژی (22.9.1922)دا، بەیاوەری (مێجەر نۆئیل) بیگەڕێنێتەوە بۆ کوردستان و، بۆ جاری دووەم بڕیاری دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی بە سەرکردایەتی شێخ مەحمود بدات لە باشووری کوردستان. بەڵام ئینگلیزەکان، چونکە نیازیان نەبووە هیچ شتێک بۆ کورد بکەن، تەنیا ویستویانە بەشێوەیەکی کاتی بەهۆی هەندێک گۆڕانکاری دەنگی نارەزایی کورد کپ بکەنەوە، بۆ ڕاستی ئەو بۆچوونەم پەنا دەبەمە بەر سێ نامەی دوو وەزیرو گەورە بەرپرسێکی دەزگاکانی سەرپەرشتیکار (ماندات)ی بەریتانی لە ئێراق و قسەی کۆمیسیارێکی باڵای بەریتانی لە ئێراق، کە یەکەم نامەیان بریتییە لە بروسکەیەکی وەزیری کۆلۆنی بەریتانیایە، کە ئەوکاتە (ئالفرێد میلنەر یەکەم ڤیسکۆونت میلنەر –

(Alfred Milner, 1st Viscount Milner) بووە، کە لە ماوەی نێوان (23.3.1854–13.5.1925)دا ژیاوەو لە ماوەی ساڵانی نێوان (10.1.1919–13.2.1921)دا پۆستی ناوبراوی هەبووە، لە ڕۆژی (22.8.1919)دا بۆ (سێر ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن)ی کۆمیساری باڵای بەریتانی لە بەغدا ناردوویەتی و، دەڵێت: (میری بەریتانیا، بەپێی هەلومەرجێکی کە تازە بۆی هاتۆتە پێشی لەسەر بەڕێوەبردنی ئازادی و ئاسایشی پێویست لە ناوچەی کوردستان-دا، لەم بارەوە خۆی بە بەرپرسیار نازانێ و میری بەریتانیا بە هیچ جۆرێک بەڕێوەبەرێتیی تەواو لە کوردستان وە ئەستۆی خۆی ناگرێ کە پێشتر بڕوای پێ هەبووە، چونکە ئێمە لە بروسکەی ڕۆژی (10)ی مایدا وامان بڕیار دابوو کە میرییەکی سەربەخۆی خودموختار لەژێر چاوەدێری خۆمان لە کوردستان-دا دروست بکەین، بەڵام ئێستا دوای ئەو شۆڕشە وادیارە ئێمە خراپ تێگەیشتووین، بەو هۆیەوە پاشەڕۆژی کوردستان دەدەینە دەست خۆیان و ئێمە وازی لێدێنین – سەرچاوە: حوسێنی مەدەنی، کوردستان و ئیستراتێژیی دەوڵەتان، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، ل332، لە چاپی دووەمیدا ل333، کە لە ڕەمزی قەزاز، بزووتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیریی کورد لە کۆتایی چەرخی نۆزدەهەمەوە تا ناوەڕاستی چەرخی بیست، ل113-114دا وەریگرتووە). بە گوێرەی بروسکەی وەزیری کۆلۆنییەکان، بەریتانیا هەر لە ساڵی (1919)ەوە پشتیوانیکردنی خۆی سەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی و هێنانەدی مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستاندا ڕاگرتووە. نامەی دووەمیشیان نامەیەکی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیایە کە (لۆرد جۆرج ناسانییل مارکۆس کورزۆن، لە ماوەی نێوان (23.10.1919– 22.1.1924)دا وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بووە)، لە ڕۆژی (22.11.1919)دا بۆ کۆمیساری باڵای بەریتانی لە ئێراق (ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن)ی ناردوەو، تیایدا دەڵێت: (حکومەتی بەریتانی لە ئایندەدا، پەسندی هیچ سەرپەرشتیکردن (ماندات)ێک ناکات لە کوردستاندا و نابێ دەسەڵاتی تورکیا بگەڕێتەوە بۆ کوردستان. هەروەها (مێجەر نۆئیل)ی ڕاوێژکاری شێخ مەحمود، بە سێ مەرجی گەوهەری ئامۆژگاریمان دەکات:

1- پێویستە دەسەڵاتی تورکی لە کوردستاندا دەربکرێت.

2- مسۆگەرکردنی پاراستنی یەکێتیی خاکی کوردستان و دابەشنەکردنی لەگەڵ فەرەنسییەکان.

3- دەبێ سنووری کوردستان، بەپێی توانا هاوشانی سنوورەکانی ئەتنی و نەتەوەیی نێوان ئەو خاکانە بێت کە کورد و عارەب تیایدا نیشتەجێن – سەرچاوە: (میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، المسألة الكوردية (1917-1923)، ل93 + دکتۆر ئەحمەد عوسمان، کوردستان لە سەردەمی ئاشتیدا، ل134). ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆنی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغدادا لە ڕێکەوتی (26.11.1919)دا، بە بروسکەیەک هەر سێ مەرجەکەی مێجەر نۆئیلی گەڕاندۆتە دواوە - سەرچاوە: (محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی یەکەم، ل458).

نامەی سێیەمیشیان نامەیەکی مێجەر ئێدوارد نۆئیلی ڕاوێژکاری ڕامیاری شێخ مەحمودی قارەمان بووە، کە لە ڕێکەوتی (10.10.1922)دا بۆ (بۆرد دیلیۆن)ی سکرتێری کۆمیسیاری باڵای بەریتانی (سێر پێرسی کۆکس)ی نووسیوە، کە لە نامەکەدا هاتووە: (وای بۆ دەچم بڕیاری ئەوە درابێ کە کورد، پێی خۆش یا ناخۆش بێ، دەبێ بە هەموو جۆرێ خوارووی کوردستان بخرێتە سەر ئێراق و لەژێر دەسەڵاتی ئێراقدا بێ. جارێکی تریش دووبارەی دەکەمەوە کە کورد نابێ بخرێتە ناو ئێراق. ئەگەر کەرکوک بکرێ بە ناوچەی هەڵبژاردن بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی دامەزرێن، مانای وایە بە کوردەکان بوترێ بە ئاشکرا بڕیاردراوە کەرکوک بخرێتە سەر ئێراق – سەرچاوە: محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، ل483-484). بەر لە هەموو شتێک، ئەم نامەیەی مێجەر نۆئیل دەیسەلمێنی کە ئینگلیزەکان گرنگیان بە پرسی کورد نەداوە، بەڵکو ئاواتی یەکەمیان لکاندنی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بوو بە ئێراقی عارەبەوە لە پێناوی مسۆگەرکردنی نەوتی موسڵ و کەرکوکی باشووری کوردستان، بەهۆی عارەبە هاوپەیمانەکانیانەوە. دواتر ئینگلیزەکان پێشنیازەکانی (مێجەر نۆئیل)یان بەهەند وەرنەگرت و باشووری کوردستانیان بەزۆر بە ئێراقەوە لکاند، لە لایەکی تریشەوە لە بری سەلماندنی مافەکانی گەلی کوردستان، هەر دوو سوپای بەریتانیا و ئێراق بە تۆپبارانکردنی شاری سلێمانی و شارۆچکەو دێهاتەکانی کوردستان وەڵامی داواکارییەکانی کوردیان دایەوە. لە هەمان کاتدا بەکارهێنانی خوارووی کوردستان (باشووری کوردستان) لە نامەکەی مێجەر

نۆئیلدا، دەیسەلمێنێ کە نە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)و نە شاری کەرکوک هیچ پێوەندییەکیان بە ئێراق و بە عارەبەوە نەبووە، بەڵکو باشووری کوردستان بەناوەکەیەوە دیارە کە خاکی کورد بووەو، شاری کەرکوک-یش شارێکی کوردی و لەنێو سنووری باشووری کوردستاندا بووە. ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆنی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە ئێراق، کە لە نێوان ماوەی (27.5.1918–4.10.1920)دا پۆستی ناوبراوی هەبووە، لە پەرتووکی (میسۆپۆتامیا لە نێوان ساڵانی 1917–1920)دا، نووسیویێتی: (ئەو ڕۆژانەی ئێمە لە میسۆپۆتامیادا دەمانویست بەڕێوەبەریتیەکی تایبەتی بۆ عارەبەکان دامەزرێنین، ڕۆژنامەکانی لەندەن (کە بەزۆری لەژێر دەسەلاتی جولەکەدا بووەو نەیان دەویست حکومەت بۆ عارەب دامەزرێنرێ، هەروەها لە پەرلەمانیشدا لایەنگری وایان هەبوو کە دژی عارەب بوون)، بۆ ئەوەی بەڵگە نەدەین بەدەست ئەوانەوە، لە ڕاپۆرتەکاندا هەر بەدکارییەکی عارەبمان بدیایە ئەماندایە پاڵ کوردەکان و وشەی عارەبمان لادەبردو وشەی کوردمان لەجێی دادەناو هەندێ نموونە بۆ ئەو بەدکارییانە دەهێنینەوە کە چۆن عارەبەکان، ئینگلیزە کوژراو و مردووەکانیان لەگۆڕ دەردەهێناو ئەموستیلەی زێڕو دانە زێڕەکانیان لە دەم دەردەکێشان – سەرچاوە: محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی یەکەم، ل259). ئەوەی کە ئارنۆڵد ویلسۆن ئاماژەی پێکردووە، لە لایەک دەیسەلمێنی کە ئینگلیزەکان هەرگیزو بە هیچ شێوەیەک نەخشەو پلانی سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییان نەبووە، بەڵکو بڕیاری دامەزراندنی دەوڵەتێکی عارەبییان داوە بەناوی ئێراقەوە کە پارچەیەکی کوردستانیشی بخەنە سەر، لە لایەکی تریشەوە ئەوپەڕی بێویژدانی و بێڕەوشتی ئەوان دەردەخات سەبارەت بە ستەمێکی گەورەیان کە لە کورد و کوردستانیان کردووە، لە پێناوی بەدیهێنانی ئاوات و بەرژەوەندییەکانی خۆیان و عارەبەکاندا هەموو تاوان و کردارەکانی خۆیان و عارەبەکانیان خستۆتە ئەستۆی کوردە وە، بۆ نموونە یەکێک لەکارە هەرە نامرۆڤایەتییەکانی ئینگلیزەکان کە لە ڕێکەوتی (18.6.1919)دا بەرانبەر بە بریندارە دیلەکانی کورد ئەنجامیاندا، بەنزین پێداکردنیان و سووتاندنیان بوو لەگەڵ ئەشکەنجەدان و بەدار لێدانی پارێزگاری سلێمانی حاجی سەید عومەری مامی شێخ مەحمودی نەمر تا گیان سپاردنی، کە بە دیلی کەوتبووە دەست سوپای ئینگلیز –

سەرچاوە: (کەمال نوری مەعروف، یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید لەسەر شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی حەفید، ل58–59). سەرەڕای ئەم سێ نامەیەو قسەی کۆمیسیاری ناوبراو کە لە سەرەوەدا ئاماژەیان پێکرا، ئاماژە بە لێدوانێکی ئیدمۆندس دەکەم کە عەلائەدین سەجادی، لە لاپەڕە (83)ی پەرتووکی (شۆڕشەکانی کورد وە کورد و کۆماری ئێراق)دا، نووسیویێتی: (ئیدمۆندس لە پەرتووکەکەی خۆیدا ئەڵێ: ئینگلیزەکان هەرگیز نەیانوتووە کە حکومەت بۆ کوردستان دروست ئەکەن). پێم وایە ئینگلیزەکان خۆشیان لەو باوەڕەدا بووینە، ئەگەر ئەوان خۆیان حکومەت و دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ کورد دروست نەکەن، ئەوە کورد هەرگیز لە سایەی میرییەکی عارەبی، تەنانەت سەرەتاترین مافی نەتەوایەتی خۆی دەستناکەوێت و ڕووبەڕووی هەڕەشەی لەناوبردن دەبێتەوە. جگە لەمەش مێژوونووس محەمەد ڕەسوڵ هاوار، لە لاپەڕە (385)ی بەرگی یەکەمی پەرتووکی (شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان)دا، نووسیویێتی : (مس بێڵ، لە پەرتوکەکەی خۆیدا (فصول من تأريخ العراق القريب)دا، نووسیویێتی: (ئەو ڕاسپاردانەی لەسەر سەرکردایەتی بەڕێوەبەرێتی گشتییەوە (سێر ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن) دەرچووبوو بۆ نۆئیل، ئەوەی ئەگەیاند کە پێویستە وا لە خەڵک بگەیەنێت کە ئەو بەڕێوەبەرێتیەی لە سلێمانیدا پێکدێ شتێکی کاتییەو پێویستە نۆئیل ئەو ڕاستیە بۆ شێخ مەحمودو خەڵک ڕوون بکاتەوە). بە گوێرەی نووسینەکەی مس بێڵ، دیسان دەریدەخات کە ئینگلیزەکان نە بە پەرۆش بووینە بۆ دامەزراندنی حکومەت و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی، نە پرسی کوردیش بەلایانەوە گرنگ بووە هەروەکو لە نامەکەی وەزیری کۆلۆنی بەریتانی بۆ ئارنۆڵد ویلسۆن ئاماژەی پێکراوە، کە دەیانەوێت دواڕۆژی کوردستان بدەینە دەست کورد خۆیان و ئەوان لە کۆڵ خۆیانی بکەنەوە.

گوایە ئینگلیزەکان لە ڕێکەوتی (18.2.1919)دا ڕاپرسییەکیان لە ویلایەتی موسڵ ئەنجامدا، کە زۆربەی دانیشتوانی ئەو ویلایەتە بە کورد، کریستان، تورکمان و عارەب دەنگیان بۆ دەسەڵاتێکی عارەبی نەداوە. سەبارەت بەو ڕاپرسییەی سەرەوە، نەجم عومەر سوورچی، باسی ئەوەی کردووە کە ئەفسەری پایەبەرزی ئینگلیز (جێراڵد ئیڤیلیون لیچمەن)ی فەرمانداری سەربازی ویلایەتی موسڵ و ئەفسەری ڕامیاری شاری موسڵ، باسی ئەوەی کردووە کە کوردەکان، ئێزیدییەکان (کە

ئەوانیش هەر کوردن) و کریستانەکان لایەنگیری لە دامەزراندنی دەسەڵاتێکی عارەبی ناکەن لە ویلایەتی موسڵ، بەڵکو هەموویان پێکەوە سەرپەرشتی کردنێکی ئینگلیز بە باشتر دەزانن – سەرچاوە: (نجم عمر سورچي، مصير ولاية الموصل (كوردستان الجنوبية) مابعد عام 2000، ل304). ئینگلیزەکان بۆچوونی کوردیان سەبارەت بەو پرسە پێشتریش باش دەزانی، بۆ نموونە لە ڕاپۆرتێکی ئەفسەری پلەبەرزی ئینگلیز کۆلۆنێل (جێراڵد ئیڤیلیون لیچمەن)، کە لە ڕێکەوتی (22.12.1918)دا بۆ کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغدا (سێر ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن)ی بەرزکردۆتەوە، سەبارەت بە بۆچوونی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ لەسەر یەکگرتنی ویلایەتەکە لەگەڵ هەر دوو ویلایەتی بەغداو بەسرای عارەبی، لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی نوێدا بەناوی ئێراق. لە ڕاپۆرتەکەدا جێراڵد لیچمەن باسی ئەوە دەکات کە بەلای کەمەوە نیوەی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ کوردن، کە دوو لەسەر سێی دانیشتوانی پارێزگاکەن و، بە توندی دژی عارەبن. ئێزیدییەکانی چیای شەنگال-ن، بە تێکڕا جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ئەوان نایانەوێت لەژێر دەسەڵاتێکی عارەبی یان موسڵماندا بژین و، لە دڵەڕاوکێیەکی بەردەوام دان لەبەر ئەوەی نوێنەری شەریف لە دێرەزوور بووە. بە هەمان شێوە تەواوی کریستانەکانی ویلایەتەکە لایەنگری سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی بەریتانیا دەکەن، لەوانەش کلدان و کاسۆلیکەکان کە پێشتر لایەنگری فەرەنسییەکان بوون، ئێستا لە ترسی فەرمانڕەوایی عارەبی هەڵوێستی خۆیان گۆڕیوە – سەرچاوە: سێر ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن، بلاد مابين النهرين بين ولاءين خواطر شخصية وتأريخية، الجزء الثاني، ل362-363). ئەمەش نیشانەیەکە بۆ ئەوەی کە ژمارەو ڕێژەی عارەب ئەوەندە نەبووەو یەکجار کەم بووە لەچاو ڕێژە و ژمارەی کورد، بۆیە ئەوانیش نەیانویستووە دەنگ بۆ حکومەتێکی عارەبی بدەن، نەوەک دڵی کوردەکان کە پێکهاتەی سەرەکی ویلایەتی موسڵ بووینە لە خۆیان برەنجێنن و، یاخود خۆیان تووشی مەترسی ڕق و تۆڵەی کوردەکان بکەنەوە، ئەگینا گەر عارەب دەسەڵاتیان هەبێ و ژمارەیان زۆربێ هەردەم بە هەڕەشە و تۆقاندن داواکارییەکانی خۆیان دەسەپێنن، خۆ ئەگەر دەسەڵاتیان نەبێت خۆیان دەگونجێنن و هەموو شتێک پەسند دەکەن، تاوەکو ڕۆژێک دادێت بەهێز دەبن. بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەی لیچمەن، ئەو ڕاپرسیەی کە ئینگلیز گوایە لە ڕێکەوتی (18.2.1919)دا ئەنجامیداوە، دەرکەوت کە

زۆربەی کورد و دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بە دەسەڵاتێکی عارەبی قایل نەبووینە. یەکێک لە بەرپرسەکانی بەریتانی، لە ڕاپۆرتێکی نهێنی خۆیدا کە لە کۆتایی ساڵی (1921)دا (لەو ساڵەدا بە گوێرەی بەرگی دووەمی پەرتووکی شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان، ل105، هەر یەک لە کاپتن ئێڵ. ئی. نۆلدەر (Kaptin L. E. Nolder)، کە لە ڕێکەوتی (14.11.1919)دا کرا بە فەرمانداری سیاسی شاری موسڵ (عەبدولمونعیم ئەلغولامی، ثورتنا في شمال العراق، مطبعة شفیق – بغداد 1966، ل83)و ئار. ئێف. جاردین ( R. F. Jardine) لە موسڵ ئەفسەری بەرپرس بووینە)، بۆ نوێنەری باڵای بەریتانی (سێر پێرسی کۆکس)ی بەرزکردۆتەوە، نووسیوێتی: (ئەگەر بە تەواوی واز لە خەڵکەکە بهێنرێت و بەئازادی خۆیان دەنگ بدەن، ئەوکاتە تەواوی کوردەکان، کریستانەکان، ئێزیدییەکان و زۆرێک لە جووتیارە عارەبەکان بە هیچ شێوەیەک حکومەتی عارەبییان ناوێت و پابەند نابن بە دەسەڵاتێکی عارەبی لەم ویلایەتەدا، بەڵکو سەرپەرشتیکردن (ماندات)ی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) لە لایەن بەریتانیا وە بەڕێگە چارەیەکی باشتر دەزانن). ڕاپرسی حوزەیرانی ساڵی (1921)، کە گوایە بۆ هەڵبژاردنی شا فەیسەڵ بەڕێوەچووە، ئەنجامەکەی بەمجۆرە باسکراوە کە دانیشتوانی سلێمانی بەشدار نەبووەو، دانیشتوانی پارێزگای کەرکوک لە دژی شا فەیسەڵ دەنگیاندا، دانیشتوانی پارێزگاکانی هەولێر و موسڵ بەمەرجی دامەزراندنی میرییەکی کوردی ناوخۆیی دەنگیان بۆ شا فەیسەڵ دا. کەچی تائێستاش زۆربەی سیاسەتمەداران، ڕۆشنبیران، مێژوونووسان، نووسەران و توێژەرە عارەبەکان باسی ئەوە دەکەن کە کوردی دانیشتووی شارەکانی هەولێر و موسڵ (نەینەوا + دهۆک) لە گشتپرسی حوزەیرانی ساڵی (1921)دا دەنگیان بۆ فەیسەڵ و حکومەتی ئێراقی داوە، بەڵام محەمەد موزەفەر هاشم ئەلئەدهەمی، لە پەرتووکی (المجلس التأسیسي العراقي)دا ئاماژە بە نامەیەکی شا فەیسەلی شای تازەی ئێراق دەکات، بە ژمارە (384–399)ی ڕێکەوتی (22.12.1921) کە بۆ کۆمیسیاری باڵا (سێر پێرسی کۆکس)ی ناردووەو، داوا لە نوێنەری باڵا دەکات کە لە گشتپرسی داهاتوودا تەنیا دانیشتوانی شارەکانی سلێمانی و کەرکوک بگرێتەوە، نەوەک کوردانی دانیشتووی هەولێر و موسڵ پەشیمان ببنەوە. بەڵام لە وەڵامی ئەو داواکارییەی شا فەیسەڵدا، کۆمیسیاری باڵا سێر پێرسی کۆکس ئەم ڕوونکردنەوەیەی داوە: (ئەوانەی

دەنگیان دابوو بۆ فەیسەڵ وەکو ئاکرێ، زاخۆ، دهۆک و هەولێر، ئیتر ئەو دەنگدانەیان مانای ئەوە نییە کە وازیان لە مافی خۆیان هێنابێت کە وەکو لە مادە (64)ی پەیمانی سیڤرەدا بۆ مافی کورد دەستنیشان کراوە، چونکە ئەوانەی کە دەنگیان دابوو لەکاتی خۆیدا بە ئاشکرا ووتبوویان کە بەشداری کردنیان لەو دەنگدانەیان بۆ فەیسەڵ ڕێگەی ئەوەیان لێناگرێ کە ئەو مافەی مادەی (64)ی سیڤرەیان لەکیس بچێت. لەبەرئەوە دەنگدانی ئەوانە تەنیا بۆئەوە بووە کە دانیان بەخاوەن شکۆتانا ناوە وەکو شای ئێراق کە ئەمە ڕێگەی ئەوەیان لێناگرێ ببن بە بەشێک لە دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ، ئەگەر هاتوو ئەو پەیمانی ئاشتیەی کە لەگەڵ تورکەکاندا دەکرێ دەربارەی پێکهێنانی حکومەتێکی کوردی سەریگرت – سەرچاوە: محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، ل56–57). بەڵام بەداخەوە من تەنیا چاپی دووەمی پەرتووکەکانی محەمەد موزەفەر ئەلئەدهەمم هەیەو، زۆر بەدوای ئەوەدا گەڕام نەمدۆزییەوە کە پێدەچێت لە چاپی دووەمدا لایدابێت، کە مێژوونووس محەمەد هاوار ڕەسوڵ پشتی بەستووە بە چاپی یەکەمی ساڵی (1976)ی پەرتووکی ناوبراو، کە تەنیا یەک بەرگیش بووە، بەڵام دکتۆر عەزیز ئەلحاج، لە لاپەڕە (44)ی پەرتووکی (القضية الكوردية في العشرينات) و مەحمود مەلا عزەت، لە لاپەڕەکانی (152–153)ی پەرتووکی (حکومەتی کوردستان لەناو مەتەڵی سیاسەتی بەریتانیدا)دا، باسی هەمان شتیان کردووە کە محەمەد ڕەسوڵ هاوار لە پەرتووکەکەی محەمەد موزەفەر هاشم ئەلئەدهەمی وەریگرتووە. کەچی سەبارەت بەناو هەر دوو ڕاپرسی، ڕاپرسی یەکەم (18.2.1919) و ڕاپرسی دووەم لە (حوزەیرانی 1921)، لە لاپەڕە (49)ی پەرتووکی (ولايه الموصل تقرير لجنة عصبة الأمم الخاصة بحل النزاع التركي – البريطاني حول ولاية الموصل 1924–1925، مراجعة وتحقيق عبدالرزاق محمود القيسي)دا، هاتووە (لە پێناوی زۆرتر تیشک خستنەسەر ڕاپرسییەکانی پێشوو، شاندەکە (شاندی کۆمیسیۆنی توێژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ) داوای لە حکومەتی بەریتانی و دەسەڵاتدارانی بەریتانی کرد کە سەبارەت بە هەر دوو ڕاپرسی وردەکارییەکانی بداتێ. بەڵام لەو زانیارییانەی کە درانە شاندەکە، دەرکەوت کە نە لە ساڵی (1919)و نە لە ساڵی (1921)دا ڕاپرسی ئەنجام نەدراوە). لەپێناوی زۆرتر دڵنیابوون لەوەی کە کورد دەنگی بۆ شا فەیسەڵ

نەداوە، ڕۆژهەڵاتناسی ڕوسیا باسیلی نیکیتین لە لاپەڕە (291)ی پەرتووکی (الكورد دراسة سوسيولوجية وتأريخية)دا، نووسیویێتی: (ڕاپۆرتی دەستەی باڵای بەڕێوەبەرێتی بەریتانی لە ئێراق جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە لە نێوان مانگی ئۆکتۆبەری (1920)دا تاوەکو مانگی مارسی ساڵی (1922)، کوردەکان بەشدار نەبووینە لە دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی شا فەیسەڵ بۆ پادشای ئێراق).

دوای ئەوەی هەروەکو ئاماژەم پێکرد ئینگلیزەکان لە ڕێکەوتی (22.9.1922)دا شێخ مەحمودیان لە هەندەران بۆ کوردستان گەڕاندەوە (کەچی شێخ لەتیفی حەفید، لە لاپەڕە (88)ی پەرتووکی یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید لەسەر شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی حەفید، نووسیویێتی: لە ڕۆژی (18.9.1922)دا خەڵکی سلێمانی بە گەورەو بچووک، ژن و منداڵەوە، هاتبوونە دەرێ و، لە نزیک شاخی بەرانانەوە وەستابوون، بۆ پێشوازی پێشەوای بەوەفاو گەورە)، حکومەتی دووەمی باشووری کوردستان لە ڕێکەوتی (9.10.1922)دا بە فەرمانی فەرماندای کوردستان شێخ مەحمودی حەفید فەرمانی ژمارە (1)ی دەرکرد، کە تایبەت بوو بە بڕیاری دامەزراندنی وەزارەت و سەرۆکی وەزیران، هەروەها لە ڕۆژی (10.10.1922)دا بە گوێرەی فەرمانی حوکمداری ژمارە (2) لە لایەن شێخ مەحمودەوە حکومەتی کوردستان ڕاگەیەنرا. دواتریش شێخی نەمر لە ڕێکەوتی (22.11.1922)دا بە بڕیارێک خۆیکرد بە شای کوردستان – سەرچاوە: ئەحمەد خواجە، چیم دی، بەرگی یەکەم، لاپەڕەکانی (116–129)، کە نووسیویێتی: (لە تشرینی دووەمی 1922دا شێخ مەحمود بانگی شای کوردستانی بۆ خۆیدا، کە لە ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان، ژمارە (3)ی ڕێکەوتی (6.12.1922)دا، فەرمانی بانگی شایەتی شێخ مەحمود و پیرۆزباییەکانی بڵاوکردۆتەوە). ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان ڕۆژنامەی فەرمی حکومەتەکەی شێخی نەمر بووە، کە یەکەم ژمارەی لە ڕێکەوتی(15.11.1922)دا لە شاری سلێمانی دەرچووە - سەرچاوە: (جەلال تاڵەبانی، كوردستان والحركة القومية الكوردية، ل59). لەبەر ئەوەی شێخی نەمر باوەڕی بە ئینگلیزەکان نەمابوو، بۆیە دەیویست کارەکانی خۆی بە بێ ڕاوێژکردن بەوان ئەنجام بدات و، بڕیارەکان و هەنگاوەکانیش لەپێناو گەیشتن بە مافەکانی نەتەوەی کورد سەربەخۆیانە بهاوێژێت، کە ئەمەش وای لە ئینگلیزەکان دەکرد کێشەی زۆر بۆ حکومەتی باشووری کوردستان لە سلێمانی دروست بکەن! بۆ بێ متمانەیی شێخ مەحمود بە ئینگلیزەکان،

ئەو لێدوانەی ناوبراو وەکو نموونە دێنینەوە کە دەڵێت: (ڕاستت ئەوێ تا بە ڕاست و ڕەوان ئینگلیزەکان دان بە حکومەتی کوردا نەنێن و بۆ دامەزراندنی ئەم حکومەتە یارمەتییەک کە پێویستە بە ئێمەی نەبەخشن بە تەمای ئەوە نیم کە خۆمیان بۆ بخەمە ئاگرەوە – سەرچاوە: ڕەفیق حلمی، یاداشت کوردستانی ئێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، بەشی سێیەم، ل61).

پێشتر شێخ مەحمودی نەمر لە ڕۆژی (2.11.1922)دا شاندێکی کوردی کە کە پێکهاتبوو لە هەر یەک لە (سەید ئەحمەد بەرزنجی، حەمە ئاغاو تاهیری ئەمین ئاغا)ی بە سەرۆکایەتی یەکەمیان ڕەوانەکردبوو بۆ بەغداو لەگەڵ کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغدا (ئەوکاتە سێر پێرسی کۆکس کۆمیسیاری باڵا بووە) کۆبۆوە. شاندەکەی کورد کە لە چواردە کەس پێکهاتبوو و لەو دانیشتنەدا داوایکرد: (سەربەخۆیی باشووری کوردستان بە فەرمی بناسرێ، هەموو ئەو ناوچانەی کە زۆربەی دانیشتوانیان کوردە بەشێک بن لە باشووری کوردستان، کۆمیسیۆنێک بۆ دیاریکردنی سنووری نێوان کوردستان و ئێراق پێکبێ، شێخ مەحمود بە پلەی فەرماندار (حوکمدار)ی باشووری کوردستان بناسرێ و ئەو کەسانەی لە خولی دووەمی هەڵبژاردنی ئێستا هەڵدەبژێردرێن، ناوکی ئەنجومەنی نەتەوەیی کوردستان پێکبهێنن – سەرچاوە: دێڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی ئەبوبەکر خۆشناو، چاپخانەی ڕوون، باشووری کوردستان – سلێمانی 2002، ل353).

لە ڕێکەوتی (15.11.1922)دا مێجەر نۆئیلی ڕاوێژکاری سیاسی شێخ مەحمودی نەمر، نامەیەکی لە بەغداوە بۆ حاکمی گشتی کوردستان شێخ مەحمودی حەفید ناردووەو، لە بەشێکی نامەکەدا نووسیوێتی: (کاتێک گەیشتمە بەغدا، بە گورجی پێوەندیم بە کۆمیسیاری باڵاوە کردو، بۆی باسکردم کە ئێستا ناتوانین پرسی سەربەخۆیی کوردستان کۆتایی پێ بێنین، ئەگەر شا فەیسەڵ و، حکومەتی ئێراق پەسندی نەکەن. بۆ ئەمە، بەشێوەیەکی نهێنی پێوەندیم بە شا فەیسەڵەوە کرد، گەیشتینە پەیمانێک بەمزوانە بە ئاشکرا بڵاودەبێتەوە. ناوەڕۆکی ئەمەش ئەوەیە کە کوردی ئێراق بۆی هەیە حکومەتێکی سەربەخۆی کوردی لە چوارچێوەی سنووری ئێراقدا دابمەزرێنێت. هەروەها خاوەنشکۆ لە بارەی دانانی سنووریشەوە ووتی: ئەگەر کوردەکان ئارەزووی سەربەخۆیی تەواویان هەیە، هەندێک ناوچە هەیە

پێوەندی بە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری عارەبەوە هەیە، پێویستە لە سنووری ئێراقدا بمێننەوە. ئەگەر کوردەکان ئارەزوو دەکەن و دەیانەوێت پێوەندییان بە حکومەتی ئێراقەوە هەبێت. دەتوانن داوای ئەو ناوچانەش بکەن کە حەزی پێ دەکەن. هەروەکو ئاشکرایە لاتان، وتووێژ کردنی ئەم باسانە پێویست بەوە دەکات، نوماینده‌ی فەرمی کورد لێرە هەبێت و، لەگەڵ حکومەتی ئێراقدا بکەوێتە گفتوگۆ. چارەنووسی کوردستان گەیشتە ئەم قۆناغە هەروەکو بۆم باسکردی – سەرچاوە: کەمال نوری مەعروف، یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید لەسەر شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی حەفید، ل99-100). بە گوێرەی قسەکانی نۆئیل بێت شا فەیسەڵ هەم باوەڕی بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی هەبووە لە چوارچێوەی ئێراقداو، هەم باوەڕی بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی تەواو هەبووە، بە مەرجێک هەندێک لە خاکی باشووری کوردستان بدرێت بە عارەب وەکو سەرانە یان سەرفترە!

لە سەرەتای مانگی دیسێمبەری ساڵی (1922)دا هەمان شاند دووبارە لە بەغدا، لەگەڵ سێر پرسی کۆکس و شای تازە دامەزراوی ئێراق (فەیسەڵ کوڕی حوسێن)دا کۆبوونەوە. هەر لەو مانگەو لە ڕۆژی (22.12.1922)دا شاندەکە (حەمە ئاغاو تاهیری ئەمین ئاغا) دووبارە چوونەوە بۆ کەرکوک و داخوازییەکانی سەرەوەیان دووبارەکردەوە، هەر دوا بەدوای ئەو دانیشتنانەو بۆ دڵنەواییکردنی کورد و شێخ مەحمود، دوای دوو ڕۆژ لە ڕێکەوتی (24.12.1922)دا هەر دوو حکومەتی بەریتانی و ئێراقی بە جووتە ڕاگەیاندنێکی هاوبەشیان دەرکرد کە دانپێدانان بوو بە دامەزراندنی حکومەتی باشووری کوردستان. ڕاگەیاندنە هاوبەشەکەی هەر دوو وڵات، بە بروسکەی ژمارە (676)ی ڕێکەوتی (28.11.1922)ی وەزارەتی کۆلۆنییەکانی بەریتانی ناردرابوو بۆ نوێنەری باڵای بەریتانی لە ئێراق و، ئەویش لە ڕۆژی (24.12.1922)دا بەشێوەی زارەکی ناوەڕۆکی ئەو بروسکەیەی بە (شێخ عەبدولکەریم) ڕاگەیاند لە شارۆچکەی کفری، بۆ ئەوەی بە شێخ مەحمودی ڕابگەیەنێت. ئەو دانپێدانانە بە دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی سەربەخۆ لە چوارچێوەی ئێراقدا لە لایەن هەر دوو حکومەتەکانی بەریتانی و ئێراقی کە ڕاگەیەندرابوو، ئەمە دەقەکەیەتی: (هەر دوو حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیای مەزن و حکومەتی ئێراق دان بە مافی ئەو کوردانەدا دەنێن کە لە سنووری ئێراقدا

دەژین، تا حکومەتێکی کوردی تایبەتی خۆیان لەو هەرێمانەدا دابمەزرێنن کە کورد زۆربەی زۆری دانیشتووەکانیان پێکدێنن. هەردوو لا داوادەکەن کە هەموو توخمە جیاجیاکانی کورد بە زووترین کات لەناوخۆیاندا لەسەر شێوەو شێوازی دامەزراندنی ئەو حکومەتەی کە خۆیان دەیخوازن، رێکبکەون و شاندێکی فەرمی خۆیان بنێرن بۆ بەغدا بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر پێوەندییە ڕامیاری و ئابوورییەکانی خۆیان کە لە داهاتوودا دروست دەبێ لەگەڵ هەر دوو حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانی و حکومەتی ئێراق – سەرچاوە: دکتۆر جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، ل103+ محمود الدرة، القضية الكوردية، ص148–149 + کریس کۆچیرا، مێژووی کورد لە سەدەی 19–20دا، ل123). مەبەستی ئەو ڕاگەیاندنە هاوبەشەی ئینگلیز و عارەب، تەنیا لکاندنی باشووری کوردستان بوو بە ئێراقی عارەبەوە، ئەگینا هیچ لایەکیان باوەڕیان بە سەرەتاترین مافەکانی کورد نەبووە. هەردوای دەرچوونی ڕاگەیاندنە هاوبەشەکەو، بە گوێرەی نامەی وەزارەتی دەرەوە ژمارە (9009/371) ڕاپۆرتی ژمارە (1)ی ڕۆژی (1.1.1923)ی دەزگای هەواڵگری (موخابەرات)ی ئێراق، کە سێر پێرسی کۆکسی کۆمیسیاری باڵا شا فەیسەڵی دڵنیاکردەوە لەوەی کە: (ئەم ڕاگەیاندنە بە هیچ شێوەیەک بەمانای جیابوونەوەی سیاسی و ئابووری کوردستان نییە لە ئێراق – سەرچاوە: دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، بەرگی یەکەم، ل354). هەروەها لە ڕێکەوتی (24.2.1923)دا دەسەڵاتدارانی بەریتانی لە ئێراقدا لە ڕادیۆی بەغداوە بەیانێکیان ڕاگەیاند، کە تیایدا هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی کوردییان ڕاگەیاند بە بیانوی ئەوەی کە گوایە شێخ مەحمود دژی ئەو بەڵێنانەی کە بە ئینگلیزی دابوو ڕەفتاری کردووەو، داوایان لە شێخ مەحمودو ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی کوردستان کرد، کە بەرەو بەغدا بکەونە ڕێ و خۆیان بدەن بە دەستەوە – سەرچاوە: (ئەلبێرت میخائیلۆڤیچ مینتیشاشڤیلی، العراق في سنوات الانتداب البريطاني، وەرگێڕانی دکتۆر هاشم سالح تكريتي، ل325). سەرەڕای ئەو دڵنیاکردنەوەی کۆکس بۆ شا فەیسەڵ و ڕاگەیاندنەی دەسەڵاتدارانی بەریتانی لە بەغدا، دوای تێپەڕبوونی چەند مانگێک بەسەر ڕاگەیاندنە هاوبەشەکەی (24.12.1922)ی بەریتانیا و ئێراق، کە بڕیاری دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی دابوو، هەر دوو حکومەتی بەریتانیا و ئێراق بە گوێرەی نامەی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی ژمارە (11460/371)ی ڕۆژی

(10.2.1926)ی بوردیون بۆ ئامری نووسیوە، کاتی خۆی لە سەرەتای ساڵی (1923)دا ڕایانگەیاندووە کە: (هەم دەوڵەتی خاوەنشکۆی پاشای بەریتانیا و هەم دەوڵەتی ئێراق، ئێستا بەو هۆیە کە کوردەکان هەتا لەکاتی دەرچوونی ئەم ڕاگەیانراوەشدا نەیانتوانی لەناوخۆیان پێکبێن و هیچ هەوڵ و کۆششێکیان بۆ ئەم پرسە نەکرد، یان پێشنیازێکی تایبەتییان نەکرد، لە بارەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، خۆیان لە بەرانبەر هەر کۆت و گفتێک بە تەواوی ئازاد دەزانن – سەرچاوە: دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، بەرگی یەکەم، ل358). نزیکەی چوار مانگ بەسەر تێپەڕبوونی ئەو ڕاگەیاندنە نەچووبوو، هەر دوو دەوڵەتی بەریتانیا ئێراق لە ڕێکەوتی (23.4.1923)دا ڕێککەوتننامەیەکیان مۆرکرد، کە بڕیاری پێشووی ئینگلیز سەبارەت بە بەڕێوەبردنی پارێزگای سلێمانی لە لایەن کۆمیسیاری باڵاوە هەڵبوەشێتەوەو، ڕێگە چارەیەک بدۆزرێتەوە کە پارێزگای ناوبراو وەکو پارێزگایەکی ئێراقی ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێت و بە یەکجاری بکرێت بە بەشێکی ئێراق – سەرچاوە: دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، بەرگی یەکەم، ل357). هەر دوو حکومەتی بەریتانی و ئێراقی بەو چەند کارانەی سەرەوە لە دژی کورد و کوردستان نەوەستان، بەڵکو لە مانگی حەوتی ساڵی (1923)دا ئەنجومەنی وەزیرانی ئێراقی بەیانێکیان ڕاگەیاند، کە تیایدا ڕاگەیاندنی حکومەتی بەریتانی و حکومەتی ئێراقیان سەبارەت بە بڕیاردانی دامەزراندنی حکومەتی کوردی لە باشووری کوردستان هەڵوەشاندەوە، تەنیا ڕاگەیاندبوو کە حکومەت دانیشتوانی قەزاکانی باکوور (مەبەستیان لە باکوور کوردستانە) ناچار ناکات بە بەکارهێنانی زمانی عارەبی لە نووسراوە فەرمییەکاندا – سەرچاوە: (عەزیز شەریف، المسألة الكوردية في العراق، ل59). جێگای سەر سوڕمانە، لە لایەک هەر دوو دەوڵەتەکە ڕاگەیاندنێکی هاوبەشیان دەرکردووە بە مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی، کە خۆیان باوەڕیان بە جێبەجێکردنی ڕاگەیاندنەکە نییەو کۆسپی بۆ دروست دەکەن، کەچی لە لاکەی تریشەوە ئۆباڵی جێبەجێ نەکردنی ڕاگەیاندنە هاوبەشەکەو دانەمەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەخە ئەستۆی کورد خۆی!

ئەوەی شایەنی باسە پێویستە ئەوە بگوترێت کە لە سەردەمی حکومەتی شێخ مەحمودی نەمردا، ڕۆژنامەی (ئومێدی ئیستیقلال – أميد إستقلال) وەکو ئۆرگانی حکومەت دەرچووە، کە ڕۆژنامەیەکی (ئەدەبی، فەرمی، کۆمەڵایەتی و ڕامیاری)

بووە، هەفتەی جارێک دەرچووە. هەروەکو فاروق عەلی عومەر، لە لاپەڕە (98)ی پەرتووکی (ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ئێراقدا بەراییەکان 1914-1939)دا باسیکردووە کە ژمارەی یەکەمی لە ڕێکەوتی (20.9.1923)داو دوا ژمارەشی کە ژمارە بیست و پێنج بووە لە ڕێکەوتی (15.5.1924)دا دەرچووە.

بەر لە ڕاگەیاندنە هاوبەشەکەی (24.12.1922)ی هەر دوو حکومەتی بەریتانی و ئێراقی، پادشای ئەوکاتی بەریتانی جۆرجی پێنجەم (جۆرج فریدریک ئەرنێست ئابێرت – George Frederick Ernest Abert)، کە لە نێوان (3.7.1865-20.1.1936)دا ژیاوەو لە ماوەی نێوان ساڵانی (1910-20.1.1936)دا شای بەریتانیا بووە، بە بۆنەی دامەزراندنی حکومەتی کوردستان بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمودی حەفید، لە بروسکەیەکدا کە لە ڕێکەوتی (3.12.1922)دا بۆ شێخی نەمر نووسیویێتی: (ئێمە پیرۆزبایی بەختەوەری و سەربەخۆیی کوردستان دەکەین. ئومێد دەکەین دۆستایەتیمان هەر لە پێشکەوتندا بێت – سەرچاوە: دکتۆر مارف عومەر گوڵ، کێشەی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی گەلی کورد، ل65). هەم ڕاگەیاندنە هاوبەشەکەی حکومەتی ئێراقی و بەریتانی هەم پیرۆزباییەکەی (جۆرجی پێنجەم)ی پادشای بەریتانی، زۆرتر بۆ خافڵکردن و هەڵخەڵەتاندنی کورد بوو، سەبارەت بەو ڕاگەیاندنە هاوبەشەی ئێراق – بەریتانیا، بە ڕاستی دکتۆر مارف عومەر گوڵ زۆر جوانی بۆچووە کە لە لایەک پێی وایە ئەوە دابەشکردنی کوردستان و جیاکردنەوەی باشووری کوردستانە لە باکووری کوردستان و سەرەتایەکە یاخود هەنگاوی یەکەمە بۆ لکاندنی باشووری کوردستان بە ئێراق و بچووککردنەوەی دۆزی کوردە بۆ کێشەیەکی ناوخۆی ئێراقی، لە لایەکی تریش خۆدزینەوەو ڕاکردنی بەریتانیایە لە پەیماننامەی سیڤرە کە مانای هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیمانە دەگەیەنێت لە لایەنی بەریتانیاوە – سەرچاوە: دکتۆر مارف عومەر گوڵ، معاهدة سيڤر في السياسة والقانون الدولي، ترجمة دكتۆر عادل گەرمياني، مجلة السردم العربي، العدد السابع، لسنة 2005، ص97-106). لە پێناوی بە دواداچوون و ڕێکەوتن لەسەر ناوەڕۆکی ڕاگەیاندنە هاوبەشەکەدا، لە ڕۆژی (19.1.1923)دا شاندێکی کوردی کە پێکهاتبوو لە (کەریم بەگی جاف و تاهیر ئەمین ئاغا) کە نوێنەرایەتی شێخ مەحمودیان دەکرد گەیشتنە کەرکوک، لە پێناوی گفتوگۆکردن لەسەر بەیاننامە هاوبەشەکەی حکومەتی بەریتانیا و ئێراق سەبارەت بە دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی. بەڵام وتووێژەکە

وەستا چونکە لە لایەک ئەوان دەیانویست شێخ مەحمود شەڕی تورکیان بۆ بکات کە بۆی نەدەکردن، لە لاکەی تریشەوە وەکو پرەنسیپ نە میری بەریتانی و نە میری ئێراقی نیازیان نەبوو هیچ مافێکی ڕەوای نەتەوەی کورد بسەلمێنن، بەڵگەشمان بۆ ئەمە شێوەی دارشتنی بەیانە هاوبەشەکەیانە کە نووسیویانە (هەر دوو حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیای مەزن و حکومەتی ئێراق دان بە مافی ئەو کوردانەدا دەنێن کە لە سنووری ئێراقدا دەژین)، ئەوە لە بری ئەوەی کە بنووسن (دان بە مافی ئەو کوردانەدا دەنێن کە لە باشووری کوردستان یان (ویلایەتی موسڵ)دا دەژین)، دیارە ئەوان پێشتر بڕیاری خۆیان دابوو، بۆیە بەمشێوەیە مامەڵەیان لەگەڵ باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)و کورددا دەکرد، هەروەها دوای تەنیا دوو مانگ بەسەر تێپەڕبوونی بەیانی دانپێدانە دووقۆڵییەکەیانداو، کە لە (24.2.1923)دا هەر یەک لە دەسەڵاتدارانی بەریتانی و ئەنجومەنی وەزیرانی ئێراقی بەیانێکی نوێیان دەرکردو حکومەتی کوردی شێخ مەحمودیان هەڵوەشاندەوەو پاشگەزبوونەوە لە ڕاگەیاندنی (24.12.1922)ی خۆیان کە دانپێدانانی هەر دوو حکومەتی بەریتانی و ئێراقی بوو بە دامەزراندنی میرییەکی کوردی لە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) – سەرچاوە: شۆڕش حەسەن عومەر، حقوق الشعب الكوردي في الدساتير العراقية، ل51 + ئومێد حەمەدئەمین، شێخ مەحمودی حەفید 1922–1925، ل81). لە بەیانە نوێیەکەی میری ئێراقیدا تەنیا باسی ئەوە کرابوو کە دانیشتوانی قەزاکانی باکوور (باشووری کوردستان) ناچار ناکرێن لە پێوەندییە فەرمییەکانیاندا زمانی عارەبی بەکار بهێنن. لە لایەکی تریشەوە هەر لە مانگی دووی ساڵی (1923)دا دەسەڵاتدارانی بەریتانی بە هاوکاری حکومەتی بەغدا نەخشەیەکی هاوبەشیان ئامادەکرد بۆ لەناوبردنی حکومەتی کوردستان لە سلێمانی، سەرەتا هۆشدارییەکی هاوبەشیان دایە شێخ مەحمودی نەمرو، داوایان لێکرد کە خۆیی و تەواوی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان ڕووبکەنە بەغدا، کە شێخ ئەم داوایەی پەسەند نەکرد، ئەوانیش بیست فڕۆکەیان نارد بۆ بۆردومانکردنی سلێمانی – سەرچاوە: (ئەیوب بارزانی، المقاومة الكوردية للأحتلال 1914–1958، ل53). دواتر حکومەتی ئێراق هێزێکی سەربازی گەورەی بۆ شاری موسڵ ناردو، شێخ مەحمودی حەفیدیش هێزێکی پێشمەرگەی کوردی بەرەو شاری کەرکوک نارد، ئەو کارە وایکرد کە چیتر شێخ مەحمودی قارەمان باوەڕی بە دەسەڵاتدارانی ئینگلیز نەمێنێت، ئەمەش بووە

هۆی ئەوەی نێوانی ئینگلیز و شێخ مەحمود بەرە بەرەو بۆ جارێکی تر روو لە گرژی بکات. ئەوەبوو یەکەم جار ئینگلیزەکان لە سەرەتای ساڵی (1923)دا، بڕیاری گواستنەوەی مێجەر نۆئیلی دۆستی نزیکی کوردیان دەرکرد بۆ هیندستان و، (مێجەر ئەی. جەی. چاپمان– A. J. Chapmann)یان لە شوێنەکەی ئەو دانا، کە پێدەچێت دووبارە مێجەر نۆئیل هەر لەبەر لایەنگیری کردن و دۆستایەتی کردنی کورد گواسترابێتەوە. دواتر دوای ئەو تەنگژییەی نێوان کورد لە لایەک و عارەبی ئێراق و ئینگلیزەکان لە لایەکی ترەوە، کۆمیسیاری باڵای بەریتانی (سێر هێنری ڕۆبەرت کۆنوای دوبس 4.5.1923–ئۆکتۆبەری 1928)، داوا لە شێخ مەحمود دەکات بە پەلە بگاتە بەغدا لە پێناوی باسکردنی کێشەکانی نێوانیاندا، هەروەها ناوبراو بە توندی شێخی ئاگادار کردۆتەوە لە پەیوەست نەبوون بە جێبەجێ نەکردنی داواکارییەکەی. شێخ مەحمود خۆی نەچوو، بەڵام شاندێکی بە سەرۆکایەتی شێخ قادری برای نارد، کە هەر یەک لە کەریمی ئەلەکە، حەمە ئاغا، مستەفا پاشای یامولکی و ئەحمەد بەگی فەتاح بەگی لەگەڵ بوو. سەردانی ئەم شاندەش بۆ بەغدا بێسوود بوو، کە دواتر بە بێ ئومێدی و هیچ دەستکەوتێک گەڕانەوە شاری سلێمانی.

یەکێک لە کارە هەرە باشەکانی مێجەر نۆئیل، هەروەکو پێشتریش ئاماژەمان پێیکرد هەوڵە بێوچانەکانی بوو لە پێناوی لێک نزیککردنەوەی شێخ مەحمودی نەمر، سمکۆ ئاغای شکاک و سەید تەهای شەمزینی بە مەبەستی دامەزراندنی کوردستانی مەزن بۆ سەرجەم نەتەوەی کورد – سەرچاوە: (ئەیوب بارزانی، المقاومة الکوردیة للأحتلال 1914–1958، ل52)، وە یەکێک لە ووتە بەنرخەکانی مێجەر نۆئێل لەسەر کورد، کە پێویستە هەموو کورد شانازی بە نۆئیل و هەوڵەکانی ئەو بۆ سەربەخۆی کوردستان و ئەو ووتە بەنرخەیەی بکات، کە گوتبووی: (نەتەوەیەکم لە خۆرهەڵاتدا نەدیوە ئەوەندەی کورد زیندوو بێ و، هیچ میللەتێکم نەدیوە هێندەی ئەوان شایانی سەربەخۆیی بێ. بەداخ و پەژارەوە کە ئەوروپا تائێستا ئەم میللەتەی بە شایستەیی خۆی نەناسیوە – سەرچاوە: بیرەوەرییەکانی عەبدولعەزیز یامولکی، وەرگێڕانی لە تورکیی عوسمانییەوە شێرزاد کەریم، ل19. ماڵپەڕی ئەلکترۆنی پەرتووک).

سەبارەت بە پاشگەزبوونەوەی میری ئێراق لە بەیاننامەی ناوبراو (بەیاننامەی دانپێدانانی هاوبەشی هەر دوو حکومەتی بەریتانیا و ئێراق سەبارەت بە دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی لە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)دا کە لە ڕێکەوتی

(24.12.1922)دا ڕاگەیاندبوو)، پێشتر باسمانکرد کە ئێراق بە ئاشکرا پەشیماننامەی خۆی ڕاگەیاند، بەڵام پاشگەزبوونەوەی بەریتانییەکان لە ڕاپۆرتێکی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی (سێر هێنری ڕۆبەرت کۆنوای دوبس)دا دەردەکەوێت، کە نزیکەی سێ ساڵ دوای بەیاننامەی هاوبەشی نێوان هەر دوو دەوڵەت لە ڕاپۆرتێکدا بە ژمارە (NO. G, 4306/C. O, 730–92)ی ڕۆژی (10.2.1926)دا بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی ناردووە، لە خاڵەکانی دووەم و سێیەمدا دەڵێت: (دوو: دەرکردنی سەربازگەی تورک لە ڕواندز لە ساڵی (1923)دا، گۆڕانێکی دروستکردووە، کە ئیتر پێویست بە ئۆتۆنۆمی بۆ کورد ناکات و بەڕێوەبردنی کاروباری سلێمانی لە لایەن بەغداوە بووە بە شتێکی ئاسایی. سێ: وا پێشنیاز دەکەم بەو هەموو بڕیارانەدا بچنەوە کە هەتا ئێستا دەربارەی کوردستان دەرچووە، بە بێ ئەوەی هیچ گوێ بدرێتە ئەو بەیان و بڕیارانەی کە باسی ئۆتۆنۆمی کوردستانیان تیادا کراوە – سەرچاوە: دکتۆر مارف عومەر گوڵ، پێوەندی مەسەلەی کورد بە یاسای نێودەوڵەتانەوە، ل111). ئەوەی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی دەریبڕیوە، مانای وایە کە ئەوان تەنانەت مافی ئۆتۆنۆمی کە تەنانەت دەدرێت بەو نەتەوانەی کە خاوەنی خاکی خۆشیان نین و لەسەر خاکی نەتەوەیەکی تر دەژین، کەچی ئەوان بە کوردی خاوەن خاکی باشووری کوردستانی بەڕەوا نابینن. هەر لە هەمان ڕاپۆرتی سەرەوەدا، کۆمیسیاری باڵا لەوەش زۆرتر تێدەپەڕێنێ و داوا لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی دەکات لە کۆبوونەوەی داهاتووی کۆمەڵەی نەتەوەکان، ڕاشکاوانە باسی سیاسەتەکانی بەریتانیا سەبارەت بە کورد و ئێراق بکرێت، بۆ ئەوەی میری ئێراق لەوە دڵنیابێت، کە بەریتانیا نەک هیچ بۆ کورد ناکات، بەڵکو هەر ڕاپەڕینێک کە کوردەکان پێی هەڵسن، لەناوی دەبەن.

گیروگرفتی نێوان شێخی نەمرو ئینگلیزەکان تا دەهات ئاڵۆزتر دەبوو، تا کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە هێزی ئاسمانی بەریتانیا لە ڕۆژی (29.2.1923)دا شاری سلێمانی بۆردومان کردو، شێخیش لە ڕێکەوتی (3.3.1923)دا شاری چۆڵکردو پەنای بردە بەر ئەشکەوتی (جاسانە)ی سورداش. دوای چۆڵکردنی شاری سلێمانی بە نزیکەی دوو مانگێک، کۆمیسیۆنێکی هاوبەشی ئینگلیزی – ئێراقی، شاری سلێمانی وەکو پارێزگایەکی سەر بە دەوڵەتی ئێراقی ناوبرد. کەواتە دووەم حکومەتی باشووری کوردستان بە ڕابەرایەتی شێخ مەحمودی نەمر لە نێوان

(9.10.1922–3.3.1923) درێژەی کێشا. هێزەکانی ئینگلیز و ئێراقی کە لە ڕێکەوتی (26.5.1923)دا هاتبوونە ناو شاری سلێمانی و شارەکەیان داگیرکردبوو، کەچی دوای نزیکەی کەمتر لە مانگێک بەسەر تێپەڕبوونی ئەو داگیرکردنەدا، لە پڕو بە بێ هیچ هۆیەکی ئاشکرا ئینگلیزەکان لە ڕێکەوتی (17.6.1923)دا شاریان جێهێشت و، هێزێکی شێخی نەمریش بە سەرکردایەتی کەریم فەتاح بەگی هەمەوەند گەڕایەوە ناو شارو بەناوی شێخەوە کاروبارەکانی بەڕێوەدەبرد، دواتر شێخ مەحمود خۆشی لە ڕێکەوتی (11.7.1923)دا گەڕایەوە – سەرچاوە: (ئەحمەد خواجە، چیم دی، بەرگی یەکەم ل158–159). لەبەر ئەوەی ئینگلیزەکان لەگەڵ ئەوەدا نەبوون و نەیاندەویست دەسەڵاتی شێخی نەمر لە سلێمانی تێپەڕێت و فراوان بکرێت تاوەکو تەواوی باشووری کوردستان واتە ویلایەتی موسڵ (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالا) بگرێتەوە، هەروەها نەیان دەویست هیچ شتێک بۆ کورد بکەن، بەڵکو تەنیا مەبەستیان ڕۆژ بەڕێکردن بوو تا ئەو ڕۆژەی هەلی ئەوەیان بۆ ڕێکدەکەوێت باشووری کوردستان بە یەکجاری بخەنە سەر دەوڵەتی دەستکرد و داردەستی خۆیان، بۆیە ماوە ماوە شەڕیان بە شێخ دەفرۆشت و سلێمانیان بۆردوومان دەکردەوە، کەچی لە بۆردوومانی ڕۆژی (16.7.1924)دا شێخی قارەمان ئیتر نەیتوانی بەرگەی هێزە داگیرکەرەکانی بەریتانی و ئێراقی بگرێت، بۆیە بە ناچاری لە ڕۆژی (18.7.1924)دا پەنای برد بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوەبوو هێزەکانی ئێراقی و ئینگلیزی لە ڕۆژی (19.7.1924)دا بە یەکجاری هاتنە سلێمانی و ئەو شارەیان بە ئێراقی عارەبی بەستەوە – سەرچاوە: (ئەحمەد خواجە، چیم دی، بەرگی دووەم ل63–64). بەمەش بۆمان دەردەکەوێت کە حکومەتی سێیەمی کوردستان بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمودی قارەمان، لە ماوەی ساڵانی نێوان (11.7.1923–19.7.1924)دا درێژەی هەبووە.

سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی ئێراق (عەبدولموحسین فەهد سەعدون)، لە ڕێکەوتی (2.1.1926)دا لە بەردەم ئەنجومەنی پەرلەماندا دەڵێت: (دەبێ مافی کوردەکان بدەین، کارمەندەکانیان لە خۆیان بن، زمانیان زمانی فەرمی بێ، منداڵانیان لە خوێندنگاکاندا فێری زمانی خۆیان ببن. ئەرکی سەرشانمانە مافەکانیان بدەینێ – سەرچاوە: سەلمان عەلی، کوردستانی ئێراق لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا، ل14). بەڵام نامەیەکی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە ئێراق (سێر

فرانسیس هێنری هومفریس)، کە لە ڕێکەوتی (23.4.1929)دا بۆ وەزیری کۆڵۆنیالی بەریتانی (لۆرد سیدنی جێمس وێب پاسفیلد – Lord Sidney James Webb Passfield)ی ناردووە، کە لە ماوەی نێوان (13.7.1859–13.10.1947)دا ژیاوەو، لە ماوەی نێوان (سەرەتای ساڵی 1929–24.8.1931)دا پۆستی ناوبراوی هەبووە، لە باسی ژمارەو ڕێژەی کارمەندانی کورد لە فەرمانگەکانی کوردستاندا (سلێمانی، کەرکوک، هەولێر و موسڵ)دا نووسیویێتی: (دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر کارمەندی نا کوردی، بە ڕاستی شکاندنێکی ئاشکرای بەڵێنەکانە. بۆ نموونە (99%)ی دانیشتوانی سلێمانی کوردن، کەچی زۆرتر لە (30%)ی فەرمانبەران، کوردنین. خۆ ژمارەکانی ناوچەکانی تریش خۆیان دەدوێن. فەرمانبەرانی کورد، وەک دەبینرێن (324)و عارەب (165)و تورکمان (180)و گاورو جوولەکە (62)ن، واتە ژمارەی ئەو فەرمانبەرانەی کەوا کورد نین (93)یان لە کوردەکان زۆرترە – سەرچاوە: سەلمان عەلی، کوردستانی ئێراق لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا، ل16). هەر سەبارەت بە ڕێژەی فەرمانبەرانی عارەب لە کوردستاندا، دکتۆر عەزیز شەمزینی لە لاپەڕەکانی (238–239)ی پەرتووکی (جولانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان)دا نووسیویێتی: (هەر تەنیا بۆ نموونە (90%)ی فەرمانبەرانی کوردستان عارەب و خەڵکی بەغداو بەسرا بوون). هەرچی سەبارەت بە زمانی کوردی و کردنەوەی خوێندنگا بە کوردییە، محەمەد ئەمین زەکی، لە دوو تەقەللای بێسوودا باسی ئەوەی کردووە، کە لە دوو پارێزگای کوردیدا تەنیا ڕێژەی (1%)ی داهاتی پارێزگای سلێمانی و ڕێژەی (2،5%)ی داهاتی پارێزگای هەولێر بۆ بواری خوێندن بەکارهاتووە، کەچی لە بەرانبەردا لە پارێزگا عارەبییەکاندا بۆ نموونە ڕێژەی (38%)ی داهاتی پارێزگای بەغداو (18%)ی داهاتی پارێزگای کەربەلا بۆ بواری خوێندن بەکارهاتووە. کەچی سەبارەت بە ژمارەی خوێندەوارو نەخوێندەوار تەنیا لە دوو شاری باشووری کوردستاندا، دکتۆر عەزیز شەمزینی لە لاپەڕە (241)ی پەرتووکی (جولانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان)دا نووسیویێتی: (بەپێی ئاماری ساڵی (1956)ی وەزارەتی ئابووری ئێراق، لە شاری هەولێردا کە ژمارەی دانیشتوانی (بێجگە لە منالان)دا (289.766) کەسە، کە (280.366)ی نەخوێندەوارو (9.410) خوێندەوار هەیە، واتە تەنیا (3،2%)ی خەڵکی شار خوێندەوارن. لە شاری سلێمانیدا کە ژمارەی دانیشتوانی (بێجگە لە منالان)دا

(226.200) کەسە، کە (174.934) نەخوێندەوارو (10.304) خوێندەوار هەیە، واتە (4،5%)ی خەڵکی شار خوێندەوارن). دکتۆر عەزیز شەمزینی، سەبارەت بە ژمارەی خوێندنگاکانی کوردستان لە لاپەڕە (240)دا نووسیوێتی: (ل. ڕامبۆ لە پەرتووکی (کورد و یاسا)دا بە زمانی فەرەنسی، نووسیوێتی: لە سەرجەمی (60) فێرگەی کوردستانی ئێراق تەنیا دوو فێرگەی ناوەندی و (30) فێرگەی سەرەتایی هەیە، ئەوەی دەمێنێتەوە زۆرتر لە باخچەی منالان دەچێ). هەرچی سەبارەت بە بواری ڕۆشنبیری و بەچاپگەیاندنی پەرتووکە بە زمانی کوردی، ئەوە هەر لە ئاستێکی زۆر نزمدا بووەو، داگیرکەرانی تورک و عارەب هیچ گرنگییەکیان بەو بوارە نەداوە. بەپێی ئەوەی کە دانەری پەرتووکی (بیبلۆگرافیای دووسەد ساڵی پەرتووکی کوردی 1787–1986)دا، نووسیوێتی‌و دەڵێ: (لەو ساڵەوە (1787)ەوە تا ساڵی (1920)، تەنیا پازدە پەرتووک بە زمانی کوردی دەرچووە (کە ماوەکە دەکاتە 113 ساڵ، واتە لە ماوەی نزیکەی هەر حەوت ساڵ و نیوێک یەک پەرتووکی کوردی چاپکراوە – دەرسیم) – سەرچاوە: فاروق عەلی عومەر، ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ئێراقدا بەراییەکان 1914–1939، ل32). ئەوە لە کاتێکدا بە گوێرەی خاڵی هەشتەمی یاسای سەرپەرشتیکردن (ماندێت)، تیایدا هاتووە: (دەبێت دەوڵەتی سەرپەرشتیکار (بەریتانیا) دەستەبەری ئازادی و سەربەستییەکان بێت بۆ سەرجەم دانیشتوانی میسۆپۆتامیا بە شێوەیەک کە بەهۆی جیاوازی نەتەوایەتی، ئایین و ئایینزاکان هیچ جۆرە جیاوازییەک نەکرێ. هەروەها دەبێت هەر نەتەوەیەک مافی ئەوەی بدرێتی کە خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکی خۆی بێت و خوێندنگای تایبەت بە خۆیان هەبێت – سەرچاوە: محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، ل7–8).

قسەکانی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی ئێراق لە پەرلەماندا تەنیا لە پێناوی کەم کردنەوەی دەنگی ناڕەزایی کورد و مەترسی هەڵگیرساندنی شۆڕشی کورد بووە، ئەگینا ئەوان باوەڕیان بە مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد نەبووە. ئەگەر باوەڕیان بە مافی کورد هەبووایە لەسەر خاکی خۆی، لە لایەک باری فێرگەکانی کوردستان و ژمارەی بەرزی نەخوێندەوار و کەمی بودجەی تەرخانکراو بۆ بواری خوێندن بەمشێوەیە نەدەبوو، لە لایەکی تریشەوە شا فەیسەڵ لە وتارەکەی خۆیدا کە لە شاری موسڵدا ڕایگەیاند هەرگیز نەیدەگوت: (ویلایەتی موسڵ بەشێکی دانەبڕاوو

هەمیشەیی ئێراقە و، میری ئێراق هەرگیز ناتوانێت تەنیا بۆ تاقە ڕۆژێکیش بە بێ ویلایەتی موسڵ بژیت، چونکە کێشەی موسڵ پێوەندی بە ئاشتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و هەموو خۆرهەڵاتەوە هەیە، تورکەکان چاویان لە نەوت و کانزاکانی ولایەتی موسڵ-ە، وە داوادەکەم دانیشتوانی موسڵ تێبکۆشن بۆ سەربەخۆیی تەواوی ئێراق بە موسڵ-یشەوە – سەرچاوە: دکتۆر فازل حوسێن، کێشەی ویلایەتی موسڵ، ل291). کورد چۆن دەتوانێ باوەڕ بە عارەب بکات، چونکە لێرەدا هەست بە نیاز خراپی شا فەیسەڵ و عارەب دەکرێت، کە لێدانی زەنگی مەترسی داگیرکردنی کوردستان و ژێردەست کردنی کورد لەگەڵ سڕینەوەی یەکجارەکی خاکەکەی کە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)ە ڕادەگەیەنن. لەوەش خراپتر نیازپیسی پارتی سەربەخۆیی ئێراقە، کە لە ڕێکەوتی (1.9.1924)دا لە شاری موسڵ دامەزراوە، لە ڕاگەیاندنێکی ئەو پارتە ئێراقییەدا کە بەسەر خوێنکاراندا دابەشکرابوو، هانی خوێندکارانی دەدا سەبارەت بە هەر پرسیارێک لەسەر موسڵ بەمشێوەیە وەڵام بدەنەوە: (موسڵ سەری ئێراقەو هی عارەبە، هەر کەسێک لە ئێمە بیر لە جیاکردنەوەی ئەم ناوچەیە بکاتەوە لە ئێراقدا، ئەوا ناپاکی نیشتمان و ڕەگەز و نەتەوەکەیەتی و، شایەنی مردن و نەفرەتی گەلە – سەرچاوە: دکتۆر فازڵ حوسێن، کێشەی ویلایەتی موسڵ، ل292-293).

زۆرجاریش لێدوانی سەرانی عارەبی ئێراقی بە ئاشکرا لە لایەک مەترسی داگیرکردن و تواندنەوەی کورد و سڕینەوەی خاکی کوردستانی پێوە دیاربووە، لە لایەکی تریشەوە لکاندنی باشووری کوردستان بە ئێراق، مانای لە دەستدانی خاکی کوردستان، هەوڵی تواندنەوەی نەتەوایەتی کورد، ڕەچاو نەکردنی خواست و ئارەزووی کورد و نەسەلماندنی هیچ مافێکی نەتەوایەتی کوردی دەگەیەنێت لە لایەن نەتەوەی باڵادەستی عارەبی لە ئێراقدا، هەروەکو لێدوانەکەی شا فەیسەڵی شای ئێراق، لە سەردانێکیدا لە ڕێکەوتی (9.10.1921)دا بۆ شاری موسڵ، گوتبوی: (حکومەتی بەغدا بە بێ کوردستانی باشوورو موسڵ، ڕۆژێک ناژی – سەرچاوە: ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجیی ئێراق و سێکوچکەی بەعسییان تەرحیل تەعریب تەبعیس، ل86 + دکتۆر فازڵ حوسێن، کێشەی ویلایەتی موسڵ، ل191)، هەروەها لەو یاداشتەی شا فەیسەڵ کە لە ڕێکەوتی (17.1.1925)دا لە شاری بەغدا دابووی بە (کۆمیسیۆنی توێژینەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ)، نووسیبووی: (ئێراق بێ

کوردستان ناتوانێت بژی، چونکە کوردستان بۆ ئێراق وەکو سەرە بۆ لاشەی مرۆڤ)، بەڵام سیسیل جۆن ئێدمۆندس، لە لاپەڕە (478)ی پەرتووکی (کورد تورک و عارەب)دا، بەمشێوەیە باسیکردووە: (شا فەیسەڵ لە یاداشتی خۆیدا کە بۆ کۆمیسیۆنی ناردبوو، دەیگوت: بۆیە من موسڵ بۆ ئێراق وەک سەر بۆ لەش دەبینم. بڕوای تەواویشم ئەوەیە، هەر چەندە کێشەکە تەنیا دیاریکردنی سنووری نێوان ئێراق و تورکیایە، بەڵام لە ڕاستیدا کێشەی بوونی قەوارەی ئێراقە، بۆیە بەختەوەری و کوێرەوەری چوار ملیۆن مرۆڤ لەبەر دەستی کۆمیسیۆنە بەڕێزەکەتان دایە). هەر بە هەمان شێوە شا فەیسەڵ دەڵێت (دامەزراندنی حکومەتێکی هەمیشەیی ئێراقی و جێگیرکردنی پایەکانی دەوەستنە سەر بارودۆخی ئێستاو، وای دەبینم کە هەرگیز ناکرێت لە ڕووی سەربازی و ئابوورییەوە ئەو حکومەتەی بەغدا بژیت، ئەگەر هاتوو ویلایەتی موسڵی لەگەڵ نەبێت و، ئەو ویلایەتە بکەوێتە دەست حکومەتێکی تر. وە ناکرێت ئومێدی ژیانێکی ڕاستەقینە بۆ ئێراق دابین بکرێت بە بێ ویلایەتی موسڵ – سەرچاوە: ولايە الموصل تقرير لجنة عصبة الأمم الخاصة بحل النزاع التركي – البريطاني حول ولاية الموصل 1924-1925، مراجعة وتحقيق عبدالرزاق محمود القيسي، ل23). ئەو لێدوانانەی شای ئێراقی مانای ئەوە دەگەیەنێت کە بە بێ خواست و ئارەزووی کورد یان پرس پێکردنی کورد، دەبێت باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بخرێتە سەر ئێراق، چونکە کوردستان لە ڕووی ئابوورییەوە بۆ ئێراق زۆر گرنگەو بە بێ ئەو ئابوورییەی باشووری کوردستان، دەوڵەتی ئێراق ناتوانێت بژیت. بۆ نموونە ڕۆژنامەی ئەلئەمەلی عارەبی کە لە شاری موسڵ دەردەچوو، سەبارەت بە گرنگی ویلایەتی موسڵ نووسیویێتی: (حکومەتێک ئەگەر ویلایەتی موسڵی بە دەستەوە بێ و بەتایبەت سوپایەکی ڕێک و پڕ چەکی ببێ و بە پارەی خۆی ڕێگای شەمەندەفەری بۆ بکا، تەواوی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئەگرێتە ژێردەستی خۆی – سەرچاوە: نەوشێروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردی سالانی نێوان دوو جەنگی جیهانی 1918-1938، بەرگی دووەم، ل278 + نەوزاد عەلی ئەحمەد، کێشەی ویلایەتی موسڵ لە دوو ڕۆژنامەی سلێمانیدا، ل59). ئەوەی کە ڕۆژنامەی ئەمەلی عارەبی نووسیویێتی، گرنگی ویلایەتی موسڵ-مان لە ڕووی سەربازی، ستراتیژی و ئابوورییەوە بۆ دەردەخات، کە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا وێنەی نییە. بۆ زۆرتر شارەزابوون لەسەر

بایەخ و گرنگی ئەم ویلایەتە، دووبارە ئاماژە بە کۆپلەیەک لە نامەیەکی (مێجەر ئێدوارد نۆئیل)دەدەم کە لە ڕێکەوتی (15.11.1922)دا بۆ شێخ مەحمودی نەمری ناردووە، کە نووسیوێتی: (خاوەن شکۆ – شا فەیسەڵ – لە بارەی دانانی سنووریشەوە وتی: ئەگەر کوردەکان ئارەزووی سەربەخۆیی تەواویان هەیە، هەندێک ناوچە هەیە پێوەندی بە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری عارەبەوە هەیە، پێویستە لە سنووری ئێراقدا بمێنێتەوە – سەرچاوە: کەمال نوری مەعرەف، یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید لەسەر شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی حەفید، ل100). ئەوە وەکو ئەوەی کە ئەو شوێن و ناوچانەی شا فەیسەڵ داوایان دەکات بۆ کورد گرنگ نەبن و، پێوەندی بە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری دانیشتوانی کوردستانە وە نەبێت، تەنیا بۆ عارەب گرنگ بن و پێوەندییان بە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری دانیشتوانی عارەبەوە هەبێت، یاخود لە کورد زیاد بن و بۆ ئەوان پێویست بن! سەبارەت بە گرنگی شارەکانی باشووری کوردستان سیسیل جۆن ئێدمۆندس، ئەفسەری پایەبەرزی ئینگلیز لە کەرکوک و سلێمانی، لە ساڵی (1964)دا لە سمینارێکدا لە ئەنستیتۆی ستراتیژی تایبەت بە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە لەندەن و، دوای نزیکەی دوو ساڵێک هەر لە لەندەن و، لە سمینارێکی تریدا لە کۆمەڵەی پاشایەتی ئاسیای ناوەڕاست لە ڕێکەوتی (25.10.1966)دا، لەسەر دۆزی کورد گوتبووی: (ئەو حکومەتی ئێراقەی بیەوێ بە تەنگ خۆیەوە بێ و ڕێز لە خۆی بگرێ و بیەوێ لەسەر دەسەڵاتدا بمێنێ، پێویستە هەمیشە ئەوە ڕەچاو بکات کە هەرگیز نابێ ڕێگا بدات بەوەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان کەرکوک و دیالە بخرێنە سەر کوردستان – ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، سایکس – پیکۆو ترازاندنی جەمسەری کێشەی کوردی باشوور، ل76). من پێم وایە ئەگەر کوردی باشووری کوردستان یەکدەنگی و هەڵوێستێکی توندتریان نیشان دابایەو ڕاپەڕینێکی سەرانسەرییان لە دژی ئینگلیز بەرپاکردایە، ئەوکاتە بڕیاری ئینگلیز و کۆمەڵەی نەتەوەکان بەمشێوەیە نەدەبوو کە لە ڕۆژی (16.12.1925)دا بڕیاریاندا، بەڵام ئەوان کە زانییان هەڵوێستی کورد زۆر توند نییەو شۆڕشەکە شۆڕشێکی سەرانسەری نییە، بۆیە هەڵوێستیان بەمجۆرە نواند. دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام و حیزبی بەعسی عارەبی ئیشتراکیش لە ڕێکەوتی (9.4.2003)دا، هەڵوێستی سەرانی کورد هەمان نەرمی بیستەکانی سەدەی بیستەمی پێوە دیارە، بۆیە عارەبی شۆڤینی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە

هەوڵی کەم کردنەوەو لابردنی دەستکەوت و مافە نەتەوەیی و تایبەتمەندییەکانی کورد و هەرێمی کوردستانن.

هەر دیسان سیسیل ئێدمۆندس، کە ئەندامی پێوەندی کۆمیسیۆنی توێژینەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ بوو، کە لە ساڵی (30.9.1924)دا کۆمەڵەی نەتەوەکان بڕیاری پێکهێنانی دابوو، دەڵێ: (هیچکام لە ئێمە گومان داینەگرتین لە سەرکەوتن لە شەڕی مان و نەمان کە لە پێناوی ئێراقدا دەمانکرد، چونکە دڵنیابووین لەبەر هەندێ هۆی ئابووری و سەربازی ستراتیژی، ویلایەتەکانی بەسراو بەغدا هەرگیز ناتوانن بە بێ ویلایەتی موسڵ دەوڵەتێکی رێکوپێک دامەزرێنن و تاسەر بەردەوام بێت – سەرچاوە: سیسیل جۆن ئێدمۆندس، کورد تورک عارەب، ل477). هەر کەسێک بە قووڵی ئەو لێدوانەی ئێدمۆندس بخوێنێتەوە، پێم وایە دێتە سەر ئەو باوەڕەی کە ئینگلیزەکان هیچ بەرنامەیەکیان بۆ کورد نەبووە، بەڵکو گرنگترین شت بۆ ئەوان دامەزراندنی دەوڵەتێک بووە بۆ عارەبەکان لە ئێراقدا (ویلایەتەکانی بەغداو بەسرا)، هەروەها لکاندنی زۆرەملێیانەی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بەو دەوڵەتەوە، چونکە لەبەر هۆکارەکانی ئابووری، ستراتیژی، سەربازی، کۆمەڵایەتی و چەند هۆکارێکی تر بە بێ لکاندنی باشووری کوردستان، دەوڵەتی ئێراق نەک هەر توانای بەردەوامبوونی نەدەبوو، بەڵکو هەر زوو دادەتەپا!

لێدوانی بەرپرسانی ئێراقی تا ئێستاشی لەگەڵ دابێ دەریدەخەن کە ئەوان باوەڕیان بە مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد نییەو، باشووری کوردستانیش بە بەشێک لە خاکی عارەب دەزانن و کوردیش وەکو داگیرکەر سەیر دەکەن. بێگومان لێدوانەکانی کاربەدەستان و بەرپرسانی دەوڵەتی ئێراقی لە سەرەتای دامەزراندنی ئەو دەوڵەتەوە تاوەکو ئێستاش مایەی نیگەرانی نەتەوەی کورد و هەڕەشەیەکی گەورە بووە بۆ سەر کوردستان!

هەر بە هەمان شێوەی ڕاگەیاندنە هاوبەشەکەی (24.12.1922)ی بەریتانیا و ئێراق، دیسان لە سەرەتای ساڵی (1926)دا، هەر دوو میری بەریتانیا و ئێراق لە پێناوی دەستخەڕۆ کردنی کورددا ڕاگەیاندنێکی هاوبەشیان دەرکرد، کە بریتیبوو لە دانپێدانان بە دامەزراندنی میرییەکی کوردی. لە ڕاگەیاندنە هاوبەشەکەی دووەمی ئینگلیزەکان و ئێراقییەکاندا هاتبوو: (دەوڵەتی پایەبەرزی شای بەریتانیای مەزن و دەوڵەتی ئێراق دان بەوەدا دەنێن کە کوردی ئێراق مافی پێکەوەنانی میرییەکی

کوردی لە چوارچێوەی ئەو سنوورەدا هەیە. لە نزیکترین دەرفەتدا کورد دەتوانێ دەسەڵات و میرییەکەی دیاری بکاو سنووری دەستنیشان بکا – سەرچاوە: دکتۆر عەزیز شەمزینی، جوڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان، ل223–224). ئەو ڕاگەیاندنە هاوبەشەش هەروەکو ڕاگەیاندن و بەڵێنەکانی تری پێشوو، تەنیا مەرەکەبی سەر کاغەز بوو، نە جێبەجێ کراو نە هیچیشی لێ هاتەجێ.

لە سەرەتای مانگی فێبریوەری (1929)دا، شەش ئەندام لە نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی ئێراقدا (ئیسماعیل بەگی ڕواندزی (ئیسماعیل سەعید بەگ عەولا پاشا بەکر بەگ)، جەمال بابان (جەمال ڕەشید عەبدوڵڵا خالید ئەحمەد پاشای بابان)، سەیفوڵڵا خەندان (سەیفوڵڵا عزەت بەگ حوسێن پاشای خەندان)، حازم شەمدین ئاغا (حازم یوسف بەگ شەمدین ئاغا)، محەمەد بەگی جاف (محەمەد فەتاح بەگ حەمە پاشا)، محەمەد ساڵح بەگ (محەمەد ساڵح بەگ حەمە عەلی بەگ ساڵح بەگ)، داوای (یەکێتیی بەڕێوەبەرێتی کوردی)یان کردووە کە هەر یەک لە پارێزگاکانی هەولێر، کەرکوک، دهۆک، سلێمانی و چەندان ناوچەی پارێزگاکانی موسڵ و دیالە بگرێتەوە، لەگەڵ خوێندن بە زمانی کوردی، پەرەپێدانی زانست لە کوردستان، پڕکردنەوەی کێماسییەکانی خوێندنگاکانی کوردستان کە میری ئێراق بەدەستی ئەنقەست پشتگوێی خستبوون، هەروەها دانانی بودجەیەکی زۆرتر بۆ کوردستان، کەچی ئەو داوایەی ئەوانیش لە لایەن پەرلەمان و میری ئێراقیدا نەک بێ وەڵام مایەوە، بەڵکو یەکێک لە ڕۆژنامە هەرە ڕەگەزپەرستەکانی عارەبی ئێراقی بەناوی (العراق)ەوە، کە لە لایەن شۆڤینیستەکانەوە دەردەچوو، لە ڕێکەوتی (9.4.1929)دا سەبارەت بە داواکارییەکانی شەش ئەندام پەرلەمانە کوردەکە، بەمشێوەیە هەڕەشەی لە کورد کردووە: (ئێمە عارەبین، حکومەتمان عارەبە، ئەگەر کوردەکان داخوازیی وا پێشکەش بکەن، ئەرمەنییەکان لە تورکیادا چییان بەسەردا هات، کوردیش لە ئێراقدا بەو جۆرەی بەسەر دێ، ئیتر شیمانەی بە یەکەوە ژیانمان نەما لەگەڵ کورد)، هەروەها شا فەیسەڵ بڕیاریدا هەر یەک لە ئیسماعیل بەگی ڕواندز و حازم شەمدین ئاغا، هەرگیزاو هەرگیز نەکرێنەوە بە ئەندامی پەرلەمانی ئێراقی – سەرچاوە: (ئەحمەد خواجە، چیم دی، بەرگی سێیەم، ل52+63، هەروەها محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، ل617–618). پاشانیش بە دانانی جەمال بابان بە وەزیر لە لایەن سەرۆک وەزیران

نوری سەعید لە ڕێکەوتی (23.5.1930)دا، ئەوانیش بێدەنگیان هەڵبژاردو جارێکی تر ئەو باسەیان نەکردەوە – سەرچاوە: (عەلائەدین سەجادی، مێژووی ڕاپەڕینی کورد، ل78).

ئێستاش زۆربەی هەرە زۆری عارەبی ئێراقی هەر بە هەمان بیری شۆڤینی سەردەمی ڕۆژنامەی (العراق)ی کۆتایی بیستەکانی سەدەی بیست و بیرکردنەوەی ڕەگەزپەرستانەی حزبی بەعس و سەدامییە لەناوچووەکان بیردەکەنەوەو، دەستیان بڕوات بە دەردی ئەرمەنەکانی تورکیامان دەبەن، هەروەکو لە ساڵی (1988)دا هەوڵێکی لەو جۆرەیاندا لە پێناوی لەناوبردنی کورددا لەکاتی شاڵاوە هۆڤییەکانی ئەنفالکردنی کورد و کیمیاباران کردنی دانیشتوانی بێتاوانی کوردستاندا. لە هەمووشی سەیرتر ئەوەیە هەر سەبارەت بە داواکاری ئەو شەش ئەندامە کوردەی پەرلەمانی ئێراق، گۆڤاری (کۆمێنتێرن)ی سەر بە پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی دەسەڵاتدار لە یەکێک لە ژمارەکانی ساڵی (1929)یدا نووسیویێتی: (بەریتانیا، گەرەکێتی، کوردستانێکی دژ بە تورکیا و سۆڤیەت، لە ویلایەتی موسڵ-دا دروست بکات – سەرچاوە: کوردۆ عەلی، سۆڤیەت و بزووتنەوەی نیشتمانی کورد، ل42). ئای قوڕ بەسەر ئەو میللەتانەی کە ئەو کۆمۆنیستانە بەڕێوەیان دەبردن، ئەوە لە کاتێکدا کە ئینگلیزەکان دەوڵەتی ئێراقیان بۆ عارەب دروست کردبوو، هەروەها بە تانک، تۆپ و فڕۆکە پشتیوانیان لە عارەب و پارێزگارییان لە دەوڵەتی ئێراق دەکرد لە دژی کوردەکان، کەچی ئەوان بەمشێوەیە بوختان بۆ کورد دروست بکەن و تۆمەتی دژی سۆڤیەتی بدەنەپاڵ!!!

# هۆکارەکانی لکاندنی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بە دەوڵەتی ئێراقەوە:

## گرنگترین هۆکارەکانی لکاندنی ویلایەتی موسڵ ئەمانەن:

## یەکەم: هۆکارە دەوڵییەکان:

1. گرنگی ئابووری و هەبوونی نەوت، گازو سەرچاوە سروشتییەکانی تر لە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)دا بەشێوەیەکی زۆر، کە داهاتی وڵات بەرز دەکاتەوەو ئابوورییەکەی دەبوژێنێتەوە. هەروەکو زانراوە (75%)ی نەوتی ئێراق هی باشووری کوردستانە، بەو (25%)ی کە دەمێنێتەوە ئێراق ناتوانێت وەکو دەوڵەت بەردەوام بێتو بژیت. هەروەها ئەو سەرچاوە سروشتییانە کۆڵەگەیەکی گرنگ و بنچینەیی مانەوەی دەوڵەتن. گومانیش لەوەدا نییە کە دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراقیش بە بێ ویلایەتی موسڵ نەیدەتوانی بەردەوام بێت، بۆیە ئەو ویلایەتەیان خستە سەر ئەو دەوڵەتە دەستکردەی بەریتانیای داگیرکەر. هەروەها بە گوێرەی قسەی مستەفا کەمال ئەتاتورک بوونی پشکێکی گەورەی (لۆرد کورزۆن)ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لە کۆمپانیای نەوتی تورکی (تورکیش پترۆلیۆم کۆمپانی) – سەرچاوە: (میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، المسألة الكوردية (1917–1923)، ترجمة دكتۆر عەبدی حاجی، ل287، کە ئەویش لە (ی. س. ئارالۆف، مذكرات ديبلوماسي سوڤياتي 1920–1923، مۆسکۆ 1960، ل168دا وەریگرتووە + دکتۆری شەهید عەبدولڕەحمان قاسملو، کوردستان و کورد لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و ئابووری، ل80)، فاکتەرێکی مەزن بووە بۆ هاندانی کورزۆن کە پاڵی بە حکومەتی بەریتانیا وە ناوە بۆ ئەوەی لە هەوڵی بەردەوامدا بێت لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆی و لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە ئێراقەوە، تاوەکو کۆمپانیای نەوتی تورکی چیاوگی

(إمتیازی) دەرهێنانی نەوتی کەرکوکی پێبدرێت. هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو هەم حکومەتی بەریتانیا و هەم کۆمەڵەی نەتەوەکان هەڕەشەی ئەوەیان لە حکومەتی ئێراق دەکرد، ئەگەر بێتوو چیاوگی دەرهێنانی نەوتی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) نەدەن بە کۆمپانیای نەوتی تورکی، ئەوکاتە ویلایەتی موسڵ دەدەن بە تورکیا – سەرچاوە: (پارتی دیموکراتی کوردستان – مەکتەبی سیاسی – مەکتەبی ناوەندیی دیراسات و تۆژینەوە، نەوتی کوردستانی ئێراق نەوت و چارەنووسی سیاسی کورد و کوردستان، بەشی دووەم، ل28–29، هەروەها لاپەڕە (23) لە هەمان سەرچاوە بە عارەبی). یەکەم گرێبەستی نەوتیش لە نێوان کۆمپانیای ناوبراوو حکومەتی ئێراقی لە ڕێکەوتی (14.3.1925)دا مۆرکرا، لە پێناوی دەرهێنانی نەوت لە شاری کەرکوک بۆ ماوەی حەفتاو پێنج ساڵ – سەرچاوە: (ئەحمەد ڕەشید ئەحمەد بیبانی، كركوك الجريحة، ل17). ئەوە لە کاتێکدا کە کۆمیسیۆنی توێژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ هێشتا لە باشووری کوردستان و خەریکی لێکۆڵینەوە بوو، لە هەمان کات هێشتا شاری کەرکوک وەکو ناوچەیەکی سەر بە ویلایەتی موسڵ–ی کوردستانی بەشێوەیەکی فەرمی نەخرابووە سەر ئێراق، کەچی حکومەتی ئێراق گرێبەستی دەرهێنانی نەوتی کەرکوکی لەگەڵ کۆمپانیاکە واژۆکردبوو، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە ئینگلیز بڕیاری پێشەکی بەزۆر لکاندنی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)ی بە ئێراقەوە دابوو، هەروەها ئاماژەیەکە بۆ وەرگرتنی گلۆپی سەوز لە لایەن ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکانەو، بی هێزی و وابەستەیی کۆمەڵەی نەتەوەکانیش لە بەرانبەر بەریتانیا و بە بەریتانیا وە دەسەلمێنێت. لێرەدا ئاماژە بە لێدوانێکی لۆرد کۆرزۆنی وەزیری دەرەوەی بەریتانی دەدەم کە ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە زۆربەی ڕێکەوتن و پەیماننامەکانی نێوان بەریتانیا و وڵاتانی هاوپەیمان لەگەڵ وڵاتانی دۆڕاوی جەنگی یەکەمی جیهانی، کە دەڵێت: (سوێندخۆران لەسەر دەریایەکی نەوتەوە بە سەرکەوتن گەیشتن – سەرچاوە: پرۆفیسۆر دکتۆر کەمال مەجید، النفط والكورد، دراسة العلاقات العراقية–الايرانية–الكويتية، ل20). ئەم قسەیەی ناوبراو دەیسەلمێنی کە ئەوان بایەخێکی گرنگ دەدەن بە نەوت و، دڵی خۆیان بەوە

خۆش دەکەن کە دەسەڵاتیان بەو ناوچەو وڵاتانە گەیشتووە کە نەوتی زۆری تێدایە. هەروەها جەختکردنەوەی سەرۆک وەزیرانی بەریتانی (دیڤید لۆید جۆرج) لە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەرانی بەریتانیدا لە ڕێکەوتی (23.3.1920)دا کە دەڵێت: (حکومەتی بەریتانیا دەستبەرداری زەوییەکانی باکووری نێوان دوو ڕووبارەکە (کوردستانی ئێراق) نابێ، ئەگەر هاتوو داگیرکردنی زۆریشی لەسەر بکەوێت. لەبەر توانستە گەورەکەیی و چاڵگە بە نەوت دەوڵەمەندەکانی و سەربارەی بوونی سامانی سروشتییەکەی بوو کە لە هەموو وڵاتێکی تری جیهاندا زۆرترە - سەرچاوە: (پارتی دیموکراتی کوردستان – مەکتەبی سیاسی – مەکتەبی ناوەندیی دیراسات و تۆژینەوە، نەوتی کوردستانی ئێراق نەوت و چارەنووسی سیاسی کورد و کوردستان، بەشی دووەم، ل22، هەروەها لاپەڕە (18) لە هەمان سەرچاوە بە عارەبی). ئەم جەختکردنەوەیەی سەرۆک وەزیرانی بەریتانی دەیسەلمێنی کە هۆکاری هەرە گرنگی لکاندنی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بە ئێراقی عارەبەوە، بوونی نەوتی زۆری باشووری کوردستان بووە. مێژوونووسی ناوداری ئێراقی عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی، لە لاپەڕە (76)ی بەرگی یەکەمی چاپی حەوتەمی پەرتووکی (تأريخ العراق السياسي الحديث)دا، نووسیوێتی: (لە ڕاپۆرتێکی بەریتانیدا هاتووە کە بەریتانیا بەرژەوەندییەکی ئابووری فراوانی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، لە هەمووشیان گرنگتر چاڵگەکانی نەوتن لە کەرکوک – سەرچاوە: عومەر محەمەد محەمەد کەریم، القضية الكوردية في الصراع البريطاني العراقي 1918-1932، ل55). لەو ڕاپۆرتەدا گرنگی نەوت و پەرۆشی بەریتانیا بۆ ئەو نەوتەمان بۆ دەردەکەوێت، کە هەر بوون و گرنگی نەوتی کەرکوک و موسڵ بوو وای لە بەریتانیا و هێزە دەسەڵاتدارەکان کرد، بڕیاری داگیرکردن و لکاندنی ویلایەتی موسڵی کوردستانی بدەن بە ئێراقی عارەبەوە. وەلێ دووەم کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە ئێراق (سێر ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن)، سەبارەت بە هەمان پرس لە لاپەڕە (282)ی بەشی دووەمی پەرتووکی (بلاد مابين النهرين بين ولاءين خواطر شخصية وتأريخية)دا، نووسیوێتی: (ئومێدی پاراستن و بەردەوامبوونی ویلایەتەکانی بەغداو بەسرا بە یەکگرتوویی و گونجاوی لە

حوکمێکی ئۆتۆنۆمیدا لاوازبوو، بە بێ ئەو داهاتانەی کە دێنە دەست لەو سەرچاوە ئابوورییانەی کە ویلایەتی موسڵ هەیەتی). وەرگێڕی هەمان سەرچاوەی سەرەوە لە لەپەڕە (321)دا نووسیوێتی: (ئینگلیزەکان تا ماوەیەک دەیانویست کوردەکان دروست بکەن، کە زۆربەی زۆریان لەوەی کە بەناوی (ویلایەتی موسڵ) ناودەبرا دادەنیشتن. ئینگلیزەکان چاویان بڕیبووە ویلایەتی موسڵ، وەکو ئەوەی کە لۆید جۆرج لە پەرلەمانی بەریتانیدا لە مانگی مارسی ساڵی (1920)دا گوتی: ویلایەتی موسڵ وڵاتێکی خاوەن توانایەکی مەزنە کە نیشتەیەکی نەوتی زۆری لێیە. خاوەنی دەوڵەمەندترین سەرچاوە سروشتییەکانە کە لەوانەیە لە هەموو وڵاتانی جیهانی زۆرتری تێدا بێت). گرنگی و دەوڵەمەندی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)مان لەو هەڵسەنگاندنەی کۆمیسیاری باڵاو (لۆید جۆرج) کە بۆ ویلایەتی موسڵ-یان کردووە دەردەکەوێت، چونکە ئەوان لە لایەک بە ئاشکرا باسی ئەوە دەکەن کە حکومەت و دەوڵەتی ئێراق بە بێ باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)، هەردەم مەرگ هەڕەشەی لێدەکات، بە چەشنی برسێتی و کەم خۆراکی کە چۆن هەردەم هەڕەشە لە منداڵە برسییەکانی ئەفریقیا دەکەن، لەگەڵ باسکردنی دەوڵەمەندی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بە نەوت و سەرچاوە سروشتییەکانی تر! کەچی ڕۆژهەڵاتناسی ڕوسیا ئەلبێرت میخائیلۆڤیچ مینتیشاشڤیلی، زۆر ڕاشکاوانەو بێ پێچووپەنا لە لاپەڕەکانی (246-247+250)ی پەرتووکی (العراق في سنوات الأنتداب البريطاني)دا نووسیوێتی: (ئەو دەوڵەمەندییەی ویلایەتی موسڵ بە نەوت، ڕۆڵی بنچینەیی بینی لە سەرهەڵدانی پرسی ویلایەتی موسڵ. ئینگلیزەکان بە دەستبەسەرداگرتنی ویلایەتی موسڵ دوو ئامانجیان هاتەدی، یەکەمیان بەدەست هێنانی نەوت بوو، دووەمیشیان مسۆگەرکردنی قازانجە ستراتیجییە پێویستەکان بۆ پارێزگاری کردن لە ئیمپراتۆریەتی داگیرکەرانەی خۆیاندا بوو).

2. گرنگی شوێنی ستراتیژی و هەڵکەوتنی جیۆپۆلیتیکی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)، کە ڕێگای بەیەک گەیاندنی کوردستان، تورکیا، سوریا، ئێراق، ئێران و ڕوسیایەو، ڕۆڵێکی مەزنی بینی لە لکاندنی ئەو هەرێمە بە

ئێراقی عارەبییەوە. ئەگەر ئەو ویلایەتە بکرابایە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، مەترسییەکی گەورەی لەسەر بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی ئێراقی عارەبی (ویلایەتەکانی بەغداو بەسرا) دروست دەکرد. ڕاستی هۆکارەکانی یەکەم و دووەمی سەرەوە لەم تەلەگرافەی کۆمیسیاری باڵای بەریتانیا وە لە بەغدا دەردەکەوێت، کە بە ژمارە (6666)ی ڕۆژی (13.6.1919)دا، وەڵامی وەزارەتی هیندستانی دابووەوە، کاتێک کە لە حوزەیرانی ساڵی (1919)دا سکرتێری وەزارەتی هیندی لە لەندەن تەلگرافێکی ناردبوو بۆ کۆمیسیاری باڵای بەریتانی (سێر ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن) لە بەغدا، کە داوای پێشنیازو هەڵوێستی لە کۆمیسیاری باڵا کردبوو سەبارەت بە کوردستان (ویلایەتی موسڵ)، ئەویش بە بروسکەی ناوبراو وەڵامی دەداتەوەو دەڵێت: (لەبەر چەند هۆیەکی ئابووری و ستراتیژی وە بۆ ئەوەی دەوڵەتی ئێراق سوود لە ناوچە شاخاوییەکان وەربگرێت کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن نیاز وایە سلێمانی، ڕانیە و کۆیسنجەق بخرێنە سەر میسۆپۆتامیا و، هەولێر کە بەشێکی هێڵی شەمەندەفەری بەرەو موسڵ پێکدەهێنێت لەبەرئەوە دەبێ ئاکرێ لە کوردستان جیابکرێتەوەو، ئەبێ دهۆک و زاخۆش بخرێنە سەر میسۆپۆتامیا – سەرچاوە: جەلال تاڵەبانی، کوردستان والحرکة القومیة الکوردیة، ل128 + دکتۆر عەزیز شەمزینی، جولانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان، ل221 + فوئاد حەمە خورشید، کرکوک قلب کوردستان، ل67). بۆ زیاتر تیشک خستنە سەر ئەو خاڵە، پەنا دەبەینەبەر قسەیەکی (کوبنسی رایت)ی مامۆستای یاسای نێودەوڵەتان لە زانکۆی شیکاگۆ کە دەڵێت: (بەریتانی و ئێراقییەکان پرسی ویلایەتی موسڵ-یان بە گرنگ لە قەڵەمدا. ئەگەر موسڵ بەدەستی تورکەکان بوایە بەغدا لە ڕووی سەربازییەوە هەڕەشەی لێدەکرا. هۆکارە ئابوورییەکانی نەوت و سەرچاوەکانی ئاو بۆ ئاودێری و ئامادەکردنی کەرەستەی کردنەوەی ڕێگاوبان و دانەوێڵە، ڕۆڵی خۆیان هەبوو لە دوودڵیی ئێراق و بەریتانیا لەسەر ئەم ناوچەیەو، ئێراقییەکان دەیانزانی بە تەنیا خۆیان ناتوانن ڕووبەڕووی تورکەکان ببنەوە، بۆیە سکاڵاکانی خۆیان دژی بەریتانیا لەبیر بردەوەو لە خەباتی دیبلۆماسییانەی لە بەردەم کۆمەڵەی نەتەوەکاندا

پشتگیریان کرد - سەرچاوە: دکتۆر فازڵ حوسێن، کێشەی ویلایەتی موسڵ، ل377). هەر سەبارەت بە گرنگی ڕۆڵی سەربازی ویلایەتی موسڵ لە ناوچەکەدا، ئەلبێرت میخائیلۆڤیچ مینتیشاشڤیلی، لە لاپەڕە (265)ی پەرتووکی (العراق في سنوات الأنتداب البريطاني)دا، نووسیوێتی: (شا فەیسەڵ، لە ڕێکەوتی (9.10.1925)دا لە شاری لەندەن ڕایگەیاند: نە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە ئێراقەوە، نەک تەنیا دەبێتە لێدانێکی گەورە بەڵکو لێدانێکی کوشندەش بۆ ئێراق، کە دەبێتە هۆی بەدواداهاتن و بەفیڕۆدانی خەرجییەکی زۆر بۆ ئامادەکاری سەربازی. ئەوەبوو هەر دوای گەڕانەوەی فەیسەڵ بۆ بەغدا بڕیاریدا ژمارەی سوپای ئێراق بەرزکرێتەوە بۆ دوازدە هەزار سەرباز). ئەو بۆچوونەی شا فەیسەڵی ئێراق، گرنگی هەڵکەوتی دوو لایەنی ستراتیژی و سەربازی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان)مان بۆ دەردەخات بە تەواوی. هەروەها میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، لە لاپەڕە (53)ی پەرتووکی (المسألة الكوردية (1917-1923)دا باسی ئەوەی کردووە، کە چەندان سەرچاوەی زانستی فراوان جەختیان کردۆتەوە لەسەر گرنگی ئابووری، سیاسی و سەربازی ویلایەتی موسڵ بۆ بەریتانیا.

3. سنووری ئەو ئێراقەی کە لە ڕێکەوتی (25.10.1920)دا لە ویلایەتەکانی بەغداو بەسرا لە سەردەستی ئینگلیزەکان دروستکرا، لە هەموو لایەکەوە کراوەبوو. بە لکاندنی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) چەندان بەربەستی سروشتی (چیاکان، گردو تەپۆلکەکان)ی بۆ پەیدابوو، کە سنوورەکانی باکوور، خۆرهەڵات و خۆرئاوای دەپارێزن. لە لاپەڕە (12)ی پەرتووکی (ولايە الموصل تقرير لجنة عصبة الأمم الخاصة بحل النزاع التركي – البريطاني حول ولاية الموصل 1924-1925، مراجعة وتحقيق عبدالرزاق محمود القيسي)دا، باسی ئەوە دەکات کە کۆمیسیۆنی توێژینەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ ئاماژەی بە گرنگی ئابووری و جوگرافیای سیاسیی (جیۆپۆلەتیک)ی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان)ی کردووە سەبارەت بە دەوڵەتی تازە دامەزراوی ئێراق لە ویلایەتەکانی بەغداو بەسرا. هەر سەبارەت بە گرنگی ستراتیژی و

سەربازی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان)، ڕۆژنامەی (لازی فەرەنسی) کە لە پاریسدا بڵاودەکرایەوە نووسیویەتی: (ویلایەتی موسڵ چونکە دەکەوێتە سەر کەناری ڕووباری دیجلە و زنجیرە چیای کوردستان، بە بەغدا، هیند، ئێرانی کورد تا ئەنادۆڵ و بە سوریا بەستراوەو، بەو هۆیەوە بۆتە کلیلی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. هێزێکی سەربازی کە لەوانەیە ببێتە هەڕەشە بۆسەر وڵاتی ئێراق لەو شاخانەوە دەردەکەوێ، کە درێژبوونەوەی ئەو شاخانە لەسەر شێوەی نیوە بازنەیەکە لە باکوور و خۆرهەڵاتی بیابانی ویلایەتی موسڵە-ە. لە خاڵی سەربازیشەوە موسڵ خاڵێکی بەرەنگاربوونەوەی ناوەندییە، چونکە ئامانجی یەکانەی چاوتێبڕینی هێرشبەرانە بۆسەر شاری بەغدا دروست ئەکا)، سەرچاوە: (نەوزاد عەلی ئەحمەد، کێشەی ویلایەتی موسڵ لە دوو ڕۆژنامەی سلێمانیدا، لە پەرتووکە چاپکراوەکانی شارەوانی سلێمانی، ئۆفسێتی ژیر، باشووری کوردستان – سلێمانی 2004، ل58). هەر سەبارەت بە گرنگی کوردستان و (ویلایەتی موسڵ)، مستەفا کەمال ئەتاتورکی سەرۆکی تورکە فاشیستەکان، وتوویەتی: (ئەگەر هاتوو بارودۆخی جەنگ لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا هاوسەنگ بوو، ئەو لایەی کە دەست بەسەر کوردستاندا دەگرێ سەرکەوتن بۆ خۆی مسۆگەر دەکا – سەرچاوە: دکتۆر عەزیز شەمزینی، جوڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان، ل28).

4. هەبوونی ئایینزای جیاجیا ڕۆڵی بەرچاوی لە لکاندنی ویلایەتی موسڵ هەبووە، نیوەی زۆرتری ئێراق بریتیبوون لە شیعە، بەڵام سونە تەنیا نزیکەی (15%)ی دانیشتوان و کوردیش کە زۆربەیان سوننە بوون، ئەگەر بخرابانایە سەر ئێراق کە نزیکەی (28–30%)ی ڕێژەی دانیشتوانیان بەلای کەمەوە پێکدەهێنا، بۆیە لە پێناوی هاوسەنگ ڕاگرتنی سونەو شیعەی عارەب، ئینگلیزەکان، باشووری کوردستان و کوردەکانیان خستە سەر ئێراق، تاوەکو ژمارەی سونە بە کورد و عارەبەوە بەرانبەر یان نزیک بێت بە ژمارەی شیعەی عارەب. سەبارەت بە ڕۆڵی ئایینزا لە لکاندنی زۆرەملێیانەی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بە ئێراقی عارەبییەوە، ئاماژە بە بروسکەی ژمارە (513)ی ڕۆژی (20.9.1921)ی سێر پێرسی

کۆکس دەدەم، کە بریتییە لە وەڵامێک بۆ چەرچڵی وەزیری کۆلۆنی بەریتانی، کە لە بروسکەکەدا هاتووە: (وادیارە فەیسەڵ لەوە دەترسێ کە ئەگەر حکومەتێکی سەربەخۆی کورد لە ویلایەتی موسڵ پێکهات ئەنجامی ئەوە ئەبێ بەوەی کە هانی کوردەکانی تورکیا و ئێرانیش دەدا بچنە پاڵ ئەو حکومەتە و لایەنگری بکەن کە ئەوە مەترسییەکی گەورە پەیدا دەکا بۆسەر ئێراق، جگە لەوە فەیسەڵ هیواو ئومێدێکی زۆری هەیە بە کوردە سونییەکان کە بتوانێ بەهۆی ئەوانەوەو لە ئەنجومەنی یاسادانانەدا زۆربەی دەنگدانی بەهۆی ئەوانەوە دەستگیر بێت – بڕوانە: محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان، بەرگی دووەم، ل84). لێرەدا ئاماژە بە بەڵگەنامەیەکی گرنگی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغدا (سێر هێنری ڕۆبەرت کۆنوای دوبس) دەدەم، کـە لە ڕێکەوتی (6.12.1925)دا بە ژمارە (E. 6132-32-85) بۆ بەرپرسانی دەوڵەتی بەریتانی ناردووەو، تیایدا هاتووە: (نوێنەرە کوردەکان لە پەرلەمان (کە مەبەستی پەرلەمانی ئێراقە) بەشێکی گرنگ پێکدەهێنن لە ڕووی سیاسییەوەو هەمیشە لایەنگری ئەوەن پێوەندی ئێراق و بەریتانیا بەهێزتر بێت، لەبەرئەوە دوورخستنەوەی ئەو نوێنەرانە لە پەرلەمادا زیانێکی زۆری دەبێ، بێجگە لەوە بە بێ بوونی ئەو کوردانە لە پەرلەمانی ئێراقدا شیعەکان ژمارەیان زۆرتر دەبێ کە ئەمە دەبێتە هۆی ناقایلبوونی (سونی) بەرانبەر بە شیعە ووشک و کەللەڕەقەکان کە لە لایەن زانا ئاینییەکانەوە دەبرێن بەڕێوە – سەرچاوە: محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، ل643). هەر سێر هێنری ڕۆبەرت کۆنوای دوبس سەبارەت بە ڕۆڵی گرنگی کورد لە مسۆگەرکردن و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئینگلیز لەناو پەرلەمانی ئێراقدا، لە نامەیەکی خۆیدا لە ڕۆژی (16.3.1926)دا بۆ (شاک برگ لیسمۆر)ی ناردووەو، لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی بە ژمارە (11460/371)دا پارێزراوە، ناوبراو نووسیوێتی: (بێجگە لە لایەنی ستراتیژی و پێویستی ناسینی فەرمی، کوردەکان لە مانادا نیشانیان دابوو کە پارسەنگی کاریگەری بەریتانیان لە ئێراق... بە بەرەکەتی بوونی

فراکسیۆنی کوردەکان لە پەرلەمانی ئێراق بوو کە پەیمانی ساڵی (1922)ی بەریتانیا و ئێراق، سەرەنجام لە حوزەیرانی (924)دا ڕاستاندنی لەسەر کراو، لەوە بە دواش کوردەکان بە دەنگ و کاریگەری خۆیان داکۆکییان لە سیاسەتی بەریتانیا کردووە - سەرچاوە: دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، بەرگی یەکەم، ل356-357). دیارە لێرەدا و دوای نزیکەی هەشتا ساڵێک مێژوو دووبارە دەبێتەوە، بێئەوەی کورد و سەرکردایەتی کورد سوود لە ئەزموونی تاڵی خۆی لەگەڵ عارەبی ئێراق و داگیرکەری ئینگلیز یان ئەمریکی وەرگرێت. لە دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدامیش کورد هەوڵی پتەوکردنی پێوەندییەکانی خۆیدا لەگەڵ ئەمریکییەکان، بەڵام لە بەرانبەر هیچ و بە بێ بەدەست هێنانی هیچ دەستکەوتێک، سەرکردایەتی کورد ڕەویکرد بەرەو بەغدا لە پێناوی دامەزراندنەوەی ئێراقی لەناوچوو، بە بێ ئەوەی هیچ مافێکی وا یان گەرەنتییەکی نێودەوڵەتی دەستکەوێ سەبارەت بە چەسپاندی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردمان لە باشووری کوردستان. ئەوەی کە لە دەستوری ئێراقیشدا لە لایەن عارەبی ئێراقدا دانی پێدانراوە هیچی مسۆگەر نییە، هەروەکو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و لە ئەنجامی بەهێزبوونی عارەب و لەسەر پێ وەستانەوەی دەوڵەتی ئێراق، عارەبی شۆڤینی و دەسەڵاتدار بڕو بیانو بە کورد دەگرن و لە مافەکانی کورد کە دەستووری ئێراقی دانی پێداناوە، پەشیمان دەبنەوە.

5. باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) لە ڕووی سەرچاوە سروشتییەکان و کەرەستەی خاوی ژێر زەوی و کانزاکان دەوڵەمەند بوو، هەروەها سەرچاوەی ئاوو بەروبوومی کشتوکاڵی زۆریشی هەبوو کە بەشی ئاودێری و پێویستی ساڵانەی هەموو ئێراقی دەکرد، ئەمەش بووە هۆیەکی گرنگی لکاندنی ئەو ویلایەتە بە ئێراقەوە. هەروەکو لە لاپەڕە (11)ی پەرتووکی (ولایە الموصل تقریر لجنة عصبة الأمم الخاصة بحل النزاع التركي – البريطاني حول ولاية الموصل 1924-1925، مراجعة وتحقيق عبدالرزاق محمود القيسي)دا، باسی گرنگی ئابووری و سەرچاوەی ئاوی بەمشێوەیە کردووە (ویلایەتی موسڵ لە ڕووی ئابوورییەوە بۆ ئێراق وەکو

سەبەتەیەکی نان وایە. تەواوی ڕاپۆرتەکان (ڕاپۆرتەکانی کۆمیسیۆنی توێژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ) جەخت دەکەنەوە لەسەر گرنگی سەرچاوەکانی ئاوی ویلایەتەکەو ئاسۆی وەبەرهەمهێنانی لەدوارۆژدا). هەر لە لاپەڕە (190–191)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، سەبارەت بە گرنگی ئابووری کشتوکاڵی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بۆ ئێراقی عارەبی، نووسراوە: (کاتێک کە ویلایەتەکانی بەغداو بەسرا پشت بە گەنمی موسڵ ببەستن، ئەوسا هەردەم هەر دوو ویلایەتەکە دەکەونە بەر هەڕەشەی سوپای تورک کە لە ویلایەتی موسڵ دای کوتاوە. ئینجا ئەو سوپایە دەتوانێ نەک تەنیا بەغدا بێبەشکا لە هەموو پێداویستییەکانی خۆراک و، بەڵکو دەتوانێ هەر ڕێگایەکی بیەوێت بیگرێتەبەر لە پێناوی هێرش بردن. وە هیچ ئاستەنگێک نایەتە بەردەمی لە بڕینی ڕێگای نێوان بەغداو ئێران. بۆیە مەحاڵە دەوڵەتێکی عارەبی بوونی بمێنێ، کە سوپایەکی لەو جۆرە وڵاتێکی داگیر کردبێت کە درێژ بووبێتەوە بۆ چیاکانی حەمرین – کێوەسوور). هەروەها (ڕۆنیە لۆمبۆرن)ی نووسەری سویدی، لە لاپەڕە (29)ی پەرتووکی (کورد گەلێکی بێ وڵات)دا نووسیویێتی: (بەریتانیا لەبەر چەند هۆیەکی سەربازی، ئابووری و ڕامیاری دەیەویست موسڵ بە ئێراقەوە کە منداتی خۆی بوو، بلکێنێ). ئەم بۆچوونەی ڕۆنیە لۆمبۆرن ڕاستییەکی بەڵگە نەویستە، کە کۆمەڵێک هۆکاری دانەمەزراندنی دەوڵەتی کوردی و لکاندنی زۆرەملێیانەی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)ی بە جارێک باسکردووە. سەبارەت بە گرنگی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بۆ ئینگلیزەکان، ئاماژە بە بەڵگەنامەیەکی ناو ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی دەدەم، کە لە لایەن (J. E. S)ەوە لە ڕۆژی (14.10.1921)دا بۆ (Sir J. Masterton – Smith) نێردراوە کە دەڵێت: (وا یاداشتی ئەفسەرێکی سوپاتان بەناوی ئاڕ ئێم مێینەر زۆگین ( R. M. Meiner Zhogen) بۆ دەنێرم کە وەکو ئەفسەرێکی سوپایی مافی ئەوەی هەیە سەرنجی خۆی پیشانبدا دەربارەی هەڵوێستی ئەم ڕۆژانە بەتایبەتی ئەگەر نەمانتوانی لەگەڵ تەرکەکاندا بەخۆشی بگەینە ئەنجام، کە دەڵێت: بەو هێزە کەمەی کە هەمانە ناتوانین بەشی ژووڕووی میسۆپۆتامیا (مەبەست

لە کوردستان بووە) بپارێزین ئەگەر تورکەکان هێرش بێنن. لەگەڵ ئەوەشدا چۆڵکردنی ویلایەتی موسڵ (کوردستان) مانای وازهێنانە لە سیاسەتی ئێمە لە میسۆپۆتامیا، لەبەرئەوە تاقە ڕێگەیەکی باش ئەوەیە دۆستایەتی لەگەڵ تورکدا پەیدا بکرێ – سەرچاوە: محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، ل258-259). بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی ئینگلیزەکان کە لە سەرەوەدا ئاماژەی پێکراوە، گرنگی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) ئەوەندە کاریگەرە بەسەر تەواوی میسۆپۆتامیا وە، چونکە ئەگەر ئینگلیزەکان باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) لەدەست بدەن، مانای وایە کە سیاسەتیان لە تەواوی میسۆپۆتامیا شکست دێنێ و، هەم میسۆپۆتامیای سەروو (کوردستانی باشوور/ ویلایەتی موسڵ) و هەم میسۆپۆتامیای خواروو (ئێراق/ هەر دوو ویلایەتەکانی بەغداو بەسرا) لەدەست دەدەن. دیسان سەبارەت بە گرنگی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بۆ ئێراق لە ڕووی ئابوورییەوە، نووسەری ئێرانی نادر ئینتیسار نووسیویێتی: (ئۆفیسی بەریتانی لە هیند گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە پارێزگاریکردن لە ئێراق لە لایەن بەریتانیا وە، ئێراق ناگەیەنێتە ئەوەی کە بە دەوڵەتێکی زیندوو بمێنێتەوە، ئەگەر ویلایەتی موسڵ نەخرێتە سنووری ئەو دەوڵەتەوە، هەروەک ئەگەر ئێراق لە ڕووی ئابوورییەوە زیندوو نەبێت ئەوا بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا تیایدا لە مەترسیدا دەبێت – سەرچاوە: نادر ئینتیسار، ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی، وەرگێڕانی بۆ کوردی عەتا قەرەداخی، چاپی یەکەم، چاپخانەی قانع، سلێمانی – باشووری کوردستان 2003، ل74). ئەو ڕاپۆرتەی ئۆفیسی بەریتانی لە هیند، گرنگی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)مان بۆ ئاشکرا دەکات بەوەی کە هەرگیز دەوڵەتی ئێراق بە بێ ویلایەتی موسڵ وەکو دەوڵەت بەردەوام نابێت و ناژیت. هەر سەبارەت بە گرنگی ئابووری باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بۆ ئێراق، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا (لۆرد کۆرزۆن) گوتوویەتی: (گرنگی ئابووری ویلایەتی موسڵ ناکرێت پشتگوێ بخرێت – سەرچاوە: الدكتور جزا توفيق طالب، المقومات الجيوپولتيكية للامن القومي في أقليم

کوردستان، ص381). هەر لەمەڕ بایەخی ئابووری باشووری کوردستان بۆ ئێراق، حکومەتی بەریتانیا لە ئاداری ساڵی (1925)دا شاندێکی ناردبوو بۆ لێکۆڵینەوەی باری دارایی ئێراق و گرنگی ئابووری کوردستان بۆ ئەو دەوڵەتە تازەیە، شاندەکەدا لە ڕاپۆرتی خۆیدا جەختی کردبووەوە کە: (ئەگەر بڕیارێک بە پێچەوانەی بەرژەوەندی ئێراق سەبارەت بە گرفتی سنووری باکووری ئێراق دەرچوو، ئەوە بێگومان کاریگەرییەکی نێگەتیڤانەی بەسەر باری دارایی ئێراق دەبێت، چونکە ویلایەتی موسڵ گرنگییەکی ئابووری گەورەی دەبێت بۆ خۆشگوزەرانی ئێراق – سەرچاوە: پارتی دیموکراتی کوردستان، مەکتەبی سیاسی، مەکتەبی ناوەندیی دیراسات و تۆژینەوە، نەوتی کوردستانی ئێراق نەوت و چارەنووسی سیاسی کورد و کوردستان، بەشی دووەم، ل23، وە لاپەڕە (19) لە هەمان سەرچاوە بە عارەبی). سەبارەت بە دەوڵەمەندی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) لە ڕووی کشتوکاڵەوە، ڕۆژهەڵاتناسی ڕوسیا ڤلادیمێر مینۆرسکی بابەتێکی لەسەر (پرسی ویلایەتی موسڵ) نووسی، کە گۆڤاری (ڕت ئەمریکان لایبرەری ئین پاریس پۆلینن) لە ڕێکەوتی (15.4.1926)دا دوو ژمارەی تایبەتی سەبارەت بە (پرسی ویلایەتی موسڵ) دەرکرد. لەم بابەتەدا، ڤلادیمێر مینۆرسکی دەڵێت: (موسڵ وەکو بنکەیەکی تێرکردنی بەغداو هەموو ئێراقە بە دانەوێڵە و بەرهەمی دیکەی کشتوکاڵی گرنگ، بەڵام کێشەی نەوت لە هەموو ئەوانە گرنگترە. هەروەها موسڵ بەهۆی بوونی نەوت و ڕێگای هاتووچۆی نێوان تورکیا و ئێراق و پێوەندی بە کێشەی کورد لە تورکیا وە، بۆ تورکیاش گرنگە – سەرچاوە: دکتۆر فازڵ حوسێن، کێشەی ویلایەتی موسڵ، ل376).

6. سیاسەتی داگیرکەرانەی ئیمپریالیزم و بیری فراوانخوازی خاک و دەسەڵات، هەروەها بەنیازی ئەوەی ئیمپریالیزم کێشەکان لەخۆی دوورخاتەوەو بەهۆی ئەو لکاندنە، نەتەوەکانی کورد، تورک، عارەب و فارس خەریکی یەکتربن و شەڕی یەکتر بکەن و ئەویان لە بیر چێتەوە، بەتایبەت کە هەر سێ نەتەوەی تورک، عارەب و فارس ئەوانیش بیری

فراوانخوازی، داگیرکردن و ئیمپریالییان هەیە بەچەشنی هەر ئیمپریالیزمێکی تری جیهانی.

7. ترسی ئینگلیز و وڵاتانی هاوپەیمان لە دروستبوونەوەی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی عوسمانی، کە بە بۆچوونی ئەوان کورد لە ڕابردوودا پشتیوانییەکی زۆری لێکردبوو. سەبارەت بە پشتیوانی کورد لە تورکە عوسمانییەکان پەنا دەبەمە بەر لێدوانێکی شێخ مەحمودی نەمر کە گوتوویەتی: (من بەڵێنم بە خەلیل پاشادا بە درێژایی جەنگ شانبەشانیان بجەنگم بەو مەرجەی پاش جەنگ (ئۆتۆنۆمی) بدەن بە کورد و کورد ئازاد بێت. لەبەرئەوە نەمویست بگەڕێمەوەو ئەو پەیمانە بشێوێنم – سەرچاوە: ئەحمەد خواجە، چیم دی، بەرگی یەکەم، ل14). هەر سەبارەت بە رادەی پاڵپشتی و قوربانیدانی کورد بۆ عوسمانییەکان، ڕۆبەرت ئۆلسۆن، نووسیویێتی: (دەڵێن لەوانەیە زیاتر لە پێنج سەد هەزار کورد لە ماوەی ساڵانی شەڕدا (شەری یەکەمی جیهانی)دا لەنێو قەڵەمڕەوی تورکیادا مردوون. کاتێ ئاماری مردن و لەناوچوونی کوردان هەر لەو ماوەیەدا لە ئێراق، سوریا، ئێران و ڕوسیا بخەینە سەر ئەم ژمارەیە، ئەودەم ژمارەی زیانەکانی کورد دەگاتە ژمارەی نزیک ملیۆنێک – سەرچاوە: ڕۆبەرت ئۆلسن، ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، ل41). سەبارەت بە هەمان بابەت دیڤید ماکداول، لە لاپەڕە (231)ی پەرتووکی (مێژووی هاوچەرخی کورد، بەرگی یەکەم)دا، وە ڕۆبەرت ئۆلسن، لە لاپەڕە (38)ی پەرتووکی (ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران)دا، نووسیویانە: (لەوانەیە زیاتر لە نیو ملیۆن کوردیش لەناوچووبن، ئەگەر ژمارەی ئەوانەشی بخەینە سەر کە لە شەڕگەکاندا کوژراون، دەگاتە هەشت سەد هەزار کەس). هەر نووسەری ناوبراو لە لاپەڕەکانی (223+240)دا باسی ئەوەی کردووە کە بە هەزاران سەربازی کورد لە لەشکری سێیەمی عوسمانی لە ئەرجیش کە نزیکەی هەموویان کورد بوون لە ساری قامیش و دەوروبەریدا کوژران، لەشکری چوارەم لە وێرانشار، لەشکری نۆیەم لە ئەرزەڕۆم و لەشکری دەیەم لە سیواس، لەگەڵ لەشکرەکانی یازدەم و دوازدەم لە ئالازیخ (مەعمورە عەزیز) بە تەواوی کورد بوون، زۆربەی لەشکری شازدەمی دیاربەکر کە

سەرکردەکەی مەسەفا کەمال بوو، کورد بوون. زۆربەی سەربازەکانی سەر بە لەشکری نۆزدەم کە بنکەیان لە شارەکانی ئەرزەنجان بوو کورد بوون، جگە لەمانەش کوردەکان دوو سەدو سی و پێنج یەکەی ئەسپ سواری یەدەک و ژمارەیەکی باش پاسەوانی سنوورو ژاندارمیان بۆ پاراستنی دەوڵەتی خەلافەتی عوسمانی ئامادەکردبوو، لەنێویاندا لیوای یەدەکی ئەسپ سواری لە شاری وان. سەرەڕای ئەمانەش هەروەکو دەزانین کە لەشکری شەشەمی عوسمانی لە ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بە سەر لەشکرەوە عەلی ئیحسان پاشا بە تەواوی کوردبوون. کاتێک کە کورد زۆرتر لە یەک ملیۆن قوربانی دابێت لە پێناوی پاراستنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و، عارەبەکانیش لە ڕێگای پەیمانی (سایکس – پیکۆ)وە هاوپەیمانێتییان لەگەڵ ئینگلیز و هاوپەیمانەکانی بەستابێت و، شانبەشانی ئەوان قوربانی بدەن بۆ تێکشکاندنی دەسەڵاتی عوسمانییەکان و لەناوبردنی ئیمپراتۆریەتەکەیان، چۆن ئینگلیز هەوڵی دڵسۆزانەی لکاندنی زۆرەملێیانەی باشووری کوردستان بە ئێراقی عارەبییەوە نادات؟ هەم وەکو تۆڵەیەک لە کوردەکان و هەم پاداشت دانەوەیەکیش بە عارەبەکان! هەروەها ئینگلیزەکان لە ژمارە (19)ی ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی)دا کە لە مانگی مارتی ساڵی (1918)دا دەرچووە، بەمشێوەیە کە هەم کوردیان لە چارەنووسی دواڕۆژی خۆیان لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانەوە ئاگادارکردۆتەوەو هەم هەڕەشەشیان لە کورد کردووە: (ئەم شەڕە هەر دەبڕێتەوە، ئەوسا ناوی عارەب، ئەرمەن و جوولەکە لەناو پەیماننامەی ئاشتیدا ناودەبردرێ، چونکە ئەمانە لەم شەڕەدا هەموویان سەریان بەرزکردەوەو داوای حکومەتیان کرد، ئەما کوردەکان هەتا ئێستا هیچیان نەکرد!! دیارە کورد خۆیان حکومەتیان ناوێ، چونکە ئەگەر بیانویستایە هەرایەکیان دەکردو بە قسەی تورکەکان تەفرەیان نەدەخوارد، کورد دەبێ لە ئێستاوە پەلەپەل بکەن بۆ ئەوەی لەناو پەیماننامەی ئاشتیدا ناویان هەبێ. ئەما کە کورد بێدەنگ بن، ئینگیز پێوەندی بە سەریانەوە نامێنێت و لە پاشدا زیانێکی زۆر دەکەن – سەرچاوە: محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان،

بەرگی یەکەم، ل319-320). بەڵام سەرەڕای پشتیوانی کردنی کورد لە دەوڵەتی عوسمانی و شەڕکردن لە دژی ئینگلیز، کەچی ئینگلیزەکان بە کەیفی خۆیان و بۆ بەرژەوەندی خۆیان بێ شەرمانە درۆیان کردووە، بۆ نموونە (لۆرد کورزۆن)ی وەزیری دەرەوەی بەریتانی لەکاتی کۆنگرەی یەکەمی لۆزاندا گوتوویەتی: (لەکاتی جەنگدا (جەنگی یەکەمی جیهانیدا) کوردەکان پشتیوانی و هاوکاری ئینگلیزیان کرد نەک هی تورکەکان – سەرچاوە: میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریف، المسألة الکوردیة (1917-1923)، ل284). سەرەنجام ئەوەبوو لە ڕێکەوتی (30.10.1918)دا شەڕەکە کۆتایی پێهاتوو، کوردیش نەک تەنیا بێبەشکرا لە سادەترین مافە نەتەوایەتی و نیشتمانییەکانی خۆیدا، بەڵکو نیشتمانەکەشی بەیارمەتی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی و باڵا دەستەکانی تر لە نێوان تورک، عارەب و فارسدا دابەشکرا، بەمەش هەروەکو ئینگلیزەکان پێشتر باسیان کردبوو کورد زیانێکی زۆری کرد.

8. ترسی ئینگلیز و هاوپەیمانەکانی لە کاریگەری شۆڕشی سۆڤیەتی و کۆمۆنیزم لەسەر کورد و کوردستان، کە پێیان وابوو سۆڤیەت هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ بۆ کورد دەدات، بەمەش کوردستان دەبێتە بنکەیەکی گرنگی سەربازی سۆڤیەت و کۆمۆنیزم و لە دژی بەرژەوەندییەکانی ئینگلیز لە ناوچەکەدا بەکاریان دەهێنن. بۆ نموونە ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆنی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە ئێراق، لە پەرتووکی (میسۆپۆتامیا لە ساڵانی 1917-1920)دا، نووسیویێتی: (لە مێجەر سۆن کە بەڕێوەبەرێتی سلێمانی لە ئەستۆ بوو نووسراوێکم پێگەیشت، کە تیایدا باوەڕی خۆی بەمشێوەیە دەربڕیبوو: مادام ئارامی و ئاسایش سەرتاپای ئێراقی گرتۆتەوە، لەو باوەڕەدام شیمانەی پاراستنی ئارامی باشووری کوردستان هەیە بە بێ ئەوەی پەنا بۆ هێزی سەربازی ببرێت. گومانی تێدا نییە کە دواکەوتنی بەستنی ئاشتی لەگەڵ تورکیادا، کۆسپێکی کارگێڕییە کە هزری بەرزترین خەڵکی باشووری کوردستانی سەرقاڵ کردووە. وە جێگای داخە کە ناوەڕۆک و بنچینەی پرنسیپەکانی کۆمۆنیزم ئەمڕۆ لە کوردستاندا (بە هۆی ڕۆژنامەکانی کەرکوک بە پلەی سەرەکی)، گەیشتۆتە

ناو خەڵک و بۆیان ناسراون – سەرچاوە: (سێر ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن، بلاد مابين النهرين بين ولاءين خواطر شخصية وتأريخية، الجزء الثالث، ل41). ئەو مەترسییەی کاربەدەستانی ئینگلیزەکان لە ڕاپۆرتێکی (مێجەر نۆئیل)ی ڕاوێژکاری شێخ مەحمود بۆ کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغدا (ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن)دا دەردەکەوێ، کە تیایدا هاتووە: (پێویستە ئەوەمان لەبەر چاو بێ کە سیاسەتی جیهانی زۆر کاردەکاتە سەر هەڵومەرجی ناوخۆی ناوچە کوردنشینەکان، بە دواخستنی مۆرکردنی پەیمانی ئاشتی لەگەڵ تورکیادا لەگەڵ شەڕی نێوان تورک و یۆنانیەکاندا سەرنجی سەرکردەکانی کوردی ڕاکێشاوە، بەرنامەی بۆڵشەویکەکان لەناو هەموانا زانراوەو ناوی بۆڵشەویک هەتاکو بێت زۆرتر پەرەدەسەنێت و کەس نییە بە خراپە باسیان بکا، کە ئەمە ڕێگا لە دەسەڵات و لە سەپاندن و جێگیربوونی سیاسەتی بەریتانیا دەگرێ لە ناوچەکەدا – سەرچاوە: محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی یەکەم، ل405).

9. ترسی ئینگلیزەکان لە عارەبی شیعە بووە هۆکارێک کە ئینگلیزەکان باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بەزۆر بلکێنن بە ئێراقەوەو، ڕێگا نەدەن بە کورد تەنانەت لە چوارچێوەی سنوورو دەوڵەتی ئێراقیشدا حکومەتێکی تایبەت بە خۆیان دامەزرێنن، چونکە پێیان وابوو عارەبە شیعەکانیش بە هەمان شێوەی کورد حکومەتێکی تایبەت بە خۆیان داوا دەکەن لە ویلایەتی بەسرای شیعی. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە پەنا دەبەمە بەر وەڵامی بەڵگەنامەیەکی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی کە بە ژمارە (F.O.371-5068)ی ڕێکەوتی (25.3.1920) بۆ ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆنی نوێنەری باڵای بەریتانی لە بەغدا ناردوویەتی و، نوێنەری باڵای بەریتانیش وەڵامی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی بەمشێوەیە داوەتەوەو، نووسیوێتی: (بیرکردنەوەی میری خاوەنشکۆ دەربارەی فراوانکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ خوارووی کوردستان دەبێتە هۆی کێشەیەکی زۆر لە ناوچەکانی تری میسۆپۆتامیادا (نیازی لە شیعەکان بووە) – سەرچاوە: محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان،

بەرگی دووەم، ل27). نووسەری بەریتانی ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ، لە لاپەڕەکانی (320-321)ی پەرتووکی (العراق الحديث من سنة 1900 الى سنة 1950)دا، نووسیویێتی: (کوردەکان زنجیرەیەک لەو داواکارییانەی کە لە سالانی (1930-1931)دا نووسیبوویان، لە ساڵی (1931)دا بۆ (کۆمەڵەی نەتەوەکان)یان نارد. زۆر لەو داواکارییانە داواکاری ڕاستەقینەی جیابوونەوە بوون، کە لەگەڵ دەوڵەتی ئێراق بەو شێوەیەی کە دامەزرابوو نەدەگونجا، چونکە جۆش وخرۆش و هاندانی دوورکەوتنەوەی گیانی جێگیری زۆرتر دەکرد. سەرەڕای هەندێش ترسێک بوونی هەبوو کە ئەو دەستکەوتانەی (چیاوگانە - الامتيازات)ی بە کورد درابوون، وا بکات شیعەکانی فوراتی خوارووی هەمان داواکاری بەرزکەنەوە).

10. لادانی حکومەتی لیبەڕاڵ بە سەرۆکایەتی سەرۆک وەزیران دێڤید لوید جۆرج (7.12.1916-22.10.1922) و هاتنی حکومەتێکی نوێ سەر بە پارتی پارێزگاران (کۆنسەرڤەتیو)، سەرەتا بە سەرۆکایەتی (ئەندریۆ بۆنەر لاو) لەنێوان (23.10.1922-22.5.1923) و دواتریش بە سەرۆکایەتی (ستانلی بالدوین) لەنێوان (22.5.1923-22.1.1924)دا دوای دۆڕاندنی لیبرالەکان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەریتانی و سەرکەوتنی پارێزگاران، کە لە هەمان کاتدا وەزیری کۆلۆنییەکانی ئینگلیز وینستۆن چەرچلی سەر بە لیبەڕالەکان لادراو (لیۆ ئامری) سەر بە پارتی پارێزگاران شوێنی ئەوەی یەکەمیانی گرتەوە. گۆڕانکاری لە حکومەتی بەریتانیدا تا ڕادەیەکی زۆر کاریگەری خۆی هەبوو لەسەر یەکلاییکردنەوەی پرسی لکاندنی باشووری کوردستان و دانەمەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی کوردی، چونکە حکومەتی نوێ زۆرتر پشتیوانی لە بۆچوونەکانی سێر پێرسی کۆکسی کۆمیساری باڵای ئینگلیز لە بەغداو خاتوو گێرترۆد بێڵی ئەمینداری کۆمیسیاری باڵای ئینگلیز دەکرد کە لەگەڵ لکاندنی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بوون بە ئێراقەوە لەدژی بۆچوونی چوار ئەندام لە کۆی حەوت ئەندامی (کۆمیسیۆنی ڕامیاری لە پێناوی کوردستان)دا، کە لە کۆنگرەی قاهیرە (12.3.1921-30.3.1921)دا هەریەک لە (سێر وینستۆن چەرچڵی سەرۆکی کۆنگرەی قاهیرە و وەزیری کۆلۆنییەکان، مێجەر

ئیدوەرد نۆئیل و مێجەر ئاڕنۆڵد هیوبەرت یۆنگ و لۆرانس)، داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردییان دەکرد، ئەندامی حەوتەمیش کە (مێجەر ئاڕ. دی. بابکۆک – R. D. Babckok) بوو بێلایەن مایەوەو دەنگی بۆ هیچ لایەکیان نەدا.

11. لە لایەک ئینگلیز لە هەوڵی ئەوەدابوو کە سۆزی گشتی عارەب بەلای خۆیدا ڕاکێشێ، لە لایەکی تریشەوە شۆڤینیزم و ئیمپریالیزمی عارەبی بە بەردەوامی داوای لکاندنی ویلایەتی موسڵ-یان دەکرد بەدەوڵەتی پێشنیازکراو بە گوێرەی پەیماننامەی (سایکس پیکۆ) بۆ عارەب، کە نیاز وابوو لە سەرەتادا تەنیا ویلایەتەکانی (بەغداو بەسرا) بگرێتەوە، وەکو پاداشتێک بۆ هاوکاری نێوان عارەب و ئینگلیز لە دژی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی عوسمانی، کە بوون بە هۆکارێکی لکاندنی خاکی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بە ئێراقی عارەبییەوە.

12. لە لایەک کۆنترۆڵکردنی تورکیا و باکووری کوردستان لە لایەن ئەتاتورک و ژێردەستکردنی کوردەکان لە باکووری کوردستان و، لە لایەکی تریشەوە بەهێزبوونەوەی تورکیا و سەرکەوتنەکانی ئەتاتورک بەسەر یۆنانیەکان، ئەرمەنییەکان و کوردەکان، هەروەها لەناوبردنی خەلافەتی ئیسلامی و ناکۆکی کەوتنە نێوان بەریتانیا و هاوپەیمانە سوێندخۆرەکان بۆ نموونە ئیتاڵیا و فەرەنسا پشتیوانیان لە تورکیا دەکرد لە دژی یۆنان‌و تەنیا بەریتانیا پشتیوانی یۆنان بوو. ئەو ناکۆکیانە وای لە ئینگلیزەکان کرد کە بیانۆی تەواویان دەستکەوێت بۆ شیمانەی جێبەجێ نەکردنی پەیماننامەی سێڤرە و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی، کە ئەوان هەر لە سەرەتاوە ئەوەندە باوەڕیان پێی نەبوو. بۆیە ئینگلیزەکان بە ئاشکەرا لایەنگیری لکاندنی ویلایەتی موسڵ بوون بە ئێراقەوە، لە بەرانبەر چاوپۆشی بەریتانیا لە دانەمەزراندنی دوو دەوڵەتی کوردی و ئەرمەنی لە باکووری کوردستان و ئەو بەشە خاکەی ئەرمەنییەکان کە دەکەوتە ناو سنووری تورکیا.

## دووەم: هۆکارە ناوخۆییەکان:

1. پێنەگەیشتن و لاوازی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی کوردی. بە ئاشکرا هەست بەجیاوازی بەهێزی و لاوازی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانی کورد لە نێوان شارو ناوچەکاندا دەکرا، بۆ نموونە ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆنی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغدا، گوتویەتی: (لێمان ڕوون بوو کە بزووتنەوەی هەستی نەتەوایەتی کورد لەناو سلێمانیدا زۆر بەهێزو بەتین بوو، لەبەرئەوە ناچاربووین سنوورێک بۆ ئەوە دابنێین – سەرچاوە: محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی یەکەم، ل280). قسەکانی ویلسۆن دەیسەلمێنێ کە هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانی کورد لە نێوان شارو شارێکی تر یان ناوچەیەکو ناوچەیەکی تر لە باشووری کوردستاندا جیاوازبووە، پێشموایە ئەو سەردەمە (سەردەمی ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحمودی نەمر)، هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانی دانیشتوانی سلێمانی لە هەموو ناوچەیەکی تری کوردستان بە گوڕترو بەهێزتر بووە.
2. زاڵبوونی هەستی بەهێزی ئایینی بەسەر هەستی نیشتمانی و نەتەوایەتی کوردی، کە ئایینی ئیسلام هەستی کوردایەتی کەسانێکی زۆری متکردبوو یان کوشتبوو، بۆ نموونە: جۆرج لنشۆڤسکی، لە پەرتووکی (الشرق الاوسط في شؤون العالم)دا، جوانی بۆ چووە کە دەڵێت: (کوردەکان تا دوای جەنگ لە پێناوی سەرکەوتنی تورکەکاندا ڕاست و گیان بەختکار بوون و، هۆشی ئیسلامی ماوەی ئەوەی نەدان لە ڕێی ئازادیاندا ببزونەوەو هیچ دەست درێژیەک بەرانبەر بە عوسمانییەکان بکەن، تا جەنگ بڕایەوە – سەرچاوە: ئەحمەد خواجە، چیم دی، بەرگی یەکەم، ل7). دکتۆر موحسین محەمەد حوسێن، سەبارەت بەهەمان پرسی بەقوربانی کردنی پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان لە لایەن کەسانی کوردە وە بە پرسی ئایین و ئیسلام، دەڵێت: (کورد بە درێژایی ماوەی دەسەڵاتی ئیسلامی بە دڵسۆزی و نیازپاکی کاریکرد، هەروەها ڕۆشنبیرانی ئەوکاتی کورد و سەرکردە

ڕامیاری و سەربازییەکانیان هەموو تواناکانی خۆیان کردە قوربانی لە پێناوی بەرزڕاگرتنی وشەی ئیسلام و بەرزکردنەوەی ئاڵاکەی، لە بەرانبەردا جگە لە چاکە هیچ شتێکی تریان نەدەویست، کەچی لە هەمانکاتدا نەتەوەکانی تری عارەب، فارس و تورک ئیسلامیان بەکارهێنا لە پێناوی دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی خۆیان و داڕشتنی کۆڵەکەی دەوڵەتانی ئیسلامی کە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەرەو دەوڵەتی نەتەوەیی بردیان، یان بە واتایەکی تر دەتوانرێت بگوترێت کە نەتەوەی کورد بوو بە پردێک و ئیسلام بە سەریدا تێپەڕی، تا ئەو ئایینە بگاتە مەبەستەکانی. بەڵام نەتەوەکانی تر ئایینی ئیسلامیان کرد بە پردێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان – سەرچاوە: (دکتۆر محسن محمد حسین، نناشد صلاحالدين أم نحاسب أنفسنا؟ إستجواب قائد بعد ثمانمائة سنة، ص8-9). هەر ئەو هۆکارەی سەرەوە بوو کە وای لە تورکەکان کردبوو سۆز و هەستی ئایینی کوردەکان بۆ بەرژەوەندییەکانی باڵای نەتەوەیی و نیشتمانی خۆیان بەکاربهێنن. وەکو لە نامەیەکی مێجەر نۆئیل دەردەکەوێت، کە لە مانگی یولی ساڵی (1919)دا بۆ لەندەنی ناردووە و نووسیویێتی: (وا دەردەکەوێ بیری خودموختاری کوردستان لەژێر فەرمانڕەوایەتی (حوکمی) عوسمانیدا مردبێ. تورکەکان لەسەر بنچینەی بیری پان ئیسلامییەکی ڕەسەندا کاردەکەن. بە توندی ڕێگا لە بەکارهێنانی وشەی (کورد) دەگیرێ و لە باتی ئەوە، وشەی (موسڵمان) بەکاردەهێنرێ – سەرچاوە: دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، بەرگی یەکەم، ل267).

3. نەبوونی یەک هەڵوێستی کورد و نەبوونی سەرکردایەتییەکی بەهێز کە تەواوی کوردی باشووری کوردستان لەخۆی کۆبکاتەوە. هەندێک دابوویانە پاڵ ئینگلیز، هەندێک حکومەتی تازە دامەزراوی ئێراق و عارەب، هەندێکی تر دابوویانە پاڵ تورکی دۆڕاو لە جەنگدا. شوڕشی شێخ مەحمود سەرتاپای کوردستانی نەگرتەوە، بەڵکو بەزۆری لە ناوچەی سلێمانی بوو، ئەمەش خاڵێکی لاوازی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان دەردەخات. سەبارەت بە پەرتبوونی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەو ڕۆژگاردا، شێخی قارەمان دەفەرمووێت: (داخەکەم، خوێندەوارەکانمان بە زانایی بۆ پارەو

خێڵەکی و نەخوێندەوارەکانمان بە نەزانی بۆ پارە ئاواتی کوردیان بزرکاند – سەرچاوە: ئەحمەد خواجە، چیم دی، بەرگی سێیەم، ل26). هەر سەبارەت بە یەک نەگرتوویی کورد سێر پێرسی کۆکسی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغدا دەڵێ: (پاش ئەوەی، لە کۆنفرانسی قاهیرە لە مارسی (1921)دا، دەوڵەتی بەریتانیای مەزن بۆچوونی هاتە سەر ئەوەی، کە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی پێکبێت (مەبەستی کوردی ئێراق نەبوو) وە ئینجا لە قاهیرە کە گەڕاوەتەوە، بەو ئاکامە گەیشتووە، کە کوردەکان لەنێو خۆیاندا زۆر پێکەوە نین، تا بتوانن، لە ئێراق جوێ ببنەوە – سەرچاوە: کریس کۆچیرا، مێژووی کورد لە سەدەی 19–20دا، ل112–113). بە هەمانشێوە مستەفا کەمال ئەتاتورک لە نامەیەکیدا کە بۆ باڵوێزی سۆڤیەتی (س. ی. ئارالۆف) ناردویێتی، باسی ئەوە دەکات کە سەرکردەکانی کورد بوونەتە سێ بەش هەندێکیان مەیلی ئێراق و هەندێکیان ئینگلیز و بەشی سێیەمیشیان مەیلی تورکیان هەیە – سەرچاوە: (دکتۆر مانڤێل ئارسێنۆڤیچ حەسرەتیان، کوردستان تورکیا بین الحربین، ص52). هەر لەمەڕ نەبوونی یەک هەڵوێستی کورد لەو سەدەمدا، پاشکۆی ژمارە (15)ی ڕۆژنامەی ژیانەوە، کە لە ڕێکەوتی (16.2.1925)دا دەرچووە، بەیاننامەیەکی (کۆمەڵەی پارێزگاری نیشتمانیی لە سلێمانی – جەمعیەی مدافعەی وەتەن لە سلێمانی – مرەخەس ئەحمەد لە ڕێکەوتی (15.2.1925)دا دەرچووە، کە هانی خەڵک دەدات بۆ خۆپیشاندان و داکۆکیکردن لە ئێراقییەتی ویلایەتی موسڵ – سەرچاوە: فاروق عەلی عومەر، ڕۆژنامەگەری کوردی لە ئێراقدا بەرابییەکان 1914–1939، ل122). عەبدولڕەزاق ئەلحوسێنی، لە لاپەڕە (83)ی پەرتووکی (تأريخ الاحزاب السياسية العراقية 1918–1958)دا، نووسیویێتی: (هەروەها ئاماژە بە کۆمەڵەی پارێزگاری نیشتمانیی (جمعية الدفاع الوطني) دەکەم، کە لە ڕێکەوتی (14.2.1925)دا بە سەرۆکایەتی ئەحمەد تۆفیق بەگ لە سلێمانی دامەزرابوو، ئامانج لە دروستبوونی کۆمەڵەی ناوبراو وەستانەوەبوو لە دژی داواکارییەکانی تورکیا سەبارەت بە ویلایەتی موسڵ. پێدەچوو حکومەتی ئێراق لە پشت دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیەوە بووبێت وەکو هاندانێک بۆ بۆچوونێکی لەم بابەتە). کاتێک کە

کۆمەڵەیەکی کوردی بانگێشەی پارێزگاری کردن لە ئێراقییەتی ویلایەتی موسڵ دەکات و، بەدەستی ئەوان واتە حکومەتی ئێراقی دروست بووبێت، چاوەڕوانی چ دەستکەوتێکی لێدەکرێت بۆ کورد، مەگەر تەنیا کۆسپ خستنە بەردەم خەبات و شۆڕشی کوردستان و بەگژداچوونەوەی ئەم شۆڕشەی لێبکرێت! لە لایەکی ترەوە کۆمەڵێک ڕۆشنبیری کورد پاڵ دەدەنە لای ئۆزدەمیر لە ڕواندز و هەندێکی تر لە پێناوی پلەو پایەدا پەنا دەبەنە بەر بەغداو خۆیان هەڵدەبژێرن بۆ ئەندامێتی پەرلەمانی ئێراق وەکو نوێنەری شارەکانی موسڵ، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی، بۆمان دەردەکەوێت کە کورد یەک هەڵوێست نەبووە. سەرەڕای هەموو ئەوانەش کاتێک کە لە لایەن ئینگلیز و عارەبەوە فشار دەخرایە سەر شێخی نەمرو ڕاپەڕینەکەی، ئەوان هەر یەکە بەلایەکدا پەرت دەبوون و دەستیان دەکرد بە دژایەتی کردنی یەکترو یەکتر تاوانبارکردن. بۆ نموونە شێخی نەمر باوەڕێکی زۆری بە هەر یەک لە مەحمود خانی دزڵێ و مەحمود خانی کانی سانان هەبوو، کەچی دوای دەستگیرکردنی شێخ مەحمود لە شەڕی دەربەندی بازیان، هەر دووکیان چوونەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و مەحمود خانی دزڵی پێوەندی کرد بە حکومەتی ئێرانەوەو، بە یارمەتی حکومەتی ئێران پەلاماری مەحمود خانی کانی سانانی دا. دوای ماوەیەک والی شاری سنە هەر دووکیانی بە فڕتوفێڵ بانگکردە شاری سنە، دوای هاتنیان بۆ ئەوێ والی دەستگیریکردن و ڕادەستی ئینگلیزەکانی کردنەوە، ئەوانیش بەزیندانیکردنی هەتا هەتایی هەر دوو مەحمودیان سزاداو، ڕەوانەی هەمان دوورگە کران بۆ هیند کە شێخ مەحمودی حەفیدی لێبوو.

4. نەرمی کورد لە داخوازییە نیشتمانی و نەتەوەییەکانیدا لە ئاست دوژمنانیدا، نەبوونی ئەقلیەتی دیبلۆسیەتی کوردی و سەرەڕای نەبوونی زمانی خۆناساندن لەلایەن کوردە وە. بۆ نموونە سەبارەت بە نەرمی و سوورنەبوونی کورد لەسەر داخوازییە ڕەواکانی خۆیدا، هاشم کۆچانی، لە لاپەڕە (111)ی پەرتووکی (تارمایی سیڤەر)دا نووسوێتی: (لە ساڵی (1922)دا وینستۆن چەرچل وەزیری کۆلۆنییەکانی ئەوکاتەی بەریتانیا، لە نامەیەکدا بۆ نوێنەری بەریتانیا لە ئێراق ئەوە ڕادەگەیەنێ کە کوردان

ئازادن لەوەی بەشداری لە دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی پاشای ئێراق بکەن یان نەکەن. ئەگەر گەلی کورد بەشداری هەڵبژاردنەکان نەکاو سووربێ لەسەر ئەوەی بەجودا مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، ئەوا ئالتەرناتیڤی ئەوان پێکهێنانی ئۆتۆنۆمییە (وەک قۆناغی پەڕینەوە) بە سەرپەرشتی بەریتانیا و، پاشان دامەزراندنی یەکێتییەک لە نێوان کوردستان و ناوچە عارەبنشینەکان لە ئێراقێکی یەکگرتوودا). بە گوێرەی قسەکانی وینستۆن چەرچل بۆمان دەردەکەوێت، ئەگەر کورد لەسەر هەڵوێستی خۆی سوور بایەو یەک دەنگ بووایە، بەوەی کە بە جودا ڕەفتاری لەگەڵ بکرایە، نەک وەکو ئەوەی کە دیڤید ماکداول، لە لاپەڕەکانی (277+314)ی بەرگی یەکەمی پەرتووکی (مێژووی هاوچەرخی کوردستان)دا نووسیویێتی: (وەزارەتی دەرەوە (4193/371)، نامەی ڕۆژی (12.11.1919)ی ڕاوێژکاری سیاسی ئینگلیزی (جی. بی. هۆلەر) بۆ لۆرد کورزۆنی وەزیری دەرەوەی بەریتانی نووسیبوو: ئەمن باوەڕم وایە، پرسی ئەوەی کوردەکان چۆن ئازادی خۆیان بەدەست دێنن و کۆتی تورکەکان لە پێ و ملی خۆیان دەکەنەوە، دەبێ بەشێوەیەکی سەرەکی بخرێتە سەرشانی خودی کوردەکان... کوردەکان وەک پەلکەزێڕینە هەموو جۆرە ڕەنگێکیان هەیە)، ئەوکاتە دوور نەبوو پرسی کورد بەشێوەیەکی تر چارەسەر بکرایە کە لە بەرژەوندی کورد و کوردستاندا بووایە! ئەوەی کە هۆلەر داوای دەکات کوردەکان دەبێت یەکگرتوو بن و پشت بە خۆیان ببەستن، هەروەها واز لە پەرتەوازەیی خۆیان بێنن، ئەگینا بەمشێوەیە بمێنن هیچیان دەست ناکەوێت. ئێستاشی لەگەڵ دابێ کورد هەمان نەرمی نیشاندەدات بەرانبەر بە عارەبی ئێراقی، لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس و سەدامیش.

5. لاوازی کورد لە ڕووی ئابووی و بێدەسەڵاتی و کەم توانایی کورد لە بەرانبەر دوژمنەکانیدا، کە هۆکارێکی تری لکاندنی زۆرەملێیانەی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بووە بە ئێراق و، گوێ نەگرتن بووە بە داخوازییەکانی نەتەی کورد لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی و گەیشتنی کورد بە مافە ڕەواکانی خۆی وەکو هەر نەتەوەیەکی تری سەر ئەم گۆی زەمینە. هەروەکو دەزانین سەرچاوەی ئابووری و داهاتی

بەردەوامی دارایی بۆ تێکۆشان و بەردەوام بوونی شۆڕش و خەباتکردن کە هەموو نەتەوەیەک پێویستی پێ دەبیت، هۆکارێکی گرنگە بۆ سەرکەوتنی شۆڕش و گەیشتنی ئەو نەتەوەیە بە مافەکانی خۆی. لاوازی ئابووری و کەم دەرامەتی (واتە لاوازی ژێرخان و بێتوانایی)، کە هەر لاوازی ئابووریشە وا لە میللەتێکی ژێردەست دەکات، کە بێدەسەڵات بێت لە بەرانبەر دوژمنە بەهێزو بەدەسەڵاتەکەیدا.

# ئێزیدی کوردی ڕەسەنە لە باشووری کوردستان:

بەگوێرەی بڕیاری ناڕەوای عەلی غالب بابانی وەزیری پلاندانانی ئێراقی، کوردە ئێزیدییەکان وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ و جیا لە کورد ئەژمارکراون لە فۆرمی سەرژمێری داهاتووی دانیشتوانی ئێراق، کە نیازوایە لە ڕێکەوتی (24.10.2010)دا لە سەرانسەری ئێراقدا بە کوردستانیشەوە ئەنجام بدرێت – سەرچاوە: (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (5279)، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (14.9.2010)، ل1). وەزیری پلاندانانی ئێراقی عەلی بابان کە بە ڕەچەڵەک کوردە و لە دیمانەیەکدا لەگەڵ گۆڤارێکی عارەبی بەناوی (مجلة الأوقاف)دا لە مانگی ئاداری (2010)دا، زۆر ڕاشکاوانە شاری کەرکوکی بە بەشێکی سەر بە کوردستان ناوبرد، کە تورەییەکی زۆری بەدوادا هات لەلایەن بەعسییەکان و عارەبە شۆڤینییەکان، کەچی لەپڕ عەلی بابان کوردانی ئێزیدی بە نەتەوەیەکی سەربەخۆو جیا لە کورد دادەنێت لە فۆرمی سەرژمێری کردندا. دانانی کوردانی ئێزیدی لەلایەن عەلی بابانی وەزیری پلاندانان، گومانی تێدا نییە لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی بووە، کە هەم لەسەر داواکردن و بە ئاگاداری حکومەتی ئێراقی بووە کە ڕۆژانە سیاسەتی بەعارەبکردن لە باشووری کوردستان پەیڕەو دەکەن و، هەم وەکو هەنگاوێک و کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لەنێوان وەزیری پلاندانان لە لایەک و بەعسییەکان و عارەبە شۆڤینییەکان لە لاکەی ترەوە لە پێناوی ڕەواندنەوەی هەوری تورەیی لەدژی وەزیری ناوبراودا لەسەر هەڵوێستەکانی پێشووی سەبارەت بە کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری کەرکوک، کە لە مانگی ئازاردا دەریبڕی و دواتریش پەشیمان بوونەوەی لەو هەڵوێستەی خۆی، یاخود لە ترسی کاردانەوەی بەعسییەکان و شۆڤینییە عروبییەکان نەیوێراوە کوردە ئێزیدییەکان بە کورد دابنێت.

وەکو وەڵامێک بۆ وەزیری پلاندانانی ئێراقی و تەواوی بەعسی و عروبیە ڕەگەزپەرستەکان و ئەوانەی گومانیان لە کوردبوون و کوردێتیی تەواوی ئێزیدییەکانی جیهان و باشووری کوردستان هەیە، سەرەتا ئاماژە بەو هۆنراوەیەی کوردی ئێزیدی دەدەم، کە دەڵێت:

جوابێ بدەنە کوردستانێ

بلا قایم کەن ئیمانێ
شەرفەدین میرە ل دیوانێ
عەرش بڵندکەن لە کوردستانێ
بەڵا بکەوێتە عارەبستانێ – سەرچاوە: (عەبدوللا عەبدولکەریم مەحمود، ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال – بەرگی دووەم، ل146).
دواتریش چەندان بەڵگە دەخەمەڕوو کە ئەمانەی خوارەوەن:

1. ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ/ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لە لاپەڕە (218+219)ی پەرتووکی (ئێراق و تاوانی جینۆساید شاڵاوی ئەنفال دژی کورد)دا، نووسیوێتی: (ئێزیدییەکان کوردن – تایەفەی ئێزیدی کوردە ئیتنییەکان) و (ئێزیدییەکان پرسێکی جیاوازن. ئەمانە بەهۆی ئەوەی کە کوردی ئێتنین و بە کرمانجی دەپەیڤن، سەر بە تایەفەیەکی تەوفیقین کە پەری تاوس دەپەرستن). ئەمەی سەرەوە دەربڕینی ڕێکخراوێکی چاودێری مافی مرۆڤە و ئێزیدییەکان بە کورد ناودەبات، هەروەها زمانەکەشیان بە شێوەزاری کرمانجی دادەنێت، کە زاراوەیەکی سەرەکی سەر بە زمانی کوردییە.
2. لە لاپەڕە (98)ی پەرتووکی (عەبدولڕەزاق مەحمود ئەلقەیسی، ولایة الموصل تقرير عصبة الأمم الخاصة بحل النزاع التركي – البريطاني حول ولاية الموصل 1924–1925)دا، سەبارەت بە نەژادی ئێزیدییەکان نووسراوە: (میری تورکیا سەرنجەکانی بەتایبەت بۆ ئەو نەخشەیەی کۆمەڵەی جوگرافی شاهانەدا ڕاکێشا، کە کۆمەڵەی ناوبراو لە ساڵی (1910)دا لە لەندەن بڵاویکردبۆوە، کە هەمان ڕەنگی بەکارهێنابوو بۆ ئاماژەکردن بە کورد و ئێزیدییەکان، کەچی لە نەخشە نوێکەی میری بەریتانیادا کە لە ساڵی (1924)دا پێشکەش بە کۆمەڵەی نەتەوەکانی کردووە دوو ڕەنگی جیای بۆ کورد و ئێزیدییەکان بەکارهێناوە). بەکارهێنانی هەمان ڕەنگ بۆ ئێزیدی و کورد لەلایەن کۆمەڵەی جوگرافی شاهانەی بەریتانیا لە ساڵی (1910)دا، مانای ئەوە دەگەیەنێت کە هەردوو لایەن کوردن. بەڵام دانانی دوو ڕەنگی جیاواز لە ساڵی (1924)دا لەپێناوی

بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی ئینگلیز بووە لەوەی کە ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بە دەوڵەتی ئێراقی تازە دەستکردی ئینگلیز بلکێنن، ئەگینا هەردوو پەرتووکی پیرۆزی ئێزیدیی (مەسحەفارەش و جیلوە) بە زمانی کوردین کە بە پیتی کوردی کۆن و ڕەسەنی کوردی نووسراون، نوێژکردن، پاڕانەوە و تەواوی سرووتە ئایینییەکانیان بە کوردین.

3. لە لاپەڕە (133)ی هەمان پەرتووکی ناوبراو لە خاڵی (2)دا، سەبارەت بە بۆچوونی بەریتانی لەمەڕ نەژادی ئێزیدییەکان نووسراوە: (ئەگەر بێتوو سەرنج بدەینە لایەنی نەتەوەیی پرسەکە، دەبینین کە یاداشتە بەریتانییەکە هەر ئەوەندە دەڵێ کە لەوانەیە ئێزیدییەکان بە ڕەگەز کورد بن، بەڵام موسڵمان نین). کاتێک کە لایەنی بەریتانی دەڵێن: (لەوانەیە ئێزیدییەکان بەڕەگەز کورد بن)، ڕێی تێدەچێت کە وابێ، بەڵام ئەوان هەرگیز نەیان گوتیە کە ئێزیدییەکان عارەبن یان سەر بە نەتەوەیەکی ترن.

4. هەر لە هەمان لاپەڕەی سەرچاوەی پێشوو لە سەرەوەدا، سەبارەت بە بۆچوونی تورکەکان لەمەڕ نەژادی ئێزیدییەکان نووسراوە: (میری تورکیا جەختی کردەوە کە ئێزیدییەکان بەدڵنیایی کوردن و، هەمان دابونەریت و خووڕەوشتی کوردیان هەیە. بەڵام لە ڕووی ئایینزاوە لەیەک جیاوازن). بەگوێرەی بۆچوونی تورکەکانیش ئێزیدییەکان کوردن، خۆ تورکەکان ئەگەر پێیان بکرابایە ئێزیدییەکانیان بە تورک یان تورکمان ناودەبرد لەپێناوی ئەوەی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) ببێتە هی ئەوان، کەچی دیارە کوردێتیی ئێزیدییەکان ئەوەندە ڕوون بووە، بۆیە تورکەکان بۆیان نەکراوە جگە لە ڕاستی شتێکی تر بڵێن.

5. هەر لە لاپەڕە (134)ی پەرتووکی ناوبراو لە خاڵی (2)دا، سەبارەت بە نەژادی ئێزیدییەکان نووسراوە: (زۆربەی نووسەرە هاوچەرخەکان و گەڕیدە ئەورووپییەکان پێیان وایە کە ئێزیدییەکان کوردن). پەرتووکی ناوبراو بریتییە لە ڕاپۆرتێکی کۆمیسیۆنی توێژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان)، کە سەر بە کۆمەڵەی نەتەوەکان بووەو لە سەرەتای ساڵی (1925)دا هاتوونەتە ویلایەتی موسڵ و دواتر لە مانگی یولی هەمان ساڵدا ئەم ڕاپۆرتەیان بەرزکردۆتەوە بۆ کۆمەڵەی ناوبراو،

تیایدا باسی ئەوەیان کردووە کە زۆربەی نووسەرە هاوچەرخەکان و گەڕیدە ئەوروپی‌یەکان پێیان وایە کە ئێزیدییەکان کوردن، کە ئەمە بۆچوونی کۆمیسیۆنەکەش بووەو، ئەوانیش ئێزیدییەکان بە کورد دەزانن و، لەپێناوی پتەوکردنی بۆچوونی خۆیان پەنایان بردووە بۆ بۆچوونەکانی نووسەرە هاوچەرخەکان و گەڕیدە ئەوروپی‌یەکان کە ئێزیدییەکان بە کورد دەزانن.

6. هەر لە لاپەڕە (134)ی پەرتووکی ناوبراو لە خاڵی (2)دا، سەبارەت بە هەمان مەبەست نووسراوە: (ئێزیدییەکان بەتەنیا بە زمانی کوردی قسە دەکەن. نوێژو کاری خواپەرستییە سەرەکییەکانیان بە زمانی کوردی جێبەجێدەکەن. ڕێوڕەسمە ئایینییەکانیان و تەزبێحات کردنیان لەلایەن شێخێکەوە بە زمانی کوردی دەخوێندرێتەوە). ئەوەی کە لە ڕاپۆرتەکەی کۆمیسیۆنی توێژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان)دا هاتووە، هیچ گومانێک لە مێشک و دڵی کەسانی ئاسایی ناهێڵێتەوە، ئەگەر بێتوو گومانی لە کوردبوون و کوردێتیی ئێزیدییە کوردەکان هەبێت.

7. هەر لە لاپەڕە (136)ی پەرتووکی ناوبراو لە خاڵی (2)دا، سەبارەت بە نەژادی ئێزیدییەکان نووسراوە: (ئەندامانی کۆمیسیۆنی توێژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ، کە سەردانی شەنگال-یان کردبوو دەڵێن: ئێزیدییەکانی شەنگال بێ هیچ گومانێک کوردن، نەک تەنیا لەبەر زمانیان، بەڵکو لە پێکهاتەی لەشیشیاندا هەر یەکن). دیسان ئەندامانی شاندی کۆمیسیۆنەکەی سەر بە کۆمەڵەی نەتەوەکان جەخت لەسەر کوردێتیی ئێزیدییەکان دەکەنەوە و بە کوردیان ناودەبەن.

8. ئەحمەد فەوزی نووسەری ڕەگەزپەرستی عارەب، لە لاپەڕە (31)ی پەرتووکی (قاسم والکورد خناجر وجبال)دا، سەبارەت بە پێکهاتەی ئایینی کورد نووسیویێتی: (ژیانی گیانیی کورد دابەش دەبێتە سەر سێ بەشی سەرەکی کە: موسڵمان، ئێزیدی و ئەهلی هەقەن). پاشان نووسەر لە لاپەڕە (41)یشدا ئێزیدییەکان بە بەشێک لە کۆمەڵگای کوردی ناودەبات. سەرەڕای ئەوەی کە ئەحمەد فەوزی نووسەرێکی ڕەگەزپەرستی عارەب و دژ بە کورد بووە، بەڵام ئەو ڕاستییەی درکاندووە کە ئێزیدییەکان کوردن.

9. سەدیق دەملوچی، لە لاپەڕە (36)ی پەرتووکی (إمارة بهدينان الكوردية أو إمارة العمادية)دا، لە بابەتێکدا لەژێر ناوی (ئێزیدییەکان)دا نووسیوێتی: (پێوەندییەکانی زمان، ڕەگەزو نیشتمان هەرسێکیان ئێزیدی و بادینییەکان بەیەکەوە کۆدەکاتەوە. ئەوان بەڕەگەز بادینین و زمانەکەشیان بادینییە کە لەگەڵ زاراوەکانی تری کوردیدا جیاوازە. شوێنی نیشتەجێبوونیان چیای (داسن)ە کە چیای مزورییە، هەر لەبەر ئەو چیایەیە کە بە داسنییەکان ناسراون). سەدیق دەملوچی خەڵکی شاری موسڵ بووەو، هۆزی دەملوچی لە بنچینەدا هۆزێکی کوردی بەعارەبکراون کە سدیق سەر بەو هۆزەیە. نووسەر ڕاشکاوانە ئێزیدییەکان بە کورد و زمانەکەشیان بە زمانی بادینی واتە شێوەزاری کرمانجی باکوور دادەنێت. ناوبراو بە داسنیش ناویان دەبات کە داسنیشیان پێدەڵێن، چونکە شوێنی دانیشتنی ئەوانە.

10. مەحمود ئەلدوڕە، لە لاپەڕە (181)ی پەرتووکی (القضية الكوردية)دا، نووسیوێتی: (سەرەڕای جیاوازی مێژوونووسان سەبارەت بە نەژادی ئێزیدییەکان و مێژووی نادیاریان، دەبینین کە بۆچوونی زۆربە ئەوەیە کە ئێزیدییەکان سەر بە هەمان ڕەگەزی کوردن). مەحمود ئەلدوڕە، سەرەڕای ئەوەی کە ئەفسەرێکی عارەبی ڕەگەزپەرست و دوژمنی هەرە سەرسەختی کورد بووە، لە سەردەمی سەرۆک کۆماری ئێراق (عەبدولسەلام محەمەد عارف 26.3.1921–13.4.1966)، کە عارف لە ماوەی ساڵانی نێوان (8.2.1963–13.4.1966)دا پۆستی سەرۆک کۆماری بەدەست بووە، ناوبراو ئەوکاتە بەڕێوەبەری ئیستخباراتی گشتی سەربازی بووەو شەڕی شۆڕشگێڕانی کوردیشی کردووە، کەچی وەکو ڕاستییەک ئێزیدییەکانی بە کورد داناوە.

11. الشيخ أبي زكريا بن محمد بن إياس الأزدي، لە لاپەڕە (206)ی بەرگی یەکەمی پەرتووکی (تأريخ الموصل)دا، نووسیوێتی: (داسن: ناوی شاخێکی مەزنە لە باکووری موسڵ لە کەناری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە، کە کەسانێکی زۆری لێیەو سەر بە هۆزەکانی کوردن و پێیان دەڵێن داسنییەکان). ناوبردنی داسنییەکان بە کورد لەلایەن مێژوونووسی کۆنی

عارەب أبي زكريا الأزدي، ماناى كوردبوونى ئێزيدييەكان دەگەيەنێت، چونكە لە كۆنەوە بە ئێزيدييەكانيان گوتووە داسنييەكان.

12. ئەمين سامى ئەلغەمراوى، لە لاپەڕە (53)ى پەرتووكى (قصة الكورد في شمال العراق)دا سەبارەت بە باوەڕى كوردە ئێزيدى نووسيويێتى: (باوەڕى كوردەكان: كوردەكان دابەش دەبنە سەر سێ بەشى سەرەكى لەمەڕ باوەڕو ئايينەوە، سێ بەشەكەش بريتيين لە: 1. موسڵمانەكان. 2. ئێزيدييەكان. 3. ئەهلى حەق يان عەلى ئيلاهييەكان). ئەمين سامى ئەلغەمراوى، سەربارى ئەوەى كە كۆنە ئەفسەرێكى ڕەگەزپەرستى عارەبى ئێراقى بووە بەپلەى عەقيد لە سوپادا و ئێزيدييەكانى بە كورد داناوە، كەچى بەناو كوردێكى وەكو عەلى بابان لە كورد جياى كردونەتەوە.

13. دكتۆر خاليد سلێمان ئەلفەهداوى، لە لاپەڕە (13)ى پەرتووكى (القضية الكوردية والحل المنشود التأريخ – الواقع – المستقبل)دا سەبارەت بە بنەچەى ئێزيدييەكان، نووسيويێتى: (هەندێك لە كوردەكان بوون بە ئێزيديى، كە پاشماوەى زەردەشتييەكانن). كاتێك كە دكتۆر خاليد ئەلفەهماوى باسى ئەوە دەكات كە هەندێك لە كوردەكان بوون بە ئێزيدى، ماناى وايە كە ئێزيدييەكان بە ڕەچەڵەك كوردن.

14. ئەحمەد تاجەدين، لە لاپەڕە (53)ى پەرتووكى (الاكراد تأريخ شعب وقضية وطن)دا، سەبارەت بە ئێزيدييەكان، نووسيويێتى: (بەهێزترين و گرنگترين خێڵە كوردەكان بريتيين لە خێڵەكانى: جاف، پشدەرى، زەنگەنە، تاڵەبانى، كاكەيى، بابان، ئێزيدى و هەمەوەند). ناوهێنانى ئێزيدييەكان بە يەكێك لە خێڵە كوردەكان لەلايەن ئەحمەد تاجەدينى نووسەرى عارەبەوە، كوردبوونى ئێزيدييەكان دەگەيەنێت.

15. ئەحمەد تاجەدين، لە لاپەڕە (69)ى پەرتووكى ناوبراو لە سەرەوەدا، هەر سەبارەت بە ڕەگەزى ئێزيدييەكان، نووسيويێتى: (ئێزيدييەكان تيرەيەكى سەر بە كوردن). دووبارە ئەحمەد تاجەدين ئێزيدييەكان بە تيرەيەكى سەر بە نەتەوەى كورد دادەنێت.

16. هەرچى سەبارەت بە هەردوو شارۆچكەى كوردى ئێزيدى (شەنگال و شێخان)ە، ئەوە پەرتووكى (كورد لە ئينسكلۆپيدياى ئيسلامدا)، لەلاپەڕە

(6)دا، بەمشێوەیە باسی کردوون: (شەنگال و شێخان نیشتمانی کوردە ئێزیدییەکانن). ئینسکلۆپیدیای ئیسلام، کە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوە بەتایبەت لەنێو موسڵمانەکان و باسی ئەوە دەکات کە هەردوو شاری شەنگال و شێخان بریتیین لە نیشتمانی کوردە ئێزیدییەکان، تەمی گومان لە کوردبوونی ئێزیدییەکان لە ئاسمانی بیرو دەروونندا ڕادەماڵێت.

17. نووسەری بەناوبانگی ئێراقی (عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی)، لە لاپەڕە (47)ی پەرتووکی (العراق قديما وحديثا)دا نووسیوێتی: (ئێزیدییەکان بەوە ناسراون کە سەر بە گەلی کوردن، ئەوان بە کوردی قسەدەکەن). نووسەری ئێراقی عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی، کە مێژووی وەزارەتەکانی ئێراقی لە دە بەرگدا نووسیوە، لە تەواوی نووسینەکانیشیدا جۆرە ڕقێک بەدی دەکرێت بەرانبەر شۆڕشی کورد و سەرکردەکانی، کەچی زۆر ڕاشکاوانە ئێزیدییەکان بە بەشێک لە جەستەی سەر بە نەتەوەی کورد دادەنێت و زمانەکەشیان بە زمانی ڕەسەنی کوردی ناودەبات.

18. حازم هاجانی، لە لاپەڕە (226)ی پەرتووکی (صفحات من تأريخ الكورد و كوردستان) و بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (17)ی پەرتووکی (اليزيديون في حاضرهم وماضيهم)ی نووسەری بەناوبانگی ئێراقی (عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی) کە نووسیوێتی: (ئێزیدییەکان کوردن). دووبارە نووسەری ئێراقی عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی لە پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، ئێزیدییەکان بە کوردی ڕەسەن دادەنێت.

19. دکتۆر شاکر خەسباک، لە لاپەڕە (181)ی پەرتووکی (العراق الشمالي دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية)دا نووسیوێتی: (زۆربەی کوردەکان سەر بە ئایینزای شافعین، کە یەکێکە لە چوار ئایینزاکانی سوننە. چەند هۆزێکی کەمی کوردی هەیە کە گرنگترینیان لوڕ (فەیلی)ین کە سەر بە ئایینزای شیعەن. ئایینزای شافیعی چەندان لق و ڕێگای لێ جیابۆتەوە کە جیاوازی سادە لەنێوانیاندا هەیە. دیارترین ڕێگا لەنێو کوردەکان ڕێگای قادرییەو لەدوای ئەویش نەقشبەندییە. سەرەڕای ئەمانەش کۆمەڵەی کوردی تریش هەن کە خاوەنی بیروباوەڕی تایبەت بە خۆیانن کە گرنگترینیان ئێزیدی و کاکەیین). دکتۆر شاکر خەسباک کە دکتۆرای لە جوگرافیادا هەیەو،

نووسەرێکی ڕاستگۆ و نووسینەکانی بێلایەنانەو لەژێر کاریگەری هیچ بیرێکی نەتەوەیی یان ئایدیۆلۆجییەکدا نییە. لێرەدا دکتۆر شاکر خەسباک، ئێزیدییەکان بە بەشێکی گرنگ لە پێکهاتەی نەتەوەیی کوردی دادەنێت.

20. دکتۆر شاکر خەسباک، لە لاپەڕە (484)ی پەرتووکی (الاكراد دراسة جغرافية أثنوغرافية)دا، لە بەشی ئایینەکانی کورداندا نووسیویێتی: (هەروەها جگە لە موسڵمان لایەنگرانی ئایینەکانی تر هەن لەوانە (30) هەزار ئێزیدی، (20) هەزار سابئی، (15) هەزار شەبەک و ژمارەیەکی کەم کاکەییەکان و باجەلانییەکان). دیسان دکتۆر شاکر خەسباک، ئێزیدییەکان لە ڕووی نەتەوەییەوە بە کورد دادەنێت، بەڵام لە ڕووی ئایینەوە بە هەڵگری ئایینێکی سەربەخۆو جیا لە موسڵمان ناویان دەبات.

21. دکتۆر شاکر خەسباک، لە لاپەڕە (485)ی پەرتووکی (الاكراد دراسة جغرافية أثنوغرافية)دا، هەر لە بەشی ئایینەکانی کورداندا، هەریەک لە عەلی ئیلاهی، شەبەک، کاکەکەیی و ئێزیدییەکانی بە کورد داناوە. هەر لە هەمان سەرچاوەی ناوبراو لە سەرەوەدا، دکتۆر شاکر خەسباک جارێکی تریش ئێزیدییەکانی لە ڕووی نەتەوەییەوە گەڕاندۆتەوە سەر نەتەوەی کورد.

22. دکتۆر شاکر خەسباک، لە لاپەڕە (489)ی پەرتووکی (الاكراد دراسة جغرافية أثنوغرافية)دا، سەبارەت بە ئێزیدییەکان نووسیویێتی: (سەرەڕای هەبوونی جیاوازی زۆر سەبارەت بە بنەچەی ئێزیدییەکان، بەڵام نووسەران لەسەر ئەوە هاودەنگن کە ئێزیدییەکان سەر بە نەتەوەی کوردن). لێرەدا دکتۆر شاکر خەسباک نەک تەنیا خۆی پێی وایە کە ئێزیدییەکان کوردن، بەڵکو بۆچوونەکەی خۆی بە پشت بەستن بە بۆچوونی نووسەران بەهێز دەکات، کە ئەوانیش پێیانوایە ئێزیدییەکان بەشێکن لە نەتەوەی کورد.

23. دڵشاد نوعمان فەرحان، لە لاپەڕە (77)ی پەرتووکی (معاناة الكورد الإيزديين في ظل الحكومات العراقية 1921–2003)دا سەبارەت بە بنەچەی ئێزیدییەکان، نووسیویێتی: (شا فەیسەڵ لە یاداشتە بەناوبانگەکەی کە سەبارەت بە دیاریکردنی چارەنووسی ویلایەتی موسڵ بڵاوکرایەوە، لەسەر ئێزیدییەکان نووسیویێتی: ئێزیدییەکان و خاوەن ئایینزا جیا جیاکان بەناو موسڵمانن و بە ڕەگەزیش کوردن. بەوانەوە (بە ئێزیدییەکانەوە) ژمارەی

کورد دەگاتە (75.280) کەس، کە ئەوان بە کوردی دەدوێن – سەرچاوە: دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، دراسات ومباحث في تأريخ الكورد والعراق المعاصر، سپیرێز، جنوب كوردستان – دهۆک 2007، ل200). شا فەیسەڵ کوڕی حوسێن کوڕی سەریف عەلی هاشمی (20.5.1983–8.9.1933) کە لە ماوەی نێوان (8.9.1933–23.8.1921)دا وەکو یەکەم پادشای ئێراق بەردەوام بووە، ئەویش بە نەژاد ئێزیدییەکان بە بەشێک لە نەتەوەی کورد دادەنێت، بەڵام کە لە ڕووی ئایینەوە بە موسڵمان ناودەبات ئەوەیان ڕاست نییە.

24. محەمەد ئەمین زەکی، لە لاپەڕە (27)ی پەرتووکی (کورتەیەک لە مێژووی کورد و کوردستان)دا، باسی ئەوەیکردووە کە (تەها ئەلهاشمی) لە لاپەڕە (109)ی پەرتووکی (مفصل جغرافية العراق)دا نووسیوێتی: (ئێزیدییەکان سەر بە گەلی کوردن). تەها حلمی سەلمان ئەلهاشمی (1888–1961)، کە لە ماوەی نێوان (1.4.1941–1.2.1941)دا سەرۆک وەزیرانی ئێراقی بووەو چەندان پۆستی سەربازی و حکومی هەبووە وەکو سەرۆک ئەرکانی سوپاو پۆستی وەزارەتەکان بەتایبەت وەزیری بەرگری (1938)، کەسێکی دژ بە کوردیش بووە، بەڵام ئێزیدییەکانی بە پێکهاتەیەکی نەتەوەی کورد داناوە. دیسان عەدنان زیان فەرحان، لە لاپەڕە (21)ی پەرتووکی (الكورد ألأيزيديون في أقليم كوردستان) و بە پشت بەستنی بە سەرچاوەکەی تەها هاشمی نووسیوێتی: (ئێزیدییەکانی شێخان داسنین، داسنییەکانیش کوردن کە بە درێژایی چیای داسن نیشتەجێ ببون).

25. محەمەد ئەمین زەکی، لە لاپەڕە (27)ی پەرتووکی (کورتەیەک لە مێژووی کورد و کوردستان)دا، باسی ئەوەیکردووە کە ئینسکلۆپیدیای ئیسلام، نووسیوێتی: (خەڵکی شەنگال کوردن. شەبەک ئایینزای بەشێک لە کوردانی موسڵ–ەو بەگوێرەی خەمڵاندنی کارمەندانی ئینگلیز ژمارەیان دە هەزار کەسێکە). بەگوێرەی دانپێدانانی ئینسکلۆپیدیای ئیسلام کە مێژوونووسی کورد محەمەد ئەمین سلێمان زەکی ئاماژەی پێکردووە، ئێزیدییەکان کوردن، چونکە ئینسکلۆپیدیای ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە دانیشتوانی

شاری شەنگال کورد، کە بۆ هەموو لایەکیش ڕوونە دانیشتوانی ئەو شارە ئێزیدیین، کەواتە ئێزیدییەکان بەشێکن لە نەتەوەی کورد.

26. عەدنان زیان فەرحان، لە لاپەڕە (21)ی پەرتووکی (الكورد ألأيزيديون في أقليم كوردستان) و بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (432)ی بەرگی دووەمی پەرتووکی (معجم البلدان)ی یاقوتی ئەلحەمەوی نووسیوێتی: (داسن ناوی چیایەکی مەزنە لە باکووری موسڵ، کە دەکەوێتە کەناری ڕۆژهەڵاتی دیجلە، خەڵکێکی زۆری تێدا دەژی کە هۆزی کوردین و پێیان دەڵێن داسنی). یاقوتی حەمەوی کە مێژوونووسێکی عارەبی ئیسلامی کۆنەو دانیشتوانی دەوروبەری چیای داسن کە دەکەوێتە باکووری موسڵ بە کورد دادەنێت، کە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە سەرتاپای ئێزیدی بووینە کە ناوبراو بە کورد ناویان دەبات، ئەمەش بۆمان ڕوون دەکاتەوە کو ئێزیدی کوردی ڕەسەنن.

27. عەدنان زیان فەرحان، لە لاپەڕەکانی (21-22)ی پەرتووکی (الكورد ألأيزيديون في أقليم كوردستان)داو بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (7)ی پەرتووکی (اليزيدية واليزيديون)ی نووسەری عارەب خەڵەف ئەلجەڕاد، سەبارەت بە بنەچەکەی ئێزیدییەکان نووسیوێتی: (کوردە ئێزیدییەکان بیروباوەڕی کۆنی کوردی خۆیان پاراستووە). ئەوەی کە نووسەر خەڵەف جەراد نووسیوێتی کوردبوونی ئێزیدییەکان دەگەیەنێت، چونکە ناوبراو ئێزیدییەکانی بە کورد دادەنێت کە هەر لە کۆنەوە بیروباوەڕی کوردی هی ئەوان بووە.

28. دکتۆر وەلید حەمدی، لە لاپەڕە (135–136)ی پەرتووکی (کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا)، سەبارەت بە ڕەگەزی ئێزیدییەکان نووسیوێتی: (ئێزیدییەکان ژمارەیان کەمەو بەپێی سەرژمێری بەریتانیا و ئێراق ژمارەیان (21–30 هەزارەو بەپێی سەرژمێری تورکەکان لە هەژدە هەزار کەمترە. ئەوان کۆمەڵێکی یەکگرتوون و لەوانەشە تەنیا کۆمەڵی یەکگرتووی نیشتەجێ بن لە بیابانی ڕۆژئاوا. میری بەریتانیا بانگێشەی ئەوەیکرد کە لەوانەیە بنەچەیان کورد بێ، بەڵام موسڵمان نین، لە نەخشەشدا بە ڕەگەزێکی جیاواز لە ڕەنگی کورد نیشان دراون، بەڵام لە

نەخشەی میری تورکیادا بەیەک ڕەنگ لەگەڵ کورددا پیشان دراون و میری تورکیا پێی وابوو ئەوان لە ڕەگەزی کوردن. پاش لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لە سەرچاوەی جۆر بەجۆرەوە کۆمیسیۆنەکە گەیشتە ئەو باوەڕەی کە ئایینی ئێزیدیی نەژادو ڕەگەزیان ڕوون نییە، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە موسڵمان نین و لە تورک و عارەبیشەوە نزیک نین، بەڵکو لەگەڵ کورددا هەندێ نزیکیان هەیە. لەوانەیە بنەچەی هاوبەشیان لەگەڵ کوردا هەبێ). بەگوێرەی بۆچوونەکانی حکومەتی بەریتانی، تورکی و کۆمیسیۆنی توێژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ هەموویان ئێزیدییەکان بە نزیکی کورد دادەنێن و ئاماژە بە بنەچەی هاوبەشی ئێزیدیی و کورد دەکەن.

29. پارێزەر جەرجیس فەتحوڵڵا، لە لاپەڕە (395)ی بەرگی دووەمی پەرتووکی (وریابوونەوەی کورد مێژوویێکی سیاسی 1900–1925)دا، لە بەشی دووەم و لە بابەتی (لێکۆڵینەوەکانمان لە ناوچەی موسڵ)دا، لە نووسینی (ئی. ئێف. ڤێرسن)دا کە بەشێکە لە پەرتووکەکەیدا لەژێر ناوی (یادگارەکان لە جەنگ و ئاشتیدا)، کە ڤێرسن دەڵێ: (ئێزیدییەکان ژمارەیان سی هەزار کەس زۆرتر نابێ وڵاتەکەیان دەکەوێتە ڕۆژئاواو باکووری موسڵ، بنەچەو مێژوویان زۆر نادیارو شێواوەو لە ڕووی ڕەگەزەوە کوردن و زمانەکەشیان کوردییە، ئەمەش گومانی تێدانییە). دیبلۆماتکارو ئەفسەری پایەبەرزو وەزیری مفەوەزی سویدی (ئاینەر تروە ئێف ڤێرسن Einar Thrue af Wirsen) کە لە ماوەی نێوان (5.1.1946–20.4.1875)دا ژیاوەو، لەکاتی شەڕی یەکەمی جیهاندا ئەفسەرێک بووە لە سوپای عوسمانی و دواتریش باڵوێزی سویدی بوو لە ڕۆمانیا–بۆخارست، لە ڕێکەوتی (30.9.1924)دا وەکو بەرپرسی یەکەمی کۆمیسیۆنی توێژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ دەستنیشانکراوەو، لە مانگی یەنیوەری ساڵی (1925)دا هاتۆتە ویلایەتەکەو، لە ڕووی ڕەگەزو زمانەوە ئێزیدییەکان بە کورد دادەنێت.

30. میرێللا گەلێتی، لە لاپەڕە (51)ی پەرتووکی (کورد و کوردستان لە نووسراوەکانی ئیتاڵیدا لە سەدەی سێزدەم – نۆزدەم (ز)دا، ئاماژەی بە نووسینێکی نووسەری ئیتاڵی (گ. فرانکێسکۆ پیڤاتی – G. Francesco

Pivati)ی کردووە، کە سەبارەت بە بنەچەی ئێزیدییەکان نووسیویێتی: (کوردەکان ئێزیدین و ڕاڕان خەسڵەتی هیچ جۆرە ئایینێکیان پێوە نییە). بەگوێرەی مێژوونووسی ئیتاڵی میرێللا گەلیتی، کە ئاماژەی بە نووسەری ئیتاڵی فرانسێسکۆ پیڤانی کردووە، کە ئەوەی دووەمیان تەواوی کورد بە ئێزیدی دەزانێت.

31. میرێللا گەلیتی هەر لە هەمان لاپەڕەدا ئاماژەی بە (ت. مینزێل– T. Menzel) کردووە کە دەڵێت: (ئێمە دەزانین ئێزیدییەکان کوردن، ئەگەرچی ئایینێکی تایبەتی خۆشیان هەیە). هەر بەگوێرەی ئاماژەی میرێللا گەلیتی، نووسەرێکی تری ئیتاڵی بەناوی (ت. مینزێل)ی ئێزیدییەکان بە کورد دادەنێت، ئەی خێرە ئەو نووسەرو گەڕیدە ئیتاڵی و ئەوروپی‌یانە لەم دورییەوە ئێزیدییەکان بە کورد دادەنێن، کەچی وەزیری پلاندانانی ئێراقی عەلی بابان سەرەڕای ئەوەی کە خۆیشی کوردە و دەزانێت ئەوان بە کوردی نوێژ دەکەن، هەردوو پەرتووکی پیرۆزیان و تەواوی سرووتە ئایینییەکانیان بە کوردییە، کەچی ئێزیدی بە نەتەوەیەکی سەربەخۆ و جیا لە کوردیان دادەنێت؟

32. میرێللا گەلیتی، لە لاپەڕە (58)ی پەرتووکی (کورد و کوردستان لە نووسراوەکانی ئیتاڵیدا لە سەدەی سێزدەم – نۆزدەم (ز)دا، ئاماژەی بە نووسینێکی نووسەری ئیتاڵی (دۆمێنیکۆ سێستینی – Domenico Sestini)ی کردووە، کە سەبارەت بە ڕەگەزی ئێزیدییەکان نووسیویێتی: (ئێزیدییەکانیش لە ڕووی نەتەوایەتییەوە کوردن). نووسەرێکی تری ئیتاڵی بەناوی دۆمێنیکۆ سێستینی لە ڕووی نەتەوەییەوە ئێزیدییەکان بە کورد دادەنێت.

33. نووسەری هۆڵەندی مارتن ڤان برۆنیسینس، لە لاپەڕەکانی (48+49)ی پەرتووکی (ئاغاو شێخ و دەوڵەت)دا، سەبارەت بە ئایینی کورد نووسیویێتی: (سێیەمین دەستەی جودا، ئێزیدییەکانن، کە زۆر جار بە ناڕەوا و بەتەوسەوە (ئەهریمەن پەرست)یان نێودەنێن. پێدەچێت هەر موسڵمانیش نەبن. ئەم ئایینە تایبەتە بە کورد. ئێزیدییەکان بە کرمانجی دەدوێن. زۆربەی ئێزیدییەکان لە کێوەکانی شەنگال خوارووی خۆرئاوای موسڵ و نێوچەی

شێخان خۆرهەڵاتی موسڵ دەژین). مارتن ڤان برۆنیسینس یەکێکە لە نووسەرە ناودارەکانی هۆڵەندی و چەند پەرتووکێکی مێژوویی گرنگی لەسەر پرس و ژیانی کورد نووسیوە، لە پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا باسی ئەوە دەکات کە ئێزیدییەکان بە کرمانجی دەدوێن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئێزیدییەکان کوردن، چونکە کرمانجی یەکێکە لە شێوە زارەکانی کوردی.

34. (مارتن ڤان برۆنیسینس – Martin Van Brunessens)، لە لاپەڕە (19)ی پەرتووکی (کورد و بنیاتنانی ئوممەت)دا، نووسیویێتی: (ئێزیدییەکان بە کوردی دەدوێن). کاتێک کە مارتن ڤان برۆنیسینس باسی ئەوە دەکات کە ئێزیدییەکان بە کوردی دەدوێن، مانای ئەوەیە کە کوردی زمانی دایک و زمانی فەرمی ئەوانە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئێزیدییەکان کوردن.

35. تۆما بوای کوردناسی فەرەنسی، لە لاپەڕە (207)ی پەرتووکی (ژیانی کوردە واری)دا، ئێزیدییەکان بە کورد ناودەبات و ژمارەیان بە (50) هەزار دادەنێت و، شوێنی ژیانیان بە دۆڵی شێخان و جیاکانی شەنگال دیاری دەکات). تۆما بوای ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسی فەرەنسی بێ هیچ دوو دڵییەک ئێزیدییەکان بە بەشێک لە نەتەوەی کورد دادەنێت.

36. دیڤید ماکداول، لە لاپەڕە (30)ی بەرگی یەکەمی پەرتووکی (مێژووی هاوچەرخی کورد)دا، سەبارەت بە ئایینی کورد نووسیویێتی: (یەکێکی دیکە لەو گرووپە گرنگانەی پێڕەو لە ئایینزایەکی تایبەتی و سەرنج ڕاکێش دەکەن ئێزیدییەکانن. ئەم خەڵکە کە کرمانجی زمانن، بەزۆری لە ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتی موسڵ دەژین). دیڤید ماکداولی نووسەری ئەمریکی ئێزیدییەکان بە کرمانجی زمان دەزانێت، کە ئەمەش مانای کوردبوونی ئەوانە چونکە کرمانجی یەکێکە لە شێوە زارە سەرەکی و گرنگەکانی کوردی.

37. فیلیپ کرینبروک و کریستییەن ئالیسۆن، لە لاپەڕە (145)ی پەرتووکی (کولتورو ناسنامەی کورد)دا، سەبارەت بە ئایینی کورد و لە بابەتێکدا بەناوی ئێزیدییەکان، نووسیویانە: (زۆرترین ژمارەی ئێزیدییەکان (کە 100 هەزار هەتا 250 هەزار کەس هەڵدەسەنگێندرێن) لە باکووری ئێراق (باشووری کوردستان) دەژین. مەڵبەندی سەرەکی ئێزیدییەکان (لە نێزیکی

مەزاری شێخ عودەی) ئێستا لە ناوچەی پارێزراوی لە دۆڵی لالش لە باکووری موسڵ هەڵکەوتووە. هەموو کۆمەڵگاکانی ئێزیدی هەر لە کۆنەوە، بە زمانی کوردی کرمانجی قسەیان کردووە). ئەو دوو نووسەرە بیانییە پێیان وایە کە هەر لە کۆنەوە زمانی کوردی کرمانجی زمانی ئێزیدییەکان بووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئێزیدییەکان کوردی ڕەسەنن.

38. میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریف، لە لاپەڕە (174)ی پەرتووکی (مێژووی کوردستان)دا، سەبارەت بە ئایینی کورد و ئێزیدییەکان دەڵێ: (هەروەها کوردەکانی تر کە سەر بە تایەفەکانی تر بوون وەک (ئێزیدییەکان و عەلەوییەکان) کە شوێن کەوتوانی ڕێبازە ئایینە جیاوازەکان تەنیا گوێڕایەلیان بۆ سەرکردەو شێخەکانی خۆیان هەبوو). میخائیل لازاریفی کوردناس و ڕۆژهەڵاتناسی ڕوسیا (9.3.2010-8.3.1930)، کە چەندان پەرتووکی بەنرخی لەسەر پرسی ڕەوای کورد نووسیوە، ئێزیدییەکان لە ڕووی نەتەوەییەوە بە کورد دادەنێت.

39. پ. لێرخ، لە لاپەڕەکانی (41+62)ی پەرتووکی (دراسات حول الأكراد وأسلافهم الخالديين الشماليين)دا، نووسیویێتی: (لە سەرچاوە ڕوسیایەکاندا زانیاری زۆر لەسەر ئێزیدییەکان و لەوەی کە بیرزین بڵاویکردۆتەوە هەیە، بەڵام لەگەڵ بۆچوونی ئەو یەک ناگرمەوەلە چەند پرسێکدا، بۆ نموونە ئەو ئێزیدییەکان بە دراوسێی کوردەکان دادەنێت نەک بەشێک لە کورد کە ئێمە بە کوردیان دادەنێین. ئێزیدی و موسڵمانە کوردەکان پێکەوە لە چیای شەنگال دەژین). ڕۆژهەڵاتناسی ڕوسیا پیوتەر لێرخ (1828-1884)، ئێزیدییەکان بە نەتەوەیەکی سەربەخۆ و جیا لە کورد ناو نابات، بەڵکو بە بەشێک لە پێکهاتەی نەتەوەیی کوردیان دادەنێت.

40. ئەلبێرت میخایلۆفیتچ مینتیشاشڤیلی، لە لاپەڕە (75)ی پەرتووکی (کورد کورتەی پێوەندیی کۆمەڵایەتی - ئابووریی، ڕۆشنبیری و گوزەران)دا سەبارەت بە ئایینی ئێزیدییەکان نووسیویێتی: (ئەکادیمی ن. ی. مارِ ئەیسەلمێنێ کە ئێزیدیی ئایینێکی بتپەرستانەی کوردە، کە تا ئیسلام بوون لەناو کورددا بڵاوبووە). بەگوێرەی ئاماژەی ڕۆژهەڵاتناسی ڕوسیا ئەلبێرت

میخایلۆفیتچ مینتیشاشڤیلی، ن. ی. مارِ ئێزیدییەکان بە کورد دادەنێت و کوردیش بەتەواوی ئێزیدی بووینە تا هاتنی ئیسلام.

41. ئەلبێرت میخایلۆفیتچ مینتیشاشڤیلی، لە لاپەڕە (77)ی پەرتووکی (کورد کورتەی پێوەندیی کۆمەڵایەتی – ئابووریی، ڕۆشنبیری و گوزەران)دا، سەبارەت بە ئێزیدییەکان نووسیوێتی: (باوەڕی ئێزیدی، نهێنییەتی و ڕێوشوێنی تایفەیی یارمەتیی ئەوە ئەدا کە زەحمەتکێشانی ئێزیدی بکەوتە بەر چەوساندنەوەیەکی سەختی کۆمەڵایەتیی کارگێڕانی ئایین و سەرۆک هۆزەکان بەڵام بێ گوێدانە ئەمانە، ئێزیدی بەشداری چالاکانە ئەکەن لە خەباتی گەلی کورددا لەپێناوی مافی نەتەوەییدا). ئەمەی کە میخایلۆفیتیچ مینتیشاشڤیلی باسی دەکات ڕەسەنێتیی کوردبوونی تەواوی ئێزیدییەکان دەگەیەنێت، چونکە ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە ئێزیدی بە بەردەوامی بەشداری شۆڕشی کوردیان کردووە لەپێناوی مافە نەتەوەییەکانیاندا، کە ئەمەش دەریدەخات ئەو پێی وایە ئێزیدی بەشێکن لە پێکهاتەی ڕەگەزی نەتەوەی کورد.

42. ئەلبێرت میخایلۆفیتچ مینتیشاشڤیلی، لە لاپەڕە (93)ی پەرتووکی (کورد کورتەی پێوەندیی کۆمەڵایەتی – ئابووریی، ڕۆشنبیری و گوزەران)دا نووسیوێتی: (ئێزیدی بە دیالێکتی ژووروو ئەدوێن. دوو پەرتووکی پیرۆزی ئێزیدی بەم دیالێکتە نووسراون (مەسحەفارەش و جیلوە). ئەم دوو پەرتووکە لە سەدەکانی دوازدەهەم سیانزەهەمدا نووسراون). ئەوەی کە ڕۆژهەڵاتناسی ڕوسیا ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیوێتی، دەیسەلمێنی کە ئێزیدی کوردی ڕەسەنن، چونکە زمانەکەیان بە زمانی کوردی دادەنێت و باسی ئەمەش دەکات کە هەردوو پەرتووکی پیرۆزی ئێزیدییان بە زمانی کوردی نووسراون.

43. ئەلبێرت میخایلۆفیتچ مینتیشاشڤیلی، لە لاپەڕە (57)ی پەرتووکی (العراق في سنوات الأنتداب البريطاني)دا، سەبارەت بە کوردە ئێزیدییەکان نووسیوێتی: (زۆربەی ئێزیدییە کوردەکان لە چیای شەنگال نزیک لە موسڵ دەژین، بە پێچەوانەی قەزای شێخان کە بەتەنیا ئێزیدی تیادا نیشتەجێیە، کە لە چیای شەنگال کورد و عارەب دەژین شانبەشانی ئێزیدی. ئێزیدییەکان لە کوردە

وە هاتوون). لە سەرەوەدا ڕۆژهەڵاتناسی ڕوسی ئەلبێرت میخایلۆفیتچ مینتیشاشڤیلی بۆچوونی خۆی سەبارەت بە ئێزیدییەکان دەردەبڕێ و بە کوردیان دادەنێت.

44. ئەلبێرت میخایلۆفیتچ مینتیشاشڤیلی، لە لاپەڕە (58)ی پەرتووکی (العراق في سنوات الأنتداب البريطاني)دا، سەبارەت بە ئایینی کورد نووسیویێتی: (ن. أ. مان وای بۆ دەچێت کە ئێزیدی ئاینێکی تایبەت بە کوردە، کە کوردەکان ئەو ئایینەیان هەبووە بەر لە ئیسلام بوونیان). بەگوێرەی ئاماژەی ئەلبێرت میخایلۆفیتچ مینتیشاشڤیلی، ن. أ. مان ئێزیدی بە ئایینێکی تایبەت بە کوردەکان دادەنێت و پێشیوایە کە تەواوی کوردەکان ئایینی ئێزیدییان هەبووە بەر لە هاتنی ئیسلام، کەواتە کورد ئێزیدی بووینەو ئێزیدییەکانیش کوردن.

45. باسیلی نیکیتین، لە لاپەڕە (324)ی پەرتووکی (الكورد دراسة سوسيولوجية وتأريخية)دا سەبارەت بە ئێزیدی نووسیوێتی: (یەکێک لەو ئایینزایانەی کە لە کوردستاندا هەیە ئێزیدییە، کە ئایینی هەندێک لە کوردەکانە. ئایینی ئێزیدیی ئەو ئایینە بووە کە زۆربەی کوردەکان هەڵگری بووینە بەر لە موسڵمان بوونیان). کوردناس و ڕۆژهەڵاتناسی ڕوسیا باسیلی نیکیتین، کە لە ساڵی (1885)دا لە پۆلۆنیا لە دایک بووەو دواتریش لە ڕێکەوتی (7.6.1960)دا لە وڵاتی فەرەنسا مردووە، خاوەنی چەندان پەرتووک و لێکۆڵینەوەیە لەسەر کورد و کوردستان لە ڕووی نەژادییەوە ئێزیدی دەباتەوە سەر ڕەگەزی کورد.

46. دکتۆر ڕەشاد میران، لە لاپەڕەکانی (90-91)ی پەرتووکی (ڕەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا)، بەپێی بۆچوونی زانایەکی ڕوسیا لەسەر ڕەگەزی ئێزیدییەکان نووسیوێتی: (هەرچی کوردناس و ئیتنۆگرافیستی سۆڤیەتییە، ئۆ. ڤیلچێڤسکی، ئێزیدی بە ئاینێکی ساکاری کۆچەرەکانی کوردستان دادەنێ کە لەگەڵ سووفیزمدا تێکەڵ بووە و هەر ئەوەشە، بە بۆچوونی ئەو، بووە بە بنچینەی هەموو ئەو هەوڵانە بۆ لەیەک نزیک کردنەوەی ئاینی ماگی – مەتریالیست و ساکاری کۆچەرەکانی کوردستان لە بۆچوونە ئیدیالیستیەکانی دەروێشە موسڵمانەکانەوە). ئەوە کاری من

نییە لێرەدا وەڵامی ئەم بۆچوونەی ئۆ. ڤیلچیڤسکی بدەمەوە سەبارەت بە لەیەک نزیککردنەوەی ئایینی ئێزیدی و دەروێشە موسڵمانەکان، ئەوەی کە مەبەستی ئێمەیە ئەوەیە کە ئەم کوردناسە ئێزیدی بە ئایینێکی کۆچەرەکانی کوردستان دادەنێت، بەمەش بۆمان دەردەکەوێت کە کوردناسی ناوبراو ئێزیدی بە کورد دادەنێت.

47. گۆدفری ڕۆللیس درایڤەر، لەوتارێکیدا لەژێر ناوی (ئایینی کورد) کە لە لاپەڕەکانی (93–117)ی پەرتووکی (درایڤەرو کورد کۆمەڵەی پێنج وتار)دا بڵاوکراوەتەوە، لە چەندان شوێنی جیاجیادا ئێزیدییەکانی بە کورد داناوە. لێکۆڵەرو ڕۆژهەڵاتناسی ئینگلستانی درایڤەر، ئێزیدییەکانی بە بەشێک لە کورد داناوە.

48. پرۆفیسۆر دکتۆر جویس بلۆ، لە لاپەڕەکانی (21+22)ی پەرتووکی (دۆزی کورد لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیۆلۆجی)دا نووسیوێتی: (هەندێ لە لێکۆڵەرەوان بڕوایان وایە کە ئایینەکانی ئێزیدی و نەستوری لەناو کوردەکاندا سەریان هەڵداوە. لەو سەردەمەشدا هێشتا لەناو زۆرێک لە تیرە و هۆزەکاندا هەن کە پاشماوەی ئایینی بەر لە ئیسلامی خۆیان پاراستووە وەک ئێزیدییەکان، عەلی ئیلاهییەکان و هتد). پرۆفیسۆری فەرەنسی دکتۆر جویس بلۆ کە پەرتووکێکی لەسەر پرسی کورد نووسیوە، ئایینی ئێزیدی بە هەڵقوڵاوی نێو هەناوی کۆمەڵگای کوردی دادەنێت، کەواتە ئەویش ئێزیدییەکان بە بەشێک لە نەتەوەی کورد دەزانێت.

49. هۆلمس فۆنی مۆلتەکە، لە یاداشتەکانی خۆیدا لەژێر ناوی (سوپا سالارو سەرفەرماندەی ئەڵمان فیلد مارشاڵ هۆلمس فۆنی مۆلتەکە)دا، کە لە گۆڤاری (رسملی تأریخ مەجموعەسی، ئەنقەرە)دا بڵاوکراوەتەوەو، ئەحمەد خواجە وەریگێڕاوە بۆ کوردی، لە بەرگی سێیەمی (چیم دی)دا لە لاپەڕەکانی (129–187)دا بڵاویکردۆتەوە، لە لاپەڕە (140)دا مۆلتەکە سەبارەت بە ئێزیدییەکان نووسیوێتی: (لەلایەن فەرماندەیەکی تورکەوە دوای سێ مانگ ئابلوقەدان و شەڕکردنی دانیشتوانی (جەزیرە)، توانیبووی شارەکە داگیربکات و سەرجەم نێرینەکانی بەشیر لەتوپەت کردن و کوشتنی، تەنیا لەبەر ئەوەی گوایا ئێزیدین و شەیتان پەرستن)، هەر بەم

ناوەوە خانوەکانیشیان بەپێوە نەهێشتوون کەچی هەمووشیان کوردن، یان کورد بوون). ئەفسەری پایەبەرزی ئەڵمانی هۆلمس فۆنی مۆلتەکە، کە لە نزیکەوە لەگەڵ کوردەکان ڕەفتاری کردووە و شارەزاییی زۆری هەبووە سەبارەت بە کورد، ئێزیدییەکان بە کورد ناودەبات.

50. دکتۆر سەعدی عوسمان هەروتی، لە لاپەڕە (19)ی پەرتووکی (سنووری خوارووی کوردستانی باشوور لە سەدەی نۆزدەهەمدا)، سەبارەت بە ئێزیدییەکان نووسیویێتی: (ئەفسەرو سیاسەتمەداری ئینگلیزی مارک سایکس (1879–1919) لە پەرتووکەکەی خۆیدا لەمەڕ هۆزە کوردەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم کە دێتە سەر باسی هۆزەکانی ناوچەی شەنگال دەنووسێت: کۆمەڵە گەورەکەی ئێزیدییەکان... وە یەکێتییە هۆزایەتییەکەی شەنگال هەموویان کوردن – سەرچاوە: القبائل الكوردية في الأمبراتورية العثمانية، ترجمة دكتۆر هەوراز سوار عەلی، تقديم ومراجعة: د. عەبدولفەتاح عەلی یەحیا، دهۆک 2002، ل64). ئەفسەرو دیپلۆماتی ئینگلیزی عەقید مارک سایکس بارۆنی شەشەم (16.3.1879–16.2.1919)، زۆر ڕاشکاوانە و بێ هیچ دوو دڵییەک ئێزیدییەکان بە کورد دادەنێت. هەروەها عەدنان زیان فەرحان، لە لاپەڕەکانی (21–22)ی پەرتووکی (الكورد الأيزيديون في أقليم كوردستان)دا لە زاری مارک سایکس دەڵێ: (بێ هیچ گومانێک ئەو ئێزیدییانە کوردی ڕەسەنن، نەک بەتەنیا لە ڕووی زمانەوە، بەلکو لەشیان و تەواوی سیمای دەرەوەیان بەتەواوی لە کوردی چیای دەرسیمی بەناوبانگ دەچێت).

51. دکتۆر سەعدی عوسمان هەروتی، لە لاپەڕە (19)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، نووسیویێتی: (گەڕیدەی فارسی (أبی طالب خان) کاتێک لە ساڵی (1803)دا لە شەنگال نزیک دەبێتەوە دەڵێ: خەڵکی ئێرە بەگشتی پێیان دەگوترێت کوردی ئێزیدی – سەرچاوە: رحلة أبێ طالب خان الى أورپة سنة 1231هجري/1799میلادي، ترجمة د. مستەفا جەواد، مطبعة الايمان، بغداد (بدون تأريخ)، ل353). گەڕیدەی فارسی ئەبی تاڵیب خان، باسی ئەوە دەکات کە خەڵکی بە دانیشتوانی شەنگال دەڵێن کوردی ئێزیدی، ئەمەش

ئەوە دەگەیەنێت کە ئێزیدییەکان لە ڕووی نەتەوەییەوە کوردن، بەڵام لە ڕووی ئایینەوە جیاوازن لە کوردی موسڵمان.

52. دکتۆر سەعدی عوسمان هەروتی، لە لاپەڕە (25)ی پەرتووکی (سنووری خوارووی کوردستانی باشوور لە سەدەی نۆزدەهەمدا)، نووسیویتی: (دەبێ لە سەدەی نۆزدەهەم دێهاتی کورد بەتایبەتی کوردە ئێزیدییەکان تا کەناری ڕۆژهەڵاتی دیجلەی نزیک موسڵ هاتبن، چونکە (ئۆلیڤیێ) لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە کاتێک لە موسڵ بوو ئاماژەی بەوە کرد کە کوردە ئێزیدییەکان لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە ئاکنجین – سەرچاوە: رحلة أوليڤيية الى العراق 1794–1796، ت: يوسف حبي، مطبعة المجمع العلمي العراقي، بغداد 1988، ل44). بەگوێرەی ئاماژەی دکتۆر سەعدی هەروتی، گەڕیدەی فەرەنسی (أ. ج. ئۆليڤيێ) کە لە سەدەی هەژدە سەردانی شاری موسڵی کردووە، ئێزیدییەکانی بە کورد داناوە.

53. کۆلۆنێل جێرالد ئیڤیلیون لیچمەن فەرماندارى سیاسی شاری موسڵ، لە ڕاپۆرتێکی خۆیدا لە ڕێکەوتی (22.1.1919)دا سەبارەت بە بیروبۆچوونی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ و لەنێویاندا کوردە نیشتەجێکانی ئەو ویلایەتە، ناوبراو لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە کوردەکان دوو لەسەر سێی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ پێکدەهێنن، کە کوردی موسڵمان و کوردی ئێزیدیین لە چیای شەنگال). سەرهەنگ جێرالد ئیڤیلیون لیچمەن، لە ماوەی نێوان (1880–12.8.1920)دا ژیاوە، لە ڕێکەوتی (7.11.1918)دا کرا بە فەرمانڕەوای سەربازی شاری موسڵ، دواتر لە ڕێکەوتی (12.8.1920)دا بە بریندارى، بە شمشێری دەستی شێخ زاری سەرۆک و شێخی خێڵی زەوابع لە نێوان بەغداو فەلوجە سەر بڕدرا، لە ڕووی نەتەوەییەوە ئێزیدییەکان بە کورد دادەنێت، بەڵام لە ڕووی ئایینەوە ئاماژە بە کوردی ئێزیدی و کوردی موسڵمان دەکات.

54. حازم هاجانی، لە لاپەڕە (226)ی پەرتووکی (صفحات من تأريخ الكورد و كوردستان)دا، بە پشت بەستن بە لاپەڕەکانی (114–115)ی پەرتووکی (ژیانی کورد/مع الكورد)ی مێژوونووس و ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگی فەرەنسی (تۆما بوا) کە نووسیویتی: (ئێزیدییەکان بەتەواوی کوردن). تۆما

بوای فەرەنسی پەرتووکەکەی ناوی (ژیانی کوردە واری)یە، بێ هیچ گومانێک و بە دڵنیاییەکی زۆرەوە ئێزیدییەکان بە کورد دادەنێت.

55. پرۆفیسۆر دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لە لاپەڕە (42)ی پەرتووکی (إقليم كوردستان العراق دراسات)دا، بە پشت بەستن بە پەرتووکی (دەبلیو. ئەی. ویگرام، مهد البشرية الحياة في الشرق كوردستان، وەرگێڕانی جەرجیس فەتحوڵڵا)دا، کە ویگرام نووسیوێتی: (لە ئینسکلۆپیدیای بەریتانیدا هاتووە کە ئێزیدییەکان تایەفەیەکی کوردین و زاراوەیەکی کوردی تایبەت بەخۆیان هەیە). جووتە برای ئسکۆتلەندی دەبلیو. ئەی. ویگرام و ئەدگار تی. ئەی. ویگرام نووسەری پەرتووکی ناوبراون لە سەرەوەدا، کە ئەوان پێکەوە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئەو پەرتووکەیان نووسیوە، ئەوانیش ئێزیدییەکان بە بەشێک لە کورد دەزانن.

56. ئەفسەرو سیاسەتمەداری فارسی حەسەن ئەرفەع، لە لاپەڕە (14)ی پەرتووکی (کوردەکان لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و یاسایی)دا، نووسیوێتی: (لە ڕووی ئایینەوە جگە لە نزیکەی پەنجا هەزار خێزانی ئێزیدی، زۆربەی هەرە زۆری کوردان سوننی و سەر بە ئایینزای شافعین). حەسەن ئەرفەع، ئێزیدییەکان لە ڕووی نەتەوەییەوە بە کورد دادەنێت، بەڵام بە هەڵگری دوو ئایینی جیاوازی ئێزیدی و موسڵمان.

57. گەڕیدەی فارسی محەمەد بن ئەحمەد الحوسەینی ئەلمەنشی ئەلبەغدادی، لە لاپەڕە (122)ی پەرتووکی (رحلة المنشي البغدادي)دا، سەبارەت بە دانیشتوانی گوندی حوسێن کفتی، نووسیوێتی: (لە هەولێرە پێنج فەسەخ (30 کیلۆمەتر) دوورە. دوو گوندن کە هەر یەکێکیان دەکەوێتە لایەکی زێی بچووک (زێی بادیانان) و داسنیانی پێ دەڵێن. دانیشتوانی ئەو دوو گوندە کوردی ئێزیدیین). گەڕیدەی ناوداری فارسی ئەلمەنشی ئەلبەغدادی زۆر بە ڕوونی باسی کوردێتیی ئێزیدییەکانمان بۆ دەکاتن.

58. نادر ئینتیسار، لە لاپەڕەکانی (13–14)ی پەرتووکی (ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی)دا، سەبارەت بە پێکهاتەی ئایینی نێو کۆمەڵگای کوردە واری نووسیوێتی: (بێجگە لەو پەنجا هەزار ئێزیدییە، چەند هەزار کریستان و زەردەشتی و دووبەرە خێزانی جولەکەش لە شاری سنەی ئێراندا هەن).

کاتێک کە نووسەری فارسی نادر ئینتیسار باسی پێکهاتەی ئایینی کوردی دەکات، کوردەکان لە ڕووی ئایینەوە دابەش دەکات بەسەر موسڵمان، ئێزیدی، کریستان، زەردەشتی و جوولەکە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە ڕووی نەتەوایەتییەوە ئێزیدییەکان کوردی ڕەسەنن.

59. خەسرەو گۆران، لە لاپەڕە (153)ی پەرتووکی (کورد لە پارێزگای موسڵ)دا، باسی گەڕیدەی عارەب (ئیبن بەتووتە) دەکات کە لە یاداشتەکانیدا لە ساڵی (1334)ی زایینی نووسیویەتی دەڵێت: (پاشان بەرەو شارێکی مێژوویی کوردنشین بەڕێکەوتین، کە شەنگالە). ئیبن بەتووتەی گەڕیدە و مێژوونووسی ناوداری عارەب، کە لە ساڵانی (1303–1377ز ژیاوە)و لە ساڵی (729ک/1328ز)دا هاتۆتە موسڵ و دوای نزیکە شەش ساڵێک یاداشتەکانی خۆی نووسیوەتەوە، دانیشتوانی شاری شەنگال بە کورد دادەنێت، لای هەمووومان ئاشکرایە کە دانیشتوانی شەنگال بە تەواوی لەو کاتیدا واتە لە سەدەی چواردەمدا ئێزیدیی بووینە، بەمەش بۆمان دەردەکەوێت کە ئێزیدیی کوردن. دیسان ئیبن بەتووتەی عارەب لەو ساڵەی کە هاتۆتە موسڵ، باسی ئەوە دەکات کە دانیشتوانی شاری موسڵ بە زمانێک دەدوان کە عارەبی نەبووە! گومانیش لەوەدا نییە، کە ئەو زمانەی ئیبن بەتووتە تێی نەگەیشتووە و بەمشێوەیەی سەرەوە ئاماژەی پێکردووە کە عارەبی نەبووە، سەدا سەد کوردی بووە، چونکە هەر کوردەکان بووینە شاری موسڵ–یان دروست کردووە.

60. دکتۆر حامد مەحمود عیسا، لە لاپەڕە (11+12)ی پەرتووکی (المشكلة الكوردية في الشرق الأوسط)دا نووسیویەتی: (گرنگترین هۆزە کوردەکانی ئێراق بریتیین لە: هەماوەند، جاف، بارزان، بەرزنجی، شێروانی، برادۆست، بابان، هەرکی، تاڵەبانی، پشدەری، ئێزیدیی، دولۆ، سوورچی، باجەلان و شەمزینان). ناوهێنانی ئێزیدیی وەکو هۆزێک لە هۆزە کوردییەکان، ئەوە دەردەخات کە ئێزیدیی کوردی ڕەسەنن.

61. مستەر ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ، لە لاپەڕە (30)ی بەشی یەکەمی پەرتووکی (العراق الحديث من سنة 1900 الى سنة 1950)دا، سەبارەت بە ڕەگەزی ئێزیدییەکان دەڵێت: (ئێزیدییەکان بەشداری کوردەکانن لە بنەچەی

ڕەگەزییان و بەتەواوی لە کوردەکان دەچن لە ڕووی ئاکار و شێوازی ژیانیاندا). ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ کە ئەفسەرێکی ڕامیاری بە پلەی (کاپتن) و پشکێنەری بەڕێوەبەرێتی لە حکومەتی ئێراقدا بووە، ئێزیدی و کورد دەگەڕێنێتەوە سەر یەک بنەچەکەی ڕەگەزی، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەو ئێزیدییەکان بە کورد دادەنێت.

62. ئەفسەری ڕەگەزپەرست و دژ بە کورد موقەدەم مونزر ئەلموسڵی، کە بە ڕەگەز عارەبێکی سوورییە لە لاپەڕە (279)ی پەرتووکی (عرب و أكراد رؤية عربية للقضية الكوردية)دا سەبارەت بە ڕەگەز و بنەچەی ئێزیدییەکان نووسیویێتی: (لەو لێکۆڵینەوەیەماندا پرسیارێکی گەورە رووبەڕوومان دەبێتەوە، کە ئایا ئێزیدییەکان کوردن؟ ئایا ئەوان کوردن؟ بەڵێ ئەوان کوردن و پشتیوانی زۆریش هەیە لەم بۆچوونە، لێکۆڵەرەوەکان و نووسەران کۆکن لەسەر کوردێتیی ئەوان). مونزر ئەلموسڵی ئەفسەرێکی بەعسی تا سەر ئێسقان دژ بە کورد و کوردستان بووە، چەندان پۆستی گرنگی پۆلیس، ئەمن و ڕاوێژکاری سەرۆکی بەعسی سوری حافز ئەسەدی هەبووە، یەکێک بووە لەو کەسانەی کە بە توندی دژی مافی نەتەوەیی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان (کوردی کوردستانی ژێردەستی سوریا) بووە، تەنانەت نکۆڵی لە بوونی کوردستانی داگیرکراوی ژێردەستی سوریا کردووە و تەواوی شارە گرنگەکانی وەکو: (موسڵ، کەرکوک، دیالە، خانەقین، بەدرە، جەسان و هتد)ی لە باشووری کوردستان دابڕیوەو بە خاکی عارەبی ئێراقیان دەزانێت، کەچی شەبەک بە کورد دادەنێت و زمانەکەشیان بە زمانی کوردی زازایی دادەنێت.

63. موقەدەم مونزر ئەلموسڵی، لە لاپەڕەکانی (279–280)ی پەرتووکی (عرب و أكراد رؤية عربية للقضية الكوردية)دا سەبارەت بە ڕەگەزی کوردی ئێزیدی نووسیویێتی: (دکتۆر ئەدیب معەوەز دەڵێت هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە ئێزیدییەکان سەر بە ڕەگەزی کوردن). دکتۆر ئەدیب معەوەزی بە ڕەگەز عارەب بێ هیچ گومانێک ئێزیدییەکان بە بەشێکی گرنگ لە ڕەگەزی کوردی ناودەبات.

64. موقەدەم مونزر ئەلموسڵی، لە لاپەڕە (280)ی پەرتووکی (عرب و أكراد رؤية عربية للقضية الكوردية)دا بە پشت بەستن بە ڕۆژهەڵاتناس دکتۆر فریێچ، سەبارەت بە ڕەگەزی کوردی ئێزیدی نووسیویێتی: (لەناو هۆزەکانی کورددا گەلێ ڕێبازی ئایینی تیپی سۆفیگەری وەکو ئێزیدی، قزڵباش ... هتد هەیە). ئەوەی کە دکتۆر فریێچ نووسیویێتی، مانای کوردبوونی ئێزیدییەکان دەگەیەنێت، چونکە ناوبراو ئێزیدی بە هۆزێک و ڕێبازێکی کوردی دادەنێت.

65. جۆن س. گیست، لە لاپەڕە (11)ی پەرتووکی (الحياة بين الكورد .. تأريخ الأيزيديين)دا نووسیویێتی: (ئێزیدییەکان تیرەیەکن لە کورد کە ژمارەیان دەگاتە نزیکەی دووسەد هەزار کەس. ئەوان ئایینێکی تایبەت بەخۆیان هەیە کە بەتەواوی جیایە لە کریستان، جوولەکە و موسڵمان کە زۆربەی کورد سەر بە ئەوانن). لێرەدا جۆن گیست زۆر ڕاشکاوانە ئێزیدی لە ڕووی ڕەگەز و نەتەوەییەوە دەباتەوە سەر کورد، بەڵام بە خاوەنی ئایینێکی تایبەت بەخۆیان ناویان دەبات کە ئەویش ئایینی ئێزیدییە، کەواتە ئێزیدیی ئایینە نەک نەتەوە، دانانی ئێزیدی وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە ئێزیدی کوردن بەڵام ئایینەکەیان ئایینی ئێزیدییە.

بەدرێژایی تەمەنی حکومەتی ئێراق، عارەبی ڕەگەزپەرستی دەسەڵاتدار هەردەم لە هەوڵی ئەوەدا بووینە، بە دوو ئاراستە کورد و کوردستان بەعارەب بکەن. لەلایەک هەوڵیان داوە شوێنە ستراتیژی و خاکە دەوڵەمەند بە نەوت و کانزاکانی تری ژێر زەوی لە باشووری کوردستان بەعارەب بکەن و، بەزۆر دانیشتوانە کوردە ڕەسەنەکەی ڕاگوێزن و عارەبی هاردەو داگیرکەر لە شوێنی کوردە دەرکراوەکان نیشتەجێ بکەن. ئاراستەی دووەمیشیان ئەوەیە کە حکومەتی داگیرکەری ئێراقی سەرەڕای بەعارەبکردنی خاکی کورد لە باشووری کوردستاندا، بە بەردەوامی لە هەوڵی بەعارەبکردنی مرۆڤی کورد بووە لە ڕێگەی هەوڵی تۆمارکردنی چەندان هۆزو تیرەی کوردی ڕەسەنی وەکو (ئێزیدی، شەبەک، کاکەیی، گەڕگەڕیی و هتد). جێبەجێکردنی ئاراستەی دووەمی عارەبی ڕەگەزپەرستی ئێراقی سەبارەت بە پرۆسەی بەعارەبکردنی مرۆڤی کورد، تەواوکەری ئاراستەی یەکەمە و لەپێناوی

کەمکردنەوەی ژمارە و ڕێژەی کوردە لە هەر سێ شارە گرنگەکانی (موسڵ، کەرکوک و دیالە) کە بەشێکن لە باشووری کوردستان. بەتەنیا ژمارەی کوردی ئێزیدی لەناو شار و لە پارێزگای موسڵ-دا نزیکەی (800) هەزار کەسێک دەبێت – سەرچاوە: (ڕاپۆرتی هیومەن ڕایتس وۆتچ، العراق: على أرضية هشة العنف ضد الأقليات في المناطق المتنازع عليها في محافظة نينوى، حوادث قتل الأزيديين، ئۆکتۆبەری ساڵی (2009)، ل31)، دابڕینی (800) هەزار ئێزیدییەک لە کورد لە ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای موسڵ بەتەنیا، کاریگەرییەکی یەکجار زۆری دەبێت لە پرسی یەکلایی کردنەوەی خاوەندارێتی شار و پارێزگای موسڵ لە بەرژەوەندی هەریەک لە کورد و عارەب، ئەوە جگە لەوەی کە عارەبەکان دەیانەوێت زۆرتر لە (500) هەزار کوردێکی شەبەک لە کورد جیاکەنەوە و بەعارەب تۆماریان بکەن، کە بەلای کەمەوە تەنیا ئێزیدی و شەبەک پێکەوە ژمارەیان نزیکەی یەک ملیۆن و سێ سەد هەزار کەسێک دەبێ، کە نزیکەی (35%)ی ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگای موسڵ پێکدەهێنن، ئەمە جگە لە هۆز و تیرەکانی تری کورد لەو شار و پارێزگایەدا.

تێبینی: ئەم ووتارە لە دوو بەشدا لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە، بەشی یەکەم لە ژمارە (5283)، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (19.9.2010)، لاپەڕەکانی (16–17)دا، بەشی دووەمیشی لە ژمارە (5284)، ڕۆژی دوشەممە، ڕێکەوتی (20.9.2010)دا، لە لاپەڕەکانی (16–17)دا بڵاوکراوەتەوە، وەلێ دواتر پوخت و فراوانتر کراوە، بەڵام لەبەر گرنگی و پەیوەند هەبوونی بە مێژووی کوردستانێتیی شاری موسڵ-ەوە، وا لێرەدا دامنایەوە.

## سەرچاوەکانی ئێزیدی کوردی ڕەسەنە لە باشووری کوردستان:

1. ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ/ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئێراقو تاوانی جینۆساید شاڵاوی ئەنفال دژی کورد، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە جەمال میرزا عەزیز، ژ وەشانێن گۆڤارا هاڤیبوون 7، چاپی یەکەم، بەرلین – ئەڵمانیا 2000.
2. پێداچوونەوەو لێکۆڵینەوە عەبدولڕەزاق مەحمود ئەلقەیسی، ولاية الموصل تقرير عصبة الأمم الخاصة بحل النزاع التركي – البريطاني حول ولاية الموصل 1924–1925، مركز الدراسات الكوردية (كوردۆلۆجی)، مطبعة ڕەنج، باشووری کوردستان – سلێمانی 2009.
3. ئەحمەد فەوزی، قاسم والكورد خناجر وجبال، القاهرة 1961.
4. سەدیق دەملوچی، إمارة بهدينان الكوردية أو إمارة العمادية، تقديم ومراجعة الدكتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، الطبعة الثانية، دار ئاراس للطباعة والنشر، مطبعة وزارة التربية، هەولێر – جنوب كوردستان 1999.
5. محمود الدرة، القضية الكوردية، الطبعة الثانية (طبعة جديدة موسعة)، منشورات دار الطليعة – بيروت - لبنان، نيسان 1966.
6. الشيخ أبي زكريا بن محمد بن إياس الأزدي، تأريخ الموصل، المجلد الأول، تحقيق وتكملة الدكتور أحمد عبدالله محمود، دار الكتب العلمية، الطبعة الاولى، بيروت – لبنان 2006.
7. ئەمین سامی ئەلغەمراوی، قصة الكورد في شمال العراق، دار النهضة العربية، الطبعة الاولى، مصر – قاهرة ئەپریلی 1967.
8. دکتۆر خالید سلێمان ئەلفەهداوی، القضية الكوردية والحل المنشود التأريخ – الواقع – المستقبل، الطبعة الاولى، دار الأوائل للنشر والتوزيع، دمشق – سوريا 2006.
9. ئەحمەد تاجەدین، الاكراد تأريخ شعب وقضية وطن، الدار الثقافية للنشر، الطبعة الاولى، دار النصر للطباعة الاسلامية، مصر – القاهرة 2001.

10. وەرگێڕانی لە فارسییەوە حەمە کەریم عارف، کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری – هەولێر – باشووری کوردستان 1997.
11. عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی، العراق قديما وحديثا في الطبعة الثانية، مطبعة العرفان – صيدا، 1956.
12. حازم هاجانی، صفحات من تأريخ الكورد و كوردستان، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، الطبعة الاولى، جنوب كوردستان – هەولێر 2002.
13. دكتۆر شاكر خەسباك، العراق الشمالي دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية، مطبعة شفيق، الطبعة الاولى، بغداد 1973.
14. دكتۆر شاكر خەسباك، الاكراد دراسة جغرافية أثنوغرافية، دار العربية للموسوعات، الطبعة الاولى، بيروت – لبنان 2005.
15. دڵشاد نوعمان فەرحان، معاناة الكورد الإيزديين في ظل الحكومات العراقية 1921–2003، مراجعة وتقديم الدكتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق/جامعة دهۆك، الطبعة الأولى، مطبعة جامعة دهۆك، جنوب كوردستان 2008.
16. محەمەد ئەمین زەکی، کورتەیەکی مێژووی کورد و کوردستان، زنجیرە پەرتووکی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپ و ئۆفیسی دەزگای سەردەم، 2000، ل27).
17. عەدنان زیان فەرحان، الكورد ألأيزيديون في أقليم كوردستان، منشورات مركز كوردستان للدراسات الأستراتيجية، سلێمانی – جنوب كوردستان 2004.
18. دكتۆر وەلید حەمدی، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، وەرگێڕانی موحەمەد نوری تۆفیق، چاپخانە ئۆفیسێتی هەواڵ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی دووەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 1999.
19. جەرجیس فەتحوڵلا، وریابوونەوەی کورد مێژوویێکی سیاسی 1900–1925، وەرگێڕانی حەسەن جاف، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، دەزگای

توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی دهۆک – باشووری کوردستان 2009.
20. میریڵلا گەلیتی، کورد و کوردستان لە نووسراوەکانی ئیتاڵیدا لە سەدەی سێزدەم – نۆزدەم (ز)دا، وەرگێڕانی دکتۆر جاسم تۆفیق خۆشناو، پیاچوونەوەی سەلاح ڕێبوار، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم – سوید 2000.
21. مارتن ڤان برۆنەسن، ئاغاو شێخ و دەوڵەت، کوردۆ لە ئەڵمانییەوە کردوویە بە کوردی، زنجیرەی پەرتووکی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، پەرتووکخانەی سلێمانی چاپی سێیەمی کردووە، بەرگی یەکەم، چاپخانە ئۆفسێتی ڕوون 1999.
22. مارتن ڤان برۆنیسینس، کورد و بنیاتنانی ئوممەت، وەرگێڕانی بۆ عارەبی فالح عەبدولجەبار، وەرگێڕانی بۆ کوردی 22. محەمەد مشیر، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی – دهۆک – باشووری کوردستان 2007، ل19).
23. تۆما بوا، ژیانی کوردەواری، وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە بۆ عارەبی ئاواز زەنگەنە، وەرگێڕانی بۆ کوردی حەمەسەعید حەمەکەریم، لە بەڕێوەبەرێتی چاپخانەی زانکۆی سلێمانی چاپکراوە 1980.
24. دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، بەرگی یەکەم، وەرگێڕانی ئەبوبەکر خۆشناو، چاپخانەی ڕوون، باشووری کوردستان – سلێمانی 2002.
25. فیلیپ کرینبروک و کریستییەن ئالیسۆن، کولتورو ناسنامەی کورد، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە وریا ڕەحمانی، پێداچوونەوە ئاسۆ کەریم، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی (دهۆک) – باشووری کوردستان 2008. لە ماڵپەڕی موکریانی وەرگیراوە.
26. میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریف، مێژووی کوردستان، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە حاجی عەبدی، وەرگێڕانی بۆ کوردی وشیار عەبدوڵلا سەنگاوی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، باشووری کوردستان – هەولێر 2008.

27. پ. لێرخ، دراسات حول الأكراد وأسلافهم الخالديين الشماليين، ترجمة دكتور عبدي حاجي، الطبعة الأولى، منشورات مكتبة خاني، حلب – سوريا 1992.
28. ئەلبێرت میخایلۆفیتچ مینتیشاشڤیلی، کورد کورتەی پێوەندیی کۆمەڵایەتی – ئابووریی، ڕۆشنبیری و گوزەران، لە ڕووسییەوە وەرگێڕان و پێشەکی و پەراوێزی دکتۆرو پرۆفیسۆر: عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، لە چاپکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری سلێمانی، ئۆفسێتی فەرهەنگ، باشووری کوردستان – سلێمانی 1999.
29. ئەلبێرت میخایلۆفیتچ مینتیشاشڤیلی، العراق في سنوات الأنتداب البريطاني، ترجمة الدكتور هاشم صالح التكريتي، مديرية مطبعة جامعة بغداد 1978.
30. باسیلی نیکیتین، الكورد دراسة سوسيولوجية وتأريخية، تقديم لويس ماسينيون، نقله من الفرنسية وعلق عليه الدكتور نوري طالباني، دار سپيريز للطباعة والنشر، الطبعة الاولى، مطبعة خاني، دهۆک – جنوب كوردستان 2008.
31. دکتۆر ڕەشاد میران، ڕەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەنسوور، ستۆکهۆڵم – سوید 1993.
32. گۆدفری ڕۆللیس درایڤەر، درایڤەرو کورد کۆمەڵەی پێنج وتار، وەرگێڕانی ئەنوەری سوڵتانی، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، باشووری کوردستان – سلێمانی 2005.
33. پرۆفیسۆری دکتۆر جویس بلۆ، دۆزی کورد لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیۆلۆجی، وەرگێڕانی لە فارسییەوە کارزان محەمەد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی – باشووری کوردستان 2004.
34. ئەحمەد خواجە، چیم دی، بەرگی سێیەم، لە بڵاوکراوەکانی پەرتووکخانەی سلێمانی، باشووری کوردستان – سلێمانی 1970).
35. دکتۆر سەعدی عوسمان هەروتی، سنووری خوارووی کوردستانی باشوور لە سەدەی نۆزدەهەمدا، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی (دهۆک)، باشووری کوردستان 2007.
36. دکتۆرە سروە ئەسعەد سابیر، کوردستان من بداية الحرب العالمية الى نهاية مشكلة الموصل 1914–1926، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية

مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، جنوب كوردستان – هەولێر 2001، ل90).

37. حازم هاجانی، لە لاپەڕە (226)ی پەرتووكی (صفحات من تأريخ الكورد و كوردستان، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، الطبعة الاولى، جنوب كوردستان – هەولێر 2002.

38. دكتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، أقليم كوردستان العراق دراسات في التكوين القومي للسكان، الطبعة الثالثة، جنوب كوردستان – هەولێر 1999.

39. حەسەن ئەرفەع، كوردەكان لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی و یاسایی، وەرگێڕانی سەردار محەمەد، لە بڵاوكراوەكانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەكەم، سلێمانی – باشووری كوردستان 2001.

40. محەمەد بن ئەحمەد الحوسەینی ئەلمەنشی ئەلبەغدادی، رحلة المنشي البغدادي، ترجمة عەباس ئەلعەزاوی، الطبعة الاولى لشركة دار الوراق للنشر المحدودة، بیروت 2008).

41. نادر ئینتیسار، ئیتنۆ نەتەوایەتی كوردی، وەرگێڕانی بۆ كوردی عەتا قەرەداخی، چاپی یەكەم، چاپخانەی قانع، سلێمانی – باشووری كوردستان 2003.

42. خەسرەو گۆران، كورد لە پارێزگای موسڵ، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر – باشووری كوردستان.

43. دكتۆر حامد مەحمود عیسا، المشكلة الكوردية في الشرق الأوسط، مطبعة أطلس، مكتبة مەدبولی، القاهرة – مصر 1992.

44. ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ، العراق الحديث من سنة 1900 الى سنة 1950، الجزء الأول، ترجمة وتعليق سەلیم تەها ئەلتكریتی، الطبعة الاولى، طبع بمطبعة حسام، الفجر للنشر والتوزيع، بغداد – العراق 1988.

45. موقەدەم مونزر ئەلموسڵی، عرب و أكراد رؤية عربية للقضية الكوردية، توزيع دار الغصون، الطبعة الأولى، بيروت – لوبنان 1986.

46. جۆن س. گیست، الحیاة بین الکورد .. تأریخ الأیزیدیین، ترجمة عماد جمیل مزوري، الطبعة الاولى، دەزگاها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ، مطبعة وزارة التربیة – هەولێر – جنوب کوردستان 2005.

# شەبەک کوردی ڕەسەنە لە باشووری کوردستان:

شەبەک تیرەیەکن لە هۆزی گۆران و نەوەی کوردە میدییەکانی دانیشتووی پارێزگای موسڵ-ن، کە هەر ئەوان یەکەمین مرۆڤ و یەکەمین کورد بووینە کە بەر لە هەموو نەتەوەکانی ترو نزیکەی پێنج سەدە بەر لە هاتنی ئاشوورییەکان، لەو شوێنە نیشتەجێ بووینەو شاری موسڵ (نەینەوا)ی کۆنیان دروستکردووەو، بە (نەو ئەردەشێر/نیو ئەردەشێر) واتە ئەردەشێری نوێ یان ئەردەشێری تازە ناودێریان کردووە، کە ناودێرکردنی موسڵ بەناوی (نیو ئەردەشێر) دەگەڕێتەوە بۆ ناوی سەرکردەی کوردی میدی (ئەردەشێر) – سەرچاوە: (فارس ناسر حوسێن، الشبک الكورد بين التذويب العرقي والانتماء القومي، جريدة الاتحاد، ژمارە (1097)، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (28.8.2008)، ل8). بۆیە شەبەک یەکێکن لە تیرە و هۆزە بنچینەییەکانی کورد لە باشووری کوردستان، واتە ئەوان کوردی ڕەسەنن،

زاراوەی ئاخافتنی شەبەکەکان، زاراوەی باجەلانییە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەر شێوەزاری گۆرانی کوردی. شەبەکەکان خۆیان بە شێوەزاری ئاخاوتنی خۆیان دەڵێن شێوەزاری ماچۆی کوردی، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ کوردبوونی شەبەک. بەشێوەیەکی گشتی ناوی شەبەک بەگوێرەی زۆرێک لە توێژەر و مێژوونووسان لە یەکێک لەم ناوانە هاتووە: (شبانکارە/ شوانکارە/ شاهبەنگ/ شابەنگ/ شەبەنگ/ شابەگ/ شابەک)وە کە دواتر بۆتە شەبەک. زۆرتر پێدەچێت ناوی شەبەک لە شاە بەگ/ شابەگ کە پادشای کۆنی خۆیان بووە هاتبێت. شوێنی نیشتەجێبوونی شەبەک پارێزگای موسڵ (نەینەوا)ی بەعارەب کراوە، کە لەگەڵ چەند هۆزێکی تری کوردی وەکو بازنەیەک هەر چوار دەوری شاری موسڵ-یان داوە و ژمارەیەکی زۆری شەبەک لەناو مەڵبەندی شاری موسڵ-یش دەژین. ناوچەی دابەشبوونی شەبەک لەو پارێزگایەدا لە خۆرهەڵاتەوە لە ڕووباری خازر بەرەو خۆرئاوا بۆ سەر ڕووباری دیجلە و ڕووە و چیاکانی باسخرە و چیای زەردک لە باکوور و ڕووە و گوندی باژێڕبوک و شارەدێی نەمرووود (کالێ یان خدر ئەلیاس) لە باشوور درێژ دەبێتەوە. تەنیا ژمارەی کوردی شەبەک لەناو مەڵبەندی شاری موسڵ نزیکەی (150) هەزار کەسێک دەبێت و، لە گوند و ناوچەکانی دەوروبەری موسڵدا نزیکەی (350) هەزارێک دەبێت، کەواتە ئەوان نزیکەی (500) هەزار

کەسێک لە دانیشتوانی ئەو پارێزگایە پێکدەهێنن – سەرچاوە: (ئەحمەد شەوکەت، الشبک الكورد المنسيون، ل35 + ڕاپۆرتی هیومەن ڕایتس وۆتچ، العراق: على أرضية هشة العنف ضد الأقليات في المناطق المتنازع عليها في محافظة نينوى، حوادث قتل الأزيديين، ئۆکتۆبەری ساڵی (2009)، ل27).

هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراقی بە قەولی عارەب خۆیان (دەستکردی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی) لە ساڵی (1920)داو، دواتریش لکاندنی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بەو وڵاتە لەو ساڵەداو بەشێوەیەکی فەرمیش لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا، عارەبی ڕەگەزپەرستی دەسەڵاتدار بە بەردەوامی لە هەوڵی بەعارەبکردنی ناوچەکانی کوردی شەبەک و تیرەی شەبەک بووینە. ئەوەی کە کوردی شەبەک لەلایەن ڕەگەزپەرستانی عارەبی دەسەڵاتدارانی عارەبی ئێراقییەوە تووشی بووینە، بەشێکە لە سیاسەتی جینۆسایدکردنی نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان. شەبەکەکان هەروەکو تەواوی تیرە و هۆزەکانی تری کوردی لەلایەن دوژمنانەوە تووشی سیاسەتی بەزۆر ڕاگواستن و بەعارەبکردنی گوندو شارۆچکەو شارەکانیان بووینەوە، بۆ نموونە بەزۆر لە سەرژمێری ساڵی (1977)دا لەگەڵ سەرژمێرییەکانی دواتریشدا شانبەشانی ئێزی، گەرگەری و چەندان تیرە و هۆزی دیکەی کوردی بەعارەب تۆمارکران، لەکاتی ئەنفالەکاندا ژمارەیەکیان ئەنفال کران و ژمارەیەکی زۆریش لە خێزانی کوردی شەبەک بەزۆر ڕاگوێزران بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکانی بازیان و باسرمە، تووشی کاولکردن و ڕوخاندنی بێ هیچ هۆکارێکی گوندو شارۆچکەکانیان و ڕاگواستنەوەیان بووینەوە بۆ دەرەوەی سنووری باشووری کوردستان. ئەوان ڕووبەڕووی سیاسەتی بەعارەبکردنی بڕیاری بەناو (ڕاستکردنەوەی باری نەتەوەیی) ژمارە (199)ی ڕێکەوتی (6.9.2001)ی بەناو (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش)ی سەدام و بەعس بوونەوە، کە بەگوێرەی ئەم بڕیارە ڕەگەزپەرستی و شەرمهێنەرە بۆ عروبە، تەنیا کورد و نەتەوەکانی تری ئێراقی دەیانتوانی نەتەوەی خۆیان بکەن بە عارەب، کەچی پێچەوانە قەدەغە بوو هەروەها سزای لەسەر بوو. دوابەدوای ڕوخانی ڕژێمەکەی سەدام و بەعسی عروبە، کوردانی شەبەک و ئێزیدی و ناوچە دابڕاوەکانی باشووری کوردستان لەلایەن تیرۆریستان و حکومەتی نوێی ئێراقییەوە دووبارە تووشی هەڕەشەی پاکتاوی ڕەگەزی بوونەتەوە، لەلایەن تیرۆریستان بە هەڕەشەی

چۆڵکردنی ناوچەکان و کوشتنیان و لەلایەن حکومەتی نوێی ئێراقیش بە دووبارە تۆمارکردنیان بە عارەب یا بە نەتەوەی جیا لە کورد و داماڵینیان بۆ هەتا هەتایە لە کورد و کوردستان.

عەلی غالب بابان، وەزیری پلاندانانی ئێراقی، هەفتەی ڕابردوو لە فۆرمی سەرژمێری (24.10.2010)دا ئێزیدییەکانی بە نەتەوەیەکی جیا لە کورد داناوە. لەکاتی هەموو هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی ئێراق ئەنجومەنی پارێزگاکاندا، هەوڵی تۆمارکردنی ئێزیدی و شەبەک بە عارەب لە لایەن حکومەتی نوێی ئێراقی لە ئارادا بووە. زۆر لە لیستە عارەبەکانی ناو پەرلەمانی ئێراقی و بەرپرسانی حکومەتی ئێراقی لە زۆر بۆنەدا ئێزیدی و شەبەک بە عارەب ناودەبەن، جا لەپێناوی وەڵامدانەوەی ڕەگەزپەرستانی عارەب، ئاماژە بە چەندان بەڵگەی ڕەسەنێتیی کوردی شەبەک دەدەم کە ئەمانەن:

1. لە لاپەڕە (138)ی پەرتووکی (عەبدولڕەزاق مەحمود ئەلقەیسی، ولاية الموصل تقرير عصبة الأمم الخاصة بحل النزاع التركي – البريطاني حول ولاية الموصل 1924–1925)دا، سەبارەت بە ڕەگەز و نەژادی کوردە شەبەکەکان هاتووە: (باوکە ئەنستاسیوس ماری کرملی لەدوا وتاری خۆیدا دەڵێ: سارلی، باجوان و شەبەک هەرسێ ئایینزا لە بنەڕەتدا کوردن). بەگوێرەی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی توێژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ کە لە ڕێکەوتی (30.9.1924)دا لەسەر ڕاسپاردەی کۆمەڵەی نەتەوەکان بڕیاری دامەزراندنی درابوو بە مەبەستی توێژینەوە لەسەر خاوەندارێتی خاکی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان). ئەم کۆمیسیۆنە دواتر لە ڕێکەوتی (21.10.1924)دا لە سێ ئەندامی سەرەکی پێکهات. شاندی کۆمیسیۆنی ناوبراو لە ڕێکەوتی (27.1.1925)دا بە مەبەستی توێژینەوە لەسەر پرسی پێکهاتەی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ و داخوازی پێکهاتەکانی ئەم ناوچەیە هاتە شاری موسڵ. دوای توێژینەوەیەکی هەمەلایەن شاندی کۆمیسیۆنەکە لە مانگی ئەپریلی هەمان ساڵدا گەڕایەوە بۆ شاری جنێڤ و، لە ڕێکەوتی (16.7.1925)دا لە نووسینەوەی ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەکەی خۆی بووەوەو لە ڕێکەوتی (3.9.1925)دا ڕاپۆرتەکەی (کە پێکهاتبوو لە 91 لاپەڕە و 11

نەخشە) دایە ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان. ڕاپۆرتی ئەو کۆمیسیۆنەی سەر بە کۆمەڵەی نەتەوەکان، بنەچەی شەبەک دەگەڕێنێتەوە سەر نەتەوەی کورد.

2. سیسیل جۆن ئێدمۆندس، لە لاپەڕە (273)ی پەرتووکی (کورد تورک و عارەب)دا نووسیویێتی: (سارلییەکان جیاوازییان لەگەڵ کەمایەتییەکانی کوردی سوننی پارێزگای موسڵ هەیە کە بە (شەبەک) دەناسرێن و کوردی قزڵباشن). سیسیل جۆن ئێدمۆندس ئەفسەری بەرپرس بووە لە کەرکوک لە ساڵانی ماندات کردنی ئێراق لەلایەن بەریتانیا وە، شەبەک بە کورد دادەنێ، بەڵام شەبەک قزڵباش (سەر سوور) نین.

3. مستەر ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ، لە لاپەڕە (30)ی بەشی یەکەمی پەرتووکی (العراق الحدیث من سنة 1900 الى سنة 1950)دا دەڵێت: (شەبەک هەروەکو ئێزیدییەکان بەشداری کوردەکانن لە بنەچەی ڕەگەزییان و بەتەواوی لە کوردەکان دەچن لە ڕووی ئاکار و شێوازی ژیانیان. شەبەک بە زاراوەیەکی کوردی ناوخۆ دەپەیڤن و لەسەر ڕۆخی ڕووباری دیجلە لە باشووری موسڵ دەژین و، باوەڕی ئایینییان نوێنەرایەتی ڕێبازی شیعە دەکەن). ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ (1893–1979)، کە ئەفسەرێکی ڕامیاری بە پلەی (کاپتن) و پشکێنەری بەڕێوەبەرێتی بووە لە حکومەتی ئێراقدا، دوو پەرتووکی گرنگی نووسیوە لەسەر بارودۆخی سیاسی ئێراق و پێکهاتەکانی ئەو دەوڵەتە لەژێر ناوی (أربعة قرون من تأریخ العراق الحدیث) و پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، شەبەک بە کوردی ڕەسەن دادەنێت.

4. سەلیم تەها ئەلتکریتی، وەرگێڕی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، لە پەراوێزی لاپەڕە (30)ی پەرتووکەکەدا نووسیویێتی: (شەبەک تیرەیەکی کوردی شیعەن و پێوەندییەکی پتەویان بە ئێزیدییەکان و تیرەکانی تری کوردییەوە هەیە کە بە (هەقە) ناسراون). سەلیم تەها ئەلتکریتی، کە عارەبێکی ڕەگەزپەرست و دژ بە کورد بووە، لە چەندان شوێنی ئەو پەرتووکەدا بۆچوونی خۆی دەربڕیوەو باسی ئەوەی کردووە کە هەرگیز جیاوازی لەنێوان کورد و عارەبدا نەکراوە لە ئێراقدا، هەروەها لەکاری وەرگێڕانیشدا ڕاستگۆ نەبووەو هەرچی لە بەرژەوەندی کورددا بووبێت

وەری نەگێڕاوە، کەچی ئەو شەبەک و ئێزیدی بە دوو تیرەی کوردی ناودەبات.

5. ئەفسەری ڕەگەزپەرست و دژ بە کورد موقەدەم مونزر ئەلموسڵی، کە بە ڕەگەز عارەبێکی سوورییە لە لاپەڕە (285)ی پەرتووکی (عرب و أكراد رؤية عربية للقضية الكوردية)دا سەبارەت بە ڕەگەزی شەبەک نووسیویێتی: (مێژووی شەبەک نادیارە، ئەوان کوردن، بەڵام هەندێک لە لێکۆڵەرەوان بانگێشەی ئەوە دەکەن کە تورکن، ئەمەش لەبەر هۆکاری بەکارهێنانی دەستەواژەیەکی زۆری تورکی لە زمانەکەیاندا، کە بە شێوەزاری زازای کوردی قسە دەکەن). مونزر ئەلموسڵی ئەفسەرێکی بەعسی تا سەر ئێسقان دژ بە کورد و کوردستان بووە، چەندان پۆستی گرنگی پۆلیس، ئەمن و ڕاوێژکاری سەرۆکی بەعسی سوری حافز ئەسەدی هەبووە، یەکێک بووە لەو کەسانەی کە بە توندی دژی مافی نەتەوەیی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان (کوردی کوردستانی ژێردەستی سوریا) بووە، تەنانەت نکۆڵی لە بوونی کوردستانی داگیرکراوی ژێردەستی سوریا کردووە و تەواوی شارە گرنگەکانی وەکو: (موسڵ، کەرکوک، دیالە، خانەقین، بەدرە، جەسان و هتد)ی لە باشووری کوردستان دابڕیوەو بە خاکی عارەبی ئێراقیان دەزانێت، کەچی شەبەک بە کورد دادەنێت و زمانەکەشیان بە زمانی کوردی زازایی دادەنێت، کە ئەمەی دواییان وانییە بەڵکو زازاو شەبەک سەر بە شێوەزاری گۆرانن.

6. سەعید مەموزینی، لە لاپەڕە (67)ی پەرتووکی (موسڵ و کورد لەدوای ئازادی)دا، باسی ئەوە دەکات کە کوردناسی ڕوسیا ڤلادیمیر مینۆڕسکی، سەبارەت بە ڕەگەزی شەبەک دەڵێت: (ئەم تایەفەیە (شەبەک) ئیسلامن و کوردی ڕەسەنن لە ویلایەتی موسڵ نیشتەجێن). ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسی ڕوسی ڤلادیمیر مینۆڕسکی کە لە نێوان ساڵانی (5.2.1877–5.2.1966)دا ژیاوە و، ژمارەیەک توێژینەوە و پەرتووکی بە نرخی لەسەر پرسی کورد نووسیوە، لە ڕووی نەتەوەییەوە شەبەک بە کوردی ڕەسەن و لە ڕووی ئایینیشەوە بە موسڵمانیان دادەنێت.

7. سەعید مەموزینی، لە لاپەڕە (68)ی پەرتووکی (موسڵ و کورد لەدوای ئازادی)داو، بە پشت بەستن بە ڕۆژنامەی ئەلحەیات، ژمارە (14)ی ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (19.8.1999)دا کە سەبارەت بە ڕەگەزی شەبەک دەڵێت: (شەبەک کوردی ئێراقین و موسڵمانن و سەر بە هیچ نەتەوەیەکی دیکە نین). ڕۆژنامەی ئەلحەیات، کە ڕۆژنامەیەکی عارەبی سعودییە شەبەک تەنیاو تەنیا بە کورد دادەنێت و پێی وایە کە ئەوان جگە لە کورد سەر بە هیچ نەتەوەیەکی تر نین.
8. تۆماس بوا یان (تۆما بوا)ی کوردناس و ڕۆژهەڵاتناسی بەڕەگەز فەرەنسی، لە لاپەڕە (212)ی پەرتووکی (ژیانی کوردەواری)دا، سەبارەت بە کوردی شەبەک لە بابەتی (کوردەواری و هەڵهاتن لە ئیسلام)دا، نووسیوێتی: (لە دەوروبەری موسڵ کۆمەڵێک هەن (شاباک/شەبەک)یان پێدەڵێن و ژمارەیان نزیکەی (10) هەزار کەس ئەبێت و ئەمانە هەوڵی یەکگرتنی ئێزیدییەکان و شیعەکان دەدەن). کوردناس و ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی کە لە تەمەنی (27) ساڵیداو لە ساڵی (1927) هاتۆتە کوردستان و زمانی کوردی بە باشی فێربووەو سەردانی زۆربەی هەرە زۆری شارەکانی هەر چوار پارچەی کوردستانی کردووەو، لە نزیکەوە توێژینەوەی ووردی لەسەر ژیان و پێکهاتەی کورد کردووە، ئەویش شەبەک بە کورد دەزانێت.
9. سوهەیل قاشا، لە لاپەڕە (152)ی پەرتووکی (الموصل في مذكرات الرحالة الأجانب خلال الحكم العثماني)دا، سەبارەت بە هۆزی شەبەک نووسیوێتی: (شەبەک هۆزێکی تاڕادەیەک نادیارن و پیشەیان کشتوکاڵە. ئەوان (شەبەک) کوردی شیعەن). سوهەیل قاشا لە ڕووی نەتەوەییەوە شەبەک بە کورد و لە ڕووی ئایینییەوە بە موسڵمانی شیعە دادەنێت.
10. دکتۆر شاکر خەسباک، لە لاپەڕە (216)ی پەرتووکی (العراق الشمالي دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية)دا نووسیوێتی: (هەندێک لە شەبەکەکان جەخت لەسەر ڕەسەنێتی کوردبوونی خۆیان دەکەنەوە، کە لە دەوروپشتی باشووری ئێرانەوە هاتوون و، سەر بە هۆزی شبانکارە (شوانکارە)ن. هەروەها دەڵێن کە زمانەکەیان لە بنچینەدا زمانی کوردییە، بەڵام هەندێک وشەی تورکی، فارسی و عارەبی تێکەڵ بووە، زمانەکەیان سەر بە

شێوەزاری گوڕانە کە خێڵەکانی هەورامی، باجەڵان، لەک، ڕۆژبەیانی، پاڵانی، جەباری و قەرەئاولوس قسەی پێدەکەن. ژمارەیەک لە توێژەرو لێکۆڵەرەوەکان پشتڕاستی قسەکانی ئەو شەبەکانە دەکاتەوە کە خۆیان بە کورد دەزانن، لە نێویاندا مینۆرسکی، هاری چارلێس لۆکی، محەمەد ئەمین زەکی و ئەنستاس ماری کرملی). جوگرافیناس و پسپۆر دکتۆر شاکر خەسباک وەکو عارەبێکی بەویژدان و ڕاستگۆ تاکو ئێستاکە بێ گوێدانە هیچ بەرژەوەندییەکی خۆی لەسەر پرسی کورد ڕاستییەکانی درکاندووە، وا ئێستاش لێرەدا بۆچوونی خۆی سەبارەت بە شەبەک دەردەخات و بە کوردیان ناودەبات و زمانەکەشیان بە زمانی کوردی دەزانێت. ئەو لەپێناوی پشت ڕاست کردنەوەی بۆچوونەکەی خۆی، ئاماژە بە بۆچوونی چەندان توێژەری بیانی و کورد دەدات کە هەموویان شەبەک بە کوردی ڕەسەن دەزانن.

11. دکتۆر شاکر خەسباک، لە لاپەڕە (484)ی پەرتووکی (الاكراد دراسة جغرافية أثنوغرافية)دا، لە بەشی ئایینەکانی کورددا نووسیویێتی: (هەروەها جگە لە موسڵمان لایەنگرانی ئایینەکانی تر هەن لەوانە (30) هەزار ئێزیدی، (20) هەزار سابئی، (15) هەزار شەبەک و ژمارەیەکی کەم کاکەییەکان و باجەلانییەکان). دکتۆر شاکر خەسباک دووبارە بە بۆچوونی خۆی شەبەک کوردن، بەڵام کوردی شیعەن.
12. دکتۆر شاکر خەسباک، لە لاپەڕە (485)ی پەرتووکی (الاكراد دراسة جغرافية أثنوغرافية)دا، هەر لە بەشی ئایینەکانی کورداندا، هەریەک لە عەلی ئیلاهی، شەبەک، کاکەکەیی و ئێزیدییەکانی بە کورد داناوە. دانانی تیرەو هۆزەکانی شەبەک، ئێزیدی، کاکەیی و عەلی ئیلاهی بە کورد لەلایەن دکتۆر شاکر خەسباک، ڕاستییەکی حاشاهەلنەگرە کە کەم لە عارەبەکان دەیسەلمێنن.
13. دکتۆر شاکر خەسباک، لە لاپەڕە (493)ی پەرتووکی (الاكراد دراسة جغرافية أثنوغرافية)دا، سەبارەت بە نەژادی شەبەکەکان نووسیویێتی: (لەمەڕ نەژادی شەبەکەکان بۆچوونی جیاواز هەیە، سەرەڕای ئەو جیاوازییانەش نزیکەی زۆربەی لێکۆڵەرەوان لەو باوەڕەدان کە شەبەک کوردن). دووبارە

دکتۆر شاکر خەسباک هەم بە بۆچوونی خۆی و زۆربەی توێژەرانی تری بیانی شەبەک لە ڕووی نەژادەوە بە کورد دەناسێنێت.

14. هاشم عاسی کاکەیی، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (شەبەک لەنێوان ئایین و نەتەوەدا کورتە مێژوویيەکی کوردانی عەلەوی)دا، کە لە ژمارە (19)ی (گۆڤاری کەرکوک)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامیدا لە بەشی (شاباک – شەبەک) بەمجۆرە باسیان دەکات: ڕێبازی تایفەی شەبەک ئەو ڕێبازەیە کە بەشێک لە کوردانی موسڵ دەستگیرین). ئینسکلۆپیدیای ئیسلام، کە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوە لەناو عارەب و نەتەوە موسڵمانەکان هۆزی شەبەک بە بەشێک لە کوردانی دانیشتووی ویلایەت و شاری موسڵ دادەنێت. وە مێژوونووسی کورد محەمەدئەمین زەکی عەبدولڕەحمان مەحمود بەگ (محەمەد ئەمین زەکی بەگ 1880–9.7.1948)یش، لە لاپەڕە (27)ی پەرتووکی (کورتەیەکی مێژووی کورد و کوردستان)دا باسی هەمان شتی کردووە کە دەڵێت: (ئینسکلۆپیدیای ئیسلام نووسیویێتی: خەڵکی شەنگال کوردن. شەبەک ئایینزای بەشێک لە کوردانی موسڵ–ەو بەگوێرەی خەمڵاندنی کارمەندانی ئینگلیز ژمارەیان دە هەزار کەسێکە).

15. هاشم عاسی کاکەیی، هەر لە هەمان وتاردا بە پشت بەستن بە لاپەڕەکانی (95–97)ی پەرتووکی (الكاكائية في التأريخ)ی عەباس ئەلعەزاوی، کە سەبارەت بە شەبەک نووسیویێتی: (ئەو شەبەکانە لە تایفە ناسراو و توندڕەوانەی ئێراقین و لە دەوروبەری موسڵ دادەنیشن و بەناوبانگن هەروەکو کاکەییەکانی پارێزگای کەرکوک و، ژمارەیان لەوان کەمتر نییەو دەستە خوشکی یەکدین لە ڕەگوڕیشە... شەبەک زیاتر براوەتەوە سەر (شوانکارە – هۆزێکی بەناوبانگی کوردە). عەباس ئەلعەزاوی یەکێکە لە نووسەرە ڕەگەزپەرستەکان و دوژمنی سەرسەختی کورد، کە هەردەم لە هەوڵی ئەوەدا بووە مێژوو، جوگرافیا و پێکهاتەی ئایینی و نەتەوەیی کورد بشێوێنێ، بەڵام نەیتوانیوە خۆی لەم ڕاستییە لادات بۆیە بەناچاری هۆزی شەبەکی بە یەکێک لە هۆزە بەناوبانگەکانی سەر بە نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان هەژمار کردووە.

16. ئەحمەد شەوکەت، لە لاپەڕە (18)ی پەرتووکی (الشبک الکورد المنسیون)داو، بە پشت بەستن بە لاپەڕەکانی (3–4)ی بەشی یەکەمی پەرتووکی (المقریزي، السلوک لمعرفة دول الملوک)دا، کە تیایدا هاتووە: (کوردەکان بریتیین لە هۆزەکانی، هەزبانی، بشنەوی، شاهجانی، سرلحی، زرزاری، مەروانی، جەلالی و شەنبەک). ئەلمقریزی مێژوونووسێکی عارەبە و لە ڕووی نەژادییەوە هۆزی شەبەک (شەنبەک) بە هۆزێکی سەر بە نەتەوەی کورد دادەنێت.

17. ئەحمەد شەوکەت، کە نووسەرێکی کوردی شەبەک بوو دوای ئازادی ئێراق لەناو شاری موسڵ بەدەستی تیرۆریستە مێشک ژەنگگرتووەکان شەهیدکرا، لە لاپەڕە (63)ی پەرتووکی (الشبک الکورد المنسیون)داو، بە پشت بەستن بە لاپەڕە (230–232)ی ژمارە (59)ی گۆڤاری (المقتطف)، ساڵی (1921)دا، کە تیایدا هاتووە: (شەبەک سەد لەسەد کوردن. ئەوان (شەبەک) نەوەی کەسانێکی سەر بە ڕەگەزی کوردن، کە لە دێهاتەکانی سەر بە ویلایەتی موسڵ نیشتەجێن). گۆڤاری ئەلموقتەتف کە گۆڤارێکی عارەبییە و لە ساڵی (1921)دا، هۆزی شەبەکی لە ڕووی نەژادەوە گەڕاندۆتەوە سەر نەتەوەی کورد و بە دانیشتووی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان)یان دادەنێت.

18. ئەحمەد شەوکەت، لە لاپەڕە (64)ی پەرتووکی (الشبک الکورد المنسیون)داو، بە پشت بەستن بە پەرتووکی (الموسوعة البریطانیة)دا، کە تیایدا هاتووە: (شەبەک ئایینزایەکی موسڵمانی بەڕەگەز کوردن، کە لە ویلایەتی موسڵ نیشتەجێن). ئینسکلۆپیدیای بەریتانی، لە ڕووی ئایینییەوە هۆزە شەبەک بە موسڵمان و لە ڕووی ڕەگەزیشەوە شەبەک بە هۆزێکی سەر بە نەتەوەی کورد لە ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) هەژمار دەکات.

19. پ. لێرخ، لە لاپەڕەکانی (46)ی پەرتووکی (دراسات حول الأکراد وأسلافهم الخالدیین الشمالیین)دا، سەبارەت بە شەبەک نووسیویێتی: (کۆمەڵێکی تری کورد ناوی (شەبەک)یان هەڵگرتووە، کە لە دوو یان سێ گوندی نزیک بە شاری موسڵ ژیان دەبەنە سەر). ڕۆژهەڵاتناسی ڕوسیا پیوتەر لێرخ کە لە

ساڵانی نێوان (1828–1884)دا ژیاوە، شەبەک بە کورد دادەنێت و شوێنی نیشتەجێ بوونیان بە دوو تا سێ گوندی دەوروبەری شاری موسڵ دادەنێت، کە ئەمەیان دوورە لە ڕاستی چونکە ئەوان بەلای کەمی خاوەنی (49) گوند و شارۆچکەن لە چوار دەور و نزیک شاری موسڵ.

20. سلێمان سائغ، لە لاپەڕە (55)ی پەرتووکی (تأریخ الموصل)دا، سەبارەت بە نەژادی شەبەک نووسیویێتی: (شەبەک و باجوان لە وڵاتی فارسەوە بۆ موسڵ هاتوون، بەڵام مێژووی هاتنیان دیارنییە، زمانەکەیان تێکەڵە لە کوردی و فارسی و تورکی). سلێمان سائغی بەڕەگەز ئاشووری ئێراقی کە زۆر دۆستی شا فەیسەڵی یەکەمی پادشای ئێراق و عارەب بووە، هەردەم ویستوویەتی خاکی کورد و کوردستان بەرتەسکتر بکاتەوە لەپێناوی بەرژەوەندی عارەب و ئێراقدا، وە بە بەردەوامیش لە هەوڵی شێواندنی پێکهاتەی دانیشتوان و مێژووی شاری موسڵ بووە، هەرچەندە باسی ڕەگەزی شەبەکی نەکردووە و بە کوردی دانەناون، بەڵام نەیتوانیوە شەبەک بگەڕێنێتەوە سەر نەتەوەی عارەب. سائغ باسی ئەوەیکردووە کە شەبەک و باجوان لە وڵاتی فارسەوە بۆ موسڵ هاتوون، کەچی باسی هاتنی عارەبی نەکردووە کە لە وڵاتی نەجد، حیجاز و یەمەنەوە بۆ موسڵ هاتوون. ناوبراو باسی ئەوەی نەکردووە کە شەبەک، باجوان و چەندان هۆزی تری کوردی بەر لە هاتنی ئاشوورییەکان (جا عارەب هەر باسی مەکە) لەو دەڤەرە هەبووینە و کوردی شەبەک شاری موسڵ (نەینەوا)یان دروستکردووە. بۆ سەلماندنی ڕاستی بۆچوونەکەم کە بەر لەهاتنی ئاشووری و عارەب بۆ ناوچەکە ئاوەدانییەک هەبووە بەناوی (نەو ئەردەشێر/ نیو ئەردەشێر)، ئاماژە بە بۆچوونێکی مێژوونووسی ناسراوی ئێراقی (عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی) دەدەم، کە لە لاپەڕە (77)ی پەرتووکی (العراق قديما وحديثا)دا، نووسیویێتی: (نەینەوا لە هەزارەی چوارەمی پێش زاییندا گوندێکی بچوک بووە کە هیچ گرنگییەکی نەبووە. وەلێ کاتێک کە ئاشوورییەکان هاتن و تێیدا نیشتەجێبوون، هەروەها لە گوندەکانی دەوروبەریشیدا نیشتەجێبوون، نەینەوا گەشەی کردو ئاوەدان بووەوەو بووە شارێکی جێگەی گرنگی پێدان. کار گەیشتە ئەوە کە کارگێڕانی

شارەکە لە لایەن پادشاکانی دەسەڵاتدارەوە دەستنیشان بکرێن). ئەم ڕوونکردنەوەیەی عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی بۆمان دەردەخات کە پێش هاتنی ئاشوورییەکان لە هەزارەی چوارەمی پێش زاییندا کە دەکاتە زۆرتر لە پێنج هەزار ساڵ بەر لە ئێستادا، نەینەوا (موسڵ) گوندێکی بچووک بووە کە هیچ کام لە ئاشووری و عارەب دروستیان نەکردووە، بەڵکو پێش هاتنی ئەوان بۆ ئەم دەڤەرە وەکو داگیرکەر هەم گوند یان شاری نەینەوا (موسڵ) هەبووە و هەم نەتەوەی تر پێش هاتنی ئەوان لەم ناوچەیەدا ژیاوە، کە بەبێ هیچ گومانێک ئەوەی نەینەوا (موسڵ)ی دروستکردووە ئەم نەتەوەیە بووە کە بەر لە هاتنی ئەواندا لەوێدا ژیاوە کە نەتەوەی کورد بووە.

تێبینی: ئەم ووتارە لە دوو بەشدا لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە، بەشی یەکەم لە ژمارە (5297)، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (5.10.2010)، لاپەڕەکانی (16–17)دا، بەشی دووەمیشی لە ژمارە (5298)، ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (6.10.2010)دا، لە لاپەڕەکانی (16–17)دا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لەبەر گرنگی و پەیوەند هەبوونی بە مێژووی کوردستانێتیی شاری موسڵ–ەوە، وا لێرەدا دامنایەوە.

## سەرچاوەکانی شەبەک کوردی ڕەسەنە لە باشووری کوردستان:


1. پێداچوونەوەو لێکۆڵینەوە عەبدولڕەزاق مەحمود ئەلقەیسی، ولاية الموصل تقرير عصبة الأمم الخاصة بحل النزاع التركي – البريطاني حول ولاية الموصل 1924-1925، مركز الدراسات الكوردية (کوردۆلۆجی)، مطبعة ڕەنج، باشووری کوردستان – سلێمانی 2009.
2. سیسیل جۆن ئێدمۆندس، کورد تورک و عارەب، وەرگێرانی حامید گەوهەری، چاپی یەکەم، پەرتووکی هەرزان، سوید 1997.
3. ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ، العراق الحديث من سنة 1900 الى سنة 1950، الجزء الأول، ترجمة وتعليق سەلیم تەها ئەلتکریتی، الطبعة الاولى، طبع بمطبعة حسام، الفجر للنشر والتوزيع، بغداد – العراق 1988.
4. موقەدەم مونزر ئەلموسڵی، عرب و أكراد رؤية عربية للقضية الكوردية، توزيع دار الغصون، الطبعة الأولى، بيروت – لوبنان 1986.
5. سەعید مەموزینی، موسڵ و کورد لەدوای ئازادی، چاپخانەی منارە، چاپی یەکەم، هەولێر – باشووری کوردستان 2008.
6. تۆما بوا، ژیانی کوردەواری، وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە بۆ عارەبی ئاواز زەنگەنە، وەرگێڕانی بۆ کوردی حەمەسەعید حەمەکەریم، لە بەڕێوەبەرێتی چاپخانەی زانکۆی سلێمانی چاپکراوە 1980.
7. سوهەیل قاشا، الموصل في مذكرات الرحالة الأجانب خلال الحكم العثماني، شركة دار الوراق للنشر المحدودة، الطبعة الاولى، بيروت – لبنان 2009.
8. دکتۆر شاکر خەسباک، العراق الشمالي دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية، مطبعة شفيق، الطبعة الاولى، بغداد 1973.
9. دکتۆر شاکر خەسباک، الاكراد دراسة جغرافية أثنوغرافية، دار العربية للموسوعات، الطبعة الاولى، بيروت – لبنان 2005.
10. هاشم عاسی کاکەیی، شەبەک لەنێوان ئایین و نەتەوەدا کورتە مێژووییەکی کوردانی عەلەوی، گۆڤاری کەرکوک، ژمارە (19)، گۆڤارێکی ڕوناکبیریی

گشتیی وەرزییە، کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوک دەریدەکات.

11. محەمەد ئەمین زەکی، کورتەیەکی مێژووی کورد و کوردستان، زنجیرە پەرتووکی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپ و ئۆفیسی دەزگای سەردەم، 2000.

12. ئەحمەد شەوکەت، الشبک الکورد المنسیون، مطبعة وزارة الثقافة، جنوب کوردستان – سلیمانیة 2004.

13. پ. لێرخ، دراسات حول الأکراد وأسلافهم الخالديين الشماليين، ترجمة دکتور عبدي حاجي، الطبعة الأولى، منشورات مكتبة خاني، حلب – سوريا 1992.

14. القس سلێمان سائغ الموصلي، تأريخ الموصل، الجزء الاول، المطبعة السلفية – بمصر 1923.

15. عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی، العراق قديما وحديثا في الطبعة الثانية، مطبعة العرفان – صيدا، 1956.

# سەرچاوەکانی بەشی یەکەم (کێشەی ویلایەتی موسڵ):


1. دکتۆر جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، کوردۆ لە ئەڵمانییەوە کردوویە بە کوردی، لە لایەن (نۆکسە)وە لەچاپ دراوە، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوید 1985.
2. محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی یەکەم، لە لایەن بلاک ڕۆز چاپکراوە، لەندەن – بەریتانیا 1990.
3. محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، لە لایەن بلاک ڕۆز چاپکراوە، لەندەن – بەریتانیا 1991.
4. دکتۆر فازل حوسێن، کێشەی ویلایەتی موسڵ، وەرگێڕانی محەمەد شاکەلی، چاپخانەی خاک، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان، هەولێر 1999.
5. ڕەفیق حلمی، یادداشت کوردستانی ئێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، بەشی یەکەم، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریەتیی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، باشووری کوردستان – هەولێر 1988.
6. ڕەفیق حلمی، یادداشت کوردستانی ئێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، بەشی دووەم، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریەتیی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، باشووری کوردستان – هەولێر 1988.
7. ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجیی عێراق و سێکوچکەی بەعسییان: تەرحیل یەعریب تەبعیس، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، چاپی دووەم، باشووری کوردستان 1999.
8. د. سروە ئەسعەد سابیر، کوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل 1914–1926،مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية، جنوب كوردستان، هەولێر 2001.

9. دكتور حامد محمود عيسى، القضية الكوردية في العراق من الاحتلال البريطاني الى الغزو الامريكي (1914-2004)، الطبعة الاولى، مكتبة مدبولي، القاهرة – مصر 2005.
10. دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، الحياة الحزبية في الموصل 1926-1958، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية، جنوب كوردستان – هەولێر 2003.
11. دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، دهۆک – نينوى دراسات في الخصائص الديموغرافية للسكان، مركز كوردستان للدراسات الاستراتيجية، جنوب كوردستان – سليمانية 2005.
12. جەلال تالەبانی، كوردستان والحركة القومية الكوردية، مطبعة الجمهورية – بغداد 1969.
13. نجم عومەر سورچي، مصير ولاية الموصل (كوردستان الجنوبية) مابعد عام 2000، جنوب كوردستان سليمانية 1998.
14. دکتۆر وەلید حەمدی، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، وەرگێڕانی موحەمەد نوری تۆفیق، چاپخانە ئۆفیسێتی هەواڵ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی دووەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 1999.
15. ئەحمەد شەوکەت، الشبك الكورد المنسيون، مطبعة وزارة الثقافة، جنوب كوردستان – سليمانية 2004.
16. جرجيس فتح‌الله، يقظة الكورد تاريخ سياسي 1900-1925 و مما يتناول النزاع على جنوب كوردستان امام عصبة الامم مع الوثائق و المذكرات المتعلقة به، دار اراس، مطبعة وزارة التربية، جنوب كوردستان - هەولێر 2000.
17. خەسرەو گۆران، کورد لە پارێزگای موسڵ، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، باشووری کوردستان - هەولێر 2002.

18. شوان عوسمان مستەفا، کوردستان و پرۆسەی بەئیسلام کردنی کورد (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە)، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان– سلێمانی 2002.
19. دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، کوردستان لە سەردەمی ئاشتیدا، وەرگێڕانی محەمەد نوری تۆفیق، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 2000.
20. الدکتور سعدي عثمان حسین، کوردستان الجنوبیة في القرنین السابع عشر والثامن عشر، من منشورات مکتبة سۆران، مطبعة سیما في السلیمانیة، هەولێر – جنوب کوردستان 2006.
21. دکتۆر عەزیز شەمزینی، جولانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان، وەرگێڕانی فەرید ئەسەسەرد، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی کوردستان، چاپی چوارەم، سلێمانی – باشووری کوردستان 2006.
22. جەلال جەوهەر، وەڵامی چەند پرسیارێکی تایبەت بە پاکتاوکردنی نەژادی لە کوردستان، گۆڤاری کەرکوک (11)، زستانی 2002، گۆڤارێکی ڕوناکبیری گشتی وەرزییە، کۆمیتەی باڵای ئاوارەکان و کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوک بەهاوبەشی دەریدەکەن.
23. ماڵپەڕی زانیاری ویکیپیدیا بە هەر چوار زمانی کوردی، دانمارکی، ئینگلیزی و عارەبی، کە سوودی زۆرم لێ وەرگرتووە بەتایبەت سەبارەت بە تەواوی پەیماننامە و ڕێککەوتننامەکان.
24. دکتۆر مارف عومەر گوڵ، ژینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، لە چاپکراوەکانی یانەی کوردی میدیا – ئەمستردام، چاپی یەکەم، ئەمستردام، هۆڵەندە 1977.
25. دکتۆر مارف عومەر گوڵ، پێوەندی مەسەلەی کورد بە یاسای نێودەوڵەتانەوە، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 2002.
26. کامەران ئەحمەد محەمەدئەمین مەنتک، کوردستان لە نێوان ململانێی نێودەوڵەتیی و ناوچەییدا (1890–1932)، دەزگای چاپ و پەخشی

سەردەم، چاپ و ئۆفسێتی دەزگای سەردەم، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 2000.
27. قادر سەلیم شەمۆ، موقف الکورد من حرب الاستقلال الترکیة (1919–1922)، الطبعة الاولی، مطبعة خاني، دار سپیرێز للطباعة والنشر دهۆک، جنوب کوردستان – دهۆک 2008.
28. دکتۆر فەرهاد پیربال، ژەنەڕاڵ شەریف پاشا (1865–1951)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 2001.
29. سێر ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن، بلاد مابین النهرین بین ولاءین خواطر شخصیة وتأریخیة، ترجمة فؤاد جمیل، الجزء الثاني، دار الشؤون الثقافة العامة، الطبعة الثانیة، العراق – بغداد 1992.
30. سێر ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن، بلاد مابین النهرین بین ولاءین خواطر شخصیة وتأریخیة، ترجمة فؤاد جمیل، الجزء الثالث، دار الشؤون الثقافة العامة، الطبعة الاولی، العراق – بغداد 1992.
31. مراجعة وتحقیق عەبدولڕەزاق مەحمود ئەلقەیسی، ولایة الموصل تقریر لجنة عصبة الأمم الخاصة بحل النزاع الترکي – البریطاني حول ولایة الموصل 1924–1925،مرکز الدراسات الکوردیة (کوردۆلۆجی)، مطبعة ڕەنج، باشووری کوردستان – سلێمانی 2009.
32. ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ، أربعة قرون من تأریخ العراق الحدیث، وەرگێڕانی جەعفەر خەیات، الطبعة السادسة، طبع مطبعة أرکان، منشورات مکتبة الیقظة العربیة، بغداد 1985.
33. ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ، العراق الحدیث من سنة 1900 الی سنة 1950، الجزء الأول، وەرگێڕانی سەلیم تەها ئەلتکریتی، منشورات الفجر للنشر والتوزیع، طبع بمطبعة حسام، الطبعة الاولی، بغداد 1988.
34. ئەلبێرت میخائیلۆڤیچ مینتیشاشڤیلی، العراق في سنوات الأنتداب البریطاني، وەرگێڕانی دکتۆر هاشم ساڵح ئەلتکریتی، مدیریة مطبعة جامعة بغداد، العراق 1978.

35. دکتۆر محەمەد موزەفەر هاشم ئەلئەدهەمی، المجلس التأسيسي العراقي، الجزء الأول، طباعة ونشر دار الشؤون الثقافة العامة – افاق عربية – الطبعة الثانية، بەغدا 1989.

36. دکتۆر محەمەد موزەفەر هاشم ئەلئەدهەمی، المجلس التأسيسي العراقي، الجزء الثاني، طباعة ونشر دار الشؤون الثقافة العامة – افاق عربية – الطبعة الثانية، بەغدا 1989.

37. میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، المسألة الكوردية (1917–1923)، ترجمة دکتۆر حاجی عەبدی، الطبعة الاولى، دار الرازي، لبنان - بيروت 1991.

38. شێخ مەحمود شێخ کاوەی حەفید، یادداشتەکانی شێخ (لەتیف)ی حەفید لەسەر شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی حەفید، کەمال نوری مەعروف ساغی کردۆتەوە، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، باشووری کوردستان 1995.

39. عەزیز شەریف، المسألة الكوردية في العراق، الطبعة الرابعة، مطبعة مكتب الاعلام المركزي للاتحاد الوطني الكوردستاني 2004.

40. سەعید مەموزینی، موسڵ و کورد لە دوای ئازادی، چاپخانەی منارە، چاپی یەکەم، هەولێر – باشووری کوردستان 2008.

41. دەقەکانی کۆنگرەی سیڤەر و خوێندنەوەیەکی تر، خوێندنەوەی مەسعود عەبدولخالق، چاپی یەکەم، وەرگێڕانی سەلام ناوخۆش، چاپخانەی منارە، باشووری کوردستان – هەولێر 2009.

42. ئەیوب بارزانی، المقاومة الكوردية للأحتلال 1914–1958، دار نشر حقائق المشرق، فەرەنسا 2002.

43. کەرکوکی نوێ، ژمارە (84)، هەینی، ڕێکەوتی (1.4.2011)، لە یادی شەهیدانی 11.3.1991، سەعدوڵڵا سەید ئەحمەد. کەرکوکی نوێ، نیومانگییەکی سیاسی گشتییە، مەڵبەندی دووی ڕێکخستنی کەرکوکی (ی. ن. ک) دەریدەکات.

44. نەوزاد عەلی ئەحمەد، ئاڵا بڵاوکراوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لقی ئەمەریکای باکوور 1979–1983، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی – باشووری کوردستان 2011.

# بەشی دووەم

## مێژووی کوردستانێتیی شاری موسڵ لە بەڵگەنامەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان:

بەڵگەنامەکانی بەشی دووەم (بەڵگەنامەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان)، ژمارەیان (52) بەڵگەنامەیەو (39) سەرچاوەیان بۆ بەکارهاتووە. بە گوێرەی هەموو بەڵگەنامەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان ویلایەتی موسڵ بە ویلایەتێکی کوردی یان بە بەشێکی کوردستان دادەنێن. ئەوەی لێرەدا مەبەستمە، خستنەڕووی چەندان بەڵگەنامەی جیاجیایە بۆ سەلماندنی ڕاستی بۆچوونەکانم سەبارەت بە کوردبوون و کورستانێتیی شاری موسڵ هەم وەکو شارو پارێزگا، کە بریتین لەو بەڵگەنامانەی خوارەوە:

سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم کە پێش هەموو شتێک دامەزراندنی کۆمیسیۆنێک لەژێر ناوی (کۆمیسیۆنی توێژینەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ) لەلایەن کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە، خۆی لەخۆیدا گەورەترین بەڵگەیە بۆ کورد بوون و کوردستانی بوونی تەواوی ویلایەتەکە بە شاری موسڵ-یشەوە. ناونانی کۆمیسیۆنەکە بەم ناوەوە دەیسەلمێنێ و دەریدەخات کە ویلایەتی موسڵ ویلایەتێکی سەربەخۆ بووەو هیچ پێوەندییەکی بە دەوڵەتی تورکیا و بە دەوڵەتی ئێراق و عارەبەوە نەبووە. باشە ئەگەر دامەزراندنی ئەو کۆمیسیۆنە پێوەندی بە دیاریکردنی سنووری نێوان ئێراق و تورکیا هەبووایە بۆ ناویان نەدەنا کۆمیسیۆنی دیاریکردنی سنووری نێوان تورکیا و ئێراق؟ دواتر بەکارهێنانی دەستەواژەی (لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی ئێراق) کە لە بڕیاری کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا سەبارەت بە لکاندنی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) هاتووە، مانای سەربەخۆیی تەواوی ویلایەتەکە و پێوەندی نەبوونی بە عارەب و ئێراقەوە دەگەیەنێت.

مام جەلال، سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرۆک کۆماری ئێراق، لە وتارێکی خۆیدا کە بەبۆنەی چەژنەکانی نەورۆزو ڕزگارکردنی کەرکوک لە ئاهەنگێکی جەماوەریدا، لە دەربەندی بازیان لە ڕۆژی (20.3.1998)دا پێشکەشی

کردووەو، دەقی وتارەکە بە زمانی عارەبی لە لاپەڕەکانی (3 و 7)ی ژمارە (49)ی هەینی (8.5.1998)دا لە مانگنامەی (المنار الكوردي)دا بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت: (ساڵی 1928 کۆمیسیۆنێکی نێونەتەوەیی بۆ لێکۆڵینەوە لە پرسی ویلایەتی موسڵ بە سەرۆکایەتی کۆنت هاتە کوردستان (ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەو کۆمیسیۆنە لە مانگی یەنیوەری ساڵی (1925)دا هاتۆتە کوردستان، نەک وەکو ئەوەی کە مام جەلال نووسیویێتی ساڵی (1928)، کە زۆرتر پێدەچێت و پێم وایە هەڵەی چاپ بێت – دەرسیم)، دوای گەڕان بەدوای ڕاستییەکان و لێکۆڵینەوەی بارودۆخەکەو خوێندنەوەی گشت پەرتووکە جوگرافییەکانی کە لە لایەن عارەب، ئێرانی و تورک نووسراون و پەیوەستن بەو بابەتەوە، دوای هەڵسەنگاندنێکی مێژوویی، بۆمان دەرکەوت کە ئەو ناوچەیەی بە ویلایەتی موسڵ ناودەبرێت، ئەو ڕاستییانەی لەسەر جێبەجێ دەبێت: ئەو ناوچەیەی کە لە چیای حەمرینەوە بەرەو هەوراز درێژ دەبێتەوە، هیچ کاتێک بەشێک نەبووە لەو وڵاتەی کە پێی دەگوترێت ئێراق، بەڵکو وڵاتێکی تایبەتی بووەو هیچ پێوەندییەکی بە ئێراق ەوە نەبووە، وە بەشێکیش نەبووە لە تورکیا، چونکە لەنێوانی ئەو ویلایەتەو ئەو خاکەی کە تورک نشینە کوردستانی باکوور هەیە، بەڵکو ئەم خاکە بریتییە لە ویلایەتی موسڵ، کە هەمیشە خاکی کورد بووە).

بە گوێرەی ئەو بەڵگەیەی کۆمیسیۆنی کۆمەڵەی نەتەوەکان، شاری موسڵ شارێکی کوردییە و دەکەوێتە باشووری کوردستان، چونکە کۆمیسیۆنەکە زۆر ڕاشکاوانە بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە ویلایەتی موسڵ دەربڕیوە کە لە لایەک بە خاکی کوردی دەزانێت، لە لایەکی تریشەوە ڕاشکاوانە باسی ئەوە دەکات کە ویلایەتی موسڵ هیچ پێوەندییەکی نە بە ئێراق و نە بە تورکیا وە نەبووە، بەڵکو ویلایەتێکی سەربەخۆ بووە. هەمووشمان ئەوە باش دەزانین کە ویلایەتی موسڵی ئەوکات لە شارەکانی (موسڵ (نەینەوا+دهۆک)، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) پێکدەهات، مادام تەواوی ویلایەتەکە (ویلایەتی موسڵ) بە بەردەوامی خاک و نیشتمانی کورد بێت، کەواتە شاری موسڵ کە مەڵبەندو پایتەختی ئەو ویلایەتە بووە، ئەویش شارێکی کوردیی و خاکی نەتەوەی کوردە. لەو بەڵگەیەی کە لە لایەن ئەو کۆمیسیۆنەی سەر بە کۆمەڵەی نەتەوەکان دەرچووە، ڕاستی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کۆمیسیۆنەکە دان بەوەدا دەنێت کە تەواوی ویلایەتی موسڵ بە

هەموو شارەکانییەوە خاکی کوردن و سەر بە کوردستانن، هەروەها ئەو کۆمیسیۆنە گەواهی ئەوەشمان بۆ دەدات کە ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان بەشێک نەبووە لە تورکیا یان ئێراق، بەڵکو ویلایەتێکی بە تەواوی کوردی بووەو، تەنانەت هیچ پێوەندییەکیش بە ئێراقی نابەستێتەوە. هەروەها مام جەلال بۆچوونی خۆیشی دەردەبڕێ و خاکی ویلایەتی موسڵ بە خاکی هەمیشەیی کورد دەزانێت، کاتێک کە خاکی ویلایەتی موسڵ خاکی کورد بێت، گومانیشمان نامێنێت کە شاری موسڵ هەم وەکو شارو هەم وەکو پایتەختی ئەو ویلایەتە، شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە.

مێژوونووسی عارەب، دکتۆر فازڵ حوسێن، لە لاپەڕەکانی (59-61)ی پەرتووکی (مشکلة الموصل)دا بە زمانی عارەبی و، لە لاپەڕەکانی (86- 87)ی (کێشەی ویلایەتی موسڵ) بە زمانی کوردی، نووسیویێتی: (کۆمیسیۆنی تۆژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ لە ڕێکەوتی (16.1.1925)دا گەیشتە شاری بەغداو، هەوڵی کۆکردنەوەی بەڵگەنامە و زانیاری لەمەڕ پێوەندی ئابووری نێوان هەردوو ویلایەتی بەغداو موسڵ. لە ڕۆژی دواتر کۆمیسیۆنەکە بەهۆی نوێنەری بەرزی بەریتانی (سێر هنری دوبس) سەردانی (شا فەیسەڵ)یان کردو ئەویش یاداشتێکی دایە دەست کۆمیسیۆنەکە، لە یاداشتەکە موسڵ بۆ ئێراق وەکو سەر بۆ لەشی مرۆڤ باسدەکات. دوای دەرچوونیان لای شا فەیسەڵ، ئەندامانی کۆمیسیۆنەکە بە ئامادەبوونی ئەو نوێنەرە بەرزەی بەریتانیا لە باڵویزخانەی بەریتانی کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا، لەو کۆبوونەوەیەدا نوێنەری بەرز باسی ئەوەیکرد کە (نازم بەگ و فەتاح بەگ) هەردووکیان هاووڵاتی ئێراقین بێ ئەوەی باسی کامیل بەگ بکرێت کە خەڵکی موسڵ بوو، بەڵام کۆمیسیۆنەکە بەو نوێنەرەی ڕاگەیاند کە ئەوانە خەڵکی (ویلایەتی موسڵ)ن و ناکرێت بە ئێراقی هەژمار بکرێن، چونکە تاوەکو ئێستا کێشەی سنووری نێوان تورکیا و ئێراق چارەسەر نەکراوە).

لەو وەڵامە ڕوونەی (کۆمیسیۆنی تۆژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ)دا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەندامانی کۆمیسیۆنەکە ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بە خاک و نیشتمانێکی جیا لە ئێراق دەزانن، ئەوان ڕاشکاوانە گوتوویانە کە ناکرێت ویلایەتی موسڵ بە ئێراق دابنرێت، کەواتە ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان)

بە تەواوی شارەکانیەوە (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە)، جیابووە لە ئێراق و هیچ پێوەندییەکیان بە ئێراق و بە عارەبەوە نەبووە، بۆیە شارو ویلایەتی موسڵ شارو خاکی کوردن و سەر بە باشووری کوردستانن.

دکتۆر فازڵ حوسێن، لە لاپەڕەکانی (76-77)ی پەرتووکی (مشكلة الموصل)دا بە زمانی عارەبی و، لە لاپەڕە (107)ی (کێشەی ویلایەتی موسڵ) بە زمانی کوردی نووسیویێتی: (سەبارەت بەناوی ئێراق، تورکیا بۆچوونی وابوو کە ویلایەتی موسڵ بە بەشێک لە (ئێراقی عارەب) ناژمێردرێت، بەڵکو بەشێکە لە (جەزیرە) لە ڕێکەوتنی (سایکس پیکۆ)دا موسڵ و ئێراق جیاکراونەتەوە، هەروەها لە داخوازیە تایبەتیەکانی (شەریف پاشا)دا لە بارەی کوردستانەوە لە ساڵی (1919)دا کە لەسەر داخوازی هاوپەیمانەکان پێشکەشی کرد. موسڵ جیا لە ئێراق باسکراوە. هەروەها دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆیان بە بەشێک لە ئێراق نەزانیوە. بۆ سەلماندنی بۆچوونی خۆی دەربارەی پێناسەکردنی ئێراق و حکومەتی تورکیا سوودی لە هەندێ بەڵگەی ئەنسکلۆپیدیای بەریتانی و ئەنسکلۆپیدیای فەرەنسی وەرگرتووە).

دکتۆر فازڵ حوسێن، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە بە گوێرەی پەیمانی (سایکس پیکۆ) ویلایەتی موسڵ جیا بووە لە ئێراق و، ئەو ویلایەتە نە بەشێک نە هەرێمێک نەبووە لە ئێراق، یاخود جۆرێک لە پێوەندی هەبووبێت بەو وڵاتە عارەبییە کە پێکدەهات لە ویلایەتەکانی (بەغداو بەسرا). دکتۆر فازل حوسێن ئەوەشمان بۆ باس دەکات کە بەپێی ئەنسکلۆپیدیاکانی بەریتانی و فەرەنسیش دەردەکەوێت کە ویلایەتی موسڵ بە تەواوی جیابووە لە ئێراق و، وەکو دوو وڵاتی جیا هەم لەم دوو ئینسکلۆپیدیایەو هەم لە ڕێکەوتنی (سایکس پیکۆ)دا ناویان هاتووە. ئەمەش دەمان گەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە ویلایەتی موسڵ ویلایەتێکی سەربەخۆو کوردی بووە بە تەواوی شارەکانییەوە (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە). لە هەمان کاتدا خۆ هەژمارنەکردنی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ بە بەشێک لە ئێراق، دەیسەلمێنێ کە تەواوی شارەکانی ئەو ویلایەتە (موسڵ (نەینەوا+دهۆک)، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە)، شارو خاکی کورد و سەر بە باشووری کوردستان بووینە.

دکتۆر فازڵ حوسێن، لە لاپەڕە (78)ی پەرتووکی (مشکلة الموصل)دا بە زمانی عارەبی و، لە لاپەڕەکانی (108- 109)ی (کێشەی ویلایەتی موسڵ) بە زمانی کوردی، لە باسی ئەو کۆمیسیۆنەی سەر بە کۆمەڵەی نەتەوەکان کە لە یەنیوەری ساڵی (1925)دا بۆ تۆژینەوەو گەیشتن بە ڕاستیەکان سەردانی ناوچەکەیان کردوەو دواتر ڕاپۆرتێکی هەمەلایەنەی خۆیان بەکۆی دەنگ سەبارەت بە پرسی ویلایەتی موسڵ بەرزکردۆتەوە، نووسیویێتی: (بۆ گەیشتن بە ئەنجام کۆمیسیۆنەکە گەڕایەوە سەر مێژوونووسان، جوگرافیزانەکانی کۆنی عارەب هەروەها سوود لە ژمارەیەک نەخشەی عارەبی و سەدان نەخشەی سەردەمی سەدەی شانزەو سەدەی بیستەم وەرگیرا کە لە ئەوروپا ئامادەکراون، هەروەها سوودیان لە پەرتووکەکانی گەشت و سیاحەتنامەی هەموو سەردەمەکان و پەرتووکەکانی جوگرافیای دواناوەندی قوتابخانەکانی میسر وەرگرت کە بە زمانی عارەبی نووسراون. سەرەنجام کۆمیسیۆنەکە گەیشتە ئەوەی کەسێ ناوچە ناسراون، ئەوانیش: (ئێراقی عارەب، الجزیرە، کوردستان). سنووری ئێراق لە باکوورەوە لە هیت و تکریت و زنجیرە چیاکانی (حەمرین) تێپەڕ ناکات. دڵنیا نەبوون کە بەشێکی ناوچەی ململانێ ڕۆژێ لە ڕۆژان بەشێک نەبووە لە ئێراقی عەجەم. لە هەموو ئەدەبیاتی جوگرافیادا هەر لە سەردەمی داگیرکردنی عارەبەوە تاکاتی لێکۆڵینەوەی لیژنەکە لە ساڵی (1925)دا ناوچەی ململانێ نە باسکراو نە بە بەشێک لە ئێراق دانراوە. لای دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ ناوی ئێراق نائاشنا بووە. بەڵام بۆ عارەبی ئێراق ناسراو و ئاشناترە لە وشەی میزۆپۆتامیای ئەوروپی (میزۆپۆتامیا بەشی ڕۆژئاوای ناوچەی (ململانێ) دەگرێتەوە، ئەوەی حکوومەتی تورکیا باسی دەکات کە ویلایەتی موسڵ بەشێک بووە لە (ئەنادۆڵ)... کۆمیسیۆنەکە پێی وایە ڕاست نییە. هەردوو ناوچەکە واتە (ویلایەتی موسڵ و ئەنادۆڵ) کوردستانی ڕۆژئاواو سوریا دەکەونە نێوانیانەوە).

ئەو بەڵگەنامەیەی سەرەوە بەنرخترین بەڵگەنامەیە بۆ سەلماندنی کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ و تەواوی ویلایەتەکە، کە لە هەمان کاتدا بەڵگەنامەیەکی نێونەتەوەیی و عارەبی و جیهانیشە، لەبەر ئەوەی کۆمیسیۆنێکی سەر بە کۆمەڵەی نەتەوەکان خۆی هاتۆتە ویلایەتی موسڵ و لە نزیکەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەم

پرسەیە کردووەو، پشتیبەستووە بە مێژوونووسان و جوگرافی زانەکانی کۆنی عارەب، ژمارەیەک نەخشەی عارەبی و سەدان نەخشەی سەدەکانی شانزەو بیستەم کە لە ئەوروپا ئامادەکراون، هەروەها پەرتووکەکانی گەشت و گوزاری هەموو سەردەمەکان و پەرتووکەکانی جوگرافیای دواناوەندی قوتابخانەکانی میسر کە بە زمانی عارەبی نووسراون، ئنجا دواتر بە گوێرەی ئەو کۆمەڵە بەڵگەنامانە گەیشتوونەتە ئەو بڕیارەی سەرەوە کە دەڵێت سنووری ئێراق لە باکوورەوە لە هیتو تکریت و زنجیرە چیاکانی حەمرین تێپەڕ ناکات. بە گوێرەی ئەو بڕیارەی کۆمیسیۆنی کۆمەڵەی نەتەوەکان، زۆر بە دڵنیایی و بێ هیچ گومانێک دەڵێم موسڵ شارێکی کوردییە و سەر بە هەرێمی کوردستان (باشووری کوردستان)ە، چونکە شاری تکریت نزیکەی (245) کیلۆمەترو شاری (هیت)یش (360)کم دەکەونە باشوورو باشووری خۆرئاوای موسڵ، هەروەها سنووری دەوڵەتی ئێراق یان خاک و نیشتمانی عارەبیش لەلای باکوورەوە لەو دوو شارەی ناوبراو لە سەرەوەدا کۆتایی دێت. پاشانیش زنجیرە چیاکانی حەمرین کە لە نزیک (مەندەلی)یەوە درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە نزیک قەڵای شەرگات و نزیک فەتحە کە فەتحە نزیکترین شوێنە بۆ موسڵ، نزیکەی (110) کیلۆمەترێک دەکەونە باشووری شاریی موسڵ. کاتێک کە سنووری وڵاتی ئێراق لەلای باکوورەوە لە هیت، تکریت و زنجیرە چیاکانی حەمرین تێپەڕ نەبووبێت، کەواتە بە هیچ شێوەیەکیش نە شاری موسڵ و نەهیچ شارێکی سەر بە ویلایەتی موسڵ، نە شاری عارەبی و نە ئێراقی بووینەو نە دەشبن!

هەروەها کاتێک کە لە باسی بۆچوونەکانی کۆمیسیۆنەکەدا دەڵێت: (دڵنیا نەبوون (کۆمیسیۆنەکە) کە بەشێکی ناوچەی ململانێ ڕۆژی لە ڕۆژان بەشێک نەبووە لە ئێراقی عەجەم)، کەواتە ئەوان گومانیان لە هیچ شار یاخود شارۆچکەو دێهاتێکی ناوچەی ململانێ واتە ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) نەبووە کە سەر بە ئێراقی عەجەم نەبووبێت، ئاشکەراشە کە ناوەکانی (ئێراقی عەجەم، میسۆپۆتامیای سەروو، ویلایەتی موسڵ، باکووری ئێراق، هەرێمی کوردستان) هەر هەموویان بەو ناوچە جوگرافییە گوتراوە کە بە باشووری کوردستان ناسراوەو هەر لەدێرینەوە خاک و نیشتمانی کورد بووە.

دکتۆر فازڵ حوسێن، له لاپەڕە (102)ی پەرتووکی (مشكلة الموصل)دا ئاماژە بە یەکێ لە بڕیارەکانی ئەو کۆمیسیۆنە دەکات کە بۆ تۆژینەوە لە پرسی ویلایەتی موسڵ لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە دامەزرابوو، لە بڕیاری کۆمیسیۆنەکەدا هاتووە: (ئەگەر بەڵگەو بیانووی نەژادی (نەتەوەیی) بەفاکتەرێکی بنەڕەتو یەکلاکەرەوە دابنرێت، ئەوا دەبێ دەوڵەتێکی کوردی لە ویلایەتی موسڵ دابمەزرێ، لەوبارەدا دەکرێت ئێزیدی و تورک تێکەڵ بە کوردەکان بکرێن و، لەوکاتەدا کوردەکان (8/7)ی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ پێکدێنن، ئەوەش وامان لێدەکات کە دانبنێین بە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لەم ویلایەتەدا).

هەروەکو دەزانین کە ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە (16.12.1925)دا بە تێکڕای دەنگ و لە کۆبوونەوەی ژمارە (37)ی خۆیدا لە جنێڤ، هەروەها لەژێر پاڵەپەستۆی بەریتانیا و، تاڕادەیەک بە پێچەوانەی تەواوی ڕاپۆرت و ڕاسپاردەکانی (کۆمیسیۆنی تۆژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ) و، بەتایبەت بە پێچەوانەی (بەڵگەکانی ڕەگەزایەتی، مێژوویی و جوگرافی)، بە بڕیاری ژمارە (77)ی خۆی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)ی بەشێوەیەکی فەرمی لکاند بە دەوڵەتی ئێراقی عارەبییەوە (کە تا ئەو بەروارە لە ویلایەتەکانی بەغداو بەسرا پێکدەهات). وە هێڵی برۆکسلی وەکو سنووری نێوان هەردوو وڵاتی ئێراق و تورکیا دەستنیشانکرد، ئەوە سەرەڕای ئەوەش کە کۆمیسیۆنی تۆژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ-ی سەر بە کۆمەڵەی نەتەوەکان لە لاپەڕە (57)ی ئەو ڕاپۆرتەی کە بەرزی کردبووەوە بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان، ڕێنمایی ئەوەی دابوو بە کۆمەڵەی نەتەوەکان کە بڕیاری دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لەم ویلایەتەدا (ویلایەتی موسڵ) بدەن، چونکە بەڵگەنامە ڕەگەزییەکان و ڕێژەی بەرزی کورد لەو ویلایەتەدا دەریدەخەن کە ئەو خاکە خاک و نیشتمانی کوردە. لێرەدا بە گوێرەی ئەو بەڵگەنامەیەی کۆمیسیۆنێکی سەر بە کۆمەڵەی نەتەوەکان بۆمان ئاشکرا دەبێت کە تەواوی ویلایەتی موسڵ بە گشت شارەکانییەوە خاکی کوردن و سەر بە کوردستانن، دیارە کورد نەتەوەی سەرەکی و زۆرینەی هەرە زۆری دانیشتوانی (ویلایەتی موسڵ)ی پێکهێناوە، بۆیە بە بۆچوونی ئەوان و بە گوێرەی بەڵگەنامە و بیانوو نەژادییەکان دەبوایە دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لەو ویلایەتەدا دابمەزرایە. بێگومان ئەگەر لەسەر ڕۆشنایی ڕاپۆرتەکەی کۆمیسیۆنی ناوبراودا دەوڵەتێکی کوردی لە ویلایەتی

موسڵ دامەزرابایە، ئەوکات ئەگەر شاری موسڵ نەبوایە بە مەڵبەندی ئەو دەوڵەتە، ئەوە یەکێک دەبوو لە شارە گرنگەکان. کاتێک کە کۆمیسیۆنەکە دەڵێت: (ئەوا دەبێ دەوڵەتێکی کوردی لە ویلایەتی موسڵ دابمەزرێ)، ئەمەش مانای وایە تەواوی شارەکانی سەر بە ویلایەتەکە و لە نێویاندا (موسڵ)یش دەگرێتەوە بەبێ هاوێرکردنی ئەو شارە یان شارێک لە شارەکانی تری ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان).

دکتۆر فازڵ حوسێن، لە لاپەڕە (128)ی پەرتووکی (مشكلة الموصل)دا بە زمانی عارەبی و، لە لاپەڕە (170)ی (کێشەی ویلایەتی موسڵ)دا بە زمانی کوردی، نووسیویێتی: (کۆمیسیۆنەکە -کۆمیسیۆنی تۆژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ- بڕیاریدا کە بەڵگەی تورکیا ڕاستە و ئەو خاکانەی (مەبەستی تەواوی ویلایەتی موسڵ-ە) دەسەڵاتی بەریتانیا و ئێراق داگیری کردوون، بەپێی یاسا مافی تورکیایە تاوەکو خۆی دەستیان لێ هەڵدەگرێت).

بە گوێرەی ئەو بڕیارەی سەرەوەی کۆمیسیۆنی تۆژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ-ی سەر بە کۆمەڵەی نەتەوەکان، تەواوی ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵ-ی مەڵبەندی ویلایەتەکەشەوە، هیچ پێوەندییەکی بە عارەب و ئێراقەوە نەبووە، بەڵکو لە لایەن ئێراق و بەریتانیا وە داگیرکراوە. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ویلایەتی موسڵ بە تەواوی شارەکانییەوە (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) هەرگیز نە خاکی عارەب بووینەو نە بەشێکی ئێراق.

دکتۆر فازڵ حوسێن، لە لاپەڕە (128)ی پەرتووکی (مشكلة الموصل)دا بە زمانی عارەبی و، لە لاپەڕە (172)ی (کێشەی ویلایەتی موسڵ) بە زمانی کوردی، نووسیویێتی: (کۆمیسیۆنەکە -کۆمیسیۆنی تۆژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ-دا گوتی: تورکیا بۆی هەیە دەسەڵاتی بەسەر ویلایەتی موسڵ-دا هەبێ، تا ئەوکاتەی خۆی دەستی لێ هەڵدەگرێت).

بەپێی ئەو ڕاگەیاندنەی کۆمیسیۆنی سەر بە کۆمەڵەی نەتەوەکان، دیسان بۆمان دەردەکەوێت کە ویلایەتی موسڵ بە تەواوی شارەکانیەوە نە خاکی عارەب و نە

بەشێک بووە لە ئێراقی عارەبی، کە ئەوکات ئێراق تەنیا ویلایەتەکانی بەغداو بەسرای دەگرتەوە.

دکتۆر وەلید حەمدی، لە لاپەڕە (23)ی پەرتووکی (کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا)، نووسیوێتی: (هەموو ئەو هێزانەی بەشدارییان لە کۆنگرەی (لۆزان)دا کرد بۆ دەستکەوتنی پترۆلی موسڵ بوو کە سامانێکی نەتەوایەتی گەلی کوردە، لەبەر ئەوەی کە ئەو نەوتە دەکەوێتە ئەو ناوچە کوردیانەوە کە پەیمانی (سیڤرە) دەستنیشانی کردوون. لەکاتی خۆیدا هەردوو دەوڵەتی هاوپەیمان (بەریتانیا و فەرەنسا) لەشاری (سان ڕیمۆ) لە (24)ی نیسانی ساڵی (1920)دا بەپێی ئەوەی کە ناوی لێنرابوو (ڕێککەوتننامەی نەوت) لە (20%)ی نەوتی موسڵ بدرێ بە حکومەتی ئێراق. هەروەها دەوڵەتە هاوپەیمانەکان لە (سان ڕیمۆ) و لە پەیمانی (سیڤرە) کە لە (10)ی ئابی (1920)دا واژۆیان کردبوو دانیان بەوەدانابوو کە ناوچەی موسڵ بەشێک دەبێ لەو دەوڵەتە کوردییەی کە پێشنیازی دامەزراندنیان کردبوو. بۆیە بەپێی دادپەروەری و یاسا ئەو سامانی پەترۆلە دەبوو سامانی کورد بێت!).

دکتۆر وەلید حەمدی، لە سەرەوەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە بە گوێرەی هەردوو پەیماننامەی (سان ڕیمۆ) و (سیڤرە)، موسڵ بەشێکی گرنگی باشووری کوردستانە و بریتییە لە خاکی کوردان، چونکە هەردوو پەیمانەکە ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان)یان لە ئێراق جیاکراوەتەوە، وە هەموو ئەو وڵاتانەی کە واژۆیان لەسەر ئەو دوو پەیماننامەیە کردووە، دانیان بەوەدا ناوە کە هەرێمی موسڵ ناوچەیەکی کوردییەو سەر بە کوردستانە، ئەگینا هەرگیز واژۆیان نەدەکردو قایل نەدەبوون کە موسڵ بەشێک بێت لەو دەوڵەتە کوردییەی کە دەبوایە بەپێی هەردوو پەیماننامەکانی سەرەوە دابمەزرێت! دکتۆر وەلید حەمدی، خۆیشی باوەڕی وایە کە موسڵ شارێکی کوردستانییە، چونکە ئەو دەڵێت بەپێی دادوەری و یاسا سامانی پەترۆلی ناوچەی موسڵ، دەبوو سامانی کورد بێت. هەموومان دەزانین، کاتێک سامانی ژێر زەوی خاکێک دەبێتە هی نەتەوەیەک، کە ئەو خاکە هی نەتەوەکە خۆی بێت، کەواتە ئەگەر سامانی پەترۆلی ناوچەی موسڵ سامانی کورد بێت، کەواتە موسڵ-یش هەر هی کوردە. ئەو وڵاتانەی کە واژۆیان لەسەر پەیمانی (سیڤرە)

كردووه بریتین له وڵاتانی هاوپەیمان (فەرەنسا، بەریتانیا، ئیتاڵیا، بەلجیكا، چیكۆسلۆڤاكیا، پورتوگاڵ، پۆڵۆنیا، ڕۆمانیا، یۆگۆسلافیا، یابان، ئەرمینیا و حیجاز) له لایەكو دەوڵەتی عوسمانی (حكومەتی ئەستەنبۆل) لەلاكەی ترەوه، كەواته دەتوانین بڵێین لەو سەردەمیدا هەموویان پێیان وابووه كه ویلایەتی موسڵ به تەواوی شارەكانیەوه، خاك و نیشتمانی كوردن.

مێژونووسی بەناوبانگی كورد، محەمەد ئەمین زەكی، له لاپەڕەكانی (183–184)ی پەرتووكی (كورتەیەكی مێژووی كورد و كوردستان)دا، به پشت بەستنی به بەندی (7)ی پەرەگرافی (2)ی ڕاپۆرتی كۆمیسیۆنی كۆمەڵەی نەتەوەكان كه له لاپەڕه (111)ی ئەو پەرتووكەدا لەژێر ناوی (ڕاپۆرتی كۆمیسیۆنی لێكۆڵینەوەی كۆمەڵەی نەتەوەكان)دا، بڵاوكراوەتەوەو، محەمەد ئەمین زەكی وەریگێڕاوەته سەر كوردی و، له ڕاپۆرتەكەدا دەڵێت: (دوای ئەوەی كۆمەڵەی نەتەوەكان له (13.11.1924)دا (كه ڕاستییەكەی ڕۆژی 21.10.1924ه نەک ئەو مێژووەی ئەو نووسیویێتی – دەرسیم)، كۆمیسیۆنێكیان بۆ لێكۆڵینەوه له پرسی ویلایەتی موسڵ دروستكرد، دوای هاتنیان بۆ لێكۆڵینەوه له ویلایەتی موسڵ و تەواوبوونی ئەركەكانیان، گەڕانەوەو له ڕێكەوتی (16.7.1925)دا، ڕاپۆرتێكی تێروتەسەلیاندا به ئەنجومەنی كۆمەڵەی نەتەوەكان و لەم ڕاپۆرتەدا دەربارەی كوردی وڵاتی موسڵ گوتیان: ئەبێ لەپێناو دامەزراندنی كاربەدەستانی كورد بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتەكەیان، خوێندن له خوێندگاكان و دادگاییكردن و دادبینی به زمانی خۆیان بێ و، ڕەچاوی ئارەزووی كوردەكان بكرێ و زمانی كوردی به زمانێكی فەرمی پەسەند بكرێ و كۆمیسیۆن لەو باوەڕەدایه كه ئەگەر لەدوای چوار ساڵ له پاش پەسەندكردنی پەیماننامەی ئینگلیز و ئێراق و هەڵسان و چاودێری كۆمەڵەی نەتەوەكان بۆ دامەزراندنی بەڕێوەبەرێتییەكی خۆجێیی، بەڵێن به كوردەكان نەدرێ، بەشی زۆریان بەڕێوەبەرێتی تورک بەسەر دەسەڵاتی عارەبیدا به باشتر دەزانن).

سەرەتا ئەو كۆمیسیۆنەی كه بەناوی (كۆمیسیۆنی تۆژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ) له لایەن كۆمەڵەی نەتەوەكان دامەزرابوو، خۆی له خۆیدا دانپێدانانه به سەربەخۆیی ویلایەتی موسڵ و، جیایی و نەبوونی هیچ پێوەندییەک لەنێوان ئەو ویلایەتەو دەوڵەتی ئێراقدا. ئەگەر ویلایەتی موسڵ بەشێک یاخود هەرێمێكی سەر به

ئێراق بووایە، ئەوکاتە بەدڵنیایی کۆمیسیۆنەکە ناو ئێراقی پێوە دەبوو. باشە بۆ ناویان نەنا (کۆمیسیۆنی تۆژینەوەی دیاریکردنی سنووری نێوان ئێراق و تورکیا)، ئەگەر کێشەکە لە بنچینەدا کێشەی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) نەبوو بێت؟ هەمووومان دەزانین کە ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان، لە ڕۆژی (16.12.1925)دا بە چوار مەرج بڕیاری لکاندنی ویلایەتی موسڵ-ی بە دەوڵەتی ئێراقەوە دەرکرد، خۆ ئەگەر ویلایەتی موسڵ یاخود شاری موسڵ، ویلایەتێکی یان شارێکی ئێراقی یان عارەبی بوونایە، بەکارهێنانی دەستەواژەی لکاندن هەڵەبوو، دەبوایە گەڕانەوەیان بەکارهێنابا لەبری لکاندن. کەواتە بەکارهێنانی دەستەواژەی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە ئێراقەوە لە لایەن ڕێکخراوێکی وەکو (کۆمەڵەی نەتەوەکان)، دەیسەلمێنێت کە شارو ویلایەتی موسڵ هیچ پێوەندییەکیان نە بە ئێراق و نە بەعارەبەوە هەبووە. ئەگەر کۆمەڵەی نەتەوەکان پێی وابوو کە شاری موسڵ شارێکی ئێراقی و عارەبی بووە، بۆ تەنیا ئەو شارەیان بە تەنیا نەدەگەڕاندەوە سەر ئێراق بەبێ ئەوەی تەواوی ویلایەتی موسڵ بەو وڵاتەوە بلکێنن؟ دواتریش بە پێی ئەو ڕاپۆرتەی کۆمیسیۆنی ناوبراو لە سەرەوەدا کە لە ڕۆژی (16.7.1925)دا، بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان بەرزیان کردۆتەوە، ناوی ویلایەتی موسڵ-یان وەکو یەکەیەکی بەڕێوەبەرێتی سەربەخۆ هێناوە بەبێ جیاکردنەوەی موسڵ یان هەر شارێکی تری سەر بەم ویلایەتە. کە ئەمانەش هەر هەموویان جێگەی گومانن!

حەمید ڕەزا جەلائی پور، نووسەرو بەرپرسی پۆلیسی کوردستانی ئێران، لە لاپەڕەکانی (69- 70)ی پەرتووکی (المشکلة الکوردیة)دا نووسیویێتی: (سەرەڕای ئەوەش کە بەخت یاوەری ئەو گفتوگۆیانە نەبوو کە دەربارەی کێشەی کوردی تورکیا لە پەیمانی (لۆزان)دا کرا، کەچی کێشەی موسڵ گرنگی زۆری پێدرا – کێشەی موسڵ تایبەت بوو بە کوردستانی ئێراق لەو پەیماننامەیەدا، چونکە لەو پەیماننامەیەدا دەستنیشانی هێڵی برۆکسل کرا لە ئۆکتۆبەری (1924)دا، پەیمانەکە کۆمەڵەی نەتەوەکانی هاندا تا لێکۆڵینەوە لە کێشەی ئەو ناوچەیەی کوردستان بکەن. ڕاپۆرتی شاندی تۆژینەوە (پی. تێلەکی، کۆلۆنێل ئێم. ڤێرسن و کۆلۆنێل پاولس) کە پێشکەشی بە ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان کراوە لە (16.1.1925)دا، باسی ئەوە دەکات کە پێویستە لەسەر کۆمەڵەی نەتەوەکان سەرپەرشتی ئەو ناوچەیە بکات بۆ

ماوەی (25) ساڵ و، پێویستە کاروبارەکانی بەڕێوەبەرێتی، دادوەری، فێرکاری ئەو هەرێمە بە کوردەکان خۆیان بسپێرن و، دان بنێن بە زمانی کوردی وەکو زمانی فەرمی هەرێمەکە).

بەپێی ئەو بەڵگەنامەیەی کە حەمید ڕەزا بۆمان باسدەکات، کە بەڵگەنامەیەکی نێودەوڵەتیە، پرسی ویلایەتی موسڵ بە پرسی کوردستانی ئێراق ناو دەبردرێت، کەواتە پرسی موسڵ کە پرسی شارەکانی (موسڵ (نەینەوا+دهۆک)، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) بوو، پرسی کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان)ە، ئەگەر بێتوو شارێک یاخود چەند شارێک کێشەی هەرێمێک یان وڵاتێکی سەر بە نەتەوەیەکی دیاریکراو بن، کەواتە ئەو شارە یاخود تەواوی ئەو شارانە بەشێکن لەو هەرێمە یان ئەو وڵاتەی کە سەر بە نەتەوەی دیاریکراوە، ئەمەش دەمان گەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە بڵێین پرسی ویلایەتی موسڵ بە تەواوی شارەکانیەوە پرسی نەتەوەیی کورد و کوردستانییەکانە و، هەر تەنیا کوردیشە خاوەنی ڕاستەقینەی شاری موسڵ. ڕاسپاردەی کۆمیسیۆنی تۆژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ ئەوەیە، کە کۆمەڵەی نەتەوەکان بۆماوەی (25) ساڵ کاروبارەکانی ویلایەتی موسڵ بەخۆی بەڕێوەبەرێت، کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەوان باوەڕیان بە سەربەخۆیی و، نەبوونی هیچ پێوەندییەک لەنێوان شارو ویلایەتی موسڵ بە ئێراقی عارەبییەوە.

دکتۆر نوری تاڵەبانی-یش، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (کێشەی کوردستانی باشور لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیدا)، لە وەرگێڕانی دکتۆر ئازاد شێخانی، کە لە لاپەڕەکانی (5-25)ی ژمارە (6)ی گۆڤاری (کەرکوک)دا بڵاوکراوەتەوە، باسی هەمان شت دەکات کە حەمید ڕەزا بۆمانی باسکردووە، بەڵام ئەو لەبری ڕۆژی (16.1.1925)دا ڕۆژی (16.6.1925)ی نووسیوە، کە هی هیچێکیان ڕاست نییە، بەڵکو ڕاستییەکەی ئەوەیە کە کۆمیسیۆنی تۆژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ لە ڕێکەوتی (16.7.1925)دا لە نووسینەوەی ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەی خۆی بۆتەوە، کە لە (91) لاپەڕە پێکهاتبوو، دواتر بەرزکرایەوە بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان و، بەسەر تەواوی ئەندامانی کۆمەڵەی نەتەوەکان و پاشانیش میدیادا دابەشکرا. دکتۆر نوری، لە ژمارە (6)ی گۆڤاری کەرکوک و لە نووسینەکەی خۆیدا بەمشێوەیە باسی سەرنجی کۆمیسیۆنی تۆژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ-ی سەر بە (کۆمەڵەی

نەتەوەکان)مان بۆ دەکات: (لە (16.6.1925)دا کۆمیسیۆنی تۆژینەوەی نێودەوڵەتی لە کێشەی ویلایەتی موسڵ، ئاکامی لێکۆڵینەوەکەی بڵاوکردەوەو تیایدا پێشنیازی ئەوەیکرد کە ویلایەتی موسڵ بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی (کۆمەڵەی نەتەوەکان) بۆ ماوەی (25) ساڵ. لە هەمان کاتدا، کۆمیسیۆنەکە پێشنیازی ئەوەی کرد کە زمانی کوردی ببێتە زمانی فەرمی ویلایەتەکەو هەموو کاروباری بەڕێوەبەریتی و دادوەری و پەروەردە لە لایەن کوردە وە بەڕێوە بچێت).

پێشنیازکردنی سپاردنی ویلایەتی موسڵ بۆماوەی (25) ساڵ بە کۆمەڵەی نەتەوەکان لە لایەن کۆمیسیۆنەکەی سەر بە کۆمەڵەی نەتەوەکان، دەریدەخات کە کۆمیسیۆنەکەی کۆمەڵەی نەتەوەکان باوەڕی تەواوی بەوە هەبووە کە ویلایەتی موسڵ، ویلایەتێکی کوردی بووە بۆیە بە پێویستیان زانیوە بەجیا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. دیسان پێشنیازکردنی بە فەرمی کردنی زمانی کوردی لە تەواوی ویلایەتی موسڵ و، بەڕێوەبردنی گشت کاروبارو دامودەزگاکانی ئەو ویلایەتە لە لایەن کوردە وە، هەروەها چاودێریکردن و سەرپەرشتیکردنی ویلایەتی موسڵ لە لایەن (کۆمەڵەی نەتەوەکان)ەوە بۆ ماوەی (25) ساڵ، مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ویلایەتەکە بە تەواوی شارەکانیەوە خاکی کوردن و سەر بە باشووری کوردستانن، هەتا ئەگەر بێتوو کەمایەتیەک یان چەند کەمایەتییەک لە ویلایەتەکە، لە شارێک یان ناوچەیەکدا بوونیان هەبێت، کە هیچ لە کوردێتیی و کوردستانێتیی ویلایەتەکە ناگۆڕێت.

سەرکردەی نەمری کورد، شەهید عەبدولڕەحمانی قاسملو، سکرتێری پێشووی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە لاپەڕە (55)ی پەرتووکی (کوردستان و کورد لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و ئابووری) ئاماژە بە بەندی (64)ی پەیمانی سێڤرە دەکات کە دەقی بەندەکە بەم شێوەیە نووسراوە: (ئەگەر کوردەکانی ویلایەتی موسڵ بە دڵخوازی خۆیان ویستیان بچنە پاڵ ئەو حکوومەتە کوردە وە، هاوپەیمانە گەورەکان هیچ چەشنە بەرگریەکیان ناکەن).

ئەوەی شەهید قاسملو لە سەرەوە باسی دەکات، بەڵگەیەکی نێودەوڵەتی پڕ بایەخە، کە بە گوێرەی پەیمانێکی نێودەوڵەتی پازدە دەوڵەت (وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتالیا، یۆنان، چیکۆسلۆڤاکیا، بەلژیکا، پۆلۆنیا، ڕۆمانیا،

یۆگۆسلافیا، ژاپۆن، ئەرمەنستان، ئێران، حیجاز و تورکیا) واژۆیان لەسەر کردووەو بڕیاریان لەسەر داوە، کە کوردەکانی ویلایەتی موسڵ، بۆیان هەیە بچنە پاڵ ئەو دەوڵەتە کوردییەی کە لە باکووری کوردستانە وە بە گوێرەی مادەکانی (62، 63، 64)ی پەیمانی سیڤرە بڕیاری لەسەر درابوو. خۆ ئەگەر بێتوو پەیماننامەکە جێبەجێ کرابایە، ئەوکاتە تەواوی باشووری کوردستان یان ویلایەتی موسڵ کە شارەکانی (موسڵ (نەینەوا+دهۆک)، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) دەگریتەوە، لەگەڵ باکووری کوردستاندا یەکیان دەگرتەوەو، یەک دەوڵەتی کوردییان پێکدەهێنا. خۆ ئەگەر ویلایەتی موسڵ هەروەکو بەپێی بڕیاری کۆمەڵەی نەتەوەکان کە لە ڕۆژی (16.12.1925)دا بە ئێراقی عارەبییەوە لکێنرا، بە تورکیا بلکێنرایە، ئەوە ئێستاکە موسڵ وەکو هەر شارێکی تری کوردستان سەر بە تورکیا دەبوو و بە کوردستانی دەمایەوە، ئەوکاتە هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ تورک لەسەر ناسنامەی کوردێتیی و کوردستانێتیی خاکی کوردستان بە تەواوی شارەکانەوە دەبوو، نەک لەگەڵ عارەب و لەوانەبووش بوو لەبری بەعارەبکردن ئەو شارەو چەند شارێکی تریش تووشی شاڵاوی بە تورک کردن دەبوونەوە!

عەبدولڕەحمان قاسملوی شەهید، لە لاپەڕە (80)ی هەمان سەرچاوەدا دەنوسێت: (لە ڕێکەوتی (30.9.1924)دا ئەنجومەنی کۆمەڵی نەتەوەکان بڕیاریدا بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەی ویلایەتی موسڵ کۆمیسیۆنێک لە (3) ئەندام پێکبهێنرێ. ئەندامانی کۆمۆسیۆنەکە بریتیبوون لە کۆلۆنێل پاولیس (ئەفسەرێکی خانەنشینی بەلجیکی بوو)، کۆنت پۆل تێلکی سەرۆک وەزیرانی پێشووی مەجەرستان بوو، ئی. ئێف. ڤێرسن کە (باڵوێزی سوید بوو لە ڕۆمانیا و دواتر بوو بە وەزیر)، ڤێرسن سەرۆکی کۆمیسیۆنەکەش بوو. لە یەنیوەری (1925) دا کۆمیسیۆنەکە گەیشتە موسڵ.

ڕاپۆرتی کۆمیسیۆن دەڵێ:-

(ئەگەر تەنیا باری ڕەگەزی ببێتە بنچینەی ئەنجام وەرگرتن، دێینە سەر ئەو باوەڕە کە دەبێ دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد دابمەزرێ. چونکە کوردەکان پێنج بەش لەهەشت بەشی دانیشتوانن. کاتێک مەسەلەکەش بەم جۆرە چارەسەر بکرێ، پێویستە ئێزیدیەکانیش کە زۆر وەک کورد دەچن، لەگەڵ کورد ئەژمار بکرێن.

تورکەکانیش کە بەهاسانی لەناو کورددا دەتوێنەوە ئەودەم کوردەکان دەبنە حەوت بەش لە هەشت بەشی دانیشتوان).

بە گوێرەی ئەو بەڵگەیە بۆمان دەردەکەوێت کە ویلایەتی موسڵ بە گشت شارەکانییەوە، خاکی کوردن و سەر بە کوردستانن، ئەگەر حەوت لە هەشت بەشی دانیشتوان کورد بن کە ڕێژەی کورد ئەوکاتە دەکاتە (87،5%)، ئەوە جگە لەوەی کە لەوکاتیدا جوولەکەیەکی زۆری کورد لە باشووری کوردستاندا هەبوونەو دواتر ڕەوانەی ئیسرائیل کراون، ئەگەر بێتوو فەلەو ئەرمەنیو تورکمانیش لەو (5،12)ی کە دەمێنێتەوە دەرکەین، ئەوە عارەب هەر زۆر کەم و بۆ دەرمان دەمێننەوە لە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ). وە ئاماژە نەکردنی کۆمیسیۆنی تۆژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ بە عارەب، مانای ئەوە دەگەیەنێت کە عارەب قورساییەکی وای لە ویلایەتەکە لە شاری موسڵ نەبووە، ئەگینا بۆ باسی ئەوانی نەکردووە!

مێژوونووسی گەورەی کورد، پرۆفیسۆرو دکتۆر جەمال نەبەز، لە لاپەڕەکانی (96-97)ی پەرتووکی (کوردستان و شۆڕشەکەی)دا، دەقی بەندی (64)ی پەیمانی سێڤرە کە لە (10.8.1920)دا لە شاری سێڤرەی فەرەنسادا بەستراوە، وەرگێڕاوە بۆ سەر کوردی کە دەڵێت: (گەر لە ماوەی ساڵێک دوای بەگەڕخستنی ئەم پەیمانەوە، دانیشتووە کوردەکانی ئەو نێوچانەی لە بەندی (62)دا دیاریکران (کۆمەڵەی نەتەوەکان) یان ئاگادارکردەوەو بە ئیسپاتیان گەیاند کە زۆربەی دانیشتوانی ئەو نێوچانە داوای جیابوونەوە لە تورکیا دەکەن، کۆمەڵەش پێی وابوو کە دانیشتوان توانای ئەوەیان هەیە سەربەخۆ خۆبەڕێوەبەرن، ئەوا دەبێت ڕێگەیان بدرێت. دەوڵەتی تورکیاش دەستەبەر دەبێت ئەو داوایە پەسەند بکات و لەو نێوچەیەدا دەست بەرداری هەموو هەق و مافێکی دەبێت. چۆنیەتی و خاڵە سەرەکییەکانی ئەم دەست بەرداربوونە بەپێی پەیمانێکی تایبەتی لە لایەن هێزە فرنگەکانی سوێندخواران و تورکیا وە دەست نیشان دەکرێت. لە حالەتێکدا گەر ئەو بڕیارە بەئەنجام گەیەنرا، ئەوا هێزە سوێندخۆرەکان بە هیچ جۆرێک بەرهەڵستیی خواستی ئازادیی کوردەکانی سەر بە ویلایەتی موسڵ ناکەن (یانی کوردستانی ئێراقی ئەمڕۆ-جەمال نەبەز)، بێ دوودڵی پەیوەست بوونیان بەو دەوڵەتە کوردییەوە دەسەلمێنن).

لێرەدا بە گوێرەی پەیماننامەی سیڤرە، نە کۆمەڵەی نەتەوەکان، نە هیچ وڵاتێک و نە تورکیاش، لارییان لەوەدا نەبووە کە ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان)، دوای ساڵێک لەگەڵ ئەو دەوڵەتە کوردییەی کە بە گوێرەی پەیماننامەی سیڤرە، دەبوایە لە باکووری کوردستاندا دروست بکرایە، یەکیان بگرتایەوە. خۆ عارەب نەک هەر ئەو بڕیارەی (سیڤرە)یان بەرپەرچ نەداوەتەوە، بەڵکو نە فزەیان لێهاتووە نە ناویشیان هاتووە، چونکە ئەو پەیماننامەیە تایبەت بووە بە خاکی کورد باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)و، ئەو ویلایەتەش پێوەندی نە بەعارەب و نە بە ئێراقەوە نەبووە، چونکە لە دەرەوەی سنووری خاکی عارەب بووە.

نەجم عومەر سورچی، سەرۆکی پارتی پارێزگارانی کوردستان لە لاپەڕە (12)ی پەرتووکی (مصير ولاية الموصل (کوردستان الجنوبية) ما بعد عام 2000)دا نووسیویێتی: (چەندان بەڵگەنامە کە لە ئەرشیڤی (نەتەوە یەکگرتووەکان)دا لە جنێڤ پاڕاستراون، دەیسەلمێنن کە ویلایەتی موسڵ نیشتمانی کورد بووەو، بە گوێرەی ئەو بەڵگەنامانە، کوردەکان دەتوانن داوای مافی چارەی خۆنووسین بکەن بۆ ئەوەی لەسەر خاک و ویلایەتی خۆیان  بە ئاسوودەیی بژین، ئەگەر کۆسپێک هاتە ڕێگایان دەتوانن بەشێوەیەکی یاسایی و دیبلۆماسی شارستانییانە داوای مافەکانی خۆیان بکەن لە ڕێگەی دادگای دادپەروەری نێودەوڵەتی).

نەجم عومەر سورچی، باس لە چەندان بەڵگەنامە دەکات کە کوردستانێتیی و کوردێتیی تەواوی (ویلایەتی موسڵ) دەسەلمێنێت، ئەو بەڵگەنامانەش تاوەکو ئێستا لە ئەرشیڤی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەڵگیراون. وەکو کورد هیچ لایەکمان گومانمان لە هەبوونی ئەو جۆرە بەڵگەنامانەدا نییە کە کوردێتیی و کوردستانێتیی ویلایەتی موسڵ بە تەواوی شارەکانیەوە (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) دەسەلمێنێت. بەڵام کۆمەڵەی نەتەوەکان کە خۆیان لە ڕێکەوتی  (16.12.1925)دا بە گوێرەی بڕیارێکی نابەجێ باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)یان لە ئەنجامی پاڵەپەستۆی زۆری بەریتانیاندا بە ئێراقی داردەستی خۆیانەوە لکاند، پاشانیش کاتێک لە ڕۆژی (24.10.1945)دا ئەنجومەنی نەتەوە یەکگتووەکان دامەزرا، دوای نزیکەی شەش مانگ لە ڕۆژی (18.4.1946)دا کۆمەڵەی نەتەوەکان خۆی هەڵوەشاندەوەو، بڕیارێکی دەرکرد بۆ گواستنەوەی گشت پەیماننامە و بڕیارە نێودەوڵەتییەکانی

پێشوو بۆ ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان بەبێ هیچ دەستکاریی و گۆڕانکارییەک، کە ئەمەش هەم ڕێکەوتن و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و هەم بڕیاری لکاندنی ویلایەتی موسڵ لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەکان دەگرێتەوە، چونکە ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان درێژە پێدەری (کۆمەڵەی نەتەوەکان)ە، پێم وانییە بیانەوێت ئەرشیڤی خۆیان بۆ کورد والاکەن و نایانەوێت ئەرشیفەکانی خۆیان ببێتە هۆی ئەوەی کە بڕیارێکی نوێ لە دژی بڕیارە کۆنەکەی خۆیان کە بڕیارێکی پڕ لە هەڵەو بێویژدانانە بوو دەرکەن، بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی خستنەڕووی ڕاستەقینەی ستەمکارانەو بێویژدانی خۆیان.

نەجم عومەر سورچی، لە لاپەڕە (71)ی پەرتووکی (مصير ولاية الموصل (كوردستان الجنوبية) ما بعد عام 2000)دا، نووسیوێتی: (هەوڵەکانی شێخ مەحمودی نەمرو چاوچنۆکی تورک و عارەبی ئێراق بە پاڵپشتی بەریتانیا لە لایەکیتر، وای لە (کۆمەڵەی نەتەوەکان) کرد لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەی موسڵ کۆمیسیۆنێکی بەدواداچوون بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان دەربارەی شاری موسڵ لە (30ی ئەیلولی 1922)دا بنێرێت لە پێناوی تۆژینەوەی باری دانیشتوان و نەتەوەیی ویلایەتەکە. دوای لێکۆڵینەوەیەکی چڕ، کۆمەڵەی نەتەوەکان بەشێوەیەکی فەرمی لەڕاگەیاندنێکدا ئاشکرایکرد کە: (نە تورکەکان وە نە عارەبەکان مافی ئەوەیان نییە ویلایەتی موسڵ بخەنە سەر خاکی وڵاتەکانی خۆیان، چونکە دانیشتوانی ویلایەتەکە (موسڵ) کوردن، هەر لەبەر ئەو هۆیەش بوو کۆمیسیۆنەکە بڕیاریدا ویلایەتی موسڵ بە تەواوی بخرێتە سەر دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ).

سەرەتا کۆمیسیۆنەکە لە ڕێکەوتی (30.9.1924)دا بڕیاری دامەزرادنی لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەکان-ەوە دراوەو، دواتر لە ڕێکەوتی (21.10.1924)دا دامەزراوە، نەک وەکو ئەوەی لە سەرەوەدا هاتووە لە ڕێکەوتی (30.9.1922)دا دامەزرابێ. ئەو دانپێدانانە ڕاشکاوانەی (کۆمیسیۆنی تۆژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ)ی سەر بە کۆمەڵەی نەتەوەکان، بەڵگەنامەیەکی گرنگ و پڕ لە بایەخی ئەو دەزگا نێودەوڵەتییە، کە کوردبوون و کوردستانێتیی شاری موسڵ و تەواوی ویلایەتی موسڵ دەسەلمێنێت. ئەو بڕیارەی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە چەند سەرێکەوە ڕاستییەکان دەخاتەڕوو، لە لایەک کاتێک کە باسی ئەوە دەکات کە نە تورک و نە

عارەبیش مافی لکاندنی ئەو ویلایەتەیان نییە بە خاکی وڵاتەکانی خۆیانەوە، لە لایەکی تریشەوە باسی ئەوە دەکات کە تەواوی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ کوردن، هەروەها بڕیاری کۆمیسیۆنەکەش بەوەی کە ویلایەتەکە بخرێتە سەر ئەو دەوڵەتە کوردییەی، کە نیاز وابوو بە گوێرەی بەندەکانی (62، 63، 64)ی پەیمانی سیڤرەی ڕێکەوتی (10.8.1920)دا لە بەشێک لەسەر خاکی باکووری کوردستان دامەزرێت. ئەوەش پێمان دەڵێت کە تەواوی شارو شارۆچکەکانی ئەو ویلایەتە بە شاری موسڵ-یشەوە خاکی کورد و سەر بە باشووری کوردستانن. ئەو ڕاگەیاندنەی کۆمەڵەی نەتەوەکان، دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە بڵێین: هەر لەبەر دڵنیابوون و باوەڕی تەواوی کۆمەڵەی نەتەوەکان و کۆمیسیۆنی تۆژینەوەکە بە کوردستانیی بوونی تەواوی ویلایەتی موسڵ بوو، وای لە کۆمیسیۆنەکە کردبوو کە پێشنیاری ئەوە بکات ئەو ویلایەتە بە تەواوی شارەکانیەوە بخرێتە سەر دەوڵەتی کوردی و، کۆمەڵەی نەتەوەکان-یش ئەو ڕاگەیاندنەی دەرکرد.

دکتۆر سادقی شەرەفکەندی، سکرتێری پێشووی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە لاپەڕەکانی (119-120)ی پەرتووکی (کورتە مێژووی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانی کورد)دا، دەڵێت: (لە کۆتایی بەهاری ساڵی (1925)دا کێشەی پێوەلکانی فەرمی ویلایەتی موسڵ بە ئێراق کۆتایی هات. وەک ڕوونە پەیمانی لۆزان (1923) چارەنووسی ویلایەتی موسڵی ڕەوانەی ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان کردبوو. ئەم ئەنجومەنە کۆمیسیۆنێکی لێکۆڵینەوەی نێونەتەوەیی ناردە ویلایەتی موسڵ. ئەم کۆمیسیۆنە بۆماوەی سێ مانگی یەکەمی ساڵی (1925) لەم شوێنە مایەوەو، ڕاپۆرتی خۆی بۆ ئەنجومەنی کۆمەڵی نەتەوەکان لە جنێڤ نارد. کورتکراوی ئەم ڕاپۆرتە دوورو درێژە ئەمەبوو: (زۆربەی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ کورد و خاوەن هەستی نەتەوایەتینو لەم شوێنە هەستی نەتەوایەتی ئێراقی بوونی نییە. بەڵام ئەنجومەنی کۆمەڵی نەتەوەکان سەرئەنجام لەژێر گوشاری بەریتانیادا پێوەلکانی ویلایەتی موسڵی بە ئێراق پەسەندکرد، بەم مەرجە: 1- حکومەتی بەریتانیا وەک (سەرپەرشت) زنجیرەیەک ڕێ و شوێنی بەڕیوەبەرێتی بە ئەنجومەنی کۆمەڵی نەتەوەکان پێشنیار بکا، کە پاراستنی مافی میللی دانیشتوانی کوردی ویلایەتی موسڵ دەستەبەر بکا).

بە گوێرەی ئەو بۆچوونەی کۆمیسیۆنی تۆژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ، بۆمان دەردەکەوێت کە کۆمیسیۆنی ناوبراو گەیشتۆتە ئەو ڕاستییەی کە کوردەکان زۆربەی دانیشتوانی ویلایەتەکە پێکدەهێنن، هیچ هەستێکی بە ئێراق ی بوون لەلای دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ نییە، چونکە هیچ شتێک ئەو دوو خاکە خاکی (ویلایەتی موسڵ)و خاکی (ئێراق)ی بەیەکەوە نەبەستبووەوە، ویلایەتی موسڵ بە تەواوی شارەکانییەوە (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) خاک و نیشتمانی کوردن، لە هەمان کاتدا ئێراق کە لە دوو ویلایەتی بەغدای عارەبی سوننەو بەسرای عارەبی شیعە پێکدەهات، خاک و نیشتمانی عارەب بوون. ئەو بەڵگەنامەیەی کۆمەڵەی نەتەوەکان کە دکتۆر سادقی شەرەفکەندی ئاماژەی پێداوە، بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە ویلایەتی موسڵ تا کۆتایی بەهاری ساڵی (1925) بەشێک نەبووە لە ئێراق و، دوای ئەو مێژووە بەزۆرو بێ قایلبوونی کورد و، بە بڕیارێکی نادادپەروەرانەی کۆمەڵەی نەتەوەکان و، لە ئەنجامی گوشارەکانی بەریتانیا خراوەتە سەر دەوڵەتی ئێراق. کۆمەڵەی نەتەوەکان باسی ئەوەشمان بۆ دەکات کە زۆربەی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ کوردن و، هەستی نەتەوایەتی و کوردایەتی بەرزیان هەیە. سەرەڕای ئەوانەش کۆمەڵەی نەتەوەکان دوای پەسەندکردنی لکاندنی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بە ئێراقی عارەبییەوە، مەرجی ئەوەی دانابوو کە مافەکانی دانیشتوانی کوردی ویلایەتی موسڵ وەکو یەکەیەکی بەڕێوەبەرێتی دابین بکرێت، ئەو مافانەشی بۆ تەواوی شارەکانی سەر بە ویلایەتەکە داواکردبوو، نە شاری موسڵ و نە هیچ شارێکی تری لێ دەرهاوێژ نەکردبوو!

دکتۆر کامەران ساڵەیی، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (ئۆتۆنۆمی و سیاسەتی نێونەتەوەیی)دا، کە لە ژمارە (2)ی گۆڤاری (سیاسەتی دەولی)دا بڵاوکراوەتەوەو، دواتر لەناملکەیەکی (24) لاپەڕەیی سەربەخۆدا دووبارە بڵاوکراوەتەوە، دەربارەی ویلایەتی موسڵ لە لاپەڕەکانی (15–16)دا نووسیویێتی: (بەڵگەنامەکانی کۆمیسیۆنی گەڕان بە شوێن زانیاریدا کە ساڵی (1923) لەسەر داوای کۆمەڵەی نەتەوەکان پێکهات (کۆمیسیۆنەکە لە ڕێکەوتی (30.9.1924)دا بڕیاری دامەزرادنی لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەکان–ەوە دراوەو، لە ڕێکەوتی (21.10.1924)دا دامەزراوە، نەک وەکو ئەوەی کە لە سەرەوەدا هاتووە بەوەی لە ساڵی (1923)دا دامەزرابێ –

دەرسیم). ئەو بەڵگەنامانە مافی سەروەری (ویلایەتی موسڵ) بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان دەسەلمێنن. یەکێ لەو بەڵگەنامانە دەڵێت: ئێراق هیچ مافێکی بەسەر ویلایەتی موسڵەوە نیە، ویلایەتی موسڵ-یش باشووری کوردستان دەگرێتەوە).

ئەوەی کە دکتۆر کامەران ساڵەیی ئاماژەی پێکردووە، مانای ئەوە دەگەیەنێت کە کۆمیسیۆنی تۆژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ، باوەڕی وابووە کە ویلایەتی موسڵ بە تەواوی شارەکانیەوە (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیاله) خاک و نیشتمانی کوردن، بۆیە مافی سەروەری ئەو ویلایەتە بە تەنیا بۆ دانیشتوانی هەرێمی کوردستان دەگەڕێنێتەوە. هەروەها بەڵگەنامەکانی کۆمیسیۆنەکەی سەر بە کۆمەڵەی نەتەوەکان زۆر ڕاشکاوانەو بە ئاشکرا باسی ئەوە دەکات، کە دەوڵەتی ئێراق هیچ مافێکی بەسەر ویلایەتی موسڵ-ەوە نییە، ئەمەش دەمان گەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە لە لایەک بڵێین نە هیچ شارێک و نە هیچ بستە خاکێکی ئەو ویلایەتە، شارو خاکی ئێراق نەبووینە، لە لایەکی تریشەوە بڵێین بە هیچ شێوەیەکیش باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)، نە بەشێک بووە لە خاکی ئێراق و نە هیچ پێوەندییەکیش بەو وڵاتەی بەستبووەوە. لە کۆتاییشدا دکتۆر کامەران ساڵەیی، زۆر بە ئاشکرا بۆچوونی خۆشی دەردەبڕێت کاتێ کە دەڵێت: (ویلایەتی موسڵ باشووری کوردستان دەگرێتەوە)، ئەمەش بۆچوونی تایبەتی ئەو بە کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ و تەواوی ویلایەتەکە دەسەلمێنێت.

ئەحمەد خواجە (1903.7.6-1997.3.4)، لە لاپەڕە (131)ی بەرگی یەکەمی (چیم دی)دا، بە پشت بەستنی بە ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان ژمارە (6)ی ڕۆژی (1922.11.30)دا، کە ڕۆژنامەی ناوبراو لە یەکێک لە ڕۆژنامەکانی بەغداوە وەریگرتوە، سەبارەت بە لێدوان و بۆچوونەکانی نوێنەرانی ئینگلیز، تورک، عارەب و ئاسوری لە کۆبوونەوەکانی خۆئامادەکردن بۆ کۆنگرەی (لۆزان)، دەنووسێت:-

1- نوێنەری تورک: لەبەر ئەوەی ولایەتی موسڵ عارەب نین و بە زۆرییان کوردن ئەبێت بدرێتەوە بە تورک.

2- نوێنەری ئاسوری: موسڵ لە بناغەدا وڵاتێکی ئاسورییە. ئەبێت حکومەتێکی سەربەخۆی ئاسوری تێدا دروست بکرێت.

3- نوێنەری ئێراق جەعفەر پاشا: ئەم قسانە بیبناغەن. شارەکانی ویلایەتی موسڵ هی کوردە و کوردن، بەپێی پەیمانی (سێڤرە) کە حکومەتە – سوێندخۆرەکان بڕیاریان داوە ئەبێت بەسەربەخۆیی حکومەتێکیان ببێ، ئێستا خۆیان حکومەتێکی تەواو ڕێکوپێکیان پێکەوە ناوە. لەگەڵ ئەمەیشدا حکومەتی ئێراق، کە ویلایەتی موسڵی بە بەشی خۆی دانابوو، سالێکی بۆ تەرخان کردن، کە بتوانن مەرامی خۆیان پیشان بدەن بۆ ئەوەی لەگەڵ ئێراقدا بژین، یان بە جیاوازی).

ئەو لێدوانانەی بەرپرسانی تورکی، ئاسووری و ئێراقی بەڵگەنامەی گرنگن بۆ سەلماندنی کوردبوون و کوردستانی بوونی شارو ویلایەتی موسڵ، لە لایەک نوێنەری دەوڵەتی تورک (عیسمەت ئینینۆ)، زۆر ڕاشکاوانە باسی ئەوە دەکات کە کە زۆربەی زۆری دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ کوردن و عارەب نین، وە نوێنەری دەوڵەتی ئێراقیش کە کوردێکی خۆفرۆش یان بە ڕەگەز عارەب بوو بەناوی (جەعفەر عەسکەری) و سەرەتا وەزیری بەرگری ئێراقی بوو دواتریش سەرۆک وەزیرانی ئێراق، وەڵامی عیسمەت ئینینۆی دابووەوەو پێی گوتبوو کە تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ هی کوردە و کوردن. ئەمەش هەوە دەگەیەنێت کە ویلایەتی موسڵ خاک و نیشتمانی کوردە، بە تەواوی شارەکانییەوە (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە). ئەوەی کە جەعفەر عەسکەری خۆ بە عارەب زان ئاماژەی پێکردووە، بەڵگەیەکی پڕ بایەخە، دەتوانرێت وەکو بەڵگەنامەیەکی سێ لایەنی نێودەوڵەتی، تورکی و عارەبیش دابنرێت، چونکە جەعفەر عەسکەری بۆ بەرپەرچدانەوەی بانگێشەو داواکانی تورک و ئاشوورییەکان ئاماژە بە پەیمانێکی نێودەوڵەتی وەکو پەیمانی سێڤرە دەبات، کە وڵاتە سوێندخۆرەکان لەو پەیماننامەیەدا دانیان بەدامەزراندنی وڵاتێکی سەربەخۆی کوردی کردووە لە ویلایەتی موسڵ. هەروەها ئەحمەد خواجە ئاماژەی بە بەڵگەنامەیەک داوە کە لە ڕۆژنامەکانی عارەبی بەغدا وەرگیراون و، نوێنەری ئێراقیش لە کۆبوونەوەکانی خۆئامادەکردن بۆ پەیمانی لۆزان، خۆی باسی ئەوە دەکات کە شارەکانی ویلایەتی موسڵ هی کوردن و نالێت هی عارەب یان ئێراقن. خۆ ئەگەر شاری موسڵ شارێکی ئێراقی و عارەبی بوایە، ئەوکاتە بێ هیچ دوو دڵییەک هەم نوێنەری ئێراق و هەم ڕۆژنامە عارەبییەکەش وەڵامی جەعفەر عەسکەرییان دەدایەوەو گلەیی ئەوەیان لێدەکرد کە بۆ ناوی تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ بە شاری کوردی بردووەو بە شارو ناوچەی عارەبی و

ئێراقی نەبردووە! بەڵام بێدەنگی ئەو ڕۆژنامە عارەبییەی کە ئەو گفتوگۆیەی جەعفەر عەسکەری بڵاوکردۆتەوە، ئاماژەیەکە بۆ کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ و تەواوی شارەکانی تری سەر بە ویلایەتی موسڵ.

دکتۆر سەربەست تۆفیق، لە لاپەڕە (26)ی پەرتووکی (هل ان الاعتراف القانوني (الدستوري) بحق تقرير المصير للشعب الكوردي معناه الانفصال؟ ام.. ام انه حق مشروع)دا، نووسیویێتی: (لە 30.9.1924دا کۆمیسیۆنێک لە کۆمەڵەی نەتەوەکان پێکهات بۆ تۆژینەوە لە بارودۆخی ناوچە داگیرکراوەکانی کوردستانی ئێراق ویلایەتی (موسڵ)، ئەو لیژنەیە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ڕیفراندۆمێک ئەنجام بدرێت و (25) ساڵی دانا بۆ قۆناغی ماندات بە سەرپەرشتی کۆمەڵەی نەتەوەکان).

دکتۆر سەربەست تۆفیق لە سەرەتاوە بۆچوونی خۆی دەردەبڕێت بەناوبردنی کوردستانی ئێراق بە ویلایەتی موسڵ، کەواتە ئەویش پێی وایە تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ شاری کوردین و سەر بە باشووری کوردستانن. لە دواییدا دکتۆر سەربەست دێتەوە سەر باسی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمێک بۆ کوردەکانی ویلایەتی موسڵ و، ئەم ڕیفراندۆمەش کە لە لایەن کۆمیسیۆنێکی سەر بە کۆمەڵەی نەتەوەکان ئەنجام دەدرێت، تەواوی شارەکانی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) دەگرێتەوە، ئەم کۆمیسیۆنەش پێشوەخت (25) ساڵی دیاریکردووە بۆ قۆناغی (چاودێریکردن) ماندات بە سەرپەرشتی کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە، هەروەکو دڵنیا بێت لەوەی کە کوردەکان دەنگ بۆ سەربەخۆیی دەدەن، بۆیە پێشوەخت ماوەی منداتی بە (25) ساڵ دیاریکردووە. بەڵام سەبارەت بە دامەزراندنی کۆمیسیۆنی تۆژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ، کۆمیسیۆنەکە لە ڕێکەوتی (21.10.1924)دا دامەزراوە، دوای ئەوەی کە کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ڕێکەوتی (30.9.1924)دا بڕیاری دامەزراندنی کۆمیسیۆنێکی سێقۆڵی دا، نەک وەکو ئەوەی کە دکتۆر سەربەست نووسیوێتی گوایە لە ڕێکەوتی (30.9.1924)دا دامەزرابێ.

دکتۆر سەربەست تۆفیق، لە لاپەڕە (20)ی پەرتووکی (الفيدرالية الكوردستانية والتوقعات المستقبلية دراسة قانونية)دا، نووسیوێتی: (دەربارەی مادەی (64) کە دەقەکەی دانپیانانێکی ڕاستییە بە بوونی نەتەوەی کورد و مافی خۆی لە بڕیاردان لە

چارەنووسی خۆی، لە دەقی خاڵی (64)دا دەردەکەوێت کە کوردستانی ئۆتۆنۆمدار بۆی هەیە داوای سەربەخۆیی و مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی بکات سەبارەت بە پێوەندییەکانی داهاتووی بە تورکیا وە (هەتا لکاندنی ویلایەتی موسڵ واتە کوردستانی ئێراق) بەو کوردستانەی کە دروست دەبێت).

بە گوێرەی ئەو بەڵگەنامەیەی کە دکتۆر سەربەست تۆفیق ئاماژەی پێکردووە، بۆمان دەردەکەوێت کە کۆمەڵەی نەتەوەکان بەهۆی مادەی (64)ی پەیماننامەی سێڤرە، دان بەوەدا دەنێت کە تەواوی ویلایەتی موسڵ بە شارەکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) شاری کوردی و خاکی کوردستانن، بۆیە مافی یەکگرتنەوەی کوردستانی دانپێدانراوی ناو پەیماننامەی سێڤرە و ویلایەتی موسڵ دەسەلمێنێت. خۆ ئەگەر کۆمەڵەی نەتەوەکان پێی وانەبوایە تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ بە شاری موسل-یشەوە خاکی کوردن، ئەوە هەرگیز بڕیاری ئەوەی نەدەدا کە تەواوی ئەو ویلایەتە مافی یەکگرتنەوەی هەبێت لەگەڵ ئەو کوردستانەی (باکووری کوردستان) کە بە گوێرەی پەیمانی ناوبراو لە سەرەوەدا دەبووایە دامەزرایە.

دەستەیەک لە ڕووناکبیرانی کوردستان، لە نامیلکەیەکدا دەربارەی ڕیفراندۆم بەناوی (هەقمانە ئەگەر نیگەرانبین) لە لاپەڕە (13)دا نووسیویانە: (سەبارەت بە کێشەی کورد، کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ڕاپۆرتێکدا لە مانگی شوباتی (1925)دا، کە لە کوردستانە وە بۆ بەریتانیا بەرزکرایەوە، ئەم خاڵانەی تێدابوو:

1- لەبەر ئەوەی بەریتانیا خاوەن منداتە لە ئێراق، دەبێ بەڕێوەبەرێتیەکی خۆیی بۆ کوردەکان دەستەبەربکات.

2- لەڕووی ڕەگەزەوە زۆرینەی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ، کورد پێکدێنن، بۆیە پێویستە دەوڵەتێکی کوردی دروستبکرێو هیچ کاتێکیش ویلایەتی موسڵ بەشێک نەبووە لە ئێراق).

ئەو کۆمەڵە ڕۆشنبیرە، زۆر ڕاشکاوانە بۆچوونی خۆیان دەردەبڕن و، تەواوی ویلایەتی موسڵ بە شارەکانی: موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی، دیالەو چەند ناوچەیەکی تر بە کوردستان دەزانن، هەروەها ئەو کۆمەڵە ڕۆشنبیرە، ئاماژە بە ڕاپۆرتێکی کۆمەڵەی نەتەوەکان دەکەن کە دان بەو ڕاستیەدا دەنێت، کە زۆربەی

دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ لە ڕووی ڕەگەزییەوە کوردن و، داواش دەکات کە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لەو ویلایەتەدا دامەزرێت. کۆمیسیۆنی تۆژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ و کۆمەڵەی نەتەوەکان، پێیان وایە لە هیچ کاتێکیشدا ویلایەتی موسڵ پارچەیەک یان بەشێک نەبووە لە وڵاتی ئێراق. بە گوێرەی ئەو ڕاپۆرتەو چەندان بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی تریش کە دان بەوەدا دەنێن، کە بە هیچ شێوەیەک و لە هیچ سەردەمێکدا ویلایەتی موسڵ بەشێک نەبووە لە وڵاتی ئێراق، مادامیش ویلایەتی موسڵ بە تەواوی شارەکانیەوە لە هیچ کات و سەردەمێکدا بەشێک نەبوو بێت لە ئێراق، کەواتە هیچ شارێکیش لە شارەکانی ئەو ویلایەتە (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە)، شارێک یان بەشێکی ئێراق نەبووینە!.

هەروەها ئەو کۆمەڵە ڕۆشنبیرە لە لاپەڕە (14)دا نووسیویانە: (لە 6.6.1926دا، کۆمەڵەی نەتەوەکان ڕێککەوتننامەی نێوان (بەریتانیا، ئێراق و تورکیا)ی پەسەندکردو ئەوجا بە تەواوی و بە فەرمی ویلایەتی موسڵ جوتبەقای دەوڵەتی ئێراق کرا. واتە پاش دروستبوونی ئێراق بە (5) ساڵ ویلایەتی موسڵ-ی کوردی خرایە سەر ئێراق).

کاتێک کە ویلایەتی موسڵ دوای تێپەڕبوونی (5) ساڵ بەسەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی عارەبی لە لایەن بەریتانیا وە بەناوی ئێراق، کە لە هەردوو ویلایەتی بەغدای عارەبی سوننەو بەسرای عارەبی شیعە پێکدەهات، بەزۆر بەو وڵاتە دەستکردەوە بلکێنرێت، بۆ دەبێت شارێک یان چەند ناوچەیەک شارو خاکی عارەب بن؟ ئەوە لە کاتێکدا کە هەردەم، عارەب داگیرکەرو پەلاماردەری خاکی کوردستان و نەتەوەکانی دیکەی دراوسێ بووینە. بەپێچەوانەوە، ئێمەی کورد و کوردستانی هەرگیز پەلاماری خاکی نەتەوەکانی ترمان نەداوە، بەڵکو هەردەم پەلامار دراوین و، جگە لە خاکی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) کە دوای دامەزراندنی ئەو وڵاتە بەبێ قایلبوونی خۆمان لکێنراوە بە ئێراقەوە، چەندان شارو ناوچەی گرنگی وەکو دیالە، خانەقین، جلەولا، بەدرە، جەسان، زڕباتیە، سەعدیە و هتد کە پێشتر بەزۆر لە لایەن عارەبەوە داگیرکرابوون و، خرابوونە سەر ویلایەتەکانی بەغداو بەسرای عارەبی. عارەبەکان تەنیا بە دابڕینی ئەو شارو ناوچە کوردستانیانەی بەر

لە لکاندنی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) کە لە ڕۆژی (16.12.1925)دا بە بڕیارێکی کۆمەڵەی نەتەوەکان خرایە سەر وڵاتی ئێراق نەوەستان، بەڵکو دوای لکاندنەکە سەرەتا هەستان بە بەعارەبکردنی شاری موسڵ و دەوروبەرەکەی، دواتر بەرە بەرە لە لای موسڵ-ەوە بەرەو کەرکوک و لە حەمرین-یشەوە بەرەو کەرکوک هەنگاویان نا. تاوای لێهات بەعارەبکردنی کوردستان بووە هەڕەشەیەکی تەواو مەترسیدار بەسەر کوردستان و، ئەوەبوو مەترسی و هەڕەشەکانی بەعارەبکردن لەسەر کورد و کوردستان قەراج، مەخمور، گوێر، دیبەگە و قوشتەپەی گرتەوەو، گەیشتە گوندی پیرداود کە تەنیا نزیکەی (15) کیلۆمەترێک لە هەولێری پایتەختەوە دوورە.

دکتۆر جەزا تۆفیق تالیب، لە لاپەڕە (138)ی پەرتووکی (بایەخی جیۆپۆلەتیکیی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی ئێراق)داو بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (120)ی پەرتووکی (مشكلة الموصل)ی مێژوونووسی ناوداری عارەب فازڵ حوسێن کە دەڵێت: (ئەگەر نەختێک بگەڕێینەوە دواوە، دەبینین کۆمیسیۆنی ساڵی 1924ی کۆمەڵەی نەتەوەکان کە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی موسڵ پێکەوە نرابوو، ڕێژەی عارەبی ویلایەتی موسڵی بە 21% مەزەنە کردبوو).

هەرچەندە پێم وانییە ئەو ڕێژەی (21%) کە کۆمیسیۆنی کۆمەڵەی نەتەوەکان بۆ عارەبی ویلایەتی موسڵ-ی مەزەندە کردبێت ڕاست بێت و واش نیە، چونکە دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملو بە پشتبەستنی بە هەمان کومیسیۆنی کۆمەڵەی نەتەوەکان، کۆمیسیۆنەکە حەوت بەش لە هەشت بەشی ویلایەتی موسڵ بە کورد دادەنێت، ئەمەش مانای وایە کە (87.5%)ی دانیشتوانی ئەو ویلایەتە کوردن. ئەگەر بێتوو نەتەوەکانی تری وەکو ئاشووری، ئەرمەنی، تورکمان و جولەکە (کە جولەکەکانیش هەر کورد بووینە) بخەینە سەری، ئەوە ڕێژەی هەموویان دەگاتە نزیکەی (130%)دا کە ئەمەش ناشێت و بە دڵنیایی ڕاست نیە، کەواتە لەژێر گوشاری بەریتانیا ئەو ڕێژەیە بۆ عارەبی ویلایەتی موسڵ دانراوە، بۆ ئەوەی بیکەن بە بیانۆیەک بۆ لکاندنی ئەو ویلایەتە کوردستانییە بە ئێراقی عارەبی ئەوکاتی. بەرزکردنەوەی ساختانەی ڕێژە و ژمارەی عارەبەکانی ویلایەتی موسڵ لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە، بەڵگەیەکی تری کوردبوون و کوردستانیی بوونی شارو

تەواوی ویلایەتی موسڵ دەگەیەنێت. بۆ نموونە مێژوونوسی بەناوبانگی ڕوسیا، میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ لە لاپەڕە (116)ی وتارێکی خۆیدا لەژێر ناوی (کورد و کوردستان)دا کە لە لاپەڕەکانی (103–146)ی پەرتووکی (چەند وتارێکی کوردناسی)دا، نووسیوێتی: (ڕێژەی کورد لە باشووری کوردستان 93.75% بووە). بە گوێرەی ئەو ڕێژەیەی کە لازاریڤ بۆ کوردی ویلایەتی موسڵ–ی داناوە، دەبێت ڕێژەی عارەبی ویلایەتەکە بەلای زۆرەوە لە (2.2%)دا تێپەڕ نەکات، چونکە هەموومان دەزانین پێکهاتەی نەتەوەیی ویلایەتی موسڵ بریتی بووە لە کورد، ئاشووری، تورکمان، کەمێک عارەب و جوولەکە (جوولەکەکان هەر کورد بووینەو دوای دەرکردنیشیان ئێستاکە لە ئیسرائیل هەر خۆیان بە کورد دادەنێن)، ئەگەر کورد و نەتەوەکانی تر بە یەکەوە بن ئەوە ڕێژەکەیان دەگاتە (97–98%)دا، گریمان ئەگەر هەموو عارەبەکانی ویلایەتی موسڵ دانیشتووی ناو شاری موسڵ بووبن، ئەوە نەک هەر ناتوانن زۆرینەی ناو شار، بەڵکو لە (10%)ی ڕێژەی دانیشتوانی ناو شاری موسڵ تێپەڕ بکەن!! باشە ئەی ئەگەر ڕێژەی عارەب لە ئاست ڕێژەی دانیشتوانی تەواوی پارێزگای موسڵ وەرگرین، ئەوکاتە لەوانە ڕێژەکەیان بۆ (5%)و کەمتریش نزم بێتەوە!! لە کاتێکدا کە (5%)ی دانیشتوانی شارێک بتوانن شارەکەو تەواوی ویلایەتەکە بۆخۆیان بەرن و، نزیکەی (90–92%)ی کوردی دانیشتوانی ئەو شارو ویلایەتە بێبەش بکرێن و پشتگوێ بخرێن، دەبێت دادپەروەری ئەو عارەبە بەناو موسڵمانانە لەکوێ بێت؟؟؟؟

دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، لە لاپەڕەکانی (21–22)ی پەرتووکی (کورد و کوردستان لە کۆمەڵە وتارێکی مێژووییدا) نووسیوێتی: (بەپێی پەیماننامەی (سایکس پیکۆ) کە بەریتانیا و فەڕەنساو ڕوسیای تێدابوون ئەوا لە ساڵی (1915)ەوە گفتوگۆی لەبارەیەوە کرابوو وە لە بەهاری (1916)شدا دوا مۆری لێدرابوو. بەپێی ئەو پەیماننامەیە کوردستان کرابووە سێ کەرت، کەرتی هەرە گەورە بەشی ڕوسیا بوو، کە کوردستانی باکوور لە باکووری ئەرزەڕۆم و ئەرزنجان لە باشوور تا جەزیرەی ئیبنی عومەر، لە ڕۆژهەڵاتیش بۆ سنووری گۆمی (ورمێ) بە هێڵێک بە باکووری ئامێدیدا دەڕوات، شارەکانی کوردستان وەک وان، بەدلیس، ئەرزەڕۆم، موش، ئەرجیش، خنس، ئەرغەلی (ئەرغەنی)، مەعدەن، سەعرەت، بایەزید و ئەوانی

دیکەش هەموو لەنێو کەرتی ڕوسیادا دەبوون، هەرچی کەرتی فەڕەنسایە لەو شارانەی کوردستان پێکهاتبوو، دیاربەکر، بیرجیک، ئۆرفە و هی دیکەش، لە کوردستانی ڕۆژئاواشدا و بەشێکی زۆری ویلایەتی موسڵ و خوارووی سنووری کەرتی ڕوسیا تاکو خوارووی کەرکوک و ئەو شارانەی گرتبۆوە: موسڵ، دهۆک، ئامێدی، هەولێر، ڕواندز، کەرکوک، سلێمانی و هی دیکەش بەشی فەڕەنسا بوو، کەرتەکەی دیکەی وڵاتی کوردان (کوردستان) لە خوارووی کەرکوک تا باکووری باقووبەو تا خانەقین، خورماتوو، کفری، کەلارو هەندێ شاری دیکەی کوردی دەگرتەوە، ئەوە بەشی ئەو وڵاتە عارەبییە بوو کە بەنیاز بوون بەپێی ڕێککەوتنی شەریف حوسێنو مکماهۆنی بەریتانیایی بەناوبانگ دایمەزرێنن).

بەگوێرەی پەیماننامەی (سایکس پیکۆ)، کە دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئاماژەی پێکردووە، شارەکانی (موسڵ، دهۆک، ئامێدی، هەولێر، ڕواندز، کەرکوک، سلێمانی و چەند شارۆچکەیەکی تریش)، شارو خاکی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)ن، چونکە پەیماننامەی سایکس پیکۆ لە لایەک باسی ویلایەتی موسڵی بەجیا لە ئێراق کردووە، لە لایەکی تریشەوە ناوی شاری موسڵ وەکو شارێکی سەر بە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) هاتووە. کەواتە بۆمان دەردەکەوێت بە گوێرەی ئەو پەیمانە، شاری موسڵ شارێکی کوردی و سەر بە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بووە.

دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، لە لاپەڕە (24)ی هەمان سەرچاوەدا، دەڵێت: (پەیمانی سێڤرە بەو شێوەیەی دانی بە مافی کورد دانابوو قەوارەی تایبەتی خۆی دابمەزرێنێ، هەرچەندە پانتاییەکەی بەپێی بەندی یەکەم تەسک بوو، ئەوا بەندی سێیەم مافی سەربەخۆیی کورد و خستنەسەری هەموو ویلایەتی موسڵی بۆسەر ئەو قەوارە سەربەخۆییە سەلماندبوو).

دکتۆر ئەحمەد عوسمان، بە پشت بەستنی بە بەندی سێیەمی پەیمانی سێڤرە، باسی ئەوە دەکات کە ئەو پەیمانە مافی ئەوەی دابوو بە گەلی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)، کە لە دواڕۆژدا سەربەخۆ بێت و، تەواوی ویلایەتی موسڵ کە ئەوکاتی شارەکانی (موسڵ، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی، دهۆک و دیالە)ی دەگرتەوە، بخرێنە سەر ئەو نیشتمانەی کە لە باکووری کوردستان بۆ کورد دانی پێدانرابوو.

لێرەشدا بۆمان دەردەکەوێت، ئەگەر بێتوو پەیمانی سیڤرە ڕۆشنایی بدیبایە، ئەوکاتە شاری موسڵ-یش هەر بە شارێکی کوردی و کوردستانی دەمایەوە.

دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، لە لاپەڕە (36)ی هەمان سەرچاوەدا، نووسیویێتی: (دیارە هەروا بەڕێکەت نەبوو کە مادەی (64)ی پەیمانی سیڤرە بەتایبەتی باس لە مافی کوردی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) دەکات و بچێتە سەر ئەو دەوڵەتە کوردییەی کە هەر لەو پەیماننامەیەدا باسی کوردستان دەکات، باسی دامەزراندنی کراوە).

دکتۆر ئەحمەد، باسی مادەی (64)ی پەیمانی سیڤرەمان بۆ دەکات کە تایبەتە بە ویلایەتی موسڵ و، پەیمانەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێت ئەو ویلایەتە، لەدوای تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر دامەزراندنی نیشتمانێکی کوردی لە باکووری کوردستان، بەو بەشە سەربەخۆیەی کوردستان بلکێنرێتەوە، دیارە بە گوێرەی بیروبۆچوونی بەشداربووان و، واژۆکەرانی ئەو پەیماننامە نێودەوڵەتییە، تەواوی ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵ-یشەوە خاکی کورد و بەشێکی کوردستان بووە، بۆیە ئەوان داوای ئەوە دەکەن کە لە دوارۆژدا، ویلایەتی موسڵ بە تەواوی شارەکانیەوەو بەبێ هاوێرکردنی هیچ شارێک، بخرێتە سەر دەوڵەتە کوردییەکە.

سەلام ئەلعەبودی، لە بەشی سێیەمی وتارێکیدا لەژێر ناوی (کورد العراق تأريخهم وتهجيرهم)دا، کە ناوونیشانی پەرتووکێکی (عەلی باباخان)ەو، ناوبراو بە مەبەستی خستنەڕووی ئەو پەرتووکە لە لاپەڕە (6)ی ڕۆژنامەی (التأخي)، ژمارە (4536)، ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی (17.7.2005)، بەشی سێیەمی وتارەکەی بڵاوکردۆتەوە، ئەو بە پشت بەستنی بە لاپەڕەکانی (1214-1216)ی ڕۆژنامەی (کاردۆ)ی ساڵی (1932)، کە ڕۆژنامەی فەرمی (کۆمەڵەی نەتەوەکان) بووە لەباسێکدا لەژێر ناوی (عصبة الامم وثيقة المجلس والعضوية، 1925)دا، ڕۆژنامەی کاردۆ بەمشێوەیە بیروبۆچوونی خۆی دەربارەی ویلایەتی موسڵ دەردەبڕێت و دەنووسێت: (پێویستە ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر ویلایەتەکانی بەغداو بەسرا لە چوارچێوەی قەوارەیەکی ئێراقی داهاتوو، هەروەها ئەو قەوارەیە پێویستە بخرێتە ژێر چاودێری بەریتانیا. ئەمەش بیرو بۆچونی ئەو کۆمیسیۆنە بوو بۆ کۆتایی هێنان بەکێشەی

موسڵ. کۆمیسیۆنەکەش بڕیاریدا کوردستان بخرێتە سەر دەوڵەتی ئێراقی، چونکە ئێراق بەبێ کوردستان ناتوانێ قەوارەیەکی سیاسی و ئابووری بێ کەموکوڕی پێکبهێنێت).

ئەو بەڵگەنامەیەی کۆمەڵەی نەتەوەکان، لە لایەک بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە پێشتر ویلایەتی موسڵ هەرگیز نە بەشێک بووە لە ئێراق و، نە خاکی عارەبیش بووە! لە لایەکی تریشەوە بیروباوەڕی کۆمیسیۆنی تۆژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ ئەوەبووە، کە ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) لە ئێراق جیایە، بەڵام لە پێناوی ئیفلیج نەبوون و جوانەمەرگ نەبوونی دەوڵەتی تازەی ئێراق، مافی کوردستانییەکانی ویلایەتی موسڵ-یان خستە پشت گوێیان و، بەشێکی گرنگی خاکی کوردستانیان گرێدا بە خاکی عارەبەکانی ئێراق واتە ویلایەتەکانی (بەغداو بەسرا). دیسان بە گوێرەی ئەو ڕۆژنامە فەرمییەی کۆمەڵەی نەتەوەکان، باشووری کوردستان و ویلایەتی موسڵ دوو زاراوەی جوگرافین کە بۆ خاک و نیشتمانی کورد بەکاردێن، مادامیش باشووری کوردستان و ویلایەتی موسڵ هەر یەکبن، کەواتە تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە)، شاری کوردی و سەر بە خاکی کوردستانن.

پرۆفیسۆر دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لە لاپەڕە (154)ی پەرتووکی (إقليم كوردستان العراق دراسات فی التكوين القومي للسكان)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (25)ی پەرتووکی (تقرير عصبة الامم (مسألة الحدود بين التركيا والعراق لسنة 1925)دا دەڵێت: (کۆمیسیۆنی کۆمەڵەی نەتەوەکان هەوڵێکی شەکەت کەریدا بۆ لێکۆڵینەوە لەو زاراوانە، تا گەیشتە ئەوەی کە ئێراق، بەرەو باکوور لە ناوچەی چیاکانی حەمرین تێناپەڕن یان تکریت لەسەر ڕووباری دیجلە و، هیت لەسەر ڕووباری فورات).

بە گوێرەی ئەو بەڵگەیەی کە دکتۆر خەلیل ئیسماعیل ئاماژەی پێکردووەو، کە لە لایەن (کۆمیسیۆنی تۆژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ)ی سەر بە کۆمەڵەی نەتەوەکان دەرچووە، لە هەمان کاتدا کوردبوون و کوردستانی بوونی شاری موسڵ دەسەلمێنێت، چونکە شاری موسڵ نزیکەی (245) کم دەکەوێتە باکووری تکریت و، نزیکەی (360)کم دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی شاری هیت و نزیکەی (110)

کیلۆمەترێکیش باکووری زنجیرە چیاکانی حەمرین (لە فەتحەوە کە نزیکترین شوێنی ئەو زنجیرە چیایەیە بۆ شاری موسڵ)، کە لە نزیک شارۆچکەی مەندەلییەوە دەست پێدەکات و بەرەو باکووری خۆرئاوا دێت تا لە نزیک قەڵای شەرگات و شارۆچکەی (فەتحە) کۆتایی پێدێت، هەر درێژبوونەوەی ئەو زنجیرە چیایە لە بەری خۆرئاوای ڕووباری دیجلە یان کەناری دەستە ڕاستی شارۆچکەی فەتحە پێی دەگوترێ زنجیرە چیای مەکحول. بەمەش بۆمان دەردەکەوێت کە شاری موسڵ هەرگیز نە شارێکی عارەبی و نە ئێراقی بووە، بەڵکو شارێکی کوردی و کوردستانی بووە، چونکە کاتێک کە سنووری ئێراق لە لای باکوورەوە لە (تکریت) لەسەر ڕووباری دیجلە و، لە (هیت) لەسەر ڕووباری فورات کۆتایی پێ بێت و، شارێکی وەکو موسڵ-یش هەروەکو لە سەرەوەدا ئاماژەمان پێکرد بە سەدان کیلۆمەتر بکەوێتە باکووری ئەو دوو شارەوە، کەواتە شاری موسڵ هەر دەبێت شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان بێت.

دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لە لاپەڕە (17)ی پەرتووکی (دهۆک - نینوی دراسات في الخصائص الديموغرافية للسكان)داو بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (37)ی پەرتووکی (لجنة عصبة الامم، تقرير حول الحدود العراقية - التركية)دا نووسیویێتی: (پێوەندی موسڵ بە جەزیرە وە پێوەندییەکی توندوتۆڵتر بوو لەوەی بە ویلایەتی بەغداوە، لەبەر ئەوەی ئاراستەی ڕامیاری موسڵ زۆرتر بەرەو باکوور بوو نەک باشوور).

ئەوەی کە دکتۆر خەلیل ئیسماعیل ئاماژەی پێکردووە، کوردبوون و کوردستانی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە ئەو پێوەندییە توندوتۆڵەی موسڵ بە جەزیرە (بۆتان، کە عارەبەکان دوای داگیرکردنی ناوچەکە ناوەکەیان لە بۆتانەوە گۆڕیوە بۆ جەزیرە)، ئەوەمان پێ دەڵێت کە هەردوو شار دەستەخوشکی یەکترن و هی یەک نەتەوەن و خاکی یەک نیشتمانن. کاتێک کە کۆمیسیۆنی کۆمەڵەی نەتەوەکان، باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە ئاراستەی ڕامیاری موسڵ زۆرتر بەرەو باکوور بووە نەک باشوور، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئەوەش چەند هۆکارێکی تایبەتی خۆی هەیە، کە لە هەموویان گرنگتر پێوەندی هاوڕەگەزی، مێژوویی، زمان کە هەردوولا کوردن، خاک و نیشتمانی هاوبەش، وە لێکنزیکی ئاووهەوای موسڵ و

بۆتان (جەزیرە) کە زۆر لەیەکتر نزیکترن لەوەی لەگەڵ ئێراق، کە سنوورەکەی لەلای باکوورەوە هەرگیز لە هیت، تکریت و زنجیرە چیاکانی حەمرین تێنەپەڕیوە.

دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لە لاپەڕە (19) ی پەرتووکی (دهۆک – نینوی دراسات في الخصائص الديموغرافية للسكان)داو بە پشت بەستنی بە لاپەڕەکانی (52–69)ی پەرتووکی (لجنة عصبة الامم، تقرير حول الحدود العراقية – التركية)دا نووسیویێتی: (هەروەها تاکە ڕێگای پێوەندی نێوان موسڵ و خاکی عارەبی ئاوەدان بە دانیشتوان بریتییە لە ناوچەیەک کە زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن).

دووبارە دکتۆر خەلیل، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە بە بۆچوونی کۆمیسیۆنەکە نە شاری موسڵ، وە نە ئەو ناوچەیەی کە بەدانیشتوان ئاوەدانەو موسڵ بەخاکی عارەبەوە دەبەستێتەوە، خاکی عارەب نین! کە دەڵێت ڕێگای پێوەندی نێوان موسڵ و خاکی عارەبی، کەواتە موسڵ جیایە لە خاکی عارەب و ئێراق و نە شارێکی عارەبی و نە شارێکی ئێراقییە، گومانیش لەوەدا نامێنێ کە شارێکی کوردیی و سەر بە خاکی باشووری کوردستانە، چونکە کێشە لەسەر شاری موسڵ تەنیا لەنێوان کورد و عارەبدایە، لە کاتێکدا کە شارێکی عارەبی نەبێت، هەر دەبێت شارێکی کوردی بێت. کاتێ کە کۆمیسیۆنەکە باسی ئەوە دەکات تاکە ڕێگای پێوەندی نێوان موسڵ و خاکی عارەبنشین بریتییە لە ناوچەیەک کە زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن، ئەوە بۆمان دەسەلمێنێ کە شاری موسڵ شارێکی کوردییە نەک عارەبی، چونکە ناوچەیەکی کوردنشین کەوتۆتە نێوان شاری موسڵ و ناوچە عارەبییەکان. کەواتە ئەگەر موسڵ شارێکی عارەبی نەبێت و ئەو ناوچانەش کە ئەو شارە (موسڵ) بە ناوچە عارەبییەکان ببەستنەوە کوردی بن، کەواتە لەمپەرێک لەنێوان شاری موسڵ و ناوچە عارەبییەکان هەیە ئەو لەمپەرەش ناوچەیەکە کە بریتییە لە خاکی کورد و دانیشتوانەکەشی هەر کوردن. لە کاتێکدا لەمپەرەکان شاری کوردی و کوردستانی بن، ئەی چۆن موسڵ کە کەوتۆتە باکووری یاخود پشت ئەو لەمپەرە، وەکو شارێکی عارەبی ناوزەد بکرێت؟ ئەوە لە کاتێکدا هەر چوار دەوری موسڵ کوردنشین و بەشێکی خاکی کوردستان بن!

دکتۆر فازڵ حوسێن-یش لە لاپەڕە (139)ی پەرتووکی (کێشەی ویلایەتی موسڵ)داو بە پشت بەستنی بە بڕیاری لیژنەی لێکۆڵینەوەی سەر بە نەتەوە

یەکگرتووەکان نووسیوێتی، لە بابەتی گیروگرفتە ڕەگەزایەتیەکانداو لە خاڵی دووەمدا هاتووە: (ئەوەی شاری موسڵ بەسەر زەمینە عارەبیەکان دەبەستێتەوە دانیشتوانی نیشتەجێی عارەبی تێدایە ئەو ناوچانەیە کە زۆربەیان کوردن و ڕێگاکانیان شاری تورک و کوردنشینی لەسەرە). لێرەدا (دکتۆر فازڵ حوسێن)یش جەخت لەسەر هەمان شت دەکاتەوە، کە ئەو ناوچانەی کە شاری موسڵ لە ناوچە عارەبییەکان جیادەکاتەوە، زۆربەیان ناوچەی کوردین.

دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لە لاپەڕەکانی (137-141)ی ژمارە (6)ی گۆڤاری (الانفال)دا وتارێکی لەژێر ناوی (كوردية كركوك في ظل الحقائق التاريخية - الجغرافية)دا نووسیوەو لە لاپەڕە (138)دا بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (11)ی پەرتووکی (تقرير لجنة عصبة الأمم)دا نووسیوێتی: (لیسترەنج جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سنووری ئێراق لە (تکریت) لەسەر ڕووباری دیجلە و لە (ئەنبار)یش لەسەر ڕووباری فورات، کۆتایی پێدێت).

بەپێی پێناسەکەی مێژوونووس و ڕۆژهەڵاتناسی ئینگلیزی (گوی لیسترەنج - Guy Le Strange) بێت، کە لەنێوانی ساڵانی (1854-1933)دا ژیاوەو کۆمەڵەی نەتەوەکان پشتی بەستووە بەو پێناسەیەی ئەو بۆ سنووری ئێراق لە لاپەڕە (41)ی پەرتووکی (وڵاتانی خەلافەتی ڕۆژهەڵات)، موسڵ شارێکە لە شارەکانی کوردستان و دەکەوێتە نێو خاکی کوردان، نەک شارێکی عارەبی و بەشێک بووبێت لە ئێراق، چونکە شاری موسڵ بە دووری (245)کم دەکەوێتە باکووری شاری تکریت و (320کم)یش دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی ئەنبار، کە سنووری ئێراقی عارەبی لەلای باکوورەوە لە هەردوو شاری تکریت و ئەنبار کۆتایی پێدێت. کەواتە هەر شارو خاکێک بکەوێتە باکووری ئەم دوو شارەوە، ئەوە نە خاک و نە شاری عارەبین، بەڵکو نیشتمانی کورد و خاکی کوردستانن بە شاری موسڵ-یشەوە !

دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لە لاپەڕەکانی (137-141)ی ژمارە (6)ی گۆڤاری (الانفال)دا وتارێکی لەژێر ناوی (كوردية كركوك في ظل الحقائق التاريخية - الجغرافية)دا نووسیوەو لە لاپەڕە (138)دا بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (109)ی پەرتووکی (تقرير لجنة عصبة الأمم)دا نووسیوێتی: (ئەگەر بێتوو سنووری ڕامیاری

ویلایەتی موسڵ نەتوانرێت بکرێت بە سنووری جیاکەرەوەی نەتەوەکان، ئەوە بەرزاییەکانی حەمرین زۆرتر گونجاو ترە بەو ئاراستەیەدا).

بە پشت بەستن بەو پێناسەیەی کۆمەڵەی نەتەوەکان، بەرزاییەکانی حەمرین سنووری باشووری ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان)ە، کەواتە شارەکانی موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە لەناو سنووری باشووری کوردستانن. بە گوێرەی سنووری ڕامیاری (ویلایەتی موسڵ)یش بێت شاری موسڵ هەر شارێکە سەر بە کوردستان! ئاخر هەر ڕەوا نییە ویلایەتێک پارچەیەک بێت لە کوردستان و، کەچی پایتەختی ئەو ویلایەتە شارێکی کوردی و کوردستانی نەبێت!

ئەحمەد شەوکەت، لە لاپەڕە (252)ی پەرتووکی (الشبک الكورد المنسيون)دا پاشکۆی ژمارە (3)ی تەخانکردووە بۆ وتارێکی پرۆفیسۆر دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد لەژێر ناوی (البعد القومي لمشكلة ولاية الموصل دراسة في ضوء تقرير لجنة عصبة الامم لسنة 1925)دا، ئەویش بە ئاماژەکردن بە لاپەڕە (67)ی پەرتووکی (عصبة الامم، مسألة الحدود بين تركيا والعراق، تقرير لجنة الموفدة)، کۆمیسیۆنەکەی کۆمەڵەی نەتەوەکان لەو ڕاپۆرتەی خۆیدا نووسیویێتی: (ویلایەتی موسڵ لە هەریەک لە شارەکانی: موسڵ، هەولێر، سلێمانی، کەرکوک پێکدێت و، پێوانەکەی (78.900) کیلۆمەتر دوجایە، هەروەها ژمارەی دانیشتوانەکەی بە (800) هەشت سەد هەزار کەس دەخەمڵێندرێ).

ئێمە هەمووومان باوەڕمان بەوە هەیە کە ویلایەتی موسڵ ویلایەتێکی تەواو کوردی بووە، نەک تەنیا ئێمەی کورد، بەڵکو بە سەدان مێژوونووس، گەڕیدە، جوگرافیناس و ڕۆژنامەنووسی عارەب، تورک، فارس، بیانی و چەندان ڕێکخراوی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئێمەدا هاوڕان. ئەوە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی وەکو کۆمەڵەی نەتەوەکان بەڕوونی ڕایدەگەیەنێت ویلایەتی موسڵ لەشارەکانی (موسڵ (نەینەوا+دهۆک)، هەولێر، سلێمانی و کەرکوک) پێکدێت، کەواتە تەواوی ئەو شارانە شاری کوردیین و سەر بە خاکی کوردستانن، لە کاتێکدا کە تەواوی شارەکانی سەر بە ویلایەتی موسڵ، شاری کوردی بن، خۆ ناکرێت ئێمە خۆمان شاری موسڵ، واتە پایتەختی ویلایەتەکە بە خۆڕایی بە نەتەوەیەکی داگیرکەری وەکو نەتەوەی عارەب ببەخشین!

خەسرەو گۆران، بەرپرسی لقی (14)ی پارتی دیموکراتی کوردستان و جێگری پارێزگاری موسڵ، لە لاپەڕەکانی (11-12)ی پەرتوکی (کورد لەپارێزگای موسڵ)دا، نووسیویێتی: (چارەنووسی باشووری کوردستانیش (ویلایەتی موسڵ) لەسەرەتاوە بە بەشەکانی دیکەی کوردستانە وە بەسترابۆوە، ئەوەش لە ڕێگەی پەیماننامەی سێڤرەی ساڵی (1920)ەوە، ئەو پەیماننامەی مافی ئەوەی بە کورد دابوو دەوڵەتێکی سەربەخۆی ئۆتۆنۆمی بۆخۆیان دابمەزرێنن و، پاش ماوەی ساڵێک دەوڵەتە ئۆتۆنۆمییەکە وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دابمەزرێت، واتە دەوڵەتێک بێت پێکهاتبێت لە کوردستانی تورکیا و ویلایەتی موسڵ (هەر پێنج پارێزگای ئێستا موسڵ، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دهۆک).

بە گوێرەی پەیماننامەی سێڤرە، ئەو کوردستانەی دانی پێدانرابوو باکووری کوردستان و ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان)ی دەگرتەوە، باشووری کوردستانیش واتە شارەکانی موسڵ، سلێمانی، کەرکوک، هەولێر، دهۆک و دیالە. ئەگەر بێتوو ئەو پەیماننامەیە جێبەجێ بکرایە ئێستاکە موسڵ شارێکی گرنگی کوردستان بوو، نەک بەو شێوەیەی ئێستای بەعارەب بکرێت. کەواتە کورد و کوردستانییەکان، لەسەریان پێویستە هەوڵ بدەن بۆ گەڕاندنەوەی ئەو شارە، بۆ باوەشی دایکی نیشتمان کە کوردستانە.

سەلام ناوخۆش، لە لاپەڕە (92)ی پەرتووکی (هۆکارەکانی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەعێراقی عارەبییەوە)و، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (22)ی وتارێکی پارێزەر تاریق جامباز لەژێر ناوی (چەرچڵ و کورد و خوارووی کوردستان لە چەند دۆکیومەنتێکی وەزارەتی دەرەوەی ئینگلستاندا)، کە لە ژمارە (12)ی گۆڤاری (کاروان)ی ساڵی (1994)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (لە کارنامەی کۆنگرەی قاهیرەش، باسی مەسەلەی کورد، بەتایبەتی ویلایەتی موسڵ بەمجۆرە خرایەڕوو: یەک: ناوچە کوردییەکان ببەسرێن بە ئێراقەوەو بە بەشێک لە حکومەتی ئێراقی بژمێردرێن.

دوو: یاخود لایەنگری جیابوونەوەو سەربەخۆیی کورد بکرێت).

کۆنگرەی قاهیرە و ئینگلیزەکانیش دۆزی کورد، بە دۆزی موسڵ دەبەستنەوەو لێکیان جیا نەکردۆتەوە، دوایی کە باسی ناوچە کوردییەکان دەکرێت و، پێشنیاری

ئەوە دەکەن کە بە ئێراق ببەسترێتەوە یان سەربەخۆ بێت، ئەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە هەرگیز ناوچە کوردییەکان واتە ویلایەتی موسڵ، بەشێک نەبووە لە خاکی عارەب و وڵاتی ئێراقدا. کاتێک کۆنگرەی قاهیرە پێشنیاری ئەوە دەکات کە ویلایەتی موسڵ یان بخرێتە سەر ئێراق (ئەگەر بخرێتە سەر ئێراق کەواتە پێشتر بەشێک نەبووە لە ئێراق بۆیە داوا دەکرێت بخرێتە سەر ئەو وڵاتە)، یان لایەنگری سەربەخۆیی کورد بن (لە پێشنیاری دووەمیش بۆمان ڕووندەبێتەوە کە ئەو ویلایەتە سەر بە ئێراق نەبووە بۆیە داوای سەربەخۆیی بۆ کوردی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) دەکەن، کە ژێردەستەی تورکە عوسمانییەکان بووە). لە کاتێکدا کە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) هیچ پێوەندییەکی بە عارەب و بە ئێراقەوە نەبووبێت، ناشکرێت شارێکی وەکو موسڵ کە پایتەختی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بووە، شارێکی عارەبی و ئێراقی بووبێت!

سەلام ناوخۆش، لە لاپەڕە (77)ی پەرتووکی (مافی مێژوویی غەیرە کورد بەسەر کوردستان)دا دەڵێت: (لە سەردەمی عوسمانییەکانیش عێراقی ئەمڕۆ سێ ویلایەت بوو: ویلایەتی بەسرا (ویلایەتی عارەبە شیعەکان) ویلایەتی بەغدا (ویلایەتی عارەبە سونییەکان)، ویلایەتی موسڵ، لە نەزەری ئینگلیزەکانیش، ئێراق بریتی بوو لە وڵاتی نێوان دووزێ، کوردستانیش میسۆپۆتامیای سەروو. ئەمەو ئەو کۆمیسیۆنەی کۆمەڵەی نەتەوەکان-یش، کە بۆ لێکۆڵینەوە لە مەسەلەی سنوورو ڕیفراندۆمی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ ناردبوویە ناوچەکە، جەخت لەسەر ئەوە دەکەن، کە ویلایەتی موسڵ هەتا لەڕووی جوگرافیش لە هەردوو ویلایەتی بەغداو بەسرا جیایە).

ئەوەی کە نووسەر سەلام ناوخۆش ئاماژەی پێکردووە، کوردستانی بوون و کوردبوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە هەم بە بۆچوونی ئینگلیزەکان و هەم بە بۆچوونی کۆمیسیۆنی تۆژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ، ویلایەتەکە ویلایەتێکی سەربەخۆو هەتا لەڕووی جوگرافیشەوە لە ویلایەتەکانی بەغداو بەسرا جیا بووە. کاتێکیش کە ویلایەتی موسڵ ویلایەتێکی سەربەخۆو جیا بێت لە ئێراق، کەواتە

تەواوی خاک و شارەکانی سەر بە ویلایەتەکە خاک و شاری کوردیین و سەر بە خاکی باشووری کوردستانن.

نووسەر حوسێنی مەدەنی، لە لاپەڕە (372)ی پەرتووکی (کوردستان و ئیستراتیژی دەوڵەتان)دا نووسیویێتی: (لە ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەدا هاتبوو: زۆربەی نزیک بە تەواوی ویلایەتی موسڵ کوردن، وەکو کۆمەڵێکی جیاواز لە عارەبان دەژین، نە عارەبن و نە تورک، بە زمانی ئاریایی قسەدەکەن، هەستی نەتەوەییان بێ ئەملاو ئەولا کوردییە).

کۆمیسیۆنی تۆژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵی سەر بە کۆمەڵەی نەتەوەکان ڕایدەگەیەنێت کە نزیکەی تەواوی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ کوردن، ئەوەش بۆمان دەردەخات ئەگەر عارەبیش لە کوردستان و موسڵ-دا هەبووبن، ئەوە یەکجار زۆر کەم بووینەو، وەکو کەمینەیەک لەسەر خاکی کوردستان ژیاون. لە دۆخێکی ئاواشدا تەواوی ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵ-یشەوە، شارو خاکی کورد و سەر بە باشووری کوردستان بووینە.

دکتۆر یەحیا خەشاب، مێژوونووسی عارەبی میسری، لە لاپەڕە (149)ی ئەو پێشەکیەی کە بۆ پەرتووکی شەرەفنامەی شەرەفخانی بەتلیسی نووسیوە دەڵێت: (کۆمیسیۆنێکی کۆمەڵەی نەتەوەکان بۆ بڕیاردان لەسەر ولایەتی موسڵ لە ڕێکەوتی (16.9.1925)دا یەکێ لە بڕیارەکانی ئەوە بوو کە ئەگەر کوردەکان فەرمانڕەوایەتی تورکیان پێ باشتربوو لە هی عارەب، ئەوکاتە ویلایەتی موسڵ دەبێ بدرێت بە تورکیا، بەڵام هەرچۆنێک بێت ئێراق دەبێ دیالەی هەر بۆ بمێنێ چونکە لەمەڕ ئاودێریەوە زۆری پێویستی پێی هەیە).

بە گوێرەی ئەو بۆچوونەی کۆمیسیۆنی تۆژینەوەی کۆمەڵەی نەتەوەکان، کە مێژوونوسی عارەب دکتۆر یەحیا خەشاب ئاماژەی پێکردووە، بۆمان دەردەکەوێت کە ویلایەتی موسڵ هیچ پێوەندییەکی بە ئێراق ەوە نەبووەو پێشتر سەربەخۆ بووە، چونکە یەکێ لە بڕیارەکانی کۆمیسیۆنەکە ئەوەبووە کە کوردی سەربەست کردووە لەوەی کە تورکیا یان ئێراق هەڵبژێرن. خۆ ئەگەر ئەو بڕیارە جێبەجێ بکرایەو بۆ

نموونه کورد تورکیای هەڵبژاردایە، ئێستاکە شاری موسڵ هەم بەشێک هەم شارێکی سەر بە کوردستانی ژێردەستی تورکیا دەبوو. موسڵ وەکو شارێکی گرنگی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)، کە تاوەکو لکاندنی بە ئێراقی عارەبیەوە، بە هیچ شێوەیەک نە شارێکی عارەبی نە ئێراقی بووە، ئەی بۆ دەبێت دوای لکاندن ببێت بە شارێکی عارەبی، ئەگەر بەعارەبکردن و ڕاگواستن و و دەرکردنی بەزۆری کورد ڕۆڵی سەرەکی نەدیبێت؟؟

ڕۆژنامەنووسی عارەب، عەدنان حوسێن ئەحمەد، لە لاپەڕە (14)ی هەفتەنامەی (الاتحاد)ی ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ژمارە (444)ی ڕۆژی هەینی بەرواری (26.10.2001)، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (کێشەی نەتەوەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست)دا، نووسیویێتی: (دکتۆر جەبار قادر، ناوی سێ خاڵی برد کە تیشک دەخەنە سەر هەلومەرج و زەمینەی مێژوویی کە مافی چارەنووسی ویلایەتی موسڵ دەردەبڕن کە ئەمانەن:

1- پەیماننامەی سایکس-پیکۆ بەم چاوە سەیری کوردستانی نەدەکرد کە پارچەیەک بێت لە ئێراق، هەر لەبەرئەوەش بوو کە بە فەرەنسا بەخشراو، ئەوانیش دواتر وازیان لێیهێنا بۆ بەریتانیا دوای ئەو گۆڕانکارییە ڕامیارییانەی کە لە ستراتیجییەتی بەریتانی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوویدا).

عەدنان حوسێن، بە ئاماژەکردن بە (پەیماننامەی سایکس پیکۆ) بۆمان دەردەخات کە ئەو وڵاتانەی بەشداری ڕێکەوتنی (سایکس پیکۆ)یان کردووە لە ساڵی (1916)دا، وەکو دوو دەوڵەت و دوو خاکی جیا سەیری باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)و ئێراقیان کردووە! کەواتە لە کاتێکدا ئەو دوو وڵاتە جیابن، چون دەبێت پایتەختی یەکێکیان (کە شاری موسڵ پایتەختی باشووری کوردستانە) شارێکی وڵاتەکەی تر بێت (کە ئێراقە)؟ بێگومان ئەمە ناکرێت، بۆیە شاری موسڵ بە گوێرەی پەیماننامەی (سایکس – پیکۆ)ش، شارێکی کوردی و پارچەیەکی سەر بە خاکی باشووری کوردستانە.

دکتۆر محەمەد هەمەوەندی، لە لاپەڕە (180-181)ی پەرتووکی (الفيدرالية والديموقراطية للعراق)دا، لە باسی بەڵگەنامە یاساییە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکانی کە پەرلەمانی کوردستان پشتی پێبەستووە بۆ ڕاگەیاندنی فیدراڵی، لە خاڵی حەوتەمدا نووسیوێتی: (ڕاگەیاندنی فیدراڵی پشتیبەستووە بەو هەنگاونانە یاساییانەی کە کۆمیسیۆنی کۆمەڵەی نەتەوەکان بۆ یاداشتکردنی ڕاستییەکان گرتییەبەر لە (14.4.1923)دا دەربارەی چارەنووسی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان). ئەو بەڵگەنامە یاساییانە زۆر خاڵی گرنگی لەخۆ گرتووە بۆ نموونە ئەوەیان دەخەینەڕوو: (ئێراق هیچ مافێکی بەسەر ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان)ەوە نییە نە بەهۆی داگیرکردن وە نە بە بڕیاری یاساییش). دکتۆر محەمەد هەمەوەندی، لە بابەتێکی تری خۆیدا لەژێر ناوی (ڕەوایی ڕاگەیاندنی فیدراڵیزم لە کوردستان)دا، کە پێشتر لە ژمارە دووی ساڵی سێیەمی تەموزی ساڵی (1994)ی (گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی)دا بڵاوکراوەتەوەو، ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دانمارک، لەگەڵ وتارێکی تری سەیوان کاکەڕەش (بەراورد لەنێوان ڕژێمە فیدڕاڵەکان)دا، ئامادەیکردووەو لەژێر ناوی (فایلێکی تایبەت دەربارەی فیدڕاڵیزم)دا بە چاپی گەیاندووەو، لە لاپەڕە (7)دا هاتووە: (لە بەڵگەنامە یاساییەکانی کاری ئەو کۆمیسیۆنەدا (کۆمیسیۆنی توێژینەوە لە پرسی ویلایەتی موسڵ)دا گەلێک خاڵی گرنگ هەیە کە لە ڕاپۆرتەکەیدا تۆمارکراوە لەوانە: یەکەم: ئێراق بێجگە لە مافێکی وێژەیی، هیچ مافێکی بەهۆی داگیرکردن و یاساوە بەسەر ویلایەتی موسڵ-دا نییە).

ئەوەی کە کۆمیسیۆنی تۆژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ ئاماژەی پێکردووە، لە لایەک سەربەخۆیی ویلایەتی موسڵ نیشاندەدات وەکو نیشتمانی کورد، لە لایەکی تریشەوە نەبوونی هیچ پێوەندییەکی ئەو ویلایەتە بە عارەب و بە ئێراقەوە، چونکە کۆمیسیۆنەکە زۆر بە ئاشکرا باسی ئەوە دەکات کە ئێراق هیچ ماف و پێوەندییەکی بەسەر ویلایەتی موسڵ-ەوە نەبووە، نە بەهۆی داگیرکردنی ویلایەتەکە لە لایەن ئەو وڵاتەوە، هەروەها نە لەڕێگای بڕیارێکی یاساییش، بۆ نموونە بەهۆی ڕێکەوتنێکی دوولایەنەی نێوان باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)و دەوڵەتی ئێراق یان ڕیفراندۆمێک یاخود بڕیاری دەزگایەکی نێودەوڵەتی لە ئەنجامی قایلبوونی هەردوو

لایەن یان نەتەوەکانی هەردوو وڵاتی باشووری کوردستان و ئێراق. باشە ئەگەر ویلایەتێک، هەرێمێک یان وڵاتێک کە هیچ پێوەندییەکی بە وڵاتێکی ترەوە نەبووبێت، ئەی چۆن دەکرێت پایتەختی ویلایەتەکە یان هەرێمەکە، یان هەر شارێکی سەر بە ویلایەتەکە، لەناکاو شاری نەتەوەیەکی تری دەرەوەی ویلایەت یان هەرێمەکە یاخود وڵاتێکی تر بێت؟؟؟؟

دکتۆر محەمەد ئیحسان، وەزیری مافی مرۆڤ لەحکومەتی هەرێمی کوردستان – بەڕێوەبەرێتی هەولێر، لە لاپەڕە (223)ی پەرتووکی (کوردستان ودوامة الحرب)دا، نووسیویێتی: (ویلایەتی موسڵ لە (16)ی دیسێمبەری (1925)دا لەدانیشتنی (37)دا بە ئێراقەوە لکێنرا، سەرەڕای ئەوەی کە ئەو کۆمیسیۆنەی کە لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە پێکهێنرابوو، لە لاپەڕە (57)ی ڕاپۆرتەکەیدا بڕیاریدابوو کە (ڕاستییەکانی باری دانیشتوان دانپێدانان بە دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ دەخاتەروو، لەبەر ئەوەی کوردەکان پێنج بەش لە هەشت بەشی دانیشتوان پێکدێنن)، بەڵام کۆمەڵەی نەتەوەکان بەوەندە باوەڕی هێنا بە بەشداریکردنی کوردەکان لە وەرگرتنی مافەکانیاندا لە بەڕێوەبردن و دادگاییکردن و دامودەزگا زمانەوانییەکاندا).

ئەوەی کە لە سەرەوەدا دکتۆر محەمەد ئیحسان ئاماژەی پێکردووە، کوردبوون و کوردستانی بوونی شاری موسڵ و تەواوی ویلایەتی موسڵ دەگەیەنێت، چونکە ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە کۆمیسیۆنی تۆژینەوە لە کێشەی ویلایەتی موسڵ، لە ڕاپۆرتەکەی خۆیدا بڕیاریداوەو پێی وایە کە ڕاستییەکانی باری دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ هۆکاری دانپێدانانن بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لەو ویلایەتەدا. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کۆمیسیۆنەکە باوەڕی تەواوی هەبووە بە کوردبوون و کوردستانی بوونی ویلایتی موسڵ، بۆیە بڕیاری ئەوەی داوە کە دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لەسەر خاکی ویلایەتی موسڵ دامەزرێت، خۆ ئەگەر دەوڵەتە کوردییە سەربەخۆکە دروست ببایە، ئێستاکە شاری موسڵ، شارێک یان پایتەختی ئەو دەوڵەتە کوردییە دەبوو.

کۆمەڵەی نەتەوەکان، لە لاپەڕە (26)ی ئەو ڕاپۆرتەی خۆیدا کە لەژێر ناوی (مسألة الحدود بين تركية والعراق)دا، بۆ ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان بەرزی کردۆتەوە، نووسیویێتی: (ئەگەر سەیری نەخشەکەی لیسترەنج بکەین، ئاماژە بەوەدەدات کە هەولێر، موسڵ، ئامێدی و موش سەر بە جەزیرەن و، عانە، تکریت و داقوق سەر بە ئێراقن).

ئەوەی کە ڕاپۆرتی کۆمەڵەی نەتەوەکان باسیکردووە، کوردبوون و کوردستانی بوونی شاری موسڵ دەسەلمێنێت، لەبەر ئەوەی زۆر ڕاشکاوانە باسی ئەوە دەکات کە شاری موسڵ شارێکە سەر بە جەزیرە و جەزیرەش خاکی کوردە و، لە کۆندا ناوی بۆتان بووەو دوای بەعارەبکردن ناوەکەی بۆ جەزیرە گۆڕاوە، هەروەها لەناو هێنانی شارەکانی ئێراقیشدا ناوی شاری موسڵی نەهێناوە، کەواتە شاری موسڵ هیچ پێوەندییەکی بە ئێراق و بە عارەبەوە نەبووە.

کۆمەڵەی نەتەوەکان، لە لاپەڕە (27)ی ئەو ڕاپۆرتەی خۆیدا کە لەژێر ناوی (مسألة الحدود بين تركية والعراق)دا، بۆ ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان بەرزی کردۆتەوە، نووسیویێتی: (ویلایەتی دیاربەکر پێکدێت لە حکومەتەکانی دیاربەکر، موسڵ و ئورفە، وە ویلایەتی ئێراق لە حکومەتەکانی بەغداو بەسرا پێکدێت).

ئەوەی کە ئەو ڕاپۆرتەی کۆمەڵەی نەتەوەکان ئاماژەی پێکردووە، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی ڕاپۆرتەکە باسی ئەوە دەکات کە ئێراق لە هەردوو حکومەتی بەغداو بەسرا پێکدێت و، موسڵیش سەر بە ویلایەتی دیاربەکرە، ئەوەش بۆمان دەردەخات کە شاری موسڵ خاکی کوردە و بگرە هیچ پێوەندییەکی بە عارەب و ئێراقەوە نەبووە.

کۆمەڵەی نەتەوەکان، لە لاپەڕە (29)ی ئەو ڕاپۆرتەی خۆیدا کە لەژێر ناوی (مسألة الحدود بين تركية والعراق)دا، بۆ ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان بەرزی کردۆتەوە، نووسیویێتی: (یاداشتی تورکی پەنای بردە بەر ئینسکلۆپیدیاکانی بەریتانی و فەرەنسی، کە زانیارییەکانی لەوێدا نووسراون هەمان زانیاری نێو پەرتووکە دەستییەکانن کە لەژێر چاودێری بەشی مێژووی سەر بە وەزارەتی دەرەوەی

بەریتانی ئامادەکراون (بەرگی 11، بەشی 63، وڵاتی نێوان دوو ڕووبار)، کە تیایاندا باسی ئێراق بەشێوەیەکی بێ پێچوپەنا کراوە، کە دەڵێت ئێراق بریتییە لە بەشی خوارووی میسۆپۆتامیا نەک تەواوی میسۆپۆتامیا. بەشی خوارووی میسۆپۆتامیا بەشێوەیەکی ئاشکراو ڕوون لە بەشی سەرووی میسۆپۆتامیا جیادەکرێتەوە، کە ئەوەی دووەمیان جگە لە جەزیرە، موسڵ، کفری، کەرکوک، هەولێر، سلێمانی و ڕانیە دەگرێتەوە (لاپەڕەکانی: 4، 13، 14، 15)، هەمان پێناسە بۆ ئێراق دیاریکراوە لە (تورکیای ئاسیەوی، بەرگی 1، بەشی 38 – ئاسیای تورکی، لاپەڕە 12).

بە گوێرەی ئەو دیاریکردنەی سنووری ئێراق لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەکان و ئینسکلۆپیدیاکانی بەریتانی و فەرەنسی و بەشی مێژوویی سەر بە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ویلایەتی موسڵ هیچ پێوەندییەکی بە ئێراق و بە عارەبەوە نەبووە، چونکە موسڵ، کەرکوک، هەولێر، سلێمانی و شارەکانی تریش کەوتوونەتە نێو میسۆپۆیامیای سەروو، کە بریتی بووە لە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)، هەرچی ئێراقیش بووە کەوتۆتە نێو میسۆپۆتامیای خواروو. کەواتە بە گوێرەی ئەو کۆمەڵە سەرچاوەیەی کە لە سەرەوەدا ناومان بردوون، شاری موسڵ و شارەکانی تریش شاری کوردین و سەر بە باشووری کوردستانن!

کۆمەڵەی نەتەوەکان، لە لاپەڕە (33)ی پەرتووکی (مسألة الحدود بين تركية والعراق)دا، بە گوێرەی خەمڵاندنی هەریەک لە تورک، ئینگلیز و عارەب یەک بەدوای یەکدا، ژمارەی تێکڕای کوردەکانی دانیشتووی پارێزگای موسڵ بە ئێزیدییەکانەوە (179.870) و (108.157) و (122.000)، هی عارەب (28.000) و (170.663) و (119.537) و هی تورکمانیش (35.000) و (14.895) و (9.757)، ئەوە لە کاتێکدا کە لە هەموو لایەک ژمارەی کورد کەمکراوەتەوەو، هەریەک لەوان ژمارەی خۆیشی زۆر بەرزکردۆتەوە. بۆ نموونە لە لاپەڕە (37)دا باسی ئەو سەرژمێرە کراوە کە شاندی تورکی بۆ دانیشتوانی شاری سلێمانی داوێتی بە کۆنگرەی لۆزان، ژمارەی عارەبی بە (7.000) هەزارو تورکەکانیشی بە (32.900) کەس داناون، کەچی کاتێک کە کۆمیسیۆنێکی سەر بە کۆمەڵەی نەتەوەکان لە سلێمانی بووە، داوای لەو یاریدەدەرە تورکە کردووە کە لەگەڵ کۆمیسیۆنەکە بووە، عارەب و تورکەکانی

سلێمانی-یان نیشاندات، یاریدەدەرە تورکەکە ڕایگەیاندووە کە زانیارییەکانیان هەڵە بووە.

خۆ ئەگەر بێتوو ئێمە بەرزترین ژمارەی کورد کە هی ئینگلیزەکانە وەرگرین، ئەوکاتە ژمارەی کورد (179.870) کەسە، ژمارەی عارەب ئەگەر بێتوو هیچ لەوانەی سەرەوە وەرنەگرین، بەڵکو بە (74.000) هەزار کەس دابنێین، سەرەڕای ئەوەی کە کۆمیسیۆنی توێژینەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ پێی زۆر بووەو ڕەتی کردۆتەوە (دکتۆر فازڵ حوسێن، کێشەی ویلایەتی موسڵ، وەرگێڕانی محەمەد شاکەلی، ل129)، بەڵام با ئێمە وەکو ئەوان بێویژدان نەبین و (28.000) هەزاری تورکەکانیان بۆ دانەنێین، وە ژمارەی تورکمان با ناوەڕاستەکەی وەرگرین ئەوکاتە دەکاتە (14.895) کەس، لە کاتێکدا بە گوێرەی سەرچاوەی ناوبراو تورکەکان تیرە کوردەکانی کاکەیی، زەنگەنە، بەیات و دەلوی کوردیان بە تورکمان داناوە. ئەگەر بێتوو لە کۆی (31.000) کەسی جوولەکەو ئاشووری، دە هەزاری بۆ جوولەکە دابنێین کە کوردن (چونکە تا ئێستاکەش نەوەی جوولەکە دوورخراوەکانی باشووری کوردستان لە ئیسرائیل خۆیان بە کورد دادەنێن)، ئەوکاتە ژمارەی کورد دەبێتە (189.870) هەزار کەس، هەروەها تێکڕای ژمارەی عارەب، ئاشووری و تورکمان پێکڕا دەکاتە (109.895). بە گوێرەی ئەو خەمڵاندنە، ڕێژەی کورد لەو سەردەمدا (63.3%)ی دانیشتوانی پارێزگای موسڵ بووە، لە هەمان کاتدا ڕێژەی عارەب دەکاتە نزیکەی (24.7%)ی ڕێژەی دانیشتوانی هەمان پارێزگا! سەرەڕای هەموو ئەمانەش ئەو کۆمیسیۆنەی کە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی (1924)دا دامەزراوەو، لە سەرەتای مانگی یەکی ساڵی ئایندە هاتۆتە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)، لە پێناوی ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر پرسی ویلایەتی موسڵ، ڕێژەی کوردی بە (70%)دا داناوە - بڕوانە: (مراجعة وتحقيق عەبدولڕەزاق مەحمود ئەلقەیسی، ولاية الموصل تقرير لجنة عصبة الأمم الخاصة بحل النزاع التركي – البريطاني حول ولاية الموصل 1924-1925، ص12).

مێژوونووسی بەناوبانگی کورد، پرۆفیسۆر دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، لە لاپەڕە (104-105)ی پەرتووکی (كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير دراسة وثائقية عن القضية الكوردية في العراق)دا، نووسیویێتی: (لە کاتژمێری چوارو نیوی

ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی حەڤدەی نیسانی (1919)، کۆنگرەیەکی بچووک لە بارەگای وەزارەتی دەرەوە لە لەندەن بەسترا، بە سەرۆکایەتی وەزیری دەرەوە لۆرد کورزۆن و، بە ئامادەبوونی گەورە بەرپرسانی تایبەت بەدۆزی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە وەزارەتەکانی دەرەوە، شەڕ، دارایی و هیند، جگە لەمانەش جێگری نوێنەری باڵای بەریتانی ئارنۆڵد ویلسۆن ئامادەبوو. لەم ڕاپۆرتە نهێنییەی کە سەبارەت بەکاری کۆنگرەکە ئامادەکرابوو، کە بریتیبوو لە حەوت لاپەڕەی گەورە، زانیاری گرنگی تێدابوو لەسەر ویلایەتی موسڵ. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە دەکرێت بەڕێوەبەرێتییەکی خۆجێیەتی لە کوردستان دامەزرێت و شاری موسڵ بکرێتە پایتەخت. ئەمەش بە تەواوی کوردەکان دڵخۆشدەکات).

بە گوێرەی ئەوەی کە لە کۆنگرەی لەندەن باسی لێکراوەو لە ڕاپۆرتەکەیاندا هاتووە، ئەگەر بێتوو ئەم پێشنیازەی ناو ڕاپۆرتەکە جێبەجێ بکرایە، ئێستاکە شاری موسڵ نەک تەنیا شارێکی کوردی و بەشێک بوو لە خاکی باشووری کوردستان، بەڵکو لە لایەک موسڵ پایتەختی نیشتمان و دەوڵەتی کوردی بوو، لە لایەکی تریشەوە نەشاری موسڵ، کەرکوک، دیالە، باقوبە، خانەقین، بەدرە، توزخورماتوو، حەویجە، مەخمورو شەنگال بەژێردەستەیی نەدەمانەوە تاوەکو ئەمڕۆ.

پرۆفیسۆر دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، لە لاپەڕە (127–128)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، نووسیوێتی: (کۆنگرەی قاهیرە، لە خاڵی سێیەمی کۆنووسەکەیدا بابەتی کوردستانی تێدابوو بەمشێوەیە: 3- کوردستان: پێویستە کۆمیسیۆن تەواوی ئامادەباشییەکان بگرێتە ئەستۆی خۆی کە تایبەتن بە کوردستان، کە پێویستە ئەم پلانە ڕەچاو بکرێت: پێویستە کوردستانی ماندێتکراو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە لایەن کۆمیسیاری باڵای بەریتانی بەڕێوەببردرێت، بەزۆری بەهۆی ئەنجومەنێکی ناوخۆیی کە پێکهاتبێ لە سەرۆکە کوردەکان تاوەکو کاروباری ناوخۆی خۆیان بەڕێوەبەرن. لە هەمان کاتدا یارمەتی داراییان بدرێتێ، هەروەها یارمەتی تریش لە پێناوی پاراستنی سنووری وڵاتی نێوان دوو ڕووبار لە هاتنە ژوورەوەی کەسانی ناپەسەند (مەبەست کەمالییەکانی تورکیایە)، بە مەرجێک ئەو سەرکردە کوردانە دەرگای وڵات لە بەردەم بازرگانی واڵا بکەن و، هانی بەزۆر

گرتنی سەربازی بدەن لە پێناوی ئامانجەکانی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی. هەروەها پێویستیشە هێزێکی لیڤی کوردی پێکبهێنرێت بە سەرپەرشتی ئەفسەرانی بەریتانی و، ئەفسەرانی تریش لەگەڵیاندا بن بێئەوەی هیچ دەسەڵاتێکیان هەبێت. پێویستیشە ئەم هێزانە ئامادەکرابن بۆ (1.10.1921) بۆ ئەوەی شوێنی سەربازگە بەریتانییەکان بگرنەوە کە ئێستا بوونیان هەیە لە کەرکوک و موسڵ).

ئەوەی کە کۆنکرەی قاهیرە (12–30ی ئازاری 1921) باسیکردووە، کوردستانی بوونی هەردوو شاری کەرکوک و موسڵ دەگەیەنێت، چونکە کۆنگرەی قاهیرە کە بە بەشداری نوێنەری چل وڵات بەسترا، لە چوارچێوەی کوردستاندا باسی هەردوو شاری ناوبراوی کردووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کۆنگرەی قاهیرە و بەشدارانی کۆنگرەکە کە نوێنەری (40) وڵاتی بەهێزی ئەو سەردەمی بووینە، باوەڕی تەواویان بە کوردێتیی و کوردستانێتیی شارەکانی کەرکوک و موسڵ هەبووە، بۆیە لە خاڵی سێیەمی کۆنگرە کە تایبەت بوو بە کوردستان ناوی شارەکانی موسڵ و کەرکوک-یان هێناوە.

دکتۆر حامد مەحمود عیسا، لە لاپەڕە (93)ی پەرتووکی (القضية الكوردية في العراق من الاحتلال البريطاني الى الغزو الأمريكي 1914–2004)دا، نووسیویێتی: (کۆمیسیۆنی تۆژینەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ لە ڕێکەوتی (16.7.1925)دا لەڕاپۆرتەکەی خۆیدا سەبارەت بەکێشەی ویلایەتی موسڵ، کە بۆ ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکانی بەرزکردبووەوە، لە خاڵی (ج)دا هاتووە: لە ڕابردوودا ناوی ئێراق لای دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ نائاشنا بووە وەکو ناوێک بۆ وڵاتەکەیان. هەروەها شاری کەرکوک کوردەکان دروستیان کردووە. ئەم ناوچەیەش نیشتمانیی گوتییەکان بووە کە بەر لەهاتنی عارەب بۆ باشووری ئێراق، ئەوان لەناوچەکە نیشتەجێ بووینە).

ئەوەی کە لە ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی توێژینەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ-دا هاتووە، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شارەکانی موسڵ، کەرکوک و تەواوی ویلایەتی موسڵ دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی کۆمیسیۆنەکە بە نیشتمانی کۆنی گوتییەکان ناوی دەبات، بۆ هەموو لایەکیش ئاشکرایە کە گوتییەکان کورد بووینەو،

بەر لە عارەب و هەموو نەتەوەکانی تری ئەمڕۆی ناوچەکە لە باشووری کوردستان یان (ویلایەتی موسڵ) نیشتەجێ بووینە!

دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، لە لاپەڕە (106-107)ی پەرتووکی (کوردستان لە سەردەمی ئاشتیدا)و، بە پشت بەستنی بە نامەیەکی کۆلۆنێل ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆنی (نوێنەری باڵای بەریتانی لە بەغدا)، کە لە (6)ی نیسانی ساڵی (1919)دا بۆ وەزارەتی هیندی ناردوویەتی، ویلسۆن دەڵێت: (دوو چارەسەری ئەلتەرناتیڤ هەن بۆ بەڕێوەبردنی ئەم ناوچەیە (مەبەستی ویلایەتی موسڵ)، چارەسەری یەکەمیان: دروستکردنی کوردستانێکی خاوەن ئۆتۆنۆمی و مەڵبەندەکەی لە موسڵ بێ. کە ئەمەیان چارەسەرێکە ئارەزووی کوردەکانی پێ دابین دەکرێت لەوانەشە ئەمەیان بکاتە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کاریگەرو شێوە سەربەخۆ کە کوردەکان زۆرینەی دانیشتوانەکەی بن.. دیارە دانیشتوەکانی تریش داوای دروستبوونی ویلایەتی موسڵی سەربەخۆ دەکەن.

چارەسەری دووەمیان: ئەوەیە دامەزراندنی ویلایەتی موسڵ، وەک بەشێک لە وڵاتی نێوان دوو ڕووبارەکە و دروستکردنی پشتێنەیەک لەچەند دەوڵەتێکی چکۆلانەی کوردیی ئۆتۆنۆمی، کە دەوری ویلایەتەکە بدەن، لەنێوان ئەو دەوڵەتە چکۆلانە کوردییانەدا (سلێمانی، ڕواندز، ئامێدی، جەزیرەی ئیبن و عومەر) بن.. ئەم دەوڵەتە چکۆلانانە (الدویلات) لە لایەن سەرۆکە ناوچەییەکانەوە فەرمانڕەوایی بکرێن لەگەڵ ڕامیارییەکانی بەریتانیا، کە ئەمانەش یەکسەر پێوەندییان بە بەغداوە هەبێت (ڕاوێژکارەکان) لەم بارەدا پلەی گەورەی فەرمانی ئۆتۆنۆمی بدرێت بەو دەوڵەتە چکۆلانانەی کە نزیکن لەناوچە شاخاویەکانەوە، تا ئەو میرییانەی کە دەکەونە دەشتاییەکانەوە، ئەگەر ئەو چارەسەرە پەسەند کرا، ئەوا ئەوکات پارێزگای موسڵ، هەولێر، ئاکرێ و زاخۆشی بگرێتەوە).

لە لایەک نوێنەری باڵای بەریتانی لە بەغدا (کۆلۆنێل ویلسن ئارنۆڵد)، پێشنیاری دامەزراندنی کوردستانێکی ئۆتۆنۆم کە مەڵبەندەکەی لە موسڵ بێت دەکات، بەڵگەیەکە بۆ کوردستانێتیی شاری موسڵ و تەواوی شارەکانی تری سەر بەو ویلایەتە. کاتێک کە نوێنەری باڵای بەریتانی پێشنیاری ئەوە دەکات کە شاری موسڵ بکرێت بە مەڵبەندی کوردستانێکی ئۆتۆنۆم، ئەو دڵنیایە لە کوردستانێتیی ئەو شارە

(موسڵ)، بۆیە ئەو پێشنیازە دەکاتن. لە لایەکی تریشەوە نوێنەری باڵای ئینگلیز پێشنیاری دامەزراندنی چەند دەوڵەتێکی چکۆلانەی کوردی دەکات کە لە چەندان شارو ناوچەدا، دواتریش شارەکانی موسڵ، هەولێر، ئاکرێ و زاخۆ بگرێتەوە، ئەوەش بەڵگەیەکی تری کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ–ە، چونکە دیارە ناوبراو شاری موسڵ و شارەکانی تریش بە شاری کوردیی و کوردستانیی دەزانێت، بۆیە ئەو پێشنیارانە دەکات.

مام جەلال، سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەپەیامی سەری ساڵی (2005)دا بۆ جەماوەری کوردستان کە لەژێر ناوی (مام جەلال: پێویستە بە بەشداری چالاکانە بوونی کورد لە ئەنجومەنی داهاتوودا بسەلمێنین)دا، کە لە کوردستانی نوێ ژمارە (3562)ی دوشەممە (3.1.2005)دا لە لاپەڕەکانی (2–3)دا بڵاوکراوەتەوە، هەڤاڵ مام جەلال لە لاپەڕە (2)دا دەڵێت: (تەنانەت لەبڕگەیەکدا کە لە لایەن نوێنەری ئینگلیز لەکۆمیتەی (کۆمەڵەی نەتەوەکان) هاتووە دەڵێ: نکۆڵیکردنی پێناسەی نەتەوەیی ناوچەی کەرکوک هەڵتەکاندنەوەی بڕیاری (کۆمەڵەی نەتەوەکان)ە کە ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر ئێراق).

ئەوەی مام جەلال باسی کردووەو پشتی پێبەستووە، کوردبوون و کوردستانی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە مام جەلال باسی ئەوە دەکات کە ویلایەتی موسڵ بە مەرج خراوەتە سەر دەوڵەتی ئێراق، ئەگەر بێتوو عارەبەکانی ئێراق نکۆڵی لە پێناسەی نەتەوەیی ناوچەی کەرکوک کە (ناسنامەی شارو پارێزگای کەرکوک ناسنامەی نەتەوەیی کوردییە) بکەن، ئەوکاتە بڕیاری کۆمەڵەی نەتەوەکان بە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە ئێراقەوە هەڵدەوەشێتەوە. لە سەرەوەدا مام جەلال و کۆمەڵەی نەتەوەکان ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە ویلایەتی موسڵ هەرگیز بەشێک نەبووە لە ئێراق، چونکە باسی لکاندن و خستنەسەر دەکەن، لە لایەکی تریشەوە عارەبە شۆڤینیستەکانی ئێراق نەک هەر نکۆڵیان لە پێناسەی نەتەوەیی ناوچەی کەرکوک کردووە، بەڵکو هەردەم لە هەوڵی سڕینەوەی پێناسەی کوردێتیی و کوردستانێتیی دانیشتوانی کەرکوکدا بوون و، بەسەدان هەزار کوردیان لەو شارە بەزۆر ڕاگواستەوەو، لە شوێنی کوردەکاندا سەدان هەزار خێزانی عارەبی هاوردەی داگیرکەریی ئێراقییان لە ناوەڕاست و باشوورەوە هێناو لە شوێنی کوردە

ڕاگوێزراوەکان نیشتەجێیان کردن. باشترین بیرۆکە بۆ گەڕانەوەی ماف بۆ مافخوراو، زیندووکردنەوەو بە بیرهێنانەوەو کارکردنە لە پێناوی هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە بیانۆی ڕێز نەگرتن لەو بڕگەیەی کۆمەڵەی نەتەوەکان کە مام جەلال باسی دەکات.

# سەرچاوەکانی بەشی دووەم

# (بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکـــــــــان):

1- مام جەلال، المنار الكوردي، العدد (49)، الجمعة (8.5.1998)، نصف شهرية سياسية يصدرها الاتحاد الوطني الكوردستانى – مكتب الخارج.
2- الدكتور فاضل حسين، مشكلة الموصل دراسة في الدبلوماسية العراقية-الانكليزية-التركية وفي الراي العام، الطبعة الثانية، مطبعة اسعد-بغداد- 1967.
3- دکتۆر فازل حوسێن، کێشەی ویلایەتی موسڵ، وەرگێڕانی محەمەد شاکەلی، چاپخانەی خاک، باشووری کوردستان – سلێمانی 1999.
4- دکتۆر وەلید حەمدی، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، وەرگێڕانی محەمەد نوری تۆفیق، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپخانە ئۆفسێتی هەواڵ، باشووری کوردستان - سلێمانی 1999.
5- محەمەد ئەمین زەکی، کورتەیەکی مێژووی کورد و کوردستان، بەرگی یەکەم 1931، بەرگی دووەم 1937، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، باشووری کوردستان - سلێمانی، چاپی نوێ 2000.
6- حەمید رضا جلائی پور، المشكلة الكوردية، ترجمة وتقديم، د. محمد علاءالدين منصور، مركز دراسات الشرقية جامعة القاهرة 2000.
7- دکتۆر نوری تاڵەبانی، کێشەی کوردستانی باشور لەچوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیدا، وەرگێڕانی دکتۆر ئازاد شێخانی، گۆڤاری کەرکوک 6، ژمارە (2)،ساڵی دووەم، پاییزی 2000، گۆڤارێکی ڕوناکبیری گشتی وەرزییە کۆمیتەی باڵای ئاوارەکان و کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوک بە هاوبەشی دەریدەکەن.
8- دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو، کوردستان و کورد لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و ئابووری، وەرگێڕانی عەبدوڵلا حەسەن زادە، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا-1973.
9- دکتۆر جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، وەرگێڕانی کوردۆ عەلی، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوید، 1985.

10- نجم عمر السورچي، مصير ولاية الموصل (كوردستان الجنوبية) ما بعد عام 2000، سليمانية – جنوب كوردستان 1998.
11- دکتۆر سادقی شەرەفکەندی، بزوتنەوە نەتەوایەتی‌یەکانی کورد، سوید 1996.
12- دکتۆر کامەران سالەیی، ئۆتۆنۆمی و سیاسەتی نێونەتەوەیی، سیاسەتی دەولی، ژمارە (2) تەموزی (1994). سیاسەتی دەولی، گۆڤارێکی وەرزییە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی دەریدەکا.
13- د. کامەران سالەیی، ئۆتۆنۆمی و سیاسەتی نێونەتەوەیی، فێبریوەری 1995.
14- ئەحمەد خواجە، چیم دی شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی مەزن، بەرگی یەکەم - بەشی یەکەم، چاپخانەی شەفیق-بەغدا 1968.
15- دکتۆر سەربەست تۆفیق، هل ان الاعتراف القانونى (الدستورى) بحق تقرير المصير للشعب الكوردى معناه الانفصال؟ ام .. ام انه حق مشروع، كوبنهاون – دانمارک 1991.
16- دکتۆر سەربەست تۆفیق، الفيدرالية الكوردستانية والتوقعات المستقبلية دراسة قانونية، قوس للطباعة، دانمارک – كوبنهاون 1995.
17- دەستەیەک لە ڕووناکبیرانی کوردستان، هەقمانە ئەگەر نیگەرانبین.
18- دکتۆر جەزا تۆفیق تالیب، بایەخی جیۆپۆلەتیکیی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، باشووری کوردستان - سلێمانی 2000.
19- دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، کورد و کوردستان لە کۆمەڵە وتارێکی مێژووییدا، وەرگێڕانی ئازاد عوبێد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان - هەولێر 2005.
20- سلام العبودي، جريدة التاخي، العدد (4536)، الاحد (17.7.2005)، جريدة رسمية للحزب الديموقراطي الكوردستاني.
21- دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، أقليم كوردستان العراق دراسات فى التكوين القومي للسكان، الطبعة الثالثة، جنوب کوردستان – هەولێر 1999.
22- دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، دهۆک – نینوی دراسات في الخصائص الديموغرافية للسكان، مركز كوردستان للدراسات الاستراتيجية، جنوب كوردستان – سليمانية 2005.

23- دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، الانفال، العدد 6، سنة السادسة 2005، مجلة تصدرها وزارة حقوق الانسان وشؤون المرحلين والمؤنفلين.
24- ئەحمەد شەوکەت، الشبک الکورد المنسیون، مطبعة وزارة الثقافة، جنوب کوردستان – سلیمانیة 2004.
25- خەسرەو گۆران، کورد لە پارێزگای موسڵ، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، باشووری کوردستان - هەولێر 2002.
26- سەلام ناوخۆش، هۆکارەکانی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقی عارەبی‌یەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ژیان، باشووری کوردستان - هەولێر 2000.
27- سەلام ناوخۆش، مافی مێژوویی غەیرە کورد بەسەر کوردستان، چاپخانەی ئۆفیسێتی هەتاو، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان – هەولێر 2004.
28- حوسێنی مەدەنی، کوردستان و ئیستراتیژی دەوڵەتان، بەرگی یەکەم، نۆڤێمبەری 2000.
29- دکتۆر یەحیا خەشاب، شەرەفخانی بەدلیسی، شەرەفنامە، هەژار کردویە بە کوردی، کۆڕی زانیاری کورد لە چاپی داوە، چاپخانەی نعمان-نەجەف- 1973.
30- عەدنان حوسین، الاتحاد، طبعة لندن، العدد (444)، الجمعة (26.10.2001)، السنة التاسعة، جريدة اسبوعية سياسية، الصحيفة المركزية للاتحاد الوطني الكوردستاني.
31- الدکتور محمد هماوندي، الفيدرالية والديمقراطية للعراق، من منشورات ئاراس، مطبعة وزارة التربية، الطبعة الاولى، جنوب کوردستان – هەولێر 2002.
32- دکتۆر محەمەد هەماوەند، فایلێکی تایبەت دەربارەی فیدڕاڵیزم، ئامادەکردنی ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دانیمارک.
33- دکتۆر محەمەد ئیحسان، کوردستان ودوامة الحرب، من منشورات دار ئاراس، الطبعة الثانية، هەولێر – جنوب کوردستان 2001.
34- عصبة الامم، مسألة الحدود بين ترکية والعراق، وهو التقرير الذي رفعته البعثة المؤلفة وفقا لقرار المجلس في (30 أيلول 1924)، طبع في مطبعة الحکومة ببغداد.
35- مراجعة وتحقيق عەبدولڕەزاق مەحمود ئەلقەیسی، ولاية الموصل تقرير لجنة عصبة الأمم الخاصة بحل النزاع الترکي – البريطاني حول ولاية الموصل 1924-

1925،مركز الدراسات الكوردية (کوردۆلۆجی)، مطبعة ڕەنج، باشووری کوردستان – سلێمانی 2009.
36- دكتور كمال مظهر احمد، كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير دراسة وثائقية عن القضية الكوردية في العراق، الجزء الاول مطبعة رينوين.
37- دکتۆر حامد مەحمود عيسا، القضية الكوردية في العراق من الاحتلال البريطاني الى الغزو الأمريكي 1914–2004، مكتبة مدبولي، مصر، الطبعة الاولى .2005
38- دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، کوردستان لە سەردەمی ئاشتیدا، وەرگێڕانی محەمەد نوری تۆفیق، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 2000.
39- جەلال تاڵەبانی، مام جەلال: پێویستە بە بەشداری چالاکانە بوونی کورد لە ئەنجومەنی داهاتوودا بسەلمێنین، کوردستانی نوێ، ساڵی چواردەهەم، ژمارە (3562)، ڕۆژی دوشەممە، ڕێکەوتی (3.1.2005). کوردستانی نوێ، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری ڕۆژانەیە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات.

# بەشی سێیەم

## مێژووی کوردستانێتیی شاری موسڵ لە بەڵگەنامە بیانییەکاندا:

بەڵگەنامە بیانییەکان ژمارەیان (279) بەڵگەنامەیەو (169) سەرچاوەی بۆ بەکارهاتووە. هەموو مێژوونووس، گەڕیدە، جوگرافیناس و نووسەرە بیانییەکان تەواوی شاری موسڵ بە شارێکی کوردی یان وەکو پارێزگایەکی سەر بە باشووری کوردستان ناودەبەن. هەشیانە ویلایەتی موسڵ بە ویلایەتێکی کوردیی یان بە بەشێکی کوردستان ناودەبات. بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە بەڵگەنامەکان لە خوارەوەدا یەکە یەکەی بەڵگەکان دەخەینەڕوو:

کۆمەڵێک لە پسپۆران و ئەفسەرانی ڕامیاری بەریتانی، لە لاپەڕەکانی (12–13)ی پەرتووکەکەی بەناوی (کورد و کوردستان)دا نووسیویانە: (کوردستانی باکوور ئەم ویلایەتانە دەگرێتەوە: دیاربەکر، (معمورة العزیز)، ئەرزەڕووم، ڤان و بەتلیس. کوردستانی خوارووش ئەم ویلایەتانەی گرتۆتە باوەش: تەواوی ویلایەتی موسڵ و چەند بەشێکی ویلایەتی بەغدا، بەشەکانی تری کوردستانی خواروو دەکشێن تادەگەنە پشت سنووری ئێران).
ئەو ئاماژەیەی ئەو کۆمەڵە پسپۆرو ئەفسەرە بەریتانییە، بەڵگەیەکی گرنگ و پڕ بایەخی کوردستانیی بوونی شاری موسڵ و ویلایەتی موسڵ–ە، کاتێک کە ئەوان تەواوی ویلایەتی موسڵ و بەشێک لە ویلایەتی بەغدا بە کوردستان دەزانن، مادام تەواوی ویلایەتی موسڵ کوردستان بێت، کەواتە شاری موسڵ–یش وەکو شارێکی ئەو ویلایەتە، هەم خاکی کورد و هەم شارێکی باشووری کوردستانە.

کۆمەڵێک لە پسپۆران و ئەفسەرانی ڕامیاری بەریتانی، لە لاپەڕە (22)ی پەرتووکی ناوبراودا نووسیویانە: (لە کوردستانی باشووردا هەندێک شاری کوردنشینی تر هەن وەک (جەزیرەی ئیبنو عومەر)، زاخۆ، ئاڵتون کۆپری، هەولێر، کەرکوک، ڕواندز، سلێمانی، کۆیە، موسڵ، کە پایتەخت و بازاڕی هەرێمن و بەشێوەیەکی ئاسایی زۆربەی دانیشتوانیان کوردن).

به بۆچوونی ئەو کۆمەڵە پسپۆرو ئەفسەرە بەریتانییە، شاری موسڵ یەکێکە لە شارە کوردییەکانی سەر بە باشووری کوردستان، چونکە ئەوان ڕاشکاوانە باسی کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەکەن و ناوی ئەو شارەیان وەکو شارێکی باشووری کوردستان بردووە.

پرۆفیسۆر دکتۆر جویس بلۆ، کە بە ڕەگەز فەرەنسییە، لە لاپەڕە (13)ی پەرتووکی (دۆزی کورد لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیۆلۆجی)دا نووسیویێتی: (کوردستان یاخود نیشتمانی کوردەکان لەناو دڵی ئاسیای ناوەڕاستدایە، لە ناوچەیەکی شاخاوی فراواندا کە ڕووبەرەکەی لە سەرووی (530.000) هەزار کیلۆمەترەو، لە کەنداوی ئەسکەندەرییەوە تا کەنداوی فارس بەشێوەی مانگی یەکشەوە لەناو زنجیرە شاخ و دەشتەکانی کەناری قەفقاز لە باکوورو، تەوریز و هەمەدان لە ڕۆژهەڵات و، دوو ڕووبار لە باشوورو ڕوژئاوایدا هەڵکەوتووە).

بەگوێرەی سنووری باشوورو ڕۆژئاوای کوردستان کە دوو ڕووبارە، شاری موسڵ بەتایبەتی بەشی روژهەلاتی دەکەویتە کوردستان، بۆیە دەتوانرێت ئەمەش وەکو بەڵگەنامەیەک بۆ کوردستانێتیی ئەو شارە بەکاربهێنرێت.

دکتۆر جویس بلۆ، لە لاپەڕە (53)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (زرنگکاری (سیاسەتی) ئینگلیز ئەوەبوو کە شاری موسڵ بکا بە بەشێک لە ئێراق. لە تشرینی یەکەمی ساڵی (1922)دا هێزێکی گەورە لە عارەبەکان بە فەرماندەیی ئەفسەرانی ئینگلیزی و هیندی هێرشیان کردە سەر ئەو خاکانەی کە ناڕێکبوون لەسەری لە نێوان دووڕووبار (بين النهرين)داو ئامانجیان بە ئاشکرا بریتی بوو لە (بەرگری کردن لە براکان و ڕزگارکردنیان لە هێرشی توندوتیژی تورکەکان) و سەرئەنجام شاری موسڵیان بۆ شارێکی عارەبی گۆڕی).

لە سەرەوەدا بۆچوونەکان و بیروڕای (پرۆفیسۆر دکتۆر جویس بلۆ)مان بەئاسانی بۆ دەردەکەوێت، ئەویش ئەوەیە کە پرۆفیسۆری ناوداری فەرەنسی شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی و کوردستانیی دادەنێت، چونکە ناوبراو لە باسی نیازەکانی ئینگلیز سەبارەت بەو شارە، باسی ئەوە دەکات کە ئینگلیزەکان دەیانەوێت موسڵ بکەن بە بەشێک لە ئێراق، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە نە شاری موسڵ و نە

ویلایەتەکە پێشتر بەشێک نەبوونە لە ئێراق یان خاکی عارەبی، بەڵکو لە هەوڵی ئەوەدان بیکەن بە بەشێک لەو وڵاتە. هەروەها دکتۆر جویس بلۆ باسی ئەوەشمان بۆ دەکات کە هێزەکانی عارەب، ئینگلیز و هیندی بە یەکەوە کوردستانیان داگیرکردو لە ئەنجامیشدا توانییان باری دیمۆگرافیای شاری موسڵ و زۆر ناوچەی تری کوردی و کوردستانیی بگۆڕن، بەتایبەت شاری موسڵ کە لە شارێکی کوردییەوە خەریکە بە تەواوی بیگۆڕن بۆ شارێکی عارەبی و ئێراقی.

محەمەد ئەمین زەکی، لە لاپەڕە (14)ی پەرتووکەکەی خۆیدا (کورتەیەکی مێژووی کورد و کوردستان)، وە بە پشت بەستنی بە نووسەر (گوی مالکۆلم لیسترەنج)، کە لە لاپەڕە (88)ی پەرتووکەکەیدا (وڵاتانی خەلافەتی ڕۆژهەڵات)دا دەڵێت: (لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا (دەیەمی زایینی) خەڵکی موسڵ بەشێوەیەکی گشتی کورد بووینە).
ئەوەی کە مێژوونووس و ڕۆژهەڵاتناسی ناوداری ئینگلیز (گوی مالکۆلم لیسترەنج Guy M. Le Strange –، کە لە ماوەی ساڵانی نێوان (1854–24.12.1933)دا ژیاوە نووسیویەتی، کوردستانێتی و کوردبوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە مێژوونووسی ناوبراو تەواوی دانیشتوانی شاری موسڵ لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا/ دەیەمی زایینیدا بە کورد دادەنێت. هەر شارێکیش تەواوی دانیشتوانەکەی کورد بووبێت، کەواتە شارێکی کوردستانی و کوردی بووە. بەڵام هەموومان دەزانین کە دوای داگیرکارییەکانی عارەب و ئیسلام ئەوەی کە ناویان ناوە (فەتح) کردن، ئەو شارە (موسڵ)یان بەرە بەرە بەعارەب کردووە.

جەبار سابیر، لە وتارێکیدا کە لە لاپەڕە (9)ی کوردستانی نوێ، ژمارە (3307)، سێشەممە (2.3.2004)دا، لەژێر ناونیشانی (کەرکوک شارێکی کوردستانییە)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویەتی: (بەپێی بەڵگەکانی م. دیانۆکوف کە لە پەرتووکی (میدیا)دا باسیدەکات شاری موسڵ-یش هەر کورد دروستی کردووە، دیاکۆنۆف دەڵێت: پیاوێک ناوی (نین) بوو ئەو شارەی دروستکرد، ئەو پیاوە کورد بوو بۆیە گوتیان نین ئاوەدانی کردۆتەوە واتە نین ئاوا بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار بۆتە نەینەوا).
ئەوەی کە (م. دیانۆکوف) ئاماژەی پێکردووە، بەڵگەیەکی تری کوردستانیی بوون و کورد بوونی شاری موسڵ-ە، چونکە ئەگەر بێتوو هەر شارێک لە لایەن هەر

نەتەوەیەک دروست بکرێت، ئەوکاتە شارەکە هی ئەو نەتەوەیە. سەبارەت بە موسڵ-یش کە کوردێک بەناوی (نین)ەوە ئەو شارەی لەسەر خاکی کورد و لە باشووری کوردستان دروست کردووە، بۆیە شارەکە شارێکی کوردییەو سەر بە کوردستانە. بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە: (بێدەنگی لەو فڕۆکەوانانەی.. هەڵەبجەیان کیمیابارانکرد تاوانە!!، نووسینی دەرسیم پێشەوا، کە لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (1.8.2004)دا لەژمارە (167)ی ڕۆژنامەی (میدیا)دا بڵاوکراوەتەوە، دواتریش لە ماڵپەڕەکانی (کڵاوڕۆژنە، دەنگەکان، کوردستان نێت و کوردستان پۆست)دا بڵاوکراوەتەوە)، لەو وتارەدا هاتووە: (دووەم شاری کورد شاری (نین= نوون ئاوا) کە بەم دواییە زرنگکاری (سیاسەتی) عارەبی ئێراقی، بۆ تێبزرکردنی ڕاستی و بۆ بەعارەبکردنی کردی بە موسڵ. ناوی (نین ئاوا= نوون ئاوا) واتا شاری یان گوندی – نون – کە زۆر کەس دەڵێن بە ناوی (نون) پێغەمبەر کراوە، چونکە لە سەردەمی ئەودا دروستکراوە. ئەو نوون پێغەمبەرە کوردەی کە قورئانیش لە سورەتی الانبیاء- ئایەتەکانی ژمارە (87-88)دا ئاماژەی پێکردوە.

تۆربن ڕوگبێرگ ڕاسموسن، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (کورتە باسێکی مێژوو، جوگرافیا، دانیشتوان، ڕامیاریو ئابووری ئێراق)دا، کە لە لاپەڕەکانی (65-69)ی (پەرتووکی ڕێنوێنی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست-زانیاری دەربارەی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیای باکوور)دا، بڵاوکراوەتەوە، لە لاپەڕە (65)دا نووسیوێتی: (موسڵ گەورەترین و سەرەکیترین شارە لە ناوچەی کوردەکان و ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی یەک ملیۆن کەس دەبێت).

ئەوەی کە نووسەری دانمارکی (تۆربن ڕوگبێرگ ڕاسموسن)، ئاماژەی پێکردووە، بەڵگەیەکی زۆر گرنگ و بە نرخی کوردێتیی و کوردستانێتیی ئەو شارەمان دەداتە دەست، چونکە نووسەری دانمارکی ناوبراو شاری موسڵ بە گەورەترین و سەرەکیترین شار لە ناوچە کوردییەکان دادەنێت، مادامیش موسڵ گەورەترین و سەرەکیترین شار بێت لە ناوچەی کوردەکان، کەواتە گەورەترین و سەرەکیترین شاری کوردیشە لە باشووری کوردستان.

ئینسکلۆپیدیای (Gyldendals Leksikon) واتە (ئینسکلۆپیدیای دۆڵی زێڕینی)، لە لاپەڕە (654)داو لە باسی موسڵ-دا نووسیوێتی: (موسڵ شارێکە لە ئێراق. ژمارەی دانیشتوانی (1.4) ملیۆن کەسە. شارێکی کوردیی و پڕ لە نەوتە لە باکووری ئێراقدا. شاری موسڵ لە سەدەکانی ناوەڕاستدا شارێکی بازرگانی گرنگ بووەو بە دروستکردنی قوماشی مۆسلین بەناوبانگ بووە).

ئینسکلۆپیدیای زێڕینی دانمارکی، زۆر بە ئاشکراو ڕاشکاوانە باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە شاری موسڵ شارێکی کوردییەو دەکەوێتە باکووری ئێراق (باشووری کوردستان). ئەو ئینسکلۆپیدیایە تەواوی شاری موسڵ بەهەردوو کەناری چەپو کەناری ڕاستی شارەکە بە هی کورد دەزانێت، بۆیە دەکرێت ئەوەی کە سەبارەت بەو شارەیە لەو ئینسکلۆپیدیایەدا هاتووە وەکو بەڵگەنامەیەکی گرنگ بۆ کوردێتیی و کوردستانێتیی شارەکە سەیری بکرێت. هەر بەتەنیا دەوڵەمەندی و بوونی نەوت لەو شارو ویلایەتەدا وای لە تەواوی دراوسێ چڵێسەکانمان کردووە، هەوڵی زەوتکردن و دەستبەسەر داگرتنی ئەو ناوچەیە بدەن و، هەوڵی گۆڕینی سیمای کوردێتیی و کوردستانێتیی ئەو شارە دێرینەی کوردستان بدەن و، کوردی ڕەسەنی شارەکە بەزۆر ڕاگوێزن و عارەبی هاوردەو داگیرکەر لە شوێنی ئەواندا لە شارەکەدا نیشتەجێ بکەن.

مێژوونووسی بەناوبانگی ڕوسیا، میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، لە لاپەڕە (37)ی پەرتووکی (کێشەی کورد 1891-1917)دا، نووسیوێتی: (لە سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، کورد لە ناوچەیەکی فراواندا ئەژیا. لە ڕۆژهەڵاتەوە، لە هەمەدان و ورمێ (ئێستا ڕەزائییەی پێ ئەڵێن) و خوی و ماکۆوە، هەتا هێڵی بریجیک و مەلاتیاو ئەرزنجان لە ڕۆژئاواوا درێژ ئەبێتەوە. لێرەشەوە بەرەو خوار هەتا خانەقین و کورکوک و موسڵ و حەڵەب ئەکشێت. لە باکووریشەوە لە جولفە و قارس و ئەرزڕۆمەوە دەست پێدەکات).

مێژوونووسی ڕوسی لازاریڤ، لە دەستنیشانکردنی سنووری کوردستان و شارەکانیدا، شاری موسڵی خستۆتە ناو سنووری کوردستان و وەکو شارێکی سەر بە کوردستان ناوی بردووە، ئەمەش دەبێتە بەڵگەیەکی بەنرخ بۆ سەلماندنی کوردستانێتیی ئەو شارە.

میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، لە لاپەڕە (37)ی پەرتووکی (المسألة الكوردية 1891-1917)دا، دەڵێت: (پێوانەی کوردستان لە چوار سەد هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە زۆرترە، (واتە بەقەد پێوانەی تەواوی ئینگلتەرە، ئێرلەندا، بەلجیکا، هۆڵەندا و دانمارک). هەروەها لەنێو ئەو سنوورەدا (کوردستان) چەندان ناوچەی مێژوویی و نەژادی هەبووە وەکو ئەوانەی خوارەوە: ئەرمینیای (تورکی) خۆرئاوا، کە لە ڕاستیدا کوردستانە، هەروەها ئازربێجانی (ئێرانی) باشوورو (ویلایەتەکانی ئەرزڕۆم، وان، بەتلیس، خارپووت، (مارموت عەزیز)، ئامەد، حەلەب و ویلایەتی موسڵی تورکی. لەگەڵ ساباڵغ، ورمێ، تەورێز و پارێزگاکانی کرماشان و ماکۆ لە ئێران).

لێرەدا دووبارە لازاریڤی مێژوونووس ئاماژە بە ویلایەتی موسڵ دەکات و دەیخاتە نێو سنووری کوردستان، کەواتە مادام ویلایەتی موسڵ ویلایەتێکی کوردیی و بەشێکی کوردستان بێت، کەواتە تەواوی شارەکانی سەر بە ویلایەتەکە بە شاری موسڵ-ی پایتەختیشەوە خاک و شارو نیشتمانیی کوردن.

میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، لە لاپەڕە (38)ی هەمان سەرچاوەدا، دەڵێت: (دوای شەڕی جیهانی یەکەم زۆربەی هەرە زۆری کورد لەم ویلایەتانەدا بوون: ئەرزڕۆم، وان، بەتلیس، خارپوت (مارموت و عەزیز)، ئامەد (دیاربەکر)، حەلەب و ویلایەتی موسڵ لە دەوڵەتی عوسمانی).

ئەو ئاماژە پێکردنەی مێژوونووسی ڕوسیا لازاریڤ، بەناو هێنانی ویلایەتی موسڵ وەکو ویلایەتێکی کوردنشین، بەڵگەیەکی تری سەلماندنی کوردێتیی و کوردستانێتیی تەواوی ویلایەتەکەیە بە شارەکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە). لە بیریشمان نەچێت لازاریڤ باسی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی دەکات و شاری موسڵ بە یەکێک لەو شارانە دادەنێت، کە تا ئەوکاتیش زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانەکەی کورد بووە.

میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، لە لاپەڕەکانی (66-67)ی هەمان سەرچاوەی ناوبراودا، نووسیوێتی: (بەشێک لە کوردەکان لە شارەکانی تورکیا و ئێراندا ئەژین

(نیازی لە شارە کوردییەکانی تورکیا و ئێرانە-وەرگێڕ) وەک شاری موسڵ، ورمێ، سنە، وان و ئامەد (دیاربەکر) بۆ یەکەم جار لەو شوێنانە چینی کرێکاری پێشڕەو و دەستەی ڕۆشنبیران لەدایکبوو).

بەڵام لە وەرگێڕدراوە عارەبییەکەی ئەکبەر ئەحمەد، لە لاپەڕە (72)دا بەمشێوەیە نووسراوە: (کوردەکان لە هەندێ شاری کەم لە هەر یەک لە کوردستانی تورکیا و ئێراندا ئەژین وەک (موسڵ، سلێمانی، سابڵاخ، ورمێ، وان و ئامەد (دیاربەکر).

ئەوەی لێرەدا لازاریڤ باسی کردووە، بەڵگەیەکی ترە بۆ کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ، چونکە مێژوونووسی ناوبراوی ڕوسیا ناوی شاری موسڵ وەکو شارێکی کوردستانی تورکیا و کوردەکانی تورکیا دەبات. کەواتە شاری موسڵ و ویلایەتەکە هیچ پێوەندییەکیان نە بە عارەب و نە بە ئێراقەوە نەبووە، بەڵکو ئەو شارە شارێکی کوردی و سەر بە خاکی کوردستان بووە.

میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، لە لاپەڕە (78)ی هەمان سەرچاوەدا، نووسیوێتی: (لە ساڵەکانی هەشتای سەدەی نۆزدەهەمدا، لە کوردستانی تورکیادا، ڕوسیا کۆنسۆلخانەیەکی گشتی لە ئەرزڕۆم، کۆنسولخانەیەکیش لە موسڵ وە لە شاری وانیش جێگرێکی کۆنسۆلخانەی هەبوو. بەریتانیاش چەند کۆنسۆلخانەیەکی لە ئەرزڕۆم، وان، موسڵ و دیاربەکر کردەووە. فەرەنساش لە ئەرزڕۆم و موسڵ-دا کۆنسۆلخانەی کردەووەو لە دیاربەکریش جێگرێکی کۆنسولخانەی دانا. لەدواییشدا ڕوسیا کۆنسۆلخانەیەکی پۆستەی لە بایەزید و بەتلیس دامەزراند. هەرچی ئەڵمانیایە ئەوە تەنیا لە موسڵ هەیبوو).

ئەوەی لە سەرەوەدا مێژوونووسی ناسراوی ڕوسیا لازاریڤ ئاماژەی پێکردووە، بەڵگەیەکی تری کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە ناوبراو ناوی شاری موسڵ وەکو شارێکی کوردستانی تورکیا دەبات، کاتێک کە باسی کۆنسۆلخانەکانی ڕوسیا، بەریتانی، فەرەنسی و ئەڵمانی دەکات لە کوردستانی تورکیادا، ناوی شاری موسڵ وەکو شارێکی کوردی سەر بەو پارچەیەی کوردستان دەبات. لازاریڤ لە لایەک کە ناوی شارەکە وەکو شارێکی کوردستانی دەبات ئەوە بایەخێکی گرنگی هەیە بۆ ئێمەی کورد، گرنگ ئەوەیە سەر بە کوردستان بێت گرنگ نییە سەر بە کام پارچە بێت باشوور، باکوور، ڕۆژهەڵات یان ڕۆژئاوا، لە لایەکی

تریش دەریدەخات کە نە شاری موسڵ و نە ویلایەتی موسڵ هیچ پێوەندیەکیان بە عارەب و بە ئێراقەوە نەبووە، بۆیە دەکرێت ئەمەش وەکو یەکێک لە بەڵگەکانی سەلماندنی کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ بەکاربهێنین.

مێژوونووسی ڕوسیا میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، لە لاپەڕە (508)ی پەرتووکی (المسألة الكوردية 1891-1917)دا، دەڵێت: (لە سەرەتای تشرینی دووەمی ساڵی (1918)دا هێزەکانی ئینگلیز کوردستانیان بە تەواوی داگیرکرد، ئەمەش لەدوای ئاگربەستی (مۆدروس)و بەپێچەوانەی ئەو ئاگربەستە ئینگلیزەکان دەستیان بەسەر شاری موسڵ و ویلایەتی موسڵ-دا گرت).

ئەو ئاماژە پێکردنەی مێژوونووسی ناسراوی ڕوسی لازاریڤ، بەوەی کە باسی ئەوە دەکات لە ساڵی (1918)دا هێزەکانی بەریتانیا کوردستانیان داگیرکردو دەستیان گرت بەسەر شارو ویلایەتی موسڵ-دا، بەڵگەیەکی بەنرخە بۆ سەلماندنی کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ و ویلایەتی موسڵ بە تەواوی، چونکە ناوبراو ڕاشکاوانە باسی ئەوە دەکات کە دوای ئاگربەستی مۆدرۆس ئینگلیزەکان کوردستان (شاری موسڵ و ویلایەتی موسڵ-یان گرت). کەاتە لازاریڤ، باشووری کوردستان و ویلایەتی موسڵ بە یەک خاک و یەک نیشتمان دادەنێت. مادام کوردستان و ویلایەتی موسڵ هەر یەکبن، کەواتە شاری موسڵ و تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ، شاری سەر بە باشووری کوردستانن.

میخائیل لازاریڤی مێژوونوسی ڕوسیا، لە لاپەڕە (108)ی وتارێکی خۆیدا لەژێر ناوی (کورد و کوردستان)دا کە لە لاپەڕەکانی (103-146)ی پەرتووکی (چەند وتارێکی کوردناسی)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیوێتی: (یەدەگی نەوت لەژێر خاکی کوردستاندا ئێجگار گەورەیە. لە هەمووشیان دەوڵەمەندو بە بەرهەم تر کانە نەوتەکانی کەرکوک (کوردستانی ئێراق)ە، ئەم کانانە کەوتوونەتە پێدەشتە باشوورییەکانی زاگرۆسەوەو بایەخێکی جیهانیان هەیە. بە بەراورد بەماندا بەشێوەیەکی کەمتر لە هەندێ شوێنی تری کوردستانی ئێراقدا، بۆ نموونە لە سەرووی موسڵ-ەوەو لە ناوچەی خانەقین نەوت دەردەهێنرێت).

کاتێک کە لازاریڤ باسی یەدەگی نەوتی کوردستان دەکات، ئاماژە بەوە دەدات کە یەدەگی نەوتی کوردستانی ئێراق بە پلەی یەک لە کەرکوک و بەشێوەیەکی کەمتریش لە باکووری شاری موسڵ و هەروەها لە خانەقین دەردەهێنرێت. ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە مێژوونووسی بەناوبانگی ڕوسیا هەر سێ شارەکەی (کەرکوک، موسڵ و خانەقین) بە سێ شاری کوردی سەر بە کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان) دادەنێت. لەوبارەدا دەتوانین لە لایەک بڵێین شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە، لە لایەکی تریش نە شاری موسڵ و نە ویلایەتەکە هیچ پێوەندییەکیان بە عارەب و بە ئێراقەوە نەبووە.

مێژوونوسی ڕوسیا میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، لە لاپەڕە (22)ی پەرتووکی (کورد و کوردستان فاکتەرەکانی دروستبوونی کێشەکە)دا نووسیوێتی: (چاڵگەکانی نەوتی کەرکوک (کوردستانی ئێراق)، کە لە دامێنی کۆتاییە باشوورییەکانی زنجیرەی زاگرۆس هەڵکەوتوون، بە دەوڵەمەندترین و بە بەرهەمترین کانگا نەوتییەکان دادەنرێن و لەسەر ئاستی جیهاندا شوێنێکی گرنگیان هەیە. هەروەها گەلێ چاڵگەی تری نەوت لە کوردستانی ئێراق هەن، هەرچەندە ناگەن بەوانەی کەرکوک، لەگەڵ ئەوەشدا بە سەرچاوەی گرنگی نەوت دادەنرێن وەکو چاڵگەکانی باکووری موسڵ و ئەوانەی نزیک خانەقین).

دیسان و بۆ جارێکی تریش مێژوونووسی ڕوسی لازاریڤ، لە باسی چاڵگەکانی نەوت لە کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان)دا، شارەکانی کەرکوک، موسڵ و خانەقین وەکو سێ شاری کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان) ناودەبات، کەواتە بە بۆچوونی لازاریڤ شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە و، هیچ پێوەندییەکی بە عارەب و بە ئێراقەوە نەبووە.

ڕۆژهەڵاتناسی ڕوسیا، پیوتەر لێرخ (1828–1884) لە لاپەڕە (29)ی پەرتووکی (دراسات حول الاكراد واسلافهم الخالديين الشماليين)دا، بە پشت بەستن بە لاپەڕە حەوتی ئەو پەرتووکە ڕێزمانەی کە (گارزۆنی) ئەندامی کۆمەڵەی ڕۆما بۆ پڕوپاگەندە، سەبارەت بە زمانی کوردی نووسیبووی، دەڵێت: (ب. گارزونی) دەڵێت: (یەکەم موژدەبەخش (ب. لیوبولدو سولدینی) لە ساڵی (1760–1779) کە خەڵکی

دۆمینیکان بوو لە زاخۆو لەسەر خاپور ژیا. بە زۆری پێدەچێ سولدینی یەکێک لەو گەڕیدانە بێت کە لە دۆمینیکانەوە هاتبێت و بەگوێرەی ئەو هەواڵانەی کە بەدەست گەڕیدە (بیورتستول) کەوتبێت لە قوستەنتینەوە لە ساڵی (1778)دا لە ڕێگای باوکە ڕۆفائیل زێرۆفۆنسکی، چەندان ساڵ بەسەریەکەوە لە کوردستان لە ناوچەیەک کە دەکەوێتە باکووری موسڵ دەژیان و، فەرهەنگێکی کوردیان دانا لەسەر شێوەی دەستنووس و بەگوێرەی زانیاریەکانم تائێستا چاپ نەکراوە).

کاتێک کە گەڕیدە (ب. گارزونی) باسی یەکەم موژدەبەخش (سولدینی و باوکە ڕۆفائیل زیروفونسکی) دەکات، کە هەردووکیان چەندان ساڵ بە یەکەوە لە سەدەی هەژدەهەم لە کوردستان لە ناوچەیەک لە باکووری شاری موسڵ ژیاون، بەڵگەیەکی زیندووە بۆ کوردێتیی و کوردستانێتیی بوونی شاری موسڵ، چونکە ئەو دەڵێت: (ئەوان چەندان ساڵ بەسەریەکەوە لە کوردستان لە ناوچەیەک کە دەکەوێتە باکووری موسڵ دەژیان)، کەواتە بە بۆچوونی ئەو شاری موسڵ کەوتۆتە نێو سنووری کوردستان و بە بەشێکی کوردستانی دادەنێت، بۆیە بەمشێوەیە باسی ئەو شارەی کردووە. هەر بۆیە دەکرێت یاداشتەکانی ئەو گەڕیدەیە بە بەڵگەیەکی گرنگ بژمێردرێت بۆ سەلماندنی کوردستانێتیی و کوردێتیی ئەو شارە.

سەرهەنگ عەبدولوەحید، ئەفسەرێکی پاکستانی بووەو لەسەر داخوازی وڵاتەکەی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە وڵاتی ئێراقدا کاری کردووەو، لە ساڵی (1955)دا پەرتووکێکی بە زمانی ئینگلیزی لەسەر مێژووی کورد و کوردستان بەناوی (کورد و نیشتمانەکەی) نووسیوە، کە سەلاحەدینی عەبباسی وەریگێڕاوەتە سەر فارسی. سەلاحەدینی عەبباسی، لە پەڕاوێزی ژمارە (6)ی لاپەڕە (40)ی ئەو پەرتووکەدا نووسیوێتی: (نەینەوا وشەیەکی کوردییە (نین + وا) مانای ئەو شوێنەیە کە لە لایەن (نینە) یەکێک لە پاشاکانی ئاشورەوە لە (2018پ. ز)دا ئاوا کراوەتەوە).

سەرەتا دەبێت ئەوە ڕاست کەمەوە کە (نین)، کورد بووە و شاری موسڵی دروست و ئاوەدان کردبێتەوە. هەروەکو لە شوێنێکی تریش ئاماژەم پێکردووە (نین ئاوا= نوون ئاوا) واتا شاری یان گوندی (نون)ی پێغەمبەر. ئەو نون پێغەمبەرە کوردە، قورئانیش لە سورەتی (الانبیاء)، ئایەتەکانی (87+88) ئاماژەی پێکردوە. کاتێک کە سەلاحەدینی عەبباسی باسی ئەوە دەکات کە نەینەوا وشەیەکی کودییە، ئەوە

ئاماژەیەکە بۆ کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری نەینەوا (موسڵ)، چونکە ناونانی شارەکە بە ناوێکی کوردی (نەینەوا) لەو سەردەمدا، کارێکی لەخۆڕا نەبووە. بەڵام دوای هاتنی عارەب بۆ ناوچەکە هەم ناوی شارەکەو هەم ناوچەکەو هەم دانیشتوانی دەڤەرەکە بەعارەب کران.

سەرهەنگ عەبدولوەحید، لە لاپەڕە (49)ی ئەو پەرتووکەدا نووسیویێتی: (هەرچەندە موسڵ و ئامێدی و ڕواندز کە گرنگترین ناوەندەکانی کورد بوون و لەژێر دەستی سوڵتان سەلاحەدینی ئەیووبیدا (1137–1193) بوو بەڵام ئەو پایتەختەکەی نەگوێزایەوە بۆ هیچ کام لەم شارانەو زیاتر لەمافی خۆیان یارمەتی نەدان).
دانپێدانانی ئەفسەری پاکستانی سەرهەنگ عەبدولوەحید بەوەی کە شاری موسڵ یەکێک بووە لە ناوەندە گرنگەکانی کورد لە سەردەمی سەلاحەدینی ئەیووبیدا، بەڵگەیەکی تری کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ–ە، چونکە کاتێک شارێک دەبێتە ناوەندێکی کوردی کە شارەکە کوردی بێت و لەنێو سنووری کوردستاندا بێت، کە گومان لەوەدا نەبووەو موسڵ نەک تەنیا شارێک بووە لە سنووری کوردستان، بەڵکو پایتەختی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بووە بە درێژایی تەمەنی ویلایەتەکە.

سەرهەنگ عەبدولوەحید، لە لاپەڕە (87)ی پەرتووکەکەیدا نووسیویێتی: (نادر قولی خان سوێندی خواردبوو کورد لەسەر زەوی پاک بکاتەوە. ئەمجارەیان جەنگی بە ئابڵوقەدانی موسڵ – گرنگترین شاری کوردستان – لە ئەیلولی (1743ز) دەستپێکرد. دوای تەسک بوونەوەی بازنەی ئابڵوقەکە، بەپێی نەخشەیەکی زۆر ورد، سوپاکەی نادر بەشێکیان لە دیواری شار ڕوخاند، بەڵام کوردە ئازاکان مەردانە کەوتنە بەرگریکردن و بە دیوارێک لە لاشەی دوژمنان، ئەو بەشەیان پڕکردەوەو توانیان ئەو هێزە بەرەو دواوە ڕاوبنێن).
ئەوەی کە ئەفسەری نووسەر سەرهەنگ عەبدولوەحید ئاماژەی پێکردووە، دوو شتمان بۆ دەردەخات کە ئەمانەن: یەکەم ئەو مێژووەی کە نادر قولی خان هێرشەکەی بۆ سەر کوردستان کردووە کە ساڵی (1743) بووە، موسڵ شارێکی گرنگی کوردستان بووە، هەروەها دووەمیان ئەو ساڵەی کە نووسەر پەرتووکەکەی

تیا نووسیوە کە ساڵی (1955) بووە، موسڵ هێشتا وەکو شارێکی گرنگی کوردستان دەناسرا، هەر بۆیەش نووسەری ناوبراو بەمشێوەیە لە باسی هێرشی نادر قولی خاندا، شاری موسڵ بەگرنگترین شاری کوردستان ناودەبات، کە مەبەستی ئێمەی بە جوانی پێکاوە.

سەرهەنگ عەبدولوەحید، لە لاپەڕە (103)ی پەرتووکەکەیدا نووسیوێتی: (ماوەیەک بوو لەم ناوچانە نەوت دۆزرابۆوە. (ویلیام دارسی) لە ساڵی (1901ز)دا چاوگی (ئیمتیازی) دەرهێنانی نەوتی لە شا وەرگرت و توانی چاڵە نەوتییەکانی ناوچە کوردییەکانی (ئێران) دەست نیشان بکات، هەر لەو کاتەدا ئەڵمانییەکانیش لەتورکیا کەوتنە گەڕان بەدوای نەوت داو لە ناوچە کوردنشینەکانی موسڵ و کەرکوک دەستیان کەوت). هەر دوو دێر خوارتر سەرهەنگ عەبدولوەحید نووسیوێتی: (دوای نەمانی ئیمپراتۆری عوسمانی لە ساڵی (1918)ی زایینی دابەشکردنی ناوچە نەوتییەکان ئاڵۆزترین کێشەی دەوڵەتە سەرکەوتووەکان بوو، ویلایەتی کوردنشین و پڕ لە نەوتی موسڵ جارێک ئەکەوتە دەست فەرەنساییەکان و جارێکی تر ئەکەوتەوە دەسی تورکەکان، پاشان لە کۆتاییدا بوو بە بەشێک لە خاکی ئێراق کە لەژێر فەرمانڕەوایەتی بەریتانیا دابوو).

کاتێک کە (سەرهەنگ عەبدولوەحید) دەنووسێت: (ئەڵمانییەکان کەوتنە گەڕان بەدوای نەوت لە ناوچە کوردنشینەکانی موسڵ و کەرکوک لە تورکیا)، یان (ویلایەتی کوردنشین و پڕ لە نەوتی موسڵ) یاخود کە دەنووسێت: (لە کۆتاییدا ویلایەتی موسڵ بوو بە بەشێک لە خاکی ئێراق)، ئەمانە هەمووی دەیسەلمێنن کە شارو ویلایەتی موسڵ خاکی کورد و بەشێکی کوردستان و نیشتمانی کوردان بووە، چونکە لە لایەک ئەڵمانییەکان گەڕان بەدوای نەوت لە ناوچە کوردنشینەکان کە دەکاتە کوردستان و لە سنووری دەوڵەتی عوسمانی بووە نەک ئێراق، لە لایەکی تریشەوە ئاشکەرای دەکات کە ویلایەتی پڕ لە نەوتی موسڵ ویلایەتێکی کوردنشینە، مادام کوردنشین بێت کەواتە هی کوردە و سەر بە کوردستان–یشە، هەروەها کاتێک کە بە بڕیارێکی ناڕەوا جا لەهەر لایەنێک و دەزگایەکەوە دەرچووبێت کرا بە بەشێک لە ئێراق، دەیسەلێنێ کە تاوەکو پێش بڕیاری لکاندنەکە نە بەشێک بووە لە ئێراق و نە هیچ پێوەندییەکیشی بەو وڵاتەوە هەبووە.

میرێللا گەلێتی، کە مێژوونووسێکی ئیتاڵییە و لە لاپەڕە (46)ی پەرتووکەکەیدا بەناوی (کورد و کوردستان لە نووسراوەکانی ئیتاڵیدا لە سەدەی سێزدەم – نۆزدەم)دا نووسیویێتی: (دێلله ڤاللیَ لە ئازاری (1617ز)دا بەغدا بەجێدێڵێ و رووودەکاتە ئێران، کاتی تێپەڕبوونی بە کوردستاندا ڕاپۆرتێکی ڕێکوپێک لەسەر ناوچەکە دەنووسێ، ئەو یەکەمین جیهانگەڕی ئیتاڵی بووە، وە لەوانەشە لەسەر ئاستی ئەوروپاش کە بەشێوەیەکی دروست دەست نیشانی گەورەیی و فراوانی نیشتمانی کوردانی کردبێت، کە لە بابیلۆنا (بەغدا) دەست پێدەکا تاکو دەگاتە نەینەوا لە سەرەوە، لە لایەکی تریشەوە لە کەنداوی فارسەوە دەست پێدەکا تاکو ئەرمینیا نزیکی دەریای رەش).

ئەوەی کە لێرەدا مێژوونووسی ئیتاڵی (میرێللا گەلێتی) ئاماژەی پێکردووە، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە بەگوێرەی دیاریکردنی سنووری نیشتمانی کورد (کوردستان) لە لایەن جیهانگەڕی ئیتاڵی (دێلله ڤاللیَ)، ئەو شارە دەکەوێتە ناو سنووری کوردستان، کاتێک کە دەڵێت سنووری کوردستان لە بەغداوە دەست پێدەکا تادەگاتە نەینەوا لە سەرەوە.

مێژوونووسی ئیتاڵی، میرێللا گەلێتی، لە لاپەڕە (50)ی پەرتووکی (کورد و کوردستان لە نووسراوەکانی ئیتاڵیدا لە سەدەی سێزدەم – نۆزدەم)دا دەڵێت: (ئەنجێلۆ لیگرێنسی کە گەڕیدەو مێژوو نووسێکی ئیتاڵییە دوای گەشتێکی بۆ کوردستان چەند زانیارییەک لە ساڵی (1705)دا دەربارەی هەندێ لە شارە کوردیەکان دەنووسێ، وەکو بەتلیس –بەرگی دووەم، لاپەڕە 62-63، موسڵ و هەولێر –بەرگی دووەم، لاپەڕە 67-70، هەروەها کەرکوک –بەرگی دووەم، لاپەڕە 71).

بەگوێرەی ئەو پەرتووکەی میرێللا گەلێتی و ئاماژەکردن بە نووسینەکانی گەڕیدەو مێژوونووسی ئیتاڵی (ئەنجێلۆ لیگرێنسی) کە ناوی چەند شارێکی وەکو بەتلیس، موسڵ، هەولێر و کەرکوکی بە شاری کوردستانی ناوبردووە، شاری موسڵ یەکێکە لە شارە گرنگەکانی کورد و دەکەوێتە نێو سنووری باشووری کوردستان، بەمەش

مێژوونووسی ناوبراو بەڵگەیەکی تر دەخاتە پاڵ بەڵگەنامەکانی تر بۆ سەلماندنی کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری ناوبراو.

میرێللا گەلێتی، مێژوونووسی ئیتاڵی، لە لاپەڕە (70)ی هەمان سەرچاوەدا دەڵێت: (مێژوونووسی ئیتاڵی ف. سی. مارمۆکی لە پەرتوکەکەی خۆیدا کە لەساڵی (1875)دا بە چاپی گەیاندووە، چەند باسێکی مێژوویی لەسەر شارە کوردیەکان هەر لە مێژووی کۆنەوە تاکو سەدەی (13)ی زایین تیایە، ئەوە دەگێڕێتەوە کە شاری بەتلیس بە قسەی کوردەکان لەدوای لافاوەکەی نووح دروستکراوە، بەڵام بە قسەی ئەرمەنەکان گوایە لە لایەن ئەلیکسەندەری مەکدۆنیەوە دروستکراوە، (بەرگی دوو – لاپەڕە 51)، هەروەها باسێکی وڵاتی موسڵ و هەولێر دەکات لە بەرگی دوو – لاپەڕە 66).

بەگوێرەی ئەو پەرتووکەی میرێللا گەلێتی و ئاماژەکردنی بە پەرتووکەکەی مێژوونووسی ئیتاڵی (ف. سی. مارمۆکی)، شاری موسڵ شارێکە لە شارە گرنگەکانی کورد و کوردستان، چونکە نووسەری ناوبراو ناوی شارەکانی بەتلیس، موسڵ و هەولێری وەکو سێ شاری کوردی بردووە، کەواتە ئەوەش دەبێتە بەڵگەیەکی تری کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ.

میرێللا گەلێتی، لە لاپەڕە (97)ی پەرتووکی (کورد و کوردستان لە نووسراوەکانی ئیتاڵیدا لە سەدەی سێزدەم – نۆزدەم)دا، نووسیویێتی: (جولەکەکان لە کوردستاندا ژمارەیان زۆربوو، گەڕەکی جولەکان لە موسڵ زۆر کۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سارگۆن پاشای ئاشوریەکان کە لە ساڵی (720ی پ.ز)، دە هۆزی جولەکەی بەدیل گرتبوون و ڕایگواستبوونەوە بۆ ناوچەکە. لە سەردەمی داگیرکردنی عارەبیش، جولەکەکان ژمارەیان لە موسڵ زۆربووە).

کاتێک کە مێژوونووسی ئیتاڵی (میرێللا گەلێتی) باسی جولەکەکانی دانیشتووی کوردستان دەکات، بەڵگەیەکی تری کوردێتیی و کوردستانێتیی ئەو شارەمان دەخاتە نێو دەست، چونکە ئەو دەنووسێت: (جوولەکەکان لە کوردستاندا ژمارەیان زۆربوو، گەڕەکی جوولەکان لە موسڵ زۆر کۆنە)، کەواتە ئەو مێژوونووسە شاری موسڵ بە

شارێکی کوردستانی دادەنێت، بۆیە بەمشێوەیە باسی دەکات و دەیخاتە نێو سنووری کوردستان.

جۆن کیگان، مێژوونووسی بەریتانی کە یەکێکە لەو مێژوونووسانەی بایەخێکی زۆر دەدات بە کاروباری سوپاو دەربارەی شەڕو شۆڕ زۆر دەنووسێت، لە لاپەڕەکانی (17–18)ی پەرتووکی (شەڕ لە ئێراق)دا کە لیسە سشمیت، لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە دانمارکی، نووسیویێتی: (خەڵاتێکی پازدە ملیۆن دۆلاری بووە هۆی ئەوەی کە هەردوو کوڕەکەی سەدام، قوسەی‌و عودەی کە زۆر دڕندانە بەربووبوونە گیانی ئەو بەرهەڵستکارە ڕامیارییانە کە دژی باوکیان (سەدام) بوون، لە ڕۆژی (22.7.2003)دا ناپاکیان لێبکرێت و لە پەلامارێکدا لە شاری موسڵ لە باکووری عێراق بکوژرێن. وا پێدەچوو کوردستان پەناگەیەکی خەراپ بێت بۆ خۆشاردنەوەی کوڕەکانی دیکتاتۆر).
کاتێک کە نووسەری بەریتانی (جۆن کیگان) باسی کوشتنی کوڕەکانی دیکتاتۆری ئێراق دەکات، کە لە ڕۆژی سێشەممە (22.7.2003)دا لە شاری موسڵ–دا کوژران، نووسینەکەی ئەو بەڵگەیەکی زۆر گرنگە بۆ سەلماندنی کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ، چونکە جۆن کیگان نووسیویێتی: (واپێدەچوو کوردستان پەناگەیەکی خەراپ بێت بۆ خۆشاردنەوەی کوڕەکانی دیکتاتۆر)، کەواتە نووسەری ناوبراو شاری موسڵ بە شارێکی کوردستان دادەنێت، بۆیە بەمشێوەیە باسی دەکات.

جۆن کیگان، لە لاپەڕەکانی (25–26)ی هەمان سەرچاوەی پێشوودا، نووسیویێتی: (عوسمانییەکان، ئێراقیان دابەشکردبوو بەسەر سێ ویلایەت یان هەرێمدا، مەڵبەندی ویلایەتەکان بەمشێوەیە بوو: موسڵ لە باکوور کە ناوچەی کوردەکانە، بەغدا لە ناوەڕاست کە زۆربەی زۆریان سوننەن، هەروەها بەسرا لە باشوور کە زۆربەی زۆریان موسڵمانی شیعەن).
بەگوێرەی ئەو دابەشکردنەی ئێراق بەسەر سێ ویلایەتدا لە لایەن نووسەری بەریتانی (جۆن کیگان)، تەواوی ویلایەتی موسڵ بەشارەکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) ویلایەتێکی کوردی و بەشێکە لە خاکی کورد و کوردستان، چونکە نووسەری ناوبراو زۆر ڕاشکاوانە ویلایەتی موسڵ بە

ناوچەیەکی کوردی ناودەبات، مادامیش ویلایەتی موسڵ ناوچەیەکی کوردی بێت، کەواتە ویلایەتەکە بە تەواوی شارو خاکەکەیەوە، شاری کوردی و سەر بە باشووری کوردستانن.

جۆن کیگان، لە لاپەڕە (30)ی هەمان سەرچاوەی پێشوودا، نووسیویێتی: (کاتێک کە عوسمانییەکان لە ئۆکتۆبەری ساڵی (1918)دا ئاگربەستیان ڕاگەیاند، تەواوی ئێراق و پاشان ناوچە بە نەوت دەوڵەمەندەکانی باکوور کەرکوک و موسڵ – کە هەرێمی کوردین، کەوتە ژێردەستی بەریتانییەکان).

ئەوەی کە نووسەری بەریتانی جۆن کیگان ئاماژەی پێکردووە، کوردبوون و کوردستانی بوونی شاری موسڵ و تەواوی شارەکانی تری ویلایەتی موسڵ دەگەیەنێت، چونکە ناوبراو هەردوو شاری موسڵ و کەرکوک بە ناوچەو هەرێمی کوردی ناو دەبات، مادامیش ناوچەو هەرێمی کوردی بن، کەواتە شاری کوردین و دەکەونە باشووری کوردستان.

جۆن کیگان، لە لاپەڕە (190)ی هەمان سەرچاوەی سەرەوەدا، نووسیویێتی: (لە هێرشی مارتسی (2003)دا، هاوپەیمانەکان پێویستییان بە کۆششێکی زۆر نەدەکرد لەپێناو گەیشتنیان بە ئامانجی یەکەمی خۆیان، چونکە ئامانجەکەیان کە دەکەوتە ناو خاکی ئێراق زۆر لە نزیک هێزی بەرەڤانی هاوپەیمانان بوو لە کوێت، ئامانجەکەیان پەیوەست بوو بە چاڵگە نەوتەکانی (ڕومەیلە) کە بریتی بوون لە نزیکەی (1000) بیرە نەوت، ئەو چاڵگانە بە پلەی دووەم دێن لەدوای چاڵگەکانی کەرکوک و موسڵ لە کوردستان کە دەوڵەمەندترین چاڵگەن لە ئێراقدا).

بەگوێرەی ئەو بۆچوونانەی نووسەری بەریتانی جۆن کیگان، شارەکانی موسڵ و کەرکوک شاری کوردی و سەر بە باشووری کوردستانن، چونکە نووسەری ناوبراو زۆر بە ئاشکەرا باسی ئەوەی کردووە کە شارەکانی موسڵ و کەرکوک دەکەونە کوردستان، کاتێک کە دەنووسێت: (چاڵگەکانی کەرکوک و موسڵ لە کوردستان). بۆیە دەکرێت ئەو ئاماژەیەی (جۆن کیگان) وەکو بەڵگەیەکی بە نرخی کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ بەکاربهێنین.

ئێریک براوەر، لە لاپەڕە (11)ی پەرتووکی (یهود کوردستان)دا نووسیویێتی: (ژمارەی ئەو جوولەکانەی کە لەساڵی (1947)دا لە پارێزگای (لیوا)ی هەولێر دەژیان (3109) کەس، وە لە پارێزگای کەرکوک (4042)، وە لە پارێزگای (لیوا)ی موسڵ (10.345)، وە لە سلێمانی (2271)، وە لە دیالە (2851)، بەمشێوەیە کۆی گشتی جوولەکەکانی کوردستانی ئێراق بەتێکڕایی دەکاتە (22.618). وە ئەم ژمارانەش لەچوارچێوەی (مادەی کوردستان) لە (ئینسایکلۆپیدیای جودیاکا) بڵاوکراوەتەوە، کە (بن یەعکوف) نووسیویێتی).

کاتێک کە نووسەر (ئێریک براوەر) لە سەرژمێرکردنی جوولەکەکانی کوردستاندا ژمارەی جوولەکەکانی پارێزگاکانی (هەولێر، کەرکوک، موسڵ (نەینەوا+دهۆک)، سلێمانی و دیالە) دەخاتە پاڵ یەک، بەڵگەیەکی تری کوردبوون و کوردستانیی بوونی ئەو شارەمان بۆ ئاشکەرا دەکات، چونکە دیارە ئەو پێی وایە کە شارەکانی (هەولێر، کەرکوک، موسڵ (نەینەوا+دهۆک)، سلێمانی و دیالە) شاری کوردی و سەر بە خاکی کوردستانن، بۆیە وەکو شاری کوردستانی ناویان دەبات.

ئێریک براوەر، لە لاپەڕە (43)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (لە ساڵی (1848)دا (پی. أچ. ستیرنشس) ئەویش بە گەشتێک هەڵساو لەو گەشتەدا سەردانی کۆمەڵگای جوولەکەکانی کرد لە کوردستان، لە کەرکوک، هەولێر و موسڵ. وە لە هەموو شوێنەکاندا پەرتووکی پیرۆز (تەورات)ی فرۆشت و، هەروەها زۆری لەو پەرتووکە گەیاندە ڕاڤاندی (ڕواندز).

کاتێک کە نووسەر (ئێریک براوەر) لە گەشتەکەی خۆیدا باسی سەردانی کۆمەڵگای جوولەکەکان لە کوردستاندا دەکات و، شارەکانی موسڵ، کەرکوک و هەولێر وەکو سێ شاری کوردستانی ناودەبات، بەڵگەیەکی ترمان دەداتێ لە بەڵگەکانی کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ، چونکە ئەو پێی وایە کە ئەو سێ شارە شاری کوردی و سەر بە کوردستانن، بۆیە بەمشێوەیە ناوی بردوون.

ئێریک براوەر، لە لاپەڕە (77)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا سەبارەت بە شاری موسڵ نووسیویێتی: (لەکاتی سەرلەنوێ نەخشەکێشانی ناوچەکەدا لەدوای شەڕ، ئینگلتەرە ماندێتی خۆی بەسەر ئێراقدا سەپاند بۆ ماوەی بیست و پێنج ساڵ.

هەروەها لە ساڵی (1921)دا ئێراق بوو بە دەوڵەت و، فەیسەڵ-یش بوو بە شا. لەگەڵ ئەوەشدا ماندات بەردەوام بوو. دواتر ئێراق دابەشکرا بەسەر چەند پارێزگایەک (لیوایەک) کە هەر یەکەیان پارێزگارێک بەڕێوەی دەبرد. وە هەر پارێزگایەکیش بەسەر چەند قەزایەک کە قایمقام بەڕێوەی دەبرد، لەگەڵ چەند ناحیەیەک کە بەڕێوەبەرانی ناحیە بەڕێوەیان دەبردن. پارێزگا کوردییەکان ئەمانە بوون: موسڵ، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە).

ئەوەی لە سەرەوەدا (ئێریک براوەر) نووسیویێتی، بەڵگەیەکی پڕ بایەخ و کەم وێنەی کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو ڕاستەوخۆ ناوی شاری موسڵ وەکو پارێزگایەکی کوردیی ناودەبات، ئەگەر پارێزگاکەش پارێزگایەکی کوردیی بێت، بەدڵنیاییشەوە دەبێتە شارێک و پارێزگایەکی سەر بە باشووری کوردستان.

بروس واکێر، لە بابەتێکی خۆیدا لەژێر ناوی (کوردستانێکی ئازاد)دا کە لە ماڵپەڕی (Newsbyus)دا بڵاویکردۆتەوەو، عەبدولڕەحمان عەلی لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی وەریگێڕاوەو لە لاپەڕە (7)ی ژمارە (44)ی ڕۆژنامەی (هەولێر پۆست)ی ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (7.5.2006)دا بڵاوکراوەتەوە، بروس واکێر، نووسیویێتی: (هێزەکانی هاوپەیمان بە دژایەتیکردن لەگەڵ ئەگەری دابەشبوونی ئێراق، پشتگیری لە ویستی ناماقوڵانەی سوننە دەکەن. بەڵام لە ئێستادا پێویستە سەرۆک بووش بیر لە دابەشبوونی ئێراق بکاتەوەو بیپەرژێنێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئێراق پێویستە بەسەر سێ نەتەوەی جیاوازدا دابەش بکرێت. ناوەڕاستی ئێراق و بەغدا کە لە ڕووی ئابووری و سروشتییەوە زۆر گرینگ نین بۆ عارەبی سوننەو بەسرەو ناوچە باشوورییەکان بۆ عارەبی شیعە کە دەتوانن بەبێ پشتیوانیی ئێران خۆیان بەڕێوە ببەن، هەروەها موسڵ کە لە ڕاستیدا لە سەرەتادا نیشتمانی کوردان بووەو ناوچە نەوتاوییەکانی دیکەی باکوور بدرێتە کورد. بەو شێوەیەش بۆ ئەمەریکا باشە کە پشتگیری لە ئاوەها دابەشبوونێک بکات).

ئەوەی کە نووسەر بروس واکێر ئاماژەی پێکردووە، کوردبوون و کوردستانیی بوونی تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ دەگرێتەوە، چونکە نووسەری ناوبراو بە ئاشکەراو بێ پێچ و پەنا باسی ئەوە دەکات کە ویلایەتی موسڵ خاک و نیشتمانی

کورد بووە. هەمووشمان دەزانین کە ویلایەتی موسڵ لە شارەکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) پێکدەهات، کەواتە شاری موسڵ شارێکی کوردی و سەر بە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)ە.

ڕالف پیتەرس، ئەفسەرێکی خانەنشینی ئەمریکی و ڕۆژنامەنووسێکی بە توانایەو ئێستاش خوێندکاری خوێندنی باڵایە لە زانکۆی ساوس ئوستراليا، لە بابەتێکیدا لەژێر ناوی (ئێستا کاتی دابەشکردنی ئێراق هاتووە)دا کە لە ڕۆژی (10.7.2003)دا لە ڕۆژنامەی (نیۆریۆک پۆست)دا بڵاوکراوەتەوەو، شێرکۆ کرمانج وەریگێڕاوە بۆ کوردی و لە لاپەڕە (2)ی ژمارە (4)ی هەفتەنامەی (گەڕانەوە)، ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی (9.8.2003)دا بڵاوکراوەتەوە، ڕالف پیتەرس، نووسیویێتی: (دابەشکردنی ئێراق دەبێ بە دوو قۆناغدا تێپەڕبێت. قۆناغی یەکەم، ئێستاکانە دەبێ وڵاتەکە بەسەر سێ هەرێمی فیدراڵ دابەش بکرێت، بۆ ئەوەی عارەبە سوننیەکان دوا چانسیان بدرێتێ کە ڕیفۆرمەکان لە ئامێز بگرن).

- هەرێمی یەکەم ناوچە شیعەیەکانی باشوور بگرێتەخۆ بە هەموو چاڵە نەوتەکانی باشوورەوە.
- دووەم کوردستانێکی فراوانکراو کە هەردوو شارە بە مێژوو کوردەکەی کەرکوک و موسڵ بگرێتەوە بە چاڵە نەوتەکانی باکووری ئێراقەوە.
- پاشماوەی ئەوانەی سەرەوە هەرێمی سێیەمی عارەبە سوننییەکان پێک بێنێت کە وەک ساندەویچ ئاخێنرابێتە نێوان هەردوو هەرێمەکەی دیکە.
- بەغداش وەک ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی بێت).

ڕۆژنامەنووس و ئەفسەری ناسراوی ئەمەریکی (ڕالف پیتەرس)، بەڵگەیەکی تری کوردستانیی بوون و کوردبوونی شارەکانی موسڵ و کەرکوک دەخاتە بەردەستمان، کاتێک کە زۆر ڕاشکاوانە لە دابەشکردنی دەوڵەتی ئێراقیدا بەسەر چەند هەرێمێکی فیدراڵیدا، داوا دەکات کە هەرێمی کوردستان هەردوو شارەکانی موسڵ و کەرکوک بگرێتە خۆی لەگەڵ هەموو ناوچە نەوتاوییەکانی تر، چونکە ئەو ڕۆژنامەنووسە ئەمەریکییە هەدوو شاری موسڵ و کەرکوک بە دوو شاری مێژوویی کوردی ناودەبات.

دکتۆر فەرهاد پیربال، لە لاپەڕە (72)ی پەرتووکی (زێڕی ناو زبڵ)دا، نووسیویێتی: (ژان پاپتسیت تاڤێرنیێ، گەڕیدەو بازرگانی فەرەنسی لە گەشتنامەکەی خۆیدا (شەش سەفەر بەرەو وڵاتی تورکیا و ئێران)دا نووسیویێتی: (کوردستان، کە جاران ناوی (ئاسیریا) بوو، تەواوی ڕۆژهەڵاتی دیجلە دەگرێتەوە، هەر لە گۆمی وانەوە تا دەگاتە کەوشەنەکانی بەغدا. شارە گرنگەکانی ئەمانەن: نەینەوا، شارەزوور، ئامێدی، سنێرن، بەتلیس و سەلماس).

ئەو ناوهێنانەی شاری نەینەوا (موسڵ) بە شارێکی کوردستان، لە لایەن گەڕیدەی ناسراوی فەرەنسی (ژان پاپتسیت تاڤێرنیێ)، کە لەنێوان ساڵانی (1605–1689)دا لە پاریس ژیاوەو، دووجار لە ساڵانی (1644)و (1652)دا هاتۆتە موسڵ، بەڵگەیەکی تری کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەخاتەڕوو، چونکە ئەو گەڕیدە فەرەنسیە زۆر ڕاشکاوانە ڕاستەوخۆ ناوی شاری نەینەوا بردووەو بە شارێکی کوردستانیی دادەنێت.

دکتۆر فەرهاد پیربال، لە لاپەڕە (3)ی ژمارە (183)ی هەفتەنامەی (هەواڵ)دا لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (موسڵ و کەرکوک و خانەقین .. زرنگکاری (سیاسەتی) بەعارەبکردن سیاسەتێکی لە بەعس کۆنترە)دا نووسیویێتی: (سەرجەم نووسەرو گەڕۆک و زانا ئیسلامییەکان لە پەرتووکەکانی خۆیاندا، هەروەها گەڕۆکە فەڕەنسی و ئیتاڵیەکانیش بۆ نموونە مارکۆ پۆڵۆی ئیتاڵی و ژان پاپتسیت تاڤێرنیێ فەڕەنسی لە ساڵانی (1200) و (1600)دا لە گەشتنامەکانی خۆیاندا ئاماژە بەوە دەدەن کە شاری موسڵ و کەرکوک لە ماوەی ساڵانی (600) تا ساڵانی (1700)دا، دوو شاری کوردنشین و کوردیزمان بوونە. ڕێبەرانی ئایینی ئیسلام لە ساڵانی (620) بەملاوە، پاشانیش دەوڵەتی خەلافەتی عارەبی ئیسلامی، وردە وردە کەوتە پیادە کردنی بەعارەبکردنی ناوچە کوردستانییەکان بەتایبەتی موسڵ و کەرکوک، ئەویش بە نیشتەجێکردنی هۆزە عارەبەکان لەو هەرێمە داگیرکراوانەی کوردستاندا. ئەمەش چونکە دەسەڵاتی ناوەندی خەلافەت لەوە دەترسا کە شارە داگیرکراوەکانی کوردستان ڕاپەڕن و دەسەڵاتی عارەبە موسڵمانەکان وەدەربنێن).

دانپێدانانی کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شارەکانی موسڵ و کەرکوک لە لایەن هەردوو گەڕیدە (مارکۆ پۆڵۆ 1254–1323)ی ئیتاڵی، کە یەکەم کەس بووە

وشەی (کوردستان)ی خستۆتە ناو پەرتووک، هەروەها (ژان پاپتسیت تاڤێرنێی) فەڕەنسی لە گەشتنامەکانیاندا، بەڵگەیەکی تری کوردستانێتیی و کوردێتیی هەردوو شاری موسڵ و کەرکوک دەخاتەڕوو، چونکە ئەوان هەردووکیان لە پەرتووکەکانی خۆیاندا جەختیان لەسەر کوردستانێتیی هەردوو شارەکە کردۆتەوە هەر لە سەدەی حەوتەمەوە هەتاوەکو سەدەی هەژدەهەمەوە.

وەهاب شا محەمەد، لە وتارێکیدا (شەبەک، یەکێک لە هۆزە گرنگ و دانەبڕاوەکانی کورد)دا کە لە لاپەڕە (9)ی ژمارە (4104)ی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، هەینی ڕێکەوتی (20.10.2006)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (ڕۆژهەڵاتناسی ئینگلیزی (جێمس سلیک پەکینگهام)، کاتێک لە ساڵی (1816)دا سەردانی شاری موسڵ-ی کردووە، باس لەوە دەکات کە زۆربەی دانیشتوانی شاری موسڵ کوردن و ئەوانی تر خەڵکانی تێکەڵن).

ئەوەی کە مێژوونووس و ڕۆژهەڵاتناسی ئینگلیزی (جێمس سلیک پەکینگهام) ئاماژەی پێکردووە، بەڵگەیەکی تری کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ بەدەستەوە دەدات، چونکە کاتێک کە زۆربەی زۆری دانیشتوانی شاری موسڵ کوردبن، کەواتە دەبێت شارەکەش شارێکی کوردی و سەر بە کوردستان بێت، ئەوە لە کاتێکدا کە ئەو شارە (موسڵ) هەر لە سەرەتای هێرش و پەلاماری میلیشیا عارەبە موسڵمانەکانەوە لەژێر پەردەی ئایینەوە، دەستیانکرد بە بەعارەبکردنی ئەو شارەو چەندان شاری تری کوردستان.

دکتۆر عوسمان عەلی، لە لاپەڕە (342-344)ی پەرتووکی (چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد)داو، بە پشت بەستنی بە بەڵگەنامەی ژمارە (1) (REF: FO 95/2458) کە بریتییە لە نامەیەکی (ج. ن. سمیت)، ئەفسەری سوارەی سووک بۆ یاریدەدەری قونسوڵیەتی بەریتانی لەوان و (مالیت) باڵوێزی میری خاوەن شکۆی پاشایەتی بەریتانی/ ئەستەنبوڵ، کە لە ڕێکەوتی (13)ی ئازاری (1914)دا بۆیانی نووسیوە، لە نامەکەی سمیتدا هاتووە: (گەورەییە بۆمن هێزێکی سەربازی دیاریکراو ئامادە بکەم لەدژی شێخی بارزان و شوێنکەوتوانی.. شێخ بە یەکێک لەو پێنج شەش شێخە بەهێزەی کوردستان دەژمێردرێت، کە لە ناوچە

شاخاوییەکانی درێژایی سنووری هەردوو ویلایەتی وان و موسڵ، کاریگەری لەناو شێخەکان و ئاغاکاندا هەیە). ئەو دانپێدانانەی ئەفسەری سوارەی بەریتانی (ج. ن. سمیت)، بەوەی کە ویلایەتی موسڵ و وان دەکەونە نێو کوردستان، کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ دەسەلمێنێت، چونکە کاتێک کە ویلایەتی موسڵ ویلایەتێک بێو بکەوێتە کوردستان، کەواتە تەواوی شارەکانی سەر بە ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵی پایتەختی ویلایەتەکەش، شاری کوردی و سەر بە کوردستانن. کەواتە دەکرێت ئەو ئاماژەیەی ئەو ئەفسەرە بەریتانیە، وەکو بەڵگەیەکی گرنگ و پڕ لە بایەخی کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ و تەواوی شارەکانی تری سەر بە ویلایەتی موسڵ بەکاربهێنرێت.

درک کینان ڕۆیلۆفسما، لە بەرگی یەکەمی پەرتووکی (کورد و کوردستان)دا نەخشەیەکی کوردستانی گەورەی داناوەو، بەگوێرەی نەخشەکە شاری موسڵ دەکەوێتە نێو سنووری کوردستان.

لەو نەخشەیەی کە نووسەر (درک کینان) دروستیکردووەو لەسەر بەرگی یەکەمی پەرتووکی ناوبراودا دایناوە، سنووری کوردستانی ئێراق لە باشوورەوە لەسەر سنووری ئێراق-سوریا واتە باشووری شەنگاڵ دەست پێدەکات و، بە درێژایی باشووری شاری موسڵ تێدەپەڕێ بەرەو ئاراستەی ڕووباری دیجلە و بە کەناری ئاراستەی دیجلەدا تا دەوروبەری باکووری شاری بەغداو، لەوێشەوە بە هێڵێک بە ئاراستەی باشووری مەندەلی نزیک سنووری ئێراقی-ئێرانی دەڕوات). بەگوێرەی نەخشەکە بۆمان دەردەکەوێت کە (درک کینان) شاری موسڵ بە شارێکی کوردی و سەر بە باشووری کوردستان دادەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو شاری موسڵی خستۆتە نێو سنووری باشووری کوردستان، دوایی مادام سنووری کوردستان لە سنووری ئێراق-سوریا وە دەستپێبکات و بە باشووری شەنگال و باشووری شاری موسڵ تێپەڕ بکات، کەواتە پارێزگاو شاری موسڵ دەکەونە نێو سنووری باشووری کوردستان. نەخشەکە لە کۆتایی ئەم بەشەدا دانراوە.

درک کینان ڕۆیلۆفسما، لە لاپەڕە (71)ی پەرتووکی (کورد و کوردستان)دا نووسیویێتی: (هۆو سەرچاوەی شەڕی ئێستای کوردەکان لەگەڵ دەوڵەتی ئێراق

دەتوانرێ لە ڕاستیدا لە سەرنەکەوتنی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بزانرێ کە بڕیاربوو دوای شەڕی جیهانی یەکەم لە ویلایەتی موسڵ پێک بێ).

ئەو دەربڕینەی (درک کینان) لە سەرەوەدا بۆمان دەردەخات، کە نووسەری ناوبراو تەواوی ویلایەتی موسڵ بە خاک و نیشتمانی کورد دەزانێت، چونکە ئەو باسی ئەوە دەکات کە هۆی سەرەکی جەنگی نێوان کورد و دەوڵەتی ئێراقی لەسەر ئەوە بووە کە ڕێگە نەدراوە بە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی لە ویلایەتی موسڵ، کەواتە درک کینان ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بە تەواوی شارەکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) بە شاری کوردی و خاکی کوردستان دەزانێت.

سەلام ئەلعەبودی، لە بەشی سێیەمی وتارێکیدا لەژێر ناوی (کورد العراق تأريخهم .. وتهجيرهم)، کە ناوونیشانی پەرتووکێکی نووسەر (عەلی باباخان)ەو، بە مەبەستی خستنەڕووی ئەو پەرتووکە، ئەلعەبودی لە لاپەڕە (6)ی ڕۆژنامەی (التأخي)، ژمارە (4536)ی یەکشەممە (17.7.2005)دا بەشی سێیەمی وتارەکەی بڵاوکردۆتەوە. سەلام ئەلعەبودی، لە شرۆڤەکردنی ئەو پەرتووکەداو بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (17)ی پەرتووکی (الحركة الوطنية الديمقراطية في كوردستان العراق 1961-1968)ی نووسەری ئەرمەنی حەسرەتیان نووسیویێتی: (نەوت بە سەرچاوەیەکی سەرەکی بەرهەمەکانی کوردستانی ئێراق دادەنرێت. وە چەندان بیری نەوتی زۆر گرنگ لە ناوچەکانی کەرکوک و موسڵ و خانەقین هەیە کە (60%)ی بەرهەمی یەدەکی نەوتی ئێراق پێکدەهێنێ).

ئەوەی کە نووسەری ئەرمەنی حەسرەتیان باسی کردووە، کوردستانی بوون و کوردبوونی شاری موسڵ و تەواوی شارەکانی تری ویلایەتی موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو ڕاستەوخۆ شارەکانی موسڵ، کەرکوک و خانەقین بە شاری کوردیی و سەر بە کوردستانی ئێراق دەزانێت. کەواتە ئەمەش بەڵگەیەکی ترە لە بەڵگەنامەکانی کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵدا.

ماڵپەڕی (www.nu.nl) کە ماڵپەڕێکی هەواڵنێری گەورەیە لە هۆڵەندا، لەکاتی هەڵبژاردنەکانی مانگی (12)ی ساڵی (2005)داو لە ئاماژەکردن بە شاری موسڵ-دا

وەکو شارێکی کوردی ناوی دەبات، ئەمەش دەقی هەواڵەکەی ئەو ماڵپەڕەیە: (بەغداد- لە شاری موسڵ-ی کوردی ڕۆژی پێنجشەممە، حکومەت ڕایگەیاند لە ڕۆژی هەڵبژاردنەکاندا، لە یەکێک لە شوێنەکانی دەنگداندا بە دڵنیابییەوە پاسەوانێک کوژراو دوو پۆلیسیش بریندار بوون لە لایەن یاخی بووەکانەوە. لە بەغداش لە گەڕەکەکانی شاری سەدام و بابولموعەزەم دوو کەس بریندار بوون لە پەلامارێکدا، دوای دوو کاتژمێر شوێنی دەنگدانەکان سەر لەنوێ کرانەوە).

ئەوەی کە ئەو ماڵپەرە هۆڵەندیە باسی کردووە، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە ماڵپەڕەکە بەئاشکەرا شاری موسڵ بە شارێکی کوردی ناودەبات، کاتێک کە دەڵێت: (لە شاری موسڵ-ی کوردی). لە کاتێکدا کە شاری موسڵ شارێکی کوردی بێت، کەواتە بە دڵنیاییش شارێکە دەکەوێتە ناو سنووری باشووری کوردستان.

ماڵپەڕی دەستەی بەڕێوەبەرێتی ڕادیۆی (بی. بی. سی) بەریتانی، لە سەرەتای مانگی نیسانی (2005)دا نەخشەیەکی بڵاوکردۆتەوە بەناوی (دابەشبوونی ڕەگەزی و ئایینی لە ئێراق)دا. نەخشەکە لە لایەن لایەنی ئەمریکییەوە دروستکراوە کە تەواوی ویلایەتی موسڵی بە شارەکانی موسڵ، کەرکوک، هەولێر، سلێمانی و دهۆک گرتۆتە خۆی و خستویەتە سەر بەشی کوردی سوننە).

ئەو نەخشەیەی کە لایەنی ئەمەریکی دروستی کردووەو ماڵپەڕی (بی. بی. سی) بڵاویکردۆتەوە، کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شاری موسڵ و شارەکانی تری سەر بەو ویلایەتەش دەگەیەنێ، چونکە ئەو ماڵپەڕەی ڕادیۆی (بیبیسی) ئەمەریکی، شارو پارێزگای موسڵی بە تەواوی لەگەڵ پارێزگاکانی دهۆک، کەرکوک، هەولێر و سلێمانی خستۆتە ناو سنووری کوردستان. نەخشەکە لە کۆتایی ئەو بەشەدا دانراوە.

جەلال تەقی، لە لاپەڕە (22)ی پەرتووکی (یادداشتەکانی ئەحمەد تەقی)دا باسی تەلەگرافێکی نوێنەری ڕامیاری بەریتانی لە بەغدا بۆ وەزارەتی هندستان دەکات و دەڵێت: (لە 13ی حوزەیرانی 1919دا نوێنەری ڕامیاری بەریتانی لەبەغدا دەربارەی سنووری ئێراق و کوردستان، تەلەگرافێکی بۆ وەزارەتی هندستان ناردووە کە ئەمە دەقەکەیەتی : (لەبەر هەندێ هۆی ئابووری و ڕامیاری و ستراتیژی واباشە کە

ناوچە شاخاویە گرنگەکانی وەک سلێمانی و ڕانیە و کۆیە بخرێنە سەر ئێراق. هەروەها زاخۆ و دهۆکیش. هەولێر و ئاکرێ و موسڵیش کە هێڵی ئاسنینی پێدا ئەڕوات لە کوردستان جیابکرێنەوە، ئامێدیشیان لەگەڵابێ).

ئەو تەلەگرافەی نوێنەری باڵای بەریتانی لە بەغدا (کە ئەوکاتە سێر ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن بووە) بەوەی کە شارەکانی سلێمانی، ڕانیە، کۆیە، زاخۆ، دهۆک، هەولێر، ئاکرێ و موسڵ هەموویان لە کوردستان جیابکرێنەوە، دەیسەلمێنێت کە یەکە یەکەی ئەو شارو شارۆچکانە، شارو شارۆچکەی کوردی و سەر بە باشووری کوردستانن. جا ئەوەی کە ئارنۆڵد ویلسۆن داوای کردووە لە باشووری کوردستان جیا بکرێتەوە، تەواوی باشووری کوردستانە، چی ماوەتەوە داوای نەکات؟ باشتر وابوو هەر بەیەکجار داوای بکردایە کە باشووری کوردستان بخرێتە سەر ئێراق، هەورەکو بە کردەوەش وایانکرد!

تاریق محەمەد عەبدولڕەحیم، لە لاپەڕە (29)ی پەرتووکی (المستشرق فلادیمیر ف. مینورسکي وکتاباته عن الكورد في العصر الاسلامي حتى نشوء الخلافة العثمانية– دراسة نقدية)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕەکانی (239–240 و 280–284)ی پەرتووکی (التراث الكوردی)، لە نووسینی مێژوونووسی ئیتاڵی (میرێللا گەلێتی)دا کە نووسیویێتی: (لە سەدەی هەژدەهەم، گرنگیدان بە وڵاتی کوردستان ڕووی لە فراوانی کرد، ئەویش لەدوای دامەزراندنی (ڕێبازگەی کلێسەیی باوکانی دۆمینیکان) بوو لە ساڵی (1748) لە موسڵ، کە ئەو ڕێبازگەی کلێسەییە ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە خۆناساندن بەم ناوچەیە).

ئەوەی کە لە پەرتووکەکەی (ڤلادیمێر مینۆرسکی)دا باسکراوەو، بە ئاماژەکردنی بە پەرتووکەکەی مێژوونووسی ئیتاڵی (میرێللا گەلێتی) هاتووە، بەڵگەیەکە لە بەڵگەکانی کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ، چونکە نووسەری ناوبراوی ئیتاڵی لە باسی گرنگیدان بە کلێساکانی کوردستان، ناوی شاری موسڵی وەکو شارێکی سەر بە خاکی کوردستان بردووە.

محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (کورد و تێکۆشان لەپێناوی کوردستاندا)، کە لە ئینگلیزییەوە لە گۆڤاری (JRO TOPIC MAP)ی ساڵی

(1991)دا بڵاوکراوەتەوە، وەرگیراوەو لە لاپەڕەکانی (99–118)ی ژمارەکانی (2–3)ی پایزی (1999)و زستانی (2000)، (گۆڤاری کەرکوک)دا بڵاوکراوەتەوە، هاتووە: (فەیسەڵی یەکەمی بەناو پادشا نەیدەویست ناوچە بایەخدارە نەوتدارەکانی موسڵ و کەرکوکیان لە دەست بچێت کە هەردوو خاکی کوردنشین بوون. هەروەها گومانیشی هەبوو لە توانای خۆی بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئەو ناوچانەی دانیشتوانی شیعەیان تیادا باڵادەست بوو. بە لکاندنی کورد بە ئێراقەوە، بەتایبەتی سوونییەکان، هەردوو کێشەکە دەبوو چارەسەر بکرێن).

دانپێدانانی ئەو گۆڤارە ئینگلیزیە بەوەی کە ناوچە نەوتاوییەکانی موسڵ و کەرکوک هەردووکیان خاکی کوردنشین بوون، لە لایەک بەڵگەیەکی تری کوردستانێتیی و کوردێتیی هەردوو شاری موسڵ و کەرکوکە، لە لایەکی تریشەوە بۆمانی دەسەلمێنێت کە ئەو دوو شارە کوردستانییە لە لایەن ئیمپریالیزمی عارەبییەوە داگیرو زەوتکراون!

دکتۆر جەبار قادر، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە مێژوودا، لە وتارێکی خۆیدا بە زمانی عارەبی لەژێر ناوی (السياسات الحكومية بحق الكورد في كركوك خلال العهد الملكي 1921–1958)دا، کە لە لاپەڕەکانی (185–216)ی ژمارە (14)ی گۆڤاری (کەرکوک) بڵاوکراوەتەوەو، لە لاپەڕە (190)دا بە ئاماژەکردن بە لاپەڕەکانی (12، 13، 32)ی پەرتووکی (کورد و تورک و عارەب)، لە نووسینی (سیسیل جۆن ئێدمۆندز)و وەرگێڕانی جەرجیس فەتحوڵڵا، نووسیویێتی: (کوردستانی باشوور بە بۆچوونی یەکێک لە کۆڵەکە گرنگەکانی داگیرکەری بەریتانی سیسیل جون ئێدمۆندز لە ئێراقدا، لە موسڵ و کەرکوک و سلێمانی پێکدێت. هەروەها هەولێر و کۆیەو ڕواندز قەزای جیای سەر بە کەرکوک بوون و لە ساڵی (1918)دا لە کەرکوک جیابوونەوەو پارێزگای چوارەمی سەربەخۆیان دامەزراند بەناوی پارێزگای هەولێر).

ئەو دانپێدانانەی نووسەری بەریتانی (ئێدمۆندز) بەوەی کە باشووری کوردستان لە شارەکانی: (موسڵ، کەرکوک، سلێمانی و هەولێر، کۆیەو ڕواندز پێکدێت، بەڵگەیەکی تری کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ و ئەو شارانەشە کە ئێدمۆندز وەکو شارەکانی باشووری کوردستان ناوی بردوون.

نووسەری عارەب، ئەحمەد فەوزی، لە لاپەڕە (20)ی پەرتووکی (قاسم والكورد خناجر وجبال)دا بە پشت بەستنی بە (ئینسکلۆپیدیای کیبەی گەورەی فەرەنسی)، نووسیویێتی: (کوردستان یان وڵاتی کوردان، ناوچەیەکە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیای ئاسیاوە درێژ دەبێتەوە تاوەکو باکووری ئێراق و ئێران، . کە لە کۆنەوە نیشتمانی کردۆکەکان بووە، شارە سەرەکییەکانیان لە تورکیا دیاربەکر، لە ئێراق موسڵ و لە ئێران ورمێ-یە).

ناوهێنانی شاری موسڵ لە لایەن ئینسکلۆپیدیای (کیبە)ی فەرەنسی وەکو شارێکی سەرەکی کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان)، بەڵگەیەکی هەرە گەورەو بەنرخی کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ-ە، چونکە ئەو ئینسکلۆپیدیا فەرەنسییە ڕاستەوخۆو بێ هیچ پێچ و پەنایەک باسی کوردستانێتیی ئەو شارە دەکات و، بە شارێکی سەرەکی کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان)ی ناو دەبات. وە نووسەری عارەبی میسری ئەحمەد تاجەدین، لە لاپەڕە (30)ی پەرتووکی (الاكراد تأريخ شعب وقضية وطن)دا، سەبارەت بە کوردستانێتیی شاری موسڵ، ئاماژەی بە هەمان سەرچاوە (ئینسکلۆپیدیای کیبەی فەرەنسی گەورە) داوە، کە شاری موسڵ بە نیشتمانی کورد و بەشێکی کوردستان ناودەبات.

ئەحمەد فەوزی، لە لاپەڕەکانی (286-288)ی پەرتووکی (قاسم والكورد خناجر وجبال)داو، بە پشت بەستنی بە ڕۆژنامەی (لۆمۆندی)ی فەرەنسی، ژمارەی ڕێکەوتی (26.9.1961)دا، لە وتارێکی ڕۆژنامەنووس (ئەدوارد سابیلیە)دا کە نووسیویێتی: (لە ئێراقدا ژمارەی کوردەکان دەگاتە سێیەکی ژمارەی دانیشتوان و نزیکەی دوو ملیۆن دەبن. هەروەها تێکڕای باکووری ئەو نیشتمانە بە چاڵگە دەوڵەمەندە نەوتەکانی موسڵ و کەرکوک خاکی کوردن. لە ڕاستیدا ئەم سامانانە بوونە هۆی شکستی ئاواتی کوردە ئێراقییەکان. دوای شەڕی گەورە، هاوپەیمانەکان بیریان لە بەجێهێنانی ئاواتی نەتەوەییەکان کردەوە بۆ دامەزراندنی شانشینێکی کوردی لە ویلایەتی موسڵ-ی تورکی. بەڵام ئەم پرۆژەیە بەخێرایی شکستی هێناو خرایە لایەکەوە، چونکە بەریتانیا لە ڕاستیدا دامەزراندنی دەوڵەتێکی پیشەسازی بە باشتر دەزانی کە دەوڵەتی ئێراق بوو بە یەکگرتنەوەی کوردستان و پارچەیەک لە خاکی عارەب، لەژێر فەرمانی شانشینی هاشمییەکانی لایەنگری بەریتانیا).

ڕۆژنامەنووسی فەرەنسی (ئەدوارد سابیلیە)، بەڵگەیەکی تری کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ-مان دەخاتە دەست، کاتێک لە لایەک کە گشت چاڵگە نەوتەکانی شارەکانی موسڵ و کەرکوک بە خاکی کوردی ناوزەد دەکات و، لە لایەکی تریشەوە کاتێک کە باسی ئەوە دەکات کە هاوپەیمانەکان نیازیان وابووە میرنشینێکی کوردی لە تەواوی ویلایەتی موسڵ-ی تورکی دامەزرێنن، بەمەش بۆمان دەردەکەوێت کە ویلایەتی موسڵ بە تەواوی شارەکانییەوە لەنێویاندا شاری موسڵ-یش هیچ پێوەندییەکیان بە عارەب و ئێراقەوە نەبووە، ئەگینا دەیگوت ویلایەتی موسڵ-ی ئێراق. هەموو لایەکیش باش ئەوە دەزانین کە ویلایەتی موسڵ ویلایەتێکی کوردستانی بووەو، عوسمانییەکان لە ساڵی (1516)دا لە ڕێگای بەکارهێنانی هێزو زۆرەوە داگیریان کردووە.

مام جەلال، سەرۆک کۆماری ئێراق و سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە وتارێکیدا لە ساڵی (1998)دا لەیادی ڕزگارکردنی شاری کەرکوکدا لە (20.3.1998)دا لە دەربەندی بازیان پێشکەش بە خەڵکی ئاوارەی کەرکوکی کردو، دەقی وتارەکە بە عارەبی لە ژمارە (49)ی نیو مانگنامەی (المنار الكوردي)داو، بە کوردیش لە ماڵپەڕی (پوک ئۆرگ)دا بڵاوکراونەتەوە، کە دەڵێت: (من ئاماژە بۆ یەک گەڕیدەی فەرەنسی دەکەم بەناوی (ژان ئۆتێر) کە لە ساڵی (1734)دا سەردانی کەرکوکی کردووە، ئەم پیاوە پەرتووکەکەی بە فەرەنسی نووسیوەو بە فارسیش تەرجەمە کراوە، هیوادارم بە کوردیش بڵاوبکرێتەوە. ژان ئۆتێر کە دەگاتە موسڵ دەڵێت وا گەیشتینە ئەم شارەی کە بەشێکی زۆری مەسیحی و کوردە.. لێرەوە تا ئێراق شەش ڕۆژە ڕێ دوورە. بۆ ئێراق دوو ڕێگا هەیە، یەکێکیان بە ڕۆژهەڵاتی دیجلەدا و ئەوی تریان بە ڕۆژئاوای دیجلەدا. ئینجا دەڵێ ئێمە ڕێگای ڕۆژهەڵاتەکەمان گرتە بەر کە دەگاتە کەرکوک و دەڵێت ئەو شارە شارێکی کوردستانە و پایتەختی شارەزوورە).

قسەکانی گەڕیدەی فەرەنسی (ژان ئۆتێر) کە نوێنەری تایبەتی پادشای ئەوکاتی فەرەنسی (لویسی پازدەهەم) بووە، بەوەی کە بەشێکی زۆری دانیشتوانی موسڵ کورد و کریستانن، بەڵگەیەکە بۆ کوردستانێتیی و کوردێتیی ئەو شارە، چونکە لە لایەک بە هیچ شێوەیەک ناوی عارەبی نەهێناوە وەکو دانیشتوانی شاری موسڵ، لە

لایەکی تریشەوە کاتێک کە باسی ئەوە دەکات ماوەی نێوانی موسڵ و ئێراق شەش ڕۆژە ڕێیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە موسڵ سەر بە ئێراق نەبووە، بەڵکو موسڵ لە ئێراق جیا بووەو هیچ پێوەندییەکی نە بە ئێراق و نە بە عارەبەوە هەبووە، بۆیە بەمشێوەیە باسی کردووە.

مام جەلال، لە هەمان وتاریدا لەیادی ڕزگارکردنی شاری کەرکوکدا دەڵێت: (ساڵی 1924 شا فەیسەڵی یەکەم ویستوویەتی لە نوێنەری باڵا بپرسێت کە سنووری حکومەتەکەی ئەو تا کوێ دیاری دەکات، چونکە هەر شا فەیسەڵ خۆی لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ نوێنەری باڵا دەڵێت: بیستوومە کە کوردەکانی ڕۆژهەڵات داوای سەربەخۆیی دەکەن. کوردەکانی کوردستانی خواروویش (ئەوسا بە کوردستانی ئێرە گوتراوە کوردستانی خواروو) ئەوانیش هاوبیرن لەگەڵیاندا هەروەکو کوردەکانی کوردستانی باکووریش بەپێی ڕێککەوتننامەی سیڤرە داوای دەوڵەتی خۆیان دەکەن بۆیە لە نوێنەری باڵا دەپرسێ و دەیەوێ بڵێ: سنووری حکومەتەکەی من تا کوێندەر دەکات، نوێنەری باڵا ئەو پرسەی ئەو دەنێرێتەوە بۆ لەندەن، لە وەڵامدا دەڵێت ئەم وڵاتە وڵاتی کوردە و سنووری کوردستان لە چیای حەمرینەوە لە خوارووی مەندەلییەوە دەست پێدەکات و هەتا لەگەڵ دیجلەدا یەک دەگرێتەوەو لەوێشەوە بە ئاراستەی سنووری سوریادا دەڕوات. هەرچەندەش زۆربەی هەرە زۆری ئەو خەڵکە کوردن، بەڵام خەڵکی وەکو تورکمان و عارەبیش لە هەندێ ناوچەدا دەژین).

بەگوێرەی ئەو سنوورەی کە حکومەتی بەریتانیا بۆ باشووری کوردستانی دیاریکردووە، شاری موسڵ دەکەوێتە نێو چوارچێوەی سنووری کوردستان و هیچ پێوەندییەکی بە ئێراقی عارەبییەوە نییە، ئەو دیاریکردنە شارەکانی: موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی) دەخاتە ناو کوردستانە وە، کەواتە بەریتانییەکان شاری موسڵ بە شارێکی کوردی و شارێکی سەر بە باشووری کوردستان دەزانن. وە بەریتانیەکان دان بەو ڕاسییەش دادەنێن کە لە باشووری کوردستاندا خەڵکانێکی وەکو تورکمان و عارەبیش دەژین، بەڵام ژمارەیان زۆر نییە لەچاو کورددا.

دکتۆر ڤلادیمێر ڤیۆدۆرۆڤیچ مینۆرسکی، لە لاپەڕەکانی (32-33)ی پەرتووکی (کورد تێبینی و وردبوونەوە)دا لەدیاریکردنی سنووری کوردستاندا بەمشێوەیە دەنووسێ: (ئەم سێ ناوچەیەی خوارەوە نیشتمانی کوردەکانن. زنجیرە چیا بەرزەکانی ئەرمینیا، کوردستانی تورکیا، چیاکانی ڕۆژئاوایی ئێران، بەم شێوەیە ئەبینین، ئێستا کوردەکان لە خاکێکی فراواندا ئەژین، هەر لە سنووری تورکیا و فارس و کوردستانی ئێراقەوە هەتا ئەگاتە ئارارات کە خاکیان لە سنووری ئێمە تێپەڕ ئەبێ و دێتە ناو قەفقاسیاوە کوردەکان لە هەموو زنجیرە چیاکانی ئەرمینیادا لەگەڵ ئەرمەنیەکاندا ئەژین و سنووری ژووروویان لە تورکیادا لە پەنای ئەرزرۆمدا کۆتایی دێت: لە خوارووشدا کوردەکان دەستیان بەسەر ناوچەیەکی فراواندا گرتووە، هەتا ئەگاتە کۆتایی دەشتەکانی نێوان دوو ڕووبار، لە ڕۆژئاواشەوە سنووریان ڕووباری فوراتە، یاخود بەشێوەیەکی وردتر قەرەسۆ، وە ئەوان لەم سنوورەدا نەوەستاون بەڵکو رۆشتوون بۆ قوڵایی ئاسیای بچوک و تەنها ناوچەی خوارووی ڕۆژهەڵاتی سیواسیان داگیر نەکردووە، بەڵکو هەتا نزیکی قونیە لە کلیکیەدا کۆمەڵی جیا جیایان هەیە، بەمشێوەیە ئەگەنە دەریای سپی ناوەڕاست).

بەگوێرەی ئەو سنوورەی کە مێژوونووسی ڕوسی (دکتۆر ڤلادیمێر ڤیۆدۆرۆڤیچ مینۆرسکی) کێشاویەتی، بەتایبەتی سنووری خۆرئاوای کە ڕووباری فوراتی دەستنیشانکردووە، شاری موسڵ دەکەوێتە نێو سنووری باشووری کوردستان، چونکە بەشێکی شاری موسڵ دەکەوێتە بەری دەستە چەپی ڕووباری دیجلە و، بەشەکەی تریشی دەکەوێتە بەری دەستە ڕاستی ڕووباری دیجلە و، ڕووباری فوراتیش دەکەوێتە خۆرئاوای شاری موسڵ بە دوورییەکی زۆر، کەواتە مینۆرسکی شاری موسڵ بە شارێکی کوردستانی دادەنێت.

زانای ڕوسی بەناوبانگ، ڤلادیمێر ڤیۆدۆرۆڤیچ مینۆرسکی، لە لاپەڕە (26)ی پەرتووکەکەی خۆیدا بەناونیشانی (الاكراد ملاحظات وانطباعات الاكراد احفاد الميديين)دا دەڵێت: (بەشێوەیەکی بنچینەیی کوردەکان نیشتەجێی ویلایەتی موسڵ-ن، کە ناوچەیەکی بێگەردی کوردیە).

دانپێدانانی زانای بەناوبانگی ڕوسی مینۆرسکی بەوەی کە ویلایەتی موسڵ ناوچەیەکی بێگەردی کوردییە، بەڵگەیەکی تری کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری

موسڵ-ە، چونکە کاتێک کە ناوچەکە یاخود ویلایەتی موسڵ بە تەواوەتی ویلایەتێکی بێگەردی کوردی بێت، کەواتە تەواوی شارەکانی سەر بەو ویلایەتە بە شاری موسڵ-ی پایتەختەکەوە، شاری کوردی و سەر بە باشووری کوردستانن.

کوردناسی ڕوسی، مینۆڕسکی، لە لاپەڕە (80)ی هەمان سەرچاوەدا، لە باسی ژمارەی ئێزیدیەکاندا دەڵێت: (سەرژمێرەکان وادەردەخەن کە ژمارەی ئێزیدیەکانی تورکیا (شەنگال، موسڵ، هەکاری)، (100) هەزار کەسن، هەروەها لای خۆشمان لە قەفقاسیا 25 هەزار ئێزیدی هەن بەگوێرەی سەرژمێری ساڵی 1910).
ئەوەی لێرەدا کوردناسی ناوداری ڕوسی ڤلادیمێر مینۆرسکی باسیدەکات، دەریدەخات کە شاری موسڵ شارێکی کوردی و کوردستانییە، کاتێک کە دەڵێت: (ئێزیدیەکانی تورکیا (شەنگال، موسڵ، هەکاری)، کەواتە ئەوکاتی شارەکانی موسڵ، شەنگال و هەکاری سەر بە دەوڵەتی تورکی بووینە، وە لە هیچ بەڵگەنامەیەکیشدا (عارەبی، تورکی، فارسی، بیانی و کۆمەڵەی نەتەوەکان)دا باسی ئەوە نەکراوە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ویلایەتی موسڵ یاخود شاری موسڵ سەر بە ئێراق بووبێت! هەمووشمان وەکو کورد دەزانین کە دەوڵەتی عوسمانی هەر لە ساڵی (1516)دا کوردستانی داگیرکردووەو بەڕێوەی بردووە تاوەکو ساڵی (1918).

دکتۆر عەبدوڵلا غەفور، لە لاپەڕە (35)ی پەرتووکی (ئەتنۆ- دیمۆگرافیای باشووری کوردستان)دا، بە ئاماژەکردن بە (لیسترەنج کەی، بلدان الخلافة الشرقیة)، (هامر پور گشال، تاریخ امپراطوری عثمانی (ج2)، ص872)و (جاکسون یو، مشاهدات بریطاني في العراق، ص104-105)دا، لەسەر زاری (جاکسۆن یو) نووسیویێتی: (سەرچاوە مێژووییەکان نیشانی دەدەن، کە زۆربەی دانیشتوانی شاری موسڵ تا سەرەتای چەرخی هەژدەیەم لە کورد پێکهاتبوون و زمانی قسەکردن لە ماڵ و بازاڕدا هەمان شت کوردی بوو).
ئەو دانپێدانانەی مێژوونووس و گەڕیدەی بەریتانی (جاکسۆن)، بەوەی کە زۆربەی دانیشتوانی شاری موسڵ تا سەرەتای سەدەی هەژدەیەم کورد بووینە، بەڵگەیەکی ترە بۆ کوردێتیی و کوردستانێتیی ئەو شارە لە لایەک و بەعارەبکردن و بە ئێراقی کردنی لە لایەن شۆڤێنیستانی عارەبەوە لە لایەکی ترەوە.

شۆڕش خالید، لە وتارێکدا لەژێر ناوونیشانی (کۆمپانیاکانی نەوتی کەرکوک لەنێوان کورد و عارەب)دا کە لە نووسینی (خاتوون نودار موساکی) ڕۆژنامەنووسەو لە ڕۆژنامەی (نیزا فیسمایاگازیتا) بڵاوکراوەتەوەو، ناوبراو وەریگێڕاوە بۆ کوردی و لە لاپەڕە (9)ی ژمارە (416)ی هەفتەنامەی (الاتحاد)، ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (13.4.2001)دا بڵاوکراوەتەوە تیایدا هاتووە: (ناوچە سەرەکیەکان بۆ دەرهێنانی نەوتی ئێراقی دەکەونە شارەکانی کوردستانی باشوور کە (موسڵ، کەرکوک و خانەقین) و زۆربەی دانیشتوانەکانیان لە نەتەوەی کوردن کە لە نزیک ناوچە عارەبیەکانی ئێراقن. خاتوون (نودار موساکی) باسی ئەوەی کردووە کە (60%)ی ئەو نەوتەی لە ئێراق دەردەهێنرێت نەوتی کوردستانە و بوونی نەوت لەو ناوچانەدا هۆی سەرەکین بۆ پەسەند نەکردنی گەڕانەوەیان لە لایەن حکومەتی ئێراقەوە بۆ سەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان، هەروەها لەبەر گرنگی ئابووری ئەو ناوچەیە، ڕژێمی ئێراقی پرۆسەی بەعارەبکردنی ئەو ناوچە کوردییانەی گرتەبەر لە ڕێگای ڕاگواستنەوەی دانیشتوانە ڕەسەنەکانیان و نیشتەجێکردنی عارەب لە شوێنەکانیاندا).

ئەوەی کە ژنە ڕۆژنامەنووسی ڕوسی (نودار موساکی) ئاماژەی پێکردووە، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە ڕۆژنامەنووسی ناوبراو زۆر ڕاشکاوانە شارەکانی موسڵ، کەرکوک و خانەقین بەسێ شاری سەر بە باشووری کوردستان ناودەبات، کە ئەمەش بەڵگەیەکی ترە بۆ کوردستانێتیی و کودێتیی شاری موسڵ و دوو شارەکەی تریش.

ماڵپەڕی ئاسایشی نێونەتەوەیی (Global Security) کە ماڵپەڕێکی ئەمەریکییەو سەرچاوەیەکی سەرەکی دەنگوباسی سەربازی و زانیاری سەربازیی باوەڕپێکراوەو لە لایەن کەسێکەوە بەناوی جۆن پیک (John Pike) سەرپەرشتی دەکرێت. لە یەکێ لەو بابەتانەی دەربارەی شاری موسڵ کە لەسەر ئەو ماڵپەڕەیەدا هەیە، بەمشێوەیە لە موسڵ دەدوێت: (شاری موسڵ شارێکی کوردییە بە پلەی یەک، بەڵام کەمینەیەکی گەورەی ناکوردی هەیە لەو شارەدا. گەورەترین شارە لە کوردستانی ئێراقداو شارێکی کوردی سەرەکییە، هەروەها کەمینەیەکی زۆری تورکمانی لێیە.

ژمارەیەکی یەکجار زۆری ئاینزای ئێزیدی لە ناوچە شاخاوییەکانی دەوروبەری موسڵ–دا دەژین. موسڵ زۆرترین ژمارەی لە فەلەکانی ئێراق لەخۆی گرتووە بە بەراورد لەگەڵ شارەکانی دیکەی ئێراقی، لەنێو فەلەکاندا یاقوبی، نەستوری، کاسۆلیک و کلدانیان تیایە).

ئەوەی لە سەرەوەدا ماڵپەڕی ئاسایشی نێودەوڵەتی باسی کردووە، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە ماڵپەڕی ناوبراو لە لایەک باسی ئەوە دەکات کە موسڵ شارێکی کوردییە بە پلەی یەک، لە لایەکی تریش بە گەورەترین شاری کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان)و هەروەها بە شارێکی کوردی سەرەکی ناوی دەبات.

مەحمودی مەلا عزەت، لە لاپەڕە (17)ی پێشەکی وەرگێڕانی پەرتووکی (جولانەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە خەباتیدا بۆ سەربەخۆیی نەتەوایەتی و سیاسی)دا لە نووسینی (پرۆفیسۆر ڕادۆڤان پاڤیچ)دا، بە پشت بەستنی بە پەرتووکی (بەریتانیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەدە کۆنەکانەوە تا ساڵی 1952، سێر ڕێدەر پۆلارد)دا ئەڵێت: (لەنیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەمداو ئەگەر لەیادم نەچوبێت ساڵەکە (1772)ەوە.. گەڕیدەیەکی ئینگلیزی سەر لە ویلایەتی موسڵ ئەدات و ئەچێتە شاری موسڵ، باسی دانیشتوان و پیشەو خووڕەوشت و گوزەرانیان ئەکات تا ئەڵێت: (زۆربەی دانیشتوانی ئەم شارە(موسڵ) کوردن).

گەواهیدانی گەڕیدەی بەریتانی (سێر ڕێدەر پۆلارد) بەوەی کە زۆربەی دانیشتوانی شاری موسڵ کورد بووینە لە ساڵی (1772)دا، بەڵگەیەکی تری کوردبوون و کوردستانیی بوونی ئەو شارەیە، چونکە ئەگەر زۆربەی دانیشتوانەکەی کورد بێت، کەواتە شارەکەش شارێکی کوردی و سەر بە باشووری کوردستانە.

مستەر ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ (1893–1979)، کە ئەفسەرێکی ڕامیاری بە پلەی (کاپتن) و پشکێنەری بەڕێوەبەرێتی لە حکومەتی ئێراقدا بووە، لە لاپەڕە (24)ی پەرتووکی (اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث)دا دەڵێت: (موسڵ، پایتەختی سروشتی جەزیرە و مەڵبەندی شارەکانی کوردستانی ناوەندبوو، کە بە کەرەستەکانی خانوو دروستکردنی وەکو گەچ، بەرد و دار بەناوبانگ بوو. بازرگانی

بەرهەمە گرنگەکانی کوردی وەکو گوێز، مێوژ و کەتیرە بەدەست بازرگانە کوردەکانی دانیشتوانی شارەکە (موسڵ) بوو).

لێرەدا (مستەر ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ)، گەورەترین بەڵگەی کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ-مان دەداتە دەست، کاتێک کە باسی ئەوە دەکات کە شاری موسڵ پایتەختی جەزیرە و مەڵبەندی شارەکانی کوردستانی ناوەند بووە. بە پێویستی نازانم زۆرتر لە سەری بڕۆم، چونکە کاتێک کە کاپتن ستیڤن لۆنگریک شاری موسڵ بە پایتەختی کوردستانی ناوەند دابنێت، ئەوە هیچ پاساو هێنانەوەیەکی ناوێت و بە دڵنیاییش شارێکی کوردی و سەر بە کوردستانە، ئەگینا چۆن دەکرێت بە پایتەختی کوردستان و جەزیرە؟

مستر ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ، لە لاپەڕە (121)ی پەرتووکەکەی سەرەوەیدا دەڵێت: (پاشاکانی موسڵ و شارەزوور کە (پایتەختەکەیان کەرکوک)ە، بە درێژایی ئەو ماوەیە سەربەخۆ بووینەو سەر بە پاشای بەغدا نەبووینە، تەنیا ئەگەر کاتێک فەرمانێک لە سوڵتانەوە دەرچووبایە دەربارەی هاوکاریکردن و پشتیوانیکردن).

ئەوەی کە (ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ) باسی دەکات، بەڵگەیەکی ترە بۆ سەلماندنی کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ و تەواوی شارەکانی سەر بە ویلایەتی موسڵ، چونکە ناوبراو دەریدەخات کە ویلایەتی موسڵ بە تەواوی شارەکانیەوە (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە)، شاری کوردستانی و سەر بە باشووری کوردستان بووینەو، هیچ پێوەندییەکیان بە عارەب و بە ئێراقی عارەب (ویلایەتەکانی بەغداو بەسرا) نەبووە.

سیسیل جۆن ئێدمۆندس، لە لاپەڕە (26)ی پەرتووکی (کورد، تورک و عارەب)دا دەڵێت: (کوردەکانی ئێراق، وەک خەڵکێکی یەکدەست و گوندنشین پتر لە ویلایەتی موسڵ نیشتەجێ بوون، کە لە سەردەمی حکومەتی عوسمانیدا دابەشکرابوو بەسەر سێ لیوایاندا، دوای ساڵی (1918)، ژمارەی لیواکان کران بە چوار: پارێزگای موسڵ، لەو بەری زێی گەورەو ڕووبارێکی نزیکی بەناوی (ڕوو کووچوک) تا سنوورەکانی تورکیە و سوریە، هەولێر لەنێوان سنووری موسڵ و زێی بچووک، پارێزگاکانی کەرکوک و سلێمانی لە باشووری زێی بچووک. لە دوو "قەزای"

خانەقین و مەندەلیش کە پێشتر دەگەڵ ویلایەتی بەغدا بوون، ئێستا سەر بە پارێزگای دیالەن، ئەو پارێزگایە دوای ساڵی (1918) پێکهات و ژمارە کوردێکی زۆری لێدەژی).

لێرەدا (سیسیل جۆن ئێدمۆندس) ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە کوردەکان نیشتەجێی ویلایەتی موسڵ-ن‌و، ویلایەتی موسڵ-یش لە سەردەمی عوسمانییەکاندا لە پارێزگاکانی موسڵ، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالا پێکدەهات، کەواتە ئەو شارانەی ئەو ناوی بردوون هیچیان سەر بە ئێراق نەبووینە، بۆیە تەواوی ئەو شارانە شاری کوردی و سەر بە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)ن.

سیسیل جۆن ئێدمۆندس، لە لاپەڕە (29)ی پەرتووکی (کورد، تورک و عارەب)دا دەڵێت: (لە کوردستان، ئەو گوندیانەی سەر بە خێڵن، دەگەڵ ئەوانەی بەستراوەیی خێڵەکیان نیە جیاوازن، لە موسڵ و هەولێر بە گوندییەکانی نەبەستراوە بە خێڵ دەڵێن کرمانج، لە کەرکوک و سلێمانی ئەوان بە "مسکێن" دەناسن، لە بەشێکی کەرکوک و سلێمانی گۆرانیشیان پێدەگوتن).

ئەوەی (سیسیل ئێدمۆنس) باسی دەکات، بەڵگەیەکی زیندووی کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ-ە، چونکە (ئێدمۆندس) شاری موسڵ بە شارێکی سەر بە کوردستان ناودەبات، کاتێک کە دەڵێت: (لە کوردستان، لە موسڵ و هەولێر بە گوندنشینەکانی نەبەستراوە بە خێڵ دەڵێن کرمانج، کەچی لە کەرکوک و سلێمانی پێیان دەڵێن مسکێن. بەگوێرەی ئەو پێناسەیەی ئێدمۆندس نەک تەنها موسڵ، بەڵکو شارەکانی کەرکوک، هەولێر و سلێمانیش هەر کوردستانن!

سیسیل جۆن ئێدمۆندس، لە لاپەڕە (33)ی پەرتووکی (کورد، تورک و عارەب)داو لە بابەتی (جوگرافیای باشووری کوردستان)دا دەڵێت: (لە درێژەی ئەم ڕاپۆرتەدا، خوێنەر بۆ گەشتێکی کورتی هەولێر و موسڵ دەبەم، بەڵام من خۆم قەت لەم دوو (لیوا)یە (پارێزگا)یانەدا کاری بەڕێوەبردنی نیشتەجێم نەبووە. ئەم شێکردنەوە سەرەتاییەی، کە لە بابەت جوغرافیای باشووری کوردستان دێتە گۆڕێ لە چوارچێوەی (لیوا)کانی کەرکوک و سلێمانی دادەبێ، من بەرپرسی ڕاستەوخۆی

کارەکانی بەڕێوەبردنی ئەم (لیوا)یە بووم و زۆربەی ڕووداو، و بەسەرهاتەکانی نێو ئەم پەرتووکە کە بەڕیز بەدوای یەکدا هاتوون، لەم دوو لیوایانەدا ڕوویان داوە).

دیسان ئێدمۆندس ناوی شارەکانی موسڵ، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی وەکو شاری سەر بە باشووری کوردستان دەبات، کاتێک کە لە جوگرافیای باشووری کوردستان ناوی ئەو شارانە وەکو شاری کوردستانیی دەبات، کە ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ کوردێتیی و کوردستانێتیی ئەو شارانە.

سیسیل جۆن ئێدمۆندس، لە لاپەڕە (536)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نەخشەیەکی کوردستانی گەورە دروستکراوە کە شاری موسڵ خراوەتە ناو سنووری کوردستان-ەوە).

کاتێک کە سیسیل ئێدمۆندس شاری موسڵ دەخاتە ناو نەخشەی کوردستانی مەزن، هیچ گومانێک لەوەدا نامێنێت کە نووسەری ناوبراو شاری موسڵ بە شارێکی کوردی و بە بەشێکی کوردستان دادەنێت، بۆیە ئەم شارەی خستۆتە نێو سنووری کوردستانی مەزن. نەخشەکە لە کۆتایی ئەو بەشەدا دانراوە.

سیسیل جۆن ئێدمۆندس، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (حرب الکورد في العراق وخطة الاحلال السلام - جەنگی کوردەکان لە ئێراقداو پلانی هێنانەدی ئاشتی)دا کە لە ڕۆژی (25.10.1966)دا لە (ئەنستیتۆی پاشایەتی ئاسیای ناوەڕاست)دا پێشکەشی کردووەو، ڕەفیق ساڵح ئەحمەد لە بەرگی یەکەمی پەرتووکی (کتابات في المسألة الکوردیة)دا لە لاپەڕەکانی (173-216)دا بڵاویکردۆتەوە، ئەدمۆندز دەڵێت: (زۆربەی کوردەکان لەو خاکەدا دەژین کە لە سەردەمی عوسمانیدا بە ویلایەتی موسڵ ناسرابوو (واتە پارێزگاکانی موسڵ، هەولێر، سلێمانی و کەرکوکی ئێستا)، لە هەمان کاتدا لە دەرەوەی ئەو سنوورەشدا نیشتەجێن، هەروەها لە بەشی خۆرهەڵاتی ویلایەتی بەغدای کۆن کە ئێستا پارێزگای دیالای پێدەگوترێت).

ئەوەی کە (ئێدمۆندز) ئاماژەی پێکردووە، ناڕاستەوخۆ کوردبوون و کوردستانی بوونی تەواوی پارێزگاکانی (موسڵ (نەینەوا+دهۆک)، هەولێر، سلێمانی. کەرکوک و دیالا) دەگەیەنێت، چونکە ناوبراو باسی خاک و نیشتمانی کورد دەکات لە سەردەمی عوسمانییەکاندا، کە ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) ویلایەتێکی عوسمانی

بووە نەک ویلایەتێکی عارەبی، هەروەها ویلایەتێکی سەربەخۆ بووەو هیچ پێوەندییەکی نە بە عارەب و نە بە ئێراقەوە نەبووە. هەتا لە ئان و ساتی لکاندنی زۆرەملێیانەی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بە ئێراقی عارەبییەوە، لە چەندان بەڵگەنامەی بەریتانی، فەرەنسی و هتد، ئەو خاکەی کە لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا بەزۆرو بێ قایلبوونی نەتەوەی کورد خراوەتە سەر دەوڵەتی ئێراق، بە باشووری کوردستان یان (ویلایەتی موسڵ) ناوی هاتووە، کەواتە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ویلایەتی موسڵ جیابووە لە ئێراق.

مێژوونووسی ناسراوی کورد، پرۆفیسۆر دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، لە لاپەڕە (568)ی بەرگی دووەمی پەرتووکی (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد)دا باسی نامەیەکی (پیترۆ دێلله ڤالیێ) گەڕیدەو زانای ئیتاڵی کردووە، کە لە ڕۆژی (17.3.1617)دا بۆ (ماریۆ سکیپانۆ)ی هاوڕێی ناردووە کە هەم مامۆستای زانکۆو هەم هونەرمەندێکی ناسراوی ئیتاڵی بووە. دێلاڤالیێ لەو نامەیەی کە بۆ (ماریۆ سکیپانۆ)ی نووسیوە بەمشێوەیە باسی کوردی بۆ کردووە: (گەورەم: پێویستە کەمێکیش باسی کوردانت بۆ بکەم. کوردستان کەوتۆتە نێوان هەردووک دەوڵەتی عوسمانی و عەجەمەوە. وڵاتیان چۆن درێژە وا بەرین نییە، بە دە دوازدە ڕۆژان ڕۆژئاوای تا ڕۆژهەڵاتی دەبرێ، بەڵام باکووری بۆ باشوور یەکجار دوورو درێژە، پێم وایە لە نزیک بەغداو سووسەوە دەست پێدەکاو دەگاتە موسڵ، واتە نەینەوا و وڵاتی ماد و ئەرمەن تاسەر دەریا. وڵاتێکی سەختی شاخاوییە، لە شاخی تۆرۆس جیادەبێتەوە. لەوێوە ئەو زنجیرە شاخە دەست پێدەکاو ئاسیا دابەش دەکاو بەرەو باشوور دەکشێ تا دەگاتە ئاستی کەنداو. ئەم زنجیرە شاخە سەرکەشە وڵاتی عوسمانی و عەجەم لێک دادەبڕێ، هەروەک چۆن دێرزەمان ڕۆمان و فورثی لێک جیادەکردەوە).

گەڕیدەو زانای ئیتاڵی (پیترۆ دێلله ڤالیێ)، لە نامەکەی خۆیدا زۆر ڕاشکاوانە سنووری کوردستان دیاری دەکات و، بەپێی بۆچوونەکانی گەڕیدەی ناوبراو سنووری کوردستان لە نزیک بەغداو سووسەوە دەستپێدەکات و بەرەو باکوور دێت تا دەگاتە موسڵ و، نەینەواو وڵاتی ماد (وڵاتی کوردان) و ئەرمەن تاسەر دەریا دەڕوات، کەواتە شاری موسڵ بە هەردوو بەشەکەیەوە بەشی کەناری ڕاستی

شارەکە کە موسڵ-ەو ئێستا زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانەکەی عارەبی هاوردەن و، بەشی کەناری چەپی شارەکە کە نەینەوایەو زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانەکەی کوردن شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە.

خەبات عەبدوللا، لە لاپەرەکانی (81-82)ی پەرتووکی (بنەما تیۆرییەکانی جوگرافیای عەسکەریی کوردستانی باشور)داو، بە پشت بەستن بە لاپەڕە (142)ی پەرتووکی (العراق في القرن السابع عشر كما راه الرحالة الفرنسي تاڤرنييه)، لە نووسینی (ژان پاپتسیت تاڤێرنێی)و وەرگێڕانی بۆ عارەبی لە لایەن بەشیر فەرەنسیس و گۆرگیس عەواد، دەڵێت: (هەردوو وەرگێڕی عارەبی پەرتووکی (ئێراق لە سەدەی حەڤدەدا لە دیدی گەڕیدەی فەرەنسا وی تاڤێرنێی)، لە باسکردنی موسڵ-داو لە یەکێک لە پاشکۆکانی پەرتووکەکەدا، ئاوەهایان نووسیوە: (دوای ئیبن بەتوتە، گەر بچینە سەر ئەو گەڕیدە خۆرئاواییانەی کە سەردانی موسڵ-یان کردووە، (ڕاوۆڵف)ی گەڕیدەی ئینگلیزی (لە ڕاستیدا گەڕیدەیەکی هۆڵەندییە - دەرسیم) کە لە ساڵی (1596ز)دا کۆچی دوایی کردووە، لە پێش هەمووانەوە دێت. ئەو ئاوەها وەسفی کردووە – واتە وەسفی شاری موسڵ – موسڵ دەکەوێتە وڵاتی کوردانەوە).

ئەوەی گەڕیدەی فەرەنسی (ژان پاپتسیت تاڤێرنێیTean Baptiste Taveriner) بە پشت بەستن بە گەڕیدەی هۆڵەندی (دکتۆر لیونارد ڕاوۆڵف)، کە تەنها دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی بە گەڕیدەی هۆڵەندی ناوی دەبات، باسی ئەوە دەکات کە گوتوویەتی: (موسڵ دەکەوێتە وڵاتی کوردانەوە)، بەڵگەیەکی تری کوردستانێتیی ئەم شارەیە، مادام شارەکە بکەوێتە ناو وڵاتی کوردانەوە، کەواتە هەر دەبێت شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان بووبێت.

لینە کارلسن، لە لاپەڕە (3)ی نامیلکەیەکی (33) لاپەڕەییدا کە لەژێر ناوی (چی ڕوودەدات لە کوردستان؟)دا بە چاپی گەیاندووە، نەخشەیەکی کوردستانی مەزنی کێشاوە کە شارەکانی: (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی) کەوتوونەتە نێو سنووری باشووری کوردستان.

ئەو نەخشەیەی کوردستان کە لە لایەن (لینە کارلسن)ی نووسەری دانمارکییەوە بڵاوکراوەتەوەو، بەڵگەیەکی تری کوردێتیی و کوردستانێتیی ئەم شارەیە (شاری

موسڵ)، چونکە بەگوێرەی نەخشەکە موسڵ یەکێکە لەو شارانەی کە کەوتۆتە نێو سنووری باشووری کوردستان. نەخشەکە لە کۆتایی ئەو بەشەدا دانراوە.

لینە کارلسن، لە لاپەڕە (7)ی هەمان سەرچاوەی ناوبراو لە سەرەوەدا، نووسیویێتی: (کوردستان وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە کەرەستەی خاو، بەڵام هەژارە لە ڕووی سەرمایە خستنەکار لە کاری بەرهەمهێنان و کارکردندا. بەر لەهەموو شتێک بەرەوپێش چوون هەبووە لە گەشەکردن و ناردنە دەرەوەی سەرچاوەکانی کەرەستەی خاو، بۆ نموونە لەنێویاندا بەتایبەتی نەوت کە بەرهەم دەهێنرێت. ئێراق یەکێکە لە گەورەترین بەرهەم هێنەرەکانی نەوت، کە زۆربەی هەرە زۆری ئەو نەوتەی خۆی کە دەریدێنێ لە کوردستانی ئێراقدا لە (ناوچەکانی موسڵ و کەرکوک) بەدەستدێنێ).

بەگوێرەی ئاماژەکردنەکەی نووسەری دانمارکی (لینە کارلسن)، شارەکانی موسڵ کەرکوک دەکەونە باشووری کوردستان و دوو شاری کوردین، چونکە نووسەری ناوبراو بە ئاشکەرا باسی ئەوە دەکات کە زۆربەی هەرە زۆری نەوتی ئێراق لە کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان)دا دەردەهێنرێت بەتایبەت ناوچەکانی (موسڵ و کەرکوک). کەواتە نووسەر هەردوو ناوچەی موسڵ و کەرکوک بە دوو ناوچەو شاری کوردی و سەر بە کوردستان دەزانێت، بۆیە بەمشێوەیە باسی کردوون. بەلای ئێمەوە ئەمە بەڵگەیەکی گرنگی سەلماندنی کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ-مان دەداتە دەست.

لینە کارلسن، بەهەمان شێوە لە لاپەڕە (13)ی سەرچاوەی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (لە کۆنگرەی لۆزانی ساڵی (1923)دا کوردستانی عوسمانی کرا بە سێ بەش: بەشێک خرایە سەر تورکیای نوێ و، بەشێکی تر بۆ ئێراق (هەرێمە بە نەوت دەوڵەمەندەکانی موسڵ و کەرکوک لەگەڵ هەرێمی سلێمانیش)، هەروەها بەشی سێیەم کە بەشێکی بچووک بوو خرایە سەر سووریا. کوردەکانی ئێران، پەیوەند بە پەیمانی لۆزان دەست لێنەدران).

دیسان نووسەری دانمارکی (لینە کارلسن) شارەکانی موسڵ و کەرکوک و سلێمانی وەکو چەند شارێکی سەر بە کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان)

ناودەبات، ئەو دانپێدانانەی نووسەری ناوبراو لە لایەک دەبێتە بەڵگەیەکی تری کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ، لە لایەکی تریشەوە کە بەگوێرەی پەیماننامەی لۆزان (24.7.1923) باسی دابەشکردنی کوردستانی عوسمانی دەکات بۆ سێ بەش و، بەشێکی کە پێکهاتبوو لە هەرێمەکانی موسڵ (نەینەواو دهۆک)، کەرکوک (کەرکوک و هەولێر)و سلێمانی خرایە سەر ئێراق، دەیسەلمێنی کە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) هیچ پێوەندییەکی بە ئێراق و عارەبەوە نەبووە.

کەمال سەرگەڵوویی، لە لاپەڕە (4)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێی ژمارە (3744)ی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (9.8.2005)دا، وتارێکی لەژێر ناوی (لە ئینسکلۆپیدیای ئەڵمانیدا نەخشەیەکی تری کوردستان کە وێنەی شێخ مەحمودی نەمرو سمکۆ شکاک–ی لەسەرە دۆزرایەوە)دا بڵاویکردۆتەوە، نەخشەکە، نەخشەی کوردستانی مەزنەو باشوری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)ی کۆن بە تەواوی واتە شارەکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) لەناو سنووری ئەو نەخشەیەی کوردستان دان.
بڵاوکردنەوەی ئەو نەخشەیەی کوردستان لە لایەن ئینسکلۆپیدیای ئەڵمانیداو، بوونی شارەکانی وەکو (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) لەنێو نەخشەکەدا، بەڵگەیەکی تری کەم وێنەی کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ و شارەکانی تریش دەردەخات.

ئاڵای ئازادی، لە لاپەڕە (2)ی ژمارە (613)ی ڕۆژی (24.5.2005)دا وتارێکی لەژێر ناوی (ئەمەریکا، ئێراق دەکات بە شەش هەرێم)دا بڵاکردۆتەوە، نووسیوێتی: (لەدوا پڕۆژەی ئەمریکییەکان سەبارەت بە سیستەمی ئێراق، دەزگایەکی لێکۆڵینەوە بەناوی پێوەندییەکانی دەرەوە پڕۆژەیەکی بۆ دابەشکردنی ئێراق بەسەر شەش هەرێمدا ئامادەکردووە بەناوی (دابەشکردنی دەسەڵات لە ئێراقدا) و پێشکەشی حکومەتی واشنتۆنی کردووە. لەو پڕۆژەیەدا کەرکوک و موسڵ دەخرێنە سەر هەرێمی کوردستان).

بەگوێرەی ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی ئەو پرۆژەیەی کە حکومەتی ئەمەریکی سەبارەت بە دابەشکردنی ئێراقی ئێستا دایڕژتووە، شارەکانی موسڵ و کەرکوک دەخرێنە سەر کوردستان، ئەمەش بەڵگەیەکی ترو دانپێدانانی ئەمەریکایە بە کوردێتیی و کوردستانێتیی هەردوو شاری موسڵ و کەرکوک.

م. ا. گیسارۆڤ، نووسەری سۆڤیەتی، لە وتارێکیدا لەژێر ناوونیشانی (مەسەلەی کورد لە تورکیا لە سەرەتای بزوتنەوەی کەمالییەکانەوە هەتا کۆنگرەی لۆزان)دا لە بەرگی حەوتەمی ساڵی (1975)ی بڵاوکراوەی (وڵاتان و گەلانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست)دا بڵاویکردۆتەوە، نووسەری کورد، جەلال تەقی، ئەم وتارەو وتارێکی نووسەری سۆڤێتی ا. ا. ڕەگووشین بە ناوونیشانی (دەربارەی کێشەی ڕۆژهەڵات لە تورکیادا) لەگەڵ پێشەکییەکی سەرنووسەری ئەو بڵاوکراوەیە کە لە لایەن (گ. ب. ئاکۆ پۆڤ)دا نووسراوە، وەرگێڕاوەتە سەر کوردی و لەشێوەی پەرتووکێکدا لەژێر ناوی (کوردی تورکیا) بەچاپی گەیاندووە. (م. ا. گیسارۆڤ)، لە وتارەکەیداو لە لاپەڕەکانی (45-46)ی پەرتووکی (کوردی تورکیا)دا نووسیویێتی: (دوابەش لە بەندی (64)ی پەیمانی سیڤرە پێوەندی هەبوو بە ویلایەتی (موسڵ)ەوە... کە بریتی بوو لەوەی، پاش ئەوەی تورکیا واز لە ناوچە کوردییەکانی دێنێ و حکومەتێکی کوردی سەربەخۆیان تێدا دائەمەزرێ، وڵاتە سەرەکییە هاوپەیمانەکان دژی ئارەزووی کوردەکانی ئەو بەشەی کوردستان ناوەستن کە بە ویلایەتی موسڵ ناسراوە، ئەگەر بیانەوێ لەگەڵ ئەو حکومەتە کوردییە تازە دروست کراوەدا یەک بگرن. وەک ئەبینین، پەیمانی سیڤرە بڕیاری دابوو لەسەرەتادا بەڕێوەبەرێتییەکی ئۆتۆنۆمی کوردستان لە سنووری تورکیادا بۆ کورد دابین بکرێ و، پاش ساڵێک ڕێگا بدرێ ببێتە کوردستانێکی سەربەخۆو دوایش کوردی ناوچەکانی ویلایەتی موسڵ-یشیان بچێتە سەر).

کاتێک کە نووسەری ڕوسی (م. ا. گیسارۆڤ)، ئەو پارچەیەی کوردستان (باشووری کوردستان) کە بەگوێرەی بەندی (64)ی پەیمانی سیڤرە ڕێگەی پێدرابوو بچێتەوە سەر ئەو دەوڵەتە کوردییەی کە لە باکووری کوردستان دەبوایە دامەزرێت، بە ویلایەتی موسڵ ناوی دەبات و دەبێژێت: (ئەو بەشەی کوردستان بە ویلایەتی موسڵ ناسراوە)، کەواتە ویلایەتی موسڵ یەکسانە بە باشووری کوردستان و

هەردووکیان هەر یەکن. دەشزانین کە هەردوو ناوی باشووری کوردستان و ویلایەتی موسڵ دوو زاراوەی جوگرافین بۆ خاک و نیشتمانی کورد کە کوردستانە. ئاشکرایە کە شارەکانی ویلایەتی موسڵ بریتین لە (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە)، لەبەر ئەوەی باشووری کوردستان هەر ویلایەتی موسڵ-ە کەواتە باشووری کوردستان-یش لە هەمان ئەو شارانەی کە لە سەرەوەدا ناوبران پێکدێت. بۆیە دەکرێت ئەو بۆچوونەی گیسارۆڤ وەکو بەڵگەیەک بۆ کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ و تەواوی ویلایەتەکە بەکار بهێنرێت.

زوبێر بیلال ئیسماعیل، لە لاپەڕە (103)ی پەرتووکەکەیدا بەناوی (مێژووی زمانی کوردی)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (19)ی پەرتووکی (چی لەبارەی زمانی کوردی‌یەوە نووسراوە)ی دکتۆر ئاوڕەحمانی حاجی مارف، نووسیویێتی: (پ. لێرخ، زمانی کوردی دەکاتە پێنج شێوەوە (کرمانجی ژووروو، لوڕی، کەلهووڕی، گۆرانی و زازایی) و لە زازایی دەدوێت و دەربارەی کرمانجی ژووروو دەڵێت (لە هەموو کوردستانی ڕۆژئاوادا هەر لە (موسڵ)ەوە تا ئاسیای ناوەڕاست بڵاودەبێتەوە)و دەربارەی (زازا)ش دەڵێت (لەکاتی بەراوردکردنی زازایی لەگەڵ کرمانجی ژووروو، زمانە ئێرانییەکاندا بەتایبەتی وە لە ڕووی دەنگ و شێوەوە چەند شتێک دەردەکەوێت، کە قایلمان دەکات بۆ ئەوەی بڵێین زازایی زمانێکی سەربەخۆیە) ئەمجا دەڵێت (لەگەڵ ئەو جیاوازیەشدا هێشتا زازایی هەر دروست بووی کرمانجییە).

کاتێک کە ڕۆژهەڵاتناسی ڕوسی (پیۆتر لێرخ 1828-1884) باسی شێوەزاری کرمانجی ژووروو دەکات و دەڵێت: (لە هەموو کوردستانی ڕۆژئاوادا هەر لە موسڵ-ەوە تا ئاسیای ناوەڕاست بڵاودەبێتەوە)، کەواتە ئەو موسڵ بە کوردستان دادەنێت بۆیە بەمشێوەیە باسی دەکات، بۆیە ئەوەش وەکو بەڵگەیەک لە بەڵگەکانی کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ هەژمار دەکرێت. وە کۆڕی زانیاری کورد، لە پەرتووکی (بەرکورتێکی خەرمانی کوردناسی لە ئەروپادا) لە لاپەڕەکانی (83-84)دا ئاماژەی بەهەمان بۆچوونی زانای ڕوسی (پیۆتر لێرخ) کردووەو، لە پەرتووکی سێهەمی خۆیدا کە فەرهەنگێکی کوردی (کرمانجی ژورو)-ڕوسی (ل1-84)، کوردی (زازا)-ڕوسی (ل85-108)، دەربارەی دیالێکتی کرمانجی ژورو

نوسیوێتی: (هەموو کوردستانی ڕۆژئاوای داگیرکردوە- هەر لە موسڵەوە تا ئاسیای بچووک و سلێمانی).

دکتۆر نوری دەرسیمی، لە لاپەڕە (17)ی پەرتووکی (دەرسیم لە مێژووی کوردستاندا)، نووسیوێتی: (بەپێی دابەشکردنە جوگرافییەکەی موقەدەم ڕوکنی ڕوسی، پ. ئەریانوف، کوردستانی ناو خاکی تورکیا کراوە بە سێ بەشەوە:
یەکەمیان: کوردستانی باکوور: چیای ئاگری، چۆلەمێرک، زنجیرە چیای نەمروود، وان و گۆمەکانی ورمیە تا دەوروبەری بایەزید دەگرێتەوە.
دووەمیان: کوردستانی ڕۆژئاوا: پاشایەتی موش، ئەرزڕۆم و دەرسیم دەگرێتەوە.
سێیەمیان: کوردستانی باشوور: دیاربەکر و پاشایەتی موسڵ دەگرێتەوە. ئەو ناوچەیە بەشی زۆری گۆردیەنی مێژوویی دەگرێتەوە).
بەگوێرەی ئەو دەستنیشانکردنەی سنووری کوردستان لە لایەن موقەدەم ڕوکنی ڕوسی پ. ئەریانۆف، تەواوی پاشایەتی یان ویلایەتی موسڵ کە باشووری کوردستانە، دەکەوێتە نێو سنووری کوردستان. کەواتە تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵ-یشەوە، شاری کوردیی و کوردستانین و سەر بە خاکی باشووری کوردستانن. ئەو سنوور کێشانەی ئەریانۆف، بەڵگەیەکی تری کوردبوون و کوردستانێتیی ئەم شارە و پێوەندی نەبوونی موسڵ بە ئێراق و عارەبەوە دەگەیەنێت.

دکتۆر ئەفراسیاو هەورامی، لە لاپەرە (7)ی پەرتووکە وەرگێڕاوەکەیدا (کورد لە ئەرشیفی ڕوسیاو سۆڤییەتدا)، باسی ئەوە دەکات کە لە ئەرشیفی ڕوسی و سۆڤێتیدا هاتووە: (کوردەکان پێکەوە بە کۆمەڵ لەم ویلایەتانەی تورکیا جێگیربوونە: ئەرزەڕۆم (ناوچەکانی قارس)، ئۆڵت و ئیگدەر، بەتلیس، وان، موسڵ، دیاربەکر، باکووری ڕۆژهەڵاتی ئالپۆ، خارپوت و بەشێک لە سیواس).
بەگوێرەی ئەرشیفی ڕوسی و سۆڤێتیش شاری موسڵ و ویلایەتی موسڵ، ناوچەو ویلایەتی کوردەکانی سەر بە تورکیان، کەواتە موسڵ وەکو شارو ویلایەتیش هیچ پێوەندییەکی بە ئێراق و بە عارەبەوە نەبووە، بەڵکو هەر لە کۆنەوە خاکی کورد و سەر بە باشووری کوردستان بووە.

دکتۆر ئەفراسیاو هەورامی، لە لاپەرە (172)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا باسی ئەوە دەکات کە لە ڕاپۆرتی کۆنسوڵی سۆڤیەت لە ئەرزەڕۆم (هاوڕێ پاڤلۆڤسکی) کە لە (18.1.1923)دا نووسیویێتی هاتووە: (ناوچەی ڕاپەڕینی کوردەکان بریتییە لە: موسڵ، کەرکوک، سلێمانی، سابڵاخ، لۆرستان و باشووری گۆڵی ورمێ).

کاتێک کە کۆنسوڵی سۆڤێتی (پاڤلۆڤسکی) شارەکانی موسڵ، کەرکوک و سلێمانی وەکو ناوچەیەکی راپەڕیوی کوردەکان ناودەبات، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ و شارەکانی تر دەگەیەنێت. بۆیە دەکرێت ئەو ئاماژە پێکردنەی کۆنسوڵی سۆڤێتی وەکو بەڵگەیەکی کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ و شارەکانی تر کە ئەو ناوی بردوون.

دکتۆر ئەفراسیاو هەورامی، لە لاپەرە (254)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا باسی ئەوە دەکات کە لە ڕاپۆرتی کۆنسوڵی سۆڤیەت لە بایەزید (هاوڕێ مالتسوف) کە لە (1.5.1923)دا نووسیویێتی، هاتووە: (سەبارەت بە تورکان دەبێ بڵێین هەر خەریکی ناردنی هێزن بەرەو موسڵ و ئەو جێگەیەی ئاگری کردۆتەوە لە باشووری کوردستان).

بەپێی ئەو ئاماژەپێکردنەی مالتسوفی کۆنسوڵی سۆڤیەت لە بایەزید، شاری موسڵ یەکێکە لە شارە گرنگەکانی باشووری کوردستان، چونکە ناوبراو شاری موسڵی وا باسکردووە: (ئەو جێگەیەی لە باشووری کوردستان ئاگری کردۆتەوە). ئەمەش بۆمانی دەسەلمێنی کە ئەو شارە شارێکی کوردیی و سەر بە کوردستان بووە.

دکتۆر ئەفراسیاو هەورامی، لە لاپەرە (278)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا باسی ئەوە دەکات کە لە ڕاپۆرتی کۆنسوڵی سۆڤیەت لە ئەرزڕۆم (هاوڕێ پاڤلۆڤسکی) کە لە (26.1.1923)دا نووسیویێتی هاتووە: (تا زستان دەوڵەتی نوێی کوردی بەیارمەتی ئینگلیزەکان توانی لە ناوچەکانی موسڵ، سەردەشت، ساباڵخ، ناوچەی لوڕستان و باشووری کرماشان تا ناوچەی ڕواندز و شاری ڕواندز پەرەبستێنێت).

ئەو ڕوونکردنەوەیەی کۆنسۆڵی سۆڤیێتی (پاڤلۆڤسکی) سەبارەت بە موسڵ، بەوەی کە دەوڵەتی نوێی کوردی تا زستانی ساڵی (1923) زۆر پەرەی سەندووەو گەیشتۆتە موسڵ، بەڵگەیەکی تری کوردێتیی و کوردستانێتیی ئەم شارەیە، چونکە شارەکە شارێکی کوردی و سەر بە باشووری کوردستان بووەو، لەژێر دەسەڵاتی کوردیشدا بووە.

دکتۆر ئەفراسیاو هەورامی، لە لاپەرە (441)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەداو لە وتارێکی (پالیاکۆڤ) بەناوی (تێزەکانی کێشەی ئاشووری)دا کە لە (1.9.1925)دا نووسیویێتی، لە خاڵی هەشتەمدا هاتووە: (ناوچەی موسڵ هەمیشە سەر بە تورکیا بووەو ئێستاش سەر بە تورکیایە، لکاندنی ئەم ناوچەیە بە ئێراقەوە پێشێلکردنی مافی چارەنووسی دانیشتوانی ئەم ناوچەیەیە کە خۆیان بە بەشێکی گەلی تورکیا دادەنێت).

ئەو وتارەی پالیاکۆڤ کە باسی ئەوە دەکات کە موسڵ هەردەم سەر بە دەوڵەتی تورکیا بووەو، لکاندنیشی بە ئێراقەوە بەزۆر پێشێلکردنی مافی چارەنووسی دانیشتوانەکەیەتی، لە لایەک بەڵگەیەکی تری نەبوونی هیچ پێوەندییەکە لەنێوان ویلایەتی موسڵ و ویلایەتی بەغداو عارەب، لە لایەکی تریشەوە هەم کوردێتیی و کوردستانێتیی ئەو شارو ویلایەتەیە دەگەیەنێت. سەبارەت بەوەش کە پالیاکۆڤ نووسیویێتی گوایە دانیشتوانی ناوچەی موسڵ خۆیان بە بەشێک لە گەلی تورکیا دادەنێن ئەوەیان ڕاست نییە، چونکە هەردەم کوردی هەر چوار پارچەکە تەنیاو تەنیا خۆیان بە بەشێک لە گەلی کوردستان زانیوە و دەزانن. هەروەها بەگوێرەی دانپێدانانی هەندێک لە بەرپرسانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دەوڵەتی تورکی، زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ کوردن.

مێژوونووسی ناوداری کورد، محەمەد ڕەسول هاوار، لە لاپەڕەکانی (129)ی پەرتووکی (سمکۆ (ئیسماعیل ئاغای شوکاک) و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد)دا، نووسیویێتی: (جەنەڕاڵ مایدر زیلونی لە ڕاپۆرتێکدا کە لە ڕێکەوتی (15.2.1880)دا ناردبووی بۆ ئەرکانی قەفقاس، لەو ڕاپۆرتەدا دەربارەی نیازو هەڵوێستی شێخ عوبەیدوڵڵا وتویەتی: (شێخ نیازی وایە سوود لەو بێهێزی و بێدەسەڵاتییەی ئیمڕۆی

عوسمانی وەربگرێت و لای وایە کە عوسمانی بەرەو ڕوخانێکی تەواو مل ئەنێت، لەبەرئەوە ئەیەوێ لە عوسمانی جیابێتەوەو سەربەستییەکی ڕاستەقینەی دەسگیر بێت). دەنگوباسی ئەو خۆئامادەکردنەی شێخ دەنگدانەوەیەکی خۆشی بەناو هەموو کورددا دایەوەو بەوپەڕی خۆشیەوە پێشوازی لێکرا. شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات وەکو (خۆی) و (سابڵاغ) و (ورمیە) و (شنۆ) بوون بە بنکە بۆ ئامادەکردنی چەک و جبەخانە بۆ ڕاپەڕیوەکان. لەو ڕووەوە کۆنسۆڵی ڕوس لە ئێران (کریێلی) لە کانونی یەکەمی ساڵی (1879)دا نووسیویێتی: (شێخ نیازی وایە هەرایەک دژی دەوڵەتی عوسمانی هەڵگیرسێنێت و بەتەمایە لە کوردستانی عوسمانیدا حکومەتێکی سەربەخۆ بە سەرۆکایەتی خۆی پێکبێنێت و شاری (موسڵ)یش بکاتە بنکەو بارەگا).

بەگوێرەی ئەو ئاماژەپێکردنەی کۆنسۆڵی ڕوسی لە ئێران (کریێلی)، شاری موسڵ شارێکە دەکەوێتە باشووری کوردستان (کوردستانی عوسمانی)، چونکە کۆنسۆڵی ڕوسی لە ئێران باسی ئەوە دەکات کە شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری نیازی وایە شۆڕشێک بەرپا بکات لەدژی چەوسانەوەو ستەمی دەوڵەتی عوسمانی و، نیازیشی وایە لە کوردستانی عوسمانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دامەزرێنێ و شاری موسڵ-یش بکات بە پایتەخت. ئەمەش بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە هەم ئەو کۆنسۆڵەو هەم شێخ عوبەیدوڵڵا شاری موسڵ بە بەشێکی کوردستان دەزانن، بۆیە کۆنسۆڵەکە بەمشێوەیە ناوی بردووە. وە شێخ عەبدوڵڵاش ویستوویەتی موسڵ بکات بە پایتەختی دەوڵەتی کوردی لە کوردستاندا. لە لایەکی تریش کۆنسۆڵەکە شاری موسڵ وەکو شارێکی سەر بە کوردستانی عوسمانی ناودەبات، کەواتە ئەو شارە هیچ پێوەندییەکی بە عارەب و بە ئێراقەوە نەبووە.

ئارچی ڕوزوڵت، کە یاریدەدەری نیزامی ئەمەریکا بووە لە ماوەی مارسی (1946) تا فێبریوەری (1947) لە تاران خزمەتی کردووە، لە لاپەڕە (9-10)ی پەرتووکی (کۆماری کوردستان لە مەهاباد)دا نووسیوێتی: (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد، هەر نە تەنیا لە کوردستانی ئێران، بگرە لە پارچەکانی تری کوردستانیش زۆر زوو پەرەی گرت، هۆی پەرەسەندنەکەی ئەوە بوو کە کوردەکان کۆمەڵەیان وەک دیاردەیەکی نوێ و ڕێکوپێک دەدیت، کە جیاوازێکی زۆری لەگەڵ پارت و پارتی سونەتییەکانی

کوردستان هەبوو. لە شارەکانی کوردستانی ئێراق وەک موسڵ، کەرکوک، هەولێر، سلێمانی، ڕواندز، شەقڵاوە لقی کۆمەڵە پێکهات).

کاتێک کە (ئارچی ڕوزوڵت) لە باسی شارەکانی باشووری کوردستان (کوردستانی ئێراق)دا ناوی شاری موسڵ وەکو شارێکی سەر بەو پارچەیەی کوردستان دەبات، بەڵگەیەکی تری بێوێنەو دەگمەن دەخاتە نێو سەبەتەی بەڵگەنامەکانی کوردێتیی و کوردستانێتیی ئەو شارە (موسڵ)، چونکە باشووری کوردستان و کوردستانی ئێراق ناوێکی جوگرافی و زاراوەیەکی ڕامیارین بۆ یەک خاک بەکاردەهێنرێت کە خاک و نیشتمانی کوردن، ئەویش (کوردستان)ە.

مێژوونووسی کورد، عەبدولڕەقیب یوسف لە لاپەڕە (162)ی پەرتووکەکەیدا لەژێر ناوی (حدود كوردستان الجنوبية تاريخيا وجغرافيا خلال خمسة الاف عام وما ترتب على الحاقها بالعراق)داو، بە پشت بەستنی بە (عەبدولڕەزاق ئەلحسێنی، العراق قديما وحديثا، الطبعة الثانية، ص254)دا، کە نووسیویێتی: (ژمارەیەک لە مێژوونووسان و گەڕیدەکان بۆچوونیان وایە کە شاری موسڵ شارێکی سەر بە کوردستانە. گەڕیدەی بەریتانی ڕادۆڵف (گەڕیدەی هۆڵەندییە نەک بەریتانی – دەرسیم) کە لە سەدەی شازدەهەم سەردانی موسڵی کردووە، دەڵێت: (دوای ئەوەی بەهۆی چەند بەلەمێک لەسەر پردێک پەڕینەوە، هاتینە ناو شاری موسڵ و، موسڵ دەکەوێتە ناو نیشتمانی کوردانەوە).

ئەو دانپێدانانەی گەڕیدەی هۆڵەندی ڕادۆڵف (ڕاوۆڵف) بەوەی کە شاری موسڵ دەکەوێتە ناو نیشتمانی کوردانەوە، یەکێکە لە بەڵگەکانی کوردێتیی و کوردستانێتیی ئەو شارە (موسڵ) و هەموو گومانەکان لەسەر کوردستانی بوونی ئەو شارە دەڕەوێنێتەوە، چونکە گەڕیدەی ناوبراو بەڕوونی باسی کوردستانێتی شاری موسڵ دەکات. هەروەها کاتێک کە ئەو گەڕیدە هۆڵەندیە باسی ئەوە دەکات کە شاری موسڵ دەکەوێتە ناو نیشتمانی کوردانەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە شارەکە بە هەردوو کەناری دەستە ڕاستی کە بە (موسڵ) و کەناری دەستە چەپی کە بە (نەینەوا) ناسراوە دەکەونە ناو باشووری کوردستان.

دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (الموصل مدينة العرب والكورد جغرافيا وتاريخيا) کە لە لاپەڕەکانی (72–84)ی ژمارە (21)ی گۆڤاری (دهۆک)دا بڵاویکردۆتەوەو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (204)ی پەرتووکی (Rawolf, Travels, Ray, S Collectin)، هەروەها لاپەڕە (142)ی پەرتووکی (العراق في القرن السابع العشر)دا، لە نووسینی (ژان باپتسیت تاڤێرنێی)، دەڵێت: (گەڕیدەی هۆڵەندی، دکتۆر لیونارد ڕاوۆڵف کە سەردانی موسڵ–ی کردووە لە ساڵی (1575)ی زایینی، گوتوویەتی: (موسڵ دەکەوێتە ناو نیشتمانی کوردان). هەروەها دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی، لە لاپەڕە (25)ی پەرتووکی (الحياة الحزبية في الموصل 1926–1958)دا هەمان شتی دووبارەکردۆتەوەو، لە لاپەڕە (32)دا ئاماژەی بەوەداوە کە وەرگێڕی عارەبی (سەلیم تەها تکریتی)، لە وەرگێڕانەکەیدا سەرڕاست نەبووەو دەستەواژەی (موسڵ دەکەوێتە ناو نیشتمانی کوردان)ی وەرنەگێڕاوە.

ئەو ئاماژەیەی گەڕیدەو مێژوونووسی فەرەنسی (ژان باپتسیت تاڤێرنێی)، بەوەی کە گەڕیدەی هۆڵەندی (دکتۆر لیونارد ڕاوۆڵف)، کاتێک کە سەردانی شاری موسڵی کردووە باسی ئەوەی کردووە کە (شاری موسڵ دەکەوێتە ناو نیشتمانی کوردان)، بەڵگەیەکە لە بەڵگەکانی کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شاری موسڵ. مادام ئەم شارە بکەوێتە ناو نیشتمانی کوردان، کەواتە شارەکە شارێکی کوردیی و سەر بە کوردستانە.

دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (الموصل مدينة العرب والكورد جغرافيا وتاريخيا) کە لە لاپەڕە (72–84)ی ژمارە (21)ی گۆڤاری (دهۆک)دا بڵاویکردۆتەوەو، بە پشت بەستنی بە ژمارە (351)ی ڕۆژنامەی (الموصل) کە لە (22.3.1921)دا دەرچووە، باسی ئەو وتارەی ژەنەڕالی بەریتانی ساندرس دەکات کە لەکاتی ئاهەنگی کردنەوەی ئەو پردە نوێیەی کە شاری موسڵی بە کەناری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە دەبەست، خوێندبووەوە کە لەو وتارەدا ساندرس دەڵێت: (شتێکی شاردراوە نییە بە تەواوبوونی ئەو پردە، بناغەی ئەلقەیەکی گرنگ لە ئەلقەکانی پێوەندیکردن کە وڵاتی کوردان بە ئێراقەوە دەبەستێت، داڕشت).

ئەو وتارەی ژەنەڕالی بەریتانی بەناوی (ساندرس)، بەلای کەمەوە کەناری خۆرهەڵاتی ڕووباری دیجلە خاکی کوردە و سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە

ژەنەڕالی بەریتانی ناوبراو لەکاتی ڕێوڕەسمی کردنەوەی پردەکەدا، باسی ئەوەی کردووە کە پردەکە ئەلقەی پێوەندیکردنی وڵاتی کوردان (کوردستان)ە بە ئێراقەوە.

دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (الموصل مدینة العرب والكورد جغرافيا وتاريخيا) کە لە لاپەڕەکانی (72–84)ی ژمارە (21)ی گۆڤاری (دهۆک)دا بڵاویکردۆتەوەو، بە پشت بەستنی بە گەڕیدەی بەریتانی جاکسۆن نووسیویێتی: (گەڕیدەی بەریتانی جاکسۆن کە لە (25.7.1797)دا سەردانی موسڵ-ی کردووە دەڵێ: شارەکە (موسڵ) پڕ دانیشتوانەو چەندان جۆری جیاواز دەگرێتە خۆی، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانەکەی کوردن).
ئەو یاداشتەی کە گەڕیدەی بەریتانی (جاکسۆن) سەبارەت بە شاری موسڵ نووسیویێتی، بەڵگەیەکە لە بەڵگەکانی بە کوردبوون و کوردستانیی بوونی ئەم شارە، چونکە ئەو زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی شاری موسڵ بە کورد ناودەبات. مادام زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانەکەی کوردبن، کەواتە شارەکە شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە.

دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، لە لاپەڕە (24)ی پەرتووکی (الحياة الحزبية في الموصل 1926–1958)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (14)ی پەرتووکی (نشأة العراق الحديث)، لە نووسینی (هێنری فۆستەر)ی بەریتانی و وەرگێڕانی بۆ عارەبی (سەلیم تەها تکریتی)، فۆستەر دەڵێت: (کاتێک کە جەنگی یەکەمی جیهانی لە کۆتاییدا بوو، داخوازی عارەبەکان پەرەیسەند بۆ خۆبەڕێوەبەرێتیەک کە مۆرکی دەوڵەتی پێوەبێت، هەروەها عارەبەکان چاویان بڕییە فراوانکردنی ئێراق بە مەرجێک موسڵ-یش بگرێتەوە).
ئەوەی کە (هێنری فۆستەر)ی بەریتانی باسی دەکات، بەڵگەیەکی بەهێزو هاشا هەڵنەگرە بۆ کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ و تەواوی شارەکانی تری ویلایەتی موسڵ. کاتێک (فۆستەر) باسی ئەوە دەکات کە عارەبەکان چاویان بڕیوەتە فراوانکردنی ئێراق بە مەرجێک موسڵ-یش بگرێتەوە، دەیسەلمێنێت کە موسڵ هی عارەب و ئێراق نەبووە، بۆیە چاویان بڕیوەتێ و دەیانەوێت وڵاتەکەیان فراوان بکەن لەسەر بەرژەوەندییەکانی کورد و خەڵکی کوردستان.

دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، لە لاپەڕە (26)ی پەرتووکی (الحياة الحزبية في الموصل 1926–1958)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (14)ی پەرتووکی (الموصل في القرن الثامن عشر، حسب مذكرات دومينيكو لانزا)، لە نووسینی دومینیکو لانزاو وەرگێڕانی قەشە ڕۆفائیل بیداوید، نووسیویێتی: (لەو گەڕیدە ئەوروپی‌یانەی کە لە سەدەکانی هەژدەهەم و نۆزدەهەمدا سەردانی شاری موسڵ-یان کردووە، گەڕیدەی فەرەنسی (ج. ا. ئۆلیفیە)، (دۆمینیکۆ لانزا)، (جاکسۆن) و گەڕیدەی بەریتانی (جێمس سلیک پەکینگهام). لانزا کە ساڵی (1765) سەردانی موسڵ-ی کردووە لە پەرتووکەکەی خۆیدا نووسیویێتی: زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی موسڵ لە تورک و کورد پێکدێن).

ئەو ئاماژە پێکردنەی مێژوونووس و گەڕیدەی ئیتاڵی (دۆمینیکۆ لانزا)، کە لە ساڵی (1718)دا لە شاری (تۆرینۆ) لەدایکبووەو، لە ماوەی ژیانیدا دووجار هاتۆتە شاری موسڵ و، جاری یەکەم لەنێوان (31.1.1754–22.3.1761)و جاری دووەم لە ماوەی نێوان (25.3.1764–1770)دا لەو شارەدا ماوەتەوە، بەڵگەیەکی تری کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ-ە، کاتێک کە پێکهاتەی شاری موسڵ بە کورد و تورک ناودەبات، گرنگ نییە کە ناوی کورد یان تورک لە پێشەوە بێت، گرنگ ئەوەیە کە ئاماژە بە بوونی عارەب نەکراوە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوون یان کەمی ژمارەی عارەب لە شارو ویلایەتی موسڵ لەو کاتیدا. کەواتە موسڵ شارێکی کوردییە، مادام زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی موسڵ لە تورک و کوردن پێکهاتبێ، چونکە هەمووومان باش لەوە تێدەگەین ناوهێنانی کورد و تورک بەوەی کە پێکهاتەی سەرەکی شارەکەن، لەبەرئەوە بووە کە تورکەکان بەهۆی داگیرکردنەوە سەردارو دەسەڵاتدار بووینە نەک تەنها لە موسڵ، بەڵکو لە تەواوی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.

جەلال جەوهەر عەزیز، ئەندامی مەکتەبی سیاسی (ی. ن. ک) و بەرپرسی پێشووی مەڵبەندی (2)ی شاری کەرکوک لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (پاکتاوکردنی کورد و تەعریبکردنی کوردستان لە مێژووی کۆندا) کە لە لاپەڕەکانی (43–61)ی ژمارە (7)ی گۆڤاری کەرکوک بڵاوکراوەتەوە، باسی (دۆمینیکۆ لانزا) دەکات کە گەڕیدەو

مێژوونووسێكی ئیتاڵی بووە لە سەدەی هەژدەهەم سەردانی ناوچەی كوردستانی كردووەو بەم شێوەیە یاداشتی خۆی لەسەر شاری موسڵ دەنووسێ، كە قەشە ڕۆفائیل كردوویەتی بە عارەبی و ئەڵێ، (ژمارە هەرچەند بێ، زۆربەی خەڵكی موسڵ، ئاستی ڕۆشنبیرییان كەمە، چونكە زۆربەیان لە تورك و كورد پێكهاتوون).

ئەوەی لێرەدا مێژوونووسی ئیتاڵی (دۆمینیكۆ لانزا) باسی دەكات، بەڵگەیەكی بەنرخی كوردێتیی و كوردستانێتیی شاری موسڵ–ە، هەتا ئەگەر بێتوو كوردەكان ئاستی ڕۆشنبیریشیان نزم بێت، چونكە هیچ جارێك توركیا باسی ئەوەی نەكردووە كە شاری موسڵ یاخود ویلایەتی موسڵ هی ئەوانە لەبەر ئەوەی كە دانیشتوانەكەی تورك بن، بەڵكو هەردەم گوتویانە ویلایەتی موسڵ بە تەواوی شارەكانییەوە هی ئێمەن، چونكە دانیشتوانەكەی كوردن و كوردەكانیش لە ڕەگەزی توركن. هەموو ئەمانەش دەریدەخەن كە ویلایەتی موسڵ بە تەواوی شارەكانیەوە (موسڵ، دهۆك، هەولێر، كەركوك، سلێمانی و دیالە)، شارو خاكی كورد و كوردستانن.

پارێزەر كامل ژیر، لە لاپەڕە (47)ی پەرتووكی (كوردایەتیو سەربەخۆیی)دا لە باسی بروسكەیەكی كۆمیسیاری باڵا (سێر پێرسی كۆكس)دا بەژمارە (513)ی ڕۆژی (20.9.1923)دا كەباری سەرنجی شا فەیسەڵ بۆ وەزارەتی كۆلۆنیالییەكانی بەریتانی ئەنووسێ و ئەڵێ: (شا فەیسەڵ ترسی ئەوەی هەیە كە هاندانی هەر دەوڵەتێكی كوردی جیاكراوە لە ئێراق لە ویلایەتی موسڵ ئەبێتە هۆی ئەوەی كوردەكانی توركیا و ئێران پێوەندی بكەن بەو دەوڵەتەوە. ئەمەش ئەبێتە گەورەترین مەترسی هەمیشەیی لەسەر ئێراق. هەروەها شا مەبەستی لەوەدا كە كوردستان بخرێتە سەر ئێراق ئەوەیە كە سوننە زیاتر بن لە شیعە لەو ئەنجومەنی تەئسیسییەدا كە نیاز وایە ببەسترێت).

ئەوەی لێرەدا كە (سێر پێرسی كۆكس) باسی دەكات، كوردێتیی و كوردستانێتیی یەكە بە یەكەی شارو ناوچەكانی سەر بە ویلایەتی موسڵ دەگەیەنێت، چونكە هەموومان دەزانین ئەو كوردستانەی كە سێر پرسی كۆكس ناوی دەبات و، شا فەیسەڵ داوای دەكات كە بخرێتە سەر ئێراق، باشووری كوردستان (ویلایەتی موسڵ) بوو بە تەواوی شارەكانی (موسڵ، دهۆك، هەولێر، كەركوك، سلێمانی و دیالا). لە ئەنجامدا بۆمان دەردەكەوێت كە ویلایەتی موسڵ یەكسانە بە باشووری

کوردستان، کەواتە شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە، لەبەر ئەوەی شاری موسڵ مەڵبەندو شارێکی گرنگی ویلایەتی موسڵ بووە.

نووسەری کوردپەروەر ئەحمەد خواجە (ئەحمەد خواجە عەزیز 6.7.1903–4.3.1997)، لە لاپەڕە (107)ی بەرگی یەکەمی پەرتووکی (چیم دی)داو، بە پشت بەستنی بە پەرتووکی (القضية الكوردية)ی (مەحمود ئەلدوڕە)و ڕۆژنامەی (الاخاء الوطني)، ژمارەکانی (5–6)ی ئابی (1931)و ڕۆژنامەی الجهاد (1931)ەوە باسی حاکمی سەربازی بەریتانی لە ئێراق بەمشێوەیە دەکات: (ئارنۆلد ویلسۆن، فەرماندەی گشتی سەربازی بەریتانی لە ئێراق، لە پەرتووکەکەی خۆیدا بەناونیشانی (کوردەکانی ئێراق و بزووتنەوەکەی شێخ مەحمود)دا دەڵێت: کوردەکانی ئێراق لە ناوچە شاخاویەکانی خۆیان لە باکوورو باکووری خۆرهەڵاتی ئێراق نیشتەجێن، لە کۆی (14) پارێزگای ئێراقی لە پێنج پارێزگا نیشتەجێن کە بریتین لە: پارێزگای موسڵ، پارێزگای هەولێر، پارێزگای کەرکوک، پارێزگای سلێمانی و پارێزگای دیالا).
ئەو دانپێدانانەی نوێنەری باڵای بەریتانی (ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن) بەوەی کە کوردەکان لەکۆی (14) پارێزگای ئێراقی لە پێنج پارێزگادا دەژین، بەڵگەیەکی ترە بۆ کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ، وە بەتایبەتیش کە ڕەگەزپەرستێکی وەکو (مەحمود دوڕە)ی نووسەری عارەب جەخت لەسەر هەمان شت دەکاتەوە. هەرچەندە ئەو قسەیەی نوێنەری باڵای بەریتانی بەو مەبەستە بووە کە نیشانی بدات دەوڵەتی ئێراق لە یەک خاک پێکدێت و، ڕاستی ئەوە لە خەڵکی جیهان بشارێتەوە کە خاکی ئەو وڵاتە لە ئەنجامی بەزۆر لکاندنی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)، کە پێکدەهات لە شارەکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالا) بە ئێراقی عارەبییەوە (ویلایەتەکانی بەغداو بەسرا)، بە بڕیارێکی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا دروستبووە.

سوپا سالارو سەر فەرماندەی ئەڵمانی (فیلد مارشاڵ هلمۆت ڤۆن کارڵ مۆلتکە، کە لە ساڵانی نێوان (1800–1891)دا ژیاوەو، لە ماوەی ساڵانی نێوان (1857–1888)دا سەرۆکایەتی فەرماندەی گشتی سوپا بووە، ئەو پێشتر لە ساڵی (1822)دا چووە بۆ پڕوسیا، دواتر لە ساڵانی نێوان (1834–1839)دا لەسەر داخوازی

سوڵتانی عوسمانی (سوڵتان مەحمودی دووەم) و لە ئەنجامی ئەو ناوبانگیەی کە دەریکردبوو، دەکرێتە ڕاوێژکار لە سوپای عوسمانلی و سەرکردایەتی تەواوی ئەو شەڕانە دەکات بۆ عوسمانلییەکان لەدژی کورد و دانیشتوانی سیڤیل و بێتاوانی کوردستان. ڤۆن مۆلتکە لە یاداشتەکانی خۆیدا کە لە ئایاری ساڵی (1838)دا واتە بەر لە (170) ساڵ نووسراوە. ئەم یاداشتەی مۆلتکە لە گۆڤاری (رەسملی تاریخ مجموعەسی، ئەنقەرە) لە تورکی کراوە بە کوردی و ئەحمەد خواجە لە بەرگی سێیەمی (چیم دی)دا لە لاپەڕە (129–187)دا بڵاویکردۆتەوە. لە لاپەڕە (141)دا مۆلتکە دەربارەی شاری موسڵ دەبێژێت: (بە بۆنەی دەستدرێژی عارەبەکانەوە بۆسەر ئەم شارەدا (موسڵ) دانیشتوەکانی هەمیشە پاشکەوتوو وە پەککەوتوون. دیواری شورەکەی ئەم شارە زۆر تەسکە هیچ جێی باوەڕ نیە کەلکی پارێزگاری بێ بەڵام ئەو دوژمنەی هێرش ئەهێنێتە سەریان تەنیا سوارەی عارەبە بەدوەکانی چۆلنشینن).

ئەوەی کە فەرماندەی ئەڵمانی (فیلد مارشاڵ هلمۆت ڤۆن کارڵ مۆلتکە) باسی کردووە، دەیسەلمێنێ کە شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە کوردستان بووە، چونکە کاتێک کە هێرش بەران بۆسەر شاری موسڵ هەردەم عارەبەکان بن، کەواتە دانیشتوانی شار دەبێت سەر بە نەتەوەیەکیتر بن، گومان لەوەشدا نییە کە ئەو نەتەوەیەش نەتەوەی کوردە، چونکە هەر لە کۆنەوە شاری موسڵ و ویلایەتی موسڵ نیشتمانی کورد و بەشێکی خاکی کوردستان بووینە.

هلمۆت ڤۆن کارڵ مۆلتکە، لە لاپەڕە (142)ی سەرچارەی ناوبراو لە سەرەوەدا، دەربارەی دانیشتوانی موسڵ دەڵێت: (دانیشتوانی ئەم شارە کورد، کلدانی و عارەبن. بە کوردی و عارەبی و ئێرانی و تورکیش وتووێژ دەکەن).

ئەو دانپێدانانەی فەرماندەی ئەڵمانی (مارشاڵ هلمۆت مۆلتکە)، بەوەی کە پێکهاتەی دانیشتوانی شاری موسڵ کورد، کلدانی و عارەبن، سەرەتا بەڵگەیەکی گرنگە بۆ بوونی کورد لە شارەکەداو، دواتر ناوهێنانی کورد لەپێش کلدان و عارەبەوە ئەوەش مانای تایبەتی خۆی هەیە، دیارە ژمارەی کورد لە ژمارەی کلدانی و عارەب زۆرتر بووە، بۆیە سەرەتا ناوی کوردی هێناوە. کاتێکیش کە ژمارەی کورد لە ژمارەی نەتەوەکانیتر زۆرتر بێت، ئەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم شارە (شاری موسڵ)

شارێکی کوردییەو سەر بە باشووری کوردستانە. ئەوە جگە لەوەی کە لە بەشی یەکەم و چەندان شوێنی تردا باسی ئەوەمان کرد کە شاری موسڵ لە لایەن کوردەوە دروستکراوە.

هلمۆت ڤۆن کارڵ مۆلتکە، لە لاپەڕەکانی (142–143)ی هەمان سەرچاوەدا، بەمشێوەیە باسی شاری موسڵ دەکات: (کە لە موسڵ بووم جێگایەکیان پیشاندام وتیان ئەم کووچەیە بە تایبەتی بۆ عارەبەکان جیاکراوەتەوە بۆ ئەوەی نەیەنە ناو شار، هەر لەم جێگایەدا کڕین و فرۆشتنی خۆیان ئەکەن و ئەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی نەوەک ناو شارە خاوێنەکە تێکبدەن، چونکە پۆخلن).
ئەو دانپێدانانەی هلمۆت مۆلتکە بەوەی کە دانیشتوانی شاری موسڵ جێگەیەکی تایبەتیان بۆ عارەبەکان لە کووچەیەک تەرخان کردبوو لەپێناوی ئەوەی نەیەنە ناو شاری موسڵ تاوەکو شارەکە پیس نەکەن، بەڵگەیەکی پڕ بایەخە بو کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ، چونکە لە لایەک نیشانیدەدات کە عارەب بە هیچ شێوەیەک بوونی نەبووە لەناو شاری موسڵ و، لە لایەکی تریشەوە دەیسەلمێنێ کە ئەو شارە شاری نەتەوەیەکی ترە نەک هی نەتەوەی عارەب.

ئەفسەری بەرزی ئێرانی (حەسەن ئەرفەع)، لە لاپەڕە (9)ی پەرتووکی (کوردەکان)دا کە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و ڕامیارییە، نووسیوێتی: (ئەو مەڵبەندەی کە زۆربەی دانیشتوانەکەی لە کورد پێکدێت، بەشێوەیەکی گشتی شاخاوییە، لە ڕۆژهەڵاتەوە لەبناری ڕۆژهەڵاتی کێوەکانی زاگرۆسەوە دەستپێدەکاو بە گۆمی ورمێ کۆتایی دێ، کە کۆچەرانی تورکی ئازەربایجانی لەوێدا نیشتەجێن، لێرەشەوە ڕوەو باشوورو سنووری نێوان هەمەدان و سنە درێژ دەبێتەوە، لە باشووریشەوە لەپاش تێپەڕین بە دەوروبەری کرماشان و کەرکوکدا بە موسڵ کۆتایی دێ، پاشان ڕوەو باکوور تا ماردین و وێرانشار و ئورفە درێژ دەبێتەوە، ئەم هێڵە لە باکوورەوە ڕوەو مەلاتییەو ڕووباری فورات درێژ دەبێتەوەو بە کەمالیە دەگات، ئەم بەشانەی باکووری خاکی کوردستان، کە بەتەنها کوێستانەکانی مورگان داغ و هارال داغ دەگرێتەوەو ڕوەو ئەرزنجان و ئەرزڕۆم درێژ بۆتەوەو بە چیاکانی ئارارات (ئاگری

داغ) دەگات، بە سنووری سروشتی نێوان تورکەکان لە باکوورو کوردەکان لە باشوور دادەنرێ).

ئەو پێناسەیەی نووسەری ئێرانی (حەسەن ئەرفەع) بۆ سنوور کێشانی کوردستان کردوویەتی، بەڵگەیەکە بۆ سەلماندنی کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ، چونکە حەسەن ئەرفەع دەڵێت: (لە باشووریشەوە لەپاش تێپەڕین بە دەوروبەری کرماشان و کەرکوکدا بە موسڵ کۆتایی دێ)، کەواتە شاری موسڵ دەکەوێتە ناو سنووری کوردستان!

ئەفسەری ئێرانی، حەسەن ئەرفەع، لە لاپەڕە (18)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، لە باسی (کورتە باسێکی مێژوویی کورد لەپاش ئیسلامەوە تا سەدەی نۆزدە)دا، نووسیویێتی: (هاوکات لەگەڵ هەڵکشان و هێرشی عارەبەکان بەرەو باکوور، لەشکری عومەری کوڕی خەتاب، لەنێوان ساڵانی (634-644)ی زاییندا ناوچەکانی (هەولێر-موسڵ-نەسیبەین)یان داگیرکرد کە ئەم ناوچانە لەنێو ئەو چیایانەدا هەڵکەوتبوون کە مەڵبەندە کوردنشینەکانیان لە باشوورەوە دەپاڕاست. لە سەردەمی خەلیفە عوسمانی کوڕی عەفاندا (644-656) تێکڕای ئەو ناوچانە تا چیاکانی قەفقاس لە لایەن موسڵمانەکانەوە داگیرکران).

ئەوەی لێرەدا حەسەن ئەرفەع باسی دەکات، دانپێدانانێکی ڕاستەوخۆیە بە کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ، چونکە ئەو نووسیویێتی کە لە سەردەمی (عومەری کوڕی خەتاب)دا هێزی ئیسلام و عارەب هاتووە بۆ داگیرکردنی شارەکانی (هەولێر، موسڵ و نەسیبەین)، هاتنی ئیسلام و عارەب لەپێناوی داگیرکردنی ناوچە کوردییەکان و بەتایبەت شارەکانی (هەولێر، موسڵ و نەسیبەین)، بۆمان دەریدەخات کە عارەب ئەو شارانەی داگیرکردووە، کەواتە ئەو شارانە شارو خاکی عارەبی نەبووینە لە بنەڕەتدا، کەچی دوای داگیرکردنەکان عارەبیان لەم شارە داگیرکراوانەدا نیشتەجێکردووە بە مەبەستی بەعارەبکردنیان.

حەسەن ئەرفەع، لە لاپەڕە (162)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، نووسیویێتی: (لە تەلەگرافێکدا، کە لە (10)ی مایسی (1919)دا، لە لایەن دەوڵەتی بەریتانیا وە بۆ (سێر ئارنۆڵد ویلسۆن) ڕەوانەکرابوو نووسرابوو: (بە مەبەستی دامەزرانی دەوڵەتی

ئێراق، ئێمە ئەرکی بەڕێوەبەرێتی پێنج شارمان بە تۆ سپاردووە، بۆ دڵنیاکردنی پشتیوانی و دابینکردنی ئەم مەبەستە ویلایەتی موسڵ بەشێوەی ئۆتۆنۆمی و خۆگەردان بە سەرانی کورد بسپێرە، کە لەژێر چاودێری دەوڵەتی بەریتانیادا بەڕێوەببرێت).

حەسەن ئەرفەع، دەربارەی ئەو تەلەگرافەیە بۆچوونی خۆی لە هەمان لاپەڕەدا، بەمشێوەیە دەردەبڕێت: (بەم تەلەگرافەدا دەردەکەوێ کە دامەزران و ماندێتی دەوڵەتی ئێراق لەوکاتەدا لە تێڕوانینی میری بەریتانیا وە بەدەر لە ویلایەتی موسڵدا بێ. ئەم بڕیارە ئەوە دەردەخات کە دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراق تەنها بەشی عارەبنشینی دەگرتەوە، چونکە سیستەمی ئۆتۆنۆمی لەو ناوچانەدا کە کوردەکان زۆرینەیان پێکدەهێنا، بۆ پاراستنی میری هیندستانی ژێر دەسەڵاتی ئینگلیز پاڵپشت و پێگەیەکی گونجاو بوو).

بەگوێرەی ئەو بەڵگەیەی سەرەوە هەم حکومەتی بەریتانیا و هەم نووسەری ئێرانی حەسەن ئەرفەع، دانیپێدادەنێن کە ویلایەتی موسڵ خاک و نیشتمانی کوردە بە تەواوی شارەکانیەوە، ئێراقیش تەنیا ویلایەتەکانی بەغداو بەسرا دەگرێتەوە، کاتێکیش کە حکومەتی بەریتانیا بە نوێنەری باڵای خۆی لە ئێراقدا دەڵێت: (ویلایەتی موسڵ بەشێوەی ئۆتۆنۆمی بە سەرانی کورد بسپێرە، کە لەژێر چاودێری دەوڵەتی بەریتانیادا بەڕێوەببرێت)، بەڵگەیەکی تری کوردستانێتیی و کوردێتیی سەرتاپای ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵ-ی پایتەختیشەوە دەسەلمێنێت، چونکە هەموو لایەک ئەوە دەزانێت کە ویلایەتی موسڵ لە شارەکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) پێکدێت، کاتێک کە تەواوی ویلایەتی موسڵ بە کورد بسپێردرێت، گومان لەوەدا نییە کە شاری موسڵ-یشی لەگەڵدا دەبوو، بەتایبەت نامە فەرمییەکەی دەوڵەتی بەریتانیا زۆر ڕاشکاوانە باسی ئەوە دەکات کە تەواوی ویلایەتەکە بە کورد بسپێرن و، شاری موسڵ-ی لێ دەرهاوێژ نەکردووە.

حەسەن ئەرفەع، لە لاپەڕە (165)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، نووسیوێتی: (هەوڵی دامەزراندنی ویلایەتێکی کوردنشین لە ئێراقدا بێئاکام مایەوەو بە سەرکەوتن نەگەیشت و، ئەو بەشە کوردنشینەی بە ویلایەتی موسڵ ناودەبرا، خرایە سەر ئێراق. میری و پاشایەتی ئێراقیش بە فەیسەڵ (کوڕی دووەمی شەریف حوسێن)

سپێردرا. بەڵام بڕیار لەسەر ئەوە درا کە ناوچە کوردنشینەکان لە هەڵومەرجێکی تایبەتیدا بیَ).

کاتێک کە نووسەری ئێرانی (حەسەن ئەرفەع) ویلایەتی موسڵ بە بەشی کوردنشین یان کوردستان ناودەبات، کەواتە ویلایەتی موسڵ خاکی کورد و بەشێکە لە کوردستان، هەروەها دەریدەخات کە ویلایەتی موسڵ یەکسانە بە ناوچەی کوردنشین یاخود کوردستان (باشووری کوردستان)، مادامیش ویلایەتی موسڵ یەکسان بێت بە کوردستان و یەک بن، کەواتە شاری موسڵ-یش یەکێکە لە شارەکانی کوردی سەر بە باشووری کوردستان.

حەسەن ئەرفەع، لە لاپەڕەکانی (175-176)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، نووسیویێتی: (لە مایسی 1944دا، نوری سەعید بەخۆی گەشتێکی کرد بە ناوچە کوردنشینەکانداو لە شارەکانی موسڵ و کەرکوکدا چەندان کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرانی کوردا سازدا، بەڵام لەگەڵ خودی مەلا مستەفادا کۆنەبۆوە).

کاتێک کە (حەسەن ئەرفەع) باسی ئەوە دەکات کە (نوری سەعید)ی سەرۆک وەزیرانی ئێراقی لە ساڵی (1944)دا سەردانێکی ناوچە کوردنشینەکان (کوردستان)ی کردووەو، لە شارەکانی موسڵ و کەرکوکدا کۆبوونەوەی لەگەڵ چەندان سەرکردەی کورددا کردووە، بەڵگەیەکی کەم وێنەیە بۆ سەلماندنی کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ، چونکە کاتێک کە شاری موسڵ و کەرکوک دوو شاری کوردنشین بن، کەواتە هەردوو شارەکە شاری کوردین و سەر بە خاکی کوردستانن.

نادر ئینتیسار، نووسەرێکی فارسەو پرۆفیسۆری زانستە ڕامیارییەکان و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە کۆلیژی سپرینگ هیڵ، کە تاکو ئێستا ئەم بەرهەمانەی بە زمانی ئینگلیزی دەربارەی مێژووی کورد و کوردستان بڵاوکردۆتەوە: (کورد لەپاش شۆڕش لە ئێراق و ئێراندا – 1984)، (مۆزایکی کوردی – 1989)، (ناسنامەی کوردی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا – 1991)، (ئیتنۆنەتەوایەتی کوردی – 1992). نادر ئینتیساری، لە لاپەڕە (70-71)ی پەرتووکی (ئیتنۆنەتەوایەتی کوردی – 1992)دا، نوسیویێتی: (لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەریتانیا دەسەڵاتی بەسەر

ویلایەتەکانی بەغداو بەسرەدا گرت. ئەو هەرێمانەی کە لەژێر سایەی دەسەڵاتی عوسمانیدا بوون، دواتر بوون بە (دڵ – بنەما)ی ئەو وڵاتەی کە پێی دەوترێت ئێراقی عارەب. بەریتانیا بەڵێنی دابوو ئەم ناوچەیە (ویلایەتی بەغداو بەسرا) بدات بە شەریف حسێنی مەککە لە پاداشتی ئەوەدا کە شەریف حسێن عارەبەکانی بەدژی تورکەکان هاندابوو بۆ ڕاپەڕین. لە ڕۆژی (24)ی تشرینی یەکەمی ساڵی (1915)دا لە وەڵامدا بۆ شەریف حسێن و داواکارییەکانی بەریتانیا ڕەزامەندیی خۆی نیشاندا بۆ پشتگیریکردنی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی عارەب کە ویلایەتەکانی بەغداو بەسرە بگرێتەوە. لەو ڕێکەوتنەدا هیچ شتێک دەربارەی ویلایەتی موسڵ کە دانیشتوانەکەی کوردن نەگوترا تەنانەت هەتاکو ئاگربەستی نێوان هێزی هاوپەیمانان و سوڵتانی عوسمانیش لە بارەی ویلایەتی موسڵەوە هیچ قسەیەک نەکرا).

بەگوێرەی قسەکانی نووسەری فارس (نادر ئینتیسار) کە باسی دەکات، بەریتانییەکان گفتی دامەزراندنی دەوڵەتێکی عارەبییان بە شەریف حوسێن دابوو لە ویلایەتەکانی بەغداو بەسرا، وە هیچ ئاماژەیەک بۆ ئەو مەبەستە بە ویلایەتی موسڵ نەدرابوو، بەمەش بۆمان ڕووندەبێتەوە کە شاری موسڵ و ویلایەتی موسڵ بە تەواوی لە دەرەوەی سنووری ئەو ئێراقە بووە کە نیاز وابووە ئینگلیزەکان بۆ عارەبی دامەزرێنن، ئەوەش هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ویلایەتی موسڵ بە تەواوی شارەکانییەوە، ویلایەتێکی کوردیی بووەو هیچ پێوەندییەکی بە عارەب و بە ئێراقەوە نەبووە.

نادر ئینتیساری، لە لاپەڕە (74)ی هەمان سەرچاوەی ناوبراو لە سەرەوەدا دەنووسێت: (ئۆفیسی بەریتانی لە هیند گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە پارێزگاریکردنی ئێراق لە لایەن بەریتانیا وە ئێراق ناگەیەنێتە ئەوەی کە بە دەوڵەتێکی زیندوو بمێنێتەوە ئەگەر ویلایەتی موسڵ نەخرێتە سنووری ئەو دەوڵەتەوە، هەروەک ئەگەر ئێراق لە ڕووی ئابوورییەوە زیندوو نەبێت ئەوا بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا تیایدا لە مەترسیدا دەبێت).

ئەو بۆچوونەی ئۆفیسی بەریتانی لە هیند بەوەی کە ئێراق بە دەوڵەتێکی زیندوو نامێنێت، ئەگەر بێتوو ویلایەتی موسڵ نەخرێتە سنووری ئەو دەوڵەتە، بەڵگەیەکە بۆ سەلماندنی سەربەخۆیی و نەبوونی هیچ پێوەندییەکی ویلایەتی موسڵ بە ئێراق و بە

عارەبەوە. لە کاتێکدا ویلایەتی موسڵ ویلایەتێکی سەربەخۆ بێت و هیچ پێوەندییەکی بە عارەب و بە ئێراقەوە نەبووبێت، کەواتە شاری موسڵ-یش وەکو شارێکی سەر بەو ویلایەتە هیچ پێوەندییەکی بە ئێراق و بە عارەبەوە نەبووە. بۆیە دەکرێت ئەمەش وەکو بەڵگەیەکی کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ و تەواوی ویلایەتی موسڵ بەکاربهێنرێت.

نادر ئینتیساری، لە لاپەڕەکانی (75-76)دا بەمشێوەیە لەسەر کێشەی ویلایەتی موسڵی کوردان دەنووسێت: (هەرچەندە بەریتانیا وەکو هێزی (ماندێت) بەسەر ئێراقدا لەسەر هەرێمی کوردنشینی ویلایەتی موسڵ کە مایەی کێشە بوو، لەگەڵ تورکدا کەوتە گفتوگۆکردن. گفتوگۆکانی نێوان بەریتانیا و تورکیا لەسەر موسڵ بێ ئەنجام دەرچوون، لەبەر ئەوە مەسەلەکە خرایەوە بەردەستی کۆمەڵی نەتەوەکان. کۆمەڵەی نەتەوەکانیش لە کانونی یەکەمی (1925)دا بڕیاریدا کە موسڵ بخرێتە ژێر دەسەڵاتی ئێراقەوە بە مەرجێک زەمانەتی تایبەتیی پاراستنی کەمایەتی کوردی بکرێت. بۆ ئەو مەبەستە لە سەرەتای ساڵی (1926)دا سەرۆک وەزیرانی ئێراق گوتارێکی دا کە تیایدا ڕوونیکردەوە زمانی عارەبی و کوردی دەبن بە زمانە فەرمییەکانی موسڵ و منداڵانی کورد بە زمانی خۆیان دەخوێنن).
کاتێک کە نووسەری ئێرانی بە ڕەگەز فارس (نادر ئینتیساری)، باسی ئەوە دەکات کە بەریتانیا لەسەر هەرێمی کوردنشتنی ویلایەتی موسڵ لەگەڵ تورکیادا کەوتە کێشە، هەروەها کردنی زمانی کوردی و عارەبی بە زمانی فەرمی لە تەواوی ویلایەتی موسڵ-دا، دەیسەلمێنی کە ئەو شارە (موسڵ) شارێکی کوردیی و سەر بە کوردستان بووە، چونکە ئەو دەڵێت: (هەرێمی کوردنشینی ویلایەتی موسڵ)، دواتریش کێشەکە لەنێوان بەریتانیا و تورکیا بووە، عارەب نەهاتۆتە گۆڕەپان بەرانبەر بە تورکیا، چونکە باوەڕی بەخۆی نەبووە کە خاوەنی شاری موسڵ و ویلایەتی موسڵ بێت!

نادر ئینتیساری، لە لاپەڕەکانی (103-104)ی لە هەمان سەرچاوەدا نووسیویێتی: (حکومەتی ئێراق و کوردەکانیش هەمیشە دانیان بەوەدا ناوە کە کورد زۆرینەی دانیشتوانە لە هەولێر و سلێمانیدا، بەڵام ئەوەی مایەی ڕێک نەکەوتن و گیروگرفتی

دۆزی کەرکوک و ناوچەکانی ترە. لەوانەیە جێگای خۆی بێت ئەگەر پێ لەسەر ئەوە دابگیرێت کە ئەگەر دانیشتوان ڕانەگواسترانایە ئەوا کورد لە موسڵ و کەرکوکدا زۆرینەیەکی لاوازیان پێکدەهێناو لە ناوچەکانی خوارتریش واتە لە خانەقین و مەندەلی ئامادەبوونێکی بەهێزیان دەبوو. لەبەر ئەوەی هەولێر و سلێمانی دەکەونە قووڵایی کوردستانی ئێراقەوە بەعارەبکردن و ڕاگواستن و کاری لەو ناوچانە نەکردووە وەکو ئەوەی کە لەڕادەبەدەر کاری لە ناوچە کوردییەکانی تر کردووە).

ئەوەی نووسەری فارس (نادر ئینتیساری) باسی دەکات کە هەردوو شاری کەرکوک و موسڵ، ئەگەر دانیشتوانە کوردەکەی ڕانەگواسترایە ئەوکاتە زۆربەی دانیشتوانەکەی کورد دەبوون، بەڵگەیەکی تری کوردستانی بوون و کوردبوونی هەردوو شارەکانی موسڵ و کەرکوک-ە. حکومەتە یەک لەدوا یەکەکانی ئێراق سەرەڕای دەرکردنی دانیشتوانی کورد لەو دوو شارە کوردستانیەدا، بەسەدان هەزار خێزانی عارەبیان گواستۆتەوە بۆ ئەوێ و هەردەم لە هەوڵی بەعارەبکردنی ئێزیدی، شەبەک و چەندان هۆزو تیرەی کوردی دیکە بووینە. کەواتە عارەبەکان سەرەڕای بەعارەبکردنی خاکی کورد و کوردستان، هەوڵی بەعارەبکردنی مرۆڤی کوردیشیان داوە.

نادر ئینتیساری، لە لاپەڕە (104-105)ی سەرچاوەی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (لە ناوچەکانی تریشدا ڕژێمی بەعس هێڵەکانی سنووری بەڕێوەبەرێتی جارێکی تر کێشایەوە بەو مەبەستەی زۆرینەی عارەب پێکبهێنێت. لە ئاکامی ئەم دیسان هەرێم جیاکردنەوەدا زۆر گوندی کوردی خرانە دەرەوەی سنووری هەرێمی ئۆتۆنۆمییەوە. بۆ نموونە گوندەکانی کەلار کە ژمارەی دانیشتوانیان (33.000) کەس و کفری (50.000) کەس و چەمچەماڵ (51.000) کەس لە کەرکوک جیاکرانەوەو چیتر بە بەشێک لەو شارە دانەدەنران. سەرجەمی ناوچەکانی موسڵ و ناوچە نەوتییەکانی کەرکوک و ناوچەکانی خانەقین و مەندەلی ناوچەی سەرەکی بوون لە پرۆگرامی بەعارەبکردندا کە ڕژێم نەخشەی دانابوو).

ئەوەی نووسەری فارس (نادر ئینتیساری) باسی دەکات، سەبارەت بە بەعارەبکردن کە تەواوی ناوچەکانی موسڵ و ناوچە نەوتییەکانی کەرکوک و خانەقینی گرتۆتەوە، بەڵگەیەکی تری بەنرخە لە بەڵگەکانی کوردستانێتیی و

کوردێتیی هەردوو شاری موسڵ و کەرکوک، بەتایبەت مادام نەخشەو پلانی بەعارەبکردنیان لە لایەن عارەبی ئێراقەوە لە هەردوو شاری ناوبراودا جێبەجێ کرابێ.

حەمید ڕەزا جەلائی پور، بەرپرسی پۆلیسی کوردستانی ئێران، لە لاپەڕەکانی (61-62)ی پەرتووکی (المشكلة الكوردية)دا، نووسیوێتی: (شەڕی چاڵدێران (1514ز) لوتکەی ناکۆکی نێوان عوسمانی و سەفەوییەکان بوو لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران (بیابانی نێوان خوی و ماکۆ)، سوڵتان سەلیمی عوسمانی لەو شەڕەدا شکستی بە شاە ئیسماعیل هێنا، زۆربەی هەرە زۆری ناوچە کوردییەکان و نزیکەی دوو لەسەر سێ بەشی کەوتە ژێر دەستی تورکە عوسمانییەکان. بەشێوەیەکی تر هەموو ناوچەکانی هەولێر، موسڵ، دیاربەکر بۆ یەکجارەکی لە ئێران جیاکرانەوەو یەک لەسەر سێی لەژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتی ناوەندی ئێران، ئەو کۆمەڵەیەی لە گەلی کورد کە لەسەر ڕووی باکووری ڕۆژهەڵاتی چیاکانی زاگرۆس (کە ناوچەکانی کوردی ئێستان لە ئێران).

لێرەدا نووسەری ئێرانی (حەمید ڕەزا جەلائی پور) کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ-مان بۆ دەسەلمێنێت، کاتێک کە باسی ئەوە دەکات لەکاتی شەڕی چاڵدێراندا تورکیا توانی دەست بگرێت بەسەر ناوچە کوردییەکانی هەولێر، موسڵ و دیاربەکر، کە پێشتر سەر بە ئێران بووینە، هەمووشمان دەزانین کە تەواوی شارو شارۆچکەکانی کوردستان چۆن هەرجارەی بەدەست یەکێک لە دوژمنانی کورد لە عوسمانییەکان و سەفەوییەکاندا ناڵاندویانەو، بەنۆرە داگیریان کردوون! ئەمەش بەڵگەی ئەوەمان دەداتە دەست کە ویلایەت و شاری موسڵ لە هیچ کاتێکدا بەشێک نەبووینە لە خاکی عارەب و ئێراق.

حەمید ڕەزا جەلائی پور، بەرپرسی پۆلیسی کوردستانی ئێران، لە لاپەڕە (185)ی پەرتووکی (المشكلة الكوردية)دا، نووسیوێتی: (شۆڕشی بەدرخان بەگ لە ساڵی (1943-1946) کاتێ شکستی تورکەکانی لە نوسێبین قۆستەوەو، دەسەڵاتی سەپاند بەسەر نزیکەی تەواوی ناوچەکانی کوردی (وان، موسڵ، سابڵاخ (مەهابادی ئێستا)، ورمێ، دیاربەکر) و لەگەڵ بەڕێوەبەرێتی سەنەندەج یەکیان گرتەوە).

سەرەتا شۆڕشی بەدرخان لە ساڵانی (1843-1846) بووە نەک ساڵانی (1943-1946) کە نووسەر لە سەرەوەدا باسی کردووە. ئینجا ئەوەی لێرەدا (حەمید ڕەزا جەلائی پور) دانی پێدادەنێت، بەڵگەیەکی تری کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە شاری موسڵ بەشێک بووە لە میرنشینەکەی میر بەدرخان کە میرنشینێکی کوردی بووە، کەواتە بێ هیچ گومانێکیش شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە کوردستان بووە.

حەمید ڕەزا جەلائی پور، لە لاپەڕە (222)ی پەرتووکی (المشكلة الكردية)دا، نووسیویێتی: (لە یەکەم جاردا، کوردەکان، بەرەنگارییەکی توندوتیژی عارەبەکانیان کرد لە حەلوان، تکریت، موسڵ، جەزیرە و ئەرمینیای باشوور).
ئەوەی کە نووسەرو ئەفسەری پایەبەرزی ئێرانی (حەمید ڕەزا جەلائی پور) دەربارەی بەرەنگاربوونەوەی کورد لە دژی عارەبە داگیرکەرەکانیان کردووە لە شارەکانی: (حەلوان، تکریت، موسڵ، جەزیرە و ئەرمینیای باشوور) کە هەموویان شاری کوردین، بەڵگەیەکی تری کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ و شارەکانی تر کە ناویان هاتووە دەخرێتە پاڵ بەڵگەنامەکانی تر، چونکە بەر لەهاتنی هێزی عارەبی ئیسلام لەپێناوی داگیرکردنی خاکی کورد و نەتەوەکانی تری ناوچەکە، عارەب بوونی نەبووە لەو دەڤەرەدا، کەواتە شاری موسڵ و تەواوی شارەکانی دیکەش، شاری کوردیی و سەر بە خاکی کوردستان بووینە.

عەلی نەقی ئەلحوسەینی، مێژوونووسی کۆنی ئێرانی، لە لاپەڕەکانی (23-24)ی پەرتووکی (مێژووی 641 ساڵەی فەرمانڕەوایی ئەردەڵانییەکان لە ناوچەی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراندا)، نووسیویێتی: (دوای ئەوەی شاعەباسی، پاشای ئێران کۆچی دواییکرد. لە (جمادی الاخر)ی (1038)ی کۆچیدا، (شاسەفی-شاه صفی) لە جێگەی ئەو چووە سەر کورسی سەڵتەنەت و بەڕێوڕەسمی جۆراوجۆر دڵنەوایی خان ئەحمەد خانی میری ئەردەڵانی دەکرد. کەچی دوای نزیکەی ساڵێک شاسەفی بیلبیلەی چاوی (سورخاب بەگ)ی کوڕی خان ئەحمەد خانی دەرهێنا. خان ئەحمەد خان، سوپایەکی زەبەندی کۆکردەوەو پەلاماری ویلایەتە هاوسێ و

نزیکەکانیدا. شارەکانی کرماشان، هەمەدان، (خوی) و (ئەردەبیل)یشی خستە سەر قەڵەمڕەوەکەی خۆی. لەژێریشەوە پێوەندی بە سوڵتانی عوسمانییەوە کردو پەیمانی خزمەتگوزاری دایە. بە فەرمانی سوڵتانی عوسمانی فەرمانڕەوایی موسڵ و کەرکوکی پێبڕا. خان ئەحمەد خان شاری موسڵی کردە (پاتیەخت-دار الملک)ی خۆیو (7) ساڵ موسڵ و کەرکوک و سلێمانی و شارەزوور لەژێر دەستی ئەو خاوەن دەسەڵاتەدا بوون).

فەرمانڕەوایی کردنی شارەکانی موسڵ و کەرکوک لە لایەن خان ئەحمەد خانی میری ئەردەڵان بۆ ماوەی حەوت ساڵ و، کردنی شاری موسڵ بە پایتەختی میرنشینی ئەردەڵان، بەڵگەیەکی تری کوردستانێتیی و کوردێتیی هەردوو شارەکە دەسەلمێنێت، بەتایبەتیش کاتێک کە بە فەرمانی سوڵتانی عوسمانی بکرێت بە فەرمانڕەوای کورکوک و موسڵ، چونکە عوسمانی و سەفەوییەکان ئەگەر زۆر ناچار نەبوونایە تەنانەت بەوەش قایل نەدەبوون کە کورد تەنانەت فەرمانڕەوایەتی خاکی خۆیشی بکات، جا بگرە خاکی بێگانە بدەنە دەست کورد! ئەمەش دەیسەلمێنێ کە موسڵ خاکی کورد بووە.

نووسەری پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی کە خان ئەحمەد خان (لە ساڵی (1048)ی کۆچیدا، لە موسڵ کۆچی دواییکردو هەر لەسەر بڕیاری چەند میرێکی تری کوردستان تەرمەکەیان لە پاڵ یونس پێغەمبەردا ناشت). بۆ زۆرتر دڵنیابوون لە فەرمانڕەوایەتی کردنی شارەکانی موسڵ و کەرکوک لە لایەن میری ئەردەڵانەوە، مستر ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ، لە لاپەڕە (125)ی پەرتووکی (اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث)دا نووسیویێتی: (ئەردەڵانیەکان بۆ ماوەی حەوت ساڵ فەرمانڕەوایەتی موسڵ، کەرکوک و شارەزووریان کردووە). کەچی گەڕیدەو جوگرافیناسی ناسراوی کورد کەریم زەند، لە لاپەڕە (73)ی پەرتووکی (جوگرافی کوردستان)دا دەڵێت: (خان ئەحمەد خانی میری ئەردەڵان لە ساڵی (1040ک)دا بەرەو موسڵ هێرشی بردووەو داگیریکردووەو کردوویەتی بە پایتەختی خۆی تا ساڵی (1048)ی کۆچی).

نووسەری ئێرانی موجتەبا بورزووی، لە لاپەڕە (27)ی پەرتووکی (بارودۆخی سیاسی کوردستان (1880-1946)دا، نووسیویێتی: (بەرینایی قەڵەمڕەوی میرانی

ئەردەڵان کە (والی)یان پێدەگوتن، جاروبار لە میرنشینی کوردستان تێدەپەڕی و سەرانسەری کوردستانی ئێراقی ئەمڕۆو شارەکانی موسڵ و کەرکوک-یشی دەگرتەخۆ، بەڵام لەگەڵ بەدەرکەوتنی بنەماڵەی فەرمانڕەوایی بابان لە کوردستانی عوسمانی و، هەروەها لەگەڵ بەرفراوانبوونی دەسەڵاتی ڕامیاری سوپایی دەوڵەتی عوسمانی لەو ناوچەیەدا، وردە وردە بەشەکانی ڕۆژئاوای قەڵەمڕەوی والیانی ئەردەڵانی لێ جیابۆوە).

به بۆچوونی نووسەر موجتەبا بورزووی، شاری دێرینی موسڵ شارێکی کوردیی و کوردستانییە، چونکە لە لایەک نووسەری ناوبراو لە باسی دیاریکردنی سنووری کوردستانی ئەردەڵاندا، باسی ئەوە دەکات کە هەردوو شاری موسڵ و کەرکوک دەکەوتنە نێو سنووری کوردستان و، لە لایەکی تریش هەردوو شارەکانی موسڵ و کەرکوک وەکو دوو شاری کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان) ناودەبات.

نووسەری ئێرانی موجتەبا بورزووی، هەر لە لاپەڕە (27)ی هەمان پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، نووسیویێتی: (عەلی ئەکبەری وەقایع نگار بڕوای وایە کە میرانی ئەردەڵان لە سەرەتادا لە شاری موسڵ نیشتەجێبوون و لە ساڵی (546ک/1125ز) بۆ ناوچەی شارەزوور هاتوون و قەڵای (زەڵم) ناوەندی کارگێڕییان بووەو لە دواییدا ناوچەکانی سەقز، سیاهکۆهو عەلی شەکریشیان خستۆتە سەر ناوچەکانی ژێر قەڵەمڕەوی خۆیان).

بەگوێرەی ئەو ئاماژە پێکردنەی موجتەبا بورزووی، عەلی ئەکبەری وەقایع نگار شاری موسڵ بە مەڵبەندی میرانی ئەردەڵان دەزانێت، کە ساڵی (1125ز)ی پایتەختی میرنشینەکەیان لە موسڵ گواستۆتەوە بۆ قەڵای زەڵم لە شارەزوور، کەواتە شاری موسڵ ماوەیەکیش مەڵبەندو پایتەختی میرنشینی ئەردەڵان بووە. کاتێک کە شاری موسڵ مەڵبەندی میرنشینێکی کوردی بووبێت، کەواتە بەدڵنیاییەوە شارێکی کوردیی و کوردستانیش بووە.

سەلام ناوخۆش، لە لاپەڕەکانی (82-83)ی پەرتووکی (هۆکارەکانی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە ئێراقی عارەبییەوە)دا نووسیویێتی: (بەپێی ڕێککەوتننامەی (سایکس – پیکۆ)، ویلایەتی موسڵ بۆ فەرەنسا دانرابوو لەگەڵ چەند جێیەکی دی،

ویلایەتی بەسراو بەغداش بۆ بەریتانیا دانرابوون. لە (24.10.1915) حکومەتی لەندەن، لە نامەیەکدا بۆ شەریف حوسێنی میری مەکە، بەڵێنیدا کە ئەو دوو ویلایەتە عارەبییەی پێ ببەخشێ بەرانبەر بە هاوکاری و پشتگیریکردنی بەریتانیا لە دژی تورکەکان).

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە هەم بەگوێرەی پەیماننامەی (سایکس پیکۆ)و هەم بەگوێرەی بەڵێنەکانی ئینگلیز کە بە شەریف حوسێنی مەکەی دابوو، خاکی عارەب و دەوڵەتی ئێراق تەنها ویلایەتەکانی بەغداو بەسرا دەگرێتەوەو، ویلایەتی موسڵ ویلایەتێکی سەربەخۆ و جیابووە لە ئێراق. کەواتە شارو ویلایەتی موسڵ نیشتمانی کورد و خاکی کوردستان بووە. هەروەها کچە مێژوونووسی بەناوبانگی کورد (دورپە عەونی)، کە کچی (محەمەد عەلی عەونی)یە لە لاپەڕە (47)ی پەرتووکی (عرب وأكراد خصام أم وئام)دا ئاماژەی بە هەمان بەڵێنی ئینگلیزەکان بە شەریف حوسێن کردووە.

سەلام ناوخۆش، لە لاپەڕە (100)ی پەرتووکی (هۆکارەکانی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە ئێراقی عارەبییەوە)دا نووسیویێتی: (بەر لە بەستنی کۆنگرەی قاهرە، (کۆمیسیۆنی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست) کۆنگرەیەکی بە سەرۆکایەتی (لۆرد کورزۆن) لە ڕێکەوتی (23.2.1921)دا لە نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە بەست و سێ پێشنیار خرانەڕوو بۆ ئەو هەلومەرجەی لە ئارادا بوو:

4- ویلایەتی موسڵ بلکێنرێ بە ئێراق.

5- ئینگلیز لە موسڵ بکشێنەوە (ئەو بۆچوونە وەزارەتی دەرەوە پێشنیاری کردبوو).

6- کۆنفیدراڵییەکی کوردی دابمەزرێ (وەزارەتی دەرەوەی هیندی ئەو ڕاسپاردەیەی دا).

کاتێک کە کۆنگرەی قاهرە پێشنیاری ئەوە دەخاتەڕوو کە ویلایەتی موسڵ بە ئێراقەوە بلکێندرێ، بەڵگەیەکی گرنگەو دەیسەلمێنێ کە ویلایەتی موسڵ، ویلایەتێکی کوردی بێگەردە، هەروەها کاتێک کە پێشنیاری کۆنفیدراڵییەتی کوردی دەکرێت، دووبارە دەیسەلمێنێتەوە کە ویلایەتی موسڵ خاکی کوردستان و نیشتمانی کوردە، چونکە بەدڵنیایی کۆنفیدراڵی لەنێوان باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) و

ئێراقی عارەبی (ویلایەتەکانی بەغداو بەسرا) پێکدەهات، هەمووشمان دەزانین دەوڵەتی کۆنفیدڕاڵی لەنێوان دوو خاک و دوو نیشتمانی جیا دادەمەزرێ.

دکتۆر حەنین مەحمود قەدۆ، لە لاپەڕە (3)ی ژمارە (1236)ی ڕۆژنامەی خەبات، یەکشەممە (7.9.2003)دا لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (ڕەگو ڕیشەو بنەچەو بڕواو ئینتیمای شەبەک)دا نووسیویێتی: (ژەنەڕاڵ ساندرس، کاتێک کە پردی نوێی کردەوە، ئەو پردەی موسڵ بە بەری ڕۆژهەلاتی ڕووباری دیجلە دەبەستێتەوە، کە لە ژمارە (351)ی ڕۆژنامەی (موسڵ)، (22.3.1921)دا بڵاوبۆتەوە کە لەسەر وتارەکەیدا نووسیویێتی: (لە کەس شاراوە نییە کە تەواوکردنی ئەو پردە بووە ئەلقەیەکی گرنگ لە زنجیرە بەردەوامەکانی کە وڵاتی کوردستان بە ئێراقەوە دەبەستێتەوە).
لێرەدا (دکتۆر حەنین مەحمود قەدۆ)، هەمان بۆچوونی (ژەنەڕاڵ ساندرس) بەشێوەیەکی تر دووبارە دەکاتەوە، کە هەردووکیان مانای ئەوە دەگەیەنن بەشی خۆرهەلات یان بەری دەستە چەپی ڕووباری دیجلە بەشێکە لە خاکی کورد و کوردستان، سەرەڕای ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە گەڕیدەو مێژوونووسانی عارەبی و بێگانە، تەواوی شاری موسڵ بە شارێکی کوردی و بە خاکی کوردستان دەزانن. بۆ نموونە لەنێو عارەبەکاندا دکتۆر شاکر خەسباک، محەمەد هادی ئەلدەفتەری، ئیبن حەوقەل، ئیبن بەتووتە، یەحیا خەشاب، دکتۆر حامد مەحمود عیسا، یاقووتی حەمەوی، ئەنساری، مەسعودی و ئازدی باسی ئەوەیانکردووە کە شاری موسڵ یەکێکە لە شارەکانی کوردستان، ئەوان تەواوی شارەکەیان پێ کوردستان بووە، نەک بە تەنیا بەشی ڕۆژهەلات واتە بەری دەستە چەپ! کەچی دوای ئەو وتارەو چەند لێدوانێکی تری دکتۆر حەنین قەدۆ لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان (کوردسات و تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان) سەبارەت بە کوردێتیی و کوردستانێتیی شارو پارێزگای موسڵ، لەپڕ لەپێناوی پلەو پارەدا خۆی بە شیعەی عارەب فرۆشتوو، نەک پارێزگای موسڵی بە پارێزگایەکی عارەبی ناوبرد، بەڵکو خۆشی بە عارەب دانا!

دکتۆر وەلید حەمدی، لە لاپەڕەکانی (28-29)ی پەرتووکی (کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا)، نووسیویێتی: (بەپێی یاداشتی وەزارەتی دەرەوەی

بەریتانی ژمارە (F0371/3386)ی ڕێکەوتی (14.12.1918)ی تایبەت بە دەستنیشانکردنی سنووری کوردستانی مەزن، کە هەموو ئەو زەویانەی دەکەونە خۆرهەڵاتی ڕووباری دیجلە و چیای حەمرینەوە تا دەگاتە مەندەلی (کە سنووری وڵاتی فارس دەکەوێتە خۆرهەڵاتیەوە).

بەگوێرەی ئەو دیاریکردنەی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا بۆ سنووری کوردستان لەلای خۆرئاواوە، بەلای کەمی بەری دەستە چەپی ڕووباری دیجلە یان بەشی خۆرهەڵاتی شار کە دەکاتە نەینەوا، بەشێکە لە خاکی کورد و دەکەوێتە ناو سنووری ئەو کوردستانەی کە وەزارەتی ناوبراوی بەریتانی سنووری کێشاوە.

دکتۆر وەلید حەمدی، لە لاپەڕە (62)ی پەرتووکی (کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا)، نووسیویێتی: (لە (7)ی مایسی (1919)دا وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا دەسەڵاتیدا بە (نوێنەری باڵا-مەندوبی سامی)ی بەریتانی لە بەغدا (کۆلۆنێل ویلسۆن) کە مامەڵەی ویلایەتی موسڵ وەک هەرێمێک، لە هەرێمەکانی دەوڵەتی ئێراق بکات، کە بە تەنیشتیەوە دەوڵەتێکی ئۆتۆنۆمی کوردی دابمەزرێ لەژێر سەرکردایەتی کورد و ڕاوێژکارەکانی ئینگلیزدا).

کاتێک کە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی دەسەڵات دەدات بە نوێنەری باڵای خۆی (ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن) لە ئێراق، بۆ ئەوەی وەکو هەرێمێکی سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ ویلایەتی موسڵ بکات، کەواتە ئەو ویلایەتە تایبەتمەندێتی خۆی هەیەو جیایە لە دەوڵەتی ئێراق. هەروەها کاتێک کە بە نوێنەری باڵای بەریتانی کۆلۆنێل ویلسۆن ڕادەگەیەنرێت کە دەوڵەتێکی خاوەن ئۆتۆنۆمی کوردی لە ویلایەتی موسڵ، بۆ کورد و بە سەرپەرشتی بەریتانییەکان دامەزرێنێت، دیسان ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەو خاکە خاکی کوردە بۆیە دەوڵەتێکی کوردی خاوەن ئۆتۆنۆمی لەسەر دادەمەزرێنن. کەواتە ئەگەر ئەو خاکەو ئەو ویلایەتە (ویلایەتی موسڵ) خاکی کوردی بێت، بۆیە دەبێت شاری موسڵ و تەواوی شارەکانی سەر بەو ویلایەتە شاری کوردیی و سەر بە کوردستان بن.

دکتۆر وەلید حەمدی، لە لاپەڕە (96)ی پەرتووکی (کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا)، نووسیویێتی: (لە نامەیەکی نووسینگەی نوێنەری باڵا لە

بەغدا، ژمارە (28770) لە (28)ی تشرینی یەکەمی (1920) کە بۆ جێگری وەزارەتی هیند – لەندەن ڕەوانکراوە، هاتووە: لە ڕۆژی (10)ی کانوونی یەکەمی ساڵی (1920) نوێنەری باڵای بەریتانیا لە بەغدا فەرمانی دەرکرد بۆ ئەفسەرە ڕامیارییەکانی لە ناوچە کوردییەکان لە کەرکوک کە لە چوار پارێزگا پێکهاتبوو موسڵ، سلێمانی، کەرکوک و هەولێر بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ سکرتێری تایبەتی خۆی، بۆ گفتوگۆ لەبارەی هەڵوێستی ئەو پارێزگایانە بەرانبەر بەو حکومەتە ئێراقیەی کە نیازی دامەزراندنی هەیە).

بەگوێرەی ئەو نامەیەی نوێنەری باڵای بەریتانی لە بەغدا کە لە ڕێکەوتی (28.10.1920)دا، بۆ جێگری وەزارەتی هیند ناردوویەتی، زۆر ڕاشکاوانە ناوچە کوردییەکان دیاریدەکات کە پێی وایە لە پارێزگاکانی موسڵ، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی پێکدێت، کەواتە مادام پارێزگای موسڵ یەکێک بێت لە ناوچە کوردییەکان، کەواتە شارەکەش شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە.

دکتۆر فازڵ حوسێن، لە لاپەڕە (295)ی پەرتووکی (مشكلة الموصل)دا بە زمانی عارەبی و لاپەڕە (379)ی وەرگێڕدراوەکەیدا بۆ کوردی، دەڵێت: (لە پاشکۆی گۆڤاری (لازی فرانسیز)دا نووسەرێک ئاماژەی کرد بەوە کە موسڵ دەکەوێتە سەر ڕێگەی هیندستان، مەڵبەندێکی سەربازی و ڕامیاری و ئابووری گرنگی هەیە: خاڵی بەیەکگەیشتنی ڕێگای باکووری بەغدایەو مەڵبەندی ڕامیاری کوردستانە بۆ سەرمایە خستنەگەڕ لەپێناوی بەرهەمهێنانی نەوت).

ئەوەی کە گۆڤاری (لازی فرانسیز) دەربارەی موسڵ نووسیویێتی، بەڵگەیەکە بۆ سەلماندنی کوردستانێتیی و کوردێتیی ئەم شارە مێژووییە، چونکە گۆڤارەکە نووسیویێتی: (مەڵبەندی ڕامیاری کوردستانە)، مادامیش مەڵبەندێکی ڕامیاری یان ئابووری یان سەربازی کوردستان بێت، کەواتە شاری موسڵ و ویلایەتی موسڵ بەشێکی دانەبڕاوی کوردستانن.

مام جەلال، سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرۆک کۆماری ئێستای ئێراق، لە لاپەڕەکانی (14–15)ی پەرتووکی (حول القضية الكردية في العراق)دا نووسیویێتی: (مێژوونووسی ڕووسیا، مینۆرسکی دەربارەی ویلایەتی موسڵ،

کە خۆی دیبلۆماتێکی ڕوسیا بووە لە کۆمیسیۆنی نەخشەکێشانی سنووری نێوان فارس و دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی (1913)دا، بەمشێوەیە دەڵێ: (بەشێوەیەکی سەرەکی کوردەکان لە ویلایەتی موسڵ-دا نیشتەجێن، کە ناوچەیەکی بە تەواوەتی کوردنشینە).

ئەوەی کە مێژوونووسی ڕوسی مینۆرسکی نووسیوێتی، بەوەی کە ویلایەتی موسڵ ناوچەیەکی بە تەواوەتی کوردنشینە، بە یەکێک لە بەڵگەنامەکانی کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ و تەواوی ویلایەتی موسڵ هەژمار دەکرێت، چونکە مادام ویلایەتە بە تەواوەتی ناوچەیەکی کوردنشین بێت، کەواتە هەموو شارەکانی سەر بەو ویلایەتە بە شاری موسڵی پایتەختیشەوە، شاری کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانن.

کەریم زەند، گەڕیدەو جوگرافیناسی کورد، لە لاپەڕەکانی (322–323)ی پەرتووکی (جوگرافی کوردستان)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕەکانی (104–105)ی پەرتووکی (مشاهدات بەریتانی (1797) –گەڕیدەی ئینگلیز–جاکسۆن) و وەرگێرانی بۆ عارەبی (سەلیم تەها تکریتی)، نووسیوێتی: (ئەم گەڕیدەیە لە بەسرەوە هاتووە بۆ ئەمارە – کوت– بەرەو بەغداد –خورماتوو - کەرکوک - پردێ هەتا هاتۆتە موسڵ - لێرەوە گەڕاوەتەوە بۆ بەریتانیا. ئەڵێ گەیشتۆتە موسڵ هەندێ دانیشتوانی پێی ئەڵێن نەینەوای کۆن، لە بەرزایی کەناری ڕاستی ڕووباری دیجلە، شارێکی ئاوەدان–دانیشتوانی ئایینی جیاواز، بەڵام زۆرینەی دانیشتوان کوردن، بە کوردی ئەدوێن، عارەب پێیان دەڵێن–کرد).

بەگوێرەی ئەو پێناسەیەی کە گەڕیدەی بەریتانی بۆ شاری موسڵ–ی کردووە، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە مادام زۆرینەی دانیشتوانی شارەکە کورد بووبن و بە هیچ شێوەیەکیش ناوی عارەب نەهاتبێ، کەواتە ئەو شارە هەر دەبێت شارێکی کوردیی و سەر بە کوردستان بێت.

کەریم زەند، لە لاپەڕە (534)ی پەرتووکی (جوگرافی کوردستان)دا نەخشەیەکی ویلایەتی موسڵ–ی بڵاوکردۆتەوە کە لە (دکتۆر پی. ئی. جەی. بۆملی) وەرگرتووە، ئەم نەخشەیەش لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانەی کە (کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە لە

ویلایەتی موسڵ)ی سەر بە (کۆمەڵەی نەتەوەکان) ئامادەی کردووە دروستکراوە، نەخشەکە پێنج شار لە شارەکانی باشووری کوردستان (موسڵ، هەولێر، دهۆک، کەرکوک و سلێمانی) لەخۆ دەگرێت).

ئەو نەخشەیەی کە مێژوونووس و گەڕیدەی ناسراوی کورد لە (دکتۆر پی. ئی. جەی. بۆملی) وەریگرتووە، بەڵگەیەکە بۆ سەلماندنی کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ، چونکە هەموو لایەک دەزانین کە ویلایەتی موسڵ ویلایەتێکی کوردی بووەو، لە هەمان کاتیشدا ویلایەتی موسڵ و باشووری کوردستان هەر یەک خاک و سنووری جوگرافی و دوو ناوی جوگرافی بووینە ئاماژە بە نیشتمانی کورد و خاکی کوردستان دەکەن. نەخشەکە لە کۆتایی ئەو بەشەدا دانراوە.

ڕۆنیە لۆمبۆرن، نووسەری سویدی، لە لاپەڕە (29)ی پەرتووکی (کورد گەلێکی بێ وڵات)دا نووسیوێتی: (مەسەلەی کورد یەکسەر پاش پەیمانی لۆزان کۆتایی پێنەهات. بەڵکە کۆمەڵەی نەتەوەکان کە ئەودەم وای پێدەگوترا، خستیەڕوو (85%)ی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ کوردن. بەریتانیا لەبەر چەند هۆیەکی سەربازی، ئابووری و ڕامیاری دەیەویست موسڵ بە ئێراقەوە کە منداتی خۆی بوو، بلکێنێ).

ئەوەی نووسەری سویدی ڕۆنیە لۆمبۆرن نووسیوێتی، کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ و تەواوی ویلایەتەکە دەگەیەنێت، چونکە کاتێک کە (85%)ی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ کوردبن، ئەو لە (15%)ی کە دەمێنێتەوە تورکمان، ئاشووری، کلدان و عارەبن و، هەرچۆنێک بێت عارەب بەتەنیا ناتوانێ زۆرینەی دانیشتوانی  شاری موسڵ یاخود پارێزگای موسڵ پێکبهێنێت! ئەمەش دەکرێت وەکو بەڵگەیەکی تری کوردستانێتیی شاری موسڵ بەکاربهێنرێت.

خەبات عەبدوڵڵا، لە لاپەڕە (81)ی پەرتووکی (بنەما تیۆرییەکانی جوگرافیای عەسکەریی کوردستانی باشور)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (3)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (457)، ڕۆژی (9.8.1993)دا، نووسیویەتی: (ژان ئۆتێری گەڕیدەی فەرەنسی و نوێنەری تایبەتی لویسی پانزەهەم بۆ خۆرهەڵات و، لە گەشتە نۆ ساڵییەکەیدا (1734–1743) کە لە مارسلییەوە دەستی پێکردو ئەسفەهان، ئەنادۆڵ، حەلەب و ئێراق گەڕا، ئەگەرچی بە ئاشکرا کوردستانی بوونی موسڵ

ڕاناگەیەنێت بەڵام بەدڵنیاییەوە بە ئێراق نەبوونی شاری ناوبراو دەسەلمێنێت (کە دەگاتە موسڵ باسی دوو ڕێگە دەکات لە موسڵەوە بۆ بەغدا، موسڵ ئێراق نەبووە، بۆیە دەڵێت: لە موسڵەوە تا ئێراق شەش ڕۆژە ڕێیە).

ئەوەی کە گەڕیدەی فەرەنسی (ژان ئۆتێر) باسی کردووە، بەڵگەیەکی تری کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ-ەو، پێویست بە ڕوونکردنەوەی زۆرتر ناکات، چونکە کوردستانی نوێ هۆیەکەی ڕوونکردۆتەوە.

خەبات عەبدوللا، نووسەری پەرتووکی (بنەما تیۆرییەکانی جوگرافیای عەسکەریی کوردستانی باشور)دا، لە لاپەڕە (83)داو بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (3)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (457)، ڕۆژی (9.8.1993)دا، نووسیویێتی: ژان ئۆتێر زۆر بەدڵنیاییەوە دەڵێت: (ئێراق لە تکریتەوە دەستی پێکردووە – مەبەستی تکریت بەرەو خوارە).

ئەوەی کە مێژوونووس (ژان ئۆتێر) باسی کردووە، بەڵگەیەکی تری کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ-ە، چونکە شاری موسڵ نزیکەی (245) کم دەکەوێتە باکووری شاری تکریت واتە ئەو شوێنەی کە سنووری ئێراق لەلای باکوورییەوە کۆتایی پێدێت.

ئینسکلۆپیدیای گەورەی دانمارکی، لە بەرگی (13)یداو لە لاپەڕە (461)دا لە باسی موسڵ-دا بەمشێوەیەی نووسیوە: (موسڵ، شارێکە کەوتۆتە کەناری ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە و باکووری ئێراق. ژمارەی دانیشتوانی شاری موسڵ نزیکەی (1.4) ملیۆن کەسن (ساڵی 1995). زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانەکەی کوردن لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە کەمینەی فەلە. موسڵ سێیەم شاری گەورەی ئێراقە و مەڵبەندی بەڕێوەبەرێتی پارێزگای نەینەوایە. کەلاوەی شاری نەینەوای ئاشورییەکان دەکەوێتە نزیک ئەو شارەدا. شاری موسڵ لە ساڵەکانی (600)ی زاییندا لە لایەن عارەبەکانەوە داگیرکراوەو دواتر لە ساڵی (1535–1918)دا کەوتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان).

ئەو بەرگەی ئینسکلۆپیدیای گەورەی دانمارکی بە ئاشکرا پێمان دەڵێت کە موسڵ شارێکی کوردییە، چونکە کاتێک موسڵ زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانەکەی

کوردبن، کەواتە شارەکە دەبێت شارێکی کوردیی و سەر بە کوردستان بێت! هەروەها ئەو بەشەی ئینسکلۆپیدیا بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە عارەب دانیشتووی ڕەسەنی شارەکە نین، بەڵکو وەکو داگیرکەر لە ساڵانی (600)ی زاینی لەگەڵ میلیشیاکانی ئیسلام هاتوون و موسڵ-یان داگیرکردووە.

ئینسکلۆپیدیای گەورەی دانمارکی، لە بەرگی (11)یداو لە لاپەڕە (400)دا لە باسی کوردستان-دا بەمشێوەیەی نووسیوە: (بەگوێرەی پەیماننامەی سێڤرەی ساڵی (1920)، دەسەڵاتدارە هاوپەیمانەکان بەڵێنی فراوانکردنی ناوچەی سەربەخۆیی کوردستانی تورکیایان دابوو بۆ ئەوەی ئەو کوردانەی ویلایەتی موسڵ-ی داگیرکراو لە لایەن بەریتانییەکانەوە، کە ئێستا موسڵ سەر بە ئێراقە مافی ئەوەیان هەبێت یەکبگرنەوە لەگەڵ کوردستانی تورکیا. بەڵام ئەو پەیماننامەیە بەتوندی لە لایەن حکومەتی نوێی ڕژێمی ناسیۆنالیستی تورک لەژێر سەرکردایەتی کەمال ئەتاتورک، ڕەتکرایەوە. هەروەها لە ساڵی (1923)دا پەیماننامەی سێڤرە هەڵوەشایەوەو پەیماننامەی لۆزان شوێنی گرتەوەو کە هیچ مەرجێکی تیا نەبوو بۆ سەربەخۆیی کوردستان).
بەرگی (11)ی ئینسکلۆپیدیاش پێمان دەڵێت، ئەگەر بێتوو بەندەکانی پەیوەست بە کوردی پەیمانی سێڤرەی ساڵی (1920) جێبەجێ بکرایە، ئەوکاتە بەرلەوەی ویلایەتی موسڵ لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا بە بڕیارێکی (کۆمەڵەی نەتەوەکان) بخرێتە سەر دەوڵەتی داتاشراوی ئێراق لە لایەن بەریتانیا وە، ئەوە تەواوی ویلایەتی موسڵ (شارەکانی موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) لەگەڵ کوردستانی باکور (تورکیا) یەکیدەگرتەوەو تەواوی ویلایەتەکە بە کوردستانی و بە کوردی دەمایەوە.

غێکە باکەرو ئەنا هامفیلت، کە دوو نووسەری دانماکین، لە لاپەڕە (31)ی پەرتووکێکی هاوبەشیاندا بەناوی (ئێراق پەناهەندە - ڕابردوو – مێژوو)داو، لە بابەتێکیاندا لەژێر ناوی (کوردەکانی ئێراق و سەردەمی نوێ)دا، نووسیویانە: (ساڵی 1922 (ساڵی 1920 بوو بەگوێرەی پەیمانی سێڤرە، نەک وەکو ئەوەی نووسەران نووسیویانە ساڵی 1922 - دەرسیم-) پەیوەند بە شەڕی یەکەمی جیهانی، بەڵێنی

سەربەخۆیی بە کوردەکان درابوو. لە ساڵی (1924)دا (کۆمەڵەی نەتەوەکان)ی بەسەرچوو کە ئێستا (نەتەوە یەکگرتووەکان)ی پێدەڵێن، بڕیاریدا موسڵ، وە بەم شێوەیەش هەموو ناوچە کوردییەکان ببنە بەشێک لە ئێراق).

ئەوەی کە ئەو دوو ژنە ڕۆژنامەنووس و نووسەرە ئاماژەیان پێداوە، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ و تەواوی ویلایەتەکە دەگەیەنێت، چونکە ئەوان باسی ئەوە دەکەن کە کۆمەڵەی نەتەوەکان بڕیاریدا ویلایەتی موسڵ ببێتە بەشێک لە ئێراق، کەواتە پێش بڕیاری کۆمەڵەی نەتەوەکان ئەو ویلایەتە بەشێک نەبووە لە ئێراق. هەروەها کاتێک کە دەنووسن بەمشێوەیە هەموو ناوچە کوردییەکان بوونە بەشێک لە ئێراق، ئەوان مەبەستیان لە بڕیارەکەی کۆمەڵەی نەتەوەکانە کە لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا ویلایەتی موسڵی بە زۆرەملێ خستە سەر ئێراق، کەواتە ئەوان موسڵیش بە شارێکی کوردیی و کوردستانیی دەزانن، چونکە شاری موسڵ و تەواوی ویلایەتی موسڵ بەگوێرەی ئەو بڕیارەی کە ئەو دوو نووسەرە دانمارکیە ئاماژەیان پێکردووە، بەزۆرداری بە ئێراقەوە لکێنران.

ئارنە سکادهێدە، سەرنووسەری گۆڤاری (کۆنتاکت – پێوەندی)ی کە (دەزگای هاریکاری نێونەتەوەیی) لە دانمارک دەریدەکات، لە وتارێکیدا کە لە لاپەڕە (35)ی (کۆنتراکت)ی ژمارە (1)ی ساڵانی (1992/1991) لەژێر ناوی (بەڵێنی دامەزراندنی کوردستانێک لە ساڵی 1920)دا، نووسیویێتی: (مێژووی ڕابردوو بە کورتی باسی ئەوە دەکات کە نوێنەرانی کورد لەکاتی گفتوگۆی ئاشتی دوای کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی، ڕێککەوتنێک لەسەر هاوکاری کردنێک لەگەڵ نوێنەرانی نەتەوەیەکی تری بێ نیشتمان کە ئەرمەنییەکان بوون بکەن. بە کۆششی هەردوولا لەبەرانبەر هەردوو وڵاتی دەسەڵاتداری بەریتانیا و فەرەنسا توانیان سەرکەوتنێک بەدەست بهێنن و، بەڵێنێکی ڕاشکاوانەی ناو ڕێککەوتننامەکە وەرگرن بەوەی کە دوو وڵاتی کوردستان و ئەرمینیا لەو ناوچانەی کە ئەمڕۆ پێی دەگوترێت ڕۆژهەڵاتی تورکیا دامەزرێنن و، دواتریش هەرێمی کوردە ئێراقیەکان واتە –ویلایەتی موسڵ– کە ئەوکاتی لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیەکان دابوو، دەتوانن بە ئازادی خۆیان لەگەڵ کوردستان یەکبگرنەوە).

ئەوەی کە سەرنووسەری گۆڤاری مانگانەی (کۆنتراکت) ئارنە سکادهێدە باسی کردووە، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ و تەواوی ویلایەتی موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو ڕاشکاوانە ویلایەتی موسڵ بە هەرێمی کوردە ئێراقییەکان ناودەبات. ئەگەر ویلایەتی موسڵ هەرێمی کوردە ئێراقییەکان بێت، لە کاتێکدا کە هەموو لایەک دەزانین ویلایەتی موسڵ لە شارەکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) پێکدەهات، کەواتە تەواوی شارەکانی سەر بە ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵەوە، شاری کوردیی و سەر بە خاکی باشووری کوردستانن.

سڤین سکۆومەن، کە نووسەرێکی دانمارکی-یە، لە لاپەڕەکانی (96-97)ی پەرتووکی (خۆرهەڵاتی ناوەڕاست)دا نووسیویێتی: (بەگوێرەی پەیماننامەی سیڤرە دەبوایە ئیمپراتۆری تورکەکان هەڵبوەشابایەوەو دەوڵەتێکی کوردیش دامەزرایە، ئەو دەوڵەتە دەبوایە تەواوی ئەو خاکانەی بگرتایە کە ئێستا کوردی تیا دەژیت. بەڵام پەیماننامەی سیڤرە هەرگیز جێبەجێ نەکراو، یەکێ لە هۆیەکان ئەوەبوو کە یۆنانییەکان ڕازی نەبوون بەوەندەی کە دەستیان کەوتبوو، هەروەها دەستیانکرد بە شەڕکردن لە دژی تورکەکانداو کە ئەنجامەکەی بە شکستێکی گەورەی خۆیان کۆتایی پێهات، ئەمەش وایکرد پەیماننامەی لۆزان ببەسترێ و تورکیا ئەم سنوورەی ئێستای وەرگرێت. سەبارەت بە دەوڵەتی کوردیش هیچ کەسێک یان لایەنێک نەبوو باسی بکاتەوە، چونکە یەکێک لە هۆیەکان ئەوەبوو پاش ئەوەی بەریتانییەکان دەسەڵاتیان لە ئێراق وەرگرت، خەریکی سوود وەرگرتن بوون لەو چاڵگە نەوتە زۆرانەی موسڵ کە دەکەوێتە بەشی باشووری ناو هەرێمی کوردەکان).

ئەوەی لێرەدا نووسەری دانمارکی (سڤین سکۆومەن) باسی دەکات، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو دان بەوەدا دەنێت کە شاری موسڵ دەکەوێتە بەشی باشووری هەرێمی کوردستان، گرنگترین شتیش بۆ ئێمەی کورد ئەوەیە کە شارەکە (موسڵ) بکەوێتە ناو هەرێمی کوردان، جا هیچ لە نرخەکەی کەمناکاتەوە ئەگەر لە باکوور، باشوور، خۆرهەڵات، خۆرئاوا یان ناوەڕاستی هەرێمی کوردستاندا بێت! بۆیە دەکرێت ئەو ئاماژە پێکردنەی نووسەری

ناوبراوی دانمارکی بە بەڵگەیەکی تری بەنرخی کوردستانیی بوونی شاری موسڵ هەژمار بکەین.

یولاندس پۆستن، کە ڕۆژنامەیەکی لیبرالی دانمارکیە، لە لاپەڕە (8)ی ژمارەی یەکشەممە ڕێکەوتی (30.1.2005)دا، لە وتارێکدا بەناوی (ئێراقی سێ پارچە)دا، کە بە پێنووسی (تۆماس هێنی) نووسراوە، ئێراق دەکاتە سێ پارچەو موسڵ لەگەڵ بەشی کوردە موسڵمانە سوننەکانە.
دانانی شاری موسڵ لەنێو نەخشەی کوردستاندا لە لایەن ڕۆژنامەنووسی دانمارکی (تۆماس هێنی)، مانای وایە کە بە بۆچوونی ئەم نووسەرە شارەکە شارێکی کوردیی و سەر بە کوردستانە، بۆیە بەمشێوەیە دایناوە. ئەمەش بەڵگەیەکی تری کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ–ە.

ئەنەس ییێغیکۆ، لە لاپەڕە (89)ی پەرتووکی (خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە نەوەتەکاندا)، نەخشەیەکی کوردستانی بڵاوکردۆتەوەو، لەنەخشەکەدا شارەکانی موسڵ و شەنگال کەوتوونەتە نێو سنووری باشووری کوردستان، هەروەها ژمارەی کوردی بە سێ ملیۆن و ڕێژەی کوردیشی بە (23%)ی دانیشتوانی ئێراق دیاریکردووە.
دانانی شاری موسڵ لەنێو سنووری باشووری کوردستاندا لە لایەن نووسەری دانمارکی (ئەنەس ییێغیکۆ)دا، مانای وایە ئەم نووسەرە شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی و سەر بە کوردستان دەزانێت، بۆیە لەناو سنووری باشووری کوردستاندا دایناوە. هەر بۆیە دەکرێت ئەو بۆچوونەی نووسەری دانمارکی، بە بەڵگەیەکی گرنگ بۆ سەلماندنی کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دابنێین. نەخشەکە لە کۆتایی ئەو بەشەدا دانراوە.

ژنە نووسەری دانیمارکی، بیرگێتە بغیکس، لە لاپەڕە (40)ی پەرتووکی (خاڵەکانی کلێپەسێن، ناتەبایی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا)، کە لە نووسینی نووسەری ئینگلیزی (دکتۆر جۆن کینگ)ەو، بیرگێتە لە ئینگلیزییەوە بۆ دانمارکی وەریگێڕاوەو، ئاماژە بەو نووسەرە ئینگلیزە دەکات کە نووسیویێتی: (لە ساڵی 1925دا کۆمەڵەی نەتەوەکان،

هەرێمی موسڵ–ی کوردەکانی بە ئێراق بەخشی و، خواستی کوردەکانیش پشت گوێ خرا).

(دکتۆر جۆن کینگ)ی نووسەری ئینگلیز، بەڵگەیەکی تری کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەخاتەڕوو، کاتێک کە ویلایەتی موسڵ بە هەرێمی کوردەکانی ئێراق ناودەبات، بەمەش دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە موسڵ شارێکی کوردستانیی و کوردییە، مادام ویلایەتەکە ویلایەتێکی کوردیی بێت، کەواتە تەواوی شارەکانی سەر بەو ویلایەتە شاری کوردیی و سەر بە کوردستانن.

دکتۆر جەلیلی جەلیل، لە لاپەڕە (67)ی پەرتووکی (راپەرینی کوردەکان ساڵی 1880)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (5)ی ڕۆژنامەی (تایمس)ی ئینگلیزی، ژمارەی (12.3.1880)دا، نووسیویێتی: (لەزستانی ساڵی (1879–1880)دا برسێتییەکی قورس زۆربەی هەرە زۆری هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی عوسمانی گرتەوە. لە مارتی ساڵی (1880)دا ڕۆژنامەی (تایمس) هەواڵێکی بڵاوکردەوە کە لە ئەستەمبوڵەوە پێی گەیشتبوو تیایدا هاتبوو: هەژاریی و برسێتی لە ئامەد و موسڵ تەواو پەرەیان سەندووە، دانیشتوانی دەوروبەری موسڵ، لە هەموو ئامرازێکی ژیان بێبەشن. بەڵام هیوا هەیە بەرهەمی ساڵی داهاتوو دۆخی لێقەوماوەکان باشتر بکات).

ڕۆژنامەی (تایمس)ی بەریتانی بەڵگەیەکی تری کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ–مان دەخاتە بەردەم، کاتێک کە ناوی موسڵ وەکو هەرێمێک لە هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی ناودەبات، بەمەش دەیسەلمێنێت کە ویلایەتی موسڵ نە لە نزیک و نە لە دوورەوە هیچ پێوەندییەکی بە عارەب و بە ئێراقەوە نەبووە. هەروەکو پێشتریش ئاماژە بەوەکرا کە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) لە ساڵی (1516)دا بە تەواوی لە لایەن ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە داگیرکرا.

دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، مامۆستای مێژوو لە زانکۆ، لە لاپەڕە (9)ی پەرتووکی (کورد و کوردستان لە کۆمەڵە وتارێکی مێژووییدا)دا، ئاماژەی بە هەمان بابەتی تایمس کردووە کە دکتۆر جەلیلی جەلیل ئاماژەی پێکردووە، بەڵام دکتۆر ئەحمەد بەمشێوەیە نووسیویێتی: (بارودۆخی کوردستانی عوسمانی لەو ڕۆژانەدا لە ئەوپەڕی خراپی دابوو. ڕۆژنامەی (تایمس) لە مانگی مارتی (1880)دا دەنووسێ:

(له دیاربەکر و موسڵدا کلۆڵی لە ئەندازەیەکی زۆر زۆر خراپدایە دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ هەموو پێداویستییەکی ژیانییان پێدەوێ).

ئەوەی کە ڕۆژنامەی (تایمس) نووسیوێتی، کوردێتیی و کوردستانێتیی تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ دەگەیەنێت، کاتێک کە ڕۆژنامەکە باسی کوردستانی عوسمانی (ویلایەتی موسڵ) دەکات، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی کە بڵێین: ویلایەتی موسڵ بە تەواوی شارەکانیەوە هیچ پێوەندییەکی بە عارەب و بە ئێراقەوە نەبووە.

دکتۆر ئەحمەد عوسمان، لە لاپەڕەکانی (9-10)ی پەرتووکی (کوردستان لە سەردەمی ئاشتیدا)داو، بە پشت بەستنی بەو دوو سەرچاوەیەی کە لە خوارەوەدا ناویان دەبەم نووسیوێتی:

1- Cumming, H. H. Franco-British Rivalry in the post War Neareast, P.59.
2- Temperley, H. W. V. A. History of the peace conference in Paris, P. 182.

(چەندان کەسایەتی ناوداری فەرەنسا پاڵپشتیان لە زرنگکاری (کلیمانسۆ) کرد، سەبارەت بە کەمکردنەوەی پەیوەست کارییەکانی فەرەنسا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەو کەسایەتیانە (بیرار) ئەندامی ئەنجومەنی پیران.. ئەم پیاوە لەم بارەیەوە گوتی: (لە ساڵی (1916)دا ئێمەی فەرەنسا، سوریا، کلیکیا، میزۆپۆتامیا، بەشێک لە کوردستان-مان لەژێر دەستدابوو، بەڵام ئێستا کە دەرگای گفتوگۆمان خستە سەرپشت، بینیمان کە (کلیمانسۆ) بە نووکە پێنووسێک دەستبەرداری میزۆپۆتامیاو کوردستان بوو، بەوەی کە موسڵ-ی دا بە ئینگلتەرە).

بەگوێرەی ئەو نووسینەی دکتۆر ئەحمەد عوسمان، (بیرار) ئەندامی ئەنجومەنی پیرانی فەرەنسی تەواوی ویلایەتی موسڵ بە کوردستان دادەنێت، چونکە (بیرار) لە لایەک باسی ئەوە دەکات کە لە ساڵی (1916)دا بەشێکی کوردستان لەبەر دەستی فەرەنسا دابوو، ئەمەش بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە ناوبراو ویلایەتی موسڵ بە کوردستان دەزانێت، چونکە لە کەس شاردراوە نییە کە لە ساڵی (1916)دا ویلایەتی موسڵ بەگوێرەی پەیمانی (سایکس پیکۆ) کەوتە ژێردەستی فەرەنسا. هەروەها لە

لایەکی تریشەوە (بیرار) باسی ئەوە دەکات کە دواتر (کلیمانسۆ) دەستبەرداری کوردستان بوو، بەوەی کە ویلایەتی موسڵ-ی داوە بە ئینگلیزەکان، ئەمەش جەختکردنەوەیە لەسەر کوردستانیی بوونی تەواوی ویلایەتی ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵ-یشەوە لە لایەن (بیرار)ەوە.

دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، لە لاپەڕەکانی (21-22)ی پەرتووکی (کوردستان لە سەردەمی ئاشتیدا)و بە پشت بەستنی بە:

Fisher, N. S. – The Middle East, P.422 Temperliy, H.W. V – A History of Peace Con – ference, P.211.

La Question Assyro-Chaldeenes, 1920-1921, Etude et notes, Nov. Et Dec, 1920, Jan. 1921, Paris.

نووسیویێتی: (هەر لە بارەی کاریگەریی نەوتەوە دەتوانین باس لەو داواو داخوازیە چاوتێبڕینانە بکەین کە لە کۆتایی جەنگەکەدا سەریان هەڵدا .. لەوانە گەیشتنی شاندێکی ئێرانی بۆ کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس، ساڵی (1919)، ئەوە بوو لەو داخوازیە نابەجێیانەی کە ئەو شاندە لە کۆنگرە داوایکرد، کە کۆمەڵێ داخوازی ناوچەیی سەیرو سەمەرەی ئەو ڕۆژگارە بوو، لەوانە، ئێرانییەکان داوای ئاسیای گچکەیان دەکرد، هەر لە سەرووی ڕووباری فوراتەوە، تا دەگەیشتە دیاربەکر و ویلایەتی موسڵ-یش، واتە هەموو کوردستانی باشوور).

ناوبردنی ویلایەتی موسڵ بە کوردستانی باشوور، بەڵگەیەکی گرنگە بۆ سەلماندنی کوردستانیی بوون و کورد بوونی شاری موسڵ، چونکە لەکاتێک کە ویلایەتی موسڵ هەر باشووری کوردستان بێت و یەکسان بەیەک بن، کەواتە تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ شاری باشووری کوردستانن بە شاری موسڵ-یشەوە. دەشزانین کە ویلایەتی موسڵ و باشووری کوردستان دوو ناوی جوگرافین بۆ خاک و نیشتمانی کورد کە باشووری کوردستانە بەکاردێن.

دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، لە لاپەڕەکانی (106-107)ی پەرتووکی (کوردستان لە سەردەمی ئاشتیدا) و، بە پشت بەستنی بە نامەیەکی کۆلۆنێل ویلسۆن ئارنۆڵد (نوێنەری باڵای بەریتانی لە بەغدا)، کە لە (6)ی نیسانی ساڵی (1919)دا بۆ

وەزارەتی هیندی ناردوویەتی، ویلسۆن دەڵێت: (دوو چارەسەری ئەلتەرناتیڤ هەن بۆ بەڕێوەبردنی ئەم ناوچەیە، چارەسەری یەکەمیان: دروستکردنی کوردستانێکی خاوەن ئۆتۆنۆمی و مەڵبەندەکەی لە موسڵ بێ. کە ئەمەیان چارەسەرێکە ئارەزووی کوردەکانی پێ دابین دەکرێت لەوانەشە ئەمەیان بکاتە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کاریگەرو شێوە سەربەخۆ کە کوردەکان زۆرینەی دانیشتوانەکەی بن.. دیارە دانیشتوەکانی تریش داوای دروستبوونی ویلایەتی موسڵی سەربەخۆ دەکەن.

چارەسەری دووەمیان: ئەوەیە دامەزراندنی ویلایەتی موسڵ، وەک بەشێک لە وڵاتی نێو دوو ڕووبارەکە و دروستکردنی پشتێنەیەک لە چەند دەوڵەتێکی چکۆڵانەی کوردیی ئۆتۆنۆمی، کە دەوری ویلایەتەکە بدەن، لەنێوان ئەو دەوڵەتە چکۆلانە کوردییانەدا (سلێمانی، ڕواندز، ئامێدی، جەزیرەی ئیبن و عومەر) بن.. ئەم دەوڵەتە چکۆلانانە (الدويلات) لە لایەن سەرۆکە ناوچەییەکانەوە فەرمانڕەوایی بکرێن لەگەڵ ڕامیارییەکانی بەریتانیا، کە ئەمانەش یەکسەر پێوەندییان بە بەغداوە هەبێت (ڕاوێژکارەکان) لەم بارەدا پلەی گەورەی فەرمانی ئۆتۆنۆمی بدرێت بەو دەوڵەتە چکۆلانانەی کە نزیکن لە ناوچە شاخاویەکانەوە، تا ئەو میرییانەی کە دەکەونە دەشتاییەکانەوە، ئەگەر ئەو چارەسەرە پەسەند کرا، ئەوا ئەوکات پارێزگای موسڵ، هەولێر، ئاکرێ، زاخۆشی بگرێتەوە).

لە لایەک نوێنەری باڵای بەریتانی لە بەغدا (کۆلۆنێل ویلسن ئارنۆڵد)، پێشنیاری دامەزراندنی کوردستانێکی ئۆتۆنۆم کە مەڵبەندەکەی لە موسڵ بێت دەکات، بەڵگەیەکە بۆ کوردستانێتیی شاری موسڵ و تەواوی شارەکانی تری سەر بەو ویلایەتە. کاتێک کە نوێنەری باڵای بەریتانی پێشنیاری ئەوە دەکات کە شاری موسڵ بکرێت بە مەڵبەندی کوردستانێکی ئۆتۆنۆم، ئەو دڵنیایە لە کوردستانێتیی ئەم شارە (موسڵ)، بۆیە ئەو پێشنیازە دەکاتن. لە لایەکی تریشەوە نوێنەری باڵای ئینگلیز پێشنیاری دامەزراندنی چەند دەوڵەتێکی چکۆلانەی کوردی دەکات کە لە چەندان شارو ناوچەدا، دواتریش شارەکانی موسڵ، هەولێر، ئاکرێ و زاخۆ بگرێتەوە، ئەوەش بەڵگەیەکی تری کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ–ە، چونکە دیارە ناوبراو شاری موسڵ و شارەکانی تریش بە شاری کوردیی و کوردستانیی دەزانێت، بۆیە ئەو پێشنیارانە دەکات.

دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، لە لاپەڕەکانی (118–119)ی پەرتووکی (کوردستان لە سەردەمی ئاشتیدا)، نووسیوێتی: (لۆرد کورزۆن دەڵێ: بەم چەشنە ئێستا ئێمە لە بارودۆخێکداین گەر ئارەزوو بکەین دەتوانین کوردستان لە تورکا جیا بکەینەوە، بەڵام لە تواناماندا نییە کەسێکی ئەوتۆ بدۆزینەوە کە بتوانێت دەوڵەتێکی ئۆتۆنۆمی لەو وڵاتەدا دابمەزرێنێ، کۆڵۆنێل ویلسۆن لە بەغداوە ناقایلبوونی خۆی دەربڕیوە سەبارەت بە وازهێنانی پێوەندیەکانمان بە کوردستانی باشوورەوە، ئەو گوتوویەتی کە ئێمە پارێزگاریمان لە بەڕێوەبەرێتی ئێستای موسڵ، هەولێر و سلێمانی نەکردووە، بەمەش هەر بەتەنیا کوردستان نادۆڕێنین، بەڵکو ئەو دەسەڵاتەشمان هەڵدەتەکێنین کە لە ئێراندا هەمانەو تەنانەت دەکەوینە مەترسییەوە بەوەی کە شوێن و جێی خۆمان لە هەموو وڵاتی نێو دوو ڕووبارەکەدا لە دەست دەدەین).

بەگوێرەی بۆچوونەکانی لۆرد کورزۆنی وەزیری دەرەوەی بەریتانی، هەر یەک لە شارەکانی موسڵ، هەولێر و سلێمانی پارچەیەکی سەر بە باشووری کوردستانن، چونکە وەزیری ناوبراو لە باسکردنی ئەم سێ شارەدا وەکو سێ شاری سەر بە باشووری کوردستان ناوی بردوون، بۆیە بە پشت بەستن بەم بۆچوونەی لۆرد کۆرزۆن، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و دەکەوێتە ناو سنووری باشووری کوردستان.

دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، لە لاپەڕەکانی (354–355)ی پەرتووکی (کوردستان لە سەردەمی ئاشتیدا) و، بە پشت بەستنی بە یاداشتی ئەفسەری ڕامیاری موسڵ بە ژمارە (6805/س/6) لە ڕۆژی (20.9.1920)دا بۆ حاکمی مەدەنی ناردووە، ئەفسەری ڕامیاری موسڵ دەڵێت: (مەدحەت بەگ، والی وان، لەم دواییەدا لە فەرمەکەی خۆی بەخشرا لە لایەن مستەفا کەمالەوە، وەک سەید تەها پێی ڕاگەیاندم، بەڵام نەزانراوە هۆی ئەم بەخشینە چییە؟ گوایە شتێکی واش هەیە بەرانبەر بەخشینی عاکف بەگ فەرماندەی تیپی دووی سەعرەت. ئەوەی کە پێویستە ئێمە بۆ کوردەکانی بکەین، وەک سەید تەها داوا دەکات، ئەوەیە بە پلەی یەکەم دانپیانانی حکومەتێکە لە لایەن ئێمەوە سەرپەرشتی بکرێت.. دانانی ئەفسەری پێوەندی لە موسڵ و هەولێر، چاکتر ئەوەیە لە هەموو کوردستاندا).

کاتێک کە ئەفسەری ڕامیاری موسڵ باسی ئەوە دەکات کە چ پێویستە لەسەر ئەوان بۆ کوردی بکەن، دانپێدانان و دامەزراندنی حکومەتێکی کوردییە بە سەرپەرشتی خۆیان و، دانانی چەند ئەفسەرێکی پێوەندییە لە موسڵ و هەولێر و لە هەموو کوردستاندا، ئەمەش دانپێدانانی کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ–ە، چونکە کە دەڵێت موسڵ و کەرکوک و هەموو کوردستان، کەواتە ئەفسەری ناوبراو شارەکانی موسڵ و کەرکوک–یش هەر بە کوردستان دادەنێت.

دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، لە لاپەڕەکانی (402–403)ی پەرتووکی (کوردستان لە سەردەمی ئاشتیدا)و، بە پشت بەستنی بە چەند زانیارییەک سەبارەت سنوورو هێزە چەکدارەکانی کورد، لە پێش و لەدوای جەنگەکەدا، کە لە (12)ی مارتی (1919)دا لە لایەن بەڕێوەبەرێتی بەریتانیا وە بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا نێردراوە، تیایدا هاتووە: (ئەو کوردستانەی کە پێشنیازکراوە، لە باشوورو ڕۆژئاواوە ڕووباری دیجلە سنوورەکەیەتی).
بەگوێرەی زانیارییەکانی بەڕێوەبەرێتی بەریتانیا کە بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا نێردراوە، دەیسەلمێنێ کە شاری موسڵ شارێکی کوردیی و کوردستانییە، کاتێک کە سنووری کوردستانی پێشنیارکراو لەلای باشوورو خۆرئاواوە ڕووباری دیجلە بێت، بەگوێرەی ئەو سنوورە بەلای کەمەوە بەری چەپی کەناری ڕووباری دیجلە واتە کەناری خۆرهەڵاتی شاری موسڵ کە نەینەوا دەگرێتەوە کوردستانە.

دەبلیو ئاڕ، های، کۆنە ئەفسەری بەریتانی و فەرمانداری شاری هەولێر، لە لاپەڕە (55)ی پەرتووکی (مذکرات دبلیو ار. هێ حاکم أربیل السیاسي في کوردستان أیام الاحتلال البریطاني 1918–1920م)دا، نووسیوێتی: (بەشێوەیەکی گشتی هەموو ئەو زەوییانەی دەکەونە خۆرهەڵاتی دیجلە و باکووری هێڵی نێوان مەندەلی و ڕێژگەی زێی بچووک، نیشتمانی کوردن. گرنگترین دوو مەڵبەندیش لە خوارووی زێی بچووکدا کەرکوک و سلێمانییە. شاری یەکەم هەروەکو هەولێر دانیشتوانێکی تورکیان (مەبەستی تورکمانە نەک تورک، چونکە تورک بوونی نییە نە لە کوردستان نە لە ئێراقیش – دەرسیم) تێدایە، بەڵام ئەوەی تریان تەواو کوردییە).

بەگوێرەی ئەو پێناسەیەی سنووری کوردستان، بەشێکی شاری موسڵ دەکەوێتە ناو سنووری کوردستان، چونکە ناوبراو هەموو ئەو زەوییانەی کە دەکەونە خۆرهەڵاتی دیجلە بە کوردستانی دەزانێ و، شاری (نەینەوا)ش کە بەشی چەپی شاری موسڵ-ەو دانیشتوانەکەی کوردن، دەکەوێتە کەناری خۆرهەڵاتی ڕووباری دیجلە، کەواتە بەشە گەورەکەی شاری موسڵ دەکەوێتە کوردستان و بەشێکە لە خاکی کوردان.

دکتۆر سەعد بەشیر ئەسکەندەر، لە لاثەڕە (112)ی پەرتووکی (سەرهەڵدان و ڕوخانی سیستەمی میرنشینی لە کوردستان)دا، نووسیویێتی: (لە دەیەی چوارەمی سەدەی حەڤدەدا (جین بابیتیست تاڤێرنێر)ی گەڕیدەی فەرەنسی وەسفێکی سەرپێیی ئەو دابەشکردنە هەرێمایەتییەی ئیمپراتۆریەتی سەفەوی دەکات دوای ئەوەی کە دەسەڵاتی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بۆسەر چەند هەرێمێکی کوردی و میزۆپۆتامیا گەڕایەوە بە قسەکانی تاڤێرنێر (ژان پاپتسیت تاڤێرنێی – دەرسیم) بێت ئێرانی سەفەوی لەم هەرێمانە پێکهاتبوو، یەکەم: لە ئەرمینیای گەورە شارەکانی یەریڤان، نەخچەوان، زولفان و وان، دووەم: لە هەرێمی دیاربەکر (یان میزۆپۆتامیا) ئەو ناوچانەی کەوتبوونە نێوان زێی دیجلە و فوراتیش گرنگترین شارەکانی ئۆرفە، موسڵ، جەزیرە و ماردین بوون. سێیەم: هەرێمی کوردستان (یان ئاشوور) بەدرێژایی ڕۆخی ڕۆژهەڵاتی زێی دیجلە لە دەریاچەی وان-ەوە تا سنووری بەغدا ڕاکشابوو، شارە سەرەکییەکانیش نەینەوا، شارەزوور، ئامێدی، بەتلیس، سونێرا و سالمستەر بوون. چوارەم: هەرێمی ئێراقی عارەبی کە ئەم هەرێمانەی بەخۆوە گرتبوو، بابلی ئەکەدی. کە گرنگترین شارەکانی بەغدا و فەلوجە بوون، دواتریشیان هەرێمی ئێرانی عەجەمی بوو کە لە شارەکانی ئەسفەهان، توسەن، هەمەدان و قەزوێن پێکهاتبوو).

بەگوێرەی ئەو دیاریکردنە سنوورییەی گەڕیدەی فەرەنسی تاڤێرنێر (ژان پاپتسیت تاڤێرنێی) بێت، بەدڵنیایی تەواوی شارو پارێزگای موسڵ خاکی کوردە و سەر بە کوردستانن، لەبەر ئەوەی گەڕیدەی ناوبراو لە لایەک شاری موسڵی خستۆتە ناو هەرێمی دیاربەکر کە هەرێمێکی کوردیی و سەر بە خاکی کوردستانە، لە لایەکەی تریشەوە نەینەوای خستۆتە ناو چوارچێوەی سنووری کوردستان، بەمەش تەواوی

شاری موسڵ بە هەردوو کەناری دەستە ڕاست (بەری خۆرئاوا)ی واتە موسڵ و کەناری دەستە چەپ (بەری خۆرهەڵات)ی واتە نەینەوا، شاری کوردین و سەر بە خاکی کوردستانن.

نەفتوللا ئەدۆنەڤیچ خالفین، لە لاپەڕەکانی (37–38)ی پەرتووکی (خەبات لەڕێی کوردستاندا)، نووسیویێتی: (کەپیتانی ئینگلیزی (د. ماکدۆنالد کێنێر) سەرکردەی ڕامیاری کۆمپانی (وێست ئێدیا) گەشتێکی درێژی کرد بە ئاسیای بچوک، ئەرمەنستان و کوردستاندا، مەبەستی ئەم گەشتەی ئەوەبوو کە زانیاری دەربارەی ئەو وڵاتانە پەیدا بکات کە لێیانەوە لەشکری ئینگلیز بتوانێ هیندستان داگیربکات. ڕێگەی گەشتەکەی ماکدۆنالد کێنێر بە کوردستان و ئەرمەنستاندا ئەڕۆیشت وەک: ئەرزڕۆم، بیتلیس، سێرت – ماردین – جەزیرە – موسڵ).
کاتێک کە نووسەری ڕوسی (نەفتوللا ئەدۆنەڤیچ خالفین)، باسی گەشتەکەی (د. ماکدۆنالد کێنێر) دەکات بۆ ئەرمەنستان و کوردستان، باسی ئەوە دەکات کە ئەو بە کوردستان و ئەرمەنستاندا بە شارەکانی (ئەرزڕۆم، بیتلیس، سێرت – ماردین – جەزیرە – موسڵ)دا تێپەڕیوە، بۆمان دەردەکەێت کە موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)ە، چونکە هەموو جیهان دەزانێت کە شاری موسڵ شارێکی ئەرمەنی نییە، کەواتە شارێکی کوردیی و سەر بە کوردستانە.

نەفتوللا ئەدۆنەڤیچ خالفین، لە لاپەڕە (39)ی هەمان پەرتووکدا، نووسیویێتی: (لە ساڵی (1820)دا لەسەر داواکردنی فەرمانڕەوای سلێمانی مەحمود پاشای بابان (ڕیچ) بە لەشکرێکی سەربازی هیندییەوە بۆ پارێزگاری خۆی گەشتێکی دوورو درێژی بە کوردستاندا کرد، ئەم گەشتەی ساڵێکی خایاند، وە لەم ماوەیەدا سلێمانی، مەریوان، سنە، بانە، هەولێر، موسڵ و، ناوچە بچووکەکانی کوردستانی بینی لەگەڵ سەرۆک هۆزەکاندا گفتوگۆی کرد).
خالفین، شاری موسڵ وەکو شارێکی سەر بە کوردستان ناودەبات، چونکە کاتێک نووسەری ناوبراو کە باسی گەشتەکەی (ڕیچ) دەکات بە کوردستاندا، ناوی شاری موسڵ و چەند شارێکی تریش دەبات وەکو شاری سەر بە کوردستان، کەواتە

ئەمەش دەکرێ وەکو یەکێک لە بەڵگە بەنرخەکان بۆ کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ بەکاربهێنرێت.

نەفتوللا ئەدۆنەڤیچ خالفین، لە لاپەڕەکانی (45-48)ی سەرچاوەکەی پێشوو باسی گەشتەکانی ئەفسەری ئینگلیزی فرانسیس رۆودۆن چێسنی (1789-1872) کردووە، یەکێک لەو گەشتانە ئەو گەشتەبوو کە لە ساڵی (1835)دا چێسنی لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئەندازیار، ئەفسەری جەنگی مینڕێژو مین دۆزەرەوەدا بەرەو کەنارەکانی فورات ڕۆیشتووە و ئەو ڕووبارەیان ڕووپێوکردووە. نەفتوللا ئەدۆنەڤیچ خالفین نووسیوێتی: (چێسنی لە پەرتووکەکەیدا (گەشتێک بۆ نەخشەکێشانی دیجلە و فوڕات) مەبەست و سیاسەتی ئینگلیز لە کوردستانداو گرنگی موسڵی بۆ ئینگلتەرە دەرخست).

کاتێک کە خالفین بە پشت بەستنی بە پەرتووکەکەی (فرانسیس چێسنی، هەڵمەتی ڕووپێوکردن و توێژینەوەی ڕووبارەکانی دیجلە و فورات - حملة مسح ودراسة نهري دجلة والفرات)دا، باسی ئەوە دەکات کە چێسنی لە پەرتووکەکەی خۆیدا گرنگی موسڵ-ی لە کوردستاندا بۆ ئینگلیزەکان دەرخستووە، بەمەش دەردەکەوێت کە خالفین شاری موسڵ بە شارێکی کوردی و سەر بە کوردستان دادەنێت.

نەفتوللا ئەدۆنەڤیچ خالفین، لە لاپەڕەکانی (91-92)ی سەرچاوەی ناوبراو لە سەرەوەدا دەنووسێت: (ئەمەریکیەکان ویستیان دۆستایەتی لەگەڵ سەرۆکەکانی کوردستاندا توند بکەن، توانییان لەگەڵ (مارِ ئێوهان)ی سەرۆکی نەستوورییەکاندا ببن بە دۆست و لە ساڵی (1843)دا گەشتێکی بۆ ئەمەریکا پێبکەن. زۆرجار کردەوەی ڕابەرە کریستانەکان (فەلەکان) شێوەی ئاژاوەی وەرئەگرت و ئەبوە هۆی تێکچوونی ئەو دانیشتوانەی ئایینیان لێک جیابوو. بۆ وێنە لەهاوینی (1846)دا کۆمەڵێک لەدانیشتووە (هەڵچووەکان) هێرشیان بردە سەر ماڵی یەکێک لەو رابەرە ئەمەریکیانەو چاک کوتایان. بەم بۆنەیەوە (ڤورۆنتسۆڤ) نووسی (ئاژاوەچیەتی ئەم ڕابەرانە لای هەموو کەس ئاشکرایە و هەرچیەکیان بەسەر بێت تاوانی خۆیانە). ڕابەرەکان خۆشیان، وەک (س. ا. ریا) کە لە جیڤار (کوردستانی تورکیا) و لە (1851-1865) لە (ورمێ) ژیا (س. ا. ڕیا بەرلەوەی بۆ ناوچەی ورمێ بنێردرێت،

لە لایەن ئەمەریکاوە نێردرا بۆ خوێندنی کۆرسی (یەکێتی تیلۆکیا) کە تایبەت بوو بە خوێندنی زانیارییەکانی ئایین بەشێوەیەکی زانستی)، هەروەها (د. و. مارش) کە (10) ساڵ سەرۆکی ڕابەرەکانی موسڵ بوو بە ئاشکرا پێیان لەوە ئەنا کە دانیشتوانی کوردستان لێیان بەگلەیی و گازاندەن. مارش نووسی: "دانیشتوەکان هەموو بەیەک دەنگ داوای بارکردنی ڕابەرەکانیان ئەکردو مەزبەتەیەکیان بەم بۆنەیەوە دا بە بەڕێوەبەری ناوچەی جیڤار).

کاتێک کە سەرۆکی ڕابەرەکانی موسڵ (د. و. مارش)، باسی ئەوە دەکات کە دانیشتوانی کوردستان گلەیی و گازاندەی زۆریان لێیانەوە هەیە، بەڵگەیەکی گرنگی کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ-ە، چونکە ئەگەر موسڵ سەر بە ئێراق یان شارێکی عارەبی بوایە دەینووسی عارەبەکان یان ئێراقییەکان گلەیی و گازاندەی زۆریان هەیە. کەواتە مادام نووسیوێتی دانیشتوانی کوردستان گلەیی و گازاندەی زۆریان هەبووە لە سەرۆکی ڕابەرەکانی موسڵ، کەواتە شاری موسڵ شارێک بووە لە چوارچێوەی سنووری کوردستان.

نەفتوللا ئەدۆنەڤیچ خالفین، لە لاپەڕەکانی (158-159)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەداو بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (52)ی بەرگی (15)ی ژمارە (10)ی بڵاوکراوەی (ئارشیڤی ناوەندی میری جۆرجیا)دا نووسیوێتی: (سەرەڕای ئەو قات و قڕییەی کە بەهۆی شەڕی تورکیا و ڕوسیای ساڵانی (1877-1878)، کە ژیانی خەڵکەکەی هەراسان کردبوو، زستانە سەختەکەی (1880)ش گەنم و جۆی نەهێشت، زەوی پیتی نەما، لە زۆر جێگا خواردن دەست نە ئەکەوت، ماڵات لە زۆر لای کوردستاندا هەر لە (وان)ەوە هەتا (موسڵ) تووشی نەزۆکی بوو).

ئەوەی کە (ئارشیڤی ناوەندی میری جۆرجیا) نووسیوێتی، کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە ئەو ناوەندەی ئارشیڤی میری جۆرجیا لەباسکردنی زستانی ساردی کوردستان و قاتوقڕیدا، شاری موسڵی بە شارێکی کوردستانی ناوبردووە. ئەمەش بۆمان دەردەخات کە (ئارشیڤی ناوەندی میری جۆرجیا)، شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی و سەر بە کوردستان دادەنێت، بۆیە دەکرێت ئەو ئاماژەیەی ئەو دەزگایە بە بەڵگەیەک لە بەڵگەکانی کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ دابنێین.

نەفتوللا ئەدۆنەڤیچ خالفین، لە لاپەڕەکانی (198–199)ی پەرتووکی (خەبات لەڕێی کوردستاندا)، نووسیوێتی: (کاتێ ئینگلیزەکان زانیان شێخ عوبێدوڵلا خەریکە بشکێت بە پێویستیان زانی پێوەندی لەگەڵ سەرۆک کوردەکانی تردا بەهێز بکەن، ئەم کارەش بە (پڵۆودێن)ی سەر کۆنسولی ئینگلیز لە بەغدا سپێردرا. لە تەموزی ساڵی (1881)دا (پڵۆودێن) بەناوی گەشتەوە بەرەو ئێران چوو. گەشتەکەی (پڵۆودێن) نزیکەی سێ مانگی خایاند، لەم ماوەیەدا بە زۆربەی شارە گرنگرکانی کوردستانی ئێران و تورکیادا گەڕا، لە بەغداوە هاتە سلێمانی و موسڵ، لەوێشەوە بۆلای هۆزەکانی کوردستانی ژووروو هەتا گەییشتە کرماشان).

ئەوەی خالفین ئاماژەی پێکردووە، یەکێکە لە بەڵگەنامە گرنگەکانی سەلماندنی کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ، چونکە خالفین نووسیوێتی کە (پڵۆودێن)ی سەر کۆنسولی ئینگلیز لە بەغدا لە تەموزی ساڵی (1881)دا بە زۆربەی شارەکانی کوردستانی تورکیا و ئێراندا گەڕاوەو، لە بەغداوە هاتۆتە سلێمانی و موسڵ، کەواتە ئەو شاری موسڵ–ی پێ بەشێکە لە کوردستان، بۆیە بەمشێوەیە ناوی بردووە.

پرۆفیسۆر. دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لە لاپەڕە (9)ی پەرتووکی (أقليم كوردستان العراق دراسات فى التكوين القومي للسكان)دا نووسیوێتی: (کاپتن (هێ) نیشتمانی کوردی دەستنیشان کردووە بە هەموو ئەو زەوییانەی کە دەکەونە ڕۆژهەڵاتی دیجلە و باکووری ئەو هێڵەی کە لە (مەندەلی)یەوە درێژ دەبێتەوە تا ئەو شوێنەی کە زێی بچووک دەڕژێتە ڕووباری دیجلە).

بەگوێرەی ئەم پێناسەیەی (کاپتن هێ)، بەلای کەمەوە بەشی خۆرهەڵاتی شاری موسڵ دەکەوێتە ناو سنووری باشووری کوردستان، چونکە ڕووباری دیجلە شاری موسڵ دەکات بە دوو بەشەوە، بەشی ڕۆژئاوای کە بەری دەستە ڕاستیشی پێ دەڵێن، هەروەها بەشی خۆرهەڵاتی کە بەری دەستە چەپیشی پێ دەڵێن کوردستانە.

پرۆفیسۆر دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لە لاپەڕە (154)ی پەرتووکی (أقليم كوردستان العراق دراسات فى التكوين القومي للسكان)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (26)ی پەرتووکی (تقرير عصبة الامم مسألة الحدود بين التركيا والعراق لسنة

1925)و به ئاماژەکردن به نووسەرو مێژوونووسی بەناوبانگی جیهانی (لیسترەنج) که له پەرتووکی (بلدان الخلافة الشرقية)دا دەڵێت: (وشەی ئێراق به تەنیا به کوفەو بەسرا دەگوترێت و سنووری نێوان جەزیره و ئێراق دەگۆڕا بەگوێرەی گۆڕینی کاتەکان .. له سەردەمی عەباسییەکاندا له باکوورەوە له ئەنبار لەسەر ڕووباری فورات درێژ دەبووەوە تاوەکو تکریت لەسەر ڕووباری دیجله).

بەگوێرەی ئەو دەست نیشان کردنەی سنووری ئێراق لەلای باکوورەوە له لایەن مێژوونووسی بەناوبانگی جیهانی (گوی لیسترەنج – Guy Le Strange 1854– 24.12.1933) که له لاپەڕەکانی (42–41)دا ئاماژەی پێکردووه، شاری موسڵ و پارێزگای موسڵ به تەواوی دەکەونه باکووری ئەو شوێنانەی که کۆتایی سنووری ئێراقه، بۆ نموونه شاری تکریت (245) کم دەکەوێته باشووری شاری موسڵ، هەروەها شاری ئەنباریش (360) کم دەکەوێته باشووری خۆرئاوای موسڵ. کەواته شاری موسڵ هیچ پێوەندییەکی به ئێراق و عارەبەوه نییه، چونکه شارێکی کوردیی و کوردستانییه که دەکەوێته نێو سنووری خاکی باشووری کوردستان.

پرۆفیسۆر. دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، له لاپەڕه (156)ی پەرتووکی (أقليم كوردستان العراق دراسات فى التكوين القومي للسكان)دا، به پشت بەستنی به لاپەڕه (28)ی پەرتووکی (تقرير عصبة الامم مسألة الحدود بين التركيا والعراق لسنة 1925)دا دەڵێت: (کۆمیسیۆنی کۆمەڵەی نەتەوەکان گرنگییەکی تایبەت به نەخشەکەی (ماليت) دەدات، وه بەوه باسی دەکات که بەرزترین پاشماوەی کۆنی بەنرخه، بەگوێرەی نەخشەکه موسڵ سەر به دیاربەکر و، نەینەوا–ش سەر به کوردستان–ه).

ئەوەی له سەرەوەدا کۆمیسیۆنی کۆمەڵەی نەتەوەکان خۆی باسی کردووه، مانای کوردبوون و کوردستانیی بوونی تەواوی شاری موسڵ دەگەیەنێت بەهەردوو کەناری خۆرئاوای ڕووباری دیجله که موسڵ دەگرێتەوه، لەگەڵ کەناری خۆرهەڵاتی ڕووباری دیجله که نەینەوا دەگرێتەوه، چونکه کۆمیسیۆنەکەی کۆمەڵەی نەتەوەکان موسڵ واته بەشی خۆرئاوا به بەشێک له ئامەد (دیاربەکر) دەزانێت، که ئامەد یەکێکه له شاره دێرینەکانی باکووری کوردستان و تاوەکو ئێستاش ئامەد (دیاربەکر) تاوەکو ئێستاش هەر به کوردی و کوردستانی ماوەتەوه.

ئینسکلۆپیدیای خۆرهەڵات (Encyclopaedia of the Orient)، کە ماڵپەڕێکی ئەلکترۆنی ئینگلیزییەو، لە لایەن ئەندیازارێکی بیناسازی نەرویجی بەناوی (Tore Kjeilen) سەرپەرشتی دەکرێت. ئینسکلۆپیدیای خۆرهەڵات باکووری ئەفریقیاو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە دانیشتوانی ڕۆژئاوا دەناسێنێت و، بەمشێوەیە پێناسەی شاری موسڵ دەکات: (شارێکە لە ئێراق و نزیکەی (1.3) ملیۆن کەسی تێدا دەژیت (2005 خەمڵاندن). موسڵ دەکەوێتە خۆرئاوای باکووری وڵات و کەناری خۆرئاوای دیجلە. دانیشتوانی موسڵ بە پلەی یەکەم کوردن، بەڵام لەگەڵ کەمینەیەکی زۆری ئاشووری فەلە کە بە عارەبی دەدوێن، وە کەمینەیەکی بچووکتر لە تورکمان).

ئەو دانپێدانانەی ئینسکلۆپیدیای خۆرهەڵات، بەوەی کە دانیشتوانی موسڵ بە پلەی یەکەم کوردن، ئاماژەو بەڵگەیەکی تری کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ-ە، لەبەر ئەوەی کاتێک کە زۆربەی زۆری دانیشتوانی شارێک سەر بە نەتەوەیەکی دیاریکراو بێت، ئەوکاتە ئەو شارە بەدڵنیاییەوە هی ئەو نەتەوەیە، ئەوە لە کاتێکدا ئەگەر بێتوو باری دیمۆگرافی ئەو شارە لە لایەن نەتەوەی داگیرکەرو سەردەست هەوڵی گۆڕینی نەدرابێت!

دکتۆر جەواد ئیبراهیم مەلا، سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، لە لاپەڕەکانی یەک و دەیی ژمارە (14)ی (کۆنگرە)دا، لە وتارێکدا کە وەڵامێکە بۆ بەیاننامەیەکی دوو پارتی (تورکمان ئیلی و پارتی نیشتمانیی تورکمانی) سەر بە بەرەی تورکمانی، کە لە ژمارەی ڕۆژی (30.10.1999)ی ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)دا بڵاوکرابووەوەو، زۆربەی هەرە زۆری خاکی باشووری کوردستان-یان بە خاکی خۆیان دانابوو، نووسیویێتی: (مێژوناسی ناوداری نەمساوی (ڤۆن هامەر) لە پەرتووکی (مێژووی دێرین)دا نووسیویێتی: نیشتەجێکانی گەلی کورد هەر لە کەنداو تا دەریای قەزوێن، لە دەریای رەشەوە تا ڕۆخی دەریای سپی ناوەڕاست بە ئاراستەی ئەدەنەو ئەسکەندەروون، لە ئەسکەندەروونەشەوە بە هێڵێکی ڕاست بۆ موسڵ و لەوێشەوە بە هێڵێکی ڕاستی دی بۆ بەدرەو زەرباتیە لە ڕۆژهەڵاتی بەغدا).

سەرەتا پێویستە ئەوە بڵێم کە تاکە نووسەرو تاکە کەس تەنیا دکتۆر جەواد ئیبراهیم مەلا، مێژوونووس ڤۆن هامەر بە نەمساوی دادەنێت، ئەگینا گشت نووسەرو

مێژوونووسانی تر بە ئەڵمانی ناوی دەبەن، لەبەر ئەوەی خەڵکی نەمسایە بەڵام زمانەکەی ئەڵمانییە. دواتر ئەو سنوورەی کە مێژووناسی ناسراو (ڤۆن هامەر 1774-1859)، بۆ کوردستانی کێشاوە، شاری موسڵ دەگرێتە خۆ. کەواتە بە بۆچوونی ئەو شاری موسڵ شارێکی کوردستانییە، بۆیە ئەو بۆچوونەی ئەو مێژوونووسە ناودارە، دەکرێت وەکو بەڵگەیەک بۆ کوردستانێتیی و کوردێتیی شارەکە بەکاربهێنرێت.

ئەحمەد شەوکەت، لە لاپەڕە (54)ی پەرتووکی (الشبک الکورد المنسیون)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (28)ی بەرگی چوارەمی پەرتووکی (مێژووی دەوڵەتی عوسمانی – تاریخ الدولة العثمانیة)ی مێژوونووسی ئەڵمانی/نەمساوی (ڤۆن هامەر) نووسیویێتی کە ئەو نووسەرە ئەڵمانییە دەڵێت: (دانیشتوانی شاری موسڵ بە کوردی قسەدەکەن و هەموویان کوردن و، سەرەڕای ئەوەش کە کوردن بە زمانەکانی عارەبی، فارسی و تورکی قسەدەکەن).

ئەو دانپێدانان و گەواهی دانەی مێژوونووسی ناوداری ئەڵمانی/نەمساوی (ڤۆن هامەر 1774-1859)، بەوەی کە دانیشتوانی موسڵ هەموویان کوردن، بەڵگەیەکی یەکجار بەنرخە بۆ کورد بوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ. لەبەر ئەوەی نووسەری ناوبراو زۆر ڕاشکاوانە باسی کوردێتیی شاری موسڵ و کوردستانیی بوونی ئەو شارە دەکات، بۆیە پێویست بەوە ناکات ڕوونکردنەوەی زۆرتری لەسەر بدرێت.

بابە تۆماس بوا، کە ڕۆژهەڵاتناسێکی بەناوبانگی فەڕەنسییە، لە وتارێکی خۆیدا بەناوی (کورد لە سایەی ئیسلامدا) کە لە لایەن (ڕەشید حوسێن خۆشناو)ەوە لە عارەبییەوە کراوە بە کوردی و، لە بەشی یەکەمدا کە لە لاپەڕە (11)ی ڕۆژنامەی (خەبات)ی ژمارە (1908)ی سێشەممە، ڕێکەوتی (6.9.2005)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (بە داگیرکردنی (تکریت)و (حەلەوان) ساڵی (638ز)ی ئیسلام هاتە نێو خاکی کوردستان، کە سەعدی کوڕی وەقاس بەرەو موسڵ کەوتەڕێ و ئەو ناوچانەی داگیرکرد کە کورد تیایدا نیشتەجێن).

ئەوەی کە بابە تۆماس بوا نووسیویێتی، بەڵگەیەکی تری کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو شاری موسڵ بە شارێکی کوردستانیی دادەنێت، کاتێک کە باسی ئەوە دەکات کە بەداگیرکردنی تکریت و حەلوان ئیسلام هاتە ناو خاکی کوردستان و، سەعدی کوڕی وەقاس-یش بەرەو شاری موسڵ ڕۆیشت، بەگوێرەی قسەکانی تۆماس بوا شارەکانی تکریت، حەلوان و موسڵ شاری کوردستانین.

ئەلبێرت میخائیلۆڤیچ مینتیشاشڤیلی، ڕۆژهەڵاتناسی گورجی لە لاپەڕە (47)ی پەرتووکی (کورد کورتەی پێوەندیی کۆمەڵایەتی-ئابووری، ڕۆشنبیری و گوزەران)دا دەڵێت: (پێش ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئێراق بریتی بوو لە سێ ویلایەت – بەغدا، بەسرا و موسڵ. کوردستانی ئێراق لەناو ئەمەی دواییدا بوو کە شاری موسڵ مەڵبەندی بوو. لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا، بە گەواهی گەڕیدەی ڕوس بێڕێزین ی. ز. ن، لەم شارەدا کورد، عارەب، تورک، ئاسوری و جو ئەژیان – هەموو نزیکەی 30 هەزار کەس بوون).
ئەوەی کە (ئەلبێرت میخائیلۆڤیچ مینتیشاشڤیلی) باسی دەکات، بەڵگەیەکی تری کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شاری موسڵ دەخاتە دەستمان، چونکە ئەو باسی ئەوە دەکات کە کوردستانی ئێراق (ویلایەتی موسڵ)ەو شاری موسڵ-یش مەڵبەند یان پایتەختی کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان)ە. دەشزانین کە عارەبی شۆڤینی، دوای لکاندنی بەزۆری باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بە ئێراقی عارەبەوە لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا زاراوەی کوردستانی ئێراقی داهێنا کە زاراوەیەکی ڕامیارییە، بۆ شوێن گرتنەوەی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)، کە دوو ناوی جوگرافین بۆ یەک خاک و یەک نیشتمان کە کوردستانە، لەبەرئەوە زیندووکردنەوەی ئەم دوو ناوە جوگرافییە ئەرکی سەرشانی هەموو کوردێکی دڵسۆزو بە ئەمەکە، هەروەها زیندە بەچاڵکردنی خەونەکانی دوژمنانە.

ئەلبێرت میخائیلۆڤیچ مینتیشاشڤیلی، لە لاپەڕە (144)ی هەمان سەرچاوەی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (لە ساڵی (1583)دا سوڵتانی تورک مورادی سێیەم

فەرمانڕەوای ناوچەیەکی فراوانی کوردنشینی دا بە سەرداری کوردی موکری ئەمیر بەگ (موسڵ، شارەزوور، هەولێر ..... هتد تا مەراغە).

سوڵتانی عوسمانی مورادی سێیەم لە خۆڕا نییە شارەکانی موسڵ، شارەزوورو هەولێر دەدات بە میری موکری (ئەمیر بەگ)، دیارە بە خاکی کورد و بەشێک لە کوردستانیان دەزانێت، هەروەها مینتیشاشڤیلی گورجی شارەکانی موسڵ، هەولێر و شارەزوور بە ناوچەیەکی فراوانی کوردنشین ناودەبات. مادام ئەو ناوچانە موسڵ، هەولێر و شارەزوور ناوچەی کوردی بن، کەواتە هەر سێ شارەکە شاری کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانن. ئەمەش دەبێتە بەڵگەیەکی تری کوردبوون و کوردستانیی بوونی ئەو شارانە بەگشتی و شاری موسڵ بەتایبەتی کە بابەتی ئێمەیە.

ئەلبێرت میخائیلۆڤیچ مینتیشاشڤیلی، لە لاپەڕە (206)ی هەمان سەرچاوەی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویەتی: (سیستێمی کارگێڕی ئێراق لەسەر بناغەی سیستێمی کارگێڕی کۆنی عوسمانی گەشەی سەند. ئەگەر لە ساڵی (1918)دا هەموو ئێراق دابەشبووبێ بەسەر سێ ویلایەت (هەرێم)دا، ئەوا پاش دانانی سەرپەرشتی ئینگلیز بوو بە (14) پارێزگا (لیوا)، کە چواریان (کەرکوک، موسڵ، هەولێر و سلێمانی) ناوچەی کوردنشین ئەگرنەوە).

بۆ جارێکی تریش مینتیشاشڤیلی شارەکانی (موسڵ (موسڵ+دهۆک)، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی) بە ناوچەی کوردنشین ناودەبات، مادام ناوچەکە ناوچەیەکی کوردنشین بێت، کەواتە شارەکانیش هەموویان بە شاری موسڵ–ەوە شاری کوردیی و سەر بە خاکی کوردستانن.

ئەلبێرت میخائیلۆڤیچ مینتیشاشڤیلی، لە لاپەڕە (270–271)ی هەمان سەرچاوەی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویەتی: (لە ناوچەی کوردستانی ئێراقدا چەند هیدرۆ تەکنیکی دروستکراوە. بەمچەشنە لەسەر دیجلە، لە ناوچەی موسڵ، لە ساڵی (1966)دا دەستیانکرد بەدامەزراندنی عەمباری گەورەی ئاو، کە هەروەک بۆ کشتوکاڵ پێویستە، هەروەها بۆ کارەبا پەیداکردنی وڵاتیش پێویستە).

کاتێک کە مینتیشاشڤیلی باسی ئەوە دەکات کە لە ناوچەکانی کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان)دا چەند هیدرۆ تەکنیکی لەسەر دیجلە لە ناوچەی موسڵ دروستکراوە، مانای وایە کە نووسەری ناوبراو شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی و سەر بە کوردستان (کوردستانی ئێراق) دەزانێت. ئەوەش دەزانین کە عارەبە ڕەگەزپەرستەکان بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان زاراوەی کوردستانی ئێراق لەبری باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بەکاردەهێنن، کە دوو ناوی جوگرافین هەر لە کۆنەوە بۆ خاک و وڵاتی کورد بەکارهاتوون. بۆیە دەکرێت ئەمەش وەکو بەڵگەیەکی تری کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دابنرێت.

ئەلبێرت میخائیلۆڤیچ مینتیشاشڤیلی، لە لاپەڕە (274)ی هەمان سەرچاوەی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (بەپێی خۆی بەشی هەرە بەرەو ژووری زەویی کوردستانی ئێراق – پارێزگای نەینەوا باشتر بەکارهێنراوە (53%ی زەوی) هەرچی پارێزگای کەرکوکە، ئەوە لێرەدا سێیەکی زەوی بەکاردێ (ئەم ڕاستییە، بەوە لێک ئەدرێتەوە کە زەویی ئێرە نەوتی زۆرە).

لێرەدا مینتیشاشڤیلی بەڵگەیەکی تری کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ-مان دەداتە دەست، کاتێک کە پارێزگای نەینەوا (موسڵ و دهۆک) بە بەشێکی کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان) ناودەبات. گومانیش لەوەدا نییە کە بە بۆچوونی نووسەری ناوبراوی ڕوسی شاری موسڵ سەر بە کوردستانە، بۆیە نووسەر بەمشێوەیە باسی دەکات.

ئەلبێرت میخائیلۆڤیچ مینتیشاشڤیلی، لە لاپەڕە (276)ی هەمان سەرچاوەی ناوبراودا نووسیویێتی: (لە سەرەتای ساڵی (1976)دا وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ پێنج ساڵ داربڕینەوەی لە دارستانەکانی باکووری ئێراقدا لە پارێزگاکانی (نەینەوا، هەولێر، سلێمانی، کەرکوک و دهۆک)دا قەدەغەکرد. مەبەس لەم بڕیارە زیندووکردنەوەی ئەو دارستانانە بوو کە لە ساڵانی جەنگی دژی کورددا لە ساڵانی (1961–1974)دا لەناو برابوون).

مینتیشاشڤیلی شارەکانی (نەینەوا، هەولێر، سلێمانی، کەرکوک و دهۆک) بە باکووری ئێراق ناودەبات، هەمووشمان ئەوە دەزانین و دڵنیاین لەوەی کە باکووری

ئێراق (باشووری کوردستان)ە، بەڵام ڕەگەزپەرستانی عارەب لە پێناوی مەرام و بەرژەوەندی خۆیان ناوەکەیان گۆڕیوە، کەواتە شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە خاکی باشووری کوردستانە.

ئەلبێرت میخائیلۆڤیچ مینتیشاشڤیلی، لە لاپەڕە (299)ی هەمان سەرچاوەی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (ئەم سەرژمێرانە ئەوەیان پیشاندا کە زیادبوونی دانیشتوان لە ئێراقدا لەنێوان (1.5-2%) دادێت و دەچێ و چڕترین ناوچەی وڵات لە ڕووی دانیشتوانییەوە کوردستانی ئێراقە، بەتایبەتی لە ناوچەی نێوان موسڵ و کەرکوکدا).

بەگوێرەی بۆچوونەکانی نووسەری ڕوسی مینتیشاشڤیلی، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە نووسەری ناوبراو شاری موسڵ بە شارێکی کوردستانیی دادەنێت، کاتێک کە باسی دانیشتوانی کوردستانی ئێراق واتە (باشووری کوردستان) دەکات و، ناوچەی نێوان هەردوو شاری موسڵ و کەرکوک بە چڕترین ناوچەی دانیشتوان دادەنێت.

ئەلبێرت میخائیلۆڤیچ مینتیشاشڤیلی، لە لاپەڕە (304)ی هەمان سەرچاوەی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (بەشی دیاری دانیشتوانی کورد (39%) لە مەڵبەندی کارگێڕی چوار پارێزگای باکووری ئێراقدا (موسڵ، کەرکوک، سلێمانی و هەولێر) گردبوونەوە).

دیسان و بۆ جارێکی تریش مینتیشاشڤیلی شارەکانی (موسڵ، کەرکوک، سلێمانی و هەولێر) بە باکووری ئێراق ناوزەد دەکات، بەمەش بەڵگەیەکی تری کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ-مان دەست دەکەوێت، چونکە هەموو لایەکمان باش دەزانین کە باکووری ئێراق، ناوچەی ئۆتۆنۆمی و کوردستانی ئێراق کە سێ زاراوەی ڕامیاریین نەک ناوی جوگرافی، هەر هەمووی داتاشراوی عروبەن و بۆ ئەوە بەکار دێن تاوەکو ناوی باشووری کوردستان-یيان لەبیر بەرنەوە.

نووسەر ئاسۆ گەرمیانی، لە لاپەڕەکانی (47-48)ی پەرتووکی (دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ یان سیستمێکی فیدڕاڵی)، نووسیویێتی: (پەیمانی لۆزان لە (24.7.1923)دا

لە شاری لۆزان بەستراو گفتوگۆ لەنێوان نوێنەرانی ئینگلیز و عوسمانییەکاندا دەستی پێکرد. سەرۆکی دەستەی نوێنەرایەتی تورک (عیسمەت ئینونو) بوو هی ئینگلیزیش (لۆرد کورزۆن) بوو. خاڵێکی ئەم ڕێککەوتنە، وتووێژێکی زۆری خایاندووەو ئاڵۆزی تێکەوتووە، ئەویش کێشەی کورد و شاری موسڵ بووە. تورکەکان دەیانویست هەرێمی موسڵ و کەرکوک بخرێتە سەر خاکی عوسمانی و لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا بێت. ئینگلیزیش بەوە قایل نەدەبوو، لەبەر چەند هۆیەک کە بە بەڵگەی بەرچاو و ئاشکرا دەیسەلماند، لەو بەڵگانەش:

1- ئەم هەرێمە لە لایەکەوە هی کوردە و هەموو دانیشتوانەکەی کوردن.

2- لە لایەکی تریشەوە هەرێمەکە پڕە لە پیترۆل و زێڕ، بۆیە بە هیچ جۆرێ بەوە قایل نەدەبوون بیدەنە دەستی عوسمانییەکانەوە).

بە بۆچوونی بەریتانییەکان هەرێمەکە (ویلایەتی موسڵ) هەرێمێکی کوردییەو دانیشتوانەکەی کوردن، ئەمەش دەبێتە بەڵگەیەکی کوردێتیی و کوردستانێتیی ئەو ویلایەتە، کاتێکیش کە ویلایەتەکە ویلایەتێکی کوردیی و کوردستانیی بێت، کەواتە تەواوی شارەکانی سەر بەو ویلایەتە بە شاری موسڵ-یشەوە، شاری کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانن، چونکە باشووری کوردستان و ویلایەتی موسڵ دوو ناوی جوگرافین بۆ خاک و وڵاتی کوردان بەکارهاتوون.

خەسرەو گۆران، بەرپرسی لقی (14)ی پارتی دیموکراتی کوردستان و جێگری پارێزگاری موسڵ، لە لاپەڕە (106)ی پەرتووکی (کورد لە پارێزگای موسڵ)دا، باسی ئەوە دەکات کە گەڕیدەی بەریتانی (جاکسۆن) کە لە (25)ی تەمووزی ساڵی (1797)دا سەردانی موسڵی کردووەو بەم شێوەیە باسی پێکهاتەی دانیشتوانەکەی کردووە: (شاری موسڵ پڕە لە دانیشتوان و جۆرەها ئایینی لە خۆوەگرتووە، بەڵام زۆربەی دانیشتوانی کوردن کە عارەبەکان پێیان دەڵێن: (کرد).

بەگوێرەی بۆچوونەکەی گەڕیدەی بەریتانی (جاکسۆن) کە زۆربەی دانیشتوانی شاری موسڵ بە کورد ناودەبات، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان بووە، چونکە هەر شارێک زۆربەی دانیشتوانەکەی سەر بە هەر نەتەوەیەک بێت، ئەوە بەدڵنیایی ئەو شارە سەر بەو نەتەوەیە دەبێت، بەڵام بە مەرجێک ئەو شارە تووشی گۆڕینی باری دیمۆگرافی نەبووبێتەوە لە لایەن نەتەوەی

سەردەست و داگیرکەری شارەکە. سەبارەت بە هەر یەک لە شارەکانی موسڵ، کەرکوک، شەنگال، خانەقین، مەخمور، بەدرە، جەسان، سەعدیە، گولاڵە (جلەولا)، عەلی غەربی، عەلی شەرقی، مەندەلی و چەندان شارۆچکەی تر هەموویان شاری کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانن، ئەگەر بێتوو تەنانەت تاکە کوردێکیشیان تیادا نەمێنێ، چونکە یەکەم هەموویان لەسەر خاکی کورد و وڵاتی کوردستان دروستکراون، دووەم لەبەر ئەوەی هەموو ئەو شارانە تووشی شاڵاوی دڕندانەی بەعارەبکردن بووینەوە، لە لایەن عارەبی شۆڤینی و داگیرکەر.

خەسرەو گۆران، لە لاپەڕە (97)ی بەشی یەکەمی پەرتووکی (کوردستان لە مێژوودا)، نووسیویێتی: (زەینەفۆن کە سەرکردەیەکی ئەو لەشکرە (10) هەزارییەی یۆنانی بووە کە بە کوردستاندا تێپەڕیوە، لە پەرتووکە مێژووییەکەیدا (هێرشی کوروش)دا دەگێڕێتەوە کە سەراپای ئەو وڵاتەی دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی دیجلە وە (واتە هەرێمەکانی گەرمیان، شارەزوور، سۆران تا بانی ئێران) بە وڵاتی میدیا ناوبراوە).
بەگوێرەی ئەو پێناسەیەی کە سەرکردەی یۆنانی بۆ سنووری کوردستانی کردووە، شاری نەینەوا کە دەکەوێتە کەناری خۆرهەڵاتی ڕووباری دیجلە یان بەری دەستە چەپی شاری موسڵ-یشی پێدەڵێن، کوردستانە، چونکە ئاشکرایە کە میدییەکان کورد بووینەو، خۆرهەڵاتی دیجلەش وڵاتی ئەوان بووە.

خەسرۆ گۆران، لە لاپەڕە (188)ی بەشی یەکەمی پەرتووکی (کوردستان لە مێژوودا) نووسیویێتی: (کاتێ لەشکری (10) هەزار سوارەی یۆنانیەکان بە سەرکردایەتی زەینەفۆن بە وڵاتی کوردەکان (زەینەفۆن کاردۆخیان پێدەڵێ) تێپەڕی، ئەو دەمە یۆنانییەکان وڵاتی ئێستای کوردستانیان لەباری جوگرافیەوە کردبووە دوو ناوچەی گەورەوە:

1- وڵاتی میدیا: سەرجەم ناوچەی نێوان ڕووباری گەورە لەباکورو دەشتەکانی میسۆپۆتامیا لە باشورو زێی دیجلە لە ڕۆژئاواوەی دەگرتەوە.
2- وڵاتی کاردۆخی: ناوچەی نێوان دەریاچەی وان و دەڤەرە ڕۆژئاواییەکانی وان لە باکورو شاری ئێستای موسڵ لە باشوری دەگرتەوە).

بەگوێرەی ئەو دەستنیشان کردنەی مێژوونووسی یۆنانی (زەینەفۆن)ی ئەفسەرو سەرکردەی لەشکری (10) هەزاری، کە لە ساڵانی نێوان (430-354پ.ز)دا ژیاوەو، لە ساڵی (401پ.ز)دا بە کوردستاندا تێپەڕیوە، شاری موسڵ یەکێکە لە شارە گرنگەکانی باشووری کوردستان، چونکە لە لایەک یۆنانییەکان ڕووباری دیجلە بە سنووری ڕۆژئاوای وڵاتی میدیا دادەنێن و لە لایەکی تریشەوە شاری موسڵ بە شارێکی سەر بە وڵاتی کوردان ناودەبەن. ئەمەش گرنگترین بەڵگەی کوردستانیی بوون و کوردێتیی ئەو شارەیە کە زەینەفۆن خستوویەتەڕوو.

دکتۆر حامد مەحمود عیسا، لە لاپەڕە (55)ی پەرتووکی (القضية الكوردية في العراق من الاحتلال البريطاني الى الغزو الأمريكي 1914-2004)دا نووسیویێتی: (مێجەر نۆئیل کە بە ڕاوێژکاری ڕامیاری شێخ مەحمود دامەزرابوو لە سلێمانی و دوای ئەویش لۆرد کیرزۆن، داکۆکییان لە بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دەکرد. هەر لەبەر ئەوەبوو کە کاتێک ویلسۆن لە سەرەتای ساڵی (1919)دا چوو بۆ لەندەن بۆ داواکردنی دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراقی لەژێر سەرپەرشتی بەریتانیداو تەواوی ویلایەتی موسڵ-یش بگرێتەوە، لەوەدا لۆرد کورزۆن دژی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بوو بەو وڵاتەو، بە باشتری زانی کە بخرێتە سەر دەوڵەتی کوردستان کە لەوکاتیدا لە هەوڵی دروستکردنیدا بوون، هەروەها نۆئیل پێی وابوو کە نابێت تەواوی کوردستان دابەش بکرێت و دەبێت دەوڵەتێکی تیادا دامەزرێت و پێی وابوو دەکرێت بەم ڕێگایانە بێتەدی:

1- دەرکردنی دەسەڵاتی تورکی لە کوردستان.
2- دابەش نەکردنی کوردستان.
3- بەگوێرەی توانا هەوڵ بدرێت سنووری هێڵی نەتەوەیی نێوان کورد و عارەب ڕەچاو بکرێت.

کاتێک کە دکتۆر حامد مەحمود عیسا، باسی ئەوە دەکات کە (لۆرد کورزۆن) دژی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بووەو، (مێجەر نۆئیل)یش لەگەڵ دابەشکردنی هیچ بەشێکی کوردستان نەبووە، دەیسەلمێنێت کە ئەوان ویلایەتی موسڵ-یان بە تەواوی شارەکانیەوە بە خاک و نیشتمانی کورد زانیوە، بۆیە ویستوویانە تەواوی ویلایەتەکە بخرێتەوە سەر ئەو کوردستانەی کە ئەوان (مێجەر نۆئیل و لۆرد کورزۆن)

مەبەستیان وابووە لە لایەن ئینگلیزەکانەوە بۆ کورد دروست بکرێت. مادام ویلایەتی موسڵ ویلایەتێکی کوردیی بێت، گومانیش لەوەدا نییە کە شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە.

دکتۆر حامد مەحمود عیسا، لە لاپەڕە (615)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەداو بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (214)ی پەرتووکی:
(Y. de V. Loder, The Truth about Mesopotamia, Palestine and Syria)
نووسیویێتی: (سەرژمێرە ئیتنۆگرافییەکانی ویلایەتی موسڵ لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی بەپێی سەرژمێرە ئینگلیزیەکان ژمارەی کورد لە موسڵ (209.820) کەسن هەروەها عارەب (170.663) کەسن، کەچی بەگوێرەی ژمارە تورکییەکان کورد (140.000) کەسن و عارەبیش (28.000) کەسن).
لێرەدا لە هەردوو سەرژمێرەکانی بەریتانی و تورکیدا ژمارەی کورد لە ژمارەی عارەب زۆرترە لە شاری موسڵ، سەرەڕای ئەوەی بەدڵنیاییەوە بەریتانییەکان لە ژمارەی عارەبیان زیاد کردووەو هی کوردیان کەم کردۆتەوە، چونکە بەنیاز بووینە ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بە ئێراقی عارەبییەوە بلکێنن، هەروەها تورکەکانیش لە ژمارەی کوردیان کەم کردۆتەوەو لە هەمان کاتدا ژمارەی تورکمانیان بەرزکردۆتەوە.

سەرکردەی نەمری کورد، شەهید عەبدولڕەحمانی قاسملو، لە لاپەڕە (83)ی پەرتووکی (کوردستان و کورد لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و ئابووری) و، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (80)ی پەرتووکی (نەوت و سیاسەتی دەرەوە)دا لە نووسینی نووسەری چیکی ( أ. برووکس) کە بە زمانی چیکی نووسراوە، دەڵێت: (وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەڵوێستی بەریتانیای پەسندکرد، کە نیو ملیۆن کوردی مەڵبەندی موسڵ نابێ لەژێر فەرمانی تورکەکان دابن و نابێ دەوڵەتێکی سەربەخۆش دابمەزرێنن).
ئەوەی کە نووسەری چیکی باسی دەکات، بەڵگەیەکی تری کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ-ە، چونکە ئەو باسی نیو ملیۆن کوردی ویلایەتی موسڵ دەکات بەبێ ئەوەی باسی عارەب یان ئێراق بکات، هەروەها ئەو باسی هەڵوێستی

ئەمەریکا دەکات کە پشتیوانی لە هەڵوێستی بەریتانیا دەکات، بەوەی کە نیو ملیۆن کوردی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) نابێت دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردییان هەبێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەرچەندە کوردەکان لەسەر خاکی خۆیاندا دەژین کە باشووری کوردستان واتە (ویلایەتی موسڵ)ە، بەڵام ڕێگای دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردییان لێ دەگیرێ، تاوەکو ویلایەتی موسڵ بە ئێراقی عارەبییەوە بلکێنن.

نووسەر حوسێنی مەدەنی، لە لاپەڕەکانی (226-227)ی پەرتووکی (کوردستان و ئیستراتیژی دەوڵەتان)دا، کە لە چاپی نوێدا کەوتۆتە لاپەڕە (271)، نووسیویێتی: (جەواهیر لاله نەهرۆ، کە لەگەڵ (مستەفا کەمال)و (شێخ سەعید) هاوچەرخ بووە، لە پەرتووکی (نگاهی به تاریخ جهان)دا زۆر ڕاستی بینانەو بە دادپەروەرانەوە بیرو بۆچونی خۆی لەسەر هۆکارەکانی بەرپابوونی شۆڕشی (شێخ سەعید) و بەکارهێنانی گورزی کوشندە زرنگکاری (سیاسەت)ی بێ بەزەییانەی کەمال ئەتاتورک بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشی کوردەکان باس دەکاو دەنووسێ: (لە ساڵی (1925)دا لە مەڵبەندە کوردنشینەکانی تورکیادا شۆڕشێکی مەزن و گرنگ دەستی پێکرد. ئەو شۆڕشە ڕاست لە بارودۆخێک دابوو کە لەسەر (موسڵ) لەنێوانی ئینگلیس و تورکیادا هەڵلا سازببوو. خودی ناوچەی موسڵ ناوچەیەکی کوردنشین بوو کە بە ناوچەی کوردنشینەکان و شۆڕشی تورکیا بەسترابۆوە).

بۆ ئێمەی کورد و کوردستانی زۆر گرنگ و کاریگەرە، کاتێک کە سەرکردەیەکی جیهانی ناوداری وەکو (جەواهیر لاله نەهرۆ)ی ڕزگارکەرو سەرۆکی هیندستان، ویلایەتی موسڵ بە ویلایەتێکی کوردنشین ناوببات. هەموو دەزانین کاتێک کە ویلایەتی موسڵ ویلایەتێکی کوردنشین بێت، ئەوکاتە بەدڵنیاییەوە هەموو شارەکانی ویلایەتەکە (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیاله) شاری کوردیی و بەشێکن لە باشووری کوردستان. بەمەش سەرکردەی ناوداری هیندستان نەهرۆ، بەڵگەیەکی تری بێگەردی کوردستانیی بوون و کوردبوونیی ئەو شارەمان بۆ دەخاتە سەر خەرمانی بەڵگەنامەکانی کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ و شارەکانی تری سەر بە ویلایەتی موسڵ.

مێژوونووس و ڕۆژهەڵاتناس، دکتۆر ئارشاک پۆڵادیان، کە بە ڕەچەڵەک ئەرمەنییە لە لاپەڕە (177)ی پەرتووکی (کورد لە سەرچاوە عارەبییەکاندا)، کە لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمییە دەنووسێت: (دیار ڕەبیعە، کە لە ڕاستیدا بەشێکی سروشتی خاکی کوردستانە، وەک پێشتریش گوتمان، لە بنەڕەتدا زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانەکەی کوردن).

دانپێدانانی مێژوونووسی ئەرمەنی بەوەی کە (دیار ڕەبیعە) بەشێکی خاکی کوردستانە، بەڵگەیەکی کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شاری موسڵ-ە، چونکە دیاری ڕەبیعە هەر شاری (موسڵ)ە، بەڵام دوای داگیرکردنی شاری موسڵ و شارەکانی تری کوردستان لە لایەن میلیشیاکانی عارەبی ئیسلامی، بۆ نموونە موسڵ کرا بە (دیار ڕەبیعە) و ئامەد بە (دیاربەکر) و رقە بە (دیار مەزەر) و بۆتان بە (جەزیرە یان جەزیرە بن عومەر)و ئالازیغ بە (معمورة العزیز)و هتد...، هەروەها زۆربەی زۆری مێژوونووسە ئیسلامی و عارەبییەکان جەختیان لەسەر ئەو ڕاستییە کردۆتەوە، بۆ نموونە: ئەبو ئەلفیداء، لە پەرتووکی (کتاب تقویم البلدان)دا وڵاتانی کورد لەناو پێنج هەرێمدا نیشان ئەدات کە ئەمانەن: هەرێمی جەزیرە بریتی بووە لە دیاری مەزەر (رقە)، دیاری ڕەبیعە (موسڵ)، دیاری بەکر (ئامەد).

مێژوونووس و ڕۆژهەڵاتناس، دکتۆر ئارشاک پۆڵادیان، لە لاپەڕە (196)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، دەنووسێت: (لەنێوان هەردوو سەدەی حەوتەم و دەیەم و بەر لە هۆکاری ڕامیاری و ئابووری، کوردەکان پێوەندی پتەویان لەگەڵ عارەب و گەلانی تری ژێر سێبەری خەلافەت بەست. ئەو پێوەندیانەش زۆرجار دەیخستنە سەر باری ململانێی هەرێمایەتی و پێکدادان لەگەڵ هۆزە عارەبەکاندا. ئەوەش ئاوا لێک دەدرێتەوە کە عارەبەکان موسڵ و ناوچیاو شوێنەکانی دیکەیان داگیرکرد، ژمارەیەک هۆزیان لەوێ ئاکنجی بوون، ئەمەش زیانێکی زۆری لە کوردی دانیشتوانی ئەو ناوچەدا).

ئەوەی لە سەرەوەدا مێژوونووسی ئەرمەنی باسی دەکات، بەڵگەیەکی تری کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە ئەو زۆر ڕاشکاوانە باسی داگیرکردنی هەرێمە کوردییەکانی موسڵ و ناوچیاو چەند شوێنی تر دەکات لە لایەن عارەبەوەو، لە هەمان کاتدا نیشتەجێکردنی چەندان هۆزی

عارەبی لە خاکی کوردستان، کە بەڵگەن بۆ کوردستانێتیی ئەو شارو ناوچەیە. لێرەدا لەو قسانەی دکتۆر ئارشاک پۆلادیان بۆمان دەردەکەوێت کە هەرێمی موسڵ و شارەکانی سەر بەو هەرێمە بە شاری موسڵ-ی پایتەختی هەرێمەکەش، لە دێر زەمانەوە هەرێم و شاری کوردیی و کوردستانیی بووینە، بە داگیرکردنیش سیمای کوردیی و کوردستانیی بوونی خۆیان لەدەست نادەن، ئەمڕۆ یان سبەی هەر دەبێت بگەڕێنەوە سەر کوردستانی نیشتمانی دایک.

دکتۆر ئارشاک پۆلادیان، لە لاپەڕە (87)ی پەرتووکی (الکورد في ظل الخلافة الاسلامیة)دا، نووسیوێتی: (لە ئەنجامی دەست بەسەراگرتنی درێژخایەنی عارەبەکان بەسەر ژیانی هۆزە کوردەکانداو، لەبەر هۆی ڕامیاری ئابووری ترەوە، جوگرافیای هۆزە کوردەکان گۆڕانکاری زۆری بەسەرداهات. چەندان سەرچاوە جەخت لەسەر هەبوونی کوردەکان لە ناوچەکانی چیا، موسڵ، فارس، خوزستان و شوێنی تر دەکەنەوە لەکاتی داگیرکارییەکانی عارەبیدا، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی سەدەی دەیەم سەرچاوەکان جەخت لەسەر هەبوونی کورد لە چەندان شوێنی تر دەکەنەوە).
ئەوەی دکتۆر ئارشاک پۆلادیان باسی دەکات سەبارەت بە داگیرکردنی خاکی کوردەکان لەبەر هۆکاری ئابووری و ڕامیاری، بەڵگەیەکە بۆ کوردستانیی بوونی شارو ناوچەی موسڵ، چونکە ئەو باسی داگیرکردنی ناوچەکانی چیا، موسڵ و چەندان ناوچەی تری کوردی دەکات لەکاتی داگیرکارییەکانی عارەبە ئیسلامییەکاندا. هەروەها جەخت کردنەوەی چەندان سەرچاوەی جیاجیا لەسەر بوونی کورد لە موسڵ لەکاتی داگیرکارییەکانی عارەبیدا، بەڵگەیەکە بۆ کوردستانیی بوونی ئەو ناوچەیەو پێوەندی نەبوونی موسڵ بە عارەب و ئێراقەوە.

دکتۆر ئارشاک پۆلادیان، لە لاپەڕە (90)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، نووسیوێتی: (هۆزە کوردییەکان، کە چەندان جار لە سەرچاوەکاندا دووبارە بۆتەوە، لە نزیک کەنارەکانی خۆرهەڵات و خۆرئاوای ڕووباری دیجلە لە بۆشایی نێوان زێی گەورەو بچووک بەلای باکووری خۆرئاوایدا).
بەگوێرەی ئەو دەستنیشانکردنەی مێژوونووس و ڕۆژهەڵاتناسی ئەرمەنی دکتۆر ئارشاک پۆلادیان، کەنارەکانی خۆرهەڵات و خۆرئاوای ڕووباری دیجلە شاری

موسڵ دەگرێتەوە، بوونی کورد لە نزیک ئەو دوو کەنارە، مانای کوردستانیی بوونی ئەو شوێنانەو شاری موسڵ دەگەیەنێت، بۆیە ئەوەی ئەو مێژوونووسە ئەرمەنە نووسیویێتی کوردستانیی بوون و کوردبوونیی ئەو شارەیە دەگەیەنێت.

دکتۆر ئارشاک پۆلادیان، لە لاپەڕەکانی (107–108)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، نووسیویێتی: (چالاکی جەنگی هۆزە کوردەکان لەنیوەی دووەمی سەدەی هەشتەم چڕ بووەوە، بەتایبەتیش لە ناوچەکانی موسڵ، چیا، ئازربێجان و شوێنی تر، لەگەڵ ئەوەش کە خەباتی کوردەکان لەدژی دەست بەسەرداگرتنی عارەبیدا لەو ماوەیەدا شێوەیەکی خۆکارانەی (عفوی) بەخۆوە گرتبوو، بەڵام سەرانی خێڵە کوردەکان توانییان سوود لەم بارە ڕامیارییە گونجاوە وەرگرن و، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە لە سەرەتای سەدەی دەیەم تێبکۆشن بەرەو سەربەخۆییەکی دیاریکراو، لە ئەنجامدا لەنیوەی دووەمی سەدەی دەیەمدا لە چەندان ناوچەی جیاجیادا چەند میرنشینێکی کوردی دروستبوو).

ئەوەی کە دکتۆر ئارشاک پۆلادیان باسی کردووە، بەوەی کە ڕاپەڕینی کوردەکان لە سەدەی هەشتەم چڕ بۆتەوە لە ناوچەکانی موسڵ، چیاو ئازربێجان لەدژی داگیرکارییەکانی عارەبدا، بەڵگەیەکی تری کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شاری موسڵ و ناوچەکە دەسەلمێنێت، چونکە هەموومان دەزانین ڕاپەڕین لە دژی داگیرکەردا مانای وایە ڕزگارکردنی خاک و سەربەستییان دەوێت، ڕاپەڕینی دانیشتوانی موسڵ و شارەکانی تریش مانای داگیرکردنی ئەو شارانە دەگەیەنێت لە لایەن عارەبەوە. بەمەش بۆمان دەردەکەوێت کە شاری موسڵ و ناوچەکانی تریش، شارو ناوچەی کوردیی و بەشێکی خاکی کوردستان بووینە، بەڵام لە لایەن عارەبەوە داگیرکراون و، داگیرکردنیش تاسەر نابێت.

ئارشاک پۆلادیان، لە لاپەڕە (33)ی پەرتووکی ( کورد لە سەدەی حەوتەمەوە تاسەدەی دەیەم)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (339)ی پەرتووکی (فتوح البلدان)ی نووسەری عارەب (البلاذري) نووسیویێتی: (سوپای عارەب لەو پێشڕەوییەدا (مەبەستی پەلامارەکانی ساڵی 640ی زایینییە بۆسەر موسڵ) لە ناوچەی نەینەوا دوو قەڵایان داگیرکردو تەنگیان بە ناوچە کوردنشینەکانی دەوروبەری موسڵ-یش

هەڵچنی و لە ماوەیەکی کەمدا سوپای عارەب (مەرج–ئاکرێ، بانهەزرا، دهۆک، باعەزرا، حەبتون، داسن، بازیدی و هەموو ئەو ناوچانەی سەر بە موسڵ بوون) داگیرکرد. واتە هەموو بەشی باکوور (کوردستانی ئێراقی ئێستا) و ناوچەکانی دەوروبەری کەوتە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی عارەبەوە).

ئەوەی کە مێژوونووسی ئەرمەنی ئارشاک پۆلادیان ئاماژەی پێکردووە، مانای کوردبوون و کوردستانیی بوونی ئەو شارانەو شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە ناوبراو ناوی شاری موسڵ و شارەکانی تر کە لە سەرەوەدا ناوی هێناون بە ناوچە کوردنشینەکان ناوی بردوون، مادامیش ناوچەی کوردنشین بن، کەواتە بەشێکیشن لە کوردستان. هەروەها باسی ئەوەش دەکات کە عارەب بە مەبەستی داگیرکردن پەلاماری ناوچە ناوبراوەکانی داوە، مادامیش عارەب بە مەبەستی داگیرکردن هێرشی کردبنە سەر، کەواتە ئەو شارانە شارو خاکی عارەب نەبووینە، بەڵکو بۆمان دەردەخات کە تەواوی ئەو ناوچانەو شاری موسڵ–یش، ناوچەو شاری کوردیی و سەر بە خاکی کوردستان بووینەو هەرواش دەمێنن.

پرۆفیسۆر دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، مێژوونووسی بەناوبانگی کورد، لە لاپەڕە (48)ی پەرتووکی (كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير دراسة وثائقية عن القضية الكوردية في العراق)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (95)ی پەرتووکی:
(S. H. Longrigg, Four Centurien of Modern Iraq)دا، کە لە وەرگێڕدراوە عارەبییەکەدا لاپەڕە (121)ە، لۆنگریگ نووسیویێتی: (پادشاکانی باکوور موسڵ و شارەزوور (پایتەختەکەیان کەرکوک بوو) بەدرێژایی ئەو ماوەیە (کۆتایی سەدەی حەڤدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی هەژدەهەم) سەربەخۆو جیابووینە لە پادشای بەغدا، تەنیا ئەوکاتانە نەبێت کە فەرمانێکی سوڵتانی بە هاریکاری و پشتیوانیکردنی یەکتر دەردەچوو).

ئەوەی کە کاپتن (ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ)ی پشکێنەری بەڕێوەبەرێتی لە حکومەتی ئێراقدا نووسیویێتی، بۆمانی دەردەخات کە ویلایەتی موسڵ و تەواوی شارەکانی سەر بەو ویلایەتە، هیچ پێوەندییکیان بە عارەب و بە ئێراقەوە نەبووە، بەڵکو ویلایەتێک و خاکێکی جیابووە کە وڵاتی کورد و خاکی کوردستان بووە.

دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، لە لاپەڕە (95)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (لە یاداشتێکی تیرو تەسەلی نهێنی کە لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیدا دەرچووەو (یاداشتەکە لە بیست و سێ لاپەڕەی قەوارە گەورە پێک هاتووە)، کە ڕێکەوتی (21)ی تشرینی دووەمی ساڵی (1918)ی پێوەیە، لە دەقێکدا دان پیانانێکی ڕاستگۆیانە هەیەو دەریدەخات کە کوردستانی ئێراق درێژ دەبێتەوە تاوەکو ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە و هەروەها تاوەکو پشت چیای حەمرین).

بەگوێرەی ئەو دەستنیشانکردنەی سنووری کوردستان لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، شاری نەینەوا واتە بەری خۆرهەڵاتی موسڵ کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانەکەی تاوەکو ئێستاش کوردن، بەشێکە لە خاکی کورد و باشووری کوردستان، چونکە ئەو بەشە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی ڕووباری دیجلە و وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاش سنووری کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان) درێژ دەکاتەوە تاوەکو خۆرهەڵاتی ڕووباری دیجلە و پشت چیای کێوەسوور (حەمرین)، هەروەها زنجیرە چیاکانی حەمرینیش لە نزیکترین شوێن بۆ موسڵ کە (فەتحە)یە نزیکەی (110) کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری شاری موسڵ.

لیورا لۆکیتز، نووسەری پەرتووکی (العراق والبحث عن الهوية الوطنية)، لە لاپەڕە (36)ی ئەم پەرتووکەدا دەربارەی کێشەی موسڵ نووسیویێتی: (پێکهاتەی ویلایەتی موسڵ لە کورد و تورکمانە کە زۆربەی هەردوولایان سوننەن، ئەمەش هۆیەکی گرنگ بوو بۆ پلانی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە ئێراقەوە. ئەو لکاندنە تا ڕادەیەک هاوسەنگییەکی دروست دەکرد بە بەراوردکردن لەگەڵ زۆرینەی شیعەو، دواتر پاراستنی بەرژەوەندییەکانی سوننە لە هەڕەشەکردن. بەڵام ئەم لکاندنە کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە کوردەکان کۆمەڵەیەکی سەرەکی بوون لە ناوچەکە کە ئارەزووی ئەوەیان نەدەکرد لە لایەن عارەبەوە بەڕێوە ببردرێن، وە داوایان لە بەریتانیا کرد کە ڕێز لە بەڵێنەکانی خۆی بگرێت کە لە ساڵانی جەنگدا پێیدابوون بەوەی خۆیان خۆیان بەڕێوە ببەن).

ئەوەی لیورا لۆکیتز نووسیویێتی، بەڵگەیەکی کوردبوون و کوردستانیی بوونی تەواوی ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵ-یشەوە دەگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو پێکهاتەی سەرەکی ویلایەتەکە بە کورد دادەنێت و، هیچ ئاماژەیەک بە بوونی

عارەب ناکات و، هۆکاری لکاندنی ویلایەتەکەش بۆ دروستکردنی هاوسەنگییەک لەنێوان شیعەو سوننە دەگەڕێنێتەوە. هەروەها باسی بەزۆر لکاندنی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بە ئێراقی عارەبییەوە دەکات، بەزۆر لکاندنیش جۆرێکە لە داگیرکردن، داگیرکردنیش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو خاکە یان هەرێمە یان وڵاتە هی خۆیان نییە، کەواتە ویلایەتی موسڵ-یش بە تەواوی شارەکانییەوە نە بەشێک بووە لەوڵاتی ئێراق و نە هیچ پێوەندییەکیشی بە عارەبەوە هەبووە، بەڵکو شارێکی کوردیی و سەر بە کوردستان بووە.

لیورا لۆکیتز، لە لاپەڕە (55)ی پەرتووکی (العراق والبحث عن الهوية الوطنية)دا، نووسیویێتی: (کوردستانی باشوور، بەشێک بوو لە ناوچەیەکی گەورە کە پێشتر بە کوردستان ناسرابوو، لە باکوورەوە لە ڕووباری بۆتانەوە درێژ دەبێتەوە تاوەکو وڵاتی فارس لە ڕۆژهەڵاتدا، هەروەها لە چیای حەمرین لە ڕۆژئاوا، بەشێوەیەکی گشتی کوردستان ویلایەتەکانی بەتلیس، وان و موسڵ-ی دەگرتەوە).

لیورا لۆکیتز ئەمجارە ڕاشکاوانەتر باسی کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ-مان بۆ دەکات، کاتێک کە باسی کوردستانی گەورە دەکات و ویلایەتەکانی موسڵ، بەتلیس و وان بە کوردستان ناودەبات، کاتێک کە ویلایەتی موسڵ بەشێک بێت لە خاکی کوردستان، هیچ گومان لەوەدا نامێنێت کە تەواوی شارەکانی سەر بەو ویلایەتە بە شاری موسڵ-ی پایتەختی ویلایەتەکەوە، شاری کوردیی و بەشێکن لە خاکی کوردستان.

لیورا لۆکیتز، لە لاپەڕە (56)ی هەمان سەرچاوە نووسیویێتی: (یەکێ لەو پێشنیارانە کە ئەوێ ڕۆژێ خرابووەروو، بیرۆکەی دروستکردنی میرنشینێکی کوردی بوو کە ویلایەتی موسڵ بگرێتەخۆ یان دامەزراندنی شانشینێکی هاوبەشی کوردی-عارەبی بێت، شانشینە کوردییەکە ویلایەتی موسڵ و عارەبییەکەش (ناوچەکانی ناوەڕاست)و ناوچەکانی میسۆپۆتامیا بگرنە خۆ).

بەگوێرەی ئەو پێشنیارانەی کە نووسەر لیورا لۆکیتز ئاماژەی پێکردووە، تەواوی شارەکانی سەر بە ویلایەتی موسڵ (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە)، شاری کوردی و بەشێکن لە خاکی باشووری کوردستان، چونکە نووسەری

ناوبراو لە باسی ئەو پێشنیارانەی کە گفتوگۆی لەسەر کرابوو دامەزراندنی میرنشینێکی کوردی کە تەواوی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بگرێتەوە، یان دامەزراندنی میرنشینێکی هاوبەشی کوردی و عارەبی لەچەشنی میرنشینی عارەبی یەکگرتوو یاخود بەشێوەیەکی تر میرنشینێکی فیدڕاڵی بێت، کە بەشە کوردییەکە تەواوی ویلایەتی موسڵ و عارەبییەکەش هەردوو ویلایەتە کۆنەکەی ئێراق (بەغداو بەسرا) بگرێتەوە. ئەمەش بەڵگەیەکی تری کوردستانیی بوون و کوردبوونیی تەواوی ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵ-ی پایتەختی ویلایەتەکە دەگەیەنێت.

دکتۆر سلێمان عەبدوللا ئیسماعیل، مامۆستا لە بەشی جوگرافیای زانکۆی هەولێر، لە لێکۆڵینەوەیەکدا لەژێر ناوی (مفهوم أقليم كوردستان العراق)دا کە لە ژمارە (6)ی گۆڤاری (سردم العربي)دا بلاوکراوەتەوەو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (151)ی ئەم پەرتووکەی خوارەوە (ژیانی سەرەتایی نێو کوردان):
(Fredrik Menlingen, Wild live among the Koords, London, 1870, P. 151).
نووسیویێتی: (سنووری کوردستانی ئێراق لەلای باشوورو باشووری ڕۆژئاوادا بریتییە لە بەرزاییەکانی حەمرین و ڕووباری دیجلە، ئەو بەرزاییانە سنووری ڕۆژئاوای کوردستانی مەزن پێکدەهێنن لەگەڵ سنووری باشوورو باشووری ڕۆژئاوای کوردستانی ئێراق و، لەو بەشەدا ڕەگەزی کورد تێکەڵ بە ڕەگەزی تورکی و عارەبی دەبێت).

بەگوێرەی ئەو سەرچاوە ئینگلیزییە، بەشێکی شاری موسڵ بەلای کەمەوە شاری نەینەوا کە بەشی خۆرهەڵاتی شارەکەیەو زۆربەی دانیشتوانەکەشی کوردن، بەشێکی دانەبڕاوە لە خاکی باشووری کوردستان.

دەزگای لێکۆڵینەوەی ڕۆشنبیرییەکانی جیهانی بەریتانی، لە لاپەڕە (52)ی پەرتووکی (خۆرهەڵاتی ناوەڕاست – بەرگی دووەم ئێران، ئێراق و ئیسرائیل)دا، لە باسی موسڵ-دا نووسیویێتی: (موسڵ، سێیەم شاری گەورەیە لە ئێراق و لە باکووری بەغدایەو دەکەوێتە سەر ڕووباری دیجلە. هەروەها یەکێکە لە شارە فرە نەتەوەکان (ڕەگەزەکان) لە ئێراقدا، کورد، عارەب، تورکمان و ئاسووری تێدا دەژیت.

موسڵ بنکەیەکی بازرگانی گرنگ بووە بەدرێژایی مێژووی ئێراق و، زۆر بەناوبانگ بووە بە ناردنە دەرەوەی قوماشی (مۆسلین) کە لە پەمۆ دروست دەکرێت، ناوی شارەکەش لەناوی ئەم قوماشەوە هاتووە. شاری موسڵ کەوتۆتە سەر یەکێ لە چاڵگە هەرە گەورەکانی نەوت لە ئێراق. هەر لەبەر ئەوەشە، میری ئێراق دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەم شارەدا سەپاند لەبری ئەوەی کە بیخاتە سەر ناوچەی کوردی).

دەزگای لێکۆڵینەوەی ڕۆشنبیرییەکانی جیهانی بەریتانی، بەڵگەیەکی تری کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەخاتە سەر لاپەڕەی کوردستانی بوونی ئەو شارە، بەتایبەت کە زۆر ڕاشکاوانە بۆچوونەکانی خۆی دەردەبڕێت و باسی ئەوە دەکات کە هۆکاری هەبوونی چاڵگەی زۆری نەوت لە پارێزگای موسڵ، وای لە حکومەتی ئێراقی کردووە کە دەست بەسەر شارەکەدا بگرێتو نەیخاتە سەر ناوچەی کوردی کە لە ڕاستیدا شارێکی کوردییە. هەروەها کاتێک کە ئەو دەزگایە دەنووسێت: (میری ئێراق دەسەڵاتی خۆی بەسەر شاری موسڵ-دا سەپاند لەبری ئەوەی کە بیخاتە سەر ناوچەی کوردی)، بەڵگەیەکی تری کوردێتیی و کوردستانێتیی ئەو شارەمان پێ دەبەخشێت، چونکە لە لایەک سەپاندن مانای بەزۆرو ستەم کردن دەبەخشێت، لە لایەکی تریشەوە لەبری ئەوەی کە بیخاتە سەر ناوچەی کوردی، وا لێکدەدرێتەوە کە لەبنچینەدا ئەو شارە شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان بووە، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە بڵێین کەواتە شاری موسڵ بەزۆر لە کورد زەوتکراوەو لە کوردستان دابڕاوەو خراوەتە سەر ئێراقی عارەبی.

دکتۆر فوئاد حەمە خورشید، مامۆستای یارمەتیدەر لە بەشی جوگرافیای کۆلیژی ئادابی زانکۆی بەغداو، دکتۆر جەزا تۆفیق تالیب، مامۆستا لە بەشی جوگرافیای زانستە مرۆییەکانی زانکۆی سلێمانی، لە وتارێکی هاوبەشیاندا لەژێر ناوی (مؤتمر لۆزان مؤتمر تقسیم کوردستان دراسة جیوبولتیکیة)دا، کە لە ژمارە (1)ی گۆڤاری (سردم العربي)دا بڵاوکراوەتەوە، هەروەها بە پشت بەستنیان بە لاپەڕە (363)ی پەرتووکی نووسەری ئەمەریکی (ئەنتۆنیوس جۆرج)،

(Antonius, George, The Arab Awakening, aparagon):

نووسیوێتی: (هەوڵەکانی بەریتانیا بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی ئێراقی لەسەر بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورد، یەکێکە لەدیارترین ڕووداوەکانی دوای جەنگی

جیهانی یەکەم، هەروەها بێ هیچ زێدەڕۆییەک دەتوانرێت بگوترێت، کە دەوڵەتی نوێی ئێراق لە بوونیدا زۆر قەرزباری هەوڵەکانی بەریتانیایە، لە هێڵی ئێراقەوە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی بەریتانیا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەوان یەکتر گیربوو، ئارەزووی بەریتانیا بۆ دەست بەسەر داگرتنی سەرچاوەکانی نەوتی کەرکوک، بووە هۆی ئەوەی کە ویلایەتی موسڵ (کوردستانی باشوور) بلکێنرێت بەدەوڵەتی نوێی ئێراقی عارەبی).

ئەوەی لێرەدا نووسەری ئەمەریکی (ئەنتۆنیوس جۆرج) نووسیوێتی، بەڵگەیەکی تری کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شارو ویلایەتی موسڵ بە تەواوی دەگەیەنێت، کاتێک کە باسی ئەوە دەکات کە هۆکاری زۆری نەوت لە کەرکوک وای لە حکومەتی بەریتانیا کردووە کە ویلایەتی موسڵ بە ئێراقی عارەبی (ویلایەتەکانی بەغداو بەسرا)وە بلکێنێت، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات لە لایەک کە کە ویلایەتی موسڵ بە تەواوی شارەکانییەوە لەنێویاندا شاری موسڵ شاری کوردیی و بەشێکی خاکی باشووری کوردستان بووینە، لە لایەکی تریشەوە دەیسەلمێنێ کە پێش لکاندنی زۆرەملێیانەی ویلایەتی موسڵ بە ئێراقەوە، ئەو ویلایەتە هیچ پێوەندییەکی بە هەردوو ویلایەتەکانی (بەغداو بەسرا)ی ئێراقی و بە عارەبەوە نەبووە.

پرۆفیسۆر دکتۆر فوئاد حەمە خورشید، لە لاپەڕە (49–50)ی پەرتووکی: (کرکوک قلب کوردستان)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (151)ی پەرتووکەکەی مێجەر فریدریک میلینگن لەژێر ناوی (ژیانێکی ساکارانە/دەشتەکییانە لەناو کوردەکاندا): (Fredrik Menlingen, Wild live among the Koords, London, 1870, P. 151).

کە دەربارەی ژیانی کوردە و نووسەری ناوبراو بە زمانی ئینگلیزی نووسیوێتی، دەڵێت: (میلینگن لە ساڵی (1870)دا ئاماژەی کردووە بەوەی کە سنووری کوردستان لە چیاکانی ئارارات و جۆرجیا لە فارسەوە لە لای باکوور درێژ دەبێتەوە تاوەکو دەگاتە زنجیرە چیاکانی حەمرین و ڕووباری دیجلە لە باشوور، ئەو چیایانە سنووری خۆرئاوای کوردستان پێکدێنن، لەم بەشانەدا ڕەگەزی کورد تێکەڵ بە تورک و عارەب دەبێت، لێرەوە خێڵی کوردی کۆچەر لەگەڵ خێڵی عارەبی

کۆچەر بوونیان هەیە لەسەر ڕۆخەکانی ئەم بەرو ئەوبەری ڕووباری دیجلە لە باکووری بەرزاییەکانی حەمرین (لە باکووری فەتحە تا دەگاتە موسڵ).
بەگوێرەی ئەو سنوورەی کە (مێجەر فریدریک میلینگن، کە ئەفسەرێکی پلە بەرزی بێگانە بووەو وەکو ڕاوێژکار لە سوپای عوسمانیدا خزمەتی کردووە)، بۆ کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان)ی کێشاوە، بەلای کەمەوە بەری چەپی شاری موسڵ کوردستانە، چونکە ئەو نووسەرە سنووری باشوورو ڕۆژئاوای (باشووری کوردستان) بە چیاکانی حەمرین و ڕووباری دیجلە دیاری دەکات، ئاشکەراشە کە بەری چەپی شاری موسڵ یاخود کەناری خۆرهەڵاتی ڕووباری دیجلە کە شاری نەینەوایە، بەگوێرەی ئەو پێناسەیە دەکەوێتە ناو سنووری کوردستان.

پرۆفیسۆرو دکتۆر فوئاد حەمە خورشید، لە لاپەڕە (93)ی پەرتووکی (کرکوک قلب کوردستان)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (480)ی پەرتووکی:
(Arnold J. Toynbee, Survey of International Affairs 1925. Oxford Univ)
لە نووسینی (ئارنۆڵد یوسف تۆینبی) کە بە ئینگلیزی نووسیوێتی، دەڵێت: (مێژوونووسی بەریتانی تۆینبی، بۆچوونی ئیمپریالی بەریتانی لەکاتی ئاخاوتنیدا دەربارەی دیاریکردنی خاوەندارێتی ویلایەتی موسڵ (کوردستانی باشوور) بەم مەرجە بەستایەوە کە بە قسەی ئەو: (کوردەکان لە ناوچەی کێشە لەسەر، کە مەبەستی ویلایەتی موسڵ-ە (لەنێوان تورکیا و بەریتانیا)، هەرچەندە زۆربەی زۆری دانیشتوان پێکدێنن، بەڵام نوێنەرایەتی بەشی سەرەکیو زۆربەی گەلی کورد ناکەن لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوان (لە ویلایەتی موسڵ) یەک لە شەش بەشی گەلی کورد (دانیشتوانی کوردستان) پێکدەهێنن، لەبەر نەبوونی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ نە لە ئێستاو نە لە دواڕۆژدا کە بتوانرێت دانیشتوانی هەرێمی ویلایەتی موسڵ-ی بخرێتە پاڵ، لەبەرئەوە ناکرێت سنووری ویلایەتی موسڵ-ی پێشتر لەسەر بنچینەی نەتەوەیی، ڕەگەزی، زمان یان ئایین دیاری بکرێت، بۆیە پێویستە لەسەر بنچینەی ئابووری و ستراتیژی چارەسەر بکرێت). هەروەها ئارنۆڵد تۆینبی، لە لاپەڕە (472)ی هەمان سەرچاوەدا دەڵێت: (زنجیرە چیاکانی حەمرین سنووری

جوگرافی، سروشتی و ئەتنۆگرافین کە ویلایەتی موسڵ (کوردستانی باشوور) لە ویلایەتی بەغدا جیا دەکاتەوە).

ئەو بۆچوونانەی مێژوونووسی ناسراوی ئینگلیزی (ئارنۆڵد یوسف تۆینبی)، لە لایەک جگە لە قسەی ناژیرانەو بۆچوونی ناڕاست هیچ شتێکی تر نییە، چونکە ئەو بەهێنانەوەی ئەو بڕوبیانووە بێ بنچینانە تەنیا مەبەستی بەڕەواکردنی لکاندنی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)ە بە ئێراقی عارەبییەوە، لە لایەکی تریشەوە هەر بڕو بیانوو لاوازەکانی نووسەری ناوبراو دەیسەلمێنێت کە تەواوی ویلایەتی موسڵ ویلایەتێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە یەکەم بە ئاشکەرا بۆمان دەردەکەوێت کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی ویلایەتەکە کوردن، چونکە ناوبراو خۆی لادەدات لەو بنچینە سەرەکیانەی کە کوردبوون و کوردستانیی بوونی خاکی ویلایەتەکە یەکلا دەکاتەوە، کە ئەمانیش بنچینە نەتەوەیی، ڕەگەزی، مێژوویی، جوگرافی، زمان و ئایینیەکانن، دووەمیش ئەو لەسەر بنچینەی ئابووری و ستراتیژی داوای لکاندنی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)ی کردووە. باشە کام وڵاتی جیهان لەسەر ئەو بنچینەیەی کە تۆینبی بۆ لکاندنی باشووری کوردستان بە ئێراقەوە پشتی پێبەستووە، بە وڵاتێکی ترەوە لکێنراوە؟ باشە ئەگەر ئەو بۆچوونەی ئارنۆڵد تۆینبی ڕاست بووایە، دەبوایە خاکی ئێراق بە باشووری کوردستان بلکێنرایە، چونکە یەکەم عارەبی ئێراقیش زۆرینەی عارەبی وڵاتانی عارەبی نین و لەوانەیە نزیکەی یەک لە دەی ڕێژەی ئەوکاتی عارەبیان پێکهێنابێ، کە کەمتریشە لەچاو ڕێژەی کورد لە سەرجەم کوردستاندا، هەروەها دووەمیش ئابووری کوردستان زۆر زۆر بەهێزتر بووە لە ئابووری ئێراقی عارەبی و خۆ هەڵکەوتەی ستراتیژی کوردستان هەر بەراورد ناکرێت لەگەڵ هەڵکەوتەی ستراتیژی ئێراق، کە لە هەموو لایەکەوە سنوورەکانی کراوەن و هیچ بەربەستێکی سروشتی نییە، کەچی هی کوردستان چیا بەرز بەرزەکان، گردو تەپۆڵکەکان چەندان بەربەستی سروشتی دروستدەکەن بۆ پاراستنی ئەم وڵاتە. بۆیە ئەو بۆچوونەیەی ئارنۆڵد تۆینبی، دەکرێت وەکو بەڵگەیەکی گرنگ و بەنرخی کوردستانی بوون و کوردبوونی شارو ویلایەتی موسڵ بەکاربهێنرێت، چونکە بەگوێرەی بۆچوونەکانی مێژوونووسی ناوداری بەریتانی ئارنۆڵد تۆینبی، شاری موسڵ و تەواوی ویلایەتەکە خاکی کورد و بەشێکی کوردستانن، لەبەر ئەوەی مێژوونووسی ناوبراو

بەرزاییەکانی کێوەسووری کردووە بە سنووری سروشتی و ئەتنۆگرافی نێوان ویلایەتی موسڵی کوردیی و ویلایەتی بەغدای عارەبی، بەرزاییەکانی کێوەسووریش لە نزیکترین شوێن بۆ موسڵ کە (فەتحە)یە نزیکەی (110) کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری شاری موسڵ.

دکتۆر فوئاد حەمە خورشید، لە لاپەڕە (80)ی پەرتووکی (کرکوک قلب کوردستان)دا، نووسیویێتی: (دوو نووسەر بە ناوەکانی (پییەر سالینجەر و ئێریک لۆران) لە لاپەڕە (24)ی پەرتووکی (حرب الخليج: الملف السري)دا، نووسیویانە: ئێراق بەرهەمی شێتایەتیی وینستۆن چەرچلە، کە دەیویست دوو کێڵگەی نەوتی کەرکوک و موسڵ بە ئێراقەوە ببەستێتەوە، کە هیچ شتێکی هاوبەشیان لەگەڵ ئەو وڵاتەدا نەبوو، لەبەر ئەو هۆکارە هەر سێ گەلی کورد، سوننەو شیعە کە هیچ شتێکی وەک یەک و هاوبەشیان نەبوو، لەگەڵ یەکتردا کۆکردەوەو لێکی گرێدان. ئەوەش کارێکی ناڕەوا بوو، چونکە کوردەکان لە ڕەگەزی سامی نین، بەڵکو ئەوان لە بنچینەدا هیندو ئەورووپی‌ن و لە ڕووی ئایینیشەوە زۆربەیان موسڵمانی سونین. ئەو شتانە هەمووی خەسڵەتی دەستکردێتیی دەوڵەتی ئێراقیان پێوەدیارە). سەبارەت بە هەمان بابەت، حوسێنی مەدەنی، لە لاپەڕە (300)ی بەرگی یەکەمی پەرتووکی (کوردستان و ئیستراتیژیی دەوڵەتان)دا، هەمان شتی نووسیوە.

ئەوەی کە هەردوو نوسەر پییەر سالینجەر و ئێریک لۆران نووسیویانە، مانای کوردێتیی و کوردستانێتیی هەردوو شاری موسڵ و کەرکوک دەگەنێت، لەبەر ئەوەی نووسەرانی ناوبراو لە سەرەوەدا بێ پێچوپەنا باسی ئەوەیان کردووە کە هەردوو شاری موسڵ و کەرکوک نە هیچ شتێک بە ئێراقیان دەبەستێتەوە نە هیچ شتێکی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە. لە دۆخێکی ئاواشدا بە ئاسانی دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەردوو شاری موسڵ و کەرکوک دوو شاری کوردیی و کوردستانین و، هیچ پێوەندییان بە عارەب و ئێراقەوە نەبووە.

دکتۆر فوئاد حەمە خورشید، لە لاپەڕە (94)ی پەرتووکی (کرکوک قلب کوردستان)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (9)ی پەرتووکی:
(Major E. W. Noel, Note on the Kurdish Situation)

لە نووسینی (مێجەر ئی دەبلیو نۆئیل)، کە بە ئینگلیزی نووسیویێتی، دەڵێت: (مێجەر نۆئیل، کە بە دۆستی دۆزی کورد هەژمار دەکرێت، لە دیاریکردنی سنووری باشووری کوردستان بەشێوەیەکی ڕوون و تەواو لەو ڕاپۆرتەی کە لە ساڵی (1919)دا لەژێر ناوی – چەند تێبینییەک دەربارەی هەڵوێستی کورد – نووسیویێتی خۆی دووره پەرێز کردووە، ئەوەی کە لەو ڕاپۆرتەدا نووسیویێتی ئەوەیە کە سنووری کوردستان لە موسڵ-ەوە شانبەشانی چیاکان تا خانەقین درێژ دەبێتەوە، خۆی لەوە بە دوور گرتووە کە ناوی چیاکانی حەمرین ببات).

بەگوێرەی ئەو دەستنیشانکردنەی سنووری کوردستان لە لایەن (مێجەر ئێدوارد ویلیام نۆئیل)ەوە، شاری موسڵ یەکێکە لە شارە گرنگەکانی کوردستان، چونکە ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە سنووری کوردستان لە موسڵ-ەوە شانبەشانی چیاکان تا خانەقین درێژ دەبێتەوە، بەمەش هەم شاری موسڵ و هەم شارۆچکەی خانەقین کوردستانن.

دکتۆر فوئاد حەمە خورشید، لە لاپەڕە (11)ی ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (2483)، ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (3.5.2007)دا، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (پێگەی جوگرافی و سنووری کوردستان)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (205)ی پەرتووکی (کوردستان) لە نووسینی (ف. ر. مۆونسل)دا، نووسیویێتی: (ف. ر. مۆونسل) خاکی کوردستانی بەم چەشنە دیاریکرد: لە ڕۆژهەڵاتەوە بە درێژایی هێڵی چیای ئارارات و، دەریاچەی ورمێ، تا شاری کرمانشا، لەلای باشووری ڕۆژهەڵاتەوە هێڵی کرمانشا – کفری و لە باشوورو باشووری ڕۆژئاواوە هێڵی کفری موسڵ – دیاربەکر – خەرپوت و – بەرزاییەکانی دەرسیم. بەڵام لە باکوورەوە هێڵی بەرزاییەکانی دەرسیم لە باشووری شاری ئەرزنجان، ئینجا بەسەر شاری ئەرزەڕووم و چیای ئارارات ئیتر بەپێی ئەم سنوورە نەخشەی کوردستانی دیاری کردووە).

بەگوێرەی ئەو سنوورەی کە نووسەر (ف. ر. مۆونسل) بۆ کوردستان کێشاویێتی، شاری موسڵ دەکەوێتە ناو سنووری باشووری کوردستان و شارێکی کوردییە. کەواتە بە بۆچوونی نووسەر شاری موسڵ یەکێکە لە شارە گرنگەکانی کوردی لە باشووری کوردستان.

پاتریک کۆکبێرن، لە وتارێکی خۆیدا لەژێر ناوی (کوردستان لەدایکبوونی نەتەوەیەک)دا، لە (22.6.2006)دا لە ڕۆژنامەی (ئیندیپێندێنت)دا بڵاوکراوەتەوەو، ئەمیر ئیسماعیل وەریگێڕاوە بۆ کوردی و لە لاپەڕە (10)ی ژمارە (246)ی ڕۆژنامەی (میدیا)، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (27.6.2006)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (پێشمەرگە کە سەربازی کوردین، بەرەو ئەو شارو شارۆچکانەی دیکە هەنگاویان نا کە پێشتر کوردەکانی لێوە دەرنرابوون. لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا توانیان دەست بەسەر کەرکوک و کێڵگە نەوتییەکانی دەوروبەریشیدا بگرن. لەناکاو پێشمەرگە لە شەقامەکانی موسڵدا بینران، کە لە (1.7) ملیۆن دانیشتوانی هەیەو زۆرینەی کوردن و عارەبێکی سوننەی زۆریشی تێدا دەژیت).

لێرەدا نووسەر (پاتریک کۆکبێرن)، بەڵگەیەکی تری کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شاری موسڵ-مان دەداتە دەست، کاتێک کە باسی ئەوە دەکات کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرەو ئەو شارو شارۆچکانە بەڕێکەوتن کە پێشتر کوردەکانی بەزۆر لێ ڕاگوێزرابووەوە، کەواتە ئەو شوێنانەی کە تووشی شاڵاوی دڕندانەی بەعارەبکردن بووینە، پەلاماری هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ هەردوو شاری موسڵ و کەرکوک کە نووسەری ناوبراو ئاماژەی پێکردوون، کوردبوون و کوردستانیی بوونی هەردوو شارەکە دەگەیەنێت. بەڵگەیەکی تری کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ ئەوەیە، کە نووسەری ناوبراو ژمارەی دانیشتوانەکەی بە یەک ملیۆن و حەوت سەد هەزار کەس دادەنێت و پێی وایە کە زۆربەی زۆری دانیشتوانەکەی کوردن. لەکاتێکیشدا کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانەکەی کورد بن سەرەڕای ڕاگوێزانی بەزۆری کورد و، هێنانی سەدان هەزار عارەب بۆ ئەو شارە، ئەوە بەدڵنیاییەوە ئەو شارە (موسڵ) شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە.

هەولێرپۆست، لە لاپەڕە (7)ی ژمارە (59)ی ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (28.6.2006)دا، لە وتارێکی وەرگێڕاودا کە لە (واشنگتۆن تایمز)دا وەریان گرتووە، لەژێر ناوی (دابەشبوونی ئێراق چارەسەرییەکی گونجاوە، بەڵام؟)دا، نووسیویێتی: (ڕووباری دیجلە لە شارەکانی بەغداو موسڵدا ڕۆڵی سنووری جیاکەرەوەی ئیتنیکی

گێڕاوە. بۆ وێنە لە شاری بەغدا عارەبە سوننەکان لە ڕۆژئاوای ئەو ڕووبارەدا جێیان گرتووەو عارەبە شیعەکان لە ڕۆژهەڵاتی ئەو شارەدا جێی خۆیان کردۆتەوە. لە شاری موسڵ-یش بەمشێوەیە کورد لە ڕۆژهەڵاتی ئەو شارەدان و عارەبی سوننەش لە ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلەدان).

ئەوەی کە ڕۆژنامەی (واشنگتۆن پۆست) نووسیویێتی، بەلای کەمەوە دانپێدانانە بە کوردێتیی و کوردستانێتیی بەری ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ، کە نەینەوایەو زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانەکەشی کوردن و بەشە گەورەکەی شاری موسڵ پێکدەهێنێت.

دیڤید ماکداول، لە لاپەڕە (15)ی بەرگی یەکەمی پەرتووکی (مێژووی هاوچەرخی کورد)دا نووسیویێتی: (لە ساڵی 1919دا، سنووری کوردستان، باریکە ڕێگایەکی گەیشتن بە دەریای سپی ناوەڕاست لە باکووری ئالکساندر (دەبێ مەبەستی شاری ئەسکەندەرۆنە بێت، چونکە سنووری کوردستان لە باکووری ئەسکەندەرۆنەوە دەگاتە سەر ئەو دەریایە - دەرسیم) تا موسڵ، کەناری چەپی دیجلە تا مەندەلی و خوارووی ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێی دەگرتەوە. ئەمڕۆ کەمن ئەو کوردانەی خوازیاری ئەم ناوچانە بن، بەلام هێشتا داوای کەرکوک دەکەن).

لێرەدا مێژوونووس (دیڤید ماکداول) لە دەستنیشانکردنی سنووری کوردستانی گەورەدا، زۆر ڕاشکاوانە باسی کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ و بەری چەپی ڕووباری دیجلە دەکات، بەمەش بەڵگەیەکی تری کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەخاتە سەر کۆی بەڵگەنامەکانی تری کوردێتیی و کوردستانێتیی ئەو شارە دێرینەی کورد.

دیڤید ماکداول، لە لاپەڕە (255)ی بەرگی یەکەمی پەرتووکی (مێژووی هاوچەرخی کورد)دا نووسیویێتی: (مێجەر نۆئیل، کاربەدەستی سیاسی بەریتانیا لە سلێمانی، بیروبۆچوونێکی فراوانتری هەبوو. ئەو یەکێک لە داکۆکیکارە دیارەکانی هیواو ئارەزووی کوردان بوو، بە توندی بەرگری لە دروستکردنی سێ وڵاتی کورد دەکرد: کوردستانی خواروو، کە ناوەندەکەی سلێمانی بوو، نەهری، ڕواندز، هەولێر، کەرکوک، کفری و خانەقینی دەگرتەوە: کوردستانی ناوەڕاست کە ناوەندەکەی موسڵ بوو: لەگەڵ کوردستانی ڕۆژئاوا کە ناوەندەکەی دیاربەکر بوو، لەلای باکوور

تا ئەو ناوچانە دەڕۆیشت کە زۆربەی دانیشتوانیان کورد بوو – هەڵبەت ئەم سێ یەکەیە لەژێر سایەی بەریتانیادا دەبوون و لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیاندا پشتیان بە ڕێنوێنییەکانی دەبەست).

بەگوێرەی بیروبۆچوونی مێژوونووس دیڤید ماکداول، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە خاکی کوردستانە، چونکە مێژوونووسی ناوبراو شاری موسڵی بە ناوەند یان پایەختی کوردستانی ناوەڕاست ناوزەد کردووە. مادام شاری موسڵ پایەختی کوردستانی ناوەڕاست بێت، کەواتە شارێکی کوردیی و پارچەیەکە لە خاکی کوردستان و نیشتمانی کورد.

دیڤید ماکداول، لە لاپەڕە (350)ی بەرگی یەکەمی پەرتووکی (مێژووی هاوچەرخی کورد)دا نووسیویێتی: (کۆکس ئێستا زۆربەی ناوچە کوردنشینەکانی بۆ هاوکاری لەگەڵ سیاسەتی ئینگلستان ڕاکێشابوو. ڕژێمی نوێی ئێراق بۆ ناوچەکانی کەرکوک، هەولێر و موسڵ تەشەنەی کردبوو، لەبارێکدا لە سلێمانی (هەروەها بەڕاشکاوی داخوازی بەڕێوەبەرێتییەکی ڕاستەوخۆ لە لایەن بەریتانیا وە بوو)، هەموو هەوڵێک بۆ فراوانکردنی ناوخۆ بەشێوەی ئاسایی دەخرایە گەڕ).

ئەوەی کە مێژوونووس دیڤید ماکداول ئاماژەی پێکردووە، کوردێتیی و کوردستانێتیی هەر سێ شاری موسڵ، هەولێر و کەرکوک دەگەیەنێت، چونکە ناوبراو لەکاتی باسکردنی ناوچە کوردییەکاندا باسی ئەوە دەکات کە ڕژێمی نوێی ئێراق لە ئەنجامی تەشەنە کردنەوە گەیشتۆتە ناوچەکانی موسڵ، هەولێر و کەرکوک، ئەمەش بۆمانی دەردەخات کە ئەم ناوچانە واتە هەر سێ شاری موسڵ، هەولێر و کەرکوک ناوچەی کوردی و سەر بە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بووینە، نەک بەر لە هاتنی ئینگلیزەکان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی عارەبی لە سەرەتادا لە هەردوو ویلایەتی بەغداو بەسرا، سەر بە عارەب و بە ئێراقەوە بووبێت، بەڵکو دواتر لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا کۆمەڵەی نەتەوەکان بە بڕیارێک باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)ی بەزۆرو بەبێ خواستی دانیشتوانە ڕەسەنەکەی کە کوردن خستە سەر ئێراق.

دکتۆر محەمەد هەماوەندی، لە لاپەڕە (93)ی پەرتووکی (ڕاگواستنەوەی کورد و زامدارکردنی دیموکراتیەت لە کوردستان)داو، بە پشت بەستنی بە مێژوونووس (ئاڕنۆڵد تۆینبی) نووسیویێتی: (مێژوونووسێکی جیهانی ناوداری وەک (ئاڕنۆڵد تۆینبی) لە ساڵی (1926)دا نووسیویێتی: عارەب لە ئێراق، ئەوەندە بەهێز نینە تاڕادەی ئەوەی بتوانن هەوڵی بەعارەبکردنی کورد بدەن لە ویلایەتی موسڵ).

ئەو دانپێدانانەی مێژوونووس و نووسەری بەریتانی (ئاڕنۆڵد جەی تۆینبی)، بەوەی کە عارەبەکان ئەوەندە بەهێزنین تاوەکو بتوانن هەوڵی بەعارەبکردنی کوردەکانی ویلایەتی موسڵ بدەن، بەڵگەیە بۆ بەهێزی کورد و، کوردستانێتیی و کوردێتیی تەواوی ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵ-یشەوە، دیارە ئەو مێژوونووسە بەریتانییە ویلایەتی موسڵ بە کوردستان دەزانێت و ژمارەی کوردییش بە ڕێژەیەکی زۆر لە ژمارەی عارەب بە زۆرتر دەزانێت، بۆیە پێی وایە زەحمەتە بۆ عارەبی ئێراق بتوانن ئەو ویلایەتە بەعارەب بکەن.

سەلاح سەعدوڵڵا، لە لاپەڕەکانی (44-45)ی پەرتووکی (المسألة القومیة في العراق)دا نووسیویێتی: (کاردۆخییەکان، باپیرە گەورەی کوردەکانی ئێستان کە (زەینەفون)ی یۆنانیو کرێگرتە یۆنانییەکان لە ساڵی (401)ی پێش زایین بەتایبەت لە ناوچەی کوردستان ڕووبەڕوویان بوونەوە. لە باسێکی زیندوودا، زەینەفون لە (هەڵمەتی فارسەکان) یان (گەڕانەوەی دە هەزار)ی (ئالاناباسس)دا نووسیویێتی: (یۆنانییەکان گەیشتنە ڕووباری دیجلە کە شارێکی چۆڵی لە نزیک بوو بەناوی (مسیلا)، لەوانەشە ناوی ڕەسەنی ئەو شارە موسڵی ئێستا بێت کە میدییەکان لە ڕابردوودا تێیدا دادەنیشتن ... باشووری ئەم ناوچەیە دەکەوتە سەر ڕێگای بابل و میدیا، وە ڕێگای خۆرهەڵاتی بەرەو سوساو ئەکباتانا – هەمەدانی ئێستا – دەڕۆیشت، وە ڕێگای باکووری بەناو چیاکاندا دەچووە کاردۆخی – کورد - بەڵام پەڕینەوە لە ڕووباردا (دیجلە) ڕووە و خۆرئاوا دەچێتە لیدیاو ئەیۆنیا. ئەو خەڵکانە (کاردۆخی) لە چیاکان دەژین و گەلێکی شەڕکەرو ئازان، هەروەها سەر بە پادشای فارسی نین).

کاتێک کە (زەینەفون)ی ئەفسەرو مێژوونووسی یۆنانی، باسی ئەوە دەکات کە شاری (مسیلا) ناوی ڕەسەنی شاری موسڵ بێت، بەڵگەیەکی تری کوردستانی بوون

و کوردبوونی ئەو شارە (موسڵ)مان دەداتێ، چونکە ئەو خۆی باسی ئەوە دەکات کە لە کۆنەوە میدییەکان لە موسڵ دانیشتوون. ناوی کۆنی شاری موسڵ-یش (نەوئەردەشێر) بووە، نەوئەردەشێر-یش ناوێکی کوردییەو ناونانی موسڵ بەو ناوە دەگەڕێتەوە بۆ سەرکردەی کوردی میدی (ئەردەشێر). لەمەو پێشیش باسی ئەوەمان کرد کە شەبەکەکان شاری موسڵ-یان دروستکردووەو، ئەوان نەوەی کوردە میدییەکانی دانیشتووی موسڵ-ن، کە پێش هەموو نەتەوەکانی تر لەو شارەدا (موسڵ) نیشتەجێبوون و، هەر ئەوانیش ناوی شارەکەیان بەم ناوە ناوناوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان، مەکتەبی سیاسی، مەکتەبی ناوەندیی دیراسات و تۆژینەوە، لە لاپەڕەکانی (22-23)ی بەشی دووەمی پەرتووکی (نەوتی کوردستانی ئێراق نەوت و چارەنووسی سیاسی کورد و کوردستان)دا، نووسیوێتی: (بەرسیل، ئەندامی پارتی کرێکارانی بەرهەڵستکارو ئەندامی ئەنجومەنی گشتی بەریتانی، لە گفتوگۆیەکی ئەنجوومەنی گشتی بەریتانیا لەکاتی کۆمێنت لێدان لەسەر جەخت کردنەوەکانی (ئیمری) وەزیری کۆلۆنیەکانی بەریتانیا سەبارەت بەوەی نەوت کەمترین کاریگەری نییە بەسەر سیاسەتی بەریتانیادا، بە ئاشکرا ئاماژەی بۆ نەوتی کوردستان کردو گوتی: ئەو پێی وایە ئەگەر بهاتبوایە ویلایەتی موسڵ نەوتی لێنەبوایە، ئەوە لەوانە بوو ململانێ لەسەر موسڵ نەبووایە، لە درێژەی قسەکانیدا بەرسیل گوتی: ئاشکرایە نەوت سەرچاوەی گرفتەکەیە، چونکە بەبێ بوونی نەوت بەریتانییەکان هیچ شتێکیان لەسەر موسڵ نەدەبیست. ئەندامێکی دیکە گوتی: هۆکاری ڕاستەقینەی پشتگرتنی بەریتانیا بۆ ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بە ئێراق، نەوتە).

کاتێک کە ئەو پەرلەمانتارە بەریتانییە باسی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە ئێراقی عارەبییەوە دەکات، بۆمان ڕووندەبێتەوە کە ویلایەتی موسڵ پێشتر جیا بووە لە ئێراق و هیچ پێوەندییەکی نە بەو وڵاتەو نە بەعارەبەوە هەبووە، بەمەش بۆمان دەردەکەوێت کە ویلایەتی موسڵ بە تەواوی شارەکانیەوە لەنێویاندا موسڵ-ی پایتەختی ویلایەتەکەش، شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان بووە.

پارتی دیموکراتی کوردستان، مەکتەبی سیاسی، مەکتەبی ناوەندیی دیراسات و تۆژینەوە، لە لاپەڕە (24)ی بەشی دووەمی پەرتووکی (نەوتی کوردستانی ئێراق نەوت و چارەنووسی سیاسی کورد و کوردستان)دا، نووسیویێتی: (لە بەڵگەنامە فەرمییەکانی فەرەنسادا هاتووە: نەوتی موسڵ یا کوردستان لە لایەک بەهۆی بێبەشکردنی فەرەنسا لە نەوت و لە لایەکی دیکەوە بەهۆی پێداویستی نەوت، بایەخێکی سەرەکی بۆ فەرەنسا هەیە).

بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامە فەرەنسییانە، شاری موسڵ و تەواوی شارەکانی سەر بە ویلایەتی موسڵ، شاری کوردین، کاتێک کە فەرەنسییەکان دەنووسن نەوتی موسڵ یا کوردستان، کەواتە هیچ جیاوازییەک لەنێوان موسڵ و کوردستاندا ناکەن و بەلای ئەوانەوە هەردووکیان هەر یەکن و یەکسانن بەیەک. کەواتە ئەمەش دەبێتە بەڵگەنامەیەکی کوردستانیی بوونی ویلایەتی موسڵ، کاتێکیش کە ویلایەتی موسڵ ویلایەتێکی کوردستانیی بێت، کەواتە شاری موسڵ-یش کە پایتەختی ویلایەتەکەیە وەکو شارێکی سەر بەو ویلایەتە، شارێکی سەر بە کوردستانە. هەروەکو دەزانین و پێشتریش ئاماژە بەوە کرا کە باشووری کوردستان و ویلایەتی موسڵ دوو ناوی جوگرافین بۆ نیشتمانی کورد و خاکی کوردستان بەکاردێن.

هێنری فیلد، لە لاپەڕە (7)ی پەرتووکی (جنوب کوردستان)دا نووسیویێتی: (وشەی کوردستان مانای نیشتمانی کوردان دەگەیەنێت. کوردستان لە هەموو نەخشەکانی کەرتی ئاسیای باشوور – خۆرئاوا دەرکەوتووە. وە شوێنی هەرێم لە باشووری خۆرهەڵاتی ئەنازۆڵ و باکووری خۆرهەڵاتی ئێراق و خۆرئاوای ئێران. ئەو هەرێمە کە کوردی تیا نیشتەجێیەو بە بەردەوامی کوردی لێ بووە تاوەکو ئێستاش، پارچە زەوییەکی درێژکۆڵانەیە لە (مەلاتیە) لە باکووری خۆرئاوا تا (لورستان) لە باشووری خۆرهەڵات درێژ دەبێتەوە. فراوانی پانتاییەکەی لەنێوان (120-150) میلەو، درێژترین پانی دەگاتە (250) میل کە بەهێڵێک لە موسڵ دەست پێدەکات تاوەکو چیاکانی ئارارات لە ئەنازۆڵ. ئەو هەرێمە بەشێوەیەکی گشتی یان چیاییە یان لە گردۆلکەی بەرز پێکدێت کە لەوەڕگەی زۆر باشی تێدایە).

بەگوێرەی ئەو پێناسەیەی کە مێژوونووسی ئەمەریکی هێنری فیلد بۆ کوردستانی کردووە، شاری موسڵ یەکێکە لە شارەکانی کوردیی و سەر بە باشووری

کوردستان، چونکە نووسەری ناوبراو ڕاستەوخۆ شاری موسڵ بە شارێک لە شارە گرنگەکانی باشووری کوردستان دادەنێت.

هێنری فیلد، لە لاپەڕە (7)ی پەرتووکی (جنوب کوردستان)دا نووسیویێتی: (بەر لە ساڵی (1914)دا کورد لە تورکیا، ئێران و ڕوسیا بوونیان هەبوو. بەڵام بەگوێرەی پەیماننامەی (16)ی ئازاری (1921)ی نێوان مۆسکۆو ئەنقەرە زۆربەی خاکی (دوای قەفقاس) کەوتە ژێر دەسەڵاتی تورکی و، دواتریش ویلایەتی موسڵ درا بە ئێراق).

ئەوەی لێرەدا زاناو مێژوونووسی ئەمەریکی (هێنری فیلد) باسی دەکات، بەڵگەیەکی تری کوردستانیی بوونی ویلایەت و شاری موسڵ-ە، چونکە ئەو زانا ئەمەریکییە باسی ئەوە دەکات کە بەر لەدەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی کورد تەنیا لە تورکیا، ئێران و ڕوسیادا هەبووە، بەڵام لەدوای ساڵانی بیستی سەدەی بیستەمدا ڕێک لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا ویلایەتی موسڵ درا بە ئێراق، ئەمەش دەیسەلمێنی کە پێشتر بە هیچ شێوەیەک ئەو ویلایەتە بەشێک نەبووە لە ئێراق، کاتێکیش کە دەڵێت ویلایەتی موسڵ درا بە ئێراق، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو ویلایەتە نە هی ئێراق بووەو، نە پێشتر بەشێک بووە لە خاکی عارەب، بەڵکو خاکی کوردستان و نیشتمانی کورد بووە بە تەواوی شارەکانیەوە. دوای ئەوەی بۆمان دەرکەوت کە ئەو ویلایەتە ویلایەتێکی کوردیی و سەر بە کوردستان بووە، دەگەینە ئەو ڕاستییەش کە شاری موسڵ-یش وەکو شارێکی سەر بە ویلایەتەکە شارێکی کوردستانیی بووە.

دکتۆرە سروە ئەسعەد سابیر، لە لاپەڕەکانی (87-88)ی پەرتووکی (کوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل 1914-1926)دا نووسیویێتی: (چارەسەرێکی ڕامیارییانەی تر سەبارەت بە باشووری کوردستان کە یەکێک لە سەرکردەکانی بەریتانی لە کۆنگرەی قاهیرەدا بەناوی (دی. جی. هۆکارت) لە وەزارەتی جەنگی بەریتانیدا، لە یاداشتێکدا سەبارەت بە بارودۆخی ئاسیای خۆرئاوا، کە ناوچەی باکووری وڵاتی نێوان دوو ڕووبار کە جیاوازە لەگەڵ

بەشەکانی تری وڵات، دەکرێت دەوڵەتێکی ناوچەیی سەربەخۆی تیادا دابمەزرێنرێت و مەڵبەندەکەی موسڵ یان ئورفە (ڕەها) بێت).

ئەوەی لێرەدا کە (دی. جی. هۆکارت) لە وەزارەتی جەنگی بەریتانیدا پێشنیاری کردووە، لەخۆڕا نییە بەڵکو بە بۆچوونی ئەو شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە کوردستان بووە، بۆیە ناوبراو داوا دەکات کە شاری موسڵ بکرێت بە پایتەختی ئەو دەوڵەتە کوردییەی کە لە ناوچە کوردییەکان پێشنیاری دامەزراندنی دەکات، بۆیە ئەمەش دەکرێت بە بەڵگەیەکی کوردستانیی بوونی ئەو شارە (موسڵ) دابنرێت.

دکتۆرە سروە ئەسعەد سابیر، لە لاپەڕە (88)ی پەرتووکی (کوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل 1914-1926)دا نووسیویێتی: (لەیاداشتێکی تری (دی. جی. هۆکارت)دا پێشنیارێکی تر بۆ چارەسەری دۆزی کورد کە بۆ کۆمیسیۆنی نووسیوە پێشنیاری دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ یان کۆنفیدراڵی لەژێر پاراستنی بەریتانیدا بێت، ئەو کارەش دانیشتوانی ناوچەکە دڵنیا دەکاتەوە. هەروەها ئەو یاداشتە ئاماژە بەوە دەکات کە (کۆلۆنێل ویلسن) دژی لکاندنی کوردستانی ناوەڕاست و باکوور نییە بۆ یەکێتیی کۆنفیدڕاڵی باشووری کوردستان. (هۆکارت) بەوە کۆتایی بە یاداشتەکەی دێنێت بەوەی کە تا ئێستا کێشە لەگەڵ فەرەنسادا ماوە. ئەوەی کە لە پێشنیارەکانی (هۆکارت)دا هاتووەو سەنج دەدرێت ئەوەیە کە ناوبراو ویلایەتی موسڵ-ی پشتگوێ نەخستووە، دەبینین کە ئەو بۆچوونەی ئەو گرنگی خۆی هەیە، گرنگییەکەی لەوەدایە کە یەکێتیی کۆنفیدراڵی کوردی لە باشووری کوردستاندا تەنها تایبەت نییە بەو پارچەیە، بەڵکو کوردستانی ناوەڕاست و باکووری کوردستانیش دەخاتە سەری).

بەگوێرەی پێشنیارەکانی (دی. جی. هۆکارت)، لەمەڕ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ یان کۆنفیدڕاڵی لەژێر چاودێری حکومەتی بەریتانیدا، هۆکارت ویلایەتی موسڵ-ی لەبیر نەکردووە، کەواتە تەواوی ویلایەتی موسڵ لەگەڵ ئەو دەوڵەتە کوردییە سەربەخۆیە یان کۆنفیدڕاڵییە دەبوو، کە پێشنیار کرابوو دامەزرێت. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی کە تەواوی ویلایەتی موسڵ بەشێکی گرنگی کوردستان بووە، مادامیش ویلایەتی موسڵ بەشێکی کوردستان بێت، کەواتە شاری

موسڵ-ی مەڵبەندی ویلایەتەکە وەکو شارێکی سەر بە ویلایەتەکە شارێکی کوردیی سەر بە باشووری کوردستانە.

دکتۆرە سروە ئەسعەد سابیر، لە لاپەڕە (90)ی پەرتووکی (کوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل 1914-1926)دا نووسیویێتی: (بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی کە لەبەر دەستدا هەبوون (کۆلۆنێل لچمەن)، فەرماندەی ڕامیاری بەریتانی لە موسڵ، لە ڕاپۆرتێکدا لە ڕێکەوتی (22.12.1918)دا سەبارەت بە بیروبۆچوونەکانی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ پێشکەشی کردووە، لەنێوانیاندا کوردانی دانیشتووی ناو ویلایەتەکە. کۆلۆنێل لچمن، لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە کوردەکان دوو لەسەر سێی ویلایەتەکە پێکدەهێنن، ئەوان کوردی موسڵمان و ئێزیدین لە چیای شەنگال، ئەوان هەموویان بەیەکەوە نایانەوێت لەژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتی عارەبیدا بژین).
کۆلۆنێل لچمەن بەرپرسی یەکەمی حکومەتی بەریتانی بووە لە شاری موسڵ و، لە ڕاپۆرتەکەی خۆیدا باسی ئەوە دەکات کە کوردەکانی ویلایەتی موسڵ (بەگوێرەی بۆچوونی هەندێک مێژوونووس و گەڕیدەی تر کورد (85%)ی دانیشتوانی ویلایەتەکە پێکدێنن) نایانەوێت وڵاتەکەیان بخرێتە سەر دەوڵەتی تازە دروستبووی ئێراق، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ویلایەتەکە ویلایەتێکی کوردییەو، ئەوانیش نایانەوێت بخرێنە ژێر دەستی عارەب و ئێراقەوە. بەتایبەت کۆلۆنێل لچمەن خۆی لە موسڵ بووە، خۆ ئەگەر شاری موسڵ شارێکی ئێراقی و عارەبی بووایە ئەوە بەدڵنیایی ئەو هەر باسی دەکرد، ئاماژە نەکردنی لچمەن بە موسڵ وەکو شارێکی عارەبی، لەگەڵ هۆکارەکانی تری کە لە سەرەوەدا باسکراون کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەسەلمێنن.

دکتۆرە سروە ئەسعەد سابیر، لە لاپەڕەکانی (92-93)ی پەرتووکی (کوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل 1914-1926)دا نووسیویێتی: (ویلسۆن، دانیشتوانی (ویلایەتی موسڵ)ی بەسەر سێ بەشدا دابەشکردبوو، یەکەمیان ناوچەیەکی کوردی بێگەرد بەدرێژایی سنووری ئێران و ژمارەی دانیشتوانەکەیان (150) هەزار کەس دەبوو، بەشی دووەمیان ناوچەیەکە کە

بە کفری، کەرکوک، پردێ و هەولێردا درێژ دەبێتەوەو، ژمارەی دانیشتوانەکەی لەنێوان (250) تا (300) هەزار کەس دەبێت، بەڵام بەشی سێیەمیان پاشماوەی ویلایەتی موسڵ دەگرێتەوە کە ژمارەی دانیشتوانەکەی لە (100) هەزار کەس تێناپەڕێت، کە زۆربەیان عارەبی نیشتەجێن کە دوو لەسەر سێی دانیشتوان پێکدەهێنن و ئەوانەی تریش کریستان و خێزانی کوردی بەدەسەڵاتن. ویلسن پێشنیاری دوو ڕێگای کرد بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ناوچەیە کە یەکەمیان دامەزراندنی کوردستانێکی ئۆتۆنۆمی بوو کە مەڵبەندەکەی موسڵ بێت، بە بۆچوونی ئەو ئەوکارە دەبووە هۆی ئەوەی کە کوردەکان لە گەیشتن بە ئاواتەکانیان دڵنیابن کە هەنگاوێکە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی چالاکی نیمچە سەربەخۆ کە کوردەکان زۆربەی زۆری دانیشتوان پێکدێنن. هەوەها ویلسن ئەوەش دەڵێت کە دانیشتوانەکانی تر (ئەوانەی کە کورد نین) داوای دامەزراندنی (ویلایەتی موسڵ)ی سەربەخۆ دەکەن).

بەگوێرەی پێشنیارەکەی (کۆلۆنێل ویلسۆن)، بەوەی کە کوردستانێکی ئۆتۆنۆمدار دامەزرێت و مەڵبەندەکەی شاری موسڵ بێت، بەڵگەیەکی کوردێتیی و کوردستانێتیی تری ئەو شارەمان دەداتە دەست، هەروەها بەگوێرەی ژمارەو ڕێژەی عارەبەکانی ویلایەتەکە لە کۆی (550) نزیکەی (65) هەزارێک عارەبن، بەمەش کە کورد زۆربەی هەرە زۆری ویلایەتەکە پێکدەهێنێت لەگەڵ کەمە نەتەوەکانی تر نزیکەی (8.5) جار بەقەد ژمارەی عارەبن، بۆیە ویلایەتی موسڵ ویلایەتێکی کوردیی و بەشێک بووە لە کوردستان، چونکە عارەب لەگەڵ داگیرکارییەکانی ئیسلامدا هاتنە کوردستان و لە شاری موسڵ و هەندێک ناوچەی تری دەوروبەردا نیشتەجێبوون. هەروەها ئەگەر بێتوو بەڕێوەبەرێتییەکی سەربەخۆ لە ویلایەتی موسڵ دامەزرایە، ئەوکاتەش هەر تەواوی ویلایەتەکە بە هەموو شارەکانیەوە، دەبوونە شاری کوردیی و سەر بە خاکی کوردستان، چونکە تەواوی خاکی ویلایەتی موسڵ خاکی کوردە و بەشێکی دانەبڕاوە لە باشووری کوردستان.

دکتۆرە سروە ئەسعەد سابیر، لە لاپەڕە (132)ی پەرتووکی (کوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل 1914-1926)دا نووسیویێتی: (بیرتیلۆ، بەرپرس لە حکومەتی فەرەنسی و پسپۆر لە کاروباری کوردی، ئاماژەی بە ڕێکەوتنی ساڵی (1916)دا کرد کە کوردستانی دابەشکرد بۆ بۆ دوو ناوچەی

ژێردەستی فەرەنسی و بەریتانی. بیرتیلۆ پێی وابوو کە دەست تێوەردانی ئەوروپی کارێکی پێویستە لە کوردستاندا بۆ ئەوەی وەکو چارەسەرێکی کاتی بەشێوەی فیدڕاڵی ڕێک بخرێت لەگەڵ هەبوونی دەسەڵاتێکی ئەوروپی. هەروەها بیرتیلۆ لە یاداشتەکانی گوتی کە دەکرێت دەسەڵاتێکی تورکی تەنها بەناو بمێنێت لەگەڵ چەند ئەنجومەنێکی ناوچەیی هەڵبژێردراو لەژێر چاودێری فەرەنسی-بەریتانی. بیرتیلۆ ئاماژەی بەوەشکرد کە ڕێکخستنی کوردستان لە ڕێگای دەستنیشانکردنی سنووری نێوان ئەرمینیا و ویلایەتی موسڵ دەکرێت).

بەپێی قسەکانی بیرتیلۆ پسپۆر لە کاروباری کوردی، ویلایەتی موسڵ ویلایەتێکی کوردییەو بەشێکی گرنگی کوردستانە، چونکە یەکەم ئەو دەڵێت بەگوێرەی ڕێکەوتنی ساڵی (1916) کوردستان بەسەر بەریتانیا و فەرەنسا دابەشکرا، بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتننامەیە کە ڕێککەوتننامەی (سایکس پیکۆ)یە ویلایەتی موسڵ دابەشی سەر ئەو دوو وڵاتە کرا، کەواتە کوردستان و ویلایەتی موسڵ هەر یەکن، هەروەها دووەمیان کاتێک کە بیرتیلۆ باسی ئەوە دەکات کە ڕێکخستنی کوردستان لە ڕێگای دەستنیشانکردنی سنووری نێوان ئەرمینیا و ویلایەتی موسڵ دەکرێت، دووپاتی دەکاتەوە کە کوردستان هەر ویلایەتی موسڵ-ە، بۆیە ئەمەش بەڵگەیەکی تری کوردستانیی بوونی شاری موسڵ و تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ دەردەخات.

دێڤید کۆرن، کە دیبلۆماتێکی ئەمەریکیە و پسپۆرە لەکاروباری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە باڵیۆزخانەکانی ئەمەریکی لە لوبنان، مۆریتانیاو ئیسرائیل کاری کردووە، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (الرجلان اللذان ضما الكورد الى العراق پیرسی کۆکس وئاڕنۆڵد تالبوت ویلسۆن)، مامکاک وەریگێڕاوە بۆ کوردی و لە ڕۆژی (13.2.2007)دا لە ماڵپەڕی (کوردستان http://www.afka.org)دا بڵاوکراوەتەوە، دێڤید کۆرن نووسیوێتی: (بێگومان بەریتانیا گەورەترین هەڵەی لە مێژوودا کرد، کاتێک کە خاکی کوردی ویلایەتی موسڵی عوسمانی پێشووی لێکدا لەگەڵ دەوڵەتی ئێراق، ئەو دەوڵەتەی کە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بەزۆر دایانمەزراند. بڕیاری کۆکردنەوەی کورد لە چوارچێوەی دەستەیەکی ڕامیاری لەگەڵ عارەبەکانی بەغداو بەسرا لە ماوەی ڕابردوودا، بۆتە هۆی زیان گەیاندنێکی زۆر بە هەردوو لایەن. شۆڕشەکانی کورد لە ساڵانی بیستەکان، چلەکان، شەستەکان، حەفتاکان و

هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو (سەدەی بیستەم) بارودۆخی ڕامیاری دەوڵەتی ئێراقی لەناوبردو، سەرچاوە ئابوورییەکانی ئەو وڵاتەی ووشککرد. ئەو چەوساندنەوە توندوتیژەی کە حکومەتی ئێراقی پەیڕەویکرد لە حەفتاکان و، ئەو کۆمەڵکوژیەی لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو (سەدەی بیستەم) لە دژی کوردەکان ئەنجامیدا، قوربانی زۆری بە کوردەکان داو ئازارەکانی دوو بەرابەر کردن. دەوڵەتی دیفاکتۆی کوردی کە لە هاوینی 1990دا (1991 نەک 1990 وەکو نووسەر نووسیوێتی – دەرسیم) دروستبووەو تا ئێستا بە باکووری ئێراق ناودەبرێت، دەیسەلمێنێ و شایەتێکە بۆ بەرپەرچدانەوەی کوردەکان بۆ بڕیارێک کە لە لایەن خۆیانەوە نەدرابوو، پێش حەفتا ساڵ لەمەوبەر).

دیبلۆماسی ئەمەریکی و پسپۆر لە کاروباری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دێڤید کۆرن، کاتێک کە ویلایەتی موسڵ بە خاکی کورد و بە ویلایەتێکی عوسمانی ناودەبات، بەڵگەیەکی تری کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شاری موسڵ-مان دەخاتە بەردەست، چونکە ئەو لە لایەک ویلایەتی موسڵ بە خاکی کورد ناودەبات، مادام ویلایەتی موسڵ خاکی کورد بێت، کەواتە شاری موسڵ-ی پایتەختیش وەکو شارێکی ئەو ویلایەتە خاکی کوردە و، دەبێتە شارێکی کوردیی و کوردستانیی، لە لایەکی تریشەوە ئەو پسپۆرە ویلایەتی موسڵ بە ویلایەتێکی عوسمانی ناوزەد دەکات، کەواتە نە ویلایەتی موسڵ و نە شاری موسڵ هیچ پێوەندییەکیان بە عارەب و حکومەتی ئێراقەوە نەبووە، ئەوە لە کاتێکدا کە عوسمانییەکان لەساڵی (1516)دا باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)یان بە تەواوی داگیرکرد.

دێڤید کۆرن، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (الرجلان اللذان ضما الكورد الى العراق پيرسی کۆکس و ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن)، مامکاک وەریگێڕاوە بۆ سەر کوردی و لە ڕێکەوتی (13.2.2007)دا لە ماڵپەڕی (کوردستان http://www.afka.org)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیوێتی: (لۆرد کورزۆن کە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بوو دەیویست ویلایەتی موسڵ بە سەربەخۆیی بمێنێتەوە دوور لە هەرێمەکانی عارەبی بەغداو بەسرا، بۆ ئەوەی شانشینێکی کوردی یان زیاتری لێدامەزرێت لەژێر ڕێنوێنی بەریتانییەکان).

بەگوێرەی ڕوونکردنەوەکانی پسپۆری ئەمەریکی (دێڤید کۆرن)، کە سەبارەت بە بۆچوونەکانی وەزیری دەرەوەی بەریتانی (لۆرد کورزۆن) نووسیویێتی، بەوەی کە ویلایەتی موسڵ بەسەربەخۆیی بمێنێتەوەو، نەلکێندرێت بە ویلایەتەکانی عارەبی (بەغداو بەسرا)، هەروەها شانشینێکی کوردی یان زیاتر لە ویلایەتی موسڵ لەژێر چاودێری بەریتانییەکان دامەزرێنن، بەڵگەیەکی تری کوردستانیی بوون و کوردبوونیی ئەو ویلایەتە دەسەلمێنێت، چونکە بەر لە هەموو شتێک کە دەڵێت شانشینێکی کوردی یان زیاتر لەو ویلایەتە دامەزرێنن، هیچ ئاماژە بە عارەب یان دابڕینی شاری موسڵ لەو ویلایەتە ناکات، دواتریش کە دەڵێت ویلایەتی موسڵ بە سەربەخۆیی بمێنێتەوە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ کوردبوون و کوردستانیی بوونی تەواوی ئەو ویلایەتە، چونکە دەریدەخات پێشتریش سەربەخۆ بووەو هیچ پێوەندییەکی بە عارەب و ئێراقەوە نەبووە، بۆیە داوا دەکات کە بە سەربەخۆیی بمێنێتەوە.

میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریف، لە لاپەڕە (174)ی پەرتووکی (المسألة الكوردية 1891-1917)دا، دەڵێت: (فیدیمان کە گەڕیدەیەکی ئەڵمانی بوو لە ساڵی (1903)دا سەردانی ئیبراهیم پاشای کردبوو لە فیرانشەهیر، فیدیمان نووسیبووی: کە ئەوکاتی ئیبراهیم پاشا لە لووتکەی زۆرداری و ستەمکاریدا بوو، دەسەڵاتەکەی بەبێ هیچ بەرەنگار بوونەوەیەک و ململانێیەک لە بیریجیک لەسەر ڕووباری فوراتەوە درێژ دەبووەوە بۆ موسڵ لەسەر ڕووباری دیجلە. وە بە ڕاستگۆییەکی تەواوەوە نازناوی پادشای کوردستانی بێ کڵاوی شاهانەیان پێدابوو).
ئەو گەواهیدانەی گەڕیدەی ئەڵمانی فیدیمان، بەوەی کە دەسەڵاتی ئیبراهیم پاشا گەیشتبووە شاری موسڵ لەسەر ڕووباری دیجلە، بەڵگەی کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت.

دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، مامۆستای مێژووی نوێ لە زانکۆی دهۆک، لە لاپەڕە (9)ی پەرتووکی (جريدة الحقيقة - راستی اول جريدة عربية كوردية في موصل)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (64)ی بەرگی یەکەمی پەرتووکی (رحلتي الى العراق)، لە نووسینی گەڕیدەی بەریتانی جیمس پەکینگهام، باسی ئەوە دەکات

کە: (گەڕیدەی بەریتانی (جیمس سلیک پەکینگهام – James Slik Pakingham) لە سەدەی نۆزدەهەم لە تەمووزی ساڵی (1816)دا سەردانی شاری موسڵ–ی کردووەو، بەمشێوەیە باسی ئەو شارەی کردووە: (موسڵمانەکان بەشی سەرەکی دانیشتوانی شارەکە پێکدێنن، لە ڕووی ژمارەوە عارەب، تورک و کورد بەڕێژەیەکی یەکسان دابەش بووینە).

ئەوەی لێرەدا گەڕیدەی بەریتانی (جیمس سلیک پەکینگهام) باسی دەکات سەرەڕای تێبینی زۆرمان لە سەری، بەڵام دەکرێت بە بەڵگەیەک ناوببردرێت بۆ بوونی کورد لەناو شاری موسڵ، هەرچەندە بەدڵنیاییەوە ژمارەی کورد زۆرتر بووە لە ژمارەی عارەب و تورکمان لەو سەردەمەی کە گەڕیدەی ناوبراو باسی لێوە دەکات، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتەکان، گەڕیدەو مێژوونووسان ژمارەی کوردیان بە زۆرتر داناوە لە ژمارەی عارەب لەدوای ئەو مێژووەش.

دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، لە لاپەڕە (27)ی پەرتووکی (الحياة الحزبية في الموصل 1926–1958)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (49)ی پەرتووکی (جێمس سلیک پەکینگهام، رحلتي الى العراق سنة 1816، ترجمة سليم طه التكريتي، ج1)دا نووسیویێتی: (پەکینگهامی گەڕیدە ئاماژە بەوە دەکات کە شارۆچکەی (ئاسکی موسڵ – دەکەوێتە سەر کەناری خۆرئاوای دیجلە) و دەربارەی دەوروبەرەکەی دەڵێت: کەناری خۆرهەڵاتی پێکدێت لە زەوی کشتوکاڵی تەخت کە چەندان گوندی کوردی تێدا بڵاوبۆتەوە، هەروەها دەڵێت: لە ڕێگای خۆماندا بەسەر چەندان دێهاتی بچووکدا تێپەڕین کە هیچ دەربارەی نازانم جگە لەوەی کە دانیشتوانەکانی هەمووی کورد بوون. موسڵمانان بەشی سەرەکی دانیشتوانی موسڵ پێکدەهێنن بەڕێژەیەکی یەکسان لە عارەب، تورک و کورد).

ئەو ئاماژە پێکردنەی گەڕیدەی ناسراوی بەریتانی (جێمس سلیک پەکینگهام) بەوەی کە دێهاتەکانی دەوروبەری شاری موسڵ هەمووی دێهاتی کوردین و، لەناو شاری موسڵ–یشدا کورد و عارەب و تورک بەشێوەیەکی یەکسان دەژین، بەڵگەیەکە بۆ کوردێتیی و کوردستانێتیی ئەو شارە، چونکە تەنها کورد دانیشتوانی ڕاستەقینەی ئەو ناوچەیە بووینەو، هەرچی عارەب و تورکیشن لە ڕێگای داگیرکارییەکانی

ئیسلامییەوە ئەو شارەو ناوچەکەیان داگیرکردووە کە بریتی بووە لە خاکی کورد و کوردستان.

ڕۆژنامەی میدیا، لە لاپەڕە (24)ی ژمارە (323)ی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (22.1.2008)دا، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (بەریتانیا بە نەخشەی کوردستان تورکان هەراسان دەکات)دا، نووسیویێتی: (ئینسکلۆپێدیای بەریتانیکا کوردستانی بەوڵاتی کورد ناوبردوەو بەبڵاوبکردنەوەی نەخشەیەک دەستنیشانی کردووە کە کوردستان لەنێوان تورکیا، ئێران، ئێراق و سوریادا دابەشبووەو ئەوەش دیسان تورکەکانی هارکرد. بەپێی ئینسکلۆپێدیای بەریتانیکا شارە ناسراوەکانی باکووری کوردستان بریتین لە دیاربەکر، وان‌و بەدلیس. موسڵ، کەرکوک و هەولێریش شارە گەورەکانی باشووری کوردستانن. هەروەها کرماشان، سنەو مەهابادیش شارە گەورەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستانن).

ئەوەی کە ئینسکلۆپێدیای بەریتانیکا سەبارەت بە شارەکانی باشووری کوردستان نووسیویێتی، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ و تەواوی ویلایەتی موسڵ دەگەیەنێت، چونکە ئینسکلۆپیدیای ناوبراو زۆر ڕاشکاوانە ئاماژە بە بوونی شارەکانی هەولێر، موسڵ و کەرکوک دەکات بەوەی کە دەکەونە ناو سنووری باشووری کوردستان. بۆیە دەکرێت ئەو ئاماژەپێکردنەی ئینسکلۆپیدیای بەریتانیکا، بە یەکێک لە بەڵگە هەرە گرنگەکانی کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دابنرێت.

ڕۆژنامەی خەبات، لە لاپەڕە (1)ی ژمارە (2634)ی دوشەممە (1.10.2007)دا وتارێکی لەژێر ناوی (پێشنیاری ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا لەگەڵ دەستووری هەمیشەیی ئێراقی فیدراڵدا ناکۆک نییە)دا، بڵاوکردۆتەوە، لەگەڵ وتارەکەدا نەخشەیەکی نوێی ئێراقی بەناوی (ئێراقی نوێی یەکگرتوو)، بە سێ ڕەنگی پرتەقاڵی (کۆماری کورد)، ڕەنگی رەش (کۆماری سوننە)، ڕەنگی سەوز (کۆماری شیعە) و بڵاوکردۆتەوە، شاری بەغداش وەکو مەڵبەندێکی بەهێز بۆ هەر سێ حکومەتە فیدراڵییەکان دەستنیشانکراوە، نەخشەکە هی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکییە. لە

کۆماری کورددا، شارەکانی موسڵ و کەرکوک، بەشێکن لەو کۆمارەو پارچەیەک لە خاکی کوردستان.

ئەو نەخشەیەی کە ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا لەگەڵ پێشنیاری ئەنجوومەنەکە بۆ دابەشکردنی ئێراق بۆ سەر سێ هەرێمی فیدراڵی جیا بڵاویکردۆتەوە، لە لایەن (دۆگلاس فایس)ی بریکاری وەزارەتی بەرگری ئەمەریکی (بریکاری دۆناڵد ڕامسفێڵدی وەزیری بەرگری) کێشراوە، کە دۆگلاس فایس داڕێژەری نەخشەو پلانی پرۆسەی ڕوخاندنی ڕژێمەکەی سەدام بووە لە ئێراقدا، کوردێتیی و کوردستانێتیی هەر یەک لە شارەکانی موسڵ و کەرکوک دەگەیەنێت، چونکە بەلای کەمەوە بۆچوونی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکی و ئەو (75) سیناتۆرەی ئەمریکیمان بۆ دەردەخات کە دەنگیان بۆ دابەشکردنەکە داوەو، باوەڕیان وایە کە شارەکانی موسڵ و کەرکوک دوو شاری کوردیی و بەشێکن لە باشووری کوردستان، هەر ئەو باوەڕەیان وای لێکردوون کە شارەکانی موسڵ، کەرکوک و شارەکانی تری کوردستان بخەنە ناو کۆماری کوردە وە. نەخشەکە لە کۆتایی ئەو بەشەدا دانراوە.

دکتۆر نوری تاڵەبانی، لە وتارێکی خۆیدا کە لە دوو بەشدا لە (هەفتەنامەی ئاوێنە)دا، لەژێر ناوی (باشووری کوردستان پاش جەنگی جیهانی یەکەم بە دەوڵەتی ئێراق لکێندراوە)دا بڵاوکراوەتەوە، لە بەشی یەکەمدا کە لە لاپەڕە (14)ی ژمارە (56)ی ڕۆژی سێشەممەی ڕێکەوتی (13.2.2007)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (لە نەخشەیەکی کۆن بەناوی (نەخشەی تازەی تورکیا لە ئاسیا)، کە جیۆگرافیاناسی فەرەنسی (مۆنسینیۆر دانڤیل – Mons Danville) ئامادەی کردووەو لە لەندەن لە ساڵی (1794)دا چاپکراوە، کوردستان دوو بەشە. بەشی یەکەمیان وەک بەشێک لە دەوڵەتی عوسمانی، سنوورەکەی ڕۆژئاوای شاری موسڵ و شارۆچکەی حەدیسەیە، سنووری خوارووشی باکووری ئێراقی عارەبییە، کە زنجیرە چیاکانی حەمرینن. بەشی دووەمی کوردستان لە نەخشەکەدا کەوتووەتە نێوان ئێراقی عارەبی و وڵاتی فارس).

بەگوێرەی ئەو نەخشەیەی کە جیۆگرافیناسی فەرەنسی دانڤیل ئامادەی کردووە، شاری موسڵ دەکەوێتە ناو سنووری کوردستانی عوسمانی. کاتێک کە شاری

موسڵ بکەوێتە ناو چوارچێوەی سنووری کوردستان، ئەوکاتە بەدڵنیاییش دەبێتە شارێکی کوردیی و بەشێک لە خاکی کوردستان.

دکتۆر نوری تاڵەبانی، لە وتارێکی خۆیدا کە لە دوو بەشدا لە (هەفتەنامەی ئاوێنە)دا، لەژێر ناوی (باشووری کوردستان پاش جەنگی جیهانی یەکەم بە دەوڵەتی ئێراق لکێندراوە)دا بڵاوکراوەتەوە، لە بەشی یەکەمدا کە لە لاپەڕە (14)ی ژمارە (56)ی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (13.2.2007)دا بڵاوکراوەتەوە، بە پشت بەستنی بە پەرتووکی:

Arnold T. Wilson, Mesopotamia 1917-1920: A Clash of Loyalities, London, Oxford University Press, 1931, p 22.

نووسیویێتی: (سێر ئارنۆلد تالبوت ویلسۆن کە ماوەیەک باوەڕپێکراوی پایەبەرزی میری بەریتانیا بووە لە بەغدا، لە یاداشتەکانیدا نووسیویێتی: چوونە ناوەوەی موسڵ لە لایەن جەنەراڵ مارشاڵەوە بووە هۆی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی ئێراقی تازە دروستکراوەوە).

بەگوێرەی ئەو ئاماژە پێکردنەی ژەنەراڵی بەریتانی (سێر ئارنۆلد تالبوت ویلسۆن)، ویلایەت و شاری موسڵ لە لایەک شارو ویلایەتێکی کوردین و، لە لایەکی تریش دەریدەخەن کە ئەو شارو ویلایەتە هیچ پێوەندییەکیان بە ئێراق و بە عارەبەوە نەبووە، ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە دوای چوونە ژوورەوەی هێزی بەریتانی، ئینجا ویلایەتی موسڵ کە شاری موسڵ مەڵبەندەکەی بووە، خراوەتە سەر دەوڵەتی تازە دەستکردنی ئینگلیز. کەواتە پێش ئەو مێژووە (هاتنی هێزی ئینگلیز بۆ ناو شاری موسڵ لە 7.11.1918)دا، هیچیان نە شاری موسڵ و نە ویلایەتی موسڵ بەشێک نەبووینە لە خاک و نیشتمانی عارەب، بەڵکو بەشێک بووینە لە خاک و نیشتمانی کورد!

دکتۆر نوری تاڵەبانی، لە وتارێکی خۆیدا کە لە دوو بەشدا لە (هەفتەنامەی ئاوێنە)دا، لەژێر ناوی (باشووری کوردستان پاش جەنگی جیهانی یەکەم بە دەوڵەتی ئێراق لکێندراوە)دا بڵاوکراوەتەوە، لە بەشی یەکەمدا کە لە لاپەڕە (14)ی ژمارە

(56)ی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (13.2.2007)دا بڵاوکراوەتەوە، بە پشت بەستنی بە پەرتووکی:
(Stephan Hemsley Longrigg, Iraq 1900 to 1950, A Political, Social and Economic History, London, Oxford University Press, 1956, p.92).

نووسیویێتی: (کاپتن ستیڤن لۆنگریک، کە ئەویش لەو سەردەمەدا ئەفسەرێکی ڕامیاری بووە لە ناوچەکەدا، قسەکانی ویلسۆن دووبارە دەکاتەوەو دەڵێ داگیرکردنی موسڵ لە پاش ئاگربەستی مۆدرۆس لە (30.10.1918)دا، بووە هۆی ئەوە ئەم ویلایەتە ببێت بە بەشێک لە ئێراق).

کاپتن ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ، بە هەمان شێوەی (سێر ئارنۆلد تالبوت ویلسۆن)، دان بەوەدا دەنێت کە پێش هاتنی هێزەکانی بەریتانی بۆ ناو شاری موسڵ و ویلایەتی موسڵ، نە شارو نە ویلایەتی موسڵ بەشێک نەبووینە لە خاک و نیشتمانی عارەب، بەمەش بۆمان دەردەکەوێت کە ویلایەتی موسڵ بە تەواوی شارەکانیەوە (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە)، شاری کوردیی و سەر بە خاکی باشووری کوردستانن.

وتارێکی (جێراڵد هۆنیگمان)، کە لە ماڵپەڕی (کوردیشمیدیا)دا، لەژێر ناوی (حەماس و فەتح و دوو نیشانە بزرەکەی کورد)دا بڵاوکراوەتەوەو ئاری مامشەیی، لە زمانی ئینگلیزی وەریگێڕاوە بۆ کوردی و، لە لاپەڕە (2)ی ژمارە (2720)ی ڕۆژنامەی (خەبات)، ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (4.1.2008)دا، بڵاویکردۆتەوە، نووسەری وتارەکە (جێراڵد هۆنیگمان) دەڵێت: (ئەو کوردەی کە لە ناوچەکانی پڕ لە نەوتی موسڵ و کەرکوک دەژین بەر لە چەند هەزار ساڵ پێش ئەوەی تورک یان عارەب بوونی هەبووبێت لەوێ بوونیان هەبووە. دەڵێن تورکمانی لێ دەژیت، باشە خۆ لە چەندان وڵاتی دیکەی ئاسیاوی تورکمان دەژی، ئەی ئەوان؟).

لە کاتێکدا کە نووسەر (جێراڵد هۆنیگمان)، باسی ئەوە دەکات کە کورد چەند هەزار ساڵێک بەر لە هاتنی تورک و عارەب بۆ هەردوو ناوچەکانی موسڵ و کەرکوک بوونیان هەبووە، بۆمان دەردەخات کە کورد خاوەنی ئەو خاکەو هەردوو شارەکەیە، نەک عارەب و تورک کە هەردەم لە ڕێگای داگیرکردن، ڕاگوێزانی زۆرەملێیانەو

تواندنەوەی نەتەوەی کورد لەنێو نەتەوەکانی خۆیاندا، لە هەوڵی بەردەوامدا بووینە لەپێناوی دەست بەسەرداگرتنی هەردوو شاری دەوڵەمەند بە نەوتی موسڵ و کەرکوکی باشووری کوردستاندا!.

دکتۆر سەعدی عوسمان هەروتی، لە لاپەڕە (25)ی پەرتووکی (سنووری خوارووی کوردستانی باشوور لە سەدەی نۆزدەهەمدا)و، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (292)ی بەرگی یەکەمی پەرتووکی (رحلات الی العراق)ی شوێنەوارناس و گەڕیدەی بەریتانی (سێر والیس بدج)، کە لە ساڵی (1889)دا بە گەشتێک هاتۆتە شاری موسڵ نووسیویێتی: (سێر والیس بدج لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا پێمان ڕادەگەیەنێت کە دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی موسڵ کوردن).

ئەوەی کە شوێنەوارناسی ئینگلیزی (سێر ئارنست والیس ئەلفرد بدج)، کە لەنێوان ساڵانی (1857–1935)دا ژیاوە، ئاماژەی پێکردووە، بەلای کەمەوە بەشێکی گرنگی ناو شاری موسڵ واتە کەناری دەستە چەپی ڕووباری دیجلە کە ئەو ڕووبارە بەناو شارەکەدا تێدەپەڕێت و شاری موسڵ دەکاتە دووبەش، کوردنشینەو سەر بە باشووری کوردستان بووە. هەموو لایەکیش ئەوە باش دەزانێت کە بەعارەبکردنی کوردستان و خاکی چەندان نەتەوەی تر، لەگەڵ هاتنی عارەب و ئیسلام بۆ ناوچەکە دەستی پێکردووە.

ئەنتۆنی کوردسمان، پسپۆری ستراتیژی بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وتارێکیدا کە لە ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)دا بەناونیشانی (ئێراق و حاڵەتی بەد گومانی)داو، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ئەم وتارەی وەرگێڕاوەو لە لاپەڕە (5)ی ژمارە (4535)ی ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (2.4.2008)دا لەژێر ناوی (پاش سەرکەوتن بەسەر قاعیدەدا کوردسمان: ئەگەری سەرهەڵدانی سێ جەنگ لە ئێراقدا هەیە)دا بڵاوکردۆتەوە، لەو وتارەدا کوردسمان ئەگەری هەڵگیرسانی سێ جەنگی لە ئێراقدا پێشبینی کردووە کە لەوانەیە ببنە هۆی دابەشبوونی ئێراق، سەبارەت بە ئەگەری دووەمی کە پەیوەستە بە کوردستان نووسیویێتی: (ئەگەری ئەوە هەیە ناکۆکی نێوان عارەب و کورد و تورکمان لەسەر کۆنترۆڵکردنی کەرکوک و موسڵ ببێتە هۆی سەرهەڵدانی جەنگ لە باکووری ئێراقدا).

ئەوەی کە پسپۆری ستراتیژی بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (ئەنتۆنی کوردسمان) نووسیوێتی، دانپێدانانێکی ناڕاستەوخۆی کوردستانێتیی هەردوو شاری کەرکوک و موسڵ-ە، چونکە ناوبراو ئاماژە بە ئەگەری سەرهەڵدانی جەنگێک دەکات لەنێوان هەر سێ نەتەوەی کورد، عارەب و تورکمان لەسەر کۆنترۆڵکردنی کەرکوک و موسڵ لە باکووری ئێراق (باشووری کوردستان). بۆ هەمووومان ئاشکەرایە کە زاراوەی باکووری ئێراق زاراوەیەکی داتاشراوە نەک ناوێکی جوگرافی کە لەبری باشووری کوردستان یان (ویلایەتی موسڵ) لە لایەن دوژمنانی کوردە وە بەکاردەهێنرێت، بەتایبەتیش لە لایەن داگیرکەرانی خاکی کوردستان و دوژمنانی کورد و وڵاتانی ترەوە، لەپێناوی لەبیربردنەوەو سڕینەوەی ناوی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)، کە دوو ناوی جوگرافین بۆ وڵاتی کورد و خاکی کوردستان بەکاردێن. کاتێک کە پسپۆری ناوبراو باسی هەڵگیرسانی شەڕێک دەکات لە باکووری ئێراق کە هەر (باشووری کوردستانە)، کەواتە هەردوو شارەکە (کەرکوک و موسڵ) دەکەونە باشووری کوردستان، شتێکی شاردراوەش نییە کە باشووری کوردستان یاخود (باکووری ئێراق)، خاک و نیشتمانی کوردە، کەواتە هەردوو شاری موسڵ و کەرکوکیش هەر دەبێت دوو شاری کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان بن.

نووسەر عەونی داودی، لە لاپەڕە (84)ی پەرتووکی (كركوك رحلة في ذاكرة التاريخ)دا نووسیوێتی: (لۆرد ئاڤیبوی، ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا دەڵێت: لە دیسامبەری ساڵی (1925)دا هەردوو لایەنی تورکی و بەریتانی ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی کە باشووری کوردستان بخرێتە سەر ئێراقی عارەبی، هەودوولا بەگوێرەی ڕێکەوتنی بەغدا کە لەنێوان بەریتانیا و تورکیا واژۆکرا کە ئەو خاکە بخرێتە سەر ئێراق، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە ناوچە نەوتاوییەکان بە ئێراقەوە لکێنران، بەڵام ئەوە لە ڕاستیدا ئاواتێکی بەریتانیا بوو).

ئەوەی کە پەرلەمانتاری بەریتانی (لۆرد ئاڤیبوی) ئاماژەی پێداوە، کوردێتیی و کوردستانێتیی تەواوی ویلایەتی موسڵ و شارو پارێزگای موسڵ دەگەیەنێت، چونکە پەرلەمانتاری ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە لە دیسامبەری ساڵی (1925)دا باشووری کوردستان خراوەتە سەر دەوڵەتی ئێراقی عارەبی. گومانیش لەوەدا نییە

ئەوەی کە لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا بە ئێراقی عارەبییەوە لکێنرا ویلایەتی موسڵ بوو، کەواتە ویلایەتی موسڵ و باشووری کوردستان هەروەکو پێشتریش ئاماژەی پێکرا، دوو ناوی جوگرافین بۆ یەک خاک یان سنوورێکی جوگرافی دیاریکراو بەکاردێن، کە ئەویش باشووری کوردستان یان (ویلایەتی موسڵ)ە.

ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، لە لاپەڕە (19)ی پەرتووکی (سایکس – پیکۆو ترازاندنی جەمسەری کێشەی کوردی باشوور)دا نووسیویێتی: (ئەوەتا لە ساڵی (1913)دا کاتێ شێخ مەحمود لە سلێمانی پێوەندی بەنوێنەرانی ئینگلیز و فەرەنسا و روسەوە دەکات کە دەستنیشانی سنووری نێوان ئێران و عوسمانییان دەکرد، پێی دەڵێن کە: بڕیار بەدابەشکردنی ڕۆژهەڵات دراوە، ئێراق بۆ ئینگلیز، سوریا بۆ فەرەنسا جەزائیر بۆ ئیتاڵیا، ویلایەتی موسڵ بەر ڕوس کەوتووە).
ئەو وەڵامەی نوێنەرانی ئینگلیز، فەرەنسی و ڕوسەکان بە شێخ مەحمود، دەریدەخات کە ویلایەتی موسڵ بە تەواوی شارەکانیەوە (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالا) خاک و نیشتمانێکی سەربەخۆ بووەو، هیچ پێوەندییەکی نە بە ئێراق و نە بە نەتەوەی عارەبەوە هەبووە، بۆیە لە دابەشکردنیش لە ئێراق جیاکراوە بووە، چونکە خاکی کورد و بەشێک بووە لە کوردستان، کەواتە شاری موسڵ-یش بەگوێرەی بۆچوونەکانی ئەوان شارێکی کوردیی و سەر بە کوردستان بووە.

هەڵوێست عومەر قادر، لە لاپەڕە (25)ی پەرتووکی (یهود کوردستان تأریخهم، مواقعهم، أعمالهم، صورهم)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (17)ی پەرتووکی (وێژەی فۆلکلۆری لە کوردستان)، کە لە لایەن (یۆنا سەبار)دا دانراوە، نووسیویێتی: (لە ئەنجامی ئەو چەوسانەوەیەی کە جوولەکەکان دووچاری هاتن لە ئیسرائیل لە لایەن هێزەکانی خاچپەرستەکانەوە، ناچاربوون دەرچن و ڕاکەن لە ئیسرائیل بۆ ئەو شوێنەی کە ڕۆڵەی سەر بە نەتەوەکەی خۆیانی تێدا دەژین لە کوردستان و میزۆپۆتامیا هەروەها بۆ موسڵ بەتایبەت، کە بە (نەینەوای نوێ) ناونراو هەروەکو پایتەختی ڕۆشنبیری و گیانی جوولەکەکانی کوردستان بوو).

لە سەرەوەدا بۆچوونی نووسەر (یۆنا سەبار)مان بۆ ئاشکەرا دەبێت کە شاری موسڵ بە شارێکی کوردستانیی ناودەبات، چونکە نووسەری ناوبراو شاری نەینەوا (موسڵ) بە پایتەختی ڕۆشنبیری و گیانی جوولەکەکانی کوردستان ناوزەد دەکات.

هەڵوێست عومەر قادر، لە لاپەڕە (34)ی پەرتووکی (یهود کوردستان تأریخهم، مواقعهم، أعمالهم، صورهم)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (5)ی پەرتووکی (وێژەی فۆلکلۆری لە کوردستان)، کە لە لایەن (یۆنا سەبار)دا دانراوە، نووسیویێتی: (دوای چەند دەیەیەک لەگەشتەکەی (بێتاحیاو بینیامین)، جوولەکەیەکی بەناوبانگ گەشتێکی بۆ ناوچەکە (کوردستان) کرد، ئەو جوولەکە بەناوبانگە هەڵبەستوانی ئیسپانی (ئەیهودا ئەلحاریزی 1190–1235) بوو، کە ئەلحاریزی لە شاری (تۆلیدۆ)ی ئیسپانی لە ساڵی (1225)دا ڕوویکردە کوردستان و میزۆپۆتامیاو، زانیارییەکانی لە هەڵبەستەکانی خۆی (تاحکیمۆنی)دا نووسی لە ڕێگای هۆنراوە کە مێژووی جوولەکەکانی لە سەدەی سێزدەیەمەوە تێدا تۆمارکردوون، ئەو لەو باوەڕەدایە کە بەڕێگای حەلەبەوە هاتووەو، سەردانی هەندێک لە شارەکانی کوردستانی کردووە، لەنێویاندا شاری موسڵ (نەینەوا)و هەولێر و چەند شوێنێکی کەی کوردی کە جوولەکەکان تێیدا کۆببوونەوە).

بەگوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر (یۆنا سەبار)، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە نووسەری ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە هەڵبەستوانی ئیسپانی (ئەیهودا ئەلحاریزی)، سەردانی کوردستانی کردووەو شارەکانی موسڵ و هەولێر گەڕاوە، بەمەش بۆچوونی ئەو نووسەرەمان بۆ دەردەکەوێت کە شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان ناودەبات.

ڕۆژنامەی لمۆندی فەرەنسی، لەژمارە (14808)ی ساڵی (1992)دا لە وتارێکدا لەژێر ناوی (کورد لە ڕۆژنامە بیانییەکاندا یەکەم حکومەتی کوردی ویلایەتی موسڵ)دا، کە ڕزگار مستەفا وەریگێڕاوە بۆ کوردی و لە لاپەڕەکانی (6–8)ی ژمارە (132)ی گۆڤاری خاک، حوزەیرانی (2008)دا بڵاوکراوەتەوە، ڕۆژنامەی لمۆند نووسیویێتی: (لە ڕاستیدا، ئینگلیزەکان بە هیچ شێوەیەک نەیاندەویست دەستبەرداری

ویلایەتی کوردان (ویلایەتی موسڵ) بن، چەندان ڕێگای جیاوازو ڕامیارییەتێکی میکاڤیلانەیان بەکارهێنا بۆ ئەوەی بیخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە).

هەروەها لە لاپەڕەی کۆتاییدا ڕۆژنامەی لمۆند نووسیویێتی: (عیسمەت ئینۆنو، سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتەی دەوڵەتی تورکیا سووربوو لەسەر داواکردنی ویلایەتی موسڵ، چونکە بەلای ئەوەوە: (تورکیا دایکی نیشتمانی کورد و تورکە)، بەڵام گەورە لێپرسراوی ڕامیاری ئینگلیز لۆرد کورزۆن وەڵامی دایەوەو وتی: (دانیشتوانی موسڵ و ئێراق بەشێوەیەکی ئازادانە هەڵیانبژاردووە کە پێکەوە بژین).

لە سەرەوەدا لمۆندی فەرەنسی پێمان ڕادەگەیەنێت کە تەواوی ویلایەتی موسڵ، واتە شارەکانی (موسڵ، هەولێر، دهۆک، کەرکوک، سلێمانی و دیالە)، خاک و شاری کوردین، چونکە ڕۆژنامەی لمۆند ناوی ویلایەتی موسڵ بە ویلایەتی کوردان ناودەبات، ئەمەش بۆمان دەردەخات کە ویلایەتی موسڵ خاکی کورد و بەشێکی دانەبڕاوی باشووری کوردستانە. بە هەمان شێوە لە وەڵامەکەی بەرپرسی بەریتانی (لۆرد کورزۆن)دا هاتووە: (دانیشتوانی موسڵ و ئێراق بەشێوەیەکی ئازادانە هەڵیانبژاردووە کە پێکەوە بژین)، بۆمان دەردەکەوێت کە ویلایەتی موسڵ لەوکاتیدا هیچ پێوەندییەکی بە ئێراق و بە عارەبەوە نەبووە، چونکە ناوبراو وەکو دوو خاکی جیاواز باسی کردوون.

دکتۆر نەجاتی عەبدوڵلا، لە لاپەڕە (23)ی پەرتووکی (شێخ مەحموودی حەفیدزادە لە بەڵگەنامەی فرانسیدا 1919–1934)دا، ئاماژەی کردووە بە بروسکەی ژمارە (305)ی ڕێکەوتی (23.7.1919)ی (فرانسوا جۆرج پیکۆ)ی کۆمیسێریای بەرزی فرانسا لە سوریا و ئەرمینیا بەڕێوەبەرێتی کاروبارە ڕامیاری و بازرگانییەکان ئاسیا–ئۆقیانووس) کە بۆ (ستیڤێن پیشۆن)ی وەزیری کاروباری دەرەوەی فەرەنسی ناردووەو، لەو بروسکەیەدا نووسیویێتی: (ئەم ڕەوتارانە ناتەواوەو مایەی داخە کە ئەم کۆمیسێرانە سەردانی ناوچەکانی موسڵ و ئێراق–یان نەکرد وەک تێلێگرامی ژمارە (939) ئاماژەم پێدابوو بۆ بەڕێزتان. وادیارە کە لەوێش بۆچوونی گشتی تەواو لایەنگری داگیرکەرەکان نییە).

ئەوەی کە دیبلۆماتی فەرەنسی (فرانسوا جۆرج پیکۆ) لە بروسکەیەکدا بۆ وەزیری کاروباری دەرەوەی ناردووە، دەریدەخات کە ویلایەتی موسڵ بە تەواوی

شارەکانییەوە (موسڵ، دهۆک، هەولێر، سلێمانی، کەرکوک و دیالە) شاری کوردیی و سەر بە خاکی باشووری کوردستانن، چونکە دیبلۆماتی فەرەنسی ناوبراو موسڵی لە ئێراق جیاکردۆتەوە کاتێک کە دەڵێت: (مایەی داخە کە ئەم کۆمیسیۆنانە سەردانی ناوچەکانی موسڵ و ئێراق-یان نەکرد). کاتێک کە بەجیاش باسی ویلایەتی موسڵ و ئێراقی کردبێت، کەواتە هیچ پێوەندییەک لەنێوان ویلایەتی موسڵ و ئێراق یان عارەبەوە نەبووە، ئەمەش بۆمان دەسەلمێنێ کە ویلایەتی موسڵ بە تەواوی ویلایەتێکی کوردیی و بەشێک بووە لە خاکی کوردستان.

دکتۆر عەزیز شەمزینی، لە لاپەڕە (223)ی پەرتووکی (جولانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان)دا، نووسیوێتی: (پەیامنێری (تایمس) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە بروسکەیەکدا بۆ (ڕۆیتەر) وتی: بە لکاندنی کوردستانی باشوور بە میسۆپۆتامیا وە (ئێراقی ئەمڕۆ) ئاشتی لە ناوچەکانی خانەقین و سلێمانیدا دەچەسپێ، بێجگە لەوەی کە ئەم کارە بۆ ئێمە زۆر گرنگە چونکە بەرانبەر بە فارس (ئێرانی ئەمڕۆ) بەرپرسیارین).

لە بروسکەکەی پەیامنێری ڕۆژنامەی (تایمس)دا کە بۆ ڕۆژنامەی (ڕۆیتەر) ناردوویەتی، بۆمان ئاشکرا دەبێت کە ویلایەتی موسڵ بە تەواوی شارەکانییەوە (موسڵ، دهۆک، هەولێر، سلێمانی، کەرکوک و دیالا) شاری کوردیی و سەر بە خاکی باشووری کوردستانن، چونکە پەیامنێری ڕۆژنامەی ناوبراو باسی (لکاندنی باشووری کوردستان بە میسۆپۆتامیا وە (ئێراق) دەکات)، هەموو لایەک باش دەزانێت کە لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان و کۆمیسیۆنی تایبەت بە چارەسەرکردنی کێشەی ویلایەتی موسڵ و کۆمەڵەی نەتەوەکان باسی لکاندنی ویلایەتی موسڵ کراوە بە ئێراق، بەڵام لەبەر ئەوەی کوردستانی باشوور یان باشووری کوردستان لەگەڵ ویلایەتی موسڵ سێ ناوی جوگرافین و هەر سێکیان بۆ خاکی کوردان بەکاردێن، کەواتە ئەوەی کە لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا بەزۆر بە دەوڵەتی ئێراق لکێنراوە، باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بووە.

پارێزەر شێخ سالاری حەفید، لە لاپەڕە (382)ی پەرتووکی (جنوب کوردستان في موازين السياسة الدولية)دا، نووسیوێتی: (بەگوێرەی ئەو نەخشەیەی کە یاسادانەرانی

ئەورووپی تایبەتمەند بە پڕۆژەی ویلایەتی موسڵ ئامادەیان کردووە، کە مایەی گومان و لێکدانەوە نییەو، نەخشەی باشووری کوردستان کە لە ساڵی (1925)دا بە بڕیارێکی کۆمەڵەی نەتەوەکان بە شانشینی ئێراقەوە لکێنرا، ئەویش بەگوێرەی چەند مەرجێکی دیاریکراو کە ساڵی (1929) بڕیاری لەسەر درا، لە باکووری حەمرین دەگرێتەوە تادەگاتە باشووری دیالا. ئەو نەخشەیەش ئەو شارە گەورانەی کوردستان دەگرێتەوە (سلێمانی، کەرکوک، هەولێر، موسڵ، دهۆک و تکریت) بە تەواوی ناحیەو قەزاکانیانەوە).

دروستکردنی نەخشەیەکی بەمشێوەیە لە لایەن یاسادانەرانی ئەورووپی تایبەتمەند بە سەرلەنوێ بوژاندنەوەی پڕۆژەی ویلایەتی موسڵ، لە کاتێکدا کە نەخشەکە تەواوی پارێزگاکانی (سلێمانی، کەرکوک، هەولێر، موسڵ، دهۆک و تکریت) بگرێتەوە، مانای وایە ئەو یاسادانەرە ئەورووپی‌یانە شاری موسڵ و ئەو شارانەی تر کە ناویان هاتووە، بە شاری کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان دەزانن. بۆیە دەکرێت ئەمەش وەکو بەڵگەیەکی پڕ بایەخی کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ بەکاربهێنرێت.

ئەمین قادر مینە، لە لاپەڕە (88)ی پەرتووکی (ئەمنی ستراتیجیی عێراقو سێکوچکەی بەعسیان: تەرحیل تەعریب تەبعیس)دا، نووسیوێتی: (جۆرج ئەنتۆنیۆس، لە پەرتووکەکەیدا (ڕاپەڕینی عارەب) کە بە زمانی ئینگلیزی نووسیوێتی، لە لاپەڕە (385)دا دەڵێ: ئێراق بەختیشی لەوەدا هەبوو کە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی بەرتیانیا، زۆربەی زۆری کات، لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیدا شانبەشانی یەکتر ڕۆیشتون ... ویستی بەریتانیا بۆ دەستگرتن بەسەر سەرچاوەکانی نەوت لە ویلایەتی موسڵدا بوو بەهۆی ئەوەی هەموو ویلایەتەکە بەو دەوڵەتە عارەبییە تازەوە بلکێنرێ و ببێتە ناوچەیەک لە ناوچەکانی. شانازیش لەوەدا دەگەڕێتەوە بۆ دیبلۆماسێتی بەریتانیا).

ئەوەی کە نووسەری ئینگلیزی (جۆرج ئەنتۆنیۆس) باسی کردووە، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو لە لایەک باسی ئەوە دەکات کە ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی ئێراقی تازە دروستکراو بلکێنرێت، کەواتە ویلایەتی موسڵ ویلایەتێکی عارەبی نییە، هەروەها لە لایەکی

تریشەوە باسی ئەوە دەکات کە ویلایەتی موسڵ ببێتە ناوچەیەک لە ناوچەکانی ئێراق، ئەمەش هەر دەیسەلمێنێ کە ویلایەتی موسڵ بە تەواوی شارەکانیەوە (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە)، پێشتر نە ناوچەیەک نە بەشێک بووە لە ئێراق. لە کاتێکدا کە ویلایەتی موسڵ، ویلایەتێکی عارەبی نەبێت، ناوچەیەک یان بەشێک نەبووبێت لە ئێراق، هەروەها نە پێوەندییەکی بە عارەبەوە هەبووبێت، لە هەمانکاتیشدا ناوێکی تریشی هەبووبێت و بە باشووری کوردستان ناوببرێت، ڕێژەی دانیشتوانی کوردیش لەو ویلایەتەدا (85%)ی ڕێژەی تێکڕای دانیشتوان زۆرتر بێت، کەواتە ئەو ویلایەتە بە تەواوی شارەکانییەوە خاک و نیشتمانی کوردن.

کوردناسی ڕوسیا میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، لە بەشی سێیەمی وتارێکدا کە لەژێر ناوی (کوردستان لە سەردەمی هێرشی عارەب، تورک و مەغۆلەکان)دا، لە وەرگێڕانی (هەژار هەورامی)دا کە لە لاپەڕە (5)ی ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (2891)، پێنجشەممە ڕێکەوتی (26.6.2008)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیوێتی: (هەکاریەکان ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە مێژووی کوردستاندا، توێژینەوەکەی ئێمە ناتەواوو بە کەموکوڕییە ئەگەر باسی موسڵ و دەوروبەری نەکەین، بە باوەڕی ئیبن حەوقەل حەشیمەت و دانیشتوانی سەرەکی ئەم ناوچەیە کوردەکانن). هەر لەو وتارەدا نووسیوێتی: (لە ئاکام و دەرەنجامی داگیرکردنی واتە (بەکۆلۆنیکردنی) ویلایەتی موسڵ لە لایەن عارەبەکانەوە، کۆچی زۆرەملێی هۆزە کوردەکان بەرەو بەشی سەرەوەی وڵاتی نێوان دوو ڕووبارو ئازەربایجان دەست پێدەکات).
ئەو نووسینەی لازاریڤ، دەکرێت هەم وەکو بەڵگەیەکی عارەبی و هەم بیانیش بۆ کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ بەکاربێت، چونکە نووسەری ناوبراو لە لایەک ئاماژە بەوە دەکات کە ئیبن حەوقەل پێکهاتەو دانیشتوانی سەرەکی موسڵ بە کورد دادەنێت، لە لایەکی تریشەوە لازاریڤ باوەڕی خۆیمان بۆ دەردەبڕێت کە داگیرکردنی شاری موسڵ-ە لە لایەن عارەبەکانەوە، لەگەڵ دەرکردنی زۆرەملێیانەی کورد لە موسڵ و دەوروبەرەکەی لە لایەن عارەبی داگیرکەری شاری موسڵ.

مێژوونووسی ڕوسیا لازاریڤ، لە بەشی چوارەمی وتارێکدا کە لەژێر ناوی (کوردستان لە سەردەمی هێرشی عارەب، تورک و مەغۆلەکان)دا، لە وەرگێڕانی

(هەژار هەورامی)دا کە لە لاپەڕە (5)ی ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (2894)، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (29.6.2008)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (سەرچاوە مێژووییەکان باسی خۆڕاگری و بەربەرەکانێی کوردیان کردووە بەرانبەر بە سوپای عارەب لە خوزستان، ئازەربایجان و باشووری ئەرمەنستانیش، کورد بەرانبەر بە هێرش و پەلاماری عارەب لە جەزیرە، حەلوان، شارەزوورو موسڵ خۆڕاگری و ئازایەتی پترو جیاوازتریان نواندووە، هەر لەم شوێنانەدا دایە کە قۆناغەکانی دواتری خۆڕاگری کورد بەرانبەر بە داگیرکەران دەست پێدەکات، دەرئەنجامی چەندان سەدە ئۆپەراسیۆنی سەرکوتکەرانە، وێرانی و خاپوورکردنی شارەزوورو حەلوان بوو).

بەگوێرەی بۆچوونەکانی نووسەری بەناوبانگی ڕوسی میخائیل لازاریڤ، بۆمان دەردەکەوێت کە نووسەری ناوبراو شاری موسڵ و شارەکانی تر کە ناوی بردوون بە شاری کوردیی و کوردستانیی دەزانێت، چونکە ناوبراو باسی هاتنی میلیشیاکانی عارەب دەکات لەپێناوی داگیرکردنی ئەو شارانەی کە ناوی هێناون، لە هەمان کاتیشدا لازاریڤ باسی خۆڕاگری و ڕووبەڕووبوونەوەی کوردانی شاری موسڵ و شارەکانی تریش دەکات، کاتێک کە هێرشبەران و داگیرکەران عارەب بن بۆ سەر شاری موسڵ و شارەکانی تریش، وە داکۆکی کارانیش لەو شارانە کورد بن، کەواتە هەر دەبێت شاری موسڵ و شارەکانی تریش کە نووسەر ناوی بردوون، شاری کوردیی و بەشێکی کوردستان بن.

میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، لە بەشی پێنجەمی وتارێکدا کە لەژێر ناوی (کوردستان لە سەردەمی هێرشی عارەب، تورک و مەغۆلەکان)دا، لە وەرگێڕانی (هەژار هەورامی)دا کە لە لاپەڕە (5)ی ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (2895)، ڕۆژی دوشەممە، ڕێکەوتی (30.6.2008)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (لە ناوچەکانی کوردستانیش پاشایەتی حەمدانیە عارەبەکان ... لە موسڵ، جەزیرە، نەسیبین، ژەنگال، میافارقین و بنەماڵەی دەیلەمی ئالی زیار ...لە ناوچەی جبال ... دامەزران، کە پاش ماوەیەک لە لایەن بنەماڵەی میرە کوردەکانی حەسنەویەو مەڕوانی و بنەماڵەکانی تری کەم و زۆر بەناوبانگی کورد، پاشەکشەیان پێکراو دوای سەد ساڵ تورکە سەلجووقەکان و هێرشیان کرایە سەرو لە ناوچەکەدا ڕاماڵدران لەگشت ئەم

حوکمڕانیه ناوچەییانە، بنەماڵەی ئالی بوویە سەرەڕای رووبەڕووبوونیان لەگەڵ سەرکێشی و بەرەنگاری هەمە لایەنە، لەوانی تر باشتربوون).

بەگوێرەی قسەکانی لازاریڤ، موسڵ شارێکی کوردیی و دەکەوێتە نێو سنووری کوردستان، چونکە ناوبراو باسی دامەزراندنی پاشایەتی حەمدانیە عارەبەکان دەکات لە هەندێک ناوچەی کوردستانی وەکو موسڵ، جەزیرە، نەسیبین، ژەنگال و میافارقین، کەواتە لازاریڤ ئەو شارانە بە شاری کوردستانیی دەزانێت، بۆیە بە ناوچەی کوردستانیی ناوی بردوون.

ڕۆژنامەی میدیا، لە لاپەڕە (1)ی ژمارە (355)ی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (9.9.2008)دا، لە وتارێکی خۆیدا لەژێر ناوی (ئەندامێکی مۆسادی ئیسرائیلی: ڕێککەوتنێکی چوار قۆڵی و ملیۆنێک چەکدار ئامادەکراوە بۆ داگیرکردنی باشووری کوردستان)دا، بەپێی لێدوانێکی کەسێکی پایەبەرزی مۆسادی ئیسرائیلی نووسیوێتی: (لەبارەی بۆچوونی وڵاتانی جیهان لەسەر ئەزموونی باشووری کوردستان ئەو ئەندامەی مۆسادی ئیسرائیلی دەڵێت: تورکیا، ئێران و سوریا دان بە ئێراقی فیدراڵیدا نانێن و دەیانەوێ دەسەڵات لە ئێراق بەتەنیا ناوەندی بێ و ئەم پێشنیازە لە لایەن ڕوسیای تازە پەسند کراوە. ئەمریکاش سستەمی فیدراڵی بەتەنیا لە سێ پارێزگا پەسند دەکاو نەک زیاتر (دهۆک، هەولێر و سلێمانی)، نایەوێ موسڵ و کەرکوک بخرێتە سەر کوردستان، یەکێتیی ئەوروپاش تەنیا مافی کولتووری بۆ گەلی کورد پەسند دەکا).

بەگوێرەی بۆچوونەکانی ئەو ئەندامە پایەبەرزەی مۆسادی ئیسرائیلی، هەردوو شاری گرنگ و ستراتیجی موسڵ و کەرکوک دوو شاری کوردیی و سەر بە کوردستانن، چونکە ئەو ئەندامەی دەزگای هەواڵگری مۆسادی ئیسرائیلی باسی ئەوە دەکات کە دەوڵەتی ئەمریکی تەنیا دان بە فیدراڵیەتی هەر سێ شاری (دهۆک، هەولێر و سلێمانی) دادەنێت و، نایەوێت شارەکانی موسڵ و کەرکوک بخرێنەوە سەر کوردستان، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ناوبراو هەردوو شاری موسڵ و کەرکوک بە دوو شاری کوردستانیی دەزانێت، بۆیە بەمشێوەیە باسیان دەکات.

زینۆفۆن، فەیلەسوف و سەرکردەی لەشکری دە هەزاری یۆنانی، کە لەنێوان سالآنی (430–355 پ.ز)دا ژیاوە، لە لاپەڕە (113)ی پەرتووکی (گەشتەکەی زینۆفۆن)دا نووسیویێتی: (پاش ئەم بەزینە دوژمن کۆڵیانداو یۆنانی بە ئارامی ڕۆیشتن تا گەیشتنە ڕووباری دیجلە. شارێکی گەورە، بەڵام چۆڵکراو، لەوێ هەبوو بەناوی لاریسا کە لە سەردەمی کۆندا میدی تێیدا دەژیان. لێرەوە بە یەک ڕۆژ (18) میلیان بڕی بۆ شارێک بەناوی میسکیلا – Mescila - (مسیلا – موسڵ)، کە لە سەردەمێکدا میدیی تێدا دەژیا).

بەگوێرەی ئەو نووسینەی زینۆفۆن، شاری میسکیلا (موسڵ) شارێکی کوردیی و بەشێکی گرنگی خاکی کوردستان بووە، چونکە زینۆفۆن بە خاکی میدییەکان ناوی بردووە، کە هەموو لایەک دەزانێت میدییەکان باپیرە گەورەی کورد بووینەو کورد دەگەڕێنەوە سەر میدییەکان.

دڵشاد مەولود مەرزانی، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (بەعارەب کردن لە قەزای موسڵ)دا، کە لە پێنج بەشدایەو، بەشی یەکەمی کە لە لاپەڕە (18)ی ژمارە (83)ی هەفتەنامەی بارزان، ڕێکەوتی یەکشەممە (7.9.2008)دا بڵاوکراوەتەوەو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (150)ی پەرتووکی (تاڤرینیة: العراق في القرن السابع عشر كما راه الرحالة الفرنسي تاڤرينية)دا، کە تاڤرینییە گەڕیدەیەکی فەرەنسی بووە لە نیسانی ساڵی (1544)ی زاییینیدا هاتۆتە شاری موسڵ و بەم جۆرە باسی ئەم شارەی کردووەو نووسیویێتی: (موسڵ شوێنی بەیەکتر گەیشتنی بازرگانانە. بەتایبەت بازرگانانی عارەب و کورد. ئەوانە لە وڵاتی ئاشووری کۆن نیشتەجێن. ئەمڕۆکە پێی دەڵێن کوردستان).

ئەوەی کە مێژوونووس و گەڕیدەی ناوداری فەرەنسی تاڤرینە ئاماژەی پێکردووە، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شارو پارێزگای موسڵ بە تەواوی دەگەیەنێت، چونکە گەڕیدەی ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە شاری موسڵ ئەوکاتە (ساڵی 1544)ی زاییینی واتە ناوەڕاستی سەدەی شازدەهەم، بەشێک بووە لە خاکی نیشتمانی کورد و کوردستان.

دڵشاد مەولود مەرزانی، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (بەعارەب کردن لە قەزای موسڵ)دا، کە لە پێنج بەشدایەو، بەشی یەکەمی کە لە لاپەڕە (18)ی ژمارە (83)ی هەفتەنامەی بارزان، ڕێکەوتی یەکشەممە (7.9.2008)دا بڵاوکراوەتەوەو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (233)ی پەرتووکی (میجرسون، رحلة متنكر الى بلاد مابين النهرين و كوردستان)دا، نووسیویێتی: (مێجەرسۆن (1881–1923)ی زایینی ئەفسەری بەریتانی لە کوردستان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا باسی ئەوە دەکا، کە لە موسڵ–ەوە بەڕێگای کەڵەکی یاسین ئاغا بۆ هەولێر بەڕێکەوتووە. دوای تێپەڕبوونی بەلای گردی یونس پێغەمبەر گەیشتۆتە دەشتێکی فراوان، لەوێدا بەدیوی چەپ زنجیرە گردۆلکە و زورگێکی بەرچاو کەوتووە، کە گوندێکی زۆریان گرتبووە خۆ، ئەم دەشتە موسڵمانی تێدا نەبووە، بەڵکو ئەوەی هەبوون کلدان و ئێزدی بوون. هەروەها ئەم ناوچەیە لە سەرەتای سەدەی حەڤدە (1816)ی زایینیش هیچ مەڵبەندێکی ئاوەدانی عارەبی تێدا نەبووە).

ئەوەی کە مێجەرسۆنی ئەفسەری پایەبەرزی بەریتانی و نوێنەری ئەوان لە شاری سلێمانی باسیکردووە، بەلای کەمەوە کوردبوون و کوردستانیی بوونی بەشی خۆرهەڵاتی شاری موسڵ دەگەیەنێت کە نەینەوا دەگرێتەوە، چونکە ئەفسەری ناوبراو لە لایەک باسی ئەوەی کردووە کە تەواوی دانیشتوانی ئەو دەڤەرە کورد بووینەو، لە لایەکی تریش باسی ئەوەی کردووە کە کەناری دەستە چەپی موسڵ کە (نەینەوا)یە هیچ ئاوەدانییەکی عارەبی تیادا نەبووە.

دڵشاد مەولود مەرزانی، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (بەعارەب کردن لە قەزای موسڵ)دا، کە لە پێنج بەشدایەو، بەشی یەکەمی کە لە لاپەڕە (18)ی ژمارە (83)ی هەفتەنامەی بارزان، ڕێکەوتی یەکشەممە (7.9.2008)دا بڵاوکراوەتەوەو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (550)ی پەرتووکی (جورج رو، العراق القديم، ترجمة حسين علوان حسين)دا، نووسیویێتی: (دوای ئەوەی (کەیئەخسار–کیاکسەر)ی پاشای میدیا لەگەڵ (نەبوبلاسەر)ی پاشای بابل پەیمانی دۆستایەتییان بەست. پێکەوە شەڕی دەوڵەتی ئاشووریان کردو توانییان لەساڵی (612پ.ز) نەینەوا کۆنترۆڵ بکەن و دەوڵەتی ئاشووری بڕوخێنن. لە ئەنجامدا لە خاکی بندەستی دەوڵەتی ئاشووری دوو

دەوڵەتی میدیاو بابلی نوێ دامەزران. شاری نەینەواش بوو بە بەشێکی دەوڵەتی میدیا).

بۆچوونەکانی مێژوونووس جۆرج ڕۆ، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری نەینەوا (موسڵ) دەسەلمێنێت، چونکە مێژوونووسی ناوبراو شاری نەینەوا (موسڵ) بە بەشێک لە خاکی کورد و دەوڵەتی میدیای کوردی دادەنێت.

دڵشاد مەولود مەرزانی، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (بەعارەب کردن لە قەزای موسڵ)دا، کە لە پێنج بەشدایەو، بەشی دووەمی کە لە لاپەڕەکانی (18–19)ی ژمارە (84)ی هەفتەنامەی بارزان، ڕێکەوتی یەکشەممە (7.9.2008)دا بڵاوکراوەتەوەو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (57)ی پەرتووکی (مێجەر نۆئیل: سەرنجدانێکی بارودۆخی کورد)دا لە ئامادەکردنی مامۆستا (عەبدولڕەقیب یوسف)دا، کە نووسیویێتی: (مێجەر نۆئیل دەڵێ: هێڵی شەمەندەفەری نێوان حەلەب – موسڵ سنووری نەتەوەیی نێوان کورد و عارەبە. پاشان هێڵی سنوور لە موسڵ تا باشووری خانەقین درێژ دەبێتەوەو لە دەشتەکاندا دەمێنێتەوە).

ئەوەی کە لە سەرەوەدا ئەفسەرو دیبلۆماتی بەریتانی (مێجەر ئیدوەرد ولیەم شارلز نۆئیل) باسیکردووە، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ و شارەکانی تریش دەگەیەنێت کە ئەو ناوی بردوون، چونکە ئەفسەری پلەبەرزی ناوبراو سنووری جیاکەرەوەی نێوان کورد و عارەب لە موسڵ–ەوە دەبات بۆ باشووری خانەقین.

دڵشاد مەولود مەرزانی، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (بەعارەب کردن لە قەزای موسڵ)دا، کە لە پێنج بەشدایەو، بەشی دووەمی کە لە لاپەڕەکانی (18–19)ی ژمارە (84)ی هەفتەنامەی بارزان، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (7.9.2008)دا بڵاوکراوەتەوەو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (142)ی پەرتووکی (اللور (الكورد) الفيليون في الماضي والحاضر) لە نووسینی (عەبدولجەلیل فەیلی)دا، نووسیویێتی: (مەسعود گوڵزاری سەبارەت بە دەستنیشانکردنی سنووری جوگرافیای کوردستان دەڵێ: هێڵی سنوور بە ئورفەو ماردین و نوسەیبیندا دەڕوا، تا دەگاتە موسڵ).

ئەوەی کە نووسەری ئێرانی مەسعود گوڵزاری باسیکردووە، مانای کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەبەخشێت، چونکە ناوبراو لە دەستنیشانکردنی سنووری کوردستانی مەزندا ئەو سنوورە دەگەیەنێتە شاری موسڵ، کەواتە تەواوی شارو پارێزگای موسڵ بەشێکن لە نیشتمانی کورد و خاکی کوردستان.

دکتۆر حامد مەحمود عیسا، لە لاپەڕەکانی (64-65)ی پەرتووکی (القضية الكوردية في العراق من الاحتلال البريطاني الى الغزو الأمريكي 1914-2004)دا، نووسیویێتی: (لە کۆنگرەی قاهیرەدا، سێر پێرسی کۆکسی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغدا بۆچوونی وابوو بەڕێوەبردنی ناوچە کوردییەکان لە کەرکوک و موسڵ دەبێت لە ڕێگای دوو پارێزگاراو بە بەشداری ئەفسەرانی ڕامیاری ئینگلیز و فەرمانبەرانی کوردە وە بێت. بەڵام کۆلۆنێل لۆرانس لەدژی ملکەچکردنی کوردی باشووری کوردستان بوو بۆ دەسەڵاتی (حکومەتی عارەبی)، سەرەڕای ئەوەی کە هەوڵەکانی بۆ بەدیهێنانی ئەوەیە. ئەو بەپێچەوانەوەی کۆکس و بیل پێی وابوو، کە پارێزگارێک بەسە بۆ بەڕێوەبردنی باشووری کوردستان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ناوبراو دژی دابەشکردنی بەڕێوەبەرێتی کوردستان بووە).

بەگوێرەی بۆچوونەکانی سێر پێرسی کۆکس و کۆلۆنێل تۆماس ئێدوەرد لاورانسی ناسراو بە لۆرانسی عارەب، نەک تەنیا پارێزگای موسڵ بەڵکو تەواوی خاکی سەر بە ویلایەتی موسڵ، خاک و نیشتمانی کوردن، چونکە ئەوان هەردووکیان تەواوی شارەکانی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بە پارێزگای کوردی دادەنێن و، یەکێکیان داوا دەکات دوو پارێزگار بۆ ناوچەکانی موسڵ و کەرکوکی کوردی دابنرێن و، ئەوەی تریشیان پێی وایە یەک پارێزگار بۆ بەڕێوەبردنی تەواوی شارەکانی کوردستان بە کەرکوک و موسڵ-یشەوە بەسە. هەروەها دکتۆر حامد محەمەد عیساش، کاتێک کە دەنووسێت لۆرانس دژی دابەشکردنی باشووری کوردستان بووە، کەواتە ئەویش شارەکانی موسڵ و کەرکوک بە دوو شاری سەر بە باشووری کوردستان دەزانێت.

ویکیپیدیا، ماڵپەڕی زانیارییەکان کە جۆرێکە لە ئینسکلۆپیدیا، لە بابەتی شەڕی (چاڵدێران)دا نووسیویێتی: (شەڕی چاڵدێران (چوارشەممە 2ی ڕەجەبی ساڵی 920ی

کۆچی بەرانبەر بە 23.8.1514ی زایینی) لە بەرەبەیاندا لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی بە سەرۆکایەتی سوڵتان سەلیم یاوزی یەکەم و دەوڵەتی سەفەوی بە سەرۆکایەتی شا ئیسماعیلی یەکەم ڕوویدا. شەڕەکە بە سەرکەوتنی هێزەکانی عوسمانی و دەست بەسەرداگرتنی شاری تەورێزی پایتەختی دەوڵەتی سەفەوی کۆتایی هات. عوسمانییەکان لەو شەڕەدا دەستیانگرت بەسەر ئەرمینیا و تەواوی شارەکانی کوردستانی وەکو ئامەد (دیاربەکر)، ماردین، موسڵ، شەنگال، حەسەنکێف، ئامێدی و بۆتان (جەزیرەی ئیبن عومەر). تا ئەو ڕادەیەی کە بەشی هەرە زۆری ناوچەکانی کوردی سەر بە ئێراق و ئێران کەوتنە ژێردەستی عوسمانییەکان).

چاڵدێران ناوچەیەکە دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای گۆمی ورمێ بە دیوی خاکی باکووری کوردستان (کوردستانی تورکیا). ئەوەی کە ویکیپیدیا بە زمانی عارەبی لەژێر ناوی (معركة جالديران)دا نووسیویێتی، مانای کوردبوون و کوردستانی بوونی شاری موسڵ و شارەکانی تریش دەگەیەنێت، چونکە ئەوماڵپەڕە بە ئاشکرا لە بابەتی (التوسع مابعد جالديران)دا ناوی شاری موسڵ و ئەوانەی تریشی وەکو شاری کوردستانی بردووە.

دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، لە لاپەڕە (391)ی پەرتووکی (کوردستان لە سەردەمی ئاشتیدا)، نووسیویێتی: (مسیۆ پیکۆی فەرەنسی لە ڕۆژی (19.1.1919)دا بروسکەیەکی (مارک سایکس)ی پێگەیشتووە کە سەرۆکی نێردراوی بەریتانییە .. تیایدا سایکس پێشنیاری دروستکردنی شانشینێکی کوردی دەکات، کە ئەو ناوچانەشی لەگەڵدابێ کە لەژێر سەرپەرشتیکردنی (ماندێتی) فەرەنسادایە .. ئەو بروسکەیە پێشنیاری ئەوەش دەکات، کە با ئەم میرنشینە کوردیە بکەوێتە ژێر سەرپەرشتیکردنی بەریتانیا وە .. بەڵام مسیۆ پیکۆ قایل نابێ بەم پێشنیازە).

ئەوەی کە مارک سایکسی سەرۆک وەزیرانی بەریتانی داوای دەکات، کوردبوون و کوردستانێتیی تەواوی شارەکانی سەر بە ویلایەتی موسڵ دەگەیەنێت، چونکە ناوبراو داوای دروستکردنی شانشینێکی کوردی دەکات بە مەرجێک ئەو ناوچانەشی لەگەڵدا بێت، کە لەژێر سەرپەرشتیکردنی فەرەنسا دایە، هەموو لایەکیش ئەوە باش دەزانێت کە ئەو ناوچە کوردییانەی کە دەبووایە بەگوێرەی پەیماننامەی سایکس

پیکۆ بخرێنە ژێر سەرپەرشتی فەرەنسا، بریتیبوو لە ویلایەتی موسڵ کە شارەکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە)ی دەگرتەوە.

دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، لە لاپەڕەکانی (402-403)ی پەرتووکی (کوردستان لە سەردەمی ئاشتیدا)، نووسیویێتی: (لە فەرمانگەی بەریتانی بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا (12.3.1919)دا، لە دیاریکردنی سنووری ناوچەی کوردستان، لە خاڵی حەوتەمدا هاتووە: ئەو کوردستانەی کە پێشنیازکراوە، لە باشوور و ڕۆژئاواوە ڕووباری دیجلە سنوورەکەیەتی).

بەگوێرەی ئەو بروسکەیەی فەرمانگەی بەریتانی، کەناری دەستە چەپی شاری موسڵ کە دەکاتە بەری خۆرهەڵاتی شار واتە نەینەوا، بەشێکی گرنگی خاکی کورد و کوردستانە، چونکە ئەوان سنووری خۆرئاوای کوردستانیان بە ڕووباری دیجلە داناوە. بەگوێرەی ئەم دەستنیشانکردنەش بەشێکی شاری موسڵ، کە کەناری دەستە چەپی ڕووباری دیجلە یان بەشی خۆرهەڵاتی شاری موسڵ واتە نەینەوا سەر بە باشووری کوردستانە.

جیرارد چاڵیاند، لە لاپەڕە (61)ی پێشوتاردا، کە لە لاپەڕەکانی (58-71) ئەو پێشوتارەی بۆ پەرتووکی (گەلێکی پەژمودەو نیشتمانی پەرت)ی کۆمەڵێک نووسەری سەر بە نەتەوەی جیاجیادا نووسیویێتی، دەڵێت: (لە ئێراقدا دوو ویلایەتی بەغداو بەسرا پاش بڕانەوەی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ئیمپراتۆری عوسمانی داپچڕان و، پاشان بەریتانیا کە سەرپەرشتکاری (ماندێتی) ئێراق بوو، کە بە کانە نەوتەکەیانیان زانی، ویلایەتی موسڵ-ی کوردیشیان هێنایە سەر).

ئەوەی کە جیرارد چاڵیاند نووسیویێتی، کوردبوون و کوردستانیی بوونی تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) دەگەیەنێت، چونکە ناوبراو ویلایەتی موسڵ بە ویلایەتێکی کوردی ناودەبات، مادامیش ویلایەتەکە ویلایەتێکی کوردی بێت، کەواتە تەواوی شارەکانی ئەو ویلایەتە شاری کوردیی و سەر بە خاکی کوردستانن.

عەبدوڵڵا قەرەداغی ناسراو بە مەلا عەلی، لە لاپەڕەکانی (149–150)ی پەرتووکی (کورد لە سەرچاوە مێژووییەکاندا)، نووسیوێتی: (ئسترابۆن: زانای جوگرافیای یۆنانی کە لە سەرەتای مێژووی زاییینیدا ژیاوە نووسیویەتی، بەشی ڕۆخی ڕووباری دیجلە لە نەتەوەی (کردین Krdin) کە لە ڕەگەزی نەتەوەی (کاردون)، دانیشتوانیان خاوەنی شار و قەڵای بەهێزن، ئەو جێگەیەی ئسترابون باسیکردووە ناوچەی ئامەد (دیاربەکر)و موسڵ–ی ئێستا بووە).

بەگوێرەی ئەو دیاریکردنەی سنووری نیشتمانی کورد و خاکی کوردستان لە لایەن ئسترابۆنی جوگرافیناسی یۆنانی، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە خاکی کوردستانە، چونکە زانای ناوبراو کەنارەکانی ڕووباری دیجلە بە خاکی کورد ناودەبات، کەواتە شاری موسڵ بە هەردوو بەشیەوە، شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە، لەبەر ئەوەی موسڵ دەکەوێتە سەر هەردوو کەناری دەستە چەپ و دەستە ڕاستی ڕووباری دیجلە.

جەرجیس فەتحوڵڵا، لە لاپەڕە (524)ی پەرتووکی (وریا بوونەوەی کورد مێژوویێکی سیاسی 1900–1925)دا بە زمانی عارەبی و لاپەڕەکانی (579–580)ی بەرگی دووەمی بە زمانی کوردی، نووسیوێتی: (هەروەها بڕوانە (سوریە: 1726) سەبارەت بە سنووری دیجلە و هەلومەرجی موسڵ. ڕەنگە بەگوێرەی پێناسەکەی (مالیە: الکون 1683) و نەخشە هاوپێچەکەی، شتێکی بە بایەخ بدۆزینەوە. ئەم موسڵ دەخاتە دیاربەکر و نەینەواش لە کوردستان).

ئەو پێناسەیەی کە (مالیە) بۆ کوردستانی کردووەو ئەو نەخشەیەی کە بۆ کوردستانی کێشاوە، شاری موسڵ بە تەواوی واتە هەردوو کەنارەکەی دەستە ڕاست کە دەکاتە موسڵ و کەناری دەستە چەپیش کە دەکاتە نەینەوا بەشێکن لە خاکی کوردستان و نیشتمانی کورد، چونکە ناوبراو نەینەوا بە شارێکی کوردستان ناودەبات و، شاری موسڵ–یش دەخاتە ناو دیاربەکر کە ئەویش شارێکی کوردیی و بەشێکی کوردستانە.

دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، لە لاپەڕە (95)ی پەرتووکی (کوردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى)دا نووسیوێتی: (دێڤید لۆید جۆرج، سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا

سەبارەت بەدەست هەڵگرتنی فەرەنسا لە ویلایەتی موسڵ بۆ بەریتانیا، دەڵێت: (کاتێک کە کلیمانسۆ دوای شەڕ هاتە لەندەن ، پرسیاری ئەوەی لێکردم کە بەتایبەت چی لە فەرەنسا دەخوازم، یەکسەر وەڵامم دایەوە کە دەمەوێت ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر ئێراق، کلیمانسۆ بەبێ هیچ گفتوگۆو کێشەیەک داواکەمی پەسندکرد).

سەرەتا کلیمانسۆی سەرۆک وەزیرانی فەرەنسی لە مانگی دیسێمبەری ساڵی (1918)دا بوو کە سەردانی لەندەنی کردووە، پاشانیش قسەکانی سەرۆک وەزیرانی بەریتانی دێڤید لۆید جۆرج دەریدەخەن کە ویلایەتی موسڵ نە بەشێک بووە لە خاکی ئێراق و نە هیچ پێوەندییەکی بە عارەبەوە هەبووە، چونکە ناوبراو داوادەکات کە ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر ئێراق، خۆ ئەگەر بەشێک بوایە لە ئێراق پێویستی نەدەکرد، سەرۆک وەزیرانی بەریتانی ئەو داوایەی بکردایە!

محەمەد ڕەسوڵ هاوار، لە لاپەڕە (483–484)ی بەرگی دووەمی پەرتووکی (شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروری کوردستان)دا، نووسیوێتی: (مێجەر نۆئیلی ڕاوێژکاری ڕامیاری شێخ مەحمود، لە ڕێکەوتی (10.10.1922)دا نامەیەکی بۆ (بۆرد دیلیۆن)ی سکرتێری کۆمیسیاری باڵای بەریتانی (سێر پێرسی کۆکس) نووسیوە، کە نۆئیل نووسیوێتی: وای بۆ دەچم بڕیاری ئەوە درابێ کە کورد، پێی خۆش یا ناخۆش بێ، دەبێ بەهەموو جۆرێ خوارووی کوردستان بخرێتە سەر ئێراق و لەژێر دەسەڵاتی ئێراقدا بێ. جارێکی تریش دووبارەی دەکەمەوە کە کورد نابێ بخرێتە ناو ئێراق. ئەگەر کەرکوک بکرێ بە ناوچەی هەڵبژاردن بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی دامەزرێن، مانای وایە بە کوردەکان بوترێ بە ئاشکرا بڕیاردراوە کەرکوک بخرێتە سەر ئێراق).

ئینگلیزەکان لە لایەک پێشنیازەکانی (مێجەر نۆئیل)یان بەهەند وەرنەگرت و باشووری کوردستانیان بەزۆر بە ئێراقەوە لکاند، لە لایەکی تریشەوە لەبری سەلماندنی مافەکانی گەلی کوردستان، هەردوو سوپای بەریتانیا و ئێراق بە تۆپبارانکردنی شاری سلێمانی و شارۆچکەو دێهاتەکانی کوردستان وەڵامی داواکارییەکانی کوردیان دایەوە. وە ئەوەی کە لە نامەکەی مێجەر نۆئیلدا هاتووە، دەیسەلمێنێ کە نە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) و نە شاری کەرکوک هیچ پێوەندییەکیان بە ئێراق و بە عارەبەوە نەبووە، چونکە نۆئیل سەرسوڕمانی

خۆی لەوە دەربڕیوە، کە ئەگەر بێتوو کەرکوک هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دامەزراندنی ئێراقی تیادا بکرێت، کە بە بۆچوونی ئەو پێویست ناکات، کەواتە کەرکوک و باشووری کوردستان خراوەتە سەر ئێراق بۆیە هەڵبژاردنی تێدا ئەنجام دەدرێت! هەروەها ئەوەی کە مێجەر نۆئیل باسی دەکات کە باشووری کوردستان دەخرێتە سەر ئێراق (ویلایەتی موسڵ) بوو، کەواتە باشووری کوردستان و ویلایەتی موسڵ دوو زاراوەن بۆ یەک خاک و نیشتمان کە خاکی کورد و نیشتمانی کوردانە بەکاردێن.

ڕێنیە موریس، لە لاپەڕەکانی (124–125)ی پەرتووکی (کوردستان یان نەمان)دا، نووسیویێتی: (عەقید بەدرەدین عەلی مستەفا)، پارێزگاری پێشووی هەولێر بوو، ناوەندی ئەم پارێزگایە دەکەوێتە بەردەمی چیاکانی کوردستانە وە. بەدرەدین عەلی بەوپەڕی توندوتیژییەوە کاری داپڵۆسین و سەرکوتکردنی ئەنجام دەدا، لەوانە فەرمانی تەختکردنی سێ گوندی داو لەگەڵ زەوی یەکسانی کرد. هەروەها بێ دادگاییکردن فەرمانی گوللەبارانکردنی دە پیاوماقوڵی دەرکرد. کوردیش فەرمانی کوشتنیان بۆ دەرکردو سەرەتای ئەمساڵ دەقی فەرمانەکە لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان–ەوە ڕاگەیەنرا. بەدرەدین بۆ پاراستنی ژیانی خۆی، بە پەلە خۆی گەیاندە بەغدا. پاش چەند ڕۆژێک پێشمەرگە لەناو ماڵەکەی خۆیدا لە بەغدا کوشتیان. لە ئەنجامی ئەو کارەدا لە ناوەندە کوردییەکانی پایتەخت و، کەرکوک و موسڵ هەڵمەتی ڕەشبگیری کوێرانە دەستپێکرد، لەناو ئەم گیراوانەدا ژەنەڕاڵ فوئاد عارف کە پێشتر لە حکومەتی ئیئتیلافی نیشتمانی پاش ڕوخانی قاسم وەزیری دەوڵەت بوو).

ئەوەی ڕێنیە موریس ئاماژەی پێکردوە، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو ناوی هەر یەک لە شارەکانی هەولێر، موسڵ و کەرکوکی وەکو سێ ناوەندی کوردی ناوبردووە. لە کاتێکدا کە هەر سێ شاری هەولێر، کەرکوک و موسڵ، سێ ناوەندی کوردی بن، کەواتە هەر سێ شاری موسڵ، هەولێر و کەرکوک سێ شاری کوردی و سەر بە خاکی کوردی (باشووری کوردستان)ن. هەروەها بۆ زانیاری زۆرتر سەبارەت بە کوژرانی بەدرەدین عەلی، بەدرەدین عەلی لە ڕێکەوتی (7.12.1970)دا لەناو شاری بەغدا کوژرا؛ سەرچاوە: ئیبراهیم جەلال، خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول بنیاتنان و هەڵتەکاندن

1961-1975، ل318). بەدرەدین عەلی، لە ڕێکەوتی (7.12.1970)دا لەلایەن دوو کەس بە ناوەکانی (شێخ محەمەد سەید عەلی و شێخ لەتیفی ئامۆزای کوژرا؛ سەرچاوە؛ (ناڵە حەفید، کورد میللەتێکی بێ کۆنتراکت، ماڵپەڕی کوردستانپۆست).

لە لاپەڕەکانی (94+101)ی پەرتووکی (کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا)دا، نووسراوە: (کۆمەڵەی نەتەوەکان لە 26/دیسامبەری/1925دا ویلایەتی موسڵی دایە ئێراق (ل94). دانانی میر فەیسەڵ بە پاشای ئێراق لە (23.8.1921)دا کە فەرەنسییەکان لە دیمەشق وەدەریان نابوو، کۆمەڵێک گیروگرفتی نایەوە، ئەمە جگە لە گیروگرفتی شاری موسڵ کە درابوو بە حکومەتی پاشایی ئێراق، چونکە لە لایەکەوە تورکەکان داوایان دەکردەوەو لە لایەکی ترەوە کوردەکان دەیانویست بۆ دابینکردنی داخوازییەکانی خۆیان لەژێر دەسەڵاتی خۆیاندا بیهێڵنەوە، بەشێوەیەکی گشتی تێکڕای ئەم پرسانە، کۆمەڵێک کێشە و گیروگرفتیان لە ناوچەکەدا هێنابووە ئاراوە - ل101).

بەگوێرەی ئەوەی کە لە (کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا) هاتووە، تەواوی شارەکان و خاکی ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵ-یشەوە، شاری کوردیی و خاکی سەر بە باشووری کوردستانن، چونکە ئینسکلۆپیدیاکە باسی ئەوە دەکات کە کۆمەڵەی نەتەوەکان ویلایەتی موسڵی دایە ئێراق. بەکارهێنانی دەستەواژەی (دایە ئێراق)، ئەوە دەگەیەنێت کە ویلایەتی موسڵ نە هی عارەب و نە سەر بە ئێراق بووە. بەهەمان شێوە بەکارهێنانی دەستەواژەکانی (شاری موسڵ کە درابوو بە حکومەتی پاشایی ئێراق)و (کوردەکان دەیانویست (شاری موسڵ) بۆ دابینکردنی داخوازییەکانی خۆیان لەژێر دەسەڵاتی خۆیاندا بیهێڵنەوە)، لە لایەک مانای کوردبوون و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، لە لایەکی تریشەوە پێوەندی نەبوونی شاری موسڵ بە عارەب و بە ئێراقەوە دەگەیەنێت.

شۆڕش حاجی، لە لاپەڕە (30)ی پەرتووکی (تەعریبی کەرکوک سیاسەتی تەعریب لە دووتوێی هەشتا بەڵگەنامەدا) و، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (95)ی پەرتووکی (الموسوعة العربية العالمية، مؤسسة أعمال الموسوعة للنشر و التوزيع، المملكة العربية السعودية، الجزء 19، الطبعة الاولى، 1996، ص421)دا، نووسیویێتی: (لە

یاداشتێکی نهێنیی دوورو درێژی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە (21.11.1918)دا بە ئاشکرا نووسراوە، کە کوردستانی ئێراق تا ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە و خوارووی چیای حەمرین (کێوە سوور) درێژ دەبێتەوە).

ئەوەی کە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی ئاماژەی پێکردووە، بەڵای کەمەوە کورد بوون و کوردستانیی بوونی بەری دەستە چەپی ڕووباری دیجلە واتە بەشی خۆرهەڵاتی ڕووباری دیجلە، کە دەکاتە شاری نەینەوا دەسەلمێنێت.

لە لاپەڕە (41)ی پەرتووکی (دەقەکانی کۆنگرەی سێڤرە و خوێندنەوەیەکی تر)دا، نووسراوە: (چەرچڵ بروسکەی بۆ سەرکردە سەربازییەکان کرد لە سەرووی بەغداو پێش ئەوەی بگەنە چیای حەمرین، ووتی: لەو سنوورە بە سەرەوە ئێراق نییەو کوردستانە. هەر لەسەر هەمان بنچینەدا (چەرچڵ) لە کۆنگرەی قاهیرەی (24.3.1921)دا داواکەی پرسی کۆکس و مس بێل و ئارنۆڵد ویلسۆنی ڕاگرت سەبارەت بە لکاندنی باشووری کوردستان بە ئێراق بەپێی ئەو مادەیەی سێڤرە و بەپێی نەخشەی ئیسلامی و نائیسلامی و بەپێی نەخشەی ویلایەتەکانی عەباسی کە (ئێراقی دیاریکردووە)، بەپێی نەخشەی عوسمانی (1893)، بەپێی گەڕیدەو (معجم البلدان، سیاحەتنامەو ئینسکلۆپیدیای عوسمانی و زۆر سەرچاوەی تر)، ویلایەتی موسڵ و بە سەدان کیلۆمەتر لە خوارووی موسڵ و کەرکوک کوردستانی بووە، لەدوای سێڤرە و لەگەڵ بە دەوڵەت نەبوونی کوردستان و بە دەوڵەت بوونی ئێراق، سوریا و تورکیا (لە سەرەتای سەدەی بیست) لە سەر دەستی بەریتانیا و فەرەنسا و تا ئێستاش ئەو سنوورەی کوردستان هەروا تەسک دەکرێتەوە، وەک ئەوەی ئێستا لە موسڵ ڕوودەدا و کەرکوکیش وا کەوتووەتە جێناکۆک و ململانێ).

بەگوێرەی قسەکانی وینستۆن چەرچڵی وەزیری وڵاتانی کۆلۆنیاڵی بەریتانی بۆمان دەردەکەوێت کە ناوبراو، هەر یەک لە شارەکانی موسڵ و کەرکوک بە دوو شاری کوردی و سەر بە خاکی باشووری کوردستان دادەنێت، لەبەر ئەوەی ناوبراو کۆمەڵێک نەخشەو پەرتووک وەکو سەرچاوە بۆ پشت ڕاست کردنەوەی قسەکانی دێنێتەوە، کە لە هەموویاندا موسڵ و کەرکوک دەکەونە ناو سنووری باشووری کوردستان نەک ئێراقی عارەبی.

دکتۆر ڕێبوار خنسی، لە لاپەڕە (39)ی پەرتووکی (الملف النفطي في العراق)داو، بە پشت بەستنی بە (دکتۆر محەمەد سەعید ئەلئوبتی، ثورة 14 تموز وعبدالكريم قاسم في الوثائق العربية)دا، نووسیوێتی: (بەرژەوەندی کۆمپانیاکانی نەوتی بەریتانی بە دامەزراندنی ڕژێمی کۆماری لە ڕێکەوتی (14.7.1958)دا کۆتایی پێهات. بۆیە لە نامەیەکی بالوێزخانەی بەریتانی بە ڕێکەوتی (18.7.1958)دا هاتووە: (ئەو ڕووداوانە لەوانەیە ببێتە هۆی وروژاندنی پرسی موسڵ، هەروەها وا چاوەڕوان دەکرێت کە کوردەکان داواکارییەکانیان فراوان بکەن و داوای کەرکوک و چاڵگە نەوتیەکانی بکەن، کە لە کەرکوک نزیکەی (20.000) دانیشتوان نیشتەجێن کە دەگەڕێنەوە سەر ڕەگەزی تورکی، لەوانەشە تورکیا و ئێران بەرەو کوردستانی ئێراق بێن و لەنێوان خۆیاندا دابەشی بکەن، کە تورکیا هەرێمی موسڵ و کەرکوکی نەوتی بۆخۆی ببات و ئەو ناوچە کوردیانەی کە دەمێنێتەوە بۆ ئێرانی جێبهێڵێت).

ئەوەی کە باڵوێزخانەی بەریتانی ئاماژەی پێکردووە، کوردبوون و کوردستانیی بوونی هەردوو شاری موسڵ و کەرکوک دەگەیەنێت، چونکە باڵوێزخانەی بەریتانی ناوی هەردوو شاری موسڵ و کەرکوکی وەکو دوو شاری سەر بە کوردستانی ئێراق بردووە. هەروەها باڵوێزخانەی بەریتانی باسی ئەوەشی کردووە کە ژمارەی تورکمانەکان لە ساڵی (1958)دا لە کەرکوک نزیکەی بیست هەزار کەسێک بووە.

سێر ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆنی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغدا (لەنێوان ئەپریلی ساڵی 1918–4.10.1920)دا، لە لاپەڕە (255)ی بەشی سێیەمی پەرتووکی (بلاد مابين النهرين بين ولاءين خواطر شخصية وتأريخية)دا، نووسیوێتی: (گیروگرفت و کۆسپەکانمان لەم ناوچەیەدا (باشووری کوردستان/ویلایەتی موسڵ) ڕوویان لە زیادی کردو سەختتر بوون، لەبەر ئەوەی لە تواناماندا نەبوو بڕیارێک سەبارەت بە دوارۆژی ویلایەتی موسڵ یان باشووری کوردستان بدات. میری خاوەنشکۆ (میری بەریتانی) بێدەنگی هەڵبژاردبوو سەبارەت بەم پرسە. بەهەر بیانۆیەک بێت، پەسندی ئەوەی نەکرد هیچ بڕیارێک سەبارەت بەو بابەتە دەرچێت).

بەگوێرەی بۆچوونی کۆمیسیاری بەریتانی لە بەغدا سێر ئارنۆڵد ویلسۆن، شاری موسڵ خاکی کورد و شارێکی کوردییەو دەکەوێتە ناو سنووری باشووری کوردستان، چونکە کۆمیسیاری ناوبراو ویلایەتی موسڵ و باشووری کوردستان بە

یەک خاک و یەک نیشتمان ناودەبات. مادام باشووری کوردستان و ویلایەتی موسڵ هەر یەک خاک بن، کەواتە شارەکانیشیان هەر یەکن، بەمەش شاری موسڵ شارێکی کوردیی و پارچەیەکە لە خاکی باشووری کوردستان.

عەبدولڕەزاق مەحمود ئەلقەیسی، کە پێداچوونەوەو لێکۆڵینەوەی بۆ پەرتووکی (ولاية الموصل تقرير عصبة الأمم الخاصة بحل النزاع التركي – البريطاني حول ولاية الموصل 1924–1925)دا کردووە، لە لاپەڕە (77)ی پەرتووکەکەدا هاتووە: (یاداشتەکانی تورکی ئاماژەیان بە ئینسکلۆپیدیای بەریتانی و ئینسکلۆپیدیای فەرەنسی گەورە داوە. ئەو پێناسانەی کە لەناو دوو ئینسکلۆپیدیاکەدا هاتووە، تەواو ڕێکن لەگەڵ ئەو پێناسانەی کە لەنێو چەندان پەرتووکدا هاتووە، کە لەژێر ڕێنمایی هۆبەی مێژوویی سەر بە وەزارەتی دەرەوە لە ساڵی (1920)دا ئامادەکراون (المجلة 11، بەشی 63، میسۆپۆتامیا، کە تیایدا هاتووە بەشێوەیەکی بنبڕ (ئێراق) بریتییە لە میسۆپۆتامیای خواروو (وڵاتی نێوان دوو ڕووبار) نەک تەواوی میسۆپۆتامیا، کە زۆر بەڕوونی میسۆپۆتامیای خواروو (وڵاتی نێوان دوو ڕووبار) لە میسۆپۆتامیای سەروو جیاکردۆتەوە. کە میسۆپۆتامیای سەروو جگە لە جەزیرە هەر یەک لە موسڵ، کفری، کەرکوک، هەولێر، سلێمانی و ڕانیە دەگرێتەوە (لاپەڕەکانی 2، 3، 4، 13، 14، 15).

بەگوێرەی هەردوو ئینسکلۆپیدیای بەریتانی و فەرەنسی دەردەکەوێت کە میسۆپۆتامیای خواروو (ئێراق/ ویلایەتەکانی بەغداو بەسرا) جیابووە لەگەڵ میسۆپۆتامیای سەروو (باشووری کوردستان/ویلایەتی موسڵ) و هیچ پێوەندییەکیان بەیەکەوە نەبووەو دوو خاکی دوو نەتەوەی جیاواز لەیەکتر بووینە. هەر بەپێی زانیارییەکانی ناو ئەو دوو ئینسکلۆپیدیایە شارەکانی موسڵ، کەرکوک، سلێمانی و هەولێر سەر بە میسۆپۆتامیای سەروو (باشووری کوردستان/ویلایەتی موسڵ) بووینە، کەواتە ئەو شارانە شاری کوردیش بووینە.

ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ، لە لاپەڕە (214)ی پەرتووکی (العراق الحديث من سنة 1900 الى سنة 1950)دا، نووسیوێتی: (کاتێک کە کوردەکان لە پارێزگاکانی موسڵ،

كەركوك و سلێمانی ئامادەنەبن بۆ ئۆتۆنۆمی بەشێوەیەكی زۆر ڕوون، بۆیە بوونیان لەچوارچێوەی دەوڵەتێكی عارەبیدا سەریەشەیان بۆ دروست دەكات).

ئەوەی كە ستیڤن لۆنگریگ نووسیوێتی، دانپێدانانێكی ناڕاستەوخۆیانەیە بە كوردێتیی و كوردستانێتیی شارەكانی موسڵ، كەركوك و سلێمانی، چونكە ئەو باسی ئۆتونۆمییەك دەكات بۆ هەر سێ پارێزگاكە، كاتێكیش ئەو تایبەتمەندییە دەداتە ئەو سێ پارێزگایە، كەواتە پارێزگاكانی موسڵ، كەركوك و سلێمانی جیان لە پارێزگاكانی تری ئێراقی، چونكە خاك و نیشتمانی كوردن.

ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ، لە لاپەڕە (257)ی پەرتووكی (العراق الحديث من سنة 1900 الى سنة 1950)دا، نووسیوێتی: (دوای شكستهێنانی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە سەرەتای ساڵی (1925)دا، كۆمەڵێك كوردی زۆر لە سەرەتای ساڵی (1926)دا لە سنوور پەڕینەوەو پەنایان بۆ ئێراق یان ویلایەتی موسڵ هێنا. ئەو كێشەیەی كە ڕووبەڕووی حكومەتی ئێراقی بووەوە لە ئەنجامی پەناهێنانی ئەو خەڵكانە، ئێراق حەزی لێنەدەكرد، كە كێشەیەكی ئاڵۆزو مەترسیدار بوو. بەشێوەیەكی گشتی تێڕوانینەكان لەو كاتەدا بۆ ناوچەی كوردی لە ئێراق، تێڕوانینێكی گونجاو بوو. لەبەر ئەوەی ڕاپەڕینەكانی كوردستانی توركیا كاریگەریان لە كوردەكانی ئێراق نەكردبوو. هەر چوار پارێزگا كوردییەكە ئارام بوون، جگە لە ناوچەیەكی بچووكی پارێزگای سلێمانی كە دەكەوێتە سەر سنووری وڵاتی فارس).

هەرچەندە زۆربەی هەرە زۆری و دەتوانم بڵێم هەموو كاربەدەست و ئەفسەرە بەریتانییەكانی دەسەڵاتی ماندێت لە ئێراق و باشووری كوردستاندا، هەر لە ساڵی (1918–1958)دا، لە بەرژەوەندی عارەب و حكومەتی عارەبیدا كاریانكردووە، نەك هەر ئەوە بەڵكو زۆر بێویژدانیشیان لە بەرانبەر كورددا كردووەو، هەم خاكی كورد و هەم شارە دەوڵەمەند بە نەوت و كانە سروشتییەكانیان بە شارو خاكی عارەب ناوبردووە. سەرەڕای هەموو ئەوانەش جارجار فەڵتەیەكیان داوەو ناڕاستەوخۆ ڕاستییەكانیان وتووە هەروەكو ئەوەی سەرەوە كە ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ باسیكردووەو دەڵێت: (هەر چوار پارێزگا كوردییەكە ئارام بوون، جگە لە ناوچەیەكی بچووكی پارێزگای سلێمانی). ئەگەر بێتوو ئێمە چوار پارێزگا كوردییەكە بژمێرین، جگە لە سلێمانی، كەركوك، هەولێر و موسڵ هیچ پارێزگایەكی تر شك نابەین،

هەرچی سەبارەت بە پارێزگای دهۆکە ئەوە بۆ یەکەم جار بە بڕیاری ژمارە (211)ی بەناو (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش)، لە ڕێکەوتی (27.5.1969)دا لە هەر یەک لە قەزاکانی (دهۆک، زاخۆ، ئامێدی، ئاکرێ و شارەدێی مزوری)، کە بەشێک بوون لە پارێزگای موسڵ، پێکهێنا – سەرچاوە: (الاستاذ الدکتور خلیل إسماعیل محمد، الدکتور محمد عبدالله عمر، سیروان کاکەیي و محمود حاجي، سیاسة التعریب في أقلیم کوردستان العراق، ص40). بۆیە دەڵێین بەگوێرەی قسەکانی ستیڤن لۆنگریگ هەم شاری کەرکوک و هەم شاری موسڵ دوو شاری کوردی و سەر بە باشووری کوردستانن. دڵنیاشم لەوەی ئەگەر وەرگێڕی عارەبی سەلیم تەها تکریتی هەستی بەوە بکردایە، ئەوە هەرگیز ئەوەی وەرنەدەگێڕاو لای دەبرد، هەروەکو چۆن دەستەواژەی (موسڵ دەکەوێتە ناو نیشتمانیی کوردان)ی لە پەرتووکەکەی گەڕیدەی هۆڵەندی، دکتۆر لیونارد ڕاوۆڵف لاداوە – سەرچاوە: (دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی، (الحیاة الحزبیة في الموصل 1926–1958)، ل25+32). من خۆشم سەیرێکی تەواوی وەرگێڕدراوە عارەبییەکەی سەلیم تەها ئەلتکریتیم کردووە، کە ناوبراو لە ساڵی (1977)دا پەرتووکەکەی گەڕیدەی هۆڵەندی (دکتۆر لیونهارت (لیونارد) ڕاوۆڵف)ی لەژێر ناوی (رحلة المشرق الى العراق و سوریا و لبنان و فلسطین للرحالة الهولندي الدکتور لیونهارت راوولف)دا وەرگێڕاوەو، بەشی پازدەهەمی لە لاپەڕەکانی (192–206) بۆ موسڵ تەرخانکردووە، بەڵام وەرگێڕ ئەم دەستەواژەیەی لادراوە! بەڵام مێژوونووسی ئێراقی عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی، لە لاپەڕە (254)ی پەرتووکی (العراق قدیما و حدیثا في الطبعة الثانیة)دا، بە دەستپاکی تەواوی قسەکانی گەڕیدەی هۆڵەندی (لیونهارت راوولف)ی بەمشێوەیە وەرگێڕاوە: (هاتینە ناو شاری موسڵ، دوای ئەوەی کە بەهۆی چەند بەلەمێکەوە لەسەر پردێک پەڕینەوە ... موسڵ دەکەوێتە ناو نیشتمانی کوردەکان). هەروەها ستیڤن لۆنگریگ ئێراقی لە ویلایەتی موسڵ جیاکردۆتەوە کاتێک کە دەڵێت: (دوای شکستهێنانی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە سەرەتای ساڵی (1925)دا، کۆمەڵێک کوردی زۆر لە سەرەتای ساڵی (1926)دا <u>لە سنوور پەڕینەوەو پەنایان بۆ ئێراق یان ویلایەتی موسڵ هێنا</u>). کاتێکیش کە ویلایەتی موسڵ جیابێت لە ئێراق، بۆ دەبێت شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) نەبێت؟

ڕۆژهەڵاتناسی ڕوسیا هاوچەرخ ئەلبێرت میخائیلۆڤیچ منتیشاشڤیلی، لە لاپەڕە (115)ی پەرتووکی (العراق في سنوات الأنتداب البريطاني)دا، نووسیویێتی: (شاری موسڵ، وەکو پایتەختی یەکێک لە هەر سێ ویلایەتەکە (ویلایەتەکانی موسڵ، بەغداو بەسرا)، کەمترین کاریگەری بزووتنەوەی نەتەوەیی گەشەکردووی (بزووتنەوەی نەتەوەیی عارەبی) لەسەربوو، ئەمەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە کە یەکەمیان بوونی ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگرانی ڕژێمی پێشوو، کە کەوتبوونە ژێر کاریگەری زانایانی ئایینی سوننە، هەروەها دووەمیان جۆراوجۆری پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانەکەی، کە زۆربەیان کورد بوون).

ئەوەی کە ڕۆژهەڵاتناسی ڕوسیا میخائیلۆڤیچ منتیشاشڤیلی نووسیویێتی، دەریدەخات کە شاری موسڵ شارێکی کوردیی و بەشێکە لە وڵاتی کورد و خاکی کوردستان، چونکە ناوبراو زۆربەی زۆری دانیشتوانی ناو شاری موسڵ بە کورد دادەنێت.

ڕۆژهەڵاتناسی ڕوسیا ئەلبێرت میخائیلۆڤیچ منتیشاشڤیلی، لە لاپەڕەکانی (118–119)ی پەرتووکی (العراق في سنوات الأنتداب البريطاني)دا، نووسیویێتی: (لە مانگی ئایاری ساڵی (1913)دا لە شاری بەسرا خۆنیشاندانێک لەدژی یاسای نوێی ویلایەتەکان سازدرا. وەزیری شەڕی تورکیا ویستی هێزێک بۆ بەسرا بنێرێت، بەڵام دۆخی شلەژاوی کوردستانی ئێراق (لە ناوچەکانی موسڵ و کەرکوک)، ڕێگەی بەدیهێنانی ئارەزووی وەزیری ناوبراوی نەدا).

ئەوەی کە لە سەرەوەدا ئەلبێرت منتیشاشڤیلی باسیکردووە، بەبێ هیچ گومانێک کوردبوون و کوردستانیی بوونی تەواوی پارێزگاکانی هەریەک لە موسڵ و کەرکوک دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی ناوبراو هەردوو پارێزگای موسڵ و کەرکوکی وەکو دوو ناوچەی سەر بە کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان) ناوبردووە.

دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، لە لاپەڕەکانی (70–71)ی پەرتووکی (الحركة القومية الكوردية التحررية دراسات ووثائق)دا، بە پشت بەستن بە یاداشتی عەمیدی ڕوکنی یەکەمی هێزی ئاسمانی هێزەکانی بەریتانی لە ئێراق بۆ کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغدا، بەژمارە (هێزی ئاسمان 411/23 بەشی 1 إكس / أم 4583)،

ڕێکەوتی (19.3.1926)، کە لە بنکەی پاراستنی بەڵگەنامەکان ژمارە (17)ی دراوەتێ، لە خاڵی دووەمی ئەو یاداشتەدا هاتووە: (ڕاستە بۆچوونی کوردی تەمومژاوی و تاڕادەیەک ناڕێکە، بەڵام دیارە کە دەستەیەکی زۆرتر توندو خاوەنی بەرنامەیەکی زۆرتر کردەیی میانڕەون. ڕاستە ئەو دەستەیە داوای چوار پارێزگا کوردییەکە دەکەن، بەڵام لەدژی ئەوە نین کە ببن بە بەشێکی ئەو دەوڵەتە عارەبییەی ئێستاکە).

ئەوەی کە ئەفسەرە پلەبەرزەکەی هێزی ئاسمانی بەریتانی لە ئێراق لە یاداشتەکەیدا بۆ کۆمیسیاری باڵا سەبارەت بە چوار پارێزگا کوردییەکە باسیکردووە، تەنیا یەک شت دەگەیەنێت، ئەویش ئەوەیە کە چوار پارێزگا کوردییەکە بریتین لە (سلێمانی، کەرکوک، هەولێر و موسڵ)، چونکە لەو سەردەمدا هیچ پارێزگایەکی تری کوردی نەبووە جگە لەو چوارەی کە لە سەرەوەدا ناویان هاتووە، خۆ هەرچی سەبارەت بە پارێزگای دهۆک-یشە، پێشتریش لە سەرەوەدا ئاماژەمان پێیدا کە پارێزگای دهۆک بۆ یەکەم جار بە بڕیاری ژمارە (211)ی بەناو (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش)، لە ڕێکەوتی (27.5.1969)دا لە هەر یەک لە قەزاکانی (دهۆک، زاخۆ، ئامێدی، ئاکرێ و شارەدێی مزوری) دامەزرا، کە پێشتر بەشێک بوون لە پارێزگای موسڵ – سەرچاوە: (الاستاذ الدکتور خلیل إسماعیل محمد، الدکتور محمد عبدالله عمر، سیروان کاکەیي و محمود حاجي، سیاسة التعریب في أقلیم کوردستان العراق، ص40). بۆیە ئەو ئەفسەرە پلەبەرزەی هێزی ئاسمانی بەریتانی هەم شاری موسڵ و هەم هەر سێ شارەکانی تری (کەرکوک، هەولێر و سلێمانی) بە تەواوی قەزاو شارۆچکەکانییەوە، بە نشتمانیی کورد و بەشێک لە خاکی باشووری کوردستان دادەنێت.

میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، دکتۆر مانڤێل ئارسێنۆڤیچ هەسرەتیان، شاکرۆ محۆی، ی. ی. فاسیلیفیاو ئەولگا میگالینا، لە لاپەڕە (62)ی پەرتووکی (مێژووی کوردستان)دا، نووسیویێتی: (شەڕی نەهاوەند کە لە ساڵی (642ز) ڕوویدا ئەم شەڕە تای تەرازووی لە بەرژەوەندی عارەبەکان شکاندەوە، کە عارەبەکان لەکاتی دەست بەسەراگرتنی (حەلوان، تکریت، دەینور، موسڵ و جەزیرە) ڕووبەڕووی بەرهەڵستییەکی توند بوونەوە لە لایەن کوردەکانەوە).

هاتنی میلیشیا داگیرکەرەکانی عارەبە ئیسلامییەکان بۆ سەر خاکی نەتەوەکانی ترو، بەرەنگاریکردنی توندی ئەوان لە لایەن کوردە وە لە شارەکانی (حەلوان، تکریت، دەینور، موسڵ و جەزیرە)، دەیسەلمێنێ کە دانیشتوانی ئەو شارانانەی لە سەرەوەدا ناویان هاتووە بە شاری موسڵ-ەوە، سەرجەمیان کورد بووینە بۆیە تەنیا ئاماژە بە ڕووبەڕووبوونەوەی کوردەکان کراوە لە بەرانبەر هێرشی عارەبە ئیسلامییەکان. بۆیە بەدڵنیایی دەڵێین لەو سەردەمەدا، شاری موسڵ شارێکی کوردی و سەر بە خاکی کوردستان بووە.

میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، دکتۆر مانڤێل ئارسێنۆڤیچ هەسرەتیان، شاکرۆ محۆی، ی. ی. فاسیلیفیاو ئەولگا میگالینا، لە لاپەڕە (73)ی پەرتووکی (مێژووی کوردستان)دا، نووسیویێتی: (پرۆسەی لاوازی سیاسی خەلافەت تەواوبوو وە لە سەدەی دەیەم هەرەسی هێنا بەهاتنی بنەماڵەی (دەیالمەی بوەیهییەکان) بۆسەر تەختی فەرمانڕەوایی. ئەوەبوو لە ساڵی (945ز) بوەیهییەکان دەستیان گرت بەسەر شاری بەغداو ئەوەی بۆ خەلیفە مایەوە تەنیا دەسەڵاتێکی روحی بوو. کە خەلافەت هەرەسیهێناو دەسەڵاتی ناوەندی لەناوچوو ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خەلافەت گۆڕا بۆ میرنشینی بچوک بچوک. ئەوەبوو بنەماڵەی (حەمدانیەی عارەب) دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەکانی کوردستان (موسڵ، جەزیرە، نەسیبین، شەنگال و میافارقین) سەپاند).

کاتێک کە فاسیلیفیا باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە یەکێک لە بنەماڵە عارەبەکان بەناوی بنەماڵەی حەمدانیە، دەسەڵاتی خۆی سەپاند بەسەر شارەکانی کوردستانی وەکو (موسڵ، جەزیرە، نەسیبین، شەنگال و میافارقین)، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو شارانەی کە نووسەری ناوبراو باسیکردوون، بە بۆچوونی ئەویش شاری کوردی و سەر بە خاکی کوردستانن.

میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، دکتۆر مانڤێل ئارسێنۆڤیچ هەسرەتیان، شاکرۆ محۆی، ی. ی. فاسیلیفیاو ئەولگا میگالینا، لە لاپەڕەکانی (79-80)ی پەرتووکی (مێژووی کوردستان)دا، نووسیویێتی: (سوپای هۆلاکۆ ساڵی (1259ز) لە ئازەربایجانەوە دەرچوون بەرەو سوریا کوشتارێکی گەورە ڕوویدا لەسەر خاکی

هەکاری. پاشان هێزەکان دەستیانگرت بەسەر جەزیرە، دیاربەکر، میافارقین و ماردین-دا. وە باس لە بەرگیری کوردەکانی موسڵ دەکرێت کە بەبێ ترس هاتنە دەرەوە بۆ شەڕکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی مەغۆلەکان).

کاتێک کە میلیشیای مەغۆلەکان بە سەرکردایەتی هۆلاکۆ هێرشی سەر شارەکانی جەزیرە، دیاربەکر، میافارقین، ماردین‌و موسڵ-یان کردووەو، باسی ئەوەکراوە کە کوردەکانی موسڵ بێترس بەرەنگاری مەغۆلەکان بووینەوە، بۆمان دەریدەخات کە سەرجەم دانیشتوانی شاری موسڵ کورد بووینە ئەگینا بۆ باسی بەرەنگاری عارەب، ئاشووری و تورکمانی نەدەکرد. کاتێکیش کە دانیشتوانی شاری موسڵ هەمووی کورد بێت، بەدڵنیایی شارەکە شارێکی کوردیی و سەر بە خاکی کوردستانە.

میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، دکتۆر مانڤێل ئارسێنۆڤیچ هەسرەتیان، شاکرۆ محۆی، ی. ی. فاسیلیفیاو ئەولگا میگالینا، لە لاپەڕە (137)ی پەرتووکی (مێژووی کوردستان)دا، نووسیویێتی: (لە ساڵی (1623-1624ز) هێزەکانی ئێران (فارس) دەستیانگرت بەسەر بەغداو هەموو ئێراقی عارەبی لەگەڵ هەردوو شاری موسڵ و بەسراو ئەوانی تریش).

فاسیلیفیا لە باسکردنی دەست بەسەرداگرتنی شارەکانی ئێراق و عارەب، شاری موسڵی لە ئێراق و عارەب جیاکردۆتەوە، کەواتە شاری موسڵ هیچ پێوەندییەکی نە بە عارەب و نە بە ئێراقەوە نییە، بۆیە بەدڵنیاییەوە دەڵێین شاری موسڵ هەم شارێکی کوردیی و هەم سەر بە باشووری کوردستانە.

میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، لە لاپەڕە (27)ی پەرتووکی (المسألة الكوردية 1917-1923)دا، نووسیویێتی: (گفتوگۆکردن سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستان سەرلەنوێ لەسەر خاکی ئەوروپا لە جنێڤ دەستپێکردەوە، کە سێر پێرسی کۆکس و شەریف پاشا لە ساڵی (1918)دا پێی هەڵسان. پێدەچێت لەو گفتوگۆیەدا تەنیا قسە لەسەر ئۆتۆنۆمی باشووری کوردستان کرابێت کە مەڵبەندەکەی موسڵ بێت و لەژێر پاراستنی بەریتانی دابێت و شەریف پاشا ئامۆژگاری ئەوەیدا کە ئەو ئۆتۆنۆمییە بەر لە دەستپێکردنی کۆنگرەی ئاشتی (وەکو دۆخی سەپاو) ڕابگەیەنرێت).

بەگوێرەی ئەو گفتوگۆو ڕێککەوتنەی نێوان (سێر پێرسی زەکەریا کۆکس)ی باڵوێزی ئەوکاتەی بەریتانی لە ئێران و (شەریف پاشای خەندان)ی نوێنەری کورد بۆ کۆنگرەی ئاشتی پاریس، شاری موسڵ شارێک بووە سەر بە باشووری کوردستان بۆیە ئینگلیز و سێر پێرسی کۆکس قایلبووینە بەوەی، کە شاری موسڵ بکرێت بە مەڵبەند (پایتەخت)ی کوردستانی ئۆتۆنۆمدار.

میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، لە لاپەڕە (62–63)ی پەرتووکی (المسألة الكوردية 1917–1923)دا، نووسیویێتی: (لە ساڵی (1909)دا سەرمایەداری ئەمریکی ئەدمیرال (کولبی تشستەر) چیاوگی تەندەری ڕاکێشانی هێڵی ئاسنی داهاتووی وەرگرت کە خاکێکی گەورەی بەشێک لە باکوور، خۆرئاواو باشووری کوردستانی دەگرتەوە (کە چەسپاندنی دامەزراندنی تۆڕێک لە هێڵی ئاسنی سیواس تا دەگاتە سلێمانی کە تێپەڕدەبێت بە خەرپووت – ئامەد – موسڵ – کەرکوک و سیواس – بومورتالیک – ئەسکەندەرۆن، سیواس – بەدلیس – وان).
ئەوەی کە میخائیل لازاریڤ نووسیویێتی، دانپێدانانی ڕاستەوخۆی نووسەرە بە کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ، چونکە ناوبراو لە باسی چیاوگی تەندەری هێڵی ئاسنی لە کوردستاندا، شاری موسڵی بە تەواوی بە شارێکی سەر بە کوردستان ناوبردووە.

میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، لە لاپەڕە (87)ی پەرتووکی (المسألة الكوردية 1917–1923)دا، نووسیویێتی: (موسڵ بوو بە مەڵبەندی کارگێڕی ویلایەت (ویلایەتی موسڵ)، لە شاری موسڵ بەشێوەیەکی سەرەکی کورد و کریستانی تێدا دەژین. هەروەها خۆرئاوای کوردستان ویلایەتێکی سەربەخۆ پێکدەهێنێت کە مەڵبەندەکەی ئامەد (دیاربەکر)ەو پێویستە لە باشووری کوردستان (خاکی موسڵ)ی جیابکاتەوە).
بەگوێرەی بۆچوونەکانی لازاریڤ، شاری موسڵ شارێکە سەر بە باشووری کوردستان، چونکە لە لایەن ڕۆژهەڵاتناسی ڕوسیا ناوبراو دانیشتوانەکەی بە کورد و کریستان دادەنێت، لە لایەکی تریشەوە باشووری کوردستان بە خاکی موسڵ کە مەبەستی ویلایەتی موسڵ–ە ناودەبات.

میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریف، لە لاپەڕەکانی (143–144)ی پەرتووکی (المسألة الکوردیة (1917–1923)دا، نووسیویێتی: (زاراوەی کوردستان بۆ هەموو شوێنێک بڵاونەبوو، بەڵکو تەنیا بەزۆری سەبارەت بە باشووری خۆرهەڵاتی ئەنازۆڵ (بۆ باشوورو باشووری خۆرهەڵاتی ئامەد)، کە کوردی تێدا دەژین بەکاردەهات، ناوچەکانی تر کە ڕەگەزی کوردی بەسەردا دابەشکراوە، زاراوەکانی ئەرمینیا، موسڵ (ویلایەتی موسڵ)، ئورمێ، ئازربێجانی ئێرانی، کرمانشا و هیتر دەیگرێتەوە).

بەپێی قسەکانی خۆرهەڵاتناسی ڕوسیا لازاریڤ، ویلایەتی موسڵ بە سەرجەم شارەکانییەوەو لەنێویاندا شاری موسڵ، شارێکی کوردیی و سەر بە کوردستانە، لەبەر ئەوەی مێژوونووسی ناوبراو ویلایەتی موسڵ بە بەشێک لە کوردستان دەزانێت. هەرچەندیشە کە لازاریف باسی ئەوەیکردووە، کە ویلایەتی موسڵ–ی کوردنشین نەگوتراوە کوردستان، بەڵام بە سەدان و هەزاران گەڕیدە، مێژوونووس، جوگرافیناس، دیپلۆمات، ئەفسەر و شوێنەوارناس باشووری کوردستان یاخود کوردستان–یان لە بەرانبەر ویلایەتی موسڵ–دا بەکارهێناوە.

میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، لە لاپەڕە (207)ی پەرتووکی (المسألة الکوردیة 1917–1923)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (298)ی پەرتووکی (دابەشبوونی تورکیا)ی مێژوونووسی ناوداری ئەمریکی (هاری ئێن. هۆوارد)، نووسیویێتی: (هۆوارد جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە موسڵ (ویلایەتی موسڵ) گرنگترین شوێنی گرتۆتە خۆی سەبارەت بە کوردستان، کە ژمارەیەکی زۆری کورد لەسەر ئەو خاکە نیشتەجێن کە لە ڕووی جوگرافییەوە دەڕوانێتە سەر کوردستان).

بەگوێرەی بۆچوونی مێژوونووسی ئەمریکی بێت، ویلایەتی موسڵ بە تەواوی شارەکانییەوە شاری کوردیی و بەشێکی خاکی کوردستانە، چونکە هۆوارد باسی ئەوە دەکات کە ویلایەتی موسڵ گرنگترین شوێنە لە کوردستان، هەروەها تەواوی خاکەکەی بە یەک خاک داناوە کە زۆربەی زۆری دانیشتوانەکەشی بە کورد ناودەبات.

میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، لە لاپەڕە (217)ی پەرتووکی (المسألة الكوردية 1917-1923)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (130-131)ی بەرگی یەکەمی پەرتووکی (العراق الحديث من سنة 1900 الى سنة 1950)ی ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ کە نووسیوێتی: (کوردەکانی موسڵ، سلێمانی و کەرکوک بە هیچ شێوەیەک ئامادە نەبوون و توانای بەڕێوەبەرێتییەکی خۆیەتییان نەبوو، هەروەها هەستیان بە دڵەڕاوکێ و ناڕەحەتی دەکرد لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی عارەبی).

بەگوێرەی بۆچوونەکەی ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ، شارەکانی موسڵ، سلێمانی و کەرکوک شاری کوردی و سەر بە کوردستانن، بەتایبەت کاتێک کە نووسەری ناوبراو دەڵێت کوردەکانی ئەو شارانە ئامادە نەبوون و توانای بەڕێوەبردنی شارەکانی (موسڵ، سلێمانی و کەرکوک)یان نییەو لە هەمان کاتیشدا ناڕەحەتن لە دامەزراندنی حکومەتێکی عارەبی. ئەو دەستەواژەیەی ستیڤن لۆنگریک دەریدەخات کە هەر سێ شاری موسڵ، سلێمانی و کەرکوک شاری کوردین، ئەگەر کوردەکان بە قسەی ئەو ئامادە بوونایەو توانای بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانەی خۆیان هەبوایە، ئەوکاتە بەدڵنیایی بەڕێوەبردنی هەر سێ شارەکە دەدرایە دەستی کوردەکان.

میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، لە لاپەڕە (307)ی پەرتووکی (المسألة الكوردية 1917-1923)داو، بە پشت بەستن بە خەمڵاندنی ئینگلیزەکان بۆ سەرژمێری ئەتنۆگرافی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی، سەبارەت بە پێکهاتەی دانیشتوانی پارێزگای موسڵ نووسیوێتی: (ژمارەی کوردەکان (179.820 لەنێویاندا 30 هەزار ئێزیدی)، تورک (14.895)، عارەب (170.663)، کریستان (57.425)و جولەکە (9665) کەسن).

بەگوێرەی ئەو سەرژمێرەی کە ئینگلیزەکان بۆ پێکهاتەکانی پارێزگای موسڵ خەمڵاندوویانە، ژمارەی کورد نزیکەی نۆ هەزارێک لە ژمارەی عارەب زۆرترە، خۆ ئەگەر ژمارەی جولەکەکان کە ئەوانیش هەر کوردن و تاوەکو ئێستاکەش لە ئیسرائیل هەر خۆیان بە کورد دادەنێن، بخەینە سەر ژمارەی کورد (9.665 + 179.820) ئەوکاتە ژمارەی کورد دەکاتە (189.485). کەواتە ژمارەی تێکڕای کوردی موسڵمان، ئێزیدی و جولەکە (18.822) کەس زۆرترە لە ژمارەی عارەب،

بۆیە شارو پارێزگای موسڵ شارو پارێزگایەکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە.

میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، لە لاپەڕە (104)ی پەرتووکی (النضال والإخفاق (المسألة الكوردية في سنوات 1923-1945)دا نووسیویێتی: (بە پێچەوانەی تورکیا چەوسانەوەی سیاسی لە ئێراق و سوریادا لەسەر دەستی دەسەڵاتدارانی نەتەوەیی نەبووە، بەڵکو لەسەر دەستی دەسەڵاتدارانی داگیرکەری بێگانە بووە. هەر لەبەر ئەوەبوو کە بزووتنەوەی کوردی لە هەردوو کوردستانی ئێراق و سوریادا مۆرکێکی رووکەشانەی دژ بە سیاسەتی بێگانەی ئیمپریالیستی پێوە دیاربێت، ئەوەش وایکرد کە تایبەتمەندییەک بداتە هەرێمی کوردی (ویلایەتی موسڵ)، کە بوو بە شانۆیەک بۆ ناتەباییە توندە جیهانییەکان، کە هۆکاربوون بۆ زۆرتر ئاڵۆزکردنی پرسی کورد).

ئەوەی کە ڕۆژهەڵاتناسی ڕوسیا میخائیل سیمیۆنەڤیچ نووسیویێتی، کوردێتیی و کوردستانێتیی تەواوی ویلایەتی موسڵ دەبەخشێت، لەبەر ئەوەی ناوبراو ویلایەتی موسڵ بە هەرێمێکی کوردی ناودەبات. مادام سەرجەم ویلایەتی موسڵ هەرێمێکی کوردی بێت، کەواتە شاری موسڵ وەکو مەڵبەندی ویلایەتەکە، شارێکی کوردیی و سەر بە خاکی کوردستانە.

مێژوونووس و ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی تۆمابوا، لە لاپەڕە (193)ی پەرتووکی (ژیانی کوردە واری)دا، نووسیویێتی: (لە ڕاستیدا هەر لە ساڵی (637)و لەکاتی داگیرکردنی تکریت و حەلوانەوە ئیتر ئیسلام پێوەندیی هەبووە بە کوردستانە وە. سەعد کوڕی ئەبی وەقاس ڕوویکردۆتە موسڵ و ناوچەی کوردەکانی داگیرکردووە لەگەڵ ناوچەی (مەرج) یاخود شاری (مەرگە)و ناوچەی بانوهدرا، بائەدهرا، هیبتون، داسین و هتد).

ئەوەی کە لە سەرەوەدا ڕۆژهەڵاتناس و مێژوونووسی فەرەنسی تۆمابوا ئاماژەی پێکردووە، کوردبوون و کوردستانێتیی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە ناوبراو لە باسکردنی هاتنی میلیشیاکانی ئیسلام بۆ کوردستان، ناوی شاری موسڵی وەکو بەشێکی کوردستان بردووە.

دکتۆر فەرهاد پیربال، لە لاپەڕەکانی (115–116)ی پەرتووکی (کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە)دا نووسیویێتی: (ژان باپتیست تاڤێرنیێ دەڵێ: دیاربەکر، کە جاران ناوی (میسۆپۆتامیا) بوو لەنێوان دیجلە و فوراتدا. شارە گەورەکانی ئەمانەن: بیر لەسەر ڕووباری فوراتدا، دیاربەکر لەسەر ڕووباری دیجلەدا، ئورفە، موسڵ، جەزیرە، ماردین و ... هتد. کوردستان، کە جاران ناوی ئاسیریا (Assyrie) بوو، وێڕاوێڕای ڕۆژهەڵاتی دیجلە دەگرێتەوە، هەر لە گۆمی وانەوە تا دەگاتە کەوشەنەکانی بەغدا. شارە گرنگەکانی ئەمانەن: نەینەوا، شارەزوور، ئامێدی، سنێرن، بەتلیس و سەلماس).

ئەوەی کە (ژان باپتێست تاڤێرنیێ)ی فەرەنسی باسیکردووە، کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ و تەواوی پارێزگاکە دەگرێتەوە، لەبەر ئەوەی ژان تاڤێرنیێ لە لایەک شاری موسڵ کە دەکاتە بەری دەستە ڕاست یان کەناری خۆرئاوا بە شارێکی سەر بە دیاربەکر دادەنێت، کە دیاربەکر ویلایەتێکی کوردیی و سەر بە خاکی کوردستان بووە بە تەواوی شارەکانییەوە، لەلاکەی تریشەوە ناوبراو شاری نەینەوا کە دەکاتە بەری دەستە چەپ یان کەناری خۆرهەڵاتی شار بە بەشێکی کوردستان ناودەبات.

ئەحمەد حەمەدئەمین، لە لاپەڕەکانی (62–63)ی پەرتووکی (دۆزی کورد لە چەند باسێکی مێژووییدا)و، بە پشت بەستن بە لاپەڕە (21)ی پەرتووکی (لە ڕۆژهەڵاتی گڕگرتوودا نێردەی بە مەترسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست 1943)ی (گوتفرد یۆهانز میوولەر)ی ئەفسەری هەواڵگری ئەڵمانی و ڕاوێژکاری پرسی کورد، لە نامەیەکدا بۆ سەرکردەیەکی باڵای سوپا نووسیویێتی: (نامەیەکم ئاراستەی سەرکردایەتی باڵای سوپا کردو تیایدا نووسیم کە زانیارییەکی باشم دەربارەی چاڵە نەوتەکانی کوردستان لە هەرێمی کەرکوک و (موسڵ)دا هەیە، ئیتر هەر لە وەڵامی ئەو نامەیەم بوو بانگی بەرلین کرام و پێشنیازەکەم بۆ سەرکردایەتی باڵا ڕوونکردەوەو ووتم لە سەردانەکەی پێشوومدا بۆ هەرێمی کەرکوک و موسڵ چاک شارەزا بووم و دۆستایەتیم لەگەڵ سەرۆک خێڵەکانی ئەوێدا هەیەو بەیارمەتی ئەوان دەتوانین دەست بەسەر چاڵە نەوتەکاندا بگرین و یاخیبوونێک لە دژی ئینگلیزەکاندا هەڵبگرسێنین).

بەگوێرەی بۆچوونی ئەفسەری هەواڵگری گوتفرد یۆهانز میوولەر، شارەکانی موسڵ و کەرکوک شاری کوردیی و بەشێکن لە خاکی باشووری کوردستان، چونکە ئەفسەری ناوبراو لە باسی چاڵە نەوتەکانی کوردستاندا، ناوی هەردوو شاری کەرکوک و موسڵی لە چوارچێوەی سنووری کوردستان داناوە.

هەڵۆ بەرزنجەیی، لە ماڵپەڕی کۆنگرە و لەژێر ناوی (ناساندنی پەرتووک)دا لە سەرەتای مانگی ئایاری ساڵی (2011)دا هەوڵی داوە پەرتووکی (کوردستان وڵاتێکی بە بارمتەگیراو چارەنووسی گەلێکی کەوڵکراو)ی (خاتوو دکتۆرە هەنەلۆرە کویشلەر)ی بەڕەگەز ئەڵمانی لە وتارێکی پێنج لاپەڕەییدا بە خوێنەری کورد بناسێنێ. هەڵۆ بەرزنجەیی دوای خستنەڕووی پەرتووکەکە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک، باسی ئەوە دەکات کە دکتۆرە هەنەلۆرە کویشلەر باسی شاری موسڵ وەکو شارێکی کوردی دەکات.

ئەوەی کە نووسەر (خاتوو دکتۆرە هەنەلۆرە کویشلەر)ی ئەڵمانی نووسیویێتی، کوردبوون و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەر ئەم شارە بە شارێکی کوردی ناودەبات، مادام شارەکەش شارێکی کوردی بێت، کەواتە بەدڵنیایی بەشێکیشە لە وڵاتی کوردان کە باشووری کوردستانە.

دکتۆر مایکڵ جی کلی، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (سەدام حوسێن و زەمینەکانی جینۆسایدا)، کە کارزان محەمەد وەریگێڕاوە بۆ کوردی و لە لاپەڕە (222–235)ی ژمارە (54)ی گۆڤاری ڕێبازی نوێ بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (بەریتانیا کاتێ لە ساڵح (1917ز)دا یاداشتێکی ئەڕنۆڵد ویلسۆنی کۆمیسیۆنەری نێوان دوو ڕووبار (میزۆپۆتامیا)ی پێگەیشت، نرخ و بەهای ناوچەی پڕ لە کوردستان (ویلایەتی پێشووی موسڵ)ی ئێراقیان تەوەرێکی سەرەکی ئابووری نوێی وڵاتەکە دەستنیشان کرد). نووسەر لە شوێنێکی دیکەی وتارەکەیدا دەنووسێ: (بەڕێژەی (4/3)ی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ نەتەوەی ناعارەبن واتە بەڕێژەی (8/5)ی کوردن و (8/1)ی کریستان یاخود کوردە ناموسڵمانەکانن. سەدام لەپێناو دەستگرتن بەسەر سامانە نەوتییەکانی ئەو دەڤەرانەدا، نەک تەنیا نەتەوە ناعارەبەکانی داپڵۆسی، بەڵکو دانیشتوانێکی زۆری عارەبی بۆ ئەم دەڤەرانە ڕاگواست بەتایبەتی دەڤەری کەرکوک

کە ڕەگوڕیشەیەکی کوردییانەی هەبوو. موسڵ لە سەردەمی فەرمانڕەوایی بەعسییەکاندا دانیشتوانێکی زۆری کوردی تێدابوو، لە سەردەمی سەدامدا گۆڕییان بۆ شارێک کە زۆرینەی عارەب بێت).

بەگوێرەی بۆچوون و قسەکانی دکتۆر مایکڵ بێت، ویلایەتی موسڵ بە تەواوی شارەکانیەوە بە شاری (موسڵ)یش خاک و شاری کوردیین، چونکە ئەو ویلایەتی موسڵ بە کوردستان ناودەبات و شاری موسڵ-یش پایتەختی ویلایەتەکە بووە، کەواتە موسڵ کوردستانە. هەروەها دکتۆر مایکڵ بەعارەبکردنی کەرکوک و موسڵ دەکات و دان بەو ڕاستییەش دادەنێت کە شاری موسڵ کوردێکی زۆری تێدابووە، بەڵام سەدام کوردەکانی دەرکردووەو عارەبی هێناوەتە شوێنیان و تا وای لێکرد کە موسڵ ببێتە شارێک کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی عارەب بێت. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە پێشتر زۆربەی دانیشتوانی موسڵ عارەب نەبووینە، بەڵکو لە ئەنجامی بەعارەبکردنی شارەکەدا زۆرینەی کوردی شارەکە بوونەتە کەمینەو کەمینەی عارەبی شارەکە بوونەتە زۆرینە.


ژان ئۆتێر، گەڕیدەی فەرەنسی، لە لاپەڕە (49)ی پەرتووکی (سەفەرنامەی ژان ئۆتەر 1734-1743 سەردەمی نادر شا)، دەڵێ: (لە موسڵەوە تا ئێراق، شەش (6) ڕۆژ ڕێیە).


بەگوێرەی قسەکەی ژان ئۆتێر، شاری موسڵ بەشێک نەبووە لە خاکی ئێراق، چونکە ئەگەر وابوایە ئەو هەرگیز دووری نێوان شاری موسڵ و ئێراقی بەمشێوەیە دەرنەدەبڕی، کە دەربڕینەکەی موسڵ بەجیا یان لە دەرەوەی سنووری وڵاتی ئێراق نیشان دەدات. کەواتە بەدڵنیایی موسڵ بەشێک بووە لە خاکی کورد و کوردستان. هەروەها ژان ئۆتێر لە لاپەڕە (89)دا دەربارەی کەرکوک دەڵێ: (کەرکوک پایتەختی ویلایەتی شارەزوورە و بەشێکە لە کوردستان)، سەبارەت بە شاری خانەقین-یش لە لاپەڕە (58)دا دەڵێ: (ئەم شارە لەژێر فەرمانی عوسمانی دایە و بەشێکە لە خاکی کوردستان).


درک کینان

# کوردو کوردستان

وەرگێڕانی:
ئەبوبەکر خۆشناو





KURDISTAN
MEDITERRANEAN SEA
CYPRUS
LEBANON
ISRAEL
JORDAN
SAUDI
SYRIA
TURKEY
IRAQ
PERSIA
HAKARI
LURISTAN
GEORGIA
AZERBAIJAN
CASPIAN SEA
EGYPT





KURDISTANS UDSTRÆKNING – OPGØRELSER BASERET PÅ DET KURDISKE INSTITUT I PARIS

The Mosul Vilayet




This map was composed on the basis of those attached to the 1925 Report of the *League of Nations Commission of Inquiry on the Mosul Vilayet*
(from: Dr.P.E.J.BOMLI, *"L'Affaire de Mossoul"*, H.J.Paris, Amsterdam 1929)




*Kurdistan – en nation uden egen stat*

# پنتاگۆن نەخشەی دابەشکردنی ئێراقی بۆ 3 دەوڵەت کێشاوە




**ئاژانسەکان:** دۆگلاس فایس کەسایەتی سێیەمی وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا نەخشەیەکی نوێی بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دارشتووە، بەگوێرەی نەخشە نوێیەکە ئێراق بۆ 3 دەولەتی لەیەک جیا دابەشکراوە. نەخشەکە لەلایەن سێیەم کەسایەتی وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا دۆگلاس فایسەوە لە ڕۆژگاری دۆنالد ڕامسفێلدی وەزیری بەرگری کاتی دەستپێکردنی شەڕی ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس ئامادەکراوە. ئاژانسی هەواڵی ئەمێریکا ئین ئەرەبیک بۆ یەکەمجار ئەو نەخشەیەی دۆگلاس فایسی بلاوکردەوە. لەوبارەوە کارناسی سیاسی و لێکۆڵەرەوەی بەناوبانگی ئەمەریکا جیم لۆب ڕایگەیاند: ئەو نەخشەیە زۆر گرنگ و پڕ مانایە و مانای زیاتر لە هەزار وشە یاخود 674 لاپەڕە لە کتێبەکەی فایس جەنگ و بڕیار دەگەیەنێت. دۆگلاس فایسی داڕێژەری نەخشەکە یەکێکە لە بەرپرسە باڵاکانی کۆمارییەکانە و بۆ ماوەی 4 ساڵ لە پۆستی بریکاری وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا پنتاگۆن کاری کردووەو یەکێکە لە ئەندازیارانی پرۆسەی ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لە ئێراق.

## وەزیری دەرەوەی سووریا: خۆزگە چەکی ئەتۆمیمان هەبوایە تا بەرەنگاری ئیسرائیل ببینەوە

**ئاژانسەکان:** وەلید موعەلیم وەزیری دەرەوەی سووریا، ڕەتیکردەوە کە وڵاتەکەی خاوەن چەکی ئەتۆمی بێت و خوازیاربوو کە سووریا خاوەنی ئەو چەکە بووایە بۆ ئەوەی بەرەنگاری ئیسرائیلی ببێتەوە. وەزیری دەرەوەی سووریا لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا لە سووریا، زانیارییەکانی ئەمەریکای سەبارەت بەوەی سووریا بە نهێنی دامەزراوەی ئەتۆمی دروستکردەوە، بەنادروست لەقەڵەمداو ڕایگەیاند: ئەگەر سووریا دامەزراوەی نهێنی ئەتۆمی هەبووایە ئەوە ڕێگای بە پشکێنەرانی ئاژانسی نێودەوڵەتی ئەتۆمی نەدەدا بۆ ئەوەی سەردانی سووریا بکەن و

بۆل12

# سەرچاوەکانی بەشی سێیەم (بەڵگەنامە بیانییەکـــــــــان):

1- کۆمەڵێک لە پسپۆران و ئەفسەرانی ڕامیاری بەریتانی، کورد و کوردستان، وەرگێڕانی حوسێن عوسمان نێرگسەجاڕی و حوسێن ئەحمەد جاف، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، باشووری کوردستان - هەولێر 2002.

2- پرۆفیسۆر دکتۆر جویس بلۆ، دۆزی کورد لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیۆلۆجی، وەرگێڕانی لە فارسییەوە کارزان محەمەد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی – باشووری کوردستان 2004.

3- محەمەد ئەمین زەکی، کورتەیەکی مێژووی کورد و کوردستان، بەرگی یەکەم 1931، بەرگی دووەم 1937، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، باشووری کوردستان - سلێمانی - چاپی نوێ -2000.

4- جەبار سابیر، کوردستانی نوێ، ژمارە (3307)، سێشەممە (2.3.2004)، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی ڕۆژانەیە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات.

5- Torben Rugberg Rasmussen, Mellemøst-håndbogen – fakta om landene i Mellemøsten og Nordafrika, Mellemøst-information and Forlaget Systime A/S, 2. udgave, 1. oplag, Danmark 1995.

6- Gyldendals Etbindsleksikon, 2003 Gyldendalske Boghandel, Nordisk Forlag A/S, København. www.leksikon.nu

7- میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریف، کێشەی کورد (1891-1917)، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە دکتۆر کاوس قەفتان، بەشی 1-2، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ئەلجاحز/ بەغدا 1989.

8- میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریف، المسالة الكوردية (1891-1917)، ترجمة اكبر احمد، مركز كوردستان للدراسات الاستراجية، الطبعة الاولى، جنوب كوردستان – السليمانية 2001.
9- ئەنوەر قادر محەمەد، چەند وتارێکی کوردناسی، لە ڕووسییەوە کردوونی بە کوردی و پێشەکیی بۆ نووسیون، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی هونەری کوردی لە سوێد – 1989.
10- میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، کورد و کوردستان فاکتەرەکانی دروستبوونی کێشەکە، وەرگێڕانی دکتۆر جەبار قادر، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، باشووری کوردستان – سلێمانی 2000.
11- پ. لێرخ، دراسات حول الاكراد واسلافهم الخالديين الشماليين، ترجمة دكتور عبدي حاجي، الطبعة الاولى، مكتبة خاني-حلب-سوريا 1994.
12- سەرهەنگ عەبدولوەحید، کورد و نیشتمانەکەی، وەرگێڕانی ئاکۆ غەریب، چاپخانەی خاک، باشووری سلێمانی، 2000.
13- میرێللا گەلێتی، کورد و کوردستان لە نووسراوەکانی ئیتاڵیدا لە سەدەی سێزدەم-نۆزدەم، وەرگێڕانی جاسم تۆفیق، ستۆکهۆڵم، سوید 2000.
14- John Keegan, Krigen I Irak, 1. udgave, Rosinante, København, Danmark 2004.
15- ئیریک براوەر و ڕافائیل پاتای، یهود کوردستان، وەرگێڕانی شاخەوان کەرکوکی و عەبدولڕەزاق بۆتانی، من منشورات ئاراس، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية، جنوب کوردستان – هەولێر 2002.
16- بروس واکێر، هەولێرپۆست، ژمارە (44)، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (7.5.2006)، ڕۆژنامەیەکی گشتییە هەفتەی دووجار لە هەولێر دەردەچێت.
17- ڕالف پیتەرس، گەڕانەوە، ژمارە (4)، شەممە، ڕێکەوتی (9.8.2003)، گەڕانەوە، ڕۆژنامەیەکی ئەهلی ئازادە، کۆمەڵێ لاوی ئازادیخوازی کەرکوک دەریدەکەن.
18- دکتۆر فەرهاد پیرباڵ، زێڕی ناو زبڵ، ئۆفسێتی دەزگای سەردەم، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 1999.

19- دکتۆر فەرهاد پیربال، هەواڵ، ژمارە (183)، ساڵی پێنجەم، (2.6.2006)، هەواڵنامەیەکی گشتی هەفتانەیە دەزگای هەواڵ بۆ ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی دەریدەکات.
20- وەهاب شا محەمەد، کوردستانی نوێ، ساڵی یانزەهەم، ژمارە (4104)، ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (20.10.2002)، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی ڕۆژانەیە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات.
21- دکتۆر عوسمان عەلی، چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی کامەران جەمال بابان زادە، چاپخانەی دێکان، باشووری کوردستان – سلێمانی 2005.
22- درک کینان ڕۆیلۆفسما، کورد و کوردستان، وەرگێڕانی ئەبوبەکر خۆشناو، دەزگای (نگاە) چاپ و بڵاوی کردۆتەوە، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی – باشووری کوردستان 1999.
23- سەلام ئەلعەبودی، جريدة التاخي، العدد (4536) الاحد 17.7.2005، جريدة رسمية للحزب الديموقراطي الكوردستاني.
24- www.nu.nl www.nu.nl/news.jsp?n=642266&c=23&rss
25- www.bbc.co.uk/arabic/specials/1815_iraq_after_sadd
26- جەلال تەقی، یاداشتەکانی ئەحمەد تەقی، بنکەی سارا بۆ چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە دووبارە لە چاپی داوەتەوە، سوید، ستۆکهۆڵم 1988.
27- طارق محمد عبدالرحيم، المستشرق فلاديمير ف. مينورسكي وكتاباته عن الكورد في العصر الاسلامي حتى نشوء الخلافة العثمانية، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية هەولێر، جنوب كوردستان 2001.
28- محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق، گۆڤاری کەرکوک 2-3، پاییزی 1999، زستانی 2000، گۆڤارێکی ڕوناکبیری گشتی وەرزییە کۆمیتەی باڵای ئاوارەکان و کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوک بە هاوبەشی دەریدەکات.
29- دکتۆر جەبار قادر، گۆڤاری کەرکوک 14، ژمارە (2)، ساڵی چوارەم، پاییزی 2002، گۆڤارێکی ڕوناکبیری گشتی وەرزییە کۆمیتەی باڵای ئاوارەکان و کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوک بە هاوبەشی دەریدەکات.
30- أحمد فوزي، قاسم والكورد خناجر وجبال، القاهره 1961.

31- جلال طالباني، المنار الكوردي، العدد (49)، الجمعة (8.5.1998)، نصف شهرية سياسية يصدرها الاتحاد الوطني الكوردستاني – مكتب الخارج.
32- جەلال تاڵەبانی، ووتارێک بەبۆنەی حەفتەمین ساڵڕۆژی ڕزگارکردنی کەرکوک، لە ماڵپەڕی (پوک ئۆرگ)دا لە (22.3.1998)دا وەرگیراوە.
33- دکتۆر ڤلادیمێر ڤیۆدۆرۆڤیچ مینۆڕسکی، کورد تێبینی و وردبوونەوە، مارف خەزنەدار لە ڕووسییەوە کردوویەتی بە عارەبی و حەمەسەعید حەمەکەریم کردوویەتی بە کوردی، لە بەڕێوەبەرێتی چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین چاپکراوە، باشووری کوردستان 1984.
34- دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، ئەتنۆ – دیمۆگرافیای باشووری کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، چاپی دووەم، سلێمانی – باشووری کوردستان 2000.
35- شۆڕش خالید، الاتحاد، طبعة لندن، العدد (416)، الجمعة (13.4.2001)، الصحيفة المركزية للاتحاد الوطني الكوردستاني.
36-http://www.globalsecurity.org/military/world/iraq/mosul.htm
37- پرۆفیسۆر ڕادۆڤان پاڤیچ، جولانەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە خەباتیدا بۆ سەربەخۆیی نەتەوایەتی و سیاسی، وەرگێڕانی مەحمود مەلا عزەت، چاپخانەی شەهید جەمال تاهیر لە سوید 1985.
38- المستر ستيڤن هێميسلى لۆنگريگ، أربعة قرون من تاريخ العراق الحديث، الطبعة السادسة 1985 بغداد-عراق.
39- سیسیل جۆن ئێدمۆندس، کورد تورک و عارەب، وەرگێڕانی حامید گەوهەری، چاپی یەکەم، کتێبی هەرزان، سوید 1997.
40- سیسیل جۆن ئێدمۆندس، حرب الكورد في العراق وخطة الاحلال السلام، كتابات في المسألة الكوردية، اعداد و تقديم رفيق صالح احمد، من منشورات بنکەی ژین، مطبعة شڤان، الجزء الاول، السليمانية – جنوب كوردستان 2008.
41- دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، بەرگی دووەمی، ئامادەکردنی عەبدوڵڵا زەنگەنە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی کوردستان، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان – هەولێر 2001.

42- خەبات عەبدوڵڵا، بنەما تیۆرییەکانی جوگرافیای عەسکەریی کوردستانی باشور، چاپخانەی تیشک، باشووری کوردستان – سلێمانی 2001.
43- Line Karlsen, Hvad sker der i Kurdistan, Januar 1990 – Danmark.
44- کەمال سەرگەڵوویی، ڕۆژنامەی کوردستانی نویّ، ژمارە (3744)، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (9.8.2005). کوردستانی نویّ ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی ڕۆژانەیە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات.
45- ئالاّی ئازادی، ژمارە (613) ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (24.5.2005)، هەفتەنامەیەکە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان هەفتەی جارێک دەریدەکات.
46- م. ا. گیسارۆڤ و ا. ا. ڕەگووشین، کوردی تورکیا، وەرگێڕانی جەلال تەقی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، باشووری کوردستان – سلێمانی 2001.
47- زوبێر بیلال ئیسماعیل، مێژووی زمانی کوردی، وەرگێڕانی لە عارەبییەوە یوسف ڕەئوف عەلی، وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا – ئێراق 1984.
48- کۆڕی زانیاری کورد، بەرکورتێکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپادا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، 1974.
49- دکتۆر نوری دەرسیمی، دەرسیم لە مێژووی کوردستاندا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، باشووری کوردستان – هەولێر 2001.
50- دکتۆر ئەفراسیاو هەورامی، کورد لە ئەرشیفی ڕوسیاو سۆڤییەتدا، وەرگێڕان و ئامادەکردنی دکتۆر ئەفراسیاو، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی 2006.
51- محەمەد ڕەسول هاوار، سمکۆ (ئیسماعیل ئاغای شوکاک)و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد، چاپخانەی ئاپێک، سوید – ستۆکهۆڵم 1995.
52- ئارچی ڕوزوڵت، کۆماری کوردستان لە مەهاباد، وەگێڕانی لە ئینگلیزییەوە خالد عەزیزی، ناوەندی چاپ و ڕازاندنەوەی مەنسوور، چاپی یەکەم 1991.

53- عەبدولڕەقیب یوسف، حدود كوردستان الجنوبية تاريخيا و جغرافيا خلال خمسة الاف عام وما ترتب على الحاقها بالعراق، الطبعة الاولى، مطبعة شڤان، جنوب كوردستان – السليمانية 2005.

54- دكتور عبدالفتاح علي بۆتاني، گۆڤاری دهۆک، ژمارە (21)، ئۆکتۆبەری ساڵی (2003)، كۆڤارەكا وەرزى، ڕەوشەنبیری، گشتییە، سەروكاتيا باژێرڤانیا دهۆک دەردئێخیت.

55- دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، الحياة الحزبية في الموصل 1926-1958، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية، جنوب كوردستان – هەولێر 2003.

56- جەلال جەوهەر، گۆڤاری کەرکوک (7)، ژمارە (2)، ساڵی دووەم، زستانی 2001، گۆڤارێکی ڕوناکبیری گشتی وەرزییە کۆمیتەی باڵای ئاوارەکان و کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوک بە هاوبەشی دەریدەکەن.

57- کامل ژیر، کوردایەتی و سەربەخۆیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، باشووری کوردستان – سلێمانی 2002.

58- ئەحمەد خواجە، چیم دی شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی مەزن، بەرگی یەکەم-بەشی یەکەم، چاپخانەی شەفیق-بەغدا 1968.

59- ئەحمەد خواجە، چیم دی کورد چی دی؟ بەرگی سێیەم، لە بڵاوکراوەکانی پەرتووکخانەی سلێمانی، باشووری کوردستان – سلێمانی 1970.

60- حەسەن ئەرفەع، کوردەکان، وەرگێڕانی سەردار محەمەد، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی – باشووری کوردستان 2001.

61- نادر ئینتیسار، ئیتنۆنەتەوایەتی کوردی، وەرگێڕانی عەتا قارەداغی-چاپخانەی قانع، باشووری کوردستان – سلێمانی 2003.

62- حەمید رضا جلائی پور، المشكلة الكوردية، ترجمة و تقديم، د. محمد علاءالدين منصور، مركز دراسات الشرقية جامعة القاهرة 2000.

63- عەلی نەقی ئەلحوسەینی، مێژووی 641 ساڵەی فەرمانڕەوایی ئەردەڵانییەکان لە ناوچەی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراندا، وەرگێڕانی ئاسۆس هەردی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 2002.

64- موجتەبا بورزوی، بارودۆخی سیاسی کوردستان (1880-1946)، وەرگێڕانی لە فارسییەوە نازناز محەمەد عەبدولقادر، یوسف چووپان و سۆران عەلیپوور، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، باشووری کوردستان – هەولێر 2005.
65- سەلام ناوخۆش، هۆکارەکانی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەعێراقی عارەبییەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ژیان، باشووری کوردستان - هەولێر 2000.
66- دکتۆر حەنین مەحمود قەدۆ، ڕەگ و ڕیشەو بنەچەو بڕواو ئینتیمای شەبەک، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (1236)، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (7.9.2006). خەبات ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی ڕۆژانەیە - ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان-ە.
67- دکتۆر وەلید حەمدی، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، وەرگێڕانی محەمەد نوری تۆفیق، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپخانەی ئۆفسێتی هەواڵ، باشووری کوردستان - سلێمانی 1999.
68- الدكتور فاضل حسين، مشكلة الموصل دراسة في الدبلوماسية العراقية- الانكليزية-التركية وفي الراي العام، الطبعة الثانية، مطبعة اسعد-بغداد- 1967.
69- دکتۆر فازل حوسێن، کێشەی ویلایەتی موسڵ، وەرگێڕانی محەمەد شاکەلی، چاپخانەی خاک، باشووری کوردستان – سلێمانی 1999.
70- جلال طالباني، حول القضية الكوردية في العراق، الطبعة الثانية دار ارارات للثقافة والنشر، بيروت-1996.
71- ڤلادیمێر ڤیۆدۆرۆڤیچ مینۆرسكي، الاكراد ملاحظات و انطباعات الاكراد احفاد الميديين، ترجمة د. معروف خزنەدار، رابطة كاوا للثقافة الكوردية، الطبعة الاولى، بيروت-لبنان 1987.
72- کەریم زەند، جوگرافی کوردستان، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان - سلێمانی 2001.
73- ڕۆینە لۆمبۆرن، کورد گەلێکی بێ وڵات، وەرگێڕانی ئەمجەد شاکەلی، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم، سوید 1994.
74- خەبات عەبدوڵڵا، بنەما تیۆرییەکانی جوگرافیای عەسکەریی کوردستانی باشور، چاپخانەی تیشک، باشووری کوردستان – سلێمانی 2001.
75- Den Store Danske Encyklopædi, Bind 13, Danmarks Nationalleksikon A/S - Danmark 1999.

76- Den Store Danske Encyklopædi, Bind 11, Danmarks Nationalleksikon A/S - Danmark 1998.

77- Rikke Baker og Anne Hamfeldt, Irak Flygtninge – Baggrund – Historie, Dansk Flygtningehjælp, 1. november 2002.

78- Kontakt, Nr. 1 – 1991/92- 44. aargang, Mellemfolkeligt Samvirke.

79- Sven Skovmand, Mellemøsten, Munksgaard 1983, 1. udgave, Danmark.

80-www.jyllandsposten.dk

81- Anders Jerichow, Mellemøsten i 90erne, 1. udgave 1993, Borgens Forlag, Tryk: Gylling Narayana Press, Valby – Danmark.

82- Dr. John King, oversat fra engelsk af Birgitte Brix til dansk, Konflikten i Mellemøsten, 1. udgave, trykt i Italien 1995 af G. Cand & C. SpA.

83- دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، کورد و کوردستان لە کۆمەڵە وتارێکی مێژوویيدا، وەرگێڕانی ئازاد عوبێد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان - هەولێر 2005.

84- دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، کوردستان لە سەردەمی ئاشتیدا، وەرگێڕانی محەمەد نوری تۆفیق، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، باشووری کوردستان - سلێمانی 2001.

85- دەبلیو ئاڕ، های، مذكرات دبليو ار. هێ حاكم أربيل السياسي في كوردستان أيام الاحتلال البريطاني 1918-1920م، ترجمة فؤاد جميل، دار العربية للموسوعات، الطبعة الاولى، بيروت – لبنان 2008.

86- دکتۆر سەعد بەشیر ئەسکەندەر، سەرهەڵدان و ڕوخانی سیستەمی میرنشینی لە کوردستان، وەرگێڕانی جەوهەر کرمانج، چاپی دووەم، چاپخانەی حەمدی، باشووری کوردستان – سلێمانی 2009.

87- نەفتوللا ئەدۆنەڤیچ خالفین، خەبات لەڕێی کوردستاندا، وەرگێڕانی جەلال تەقی، چاپخانەی ڕاپەڕین، باشووری کوردستان، سلێمانی 1971.
88- دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، أقلیم کوردستان العراق دراسات في التکوین القومي للسکان، الطبعة الثالثة، جنوب کوردستان – هەولێر 1999.
89- www.i-cias.com/e.o/mosul.htm
90- دکتۆر جەواد مەلا ئیبراهیم، کۆنگرە، ژمارە (14)ی یەنیوەری ساڵی 2000، ئۆرگانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، بڵاوکەرەوەی بیری نەتەوەیی کوردیی.
91- ئەحمەد شەوکەت، الشبک الکورد المنسیون، مطبعة وزارة الثقافة، جنوب کوردستان – سلیمانیة 2004.
92- ڕەشید حوسێن خۆشناو، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (1908)، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (6.9.2002)، خەبات ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی ڕۆژانەیە - ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان-ە.
93- ئەلبێرت میخائیلۆڤیچ مینتیشاشڤیلی، کورد کورتەی پێوەندیی کۆمەڵایەتی- ئابووری، ڕۆشنبیری و گوزەران، وەرگێڕانی لەڕووسی‌یەوە دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، لە چاپکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، باشووری کوردستان – سلێمانی 1999.
94- ئاسۆ گەرمیانی، دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ یان سیستمێکی فیدرالی؟ لێکۆلینەوەیەکی مێژوویی ڕامیارییە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 2004.
95- خەسرەو گۆران، کورد لە پارێزگای موسڵ، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، باشووری کوردستان - هەولێر 2002.
96- خەسرەو گۆران، کوردستان لە مێژوودا، بەشی یەکەم، وەرگێڕانی ئاسۆ کەریم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی کوردستان، باشووری کوردستان – هەولێر 2001.
97- دکتۆر حامد مەحمود عیسا، القضیة الکوردیة في العراق من الاحتلال البریطاني الی الغزو الأمریکي 1914-2004، مکتبة مدبولی، مصر، الطبعة الاولی 2005.

98- دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو، کوردستان و کورد لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و ئابووری، وەرگێڕانی عەبدوڵڵا حەسەن زادە، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا- 1973.

99- حوسێنی مەدەنی، کوردستان و ئیستراتیژی دەوڵەتان، بەرگی یەکەم، نۆڤێمبەری 2000 + چاپە نوێکە (چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر – باشووری کوردستان 2009).

100- دکتۆر ئارشاک پۆلادیان، کورد لە سەرچاوە عارەبییەکاندا، وەرگێڕانی ئازاد عوبێد ساڵح، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر- باشووری کوردستان 2000.

101- ئارشاک پۆلادیان، الكورد في ظل الخلافة الاسلامية، ترجمة د. عبدالرحمن خليل، مطبعة وزارة الثقافة، الطبعة الأولى، جنوب كوردستان – سليمانية 2003.

102- ئارشاک پۆلادیان، کورد لە سەدەی حەوتەمەوە تا سەدەی دەیەم، وەرگێڕانی لە عارەبییەوە بۆ کوردی جەلیل کاکەوەیس، لە بڵاوکراوەکانی پەرتووکخانەی ئاودێر، چاپی دووەم، هەولێر – باشووری کوردستان 2008.

103- دكتور كمال مظهر احمد، كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير دراسة وثائقية عن القضية الكوردية في العراق، الجزء الاول مطبعة رينوين.

104- ليورا لۆكيتز، العراق و البحث عن الهوية الوطنية، ترجمة دلشاد ميران، من منشورات ئاراس، الطبعة الاولى، جنوب كوردستان – هەولێر 2004.

105- دكتۆر سلێمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل، مفهوم أقليم كوردستان العراق، گۆڤاری سەردەم، العدد السادس لسردم العربي، مؤسسة سردم للطباعة و النشر، سليمانية – جنوب كوردستان.

106- Discovering World Cultures: The Middle East / By Greenwood Publishing 2004,.Creative Media Applications Group, Inc Publishing.

107- دکتۆر فوئاد حەمە خورشید، گۆڤاری سەردەم، العدد الاول لسردم العربي، مؤسسة سردم للطباعة و النشر، سليمانية – جنوب كوردستان.

108- دکتۆر فوئاد حەمە خورشید، كركوك قلب كوردستان، مطبعة وزارة الثقافة، سليمانية – جنوب كوردستان 2005.

109- پرۆفیسۆر دکتۆر فوئاد حەمە خورشید، خەبات، ژمارە (2483)، ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (3.5.2007). خەبات ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی ڕۆژانەیە - ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان-ە.
110- پاتریک کۆکبێرن، میدیا، ژمارە (246)، ساڵی یازدەهەم، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (27.6.2006). میدیا ڕۆژنامەکی سیاسی هەفتانەیە، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK دەریدەکات.
111- هەولێرپۆست، ژمارە (59)، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (28.6.2006)، میدیا ڕۆژنامەیەکی گشتییە هەفتەی دوو جار دەردەچێت.
112- دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، بەرگی یەکەم، وەرگێڕانی ئەبوبەکر خۆشناو، چاپخانەی ڕوون، باشووری کوردستان – سلێمانی 2002.
113- دکتۆر محەمەد هەماوەندی، ڕاگواستنەوەی کورد و زامدارکردنی دیموکراتیەت لە کوردستان، چاپی یەکەم، بڵاوکەرەوەی هەماوەند بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، کەرکوک – لەندەن 2004.
114- صلاح سعدالله، المسألة القومية في العراق، الطبعة الاولى، مطبعة هاوار، جنوب کوردستان – دهۆک 2002.
115- پارتی دیموکراتی کوردستان، مەکتەبی سیاسی، مەکتەبی ناوەندیی دیراسات و تۆژینەوە، نەوتی کوردستانی ئێراق نەوت و چارەنووسی سیاسی کورد و کوردستان، بەشی دووەم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی دیراسات و تۆژینەوە، دیراسەی ژمارە (32)، باشووری کوردستان – هەولێر 1998.
116- هنري فيلدر، جنوب کوردستان، ترجمة جرجيس فتحالله، من منشورات دار ئاراس، مطبعة التربية، الطبعة الاولى، هەولێر – جنوب کوردستان 2001.
117- دکتۆرە سروە ئەسعەد سابیر، کوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل 1914-1926، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، الطبعة الاولى، جنوب کوردستان – هەولێر 2001.
118- دێڤید کۆرن، الرجلان اللذان ضما الکورد الى العراق پیرسی کۆکس وارنولد ت. ولسن)، ماڵپەڕی ئەلکترۆنی (کوردستان http://www.afka.org)، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (13.2.2007).

119- میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، المسالة الكوردية (1891-1917)، ترجمة اكبر احمد، مركز كوردستان للدراسات الاستراتجية، الطبعة الاولى، جنوب كوردستان - السليمانية 2001.
120- دكتور عبدالفتاح علي بۆتاني، جريدة الحقيقة – ڕاستی اول جريدة عربية كوردية في موصل، مطبعة خەبات، الطبعة الاولى، جنوب كوردستان - دهۆک 1998.
121- دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، الحياة الحزبية في الموصل 1926-1958، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية، جنوب كوردستان – هەولێر 2003.
122- ڕۆژنامەی میدیا، بەریتانیا بە نەخشەی کوردستان تورکان هەراسان دەکات، ژمارە (323)، ساڵی دوازدەهەم، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (22.1.2008). میدیا، ڕۆژنامەکی ڕامیاریی هەفتانەیە، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK دەریدەکات.
123- ڕۆژنامەی خەبات، پێشنیاری ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا لەگەڵ دەستووری هەمیشەیی ئێراقی فیدراڵدا ناکۆک نییە، ژمارە (2634)ی ڕۆژی دوشەممە، ڕێکەوتی (1.10.2007). خەبات، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری ڕۆژانەیە ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە.
124- دکتۆر نوری تاڵەبانی، باشووری کوردستان پاش جەنگی جیهانی یەکەم بە دەوڵەتی ئێراق لکێندراوە (بەشی یەکەم)، هەفتەنامەی ئاوێنە، ژمارە (56)ی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (13.2.2007). ئاوێنە، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری گشتییە کۆمپانیای ئاوێنە دەریدەکات.
125- جێراڵد هۆنیگمان، حەماس و فەتح و دوو نیشانە بزرەکەی کورد، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (2720)، ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (4.1.2008). خەبات ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی ڕۆژانەیە - ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان-ە.
126- دکتۆر سەعدی عوسمان هەروتی، سنووری خوارووی کوردستانی باشوور لە سەدەی نۆزدەهەمدا، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی (دهۆک)، باشووری کوردستان 2007.
127- ئەنتۆنی کوردسمان، پاش سەرکەوتن بەسەر قاعیدەدا کوردسمان: ئەگەری سەرهەڵدانی سێ جەنگ لە ئێراقدا هەیە، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە

(4535)، ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (2.4.2008)،ساڵی حەڤدەهەم، کوردستانی نوێ، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری ڕۆژانەیە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات.
128- كركوك رحلة في ذاكرة التاريخ، الاعداد و الترجمة عوني داودي، المراجعة و التقديم دكتور نوری الطالباني، الطبعة الاولى، مطبعة نينا – ئۆپسالا – سويد 2002.
129- ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، سایکس – پیکۆو ترازاندنی جەمسەری کێشەی کوردی باشوور، وەزارەتی ڕۆشنبیری بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، باشووری کوردستان – سلێمانی 2007.
130- هەڵوێست عومەر قادر، (يهود كوردستان تأريخهم، مواقعهم، أعمالهم، صورهم)، مؤسسة حمدي للطباعة و النشر، جنوب كوردستان 2007.
131- لمۆندی فەرەنسی، کورد لە ڕۆژنامە بیانییەکاندا یەکەم حکومەتی کوردی ویلایەتی موسڵ، وەرگێڕانی بۆ کوردی ڕزگار مستەفا،)دا، گۆڤاری خاک، ژمارە (132)، ساڵی یانزەهەم، حوزەیرانی (2008). گۆڤاری خاک، مانگانەیەکی هەمەڕەنگە ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک دەریدەکات.
132- لە فرانسییەوە وەرگێڕانی دکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا، شێخ مەحموودی حەفیدزادە لە بەڵگەنامەی فرانسیدا 1919-1934، بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، سلێمانی – باشووری کوردستان 2006.
133- دکتۆر عەزیز شەمزینی، جولانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان، فەرید ئەسەسەرد لە عارەبییەوە کردوویە بە کوردی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، چاپی چوارەم، سلێمانی - باشووری کوردستان 2006.
134- المحامي الشيخ سالار الحفيد، جنوب كوردستان في موازين السياسة الدولية، المديرية العامة للطباعة والنشر، سليمانية – جنوب كوردستان 2006.
135- ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسییان: تەرحیل تەعریب تەبعیس، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، چاپی دووەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 1999.
136- میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریف، کوردستان لە سەردەمی هێرشی عارەب، تورک و مەغۆلەکان – بەشی سێیەم، لە وەرگێڕانی (هەژار هەورامی)، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (2891)، ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (26.6.2008)، لاپەڕە (5)،

ڕۆژنامەی خەبات، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری ڕۆژانەیە ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

137- میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریف، کوردستان لە سەردەمی هێرشی عارەب، تورک و مەغۆلەکان – بەشی چوارەم، لە وەرگێڕانی (هەژار هەورامی)، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (2894)، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (29.6.2008)، لاپەڕە (5). ڕۆژنامەی خەبات، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری ڕۆژانەیە ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

138- میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریف، کوردستان لە سەردەمی هێرشی عارەب، تورک و مەغۆلەکان - بەشی پێنجەم، لە وەرگێڕانی هەژار هەورامی، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (2895)، ڕۆژی دوشەممە، ڕێکەوتی (30.6.2008)، لاپەڕە (5). ڕۆژنامەی خەبات، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری ڕۆژانەیە ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

139- ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە (355)، ساڵی سێزدەهەم، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (9.9.2008)، ئەندامێکی مۆسادی ئیسرائیلی: ڕێککەوتنێکی چوار قۆڵی و ملیۆنێک چەکدار ئامادەکراوە بۆ داگیرکردنی باشووری کوردستان. میدیا، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری هەفتانەیە، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان دەریدەکات.

140- زینۆفۆن: گەشتەکەی زینۆفۆن، وەرگێڕ: محەمەد مەسعود محەمەد جەلیزادە، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، باشووری کوردستان – هەولێر 2006.

141- دڵشاد مەولود مەرزانی، بەعارەب کردن لە قەزای موسڵ (بەشی یەکەم)، هەفتەنامەی بارزان، ژمارە (83)، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (7.9.2008). بارزان، هەفتەنامەیەکی گشتیی سەربەخۆیە لە باشووری کوردستان – هەولێر دەردەچێت.

142- دڵشاد مەولود مەرزانی، بەعارەب کردن لە قەزای موسڵ (بەشی دووەم)، هەفتەنامەی بارزان، ژمارە (84)، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (14.9.2008). بارزان، هەفتەنامەیەکی گشتیی سەربەخۆیە لە باشووری کوردستان – هەولێر دەردەچێت.

143- دکتۆر حامد مەحمود عیسا، القضية الكوردية في العراق من الاحتلال البريطاني الى الغزو الأمريكي 1914-2004، مكتبة مدبولى، مصر، الطبعة الاولى 2005.
144- ویکیپیدیا، بە زمانی عارەبی، معركة چالديران، التوسع مابعد چالديران، ماڵپەڕی زانیاری بە زۆربەی زمانەکان.
145- دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، کوردستان لە سەردەمی ئاشتیدا، وەرگێڕانی موحەمەد نوری تۆفیق، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 2000.
146- جیرارد چالیاند، کەندال نەزان، عەبدولڕەحمان قاسملو، عیسمەت شەریف وانلی، مستەفا نازدار، ئارچی ڕۆزیڤێلد، کامەران قەرەداغی، ئێلیزا مارکۆس، بیلل فریلیک، گەلێکی پەژمودەو نیشتمانی پەرت، وەرگێڕانی لەعارەبی و فارسییەوە م گۆمەیی، لە ئینگلیزییەوە (بەشەکانی 8-11) أ. حەوێزی، چپی دووەم، سوید 2002.
147- عەبدوڵڵا قەرەداغی (مەلا عەلی)، کورد لە سەرچاوە مێژووییەکاندا، چاپی یەکەم، چاپەمەنی کارۆخ، باشووری کوردستان 2008.
148- جرجيس فتح‌الله، يقظة الكورد تاريخ سياسي 1900-1925 ومما يتناول النزاع على جنوب كوردستان امام عصبة الامم مع الوثائق والمذكرات المتعلقة به، دار اراس، مطبعة وزارة التربية، جنوب كوردستان - هەولێر 2000 + جەرجیس فەتحوڵڵا، وریا بوونەوەی کورد مێژوویێکی سیاسی 1900-1925، بەرگی دووەم، وەرگێڕانی حەسەن جاف، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی دهۆک، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، باشووری کوردستان 2009.
149- دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، كوردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ترجمة محەمەد مەلا عەبدولکەریم، الطبعة الثانية، طبع دار افاق عربية للطباعة والنشر، بغداد 1984.
150- محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، جاف پرێس، لەندەن – بەریتانیا 1991.
151- ڕێنیە موریس، کوردستان یان نەمان، وەرگێڕانی ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی دهۆک، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، باشووری کوردستان 2008.

152- کورد له ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا، وەرگێڕانی له فارسییەوە حەمە کەریم عارف، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر – باشووری کوردستان 1997.
153- شۆڕش حاجی، تەعریبی کەرکوک سیاسەتی تەعریب له دووتوێی هەشتا بەڵگەنامەدا، چاپخانەی دار الحكمة، لەندەن – بەریتانیا 2004.
154- دەقەکانی کۆنگرەی سیڤرە و خوێندنەوەیەکی تر، خوێندنەوەی مەسعود عەبدولخالق، وەرگێڕانی سەلام ناوخۆش، له بڵاوکراوەکانی یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان، چاپخانەی منارە، باشووری کوردستان – هەولێر 2009.
155- دکتۆر ڕێبوار خنسی، الملف النفطي في العراق، دار سپیرێز للطباعة والنشر، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية – هەولێر، جنوب كوردستان – هەولێر 2005.
156- سێر ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن، بلاد مابين النهرين بين ولاءين خواطر شخصية وتأريخية، الجزء الثالث، ترجمة فؤاد جميل، وزارة الثقافة والاعلام، دار الشؤون الثقافية العامة، الطبعة الاولى، بغداد – العراق 1992.
157- پێداچوونەوەو لێکۆڵینەوە عەبدولڕەزاق مەحمود ئەلقەیسی، ولاية الموصل تقرير عصبة الأمم الخاصة بحل النزاع التركي – البريطاني حول ولاية الموصل 1924-1925، مركز الدراسات الكوردية (کوردۆلۆجی)، مطبعة ڕەنج، باشووری کوردستان – سلێمانی 2009.
158- المستر ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ، العراق الحديث من سنة 1900 الى سنة 1950، الجزء الأول، ترجمة سەلیم تەها ئەلتكريتی، الفجر للنشر و التوزيع بغداد، الطبعة الاولى، طبع بمطبعة حسام 1988.
159- ئەلبێرت میخائیلۆڤیچ مینتیشاشڤیلی، العراق في سنوات الأنتداب البريطاني، ترجمة الدكتۆر هاشم ساڵح ئەلتكريتی، مديرية مطبعة جامعة بغداد 1978.
160- دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، الحركة القومية الكوردية التحررية دراسات ووثائق، تقديم الأستاذ الدكتۆر خەلیل عەلی موراد، دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ، الطبعة الأولى، مطبعة وزارة التربية – هەولێر – جنوب كوردستان 2004.
161- میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، دکتۆر مانڤێل ئارسێنۆڤیچ هەسرەتیان، شاکرۆ محۆی، ی. ی. فاسیلیفیاو ئەولگا میگالینا، مێژووی کوردستان، وەگێڕانی وشیار عەبدوڵڵا سەنگاوی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر، باشووری کوردستان 2008.

162- میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، المسألة الكوردية (1917-1923)، ترجمة دکتۆر حاجی عەبدی، الطبعة الاولى، دار الرازي، لبنان - بيروت 1991.
163- میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، النضال والإخفاق (المسألة الكوردية في سنوات 1923-1945)، المترجم صادق الجلاد، مراجعة ڕەفیق سالَح، بنكه ژين، مطبعة شڤان، جنوب كوردستان – سلێمانی 2006.
164- تۆمابوا، ژیانی کوردەواری، وەرگێڕانی حەمە سەعید حەمە کەریم، لە بوەڕێوەبەرێتی چاپخانەی زانکۆی سلێمانی چاپکراوە، باشووری کوردستان 1980.
165- دکتۆر فەرهاد پیربال، کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، باشووری کوردستان – هەولێر 2006.
166- ئەحمەد حەمەدئەمین، دۆزی کورد لە چەند باسێکی مێژووییدا، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی دهۆک – باشووری کوردستان 2008.
167- هەڵۆ بەرزنجەیی، ناساندنی پەرتووک، ماڵپەڕی کۆنگرە، ماڵپەڕی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، سەرەتای ئایاری 2011.
168- دکتۆر مایکڵ جی کلی، سەدام حوسێن و زەمینەکانی جینۆساید، وەرگێڕانی کارزان محەمەد، گۆڤاری ڕێبازی نوێ، ژمارە (54)، ل222-235. ڕێبازی نوێ، گۆڤارێکی فیکری و سیاسییە مەکتەبی ڕێکخستنی (ی. ن. ک) دەریدەکات.
169- سەفەرنامەی ژان ئۆتەر 1734-1743 سەردەمی نادر شا، وەرگێڕانی لە فارسییەوە محەمەدی حەمە باقی، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی موکریانی، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان، هەولێر 2013.

# بەشی چوارەم

## مێژووی کوردستانێتیی شاری موسڵ لە بەڵگەنامە عوسمانی و تورکییەکاندا:

بەڵگەنامە عوسمانی و تورکییەکان ژمارەیان (54) بەڵگەنامەیەو (48) سەرچاوەیان بۆ بەکار هاتووە. هەموو مێژوونووس و گەڕیدەکانی عوسمانی و تورکی تەواوی شاری موسڵ بە شارێکی کوردی یان تەواوی ویلایەتی موسڵ بە خاکی کورد و بە بەشێک لە کوردستان دەزانن. لە خوارەوەشدا هەوڵ دەدەین یەکە یەکەی بەڵگەنامەکان بخەینەڕوو کە ئەمانەن:

عەبدولعەزیز یامولکی، کە کوڕی مستەفا یامولکی و پوورزای شەریف پاشای خەندانی نوێنەری کوردە لە کۆنگرەی ئاشتی پاریسدا، لە لاپەڕە (35)ی پەرتووکی (کوردستان و ڕاپەڕینەکانی کورد)، وەرگێڕانی لە تورکیە وە شێرزاد کەریم، باسی وەڵامی نوێنەری تورکان دەربارەی ویلایەتی موسڵ بۆ کۆنفرانسی لۆزان بەم شێوەیە دەکات: (لەنێو دانیشتوانە جێگیرەکانی ویلایەتی موسڵ-داو، هەر لە دەوروپشتی شاری موسڵ و کەناری دیجلە، نەژادی عارەب لە چەند گوندێکی کاول و پەرێشاندا نەبێ، لە هیچ شارۆچکە و گوندێکی دیکەدا نیشتەجێ نییە. لە خێڵە کۆچەرەکانی عارەب، خێڵی (تەی) لە موسڵ و دیاربەکر و هەردوو خێڵی جبوور و شەممەریش لە دەوروبەری موسڵ و (دیرالزور) لە هاتووچوو و نائارامیدان و پێوەندییان بەم ویلایەتەوە نییە).

بەگوێرەی ئەو وەڵامەی نوێنەری حکومەتی تورکی کەمالی (عیسمەت ئینینۆ) بۆ کۆنگرەی لۆزان، کە کۆنگرەکە لە ڕۆژی (24.7.1923)دا، لەنێوان ئیتاڵیا، بەریتانیا، فەرەنسا، ڕۆمانیا، ژاپۆن و یۆگۆسلاڤیا لە لایەک و تورکیای کەمالی لە لاکەی تردا واژۆکرا، بۆمان دەردەکەوێت کە ویلایەت و شاری موسڵ خاک و نیشتمانیی کوردن، چونکە هەروەکو عیسمەت ئینونۆی تورک ئاماژەی پێکردووە، عارەب جگە لە چەند گوندێکی وێران و بەشێوەی کۆچەری نەبێت کە لەنێوان دێرەزور و موسڵدا هاتووچۆی گەرمیان و کوێستانیان کردووە، هیچ بوونێکیان نەبووە لە ویلایەتی موسڵدا. کاتێک کە بوونی عارەب بەو ئەندازە کەمە بێت، گومان لەوەدا نامێنێت کە لە

لایەک عارەب و ئێراق هیچ پێوەندییەکیان بەو ویلایەتەوە نییە، لە لایەکی تریشەوە ویلایەتەکە ویلایەتێکی کوردییە.

بیبلیۆگرافیست و زاناو گەڕیدەی بەناوبانگی تورک شەمسەدین سامی (1850–1904)، کە نووسەری (قاموس الاعلامی عوسمانی – ئەنسیکلۆپیدیای تورکی)یەو، لەنێوان سالانی (1889–1898)دا لە شەش بەرگدا نووسیویێتی، بەرگی یەکەمی لە ساڵی (1889)و بەرگی پێنجەمی کە بابەتێکی لەژێر ناوی کوردستان و چەندان بابەتیتری سەبارەت بە کورد و کوردستان تیایەو لە ساڵی (1896)و بەرگی شەشەمیشی لە ساڵی (1898)دا نووسیوە. نووسەر لە لاپەڕە (3846)ی بەرگی پێنجەمی قاموسی ئەعلامی تورکی عوسمانی (ئەنسکلۆبیدیای عوسمانی)، کە لە لاپەڕە (258)ی وەرگێڕدراوی ئەو بەرگەدایە کە لەژێر ناوی (کورد و کوردستان لە یەکەم ئەنسیکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا)، بڵاوکراوەتەوەو ئەحمەد تاقانە کردوویەتی بە کوردی، نووسیویێتی: (کەرکوک شارێکە، ناوەندی پارێزگای شارەزوورە، لە ویلایەتی موسڵ–ی کوردستان و (160) کیلۆمەتر لە باشووری خۆرهەڵاتی شاری موسڵ، لەژێر ڕێزە گردێکدا، لە ڕۆخی دەشتێکی بەریندا، لەسەر زێی ئەدهەم (واتە خڕی خاسە) دایە، (30.000) هەزار کەسی دانیشتوان هەیە، سێ چارەکی خەڵکەکەی (22.500) کەسی کورد و ئەوی دیکەش تورک و عارەب و هی دیکەن. (760 جوولەکەو (460) کلدانیشی لێیە. کەرکوک شارێکی کۆنە، ناوە کۆنەکەی (کەرکوورە)یە. قەزای کەرکوک، قەزای ناوەندی پارێزگای شارەزوورە، لە خۆرهەڵاتەوە بە پارێزگای سلێمانی و لە باکورەوە بە کۆیسنجەق (کۆیە)و بە قەزای هەولێر (ئەڕبیل)و لە خۆرئاواوە بە پارێزگای موسڵ و لە باشووری خۆرئاواوە بە ویلایەتی بەغداو لە باشووری خۆرهەڵاتەوەش بە قەزای سەڵاحییە سنووردارە).

کاتێک کە زاناو گەڕیدەی ناسراوی تورک شەمسەدین سامی، باسی ئەوە دەکات کە شاری کەرکوک دەکەوێتە ناو ویلایەتی موسڵ–ی کوردستانی، گەورەترین دانپێدانانی ئەو زانایە دەگەیەنێت بە کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ و تەواوی شارو شارۆچکەکانی ویلایەتەکە، چونکە ئەگەر ویلایەتەکە ویلایەتێکی کوردستانیی و کوردیی بێت، کەواتە تەواوی خاک و شارەکانی سەر بەو ویلایەتە خاک و شاری کوردستانیی و کوردین. بۆیە ئەو ڕاستییەی کە زاناو بیبلیۆگرافیستی

ناسراوی تورک شەمسەدین سامی درکاندوویەتی، دەکرێت بە یەکێ لە بەڵگە هەرە نایابەکانی دەوڵەتی عوسمانی بژمێردرێت بۆ کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ.

شەمسەدین سامی، کە نووسەری (قاموس الاعلامي العثماني – ئەنسیکلۆپیدیای تورکی)یە، لە لاپەڕە (249)ی پەرتووکی (کورد و کوردستان لە یەکەم ئەنسیکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا)، نووسیویێتی: (لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا، بەشێکی گەورەی ویلایەتی موسڵ، واتە ئەو شوێنانەی لە لای چەپی دیجلە و ویلایەتەکانی وان، بەتلیس، دیاربەکر و مەعمورەتول عەزیز یەک و پارچەیەکی وڵاتەکەو سەنجەقی دەرسیم بە پارچەیەکی کوردستان دەژمێردرێن. لە ئێرانیش ئەو ویلایەتەی بە کوردستان ناودەبرێ، لەگەڵ نیوەی ویلایەتی ئازەربایجان، واتە بەشی باشووری خۆرئاوای کوردستان–ە).

بەگوێرەی ئەو سنوورەی کە شەمسەدین سامی و ئەنسیکلۆپیدیای عوسمانی بۆ کوردستانی دەستنیشانکردووە، بەلای کەمەوە کەناری دەستە چەپ یاخود بەشی خۆرهەڵاتی شاری موسڵ کە بەشە گەورەکەیەتی، خاکی کوردە و دەکەوێتە ناو سنووری باشووری کوردستان.

شەمسەدین سامی، کە نووسەری (قاموس الاعلامي العثماني – ئەنسیکلۆپیدیای تورکی)یە، لە لاپەڕە (299)ی پەرتووکی (کورد و کوردستان لە یەکەم ئەنسیکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا)، لە بابەتی (موسڵ)دا نووسیویێتی: (موسڵ: لەڕاستیدا کە ناوی (مەوسیل)ە، ئەمڕۆ لەسەر زاردا لەشێوەی (موسوڵ)دایە. شارێکە لە کەناری باکووری خۆرهەڵاتی جەزیرەدا، لەلای دەستە ڕاستی دیجلە، واتە لە ڕۆخی خۆراوایدا و بەرانبەر کەلاوەکانی نەینەوا (نەینەوا)ی کۆنی بەناوبانگدایە. زمانی گشتیی ناوخۆ عارەبییە و بە تورکی و کوردیش قسە دەکرێ).

ناوهێنانی شاری موسڵ لەلایەن شەمسەدین سامی لە بەرگی پێنجەمی قاموسی ئەعلامەکەیدا لەژێر ناوی (کورد و کوردستان لە یەکەم ئەنسیکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا)، بەڵگەیەکی کەم وێنەیەو دەریدەخات کە شاری موسڵ دەکەوێتە ناو چوارچێوەی سنووری نیشتمانیی کورد و خاکی کوردستان، زمانی ناو بازاڕیش

مەرج نییە چونکە بەهۆی داگیرکارییەکانی ئیسلام زمانی گشتی زۆر باژێڕی تری کوردستان عارەبی بووە، هەروەها بەگوێرەی داگیرکارییەکانی عوسمانییەکانیش زمانی گشتی ناو بازاڕی کەرکوک-یش تا داڕمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تورکی بووە، هەرچەندە شاری کەرکوک شارێکی کوردیی و سەر بە خاکی کوردستان بووە، بەتایبەتیش بەگوێرەی بەڵگەنامە عوسمانی، عارەبی و گەڕیدە بیانییەکان.

گەڕیدەی بەناوبانگی تورک، ئەولیا چەلەبی (محەمەد زیللی کوڕی دەروێش 1020ک-1103ک/1611ز-1694ز) کە لە سەدەی حەڤدەدا لەنێوان ساڵانی (1640-1679)دا تەواوی کوردستان گەڕاوەو لە ساڵی (1646)دا پەرتووکی (سیاحەتنامەی ئەولیا جەڵەبی)ەکەی خۆی نووسی و، ئەحمەد جەودەت لە ساڵی (1896-1900) ەوە لە (10) بەرگدا بە چاپی گەیاندووە، کە بەرگی سێیەم تایبەت بووە بە کورد و کوردستان و مامۆستا سەعید ناکام وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. گەڕیدە ئەولیا چەلەبی لە لاپەڕەکانی (90-91)دا، لە باسی دیاریکردنی شارەکانی کوردستاندا دەڵێت: (کوردستان لای باکوری دەگاتە (ئەرزڕۆم)و لە وانیشدا (هەکاری) و (جەزیرە) و (ئامێدی-عەمادیە) و (موسڵ) و (شارەزور) و (هەریر) و (ئاردەڵان) و (بەغدا) و (درنە) و (دەرتەنگ) تا دەگاتە (بەسرە) خاکێکی حەفتا قۆناخی بە کوردستان و بە ئەردەڵان دەژمێردرێ کە لەنێوان ئێراقی عارەب و وڵاتی غمانیدا بەچیاو شارەکانیەوە شەش هەزار هۆزو خێڵی کوردی تێدایە).
ئەوەی گەڕیدەی بەناوبانگی تورک ئەولیا چەلەبی ئاماژەی پێکردووە، بەڵگەیەکی پڕ بایەخی تری کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ-ە، چونکە ئەو لە دەستنیشانکردنی شارەکانی کورد و کوردستاندا، ناوی شاری موسڵ-ی هێناوە وەکو یەکێک لە شارەکانی کوردستان. بەمەش (ئەولیا چەلەبی)ش بەڵگەیەکی تر دەخاتە سەر خەرمانی بەڵگەکانی کوردستانی بوونی ئەو شارە.

دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، لەوتارێکیدا لەژێر ناوی (الموصل مدينة العرب و الكورد جغرافيا وتاريخيا) کە لە لاپەڕەکانی (72-84)ی ژمارە (21)ی گۆڤاری (دهۆک)دا بڵاویکردۆتەوە لە لاپەڕە (74)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕەکانی (74-75)ی بەرگی چوارەمی (سیاحەتنامە)ی ئەولیا چەلەبی هاتووە: (کوردستان لە

سەردەمی ئەودا لە نۆ ویلایەت پێکهاتووە کە ئەمانەن: ئەرزڕۆم، وان، هەکاری، دیاربەکر، جەزیرە (جەزیرەی بۆتان)، ئامێدی، موسڵ، شارەزوور و ئەردەڵان).

ئەوەی کە ئەولیا چەلەبی ئاماژەی پێکردووە، کوردبوون و کوردستانیی بوونی تەواوی ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵ-یشەوە دەگەیەنێت، چونکە زانای ناوداری تورک (ئەولیا چەلەبی)، زۆر ڕاشکاوانە ویلایەتی موسڵ بە ویلایەتێکی سەر بە کوردستان ناو دەبات. کاتێکیش کە ویلایەتەکە ویلایەتێکی کوردستانیی بێت، کەواتە تەواوی شارەکانی سەر بەو ویلایەتە بە شاری موسڵی مەڵبەندی ویلایەتەکەش شاری کوردیی و کوردستانین.

پرۆفیسۆر دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، مێژوونووسی بەناوبانگی کورد، لە لاپەڕە (35)ی پەرتووکی (كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير دراسة وثائقية عن القضية الكوردية في العراق)داو، بە پشت بەستنی بە جوگرافیاناسی تورک حاجی خەلیفە ناسراو بە (کاتب چەلەبی)، نووسەری پەرتووکی (جیهان نامە)دا، نووسیویێتی: (جوگرافیاناسی تورکی ناسراو (کاتب چەلەبی) کە لە سەردەمی (ئەولیا چەلەبی)دا ژیاوە، لە لاپەڕەکانی (445-448)ی پەرتووکی (جیهان نامە)دا جەختی لەسەر هەمان ئەو ڕاستیانەی ئەفسەر (ئەولیا چەلەبی) کردووە. بەپێی دوا لیست ژمارەی سەنجەقەکانی ویلایەتی شارەزوور لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەمدا بەرز بۆتەوە بۆ 32 سەنجەق). (دکتۆر کەمال لە لاپەڕە (34)داو، بە پشت بەستن بە لاپەڕەکانی (74-75)ی بەرگی دەیەمی (سیاحەتنامە)ی ئەولیا چەلەبی، بەمشێوەیە بۆچوونی ئەوی تۆمارکردووە کە دەڵێت: کوردستان لە ویلایەتەکانی ئەرزڕۆم، وان، هەکاری، دیاربەکر، جەزیرە، ئامێدی، موسڵ، شارەزوور و ئەردەلان پێکدێ و ڕێی حەڤدە ڕۆژە).

لێرەدا ئەفسەرو جوگرافیناسی تورک حاجی خەلیفە (مستەفا ئەمین عەبدوڵڵا حاجی خەلیفە کاتب چەلەبی زادە لەنێوان ساڵانی (1000-1067ک/1611-1679)ی زایینی ژیاوە)، هەمان بۆچوونی ئەولیا چەلەبی هەیە بۆ دەستنیشانکردنی شارو ویلایەتەکانی کوردستان و، هەمان ئەو ویلایەتانەی کە ئەولیا چەلەبی بە ویلایەتی کوردستانیان دەزانێت، ئەویش بە ویلایەتی کوردستانیان دادەنێت. ئەو ویلایەتانەی کە بە بۆچوونی ئەولیا چەلەبی کوردستانن بریتین لە ویلایەتەکانی: ئەرزڕۆم، وان،

هەکاری، دیاربەکر، جەزیرە، ئامێدی، موسڵ، شارەزوور و ئەردەلان، کەواتە (کاتب چەلەبی)ش پێی وایە ئەوانە ویلایەتی سەر بە کوردستان و خاکی کوردانن. کەواتە ئەگەر ویلایەتەکە (ویلایەتی موسڵ) ویلایەتێکی سەر بە کوردستان بێت، کەواتە تەواوی شارەکانی ئەو ویلایەتەش کە: موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە دەگرێتەوە، شارو ناوچەی کوردین و سەر بە باشووری کوردستانن.

نووسەر ئەحمەد شەوکەت، لە لاپەڕە (55)ی پەرتووکی (الشبک الکورد المنسیون)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (39)ی پەرتووکی (کشف الظنون)ی گەڕیدەی تورک (کاتب چەلەبی زادە)دا، نووسیوێتی: (کاتب چەلەبی زادە لە ساڵی (1000)ی کۆچی لەدایک بووەو لە ساڵی (1067)ی کۆچی مردووە، لەکاتی خۆیدا سەردانی موسڵ-ی کردووەو لە ساڵی (1638)ی زایینیدا پەرتووکێکی بەناوی (کشف الظنون) نووسیوەو باسی ئەوە دەکات کە بە چاوەکانی خۆی بینیوێتی دانیشتوانی موسڵ بە کوردی قسەیان دەکرد).
ئەو گەواهیدانەی گەڕیدەی تورک (کاتب چەلەبی زادە) بەوەی کە بە چاوەکانی خۆی بینیویەتی دانیشتوانی موسڵ بە زمانی کوردی قسەیان کردووە، دەبێتە بەڵگەیەکی پڕ بایەخ بۆ سەلماندنی کوردێتیی و کوردستانێتیی ئەو شارە، چونکە ئەگەر بەپێچەوانە بووایە ئەوکاتە کاتب چەلەبی بەشێوەیەکی تر دەینووسی. هەروەها ئەو یەکەم کەس و دواکەسیش نییە کە ئەو گەواهییەی دابێ و ڕاستی درکاندبێ، بەڵکو ئیبن بەتووتەو یاقووتی حەمەوی-ش باسی ئەو ڕاستییەیان کردووە کە خەڵکی شاری موسڵ بە زمانی کوردی قسەیان کردووە.

لە لاپەڕە (131)ی پەرتووکی (کوردستان لە چاپکراوە عوسمانلییەکاندا)، کە فەیسەڵ دەباغ لە تورکی عوسمانلییەوە کردوویەتی بە کوردی، هاتووە: (کەرکوک لە ویلایەتی (موسڵ)ی کوردستاندایەو (160) کم لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری (موسڵ)ە، لە دامێنی زنجیرەیەک تەپۆلکەو لە دۆڵی بەرفراوان و پان و بەرینی دۆڵی (ئەدهەم)، مەڵبەندی بەڕێوەبەرێتی سنجەقی (شارەزوور) و ناوە کۆنەکەی (قور کورا)یەو خاوەن قەڵایەکی سەختە. ژمارەی دانیشتوانی (30.000) کەسە کە

(28.000)یان موسڵمان و (400)یان کلدانی و (1600)یان جون و موسڵمانەکانیش لە کورد، تورک و عارەب پێکهاتوون و زۆربەشیان کوردن).

دانپێدانانی ڕاشکاوانەی سەرچاوەیەکی تورکی بەناوی (کوردستان لە چاپکراوە عوسمانلییەکاندا)، بەوەی کە ویلایەتی موسڵ ویلایەتێکی کوردستانییە، بەڵگەیەکی بەنرخی سەلماندنی کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ-ە، چونکە کاتێک کە تەواوی ویلایەتەکە بەشێکی سەر بە کوردستان بێت، کەواتە یەکە یەکەی شارو ناوچەو دێهاتەکانی ئەو ویلایەتەش لەنێویاندا شاری موسڵ-یش هی کوردن و سەر بە کوردستانن.

ڕۆژنامەنووسی تورک، ئیلنوور چەڤیک، لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە (60)ی یەکشەممە، ڕێکەوتی (6.3.2005)دا ئەنجامی داوەو لە لاپەڕە (5)دا لەژێر ناوی (ئیلنوور چەڤیک: ڕەوشی تورکمانەکانی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێراق زۆر باشە)دا بڵاوکردۆتەوە. لەو چاوپێکەوتنەدا، با بزانین چۆن ئیلنوور چاڤیک، ناڕاستەوخۆ دان بە کوردستانێتی شاری موسڵ و کەرکوک دادەنێت کاتێ کە دەڵێت: (پێم وایە ڕۆژێک دادێت سنووری ئەوروپا دەگاتە کەرکوک و موسڵ، بەڵکو ڕۆژێک دادێت برا کوردەکانمان لە کوردستانی ئێراق بارودۆخی ئێراقیان بە دڵ نابێت و ئەوکاتە دەبنە پارچەیەک لە پارچە گەورەکەی خزمەکانی خۆیان).

کاتێک کە ڕۆژنامەنووسی تورک، ئیلنوور چەڤیک باسی ئەوە دەکات و هیوای ئەوە دەخوازێت کە ڕۆژێک لە ڕۆژان کوردەکانی باشووری کوردستان لە ئێراق جیاببنەوەو خەون بەوەوە دەبینێت کە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیدا یەکبگرنەوە، پێی وایە سنووری ئەوروپا دەگاتە شارەکانی کەرکوک و موسڵ، بەڵگەیەکە بۆ سەلماندنی کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ، چونکە ئەو باسی ئەوە دەکات ئەگەر هاتوو کوردەکان لە ئێراق جیابوونەوە و هاتنە سەر تورکیا، ئەوکاتە سنووری ئەوروپا دەگاتە شارەکانی موسڵ و کەرکوک، کەواتە ئیلنوور چەڤیک هەردوو شارەکانی موسڵ و کەرکوک بە بەشێکی کوردستان و شاری کوردیی و کوردستانیی دەزانێت، بۆیە بۆچوونەکانی خۆی بەمشێوەیە دەردەبڕێت.

ڕۆژنامەنووسی تورک حوسنی مەحلی، لە دیمانەیەکدا کە لە ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (3.10.2006)دا لە ڕۆژنامەی (ئاکشام)ی تورکی بڵاوکراوەتەوەو، شنۆ هیرانی وەرگێڕاوە بۆ کوردی و لە لاپەڕە (4)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (4091)، پێنجشەممە، ڕێکەوتی (5.10.2006)دا بڵاوکراوەتەوە، حوسنی مەحلی دەڵێت: (تاڵەبانی و بارزانی سەرەڕای هەموو ململانێ و کێشمە کێشی نێوان خۆیان، بەڵام هیچ کاتێک ئامادەنین لە بەرانبەر (پ. ک. ک)دا ڕێوشوێنی چەکداری بگرنەبەر، ئەو دوو کەسایەتیە لە بارودۆخی ئێستایان هەموو ئاراستەی گفتوگۆکانیان سەبارەت بە موسڵ و چارەنووسی کەرکوک-ە کە بڕیارە لە کۆتایی (2007)دا یەکلابکرێتەوە. بەمەش هەرگیز نزیک (پ. ک. ک) نابنەوە، چونکە (پ. ک. ک) کارتێکی زۆر بەنرخە بۆ ئەوەی لە دۆزی کەرکوک و موسڵدا بەرانبەر بە تورکیا و سوریا بەکاریبهێنن، کە هەردوو وڵات هەستارییەکی زۆریان بەرانبەر بە کەرکوک و موسڵ هەیە).

ئەو بۆچوونەی ڕۆژنامەنووسی تورک، حوسنی مەحلی بەوەی لە لایەک هەموو هەوڵێکی هەردوو سەرکردەی کورد (تاڵەبانی و بارزانی) بە ئاراستەی موسڵ و کەرکوک دایەو لە لایەکی تریشەوە هەستیارێتی هەردوو دەوڵەتی داگیرکەری تورکیا و سوریا بەرانبەر بەو دوو شارە، بەڵگەیەکی ناڕاستەوخۆیە بۆ کوردستانێتیی و کوردێتیی هەردووکیان، چونکە ئەوان دڵنیان کە هەردوو شارەکە (موسڵ و کەرکوک) دوو شاری کوردستانین و دواتریش ئەوان نەک تەنیا هەستیارن بەرانبەر بەو دوو شارە، بەڵکو ئەوان هەستیارن بەرانبەر بە هەموو شتێکی کوردیی بگرە هەتا بە گفتوگۆ کردنیش بە زمانی کوردی!

بیلال ن. شمشیر، لەو پێشەکییەی کە لە لاپەڕە (8)ی پەرتووکی (بەڵگەنامەکانی ئینگلیز لە بارەی کێشەی کوردی تورکیا وە (1924–1938) شۆڕشەکانی شێخ سەعیدی پیران، ئاگری و دەرسیم)دا، نووسیویێتی: (بەریتانیا یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە بە دەنگ گرفتی کوردە وە هاتووەو، ڕێکخەری ئەو بەندانەی (سێڤرە)یش بووە، کە تایبەت بوون بە کورد. ئەم وڵاتە، لەبەر ئەوەی کە لە ماوەی هەردوو جەنگی جیهاندا دەسەڵاتدار بووەو، فەرمانڕەوایی ئێراقی کردووە، ڕووبەڕووی کێشەی کورد بووەتەوە. هەروەها بەهۆی کێشەکانی سنووری ئێراق–تورکیا و موسڵەوە،

شەڕێکی دیبلۆماسیی لەنێوان تورکیا و بەریتانیادا هاتووەتە گۆڕێ. ناوچە کوردنیشینەکان پانتاییەکی فراوانی دەوڵەمەندی نەوتن و، بەریتانیاش بایەخ بە هەر جێیەک دەدات کە نەوتی تێدابێ).

لێرەدا ناوبردنی موسڵ وەکو ویلایەتێک یان هەرێمێکی سەربەخۆ شانبەشانی تورکیا و ئێراق لەلایەن نووسەری تورک بیلال شمشێر، بەڵگەیەکی زیندووە بەوەی کە ویلایەتی موسڵ و شاری موسڵ هیچ پێوەندییەکیان بە عارەب و ئێراقەوە نەبووە، بەڵکو وەکو خاک و شار هی کورد و کوردستان بووینە. گەورەترین بەڵگەی کوردستانیی بوونی ئەو شارەیە، کاتێک کە نووسەری ناوبراو دەڵێت: (بەهۆی کێشەکانی سنووری ئێراق – تورکیا و موسڵەوە)، کەواتە ئەو موسڵ–ی لە ئێراق و تورکیا جیاکردۆتەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی نیشتمانێکی جیایە لەوان و وڵات و خاکی کورد بووەو هیچ پێوەندییەکی بە تورک و بە عارەبەوە نەبووە.

شوکر مستەفا، لە وتارێکدا کە لە تورکی کردوویە بە کوردی و لەژێر ناوی (کورد و کوردستان لە نیگای چەند گەڕیدەیەکی ڕۆژئاواییەوە) لە لاپەڕەکانی (121–158)دا لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری ئێراق – دەستەی کورد، بەرگی هەشتەم، ساڵی (1981)دا بڵاوکراوەتەوە، لە لاپەڕەکانی (141–142)دا هاتووە: (ژان پاپتسیت تاڤێرنێی (1605–1689)، لە بەشە نووسینێکی خۆیدا کە دواتر لە ساڵی (1718)دا لە لاهای بە زمانی فەرەنسی، بەسەردێری (شەشەم سەفەری ج. ب. تاڤێرنێیەوە) بڵاوکراوەتەوە. تاڤێرنێی لەم گەشتانەیدا بە سێ ڕێگای جوێ جوێدا لە کوردستان ئاوابووە: (ڕێگای یەکەم لە موسڵ–ەوە دەردەچێ، بە مەزەنە هەر لەو ڕێگەوەی، کە دێلاڤال پێیدا هاتوو، لە ئاوی زێ دەپەڕێتەوە، لە هەرێمی هەولێرەوە بۆ شارەزوورو، ئەنجا ئەو کاروانە شاڕێ بازرگانییە دەگرێ، کە لە قەسری شیرین و هەمەدان و مایدەشتەوە تا کەنگەوەر دەڕواو کوردستانی ئێران دەبڕێ).

کاتێک کە ئەو سەرچاوە تورکییە باسی ئەوە دەکات کە گەڕیدەی فەرەنسی (ژان پاپتسیت تاڤێرنێی) بە سێ ڕێگای جیاوازدا سەردانی کوردستانی کردووەو، یەکێک لەو ڕێگایانە ڕێگای موسڵ – هەولێر شارەزوور بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، بەڵگەیەکە بۆ سەلماندنی کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ، چونکە بۆمان

دەردەکەوێت کە ئەو سەرچاوە تورکییە شاری موسڵ بە شارێکی کوردستانی دەزانێت، بۆیە بەمشێوەیە باسی دەکات.

ئیسماعیل بێشکچی، زاناو توێژەری کۆمەڵایەتی تورک، لە وتارێکیدا کە لەژێر ناوی (پرسی سەرەکی لە دۆزی کوردیدا) کە لە (کۆنفرانسی دۆزی کورد لە تورکیا) لە ئەستەمبۆل کە ڕۆژانی (11–12)ی ئاداری (2006) بەڕێوەچوو، پێشکەشیکردووەو، دوای وەرگێڕانی لە لایەن (کەتیف ئیپزدەمیر)دا، دەقی وتارەکە لە لاپەڕە (10)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (3951)ی ڕۆژی دوشەممە، ڕێکەوتی (24.4.2006)دا بڵاوکراوەتەوە، بێشکچی دەربارەی کێشەی ویلایەتی موسڵ نووسیویێتی: (لە ئابی (1921)دا کاتێک کە بەڕیوەبەرایەتی ماندات لە ئێراق پێکدەهێنرا، یاخود ئەو کاتەی کە فەیسەڵ لە بەغدا تاجی پاشایەتی نایەسەر ئەو دەم کۆمەڵەی نەتەوەکان هەندێک ڕێوشوێنی دانابوو کە تێدا ئۆتۆنۆمی بۆ کورد دیاریکردبوو، بەڵام جارێکی دیکە بەریتانیای گەورە لە موسڵ، گەر بەشێوەیەکی ڕاستتر بگوترێت لە کوردستاندا بەڕێوەبەرێتییەکی ئۆتۆنۆمی پێک نەهێنا، سەرەڕای ئەوەی کورد داوای ئۆتۆنۆمییان کرد، لەگەڵ ئەوەی کە کۆمەڵەی نەتەوەکان ئەمەی پێشنیازکردبوو، دیسانەوە بەریتانیای گەورە هەرگیز وەڵامێکی ئەرێنی بۆ ئەو داخوازییانەی کورد نەدایەوە).

ئەوەی کە زاناو توێژەری کۆمەڵایەتی تورک ئیسماعیل بێشکچی لە سەرەوەدا ئاماژەی پێکردووە، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شارو ویلایەتی موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەری تورک بێشکچی ناوی موسڵ (ویلایەتی موسڵ) بە کوردستان ناودەبات، کەواتە ناوبراو ویلایەتی موسڵ بەتەواوی شارەکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) بە شاری کوردیی و پارچەیەک لە خاکی باشووری کوردستان دادەنێت.

ئیسماعیل بێشکچی، لە لاپەڕە (8)ی نامەیەکی خۆیدا لەژێر ناوی (دفاعا عن الامة الكوردية المستعبدة)دا بۆ (یۆنسکۆ)ی ناردووە، نووسیویێتی: (ئینگلتەرە بەپەلە بەهێز ڕووبەڕووی داخوازییەکانی کوردەکان بووەوە لە ئازادی و سەربەخۆیی و مافەکانیان لە دامەزراندنی دەوڵەتی تایبەت بەخۆیان. هەموو هەوڵەکان بەکاردەهێنرا

لەپێناوی لکاندنی گەورەترین بەشی نەتەوەی کورد بە شانشینی ئێراقی تازە دامەزراو کە لەژێر منداتی ئینگلیزیدا بوو. کەچی کەمالییەکان، بەتایبەت هەرێمی دەوڵەمەند بە پەترۆڵی کەرکوک و موسڵ-یان دەویست).

ئەو قسانەی کە توێژەری تورک ئیسماعیل بێشکچی کردوویەتی، بەڵگەیەکی ترە بۆ کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ، کاتێک کە باسی ئەوە دەکات بەریتانیا گەورەترین بەشی خاکی کوردستانی خستەسەر ئێراق، هەمووشمان دەزانین ئەو پارچەیەی کوردستان کە خرایەسەر ئێراق ویلایەتی موسڵ بوو، کەواتە ویلایەتی موسڵ بەتەواوی شارەکانیەوە (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە)، خاکی کورد و کوردستانن.

سەلام ئەلعەبودی، لە بەشی سێیەمی وتارێکیدا لەژێر ناوی (کورد العراق تأريخهم .. وتهجيرهم)دا کە ناوونیشانی پەرتووکێکی (عەلی باباخان)ەو، بە مەبەستی خستنەڕووی ئەو پەرتووکە، ئەلعەبودی لە لاپەڕە (6)ی ڕۆژنامەی (التأخي)، ژمارە (4536)، یەکشەممە، ڕۆژی (17.7.2005)دا بەشی (3)ی وتارەکەی بڵاوکردۆتەوە. سەلام ئەلعەبودی، لە باسکردنی ئەو پەرتووکەدا نووسیوێتی: (السلطان عبدالحميد: مذكراتي السياسية، 1891-1908)دا باسی ئەوە دەکات کە چۆن نەوت لە ناوچە کوردییەکان دۆزرایەوەو بووە هۆی ئەوەی کە ئیمپراتۆری ئەڵمانیا شاندێک کە پێکهاتبوو لە پسپۆرانی شوێنەوارناس، لەگەڵ خۆی بێنێت، ئەو شاندە لە ڕاستیدا زۆرتر گرنگی بە دۆزینەوەی نەوت لە ویلایەتی موسڵ دەدا). هەروەها سوڵتان عەبدولحەمید دەڵێت: (نەوت لە ساڵی 1908دا لە ویلایەتی موسڵی کوردیی دۆزرایەوە).

ئەو بەڵگەیە هەم بەڵگەیەکی عارەبی و هەم تورکیشە، چونکە سەلام عەبودی باسی ئەوە دەکات کە نەوت لە ناوچە کوردییەکان کە ویلایەتی موسڵ-ە دۆزرایەوە، هەروەها باسی ئەوەش دەکات کە سوڵتان عەبدولحەمید نووسیوێتی نەوت لە ساڵی (1908)دا لە ویلایەتی موسڵ-ی کوردیی دۆزراوەتەوە. خۆ ئەگەر ویلایەتەکە ویلایەتێکی کوردیی بێت هەروەکو وایە، ئەوە بەدڵنیاییەوە هەموو شارەکانی سەر بەو ویلایەتەش لەنێویاندا شاری موسڵی مەڵبەندو پایتەختی ویلایەتەکەش، شاری کوردین و بەشێکن لە خاکی باشووری کوردستان.

کەمال کەرکوکی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، کە یەکێک بوو لە ئەندامانی لیژنەی پشتیوانی لە نوێنەرانی کورد لە لیژنەی دارشتنی دەستووری عێراقدا، بەپشبەستن بە ماڵپەری (پەیامنێر)، لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا لە تەلاری پەرلەمانی هەرێمی کوردستان رایگەیاند کە: (یەکێک لەو نەخشانەی لە بەردەستدان نەخشەیەکی ساڵی (1794)ەو تێیدا کەرکوک وەک ناوچەیەکی کوردستانی دەستنیشان کراوە، نەخشەی دووەمیش هی سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانییە کە لەسەر ویلایەتی موسڵ بە هێڵێکی گەورە نووسراوە (کوردستان)و کەرکوکیشی تێدایە).

ئەو دوو نەخشەیەی کوردستان کە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی عوسمانییەکان و، لەسەر ویلایەتی موسڵ نووسراوە کوردستان، گەورەترین و بەنرخترین بەڵگەن بۆ سەلماندنی کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ. مادام لەسەر ویلایەتی موسڵ نووسرابێ کوردستان، کەواتە تەواوی شارەکانی ئەو ویلایەتە (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) شاری کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانن.

دکتۆر جەمال نەبەز، لەلاپەرە (192)ی پەرتووکی (الامیر الکوردی-میر محمد الرواندزي- الملقب ب (میری کۆرە)داو بە پشت بەستنی بە لاپەرەکانی (40و 51)ی پەرتووکی (تأريخ الموصل)ی نووسەری بەرەگەز ئاشووری ئێراقی سلێمان سائغ، نووسیویێتی: (لە جیهان نامە)ی تورکی لە دانانی حاجی خەلیفەی ناسراو بە میرزا چەلەبی خاوەنی ئاشکراکردنی گومانەکان، دەڵێت: (هەروەها دانیشتوانی خودی شاری موسڵیش کوردن، ئەوان جگە لە زمانی کوردی، زمانەکانی عارەبی، تورکی و فارسی دەزانن. هەروەها لە سەرەتای سەدەی حەوتەم، کوردەکان زۆرینەی دانیشتوانی موسڵ-یان پێکدەهێنا).

ئەوەی کە حاجی خەلیفە (میرزا چەلەبی) دانیپێداناوە، بەڵگەیەکی هاشا هەڵنەگرە بۆ سەلماندنی کوردێتی و کوردستانێتی شاری موسڵ، چونکە زانای ناوبراوی تورک زۆر راشکاوانەو بە ئاشکرا ئەو لە لایەک دانیشتوانی شاری موسڵ بە کورد دادەنێت و، لە لایەکی تریشەوە باسی ئەوەی کردووە کە کوردەکان لە سەدەی حەوتەمدا

زۆربەی دانیشتوانی شاری موسڵ-یان پێکهێناوە. هەروەها مێژوونووسی ناسراوی کورد، محەمەد ئەمین زەکی، ئاماژەی بە هەمان شت کردووە کە دکتۆر جەمال نەبەز باسی کردووە. محەمەد ئەمین زەکی، لە لاپەڕە (25)ی (کورتەیەکی مێژووی کورد و کوردستان)داو بە پشت بەستنی بە بەرگی چوارەمی مێژووەکەی (فۆن هامەر)، نووسیوێتی: (فۆن هامەر لە بەرگی چوارەمی مێژووەکەیدا، سۆزیَ ئەکاتە سەر مێژووی (جیهان نامە)و ئەڵیَ: خەڵکی ناو شاری موسڵ-یش هەمووی کوردن و ئەمانە بێجگە لە کوردی، بە فارسی و عارەبی و تورکیش قسە ئەکەن).

جەرجیس فەتحوڵلا، لە لاپەڕەکانی (343-344)ی پەرتووکی (وریابونەوەی کورد مێژوویێکی سیاسی 1900-1925)ی چاپە کوردییەکەو لاپەڕەکانی (313-314)ی چاپە عارەبییەکەی نووسیوێتی: (ئەتاتورک دەیگوت بەریتانیای مەزن لەپشت ئەو شۆڕشەوەیەو چەک و ئازوقە بە شۆڕشگێڕان دەدا. ئەم ڕقە پەنگ خواردویەی لە وتارێکدا تەقیەوە کە لە بەردەم ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورەدا خوێندەوە: ئەوەی بارودۆخەکەی خراپتر ئاڵۆز کردووە ئەوەیە کە ئینگلتەرە لەپشت ئەم ڕووداوانەوەیە. ئینگلتەرە هەمیشە کوردەکانی بەکار دەهێنا بۆ ئەوەی زیان بە تورکان بگەیێنیَ. لە جەنگی گشتیدا ئینگلتەرە سیخوڕەکانی خۆی (لۆرەنس) و (نۆئیل)ی نارد بۆ ئەوەی هانیان بدەن. شۆڕش بکەن و لەپشتەوە خەنجەر، لە تورکیا بدەن. لە پەیماننامەی سیڤرە بەڵێنیان دانیَ حکومەتێکی جیاوازیان بۆ دروست بکەن. سیخوڕەکانیان ئێستا دووبارە هاتوونەتەوە چەک بە هۆزەکان دەدەن و هانیان دەدەن. ئینگلتەرە موسڵ و نەوتەکەی دەویَ. کوردەکانیش کلیلی موسڵ و تاکە ڕێگان بۆ گەیشتن بە نەوتی ئێراق. بۆیە ئەم هۆیە بەکار دەهێنیَ بۆ ئەوەی تورکیا ناچار بکا واز لە ویلایەتی موسڵ بهێنیَ).

ئەو دانپێدانانەی ئەتاتورکی فاشیست بەوەی کە کوردەکان کلیلی موسڵ و تاکە ڕێگان بۆ گەیشتن بە نەوتی ئێراق، بەڵگەیەکی ترە بۆ کوردێتیی و کوردستانێتیی تەواوی ویلایەت و شاری موسڵ، چونکە ئەتاتورک باسی ئەوە دەکات کە کوردەکان کلیلی ویلایەتی موسڵ-ن، ئەمەش دەیسەلمێنی کە تەواوی شارەکانی ئەو ویلایەتە، شارو ناوچەیەکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانن.

جەرجیس فەتحوڵڵا، لە لاپەڕە (569)ی پەرتووکی (وریابونەوەی کورد مێژوویێکی سیاسی 1900-1925)ی چاپە کوردییەکەو لاپەڕە (515)ی چاپە عارەبییەکەی نووسیوێتی: (پرسی ناوی ئێراق، پرسێکی دیکە کە هەردوو لا باسیان کرد ناوی وڵاتەکەیە ئەم خاڵە عیسمەت پاشا خستیە بەرباس و لێکۆڵینەوە کاتێ کە، گوتی: ویلایەتی موسڵ بەشێک نییە لە خاکی ئێراقی عارەبی، بەڵکو بەشێکە لە خاکی جەزیرە. لە یاداشتێکی دیکەدا دەڵێ حکومەتی بەریتانیا تا ماوەییێکی زۆر نزیک ویلایەتی موسڵ-ی بە بەشێک لە دەوڵەتی ئێراق دانەنابوو، دواتر پەیماننامەی ساڵی (1916)ی ئەنگلۆ فەڕەنسی کە بە پەیماننامەی (سایکس پیکۆ) ناسراوە، موسڵ لە ئێراق جیادەکاتەوەو دەیخاتە ناو ناوچەی فەڕەنسی، وە داواکارییەکانی کوردستان-یش کە لە ساڵی (1919)دا (شەریف پاشا) بە بانگهێشتی دەوڵەتانی هاوپەیمان پێشکەشی کرد، لەوێش موسڵ لە ئێراق جیاکراوەتەوە چونکە یاداشتەکە دەڵێ دانیشتوانی موسڵ هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان خۆیان بە دانیشتوان و خەڵکی ئێراق نەزانیوە).

ئەو گوتانەی سەرۆکی شاندی تورکی (عیسمەت ئینینۆ پاشا) بۆ هەردوو کۆنفرانس و کۆنگرەی لۆزان (24.7.1923)، بەڵگەیەکی بەنرخە بۆ سەلماندنی کوردێتیی و کوردستانیی شارو ویلایەتی موسڵ. کاتێک کە دەڵێت: (ویلایەتی موسڵ بەشێکە لە خاکی جەزیرە و هیچ پێوەندییەکی بە ئێراقەوە نییە)، دەیسەلمێنی کە ویلایەتی موسڵ خاکی کورد و بەشێکیشە لە کوردستان، چونکە جەزیرە هەر لە کۆنەوەو تاوەکو ئێستاش هەر خاک و نیشتمانی کورد بووە. ئەو قسانەی ئەو لە لایەک بەوەی کە بەریتانیا تا بەدواییانە ویلایەتی موسڵ-ی بە بەشێک لە ئێراق نەزانیوەو، لە لایەکی تریش پەیمانی (سایکس پیکۆ)ش موسڵ-ی لە ئێراق جیاکردۆتەوە، هەروەها تێڕوانی (شەریف پاشای خەندان) بەجیا بۆ هەریەک لە ئێراق و ویلایەتی موسڵ و، خۆ بە ئێراقی نەزانینی کوردەکانی دانیشتووی ویلایەتی موسڵ، ئەمانەش هەمووی بەڵگەی بەرپەرچدانەوەی بانگێشەکانی ئێراق و تورکیان بەوەی کە ئەو ویلایەتە (ویلایەتی موسڵ) هی ئەوان نییە، بۆیە تەنیاو تەنیا تەواوی شارو خاکی ویلایەتی موسڵ، خاکی کوردن و سەر بە کوردستانن!

جەرجیس فەتحوڵڵا، لە لاپەڕەکانی (569-570)ی پەرتووکی (وریابونەوەی کورد مێژوویێکی سیاسی 1900-1925)ی چاپە کوردییەکەو لاپەڕە (515)ی چاپە عارەبییەکەی نووسیویێتی: (دەبێ ئاماژە بەوە بکرێ کە ناوی نوێی ئێراق لە هەردوو ناوی ئێراقی عەجەمیو ئێراقی عارەبی وەرگیراوە کە لە سەدەی یازدەدا بەکاردەهات. یەکەمیان بە بەشێکی گەورەی ئێرانی نوێو ویلایەتی موسڵ دەگوترا. بێسوود نییە ئەگەر ئاماژە بە پەخشی بەڕێوەبەرێتی تاپۆی تورکی بکەین بە بەرواری (5ی سەفەری 1310ی کۆچی) کە دەکاتە ڕێکەوتی (16.10.1908)، کە بەڕوونی دەڵێ (شارەزوور) لە قەزاکانی کەرکوک، ڕانیە، هەولێر، ڕواندز، کۆیێ و کفری پێکدێ و هەر هەمووشیان لە ویلایەتی موسڵ-دان).

بەگوێرەی ئەو نامیلکەیەی بەڕێوەبەرێتی تاپۆی تورکی ویلایەتی شارەزوور سەر بە ویلایەتی موسڵ-ە، هەروەکو مێژوونووسی ناوداری کورد جەرجیس فەتحوڵڵا بۆمانی ڕوونکردەوە ویلایەتی موسڵ پارچەیەکی ئێراقی عەجەمی بووە، شتێکی ئاشکەراشەو باش دەیزانین کە ئێراقی عەجەمی کوردستان بووەو هیچ پێوەندییەکی بە ئێراقی عارەبییەوە نەبووە، کەواتە تەواوی خاکی ویلایەتی موسڵ بەگشت شارەکانیەوە (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە)، شارو خاکی کوردن و سەر بە باشووری کوردستانن.

جەرجیس فەتحوڵڵا، لە لاپەڕە (578)ی پەرتووکی (وریابونەوەی کورد مێژوویێکی سیاسی 1900-1925)ی چاپە کوردییەکەو لاپەڕە (523)ی چاپە عارەبییەکەی نووسیویێتی: (یەکەم ساڵنامەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی (1700) هەمان دابەشبوونی سەرەکی تێدایە - لەوێدا هەرێمی (ایالە)ی دیاربەکر دابەش بووە بەسەر پارێزگاکانی (دیاربەکر، موسڵ و ئورفە) و هەرێمی (ایالە)ی (ئێراقی عارەبی)ش دابەش بووە بەسەر پارێزگاکانی: بەغداو بەسرا).

بەگوێرەی ساڵنامەی تورکی عوسمانی پارێزگای موسڵ لە ساڵی (1700)دا سەر بە هەرێمی ئامەد (دیاربەکر) بووەو، ئێراقی عارەبیش لەوکاتیدا لە پارێزگاکانی (بەغداو بەسرا) پێکدەهات، کەواتە شاری موسڵ شارێکی کوردی و سەر بە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بووەو، هیچ پێوەندییەکی بە عارەب و بە ئێراقەوە نەبووە، لەبەر ئەوەی ئەو شارە لە لایەک سەر بە ویلایەتێکی کوردیی

بووەو، لەلاکەی تریشەوە ساڵنامەی عوسمانی تەنها پارێزگاکانی بەغداو بەسرا بە ئێراقی عارەبی هەژمار دەکات و، باسی شاری موسڵ یاخود ویلایەتی موسڵی نەکردووە وەکو بەشێک لە ئێراق!

جەرجیس فەتحوڵڵا، لە لاپەڕە (615)ی پەرتووکی (وریابونەوەی کورد مێژوویێکی سیاسی 1900–1925)ی چاپە کوردییەکەو لاپەڕە (555)ی چاپە عارەبییەکەی نووسیویێتی: (هەتا حکومەتی تورکیش لەو یاداشتنامەیەی کە پێشکەشی کۆمەڵەی نەتەوەکانی کرد دەڵێت: دانیشتوانی موسڵ قەت خۆیان بە عارەب نەزانیوە یان بە بەشێ لە ئێراق. زۆربەی دانیشتوانی شاری موسڵ کورد و تورکن، دواتر دەڵێت زۆربەی هەرە زۆریان بە ڕەچەڵەک تورکن، ئەمەش گومانی تێدا نییەو هەموو کەسێکیش لەوێ تورکی دەزانێ).

بەگوێرەی ئەو یاداشتنامەیەی کە حکومەتی تورکی بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکانی بەرزکردۆتەوە، شاری موسڵ یەکێکە لە شارەکانی باشووری کوردستان، چونکە سەرەتا حکومەتی تورکی دانیپێدادەنێت کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی شاری موسڵ کورد و تورکن. هیچ متمانەیەک بە سەرژمێرە تورکییەکان ناکرێت، چونکە سەیرکەن ئارشاک سافراستیان لە لاپەڕە (139–140)ی پەرتووکی (کورد و کوردستان)دا چۆن باسی سەرژمێرەکانی تورکان دەکات: (تا ئێستا سەرژمێرییەکی ڕاست و ڕێکوپێک لە تورکیادا نەکراوە. گابرێیل ئەفەندی ئۆرۆدۆنکیان، کە بەدرێژی چل ساڵ ڕاوێژکارێکی یاسایی دڵسۆزی دەرگای بڵند (باب العالي) هەروەها سەناتۆرو وەزیری دەرەوەش بووە، ساڵانی (1912–1913) بۆی گێڕامەوە کە لە ساڵانی پێش (1914)دا تورکەکان سەرژمێری گشتی دانیشتوانیان بەمجۆرە کرد: (25%)ی ژمارە گشتییەکەیان دەخستە سەر ژمارەی تورکەکانو (25%)یان لە ژمارەی هەموو ڕەگەز و نەتەوەکانی تری دانیشتووی ئیمپراتۆریەت دادەشکاند. کە بیرو بۆچوونیم دەربارەی یەکەم سەرژمێریی کە لە ساڵی (1927)دا دوای هاتنە سەرکاری ڕژێمی کۆماری کرا پرسی وتی: تورکەکان لەنێوان (1911–1923)دا ئەوەندەیان لێ فەوتا، ئەمجارە کە سەرژمێرییان کرد (50%)یان خستە سەر ژمارەی تورکەکان و (50%)یان لە ژمارەی نەتەوەکانی تر داشکاند). ئاخر ئەگەر سەرژمێرەکانی تورک بەمشێوەیە بێت، چۆن دەبنە جێگای باوەڕی خەڵک، هەرچەندە

دڵنیاشم لە وڵاتانی عارەبی و ئێرانیش هەمان شت دەکرێ لەدژی نەتەوەکانی تر وە بەتایبەت لەدژی کورد. بۆ پشت ڕاستکردنەوەی قسەکان و بۆچوونەکانی گابرێیل ئەفەندی ئۆرۆدۆنکیان، سەبارەت بە دەستکاریکردنی ئەنجامی سەرژمێریەکانی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان، پەنا دەبەینەبەر نووسەری ئەڵمانی، فۆشلەر هاوکە گی. (Fochler Hauke G.)ی کە لە پەرتووکی (کوردەکان، گەلێکی بێ دەوڵەت)دا نووسیویێتی: (ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، یا بە هەڕەمەکیی ژمارەی کورد دەقرسێنن، یا بە جۆرەها تەڵەکەو فێڵ ژمارەیەکی زۆر دوور لە ڕاستیی پێش چاو دەخەن – دکتۆر جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، ل241).

نەوزاد عەلی ئەحمەد، لە لاپەڕە (35)ی پەرتووکی (کێشەی ویلایەتی موسڵ لە دوو ڕۆژنامەی سلێمانیدا)، دەڵێت: (عەبدولحەمید لە وتارێکدا بەناونیشانی (کورد و تورک هەرگیز پێکەوە ناژین) کە لە ژمارە -17ـی ڕۆژنامەی (ژیانەوە)، لاپەڕە (2)دا دەنووسێت: فائیق سەبری کە خۆی تورکەو ڕێگا پێدراوە لە خانەی هونەری سۆربۆن‌و یەکێکە لە پیشەگەرانی تایبەت بە زانستی نەتەوەکان و جوگرافیا لە پەرتووکێکدا لە باسی ویلایەتی موسڵ دا وەها باس ئەکات: دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ بەشێوەیەکی گشتی و زۆربەی هەرە زۆری سەر بە میللەتی کوردە، ئەم میللەتە جەسورە هەردەم بەرانبەر بە حکومەت لە شەڕو شۆڕدابووینە).
بەگوێرەی پەرتووکەکەی فائیق سەبری تورک، شارو ویلایەتی موسڵ بەتەواوی شارەکانیەوە خاکی کورد و بەشێکن لە باشووری کوردستان، چونکە هەروەکو ئەو نووسەرە تورکە باسی دەکات زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ کوردن، سەرەڕای هەموو هەوڵێکی بەعارەبکردنی ئەو ویلایەتە بەتایبەتی شارەکانی موسڵ و کەرکوک و ناوچەکانی دەوروپشتی ئەو دوو پارێزگایە.

دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، لە لاپەڕە (26)ی پەرتووکی (کورد و کوردستان لە کۆمەڵە وتارێکی مێژووییدا)، نووسیویێتی: (بەپێی هەندێ سەرچاوە – ئەو ڕێککەوتننامە نهێنیەی لە ئەیلولی (1919)دا لەنێوان بەریتانیا و حکومەتی ئەستەنبۆل بەسترا دەیگوت: (تورک دژی دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ نیین..

کە وەک دەوڵەتێکی دابڕ بۆ موسڵ پێویستە). وە دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، لە لاپەڕە (15)ی پەرتووکی (کوردستان لە سەردەمی ئاشتیدا)و بە پشت بەستنی بە پەرتووکی (میسۆپۆتامیا لەنێوان 1917-1920)ی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە ئێراق (ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن)، ئاماژە بە سێر هێنری هوارد دەدات کە نووسیوێتی: (لە پەیمانێکی نهێنیدا، ئەگەری ئەوە لە ئارادابوو، کە لەنێوان ئینگلتەرەو میری ئەستەنبوڵدا واژۆ بکرێ لە (12ی ئەیلولی 1919)دا، وا ڕێکەوتن، کە تورکیا بەرهەڵستی دروستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆ نەکات، کە وەک دەوڵەتێکی جیاکەرەوەی ویلایەتی موسڵ دابمەزرێت).

بەگوێرەی ئەو نووسینانەی دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکرو سێر هێنری هوارد، بۆمان دەردەکەوێت کە حکومەتی تورک نەک دژی پێکهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ نەبووە، بەڵکو پێیان وابووە دامەزراندنی دەوڵەتێکی دابڕ بۆ موسڵ پێویستیشە. بێگومان تورکیا و بەریتانیا ئەگەر دڵنیا نەبن تەواوی خاکی ویلایەتی موسڵ بە شارو پارێزگای موسڵ-یشەوە، خاک و نیشتمانی کوردن، هەرگیز قایل نەدەبوون بەوەی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لەسەر تەواوی خاکی ویلایەتی موسڵ واتە (باشووری کوردستان) بۆ کورد دامەزرێت. لەبەر ئەوەی ئەو دەوڵەتە سەربەخۆییەی کە تورکیا و بەریتانیا دژی دامەزراندنی نەبوون بەگوێرەی ڕێکەوتنەکەی نێوانیان، تەواوی خاکی ویلایەتی موسڵی دەگرتەوە بە شاری موسڵ-یشەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوانیش پێیانوایە شاری موسڵ و تەواوی خاکی ویلایەتەکە بەشێکە لە نیشتمانی کورد و سەر بە خاکی کوردستان. هەروەها هەریەک لە سەلام ناوخۆش، لە لاپەڕەکانی (106-107)ی پەرتووکی (هۆکارەکانی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە ئێراقی عارەبییەوە)و، مەحمودی مەلا عززەت، لە لاپەڕەکانی (156-157)ی پەرتووکی (حکومەتی کوردستان لەناو مەتەڵی سیاسەتی بەریتانیادا)، نووسیوێتی: (وینستۆن چەرچڵ، وەزیری کۆلۆنییەکانی بەریتانی بە بروسکەی ژمارە (201)ی ڕێکەوتی (21.6.1921)دا، وەڵامی (سێر پێرس زەکەریا کۆکس)ی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغدای بەگوێرەی بەڵگەنامەی ژمارە (F.O, 371, 6346)دا داوەتەوە، کە لە بروسکەی ژمارە (196)ی ڕێکەوتی (24.6.1921)دا، بۆی نووسیوە: (لە بیرو مێشکمدا وێنەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی دابڕ (حاجز) هەیە لەنێوان تورکیا و عارەبی میسۆپۆتامیادا کە لە ڕەگەزی ناعارەب

(کوردی) پێکدێت). بەهەمان شێوەش ڕۆبەرت ئۆلسۆن، لە لاپەڕە (103)ی پەرتووکی (ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران)دا، سەبارەت بە هەڵوێستی ئینگلیز و تورکەکان لەمەڕ دامەزراندنی دەوڵەتێکی دابڕی سەربەخۆو تایبەت بە کورد لە باشووری کوردستاندا، نووسیویێتی: (وینستۆن چەرچڵ، وەزیری کۆلۆنییەکانی بەریتانی لەڕێکەوتی (13.6.1921)دا بۆ سێر پێرسی کۆکسی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغدای نووسی، کە ئەو (چەرچڵ) هێشتا لەگەڵ پرسی دامەزراندنی وڵاتێکی ناوبڕە (بۆ کورد)، هەروەک لە قاهیرە پێشبینی بۆ کرابوو کە عارەب و تورک لەیەک جیاکاتەوە. هەروەها نووسیبووی: لەو باوەڕەدام کە ئێمە نابێ بەهۆی گوشاری عارەبەکان یان لەبەر هەر هۆیەکی دیکە لەم سیاسەتە لادەین). بەگوێرەی نووسینەکەی چەرچڵ بۆ کۆکس بۆمان ساغ دەبێتەوە کە هەم ئەوو هەم کۆنگرەی قاهیرەش، باوەڕیان بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ هەبووە لەتەواوی ویلایەتی موسڵ.

سەلام ناوخۆش، لە لاپەڕە (140)ی پەرتووکی (دراسة سياسية حول إحتلال وتقسيم كوردستان)دا، باسی ئەوە دەکات لە کۆبوونەوەکەی مانگی حوزەیرانی ساڵی (1926)ی نێوان ئێراق و تورکیا و بەریتانیادا، بڕیاردرا کوردستان دابەش بکرێت سەرەڕای ئەوەی کە تورکیا بە بەشێکی خۆی دادەنا، بەڵام دوای دۆڕاندنی ئەو پارچەیە، دەوڵەتی تورکیا دەیگوت: (ئەو قوربانیەمان (ڕازیبوون بەداگیرکردن و دابەشکردنی ویلایەتی موسڵ لەلایەن عارەب و ئینگلیز) بەرانبەر بە دۆستایەتی لەگەڵ ئینگلیز و ئاشتی لەگەڵ ئێراقدا).
کاتێک کە حکومەتی تورکیا باسی ئەوە دەکات کە ڕازیبوونی ئەوان بەداگیرکردن و دابەشکردنی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) لەلایەن ئینگلیز و عارەب، لە بەرانبەر بە دۆستایەتی لەگەڵ یەکەمیان و ئاشتی لەگەڵ دووەمیاندا بوو، بەڵگەیە بۆ کوردێتیی و کوردستانێتیی شارو ویلایەتی موسڵ، چونکە تورکیا باسی داگیرکردن و دابەشکردنی ئەو ویلایەتە دەکات لەلایەن ئینگلیز و عارەبەوە، بەمەش بۆمان دەردەکەوێت کە ویلایەتی موسڵ هی عارەب و ئینگلیزەکان نەبووە، وە دەشزانین کە تورکەکانیش خاوەنی ئەو ویلایەتە نین، بەڵکو ئەوان لە ساڵی (1516)دا داگیریان کردووە، بۆیە خاکی ویلایەتی موسڵ هی کوردە و سەر بە باشووری کوردستانە.

سەلام ناوخۆش، لە لاپەڕە (112)ی پەرتووکی (دراسة سياسية حول إحتلال وتقسيم كوردستان)دا، نووسیویێتی: (لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانی ساڵانی (1539-1540)دا سنووری ویلایەتی موسڵی بەمشێوەیە دیاریکردووە: لە باکوور ویلایەتی دیاربەکر، لە خۆرهەڵات ویلایەتی شارەزور، لە باشوور ویلایەتی بەغداو لە خۆرئاوا ویلایەتی ڕیقە).

بەپێی ئەو بەڵگەنامە عوسمانیەی ناوەڕاستی سەدەی شازدەهەم، شاری موسڵ وەکو شارێک و پایتەختی ویلایەتی موسڵ، بۆمان دەردەکەوێت هیچ پێوەندییەکی بەعارەب و بە ئێراقەوە نەبووە، چونکە ئەو بەڵگەنامە عوسمانییە ویلایەتی بەغدا بە سنووری باشووری ویلایەتی موسڵ دەستنیشان دەکات، کەواتە موسڵ و بەغدا دوو ویلایەت و دوو خاکی لەیەک جیا بووینە، هەروەها پێشتریش باسی ئەوەمان کردووە کە عوسمانییەکان لە ساڵی (1516)دا ویلایەتی موسڵ-یان داگیرکرد کە ویلایەتێکی کوردی و سەر بە کوردستان بوو، ئەوکاتیش باشووری کوردستان لە هەردوو ویلایەتی شارەزوورو موسڵ پێکدەهات. بەمەش بۆمان دەردەکەوێت کە تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ، شارو خاکی باشووری کوردستانن.

مام جەلال حوسامەدین نوروڵڵا تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری ئێستای ئێراق و سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە لاپەڕە (1)ی ئەو پێشەکیەی کە بۆ وەرگێڕدراوە کوردییەکەی پەرتووکی (کێشەی ویلایەتی موسڵ) لە وەرگێڕانی مامۆستا محەمەد شاکەلی نووسیوە، دەڵێت: (کێشەی موسڵ لە جەوهەردا کێشەی کوردستانی باشوور بوو، کە پێشتر ویلایەتەکەی موسڵ ناوی ویلایەتی شارەزوور بوو، پایتەختەکەشی شاری کەرکوک بوو. ئەو ویلایەتەی شارەزوورەش لەلایەن دەوڵەتی عوسمانلیەوە بە کوردستان دادەنرا بەشایەدی هەموو مێژوو نووسەکانی عوسمانلی و ئەنسکلۆپیدیاکەی عوسمانلی کە بە (قاموسی الاعلام) ناونرابوو).

بەگوێرەی قسەکانی مام جەلال، بەوەی کە ناوی پێشووی ویلایەتی موسڵ ویلایەتی شارەزوور بووە، ویلایەتی شارەزووریش بەپێی ئەنسکلۆپیدیای عوسمانی و مێژوونووسە عوسمانییەکان بە کوردستان ناوبردراوە، کەواتە شاری موسڵ وەکو پایتەختی ویلایەتەکە، شارێکی تەواو کوردی و سەر بە باشووری کوردستانە.

بۆیه ئەو دانپێدانانەی مێژوونووس و ئینسکلۆپیدیای عوسمانی، دەکرێت وەکو بەڵگەیەکی بایەخدار بەکاربهێنرێت بۆ سەلماندنی کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ و تەواوی ویلایەتەکە.

پرۆفیسۆر دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لە لاپەڕە (152)ی پەرتووکی (أقليم كوردستان العراق دراسات فى التكوين القومي للسكان)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (24)ی پەرتووکی (تقرير عصبة الامم (مسألة الحدود بين التركيا والعراق لسنة 1925)و لاپەڕە (76)ی پەرتووکی (مشكلة الموصل)ی دکتۆر فازل حوسێن، بۆچوونی تورکەکان لەسەر ویلایەتی موسڵ بەمشێوەیە دەردەبڕێ: (عیسمەت پاشا ئەوەی ڕوونکردەوە کە ویلایەتی موسڵ تا ئەم دواییەش هەرگیز بەشێک نەبووە لە ئێراق، بەڵکو سەر بە جەزیرە بووە، هەروەها پشتی بە دەقی پەیماننامەی (سایکس پیکۆ) بەست، لەگەڵ داواکارییە تایبەتییەکانی کوردستان لەلایەن (شەریف پاشا) لە ساڵی (1919)دا کە پێشکەش بە سوێندخۆرەکان کراو ئەوکاتە ویلایەتی موسڵ جیابوو لە ئێراق، دیسان بە پشت بەستنی بە ئینسکلۆپیدیاکانی بەریتانی و فەرەنسی کە تیایاندا هاتووە ویلایەتی موسڵ جیابووە لە ئێراق).

بۆچوونی تورکەکان و (عیسمەت پاشا)ی سەرۆک شاندی تورکی بۆ هەردوو کۆنفرانس و کۆنگرەی لۆزان لە (24.7.1923)دا لە سویسرا، بەوەی کە ویلایەتی موسڵ هیچ پێوەندییەکی بە ئێراقەوە نەبووەو بەشێک بووە لە ویلایەتی جەزیرە کە ویلایەتێکی کوردی بووە، هەروەها پەیماننامەی (سایکس پیکۆ)ش کە وەکو دوو خاک و  دوو نیشتمانی جیا سەیری موسڵ و ئێراقی کردووە، لەگەڵ ئاماژەکردنیشی بە ئینسکلۆپیدیاکانی بەریتانی و فەرەنسی، بەڵگەی دەگمەن و بەنرخی سەلماندنی کوردێتیی و کوردستانێتیی شارو ویلایەتی موسڵ-ن.

دکتۆرو پرۆفیسۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لە لاپەڕە (154)ی پەرتووکی (أقليم كوردستان العراق دراسات فى التكوين القومي للسكان)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕەکانی (27-28)ی پەرتووکی (تقرير عصبة الامم مسألة الحدود بين التركيا والعراق لسنة 1925)دا دەنووسێت: (بەگوێرەی زۆر نەخشەی جوگرافی مێژوویی، کوردستان بریتییە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە تاوەکو دەگاتە ڕێگای

کرماشان، بەڵام ناوچەکانی باشوور بە ئێراق ناودەبردرێن، هەروەها ئەتڵەسێکی مێژوویی دەوڵەتی عوسمانی کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1913)، ئێراقی تەنیا بە حکومەتەکانی ویلایەتەکانی بەغداو بەسرا دیاریکردووە).

بەگوێرەی ئەو دەستنیشانکردنەی ئەتڵەسە مێژووییەکەی دەوڵەتی عوسمانی، کە لە ساڵی (1913)دا دەرچووە، دەیسەلمێنێ کە ویلایەتی موسڵ بەتەواوی شارەکانیەوە، لە لایەک نیشتمانی کورد و خاکی کوردستان بووە، لە لایەکی تریش هیچ پێوەندییەکی بە عارەب و بە ئێراقەوە نەبووە. بەڵکو ئێراقی عارەبی ئەوکاتی لە هەردوو ویلایەتەکانی بەغدای سوننەو بەسرای شیعە پێکدەهات.

نەجم عومەر سورچی، سەرۆکی پارتی پارێزگارانی کوردستان لە لاپەڕەکانی (31+38)ی پەرتووکی (مصير ولاية الموصل (كوردستان الجنوبية) ما بعد عام 2000)دا، دوو نەخشەی ویلایەتی موسڵ–ی بڵاوکردۆتەوە، نەخشەکە لەلایەن عوسمانییەکانەوە کێشراون و شارەکانی موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی دەگرنە خۆ).

بەگوێرەی ئەو دوو نەخشەیەی، کە کاتی خۆی لەلایەن عوسمانییەکانەوە کێشراون و، لەلایەن نووسەر نەجم عومەر سورچی بڵاوکراونەتەوە، بەڵگەن بۆ ئەوەی کە ویلایەتی موسڵ بەتەواوی ئەو شارانەی کە لە سەرەوەدا ناویان هاتووە، شارو خاکی کوردن و سەر بە کوردستانن. ویلایەتی موسڵ هەر باشووری کوردستانە، بەتایبەت کە تورکەکان خۆیان لەسەر نەخشەی ویلایەتی موسڵ نووسیویانە کوردستان. نەخشەکان لە کۆتایی ئەو بەشەدا دانراون.

دکتۆر جەبار قادر، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە مێژوودا، لە وتارێکی خۆیدا بە زمانی عارەبی لەژێر ناوی (السياسات الحكومية بحق الكورد في كركوك خلال العهد الملكي 1921–1958)، کە لە لاپەڕەکانی (185–216)ی ژمارە (14)ی گۆڤاری کەرکوک بڵاوکراوەتەوەو، لە لاپەڕە (194)دا، نووسیوێتی: (مستەفا کەمال، لە یەکەم سەردانی خۆیدا بۆ ئەنقەرە لە (31.12.1919)دا، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە: سنووری تورکیا هەموو ئەو خاکانە دەگرێتەوە کە بەڕاستی لەژێر دەستی هێزەکانماندا بوون تا ڕۆژی ئاگربەست، ئەو سنوورەش لە خاڵی کەنار دەریای

باشووری کەنداوی ئەسکەندەرۆنەوە دەست پێدەکات و، بە ئەنتاکیەداو دواتریش بە حەلەب و بەهۆی هێلی ئاسنی قتمەوەو تا دەگاتە کەناری ڕووباری فورات و باشووری جەرابلس، لێرەوە بە ئاراستەی باشووردا دەڕوات بەرەو دێرەزوورو پاشان ڕوودەکاتە لای خۆرهەڵات و دێتەوە ناو خاکەکانمان لە موسڵ، کەرکوک و سلێمانی. ئەو سنوورانە بەکردەوە لەلایەن هێزە چەکدارەکانی خۆمانەوە ناپارێزرێن، بەڵکو ئەو ناوچانە بریتین لە خاکی خۆمان کە تورک و کورد تێیدا نیشتەجێن. هەروەها لە باشووری ئەو هێڵەدا برایانی هاوئایینمان کە بە عارەبی دەدوێن نیشتەجێن. ئێمە تەواوی ئەو خاکانەی کە دەکەونە نێو ئەو سنوورە بە خاکی خۆمانی دەزانین و، ناکرێت هیچ بەشێکی لێ دابڕدرێت یان جیا بکرێتەوە).

ئەو سنوورەی کە کەمال ئەتاتورکی فاشی و شۆڤینی وەکو سنووری ولاتەکەی خۆی دەستنیشانی کردووە، بەڵگەیەکە بۆ سەلماندنی کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ و کەرکوک، چونکە ئەو باسی ئەوە دەکات کە شارەکانی موسڵ، کەرکوک و سلێمانی خاکی ئەوانە چونکە کورد و تورکی تێدا دەژیت، بەڵام باسی عارەبی نەکردووە، چونکە عارەب خاوەنی ئەو خاکە نەبووە کە ناوی ویلایەتی موسڵ بووە، بەڵکو عارەب هەروەکو کەمال ئەتاتورک باسی دەکات لە باشووری ئەو سنوورەدا واتە باشووری سنووری ویلایەتی موسڵدا دەژین، ئەمەش بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە عارەب و ئێراق هیچ پێوەندییەکیان بەسەر شارو تەواوی ویلایەتی موسڵدا نەبووە.

خەسرەو گۆران، بەرپرسی لقی (14)ی پارتی دیموکراتی کوردستان و جێگری پارێزگای موسڵ، لە لاپەڕە (12)ی پەرتووکی (کورد لە پارێزگای موسڵ)داو، بە پشت بەستنی بە سەرچاوەیەکی عارەبی کە لەلایەن زانکۆی موسڵ بەناوی (موسوعة الموصل الحضارية المجلد 4، الموصل 1922)دا دەرچووەو، نەخشەیەکی ویلایەتی موسڵ-ی بڵاوکردۆتەوە، ئەم نەخشەیە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەردەمی عوسمانی و لە ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ساڵی (1912) وەرگیراوە، شارەکانی: (موسڵ، کەرکوک، هەولێر، سلێمانی و دهۆک)، ئەو ویلایەتە واتە ویلایەتی موسڵ (کوردستانی باشوور) پێکدێنن). نەخشەکە لە کۆتایی ئەو بەشەدا دانراوە.

سالنامەی موسڵ، کە ڕۆژنامەی فەرمی ویلایەتی موسڵ بووەو لەلایەن تورکە عوسمانیەکانەوە دەردەچوو، گشت فەرمان، زانیاری و ڕووداوی گرنگی ویلایەتی موسڵی تۆمار دەکردو لە چەشنی (الوقائع العراقية)دا بووە، لە ژمارەی ساڵی (1912)ی سالنامەی موسڵ کە نەخشەی ویلایەتی موسڵ-ی بڵاوکردۆتەوە، پێمان ڕادەگەیەنێت کە ویلایەتی موسڵ ویلایەتێکی سەربەخۆ بووەو هیچ پێوەندییەکی بە عارەب و ویلایەتی بەغداوە نەبووە (ئەوکات دەوڵەتی ئێراق بوونی نەبووە). هەروەها شاری موسڵ-یش وەکو شارەکانی تری باشووری کوردستان لە سنووری ویلایەتی موسڵ-ی ژێردەستی عوسمانی بووەو، شاری دیالە-ش کە شارێکی سەر بە باشووری کوردستانە لەژێر دەسەڵاتو سنووری ویلایەتی بەغدای عارەب بووە، چونکە لەلایەن عارەبەوە داگیرکرابوو. سەربەخۆیی و جیایی ویلایەتی موسڵ لە ئێراقی عارەبی (هەردوو ویلایەتەکانی بەغداو بەسرا)، دەیسەلمێنێ کە ئەو ویلایەتە بەتەواوی شارەکانییەوە لەنێویاندا شاری موسڵ-ش خاکی کوردە و سەر بە باشووری کوردستانە.

دکتۆر فوئاد حەمە خورشید، مامۆستای یارمەتیدەر لە بەشی جوگرافیای کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغداو، دکتۆر جەزا تۆفیق تالیب، مامۆستا لە بەشی جوگرافیای زانستە مرۆییەکانی زانکۆی سلێمانی، لە وتارێکی هاوبەشیاندا لەژێر ناوی (مؤتمر لوزان مؤتمر تقسيم كوردستان دراسة جيوبولتيكية)دا کە لە ژمارە (1)ی گۆڤاری (سردم العربي)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویانە: (عیسمەت ئینێنۆ، سەرۆکی شاندی تورکی بۆ کۆنگرەی لۆزانی ساڵی (1923)، ئاماژەی بەوەکرد کە تورکیا هەرگیز ناتوانێت دەست هەڵگرێ لە ویلایەتی موسڵ بۆ هیچ وڵاتێکی تر، لەبەر هۆکارە ئەتنۆگرافییەکان، ڕامیارییەکان، مێژووییەکان، جوگرافییەکان، ئابوورییەکان و سەربازییەکان. هۆکارە ئەتنۆگرافییەکان: بەگوێرەی دوا سەرژمێری تورکی کۆی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ دەگاتە (503.000) کەس، لەگەڵ (17.000) کۆچەری عارەب، کورد و تورکمان، بەمشێوەیە: ژمارەی کورد = 62.000 سلێمانی + 97.000 کەرکوک (کەرکوک + هەولێر) + 104.000 موسڵ (نەینەوا+دهۆک) +18.000 ئێزیدی = 281.000 کەس ژمارەی تێکڕای کورد لە ویلایەتی موسڵ،

بەرانبەر بە 43.210 عارەب لە سنجەقەکانی موسڵ 28.000 + کەرکوک 8.000+ سلێمانی 7.210).

هەروەها لە هۆکارە جوگرافی و ئابوورییەکاندا، عیسمەت ئینینۆ دەڵێت: (بەگوێرەی ڕاستییە جوگرافییەکان (تۆبۆگرافی و ئاووهەوا)، سنووری جیاکەرەوەی نێوان ئەنادۆڵ و ئێراق درێژ دەبێتەوە شانبەشانی چیاکانی حەمرین – چیای مەکحول – دۆڵی سەرسار – چیای شەنگال. بەرەو باکووری ئەو هێڵە، ویلایەتی موسڵ لە ڕووی جوگرافییەوە زۆر لە ئەنادۆڵ دەچێت. ویلایەتی موسڵ هەرگیز بەشێک نەبووە لەوەی کە بە ئێراقی عارەبی ناسراوە، بەڵکو بەشێک بووە لە وڵاتی جەزیرە. لە ڕووی جوگرافی و مێژوویيشەوە دەکەوێتە دەرەوەی سنووری ئێراق. هەروەها بەشێکیش نییە لە ئاووهەوای ئێراق، بەگوێرەی ئەوەی کە دارخورما ناڕوێت لە باکووری هێڵی کفری – تکریت، کەواتە مەرزی جوگرافی کە ئانادۆڵ لەلای باکوورەوە لە ئێراق جیادەکاتەوە ئەوە هێڵی چیای حەمرین – چیای مەکحول – چیای شەنگالە، وە باکووری ئەوێ ویلایەتی موسڵ–ە کە هەمان تایبەتمەندی کەش و جوگرافی ئەنادۆڵی هەیە، بەڵام بەغدا جیاوازە لە ڕووی ئەو تایبەتمەندییانەوە لە موسڵ و ئەنادۆڵ).

عیسمەت ئینینۆ، لە درێژەی قسەکانیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە: (چیاکانی حەمرین – مەکحول – دۆڵی سەرسار – چیای شەنگال، مەرزی جیاکەرەوەی نێوان ئەنادۆڵ و ئێراق، لەبەر ئەوەی دوور لە هەموو ڕەچاوکردنێکی ئەتنۆگرافی، جوگرافی، ئابووری و ڕامیاری، هێڵێکی جیاکەرەوە دروست دەکەن لەنێوان ئەو دوو ناوچەیەدا کە لە ڕووی سرووشتەوە لێک جیاوازن. ئەو هێڵەیەی کە ئێمە پێشنیاری دەکەین (چیاکانی حەمرین) بریتین لە زنجیرەی چیایی، هەروەها جیاکەرەوەیەکی سروشتی نێوان تورکیا و ئێراقە و، هێڵێکی ستراتیجی نێوان هەردوو وڵاتە ).

ئەو هۆکارانەی کە عیسمەت ئینینۆ بۆ جیاکردنەوەی ویلایەتی موسڵ لە ئێراقی عارەبییەوە باسی کردوون، دەریدەخات کە ویلایەتی موسڵ یاخود باشووری کوردستان لەبەر هۆکارە ئەتنۆگرافی، ڕامیاری، مێژوویی، جوگرافی، ئابووری و سەربازییەکان لەیەک جیان لەگەڵ ئێراقی عارەبی، هەروەها ئینینۆ چیاکانی حەمرین، مەکحول، دۆڵی سەرسار، چیای شەنگال بە سنووری جیاکەرەوەی نێوان ویلایەتی موسڵ و ویلایەتی بەغدا (ئێراق) دادەنێت، کە زنجیرە چیاکانی حەمرینیش لە

نزیکترین شوێن بۆ شاری موسڵ کە شارۆچکەی (فەتحە)یە نزیکەی (110) کیلۆمەترێک دەکەوێتە باشووری شاری موسڵ. کەواتە ویلایەتی موسڵ نە بەشێک بووە لە ئێراق هەروەها نە هیچ پێوەندییەکیشی بەو دەوڵەتە عارەبییەوە هەبووە، بەتایبەت کە شاری موسڵ ئەوەندە دووربێت لەو شوێنەی کە سنووری خاکی ئێراق لەلای باکوورەوە کۆتایی پێدێت و بکەوێتە باکووری ئەو هێڵەی کە سنووری هەردوو ویلایەتەکە لە یەکتر جیادەکاتەوە، بۆیە ئەوەش دەبێتە بەڵگەیەک بۆ کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ و تەواوی شارەکانی تری ویلایەتی موسڵ.

ئاسۆ گەرمیانی، لە لاپەڕەکانی (48)ی پەرتووکی (دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ یان سیستمێکی فیدرالی؟)دا دەنووسێت: (سەرۆکی دەستەی نوێنەری عوسمانییەکان، (عیسمەت ئینینۆ) کەوتە تەڵەکەبازی و درۆو دەلەسەی ئەوەی کە ئینگلیز بەو وتەیە قایل بکات، کە وتوویەتی: سەرۆکی دەستەی نوێنەرانی ئینگلیز لۆرد کورزۆن دەڵێ: کورد نەتەوەیەکی ترن و نایانەوێ لەگەڵ تورکداو لەناو دەوڵەتێکدا بژین). ئەمە ڕاست نییە کە سەدان ساڵە تورک و کورد پێکەوە دەژین. ئێمە لە ڕووی نەژاد و خوو و ڕەوشت و ئایینەوە یەکین. کوردی هەرێمی موسڵ-یش نایانەوێ لە کوردی هەرێمەکانی تریان جیا ببنەوە. لەبەر ئەوە دەبێ موسڵ-یش لەناو سنووری تورکیادا بێ).
بەگوێرەی قسەکانی نوێنەری تورکیا بۆ کۆنگرەی لۆزان (عیسمەت ئینینۆ)، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو ویلایەتی موسڵ، بە ویلایەتێکی کوردیی دەزانێت، کە دەڵێت کوردی هەرێمی موسڵ دەیانەوێت لەگەڵ کوردی هەرێمەکانی تر بژین، بۆیە دەبێت موسڵ بدرێتە تورکیا. ئەمانەش دەیسەلمێنن کە تەواوی شارەکانی سەر بە ویلایەتی موسڵ، شاری کوردین و سەر بە باشووری کوردستانن بە شاری موسڵ-ەوە.

عومەر محەمەد محەمەد کەریم، لە لاپەڕە (263)ی پەرتووکی (القضية الكوردية في الصراع البريطاني – العراقي 1918-1932م)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (7)ی ڕۆژنامەی (التأخي) برایەتی، ژمارە (2992)، ڕۆژی (16.12.1999)دا، نووسیوێتی: (مستەفا کەمال ئەتاتورک، لە وتارێکیدا دەربارەی ویلایەتی موسڵ گوتوویەتی:

(ئامانجی یەکەم و سەرەکیمانە کە سنووری باشوورمان دەستنیشان بکەین کە لە باشووری ئەسکەندەرۆنەوە دەست پێدەکات و ڕووە و خۆرهەڵات دەڕوات، بەمشێوەیە سنووری وڵاتەکەمان موسڵ، سلێمانی و کەرکوک دەگرێتە خۆی). هەروەها عومەر محەمەد، لە هەمان لاپەڕەی سەرچاوەی ناوبراو بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (6)ی ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە (3002)ی (30.12.1999)دا نووسیویێتی کە ئەتاتورک گوتوویەتی: (ویلایەتی موسڵ دەکەوێتە ناو سنووری نیشتمانی دەوڵەتی تورکی، هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە ئەو هەرێمە لە تورکیای دایک داببڕێت و وەکو دیارییەک بیدات بە کەسانی تر).

کاتێک کە ئەتاتورک سنووری وڵاتەکەی دەگەیەنێتە باشووری شارەکانی موسڵ و کەرکوک هەروەها سلێمانیش دەگرێتەوە، لەبەر ئەوەی نییە کە ئەو خاکانە خاکی تورکن بەڵکو لەبەر ئەوەیەتی کە ئەو خاکانە خاکی کوردن، ئەگینا جگە لە فەرمانبەرو سەربازانی عوسمانی یەک تورک لە شارەکانی موسڵ، کەرکوک و سلێمانی نەژیاون. هەروەها ئەگەر ئەتاتورک ویلایەتی موسڵ بخاتە ناو سنووری دەوڵەتی تورکی، ئەوە لەبەر ئەوەیەتی کە ئەو ویلایەتە خاکی نەتەوەی کوردی بێکەس و بێدەسەڵات بووە، دەنا لەبەر ئەوەی نەبووە کە خاکی خۆیان بووبێت، خۆ ئینگلیز و عارەبەکانیش هەمان بەنگەشەی دەوڵەتی تورکیایان دەکردو، لە ئەنجامی هاندانی ئینگلیزەکانەوە ویلایەتی موسڵ-یان بە خاکی ئێراق دادەنا، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی ویلایەتەکە کوردن و، ئەگەر عارەب یاخود تورک هەبووبن لەو ویلایەتە لە ڕێگەی داگیرکردنەوە هاتوون، بۆیە شاری موسڵ و ویلایەتی موسڵ خاک و نیشتمانیی کوردن، چونکە تەنیا ئەوانن دانیشتوانی ڕەسەنی ئەو ویلایەت و نیشتمانە.

ڕۆژنامەی خەبات، لە ژمارە (2374)ی چوارشەممە، ڕێکەوتی (10.1.2007)داو، لە لاپەڕەکانی (1+13)دا لە وتارێکدا لەژێر ناوی (پاشماوەی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی داوای ویلایەتی موسڵ دەکەن)دا، کە لە ماڵپەڕی (نەوا)دا وەریگرتووە، نووسیویێتی: (ئەندامانی بنەماڵەی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی داوا لە حکومەتی ئەمەریکا دەکەن وەکو میراتی باو و باپیرانیان ویلایەتی موسڵ بدەنەوە بەوان. گۆڤاری (ئاکسیۆن)ی تورکی لە هەواڵێکدا بڵاویکردەوە: ژمارەیەک لە ئەندامانی بنەماڵەی عوسمانی لە

ترسی ئەوەی کە خاکی موسڵ بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان داوایان لە ئەمەریکا کردووە کە وەکو میراتی عوسمانییەکان خاکی موسڵ-یان بدرێتێ لەو بارەیەشەوە هەندێک بەڵگەی سەردەمی عوسمانییەکانیان ئاشکراکردووە. گۆڤارەکە باسی ئەوەش دەکات کە حکومەتی تورکیا بەنیازە بەشێوەیەکی فەرمی داوای خاکی موسڵ لە ئەمەریکا بکات، ئەگەر بێتوو دەوڵەتی سەربەخۆی کورد لە ئێراقی فیدراڵ دابمەزرێ).

نیازی گڵاوی حکومەتی تورکی و بنەماڵەی عوسمانی ئاشکەرایەو، مەترسی ئەوان لەوەی نەوەکو خاکی موسڵ بگەڕێتەوەو بخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، وای لێکردوون داوای ئەو خاکە بکەن، ئەگینا لەبەرئەوە نییە کە خاکەکە خاکی ئەوان بێت. تورکەکان باش دەزانن کە شارەکانی موسڵ و کەرکوک بەشێکن لە باشووری کوردستان، بۆیە داوای دەکەن. خۆ ئەگەر بێتوو شارەکانی موسڵ، کەرکوک و شارەکانی تری باشووری کوردستان هەر بەداگیرکراوی لەلایەن عارەبی ئێراقەوە بمێننەوە، یاخود سودانی و ئەریتیری و ئیسرائیلیش بێن و دەوڵەتی سەربەخۆ لەو پارچەیەی کوردستان دامەزرێنن، ئەوکاتە تورک نوقەی لێوەنایەت و هەرگیز داوایان ناکات و بە خاکی خۆیانی نازانن، چونکە دەوڵەتی هیچێکیان وەکو دەوڵەتی کوردی، کوردەکاتی تورکیا لە تورکیا ناوروژێنێ و هانیان نادات و مەترسی نییە بۆسەر دەوڵەتی تورک و، تەنیا دەوڵەتی کوردییە کە ئاگر بەردەداتە گیانی دەوڵەتی تورک و کزە لە جەرگیەوە دێنێت. بۆیە مەترسییەکانی تورکیا لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لەسەر خاکی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) کە شارەکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی، دیالە و هەریەک لە بەدرە، زرباتیە و جەسان لە پارێزگای واست (کوت)و، عەلی غەربی، عەلی شەرقی، شێخ سەعد و تەیب لە پارێزگای میسان (عەمارە) دەگرێتەوە)، لەگەڵ داواکردنی شارەکانی ویلایەتی موسڵ-ی کۆن لە لایەن دەوڵەتی تورکییەوە، یەکێکە لە بەڵگەنامەکانی کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ و تەواوی شارەکانی تری ویلایەتەکە.

نووسەرو ئەفسەری شۆڤینی عارەب، مەحمود دورە، بەڕێوەبەری گشتی ئیستخباراتی سەربازی بووە لە سەردەمی سەرۆک کۆماری ئێراق (عەبدولسەلام

محەمەد عارف 13.4.1966–26.3.1921)، کە لە ماوەی نێوان (8.2.1963–13.4.1966)دا سەرۆککۆماری ئێراق بووە، لە لاپەڕە (118)ی پەرتووکی (القضية الكوردية)دا نووسیویێتی: (لە کۆنگرەی ئەستانبۆل کە لە 19ی مایسی ساڵی 1924دا بەسترا لەپێناو لێکۆڵینەوە لەسەر کێشەی موسڵ، سەرۆکی شاندی تورکی گوتی: تورک و کورد ڕۆڵەی یەک نیشتمانن، هەرگیز ناکرێت لە نیشتمانەکەیان دابڕدرێن لەپێناو چەند هەزار ئاشورییەک، دواتر کوردەکانی ویلایەتی موسڵ نوێنەری خۆیان هەڵبژاردووە بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی گەورە).

گوتەکانی سەرۆکی شاندی تورکی لە کۆنگرەی ئەستانبۆل بەوەی کە تورک و کورد ڕۆڵەی یەک نیشتمانن، تەنیا لەپێناوی ئەوەیان بوو کە خاکی کوردستانیش بکەن بە خاکی خۆیان، پاش بەدیهێنانی ئەو ئامانجەشیان کورد نەک خاوەنی هیچ نییە، بەڵکو هاوبەشیش نین و ڕێگەی بەکارهێنانی قسەکردن بە زمانی خۆیان و بەکارهێنانی زمانەکەیان لێ قەدەغە دەکرێت! نەک تەنها سەرۆکی شاندی تورکی لە کۆنگرەی ئەستانبۆل، بەڵکو هەموو سەرکردەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان، هەمان قسە دووبارەو سەتبارە دەکەنەوە تاوەکو دەگەنە مەرامەکانی خۆیان، دواتریش هەوڵی سڕینەوەو لەناوبردنی کورد دەدەن! بەگوێرەی قسەکانی سەرۆکی شاندی تورکی بۆ کۆنگرەکە، ویلایەتی موسڵ بەتەواوی شارەکانیەوە لەنێویاندا شاری موسڵ، شاری کوردی و سەر بە خاکی باشووری کوردستانن.

عەباس سلێمان سمایل، لە بەشی یەکەمی وتارێکیدا لەژێر ناوونیشانی (مێژووی ناوچەی گەرمەسێر)دا کە لە لاپەڕەکانی (14–26)ی ژمارە (1)ی گۆڤاری (هاواری کەرکوک)دا کە گۆڤارێکی ڕامیاری و ڕۆشنبیری گشتییە ناوەندی ڕۆشنبیری کەرکوک دەریدەکات، بڵاوکراوەتەوە دەڵێت: (ویلایەتی موسڵیش لەگەڵ ویلایەتی دیاربەکر پێی دەگوترا (قسمەتی عوسمانی) واتە کوردستانی ئیمپراتۆری عوسمانی).

ئەوەی نووسەر عەباس سلێمان سمایل ئاماژەی پێکردووە، لە لایەکەوە دانپێدانانی عوسمانیەکانە بە کوردبوون و کوردستانیی بوونی تەواوی ویلایەتەکانی موسڵ و دیاربەکر (ئامەد)ەوە، کاتێکیش کە ویلایەتێکی وەکو ویلایەتی موسڵ ویلایەتێکی سەر بە خاکی کوردستان بێت، کەواتە شارەکانی ئەو ویلایەتەش بە شاری موسڵ–

یشەوە شاری کوردی و کوردستانین، لە لایەکی تریشەوە مانای وایە نە ویلایەتی موسڵ هەروەها نە شاری موسڵ-یش بەشێک نەبووینە لە ویلایەتەکانی بەغداو بەسرا (کە دواتر ئێراقیان لێ پێکهات)، بگرە تەنانەت هیچ پێوەندییەکیشیان بە هەردوو ویلایەتی ناوبراو لە سەرەوەدا هەروەها بە عارەبیشەوە نەبووە.

هاوڕێ قەندیل، لە لاپەڕە (75)ی پەرتووکی (کوردستان ناسنامەی من)دا، نووسیویێتی: (مستەفا کەمال ئەتاتورک، لە ئەرزەڕۆم و سیواس کۆنگرەی هاوبەشی لەگەڵ کورد گرێداو، دواتریش لە (28.1.1920)دا لە ئەستانبۆڵ لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا کە دواتر بەناوی (میساقی میللی) ناسرا، تورکەکان ئەو بڕیارەیاندا: (دەبێ کوردستان بۆ هەمیشە لەژێردەستی حکومەتی تورکیادا بمێنێتەوەو دەبێ ویلایەتەکانی موسڵ و کەرکوک بخرێنە سەر وڵاتی تورکیا. حکومەتی تورکیا تا جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەبێت بە بەردەوامی لە هەوڵ و تێکۆشاندا بێت).
بەگوێرەی نووسینەکەی نووسەر هاوڕێ قەندیل، بۆمان دەردەکەوێت کە تورکەکان هەردوو شاری موسڵ و کەرکوک-یان پێ بەشێک بووە لە خاکی کورد و کوردستان، بەڵام ئەوان بۆ بەژەوەندی و چڵێسی خۆیان بە باشیان زانیوە ئەو دوو شارە بخرێنە سەر دەوڵەتی تورکی، چونکە هەروەکو تورکەکان باسی دەکەن کە دەبێت کوردستان هەتا هەتایە لەژێردەستی ئەواندا بێت بۆ ئەوەی سامان و داهاتەکانی شارەکانی موسڵ و کەرکوک-ی کوردان ببەن بۆخۆیان.

پوک ئۆنلاین، ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی (24.11.2007)، لە هەواڵێکدا لەژێر ناوی (یوسف حەلاج ئۆغلۆ: تورکیا مافی خۆیەتی داوای موسڵ و کەرکوک بکاتەوە)، نووسیویێتی: (یوسف حەلاچ ئوغلۆ سەرۆکی دەزگای مێژووی تورک جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە ئەگەر خاکی ئێراق دابەشبکرێت، تورکیا مافی خۆیەتی داوای ویلایەتی موسلو کەرکوک بکاتەوە. دەزگای مێژووی تورک دەزگایەکی فەرمی دەوڵەتی تورکیایەو پێشتریش سەرۆکی ئەو دەزگایە وتبووی کە کوردەکان لە بنەڕەتدا پاشماوەی تورکمانەکانو ئەرمەنەکانن).
ئەوەی کە یوسف حەلاج ئۆغلۆ باسی دەکات، گەواهی دانە بۆ کوردێتیو کوردستانێتی هەردوو شاری دەوڵەمەند بە نەوت (موسڵ و کەرکوک)، چونکە ئەو

باسی داواکردنی ئەو دوو شارە دەکات لەکاتی دابەشبوونی دەوڵەتی ئێراق، بە بیانۆی ئەوەی کە پێشتر سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بووینە. کوردەکان دانیشتووی ڕاستەقینەی ئەو دوو شارە بووینە، کە ئەو کوردەکان دەباتەوە سەر ڕەگەزی تورک و ئەرمەن‌و، مادامیش کوردەکان هەروەکو ناوبراو باسی دەکات تورک بن، بۆیە دەبێت شارەکانی موسڵ و کەرکوک بدرێنەوە تورکیا! هەموو جیهان دەزانێ کە کورد کوردن و تورکیش تورک، کورد تورک نین‌و بەزۆریش نابن بە تورک، بۆیە موسڵ و کەرکوک-یش دوو شاری کوردین و هەر دەبێت بۆ کورد و کوردستان بگەڕێنەوە.

کەریم یەڵدز، لە لاپەڕە (221)ی پەرتووکی (کورد لە عێراق)دا نووسیوێتی: (لە ئاوگۆستی ساڵی (2002)دا لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەی (گاردیان)دا لەگەڵ ژەنەراڵ ئارمان کۆلۆگلو، کە فەرماندەیەکی پێشووی سوپای تورکیا بوو، ڕایگەیاند کە ئەو لەسەر ئەو باوەڕەیە تورکیا لەدۆخی شەڕدا کوردستانی ئێراق داگیر ئەکات، چونکە نایەوێت شارەکانی موسڵ و کەرکوک بکەونە دەست کوردان).

ئەوەی کە کەریم یەڵدز، نووسەری پەرتووکی (کورد لە عێراق)دا لەسەر زاری (ژەنەراڵ ئارمان کۆلۆگلو) کە ژەنەراڵێکی پێشووی سوپای تورکیا بووە بۆمان باسدەکات، مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو ژەنەراڵە تورکە و دەوڵەتی تورکیاش پێیان وایە شارەکانی کەرکوک و موسڵ دوو شاری کوردی و سەر بە خاکی باشووری کوردستانن، چونکە لە لایەک تاوەکو کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی تەوای ویلایەتی موسڵ بە شارەکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) بەناوی کوردستانی عوسمانی سەر بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بووە، لە لایەکی تریشەوە ژەنەراڵەکە باسی ئەوە دەکات کە تورکیا نایەوێت شارەکانی موسڵ و کەرکوک بکەونە دەست کوردەکان، چونکە تورکیا باش دەزانێت کوردەکان هەوڵی ڕزگارکردن و گەڕانەوەی شارو ناوچە داگیرکراوەکانیان دەدەن بە شارەکانی موسڵ، کەرکوک، خانەقین و ئەوانەی تریش.

کەریم یەڵدز، لە لاپەڕەکانی (225-226)ی پەرتووکی (کورد لە عێراق)دا نووسیوێتی: (لە مانگی فێبریوەری ساڵی (2003)دا، وەزیری دەرەوەی تورکیا

بەیانێکی دەرکردو تێیدا وتی: (سوپای تورکیا ئەچێتە ناو ناوچەکە بۆ بەربەست بوون لەبەردەم کۆڕەوەکەدا، بۆ بەرگرتن لە دامەزراندنی کوردستانێکی ئازاد لەلایەن کوردانەوە، بۆ بەرگرتنیان لە چوونە ناو کەرکوک و موسڵ و بۆ پارێزگاری کردنی تورکمانەکان).

ئەوەی کە نووسەر کەریم یەڵدز ئاماژەی پێکردووە، کوردێتیی و کوردستانێتیی هەردوو شاری موسڵ و کەرکوک دەگەیەنێت، چونکە تورکیا دڵنیایە لە کوردستانی بوونی هەردوو شارە بە نەوت دەوڵەمەندەکە، کە بۆماوەی زۆرتر لە چوار سەدە لەلایەن ئەوانەوە داگیرکرابوو. ئەوکاتی هەردوو شاری موسڵ و کەرکوک لەگەڵ شارو ناوچەکانی تری باشووری کوردستان لە چوارچێوەی ویلایەتەکانی موسڵ و شارەزووردا کە دوو ویلایەتی کوردی بوون، کە دواتر هەردوو ویلایەتەکە کران بەیەک ویلایەت بەناوی (ویلایەتی موسڵ) یان باشووری کوردستان و لەلایەن سوڵتانە داگیرکەرەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە بەڕێوەدەبردران.

کوردستانی نوێ، لە لاپەڕە (12)ی ژمارە (3291)، ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (12.2.2004)دا، وتارێکی لەژێر ناوی (مام جەلال، هەرگیز سنووری ئێراق لە چیای حەمرین تێنەپەڕیوەو لە چیای حەمرینەوە بەولاوە کوردستانە)دا، بڵاوکردۆتەوە کە ئاماژەی بە وتارێکی مام جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری ئێراق و، سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان داوە، کە لە ڕۆژی دوشەممە ڕێکەوتی (9.2.2004)دا، لەناو هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی ئێراق (مجلس الحكم العراقي)دا کۆمەڵێک بەڵگەنامەی کوردستانیی بوونی شاری کەرکوکی خستەڕوو، لەنێویاندا نەخشەیەکی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو، کە لەسەر ویلایەتی موسڵ بە گەورەیی نووسرابوو کوردستان. ئەو ڕۆژە بۆ مام جەلال بە ڕۆژی مورافەعە ناسراوە.

بڵاوکردنەوەی نەخشەیەکی وای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە ساڵی (1893)ی لەسەر نووسراوە، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ و تەواوی شارەکانی سەر بە ویلایەتەکە دەگەیەنێت. تەمەنی نەخشەکە (117) ساڵێک دەبێت، واتە بەر لە ماوەی (117) ساڵێک تورکەکان خۆیان شاری موسڵ و شارەکانی تری سەر بە ویلایەتی موسڵ-یان بە شاری کوردی و سەر بە خاکی باشووری کوردستان

زانیوە. بۆیە ئەو نەخشەیە یەکێکە لە بەنرخترین بەڵگەنامەکانی کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ و تەواوی خاکی ویلایەتەکە. هەروەها لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە ئاماژە بە چۆنیەتی گەیاندنی ئەو نەخشەیە بە مام جەلال بدەم. ژمارە (106)ی هەفتەنامەی بەدرخان، ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی (8.11.2008) لە لاپەڕە (1+4)دا لە بابەتێکدا لەژێر ناوی (کێ نەخشە عوسمانییەکەی گەیاندە مام جەلال)دا، وردەکاری گەیاندنی ئەو نەخشەیەی بە مام جەلال ئاشکرا کردووە. هەفتەنامەی بەدرخان باسی ئەوە دەکات کە نەخشەکە لای کەسێکی عارەبی موسڵاوی بووە بەناوی (عیسام ئیبراهیم حوسێن) و حەمید ئەبوبەکر ئەحمەد بەدرخان لە ڕێگای فارس ئەبوبەکر ئەحمەد (فارس نانەوا)ی برایەوە ئەو پیاوە عارەبە موسڵاوییەی ناسیوە، لە دوای ڕوخانی ڕژێم ئەو نەخشەیەیان لێ وەرگرتووە و بە بێ هیچ بەرانبەرێک گەیاندوویانەتە مام جەلال. بەڵام مام جەلال دە هەزار دۆلاری داوەتە عیسام ئیبراهیم حوسێن.

ئەمجەد شاکەلی، لە بەشی یەکەم و دووەمی وتاری (دۆڕاندنی خاک بەرانبەر دەسەڵات)داو بە پشت بەستنی بە نووسینێکی نووسەری ناوبراوی تورک بە سوێدی لەژێر ناوی ( Alexis Kuylenstirne, Mina Resor i Orienten, Stockholm 1900)دا، کە لە لاپەڕە (17)ی ژمارەکانی (115، 116)ی ڕۆژنامەی (بارزان)، یەکشەممە، ڕێکەوتی (17.5.2009) و ڕۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی (24.5.2009)دا بڵاوکراوەتەوە، لەمەڕ بۆچوونی ڕۆژنامەنووسێکی تورک سەبارەت بە کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ نووسیویێتی: (ئالێکسیس کویلنشەرنا، کە ساڵانی (1895–1898)، پەیامنێری ڕۆژنامەی (دەیەنس نیوهیذەر – هەواڵی ڕۆژانە)ی سوێدی بووە لە دەوڵەتی عوسمانیدا، هەروەها بۆ ڕۆژنامەی (یۆتەبۆرگس هەندل ئۆ شوێفارتستیدنینگ)یش کاری کردووە. ڕۆژنامەنووسی ناوبراوی تورک، پێی وایە، کە موسڵ شارێکی عارەبی نییەو وەک بەشێک لە کوردستان دەیبینێت). کویلنشەرنا، لە گەشتێکیدا بۆ بازێڕی موسڵ، نووسیویێتی: (لێرە لە موسڵ هەندێجار و لە هەندێ باخچەدا دارخورمایەکی گرژەوەبوو یا هەڵکورماو وەدی دەکرێ و ئەوەش هەموو شتێکە. ئەگەر ئەو قسەیەی دەڵێ: دوا دارخورما سنووری قەڵەمڕەوی عارەبە (عارەبستانە) ڕاست بێت، ئەوا موسڵ بە هیچ جۆرێک شارێکی عارەبی نییە.

لەڕاستیدا موسڵ شارێکی کوردییە، بەڵام ئێستا شارێکی تەواو و پاک کوردی نییە. کوردەکان عارەبێنراون و عارەبەکان کوردێنراون و هەردوو گەلیش بوونەتە تورک).

ئەوەی کە ڕۆژنامەنوسی تورک (ئالێکسیس کویلنشەرنا) ئاماژەی پێکردووە، مانای کوردبوون و کوردستانێتیی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە ناوبراو زۆر ڕاشکاوانە باسی ئەوە دەکات کە شاری موسڵ شارێکی عارەبی نییە، بەڵکو شارێکی کوردییە، خۆ ئەگەر بە بۆچوونی ناوبراو شاری موسڵ شارێکی تورکی بووایە، بەدڵنیاییەوە ئەوکاتە ئاماژەی پێدەکرد کە بە هیچ شێوەیەک بەلایدا نەچووە. لە لایەک کویلنشەرنا شاری موسڵ بە شارێکی ناعارەبی ناودەبات، لە لایەکی تریشەوە بە شارێکی کوردی و پارچەیەکی سەر بە خاکی باشووری کوردستان ناویدەبات، بۆیە زۆر بەدڵنیاییەوە بە باوەڕی ئەو نووسەرە تورکەش شاری موسڵ شارێکی گرنگ و بەشێکی دانەبڕاوی باشوری کوردستانە.

کامەران ئەحمەد محەمەدئەمین مەنتک، لە لاپەڕە (219)ی پەرتووکی (کوردستان لەنێوان ململانێی نێودەوڵەتیی و ناوچەییدا 1890–1932)دا، نووسیویێتی: (شایەنی باسە کەمالیستەکانیش بۆ ڕکابەری فەیسەڵ، شێخ ئەحمەدی سنوسیان بەرزکردەوە. گەرەکیان بوو لەجیاتی خۆیان دەسەڵاتی باشووری کوردستان بگرێتە دەست، بەشێوەیەک کە پایتەختەکەی موسڵ بێت. بۆ هێنانەدی ئەم مەبەستەشیان هێزەکانیان لەژێر فەرماندەیی نیهاد پاشا کە ڕۆژنامەکانی ئەنقەرە بە فەرماندەی ئێراقیان ناوزەند دەکرد، خستە سەر سنووری ئێراق).

بەرزکردنەوەی شێخ ئەحمەدی سنوسی و پێدانی دەسەڵاتی باشووری کوردستان بەناوبراو لەلایەن تورکەکانەوە، بەو مەرجەی کە شاری موسڵ بکرێتە پایتەختی ئەو دەوڵەتە، لە خوتو خۆڕا نییە، بەڵکو تورکەکان باش دەیانزانی کە شاری موسڵ و تەواوی شارەکانی تری باشووری کوردستان، شاری کوردین و سەر بە خاکی کوردستانن، بۆیە ئامادەبووینە کە باشووری کوردستان بەتەواوی شارەکانیەوەو، لەنێویاندا شاری موسڵی دێرینی کوردان بدەنەوە بە کورد و شێخ ئەحمەدی سنوسیان بکەن بە سەرۆکی دەوڵەتی کوردی.

له لاپەڕە (27)ی چاپی دووەمی چاککراوی پەرتووکی (دەقەکانی کۆنگرەی سێڤرە و خوێندنەوەیەکی تر)دا، نووسراوە: (لە ئەنسکلۆپیدیای عوسمانی کوردستان دیاریکراوە کوردستانێکی پان و بەرینەو موسڵ-یشی گرتۆتەوە. بڕوانە: مادەی کوردستان لە قاموسی الاعلامی شەمسەدین سامی، هەروەها لە (مادەی ویلایەتی موسڵ) دەڵێ: خەڵکەکەی زۆری عارەبن بەڵام هەرێمەکە پارچەیەکە لە کوردستان. بۆ ئەو مەبەستە بڕوانە: ل307ی (کورد و کوردستان لە یەکەم ئەنسکلۆپیدیای عوسمانی. هەروەها بڕوانە دەقی ڕێکەوتنی ئەرزڕۆم لە (28.7.1823) بەسترا، کە پێکهاتووە لە (7) بەش – لە بەشی یەکەم باس لە کوردستان دەکات و دەڵێ سنووری دەگاتە نزیک بەغدا، جوگرافیناسی گەورەی ئیسلامی ئیبن حەوقەل لە سەدەی (10) لە موسڵ بووەو دەڵێت: موسڵ ئاوو هەوایەکی خۆش و بازاڕەکی گەرمی هەیەو زۆربەشیان کوردن).

بەگوێرەی ئینسکلۆپیدیای عوسمانی، تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵی پایتەختی مەڵبەندەکەشەوە، شاری کوردی و سەر بە خاکی باشووری کوردستانن، لەبەر ئەوەی ئینسکلۆپیدیای عوسمانی تەواوی ویلایەتی موسڵ بە نیشتمانی کورد و سەر بە خاکی کوردستان ناودەبات، لە لایەکی تریشەوە ئینسکلۆپیدیای عوسمانی باسی ئەوەشی کردووە ژمارەی عارەب هەرچەند بێت لە ویلایەتی موسڵ ویلایەتەکە پارچەیەکە لە کوردستان.

له لاپەڕە (37)ی چاپی دووەمی چاککراوی پەرتووکی (دەقەکانی کۆنگرەی سێڤرە و خوێندنەوەیەکی تر)دا، نووسراوە: (لە قاموسی الأعلامی عوسمانی دەڵێ تەواوی ناوچەی موسڵ سەر بە هەرێمی کوردستانن بە عارەبەکانیشەوە، باسی ویلایەتی موسڵ بە ویلایەتی موسڵی کوردستان دەکا).

لە کاتێکدا کە قاموسی ئیعلامی عوسمانی پێیوابێ تەواوی ویلایەتی موسڵ سەر بە خاکی کوردستان بێت و ویلایەتی موسڵ بە ویلایەتی موسڵی کوردستانی ناوببات، کەواتە بێ هیچ دوو دڵییەک و بەدڵنیاییەکی زۆرەوە، سەرجەم شارەکانی سەر بە ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵی مەڵبەندی ویلایەتەکەش، شاری کوردی و پارچەیەکی سەر بە خاکی باشووری کوردستانن.

لە لاپەڕە (39)ی پەرتووکی (دەقەکانی کۆنگرەی سێڤرە و خوێندنەوەیەکی تر)دا، نووسراوە: (چەرچڵ بروسکەی بۆ سەرکردە سەربازییەکان کرد لە سەرووی بەغداو پێش ئەوەی بگەنە چیای حەمرین، ووتی: لەو سنوورە بەسەرەوە ئێراق نییەو کوردستانە. هەر لەسەر هەمان بنچینەدا (چەرچڵ) لە کۆنگرەی قاهیرەی (24.3.1921)دا داواکەی پرسی کۆکس و مس بێل و ئارنۆڵد ویلسۆنی ڕاگرت سەبارەت بە لکاندنی باشووری کوردستان بە ئێراق بەپێی ئەو مادەیەی سێڤرە و بەپێی نەخشەی ئیسلامی و نائیسلامی و بەپێی نەخشەی ویلایەتەکانی عەباسی کە (ئێراقی دیاریکردووە)، بەپێی نەخشەی عوسمانی (1893)، بەپێی گەڕیدە و (معجم البلدان، سیاحەتنامە و ئینسکلۆپیدیای عوسمانی و زۆر سەرچاوەی تر)، ویلایەتی موسڵ و بەسەدان کیلۆمەتر لە خوارووی موسڵ و کەرکوک کوردستانی بووە، لەدوای سێڤرە و لەگەڵ بە دەوڵەت نەبوونی کوردستان و بە دەوڵەت بوونی ئێراق، سوریا و تورکیا (لە سەرەتای سەدەی بیست) لە سەر دەستی بەریتانیا و فەرەنسا و تا ئێستاش ئەو سنوورەی کوردستان هەروا تەسک دەکرێتەوە، وەک ئەوەی ئێستا لە موسڵ ڕوودەدا و کەرکوکیش وا کەوتووەتە جێناکۆک و ململانێ).

بەگوێرەی قسەکانی وینستۆن چەرچڵی وەزیری وڵاتانی کۆلۆنیاڵی بەریتانی بۆمان دەردەکەوێت کە هەم نەخشەو بەڵگەنامە عارەبی، تورکی و بیانییەکان هەریەک لە شارەکانی موسڵ و کەرکوک بە دوو شاری کوردی و بە پارچەیەک لە خاکی باشووری کوردستان دادەنێن، بەتایبەت کاتێک کە چەرچڵ نەخشەی عوسمانی ساڵی (1893)و ئینسکلۆپیدیای عوسمانی وەکو نموونە دێنێتەوە بۆ کۆتایی پێهاتنی سنووری ئێراق لە باشووری چیای حەمرین لەلای ئێراقەوە نەک لە دیوی باشووری کوردستانە وە.

لە لاپەڕە (73) پەرتووکی (ولایة الموصل تقرير لجنة عصبة الأمم الخاصة بحل النزاع التركي – البريطاني حول ولاية الموصل 1924–1925، مراجعة وتحقيق عەبدولڕەزاق مەحمود قەیسی)دا هاتووە: (ساڵنامەی یەکەمی عوسمانی، کە لە ساڵی (1700)دا چاپکراوە، ئاماژە بە دابەشکردنی بنچینەیی ئەوکاتی دەدات. ویلایەت یان هەرێمی دیاربەکر بۆ حکومەتەکانی دیاربەکر، موسڵ و ئورفە، هەروەها ویلایەتی ئێراقی عارەبی دابەشی سەر حکومەتەکانی بەغداو بەسرا دەکات).

بەگوێرەی ساڵنامەی یەکەمی عوسمانی شاری موسڵ و تەواوی ویلایەتی موسڵ کە سەر بە دیاربەکر (ئامەد)ی کورد و کوردستانە و لە ویلایەتەکانی بەغداو بەسرا (ئێراقی دواتر) جیاکراوەتەوە و، هیچ پێوەندییەکیان بە یەکەوە نەبووە، بۆیە بەپێی ئەو ساڵنامە تورکیە شاری موسڵ و ویلایەتەکە خاک و نیشتمانی کوردن.

نووسەرو ڕۆژنامەنووس عارف قوربانی، لە لاپەڕەکانی (64-65)ی پەرتووکی (کێ کەرکوکی داگیرکردووە)دا، نووسیویێتی: (ئامارێکی تورکی هەیە کە عیسمەت پاشا ئینینۆ پێشکەشی کردووە، سەربارى ئەوەی بە بەراورد لەگەڵ ئامارەکانیتر جیاوازی زۆرەو، بەتایبەت لایەنگیرییەکی زۆری بەلای تورکماندا پێوە دیارە، بەڵام نەیتوانیوە ئەو ڕاستییەش بشارێتەوە کە کورد زۆرینەی ویلایەتی موسڵ و پارێزگای کەرکوکی پێکهێناوە. سەبارەت بە پارێزگای موسڵ کورد (122) هەزار، تورکمان (35) هەزار، عارەب (28) هەزارو کریستانەکان (31) هەزار).
بەگوێرەی ئەو ئامارەی کە عیسمەت ئینینۆی تورک ئاماژەی پێکردووە، شاری موسڵ شارێکی کوردی و سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە ژمارەی کورد (28) هەزاری زۆرترە لە کۆی ژمارەی هەموو نەتەوەکانیتر. کاتێکیش کە ژمارەی کورد بەو ڕێژەیە لە ژمارەی نەتەوەکانی تری ناو شاری موسڵ زۆرتر بێت، بۆیە هەر دەبێت بە دڵنیاییەوە شارەکە شارێکی کوردی و کوردستانیی بێت.

دکتۆر فوئاد حەمە خورشید، لە لاپەڕە (66)ی پەرتووکی (کەرکوک لە بەڵگەنامەکاندا)و بە پشت بەستنی بە لاپەڕەکانی (220-221)ی پەرتووکی (ممالك عثمانية جيب أطلس، سامارت)دا، نووسیویێتی: (پێکهاتەی کارگێڕی ویلایەتی موسڵی لە ساڵی (1905)دا بەمشێوەیە لە سێ سەنجەقی موسڵ، کەرکوک و سلێمانی پێکدەهات: سەنجەقی موسڵ: (لە قەزاکانی ئامێدی، زاخۆ، دهۆک، ئاکرێ و شەنگال)، سەنجەقی کەرکوک: (لە قەزاکانی ڕواندز، کۆیە، ڕانیە، هەولێر و کفری) و سەنجەقی سلێمانی: (لە قەزاکانی خورماڵ، پشدەر، بازیان و شارەزوور) پێکدێت).
بەگوێرەی ئەو دابەشکردنەی پێکهاتەی کارگێڕی ویلایەتی موسڵ و بەتایبەتی سەنجەقی موسڵ دەبینین هەموو ئەو قەزایانەی کە سەر بە سەنجەقی موسڵ-ن قەزای کوردین، کەواتە تەواوی خاکی قەزای موسڵ خاکی کوردە و سەر بە

باشووری کوردستان بووە، دواتریش هەر قەزایەک یان شارۆچکە و گوندێک لەسەر خاکی پارێزگا (سەنجەق)ی موسڵ دروست کرابێت، ئەوە بێ هیچ گومانێک لەسەر خاکی کورد و نیشتمانەکەی ئەو دروست کراوە، هەروەها ئەگەر بە سەدان هەزار عارەبیش بۆ ئەو پارێزگایە بە مەبەستی بەعارەبکردن هێنرابن، ئەوە هێنراون بۆ نیشتمانی کورد و سەر خاکی کوردستان، بۆیە ئەگەر سەرجەم دانیشتوانی پارێزگای موسڵ بکرێن بە عارەب و یەک تاکە کوردیش لەو شارو پارێزگایەدا نەمێنێتەوە، ئەوە شارو پارێزگای موسڵ بە دڵنیاییەکی زۆرەوە شار و پارێزگایەکی سەر بە نیشتمانیی کورد و پارچەیەکە لە خاکی باشووری کوردستان.

دکتۆر جاسم تۆفیق خۆشناو، لە لاپەڕە (162)ی پەرتووکی (مەسەلەی کورد و یاسای نێو دەوڵەتان)دا، سەبارەت بە ژمارەی پێکهاتەکانی ناو شاری موسڵ، نووسیویێتی: (باشتر وایە کە لیستەکەی ژمارەو پێکهاتنی ئێتنیکی کۆمەڵانی خەڵکی ویلایەتەکە کە لەلایەن نوێنەرانی ئینگلیز و تورکیا پێشکەشکراون وەکو بەڵگەنامە بخەینەڕوو. لیستەی تورکیا، شاری موسڵ: کورد (104.000+18.000 ئێزیدی= 122.000)، تورک (35.000)، عارەب (28.000)و ناموسڵمان (31.000)، کە کۆی تێکڕایان دەکاتە (216.000) کەس. لیستی ئینگلیز، شاری موسڵ: کورد (179.820+9.665 جولەکە = 189.485)، تورک (14.895)، عارەب (170.663)، دیان (57.425)، کە کۆی تێکڕایان دەکاتە (432.468 کەس).

گومان لەوەدا نییە کە لیستی نوێنەری تورک بۆ ژمارەی پێکهاتەی دانیشتوانی شاری موسڵ، بەدڵنیایی ژمارەی هەریەک لە کورد، عارەب و ناموسڵمانەکانی کەم کردۆتەوەو ژمارەی تورکمانەکانی زۆر بەرزکردۆتەوە، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە هەم ژمارەی کوردە ئێزدییەکانی کەم کردۆتەوەو هەم بە ئەنقەست لە کورد جیای کردوونەتەوە. بۆ نموونە وەکو ئاماژەیەک بە کەمکردنەوەی بە ئەنقەستی ژمارەی کوردە ئێزیدییەکان، دڵشاد نوعمان فەرحان، لە لاپەڕە (28–29)ی پەرتووکی (معاناة الكورد الإيزديين في ظل الحكومات العراقية 1921–2003)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕەکانی (380–381)ی پەرتووکی (جۆن س. گیست، الحياة بين الكورد تأريخ الايزديين، ترجمة عیماد جەمیل مزروی)دا، نووسیویێتی: (سلێمان نەزیف پاشای والی موسڵ، لە مانگی مایسی ساڵی (1914)دا ڕایگەیاند: لە ئێستا بەدواوە داندەنێین بە

مافی (68.000) شەست و هەشت هەزار ئێزیدی کە لە ویلایەتی موسڵ دەژین، وەکو تایەفەیەکی ئایینی جیاوازو چیتر نابێت ڕاوەدوو بنرێن و بچەوسێنرێنەوە بەهۆی جێبەجێکردنی سرووتە ئایینیەکانیان و بیروباوەڕەکانیان). ئەمەش بۆمان دەردەخات کە دوای نۆ ساڵ ژمارەی کوردی ئێزیدی (50) هەزارێک کەمی کردووە، ئاخۆ دەبێت چەند سەد هەزارێک لە ژمارەی کوردیان کەم کردبێتەوە. هەر بەهەمان شێوە نوێنەری ئینگلیزیش ژمارەی هەریەک لە عارەب و دیانی بەرزکردۆتەوە لەگەڵ کەمردنەوەی ژمارەی کورد و تورکمان و دابڕینی ئێزیدی و جولەکەکان لە نەتەوەی کورد، چونکە جولەکە دەرکراوەکانی کوردستان سەرەڕای ڕاگواستنەوەیان بۆ ئیسرائیل، تاوەکو ئێستاکەش دوای زۆرتر لە شەست حەفتا ساڵێک هەر خۆیان بە کورد دادەنێن. هەروەها بەگوێرەی لیستی هەردوو نوێنەرانی تورک و ئینگلیز ژمارەی کورد زۆرینە پێکدەهێنن لە شارەکەدا، کەواتە شاری موسڵ شارێکی کوردی و سەر بە خاکی باشووری کوردستانە.

ئەکرەمی میهرداد، لە لاپەڕە (74)ی پەرتووکی (کورد و گەڕان بەدوای خۆدا)، نووسیویێتی: (مستەفا کەمال دەڵێ: تورکیا لە مەترسیدایە، بەریتانیا لەپشت سەری کوردانەوەیە، دژی تورکیا لە کوردەکان سوود وەردەگرێت... پیاوانی بەریتانیا لە ناوچەکانی کورد دێن و دەچن، خێڵەکان چەکدار دەکەن و ئەوان هاندەدەن، بەریتانیا دەیەوێت موسڵ و نەوتی ویلایەتی موسڵ بۆ ئەو بێت، کلیلی موسڵ و ئێراق لەدەستی کوردانایە).

ئەوەی کە مستەفا کەمال ئەتاتورک ئاماژەی پێکردووە، کوردستانێتییو کوردێتیی شاری موسڵ و ویلایەتی موسڵ دەگەیەنێت، چونکە ئەتاتورک لەمیانەی باسکردنی ناوچە کوردییەکان ویلایەتی موسڵ بەتەواوی بە ناوچەیەکی کوردی نیشاندەدات. مادام ویلایەتی موسڵ ناوچەیەکی کوردی بێت، کەواتە شاری موسڵ-یش وەکو مەڵبەندی ویلایەتەکە شارێکی کوردی و شارێکە دەکەوێتە ناو چوارچێوەی سنووری خاکی کوردستان.




الموقع الاستراتيجي لولاية الموصل
من الناحية العسكرية و التجارية

خارطة طرق التجارية والعسكرية بين ولاية الموصل و ولاية بغداد مقتبسة عن خارطة المهندس خانه العثمانية ١٢٦٥ الهجري حيث تعتبر موقعا استراتيجيا تربط الشرق الاقصى باوروبا عن طريق خليج العربي_حلب




نەخشەی ژمارە -٢-

ویلایەتی موسڵ لە کۆتایی سەردەمی عوسمانیدا

(سەرچاوە: موسوعة الموصل الحضارية المجلد ٤ الموصل ١٩٩٢)

# سەرچاوەکانی بەشی چوارەم
# (بەڵگەنامە عوسمانی و تورکییەکان):

1- عەبدولعەزیز یامولکی، کوردستان و ڕاپەڕینەکانی کورد، وەرگێڕانی شێرزاد کەریم، ئامادەکردنی سەدیق ساڵح، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 1999.
2- شەمسەدین سامی، کورد و کوردستان لە یەکەم ئەنسیکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا، وەرگێڕانی ئەمین بۆزئەرسەلان و ئەحمەد تاقانە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان – هەولێر 2008.
3- ئەولیا چەلەبی، کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی، وەرگێڕانی سەعید ناکام، چاپخانەی ئەشبیلیەی نوێ 1987.
4- دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، گۆڤاری دهۆک، ژمارە (21)، ئۆکتۆبەری ساڵی 2003، کۆڤارەکا وەرزی، ڕەوشەنبیری، گشتییە، سەرۆکاتیا باژێرڤانیا دهۆک دەردئێخیت.
5- دکتور کمال مظهر احمد، کرکوک وتوابعها حکم التاریخ والضمیر دراسة وثائقیة عن القضیة الکوردیة في العراق، الجزء الاول مطبعة رینوین.
6- ئەحمەد شەوکەت، الشبک الکورد المنسیون، مطبعة وزارة الثقافة، جنوب کوردستان – سلیمانیة 2004.
7- فەیسەڵ دەباغ، کوردستان لە چاپکراوە عوسمانلییەکاندا، کە لە تورکی عوسمانلییەوە کردوویە بە کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، باشووری کوردستان – هەولێر 2003.
8- ئیلنوور چەڤیک، ئاسۆ، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری گشتییە دەزگای خەندان بۆ پەخش و وەشاندن دەریدەکات. www.xandan.com
9- حوسنی مەحلی، کوردستانی نوێ، ساڵی پانزەهەم، ژمارە (4091)، پێنجشەممە، ڕێکەوتی (5.10.2006)، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری ڕۆژانەیە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات.

10- بیلال ن. شمشیر، بەڵگەنامەکانی ئینگلیز لەبارەی کێشەی کوردی تورکیا وە (1924-1938) شۆڕشەکانی شێخ سەعیدی پیران، ئاگری و دەرسیم، وەرگێڕانی سەلمان عەلی، چاپخانە و ئۆفسێتی ئاسا، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 2002.
11- شوکر مستەفا لە تورکی کردوویە بە کوردی. کورد و کوردستان لەنیگای چەند گەڕیدەیەکی ڕۆژئاواییییەوە، گۆڤاری کۆڕی زانیاری ئێراق – دەستەی کورد، بەرگی هەشتەم 1981، چاپخانەی کۆڕی زانیاری ئێراق، بەغدا – 1981.
12- ئیسماعیل بێشکچی، کوردستانی نوێ، ساڵی پانزەهەم، ژمارە (3951)، ڕۆژی دوشەممە، ڕێکەوتی (24.4.2006). ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری ڕۆژانەیە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات.
13- ئیسماعیل بێشکچی، دفاعا عن الامة الكوردية المستعبدة، رسالي الى اليونسكو، من منشورات مركز عامورة للثقافة الكوردية (24)، (27.3.2003). موقع عامورة الالكتروني.
14- سلام العبودي، جريدة التاخي، العدد (4536)، الاحد (17.7.2005)، جريدة رسمية للحزب الديموقراطي الكوردستاني. لە پەرتووکی "السلطان عبدالحميد: مذكراتي السياسية، 1891-1908، مؤسسة الرسالة، بيروت 1977" وەرگیراوە.
15- دکتۆر کەمال کەرکوکی www.peyamner.com
16- دکتۆر جەمال نەبەز، الامير الكوردي - مير محمد الرەواندزي - الملقب ب (میری کۆرە)، ترجمة فخري سلاحشور، دار ئاراس للطباعة والنشر، الطبعة الثانية، جنوب كوردستان - هەولێر 2003.
17- محەمەد ئەمین زەکی، خوڵاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، چاپی نوێ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 2000.
18- جرجيس فتح‌الله، يقظة الكورد تاريخ سياسي 1900-1925 و مما يتناول النزاع على جنوب كوردستان امام عصبة الامم مع الوثائق و المذكرات المتعلقة به، دار اراس، مطبعة وزارة التربية، جنوب كوردستان - هەولێر2000 + جەرجیس فەتحوڵڵا، وریا بوونەوەی کورد مێژووییێکی سیاسی 1900-1925، بەرگی دووەم، وەرگێڕانی حەسەن جاف، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی دهۆک، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، باشووری کوردستان 2009.

19- نەوزاد عەلی ئەحمەد، کێشەی ویلایەتی موسڵ لە دوو ڕۆژنامەی سلێمانیدا، لە پەرتووکە چاپکراوەکانی شارەوانی سلێمانی، باشووری کوردستان – سلێمانی 2004.
20- دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، کورد و کوردستان لە کۆمەڵە وتارێکی مێژووییدا، وەرگێڕانی ئازاد عوبێد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان - هەولێر 2005.
21- دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، کوردستان لە سەردەمی ئاشتیدا، وەرگێڕانی محەمەد نوری تۆفیق، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 2000.
22- مەحمودی مەلا عززەت، حکومەتی کوردستان لەناو مەتەڵی سیاسەتی بەریتانیادا 1918-1924، بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، باشووری کوردستان – سلێمانی 2006.
23- ڕۆبەرت ئۆلسۆن، ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران (کوردستان 1880-1925)، وەرگێڕانی ئەبوبەکر خۆشناو، زنجیرەی پەرتووکی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی دووەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 1999.
24- سەلام ناوخۆش، هۆکارەکانی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە ئێراقی عارەبییەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ژیان، باشووری کوردستان – هەولێر 2000.
25- سەلام ناوخۆش، دراسة سياسية حول إحتلال وتقسيم كوردستان. الطبعة الاولى، المطبعة نازه، هەولێر – جنوب كوردستان 2002.
26- دکتۆر فازل حوسێن، کێشەی ویلایەتی موسڵ، وەرگێڕانی محەمەد شاکەلی، چاپخانەی خاک، باشووری کوردستان – سلێمانی 1999.
27- دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، أقليم كوردستان العراق دراسات في التكوين القومي للسكان، الطبعة الثالثة، جنوب كوردستان – هەولێر 1999.
28- نجم عمر السورچي، مصير ولاية الموصل (كوردستان الجنوبية) ما بعد عام 2000، جنوب كوردستان - سليمانية 1998.
29- دکتۆر جەبار قادر، گۆڤاری کەرکوک، ژمارە (14)، پاییزی 2002، گۆڤارێکی ڕوناکبیری گشتی وەرزییە کۆمیتەی باڵای ئاوارەکان و کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوک بە هاوبەشی دەریدەکات.

30- خەسرەو گۆران، کورد لەپارێزگای موسڵ، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، باشووری کوردستان - هەولێر 2002.
31- دکتۆر فوئاد حەمە خورشید، گۆڤاری سەردەم، العدد الاول لسردم العربي ، مؤسسة سردم للطباعة والنشر، سليمانية – جنوب كوردستان.
32- ئاسۆ گەرمیانی، دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ یان سیستمێکی فیدرالی؟ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی ڕامیارییە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 2004.
33- عومەر محەمەد محەمەد کەریم، القضية الكوردية في الصراع البريطاني العراقي 1918-1932، مطبعة كارۆ في السليمانية، مديرية الطبع والنشر السليمانية، جنوب كوردستان 2008.
34- پاشماوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی داوای ویلایەتی موسڵ دەکەن، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (2374)، ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (10.1.2007)، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی ڕۆژانەیە، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە.
35- محمود الدرة، القضية الكوردية، الطبعة الثانية (طبعة جديدة موسعة)، منشورات دار الطليعة – بيروت - لبنان، نيسان 1966.
36- عەباس سلێمان سمایل، گۆڤاری هاواری کەرکوک، ژمارە(1)ی ئەیلولی (1998)، گۆڤارێکی ڕامیاری و ڕۆشنبیریی گشتییە، ناوەندی ڕۆشنبیریی کەرکوک دەریدەکات.
37- هاوڕێ قەندیل، کوردستان ناسنامەی من، چاپی یەکەم، بەفرانباری 2706ی کوردی، چاپخانەی سان لەند.
38- پوک ئۆنلاین، یوسف حەلاج ئۆغلۆ: تورکیا مافی خۆیەتی داوای موسڵ و کەرکوک بکاتەوە، ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی (24.11.2007). پوک ئۆنلاین، ماڵپەڕی ڕێکخستنەکانی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە.
39- کەریم یەڵدز، کورد لە عێراق، وەرگێڕانی شاهۆ بورهان، بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان 2007.
40- مام جەلال، هەرگیز سنووری ئێراق لە چیای حەمرین تێنەپەڕیوەو لە چیای حەمرینەوە بەولاوە کوردستانە، کوردستانی نوێ، ساڵی سیانزەهەم، ژمارە

(3291)، دوشەممە، ڕێکەوتی (12.2.2004). کوردستانی نوێ، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری ڕۆژانەیە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات.

41- ئەمجەد شاکەلی، دۆڕاندنی خاک بەرانبەر دەسەڵات، بارزان، ژمارەکانی (115، 116)، یەکشەممە، ڕێکەوتی (17.5.2009)و یەکشەممە، ڕێکەوتی (24.5.2009). بارزان، هەفتەنامەیەکی گشتیی سەربەخۆیە لە هەولێر دەردەچێت.

42- کامەران ئەحمەد محەمەدئەمین مەنتک، کوردستان لەنێوان ململانێی نێودەوڵەتیی و ناوچەییدا 1890-1932، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپ و ئۆفسێتی دەزگای سەردەم، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان – سلێمانی .2000

43- دەقەکانی کۆنگرەی سێڤرە و خوێندنەوەیەکی تر، خوێندنەوەی مەسعود عەبدولخالق، وەرگێڕانی سەلام ناوخۆش، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان، چاپخانەی منارە، هەولێر - باشووری کوردستان 2009.

44- مراجعة وتحقيق عەبدولڕەزاق مەحمود قەیسی، ولاية الموصل تقرير لجنة عصبة الأمم الخاصة بحل النزاع التركي – البريطاني حول ولاية الموصل 1924-1925، مركز الدراسات الكوردية (کوردۆلۆجی)، مطبعة ڕەنج، جنوب کوردستان – السليمانية 2009.

45- عارف قوربانی، کێ کەرکوکی داگیرکردووە، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، باشووری کوردستان – سلێمانی 2009.

46- دکتۆر فوئاد حەمە خورشید، کەرکوک لە بەڵگەنامەکاندا، وەرگێڕانی نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، چاپی یەکەم، دەزگای وەرگێڕان، چاپخانەی منارە، باشووری کوردستان – هەولێر 2007.

47- دکتۆر جاسم تۆفیق خۆشناو، مەسەلەی کورد و یاسای نێو دەوڵەتان، لە بڵاوکراوەکانی سەبتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی کوردستان، سلێمانی - باشووری کوردستان 2002.

48- ئەکرەمی میهرداد، کورد و گەڕان بەدوای خۆدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، باشووری کوردستان – هەولێر 2007.

# مێژووی
# کوردستانێتیی شاری موسڵ

## بەرگی دووەم

نووسینی
**دەرسیم پێشەوا**

دانمارک 2011

# بەشی پێنجەم

## مێژووی کوردستانێتیی شاری موسڵ لە بەڵگەنامـــــــە ئێراقی و عارەبییەکـــــــــان:

بەڵگەنامە ئێراقی و عارەبییەکان بۆ سەلماندنی کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ، ژمارەیان (154) بەڵگەنامەیەو (97) سەرچاوەیان بۆ بەکارهاتووە. زۆر لە مێژوونووس و گەڕیدەکانی عارەب تەواوی شاری موسڵ بە شارێکی کوردی، یان وەکو پارێزگایەکی باشووری کوردستان ناودەبەن. هەشیانە ویلایەتی موسڵ بە ویلایەتێکی کوردی یان بە بەشێکی کوردستان ناودەبەن. مێژوونووسی واش هەیە کەناری خۆرهەڵاتی ڕووباری دیجلە بە کوردستان دەزانێت، بەڵام هەر هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە عارەب لەگەڵ هاتن و داگیرکردنی شاری موسڵ لە لایەن میلیشیاکانی ئیسلامەوە هاتوون، بەر لەو مێژووە عارەب بوونیان لەو شارە و ویلایەتەدا نەبووە. بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی زۆرتر لێرەدا تیشک دەخەینە سەر تەواوی بەڵگەنامەکان کە ئەمانەن:

پەرتووکی (Ethnic Cleansing Documents in Kurdistan – Iraq)، کە لە لایەن مەڵبەندی دووی کەرکوکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان-دا چاپکراوە لە لاپەڕە (18)داو، بە پشت بەستن بە لاپەڕە (550)ی (الوقائع العراقية)، ژمارە (5271)، ڕێکەوتی (4.9.1989)، کە دەقی بڕیارێکی شۆڤینیستانەی بەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەکەی (پارتی بەعسی سۆسیالیستی عارەبی)دا بڵاوکردۆتەوە سەبارەت بە پێنەدانی مافی خاوەنداریێتی بە هاووڵاتیانی کورد، لە شارەکانی (موسڵ، کەرکوک و دیالە)ی کوردستان. ئەمەش دەقی بڕیارەکەیە:

رقم القرار: 529
تاريخ القرار: 23/محرم/1410 هـ
1989/8/24م
استنادا الى احكام الفقرة (1) من المادة الثانية والاربعين من الدستور.
قرر مجلس قيادة الثورة مايلي: -

اولا – يحق للعراقي من غير سكنة محافظات منطقة الحكم الذاتي تملك قطعة ارض سكنية في منطقة الحكم الذاتي وفق السياقات النافذة بتوزيع قطع الاراضي السكنية للمواطنين بالاضافة الى مايملكه في مسقط رأسه ويشمل بقرض المصرف العقاري استثناء.

ثانيا – يحق للعراقي من سكنة منطقة الحكم الذاتي تملك قطعة ارض سكنية في مدينة بغداد والمحافضات الاخرى عدا محافظات (نينوى، التأميم، ديالى) بلاضافة الى مايملكه من سكن في مسقط رأسه ويشمل بقرض المصرف العقاري استثناء.

ثالثا – ينشر هذا القرار في الجريدة الرسمية ولا يعمل بأي نص يتعارض أحكامه.

صدام حسين

رئيس مجلس قيادة الثورة

دەقی ئەو بڕیارەی بەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەکەی سەدام بە کوردی بەمشێوەیەیە:

ژمارەی بڕیار: 529

ڕێکەوتی بڕیار: 23ی موحەڕەم/1410ی کۆچی

1989/8/24 زایینی

بەپشت بەستن بە فەرمانەکانی برگەی (1) لەمادەی چلو دووی دەستور.

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاریدا بەمانەی خوارەوە:

یەکەم – هەر ئێراقی‌یەک کە نیشتەجێی پارێزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی نەبێت، مافی خاوەنداریتی پارچەیەک زەوی نیشتەجێبوونی هەیە لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی جێبەجێکردن بۆ دابەشکردنی زەویوزاری نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتیان، جگە لەو پارچە زەویەی کە لە شوێنی لەدایکبوونیدا هەیەتی، هەروەها قەردی دروستکردنی خانووبەرە دەیگرێتەوە بەشێوەی هاوێرکردن.

دووەم – هەر ئێراقییەک کە نیشتەجێی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بێت، مافی خاوەندارێتی پارچەیەک زەوی نیشتەجێبوونی هەیە لە شاری بەغداو پارێزگاکانی تر، جگە لە پارێزگاکانی (نەینەوا، تەئمیم، دیالە) سەرەڕای ئەو خانووەی کە هەیەتی لە شوێنی لەدایکبوونی و، قەردی دروستکردنی خانووبەرە دەیگرێتەوە بەشێوەی هاوێرکردن.

سێیەم – ئەو بڕیارە لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاودەکرێتەوەو، کار بە هیچ دەقێک ناکرێ کە پێچەوانە بێت لەگەڵ فەرمانەکانی ئەو بڕیارەدا.

ئیمزا
سەدام حوسێن
سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

ئەو بەڵگەنامەیەی میری بەعسی ڕەگەزپەرست، کە هەموو کوردێک بێبەش دەکات لە مافی خاوەندارێتی پارچە زەوییەک لە پارێزگاکانی (موسڵ–نەینەوا، کەرکوک–تأمیم و دیالە) لە خۆڕا نییە، بەڵکو بە مەبەستی بەعارەبکردن و، کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد لەو سێ پارێزگایەدا بڕیارێکی لەو جۆرەی دەرکردووەو، ئەو بەڵگەنامەو بڕیارە شۆڤێنییەی بەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەکەی سەدام و بەعارەبکردنی ئەو سێ شارە دەیسەلمێنێ کە هەرسێکیان خاکی کوردن و سەر بە باشووری کوردستانن، بەڵام ڕووبەڕووی شاڵاوێکی نامرۆڤانەی بەعارەبکردن بوونەتەوە. لای کەسیشمان شاراوە نییە کە هەموو ئێراقییەکان و عارەب بە باشووری کوردستان دەڵێن (باکووری ئێراق)، هەر لەبەر ئەوەی ناوی کوردستان نەهێنن و لە مێشکی کورددا بیسڕنەوە. حکومەتی سەدام و پارتەکەی (پارتی بەعسی سۆسیالیستی عارەبی) لە بەڵگەنامەکانی حکومی و پارتەکەیاندا، دان بەوەدا دەنێن کە باکووری ئێراق لە هەر پێنج پارێزگا کوردییەکە پێکدێت، بۆ نموونە: بیرۆی باکووری بەعس، کە عەلی حەسەن مەجید (عەلی کیمیاوی) سەرپەرشتی دەکرد تایبەت بوو بە شارەکانی موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی. ئەوەش یەکێکە لە بەڵگەنامەکانی حکومەت و پارتەکەی سەدام کە داندەنێت بە کوردێتیی و

کوردستانییەتی شاری موسڵ و کەرکوک. دەقی بڕیاری (529) لە کۆتایی ئەو بەشەدا دانراوە.

دکتور خلیل ئیسماعیل محمد، دکتور محمد عبدالله عمر، سیروان کاکەیی و محمود حاجي، لە کۆتایی نامیلکەیەکی چەند لاپەڕەییدا بەناوی (سیاسة التعريب في أقليم كوردستان العراق – دراسة وثائقية – محور الموصل)دا، کۆپییەک لە مەرسومی کۆماری، ژمارە (1066)یان داناوە، کە مەرسومەکە لە لایەن سەرۆکایەتی کۆماری ئێراق، لە ڕێکەوتی (7.9.1969)دا دەرچووەو، ئاماژە بە بڕیاری ژمارە (211)ی ڕێکەوتی (27.5.1969)ی بەناو (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شوڕش)ی حزبی بەعسی عارەبی ئیشتیراکی دەکات، کە تایبەتە بە پێکهێنانی پارێزگای دهۆک لە قەزاکانی (دهۆک، زاخۆ، ئامێدی، ئاکرێ و شارەدێی مزوری)، کە هەموویان لە پارێزگای موسڵ جیادەکرێنەوە.

مەرسومی کۆماری، ژمارە (1066)، کە لە لایەن سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ئێراق، ئەحمەد حەسەن بەکر لە ڕێکەوتی (7.9.1969)و، بە پشت بەستن بە بڕیاری ژمارە (211)ی ڕێکەوتی (27.5.1969)ی بەناو (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شوڕش)ی بەعس دەرچووە، هەردوو مەرسومی ژمارە (1066)و بڕیاری ژمارە (211)، کە لەپێناوی بەعارەبکردنی شارو پارێزگای موسڵ دەرچووینە، کوردستانێتیی و کوردێتیی شارو پارێزگای موسڵ دەسەلمێنن. چونکە عارەبەکان سەرەتا لەناو شاری موسڵ دەستیان بە بەعارەبکردنی شارەکە کرد، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی پارێزگاکە بەتەواوی بکەوێتە ژێردەستی عارەب و، دواتریش لەڕێگای ئەو دەسەڵاتەوە توانییان سنووری بەعارەبکردن فراوانتر بکەن و، ناوچەکانی بادیەی جەزیرە، بەعاج، حەزەر، شەنگال، شێخان، تەلەعفەر و زوممەریش بگرێتەوە. جیاکردنەوەی قەزاکانی دهۆک، زاخۆ، ئامێدی، ئاکرێ و شارەدێی مزووری و پێکهێنانی پارێزگای دهۆک، بە مەبەستی کەمکردنەوەی ژمارەی کورد لە پارێزگای موسڵ بەرزکردنەوەی ژمارەی عارەب بووە، بەتایبەت کە ئەو ناوچانە تەواوی دانیشتوانەکەیان کوردبوون. سەرەڕای هەموو ئەمانەش حکومەتی ڕەفتار فاشی و ڕەگەزپەرستی عارەبی لە ئێراقدا، چەندان یەکەی بەڕێوەبەرێتی و گوندی هاوچەرخی بۆ عارەبی هاوردەی باشوورو ناوەڕاستی ئێراق لە پارێزگای موسڵ

دروستکرد، بۆ نموونە دروستکردنی (174) نشینگە بۆ عارەبی کۆچەر (بەدو) لە ناوچەی جەزیرە و شارەدێکانی (ناحیەکانی): تەل عەبتە، قەیرەوان، قەحتانیە و ڕەبیعە، هەروەها قەزاکانی بەعاج، حەزەر و شەڕگات لە سنووری پارێزگای موسڵ و، جیاکردنەوەی قەزای زێبار (مێرگەسوور) لە موسڵ و لکاندنی بە پارێزگای هەولێر لەبەر ئەوەی دانیشتوانی قەزاکە سەرجەم کوردبوون، وە هەڵوەشاندنەوەی چەندان دێهات و شارەدێی کوردیی و دوورخستنەوەی دانیشتوانەکانیان بە بیانووی جیاجیاوە، کە هەموو ئەم کارانەی حکومەت لەپێناوی کەمکردنەوەی ژمارەی کورد و بەرزکردنەوەی ژمارەی عارەب بوو لە پارێزگای موسڵ. دەقی مەرسومی کۆماری ژمارە (1066) لە کۆتایی ئەو بەشەدا دانراوە.

دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، دکتۆر محەمەد عەبدوڵلا عومەر، سیروان کاکەیی و مەحمود حاجی، لە لاپەڕە (2)ی (سياسة التعريب في أقليم كوردستان العراق – دراسة وثائقية – محور الموصل)دا نووسیوێتیان: (هەروەکو (ئیبن فوقیە) جەختی لەوە کردۆتەوە کە نیشتەجێکردنی عارەب لە شاری موسڵ لە سەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب دەستیپێکردووە).
بەگوێرەی قسەکانی مێژوونووسی عارەبی ئیسلامی ئەبوبەکر ئەحمەد کوڕی فقیەی هەمەدانی ناسراو بە (ئیبن فقیە 902ز)، نیشتەجێکردنی عارەب لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتابدا لە موسڵ دەستیپێکردووە، لە لایەک ئەوە بەڵگەیەکە بۆ نەبوونی عارەب پێش ئەو بەرواره لەو شارەدا، کەواتە ئەو شارە شارێکی عارەبی نییەو شارێکی کوردیی و کوردستانییە، چونکە کورد بەر لە عارەب بوونی هەبووە لەو شارەداو، شارەکەش کورد دروستی کردووە نەک عارەب، بەڵکو عارەب داگیرکەر بووە نەک دروستکەر، شاریش هەردەم هی دروستکەرە نەک هی داگیرکەر! لە لایەکی تریشەوە هەموو ئەو بانگێشانە بەدرۆ دەخاتەوە کە گوایە، شاری موسڵ لە سەر دەستی عارەبەکانەوە دروستکراوە.

دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، دکتۆر محەمەد عەبدوڵلا عومەر، سیروان کاکەییو مەحمود حاجی، لە لاپەڕە (3-11)ی (سياسة التعريب في أقليم كوردستان العراق – دراسة وثائقية – محور الموصل)دا نووسیویانە: (ئەوەی کە بەرچاو

دەکەوێت ئەوەیە کە ڕێڕەوەکانی زرنگکاری بەعارەبکردن (سیاسة التعریب) سێ تەوەری سەرەکی گرتۆتە بەر کە ئەمانەن: 1. تەوەری موسڵ 2. تەوەری کەرکوک 3. تەوەری خۆرهەڵاتی بەغدا. بەڵام تەوەری موسڵ گرنگییەکی تایبەتی لەڕووی بەعارەبکردنەوە پێدراوە، ئەوەش لەبەر هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی، گرنگی بازرگانی و نەوتی هەروەها ئەتنۆگرافی کە پێشتر ئاماژەمان پێکردبوو. لە ئاراستەکانی زرنگکاری بەعارەبکردنی تەوەری موسڵ:

1. دروستکردنی نیشتەنگای عارەبی. 2. دەستبەسەراگرتنی خانووبەرەو زەوی کشتوکاڵی. 3. ڕاگوێزانو کۆچپێکردن. 4. یاسای ڕاستکردنەوەی نەتەوەیی. 5. گۆڕانکاری لەپێکهاتەکانی بەڕێوەبردن).

بەگوێرەی دروستکردنی ئەو هەموو نشینگانەی کە لە کوردستان و بەتایبەت لە دەوروبەری شاری موسڵ، بۆ عارەبی کۆچەرو عارەبی ناوەڕاست و خوارووی ئێراق، بۆمان دەردەکەوێ کە شاری موسڵ و دەروبەرەکەی درێژکراوەی خاکی کورد و بەشێکی کوردستانن، بەڵام حکومەتە یەک لەدوا یەکەکانی عارەبی شۆڤینی، هەوڵی بەعارەبکردن و سڕینەوەی سیمای کوردێتی و کوردستانێتیی شارەکەو ناوچەکە دراوە. وە بەڵگەنامەکانی حکومەتە شۆڤینییەکانی عارەبی ئێراق و، ئەو ڕاگوێزانە زۆرەملێیانەی کە لە شاری (موسڵ)دا بەرانبەر بە هاووڵاتیانی ڕەسەنی شارەکە (کورد) پەیڕەو دەکراو بەچاوەکانی خۆمانەوە دەمانبینین، بەڵگەیەکی زیندووی کوردستانێتیی و کوردێتیی ئەو شارە بەزۆر بەعارەبکراو و داگیرکراوە.

جوگرافیناسی ناسراوی عارەب، دکتۆر شاکر خەسباک، لە لاپەڕەکانی (39–40)ی پەرتووکی (کورد و مەسەلەی کورد)دا، نووسیوێتی: (شێخ مەحمود لە دەستپێکدا هەوڵیدا گشت بەشەکانی کوردستانی ئێراق لەژێر ڕێبەرایەتی خۆیدا یەک بخات و وەک هەنگاوی یەکەم لەژێر سەرپەرشتی ئینگلیزدا بێت. سیاسەتی ئینگلیزش لەپێشدا هانی ئەم ڕێبازەی دەدا بەڵام زۆری نەخایاند ئیدی نیازی بەریتانیا گۆڕاو پێش دامەزراندنی فەرمانڕەوایی خۆماڵی هاتە سەر ئەو بۆچوونەی کە ویلایەتی موسڵی کۆن (واتا ناوچە کوردییەکە) بدرێتە دەم دەوڵەتی ئێراقی نوێوە).

لێرەدا دکتۆر شاکر خەسباک بەڕوونی بۆچوونی خۆیمان وەکو عارەبێکی ڕاستگۆ بۆ دەردەخات کە دەڵێت: ویلایەتی موسڵ (واتە ناوچە کوردییەکە). لە کاتێکدا کە

ویلایەتی موسڵ ناوچەیەکی کوردی بێت، کەواتە بەدڵنیاییەوە شاری موسڵ-یش وەکو شارێکی سەر بە ویلایەتی موسڵ ناوچەیەکی کوردییەو سەر بە خاکی کورد و کوردستانە، مادام ویلایەتی موسڵ ناوچەیەکی کوردی بێت. کەواتە ئەوەی دکتۆر شاکر خەسباک باسی دەکات سەبارەت بە ویلایەتی موسڵ، بەڵگەیەکە بۆ سەلماندنی کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ.

دکتۆر شاکر خەسباک، لە لاپەڕە (43)ی پەرتووکی (کورد و مەسەلەی کورد)، دەڵێت: (کوردستانی ئێراق بریتییە لە چوار پارێزگا (لیوا) پارێزگاکانی: موسڵ، هەولێر، سلێمانی و کەرکوک هەروەها بەنێو پارێزگای دیالەشدا درێژەی هەیەو ناوچەکانی خانەقین و مەندەلی دەگرێتەوە).
دکتۆر شاکر خەسباک، کە لە ڕاستگۆییدا وێنەی کەمە، لە سەرەوەدا بەتەواوی سنووری باشووری کوردستان یان (ویلایەتی موسڵ)مان بۆ دیاریدەکات و، شاری موسڵ وەکو شارو پارێزگا بە خاکی کورد و کوردستان ناودەبات. گومان لەوەدا نییە هیچ کەسێکی عارەب، ئەگەر زۆر دڵنیا نەبێت لەو شوێنەی باسی دەکات کە خاکی خۆی نییە، ئەوە هەرگیز وەکو خاکی نەتەوەیەکی تر ناوی نابات. دڵنیاشم ئەگەر دکتۆر شاکر خەسباک تەنانەت گومانی هەبوایە لە کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ، ئەوە نەک هەرگیز وەکو شارێک و پارێزگایەکی کوردی ناوی نەدەهێنا، بەڵکو وەکو شارو پارێزگایەکی عارەبی و ئێراقی ناوی دەبردا! کەواتە ئەوەی دکتۆر شاکر لێرەدا سەبارەت بە شارو پارێزگای موسڵ نووسیویێتی، بەڵگەیەکی هەرە بەنرخە بۆ کوردێتیی و کوردستانێتیی ئەو شارە.

دکتۆر شاکر خەسباک، لە لاپەڕە (481)ی پەرتووکی (الأكراد دراسة جغرافية أثنوغرافية)دا نووسیویێتی: (زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان زمانی کوردی دابەشی دوو زاراوەی باکوورو زاراوەی باشوور دەکەن. ئەو کوردانەی نیشتەجێی باکوورو خۆرئاوای هێڵی درێژە وەبوو لە باشووری کەنارەکانی دەریاچەی ورمێ تا دەگاتە ئەو شوێنەی کە زابی گەورە لەگەڵ ڕووباری دیجلە یەکدەگرێت قسەی پێدەکەن. هەرچی زاراوەی باشوورە ئەوەی ماوە لە دانیشتوانی کوردستان قسەی پێدەکەن. بەمشێوەیە زاراوەی باکوور کوردەکانی نیشتەجێی باکوورو خۆرئاوای دەریاچەی

ورمێ‌و کوردەکانی کۆماری ئەرمینیا و کوردەکانی تورکیا و سوریا و کوردەکانی ناوچەی بادینان (لە پارێزگای موسڵی کۆن و پارێزگای دهۆکی نوێ) قسەی پێدەکەن. کەچی زاراوەی باشوور کوردە سۆرانییەکانی پارێزگای هەولێر و کوردە بابانییەکانی پارێزگاکانی سلێمانی و کەرکوک و کوردەکانی ئەردەڵان و موکری لە کوردستانی ئێران قسەی پێدەکەن).

ئەوەی کە دکتۆر شاکر خەسباک ئاماژەی پێکردووە، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە دکتۆری ناوبراو لە لایەک ناوی شاری موسڵ وەکو شارێکی کوردیی کە بە زاراوەی کرمانجی باکوور دەپەیڤن ناودەبات، لە لایەکی تریشەوە ناوی موسڵ وەکو شارێکی سەر بە ناوچەی بادینان ناودەبات، کە ناوچەی بادینانیش ناوچەیەکی کوردی ڕەسەنە، کەواتە شاری موسڵ-یش ناوچەیەکی کوردیی و شارێکە سەر بە باشووری کوردستان.

دکتۆر شاکر خەسباک، لە لاپەڕە (520)ی پەرتووکی (الأكراد دراسة جغرافية أثنوغرافية)دا نووسیویێتی: (لە ئێراقدا کوردەکان بە زۆریی لە هەر چوار پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێر، کەرکوک و موسڵ دەژین، هەروەها لە ناوچەی خانەقین لە پارێزگای دیالە دەژین. بەڵام پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر بەتەواوی کوردین جگە لەوەی کە کەمینەیەکی تورکمانی لە هەولێر هەیە. بەڵام پارێزگاکانی کەرکوک و موسڵ هەر یەکەو نیوەیان کوردن).

ئەوەی کە دکتۆر شاکر خەسباک ئاماژەی پێکردووە، کوردێتی و کوردستانێتی تەواوی پارێزگاکانی موسڵ و کەرکوک دەگەیەنێت، چونکە بەگوێرەی قسەکانی مێژوونووسی ناوبراو لەنیوە زۆرتری دانیشتوانی هەردوو شارەکە (موسڵ و کەرکوک) کوردن، مادامیش کورد نیوە لە نیوە زۆرتر یان زۆرینە پێکبێنن کەواتە شارەکەش هی ئەوانە، بەتایبەت کورد کە دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکەو ئەو دوو شارەن، نەک وەکو نەتەوەکانی عارەب، تورکمان یاخود کلدوئاشوورییەکان لە ڕێگەی داگیرکردن و پرۆسەی بەعارەبکردن و بە تورککردن هاتبن یاخود لەترسی کوشتن و شەڕ پەنایان بۆ شارەکە هێنابێ وەکو چۆن کلدوئاشورییەکان لەکاتی شەڕی جیهانی یەکەم لە ترسی تورک بۆ باشووری کوردستان هاتن. هەروەها دکتۆر شاکر خەسباک، لە لاپەڕە (23)ی پەرتووکی (کورد و مەسەلەی کورد)دا

ئاماژەی بەهەمان شت کردووە کە لە لاپەڕە (520)ی پەرتووکی (الأكراد دراسة جغرافية أثنوغرافية)دا ئاماژەی پێکردووە.

دکتۆر شاکر خەسباک، لە لاپەڕە (5)ی پەرتووکی (العراق الشمالي دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية)دا لە باسی سنوورو شارەکانی کوردستانی باشووردا، نووسیویێتی: (ناوچەی باکوور (باشووری کوردستان) پارێزگاکانی نەینەوا (موسڵ + دهۆک)، هەولێر، سلێمانی و کەرکوک دەگرێتەوە).
جارێکی تریش دکتۆر خەسباک، سنووری کوردستان-مان بۆ دیاری دەکات و، شاری موسڵ-یش شانبەشانی هەریەک لە دهۆک، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی بە شاری کوردستانیی ناو دەبات. بۆ ئێمەی کورد زۆر گرنگە کە ئەکادیمی و مێژوونووسێکی وەکو دکتۆر شاکر خەسباک، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و ئەکادیمیانەی مێژوویی بۆمان بسەلمێنێت، کە موسڵ یاخود کەرکوک شاری کوردیی و کوردستانین، چونکە بەدەگمەن بەرچاو دەکەوێت ئەکادیمیست و مێژوونووسانی سەر بە نەتەوەکانی داگیرکەری پارچەکانی کوردستان، دان بە ڕاستییەکاندا بنێن، مەگەر دکتۆر شاکر خەسباک، دکتۆر ئیسماعیل بێشکچی و چەند کەسێکی تر.

شاکر خەسباک، لە لاپەڕە (123)ی پەرتووکی (العراق الشمالي دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية)دا نووسیویێتی: (باکووری ئێراق لە پێنج یەکەی کارگێڕی گەورە پێکدێت کە بریتین لە نەینەوا (موسڵ)، دهۆک، هەولێر، سلێمانی و کەرکوک. باکووری ئێراق بە هەر پێنج پارێزگاکەیەوە نوێنەرایەتی یەکێک لەو سێ ویلایەتانەی کە لە سەردەمی عوسمانییەکان ئێراقی پێکدەهێنا دەکرد، کە ئەویش ویلایەتی موسڵ بوو. بەڵام دوو ویلایەتەکەی تریش بریتی بوون لە ویلایەتی بەغدا کە پارێزگاکانی ناوەڕاستی ئێستاو، ویلایەتی بەسرا کە پارێزگاکانی باشووری ئێستا دەگرێتەوە لەگەڵ چەند گۆڕانکارییەکی سادە).
ئەوەی کە دکتۆر شاکر خەسباک باسی دەکات کوردبوون و کوردستانێتیی شاری موسڵ و چوار شارەکەی تریش دەگرێتەوە، چونکە نووسەری ناوبراو یەکەم ویلایەتی موسڵی لە ویلایەتەکانی تری ئێراقی (بەغداو بەسرا) جیاکردۆتەوە، دووەم شاری موسڵ و چوار شارەکەی تر دەخاتە ناو ویلایەتی موسڵ، ویلایەتی موسڵ-

یش خاک و نیشتمانی کوردە، کەواتە تەواوی شارەکانی سەر بەو ویلایەتە شاری کوردی و سەر بە باشووری کوردستانن. هەرچی سەبارەت بەوەی کە ویلایەتی موسڵ لە سەردەمی عوسمانییەکاندا یەکێک بووە لە سێ ویلایەتەکەی ئێراق ئەوە هیچ ڕاستییەکی تیادا نییە، چونکە لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا بەگوێرەی بڕیارێکی کۆمەڵەی نەتەوەکان ویلایەتی موسڵ-ی نیشتمانی کورد و پارچەیەک لە خاکی کوردستان، خرایە سەر ئێراقی عارەب.

شاکر خەسباک، لە لاپەڕە (306)ی پەرتووکی (العراق الشمالي دراسة لنواحیە الطبیعیة والبشریة)دا نووسیوێتی: (زۆربەی شارەکانی باکووری ئێراق (باشووری کوردستان) بریتین لە گوندی گەورە، تەنیا چوار شاری گەورە هەیە کە ئەمانەن: موسڵ، کەرکوک، سلێمانی و هەولێر. هەریەک لە موسڵ و کەرکوک بارودۆخێکی تایبەتییان هەیە کە بۆتە هۆی زۆربوونی ڕێژەی دانیشتوانی. شاری موسڵ بە کۆنترینو گرنگترین شاری بازرگانی دادەنرێت).

ئەوەی کە دکتۆر شاکر خەسباک نووسیوێتی هەم کوردبوون هەم کوردستانیی بوونی شاری موسڵ و شارەکانی تریش کە ئەو ناوی بردوون دەگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو خۆی باسی ئەوەی کردووە، کە ئەو شارانە بەشێکی ویلایەتی موسڵ بووینەو بە هەموویان ئەو ویلایەتەیان پێکهێناوە. هەمووشمان دەزانین ویلایەتی موسڵ باشووری کوردستانە بە تەواوی شارەکانیەوە، کەواتە شاری موسڵ-یش وەکو مەڵبەندی ویلایەتی موسڵ شارێکی کوردیی و پارچەیەکە لە خاکی باشووری کوردستان.

دکتۆر شاکر خەسباک، لە لاپەڕە (423)ی پەرتووکی (العراق الشمالي دراسة لنواحیە الطبیعیة والبشریة)دا نووسیوێتی: (لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانی و کۆتایی جەنگەکەدا ئامانجی بەرزی بەریتانیا کۆنترۆڵکردنی ئێراق بوو بەتایبەتیش ویلایەتی موسڵ کە پارێزگاکانی نەینەوا، دهۆک، هەولێر، سلێمانی و کەرکوکی دەگرێتەوە، بۆ ئەوەی بەرهەمهێنانی چاڵگە نەوتییەکان بۆخۆی مسۆگەر بکات).

بەگوێرەی قسەکانی دکتۆر شاکر خەسباک، شاری موسڵ و چوار شارەکەی تریش شاری کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانن، چونکە نووسەری ناوبراو

هەم ویلایەتی موسڵی بەجیا ناوبردووەو هەم شاری موسڵ و شارەکانی تریشی خستۆتە نێو سنووری ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان). هەرچی سەبارەت بەوەی کە ویلایەتی موسڵ بەشێکی ئێراق بووبێت، ئەوە بە هیچ شێوەیەک وانەبووە هەروەکو لە سەرەوەش باسمانکرد ویلایەتی موسڵ بەگوێرەی بڕیارێکی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا بەزۆرەملێ خرایە سەر ئێراق.

باوکی مازیار ئاکرەیی، لە لاپەڕەکانی (15–17)ی گۆڤاری (کوردستان المجاهدة)، ژمارە (3)دا، وتارێکی لەژێر ناونیشانی (رد وتوضيح)دا بڵاوکردۆتەوە، کە وەڵامێکە بۆ دکتۆرێکی تورکمان بەناوی (فازڵ دمیرجی). باوکی مازیار بە پشت بەستنی بە پەرتووکی (قاموس السياسي، تألیف ئەحمەد عطية الله، ص968)، نووسیویێتی: (قاموسی سیاسی دەڵێت: کوردەکانی ئێراق لە ژمارەیەک لە شارەکانی باکوور – واتە شارەکانی کوردستان – کە گرنگترینیان سلێمانی، موسڵ و کەرکوکە کۆبوونەتەوە. کەرکوک یەکێکە لە پارێزگاکانی باکووری ئێراق، واتە کوردستان).
بەگوێرەی بۆچوونی نووسەری عارەب ئەحمەد عەتیەڵڵا، کە لە قاموسی سیاسیدا ئاماژەی پێکردووە شارەکانی موسڵ، کەرکوک و سلێمانی سێ شاری کوردیی و سەر بە خاکی باشووری کوردستانن، چونکە نووسەر ئەو شارانەی سەرەوە بە شاری سەر بە باکووری ئێراق (باشووری کوردستان) ناودەبات.

مێژوونووس محەمەد ئەمین زەکی، لە لاپەڕە (14)ی پەرتووکی (کورتەیەکی مێژووی کورد و کوردستان)داو، بە پشت بەستن بە پەرتووکی (كتاب تقويم البلدان)ی ئەبو ئەلفیداء دەڵێت: (لە دەوری خەلافەتی ئەمەوی و عەباسیشدا بە جیاوازییەکی کەم و زۆر، هەمان دابەشکردنی بەڕێوەبەرێتی پەسەند کرا بۆ وڵاتانی کوردستان، لەناو وڵاتانی جەزیرە، ئێراق، چیاکان، ئازەربایجان، موگان، ئەڕان و ئەرمەنیە و ڕۆمدا بوو. (كتاب تقويم البلدان)یش تاڕادەیەک ئەم دابەشکردنە بەڕێوەبەرێتییە پشتڕاست ئەکاو وڵاتانی کورد لەناو پێنج هەرێمدا نیشان ئەدات کە ئەمانەن: حەوتەمین هەرێم، جەزیرە، بریتی بووە لە دیاری مەزەر (رقە)، دیاری ڕەبیعە (موسڵ)، دیاری بەکر (ئامێد).

عیمادەدین ئیسماعیل کوڕی محەمەد کوڕی عومەری ئەلموئەیەد (ئەبو ئەلفیداء – 1273-1331)، کە لە سەدەکانی (سیانزەمین و چواردەمینی زاییندا) ژیاوە، زۆر بە ئاشکراو ڕوونی باسی شاری موسڵ دەکات و بە وڵاتی کوردی ناوی دەبات، کاتێک کە ئەو کوردستان دەکات بە پێنج هەرێم و، شاری موسڵ وەکو ناوچەیەکی سەر بە هەرێمی جەزیرە (بۆتان) کە بەشێک بووە لە وڵاتی کوردان ناودەبات، پاشان ئەو باسی شاری موسڵی کردووەو بە وڵاتی کوردان ناویبردووە. هەمووشمان دەزانین کە هەرێمی جەزیرە هەرێمی بۆتان بووەو لە دوای داگیرکارییەکانی میلیشیاکانی عارەبی ئیسلامیدا ناوەکەی گۆڕاوە بۆ جەزیرە، هەرێمی بۆتان (جەزیرە)ش هەردەم بەشێک بووە لە وڵاتی کوردان. مادام تەواوی شاری موسڵ هەروەکو مێژوونووسی ئیسلامی عارەبی (ئەبو فیداء) باسی دەکات بکەوێتە ناو وڵاتی کوردان، کەواتە شارەکە دەبێتە شارێکی کوردیی و سەر بە خاکی باشووری کوردستانە. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە بڵێین، مێژوونووسی ناوبراو ناڕاستەوخۆ شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی و کوردستانیی دەزانێت، کاتێک کە ئەو ناوی ئەو شارەی خستۆتە ناو سنووری جەزیرە (بۆتان)ی وڵاتی کوردان. ناوی (دیار ڕەبیعە)، ناوی بەعارەبکراوی شاری موسڵ بووە کە دوای داگیرکردنی شاری ناوبراو لە لایەن میلیشیاکانی عارەبی ئیسلامی، ئەو ناوەیان بەسەردا سەپاند، کە بەعارەبکردنی ناوی شارەکان، وڵاتەکان و مرۆڤەکانیش بەشێکی گرنگ بووە لە کلتووری ئیسلام و عارەب. هەروەها ڕۆژنامەنووس و هەڵبەستوان، محەمەد تۆفیق وردی (1923-2.12.1975)، خاوەنی هۆنراوەی (ئەی شەهیدان نامرێ ناوو نیشانتان)، لە لاپەڕە (10)ی پەرتووکەکەی خۆیدا کە بە زمانی عارەبی لەژێر ناوی (کوردستان المناضلة)دا نووسیوێتی، بەهەمان شێوەی محەمەد ئەمین زەکی ئاماژەی بەو دابەشکردنەی وڵاتی کوردستان کردووە لە لایەن مێژوونووسی ئیسلامی و عارەبی (ئەبوفیداء)، کە شاری موسڵ سەر بە ویلایەتی جەزیرە (بۆتان)ی وڵاتی کوردانە.

محەمەد ئەمین زەکی، لە لاپەڕە (17)ی پەرتووکی (کورتەیەکی مێژووی کورد و کوردستان)دا، بە پشت بەستنی بە پەرتووکی (ئینسکلۆپیدیای ئیسلام)، کە محەمەد ئەمین زەکی پێی وایە ئینسکلۆپیدیای ئیسلام وڵاتی کوردستان بچوک نیشان ئەدا، نووسیوێتی: (وڵاتی کوردستان خاکێکی درێژۆلکەیەو درێژبوونەوە گشتییەکەی لە

باشووری خۆرهەڵاتەوە لە (لوڕستان)ەوە بۆ باکووری خۆرئاوا تا (مەلاتیە) نزیک بە (600) میلەو ناوەندی پانایی (120 تا 150) میلەو پانترین جێگای کە بەینی موسڵ ئاراراتە نزیکەی (250) میلە (مێژووی جیهان نامە).

بەگوێرەی ئەو پێناسەیەی کە ئینسکلۆپیدیای ئیسلام بۆ وڵاتی کوردستانی کردووە، شاری موسڵ خاکی کوردانە و کەوتۆتە نێو سنووری کوردستان، چونکە ئینسکلۆپیدیای ئیسلام لە لایەک لە باسی سنوورەکانی کوردستاندا، ناوی شاری موسڵی هێناوە، باشە ئەگەر موسڵ شارێک نەبێت کەوتبێتە ناو ئەو سنوورەوە، بۆ ناوی دەهێنا! لە لایەکی تریشەوە ئەو ئینسکلۆپیدیایە کاتێک باسی پانتایی کوردستان دەکات، باسی ئەوە دەکات کە پانایی هەرە زۆری کوردستان لەنێوان موسڵ – ئاراراتە، ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئینسکلۆپیدیای ئیسلام شاری موسڵ بە پارچەیەکی کوردستان دادەنێت بۆیە بەمشێوەیە باسی کردووە.

محەمەد ئەمین زەکی، لە لاپەڕە (91)ی پەرتووکی (کورتەیەکی مێژووی کورد و کوردستان)داو بە پشت بەستنی بە بەرگی یەکەمی پەرتووکی (تاریخ الامم الاسلامیة)ی محەمەد الخضري، دەنووسێت: (وڵاتی جەزیرە یاخود میزۆپۆتامیا، بریتی بووە لە (دیار مضر)و (دیار بەکر)و شارە گرنگەکانی: حەڕان، ڕەها (ئورفە)، ڕەقە، راس العین، نسێبین، شەنگال، خاپوور، ماردین، ئامەد، میافارقین و موسڵ).

مێژوونووسی عارەب، محەمەد ئەلخزەری شاری موسڵ–ی وەکو شارێکی وڵاتی جەزیرە ناوبردووە، هەمووشمان دەزانین وڵاتی جەزیرە، کە ناوە کوردییەکەی (بۆتان) بووەو وڵات و نیشتمانی کوردان بووە، بەڵام دوای داگیرکردنی وڵاتی بۆتان لە لایەن میلیشیاکانی عارەبی ئیسلامی ناوەکەیان لە بۆتانەوە گۆڕی بۆ جەزیرە. ئێستاشی لەگەڵدابێ زۆرجار هەردوو ناوەکە بەکار دەهێنرێت و بە جەزیرە و بۆتان ناودەهێنرێت، ئەوەش دەمان گەیەنێتە ئەو ڕاستییەی کە بڵێین شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە نیشتمانی کوردان بووەو هەر واش دەمێنێ. ئەو دانپێدانانەی نووسەری عارەب محەمەد ئەلخزەری دەبێتە بەڵگەیەک بۆ کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری (موسڵ).

شوێنەوارناس و مێژوونووسی ناوداری کورد، مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف، لە لاپەڕە (81)ی پەرتووکی (حدود كوردستان الجنوبية تاريخيا وجغرافيا خلال خمسة الاف عام وما ترتب على الحاقها بالعراق)دا نووسیویێتی: (ئیبن سەعید ئەلمەغریبی، ئەویش وێنەی نەخشەی ئێراقی کێشاوە کە لە باکووری تکریتەوە درێژ دەبێتەوە بۆ ناوچەی شەڕگاتی باشووری موسڵ).

بەگوێرەی ئەو نەخشەیەی کە ئیبن سەعید ئەلمەغریبی بۆ ئێراقی کێشاوە، موسڵ کەوتۆتە باکووری سنووری ئێراق و، شاری تکریت بە دووری (245) کیلۆمەترو شارۆچکەی (شەڕگات)یش بە دووری (104) کیلۆمەتر دەکەونە باشووری شاری موسڵ، کەواتە شاری موسڵ سەر بە ئێراق نەبووەو لە دەرەوەی سنووری ئەو وڵاتە بووە، بۆیە شارەکە شارێکی کوردیی و سەر بە کوردستان بووە. ئەوەش کوردێتیی و کوردستانێتیی ئەو شارە دەگەیەنێت، هەروەها دەریدەخات کە هیچ پێوەندییەکی بە عارەب و بە ئێراقەوە نەبووە. نەخشەکە لە کۆتایی ئەو بەشەدا دانراوە.

مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف، لە لاپەڕە (82)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (له دليل الجمهورية العراقية، ص 67) کە بە بڕیارێکی فەرمی لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی ئێراقەوە بە سەرپەرشتی وەزارەتی فێرکردن لە ساڵی (1962)دا دەردەچوو، هەروەها داوا لە زانا دکتۆر مستەفا جەواد لە گەورە زانایانی ئێراق و دکتۆر ئەحمەد سوسە و مەحمود فەهمی دەروێش کرا بۆ نووسینی – سەبارەت بە دیاریکردنی جوگرافی و مێژوویی بۆ زاراوەی خاکەڕەش و ئێراق هاتووە: (ئەوانەی پێشوو، ناوی خاکەرەش یان ئێراق یان خاکی بابل-یان بە ناوچە نیشتووەکانی کە باشووری ئێراق و خاکی ئەهواز پێکدەهێنن دەگوت، ناوچە نیشتووەکان بریتیە لە دەشتێکی شێوە لاکێشەیی کە درێژیەکەی لە باکوورەوە بۆ باشوور درێژ دەبێتەوە، هەروەها پانییەکەی لەنێوان (160-200) میل دەبێت، ئەو شێوەیە لە باکوورەوە بە هێڵێکی دروستکراو کۆتایی دێت، کە درێژ دەبێتەوە لەنێوان فەلوجە لەسەر ڕووباری فورات و باکووری بەلەد لەسەر دیجلە، دواتریش درێژبوونەوەیەتی بەرەو هەردوولا تا دەگاتە چیای حەمرین لە لایەک و، بیابانی

سەماوە لە لاکەی ترەوە، لە خۆرهەڵاتەوە کۆتایی دێت بە چیای حەمرین و چیاکانی پشتکێوو چیاکانی بەختیاری).

بەگوێرەی ئەو بڵاوکراوەیەی ئەنجومەنی وەزیرانی ئێراق و، وەزارەتی فێرکردن (لە دليل الجمهورية العراقية)دا سنووری ئێراق لە لای فەلوجە کە (391) کیلۆمەترو بەلەد (350) کیلۆمەترو زنجیرە چیاکانی حەمرین (لە نزیکترین شوێن بۆ موسڵ کە (فەتحە)یە نزیکەی (110) کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری شاری موسڵ) کۆتایی پێدێت، لەوێش بەدواوە بەرەو باکوور سنووری کوردستان و خاکی کوردان دەستپێدەکات. کەواتە شاری موسڵ شارێکی کوردیی و کوردستانیە، چونکە نزیکترین شاری ئێراقی لە شاری موسڵ شاری (تکریت)ە کە (245) کیلۆمەترو کەتۆتە باشووری شاری موسڵ و، لەوێ کۆتایی بە سنووری باکووری وڵاتی ئێراقی عارەبی دێت.

مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف، لە لاپەڕە (165)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، بە پشت بەستن بە نامەی فەرمی سەرۆکایەتی کۆماری ئێراق – سکرتێر، ژمارە (2285/ک)ی ڕێکەوتی (20.4.1992)، کە نێردراوە بۆ هەریەک لە وەزیری ناوخۆ، بەڕێوەبەری دەزگای ئەمنی تایبەت، بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری، بەڕێوەبەری ئەمنی گشتی، بەڕێوەبەری ئەمنی سەربازی و بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتی سەربازی، نووسیوێتی: (سەرۆکی فەرماندە سەبارەت بەو یاداشتەی نووسینگەی قووتابی و لاوان، ژمارە (398/2)ی ڕێکەوتی (9.4.1992)دا بەمشێوەیە بڕیاریدا: لە هەموو بارێکدا پێویستە موسڵ نەبێتە مەڵبەندی کۆبوونەوەی کوردەکان، کە ببێتە هۆکاری تێکچوونی ستراتیژی پێکهاتەی گەلەکەی، بە هیچ شێوەیەک کارئاسانی بۆ ئەو مەبەستە لەژێر هیچ فشارێک یاخود بیانوویەک نەکرێت. بۆ ئەوەی لەگەڵ موسڵ-یش بە هەمان پێوەر کە ڕەفتار لەگەڵ دیالەو کەرکوک دەکەین، هەموو لایەنەکانی پەیوەندار بە هەمان پێوەر ڕەفتار بکەن).

ئەوەی کە سکرتاریەتی سەرۆک کۆمار بە فەرمانی سەدام حوسێن ئاماژەی پێکردووەو، عەبدولڕەقیب یوسف دەقەکەی لە لاپەڕە (166)ی پەرتووکەکەیدا بڵاوکردۆتەوە، هەوڵی بەعارەبکردنی سەرلەنوێی شارو پارێزگای موسڵە. لەهەر شارو ناوچەیەکدا ڕاگواستنەوەی زۆرەملێیانەی کورد، هێنان و نیشتەجێکردنی

عارەبی هاوردەو هەوڵی گۆڕینی باری دیمۆگرافیای شارەکە یان ناوچەکە درابێ، بێ هیچ گومانێک ئەو شارە یان ناوچەیە شارێکی یان ناوچەیەکی کوردی بووەو سەر بە باشووری کوردستانە. شارو پارێزگای موسڵ-یش وەکو شارێک کە ڕووبەڕووی هەموو ئەو شاڵاوە ڕەگەزپەرستانەی عارەبەکان بۆتەوە، بۆیە بێ هیچ گومانێک شارێکی کوردیی، نیشتمانیی کوردە و سەر بە خاکی باشووری کوردستانە.

مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف، لە لاپەڕە (208)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، نووسیوێتی: (دکتۆر جاسم محەمەد ئەلخەلەف، لە سەرەتای پەرتووکەکەیدا (محاضرات في جغرافية العراق الطبيعية والاقتصادية والبشرية)دا لە دیارکردنی هەرێمی چیادا دەڵێت: هەرێمی چیا دەکەوێتە بەشی باکووری خۆرهەڵاتی ئێراق و، درێژ دەبێتەوە بۆ سنوورە هاوبەشەکەی لەگەڵ سوریا لە خۆرئاوا، تورکیا لە باکوور، ئێران لە خۆرهەڵات تا سنووری (دەشتی نیشتوو) و (بانی بیابانی) لە باشوور، وە سنووری باشووری ئاشکەرایە کە لە گردۆلکەو زنجیرەیەک چیای نزمی وەکو چیاکانی حەمرین، مەکحول، عەتشانە، عدیە، ئیبراهیمیە، تەلەعفەر، شەنگال، ئەو ناوچەیە یەک لەسەر پێنجی پێوانەی خاکی ئێراق دەگرێتە خۆی و نزیکەی (90.370) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە. هەمان دیاریکردن و پێناسە لە (الدليل الجغرافي العراقي، ص (27) للدكتور ئەحمەد سوسة) و لە پەرتووکی (العراق الشمالي، لمحمد هادي الدفتري)دا هاتووەو ئەوەی کۆتاییش دەڵێت ئەو هەرێمە بە کوردستان ناودەبرێت. هەروەها جوگرافیناسی عارەب، دکتۆر ئەحمەد سوسە، لە پەرتووکی (فيضانات بغداد في التأريخ القسم الأول، ص 133)دا کۆکە لەسەر هەمان پێناسەو دەستنیشانکردنی سەرەوەو دەڵێت: (ناوچەی نیمچە چیایی ناکرێت یەکبگرنەوە لەگەڵ دەشتەکانی نیشتووی ئێراقی)، وە بەردەوام دەبێت لەسەر هەمان دەستنیشانکردن لە پەرتووکی (الدليل الجغرافي العراقي، ص 27) و نەخشەیەکی داناوە بەناوی (چیاکانی ئێراق) و دەستنیشانی ئەو هێڵە جیاکەرەوەی باشووری کردووە لە دەشتەکانی ئێراقی (عارەبی). مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف، لە لاپەڕە (209)دا نەخشەکەی بڵاوکردۆتەوە).

بەگوێرەی ئەو پێناسەیەی کە دکتۆر جاسم محەمەد بۆ هەرێمی چیا (باشووری کوردستان) کردوویەتی، شاری موسڵ دەکەوێتە ناو سنووری خاکی کوردان و

سەر بە هەرێمی چیا (باشووری کوردستان)ە. لە لایەکی تر نووسەری ناوبراو سنووری خۆرئاوای باشووری کوردستان (وڵاتی چیا) دەباتەوە سەر سنووری سوریا، کەواتە دیسان شاری موسڵ دەکەوێتە ناو سنووری باشووری کوردستان. هەروەها (محەمەد هادی دەفتەری)ش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەو ناوچەیە واتە هەرێمی چیا (کوردستان)ە. سەرەڕای ئەمانەش ئەو نەخشەیەی کە ئەحمەد سوسە دایناوە، نەخشەی هەرێمی چیاکانەو، هەرێمی چیاکانیش بەدڵنیایی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)ەو، شاری موسڵ-یش کەوتۆتە نێو سنووری ئەو هەرێمە، بۆیە پارێزگای موسڵ بەتەواوی بەشێکی دانەبڕاوی باشووری کوردستانە. دواتر بەگوێرەی ئەو پێوانەیەی کە (دکتۆر جاسم محەمەد ئەلخەلەف، لە پەرتووکەکەی خۆیدا بەناوی (محاضرات في جغرافية العراق الطبيعية والاقتصادية والبشرية)دا باسی کردووە، پێوانەی هەرێمی چیا (باشووری کوردستان) نزیکەی (90.370) نەوەت هەزار و سێ سەت و حەفتا کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، ئەگەر بێتوو پارێزگای موسڵ کە پێوانەکەی نزیکەی (40.955) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە دەرکەی لە پێوانەیەی گشتی هەرێمی چیا، ئایا هەمان ئەو پێوانەیە دەمێنێتەوە کە دکتۆر جاسم بۆ باشووری کوردستان دایناوە، یان کەمتر لەوەی ئەو دەستنیشانی کردووە؟ نەخشەکە لە کۆتایی ئەو بەشەدا دانراوە.

شوێنەوارناس و مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف، لە لاپەڕە (210)ی پەرتووکی (حدود كوردستان الجنوبية تاريخيا وجغرافيا خلال خمسة الاف عام وما ترتب على الحاقها بالعراق)دا، بە پشت بەستنی بە جوگرافیناسی عارەب، محەمەد هادی ئەلدەفتەری، خاوەنی هەردوو ڕۆژنامەی ئێراقی (النهار)و (الدفتر)، کە لە لاپەڕەکانی (3-4)ی پەرتووکەکەیدا لەژێر ناوی (العراق الشمالي)دا، نووسیویێتی: (ناوچە شاخاویەکان و نیمچە شاخاویەکان هەر لە هێڵی شەنگال-تەلەعفەر-چیای مەکحول و دواتر چیای حەمرین هێڵی جیاکەرەوەیی نەتەوەیی نێوان کورد و عارەبە. ئەم هەرێمەش بە کوردستان ناودەبرێت، چونکە زۆربەی زۆری دانیشتوانەکەی کوردن، جگە لەکەمێکی نەبێت. وە کوردستان لە هەریەک لە پارێزگاکانی موسڵ، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی پێکدێت).

جوگرافیناس و نووسەری عارەب، محەمەد هادی ئەلدەفتەری، ئەویش وەکو چەندان عارەبی بەویژدان، کاتێک کە ناوی شارەکانی کوردستان دەبات، ئەو نەک بە تەنیا شاری موسڵ، بەڵکو تەواوی پارێزگاکانی موسڵ (نەینەوا+دهۆک)، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی، بە خاکی کورد و بەشێک لە کوردستان ناودەبات. سەرەڕای ئەوەش، کاتێک کە جوگرافیناسی ناوبراو سنووری کوردستان لە هێڵی چیای شنگال بەرەو چیای مەکحول و دواتریش چیای حەمرین شۆڕدەکاتەوە، ئەوە هیچ گومان نامێنێت کە موسڵ دەکەوێتە نێو سنووری باشووری کوردستان، چونکە بەگوێرەی ئەو پێناسەیەی ناوبراو شاری موسڵ دەکەوێتە باکووری ئەو درێژبوونەوە سنووریەی کە لە چیاکانی شەنگال بە باشووری شاری موسڵدا شۆڕدەبێتەوە بەرەو چیای مەکحول، ئینجا چیای کێوەسوور (حەمرین). بۆیە ئەو باسکردن و پێناسەکردنەی نووسەر محەمەد هادی ئەلدەفتەری بۆ شاری موسڵ، دەکرێت وەکو بەڵگەیەک بۆ کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ بەکار بهێنرێت.

دکتۆر حامید مەحمود عیسا، مامۆستا لە کۆلیژی پەروەردەی پۆرسەعید و نووسەرێکی ناسراوە لە میسر، لە لاپەڕە (35)ی پەرتووکی (القضية الكوردية في العراق من الاحتلال البريطاني الى الغزو الأمريكي 1914–2004)دا نووسیویێتی: (دوا ئامانجی ئینگلیزەکان بەرەو پێشەوە چوونی زۆرتر بوو ڕووە و باکوور، لەپێناوی داگیرکردنی تەواوی ویلایەتی موسڵی دەوڵەمەند بە نەوت و گرنگ لەڕووی ستراتیژییەوە، دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ بەشێوەیەکی بنچینەیی کوردن).
ئەوەی کە (دکتۆر حامید مەحمود عیسا) ئاماژەی پێکردووە، کوردبوون و کوردستانیی بوونی تەواوی هەریەک لە شارو ویلایەتی موسڵ دەگەیەنێت، چونکە هەر ناوچەیەک، شارێک، هەرێمێک یاخود وڵاتێک ئەگەر زۆربەی یاخود زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانەکەی لە نەتەوەیەکی دیاریکراو پێکهاتبێ، ئەوکاتە بێگومان ئەو شوێنە هی ئەو نەتەوەیە، ئەگەر ئەوکارە بەزۆرو لە ئەنجامی داگیرکردن و ڕاگواستن و و دەرکردنی هاووڵاتیانی ترەوەو، هێنانی کەسانی سەر بە نەتەوەیەکی دیاریکراو ئەنجام نەدرابێت. لێرەدا کە دکتۆر حامید مەحمود عیسا باسی ئەوە دەکات کە دانیشتوانی ویلایەتەکە بەشێوەیەکی بنچینەیی کوردن، ئەگەر بێتوو

کەمێک لە دانیشتوانەکەی سەر بە چەند نەتەوەیەکی تر بن یان نا، ئەوە هیچ لە ڕاستییەکەدا ناگۆڕێت، چونکە ویلایەتی موسڵ خاک و نیشتمانی کوردە.

دکتۆر حامید مەحمود عیسا، لە لاپەڕە (36)ی پەرتووکی(القضية الكوردية في العراق من الاحتلال البريطاني الى الغزو الأمريكي 1914–2004)دا، نووسیویێتی: (دوای بەستنی ڕێککەوتنی ئاگربەستی نێوان بەریتانیا و تورکیا لە ڕێکەوتی (30.10.1918)دا کە بە ڕێککەوتننامەی (مۆدرۆس) ناوبرا، تورکەکان ئەو مێژووەیان قۆستەوە وەکو بیانویەکی سەرەکی بۆ بیانوەکانیان بۆ بانگێشەی خاوەنداریێتییان بۆ باکووری ئێراق (کە بە ویلایەتی موسڵ ناودەبرا) کە پێنج پارێزگاکەی باکووری ئێستان و بریتین لە نەینەوا، هەولێر، دهۆک، کەرکوک و سلێمانی).

دکتۆر حامید مەحمود عیسا، لە سەرەوەدا ناڕاستەوخۆ دان بە کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ و چوار شارەکەی تریش دادەنێت، کاتێک کە دکتۆری ناوبراو لە لایەک ویلایەتی موسڵ بە باکووری ئێراق ناودەبات، هەروەکو لە شوێنی تریش ئاماژەم پێدا، باکووری ئێراق ناوێکی جوگرافی نیە، بەڵکو بریتیە لە زاراوەیەکی ڕامیاری کە عارەبە شۆڤێنیستەکان و داگیرکەرانی تر لەدژی کورد دایان هێناوەو، لە جیاتی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) کە دوو ناوی جوگرافین بۆ خاک و نیشتمانی کورد بەکاری دەهێنن. لە لایەکی تریشەوە دکتۆر حامید، لە ناوهێنانی شارەکانی ویلایەتی موسڵ (باکووری ئێراق)دا، شارەکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی) بە شاری سەر بە ویلایەتی موسڵ دادەنێت. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە بڵێین بەگوێرەی بۆچوونەکانی دکتۆری ناوبراو، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)ە، چونکە نەک بە بۆچوونی ئێمەی کورد، بەڵکو بە بۆچوونی سەدەها مێژوونووس، جوگرافیناس، گەڕیدەی جیهانی، ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی، ڕێککەوتننامەی نێوان دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، سەرکردەو زرنگکارانی (سیاسەتمەدارانی) جیهانی جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە لە لایەک کە ویلایەتی موسڵ، ویلایەتێکی کوردیە، لە لایەکی تریشەوە ویلایەتی موسڵ هەر باشووری کوردستانە.

دکتۆر حامید مەحمود عیسا، لە لاپەڕە (90)ی پەرتووکی (القضية الكوردية في العراق من الاحتلال البريطاني الى الغزو الأمريكي 1914-2004)دا نووسیوێتی: (دوای سەقامگیربوونی پێوەندییەکانی بەریتانی- ئێراقی لە دوای واژۆکردنی پەیماننامەی ئۆکتۆبەری ساڵی (1922)، هەروەها بەستنی پەیماننامەی لۆزان لە (24.7.1923)دا بەسترا، کە زرنگکاری (سیاسەتی) بەریتانیا جێگیر بوو لەسەر کارکردن لەپێناوی لکاندنی باشووری کوردستان کە بە ویلایەتی موسڵ ناسرابوو بە ئێراقەوە). دکتۆر حامد عیسا، لە لاپەڕە (65)ی پەرتووکی (المشكلة الكوردية في الشرق الاوسط)دا، هەمان بۆچوونی سەرەوەی دووبارە کردۆتەوە.

ناوبردنی باشووری کوردستان بە (ویلایەتی موسڵ)، لە لایەن دکتۆر حامید مەحمود عیساوە، مانای ئەوەیە کە هەردوو ناوی باشووری کوردستان و ویلایەتی موسڵ دوو زاراوەی جوگرافین بۆ خاک و نیشتمانی کورد کە کوردستانە بەکاردێن. هەمووشمان دەزانین شارەکانی ویلایەتی موسڵ بریتین لە: (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە)، لەبەر ئەوەی باشووری کوردستان هەر ویلایەتی موسڵ-ە کەواتە باشووری کوردستان-یش لە هەمان ئەو شارانەی کە لە سەرەوەدا ناوبران پێکدێت. ئەو پێناسەیەی دکتۆر حامید عیسا، دەکرێت وەکو بەڵگەیەک بۆ کوردێتی و کوردستانێتیی شاری موسڵ بەکار بهێنرێت.

دکتۆر حامید مەحمود عیسا، لە لاپەڕە (96)ی پەرتووکی (القضية الكوردية في العراق من الاحتلال البريطاني الى الغزو الامريكي 1914-2004)دا، نووسیوێتی: (هەر دوا بەدوای لکاندنی خاکی کوردستان بە ئێراقەوە، نوێنەرانی پەرلەمانی ئێراق لە (18.1.1926)دا کۆبوونەوەیەکی تایبەتیان بەست سەبارەت بە دەنگدان لەسەر بەستنی پەیماننامەیەکی نوێ لەنێوان بەریتانیا و ئێراق، کە دەبوایە ئێراق بۆ ماوەی (25) ساڵ لەژێر منداتی بەریتانیادا بمێنێتەوە. کاتێک کە ئەندامانی پەرلەمان ویستیان ئەو ئەرکە بە کۆمیسیۆنێکی تۆژینەوە بسپێرن، سەرۆک وەزیرانی ئەوکات (موحسین ئەلسەعدون) وەڵامێکی توندی دانەوەو، داوایکرد دانیشتنەکە بەنهێنی بەردەوام بێت، بەڵام تەواوی ئەندامە بەرهەڵستکارەکان یەک لە دوای یەک هۆڵەکەیان جێهێشت، کەچی سەرۆک وەزیران چووە پێشیان و لە دەرگا پێی گوتن: (ئەگەر ئەو پەیماننامەیە رەتکەینەوە، ئەوا موسڵ-مان دۆڕاند).

ئەوەی دکتۆر حامید مەحمود عیسا ئاماژەی پێکردووە، کوردێتی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە دکتۆری ناوبراو ناڕاستەوخۆ داندەنێت بە کوردێتی و کوردستانێتیی ئەم شارە، کاتێک لەلای سەرەوەدا باسی ئەوە دەکات کە نوێنەرانی پەرلەمانی ئێراق لە دوای لکاندنی کوردستانی ئێراق لە ڕێکەوتی (18.1.1926)دا کۆبوونەوەیەکی تایبەتیان لەسەر بەستنی ڕێکەوتنێکی نوێ لەنێوان ئێراق و بەریتانیادا بەستووە، کەچی لەلای خوارەوە دکتۆر حامید لەپڕ لەسەر زاری سەرۆک وەزیرانی ئێراق باسی ئەوە دەکات، ئەگەر بێتوو پەرلەمانتارانی ئێراقی دەنگ بۆ ڕێکەوتنەکە نەدەن ویلایەتی موسڵ-یان لە دەست دەچێت. کەواتە دکتۆر حامید عیسا، هەریەک لە کوردستانی ئێراق و ویلایەتی موسڵ وەکو دوو زاراوەی جوگرافی بەکاردەهێنێت بۆ یەک خاک، مادامیش کوردستانی ئێراق و ویلایەتی موسڵ هەر یەکبن، دەبێت تەواوی خاک و شارەکانی ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵ-یشەوە، خاک و شاری کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان) بن.

دکتۆر حامید مەحمود عیسا، لە لاپەڕە (124)ی پەرتووکی (القضية الكوردية في العراق من الاحتلال البريطاني الى الغزو الأمريكي 1914-2004)دا نووسیوێتی: (لۆرد کورزۆن‌و عیسمەت ئینونو کە هەردووکیان نوێنەرانی سەرەکی بەریتانیا و تورکیا بوون لە کۆنگرەی لۆزان، بەریتانیا لەو کۆنگرەیەدا داوای سنوورێکی دەکرد کە زۆرتر بوو لە سنووری ویلایەتی موسل-ی باکوور، لە هەمان کاتدا تورکیا داوای گەڕانەوەی تەواوی ویلایەتی موسڵ یان کوردستانی ئێراقی دەکردەوە).

ناوبردنی ویلایەتی موسڵ بە کوردستانی ئێراق، لە لایەن دکتۆر حامید مەحمود عیساوە، مانای ئەوەیە کە هەردوو ناوەکانی ویلایەتی موسڵ و کوردستانی ئێراق دوو زاراوەی جوگرافین بۆ خاک و نیشتمانی کورد کە باشووری کوردستانە بەکاردێن، کەواتە ئەوەی کە دکتۆر حامید مەحمود عیسا ئاماژەی پێکردووە، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ و تەواوی ویلایەتی موسڵ دەگەیەنێت، چونکە دکتۆر حامید ویلایەتی موسڵ و کوردستانی ئێراق بە یەکسان دەزانێت. مادام ویلایەتی موسڵ یەکسان بێت بە کوردستانی ئێراق، کەواتە تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی، دیالەو بەشێکی پارێزگاکانی واست (کوت)و میسان (عمارە)، شاری سەر بە کوردستانی

ئێراق (باشووری کوردستان)ن. کاتێک کە دکتۆر حامید، ویلایەتی موسڵ ڕاستەوخۆ بە کوردستانی ئێراق ناودەبات، هەمووشمان دەزانین کە کوردستانی ئێراق نیشتمان و خاکی کوردانە، کەواتە بە بۆچوونی ئەویش ویلایەتی موسڵ خاک و نیشتمانی کوردانە، بەمەش تەواوی شارەکانی ئەو ویلایەتە بە شاری (موسڵ)ی مەڵبەندی ویلایەتەکەشەوە، شارو خاکی کورد و کوردستانن.

خەبات عەبدوڵڵا، لە لاپەڕە (81)ی پەرتووکی (بنەما تیۆرییەکانی جوگرافیای عەسکەری کوردستانی باشور)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (95)ی پەرتووکی (جغرافیای تاریخي سرزمینهای خلافت شرقی)دا، لە نووسینی گوی لیسترەنج و وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی فارسی (مەحمود عرفان)، دەڵێت: (ئیبن حەوقەل کە لە ساڵی (358ک)دا لە موسڵ بووە دەڵێت شارێکی چاکە، بازاڕی گەورەو ڕەونەقداری تێدایە، کەوتۆتە نێوان کۆمەڵێک خاکی بەپیت و بەرەکەتەوە کە ناودارترینیان گوندی نەینەوایە، مەزارو گۆڕی یونس پێغەمبەر کەوتۆتە ئەو گوندەوە. بەشی هەرە زۆری خەڵکی موسڵ لە سەدەی چوارەمدا کورد بوون).

جوگرافیناسی گەورەی ئیسلامی ئیبن حەوقەل، کە یەکێک بووە لە جوگرافیناس و مێژوونووسە هەرە بەناوبانگەکانی عارەب و ئیسلام، بۆ ئێمەی کورد زۆر گرنگ و پڕ بایەخە کەسێکی وەکو ئەو، باسی ئەوە بکات کە لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا واتە دەیەمی زاییینیدا زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی موسڵ بە کورد دابنێت. مادام شاری موسڵ، شارێک بێت کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانەکەی کوردبن، کەواتە بەدڵنیاییەوە شارێکی کوردیی و پارچەیەکی سەر بە باشووری کوردستانە.

خەبات عەبدوڵڵا، لە لاپەڕە (85)ی پەرتووکی (بنەما تیۆرییەکانی جوگرافیای عەسکەری کوردستانی باشور)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (257)ی پەرتووکی (الموقع الجغرافي للعراق) لە نووسینی دکتۆر ئیبراهیم شەریف، نووسیویێتی: (دکتۆر ئیبراهیم شەریف لە دکتۆرا نامەکەیدا ئەگەرچی مەبەستی نەبووە سنووری کوردستانی باشوور دەستنیشان بکات، لە شوێنێکدا ئاوا هێمای بۆ سنووری ئەم بەشەی کوردستان کردووە: (پشتێنەی سەربازگە (حامیە) سەربازییەکانی تورک، کە تورکە سەلجوقی و عوسمانییەکان دروستیان کردبوون، لەشێوەی جیاکەرەوەیەکدا

لەنێوان ئەو ناوچانەی لە لایەک عارەبەکانی تێدا دەژین و لە لاکەی تریشەوە کوردەکانی تێدا دەژین، دریژ دەبێتەوە. ئەو پشتێنەیە لە ناوچەی مەندەلییەوە دەست پێدەکات و بە خانەقین، قزلڕبات، قەرەتەپە، کفری، توزخورماتوو، داقوق، تازەخورمات، کەرکوک، پردێ، هەولێر و موسڵدا دەڕوات هەتا تەلەعفەر).

ئەو ئاماژەپێکردنەی دکتۆر ئیبراهیم شەریف بە سنووری باشووری کوردستان، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دان پێدانانە بە کوردستانێتی شاری موسڵ، کاتێک کە سنووری جیاکەرەوەی نێوان ناوچەکانی سەر بە خاکی باشووری کوردستان و ناوچەکانی سەر بە ئێراقی عارەبی (ویلایەتەکانی بەغداو بەسرا) دەستنیشان دەکات. ئەو دەستنیشانکردنەی دکتۆر ئیبراهیم دەبێتە بەڵگەیەک بۆ کوردستانێتی شاری موسڵ، چونکە تورکە سەلجوقییەکان و عوسمانییەکان تەواوی ئەو سەربازگانەی خۆیان لەناو خاکی کوردستان دانابوو، لەپێناوی پاراستنی کاروانە بازرگانییەکانی خۆیان کە بەو ڕێگایەدا دەهاتن و، بەرەو وڵاتی فارس و ویلایەتەکانی بەغداو بەسرای عارەبی دەڕۆیشتن.

لیوا ڕوکن محەمەد نەجم نەقشبەندی، لە بەشی یەکەمی پەرتووکی (کورد و کوردستان)دا، کە بریتیە لە وەرگێڕانی لێکۆڵینەوەیەکی بڵاوکراوە لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلام بە زمانی ئینگلیزی و، نەقشبەندی لە ساڵی (2002)دا وەریگێڕاوە بۆ کوردی و، لە بەشی یەکەمی ئەو پەرتووکە لەژێر ناوی (کورد و نیشتمانەکەیان کوردستان)ە کە لە لاپەڕەکانی (3-41)دا بڵاوکراوەتەوە، پرۆفیسۆر تۆماس دی بواو دکتۆر مکنزی لە لاپەڕە (35)داو، لە باسی هێڵی ئاسمانی کوردستاندا نووسیویانە: (تۆڕی ڕێگای سەربازی لەنێوان ئەو فڕۆکەخانانەی کە کەوتوونەتە کوردستان بەمشێوەیە بڵاون: گرنگترینیان لە تورکیا: ئەرزڕۆم، قارس، قەرەگۆز، ئاگری، ئالازیغ، مەڵاتیە، وان و دیاربەکر، بەڵام لە ئێراق: موسڵ، کەرکوک، سمێل، ئامێدی و بامەڕنی، لە باکووری سوریاش: قامیشلی، هەروەها لە ئێران: سنە، کرمانشاو ورمێ).

لێرەدا ئینسکلۆپیدیای ئیسلام، بەڕوونی دان بەوەدا دەنێت کە موسڵ شارێکی گرنگی کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان)ە، چونکە ئینسکلۆپیدیای ئیسلام ڕاشکاوانە لە باسی تۆڕی ڕێگای سەربازی نێوان ئەو فڕۆکەخانانەی کە کەوتوونەتە کوردستان، باسی شاری موسڵ-ی وەکو شارێکی کوردستانی ئێراق (باشووری

کوردستان) کردووە. ئەم دانپێدانانەی ئینسکلۆپیدیای ئیسلام بە کوردستانێتیی شاری موسڵ، بەڵگەیەکی گرنگە بۆ کورد و کوردستانیەکان کە ئەو شارە خاکی کورد و پارچەیەکە لە کوردستان.

کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا، لە وەرگێڕانی حەمە کەریم عارف لە فارسییەوە بۆ کوردی، لە لاپەڕە (29)ی ئەم پەرتووکەدا هاتووە: (ئێستا لە کوردستانی ئێراقدا، ژمارەیەک ڕێگەوبانی باش دروست کراون و هاتوچۆی خەڵکیان ئاسان کردووە. لە ئێراقدا چەندان جادەی نمرەیەکی چاک هەن کە موسڵ بە زاخۆو ئامێدی، هەولێر و ئاکرێ دەگەیەنێ. دەتوانی لە هەولێرەوە بۆ حەریر، ڕواندز و هەروەها کەرکوک و سلێمانی بڕۆی).

دووبارە ئینسکلۆپیدیای ئیسلام، لە باسی ڕێگاوبانەکانی هاتوچۆی ئۆتۆمۆبێلدا، بەشێوەیەکی ئاشکرا ناوی شاری موسڵ وەکو شارێکی کوردستانی دەهێنێت و، دان بەوەدا دەنێت کە ئەو شارە شارێکی سەر بە کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان)ە. مادامیش شاری موسڵ شارێکی سەر بە کوردستانی ئێراق بێت، کەواتە شارێکیشە سەر بە باشووری کوردستان، چونکە کوردستانی ئێراق و باشووری کوردستان هەردووکیان هەریەکن. ئەمەش دەبێتە بەڵگەیەکی تر بۆ سەلماندنی کوردستانێتیی ئەو شارە دێرین و مێژووییەی کوردستان.

دکتۆر وەلید حەمدی، لە بەرگی پێشەوەی پەرتووکی (کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا)، نەخشیەکی کوردستانی مەزنی داناوە کە شارو پارێزگای موسڵ بە تەواوی دەکەوێتە ناو چوارچێوەی سنووری کوردستان.

دانانی شاری موسڵ لەناو چوارچێوەی سنووری کوردستانی گەورە لە لایەن دکتۆرو نووسەری عارەب وەلید حەمدی، واتای ئەوە دەگەیەنێت کە نووسەر باوەڕی وایە کە تەواوی شارو پارێزگای موسڵ سەر بە خاکی کوردستان و نیشتمانی کوردە، ئەگینا بۆ ئەوکارەی دەکرد.

دکتۆر وەلید حەمدی، لە لاپەڕە (6)ی پەرتووکی (کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا)، نووسیوێتی: (کوردستان لەنێو سوێندخۆراندا دابەشکرا،

هەریەکە بەپێی ئەو ڕێکەوتن و پەیمانانەی لەناو خۆیاندا مۆریان کردبوو، هەر لە پەیمانی (سایکس پیکۆ 1916)و ڕێکەتننامەی (سان ڕیمۆ 1920) کە ئێراقی خستە ژێر ڕاسپاردەو چاودێری بەریتانیا وە، ئەویش (بەریتانیا) بەشێکی زۆری کوردستانی گەورە لە چوارچێوەی سنووری ئێراقدا بەرکەوت (موسڵ، ئامێدی و دهۆک) بوو. فەرەنساش سوریا و لوبنانی بەرکەوت).

ئەو ئاماژە کردنەی دکتۆر وەلید حەمدی بەمشێوەیە بە شاری موسڵ، کوردێتی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە دکتۆری ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە بەریتانی و فەرەنسییەکان لەهەردوو پەیماننامەی (سایکس پیکۆو سان ڕیمۆ)دا، کوردستانیان لەنێوان خۆیاندا دابەشکردو، شارەکانی (موسڵ، ئامێدی و دهۆک)ی کوردستانی لە چوارچێوەی ئێراقدا بەرکەوت. ئەو ئاماژەکردنەی دکتۆری ناوبراو بە شاری موسڵ، بۆمان دەبێتە بەڵگەیەکی پڕ بایەخ بۆ کوردێتی و کوردستانێتیی شارەکانی موسڵ، ئامێدی و دهۆک.

دکتۆر وەلید حەمدی، لە لاپەڕە (23)ی پەرتووکی (کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا)، دەنووسێ: (هەموو ئەو هێزانەی کە بەشدارییان لەکۆنگرەی (لۆزان)دا کرد بۆ دەستکەوتنی پترۆڵی موسڵ بوو کە سەروەت و سامانێکی نەتەوایەتی گەلی کوردە، لەبەر ئەوەی کە ئەو نەوتە دەکەوێتە ئەو ناوچە کوردیانەوە، کە پەیمانی سێڤرە دەستنیشانی کردن).

لێرەدا دکتۆر وەلید حەمدی، بۆچوونی خۆیمان بۆ دەردەبڕێت لەسەر سەروەت و سامانی نەتەوەیی کورد و، ئەو کورد بە خاوەنی پترۆڵی ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵ-یشەوە دەزانێت، هەمووشمان دەزانین سامانی ژێر زەوی و سەر زەوی وڵاتێک کاتێک دەبێتە هی نەتەوەیەک، ئەگەر هاتوو ئەو نەتەوەیە خاوەنی ئەو خاکە بوو کە لەسەری دەژی. دکتۆر وەلید حەمدی وەکو ئێمەی کورد پێی وایە نەوتی ویلایەتی موسڵ دەکەوێتە ناوچە کوردییەکان و لە خاکی کوردستانە وە هەڵدەقولێ، بۆیە بە سامانی کوردی ناوبردووە. هەروەها شاری موسڵ (وەکو شارێکی سەر بە ویلایەتی موسڵ) بە گوێرەی پەیمانی سێڤرە دەبوو بە بەشێک لەو کوردستانەی کە بڕیار وابوو دامەزرێت. کەواتە موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە.

نووسەری عارەب دکتۆر وەلید حەمدی، لە لاپەڕە (28–29)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەداو بە پشت بەستنی بە یاداشتی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی، ژمارە (F 0371/3386) لە ڕێکەوتی (14ی کانونی یەکەمی ساڵی 1918)دا کە سنووری کوردستانی گەورەی دەستنیشان کردووە، ئەو یاداشتنامەیەی وەزارەتی دەرەوە دەڵێ: (زەویەکانی کوردستان دەکەونە باشووری ڕووباری بۆتان کە دەڕژێتە هەردوو ڕووباری دیجلە و فوراتەوە لە نزیک شاری (سرت) کە دەکەوێتە سەر هێڵی پانی پلەکانی (35+45) و هێڵی درێژی پلەکانی (41+50)وە. هەروەها ئەو زەویانەی دەکەونە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە و چیای حەمرینەوە (کە سنووری وڵاتی فارس دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتیەوە). بەم جۆرە ئەو یاداشتەی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا هەموو ئەو بەشانەی ویلایەتەکانی (بەتلیس، وان و موسڵ) دەگرێتەوە جگە لە ناوەندی شاری موسڵ، کە دەکەوێتە سەر ڕووباری دیجلە وە).

بەگوێرەی ئەو دەستنیشانکردنەی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی کەناری چەپی شاری موسڵ دەکەوێتە ناو سنووری کوردستان، ئەوە نیە خۆی دەڵێت ئەو خاکەی کە دەکەوێتە بەری خۆرهەڵاتی ڕووباری دیجلە سەر بە کوردستانە. هەروەها شارێک کە هەر چواردەوری بە شارو شارۆچکەی کوردی ئابلۆقە درابێ، بۆ دەبێت شاری ئابلۆقە دراو شارێکی ناکوردیی بێت، لە کاتێکدا کورد دانیشتوانی ڕەسەنی شارەکەو عارەبەکانیش داگیرکەرو هاوردە بن؟؟؟؟؟؟؟؟؟

دکتۆر وەلید حەمدی، لە لاپەڕەکانی (261–262)ی پەرتووکی (کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا)، نووسیویێتی: (مادەی (64) ئاماژەی بەوەکردووە، ئەگەر کوردەکان خۆیان ویستیان دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنن و ئەو دەوڵەتە لەگەڵ کوردەکانی دانیشتوی ویلایەتی موسڵ-دا کە بە کوردستانی باشوور دادەنرێ لە خاکی ئێراق، یەکبگرنەوە، ئەوا دەوڵەتە گەورەکان دەبێ ئەو یەکگرتنەوەیە پەسەند بکەن).

بەگوێرەی بۆچوونەکانی دکتۆر وەلید حەمدی، شاری موسڵ یەکێکە لە شارە کوردییەکان و دەکەوێتە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)، چونکە لە لایەک نووسەری ناوبراوی عارەب، باسی ئەوە دەکات کە بەگوێرەی پەیمانی سێڤرە، دەکرا

ویلایەتی موسڵ لەگەڵ ئەو دەوڵەتە کوردییەی کە نیازوابوو لە باکووری کوردستان دابمەزرێت، یەکبگرێتەوە. لە لایەکی تریشەوە ناوبردنی ویلایەتی موسڵ بە باشووری کوردستان، لە لایەن نووسەری عارەب دکتۆر وەلید حەمدی، مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ناوبراو ویلایەتی موسڵ و باشووری بە یەک خاک و یەکسان دەزانێت و، بەکارهێنانی ئەو دوو زاراوەیە وەکو دوو زاراوەی جوگرافی بۆ خاکی کورد کە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)ە بەکاردەهێنێت. بەگوێرەی بۆچوونەکانی دکتۆری ناوبراو ویلایەتی موسڵ و باشووری کوردستان هەر یەکن، کەواتە باشووری کوردستانیش لە هەمان ئەو شارانە پێکدێت کە ویلایەتی موسڵی لێ پێکدێت. هەروەکو ئاشکرایە کە ویلایەتی موسڵ لە شارەکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) پێکدەهات، کەواتە باشووری کوردستانیش لە هەمان ئەو شارانە پێکدێت، لە ئەنجامیشدا شاری موسڵ دەردەکەوێت کە شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە.

دکتۆر یەحیا خەشاب، کە نووسەرو مێژوونووسێکی عارەبی میسرییە، دەربارەی کێشەی ویلایەتی موسڵ لەنێوان ئینگلیز و تورکیا لە لاپەڕە (138)ی ئەو پێشەکیەی کە بۆ چاپی عارەبی پەرتووکی (شەرەفنامە)ی نووسیوە، دەڵێت: (زۆربەی زۆری دانیشتوانی لیوای موسڵ کوردەکانن. تورک و ئینگلیز لە جەنگەی شەڕی گەورەداو لە پاشانیش لەسەر موسڵ مشت و مڕیان بوو. ئینگلیز زۆر بە چاوچنۆکی بۆ نەوتی موسڵی دەڕوانی).
دانپێدانانی مێژوونووس یەحیا خەشاب بەوەی کە زۆربەی زۆری دانیشتوانی پارێزگای موسڵ کوردن، بەڵگەیەکی تری کوردبوون و کوردستانێتیی شارەکەیە. کاتێک کە زۆربەی زۆری دانیشتوانی شارێک لە نەتەوەیەکی دیاریکراو پێکبێت، بێگومان ئەو شارە شاری ئەو نەتەوەیە دەبێت، بە مەرجێک ئەو شارە تووشی ڕاگواستن و و دەرکردنی نەتەوەکانی تر نەبووبێت هەروەکو شارەکانی کەرکوک، موسڵ و دیالە لە لایەن عارەبی دەسەڵاتداری ئێراق.

دکتۆر یەحیا خەشاب، لە لاپەڕە (153)ی ئەو پێشەکیەی کە بۆ چاپی عارەبی پەرتووکی (شەرەفنامەی) نووسیوە دەڵێت: (ئینگلیز کە سەربەخۆیی کوردی باس

دەکرد یان لە تورکانی دادەبڕین؟ هەر لەبەرئەوەبوو کە موسڵ لە تورک ببڕێ و دەگەڵ ئەوەش کە زۆربەی دانیشتوانەکەی عارەب نین بیخاتە سەر ئێراق. موسڵ-یشی بۆ نەوتەکەی بوو. زرنگکاری بەریتانی لەمەڕ تورک و کورد و کەمایەتییەکانی دیکەو بۆ هەموو شوێنێکی ئێراق بناغەی لەسەر نەوت بوو).

کاتێک کە مێژوونووس یەحیا خەشاب باسی ئەوە دەکات کە ئینگلیزەکان مەبەستیان دابڕینی موسڵ بووە لە تورکیا، بۆمان دەردەخات کە ویلایەتی موسڵ سەر بە تورکیا بووەو، هیچ پێوەندییەکی بە عارەب و ئێراقەوە نەبووە، هەمووشمان ئەوە دەزانین کە تورکیا خاکی کوردی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان)ی داگیرکردبوو. کاتێکیش کە باسی ئەوە دەکات کە سەرەڕای ئەوەش کە زۆربەی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ عارەب نەبووە، بۆمان دەردەخات کە زۆربەی دانیشتوانەکەی کورد بووە.

سەلام ناوخۆش، لە لاپەڕە (72)ی پەرتووکی (هۆکارەکانی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە ئێراقی عارەبی‌یەوە)دا نووسیویێتی: (شاری موسڵ بە شاهێدی زۆربەی زۆری مێژوونووسە ئیسلامیەکانی وەک ئازدی، مەسعودی، ئیبن حەوقەل و ئەنساری لە کۆنەوە شوێنی نیشتەجێ بوونی کوردان بووە). هەروەها نووسەر لە لاپەڕە (96)داو لە پوختەی باسەکەدا، نووسیویێتی: (لەم نووسینەدا بە کورتی مێژووی ویلایەتی موسڵ خراوەتەڕوو جەخت لەسەر ئەوە کراوە کە ئەو ناوچانە بەگەواهی مێژوونووسەکانی ئیسلامی و بیانی کۆن وڵاتی کوردانە، هەروەها لەم نووسینەدا لەو هۆکارانە کۆڵدراوەتەوە کە دەوری گرنگیان هەبووە لە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە ئێراقی عارەبییەوە).

ئەوەی کە نووسەر سەلام ناوخۆش ئاماژەی پێکردووە، ئەوەیە کە بە بۆچوونی بەشێکی زۆری مێژوونووسە کۆنەکانی ئیسلامی و عارەبی لەنێویاندا ئازدی، مەسعودی، ئیبن حەوقەل و ئەنساری، شاری موسڵ هەر لە سەردەمی کۆنەوە شوێنی ئاکەنجی و وڵاتی کوردان بووە. کاتێک کە شاری موسڵ بەشێک بێت لە وڵاتی کوردان، کەواتە شارەکە شارێکی کوردیی و بەشێکە لە کوردستان. بێگومان ئەو ئاماژە پێکردنەی مێژوونووسانی ئیسلامی بەمشێوەیە بە شاری موسڵ، بەڵگەیەکی ئێجگار پڕ بایەخەو کوردبوون و کوردستانیی بوونی شارەکە دەگەیەنێت.

نووسەری عارەب مازن بیلال، لە لاپەڕەکانی (155–157)ی پەرتووکەکەیدا لەژێر ناوی (المسالة الكوردية)داو، بە پشت بەستنی بە ژمارە (1)ی گۆڤاری (ثقافة الشعب)ی ڕۆژی (2.9.1991)دا، لە باسی شارەکانی کوردستاندا بەمشێوەیە دەدوێت: (گرنگترین شارە بەناوبانگەکانی کوردستان بریتین لە: عەنتاب، دیاربەکر، ئورفە، مەلاتیا، ئالعەزیز، مەرعەش، وان، ئەرزنجان، دێرسیم، ماکۆ، موسڵ، سلێمانی، زاخۆ، قامیشلی، حەسەکە، ئامودە، ماردین، سیرت، باتمان، فارس، ئافری، ئادیمان، موش، بەدلیس، هەکاری، بینگوڵ، سنە، ورمێ (ڕەزائیە)، کەرکوک، دهۆک، عفرین، کوبانی، دێریک، مەهاباد، جەزیرە و بۆتان).

ئەوەی کە نووسەری ئوردەنی عارەب نەژاد ئاماژەی پێکردووە، ڕاستەوخۆو بێ هیچ پێچ و پەنایەک، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو لە ناوهێنانی بەناوبانگترین شارەکانی کوردستانی مەزندا، ناوی شاری موسڵ-یشی شانبەشانی دەیان شاریتر وەکو شاری کوردستانی هێناوە. کەواتە دەتوانرێت ئەو ئاماژەپێکردنەی نووسەری عارەب مازن بیلال، وەکو بەڵگەیەکی تری کوردبوون و کوردستانێتیی ئەو شارەیە بەکاربهێنرێت. هەرچەندە نووسەر تەنیا ئاماژەی کردووە بەناوی شارە گرنگەکان و، ناوی موسڵ وەکو شارێکی گرنگی کوردستان هاتووە، ئەگینا چەندان شاری تریش هەن کە ئەو ناوی نەبردوون بۆ نموونە هەولێر، دیالە، خانەقین، سەقز و کرماشان!

دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، لە لاپەڕە (20)ی پەرتووکی (الحياة الحزبية في الموصل 1926–1958)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (227)ی پەرتووکی (العراق القديم)، لە نووسینی (دکتۆر سامی سەعید ئەحمەد)دا، نووسیویێتی: (پێدەچێت سۆمەریەکان کە دانیشتووی ئێراق بووینە، بەر لە کۆچکردنیان بۆ باشوور لە ناوچەی باکوور نیشتەجێ بووبن. ئەگەر بێتوو ناوی (نەینەوا) ناوێکی ڕەسەنی سۆمەری بێت، مانای وایە کە دانیشتوانی نەینەوای کۆن لە ڕەگەزی کوردی (ئاری)ن).

بەگوێرەی بیرکردنەوەو بۆچوونی دکتۆر سامی سەعید ئەحمەد، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە دکتۆری ناوبراو

شیمانەی کوردبوون و کوردستانێتیی شاری موسڵ-ی بە مێشکدا هاتووە، بەڵام شیمانەی عارەبێتیی ئەو شارەی باس نەکردووە. هەروەها بەگوێرەی بۆچوونەکانی شوێنەوارناسی عارەبی ئێراقی دکتۆر وەلید جادر، سۆمەرییەکان لە باکووری ئێراق (باشووری کوردستان)ەوە بۆ باشووری ئێراق هاتوون – سەرچاوە: (سەلاحەدین سەعدوڵلا، حل المسألة السومرية: السومريون أكراد!، جريدة الحياة، العدد (11667)، الاحد، الموافق (29.1.1995)، ل21). هەر لە هەمان بابەتی ڕۆژنامەی (الحياة)دا، دکتۆر فەوزی ڕەشید شوێنەوارناس و مامۆستا لە کۆلیژی ئادابی زانکۆی بەغدا، ڕەچەڵەکی سۆمەرییەکان بۆ باکووری ئێراق (باشووری کوردستان) دەگەڕێنێتەوە. نووسەری وتارەکە سەلاح سەعدوڵلا، لە هەمان بابەتی ڕۆژنامەی (الحياة)دا سەبارەت بە سۆمەرییەکان بۆچوونی خۆی دەردەبڕێت و بە بنەچەی کوردیان دادەنێت.

دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، لە لاپەڕە (21)ی پەرتووکی (الحياة الحزبية في الموصل 1926–1958)داو، بە پشت بەستنی بە گورگیس عواد (مدينة الموصل)، د. هاشم خضير الجنابي (التركيب الداخلي لمدينة الموصل القديمة، دراسة في جغرافية المدن)، تەها باقرو فوئاد سەفەر (المرشد الى موطن الاثار والحضارة، الرحلة الثالثة)، هەروەها ئەحمەد عەلی ئەلسۆفی (تأريخ بلدية الموصل، ج1، ص4–5)، دەنووسێت: (پێشتر شاری موسڵ تەنیا دەکەوتە کەناری ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە و، بەر لە داگیرکارییەکانی ئیسلامدا لە ساڵی (16ک/637ز) بریتی بووە لە شارۆچکەیەکی بێتوانای کەم ئاوەدان و لە دوو گەڕەک پێکهاتبوو: گەڕەکێکیان نیشتەجێکانی ئاگرپەرست بوون، وە نیشتەجێکانی گەڕەکەکەی تریش فەلە بوون. ئەم شارە هیچ سیمایەکی عارەبی پێوە دیار نەبوو، سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە یەکەمین کەس (هەرسەمە کوڕی عەرفەجەی ئەلبارەقی) بووە کە ئەو شارەی ڕێکخستبێ و عارەبی لێ نیشتەجێکردبێ لە ساڵی (20ک/641ز) بووە لە سەردەمی خەلافەتی (عومەری کوڕی خەتاب)دا. خێڵە عارەبەکان لە موسڵ جێگیربوون، چونکە خۆش گوزەرانی لەو شارەدا هەبوو، هەروەها کەرەستەی خاوو لەوەڕگای بە پیتی تیابوو بۆ مەڕومالات و ڕەشە وڵاغەکانیان، هەروەها خانووە لەبەرد دروستکراوەکانی گەرم بوون لە زستان و سارد بوون لە هاویندا).

ئەو پێنج مێژوونووس و نووسەرە عارەبەی کە لە سەرەوەدا ناویان هاتووە، بەڵگەیەکی گرنگی کوردبوون و کوردستانیی بوونی ئەو شارە (شاری موسڵ)یان داوەتە دەست، ئەوان دانی پێدادەنێن کە شاری موسڵ بەر لە هاتنی ئیسلام بە مەبەستی داگیرکردنی ئەو شارە کوردستانییە لە ساڵی (16ک/637ز)دا، شارەکە لە دوو گەڕەک پێکهاتبوو، گەڕەکی ئاگرپەرستان کە کوردی زەردەشتی بوون و گەڕەکەکەی تریش هی کریستانەکان بووە، کە بەگوێرەی قسەکانی مێژوونووسی ناسراوی عارەب و ئیسلام مەسعودی، هەروەکو لە لاپەڕە (101)ی بەرگی دووەمی (مروج الذهب ومعادن الجوهر)دا باسی هۆزە کوردییەکانی – یەعقوبییەکان و جۆرقان – دەکات کە کریستان بووینەو لەناو شاری موسڵ و دەوروبەریدا دەژیان – دکتۆر شوان عوسمان، کوردستان و پرۆسەی بە ئیسلام کردنی کورد، ل119)، هەروەها مێژوونووسی ئینگلیزی (گۆدفری ڕۆللیس درایڤەر 1892–1975) باسی ئەوەی کردووە: کە کۆمەڵێک یەعقوبی کریستانی کورد لە موسڵ و چیای جودی دەژیان – بڕوانە: سەعید مەموزینی، موسڵ و کورد لە دوای ئازادی، ل31)، ئەوانیش (کریستانەکانی موسڵ) کورد بووینە. هەروەها ئەوان دان بەوەدا دەنێن کە شارەکە هیچ سیمایەکی عارەبی پێوە نەبووە، ئەوەش لەبەرئەوە بووە کە شارەکە شارێکی کوردیی بووەو پێشتر عارەبی تێدا نەبووە. بەڵکو لە دوای دەستپێکردنی شاڵاوەکانی داگیرکردنی ئیسلامی، شاری موسڵ بەرە بەرە بەعارەبکراوە.

دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، لە لاپەڕە (23)ی پەرتووکی (الحیاة الحزبیة في الموصل 1926–1958)دا، نووسیویێتی: (سنووری ئێراق لە ڕابردوودا بەقەد سنووری ئێستای ئێراق نەبوو، بەڵکو تەنیا دەگەیشتە ئەو بەشە یان ئەو ناوچە جوگرافییەی کە دەکەوێتە باشووری ئەو هێڵەی کە ئەنبار یان (قەزای حەدیسە بە پشت بەستن بە بۆچوونێکی تر) لەسەر ڕووباری فورات و، تکریت لەسەر ڕووباری دیجلە بە یەک دەبەستێتەوە، (ئیبن ئەسیر) کە (لە ساڵی 630ک/1232ز مردووە) ئاماژە بەوە دەکات کە ئێراق بریتییە لەو خاکەی کە درێژ دەبێتەوە لەنێوان بەسراو تکریت (الكامل في التأريخ 305/8) .

دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، ئاماژە بە بۆچوونی ئیبن ئەسیر دەکات کە ناوبراو پێی وایە سنووری ئێراق دەکەوێتە نێوان بەسراو تکریت، بەگوێرەی ئەو

دەستنیشانکردنەی ئیبن ئەسیر شاری موسڵ ناکەوێتە نێو سنووری ئێراق، کەواتە ئەو شارە شارێکی کوردیی و کوردستانیە و دەکەوێتە نێو سنووری باشووری کوردستان، چونکە شاری تکریت (245) کیلۆمەترو شاری حەدیسە-ش (390) کیلۆمەتر دەکەونە باشوورو باشووری خۆرئاوای شاری موسڵ.

دکتۆر شوان عوسمان مستەفا، لە لاپەڕە (19)ی پەرتووکی (کوردستان و پرۆسەی بەئیسلام کردنی کورد)داو لە باسی هەرێمە کوردنشینەکاندا باسی هەرێمی جەزیرە دەکات و، بە پشت بەستنی بە چەندان سەرچاوەی عارەبی و لەنێویاندا بە لاپەڕە (321)ی پەرتووکی (فتوح البلدان)، لە نووسینی مێژوونووسی عارەبی (البلاذري)و لاپەڕەکانی (381-383)ی پەرتووکی (الخراج و صناعة الكتابة)، لە نووسینی (قدامة بن جعفر) و لاپەڕەکانی (18-20)ی پەرتووکی (الرسالة الثانية)، لە نووسینی (مسعر بن مهلهل) و لاپەڕە (375)ی بەرگی سێیەمی پەرتووکی (معجم البلدان)، لە نووسینی (ياقوت الحموي) و لاپەڕەکانی (139-140)ی پەرتووکی (الموصل في العهدين الراشدي والاموي)، لە نووسینی (عەبدولماجود ئەحمەد سەلمان)دا، دەڵێت: (لە بەشی باکوری جەزیرە کوردی تێدا نیشتەجێ بووە لەپشتی چیای جودی و هەروا دەوروبەری دەریاچەی وان، وە درێژ دەبێتەوە تا سنووری ئەرمینیا، ئەم دەڤەرەش چەندان شار لەخۆ دەگرێت وەک نووسەیبین، دارا، حەسەن کێف، ماردین، ئورفە، ڤاڤان، ئامەد (دیاربەکر)، ئەرزن.. تاد، واتە ئەو دەڤەرەی دەکەوێتە نێوان دیجلە و فورات، لە سەرووی ئەم دەڤەرە بەرەو باشوور، دەڤەری هەکارییە، کە شاری ئامێدی بنکەی سەرەکیەتی. وە زۆربەی قەڵاو گوندە شاخاوییەکان موڵکی هۆزەکانی هەکارین و، لەوێشەوە بەرەو خوارتر سنووری جەزیرەی بۆتانە (جزيرة ابن عمر). بەرەو خوارتر شاری موسڵ و دەڤەرەکەیەتی کە چەندان شارو شارۆچکە لەخۆ دەگرێ، هەروەها دەڤەری شارەزووریش لەگەڵ موسڵ دەژمێردرێت کە ئەمیش شەش شار لەخۆ دەگرێ).

بەگوێرەی بۆچوونی ئەو مێژوونووسە عارەب و موسڵمانانەی کە لە سەرەوە ناویان هاتووە، شاری موسڵ سەر بە هەرێمە کوردنشینەکانە، چونکە ئەوان دەڤەری موسڵ بە بەشێک لە ویلایەتی جەزیرە (بۆتان) دەزانن. پێشتریش ئەوەمان ڕوونکردەوە کە جەزیرە ناوی بەعارەبکراوی وڵاتی (بۆتان)ی کوردنشین و سەر بە

کوردستانە. ئەو ڕاستییەش لە هیچ لایەن و کەسێک شاردراوە نییە، کە تەواوی مێژوونووسانی کۆنی عارەبی کە پێناسەی نەخشەی عارەبستانیان کردبێت، خۆرهەڵات و باکووری خۆرهەڵاتی نیمچە دوورگەی عارەبی بە وڵاتی عەجەم ناودەبەن، موسڵیش بە خۆرئاوای عارەبستان دەزانن، نەخشەکانیان وەکو ئالوسی، ئەحمەد ئەمین و حەسەن پەنیا دیاریان کردووە. کاتێک کە شاری موسڵ یان ویلایەتی موسڵ بکەوێتە خۆرئاوای عارەبستان، کەواتە بە هیچ شێوەیەک ناگونجێت ئەو شارە یان ویلایەتە، بەشێک بێت لە خاکی عارەب یان هی عارەب بن!

دکتۆر شوان عوسمان مستەفا، لە لاپەڕە (36)ی پەرتووکی (کوردستان و پرۆسەی بەئیسلام کردنی کورد)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (101)ی بەرگی دووەمی پەرتووکی (مروج الذهب و معادن الجوهر)ی المسعودي و لاپەڕە (195)ی (صورة الارض)ی ابن حوقل و لاپەڕەکانی (327و 329)ی (فتوح البلدان)ی البلاذري و لاپەڕەکانی (382–383)ی (الخراج و صناعة الكتابة)ی قدامة بن جعفرو لاپەڕەکانی (139–140)ی (الموصل في العهدين الراشدي و الاموي)ی عەبدولماجود ئەحمەد سەلمان و لاپەڕە (190)ی (نخبة الدهر في عجائب البر و البحر)ی الانصاري، دەڵێت: (کورد لە کۆنەوە لە موسڵ و دەوروبەری نیشتەجێ بوون. هەرچی عارەبە دوای داگیرکارییەکانی ئیسلامی بۆ دەڤەری جەزیرە هاتوون و لە موسڵ نیشتەجێ بوون، کەواتە ئەم شارە شارێکی کوردییەو، لەناو شاردا گەڕەکی تایبەت بەخۆیان هەبووە، لە دەرەوەی شاریش لەوەڕگایان هەبووە، بەتایبەتی هۆزەکانی حەمیدی، لاری و هازبەنی، هەروا موسڵ لە سەردەمی داگیرکردنی ئیسلامەوە هەتا سەردەمی خەلیفە هارونە ڕەشیدی عەبباسی شارەزووریشی لەخۆگرتبوو).

بەگوێرەی بۆچوونەکانی ئەو مێژوونووسە عارەب و ئیسلامییانەی سەرەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە کورد بەر لە عارەب لە شاری موسڵ جێگیربووینە، عارەبەکان دوای هاتنی میلیشیاکانی ئیسلام لە ڕێگای داگیرکارییەکانی خۆیانەوە هاتوون بۆ موسڵ و دەوروبەرەکەیی و تیایدا نیشتەجێبووینە. بە دانپێدانانی ئەو کۆمەڵە مێژوونووسە عارەبە کورد دانیشتووی ڕەسەنی شاری موسڵ–ن و، هەرچی عارەبیشە داگیرکەرن، کەواتە ئەو شارە (موسڵ) شاری خەڵکە ڕەسەنەکەی

شارەکەیە کە کوردن، نەک شاری نەتەوەیەکی داگیرکەر بێت کە عارەبن، بۆیە شاری موسڵ هەر لە کۆنەوە شارێکی کوردیی و بەشێک بووە لە خاکی باشووری کوردستان و، هەر دەبێ واش بمێنێتەوە!

دکتۆر شوان عوسمان مستەفا، لە لاپەڕە (229)ی پەرتووکەکەیداو بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (101)ی بەرگی یەکەمی پەرتووکی (مروج الذهب و معادن الجوهر)ی المسعودي و لاپەڕە (195)ی پەرتووکی (صورة الارض)ی (ابن حوقل)دا، دەڵێت: (دانیشتوانی شاری موسڵ کە ئێستا بە شارێکی عارەبنشین دادەنرێت، تا هاتنی لەشکری عارەبە موسڵمانەکان و تا دوای ساڵی (20ک/641ز) عارەبی تیادا نیشتەجێ نەبووە، بەڵکو ناو شارو دەوروبەری کوردنشین بوون).
لێرەدا دیسان مەسعودی و ئیبن حەوقەل، کە دوو مێژوونووسی کۆنی ناسراوی عارەبی و ئیسلامین، گەواهی ئەوەمان بۆ دەدەن کە شاری موسڵ هەر لە کۆنەوەو بەر لە هاتنی میلیشیاکانی عارەبی ئیسلام، کوردی تێدا ژیاوەو، عارەبیش بەر لە داگیرکارییەکانی ئیسلام لە ساڵی (20ک/641ز)دا لەوێدا بوونیان نەبووە، بەڵکو دوای ئەو مێژووە وەکو داگیرکەر هاتوون بۆ شارەکە. ئەوەش ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە هەموو ئەو بانگێشانەی کە دەکرێن و گوایە موسڵ شارێکی عارەبییە و عارەبەکان دروستیان کردووەو، ڕاست نین و تەنیا بە مەبەستی چەواشەکاری و لەپێناوی بەعارەبکردنی شاری موسڵدا بەکاردێن! ئەم گەواهیدان و دەرخستنی ڕاستییەکان لە لایەن هەردوو مێژوونووسی عارەب، گەورەترین بەڵگەنامەیە بۆ کوردێتی و کوردستانێتیی شاری موسڵ.

دکتۆر شوان عوسمان، لە لاپەڕە (260)ی پەرتووکەکەیدا، دیسان بە پشت بەستن بە لاپەڕە (220)ی بەرگی چوارەمی پەرتووکی (تاريخ الرسلو الملوک)ی الطبري و لاپەڕەی (146)ی بەرگی دووەمی (الكامل في التاريخ)ی ابن الاثيرو لاپەڕە (100)ی مجلدی (2) بەرگی دووەمی (تاريخ ابن خلدون)ی ابو زيد عبدالرحمن بن محمد (ابن خلدون)و لاپەڕە (87)ی مجلد (4) بەرگی (7)ی (البداية و النهاية في التاريخ)ی ابن كثير و لاپەڕە (327)ی (فتوح البلدان)ی البلاذريو لاپەڕە (315)ی (الخراج و صناعة الكتابة)ی قدامة بن جعفرو لاپەڕە (230-235)ی (معجم البلدان)ی ياقوت

ئەلحەمەوی، دەڵێت: (بۆیە دەبینین هەر لەگەڵ گیرانی موسڵ لە لایەن لەشکری عارەبە موسڵمانەکانەوە چەند هۆزێکی عارەبی (بنو تغلب و أیاد و نمیر) لەم شارەدا نیشتەجێ بوون، دوای گیرانی بە دوو ساڵ (22ک/643ز) کاتێک (هرثمة بن عرفجة البارقي) بوو بە والیی شاری موسڵ بۆ یەکەمجار بانگێشتی عارەبەکانی کردو لە شاری موسڵ نیشتەجێی کردن. هەروەها شاری نەوکرد (الحديثة)، لە دوای موسڵ عارەبی تیادا نیشتەجێکراو تەنانەت ناوەکەشی کرا بە عارەبی).

بەگوێرەی ئاماژەکردنەکانی ئەو کۆمەڵە مێژوونووسە ئیسلامی و عارەبانەی کە لە سەرەوەدا ناویان هاتووە، میلیشیا داگیرکەرەکانی عارەبی ئیسلامی لەگەڵ داگیرکردنی شاری موسڵ-دا بە مەبەستی بەعارەبکردنی ئەو شارو ناوچەیەدا، چەندان هۆزو خێڵی عارەبیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوەو، لەو دەڤەرەدا نیشتەجێیان کردوون! ئەوەش بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە شاری موسڵ هەر لە کۆنەوە شارێکی کوردیی و سەر بە خاکی کوردستان بووە، بەڵام هەوڵی بەعارەبکردنی زۆری دراوە بۆ ئەوەی سیما کوردیی و کوردستانێتیەکەی خۆی لە دەست بدات! هەمووشمان دەزانین هۆکاری یەکەمی بەعارەبکردنی دەڤەری موسڵ و دەوروبەرەکەی هۆکاری ئابووری و ڕامیاری لەپشتەوە بووە!

کەیوان ئازاد ئەنوەر، لە لاپەڕەکانی (75-76)ی پەرتووکی (کورد لە چەند تۆمارێکی مێژووییدا)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (17)ی پەرتووکی (تاريخ الكنيسة الشرقية من انتشار المسيحية حتى مجي الاسلام) و، لە نووسینی الاب البير ابونا، دەڵێت: (لە سەرەتای سەدەی سێیەمی زایینیشدا دووکەسایەتی مەسیحی بەناوەکانی (قەشە ئەحەی و قەشە مارماری) ڕوویان کردە کوردستان و لە چەند ناوچەیەکی جیاجیای کوردستاندا لەوانە (قردی، بایەزید، موسڵ، هەرێمی چیا، میسۆپۆتامیا) دەستیان دایە بڵاوبوونەوەی ئەو ئایینە).

ئەوەی کە قەشە ئەلبێر ئەبونا ئاماژەی پێکردووە، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە دوو قەشە ڕوویانکردۆتە چەند ناوچەیەکی کوردستان و، ناوی شاری موسڵ-ی وەکو یەکێک لە ناوچەکانی کوردستان بردووە. کەواتە دەتوانین بڵێین شاری موسڵ

شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان بووە، چونکە ئەو نووسەرە بە ناوچەیەکی سەر بە کوردستانی ناوبردووە.

سەلام ئەلعەبودی، لە بەشی سێیەمی وتارێکیدا لەژێر ناوی (کورد العراق تأریخهم وتهجیرهم)دا کە ناوونیشانی پەرتووکێکی (عەلی باباخان)ە، لەپێناوی خستنەڕووی ئەو پەرتووکە، نووسەری یەکەم (ئەلعەبودی) لە لاپەڕە (6)ی ڕۆژنامەی (التأخي)، ژمارە (4536)، یەکشەممە، ڕێکەوتی (17.7.2005)دا بەشی سێیەمی وتارەکەی بڵاوکردۆتەوە. سەلام ئەلعەبودی، لە شرۆڤەکردنی ئەو پەرتووکەدا نووسیویێتی: (السلطان عبدالحميد: مذكراتي السياسية، 1891–1908)دا باسی ئەوە دەکات کە چۆن نەوت لە ناوچە کوردییەکان دۆزرایەوەو بووە هۆی ئەوەی کە ئیمپراتۆری ئەڵمانیا شاندێک کە پێکهاتبوو لە پسپۆڕانی شوێنەوارناس، لەگەڵ خۆی بێنێت، ئەو شاندە لە ڕاستیدا زۆرتر گرنگی بە دۆزینەوەی نەوت لە ویلایەتی موسڵ دەدا). هەروەها سوڵتان عەبدولحەمید دەڵێت: (نەوت لە ساڵی 1908دا لە ویلایەتی موسڵی کوردی دۆزرایەوە).

ئەو بەڵگەیە هەم بەڵگەیەکی عارەبی و هەم تورکیشە، چونکە سەلام عەبودی باسی ئەوە دەکات کە نەوت لە ناوچە کوردییەکان کە ویلایەتی موسڵ-ە دۆزرایەوە، هەروەها باسی ئەوەش دەکات کە سوڵتان عەبدولحەمید نووسیویێتی نەوت لە ساڵی (1908)دا لە ویلایەتی موسڵ-ی کوردیی دۆزراوەتەوە. خۆ ئەگەر ویلایەتەکە ویلایەتێکی کوردیی بێت هەروەکو وایە، ئەوە بەدڵنیاییەوە هەموو شارەکانی سەر بەو ویلایەتەش لەنێویاندا شاری موسڵی مەڵبەندو پایتەختی ویلایەتەکە، شاری کوردین و بەشێکن لە خاکی باشووری کوردستان.

سەلام ئەلعەبودی، لە بەشی سێیەمی هەمان وتاریدا لەژێر ناوی (کورد العراق تأريخهم وتهجيرهم)دا کە ناوونیشانی پەرتووکێکی (عەلی باباخان)ەو، بە مەبەستی خستنەڕووی ئەو پەرتووکە، نووسەری یەکەم لە لاپەڕە (6)ی ڕۆژنامەی (التأخي)، ژمارە (4536)ی ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (17.7.2005)دا بەشی سێیەمی وتارەکەی بڵاوکردۆتەوە. سەلام ئەلعەبودی، پشت بە لاپەڕەکانی (356–357)ی پەرتووکی (تاريخ العراق الحديث)ی مێژوونووسی عارەب، (عەبدولعەزیز سلێمان

نەوار) دەبەستێت کە نووسیوێتی: (بەتایبەت دەربارەی مەدحەت پاشا، ئەو ئێراقی عارەبی دابەشی دوو ویلایەت کرد کە ویلایەتەکانی بەغداو بەسرا بوون. هەرچی ناوچەی کوردی بوو لە دوو ویلایەت پێکدەهات: ویلایەتی موسڵ و ویلایەتی شارەزوور. ویلایەتی شارەزوور ئەو ناوچانەی دەگرتە خۆی: کەرکوک، سلێمانی و هەولێر).

ئەوەی کە مێژوونووسی عارەب عەبدولعەزیز سلێمان نەوار ئاماژەی پێکردووە، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو زۆر ڕاشکاوانە باسی ئەوە دەکات کە مەدحەت پاشای والی عوسمانی، ئێراقی عارەبی بەسەر دوو ویلایەتی بەغداو بەسرا هەروەها وڵاتی کوردانیشی بەسەر دوو ویلایەتی موسڵ و شارەزوور دابەشکردبوو. لە ڕاستیدا ئەو دانپێدانانەی مێژوونووسی عارەب عەبدولعەزیز سلێمان نەوار، دەبێتە بەنرخترین بەڵگە بۆ سەلماندنی کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ و دەڤەرەکەی. ئەو زۆر بە ئاشکەرا پێمان دەڵێت کە خاکی عارەب بریتییە لە ویلایەتەکانی بەغداو بەسرا، هەروەها خاکی کوردیش بریتیە لە ویلایەتی موسڵ و شارەزوور کە لە شارەکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) پێکدێن.

دکتۆر سلێمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل، مامۆستا لە بەشی جوگرافیای زانکۆی هەولێر، لە لێکۆڵینەوەیەکدا لەژێر ناوی (چەمک و سنووری هەرێمی کوردستانی ئێراق)دا کە لە ژمارە (44)ی گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی)دا لە لاپەڕەکانی (5-23)دا بلاوکراوەتەوەو، بە پشت بەستنی بە بابەتی (کورد) لە نووسینی (أ. ج. حۆرانی)، کە لە لاپەڕە (41)ی ژمارە (1)ی ساڵی (9)ی گۆڤاری گەلاوێژ، وەریگرتووە، دکتۆر سلێمان لەسەر زاری نووسەری کورد (أ. ج. حوراني) پێمان دەڵێت کە : (نووسەری پەرتووکی (الاقليات القومية في العالم العربي - کەمینە نەتەوەکانی جیهانی عارەب) نووسیوێتی: زۆررینەی کورد لە پارێزگاکانی موسڵ، سلێمانی، هەولێر، کەرکوک و دیالە نیشتەجێن و کۆمەڵەیەکی ئەتنۆگرافی تایبەت پێکدێنن).

ئەوەی بیرم بێت پەرتووکی (الاقليات القومية في العالم العربي) هی نووسەری شۆڤینی عارەب (رياض نجيب)ە، بەڵام سەدا سەد دڵنیا نیم، لەوانەشە کەسێکی تر

پەرتووکێکی تری بەهەمان ناونیشانەوە نووسیبێت، هەروەها عەدنان ئەلڕاوی پەرتووکی (قضية الأكراد في الوطن العربي) نووسیوە. بەهەر شێوەیەک بێت نووسەری پەرتووکی ناوبراو، کەسێکی شۆڤینی و تاسەر ئێسقان دژ بە کورد و تەواوی ئەو نەتەوانەیە کە ژێردەستەی عارەب و خاکیان لە لایەن عارەبەوە داگیرکراوە، چونکە نووسەری ناوبراوی ڕەگەزپەرست خاکی تەواوی نەتەوە ژێردەستەکانی عارەبی بە کوردستانی خۆشمانەوە بە خاکی عارەب ناوبردووە، بەڵام هەموومان دەزانین کە کوردستان ناوەکەی بە خۆیەوەیەو مانای خاکی کوردستان دەگەیەنێت. باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)یش تەواوی پارێزگاکانی (موسڵ (نەینەواو دهۆک)، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) دەگرێتەوە، کەواتە تەواوی ئەو شارانەی ئەو نووسەرە عارەبە ڕەگەزپەرستە بە شاری کوردنشینی ناویبردوون بە شاری موسڵەوە، شاری کوردیی و سەر بە خاکی باشووری کوردستانن، نەک شاری عارەبی و سەر بە عارەبەستان. ئەو ئاماژە پێکردنەی نووسەری پەرتووکی (کەمینەکانی جیهانی عارەب)، بەوەی کە زۆربەی زۆری کوردەکان لە شارەکانی موسڵ، هەولێر، کەرکوک و دیالە نیشتەجێن، بەڵگەیەکی پڕ بایەخە بۆ کوردێتی و کوردستانێتیی شاری موسڵ و شارەکانی تریش کە ناوی بردوون. باشیشە ئەو نووسەرە شۆڤینییە، دانیشی بەوەدا ناوە کە کورد لەو شارانەی سەرەوەدا دەژین، چونکە بیری شۆڤێنێتی نووسەرەکە ئەوەندە باڵادەستە بەسەریدا، تەنانەت ڕێگە بەخۆی نادات ناوی کوردستان بهێنێت، هەر لەبەر ئەوەشە کە ناوی پەرتووکەکەی ناوە (کەمینەکانی جیهانی عارەب)و، کوردستانی بە خاکی عارەب و کوردی بە میوانی جیهانی عارەبی داناوە.

دکتۆر باهۆز جۆمی، کە لێکۆڵەرەوەیەکی کوردە، لە وتارێکیدا کە بە زمانی عارەبی لەژێر ناوی (الكورد يتامى المسلمين أم ضحاياهم!) لە ڕۆژی (17.1.2004)دا لە ماڵپەڕی (KDP.info) بڵاوکراوەتەوە، دکتۆر باهۆز بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (8)ی پەرتووکی (الكورد يتامى المسلمين) لە نووسینی (فهمي الشناوي)داو لەسەر زاری ئەلشناوی دەڵێت: (مامۆستا بووم لە کۆلێژی پزیشکی موسڵ لە باکووری ئێراق، هەرێمی کوردە ئێراقیەکان، لەگەڵ ئەوەشدا جگە لە یەک خوێندکاری کورد، هیچ خوێنکارێکی تری کوردم نەبینی لەنێو نەخۆشخانەی کۆلیژەکە، سەرەڕای ئەوەی کە

ئەو شوێنە نیشتمانی ئەوانە کە دەیکێلن، دەیچێنن و باجی بۆ دەدەن. بەڵای کەمەوە سێ لەسەر چواری نەخۆشەکانی ئەو نەخۆشخانەیە کورد بوون).

ئەوەی کە دکتۆر فەهمی شەناوی، کە دکتۆر و ئەکادیمیەکی عارەبی میسرییە باسیکردووە، بەوەی کە موسڵ دەکەوێتە باکووری ئێراق و، باکووری ئێراقیش هەرێم و نیشتمانی کوردەکانی ئێراقە، کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە دکتۆری ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە شاری موسڵ دەکەوێتە باکووری ئێراق و، باکووری ئێراقیش بە هەرێمی کوردەکان واتە وڵاتی کوردان ناوزەد دەکات. مادام باکووری ئێراق هەرێم و وڵاتی کوردان بێت و شاری موسڵ-یش بکەوێتە نێو سنووری ئەو هەرێمە، کەواتە شاری موسڵ شارێکی کوردیی و بەشێکە لە خاک و نیشتمانی کورد.

یوسف مالک، کە مێژوونووسێکی ناسراوی ئاشووری ئێراقییە، لە لاپەڕە (48)ی پەرتووکی (کوردستان أو بلاد الکورد)دا کە ساڵی (1945) بە چاپی گەیاندووەو لە باسی شارەکانی کوردستاندا نووسیوێتی: (نزیکەی بیست شار ژمارەی دانیشتوانیان لەنێوان (30-50) هەزار کەسە، گرنگترین شارەکانی کوردستان لە تورکیا ئەمانەن: ئامەد (دیاربەکر)، خەرپوت، مەلاتییە، ئەرزڕۆم، ئارزنجان، موش، وان، بەتلیس، خوزات، ماردین و جەزیرەی ئیبن و عومەر.

هەروەها شارەکانی کوردستانی ئێران ئەمانەن: مەهاباد (ساباڵخ)، سەقز، سنەو کرماشان.

لە کوردستانی ئێراقیش: سلێمانی، کەرکوک، هەولێر، موسڵ، زاخۆ، ڕواندز، کۆیسنجەق و چەندانی تریش).

بەگوێرەی بۆچوونەکانی مێژوونووسی ناسراوی ئاشووری یوسف مالک، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە نووسەری ناوبراو زۆر ڕاشکاوانە باسی ئەوە دەکات کە شاری موسڵ دەکەوێتە نێو سنووری کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان).

ڕۆژنامەنووسی ئێراقی عەدنان حوسێن، لێکۆڵینەوەیەکی لەژێر ناوی (مشكلة كركوك الاحتمالات المنتهية والحل الباقي)دا پێشکەش بەو کۆنفرانسە زانستیە

ئەکادیمیە کردووە کە (دەستەی پشتیوانی لە کەرکوک)، لە ڕێکەوتی (24.9.2005)دا لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا گرێیدا، دەربارەی چارەسەرکردنی کێشەی بەعارەبکردن لە شاری کەرکوک. تەواوی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەو کۆنفرانسەدا پێشکەش کراون، لە ڕێکەوتی (2.10.2005)دا لە ماڵپەڕی (پوک ئۆنلاین)دا بڵاوکراوەتەوە. ڕۆژنامەنووسی عارەب عەدنان حوسێن، لە لێکۆڵینەوەکەی خۆیدا دەڵێت: (ئەگەر بێتوو ڕێز لە پەیماننامەی (سیڤرە)ی ساڵی (1920) بگیرابایەو جێبەجێبکرایە، هەروەکو چۆن پێشتر لە ساڵی (1916)دا پەیماننامەی (سایکس بیکۆ) و دوای (سیڤرە)یش لە ساڵی (1923)دا پەیماننامەی (لۆزان)، جێبەجێکران، ئەوە بەدڵنیایییەوە دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ شانبەشانی کۆماری تورکیا و شانشینە عارەبییەکان لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، دەردەکەوت. بەپێی پەیماننامەی سیڤرە، بڕیاری سەربەخۆیی درا بۆ کوردەکانی کوردستانی ناوەندی و باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ). ئەگەر بێتوو، ڕێز لەو کۆمیسیۆنە بگیرابایە کە لە لایەن (کۆمەڵەی نەتەوەکان)ەوە لە ساڵی (1924)دا دامەزرابوو لەپێناوی لێکۆڵینەوە لە کێشەی نێوان تورکیا و بەریتانیا لەسەر ویلایەتی موسڵ، ئەوکاتە دەگەیشتنە ئەنجامێکی جیاوازو، ئەگەر ئاشکرا بکرایە کە دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ کە شارەکانی کەرکوک، هەولێر، سلێمانی و موسڵی دەگرتەوە، ئارەزووی سەربەخۆیی دەکەن، یان دەیانەوێت بە تورکیا وە بلکێنرێن نەک ئێراق، ئێستاکە کەرکوک، هەولێر، سلێمانی هەروەها ڕەنگە موسڵ–یش بەشێک بووایە لە دەوڵەتی کوردی یان پارێزگایەکی وەکو دیاربەکر و ئەسکەندەرونە لە تورکیا).

بەگوێرەی دانپێدانانەکانی ڕۆژنامەنووسی عارەب عەدنان حوسێن، شاری موسڵ یەکێکە لە شارە کوردییەکانی سەر بە باشووری کوردستان، چونکە ڕۆژنامەنووسی ناوبرا لە لایەک ناوی ویلایەتی موسڵ بە باشووری کوردستان دەبات، لە لایەکی ترەوە بەوەی کە بەگوێرەی پەیمانی سیڤرە تەواوی ویلایەتی موسڵ بۆی هەبووە بچێتەپاڵ ئەو دەوڵەتە سەربەخۆییە کوردییەی، کە بڕیار وابوو لە باکووری کوردستان دامەزرێ، هەروەها دانپێدانانی ئەو بەوەی کە ئەگەر بێتوو پەیمانی سیڤرە جێبەجێ بکرایە، ئێستاکە کەرکوک و موسڵ–یش دوو شاری کوردی بوون، هەموو بەڵگەن بۆ کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ.

دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لە لاپەڕە (11)ی پەرتووکی (أقلیم کوردستان العراق دراسات فی التکوین القومي للسکان)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (520)ی پەرتووکی (الاکراد)ی مێژوونووسی عارەب دکتۆر (شاکر خەسباک)، نووسیویێتی: (شاکر خەسباک، سنووری هەرێمی کوردستان بەمشێوەیە دیاری دەکات: لە مەندەلی–یەوە ڕووە و بەرزاییەکانی حەمرین و یەکەمین زنجیرە چیا لە چیاکانی شێخان، دواتر دەسوڕێتەوە بەرەو باکووری خۆرئاوا بەدرێژایی بەرزایی تەپۆلکەکان تاوەکو فیشخاپور لەسەر ڕووباری دیجلە، پاشان ڕووە و خۆرئاوا بە ئاراستەی چیای شەنگال دەڕوات تاوەکو لە نزیک جەرابلس لەسەر ڕووباری فوڕات کوتایی پێدێت. هەروەها دکتۆر خەسباک دەڵێت هەرێم پارێزگاکانی موسڵ، هەولێر، سلێمانی، کەرکوک دەگرێتە خۆی، دواتر درێژ دەبێتەوە بۆ پارێزگای دیالە و هەردوو ناوچەی خانەقین و مەندەلی دەگرێتە خۆی، هەروەها کوردی فەیلی لە پارێزگاکانی کوت و عەمارە نیشتەجێن).

لە لایەک بەگوێرەی ئەو سنوورەی کە دکتۆر شاکر خەسباک بۆ هەرێمی کوردستان (باشووری کوردستان)ی کێشاوە، شاری موسڵ دەکەوێتە نێو سنووری باشووری کوردستان، لە لایەکی تریشەوە نووسەری بەڕەگەز عارەبی ناوبراو ڕاستەوخۆ ناوی شاری موسڵ–ی وەکو شارێکی کوردستانیی هێناوە. بۆیە دەتوانین بڵێین بەگوێرەی بۆچوونەکانی دکتۆر شاکر خەسباک، شاری موسڵ بەشێکە لە خاک و نیشتمانی کورد.

دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لە لاپەڕە (83)ی پەرتووکی (أقلیم کوردستان العراق دراسات فی التکوین القومي للسکان)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (349)ی پەرتووکی (معالم الثقافة العربیة الاسلامیة)ی نووسەری عارەب (هاشم ئەلمەلاح)، کە نووسیویێتی: (موسڵ، ڕۆڵەی خێڵە عارەبەکانی ئەیاد و تەغلب کە بەشدارییان لە داگیرکردن (فەتح)ی ئەو شارەدا کردبوو، گرتە خۆی و دواتریش چەندان خێڵی تری لە بەسراو کوفەوە لە سەردەمی راشدییەوە بۆ هات. نیشتەجێکردنی عارەب لەو شارەدا بەردەوام بوو لە سەردەمەکانی ئەمەوی و عەباسی تا وای لێهات موسڵ بوو بە یەکێ لە شارە گەورەکانی موسڵمانان).

ئەو دانپێدانانەی نووسەری عارەب هاشم ئەلمەلاح، بەداگیرکردنی موسڵ و هێنانی خێڵ و هۆزە عارەبییەکان بە بەردەوامی و لە سەردەمی جیاجیادا، دەبێتە بەڵگەیەکی هاشا هەڵنەگر بۆ کوردێتی و کوردستانێتیی شارەکە. وە هیچ شارێکیش لە ڕێگەی بەزۆر داگیرکردنەوە سیمای نەتەوەی ڕەسەنی خاوەنی شارەکە لەدەست نادات، تاوەکو شاری موسڵ–ی بەزۆر داگیرو بەعارەبکراو ئەو سیمایە کوردییەی خۆی لەدەست بدات، ڕۆژێک لە ڕۆژانیش هەر دەبێت وەکو کۆرپەیەکی بەزۆر دابڕاو لەدایکیدا بگەڕێتەوە بۆ باوەشی دایکی نیشتمانی کوردستان. کاتێک کە هاشم ئەلمەلاح دەڵێت: (تا وای لێهات موسڵ بوو بە یەکێ لە شارە گەورەکانی موسڵمانان)، مەبەستی ئەوەیە کە لە ئەنجامی بەعارەبکردندا بوو بە شارێکی عارەبی!

دکتۆر و پرۆفیسۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لە لاپەڕە (83)ی پەرتووکی (أقليم كوردستان العراق دراسات فی التكوين القومي للسكان)داو، بە پشتبەستنی بە لاپەڕە (89)ی پەرتووکی (الاحوال الاجتماعية والاقتصادية في بلاد الجزيرة الفراتية)ی نووسەری عارەب (عبد محەمەد سەوادی) کە ناوبراو نووسیوێتی: (ئەلهەمەدانی نووسیوێتی یەکەمین کەس کە موسڵ–ی نەخشە کێشاو عارەبی لێ نیشتەجێکرد بریتی بوو لە (هەرسەمە ئەلبارقی) هەروەها (بەلازری) یەکەمین ئاماژەی بە نیشتەجێکردنی خێڵە عارەبییەکان کردووە لە ناوچەی شەنگال دوای داگیرکردن (فەتح)ی ئیسلام بۆ سەر ئێراق، هەروەها نووسیوێتی کە (عەیاز) شەنگالی لەڕێی ئاشتییەوە داگیر (فەتح) کردووەو هەندێک عارەبی لێ نیشتەجێ کردووە).

بەگوێرەی قسەکانی هەمەدانی و بەلازری تا هاتنی میلیشیاکانی ئیسلام بۆ موسڵ ئەو شارە عارەبی لێ نەبووە، هەروەها هیچ مێژوونووسێکی عارەبی ئاماژە بە بوونی عارەب ناکەن بەر لە دەرکەوتنی ئیسلام، باشە خۆ ئەو شارە بەر لە هاتنی ئیسلامیش هەبووە. میدییەکان لە ساڵی (612 پ.ز) دەسەڵاتی ئاشوورییەکانیان کۆتایی پێهێناو نەینەوایان کاولکرد، زەینەفۆن لە ساڵی (401 پ. ز)دا بەخۆیی و لەشکرە (10) هەزارییەکەی بە کوردستاندا تێپەڕیوەو باسی شوێنەواری کەلاوەی نەینەوای کردووە. پێشتریش ڕوونمان کردەوە کە کوردانی شەبەک یەکەمین کەس بووینە ئەو شارەیان دروستکردووەو تیایدا نیشتەجێ بووینە، کەواتە موسڵ

شارێکی کوردیی و سەر بە خاکی کوردستانە، بە داگیرکردنیش سیمای کوردیی و کوردستانی خۆی وون ناکات و نابێتە شارێکی عارەبی.

دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لە لاپەڕەکانی (153-154)ی پەرتووکی (أقليم كوردستان العراق دراسات فى التكوين القومي للسكان)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (43)ی پەرتووکی (تطور العراق تحت الحكم الاتحادين) لە نووسینی (فەیسەڵ محەمەد ئەلڕەحیم) و، لاپەڕە (28)ی پەرتووکی (وزارة التخطيط هيئة التخطيط الاقليمي، تحديد المناطق التخطيطية في العراق)دا کە تیایاندا هاتووە: (لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم، ئێراق دابەشکرا بەسەر سێ ویلایەت کە ئەمانەن:

1- ویلایەتی بەغدا: کە ئەو سنجەقانەی دەگرتەوە: بەغدا، دیوانیە و کەربەلا.
2- ویلایەتی بەسرا: کە ئەو سنجەقانەی دەگرتەوە: بەسرا، ئەلمونتەفک، عمارە.
3- ویلایەتی موسڵ: کە ئەو سنجەقانەی دەگرتەوە: موسڵ، شارەزوور، سلێمانی، لە کاتێکدا کە ویلایەتی بەسرا پەیوەست بوو بە ویلایەتی بەغدا، بەڵام ویلایەتی موسڵ سەربەخۆ بوو).

ئەو دانپێدانانەی نووسەری عارەب (فەیسەڵ محەمەد ئەلڕەحیم)، لە لایەک بەوەی کە ویلایەتی موسڵ ویلایەتێکی سەربەخۆ بووەو، هیچ پێوەندییەکی نە لە نزیک نە لە دوورەوە بە ویلایەتی بەغدا نەبووە، لە لایەکی تریشەوە ئەو ویلایەتە لە هەریەک لە سەنجەقەکانی موسڵ، شارەزوورو سلێمانی پێکدەهات، بەڵگەیەکی ترە لە بەڵگە بەنرخەکان بۆ سەلماندنی کوردێتی و کوردستانێتیی شاری موسڵ و شارەکانی تری ویلایەتەکە.

نووسەرو مێژوونووس مەحمودی مەلا عزەت، لە لاپەڕە (17)ی ئەو پێشەکییەی کە بۆ وەرگێڕانی پەرتووکی (جولانەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە خەباتیدا بۆ سەربەخۆیی نەتەوایەتی و سیاسی)دا لە نووسینی پرۆفیسۆری یۆگۆسلاڤی ڕادۆڤان پاڤیچ، لە باسی ئیبن بەتووتەی مێژوونووسی عارەب، کە لەیاداشتەکانی خۆیدا کە لە ساڵی (1334)دا نووسیویەتی و، ئیبن بەتووتە لە یاداشتەکانیدا بەم جۆرە ڕاستی دیمۆگرافیای ئەوکاتی شاری موسڵ-ی کوردیی و کوردستان-یمان بۆ دەردەخات،

كه دەڵێت: (كه چوومه موسڵ خەڵكەكەی به زمانێك قسەیان ئەكرد كه عارەبی نەبوو .. هەندێ خێزانیش گامێشیان بەخێو ئەكرد..).

ئیبن بەتووتەی مێژوونووسی ناوداری عارەب، كه له ساڵانی (1303-1377ز ژیاوه)و له ساڵی (729ك/1328ز)دا هاتۆته موسڵ، واته له سەدەی چواردەمدا سەردانی شاری موسڵ-ی كردووەو، باسی ئەوەمان بۆ دەكات دانیشتوانی شاری موسڵ به زمانێك دەدوان كه عارەبی نەبووە، بۆمان ڕووندەبێتەوه كه له پێكهاتەی ئەوسای دانیشتوانی موسڵ-دا هیچ عارەبێك نەبووە، یان ئەگەر هەبوویبێتیش ئەوه یەكجار زۆر كەم بووینەو هەروەكو نەبووبن وابووە، بۆیه ئیبن بەتووته تووشی به تووشیان نەبووه له شارەكەداو باسی نەكردوون. بەدڵنیاییشەوه ئەو زمانەی كه ئەوكاتی دانیشتوانی موسڵ قسەیان پێكردووەو ئیبن بەتووته تێی نەگەیشتووە، زمانی كوردی بووە، چونكه هەر كوردەكان بووینه ئەو شارەیان دروست كردووەو یەكەمین نەتەوەش بووینه كه نیشتەجێی ئەوێ بووینە، بەر له پەلاماری میلیشیا عارەبە موسڵمانەكان لەپێناوی داگیركردن و دەست بەسەرداگرتنی ناوچەكەدا. هەروەها ئیبن بەتووته بەهەمان شێوه له یاداشتەكانی خۆیدا باسی كوردستانێتیی شاری شەنگار-یش دەكات. بۆ نموونه خەسرەو گۆران، له لاپەڕە (153)ی پەرتووكی (كورد له پارێزگای موسڵ)داو به پشتبەستنی به یاداشتەكانی ئیبن بەتووتەو لەسەر زاری ئەودا، نووسیوێتی: (پاشان بەرەو شارێكی مێژوویی كوردنشین بەڕێ كەوتین كه شەنگال-ه

نووسەر ئەحمەد شەوكەت، له لاپەڕەكانی (17-49)ی پەرتووكی (الشبك الكورد المنسیون)داو، به پشتبەستنی به لاپەڕە (258)ی پەرتووكی (الكامل في التاريخ)ی مێژوونووسی ئیسلامی و عارەبی ناسراو ابن الاثیر (عزەددین ئەبو ئەلحەسەن عەلی بن ئەبی ئەلكەڕەم ئەلشیبانی) كه ناوبراو دەڵێت: (كاتێك كه ساسانییەكان دەستیان گرت بەسەر ئیمپراتۆرییەتی ئاشوریدا دوای لەناوبردنی دەوڵەتی ئاشوری و بوونیان به خاوەنی چەمی دیجله، هەڵسان به نۆژەنكردنەوەی (قەڵای عەبوری) - ئارامییه كۆنەكان بوون ئەو ناوەیان سەپاند بەسەر شاری موسڵ- قەڵای موسڵ و سەربازەكانی خۆیان تیا نیشتنەجێكردو، چەندان دێهات و خانوویان له دەورەبەریدا

دروستکردو کە جووتیارەکان و پیشەکارەکانی خۆیان لە فارس، لوڕ، کورد و هەندێک لە نەستووری تیا نیشتەجێبوون).

بەگوێرەی ئاماژە پێکردنی مێژوونووسی عارەب ئیبن ئەسیر، کە باسی هاتنی لەشکری ساسانییەکان (پێم وایە نووسەر مەبەستی هاتنی کوردە میدیەکان بێت کە لە ساڵی (612 پ. ز) هاتن و ئاشووریەکانیان لەناوبردو دەستیان بەسەر شاری نەینەوا داگرت) دەکات بۆسەر دەسەڵاتی ئاشووری لە شاری موسڵ. شاری موسڵ یەکێکە لە شارە کوردییەکان و دەکەوێتە نێو سنووری باشووری کوردستان، چونکە لە لایەک ئارامییە کوردەکان شاری موسڵ (قەڵای عەبوری)یان ئاوەدان کردۆتەوە، لە لایەکی تریشەوە ژمارەیەکی زۆری مێژوونووسان ساسانیەکان بە کورد دادەنێن، هەروەها لەو سەردەمەدا هیچ ئاماژەیەک بە ڕۆڵی عارەب نەکراوە، لە هەمان کاتدا نە ئاشوورییەکان و نە ساسانییەکان هیچ لایەکی دوو هێزە نەیارەکە عارەب نەبووینە بەتایبەت کە شەڕی نێوانیان لەناو شاری موسڵ (نەینەوا)و دەوروبەرەکەی ڕوویداوە. سەرەڕای هەموو ئەوانەش مێژوونووسان ئاماژەیان بەوەکردووە کە کوردی شەبەک شاری (موسڵ)یان دروستکردووە. هەموو ئەمانەش دەیسەلمێنن کە نەتەوەی کورد بەر لە عارەبەکان لە موسڵ و دەڤەرەکەی نیشتەجێ بووینە، ئەوەش دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە بڵێین موسڵ شارێکی کوردیی و لەناو سنووری خاکی کوردستانە، نەک شارێکی عارەبی و بکەوێتە ناو خاکی ئێراق!

ئەحمەد شەوکەت، لە لاپەڕەکانی (49–50)ی پەرتووکی (الشبک الکورد المنسیون)داو، بە پشتبەستنی بە لاپەڕە (10)ی پەرتووکی (معجم البلدان)ی مێژوونووسی عارەبی ناسراو یاقوت الحموی (شەهاب ئەددین بن عەبدوللا ئەلرۆمی ئەلبەغدادی) کە ئەو مێژوونووسە دەڵێت: (ناوی شاری موسڵ لە سەردەمی فارسەکاندا (نەوئەردەشێر) بووە، وە یەکەم کەس کە بەم ناوە (موسڵ) ناوی بردبێت (رواند بیوراسف) بووە)، ئەو کەسە بە ناوەکەیەوە دەردەکەوێت کەسێکی کورد و دانیشتووی شاری ئەلقودەماء –موسڵ– بووبێت).

بەپێی قسەکانی یاقوت ئەلحەمەوی شاری موسڵ شارێکی کوردیی و کوردستانییە، چونکە هەروەکو ئەو ئاماژەی پێکردووە، پێشتر لە سەردەمی هاتنی ساسانییەکان (ساسانییەکان بوون هاتن بۆ موسڵ و زۆر لە مێژوونووسان دەڵێن ئەوان کوردن

نەک فارس) ناوی شاری موسڵ (نەوادشێر/ نیوئەردەشێر/ نەوئەردەشێر) بووە، (نەوادشێر)یش کە لە نەوئەردەشێر هاتووە ناوێکی کوردییەو مانای ئەردەشێری نوێ یان ئەردەشێری تازە دەگەیەنێت. ناونانی موسڵ بەو ناوە دەگەڕێتەوە بۆ سەرکردەی کوردی میدی (نەوادشێر/ نەوئەردەشێر). پێشتریش گوتمان شەبەکەکان شاری موسڵ-یان دروستکردووەو، ئەوان نەوەی کوردە میدییەکانی دانیشتووی موسڵ-ن، کە بەر لە هەموو نەتەوەکانی تر لە شاری موسڵ نیشتەجێبوون و ناوی ئەو شارەیان بەناوی ئەردەشێری پادشا کردوو ناویان نا (نەوادشێر)، کەواتە ئەو شارە (موسڵ) شارێکی کوردییە و هەر کوردیش دروستی کردووە.

نووسەری کوردی سەر بە خێڵی شەبەک ئەحمەد شەوکەت، لە لاپەڕەکانی (55-56)ی پەرتووکی (الشبک الكورد المنسيون)داو، هەروەها بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (407)ی پەرتووکی (فتوح البلدان)ی مێژوونووس (ئەبو ئەلعەباس ئەحمەد بن یەحیا بن جابر – ئەلبەلازری)، کە لە ساڵی (279ک/892ز)دا ئەم پەرتووکەی نووسیوە، لە بابەتێکدا لەژێر ناوی (فتح الموصل)دا دەڵێت: (عومەری کوڕی خەتاب، لە ساڵی (20)ی کۆچیدا (عەتەبەی کوڕی فەرقەد ئەلسلمی) ناردە موسڵ و دانیشتوانی کوردی نەینەوا چوونە شەڕی.. دەستی گرت بەسەر قەڵاکەیان لە خۆرهەڵات کە بریتی بوو لە قەڵای عنوە، لە دیجلە پەڕییەوەو دانیشتوانی قەڵاکەی دیکە لەگەڵیدا ئاشتییان کرد بەوەی کە سەرانە بدەن و، ڕێگاشیان بەو کەسانەدا کە دەخوازن بڕۆن و شارەکە چۆلبکەن، وە خەڵکی چەندان شوێنی تر لە موسڵ لەگەڵ عەتەبە پێکهاتن لەسەر ئەوەی کە سەرانە بدەن، لە دواییدا دەستیگرت بەسەر مەرەج و دێهاتەکانی هەروەها هەریەک لە خاکی باهزرێ، باعەزرێ، حەیتون، حەنانە، مەعلە، دامیرو تەواوی ناوچە کوردە وارییەکانی گرت).

لێرەدا پێویست ناکات بەندە هیچ ڕوونکردنەوەیەک بدەم، چونکە نووسەر ئەحمەد شەوکەت باسی ئەوە دەکات و، هیچ گومانێک ناهێڵێتەوە لە کوردستانێتیی و کوردێتی شاری موسڵ یان نەینەوا، کاتێ کە دەڵێت: (ئەو قسانەی بەلازری جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوەو تەنانەت هیچ گومانێک ناهێڵنەوە دەربارەی کوردێتی نەینەوا یان موسڵ لە ساڵی (20)ی کۆچی و بەر لە فەتحی (داگیرکاری) ئیسلامی، ئەگەرنا لەبەرچی بەلازری کە مێژوونووسێکی ئیسلامییە نەیدەگوت دانیشتوانی نەینەوای

عارەب، گومان لەوەدا نییە لەبەر ئەوەی لەوکاتیدا تەنانەت یەک عارەبیش لە شاری موسڵ نیشتەجێ نەبوو بوون، بەڵام داگیرکارییەکانی (فتوحاتی) ئیسلام چونکە شێوەی ئیمپریالیانەی (داگیرکاری) هەبووە، ئەوان عارەبیان هێناو نیشتەجێی ئەوێیان کردن). زۆر لە مێژوونووسانی شۆڤینی عارەبی کاتێک باسی ئەو هێرشانەی میلیشیا ئیسلامییەکان دەکەن کە لە ساڵی (20ک/641ز)داو، لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتابدا بە سەرکردایەتی (عەتەبەی کوڕی فەرقەد ئەلسلمی) بۆ سەر موسڵ-ی خاکی کورد و کوردستان کراوە، ئەو دەستەواژەیەی (بەلازری)یان لاداوە کە دەڵێت: (*دانیشتوانی کوردی نەینەوا چوونە شەڕی*).

ئەحمەد شەوکەت، لە لاپەڕە (239)ی هەمان سەرچاوەی ناوبراو لە سەرەوەداو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (238-239)ی پەرتووکی دائرة (موسوعة) المعارف الاسلامية، دەنووسێت: (شەبەکییەکان، هەروەک سارلییەکان، ئایینێکی ناوەوەی نهێنییە، ئەوان بەهەمان شێوە لە شەوی (کەشفاء) لەناو ئەشکەوتێکی نهێنیدا کۆدەبنەوەو تاوەکو سەرەتای خۆر دەرکەوتن ئاهەنگ دەگێڕن، شەبەکییەکان هەروەها خۆ دەپارێزن لە سمێڵ تاشین. بەزۆری شەبەکییەکان لە کوردستاندا لە دەوروبەری موسڵ و شەنگال-دا دەژین و ژمارەیان دەگاتە دە هەزار کەسێک).
بەگوێرەی ئاماژەکردنەکەی ئینسکلۆپیدیای ئیسلام کە مانای بانکی زانیاری ئیسلامی دەگەیەنێت، شاری موسڵ و دەوروبەرەکەی بەتەواوی دەکەونە نێو سنووری کوردستان، چونکە ئینسکلۆپیدیای ئیسلام کاتێک باسی شوێنی نیشتەجێبوونی کوردی شەبەک دەکات، نووسیویتی: (بەزۆری شەبەکییەکان لە کوردستاندا لە دەوروبەری موسڵ و شەنگالدا دەژین)، کەواتە ئینسکلۆپیدیای ناوبراو شاری موسڵ بە شارێکی کوردستانیی دەزانێت، بۆیە بەمشێوەیە ناوی دەبات. بەمەش ئینسکلۆپیدیای ئیسلام بەڵگەیەکی تر دەخاتە سەر بەڵگەکانی کوردێتی و کوردستانێتیی ئەو شارە داگیرو زەوتکراوەی کوردا!

محەمەد مەلا قادر، ئەندامی نووسینگەی ڕامیاری پارتی دیموکراتی کوردستان، لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەگەڵ هەفتەنامەی (میدیا)دا کە لە لاپەڕە (3)ی ژمارە (240)ی (16.5.2006)دا، لەژێر ناوی (محەمەدی مەلا قادر: وەکو پارتی پێمانوایە

دەبێ موسڵ دابەش بکرێ و بکرێتە دوو پارێزگا)دا بڵاوکراوەتەوە، کە دەڵێت: (لە مێژووی کۆندا موسڵ شارێکی کوردستانیی بووە، سەد دەر سەدیش شارێکی کوردستانیی بووە، یاقووتی حەمەوی کە نووسەرێکی میسرییەو واشی بۆ دەچم کە قیبتیش بێت، لە پەرتووکی خۆی بەناوی (اثار والبلدان) (500-600) ساڵ پێش ئێستا گەشتی هەبووە لەو ناوچەیەداو دێتە موسڵ، خۆی دەڵێ کە دەچووم بۆ موسڵ هیچ عارەبی لێنەبوو، کەسیشم دەست نەدەکەوت کە عارەبی زمان بێت، یا عارەبی بزانێ، تا هەوڵێکی زۆرمدا کوردێکم پەیداکرد کە شرە عارەبییەکی دەزانی، ئەوم کردە وەرگێڕ، دەڵێ لەو شارەدا سێ نەتەوەی سەرەکی هەبوون، کورد دوو بەرابەری هەموویان بوو، کلدانی و جولەکەشی لێبوون. واتە عارەبی لێنەبووە، دوای ئەوەش هەتا (300) ساڵ پێش ئێستا عارەبی لێنەبووە، دواتر لە سەردەمی سوڵتانەکانی عوسمانی دەستییان بە بەعارەبکردنی موسڵ کردووە).

ئەو دانپێدانانەی نووسەرو مێژوونووسی عارەب یاقوتی حەمەوی (شێخ ئیمام شەهابەددین باوکی عەبدوڵلای یاقوتی کوڕی عەبدوڵلای حەمەوی رۆمی بەغدادی، کە لەنێوان سالآنی (1179-1229)ی زایینی واتە (576-626)ی کۆچیدا ژیاوەو، پێشدەچێت پەرتووکەکەشی (معجم البلدان) بێت کە بریتییە لە فەرهەنگێکی جوگرافی، مێژوویی، زمانەوانی و وێژەیی عارەبی، کە لە پێنج بەرگدایەو سەرجەمی لاپەڕەکانی (2502) لاپەڕەیە، نەوەک (اثار والبلدان) بێت هەروەکو محەمەدی مەلا قادر ناوی هێناوە، هەروەها لە ڕاستیدا نزیکەی هەشت سەدە (نەک پێنج شەش سەدە) بەر لە ئێستا هاتۆتە شاری موسڵ و دانیشتوانی شارەکە عارەبییان نەزانیوە، بۆمانی دەردەخات کە دانیشتوانی ئەو شارە عارەبی تیا نەبووە، بۆیە کوردێکی دۆزیوەتەوە کە عارەبی زانیوەو وەکو وەرگێڕ بەکاریهێناوە، هەروەها ناوبراو زۆر ڕاشکاوانەش باسی ئەوە دەکات کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی شاری موسڵ کورد بووینە، ئاماژە نەکردنی مێژوونووسی ناوبراوی عارەب بە بوونی عارەب لە شاری موسڵدا، ئەوە دەگەیەنێت کە عارەب بوونی نەبووە یان بوونێکی وای نەبووە کە شایەنی باسکردن بێت، بۆیە حەمەوی ئاماژەی بە بوونیان نەکردووە. ئەمانەش هەر هەمووی بە یەکەوە مانای کوردێتی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت.

دکتۆر فازل حوسێن، لە لاپەڕە (108)ی پەرتووکی (کێشەی ویلایەتی موسڵ)دا نووسیوێتی: (سنووری ئێراق لە باکوورەوە لە هیت و تکریت و چیاکانی (حەمرین) تێپەڕ ناکات).

دکتۆر فازل حوسێن-یش وەکو چەندان جوگرافیناس، مێژوونووس و گەڕیدەی تری عارەبی و بیانی سنووری ئێراقی لە باکوورەوە لە شاری هیت کە (360) کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری خۆرئاوای موسڵ و، شاری تکریت کە (245) کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری موسڵ، هەروەها زنجیرە چیاکانی حەمرینیش لە نزیکترین شوێن بۆ موسڵ کە (فەتحە)یە نزیکەی (110) کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری شاری موسڵ. بەگوێرەی ئەو دەستنیشان کردنەی ئەو دکتۆرو ئەکادیمیە عارەبەی ئێراقی، شاری موسڵ ناکەوێتە نێو سنووری دەوڵەتی ئێراق و، بەڵکو دەکەوێتە نێو سنووری خاکی باشووری کوردستان. کەواتە شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە، نەک شارێکی عارەبی و ئێراقی!

دکتۆر حامید محمود عیسا، لە لاپەڕە (37)ی پەرتووکی (المشكلة الكوردية في الشرق الاوسط)دا نوسیوێتی: (لە کوردستاندا (ویلایەتی موسڵ)، ئارنۆڵد ویلسن بەخێرایی دەستیکرد بەجێبەجێکردنی هەڵبژاردنی سەرۆکەکانی کوردستان و سەرکردەکانیان کە لایەنگری زرنگکاری (سیاسەت)ی بەریتانی بوون).

ئەوەی کە دکتۆر حامید محمود عیسا باسی کردووە، کوردێتی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە دکتۆر حامید ویلایەتی موسڵ و کوردستان هەر بەیەک دەزانێت، کاتێکیش کە هەردووکیان هەر یەکبن، کەواتە شاری موسڵ و تەواوی شارەکانی سەر بەو ویلایەتە، شاری کوردیی و کوردستانین. ئاشکەراشە کە بەکارهێنانی ئەو دوو زاراوەیە وەکو دوو زاراوەی جوگرافی بەکاردەهێنێت بۆ خاک و نیشتمانی کورد کە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)ە.

نووسەری عارەبی میسری دکتۆر حامید مەحمود عیسا، لە لاپەڕە (55)ی سەرچاوەی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیوێتی: (هەردوو ناوچەکانی موسڵ و کیلیکیا زۆربەی دانیشتوانەکانیان کوردن).

لێرەدا دکتۆر حامید عیسا، ناڕاستەوخۆ بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە موسڵ شارێکی کوردییە، چونکە هەر شارێک، ناوچەیەک یان هەرێمێک کە زۆربەی دانیشتوانەکەی پێکهاتبێ لەهەر نەتەوەیەک، ئەوە خاکی ئەو نەتەوەیە، لە کاتێکدا ئەگەر بێتوو ئەو شارە دووچاری گۆڕینی دیمۆگرافی نەبووبێت لە بەرژەوەندی ئەو نەتەوەیە، کەچی شاری موسڵ بەپێچەوانەوە لە لایەن نەتەوەی باڵادەست و بەرژەوەندی داگیرکەری عارەبەوە ڕووبەڕووی گۆڕینی باری دیمۆگرافی بووە، نەک لە لایەن نەتەوەی چەوساوەو خاک داگیرکراوی کورد. لە کاتێکدا سەرەڕای ئەو هەموو شاڵاوی بەزۆر ڕاگوێزانەی کورد لەو شارەداو هێنانی عارەبی داگیرکەر بۆ ناو موسڵ، دانیشتوانی شارەکە زۆربەی کورد بێت، ئەوە بەدڵنیاییەوە دەیسەلمێنێت کە شارێکی کوردیی و سەر بە خاکی باشووری کوردستانە.

خەسرەو گۆران، بەرپرسی لقی (14)ی پارتی دیموکراتی کوردستان و جێگری پارێزگای موسڵ و، نووسەری پەرتووکی (کورد لە پارێزگای موسڵ)دا لە لاپەڕە (6)ی ئەو پەرتووکەدا نووسیویێتی: (تەنانەت لە پەرتووکی (تاریخ الموصل)ی ئەبی زکریا الازدي-یش کە لە ساڵی (925ز)دا نووسراوە لەکاتی فەرمانڕەوایی عارەبە موسڵمانەکان (عەباسییەکان) دەڵێت: (دەنگوباس گەیشتە (ئەبو جەعفەر مەنسور)ی خەلیفەی بەغدا کە کوردەکان لە موسڵ بڵاوبوونەتەوەو هەڕەشەی گرتنی موسڵ دەکەن لە سەردەمی والی عەباسی موسڵ (ئەلمسیب بن زوهێر).

بڵاوبوونەوەی کورد بەشێوەیەکی وا ئاسان لەناو شاری موسڵ-دا، مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو شارە شاری کوردان بووەو، لە لایەن میلشیاکانی موسڵمانە عارەبەکانەوە داگیرکراوە، بۆیە هەرکاتێ کوردەکان ویستبێتیان لەدژی داگیرکەران ڕاپەڕن، ئەوە زۆر بە ئاسانی بەناو شارەکەدا بڵاوبووینەوەو هەڕەشەی ئازادکردن و دەرکردنی داگیرکەرانیان لەناو شاری موسڵ و ناوچەکەدا کردووە. عارەبەکان لەگەڵ داگیرکارییەکانی ئیسلامدا هاتوون بۆ ئەو شارەو داگیریان کردووە، کوردەکانیش لەپێناو ڕزگارکردن و نەهێشتنی داگیرکەران لە شارەکەو ناوچەکەدا چەندان جار لە سەردەمی دەسەڵاتی فاشیزمی ئیسلام، ئەمەوی و عەباسییەکاندا لەدژی داگیرکردن و ستەمی ئەواندا راپەڕیون و شارەکەیان ئازاد کردووە، بەڵام هەموو جارێک دەسەڵاتدارانی ئیسلام هێزی تریان لە شوێنی ترەوە ناردووەو،

ڕاپەڕینی کوردەکانیان بە ئاگر و ئاسن بێبەزەییانە خامۆشکردووە. بەرچاوترین و گەورەترین ڕاپەڕین ڕاپەڕینەکەی شۆڕشگێڕی کورد جەعفەری داسنی بووە.

خەسرەو گۆران، لە لاپەڕە (16)ی پەرتووکی (کورد لە پارێزگای موسڵ)دا، نووسیویێتی: (ساڵی (1931) حکومەتی ئێراقی یاسای زمانە ناوخۆییەکانی دەرکردو بڕیاریدا زمانی دادگاکان و قسەکردنی ناو دەزگای لیواکانی (موسڵ، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی) زمانی کوردی بێت).

بەگوێرەی ئەو یاسایەی کە میری ئێراق، لە ڕێکەوتی (30.5.1932)دا بەناوی (یاسای زمانە خۆجێییەکان) بە یاسای ژمارە (74) دەریکرد، مادەی نۆیەمی ئەو یاسایە، دەوڵەتی ئێراق بەڵێنیدا کە زمانی کوردی شانبەشانی زمانی عارەبی بکرێتە زمانی فەرمی لە هەریەک لە پارێزگاکانی (موسڵ، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و ئەو قەزایانەی کە زۆربەی دانیشتوانیان کوردن)، ئەمەش واتە بەفەرمی کردنی زمانی کوردی لە تەواوی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ). میری ئێراق لەخۆڕا نییە لە یاسای زمانە ناوخۆییەکاندا زمانی کوردی بۆ شارەکانی موسڵ (نەینەواو دهۆک)، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی دیاریکردووە، دیارە پێیان وابووە ئەو شارانە شاری کوردیین و زۆربەی دانیشتوانەکەیان کوردن بۆیە ئەو بڕیارەیان داوە. کاتێک کە زۆربەی دانیشتوانی ئەو شارانە کوردبن، کەواتە شارەکانیش بە شاری موسڵ-یشەوە، شاری کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانن.

خەسرەو گۆران، لە لاپەڕە (69)ی پەرتووکی (کورد لە پارێزگای موسڵ)داو، بە پشت بەستنی بە (دکتۆر عەبدولعەزیز نوار، تاریخ العراق الحدیث، القاهرة، 1968)، نەخشەیەکی ویلایەتی موسڵی بڵاوکردۆتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1869)ی سەردەمی مەدحەت پاشا، کە شارەکانی: موسڵ، کەرکوک، هەولێر، سلێمانی و دهۆک دەگرێتە خۆی).

هەموومان دەزانین کە ویلایەتی موسڵ هەر لە سەردەمی کۆنەوە خاک و نیشتمانی کورد بووە، کەواتە شارەکانی سەر بەو ویلایەتەش هەر شارو خاکی کوردین، لە کاتێکدا شارەکان شاری کوردی بن کەواتە موسڵ-یش وەکو شارێکی ئەو ویلایەتە سەر بە خاکی کوردە. کاتێک کە نووسەری عارەب (دکتۆر

عەبدولعەزیز نەوار) شاری موسڵ دەخاتە ناو سنووری ویلایەتی موسڵ، ئەمە دەبێتە بەڵگەیەک بۆ کوردێتی و کوردستانێتیی ئەو شارە. هەروەها بەگوێرەی ئەو نەخشەیەی کە دکتۆر عەبدولعەزیز نەوار بڵاویکردۆتەوە، ویلایەتی موسڵ لە تەواوی شارەکانی موسڵ، کەرکوک، هەولێر، سلێمانی و دهۆک پێکدێت، ئێمەش دەزانین بەگوێرەی چەندان بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و بیروبۆچوونی گەڕیدە، مێژوونووس، جوگرافیناس و نووسەری عارەب، تورک، فارس و بیانی ویلایەتی موسڵ خاکی کوردانە، کاتێک کە شاری موسڵ–یش بەشێک یان شارێک بێت لەو ویلایەتە کەواتە ئەویش خاکی کوردانەو بەشێکی جیا نەکراوەیە لە باشووری کوردستان. هەروەها ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە کە شاری موسڵ وەکو شارو پارێزگا سەر بە ویلایەتی موسڵ بووەو، هیچ پێوەندییەکی بە ئێراق و عارەبەوە نەبووەو نییە. نەخشەکە لە کۆتایی ئەو بەشەدا دانراوە.

ئیسماعیل شوکور ڕەسوڵ، لە وتاری (باچیتر مێژوومان چەواشە نەکرێت)، کە بەختیار عەلی حەمە لە عارەبی بۆ زمانی کوردی وەریگێڕاوەو، لە ژمارە (4239)ی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (13.6.2007)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیوێتی: (ڕژێمی ئێراق لە (30ی مایسی 1932)دا لێدوانێکی فەرمی دەرکرد وەک مەرجێک بۆ وەرگرتنی ئێراق لە کۆمەڵەی نەتەوەکان، ئەو بڕیارە دانرا بە بڕوانامەیەکی فەرمی کە (10) بڕگەی لەخۆگرتووەو لەناویاندا بڕگەی شەشەم کە دەقەکەی دەڵێت: (دەبێ زمانی کوردی ببێتە زمانی فەرمی لەپاڵ زمانی عارەبی لە پارێزگاکانی موسڵ، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی)، کۆمەڵەی نەتەوەکان بڕیاری وەرگرتنی ئەو لێدوانەیدا بە مەرجێک هیچ دەستوورو یاسایەک سەرپێچی ئەو بڕیارە نەکات ئەگەرنا ئێراق لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەکان دەدرێتە دادگای دادی نێودەوڵەتی هەمیشەیی).

ئەوەی کە دکتۆر ئیسماعیل شوکور ڕەسوڵ ئاماژەی پێکردووە، کوردستانێتییو کوردێتیی تەواوی شاری موسڵ و شارەکانی تریش کە ناوی بردوون دەگەیەنێت، چونکە ئەوەی کە دکتۆری ناوبراو باسی کردووە بریتیبوو لە بڕیارێکی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی ئێراق (نوری سەعید) کە لە ڕێکەوتی (30.5.1932)دا دەریکردو، لەپێناوی وەرگرتنی دەوڵەتی ئێراق وەکو ئەندامی کۆمەڵەی نەتەوەکان، هەردوو

مەرجەکەی ئەوانیانی پەسەندکردو، لە مادەی نۆیەمی ئەو ڕاگەیاندنەوەدا، دووبارە زمانی کوردی بەزمانی فەرمی لە پارێزگاکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، سلێمانی) و هەندێک قەزای سەر بە دیالەدا ناسی. بەفەرمی ناسینی زمانی کوردی لەو ناوچانەش، ئاماژەیە بۆ کوردێتیی ناوچە ناوبراوەکان.

دکتۆر کەمال مەزهەر، لە لاپەڕە (23)ی پەرتووکی (كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (65)ی پەرتووکی (محەمەد حوسێن زوبێدی، العراق في العصر البويهي، التنظيمات السياسية والادارية والاقتصادية)دا کە دەڵێت: (سنووری ئێراق هەر لە کۆتایی سەدەی چوارەم تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی شەشەمی کۆچی بەرەو باکوور لە سامەڕا کۆتایی پێدەهات و هەرگیز لەوێی تێنەپەڕاندووە).
بەگوێرەی ئەو پێناسەیەی نووسەری عارەب (محەمەد حوسێن زوبێدی)، سنووری دەوڵەتی ئێراق تاوەکو سەدەی دوازدەهەمی زایینی بەرەو باکوور لە سامەڕا کە نزیکەی (280) کیلۆمەتر لە باشووری شاری موسڵ-ە تێنەپەڕیوە. بەگوێرەی ئەو پێناسەیەی نووسەری ناوبراوی عارەب، بۆمان دەردەکەوێت کە شاری موسڵ نە شارێکی عارەبی و نە ئێراقی بووە، بەڵکو شارێکی کوردیی و سەر بە خاکی باشووری کوردستان بووە، بەتایبەت کە سنووری باشووری کوردستان ڕووە و باشوور بە دووری نزیکەی (280) کیلۆمەتر لە نزیک سامەڕا کۆتایی پێدێت.

پرۆفیسۆر دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، مێژوونووسی بەناوبانگی کورد، لە لاپەڕە (23)ی پەرتووکی (كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير دراسة وثائقية عن القضية الكوردية في العراق)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (65)ی پەرتووکی (محەمەد حوسێن زوبێدی، العراق في العصر البويهي، التنظيمات السياسية والادارية والاقتصادية)دا، نووسیویێتی: (لە سەردەمی بوەیهییەکاندا کە دەکاتە ساڵانی (945-1058)ی زایینی، هەرێمی ئێراق بەمشێوەیە بووە: لە باکوورەوە هێڵێک کە بە ئەنباردا تێدەپەڕی لەسەر ڕووباری فورات و دەڕۆیشت بەرەو تکریت لەسەر ڕووباری دیجلە).

بەگوێرەی ئەو سنوورەی کە نووسەری عارەب (محەمەد حوسێن ئەلزوبەیدی) بۆ ئێراقی دیاریکردووە، شاری موسڵ دەکەوێتە دەرەوەی سنووری دەوڵەتی ئێراق، بەوەش بۆمان دەردەکەوێت کە شاری موسڵ شارێکی کوردیی و کوردستانییە، چونکە لەو شوێنەی کە سنووری ئێراق لەلای باکوورەوە کۆتایی پێدێت، شاری موسڵ (245) کیلۆمەتر لە تکریت و (320) کیلۆمەتر لە ئەنبارەوە دوورە، بۆیە دەکرێت ئەوەش وەکو بەڵگەیەکی کوردستانیی بوونی ئەو شارە بەکاربهێنرێت.

مێژوونووس، دکتۆر کەمال مەزهەر، لە لاپەڕە (28)ی پەرتووکی (کرکوک وتوابعها حكم التاريخ والضمير)دا، بە ئاماژەکردن بە مێژونووسی ناسراوی ئێراقی عەباس عەزاوی کە لە لاپەڕە (42)ی بەشی چوارەمی پەرتووکەکەیدا بەناوی (تاريخ العراق بين الاحتلالين)دا نووسیوێتی: (میری میرنشینی سۆران، میر سەیدی کوڕی پادشا عەلی بەگ دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی خۆی فراوانکرد تا دەسەڵاتی میر گەیشتە هەولێر، هەروەها سنووری فەرمانڕەوایەتیەکەی پەرەی سەندو گەیشتە تەواوی کەرکوک و موسڵ-یش").

دانپێدانانی نووسەری عارەب، عەباس عەزاوی بەوەی کە میری میرنشینی سۆران، میر سەید دەسەڵاتی گەیشتۆتە هەولێر و تەواوی کەرکوک و موسڵ، بەڵگەیە بۆ کوردستانیی بوونی هەسێ شارەکە، چونکە کورد هەرگیز نەیویستووە جگە لە خاکی خۆی دەست بگرێت بەسەر خاکی هیچ نەتەوەیەکی تردا. بۆ نموونە یەکێ لە پادشاکانی بابانی بەناوی (عەبدولڕەحمان پاشا) لە ساڵی (1207ک/1780ز)دا دەسەڵاتی میرنشینی بابانی گرتە دەست، لەکاتی فەرمانڕەوایەتی خۆیدا توانی شاری بەغدا بگرێت، دوای چەند ڕۆژێک گەورە پیاوانی شاری بەغدای کۆکردنەوەو داوای لێکردن کە والییەک بۆ خۆیان هەڵبژێرن، بەڵام ئەوان داوایانکرد کە عەبدولڕەحمان پاشا خۆی بمێنێتەوەو ببێتە والی بەغدا. کەچی پیاوماقوڵانی بابان قایل نەبوون گوتیان: پاشا ناکرێت لە دابونەریتی کوردە واری لادات، لە لایەک ناکرێت دەست لە کوردستان هەڵگرێت و، لە لاکەی تریشەوە ژیانی بیابانی عارەب سەختەو پاشا بەبێ نان و دۆی کوردە واری ناتوانێ و، ئێمەش نامانەوێت ئەو خەریکی کاروباری بێگانە بێتو کوردستان لەیاد بکات! دوای ماوەیەک عەبدولڕەحمان پاشا کەسێکی تری

بەناوی (عەبدوللا پاشای کهیا)ی دەستنیشانکرد بە والی بەغدا و، خۆی گەڕایەوە بۆ کوردستان.

دکتۆر کەمال مەزهەر، لە لاپەڕە (43)ی پەرتووکەکەیداو بەئاماژەکردن بۆ (الدليل الرسمي العراقي لسنة 1936)دا لاپەڕەکانی (51–52)، هەروەها (دليل الجمهورية العراقية لسنة 1960)دا لاپەڕە (94)دا، نووسیویێتی: (پارێزگای موسڵ: مەڵبەندەکەی موسڵ–ە، قەزاکانی بریتین لە موسڵ، دهۆک، زاخۆ، زێبار، ئاکرێ و شەنگال).
مرۆڤ کە سەیری ئەو قەزایانەی سەر بە شاری موسڵ دەکات، بێ هیچ گومانێک دەزانێت کە شاری موسڵ شارێکی کوردییە، چونکە ئەو قەزایانە هەر هەموویان قەزای کوردیی و شارو شارۆچکەی کوردنشینن، هەروەها ئەو قەزایانە ئابلۆقەی شارەکەیان داوەو لەناو قەزای موسڵ–یش کوردێکی زۆری شەبەک، ئێزیدی و هیتریش هەن. بۆیە ئەگەر موسڵ وەکو شارو پارێزگا تەنیا تاکە کوردێکی تیا نەمێنێت، ئەوکاتەش هەر شارو پارێزگاییێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە شاری موسڵ لەسەر خاکی کورد و بەدەستی کورد دروستکراوە، هەرچی سەبارەت بە قەزاکانی حەزەر، شەرگات، بەعاج، حەمدانیە و شارەدێی ڕەبیعەیە، هەر هەموویان بە مەبەستی بەعارەبکردنی ئەو شارەو ئەو دەڤەرە لەناو خاکی باشووری کوردستان دروستکراون.

دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، لە لاپەڕە (95)ی سەرچاوەی پێشودا نووسیویێتی: (زۆر گرنگە کە تێبینی ئەوە بکەین کە شەریف حوسێن، لە نامە نهێنییەکانی خۆیدا بۆ بەریتانیا لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، ئاماژەیەکی ڕاستگۆیانەی بەوە داوە کە مەبەستی لە ئێراق "هەردوو ویلایەتەکانی بەغداو بەسرای پێشووی تورکیایە").
هەروەها محەمەد ڕەسوڵ هاوار، هەمان شتی لە لاپەڕە (368)ی بەرگی یەکەمی پەرتووکی (شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان)داو، لە پەرتووکی (لۆنگریگ، ئێراق لەنێوان 1900–1950)دا وەرگرتووە، کە ئەو نووسەرە ئینگلیزە، نووسیویێتی: (لە ساڵی 1915–1916دا سێر ماکماهۆن لەگەڵ شەریفی مەکەدا باسی حکومەتێکی عارەبی کردووە، کاتێ کە هاتوەتە سەر باسی عارەب لە

ئێراقدا تەنیا باسی ویلایەتەکانی بەسراو بەغدای کردووەو، بە هیچ جۆرێک باسی ویلایەتی موسڵ و کوردستانی نەکردووە).

نامە نهێنییەکانی (شەریف حوسێنی مەککە) بەنرخترین بەڵگەن بۆ کوردێتی و کوردستانێتیی شاری موسڵ و تەواوی شارەکانی سەر بە ویلایەتی موسڵ، چونکە ناوبراو لە پێناسەکردنی ئێراقدا بەگوێرەی پەرتووکەکانی دکتۆر کەمال مەزهەرو لۆنگریک، تەنیا ئاماژەی بەهەردوو ویلایەتەکانی بەغداو بەسرا کردووەو باسی ویلایەتی موسڵی نەکردووە وەکو بەشێک لە ئێراق، کەواتە ویلایەت و شاری موسڵ خاکی کورد و بەشێکی کوردستانن، کە شاری موسڵ دەکەوێتە نێو سنووری ویلایەتی موسڵی کوردیی نەک ویلایەتەکانی بەغداو بەسرای عارەبی.

مام جەلال، سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرۆک کۆماری ئێستای ئێراق، لە وتارێکی خۆیدا کە بە بۆنەی چەژنەکانی نەورۆزو ڕزگارکردنی کەرکوک لە ئاهەنگێکی جەماوەریدا، لە دەربەندی بازیان لە ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (20.3.1998)دا پێشکەشی کردووەو، دەقی وتارەکە بە زمانی عارەبی لە لاپەڕەکانی (3+7)ی مانگنامەی (المنار الكوردي)، ژمارە (49)ی ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (8.5.1998)دا بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت: (لە ساڵی (1962)دا پەناهەندەکانی عارەبی ئێراقی دانیشتووی قاهیرە، کە زۆربەیان بریتیبوون لە عارەبە نەتەوەییەکان بە بەعسیەکانەوە، لەسەر داواکاری سەرۆک کۆمار جەمال عەبدولناسر، یاداشتێکیان دایە دەست جەمال عەبدولناسر، کە لە یاداشتنامەکەدا هاتبوو: سنووری کوردستان بەدرێژایی چیای حەمرین لە خوارووی مەندەلییەوە دەست پێدەکات و هەتا لەگەڵ دیجلەدا یەک دەگرێتەوەو لەوێشەوە بە ئاراستەی سنووری سوریادا دەڕوات).

بەگوێرەی ئەو پێناسەیەی کە عارەبە ناسیۆنالیستو بەعسییەکان بۆ سنووری کوردستان کردوویانە، شاری موسڵ دەکەوێتە نێو ئەو سنوورەو چوارچێوەی خاکی باشووری کوردستان. بۆیە دەتوانین بڵێین، شاری موسڵ شارێکی کوردییە لەناو سنووری کوردستان.

سەڵاح عوسام ئەبو شەقرا، کە نووسەرێکی عارەبی لوبنانییە، لە لاپەڕە (18)ی پەرتووکەکەیدا کە بەزمانی عارەبی نووسراوە لەژێر ناوونیشانی (الاكراد شعب

المعاناة نافذة على واقعهم في لبنان والعالم)دا، نووسەر نەخشەیەکی کوردستانی بڵاوکردۆتەوە کە موسڵ لەو نەخشەیەدا لەنێو سنووری کوردستانە. هەروەها لە وەرگێڕدراوە کوردییەکەی ئەم پەرتووکەدا، هەمان نەخشە لە لاپەڕە (14)دا بڵاوکراوەتەوە).

بەگوێرەی ئەو نەخشەیەی کوردستان، کە نووسەری عارەب سەلاح ئەبو شەقرا لە پەرتووکەکەی خۆیدا بڵاویکردۆتەوە، شاری موسڵ یەکێکە لە شارە گرنگەکانی کورد و دەکەوێتە نێو سنووری باشووری کوردستان. دانانی شارو پارێزگای موسڵ لەنێو سنووری کوردستان، بەڵگەیەکی زیندووە بۆ کوردستانێتیی و کوردێتیی ئەو شارە. نەخشەکە لە کۆتایی ئەو بەشەدا دانراوە.

پرۆفیسۆر دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، مامۆستای مێژووی نوێ لەزانکۆی دهۆک، لە لاپەڕە (9)ی پەرتووکی (جريدة الحقيقة – ڕاستی أول جريدة عربية كوردية في مدينة الموصل دراسة وثائقية)داو، بە پشت بەستنی بە (ابو زكريا الازدي، تأريخ الموصل، ص208)، (إبن حوقل، صورة الارض، ص195-196)، نووسیویێتی: (بوونی کورد لە موسڵ دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی زۆر کۆن و، زۆربەی زۆری ئەو گەڕیدە، مێژوونووس و جوگرافیناسانەی کە سەردانی موسڵ-یان کردووە، ئاماژەیان بە بوونی کورد لەم شارە کردووە. لە نووسینەکانی ئەلئەزدی (ساڵی 945ی زایینی مردووە)، مەسعودی (ساڵی 956ی زایینی مردووە)، ئیبن حەوقەل (ساڵی 977ی زایینی مردووە) هەروەها ئەلئەنساری (ساڵی 1326ی زایینی مردووە)، هاتووە: (کوردەکان هەر لە کۆنەوە لە موسڵ و دەوروبەریدا دانیشتوون و چەندان گەڕەکیان لەناو شارو دەرەوەی شار هەیە).

دانپێدانانی ئەو کۆمەڵە مێژوونووسەی عارەب و ئیسلام بەوەی کە کوردەکان هەر لە کۆنەوە لە موسڵ و دەوروبەریدا ژیاون، کە مێژوونووسەکان خۆیان لە سەدەی دەیەمی زایینیدا ژیابن و ئاماژەش بەبوونی کورد لەناو شاری موسڵ هەر لە کۆنەوە بدەن، مانای وایە دەبێت چەند سەدەیەک پێشتر کورد لە موسڵ ژیابن! هەروەها ئەو مێژوونووسانە ئامەژە بەوە دەکەن کە کوردەکان نزیکەی پازدە سەدەیەک بەر لە ئێستا لەناو شاری موسڵ-دا چەندان گەڕەکیان هەبووە. باشە خودی شاری موسڵ ئەوکاتی دەبێت لە چەند گەڕەک پێکهاتبێ، تاوەکو کورد چەندان گەڕەکیان هەبووبێ؟

پێم وایە ئەوکاتی زۆربەی شارەکەو گەڕەکەکان هی کورد بووە، هەروەکو چەندان مێژوونووس و گەڕیدەی عارەبی، ئیسلامی و بیانی ئاماژەیان بەوە داوە کە سەرجەم دانیشتوانی شاری موسڵ کورد بوون لە سەدەی دەیەمی زایینی، نەک چەند سەدەیەک بەر لەو سەدەیەدا هەروەکو ئەوان باسی دەکەن. بۆ نموونە نووسەری بەریتانی (کەی. مالکۆلم لیسترەنج)، کە لە لاپەڕە (116)ی پەرتووکەکەیدا (وڵاتانی خەلافەتی ڕۆژهەڵات)دا دەڵێت: (لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا (دەیەمی زایینی) خەڵکی موسڵ بەشێوەیەکی گشتی کورد بووینە). ئەوەی لیسترەنج باسی دەکات ئەو کاتەیە کە ئەو نووسەرانەی تێدا ژیاوە، واتە لە سەردەمی ئەوانیشدا زۆربەی هەرە زۆری و بەشێوەیەکی گشتی دانیشتوانی موسڵ کورد بووینە، بەڵام ئەوان تەنیا دانیان بەوەدا ناوە کە کوردەکان هەر لە کۆنەوە لەو شارەو دەوروبەریدا ژیاون و چەندان گەڕەکیشیان لەناو شاردا هەبووە، ئەو بۆچوونەیان ڕەنگدانەوەی بیری شۆڤینی ئەو نووسەرە عارەبانەیە، کە وای لێکردوون ڕاستییەکان بشارنەوە.

دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، لە لاپەڕە (74)ی وتارێکیدا لەژێر ناوی (الموصل مدینة العرب والکورد جغرافیا وتاریخیا) کە لە لاپەڕەکانی (72–84)ی ژمارە (21)ی گۆڤاری (دهۆک)دا بڵاویکردۆتەوەو بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (22)ی بەرگی یەکەمی پەرتووکی (تاریخ الموصل)ی مێژوونووسی عارەب، (سەعید ئەلدیوەچی)دا، دەڵێت: (مێژوونووسی موسڵ، سەعید ئەلدیوەچی، کورد بە دانیشتووی دێرینی شاری موسڵ ناودەبات، کاتێک کە دەڵێت: کوردەکان لەناو شارەکە (موسڵ)و دەوروبەری دانیشتوون).

بەگوێرەی ئەو دانپێدانانەی مێژوونووسی عارەب سەعید ئەلدێوەچی، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە مێژوونووسی ناوبراوی عارەب (هەرچەندە لە پێشەکییەکەدا باسی ئەوەکرا کە بنەماڵەی دیوەچی بەڕەسەن کورد بووینەو، بە عارەبکراون)، باسی ئەوە دەکات کە کورد دانیشتووی ناو شاری موسڵ و دەوروبەری بووینە، لە هەمان کاتیشدا کورد بەدانیشتووی کۆنی شاری موسڵ دادەنێت. بۆیە دەکرێت ئەو ئاماژەیەی مێژوونووسی ناوبراو، بە بەڵگەیەکی پڕ لە بایەخ بۆ کوردێتی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دابنرێت.

دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، لە لاپەڕە (74)ی وتارێکیدا لەژێر ناوی (الموصل مدينة العرب والكورد جغرافيا وتاريخيا) کە لە لاپەڕەکانی (72-84)ی ژمارە (21)ی گۆڤاری (دهۆک)دا بڵاویکردۆتەوەو، بە پشت بەستنی بە (عماد عبدالسلام رؤوف، ولاية الموصل في العهد العثماني، فترة الحكم المحلي 1726-1834، ص27)، عیماد عەبدولسەلام ڕەئوف ئەلعەتار نووسیویێتی: (بە دانپێدانانی سەرچاوەی باوەڕپێکراو پێوەندییەکانی موسڵ بە جەزیرە (ئەو ناوچەیەی کە دەکەوێتە نێوان دیجلە و فورات لە تکریتەوە لەسەر ڕووباری دیجلە بۆ حەدیسە لەسەر ڕووباری فورات بەرەو باکوور بۆ سەرچاوەکانی دیجلە و فورات)، پتەوترن لەوەی بە ویلایەتی بەغدا، لەبەر ئەوەی ئاراستەی ڕامیاری بەرەو باکوورە نەک بەرەو باشوور).

بەگوێرەی ئەو ئاماژە پێکردنەی مێژوونووسی عارەب دکتۆر عیماد عەبدولسەلام ڕەئوف، بەو پێوەندییە پتەوترەی ویلایەت و شاری موسڵ بە وڵاتی جەزیرە وە، لەو پێوەندییەی کە لەگەڵ ویلایەتی بەغدادا هەیەتی، ناڕاستەوخۆ بۆمان دەردەکەوێ کە ویلایەتی موسڵ بەچەشنی ویلایەتی جەزیرە (بۆتان) ویلایەت و شارێکی کوردیی و سەر بە خاکی کوردستانە. هەروەها نووسەری ناوبراوی عارەب لە دیاریکردنی سنووری وڵاتی جەزیرە (بۆتان)، سنووری باشووری وڵاتی جەزیرە دەگەیەنێتە شاری تکریت لەسەر ڕووباری دیجلە کە (245) کیلۆمەتر و شاری حەدیسە لەسەر ڕووباری فورات کە (390) کیلۆمەتر لە باشووری شاری (موسڵ)ەوەن. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە شاری موسڵ-یش سەر بە وڵاتی بۆتان (جەزیرە) بووە، هەروەکو چەندان گەڕیدە، مێژوونووس و جوگرافیناس شاری موسڵ-یان بە بەشێک لە وڵاتی جەزیرە (بۆتان) ناوبردووە.

دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (الموصل مدينة العرب والكورد جغرافيا وتاريخيا) کە لە لاپەڕەکانی (72-84)ی ژمارە (21)ی گۆڤاری (دهۆک)دا بڵاویکردۆتەوەو بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (61)ی ماستەرنامەی لە چاپ نەدراوی (عەلی شاکر عەلی)، لەژێر ناوی (ولاية الموصل في القرن السادس عشر)دا هاتووە: (لەوکاتەی عوسمانییەکان دەسەڵاتیان لە موسڵ-دا گرتەدەست، دیارترین بنەماڵەکانی موسڵ پێکدەهات لە چەندان بنەماڵەی عارەبیی و بنەماڵەی کوردیی).

هەروەکو ئاشکرایە کە ویلایەتی موسڵ لە سەرەتای سەدەی شازدەهەمو لە ڕێکەوتی (4.5.1516)دا، دوای کۆتایی پێهاتنی شەڕی ناوداری (چاڵدێران)ی نێوان عوسمانییەکان و سەفەوییەکان بەتەواوی کەوتە ژێردەستی دەوڵەتی عوسمانی تاوەکو ڕۆژی دەرکردنیان لە لایەن سوپای ئینگلیزەوە لە ڕێکەوتی (5.11.1918)دا، واتە تا کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی لەژێردەستی تورکەکاندا مایەوە. بەڵام لەو ماوە دوورو درێژەی داگیرکردنی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) لە لایەن تورکەوە نزیکەی (46) میرنشینی کوردیی نیمچە سەربەخۆییەکیان هەبووە. دانپێدانانی نووسەری عارەب عەلی شاکر عەلی بەبوونی چەندان بنەماڵەی کوردیی و عارەبیی، بەڵگەیەکی تری کوردێتی و کوردستانێتیی ئەو شارەیە، بە دەگمەن ڕێک دەکەوێ مێژوونووسێک یاخود نووسەرێکی عارەبی پێ لە جەرکی خۆی بنێت و ڕاستییەکان باس بکات، چونکە دانپێدانان بە ڕاستییەکان پووچەڵکردنەوەی زرنگکاری مەترسیداری بەعارەبکردن ریسوا دەکات! زۆرێک لە مێژوونووس و نووسەرانی عارەبی و ئیسلامی باسی ئەوە ناکەن کە شارەکە هی کورد یان عارەبە، بەڵام باسی ئەوە دەکەن کە دانیشتوانی شارەکە لە کورد و عارەب پێکدێن، یان باسی ئەوە ناکەن کە شاری موسڵ و تەواوی پارێزگاکە بەهەموو قەزاو شارەدێو دێهاتەکانیەوە دەکەونە سەر خاکی باشووری کوردستان، بەڵکو زۆرجار بە شارێکی موسڵمانان ناویان بردووە، بۆ ئەوەی لە دوارۆژداو پاش بەعارەبکردنی شارەکە ئەوجا باسی ئەوە بکەن کە ئایە شارەکە هی عارەبە یان نا!

دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (الموصل مدينة العرب والكورد جغرافيا وتاريخيا) کە لە لاپەڕەکانی (72-84)ی ژمارە (21)ی گۆڤاری (دهۆک)دا بڵاویکردۆتەوەو بە پشت بەستنی بە لاپەڕەکانی (142-143)ی پەرتووکی (مذكرات سليمان فيضي، من رواد النهضة العربية في العراق)، کە لە نووسینی (باسل سليمان فيضي)یە، دەڵێت: (دوای ئەوەی سلێمان فەیزی لە تەمووزی (1913)دا سەردانی موسڵ-ی کرد لەپێناوی کردنەوەی لقی (کۆمەڵەی نەتەوەیی عارەبی) لەو شارەدا، دەڵێت: باوەڕبووان بە کێشەی عارەبی زۆر کەمن و کارکەران لەو پێناوەدا زۆر کەمتر، ململانێی ئایینی کە دانیشتوانی موسڵ-ی پێ دەناسرێتەوە، ڕێگرێکە لەنێوان ئەوان و یاخێتی لەدژی دەوڵەتی عوسمانی کە

مۆرکی ئیسلامی و خەلافەتی پیرۆزی پێوەبوو. گوتم کاتێ گەیشتمە موسڵ بینیم ژمارەی باوەڕهێنەران بە بیری عارەبی لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێناپەڕن).

لاوازی هەستی نەتەوەپەرستی عارەبی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە ویلایەتی موسڵ، هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ژمارەی عارەب و خۆنەزانیان بە هاووڵاتی ڕەسەنی ویلایەتی موسڵ، لەگەڵ نەبوونی هیچ پێوەندییەکی ویلایەت و شاری موسڵ بە ئێراق و عارەبەوە، هەروەها بوونی عارەب لەو شارەدا (شاری موسڵ) وەکو داگیرکەرو خەڵکی ناڕەسەنی شارەکە، وای لەو عارەبانە کردوە کە هەردەم خۆیان بە بێگانە بزانن، بۆیە هەستی نەتەوەپەرستی عارەبی و ئێراقییان لاوازو بێهێزبووە، ئەوەش یەکێکە لە بەڵگەکانی کوردێتی و کوردستانێتیی ئەو شارەیە. بەڵام دواتر بەرە بەرە بەریتانیا و عارەب و دەوڵەتی ئێراق، لەپێناوی کارئاسانی بۆ لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە ئێراقی عارەبییەوە، لەنێوان ساڵانی کۆتایی (1918)دا تاوەکو ڕۆژی لکاندنی ویلایەتی موسڵ لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا بە دەوڵەتی تازەی ئێراقی عارەبییەوە (ویلایەتەکانی بەغداو بەسرا)، توانیان لەو ماوەیەدا نەک بەتەنیا بیری نەتەوەپەرستی بەڵکو توانیان بیری شۆڤینیش لەناو عارەبەکانی ویلایەتی موسڵدا بڵاوکردەوە.

دکتۆرو پرۆفیسۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لە لاپەڕە (137–141)ی ژمارە (6)ی گۆڤاری (الانفال)دا وتارێکی لەژێر ناوی (كوردية كركوك في ظل الحقائق التاريخية – الجغرافية)دا نووسیوەو لە لاپەڕە (138)دا بەپشت بەستنی بە لاپەڕە (479)ی پەرتووکی (مفصل جغرافية العراق)، لە نووسینی (تەها ئەلهاشمي)دا، باسی ئەوە دەکات کە ئەلهاشمی دەڵێت: (مەسعودی سنووری ئێراقی لە لای باکوورەوە بەوە دەستنیشان کردووە کە لە (تكريت) لەسەر ڕووباری دیجلە و لە (هيت) لەسەر ڕووباری فورات کۆتایی دێت).

جوگرافیناسی ناسراوی ئێراقی تەها حلمی سەلمان ئەلهاشمی (1888–1961)، کە کەسێکی سەربازی و ڕامیاری ناسراو بووە، چەندان پەرتووکی لەبارەی جوگرافیا نووسیوە، هەروەها گەیشتۆتە پۆستەکانی سەرۆکی ئەرکانی سوپا، وەزیری بەرگری و سەرۆک وەزیران بۆماوەی دوو مانگ لەنێوان (1.2.1941–1.4.1941)، ئاماژە بە پێناسەی مەسعودی دەکات بۆ سنووری ئێراق و، پێی وایە کە سنووری ئێراق

لەلای باکوورەوە لە تکریت لەسەر ڕووباری دیجلە کە (245) کیلۆمەتر و هیت لەسەر ڕووباری فورات کە (360) کیلۆمەتر لە باشوور و باشووری خۆرئاوای موسڵ-ن کۆتایی پێدێت. ئەو ئاماژە پێکردنەی هەریەک لە مەسعودی و تەها حلمی ئەلهاشمی بەڵگەیەکە لە بەڵگەکان بۆ سەلماندنی کوردێتی و کوردستانێتیی شارە دێرینەکەی موسڵ.

دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لە لاپەڕەکانی (138-139)ی ژمارە (6)ی گۆڤاری (الانفال)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (41)ی پەرتووکی (محاضرات في جغرافية العراق)دا لە نووسینی (جاسم محەمەد ئەلخەلەف)دا، ئەلخەلەف ئاماژە بەوە دەکات کە: (سنووری نێوان دەشتی لیتەئامێزەکان لەلای شاری (سامەڕا) لەسەر ڕووباری دیجلە و (ڕومادی) لەسەر ڕووباری فورات کۆتایی دێت).

کۆتایی هاتنی سنووری دەشتی لیتەئامێزەکان کۆتایی پێهاتنی سنووری عارەب و ئێراقە لەلای باکوورەوە، کاتێک کە سنووری دەشتی لیتەئامێزەکان لەسەر ڕووباری دیجلە لەلای شاری سامەڕا کە نزیکەی (280) کیلۆمەترو، لەسەر ڕووباری فورات لەلای شاری ڕومادی کە (320) کیلۆمەتر کەوتوونەتە باشوور و باشووری خۆرئاوای شاری موسڵ کۆتایی بێت، هەر لەوێشەوە سنووری خاکی عارەب و ئێراق کۆتایی پێدێت، کەواتە شاری موسڵ ناکەوێتە ناو سنووری وڵاتی عارەب و دەوڵەتی ئێراق، بەڵکو موسڵ دەکەوێتە ناو سنووری وڵاتی کورد و خاکی کوردستان. کەواتە موسڵ شارێکی کوردیی و کوردستانییە! هەروەها بە بۆچوونی مێژوونووسی عارەبی (تەها ئەلهاشمی)، بەرزاییەکانی حەمرین سنووری نێوان هەردوو هەرێمی چیاکان و دەشتی لیتەئامێزەکانەو، سنووری نێوان ئێراقی سەروو و ئێراقی ژێرییە، بەگوێرەی ئەو پێناسەیە، کەواتە شارەکانی موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە شاری کوردین و دەکەونە ناو سنووری باشووری کوردستان.

دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لە لاپەڕە (139)ی ژمارە (6)ی گۆڤاری (الانفال)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (18)ی پەرتووکەکەی (تەها حلمی سەلمان ئەلهاشمي)دا (مفصل جغرافية العراق)، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەلهاشمی دەڵێت:

(سنووری جیاکەرەوەی نێوان ئێراقی سەروو و ئێراقی ژووروو، هێڵێکە درێژ دەبێتەوە لەنێوان (بەلەد) لەسەر ڕووباری دیجلە و (هیت) لەسەر ڕووباری فورات).

بەگوێرەی ئەو هێڵەی کە مێژوونووسی عارەب تەها حلمی هاشمی لەنێوان ئێراقی سەروو و ئێراقی ژووروو یاخود کوردستان و ئێراقی کێشاوە، موسڵ دەکەوێتە نێو سنووری کوردستان، چونکە سنووری باکووری ئێراق لە شاری (بەلەد) لەسەر ڕووباری دیجلە و (هیت) لەسەر ڕووباری فورات کۆتایی پێدێت، هەروەکو پێشتریش ئاماژەم پێکردووە کە شاری بەلەد (350) کیلۆمەترو شاری هیت-یش (360) کیلۆمەتر لە باشوورو باشووری خۆرئاوای شاری موسڵ-ن. کەواتە ئەو پێناسەیەی ئەو مێژوونووسە عارەبە دەبێتە بەڵگەیەکی گرنگ لەپێناوی سەلماندنی کوردێتی و کوردستانێتیی شاری موسڵ-ی بەزۆر داگیرکراوو بەعارەبکراو. بێجگە لە (تەها هاشمی)ش مێژوونووسی عارەبی و ئیسلامی (یاقوتی حەمەوی) شاری موسڵ بە شارێکی سەر بە موسڵ-ی جەزیرە دەزانێت و، پێشی وایە بەلەد لە دەرەوەی سنووری ئێراقە و هیچ پێوەندییەکی بەو وڵاتەوە نییە.

دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، دیسان لە لاپەڕە (139)ی ژمارە (6)ی گۆڤاری (الانفال)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕەکانی (6-7)ی پەرتووکەکەی فازل ئەلئەنساری (مشكلة السكان)دا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەلئەنساری نووسیوێتی: (کۆتایی هاتنی دەشتی لیتەئامێزەکانی بە هێڵێک دەست نیشانکردووە کە درێژ دەبێتەوە لەنێوان بەلەد - ڕومادی).

بەگوێرەی ئەو دەستنیشانکردنەی نووسەری عارەب فازل ئەنساری، شاری موسڵ شارێکی کوردییەو دەکەوێتە نێو سنووری باشووری کوردستان، چونکە هەروەکو لە پێشتریش گوتمان بەلەد نزیکەی (350) کیلۆمەترو (ڕومادی)یش (320) کیلۆمەتر دەکەونە باشوورو باشووری خۆرئاوای شاری موسڵ.

دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لە لاپەڕەکانی (137-141)ی ژمارە (6)ی گۆڤاری (الانفال)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (19)ی پەرتووکی (سكان إقليم كوردستان)دا لە نووسینی (دکتۆر جەزا تۆفیق تالیب)دا باسی ئەوە دەکات کە نووسەری ئەو پەرتووکە نووسیوێتی: (مێژوونووس عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی و

مامۆستا فائیق ئەلسامەڕائی جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە سنووری کوردستان دەگاتە چیای حەمرین کە دەکەوێتە باشووری کەرکوک بە دەیەها میل).

بەگوێرەی ئەو سنوورەی کە مێژوونووسانی ئێراقی عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی و فائیق ئەلسامەڕائی بۆ کوردستان دیارییان کردووە، شارەکانی کەرکوک و موسڵ دەکەونە نێو سنووری باشووری کوردستان، چونکە کێوەسوور (چیای حەمرین) نزیکەی (148) کیلۆمەترێک دەکەوێتە باشووری شاری کەرکوک، هەروەها لە نزیکترین شوێن بۆ موسڵ کە (فەتحە)یە نزیکەی (110) کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری شاری موسڵ. کەواتە هەردوو شاری موسڵ و کەرکوک شاری کوردین و دەکەونە ناو سنووری باشووری کوردستان، نەک شاری عارەبی بن وەکو ئەوەی کە عارەبەکان بانگێشەی بۆ دەکەن.

فائیزە محەمەد عزەت، لە لاپەڕە (50)ی ماستەرنامەکەی خۆیدا کە لەژێر ناوی (الكورد في اقليم الجزيرة وشهرزور في صدر الاسلام من 637-749)داو، بە پشت بەستنی بە مێژوونووسانی عارەب (ئەلئەزدی، تاريخ الموصل، بەرگی (2)، لاپەڕەکانی (32، 33، 208)، (المسعودي، مروج الذهب، ج2، ل251)، (إبن حوقل، صورة الارض، ل195)، (الانساري، نخبة الدهر، ل255)، دەنووسێت: (کوردەکان هەر زۆر لە کۆنەوە لە موسڵ و ئەو شوێنانەی سەر بەو شارەن نیشتەجێ بووینە، وە بەتایبەتیش کوردەکانی حەمیدی، لاری و هەزبانی کە چەندان گەڕەکیان لەناو شارو لەوەڕگەیان لە دەرەوەی شاردا هەبووە، هەروەها ئەلئەزدی ئاماژەی بەوە کردووە کە سنووری ئەو شارۆچکانەی کە سەر بەو شارە بووینە گەیشتۆتە ئازربێجان).

بەگوێرەی بۆچوونەکانی مێژوونووسانی ئیسلامی و عارەبی وەکو (ئەلئەزدی، ئەلمەسعودی، ئیبن حەوقەل و ئەلئەنساری)دا، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە خاکی کوردستانە، چونکە ئەوان گەواهی ئەوەمان بۆ دەدەن کە کوردەکان هەر لە زۆر کۆنەوە لەناو شاری موسڵ و شارو شارۆچکەو دێهاتەکانی سەر بەو شارە ژیاون، کەچی عارەب وەکو داگیرکەر زۆر لە دوای کوردەکان هاتوون بۆ موسڵ و ئەو شارەیان لە کورد داگیرکرد، هەروەکو بەلازری دەڵێت لەکاتی هێرشی عارەبە ئیسلامییەکان دانیشتوانی کوردی نەینەوا چوونە شەڕی هێرش بەرانی

ئیسلام، ئەمەش دەیسەلمێنێ کە لەکاتی هێرشی میلیشیا ئیسلامییەکان بۆسەر کوردستان، دانیشتوانی شاری موسڵ هەمووی کورد بووەو عارەبی تیا نەبووە.

هەڵبەستوان و نووسەر خالید دلێر، لە لاپەڕەکانی (1010-11)ی پەرتووکی (کیف الحقت کوردستان الجنوبية بالدولة العراقية؟)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (67)ی پەرتووکی (قاسم .. والاکراد خناجر وجبال) لە نووسینی "ئەحمەد فەوزی"دا دەڵێت: (ویلایەتی موسڵ خاکی باشووری کوردستان دەگرێتەوە، بە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە ئێراقەوە، بەشێکی کوردستان گواسترایەوە بۆ سەر ئێراق، ئەو بەشەیە کەمتر لە چارەگێکی کوردستانە و کەمێک لە نیوەی زۆرتر لەسەر تورکیا مایەوەو ئەوەی تریش لەسەر ئێران).

نووسەری عارەب ئەحمەد فەوزی، ناڕاستەوخۆ داندەنێت بە کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ، کاتێک کە دەڵێت: (ویلایەتی موسڵ خاکی باشووری کوردستان دەگرێتەوە، لەکاتی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە ئێراقەوە، بەشێکی کوردستان گواسترایەوە بۆ سەر ئێراق). هەموومان دەزانین کە ویلایەتی موسڵ لە شارەکانی: (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) پێکدێت، کاتێک کە ویلایەتی موسڵ خاکی باشووری کوردستان بێت، کەواتە موسڵ و شارەکانی تریش کە لە سەرەوەدا ناویان هاتووە، شارن لە شارەکانی باشووری کوردستان. هەروەها کاتێک کە لکاندنی ویلایەتی موسڵ گواستنەوەی بەشێکی کوردستان بێت بۆ ئێراق، کەواتە موسڵ شارێکی کوردستانییە، چونکە هەموومان دەزانین کە شارەکانی ویلایەتی موسڵ-ی کوردی کە بە ئێراقی عارەبییەوە لکێنران بریتیبوون لە (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە). لێرەدا شاری موسڵ-یش وەکو بەشێک لە ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) گواسترایەوە بۆ سەر ئێراق!

نووسەری عارەب، ئەحمەد فەوزی، لە لاپەڕەکانی (26+67)ی پەرتووکی (قاسم .. وألاکراد خناجر وجبال!)داو بە پشت بەستنی بە (کازم حەیدەر)، نووسەری پەرتووکی (ألاکراد من هم وإلی أین؟)دا، نووسیوێتی: (دوای شەڕی گەورە، ئینگلیزەکان بەگوێرەی پەیماننامەی سایکس پیکۆی نهێنی، دەوڵەتی ئێراقیان دامەزراند، سنووری ئەو وڵاتە هەرسێ ویلایەتی بەسرا، بەغداو موسڵ-ی عوسمانی

دەگرتەوە. بە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە ئێراقەوە، بەشێکی کوردستان گواسترایەوە بۆ سەر ئێراق کە کەمتر لە چارەگێک بوو، لە نیوەی زۆرتریش لەسەر تورکیا و ئەوەی ماوەش لەسەر ئێران. ئەو گۆڕانکارییانەش بووە هۆی ئەوەی کە بەشێکی کوردستان بخرێتە سەر ئێراق).

مێژوونووسی عارەب ئەحمەد فەوزی، ناڕاستەوخۆ داندەنێت بە کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ، لە لایەک کاتێک کە باسی لکاندنی ویلایەتی موسڵ-ی عوسمانی بە ئێراقەوە دەکات، لە لایەکی تریشەوە کە دەڵێت بە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەشێکی کوردستان گواسترایەوە بۆ سەر ئێراق. ئەو دانی بەوەدا ناوە کە ویلایەتی موسڵ بەشێکی کوردستان بووە نەک خاکی عارەب یان ئێراق، کەواتە شاری موسڵ-یش وەکو شارێک و پایتەختی ویلایەتی موسڵ، نابێتە شارێکی عارەبی یان ئێراقی. هەموو لایەکیشمان ئەوە دەزانین کە عوسمانییەکان لە ساڵی (1516ز)دا خاکی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)یان داگیرکرد، هیچ خاکێکیش بە داگیرکردن و زەوتکردن تاسەر نابێتە خاک و نیشتمانی نەتەوەی داگیرکەر، ویلایەتی موسڵ-یش وە بەتایبەت شاری موسڵ تاسەر بەژێردەستەیی عارەب نامێنێتەوەو، ڕۆژێک دادێت قارەمانانی کورد ئەو خاکە داگیرکراوەی خۆیان لە دوژمنان بستێننەوە!

نووسەری عارەب ئەحمەد فەوزی، لە لاپەڕە (137)ی پەرتووکی (قاسم .. وألاكراد خناجر وجبال!)دا نەخشەیەکی بڵاوکردۆتەوەو لەژێرەوەی نەخشەکەدا نووسیویێتی: (نەخشەیەک کە ناوچە کوردییە ڕاپەڕیوەکان دەردەخات)، شاری موسڵ بەتەواوی لەم نەخشەیەدا دیارە.

مێژوونووسی عارەب ئەحمەد فەوزی داندەنێت بە کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ-ی بەزۆر داگیرکراو، کاتێک کە نەخشەیەکی ناوچەی کوردە ڕاپەڕیوەکان بڵاودەکاتەوەو شاری موسڵ دەکەوێتە ناو سنووری ناوچە کوردییەکان، هەر ناوچەیەکیش ناوچەیەکی کوردیی بێت، کەواتە بێ هیچ گومانێک شارێکی کوردیی و سەر بە خاکی کوردستان-یشە. نەخشەکە لە کۆتایی ئەو بەشەدا دانراوە.

مێژوونووسی گەورەو ناسراوی ئێراقی، (عەبدولڕەزاق حەسەنی)، لە لاپەڕە (37)ی پەرتووکی (العراق قديما وحديثا)، لە نووسینی کە بەمشێوەیە سنووری باشووری کوردستانی دیاریکردووە: (کوردە ئێراقییەکان لەو شارو گوندانە نیشتەجێن کە لە سنووری ئێران - ئێراقەوە بەدرێژایی هێڵێکی ڕاست، کە لە چیای حەمرین (کێوەسوور) دەست پێدەکا تا دەگاتە چیای شەنگال، کە دەگاتە سنووری ئێراقی – تورکی – سوری).

بەگوێرەی دیاریکردنی ناوچە کوردییەکان لە لایەن مێژوونووسی ناوداری ئێراقی عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی، شاری موسڵ دەکەوێتە نێو سنووری باشووری کوردستان، نەک بکەوێتە ناو خاکی عارەب و ئێراق، چونکە هەروەکو مێژوونووسی ئێراقی (عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی) ئاماژەی پێداوە، سنوورەکە بە هێڵێکی ڕاست لە چیای حەمرین (کێوەسوور)ەوە بۆ شەنگال دەپەڕێتەوە، بەمەش شاری موسڵ بە چەندان کیلۆمەتر دەکەوێتە باکووری هێڵەکەوە. مادامیش شوێنی نیشتەجێبوونی کورد بەگوێرەی ئەو دەست نیشانکردنەی مێژوونووسی ناوبراو، بەسەدان کیلۆمەتر لە باشووری شاری موسڵ-ەوە بێت، کەواتە شاری موسڵ بەدڵنیایی دەکەوێتە ناو سنووری باشووری کوردستان، بەتایبەت کە مێژوونووس و نووسەری ئێراقی (عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی)، لە لاپەڕە (247)ی سەرچاوەی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیوێتی: (موسڵ یەکێکە لە گرنگترین شارەکانی باکووری ئێراق)، هەموومان دەزانین کە باکووری ئێراق زاراوەیەکی ڕامیارییە و دەسەڵاتدارەکانی ئێراق، عارەبە شۆڤینیستەکان و داگیرکەرانی تری خاکی کوردستان لە ڕێکەوتی (18.7.1926)دا، بەشێوەیەکی فەرمی و بەزۆر بڕیارِیاندا لەدژی کورد و کوردستانییەکان بەکاری بهێنن.

مێژوونووسی ئێراقی عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی لە لاپەڕە (77)ی پەرتووکی (العراق قديما وحديثا)دا، نووسیوێتی: (نەینەوا لە هەزارەی چوارەمی پێش زایینداگوندێکی بچوک بووە کە هیچ گرنگییەکی نەبووە. وەلێ کاتێک کە ئاشوورییەکان هاتن و تێیدا نیشتەجێبوون، هەروەها لە گوندەکانی دەوروبەریشیدا نیشتەجێبوون، نەینەوا گەشەی کردو ئاوەدان بووەوەو بووە شارێکی جێگەی گرنگی پێدان. کار

گەیشتە ئەوە کە کارگێڕانی شارەکە لە لایەن پادشاکانی دەسەڵاتدارەوە دەستنیشان بکرێن).

ئەوەی کە نووسەرو مێژوونووسی ناوداری ئێراقی نووسیویێتی، زۆر بەدڵنیاییەوە کوردبوون و کوردستانێتیی شارو پارێزگای موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە نەینەوا پێش چوار هەزار ساڵ گوندێک بووە بەر لەهاتنی ئاشوورییەکان، کەواتە نەینەوا بەر لەهاتنی ئاشووری و عارەبەکان هەبووە، مادامیش نەینەوا بەر لەهاتنی ئەوان (ئاشووری و عارەب وەکو دوو نەتەوەی داگیرکەر) بۆ ناوچەکە هەبووە، کەواتە نەتەوەیەکی تر لەوێ هەبووەو نەینەوای دروستکردووە، هیچ گومانیشی تێدا نییە کە ئەو نەتەوەیە نەتەوەی کورد بووە. بۆیە نەینەوا هەر هی ئەو نەتەوەیە (واتە نەتەوەی کورد) کە ئەو شارەیان دروستو ئاوەدان کردۆتەوە، نەک داگیرکەران کە بەزۆر داگیریان کردووە.

ئەرشەد هورمزی، لە لاپەڕە (47)ی پەرتووکی (حقيقة الوجود التركماني في العراق)دا دەربارەی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ بەگوێرەی خەمڵاندنەکانی ساڵی (1921)، نووسیویێتی: (ژمارەی کورد لە شاری موسڵ (179.820)، عارەب (170.663)، فەلە (57.425)، تورکمان (14.895)، یەهودی (9.665)، کۆی گشتی (432.468).

هەولێر – کورد (77.000)، عارەب (5.100)، تورکمان (15.000)، یەهودی (4.800)، فەلە (4.100)، کۆی گشتی (106.000).

کەرکوک – کورد (45.000)، تورکمان (35.000)، عارەب (10.000)، یەهودی (1.400)، فەلە (600)، کۆی گشتی (92.000).

سلێمانی – کورد (152.900)، تورکمان (1.000)، یەهودی (1.000)، فەلە (100)، عارەب هیچ، کۆی گشتی (155.000).

کۆی گشتی هەر نەتەوەیەک لە ویلایەتی موسڵ، کورد (454.720)، عارەب (185.763)، تورکمان (65.895)، فەلە (62.225)، یەهودی (16.865)، هەروەها تێکڕای دانیشتوانی ویلایەتەکە (785.468) کەسە).

ئەرشەد هورمزی کە نووسەرێکی تورکمانەو بە دەگمەنیش ڕێک دەکەوێت تورکمانەکان دانبنێن بە ڕاستییەکان، ئەوان کە ژمارەی تورکمان لە نزیکەی (500)

هەزارێک بگەیەننە پێنج ملیۆن و شارەکانی کەرکوک، هەولێر، موسڵ و خانەقینی کوردستانی بە شاری تورکمانی بزانن، ڕاستی کوانێ؟ بەگوێرەی ئەو بەڵگەیەی ئەرشەد هورمزی، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە خاکی کوردستانە، چونکە ئەگەر بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوانیش بێت ئەوە ژمارەی دانیشتوانی کورد لە ساڵی (1921)دا لە ژمارەی عارەب زۆرتر بووە، سەرەڕای هەموو فڕتوفێڵێکی ئەو سەرژمێرانەی کە لە لایەن تورکیا، ئینگلیز و کۆمەڵەی نەتەوەکان ئەنجام دراون، کە هەردەم ژمارەی کوردیان بە ئەنقەست کەم کردۆتەوەو هەردەم ژمارەی عارەب و تورکمانیان بەرزکردۆتەوە، لەپێناوی هەوڵدان بۆ لکاندنی ئەو ویلایەتەی کە خاکی کوردان بووە، بە تورکیا یان بە ئێراقی عارەبییەوە (ویلایەتەکانی بەغداو بەسرا). بۆ نموونە هەروەکو دکتۆر جەبار قادر ئاماژەی پێداوە، تورکەکان لە ڕاپۆرتی خۆیاندا بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان سەبارەت بە پرسی ویلایەتی موسڵ نووسیبوویان کە (32.960) هەزار تورک لە پارێزگای سلێمانیدا هەن. ئەوە لە کاتێکدا کە پارێزگای سلێمانی بەتەواوی لەوکاتیدا تاکە تورکمانێکی تیادا نەبووە، ئەی باشە دەبێت چەندیان لە ژمارەی کورد کەم کردبێتەوەو چەندیان خستبێتە سەر ژمارەی چەند تورکمانێکی هەولێر و کەرکوک؟

عەقید ئەمین سامی ئەلغەمراوی، کە نووسەرێکی عارەبی میسرییەو تا سەر ئێسقان شۆڤینی و دژ بە کورد و کوردستانە، لە لاپەڕە (77)ی پەرتووکی (قصة الكورد في شمال العراق)دا، لە باسی (جەزیرە)دا نووسیوێتی: (جەزیرە: ئەو ناوە لە کۆنەوە بەو ناوچەیەی کە دەکەوتە نێوان چیاکانی کوردستان لە باکوورو خۆرهەڵاتەوە وە خاکی ڕەش لە باشوورەوەو دۆڵی فورات لە خۆرئاواوە. لە کۆنەوە دابەشی سەر (3) بەش کرابوو کە ئەمانەن:

1- دیار ڕەبیعة: کە موسڵ دەگرێتەوە.

2- دیار مضر: بریتییە لەخاکی رقە.

3- دیاربەکر).

ئەوەی کە نووسەر سامی ئەلغەمراوی لە سەرەوەدا ئاماژەی پێکردووە، بەڵگەیەکی ڕاستەوخۆی کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ-ە، چونکە هەمووما‌ن دەزانین کە جەزیرەی بۆتان ویلایەتێکی کۆنی کوردیی و سەر بە خاکی کوردستان بووە بە

گشت شارو شارۆچکەکانی. هەروەکو لەو بەڵگەیەشدا ئەلغەمراوی پێمان دەڵێت کە شاری موسڵ بەشێک بووە لە خاکی جەزیرە، کەواتە شاری موسڵ وەکو شارو پارێزگا بەشێکی دانەبڕاوی خاکی کورد و کوردستانە. هەروەها ڕقە و دیاربەکر (ئامەد)یش دوو شاری کوردین و سەر بە جەزیرە بووینە.

عەقید ئەمین سامی ئەلغەمراوی، لە لاپەڕە (100)ی پەرتووکی (قصة الكورد في شمال العراق)دا نووسیویێتی: (کوردەکان لە ئێراقدا لە کۆی (14) پارێزگادا کە ئێراقی لێ پێکدێت تەنیا لە پێنج پارێزگادا نیشتەجێن. ئەو پارێزگایانەش بریتین لە: پارێزگای موسڵ، پارێزگای هەولێر، پارێزگای کەرکوک، پارێزگای سلێمانی و پارێزگای دیالە).

ئەو ئاماژەیەی نووسەری شۆڤێنیستی عارەب (عەقید ئەمین سامی ئەلغەمراوی)، بەوەی کە کوردەکان لەو پێنج پارێزگایەی کە ناوی بردوون دەژین، دانپێدانانێکە بە کوردێتی و کوردستانێتیی شارو پارێزگای موسڵ، چونکە کورد وەکو بوون بوونیان لە هەریەک لە شارەکانی (بەغدا، تکریت، واسط و میسان) هەیە، تەنیا لە بەغدا ژمارەیەکی یەکجار زۆری کورد هەبووە، کە ئێستاکە پتر لە یەک ملیۆن دەبن، بەڵام نووسەر ئاماژەی پێنەداون، چونکە ئەو تەنیا ئاماژەی بەو کوردانە داوە کە لە کوردستاندا دەژین!

عەقید ئەمین سامی ئەلغەمراوی، لە لاپەڕە (278–279)ی پەرتووکی (قصة الكورد في شمال العراق)دا ئاماژەی بە بروسکەیەکی سەرکردەی ناسراوی کورد، مستەفا بارزانی کردووە کە لە (28.3.1963)دا بە ئامێری بێتەل بۆ (ئاکرێ) – حەسکۆ بارزانی – ناردووە، ناوەڕۆکی بروسکەکە لە (11) خاڵی گرنگ پێکهاتووە، کەگرنگترینیان ئەمانەن:

1– میری ئێراق پەسندی ئەوەی کرد کە مافی خۆبەڕێوەبردنی ناناوەندی بدات بە کوردەکان.

5– سوپای ناوچەی کوردستان لە کوردەکان هەڵدەبژێردرێت و، چەک و کەرەستەو ئامێری نوێی وەکو فڕۆکە و تۆپ بە هەموو جۆرەکانیەوە بۆیان ئامادە دەکرێت.

6– دوو لەسەر سێی داهاتی نەوتی کوردستان تایبەت دەکرێت بۆ کوردەکانی ناوچەی کوردستان.

8- سنووری کوردستان بەمشێوەیە دەبێت:
لە باکوورەوە: تورکیا.
لە باشوورەوە: حەمرین.
لە ڕۆژئاواوە: سوریا.
لە ڕۆژهەلاتەوە: ئێران.

بەگوێرەی ئەو بروسکەیەی کە نووسەری عارەب ئەمین سامی ئەلغەمراوی ئاشکەرای کردووە، دەردەکەوێت کە شاری موسڵ شارێکی کوردییەو دەکەوێتە ناو سنووری ئەو ئۆتۆنۆمییەی کە میری ئێراق بەگوێرەی بروسکەکە دانیپێداناوە. کاتێک کە سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان لە ڕۆژئاواوە وڵاتی سوریا بێت و، تەواوی شارو پارێزگای موسڵ بکەونە خۆرهەڵاتی سوریا، گومان لەوەدا نامێنێ کە شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان دەبێت.

نووسەرو ڕۆژنامەنووسی ئێراقی، تاڵیب ئەلسحوفی، لە لاپەڕە (241)ی پەرتووکی (الاستقرار المفقود في عهد صدام)دا، نووسیویێتی: (بەریتانیای مەزن، لە ساڵی (1920)دا دەسەڵاتی ئینتیدابی لە ئێراق وەرگرت و، سەرکەوتنی بەدەست هێنا لەوەی کە ویلایەتی کوردەکان، موسڵی دەوڵەمەند بە سامانی نەوت بخاتە سەر ناوچەی ئینتیداب لە دژی بەرژەوەندی تورکیا. ئەوەی شایانی باسە (85%)ی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ لە کوردەکان پێکدەهات).

کاتێک کە ڕۆژنامەنووسی عارەبی ئێراقی تالیب ئەلسحوفی، ویلایەتی موسڵ بە ویلایەتێکیی کوردیی ناو دەبات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تەواوی شارەکانی ئەو ویلایەتە (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە)، هەر هەموویان شاری کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانن، هەرگیز ناشکرێت شارێک یان دەڤەرێکی لێ هاوێر بکرێت، بەتایبەتیش مەڵبەندی ویلایەتەکە کە شاری موسڵ بووە. دیسان کە ویلایەتی موسڵی کوردیی کە (85%)ی دانیشتوانەکەی کوردبن، هەر دەبێت ئەو خاکە خاکی کورد بێت و بەشێکی کوردستان بێت.

نووسەری ناسراوی عارەب، دکتۆر زوهێر عەبدولمەلک، لە لاپەڕە (74)ی پەرتووکی (الکورد وبلادهم کوردستان بين سؤال وجواب)دا، نووسیویێتی:

(ژمارەیەکی زۆر لە ئاشوورییەکان کە گوندەکانیان دەکەوتە دەوروبەری موسڵ تا کەنار دەریاچەکانی وان و ورمێ، کوردستانیان جێهێشت بە هۆی ئەو بە کۆمەڵ کوشتنانەی کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم و لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە سەر دەستی سوڵتانی تورکی تووشی هاتن).

لێرەدا نووسەری ناسراوی عارەب، دکتۆر زوهێر عەبدولمەلک، ڕاستەوخۆ دانی پێدادەنێت کە شاری موسڵ و دەڤەرەکەی خاکی کورد و بەشێکی کوردستانن، کاتێک کە باسی ئەوە دەکات کە ژمارەیەکی زۆری ئاشوورییەکانی دەوروبەری موسڵ کوردستانیان بەجێهێشت لە ترسی کۆمەڵکوژییەکانی دەوڵەتی خەلافەتی عوسمانی. کەواتە نووسەر موسڵ بە بەشێک و بە شارێکی باشووری کوردستان دەزانێت، بۆیە دەکرێت ئەو ئاماژەیەی نووسەری ناوبراو بکرێتە بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی کوردێتی و کوردستانێتیی شاری موسڵ.

دکتۆر زوهێر عەبدولمەلک، لە لاپەڕە (75)ی سەرچاوەی ناوبراو لە سەرەوەدا، نووسیویێتی: (کەمەنەتەوەی تورکمان لە کوردستاندا لە دوو ناوچەی سەرەکیدا کۆبوونەتەوە کە دەکەونە نێوان ئەو ناوچەیەی کە لە کفری و کەرکوک درێژ دەبێتەوە بۆ هەولێر و موسڵ، هەروەها لە ناوچەی ئالازیغ درێژ دەبێتەوە بۆ مەلاتیە و عەینتاب).

نووسەری ناسراوی عارەب، دکتۆر زوهێر عەبدولمەلک، دووبارە شاری موسڵ دەخاتەوە نێو سنووری کوردستان، کاتێک کە باسی تورکمانەکان دەکات و پێی وایە ئەوان لە کوردستاندا لە ناوچەکانی نێوان کفری و کەرکوک تا هەولێر و موسڵ دەژین. کاتێ کە نووسەر دەڵێت (تورکمان لە کوردستاندا لە ناوچەی نێوان ئەو شارانەدا دەژین)، کەواتە هەموو ئەو شارانەی کە نووسەر ناوی بردوون، شاری کوردیی و سەر بە خاکی کوردستانن. لێرەدا دکتۆر زوهێر ناوی شارەکانی موسڵ، هەولێر، کەرکوک و کفری وەکو شاری کوردستانیی بردووە، کەواتە بە بۆچوونی ئەو شاری موسڵ شارێکی کوردیی و کوردستانییە.

دکتۆر حوسێن بدێوی، لە لاپەڕە (63)ی پەرتووکی (خطوة على الطريق الى البيت الكوردي الكبير)دا نووسیویێتی: (هاوپەیمانەکان (بەریتانیا و فەرەنسا) لە کۆنگرەی

(سان ڕیمۆ) لە (24.7.1920)دا بەگوێرەی ئەو پەیماننامەیەی کە بە (پەیماننامەی نەوت) ناوبرا پێکهاتن بۆ دیاریکردنی (20%)ی نەوتی موسڵ بۆ حکومەتی نیشتمانی ئێراقی، هەروەها لە هەمان کاتدا هاوپەیمانەکان لە سان ڕیمۆدا هەروەها دواتر لە پەیماننامەی سێڤرە لە ڕێکەوتی (10.8.1920)دا دان بەوەدا بنێن کە ناوچەی موسڵ بەشێک بێت لەو دەوڵەتە کوردییەی کە پێشنیارکراوە دروست بکرێت، هەر لەبەر ئەو هۆیەشە کە بەگوێرەی یاساو دادپەروەری موسڵ بۆ کوردەکان دەگەڕێتەوەو هی ئەوانە).

ئەو دانپێدانانەی دکتۆر حوسێن بدێوی بەوەی کە بەگوێرەی پەیماننامەی (سێڤرە) دەبوایە ناوچەو ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر ئەو دەوڵەتە کوردییەی کە پێشنیاری دامەزراندنی کرابوو لە باکووری کوردستان، بەڵگەیەکە بۆ سەلماندنی کوردێتی و کوردستانێتیی شاری موسڵ، چونکە ویلایەتی موسڵ ئەوکاتیش شارەکانی موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالەی دەگرتەوە، ئەگەر بخرابانایە سەر باکووری کوردستان، هەر شەش شارەکە بە یەکەوە دەخرانە سەر باکووری کوردستان و، موسڵ یان شارێکی تری لێ هاوێر نەدەکرا.

دکتۆر حوسێن بدێوی، لە لاپەڕە (96)ی هەمان سەرچاوەی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (مەندوبی سامی بەریتانی لەو نامەیەدا کە بۆ سەرۆک وەزیرانی ئێراقی کە لە پەراوێزی ژمارە (1)دا ئاماژەی پێکراوە، کۆکە لەسەر داواکاری یەکەم، بەڵام دژی داواکاری دووەمەو پاڵپشت و هانی هیچ ئاراستەکی جیابوونەوە ناکات. ترسی بەریتانییەکان، سەرچاوەکەی ترسی دۆڕاندنی نەوتی موسڵ و کەرکوک بوو کە کەوتوونەتە ناو خاکی کوردستانی ئێراق). هەروەها دکتۆر حوسێن بدێوی، لە هەمان لاپەڕەداو چەند دێرێک خوارتر نووسیویێتی: (بۆشاییەکی گەورە لە سیستەمی خوێندن و فێرکاری لە کوردستاندا هەبوو، بەڕێوەبەرێتیەک بۆ خوێندنی یەکگرتووی کوردی نەبوو بۆ هەر چوار پارێزگای هەولێر، سلێمانی، کەرکوک و موسڵ، جگە لە ناوەندی موسڵ کە عارەبییە هەموو قەزاو شارەدێکانی تر هی کوردن).

ئەوەی کە نووسەری عارەب نەژار حوسێن بدێوی ئاماژەی پێکردووە، کوردبوون و کوردستانیی بوونی هەردوو شارەکانی موسڵ و کەرکوک دەگەیەنێت، کاتێک کە نووسەری ناوبراو دەڵێت: (سەرچاوەکەی ترسی بەریتانیا دۆڕاندنی نەوتی موسڵ و

کەرکوک بوو کە کەوتوونەتە ناو خاکی کوردستانی ئێراق)، بەمەش بۆمان دەردەکەوێت کە هەردوو شارەکە، شارو خاکی کورد و کوردستانن. هەرچی سەبارەت بەوەی کە دکتۆر حوسێن بدێوی داندەنێت بە کوردێتی و کوردستانێتیی پارێزگاکانی هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و موسڵ جگە لە ناوەندی موسڵ، هەموو قەزاو شارەدێکانی تر بە هی کورد دەزانێت. تێناگەم کە هەموو قەزاو شارەدێکانی هەرچوار دەوری شاری موسڵ هی کورد بن، بۆ دەبێ لەو ناوەڕاستەدا بەتەنیا ناوەندی موسڵ وەکو شارێکی عارەبی قیت بکرێتەوە؟ ئایا حوسێن بدێوی و عارەبە ڕەگەزپەرستەکان تەنیا بەوە وەستاون، کە بەتەنیا ناوەندی شاری موسڵ هی عارەب بێت، یاخود ئێستاکە چەندان قەزاو شارەدێی دەوروبەری شاری موسڵ-یش بە هی عارەب دەزانن؟ ئاخر چۆن دەبێت ناوەندی شاری موسڵ کە بەشارو ناوچەی کوردی دەورە دراوە، عارەبی بێت؟ ئاخر چۆن دەکرێت ناوەندی شاری موسڵ بەتەنیا لەو ناوەدا شارێکی عارەبی بێت، مادام دەوروپشتەکەی هەر هەمووی خاکی کورد و کوردستان بێت؟ یان وەکو سەرەتایەک بۆ بەعارەبکردنی تەواوی پارێزگاکە، سەرەتا لەناو ناوەندی شاری موسڵ دەستیان پێکرد؟ ڕاستییەکان لەبەر چاوانن، دوای گواستنەوەی عارەبێکی زۆر بۆ ناوەندی موسڵ و دەرکردنی دانیشتوانی ڕەسەنی کورد لە شارەکەدا، دیمۆگرافیای شارەکە گۆڕدراوە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە ئەوشارە شارێکی عارەبی بێت، بۆیە دانپێدانانی ئەو بەوەی کە تەنیا ناوەندی موسڵ عارەبییەو تەواوی قەزاکانی تری سەر بەوشارە کوردین، لە لایەک دەبێتە بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی کوردێتیی و کوردستانێتیی ئەو شارە، لە لایەکی تریشەوە دەبێتە بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی هەوڵی بەعارەبکردنی ناوەندی موسڵ و پارێزگای موسڵ بەگشتی.

نووسەرو ڕۆشنبیری عارەب دکتۆر کازم حەبیب، لە لاپەڕە (5)ی ئەو چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەنووسییەی کە ئاکۆ محەمەدی سەرنووسەری ڕۆژنامەی (میدیا) لەگەڵی ئەنجام داوەو، لە لاپەڕەکانی (5-7)ی ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە (132)ی ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (22.9.2002)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (لە کۆتایی ساڵی (1925)دا کۆمەڵەی نەتەوەکان بڕیاریدا باشووری کوردستان کە بە ویلایەتی موسڵ ناسرابوو بە ئێراقەوە بلکێنرێ. لە سەردەمی عوسمانییەکاندا ویلایەتی موسڵ

یەکێک بوو لەو سێ ویلایەتانەی کە سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بوو، دواتریش دەوڵەتی ئێراقیان پێکهێنا، ئەو سێ ویلایەتەش ئەمانە بوون: موسڵ، بەغدا و بەسرا).

دکتۆر کازم حەبیب، باشووری کوردستان بە ویلایەتی موسڵ ناودەبات، کەواتە هەردووکیان پێشتریش ڕوونکرایەوە کە باشووری کوردستان و ویلایەتی موسڵ دوو ناوی جوگرافین بۆ خاک و نیشتمانی کورد بەکاری دەهێنن. کەواتە باشووری کوردستان و ویلایەتی موسڵ هەر یەک خاک و یەک هەرێم دەگرنەوە، بە گەواهی چەندان مێژوونووس، جوگرافیناس، گەڕیدە، ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیری عارەب، تورک و بیانی ویلایەتی موسڵ لە شارەکانی موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە پێکدێت، کەواتە باشووری کوردستان-یش لە هەمان ئەو شارانە پێکدێت کە ویلایەتی موسڵی لێ پێکدێت، بۆیە شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە.

دکتۆر فرسەت مەرعی ئیسماعیل، مامۆستا لەکۆلیژی پەروەردەی زانکۆی دهۆک، لە لاپەڕە (60)ی پەرتووکی (الامارات الکوردیة في العصر العباسي الثاني 350-511هجري/ 960-1117م)داو، بە پشت بەستنی بە (إبن حوقل: صورة الارض، 187، المقدسي: أحسن التقاسیم، 121، یاقوت الحموي: معجم البلدان، 2،134، 136)دا نووسیویێتی: (شاری بەلەد کە سەر بە موسڵ-ە دەکەوێتە نێو سنووری هەرێمی جەزیرە بە بۆچوونی تەواوی گەڕیدەکان، هیچ پێوەندییەکی بە هەرێمی ئێراقەوە نییە).

ئەو دانپێدانانەی مێژوونووسی عارەب ئیبن حەوقەل، بەوەی کە شاری بەلەد (350) کیلۆمەتر کەوتۆتە باشووری خۆرئاوای شاری موسڵ سەر بەو شارە بێت و، هیچ پێوەندییەکی بە ئێراقەوە نەبێت، کەواتە شاری موسڵ بەدڵنیاییەوە شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە.

نووسەرو ئەفسەری شۆڤینیستی عارەب مەحمود دوڕە، کە پێشتر بەڕێوەبەری گشتی ئیستخباراتی سەربازی بووە لە سەردەمی سەرۆک کۆماری ئێراق (عەبدولسەلام محەمەد عارف 26.3.1921-13.4.1966)، عەبدولسەلام محەمەد عارف لە ماوەی نێوان (8.2.1963-13.4.1966)دا سەرۆکی ئێراق بووە. مەحمود

دورە، لە لاپەڕە (78)ی پەرتووکی (القضية الكوردية)دا نووسیوێتی: (کاتێک کە شەڕی نێوان ئێرانییەکان و تورکیا نوێ بووەوە لە لایەن نادرشا لە ساڵی (1730)دا، ئەوکاتە باشووری کوردستان بوو بە قۆچی قوربانی ئەو شەڕە. سوپای نادرشا لە ڕێگای خۆی بەرەو کەرکوک توانی شارەزوورو شەهربازار (شارباژێڕ) داگیر بکات، دواتر لە زێی بچووک پەڕییەوەو دووبارە هاتەوە ناو باشووری کوردستان و هەولێری داگیرکرد، دوای ئەوە لە نزیک شوورەی موسڵ راوەستێنرا کە وەڵامێکی توندی نادر شایان دایەوە بە خۆڕاگری پاڵەوانانەیان لە ڕووبەڕوو بوونەوەیان بەرانبەر بە سوپایەکی بەهێزتر لەخۆیان).

نووسەری ڕەگەزپەرستی عارەب مەحمود دورە، یەکێک بووە لەسەر سەختترین و شۆڤینیترین ئەفسەرە عارەبە ڕەگەزپەرستەکانی دژ بە کورد و کوردستان. ئەو ئەفسەرە شۆڤینییە لە پەرتووکەکەی خۆیدا لە لاپەڕەی هەرە پێشەوەدا نەخشەیەکی کوردستانی بڵاوکردۆتەوە، ئەگەر بە چەقۆ و مقەستیش بیبڕیت وا دەرناچێت، هەرچی شوێن و ناوچەی گرنگی باشووری کوردستان هەیە لە کوردستانی دایبڕیوە، کەچی لەکاتی نووسیندا فەڵتەیەکی باشی داوەو کوردستانێتیی شاری موسڵ-مان بۆ دەسەلمێنێ. مەحمود دورە، بێئەوەی هەست بەخۆی بکات باسی کوردستانێتیی شاری موسڵ دەکات، کاتێک کە دەڵێت سوپای نادرشا لە ساڵی (1730)دا لە ڕێگای شارەزوورەوە هاتە ناو باشووری کوردستان و کەرکوکی داگیرکرد، دواتر لە زێی بچووک پەڕییەوەو دووبارە هاتەوە ناو باشووری کوردستان و هەولێری داگیرکردو لە نزیک شورەی موسڵ وەستێندرا، کەواتە ئەو ئەفسەرە ڕەگەزپەرستە شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی و کوردستانیی دادەنێت کە دەکەوێتە ناو سنووری باشووری کوردستان، بۆیە دەکرێت ئەو ئاماژەیەی نووسەر مەحمود دورە وەکو بەڵگەیەک بۆ کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ بەکاربهێنرێت.

عەبدولمەئجود ئەحمەد سەلمان، لە لاپەڕە (31)ی پەرتووکی (الموصل في العهدين الراشدي والاموي)دا، لە بابەتی داگیرکردنی (ئەوەی ئەوان ناویان ناوە (فەتح) ڕزگارکردن)ی موسڵ-دا نووسیوێتی: (عومەری کوڕی خەتاب، سوپای ئیسلامی بە دوو قۆڵدا نارد، قۆڵی یەکەم بە سەرکردایەتی سەعد کوڕی وەقاس و ئەرکی

ڕزگارکردنی ئێراقی پێسپێردرا لەژێردەستی فارسەکان، وە قۆڵی دووەم بە سەرکردایەتی ئەبی عوبەیدەی جەڕاح بۆ ڕزگارکردنی وڵاتی شام لەژێر دەسەڵاتی بێزەنتییەکان، لەوکاتیدا جەزیرە و موسڵ-یش لەژێردەستی بێزەنتییەکان بوون).

بەر لە هەموو شتێک ئەوەی نووسەر ناوی ناوە (سوپای ئیسلام)، جگە لە (میلیشیا)یەکی ڕەگەزپەرستی عارەبی شتێکی تر نییە، کە پیشەیان کوشتنی دیلە پیاوەکان و داگیرکردن و بە کۆیلەکردنی کچان، ژنان، منداڵان، دەست بەسەرداگرتن و بەتاڵانبردنی زەوی و سامانی خەڵکانیتر بووە. بەتایبەت لە سەردەمی (عومەری کوڕی خەتاب)دا میلیشیای بەناو (سوپای ئیسلام) لەسەر بنچینەی ڕەگەزی بوو، کە تاکە مەرجی سەرەکی بۆ وەرگرتنیان دەبوایە سەر بە نەتەوەی عارەب بوونایە. ئەمەوییەکانیش بەهەمان شێوە درێژەیاندا بە هەمان ڕێبازی عومەرو تەنیا عارەب بۆی هەبوو ببێتە ئەندامی میلیشیای ئیسلامی. ئەوەی ئەویش پێی دەڵێت (فەتح)، تەنیا بریتییە لە داگیرکردن، چونکە ئەوەی کە عارەب بە چاوێکی پڕ لە پیرۆزی سەیری کردووەو ناوی لێناوە (فتوحاتی ئیسلامی)، جگە لە زایۆنیزمی ئایینی و هەڵخەڵەتاندنی نەتەوەکانی ترو داگیرکردنی خاک و وڵاتانی کەسانی تر شتێکی تر نییە!!! هەرچەندە (عەبدولمەئجود ئەحمەد سەلمان) و چەندان نووسەری تری شۆڤینست و دژ بە کورد لە باسی مێژووی موسڵ-دا ئاماژە بە بوونی کورد لەو شارەدا ناکەن، بەڵام بەبێ ئەوەی ئاگایان لێبێت دان بە کوردستانێتیی و کوردێتیی ئەوشارە دادەنێن. کاتێک کە نووسەر باسی هاتنی میلیشیای ئیسلامی دەکات بۆ داگیرکردنی شاری موسڵ، ئەوە گەورەترین بەڵگەیە بۆ سەلماندنی کوردێتی و کوردستانێتیی ئەوشارە. تا هاتنی ئیسلام و داگیرکردنی ئەو شارە، عارەب لە شاری موسڵ-دا نەبووینە، کەچی دوای داگیرکردنی ئەوشارە عارەبیان نیشتەجێکردووە بە مەبەستی بەعارەبکردن و دەست بەسەرڕاگرتنی شارەکە و ناوچەکە.

القس سليمان الصائغ لە لاپەڕە (51)ی پەرتووکی (تاريخ الموصل)دا دەربارەی شاری موسڵ نووسیویەتی: (موسڵ بەر لە داگیرکارییەکانی (فتوحاتی ئیسلامی) کەم ئاوەدانی بەخۆوە دیبوو، جگە لە دوو گەڕەک کە گەڕەکێکیان ئاگرپەرستی فارس و گەڕەکەکەی تریشیان کریستانی تێدا دەژیا. بەڵام ئاوەدانکردنەوەی موسڵ پەرەی پێدرا لە دوای هاتنی ئیسلام بەهۆی خێڵە عارەبە جیاجیاکان، کە بەر لە هەموویان

خەزرەجییەکان هاتن، بنەچەی خەزرەجییەکان (یەسروبەکانن) کە بەر لە کۆچکردن ئیسلام بوون و، بوون بە پشتیوانانی ئیسلام و لە (فتوحاتی ئیسلامی) دەرکەوتن و ئازایەتی بێوێنەیان نیشاندا. بەڵام کاتێ کە خالیدی کوڕی وەلید هات بۆ موسڵ لەگەڵ سوپا عارەبی و فەتحیان (داگیریان) کرد لە ساڵی (20ک/640ز)، چەندان هۆزی کە لەگەڵ هێرشەکەدا هاتبوون نیشتەجێکردن، لەنێویاندا خەزرەجییەکان کە مزگەوتێکیان بۆ دروستکردن، ئەو مزگەوتە یەکەمین مزگەوت بوو لە سەردەمی ئیسلامدا کە لە موسڵ دروست بکرێت، کە تاوەکو ئێستا بە مزگەوتی خەزرەج دەناسرێت، دواتر چەند مزگەوتی تر لەشێوەی ئەو مزگەوتە لە شارەکەدا، هەروەها گەڕەکێکیش بەناوی گەڕەکی خەزرەجی دروستکرا).

ئەوەی کە نووسەر سلێمان سائغ باسی دەکات، ئەوە نیشاندەدات کە بەر لە ساڵی (640ز)دا عارەب بوونی نەبووە لەناو شاری موسڵ و ناوچەکانی دەوروبەر. هەروەها مەبەستی سلێمان سائغ لە گەڕەکی ئاگرپەرستەکان گەڕەکی زەردەشتیە کوردەکانە نەک فارس، چونکە موسڵ هەرگیز فارسی بە بەردەوامی تێدا نیشتەجێ نەبووە، سەبارەت بە کریستانەکانیش کورد بووینە، هەروەکو پێشتریش ئاماژەم پێکرد کە مێژوونووسی ناسراوی عارەب و ئیسلام مەسعودی لە پەرتووکی (مروج الذهب ومعادن الجوهر)دا باسی هۆزە کوردییەکانی یەعقوبییەکان و جۆرقان دەکات کە کریستان بووینەو لەناو شاری موسڵ و دەوروبەریدا ژیاون. وە نووسەری ئینگلیزی (گۆدفری ڕۆللیس درایڤەر)یش باسی ئەوەی کردووە: کە کۆمەڵێک یەعقوبی کریستانی کورد لە موسڵ و دەوروبەری چیای جودی دەژیان. لێرەدا شتێکی تریشمان بۆ دەردەکەوێت ئەویش ئەوەیە کە چەندان نووسەری کورد نووسیویانە، نووسەری ئێراقی سلێمان سائغ، لە پەرتووکی (تاریخ الموصل)دا دەڵێت: (شاری موسڵ لە ساڵی (4ک/625ز)دا تەنیا لە سێ گەڕەک پێکهاتبوو، گەڕەکی مەسیحیەکان، زەردەشتیەکان و گەڕەکی یەهودیەکان)، کە لە ڕاستیدا ئەو قسەی وای نەکردووە، ئەوەش بۆمان دەردەخات کە تەواوی ئەو نووسەرانەی ئەو قسەیە دەدەنە پاڵ (سلێمان سائغ)، هیچیان پەرتووکەکەی ئەویان نەدیوەو نەخوێندۆتەوە!

القس سليمان الصائغ لە لاپەڕەکانی (58-59)ی پەرتووکی (تاريخ الموصل)دا، دەربارەی هاتنی میلیشیای عارەبی ئیسلامی نووسیوێتی: (عومەری کوڕی خەتاب لە ساڵی (16ک/637ز) بۆ (سەعد کوڕی وەقاس)ی نووسی بۆ ئەوەی (عەبدوللای کوڕی موعتەم، ربعی کوڕی ئەفکەل، حارس کوڕی حسان ئەلزهلی، فورات کوڕی حەیانی عەجەمی، هانی کوڕی قەیس و عەرجەلە کوڕی هەرسەمە) بۆ تکریت بنێرێت. کاتێ کە عارەبەکان هێرشیان هێناو هەواڵیان گەیشتە ڕۆمەکان، سوپای ڕۆمەکان لە موسڵ-ەوە بەرەو تکریت هاتن بۆ ئەوەی خاکی خۆیان بپارێزن، شەڕی نێوانیان ڕوویداو بۆ ماوەی چل ڕۆژ درێژەی کێشا. دواتر هۆزە عارەبەکانی تەغلب، نەمر، ئەیاد و شارجە لەژێر ئالآی ڕۆمەکاندا شەڕیان دەکرد، هەموویان پاڵیاندایە لەشکری عارەب و دژی ڕۆمەکان شەڕیان کرد بەهۆی کارتێکردنی هەستی نەتەوەیی عارەبییانەوە. موسڵمان و ڕەبیعییەکان شمشێریان لە ڕۆمەکان هەڵکێشاو خەڵکێکی زۆریان لێ کوشتن. وە ئەوانەی بە زیندوویی مانەوە هەڵاتن و، عارەبەکانیش چوونە ناو هەردوو قەڵای موسڵ و نەینەوا، لەگەڵ دانیشتوانەکەیدا ئاشتییان بەست بەرانبەر بە سەرانە دانیان بە عارەبەکان).

لێرەدا دووبارە سلێمان سائغ جەخت دەکاتەوە لەسەر کوردێتی و کوردستانێتیی شاری موسڵ، چونکە ئەو دەری دەخات عارەبەکان لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتابدا هاتوون بۆ داگیرکردنی شاری موسڵ و ناوچەکە، بەر لە هاتنی ئەوان موسڵ نەعارەبی لێ بووەو نە لەژێردەستی ئەوانیش بووە، بەڵکو ئەوان لە ساڵی (625ز)دا هاتوون. پێشتریش ئاماژەم بەوەکرد کە شاری موسڵ لە لایەن کوردانی شەبەکەوە دروستکراوە، شەبەکەکانیش نزیکەی (500) ساڵێک بەر لە هاتنی ئاشوورییەکان بۆ موسڵ لەو شارەدا نیشتەجێبوون.

مێژوونووسی ئێراقی سلێمان سائغ، کە بە ڕەگەز کریستانە لە لاپەڕە (59)ی پەرتووکی (تأريخ الموصل)دا نووسیوێتی: (عياض بن غنم لە ساڵی (18ک/639ز)دا هات بۆ جەزیرە و فەتحی کرد. پاش هەمووانیش موسڵ-ی فەتح (داگیر) کرد).

هەرچەندە ئەو نووسینانەی سلێمان سائغ ئاماژەکردنە بە بۆچوونی نووسەرانی تر، بەڵام هەرکەسێک پشت ببەستێت بە بۆچوونی نووسەرێکی تر ئەو بۆچوونە دەبێتە بۆچوونی خۆیشی. لێرەشدا کە سلێمان سائغ باسی هاتنی میلیشیاکانی

ئیسلام و داگیرکردنی موسڵ دەکات لە لایەن ئەوانەوە، کەواتە بەر لەو مێژووە یان مێژووانە شاری موسڵ عارەبی لێ نەبووە، بەڵکو شارێکی کوردیی و کوردستانیی بووە.

جەعفەر ئەلخەیات، لە لاپەڕە (376)ی پەرتووکی (أربعة قرون من تاريخ العراق الحديث)ی (مستر ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ - Stephen H. Longrigg)دا کە لە ئینگلیزییەوە بۆ عارەبی وەریگێڕاوە، بەم شێوەیە باسی ویلایەتی موسڵ دەکات:
(ویلایەتی موسڵ لەسێ سەنجەق پێکدێت:
1- سەنجەقی موسڵ کە قەزاکانی دهۆک، زاخۆ، ئامێدی، شەنگال و ئاکرێ دەگرێتەوە.
2- سەنجەقی کەرکوک کە قەزاکانی هەولێر، ڕانیە، ڕواندز، کۆیسنجەق و کفری دەگرێتەوە.
3- سنجەقی سلێمانی کە قەزاکانی بازیان، هەڵەبجە، شارەزوور و مەرگە دەگرێتەوە).
جەعفەر خەیات، بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە تەواوی قەزاکانی سەر بە پارێزگای موسڵ، قەزای کوردین و هیچ لەوانە قەزای عارەبی یان نەتەوەکانی تر نین، وە هەر قەزایەکی نوێی تریش دوای ئەو بەرواره پێکهاتبێ لەسەر خاکی کورد و لەناو سنووری باشووری کوردستان بووە، کە بە مەبەستی بەعارەبکردن دروستکراون وەکو قەزاکانی حەزەر، شەڕگات و بەعاج لەگەڵ شارەدێی ڕەبیعە لە کەناری ڕاستی ڕووباری دیجلە یاخود کەناری خۆرئاوا و حەمدانیە لە کەناری چەپی ڕووباری دیجلە یاخود بەری خۆرهەڵات. ئەگەر سەیری ئەو قەزایانە بکەین کە جەعفەر خەیات ئاماژەی پێکردوون دەبینین چوار دەوری شاری موسڵ-یان داوە و ئەو شارەیان ئابلۆقە داوە و لە ناوەندی شاری موسڵ-یش کوردێکی یەکجار زۆری شەبەک، ئێزیدی و خێڵ و تیرەی تری کوردی هەن. ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ کوردێتی و کوردستانێتیی ئەو شارە.

دکتۆری مافناس نوری تاڵەبانی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، لە لاپەڕە (27)ی پەرتووکی (ناوچەی کەرکوک و هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەیی ئەم ناوچەیە)داو بە

پشت بەستنی بە بە لاپەڕە (147)ی ئینسکلۆپیدیای ئیسلام (بە زمانی فەرەنسی)، لە نووسینی هەردوو ڕۆژهەڵاتناس (کرامەرز و تۆماس بوا)، کە لەو ئینسیکلۆپیدیایەدا هاتووە: (ویلایەتی موسڵی عوسمانی لە سێ سەنجەق یان سێ پارێزگا پێکدەهات کە موسڵ، کەرکوک و سلێمانین. لە ساڵی (1918)یشدا سێ قەزا لە باکووری ڕووباری زێی گچکەوە لە کەرکوک جوێکرانەوە تا پارێزگای هەولێریان لێ پێک بێ).

ئەو ئاماژەپێکردنەی ئەنسکلۆپیدیای ئیسلام کە بە زمانی فەرەنسی نووسراوە، دان بەوەدا دەنێت کە ویلایەتی موسڵ ویلایەتێکی عوسمانی بووە، ئەمەش دەمان گەیەنێتە ئەو ڕاستییەی کە بڵێین، کەواتە ویلایەتی موسڵ بە هەرسێ پارێزگاکەی ئەوسای کە ئێستاکە دەکاتە (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە)، هیچ پێوەندییەکیان بە عارەب و ئێراقەوە نەبووەو نییە، هەروەها سەنجەقەکانیش هەر هەموویان شاری کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان بووینە. بەگوێرەی ئینسکلۆپیدیای ئیسلام، شاری موسڵ شارێکی کوردییە و سەر بە خاکی باشووری کوردستانە، چونکە لە لایەک کە دەڵێت ویلایەتی موسڵی عوسمانی، کەواتە ئەو ویلایەتە هیچ پێوەندییەکی بە ئێراق و بە عارەبەوە نەبووە، هەموو لایەکیشمان ئەو ڕاستیە دەزانین کە ویلایەتی موسڵ لە ساڵی (1516)دا لە لایەن دەوڵەتی عوسمانی داگیرکرا. لە لایەکی تریش کە ناوی سەنجەقەکانی موسڵ، کەرکوک، سلێمانی و هەولێری سەر بە ویلایەتی موسڵ دەبات، هەر هەموویان شاری کوردیی و سەر بە خاکی باشووری کوردستانن.

مام جەلال حوسامەدین نورولڵا تاڵەبانی، سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرۆک کۆماری ئێستای ئێراق، لە لاپەڕە (27)ی پەرتووکی (اغد ديموقراطي وحرمان الشعب حتى من حق الحلم؟)داو، لە باسی ئەوەدا کە هەردوو حکومەتەکانی ئێراق و بەریتانیا لە (22.12.1922)دا دانیان بە حکومەتەکەی شێخ مەحمود داناوە، دەڵێت: (هەردوو حکومەتی خاوەن شکۆ (بەریتانیا)و حکومەتی ئێراقی دان بە مافی کوردەکانی ناو چوارچێوەی سنووری ئێراقدا دەنێن بەوەی کە لەناو چوارچێوەی ئەو سنورەدا حکومەتی کوردی دابمەزرێنن، هیواشیان وایە تەواوی کوردان بە جیاوازی توخمەکانیانەوە لە زووترین کاتدا بگەنە ڕێککەوتنێک لەنێوان خۆیاندا دەربارەی ئەو حکومەتەی ئارەزووی دەکەن لەگەڵ دیاریکردنی

سنووری حکومەتەکەیان، کوردەکان دەبێت نوێنەری بەرپرسەکانی خۆیان بنێرن، بە مەبەستی باسکردنی پێوەندییە ئابوریەکان لەگەڵ هەردوو حکومەتی خاوەن شکۆو حکومەتی ئێراقدا).

بەر لە هەموو شتێک دانپێدانانەکەی جووتە حکومەتی بەریتانیا و ئێراق بە حکومەتی کوردی شێخ مەحمود لە ڕێکەوتی (24.12.1922) بووە نەک ڕێکەوتی (22.12.1922) وەکو ئەوەی مام جەلال نووسیویێتی، شێخی نەمر لە ڕۆژی (22.12.1922)دا، دوو نوێنەری خۆی بەناوەکانی (حەمە ئاغاو تاهیری ئەمین ئاغا)ی نارد بۆ کەرکوک، بۆ ئەوەی داوا لە کاربەدەستانی بەریتانی بکەن دان بە سەربەخۆیی کوردستاندا بنێن بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمود خۆی، ئەوەبوو دوای دوو ڕۆژیتر واتە لە ڕێکەوتی (24.12.1922)دا جووتە حکومەت، بەیاننامەیەکیان ئاشکەراکرد کە بە بروسکەی ژمارە (676)ی ڕۆژی (28.11.1922)ی وەزارەتی وڵاتانی داگیرکراوی بەریتانی ناردرابوو بۆ نوێنەری باڵای بەریتانی لە ئێراق و، نوێنەری باڵاش لە ڕێکەوتی (24.12.1922)دا بەشێوەی زارەکی ناوەڕۆکی ئەو بروسکەیان بە شێخ مەحمود گەیاند. دیسان سەبارەت بە سنووری ئەو حکومەتە کوردییەش کە بەریتانیا و ئێراق دانیان پێیدا نابوو، هەر دەبوایە تەواوی ویلایەتی موسڵ (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالا) بگرێتەوە، چونکە هەر دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی ئینگلیزەکان، خۆیان بە جیاو دوور لە دەسەڵاتی حکومەتی ئێراق، ویلایەتی موسڵ-یان بەڕێوەدەبرد تا ئەو ڕۆژەی کە لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە بەزۆر خرایە سەر دەوڵەتی تازەی ئێراق.

کامەران ئەحمەد محەمەدئەمین مەنتک، نووسەری پەرتووکی (کوردستان لەنێوان ململانێی نێو دەوڵەتی و ناوچەییدا 1890-1932)، لە لاپەڕە (158)دا بە ئاماژەکردن بە پەرتووکی (مشكلة الموصل)ی دکتۆر فازل حوسێن، نووسیویێتی: (لە کۆنگرەی لۆزان، تورکەکان دەیانگوت مادامەکونێ باشووری کوردستان کوردی تیایە، کەواتە هی تورکانە، چونکە کورد لەڕەگەزی تورکن! ئینگلیزەکان دەیانگوت کورد لە ڕەگەزی تورک نین. موسڵ شارێکی عارەبیە و بە چەند ناوچەیەکی کوردنشین دەورەدراوە).

لەو ئاماژەکردنەی (دکتۆر فازل حوسێن)دا چەندان ڕاستیمان دەست دەکەوێت، یەکێک لەوانە ئەوەیە کە هەموو نەتەوە داگیرکەرەکان مافی ئەوەیان هەیە شەڕ بکەن لەسەر خاکی کورد و کوردستان، جگە لە کورد خۆی، کە بە بەرچاوی کوردە وە خاکەکەی بەئاشکەرا داگیرو دابەشدەکەن بێ ئەوەی پرس بە کورد بکەن و بۆچوونی ئەو وەرگرن! داگیرکەران زۆر بێشەرمانە دەڵێن: مادامەکونێ باشووری کوردستان کوردی تیایە، کەواتە هی تورکانە، چونکە کورد لە ڕەگەزی تورکن). ئاخر ئەوە کوردستانە و هەر بەناوەکەی دەردەکەوێت کە ئەو خاکە خاکی کوردە و، کوردیش زۆر جیان لە تورک و تورکیش نین! لە هەمان کاتدا بانگێشەی ئینگلیزەکانیش بەوەی کە موسڵ شارێکی عارەبییە، بانگێشەیەکی بێ بنچینە و دوورە لە ڕاستی، ئاخر ئەگەر شارێک هەر چواردەوری بە شارۆچکەو خاکی کورد دەورە درابێ، ئەو شارە دەوردراوە بۆ دەبێت خاکی کورد نەبێت و خاکی نەتەوەیەکی داگیرکەری وەکو عارەب بێت؟ ئاخر تاوەکو دوای کۆتایی پێهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵ-ی پایتەختی ویلایەتەکە، هیچ پێوەندییەکی بە ویلایەتەکانی بەغداو بەسرای عارەبییەوە نەبووە! شەڕکردنی داگیرکەران و دەسەڵاتداران لەسەر شارێکی وەکو موسڵ-ی داگیرکراو، هەروەها سەرکوتکردنی کورد و پرس پێ نەکردنی نیشانەی ئەوەیە کە ئەو شارە هی هیچ کامێک لەوان نییە، بەڵکو خاکی کوردە و شارێکی سەر بە کوردستانە!

مێژوونووس و مامۆستای زانکۆ، دکتۆر جەبار قادر، لەووتارێکیدا بەناوی (الانفال: نتائج أيديولوجيا البعث ونظامه الشمولي، ئەنفال: بەرهەمی ڕەگەزپەرستی، تۆتالیتاری کولتووری توندوتیژی) کە لە لاپەڕەکانی (191- 214)ی ژمارە (20)ی گۆڤاری (کەرکوک)دا بڵاوکراوەتەوە، لەسەر زاری تاوانکار عەلی کیمیاویدا نووسیوێتی: (ئێمە داوامان لە موسڵ کرد تاوەکو کوردەکان بۆ چیاکان ڕاگوێزنەوە، بۆ ئەوەی وەکو بزن بژین، ژنەکانیان (بگێم). ئەو سەگانە سەریان پان دەکەمەوە، وەکو خەیار لەت لەتیان دەکەم، من دەمگوت لەوانەیە کەسانێکی باش لەنێوانیاندا هەبێت، چونکە ئەوانیش هەر میللەتی خۆمانن، بەڵام بە هیچ شێوەیەک مرۆڤێکی باشم لەناویاندا نەدۆزییەوە).

لێدوانە سادییەکەی تاوانباری دڕندە عەلی حەسەن مەجید ناسراو بە (عەلی کیمیاوی) سەبارەت بە دەرکردنی هاووڵاتیانی کورد لەناو شاری موسڵ-دا، مانای بەعارەبکردن و لە هەمان کاتدا کوردێتیی تەواوی شارەکە دەگەیەنێت، بێگومان لە هەر شارو ناوچەیەک بەعارەبکردن پیادەبکرێت ئەو شوێنە خاکی کوردە، چونکە عارەب پێویستی بەوە نییە خاکی خۆی بەعارەب بکات، بەڵکو هەردەم خاکی نەتەوەکانی دیکە بەزۆر بە عارەب دەکات. کەواتە مادام سیاسەتی بەعارەبکردن و ڕاگواستنەوەی زۆرەملێیانەی کوردی ڕەسەنی دانیشتووی ناو شاری موسڵ و تەواوی پارێزگاکە پەیڕەو دەکرێت، بێ هیچ گومانێک شارو پارێزگای موسڵ خاک و وڵاتی کوردن و بەشێکی دانەبڕاوی سەر بە خاکی باشووری کوردستانن.

پرۆفیسۆری یاساناس، دکتۆر مونزر ئەلفەزڵ، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (قضية الكورد و کوردستان) کە لە ماڵپەڕی (الفيدرالية)دا بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت: (دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی (1918)دا، وڵاتە سوێندخۆرەکان دەستیانکرد بە جێبەجێکردنی پەیماننامەی (سایکس بیکۆ)، وە ئێراق بەر بەریتانیای مەزن کەوت، لەوکاتیدا ئێراق لە سێ ویلایەت پێکدەهات، ویلایەتی موسڵی باکوور کە زۆربەی زۆری دانیشتوانەکەی کوردن و تەواوی پارێزگاکانی موسڵ، کەرکوک، هەولێر و سلێمانی دەگرێتەوە، ویلایەتی بەغدای ناوەڕاست زۆربەی دانیشتوانەکەی عارەبی سوننەن و ویلایەتی بەسرەش زۆربەی دانیشتوانەکەی شیعەن).

ئەوەی کە دکتۆر مونزر ئەلفەزڵ باسی دەکات، دانپێدانانێکی ناڕاستەوخۆیە بە کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ، چونکە دکتۆر مونزر ئەلفەزڵ پێمان دەڵێت ویلایەتی موسڵ کە لە شارەکانی موسڵ، کەرکوک، هەولێر، سلێمانی و دیالە پێکدەهات شارو ویلایەتی کوردیی بوون، ویلایەتی بەغداش هی عارەبی سوننەو ویلایەتی بەسرا-ش هی عارەبی شیعە بوو. دکتۆر مونزر ئەلفەزڵ، کە دەڵێت لە ساڵی (1918)دا، ئێراق لە سێ ویلایەتی موسڵ، بەغداو بەسرا پێکدەهات، ئەوە هەڵەیەکی گەورەیەو ئەو نەدەبوایە بکەوتایە ناو هەڵەیەکی وا زەق، چونکە هەر لەو وتارەدا دکتۆر ئەلفەزڵ خۆی وەڵامی ناڕاستی ئەو قسەیەی خۆی دەداتەوە کاتێک کە دەنووسێت: (وڵاتی ئێراق لە ڕێکەوتی (10.11.1920)دا لە بەغدا دامەزرا، بەڵام نوێنەری باڵای بەریتانی مافی بەڕێوەبردنی ویلایەتی موسڵی بۆخۆی هێشتبووەوە،

بەبێ ئەوەی ڕێگا بدات میری ئێراقی دەست لە کاروبارەکانی ئەو ویلایەتە وەربدات. ویلایەتی موسڵ بە بڕیارێکی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ڕێکەوتی (25.12.1925)دا بە ئێراقەوە لکێندرا). سەرەتا وڵاتی ئێراق لە ڕێکەوتی (25.10.1920)دا دامەزراوە، نەک ئەو ڕێکەوتەی کە دکتۆر مونزر ئەلفەزڵ نووسیویێتی. دواتر کەواتە لە لایەک حکومەتی ئێراقی دوو ساڵ دوای ئەو مێژووەی کە دکتۆر ئەلفەزڵ دیاریکردووە دروست بووەو پێشتر دەوڵەتێک بوونی نەبووە بەناوی ئێراق، لە لایەکی تریشەوە هەر لە ساڵی (1918)ەوە تاوەکو ڕێکەوتی (16.12.1925)دا کە بە زۆرو لە دژی خواستی نەتەوەی کورد بە ئێراقەوە لکێنرا، ویلایەتی موسڵ لە لایەن نوێنەری باڵای بەریتانی بەڕێوەبردراوەو، نە لە نزیک و نە لە دوورەوە هیچ پێوەندییەکی بە ئێراقەوە نەبووە.

دکتۆر مونزر ئەلفەزڵ، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (قضية الكورد و کوردستان) کە لەماڵپەڕی (الفيدرالية)دا بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت: (لە ئەنجامی زۆرکردنەکانی میری تورکیا بە سەرکردایەتی (کەمال ئەتاتورک)، بەندەکانی (61، 62، 63)ی پەیماننامەی سێڤرە هەڵوەشایەوە و پەیماننامەی لۆزان لە ڕێکەوتی (20.11.1923)دا شوێنی ئەوی گرتەوە کە تیایدا هاتووە: زۆر گرنگە ویلایەتی موسڵی باشووری هێڵی برۆکسل بە ئێراقی عارەبییەوە بلکێنرێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی مافی کوردەکان بۆ خۆبەڕێوەبردن و دامەزراندنی فەرمانبەرە خۆجێییەکان و گرنگیدان بە ڕۆشنبیری کوردی).

بەر لە هەموو شتێک بەستنی پەیمانی لۆزان لە ڕێکەوتی (24.7.1923)دا لە شاری لۆزانی سویسرا بوو نەک لە ڕێکەوتی (20.11.1923)دا، هەروەها مافەکانی کورد بەگوێرەی بەندەکانی (62، 63، 64)ی پەیماننامەی سێڤرە بووە، نەک وەکو ئەوەی کە دکتۆر ئەلفەزڵ لە سەرەوەدا باسی کردووە. ئینجا دکتۆر مونزر ئەلفەزڵ باسی پەیمانی لۆزان دەکات کە ویلایەتی موسڵی باشووری هێڵی برۆکسل–ی بە ئێراقی عارەبییەوە لکاند. کاتێک کە باسی لکاندن دەکرێت واتە شارەکە، ناوچەکە، هەرێمەکە یان وڵاتەکە هی خۆی نییە، ئەگەر هی خۆی بوایە دەیانگوت بۆ نموونە ویلایەتی موسڵ خرایەوە سەر یان گەڕایەوە سەر ئێراق، بەمەش بۆمان دەردەکەوێت کە ویلایەتی موسڵ بەتەواوی شارەکانییەوە (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی

و دیاله) هەرگیز پێشتر بەشێک نەبووە لە وڵاتی ئێراق، ئەوەش بەڵگەیەکە بۆ کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ و تەواوی ویلایەتەکە.

پرۆفیسۆر و دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (پشتێنە بەعارەبکراوەکانی دەوراندەوری شاری کەرکوک هەڕەشە لە ئاسایشی شارەکە دەکەن)، کە لە لاپەڕەکانی (11–32)ی گۆڤاری (توێژینەوە)، ژمارە (4)ی ئۆکتۆبەری (2005)دا بڵاویکردۆتەوە، لە لاپەڕە (14)دا نووسیویێتی: (بەڵگەنامە نهێنییە دەستکەوتووەکانی حکومەتی ئێراقیش ئاماژە بە پێویستی دروستکردنی چەند پشتێنەیەکی (ئەمنی) لە دەوری شاری موسڵ دەکەن لە ڕێگەی پێکهێنانی چەند ئۆردوگایەکی عارەبنشین بەرەو ڕوویان تەوەری شێخان – موسڵ، مەخمور – موسڵ و تلکێف – موسڵ و، تەوەری فایدە – موسڵ).

ئاماژەکردنی بەڵگەنامەکانی ڕژێمی سەدام بە دروستکردنی چەند پشتێنەیەکی (ئەمنی) لە دەوروبەری شاری موسڵ، بەڵگەیەکە لەو بەڵگانەی کە دەیسەلمێنێت ئەو شارە شارێکی کوردیی و سەر بە کوردستان بووە، ئەگینا چ پێویست دەکات پشتێنەی عارەبی و ئەمنی بە چوار دەوری شارێکی وەکو شاری موسڵ دروست بکات، بۆ پشتێنەیەکی ئەمنی لە چواردەوری شارەکانی ڕومادی و دیوانیەدا دروست نەدەکرد؟ دوایی پشتێنەی ئەمنی (عارەبی) لە دژی کێ؟

دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، لە لاپەڕە (52)ی پەرتووکی (کورد و کوردستان لە کۆمەڵە وتارێکی مێژووییدا)، نووسیویێتی: (لە پەرتووکی ئیبن حەوقەل (صورة الارض)دا نووسراوە: هەرچی موسڵ–ە شارێکە لە ڕۆژئاوای دیجلە... هۆبەی عارەب و هۆبەی کوردەکانی هەزەبانی، حەمیدی، ئاری، گەرمیان و کوێستانی تێدا دەکەن... خانووی شکۆداری لێ هەن... بازاریشی هەن).

ئیبن حەوقەل دانیپێدادەنێت کە کوردی هەزبانی، حەمیدی و ئاری لەناو شاری موسڵ–دا لە کەناری خۆرئاوادا دەژین و گەرمیان و کوێستانیش دەکەن. ئیبن حەوقەل لە شوێنێکی تریش باسی ئەوەی کردووە کە کوردەکان هەر لە کۆنەوە لەناو شاری موسڵ و دەوروبەریدا دانیشتوون. ئەو بۆچوونانەی ئەو دەبێتە بەڵگەیەک بۆ کوردێتیی ئەو شارە بەتایبەتی کە باسی ئەوە دەکات کوردەکان لە

کەناری خۆرئاوادا دەژین، چونکە بەری چەپی موسڵ واتە کەناری خۆرهەڵاتی ڕووباری دیجلە گفتوگۆ هەڵناگرێت و خاکی کوردستانە، وە زۆر لە مێژوونووسانی عارەبی وەکو دکتۆر شاکر خەسباک، یەحیا خەشاب، فەهمی ئەلشەناوی، دکتۆر فازل حوسێن، دکتۆر وەلید حەمدی، ئەلبەلازری، ئیبن بەتووتە، ئەبو ئەلفیداء، ئینسکلۆپیدیای ئیسلام، ئیبن حەوقەل و محەمەد ئەلخزری شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی دادەنێن، کەواتە تەواوی شارەکە بە هەردوو کەناری دەستە ڕاست یان کەناری خۆرئاوای ڕووباری دیجلە و بەری دەستە چەپ یان کەناری خۆرهەڵاتی ڕووباری دیجلە کوردین. کاتێک کە ئەوان گوتوویانە موسڵ شارێکی کوردییە، واتە تەواوی موسڵ بە هەردوو بەریەوە هی کوردن.

لەیلا نامیق جاف، لە لاپەرە (50)ی پەرتووکی (كركوك لمحات تاريخية)داو، بە پشت بەستنی بە نامەیەکی زەعیمی ڕوکن نازم ئەلتەبەقچلی، فەرماندەی تیپی دووی سوپای ئێراق، بۆ سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئێراق، کە ئەلتەبەقچلی نووسیوێتی: (ئەو پلانەی کە کوردەکان دایان ڕشتبوو بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانیان، ئەویش بەسوود وەرگرتن لە مادەی چوار لە دەستووری کۆماری ئێراقی، کە عارەب و کوردی بە هاوبەش داناوە لەم وڵاتەدا. مەبەستی ئەوان بەمشێوەیەی خوارەوەیە: کارکردن بەشێوەیەکی ڕاست و ڕەوان لەپێناو باوەڕ پێهێنانی میری کۆماری، بە دانپێدانان بە داخوازییە نەتەوەییەکانیان لە چوارچێوەی ناوچەی کوردستاندا کە لەنێو میری کۆماریدا نەخشەی بۆ کێشراوە. ئەمەش زۆربەی ئەو خاکانە دەگرێتەوە کە دەکەونە ڕۆژهەڵاتی دیجلە تا دەگاتە کەنداوی بەسرا، هەرچەندە کە ڕازی دەبن بەوەی لە چوارچێوەی یەکێتیی ئێراقدا بمێنن).

بەگوێرەی قسەکانی زەعیمی ڕوکن نازم ئەلتەبەقچلی ڕەگەزپەرستی عارەب، بەری خۆرهەڵات یان کەناری دەستە چەپی شاری موسڵ دەکەوێتە سەر کوردستان، چونکە ئەو کەنارە کە (نەینەوا)ی پێ دەڵێن دەکەوێتە کەناری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە، کەواتە ئەو شارە شارێکی کوردیی و سەر بە کوردستانە. هەروەها تەبەقچی لە نامەکەیدا، سنووری کوردستان دەگەیەنێتە سەر کەنداوی فارس، ئەوەی کە ئەو ناوی ناوە کەنداوی بەسرا.

وەلید محەمەد ساڵح، ناسراو بە (وەلید شەریکە)، ئەمینداری گشتی پارتی برایەتی تورکمانی، لە لاپەڕەکانی (71-98)ی پەرتووکی (كركوك بحث الندوة العلمية حول كركوك 3-5 نيسان 2001 اربيل)دا لێکۆڵینەوەیەکی لەژێر ناوی (إصالة التنوع الاثني وستراتيجية الموقع الجغرافي في كوردستان العراق)دا نووسیوەو، لە باسی جیاوازییەکانی نێوان تورکمان و تورک-دا دەڵێت: (تورکە عوسمانییەکان، تێکەڵ بە تورکمانەکان بوون هەروەکو تێکەڵاو بوونیان بە نەتەوەکانی تر، دوای ئەوەی کە ئینگلیزەکان ئەو وڵاتەیان داگیرکرد تورکە عوسمانییەکان کشانەوەو وڵاتی ئێراقیان جێهێشت، ئەو دەوڵەتەی کە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)یان پێوە لکاند).

بەگوێرەی تۆژینەوەکەی وەلید محەمەد ساڵح، ئەمینداری گشتی پارتی برایەتی تورکمانی، شاری موسڵ یەکێکە لە شارەکانی باشووری کوردستان، چونکە نووسەری ناوبراو ویلایەتی موسڵ و باشووری کوردستان بە یەک خاک و بە یەکسان دادەنێت. نووسەر ئەو دوو ناوە وەکو دوو زاراوەی جوگرافی بۆ خاکی کورد کە باشووری کوردستانە بەکاردەهێنێت. مادام ویلایەتی موسڵ یەکسان بێت بە باشووری کوردستان، کەواتە تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ بە شارەکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە)، شاری سەر بە خاکی باشووری کوردستانن. هەروەکو لە شوێنی تریش ئاماژەم پێکردووە کە ویلایەتی موسڵ خاکی کورد بێت، کەواتە تەواوی شارەکانی سەر بەو ویلایەتەش دەبێت شار و خاکی سەر بە کورد و باشووری کوردستان بن.

ڕۆژنامەنووسی عارەبی میسری، فەهمی هوەیدی، لە لاپەڕەکانی (169-174)ی گۆڤاری (هاواری کەرکوک)، ژمارە (4)دا وتارێکی لەژێر ناوی (الاكراد شعب الله المختار! كركوك سبقت كوسوڤو في خطط الاقلاع والابادة)دا بڵاوکردۆتەوە، لە لاپەڕە (170)دا نووسیوێتی: (کورد بە بەردەوامی دەیانویست قەوارەیەکی تایبەت بەخۆیان لە کوردستانی عوسمانیدا دامەزرێنن، ئەوە لە پەیماننامەی (سیڤرە)ش بڕیاری لەسەر درابوو کە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان لە ساڵی (1920)دا واژۆیان لەسەر کردبوو، بەڵام ئەو ئینگلیزانەی کە ئەو ناوچەیان داگیر کردبوو، هەوڵیاندا بۆ لکاندنی ویلایەتی موسڵ-ی عوسمانی کە کەرکوک بەشێکی بوو بە شانشینی ئێراقی نوێ، کە هەردوو ویلایەتەکانی بەغداو بەسرای دەگرتە خۆی).

بەگوێرەی ئەو وتارەی ڕۆژنامەنووسی عارەبی میسری فەهمی هوەیدی، تەواوی پارێزگای موسڵ خاکی کوردە و سەر بە کوردستانە، چونکە ئەو ناوی ویلایەتی موسڵ بە ویلایەتێکی عوسمانی دەبات و، ئێراقیش بە دوو ویلایەتی (بەغداو بەسرا) دەستنیشان دەکات. لە کاتێکدا کە ویلایەتی موسڵ ویلایەتێکی عوسمانی بێت، کەواتە ویلایەتەکە هیچ پێوەندییەکی بە عارەب و ئێراقەوە نییە، هەروەها کە ئێراق هەردوو ویلایەتەکاتی (بەغداو بەسرا) بگرێتەوە، کەواتە شاری موسڵ سەر بەو ئێراقە نەبووە، هەمووشمان دەزانین کە ئێراق لە لای باکوورەوە لە هیت، تکریت، ڕومادی، حەدیسە یان بەلەد تێ نەپەڕیوە کە بە سەدان کیلۆمەتر دەکەونە خوارووی شارو پارێزگای موسڵ. سەبارەت بەمەش کە ویلایەتی موسڵ ویلایەتێکی عوسمانی بووە، هەموو لایەک تەنانەت تورکە عوسمانییەکان خۆشیان باش ئەوە دەزانن، کە لە ڕێگای داگیرکردنەوە دەستیان بەسەر ویلایەتی موسڵ-دا گرتووە، هەر خۆشیان لەسەر نەخشەی ویلایەتی موسڵ نووسیویانە کوردستان.

فەهمی هوەیدی، لە لاپەڕە (171)ی سەرچاوەی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیوێتی: (دۆزینەوەی نەوت بە بڕێکی زۆر لە ناوچەی کەرکوک، هۆی سەرەکی لکاندنی ویلاتی موسڵ-ی عوسمانی بوو کە کەرکوک بەشێک بوو لەو ویلایەتە، بە دەوڵەتی نوێی ئێراقەوە).

دووبارە بەگوێرەی بۆچوونەکانی ڕۆژنامەنووسی عارەب فەهمی هوەیدی، شارو ویلایەتی موسڵ بە تەواوی، شاری کوردی و سەر بە خاکی کوردستانن، چونکە نووسەری ناوبراو لە لایەک ویلایەتی موسڵ بە ویلایەتێکی عوسمانی ناودەبات (کە لە ساڵی (1516)دا لە کوردیان داگیریان کردووە)، لە لایەکی تریش ناوبراو زۆر ڕاشکاوانە باسی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە ئێراقی عارەبەوە کردووە لەبەر ئەوەی نەوتی تیا دۆزرایەوە. ئەمانەش هەمووی دەیسەلمێنن کە ویلایەتی موسڵ هیچ پێوەندییەکی بە عارەب و بە ئێراقەوە نەبووەو نییە. مادامیش ویلایەتی موسڵ هیچ پێوەندییەکی بە ئێراق و بە عارەبەوە نەبووبێت و ویلایەتێکی عوسمانی بووبێت، کەواتە ویلایەتێکی کوردیی بووە بە تەواوی شارەکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە)، چونکە هەروەکو ڕوونکرایەوە ئەو ویلایەتە پێشتر لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە داگیرکرابوو. ئەو ڕۆژنامەنووسە عارەبە دوای

ڕوخاندنی ڕژێمی سەدام لە دۆستی کوردە وە بوو بە دوژمنێکی سەرسەختی نەتەوەکەمان و، قۆڵی شۆڤێنییەتی بەرانبەر بە کورد لێ هەڵماڵی و لە داخی نەمانی سەدام حوسێن، هێرشی زۆر ناڕەوای کردە سەر نەتەوەی کوردمان!

عەدنان زیان فەرحان، لە لاپەڕە (53)ی پەرتووکی (الكورد الايزيديون في أقليم كوردستان)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕەکانی (39-57)ی پەرتووکی (الموصل في العهد العثماني) کە هی نووسەری عارەب، (عیماد عەبدولسەلام ڕەئوف)ە، هەروەها لاپەڕەکانی (158-160)ی پەرتووکی (تأريخ العراق في العهد العثماني) لە نووسینی نووسەری عارەب، عەلی شاکر عەلی)یە نووسیویێتی، کە ئەو دوو نووسەرە عارەبە نووسیویانە: (جەلیلییەکان: ئەو کەسانە بوون کە فەرمانڕەوایەتی ویلایەتی موسڵ-یان کرد لەنێوان ساڵانی (1726-1834ز)، بنەماڵەی جەلیلییەکان بەم ناوە ناسران بەبۆنەی عەبدولجەلیل کوڕی عەبدولمەلیک، وە بەگوێرەی هەندێک سەرچاوە بنەچەکەی ئەو بنەماڵەیە لە ناوچەی ئامەد (دیاربەکر)ەوە بووەو، دواتر کۆچیان کردووە بۆ شاری موسڵ و تیایدا نیشتەجێبووینە. لە کۆتایی سەدەی حەڤدەهەم و چارەگی یەکەمی سەدەی هەژدەهەمدا ئەو بنەماڵەیە پایەیەکی ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕامیاری گەورەیان هەبووە لەناو خەڵکی شاری موسڵ، هەر لەبەر ئەوەش بووە عوسمانییەکان فەرمانڕەوایەتی ویلایەتی موسڵ-یان هەر لە ساڵی (1726)ەوە بەو بنەماڵەیە سپارد).

ئەو دانپێدانانەی هەردوو نووسەری عارەب (عیماد عەبدولسەلام ڕەئوفو عەلی شاکر عەلی)، بەوەی کە بنەماڵەی جەلیلیەکان کە بۆماوەی نزیکەی (100) ساڵێک فەرمانڕەوایەتی شاری موسڵ-یان کردووە، بنەماڵەیەکن لە ناوچەی (ئامەد)ی باکووری کوردستانە وە هاتوون بۆ موسڵ، بەڵگەیەکە بۆ کوردێتیی ئەو بنەماڵەیەو دواتریش بۆ بەعارەبکردنیان. هەرچەندە سەرەڕای بەعارەبکردنی خاکی کورد، بەعارەبکردنی مرۆڤی کوردیش پلانێک بووە لەپێناوی داگیرکردن و بەعارەبکردنی ئەو شارەو، بەدەیان بنەماڵەی گەورە گەورەی دانیشتووی کوردیی موسڵ، کە ژمارەیان بە سەدان هەزار کەس دەبێت، ئەگەر نەگاتە ملیۆنێک بەعارەبکراون. بۆیە ئەوەش بەڵگەیەکە لەو بەڵگانەی کە بۆ سەلماندنی کوردستانێتییو کوردێتیی ئەو شارە بەکار دەهێنرێت.

گۆران ئیبراهیم ساڵح، لە لاپەڕە (145)ی پەرتووکی (کەرکوک لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لەنێوان ساڵانی 1876–1909ی ز)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (23)ی پەرتووکی (تطور التعليم الوطني في العراق (1869–1932)، لە نووسینی دکتۆر ئیبراهیم خەلیل ئەحمەددا، نووسیویێتی: (بارودۆخی خوێندن لە ویلایەتی موسڵ-دا بەشێوەیەکی گشتی تا کۆتایی سەدەی نۆزدەش لە خراپیدا بوو، بە جۆرێکی وەها تاوەکو ساڵی (1888ز) تەنها حەوت خوێندنگا لەم ویلایەتەدا بووە، ئەوانیش لە شارەکانی: موسڵ، کەرکوک، هەولێر، کفری، ئاکرێ، ڕواندز و سلێمانی، ژمارەی خوێندکارەکانیش تا ئەو ساڵە (318) خوێندکار بووە).
بەگوێرەی ئەو ئاماژە پێکردنەی دکتۆر ئیبراهیم خەلیل، شاری موسڵ و شارەکانی تری سەر بە ویلایەتی موسڵ خاکی کورد و بەشێکی کوردستانن، چونکە لە سەرەتای ساڵی تۆژینەوەکەی دکتۆر ئیبراهیم کە ساڵی (1869)یە تاوەکو ڕێکەوتی (16.12.1925)، کە ڕۆژی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بووە لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە بە بێ خواستی کورد بە ئێراقی عارەبی، ئەو ویلایەتە بەشێکی ئێراق نەبووە. کاتێک کە دکتۆری ناوبراو، شارەکانی (موسڵ، کەرکوک، هەولێر، کفری، ئاکرێ، ڕواندز و سلێمانی) بە چەند شارێکی سەر بە ویلایەتی موسڵ ناودەبات، ئەوەمان دەداتە دەست کە شاری موسڵ-یش یەکێکە لە شارەکانی باشووری کوردستان، چونکە ویلایەتی موسڵ، باشووری کوردستان، کوردستانی خواروو، کوردستانی ئێراق و میسۆپۆتامیای سەروو هەر هەموویان چەند زاراوەیەکن و بۆ خاک و وڵاتی کوردان لە باشووری کوردستاندا بەکاردێن.

دکتۆر نوری تاڵەبانی، لەوتارێکی خۆیدا کە لە دوو بەشدا لە (هەفتەنامەی ئاوێنە)دا، لەژێر ناوی (باشووری کوردستان پاش جەنگی جیهانی یەکەم بەدەوڵەتی ئێراق لکێندراوە)دا بڵاوکراوەتەوە، لە بەشی یەکەمدا کە لە لاپەڕە (14)ی ژمارە (56)ی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (13.2.2007)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (دکتۆر عەبدولڕەحمان بەزاز لە ساڵی (1964) لە پەیڤینێکی تەلەفزیۆنیدا لەگەڵ کەناڵی (BBC) بە زمانی ئینگلیزی، سوپاسی دەوڵەتی بەریتانیای کرد کە بەهۆی ئەوانەوە ویلایەتی موسڵ خرایە سەر ئێراق).

ئەو پەیڤینەی دکتۆر عەبدولڕەحمان بەزازی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی ئێراق، بەوەی کە سوپاسی بەریتانیای کردووە، لەبەر ئەوەی ئەوان بوونەتە هۆی ئەوەی کە ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر دەوڵەتی ئێراق، لە لایەک دەیسەلمێنێ کە ویلایەتی موسڵ هیچ پێوەندییەکی بە عروبەو ئێراقەوە نەبووە، لە لایەکی تریشەوە بەڵگەیەکە بۆ کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ و تەواوی ویلایەتەکە، چونکە بەزاز باسی ئەوە دەکات کە بەریتانیەکان بوونەتە هۆی ئەوەی کە ئەو ویلایەتە بخرێتە سەر ئێراق، کەواتە ویلایەتەکە هی عارەب نەبووە. کاتێک کە تەواوی ویلایەتی موسڵ، خاکی کورد و بەشێکی کوردستان بێت، گومان لەوەشدا نامێنێتەوە کە شاری موسڵ-یش یەکێکە لە شارەکانی کورد و سەر بە خاکی باشووری کوردستان.

سەگڤان مزوری، بەڕێوەبەری ماڵپەڕی (KDP.info)، لە ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی (12.4.2003)دا وتارێکی لەژێر ناوی (ترکیا تؤکد أنها تلقت ضمانات أمريكية بشأن انسحاب القوات الكوردية من كركوك والموصل)دا، کە ئەو وتارەی لە ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)ی عارەبییەوە وەرگرتووەو لە ماڵپەرەکەی خۆیدا بڵاویکردۆتەوە، ڕۆژنامە عارەبییەکە نووسیویێتی: (تورکیا بەهاتنە ژوورەوەی سەربازی هەڕەشەی کرد، ئەگەر هاتوو شارەکانی کەرکوک و موسڵ-ی دەوڵەمەند بە نەوت بکەوێتە دەست جەنگاوەرانی کورد. ئەنقەرە ترسی ئەوەی هەیە کە داهاتی نەوت کوردە ئێراقییەکان پاڵ پێوەبنێت بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی خۆیان، ئەو کارەش ببێتە هۆی هاندانی کوردە هاوخوێنەکانی خزمیان لە باشووری خۆرهەڵاتی تورکیادا لەپێناو هەمان ئامانج. کوردەکانی ئێراق سوورن لەسەر ئەوەی کە مافیان بەسەر شارەکانی کەرکوک و موسڵ-ەوە هەیە، لەبەر ئەوەی کوردەکان زۆربەی زۆری دانیشتوانی ئەو دوو شارەیان پێکدەهێنا، بەرلەوەی عارەبەکان لە سەردەمی سەرۆکی ئێراقی لادراو سەدام حوسێن دەست بەسەر ئەو دوو شارەدا بگرن).

ئەوەی کە ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)ی عارەبی ئاماژەی پێکردووە، تەواو کوردێتیی و کوردستانێتیی هەردوو شارەکانی موسڵ و کەرکوک دەگەیەنێت، چونکە ڕۆژنامەی ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە زۆربەی دانیشتوانی شارەکانی موسڵ و کەرکوک بریتی بووینە لە کورد، پێش ئەوەی ڕژێمی سەدام حوسێن دەسەڵات

بگرێته دەست و سیاسەت و شاڵاوی بەعارەبکردنی ئەو دوو شارەو چەندان شارۆچکە و شاری تریش بگرێتەبەر. مادامیش زۆربەی زۆری دانیشتوانی ڕەسەنی هەردوو شاری موسڵ و کەرکوک لە کۆندا کورد بووینەو، گۆڕینی باری دیمۆگرافیای ئەو دوو شارەش لە بەرژەوەندی نەتەوەی عارەبی دەسەڵاتدار، لە ئەنجامی شاڵاوی بەزۆر دەرکردنی کورد لەم دوو شارە و، بەعارەبکردنی هەردوو شارەکە لە ڕێگای هێنانی عارەبی هاوردە و نیشتەجێکردنیان لەناو ماڵ و خاکی کورددا ئەنجام دراون، کەواتە هەردوو شاری موسڵ و کەرکوک هەر بە دوو شاری کوردیی و بەشێک لە خاکی باشووری کوردستان دەمێننەوە، هەرچەندەش هەوڵی گۆڕینی سیمای کوردێتیی و کوردستانێتیی شارەکان درابێت.

تاریق هاشمی، جێگری سەرۆک کۆماری ئێراق، لە سەردانێکیدا بۆ شاری موسڵ و پێشوازیکردنی لە لایەن پارێزگارو جێگرەکەی، کە هەواڵەکە لە لایەن ڕۆژنامەنووس (سەعید مەموزینی)دا لەژێر ناوی (تاریق هاشمی: موسڵ شاری هەموو پێکهاتەکانە)، ئامادەکراوەو لە لاپەڕە (1)ی ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (2771)ی ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (24.2.2008)دا بڵاوکراوەتەوە، هاشمی گوتویەتی: (شاری موسڵ شاری هەمووانە و شاری کورد و عارەب و هەموو پێکهاتەکانە).

ئەوەی لێرەدا جێگری سەرۆک کۆماری ئێراق، تاریق هاشمی دەریبڕیووە، ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆیە بە کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ، چونکە عارەبی شۆڤینی کە تاریق هاشمی یەکێکە لە ناسراوترینیان و، هەر نزیکەی مانگێک لەمەوبەر دەبێت باسی ئەوەیکرد کە موسڵ شارێکی عارەبییە، کەچی ئەوڕۆکە خۆی شاری موسڵ بە شاری برایەتی کورد و عارەب ناوزەد دەکات. دانپێدانان بە ڕاستییەکان لای ئەوان وەکو ئەوەیە کە تیر بکەن بە جەرگی خۆیاندا، ئەگەر شاری موسڵ شارێکی کوردستانیی نەبووایە، یەکێکی وەکو هاشمی هەرگیز باسی ئەوەی نەدەکرد کە ئەو شارە شاری کورد و عارەب و هەموو پێکهاتەکانی ترە! سەیرکەن چونکە لەناو شاری کەرکوک کەم دەسەڵاتن و گلۆرەیان لە لێژییە، قایلن بە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەسەر بنەمای (32%) بۆ هەریەک لە کورد، تورکمان و عارەب، کە سەردەمانێک بوو بە هیچ شێوەیەک قایل نەدەبوون و پەسندیان نەدەکرد جگە لە خۆیان بەشێکی دەسەڵاتی شارەکە بەسەر کورددا دابەشکرێت!

لەتیف فاتح فەرەج، لە لاپەڕە (12)ی پەرتووکی (تەعریب و ڕاگواستن و لە بەڵگەنامەکانی بەعسدا)، نووسیویێتی: (شۆڤینییەکی عارەب لە نامیلکەیەکی جنێو ئامێزدا بەناوی (ضوء علی شمال العراق) کە خۆی ناوی (نەعمان ماهیر کەنعانی)یە دەڵێ: لە هەموو ئەو شوێنانەی نەوت هەیە کوردنیە، کەرکوک، موسڵ و خانەقین خاکی عارەبن).

ئەوەی ئەو عارەبە شۆڤینیی و عروبییە نووسیویێتی، بە بێ هیچ گومانێک بەڵگەیەکە بۆ کوردستانێتیی و کوردێتیی هەر سێ شاری کەرکوک، موسڵ و خانەقین، چونکە ئەو تەنیا لەبەر ئەوەی ئەو شارانە نەوتی تیایە بە خاکی عارەبی دادەنێت، خۆ ئەگەر بیزانیایە نەوت لە تەقتەق، دیبەگە، زاخۆ و چەندان ناوچەی تری کوردستان هەیە، ئەوکاتە بەدڵنیایی ناوی ئەوانیشی دەهێناو بە خاکی عارەبی دادەنان، بەڵام سەبارەت بە دانیشتوانی ئەو ناوچانە کە سەرجەمیان کوردن، ئەو شۆڤینییە عارەبە پەنای دەبردە بەر چ درۆیەک! ئایا دەیگوت شارۆچکەکانی تەقتەق، دیبەگە و زاخۆ خاکی عارەب و کوردەکان لێمانیان داگیرکردوون!

لە چاپی دوازدەهەمی پەرتووکی (المنجد في اللغة والاعلام)، کە بریتییە لە ئینسکلۆپیدیاییەکی عارەبی و سەبارەت بە شاری موسڵ نووسراوە: (موسڵ، مەڵبەندی پارێزگای نەینەوایە، ئەم شارەش بۆ یەکەم جار لە مێژوودا ساسانییەکان دروستیانکردووە).

ئەوەی کە ئینسکلۆپیدیای (المنجد في اللغة والاعلام)ی عارەبی ئاماژەی پێکردووە، بەڵگەیەکی تری کوردێتی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە لە لایەک بە هیچ شێوەیەک ڕەگەزی عارەب ناگەڕێتەوە سەر ساسانی، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە عارەب شاری موسڵ-یان دروست نەکردووە وەکو هەردەم کە شانازی پێوەدەکەن و بانگێشەی بەردەوامی درۆیینەی بۆ دەکەن، لە لاکەی تریشەوە ژمارەیەکی زۆر لە مێژوونووسان پێیان وایە ساسانییەکان کوردن و، مادامیش ساسانییەکان (کوردەکان) ئەو شارەیان دروستکردبێت، کەواتە شارەکە شارێکی کوردیی و بەشێکیشە لە خاکی باشووری کوردستان. بۆ زیاتر جەختکردن لەسەر ڕاستی دروستکردنی شاری موسڵ لە لایەن کورد یان ساسانییەکان کە

ئەوانیش هەر کورد بووینە، ئاماژە بە (میم ئاورینگ) دەدەم کە لە لاپەڕە (24)ی پەرتووکی (کوردناسی)دا نووسیویێتی: (لەسەر زەمینی موسڵ لە سەردەمی ساسانییەکانا شارێک هەبووە کە ئاردەشێر دروستی کردووە ناوی (بوزاردشیر/ بوزئەردەشێر) بووە، کە پادشای ساسانی بۆ نیشتەجێکردنی کوردەکان دروستی کردبوو). بە پێویستی دەزانم چەند نموونەیەک بێنمەوە بۆ سەلماندنی کوردێتیی ساسانەییەکان، بۆ نموونە ڕەشید یاسمی، لە لاپەڕە (165)ی پەرتووکی (کورد و بیویستکی نەژادی)دا دەڵێت: (بە زۆرترین شیمانە ساسانییەکان کورد نەژادن – سەرچاوە: عەبدولخالق سەرسام، ئاڤێستا و نەورۆز ئەوکاتانەی ئێراق هەمووی کوردستان بوو، ل101). میم. ئاورینگ، لە لاپەڕە (19)ی پەرتووکی (کوردناسی)دا لە بابەتی کورددا نووسیویێتی: (شانامەی فیردەوسی ئاردەشێری بابکان بە کورد دائەنێ، لەبەرئەمە ئەبێت ساسانییەکانیش کوردبن). هەر سەبارەت بە کوردێتیی ساسانییەکان، حەبیبوڵڵای تابانی لە لاپەڕە (103)ی پەرتووکی (هاونەتەوەیی قەومی کورد و ماد)دا، نووسیویێتی: (ئەردەشێری بابەکان و خانەوادەکەی (ساسانیان) کورد بوون و کەسیش ناتوانێ هاشا لەو ڕاستییەدا بکا).

دکتۆر سەعد ئەبو دیە کە عارەبێکی ئوردەنییە، لە لاپەڕە کانی (5_7)ی ئەو پێشەکییەی کە بۆ پەرتووکی (من عمان الی العمادیة أو جولة في كوردستان الجنوبية)ی نووسەری بە نەژاد کوردی بەناوبانگی ئوردەنی عەلی سەیدۆ گۆرانی نووسیویێتی، دەڵێت: (موسڵ باژێڕێکی کوردستانییە).

ئەوەی کە دکتۆر سەعد ئەبو دیە باسی دەکات، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراوی عارەب دکتۆر سەعد شاری موسڵ بە باژێڕێکی کوردستانی ناودەبات، مادام شاری موسڵ باژێڕێکی کوردستانیی بێت، گومانیش لەوەدا نامێنێت کە شارێکی کوردیی و بەشێکیشە لە خاک و وڵاتی کورد لە باشووری کوردستاندا.

پارێزەر کامیل ژیر، لە لاپەڕە (80)ی پەرتووکی (کوردایەتی و دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ)دا نووسیویێتی: (شا حوسێنی شەریفی مەکە) لە ڕۆژی (14.7.1915)دا نامەیەکی بۆ (سێر هێنری ئارسەر مەکماهۆن)ی باوەڕپێکراوی بەریتانیا لە قاهرە

ناردبوو، کە لە نامەکەدا نووسیبووی: (ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بخەرە ناو سنووری وڵاتی عارەبی سەربەخۆ).

بەگوێرەی ئەو نامەیەی کە (شا حوسێنی شەریفی مەکە) بۆ (سێر هێنری مەکماهۆن)ی ناردووە، لە لایەک بۆمان دەردەکەوێت کە ویلایەتی موسڵ هیچ پێوەندییەکی بە عارەب و ئێراقەوە نەبووە، لە لایەکی تریشەوە شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان بووە، چونکە بەگوێرەی نامەی ناوبراو، (شا حوسێن) داوا دەکات کە سنووری عارەبستان لە لای باکوورەوە لە شارەکانی مێرسین – ماردین – ئەدەنەوە شۆڕببێتەوە تاوەکو سەر کەنداوی فارس، هەروەها سنووری لای خۆرهەڵاتی لە وڵاتی فارسەوە هەتاوەکو کەنداوی بەسرا درێژببێتەوە، بەمشێوەیەش بێت شای عارەبان داوای باشووری کوردستان و بەشێکی زۆری باکووری کوردستان–یشی کردووە.

میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریڤ، لە بەشی سێیەمی وتارێکدا کە لەژێر ناوی (کوردستان لە سەردەمی هێرشی عارەب، تورک و مەغۆلەکان)دا، لە وەرگێڕانی (هەژار هەورامی)دا کە لە لاپەڕە (5)ی ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (2891)، ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (26.6.2008)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیوێتی: (هەکاریەکان ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە مێژووی کوردستاندا، توێژینەوەکەی ئێمە ناتەواوو بە کەم و کوڕییە ئەگەر باسی موسڵ و دەوروبەری نەکەین، بە باوەڕی ئیبن حەوقەل حەشیمەت و دانیشتوانی سەرەکی ئەم ناوچەیە کوردەکانن). هەر لەو وتارەدا لازاریڤ نووسیوێتی: (لەئاکام و دەرەنجامی داگیرکردنی (بەکۆلۆنیکردنی) ویلایەتی موسڵ لە لایەن عارەبەکانەوە، کۆچی زۆرەملێی هۆزە کوردەکان بەرەو بەشی سەرەوەی وڵاتی نێوان دوو ڕووبارو ئازەربایجان دەست پێدەکات).

ئەو نووسینەی لازاریڤ، دەکرێت هەم وەکو بەڵگەیەکی عارەبی و هەم بیانیش بۆ کوردێتی و کوردستانێتیی شاری موسڵ بەکاربێت، چونکە نووسەری ناوبراو لە لایەک ئاماژە بەوە دەکات کە ئیبن حەوقەل پێکهاتەو دانیشتوانی سەرەکی موسڵ بە کورد دادەنێت، لە لایەکی تریشەوە لازاریڤ باوەڕی خۆیمان بۆ دەردەبڕێت کە داگیرکردنی شاری موسڵ–ە لە لایەن عارەبەکانەوەو، دەرکردنی زۆرەملێیانەی

کورد لەناو شاری موسڵ و دەوروبەرەکەی لە لایەن عارەبی داگیرکەری شاری موسڵ.

عەبدوڵڵا کەریم مەحمود، لە لاپەڕە (149)ی پەرتووکی (ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال، بەرگی دووەم)دا، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (بەها جوانەکانی کوردە واری)دا کە لە لاپەڕەکانی (146-152)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (عەلی حەسەن مەجید لە کۆبوونەوەیەکی (1ی ئابی 1988) لەگەڵ ژمارەیەک کاربەدەستانی بەعسی دەڵێ: دەتانەوێ دانیشتوانی عارەب بەم خەڵکە خوێڕیی و هیچ و پوچانە زیاد بکەن؟ ئێمە دەبێ ناوچەکەتان (موسڵ) بەعارەب بکەین، بەڵام عارەبی ڕاستەقینە، نەک ئێزیدی کە ئەمڕۆ دەڵێن کوردین و بۆ سبەینێ دەڵێن عارەب، ئێمە لە سەرەتاوە چاومان لە خەڵکی ئێزیدی پۆشی، بچنە لای جاش، بۆ ئەوەی نەهێڵین تێکدەران زیاد بکەن، بێجگە لەمە ئێزیدی ئیتر بە کەڵکی چی دێن، بێگومان بە کەڵکی هیچ نایەن).
هەروەکو پێشتریش ئاماژە بەوە کرا، لەهەر ناوچەیەک یان شارێک شاڵاوی دڕندانەی بەعارەبکردن و ڕاگواستنەوەی زۆرەملێیانەی کورد ئەنجام درابێت، ئەوە بێ هیچ گومانێک ئەو ناوچەیە یان شارەیە خاکی کورد و بەشێکی کوردستان بووە. ئەوەی کە تاوانباری لە سێدارە دراو عەلی حەسەن مەجید درکاندوویەتی، کوردێتی و کوردستانێتیی شاری موسڵ بەتەواوی دەسەلمێنێت، چونکە عەلی کیمیاوی دەبێژێت: (ئێمە دەبێ ناوچەکەتان (موسڵ) بەعارەب بکەین)، ئەمەش بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە موسڵ شارێکی عارەبی نییە، چونکە ئەگەر وابووایە وشەی ناوچەکەتانی بەکار نەدەهێنا، هەروەها ئەگەر شارەکە شارێکی عارەبی بوایە پێویستی بە بەعارەبکردن نەدەکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی شارەکە شارێکی کوردیی و پارچەیەکی گرنگ و ستراتیژی سەر بە کوردستانە، بۆیە لە لایەن عارەب و حزبی بەعسی عارەبییەوە کەوتۆتە بەر شاڵاوی بێویژدانانەی بەعارەبکردن.

دڵشاد مەولود مەرزانی، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (بەعارەب کردن لە قەزای موسڵ)دا، کە لە پێنج بەشدایەو، بەشی یەکەمی کە لە لاپەڕە (18)ی ژمارە (83)ی هەفتەنامەی بارزان، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (7.9.2008)دا بڵاوکراوەتەوەو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (215)ی بەشی یەکەمی پەرتووکی (صورة الارض)ی ئیبن

حەوقەل، کە نووسیوێتی: (زۆربەی خەڵکی شاری موسڵ کوردن). محەمەد سەعید سۆفی-یش، لە لاپەڕە (294)ی پەرتووکی (پارێزگای کەرکوک لەناو پاکتاوکردنی ڕەگەزییدا) و بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (116)ی پەرتووکی (بلدان الخلافة الشرقية، كي. ليسترەنج)دا، نووسیوێتی: (ئیبن حەوقەل ساڵی 358ک/969زایینی نووسیویە، کە زۆربەی خەڵکی موسڵ کوردن).

ئەوەی کە مێژوونووسی ناوداری عارەب و موسڵمان (ئیبن حەوقەل) نووسیوێتی، کوردبوون و کوردستانیی بوونی تەواوی شاری موسڵ دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی مێژوونووسی ناوبراو زۆربەی زۆری دانیشتوانی شاری موسڵ بە کورد دادەنێت، کاتێکیش کە زۆربەی زۆری دانیشتوانی ئەو شارە کوردبن، ئەوە بەدڵنیاییو بێ هیچ گومانێک شارەکەش شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە.

دڵشاد مەولود مەرزانی، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (بەعارەب کردن لە قەزای موسڵ)دا، کە لە پێنج بەشدایەو، بەشی یەکەمی کە لە لاپەڕە (18)ی ژمارە (83)ی هەفتەنامەی بارزان، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (7.9.2008)دا بڵاوکراوەتەوەو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕەکانی (195-215)ی بەشی یەکەمی پەرتووکی (صورة الارض)ی ئیبن حەوقەل، کە دەڵێت: (موسڵ شارێکە لە دیوی خۆرئاوای ڕووباری دیجلە هەڵکەوتووە. هۆبە عارەبەکانی خێڵی ڕەبیعە، موزر و یەمەن، لەگەڵ هۆبە کوردەکانی هەزبانی، حەمیدی و لاری گەڕەک و لەوەرگایان لێ هەبووەو گەرمیان و کوێستانی تێدا دەکەن).

ئەوەی کە مێژوونووسی ناوداری عارەب و موسڵمان ئیبن حەوقەل ئاماژەی پێکردووە، لە لایەک کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە دەیسەلمێنێ کە کورد هەر لە کۆنەوە لەوێ دانیشتوون و ئەو خاکە نیشتمانی ڕەسەنی خۆیانە، هەروەکو لە لاپەڕە (315)شدا نووسیوێتی: (چیا سەخت و سەرکەشەکانی شارەزوور تا ئامەد، لەنێو سنووری هەرێمی ئازەربایجان و جەزیرە و ناوچەکانی موسڵ. هۆزە کوردەکانی وەک حەمیدی، لاری و هەزەبانی نیشتەجێن). لە لایەکی تریشەوە بەعارەبکردنی شاری موسڵ دەگەیەنێت لەژێر پەردەی ئایینی ئیسلام و، بڵاوکردنەوەی ئایینەکەدا لە لایەن دەسەڵاتدارانی شۆڤینیی و میلیشیاکانی موسڵمانە عارەبەکانەوە.

پرۆفیسۆری تورک دکتۆر میم کەمال ئۆڤە، لە لاپەڕەکانی (31-32)ی پەرتووکی (کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ 1918-1926)دا، بەمجۆرە نووسیویێتی: (لە ڕۆژی 24.10.1921دا کۆکس (سێر پێرسی کۆکس – دەرسیم) و یاریدەدەرەکەی یۆنگ (ئارنۆڵد هیوبەرت یۆنگ – دەرسیم) لەگەڵ شا فەیسەڵ-دا کۆبوونەوە. زۆر زەحمەت بوو بۆ یۆنگ لە سووربوونی فەیسەڵ بگات لەسەر داواکردنی موسڵ، دەبوو فەیسەڵ هەست بەوە بکات کە دەوڵەتێکی کوردی کۆست وەکو بەربەست لەبەردەم پێشڕەوی تورکان بەرەو ئێراق دروست دەکات. لەو کۆبوونەوەیەدا یۆنگ بەڕوونی بە فەیسەڵی گوت کە بەریتانیا، ئیمپریالیزمی بە عارەب پێشکەش نەکردووە، بەڵکو وانەی ناسیۆنالیزمی داون. فەیسەڵ هەر لە کۆبوونەوەکەدا پرسیاری کردبوو ئاخۆ ئینگلیز ئەو بە پادشای ئێراقێک دەزانن کە موسڵ بەشێک بێ لەو یان ئەوان ئەو بە پادشای هەموو خاکی عارەب لە ئێراقدا دەزانن بێجگە لە موسڵ؟).

هەرکەسێک باش سەرنج لە گفتوگۆکانی نێوان یاریدەدەری کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە ئێراق (ئارنۆڵد هیوبەرت یۆنگ) و پادشای ئێراق (فەیسەڵ کوڕی حوسێن) بدات، بۆی دەردەکەوێت کە هیچ کامێکیان ویلایەتی موسڵ بە خاکی عارەب و بەشێکی ئێراق نازانن! کاتێ کە یۆنگ بە شا فەیسەڵ دەڵێت کە بەریتانیا ئیمپریالیزمی بە عارەب پێشکەش نەکردووە، مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ویلایەتی موسڵ خاکی ئێوە نییەو دەستدرێژی مەکەنە سەر خاکی نەتەوەی ترو لێیان داگیر مەکەن، چونکە بەمشێوەیە تۆ دەتەوێت ببیت بە ئیمپریالیزمی عارەبی، هەروەکو لە ئەنجامیشدا عارەب بوون بە ئیمپریالیزم و خاکی کوردیان داگیرکرد. هەروەها لە پرسیارەکانی شا فەیسەڵ-یش بۆمان دەردەکەوێت کە ویلایەتی موسڵ خاکی کوردە و هیچ پێوەندییەکی بە ئێراق و عارەبەوە نەبووە، چونکە شای ناوبراو ویلایەتی موسڵ وەکو نیشتمان و خاکێکی جیا لە ئێراقی عارەب ناودەبات! کاتێکیش کە ویلایەتی موسڵ ویلایەتێکی جیا لە ئێراق و خاکی عارەب نەبێت، بەبێ هیچ گومانێک نیشتمان و خاکی کوردە، کەواتە تەواوی شارەکانی ئەو ویلایەتە بە شاری موسڵ-ی مەڵبەندی ویلایەتەکەش نیشتمان و خاکی کوردن.

پارێزەر هەژار عەزیز سورمێ، لە لاپەڕە (56)ی پەرتووکی (کورد و جینۆسایدو ئیبادەکردن هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی)داو بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (5)ی ژمارە (3)ی بڵاوکراوەی (حقوق الانسان)ی نیسانی ساڵی (1989)، وتاری (لەپێناوی بەدواهێنانی تیرۆر و تێکشکاندن لە ئێراقدا با گوشار بەردەوام بێت نووسیویێتی: (هەروەها لە ساڵی (1985)دا ڕژێم بە فڕۆکەی هێلیکۆپتەر و سەمتی، بۆردومانی کۆمەڵێک شاری کوردستانی کرد کە لەژێر بەڕێوەبەریتی و کۆنترۆڵی خۆشیدا بوون لەوانە: هەولێر، موسڵ، زاخۆ و سلێمانی).

(حقوق الانسان = مافەکانی مرۆڤ)، بڵاوکراوەیەکی ناوەندی لیژنەی داکۆکی کارە لە مافەکانی مرۆڤ لە ئێراقدا. کاتێک کە ڕێکخراوێکی مافی مرۆڤی ئێراقی باسی بۆردومانکردنی شارەکانی کوردستان دەکات و، ناوی شاری موسڵ-یش وەکو شارێکی سەر بە کوردستان ناودەبات، کەواتە ڕێکخراوی ناوبراو شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی و کوردستانیی دەزانێت، بۆیە بەمشێوەیە ناوی بردووە.

دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، لە لاپەڕە (129)ی پەرتووکی (کورد و کوردستان لە کۆمەڵە وتارێکی مێژوویيدا)، نووسیویێتی: (دکتۆر مەسعود فانی والی پێشووی تورک، پەرتووکێکی بەناوی (گەلی کورد و پەڕەسەندنە کۆمەلایەتییەکەی) بە زمانی فەرەنسی لە ساڵی (1933)دا نووسیوە. ناوبراو بە پشت بەستنی بە پەرتووکی (تقویم البلدان)، دەڵێ: (وڵاتی کوردان پانتاییەکی زۆر بەرفراوانی هەیەو ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە: جەزیرە، ئێراق، چیا، ئازەربایجان، ئارارات، ئەرمینیا و بەشێکی وڵاتی ڕۆم و ئەنادۆڵ. کوردستان دابەشی سەر هەژدە ویلایەت کراوە).

پەرتووکی (تقویم البلدان)، هی نووسەری عارەب (عمادەدین ئیسماعیل کوڕی محەمەد کوڕی عومەر ئەبو ئەلفیداء)ە. ئەوەی کە نووسەری عارەب ئاماژەی پێکردووە، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی ناوبراو تەواوی جەزیرە و ئێراق بە بەشێک لە خاک و نیشتمانی کوردان دادەنێت، گومانیش لەوەدا نییە کە موسڵ بەشێک بووە لە جەزیرە، لەو سەردەمەی کە ئەوی تێدا ژیاوە، کە لە سەرەتای سەدەی چواردەهەمدا ژیاوە.

جەرجیس فەتحوڵڵا، لە لاپەڕەکانی (520-521)ی پەرتووکی (وریا بوونەوەی کورد مێژوویێکی سیاسی 1900-1925)دا بە زمانی عارەبی و لاپەڕەکانی (575-576)ی بەرگی دووەمی بە زمانی کوردی، نووسیویێتی: (ئەبی فەزلولڵا دەڵێت: بەغدا پایتەختی ئێراقەو، موسڵ-یش پایتەختی جەزیرە. جەزیرە کە (ئەلمقەدەسی) ناوی هەرێمی (عەقور)ی لێنا، دابەش ببوو بەسەر سێ ناوچەدا کە ئەمانەن: (دیار ڕەبیعە)، (دیار مضر) و (دیاربکر) و پایتەختەکانیشیان یەک لەدوا یەک ئەمانە بوون (موسڵ، رقە و ئامەد)، کە ئامەد ئەمرۆکە بە دیاربەکر ناسراوە).

ئەبی فەزلولڵا ئەلعومەری (شەهابەددین ئەبو عەباس ئەلکرمانی ئەلعومەری)یە، کاتێک کە بەغدا بە پایتەختی ئێراق و موسڵ بە هی جەزیرە ناودەبات، کەواتە ناوبراو موسڵ-ی بەجیا لە ئێراق داناوە، خۆ ناکرێت لە کاتێکدا موسڵ پایتەختی جەزیرە بێت لە هەمان کاتیشدا شارێکی سەر بە ئێراقیش بێت! لەکاتێکیشدا کە موسڵ پایتەختی جەزیرە بێت، کەواتە موسڵ نە پێوەندی بە عارەبەوە هەیە نە بەشێکیشە لە ئێراق، چونکە جەزیرە بەشێکی ئێراق نەبووە!

ڕەحیم ئەحمەد ئەمین، لە لاپەڕە (102)ی پەرتووکی (بەعارەبکردن لە هەرێمە کوردنشینەکاندا 637-847ز)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (123)ی پەرتووکی (أحسن التقاسيم في معرفة الاقاليم)ی مێژوونووسی عارەب ئەلمقەدەسی (محەمەد کوڕی ئەحمەد کوڕی ئەبوبەکر 998ز)دا، دەڵێت: (پێشتر ناوی موسڵ خولان (کە پێدەچێت گوڵان بووبێت – دەرسیم) بووە، بەڵام کە عارەب گەیشتنە ئەوێ نۆژەن و ئاوەدانیان کردەوەو ناویان نا موسڵ - كان أسم الموصل خولان فلما وصل العرب بها عمارتهم ومصروها سميت الموصل).

بەپێی قسەکانی مێژوونووسی عارەب ئەلمقەدەسی بۆمان دەردەکەوێت کە بەر لە هاتنی عارەب وەکو داگیرکەر بۆ شاری موسڵ، ئەو شارە هەبووەو کەسانی تر ئەو شارەیان دروستکردووە نەک عارەب دروستی کردبێت، هەروەها شارەکە واتە موسڵ ناوەکەی خولان بووە (کە زۆرتر پێدەچێت گوڵان بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی پیتی (گ) لە عارەبیدا نییە، بۆیە ئەلمقەدەسی لە بری پیتی (گ)دا پیتی (خ)ی داناوەو گوڵانی کردووە بە خولان – دەرسیم)، بەڵام عارەب هاتوون بۆ داگیرکردنی شارەکەو سەرەتا ناوی شارەکەیان لە (گوڵان)ی کوردییەوە گۆڕیوە بۆ موسڵ، واتە

سەرەڕای هەوڵی بەعارەبکردنی خاک و مرۆڤەکان تەنانەت ناوی شارەکەشیان بەعارەب کردووە!

عەبدولڕەزاق مەحمود قەیسی، لە لاپەڕە (68)ی پەرتووکی (ولاية الموصل تقرير لجنة عصبة الأمم الخاصة بحل النزاع التركي – البريطاني حول ولاية الموصل 1924–1925) کە بریتییە لە (ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی توێژینەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ)و ناوبراو وەریگێڕاوە بۆ عارەبی، هاتووە: (نەخشەی ئێراق کە لە لایەن ئێستەخری بەناوبانگ (1173ی زایینی) ئامادەکراوەو لە (گۆتە) پارێزراوە، بەرەو باکوور تاوەکو تکریت درێژ دەبێتەوە، کە تکریت دەکەوێتە ناو سنوورەکەی. ئێستەخری ڕێک گوتوویەتی: ئێراق لە تکریتەوە تا عەبادان درێژ دەبێتەوە، کە دەکەوێتە سەر کەنداوی فارسی).

بەگوێرەی ئەو نەخشەیەی کە ئێستەخری بۆ ئێراقی کێشاوە، شاری موسڵ و تەواوی ویلایەتی موسڵ هیچ پێوەندییەکیان نە بە ئێراق و نە بە عارەبەوە هەبووە، بۆیە ویلایەتی موسڵ و شاری موسڵ بەتەواوی خاک و نیشتمانی کوردن، بەتایبەت کە شاری موسڵ (245) کیلۆمەتر دەکەوێتە باکووری شاری تکریت، ئەو شوێنەی کە سنووری ئێراقی عارەبی لە لای باکوورەوە لەوێ کۆتایی پێدەهات.

دکتۆر حەکیم ئەحمەد خۆشناو، لە لاپەڕە (165)ی پەرتووکی (الكورد وبلادهم عند البلدانيين والرحالة المسلمين)داو، بە پشت بەستن بە لاپەڕە (208)ی بەرگی دووەمی پەرتووکی نووسەری عارەب (الأزدي، تأريخ الموصل، تحقيق: على حبيبة، القاهرة، 1967)دا، نووسیوێتی: (موسڵ هەر لە سەردەمی کۆنەوە یەکێک بووە لە گرنگترین ناوچەی کوردی). هەروەها دکتۆر حەکیم باسی ئەوەی کردووە کە ژمارەیەکی زۆر لە گەڕیدەکان ئاماژەیان بە موسڵ و شارو دێهاتەکانی سەر بە موسڵ داوەو، وەکو شوێنی نیشتەجێ بوون و نیشتمانی کورد ناویان بردووە).

بەگوێرەی بۆچوونەکانی نووسەری عارەب ئەزدی (شێخ ئەبی زەکەریا یەزید کوڕی محەمەد کوڕی ئەیاس ئەزدی)، شاری موسڵ شارێکی بەتەواوی کوردیی و نیشتمانی کورد و سەر بە خاکی کوردستان بووە، چونکە نووسەری ناوبراو شاری موسڵی بە نیشتمانی کورد ناوبردووە.

دکتۆر حەکیم ئەحمەد خۆشناو، لە لاپەڕە (166)ی پەرتووکی (الکورد وبلادهم عند البلدانیین والرحالة المسلمین)داو، بە پشت بەستن بە لاپەڕە (196)ی پەرتووکی نووسەری عارەب (إبن حوقل، صورة الأرض) دا، نووسیویێتی: (گەڕیدەکانی سەدەی چواری کۆچی بەشێوەیەکی قووڵترو ڕێکتر باسی موسڵ و شارۆچکەکانی سەر بە موسڵ-یان کردووە. ئیبن حەوقەل کە لەساڵی (358ی کۆچی / 968ی زایینی)دا لە شارەکە (موسڵ) بووە، ناوی یازدە ناوچەی سەر بەو شارەی بردووە، کە بریتین لە شار، قەزاو شارەدێ. ئیبن حەوقەل باسی ئەوەی کردووە کە نزیکەی دە لەو یازدە ناوچەیە هەرێمی کوردین کە ئەمانەن: مێرگ، شاری بازاڕی یەکشەممە، خاکی ئازادو شارۆچکەکانی، شاری کفر عەزا کە کوردی شەهاریجە تێیدا نیشتەجێبوون، قردێ، بایەزید، باهدرا، خاپور، شەنگال، معەل سەیا و فیشخاپور).

بەپێی بۆچوونی نووسەری عارەب ئەزدی، شاری موسڵ هەم شارو ناوچەیەکی کوردیی و هەم خاکەکەی بەشێکی نیشتمانیی کورد و باشووری کوردستانە، چونکە نووسەر خۆی ئاماژەی بەوەکردووە کە لە کۆی یازدە شارو شارۆچکەی سەر بە پارێزگای موسڵ، نزیکەی دە شارو شارۆچکەیان کوردین، کەواتە زۆربەی زۆری دانیشتوانی هەرێمی موسڵ کوردن، کاتێکیش کە زۆربەی زۆری دانیشتوانی موسڵ کورد بن، کەواتە شارەکە شارێکی کوردیی و پارچەیەکی سەر بە کوردستانە.

دکتۆر خالید سلێمان ئەلفەهداوی، لە لاپەڕەکانی (31-33)ی پەرتووکی (القضیة الکوردیة والحل المنشود التأریخ – الواقع - المستقبل)دا، سەبارەت بە نەخشە ڕێگاو ئەلتەرناتیڤە پێشنیازکراوەکان و ناوەڕۆکی پرۆژە ئیسلامییەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی کورددا، شازدە پێشنیاری خستۆتەڕوو کە لە خاڵی سێزدەمدا هاتووە: (نوێکردنەوەی پەیماننامەی سێڤرەی ساڵی (1920)ی زایینی کە ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بە تورکیا وە بلکێنرێ لەگەڵ ڕاگەیاندنی فیدراڵی بۆ باشوور و باکووری کوردستان لەگەڵ تورکیادا).

ئەوەی کە دکتۆر خالید ئەلفەهداوی ئاماژەی پێکردووە، کوردبوون و کوردستانیی بوونی تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵی مەڵبەندی ویلایەتەکەش دەگەیەنێت، چونکە نووسەرو دکتۆری ناوبراو ویلایەتی موسڵ بە باشووری

کوردستان ناودەبات و پێی وایە هەردووک هەریەک خاکن. مادامیش ویلایەتی موسڵ و باشووری کوردستان یەک خاک و یەک نیشتمان بن، کەواتە تەواوی خاکی ویلایەتی موسڵ بەتەواوی شارەکانیەوە خاک و شاری کورد و سەر بە باشووری کوردستانن.

پارێزەر عەزیز شەریف عەبدولحەمید، سیاسەتمەدار و وەزیری دادی ئێراقی لە کۆتایی ساڵی شەستەکاندا، لە لاپەڕەکانی (66-67)ی پەرتووکی (المسألة الكوردية في العراق)دا، نووسیوێتی: (سەبارەت بە پرسی کورد، سێ قوتابخانەی جیا لە یەکتر لە هزری عارەبدا هەیە. یەکەم: قوتابخانەی دەوڵەت یان فەرمی. دووەم: قوتابخانەی کۆنەپەرستی شۆڤینیستی. سێیەم: قوتابخانەی بەرەی پێشکەوتووخوازان. سەبارەت بەوەی یەکەم و دووەم ئەگەر لە فەلسەفەش لێک جیاوازبن، ئەوە لە سیاسەتیاندا لە پرۆسەیەک یەکدەگرنەوە، کە نکۆڵی کردنی نەتەوەی کورد و وابەستەکردنی پرسی کوردە بە بەرژەوەندی داگیرکەران. لە ڕاگەیاندنێکی یاسین هاشمی بیانۆ دەهێنێتەوە بۆ پێدانی چیاوگی (إمتیاز)ی نەوتی ئێراق بەناڕەوا بۆ بەرژەوەندی ئیمپریالیزم، کە دەڵێت: (ئێمە ناچاربووین، لەبەر ئەوەی بەریتانیا هەڕەشەی ئەوەی لێکردین کە موسڵ (ویلایەتی موسڵ) دەدات بە تورکیا، ئەگەر هاتوو ئەو چیاوگی نەوتەمان پێنەدان). ئەگەر سەخافەتی بانگێشەی ئەو هەڕەشەیەمان بەلاوەنا، دەبینین کە سیاسەتمەدارەکان بیانۆی خزمەتکردنیان بە ئیمپریالیزم بە پێدانی نەوت بەرانبەر بە لکاندنی کوردستان پاکدەکەنەوە، هەروەها کوردستان بۆ ئیمپریالیزم دەپارێزن و خزمەتی دووەم بە بەرهەمی خزمەتی یەکەم دادەنێن).

ئەوەی کە نووسەرو کۆنە وەزیری ئاشتیخوازی ئێراقی نووسیوێتی، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شارو پارێزگای موسڵ و شارەکانی تری ویلایەتی موسڵ دەگەیەنێت. لەبەر ئەوەی نووسەری گەورەو کەسایەتی ئاشتیخوازی عارەب عەزیز شەریف، بەپێی نووسینەکەی خۆی ویلایەتی موسڵ بە کوردستان ناودەبات. کاتێک کە ویلایەتی موسڵ و کوردستان (باشووری کوردستان) یەک خاک یان یەک نیشتمان بن، کەواتە تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ، شاری سەر بە باشووری کوردستان-یشن.

دکتۆر عەلی تەتەر تۆفیق نێروەیی، لە لاپەڕە (308)ی پەرتووکی (الحياة السياسية في كوردستان 1908–1927)دا نووسیویێتی: (ڕۆژنامەی موسڵ، لە ژمارە (905)دا، کە لە ڕێکەوتی (10.11.1924)دا دەرچووە، باسی ئەو یاداشتەی کردووە کە تیایدا هاتووە: زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ کوردن، کە لە ڕەگەزی ئارین. تەنانەت یەک تایبەتمەندیش جەختی لەوە نەکردۆتەوە کە کورد و تورک سەر بەیەک نەتەوەن. کوردەکان لە دەوڵەتی عوسمانیدا ڕەگەزێکی سەربەخۆن. مادام تورکەکانیش کۆمکاری ئیسلامییان هەڵوەشاندەوە، بۆیە تاکە کوردێک چییە ئارەزووی ئەوە ناکات لەژێر دەسەڵاتی تورکیدا بژیت، بۆیە کوردەکان بەهەستێکی نەتەوەیی بەرزەوە داوا لە کۆمەڵەی نەتەوەکانی بڕیاردەر دەکەن، کە داواکارییە ڕەواکانی کورد لەبەرچاو بگرێت و، هەروەکو نەتەوەکانی تر مافی چارەی خۆنووسین بداتە کورد). نووسەر عەلی تەتەر تۆفیق نووسیویێتی، بڵاوکردنەوەی ئەو یاداشتەی کوردەکان لە لایەن ڕۆژنامەی موسڵ، دانپێدانانێکی ڕاست و ڕەوای ڕۆژنامەیەکی عارەبییە بەوەی کە کوردەکان زۆربەی زۆری دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ پێکدەهێنن.

بەگوێرەی ئەوەی کە ڕۆژنامەیەکی وەکو ڕۆژنامەی موسڵ، کە بەیاننامەیەکی کوردی بڵاوبکاتەوەو لە بەیاننامەکدا هاتبێت کوردەکان زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ پێکدەهێنن، لە لایەک ئەگەر ئەوە ڕاستی نەبوایە هەرگیز ئەو ڕۆژنامە عارەبییە شتێکی لەو بابەتەی بڵاونەدەکردەوە، لە لایەکی تریشەوە پێکهێنانی زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ لە لایەن کوردە وە، ئەوە دەگەیەنێت کە خاکی ئەو ویلایەتە خاکی کوردە و ویلایەتەکەش بەتەواوی پارچەیەکی کوردستانە. بڵاوکردنەوەی ئەو بەیاننامەیە لە لایەن ڕۆژنامەیەکی وەکو ڕۆژنامەی موسڵ، ئەوە دەردەخات کە عارەبەکانیش کۆکن لەسەرئەوەی کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی ویلایەتەکە کوردن، بۆیە هەر دەبێت ویلایەتی موسڵ ویلایەتێکی کوردیی و سەر بە کوردستان بێت، مادام عارەبەکانیش بەشێوەیەکی ڕاست و ڕەوا دانیپێدادەنێن کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانەکەی کوردبن.

دکتۆر ڕەشاد میران، لە لاپەڕە (42)ی پەرتووکی (ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا)، نووسیوێتی: (سەبارەت بە داگیرکردنی ناوچەی کوردستان (کوردییەکان) لە لایەن موسڵمانانەوە، مێژوونووسی سەدەی نۆیەم (ئەلبەلازری) نووسیویەتی: ساڵی (639ز) عوتبەی کوڕی فەرقەد شاری ئورمییەی دێرینی گرت، هەر لە هەمان ساڵیشدا موسڵ و هەموو قەڵاکانی کوردانی گرت).

ئەوەی کە مێژوونووسی ناوداری عارەب ئەلبەلازری نووسیوێتی، کوردبوون و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی مێژوونووسی ناوبراو باسی ئەوەی کردووە کە میلیشیاکانی ئیسلام لە ساڵی (639ز)دا هاتوون و شاری ورمێ، موسڵ و هەموو قەڵاکانی کوردیان داگیرکردووە، کەواتە ئەوان هەم وەکو داگیرکەر لەو ساڵەدا هاتوون و هەم پێشتر عارەب بوونی نەبووە لەو ناوچانەدا.

دکتۆر جەزا تۆفیق تالیب، لە لاپەڕە (13)ی پەرتووکی (تحديد حدود إقليم كوردستان العراق)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (164)ی پەرتووکی (محەمەد بن حەبیب ئەلبەسری ئەلماوردی، الأحكام السلطانية)دا، نووسیوێتی: (ئێراق ئەو ناوەی لێنراوە چونکە خاکەکەی ڕاستایی بێ چیاو دۆڵە. وڵاتێکە بە درێژایی حەدیسەی موسڵ-ەوە تا عەبادان-ەو، بە پانی لە خۆرهەڵاتی قادسیەوە تا حەلوان-ەوە).

ئەوەی کە ئەو نووسەرە عارەبە (محەمەد بن حەبیب ئەلبەسری ئەلماوردی) باسیکردووە، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی شارۆچکەی نەوکرد (حەدیسە) نزیکەی (54) کیلۆمەتر دەکەوێتە دووری شاری موسڵ، کە لەوێوە بە بۆچوونی نووسەری ناوبراو سنووری ئێراق لە لای باکوورییەوە کۆتایی پێدێت.

نووسەر دکتۆر فەرهاد پیرباڵ، لە لاپەڕە (19)ی پەرتووکی (کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە)دا نووسیوێتی: (جوگرافیناسی مەغریبی ئیبن بەتووتە (1304-1369)ی زایینی ژیاوە، باسی ئەوە دەکا کە لەو سەردەمەدا شارەکانی موسڵ، ماردین و شەنگال چەند شارێکی کوردنشین بوونە).

ئەوەی کە جوگرافیناسی عارەبی مەغریبی ئیبن بەتوتە باسیکردووە، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شارەکانی موسڵ، شەنگال و ماردین دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی

ئیبن بەتووتە ئەو شارانە بە شاری کوردنشین ناودەبات. مادام شارەکانی موسڵ، شەنگال و ماردین شاری کوردنشین بن، کەواتە شاری کوردیی و سەر بە خاکی کوردستانن، بەتایبەت کە ئیبن بەتووتەی عارەب هەروەکو مەحمودی مەلا عزەت لە لاپەڕە (17)ی پێشەکی وەرگێڕانی پەرتووکی (جولانەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە خەباتیدا بۆ سەربەخۆیی نەتەوایەتی و سیاسی)دا، کە لە نووسینی (پڕۆفیسۆری یۆگۆسلاڤی ڕادۆڤان پاڤیچ)ە، ئیبن بەتووتە، لە یاداشتەکانی خۆیدا کە لە ساڵی (1334)دا نووسیویەتی، سەبارەت بە باری دیمۆگرافیای شاری موسڵ دەڵێت: (کە چوومە موسڵ خەڵکەکەی بە زمانێک قسەیان ئەکرد کە عارەبی نەبوو، هەندێ خێزانیش گامێشیان بەخێو ئەکرد). ئەو گەواهی دانەی ناوبراو، دەیسەلمێنێ کە شاری موسڵ شارێک بووە نە عارەبی تێدابووەو نە شارێکی عارەبیش بووە.

نەبیل زەکی، لە لاپەڕە (55)ی پەرتووکی (الاکراد الاساطیر والثورات والحروب)دا، سەبارەت بە ویلایەتی موسڵ نووسیوێتی: (بەریتانیا بڕیاری لکاندنی ویلایەتی موسڵ-ی لە کۆمەڵەی نەتەوەکان وەرگرت، کە هەریەک لە (پارێزگاکانی موسڵ، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی) دەگرێتەوە، لەگەڵ ویلایەتەکانی بەغداو بەسرا بۆ دامەزراندنی یەک وڵات لەژێر چاودێری بەریتانی، بەمەش ناوچەیەکی چیایی دەوڵەمەند بە دارودرەختی چڕو توانای پێشکەوتنی گەورە هەروەکو ئینگلیزەکان ناوی دەبەن بە ناوچەی کوردستانی ئێراق، بە دەوڵەتی ئێراقەوە لکێنرا).

ئەوەی کە نووسەری عارەب نەبیل زەکی باسیکردووە، کوردستانێتیی و کوردێتیی پارێزگاکانی موسڵ (نەینەوا+دهۆک)، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی نەبیل زەکی باسی ئەوە دەکات کە ویلایەتی موسڵ لەو پارێزگایانەی کە لە سەرەوە ناوی بردوون پێکدێت و، ویلایەتی موسڵ-یش بریتییە لە کوردستانی ئێراق، کاتێک کە ویلایەتی موسڵ کوردستانی ئێراق بێت، کەواتە تەواوی پارێزگاکانی سەر بە ویلایەتەکە بە پارێزگای موسڵ-ەوە، شار و پارێزگای سەر بە کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان)ن.

ئەحمەد تاجەدین، لە لاپەڕە (35)ی پەرتووکی (الاکراد تأریخ شعب وقضیة وطن)دا، سەبارەت بە باشووری کوردستان، نووسیوێتی: (کاتێک کە جەنگی یەکەمی

جیهانی ڕوویدا، کوردەکان مەینەتی و دەردی زۆریان بینی سەرەڕای ئەوەی کە هیچ پێوەندییەکیان بەو جەنگەوە نەبوو، بەڵام خێڵە کوردەکان لە هەردوو بەرەی شەڕی قەفقازیی و ئێراقیدا بەشداربوون و زیانێکی زۆریان پێگەیشت. دوای پەیماننامەی (سایکس پیکۆی) بەناوبانگ، پارێزگای موسڵ خرایە سەر ئێراق، بەمەش بەشێکی کوردستان گواسترایەوە بۆ ئێراق کە لە چارەگێکی کەمتر بوو، هەروەها نیوەی زۆرتری لەگەڵ تورکیا مایەوەو ئەوەی تریش لەسەر ئێران).

ئەوەی کە نووسەری عارەبی میسری ئەحمەد تاجەدین باسی دەکات، کوردبوون و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی نووسەری ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە شاری موسڵ دوای پەیماننامەی (سایکس پیکۆ)ی ساڵی (1916) بەزۆر خراوەتە سەر ئێراق (لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا بەزۆر بە ئێراقەوە لکێنراوە)، وە باسی ئەوەش دەکات بە لکاندنی پارێزگای موسڵ بەشێکی کوردستان خرایە سەر ئێراق، ئەمەش مانای ئەوەیە کە شار و پارێزگای موسڵ پێشتر بەشێک بووە لە خاکی باشووری کوردستان.

ئەحمەد تاجەدین، لە لاپەڕە (85)ی پەرتووکی (الاکراد تأريخ شعب وقضية وطن)دا، سەبارەت بە نیشتمان و خاکی کوردان، نووسیویێتی: (دوای شەڕی چاڵدێران بارودۆخی سیاسی کوردەکان گۆڕانکاری بەسەر هات، بەوشێوەیەی کە نزیکەی دوو لەسەر سێی هەرێمی کوردیی کەوتە ژێردەستی سەروەری عوسمانییەکان، بە واتایەکی تر هەریەک لە ناوچەکانی هەولێر، موسڵ و دیاربەکر بۆ هەتا هەتایە لە ئێران جیابوونەوە).

بەگوێرەی ئەو بۆچوونەی کە نووسەر ئەحمەد تاجەدین نووسیویێتی، شارەکانی موسڵ، هەولێر و دیاربەکر شاری کوردیی و سەر بە خاکی باشووری کوردستان بووینە، چونکە نووسەر باسی ئەوە دەکات کە پێشترو بەر لە ڕوودانی شەڕی چاڵدێران لە ڕێکەوتی (23.8.1514)ی نێوان تورکە عوسمانییەکان بە سەرکردایەتی سوڵتان سەلیمی یەکەم و فارسە سەفەوییەکان بە سەرکردایەتی شا ئیسماعیلی سەفەوی، بەڵام دوای سەرکەوتنی عوسمانییەکان لە ئەنجامی پشتیوانی کوردەکان و ژێرکەوتنی فارسە سەفەوییەکان، هەر سێ شاری هەولێر، موسڵ و دیاربەکری

کوردیی و کوردستانیی لە دەوڵەتی سەفەوی جیاکرانەوەو خرانە سەر سنووری دەوڵەتی عوسمانی.

نەقیب سەروەر عومەر مستەفا، لە لاپەڕە (43-44)ی پەرتووکی (چەند وانەیەک لەسەر مێژووی کوردستانی باشوور)دا، نووسیویێتی: (نزیکەی شەش سەدە ساڵ لەمەو بەریش، زانای کۆمەڵناسی عارەب ئیبن خەلدون لە یەکێک لە نووسینەکانیدا چیای حەمرینی بە چیای کوردان ناوزەد کردووە، چونکە هەروەکو ئەو دەڵێت زۆربەی دانیشتوانی دەوروبەری چیای ناوبراو کورد بوون).
ئەوەی کە کۆمەڵناسی عارەب ئیبن خەلدون نووسیویێتی، کوردستانێتیی و کوردێتیی تەواوی پارێزگای موسڵ دەگەیەنێت، چونکە شاری موسڵ بە زۆرتر لە سەد کیلۆمەتر دەکەوێتە باکووری چیای حەمرین و مەکحول کە ئەوەی دووەمیان هەر درێژکراوەی چیای حەمرینە، چونکە دوای ئەوەی چیای حەمرین لە نزیک شارۆچکەی فەتحە ڕووباری دیجلە دەبڕێت، ناوی چیای حەمرین بۆ مەکحول دەگۆڕێت.

هەڵۆ ڕەئوف مەعروف، لە دیمانەیەکدا لەژێر ناوی (پەرەسلێنی زۆڵتان دیپلۆماتی هەنگاری و دۆستی کورد یەکەم وواڵت بووین کە وێستگەیەکی رادیۆمان نارد بۆ کوردستان)دا، کە لە لاپەڕەکانی (10-11)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (5386)ی ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (4.2.2011)دا بڵاوکراوەتەوە، پەرەسلێنی زۆڵتان لە وەڵامی پرسیارێکی کوردستانی نوێدا دەڵێ: (لەگەڵ ئێراقدا پێوەندیمان زۆر توندبوو، توانیم پێوەندی هەنگاریاو ئێراق زۆر بەرزبکەمەوە، بەتایبەتی لەبواری ئابووریدا، بەڵێ ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیاکانی هەنگاریا کاری دەکرد لە ئێراق، لە کوردستانیش بەهەمان جۆر لە شارەکانی هەولێر، کەرکوک و موسڵ، خۆم سەردانی کوردستانم کرد، چەند جارێک بە بڕیاری وەزارەتی دەرەوەی هەنگاریا، چەندان پەرتووکمان داوەتە پەرتووکخانەی زانکۆی موسڵ. هەروەها پێوەندیمان بە سەرۆک کلانە ئایینییەکان و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستانیشەوە هەبووە).
پەرەسلێنی زۆڵتان دیپلۆماتی ناسراوی هەنگاری و دۆستی گەلی کورد، لە ساڵانی نێوان (1890-1986)دا باڵوێزیووڵاتەکەی بووە لە بەغدا، بە ئاشکرا شارەکانی

هەولێر، کەرکوک و موسڵ بە سێ شاری کوردستانی ناودەبات، بۆیە بە بۆچوونی ئەو دیپلۆماتە هەنگارییە شاری موسڵ شارێکی کوردی و پارچەیەکی گرنگی سەر بە خاکی باشووری کوردستانە.

نزار عەبدولکەریم فەیسەڵ خەزرەجی، سەرۆکی ڕاکردووی ئەرکانی سوپای ئێراق، کاتێک کە لە ئوردەن بووە لە (27.4.1996)دا پلانی کۆدەتایەکی بەناوی (مینارەی بابل لێکۆڵینەوەیەک لەسەر کرداری گۆڕینی ڕژێم لە ئێراقدا / برج بابل، دراسة عن عملية تغيير النظام في العراق)دا نووسیوەو، پێشکەش بە ئەمەریکییەکانی کردووە بۆ ئەوەی پشتیوانی لێبکەن لەپێناوی ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام. خەزرەجی لە لاپەڕە یەکی (مینارەی بابل)دا نووسیوێتی: (عارەبی سوننە هەردەم چالاکن و ئاراستەی نەتەوەیی و ئایینییان دیارە، ئەوانیش بەدەست ستەم و بەرەڵڵایی و پیاوەکانی ڕژێمەوە دەناڵێنن، چاوەڕێی ڕزگاربوون دەکەن لەدەست ئەو ڕژێمە، بەڵام لەکاتی ڕوخانی ڕژێمدا گومان و مەترسی بنەڕەتییان هەیە لە دەسەڵاتگرتنی باشوورییەکان (شیعەکان) کە ئەوان لایەنگری ئێرانن، هەروەها مەترسییان هەیە لەچاوبڕینی کوردەکان لە هەردوو شاری موسڵ و کەرکوک).
بەر لەهەموو شتێک مەترسی خەزرەجی لەنیازی کوردەکان لەدەست بەسەراگرتنی شارەکانی موسڵ و کەرکوک بەڵگەیەکی ترە بۆ کوردستانی بوونی ئەو دوو شارە، چونکە کورد تەنیاو تەنیا دەیەوێت خاک و شارە داگیرکراوەکانی خۆی ڕزگار بکاتەوە، نەک پەلاماری خاک و شاری نەتەوەکانی تر بدات کە ئەو توانایەشی نییە. دواتر نەک تەنیا مەترسی خەزرەجی و بەعسییەکان، بەڵکو مەترسی عارەبی تەواوی وڵاتانی تری عارەبیشە کە کورد بگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنانەی کە تێیدا بەزۆر دەرکراوەو، شارو شارۆچکە بەعارەبکراوەکانی وەکو: کەرکوک، موسڵ، دیالە، خانەقین، بەدرە، شارەبان، جەلەولا، سەعدیە، جەسان، قەرەتەپە، مەخمور، دیبەگە، گوێڕ، قەراج، شەنگال، تەلەعفەر و زوممار بخرێتەوە سەر باشووری کوردستان.

فەخری کەریم زەنگەنە، ڕاوێژکاری سەرۆک کۆمار (جەلال تالەبانی) و سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن و سەرنووسەری ڕۆژنامەی (المدی)، لە لاپەڕە (3)ی ژمارە (2673)ی ڕۆژنامەی ناوبراو، ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (12.12.2012)دا

نووسیویێتی: (مالیکی لە بەردەم و من و سەرۆک (جەلال تاڵەبانی)دا وتی: من هیچ سوودێک لە گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان بۆ خۆمان نابینم، بەڵکو بە ڕاشکاوی و ڕاستگۆیانە دەڵێم لە سەرمان پێویستە کار بۆ درێژکردنەوەی هەرێمی کوردستان بکەین تاوەکو پارێزگای (نەینەوا)ش بگرێتەوە. چونکە ئەوانە، واتە خەڵکی موسڵ و حەدباء – دوژمنی ئێمەن و سەرەڕای هەموو شتێک بە سونە و نەتەوەپەرست و عربان دەمێننەوە و داڵدەدەری بەعس-ن و کۆدەتاچین بەسەر دەسەڵاتی ئێمە).

ئەوەی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی ئێراق سەبارەت بە پارێزگای موسڵ (نەینەوا) وتویەتی، دەیسەلمێنێ شار و پارێزگای موسڵ شارێکی کوردی و بەشێکە لە خاکی کوردستان، ئەگینا نوری مالیکی هەرگیز ئەو قسەیەی نەدەکرد، چونکە زۆربەی عارەب نەوت لە هەر ناوچە، شار و شارۆچکەیەکی باشووری کوردستان هەبێت، ئەوان ئەو شوێنانە بە خاکی عارەب و ئێراق دادەنێن و دەزانن.

In The Name Of God

**Decision NO. 529**
**Decision date: 23/Muharam/ 1419 H**
**24/8/1989**

in accordance with (a) section rule of forty two article of the edict.
Revolution command council decided:
First: The Iraqi who is not one of self – Judgement governorates residents has the right to own residency land in the self–judgement governorate according to the determined arrangements, in addition what he owns in his born place and he would be included by mortgage bank lend as an exceptional case.
Second: The Iraqi who is one of self – Judgement governorates residents has the right to own residency land in Baghdad city and other Governorates except (Nynawa, Tameem and Dyala), as well as, what he owns in his born place and he would be included by mortgage bank lend as an exceptional case.
Third: Publish this decision in the formal newspaper and do not depend on any sentencing, which might oppose the rule of this decision.

**Saddam Hussein**
**Chief Revolution Command council**

رقم القرار : ٥٢٩
تاريخ القرار : ٢٣/محرم/١٤١٠ هـ
١٩٨٩/٨/٢٤ م

استنادا الى احكام الفقرة (أ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور .

قرر مجلس قيادة الثورة ما يلي :ـ

اولا ـ يحق للعراقي من غير سكنة محافظات منطقة الحكم الذاتي تملك قطعة ارض سكنية في منطقة الحكم الذاتي وفق السياقات النافذة بتوزيع قطع الاراضي السكنية للمواطنين بالاضافة الى ما يملكه في مسقط راسه ويشمل بقرض المصرف العقاري استثناء .

ثانيا ـ يحق للعراقي من سكنة منطقة الحكم الذاتي تملك قطعة ارض سكنية في مدينة بغداد والمحافظات الاخرى عدا محافظات ( نينوى ، التاميم ، ديالى ) بالاضافة الى ما يملكه من سكن في مسقط راسه ويشمل بقرض المصرف العقاري استثناء .

ثالثا ـ ينشر هذا القرار في الجريدة الرسمية ولا يعمل باي نص يتعارض واحكامه .

صدام حسين
رئيس مجلس قيادة الثورة

الوقائع العراقية ـ العدد ٣٢٧١ ٥٥٠ ١٩٨٩/٩/٤

التشـكيلات الادارية

رقـم ١٠٦٦

بسم الله الرحمن الرحيم

## مرسوم جمهوري

بناء على ماعرضه وزير الداخلية وفق الفقرة الثانية من قرار مجلس قيادة الثورة المرقم ٣١١ في ١٩٦٩/٥/٢٧ واستنادا الى الفقرة الثالثة من القرار المشار اليه .

رسمنا بما هو آت :ـ

أولا ـ يتألف لواء دهوك من الاقضية التالية :ـ

١ ـ قضاء دهوك
٢ ـ قضاء زاخو
٣ ـ قضاء العمادية
٤ ـ قضاء عقرة

تكون حدوده الادارية هي نفس الحدود الخارجية للاقضية المذكورة .

ثانيا ـ أصبح لواء الموصل متألفا من الاقضية التالية :ـ

١ ـ قضاء مركز الموصل
٢ ـ قضاء الشيخان
٣ ـ قضاء تلعفر
٤ ـ قضاء سنجار
٥ ـ قضاء الحضر
٦ ـ قضاء الشرقاط

وتكون حدوده الادارية هي نفس الحدود الخارجية للاقضية المذكورة .


ثالثا ـ فك ارتباط ناحية المزوري بكامل حدودها الادارية من قضاء الشيخان بلـواء الموصل والحاقها بقضاء دهوك في لواء دهوك .

رابعا ـ يرتبط قضاء عقرة بصورة مؤقتة بلواء الموصل وكذلك تبقى ناحية المـزوري مرتبطة مؤقتا بقضاء الشيخان في لواء الموصل ، وذلك الى أن تزول الاسـباب الادارية الحالة وفق بيان يصدره وزير الداخلية .

على وزير الداخلية تنفيذ هذا المرسوم .


كتب ببغداد في اليوم الخامس من شهر رجب لسنة/١٣٨٩ المصادف لليوم السابع شهر أيلول لسنة/١٩٦٩ .

احمد حسن البكر



الزاب المجنون
تكريت
الزاب الصغير
شمال العراق
السن
الدور
دافوقا
سر من رأى
عكبرا
بغداد
المدائن
النعمانية
جبل
نهر سابس
واسط
دير العاقول
فم الصلح
حلوان
اسكاف ابن جنيد
الصراة
نهر عيسى
نهر صرصر
نهر الملك
القصر
بابل
كوثاربا
سواد الكوفة
الكوفة
القادسية
مغرب العراق
جنوب العراق
شرق العراق
بيان
عبادان


(الخارطة ٧)






نەخشەی ژمارە -٢٢-
ولایەتی موسڵ و قەزاکانی لە کاتی حوکمی مەدحەت پاشا لە ساڵی (١٨٦٩)دا
سەرچاوە: د. عبدالعزیز نوار، تاریخ العراق الحدیث، القاهرة، ١٩٦٨)

كردستان
الحدود الدولية
حدود كردستان


شكل رقم ١
خريطة كردستان



— ١٣٧ —




خريطة تبين المناطق الكردية الثائرة .


زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کورد و کوردستان
لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا
نووسینی:
د. ولید حمدی
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:
موحەمەد نوری تۆفیق
GUS
ANKARA
TÜRKEI
TEHERAN
IRAN
SYRIEN
DAMASKUS
IRAK
AMMAN
SAUDI-ARABIEN
چاپی دووەم
لەسەر ئەرکی کتێبخانەی سلێمانی بەرێکەوتن لەگەڵ
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمدا

# سەرچاوەکانی بەشی پێنجەم
# (بەڵگەنامە ئێراقی و عارەبییەکـان):

1- Ethnic Cleansing Documents in Kurdistan–Iraq Part Two Kurdistan-Kirkuk 2004.

2- دکتۆر خلیل ئیسماعیل محمد، دکتۆر محمد عبدالله عمر، سیروان کاکەیي و محمود حاجي، سیاسة التعریب في أقلیم کوردستان العراق – دراسة وثائقیة – محور الموصل، جنوب کوردستان – هەولێر 2003.

3- دکتۆر شاکر خەسباک، کورد و مەسەلەی کورد، ئەمجەد شاکەلی کردویە بە کوردی، بنکەی چاپەمەنی ڕۆژ، سوید 1997.

4- دکتۆر شاکر خەسباک، الکورد دراسة جغرافیة أثنوغرافیة، دار العربیة للموسوعات، بیروت – لبنان 2005.

5- دکتۆر شاکر خەسباک، العراق الشمالي دراسة لنواحیه الطبیعیة والبشریة، الطبعة الاولی، ساعدت جامعة بغداد في نشره، مطبعة شفیق، بغداد - العراق 1973.

6- باوکی مازیار ئاکرەیی، رد وتوضیح، مجلة کوردستان المجاهدة، مجلة سیاسیة جامعة تصدر عن مکتب الفرع الثالث للحزب الاسلامي الکوردستاني، السنة الثالثة، العدد الثالث، شباط 1993.

7- محەمەد ئەمین زەکی، خولاسەیەکی تأریخی کورد و کوردستان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی نوێ، سلێمانی – باشووری کوردستان 2000.

8- محەمەد تۆفیق وردی، کوردستان المناضلة 1959.

9- عبدالرقیب یوسف، حدود کوردستان الجنوبیة تأریخیا وجغرافیا خلال خمسة الاف عام وما ترتب علی إلحاقها بالعراق، الطبعة الاولی، مطبعة شڤان، سلێمانی – جنوب کوردستان 2005.

10- دکتۆر حامد مەحمود عیسا، القضیة الکوردیة في العراق من الاحتلال البریطاني الی الغزو الأمریکي 1914–2004، مکتبة مدبولي، مصر، الطبعة الاولی 2005.

11- خەبات عەبدوڵلا، بنەما تیۆرییەکانی جوگرافیای عەسکەری کوردستانی باشور، چاپخانەی تیشک، سلێمانی – باشووری کوردستان 2001.

12- اللواء الركن محمد نجم‌الدين النقشبندي، الكورد و كوردستان ترجمة بحث منشور في دائرة المعارف الاسلامية باللغة الانگليزية عام 1986، مطبعة المعروف – شارع السعدون 2002.
13- کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا، وەرگێڕانی لە فارسییەوە حەمە کەریم عارف، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر – باشووری کوردستان 1997.
14- دکتۆر وەلید حەمدی، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، وەرگێڕانی محەمەد نوری تۆفیق، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپخانە ئۆفسێتی هەواڵ، سلێمانی – باشووری کوردستان 1999.
15- دکتۆر یەحیا خەشاب، شەرەفخانی بەدلیسی، شەرەفنامە، هەژار کردویە بە کوردی، کۆڕی زانیاری کورد لە چاپی داوە، چاپخانەی نعمان، نەجەف – ئێراق 1973.
16- سەلام ناوخۆش، هۆکارەکانی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە ئێراقی عارەبییەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ژیان، هەولێر – باشووری کوردستان 2000.
17- مازن بيلال، المسألة الكوردية الوهم والحقيقة، الطبعة الاولى، بيسان للنشر والتوزيع والاعلام، بيروت – لبنان 1993.
18- دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، الحياة الحزبية في الموصل 1926-1958، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية، هەولێر – جنوب كوردستان 2003.
19- دکتۆر شوان عوسمان مستەفا، کوردستان و پرۆسەی بەئیسلام کردنی کورد (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە)، چاپی یەکەم، سلێمانی – باشووری کوردستان 2002.
20- کەیوان ئازاد ئەنوەر، کورد لەچەند تۆمارێکی مێژووییدا، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی – باشووری کوردستان 2005.
21- سلام العبودي، جريدة التآخي، العدد (4536)، الاحد (17.7.2005). التآخي، جريدة رسمية للحزب الديموقراطي الكوردستاني.
22- دکتۆر سلێمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل، چەمک و سنووری هەرێمی کوردستانی ئێراق، ژمارە (3)، ساڵی دوانزەهەم، تشرینی دووەمی 2004، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی (44)، گۆڤارێکی وەرزییە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی کوردستان دەریدەکات.

23– دکتۆر باهۆز جۆمی. www.kdp.info.com
24– يوسف مالك، كوردستان أو بلاد كوردستان، منشورات مكتب الفكر والتوعية في الاتحاد الوطني الكوردستاني، سلێمانی – جنوب كوردستان 2006.
25– عەنان حوسێن
http://www.pukonline.com/2005/arabi/wtar/oct/4.htm
26– دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، إقليم كوردستان العراق دراسات في التكوين القومي للسكان، الطبعة الثالثة، هەولێر – جنوب كوردستان 1999.
27– پرۆفیسۆر ڕادۆڤان پاڤیچ، جوڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە خەباتیدا بۆ سەربەخۆیی نەتەوایەتی و سیاسی، وەرگێڕانی مەحمود مەلا عزەت، چاپخانەی شەهید جەمال تاهیر لە سوید، سوید 1985.
28– ئەحمەد شەوکەت، الشبك الكورد المنسيون، مطبعة وزارة الثقافة، سلێمانی – جنوب كوردستان 2004.
29– محەمەدی مەلا قادر، وەکو پارتی پێمانوایە دەبێ موسڵ دابەش بکرێ و بکرێتە دوو پارێزگا، هەفتەنامەی میدیا، ژمارە (240)، ساڵی یانزەهەم، سێشەممە ڕێکەوتی (16.3.2006). میدیا، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری هەفتانەیە، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان دەریدەکات.
30– دکتۆر فازڵ حوسێن، کێشەی ویلایەتی موسڵ، وەرگێڕانی محەمەد شاکەلی، چاپخانەی خاک، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 1999.
31– دکتۆر حامد مەحمود عیسا، المشكلة الكوردية في الشرق الاوسط، مكتبة مدبولي، القاهرة – المصر 1992.
32– خەسرەو گۆران، کورد لە پارێزگای موسڵ، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر – باشووری کوردستان 2002.
33– دکتۆر ئیسماعیل شوکور ڕەسوڵ، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (4239)، ڕۆژی چوارشەممە، یەکشەممە (13.6.2007)، ساڵی شانزەهەم. کوردستانی نوێ، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری ڕۆژانەیە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات.

34- دکتۆر کمال مظهر ئەحمەد، كركوك وتوابعها حكم التأريخ والضمير دراسة وثائقية عن القضية الكوردية في العراق، الجزء الاول، مطبعة رينوين.
35- مام جەلال تالەبانی، المنار الكوردي، العدد (49)، الجمعة 8 أيار 1988، نصف شهرية سياسية يصدرها الاتحاد الوني الكوردستاني – مكتب الخارج.
36- صلاح عصام أبو شقرا، الاكراد شعب المعاناة نافذة على واقعهم في لبنان والعالم، الطبعة الاولى، دار الهادي للطباعة والنشر والتوزيع، لبنان – بيروت 1999.
37- دکتۆر عبدولفتاح علي بۆتاني، جريدة الحقيقة – ڕاستی أول جريدة عربية كوردية في موصل، مطبعة خەبات، الطبعة الاولى، دهۆك – جنوب كوردستان 1998.
38- دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، گۆڤاری دهۆک، ژمارە (21)، ئۆکتۆبەری ساڵی2003، کۆڤارەکا وەرزی، ڕەوشەنبیری، گشتییە، سەروکاتیا باژێرڤانیا دهۆک دەردئێخیت.
39- دکتۆر خليل ئیسماعیل محمد، الانفال، العدد (6)، سنة السادسة 2005، مجلة تصدرها وزارة حقوق الانسان وشؤون المرحلين والمؤنفلين.
40- فائزة محەمەد عزەت، الكورد في الجزيرة وشهرزور في صدر الاسلام من (647-749م)، أطروحة ماجستر غير منشورة، قدمت الى مجلس كلية الاداب في جامعة صلاح‌الدين، هەولێر – جنوب كوردستان 1991.
41- خالید دلێر، كيف ألحقت كوردستان الجنوبية بالدولة العراقية؟ الطبعة الثانية، سلێمانی – جنوب كوردستان 2004.
42- ئەحمەد فوزي، قاسم والكورد خناجر وجبال، القاهرة 1961.
43- السيد عبدالرزاق الحسني، العراق قديما وحديثا، في الطبعة الثانية المنقحة، مطبعة العرفان – صيدا 1956.
44- ئەرشەد هورمزی، حقيقة الوجود التركماني في العراق، طبعة الثانية منقحة، الدار العربية للموسوعات، بيروت – لبنان 2005.
45- عقيد أمين سامي الغمراوي، قصة الكورد في شمال العراق، دار النهضة العربية، الطبعة الاولى، القاهرة – مصر 1967.
46- طالب الصحفي، الاستقرار المفقود في عهد صدام، دار الوفاء، الطبعة الاولى 1995.

47- دکتور زهير عبدالملک، الاكراد وبلادهم كوردستان بين سؤال وجواب، ستۆكهۆڵم – سويد 1999.
48- محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی یەکەم، بلاک ڕۆز، لەندەن – بەریتانیا 1990.
49- دکتۆر حوسێن بدێوی، خطوة على الطريق الى البيت الكوردي الكبير دراسة في الوثائق البريطانية، المطبعة: وزارة التربية – هەولێر، جنوب كوردستان 2006.
50- دكتور كاظم حبيب، ميديا، العدد (132)، السنة السابعة، الاحد (22.9.2002). ميديا، صحيفة سياسية، تصدر عن الاتحاد القومي الديموقراطي الكوردستاني.
51- دکتۆر فرسەت مەرعی ئیسماعیل، الامارات الكوردية في العصر العباسي الثاني (350-511 هجري/60-1117م)، دار سپيريز للطباعة والنشر، مطبعة وزارة التربية، الطبعة الاولى، هەولێر – جنوب كوردستان 2005.
52- محمود الدرة، القضية الكوردية، الطبعة الثانية (طبعة جديدة موسعة)، منشورات دار الطليعة، بيروت- لبنان، نيسان 1966.
53- عەبدولماجود ئەحمەد السلمان، الموصل في العهد الراشدي والاموي، منشورات مكتبة بسام، الطبعة الاولى، موصل – جنوب كوردستان 1985.
54- القس سليمان صائغ الموصلي، تأريخ الموصل، المطبعة السلفية بمصر، الجزء الاول، 1342-1923.
55- المستر ستيڤن هێميسلي لۆنگريگ، أربعة قرون من تأريخ العراق الحديث، ترجمة جعفر الخياط، الطبعة السادسة، بغداد – عراق 1985.
56- دکتۆر نوری تاڵەبانی، ناوچەی کەرکوک و هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەیی ئەم ناوچەیە، چاپی یەکەم، کتێبی هەرزان، سوید 1998.
57- جلال طالباني، أغد ديموقراطي وحرمان الشعب حتى من حق الحلم؟ من منشورات الاتحاد الوطني الوردستاني، مركز ئەرکی نوێ الثقافي 1989.
58- کامەران مەنتک، کوردستان لەنێوان ململانێی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا 1890-1932، دەزگای سەردەم، سلێمانی – باشووری کوردستان 2000.
59- دکتۆر جەبار قادر، کەرکوک (20)، گۆڤارێکی ڕوناکبیریی گشتیی وەرزییە (کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوک دەریدەکات)، ژمارە (4)ی ساڵی پێنجەم، بەهاری 2004.

60- دکتۆر مونزر فەزل http://federation.jeeran.com/kurdistan.html
61- دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، گۆڤاری توێژینەوە، ژمارە (4)ی ئۆکتۆبەری 2005. توێژینەوە، گۆڤارێکە دوو مانگ جارێک لە دەزگای موکریانی دەردەچێت.
62- دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، کورد و کوردستان لە کۆمەڵە وتارێکی مێژووییدا، وەرگێڕانی ئازاد عوبێد، چاپخنەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر – باشووری کوردستان 2005.
63- لەیلا نامیق سالم جاف، کرکوک لمحات تأريخية، مطبعة خەبات، هەولێر – جنوب کوردستان 1992.
64- وەلید محەمەد ساڵح، کرکوک بحث الندوة العلمية حول کرکوک 3-5 نیسان 2001 أربيل، مجموعة من الباحثين – من منشورات ئاراس، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية، هەولێر – جنوب کوردستان 2002.
65- فەهمی هوەیدی، گۆڤاری هاواری کەرکوک، ژمارە (4)، ساڵی 1999، گۆڤارێکی ڕامیاری و ڕۆشنبیریی گشتییە، ناوەندی ڕۆشنبیری کەرکوک دەریدەکات.
66- عەدنان زیان فەرحان، الکورد الايزيديون في إقليم کوردستان، من منشورات مرکز کوردستان للدراسات الاستراتيجية، سلێمانی – جنوب کوردستان 2004.
67- گۆران ئیبراهیم ساڵح، کەرکوک لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لەنێوان ساڵانی 1876-1909ی زاییندا، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی. ن. ک)، سلێمانی – باشووری کوردستان 2007.
68- دکتۆر نوری تاڵەبانی، باشووری کوردستان پاش جەنگی جیهانی یەکەم بە دەوڵەتی ئێراق لکێندراوە (بەشی یەکەم)، هەفتەنامەی ئاوێنە، ژمارە (56)ی سێشەممە، ڕێکەوتی (13.2.2007). ئاوێنە، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری گشتییە، کۆمپانیای ئاوێنە دەریدەکات.
69- سەگڤان مزوری، ماڵپەڕی (www.kdp.info)، ترکيا تؤکد أنها تلقت ضمانات أمريکية بشأن إنسحاب القوات الکوردية من کرکوک والموصل، لە ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی (12.4.2003)ا لە ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)ی عارەبییەوە وەریگرتووە.
70- تاریق هاشمی، موسڵ شاری هەموو پێکهاتەکانە، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (2771)ی ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (24.2.2008). خەبات، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری ڕۆژانەیە ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

71- لەتیف فاتح فەرەج، تەعریب و ڕاگواستن لە بەڵگەنامەکانی بەعسدا، لە بڵاوکراوەکانی نووسینگەی بیرو هۆشیاری (ی. ن. ک)، باشووری کوردستان - سلێمانی 2004.
72- المنجد في اللغة والاعلام، الطبعة الثانية عشر، دار المشرق، بيروت - لبنان.
73- علي سيدو الگوراني، من عمان الى عمادية أو جولة في كوردستان الجنوبية، تقديم الدكتور سعد أبو دية، جامعة اليرموك.
74- کامیل ژیر، کوردایەتی و دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ، سوید، ئابی 1994.
75- میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازاریف، کوردستان لە سەردەمی هێرشی عارەب، تورکو مەغۆلەکان – بەشی سێیەم، لە وەرگێڕانی (هەژار هەورامی)، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (2891)، ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (26.6.2008)، ل5. خەبات، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری ڕۆژانەیە ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە.
76- عەبدوڵڵا کەریم مەحمود، ڕەشەبای ژەهر و ئەنفال، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری – بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی – باشووری کوردستان 2004.
77- دڵشاد مەولود مەرزانی، بەعارەب کردن لە قەزای موسڵ (بەشی یەکەم)، هەفتەنامەی بارزان، ژمارە (83)، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (7.9.2008). بارزان، هەفتەنامەیەکی گشتیی سەربەخۆیە لە باشووری کوردستان – هەولێر دەردەچێت.
78- پرۆفیسۆر دکتۆر میم کەمال ئۆڤە، کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ 1918-1926، وەرگێڕانی سەلام ناوخۆش، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خەبات، باشووری کوردستان – هەولێر 2000.
79- محەمەد سەعید سۆفی، پارێزگای کەرکوک لەناو پاکتاوکردنی ڕەگەزییدا، چاپخانەی بەرهەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 2003.
80- پارێزەر هەژار عەزیز سورمێ، کورد و جینۆسایدو ئیبادەکردن هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی، چاپی دووەم، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر – باشووری کوردستان 2006.
81- دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، کورد و کوردستان لە کۆمەڵە وتارێکی مێژوویيدا، وەرگێڕانی ئازاد عوبێد ساڵح، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و

بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، باشووری کوردستان – هەولێر 2005.
82- جرجیس فەتحوڵڵا، یقظة الکورد تأریخ سیاسي 1900-1925، الطبعة الاولی، مطبعة وزارة التربیة، هەولێر – جنوب کوردستان 2002 + جەرجیس فەتحوڵڵا، وریا بوونەوەی کورد مێژوویێکی سیاسی 1900-1925، بەرگی دووەم، وەرگێڕانی حەسەن جاف، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی دهۆک، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، باشووری کوردستان 2009.
83- ڕەحیم ئەحمەد ئەمین، بەعارەبکردن لە هەرێمە کوردنشینەکاندا 637-847ز، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی تیشک، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 2008.
84- مراجعة وتحقیق عەبدولڕەزاق مەحمود قەیسی، ولایة الموصل تقریر لجنة عصبة الأمم الخاصة بحل النزاع الترکي – البریطاني حول ولایة الموصل 1924-1925، مرکز الدراسات الکوردیة (کوردۆلۆجی)، مطبعة ڕەنج، جنوب کوردستان – السلیمانیة 2009.
85- دکتۆر حەکیم ئەحمەد خۆشناو، الکورد وبلادهم عند البلدانیین والرحالة المسلمین (232-626 هجري/846-1229 میلادي)، دار الزمان للطباعة والنشر والتوزیع، الطبعة الأولی، دمشق – سوریا 2009.
86- دکتۆر خالید سلێمان ئەلفەهداوی، القضیة الکوردیة والحل المنشود التأریخ – الواقع – المستقبل، دار الاوائل للنشر والتوزیع، الطبعة الاولی، سوریا – دمشق 2006.
87- عەزیز شەریف، المسألة الکوردیة في العراق، الطبعة الرابعة، مطبعة مکتب الاعلام المرکزي للاتحاد الوطني الکوردستاني 2004.
88- عەلی تەتەر تۆفیق نێروەیی، الحیاة السیاسیة في کوردستان 1908-1927، ترجمة تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، مراجعة دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، الطبعة الأولی، مطبعة خاني - دهۆک، دار سپیرێز للطباعة والنشر دهۆک، باشووری کوردستان 2007.
89- دکتۆر ڕەشاد میران، ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەنسوور، ستۆکهۆڵم – سوید 1993.

90- دکتۆر جەزا تۆفیق تالیب، تحديد حدود إقليم كوردستان العراق، من منشورات مكتب الفكر والتوعية في الاتحاد الوطني الكوردستاني، جنوب كوردستان – سلێمانی 2004.
91- دکتۆر فەرهاد پیربال، کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، باشووری کوردستان – هەولێر 2006.
92- نەبیل زەکی، الاكراد الاساطير والثورات والحروب، العدد (8)، المشرف على التحرير جەمال الغيطاني، طبعت بمطابع دار إخبار اليوم، حوزەیرانی 1991.
93- ئەحمەد تاجەدین، الاكراد تأريخ شعب وقضية وطن، الدار الثقافية للنشر، الطبعة الاولى، دار النصر للطباعة الاسلامية، مصر – القاهرة 2001.
94- وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە - کۆلیژی سەربازی، چەند وانەیەک لەسەر مێژووی کوردستانی باشوور، ئامادەکردنی نەقیب سەروەر عومەر مستەفا.
95- هەڵۆ ڕەئوف مەعروف، پەرەسلێنی زۆڵتان دیپلۆماتی هەنگاری و دۆستی کورد یەکەم وڵات بووین کە وێستگەیەکی ڕادیۆمان نارد بۆ کوردستان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (5386)ی ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (4.2.2011)، ل10-11). کوردستانی نوێ، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری ڕۆژانەیە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات.
96- نزار عەبدولکەریم فەیسەڵ ئەلخەزرەجی، پلانی کۆدەتا (مینارەی بابل لێکۆڵینەوەیەک لەسەر کرداری گۆڕینی ڕژێم لە ئێراقدا / برج بابل، دراسة عن عملية تغيير النظام في العراق)، کە لە ڕێکەوتی (27.4.1996)دا لە ئوردەن نووسیوێتی و بە ئەمریکییەکانی داوە. کۆپییەک لەو پلانەم لە دادگای دانمارک وەرگرتووە.
97- صحيفة المدى، العدد (2673)، السنة العاشرة، الأربعاء (12) كانون الأول 2012، ص3. المدى، جريدة سياسية يومية تصددر في بغداد – العراق ورئيس تحريرها فخري كريم.

# بەشی شەشەم

## مێژووی کوردستانیێتیی شاری موسڵ لە بەڵگەنامـــە کوردییەکاندا

بەڵگەنامەکانی بەشی شەشەم، واتە (بەڵگەنامە کوردییەکان)، ژمارەیان (757) بەڵگەنامەیە و تێکڕا (444) سەرچاوەیان بۆ بەکارهاتووە. زۆر لە مێژوونووس، جوگرافیناس، گەڕیدە، پۆلەتیک و نووسەرانی کورد تەواوی شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی یان وەکو پارێزگایەکی باشووری کوردستان ناودەبەن. هەشیانە ویلایەتی موسڵ بە ویلایەتێکی کوردیی یان بە بەشێکی باشووری کوردستان ناودەبەن. هی واش هەیە تەنیا کەناری خۆرهەڵاتی ڕووباری دیجلە بە کوردستان دەزانێت، بەڵام هەر هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە عارەب لەگەڵ هاتن و داگیرکردنی موسڵ لە لایەن میلیشیای ئیسلامەوە هاتوون و، بەر لەو مێژووە ئەوان بوونیان لەو شارە و ویلایەتەدا نەبووە. بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی زۆرتر لێرەدا تیشک دەخەینە سەر تەواوی بەڵگەنامەکان کە ئەمانەن:

مامۆستاو زانای بەناوبانگی کورد، مامۆستا عەلائەدین سەجادی، لە لاپەڕەکانی (13–14)ی پەرتووکی (شۆڕشەکانی کورد وە کورد و کۆماری ئێراق)و، لە لاپەڕەکانی (52–53)ی پەرتووکی (مێژووی ئەدەبی کورد)و، لاپەڕەکانی (10–11)ی پەرتووکی (مێژووی ڕاپەڕینی کورد)دا نووسیویێتی: (تێکڕای وڵاتی کوردستان ئەم شوێنانەی داگیرکردوە: لە ڕۆژهەڵاتەوە پاڵ ئەدا بە ئێرانەوە، واتە لە خوزستانەوە دەست پێئەکا بۆ ئێراقی عەجەم، هەمەدان، زەنگان و تەورێز تا ئەگاتە ڕووباری (ئاراس) لە قەوقاسی باشوور. لە ڕۆژئاواوە ئەگاتە ئایەنەو سیواس و پاڵ ئەدا بە ئەنادۆڵەوە. لە باکوورەوە ئەگاتە قەوقاس و پارێزگای (لازستان). لە باشووری ڕۆژهەڵات و باشوورەوە ریزە هێڵێکە لە خوزستانەوە دێت ئەگاتە کێوی حەمرین و بۆ کێوی شەنگال لە دەشتی شام و لەوێوە بۆ گرداغ تا ئەچێتە سنووری ئەسکەندەرونە.

ئەم کوردستانەی کە بەم جۆرە باسکرا ئەبێ بە سێ بەشی گەورە:

1- کوردستانی ڕۆژهەڵات کە ئازربایجانی ڕۆژئاواو وڵاتی (سنە) و لوڕستانی گەورەو بچوکە.

2- کوردستانی باکوور کە وڵاتی خەرپوت، دیاربەکر، وان، بەتلیس، ئەرزوڕۆم، بەشێ لە وڵاتی سیواس و ناوچە شاخاوییەکان لە وڵاتی قارس و ئەردەهان، وە قەرەباغ لە قەوقاسی باشوورەوە.
3- کوردستانی باشوور کە وڵاتی سولەیمانی، کەرکوک، هەولێر، موسڵ، لەم لاوە خانەقی و مەندەلی و بەدرەیە).

مامۆستای نەمر مامۆستا عەلائەدین سەجادی (عەلائەدین نەجمەدین عیسامەدین 1907-13.12.1984)، لە لایەک زۆر ڕاشکاوانە شاری موسڵ بە شارێکی سەر بە باشووری کوردستان دادەنێت، لەلایەکی تریشەوە مادام سنووری کوردستان لە باشوورەوە لە خوزستان بەرەو کێوە سوور (جەبەل حەمرین) و لەوێشەوە ڕاست بۆ کێوی شەنگال بڕوات، کەواتە شاری موسڵ دەکەوێتە ناو سنووری ئەو کوردستانەی کە مامۆستا سەجادی نەخشەی بۆ کێشاوین.

عەلائەدین سەجادی، لە لاپەڕە (15)ی پەرتووکی (مێژووی ڕاپەڕینی کورد)دا نووسیوێتی: (ئەو سنوورەی کە لە لایەن سوڵتان موڕادی چوارەم و شاعەباسی سەفەوییەوە لە ساڵی (1639)دا لەبەینی کوردەکانی ئێران و تورکیادا دانرابوو، تا ساڵی (1813) مایەوە. لەبەرئەو خزمەتانە کە کوردەکان لە شەڕوشۆڕی بەینی تورک و ئێرانا لە لەشکری عوسمانیدا ئەیاننواند، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ڕێزێکی باشی لێ ئەگرتن. هیچ ناخۆشییەک لەبەینا ڕووی نەدابوو، تا سوڵتان مەحمودی دووەم لە ساڵی (1830)دا دەستیکرد بە پەلاماردانی کوردەکان و ئیتر ئیش وردە وردە تێکچوو. لەم کاتە بەدواوە کوردەکان لە دوو لاوە دەستیانکرد بە جووڵانەوە، لە لایەکەوە محەمەد پاشای ڕواندز لە ڕۆژهەڵاتەوە، لە لاکەی ترەوە بەدرخان پاشای بۆتان لە ڕۆژئاواوە، محەمەد پاشا هەولێر و موسڵی ڕزگارکردو بەدرخان پاشاش لە دیاربەکر و سەعەرد ڕەگی خۆی داکوتا، تورکەکان ئەو سەردەمە لەبەر لێشاوی هێزی میسرییەکان لەژێر فەرماندەی (ئیبراهیم پاشا)دا هیچ نەیانپەڕژایە سەر کوردەکان. لە ساڵی (1847)دا، کە تورکەکان ترسی میسرییەکانیان لە کۆڵ کەوت، بایان دایەوە سەر کوردەکان، بەدرخان پاشا لە پاش شەڕێکی زۆر بەدیل گیراو نێردرایە دوورگەی گریت).

مامۆستا عەلائەدین سەجادی شەهید، بەڵگەیەکی تری کوردستانی بوونی شاری موسڵ-مان دەداتە دەست، کاتێک کە دەڵێت: (محەمەد پاشا هەولێر و موسڵ-ی ڕزگارکرد)، دیارە ئەو باوەڕی تەواوی بە کوردستانیی بوونی شاری موسڵ هەیە، بۆیە وشەی ڕزگارکردنی بۆ بەکارهێناوە.

مامۆستا عەلائەدین سەجادی، لە لاپەڕە (25)ی پەرتووکی (مێژووی ڕاپەڕینی کورد)دا نووسیویێتی: (مەلا ئیدریس بە زانایی خۆی بۆ ئەوەی لەو ڕۆژەدا ئەو میرنشینانەی کوردی بمێننەوە، هێنای لە ساڵی (1514)دا هەر (23) مینشینەکانی کوردی واتە لە دیاربەکرەوە تا موسڵ - کردنی بە وێنەیەکی (فیدڕاڵی) و پاڵیدان بە حکومەتی عوسمانیەوە).

لێرەدا مامۆستا و مێژوونووسی بەرزی کورد عەلائەدین سەجادی، بەڵگەیەکی تری کوردستانیی بوونی شاری موسڵ-مان پێ ڕادەگەیەنێت، کاتێک کە باسی تەواوی (23) میرنشینە کوردییەکە دەکات و ناوی موسڵ و ئامەد وەکو دوو شاری سەر بە میرنشینە کوردییەکان دەهێنێت.

عەلائەدین سەجادی، لە لاپەڕەکانی (25-26)ی پەرتووکی (مێژووی ڕاپەڕینی کورد)دا نووسیویێتی: (سەرەتا میرنشینی ئەردەڵان لە حەسەناوا و پاشان لە سنە لە (1207ز)دا لە (کلۆڵ بەگ)ەوە دامەزرا. ئەم میرنشینە لە بڵاوبوونەوەو کارکردنا بوو، پەلی هاویشت بۆ وڵاتەکانی هەمەدان، کرماشان، لەملاوە وڵاتی شارەزوورو هەولێر و موسڵ و تەنگی بە وڵاتی بادینان هەڵچنی، ماوەی دەسەڵاتی ئەمانە زۆر بوو، لە ڕاستیا لەگەڵێ ڕووە وە لەشێوەی میرییەکی سەربەخۆ ئەچوو، ئەوەندە هەبوو لەگەڵ ئەوەشا کە میرنشینی ئەردەڵانی پێ ئەوترا، وەنەبێ لەسەر هەستو نەستی میرییەکی کوردی بڕۆشتایە، واتە میرنشینەکە هەبوو، بەڵام هەستی کوردییەکە نەبوو).

ئەوەی لە سەرەوەدا مامۆستا عەلائەدین سەجادی باسی کردووە، بە بۆچوونی ئەو کوردبوون و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە بەپێی قسەکانی مێژوونووس و زانای ناوبراو شاری موسڵ بەشێک بووە لە میرنشینی ئەردەڵانی کوردی.

عەلائەدین سەجادی، لە لاپەڕە (30)ی پەرتووکی (مێژووی ڕاپەڕینی کورد)دا نووسیویێتی: (لە ساڵانی 1802–1867ز بەدرخان پاشای کوڕی عەبدولخان بەگ لە وڵاتی جەزیرەدا بەنیازی ئەوە کە کیشوەرێکی سەربەخۆی کورد دروست بکا، چاکی کرد بەلاداو بەرە بەرە ناوبانگی دەرکردو خوێن گەرمەکانی کورد لەدەوری کۆبوونەوە. زۆری نەخایاند وەکو ئاگرێک بکەویێتە پوشەوە، بەوجۆرە کەوتە لەشی میری تورک و پاشان ئێرانەوە، وڵاتەکانی: وان، باشقەلا، سێوەرۆک، موسڵ، ڕواندز، سابڵاخ و وێرانشار—ی ڕزگارکردو لەملاوە چووە سەر قاپی ئامەد (دیاربەکر)، لە ساڵی (1842)دا ناوی خۆی نایە (میری بۆتان)و قەڵەمەڕەو هەموو دانیان بە میرنشینەکەی نا، شاری (جەزیرە)ی کرد بەپایتەخت و پارەیەکی بە ناوی خۆیەوە دەرکرد کە لە دیوێکیەوە نووسرابوو: "میری بۆتان بەدرخان".).

ئەوەی کە مێژوونووسی ناوداری کورد عەلائەدین سەجادی ئاماژەی پێکردووە، کوردستانیی بوون و کوردبوونیی تەواوی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە مامۆستا سەجادی شەهید پێمان ڕادەگەیەنێت کە شاری موسڵ بەشێک بووە لە میرنشینی بۆتانی کوردیی.

دکتۆر حوسێن محەمەد عەزیز، لە لاپەڕە (30)ی پەرتووکی (کورد و کێشەی کەرکوک ڕەخنەو کۆڵینەوە)دا دەڵێت: (جوگرافیای باشووری کوردستان = زاخۆ تا خانەقین. پانتایی خاک = 87.000 کیلۆمەتری چوارگۆشە. ژمارەی پارێزگاکان = 5 موسڵ + کەرکووک + هەولێر + سولەیمانی + دهۆک).

ئەوەی کە دکتۆر حوسێن محەمەد عەزیز نووسیویێتی، بە بۆچوونی ئەو کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو زۆر ڕاشکاوانە ناوی شارەکانی باشووری کوردستانی هێناوەو، شاری موسڵ، کەرکوک و خانەقین کە کێشەیان لە سەرەو چەندان ساڵە لە لایەن عارەبەوە داگیرکراون و بە بەردەوامی کوردیان لێ رادەگوازرێتو عارەبیان لێ نیشتەجێ دەکرێت، بە سێ شاری کوردستانیی ناوی بردوون. خۆزگە هەموو مێژوونووس، جوگرافیناس، گەڕیدە، ڕۆژنامەنووس، نووسەر، کەسایەتی و سەرکردە کوردەکان وەکو مامۆستا عەلائەدین سەجادی، دکتۆر جەمال نەبەز، دکتۆر حوسێن و چەندان

کەسی تر لە دەستنیشان کردنی شارەکانی کوردستاندا، شاری موسڵ-یان فەرامۆش نەدەکردو بە شارێکی کوردستانییان ناودەبرد، نەک بۆچوونێکی نادیارو ناڕوونیان هەبێت لەسەر کوردستانێتیی ئەو شارە!

دکتۆر حوسێن محەمەد عەزیز، لە لاپەڕە (42)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیوێتی: (دەبێ ڕۆڵەکانی کورد بەگشتی و کوردی شاری (کەرکوک) بە تایبەتیی، تا ماون، بۆخۆیان هەر بڵێن: بەجارێ ماڵی وێرانم، (موسڵ)یشم چوو، (کەرکوک)یشم چوو).

دکتۆر حوسێن محەمەد عەزیز، کوردبوون و کوردستانێتیی شاری (موسڵ)مان بۆ دووپات دەکاتەوە کاتێک کە باسی ئەوە دەکات کە کوردی شاری کەرکوک تاماون، دەبێت هەر بڵێن: بەجارێ ماڵی وێرانم، (موسڵ)یشم چوو، (کەرکوک)یشم چوو. گومانیش لەوەدا نییە کە دکتۆری ناوبراو هەر دوو شاری موسڵ و کەرکوک بە شاری کوردستانیی و کوردیی دادەنێت، بەڵام لە ئەنجامی بێئومێدی و ڕەشبینییەوە لە زرنگکاری (سیاسەت)ی سەرکردایەتی کوردستانی، وشەی چوو واتە لەدەستدان بەرانبەر بەو شارانە بەکاردەهێنێت.

دکتۆر حوسێن محەمەد عەزیز، لە لاپەڕە (307)ی پەرتووکی (کورد و شۆڕشو هەلی مێژوویی—لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی ڕامیاری ڕەخنەگرانەیە)دا، نووسیوێتی: (ئێمەی کورد، دوای ئەوەی ئیمپراتۆریای میدیا، لەلایەن فارسە هەخامەنشییەکانەوە، لە (550 پ.ز)دا روخێنرا، چ جۆرە نەخشەو پلانێکن، بۆ ڕزگاری کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی ناسیۆنالی کوردی داڕشتووە؟ چ جۆرە هەوڵێکی (چەکداری، ڕامیاری و دیبلۆماسی)مان، بۆ ئازادکردنی هێندێ شاری وەک: (ئەسکەندەروونە، موسڵ، کەرکوک، کرماشان) و گشت کوردستانی داگیرکراو داوە؟).

ئەوەی لێرەدا دکتۆر حوسێن محەمەد عەزیز ئاماژەی پێکردووە، کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو بۆچوونی خۆی دەردەبڕێت و بە ئاشکرا شاری موسڵ وەکو شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان ناودەبات.

محەمەد سەعید سۆفی، لە لاپەڕە (21)ی پەرتووکی (پارێزگای کەرکوک لەناو پاکتاوکردنی ڕەگەزییدا)، نووسیوێتی: (کوردستان لە سەردەمی عوسمانییەکاندا، ڕێگایەکی گرنگ و پڕ بایەخی بازرگانی و هاتووچۆی سەربازی نێوان هەر دوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئێرانی بوو، کە لە شەنگال، تەلەعفەر، موسڵ، هەولێر، پردێ و بەناو کەرکوک، داقوق، کفری، خانەقین و مەندەلیدا تێدەپەڕی بۆ ناو ئێران لە ڕێگای شارەکانی سەر سنوورەوە).

ئەوەی کە نووسەر محەمەد سەعید سۆفی ئاماژەی پێکردووە، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەداتە دەست، چونکە نووسەری ناوبراو ناوی شاری موسڵ و چەندان شاری تری وەکو شاری کوردستانیی ناو بردووە. ئەوەش دەریدەخا کە ئەو وەکو نووسەرێک و کەسێکی ڕۆشنبیر پێی وایە موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە کوردستانە.

محەمەد سەعید سۆفی، لە لاپەڕە (21)ی پەرتووکی (پارێزگای کەرکوک لەناو پاکتاوکردنی ڕەگەزییدا)، نووسیوێتی: (لە مانگی حوزەیرانی ساڵی (1921)دا لە ئەنجامی ڕاپرسی خەڵکی شارەکانی کوردستان، لە کەرکوک، سلێمانی و موسڵدا پەسندیان نەکرد ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر دەوڵەتی ئێراقی تازە دروستکراو، بەڵکو داوای سەربەخۆیی کوردستانیان دەکرد، کەچی ڕێکخراوی کۆمەڵەی نەتەوەکان ئەم پەسند نەکردنەی بەهەند وەرنەگرت و پشتگوێی خست و دایە دواوە).

ئەوەی کە لە سەرەوەدا نووسەر محەمەد سەعید سۆفی نووسیوێتی، کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو ناوی ئەو شارە وەکو شارێکی کوردستانیی دەبات.

محەمەد سەعید سۆفی، لە لاپەڕە (67)ی پەرتووکی (پارێزگای کەرکوک لەناو پاکتاوکردنی ڕەگەزییدا)، نووسیوێتی: (لە ساڵی 1918دا لە باشووری کوردستان دوو ناوچەی کارگێڕی دامەزرا، سلێمانی و موسڵ، دواتریش کەرکوک لە ساڵی (1919)دا لە سلێمانی پچڕاو جودا کرایەوەو بە پارێزگای کەرکوک ناسرا، پاشان

سنووری کارگێڕی، لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، بە پێکهاتەو ڕووبەرو ناوەوە گۆڕان، ئەم گۆڕانە کاری کردۆتە سەرباری دیمۆگرافی و قەبارەو نەشونمای دانیشتوان و پێکهاتەی نەتەوەیی، ئایینی و زمانەوانی).

کاتێک کە محەمەد سەعید سۆفی باسی ئەوە دەکات کە لە ساڵی (1918)دا لە باشووری کوردستان دوو ناوچەی کارگێڕیی لە شارەکانی موسڵ و کەرکوک دامەزرا، بۆمان دەردەکەوێت کە نووسەری ناوبراو هەر دوو شارەکە بە شاری کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان دەزانێت، بۆیە بەمشێوەیە ناویان دەبات.

نووسەر محەمەد سەعید سۆفی، لە لاپەڕە (294)ی پەرتووکی (پارێزگای کەرکوک لەناو پاکتاوکردنی ڕەگەزییدا)، نووسیویێتی: (شێوەکانی بە عارەبکردنی پارێزگای نەینەوا: 1- نیشتەجێکردنی چەندان هۆزو خێڵی عارەبی کۆچەری هاتوو لەنیمچە دوورگەی عارەب بەر لە (2-3) سەدەوە. 2- لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراق و لکاندنی پارێزگای موسڵ بەم دەوڵەتە تازەوە، شێوەکانی پاکتاوکردنی ڕەگەزی بەم جۆرە ئەنجام دران: ا- گۆڕینی نەخشەی کارگێڕیی پارێزگای موسڵ بەو شێوەیەی کە عارەب بکاتە زۆربەی دانیشتوانی. ب- دابڕینی قەزای زێبار (مێرگەسوور) لە پارێزگای موسڵ، کە دانیشتوانی هەمووی کوردن و لکاندنی بە پارێزگای هەولێرەوە. ج- پێکهێنانی یەکەیەکی کارگێڕی، بە ناوی (بادیة الجزیرة)، لە ساڵی 1945دا. د- پێکهێنانی قەزای تازە، وەک ئەلشۆرە (شەڕگات)، حەمدانییە (قەرەقوش)، حەزەرو بەعاج).

کاتێک کە نووسەر محەمەد سەعید سۆفی، باسی ئەوە دەکات کە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراق و لکاندنی پارێزگای موسڵ بەو وڵاتەوە، پاشانیش گرتنەبەری پاکتاوی ڕەگەزی لەو شارەدا، بەڵگەیەکی کوردێتیی و کوردستانێتیی بوونی ئەو شارەمان بۆ دەردەخات، چونکە لە لایەک ئەو شارە و تەواوی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا بە دەوڵەتی ئێراقەوە لکێنراوە کەواتە ئەو شارە بەر لەو بەروارەدا هەرگیز بەشێک نەبووە لە دەوڵەتی ئێراقی دەستکردی ئینگلیز. هەروەها لەلایەکی تریشەوە گرتنەبەری زنجیرەی پاکتاوی ڕەگەزی لە دژی کوردی شارەکانی موسڵ و کەرکوک بە تایبەتی و شارەکانی تری باشووری کوردستان بەگشتی، بەڵگەیەکن بۆ کوردستانیی بوون و

کوردبوونیی شاری موسڵ و هەموو ئەو شارانەی کە پاکتاوی ڕەگەزی تێدا جێبەجێ کراوە.

محەمەد سەعید سۆفی، لە لاپەڕە (295)ی پەرتووکی (پارێزگای کەرکوک لەناو پاکتاوکردنی ڕەگەزییدا)، نووسیوێتی: (سەرچاوە مێژووییەکانی ناکوردی ئاماژەیان بە کوردبوونیی موسڵ کردووە، لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراقیشەوە ڕێژەی دانیشتوانی کورد و عارەب لە یەک نزیک بووە، هەرچەندە ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی کۆمەڵەی نەتەوەکان دەربارەی (پارێزگای موسڵ) دان بەوەدا دەنێ کە زانیارییەکانی سەبارەت بەکۆی دانیشتوان بۆ بەرژەوەندی عارەب کۆکراوەتەوەو لە بایەخی ڕەگەزی کوردی کەمکردۆتەوە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، ئینجا تێکڕای ڕێژەی عارەب لە (پارێزگای موسڵ)دا گەیشتە لە (39%)ی کۆی دانیشتوان. لە ئەنجامی سەرژمێرییەکانی دانیشتوانی ئێراق لە سەدەی ڕابردوودا دەردەکەوێ کە ڕێژەی دانیشتوانی عارەب لە ماوەی دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراق و تاساڵی (1977) بەردەوام بەرزبۆتەوە، لە (39،1%) بۆتە (85،4%)ی کۆی دانیشتوانی پارێزگای موسڵ).

ئەو ئاماژەپێکردنەی نووسەر محەمەد سەعید سۆفی، لە لایەک بە سەرچاوە مێژووییەکانی ناکوردی کە جەخت لەسەر کوردبوونیی شاری موسڵ دەکەنەوە، بەڵگەیەکی تری کوردستانیی بوونی ئەو شارەیەو دەریدەخات کە خۆی باوەڕی بە کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شاری موسڵ هەیە، بۆیە ئاماژەی بە سەرچاوە بیانییەکان کردووە، لەلایەکی تریشەوە سەرەڕای ئەو هەموو بە عارەبکردن و پشتیوانی کردنەی ئینگلیز لە عارەبەکانی ئێراق و بەرزکردنەوەی ژمارەی عارەب لە پارێزگای موسڵ و کەم کردنەوەی ژمارەی کورد لەو پارێزگایەدا، ئینجا ڕێژەی عارەب (39%) بووە لە پارێزگای موسڵ، نزمی ژمارەی عارەب لەو پارێزگایەدا بەڵگەی کوردستانێتیی و کوردێتیی ئەو شارەیە نیشاندەدات.

مێژوونووس و پرۆفیسۆری گەورەو ناسراوی کورد، دکتۆر جەمال نەبەز، لە لاپەڕە (150)ی پەرتووکی (کوردستان و شۆڕشەکەی)دا، نووسیوێتی: (هێشتا پەیمانی سێڤرەی (1922) نووزەیەکی تێدا مابوو، ئینگلیز دڵەڕاوکەی ئەوەیان بوو

پارێزگای موسڵ (خوارووی کوردستان) بدرێتەوە تورکیا. لەترساندا هێزی داگیرکەری ئینگلیز و (دەستەڵاتی ئێراق) هەوڵی هێور کردنەوەی کوردیان دەدا. لە (24)ی دیسەمبەری (1922)دا هەردوو لایان ڕوونکردنەوەیەکیان دایە کۆمەڵەی نەتەوەکان و تێیدا مافی دامەزراندنی حکومەتێکی کوردیان لە چوارچێوەی ئێراقدا دان پێدانا).

بەر لە هەموو شتێک پەیمانی سێڤرە لە (10.8.1920)دا بووە نەک ساڵی (1922) هەروەکو لە پەرتووکەکەی دکتۆر جەمال نەبەزدا نووسراوە، کە پێم وایە هەڵەی چاپ بێت، ئەگینا هەڵەی وا بەسەر دکتۆر نەبەزدا تێناپەڕێت. دواتر کاتێک کە دکتۆر نەبەز باسی دڵەڕاوکەی ئینگلیز دەکات کە دەیانویست پارێزگای موسڵ (خوارووی کوردستان) بدرێتەوە تورکیا، بۆچوونی خۆیمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئەو پێی وایە موسڵ شارێکە سەر بە باشووری کوردستان، چونکە لە دوای پارێزگای موسڵ، خوارووی کوردستانی لەنێو دوو کەوانە داناوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پارێزگای موسڵ دەکەوێتە نێو سنووری خوارووی کوردستان.

دکتۆر جەمال نەبەز، لە لاپەڕە (153)ی پەرتووکی (کوردستان و شۆڕشەکەی)دا، نووسیویێتی: (لەگەڵ ئەو هەموو بەرهەڵستکاری و بەرەنگارییەی کورددا، شاندەکەی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە (16)ی تەموزی (1925)دا بڕیاری لکاندنی ویلایەتی موسڵ (خوارووی کوردستان)یان بە ئێراقەوە دا، بەو مەرجەی خۆیان خۆیان بەڕێوەبەرن).

سەرەتا کۆمیسیۆنی تۆژینەوە لە پرسی ویلاتی موسڵ لە (16.7.1925)دا ڕاپۆرتی خۆی سەبارەت بەو توێژینەوەیەی کە لە نزیکەوە لەسەر کێشەی موسڵ کردبوویان، بەرزکردەوە بۆ ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان، نەک کۆمیسیۆنەکە بڕیاری لکاندنی (ویلایەتی موسڵ)ی دابێت، دواتر لەسەر ڕۆشنایی بنچینەی سەربازی، ئابووری و ستراتیژی هەروەها ڕاسپاردەکانی کۆمیسیۆنەکەو کاریگەری وڵاتی بەریتانیا، ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا بڕیاریدا کە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بە دەوڵەتی ئێراقی عارەبییەوە (ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرا) بلکێنێ، بەبێ ئەوەی بنچینە نەتەوەیی، ڕەگەزی، مێژوویی و جوگرافییەکان لەبەرچاو بگرێت. دکتۆر جەمال نەبەز تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ و ویلایەتەکە بە کوردستان دەزانێت، بۆیە لە دوای ویلایەتی موسڵ

خوارووی کوردستانی لەنێو دوو کەوانەدا نووسیوە، ئەمەش بەڵگەیەکی تری کوردبوون و کوردستانیی بوونی ئەو شارەیە، چونکە کاتێک کە تەواوی ویلایەتەکە ویلایەتێکی کوردستانیی بێت، کەواتە تەواوی شارەکانی سەر بە ویلایەتەکە شاری کوردستانین. شاری موسڵ-یش شارێکی سەر بە ویلایەتی موسڵ بووە، کەواتە موسڵ شارێکی کوردستانیی بووەو هەر دەبێت بە کوردستانیش بمێنێت.

دکتۆر جەمال نەبەز، لە لاپەڕەکانی (157-158)ی پەرتووکی (کوردستان و شۆڕشەکەی)دا، نووسیویێتی: (پەرلەمانی ئێراق لە (23.5.1931)دا یاسای بەنێو (یاسای زمانە نێوچەییەکان)ی بڵاوکردەوە. ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی (1.6.1931)دا لە ڕۆژنامەی فەرمی ئێراقدا (الوقائع العراقية، العدد 989)دا بەنێوی یاسای ژمارە (74)ەوە بڵاوکرایەوە. بەپێی ئەم یاسایە کورد مافی ئەوەی دەکەوێت لە خوێندنگا سەرەتاییەکانی کوردستاندا بە زمانی کوردی بخوێنن. جگە لەوە دەبایە لە کوردستاندا فەرمانبەران بەلای کەمەوە زمانی کوردییان بزانیبا. بەڵام ئەم یاسایە تەنها لە سلێمانی و هەولێردا کارپێکرا. لە موسڵ، کەرکوک و خانەقیندا بەگەڕ نەخرا. ئەمە بووە هۆیەک بۆ بەبێ سەوادیی مانەوەی کوردەکانی ئەم نێوچانە).

ئەوەی کە دکتۆر جەمال نەبەز لە سەرەوەدا باسیکردووە، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شارەکانی (هەولێر، سلێمانی، موسڵ (نەینەوا+دهۆک)، کەرکوک و خانەقین) دەگەیەنێت، چونکە پرۆفیسۆری ناوبراو تێکڕای ئەو شارانە بە شاری کوردستانیی و خاکی کورد دەزانێت. دکتۆر نەبەز باسی ئەوە دەکات کە یاساکە لە کوردستاندا تەنیا لە هەولێر و سلێمانی جێبەجێکرا، کەچی لە موسڵ، کەرکوک و خانەقین جێبەجێ نەکرا، کەواتە ناوبراو ئەو سێ شارەش بە شاری کوردیی و کوردستانیی دەزانێت.

دکتۆر جەمال نەبەز، لە لاپەڕە (369)ی پەرتووکی (کوردستان و شۆڕشەکەی)دا، نووسیویێتی: (کوردستان یەکێک لە دەوڵەمەندترین سەرچاوەکانی نەوتی جیهانی تێدایە، بەتایبەت چاوگەکانی کەرکوک و موسڵ لە ئێراق، کرماشان لە ئێران، قەرەچوغ لە سوریا، سیفەرک و باتمان لە کوردستانی تورکیا (کوردستانی باکوور)، لە لایەن کۆمپانیا ئیمپریالیستەکانەوە بەتاڵان دەبرێن).

ناوهێنانی هەر دوو شاری موسڵ و کەرکوک وەکو دوو شاری کوردستانیی لە لایەن دکتۆر نەبەز، بۆچوونەکانی ئەو پرۆفیسۆرە کوردەمان بۆ بەدەردەخات کە هەر دوو شارەکە بە خاکی کورد و بەشێکی کوردستان دەزانێت. بۆیە دەکرێت وەکو بەڵگەیەکی تری کوردێتیی و کوردستانێتیی بوونی ئەو شارە پشتی پێ ببەسترێت.

دکتۆر جەمال نەبەز، لە لاپەڕە (389)ی سەرچاوەی پێشوودا لە باسی داواکردنی ئینگلیزەکان لە سەید تەهای شەمزینی بۆ چەک هەڵگرتن لە دژی تورکەکان دەڵێت: (سەید تەهای شەمزینی وەک پاداشتێک بۆ بەربەرەکانێی ئەتاتورک، داوای لە ئینگلیزەکان دەکرد، لەپێشدا بچن کوردستانێکی بۆ دروست بکەن لە ویلایەتی موسڵ (خوارووی کوردستان)و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوجا ئامادەیە دەست بداتە شمشێر).

ئەوەی سەرەوە هەم بۆچوونی دکتۆر نەبەزو هەم بۆچوونی (سەید تەهای شەمزینی)مان بۆ دەردەخات، بەوەی کە ئەوان هەر دووکیان تەواوی ویلایەتی موسڵ بە باشووری کوردستان دەزانن، کاتێکیش کە تەواوی ویلایەتی موسڵ یەکسان بێت بە باشووری کوردستان، کەواتە شاری موسڵ وەکو شارێکی ئەو ویلایەتە، دەبێتە شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان.

دکتۆر جەمال نەبەز، لە لاپەڕەکانی (192–193)ی پەرتووکی (بیری نەتەوەیی کوردی)دا، نووسیویەتی: (ناسیۆنالیستە تورکەکان ئێستاش خوارووی کوردستان (باکووری ئێراق یان ویلایەتی موسڵ) بە بەشێک دەزانن لە تورکیا، چونکە دەڵێن دەوڵەتی عوسمانی ئەو ناوچەیەی بەشەڕ نەدۆڕاندووە).

ئەوەی لە سەرەوەدا مێژوونووسی کورد دکتۆر جەمال نەبەز باسی دەکات، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە ئەو باشووری کوردستان، باکووری ئێراق و ویلایەتی موسڵ بە یەک شوێنی جوگرافی یەکسان ناودەبات، کاتێکیش کە ئەو سێ زاراوەی سەرەوە هەر یەکبن و بۆ یەک خاک بەکاربێن، کەواتە هەمان شارەکانی ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵی مەڵبەندی ویلایەتەکەوە، دەبنە شاری کوردیی و کوردستانیی.

مێژوونووس دکتۆر جەمال نەبەز، لە لاپەڕە (192)ی پەرتووکی (الامیر الکوردی- میر محمد الرواندزي- الملقب ب (میری کۆرە)دا، دەڵێت: (موسڵ بەر لە پەلامارە داگیرکارییەکانی موسڵمانان، کاتی خۆی شارێکی کوردی مادنشین بووەو ئەوکاتی پێیگوتراوە (مسپلا-موسڵ)، کاتێ کە خالیدی کوڕی وەلید لە ساڵی (20ی هیجری-640)ی زاینیدا بە سوپایەکی عارەبی گەیشتە موسڵ، هەندێک خێڵی عارەبی لە نێویاندا (خەزرەجییەکان)ی لەو شارەدا نیشتەجێکرد کە لەگەڵ خۆیدا هێنابوونی).

ئەوەی دکتۆر جەمال نەبەز ئاماژەی پێکردووە، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە دکتۆری ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە موسڵ شارێکی کوردیی مادنشین بووە، کەچی بەهۆی داگیرکردنی ئەو شارە لە لایەن موسڵمانەکانەوە بە عارەب کراوەو، بۆ یەکەم جار لە ساڵی (640)ی زایینیدا موسڵمانەکان هەوڵی سڕینەوەی سیما کوردیی و کوردستانییەکەی ئەو شارەیان داوەو، خێڵی خەزرەجی عارەبیان لەوێ نیشتەجێکردووە. مادام لە لایەک شارەکە شارێکی مادنشین بێ کە مادەکان کورد بووینە، لەلایەکی تریشەوە شاری موسڵ لە لایەن چەکدارەکانی میلیشیا موسڵمانە عارەبەکانەوە داگیرکرابێت، بەڵگەن بۆ کوردێتیی و کوردستانێتیی شارەکە.

دکتۆر جەمال نەبەز، لە لاپەڕەکانی (22-23)ی پەرتووکی (المستضعفون الکورد واخوانهم المسلمون)دا دەڵێت: (کاتێ جەماوەری کورد هەڵسان بە ڕزگارکردنی موسڵ لە تاوانە قێزەونەکانی فەرمانڕەوا زۆردارە بێگانەکان، هۆنەرێکی عارەبی بە ناوی ئەلعەجینی ئاوا بەسەر ئەو شارەیدا گوت:

مارأی الناس لهذا الدهر          مذ کانوا شبیها

ذلت الموصل حتی          أمر الأکراد فیها

خەڵک وەکو ئەوڕۆ بەدبەختیان نەدیوە تا ئێستا، موسڵ وا زەلیل بوو، تەنانەت وای لێهات کوردیش فەرمانڕەوایی بەسەریدا بکات.

سەرنجبدەن...! هەروەکو ئەوەی شەرم و نەنگی بێت کە کوردێک فەرمانڕەوایەتی وڵاتی موسڵ-ی خۆی بکات، ئەو شتە بۆ کورد بە ڕەوا نازانن و بۆ بێگانەو داگیرکەرانیش بەڕەوا دەزانن!!!).

ئەو ڕاپەڕینە کوردییەی کە دکتۆر جەمال نەبەز باسی دەکات، لە سەردەمی خەلیفەی عەباسی موعتەزەدی کە لە ساڵی (892-902ز)دا خەلیفە بووە ڕوویداوەو، کوردە ڕاپەڕیوەکان توانیویانە شاری موسڵ ڕزگار بکەن و، موعتەزەدی عەباسی بەناچاری عەلی کوڕی داودی ڕەهزادی کوردی کردە والی هەرێمی موسڵ و محەمەد کوڕی یەحیای ئەلمەجروحی لادا، ئەمەش وای لە شۆڤینییەکی وەکو ئەلعەجینی کرد ئەو دوو دێرە هۆنراوەیەی سەرەوە لە دژی ئەو کارەی خەلیفەی عەباسیدا بنووسێ. بۆچوونەکەی دکتۆر جەمال نەبەز بەوەی کە بۆ دەبێت فەرمانڕەوایەتی کردنی شاری موسڵ لە لایەن خاوەنی شارەکە کە کوردن بەناڕەواو، لە لایەن بێگانەشەوە کە موسڵمانە عارەبەکانن کارێکی رەوا بێت، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە نووسەری ناوبراو باوەڕی بە کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شاری موسڵ هەیە.

دکتۆر جەمال نەبەز، لە لاپەڕە (39)ی پەرتووکی (المستضعفون الکورد واخوانهم المسلمون)دا دەڵێت: (یاسین ئەلعومەری، کە عارەبێکی موسڵمانی سوننەیەو خەڵکی موسڵ-ەو سەر بە کەمە نەتەوەی عارەبە لە بەشی باشووری کوردستان).
ئەوەی لە سەرەوەدا دکتۆر نەبەز باسی دەکات، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە دکتۆری ناوبراو لە باسی یاسین ئەلعومەریدا ناوی شاری موسڵ، وەکو شارێکی کوردیی و پارچەیەکی باشووری کوردستان ناودەبات.

دکتۆر جەمال نەبەز، لە لاپەڕە (37)ی پەرتووکی (کۆبەرهەم ژمارە (6))دا بەمشێوەیە باس لە کوردستانێتیی شاری موسڵ دەکات: ( دەبوایە هەرێمی ئاسایش نێوی بنرایە کۆماری فیدەراڵی کوردستان و ئاڵای کوردستان لەسەر هەموو شوێنە گشتییەکان بشەکایەتەوەو بەپێی زاگۆنێکی تایبەتی، هێزەکانی پێشمەرگە ببوونایە بە سوپای کۆماری فیدەراڵی کوردستان، ئەوجا دەست بکرابایە بە هەوڵدان بۆ ڕزگارکردنی شوێنەکانی دیکەی باشووری کوردستان، وەک موسڵ و کەرکوک و خانەقین و کووت و نێوچەکانی خوارووی وڵات).
لە سەرەوەدا مێژوونووسی کورد دکتۆر جەمال نەبەز، زۆر ڕاشکاوانە شارەکانی موسڵ، کەرکوک و خانەقین وەکو شاری کوردستانیی داگیرکراو لە لایەن عارەبی

ئێراقەوە ناو دەبات، بۆیە نامەوێت زۆرتر لەسەری بڕۆم، تەنیا ئەوەندە دەڵێم کە بۆچوونەکانی ناوبراو باوەڕی ئەو بە کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ و هەر دوو شارەکەی تریش دەردەخەن.

دکتۆر جەمال نەبەز، لە لاپەڕە (38)ی پەرتووکی (کۆبەرهەم ژمارە (6))دا بەمشێوەیە باس لە کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەکات: (کێشەی ئەو ستانانەی کوردستان کە جارێ لەژێر دەسەڵاتی کۆماری فیدەراڵی کوردستاندا نین، وەک کەرکوک و موسڵ و بەشێکی گەورە لە ستانەکانی دیالە، کووت، سەلاحەدین و عەمارە).

خۆزگە سەرکردەکانی کوردیش بە تایبەتی مام جەلال، سەرۆک کۆماری ئێستای ئێراق و سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەوێنەی دکتۆر جەمال نەبەزو هەموو ئەوانەی تر کە ڕاشکاوانە باسی کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ-یان کردووە، ئەو دوو سەرکردەیەش بەهەمان شێوەو بێ پێچ و پەنا باسی کوردێتیی و کوردستانێتیی ئەو شارەیان دەکرد. جەخت کردنەوەو سووربوونی بەردەوامی دکتۆر جەمال نەبەز لە کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ، باوەڕبوونی بەرزو نەگۆڕی دکتۆری ناوبراوە بە کوردێتیی و کوردستانێتیی شارەکە.

دکتۆر جەمال نەبەز، لە لاپەڕە (65)ی پەرتووکی (کۆبەرهەم ژمارە (6))دا نووسیوێتی: (باشووری کوردستان بریتییە لە موسڵ، کەرکوک، هەولێر، سلێمانی، دهۆک، کووت، خانەقین و دەوروبەری. دەست لە هیچ بەشێکی هەڵناگیرێ).

ئەوەی کە لە سەرەوەدا دکتۆر جەمال نەبەز نووسیوێتی، بەڵگەی کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵە، چونکە دکتۆری ناوبراو لەناوهێنانی شارەکانی باشووری کوردستاندا، ناوی شاری موسڵی وەکو شارێکی کوردیی کە دەکەوێتە سنووری باشووری کوردستان ناوبردووە.

دکتۆر جەمال نەبەز، لە لاپەڕە (232)ی پەرتووکی (کۆبەرهەم ژمارە (6))دا نووسیویێتی: (ئایە نەدەبوو تا ئێستە کورد پەرلەمانێکی ڕەوایەتیداری (شەرعی) لەڕێی هەڵبژاردنێکی نوێوە ببوایە کە دەستوورێکی بنچینەیی بۆ کۆمارێکی فیدەراڵی دابنێ‌و سنووری باشووری کوردستان بە تەواوی دەستنیشان بکا بە پێی ڕاستەقینەی مێژوویی و جوگرافیایی باشووری کوردستان، کە ستانەکانی موسڵ، کەرکوک، هەولێر، سلێمانی و زۆربەی خاکی هەر دوو ستانی کۆنی (دیالە و کووت دەگرێتەوە).

بۆ جارێکی تریش و چەندان جار دکتۆر نەبەز، جەخت لەسەر کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ دەکاتەوەو ئەو شارە بە شارێکی کوردیی و کوردستانیی ناودەبات، کاتێک کە سنووری باشووری کوردستان دەستنیشان دەکات و شارەکانی موسڵ، کەرکوک، هەولێر، سلێمانی و زۆربەی خاکی هەر دوو ستانی کۆنی (دیالە و کووت دەگرێتەوە. بۆیە دەکرێت ئەمەش وەکو بەڵگەیەکی تری کوردستانیی بوونی ئەو شارەیە سەیر بکرێت.

دکتۆر جەمال نەبەز، لە لاپەڕە (292)ی پەرتووکی (کۆبەرهەم ژمارە (6))دا نووسیویێتی: (ئەوڕۆ 10.8.2003 کە سەت ڕۆژ تێدەپەڕێ بەسەر ڕوخانی ڕژێمی سەدامدا، تا ئێستە نە کوردەکانی کەرکوک چوونەتەوە جێی خۆیان و، نە ئەوانەی زیانیان لێکەوتووە، هیچ پارەو پووڵێکیان وەرنەگرتووەو، کەرکوک، موسڵ، خانەقین، مەندەلی، کووت، شارەبان، جەلەولا و شوێنە داگیرکراوەکانی باشوور، هێشتا نەخراونەتە سەر (دوو بەڕێوەبەرێتییەکە) و ئەو دوو بەڕێوەبەرێتییەش تا ئەوڕۆ نەبوونەتە یەک).

ئەوەی لە سەرەوەدا دکتۆر جەمال نەبەز نووسیویێتی، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی نووسەر ناوی شارەکانی کەرکوک، موسڵ، خانەقین، مەندەلی، کووت، شارەبان، جەلەولا وەکو شارە داگیرکراوەکانی باشووری کوردستان ناودەبات.

دکتۆر جەمال نەبەز، لە لاپەڕە (295)ی پەرتووکی (کۆبەرهەم ژمارە (6))دا نووسیویێتی: (کاتێک کە ئەمریکا داوای لە چەکدارەکانی ئەم دوو حیزبە کرد،

بەپێچەوانەی ئارەزووی ڕژێمی تورکەوە، پێکەوە لە یەک کاتداو لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا، رووبکەنە کەرکوک و موسڵ. هەرچی دوو زل حیزبەکە بوو، لەباتی ئەوەی هەر دوو بەڕێوەبەریتییەکەیان بکەنە یەک حکومەت و، چەکدارەکانیشیان بکەنە یەک لەشکری کوردستانیی و، پێش هەڵکوتانە سەر لەشکری ئێراق، بە نووسین، مۆرو واژۆ، پەیماننامەیەک لەگەڵ ئەمریکییەکان سازبکەن بۆ دیاریکردنی دوارۆژی باشووری کوردستان، بە کەرکوک و موسڵ و نێوچە کوردییەکانی دیالە، کووت و سەلاحەدینەوە و، ئەوجا لەژێر ئاڵای کوردستاندا بکشێن بەسەر کەرکوک و موسڵ و، هەر لەگەڵ ڕزگارکردنی ئەم دوو پارێزگایەدا، داگیرکەری عارەب دەربکەن و، کوردە دەرکراوەکان بهێننە جێی خۆیان).

ئەوەی دکتۆر نەبەز لە سەرەوەدا نووسیویێتی، مانای کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەدات، کاتێک کە نووسەر باسی ئەوە دەکات کە پێویست بوو لەشکری کوردستان شارەکانی کەرکوک، موسڵ و ناوچە کوردییەکانی دیالە، کوت و تکریت ڕزگاربکات و، عارەبە داگیرکەرەکانی ئەو شارانە دەربکەن و کوردە دەرکراوەکان بگەڕێننەوە، باوەڕی ئەومان بۆ دەردەخات کە شاری موسڵ و تەواوی ئەو شارانە، بە شاری کوردیی و سەر بە کوردستان دەزانێت.

دکتۆر جەمال نەبەز، لە لاپەڕە (305)ی پەرتووکی (کۆبەرهەم ژمارە (6))دا، لە نامەیەکدا کە بۆ مام جەلالو مەسعود بارزانی ناردووە نووسیویێتی: (دەبوایە بە عارەبەکان بڵێن ئێراق دەوڵەتێکی دەستکردەو، بەپێچەوانەی ڕازیبوونی کوردە وەو، بەزۆری چەکی بەریتانیا، باشووری کوردستانی پێوە لکێنراوە، وە بە عارەبەکانتان دەگوت ئەگەر دەتانەوێ پێکەوە دەوڵەتێک دروستبکەین، سا بەنێوی ئێراقەوە بێ، یان بە هەر نێوێکی دیکەوە کە لەسەری ڕێکبکەوین، ئەوا مەرجەکانی ئێمە ئەمەیە:
1- باشووری کوردستان بریتییە لە موسڵ و کەرکوک و دیالە و کووت و هەولێر و دهۆک و سلێمانی و، ئەو کەمە گەلانەی لەم سەر زەوییەدا دەژین، لە سنووری یاسایەکی بنچینەیی باشووردا، مافی خۆبەڕێوەبردنیان دەبێ).

ئەوەی کە لە سەرەوەدا دکتۆر جەمال نەبەز باسیکردووە، کوردبوون و کوردستانیی بوونی نەک تەنیا شاری موسڵ، بەڵکو شارەکانی کەرکوک، دیالە، کوت، هەولێر، دهۆک و سلێمانی دەگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو تەواوی ئەو

شارانە، بە بەشێک لەو پارچەیەی کوردستان دادەنێت کە بەزۆر بە ئێراقی عارەبییەوە لکێنرا کە ئەوکات پێکدەهات لە (ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرا).

دکتۆر جەمال نەبەز، لە لاپەڕە (6)ی ژمارە (272)ی ڕۆژنامەی (میدیا)، ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی (9.1.2007)دا، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (پشتگیری لە کارەسات و هەرەسێکی بێوێنە)دا، نووسیویێتی: (خۆ ئەگەر سەدام، سەری لێتێکنەچووایەو، ئەو گەوجێتیەی نەنواندایە، ئەوا، ئەوڕۆ، نەک کەرکوک، موسڵ، شەنگال، مەخمور، خانەقین، مەندەلی، جەلەولا، کویَ و کویَ، بەڵکو پێنجووین، قەڵاچوالان و هەڵەبجەش کرابوون بە عارەب و، سلێمانیش گواسترابووەوە بۆ خوارووی ئێراق و، هەولێریش کرابوو بە پێتەختی دووەمی ئێراق و، لەنیوە پتری بوو بوو بە عارەب و، کەسیش نەیدەگوت لەل).

ئەو ئاماژەپێکردنەی دکتۆر جەمال نەبەز بە زرنگکاری بە عارەبکردنی کورد و کوردستان لە لایەن حکومەتی (سەدام حوسێن)ەوە، کوردبوون و کوردستانێتیی هەر یەک لە شارەکانی موسڵ، کەرکوک، شەنگال، مەخمور، خانەقین، مەندەلی و جەلەولا بەتایبەت و تەواوی کوردستان بەگشتی دەگەیەنیَ، چونکە بە عارەبکردنی ئەو شارانەی کە ناویان هاتووە لە سەرەوەداو، دەرکردنی کوردەکان و جێنشینکردنی عارەب لە شوێنی ئەواندا، بەڵگەن بۆ کوردبوون و کوردستانیی بوونی تێکڕای ئەو شارانەی لە سەرەوەدا ناویان هاتووە بە شاری موسڵ-یشەوە.

دکتۆر جەمال نەبەز، لە لاپەڕە (7)ی ژمارە (19)ی ئۆرگانی (کۆنگرە)دا، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (سەرنجدانێک لە هەڤپەیڤینی میدیا لەگەڵ پرۆفیسۆر شاکری خدۆدا، ڕۆژنامەی میدیا ژمارە 79)دا کە لە هەر یەک لە لاپەڕەکانی (1، 5، 6، 7، 8، 9، 10)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (شاکری خدۆ لە دانیشتنە تەلەفزیۆنییەکەدا زۆری پیَ ناخۆشبوو کە گوتم، لەڕێی کەسایەتی ئەرمەنی دکتۆر ژیرایەر کۆچەر یانەوە هەوڵمان داوە کە کاربەدەستانی ئەرمەنستان وا لیَ بکەین جارێکی دی کوردستانی سۆر دابمەزرێتەوەو، ئەو هەوڵە تا ئێستە سەری نەگرتووە. سەیر ئەوەیە دکتۆر مارف خەزنەداریش هەر بە تەلەفۆن گوتی: واباشە واز لە کوردستانی سۆر بهێنریَ و بخرێتە لاپەڕەی مێژووەوە. باشە! جا ئەگەر ئێمە وا بیر بکەینەوە،

دەبێ واز لە کەرکوک، موسڵ، خانەقین، جلەولا، شارەبان، زەڕباتییە، مەندەلی، کووت، شەنگال، شێخان، مەخمور و گەلێک شوێنی دیکەش بهێنین، چونکە بەعسییەکانی ئێراق کوردەکانی ئەو شوێنانەیان دەرکردووەو لەجێی ئەوان عارەبیان نیشتەجێ کردووە، وەک چۆن تورکە تۆرانییە ئازەرییەکان کوردی کوردستانی سۆریان بەیارمەتی ستالین دەرکردو تورکەکانیان لەو شوێنانە نیشتەجێکردو ئێستاش ئازەرییەکان بەیارمەتی هێندێک ئازەریی تۆرانی کە لەنێو ڕژێمی ئێراندا دەستیان دەڕوا، دەیانەوێ گەلێک نێوچەی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا کە بەشێکە لە خاکی کوردستان بکەنە تورکنشین بە دەرپەڕاندنی کوردەکانی ئەو نێوچەیە).

کاتێک کە مێژوونووسی ناودارو ناسراوی کورد، دکتۆر جەمال نەبەز لەوەڵامی بۆچوونە نابەجێکانی شاکری خدۆ و دکتۆر مارف خەزنەدار باسی ئەوە دەکات کە مادام ئەوان پێیان وایە دەبێ واز لە کوردستانی سۆر بهێنرێت، با وازیش لە شارەکانی کەرکوک، موسڵ، خانەقین، جلەولا، شارەبان، زەڕباتییەە، مەندەلی، کووت، شەنگال، شێخان، مەخمور و گەلێک شوێنی دیکەش بهێنین، بۆمان دەردەکەوێت کە دکتۆر نەبەز شاری موسڵ و گشت ئەو شارانەی کە لە سەرەوەدا ناوی هێناون بە شاری کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان دەزانێت.

دکتۆر جەمال نەبەز، لە وتاری (داخوازی سەدام لە کورد بۆ وتووێژ لەگەڵی)دا کە لە لاپەڕەکانی (40-41)ی پەرتووکی (کۆ بەرهەم ژمارە -7)دا نووسیویێتی: (ڕۆژ ڕۆژی یەکێتییەو، ڕۆژی خۆکۆکردنەوەی گشتی (التعبئة العامة) و، وتووێژی خەست و خۆڵ و ئەنجامدار لەگەڵ کاربەدەستانی بەریتانیا، ئەمریکا و فەڕەنسا و، بە ئاشکراو بێ پێچوپەنا دەربڕینی ئەوەی کە ئێمە چیدی بە بەڵێن و قسەی خاوی پڤ هەڵدراو دابین نابین، پێویستە بە فەرمی دان بنرێ بە بوونی کۆماری فیدرالی کوردستانداو پەیمانێک ببەسترێ لەگەڵی، کە بەو پێیە هێزەکانی پارێزگاران لە ئینجەرلیکەوە بێنە نێوچەی بادینان و، چەند فڕگەیەک لە هەرێمی کۆماریدا بکرێنەوە و، هەرێم فراوانتر بکرێ بە جۆرێک کە کەرکوک، موسڵ و دیالەی بچێتە سەر، ئەم کارانەش لەدەست ئەم دەوڵەتانە دێن).

کاتێک کە دکتۆر جەمال نەبەز داوای فراوانکردنی کۆماری فیدڕاڵی کوردستان دەکات بەوەی کە هەریەک لە شارەکانی کەرکوک، موسڵ و دیالەی بخەنە سەر،

گومانی لە کوردێتیی و کوردستانێتیی هەر سێ شاری کەرکوک، موسڵ و دیالە نییە، بۆیە ڕاشکاوانە داوا دەکات بگەڕێنەوە سەر باشووری کوردستان.

دکتۆر جەمال نەبەز، لە وتاری (کورد لەبەردەم دووڕێیانی مانو نەماندا، ڕەخنەگران و بێزارانی نێو حیزبەکان، پێویستە هەڵوێست بنوێنن)دا کە لە لاپەڕەکانی (91–102)ی پەرتووکی (کۆبەرهەم ژمارە –7)دا بڵاوکراوەتەوە، لە لاپەڕە (101)دا نووسیویێتی: (ئایا ڕاست و ڕەوایە، بۆ دیاریکردنی سنووری باشووری کوردستان و، بەتایبەت موسڵ، کەرکوک و هتد گشتپرسی بکرێ؟ ئایا هیچ نەتەوەیەک ئامادەیە، لەبارەی سنووری وڵاتەکەی خۆیەوە، بکەوێتە گشتپرسی؟ ئایا ڕژێمی تورک ئامادەیە، لە ئەستەمووڵ گشتپرسی بکا، لە کاتێکدا کە چوار ملیۆن کورد لە ئەستەمووڵ دەژین و، ئەستەمووڵ گەورەترین شاری کوردە، پاش ئامەد (دیاربەکر)؟ ئایا ئێراقییەکان ئامادەن لەبەرخاتری ملیۆنێک کوردی بەغدا گشتپرسی لە بەغدا بکەن؟).

ئەوەی دکتۆر جەمال نەبەز باسیکردووە، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شارەکانی موسڵ و کەرکوک نیشاندەدات، وە بە بۆچوونی دکتۆر نەبەز هەر دوو شارەکە دەکەونە نێو سنووری باشووری کوردستان، چونکە ناوبراو گلەیی ئەوە دەکات کە بۆچی دەبێت گشتپرسی لەسەر شارەکانی موسڵ و کەرکوک بکرێن، لە کاتێکدا کە دەکەونە نێو سنووری باشووری کوردستانە وە!

دکتۆر جەمال نەبەز، لە وتاری (نەتەوەی کورد لەتەنگانەدا ئەگەر ئەمریکا دۆستایەتیی کورد بدۆڕێنێ)دا کە لە لاپەڕە (115–125)ی پەرتووکی (کۆبەرهەم ژمارە –7)دا بڵاوکراوەتەوە، لە لاپەڕە (121)دا نووسیویێتی: (بە بیرو بۆچوونی من، ڕێی ڕاست بۆ دەرچوون لەم تەنگژەیە ئەوەیە، کە دوو زل پارتەکە هێندە ئازایەتی و خۆشەویستیی نیشتمان و نەتەوە لە خۆیاندا دروستبکەن، کەدان بە هەڵەی خۆیاندا بنێن و، بەرپرسیارێتیی ئەم ڕۆژە ڕەشە بگرنە ئەستۆ، ڕێبدەن بە جەماوەری کورد، بەزووترین کات، هەڵبژاردنێکی بەڕاستی ئازاد و بێترس و لەرز، لە هەموو نێوچەکانی باشووری کوردستان (موسڵ، کەرکوک، هەولێر، دهۆک، سلێمانی، دیالە، کوت و تەنانەت لەنێو کوردی بەغداش، چونکە بەغداش کە ملیۆنێک پتر کوردی لێیە،

دەبێ شاری برایەتی بێ) ڕێکبخرێ و، ئەو دەمە ئەو پەرلەمانەی دروست دەبێ، بڕیاری مافی چارەنووسی کورد و جۆری پێوەندی لەگەڵ ئەمریکاو دەوڵەتانی دیکەو خەڵکی پارچەکانی دیکەی کوردستان دەستنیشان بکاو، دەستبەجێ پاش ئەوە، حکومەتێکی کوردستانی و، لەشکرێکی کوردستانی تەوزیمی (لە نێرو مێ) پێکبهێنێ، ئەو دەمە نەتەوەی کورد، هەموو هەڵەو ناتەواوییەکانی دوو زل پارتەکە دادەپۆشن و، دوو زل پارتەکەش دەیسەلمێنن کە نیشتمان پەروەرن و بەرژەوەندیی نەتەوەو وڵات، لە سەروو بەرژەوەندیی پارتەوە ڕادەگرن).

لە سەرەوەدا دکتۆر جەمال نەبەز زۆر ڕاشکاوانە بۆچوونی خۆی دەربڕیوە سەبارەت بە تەواوی شارەکانی باشووری کوردستان و، لە نێویاندا هەر سێ شاری کێشە لە سەری (موسڵ، کەرکوک و دیالە) کە بە بەشێک لە باشووری کوردستان-یان دادەنێت. بەمەش بۆمان دەردەکەوێت کە پرۆفیسۆری ناوبراو باوەڕی نەگۆڕی بە کوردبوون و کوردستانێتیی ئەو شارانە هەیە، بەتایبەت کاتێک کە داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازادانە لە هەموو نێوچەکانی باشووری کوردستان دەکات و، شارەکانی (موسڵ، کەرکوک، هەولێر، دهۆک، سلێمانی، دیالە و کوت) بە شار و ناوچەی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان ناودەبات.

دکتۆر جەمال نەبەز، لە وتاری (ئێران و ئاژاوەی موقتەدا سەدر ڕژێمی ئێران دەیەوێ دەوری خومەینی لە ئێراقدا بەموقتەدا بگێڕێ)دا کە لە لاپەڕەکانی (139-145)ی پەرتووکی (کۆبەرهەم ژمارە -7)دا بڵاوکراوەتەوە، لە لاپەڕە (142)دا سەبارەت بە کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ، نووسیویێتی: (پاش ئەم خوێنڕێژییە، موقتەدا سەدر چوو بۆ ئێران و پێوەندی بە کاربەدەستانی ئێرانەوە کرد. بەپێی هێندەک سەرچاوەی هەواڵ، کاربەدەستانی ڕژێمی ئێران دەستەبەر بوون بە بڕینەوەی پارەیەکی باش بۆ خۆی و بۆ هێزێکی چەکدار کە دروستی بکا لەشێوەی (پاسدارانی ئێران)دا، ڕێ لە کورد بگرێ و نەیەڵێ کەرکوک، موسڵ و دیالە بگەڕێنەوە بۆ باوەشی هەرێمی کوردستان. موقتەدا کە گەڕایەوە ئێراق، یەکەمین کاری ئەوەبوو، چەند چەکدارێکی ناردە کەرکوک بۆ پشتگیریی تورانییەکانی سەر بە (بەرەی تورکمان) و، نەڕاندن دژی کورد و سەرکردەکانی و، هاوارکردن کە

(کوردستان دوژمنی خودێیە)، دارو دەستەکەی هاواریانکرد: (لا اله الا الله، کوردستان عدو الله).

ئەوەی دکتۆر جەمال نەبەز لە سەرەوەدا ئاماژەی پێداوە، دەربڕینی بۆچوونەکانی ئەو دەردەخات کە کوردێتیی و کوردستانێتیی هەر سێ شارەکانی (موسڵ، کەرکوک و دیالە)ن، چونکە مێژوونووسی ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە ڕژێمی ئێران هێزێکی چەکداری لە میلیشیاکانی موقتەدا سەدر لەشێوەی (پاسدارانی ئێران) دروستکردووە، لەپێناوی ڕێگەگرتن لە کورد بۆ ئەوەی هەر سێ شاری (موسڵ، کەرکوک و دیالە)ی کوردیی نەگەڕێنەوە بۆسەر هەرێمی باشووری کوردستان.

دکتۆر نەبەز، لە وتاری (کە ئەمریکاو هاوپەیمانان خۆیان لە ئێراق کێشایەوە)، کە لە لاپەڕەکانی (158–170)ی پەرتووکی (کۆبەرهەم ژمارە –7)دا بڵاوکراوەتەوە، لە لاپەڕە (159)دا هاتووە: (ئەوەی کە بەدەست ئەم دوو زل پارتەوە نەبووە، تەنێ دەسەڵات بوو بەسەر ستانەکانی کەرکوک، موسڵ، دیالە و کووتدا، کە دەکەونە سنووری جۆگرافیایی کوردستانە وەو، ڕژێمی سەدام، خەریکی بە عارەبکردنیان بوو و، جارو بارێکیش هەڕەشەی لە (هەرێمی نەفڕین) دەکرد، بەڵام نەیدەوێرا پالاماریبدا).

بە بۆچوونی دکتۆر جەمال نەبەز، شارەکانی (کەرکوک، موسڵ، دیالە و کووت) شاری کوردستانین، چونکە پرۆفیسۆری ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە ئەو شارانە دەکەونە نێو سنووری جوگرافیای کوردستانە وە، بەڵام ڕژێمی سەدامی شۆڤینی و عارەبپەرستی دژ بە کورد بەرە بەرە لە ماوەی دەسەڵاتی خۆیدا لە نێوان ساڵانی (1968–2003)دا خەریکی بە عارەبکردنیان بووە، سەرەڕای ئەوەی هەر لە کۆنەوە هەوڵی بەعارەبکردن و گۆڕینی دیمۆگرافیای شاری موسڵ دراوە.

دکتۆر جەمال نەبەز، لە وتاری (هەڵبژاردنەکانی ئەمریکاو ئەو هەڵبژاردنانەی دووزلحیزبە کوردییەکە بەتەمان بیکەن)دا کە لە لاپەڕەکانی (179–184)ی پەرتووکی (کۆبەرهەم ژمارە –7)دا بڵاوکراوەتەوە، لە لاپەڕە (184)دا هاتووە: (ئەمە لە کاتێکدا کە حکومەتی نێوەندی ئێراق، گوشاری وان بە پوولێک ناکڕێو، هەتا ئەمڕۆ، کە ئەمڕۆیە، یەک بەندی یاسایی بەڕێوەبەرایێتیی کاتی، جێبەجێ نەکردووەو،

بە ئێراقیش ناڵێ "ئێراقی فیدرالی"، وەک دوو زل پارتەکە شوێنەواری عارەباویکردنی کوردستان، هەر لەجێی خۆیەتی و، زمانی کوردیش، کە گوایە زمانی فەرمیی ئێراقە، لەپاڵ زمانی عارەبیدا، تەنانەت لە کوردستان-ەکەشدا، وەک کەرکوک، موسڵ و خانەقین، ڕێزی ناگیرێ و بەکار ناهێنرێ).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی دکتۆر جەمال نەبەز بۆمان دەردەکەوێت کە ناوبراو، شارەکانی کەرکوک، موسڵ و خانەقین بە شاری کوردیی و لەنێو چوارچێوەی سنووری باشووری کوردستان دەزانێت، چونکە دکتۆر نەبەز گلەیی ئەوە دەکات کە لە کوردستانداو، لە شارەکانی موسڵ، کەرکوک و خانەقین زمانی کوردی وەکو زمانێکی فەرمی مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت و بەکار ناهێنرێت، کەواتە ئەو هەر سێ شارەکە بە بەشێک لە باشووری کوردستان دەزانێت.

دکتۆر جەمال نەبەز، لە لاپەڕە (10)ی ژمارە (315)ی ڕۆژنامەی (میدیا)دا، وتارێکی لەژێر ناوی (ئایا ڕاستە، کە "دوژمنی دوژمنت دۆستتە"؟)دا، بڵاوکردۆتەوە کە تێیدا نووسیوێتی: (کاتی خۆیشی و هەر لە ڕۆژی (10)ی نیسانی (2003)دا هۆشیارنامەم گەیاندە بەڕێز مەسعود بارزانی، کە نابێ بەقسەی ئەمریکییەکان کەرکوک و موسڵ بەجێبهێڵن و ئەوەشم چەند جار گوتو گوتەوە کە ئەمریکا برای باوکی کەس نییەو وریابن). دواتر دەڵێت: (خەڵکینە وەرن تەماشاکەن، لە هیچەو، هەر لەبەر ئەوەی کوردن، لە وڵاتی خۆیاندا (کەرکوک، موسڵ، دیالە و کووت) دەکوژرێن).

ئەوەی دکتۆر جەمال نەبەز ئاماژەی پێکردووە، دیسان کوردێتیی و کوردستانێتیی شارەکانی موسڵ، کەرکوک و ئەوانەی تریش دەگەیەنێت، چونکە ناوبراو شارەکانی کەرکوک، موسڵ، دیالە و کوت بە وڵاتی کوردان ناودەبات. مادامیش ئەو شارانە بکەونە ناو وڵاتی کوردان، کەواتە بێ هیچ گومانێک شاری کوردیی و سەر بە خاکی باشووری کوردستانن.

پسپۆری جوگرافیا دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور ئیسماعیل، لە لاپەڕە (19)ی پەرتووکی (جوگرافیای کوردستان)دا نووسیوێتی: (کوردستان لە سەدەی شازدەیەمەوە، هەتا جەنگی یەکەمی جیهانی، گۆڕەپانی پێکدادانی هێزەکانی هەر دوو ئیمپراتۆرییەتی

سەفەوی (ئێران)و عوسمانی بووە. گەورەترین جەنگێ لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا ڕوویدابێ، جەنگی (چاڵدێران)ی ساڵی (1514)ی زایینی بوو، ئەنجامەکەشی ئەوەبوو، یەکێتیی جوگرافی خاکی کوردستان بە تەواویی تێکچوو بەشی ڕۆژهەڵاتی کەوتە بندەستی سەفەوییەکان و بەشەکەی ڕۆژئاواشی کەوتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکانەوە. پاشتریش ئەم بەشە، دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانیو ڕوخاندنی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، جارێکی دیکە دابەشکرایەوە. بەشی هەرە گەورەی بەر تورکیای تازە کەوت و بەشێکی دیکەشی خرایە سەر سوریا. ئەوەی کە ماشەوە (ویلایەتی موسڵ)، لەگەڵ ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرادا، دەوڵەتی ئێراقی ئەوڕۆیان لێ دروستکرد).

بە گوێرەی بۆچوونی دکتۆر عەبدوللا غەفور، ویلایەتی موسڵ خاکی کوردە و بەشێکی دانەبڕاوی کوردستانە. هەروەکو دەزانین ویلایەتی موسڵ لە هەر یەک لە پارێزگاکانی: (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی، دیالە، بەشێکی کوت و بەشێکی عەمارە) پێکدێت. کەواتە موسڵ هەم وەکو شار و هەم پارێزگا بەشێکە لە خاکی کوردستان و نیشتمانی کورد.

دکتۆر عەبدوللا غەفور، لە لاپەڕە (250)ی پەرتووکی (جوگرافیای کوردستان)دا نووسیویێتی: (سنووری کوردستان لە باکوورەوە لەگەڵ تورکیا و لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ ئێران و لە باشوورەوە لەگەڵ ئێراق و لە ڕۆژئاواشەوە لەگەڵ سووریادا هاوسنوورە).

بە گوێرەی ئەو پێناسەیەی کە دکتۆر عەبدوللا غەفور بۆ باشووری کوردستانی کردووە، شار و پارێزگای موسڵ بە تەواوی دەکەوێتە نێو چوارچێوەی سنووری باشووری کوردستان، چونکە بەپێی دەست نیشان کردنی سنووری ڕۆژئاوای باشووری کوردستان کە سوریایە، ئەوە بە دڵنیاییەوە شاری موسڵ بە تەواوی دەگرێتەوەو دەکەوێتە نێو ئەو سنوورەی باشووری کوردستان.

دکتۆر عەبدوللا غەفور، لە لاپەڕە (263)ی پەرتووکی (جوگرافیای کوردستان)دا نووسیویێتی: (سنووری نێوان کوردستان و ئێراق بەهێڵی پانی (33)ی باکوور دەست پێدەکات، لە دواییدا بەرە بەرە بەرەو ڕۆژئاوا دەبێتەوە، هەتا دەگاتە هێڵی درێژی

(46)ی ڕۆژهەڵات، بە چەند کیلۆمەترێک لە باشووری گوندی سیمامەوە، لە دواییدا لەگەڵ ئەو هێڵەدا دێتە خوارەوە، ئینجا پاش چەند کیلۆمەترێ بەرەو ڕۆژئاوا پێچ دەکاتەوەو لە پاشان بە باشووری شارۆچکەی جەساندا تێدەپەڕێ، لە دواییدا ئەو هێڵە بەرەو باکوور دەبێتەوە، لەپاشان بە ڕۆژئاوای گوندی ئەشان میرز ئاباددا تێپەڕ دەبێ. پاشان بە هێڵێکی ڕاست بەرەو ڕۆژئاوای گوندەکانی سوڵتان و حاجی محەمەدو عەبدول عەترۆزدا دەڕواو هەتا دەگاتە ڕۆژئاوای شارۆچکەی بەلەدروز. لە پاشان بە ڕۆژئاوای گوندەکانی سەلمانول سەعدون و بەنی عەباس و چیچاندا، بەرەو ڕۆژئاوای میقدادیە (شارەبان)دا تێپەڕ دەبێ. لەپاشان درێژ دەبێتەوە هەتا دەگاتە ڕووباری سیروان، لە دواییدا لەگەڵ ئەو ئاوەدا تا چەند کیلۆمەترێ بەرەو باکوور دەکشێ، هەتا ڕێژگەی ئاوی چینچال لە ڕووباری سیروان، لە دواییدا بەرەو ڕۆژئاوا پێچ دەکاتەوەو پاشان باکووری ڕۆژئاوا دەبڕێ، هەتا دەگاتە چیای حەمرین. پاشان بە بڕبڕەی پشتی ئەو چیایەدا تێدەپەڕێ، هەتا دەگاتە ئاوی داقوق، لەپاشان لەگەڵ ئەو ئاوەدا بەرەو باکووری ڕۆژئاوا دەڕوا، هەتا دەگاتە چیای مەکحول و پاشان مکێحیل، دوای ئەوە بە بەرزترین شوێنەکانیدا تێدەپەڕێ و بەرەو فەتحە درێژ دەبێتەوە، هەتا دەگاتە زێی دیجلە، لە دواییدا لەگەڵ ئەو زێیەدا بەرەو باکوور بە چەند کیلۆمەترێ درێژ دەبێتەوە، هەتا نزیک شاری موسڵ، لە دواییدا بە باشووری ئەو شارەدا تێپەڕ دەبێ، بەرەو ڕۆژئاوا پێچ دەکاتەوە، هەتا دەگاتە باشووری گوندی ئەلبویر، پاشان دەگاتە باشووری شارۆچکەی تەلەعفەر، لە دواییدا بە باشووری گوندەکانی تەرمی، ئەبرات و کابێرادا تێپەڕ دەبێ).

بە گوێرەی ئەو دیاریکردنەی کە دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور بۆ سنووری باشووری کوردستاندا ئاماژەی پێکردووە، کوردێتیی و کوردستانێتیی شار و پارێزگای موسڵ دەگەیەنێت، چونکە شاری موسڵ بە سەدان کیلۆمەتر دەکەوێتە باکووری ئەو هێڵەی کە دکتۆری ناوبراو بۆ دیاریکردنی سنووری باشووری کوردستان کێشاویەتی.

دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، لە لاپەڕەکانی (272–273)ی پەرتووکی ناوبراودا نووسیوێتی: (لە سەردەمی سەفەوییەکان و عوسمانییەکاندا، ئیالەتەکانی کوردستان لەدەوروبەری ساڵی (1515)ی زایینیدا ئەمانە بوون: ئیالەتی دیاربەکر، ئیالەتی وان، ئیالەتی ڕوها، ئیالەتی موسڵ، ئیالەتی کوردستان و ئیالەتی لوڕستان).

ئەوەی دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور باسی دەکات، کوردستانیی بوونی شاری موسڵ و تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ دەگەیەنێت، چونکە ئەو نووسەرە ناوی ویلایەتی موسڵ وەکو ویلایەتێکی کوردستانیی ناودەبات. مادام ویلایەتەکە ویلایەتێکی کوردستانیی بێت، کەواتە تەواوی شارەکانی سەر بە ویلایەتەکە، شاری کوردستانی و کوردین بە شاری موسڵ-ی پایتەختی ویلایەتەکەشەوە.

دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، لە لاپەڕە (359)ی پەرتووکی (جوگرافیای کوردستان)داو لە بابەتی دابەشبوونی جوگرافی چاڵگە نەوتییەکاندا، نووسیویێتی: (یەکەم: نێوچەی نەوتی باکوور: بە گچکەترین نێوچەی نەوتی کوردستان دادەنرێ. ئەم نێوچەیە لە پارێزگاکانی سیرت، باتمان، دیاربەکر، موسڵ، قەزای مالکییەدا هەڵکەوتووە. ئەم نێوچەیە نزیکەی (3%)ی گشت بەرهەمی ساڵانەی هەموو نەوتی خاوی کوردستان پێکدەهێنێت).

بەپێی بۆچوونی دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، بۆمان دەردەکەوێت کە ناوبراو شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی و سەر بە کوردستان دادەنێت، کاتێک کە لە بابەتی نەوتدا شاری موسڵ دەخاتە ناو چوارچێوەی سنووری کوردستان.

دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، لە لاپەڕەکانی (279، 360، 401، 412)ی پەرتووکی سەرەوەدا، یەک لە دوای یەک نەخشەی دابەشبوونی بەڕێوەبەرێتی، نەخشەی چاڵگە نەوتییەکان، نەخشەی ڕێگەوبانی ئۆتۆمۆبیل و نەخشەی ئاسنەڕێی کوردستانی بڵاوکردۆتەوە، کە لە هەموو نەخشەکاندا شاری موسڵ بە تەواوی کەوتۆتە ناو سنووری باشووری کوردستان). نەخشەکان لە کۆتایی ئەو بەشەدا دانراوە.

بە گوێرەی نەخشەکانی ئاماژەپێکراو، دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان دادەنێت، لەبەر ئەوەی لە هەموو نەخشەکاندا ئەو شارەی خستۆتە نێو سنووری باشووری کوردستان.

دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، لە لاپەڕە (21)ی پەرتووکی (پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان لە باشووری کوردستاندا بەپێی سەرژمێری دانیشتوانی ئێراق 1977)دا، دەڵێت: (دابڕینی قەزا، ناحیە، دێستان لەم یەکە بەڕێوەبەرێتییەو لکاندنی بەو یەکە

بەڕێوەبەرێتییەوە، کارێکی ئاساییە، وەلێ لە ئێراق، بە مەبەستی داگیرکردن و بە عارەبکردنە. دەنا ئاکرێ چی لە موسڵ و چی لە دهۆک سەرپەرشتی بکرێ بۆ ئێمە یەکە. لەبەر ئەوەی موسڵیش وەکو ئاکرێ خاکی کوردستانە).

ئەوەی کە دکتۆر عەبدوڵلا غەفور ئاماژەی پێداوە، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، کاتێک کە زۆر ڕاشکاوانە باسی ئەوە دەکات کە موسڵ و ئاکرێ دوو شاری سەر بە کوردستانن.

دکتۆر عەبدوڵلا غەفور، لە لاپەڕە (24)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (ئێمە دوو هەڵەی مێژوویی کوشندەمان بەرانبەر بە ئەستانی موسڵ-ی باشووری کوردستان کردووە. هەڵەی یەکەم: لە شێستەکانی (سەدەی بیستەم)دا، تۆ زەیندێ؟! (جوداکردنەوەی قەزایەکانی کوردی لە پارێزگای موسڵ) کراوە. لە خاکی کوردستانیان جودا بکەنەوە؟! دەنا شوێنێکی دیکە شک نابەم؟. گەلۆ دەبووایە داوای جوداکردنەوەی قەزایەکانی عارەبی وەکو ئەلبەعاج، ئەلحەزرو شەڕگات بکرێ. هەڵەی دووەم: دەزگای زانستی بەرزی کوردستان وەکو زانکۆو، هەندێک شارەزایی پایەبەرز لە نووسینەکانیاندا، ئەگەر چی پشتگیری لەوەی یەکەم ناکەن، وەلێ بەناڕەوا تەواوی قەزای موسڵ-یان پێ کوردستان نیە. قەزای موسڵ، جگە لە ناحیەکانی حەمام ئەلعەلیل و ئەلمحلەبیە، کوردستانە و بەڵگەی مێژوویش بۆ ئەوە زۆرە).

ئەو بۆچوونەی دکتۆر عەبدوڵلا غەفور، بەڵگەیەکە بۆ کوردستانیی بوونی شاری موسڵ، کاتێک کە جوگرافیناسی ناودار دکتۆر عەبدوڵلا غەفور ئاماژە بە شاری موسڵ دەکات وەکو شارێکی کوردستانیی. هەرچەندە لەگەڵ بۆچوونەکانی تری دکتۆر عەبدوڵلادا نیم، چونکە شار و شارۆچکەکانی وەکو بەعاج، حەزەر، شەڕگات، حەمام عەلیل و موحەلەبیەش هەر لەسەر خاکی کوردستان دروستکراون بۆ عارەبی هاوردەو داگیرکەر.

دکتۆر عەبدوڵلا غەفور، لە لاپەڕە (39)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەداو، لە باسی ژمارەو ڕێژەی نەتەوەکان لە سەرجەمی دانیشتوانی قەزایەکاندا، لە باسی قەزای موسڵ-دا نووسیویێتی: (موسڵ: ڕێژەی کورد، ئەوەندە لەو قەزایەی

کوردستان کەمکراوە بۆ بەراوردکردن لەگەڵ هی عارەب نابێ. سەرەڕای ئەوەش، لە کورتیش دەدات، بۆ نموونە، ئەگەر ڕێژەکە لە ساڵی (1965)، لە سەرجەمی دانیشتواندا، (13%) بوو بێ، ئەوە لە ساڵی (1977)دا، لەدەوروبەری (10%) بوو. واتە (3%)ی کەم کردووە).

ئاماژەپێکردنی دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور بەمشێوەیە بە شاری موسڵ، کوردبوون و کوردستانیی بوونی ئەو شارە دەخاتە بەردەست، چونکە نووسەری ناوبراو ناوی قەزای موسڵ وەکو قەزایەکی کوردستانیی ناوبردووە.

دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، لە لاپەڕە (161)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (کاتی خۆی زۆر کەسم ڕاسپارد بۆ پەیداکردنی پەرتووکی (الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، هيئة التعداد العام والدراسات السكانية. نتائج ترقيم المباني وحصر السكان لسنة 1977 سري) و زۆریش گفتیاندا. وەلێ ئەنجامی نەبوو. لە کۆتاییدا لە سەردانی کوردستانم لە سپتێمبەری ساڵی (2003)، لە دوکانی کۆنە پەرتووک فرۆشێک لە شاری موسڵ-ی کوردستانی، بە دینارێکی چاپی سویسریم کڕی).

دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، ڕاشکاوانە بۆچوونی خۆی سەبارەت بە کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەردەبڕێت، کاتێک ناوبراو باسی ئەو پەرتووکە دەکات کە بەچ شێوەیەک لە شاری موسڵدا دەستی کەوتووەو، کە بەمشێوەیە باسی کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ دەکات: (شاری موسڵ-ی کوردستان).

دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، لە لاپەڕە (43)ی پەرتووکی (سنووری کوردستان)دا نووسیویێتی: (ئێراق دەوڵەتی تازە دروستبوو لە ساڵی (1921ز)دا لە لکاندنی ویلایەتەکانی موسڵ (باشووری کوردستان) و بەغدا و بەسرا پێکهات). هەروەها لە لاپەڕە (43)ی هەمان سەرچاوە نەخشەیەکی کوردستانی باشووری بڵاوکردۆتەوە کە شاری موسڵ و تەواوی قەزاو شارەدێکانی سەر بەو شارە کەوتوونەتە نێو سنووری کوردستان).

بۆچوونی دکتۆر عەبدوڵڵاو ئەو نەخشەیەی کە بڵاویکردۆتەوە، بەڵگەیەکی ترە بۆ کورستانیی بوون و کوردبوونیی شاری موسڵ، چونکە نووسەر لە لایەک ویلایەتی

موسڵ بە باشووری کوردستان ناودەبات کە دوو ناوی جوگرافین بۆ وڵاتی کورد و خاکی کوردستان، لەلایەکی تریشەوە ئەو شاری موسڵ-ی لەنەخشەکەدا خستۆتە ناو سنووری باشووری کوردستان. نەخشەکە لە کۆتایی ئەو بەشەدا دانراوە.

دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، دیسان لە لاپەڕەکانی (45-59)ی پەرتووکی (سنووری کوردستان)دا لە ڕوانگەی ئەولیا چەلەبی، محەمەد ئەمین زەکی، گۆڤاری سەنتەری کورد ژمارە (6) ساڵی (1949)و ئەدمۆنز سنووری کوردستانی باشوور بە پارێزگاکانی موسڵ، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی دیاری دەکات. نووسەر لە لاپەڕەکانی (75-76)ی (سنووری کوردستان)دا، بۆچوونی خۆی لەسەر شاری موسڵ دەردەبڕێت دەڵێت: (موسڵ وەکو شار و پارێزگاش هی کوردە).
به بۆچوونی دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، شاری موسڵ وەکو شار و پارێزگا هی کوردە و بەشێکە لە خاکی کوردستان، چونکە ناوبراو ڕاشکاوانە باسی ئەوە دەکات کە شاری موسڵ هەم وەکو شار و هەم وەکو پارێزگاش هی نەتەوەی کوردە.

دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، لە لاپەڕە (25)ی پەرتووکی (جوگرافیای دانیشتوانی کوردستان)دا، نووسیویێتی: (ئێزیدی یەکێکی ترە لە ئایینە ناوچەییەکانی کوردستان، پەیڕەوانی ئەم ئایینە بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەرناوچەی نەینەوا دادەنیشن (شەنگال، شێخان و موسڵ) هەروەها بە بەربڵاوی لە شوێنی تریش هەن وەک دیاربەکر، ئەرزەڕۆم، وان و عەفرین).
ئەوەی کە جوگرافیناس دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور باسی دەکات، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە جوگرافیناسی ناوبراو لە باسی هەبوونی هەڵگرانی ئایینی ئێزیدی لە کوردستان‌دا، ناوی شارەکانی موسڵ، شێخان و شەنگال بە سێ شاری سەر بە کوردستان دەبات.

دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، لە لاپەڕە (28)ی پەرتووکی (جوگرافیای دانیشتوانی کوردستان)دا، نووسیویێتی: (سەرەتای پەیدابوونی شار لە کوردستاندا بۆ کۆتایی چەرخی چوارەم و سەرەتای چەرخی سێیەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە. چەند

شارێک نەبێت کە مێژووەکەیان بۆ پێش ئەم ماوەیە دەگەڕێتەوە وەک شارەکانی هەولێر و موسڵ (نەینەوا)، کەرکوک (ئەرەبخا) و هی تریش).
ئەوەی کە دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور باسیکردووە، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەخاتە بەردەست، چونکە دکتۆری ناوبراو کە باسی سەرەتای پەیدابوونی شار لە کوردستاندا دەکات، ناوی شارەکانی هەولێر، موسڵ (نەینەوا) و کەرکوک (ئەرەبخا)، وەکو شاری کوردیی و کوردستانی دەهێنێت.

دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، لە لاپەڕە (29)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، سەرناوچەکانی کوردستانی مەزنی بۆ سێبەش دابەشکردووەو لە بەشی دووەمدا نووسیوێتی: (ئەو سەرناوچانە دەگرێتەوە کە ڕێژەی تێدا لەنیوەی دانیشتوان کەمترە. کورد (15-45%)ی گشت دانیشتوان پێکدەهێنن، ئەمەش ئەم سەرناوچانەی خوارەوە دەگرێتەوە: ئورفە، ئادییەمان، کەرکوک، ئەلازیغ، ئازەربایجانی خۆرئاوا، ئەرزنجان، مەلاتیە، نەینەوا. لێرەدا دەبێ هەمیشە ئەوەمان لەیاد بێت کە ئەم سەرناوچانە لە ئەنجامی پەیڕەوکردنی زرنگکاری (سیاسەت)ی عارەبیزاسیۆن و تورکیزاسیۆن بەشێوەیەکی ڕێک وپێک و نەخشە بۆ داڕێژراو تووشی ئەم شێواوی و نەگونجاویە هاتوون لە پارسەنگی پێکهاتی دانیشتوانیاندا).
ئەوەی کە دکتۆر عەبدوڵڵا ئاماژەی پێکردووە، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی جوگرافیناسی ناوبراو لە باسکردنی سەرناوچەکانی کوردستاندا، ناوی شاری موسڵ وەکو سەرناوچەیەکی سەر بە کوردستان دەهێنێت.

دکتۆر عەبدوڵڵا، لە لاپەڕە (31)ی هەمان سەرچاوەی سەرەوە دەڵێت: (گەورەترین شارەکانی کوردستان لەنیوەی دووەمی هەشتاکاندا بریتی بوون لە موسڵ (664 هەزار کەس)، کرماشان (561 هەزار کەس)، عەنتاب (479 هەزار کەس)، هەولێر (445 هەزار کەس)، کەرکوک (399 هەزار کەس)، ئامەد (306 هەزار کەس)و ئورفە (301 هەزار کەس).

ئەمەش بەڵگەیەکی تری کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، کاتێک کە دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور ناوی شاری موسڵ وەکو یەکێک لە گەورەترین شارەکانی کوردستان ناودەهێنێت.

دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، لە لاپەڕە (11)ی پەرتووکی (ئەتنۆ – دیمۆگرافیای باشووری کوردستان)دا، نووسیویێتی: (جگە لە کەمی خزمەتگوزاری تەندروستی، بۆ نموونە ساڵی (1985) لە باشووری کوردستان (65) نەخۆشخانە (هەولێر – 14، دهۆک – 8، سلێمانی – 11، کەرکوک – 29، موسڵ – 23)و 448 دکتۆر (دکتۆری گشتی – 325، دکتۆری شارەزا – 123) هەبوو. لە هەولێر – 80 دکتۆر (گشتی – 59، شارەزا 21)، دهۆک – 45 (گشتی – 37، شارەزا – 8)، سلێمانی – 95 (گشتی – 65، شارەزا 30)، کەرکوک – 91 (گشتی – 60، شارەزا 31)، موسڵ – 137، (گشتی – 104، شارەزا – 33).

ئەوەی کە دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور لە سەرەوەدا نووسیویێتی، بۆچوونی ئەومان بۆ دەردەخات سەبارەت بە شارەکە، ئەویش ئەوەیە کە شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان دەزانێت.

دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، لە لاپەڕە (21)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، نووسیویێتی: (بەرناوچەی سەنتەر (موسڵ) لە گشت بەشە فەرمانڕەواییەکانی تری ئاپۆڕەترە، لێرە لە (1) کچگ – (470) کەس دەژی، هۆیەکەشی بەپلەی یەکەم بۆ هەڵکەوتی گەورەترین شاری باشووری کوردستان دەگەڕێتەوە (موسڵ – 430 هەزار کەس).

دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، کاتێک لە باسی ڕێژەی دابەشبوونی دانیشتواندا بەسەر شارەکانی کوردستاندا، ناوی شاری موسڵ وەکو گەورەترین شاری باشووری کوردستان دەبات، بۆچوونی خۆی سەبارەت بە کوردێتیی و کوردستانێتیی شارەکە کە بۆچوونێکی کوردپەروەرانەیە دەردەخات.

دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، لە لاپەڕەکانی (56-57)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، نووسیویێتی: (سەرناوچەکانی باشووری کوردستان، بەپێی پلەی

شارستانێتی (ئۆربەنیز یرۆڤەنەست) ساڵی (1987) یەک لە دوای یەک، بەمشێوەیە بوون: 1- هەولێر 2- کەرکوک 3- دهۆک 4- سلێمانی 5- نەینەوا: نزمترین پلەی شارستانی لە باشووری کوردستاندا، لە ساڵی (1987)دا لە سەرناوچەی نەینەوا (6.67%) بوو (1965 – 48،3%، 1977 – 2،54%). هۆیەکەشی بەپلەی یەکەم، بۆ مانەوەی خەڵک لە شوێنەکانی خۆیان و کەمی کۆچکردن لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان دەگەڕێتەوە).

ئەو ئاماژەپێکردنەی دکتۆر عەبدوڵلا غەفور، مانای کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەبەخشێ، چونکە دکتۆری ناوبراو لە باسکردنی پلەی شارستانێتی سەرناوچەکانی باشووری کوردستاندا، ناوی شاری موسڵ-ی وەکو شارێکی سەر بە خاکی باشووری کوردستان هێناوە.

دکتۆر عەبدوڵلا غەفور، لە لاپەڕەکانی (57-58)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، لە باسی تایبەتمەندێکانی شارستانییەت نووسیوێتی: (پایتەختی باشووری کوردستان لە گەورەترین شاری کوردستاندا نییە، بە پێچەوانەی زۆربەی وڵاتەکانی جیهانی سێیەم. ژمارەی دانیشتوانی پایتەخت (هەولێر) لە ساڵی (1987)دا نزیکەی (446) هەزار کەس بوو، ژمارەی گەورەترین شاریش (موسڵ) کە (664) هەزار کەس بوو).

کاتێک کە دکتۆر عەبدوڵلا غەفور دەڵێت: (پایتەختی باشووری کوردستان لە گەورەترین شاری کوردستاندا نییە)، بۆچوونی ناوبراومان بۆ دەردەکەوێت کە شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان دەزانێت.

دکتۆر عەبدوڵلا غەفور، لە لاپەڕە (68)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، لە باسی شاری ئەرکی هەمەچەشنەی کوردستاندا دەڵێت: (شارەکانی ئەم دەستەیە، لەشوێنە سەرەکییەکانی خڕبوونەوەی پیشەسازی کۆن و نوێ، بازرگانی، بە یەکگەیشتنی ڕێگاوبان، خوێندنی بەرز-زانکۆ، پێوەندی لەگەڵ دەرەوەو بوونی گەلێ دامودەزگای گرنگ و سەرەکی حکومەت.... تاد دیاری دەکرێ. موسڵ تاکە شارە کە ئەم هەموو سیفاتانەی تێدا خڕ بووبێتەوە، لەبەر ئەوە ژمارەی دانیشتوانیشی لە ژمارەی دانیشتوانی گشت شارەکانی باشووری کوردستان زیاترە).

کاتێک کە جوگرافیناس دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور باسی شاری ئەرکی هەمەچەشنەی کوردستان دەکات و شاری موسڵ بەتاکە شاری کوردستان ناودەبات کە هەموو خەسڵەتەکانی شاری هەمەچەشنەی تێدابێت، کوردێتیی و کوردستانێتیی شارەکەمان پێ ڕادەگەیەنێت. هەروەها دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، لە لاپەڕە (84)یشدا لە ڕیزکردنی شارەکانی باشووری کوردستان بەپێی ژمارەی دانیشتووان، شاری موسڵ–ی لە سەرەوەی هەموو شارەکاندا داناوە.

دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، لە لاپەڕە (12)ی پەرتووکی (جوگرافیای ئابووری نەفت لە کوردستاندا)، نەخشەیەکی کوردستانی بڵاوکردۆتەوە کە موسڵ وەکو شار و پارێزگا کەوتۆتە ناو سنووری کوردستان.
ئەو نەخشەیەی کە دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور بڵاویکردۆتەوە، کوردستانێتیی و کوردێتیی بوونی شاری موسڵ نیشاندەدات، چونکە تەواوی شاری موسڵ کەوتۆتە ناو سنووری کوردستانە وە. نەخشەکە لە کۆتایی ئەو بەشەدا دانراوە.

دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، لە لاپەڕە (32)ی پەرتووکی (جوگرافیای ئابووری نەفت لە کوردستاندا)، دەڵێت: (بانکەکان – ئەڵمانی و خانەگی تورکی– هێشتا لە ناوەخۆیاندا، لەسەر چیاوگ (ئیمتیاز)ی نەفت لە کوردستاندا، لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، لەناوە خۆیاندا، بە تەواوی ساغ نەببوونەوە، کە لەولاوە، ئەمریکاییەکانیان بە نوێنەراتی جەستەر، چیاوگی نەفتیان وەرگرت. بەندی هەرە لەبەرچاوی، گەڕان بەدوای نەفت لەملاو لەولای ئاسنەڕێی نێوان دوو شاری گرنگیی کوردستان موسڵ و کەرکوک بوو، کەواتە ویلایەتی موسڵ – باشووری کوردستان – کەوتە ناو چوارچێوەی بەرهەمهێنانی ئەمریکییەکان. ئەوە نەوەک هەر بەدڵی ئەڵمانەکان و ئینگلیزەکان نەبوو، بەڵکو جێگەی سەخڵەتیانیش بوو).
کاتێک کە دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور دوو شاری موسڵ و کەرکوک بە شاری گرنگیی کوردستان ناودەبات، کوردبوون و کوردستانیی بوونی هەر دووکیان دووبارە دەکاتەوەو بە دوو شاری سەر بە باشووری کوردستانیان دادەنێت.

دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، لە لاپەڕە (206)ی پەرتووکی (جوگرافیای ئابووری نەفت لە کوردستاندا)، نووسیویێتی: (نەفت، دوای یەکەمین جەنگی جیهانی، ئەگەر فاکتۆری نمرە یەک نەبووبێ، لە تێکدانی یەکێتی خاکی کوردستان، ئەوە بێگومان، یەک لە هەرە بەرچاوەکانی، بووە. نموونەشمان، کێشەی ویلایەتی موسڵە. تورکیا باش ئاگاداری خەزینەی نەفتی ئەو ناوچەی کوردستان بوو. هەر لەبەر هەندێکەش، بە ئاسانی دەستی لێ بەرنەدەدا).

ئەوەی کە دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور باسی دەکات، کوردبوون و کوردستانیی بوونی تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) دەگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو ویلایەتی موسڵ بە ناوچەیەکی سەر بە کوردستان (باشووری کوردستان) ناودەبات. هەروەکو پێشتریش ئاماژە بەوەکرا کە ویلایەتی موسڵ و باشووری کوردستان هەر یەکن‌و دوو ناوی جوگرافین بۆ نیشتمانی کورد و خاکی کوردستان بەکاردەهێنرێن. لە لایەک مادام ویلایەتی موسڵ و باشووری کوردستان هەر یەکبن، لەلایەکی تریشەوە کاتێک کە ویلایەتی موسڵ هەروەکو دکتۆری ناوبراو ئاماژەی پێکردووە ویلایەتێکی سەر بە کوردستان بێت، کەواتە تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ، بە شاری موسڵ-یشەوە شاری سەر بە باشووری کوردستانن.

مێژوونووسی بەناوبانگی کورد، محەمەد مەردۆخی کوردستانی، لە لاپەڕەکانی (15-16)، هەروەها (29)ی پەرتووکی (مێژووی کورد و کوردستان)دا، لە باسکردنی شارەکانی کوردستاندا، شاری موسڵ وەکو ناوچەیەکی کوردنشین ناودەبات و لە باسکردنی شاری جەزیرەدا شارەکانی دیار مضر – رقە، دیاربەکر – ئامەد، دیار ربیعة – موسڵ بە شارەکانی سەر بە جەزیرە ناودەبات.

کاتێک کە محەمەد مەردۆخی کوردستانی، شاری موسڵ و شارەکانی تریش بە شاری سەر بە جەزیرە (بۆتان) ناودەبات، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ و شارەکانی تریشمان پێ ڕادەگەیەنێت، چونکە هەموو لایەک دەزانێت کە وڵاتی بۆتان (جەزیرە) هەر لە کۆنەوە وڵات و نیشتمانی کورد بووە، بەڵام لە دوای هێرش و داگیرکردنەکانی میلیشیا عارەبە ئیسلامییەکان هەوڵی بە عارەبکردنی هەرێمەکە دراوە، تەنانەت بەر لە هەموو شتێک ناوی (بۆتان)ی کوردییان بۆ

جەزیرەی عارەبی گۆڕی، ئەوە لە کاتێکدا (لافضل للعربي على العجمي الا بالتقوى) یان بەرزکردبووەوە.

محەمەد مەردۆخی کوردستانی، لە لاپەڕە (95)ی پەرتووکی (مێژووی کورد و کوردستان)دا، بەمشێوەیە باسی سنووری کوردستان دەکات: (لای سەرەوە ئەرمەنستان. لای ڕۆژهەڵات ئازەربایجان و زنجیرە شاخی زاگرۆس (تێبینی، ئەمە ڕاست نییە! چونکە هەرگیز ئازەربایجان لای خۆرهەڵات نییە. جگە لەوەش ئەو وا دیارە کرماشان، وە لوڕستانی بە بەرچاو نەگرتووە - وەرگێڕ). لای خوارەوە ئێراقی عارەب (بابلستان)، لای ڕۆژئاوا ڕووباری فورات و وڵاتی ئاسیای بچووک). هەروەها مێژوونووس کاردۆخی لە هەمان لاپەڕەدا دەڵێت: (هەندێک لە مێژووناسەکان سنووری کوردستانیان بەمشێوەیە دیاریکردووە:- لای سەرەوە چیاکانی ئاگری داغ – ئارارات -. لای ڕۆژئاوا ڕووباری فورات تا سنووری شاری بەغدا لای خوارەوە سنووری سەرەوەی بەغدا. ئێراقی عارەبی. لای ڕۆژهەڵات سنووری خورستان و پارس و زنجان و ورمێ و خۆی و ماکۆ).

بەپێی ئەو پێناسەیەی کە مێژوونووسی ناوداری کورد محەمەد مەردۆخی کوردستانی بۆ سنووری کوردستانی کردووە، تەواوی شاری موسڵ دەکەوێتە ناو سنووری کوردستان، بەتایبەت کە سنووری کوردستانی لەلای ڕۆژئاواوە گەیاندۆتە ڕووباری فورات کە ئەوە سنووری ڕاستەقینەی باشووری کوردستانە لە خۆرئاواوە. بەمەش شاری موسڵ هەم وەکو شار و هەم وەکو پارێزگا دەبێتە شار و پارێزگایەکی گرنگیی کوردستان.

محەمەد مەردۆخی کوردستانی، لە لاپەڕەکانی (100–104)ی پەرتووکی (مێژووی کورد و کوردستان)دا، لە باسی ویلایەت و شارەکانی کوردستاندا، باسی ئەوەی کردووە کە کوردستان لە شەش ویلایەت پێکهاتووە کە ئەمانەن: (1- دیاربەکر 2- موسڵ 3- سنە یا ئەردەلان 4- ساوجبلاغ یان مەهاباد 5- کرماشان 6- لوڕستان. هەروەها شاری موسڵ بە مەڵبەندی ویلایەتی موسڵ ناودەبات و، شارەکانی هەولێر، سولەیمانی، کەرکوک، شەنگال، ئاکرێ، ئامێدی، ڕواندز، کفری، خورماڵ بە شارەکانی سەر بەو ویلایەتە ناودەبات).

به بۆچوونی محەمەد مەردۆخی کوردستانی، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و کوردستانییە، چونکە نووسەری ناوبراو تەواوی ویلایەتی موسڵ بە هەموو شارەکانیەوە، بە ویلایەتێکی کوردیی و کوردستانیی ناودەبات. کاتێکیش کە ویلایەتەکە ویلایەتێکی کوردستانی بێت، کەواتە تەواوی شارەکانی سەر بەو ویلایەتە بە شاری موسڵ-یشەوە شاری کوردیی و سەر بە کوردستانن.

محەمەد مەردۆخی کوردستانی، لە لاپەڕەکانی (270-279)ی پەرتووکی (مێژووی کورد و کوردستان)دا، لە باسی زاناو ئەدیبەکانی کوردستاندا ناوی ئەو کۆمەڵە زاناو ئەدیبەی شاری موسڵ-ی بردووە: (نەخش و نیگارکێش - ئەبوبەکر محەمەد نەقاش موسڵی، ئەدیب - ئەبو حەسەن کوڕی سڕی کەندی موسڵی، ئەدیب - ئیبن جەنی نەحوی موسڵی، قازی ئەبو حەسەن خەلعی موسڵی، هۆنەر - مهذب الدين الموصلي، هۆنەر - ئیبن دری الموصلي، هۆنەر - ئەبو ئەلفەرەج ئیبن دهان الموصلي، زاناو نووسەر - یاقووتی موسڵی، ئەدیب - ئەبو ئەلبەقاء نەحوی ناسراو بە ئیبن سایغ موسڵی، زاناو مامۆستا - کەمال‌الدین عەلامە - ئەبو ئەلفەتح موسی کوڕی ئەبو ئەلفەزل موسڵی).

ئەوەی لێرەدا مێژوونووسی بەناوبانگی کورد محەمەد مەردۆخی کوردستانی باسی دەکات، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە کاتێک کە مێژوونووسی ناوبراو باسی زاناو نووسەرانی کوردستان دەکات، ناوی کۆمەڵێک لە زاناو نووسەرانی شاری موسڵ دەهێنێ، ئەمەش دەیسەلمێنێ کە مێژوونووسی ناوبراوی کورد شاری موسڵ بە شارێکی کوردستانیی دەزانێت، بۆیە بەمشێوەیە ناوی دەبات.

زانای گەورەی کورد، محەمەد عەلی عەونی، لە لاپەڕەکانی (74-75)ی (شەرەفنامە)دا، لەژێر ناونیشانی (پێشەکیە عارەبیەکەی محەمەد عەلی عەونیو زێڕنۆف بەسەر شەرەفنامە فارسیەکەی چاپی میسرەوە)، ئەو زانا بەرزەی کورد، لە باسی کوردستانێتیی شاری موسڵ-دا نووسیویەتی: (لە سۆنگەی ئەو کەمتەرخەمیەدا هەرچی کورد بۆ ئیسلامی کردو هەر شانازیەکی لە مێژوودا گومانی دەبرد لەبیر کورد و بێگانەش چونەوەو زمانی شیرین و ڕەوانی کوردیش لە زۆربەی شارە

گەورەکانی کوردستان وەک: موسڵ، دیاربەکر، سنە و ماردین ڕوی لە کزیە و کە نەفتی ناوەو زمانی بێگانەیان بە جۆرێک تێخزاوە ئەگەر ڕێبوارێکی نەشارەزاو ناوشیار سەریان لێبدا وائەزانێ ئەو شارانە فڕیان بەسەر کوردستانە وە نەماوە. دەگەڵ ئەوەشا کە زۆربەی هەرەزۆری دانیشتوانی ئەو شارە گەورانە خوێن و زمان و ڕێوشوێنیان کوردانەی پاکە.. بەڵام وای لێهاتوە وەختە زمانی عارەبی و تورکی و فارسی زمانەکەیان لێدابپۆشێ..).

ئەوەی کە محەمەد عەلی عەونی باسی دەکات، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەبەخشێ، چونکە ئەو مێژوونووسە کاتێک کە باسی مەترسییەکانی خۆی دەکات لە زاڵبوونی زمانی داگیرکەران لە شارە گەورەکانی کوردستاندا، ناوی شاری موسڵ-یش وەکو یەکێک لە شارە گەورەکانی کوردستان ناودەبات کە ئەو مەترسییەی لەسەرە.

محەمەد عەونی، لە هەمان پێشەکی و لاپەڕە (97)ی پەرتووکی (شەرەفنامە)دا، نووسیوێتی: (سنووری کوردستان لە باشورەوە دەگاتە چیای حەمرین کە ئێراقی عارەبی (ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرا) لە ئێراقی کوردی یان کوردستانی ئێراق: (ویلایەتی موسڵ-ی پێشو) جیادەکاتەوە).

ئەوەی کە لێرەدا زانای گەورەی کورد محەمەد عەلی عەونی باسی دەکات، کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شار و پارێزگای موسڵ دەگەیەنێت، لە لایەک کاتێک کە نووسەر سنووری کوردستان لە باشوورەوە بە چیای حەمرین دادەنێت کە کێوەسوور لە خوارووی شارۆچکەی مەندەلییەوە دەست پێدەکات و درێژ دەبێتەوە بەرەو باکووری خۆرئاواو نزیکەی (110) کیلۆمەتر لە (فەتحە) دەکەوێتە باشووری شاری موسڵ، لەلایەکی تریشەوە کاتێک کە ئێراقی کوردی یان کوردستانی ئێراق و (ویلایەتی موسڵ) بە یەک ناوچەی جوگرافی دەزانێت. لە کاتێکدا کە هەر سێکیان هەر یەکبن، کەواتە شاری موسڵ دەکەوێتە ناو سنووری باشووری کوردستان و شارەکە سەر بە کوردستانە.

محەمەد عەلی عەونی، لە پێشەکی و لاپەڕە (98)ی پەرتووکی (شەرەفنامە)دا لە بابەتی سنووری کوردستاندا نووسیوێتی: (پوختەی سنووری کوردستان ئاوایە: لە

باکوورەوە: کۆماری ئەرمەنستانی بەردەستی روس. لە ڕۆژهەڵاتەوە: ئازربایجانی ئێران و ئێراقی عەجەم و مەڵبەندی فارس. لە باشوورەوە: خۆزستانی ئێران و ئێراقی عارەب و چۆلی شام (پارێزگای دێرزۆر). لە خۆرئاواوە: چەمی فورات و برێک لە ویلایاتی خۆرهەڵاتی لە ئەنادۆڵ).

بە گوێرەی ئەو پێناسەیەی زانای ناوداری کورد محەمەد عەلی عەونی، شاری موسڵ دەکەوێتە ناو سنووری باشووری کوردستان، لەبەر ئەوەی زانای ناوبراو چەمی فوراتی کردۆتە سنووری خۆرئاوای کوردستان، ئەو ڕووبارەش واتە ڕووباری فورات دەکەوێتە دەستە ڕاستی یاخود خۆرئاوای شاری موسڵ. بەمەش شاری موسڵ هەم وەکو شار و هەم پارێزگا دەبێتە یەکێک لە پارێزگا گرنگەکانی باشووری کوردستان.

هەژار موکریانی، وەرگێڕی پەرتووکی (شەرەفنامە)، لە ڕوونکردنەوەیەکی خۆیدا لە لاپەڕەکانی (314–315)دا دەربارەی میری جەزیرە نووسیوێتی: (میر بەدرخان پاشای جەزیرە لە ساڵی (1812)ی زایندا لە تەمەنی (18) ساڵیدا میری جەزیرە سنووری میرنشینەکەی جەزیرە، وان، هەکاری، خێزان، موش، سابڵاخ، ڕواندز، موسڵ، شەنگال، وێرانشار، سیورەک، شنۆ و ورمێ بوو تا ساڵی 1848).

ئەوەی هۆزانڤانی ناسراوی کورد هەژار موکریانی باسی دەکات، کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شاری موسڵ دەردەخات، چونکە هۆزانڤانی ناوبراو شاری موسڵ بە یەکێک لە شارەکانی میرنشینی جەزیرە ناودەبات. هەمووشمان دەزانین میرنشینی جەزیرە (بۆتان) میرنشینێکی کوردیی بووەو لەو ساڵەی کە ناوبراو باسی لێوە دەکات، میر بەدرخان میری ئەو میرنشینە بووە.

شەهید ڕەئوف ئاکرەیی، لە لاپەڕە (10)ی پەرتووکی (الحملة على بادينان واوضاع اللاجئين)دا نووسیوێتی: (بەشێوەیەکی گشتی شاڵاوەکانی چڕی بە کۆمەڵکوشتن کە لە ئازاری ساڵی (1988)ەوە دەستی پێکرد، شانبەشانی ئەو ڕێوشوێنانە بوون: 1- ڕاگەیاندنی ناوچەی قەدەغەکراو لە پێوانەیەکی بەرفراوانی کوردستان، کە گەیشتە دەیەها کیلۆمەتری چوارگۆشە لە پارێزگاکانی دهۆک، موسڵ، هەولێر، سلێمانی، کەرکوک، دیالە و سەلاحەددین، هەروەها پێدانی دەسەڵاتی ڕەها بە دەزگاکانی

سەربازی و سەرکوتکەر بۆ کوشتنی هەر مرۆڤێک یان ئاژەڵێک و سوتاندنی تەڕو ووشک بە یەکەوە لەو ناوچانەدا).

شەهیدی نەمر ڕەئوف ئاکرەیی، کە سکرتێری (ڕێکخراوی تێکۆشانی ڕەنجدەرانی کوردستان) بوو، لە دەوروبەری کاتژمێری (21.00)ی ئێوارەی سێشەممە ڕێکەوتی (25.5.1993)دا بە دەستێکی ڕەش لە بەردەم ماڵەکەی خۆی لە شارۆچکەی ئاکرێ تیرۆرکرا، شاری موسڵ وەکو شار و پارێزگا بە بەشێک لە کوردستان و بەشێک لە خاکی کورد دەزانێت، چونکە شەهیدی ناوبراو پارێزگای موسڵ وەکو پارێزگایەکی سەر بە کوردستان ناودەبات، کە ڕژێمی بەعسی سەدام لە ساڵی (1988)دا وەکو ناوچەیەکی قەدەغەکراو ناوی ئەو پارێزگایەشی ڕاگەیاندبوو.

حازم هاجانی، لە لاپەڕە (153)ی پەرتووکی (صفحات من تأريخ الكورد و كوردستان)داو، بە پشتبەستنی بە لاپەڕە (5)ی نووسینێکی شەهید ڕەئوف ئاکرەیی لەژێر ناوی (لمحة عن التطور في كوردستان عبر التاريخ)دا، کە لە مانگی ئازاری ساڵی (1994)دا (ڕێکخراوی تێکۆشەرانی ڕەنجدەرانی کوردستان) بڵاویکردۆتەوە، نووسیویێتی: (هەروەها بەسەر شوێنەوارەکان دەرکەوت کە کۆنترین گوندی دۆزراوە دەکەوێتە کوردستان، ئەویش گوندی (نەمریک)ی نزیک (فایدە)ی سەر بە پارێزگای دهۆک-ە، کە دەکەوێتە نێوان دهۆک و موسڵ).

لە سەرەوەدا بۆچوونی (شەهید ڕەئوف ئاکرەیی)مان بۆ دەردەکەوێت، کە شاری موسڵ بە شارێکی نێو سنووری کوردستان دادەنێت، چونکە کە باسکردنی کۆنترین گوند، کە گوندێکی سەر بە شاری موسڵ-ە ئەو شارە بە یەکێک لە شارەکانی باشووری کوردستان ناودەبات. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە بە دڵنیایی بڵێین شەهیدی ناوبراو شاری موسڵ بە پارچەیەکی کوردستان دەزانێت.

حازم هاجانی، لە لاپەڕە (187)ی پەرتووکی (صفحات من تأريخ الكورد و كوردستان)دا، سەبارەت بە زاراوەی کرمانجی باکوور، نووسیویێتی: (ئەم زاراوەیە بەشێوەیەکی فراوان لە زاراوەکانی تری کوردی بڵاوترە، کە کوردێکی زۆر پێی دەپەیڤن لە (باکوور و خۆرئاوای کوردستان) لەو شارانەی کە ئێستا دەکەونە تورکیا کە پارێزگاکانی: بایەزید (کارکوسە)، وان، جۆلەمێرگ، سیعرەت، موش، ماردین،

ئامەد (دیاربەکر)، خەرپوت، ئادیامان، غازیان تەپەو بەشی خۆرهەڵاتی پارێزگاکانی مەرعەش و سیواس، هەروەها بەشەکانی باشووری پارێزگاکانی (ئەرزرۆم و قارس)، لەگەڵ کوردەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی (پێشوو) لە باشووری خۆرئاوای ئەرمینیا، دانیشتوانی پارێزگای دهۆک و پارێزگای نەینەوا لە هەندێک لە قەزاو ناحیەکانی باکوور و خۆرئاوای (شەنگال و تەلەعفەر) لە موسڵ، وە ژمارەیەکی زۆر هەن لەناو شاری موسڵ و پارێزگای هەولێر کە بەو زاراوەیە ئاخافتن دەکەن. وە کوردەکانی سوریا و لوبنان-یش هەر بەو شێوە زاراوەیە قسەدەکەن. بەهەمان شێوە کوردەکانی قەفقاسی باشوور، جۆرجیا، ئازربێجان، قۆجان، خوراسان لە ئێران، هەروەها کوردەکانی ئەفغانستان بەو زاراوەیە دەپەیڤن و، ئەو زاراوەیەش چەندان شێوەزاری وەکو (بایەزیدی، بۆتانی، شەمدینانی، بەهدینانی و زاراوەی خۆرئاوایی) لێ جیادەبێتەوە، کە هەموویان لەیەک دەچن و جیاوازییەکی کەمیان هەیە).

به گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر حازم هاجانی، شاری موسڵ یەکێکە لە شارە کوردییەکان و سەر بە باشووری کوردستان، چونکە نووسەری ناوبراو لە باسی شێوە زاراوەکانی کوردیدا، باسی شاری موسڵی کردووە وەکو شارێکی کوردیی کە دانیشتوانەکەی بە زاراوەی کرمانجی باکوور دەپەیڤن. هەروەها چەند زانایەکی ڕوسیاش بۆ نموونە، ڕۆژهەڵاتناسی ڕوسی (پیۆتر لێرخ 1828-1884) باسی شێوەزاری کرمانجی باکوور دەکات و دەڵێت: (لە هەموو کوردستانی ڕۆژئاوادا هەر لە موسڵ-ەوە تا ئاسیای ناوەڕاست بڵاودەبێتەوە)، کەواتە نووسەر شاری موسڵ بە کوردستان دادەنێت، بۆیە بەمشێوەیە باسی دەکات.

دکتۆر عەزیز شەمزینی، لە لاپەڕە (18)ی پەرتووکی (بزوتنەوەی نەتەوایەتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردستان)دا، نووسیوێتی: (سنووری ئەتنۆگرافی کوردستان لە ڕۆژئاواوە بە کورد داخ (سوریە) دەست پێدەکاو بە ناوچەی کلیس، مەراش، بستان، لیویرک تێدەپەڕێ و ڕوودەکاتە باکوور تا ڕووباری کیلکیت و مارابە بەرەو قوبرس. لە باشوورەوە لە لورستانەوە دەست پێدەکاو ڕوودەکاتە باکووری ڕۆژئاواو بە خانەقین و کفریدا تێدەپەڕێ تا دەگاتە نزیک چیای حەمرین ئەوسا ڕووەو ڕۆژئاوا دەچێ و بە ناوچەکانی باشووری چیای شەنگالدا تێدەپەڕێ و

فورات دەبڕێ و لە شاری تەرابلس و باشووری کورداخدا نزیک دەبێتەوە یا لە باکووری شاری ئەسکەندەرۆنەدا دەگاتە دەریای ناوەڕاست).

هەروەها دکتۆر عەزیز شەمزینی، لە هەمان لاپەڕەدا دەربارەی سامانی سروشتی و کانزایی کوردستان، نووسیوێتی: (کوردستان لە ڕووی سامانی سروشتی و کانزاوە زۆر دەوڵەمەندە بەڵام زۆربەی زۆری ئەو سامانە هێشتا نەدۆزراوەتەوەو گرنگترینیان ئەمانەن: نەوت، کە بەشێوەیەکی تایبەتی لە موسڵ، کەرکوک و خانەقین لە ئێراق، سیرت، باتمان و هەندێ ناوچەی تری تورکیا. کرمانشان لە ئێران و قەرەچوک لە سوریە دەردەهێنرێ و جگە لە نەوت، ئاسن، توتیا، قورقوشم، زیو، کرۆم و مولیبدن هەیە).

بە بۆچوونی دکتۆر عەزیز شەمزینی، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە ناوبراو لە لایەک بە گوێرەی ئەو پێناسەیەی بۆ دەست نیشان کردنی سنووری کوردستانی گەورە کردوویەتی، شاری موسڵ دەکەوێتە ناو سنووری کوردستان، بەتایبەت کاتێک کە سنووری ڕۆژئاوا دیاری دەکات بەوەی کە لە خانەقین و کفریدا تێدەپەڕێ تا دەگاتە نزیک چیای حەمرین و پاشان بەرەو ڕۆژئاوا دەڕوات و بە ناوچەکانی باشووری چیای شەنگال-دا دەڕوات و لە ڕووباری فورات دەپەڕێتەوەو بەرەو تەرابلس. لەلایەکی تریشەوە دکتۆر عەزیز شەمزینی، لە باسی دەوڵەمەندی کوردستان بە کانزاو نەوت، ناوی شارەکانی موسڵ، کەرکوک و خانەقین وەکو سێ شاری باشووری کوردستان دەهێنێت.

دکتۆر عەزیز شەمزینی، لە لاپەڕە (40)ی پەرتووکی (بزوتنەوەی نەتەوایەتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردستان)دا، نووسیوێتی: (پان تورکیست و ئێرانیستەکان دەڵێن گوایە کورد هەرگیز حکومەتی نەبووە، بەڵێ سەرەڕای ئەو قسە هیچ و پوچانە کورد لە هەموو سەردەمە جیاجیاکانی مێژووی خۆیدا حکومەتی تایبەتی خۆی هەبووە، دەوڵەتی سەربەخۆی تەواوی هەبووە بۆ نموونە ئەم دەوڵەتە سەربەخۆیانە دەخەینە بەرچاو: دەوڵەتی حەسنەوی (کە پایتەختەکەی خورەم ئاباد بوو ئینجا گوێزرایەوە بۆ سەرماز)، دەوڵەتی مەروانی (ئامەد – جەزیرە)، دەوڵەتی زەنگی (موسڵ)، دەوڵەتی فەزلەوی، هتد).

به بۆچوونی دکتۆر عەزیز شەمزینی، شاری موسڵ هەر لە کۆنەوە یەکێک بووە لە شارە گرنگەکانی باشووری کوردستان، چونکە نووسەری ناوبراو لە باسی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی لە سەردەمە جیاجیاکاندا، ناوی دەوڵەتی زەنگی (موسڵ)ی بردووە کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت موسڵ خاکی کورد و کوردستان بووە، مادام مەڵبەندی دەوڵەتی زەنگی کوردی بووبێت.

دکتۆر عەزیز شەمزینی، لە لاپەڕە (62)ی پەرتووکی (بزوتنەوەی نەتەوایەتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردستان)دا، سەبارەت بە موسڵ نووسیویێتی: (پێویستە ئەوەشمان لەیاد نەچێ کە شانبەشانی سەرمایەی بێگانەی ئەوروپا بۆ کوردستان سەرمایەی بازرگانی دوو دەوڵەتی تورکیا و ئێرانیش کشایە سەر کوردستان، ئەو بورژوازیانەی زەوی و زارێکی پان و پۆڕیان چنگ کەوتبوو بە تایبەتی لە ناوچە پترۆلیەکان و لە دەوروبەری سەرچاوەکانی کرمانشان، کەرکوک، خانەقین، موسڵ، سیرت و لەو ناوچانەی کە خەڵوزی بەردی تێدایە).
دووبارە دکتۆر عەزیز شەمزینی پێی وایە، کە شاری موسڵ یەکێکە لە شارە هەرە گرنگ و بە نەوت دەوڵەمەندەکانی باشووری کوردستان، چونکە نووسەری ناوبراو لە باسی بەکارهێنانی سەرمایەی بێگانە لە کوردستاندا، ناوی چەندان شار و لە نێویاندا شاری موسڵ-ی وەکو شاری کوردستانی بردووە.

دکتۆر عەزیز شەمزینی، لە لاپەڕە (74)ی پەرتووکی (بزوتنەوەی نەتەوایەتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردستان)دا، نووسیویێتی: (لەسەر بناغەی دابەشکردنی کارو ئەنجامە یەکلاکەرەوەکەی کە ئالوگۆڕ کردنی بەروبومی کشتوکاڵ و بەرهەمی پیشەسازییە، شارەکانی کوردستان گەشە دەکەن و پەرەدەسێنن وەک کرماشان، سەقز، سابڵاخ، بۆکان، شنۆ، نەغەدە، ڕواندز، هەولێر، کۆیە، سلێمانی، کەرکوک، خانەقین، موسڵ، وان، بەتلیس، ئامەد، موش، سیرت، ئەرزنجان، چۆلەمێرگ، مەلاتیە، ئورفە، جەزیرەی ئیبن عومەر، قامشلی و زۆر شاری تر کە دەبن بە مەڵبەندی بازرگانی ئەو ناوچەیەی تیایدان و هەموو بەروبووم و کەرەستەی خۆراک و بەرهەمی پیشەسازی بۆ دابین دەکەن (چ ئەوەی خۆیان دەیهێننە بەرهەم چ ئەوەی

لە دەرەوە دەیهێننە ناو وڵات) و بەو شێوەیە ئەو شارانە دەبنە چەند مەڵبەندێکی بازرگانی لە کوردستاندا).

ئەوەی دکتۆر عەزیز شەمزینی باسیکردووە، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەبەخشێت، لەبەر ئەوەی دکتۆر عەزیز شەمزینی لە باسی پەرەسەندنی بەرهەمە کشتوکاڵی و پیشەسازییەکانی کوردستان، تەواوی شار و پارێزگای موسڵ بە شارێکی کوردستانی ناودەبات.

دکتۆر عەزیز شەمزینی، لە لاپەڕە (76)ی پەرتووکی (بزوتنەوەی نەتەوایەتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردستان)دا، نووسیویێتی: (زۆربەی کرێکارانی پاڵاوگە پترۆلیەکانی شارەکانی تری کوردستان وەک خانەقین و موسڵ کە سەر بە کۆمپانیای نەوتی ئێراق و لقەکانیەتی کرێکاری کوردن. بەپێی ئەوەی لە کۆمەڵە ستاتیکی ساڵانەی گشتی ساڵی (1955)دا بڵاوکراوەتەوە کە وەزارەتی ئابووری ئێراق دەریدەکا، ژمارەی کرێکارانی شارە کوردییەکانی موسڵ، کەرکوک، هەولێر و سلێمانی لە ساڵی (1955)دا جگە لە کرێکارانی کارگەو دەزگا پترۆلیەکان گەیشتۆتە (15605) کرێکار، (8032) کرێکار لە موسڵ، (3527) لە کەرکوک، (2272) لە هەولێر و (1774) لە سلێمانی).

بەپێی قسەکانی دکتۆر عەزیز شەمزینی، موسڵ یەکێکە لە شارە پیشەسازییەکانی کوردستان کە چەندان کۆمپانیای نەوتی تیایەو بە هەزاران کرێکاری کورد تیایدا کاری تێدادەکەن، چونکە ئەو لە باسی کرێکارانی کۆمپانیاکانی نەوتی کوردستاندا، ناوی شاری موسڵی وەکو شارێکی کوردستان بردووە.

دکتۆر عەزیز شەمزینی، لە لاپەڕە (105)ی پەرتووکی (بزوتنەوەی نەتەوایەتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردستان)دا، نووسیویێتی: (میر بەدرخان پڕوپاگەندەیەکی زۆری بڵاوکردەوە لەنێو سەرەک خێڵ و ڕابەرە خاوەن دەسەڵاتەکانی کوردستان بۆ ئەوەی میرنشینەکانی کوردستان یەکگرن و بە یەکەوە خەبات بکەن بۆ ڕزگاری کوردستان. میر بەدرخان پەیمانێکی پیرۆزی بە سەرەک خێڵ و ڕابەرەکان مۆرکردو هەموویان سوێندیان خوارد کە بۆ ئەو مەبەستە خەبات بکەن. هەموو سەرەک خێڵەکان و تێکڕای گەل و پیاوە ناودارەکانی ناوچەکانی وان، موش، خێزان، قارس،

موسڵ، زاخۆ، میرنشینی ئەردەڵان بە پەرۆشەوە هاتن بە دەنگ بانگەوازەکەوەو چونە ڕێزی پەیمانە پیرۆزەکە).

ئەوەی دکتۆر عەزیز شەمزینی نووسیویێتی، ئەوەمان پێ دەڵێت کە نووسەری ناوبراو پێی وایە کە شاری موسڵ، شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە دکتۆر شەمزینی لە باسکردنی هەوڵ و تێکۆشانەکانی میر بەدرخاندا لەپێناوی کۆکردنەوەو یەکگرتنی میرنشینە کوردییەکان بە مەبەستی ڕزگارکردنی کوردستان، ناوی شاری موسڵ و چەندان شاری دیکەشی وەکو شاری کوردی و کوردستانیی بردووە.

دکتۆر عەزیز شەمزینی، لە لاپەڕە (107)ی پەرتووکی (بزوتنەوەی نەتەوایەتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردستان)دا، نووسیویێتی: (زاڵبوونی پێشمەرگەکانی کوردستان بەسەر تورکەکاندا، دەرگای لەسەر پشت بۆ میر بەدرخان کردەوە بۆ ئەوەی لە ساڵی (1842)دا سەربەخۆیی کوردستان ڕاگەیەنێ و بە ناوی خۆیەوە پارە لێبدا. سنووری دەوڵەتەکەی میر بەدرخان زۆر فراوان بوو، لە ناوچەی وانەوە تا سابڵاخ و ڕواندز لە لایەک، موسڵ و ئامەد لەلایەکی ترەوە، قەڵای شەنگال، سیرت، وێرانشار، سیوەرک، شنۆ و ورمێ سنووری ئەو دەوڵەتە بوون).

ئەو ئاماژەپێکردنەی دکتۆر عەزیز شەمزینی، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە شاری موسڵ لەنێو چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە سەربەخۆییەی کوردستان بووە کە میر بەدرخان لە ساڵی (1842)دا دایمەزراندبوو. بەمەش بۆمان دەردەکەوێت کە شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان بووە.

مستەفا شێخ نعمەتوڵڵا، لە لاپەڕەکانی (17-20)ی گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (1)ی کانوونی دووەمی ساڵی (1943)دا، لە بەشی (8)ەمی وتارێکیدا لەژێر ناوی (جوگرافیای کوردستانی ئێراق)دا بڵاوکردۆتەوە، لە لاپەڕە (17)دا نووسیویێتی: (چۆن چیاکانی بەشی ژوورو کەوتۆتە پارێزگای موسڵ-ەوە (کە لە وتاری پێشودا بە دوورو درێژی باسمان کرد، هەرواش گشت چیاکانی ئەم بەشەش کەوتۆتە هەر سێ پارێزگاکانی: هەولێر، سلێمانی و کەرکوک).

نووسەری بەناوبانگی کورد مستەفا شێخ نعمەتوڵڵا، ئەوەمان پێ ڕادەگەیەنێت کە موسڵ یەکێکە لە شارەکانی باشووری کوردستان، چونکە ناوبراو وتارەکەی لەژێر ناوی (جوگرافیای کوردستانی ئێراق)دا نووسیوەو، باسی چیاکانی دەورەبەری موسڵ دەکات، کەواتە ناوبراو شاری موسڵ و دەڤەرەکەی بە کوردستان دەزانێت، بۆیە بەمشێوەیە ناوی بردوون.

مستەفا شێخ نعمەتوڵڵا، لە لاپەڕەکانی (35–38)ی گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (2)ی شوباتی ساڵی (1943)دا، لە بەشی (9)یەمی وتارەکەیدا لەژێر ناوی (جوگرافیای کوردستانی ئێراق)دا بڵاوکردۆتەوە، لە لاپەڕە (37)دا نووسیوێتی: (زنجیرە چیای حەمرین (کێوەسوور): لە شار وچکەی مەندەلیەوە دەست پێئەکا بە قزرابات و ڕووباری (ئەلعوزێم)دا تێپەڕ ئەکاو لە دیجلەدا ئەپەڕێتەوە تا ئەگاتە چیای (مەکحول). ئەم چیایە دوو بەشە، بەشێکیان لە بەرد پەیدا بووە بەشەکەی تریشیان لە خۆڵە و دارو دەوەنی زۆر کەمە. ئێراقی سەرو لە ئێراقی خواروو جیا ئەکاتەوە).
مستەفا شێخ نعمەتوڵڵا، دیسان شاری موسڵ دەخاتە ناو سنووری کوردستان، لەبەر ئەوەی بە گوێرەی ئەو پێناسەیەی کە بۆ سنووری کوردستانی کردووەو، زنجیرە چیای کێوە سوور (چیای حەمرین) بە سنووری جیاکەرەوەی باشووری کوردستان لە ئێراقی عارەبییەوە دیاری دەکات، هەروەها کاتێک کە ناوبراو باسی درێژبوونەوەی کێوە سوور دەکات کە لە مەندەلییەوە بە قزرابات، ڕووباری عوزێمدا دەڕوات و پاشان لە دیجلە دەپەڕێتەوەو دواتر دەگاتە مەکحول، ئەمەش دەریدەخات کە شاری موسڵ بە دەیان کیلۆمەتر دەکەوێتە باکووری ئەو هێڵە جیاکەرەوەیەی نێوان باشووری کوردستان و ئێراقی عارەبیی و، دەکەوێتە ناو سنووری باشووری کوردستان.

مستەفا شێخ نعمەتوڵڵا، لە لاپەڕە (17–20)ی گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (3)ی مارتی ساڵی (1943)دا، لە بەشی (10)یەمی وتارەکەیدا کە لەژێر ناوی (جوگرافیای کوردستانی ئێراق)دا بڵاوکردۆتەوە، لە لاپەڕە (37)دا نووسیوێتی: (ڕووباری دیجلە لە کوردستانی باکورەوە هەڵئەقوڵێ و تا ئەگاتە شاری (فیشخاپور) چەندان لقی ئەڕژێتە ناوو لێرەوەو لە نزیکی شاری (زاخۆ)ەوە ڕووباری (خاپور) و (هیزل)یش

ئەڕژێتە ناویەوە. ئینجا ئەم ڕووبارە گەورەیە لێرە توشی سنووری کوردستانی ئێراق ئەبێ، بە شاری (موسڵ)، (شەڕگات) و (تکریت)دا ڕەت ئەبێ و لە سنووری کوردستانی ئێراق دەرئەچێ).

بە بۆچوونی مستەفا شێخ نعمەتوڵڵا، شاری موسڵ شارێکە دەکەوێتە ناو سنووری کوردستان، چونکە نووسەری ناوبراو لە باسی درێژبوونەوەی ڕووباری دیجلەدا، باسی ئەوە دەکات کە ئەو ڕووبارە لە باکووری کوردستانە وە هەڵدەقوڵێ و دوای ئەوەی دەگاتە باشووری کوردستان بە شارەکانی موسڵ، شەڕگات و تکریت-دا تێدەپەڕێت و، دواتر لە کوردستان دەردەچێت. بە گوێرەی ئەو دەستنیشانکردنەی نووسەری ناوبراو، بۆمان دەردەکەوێت کە شاری موسڵ دەکەوێتە ناو سنووری باشووری کوردستان.

مستەفا شێخ نعمەتوڵڵا، لە لاپەڕەکانی (23-26)ی گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (9)ی ئەیلولی ساڵی (1943)دا، لە بەشی (12)ی وتارەکەیدا لەژێر ناوی (جوگرافیای کوردستانی ئێراق)دا بڵاوکردۆتەوە، لە لاپەڕە (26)دا نووسیویێتی: (هەندێ ساڵ باران لە کوردستانی ئێراقدا زۆر کەم ئەبێ، ئەمەش لەبەر ئەم دوو هۆیەیە:

1- دووری کوردستان لەدەریاوە.

2- نزیکی لە چۆل و بیابانەکانی عارەبستانەوە.

ڕادەی ناوەندی بارانبارینیش لە کوردستانی ئێراقدا (باشووری کوردستان) بەم جۆرەیە: سلێمانی (62) سانتیمەتر، هەولێر (50) سانتیمەتر، موسڵ (40) سانتیمەتر، کەرکوک (30) سانتیمەتر، بەڵام لە هەندێ ساڵی بە باراندا رادەی ناوەندی باران بارین لە ناوچەی شاخە بەرزەکاندا ئەگاتە (100) سانتیمەتر).

بۆ جارێکی تریش مستەفا شێخ نعمەتوڵڵا، لە باسی ڕادەی باران بارین لە باشووری کوردستاندا، شاری موسڵ-ی وەکو شارێکی باشووری کوردستان ناوبردووە، کەواتە ناوبراو پێی وایە ئەم شارە شارێکی کوردیی و سەر بە خاکی باشووری کوردستانە.

ڕەشید شێخ عەبدولڕەحمان، لە لاپەڕەکانی (115-116)ی پەرتووکی (مێژووی زاگرۆس)دا نووسیویێتی: (کوردستان لە ئەهوازەوە دەست پێدەکاو دێتە ئانشان یان

ئانزان، عیلام، خوڕەم ئاوا دێتە هەمەدان، ئەسپەهان و کرمانشا. ئەم هێڵە دەڕوا بۆ قەزوین لێرەوە بە زەنگان، ئاردەوێڵ، (هەسونان) و سواران دێتە تەورێز، خۆی (ناوە ڕەسەنە کوردییەکەی کەلاخوی – دەرسیم) و سەلماس لێرەوە ئەچێتە (پەنجە)، باکۆ، (ئەرزین گان)، ئەوزوڕۆم و دێتە ئامێد (دیاربەکر) دێتە (ڕەها)، دێرەزور، قامیشلی، حەڵەب، (بەعلەبەگ)، (رقە)، سنگار یا سنجار (شەنگال)، موسڵ، ئامێدی (عمادیە)، هەولێر، شارەزوور و سلێمانی. شارەزوور لە ڕابردوودا لە هەورامان، جوانڕۆ، ڕەوانسەر، مەریوان، شلێر، هەولێر، کەرکوک، داقوق، قەشقەی بەغدا، مەندەلی و بەدرە پێکهاتووە).

نووسەر ڕەشید شێخ عەبدولڕەحمان، لە دەستنیشان کردنی سنووری کوردستانی مەزندا، شاری موسڵ دەخاتە ناو سنووری باشووری کوردستان، کەواتە نووسەری ناوبراو شاری موسڵ بە شارێکی کوردستانیی دەزانێت، بۆیە بەمشێوەیە دەیخاتە ناو سنووری کوردستان.

نووسەر ڕەشید شێخ عەبدولڕەحمان، لە لاپەڕەکانی (137–138)ی پەرتووکی (مێژووی زاگرۆس)، لە باسی هەرێم و ناوچەکانی خاکی کوردستان نووسیویێتی: (ناوی شارەکانی کوردستان: 1– نیوەجرە 2– ئاراپخا کەرکوک 3– (ئاریا) (ئاربل) هەولێر 4– ئاردەوێڵ 5– هەسونان 6– ئەرزین گان سەرچاوەی ئاوی فورات 7– ئاشنە (شنۆ) 8– پروسات 9– ئاق شەهر لە بەشی ڕۆژئاوای ئاسیای بچوک 10– ئاگرە (عقرە) 11– ئاوگیر ئاگین لە بەشی هەرێمی عەزیزە 12– سفور لە سنووری کێلەکیەدایە لە ئاسیای بچوک 13– جەزیرە و بۆتان، ئەم بەشە لە ئامێد (دیاربەکر) و ڕقەو حەسەنکێف و موسڵ و ماردین دەگرنەوە لەگەڵ شەنگال–دا.
14– (ئامانوس) کێوی ئامانوس هەوارگەی شاکانی گەلی نایری کوردستانی تورکیای عوسمانلی 15– کەندۆڵ: ئەنەدۆڵ 16– هەورامان 17– ئورفە ناوەندی دجلەو فوراتی ژوورو 18– باب الکورد وەڵای بردق ڕۆژهەڵاتی شاری تفلیس گورجستان 19– باتە هەرێمی هەکاری باڵەک ڕواندز).

ڕەشید شێخ عەبدولڕەحمان، لە باسی هەرێم و ناوچەکانی کوردستانی مەزندا دووبارە ناوی شاری موسڵ–ی وەکو شارێکی سەر بە کوردستان ناوبردووە،

کەواتە نووسەر شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی و کوردستانیی دادەنێت، بۆیە بەمشێوەیە باسی کردووە.

نووسەر ڕەشید شێخ عەبدولڕەحمان، لە لاپەڕە (360)ی پەرتووکی (مێژووی زاگرۆس)دا، لە باسی کوردستاندا نووسیویێتی: (کوردستان لە هەسوونان و سواران دێتە تەورێز (تەبریز)، خۆی، سەلماس و لێرەوە ئەچێتە پەنجە، باکۆ و ئێرەوان دێتەوە ئاران، ئارارات و شاری وان، موش، سەعرەت، ئەرزوڕۆم، ئامێد (دیاربەکر)، ڕەها، ڕەقە، دێرەزور، قامیشلی، حەڵەب، بەعلی بەگ، شەنگال، موسڵ و شارەزوور. کە شارەزوور لە ڕابردوودا ئاوابووە هەولێر، شارەزوور، هەورامان، جوانڕۆ، مەریوان، شلێر، شارباژێڕ، پشدەر، کەرکوک، داقوق و تا قەشقەی بەغداد، بەلدروس، مەندەلی و بەدرەی گرتۆتەوە بە زەهاوەوە).
دیسان بە بۆچوونی نووسەر ڕەشید شێخ عەبدولڕەحمان، شاری موسڵ یەکێکە لە شارە گرنگەکانی کوردستانیی مەزن، لەبەر ئەوەی نووسەری ناوبراو لەناوهێنانی شارەکانی کوردستاندا، ناوی ئەو شارەشی وەکو یەکێک لە شارەکانی کوردستانی گەورە ناوبردووە.

مێژوونووس و وەرگێڕی گەورەی ئوردەنی بەنەژاد کورد، عەلی سەیدۆ عەلی حوسێن گۆرانی (عەلی سەیدۆ گۆرانی 1908–12.8.1995)، لە ساڵی (1931)دا سەردانی کوردستانی کردووەو دوای گەڕانەوەی بۆ ئوردەن، پەرتووکێکی لەژێر ناوی (لە عەممانەوە بۆ ئامێدی گەشتێک بە کوردستانی باشووردا)، نووسیوەو، لە لاپەڕە (178)ی ئەو پەرتووکەدا، دەربارەی سنووری کوردستان نووسیویەتی: (لە ڕاستیدا کورد لە ئێراقدا لەناو وڵاتی خۆیاندا کە ناسراوە بە (کوردستانی باشوور) دەژین، عارەبی ئێراقی بە (باکووری ئێراق) ناوی دەبات، ئەم وڵاتە دەکشێت بەرەو باشوور تا لە مەندەلی تێدەپەڕێت لەوێدا لە ئێراقی عارەبی جیا دەبێتەوە بە هێڵێکی سروشتی کە (کێوی حەمرین)ە، ئەم کێوەش شانەو شانی دیجلە دەکشێت تا بە موسڵ دەگات، لەوێشەوە بەلای ڕۆژئاوادا دادەگەڕێت بەرەو شەنگال (ژەنگار)، جا هەر شوێنێک کەوتبێتە ڕۆژهەڵاتی ئەم هێڵەوە کوردستانە).

به گوێرەی ئەو پێناسەیەی کە مێژوونووسی کوردی ئوردەنی عەلی سەیدۆ گۆرانی کردوویەتی، شار و پارێزگای موسڵ یەکێکە لە شارە گرنگەکانی باشووری کوردستان، چونکە نووسەری ناوبراو سنووری باشووری کوردستان بە شاری موسڵ دەگەیەنێت، کەواتە ناوبراو پێی وایە موسڵ شارێکی کوردیی سەر بە باشووری کوردستانە.

مێژوونووس عەلی سەیدۆ گۆرانی، لە لاپەڕە (179)ی پەرتووکی (لە عەممانەوە بۆ ئامێدی گەشتێک بە کوردستانی باشووردا)دا، لە باسی شاری موسڵ-دا بەمشێوەیە نووسیوێتی: (موسڵ: شارێکی مەزنە، بەسەر کەناری دەستە ڕاستی جۆگای دیجلە وە دروست کراوە، کوردستان بە ئێراقی عارەبی و دەشتی شامەوە دەلکێنێت، دانیشتوانی لە نێوان (90-100) هەزارە. زمانی شارەکە عارەبییە، زۆربەیان زمانی کوردیش دەزانن چونکە موسڵ بازاڕێکی کوردستانە و کوردەکان هەمیشە پێوەندییان بەوێوەیە بۆ کڕینی قاوەو شەکرو کوتاڵ کە لە ئەورووپا و هیندستانەوە دێت بۆ ئەوێ).

ئەوەی کە مێژوونووسی کورد عەلی سەیدۆ گۆرانی ئاماژەی پێکردووە، مانای کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵە، چونکە نووسەری ناوبراو شاری موسڵ بە یەکێک لە شارە ستراتیژییەکانی باشووری کوردستان دادەنێت، کە لە لایەک کوردستان بە ئێراقی عارەبی و دەشتی شامەوە دەبەستێتەوە، لەلایەکی تریشەوە شاری موسڵ بە بازاڕێکی کوردستانی ناودەبات.

مێژوونووس عەلی سەیدۆ گۆرانی، لە لاپەڕە (264)ی پەرتووکی (لە عەممانەوە بۆ ئامێدی گەشتێک بە کوردستانی باشووردا)دا، نووسیوێتی: (کوردستانی باشوور: دەکاتە ویلایەتی موسڵ کە چوار پارێزگاکەی باکووری ئێراق دەگرێتەوەو بەشێکی ناوچەی دیالەشی تێدەکەوێت و بەدرەو جەسانیش لە گوزەری کوت و عەمارەی ئێراقدا).

لێرەدا بۆ جارێکی تریش مێژوونووس عەلی سەیدۆ گۆرانی، شاری موسڵ بە شارێکی کوردستانی ناودەبات، لە لایەک ناوبراو باشووری کوردستان بە ویلایەتی موسڵ ناودەبات، ئەمەش مانای ئەوەیە کە تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ بە

شاری موسڵ-ەوە شاری کوردستانین، لەلایەکی تریشەوە باسی ئەوە دەکات کە باشووری کوردستان لە چوار شار و بەشێکی دیالە و بەدرەو جەسان پێکدێت، مەبەستی نووسەریش لە چوار شارەکە شارەکانی (موسڵ (نەینەوا+دهۆک)، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی)یە.

مێژوونووس عەلی سەیدۆ گۆرانی، لە لاپەڕە (289)ی پەرتووکی (لە عەممانەوە بۆ ئامێدی گەشتێک بە کوردستانی باشووردا)دا، سەبارەت بە هەبوونی (دەوڵەتانی کورد)ی نووسیویێتی: (3- دەوڵەتی (دۆستک یان بەنی مەڕوان) ئەوەی کە دایمەزراند ناوی (دۆستک ئەلحەمیدی) بوو کە نازناوەکەی بە (سوڵتانی ئازا یان با) ناوبانگی دابووەوە. لە ساڵی (324)ی کۆچی لەدایک بووە، دەوڵەتەکەی لە باکوورەوە کشاوە هەتا (مووش و ئەرجیش) و لە باشوورەوە گەیشتۆتە (جەزیرە و موسڵ)و، (دیاربەکر و میافارقین) پایتەختی کاری بوون).

بە گوێرەی ئەو ئاماژە پێکردنەی عەلی سەیدۆ گۆرانی، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە نووسەری ناوبراو شاری موسڵ بە یەکێک لە شارە سەرەکییەکانی دەوڵەتی دۆستەکی کوردیی دەزانێت. ئەمەش بۆمان دەردەخات کە هەر لە کۆنەوە شاری موسڵ بەشێک بووە لە خاکی کورد و کوردستان، کە دەوڵەتی دۆستەکی لە ساڵانی نێوان (990-1096)دا فەرمانڕەوایی بەشێکی کوردستانی کردووە.

دکتۆر عەبدوڵلا محەمەد عەلی عەلیاوەیی، مامۆستای مێژووی نوێ لەزانکۆی هەولێر، لەسەر بەرگی پێشەوەی پەرتووکی (كوردستان في العهد المغول 1220-1335 ميلادي دراسة في التأريخ السياسي)دا، نەخشەیەکی کوردستانی داناوە کە شاری موسڵ کەوتۆتە نێو سنووری کوردستان-ەوە). نەخشەکە لە کۆتایی ئەو بەشەدا دانراوە.

بە بۆچوونی دکتۆر عەبدوڵلا عەلیاوەیی، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە کوردستانە، لەبەر ئەوەی ناوبراو لەو نەخشەیەی کە لەسەر بەرگی پێشەوەی ئەو پەرتووکەیدا دایناوە، شاری موسڵی خستۆتە ناو سنووری کوردستان.

دکتۆر عەبدوڵڵا محەمەد عەلی عەلیاوەیی، لە لاپەڕەکانی (29-52)ی سەرچاوەی ناوبراو لە سەرەوەداو، لە باسی وڵاتی کوردان بەر لە داگیرکارییەکانی مەغۆلیدا، بەمشێوەیە سنووری وڵاتی کوردانی دیاری کردووە: (1- هەرێمی ئەرمینیا: خەڵاتو تەفلیس گرنگترین شارەکانێتی. 2- هەرێمی ئازربێجان: لە شارە گرنگەکانی ئەو هەرێمە: تەورێز، ئەردەبیل، سەڵماس، ورمێ، مەراغە، مرندو مهاباد. 3- هەرێمی چیاکان: لە شارە گرنگەکانی: هەمەدان، ئەسفەهان، ڕەی، قەزوین، کرماشان، دینەوەر، حەلوان و خانەقین. 4- هەرێمی جەزیرەی فوراتی: بریتییە لەهەر سێ دیارەکان: دیار ڕەبیعە، دیاربەکر و دیار موزڕ، دیار ڕەبیعە ئەو شارانە دەگرێتەوە: موسڵ، هەولێر، ئامێدی، جەزیرەی عومەری (بۆتان)، نسێبین، ماردین، دنیرو شەنگال. هەروەها دیاربەکر ئەو شارانە دەگرێتەوە: ئامەد، میافارقین، حەسەنکێف، کەچی دیار موزڕ لە هەمووان بچووکترەو شارەکانی: سروچ، ڕقە و حەڕان دەگرێتەوە).

بە بۆچوونی دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە کوردستانە، چونکە مێژوونووسی ناوبراو ناوی شاری موسڵ-ی وەکو شارێکی سەر بە دیار ڕەبیعە کە ئەویش دەکەوێتە ناو وڵاتی کوردان ناوبردووە، کەواتە ئەو پێی وایە شاری موسڵ کەوتۆتە ناو سنووری وڵاتی کوردان.

دکتۆر عەبدوڵڵا محەمەد عەلی عەلیاوەیی، لە لێکۆڵینەوەیەکدا لەژێر ناوی (سياسة الدولة العثمانية تجاه العشائر الكوردية في كركوك وأطرافها)دا کە لە ژمارە (9)ی گۆڤاری (سردم العربي)دا بڵاوکراوەتەوە، بەمشێوەیە باسی کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ دەکات و نووسیوێتی: (دەوڵەتی عوسمانی بۆ ماوەی چوار سەدە فەرمانڕەوایی بەسەر کوردستاندا کردووەو، هەموو شێوەکانی ستەم و دوژمنکارانەی بەکارهێنا بە تایبەتی لە سەدەی نۆزدەهەم و هەموو ڕاستییە مێژووییەکانی دەشاردەوە. میری تورکیا لە دەیەی نۆیەمی سەدەی بیستەمدا کۆمەڵێک بەڵگەنامەی گرنگیی تایبەت بە دەوڵەتی عوسمانی بڵاوکردەوە، کە تیایدا هەندێک لە بەڵگەکان دەربارەی موسڵ و کەرکوک بوون لە ساڵانی (1526-1919)ی زایینی).

ئەوەی کە لە سەرەوەدا دکتۆر عەبدوللا عەلیاوەیی باسی کردووە، ئەوەمان پێ دەڵێت کە موسڵ شارێکە سەر بە کوردستان، چونکە ناوبراو لە باسی فەرمانڕەوایەتی کردنی عوسمانییەکان لە کوردستاندا باسی ئەوە دەکات کە تورکیا لە نەوەتەکانی سەدەی بیستەمدا کۆمەڵێک بەڵگەنامەی دەربارەی موسڵ و کەرکوک بڵاوکردۆتەوە، ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە دکتۆر عەبدوللا پێی وایە شارەکانی موسڵ و کەرکوک دوو شاری کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانن، بۆیە لەگەڵ ناوهێنانی فەرمانڕەوایی کردنی عوسمانییەکان لە باشووری کوردستان ناوی ئەو دوو شارەی هێناوە.

ئەحمەد تیگریس و ناسری ڕەزازی و فەهد گردەوانی، لە لاپەرە (23)ی پەرتووکی (جوگرافیای کوردستان بۆ پۆلەکانی ناوەندی و باڵا)دا، لە بابەتی ڕێگاوبانەکانی کوردستاندا نووسیویانە: (یەکەم: ڕێگای بەغدا کە چیای حەمرین، واتە باشووری کوردستان دەبڕێ و، بە کەرکوک، هەولێر، موسڵ، دهۆک و زاخۆدا، دەگاتە خاپوور، سنووری دەستکردی کوردستانی بندەستی تورکیا. لەوێشەوە بە جەزیرە، نسێبین و ماردیندا دەڕواتە دیاربەکر. لە دیاربەکر دەبێ بە سێ ڕێگا. یەک ڕێگا بە ئالازیغ و مەلاتیەدا دەڕواتە تورکیا و، لەوێشەوە درێژەی هەیە هەتا ئەورووپا).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی هەر سێ نووسەر ئەحمەد تگریس، ناسری ڕەزازی و فەهد گردەوانی شاری موسڵ شارێکی کوردییە و دەکەوێتە نێو چوارچێوەی سنووری باشووری کوردستان، چونکە هەر سێ نووسەری ناوبراو لە سەرەوەدا لە باسی ڕێگاوبانەکانی کوردستاندا ئەو ڕێگایەی کە لە بەغدا وە دێت، کاتێک کە دەگاتە چیای حەمرین باسی ئەوە دەکەن کە ڕێگاکە هاتۆتە ناو سنووری باشووری کوردستان و، لەناو کوردستاندا بە هەر یەک لە شارەکانی کەرکوک، هەولێر، موسڵ، دهۆک و زاخۆدا تێدەپەڕێت و، لە خاپوور دەپەڕێتەوە بۆ ناو باکووری کوردستان. کەواتە ئەوان شارەکانی کەرکوک، هەولێر، موسڵ، دهۆک و زاخۆ بە شاری کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان دەزانن.

ئەحمەد تیگریس و ناسری ڕەزازی و فەهد گردەوانی، لە لاپەرە (65)ی پەرتووکی (جوگرافیای کوردستان بۆ پۆلەکانی ناوەندی و باڵا)دا، بەمشێوەیە باسی باشووری

کوردستان دەکەن: (باشووری کوردستان بەسەر ئەم ناوچانەی خوارەوەدا دابەش دەکرێ: موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی. حکومەتی بەعس بەو ناوچانە دەڵێ: باکووری ئێراق و بە کوردستانی دانانێت. لەگەڵ ئەمەشدا ناوچەی خانەقینی لە کوردستان دابڕیوەو خستوویەتە سەر ناوچەی دیالە).

ئەوەی کە هەر سێ نووسەر ئەحمەد تیگریس، ناسری ڕەزازی و فەهد گردەوانی ئاماژەیان پێکردووە، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەرانی ناوبراو شاری موسڵ وەکو شارێکی سەر بە باشووری کوردستان ناودەبەن.

ئاسۆ گەرمیانی و ئەحمەد تیگریس، لە لاپەڕە (4)ی پەرتووکی (کورتە مێژووی کورد و کوردستان)دا، نەخشەیەکی کوردستانی مەزنیان بڵاوکردۆتەوە کە شارەکانی: (موسڵ، هەولێر، دهۆک، کەرکوک و سلێمانی دەکەونە نێو سنووری باشووری کوردستان).

ئەو نەخشەیەی کە هەر دوو نووسەر ئاسۆ گەرمیانی و ئەحمەد تیگریس بڵاویان کردۆتەوە، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەداتە دەست، چونکە هەر دوو نووسەر زۆر ڕاشکاوانە تەواوی پارێزگاو شاری موسڵ-یان خستۆتە ناو سنووری باشووری کوردستان. نەخشەکە لە کۆتایی ئەو بەشەدا دانراوە.

ئاسۆ گەرمیانی و ئەحمەد تیگریس، لە لاپەڕە (24)ی پەرتووکی (کورتە مێژووی کورد و کوردستان)دا، دەڵێن: (کاتێ لە هەرێمدا ئاینی ئیسلام بڵاوبووەوەو بەهێزبوو، کورد ویستیان ئاینی کۆنی خۆیان بپارێزن، بەڵام عارەبی موسڵمان هێرشێکی زۆر دژواری هێنایە سەر کوردستان و شەڕێکی گەڵێک دژوار لە نێوان کورد و لەشکری ئیسلامدا بەرپابوو. لە سەردەمی خەلیفە عومەردا هێزی ئیسلام شاری موسڵ، ماردین، دیاربەکر، رەحا (ئورفە)ی داگیرکردو تاکو مەلاتییەش هات).

ئەوەی هەر دوو نووسەری کورد ئاسۆ گەرمیانی و ئەحمەد تیگریس باسی دەکەن، بە بۆچوونی ئەوان کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە ئەوان باسی ئەوە دەکەن کە میلیشیاکانی عارەبی موسڵمان هێرشیان هێنایە سەر کوردستان و، شاری موسڵ و چەندان شاری تر کە ناویان بردوون

داگیرکردوون. هەروەها بۆ گشت لایەک ڕوون و ئاشکەرایە کە وشەی داگیرکردن مانای ئەوە دەگەیەنێت کە شوێنە داگیرکراوەکە، جا ئەگەر خاک، نیشتمان، زەوی، خانوو، پارە یان سامان بێت، هی کەسی داگیرکەر نییە، کەواتە موسڵ-یش هی عارەب و موسڵمانە داگیرکەرەکان نەبووە بۆیە وشەی داگیرکردن لەبەرانبەر کارەکەیاندا کە داگیرکردنی کوردستان و شاری موسڵ-ە بەکارهاتووە.

ئاسۆ گەرمیانی و ئەحمەد تیگریس، لە لاپەڕە (29)ی پەرتووکی (کورتە مێژووی کورد و کوردستان)دا، دەڵێن: (ئەیووبییەکان تیرەیەکی کوردن و لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا ژیاون. نورەددین مەحمود، لە سەدەی دوانزەیەمدا دەوڵەتی زەنگی لە ناوچەی کەرکوک، موسڵ و حەلەب دامەزراند).

ناوهێنانی شاری موسڵ لە لایەن ئاسۆ گەرمیانی و ئەحمەد تیگریس، کوردێتیی و کوردستانێتیی ئەو شارە دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی ئەوان لە باسی دەوڵەتی زەنگی لە لایەن کەسێکی کوردە وە بە ناوی (نورەددین مەحمود)ەوە، سنووری ئەو دەوڵەتە کە لە ساڵانی (1121-1122)دا دامەزراوە بە ناوچەکان و شارەکانی کەرکوک، موسڵ و حەلەب دادەنێن.

ئاسۆ گەرمیانی و ئەحمەد تیگریس، لە لاپەڕەکانی (31-32)ی پەرتووکی (کورتە مێژووی کورد و کوردستان)دا، سەبارەت بە موسڵ نووسیوێتی: (تورکی ئۆغوز پێشەنگی سەلجوقیەکانن. سەرۆکی سەلجوقیەکان، توغرولبەگ بوو ئێرانی داگیرکرد. بۆ یارمەتی خەلیفەی عەباسییەکان، لە ساڵی (1055)دا هێرشی بردە سەر بەغدا و گرتی. هەروەها تورکی ئۆغوزیش لە کوردستانە وە هەتا ئاسیای ناوەڕاست، بە ناوی ئیمپراتۆری سەلجوقیی مەزنەوە دەوڵەتێکیان دامەزراند. تورکی ئۆغوز لەلایەکی تریشەوە هێرشیان بردە سەر ئەرمەنستان و کاولیانکردو بەربەریانە قڕیان کردن. ئەم هێزەی ئۆغوز بەسەر ئەرمەنستاندا بەرەو باشووری کوردستان، بەسەر هەکاریدا هاتن و موسڵ-یان تالانکردو بە هەزاران کەسیشیان کوشت. ئۆغوزییەکان هێرشیان بردە سەر دیاربەکر، سەرۆکی ئەو کاتەی دیاربەکر ناسر کوردی بوو، ماڵ و زێڕێکی زۆری دایە ئۆغوزەکان و شاری دیاربەکری بە پارە لە چنگیان ڕزگارکرد).

ئەوەی لێرەدا هەر دوو نووسەر ئاسۆ گەرمیانی و ئەحمەد تیگریس باسی دەکەن، کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شاری موسڵ دەردەخات، چونکە ئەوان پێیان وایە کە شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە. ئەوان کە باسی هاتنی هێرشبەرانی داگیرکەرە سەلجوقییەکان دەکەن بۆسەر باشووری کوردستان، باسی ئەوە دەکەن کە داگیرکەران دەستیان بەسەر شاری موسڵدا گرتووەو ئەو شارەیان کاولکردووە، کەواتە ئەوان شاری موسڵ بە شارێکی کوردستانیی و کوردیی ناوزەند دەکەن.

ئاسۆ گەرمیانی، لە لاپەڕەکانی (128–129)ی پەرتووکی (دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ یان سیستمێکی فیدرالی؟)دا، نووسیوێتی: (ئێمە خاکمان داگیرکراوە، مافمان زەوتکراوە، هەر لە ساڵەکانی بیستەوە، بە لکاندنی کوردستان بە ئێراقەوە، (موسڵ هی کورد بوو داگیرکراو دواتر عارەبیان هێنایە ناو شارەکە وەو جێنشینیان کردن. دوای ئەوەیش لە سییەکاندا (حەویجە)یان کردە عارەبنشین و ئێستا لەوانەیە پەنجا ماڵە کوردی تێدا نەمابێ!!. دواتریش (کەرکوک)یان بەو دەردە خوێناوییە برد کە تا ئێستا ڕۆژانە کوردی تێدا شەهید دەکرێت!. ئا ئەمەیە ڕامیاری هەندێ لەو گرووپانەی بەرانبەرمان).

ئەوەی نووسەر ئاسۆ گەرمیانی باسی دەکات، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ–ە، چونکە ئەو زۆر ڕاشکاوانە شارە داگیرکراوو بە عارەبکراوەکەی موسڵ بە شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان دەزانێت.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس، هاوڕێ باخەوان، لە لاپەڕە (81)ی پەرتووکی (ئاڵای کورد)دا نووسیوێتی: (ڕوویداوە کە لە شارێکی گەورەی کوردستانی وەکو ئامەد (دیاربەکر)و موسڵ یان کرماشاندا، پێشکەوتنێک و بزووتنەوەیەکی بازرگانی و پیشەسازی هاتبێتە دی، بەڵام ئەمەش هەر بەردەوام نەبووەو بەهۆی لەرزۆکی باری ڕامیاری وڵاتەوە شکستی هێناوە).

ئەوەی کە نووسەر و ڕۆژنامەنووسی کورد هاوڕێ باخەوان باسیکردووە، کوردبوون و کوردستانیی بوونی تەواوی شاری موسڵ دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی

نووسەری ناوبراو زۆر بە ئاشکەراو بێ هیچ پێچوپەنایەک شاری موسڵ وەکو شارێکی گەورەی کوردستانیی ناودەبات.

هاوڕێ باخەوان، نووسەری پەرتووکی (ئاڵای کورد)، لە لاپەڕە (97)ی ئەو پەرتووکەیدا دەڵێت: (ڕێژەیەکی زۆر مەزنی پەترۆڵ لە کوردستاندا هەیە، بە تایبەتی لە ناوچەکانی کەرکوک و کۆیە و کرماشان و موسڵدا، پەترۆڵی کەرکوک بە یەکێک لە گەورەترین یەدەکی پەترۆڵی جیهانی دەژمێردرێت).
ئەوەی کە نووسەری ناوبراو لە سەرەوەدا ئاماژەی پێکردووە، کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شاری موسڵ دەداتە دەستمان، چونکە ناوبراو کاتێک باسی هەبوونی نەوت لە کوردستان دەکات، شاری موسڵ وەکو شارێکی دەوڵەمەند بە نەوت لە باشووری کوردستان ناودەبات.

هاوڕێ باخەوان، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (دەبووایە ئێستا کێشەکەمان کوردستانیبوونی (موسڵ) بووایە نەک کەرکوک!)، کە لە لاپەڕەکانی (8+11)ی ژمارە (177)ی هەفتەنامەی (میدیا)، ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (30.12.2004)دا بڵاویکردۆتەوە، دەڵێت: (ساڵی 1984 بۆ خوێندن ڕوومکردە شاری موسڵ. پێش ساڵی 1984 تەنیا جارێکی دیکە بۆ سەردان چووبوومە موسڵ، بەڵام ئەو جارەیان زۆر بە چاوی کڕیار سەرنجیم نەدابوو و بەو گەشتە کورتەش زۆر شارەزای پێکهاتەی شارەکە نەبووم. پاش چوونم بۆ خوێندن و مانەوەم لەو شارەدا بۆ ماوەی چوار ساڵ و تەواوکردنی خوێندن، پێتان سەیر نەبێت بێجگە لەوەی کە وانەکانمان بەزمانی عارەبی بوو، زۆر بەکەمی نەبێت لەگەڵ هیچ کەسێکدا بە عارەبی قسەم نەکردووەو پاشان بەرانبەرە موسڵاوییەکەم، کە دوکاندار بووە یان چایچی یان خاوەن چێشتخانە یان ڕێبوارێک یان... هەر کەسێکی تر، یەکسەر کردوویەتی بە کوردی لەگەڵمدا بە بادینی ئاخافتووە. دیارە بوونی ئەو ڕێژە زۆرەی کورد لە موسڵ–دا کە بە سەرنجدانی ئەوکاتەی من لە (50%)ی شارەکە زۆرتر بووە، زۆر دڵخۆشی دەکردم کە ئەم شارە با بە شارێکی عارەبیش لە لایەن داگیرکەری ئێراقی و پارتە کوردستانییەکان و وڵاتە عارەبییەکانەوە بناسرێت، بەڵام هێشتا پێکهاتەی شارێکی کوردستانییە و ڕێژەی کورد لەم شارەدا ئەگەر لە عارەب زۆرتر نەبێت

ئەوا کەمتر نییە. ئەوەشی زۆرتر دڵخۆشی کردم کە لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی خوێندنمدا هەموو شار و شارۆچکەکانی دەوروبەری موسڵ گەڕام و جگە لە شارۆچکەی حەزەر کە کوردی تێدا نەبوو، ئەوانی دیکە کوردێکی زۆری تێدابوو و ڕێژەی کورد تێیاندا زۆرینە بوو. ئێستا ساڵانێکی زۆرە ئەو شارە کوردستانییەم نەدیوە، بەڵام بەردەوام ئاگاداری هەواڵەکانیم. کەچی چ هەواڵ!. کورد کوشتن، کورد فڕاندن، کورد سەربڕین، ئافرەتی کورد فڕاندن، منداڵی کورد فڕاندن، شەبەک کوشتن، ئێزیدی کوشتن، گەرگەری کوشتن. هەر لەپاش پرۆسەی ڕزگارکردنی ئێراقەوە، ڕەوشی کوردی موسڵ لەخراپەوە بەرەو خراپتر چوو. ئەگەرچی دەبووایە ئێستا ململانێی کورد لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیدا کێشەی موسڵ بووایە نەک کەرکوک و گەڕانەوەی موسڵ بووایە بۆ سنووری کوردستان نەک کەرکوک!، کەچی لەپاش ئەو پرۆسەیەوە پشکی کورد لە موسڵ و ناوچەکانی دەوروبەریدا تەنها کوشتن و سەربڕین بووە).

ئەوەی کە هاوڕێ باخەوان باسی کردووە، بۆچوونی ناوبراو سەبارەت بە کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شاری موسڵ دەردەخات، چونکە نووسەر لە لایەک هەر لە ناوی وتارەکەوە دەردەکەوێت کە شاری موسڵ بە شارێکی کورستانیی و کوردیی دەزانێت و پاشانیش بەهۆی زۆری بوونی کورد و بەرزی ڕێژەی کورد لە پێکهاتەی دانیشتوانی شارەکە کە لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی خوێندنیدا تووشیان بووە، بەو باوەڕەی گەیاندووە کە ئەو شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان بزانێت، هەروەها لەلایەکی تریشەوە کاتێک کە باسی ئەوە دەکات کە دەبوایە ئەمڕۆکە ململانێی کورد لەگەڵ عارەبی ئێراق لەسەر کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شاری موسڵ بووایە نەک شاری کەرکوک، کەواتە ئەو جگە لە شاری کەرکوک شاری موسڵ-یش هەر بە کوردستانیی دەزانێت.

هاوڕێ باخەوان لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (جەنگی ناوخۆ)دا کە لە ڕێکەوتی (14.7.2006)دا لە ماڵپەڕی (باخەوان)دا بڵاویکردۆتەوە، نووسیویێتی: (لێ ئەوەی کە من و ملیۆنانی تری هاوزمانم بە هیوای بووین و چاوەڕوانی بووین و نەهاتەدی و هەندێکیشیان بەهۆی نەزانینی خۆمان و ئەوانەوە بوو کە ڕێچکەی بارودۆخەکەیان

بەدەستەوەبوو و لە ترسی کورسی و ململانێی نێوخۆیی خۆیان بە بارێکی تردا بردیان و تاوەکو ئێستا ئەگەری زۆری ئەوە هەبووە کە ناوچەکانی کەرکوک و موسڵ-مان لەکیس چووبێتن.

ئەو جەنگە گەورەیەی کە لەو بڕوایەدام لە داهاتوویەکی نزیکدا ڕوودەدات، ئەگەر ئێستا جەنگەکە لەئارادا نەبێت! چوارچێوەی ئێراقی ئێستای پێ هەڵدەوەشێتەوەو دەتوانم بڵێم کە:

- زۆرترین بەریەککەوتنەکانی کورد لە ناوچە سنوورییەکانی کەرکوک، موسڵ و خانەقین دەبێت و هەر سێ شارەکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک وەک ئەوە وایە نەبایان دیبێت و نەباران .. ئەمە هەر لە ئێستاوە دەستکەوتە بۆ کورد. ئەگەر بەراورد بکرێن بە شارە عارەب و کوردییە داگیرکراوەکان.
- موسڵ ئەو شارە کوردستانیەیە کە دەبووایە! لەپاش کەوتنی دارولشەڕەوە گەورەترین ململانێی کوردو داگیرکەری نوێی ئێراقی لەسەر موسڵ بووایە نەک کەرکوک، بەڵام وەک بەوشێوەیە نەبوو، ئەوا لە جەنگی ناوخۆدا پڕیشکی زۆری بەردەکەوێت و ئەو شارە و هەندێک ناوچەی دەوروبەری لە دوو بەرەی کوردو عارەب زۆرتر هیچی ئەوتۆی تێدانییە کە شایانی باس بێت و دەبێت کارێکی واهی بکرێت ئەم شارە لە ئەنجامی ئەو جەنگە ناوخۆییەدا بکرێتە دووبەشەوەو ڕووباری دیجلەش ببێتە سنووری نەتەوەیی کوردو عارەبی هاوردەی موسڵ).

ئەوەی کە نووسەر و ڕۆژنامەنووس هاوڕێ باخەوان باسی دەکات، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو ڕاشکاوانە باسی کوردستانێتیی شاری موسڵ دەکات و، پێی وایە کە دەبووایە دوای لەناوبردنی ڕژێمی دیکتاتۆری لە بەغدا، ململانێی کورد و داگیرکەری نوێی ئێراقی لەسەر کوردستانیی بوونی شاری موسڵ بووایە نەک کەرکوک.

هاوڕێ باخەوان، لە لاپەڕە (66)ی پەرتووکی (ئەدەبیاتی کاژیک)دانووسیوێتی: (سەردەمێک (و هەتا ئێستاش) وای لێهاتبوو کورد نەی ئەتوانی لە گەلێ شوێنی بەغدا و تەنانەت لە هەندێک شوێنی وڵاتەکەی خۆشیدا (کە کەرکوک و موسڵە) بەدڵنیایی هاتوچۆ بکا).

ئەوەی نووسەر هاوڕێ باخەوان باسی دەکات، کوردستانیی بوون و کوردبوونیی هەر دوو شاری موسڵ و کەرکوکی سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە نووسەر ناوی هەر دوو شارەکەی وەکو دووشاری کوردیی و بەشێک لە خاکی باشووری کوردستان هێناوە.

عەونی داودی، لە لاپەڕە (69)ی پەرتووکی (كركوك رحلة في ذاكرة التاريخ)دا، دەڵێت: (ڕژێمی ئێراق ناوە مێژووییەکانی شارەکانی ئێراقی گۆڕی بۆ ناوی دەستکردی نوێ و نیازەکەیەشی تەنیا لە دڵی یاقوب دایە. پارێزگاکانیش ئەو سێ پارێزگایەن ( نەینەوا، ئەلتەئمیم، دیالا) کە لە بڕیارەکەدا بەمشێوەیە هاتووە:- نەینەوا-موسڵ، ئەلتەئمیم-کەرکوک و دیالەش هەر وەک خۆی مایەوە. سەیری ئەو سیاسەتە ڕەگەزپەرستییە نادادپەروەرانە بکە بەرانبەر بە کورد کە بێبەشی دەکات لە مافی خاوەندارێتی پارچە زەوییەک یان خانویەک لەو سێ پارێزگایە، سەرەڕای ئەوەی کە ئەو پارێزگایانە (موسڵ، کەرکوک و دیالە) سەر بە ویلایەتی موسڵ (کوردستانی باشوور)ن، بەڵام هەموو عارەبێکی ئێراقی مافی خاوەندارێتی زەوی هەیە لە هەر شوێنێکی ئەو ئێراقە).

ئەوەی کە نووسەر و ڕۆژنامەنووس عەونی داودی باسی دەکات، کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شاری موسڵ نیشاندەدات، چونکە نووسەری ناوبراو لە باسی بە عارەبکردنی کوردستاندا ناوی هەر یەک لە شارەکانی موسڵ، کەرکوک و دیالە وەکو سێ شاری سەر بە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) ناودەبات. کەواتە بە بۆچوونی ناوبراو شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە.

ئەندازیار حوسێن غوڵام، ئەندازیاری کۆمپانیای نەوتی کەرکوک، لە لاپەڕە (71)ی پەرتووکی (كركوك رحلة في ذاكرة التاريخ)دا، سەبارەت بە موسڵ دەڵێت: (لە دوای داتەپینی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە شەڕی یەکەمی جیهانی، بەریتانیا دوو حکومەتی لە ناوچەکەدا دامەزراند، کە یەکێکیان حکومەتی ئێراقی بوو لە ساڵی (1921)و فەیسەڵی یەکەم کرا بە شای ئێراق و، حکومەتی شێخ مەحمودی حەفید لە سلێمانی لەژێر ئینتیدابی بەریتانی و شێخ مەحمود نازناوی شای کوردستانی

پێبەخشرا، ئەو کوردستانەی کە هەر یەک لە شارەکانی سلێمانی، کەرکوک، موسڵ و هەولێری دەگرتەوە. لەوکاتەدا ئینگلیزەکان نەوتیان لە شاری خانەقینی کوردان دۆزیەوە، هەروەها دەرکەوت کە نەوت لە دەوروبەری شاری کەرکوک-یش هەیە. دوای ئەو ئاشکرابوونی نەوتە، ئینگلیزەکان دەستیان هەڵگرت لە حکومەتی کوردستان لە (ویلایەتی موسڵ) و بە دەوڵەتی ئێراقیان لکاند).

لێرەدا ئەندازیار حوسێن غوڵام، کوردستانیی بوون و کوردبوونیی هەر دوو شارە داگیرکراوەکانی باشووری کوردستان کە (موسڵ و کەرکوک)ن دەخاتە بەردەست، کاتێک کە ناوبراو بۆچوونی خۆیمان بۆ دەردەبڕێت و، هەر دوو شاری موسڵ و کەرکوک لەگەڵ چەند شارێکی تر بە بەشێک لە حکومەتەکەی شێخ مەحمودو باشووری کوردستان ناسراو بە (ویلایەتی موسڵ) ناودەبات.

زاناو مێژوونووسی گەورەی کورد، مەلا محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی، لە لاپەڕە (29)ی پەرتووکی (نبذة عن العشيرة الروژبيانية (الروژبهانية) والمعروفين من الروژبيانيين في الكتب التاريخية)دا، نووسیوێتی: (ڕۆژبەیانییەکانی نیشتەجێی ئێران زۆربەیان شیعەن، جگە لەوانەی کە لە کۆنەوە تێکەڵ بە خێڵەکانی شول و شوانکارە، بەڵام ڕۆژبەیانییەکانی نیشتەجێی باشووری کوردستان (خانەقین، کفری، کەرکوک، هەولێر و موسڵ) زۆربەیان لە مەزهەبی شافیعین).

مەلا محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی، کوردستانیی بوون و کوردبوونیی هەر دوو شاری موسڵ و کەرکوکی کێشە لەسەر لە باشووری کوردستان ڕادەگەیەنێت، چونکە کاتێک کە باسی ڕۆژبەیانییەکانی باشووری کوردستان دەکات، باسی ئەوە دەکات کە شوێنی نیشتەجێ بوونیان لە باشووری کوردستاندا شارەکانی (موسڵ، کەرکوک، هەولێر، خانەقین و کفری)یە. کەواتە ئەو شاری موسڵ و ئەو شارانەی کە ناویان هاتووە بە شارە گرنگەکانی باشووری کوردستان دادەنێت.

مێژوونووس مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی، هەر لە هەمان سەرچاوەو لە لاپەڕە (30)دا، دەربارەی ژمارەی ڕۆژبەیانییەکان دەڵێت: (ژمارەی ڕۆژبەیانییەکانی کوردستانی ئێراق لە (کەرکوک، لەیلان، چەمچەماڵ، هەولێر، کەلار، خانەقین، کفری، جەلەولا،

گوێڕ، کەلەکچی، چرە، بەردەڕەش، نەبی یونس، وڵاتی شەبەک، موسڵ و ناوچەکانی تر) لە هەشتا هەزار کەس تێدەپەڕێت).

مامۆستا محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی، کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شاری موسڵ-مان بۆ دەخاتەڕوو، کاتێک کە لە باسی ژمارەی ڕۆژبەیانییەکانی کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان)دا، شارەکانی موسڵ، کەرکوک، خانەقین و چەندان شاری تریش، بە شارەکانی باشووری کوردستان ناودەبات.

مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی، لە پەڕاوێزەکانی لاپەڕە (29)ی پەرتووکی (وڵاتگیری ڕەشەخاکی ئێراق (فتوح سواد العراق)دا نووسیویێتی: (موسڵ چوارەمین شاری گەورەی کوردستانی خوارووە، دانیشتوانی شارەکە زۆربەیان کورد و عارەب و، کەمایەتی گاوری کلدانی و ئاشوری و تورکمانن، دەوروپشتی شار، جگە لە شەڕگات و تەلەعفەر کە شەممەڕ و جبور و جحێشی و تورکمانی تیایە، جگە لە کریستانەکانی تلکێف هەموو هەرێمەکە کە کورد نشینەو لەم هەرێمەدا دەوڵەتی دۆستەکی کوردی دامەزرا... عێلەکانی حەمیدی و هەزەبانی کورد، سەرداری هەرێمەکە بوون تا سەدەی شەشەمی کۆچی).

لە سەرەوەدا زۆر بە ئاشکرا بۆچوونەکانی مێژوونووسی ناوداری کورد (شەهید مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی)مان بۆ دەردەکەوێت، کە ئەو شاری موسڵ بە شارێکی سەر بە باشووری کوردستان ناوزەند دەکات، چونکە مێژوونووسی شەهید شاری موسڵ بە چوارەمین شاری گەورەی باشووری کوردستان دادەنێت.

محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی، لە لاپەڕە (48)ی پەرتووکی (فەرمانڕەوایی موکریان)دا نووسیویێتی: (ساڵی 991ی کۆچی (1583زا) ئەمیرە بەگ و سەرانی گەورەی کوردستانی ئەردەڵان و لوڕستان بەدەست جەمی خۆیان دایە پاڵ عوسمانی و بەهۆی میری میرانی وان محەمەد پاشاوە فەرمانبەریی خۆیان بۆ سوڵتان موورادخانی عوسمانی سێیەم دەرخست، سوڵتان فەرمانیدا وڵاتی (بابان)یش بخرێتە سەر موکریان و، لەگەڵ ویلایەتی موسڵ هەموو بخرێنە ژێر فەرمان و دەسەڵاتی ئەمیرە بەگ، بەو مەرجەی کە هەولێر و هەندێ ناوچەی مەراغە - تەورێز لەژێر دەستی کوڕەکانیدا بێ).

مەلا محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی، دیسان کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شاری موسڵ-مان دەخاتە بەردەست، کاتێک کە باسی ویلایەتی موسڵ وەکو بەشێک لە کوردستانی ئەردەڵان دەکات، کە بە بڕیارێکی سوڵتانی عوسمانی مورادخانی سێیەم ئەو ویلایەتە خراوەتە سەر کوردستانی ئەردەڵان.

مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، لە وتارێکیدا کە لە ژمارە (2)ی گۆڤاری سەردەمی عارەبیدا بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت: (سنووری ئێراق لە سەردەمی کۆندا لە (بەسرا) درێژ دەبووەوە تاوەکو (تکریت) وە لە (حەدیسە) تاوەکو (حەلوان)، بەڵام ئینگلیزەکان حەزیان دەکرد ویلایەتی موسڵی بخەنە سەر).
بە گوێرەی ئەو پێناسەیەی کە مەلا محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی بۆ ئێراقی کێشاوە، شاری موسڵ دەکەوێتە ناو سنووری باشووری کوردستان، چونکە شاری موسڵ دەکەوێتە (245) کیلۆمەتری باکووری شاری تکریت و (390) کیلۆمەتری باکووری خۆرئاوای شاری (حەدیسە) کە سنووری ئێراق لەو دوو شارەدا لەلای باکوورەوە کۆتایی پێدێت، هەروەها ویلایەتی موسڵ-یش جیا بووە لە ئێراق.

ڕۆژنامەنووس و مافناس شیرین نوری محەمەد، لە وتارێکیدا کە لە ڕێکەوتی (10.6.2002)دا لە ماڵپەڕی هەڵەبجەدا لەژێر ناوی (اسس تبني الكورد لخيار الفيدرالية في كوردستان العراق)دا بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت: (هێزەکانی بەریتانیا لە ساڵی (1918)دا ڕوویانکردە ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بە مەبەستی داگیرکردن. هۆی حەزو ئارەزووی بەریتانییەکان بۆ داگیرکردنی ویلایەتی موسڵ واتە باشووری کوردستان، کە هەر یەک لە کەرکوک، سلێمانی و هەولێر دەگرێتەوە لەگەڵ شاری موسڵ، وە لکاندنی بە ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرا دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیی شوێنی ستراتیجی ئەو ناوچەیە و بەریتانییەکان دەیانزانی نەوت لەو ناوچەیەدا هەیە. لە ساڵی (1920) پەیمانی (سیڤرە) بەستراو بەندەکانی (62، 63، 64) سەبارەت بە دۆزی کوردستان بوو کە مافی کوردەکانی مسۆگەر دەکرد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ کە هەر یەک لە باکووری کوردستان و باشووری کوردستانی دەگرتەخۆی. کوردەکان نەوەی ئەو میدییانەن کە هەر لە

کۆنەوە لەو ناوچەیەدا نیشتەجێن و، لە سەدەی حەوتەمی بەر لە زایین بەسەر ئاشورییەکاندا سەرکەوتن لە موسڵ و ئیمپراتۆرییەتی میدیای گەورەیان دامەزراند).

ئەوەی ڕۆژنامەنووس شیرین نوری محەمەد باسی لێوە دەکات، کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە لە لایەک نووسەری ناوبراو ویلایەتی موسڵ بە باشووری کوردستان ناودەبات، کەواتە هەر دوو زاراوەکە دوو ناوی جوگرافینو بۆ یەک خاک و یەک نیشتمان بەکاردێن، بەمەش تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ شاری سەر بە باشووری کوردستانن بە شاری موسڵ-ی پایتەختی ویلایەتەکەشەوە، لەلایەکی تریشەوە ڕۆژنامەنووس شیرین نوری ڕاستەوخۆ باسی ئەوە دەکات کە شارەکانی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بریتین لە (موسڵ، کەرکوک، هەولێر، سلێمانی و دهۆک).

نووسەر و ڕۆژنامەنووس، دکتۆر کامەران قەرەداغی، لە لاپەڕە (8)ی ڕۆژنامەی (الحیاة)ی چاپی لەندەن، ژمارە (11777)ی ڕێکەوتی (21.5.1995)دا، نووسیویێتی: (ویلایەتی موسڵ تەواوی باشووری کوردستان (کوردستانی ئێراق) دەگرێتەوەو، لەکاتی ئێستادا پارێزگاکانی موسڵ، دهۆک، کەرکوک، هەولێر و سلێمانی دەگرێتە خۆی).
ئەوەی لە سەرەوەدا دکتۆر کامەران قەرەداغی باسی دەکات، کوردستانیی بوون و کوربوونیی شاری موسڵ-ە، چونکە ناوبراو ڕاستەوخۆ شاری موسڵ وەکو شارێکی سەر بە باشووری کوردستان ناودەبات.

وتارێک لەژێر ناوی (دۆزی کورد و کوردستان)داو ناوی نووسەرەکەی بەسەرەوە نییەو، لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێتی ماڵپەڕی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە کە تیایدا هاتووە: (کاتی خۆی ئێراق لە سێ ویلایەت پێکدەهات، ویلایەتی موسڵی باکوور کە زۆربەی هەرە زۆری کوردن و هەر یەک لە شارەکانی موسڵ (نەینەوا+دهۆک)، کەرکوک، هەولێر و سلێمانی دەگرێتەوە، ویلایەتی بەغدا لە ناوەڕاست کە زۆربەی دانیشتوانەکەی سوننەی عارەبن و لەگەڵ ویلایەتی بەسرا کە زۆربەی دانیشتوانی عارەبی شیعەن).

ئەوەی ماڵپەڕی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان باسی دەکات، کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە ئەوان باسی ئەوەیان کردووە کە دەوڵەتی ئێراق لە سێ ویلایەتی جیا دووی عارەبی و یەکێکی کوردیی (ویلایەتی موسڵ) پێکدەهات، هەروەها بەئاشکەرا باسی ئەوە دەکەن کە زۆربەی زۆری دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ کوردن و، شارەکانی ئەو ویلایەتەش بریتین لە (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی). کەواتە ئەوان شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی و پارچەیەک لە خاکی باشووری کوردستان دەزانن.

دکتۆر سادقی شەرەفکەندی، سکرتێری پێشووی حزبی دیموکراتیی کوردستانی ئێران، سەبارەت بە موسڵ لە لاپەڕە (24-25)ی پەرتووکی (کورتە مێژووی بزووتنەوە نەتەوایەتی‌یەکانی کورد)دا، نووسیویێتی: (لە ئاخرو ئۆخری بەهاری ساڵی (1833)دا ئەرتەشی میر محەمەد، میری میرنشینی سۆران، کە لە دەهەزار پێرۆی (پیادە نیزام) بە تەواوی ڕاهاتوو ڕێکوپێک پێکهاتبوو، توانی دەسەڵاتی خۆی لە تەواوی ناوچەکانی کوردستانی خواروو، واتا سۆران، بادینان و موسڵ-دا سەقامگیر بکاو بگاتە سنورەکانی میرنشینی بۆتان).

بە بۆچوونی دکتۆر سادقی شەرەفکەندی، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە لە باسکردنی ناوچەکانی باشووری کوردستاندا، ناوی شاری موسڵ وەکو شارێکی سەر بەو پارچەیەی کوردستان ناودەبات.

شەهید دکتۆر سادقی شەرەفکەندی، لە لاپەڕە (30)ی پەرتووکی (کورتە مێژووی بزووتنەوە نەتەوایەتی‌یەکانی کورد)دا، نووسیویێتی: (بەدرخانی میری بۆتان، لە کۆتایی ساڵی (1840)دا توانی دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەیەکی بەرینی کوردستاندا، لە سنورەکانی ئێران و گۆلی وان و دیاربەکرەوە بگرە تا موسڵ پەرە پێبدا).

ئەوەی کە دکتۆر سادقی شەرەفکەندی باسیکردووە، کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێ، چونکە ناوبراو شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی و بەشێک لە باشووری کوردستان ناودەبات. لەلایەکی تریشەوە فەرمانڕەواییکردنی ئەو میرە کوردە بەسەر شارەکە و، نیشاندانی شاری موسڵ وەکو بەشێکی گرنگ لە

خاکی کورد و لە میرنشینێکی کوردی، مانای کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت.

شەهید دکتۆر سادقی شەرەفکەندی، لە لاپەڕە (34)ی پەرتووکی (کورتە مێژووی بزووتنەوە نەتەوایەتی‌یەکانی کورد)دا، نووسیوێتی: (لەپێناو دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ، لە بەهاری ساڵی (1855)دا، یەزدانشێر بە یارمەتی (20) هەزار شەڕکەری کورد لە بەتلیس-ەوە شەڕی دەستپێکردو ئەو شارەی گرت و فەرمانداری تورکی ئەم شارەی دەرکرد و کوردێکی لەجێ دانا. پاشان ڕوویکردە موسڵ و بێ گیروگرفتێکی ئەوتۆ ئەوێشی گرت).
ئەوەی کە دکتۆر سادقی شەرەفکەندی نووسیوێتی، کوردستانیی بوون و کوردبوونیی تەواوی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە ئەو شارە لە نەخشەی ئەو کوردستانەدا بووە کە میری کورد یەزدانشێر نەخشەی بۆ کێشابوو، دواتر ڕزگاری کردو خستییە سەر کوردستانی ئازاد.

شەهید دکتۆر سادقی شەرەفکەندی، لە لاپەڕە (55)ی پەرتووکی (کورتە مێژووی بزووتنەوە نەتەوایەتی‌یەکانی کورد)دا، دەڵێت: (بەدەست پێشخەری ڕووناکبیران و خەباتگێڕە لاوەکان لە ساڵی (1908)دا لە گرینگترین شارەکانی کوردستاندا چەند کلوپێک دامەزران کە لە هەمووان گرینگتر بریتی بوون لە کلوپەکانی بەتلیس، دیاربەکر، موش، ئەرزڕۆم و موسڵ).
لێرەدا دکتۆر سادقی شەرەفکەندی، کوردبوون و کوردستانی بوونی شاری موسڵ دەخاتەڕوو، کاتێک باسی دروستکردنی چەند کلوپێکی کوردیی لە ساڵی (1908)دا، ئاماژەی بە شاری موسڵ وەکو شارێکی کوردیی و سەر بە کوردستان کردووە.

شەهید دکتۆر سادقی شەرەفکەندی، لە لاپەڕە (56)ی پەرتووکی (کورتە مێژووی بزووتنەوە نەتەوایەتی‌یەکانی کورد)دا، نووسیوێتی: (پێویستە بگوترێ کە تەنانەت بەدرێژایی سەردەمی ئازادی کەم و زۆری ساڵی (1908)دا چەن ڕاپەڕینێک لە کوردستان سەریان هەڵدا، وەک ڕاپەڕینی دەرسیم کە تا ئاخرو ئۆخری ساڵی (1909) بەردەوام بوو، بەڵام گرنگتر لەمە ڕاپەڕینەکانی موسڵ و سولەیمانی بوون).

دکتۆر سادقی شەرەفکەندی، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ بەدەستەوە دەدات، کاتێک کە باسی ڕاپەڕینەکانی کوردستان دەکات کە لە دژی داگیرکەران بەرپایان کردبوو، چونکە نووسەری شەهید لەناوهێنانی ڕاپەڕینەکانی کوردستاندا، ناوی ڕاپەڕینەکانی شارەکانی موسڵ و سلێمانی وەکو دوو سەرهەڵدانی کوردستانی دەبات، کەواتە نووسەر پێی وایە شاری موسڵ، شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە.

دکتۆر سادقی شەرەفکەندی، لە لاپەڕە (75)ی پەرتووکی (کورتە مێژووی بزووتنەوە نەتەوایەتی‌یەکانی کورد)دا، نووسیویێتی: (ئەگەر پەیمانی سێور جێبەجێ بوایە، کوردستان لە ڕاستیدا بە کوردستانی ئێرانەوە دەبووە پێنج بەش. کوردستانی سەربەخۆی لە بەرچاوگیرا لە ناوەندی ئەم دابەشکردنەدا، وڵاتێک بوو کە لەباری خاکەوە تەنیا سێ یەکی خاکی کوردستانی عوسمانی دەگرتەوەو بە تایبەتی ئەم بەشە ناوچە بەپیت و بەرەکەتەکانی کشتوکاڵی و لەبار بۆ ئاژەڵداری دەگرتەوە. ئەوەی دەمایەوە ناوچە هەژارو دەسکورتەکانی وەک خارپوت، دەرسیم و هەکاری بوون و دیاربەکر وەک ناوەندی فەرمانڕەوایی و موسڵ وەک ناوەندی ئابووری دەمانەوە. دیارە ئینگلستانیش دۆزی نەوتی دەخستە ژێر چاوەدێری).

ئەوەی کە دکتۆر سادقی شەرەفکەندی ئاماژەی پێکردووە، کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ دەردەخات، چونکە نووسەر لە لایەک باسی شاری موسڵ وەکو ناوەندێکی گرنگیی ئابووری کوردستان دەکات، هەروەها لەلایەکی تریشەوە باسی ئەوە دەکات ئەگەر پەیمانی سێڤرە جێبەجێ بکرایە، شاری موسڵ یەکێک دەبوو لە شارە گرنگەکانی کوردستان.

دکتۆر سادقی شەرەفکەندی، لە لاپەڕە (106)ی پەرتووکی (کورتە مێژووی بزووتنەوە نەتەوایەتی‌یەکانی کورد)دا، نووسیویێتی: (هەروەک پێشتر باسکرا، لە (30)ی ئۆکتۆبەری ساڵی (1918)دا پەیمانی کۆتایی پێهاتنی شەڕ لەگەڵ عوسمانی مۆرکرا، چەند ڕۆژ پاشان ئینگلیزەکان یەک لایەنە دەستیان بەسەر ناوچەی کوردنشینیی موسڵ داگرت کە لەپێشدا بڕیاربوو بدرێ بە فەرەنسا. ئینگلیزەکان زانیبوویان لەم ناوچەیەدا کانگای نەوت هەیە).

دکتۆر سادقی شەرەفکەندی، شاری موسڵ بە ناوچەیەکی کوردنشین ناودەبات، کاتێک کە ناوچەکەش کوردنشین بێت، ئەوکاتە بەدڵنیاییش دەبێتە شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە بڵێین، شاری موسڵ شارێکی کوردنشینیی سەر بە باشووری کوردستانە.

شەهید دکتۆر سادقی شەرەفکەندی، لە لاپەڕە (107)ی پەرتووک (کورتە مێژووی بزووتنەوە نەتەوایەتی‌یەکانی کورد)دا، نووسیوێتی: (لە درێژەی ئەم ساڵانەدا، بەریتانیا بۆ ئەوەی موسڵی نەوتەڵانی بەدەستەوە بێ، چەند ڕێگا چارەسەری خستە بەرچاو:

1- دەیەویست موسڵ لەگەڵ چەند ناوچەی کوردنشینی دیکە بکاتە وڵاتێکی سەربەخۆ، بەڵام لەژێر چاوەدێری خۆیدا.
2- تەواوی ناوچە کوردنشینەکان لەگەڵ دوو ناوچەی بەسراو بەغدا کە عارەبنشین بوون بخاو وڵاتێکی سەربەخۆ بە دانیشتوانی کورد و عارەبەوە پێکبێنێ کە بەشە کوردنشینەکەی بەشێوەی خودموختاری بەڕێوە بچێ.
3- سەرئەنجام وڵاتێکی سەربەخۆ (ئێراق) بێ هیچ مافێکی تایبەتی بۆ کوردان، دابمەزرێنێ).

بە بۆچوونی دکتۆر سادقی شەرەفکەندی، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە کوردستانە، چونکە کە باسی نیازی بەریتانیا دەکات لە دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ، باسی ئەوە دەکات کە وڵاتە کوردییەکە لە شاری موسڵ و چەند ناوچەیەکی کوردنشینیی دیکە پێکبێت، کە دەڵێت موسڵ و چەند ناوچەیەکی کوردنشینی دیکە، کەواتە ئەو پێی وایە شاری موسڵ-یش وەکو ناوچەکانی دیکە ناوچەی کوردیی و شارێکی کوردیی و سەر بە کوردستان بووە.

دکتۆر سادقی شەرەفکەندی، لە لاپەڕە (137)ی پەرتووکی (کورتە مێژووی بزووتنەوە نەتەوایەتی‌یەکانی کورد)دا، نووسیوێتی: (لەبارەی ئەوەی کە دەمێنێتەوە لە خاکی کوردستانی عوسمانیدا، لە لایەک بە پەسندکردنی ناڕاستەوخۆی تورکیا، ویلایەتی موسڵ لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی خوارووی کوردستان خرانە سەر وڵاتی تازە دامەزراوی ئێراق).

به گوێرەی قسەکانی دکتۆر سادقی شەرەفکەندیو، ناوبردنی ویلایەتی موسڵ و باشووری کوردستان بە کوردستانی عوسمانی، بۆمان دەردەکەوێت کە نە ویلایەتی موسڵ و نە باشووری کوردستان هیچ پێوەندییەکیان بە عارەب و بە ئێراقەوە نییە. مادامیش ویلایەتی موسڵ هیچ پێوەندییەکی بە عارەب و بە ئێراقەوە نەبووبێت، کەواتە تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵ-یشەوە شاری کوردیی و سەر بە خاکی باشووری کوردستانن.

سەدیق سەفی زادە بۆرەکەیی، نووسەری پەرتووکی (سەلاحەدینی ئەیووبی)، لە لاپەڕە (124)دا نووسیوێتی: (موسڵ یەکێ لە شارەکانی کۆنی کوردستانی ئێراقە. ئەم شارە لە سەردەمی ئیسلامەتیدا بەهۆی موسڵمانانەوە گیراوەو پاشان حەمدانییەکانو عەقیلییەکان فەرمانڕەواییان تێدا کردووە. ئەوسا عمادەدینی زەنگی لە ساڵی (521ک)دا بووەتە فەرمانڕەوای ئەم شارە و شارەکە بە تەواوی ئاوابووەتەوە).

ئەوەی کە نووسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەدیق سەفی زادە باسی دەکات، بەڵگەیەکی تری کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، کاتێک کە نووسەری ناوبراو ڕاشکاوانە و بێ پێچ و پەنا شاری موسڵ بە شارێکی کۆنی باشووری کوردستان ناودەبات و، هەروەها باسی داگیرکردنی ئەو شارە دەکات لە لایەن موسڵمانە عارەبەکانەوە، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو شارە نە شارێکی عارەبی بووەو، نە هیچ پێوەندییەکیشی بە ئێراقەوە هەبووە.

سەلام عەبدوڵڵا، لە لاپەڕە (165)ی گۆڤاری کەرکوک، ژمارە (16)ی بەهاری (2003)دا، لەو پێشەکیەی کە بۆ ووتارە وەرگێڕدراوەکەی عەبدولجەبار مەحمود سامەڕائی لەژێر ناوی (کەرکوک شاری ئاڵتونی ڕەش)دا کە لە لاپەڕەکانی (165-176)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیوێتی: (هەڵکەوتەی جیۆپۆلەتیکی و جوگرافیای کەرکوک هێندەی تر نرخ و بەهای ڕامیاری سپاردووە بەو شارە کوردییە ڕەسەنە، بە دەروازەی باکووری ئێراق دەژمێردرێت و گرێی هاتووچۆ پێکدێنێت و چەند ڕێگەیەکی لێدەبێتەوە بۆ پایزگا کوردییەکانی تری وەکو (سلێمانی، هەولێر، موسڵ).

سەلام عەبدوڵڵا، شاری موسڵ بە پارێزگایەکی کوردیی ناودەبات، کاتێک کە موسڵ پارێزگایەکی کوردی بێت، ئەوکاتە بەدڵنیاییش دەبێتە شارێکی کوردیی و پارێزگایەکی سەر بە کوردستانیش.

نەجم عومەر ئاغای سورچی، لە لاپەڕە (11)ی پەرتووکی (مصير ولاية الموصل (كوردستان الجنوبية) ما بعد عام 2000)دا، نووسیویەتی: (ئامانجی نووسینی ئەم پەرتووکە ئەوەیە کە بیسەلمێنێ ویلایەتی موسڵ (موسڵ، کەرکوک، هەولێر، سلێمانی و دهۆک) وولاتی کوردن و هیچ پێوەندیەکی بە ئێراقی عارەبییەوە نیە، هەروەها ویلایەتی موسڵ بە ئێراقی عەجەمی ناسرابوو ئەمەش مانای ئەوەیە کە عارەبی نیە).
نەجم عومەر ئاغای سورچی، شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی و خاکی کورد ناودەبات، کاتێک کە باسی ئەوە دەکات کە مەبەست لە نووسینی پەرتووکەکەیدا سەلماندنی کوردستانێتیی و کوردبوونیی ویلایەتی موسڵ (موسڵ، کەرکوک، هەولێر، سلێمانی و دهۆک)ە. لە لایەک نووسەر باسی ئەوە دەکات کە ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵ-یشەوە، شاری کوردین و هیچ پێوەندییەکیان بە ئێراقی عارەبییەوە نییە، لەلایەکی تریشەوە باسی ئەوە دەکات کە ویلایەتی موسڵ لە کۆنەوە بە ئێراقی عەجەمی ناسرابوو، ئەمانەش هەمووی بەڵگەی سەلماندنی کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت.

نەجم عومەر ئاغای سورچی، لە لاپەڕە (15)ی پەرتووکی (مصير ولاية الموصل (كوردستان الجنوبية) ما بعد عام 2000)دا، نەخشیەکی ویلایەتی موسڵ-ی بڵاوکردۆتەوە کە شارەکانی (موسڵ، کەرکوک، هەولێر، سلێمانی و دهۆک) دەگرێتە خۆی).
ئەو نەخشەیەی کە نەجم سورچی بڵاویکردۆتەوە، کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەر شاری موسڵ-ی وەک شار و پارێزگا خستۆتە ناو نەخشەو سنووری باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ). نەخشەکە لە کۆتایی ئەو بەشەدا دانراوە.

نەجم عومەر ئاغای سورچی، لە لاپەڕە (30)ی پەرتووکی (مصير ولاية الموصل (كوردستان الجنوبية) ما بعد عام 2000)دا، بەمشێوەیە باسی سنووری ویلایەتی موسڵ-مان بۆ دەکات: (سنووری ویلایەتی موسڵ لە سەردەمی مەدحەت پاشاداو لەساڵی (1879)دا بەمشێوەیە بووە: ویلایەتی دیاربەکر و وان لە باکوور، شانشینی فارس لە ڕۆژهەڵات، سەنجەقی (دێرەزوور) لە ڕۆژئاوا، ویلایەتی بەغدا لە باشوور).

بە گوێرەی ئەو سنوورەی کە نەجم عومەر ئاغای سورچی بۆ ویلایەتی موسڵ-ی دەستنیشان کردووە، شاری موسڵ یەکێکە لە شارە گرنگەکانی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)، چونکە شاری موسڵ دەکەوێتە بەشی خۆرئاوای باشووری کوردستان یان ویلایەتی موسڵ، بە دیاریکردنی سنووری باشووری کوردستان لەلای خۆرئاواوە بە سەنجەقی دێرەزوور، بەدڵنیایی و بێ هیچ گومانێک تەواوی شار و پارێزگای موسڵ دەبنە بەشێک لە نیشمانی کورد و خاکی باشووری کوردستان.

نەجم عومەر ئاغای سورچی، لە لاپەڕە (37)ی پەرتووکی (مصير ولاية الموصل (كوردستان الجنوبية) ما بعد عام 2000)دا، دەنووسێت: (لە ڕاستیدا ویلایەتی موسڵ (کوردستانی باشوور)ەو مولک و وڵاتی کوردە، بەڵگەنامە نێونەتەوەییەکان لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەمە دەسەلمێنن و پێویستە لەسەر کورد کاری دیبلۆماسی بکەن بۆ گەڕاندنەوەی خاکەکەیان).

نەجم سورچی، لە لایەک ویلایەتی موسڵ بە باشووری کوردستان ناودەبات، لەلایەکی تریشەوە بە مولک و وڵاتی کوردیان دەزانێت، سەرەڕای ئەوانەش پێی وایە بەڵگەنامەیەکی زۆر لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەیەو کوردێتیی و کوردستانێتیی تەواوی خاکی ویلایەتی موسڵ دەسەلمێنن. کاتێکیش کە ئەو ویلایەتە باشووری کوردستان و نیشتمانی کورد بێت، کەواتە تەواوی خاک و شارەکانی ئەو ویلایەتە بە شاری موسڵ-ی پایتەختیشەوە، خاک و شاری کوردیی و کوردستانین.

نەجم عومەر ئاغای سورچی، لە لاپەڕە (303)ی پەرتووکی (مصير ولاية الموصل (كوردستان الجنوبية) ما بعد عام 2000)دا، دەڵێت: (پێوانەی ویلایەتی موسڵ (97.000) کیلۆمەتری چوارگۆشە یان (34.000) میل چوارگۆشە، ئەو پارێزگایانەی

که دەکەونە نێو  ویلایەتی موسڵ بریتین لە( هەولێر، موسڵ، کەرکوک، سلێمانی و دهۆک).

کاتێک کە نەجم سورچی، پارێزگاکانی ویلایەتی موسڵ بە پارێزگاکانی (هەولێر، موسڵ، کەرکوک، سلێمانی و دهۆک) دادەنێت، کەواتە هەر پێنج پارێزگاکەی سەر بە ویلایەتی موسڵ، شاری کوردیی و کوردستانیی و سەر بە باشووری کوردستانن. ئەمەش دەبێتە بەڵگەیەک بۆ کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ.

نەجم سورچی، لە لاپەڕە (5)ی مانگنامەی (المنار الكوردي)، ژمارە (69)ی ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (7.6.2000)دا وتارێکی لەژێر ناوی (لماذا لايحق لشعبنا الكوردي المطالبة بحق تقرير مصيره)دا نووسیوە کە تیایدا هاتووە: (بەر لە شەڕی یەکەمی جیهانی، ئێراقی عارەبی لە هەر دوو ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرا پێکدەهات و، سنووری لای باکووری لە چیاکانی حەمرینەوە درێژ دەبووەوە بەرەو باشوور تاسەر کەنداوی عارەبی (مەبەستی کەنداوی فارسی‌یە – دەرسیم). ویلایەتی موسڵ (کوردستانی باشوور)، ڕۆژێک لە ڕۆژان بە بەشێک لە ئێراقی عارەبی دانەندراوەو هەرگیز لەنێو سنووری خاکەکەیدا نەبووە، بەڵکو ناوچەیەکی تەواو سەربەخۆ بووەو هەر لە کۆنەوەش ئەمارەتە کوردییەکان دەسەڵاتدار بووینەو فەرمانڕەوایەتی ئەم ناوچەیان کردووە).

ئەوەی کە نەجم عەمەر سورچی ئاماژەی پێداوە، بەڵگەیەکی تری کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، لە لایەک کاتێک کە ئەو تەنیا هەر دوو ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرا بە ئێراقی عارەبی دەزانێت و، سنووری ئێراقیش لەلای باکوورەوە بە چیاکانی حەمرین دەستنیشان دەکات، لەلایەکی تریشەوە ویلایەتی موسڵ بە باشووری کوردستان ناودەبات کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بەشێک نەبووە لە ئێراقی عارەبییەوە. پێکهاتنی ئێراقی عارەبی لە هەر دوو ویلایەتی ناوبراو لە سەرەوەدا جیایی و سەربەخۆیی ویلایەتی موسڵ دەگەیەنێت، هەروەها ئەو شوێنەی کە سنووری ئێراقی لێوە کۆتایی پێدەهات لەلای باکوورەوە کە زنجیرە چیاکانی حەمرینە لە نزیکترین شوێن کە (فەتحە)یە بۆ موسڵ نزیکەی (110) کیلۆمەتر کەوتۆتە باشووری خۆرهەڵاتی موسڵ. سەبارەت بەوەی کە ویلایەتی

موسڵ هەر باشووری کوردستانە و یەکسانن، ئەوە دەگەیەنن کە تەواوی شار و پارێزگای موسڵ نیشتمانی کورد و خاکی کوردستانە.

نەوشیروان مستەفا ئەمین، ماوەیەک جێگری سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووەو، ئێستاش بەرپرسی بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمپانیای وشە، لە لاپەڕە (187)ی پەرتووکی (چەند لاپەڕەیەک لە مێژوی ڕۆژنامەوانیی کوردی 1938–1958 ڕۆژنامەوانی نهێنی)دا، لە باسی پەیمانی نەتەوەیی پارتی دیموکراتی کورد بە پشت بەستنی بە (موسوعة سرية خاصة بالحزب الشيوعي العراقي السري، بغداد، 1948)، نووسیویە: (لە خاڵی یەکەمی پەیمانی نەتەوەیی پارتی دیموکراتی کورد هاتووە: 1- بەرێگەی خەباتی ڕامیاری و بەرێگەی تر تێئەکۆشین بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستانی فیدڕاڵی دیموکراتی لە ئێراقدا کە پێکدێ لە لیواکانی موسڵ، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی، خانەقین و دەستوورەکەی ئەنجومەنێکی دامەزرێنەر دایئەنێ کە لە لایەن گەلی کوردە وە ڕاستەوخۆ بەدەنگدانی نهێنی هەلئەبژێردرێ).

ئەوەی نەوشیروان مستەفا باسی دەکات، بۆچوونەکانی پارتی دیموکراتی کورد کە دواتر کرا بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەردەخات، لە لایەک کە ئەوان هەر لە ساڵی (1948)ەوە داوای دامەزراندنی دەوڵەتی فیدڕاڵی کوردستان-یان کردووە، لەلایەکی تریشەوە پارتی دیموکراتی کورد (کوردستان) هەر لەو ساڵیدا سنووری ئەو دەوڵەتە فیدڕاڵییەی کوردستانیان بە پارێزگاکانی (موسڵ، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و قەزای خانەقین) دیاریکردووە. لەو ساڵەشدا هێشتا پارێزگای دهۆک قەزایەک بووە لە شاری موسڵ. ئەوەی لێرەدا پارتی دیموکراتی کورد (کوردستان) داوای دەکات، کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شاری موسڵ و تەواوی شارەکانی تر کە لە سەرەوەدا ناویان هاتووە دەگەیەنێت.

نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە لاپەڕە (208)ی پەرتووکی (چەند لاپەڕەیەک لە مێژوی ڕۆژنامەوانیی کوردی ساڵانی نێوان دو جەنگی جیهانی 1918–1938)داو، بە پشتبەستنی بە ژمارە (6)ی ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان)، کە لە ڕێکەوتی (27.12.1922)دا، دەرچووە، نووسیویەتی: (ویلایەتی موسڵ، کە بە شێوەیەکی گشتی هەموو کوردن).

لە سەرەوەدا نەوشیروان مستەفا، ڕۆژی دەرچوونی (ڕۆژی کوردستان)ی بەساڵی ڕۆمی نووسیبوو کە ساڵی (1338) بوو، بەڵام بەباشترم زانی بەساڵی زایینی بینووسم. ئەوەی نەوشیروان مستەفا بە ئاماژەکردن بە (ڕۆژی کوردستان) باسی دەکات، کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شار و پارێزگای موسڵ دەگەیەنێت، چونکە ڕۆژنامەی ناوبراو دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ کە شارەکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) دەگرێتەوە، نزیکەی هەمووی بە کورد دەزانێت، ئەو بۆچوونەش تەمی هەموو گومانێک لەسەر کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ و تەواوی ویلایەتەکە دەڕەوێنێتەوە.

مام جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری ئێراق و سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە لاپەڕە (31-32)ی پەرتووکی (اغد ديموقراطي وحرمان الشعب حتى من حق الحلم؟)دا نووسیوێتی: (ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، دەبینین وشەی ئێراقی عارەبی، بەسەر چەند شوێنێکی دیاریکراوی وڵاتانی ئیسلامی دابڕابوو، بەڵام ئەو زاراوەیە وەک وڵات یان بوون دەرنەکەوت، بەڵکو وەک زاراوەیەکی جوگرافی بۆ ناوچەیەکی سنووردار کە هەرگیز سنووری باکووری لە هێڵی (تکريت—عانه)، تێنەدەپەڕی. تەنیا ئێمە نین کە ئەوە بڵێین، بەڵکو ئەوە ڕاستییەکە تەنانەت، کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەی نێونەتەوەیی کە لایەنگری بەریتانیایە، نکۆڵی لێناکات. هەروەها ئێراقی عارەبی هەرگیز باشووری کوردستانی نەگرتۆتە خۆ، کە گەلی کورد هەزاران ساڵە تیایدا ژیاوەو، سنووری ئێراقی عارەبیش هەرگیز لە هێڵی (تکريت-عانه) تێپەڕی نەکردووە).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی مام جەلال تاڵەبانی، شاری موسڵ بە تەواوی پارچەیەکی دانەبڕاوی باشووری کوردستانە، لە لایەک سەرکردەی ناوبراو باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە باشووری کوردستان بەشێک نەبووە لە ئێراقی عارەبی، لەلایەکی تریشەوە باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە سنووری ئێراق لەلای باکوورەوە هەرگیز لە شارەکانی تکریت و عانە تێنەپەڕیوە، ئاشکراشە کە شاری تکریت (245) کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری شاری موسڵ و، شاری (عانە)ش (430) کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری خۆرئاوای شاری موسڵ، کەواتە شاری موسڵ لە دەرەوەی

سنووری ئێراقی عارەبییە، چونکە شاری موسڵ بە سەدان کیلۆمەتر دەکەوێتە باکووری ئەو شارانەی کە سنووری ئێراقی عارەبی لەلای باکوورەوە کۆتایی پێدێت.

مام جەلال تاڵەبانی، لە لاپەڕە (334–335)ی پەرتووکی (اغد دیموقراطي وحرمان الشعب حتی من حق الحلم؟)دا نووسیویێتی: (بەریتانیا لە هەوڵی ئەوەدا بوو دەستی بگاتە کوردستان و خۆی ڕەوایەتی داگیرکردنی کوردستان بداتە خۆی، کە ئەوەش ڕێککەوتن بوو.. ئاگربەستی نێوان تورکیا و هاوپەیمانان چەند مەرجێکی دەگرتەخۆ، کە دەبوایە هێزی بەریتانیا لەو سنوورەی پێی گەیشتووە بووەستایە. ئەمەش مانای وابوو کە هێزەکانی بەریتانیا نابوایە هەنگاو ڕووە و کەرکوک، سلێمانی، هەولێر، بادینان و موسڵ، واتە (ویلایەتی موسڵ) بنێن).

ئەوەی لێرەدا مام جەلال باسی دەکات، کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شاری موسڵ–ە، چونکە مام جەلال لە باسی شارەکانی ویلایەتی موسڵ، هەر یەک لە شارەکانی (موسڵ، کەرکوک، هەولێر، سلێمانی و تەواوی بادینان)ی بە شار و ناوچەی سەر بە ویلایەتی موسڵ دادەنێت. کەواتە مام جەلال شاری موسڵ و شارەکانی تریش بە شاری کوردیی و سەر بە خاکی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) هەژمار دەکات.

سەلام ناوخۆش، لە لاپەڕە (70)ی پەرتووکی (دراسة سیاسیة حول إحتلال وتقسیم کوردستان))دا، باسی ئەوە دەکات کاتێ کە جەنەڕال شەریف پاشا ئامادەی کۆنگرەی ئاشتیی پاریس دەبێت، بە جۆرج کلیمەنسۆی سەرۆکی کۆنگرەی ئاشتی لە پاریسی ڕاگەیاند: (من داوای تەواوی خاکی کوردستان یاخود گشت مافەکانی کورد ناکەم، بەڵکو مەبەستم سەربەخۆیی ناوچەکانی دیاربەکر، خەرپوت، بەدلیس، موسڵ، کۆیسنجەق و ئۆرفەیە).

ئەوەی کە مامۆستای زانکۆ سەلام ناوخۆش ئاماژەی پێکردووە، کوردستانیی بوون و کوردبوونیی تێکڕای شاری موسڵ دەداتە دەست، چونکە نووسەر باسی داواکارییەکانی جەنەڕال شەریف سەعید پاشای خەندان دەکات لە دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ کە شاری موسڵ و چەندان شاری تریش بگرێتەوە، ئەمەش دەریدەخات کە شەریف پاشا پێی وابووە شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە

کوردستانە، بۆیە داوای کردووە کە بخرێتە سەر ئەو کوردستانەی کە دەگوترا بەریتانیا و هاوپەیمانەکانی دەیانەوێت بۆ کوردی دروست بکەن.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس غەفور تاهیر سەعید حاجی مەخموری، سکرتێری گشتی پارتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان و ئەندامی پەرلەمانی کوردستان – خولی دووەم، لە لاپەرە (25)ی پەرتووکی (بەعارەبکردنی کوردستان)دا، نووسیوێتی: (ساڵی 1925 کە ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بە ئێراقەوە لکێنرا، لەوێوە بە عارەبکردنی کوردستان بەشێوازێکی تر دەستی پێکرد، هەر لەو ساڵەدا (1925) ئێراق دوای کابرایەکی نیشتەجێی موسڵی بە ناوی (مستەفا عومەری) کردە وەزیری ناوەخۆی ئێراق و، ئەویش دەستیکرد بە پیلان گێڕان بۆ هێنانی عارەب بۆ ناوچەکە، ئەوەبوو ژمارەیەکی زۆری لە خێزانە کۆچەرەکانی هۆزی (سمبس)ی عارەبی هێنا دەشتی قەراج و ژمارەیەکی زۆریشی لە خێزانە کۆچەرەکانی تەی و جبور هێنا موسڵ و دەوروبەری). غەفور مەخموری لە لاپەڕە (108)دا بۆچوونی خۆی دەربارەی ئەو شارە ڕوون دەکاتەوەو دەڵێت: (بە بۆچوونی من پارێزگای موسڵ بەشێکە لە سنووری جوگرافی باشووری کوردستان).

هەروەکو غەفور مەخموری باسیکردووە، هێنانی خێڵە کۆچەرە عارەبەکانی تەی، جبورو شەممەڕ بۆ موسڵ، ئاماژەن بۆ کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شاری موسڵ، هەروەها نووسەر بۆچوونی خۆیشی دەردەبڕێ و پێی وایە کە شاری موسڵ وەکو شار و پارێزگا، خاکی کوردن و پارچەیەکن لە باشووری کوردستان.

غەفور سەعید مەخموری، لە لاپەرەکانی (51–52)ی پەرتووکی (بەعارەبکردنی کوردستان)دا، نووسیوێتی: (ڕژێمی ئێراق بە بەردەوامی خەڵکی کورد لە شارە کوردستانییەکانی ژێر دەسەڵاتیدا رادەگوازێو دەردەکات وەک ئەوەی کە بەردەوام لە (کەرکوک، مەخمور، گوێڕ، قەراج، کەندێناوە، خانەقین، موسڵ، شەنگال، شێخان و شوێنانی تر) ئەنجامی دەدات، دوای دەرکردنی کورد لەو شوێنانەدا عارەب دێنێتە شوێنانو نیشتەجێیان دەکات، واتە کورد دەباو عارەب دێنێ! خەڵکەکەش سەرپشک دەکا کە بەرەو باشووری ئێراق دەڕۆن یا بەرەو کوردستانی ئازاد، ئەوەی بەرەو

باشوور بچێت دەتوانێ هەندێ کەلوپەلی ناوماڵ لەگەڵ خۆیدا ببات، بەڵام ئەوەی بۆ کوردستانی ئازاد بێت ئەوا هیچ).

ئەوەی غەفور مەخموری ئاماژەی پێکردووە، کوردبوون و کوردستانیی بوونی تەواوی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو لە باسی شارە کوردستانییەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ئێراقدا، ناوی شاری موسڵ، کەرکوک و چەندان شارۆچکەی تری وەکو شار و ناوچەی کوردستانی هێناوە.

غەفور مەخموری، لە دیمانەیەکدا لەژێر ناوی (هەڤاڵ غەفور مەخموری: بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان پارێزگای موسڵ، دیالا، تکریت و بەشێکی زۆری کوت و میسانیش بەشێکن لە خاکی کوردستان)دا، کە لە لاپەرە (1)ی ژمارە (135)ی ڕۆژنامەی (میدیا)ی ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (1.11.2002)دا بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت: (بە بۆچوونی من تاپێش هاتنی ئیسلام بۆ ناوچەکە عارەب لەو ناوچەیە نەبووەو لەو بەرەی ڕووباری فوراتەوە هەمووی کوردنشین بووەو عارەبی لێنەبووە، من ئەوەم بە ڕوونی و بە پشت بەستن بە کۆمەڵێک سەرچاوەی مێژوویی باوەڕپێکراو باسکردووەو گەیشتوومەتە ئەو ئەنجامەی کە پارێزگای موسڵ بە تەواوی سنوورە جوگرافیەکەی و دیالا (دێی باڵا) و، پارێزگای تکریت و بەشێکی زۆری کوت و میسان بەشێکن لە خاکی کوردستان و لە دوای ساڵی (637)ی زاینییەوە وردە وردە ئەو ناوچانە بە عارەبکراون).

ئەوەی کە نووسەر غەفور مەخموری دەریبڕیوە، ئەوە دەگەیەنێت کە بە بۆچوونی ئەو شاری موسڵ وەکو شار و پارێزگا بەشێکە لە خاکی کورد و کوردستان، بەڵام پرۆسەی بە عارەبکردن باری دیمۆگرافیای موسڵ و چەندان شاری تری کوردستانی گۆڕیوە. هەموومان دەزانین بە عارەبکردن واتە دەرکردنی بەزۆری کورد و هێنان و نیشتەجێکردنی عارەب لەسەر خاک و زەوی کورد، کەواتە بە عارەبکردن نابێت ببێتە هۆی ئەوەی کە خاکی کورد بۆ هەتا هەتایە بۆ عارەب بێت، بەڵکو دەبێت ڕۆژێک دابێت کورد مافی زەوتکراوی خۆی وەرگرێتەوە.

شێخ سدیق، لە لاپەڕە (7)ی پەرتووکی (پاکتاوکردنی ڕەگەزی کورد لە مێژوودا)، نووسیوێتی: (بۆ یەکەم جار لە مێژووی گەلەکەماندا ڕووبەڕووی بە عارەبکردن

کراوین، شاری موسڵ کە شارێکی دێرینی کورد بووە لە لایەن هێزەکانی ئیسلامەوە داگیرکراوەو عارەبی تێدا نیشتەجێکراوە.. هەروەها لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراقیەوە هەوڵی نیشتەجێ کردنی عارەبە کۆچەرییەکان دراوە کە زۆربەیان لە کوردستاندا نیشتەجێکراون و زەوی و خاکی کوردیان بەسەردا دابەشکراوە. شاری موسڵ سیمای کوردایەتی خۆی لێزەوتکراوە تەنانەت لە مێشکی کورد و بزووتنەوەی کوردایەتیدا زۆر لەمێژە سڕاوەتەوە.. ڕژێمی بەعس هەر لەسەرەتاکانی دەسەڵاتیەوە هەوڵی ئەوەی داوە کوردستان وێران بکات و سیمای کوردانەی لێ بسڕێتەوە بە شێوازی جۆراوجۆر هەنگاوی بۆناوە).

ئەوەی کە نووسەر شێخ سدیق ئاماژەی پێداوە، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو شاری موسڵ بە شارێکی کۆنی کوردیی ناودەبات، کە لە لایەک لە لایەن میلیشیا عارەبە ئیسلامییەکانەوە داگیرو بە عارەب کراوە، لەلایەکی تریش بە بەردەوامی دانیشتوانی ڕەسەنی شارەکە کە کوردن دەرکراون‌و زەوی‌و خاکی کورد لەتەواوی پارێزگای موسڵدا بەسەر عارەبە داگیرکەرەکاندا دابەشکراوە، ئەمەش گەورەترین و بەهێزترین بەڵگەی کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شاری موسڵ-ی داگیرکراو و بە عارەبکراو دەگەیەنێت.

شێخ سدیق، لە لاپەڕە (12)ی پەرتووکی (پاکتاوکردنی ڕەگەزی کورد لە مێژوودا)، نووسیوێتی: (لە سەردەمی هێرشی ئیسلام بۆ ناوچەی موسڵ دەستیانگرت بەسەر ناوچەکەداو ناو شارەکەشیان بە عارەبکرد، چونکە پێشتر ئەم شارە ناوی (موسڵ) نەبوو. لە سەردەمی ئارامیەکان ناوی قەڵای ڕۆژئاوا (حصن عبورایا) بووە، بۆ جیاکردنەوە لەقەڵای ڕۆژهەڵات کە (نەینەوا) بووە، لە سەردەمی فارس و کاتی فەرمانڕەوایەتی ئەردەشێر ناوی گۆڕین بۆ (نیو ئەردەشێر)، واتە ئەردەشێری تازە. موسڵ لە چارەگی یەکەمی سەدەی زایینیدا دانیشتوانی بە گشتی کورد بوون).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەری پەرتووک شێخ سدیق، شاری موسڵ وەکو شار و پارێزگا خاکی کوردن و سەر بە کوردستانن، لە لایەک لەبەر ئەوەی لە چارەگی سەدەی یەکەمی زایینیدا دانیشتوانەکەی بە گشتی کورد بووینەو، لەلایەکی تریشەوە عارەبەکان لە ئەنجامی هێرشەکانی خۆیان لەژێر پەردەی ئایین و بڵاوکردنەوەی موسڵمانێتیدا هاتوونەتە کوردستان و شاری موسڵ-یان داگیرو بە

عارەبکردووە. ئەگەر عارەب بە مەبەستی داگیرکردن و زەوتکردنی خاکی نەتەوەکانی ناعارەبی نەهاتبوو بۆ ناوچەکە، بۆ شاری موسڵ و شارەکانی تری کوردستان کە بە عارەبی کردن، هەر لێنەدەگەڕا کوردی موسڵمانی لێبێت؟

شێخ سدیق، لە لاپەڕە (99)ی پەرتووکی (پاکتاوکردنی ڕەگەزی کورد لە مێژوودا)، دەربارەی پێکهاتەی نەتەوایەتی شاری موسڵ، بەم شێوەیەی نووسیوە: (ڕێژەی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی موسڵ، کورد (71%)، عارەب (24%)و تورک 5%).
ئەو ڕێژەی پێکهاتنەی نەتەوایەتی شاری موسڵ، کوردستانیی بوون و کوردبوونیی ئەو شارە بەدەستەوە دەدات، چونکە کاتێک کە ڕێژەی کورد لە شاری موسڵدا (71%) بێت، کەواتە زۆر بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین ئەو شارە شارێکی کوردیی و بەشێکە لە خاکی باشووری کوردستان.

شێخ سدیق، لە لاپەڕە (409)ی پەرتووکی (پاکتاوکردنی ڕەگەزی کورد لە مێژوودا)، لە بابەتی دەرئەنجامدا نووسیوێتی: (3- یەکەمین شاری کوردستانی ڕووبەڕووی بە عارەبکردن بووبێتەوە شاری موسڵە. 4- لە چارەکی یەکەمی سەدەی زاییندا سەرجەم دانیشتوانی موسڵ کورد بوون. 5- یەکەمین ناوگۆڕینی شاری کورد بۆ عارەبی شاری موسڵ بوو).
ئەو سێ خاڵەی کە شێخ سدیق ئاماژەی پێکردوون، هەر سێکیان بۆچوونی ڕاشکاوی ناوبراو دەردەخەن بەوەی کە ناوبراو شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان دەزانێت. هەروەها مادام سەرجەم دانیشتوانی شاری موسڵ لە سەرەتادا کورد بووینەو، دواتر لە لایەک ڕووبەڕووی شاڵاوی دڕندانەی بە عارەبکردن بووبێتەوە، لە لاکەی تریشەوە تەنانەت ناوەکەشی لە کوردییە وە گۆڕابێت بۆ عارەبی، ئەوە بە دڵنیاییەوە شاری موسڵ شارێکی سەد لە سەد کوردیی و سەر بە کوردستان بووە، بەڵام لە ڕێگای نایاسایی بەکارهێنانی هێزەوە شارەکە داگیرکراوەو هەوڵی گۆڕینی باری دیمۆگرافیای دانیشتوانی شارەکە و سڕینەوەی سیما کوردییەکەی دراوە. لای هەمووشمان ڕوون و ئاشکرایە داگیرکردن ڕەوایەتی نادات بە بەعارەبکردنی شارەکە و، هەر دەبێت ڕۆژێک دابێت دەسەڵاتی داگیرکەر ڕابماڵرێت و شارەکە بگەڕێتەوە باوەشی نیشتمانیی دایک کە

باشووری کوردستانە. ئەو سێ خاڵەی کە نووسەر ئاماژەی پێکردووە، ئاماژەن بۆ کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ–ی داگیرکراو، هەروەها دەریدەخات کە شاری موسڵ هیچ پێوەندییەکی بە عارەب و بە ئێراقەوە نەبووە، بۆیە عارەب لە ڕێگەی داگیرکردن، دەرکردنی زۆرەملێیانەی کورد، گۆڕینی ناوی کوردی شاری (نون ئاوەدان، نون ئاوا، نون ئاڤا، نەینەوا، مسپیلا، مویسیل یان نو ئەردەشێر) بۆ (موصل)ی عارەبی و هێنانی عارەب بۆ ناو شار و پارێزگای موسڵ نابنە خاوەنی ڕاستەقینەی شارەکە.

دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر، لە لاپەڕە (43)ی پەرتووکی (کورد لە چەند تۆمارێکی مێژوویدا)دا دەڵێت: (دوای نزیکەی (90) ساڵ بەسەر شەهید بوونی ئەو شێخە نەمرەی کورد (شێخ عەبدولسەلامی بارزانی) و چوار لە هاوەڵانی لە لایەن تورکەکان لە شاری موسڵی دوێنێ کوردستانی و ئەمڕۆ عارەبستان!؟ دەبێت سوودێک لەو ڕابردووانە وەرنەگرین و ئەزموونی دوازدە ساڵی حوکمڕانی کورد تاڵانفرۆش نەکەین؟).

ئەوەی کە دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر نووسیوێتی، بە بۆچوونی ئەو شاری موسڵ شارێکی کوردیی و کوردستانیی بووە، چونکە نووسەر زۆر ڕاشکاوانە باسی ئەوە دەکات کە ئەو شارە لە ڕابردوودا شارێکی کوردستانیی بووە، کەچی لە ئەنجامی بە عارەبکردن و دەرکردنی زۆرەملێی کورد و، داگیرکردنی زەوی و خاکی کوردان و دابەشکردنیان بەسەر عارەبی داگیرکەردا، سیمای ئەو شارەیان لە شارێکی کوردیی و کوردستانییەوە بۆ شارێکی ئێراقی گۆڕیوە!

دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر، لە لاپەڕەکانی (141–142)ی پەرتووکی (کورد لە چەند تۆمارێکی مێژوویدا)دا دەڵێت: (دامەزرێنەری دەوڵەتی ماد (دیاکۆ/ 700–673 پ.ز) لەپێناو ئازادکردنی ناوچەکانی (لۆلۆ) واتە شارەزوورو (گوتی) واتە کەرکوک و گەرمیان و (سوئی) واتە هەولێر بەدیلی کەوتە دەست ئاشوورییەکانی زەوتکەری خاکی کوردستان و هەر لە دیلیدا مرد. (فراورتیس/ 673–653 پ.ز) هەر لە شەڕی دژی ئاشوورییەکان و بۆ هەمان مەبەست شەهید بوو، تا ئەوکاتەی (کەوی ئەخسار، کیخەسرەو/ 633–575 پ.ز) بەشێکی داگیرکراوی خاکی کوردستانی لە داگیرکەران

پاککردەوەو شاری نەینەوای بە هاوکاری کلدانیەکان گرت. ئەو ڕووداوانە گوزەران، بەڵام بۆ دەبێت ئەمڕۆ نەک هەر داواکردنی شاری هەمەدانی پایتەختی مادەکان و شاری موسڵی مەڵبەندی ململانێی قورسی ئەو سەردەمە لەبەرنامەو کاری ئەمڕۆو سبەینێی بزاڤی کوردایەتی دانەبێت و تەنیا فرمێسکی ڕابردوویان بۆ بڕێژین، لە داواکردنی شاری کەرکوکیش سەرکەوتوو نەبین!).

دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر، پێی وایە کە شاری موسڵ (100%) شارێکی کوردیی و سەر بە خاکی باشووری کوردستانە، کاتێک کە باسی ئەوە دەکات (کەیخەسرەو) بە هاوکاری کلدانییەکان شاری نەینەواو بەشێکی تری خاکی داگیرکراوی کوردستانی ڕزگارکردووە، هەروەها کاتێک کە باسی ئەوە دەکات کە سەرکردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی و نەتەوایەتی کوردستان، شاری موسڵ-ی لە بیر کردبێت و نەیخستبێتە ناو بەرنامەی خۆی، کە ئەمانە هەمووی ئاماژەیە بۆ کوردستانێتیی و کوردێتی شار و پارێزگای موسڵ!

دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (فایلی هەرێمی کوردستانی ئێراق لە بەڵگەنامەکاندا)، کە لە لاپەڕە (10)ی ژمارە (3779)ی ڕۆژی دوشەممە، ڕێکەوتی (19.9.2005)ی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بڵاوکراوەتەوە، دەربارەی خستنەڕووی پەرتووکی (کوردستانی ئێراق لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا)دا لە وەرگێڕانی سەلمان عەلی و پێشەکی و پێداچوونەوەی (سەدیق ساڵح)دا، نووسیویێتی: (هەرێمی کوردستان، ئەو پێگە جوگرافییەی کە هەنووکەش بەدەر لە زانستی جوگرافیا هەر ناوەندو ڕێکخراو و دەوڵەتە بەڕووبەرە خاکێکی (دەوڵەتی ئێراقی) دەزانن، پارت و ڕێکخراوە کوردی و کوردستانییەکان بە هەموو ناوچە کوردنشینەکانی هەر حەوت پارێزگای ئێراق (سلێمانی، هەولێر، دهۆک، موسڵ، کەرکوک، سەلاحەدین، دیالە)ی دەزانن و زنجیرە چیای (حەمرین) بە دوایەمین سنووری باشووری ئەم هەرێمە دادەنێن).

دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر، لە خستنەڕووی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، بۆ جارێکی کەش ناوی شاری موسڵ وەکو شارێکی کوردیی و سەر بە کوردستان ناودەبات، ئەمەش سووربوونی هەڵوێستی نەگۆڕی نووسەری ناوبراو نیشاندەدات سەبارەت بە کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ.

دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (کەرکوک لە پەڕاوێزی ڕووداوەکانی مێژووی کۆندا)، کە لە لاپەڕەکانی (27-36)ی ژمارە (6)ی گۆڤاری (کەرکوک)دا بڵاوکراوەتەوە، لە لاپەڕەکانی (32-33)دا نووسیویێتی: (تراجانی ئیمپراتۆری بێزەنتی بۆ دژایەتی کردنی پارثیەکان لە ساڵی (115ز)دا شاڵاوێکی بۆ سەر ناوچەکانی سوریا و ئەرمەنستان و ئەدیا بینێ دەستپێکرد. کە تیایدا شاری کەرکوکی گرتەوەو تاڵانی کرد، لەلایەکی ترەوە بەهۆی دوو قەشەی مژدەدەری فەلەوە بەناوەکانی (ئەحەی و مارمای) کەوتە بڵاوکردنەوەی ئایینی فەلە لە کوردستان و توانیان لایەنگیرو پەیڕەوان لە ناوچەکانی قردی، بایەزید، موسڵ، کوهستان و میزۆپۆتامیا بە کەرکوک-یشەوە بۆ ئاینەکە پەیدا بکەن. ئەو هەوڵدانە کە سەرەتای سەدەی سێهەمی زایینی بوو).

نووسەر کەیوان ئازاد ئەنوەر، بۆ جارێکی تریش جەخت لەسەر کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەکاتەوە، کاتێک کە باسی ئەوە دەکات لە ڕێگای دوو قەشەی مژدەدەری فەلەوە بەناوەکانی (ئەحەی و مارمای)، ئایینی فەلە گەیشتۆتە شارەکانی کوردستانیی وەکو موسڵ، بایەزیدو هتد.

دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (کەرکوک لە هەڵوێستی سیاسی کوردا) کە لە لاپەڕەکانی (129-132)ی ژمارە (12)ی گۆڤاری (کەرکوک)دا بڵاوکراوەتەوە، لە لاپەڕە (130-131)دا، نووسیویێتی: (بە بۆچوونی من هەتا ئیمڕۆ هەڵوێستەکانمان لە ئاست پاراستن و بەرگریکردن لە شاری کەرکوک هەڵەیەو گەر بەشێوازی ڕامیاری ژیرانەو دیبلۆماسی کارایانە بە پشت بەستن بە ئەزموونەکانی ڕابردوو هەڵوێست لە ئاست ئەو شارە و دەوروبەریدا نیشان نەدەین بە دوور نازانرێت وەک هەر یەک لە شارەکانی (هەمەدان و موسڵ) لە دەستی بدەین و فرمێسکی تیمساحاوی بۆ بڕێژین).

ئەوەی لە سەرەوەدا دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر ئاماژەی پێداوە، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو ناوی شاری موسڵ وەکو شارێکی کوردستانیی لە دەستدراو ناودەبات. ئەمەش دەریدەخات کە

شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانی دەزانێت، بۆیە بەمشێوەیەی نووسیوە.

دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (کوردستان لە نێوان چاڵدێران و بەغدادا)، کە لە لاپەڕە ( ڕۆژنامەی (کوردستانی نویێ)، ژمارە (4354)ی ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (23.8.2007)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (لەلایەکیترەوە کورد لە هەر دوو ڕووداوەکەدا بە ئایین لەخشتەبراو کەوتە پەڕاوێزی ڕووداوە ڕامیارییەکانی مێژووەوە. واتا لە ڕووداوی یەکەمدا ئەو ناوچەیەی پێشتر خۆی فەرمانڕەوایەتی تێدادەکرد، بووە بچووکی و عوسمانییەکانی کرد بە گەورەی خۆی! لە ڕووداوی دووەمیشدا ئەو ناوچەیەی بۆماوەی نزیک بە چوار سەدە بە (ویلایەتی موسڵ) لای عوسمانییەکان و بە (کوردستانی باشوور) لای خودی کورد ناسرابوو، لکێنرا بە دەسەڵاتێکەوە کە نە بە خاک و نە بە نەتەوەو نە بە مەزهەب لەگەڵ کورد یەک نەدەهاتەوە).

ئەوەی کە دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر ئاماژەی پێکردووە، کوردستانێتیی و کوردێتی تەواوی ویلایەتی موسڵ دەگەیەنێت بە شاری موسڵ-یشەوە، چونکە نووسەر ویلایەتی موسڵ بە باشووری کوردستان ناودەبات کە پێشتریش ئاماژەی پێدراوە دوو ناوی جوگرافین بۆ یەک خاک بەکاردێت کە نیشتمانی کوردە، پاشان نووسەر باسی لکاندنی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) دەکات بە ئێراقی عارەبییەوە، کە لە ڕووی خاک، نەتەوەو ئایینزاوە بە جیایان دەزانێت، ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ کوردستانێتیی و کوردێتی شاری موسڵ و تەواوی ویلایەتەکە.

ئەمجەد شاکەلی، لە لاپەڕە (15)ی ئەو پێشەکییەی لە وەرگێڕانی پەرتووکی (کورد گەڵێکی بێ وڵات)ی نووسەری سوێدی (ڕۆینە لۆمبۆرن)ی نووسیوە، دەڵێت: (کەرکوک، خانەقین، شەنگال و شوێنەکانی دیکەش کە داگیر دەکرێن بەدەردی موسڵ دەچن و مەگەر هەر بڵێین بە خودای کاتی خۆی کەرکوک کوردستان بوو).

نووسەر ئەمجەد شاکەلی زۆر بە ڕوونی بۆچوونی خۆی سەبارەت نەک تەنیا بە کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەردەبڕێت، بەڵکو ئەو پێی وایە هەر یەک

لە شارەکانی موسڵ، کەرکوک، خانەقین و شەنگال هەر هەموویان شاری کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانن.

ئەمجەد شاکەلی، لە لاپەڕە (86)ی پەرتووکی (ئەوەی نابێ بگوترێ دەبێ بگوترێ)دا دەڵێت: (خۆ ئەگەر ڕاست بێت و (میدی)یەکان کورد بووبن، ئەوا لە ساڵی (612)ی (پ.ز)ەوە، کە تا ئێستا دەکاتە (2613) ساڵان، کورد لە (نەینەوا)دا زۆرینە بووەو تا ڕادەیەکیش (نەینەوا)ی بەدەستەوە بووە، کەچی یەک فەلەی نەینەوایی نەبووەتە کورد و یەک مەزارگەی فەلەی نەینەواییش، بەدەستی کورد وێران نەکراوە).

ئەوەی لە سەرەوەدا نووسەر ئەمجەد شاکەلی نووسیوێتی، دەریدەخات کە شاری موسڵ شارێکی کوردیی بووە، چونکە لە لایەک وەکو نووسەری ناوبراو ئاماژەی پێکردووە، زۆربەی زۆری دانیشتوانەکەی ئەو شارە کورد بووینە هەر لەکاتی ڕزگارکردنی شاری موسڵ لە لایەن میدییە کوردەکان لە ساڵی (612 پ. ز)ەوە، لەلایەکی تریشەوە بە درێژایی ئەو مێژووە زۆربەی زۆری کاتەکان شاری موسڵ (نەینەوا) بەدەست کوردە وە بووە.

ئەمجەد شاکەلی، لە وتارێکیدا کە لە ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (24.9.2003)دا لەژێر ناوی (سنووری کوردستان)دا لە ماڵپەڕی (کوردستان نێت)دا بڵاویکردۆتەوە، نووسیوێتی: (کە سەدام ڕووخا و ڕژێمی ئێراق گۆڕا، ئیدی هەموو کورد بە خۆیشمەوە، چاوەنۆڕی ئەوە بووین، تەواوی ناوچەکانی باشووری کوردستان، ئەوانەی، کە لەژێر دەسەڵاتی بەغدا بوون، ئیدی یەکسەر بگەڕێنەوە سەر ناوچە پێشتر ئازادکراوەکانی کوردستان. ئەو کارە دەکاتە ئەوەی، کەرکوک (تەواوی کەرکوک)، موسڵ (تەواوی موسڵ)، خانەقین و مەندەلی (دیالا)و بەدرەو جەسسانی (کووت)، بێنەوە ئامێزی دایک و بە سلێمانی، هەولێر و دهۆک، شادبنەوە. موسڵ ئەو شارەی، کە شێخ عەبەیدوڵڵای نەهری، دوای ورمێ، بە دووەم پێتەختی کوردستانی داناوە. هەر زۆری نەبرد، سەرانی کورد، دەستبەرداری بوون و گوتیان موسڵ شارێکی عارەبە. دوای سڕینەوەی موسڵ، سەرانی کورد هەر خۆیان هەزارو یەک گومانیان خستە سەر کوردستانییەتی شاری کەرکوک. یەکێکیان دەڵێت، کەرکوک

کوردستانە، بەڵام شارێکی کوردی نییە، یەکێکی دیکەیان دەڵێت کەرکوک شارێکی کوردییە، بەڵام کوردستان نییە، ئەمی دیکەیان دەڵێت کەرکوک شارێکی ئێراقییە).

بە بۆچوونی نووسەر ئەمجەد شاکەلی، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە نووسەری ناوبراو لە لایەک باسی ئەوە دەکات کە کورد هەمووی لە چاوەڕێی ئەوەدا بووە دوای لەناوبردنی ڕژێمەکەی سەدام، یەکسەر تەواوی شارەکانی (موسڵ، کەرکوک، خانەقین، مەندەلی، بەدرەو جەسسان) کە سەر بە باشووری کوردستان بووینە، بە یەکجار بگەڕێنەوە سەر کوردستان، لەلایەکی تریشەوە باسی ئەوە دەکات کە سەرکردایەتی کوردستانی، هەر لە ختوخۆڕا شاری موسڵ-یان پێشکەش بە برای عارەبی چاوڕەشیان کردو، لە نەخشەی کوردستان سڕییانەوە، ئەمانەش هەمووی دەریدەخەن کە نووسەر باوەڕی تەواوی بە کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شاری موسڵ هەیە.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئەمجەد شاکەلی، لە ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی دەنگەکان، ژمارە (221)ی ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (31.8.2005)داو، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (فیدرالی تەنێ دابەشکردنی دەسەڵات نییە)دا، نووسیویێتی: (کە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان باس لە فیدڕاڵی جوگرافیایی و نەتەوەیی و مێژوویی بۆ کوردستان دەکات، گەرەکە باس لە دیاریکردنی سنووری کوردستان بکات و مەبەستی فیدڕاڵییەک بێت، ئەگەر گوێی خۆی لێ کەڕ نەکات و خۆی لێ گێل نەکات و پاساو بۆ دۆڕانەکانی خۆی نەهێنێتەوەو، خۆی و گەلی کوردستانیش هەڵنەخەڵەتێنێت وەک لەم دەستوورەدا کردیان، تەواوی باشووری کوردستان (ئوستانەکانی موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دەڤەرەکانی خانەقین، مەندەلی و تا دەگاتە بەدرەو جەسسان و کووتیش) بگرێتەوە).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر ئەمجەد شاکەلی، شاری موسڵ وەکو شار و پارێزگا شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە ناوبراو تەواوی پارێزگای موسڵ بە یەکێک لە شارەکانی باشووری کوردستان دەزانێت، کە لە لایەن شۆڤینیستان و ئیمپریالیزمی عارەبییەوە داگیرو بە عارەبکراوە.

سیروان کاروانی، لە لاپەڕە (2)ی ووتارێکیدا بە ناوی (موسڵ و کورد) کە لە ماڵپەڕی (دەنگەکان)دا ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (1.6.2005)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (موسڵ شارێکی گەورەیە لە بەشی خوارووی کوردستان. ئەم شارە لە مێژوودا چەند ناوێکی بەخۆوە گرتووە ئەمیش بەهۆی چەندان جار دەست بەسەرداگرتنی لە لایەن دەسەڵاتی جۆراو جۆرەوە).

ئەوەی کە نووسەر سیروان کاروانی باسیکردووە، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەردەخات، چونکە نووسەری ناوبراو پێی وایە ئەو شارە یەکێکە لە شارە گرنگەکانی باشووری کوردستان، کاتێک کە شاری موسڵ وەکو شارێکی گەورەی باشووری کوردستان ناودەبات، لەلایەکی تریشەوە نووسەر شاری موسڵ بە شارێکی داگیرکراو ناودەبات لە لایەن عارەبەوە.

سەردار جەباری، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (ئاورێک لە رابردو، تێڕوانینێک لە ئەمڕۆ بیرێک لە ئایندە)دا کە لە لاپەڕە (133–158)ی ژمارە (12)ی (گۆڤاری کەرکوک)دا بڵاوکراوەتەوە، لە لاپەڕە (150)دا نووسیویێتی: (داوای کورد لە هەموو کوردستان دەوڵەتی کوردییە، تەنانەت پارێزگای موسڵ هەمیشە لە ڕێزی داواکارانی مافی کورد دانەبڕاوەو هاودەردی نەتەوەکەی خۆی بووە وەک هەموو ناوچەکانی تری کوردستان).

سەردار جەباری، زۆر بوێرانە بۆچوونی خۆی سەبارەت بە کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شاری موسڵ دەردەبڕێت و، پێی وایە شارەکە وەکو شار و پارێزگا سەر بە کوردستانن و، گەڕانەوەی پارێزگای موسڵ بە تەواوی بۆسەر کوردستان هەردەم یەکێک بووە لەداواکانی گەلی کوردستان، ئەمەش دەریدەخات کە ئەو شارە شارێکی کوردیی و کوردستانیەو، کوردەکان نایانەوێت عارەبی داگیرکەر ئەو شارە لە خاکی باشووری کوردستان دابڕن.

دکتۆر سەربەست تۆفیق، لە لاپەڕە (32–33)ی پەرتووکی (الفیدرالیة الکوردستانیة والتوقعات المستقبلیة دراسة قانونیة)دا نووسیویێتی: (ئەوەی پێویستە بووترێت ئەوەیە کە ژمارەی گەلی کورد، نزیکەی (30) ملیۆن کەس دەبێت و لە پێوانەیەکی (500) هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە دادەنیشن و، زۆربەی هەرە زۆری ناوچەکانی

کوردی گرنگییەکی ئابووری گەورەیان هەیە هەروەکو (کەرکوک، کرمانشاه، خانەقین، موسڵ و دیاربەکر). بەرز نەکردنەوەی دۆزی کورد بۆسەر گۆڕەبانی ڕامیاری نێونەتەوەیی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئارەزوو، وە خۆ دوورخستنەوەی وڵاتانی زل هێز لەوەی نەوەک ناوچەیەکی تری گرژی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست ببێت).

به گوێرەی بۆچوونەکانی دکتۆر سەربەست تۆفیق، شاری موسڵ یەکێکە لە شارەکانی کورد و سەر بە کوردستانە، چونکە دکتۆری ناوبراو پێی وایە شارەکانی موسڵ، کەرکوک و خانەقین شاری کوردین و گرنگیی ئابووری گەورەیان هەیە بۆ کوردستان. ئاشکراشە کە کاتێک شاری موسڵ و شارەکانی تری ناوبراو شاری کوردی بن، کەواتە شاری سەر بە کوردستانن کە وڵاتی کوردە.

دکتۆر سەربەست تۆفیق، لە لاپەڕە (38)ی پەرتووکی (الفيدرالية الكوردستانية والتوقعات المستقبلية دراسة قانونية)دا نووسیویێتی: (لە ساڵی 1924دا کۆمیسیۆنێک لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەکان پێکهات بۆ لێکۆڵینەوە لە هەلومەرجی ناوچە داگیرکراوەکانی کوردستانی ئێراق (ویلایەتی موسڵ).

سەرەتا بڕیاری پێکهێنانی کۆمیسیۆنێک لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ڕێکەوتی (30.9.1924) بووە، پاشان کاتێک کە دکتۆر سەربەست تۆفیق کوردستانی ئێراق بە ویلایەتی موسڵ ناودەبات، کەواتە تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە)، شاری کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستانن).

مەریوان دەوڵەت، لە لاپەڕە (8)ی پەرتووکی (شێوەی نووسینی کوردی بەپیتی لاتینی)دا نەخشەیەکی کوردستانی باشووری بڵاوکردۆتەوە لەگەڵ دیالێکت و گۆڤەرەکانی کە شارەکانی (هەولێر، سلێمانی، کەرکوک، موسڵ و دهۆک) دەگرێتەوە. نەخشەکە لە کۆتایی ئەو بەشەدا دانراوە.

بە گوێرەی ئەو نەخشەیەی باشووری کوردستان کە مەریوان دەوڵەت لە لاپەڕە (8)ی نامیلکەکەیدا دایناوە، شاری موسڵ یەکێکە لە شارەکانی باشووری کوردستان،

چونکە نووسەر تەواوی شارەکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی بەشێکی دیالە)ی خستۆتە نێو سنووری باشووری کوردستان.

خەسرەو گۆران، جێگری پارێزگاری موسڵ و بەرپرسی لقی (14)ی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە لاپەڕە (78)ی پەرتووکی (کورد لە پارێزگای مووسڵ)دا نووسیویێتی: (شەرەفان، گۆڤەیی و زێدک لە بنەڕەتدا دەگەڕێنەوە بۆ زنجیرەیەک تیرە کە بە هەر هەموویان، بەتێکڕایی دەوترێت (کۆچەری ئەرتۆشی) و ناوچەکانی نیشتەجێ بوونیان ئەمڕۆکە هەر لە نزیک موسڵ-ەوە هەڵدەکشێت هەتا دەریاچەی وان لە کوردستانی باکوور و لە چەند پارێزگایەکدا نیشتەجێن، (پارێزگاکانی موسڵ و دهۆک) لە (کوردستانی ئێراق)داو شەرنەخ، هەکاری و وان لە (کوردستانی تورکیا)، هەتا پەنجاکان یەکێتییەکی خێڵەکییان پێکدەهێنا کە پێی دەگوترا (ئەرتۆش)و لە سەدەکانی ڕابردوودا میرنشینێکی کۆچەری سەربەخۆ بووە لە کوردستانی تورکیادا).

ئەوەی خەسرەو گۆران نووسیویێتی، پارێزگای موسڵ بە تەواوی پارێزگایەکی سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە نووسەری ناوبراو پارێزگاکانی موسڵ و دهۆک بە پارێزگای سەر بە کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان) ناودەبات. ئەوەش ئاشکرایە کە کوردستانی ئێراق بۆ خاکی کورد لە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بەکاردێت.

خەسرەو گۆران، لە لاپەڕە (21)ی پەرتووکی (کورد لە پارێزگای مووسڵ)دا نووسیویێتی: (ناوچە کوردنشینەکان لە پارێزگای موسڵ تەنیا قەزای ئاکرێ و شێخان ناگرنەوە، بەڵکو چەند قەزایەکی دیکەی ئازاد نەکراو دەگرنەوە خۆیان و، پێویستە لەسەر ئێمە ئەم مەسەلەیە لەبیر نەکەین و لە ناوچە کوردنشینەکانی دیکەی ئازادنەکراو خۆش نەبین، کە کەوتوونەتە پارێزگای موسڵ، تەنانەت لە خودی شاری موسڵ-یش خۆشنەبین کە نیوەی دانیشتوانی کوردن یاخود ئەو کوردانەن کە بەزۆرەملێ بە عارەبکراون).

ئەوەی کە نووسەر خەسرەو گۆران نووسیویێتی، بۆچوونەکانی ئەومان بۆ دەردەخات کە نیوەی شاری موسڵ-یش بە خاکی کورد و بەشێکی دانەبڕاوی باشووری کوردستان دەزانێت.

خەسرەو گۆران، لە لاپەڕە (91)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (سریانە ئەرسۆدۆکسەکان پەتریارکییەییێکیان هەیە بە ناوی پەتریارکییەی ئەنتاکیەو هەموو ڕۆژهەلات کە (21) ئەبرەشیەی (ناوچەی بەڕێوەبەرێتی ئایینی) هەیە کە دوانیان لە کوردستانە:

أ- مەتڕانیەی موسڵ.

ب- مەتڕانیەی دێرمارمەتی.

شوێنی دانیشتنی ئەو تایفەیە لە کوردستان لە (موسڵ، کەرکوک، شنگال، بەرتللە، قەرەقۆش، بەعشقە و بەحزانیێ)یە.

ئەوەی نووسەر خەسرەو گۆران ئاماژەی پێکردووە، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە ناوبراو مەتڕانیەکانی موسڵ و دێرمارمەتی بە دوو ئەبرەشیەی کوردستان و سەر بە یەکێک لە پەتریارکەی سریانە ئەرسەدۆکسەکان ناودەبات.

خەسرەو گۆران، لە لاپەڕە (106)ی هەمان سەرچاوەی سەرەوەدا دەڵێت: (کورد هەر لە کۆنەوە لە موسڵ ژیاون، هەروەک لە ساڵی (637ز)دا هاتووە موسڵ لەدوو بەش پێکهاتووە، بەشێکیان مەجوسەکان (کورد)ی تێدا ژیاوەو بەشەکەی تریش مەسیحیەکان).

ئەوەی کە خەسرەو گۆران باسی دەکات، کوردێتیی و کوردستانێتیی تەواوی شار و پارێزگای موسڵ دەردەخات، کاتێک کە باسی ئەوە دەکات لە سەدەی حەوتەمی زایینیدا شاری موسڵ لە دوو بەشی کوردیی و کریستانیی پێکهاتووە، ئەمەش بۆمان ئاشکەرا دەکات کە عارەب لەو مێژووەدا بوونی نەبووە لە شاری موسڵ، کەواتە موسڵ هیچ پێوەندییەکی بە عارەب و ئێراقەوە نەبووە، بەڵکو دواتر لە لایەن عارەبی موسڵمانەوە داگیرکراوە.

خەسرەو گۆران، لە لاپەڕە (109)ی سەرچاوەی ناوبراودا دەڵێت: (ئەمڕۆش کوردەکانی موسڵ بە پلەی یەکەم لە هۆزەکانی شەبەک، گۆران، کیکان، گۆپی، ڕێکەوتی، ڕێکانی، هەرکی، کۆچەر، گەرگەری، ئێزیدی و هەندێ هۆزی دی پێکهاتوون و، ئەگەر ئێستا لە موسڵ-دا سەرژمێریەکی ڕاستەقینە بکرێ ئەوا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەوا دانیشتوانی موسڵ نزیکەی نیوەیان یان پتریان کوردن).

ئەوەی کە نووسەر خەسرەو گۆران ئاماژەی پێکردووە، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە دوای ئەو هەموو ڕاگواستن وەی کورد لە شار و پارێزگای موسڵ و دەست بەسەرا گرتنی زەوی و خاکی کوردەکان، هەروەها جێنشینکردنی عارەبی داگیرکەر لە شوێنی ئەوان، کەچی هێشتا ژمارەی کورد لە پارێزگای موسڵ نیوەی ژمارەی دانیشتوان یان پتر لە نیوە بێت، کەواتە شارەکە شارێکی کوردییە و سەر بە باشووری کوردستانە.

خەسرەو گۆران، سەعید مەموزینی و دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی، لە پەرتووکەکانی (کورد لە پارێزگای موسڵ)و (موسڵ و کورد لە دوای ئازادی) و (الحياة الحزبية في الموصل 1926-1958)دا باسی بنەماڵەکانی: (جەلیلییەکان (کوردی دیاربەکرن)، ئەلحەساوی، ئەلشەهوان، بن هیلال، جۆلبۆ، جومێرد، قەسار، ئال جادری، ئاغەوات، کەشموله، ئەلعومەری، ئال چلمێران، ئال کەماله (کامەلای کوردی)، ئال سعرەتی (کوردی شاری سیرەت بووینە)، دیوەچی، سابونچی، مەحەلی، حەمۆ جەبەلی، ئال زەرزی (لە خێڵی زراری کوردن)، ئال جومرد (لە بنچینەدا دانیشتوانی ئامێدی بووینە)، ئال گەسۆ (کوردی مزورین)، شوشی (کوردی گوندی شوشێی زێباری بووینە)، ئال شەبخون، ئال قەدۆ، ئال خۆشی، ئال بەکر جەلەبی ئەلخەیات، ئال موهتەدی، ئال جاجان، ئال حەیۆ، نەجم جادر، ڕەزوانی ئال ڕەشادو ئال مودەڕس (دانیشتوانی گوندی ربتەکی مزوری بووینە)، خالدی کە خۆیان دەگەڕێننەوە بۆ نەوەی خالیدی کوڕی وەلید و عەباسی کە خۆیان دەگەڕێننەوە بۆ نەوەی عەباسی مامی محەمەدی کوڕی عەبدوللا)یان کردووە، کە هەر هەموویان کورد بووینەو، لە ئەنجامی شالاوەکانی بە عارەبکردندا بە عارەبکراون.

پێم وایە ئەوەی شارەزایی لە مێژووی عارەب و ئیسلامدا هەبێت یان مێژوویەکەیانی خوێندبێتەوە، گومانی لەوەدا نامێنێت کە یەکێک لە ئامانجە دیارەکانی

عارەب و ئیسلام بەعارەبکردنی ئاشکرای خاک و نەتەوە ناعارەبەکان بووە، بگرە بەو نەتەوانەی کە موسڵمانیش بووینە. بۆ نموونە ئێستاشی لەگەڵدا بێت زۆربەی هەرە زۆری عارەب و پارتە ئیسلامییەکانی ئێراق و وڵاتانی عارەبی و جیهانی هۆزەکانی (ئێزیدی، شەبەک، گەڕگەڕییەکان و چەندان تیرەی تری کورد) کە کوردی ڕەسەنن بە عارەب دادەنێن. ئەو بۆچوونانەی شۆڤینیستە عارەبەکان و ئیسلامیە ڕەگەزپەرستە عارەبییەکان هەر هەمووی لە خزمەت و بەرژەوەندی شۆڤینییەتی عارەبدایە. ئاخر بە عارەبکردنی ئەو هەموو بنەماڵە کوردەی دانیشتووی ناو شاری موسڵ و دەوروبەری کە ژمارەیان نزیکەی (35) بنەماڵەیە، دەبێت تا چەند زیانی بە کورد و کوردستانێتیی شاری موسڵ گەیاندبێ؟ دڵنیام کە بەعارەبکردنی دانیشتوانی کوردی موسڵ کە دەچێتە خانەی بە جینۆسایدکردن، زیانی بەعارەبکردنی دانیشتوانی کوردی ڕەسەنی موسڵ یەکجار زۆرترە لە زیانی بەعارەبکردنی شاری موسڵی سەر بە خاکی کوردستان، چونکە هەردەم زیانی بە عارەبکردنی تاکەکانی نەتەوەیەک زۆرترە لە زیانی بەعارەبکردنی خاکی ئەو نەتەوەیە! باشە بە عارەبکردنی ئەو (35) بنەماڵە کوردەی دانیشتووی موسڵ کە ژمارەیان بە سەدان هەزارو بگرە بە ملیۆن کەس دەبێت، کاری نەکردۆتە سەر بەعارەبکردنی شار و پارێزگای موسڵ؟ ئایا سیمای کوردبوونیی شارەکە و دیمۆگرافیای کوردیی شارەکەی نەگۆڕیوە لە بەرژەوەندی نەتەوەی عارەبی داگیرکەر؟ دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی ژمارەی ئەو بنەماڵانەی کە بوونەتە عارەب بە نیوەی ژمارەی دانیشتوانی موسڵ دادەنێت!!

خەسرەو گۆران، لە لاپەڕە (78)ی پەرتووکی (کورد لە پارێزگای مووسڵ)دا نووسیویێتی: (تورکمانەکان کەمە نەتەوایەتییەکی کوردستانی ئێراقن و لە گەلێ شار و شارۆچکەدا نیشتەجێ بوونەو بە پێی سەرژمێری ساڵی(1957)، کە (28%)ی دانیشتوانی قەزای تەلەعفەرو (21.4%)ی پارێزگای کەرکوک و (4.8%)ی پارێزگای موسڵ و (2.5%)ی دانیشتوانی پارێزگای هەولێریان پێکهێناوەو سەرجەم ژمارەیان لە ئێراقدا (142) هەزار کەس بووە، کە (2.16)ی سەرجەم دانیشتوانی ئەوسای ئێراقی پێکدەهێنا).

بە گوێرەی بۆچوونی خەسرەو گۆران، شاری موسڵ یەکێکە لە شارە گرنگەکانی باشووری کوردستانە، لەبەر ئەوەی نووسەری ناوبراو لە باسی تورکمانەکانی باشووری کوردستان (کوردستانی ئێراق)دا، ناوی پارێزگاکانی موسڵ، کەرکوک و هەولێری بە سێ پارێزگای سەر بە باشووری کوردستان ناوبردووە.

خەسرەو گۆران، لە لاپەڕەکانی (175–176)ی بەشی یەکەمی پەرتووکی (کوردستان لە مێژوودا)، نووسیویێتی: (وشەی ئێستای موسڵ لە ناوی ڕەسەنی شارەکە (مویسیل) کە پێش هاتنی عارەب بۆ ناوچەکە بە پتر لە هەزار ساڵ، زەینەفۆن باسی کردووە، وەرگێڕاوە، ئەم ناوە (مویسیل) تا ئێستاش کوردان بەکاری دەهێنن. بەقسەی زەینەفۆنی مێژوونووس و سەرکردەی لەشکری یۆنانی کە لە ساڵی (401)ی پێش زایین بە کوردستاندا تێپەڕیوە، بۆیە پێی دەگوترا مویسیلا چونکە شورەو کۆشکەکانی بەزۆری لە بەردی زەردی مویسیلا دروستکرابوون).
ئەوەی خەسرەو گۆران باسی کردووە، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەر لە باسی هاتنی لەشکری یۆنانیدا، باسی ئەوە دەکات کە لە ساڵی (401پ.ز)دا لەشکرەکەی (زەینەفۆن) بە کوردستاندا تێپەڕیوەو باسی شاری موسڵی کردووە، ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە نووسەر شاری موسڵ بە بەشێکی کوردستان دەزانێت، بۆیە بەمشێوەیە باسی شاری موسڵ–ی کردووە.

خەسرەو گۆران، لە دیمانەیەکدا لەژێر ناوی (تورکیا لە ڕێگەی بەرەی تورکمانی دەستی لەتێکدانی ئارامی شاری موسڵ–دا هەیەو لەو بارەوە بەڵگەمان لەبەر دەستدان)، کە عارف زێرەڤان ئەم دیمانەیەی ئەنجام داوەو، لە لاپەڕە (9)ی ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە (260)، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (3.10.2006)دا بڵاوکراوەتەوە، لە وەڵامی پرسیاری: با باسی خودی شاری موسڵ بکەین. کاتێک مرۆڤ تەماشای مێژووی کۆنی عوسمانییان دەکا موسڵ هەمیشە پایتەختی باشووری کوردستان بووە، کاتێک باسی باشووری کوردستان دەهاتە گۆڕێ، موسڵ هەمیشە بە مەڵبەندی باشووری کوردستان هەژمێر دەکرا. کورد چ دەکەن لە بارەی موسڵ–ەوە؟ خەسرەو گۆران دەڵێت: (ئەگەر لە ساڵانی (1920–1925)

کاتێک کێشە لەسەر موسڵ هاتە کایەوە، موسڵ ببوایە دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ یاخود بکەوتایە نێو سنوورەکانی تورکیا بێ یەک و دوو موسڵ شارێکی کوردی دەبوو. موسڵ وەکو ئورفا، وەکو ئامەد شارێکی کوردستان دەبوو لەبەر ئەوەی دەوروبەرەکەی هەموو کورد بوو، هەروەها لەنێو شارەکەشدا کورد زۆر بوون. بەڵام لەبەر ئەوەی موسڵ نە بووە تورکیا نە بووە دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ، بووە شارێکی ئێراقی و بەرە بەرە زمانی عارەبی و عارەب لە موسڵ بەهێز بوون و بووە شارێکی عارەبی. بەڵام بە گوێرەی مێژوو موسڵ پایتەختی هەموو باکووری ئێراقە، واتە پایتەختی هەولێر، دهۆک، سلێمانی و کەرکوک بوو، بەڵام ئەوکاتیش عارەب لە موسڵ هەبوون). خەسرەو گۆران، لە درێژەی قسەکانیدا دەربارەی شاری موسڵ دەڵێت: (ئەگەر لە شاری موسڵ دوو ڕیفراندۆم بکرێن لای ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە داوا دەکا لەگەڵ کوردستان بێو ئەوکات دەتوانرێ موسڵ بکرێتە دوو بەش: ڕۆژهەڵاتی دیجلە بۆ کورد و ڕۆژئاوای دیجلەش بۆ عارەبان).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی خەسرەو گۆران، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە کوردستانە، چونکە کاتێک کە باسی شاری موسڵ دەکات پێی وایە ئەگەر ئەو شارە بخرابایە سەر تورکیا یان دەوڵەتێکی کوردیی لە ویلایەتی موسڵ دامەزرایە، ئەوکاتە بێ هیچ گومانێک شارەکە وەکو شارێکی کوردیی دەمایەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان بووە، بەڵام لکاندنی زۆرەملێیانەی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بە دەوڵەتی ئێراق و بە عارەبکردنی زۆر ناوچەی کوردیی، وایکرد شاری موسڵ تاڕادەیەکی زۆر سیما کوردیی و کوردستانییەکەی لەدەست بدات.

خەسرەو گۆران، لە دیمانەیەکدا لەژێر ناوی (20 هەزار خێزانی ئاوارەی موسڵ ڕوویان لە هەولێر و دهۆک کردووە)دا، کە لە لاپەڕەکانی (1-2)ی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (4286)، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (5.6.2007)دا بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت: (لە کۆی (9) قەزای دەوروبەری موسڵ، (6)یان لە لایەن کوردە وە بەڕێوە دەبرێن بەجێبەجێکردنی مادەی (140)یش، ناوچەکانی دیکەش بە خۆرهەڵاتی قەزای ناوەندیشەوە دەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان).

ئەوەی خەسرەو گۆران باسی دەکات، بەلای کەمەوە کوردستانی بوونی بەشی خۆرهەڵاتی شاری موسڵ کە دەکاتە شاری (نەینەوا)، واتە کەناری دەستە چەپی ڕووباری دیجلە دەگەیەنێت.

جەلال جەوهەر عەزیز، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پێشووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرپرسی پێشووی مەڵبەندی دووی کەرکوکی (ی. ن. ک) و، یەکێک لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕان، لە وتارێکدا لە لاپەڕە (175)ی ژمارە (8)ی گۆڤاری (کەرکوک)دا لەژێر ناوی (کوردستان لەسەر بەنداوی ئاودایە، کەچی هەڕەشەی بێ ئاوی لەسەرە)، نووسیویێتی: (مەبەستی حکومەتە ڕەگەزپەرستەکانی ئێراق لە دروستکردنی ئەو بەنداوو پڕۆژانە، ئەوەبوو هەم ئەمبارێکی یەدەکی ئاوی ستراتیجی بۆ خواروو و ناوەڕاست پەیدا بکەن و، هەم بتوانن بەهۆی ئەم پڕۆژانەوە زرنگکاری ڕەگەزپەرستانەیان لە بەعارەبکردنی کوردستان لە ناوچەکانی خانەقین، کەرکوک، دوز، مەخمور و موسڵ جێبەجێ بکەن).
بە بۆچوونی جەلال جەوهەر، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە کوردستان بووە، لەبەر ئەوەی نووسەری ناوبراو لە باسی بەنداوەکانی باشووری کوردستاندا، باسی زرنگکاری ڕەگەزپەرستانەی عارەبی دەسەڵاتداری ئێراقی دەکات لە سیاسەتی بە عارەبکردنی هەر یەک لە شارە کوردستانییەکانی وەکو موسڵ، کەرکوک، خانەقین و هتد. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە نووسەر، شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی و کوردستانیی دادەنێت.

جەلال جەوهەر، لە لاپەڕە (177)ی ژمارە (8)ی گۆڤاری (کەرکوک)داو لە وتاری ناوبراو لە سەرەوەدا، نووسیویێتی: (ئاو کە سامانێکی نیشتمانییە کراوە بەچەکێکو دژی میللەتی کورد بەکاردێت، لەپای ئەم داهاتە زۆرەی ئاوی کوردستان حکومەتەکانی ئێراق، توانیویانە بە دەیان هەزار خێزانی عارەب، لە دەوروبەری پڕۆژەکانی ئاودێری لە سنووری کەرکوک، دیالە و موسڵ نیشتەجێ بکەن و میللەتی کوردیش لەو ناوچەیە دەربکەن).
ئەوەی کە نووسەر جەلال جەوهەر باسیکردووە، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەردەخات، چونکە نووسەری ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە میرییە

یەک لەدوا یەکەکانی ئێراقی، بە بەردەوامی دانیشتوانی ڕەسەنی شارەکانی موسڵ، کەرکوک و دیالە کە کوردن دەربکەن و، عارەبی داگیرکەر لە شوێنی کوردەکان نیشتەجێ بکەن. هەروەکو پێشتریش باسی ئەوەکرا، کە لە هەر ناوچەو هەرێمێک ڕاگواستنەوەی کورد و بە عارەبکردن هەبووبێت، ئەوە بێ هیچ گومانێک و بە دڵنیاییەوە ئەو ناوچەو هەرێمە هی کورد و بەشێک بووە لە خاکی کوردستان.

جەلال جەوهەر عەزیز، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (وەڵامی چەند پرسیارێکی تایبەت بە پاکتاوکردنی نەژادی لە کوردستان)دا کە لە ژمارە (11)ی گۆڤاری کەرکوک، لاپەڕەکانی (7–34) بڵاوکراوەتەوە، لە لاپەڕە (14)دا سەبارەت بە شاری موسڵ نووسیویێتی: (بەرزبوونەوەی دانیشتوانی عارەب لە شارەکانی (موسڵ، هەولێر، کەرکوک و دیالە) بەشێوەیەکی زۆر بەرزبۆتەوە بۆ نموونە لە موسڵ: عارەب پێش هاتنی ئیسلام لە موسڵ نەبوون، دوای هاتنی ئیسلام ژمارەیان بەرزبووەو، لە ساڵی (1922)دا ڕێژەیان (40.40%)ی دانیشتوان بوو، لە ساڵی (1947)دا ئەو ڕێژەیە بەرزبۆتەوە، لە ساڵی (1957)دا بەرزبۆتەوەو بووە بە (56.1%)ی دانیشتوان، لە ساڵی (1977)دا بەرزبۆتەوەو گەیشتوەتە (73.7)ی دانیشتوان).

ئەوەی جەلال جەوهەر ئاماژەی پێکردووە، سەبارەت بە بەرزبوونەوەی ڕێژەی عارەب لە شاری موسڵ–دا لەنەبوونەوە لەپێش هاتنی ئیسلام بۆ(73.7)ی دانیشتوانی موسڵ، مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو شارە ڕووبەڕووی شاڵاوێکی نادادپەروەرانەو دڕندانەی بەعارەبکردن بۆتەوە، لە هەمان کاتیشدا کوردی ڕەسەنی شارەکە بەزۆر ڕاگوێزراوەتەوەو دەرکراوە یان بەزۆر بە عارەب ناونووس کراون. هەر شارێکیش ڕووبەڕووی شاڵاوەکانی بەعارەبکردن بوو بێتەوە، ئەوە بێ هیچ گومانێک شارەکە شارێکی کوردیی و سەر بە کوردستانە، ئەگینا عارەبە شۆڤینی و ڕەگەزپەرستەکانی ئێراق بۆ کوردەکانی شاری بەغدایان ڕانەدەگواست و دەریان نەدەکردن؟ بۆ نموونە تەنیا لە ناوچەی دیالە هەروەکو جەلال جەوهەر لە لاپەڕە (12)ی هەمان بابەتدا ئاماژەی پێکردووە، لە ماوەی نێوان ساڵانی (1925–1957)، کە سی و دوو ساڵی تەواو دەکات نزیکەی (37.346) کەسی عارەب بۆ ئەو پارێزگایە گواستراونەتەوەو لەوێ لە سەر خاکی کورد نیشتەجێکراون.

جەلال جەوهەر، لە لاپەڕە (18)ی هەمان بابەتدا دەڵێت: (لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوو، بەپێی مەزەندەکانی دەزگاکانی حکومەتی هەرێم و مەزەندەی ڕێکخراوە مرۆییەکان کە دەمێکە لە ناوچەکەدان، زیاتر لە حەوت سەد هەزار کەسی کورد لە ناوچەکانی موسڵ، کەرکوک، هەولێر و دیالە، لە جێگەی باب و باپیرانیان دەرکران و سەروەت و سامانیان داگیرکراوە).

لە لایەک دەرکردنی ئەو ژمارە زۆرەی کوردی دانیشتوانی شارەکانی (موسڵ، کەرکوک، هەولێر و دیالە) لە خاکی باب و باپیریاندا، کە جەلال جەوهەر ئاماژەی پێکردووە، هەروەها لەلایەکی تریشەوە گواستنەوەی بێژماری عارەب بۆ ئەو شارانەو نیشتەجێکردنیان لە شوێنی کوردەکاندا، مانای کوردبوون و کوردستانیی بوونی هەر چوار شارەکەی ناوبراو لە سەرەوەدا دەگەیەنێت.

جەلال جەوهەر، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (80 ساڵ تەعریبکردنی کوردستان)دا کە لە ژمارە (5)ی گۆڤاری کەرکوک، لاپەڕەکانی (7–26)دا بڵاوکراوەتەوە، لە لاپەڕە (8)دا لە باسی قۆناغەکانی بە عارەبکردنی کوردستان و دەربارەی قۆناغی یەکەم دەنووسێ: (ئەم قۆناغە لەداگیرکردنی کوردستانی باشوورەوە (ویلایەتی موسڵ) دەست پێدەکات، تا بە فەرمی کوردستانی باشوور خرایە سەر دەوڵەتی ئێراقی تازە دروستکراو، بە بڕیارێک لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە لە 16.12.1925دا).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی جەلال جەوهەر، تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) شاری کوردیی و سەر بە کوردستانن، چونکە نووسەری ناوبراو لە لایەک ویلایەتی موسڵ بە باشووری کوردستان ناودەبات و، لەلایەکی ترەوە باسی ئەوە دەکات کە لە ساڵی (1925)دا بەفەرمی باشووری کوردستان بە بڕیارێکی کۆمەڵەی نەتەوەکان بەزۆرەملێ بە ئێراقەوە لکێنرا. هەموو لایەک ئەوە دەزانێت کە بەپێی بڕیارەکەی کۆمەڵەی نەتەوەکان تەنیا ناوی ویلایەتی موسڵ هاتووە، کەواتە باشووری کوردستان هەر ویلایەتی موسڵ–ە، ڕوون و ئاشکەرایە کە لەو بەروارەی نووسەری ناوبراو ئاماژەی پێکردووە ویلایەتی موسڵ لە هەر یەک لە شارەکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) پێکدەهات، کەواتە هەر هەمان شارەکانی ویلایەتی موسڵ، شارەکانی کوردستانی باشووریشن.

مێژوونووسی بەناوبانگی کورد، پرۆفیسۆر دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد لە لاپەڕە (111)ی پەرتووکی (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد)دا دەنووسێ: (کوردستانی باشوور، وەک هەموو ئەو ناوچەیەی بەر لە شەڕی یەکەمی جیهان بە (ویلایەتی موسڵ) ناسرابوو، بەشێک لە ئیمپراتۆریی فراوانی عوسمانی بوو).

دکتۆر کەمال مەزهەر، لە لایەک باشووری کوردستان و ویلایەتی موسڵ بە یەک یەکەی جوگرافی و بە یەکسانیان دادەنێت، لەلایەکی تریشەوە ویلایەتی موسڵ یاخود باشووری کوردستان بە بەشێک لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ناودەبات، کەواتە یەک شاری موسڵ شارێکە سەر بە باشووری کوردستان، مادام باشووری کوردستان و ویلایەتی موسڵ هەر یەکبن، دووەمیش مادام باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بەشێک بێت لە دەوڵەتی عوسمانی، کەواتە هیچ پێوەندییەکی نە بە عارەب و نە بە دەوڵەتی ئێراقەوە هەبووە. هەموو لایەکیش ئەو ڕاستییە دەزانێت کە باشووری کوردستان، لە ئەنجامی داگیرکردن و بەزۆر لە لایەن تورکەکانەوە بۆتە بەشێک لە دەوڵەتی عوسمانی.

پرۆفیسۆر دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، لە لاپەڕە (174)ی پەرتووکی (کرکوک وتوابعها حکم التاریخ والضمیر)دا نووسیوێتی: (ئەوەی لە هەموو شتێک زۆرتر بەریتانییەکانی وروژاندو، پاڵی پێوەنان بۆ ئەوەی هەموو هەوڵێک بخەنە گەڕ لەپێناوی دوورخستنەوەی کەرکوک لەبزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی و، بە تایبەتیش لەشێخ مەحمود، ئەوەبوو کە شێخ داوای نەوتی کەرکوک و تەواوی ویلایەتی موسڵ-ی دەکرد، لەگەڵ پێوەندی بەستنی ڕاستەوخۆی شێخ مەحمود بە سۆڤیەتەوە، کە ئەمانە هەر هەمووی بەبۆچوونی بەریتانییەکان لەو کاوربارانە بوون کە بە هیچ شێوەیەک ڕێگەیان پێنەدرابوو).

پرۆفیسۆر دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، بۆچوونی سەرکردەی ناوداری کورد (شێخ مەحمود)مان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە شێخی نەمر پێیوابووە تەواوی ویلایەتی موسڵ (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) نیشتمان و خاکی کورد بووە. ئەو داواکارییەی سەرکردەی مەزنی کوردمان شێخ مەحمودی نەمر بە داواکردنی کەرکوک و موسڵ، بەڵگەی کوردێتیی و کوردستانێتیی هەر دوو شارەکە

و تەواوی ویلایەتی موسڵ دەگەیەنێت، کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە گفتوگۆی ئازاری ساڵی (1963)دا لەگەڵ حکومەتی بەعس، هەمان داواکاری هەبووە کە شارەکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) بخرێنە سنووری کوردستان؛ سەرچاوە: (2-444 : ل3).

دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، لە لاپەڕەکانی (5-6)ی پەرتووکی (کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا) نووسیویێتی: (شوێنی ستراتیژی کوردستان لە ناوجەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هێزێکی جولێنەری تری گرنگیی ڕامیاری ئەو دەوڵەتانە بۆ بەرانبەر بە دوارۆژی کوردستان. ئەمە لەپێش شەڕو لە ساڵەکانی شەڕدا بە ڕادەیەکی ئاشکرا لە پڕۆژەی هێڵی شەمەندەفەری بەغدادا دەرکەوت کە ئەویش بەش بەحاڵی خۆی مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووهەمی سەدەی ڕابردوو، واتە بۆ کاتی دەست پێکردنی دانانی گەلێک پڕۆژە بۆ بەستنی دەریای سپی ناوەڕاست بە کەنداوی عارەبەوە (مەبەستی کەنداوی فارسە – دەرسیم) بە هێڵی شەمەندەفەر. ئەوەی لەم بارەیەوە پێویستە سەرنجی بۆ ڕابکێشرێت ئەوەیە کە زۆربەی ئەم هێڵانە دەبوو بە خاکی کوردستاندا تێپەڕن. بەوێنە ئەو پڕۆژەی شەمەندەفەرەی (لۆڤێت کامیرۆن) لە ساڵی (1880)دا دایNابوو بڕیار وابوو ناوچەی ئورفە و ماردین و موسڵ ببڕێت و لەوێوە بەرەو بەغدا و کەنداو درێژ بێتەوە).

دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، لێرەدا بۆچوونی خۆی سەبارەت بە کوردستانی بوونی شاری موسڵ دەردەبڕێت، کاتێک کە ناوبراو باسی ئەو پڕۆژە شەمەندەفەریەی (لۆڤێت کامیرۆن) دەکات، باسی ئەوە دەکات کە ئەو هێڵەی شەمەندەفەر دەبوایە بە کوردستاندا بە شارەکانی ئورفە، ماردین و موسڵ-دا تێپەڕێت. بەمەش دەردەکەوێت کە دکتۆر کەمال مەزهەر شارەکانی موسڵ، ئورفەو ماردین بە شاری کوردستانیی دەزانێت، بۆیە بەمشێوەیە باسی کردوون.

پرۆفیسۆر دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، لە لاپەڕەکانی (71-72)ی پەرتووکی (کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا)، سەبارەت بە موسڵ نووسیویێتی: (ئینگلیزەکان گوێیان نەدایە وەستاندنی شەڕو بە بیانۆی بەندی حەوتەمی

(مۆدرۆس)ەوە کە ڕێگەی دەداتێ لەکاتی پێویستدا (هەموو شوێنێکی ستراتیژی بگرن)، وە بەندی شازدەهەمی کە مەرجی خۆبەدەستەوە دانی هەموو هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە (میسۆپۆتامیا)دا کردبوو بە ماڵ بەسەر تورکەوە - چوونە ناو شاری موسڵ-ەوەو تورکیان لەو ناوەش دوورخستەوەو دوای ئەوە هەر ناوچەیەکی کوردستانی باشوور مابوو داگیریانکردن بەو نیازەی لە دواڕۆژێکی نزیکدا بیانکەنە بەشێک لەو دەوڵەتەی دەیانویست بە ناوی ماندێتەوە لە ئێراقدا دایمەزرێنن).

کاتێک کە دکتۆر کەمال مەزهەر دەنووسێت ئینگلیزەکان چوونە ناو شاری موسڵ و، دوای ئەوە هەر ناوچەیەکی باشووری کوردستان مابوو داگیریانکرد، بۆمان دەردەکەوێت کە دکتۆری ناوبراو شاری موسڵ بە یەکێک لە شارە گرنگەکانی باشووری کوردستان دەزانێت.

پرۆفیسۆر دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، لە لاپەڕە (332)ی پەرتووکی (کوردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى)دا، نووسیویێتی: (هەروەها ناوچە کوردییەکان لەو یاداشتەی کە حکومەتی ئێرانی پێشکەش بە کۆنگرەی (کۆنگرەی ئاشتیی پاریس)ی کردبوو ناویان هاتبوو، ئێران داوای ناوچەیەکی یەکجار فراوانی کردبوو کە نزیکەی تەواوی ناوچە کوردییەکانی عوسمانی دەگرتەخۆی، هەتا داوای شاری موسڵ و ناوچەی دوورتریشی کردبوو، کە هەندێکیان دەکەونە سەر ڕووباری فورات. پرۆفیسۆر م. س. ئیڤانۆڤ، سەبارەت بەو داواکارییەی ئێران دەڵێت: (ئەم داواکارییانەی حکومەتی ئێرانی بریتیبوون لە شێتێتی کە (کۆنگرەی پاریس) ڕەتیکردەوە هەتاوەکو چاوێکیش بەو داواکارییە دابخشێنێت).

ئەوەی دکتۆر کەمال مەزهەر، ئاماژەی پێکردووە، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە دکتۆری ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە ئێران داوای تەواوی ناوچە کوردییەکانی سەر بە دەوڵەتی عوسمانی لە نێویاندا داوای شاری موسڵ-ی کردووە، کەواتە دکتۆر کەمال شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی و کوردستانیی سەر بە دەوڵەتی عوسمانی دادەنێت، بۆیە بەمشێوەیە باسی دەکات. هەمووشمان دەزانین کە خاکی کوردستان و ویلایەتی موسڵ لە ڕێگای داگیرکردن و بەکارهێنانی هێزەوە خرانەسەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.

مێژوونووس جەرجیس فەتحوڵلا، لە لاپەڕە (20)ی پەرتووکی (وریابوونەوەی کورد مێژوویێکی سیاسی 1900-1925)ی چاپە کوردییەکەو، لاپەڕە (15)ی چاپە عارەبییەکە نووسیوێتی: (زاراوەی ویلایەتی موسڵ زاراوەیەکی بەڕێوەبەرێتی عوسمانی بوو ئێستا لە ئالوگۆڕی ڕامیاری نوێدا هیچ جێی نابێتەوە. ئێمە ئێستا زاراوەی باشووری کوردستان یان کوردستانی ئێراق بەکاردێنین).
کاتێک کە جەرجیس فەتحوڵلا، بۆچوونی خۆی سەبارەت بە باشووری کوردستان دەردەخات، لەنێو بۆچوونەکانی ئەودا بۆمان دەردەکەوێت کە تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) شاری کوردیی و کوردستانین، چونکە ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە ویلایەتی موسڵ، کوردستانی ئێراق و باشووری کوردستان هەر سێکیان هەر یەکن.

حەسەن جاف، وەرگێڕی پەرتووکی (وریابوونەوەی کورد مێژوویێکی سیاسی 1900-1925)ی جەرجیس فەتحوڵلا، لە لاپەڕەکانی (24-25)ی ئەو پەرتووکەدا، نووسیوێتی: (پرسی دیکە ئەوەیە کە مامۆستا لە زۆر شوێندا قسەی نووسەرە عارەبەکان دەجوێتەوەو بۆ خۆیشی جاوربار وا دەڵێ گوایا موسڵ شارێکی عارەبییەو عارەب دروستی کردووەو زۆربەی دانیشتوانی عارەبن....!! من هەر ئەوەندە دەڵێم چۆنە ئەم شارە (عارەبیە) لەناو جەرگەی کوردستاندا قوت بووەوەو پەیدا بووە. موسڵ قەت و قەت نە شارێکی عارەبیە و نە هیچ پێوەندیەکیشی بە عارەبەوە هەیە، ئەوەندە هەیە کە ئەو شارە لە ناوچەی بیابانی عارەبیەوە نزیکەو هیچ بەربەستێکی سروشتیش نیە لەو بیابانەی جیا بکاتەوە بۆیە عارەبی رەوەند رویان تێکردوە بۆ لەوەڕاندنی مەڕو ماڵاتەکانیان.. هەواری ئەو مەڕو ماڵات و لەوەڕاندنە پێی دەگوترا (دیار) وەک (دیار ربیعە)و (دیار بکر)... هەر بۆیە موسڵ پێش زۆربەی شارەکانی کوردستان، تووشی تەعریب و نیشتەنی (إستیطان) عارەبی بوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من دڵنیام ئەگەر ئێستا سەرژمێرییەکی بێلایەن و لە لایەن کۆمیسیۆنێکی بێلایەنەوە بکرێ و لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان یان هەر ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی پاک (نزیە) و بێلایەنن، دەردەکەوێ کە ئێستاش هیچ نەبێ لە سەدا شەستی (60%)ی دانیشتوانی موسڵ کوردن و لە هۆزەکانی هەرکی،

زێباری، سورچی، مزوری و زرارین.. هتد لەگەڵ کوردی دیکەش کە لەو شارەدا هەن بەڵام بوون بە عارەب و بە عارەبی قسەدەکەن).

ئەو هەستەی کە نووسەر و وەرگێر حەسەن جاف سەبارەت بە شاری موسڵ دەریبڕیوە، سەد لە سەد کوردبوون و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو پێی وایە شاری موسڵ دەکەوێتە ناو جەرگەی کوردستان و، هەرگیزاو هەرگیز شاری موسڵ نە شارێکی عارەبی بووەو نە هیچ پێوەندی بە ئێراق و عارەبەوە هەبووە. لە هەمان کاتدا ئەو پێی وایە کە شاری موسڵ بەر شاڵاوی سەختی بە عارەبکردن بۆتەوەو ئێستاکەش بەلای کەمەوە (60%)ی دانیشتوانەکەی کوردن. بۆیە بە هەموو پێوەرێک شاری موسڵ خاکی کوردە و سەر بە باشووری کوردستانە.

جەرجیس فەتحوڵڵا، لە لاپەڕە (81)ی پەرتووکی ناوبراودا بە عارەبی و لاپەڕە (95)ی کوردییەکە، نووسیوێتی: (هەرێمی کوردی دەکەوێتە باکووری بەغدا، کە لە ڕووی بەڕێوەبەرێتییەوە بە ویلایەتی موسڵ ناسراوە).

بە بۆچوونی مێژوونووس جەرجیس فەتحوڵڵا، شاری موسڵ و تەواوی شارەکانی سەر بە ویلایەتی موسڵ، شاری کوردین و سەر بە باشووری کوردستانن، چونکە ئەو ئاماژە بەوە دەکات کە ویلایەتی موسڵ هەرێمێکی کوردییە، مادام هەرێمێکی کوردی بێت، کەواتە تەواوی شارەکانی ئەو هەرێمە (ویلایەتی موسڵ) بە شاری موسڵ-یشەوە، شاری کوردستانی و خاکی کوردن.

جەرجیس فەتحوڵڵا، لە لاپەڕە (130)ی پەرتووکەکە بە زمانی عارەبی و لاپەڕە (148) بە زمانی کوردی، نووسیوێتی: (دەرچوونی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) لە بازنەی دەسەڵاتی فەرەنسی و چونە ناو بازنەی دەسەڵاتی بەریتانیا وە گرفتێکی سیاسی گەورەی لە نێوان هەر دوو دەوڵەتدا دروستکرد).

لێرەدا بۆ جارێکی تریش مێژوونووس جەرجیس فەتحوڵڵا، شاری موسڵ بە شارێکی کوردی دەزانێت، چونکە ئەو ویلایەتی موسڵ بە باشووری کوردستان ناودەبات، کاتێکیش کە هەر دوو ناوەکە هەر یەک بن و بۆ خاکی کورد بەکاربێن و

یەکسان بن، کەواتە تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵ-یشەوە، شاری سەر بە باشووری کوردستانن.

جەرجیس فەتحوللا، لە لاپەڕە (177-178)ی پەرتووکەکە بە زمانی عارەبی و لاپەڕە (199) بە زمانی کوردی، نووسیویێتی: (لە نۆزدەی ئازاری ساڵی (1919)دا، هەر دوو مامۆستا خەیرەددین زڕگەلی و یوسف حەیدەر، کە خاوەنی ڕۆژنامەی (المفید) بوون کە لە دیمەشق دەردەچوو، وتارێکی دوورو درێژیان سەبارەت بە پرسی سەربەخۆیی کوردستان نووسیبوو بە ناونیشانی (نامەیەکی کراوە بۆ کوردەکانی باکووری کوردستان و باشووری). کە داوا لە کورد دەکا وریابن و داوای ئازادی خۆیان بکەن و بۆ کوردستانی ئازاد کاربکەن کە سەرجەم ویلایەتەکانی ئەرزڕۆم، وان، بەتلیس، خەرپوت، دیاربەکر، موسڵ و چەند شوێنێکی تر دەگرێتەوە کە سێ ملیۆن و نیو کوردی تیادا دەژی).

بە گوێرەی ئەو نووسینەی مێژوونووس جەرجیس فەتحوللا، هەر دوو نووسەری ڕۆژئاوای کوردستان خەیرەددین زڕگەلی و یوسف حەیدەر، ویلایەتی موسڵ بە کوردستان دەزانن، مادام ویلایەتی موسڵ بەشێک بێت لە کوردستانی مەزن، کەواتە تەواوی شارەکانی ئەو ویلایەتە بە شاری موسڵ-ەوە، شاری کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانن.

جەرجیس فەتحوللا، لە لاپەڕەکانی (220-221)ی پەرتووکەکە بە زمانی عارەبی و لاپەڕە (246) بە زمانی کوردی، نووسیویێتی: (شێخ مەحمود، شای کوردستان، نەک فەرمانڕەوایی کردنی ئەو هەرێمەی داگیرکەری بەریتانی بۆی دیاری کردبوو بەمافی خۆی دەزانی، بەڵکو فەرمانڕەواییتی هەموو باشووری کوردستان واتە ویلایەتی موسڵی بە مافی خۆی دەزانی، بەڵکو بەشێکی گرنگیی کوردستانی فارسیش).

مێژوونووس جەرجیس فەتحوللا، ئاماژە بە بۆچوونی شێخ مەحمودی نەمر دەکات کە ئەو (شێخی نەمر) داوای فەرمانڕەوایی کردنی تەواوی شارەکان و خاکی (ویلایەتی موسڵ)ی کردووە، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە شێخی نەمر شارەکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە)ی بە شاری کوردیی و کوردستانیی داناوە، بۆیە داوایان دەکاتەوە.

جەرجیس فەتحوللا، لە لاپەڕە (259)ی پەرتووکەکە بە زمانی عارەبی و لاپەڕە (285) بە زمانی کوردی، نووسیویێتی: (لە تشرینی دووەمی ساڵی (1922)دا، شێخ مەحمودی نەمر نازناوی پادشای کوردستان-ی لەخۆی ناو خۆی بە خاوەن دەسەڵات دانا بەسەر هەموو وڵاتی کورداندا لە ئێراق بە ویلایەتی موسڵ-یشەوە، ئەمەی کرد بێ گوێدانە ئەوەی کە قەزاکانی کەرکوک و هەولێر لە ویلایەتی موسڵ-دا هیچ ئارەزوییێکیان دەرنەبڕی کە دەیانەوێ ملکەچی حکومەتەکەی ئەو بن).

بۆ جارێکی تریش مێژوونووس جەرجیس فەتحوڵڵا، بۆچوونەکانی شێخ مەحمودی نەمرمان بۆ دەردەخات، بەوەی کە شێخ مەحمود داوای تەواوی ویلایەتی موسڵ و ئەو شارانەی کردووە کە کەوتوونەتە ناوەڕاست و باشووری خۆرهەڵاتی ئێراقی عارەبی واتە ویلایەتەکانی (بەغدا و بەسرا).

حەسەن جاف، وەرگێڕی پەرتووکی (وریابوونەوەی کورد مێژوویێکی سیاسی 1900-1925)ی جەرجیس فەتحوڵڵا، لە لاپەڕە (444)ی لە پەڕاوێزێکدا سەبارەت بە شاری موسڵ، نووسیویێتی: (موسڵ قەت عارەبی نەبووە بەڵکو بەشەکانی دیکەی باشووری کوردستان (تەعریب) کراوە. ئێستەش ئەگەر ڕاپرسی و سەرژمێریەکی بێلایەن و لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا بکرێ زۆرینەی کوردن).

بەپێی بۆچوونی نووسەر حەسەن جاف، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە خاکی باشووری کوردستان، چونکە لە لایەک شارەکە پێشتر سەد لە سەد شارێکی کوردی بووە، بەڵام ڕووبەڕووی شاڵاوی بە عارەب کردن بۆتەوە، لەلایەکی تریش ئەو پێی وایە ئێستاکەش ژمارەی کورد لەو شارە زۆرینەیە، ئەگەر بێتوو هەرکاتێک سەرژمێرییەکی پاک و بێلایەنانە ئەنجام بدرێت.

عەبدولعەزیز یامولکی لە لاپەڕەکانی (26-27)ی پەرتووکی (بیرەوەرییەکانی عەبدولعەزیز یامولکی)دا نووسیویێتی: (ناوچەی کوردستان لە باکوور وا لەسەر بهێڵی درێژیی (40) پلەو لە باشوور (30) پلەو، لە خۆرهەڵاتیش وا لەسەر بهێڵی پانیی (48) پلەو لە خۆراوا (36) پلە. سنووری بەرەو باکوور گۆلی وان و لە باکووری خۆرهەڵاتیەوە بە بەرزیی (16.915) پێ چیای (ئاڕاڕات)ی ئەرمەنستان و

(بایەزید) لە دامێنەکانی باشووریدا هەن. ڕوو بە باکوور کە ناوچەی ئەرمەنستان بەرەو خۆراوا بەجێدەهێڵین، قەڵای (ئاڵشگرد – حەسەن) دەگرێتەوەو دەگاتە باشووری (بایبورد). دوایی کە بەلای جۆگەی (کەلکیت)ی دەوروبەری (شەبین قەرەحەساری)دا دەڕۆین، (زارا) و ناوچەی (دێرسیم)ی لانەی قارەمانان لەخۆدەگرێ. لە خۆرهەڵاتی (سیواس)ەوە ڕوودەکاتە باشوور بەلای خۆرهەڵاتی (قانغال)دا دێت و دەوروبەری (کچەرک)، دێوریگ، عارەبگیر، گورون، ئەلبیسان و مەرعەش لەنێو خۆیدا بەجێدەهێڵێ و بەئاستی ڕووباری (جەیحان)دا دەگاتە زەریای سپی و لە نێزیکی (ئەیاس)دا دەچێتە سەر زەریا. دوای ئەوەی کەناری (یمورتالک) دەگرێتەوە، نێزیک بە (بیاس) بەلای باشووری (گاورتاغی)دا تێدەپەڕێ و ڕوودەکاتە خۆرهەڵات. لە باشووری (ئیسلاحییە)وە بەلای دەوروبەری (کیلیس)ی ناوچەی (جرابلوس)دا دەڕوات و، لەگەڵ ڕووباری (فورات)دا بە یەکدەگەن. لە باشوورەوە شانبەشانی دامێنی چیاکانی سنووری ئێستای تورکیا و سوریا دێت و، دەوروبەری بیرەجک، حەڕڕان، مێردین و لە باشووری (نوسەیبین)یشەوە چیای شەنگال و ناوچەی کوردانی ئێزیدی دەگرێتەوە. لە باشووری موسڵ نێزیکی (گوێڕ) لە خاڵی بە یەکگەیشتنی زێی گەورەو دیجلەدا دەگاتە (دیجلە)و تا (چیای کێوەسوور – حەمرین) ڕوو بە باشوور هاوشانی ڕووبارەکە دەڕوات. دوایی بەئاستی زنجیرەی چیای کێوەسوور (حەمرین) کە ناوچەی نیشتەجێی نەتەوەکانی کورد و عارەب لەیەک جیادەکاتەوە، دەوروبەری توززخورماتوو دەگرێتەوەو ڕووباری دیالە (سیروان) دەبڕێ و شەهرەبان (شەهربانو) لە خۆراوادا بەجێدەهێڵێ و، لە خوارووی (مەندەلی)دا دێتە دامێنی چیاکانی سنووری ئێراق – ئێران لە ناوچەی (دیزفوول) کە باشووری چیاکانی لوڕستان لەخۆدەگرێ. کە شووشتەرو ئەهواز لەلای خۆراوایەوە بەجێدەهێڵێ، لە ناوچەی (بەندەر دیلام) دەگاتە کەنداوی بەسرا. لە خۆراوای (بەندەر بووشیر)، دەوروبەری شیراز لەلای خۆرهەڵاتەوە دەبوێرێ و ناوچەی قەشقایی دەگرێتەوە. لە خۆراوای (ئەسفەهان)ەوە بەرەو باکوور دەبێتەوەو، بە دامێنەکانی زنجیرەی (وزردە کوە)دا (خوڕەمئاباد)و (برووجەرد) دەگرێتە خۆی و، نێزیک بە ناوچەی (ئەکباتان)ی پێتەختی کۆنی میدیا – واتە شاری (هەمەدان)ی ئێستا – لە خۆرهەڵاتی (بیجاڕ)ەوە بۆ (میاندواو)و لەوێوە بەرەو خۆراوا بە بەرزیی (11.830) مەتر لە باشووری (کوەشاهان) درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە لای گۆمی (ورمێ). کە

لەنیوەی باشووری کوردستان رەت دەبێ، بەلای (ڕەزائییە-ورمێ)وە بەرەو باکوور وەردەچەرخێ و، بە دەوروبەری (خۆی)و (قوتوور)و (ماکۆ)و (قەرەکلێسە)ی خۆرهەڵاتی (بایەزید)دا دەگاتە سنووری ئەرمەنستان. ئەوەتا ئەم زەمینە فراوانەی خۆرهەڵاتی نێزیک کە لە ناوچەیەکی سەرتاسەر شاخاویی دروستکردووە، لەو ڕۆژەی مێژووی دێرینەوە کە مرۆڤەکانی دەرکەوتوون تا ئەمڕۆ ئەو کوردانەن کە (ئاری) نەژادن و نیشتمانی باپیرانی خۆیانیان پێکهێناوە).

بە گوێرەی ئەو پێناسەیەی کە عەبدولعەزیز یامولکی بۆ کوردستانی گەورەی کێشاوە، شاری موسڵ دەکەوێتە ناو سنووری باشووری کوردستان، کاتێک کە سنووری کوردستان لەلای باشوورەوە دیاری دەکات. نووسەری نابراو سنووری کوردستانی گەورە لە دامێنی چیاکانی سنووری تورکیا و سوریا دێنێتو، دواتر شۆڕی دەکاتەوە بەرەو شەنگال و ناوچەی کوردانی ئێزیدی، دواتریش لە باشووری موسڵ ڕووە و (چیای حەمرین) دەڕوات، بەمەش شاری موسڵ دەکەوێتە ناو سنووری کوردستان، چونکە بە گوێرەی پێناسەکەی یامولکی شاری موسڵ بەچەندان نزیکەی (110) کیلۆمەتر دەکەوێتە باکووری ئەو هێڵە سنووریەی کە نووسەر بۆ کوردستانی کێشاوە.

عەبدولعەزیز یامولکی، لە لاپەڕە (33)ی پەرتووکی (بیرەوەرییەکانی عەبدولعەزیز یامولکی)دا، لە بابەتی (کوردانی تورکیا)دا، نووسیوێتی: (پێش یەکەم جەنگی جیهانی کاتێک کوردستان لە نێوان حکومەتەکانی تورکیا و ئێراندا دابەشکرابوو، بەڵام دوای جەنگ ساڵی (1921)دا ناوچەیەکی گرنگیی کوردنشین لە دەوروبەری (قارس) بەپێی پەیماننامەی (برست لیتوفیسک) خرایە سەر تورکیا. لەبەر ئەوەی دۆزی موسڵ لەگەڵ ئینگلیزەکاندا یەکلایی کرایەوە، بەو پێیە ناوچەیەک کە بەشێکی تورکیا بوو، جیاکرایەوەو لیواکانی باکووری ئێراقیان لێ پێکهێنرا).

ئەوەی لێرەدا عەبدولعەزیز یامولکی باسی دەکات، دەیسەلمێنێت کە نە ویلایەتی موسڵ هەروەها نە شاری موسڵ هیچ پێوەندییەکیان بە ئێراق و بە عارەبەوە نەبووە، چونکە نووسەری ناوبراو پێی وایە ویلایەتی موسڵ تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی بەشێک بووە لە دەوڵەتی عوسمانی، لە هیچ لایەکیش شاردراوە نییە

کە چۆن عوسمانییەکان لە ڕێگەی پەلامارو داگیرکردنەوە تەواوی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان)یان کردووە بە بەشێک لە دەوڵەتەکەیان.

عەبدولعەزیز یامولکی لە لاپەڕە (35)ی پەرتووکی (بیرەوەرییەکانی عەبدولعەزیز یامولکی)دا، سەبارەت بە شاری موسڵ نووسیویێتی: (لەنێو دانیشتوانە جێگیرەکانی ویلایەتی موسڵ-داو هەر لە دەوروپشتی شاری موسڵ و کەناری دیجلە، نەژادی عارەب لە چەند گوندێکی کاولو پەرێشاندا نەبێ، لە هیچ شارۆچکە و گوندێکی دیکەدا نیشتەجێ نییە. لە خێڵە کۆچەرەکانی عارەب، خێڵی (طي) لە موسڵ و دیاربەکر و هەر دوو خێڵی جبوور و شەممەریش لە دەوروبەری موسڵ و (دێرەزوور) لە هاتوچۆو نائارامیدان و پێوەندییان بەم ویلایەتەوە نییە).

ئەوەی کە عەبدولعەزیز یامولکی ئاماژەی پێکردووە، لە لایەک بەڵگەیەکی تری کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، لەلایەکی تریشەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە نە شار و نە ویلایەتی موسڵ هیچ پێوەندییەکیان بە عارەب و ئێراقەوە هەبووە، بەڵکو لە ڕێگای ئەو داگیرکردنەی کە بەلکاندن ناوی دەبەن، شاری موسڵ و چەندان شار و شارۆچکەی تری باشووری کوردستان بەزۆر بە عارەبکران.

عەبدولعەزیز یامولکی لە لاپەڕە (36)ی پەرتووکی (بیرەوەرییەکانی عەبدولعەزیز یامولکی)دا نووسیویێتی: (موسڵ بە داواکارییەکانی شەریف پاشاو داوای دەوڵەتانی هاوپەیمان لە ئێراق جیاکراوەتەوە. ئەم ویلایەتە (ویلایەتی موسڵ) لەباسەکانی پەیماننامەی (سیڤرە)دا لەبارەی دامەزراندنی کوردستانە وە لەگەڵیک بەندا لە ئێراق جیابووەتەوەو بنچینەی باشووری کوردستانی پێکهێناوە).

ئەوەی کە عەبدولعەزیز یامولکی لە سەرەوەدا نووسیویێتی، ئەوە دەگەیەنێت کە ویلایەتی موسڵ بە تەواوی شارەکانیەوە نیشتمانی کوردە و بەشێکە لە خاکی کوردستان، چونکە لە لایەک بەپێی داواکارییەکانی شەریف پاشای خەندان بەجیا لە ئێراق باسکراوە، لەلایەکی تریشەوە لەسەر داواکردنی هاوپەیمانەکان و بە گوێرەی پەیمانی (سیڤرە)ش بەجیا لە ئێراق باسی کراوە، ئەمەش لەبەرئەوەبوو کە هەموو لایەک دەیانزانی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) لە هیچ کات و سەردەمێکدا

بەشێک نەبووە لە دەوڵەتی ئێراق، کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کە تەواوی خاک و شارەکانی سەر بە ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵ-یشەوە، بەشێکن لە نیشتمانی کورد و خاکی کوردستان.

عەبدولعەزیز یامولکی، لە لاپەڕە (41)ی پەرتووکی (کوردستان و ڕاپەڕینەکانی کورد)دا، نووسیویێتی: (پاش ئەوەی (تەیموور لەنگ) لە ساڵی (1394) بەغدا و تکریتی بە تەواوی تێکوپێک دابوو، رووبە باکوور بۆ کوردستان کەوتبووە رێ و لە هەولێر و موسڵ و دەوروبەری جەزیرە کەسێکی بە ساخی نەهێشتبووەوەو کۆمەڵکوژی کردبوون).

عەبدولعەزیز یامولکی، شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی و کوردستانیی ناودەبات، کاتێک کە باسی لەشکر کێشیەکەی تەیموور لەنگی تەتەر دەکات بۆ ناوچەکەو، باسی ئەوە دەکات کە تەیموور لەنگ بەرەو کوردستان هاتووەو کوشتارێکی ئێجگار زۆری لەدانیشتوانی شارەکانی موسڵ، هەولێر و جەزیرە کردووە، کەواتە یامولکی شاری موسڵ و هەر دوو شارەکەی تریش بە شاری کوردیی و سەر بە کوردستان دەزانێت، بۆیە ئاوا باسی کوردستانی کردوون.

حازم هاجانی، لە لاپەڕە (97)ی پەرتووکی (صفحات من تأریخ الکورد و کوردستان)داو، بە پشتبەستنی بە لاپەڕە (10)ی پەرتووکی (خلاصة تأریخ الکورد و کوردستان)ی نووسەری کورد محەمەد ئەمین زەگی بەگ، نووسیویێتی: (ناوچەی کوردستان بەر لە شەڕی قرم)ی تورکی و ڕوسیا (1877- 1878) لەیەک پاشایەتی پێکدەهات کە ویلایەتەکانی (وان، هەکاری، بایەزید و موسڵ)ی دەگرتەوە، بەڵام دوای ئەو جەنگە کوردستان بەرتەسک کرایەوەو خرایە سەر ئەرزڕۆم).

ئەوەی کە مێژوونووسی کورد محەمەد ئەمین زەکی باسی کردووە، ئاماژەیەکە بە کوردێتیی و کوردستانێتیی ویلایەت و شاری موسڵ، چونکە ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە تاکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمیش ویلایەتی موسڵ هەر بەشێک بووە لە پاشایەتی ناوچەی کوردستان، مادامیش تەواوی ویلایەتی موسڵ سەر بە کوردستان بووبێت، کەواتە شاری موسڵیش بەشێک لە کوردستان و لە خاکی کورد بووە. بەڵام سەبارەت بەجەنگی قرم کە لە سەدەی نۆزدەدا لە نێوان ڕوسیا و تورکیا ڕوویداوە،

بە گوێرەی زانیارییەکانی ویکیپیدیا لە نێوان (28.2.1853 تا 30.3.1856) درێژەی کێشاوە، نەک وەکو لە سەرەوەدا مێژوونووس محەمەد ئەمین زەکی ئاماژەی پێداوە.

محەمەد ئەمین زەکی، لە لاپەڕە (112)ی پەرتووکی (کورتەیەکی مێژووی کورد و کوردستان)دا دەڵێت: (سەرۆکی هۆزی کوردی (ڕاحبا) کە بەدرەدین بوو، لە ساڵی (712)ی کۆچیدا، بەرانبەر بە لەشکری مەغۆل، بەرگرییەکی توندی نواند. لەوکاتەدا وڵاتانی کورد، بەشێوەیەکی سروشتی، لە لایەن میرەکانی مەغۆلەوە، بەڕێوەدەبرا، لە هەندێ جێگای وەکو هەولێر و موسڵ، شەڕو شۆڕ، زۆر درێژەی کێشا).
بە بۆچوونی ئەمین زەکی شارەکانی موسڵ و هەولێر دوو شاری کوردیی و سەر بە کوردستانن، چونکە مێژوونووسی ناوداری کورد محەمەد ئەمین زەکی لە باسکردنی نیشتمانی کورد، هەر دوو شاری موسڵ و هەولێری بە بەشێک لە وڵاتی کوردان ناوبردووە.

محەمەد ئەمین زەکی، لە لاپەڕە (114)ی پەرتووکی (کورتەیەکی مێژووی کورد و کوردستان)دا دەڵێت: (تەیموری لەنگ لە سەفەری (796ک/1397ز)دا، لە دوای دەست بەسەرداگرتن و کاولکردنی بەغدا و تکریت، بەسەر موسڵدا ڕوویکردە کوردستان و میرەکانی کورد، وەکو: فەرمانڕەوای هەولێر (عەلی)، فەرمانڕەوای جەزیرە (ئەمیر عزەدین) کوردی، فەرمانڕەوای حەسەنکێف (ئەمیر سلێمان)، فەرمانڕەوای ماردین (تاهیرالدین)، لەگەڵ فەرمانڕەوای موسڵ و (ئارزەن)دا، بە ئومێدی پارێزگاریکردنی وڵاتەکانیان، چوون بەپیریەوەو پێشنیاری گوێڕایەڵیان کردو، بەم بیرۆکەیە خۆیان لە شەڕی پاڕاست و تەیمور لەنگ لەوێوە ڕوویکردە حەڵەب، جەلالالدین میرانشاهی کوڕی بەسەر کوردستانە وە بەجێهێشت).
ئەوەی کە مێژوونووس محەمەد ئەمین زەکی باسیکردووە، کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە مێژوونووسی ناوبراو شاری موسڵ بە شارێکی کوردستانیی و بە بەشێک لە وڵاتی کوردان دادەنێت، کاتێک کە باسی هاتنی تەیموری لەنگ دەکات بۆ کوردستان و، لە باسی میرە کوردەکاندا باسی میری موسڵ-یش وەکو یەکێک لە میرەکانی سەر بە کوردستان دەکات.

محەمەد ئەمین زەکی، لە لاپەڕە (198)ی پەرتووکی (تأريخ الدول والامارات الكوردية في العهد الاسلامي)دا، نووسیویێتی: (لەو ماوەیەدا، هەواڵی کۆچی دوایی (شاە سەیفەددین غازی) فەرمانڕەوای موسڵ و جەزیرە (باشووری کوردستان) بڵاوبووەوە کە بەر لەمردنیدا ڕایسپاردبوو شاری (جەزیرەی ئیبن عومەر) بدرێت بە (شاە سەنگەر)ی کوڕی و، شاری (عەقر ئەلحەمیدی) بۆ (ناسرئەلدین کشک) و، هەروەها شار و شارۆچکەکانی تری سەر بە جەزیرە و موسڵ-ی دایە (عزەددین مەسعود)ی کوڕی، ئەوەبوو دوای ماوەیەک لە (25)ی ڕەجەبی ساڵی (577)ی کۆچیدا (شاە ئیسماعیل) کۆچی دواییکردو، ئەویش بەر لە کۆچکردنەکەی ڕایسپاردبوو کە (حەلەب) بدرێت بە (عزەددین مەسعود) کە ئەویش بە (سنجار)ی گۆڕییەوە لەگەڵ عیمادئەلدینی برای لە (13)ی موحەڕەمی ساڵی 587ی کۆچی).

بە بۆچوونی محەمەد ئەمین زەکی، شاری موسڵ بەشێکی گرنگە لە باشووری کوردستان، چونکە مێژوونووسی ناوبراو لە باسی مردنی (شاە سەیفەددین غازی) کە فەرمانڕەوای موسڵ و جەزیرە بووە بە بەشێک لە باشووری کوردستان ناوی بردووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو دوو شارە (موسڵ و جەزیرە) لەنێو سنووری باشووری کوردستانن. سەرەڕای ئەوەش محەمەد ئەمین زەکی باسی ئەوەشی کردووە کە سوڵتان حوسێن کوڕی میر حەسەن کوڕی میر سەیفەددین، جگە لە فەرمانڕەوایەتی کردنی میرنشینی بادینان، بۆ ماوەی چوار ساڵیش فەرمانڕەوایەتی موسڵ-ی کردووە، ئەمەش دەبێتە ئاماژەیەک بۆ کوردستانێتیی و کوردێتیی ئەو شارە.

نووسەر حوسێنی مەدەنی، لە لاپەڕە (7)ی پەرتووکی (کوردستان و ئیستراتیژی دەوڵەتان)دا، کە لە چاپی دووەمدا کەوتۆتە لاپەڕە (11)، نووسیویێتی: (کوردستان هەڵکەوتێکی تاک و دەگمەنی ژێئۆپۆلیتیکیشی هەیە: یەکەمیان، کوردستان بە ڕێگای ماشێن و ئاسن دا دوو کیشوەری ئاسیاو ئەوروپا وێک دەخاتەوە. دووهەمیان نەوتە، کانگاکانی پڕپیتی نەوتی موسڵ، کەرکوک و خانەقین کاتی خۆی ڕێگای بۆ بەریتانیا خۆشکرد دەوڵەتی ناسیۆنالی ئێراق لە (وڵاتی نێو دوو ڕووبار)دا دابمەزرێنێ).

بە بۆچوونی نووسەری کورد حوسێنی مەدەنی، شاری موسڵ شارێکی کوردستانییە، چونکە ئەو لە باسکردنی هەڵکەوتەی جیۆپۆلەتیکی کوردستانداو، لە خاڵی دووەمدا کە نەوتە باسی کانگاکانی نەوتی موسڵ و کەرکوک دەکات لە باشووری کوردستاندا، کەواتە حوسێنی مەدەنی هەر یەک لە شارەکانی موسڵ و کەرکوک بە شاری کوردستانی دادەنێت.

نووسەر حوسێنی مەدەنی، لە لاپەڕە (15)ی پەرتووکی (کوردستان و ئیستراتیژی دەوڵەتان)دا، کە لە چاپی دووەمدا کەوتۆتە لاپەڕە (18)، نووسیویێتی: (کوردستانی ئێراق لە (5) پارێزگا پێکدێت)، هەروەها لە نەخشەیەکی کوردستانی مەزندا، کە لە لاپەڕە (14)دا بڵاویکردۆتەوە پێنج پارێزگای باشووری کوردستان: (هەولێر، موسڵ، کەرکوک، دهۆک و سلێمانی)ی لەخۆ گرتووە). نەخشەکە لە کۆتایی ئەو بەشەدا دانراوە.

لێرەدا نووسەر حوسێنی مەدەنی بەڕوونی بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە کوردستانی بوونی شاری موسڵ دەربڕیوە، نابراو لە لایەک پێی وایە کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان) لە پێنج پارێزگا پێکدێت و، لەلایەکی تریشەوە نەخشەیەکی کوردستانی مەزنی بڵاوکردۆتەوە کە شارەکانی (هەولێر، موسڵ، کەرکوک، دهۆک و سلێمانی) لەنێو ئەو نەخشەیەدان، کەواتە ئەو شارانە بە شاری سەر بە باشووری کوردستان دادەنێت.

حوسێنی مەدەنی، لە لاپەڕەکانی (208-209)ی پەرتووکی (کوردستان و ئیستراتیژی دەوڵەتان)دا، کە لە چاپی نوێدا کەوتۆتە لاپەڕە (213)، نووسیویێتی: (ئەوروپاییەکان بە مەبەستێکی ئیستراتیژیک دەیانەویست جێی پێی خۆیان لە کوردستاندا بکەنەوەو بیخەنە ژێرچاوەدێری خۆیان، لە دوو ڕێگاوە خەریک بوون:
یەکەمیان: چونکە کوردستان ئاینزاو ئایینی جۆراو جۆری فەلەی تێدابوو، سەرنجی (میسیۆنێر)ە ئایینی‌یە فەلەکانی بۆلای خۆی ڕاکێشابوو، میسیۆنێرەکان لە لایەن حکومەتەکانیان پشتیوانیان لێدەکراو، توانای دارایی باشیان لەبەردەست دادەنرا، (میسیۆنێر)ەکان لە شارە ئیستراتیژییەکانی کوردستان وەکو موسڵ، ئەرزڕۆم،

دیاربەکر، خارپوت، وان، سیرت، ورمێ و گەلێک شوێنی دیکە بنکەیان دامەزراندبوو، بەڵام بنکەی هەرە بەهێزیان لە موسڵ دانابوو.

دووهەم: دامەزراندنی کۆنسولخانە لە شارە گرینگەکانی کوردستان بوو. دەوڵەتی ڕوسیا لە شارەکانی ئەرزڕۆم، موسڵ، کرماشان، ورمێ، خۆی، سابڵاغ و ماکۆ، بەریتانیا لە ئەرزڕۆم، وان، موسڵ و دیاربەکر و ئەڵمانیاش لە موسڵ کۆنسولخانەیان کردبۆوە).

به بۆچوونی حوسێنی مەدەنی، شاری موسڵ شارێکی ستراتیژی گرنگیی سەر بە کوردستانە، چونکە ئەو لە لایەک لە باسی هاتنی مسیۆنێرەکان بۆ کوردستان باسی ئەوە دەکات کە بنکەی سەرەکییان لە شاری موسڵ داناوە، کەواتە نووسەر پێی وایە ئەو شارە شارێکی کوردیی و کوردستانییە، لەلایەکی تریشەوە لە باسی کردنەوەی کۆنسۆلخانەکانی بیانی لە کوردستاندا، باسی ئەوە دەکات کە ڕوسیا، بەریتانیا و ئەڵمانیا لە شارە گرنگەکانی کوردستاندا کۆنسۆلخانەیان کردۆتەوە، هەر سێ وڵاتی ناوبراویش لە شاری موسڵ کۆنسۆلخانەیان هەبووە، کەواتە حوسێنی مەدەنی شاری موسڵ بە یەکێک لە شارە ستراتیژیی و گرنگەکانی کوردستان دەزانێت.

حوسێنی مەدەنی، لە لاپەڕە (248)ی پەرتووکی (کوردستان و ئیستراتێژی دەوڵەتان)دا، کە لە چاپی نوێدا کەوتۆتە لاپەڕە (254)، نووسیویێتی: (ئینگلیس زۆر زیرەکانە لە جەنگەی شەڕدا ویلایەتی موسڵ کە بەشی هەرە دەوڵەمەندی کوردستانی عوسمانی بوو دەستی بەسەرداگرتبوو، ئیتر پێویستی بەوە نەبوو خۆی بە بەشە هەژارەکەی کوردستانە وە ماندوو بکات. ئەگەر کوردستانی سەربەخۆ لە باکووردا سەقامگیر ببا، بێگومان کوردەکانی ویلایەتی موسڵ – کوردستانی ئێراق – بێدەنگ نەدەمانەوە، بە پێی بڕیارەکانی پەیمانی (سیڤرە) داوای یەکگرتنەوەیان لەگەڵ حکومەتی کوردستان دەکرد. پێچەوانەکەشی هەر ڕاست بوو. لەدەستدانی ویلایەتی موسڵ بۆ ئینگلیز زیانێکی زۆر گەورە بوو، بە هیچ شێوەیەک لە بەرانبەر شتێکی وادا ملی نەدەداو خۆی ڕادەستی نەدەکرد).

له سەرەوەدا نووسەر حوسێنی مەدەنی، بۆچوونی خۆی چەند بارە دەکاتەوە لەسەر کوردستانی بوونی شاری موسڵ، نووسەری ناوبراو ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەمەندترین بەشی کوردستانی عوسمانی دەزانێت، کەواتە ویلایەتی موسڵ بە

تەواوی شارەکانیەوە لە نێویاندا شاری موسڵ وەکو مەڵبەندی ویلایەتەکە، شاری کوردیی و کوردستانین و هیچ پێوەندییەکیان بە عارەب و بە ئێراقەوە نەبووە.

نووسەر حوسێنی مەدەنی، لە لاپەڕەکانی (350–351)ی پەرتووکی (کوردستان و ئیستراتیژی دەوڵەتان)دا نووسیویێتی: (داواکەرانی سەرەکیی ویلایەتی موسڵ یان کوردستانی خواروو، تورک و ئینگلیس بوون. هەموو هێزو توانایان لە ساڵی (1922)ی زایینی ڕا وەکار خستبوو و هەردوو لا بەهیوای وادەی سەرجۆخین! کەڵکیان لە کەسایەتیی شێخ مەحمود وەردەگرت و، کایەیان پێدەکرد).
بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەری کورد حوسێنی مەدەنی، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە نووسەری ناوبراو ویلایەتی موسڵ بە باشووری کوردستان ناودەبات، کەواتە هەر دووکیان هەر یەکن‌و یەکسانن. مادامیش ویلایەتی موسڵ و باشووری کوردستان هەر یەک بن و جیاوازییان نەبێت، کەواتە تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵ–ی مەڵبەندو پایەتەختی ویلایەتەکەش، شاری کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانن.

دکتۆر عەزیز ئەلحاج، سکرتێری پێشووی پارتی کۆمۆنیستی ئێراق – قیادە المرکزیة، لە لاپەڕە (31)ی پەرتووکەکەی خۆیدا بە ناوی (القضیة الکوردیة)دا، سەبارەت بە دیاریکردنی سنووری ویلایەتی موسڵدا، دەڵێت: (تورکەکان بانگێشەی خاوەندارێتی ناوچەی باکووری ئێراقیان دەکرد، کە بە ویلایەتی موسڵ ناودەبرا، ویلایەتی موسڵ واتە هەر (5) پارێزگاکانی باکووری ئێستاکە نەینەوا، هەولێر، دهۆک، کەرکوک و سلێمانی).
بە بۆچوونی دکتۆر عەزیز ئەلحاج، شاری موسڵ بە تەواوی شارێکە سەر بە باشووری کوردستان، چونکە ئەو شاری موسڵ وەکو شارێکی سەر بە ویلایەتی موسڵ یان باکووری ئێراق ناودەبات. هەموو لایەکیش دەزانین کە باکووری ئێراق و کوردستانی ئێراق، دوو زاراوەن لە لایەن شۆڤینیستانی عارەب بەکاردێن لەبری ویلایەتی موسڵ یان باشووری کوردستان.

پارێزەر شێخ سالاری حەفید، لە لاپەڕە (84)ی پەرتووکی (جنوب کوردستان في موازين السياسة الدولية)دا، نووسیویێتی: (وەک ئاماژەم پێکرد وڵاتەکەمان کوردستان دووچاری هەڵسوکەوتەکانی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێراق بۆتەوە- بەڵام باوەڕمەندی باشووری کوردستان هێشتا لەسەر سنوورەکانی یاڵکەوتووە وەک بەشێکی پاشماوە لە دووری دەیان کیلۆمەتر بە بەرفراوانکردنی هێڵی ئاسمانی (36) بۆ (34) جێیەجێ دەکرێت، سەبارەت دڵی باشووری کوردستان یان ئەوەی پێ دەوترێت ویلایەتی موسڵ بەسەر شارەکانی موسڵ، کەرکوک، خانەقین و بە قەزاو ناحیەکانی دیکەی ویلایەتەکە دابەشدەکرێت، کە سەرچاوەی نەوتن).

بە گوێرەی ئاماژەپێکردنەکەی پارێزەر شێخ سالاری حەفید، شاری موسڵ شارێکی کوردییە و دەکەوێتە نێو سنووری باشووری کوردستان، چونکە نووسەری ناوبراو هەر یەک لە شارەکانی موسڵ، کەرکوک و خانەقین نەک تەنیا بە شاری کوردیی و سەر بە خاکی باشووری کوردستان دەزانێت، بەڵکو هەر سێ شاری ئاماژەپێکراو بە دڵی باشووری کوردستان دادەنێت.

پارێزەر شێخ سالاری حەفید، لە لاپەڕە (181)ی پەرتووکی (جنوب کوردستان في موازين السياسة الدولية)دا، نووسیویێتی: (پێوانەی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) نزیکەی (91) هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیەو (4600) گوندو ژمارەیەکی زۆر لە ناحیەو قەزاو پێنج شاری گەورەی (موسڵ، کەرکوک، سلێمانی، هەولێر و دهۆک) دەگرێتە خۆی، کە ژمارەی دانیشتوانیان پێنج ملیۆن کەس دەبێت).

ئەوەی کە پارێزەر شێخ سالاری حەفید باسیکردووە، کوردێتیی و کوردستانێتیی تەواوی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەر زۆر ڕاشکاوانە بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە شاری موسڵ دەردەبڕێت و، ئەو شارە بە یەکێک لە پێنج شارە گەورەکەی باشووری کوردستان دادەنێت.

پارێزەر شێخ سالاری حەفید، لە لاپەڕەکانی (338–339)ی پەرتووکی (جنوب کوردستان في موازين السياسة الدولية)دا، نووسیویێتی: (دوای دۆزینەوەی نەوت لە باشووری کوردستان، حکومەتی بەریتانیا نەیویست ویلایەتی موسڵ کە شارەکانی (سلێمانی، هەولێر، کەرکوک و موسڵ)ی دەگرتە خۆی بە شانشینی تازە دامەزراوی

ئێراق بلکێنی، لەپێناوی بەرهەمهێنانی ئەو نەوتەی کە لەو شارانەدا هەبوون، لەبەرئەوە مافی دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی بە گەلی کورد بەخشی، پێشتریش حکومەتی بەریتانیا بڕیاری بەڕێوەبردنی بەشەکانی تری ویلایەتەکەی دابوو بەهۆی حاکمێکی سەربازی بەریتانی کە لە هەمان کاتدا ڕاوێژکاری شێخ مەحمودی حەفید بوو لە سلێمانی، بەمشێوەیە دوو ماندێت (ئینتیداب) بەسەر ئێراق سەپێنرا، ماندێتی یەکەم بەسەر حکومەتی بەغدا و ماندێتی دووەم بەسەر حکومەتی سلێمانی کە تاوەکو ساڵی (1925) بەردەوام بوو، بەڵام ئەوکاتەی کە حکومەتی بەریتانیا گرێبەستی بەرهەمهێنانی نەوتی لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی ئێراقی (I.P.C)دا مۆرکرد، ئەو گرێبەستە بووە هۆی ڕوخاندنی حکومەتی شێخ مەحمودی حەفید و لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەشانشینی ئێراق بە گوێرەی چەند مەرجێکی دیاریکراوەوە).

دیسان پارێزەر شێخ سالاری حەفید، ڕاشکاوانەو بە ئاشکرا بۆچوونەکانی خۆی دەردەبڕێت و شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی و سەر بە خاکی باشووری کوردستان دادەنێت. هەروەها هۆکاری لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە تەواوی شارەکانییەوە کە بە خاک و نیشتمانی کورد ناویان دەبات بە دەوڵەتی ئێراقی عارەبییەوە، بۆ دۆزینەوەو دەوڵەمەندی ویلایەتی موسڵ بە نەوت دەبەستێتەوە. ئەوە جگە لەوەی کە نووسەری ناوبراو لەو پەرتووکەی خۆیدا (78) جار ناوی ویلایەتی موسڵ-ی بە باشووری کوردستان بردووە، کە ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ کوردێتیی و کوردستانێتیی تەواوی شارەکانی سەر بە ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵ-یشەوە، بەتایبەت کە پێشتریش ئەمە ڕوون کراوەتەوە هەریەک لە ویلایەتی موسڵ و باشووری کوردستان دووناوی جوگرافین بۆ نیشتمان و خاکی کورد کە باشووری کوردستانە بەکاردێن.

پارێزەر سالار حەفید، لە دیمانەیەکدا کە لە لایەن ڕۆژنامەنووس فازڵ نەجیب سازدراوەو لە ڕۆژی (20.3.2005)دا لە ماڵپەڕی پەیامنێر لەژێر ناوی (کەرکوک لە سنووری ئەو حکومەتە کوردییە دایە کە یاسادانەرانی ئەورووپی نەخشەیان بۆکێشاوە... شێخ سالاری حەفید دەدوێت)، بڵاوکراوەتەوە. لە وەڵامی پرسیاری: (ئایا ئەمەریکا لە نەخشەیدایە، کورد بیبەش بکات لە کەرکوک و ئەو ناوچانەی کە تا ئێستا نەگەڕاونەتەوە باوەشی هەرێمی کوردستان؟)دا، شێخ سالار دەڵێت: (نەخێر، بە

بۆچوونی من کەرکوک، شەنگال، موسڵ و خانەقین دەبنەوە بە کوردستان). هەروەها لە وەڵامی پرسیاری: شاری موسڵ لە نەخشەی کوردستاندایە یان بەشێکە لە کوردستان؟ شێخ سالار دەڵێت: (موسڵ لە نەخشەی کوردستاندایەو عارەبیش بە نیسبەت کوردە وە لە نەخشەی کوردستاندا کەمینەیە).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی پارێزەر شێخ سالار حەفید، شاری موسڵ شارێکە لە شارە گرنگەکانی باشووری کوردستان، چونکە نووسەر پێی وایە شارەکانی (موسڵ، کەرکوک، شەنگال و خانەقین) کە دیارترین شارەکانی سەر بە باشووری کوردستانن، تووشی شاڵاوێکی دڕندانەی ڕاگواستنەوەی کورد و بەعارەبکردنی ناڕەوایانە بووینەوە، دەخرێنە سەر ئەو کوردستانەی کە یاسادانەرانی ئەوروپی نەخشەی بۆ داڕشتووە.

شاخەوان شۆڕش، لە لاپەڕە (10)ی پەرتووکی (پاکتاوی ڕەگەزی لە ناوچەی کەرکوک و ئەگەری دەستێوەردانی مرۆڤانە)دا، نووسیویێتی: (دوای دروستکردنی ستاتی ئێراق لە ساڵی (1921)دا لە لایەن وڵاتە کۆلۆنیالیستەکانی بەریتانیای گەورەو فەرەنسا وە، بە یەکەوە لکاندنی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بەستاتی تازە دروستکراوی ئێراق لە لایەن ئینگلیزەوە هەوڵی بۆدرا. سنووری سروشتی ویلایەتی موسڵ کە یەکسانە بە خواروی کوردستان چیای حەمرین بوو، بۆیە ئێراق بەر لە لکاندنی خوارووی کوردستان پێیەوە، بریتی بووە لە ویلایەتی بەغدا و بەسرا کە سنووری باکووری تا سەرووی شاری تکریت دەکشا).

بە بۆچوونی شاخەوان شۆڕش، شار و ویلایەتی موسڵ بە تەواوی نیشتمان و خاکی کورد و کوردستانە. نووسەر باسی ئەوە دەکات کە ویلایەتی موسڵ یەکسانە بە باشووری کوردستان، ئەمەش بۆمانی دەردەخات کە شارەکانی ویلایەتی موسڵ هەمان شارەکانی باشووری کوردستانن. لەلایەکی تریشەوە نووسەر ئێراق بە ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرا دادەنێت و کۆتایی هاتنی سنووری ئەو وڵاتە لەلای باکوورەوە بە کێوەسوور (چیاکانی حەمرین)و سەرووی شاری تکریت لەسەر ڕووباری دیجلە دادەنێت، کەواتە دووبارە نووسەر پێی وایە شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە نووسەری ناوبراو ویلایەتی موسڵ بە ویلایەتێکی سەربەخۆو دوور لە ئێراق باسدەکات، هەروەها کێوەسوور لە

نزیکترین شوێن بۆ موسڵ کە (فەتحە)یە نزیکەی (110) کیلۆمەتر دەکەوێتە خۆرهەڵاتی باشووری موسڵ و شاری تکریت-یش بە نزیکەی (245) کیلۆمەتر کەوتۆتە باشووری شاری موسڵ. کاتێک کە شاری موسڵ بە دووری نزیکەی (110-250) کیلۆمەتر کەوتبێتە باکووری ئەو شوێنانەی کە سنووری ئێراقی لێ کۆتایی پێدێت، بۆ دەبێت شاری موسڵ شارێکی کوردیی و کوردستانیی نەبێت؟ لە کاتێکیشدا کە ناکەوێتە ناو سنووری ئێراق شارێکی عارەبی و ئێراقی بێت؟

شاخەوان شۆڕش، لە لاپەڕە (17)ی پەرتووکی (پاکتاوی ڕەگەزی لە ناوچەی کەرکوک و ئەگەری دەستێوەردانی مرۆڤانە)دا، دەڵێت: (ستاتی ئێراق کە لە ساڵی (1921)دا دامەزرێنرا، بریتی بوو لە ویلایەتی بەغدا و بەسرا، سنوورەکە تا سەرووی شاری تکریت خوار چیای حەمرین (کێوەسوور) هاتووە، ئەمە بەپێی گەلێ سەرچاوەو ڕۆژهەڵاتناس، بۆ نموونە دوای ئەوەی ناکۆکی نێوان ئینگلیز و تورک لەسەر ویلایەتی موسڵ لە سەرەتای بیستەکاندا توندبوو، کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ڕاپۆرتێکدا بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی هەندێ لایەنی گرنگیی کێشەکە، ئاماژە بۆ سنووری ویلایەتی موسڵ دەکات و جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە سنووری ئێراق لە چیای حەمرین یا (تکریت) لەسەر ڕووباری دیجلە، هەروەها (هیت) لەسەر ڕووباری فورات زیاتر تێناپەڕێت).

بە بۆچوونی نووسەر شاخەوان شۆڕش، دیسان شاری موسڵ شارێکی کوردی و سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە نووسەری ناوبراو باسی دامەزراندنی ستاتی ئێراق دەکات کە لە ڕێکەوتی (25.10.1920)دا یەکەمین حکومەت بە سەرۆکایەتی (عەبدولڕەحمان ئەلنەقیب) دامەزراوە، نەک وەکو ئەوەی کە شاخەوان شۆڕش ئاماژەی بە ساڵی (1921) کردووە، کە لە دوو ویلایەتی بەغدا و بەسرا پێکهات و دواتریش لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا بە بڕیارێکی کۆمەڵەی نەتەوەکان و دوور لە خواست و ئارەزووی دانیشتوانەکەی ویلایەتی موسڵ خرایە سەر ئێراق. ئەمانە هەمووی دەریدەخەن کە ویلایەتی موسڵ و بە تایبەتیش شاری موسڵ نە لە دوورو نە لە نزیکەوە هیچ پێوەندییەکیان بە عارەب و بە ئێراقەوە نەبووە. هەروەها شاری تکریت کە نزیکەی (245) کیلۆمەترو شاری (هیت)یش نزیکەی (360) کیلۆمەتر لە شاری موسڵ-ەوە دوورن.

شاخەوان شۆڕش، لە لاپەڕە (19)ی پەرتووکی (پاکتاوی ڕەگەزی لە ناوچەی کەرکوک و ئەگەری دەستێوەردانی مرۆڤانە)دا، نووسیویێتی: (هاتنی عارەب بۆ شارەکانی خوارووی کوردستان جگە لە شاری موسڵ کە زووتر عارەبی گەیشتیّ، لە شوێنەکانی دیکەدا واپێناچێ بەشێوەیەکی ئەوتۆ بووبێ، تاکو لە سەردەمی مەمالیکی عوسمانیدا (1750–1831)، ژمارەیەکی زۆر لە خێزانی سەر بەخێڵەکانی تەی و جبور لە ناوچەکانی قەراج و مەخمور جێنشینکران).

به بۆچوونی نووسەر شاخەوان شۆڕش، شاری موسڵ شارێکەو سەر بە خاکی باشووری کوردستان بووە، لەبەر ئەوەی نووسەری ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە عارەب نەبووە لە باشووری کوردستان جگە لە شاری موسڵ، کەواتە ئەو شاری موسڵ بە شارێکی کوردستانیی دەزانێت، بۆیە ئاوا باسیدەکات.

شاخەوان شۆڕش، لە لاپەڕە (29)ی پەرتووکی (پاکتاوی ڕەگەزی لە ناوچەی کەرکوک و ئەگەری دەستێوەردانی مرۆڤانە)دا، نووسیویێتی: (بەپێی ئەم بۆچوونە یا تیۆرییە هێنانی عارەب و نیشتەجێکردنیان لە کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی مەتحەت پاشای عوسمانی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، لە ساڵانی (1869–1872)دا مەتحەت پاشا هەوڵی داوە گەلێ لە هۆزە کۆچەرە عارەبەکان لە ناوچە کوردستانییەکانی خوارووی کوردستان لە شوێنی جیاجیادا نیشتەجێ بکات، بەمجۆرە توانیویەتی تاڕادەیەکی دیار سەرکەوتن لە نیشتەجێکردنی ئەم هۆزە عارەبانە لە هەندێ ناوچەدا وەک (مەندەلی، بەلەدروز، ناوچەکانی موسڵ و شەڕگات) بەدەست بهێنێ، دیارە لە هەندێ ناوچەدا وەک (قەراج و مەخمور) ئەمەی بۆ نەچۆتە سەر).

به گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر شاخەوان قادر، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە نووسەری ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە چەندان هۆزی عارەبی لە شارە کوردستانییەکانی وەکو (موسڵ، شەڕگات، مەندەلی....هتد) لە سەر دەستی مەتحەت پاشای عوسمانیدا لە سەدەی نۆزدەهەمدا لە باشووری کوردستاندا نیشتەجێکران، کەواتە نووسەری ناوبراو شاری موسڵ و ئەو شارانەی تر کە ناوی بردوون، بە شاری کوردیی و کوردستانیی دەزانێت.

شاخەوان شۆڕش، هەر لە لای خوارەوەی لاپەڕە (29)ی پەرتووکی (پاکتاوی ڕەگەزی لە ناوچەی کەرکوک و ئەگەری دەستێوەردانی مرۆڤانە)دا، نووسیویێتی: (هەر لەگەڵ لکاندنی باشووری کوردستان بە فەرمی لە ساڵی (1925)، ناوچەی کەرکوک و موسڵ هەروەها ناوچە کوردستانیەکانی دەوڵەمەند بە چاڵە نەوت لە هەرێمی کوردستان جیاکرانەوەو هەوڵی بەعارەبکردنی ئەم ناوچانە وردە وردە دەستپێکرد).

نووسەر شاخەوان شۆڕش بۆ جارێکی تریش بۆچوونی خۆی سەبارەت بە کوردێتیی و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەردەبڕێت، کاتێک کە باسی لکاندنی زۆرەملێیانەی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) لە ڕۆژی (16.12.1925)دا بە گوێرەی بڕیارێکی کۆمەڵەی نەتەوەکان بە ئێراقی عارەبییەوە دەکات، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە حکومەتە یەک لەدوا یەکەکانی ئێراقی شارەکانی موسڵ و کەرکوک-یان لە کوردستان جیا کردۆتەوە، لەبەر دەوڵەمەندییان بە نەوت، ئەمەش بۆمان دەردەخات کە نووسەری ناوبراو هەر دوو شارەکانی موسڵ و کەرکوک بە بەشێکی گرنگیی کوردستان دادەنێت.

هەڵکەوت حەکیم، دکتۆری وانەبێژ لە پەیمانگای زمانەکان و شارستانێتی ڕۆژهەڵات لە پاریس، لە وتارێکی خۆیدا لەژێر ناوی (الكورد واشكال الموصل)دا کە بەداخەوە نازانم لە کوێدا بڵاوی کردۆتەوە، تەنیا کۆپییەکیلۆمەتر لەبەر گرتۆتەوە بەبێ ئەوەی ناوی ڕۆژنامەکە یان بەروارەکەی بەسەرەوە بێت، نووسیویێتی: (ویلایەتی موسڵ لەژێر رکێفی ئەو دەوڵەتە عارەبییە نەبوو کە بەریتانییەکان و شەریفی مەککە، حوسێن کوڕی عەلی، لە ساڵی (1915)دا لە قاهیرەدا لەسەر دامەزراندنی ڕێککەوتن لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی. شەریفی مەککە، بە هیچ شێوەیەک داوای ویلایەتی موسڵی نەدەکرد، هەروەها بەریتانییەکانیش ناوچە کوردیەکانیان داگیر نەکردبوو تا دوای کۆتایی شەڕو واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی مۆدرۆس).

ئەوەی کە دکتۆر هەڵکەوت حەکیم ئاماژەی پێکردووە، کوردبوون و کوردستانیی بوونی تەواوی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو لە لایەک باسی

ئەوە دەکات کە ویلایەتی موسڵ ویلایەتێکی جیا لە ئێراق و بە تەواوی کوردستانی بووە، لەلایەکی تریشەوە باسی ئەوە دەکات کە حوسێن کوڕی شەریفی مەککە داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی عارەبی کردووە تەنیا لە هەر دوو ویلایەتەکانی بەغدا و بەسراو، بە هیچ شێوەیەک لە سەرەتادا داوای ویلایەتی موسڵ نەکردووە بۆ ئەوەی بە ئێراقەوە بلکێنرێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ویلایەتی موسڵ بەشێک نەبووە لە ئێراق، بۆیە حوسێن شەریفی مەککە داوای نەکردووە، بەڵکو ئەو ویلایەتەی موسڵ بە تەواوی شارەکانییەوە (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) خاکی کورد و سەر بە باشووری کوردستان بووینە.

نووسەر و سیاسەتمەدار دکتۆر جەرجیس حەسەن، لە لاپەڕە (98)ی پەرتووکی (ترکیا في الاستراتيجية الاميركية بعد سقوط الشاه)دا، نووسیویێتی: (ئێراقی عارەبی لە ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرا پێکدێت و، کوردستانی باشوور لە ویلایەتی موسڵ پێکدەهات. هەر یەک لەو ویلایەتانە سەربەخۆو جیابووینە لە یەکترو، ڕاستەوخۆ سەر بە بەڕێوەبەرێتی بابی عالی قوستەنتینیە بووینە).

بە گوێرەی بۆچوونی دکتۆر جەرجیس حەسەن، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و کوردستانییە، چونکە ئەو ئاماژە بەوە دەکات کە ئێراقی عارەبی لە ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرا پێدێت، هیچ کام لە شارەکانی موسڵ و کەرکوک بەشێک نەبووینە لە ئێراقی عارەبی، هەروەها نووسەری ناوبراو باشووری کوردستان بە ویلایەتی موسڵ ناودەبات و بە یەک خاک و بە یەکسانیان دادەنێت، مادام یەک خاک بن کەواتە هەر هەمان شارەکانی ویلایەتی موسڵ، شاری باشووری کوردستانن. هەروەها نووسەری ناوبراو باسی ویلایەتی موسڵ وەکو ویلایەتێکی سەربەخۆ و جیا لە ئێراق دەکات، کەواتە ئەو ویلایەتە هیچ پێوەندییەکی بە ئێراق و بە عارەبەوە نەبووە.

دکتۆر جەرجیس حەسەن، لە لاپەڕە (110)ی پەرتووکی (ترکیا في الاستراتيجية الاميركية بعد سقوط الشاه)دا، سەبارەت بە موسڵ نووسیویێتی: (ولیم ئافت وەزیری ئاسایشی ئەمریکی (CIA) لە (7.11.1986)دا سەردانی تورکیای کردو، لە لایەن ئیبراهیم تورک کنجی وەزیری ئاسایشی نەتەوەیی (میت) پێشوازی لێکراو، دواتر

گۆڤاری (IKIBINEDOGRU)ی تورکی، کە لە ژمارە (11)ی ساڵی (1988)دا، بەمشێوەیە لە باسی مەبەستی شاردراوەی ئەم سەردانە دەدوێت: (ولیم ئافت، لەگەڵ خۆیدا پلانی دەست بەسەرداگرتنی هەر یەک لە شارەکانی کەرکوک و موسڵ (باشووری کوردستان – نووسەر)ی پێبوو، هەروەها گفتوگۆکانی هەر دوو لایەن دەربارەی ئەوە بوو، ئەگەر هاتوو هەرکاتێک هێزەکانی ئێران هەڕەشەیان دروستکرد لەسەر چاوگەکانی نەوت لە موسڵ و کەرکوک، ئەوکاتە پێویستە لەسەر بهێزەکانی تورکیا لەسنوور بپەڕنەوەو ئەم ناوچانە بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان).

بەپێی بۆچوونی دکتۆر جەرجیس حەسەن، موسڵ و کەرکوک دوو شاری گرنگیی پڕ لە نەوتی سەر بە باشووری کوردستانن، چونکە ئەو لە دوای ناوهێنانی شارەکانی موسڵ و کەرکوک کەوانەی داناوەو نووسیویێتی باشووری کوردستان، ئەمەش مانای ئەوەیە کە هەر دوو شارەکە دەکەونە نێو سنووری باشووری کوردستان.

لەیلا نامیق جاف، نووسەری پەرتووکی (كركوك لمحات تاريخية)، لە لاپەرە (39)دا نووسیویێتی: (لە ساڵی (1812)ی زاییندا، عەبدولڕەحمان پاشای بابان هەوڵی بەرزکردنەوەی عەبدوڵڵا ئاغای توتنچی داو ڕەزامەندی خۆی نیشاندا بۆ دامەزراندنی بە پاشای ویلایەتەکانی (کەرکوک، موسڵ و هەولێر).

ئەوەی کە لەیلا نامیق جاف باسیکردووە، کوردێتیی و کوردستانێتیی هەر یەک لە شارەکانی موسڵ و کەرکوک دەگەیەنێت، چونکە بەپێی بڕیارێکی پاشای بابانیەکان عەبدوڵڵا ئاغای توتنچی کراوە بە پادشای کەرکوک، موسڵ و هەولێر، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەو ناوچانە نیشتمانی کورد و خاکی کوردستان بووینە، بۆیە عەبدولڕەحمان پاشای بابان ئەو شارانەی داون بە عەبدوڵڵا ئاغای توتنچی.

لەیلا نامیق جاف، لە لاپەرە (41)ی پەرتووکی (كركوك لمحات تاريخية)دا نووسیویێتی: (پەیماننامەی سیڤرە کە لە (10)ی ئابی ساڵی (1920)دا بەسترا، پڕۆژەی سەربەخۆیی بۆ ناوچە کوردییەکان داڕشت، ئەو ناوچانەی کە دەکەونە ڕۆژهەڵاتی فورات، باشووری ڕۆژئاوای ئەرمینیا، باشووری سنووری تورکیا کە شانبەشانی سوریا و ئێراقە، شەش مانگ دوای دەستپێکردن بەجێبەجێکردنی ئەو

پەیمانە. ئەگەر دوای ساڵێک کوردەکانی ئەو ناوچانە داوایان لە کۆمەڵەی نەتەوەکان کرد کە لە تورکیا جیاببنەوەو، کۆمەڵەی نەتەوەکان بڕیاری لەسەر ئارەزووی کوردەکاندا، ئەوە دەبێ سەربەخۆییان بدرێتێ، ئەوکاتە وڵاتانی هاوپەیمانیش دژی ئەوە نابن کە کوردەکانی کوردستانی ئێراق بچنە نێو ئەو دەوڵەتە سەربەخۆ کوردییە. لێرەدا بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ، فراوان دەبێت و ئەو ناوچانە دەگرێتەوە بە گوێرەی پەیماننامەی سیڤرە، هەروەها کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان) بە هەر پێنج پارێزگاکەی: سلێمانی، دیالە، کەرکوک، هەولێر و موسڵ).

سەرەتا موسڵ واتە (نەینەوا + دهۆک)، چونکە ئەوکاتی شاری دهۆک قەزایەکی سەر بە پارێزگای موسڵ بوو، بەڵام حکومەتی ئێراق لە (27.5.1969)دا چوار لە قەزاکانی پارێزگای موسڵ کە بریتیبوون لە قەزاکانی (دهۆک، زاخۆ، ئامێدی و ئاکرێ) لە شاری موسڵ دابڕی و پارێزگای دهۆکی ئێستای لێ پێکهێنا. ئینجا بە بۆچوونی نووسەر لەیلا نامیق جاف، شارەکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) شاری کوردستانین و سەر بە باشووری کوردستانن، چونکە ئەو ناوی شاری موسڵ-ی وەکو پارێزگایەکی سەر بە کوردستانی ئێراق یان (باشووری کوردستان) هێناوە. هەروەها لەیلا نامیق جاف، یەکێکە لەو کەسانەی کە شاری دیالەی بە شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان ناوبردووە، زۆربەی هەرە زۆری مێژوونووس، جوگرافیناس، نووسەر، ڕۆژنامەنووس و سەرکردەکانی کوردیی بەلای کوردێتیی و کوردستانێتیی ئەو شارەدا نەچووینەو ناچن.

دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، لە لاپەڕە (11)ی پەرتووکی (کوردستان لە سەردەمی ئاشتیدا)دا نووسیوێتی: (لیژنەیەی بەناوبانگی (کینگ-کراین)، کە لە ساڵی (1919)دا دروستبوو، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی ئەو وڵاتانەی ڕۆژهەڵات، کە لەمەوبەر لە لایەن هاوسوێندەکانەوە بڕیاریان لەسەر دابوو، بۆ ئەوەی لە جەستەی دەوڵەتی عوسمانی دابماڵرێن.. لە کاتێکدا ئەم لیژنەیە گەیشتە ئەستەنبووڵ و دەرگای لێکۆڵینەوەی کردەوە.. چەند کەسێک لە سەرۆک و خاوەن بۆچوون لە کوردەکان، ئەم هەلەیان قۆستەوەو لەبەردەم لیژنەکەدا ئامادەبوون و لەبارەی چارەسەرکردنی دۆزی کوردە وە بەگشتی و کوردستانی باشوور بە

تایبەتی پێشنیازی جۆراوجۆریان بە لیژنەکە پێشکەشکرد.. بەڵگەنامەکانی ئەم لیژنەیە، لەو شتانەی لە بارەیەوە لێکۆڵینەوەیان کردووە، باسێکیان لەژێر ناوی (هەندێ لە نوێنەرانی لیواکانی ڕۆژهەڵات)دا دەرکردوە کە ئەمەی لای خوارەوەیە:-
(لەو کەسانەی کە دواجار لە بەردەممماندا ئامادەبوون، نوێنەرانی (پارتی دیموکراتی کورد) بوون، کە داوای دامەزراندنی حکومەتێکی کوردییان کرد، لەو ناوچانەی کە زۆرینەی هەرە زۆریان کوردن ئەم نوێنەرە کوردانە داوای ولایەتەکانی (خەرپووت، دیاربەکر، وان، بەدلیس، بایەزید و هەموو موسڵ-یان کرد).
بە گوێرەی ئەو نووسینەی دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، پارتی دیموکراتی کورد، نەک تەنیا شاری موسڵ بەڵکو هەموو ویلایەتی موسڵ بە بەشێک لە کوردستان دادەنێت. نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کورد، بۆیە داوای ویلایەتی موسڵ و ئەو چەند ناوچەییەی کە ناویان هاتووە کردووە، چونکە زۆربەی زۆری دانیشتوانیان کورد بووینەو بە کوردستانیان زانیوون، هەر شار و ناوچەیەکیش زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانەکەی کورد بێت، بێگومان ئەو ناوچەیە ناوچەیەکی کوردییە و سەر بە خاکی کوردستانە.

دکتۆر ئەحمەد عوسمان، لە لاپەڕە (26-27)ی پەرتووکی (کورد و کوردستان لە کۆمەڵە وتارێکی مێژووییدا)دا، لە باسی بەشداریکردنی شاندی کوردی لە گفتوگۆکاندا لەگەڵ ئەندامانی کۆمیسیۆنی (کینگ – کراین)، کە لە (4)ی حوزەیران تا (13)ی ئابی ساڵی (1919)دا لە ئەستەنبۆڵ، چاویان کەوت بە ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی و نوێنەری پارت و نەتەوەو ئایین و ئایینزا جیاجیاکانی ناوچەکە، دەڵێت:
(نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کورد (نەجمەدین بەگ و حوسێن بەگ و عەزیز بابان بەگ) بوون، ئەو نوێنەرانەی پارتی دیموکراتی کورد داوای دامەزراندنی حکومەتێکی کوردیان لەو ناوچانە دەکرد کە کورد تێیدا زۆرینەی دانیشتوانن، نوێنەرانی کورد داوای ویلایەتەکانی خەرپوت، دیاربەکر، وان، بەتلیس، ئەرزڕۆم (بایەزید)و هەموو ویلایەتی موسڵ-ی دەکرد. لەگەڵ ڕێگایەک بۆ سەر دەریا، بە گشتی شاندەکە پەیڕەوی ڕێبازی ژەنڕال شەریف پاشای (سەرۆکی شاندی کوردی بۆ کۆنگرەی پاریس) دەکرد).

لێرەدا دووبارە دکتۆر ئەحمەد عوسمان، ئاماژە بە بۆچوونەکانی پارتی دیموکراتی کورد دەکات سەبارەت بە شاری موسڵ و چەندان شاری دیکەی تر کە بە بەشێک لە خاکی کوردستانی دەزانن. کاتێک کە دکتۆر ئەحمەد عوسمان باسی ئەوە دەکات کە نوێنەرانی کورد داوای دامەزراندنی حکومەتێکی کوردییان دەکرد لەو ناوچانەی کە کورد تێیدا زۆرینەن، کەواتە ئەویش پێی وایە شاری موسڵ شارێکی کوردییە، چونکە نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان داوای تەواوی ویلایەتی موسڵ-یان دەکرد.

پرۆفیسۆر دکتۆر ئازاد نەقشبەندی، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (چەمکی هەرێمی کوردستانی ئێراق)دا کە لە لاپەڕەکانی (9-12)ی پەرتووکی (جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی ئێراق)دا بڵاوکراوەتەوەو، بە پشتبەستنی بە لاپەڕە (12)ی پەرتووکی (الكورد في الدينور وشهرزور خلال القرنين الرابع والخامس الهجريين)دا لە نووسینی حوسامەدین عەلی غالب نەقشبەندی، لە لاپەڕە (10)دا، نووسیویێتی: (لە ڕووی کارگێڕی و ڕامیارییە وە، هەر لەگەڵ هاتنی ئیسلام و لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتابدا ناوی خاکی بەپیت (ارض السواد) لەو خاکە نرا، کە سنوورەکەی بەمشێوەیە بوو:

لە باکوور: حەدیسە لەسەر ڕووباری فورات و تکریت لەسەر ڕووباری دیجلە.

لە باشوور: ئابادان و دەریای عارەبی (مەبەستی کەنداوی فارسییە- دەرسیم).

لە ڕۆژهەڵات: سنووری شارەزوورو حەلوان و سیروان و سومێرەو سوس.

لە خۆرئاوا: قادسیە و کوفە).

بە گوێرەی ئەو پێناسەیەی کە (حوسامەددین نەقشبەندی) بۆ سنووری ئێراقی کردووە لەلای باکوورەوە، شاری موسڵ دەکەوێتە نێو سنووری باشووری کوردستان و یەکێکە لە شارە گرنگەکانی کورد و کوردستان، چونکە شاری موسڵ دەکەوێتە دووری (245) کیلۆمەتری باکووری شاری تکریت، هەروەها دووری (390) کیلۆمەتری باکووری خۆرهەڵاتی شاری حەدیسە، کە سنووری وڵاتی ئێراقیش لەلای باکوورەوە لە هەر دوو شاری تکریت و حەدیسە کۆتایی پێدێت.

پرۆفیسۆر دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لە وتارێکی خۆیدا بە ناوی (جیۆگرافیی دانیشتوان)دا کە لە لاپەڕە (177–194)ی پەرتووکی (جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی ئێراق)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسەر لە لاپەڕە (178)دا نووسیویێتی: (گرنگترین ئەو ئاستەنگانەی دێنە پێش ئەمجۆرە تۆژینەوانە بریتین لە:

1- کەمی ژمارەو بەیاناتی سەرژمێری کە پێوەندییان بە دانیشتوانەوە هەبێت. هەروا ئەوەی هەشە متمانەی پێناکرێت.

2- نەبوونی سنوورێکی ڕامیاری یا کارگێڕی کە بەشێوەیەکی فەرمی هەرێمی کوردستان دیاری بکات.

هەر بۆیە ئێمە شارەکانی (دهۆک، موسڵ، سلێمانی، هەولێر و کەرکوک)مان وەک ناوچەی توێژینەوەکە هەڵبژارد بەو پێیەی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنن. واتە ئەو شارانەی پێش هاتنە ئاوای دەسەڵاتی پاشایەتی لە چوارچێوەی (ویلایەتی موسڵ)دا بوون).

به بۆچوونەکانی پرۆفیسۆر دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، شاری موسڵ و شارەکانی تر کە ناوی بردوون، شاری کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانن، چونکە دکتۆری ناوبراو پێی وایە شارەکانی (دهۆک، موسڵ، سلێمانی، هەولێر و کەرکوک) هەرێمی کوردستان پێکدەهێنن، هەروەها باسی ئەوەش دەکات کە ئەو شارانە پێش ئەوەی بەزۆر بە ئێراقەوە بلکێنرێن، شاری سەر بە ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بوو بووینە. ئەمانەش هەمووی دەبنە بەڵگە بۆ کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ و شارەکانی تریش.

پرۆفیسۆر دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لە لاپەڕە (3)ی پەرتووکی (مؤشرات سياسة التعريب والتهجير في اقليم كوردستان العراق – ئاراستەکانی سیاسەتی بە عارەبکردن و ڕاگواستن و لەهەرێمی کوردستانی ئێراقدا)دا، نووسیویێتی: (لێکۆڵینەوە بەڵگەدارەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەو خێڵە عارەبانەی ئێستاکە بەشی زۆری شارەکانی (نەینەوا، کەرکوک، دیالە و واست) پێکدێنن، لەپێش دوو یان سێ سەدە کۆچیان کردووە بۆ ئێرەو لە دوورگەی عارەب و وڵاتانی شامەوە هاتوون).

ئەوەی پرۆفیسۆر دکتۆر خەلیل باسی دەکات، کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شارەکانی (نەینەوا، کەرکوک، دیالە و بەشێک لە واست) دەگەیەنێت، چونکە دکتۆر

خەلیل ئیسماعیل بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە لە ڕێگای هێنانی عارەب بۆ ئەو شارانەو دەرکردن و ڕاگواستنەوەی بەزۆری کوردەکان لە کوردستان و لە شارەکانی خۆیاندا، هەروەها بەزۆر ناونووس کردنیان بە عارەب و گۆڕینی باری نەتەوەییان لە کوردە وە بۆ عارەب، هەم ناوچەکەو هەم مرۆڤەکان واتە دانیشتوانی ڕەسەنی شاری موسڵ و شارەکانی تریش بە عارەبکراون.

دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لە لاپەڕە (9)ی پەرتووکی (مؤشرات سياسة التعريب والتهجير في اقليم كوردستان العراق)دا، دەڵێت: (لەپێناو تەواو بە عارەبکردنی ناوچەی جەزیرە، قەزای زێباری سەر بە پارێزگای موسڵ لەو پارێزگایە لادراو خرایە سەر پارێزگای هەولێر و هەروەها ئەو قەزایانەش لە موسڵ دابڕان: دهۆک، زاخۆ، ئامێدی و ئاکرێ و پارێزگای دهۆک لەو قەزایانە پێکهات. لە ئەنجامدا ئەو کارە بووە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی دانیشتوانی عارەب لە پارێزگای موسڵ-دا).

لە سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێت کە بە بۆچوونی دکتۆر خەلیل ئیسماعیل، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە کوردستان بووە، بەڵام ڕەگەزپەرستانی عارەبی ئێراقی لە ڕێگای هەوڵەکانی گۆڕینی دیمۆگرافیای شارەکە ویستوویانە بیکەن بە شارێکی عارەبی و ئێراقی. لادانی قەزای زێبار (مێرگەسوور) لەسەر موسڵ و لکاندنی بە پارێزگای هەولێر لەلایەک و، دابڕینی هەر یەک لە قەزاکانی ( دهۆک، زاخۆ، ئامێدی، ئاکرێ و شارەدێی مزووری) لە شاری موسڵ و، دامەزراندنی پارێزگایەکی نوێ بە ناوی دهۆک لە ڕێکەوتی (27.5.1969)دا لەلایەکی ترەوە، خۆی لەخۆیدا بەعارەبکردنی شاری موسڵ-ی کوردیی و کوردستانیی دەگەیەنێت.

پرۆفیسۆر. دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لە لاپەڕە (3)ی پەرتووکی (البعد القومي للتغيرات في الحدود الادارية لمحافظة كركوك - ڕەهەندی نەتەوەیی گۆڕانکارییەکان لە سنووری بەڕێوەبەریتی پارێزگای کەرکوک)دا، نووسیوێتی: (ئێراقی ئێستا لە سەردەمەکانی عوسمانیدا، دابەشی سەر سێ ویلایەت کرابوو کە ئەمانە بوون: بەغدا، موسڵ و بەسرا. ئێراق بە دابەشکراوی بەسەر سێ ویلایەتدا مایەوە تاوەکو سەرەتای سەدەی بیستەم، لە ساڵی (1918)دا دوو ناوچەی

بەڕێوەبەرێتی لە باشووری کوردستان دامەزرا کە بریتی بوون لە: سلێمانی و موسڵ، دواتر لە ساڵی (1919)دا شاری کەرکوک لە سلێمانی جیاکرایەوەو، بوو بە ناوچەیەکی سەربەخۆ کە بە (پارێزگای کەرکوک) ناسرا).

ئەوەی پرۆفیسۆر دکتۆر خەلیل ئیسماعیل ئاماژەپێداوە، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە دکتۆری ناوبراو شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی سەر بە باشووری کوردستان دەزانێت، کاتێک کە باسی ئەوە دەکات لە ساڵی (1918)دا دوو ناوچەی بەڕێوەبەرێتی موسڵ و سلێمانی لە باشووری کوردستان دامەزراوە.

دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لە لاپەڕە (4)ی پەرتووکی (دهۆک – نینوی دراسات في الخصائص الديموغرافية للسكان)دا، نووسیویێتی: (وەکو زانراوە کە پارێزگای موسڵ بە هەر دوو بەشەکەیەوە (نەینەوا و دهۆک)، تاوەکو دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراق، ئەو قەزایانەی لەخۆیەوە دەگرت: دهۆک، زێبار، زاخۆ، ئاکرێ، شنگال‌و قەزای ناوەند. کوردەکان زۆربەی زۆری دانیشتوانی شاری موسڵ–یان پێکدەهێنا، بەڵام جێبەجێکردنی پلانەکانی بەعارەبکردنی ناوچەکە بە درێژایی سەدەی ڕابردوو، پێکهاتەی دابەشبوونی نەتەوەیی دانیشتوانەکەی شێواند، بەجۆرێک کە لەنیوەی یەکەمی سەدەی ناوبراو هەوڵێکی چڕ درا بۆ دروستکردنی سەدان نشینگەی عارەبی لە ناوچەی (جەزیرە) لە ڕۆژئاوای موسڵ، کە دواتر بوو بە بنکەیەک بۆ بەعارەبکردنی بەشەکانی تر ڕووە و ڕووباری دیجلە لەبەر بە پیتی خاکەکەی و زۆری ئاوو زۆری هەلی کارکردن. هەروەها لە نیوەی دووەمی هەمان سەدەدا، دانیشتوانی کوردی ناوچەکە دووچاری شاڵاوی نەهێشتن و کاولکردنی گوندەکانیان بوونەوە، لەگەڵ ڕاگوێزانیان بۆ ناوچەکانی ترو نیشتەجێکردنی عارەب لە شوێنەکانی ئەواندا).

پرۆفیسۆر دکتۆر خەلیل ئیسماعیل دووبارە پێی وایە شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە، بەڵام میرییە یەک لەدوا یەکەکانی ئێراقی لە لایەک لەپێناوی گۆڕینی باری دیمۆگرافیای شاری موسڵ بە سەدان نشینگەیان بۆ عارەبی هاوردە کردۆتەوە، لەلایەکی تریشەوە بە سەدان گوندی کوردییان خاپوور

کردووەو دانیشتوانەکانیان بۆ دەرەوەی سنووری پارێزگای موسڵ ڕاگواستۆتەوە، ئەمانەش هەمووی ئاماژەن بۆ کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ.

دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لە لاپەڕە (12)ی پەرتووکی (دهۆک – نینوی دراسات في الخصائص الديموغرافية للسكان)دا، نووسیویێتی: (دەشتەکانی تەلەعفەرو شەنگال و باکوری حەزەر نموونەی یەکەمی ئەو ناوچانەن کە شالاوەکانی بەزۆر نیشتەجێکردنی خێڵە عارەبە کۆچەرەکان و بە عارەبکردنیان گەییشتێ. لە نێوان ساڵانی (1951–1965)دا (726) نیشینگە (مستوطن)یان لە ناوچەی جەزیرە بۆ عارەبەکان دروستکرد، کە (400) دانەیان لە نێوان حەزەرو شەنگال و، (152) دانەیان لە باکوورو باکووری ڕۆژهەڵاتی بەرزاییەکانی شەنگال و (174) دانەشیان لە خودی ناحیەی شەنگال بوو).

دروستکردنی (726) نشینگە لە پارێزگای موسڵ و تەنیا بۆ عارەبی هاوردە، لە لایەک نیشانەی ئەوەیە کە ئەو شارە شارێکی کوردیی و بەشێک بووە لە خاکی کوردستان، لەلایەکی تریشەوە دەیسەلمێنێ کە حکومەتە شۆڤینیستەکانی ئێراقی بە بەردەوامی لە هەوڵی بەعارەبکردنی شارەکەدا بووینە، یەکەم لە ڕێگای هێنانی عارەبی هاوردەو نیشتەجێکردنیان لەو نشینگانەی کە لەسەر خاکی کورد و ناو سنووری کوردستاندا بۆیان دروست دەکەن، دووەم تێکدانی دێهاتە کوردییەکانی سەر بە پارێزگای موسڵ و ڕاگواستنەوەی زۆرەملێیانەی دانیشتوانە ڕەسەنەکەی کە کوردن بۆ دەرەوەی سنووری پارێزگاکە.

دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لە لاپەڕە(23) ی پەرتووکی (دهۆک – نینوی دراسات في الخصائص الديموغرافية للسكان)دا، نووسیویێتی: (کوردەکان زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی پارێزگای موسڵ بوون، ئەوە بەرلەوەی دەستی شالاوەکانی بەعارەبکردن بیانگاتێ هەر لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی ئێراق و، لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەو دەوڵەتە، ئەوکاتە لە هیچ یەکەیەکی بەڕێوەبەریێتی عارەب زۆرینەی دانیشتوانەکەی پێک نەهێنابوو، جگە لەناو شاری موسڵ).

کاتێک کە کورد زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی پارێزگای موسڵ پێکبهێنن، مانای وایە ئەم شارە شارێکی کوردییە و سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە شاری

موسڵ پایتەختی ویلایەتی موسڵ بووەو، ویلایەتی موسڵ-یش یەکسانە بە باشووری کوردستان. هەرچی ئەوەشە کە گوایە عارەب زۆرینەی دانیشتوانی ناو شاری موسڵ بووینە، ئەوەیان یەکەم لە ڕێگای هێنانی عارەب بۆ ناو شاری موسڵ و، دووەمیش بەهۆی ڕاگواستنەوەی بەزۆری بەردەوامی کورد و سێیەمیش لە ڕێگای بە عارەبکردنی چەندان بنەماڵەی وەکو: (ئال جەلیل، ئال جادر، ئال چلمێران، ئال کەمالە، ئال کسۆ، ئال مودەڕیس، ئال ڕەزوانی، ئال ڕەشان، ئال قەدۆ، ئال جومرد، ئال شەبخون، ئال زرریو هتد.....) بووە، کە زۆر لە مێژوونووسان ئاماژەیان پێکردووە.

دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لە لاپەڕە (24) ی پەرتووکی (دهۆک – نینوی دراسات في الخصائص الديموغرافية للسكان)دا، دەڵێت: ( دەستکاریکردن لەنەخشەی بەڕێوەبەرێتی پارێزگای موسڵ بۆ ئەوەی عارەب زۆرینەی دانیشتوانەکەی پێکبهێنن، ئەویش لە ڕێگەی دروستکردنی چەند یەکەیەکی بەڕێوەبەرێتی نوێ بووە کە بۆتە هۆی دەرکەوتنی چەندان شارەدێ لە دەڤەری جەزیرە کە گرنگترینیان: تەلعەبتە، ڕەبیعە، قەیرەوان، قەحتانیە و مەڵبەندی قەزاکانی وەک حەزەر، بەعاج و شەڕگات).

ئەوەی کە دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد ئاماژەی پێکردووە، کوردبوون و کوردستانیی بوونی تەواوی شار و پارێزگای موسڵ دەگەیەنێت، هەروەها بۆچوونی نووسەری ناوبراویش دەردەخات کە پێی وایە پارێزگای موسڵ پارێزگایەکی کوردییە، چونکە ناوبراو ئاماژە بە گۆڕینی باری دیمۆگرافی دانیشتوانی شار و پارێزگای موسڵ دەدات لە ڕێگای دروستکردنی چەندان یەکەی بەڕێوەبەرێتی نوێ بۆ عارەبی هاوردەو داگیرکەر.

دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لە لاپەڕە (83)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نەخشەیەکی باشووری کوردستانی بڵاوکردۆتەوە بە مەبەستی دەست نیشان کردنی شوێنی قەزای ئاکرێ لە باشووری کوردستان، لەو نەخشەیەدا شاری موسڵ دەکەوێتە ناو سنووری باشووری کوردستانە وە.

دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، بۆچوونی خۆی ڕاشکاوانە دەردەخات و پێی وایە شاری موسڵ وەکو شار و پارێزگا سەر بە باشووری کوردستانە، هەر بۆیەش

لەو نەخشەیەی کە ئاماژەم پێکردووە، شاری موسڵی بە تەواوی خستۆتە ناو سنووری باشووری کوردستان. نەخشەکە لە کۆتایی ئەو بەشەدا دانراوە.

دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لە ژمارە (549)ی گۆڤاری (گوڵان)ی ڕۆژی پێنجشەممە (11.8.2005)دا، وتارێکی بە ناوی (دیاری کردنی سنووری هەرێم بەرپرسیارێتییەکی نەتەوەییە)دا بڵاوکردۆتەوە، نووسیویێتی: (بە کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم و پێکهێنان و دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراقی نوێ و لکاندنەوەی ویلایەتی موسڵ بە ئێراقەوە دەسەڵاتدارەکانی ئێراقی پلان و بەرنامەیەکیان دانا بۆ گۆڕانی ڕاستەقینەی نەتەوەیی دانیشتوانی ناوچە کوردیەکان. ئەم پلانانەش سێ تەوەری لەخۆ گرتبوو بە مەبەستی بە عارەبکردنی. 1- لیوای موسڵ (پارێزگای دهۆک و نەینەوا). 2- لیوای کەرکوک. 3- ناوچەی کوردە فەیلییەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، پارێزگای موسڵ ناوچەیەکو پارێزگایەکی کوردییە، لەبەر ئەوەی کاتێک موسڵ پارێزگاو ناوچەیەکی کوردی بێت، کەواتە شارێکی سەر بە کوردستانیشە. هەروەها دکتۆری ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە شاری موسڵ وەکو ناوچەیەکی کوردی ڕووبەڕووی شاڵاوی بە عارەبکردن و گۆڕینی دیمۆگرافیای شارەکە بۆتەوە لە بەرژەوەندی عارەبدا، ئەم کارەی شۆڤینیستەکان و ئیمپریالیزمی عارەبی، ئاماژەیەکە بۆ هەر یەک لە کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ.

دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لە لاپەڕەی دووی وتارەکەیدا دەڵێت: (لەژێر سایەی ڕاستەقینەی جوگرافیادا، دەبینین کە نەخشەی سروشتی ئێراق دوو ناوچەی جیاوازو جودا دیاری دەکات و جیای دەکاتەوە کە هیچ پێوەندییەکی نییە بە هەرێمی (ئێراقەوە). ئەوانیش:- کوردستان و جەزیرەیە).

بە بۆچوونی دکتۆر خەلیل ئیسماعیل، دیسان شاری موسڵ شارێکی کوردییە و دەکەوێتە ناو سنووری کوردستان و، هیچ پێوەندییەکی بە عارەب و ئێراقەوە نەبووە، وە تەواوی پارێزگای موسڵ سەردەمێک دەکەوتە نێو سنووری ویلایەتی بۆتان (جەزیرە) کە بریتی بووە لە وڵات و خاکی کوردان. دکتۆر خەلیل ئاماژەی

بەوە داوە کە جەزیرە هیچ پێوەندییەکی بە هەرێمی ئێراقەوە نەبووە، کەواتە شاری موسڵ-یش هیچ پێوەندییەکی بە ئێراقەوە نەبووە.

دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، هەر لە لاپەڕەی دووی وتارەکەیدا دەڵێت: (لەبارەی سنووری ئێراقەوە هاتووە کە لە چیای حەمرین یان تکریت لەسەر ڕووباری دیجلە و هیت لەسەر ڕووباری فورات درێژتر نابێتەوە. لە ڕۆشنایی ئەم نەخشەوە، چیای حەمرین وەردەگرین. بەدرێژایی ڕووباری دیجلە و ڕووە و شاری موسڵ، کە بنەڕەت و بناغەیەک بێت بۆ دیاریکردنی سنووری هەرێم، کە ئەم سنوورە لار دەبێتەوە لای شارەکە وە بەرەو ڕۆژئاوا لەگەڵ ئەو چیاو بەرزاییانەی کە بەرزاییەکانی شنگال کۆتایی دێت. تاوەکو سنووری ئێراق-سووریا. ئەوەی تێبینی دەکرێت لەسەر دیاری کردنی ئەو سنوورە، ئەو ناوچانەی حەزەر، بەعاج و هەروەها زەوییەکانی ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە لە قەزاکانی موسڵ و شەڕگات و ئەم سنوورە ئەم ناوچانەی نەدەگرتە خۆی لەگەڵ ئەوەی بەشێک بوون لە ویلایەتی موسڵی (کوردی)، چونکە ئەو ناوچانە تووشی شالاوی بە عارەبکردن هاتوون لە ماوەی نیوەی یەکەمی سەددەی پێشوو، هەروەک چۆن ئەم سنوورە ناوچەکانی باشووری قەزای بەدرە وەکو قەزاکانی: ئەلحەی لە ڕۆژئاواداو ناوەندی قەزای کوت).

بەپێی بۆچوونەکانی دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە کوردستانە، چونکە لە لایەک ئەو باسی ئەوە دەکات کە ویلایەتی موسڵ ویلایەتێکی کوردییە، کاتێک کە ویلایەتی موسڵ ویلایەتێکی کوردی بێت، کەواتە تەواوی شارەکان و خاکی ئەو ویلایەتە خاکی کوردن و سەر بە کوردستانن، ناشکرێت لە کاتێکدا کە تەواوی ویلایەتەکە خاکی کوردی بێت، پایتەختی ویلایەتەکە کە شاری موسڵە، شارێکی عارەبی بێت! هەروەها لەلایەکی تریشەوە باسی کۆتایی پێهاتنی سنووری دەوڵەتی ئێراقی عارەبی ویلایەتەکانی (بەغدا و بەسرا) دەکات کە لە تکریت لەسەر ڕووباری دیجلە و لە هیت لەسەر ڕووباری فورات کۆتایی پێدێت، هەروەکو پێشتریش ئاماژەم بەوە کردووە کە شاری تکریت (245) کیلۆمەتر لە باشوورو شاری (هیت)یش (360) کیلۆمەتر لە باشووری خۆرئاوای موسڵ هەڵکەوتوون، کەواتە موسڵ هیچ پێوەندییەکی بە ئێراقەوە نەبووە، تاوەکو بکرێت بە

شارێکی عارەبی، بەڵکو موسڵ هەردەم کەوتۆتە ناو سنووری باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)، بۆیەش موسڵ شارێکی کوردیی و کوردستانییە.

دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لە لاپەڕە (11)ی پەرتووکی (أقليم كوردستان العراق دراسات فی التكوين القومي للسكان)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (25)ی پەرتووکی (سكان إقليم كوردستان دراسة في الجغرافية السياسية)ی دکتۆر (جەزا تۆفیق تالیب)، نووسیویێتی: (تازەترین لێکۆڵینەوەی زانستی کە سەبارەت بە سنووری باشووری کوردستان بێت، لێکۆڵینەوەیەکە (جەزا تۆفیق) ئەنجامی داوەو تێیدا وای بۆچووە کە بەرزاییەکانی حەمرین سنووری نێوان هەرێمی کوردستان و هەرێمەکانی دیکەی ئێراق. سنوورەکە لە (مەندەلی)یەوە نزیک سنووری ئێراق – ئێران دەست پێدەکات تاوەکو فەتحە، لەوێوەش سنوورەکە ڕووباری دیجلە دەبڕێت ڕووە و باکوور و شاری موسڵ دەگرێتە خۆی، بەرلەوەی بەرەو ڕۆژئاوا بڕوات و قەزاکانی تەلەعفەر و شنگال بگرێتە خۆ لەسەر سنووری ئێراق – سوریا).

لێرەدا دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، ئاماژەی بە بۆچوونی دکتۆر جەزا تالیب کردووە کە ناوبراو شاری موسڵ بە شارێکی کورستانیی دەزانێت، چونکە ناوبراو زۆر بەڕوونی باسی ئەوە دەکات کە سنووری کوردستان لەمەندەلییەوە بەرەو فەتحە دەڕوات، لەوێشەوە لە دیجلە دەپەڕێتەوەو شاری موسڵ لەخۆ دەگرێت و دواتر ڕووە و ڕۆژئاوا دەڕوات. بەپێی ئەو پێناسەیەی دکتۆر جەزا تۆفیق تالیب، شاری موسڵ دەکەوێتە نێو سنووری باشووری کوردستان، چونکە شارۆچکەی فەتحە (110) کیلۆمەتر کەوتۆتە باشووری شاری موسڵ، مادامیش سنوورەکە لەو شارۆچکەیە ڕووباری دیجلە ببڕێت و بەرەو ڕۆژئاوا بە باشووری تەلەعفەر و شەنگال-دا بڕوات، ئەوکاتە زۆر بەدڵنیایی شاری موسڵ دەکەوێتە ناو سنووری باشووری کوردستان.

دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لە لاپەڕە (61)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نەخشەیەکی دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوانی کوردی لە هەرێمی کوردستانی ئێراقدا بڵاوکردۆتەوە کە شاری موسڵ و تەواوی ئەو پارێزگایە کەوتۆتە نێو سنووری باشووری کوردستان).

بە گوێرەی نەخشەکەی دکتۆر خەلیل ئیسماعیل، شاری موسڵ و تەواوی پارێزگای موسڵ بەشێکن لە باشووری کوردستان، چونکە دکتۆری ناوبراو شاری موسڵ هەم وەکو شار و هەم پارێزگا خستۆتە نێو سنووری باشووری کوردستان. نەخشەکە لە کۆتایی ئەو بەشەدا دانراوە.

دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لە لاپەڕە (29)ی پەرتووکی (کرکوک بحث الندوة العلمية حول كركوك 3-5 نيسان 2001 اربيل)داو، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (البعد القومي للاستيطان العربي في محافظة كركوك)دا، سەبارەت بە شاری موسڵ نووسیویێتی: (دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراق و لە ساڵی (1928)دا حکومەتە یەک لە دوایەکەکانی ئێراقی هەوڵیاندا بۆ داڕشتنی نەخشەیەک لەپێناوی جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی ئیستیتانی نیشتەجێکردنی خێڵە کۆچەرە گەڕۆکەکان لە ناوچە هەڵبژاردەکان و جەختکرا لەسەر ئەو پارێزگایانەی کە لە نەتەوەی جیاجیا پێکهاتبوون لە هەرێمی کوردستان-دا، لەپێش هەموویاندا شارەکانی: موسڵ (نەینەوا)، کەرکوک، دیالە و کوت (واست). ئامانجی سەرەکی لەوکارەدا سەرلەنوێ داڕشتنەوەی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بوو لەپێناوی بەرژەوەندی کەمینەی عارەب).

بە بۆچوونی دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، شاری موسڵ شارێکە سەر بە خاکی باشووری کوردستان، چونکە نووسەری ناوبراو لەکاتی باسکردنی نەخشەو پلانی شۆڤینیستەکانی دەسەڵاتداری ئێراقی، کە هەردەم لە هەوڵی بەتایبەت بەعارەبکردنی ئەو شارانەی کوردستاندا بووینە کە نەتەوەی جیاجیای تێدا ژیاوەو، نووسەر ناوی شاری موسڵ وەکو شارێکی فرە نەتەوەی باشووری کوردستان بردووە.

پرۆفیسۆر دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (موسڵ لە نێوان چەکوشی تیرۆریستان و دەزگای بەعارەبکردندا)، کە بە عارەبی نووسیویێتیو، زیاد کەریم خدر، وەریگێڕاوە بۆ کوردی و لە لاپەڕە (11)ی ژمارە (2183)ی ڕۆژنامەی خەبات، ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (23.6.2006)دا بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت: (پرۆسەیەکی نوێ بۆ نیشتەجێکردنی هۆزو خێزانە عارەبەکان دەستی پێکردووە

بەرەو ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ و پەڕینەوەیان لە ڕووباری دیجلە لەسەر بەرژەوەوەندی ڕاگواستن و کۆچپێکردنی دانیشتوانی ئەم ناوچانە بووە کە بریتی بوون لە کورد و ئاشووری).

ئەوەی لێرەدا دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد ئاماژەی پێکردووە، کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ دەردەخات، چونکە ئەو باسی ئەوەیکردووە کە شاڵاوێکی بەعارەبکردن ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵی گرتۆتەوەو، هۆزە کۆچەرەکانی عارەب نیشتەجێ دەکەن و دانیشتوانە ڕەسەنەکەی ئەو ناوچەیە دەردەکەن کە بریتین لە نەتەوەکانی کورد و ئاشووری، کەواتە ئەو شار و ناوچەیە شار و ناوچەی کوردین، کەچی ئەوان لەپێناوی بەعارەبکردن و سڕینەی سیمای کوردانە ئەو پرۆسێسەیان دەستپێکردووە.

ڕۆژنامەی خەبات، لە ڕیپۆرتاژێکدا لەژێر ناوی (پرۆفیسۆر دکتۆر خەلیل ئیسماعیل لە کۆڕێکی بنکەی کاوەی ڕۆشنبیریدا: لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی ئێراقەوە تا ڕوخانی سەدامیش پلانی گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان بەردەوامبوو)دا کە لە دوو بەشدا بڵاوکراوەتەوە، لە بەشی یەکیدا کە لە لاپەڕە (3)ی خەبات، ژمارە (2702)ی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (11.12.2007)دا بڵاوکراوەتەوە، دکتۆر خەلیل ئیسماعیل، دەڵێت: (پرۆسەی بە عارەبکردن لە دوای ساڵی (1921)ەوەو دوای لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە ئێراق ساڵی (1925) دەستی پێکرد. ئەوان بە ڕاگواستنەوەی فەیلییەکان دەستیان پێکرد. ئەم شاڵاوە لە سەردەمی پادشاییەوە پرۆسەی بەعارەبکردن (3) تەوەری لەخۆوە گرت، یەکێکیان بەرەو موسڵ ئەوەی دیکە بەرەو دیالە و سێیەمیشی بەرەو پارێزگای بەسرا، ئەوەبوو دەستیان پێکرد بە مەسەلەی موسڵ بە سەدان هەزار کەسیان هێنابوو لە هۆزە کۆچەرەکانی شەممەڕو هۆزەکانی ترو لە ناوچەی (جەزیرە) لە ڕۆژئاوای شاری موسڵ نیشتەجێیان کردن و زەوییان بەسەردا دابەشکردن. لەوێ بۆ بەرژەوەندی ئەو هۆزانە چەندان یەکەی بەڕێوەبەرێتی تازەی وەکو قەزاکانی (بەعاج و حەزەر) لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا دروست کران).

ئەو ڕاگواستن وەی کورد لە موسڵ و هێنانی عارەب و نیشتەجێکردنیان لە شوێنی کوردەکان یاخود دروستکردنی چەندان یەکەی بەڕێوەبەرێتی لە سنووری پارێزگای

موسڵ، یان جیاکردنەوەی چەندان شار و شارۆچکەی تر کە لە (100%)ی کورد بوون و دامەزراندنی پارێزگای دهۆک کە دکتۆر خەلیل ئیسماعیل ئاماژەی پێکردوون، هۆکارێکی کاریگەر بووینە بۆ بە عارەبکردنی شاری موسڵ، هەروەها دەرچوونی بڕیاری گۆڕینی نەتەوە لە کوردە وە بۆ عارەب و ناچارکردنی کوردی ئێزیدی بۆ هەمان مەبەست، ژمارەو ڕێژەی کوردی لەم شارە کەم کردوو، لە بەرانبەریشدا ژمارەو ڕێژەی عارەبی یەکجار بەرزکردەوە. هەمووشمان دەزانین لەهەر شارێک، شارۆچکەیەک و ناوچەیەکدا شاڵاوی بەعارەبکردن جێبەجێکرابێ، بێ هیچ دوودڵییەک ئەو شوێنە خاکی کورد و بەشێک لە باشووری کوردستان بووە، بۆیە بەعارەبکردنی شاری موسڵ بەمشێوەیە، ئاماژەیەکی زیندووە بۆ کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ.

دکتۆر جەمال ڕەشید ئەحمەد، لە لاپەڕەکانی (138–181)ی پەرتووکی (کرکوک بحث الندوة العلمیة حول کرکوک 3–5 نیسان 2001 اربیل)دا، لە وتارێکیدا لەژێر ناونیشانی (کرکوک في العصور القدیمة)دا لە لاپەڕە (165)دا نووسیوێتی: (هەر لەگەڵ هاتنی ساڵی (1393)ی زایینی تەیمووری لەنگ هاتە کوردستان، کوڕەکەی بۆ تاڵانکردنی دیاربەکر، ماردین، تۆرعابدین و حەسەنکێف نارد، پاشان بەخۆی بەرەو باشوور کشاو هەولێر و موسڵ و جەزیرەی لە ساڵی (1401ز) داگیرکردو هەندێ پیاوانی خۆی لە تورکمان لە هەکاری دانا بۆ ئەوەی ڕێگەی بازرگانی نێوان حەلەب و تەورێز دەستەبەر بکات).

بە گوێرەی بۆچوونی دکتۆر جەمال ڕەشید، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و کوردستانییە، چونکە دکتۆر جەمال ڕەشید باسی ئەوە دەکات کە (تەیمور لەنگ)ی تەتەر هاتۆتە کوردستان و شارەکانی موسڵ، هەولێر و جەزیرەی داگیرکردووە، کەواتە دکتۆری ناوبراو شاری موسڵ و دوو شارەکەی تریش بە شاری کوردیی و بەشێک لە باشووری کوردستان دادەنێت.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس، عەبدولغەنی عەلی یەحیا، لە لاپەڕە (7)ی ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (1747)ی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (29.3.2005)دا لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (هەرێمێکی فیدراڵ بۆ عارەبی سوننە هەنگاوێک لەسەر ڕێگای ڕاست)دا،

نووسیویێتی: (پارێزگای (نەینەوا) بۆ نموونە، کورد و کلدو ئاشوورو تورکمان و ئەرمەن تیایدا زۆرینەن، عارەبی سوونەش زیاتر نیشتەجێی باشووری نەینەوان وەک ناوچەکانی: (حەزەر) و (حەمام عەلی) و (گەییارە) و چەند ناوچەیەکی بچووکی دیکەش، دەبێ، ئەو ڕاستیەش ڕەچاو بکرێت کە (21) ئەندام لە کۆی (41) ئەندام لە ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا کوردستانین).

لێرەدا ڕۆژنامەنووس عەبدولغەنی عەلی یەحیا پێی وایە کە شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە کوردستانە، چونکە نووسەری ناوبراو لە لایەک عارەب لە شاری موسڵدا بە کەمینەو کورد بەزۆرینە دادەنێت و، لەلایەکی تریشەوە باسی ئەوە دەکات کە زۆرینەی کورسییەکانی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا بە دەست کوردە وەن، ئەمانەش نیشانەن بۆ کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ.

محەمەد حوسێن پیرۆت، لە وتارێکیدا کە لە دوو بەش پێکهاتووەو لەژێر ناوی (کوردستان لە چوارچێوەی پەیمانە نێو دەوڵەتیەکاندا) کە لە ڕۆژنامەی (خەبات)ی ژمارە (2029)، ڕۆژی سێشەممە (17.1.2006)دا بەشی یەکەمی بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (لە ساڵی (1262ز) کوردەکانی شاری موسڵ توانیان مەغۆلەکان لەم شارە وەدەرنێن و هێزەکە تێکبشکێنن و شاری موسڵ-یان لێ پاک بکەنەوە).

ئەوەی کە محەمەد حوسێن پیرۆت ئاماژەی پێکردووە، لە لایەک دەیسەلمێنێ کە عارەب لەناو شاری موسڵدا نەبووینە، لەلایەکی تریشەوە سەلماندنی کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو باسی ئەوەی کردووە کە لەکاتی هێرشی مەغۆلەکان لە ساڵی (1262ز)دا، کوردەکان بەتەنیا هێرش بەرە مەغۆلەکانیان لە شاری موسڵ دەرکردووەو هیچ باسی عارەب نەکراوە.

عەبدولخالق سەرسام، هۆزانڤان و نووسەر و وێنەکێش، لە لاپەڕەکانی (41-42)ی پەرتووکی (ئاڤێستای نەورۆز)دا نووسیویێتی: (عارەب هەرگیز هەبوونی نەبووە لە ئەکباتان (همدان) .. یان (میسل) لەپێش ئیسلام).

لێرەدا بە گوێرەی بۆچوونی (عەبدولخالق سەرسام)، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو پێی وایە شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە کوردستان بووە بەر لە هاتنی

ئیسلام، چونکە نووسەری ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە عارەب لە شاری موسڵ و تەواوی پارێزگاکەدا هەر نەبووە لەپێش هێرشەکانی ئیسلامدا بۆ ناوچەکە.

عەبدولخالق سەرسام، لە لاپەڕە (230)ی هەمان سەرچاوەی ناوبراو لە سەرەوەدا نەخشەیەکی ئێراقی سەردەمی عەباسییەکانی بڵاوکردۆتەوە، لەنەخشەکەدا سنووری ئێراق لەلای باکوورەوە لە (حەدیسە) لەسەر ڕووباری فورات و، لە (تکریت) لەسەر ڕووباری دیجلە کۆتایی دێت. هەروەها شاری موسڵ و تەواوی قەزاو شارەدێکانی سەر بەو پارێزگایە دەکەونە نێو سنووری ویلایەتی (جەزیرە)ی وڵات و خاکی نیشتمانی کوردان.

بەپێی بۆچوونەکانی عەبدولخالق سەرسام، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان بووە، لەبەر ئەوەی ئەو لە لایەک شاری موسڵ-ی بە تەواوی قەزاو شارەدێکان خستۆتە نێو ویلایەتی بۆتان (جەزیرە) کە وڵات و خاکی کوردە، لەلایەکی تریشەوە ئەو شارانەی کە سنووری ئێراقی لەلای باکوورەوە کۆتایی پێدێت بۆ نموونە شاری حەدیسە (390) کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای شاری موسڵ و، شاری (تکریت)یش (245) کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری شاری موسڵ. نەخشەکە لە کۆتایی ئەو بەشەدا دانراوە.

عەبدولخالق سەرسام، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (ئێزیدی و کاکەیی و شیعەکانی کورد بەرانبەر سوننەی عارەب لە شنگال تا خانەقین شورەیەکی پۆڵایینی کوردستانن)دا کە لە لاپەڕە(5)ی ژمارە(237)ی هەفتەنامەی (جەماوەر)، ڕۆژی دوشەممە، ڕێکەوتی (20.8.2007)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (ئەگەر ئێمە مێژووی فتوحاتی عارەبە موسڵمانەکان لەلای (تەبەری) و (بلازەری) بخوێنینەوە، کە چۆن بۆ یەکەم جار خوارووی ئێراقیان داگیرکرد (ئەرز ئەلسواد) و کوردە جابانیەکانیان ئەنفالکردو دەوڵەتی ساسانیان لە تیسفون – بەغدای ئێستای لەناوبرد، وردە وردە بە ڕووبارەکاندا هەڵکشان، تاکو گەیشتنە (موسڵ) و خەڵکی شارەکەیان دەرکردو شاریان داگیرکردو عارەبیان جێنشینکرد، ئەوانەی لە دەرەوەی سنووری ئێستای ئێزیدی و کاکەیین).

بەبۆچوونی نووسەر عەبدولخالق سەرسام، شاری موسڵ یەکێکە لە شارەکانی باشووری کوردستان، بەڵام پرۆسەی بە عارەبکردن بۆتە هۆی کەمکردنەوەی ژمارەی کورد و بەرزبوونەوەی ژمارەی عارەب لەو شارەدا. هەروەها سەرسام بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە میلیشیا چەکدارەکانی عارەبە موسڵمانەکان وەکو داگیرکەر هاتوون و شارەکە و عارەبیان جێنشین و کوردیان لەناو شاری موسڵ دەرکردووە، ئەمەش کوردێتیی و کوردستانێتیی ئەو شارە دەگەیەنێت.

ئەحمەد باوەڕ، لە لاپەڕە (42)ی پەرتووکی (چارەنووسی گەلی کورد لە کۆنگرەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکاندا)دا نووسیویێتی: (باشووری ئێراق واتە هەر دوو ویلایەتی بەغدا و بەسرە لەگەڵ ڕۆژهەلاتی ئوردندا، کەوتنە ژێر ئینتیدابی بەریتانیا وەو ویلایەتی موسڵ یا وەکتر باشووری کوردستان، لەگەڵ سوریا و لوبناندا، کەوتنە ژێر ئینتیدابی فەرەنسییەوەو وڵاتی فەلەستین لەژێر سەرداریەکی (سیادة) نێودەوڵەتیدا مایەوە).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر ئەحمەد باوەڕ، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە نووسەر لە لایەک ویلایەتی موسڵ بە باشووری کوردستان ناودەبات، کەواتە موسڵ شارێکە لە باشووری کوردستان، چونکە شاری موسڵ پایتەختی ویلایەتی موسڵ بووە، لەلایەکی تریشەوە نووسەر باسی ئەوە دەکات کە ئێراق لە ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرا پێکدەهات، کەواتە شاری موسڵ لە دەرەوەی سنووری ئەو ئێراقەدا بووە، کاتێکیش کە موسڵ لە دەرەوەی سنووری ئێراق بێت، چۆن دەکرێت شارێکی عارەبی یان سەر بە ئێراق بوو بێت؟

ئەحمەد باوەڕ، لە لاپەڕە (42)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (لە مانگی حوزەیرانی (1926)دا، بە تایبەتی لەو دانیشتن و گفتوگۆ سێ قۆڵیەدا کە لە نێوان بەریتانیا، تورکیا و ئێراقدا بەسترا کە بە تەواوی بڕیار لەسەر ئەوە درا ویلایەتی موسڵ بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی میری ئێراقەوە، واتە باشووری کوردستان و گەلی کوردستان لەم پارچەیەی کوردستاندا بەسترا بە ئێراقی عارەبەوەو هەموو

ئەو بەڵێنانەش کە درابوونە کورد سەبارەت بە پێکهێنانی قەوارەو دەسەڵاتێکی سەربەخۆ، بوونە بڵقێکی سەر ئاو کەوتوو).

به گوێرەی ئەو بۆچوونەی ئەحمەد باوەڕ، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە ناوبراو لە سەرەوەدا لە لایەک ویلایەتی موسڵ بە یەکسان دەزانێت بە باشووری کوردستان، لەلایەکی تریشەوە باسی ئەوە دەکات بە لکاندنی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بە ئێراق، پارچەیەک لە خاک و گەلی کوردستان لە کوردستان جیاکرایەوەو خرایە سەر ئێراق. ئەمانەش کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەسەلمێنن.

سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لێپرسراوی پێشووی مەڵبەندی (3)ی هەولێر، لە دیمانەیەکدا کە لە لاپەڕە (7)ی ژمارە (194)ی هەفتەنامەی (میدیا)دا بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت: (من پێم خراپە چ مام جەلال چ کاک مەسعود باس لە عارەبیەتی موسڵ بکەن، چونکە ئەمە واقیعیەتی نییە. من ناڵێم موسڵ کوردستانە یان عارەبستانە، با سەرژمێری بکرێ پاش ئەوە دەردەکەوێ، ئەگەر جیاوازیش هەبێ جیاوازییەکە زۆر گەورە نییە، جیاوازییەکی زۆر بچوک هەیە، ئێمە دەبێ حیسابی ئەوە بکەین، ڕژێمی ئێراق لە ناوەڕاستی هەفتاکانەوە دوو پرۆسەی دەستپێکرد، شاڵاوی پاکتاوی ڕەگەزی و (ڕاستکردنەوەی نەتەوەیی) کە لە گوێرەوە دەست پێدەکا، کەلەکی یاسین ئاغا، خازر، شێخان، عەین زالە، تا ڕەبیعە لە ناوەوەی ئەو کەوانەیە هەرچی هەیە، لە دەفتەری تۆمارگەکانی ڕژێم یا بە عارەب نووسراوە. یان لە ڕاستیدا هەر تۆمارنەکراوە. ئەوەش (300-400) هەزار ئێزیدی دەگرێتەوە، ڕەنگە نزیکەی (100) هەزار میران و کۆچەرو (150) هەزار گۆران و شەبەک و کاکەیی بگرێتەوە، کە ئەمە دەکاتە (700-800) هەزار کەس کە لە ڕاستیدا لە هیچ دەفتەرێکی تۆمارگەدا ناویان نییە، ئێستا لە پارێزگای موسڵ سەرژمێریّ بکرێ، دڵنیام لە سەرووی یەک ملیۆن هاووڵاتی کورد لە پارێزگای موسڵ دەردەچێ).

ئەوەی کە سەعدی پیرە ئاماژەی پێداوە، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە ناوبراو ئاماژە بە چەند ڕاستییەک دەکات، یەکەمیان شاڵاوەکانی بەعارەبکردنی شار و پارێزگای موسڵ، دووەم پاکتاوی ڕەگەزی لە ڕێگای گۆڕینی

باری نەتەوەیی لە کوردە وە بۆ عارەب، یاخود ناونووسکردنی ئێزیدی، شەبەک، گەڕگەڕی و چەندان هۆزو تیرەی تری کورد بە عارەب، هەروەها ڕاگواستنەوەی کورد لە پارێزگای موسڵ کە ئەمانە هەمووی نیشانەی ئەوەن کە موسڵ شارێکی کوردیی بووەو بە عارەبکراوە.

سەباحی مەلا، لە وتارێکی وەرگێڕدراوی خالید محەمەد وەیس کە لەژێر ناوی (هەرێمی کوردستانی ئێراق)دا نووسیوێتی و لە پێنج بەشدا بڵاوی کردونەتەوە، نووسەر لە بەشی یەکەم کە لە ژمارە (1851)ی ڕۆژی دوشەممە، ڕێکەوتی (11.7.2005)داو، لە بەشی دووەم کە لە ژمارە (1852)ی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (12.7.2005)ی ڕۆژنامەی (خەبات)دا بڵاوکراوەتەوە، لە بەشی یەکەمدا نەخشەیەکی کوردستانی مەزنی تیادایە کە تەواوی شارەکانی باشوری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)ی بە شاری موسڵ-یشەوە گرتۆتە خۆی.
لە بەشی دووەمدا دەڵێت: (کوردستانی ئێراق بە درێژایی مێژوو ڕووبەڕووی شاڵاوی گۆڕانی (ئەتنۆگرافی) هاتووەو لەم ساڵانەی دواییش روو لە زیادبوون بوو بە ڕاگوێزانی کورد بە تایبەتی لەو شوێنانەی گرنگییەکی ستراتیژییان هەیە وەک کەرکوک، خانەقین، موسڵ و شوێنانی دی).
بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر سەباحی مەلا، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە ئەو لە نەخشەکەدا شاری موسڵی خستۆتە ناو سنووری باشووری کوردستان، هەروەها باسی ئەوە دەکات کە کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان) تووشی شاڵاوی گۆڕینی باری ئەتنۆگرافی بووە بەتایبەت لە شارەکانی موسڵ، کەرکوک و خانەقین، کەواتە نووسەری ناوبراو ئەو شارانە بە شاری کوردستانی دەزانێت، بۆیە بەمشێوەیە ناوی بردوون.

سەباحی مەلا، وتارێکی لەژێر ناوی (جوگرافیای کوردستان)دا لە لاپەڕە (11)ی ڕۆژنامەی (خەبات)، ژمارە (1893)، ڕۆژی دوشەممە، ڕێکەوتی (22.8.2005)دا بڵاوکردۆتەوە، نووسیوێتی: (خاکی کوردستان لە ڕووی سامانی سروشتییەوە لە خاکە دەوڵەمەندەکان دەژمێردرێ و زۆر لە کانزاکان و سامانە سروشتییەکانی تیایدایە لە سەرووی هەموویانەوە نەوتە. بەدرێژایی مێژوو کۆڵۆنیالیزمی جیهانی

چاوی بڕیوەتە ئەو نەوتەو دانی لێ تیژکردۆتەوەو هەموو ڕێگەیەک دەگرێتە بەر بۆ بەدەست هێنانی خێرو بێری ئەو سامانە. لە ڕاستیدا سامانی نەوت لەژێر خاکی کوردستاندا لە زۆر شوێندا هەیە، بەڵام تا ئێستا تەنها لە بیرە نەوتەکانی (سعرت) لە تورکیا و (شا ئاباد) و (قەسری شیرین) لە ئێران و (ڕمیلان) لە سوریا دەردەهێندرێ ئەمە جگە لەبیرە نەوتەکانی موسڵ، کەرکوک و خانەقین لە ئێراق).

بە گوێرەی بۆچوونی نووسەر سەباحی مەلا، شاری موسڵ یەکێکە لە شارە گرنگ و دەوڵەمەندەکان بە نەوت لە کوردستانی ئێراق واتە (باشووری کوردستان)، چونکە نووسەر لە باسی هەبوونی نەوتدا لە شارەکانی کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان)دا ناوی شارەکانی موسڵ، کەرکوک و خانەقینی هێناوە.

ئەمیری فەندی، لە وتارێکیدا کە لەژێر ناوی (کوردی موسڵ... ئەمڕۆ و ئایندەی نزیک!!)دا لە لاپەڕە (12)، ژمارە (1890)ی ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (19.8.2005)ی ڕۆژنامەی (خەبات)دا بڵاویکردۆتەوە، نووسیویێتی: (ئێمەی کورد زۆر تا پێنج شەش ساڵی دیکە باس لە فیدرالیزم و حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی هەرێم و خودی هەرێم دەکەین، بەڵام پێویستە تا ئەوکات بەو پەڕی توانا بەرگری لەمانەوەی کوردی موسڵ و دەوروبەری دەڤەرە سنوورییەکانی دیکە بکەین، چونکە کورد چاوی لەوەیە بۆیەش سنوورەکانی وڵاتەکەی کوردستان لەسەر لێواری چەمی دیجلە بەکۆتا بێن، پێویستە هەموومان کار بۆ پتەوکردنی بوونی کورد لە جەرگەی شاری موسڵدا بکەین).

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە بە بۆچوونی ئەمیری فەندی، شاری موسڵ شارێکی کوردییە و بەشێکی گرنگە لە باشووری کوردستان، چونکە ئەو لەو باوەڕەدایە کە دەبێت گرنگییەکی تەواو بەناو شاری موسڵ و دەوروبەرەکەی بدرێت، تاوەکو پێگەی کورد لەو شارەدا بەهێز بێت و، ڕۆژێک لە ڕۆژان کورد داوای ئەو شارە کوردستانییە بکاتەوەو بیخاتە سەر باشووری کوردستان.

سەکۆی سەربەخۆی گەلی کوردستان، لە بانگەوازێکی خۆیدا کە لەژێر ناوی (بۆ جەماوەری خۆڕاگری کوردستان و بەتایبەت شار و شارۆچکەکانی کەرکوک و خانەقین و موسڵ)دا، لەسەر ماڵپەڕی ئەنتەرنێتی (کوردستان نێت)دا کە لە ڕۆژی

شەممە، ڕێکەوتی (30.10.2004)دا بڵاوکراوەتەوە، داوا لە خەڵک دەکات کە جاڕی سەربەخۆیی کوردستان بدەن.

بە بۆچوونی سەکۆی سەربەخۆی گەلی کوردستان، شاری موسڵ شانبەشانی کەرکوک و خانەقین شاری کوردیی و سەر بە خاکی باشووری کوردستانن، چونکە هەر لەناونیشانی بانگەوازەکەیاندا دەردەکەوێت کە ئەوان، شاری موسڵ، کەرکوک و خانەقین وەکو شاری کوردستانی تەماشا دەکەن. هەروەها سەکۆی سەربەخۆی گەلی کوردستان داوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی باشووری کوردستان لە جەماوەری شارەکانی کوردستان و لە نێویاندا شاری موسڵ دەکات، کەواتە ئەوان بە دڵنیاییەوە ئەو شارە بە بەشێک لە کوردستان دەزانن.

ڕۆژنامەنووس فەرهاد عومەر سلێڤانی، لە لاپەڕە (3)ی ڕۆژنامەی (التاخي)، ژمارە، (4555)ی ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی (20.8.2005)دا، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (الاغراب فانهار ... فلنبنه ونحطه بالاسوار)دا، نووسیویێتی: (لەکاتی کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی و سەرکەوتنی بەریتانیای مەزن و هاوپەیمانەکانی لە ساڵی (1918)دا، وڵاتێکی سەربەخۆ بە جوگرافیایەکی دیاریکراوەوە بە ناوی ئێراق بوونی نەبووە، بەڵام ئەو وڵاتە لە لایەن بەریتانیا و هاوپەیمانەکانیەوە دروست کرا. هێزەکانی بەریتانیا پەڕییەوە ناو ویلایەتی بەسرە کە شاری بەسرە مەڵبەندی ویلایەتەکە بوو، دواتر بەرەو باکوور کشاو ویلایەتی بەغدای داگیرکرد کە بەغدا مەڵبەندی ئەو ویلایەتە بوو، دواتریش کشانەکەی زۆرتر پەرەپێدا بەرەو باکوور و ویلایەتی موسڵ-ی داگیرکرد کە شاری موسڵ مەڵبەندی ئەو ویلایەتە بوو. بۆ زانیاری زۆرتر ویلایەتی موسڵ (کوردستان)، لەو شارانە پێکدەهات: (موسڵ، هەولێر، سلێمانی و کەرکوک)، ئەوکاتی شاری دهۆک و قەزاکانی سەر بە موسڵ بوون. لە ساڵی (1921)دا بەریتانیا وڵاتێکی نوێی لە هەر دوو ویلایەتی بەسرەو بەغدا دروستکرد، هەروەها لە ساڵی (1923)دا فەیسەڵی یەکەمی (نا ئێراقی) کرد بە شای ئەو وڵاتەو ناوی نا شانشینی ئێراق. دوای دابەشکردنی کوردستانی مەزن لە لایەن بەریتانیا و فەرەنسا، کوردستانی باشوور (ویلایەتی موسڵ) لە ساڵی (1925)دا بە شانشینی ئێراقەوە لکێنراو بە گوێرەی پەیمانی لۆزان و بە مەرجی ئەوەی کە گەلی کوردستان (ویلایەتی موسڵ) مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی

هەبێت هەرکاتێ ئارەزووی ئەوەی هەبوو. شانشینی ئێراق دروستکرا لە چەند ویلایەتێکی (نا دەستکرد) کە خاوەنی جوگرافیا و نەخشەی خۆیان بوون و نەخشەی (کوردستانی باشوور)و سنوورە جوگرافیەکەی ڕاستییەک بووەو بەلای کەمەوە دانەکی ڕەسەن لەو نەخشەیە وەکو بەڵگەنامەیەک لەلای بەریتانیای مەزن و، هەروەها تورکیاش دانەیەک یان زۆرتری هەیە، لەبەر ئەوەی ویلایەتی موسڵ لەو ویلایەتانە بووە کە بە فەرمانی سوڵتان لە ئەستانە (ئەستەنبوڵ) بەڕێوەدەبرا هەروەکو ویلایەتەکانی تری ئەو ئیمپراتۆریەتە. کەواتە نەخشەی (کوردستانی باشوور) دەستکرد نیە بەڵکو بەشێک بووە کە خاوەنی جوگرافیاو نەخشە بووەو بە شانشینی ئێراقی دەستکردەوە لکێنراوە).

بە بۆچوونی ڕۆژنامەنووس فەرهاد عومەر سلێڤانی، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و کوردستانیی بووە، لەبەر ئەوەی نووسەری ناوبراو ویلایەتی موسڵ بە یەکسان دەزانێت بە باشووری کوردستان و، پێی وایە کە ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) لەو شارانە پێکدێت (موسڵ، هەولێر، سلێمانی و کەرکوک)، ئەمەش نیشانی دەدات کە نووسەری ناوبراو، موسڵ بە شارێکی کوردستانی دەزانێت. هەروەها نووسەر باسی ئەوەش دەکات کە دوای دابەشکردنی کوردستانی مەزن، لە ساڵی (1925)دا باشووری کوردستان خرایە سەر دەوڵەتی ئێراقی، کەواتە بەر لەو ساڵەدا شاری موسڵ شارێکی کوردستانی بووە نەک ئێراقی، بەڵکو دواتر بەهۆی شاڵاوەکانی بەعارەب کردنەوە هەوڵی سڕینەوەی سیمای کوردانە و کوردستانیانەی ئەو شارە دراوە. هەرچی سەبارەت بە دانانی (فەیسەڵ کوڕی حوسێن )ە بە شای ئێراق، لە ڕێکەوتی (23.8.1921)دا ئاهەنگی کڵاو لەسەرنانی شاهانەی بۆ بەڕێوەچوو، نەک لە ساڵی (1923)دا هەروەکو نووسەری ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیوێتی، کە گوایە لەو ساڵەدا کرابێت بە شای ئێراق.

ڕۆژنامەنووس فەرهاد عومەر سلێڤانی، لە لاپەڕە (9)ی ڕۆژنامەی (التاخي)، ژمارە، (4493)ی ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (8.6.2005)دا، لە وتارێکیدا کە بە زمانی عارەبی لەژێر ناوی (متى يتخلص البعض من عقدتي الحقد والتكابر)دا، نووسیوێتی: (دوو نەتەوە سەرەکییەکەی ئێراق بریتین لە نەتەوەی عارەب و نەتەوەی کورد، ئەگەر بێت و لاپەڕەکانی مێژوو هەڵدەینەوە بە هەموو شتە پێچەوانەکان و کارەسات

و ڕاستییەکان دەبینین کە ئێراق وەکو دەوڵەتێک لە لایەن (بەریتانیای مەزن)ەوە دورست بووە لە ئەنجامی بە یەکەوە گرێدانی هەر دوو ویلایەتەکانی بەسراو بەغدا لەگەڵ ویلایەتی موسڵ بە یەکەوە کە خاکەکەی بە خاکی کوردستان دادەنرێت، ئەمەش تەنیا قسەیەکی سۆزی دەروونی نییە، بەڵکو ڕاستییەکە و هەر کەسێکیش دەیەوێت نکۆڵی بکات، ئەگەر دەتوانێت با پێچەوانەکەی بسەلمێنێت).

ئەوەی کە ڕۆژنامەنووس فەرهاد عومەر سلێڤانی باسیکردووە، کوردبوون و کوردستانیی بوونی تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ و خاکەکەی دەگەیەنێت، چونکە نووسەر لە لایەک تەواوی خاکی ویلایەتی موسڵ کە شارەکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) دەگرێتەوە، بە خاکی کوردستان ناوزەند دەکات، کەواتە شاری موسڵ-یش بەشێکە لە خاکی کوردستان، لەلایەکی تریشەوە باسی دروستبوونی دەوڵەتی ئێراوی دەکات لە دوو ویلایەتی عارەبی و ویلایەتی موسڵ کە ناوبراو بە خاکی کوردستانی ناودەبات، کەواتە ئەمانە دەیسەلمێنن کە شاری موسڵ و تەواوی شارەکانی تری سەر بە ویلایەتی موسڵ، شاری کوردیی و بەشێکی خاکی کوردستانن.

داود باغستانی چالاکوان لە بواری مافی مرۆڤدا، لە دیمانەیەکدا کە لە هەفتەنامەی (میدیا)دا لە لاپەڕەکانی (7+11)ی ژمارە (186)دا، لەژێر ناوی (داود باغستانی: هەڵەیەکی گەورەی کورد ئەوەیە موسڵ وەک شارێکی عارەبی سەیر دەکات نەک کوردستانی)دا بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت: (دوای ڕوخانی ڕژێم ڕاگەیاندنی ئێراق بەسەر سێ ناوچەی باشوور، ناوەڕاست و باکووردا دابەشکرابوو، باکوور واتە کوردستان شاری تکریتیشی لەگەڵدا بوو و بریتی بوو لە (موسڵ، کەرکوک، تکریت، دهۆک، هەولێر و سلێمانی). سەرکردایەتی کورد دەبووا هەمان ئەو گرنگییەی بە کەرکوکیدا بە موسڵیشی بدابووا. بە بڕوای من گرنگیی موسڵ لە گرنگیی کەرکوک کەمتر نییە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، لە ساڵی (1926) کە کوردستان بە ئێراقەوە لکێندرا، ئەوکات باشوری کوردستان بەگشتی پێی دەگوترا ویلایەتی موسڵ، تەنانەت تا سەربەخۆیی ئێراقیش مەرجێک هەبوو کە ئەگەر هات و گەل لە ویلایەتی موسڵ بکەوێتە ژێر هەر ستەمێک و دەست درێژییەک ئەو میللەتە مافی هەیە کە پاراستن لە کۆمەڵەی نەتەوەکان بخوازێ لەو کاتدا، ئێستاش نەتەوە یەکگرتووەکان جێگەی

کۆمەڵەی نەتەوەکانی گرتۆتەوە. بەڵام ئێمە پسپۆری یاسای نێودەوڵەتیمان نەبوونە کە لەو دۆزەیە تێبگەن. ئێستەش وا هەڵسووکەوت لەگەڵ موسڵ دەکەن وەک ئەوەی موسڵ شارێکی عارەبی بێ نەک کوردستانی، ئەوەش هەڵەیەکی گەورەی بزاڤی کوردییە. ئەگەر تەماشا بکەین دەبینین ئەو خێلانەی دەوروبەری موسڵ چ ساڵێک هاتوونە بۆ ناوچەکەو پێش ئەوە چۆن بووە، بێگومان ڕووندەبێتەوە کە موسڵ شارێکی کوردستانییە).

بەر لە هەموو شتێک باشووری کوردستان لە (16.12.1925) بە بڕیارێکی کۆمەڵەی نەتەوەکان بەزۆرو دوور لە خواستی نەتەوەی کورد بە دەوڵەتی ئێراقی دەستکردی ئینگلیز لکێنرا، نەک لە ساڵی (1926)دا وەکو ئەوەی کە داود باغستانی نووسیویێتی. ئینجا بە بۆچوونی داود باغستانی، شاری موسڵ شارێکە سەر بە کوردستان، چونکە ئەو لە لایەک باسی ئەوە دەکات کە کوردستان لە شەش شار پێکدێت و یەکێک لەو شارانە موسڵ–ە، لەلایەکی تریشەوە باسی ئەوە دەکات ئەگەر بێتوو مرۆڤ بۆ چەند دەیەکی ساڵ بگەڕێتەوە، بۆی ڕووندەبێتەوە کە شاری موسڵ شارێکی کوردستانییە، کەواتە نووسەری ناوبراو پێی وایە ئەو شارە شارێکی سەدا سەت کوردیی و کوردستانییە.

ماکۆ دلێار، لە ڕۆژی (13.11.2004)دا لە ماڵپەڕی (کوردستان نێت)دا ووتارێکی لەژێر ناوی (یا کەرکوک و موسڵ یان دەست بەردانمان لە هەر دووک)دا، نووسیوەو دەڵێت: (عارەبەکان پێمان ئەڵێن ئێوە شەڕ بۆ کەرکوک ئەکەن لەبەر ئەوەی نەوتی تێدایە، ئەگەر ئەم نەوتە نەبوایە ئەوا خۆتان بە کوشت نەئەدا. تۆ بڵێی ئەمە ڕاست بێت؟

بەڵێ ئەوە ڕاستە، ئەگەرنا بۆچی باسی شاری موسڵ ناکرێت؟ هەتا ئێستا سیاسەت مەدارێکی کورد یاخود سەرکردەیەکی کورد باسی موسڵ ناکات!

ئەگەر شەڕی ئێمە بۆ کەرکوک ئەوەیە کە شارێکی کوردییە و ئێمە دڵسۆزی خاکی کوردستانین، ئەی بۆچی باسی موسڵ ناکەین؟ ئایا لە مێژوودا موسڵ شارێکی کوردی نەبووە؟).

ئەوەی کە نووسەر ماکۆ دیار ئاماژەی پێکردووە، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەبەخشێت، چونکە نووسەری ناوبراو لە لایەک پێی وایە هەر دوو

شاری کێشە لەسەر موسڵ و کەرکوک دوو شاری کوردین و سەر بە باشووری کوردستانن، لەلایەکی تریشەوە گلەیی ئەوە لە کورد و سەرکردایەتی کوردستانی دەکات کە بۆچی باسی کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ ناکەن، کە بە گوێرەی بەڵگەنامە مێژووییەکان شارێکی کوردیی و کوردستانییە!

بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردستان بە واژۆی سەرۆکی بزووتنەوەی ناوبراو سەردار پشدەری، لە نامەیەکی کراوەدا کە لە ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (25.8.2005)دا بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان نووسیوێتی و لە ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی (27.8.2005)دا لە ماڵپەڕی (کوردستان نێت)دا بڵاوکراوەتەوە، لە نامەکەدا سەبارەت بە شاری موسڵ هاتووە: (کوردەکان، ویلایەتی موسڵ بە موڵکی خۆیان دەزانن و لێی دەست بەردار نابن، ئێمەش وەک پێشمەرگەیەکی نەتەوەی کورد سەرمان دادەنێین بۆ بە جێگەیاندنی داوای نەتەوەکەمان کە سەربەخۆیی کوردستان و پەسەند نەکردنی ئەو دەستورەیە).

لێرەدا دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردستان و سەردار پشدەری، پارێزگاو شاری موسڵ بە پارێزگاو شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان دەزانن، چونکە ئەوان باسی ئەوە دەکەن کە کورد ویلایەتی موسڵ بە موڵکی خۆی دەزانێت، کاتێک کە ویلایەتی موسڵ کە دەکاتە باشووری کوردستان موڵکی کورد بێت، کەواتە تەواوی شارەکانی ئەو نیشتمانە بە شاری موسڵ-ی پایتەختی ویلایەتەکەوە، شاری کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانن.

فەرەیدون حەمەڕەشید، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (کەرکوک و موسڵ لە مێژووی فاشیزم و بەرەوڕووی دیمۆکراسیدا)دا، ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (25.2.2005)دا لە ماڵپەڕی (کوردستان نێت)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیوێتی: (شاری موسڵ-یش کە لە ڕووی پێگەو جوگرافیا شارێکی کوردستانی بوو، لە ڕووی دیمۆگرافیشەوە، شاری نەتەوەو ئاینە جۆراو جۆرەکان بوو، لە سایەی فاشیزمدا بووە یەکەم بنکەی ئەشکەنجەدان و کرا بە کارگەی کوشتن و لە سێدارە دانی ئەو شۆڕشگێڕانەی، لەسەر بەرگریکردن لە ئازادی و سەربەستی بۆ نەتەوەکەیان دەگیران. لە جێگرتنەوەی فاشیزمدا بە دیمۆکراسی و ئازادی، سەرەڕای هەزارو یەک لەمپەرو

تەنگ پێ هەڵچنین لەپاش ماوەو کلتوری بەعس، هەڵبژاردن و دیمۆکراسی چۆکیدا بە فاشیزم و مۆرکی کوردستانی بوون و پێکەوە ژیانی دایەوە لە شاری موسڵ).

لێرەدا نووسەر فەرەیدون حەمەڕەشید، شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی و کوردستانی دەزانێت، چونکە نووسەر باسی ئەوە دەکات کە لە ڕووی جوگرافیەوە شارەکە سەر بە باشووری کوردستان بووە، بەڵام لەوەیاندا زۆر پەلەی کردووە کە دەڵێت لە سایەی دیمۆکراسی و ئازادیدا مۆرکی کوردستانی بوون و پێکەوە ژیانی دایەوە بە دانیشتوانی شارەکە. نموونە زۆرن بەڵام نامەوێت هیچ نموونەیەک بهێنمەوە، بەس ئەوەندە دەپرسم کام پێکەوە ژیان؟ ژیانی فەتوادانی حەڵاڵکردنی خوێنڕشتن و سەربڕین و دەرکردنی کورد لە موسڵ؟

نووسەر شێخ عومەر غەریب، کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی پارتی ئیسلامی کوردستان، لە لاپەڕە (14)ی پەرتووکی (باشووری کوردستان یان باکووری ئێراق!؟)دا، نووسیویێتی: (لە سەردەمی ئۆسمانلیدا ئێراق لە دوو ویلایەت پێکهاتبوو: ویلایەتی بەسراو ویلایەتی بەغدا، باشووری کوردستانیش کە ئەو سەردەمە بە ویلایەتی موسڵ ناودێر بوو، تا ڕوخانی خەلافەتی ئۆسمانیش لە تورکیا ساڵی (1924) هەر بەو ناوە مابۆوە).

نووسەر شێخ عومەر غەریب، شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان دەزانێت، چونکە ئەو پێی وایە کە ویلایەتی موسڵ و باشووری کوردستان هەر یەکن و یەک خاکن، مادام ویلایەتی موسڵ-یش یەکسان بێت بە باشووری کوردستان و هەر یەک خاک بن، کەواتە شاری موسڵ وەکو شارێک و پایتەختی ویلایەتە، دەبێتە شارێکی باشووری کوردستانیش.

شێخ عومەر غەریب، لە لاپەڕە (16)ی هەمان سەرچاوەدا نووسیویێتی: (باشووری کوردستان و کوردستان بە گشتی هەرێمێکی ستراتیژی ئابووری و سیاسی و جوگرافی و سەربازییە، لە باشووری کوردستان هەر دوو پارێزگای کەرکوک و موسڵ بە نەوت و کانزا دەوڵەمەندن، کوردیش بە تەواوی لێی بێبەش کراوە).

ئەوەی کە نووسەر شێخ عومەر غەریب باسیکردووە، کوردێتیی و کوردستانێتیی هەر دوو شارەکانی موسڵ و کەرکوک دەگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو هەر

دوو شارەکە بە دوو شاری کوردی بە نەوت و کانزا دەوڵەمەندی سەر بە باشووری کوردستان ناودەبات.

نووسەر و ڕەخنەگر حەمەسەعید حەسەن، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (ئەگەر سەر نیت، کلکیش مەبە)دا، لە ڕۆژی چوارشەممەی (31)ی ئابی (2005)دا لە ماڵپەڕی (کلاوڕۆژنە)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (هیندستان یەک وڵات بوو، ئینگلیزی داگیرکار، بۆ ئەوەی ئاشتی قەت لەو ناوچەیە سەقامگیر نەبێت، کردی بە سێ لەتەوە، (هیندستان، پاکستان و بەنگلادیش). لە نێوان و دەوروبەری دیجلە و فوراتدا سێ (وڵات) هەبوون، (کوردستان، سوننەستان و شیعەستان) ئینگلیزی داگیرکار، بۆ ئەوەی خەڵکانی ئەو دەڤەرانە، هەر لە ئاشووبدا بژین، لەو سێ ویلایەتە، (موسڵ، بەغدا و بەسرا) وڵاتێکی دروست کردو ناوی لێ نا ئێراق!).
ئەوەی نووسەر و ڕەخنەگر حەمەسەعید حەسەن نووسیویێتی، دەریدەخات کە ئەو باوەڕی بەوە هەیە کە ویلایەتی موسڵ باشووری کوردستان بووەو هەر دووکیان یەکسانن بە یەک، کەواتە بە بۆچوونی نووسەر شاری موسڵ شارێکە لە باشووری کوردستان، چونکە شارەکانی ویلایەتی موسڵ هەر هەمان شاری باشووری کوردستانن، لە کاتێکدا کە هەر دووکیان دوو ناوی جوگرافی بن بۆ خاک و نیشتمانی کورد کە کوردستانە بەکاربێن.

دکتۆر جەلیلی جەلیلی، کە مێژوونووسێکی کوردی بەناوبانگی سۆڤیەتە، لە لاپەڕە (28)ی پەرتووکی (کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی)دا، نووسیویێتی: (دانیشتووە کوردەکان لەو شوێنانە گردبووبوونەوە کە کەوتبوونە خوارووی خوارووی ڕۆژهەڵاتی هەرێمەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە، وەک، ئەیالەتی شارەزوور، هەکاری، موسڵ و دیاربەکر).
ئەوەی کە دکتۆر جەلیلی جەلیلی نووسیویێتی، دەریدەخات کە شاری موسڵ هیچ پێوەندییەکی بە عارەب و ئێراقەوە نەبووە، چونکە ناوبراو شاری موسڵ بە شارێکی سەر بە ویلایەتێکی عوسمانی ناودەبات، لەلایەکی تریشەوە نووسەر باسی ئەوە دەکات کە دانیشتوانی ئەو ویلایەتە کورد بووینە، کەواتە ئەو شارە شارێکی کوردییە و سەر بە باشووری کوردستانە.

دکتۆر جەلیلی جەلیلی، لە لاپەڕە (67)ی پەرتووکی (ڕاپەڕینی کوردەکان ساڵی 1880)داو، بە پشتبەستنی بە لاپەڕە (5)ی ڕۆژنامەی (تایمس)ی ئینگلیزی، ژمارەی (12.3.1880)دا نووسیوێتی: (لە زستانی ساڵی (1879–1880)دا برسێتیەکی قورس زۆربەی هەرە زۆری هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی عوسمانی گرتەوە. لە مارتی ساڵی (1880)دا ڕۆژنامەی (تایمس) هەواڵێکی بڵاوکردەوە کە لە ئەستەمبۆڵەوە پێی گەیشتبوو تیایدا هاتبوو: هەژاریی و برسێتی لە ئامەد و موسڵ تەواو پەرەیان سەندووە، دانیشتوانی دەوروبەری موسڵ، لە هەموو کەرەستەیەکی ژیان بێبەشن. بەڵام هیوا هەیە بەرهەمی ساڵی داهاتوو باری لێقەوماوەکان باشتر بکات).

بە بۆچوونی دکتۆر جەلیلی جەلیلی، دووبارە شاری موسڵ شارێکی کوردی سەر بە باشووری کوردستانە و، ئەو شارە هیچ پێوەندییەکی بە عارەب و بە ئێراقەوە نەبووە، چونکە نووسەری ناوبراو ناوی شاری موسڵ وەکو هەرێمێکی ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی ناودەبات، هەمووشمان دەزانین کە چۆن لە ڕێگای داگیرکردنەوە، شاری موسڵ بۆتە بەشێک لە دەوڵەتی عوسمانی.

دەستەی دامەزرێنەری مەڵبەندی موسڵ–ی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لە ڕێکەوتی (28.4.2002)دا لە بەیاننامەی دامەزراندنی مەڵبەندەکەیاندا کە لە لاپەڕە (8)ی هەفتەنامەی (الاتحاد)، ژمارە (473)ی ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (17.5.2002)دا بڵاوکراوەتەوە هاتووە: (لە دوای ڕزگاربوونی بەشێکی کوردستان، کار بۆ سەر لە نوێ داڕشتنی زانیاری و ڕێکخستنی ژیانی گەلی کوردستان کرا، کە بووە هۆی لەدایکبوونی چەندان ڕێکخراوەی پیشەیی و مەڵبەندە جۆراو جۆرەکان بۆ تۆژینەوەو لێکۆڵینەوە، ئەمەش وەڵامێکی ژیرانەیە کە بە ڕاستگۆییەوە ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی کوردی دەگرێتە خۆ، هەروەها چەندان مەڵبەندی ڕووبەڕووبوونەوەی پاکسازی ڕەگەزی و، بڵاوکردنەوەی ووشیاری نەتەوایەتی دەرکەوتن، بەڵام لەدایکبوونی ئەو مەڵبەندانە و تواندنەوەیان لە چوارچێوەیەکی جوگرافی تەسکداو دڵسۆزیان بۆ پارچەیەکی دیاریکراو، هیچ بوارێک ناهێڵێ لە بەردەمدا هەروەکو دەخوازێت بۆ کارکردن لە هەموو ئەو ناوچانەی کە مرۆڤی کورد بوونی هەیە تیایدا، هەروەها هەندێک لایەنی ڕامیاری ڕایانکردووە لە دان پێدانانیان بە کوردی موسڵ، وە

ڕادەکەن لە داکۆکی کردن لە کوردی موسڵ کە ژمارەیان یەک ملیۆن دەبێت. هەتا بەیانی ئازاریش دەبینین ناوهێنانی ئەم ناوچەیەی پشتگوێ خستووە، ئەم ناوچەیەی کە لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەمداو بەر لە شاڵاوەکانی پاکسازی ڕەگەزی، مەڵبەندی چالاکی ڕامیاری و پێشمەرگایەتی بووە. بەڵام ئێمە سەرنج دەدەین کە لێرەو لەوێ هەندێک لایەن باسی هەندێک لە ناوچەکانی وەکو شەنگال و هەندێک جاریش ناوی شێخان-یش دەبردرێت، بە بۆچوونی ئێمە ئەو ئاماژانە دووڕوویانە کاریگەرێتی نەرێتی دەبێت بۆ سەر دواڕۆژی کوردستانییەتی موسڵ، لەبەر ئەوەی ئەم هەڵوێستانە خزمەت بە پلانەکانی بەعس دەکەن کە بە بەردەوامی کار بۆ لێکترازانی ئەو پارێزگایە و لکاندنی بەشەکانی دەکات بە پارێزگاکانی تردا، لێرەدا پێویستە لەسەر پارتە ڕامیارییەکان بە بێدەنگی نەمێننەوە لە بەرانبەر کێشەی کورد لە موسڵ و چەرمەسەرییەکانیاندا، بەڵکو قسەکردن لەسەر شارەکەیان بە تەواوی و دۆزی ڕەوای نەتەوەکەیان).

بە گوێرەی بەیاننامەکەی دەستەی دامەزرێنەری مەڵبەندی موسڵ-ی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی، شاری موسڵ بە تەواوی واتە پارێزگای موسڵ، ناوچەیەکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە، ئەوان لە بەیاننامەی دامەزراندنیاندا، گلەیی زۆریان لەوە کردووە کە بۆچی کوردستانییەتی شاری موسڵ پشتگوێ خراوەو، تەنیا باس لە کوردستانییەتی شەنگال یان شێخان دەکرێت، بۆچوونەکانی ئەوان دەریدەخات کە ئەوان باوەڕیان وایە کە موسڵ وەکو پارێزگا سەر بە باشووری کوردستانە.

میهرداد ئێزەدی، کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و، پرۆفیسۆرە لە بەشی زمان و شارستانێتییەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک لە زانکۆی هارڤادی ئەمەریکا، لە لاپەڕە (57)ی پەرتووکی (ئاین و تایفە ئاینییەکان لە کوردستاندا)، سەبارەت بە شاری موسڵ نووسیوێتی: (شەبەکەکانیش کە لە باشوورو باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ لە ناوەڕاستی کوردستانداو بە تەنیشت باجەلانە یارسانەکانەوە دەژین، چەشنە ئاینێکی عەلەوی دیملییان تێدا بەدی دەکرێ).

لێرەدا بۆچوونی دکتۆر میهرداد ئێزەدی-مان بۆ دەردەکەوێت کە ناوبراو پێی وایە شاری موسڵ شارێکی کوردیی و کوردستانییە، چونکە ناوبراو لە باسی ئایین و ئایینزا ئایینییەکان لە کوردستان، باسی شەبەکەکان دەکات و شوێنی نیشتەجێ

بوونیان بە باشوورو باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ لە ناوەڕاستی کوردستاندا دەستنیشان دەکات.

پرۆفیسۆر دکتۆر میهرداد ئێزەدی، لە بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەیەکدا لەژێر ناوی (الكرد: نبذة وجيزة)دا لە وەرگێڕانی (هادی محەمەد)ە کە لە ژمارە (2)ی گۆڤاری (سردم العربي)دا بلاوکراوەتەوە، بەمشێوەیە باسی کوردستانییەتی شاری موسڵ دەکات: (کوردستانی باشوور شارەکانی (خانەقین، مەلایر، عیلام، کرماشان و هتد....) دەگرێتە خۆی). کوردستانی ناوەندیش شارەکانی (موسڵ، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی، کفری و هتد....) دەگرێتە خۆی).

ئەوەی کە دکتۆر میهرداد ئێزەدی ئاماژەپێکردووە، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەبەخشێ، چونکە دکتۆری ناوبراو زۆر بە جوانی بۆچوونی خۆی سەبارەت بە کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەردەبرێت و، ناوی شاری موسڵ وەکو شارێکی سەر بە کوردستانی ناوەندی دەهێنێت.

دکتۆر میهرداد ئێزەدی، لە بەشی سێیەمی لێکۆڵینەوەکەیدا لەژێر ناوی (الكورد: نبذة وجيزة)دا لە وەرگێڕانی (هادی محەمەد)دا کە لە ژمارە (6)ی گۆڤاری (سردم العربي)دا بڵاوکراوەتەوە، دووبارە باسی کوردستانێتیی شاری موسڵ دەکات و نووسیویێتی: (بەریتانیا، تەنیا ویلایەت (هەرێم)ی موسڵ (ناوەندی کوردستان)ی عوسمانی پێشووی وەرگرت لەگەڵ ناوچەی کەرکوکی کوردی دەوڵەمەند بە نەوت و، خستییە سەر ئێراق کە لەژێر ئینتیدابی بەریتانی و ملکەچی عارەب بوو، بە مەرجێکی (کۆمەڵەی نەتەوەکان) کە بەغدا ڕێز لە داواکارییە ئیتنی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد بگرێت).

بە بۆچوونی دکتۆر میهرداد ئێزەدی، شارەکانی موسڵ و کەرکوک بە دوو شاری سەر بە ناوەندی کوردستانن، لەبەر ئەوەی نووسەر زۆر ڕاشکاوانە باسی ئەوە دەکات کە بەریتانیا ویلایەتی موسڵی ناوەندی کوردستانی عوسمانی وەرگرت لەگەڵ شاری کەرکوکی دەوڵەمەند بە نەوت، کەواتە نووسەر هەر دوو شاری ناوبراوی پێ بەشێکە لە کوردستان.

دکتۆر سلێمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (ئەو فاکتەرانەی جوگرافیا کە کار دەکەنە سەر تایبەتمەندییەکانی باران لە هەرێمدا)، کە بەشێکە لە ماستەرنامەی (تایبەتمەندییەکانی باران لە هەرێمی کوردستاندا)و، لە لاپەڕەکانی (7-50)ی ژمارە (1)ی، ساڵی چواردەهەمی مایسی (2006)ی (گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی 48)دا بڵاوکراوەتەوە، دکتۆر سلێمان عەبدوڵڵا لە لاپەڕە (21)دا نووسیویێتی: (فاکتەری بەرزاییەکان کاریگەرییەکی تری هەیە لەسەر جیاوازی درێژی وەرزی باران لە ناوچە جیاوازەکانی هەرێم. بۆ نموونە، لە پێنجوین و سلێمانیدا سەرەڕای ئەوەی کە هەر دووکیان کەوتونەتە باشوورەوە، دەبینین وەرزی باران تیایاندا درێژترە لە وەرزی بارانی موسڵ ئەگەرچی موسڵ کەوتۆتە باکوورەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی بەرزی لەسەر ئاستی ڕووی دەریاو لەم سەروبەندەدا هەلی باران بارین لەو وێستگانەی کە لە بەرزییەکی زۆر دان، زۆرترە بە بەراورد لەگەڵ ئەو وێستگانەی کە لە بەرزییەکی نزم دان).

ئەوەی کە دکتۆر سلێمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل ئاماژەی پێکردووە، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە لە لایەک باسەکەی دکتۆری ناوبراو تەنیا تایبەتە بە هەرێمی کوردستان، لەلایەکی تریشەوە لە باسی بارین بارینداە لە شارەکانی هەرێمی کوردستاندا، ناوی شاری موسڵی وەکو شارێکی سەر بە هەرێمی کوردستان هێناوە.

دکتۆر سلێمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (تایبەتمەندییەکانی باران لە هەرێمی کوردستانی ئێراقدا)، کە لە لاپەڕەکانی (85-140)ی ژمارە (2)ی، ساڵی سیانزەهەمی مایسی (2005)ی (گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی 46)دا بڵاوکراوەتەوە، دکتۆر سلێمان عەبدوڵڵا لە لاپەڕە (94)دا نووسیویێتی: (کاتێک بەراوردی نێونجی بارانی دوو وێستگەکەی موسڵ و دوزخورماتو لەگەڵ یەکتریدا دەکەین، دەبینین بارانی موسڵ کە دەگاتە (381،4) ملم بە (122،1) ملم لە بارانی دوزخورماتو زۆرترە ئەگەرچی هەر دوو وێستگە تاڕادەیەک یەک بەرزییان هەیە. وێستگەی موسڵ (223) مەتر بەرزەو هی دوزخورماتو (220) مەتر لەسەر یاستی دەریاوە بەرزە. هۆی ئەمەش بۆ جیاوازی شوێنی هەر دوو وێستگەکە لە ڕووی ئەسترۆنۆمییەوە دەگەڕێتەوە). دکتۆر سلێمان لە لاپەڕە (100)یشدا نووسیویێتی:

(وێستگەکانی دهۆک، هەڵەبجە، حەویجە، مەخمور، موسڵ، شەنگال و کەرکوکیش بڕێکی کەمتر لەبڕی گشتیی هەرێم سەبارەت بە بارانی پایزان تۆمار دەکات). وە لە لاپەڕە (114)دا نووسیوێتی: (مانگی ئازار یەکەم مانگی بەهارو شەشەم مانگی بە باران پێکدێنێ و نێونجی بارانەکەی لە هەرێمدا (هەرێمی کوردستان) دەگاتە (94،5) ملم کە دەکاتە (15،8%)ی نێونجی ساڵانە. جگە لەوە ئەم مانگە لە زۆرترین ژمارەی ئەم وێستگانەی کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشتیان پێ بەستراوە (8 وێستگەیە) زۆرترین بڕی بارانی تێدا دەبارێ، ئەو وێستگانەش ئەمانەن: ئامێدی، ڕواندز، سلێمانی، هەڵەبجە، موسڵ، مەخمور، کەرکوک و خانەقین).

ئەوەی کە لە سەرەوەدا دکتۆر سلێمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل ئاماژەی پێکردووە، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە لێکۆڵینەوەکەی دکتۆر سلێمان تایبەتمەندە بە باران بارینی هەرێمی کوردستان و، ناوبراویش لە باسی ڕێژەی باران بارین لە کوردستان، مانگەکانی باران بارین لە هەرێمی کوردستان و وێستگەکانی باران بارینی کوردستاندا، ناوی شاری موسڵی وەکو شارێک و وێستگەیەکی گرنگیی سەر بە هەرێمی کوردستان بردووە.

دکتۆر سلێمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (چەمک و سنووری هەرێمی کوردستانی ئێراق)، کە لە لاپەڕەکانی (5–23)ی ژمارە (3)ی، نۆڤێمبەری ساڵی (2004)ی (گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی 44)دا بڵاوکراوەتەوە، دکتۆر سلێمان عەبدوڵڵا لە لاپەڕە (9)دا سەبارەت بە پێناسەی هەرێمی کوردستانی ئێراق نووسیوێتی: (کوردستانی ئێراق لەمێژە تووشی سیاسەتی گۆڕینی ئەتنیکی بووەو ئەم شاڵاوە لە دەیەکانی دوایی سەدەی بیستەمدا فرە پەرەی سەندو بریتیبوو لە دەرکردنی کورد لە ناوچەکانیان بە تایبەتی ئەو ناوچانەی کە بایەخێکی ستراتیژییان هەیە وەک کەرکوک، موسڵ، خانەقین و هیتر).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی دکتۆر سلێمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل، شارەکانی موسڵ، کەرکوک و خانەقین شاری کوردیی و بەشێکی کوردستانن، چونکە دکتۆری ناوبراو ئەو شارانە بە شاری سەر بە کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان) ناودەبات، کە ڕووبەڕووی شاڵاوی دڕندانەی بەعارەبکردن و گۆڕینی ئەتنیکی بووینەوە لە لایەن حکومەتە یەک لەدوا یەکەکانی عارەبی ئێراقی.

دکتۆر سلێمان عەبدوللا ئیسماعیل، مامۆستا لە بەشی جوگرافیای زانکۆی هەولێر، لە لێکۆڵینەوەیەکدا لەژێر ناوی (مفهوم أقليم كوردستان العراق)دا کە لە ژمارە (6)ی گۆڤاری (سردم العربي)دا بلاوکراوەتەوەو، دەربارەی زاراوەی هەرێمی کوردستانی ئێراق، نووسیوێتی: (هەرێمی کوردستانی ئێراق، واتە ئەو بەشەی (خاکی کورد- کوردستان) کە بە ئێراقەوە لکێندرا دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراق لە کۆتاییساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی و، بە چەندان تایبەتمەندێتی جوگرافی (مرۆیی و سروشتی) راڤەدەکرێت، کە وا دەکات هەرێمێکی جیا بێت لە هەرێمەکانی تری ئێراق).

دووبارە بە بۆچوونی دکتۆر سلێمان عەبدوللا ئیسماعیل، شاری موسڵ شارێکە سەر بە باشووری کوردستان، چونکە ناوبراو هەرێمی کوردستان بەو بەشەی خاکی کوردستان ناودەبات کە بە دەوڵەتی ئێراقەوە لکێنراوە، هەمووشمان دەزانین ئەوەی کە بە ئێراقەوە لکێنرا ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بوو، کە لە شارەکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) پێکدەهات، کەواتە ناوبراو پێی وایە شاری موسڵ بەشێکە لە خاکی باشووری کوردستان.

ڕۆژنامەنووس عەبدوللا قرگەیی، لە بەشی یەکەمی وتارێکیدا کە لەژێر ناونیشانی (لە موسڵ عارەب هەمیشە ئاغا بوون و کوردیش خولام)، کە لە لاپەڕە (7)ی ژمارە (217)ی ڕۆژنامەی (میدیا)دا، بڵاوکراوەتەوە، نووسیوێتی: (ڕووداوەکانی دوای ڕوخاندنی ڕژێمی سەدام ئەو ڕاستییەیان ئاشکرا کرد کە پلانێکی پێشوەختە لە لایەن عارەبی توندڕەو لە لایەک و خەڵکی دیکە هەیە بۆ لەناوبردن و نەهێشتنی بوونی کورد لەم شارە کوردستانییەدا، پارتی بەعس لە عارەباندنی شارەکەدا دەستپێشخەر بووە هەر لە ساڵی (1968) بەشێوەیەکی تایبەتی ئەگەرچی پێشتریش هەمان هەوڵ هەبووە کاتێک باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بەزۆر بە دەوڵەتی ئێراقەوە لکێنرا، ئاشکرایە پارێزگای موسڵ لە سەردەمی پاشایەتیدا لە چەند قەزایەکی تەواو کورد پێکهاتبوو (ئاکرێ، زاخۆ، دهۆک، ئامێدی، زێبار، شێخان و شەنگال) لەگەڵ چەند قەزایەکی تێکەڵ (قەزای ناوەند، شەڕگات، ڕەبیعە و تەلەعفەر).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی ڕۆژنامەنووس عەبدوڵڵا قرگەیی، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە ناوبراو لە لایەک لە باسی شاڵاوی بەعارەبکردندا لە دوای نەمانی ڕژێمی (سەدام)دا دەڵێت خەڵکانێک هەن هەوڵی لەناوبردنی کورد دەدەن لە شاری موسڵ-ی کوردستاندا، لەلایەکی تریشەوە ویلایەتی موسڵ بە باشووری کوردستان ناودەبات، کەواتە ئەو باوەڕی تەواوی بە کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شارەکە هەیە.

ڕۆژنامەنووس عەبدوڵڵا قرگەیی، لە بەشی دووەمی وتارێکیدا کە لەژێر ناونیشانی (لە موسڵ عارەب هەمیشە ئاغا بوون و کوردیش خولام)دا، لە لاپەڕە (7)ی ژمارە (218)ی ڕۆژنامەی (میدیا)، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (29.11.2005)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (کوردی دانیشتووی موسڵ کە زۆربەیان کەم و زۆر پێوەندییان بە ڕژێمی ڕووخا وەوە هەبوو نەیانتوانی لەگەڵ ئەم دۆخە نوێیەدا بگونجێن و خۆیان دوورە پەرێز ڕاگرت، ئیدی ماشێنی ڕاگەیاندنی تورکیا باسی لە زۆریی ژمارەی تورکمان لە موسڵ دەکردو ئاشوورییەکانیش لە زۆری ژمارەی فەلەکان و لەو نێوەندەدا کورد دووچاری چەوساندنەوە بوونەوەو پرسی کوردستانیی شاری موسڵ چووە دواوە).
ئەوەی کە ڕۆژنامەنووس عوبدوڵڵا قرگەیی لە سەرەوەدا نووسیویێتی، باوەڕبوونی ناوبراوە بە کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شاری موسڵ، چونکە ناوبراو باسی ئەو هۆکارانە دەکات کە بوونەتە پاشەکشەی کوردستانیی بوونی شاری موسڵ. کەواتە نووسەر شاری موسڵ بە شارێکی کوردستانیی دەزانێت، بۆیە بەمشێوەیە باسی ئەو شارەی کردووە.

دکتۆر جەواد ئیبراهیم مەلا، ناسراو بە (دکتۆر جەواد مەلا) سکرتێری گشتی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، لە لاپەڕە (97)ی پەرتووکی (کوردستان والکورد وطن مقسم وأمة بلا دولة)دا سەبارەت بە باشووری کوردستان، نووسیویێتی: (لەگەڵ هەموو کەمتەر خەمییەکی کوردی بۆ سەلماندنی بوونی خۆی، داوەتکردنەکانی سەرکردایەتی کورد لە لایەن حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان و سازدانی کۆبوونەوە لەگەڵیاندا بەشێوەیەکی فەرمی، مانای ئەوەیە کە وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستی بە

کورد هەیە، لەو دۆخەشدا پێویستە لەسەر سەرکردایەتی کورد داوا لە وڵاتە یەکگرتووەکان بکات، فڕۆکەخانەیەکی کوردی بۆ بکاتەوە، وابکات هێڵی (36) بگۆڕێو موسڵ و کەرکوک و خانەقین و مەندەلی بخاتە سەر ناوچە ڕزگار کراوەکان، بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان، چاپکردنی پارەی کوردی و دامەزراندنی بانکی ناوەندی کوردستانی و بەرهەم هێنانی پەترۆل و هتد).

به بۆچوونی دکتۆر جەواد مەلا، سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، شاری موسڵ و کەرکوک دوو شاری گرنگیی سەر بە باشووری کوردستانن، چونکە ئەو داوای گۆڕینی هێڵی (36) بۆ هێڵی (34) دەکات لەپێناوی ئەوەی کە کەرکوک و موسڵ بگرێتەوەو بگەڕێنەوە سەر باشووری کوردستان.

دکتۆر جەواد مەلا سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، لە لاپەڕەکانی (1+ 10)ی ژمارە (14)ی گۆڤاری (کۆنگرە)دا، لە وتارێکدا کە وەڵامێکە بۆ بەیاننامەیەکی دوو پارتی (تورکمان ئیلی و پارتی نیشتمانیی تورکمانی) سەر بە بەرەی تورکمانی بەکرێگیراو، کە لە ژمارەی ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی (30.10.1999)ی ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)دا بڵاوکرابووەوەو، زۆربەی هەرە زۆری خاکی باشووری کوردستان-یان بە خاکی خۆیان دانابوو، نووسیوێتی: (ئەوەی کە دەسەڵاتدارانی ئێراق لەنیوەی دووەمی ئەم سەدەیەدا کردوویانە وێنەیەکی زیندوو و نموونەیەکی سەردەمە بۆ هەموو ڕەگەزپەرستان و ئاغاکانیان و پێش هەمووشیان هەر دوو پارتی (تورکمان ئیلی و پارتی نیشتمانیی تورکمانی)، کە خۆیان هاوچەرخی ئەوە بوون کە چۆن حکومەتی ئێراق یارمەتی ئەدا بە هەموو عارەبێک لە خوارووی ئێراق، تاکوو رووبکەنە ناوچەکانی موسڵ، کەرکوک، خانەقین و شوێنەکانی تری کوردستان، بۆ ئەوەی زۆربەی ئەم شارانە بە عارەب بکات. بۆ دابینکردنی ئەمەش حکومەتی ئێراق زۆربەی قەزا کوردییەکانی سەرووی موسڵی دابڕی و پارێزگای دهۆک-ی لێ دروستکرد ..... هەروەها لە پارێزگای کەرکوک دەستیکرد بەدابڕینی قەزاکانی خوارووی‌و خستنیە سەر پارێزگای تکریت، شارۆچکە و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی خستە سەر پارێزگای سلێمانی تاکوو موسڵ و کەرکوک ببن بە دوو شاری دابڕاو لە دێهات و ناوچە کوردییەکان. لە کوردستاندا چەندان کەمایەتی

عارەبی، تورکمانی، ئاسووری و کلدانی هەن کە لە مێژوویەکی دێرینەوە شانبەشانی نەتەوەی کورد لە کوردستان نیشتەجێبوون).

به بۆچوونی دکتۆر جەواد مەلا، شاری موسڵ یەکێکە لە شارەکانی باشووری کوردستان، چونکە ئەو باسی ئەوەی کردووە کە شۆڤینییە دەسەڵاتدارەکانی ئێراق هەردەم لە هەوڵی ئەوەدا بووینە کە شارەکانی موسڵ، کەرکوک و خانەقین کە ناوبراو بە بەشێک لە باشووری کوردستانیان دەزانێت، بە عارەب بکەن و قەزا کوردییەکان لەسەر پارێزگای موسڵ لادەن، بۆ ئەوەی ژمارەی کورد کەم بێتەوەو هی عارەب بەرزبێتەوە.

تامان شاکر، لە لاپەڕە (3)ی ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە (209)ی سێشەممە ڕێکەوتی (20.9.2005)دا لەژێر ناوونیشانی (نا بۆ دەستووری ڕەش) کە ناوونیشانی کۆڕێکی، پرۆفیسۆر دکتۆر جەمال نەبەزە کە لە شاری کۆلن لە ئەڵمانیا بۆ کوردەکانی ئەو شارەی کردبوو، وتارێکی نووسیوەو ئاماژەی بە هەندێک قسەی دکتۆر جەمال، لەسەر مافی چارەی خۆنووسیندا کردووە کە دەڵێت: (بڕیاری چارەی خۆنووسین بڕیارێکی بێسنوورە ئەوە ئەگەر خەڵک دەنگی بۆ ئەو دەستوورەدا دەبێ کورد خۆی ببەستێتەوە بە گەلی ئێراق و پابەندی ئەو دەستوورە بێت و یەکێتی خاکی ئێراق بپارێزێت. ئەی ئەگەر نەیپاراست ئایا کورد مافی جیابوونەوەی هەیە. ئەوە مانای ئەوە نییە ئەگەر نەتتوانی بیپارێزی داوای جیابوونەوە بکەیت، ئێستاش عارەبەکان تەنها سێ پارێزگا بە کوردستان دەزانن کەرکوک و موسڵ و دیالە بە کوردستان نازانن).

نووسەر تامان شاکرو دکتۆر جەمال نەبەز، هەر دووکیان شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان ناودەبەن، کاتێک کە باسی ئەوە دەکەن کە عارەبەکان بە باش‌و خراپیانەوە تەنیا پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک بە خاکی کورد و کوردستان دەزانن و، شارەکانی موسڵ، کەرکوک و دیالە بە کوردستان نازانن.

عەبدوڵڵا ڕەحمان، لە لاپەڕە (2)ی ژمارە (1866)ی ڕۆژنامەی (خەبات)ی ڕۆژی سێشەممە (26.7.2005)دا، لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ (دارا نورەدین)دا کە لەژێر

ناوی (دارا نورەدین، ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی دەستور: سنووری هەرێمی کوردستان هەموو ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی ئێراقەوە هی کوردبوون)دا بڵاویکردۆتەوە، لەسەر زاری دارا نورەدین دەڵێت: (لیستی هاوپەیمانیی کوردستان نەخشەی بەڕێوەبەرێتی هەرێمی کوردستانی پێشکەش بە لیژنەی نووسینەوەی دەستور کردووە. ئەو ناوچانەش کە لە نەخشەکەدا لە سنووری هەرێمی کوردستانن، ئەوا لە سەرەتاکانی پێکهێنانی دەوڵەتی ئێراقەوە لە ساڵی (1921)دا ناوچەی کوردی بوونەو ئەو سەردەمەیش ئێراق لە سێ ویلایەتی بەسرا، بەغدا و موسڵ پێکدەهات کە ویلایەتی موسڵ زۆرینەی کورد بوونەو لە هەولێر، سلێمانی، کەرکوک و موسڵ پێکهاتبوو، پاشانیش بەهۆی ڕاپرسییەوە، کە ڕاپرسییەکەش ساختەبوو، کەچی لە ساڵی (1925) خرایە سەر دەوڵەتی ئێراق، بۆیە نابێ کەس نکوڵی کوردبوونیی ئەو ناوچانە بکات).

دادوەر دارا نورەدین، ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی دەستور، پێی وایە کە شاری موسڵ شارێکە سەر بە ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان)، چونکە ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە ویلایەتی موسڵ ویلایەتێکی سەربەخۆ بووەو، زۆربەی دانیشتوانەکەشی کورد بووینەو لە شارەکانی (موسڵ، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی) پێکدەهات، کەواتە شاری موسڵ هیچ پێوەندییەکی بە عارەب و بە ئێراق نەبووە، چونکە موسڵ شارێک بووە سەر بە ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان)، نەک سەر بە یەکێک لە ویلایەتەکانی بەغدا یان بەسرا!

دکتۆر نیاز لاجانی، لە لاپەڕە (6)ی ڕۆژنامەی (خەبات)، ژمارە (1809)ی ڕۆژی دوشەممە، ڕێکەوتی (30.5.2005)دا، لە وتارێکیدا بە ناوی (دڵنیام کە ئەمەش چارەسەر دەکا)دا، نووسیویێتی: (چونکە هەموومان پێمان وایە نەک هەر کێشەی کەرکوک، خانەقین، مەخمور، شەنگال و موسڵ... لەسەر دەستی سەرۆک بارزانی چارەسەر دەکرێ، بەڵکو (خەونی دێرینی) نەتەوەی کوردیش لەسەر دەستی ئەو (سەرۆک)ە دێتەدی).

ئەوەی دکتۆر نیاز لاجانی نووسیویێتی، باوەڕبوونی نووسەر دەردەخات بە کوردستانێتیی و کوردێتییی شاری موسڵ، چونکە نووسەری ناوبراو باسی ئەوەی کردووەو دیارە باوەڕی تەواویشی بەوە هەیە کە چارەسەرکردن و کێشەی

گەڕانەوەی شارەکانی موسڵ، کەرکوک، شەنگال و مەخمور بۆ سەر باشووری کوردستان، لە سەر دەستی بارزانیدا چارەسەر دەکرێت و خەونەکانی کورد کە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆیە لە تەواوی کوردستاندا، بارزانی ئەو خەونە دێرینەی کورد دەهێنێتە دی!

خاڵ محەمەد وەیس، لە لاپەڕە (7)ی ڕۆژنامەی (التاخي)، ژمارە (4505)ی ڕۆژی چوارشەممە (22.6.2005)دا، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (مفهوم اقليم كوردستان العراق)دا، نووسیویێتی: (کوردستانی ئێراق، بەدرێژایی مێژوو تووشی پرۆسەی گۆڕینی ئەتنۆگرافی بووە، ئەو شاڵاوە لەم دواییەدا بەرفراوانتر بووەو بریتی بووە لە ڕاگواستنەوەی کوردەکان لە ناوچەکانی خۆیان و بە تایبەتی ئەو ناوچانەی کە گرنگییەکی ستراتیژی هەیە وەکو ناوچەکانی کەرکوک، خانەقین، موسڵ و شوێنەکانی تر).

نووسەر خاڵ محەمەد وەیس، شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی گرنگ و ستراتیژی کوردستانیی دادەنێت، چونکە ناوبراو شاری موسڵ وەکو شارێکی کوردنشینی سەر بە کوردستانی ئێراق یان (باشووری کوردستان) ناودەبات، کە لە سەر دەستی شۆڤێنییەتی عارەبی دەسەڵاتدار بەدرێژایی مێژوو تووشی پرۆسەی بە عارەبکردن بۆتەوە، ئەمەش بۆمان دەردەخات کە نووسەری ناوبراو ئەو شارە بە شارێکی کوردیی و بە بەشێک لە باشووری کوردستان دەزانێت.

خەبات عەبدوڵڵا، لە لاپەڕە (72)ی پەرتووکی (بنەما تیۆرییەکانی جوگرافیای عەسکەریی کوردستانی باشور)دا، بەمشێوەیە دەربارەی سنووری کوردستانی باشوور دەنووسێ: (زاراوەی باشووری کوردستان هیچ بوارێک بۆ ئەو دابەشبوونە ڕاستییەی ئێستا لە ئارادایە ناهێڵێتەوەو ئەم پارچەیەی کوردستان وەکو هەرێمێکی جوگرافی و یەکگرتوو دادەنێت و، هەموو ئەو خاکەی کە لە گۆترە بە ئێراقەوە لکێندراوە، بە (باشور)ی کوردستان دەزانێت).

بە گوێرەی قسەکانی خەبات عەبدوڵڵا، شاری موسڵ یەکێکە لە شارە گرنگەکانی باشووری کوردستان، چونکە ناوبراو گشت ئەو شار و خاکەی کە بەزۆر بە بڕیارێکی کۆمەڵەی نەتەوەکان بە ئێراقەوە لکێنرا، بە بەشێک لە باشووری

کوردستان دەزانێت. هەمووشمان دەزانین ئەوەی کە بە بڕیاری کۆمەڵەی نەتەوەکان کە لەساڵی (1925)دا بە ئێراقەوە لکێنرا، ویلایەتی موسڵ بوو بە تەواوی شارەکانیەوە (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە). کەواتە شاری موسڵ وەکو شار و پارێزگا بەشێکی کوردستانە، لەبەر ئەوەی ویلایەتی موسڵ و باشووری کوردستان هەر یەک خاک و یەک نیشتمانن.

خەبات عەبدوللا، لە لاپەڕە (86)ی پەرتووکی (بنەما تیۆرییەکانی جوگرافیای عەسکەریی کوردستانی باشور)دا بەمشێوەیە بیروبۆچوونی خۆی دەربارەی سنووری کوردستانی باشوور دەردەبڕێت: (گەر لە باشووری خۆرهەڵاتەوە دەست پێبکەین، لە خاڵی سنووری ئێراق-ئێرانەوەو لە سەرووی شارۆچکەی عەلی غەربییەوە، هێڵێک بۆ خۆرئاوا دەکێشین، پاشان بەرەو باکووری خۆرئاوا شارۆچکەی جەسان، بەدرەو زڕباتیە دەگرێتە خۆو، ئینجا بە خۆرئاوای شارۆچکەکانی بەلەدروز، شارەبان و لەوێوە تادەگاتە زنجیرە چیای حەمرین، هێڵەکە بەدرێژایی چیای ناوبراو تا شارۆچکەی فەتحە لە خوار پێگەیشتنی زێی بچوک بە ڕووباری دیجلە، هەڵدەکشێت. لە فەتحەوە تا شاری موسڵ، دیجلە دەبێتە سنوورو لە خوارووی شاری موسڵەوە، شاری ناوبراو دەخاتە ناو سنورەکەی خۆیەوەو هێڵەکە بەرەو باشووری تەلەعفەر و لەوێشەوە بە هێڵێکی ڕێک بەرەو باشوری خۆرئاوا بە خوارووی شارۆچکەی شەنگال-دا ڕەت دەبێت و تا سنووری ئێستای ئێراق-سوریا، دەکشێت).

بە بۆچوونی نووسەر خەبات عەبدوللاو بە گوێرەی ئەو سنوورەی کە بۆ باشووری کوردستان کێشاویەتی، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە شاری موسڵ دەکەوێتە ناو ئەو سنوورەی کە نووسەری ناوبراو بۆ باشووری کوردستانی دەستنیشانکردووە. بەتایبەت کاتێک کە نووسەر باسی ئەوە دەکات کە سنووری کوردستان لە چیای کێوەسوور بەرەو شارۆچکەی فەتحەو دواتریش بە باشووری شارەکانی موسڵ، تەلەعفەر و شەنگالدا دەڕوات تا دەگاتە سووریا، ئەوە بە دڵنیاییەوە موسڵ دەبێتە شارێکی کوردی و کوردستانی.

خەبات عەبدوڵڵا، لە لاپەڕە (191)ی سەرچاوەی پێشوودا نووسیویێتی: (داگیرکارییەکانی ئیسلام لە کوردستانی باشووردا لێشاوی خێڵە عارەبەکانی بەدوای خۆیدا هێنا. هەموو ئەو خێڵە عارەبانەی کە لەگرتنی شاری موسڵ و شەنگال-دا بەشداربوون، پاشان جێیان نەهێشت و تێیدا نیشتەجێ بوون. موسڵ و دەوروبەرەکەی کە زۆربەی دانیشتوانەکەی کورد بوون، لە سەردەمی ڕاشدینداو پاشانیش لە سەردەمی ئەمەوی و عەباسییەکاندا، چەندان خێڵی عارەب لە بەسراو کوتەوە رژانە سەری و تاوای لێهات بە قسەی بەلازری بووە یەکێک لە گەورەترین شارەکانی موسڵمانان).

لێرەدا نووسەر خەبات عەبدوللا، شاری موسڵ بە یەکێک لە شارەکانی باشووری کوردستان دادەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو لە باسکردنی هێرش و پەلامارەکانی ئیسلام بۆسەر باشووری کوردستان، لە لایەک ناوی شاری موسڵ وەکو پارچەیەکی ئەو بەشەی کوردستان دەهێنێت، لەلایەکی تریش ژمارەی کورد لە نێو شاری موسڵ و دەوروبەرەکەی لە سەردەمەکانی راشدین، ئەمەوی و عەباسیدا لە ژمارەی کورد بەزۆرتر دەزانێت.

خەبات عەبدوللا، لە لاپەڕە (194)ی سەرچاوەی پێشوودا دەڵێت : ( ڕووپێوی خاکی کوردستانی باشوور بەزۆرتر لە (85.000 کچگ) دادەنرێت، لەو رووبەرەدا مەڵبەندی پێنج پارێزگا : سلێمانی، کەرکوک، هەولێر، موسڵ و دهۆک و سی و حەوت قەزاو سەدو سی ناحیەی تێدەکەوێت. تەنیا (36.347 کچگ)ی لەو ڕووپێوە هێشتەوە کە مەڵبەندەکانی هەر سێ پارێزگای سلێمانی، هەولێر، دهۆک و بیست و یەک قەزاو حەفتا ناحیەی لەخۆگرتووە. بەمەش زۆرتر لە (48.653 کچگ)ی لە خاکی کوردستانی باشوور دابڕیو هەموو ناوچە ستراتیژییەکانی کەرکوک، موسڵ، خانەقین و دەوروبەریانی لە سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەرهێناو بە خاکی عارەبی لە قەڵەم دان و بەکاوەخۆ کەوتە بە عارەب کردنیان).

ئەوەی کە نووسەر خەبات عەبدوللا باسیکردووە، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەداتە دەست، چونکە نووسەری ناوبراو شاری موسڵ بە یەکێک لە پێنج شارەکانی باشووری کوردستان دادەنێت و، هەروەها شارەکانی موسڵ،

کەرکوک و خانەقین بەو شارە ستراتیژیانە ناودەبات کە ڕژێمی بەعس هەوڵی داوە بە عارەبیان بکات و لە کوردستانیان دابڕێت.

خەبات عەبدوڵڵا، لە لاپەڕە (226)ی سەرچاوەی ناوبراودا نووسیویێتی: (دامەزراندنی تۆڕێکی ڕێگاوبانی ئاسن کە مەڵبەندی هەموو پارێزگاکانی کوردستانی باشوور، کەرکوک، موسڵ، سلێمانی، هەولێر، دهۆک پێکەوە گرێ بدات و، کەرکوک وێستگەو گرێی هاتوچۆی تۆڕەکە بێت).

بە بۆچوونی نووسەر خەبات عەبدوڵڵا، شاری موسڵ یەکێکە لە شارە گرنگەکانی باشووری کوردستان، لەبەر ئەوەی لە باسی دامەزراندنی تۆڕێکی ڕێگاوبانی ئاسن کە بە هەموو شارەکانی باشووری کوردستاندا تێبپەڕێت، ناوی شاری موسڵ-ی وەکو شارێکی سەرەکی باشووری کوردستان هێناوە.

خەبات عەبدوڵڵا، لە لاپەڕەکانی (292-293)ی هەمان سەرچاوەدا نووسیویێتی: (بێ ڕزگارکردنی بەشە گرنگ و ستراتیژییەکەی کوردستانی باشوور، موسڵ و ناوچە کوردستانییەکانی سەر بە پارێزگای نەینەوا، کەرکوک تا چیای حەمرین، خانەقین و ناوچەکانی خوارووی، هەرێمی ڕزگارکراوی کوردستان توانای ئامادەبوون و بەردەوامبوونی تاسەری نابێت. لە ڕاپەڕینی (1991ز)دا، دەکرا ئەگەر خانەقینیش لەدەست بدرایە کەرکوک لەدەست نەدرایە، لە ڕاپەڕیندا دەبواو دەکرا پەلاماری موسڵ بدرایە، ئەگەر ڕزگاریش نەکرایە لانی کەم مێژووی کوردستانی بوونی لە یادەوەریدا پاراوبکرایە).

نووسەر خەبات عەبدوڵڵا، شاری موسڵ بە یەکێک لە شارە هەرە گرنگ و ستراتیژییەکانی باشووری کوردستان ناوزەند دەکات، لەبەر ئەوەی ناوبراو لە لایەک گرنگیی ڕزگارکردنی شارەکانی موسڵ، کەرکوک، خانەقین و چەند ناوچەیەکی تر بۆ هەرێمی کوردستانی ڕزگارکراو ڕوون دەکاتەوە، لەلایەکی تریشەوە پێی وابوو کە دەبوایە لەکاتی راپەرێنی بەهاری ساڵی (1919)دا، کورد پەلاماری شاری موسڵی بدابایە، ئەگەر نەشتوانرابایە ڕزگاریش بکرێت خۆ کوردستانی بوونی شارەکەی لە مێشکی کورددا نۆژەن دەکردەوە.

محەمەد یوکسەک قایە، کە نووسەرێکی باکووری کوردستانە، لە وتارێکیدا کە لەژێر ناوی (مێژوویەکی نەفرەت لێکراو)دا، لە لاپەڕە (5)ی مانگنامەی (کۆنتاکت – پێوەندی)ی کە (دەزگای هاریکاری نێونەتەوەیی) لە دانمارک دەری دەکات، لە ژمارە (1)ی ساڵی (1992/1991)دا بڵاویکردۆتەوە، نووسیویێتی: (لە شەڕی دژە تورکەکان، بەریتانیەکان پێویستیان بەیارمەتی کوردەکان هەبوو، چونکە تورکەکان لەکاتی گفتوگۆی ئاشتی دوای کۆتایی هاتنی شەڕی جیهانی یەکەم، داوای هەر دوو شاری گرنگیی کەرکوک و موسڵی کوردییان دەکرد لە ئێراق. کاتێک کوردەکان لەو دوو شارەدا بیانەوێ پاڵپشتی بەریتانییەکان بکەن، ئەوکاتە بۆ ئەوان ئاسانتر دەبێت دەست بەسەر ئەو ناوچانەدا بگرن، ئەمەش مانای وایە کە کوردەکان بە سەربەخۆیی خۆیان دەگەن).

نووسەر محەمەد یوکسەک قایە، پێی وایە شارەکانی موسڵ و کەرکوک دوو شاری گرنگ و ستراتیژی باشووری کوردستانن، چونکە ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە لەکاتی شەڕی جیهانی یەکەمدا تورکەکان داوای هەر دوو شاری موسڵ و کەرکوکی کوردییان دەکرد، مادام ئەو دوو شارەش شاری کوردی بن کەواتە سەر بە باشووری کوردستانن.

جوان قاسم، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (سامانی کانزا لە هەرێمی کوردستاندا)، کە لە لاپەڕە (11)ی ڕۆژنامەی (خەبات)ی ژمارە (1911)ی هەینی (9.9.2005)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (ئەگەر باسی دابەشبوونی چاڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان بکەین ئەم کاتە هەست دەکەین کە هەرێمی کوردستان چەندە دەوڵەمەندە لەسامانە کانزاییەکان بە شێوەیەکی گشتی چاڵگە نەوتییەکانی لە ڕووی هەڵکەوتی جوگرافیاوە بەسەر سێ ناوچەدا دابەش دەبن یەکەمیان ناوچەکانی نەوتی باکوورە کە بە بچووکترین ناوچەی نەوتی کوردستان دادەنرێت کە ئەمانیش ناوچەکانی سیرت، باتیمان، موسڵ و دیاربەکر دەگرێتەوە).

بە بۆچوونی جوان قاسم، شاری موسڵ یەکێکە لە شارە هەرە گرنگەکانی دەوڵەمەند بە چاڵگەی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا، چونکە نووسەری ناوبراو لە باسی سامانە کانزایی و نەوتییەکاندا، ناوی شاری موسڵ-ی وەکو شارێکی پڕ لە نەوتی سەر بە کوردستان ناوبردووە.

حەبیبوڵڵای تابانی، لە لاپەڕە (219)ی پەرتووکی (هاونەتەوەیی قەومی کورد و ماد)دا، نووسیویێتی: (دەبێ ئەوە بزانین کە مادەکان لە ڕیزی ئەو نەتەوانە دان کە هەر لە سەرەتاوە دانیشتووی ئاخی مادای گەورە واتە "ئێرانی ناوەندی تا ئەوپەڕی کوردستان بوون کە لەلای ڕۆژئاواش ڕا تا دەوری دیاربەکر و موسڵ دەگرێتەوە").
بە بۆچوونی حەبیبوڵڵای تابانی، شاری موسڵ یەکێکە لە شارەکانی کوردستان، چونکە ناوبراو لە دیاریکردنی خاکی نەتەوەیی مادە کوردەکان و سنووری کوردستاندا، شاری موسڵ دەخاتە ناو سنووری کوردستان.

حەبیبوڵڵای تابانی، لە لاپەڕە (276)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، دەربارەی شاری موسڵ، بەمشێوەیە دەنووسێت: (بەپێی نووسینی مێژووزانان ئەردەشێر سۆزی بۆ کوردان زۆر بووە، بۆ وێنە کاتێک مەداینی کردە شارێکی ئاوەدان، یەکێک لە گەڕەکەکانی ئەوێی نێو نا (کوردئافاز یا کوردئاوا) هەروەها لە جێگەی موسڵ (لە شارەکانی ئەوڕۆی کوردستانی ئێراق) شارێکی سازکردو نێوی (نیو ئەردەشێر)ی لەسەر دانا).
بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر حەبیبوڵڵای تابانی، شاری موسڵ یەکێکە لە شارەکانی کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان)، چونکە نووسەر لە باسی موسڵ-دا نووسیویێتی: (موسڵ لە شارەکانی ئەوڕۆی کوردستانی ئێراق)، هەروەها باسی ئەوەش دەکات کە ئەردەشێری کورد لە شوێنی شاری موسڵ-ی ئێستاکە شارێکی بە ناوی (نیو ئەردەشێر) دروستکردووە، کەواتە شاری ناوبراو یەکێکە لە شارە کوردستانییەکان.

قادر نادر قادر، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (یەک پرسیار لە پارتی دیموکراتی کوردستان)دا کە لە ڕۆژی دوشەممە، ڕێکەوتی (9.1.2006)دا لە ماڵپەڕی (دەنگی سەربەخۆ – ئاژانسی نووچێن کوردستان)دا بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت: (پارتی و یەکێتیی تەنها لە (15) ساڵی ڕابردوودا دەیان هەڵەو تاوانیان دەرهەق بەو خەڵکە ئەنجامداوە وەک (4) ساڵ شەڕی ناوەخۆ، (8) ساڵ گفتوگۆ لەسەر کورسیو وەزارەت، دیار نەخستنی (15) ساڵەی بودجەی حکومەتی کوردستان، دۆڕاندنی

شاری موسڵ بەخۆڕایی، بە ملیۆنێر بوونی چەندان بەرپرسی کورد لە ماوەکی کورتداو هێنانی سوپای داگیرکەر).

لە سەرەوەدا نووسەر قادر نادر، شاری موسڵ بە شارێکی کوردی و کوردستانی دەزانێت، چونکە ناوبراو باسی دۆڕاندنی شاری موسڵ بەخۆڕایی دەکات لە لایەن هەر دوو پارتی دەسەڵاتدار پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، مادام وشەی دۆڕاندنی نووسیوە بۆ شاری موسڵ، کەواتە ئەو بە دڵنیاییەوە شارەکە بە شارێکی کوردی و کوردستانی دەزانێت.

قادر نادر قادر، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (پێدەچێ مالکیش کات بە کورد بکوژێ)دا، کە لە لاپەڕە (5)ی ڕۆژنامەی (میدیا)، ژمارە (266)، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (21.11.2006)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (هەر لە ڕۆژانی یەکەمی ڕوخانی سەدام-ەوە، هۆشیار زێباری لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەریدا لە هەولێر، وتی: موسڵ شارێکی عارەبییە!). دیارە ئەمە سیاسەتی گشتی پارتی و یەکێتیی-شە. لە کاتێکدا دوو ڕۆژ دواتر لەنێو شاری موسڵ بەرپرسێکی سەربازی ئەمەریکی، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەریدا ووتی شارێکی برایەتییە!؟). لێرەدا نامەوێت بچینە سەر کوردستانییەتی موسڵ، کەچی بەبێ هیچ بەرانبەرێک دایان بە عارەبی ئێراقی و، هەمووشمان دەبینین عارەب لەسەر گەڕانەوەی کەرکوک بۆسەر کوردستان چ شەڕێکمان لەگەڵ دەکەن؟).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر قادر نادر، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو شاری موسڵ بە شارێکی کوردستانی دادەنێت، لەبەر ئەوەی لە لایەک باسی ئەوە دەکات کە ئەو نایەوێت بچێتە سەر کوردستانییەتیی شاری موسڵ، لەلایەکی تریشەوە گلەیی ئەوە لە هەر دوو پارتی دەسەڵاتدار لە کوردستان و سەرکردەکانی کورد دەکات، کە شاری موسڵ-ی کوردی و سەر بە خاکی کوردستان بەبێ هۆکار بە شارێکی عارەبی ناودەبەن.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس وەهاب شاە محەمەد، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (ئایا موسڵ شارێکی کوردیە یان عارەبی)، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (23.10.2005)دا لە ماڵپەڕی (کوردستان نێت)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (گەڕانەوە بۆ مێژووی

ئێراقی تازە، یان سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی ئێراق، کاتێ سەرژمێرێک لە لایەن ئینگلیزەوە کراوە ئەوە دەردەخات کە زۆربەی زۆری دانیشتوانی ئەم شارە کورد بوون، واتە (83%)ی خەڵکی شارەکە کورد بووە. شارێکی وەک موسڵ کە ئەمڕۆ نیوەی دانیشتوانی کوردە، بەشەکەی تری لە کلدو ئاشوورو عارەب، چۆن دەکرێ بووترێ شارێکی عارەبیە. چۆن دەکرێ کەسانێک ببن بە خاوەنی شاری موسڵ کە تەنها پێش پەنجا ساڵێک لەمەوبەر هاتوون بۆ ئەو شارە و خەڵکە ڕەسەنەکەی بە بێگانە ناوببرێ. تەنها ئامارێکی بچووک لە سەر شار و ناوچەکانی دەوروپشتی موسڵ بۆمان دەردەکەوێ کە زۆربەی زۆری خەڵکەکەی کوردن نەک عارەب، عارەبیش تەنها لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئەم شارە هەن و هیچی تر. هەرچی ناوچە کۆنەکانی ناو شارەکە خۆیەتی سیمای کوردی یان کلدو ئاشووری پێوەیە، هیچ جێسەوارێکی ئەوتۆی عارەبی تیا بەدی ناکرێ).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر وەهاب شاە محمد، شاری موسڵ شارێکی کوردی و سەر بە خاکی کوردستانە، زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی شارەکەش لە سەرەتای بەزۆر لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە ئێراقەوە بە کورد دادەنێت و، باسی ئەوەش دەکات کە بەر لە (50) ساڵێک عارەبەکان بەشێوەیەکی چڕوپڕو بە گوێرەی پلانێکی نەخشە بۆ داڕێژراو لەپێناوی بە عارەبکردنی شارەکەدا ڕوویان کردۆتە ناو شاری موسڵ و دەوروبەرەکەی، کە ئەمانەش هەر هەموویان نیشانەی ئەوەن کە نووسەری ناوبراو شارەکە بە شارێکی کوردی و سەر بە کوردستان دەزانێت.

وەهاب شاە محەمەد، لە بانگەوازێکدا بۆ دەستکەوتنی ئامارێکی گشتیی و زانینی ڕای گشتی خەڵکی کورد دەربارەی کوردستانیەتی شاری موسڵ، کە لە ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی (17.12.2005)دا، کە لە ماڵپەڕی (کلاوڕۆژنە)دا بڵاویکردۆتەوە، نووسیویێتی: (ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە، شاری موسڵ پێش دروستکردنی وڵاتی ئێراقی تازە عارەبێکی یەکجار کەمی تیابوو، زۆرینەی خەڵکی ئەم شارە کورد بوون، بەڵام بەهۆی پرۆسەی بە عارەبکردن کە لەگەڵ دامەزراندنی وڵاتی ئێراقەوە دەستیپێکرد، ئەم شارە وەک ناوچە بە عارەبکراوەکانی تر کەوتە ژێر شاڵاوی بە عارەبکردن. دەکرێ بووترێ کەشاری موسڵ یەکەم شاری گەورەی کوردستان بووە کە شاڵاوی بە عارەبکردنی تیا ئەنجام دراوە، بۆیە پێویست بەوە دەکات کە

ئامارو ڕاپرسێک لەلایەن سایت و داموودەزگاکانی ئامارەوە بکرێ بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان).

نووسەر وەهاب شاه محمد، شاری موسڵ بە یەکێک لە شارە گرنگەکانی کوردستان دەزانێت، چونکە ئەو لە لایەک پێی وایە کە شاری موسڵ یەکەمین شاری گەورەی کوردستان بووە کە پرۆسەی بە عارەبکردنی تێدا ئەنجام درابێت، لەلایەکی تریشەوە باسی ئەوە دەکات کە بەر لە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە ئێراقەوە، شاری موسڵ ژمارەیەکی زۆر کەم عارەبی تێدابووە، ئەمانەش ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە هەر لە کۆنەوە شارەکە شارێکی کوردی و سەر بە خاکی کوردستان بووە.

وەهاب شا محەمەد، لە وتارێکیدا (شەبەک، یەکێک لە هۆزە گرنگ و دانەبڕاوەکانی کورد)دا کە لە لاپەڕە (9)ی ژمارە (4104)ی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (20.10.2006)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (شەبەک یەکێکە لە هۆزە گرنگەکانی میللەتی کورد، کە لە ناو شاری موسڵ و دەورووپشتی دەژین (بەشی ڕۆژهەڵاتی)، ژمارەیان خۆی دەدات لە سەد هەزار کەسێکو زیاتر لە شەست گوندیان لە دەوروپشتی شاری موسڵ-دا هەیە. زۆر لە مێژوونووسان ڕەگەزی هۆزایەتیان دەگەرێنێتەوە بۆ سەر خێڵی باجەلان کە لە سێ ناوچەی گەورەی کوردستان دەژین وەک دیالە، کەرکوک و موسڵ، بەڵام ڕاستێکەی ئەوەیە کە نیشتەجێبوونی هۆزی شەبەک دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دروستبوونی شاری موسڵ کاتێ کە (نەوادشێر/ئەردەشێر)ی کورد قەڵای موسڵ-ی لە سەردەمی میدییەکان دامەزراند، کە ئەمەش پێش هاتنی ئاشورییەکانە بۆ ناوچەکە. دامەزراندنی ئەم قەڵایە لەلایەن (نەوادشێر/ئەردەشێر)ەوە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیی ئەم شارە کوردستانیە (موسڵ)، کە دەریای سپی دەبەستێتەوە بە ئاسیاوە ڕێگاکەش بە ڕێگای ئاوریشم ناودەبرێت لای خەڵکی بێگانە، بەڵام کورد پێی دەڵێت (ڕێگای قەتار) کە ئەمەش لە ڕاستیدا وشەیەکی کوردیە نەک عارەبی وەک هەندێ کەس بە هەڵە تێگەیشتوون. ئەوەی زۆر کەس نایزانێت وەیان هەندێک لە مێژوونووسانی شۆڤینیزمی میللەتانی ناوچەکە دەیانەوێت ئەو ڕاستیە بگۆڕن، شاری موسڵ تاکو کۆتایی سەدەی هەژدە (83%)ی دانیشتوانەکەی کورد بوون).

نووسەر وەهاب شاه محمد، بۆ جارێکی تریش شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان ناودەبات، لەبەر ئەوەی نووسەری ناوبراو لە باسی شەبەک-دا ئاماژە بە بوونی شەبەک لە کوردستاندا لە شارەکانی موسڵ، کەرکوک و دیالە دەکات، هەروەها ناوبراو شەبەکەکان بەدروستکەری شاری موسڵ ناودەبات و ڕێژەی کوردی موسڵ هەتا کاتی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە ئێراقی عارەبی (ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرا) بە (83%) داناوە، ئەمانەش هەمووی ئەوە دەگەیەنن کە نووسەر شاری موسڵ بە شارێکی کوردستانی دەزانێت.

کاوە نادر قادر، ئەندامی کۆمیتەی ڕابەرایەتی (ڕێکخراوی تێکۆشانی ڕەنجدەرانی کوردستان)ی هەڵوەشاوەو سەرنووسەری هەفتەنامەی (میدیا)، لە لاپەڕە (55)ی پەرتووکی (ڕۆڵی نەوت لە چارەنووسی گەلی کوردستاندا)، نووسیویێتی: (نەوت لە کوردستاندا بەدرێژایی (1000) کیلۆمەتر بەپانی لە نێوان (50-150) کیلۆمەتر بوو، شەریتێک لەو روپێوەدا دەست پێدەکا لە ناوچەی لوڕستانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ناوچەکانی لوڕستانی باشوور "خانەقین، مەندەلی"و گەرمیان "توزخورماتوو، داقوق‌و کەرکوک"، دەشتی هەولێر "کەندیناوە، مولکیە، قەراج و شەمامک"، دەشتی کۆیەو، بۆ ناوچەی بادینان "زومار، عەینزالە، میسل"و، لەگەڵیشدا ناوچەی دێرک، رمێلان، دەرباسیە و کەرەچوک، پاشان بۆ دەشتەکانی ماردین و ئامەد (دیاربەکر)و، ئامەد و ناوچەی سیرت).

ئەوەی نووسەر کاوە نادر قادر ئاماژەی پێکردووە، کوردبوون و کوردستانی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو لە باسی نەوت لە کوردستاندا، ناوی شاری موسڵی وەکو شارێکی کوردستانی بردووە، کەواتە ئەو موسڵ بە کوردستان دەزانێت، بۆیە بەمشێوەیە ناوی بردووە.

کاوە نادر قادر، لە لاپەڕە (68)ی پەرتووکی (ڕۆڵی نەوت لە چارەنووسی گەلی کوردستاندا)، لە بابەتی مەیدانەکانی نەوت لە باشووری کوردستاندا نووسیویێتی: (ج- مەیدانەکانی ناوچەی میسل 1- عەین زالە: لە بەشی باکووری ڕۆژئاوای هەرێمی باشووری کوردستانە و لە سنوورە دەستکردەکانی تورکیا و سوریا نزیکە،

ساڵی (1939) دۆزراوەتەوەو ساڵی (1999) ژمارەی بیرەکانی (29) بیری نەوتدار بووە).

به گوێرەی بۆچوونی نووسەر کاوە نادر، شاری موسڵ یەکێکە لە شارە گرنگەکانی باشووری کوردستان، چونکە ناوبراو لە بابەتی مەیدانەکانی نەوت لە باشووری کوردستاندا، ناوی شاری موسڵ-ی وەکو شارێکی کوردستانی بردووە.

کاوە نادر قادر، لە لاپەڕەکانی (141-142)ی پەرتووکی (ڕۆڵی نەوت لە چارەنووسی گەلی کوردستاندا)، نووسیویێتی: (فەڕەنسییەکان گرنگییان بە ناوچەکانی باشووری کوردستان (ویلایەتی میسل) دەدا، بەهەمان شێوە ئینگلستان گرنگی بە ناوچەکانی باشووری کوردستان لە کرماشان، سنە، خانەقین، مەندەلی، کەرکوک، میسل دەدا بەهۆی دەوڵەمەند بوون بە نەوت کەوتنە سەر سەرەڕێیەکانی هیند. ئینگلستان دەیخواست ئەو ناوچەیە بکاتە پێگەیەکی ستراتیژی و ئابووری بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست).

لە سەرەوەدا کاوە نادر، زۆر ڕاشکاوانە بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە شاری موسڵ و تەواوی ویلایەتی موسڵ دەربڕیوە، لە لایەک ویلایەتی موسڵ بە باشووری کوردستان ناودەبات کەواتە ئەو پێی وایە کە تەواوی شارەکانی سەر بەو ویلایەتە شاری کوردین و سەر بە باشووری کوردستانن بە شاری موسڵ-ەوە، لەلایەکی تریشەوە لەناوهێنانی ناوچەکانی باشووری کوردستان ناوی شاری موسڵی هێناوە وەکو شارێکی سەر بە باشووری کوردستان.

کاوە نادر قادر، لە لاپەڕە (305)ی پەرتووکی (ڕۆڵی نەوت لە چارەنووسی گەلی کوردستاندا)، نووسیویێتی: (بەعس نەک هەرخۆی لەبەجێگەیاندنی خاڵی (14)ی بەیاننامەی ئادار دەشاردەوە، چی لەدەسەڵات بوایە، هەوڵی دەدا دیمۆگرافیای نەتەوەیی ئەو شارانە بگۆڕێ بە تایبەتی ناو شاری کەرکوک، خانەقین، شنگال، میسل و ناوچە نەوتییەکانی دیکەی باشووری کوردستان).

ئەوەی کە نووسەر کاوە نادر ئاماژەی پێکردووە، کوردستانێتیی تەواوی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە ناوبراو لە باسی هەوڵەکانی ڕژێمی سەدام و بەعس لەپێناوی گۆڕینی دیمۆگرافیای شارە بە نەوت دەوڵەمەندەکان لە باشووری

کوردستاندا، ناوی شاری موسڵی وەکو شارێکی سەر بە باشووری کوردستان بردووە.

کاوە نادر قادر، لە لاپەڕە (318)ی پەرتووکی (ڕۆڵی نەوت لە چارەنووسی گەلی کوردستاندا)، نووسیویێتی: (بەعارەبکردنی ناوچەی میسل لە دەورانی عومەری کوڕی خەتاب دەستیپێکرد، دەنا ئەو شارە کورد بووەو بە کوردی قسەیان کردووەو تا کۆتایی هەزارەی یەکەمی زایینی (400)ی کۆچی هەر کورد بووینەو زمانەکانی عارەبی، تورکی و فارسیشیان زانیووە).

لە سەرەوەدا نووسەر کاوە نادر، باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە شاری موسڵ هەر لە کۆنەوە شارێکی کوردی و سەر بە کوردستان بووە، بەڵام موسڵ لە سەردەستی میلیشیا عارەبەکانی ئیسلام لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتابدا هەوڵی بەعارەبکردنی دراوە، کەچی سەرەڕای ئەوەش شاری موسڵ وەکو شارێکی کوردی ماوەتەوە تاوەکو دەوروبەری ساڵی (1000)ی زایینی.

کاوە نادر قادر، لە لاپەڕە (319)ی پەرتووکی (ڕۆڵی نەوت لە چارەنووسی گەلی کوردستاندا)، نووسیویێتی: (لە یەکێک لە دانیشتنەکانی پارتە کوردستانیەکان دوای ساڵی (1996)، کاک مەسعود بارزانی ئاماژەی بە کێشەی دانوستانی میری ناوەندی (حکومەتی مەرکەزی) لەگەڵ کورد لەسەر ناناوەندی ساڵی (1963)دا، "هیچ کێشەیەکیان نەبوو لەگەڵیان لەسەر کەرکوک، ئەوەی جێی ناکۆکی بوو (پارێزگای موسڵ) بوو").

ئەوەی کە کاوە نادر ئاماژەی پێکردووە، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی لەو دانیشتنەدا باسی ئەوەیکردووە کە تاوەکو ساڵی (1963)، کورد کێشەی لەسەر کەرکوک نەبووە لەگەڵ میری ناوەندی بەڵکو کێشە لەسەر پارێزگای موسڵ بووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تاوەکو ساڵی (1963) هێشتاکە عارەب نەیانتوانیوە باڵادەست بن لە کەرکوک بۆیە کێشەیان دروست نەکردووە لەسەر ئەو شارە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوەش دەگەیەنێت کە عارەبەکان تاڕادەیەکی باش سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە لە هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیای پارێزگای موسڵ بۆ بەرژەوەندی عارەب،

بۆیە ساغکردنەوەی سنووری ئەو پارێزگایە (موسڵ) بۆتە کێشەی نێوان کورد و عارەب!

کاوە نادر قادر، لە لاپەڕە (340)ی پەرتووکی (ڕۆڵی نەوت لە چارەنووسی گەلی کوردستاندا)، نووسیوێتی: (گۆڕینی پێکهاتەی بەڕێوەبەرێتی شارەکانی باشووری کوردستان بە تایبەتی ئەوانەی ستراتیژین وەکو کەرکوک، میسل، خانەقین، مەخمور، مەندەلی، دێیاڵەو هتد، بەو ئاراستەی تەرازووی ڕێژە لەنگەر بگرێ بەلای ڕێژەی عارەبی و لە ڕێژەی کورد لەو شارانە کەم بکاتەوەو کورد مافی داواکردنەوەیانی نەمێنێ).

لە سەرەوەدا نووسەر کاوە نادر بۆچوونەکانی خۆی ڕاشکاوانە دەخاتەڕوو، بەوەی کە شاری موسڵ وەکو شارێکی ستراتیژی سەر بە باشووری کوردستان ناودەبات، هەروەها باسی ئەوەشمان بۆ دەکات کە عارەب و ڕژێمی بەعس و سەدام هەردەم لە هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیای پێکهاتەی شاری موسڵ و چەندان شار و شارۆچکەی تری باشووری کوردستاندا بووینە، لەپێناو بەرژەوەندی شۆڤینیەتی عارەبدا تا ئەو ڕادەیەی کە ژمارەی کورد ئەوەندە کەم بکاتەوە، بۆ ئەوەی لە داهاتووشدا کورد نەتوانن داوای موسڵ یان شارەکانی تر بکەنەوە!

نووسەر کاوە نادر قادر، لە وتارێکدا کە لەژێر ناوی (کۆلۆنیالیزمی ئێراقی و ڕاگواستن و و بە عارەبکردنی باشووری کوردستان)دا، لە ژمارەکانی (7–8)ی هاوین و پایزی ساڵی (2001)ی کۆڤاری (سەرخۆبوون)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیوێتی: (ڕاگواستن و بە عارەبکردنی باشووری کوردستان لەو ناوچانە لەسەر دەستی بەعس ئەنجام دراوە: ناوچە نەوتییەکانی (کەرکوک، موسڵ، باقوبە، دهۆک و هەولێر).

کاوە نادر قادر، پێی وایە شاری موسڵ یەکێکە لە شارە پڕ لە نەوتییەکانی باشووری کوردستان، ئەوەشمان لە ئەنجامی ئەوەدا بۆ دەردەکەوێت کە نووسەری ناوبراو لە باسی پرۆسەی ڕاگواستن و بە عارەبکردنی باشووری کوردستاندا، ناوی شارەکانی (موسڵ، کەرکوک، باقوبە، دهۆک و هەولێر) دەبات وەکو ئەو شارانەی کە لەسەر دەستی ڕژێمی بەعسدا تووشی شاڵاوی بەعارەبکردن هاتوون.

نووسەر سەربەست مایی، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (کورتە بەحسەک لسەر کوردستانیەتا شاریٚ موسلیٚ)دا، کە بە دوو بەش لە لاپەڕە (11)ی ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەکانی (1957–1958)ی چوارشەممەو پێنجشەممەی (26.10.2005 و 27.10.2005)دا، بڵاوکراوەتەوە، لە بەشی یەکەمی وتارەکەیدا دەڵێت: (خێڵە عارەبەکانی نیشتەجێی موسڵ، سەرەتا لە دورگەی عارەبییەوە هاتوون، لەگەڵ دەستپێکردنی مێژووی زایینی، سەرەتا خێڵەکانی (قضاعة، تنوخ، ئەیاد، بیعە، بەکر، تغلب) لە ڕۆژئاوای ڕووباری فورات نیشتەجیٚ بووینەو دواتر بەرە بەرە ڕووە و ڕووباری دیجلە هاتوون. سنووری نێوان کورد و عارەب، ڕووباری فورات بوو، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی پەلامارەکانی موسڵمانەکاندا بۆسەر کوردستان لە ساڵی (16ک/637ز) عارەب لە فورات پەڕینەوەو هاتنە ئەو دەڤەرە. هەروەها نووسەر لە بەشی دووەمدا دەڵێت: (شاری موسڵ مەڵبەندی ویلایەتی موسڵ (کوردستانی باشوور) بوو، لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ویلایەتی موسڵ پێکدەهات لە: موسڵ، هەولێر، سلێمانی، کەرکوک لەگەڵ هەندێک ناوچەی دیکە کە دەکەوتنە ناو سنووری بەڕێوەبەرێتی پارێزگای دهۆک کە ئەودەم پارێزگا نەبوو هێشتا هەر قەزا بوو، وەکو قەزاکانی شێخان و شەنگال، هەروەها سنووری ویلایەتی موسڵ تێدەپەڕی تاکو دەگەیشتە ڕۆژهەڵاتی ویلایەتی بەغدای کۆن و ڕۆژهەڵاتی پارێزگای دیالە (گوندی باڵا) وەک خانەقین، مەندەلی، بەعقوبەو چەندان ناوچەی دیکە. بەرلەوەی ویلایەتی موسڵ لە ساڵی (1925)دا بخرێتە سەر ئێراقی عارەبی، موسڵ مەڵبەندی کوردستانی باشوور بوو، هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان نە لە ڕووی مێژووەوە نە لە ڕووی جوگرافییەوە بە پارچەک لە ئێراق نەدەژمێردرا. لەوکاتەی کە دەسەڵاتدارانی بەریتانیا دەوڵەتی ئێراقیان لە ساڵی (1921)دا دامەزراند، ئێراق پێکدەهات لە ویلایەتەکانی بەسراو بەغدا، بەڵام ویلایەتی موسڵ لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەی ئێراق بوو).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر سەربەست مایی، موسڵ شارێکی کوردی و سەر بە کوردستانە، چونکە ناوبراو لە لایەک شاری موسڵ بە مەڵبەندی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) ناودەبات، لەلایەکی تریشەوە ئەو باسی ئەوە دەکات کە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) لە سەردەمی عوسمانییەکاندا لە

شارەکانی (موسڵ (نەینەوا+دهۆک)، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی) پێکدەهات، کەواتە دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین شاری موسڵ شارێکی کوردی و بەشێکە لە خاکی کوردستان.

فارس ناسر حوسێن، ئەندامی کۆمەڵی نیشتمانیی ئێراقی، لە نامەیەکی کراوەدا بۆ سەرۆکی کۆمەڵی نیشتمانیی ئێراقی کە لەژێر ناوی (الشبک الکورد.. بین التذویب العرقي والانتماء القومي)دا لە لاپەڕە (8)ی ڕۆژنامەی (الاتحاد)، ژمارە (1097)ی یەکشەممە (28.8.2005)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (بۆ مێژوو دەیڵێم کە شەبەکەکان پابەندی کوردێتی خۆیان بوون، سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵە بەزۆرانەی لەپێناوی بەعارەبکردنیان لە ماوەی زۆرتر لە هەزار ساڵە ڕووبەڕوویان بوەتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە لە ناوچەکانی خۆیان لە دەوروبەری شاری موسڵ لە باکوور و خۆرهەڵاتی موسڵ لە گوندەکانیاندا کە ژمارەیان لە (60) زۆرترەو هەموو ناوەکانیشیان کوردییە، وەکو (عەلی ڕەش)، (تەیراوە)، (جمەکۆر)، (ناورانا)، (شەهرزاد)و چەندانی تر. شەبەکەکان نەوەی ئەو کوردە میدییانەن کە لە موسڵ دانیشتوون و، ئەوان کۆنترین خەڵکی ناوچەکەن و شاری موسڵ-یان دروستکردووە. شەبەکەکان یەکەم کەس بووینە وەکو کورد لە شاری موسڵ نیشتەجێبوون و ناوی ئەو شارەیان نا (نەوادشێر) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرکردەی کوردی میدی (نەوادشێر)، بوونی شەبەک لەو ناوچەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی پێنج سەدە بەر لە هاتنی ئاشورییەکان و، ئەوان بەشێکی جیانەبووەن لە کورد و پێکهاتەکەیان لە خێڵی کوردی وەکو باجەلان، زراری ، زەنگەنە، ڕۆژبەیانی، داودە، شکاک و لوڕ و، ئەو زمانەی کە قسەی پێدەکەن زمانی کوردی (زاراوەی ماجۆ)یە کە ناوچەیەکی بەرفراوانی کوردستان قسەی پێدەکەن وەکو ناوچەی هەورامان و ناوچەکانی خانەقین و بەدرەو مەندەلی. ئەو شێوە زاراوەیەی ماجۆ، زاراوەی بنچینەیی کوردی بوو، هەروەها ئەمڕۆ شەبەکەکان خۆیان بە کورد دادەنێن بەو بەڵگەیەی کە زمانەکەیان زمانی کوردییە و، شوێنە جوگرافییەکەیان دەکەوێتە ناو جوگرافیای کوردستانە وە، هەروەها بنەچەیان دەگەڕێتەوە سەر هۆزە کوردەکان و کولتوورو مێژوویان بەشێکی دانەبڕاوە لە کولتوورو مێژووی کورد و هەستیان، هەستی کوردە).

بەپێی بۆچوونەکانی فارس ناسر حوسێن، ئەندامی کۆمەڵی نیشتمانیی ئێراقی، شاری موسڵ شارێکی کوردی و سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە ناوبراو لە باسی شەبەکەکاندا باسی ئەوە دەکات کە شەبەکەکان شاری موسڵ-یان دامەزراندووەو هەر ئەوانیش یەکەمین کەس بووینە لە مێژوودا لە ناوچەکەدا نیشتەجێ بووینەو، ناوی شارەکەیان سەرەتا ناونابوو (نەوادشێر/نیو ئەردەشێر) پاشانیش گۆڕاوە بۆ موسڵ. لێرەدا دەتوانین بڵێین شاری موسڵ شارێکی کوردی و بەشێکە لە خاکی کوردستان، چونکە شارەکە لە لایەن کوردە وە دروستکراوەو هەر کوردیش یەکەمین کەس بووە لەو شارەدا جێگیر بووینە بەر لە هاتنی ئاشوورییەکان بە پێنج سەد ساڵ.

نەفتوللا ئەدۆنەڤیچ خەلفین، لە لاپەڕەکانی (166-167)ی پەرتووکی (خەبات لەڕێی کوردستاندا)، نووسیوێتی: (شێخ عوبێدوڵڵا یەکسەر پاش تەواوبوونی شەڕی تورک و ڕوسیا کەوتە خۆئامادەکردن بۆ ڕاپەڕینێکی ئاشکرا دژی تورکیا، هێشتا لە (1878)دا باڵوێزی ڕوسیا (کریێلیی) لە تاران بیستبوویەوە کە شێخ عوبێدوڵڵا خەریکی کۆکردنەوەی هاوڕێکانیەتی بۆ جەنگ دژی تورکیا بۆ سەربەخۆیی کوردستانی تورکیا و (دانانی حکومەتێکی سەربەخۆ کە پایتەختەکەی موسڵ بێ).
ئەوەی لە سەرەوەدا (نەفتوللا ئەدۆنەڤیچ خەلفین) نووسیوێتی، بۆمانی دەردەخات کە سەرکردەی کورد (شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری)، شاری موسڵ-ی بە شارێکی کوردستانی تورکیا دەزانی، ئەویش لەبەر ئەوەی لەوکاتیدا باکوور و باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) لەژێر دەستی عوسمانییەکاندا بووینە، هەر بۆیە بەنیازی ئەوە بووە کوردستانی ژێردەستی تورکیا ڕزگار بکات و، دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ دابمەزرێنێت کە پایتەختەکەی شاری موسڵ بێت. ئەمانەش هەمووی دەمانگەیەننە ئەو ڕاستییەی کە نە شاری موسڵ و نە ویلایەتی موسڵ بە تەواوی شارەکانیەوە، هیچ پێوەندییەکیان بە ئێراق و بە عارەبەوە نەبووە.

مامۆستای ئەندازیار، کەیخەسرەو عەبدولکەریم مامۆستای کۆلێژی ئەندازیاری لە لاپەڕە (14)ی ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە (216)ی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (15.11.2005)، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (کۆنفرانسی سەربەخۆیی لە هەرێم و

دەسەڵاتێکی لەت لەتدا)، ئاماژە بە قسەی مامۆستای ئەندازیار لە کۆنفرانسەکەدا دەکات کە نووسیویێتی: (بە نیگەڕانیە وە باسی لە موسڵ کرد و ڕایگەیاند کە لە ساڵی (1921)دا دانیشتوانی موسڵ (60%)یان کورد بووەو وتی: ئێستا ئێمە بە هیچ جۆرێک باسی موسڵ ناکەین و هەر خستوومانەتە ئەو دیو).

مامۆستای ئەندازیار کەیخەسرەو عەبدولکەریم، پێی وایە کە شاری موسڵ شارێکی کوردی و سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە مامۆستای ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە لە ساڵی (1921)دا ڕێژەی دانیشتوانی کورد لە شاری موسڵ (60%) بووە، ئەمەش مانای وایە کە زۆربەی زۆری دانیشتوانی شارەکە کوردن، هەرچەندە ڕێژەی کورد زۆر زۆر لەوە زۆرتر بووە کە مامۆستای ناوبراو نووسیویێتی، بە گوێرەی بەڵگەنامەکانی کۆمیسیۆنی تۆژینەوەی تایبەت بە کێشەی ویلایەتی موسڵ ڕێژەی کورد (8/7)ی دانیشتوان ویلایەتی موسڵ کورد بووینە، واتە (87%)ی دانیشتوان کورد بووینە. کەواتە مادام زۆربەی زۆری دانیشتوانی شارەکە کوردبن سەرەڕای ڕاگواستنەوەی بەردەوامی کورد و هێنانی عارەبی داگیرکەر بۆ شارەکە بە درێژایی چەندان سەدە هەر لە داگیرکردنی شاری موسڵ و ناوچەکە لە لایەن میلیشیا ئیسلامییە عارەبەکانەوە لە ساڵی (637)ی زایینەوە تاوەکو ساڵی (2003)، بێ هیچ گومانێک شاری موسڵ شارێکی کوردی و سەر بە کوردستان بووە. هەروەها ناوبراو سەر سوڕمانی خۆی لەوە دەردەبڕێت کە بۆچی کوردستانییەتی شاری موسڵ لەیاد کراوە، ئەمەش بۆمان دەردەخات کە ئەو شارەکە بە شارێکی کوردیی و کوردستانیی دەزانێت!

نووسەر ئەحمەد شەوکەت، لە لاپەڕەکانی (48-50)ی پەرتووکی (الشبک الكورد المنسيون)دا باسی ئەوە دەکات کە شەبەکە کوردەکان یەکەمین کەس بووینە کە شاری موسڵ-یان دروست کردبێت و بەوناوە ناویان نابێت. هەروەها سەرچاوەی مێژوویی زۆر ڕەسەن هەن ئاماژە بەوە دەکەن کە (نەوادشێر)ی کوردی-میدی ئەو کەسە بووە کە قەڵای العبوری –شاری موسڵ- یان قەڵای موسڵ-ی لەسەر کەناری ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە دروستکردووە، بەلای کەمەوە نزیکەی پێنج سەدە بەر لە هاتنی ئاشوورییەکان بۆ ئەو ناوچەیە، لەپێناوی ئەوەی بیکات بە شوێنی پشوودان و مانەوەی ئەو کاروانە بازرگانییانەی کە لە ڕۆژهەڵاتەوە بە ڕێگای بازرگانی کۆندا لە

وڵاتانی میدیاو فارس دەهاتن کە لە ڕێگای حەلەب و شام بەرەو کەنارەکانی دەریای سپی ناوەڕاست دەپەڕینەوەو، ئەو ڕێگایە کە بە ڕێگای قەتار ناسرابوو.
ئەوەی لە سەرەوەدا نووسەر ئەحمەد شەوکەت باسی کردووە، کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە ناوبراو پێی وایە شەبەکە کوردەکان (نەوادشێر/ئەردەشێر)ی میدی شاری موسڵ-ی دروستکردووە، کاتێک کە کورد شاری موسڵ-ی دروستکردبێت، هەر دەبێت شارەکەش شارێکی کوردی بێت و سەر بە کوردستان بێت.

ئەحمەد شەوکەت، لە لاپەڕە (59)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا بەمشێوەیە بۆچوونی خۆی بەرانبەر بە کوردێتیی و کوردستانییەتی شاری موسڵ دەردەبڕێت: (لە ڕاستیدا عارەبەکان هەرگیز هیچ شارێک یان هیچ شێوەیەک لە شێوەکانی نیشتەجێبوونی شارستانییان دروست نەکردووە. ئێمە بەدڵنیاییەکی زۆرەوە دەزانین کە موسڵ شارێکی کوردی بووەو، تاوەکو ئێستاش هەروایە سەرەڕای زۆری شاڵاوەکانی بەعارەبکردنێکی بە مەرام، بەڵام ئەوەی وادەکات کە بەڕاستی سەرسام بین ئەوەیە کە هێزە ڕامیاریی و نەتەوەییەکان بە گوێرەی پێویست ڕاستگۆ نین لە داواکردنی ئەو شارە بۆ گەڕانەوەی بۆ سنووری کوردستان نە لە ڕێککەوتنی ئازاری (1970)، وە نە لە ڕووداوەکانی ڕاپەڕینی ڕزگارکردن لە ساڵی (1991)دا).
بە بۆچوونی نووسەری کورد ئەحمەد شەوکەت، شاری موسڵ شارێکی کوردی و سەر بە کوردستانە، لەبەر ئەوەی نووسەری ناوبراو لە باسی کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ-دا دەڵێت: (ئێمە بەدڵنیاییەکی زۆرەوە دەزانین کە موسڵ شارێکی کوردیی بووە)، هەروەها ئاماژە بە بەعارەبکردنی بەردەوامی شارەکە دەکات، هەروەکو لە چەند شوێنێکی تریش باسکرا، شاڵاوی بەعارەبکردن لە هەر ناوچەیەک یان شارێک پەیڕەو کرابێ، ئەوە بە دڵنیاییەوە ئەو ناوچەیە یان شارە هی کورد و سەر بە کوردستان بووە.

ئەحمەد شەوکەت، لە لاپەڕەکانی (99-100)ی هەمان سەرچاوەی سەرەوەدا دەنووسێت: (لە ڕاستیدا عارەب و تورکمان هەتاوەکو ناوەڕاستی سەدەی بیستەم کەمینە بوون لە نەینەوە (موسڵ)و زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانەکەی کوردی

شەبەک بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ناچار کرابوون بە پۆشینی چەفیەو عەگال (جلی عارەبی فۆلکلۆر)، بۆیە زۆربەی زۆری نووسەر و لێکۆڵەوەرەکان وایاندەزانی کە ئەوانە (شەبەکەکان) عارەبن، کەچی جگە لەوان (شەبەکەکان) کەسێکی دیکە نییە کە نەینەوای دروستکردبێت، وە جاری واش هەبووە فراوانکردنی ئەو شارە چەندان گوندی وەکو حەشمیە، سەید گەل، بەعویزە، قازی کەند، شەهرزاد و هیتریش).

بە گوێرەی بۆچوونی نووسەر ئەحمەد شەوکەت، شاری موسڵ یەکێکە لە شارە کوردییەکان، چونکە نووسەری ناوبراو لەو بڕوایە دایە کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی شاری موسڵ هەتاوەکو ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو کورد بووینە، مادام زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی شارێکی وەکو موسڵ کورد بووبن سەرەڕای ئەو هەموو ڕاگواستنەوەی کورد و شاڵاوی بەعارەبکردنەی کە بەسەر ئەو شارەدا هات، بێ هیچ گومانێک شارەکە شارێکی کوردیی و بەشێکە لە کوردستان.

ئەحمەد شەوکەت، لە لاپەڕە (109)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (ئەم شارە کوردییە مێژووییە کۆنە (موسڵ)، هەر لە کۆنەوەو تاوەکو ئێستاش پێویستی زۆری بە بەهێزکردنی پێوەندییە نەتەوایەتییەکان و کۆمەڵایەتییەکان هەیە لەگەڵ بەشەکانی تری کوردستان و، پەرەپێدانی هەستی نیشتمانی لەویژدانی ڕۆڵەکانیدا، وە بە تایبەتی کە دەکەوێتە سەر سنووری چەند بەشێکی ئازادکراوی کوردستانی ئێراق).

بۆ جارێکی تریش بە بۆچوونی نووسەر ئەحمەد شەوکەت، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە کوردستانە، چونکە ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە ئەو شارە هەر لە کۆنەوە شارێکی کوردی بووە، ئەوەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە بڵێین مادام شارەکە لە کۆنەوە شارێکی کوردی بووبێت، کەواتە موسڵ شارێکی سەر بە کوردستانە، چونکە لەسەر خاکی کورد و لە کوردستاندا دروستکراوە.

ئەحمەد شەوکەت، لە لاپەڕە (122)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا سەبارەت بە موسڵ نووسیویێتی: (شاری موسڵ، شارێکی کوردییە و هەروەها پارێزگای نەینەوا کە دەکەوێتە بەری خۆرهەڵاتی ڕووباری دیجلە، ئەوەیان بەلای کەمەوە

پارێزگایەکی کوردییە و بەشێکی دانەبڕاوە لە کوردستان، هەتاوەکو ئەگەر عارەب بۆ هەزارساڵی تریش داگیری بکەن).

بە بۆچوونی نووسەر ئەحمەد شەوکەت، شاری موسڵ شارێکی کوردییە، هەروەها پارێزگای نەینەوا کە بەشی خۆرهەڵاتی ڕووباری دیجلەیە، بە پارێزگایەکی کوردی ناودەبات، مادام شارەکە شارێکی کوردیی بێت، کەواتە ئەو شارە شارێکی کوردی و کوردستانیشە.

لەتیف فاتیح فەرەج، لە لاپەڕە (88)ی پەرتووکی (کورد و کەرکوک کورتە خوێندنەوەیەکی دیرۆکییانەی کەرکوک)دا نووسیوێتی: (عوسمانییەکان لە ڕێگەی گوڵبانگیانەوە (گوڵبانگیان لەوکاتەدا ڕاوێژکاری دارایی سوڵتانی عوسمانی بوو، یەکەم کەس بوو کە ساڵی (1890) هەواڵی بە سوڵتاندا کە ئەو مەڵبەندە نەوتی تێدایە)، هەر ئەم گوڵبانگیانە دواتر (5%)ی نەوتی کەرکوک و ویلایەتی موسڵ هی ئەو بوو بۆیە پێیان دەگوت (جەنابی سەدی پێنج) لەو ڕۆژەشەوە کە دۆزی ویلایەتی موسڵ باشووری کوردستان لە باکووری کوردستان جیاکرایەوەو خرایە سەر ئێراقی عارەبی).

بۆچوونەکانی نووسەر لەتیف فاتیح فەرەج، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئەو شاری موسڵ و ویلایەتی موسڵ بە خاکی کورد و کوردستان دەزانێت، چونکە نووسەر ویلایەتی موسڵ بە باشووری کوردستان ناودەبات، هەروەها باسی ئەوە دەکات کە باشووری کوردستان لە باکووری کوردستان جیاکراوەتەوەو خراوەتە سەر ئێراقی عارەبی، ئەمەش بۆمان دەردەخات کە شار و ویلایەتی موسڵ، هیچ پێوەندییەکیان بە ئێراق و بە عارەبەوە نەبووە. ئەمانەش هەمووی ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە نووسەری ناوبراو موسڵ بە کوردستان دەزانێت.

لەتیف فاتیح فەرەج، لە لاپەڕە (91)ی پەرتووکی (کورد و کەرکوک کورتە خوێندنەوەیەکی دیرۆکییانەی کەرکوک)دا، نووسیوێتی: (دەبێ ئەوەش بڵێین کە جگە لە کەرکوک لە چەند شوێنێکی تری باشووری کوردستان نەوت هەیە وەک چاڵەکانی خانەقین و موسڵ، حکومەتی ئێراقی لە هەموو ڕوویەکەوە بە پلەی یەکەم پشت ئەستورە بە نەوتی باشووری کوردستان و ئەم ئێراقە لە ساڵی (1921)ەوە

لەسایەی ئەم زێڕە ڕەشەی باشووردا دەگوزەرێ و نەوت دەیان ستەمکارو سەرمایەداری گەورەی دژی کورد و ئازادی کورد دروستکرد).

بە بۆچوونی نووسەر لەتیف فاتیح فەرەج، شاری موسڵ شارێکی باشووری کوردستانە، چونکە نووسەر لە باسی نەوت لە باشووری کوردستاندا، ناوی چاڵگەکانی نەوتی موسڵ، کەرکوک و خانەقین وەکو چاڵگەکانی باشووری کوردستان دەهێنێت، کەواتە بەلای نووسەری ناوبراوەوە ئەو شارانەی کە ئاماژەی پێکردوون، شاری کوردی و کوردستانین.

لەتیف فاتیح فەرەج، لە لاپەڕە (119)ی پەرتووکی (کورد و کەرکوک کورتە خوێندنەوەیەکی دیرۆکییانەی کەرکوک)دا، نووسیوێتی: (گۆڕینی ناو بەلای ڕژێمی بەعسی کۆلۆنیالستەوە هۆیەک لە هۆیەکانی سڕینەوەی کورد بوون، بۆیە لەو پێناوەدا سەدان ملیۆن دیناری خەرج کردووەو لەناو شارێکی کۆنی کوردە واریدا شارێکی عارەبی دروست کردووە، ئەوەی وای کردووە کە بەعس پشتی بەم کارەوە نەیەشێ ئەوەیە.

1- بەم کارە کەرکوک لە چنگی کورد دەردەهێنرێ و دەبێتە شارێکی عارەبی، هەروەک چۆن بە ڕەوتی مێژوو موسڵ بو بە شارێکی عارەبی).

لە سەرەوەدا دووبارە بە گوێرەی بۆچوونی نووسەر لەتیف فاتیح فەرەج، شاری موسڵ شارێکی کوردییە و سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە ڕژێمی بەعس لە ڕێگای شاڵاوی بەعارەبکردنەوەو بە ڕەوتی مێژوو توانی شاری موسڵ بکات بە شارێکی عارەبی و، لە چنگی کوردی دەربهێنێ، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە نووسەری ناوبراو ئەو شارە بە شارێکی کوردیی و کوردستانیی بە عارەبکراو دەزانێت.

لەتیف فاتیح فەرەج، لە لاپەڕەکانی (150-151)ی پەرتووکی (کورد و کەرکوک کورتە خوێندنەوەیەکی دیرۆکییانەی کەرکوک)دا، نووسیوێتی: (بەریتانیا و ئێراقی عارەبی و تورکیای عوسمانی لەسەر ویلایەتی موسڵ کە تەواوی (ئێراقی شیمالی) کوردستانی باشوور دەگرێتەوە و مشتومڕێکی زۆریان کرد، تورکیا دەیویست بە هەر شێوەیەک بێت ویلایەتی موسڵ ببەستێ بە وڵاتەکەی خۆیەوە بۆ ئەم

مەبەستەش پەنای بۆ پڕوپاگەندەی یەک ڕەگەزی و یەک ئایینی و یەک ڕەچەڵەکی دەبرد، بەو نیازە زۆر هەوڵی لەگەڵ ئاغا و دەرەبەگ و پیاوە ئایینییەکانی کورددا).

ئەوەی لە سەرەوەدا نووسەر لەتیف فاتیح فەرەج ئاماژەی پێکردووە، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی نووسەری ناوبراو ویلایەتی موسڵ بە باشووری کوردستان و یەکسان بە یەک دەزانێت، مادام هەر یەکبن و یەکسان بن، کەواتە تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە)، دەبنە شاری سەر بە باشووری کوردستان.

لەتیف فاتیح فەرەج، لە لاپەڕە (160)ی پەرتووکی (کورد و کەرکوک کورتە خوێندنەوەیەکی دیرۆکییانەی کەرکوک)دا، سەبارەت بە شاری موسڵ نووسیویێتی: (هەر لە سەرەتای دروستبوونی حکومەتی ئێراقیەوە، 1921، پڕۆژەی تەعریبی ناوچە کوردنشینە نەوتییەکان دەستپێکرد لە موسڵ و کەرکوک، ئەو مشتومڕەی لەسەر کێشەی موسڵ کرا وایکرد کە عارەبەکان بیر لەوە بکەنەوە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەم ناوچانە بە تەواوەتی لە کورد پاک بکەنەوە، هەڵوەشانەوەی پارێزگای موسڵ بەو شێوەیەو بەعارەبکردنی ناو شارەکە و شوێنە بایەخ دارەکان سەرەتای ئەو کارەبوو، ئەوەبوو لە پارێزگای موسڵ ئەم سیاسەتە سەریگرت و ئێستا کورد خۆیشی کەمتر قسە لەسەر ئەو شارە دەکات، لەگەڵ لکاندنی باشووری کوردستان بە ئێراقی عارەبییەوە ساڵی (1925) بەدواوە سیاسەتی بە عارەبکردن بەشێوەیەکی بەربڵاو دەستیپێکرد).

لە بۆچوونەکانی نووسەر لەتیف فاتیح فەرەج-دا بۆمان دەردەکەوێت کە ناوبراو شار و پارێزگای موسڵ بە تەواوی بە نیشتمانیی کورد و خاکی باشووری کوردستان دادەنێت، لەبەر ئەوەی نووسەر باسی هەر دوو شاری موسڵ و کەرکوک وەکو دوو شاری کوردنشین دەکات، کە ڕووبەڕووی سیاسەتی شۆڤێنیستانەی تەعریبکردن و ڕاگواستن و دەرکردنی زۆرەملێیانەی کوردەکان بووینەوە، لە هەمان کاتدا باسی بەعارەبکردنی ناو شاری موسڵ و هەڵوەشانەوەی پارێزگاکە دەکات بە مەبەستی بەعارەبکردن. هەموو لایەک ئەوە باش دەزانێت موسڵ پێویستی بە تەعریبکردن نەبوو، ئەگەر بێتوو شارێکی عارەبی بووایە، بەڵام سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی عارەب و پڕۆژەی بەعارەبکردنی موسڵ، بۆمان

دەردەخات و بەڵگەیەکی گرنگە کە شاری موسڵ وەکو شار و پارێزگا نیشتمانیی کورد و خاکێکی سەر بە باشووری کوردستان بووە بۆیە ئەوان بە بەردەوامی لە هەوڵی بەعارەبکردنیدا بووینە.

نووسەر و پەرلەمانتار، ئەبوبەکر محەمەد حاجی، ناسراو بە (مەلا شاخی)، ئەندامی یەکەمین پەرلەمانی کوردستان و سکرتێری ڕۆشنبیری کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوک، لە لاپەڕە (6)ی ژمارە (2774)ی ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (5.6.2002)ی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا وتارێکی لەژێر ناوی (کەرکوک لە (دلیل تأریخ مشاهیر الالویة العراقیة)دا)، نووسیوەو تیایدا هاتووە: (ماوەیەک لەمەوبەر لە ژمارە (2761)ی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوی)دا بابەتێکی گرنگ لەژێر ناوونیشانی (کەرکوک لە "قاموس الاعلام"ی تورکیای عوسمانلیدا) بڵاوکرایەوە، بایەخی ئەم بابەتە لەوەدابوو، بە ڕوون و ئاشکرا گەواهیی دەدا کە (کەرکوک لە سنووری ویلایەتی موسڵی کوردستاندایە)، (شەمسەدین سامی) نە کوردە و نە ئەو سەردەمە لەژێر کاریگەری کەسدا بووە، بەڵکو وەک نووسەرێکی تورک ڕاستگۆیانە گوزارشتی لە ڕاستییەک کردووە کە نەک تەنها شاری کەرکوک، بەڵکو هەموو ویلایەتی موسڵ بە شاری (موسڵ)یشەوە بەشێکن لە کوردستان).
بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر و پەرلەمانتار مەلا شاخی، نەک تەنیا شاری موسڵ شارێکی کوردی و سەر بە باشووری کوردستانە، بەڵکو هەر دوو شاری کەرکوک و موسڵ و تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ، شاری کوردیی و بەشێکن لە خاکی باشووری کوردستان.

وتارێک لەژێر ناوی (کوردەکان و کوردستان لە سەروەری نیشتمانی نەتەوەیی 1918–1923)دا، کە لە (ماڵپەڕی کورد دی کۆ)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (باشووری کوردستان (هەرێمەکانی موسڵ و کەرکوک)، یان هەروەکو بە کوردستانی ئێراق ناودەبرێت کە بە گوێرەی پەیماننامەیەک (پەیماننامەی سیڤرە) دەبوایە مافی ئۆتۆنۆمی وەرگرتایە و دواتریش دەرفەتی یەکگرتنەوەیان هەبوو لەگەڵ دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ، بەڵام هیچ کام لە پەیماننامەکانی (سایکس پیکۆ) و (سیڤرە) جێبەجێنەکران، کە هەر دوو پەیماننامەکان دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ

یان ویلایەتی موسڵی ئۆتۆنۆمی داریان لەخۆ دەگرت. بەریتانیای گەورە لەکاتی شەڕی جیهانی یەکەمدا ئێراقی ئێستای داگیرکردو لەژێر دەستی عوسمانییەکانی دەرهێنا، دەوڵەتی ئێراق لە ساڵی (1920)دا دامەزراو کەوتە ژێر مانداتی بەریتانی. لە کوردستاندا بە تایبەتی نەوت لە موسڵ و کەرکوک بڕیاردەر بوو بۆ داڕشتنی سیاسەتی بەریتانیا. ئەو ناوچە ئۆتۆنۆمیدارە (کەرکوک و موسڵ) بە بەڕێوەبەرێتی ناوەندی ئێراقی لکێنران. ڕاگوێزانی بە زۆری کوردەکان بە تایبەتی لە ناوچە بە نەوت دەوڵەمەندەکانی کەرکوک و موسڵ، هەروەها نیشتەجێکردنی عارەبەکان لەو ناوچانەداو هەوڵەکانی ئێراق لەپێناوی دواخستن و داڕزاندنی پەیماننامەی سەربەخۆیی و، پەلامارە زوو زووەکانی ئەو وڵاتە بۆ سەر کوردەکان بەردەوامە. لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستەمدا، کۆماری نوێی تورکیا هەوڵیدەدا بە هەموو ئامرازێک بۆ ئەوەی باشووری کوردستان بخاتە نێو سنوورەکانی خۆی، بەڵام داواکارییەکەی بێ چەندو چوون لە لایەن بەریتانیاوە ڕەتکرایەوە بەهۆی بوونی نەوت لە ناوچەکانی کەرکوک و موسڵ).

بە گوێرەی بۆچوونی (ماڵپەڕی کورد دی کۆ)، پارێزگاکانی موسڵ و کەرکوک بە تەواوی خاکی کوردن و دەکەونە کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان)، چونکە ماڵپەڕی (کورد دی کۆ) هەر دوو پارێزگاکانی موسڵ و کەرکوکی خستۆتە ناو سنووری باشووری کوردستان و بە بەشێک لە خاکی کوردستانیان دادەنێت. ماڵپەڕی (کورد دی کۆ)، دووبارە جەخت لەسەر کوردستانێتیی شارەکانی کەرکوک و موسڵ دەکاتەوە کاتێک کە باسی ئەوە دەکات کە، لە کوردستاندا بوونی نەوت لە هەر دوو شاری موسڵ و کەرکوک بووینە بە هۆکاری داڕشتنی سیاسەتی بەریتانیا لە ناوچەکەدا، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە ئەو ماڵپەڕەیە شارەکانی کەرکوک و موسڵ بە دوو شاری کوردی و کوردستانی دەزانێت بۆیە دەنووسێت: (لە کوردستاندا بە تایبەتی نەوت لە موسڵ و کەرکوک بڕیاردەر بووە بۆ داڕشتنی سیاسەتی بەریتانیا). دیسان ماڵپەڕی ناوبراو باسی ڕاگواستنەوەی کورد و هێنان و نیشتەجێکردنی عارەب لە هەر دوو شاری کەرکوک و موسڵ دەکات، کە ئەمانەش ئاماژەن بۆ کوردێتیی و کوردستانێتیی هەر دوو شارەکە. لە کۆتایشدا ماڵپەڕی (کورد دی کۆ) بۆ جارێکی تریش باسی کوردستانێتیی هەر دوو شاری کەرکوک و موسڵ دەکات، کاتێک کە باسی نیازو هەوڵەکانی دەوڵەتی تورکیا دەکات لە ساڵانی

بیستی سەدەی ڕابردوودا بۆ لکاندنی باشووری کوردستان بە دەوڵەتی تورکیا وە، ئەویش لەبەر هەبوونی نەوت بە ڕێژەیەکی زۆر لە هەر دوو شاری موسڵ و کەرکوک. ئەوەی (ماڵپەڕی کورد دی کۆ) لە سەرەوەدا باسی دەکات، کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شارەکانی موسڵ و کەرکوک دەگەیەنێت، چونکە ماڵپەڕی ناوبراو هەردەم لە باسکردنی شارەکانی موسڵ و کەرکوک-دا وەکو دوو شاری باشووری کوردستان ناویان دەبات.

نووسەر ناجی ئاکرەیی، لە وتارێکیدا کە لە ڕۆژی دوشەممە، ڕێکەوتی (22.4.2002)دا لە ماڵپەڕی (نەهرەین)دا لەژێر ناوی (ینکر كردية كركوك ....... نستاؤون وغزاة)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (ویلایەتی موسڵ هەر لە کۆنەوە نیشتمانی کورد بووە، وە بە تایبەتی کەناری دەستە چەپی ڕووباری دیجلە و هەروەها شەنگال و ناوچەکانی کە کەوتوونەتە کەناری ڕاست و، کەناری ڕاستی ڕووباری دیجلەش نیشتمانی ئاشوورییەکانە کە نەینەواو شرباتۆ (شەرگات)ی ئێستا دەگرێتەوە).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر و ڕۆژنامەنووس ناجی ئاکرەیی، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە، لەبەر ئەوەی نووسەری ناوبراو تەواوی ویلایەتی موسڵ هەر لە کۆنەوە بە نیشتمانیی کورد دەزانێت، هەروەها ئەو بە تایبەتی کەناری دەستە چەپی ڕووباری دیجلە بە کوردستان دەزانێت، مادام تەواوی ویلایەتی موسڵ نیشتمانیی کورد بێت، کەواتە شاری موسڵ-یش بە دڵنیاییەوە شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە.

پرۆفیسۆر ڕادۆڤان پاڤیچ، نووسەری یۆگۆسلاڤی لە لاپەڕە (78)ی پەرتووکی (جولانەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە خەباتیدا بۆ سەربەخۆیی نەتەوایەتی و سیاسی)دا، نووسیویێتی: (هەندێ سەرچاوە دەریان خستوە کە (8%)ی یەدەگی نەوتی جیهانی سەرمایەداری، لە کوردستانە. لە ساڵی (1967)، ئێراق (602.160.000) تۆن نەوتی بەرهەم هێناوە لە (75%)ی ئەوە نەوتی کوردستان بووە. بۆیە بەپێی ئەو بەرهەمە، کوردستان ئەیەوێت بەشی خۆی لە نەوت وەربگرێت و ناوچەکەی پێ ئاوەدان بکاتەوە. بایەخی نەوت لای کورد لە سرووده

نیشتمانییەکەی کۆماری مەهاباددا باسکراوەو، دەرخراوە کە جگە لە بابەگوڕگوڕ و کەرکوک و موسڵ، لە کرماشان و تورکیا و سوریاش، نەوت هەیە).

پرۆفیسۆر ڕادۆڤان پاڤیچ، ئاماژەی بە سروودی نیشتمانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد کردووە، کە باسی نەوتی کوردستان دەکات و، شارەکانی موسڵ و کەرکوک وەکو دوو شاری دەوڵەمەند بە نەوت ناودەهێنێت.

کەریمی حسامی، لە لاپەڕەکانی (238–239)ی پەرتووکی (پێداچوونەوە)دا، تەواوی ئەو هۆنراوەییەی (هەژار)ی نووسیوە کە کاتی خۆی هەژاری هۆنەر لە (17)ی دیسامبەری ساڵی (1945)دا لەکاتی بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستاندا لە مەهاباد، خوێندوویەتیەوە:

نەوتم ئاوی ژیانە – لە سیرت و کرماشانە
بابە گوڕ گوڕ دەزانێ – لە موسڵیشدا هەمانە
کانگام هەیە لە زاخۆ – هەر وەک نەوتەکەی شنۆ
بۆ دوژمنان بۆتە سۆ – هەر خۆشبێ ئەو زەمانە

بە گوێرەی سروودەکە هەژاری هۆنەر، شاری موسڵ بە شارێکی کوردستانیی و کوردیی دادەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو لە سروودە نیشتمانیەکەیدا کە بۆ کۆماری مەهابادی نووسیبوو، باسی بوونی نەوتی کوردستان لە موسڵ و چەندان شاری دیکەی کوردستانیدا دەکاتن.

ڕۆژنامەی میدیا، کە ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی هەفتانەیە و، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، هەفتەی جارێک دەری دەکات، بەبۆنەی ساڵی نوێی (2006)، ساڵنامەیەکی وەکو دیاری لەگەڵ هەفتەنامەی میدیادا بڵاوکردۆتەوە، ئەو ساڵنامەیە بریتییە لە نەخشەیەکی کوردستانی مەزن، کە موسڵ وەکو پارێزگاو شار کەوتۆتە نێو سنووری باشووری کوردستان). نەخشەکە لە کۆتایی ئەو بەشەدا دانراوە.

بە گوێرەی بۆچوونی ڕۆژنامەی میدیا زۆر بە دڵنیاییەوە موسڵ وەکو شار و پارێزگا دەکەوێتە ناو سنووری باشووری کوردستان، هەر لەبەر ئەوەشە ئەوان خستویانەتە ناو سنووری باشووری کوردستان.

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد-چاک-، لە نامەیەکدا بۆ عەبدولعەزیز ئەلحەکیم سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە ئێراق، کە لە مانگی یەنیوەری ساڵی (2006)دا، لەژێر ناوی (بۆ عەبدولعەزیز ئەلحەکیم سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە ئێراق)دا لە ماڵپەڕی (چاک)دا بڵاوکراوەتەوە، بەمشێوەیە باسی بە عارەبکردنی شارەکانی کوردستان دەکەن: (ئێمە بە کردنەوەی پارکێک بە ناوی بنەماڵەی بەڕێزتان لەم بارودۆخە ئاڵۆزەی ئێستادا بە سەرەتای بناغەدان دەزانین بۆ بە عارەبکردنی هەڵەبجەش ( ڕاستە پێ دەچێت کە ئێوە لەو ڕوانگەوە بیر نەکەنەوە بەڵام ئێمە بیر لە نەوەی داهاتوو دەکەینەوە کە چۆن ئەو هەنگاوە دەخوێننەوەو، لەو بارەوە تاقیکردنەوەی تاڵمان هەیە) هەروەک چۆن کەرکوک، خانەقین، مەخمور، موسڵ و زۆر شوێنی تری کوردستان تەعریب کراون و ئامادەنین بیگەڕێننەوە سەر هەرێمی کوردستان، هەرچەند حیزبەکەی ئێوە باڵادەست بوو لە حکومەتە کاتییەکانی رابوردوداو باڵا دەستیش دەبێت لە حکومەتی داهاتووی ئێراقدا).

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد-چاک-، شاری موسڵ بە شارێکی گرنگیی باشووری کوردستان دەزانن، چونکە ئەوان لە باسی بەعارەبکردنی شارەکانی کوردستاندا، ناوی هەر یەک لە شارەکانی موسڵ، کەرکوک، خانەقین و مەخمور دەهێنن، کەواتە ئەوان شاری موسڵ و شارەکانی تریشیان پێ کوردستانە.

ئاسۆ بیارەیی، لە ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆ – ئاژانسی نووچێن کوردستان، لە ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (20.12.2006)دا وتارێکی لەژێر ناوی (چوار ملیۆن تورکمان و یەک کورسی)دا بڵاوکردۆتەوەو تیایدا هاتووە: (ئەگەر مرۆڤ سیاسەتیشی نەکردبێت، بە مەرجێ لە باشووری کوردستان ژیابێت، بە تایبەتی لە شاری کەرکوک، دەزانێت کە ئەو شارە شارێکی بە عارەبکراوە. نەک تەنها شاری کەرکوک بەڵکو بە شاری موسڵیشەوە، کە نەتەوەی کورد زۆرینەیە سەرباری سیاسەتی جینۆسایدو ئەنفالی ڕژێمە روخاوەکەی سەدام. کورد لە شارەکانی کەرکوک و موسڵ و ناوچەکانی دی کە نەتەوەکانی تری تێدا دەژی، نەتەوەی سەرەکییە).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی ئاسۆ بیارەیی، شاری موسڵ یەکێکە لە گرنگترین شارەکانی باشووری کوردستان، چونکە نووسەر لە باسی بەعارەبکردن لە باشووری کوردستاندا، ئاماژە بە بەعارەبکردنی هەر دوو شارەکانی موسڵ و کەرکوک دەکات. هەروەها سەرباری ئەو هەموو بەعارەبکردنەش نووسەری ناوبراو کورد بە نەتەوەی سەرەکی لە هەر دوو شارەکانی موسڵ و کەرکوک دادەنێت.

ج. کوردۆ، لە لاپەڕە (72)ی پەرتووکی (لە ڕوانگەیەکی کوردییەوە: هێرشی خاچ هەڵگران 1096–1996)دا، سەبارەت بە شاری موسڵ نووسیویێتی: (بەشێک لە نیگارکێشانی سەدە ناوەنجیەکانی کوردستان پتر وەکو نیگارکێشانی ناو پەرتووکە وێژەیی و زانستیەکان بڵاوبوونەتەوە، زۆربەی پەرتووکەکان کە نووسراون نیگاریشیان لەگەڵدا بووە، بە تایبەتی نیگارکێشانی سەدە ناوەنجیەکان لە کوردستاندا لە (ئامەد .. دیاربەکر) و موسڵ و بۆتان جێگەی دیاری خۆی بووە، لە پەرتووکی دەستنووسی وەکو (الحشائش) و (دسقۆریدس) کە کوڕی مەنسوری میهران لە شاری فاڕقین لە کوردستانی سەرو نیگاری بۆ کێشاون .. ئەو وێنانە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی دوازدەهەم دەگەڕێنەوە، پتر نیگارەکان سروشتیان دەرخستوەو بلیمەتی هونەرمەندی کوردستان دیاری دەکەن، دڕەنگتر وێنەکانی شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسیش بەردەوامی ئەو قووتابخانە کوردیە بوون).

ئەوەی نووسەر (ج. کوردۆ) ئاماژەی پێکردووە، کوردبوون و کوردستانی بوونی شاری موسڵ و چەندان شاری دیکە دەگەیەنێت کە نووسەر ناوی بردوون، چونکە نووسەر لە باسی هونەری وێنەکێشاندا، ناوی شاری موسڵ–ی وەکو شارێکی کوردستانیی بردووە.

ج. کوردۆ، لە لاپەڕەکانی (93–94)ی پەرتووکی (لە ڕوانگەیەکی کوردییەوە: هێرشی خاچ هەڵگران 1096–1996)دا، نووسیویێتی: (میرنشینەکانی کورد لە کوردستان: دیاربەکر، جەزیرەی بۆتان، هەولێر، بەتلیس، حەسەنکێف، موسڵ، شنگال، عادل جەواز، ئەرجیش، میافارقین، ئۆرفە، ئەخلات، وان، نوسەیبین، دینەوەر، شارەزوور، لوڕی گەورە، لوڕی بچوک، ئەردەڵان، هەکاری، چەمشکەزەک، پەرتک، مەڕداسی، ئەگیل، پاڵەو، ساسۆن، خێزان، مەکس، ئەسپایرد، کڵێس، شیروان، قوڵپ و

باتمان، سۆران، موکری، برادۆست، تەرگەوەڕو قەڵای داود، مەحمودی، دونبولّی، پڵنگان، دەرەتەنگ، ماهی دەشت، سیامەنسوری، چکنی، زەنگەنە، پازۆکی، بابان، فەزلەویە، ماردین).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر (ج. کوردۆ)، شاری موسڵ یەکێکە لە شارەکانی کوردستان، چونکە نووسەری ناوبراو لە باسی میرنشینەکانی کورد لە کوردستاندا، باسی شاری موسڵ-یشی کردووە وەکو شارێک کە میرنشینی کوردیی تێدا دروست بووە.

تاریق محەمەد عەبدولڕەحیم، لە لاپەڕە (29)ی پەرتووکی (المستشرق فلاديمير ف. مينورسكي وكتاباته عن الكورد في العصر الاسلامي حتى نشوء الخلافة العثمانية)داو، بە پشت بەستنی بە دوو وتاری دکتۆر فەرهاد پیربالّ، بەناوەکانی (سەرهەڵدانی کوردناسی لە فەرەنسا) و (ئینجیل د مێژوویا ئەدەبیاتین کوردیدا) کە یەکەمیان لە ژمارە (25)ی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژیو دووەمیان لە (گۆڤاری دهۆک) ساڵی (1999)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیوێتی: (پیاوانی تیرەی ئایینی کابوشییە، یەکەمین کەسانێک بوون لە فەرەنسییەکان کە پێوەندییان بە ناوچەی کوردستان-ەوە کرد، کاتێ کە ڕێبازگەی کلیسەییان لە ساڵی (1632)دا بۆ موسڵ نارد لەپێناوی بڵاوکردنەوەی ئایینزای کاسۆلیک، پیاوانی کابوشی، یاداشتەکانی خۆیان نووسییەوە لەپێناوی باسکردنی کورد و نیشتمانەکەیاندا، ئەوان ڕوویانکردە فێربوونی زمانی کوردی بە مەبەستی دروست کردنی پردی پێوەندی لەگەڵ دانیشتوانی ئەو وڵاتەو، چەندان فەرهەنگی زمانەوانییان نووسی بۆ ئاسانکاری کردن بۆ ئەو مژدە هێنەرانەی لە دوای ئەوان دێنە کوردستان).

بە بۆچوونی دکتۆر فەرهاد پیربالّ، موسڵ یەکێکە لە شارەکانی کوردستان، چونکە نووسەر لە باسی هاتنی پیاوانی ئایینی کابوشییە بۆ کوردستان، باسی ئەوە دەکات کە فەرەنسییەکان لە سەدەی حەڤدەمدا هاتنە موسڵ لە کوردستانداو، ئایینزای کاسۆلیکیان بڵاوکردەوە، بەمەش بۆمان دەردەکەوێت کە دکتۆر فەرهاد، شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان دەزانێت، بۆیە ئەو بەمشێوەیە باسیکردووە.

حوسێن نازم بەگ (5.5.1932-23.11.1870)، لە لاپەڕە (26)ی پەرتووکی (تأريخ الامارة البابانية)دا نووسیوێتی: (دوای ئەوەی سوڵتان سەلیمی یەکەم، شارەکانی حەلەب و دیمەشقی داگیرکرد، چەندان یەکەی سەربازیو تۆپی نارد بۆ کوردستان، بەمشێوەیە قەڵای ماردینی داگیرکرد. دوای داگیرکردنی قەڵای ماردین، دەستی درێژکردە سەر ئورفە، شەنگال، حەسەنکێف، موسڵ و کۆمەڵێکی تر لە ویلایەت و قەڵای کوردان کە سەر بە ئیمپراتۆری عوسمانی بوون).

بە بۆچوونی نووسەر حوسێن نازم بەگ، کە خەڵکی سلێمانی بووەو وەک بەڕێوەبەری ناحیەو قائمقام کاری کردووە، هەروەها سەرنووسەری (ئومێد استیقلال) و بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی ژیان بووە، شاری موسڵ شارێکی کوردی و سەر بە کوردستانە، چونکە ناوبراو لە باسی ناردنی لەشکری داگیرکەری تورک بۆ کوردستان، باسی ئەوە دەکات کە ئەو لەشکرەی تورک هاتە کوردستان و شارەکانی موسڵ، شەنگال، ماردین، ئورفەو چەندان شاری تری داگیرکردووە، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە نووسەر شاری موسڵ-ی بە کوردستان زانیوە بۆیە بەمشێوەیە باسی کردووە.

عەزیز حەسەن بارزانی، لە لاپەڕە (15)ی ماستەرنامەکەیدا کە لەژێر ناوی (الحركة القومية الكوردية التحررية في كوردستان العراق 1939-1945)دا نووسیوێتی، دەڵێت: (ئەو کوردانەی کە زۆربەی زۆری دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ (موسڵ، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی) یان کوردستانی باشووریان پێکدەهێنا، بە تەواوی لە ڕووی نەتەوایەتییەوە جیاوازبوون لە دانیشتوانی ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرا، هەروەها گرنگترین شت کە دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ-ی کۆدەکردەوە لەگەڵ دانیشتوانی عارەب ئایینی ئیسلام بوو، بەڵام ئایین لەو کاتیدا بەس نەبوو بۆ یەکگرتنی دانیشتوانی ئەو ویلایەتانە، بە تایبەتی بەهۆی زاڵی هەستی نەتەوایەتی بەسەر کورددا).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر عەزیز حەسەن بارزانی، شاری موسڵ یەکێکە لە شارەکانی باشووری کوردستان، چونکە نووسەری ناوبراو لە باسی جیاوازی نێوان دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ لەگەڵ ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرادا، لە لایەک باسی ئەوە دەکات کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ کوردن،

لەلایەکی تریشەوە نووسەر ویلایەتی موسڵ بە باشووری کوردستان ناودەبات و یەکسان بە یەکیان دەکات، هەروەها شارەکانی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بە (موسڵ (نەینەوا+دهۆک)، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی) ناودەبات، کەواتە بە بۆچوونی نووسەر موسڵ شارێکە لە شارەکانی باشووری کوردستان.

عەزیز حەسەن بارزانی، لە لاپەڕە (66)ی ماستەرنامەکەیدا دەنووسێت: (گەورەیی ئەو تەنگژییە ئابوورییەی کە دانیشتوانی کوردستان پێیەوە دەینالاندو، دواتریش هاتنە پێشی هەندێک باری نەرێیی کە کاری زۆری کردە سەر باری ئارامی دانیشتوان لە ئەنجامی ئەو تەنگوچەڵەمە ئابوورییە ترسێنەرەی کە سەفیری بەریتانی لە ڕاپۆرتێکدا دەستنیشانی کردووە و، باسی ڕەوشی ئابووری لە کوردستاندا دەکات لە مانگی نیسان تا حوزەیرانی ساڵی (1943) کە دەڵێت: بارودۆخی پڕ لە ستەمکاری و نارەزایی وا لە پارێزگاکانی موسڵ، هەولێر و سلێمانی هاتنە پێش، کە زۆر لە دانیشتوانی دێهاتەکان بە دەست کەمی و نەبوونی خۆراک دەیاننالاند لە بەرانبەر گرانی نائاسایی و نەبوونی توانایان لە کڕینی دانەوێڵە لە بازاڕە ناوخۆییەکاندا).

دیسان نووسەر عەزیز حەسەن بارزانی، لە باسی باری ئابووری لە باشووری کوردستاندا، شاری موسڵ وەکو شارێکی کوردستان ناودەبات، چونکە نووسەر کاتێک کە باسی ڕەوشی ئاڵۆزی ئابووری کوردستان دەکات، باری نالەباری شارەکانی موسڵ، هەولێر و سلێمانی وەکو نموونە دەهێنێتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە عەزیز بارزانی ئەو شارانە بە شاری کوردستانیی دەزانێت.

دکتۆر عوسمان عەلی، لە لاپەڕە (29)ی پەرتووکی (چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد)دا نووسیویێتی: (لە دوای پێوەندی کردنی چڕوپڕی یەزدان شێر بە سەرۆک هۆزە کوردەکان و کەسایەتیە چالاکەکانەوە لە کانوونی یەکەمی (1854ز)دا هەڵگەڕانەوەی خۆی ڕاگەیاند، لە سەرەتاوە هەشت هەزار چەکداری کۆکردەوە، لەو کاتەوە هەتا ئازاری (1855ز) دەسەڵاتی گرتەوە بەسەر زۆربەی بەشەکانی کوردستان، لە باکورەوە هەتا وان و لە باشوورەوە هەتا

موسڵ، لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش ژمارەیەک لە سەرۆک هۆزەکان پشتیوانی خۆیان بۆ جولانەوەکەی یەزدان شێر ڕاگەیاند).

بە گوێرەی بۆچوونی دکتۆر عوسمان عەلی، موسڵ یەکێکە لە شارەکانی باشووری کوردستان، چونکە نووسەری ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە یەزدانشێر لە ساڵی (1855)دا توانی زۆربەی بەشەکانی کوردستان ئازاد بکات، بۆ نموونە لە باکوورەوە هەتا وان و لە باشوورەوە هەتا موسڵ، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە دکتۆر عوسمان عەلی شاری موسڵ بە پارچەیەکی کوردستان دەزانێت.

دکتۆر عوسمان عەلی، لە لاپەڕە (57)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (گۆڕانکاریە بەڕێوەبەرێتییەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی کە بە ڕێکخستن ناسرابوو لە ماوەی ساڵانی (1812–1843) شوێنەواری خراپی بۆسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری ناوچە کوردیەکان هەبووە، دەوڵەتی عوسمانی سوپایەکی بێبەزەیی بە سەرۆکایەتی ڕەشید پاشای سەدری ئەعزەم (سەرۆک وەزیری پێشوو) و محەمەد ئیجە بیرقدار (والی دیاریکراو بۆ کوردستان)ی نارد هەتا کۆتایی بە دەسەڵاتی میرنشینەکانی باشوورو ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و ویلایەتی موسڵ بهێنن).

دکتۆر عوسمان عەلی، بۆ جارێکی تریش پێی وایە شاری موسڵ یەکێکە لە شارەکانی کوردستان، چونکە نووسەر لە باسی ناردنی لەشکری داگیرکەری عوسمانی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا بۆ کوردستان، باسی ئەوە دەکات کە لەشکری تورک لەژێر سەرکردایەتی ڕەشید پاشاو محەمەد ئێجە بیرقدار ڕوویان کردوە کوردستان لەپێناوی لەناوبردنی میرنشینەکانی باشوورو ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و ویلایەتی موسڵ، کەواتە دکتۆر عوسمان شار و ویلایەتی موسڵ بە بەشێکی کوردستان دادەنێت.

دکتۆر عوسمان عەلی، لە لاپەڕە (105)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (شێخ عوبێدوڵلا ئاگادار بوو بەڕووداوەکانی کوردستان و ئەندازەی نارەزاییو بێزاری کوردانی دەزانی بەرانبەر عوسمانی و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بۆیە بەهێزی سەربازی دەست پێشخەری کردو چاوی لە توانای هەموو خەڵکی

کوردستان بوو، نوێنەری نارده لای پیاوه چالاک و زانایانی کوردستان له شارەکانی ڕواندز، موسڵ، هەولێر، وان، ئامەد، بەدلیس، ورمێ، سنه و سابڵاخ (مهاباد).

بەپێی ئەو ئاماژەیەی دکتۆر عوسمان عەلی، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و بەشێکی کوردستانه، چونکه نووسەر له باسی هەوڵەکانی (شێخ عوبێدوڵڵای نەهری) لەپێناوی ئازادکردنی کوردستان لەژێر چەپۆکی تورکه عوسمانییەکاندا، باسی ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوه که شێخ عوبێدوڵڵا نوێنەری نارده لای پیاوه ناودارو زاناکانی کوردستان له شارەکانی (موسڵ، هەولێر، مەهاباد، ورمێ و چەندان شاری تری کوردستان)، ئەوەش بۆمان دەردەخات که دکتۆر عوسمان عەلی، موسڵ وەکو شارەکانی تری کوردستانی به کوردستان دادەنێت، بۆیه بەمشێوەیه باسی دەکات.

دکتۆر عوسمان عەلی، له لاپەڕه (353)ی پەرتووکی ناوبراو له سەرەوەداو، دەربارەی ئەو سەفەرەی عەبدولڕەزاق بەدرخان که له ساڵی (1911)دا کردوویەتی و چەندان شار و گوندی کوردستان گەڕا لەپێناو پەیداکردنی پشتیوانی و، دەست پێکردنی شۆڕشێکی کوردی له دژی عوسمانییەکان و ڕزگارکردنی تەواوی خاکی کوردستان، نووسیویێتی: (عەبدولڕەزاق له باسی سەفەرەکەیدا دەڵێ: له ماکۆوه هەتا ویلایەتی موسڵ پێوەندیمان کردووه به سەرۆکه کوردەکانەوه و مەسەلەی کۆتایی هێنانمان بەستەمی تورکی باسکردووه). هەروەها دکتۆر عوسمان عەلی، تۆزێک خوارتر نووسیویێتی: (له کۆتایی ساڵی (1912) یاریدەدەری کۆنسوڵی بەریتانی له حەلەب له ڕاپۆرتێکیدا باس له بزووتنەوەیەکی دژ به تورکان دەکات له کوردستانی باکوور و گەیشتۆته ئەو باوەڕەی ئەوه مەترسی دروست دەکات لەسەر ڕژێمی تورکی، خانەوادەی بەدرخان حوسێن پاشاو حەسەن پاشاو عەبدولکەریم پاشا بەچڕی خۆیان ئامادەکردووه، شارەکانی جەزیره، سەعرەت، مهاباد، موسڵ که مەڵبەندی بزووتنەوەی بەدرخانیەکانه، کوردەکانی ئەو بەشەی کوردستان له هەموو ناوچەکانی تر بێزارتر بوون له دەسەڵاتی ئیتحادییەکان و به باشترین شێوه خۆیان ئامادەکردووه بەرەنگاری دەوڵەت ببنەوه).

له سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێت که دکتۆر عوسمان عەلی، شاری موسڵ به یەکێک له شارەکانی کوردستان دادەنێت، چونکه له باسی هەوڵدان لەپێناوی

ڕزگارکردنی کوردستان لەژێر دەستی تورکەکاندا، ناوی شاری موسڵ وەکو شارێکی کوردیی و کوردستانی دەبات.

دکتۆر عوسمان عەلی، لە وتارێکیدا کە لەژێر ناوی (أطروحة الفدرالية في العراق: بين مفهوم الوطنية والاسلام)دا، نووسیویێتی: (لە کۆتاییدا بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیی عارەبی ئێراقی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا یەکیگرت و لەو پێناوەدا کوردستان بەزۆر خرایە سەر دەوڵەتی ئێراق).
ئەوەی لێرەدا دکتۆر عوسمان عەلی ئاماژەی پێداوە، کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە ئەو لە باسی یەکگرتنەوەی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا و عارەبی ئێراقیدا، باسی ئەوە دەکات کە کوردستان بەزۆرەملێ و بەبێ ویست و خواستی نەتەوەی کورد خرایە سەر دەوڵەتی ئێراق، هەموو لایەک باش دەزانین ئەوەی کە خرایە سەر ئێراق باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بوو کە لە شارەکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) پێکدەهات.

دکتۆر فوئاد حەمە خورشید، لە لاپەڕە (42)ی پەرتووکی (كركوك قلب كوردستـــــان)دا، نووسیویێتی: (بوونی تورکمان لە کۆنەوە تا ئێستاش شانبەشانی کورد چڕ دەبێتەوە لەو شار و شارۆچکەکانی دەکەونە سەر ئەو ڕێگایەی کە درێژ دەبێتەوە لەگەڵ درێژ بوونەوەی ڕێگای بازرگانی کۆن کە ناسراوە بە ڕێگای بەرز، کە درێژ دەبێتەوە لە موسڵ – هەولێر – کەرکوک – توز – کفری – خانەقین، لەناو کوردستان کە خێراترین ڕێگای پۆست و بازرگانییە هەر لە کۆنەوە تاوەکو سەردەمی عوسمانیش).
بە گوێرەی بۆچوونەکانی دکتۆر فوئاد حەمە خورشید، شاری موسڵ بە یەکێک لە شارەکانی کوردستان ناودەبات، کاتێک کە باسی هەبوونی تورکمان دەکات بە درێژایی ڕێگای بازرگانی کۆن لە کوردستاندا، کە ڕێگای بازرگانی کۆنی بەمشێوەیە باسکردووە: (لە موسڵ، هەولێر، کەرکوک، توز، کفری، خانەقین درێژدەبێتەوە)، کەواتە نووسەر ئەو شارانەی سەرەوەو لە نێویاندا شاری موسڵ بە شاری کوردستانی دادەنێت.

دکتۆر فوئاد حەمە خورشید، لە لاپەڕەکانی (86–87)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (هەر لە سەرەتای داگیرکردنی کوردستان لەلایەن بەریتانیا وە، زانیارییە کۆکراوەکان بوونی نەوتی بە بڕێکی زۆر لەژێر زەوی لە باشووری کوردستان نیشاندا کە لە باکووری ڕۆژئاواوە درێژ دەبێتەوە بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات لەو ناوچانەی خوارەوە:

1– ناوچەی باشوور: لە مەندەلییەوە درێژ دەبێتەوە تاوەکو بەرزاییەکانی حەمرین.

2– ناوچەی ناوەڕاست: لە کفرییەوە درێژ دەبێتەوە تاوەکو توزخۆرماتوو.

3– ناوچەی باکوور: لە کەرکوکەوە درێژ دەبێتەوە بەرەو موسڵ و زاخۆ.

بە گوێرەی بۆچوونەکانی دکتۆر فوئاد حەمە خورشید، دیسان شاری موسڵ شارێکە و دەکەوێتە ناو سنووری باشووری کوردستان، چونکە ئەو لە باسی دۆزینەوەی نەوت لەکاتی داگیرکردنی باشووری کوردستاندا لە لایەن بەریتانیەکانەوە، باسی ئەوە دەکات کە نەوت لە باشووری کوردستاندا لە زۆر شوێن هەیە، بۆ نموونە باسی شارەکانی موسڵ و کەرکوک دەکات، کەواتە نووسەری ناوبراو هەر دوو شارەکە بە شاری سەر بە باشووری کوردستان دەزانێت.

کامیران عەبدولسەمەد ئەحمەد دۆسکی، لە لاپەڕەکانی (10–11)ی پەرتووکی (کوردستان العثمانية في النصف الاول من القرن التاسع العشر)دا، نووسیویێتی: (هەندێک بۆچوون هەن کە پێیان وایە کوردستانی عوسمانی لە ئەریڤان، ئەرزڕۆم و ئەرزنجان درێژ دەبێتەوە. ئەو کەوانەیەی کە لە (ماراش) ڕووە و حەلەب درێژ دەبێتەوە، وە لە خۆرئاواوە لە لوتکە چیاکانی باکوورەوە کە دەگاتە ڕووباری دیجلە و بە کەناریدا تێدەپەڕێت و ڕووە و باکوور بەدرێژایی بەرزاییەکانی حەمرین تا دەگاتە مەندەلی. کەچی هەندێک کەسی دیکە وای بۆ دەچن کە ئەو ناوچە درێژ بووەوەیە لە نێوانی چیاکانی ئارارات لە باکوور، ویلایەتی بەغدا و دەوروبەرەکەی لە باشوورەوە، ئێران لە ڕۆژهەڵاتەوە، بەڵام سنووری ڕۆژئاوای کوردستانی عوسمانی وەکو هێڵێک لە (قارس)ەوە درێژ دەبێتەوەو بە (ئەرزڕۆم)، (ئەرزنجان)، (دێرسیم) و (خەرپوت)دا تێدەپەڕێ تا دەگاتە ئامەد (دیاربەکر) و لەوێشەوە

بەدرێژایی ڕووباری دیجلە تا دەگاتە بەرزاییەکانی حەمرین. ئەو ناوچەیە بەر لە شەڕی قرم (1853–1856) لە پارێزگاکانی وان، هەکاری، بایەزید و موسڵ پێکدەهات).

بە بۆچوونی نووسەر کامیران ئەحمەد دۆسکی، شاری موسڵ دەکەوێتە ناو سنووری کوردستان و، یەکێکە لە شارە گرنگەکانی کورد و کوردستان، لەبەر ئەوەی نووسەری ناوبراو ناوی شاری موسڵ–ی وەکو شارێکی سەر بە کوردستانی عوسمانی ناوبردووە. سەبارەت بە جەنگی (قرم)یش، بۆ زانیاری زۆرتر ئەم جەنگە لە نێوان (28.2.1853 تا 30.3.1856) لە نێوان ڕوسەکان و تورکە عوسمانییەکان درێژەی کێشا.

کامیران عەبدولسەمەد دۆسکی، لە لاپەڕە (53)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (هەموو ئەو کاروانە بازرگانییانەی کە بۆ کوردستان دەهاتن یان لە کوردستانە وە دەردەچوون، چەند ڕێگایەکیان دەگرتە بەر کە بەو شارانەدا تێدەپەرین جا ئەگەر بەگۆی بازرگانی بوایە یان تەنیا تێپەڕ بوون بوایە پێیاندا، گرنگترین ڕێگانیش ئەمانەن:–

1– بیرەجک – ئورفە - ماردین – نسێبین – جەزیرە - موسڵ – حەلەب.

2– کوردستانی ناوەند – ئامەد – ماردین – حەلەب.

3– بەدلیس – بەرزاییەکانی ڕووباری دیجلە - جەزیرە.

4– وان – هەکاری – ئامێدی – موسڵ.

5– هەولێر – ڕواندز – ورمێ – تەورێز.

6– هەولێر – قەڵادزێ - ورمێ – بانە.

7– کەرکوک – دەشتی سلێمانی – هەڵەبجە - کرمانشا – سنە.

ئەوەی کە لە سەرەوەدا کامیران دۆسکی نووسیویێتی، باوەڕی ئەو نیشان دەدات بەوەی کە شاری موسڵ شارێکی کوردیی و بەشێکە لە خاکی کوردستان، چونکە نووسەری ناوبراو لە باسی کاروانە بازرگانییەکان و ئەو ڕێگایانەی کە بە شارەکانی کوردستاندا تێدەپەڕین، ناوی شاری موسڵ–ی وەکو شارێکی کوردیی لە چوارچێوەی سنووری کوردستاندا هێناوە.

کامیران عەبدولسەمەد دۆسکی، لە لاپەڕە (62)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (میرە کوردەکان گرنگییان بە زانست و زانایان دەدا. کوردەکان هەر لە سەرەتادا گرنگییەکی زۆریان بە خوێندن داوە. لە کوردستاندا ژمارەیەکی زۆر خوێندنگا هەبووە کە لە چەندان گونددا بڵاوببوونەوە. کوردەکان بە خۆشەویستی و هاریکارییان بۆ خوێندنگاکان و زاناکان ناسراون، هەر لەبەر ئەوەش بووە کە چەندان خوێندنگا لە شارەکانی کوردستاندا کراوەتەوە، بە تایبەتیش لە سلێمانی، کەرکوک، موسڵ، جەزیرە و ئامێدی).

نووسەر کامیران دۆسکی، دیسان شاری موسڵ بە شارێک ناودەبات کە دەکەوێتە ناو کوردستانە وە، چونکە نووسەری ناوبراو لە باسی گرنگییدانی کورد بە خوێندن و زانایاندا، باسی ئەوەی کردووە کە چەندان خوێندنگا لە کوردستاندا کراوەتەوە، هەروەکو ئەو خوێندنگایانەی کە لە شارەکانی موسڵ، کەرکوک، سلێمانی، ئامێدی و جەزیرە هەر لە کۆنەوە، کەواتە نووسەر ئەو شارانەی کە لە سەرەوەدا ناوی بردوون و لە نێویاندا شاری موسڵ بە شاری کوردستانیی دەزانێت.

کامیران عەبدولسەمەد دۆسکی، لە لاپەڕە (185)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیوێتی: (لە کوردستاندا، شاندەکانی موژدەبەخشانی فەرەنسی چەندان مەڵبەندیان لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان کردەوە، شاندە کاسۆلیکە فەرەنسییەکان چالاکترین شاندی کارکردوو بوون لە (موسڵ، ئەرزڕۆم، ئامەد، خەرپوت، سیرت)و چەندان شاری تر. بەڵام چالاکترین مەڵبەندی موژدەبەخشی فەرەنسی بریتیبوو لەو مەڵبەندەی ناو شاری موسڵ).

بە بۆچوونی نووسەر کامیران عەبدولسەمەد دۆسکی، شاری موسڵ یەکێکە لە شارە کوردییەکان، یەکێکە لەو شارانەی کە دەکەوێتە ناو سنووری کوردستان، لەبەر ئەوەی نووسەر لە باسی هاتنی شاندەکانی موژدەبەخشانی فەرەنسی بۆ کوردستان، شاری موسڵ-یش وەکو شارێکی سەر بە کوردستان ناودەبات.

تاریق کاڕێزی، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (شەنگال و کەرکوک و مەندەلی چاوەڕوانی چین؟)دا کە لە لاپەڕە (4)ی هەفتەنامەی باسەڕە، ژمارە (149)، ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (10.5.2006)دا بڵاوکراوەتەوە، سەبارەت بە شاری موسڵ

دەڵێت: (لە ڕووی جوگرافییەوە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم دابەش بکرێن و هەر ناوچەیە بەپێی تایبەتمەندیی خۆی کاری بۆ بکرێت. بۆ شەنگال و جەزیرە دەبێ کار بۆ گرێدانی ئەم دەڤەرە بەو جۆرە بکرێ کە برایانی ئێزدی و جگە لەوانیش بتوانن ڕاستەوخۆ بە سمێل و دهۆکەوە گرێ بدرێن و لە هەڕەشەی بەعسی و ڕەگەزپەرستانی ڕۆژئاوای موسڵ بیانپارێزن. هەروەها وەک چۆن لە ڕۆژئاوای شاری موسڵ دژ بە کورد پاکتاوی ڕەگەزی دەکرێت، دەبێ کوردیش کوردستانییەتیی ڕۆژهەڵاتی موسڵ و هەر سێ قەزای شێخان، تلکێف و ئەلقوش بپارێزێ).

بە بۆچوونی نووسەر تاریق کاڕێزی، بەلای کەمەوە خۆرهەڵاتی موسڵ و قەزاکانی شێخان، تلکێف و ئەلقوش بەشێکن لە کوردستان، لەگەڵ هەر دوو شارۆچکەکانی شەنگال و سمێل لەبەری ڕۆژئاوای موسڵ، لەبەر ئەوەی نووسەر بە خاکی کورد و کوردستانیان دەزانێت.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس نزار ئاگری، لە لاپەڕە (251)ی پەرتووکی (کاکا والجدار الکورد بین منازلة الجدران وتفیئها)داو، لە باسێکیدا لەژێر ناوی (کۆنگرەی سێڤرو کورد)دا نووسیویێتی: (پەیماننامەی سێڤرە بەپێی مادەکانی (62، 63، 64)ی پەیوەست بە کوردستان، بڕیاریدا کە مافی سەربەخۆیی بەڕێوەبردن بە کورد بدات و جەختی کردەوە لەسەر بوونی بواری پێدانی سەربەخۆییان، ئەگەر هاتوو لە ماوەیەکی دیاریکراودا توانیان بیسەلمێنن شایەنی ئەوەن، بە مەرجێک دانیشتوانی ناوچەکە لە ڕاپرسییەکدا داوای جیابوونەوە لە تورکیا بکەن، دواتریش ئەنجامی ڕاپرسییەکە دەخرێتە بەردەم کۆمەڵەی نەتەوەکان کە بڕیار لەسەر ئەنجامەکە دەدات بەوەی کە ئایا کوردەکان شایستەی سەربەخۆیین، لەوکاتەدا هاوپەیمانەکان ڕێگر نابن لەبەردەم بەستنی ویلایەتی موسڵ-ی کوردی بەو دەوڵەتە کوردستانیەی کە پێشنیار کراووە). هەروەها نووسەر لە لاپەڕە (253)دا لە باسێکیدا لەژێر ناوی (کێشەی موسڵ)دا نووسیویێتی: (ویلایەتی موسڵ بەشی زۆری کوردستانی ئێراق دەگرێتەوەو، لە ساڵی (1918)دا لە چوار پارێزگا پێکدەهات کە بریتیبوون لە موسڵ، سلێمانی، کەرکوک و هەولێر).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر و ڕۆژنامەنووس نزار ئاگری، شاری موسڵ یەکێکە لە شارەکانی باشووری کوردستان، چونکە نووسەری ناوبراو لە لایەک ویلایەتی موسڵ بە ویلایەتێکی کوردی ناودەبات، لەکاتێکیش کە ویلایەتی موسڵ ویلایەتێکی کوردی بێت، کەواتە تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵ-یشەوە شاری کوردیی و سەر بە کوردستانن، لەلایەکی تریشەوە نووسەر باسی ئەوە دەکات کە کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان) لە ساڵی (1918)دا لە چوار پارێزگای (موسڵ (نەینەوا+دهۆک)، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی) پێکدەهات، ئەمانەش ئەوە دەگەیەنن کە نووسەر لەو باوەڕەدایە شاری موسڵ شارێکی کوردستانییە.

مافناس ئەحمەد حەمید گەرمکی، لە لاپەڕە (14)ی پەرتووکی (شاری خورماتوو کورتەیەکی جوگرافیی، مێژوویی، بەڕێوەبەریێتی نەتەوەیی)دا نووسیویێتی: (نەوت پێویستییەکی جیهانییە پاڵی بە پسپۆرانەوە نا بە دوایدا بگەڕێن. هەرکە بۆنی نەوتی کوردستان چووە لوتی وڵاتانی ڕۆژئاواوە، شاڵاویان بۆسەر ئەم خاکە دەستی پێکرد. پێشەکی لە موسڵ-داو لە پاشاندا بۆسەر کەرکوک. لە ساڵی (1899)دا ئەمەریکا هەوڵی داوە بۆ قایلکردنی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم سوڵتانی عوسمانی بۆ خستنەگەڕی کۆمپانیا ئەمریکییەکان لەپێناوی دۆزینەوەی نەوت لەو وڵاتانەی کەوتوونەتە ژێر ڕکێفی عوسمانییەوە).
بە گوێرەی بۆچوونەکانی مافناس ئەحمەد حەمید گەرمکی، شاری موسڵ یەکێکە لە شارە هەرە گرنگ و پڕ بایەخەکانی باشووری کوردستان، لەبەر ئەوەی نووسەری ناوبراو لە باسی سەرەتای دۆزینەوەی نەوتی کوردستان، باسی ئەوە دەکات کە وڵاتانی ڕۆژئاوا شاڵاویان هێنایە سەر کوردستان سەرەتا بۆ موسڵ و پاشان بۆ کەرکوک. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە نووسەر شارەکانی موسڵ و کەرکوک بە دوو شاری باشووری کوردستان دەزانێت، بۆیە دەڵێت موسڵ و کەرکوک لە کوردستان.

ئەحمەد حەمید گەرمکی، لە لاپەڕە (39)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (لە شەڕی چاڵدێران ساڵی (1514)ی زایینیدا سوڵتان سلێمان قانونی

به سوپایەک هێرشی کردە سەر بەغدا و گرتی، لەو ڕۆژەوە کوردستان بووە گۆڕەپانی شەڕو شۆڕ بە تایبەتی ڕێگاوبانەکانی موسڵ، کەرکوک، خورماتوو، کفری لە نێوان عوسمانییەکان و ئێرانییەکاندا بەدرێژایی سەدەکانی 16، 17، 18).

به بۆچوونی نووسەر ئەحمەد حەمید گەرمکی، شاری موسڵ یەکێکە لە شارەکانی کوردستان، چونکە نووسەری ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە لە دوای ساڵی (1514)دا واتە لەکاتی شەڕی چاڵدێران-دا کوردستان بۆتە گۆڕەپانی شەڕ و رمبازێنی نێوان عوسمانییەکان و سەفەوییەکان بە تایبەتی ڕێگاوبانەکانی (موسڵ، کەرکوک، کفری و خورماتوو)، ئەمەش دەمان گەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە بڵێین نووسەری ناوبراو شاری موسڵ و شارەکانی تری ناوهاتوو لە سەرەوەدا، بە شاری کوردیی سەر بە کوردستان دادەنێت.

ئەحمەد حەمید گەرمکی، لە لاپەڕە (41)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (لە ساڵی (1555)ی زایینی، سوڵتان مورادی سێیەم میری موکرییەکانی ڕاسپارد بە بەڕێوەبردنی هەرێمەکانی موسڵ، شارەزوور، هەولێر. لە پاشاندا عوسمانییەکان هەستیانکرد ئەو شارانە گرنگییەکی هەستیاریان هەیە لەسەر ڕێگای بەغدا – ئەستەمبۆڵ، بۆیە پرۆسەی لادانی دەسەڵاتە کوردییەکانی گرتەبەر، تاکو شەڕ لە نێوان عوسمانییەکان و بابانییەکاندا هەڵگیرسا لە سەدەکانی 17، 18، 19).

نووسەر ئەحمەد حەمید گەرمکی، بۆ جارێکی تریش پێی وایە کە شاری موسڵ یەکێکە لە شارە کوردستانییەکان، چونکە ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە میری موکریان هەرێمەکانی موسڵ، هەولێر و شارەزووری بەڕێوەبردووە، بەڵام دوای ئەوەی عوسمانییەکان گرنگیی ئەو شارانەیان زانی کە دەکەونە سەر ڕێگای بەغدا-ئەستەمبۆڵ، هەستان بە لادانی میرە کوردەکان و ئەو شارانەیان گرتە ژێردەستی خۆیان، ئەمانە هەمووی دەیسەلمێنن کە ئەو شارانە شاری کوردیی و کوردستانیی بووینە.

ئەحمەد حەمید گەرمکی، لە لاپەڕە (45)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (لەو ڕۆژەوەی ئینگلیز هاتنە کوردستان بەرنامەی پارچە کردنی خاکەکەیان گرتەبەر لەو کاتەدا کوردستان بریتیبووە لە سەنجەقەکانی موسڵ،

کەرکوک، سلێمانی. قەزاکانی هەولێر و ڕواندز و کۆیسنجەق سەر بە کەرکوک بوون و لە ساڵی (1918)دا دابڕان و پارێزگای هەولێریان لێپێکهێنرا واتا پارێزگای چوارەم لە کوردستاندا).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر ئەحمەد حەمید گەرمکی، شاری موسڵ بەشێکی دانەبڕاوی خاکی کوردستان و شارێکی کوردییە، لەبەر ئەوەی نووسەر زۆر ڕاشکاوانە بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بەو بابەتە دەربڕیوە و شارەکانی موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی بە شاری کوردستانی دەزانێت.

ئەحمەد حەمید گەرمکی، لە هەمان لاپەڕەدا نووسیویێتی: (کاتێک لە ساڵی (1921)دا دەسەڵاتی پاشایەتی درایە ئێراق، ئێراق چواردە پارێزگا بوو. پارێزگای کەرکوک چوار قەزاو پانزە ناحییە بوو، حکومەتی بەریتانیا بە هەموو شێوەیەک زرنگکاری دابەشکردنی کوردستانی داڕشتبوو بۆ ئەوەی موسڵ، کەرکوک، خورماتوو و خانەقین لە کوردستان دابڕێ و بیخاتە پاڵی ئێراق لەیەک نەخشەدا بەگەلێک بیانووەوە، بانگەشەی ئەوەیان دەکرد گوایە دانیشتوانی ئەم ناوچانە لەگەڵ دەسەڵات و میری شێخ مەحمودی نەمردا نین کە لە ڕێکەوتی (1.11.1918)دا بەڕێوەبەرێتی پاشایەتی لە سلێمانیدا ڕاگەیاند).

ئەوەی لە سەرەوەدا نووسەر ئەحمەد حەمید گەرمکی ئاماژەی پێکردووە، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی نووسەری ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە لە دوای داگیرکردنی کوردستاندا، ئینگلیزەکان لە هەوڵی ئەوە دابووینە کە شارەکانی (موسڵ، کەرکوک، خورماتوو و خانەقین) لە کوردستان داببڕن و بە ئێراقی بلکێنن. ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە نووسەری ناوبراو شاری موسڵ و ئەو شارانەی کە لە سەرەوەدا ناوی بردوون بە کوردستان دەزانێت. سەبارەت بە دامەزراندنی حکومەتی یەکەمی شێخ مەحمود وەکو ئەوەی کە ئەحمەد حەمید گەرمکی نووسیویێتی، ڕێکەوتی (1.11.1918) ڕاست نییە، بەڵکو ئەو حکومەتە لە ڕێکەوتی (17.11.1918)دا دامەزراوە و تاوەکو ڕێکەوتی (18.6.1919) بەردەوام بووە.

ئەحمەد حەمید گەرمکی، لە لاپەڕە (47)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (لە 23.8.1921دا میری پاشایەتی ئێراقی ڕاگەیەنرا، لەو ڕۆژەوە میری نوێی ئێراقیش لەگەڵ بەریتانیا هەوڵی دابڕینی کەرکوک و موسڵ-یان ئەکرد لە کوردستانە وە بۆسەر ئێراقی نوێ. لە (20.12.1924)دا پادشا خۆی سەردانی شاری کەرکوکی کرد و داوایکرد لە دانیشتوانی کەرکوک خۆیان داوای لکاندنی کەرکوک بکەن بۆسەر بەڕێوەبەریتی نوێی ئێراق و ئەو ڕۆژە ئاڵای ئێراق لە کەرکوکدا هەڵدرا).

نووسەر ئەحمەد حەمید گەرمکی، دیسان بۆچوونی خۆی سەبارەت بە کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دووپات دەکاتەوە، کاتێک کە باسی هەوڵی ئینگلیزەکان دەکات بۆ دابڕینی هەر دوو شاری باشووری کوردستان (موسڵ و کەرکوک)و، لکاندنیان بە ئێراقەوە، ئەو بۆچوونەی ناوبراو دەمان گەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە بڵێین، نووسەر بێ هیچ گومانێک هەر دوو شارەکانی موسڵ و کەرکوک بە بەشێک لە کوردستان دادەنێت.

نووسەر ئەحمەد حەمید گەرمکی، لە لاپەڕە (48)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (هەرچەندە لە پەیماننامەی سیڤەردا لە (10.8.1920)دا ئەبوایە دەوڵەتێکی ئەرمەنی و دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرایە کەچی ئەو پەیماننامەیەیان گۆڕییە پەیماننامەی لۆزان (1923) بەخستنە سەری ویلایەتی موسڵ (کوردستانی باشوور) بەسەر ئێراقداو ئەوەبوو لە ساڵی (1925)دا جێبەجێ کرا).

ئەوەی نووسەر ئەحمەد حەمید گەرمکی لە سەرەوەدا نووسیویێتی، دانپێدانانە بە کوردستانی بوونی شاری موسڵ، چونکە نووسەری ناوبراو ویلایەتی موسڵ بە باشووری کوردستان ناودەبات، کەواتە هەر دووکیان یەکسانن و هەر یەک خاکن، مادامیش یەکسان و هەر یەک خاک بن، کەواتە تەواوی خاک و شارەکانی ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵ-ی پایتەختی ویلایەتەکەشەوە، خاک و شاری باشووری کوردستانن.

محەمەد مەلا قادر، ئەندامی مەکتەبی ڕامیاری پارتی دیموکراتی کوردستان، لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (میدیا)دا لەژێر ناوی (پارتی پێی وایە دەبێ موسڵ دابەش بکرێ و بکرێتە دوو پارێزگا)دا کە لە لاپەڕە (3)ی ژمارە (240)، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (16.5.2006)دا بڵاوکراوەتەوە، سەبارەت بە موسڵ دەڵێت: (سوڵتانەکانی عوسمانی دەستیان بە بەعارەبکردنی موسڵ کردووە. پێیان نەکراوە تەتریکی بکەن، هەڵساون بەعارەبیان کردووە هەر بۆ ئەوەی دیمۆگرافیای کوردستان و کورد تێکبدەن، وایان بیرکردۆتەوە کە مادام بۆ تورک نابێ، با بۆ کوردی نەبێ، بۆ عارەب بێ، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئاینی ئیسلام زۆرتر عارەبییەو سەرکردایەتیەکەی هەر عارەب کردوویانە، لەو ڕوانگەیەوە هەوڵیانداوە موسڵ بەعارەب بکەن، لەو کاتیەوە بەعارەبکردنی موسڵ دەستی پێکردووە، ئەگەرنا موسڵ شارێکی کوردستانە و لە ڕاستیدا هیچ عارەب لەو ناوچەیە نەبووە، بەڵام بە عارەب کردنەکە زۆر کۆنە). محەمەدی مەلا قادر، لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: (پێش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول، لە هەندێ یادداشتی پارتی، باسی موسڵیش دەکرا، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوکات دۆزی موسڵ لای عارەبەکان زۆر بە توندوتیژ وەردەگیرا، ئەوکات کەرکوکیان بەو شێوە توندوتیژە وەرنەدەگرت، بۆیە پارتی بە باشی نەزانی و بۆ ئەوەی کێشەی زۆر ئاڵۆزتر نەبێ، تاڕادەیەک خامۆشی کرد، ئەگەرنا لە کۆن پارتی موسڵ-یشی بە کوردستان دادەنا). هەروەها محەمەدی مەلا قادر، بیروبۆچوونی خۆی بەمشێوەیە بەرانبەر بە شاری موسڵ دەردەبڕێت: (بە تێروانینی خۆم دەڵێم موسڵ کوردستانە و بە کوردستانی دەزانم، چونکە لە خاکی کوردستانە، تا چیای حەمرین کوردستانە، کەواتە موسڵ-یش کوردستانە، بەڵام بەعارەب کراوە). تۆزێک خوارتر ناوبراو بەمشێوەیە بۆچوونی پارتی دیموکراتی کوردستان دەردەبڕێت: (بە بۆچوونی ئێمە وەکو پارتی پێمان وایە موسڵ دەبێ دابەش بکرێ و بکرێتە دوو پارێزگا، پارێزگایەکیان لە (کەناری ڕاست)ی کە دەکاتە ڕۆژئاوای موسڵ، ئەوە ببێتە پارێزگایەک بۆ عارەبەکان ئینجا چ ناوێکی لێدەنێن ئارەزووی خۆیانە، پارێزگای دیکەش کە دروست دەبێ بەبۆچوونی من بە ناوی نەینەوا بێ، چونکە نەینەوا دەکەوێتە (کەناری چەپ)، ئەو پارێزگایە بە ناوی نەینەوا بێ، کە دەکاتە ناوچەی شەنگال و زەمار بێت بۆ ناوچەی تلکێف و ناوچەی حەمدانیە و شێخان و هەموو ئەو قەزاو ناوچانە بگرێتە خۆو ئەو

پارێزگایە پارێزگایەکی کوردستانی بێ کە کۆمەڵێک نەتەوەو ئاینزای جیاوازی تێدا دەژی. بە تێڕوانینی ئێمە ئەوە باشترین چارەسەرە، ئەگەر ئەوە نەکرێ، دەبێ سەرژمێرییەکی گشتی بکرێ، ئینجا ڕیفراندۆمێک بکرێ، ئایا ئەو پارێزگایە وەکو خۆی بەگشتی سەر بە هەرێمی کوردستان بێ، یان نا؟).

بۆچوونەکانی محەمەد مەلا قادر، ئەندامی مەکتەبی ڕامیاری پارتی دیموکراتی کوردستان، هەمووی جەخت لەسەر کوردستانی بوون و کوردبوونیی شاری موسڵ بە هەر دوو کەنارەوە دەکەن، چونکە ناوبراو زۆر ڕاشکاوانە بۆچوونەکانی خۆی و پارتی دیموکراتی کوردستان دەردەبڕێت، کاتێک کە باسی ئەوە دەکات کە سوڵتانەکانی عوسمانی هەوڵی گۆڕینی باری دیمۆگرافی شاری موسڵ-یان لە بەرژەوەندی عارەبدا، هەروەها ناوبراو شاری موسڵ بە شارێکی کوردستانی ناودەبات و لەو باوەڕەدایە کە پێشتر عارەب نەبووە لە شارەکەدا و، هەتا پێش بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلول، پارتی دیموکراتی کوردستان باسی کوردستانێتیی شاری موسڵ-ی کردووە و بە کوردستانی زانیوە. هەروەها بە بۆچوونی محەمەدی مەلا قادر موسڵ کوردستانە، چونکە بەشێکە لە خاکی کوردستان. ناوبراو بۆچوونی پارتیش دەردەبڕێت کە دەبێت موسڵ دابەشکرێ و بکرێت بە دوو پارێزگا، یەکێکیان بۆ کورد لە کەناری چەپ و، ئەوی تریشیان بۆ عارەب لە کەناری ڕاست. ئەمانە هەمووی ئاماژەن بۆ بە کورد زانین و کوردستان زانینی شاری موسڵ لە لایەن محەمەد مەلا قادری ئەندامی پەلیتبیرۆی پارتی دیموکراتی کوردستان و، پارتی دیموکراتی کوردستان-یش وەکو پارتێکی کوردستانی دەسەڵاتدار. بەڵام ئەوەیان هەر قسەیە و بەکردەوە پارتی هیچ هەنگاوێکی بۆ نەنراوە، چونکە بەلای کەمەوە دەبوایە سەرۆکی کوردستان باسی ئەوەی بکردایە کە شاری موسڵ بەشێکە لە کوردستان.

دکتۆر ڕەشاد میران، مامۆستای زانکۆی هەولێر، لە لاپەڕە (105)ی پەرتووکی (ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا)و بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (107)ی پەرتووکی (یەزیدیەکان و ئایینی یەزیدی، نووسینی شاکر فەتاح) کە نووسەری ناودار شاکر فەتاح نووسیویێتی: (هەر لە ماوەی سەدەی شازدەدا، ئێزیدییەکان میرنشینێکی گەورەیان بە ناوی (قەلب و باتمان) دامەزراند کە هەموو ناوچەکانی:

بۆتان، دیاربەکر، جەزیرە، زاخۆو موسڵی دەگرتەوەو ژمارەیەکی زۆری خێڵی کوردی و ناکوردیی موسڵمان لە ڕووبەرەکەیدا دەژیان).
بە گوێرەی ئاماژەکردنەکەی دکتۆر ڕەشاد میران، نووسەری ناوداری گەلەکەمان شاکر فەتاح، شاری موسڵ بە بەشێک لە کوردستان دادەنێت، چونکە شاری ناوبراو بۆ ماوەیەکیش سەر بە میرنشینی (قەلب و باتمان)ی ئێزیدییە کوردەکان بووە.

ئارام داود، لە لاپەڕە (30)ی پەرتووکی (مێژووی کڵێسای کوردی لە سەردەمی ساسانیەکاندا)، نووسیوێتی: (ئەحەی و مارماری ڕوویان کردۆتە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان و بیروباوەڕی کریستانیان تیادا بڵاوکردۆتەوە. لە هەندێک سەرچاوەدا هاتووە (مارمای و ئەحەی ڕوویان کردۆتە ناوچەکانی قردی و بازیدی وڵاتی موسڵ و کوهستان و میزۆپۆتامیا).
بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر ئارام داود، شاری موسڵ یەکێکە لە شارەکانی کوردستان، چونکە نووسەری ناوبراو لە باسی هاتنی مژدەهێنەرانی کریستانیدا بۆ کوردستان لەپێناوی بڵاوکردنەوەی ئایینەکەیاندا، باسی ئەوە دەکات کە مارمای و ئەحەی هاتوونەتە ناوچەکانی موسڵ، بایەزید، میسۆپۆتامیا، قردێ و کوهستان لە کوردستان. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە نووسەر شاری موسڵ بە شارێکی کوردستانی دەزانێت.

ئارام داود، لە لاپەڕە (98-99)ی سەرچاوەی ناوبراو لە سەرەوەدا، نووسیوێتی: (سریانە ئەرتەدۆکسیەکان یان یەعقوبیەکان (کوردە کریستانەکان) ژمارەی ئەم ئایینزایە بە گوێرەی (الدليل العراقي الرسمي لسنة 1936) لە هەموو ئێراقدا (12) هەزار کەسن و، بەناوبانگترین دێرەکانیشیان دێری مارمەتییە کە بەناوبانگترین و کۆنترین و جوانترین دێری کوردستانی ئێراقە. ژمارەیەکی زۆری ڕەبەن و خواپەرستی تیادا دەژین و وەکو قەڵایەکی پۆڵایین لە ناوەندی چیای مەقلوب دروستکراوە کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی موسڵ، شوێنی دانیشتنی ئەو ئایینزایە لە کوردستاندا لە موسڵ، کەرکوک، شەنگال، بەرتلە، قەرەقووش و بەعشیقەدا دەژین).
بە بۆچوونی نووسەر ئارام داود، شاری موسڵ یەکێکە لە شارە گرنگەکانی باشووری کوردستان، چونکە نووسەری ناوبراو لە باسی ژمارەی کوردە

کریستانەکان و ئەو دێرانەی کە لە کوردستاندا هەیانە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە شوێنی دانیشتنی ئەو ئایینزایە لە کوردستاندا شارەکانی (موسڵ، کەرکوک، شەنگال، بەرتلە، بەعشیقە و قەرەقووش)ن، کەواتە نووسەری ناوبراو شاری موسڵ و ئەو شارانەی کە لە سەرەوەدا ناوی بردوون بە بەشێک لە کوردستان دەزانێت.

دکتۆر کاوە ئەمین، لە لاپەڕە (58)ی پەرتووکی (ناسیۆنالیزمی کوردیی خەبات بۆ دەوڵەتێکی نەتەوەیی، بەراوردێک لەبەینی سێ پارتی کوردیدا)، نووسیویێتی: (هەر دوای تێکشکاندنی شۆڕشی کورد، ئێراق درێژەیدا بە بەعارەبکردنی کوردستان بەتایبەت لە ناوچەکانی کەرکوک و موسڵ. لە دوای ساڵی (1940)ەوە ئێراق بە بەردەوامی پرۆسەی بەعارەبکردنی بەشێوەیەکی سیسەتەماتیک بەڕێوە بردووە، ئەویش لە ڕێگای هێنانی خێزان و خێڵی عارەب و دەرکردنی کوردەکان لە شوێنی خۆیان بە مەبەستی گۆڕینی دیمۆگرافی باشووری کوردستان).
بە بۆچوونی دکتۆر کاوە ئەمین، شاری موسڵ شارێکە سەر بە باشووری کوردستان، چونکە نووسەر لە باسی بەعارەبکردنی ناوچەو شارەکانی کوردستاندا، باسی ئەوە دەکات کە لە دوای شکست هێنانی شۆڕشی کورد لە ساڵی (1975)دا، دەسەڵاتدارانی شۆڤینیستی عارەب لە ئێراقدا بەردەوام بوون لە پرۆسەی بەعارەبکردنی کوردستاندا بەتایبەت شارەکانی موسڵ و کەرکوک. کەواتە نووسەری ناوبراو هەر دوو شاری موسڵ و کەرکوک بە پارچەیەکی کوردستان دادەنێت.

دکتۆر کاوە ئەمین، لە لاپەڕە (9)ی پەرتووکی (خەباتی کوردستان بۆ ئازادی شۆڕشی 1961–1975)دا، نووسیویێتی: (ئێراق هەر سێ پارێزگای هەولێر، دهۆک و سلێمانی وەکو ناوچەی کوردنشین دەژمێرێ و بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی ناوی دەبات، بەڵام ڕازی نابێت دان بنێت بە هەر دوو شاری کوردی کەرکوک و موسڵ وەکو دوو شاری کوردی. پارێزگای موسڵ کە هەموو باشووری کوردستانی جارانی پێکدەهێنا، یەکێک بوو لەو سێ ویلایەتەی کە ئێراقیان پێ دروستکرا).
نووسەر کاوە ئەمین، بۆ جارێکی تریش شاری موسڵ و کەرکوک بە دوو شاری کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان ناودەبات، کاتێک کە لە لایەک ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە دەسەڵاتدارانی عارەبی ئێراق هەر دوو شاری کوردی موسڵ

و کەرکوک وەکو دوو شاری کوردی ناناسێت و، لەلایەکی تریشەوە کاتێک کە باسی ئەوە دەکات کە ویلایەتی موسڵ هەموو باشووری کوردستانی جارانی دەگرتەوە.

نووسەر کاوە ئەمین، لە لاپەڕە (15)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، نووسیویێتی: (بە گوێرەی خاڵەکانی (61، 62، 63)ی پەیمانی سێڤرە کە لە (10)ی ئابی (1920)دا بڕیاری لەسەر درا، کوردستان دەیتوانی ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە چوارچێوەی دەوڵەتی تورکیادا. موسڵی کوردیش (باشووری کوردستان) دەیتوانی بڕیاری ئەوە بدات کە ببێتە بەشێک لەو دەوڵەتە کوردیە ئەگەر خۆیان بیان ویستایە).

نووسەر کاوە ئەمین، شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی و کوردستانی دادەنێت، کاتێک کە باسی پەیمانی سێڤرە دەکات و، بە گوێرەی ئەو پەیمانە کوردستان ڕێگەی پێدرابوو ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، هەروەها نووسیویێتی کە ویلایەتی موسڵ-ی کوردی یان باشووری کوردستان بۆی هەبوو لەگەڵ دەوڵەتە کوردییە سەربەخۆکە یەک بگرێتەوە. ئەمەش ئەوەمان بەدەست دەدات کە نووسەر ویلایەتی موسڵ بە یەکسان و هەر بە باشووری کوردستان دادەنێت، کەواتە پێشی وایە شاری موسڵ شارێکی باشووری کوردستانە. بەڵام سەبارەت بەو بەندانەی پایماننامەی سێڤرە کە پێوەندی بە دۆزی کوردە وە هەبووبێت، بەندەکانی (62، 63، 64) بووە، نەک بەندەکانی (61، 62، 63)، هەروەکو نووسەری ناوبراو لە سەرەوەدا ئاماژەی پێکردوون.

کاوە ئەمین، لە لاپەڕە (35)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، نووسیویێتی: (هەروەک لەم نووسینەدا بینیمان کە دەوڵەتی ئێراق و لە بابەتی ئەو چۆن لەسەر کەلاوەکانی شەڕی جیهانی یەکەم دامەزراو چۆن کوردستان دابەشکراو لەچ ڕەوشێکدا باشووری کوردستان (موسڵی کورد) لکێنرا بەو وڵاتە تازە دروست کراوەوە).

نووسەر کاوە ئەمین، شاری موسڵ بە شارێکی کوردی و سەر بە باشووری کوردستان دادەنێت، کاتێک کە ناوبراو باسی دابەشکردنی کوردستان دەکات و، لە باسی باشووری کوردستاندا بە موسڵ-ی کوردی ناوی دەبات. ئەمەش ئەوەمان بۆ

ڕوون دەکاتەوە کە نووسەر تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵ-یشەوە بە بەشێک لە باشووری کوردستان ناودەبات.

تاریق حەمۆ، نووسەری ڕۆژئاوای کوردستان یان (باشووری بچووک)، لە لاپەڕە (31)ی پەرتووکی (آراء في قضية الكورد والديمقراطية)دا، نووسیویێتی: (قایل نەبوونی تورکی بە داواکارییەکەی ئەمریکی سەبارەت بە ڕێگە پێدان بەهێنانی (63) هەزار سەربازی ئەمریکی لەپێناو کردنەوەی بەرەی دووەم لە باکوور لە دژی هێزەکانی ئێراقی، چرکە دوای چرکە هۆیەکان و پلانەکانی دەردەکەوێت، ئەمریکییەکان هاتنە ژوورەوەی تورکیایان ڕەتکردەوە بۆ ناو هەرێمی کوردستان لەپێناو جێبەجێکردنی پرۆگرامە تایبەتییەکانی خۆیاندا، کە بریتی بوون لە داماڵینی چەکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و، هەڵوەشاندنەوەی بەڕێوەبەریێتی کوردی کە کوردەکان بەر لە (13) ساڵ دایانمەزراندبوو کە سەر یەشەیەکی بەردەوام بوو بۆ تورکیا، هەروەها تورکیا مەبەستی بوو کۆنترۆڵی هەر دوو شاری کەرکوک و موسڵ-ی دەوڵەمەند بە نەوت لە قووڵایی باشووری کوردستانی ئێراقدا (باشووری کوردستان) بکات، (هەر بۆیە تورکەکان هەرزوو دەستیانکرد بە دۆزینەوەی چەندان هەنجەتی جۆراوجۆر: وەکو (ریککەوتننامەی مێژوویی) لە (5)ی حوزەیرانی ساڵی (1926)دا لە نێوان خۆیان و بەریتانییەکاندا سەبارەت بە بەشی تورکیا لە نەوتی کەرکوک، پاراستنی خزمە تورکمانەکانیان لە شیمانەی کۆمەڵکوژییان لەسەر دەستی کوردەکان و ڕێگە گرتن لە شالاوی ئەو پەناهەندانەی لەکاتی شەڕدا ڕوودەکەنە ناو خاکی تورکیا).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر تاریق حەمۆ، شاری موسڵ یەکێکە لە شارە گرنگ و دەوڵەمەندەکانی بە نەوت لە باشووری کوردستان، چونکە نووسەر باسی ئەوە دەکات کە ئەمەریکا لەکاتی لەناوبردنی ڕژێمی سەدام لە ساڵی (2003)دا، ڕێگەی نەدا تورکیا بێتە ناو هەرێمی کوردستان، چونکە تورکیا مەبەستی بوو هەر دوو شارەکانی موسڵ و کەرکوک لە کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان)دا داگیر بکات، کەواتە نووسەر هەر دوو شارەکە بە شاری کوردستانی دەزانێت، بۆیە بەمشێوەیە باسی کردوون.

تاریق حەمۆ، لە لاپەڕە (33)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، نووسیویێتی: (ئەمریکییەکان گوتیان کە نایانەوێت ئەمجارە ستەم لە کورد بکەن، هەروەکو پێشتر لە ساڵی (1975)دا ڕوویدا لە ڕێککەوتننامەی جەزائیر کە سنورێکی کوشندەی بۆ شۆڕشی کورد دانا کە لە دژی ڕژێمی ئێراقی بوو. سەدام حوسێن، کە ئەو لایەنی ئێراقی بوو تیایدا، هەروەها وەکو ئەوەی لە ساڵی (1991) ڕوویدا، کاتێ گڵۆپی سەوزیان بۆ کوردەکان داگیرساند بۆ ڕاپەڕین، کەچی لەنیوەی ڕێگا پشتیان تێکردن، بەڵام وادیارە ئەوجارە کاروبارەکان بەڕێڕەوێکی تردا دەڕوات، ویلایەتە یەکگرتووەکان، هەرچەندە داوای لە هێزە کوردییەکان کرد کە هێرشەکانیان بوەستێنن بۆ سەر هەر دوو پارێزگاکانی کەرکوک و موسڵ-ی کوردیی، لە هەمان کاتدا نامەیەکی ڕوونی بۆ تورکەکان نارد کە لە چاوەڕوانیدا بوون لەسەر سنووری ئێراقی نێودەوڵەتیدا، لە مەترسییەکانی دەستتێوەردانیان، بەشێوەی یەک لایەنە کە ناوچەکە دەکەوێتە ناو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی بەردەوامی گەورە لە نێوان کورد و تورکیا و، دوور نییە بگاتە ناو تورکیا بە تایبەتی ئەگەر هاتوو پارتی کرێکارانی کوردستان بڕیاری ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە دژی تورکیا، ئەگەر بێتوو تورکیا باشووری کوردستان داگیر بکات).

به بۆچوونی نووسەر تاریق حەمۆ، شاری موسڵ بریتییە لە شارێکی کوردی و کوردستانی، چونکە نووسەر لە باسی پرۆسەی ڕزگارکردنی ئێراق و ڕوخانی ڕژێمی سەدام، باسی ئەوە دەکات کە ئەمەریکییەکان داوایان لە سەرکردایەتی کوردستان کرد کە هێرش نەکەن بۆسەر هەر دوو پارێزگاکانی موسڵ و کەرکوک-ی کوردی. لێرەدا دەتوانین بڵێین مادام شارەکانی موسڵ و کەرکوک دوو شاری کوردی بن، کەواتە دوو شاری سەر بە باشووری کوردستان-یشن.

تاریق حەمۆ، لە لاپەڕە (37)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، نووسیویێتی: (چارە چییە، بارو دۆخەکە بەمشێوەیە بێت، تاوەکو تورکەکان شیمانەی دەست خستنە ناو کاروباری هەرێمی کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان) و، دەست بەسەرداگرتنی چاڵگەکانی نەوتی کەرکوک و موسڵ رابگەیەنن، کەچی ئێراق وڵاتێکی سەربەخۆ و ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانە؟ کەواتە ترسی کوێرانەیە لە

ڕزگاربوونی گەلی کوردستان و، پەرەسەندنی ئەو ڕزگاربوونە بۆ ناوچەی کوردستانی مەزنی داگیرکراو لە لایەن دەوڵەتی تورکیا بۆ ماوەی (80) ساڵ).

ئەوەی نووسەر تاریق حەمۆ نووسیویێتی، مانای کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو لە باسی مەترسییەکانی دەست تێوەردانی تورکیا لە هەرێمی کوردستاندا، باسی ئەوە دەکات کە تورکیا نیازێتی لە هەرێمی کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان) دەست بگرێت بەسەر شارەکانی موسڵ و کەرکوک، کەواتە نووسەر ئەو دوو شارە بە بەشێک لە باشووری کوردستان دەزانێت، بۆیە بەمشێوەیە ناوی بردوون.

تاریق حەمۆ، لە لاپەڕە (71)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، نووسیویێتی: (لە ڕووی ئاینییەوە ئێزیدییەکان ڕووبەڕووی جۆرەها ئێش و ئازار و چەوسانەوەی زۆری نەتەوەیی هاتوون، هەروەها ئەوان خراونەتە ڕیزی کافرەکان و ئەهریمەن پەرستان، لە ڕووی نەتەوەییشەوە ڕژێمی بەعس ئەوانەی بە عارەب دەژمارد، لەپێناوی بەعارەب کردنیان پەنای دەبردە بەر چەندان فڕوفێڵ بۆ سەرخستنی پلانەکانی لەپێناو بە عارەبکردنی ئێزیدییەکان و دوورخستنەوەیان لە دۆزی کورد و کەم کردنەوە لە قورسایی دیمۆگرافی و جوگرافی کوردی بە تایبەتی لە ناوچەکانی ئێزیدی لە شەنگال و موسڵ).

ئەوەی لە سەرەوەدا نووسەر تاریق حەمۆ ئاماژەی پێکردووە، مانای کوردستانی بوون و کوردبوونیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەر تاریق حەمۆ ئاماژە بە کوردبوون و ئێزیدی بوونی شارەکانی موسڵ و شەنگال دەکات و، پێی وایە هەر دوو شارەکە دەکەونە نێو جوگرافیای سنووری کوردستان.

دکتۆر فەرهاد پیربال، لە لاپەڕە (10)ی پەرتووکی (زێڕی ناو زبڵ)دا نووسیویێتی: (ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەی سەریان لە کوردستان داوە، چەند ئامانجێکی جۆراوجۆریان هەبووە. چەند هۆیەکی بنچینەیی هەن کە ئەم گەڕاڵ و ڕۆژهەڵاتناسانە کوردستانیان کردۆتە مەڵبەندی ئەم گەشتانەی خۆیان: کوردستان بێشکەی ئایین و ئایینزاکانی جیهانە. گرنگترین مەڵبەندی سەردانی ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە لە شارەکانی کوردستاندا،

ئامەد، هەولێر و بە تایبەتیش موسڵ بووە کە کردوویانەتە کاروانسەرا و مەنزڵگای وەستانی خۆیان).

دکتۆر فەرهاد پیربال، شاری موسڵ بە یەکێک لە شارە فرە ئایین و ئایینزای سەر بە کوردستان دادەنێت، کاتێک کە باسی ئەو گەڕیدەو ڕۆژهەڵاتناسانە دەکات کە سەردانی کوردستانیان کردووە، ئەو باسی ئەوە دەکات کە ئەوانەی هاتوونەتە کوردستان بەزۆری سەردانی شارەکانی (موسڵ، هەولێر و ئامەد)یان کردووە، کەواتە ناوبراو ئەو سێ شارە بە سێ شاری کوردستانی دەزانێت.

هۆزانڤان و نووسەری بەناوبانگی ڕۆژئاوای کوردستان. جگەرخوێن، لە لاپەڕە (134)ی پەرتووکی (تأریخ کوردستان ج 1)دا نووسیویێتی: (لەکاتی شەڕی (قادسیە)دا لە ساڵی (15)ی کۆچی، سەعد کوڕی باوکی وەقاس، هێزێکی گەورەی ناردە سەر شاری (حەلوان) بە سەرکردایەتی قەعقاع کوڕی عەمرو کە (زەینەبی) فەرمانڕەوای ئەو شارەی کوشت و خەسرەو لە حەلوان دەرچوو و عارەبە موسڵمانەکان بەبێ شەڕ هاتنە ناو شار. قەعقاع ئەو شارەی کردە مەڵبەند و بارەگای هێزەکەی خۆی و کەسێکی بە ناوی (قوباد) دامەزراند بە فەرمانڕەوای شارەکە و، خۆی ڕوویکردە شاری کوفە و دواتر (مەهران) کە یەکێک بوو لە سەرکردەکانی ئێرانی بەدەستی قەعقاع کوژرا. فەیروزان پەنای بردە بەر چیاکانی کوردستان و خۆی لێ توندکرد، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە ژن، منداڵ و سامانێکی زۆر کەوتنە دەستی موسڵمانەکان و ژمارەیەکی زۆریش لە دانیشتوانی ئێران – کوردستان لە کورد، فارس، جیل و دەیلەم کوژران و، چەندان شاری کوردستانی وەکو: تکریت، موسڵ و نەینەوا کەوتنە دەست عارەبە موسڵمانەکان لەگەڵ بانهزرا، هبتون، داسن، باقردی، بایەزید و گشت قەڵاکانی ناوچەی کوردستان کەوتنە دەست (ئەلڕابعی) کەچی هەندێک کەس لەو باوەڕەدان کە ئەو شار و قەڵایانە کەوتنە دەست عیاز کوڕی غەنەم).

بە بۆچوونی هەڵبەستوان و نووسەری بەناوبانگی کوردستان جگەرخوێن، شاری موسڵ یەکێکە لە شارە گرنگ و پڕ بایەخەکانی کوردستان، چونکە نووسەری ناوداری نەتەوەکەمان جگەرخوێن، لە باسی پرۆسەی داگیرکردن و تاڵانکردنی کوردستاندا لە لایەن عارەبە موسڵمانەکانەوە، باسی داگیرکردنی شارەکانی (موسڵ،

نەینەوا، تکریت، باقردی، داسن، بایەزید و چەندان شاری تر) دەکات. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە بڵێین هەڵبەستوانی ناوداری کورد جگەرخوێن شاری موسڵ و هەموو ئەو شارانەی تر کە ناوی بردوون بە بەشێکی کوردستانیان دەزانێت.

هۆزانڤانی ڕۆژئاوای کوردستان، جگەرخوێن، لە لاپەڕە (290)ی پەرتووکی (تأریخ کوردستان ج 2)دا دەربارەی (کلۆڵ بەگی کوڕی قوباد بەگ)، نووسیوێتی: (لێرەدا دووجۆر تێڕوانین هەیە دەربارەی ئەوەی کە کێ فەرمانڕەوایەتی ئەردەڵانی لەساڵی (606)ی کۆچیدا، تێڕوانینی یەکەم دەڵێت ئەو کەسەی کە لەو ساڵەدا فەرمانڕەوایی کردووە کلۆڵ بەگی کوڕی پیر بوداق بووە، بەڵام تێڕوانینی دووەم بۆ ئەوە دەچێت کە کلۆڵ بەگی کوڕی قوباد (فەیروز) فەرمانڕەوا بووە کە دواتر دەستیگرت بەسەر شارەکانی سەقز، سیامەنسور، زێڕین کەمەر، کرۆز، ئەسەدئاباد و عەلی شوکر، دواتریش سنووری دەوڵەتەکەی لە ڕۆژهەڵات گەیشتە هەمەدان، لە ڕۆژئاواوە هەولێر و موسڵ، لە باکوورەوە زن کەمان و لە باشوورەوە تا کرماشان. هەروەها شارەکانی سلێمانی، شارباژێڕ، کۆیسنجەق، ئامێدی و ڕواندز هەر هەموویان لەژێر دەسەڵاتی کلۆڵ بەگ دابووەو، بارەگاکەی لە قەڵای (زەڵم)و دواتریش (پڵنگان) پایتەختیان بووە. دواتر کلۆڵ بەگ پاش ئەوەی (23) ساڵی لە فەرمانڕەوایی بەسەربرد، کۆچی دواییکرد کە ئەو ماوەیەی زۆر بە ئازادی و سەربەخۆ بەسەر بردووە).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی هەڵبەستوانی بەرز و ناوداری کورد جگەرخوێن، شاری موسڵ شارێکە لە شارەکانی کوردستان، چونکە نووسەری ناوداری کورد جگەرخوێن، ناوی شاری موسڵ-ی وەکو یەکێک لە شارەکانی میرنشینی ئەردەڵانی کوردی بردووە لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی کۆچیدا.

کۆمەڵێک لە پسپۆران و ئەفسەرانی ڕامیاری بەریتانی، لە لاپەڕە (59)ی پەرتووکی (کورد و کوردستان)دا نووسیویانە: (یوسف حەیدەر و خەیرەدین زەرگەلی دوو سەرنووسەری ڕۆژنامەی -المفید- بوون، ئەم ڕۆژنامەیە لە دیمەشق دەردەچوو، لە (19)ی مارتدا (ساڵی 1918 – وەرگێڕان) وتارێکی درێژیان سەبارەت بە

سەربەخۆیی کوردستان بڵاوکردەوە، ژمارەیەکی ئێجگار زۆریان لێ چاپکرد و بەخۆڕایی بازاڕ و کۆڵانی لێ پڕکرا، بۆیەکا ئەو وتارە بۆ دۆزی کورد شۆرەت و بانگەوازێکی ئێجگار کاراو بەربڵاوی لێ رسکا، ناونیشانی وتارەکە ئەم مانشێتە بوو: (نامەیەکی والا بۆ کوردانی باکوور و باشووری کوردستان). وتارەکەی ڕۆژنامەی (المفید) سەرنجی کوردانی بۆ شۆڕشی پیرۆز و ڕەوای گەلی عارەبی برای رادەکێشا کە لەپێناوی سەربەخۆیی تەواودا دەکرا، لە کوردانیش دەپاڕێتەوە و دنەیان دەدا کە داوای کوردستانێکی ئازادی سەربەخۆ بکەن، دەبێ ئەو کوردستانەش لەم شوێنانە رۆنرێت: ئەرزڕۆم، ڤان، بەتلیس، خەرپووت، دیاربەکر، موسڵ و ئەو شوێنانەی تر کە کوردیان تیا دەژین و تێکڕا ژمارەیان دەگاتە (3.5 میلیۆن (لەو کاتیدا – وەرگێڕان).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی هەر دوو نووسەری کورد یوسف حەیدەر و خەیرەدین زەرگەلی، شاری موسڵ یەکێکە لە شارە گرنگەکانی کوردستان، چونکە هەر دوو نووسەر لە بانگەوازێکدا بو کوردانی باکوور و باشووری کوردستان، داوا دەکەن کە کوردەکان بە یەک دەنگ داوای کوردستانێکی سەربەخۆ بکەن بە مەرجێک ئەو شارانە بگرێتەوە (موسڵ، ئامەد، ئەرزەڕۆم، بەتلیس، وان و خەرپووت). ئەو بانگەوازەی دوو نووسەرەکە بۆمان دەردەخات کە ئەوانیش شاری موسڵ بە پارچەیەکی کوردستان دەزانن.

کۆمەڵێک لە پسپۆران و ئەفسەرانی ڕامیاری بەریتانی، لە لاپەڕە (86)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، نووسیویانە: (ژەنەراڵ شەریف پاشا بۆچوونی وابوو کە دەبێ ئینگلیز بۆ عارەبی (میسۆپۆتامیا)، چ نەخشەیەکی هەیە، بۆ کوردیش هەمان نەخشە ئەنجام بدات، دیارە چاوی بڕیبووە شاری موسڵ کە بکرێت بە ناوەند و پایتەختی دەسەڵاتی نوێی کورد).

ئەوەی کە ئەو کۆمەڵە ئەفسەرە نووسیویانە، مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ژەنەراڵ شەریف پاشای خەندان، شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی و کوردستانیی دەزانێت، بۆیە شەریف پاشا بە باشی زانیوە کە شاری موسڵ بکرێت بە پایتەختی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ.

دکتۆر فرسەت مەرعی، مامۆستا لە کۆلیژی پەروەردە لە زانکۆی دهۆک، لە لاپەڕەکانی (19-25)ی پەرتووکی (دراسات في تأريخ اليهودية والمسيحية في كوردستان)دا، لە لاپەڕە (19)دا نووسیویێتی: (جوولەکەکان چەند شوێنێکی پیرۆزی تایبەت بەخۆیان هەبوو لە ئێراقدا، بەڵام لە کوردستاندا چەندان شوێنی پیرۆزیان هەیە بەتایبەیتش ئەمانە: 7- گۆڕی شمۆئیل ناثانیل بارزانی لە شاری موسڵ و بە شێرەدین (الاسد المجنون) ناودەبرا). دکتۆر فرسەت، لە لاپەڕە (24-25)ی درێژەی باسەکەیدا نووسیویێتی: (چەندان گەڕیدەی جیهانی سەردانی کوردستانیان کردووە و پێوەندییان بە جوولەکە کوردەکانەوە کردووە، یەکێک لەوانە گەڕیدەی ئەڵمانی (جۆزیف ڤۆلن) بوو کە بوو بە کریستان و سەردانی سەلماس و ورمێی کردووە لە ساڵانی (1821-1826)، بەڵام لە سەردانی دووەمیدا لە ساڵانی (1831-1834) گەشتی ماردین، نسێبین، موسڵ و هەولێری کردووە، دواتریش بۆ جاری دووەم سەردانی ورمێی کردووە، بەڵام جوولەکەیەکی تر کە بوو بە کریستان (هنری ئارۆن ستێرن) بوو کاتێ کە لە ڕێگای بەغدا وە لە ساڵی (1848)دا سەردانی کوردستانی کردووە، دواتر سەردانی خورماتووی کردووە و لەوێشەوە هاتۆتە کەرکوک، هەولێر، موسڵ، ئەلقوش و دهۆک کە ئەو بە (ئاتۆک) ناوی بردووە، لە پاشانیش هنری ئارۆن دەچێتە گوندی (سەندور)ی جوولەکە نشین). دکتۆر فرسەت، هەر لە لاپەڕە (25)دا باسی گەڕیدەیەکی ترمان بۆ دەکات کە (جۆزیف ئیسرائیل بنیامین)ی بە ڕەگەز ڕۆمانییە کە لە ئینسکلۆپیدیای جوولەکە بە (بنیامینی دووەم) ناوی هاتووە، جۆزیف ئیسرائیل لە ساڵی (1848ز)دا سەردانی کوردستانی کردووە و لە دهۆک و گوندەکانی سەندور و بێتنور دەستی پێکردووەو، دواتر سەردانی ئەلقوش دەکات و پاشانیش دەچێتە موسڵ و لەوێشەوە رووەدەکاتە باکووری ڕۆژهەڵات و دەچێتە شاری ئاکرێ، لە کۆتاییشدا رووەدەکاتە چیاکان و لە مانگی تەمووزی ساڵی (1848)دا گەشتێکی دوور و درێژ دەکات بۆ گوندی بارزان و ماوەیەک لەوێ دەمێنێتەوە).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی دکتۆر فرسەت مەرعی، شاری موسڵ یەکێکە لە شارەکانی کوردستان، چونکە دکتۆر فرسەت لە چەند شوێنێکدا ناوی شاری موسڵ-ی وەکو شارێکی کوردستانیی بردووە، بۆ نموونە نووسیویێتی جوولەکەکان لە کوردستاندا چەندان شوێنی پیرۆزیان هەیە، هەروەکو گۆڕی شمۆئیل ناثانیل

بارزانی لە شاری موسڵ، کەواتە دکتۆر فرسەت شاری موسڵ بە کوردستان دادەنێت، بۆیە بەمشێوەیەی سەرەوە باسی دەکات. هەروەها دکتۆر فرسەت باسی ئەوە دەکات کە چەندان گەڕیدەی جیهانی سەردانی شارەکانی (موسڵ، هەولێر، ماردین و نسێبین)یان کردووە لە کوردستان، کەواتە دکتۆر دیسان بەم بۆچوونەی خۆی کوردستانییەتی شاری موسڵ دەردەخات. دیسان دکتۆر فرسەت لە باسی سەردانی جوولەکەکاندا بۆ کوردستان باسی (هنری ئارۆن ستێرن) دەکات، کە لە ساڵی (1848)دا هاتۆتە کوردستان و سەردانی شارەکانی (موسڵ، دهۆک، ئەلقوش، هەولێر و کەرکوک)ی کردووە، بەمەش بۆ جارێکی تریش بۆچوونی نووسەرمان بۆ ئاشکەرا دەبێت کە موسڵ بە شارێکی کوردستانی ناودەبات. دکتۆر فرسەت، لە باسی سەردانی گەڕیدەیەکی تر بۆ کوردستان، باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە (جۆزیف ئیسرائیل بنیامین) لە ساڵی (1848ز)دا سەردانی کوردستانی کردووەو، هاتۆتە شارەکانی (دهۆک، ئەلقوش، موسڵ، ئاکرێ و بارزان). ئەمەش دیسان بۆچوونی (دکتۆر فرسەت)مان بۆ ساغ دەکاتەوە کە شاری موسڵ بە بەشێکی دانەبڕاوی باشووری کوردستان دادەنێت.

تەیار عادل گۆران، لە لاپەڕە (10)ی ڕۆژنامەی (میدیا)، ژمارە (243)ی سێشەممە (6.6.2006)دا، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (2400 خێزانی کوردی موسڵ بەجێدێڵن)دا، نووسیوێتی: (شاری موسڵ کە بەپێی بەڵگە مێژووییەکان شارێکی کوردستانە، بەڵام بەر پرۆسەی بەعارەبکردن کەوتووە. هەروەها بەپێی قسەی چەند پیرە پیاوێکی ئەو شارە کاتی خۆی لە موسڵ-ەوە تاکو شاری بێجی هەر هەمووی کوردی لێ ژیاوە).

بە بۆچوونی نووسەر تەیار عادل گۆران، شاری موسڵ یەکێکە لە شارە گرنگەکانی کورد و سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە نووسەری ناوبراو بە پشت بەستنی بە بەڵگەنامە مێژووییەکان و چەندان پیرە پیاو، شاری موسڵ بە یەکێک لە شارە کوردییەکان و بەشێک لە خاکی کوردستان دادەنێت.

محەمەد حاجی ئەحمەد، لە بەشی دووەمی وتارێکیدا لەژێر ناوی (مێژووی کۆچی کورد بۆ لوبنان)دا کە لە لاپەڕە (11)ی ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (2211)ی ڕۆژی

هەینی، ڕێکەوتی (21.7.2006)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیوێتی: (سەبارەت کوردی باشووری کوردستان، ئەیوبییەکان و حەمیەکان ئەم دوو بنەماڵەیە لە موسڵ ڕۆیشتنەوە بۆ شام و سەرەتاش چووینە شاری حەلەب و دواتر بۆ ماوەیەکی کەم چووینە باکووری لوبنان لە تەرابلوس نیشتەجێ بووینە).

نووسەر محەمەد حاجی ئەحمەد، شاری موسڵ بە شارێکی سەر بە کوردستان ناودەبات، چونکە کاتێک کە باسی بنەماڵەی ئەیوبییەکان و حەمیەکان دەکات، شوێنی دانیشتنیان بە شاری موسڵ لە باشووری کوردستان ناودەبات. کەواتە نووسەری ناوبراو شاری موسڵ بە شارێک لە شارەکانی باشووری کوردستان دادەنێت، بۆیە بەمشێوەیە باسی دەکات.

فەوزیە ئەحمەد، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (شەبەک کوردی ڕەسەنن)، کە ڕەمزی میرەکانی لە عارەبییەوە وەریگێڕاوە بۆ کوردی و لە لاپەڕە (12)ی ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (2211)ی ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (21.7.2006)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیوێتی: (ئەوەی ئاگاداری کاروباری ناوچەی کوردستانی ئێراق بێت دەزانێت شەبەک دەکەونە ناوچەکانی تەلەعفەر و موسڵ تا دەگاتە کەرکوک، خانەقین و دەوروبەری جگە لە شەبەک کۆمەڵە ئەتنیەکانی وەکو باجەلان، سارلیە، کاکەیی، حەقە و ئێزیدیش لەم ناوچانە دەژین و هاوبەشن لە داب و نەریتی ئایینی تایبەت کە جیاوازیش هەیە لە نێوانیاندا).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی فەوزیە ئەحمەد، شاری موسڵ یەکێکە لە شارەکانی کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان)، چونکە ناوبراو لە باسی شەبەکدا، ناوی شارەکانی موسڵ، تەلەعفەر، کەرکوک و خانەقین وەکو شوێنی نیشتەجێبوونی ئەوان لە کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان) ناودەبات. ئەمەش دەمان گەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە نووسەری ناوبراو هەر سێ شارەکانی موسڵ، کەرکوک و خانەقین بە بەشێک لە باشووری کوردستان دەزانێت.

هێمن مەولود، لە لاپەڕەکانی (50–51)ی پەرتووکی (کەرکوک لە نێوان پیلان و خەمساردیدا) نووسیوێتی: (شاری موسڵ-یش لە ماوەی ئەم سەدەیەی ڕابردوودا بەهەمان دەرد چووە کە تا ئێستاش بە سەدان هەزار خێزانی کوردی تیادا دەژیێن،

کەچی وا لەژێر دەستمان دەرکراوەو هێندەی عارەب تێ پەستێنراوە، تا ئەو ڕادەیەی کە ئەوە تا سەرکردایەتی ڕامیاری کورد هەر بە شەرمیشەوە باسی کوردستانێتیی موسڵ ناکەن).

بە بۆچوونی نووسەر هێمن مەولود، شاری موسڵ شارێکە لە شارەکانی باشووری کوردستان، چونکە ئەو باسی ئەوە دەکات کە ئەو شارە ماوەی یەک سەدەیە تووشی پرۆسەی بە عارەبکردن و ڕاگواستنەوەی کورد بۆتەوە، تا کار گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کە ئەوەندەی عارەب بۆ هێنراوە، سەرکردایەتی کورد بە هیچ شێوەیەک باسی کوردستانێتیی شاری موسڵ ناکەن. ئەو بۆچوونانەی نووسەر دەریدەخات کە ئەو باوەڕی وایە شاری موسڵ شارێکی کوردییە و کەوتۆتە نێو سنووری کوردستان.

ئازاد ئەحمەد عەلی، لە وتارێکیدا کە بە زمانی عارەبی لەماڵپەڕی گفتووگۆی شارستانییانە (حوار المتمدن)، ژمارە (1646)ی هەینی، ڕێکەوتی (18.8.2006)دا بڵاویکردۆتەوەو، حوسێن مستەفا وەریگێڕاوە بۆ کوردی و لە لاپەڕە (11)ی ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (2255)ی ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (9.9.2006)دا لەژێر ناوی (پەیمانی سیڤرە و ڕەوایی سەربەخۆی کوردستان)دا بڵاوکراوەتەوە، هاتووە: (هەموو هەوڵی فەڕەنسا بۆ ئەوەبوو کە گەورەترین بەشی کوردستان بخرێتە سەر خاکە داگیرکراوەکەی ژێر کۆلۆنیالی ئەو لە سوریا، بە تایبەتی جەزیرەی بۆتان و موسڵ، لە کاتێکدا بەریتانیا دوودڵ و ڕاڕابوو، دواتر بۆچوونی خۆی بەوە یەکلایی کردەوە کە کوردستانی باشوور (لیوای موسڵ) بە (نەوت)ەوە بخرێتە سەر مەملەکەتی ئێراق، هەرچەندە هەندێ لە پیاوانی وەک نوئێل (کاپتن مێجەر نوئێل)، تا دواسات هەر دژی ئەوەبوون کوردستان بخرێتە سەر ئێراقی عارەبی).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر ئازاد ئەحمەد عەلی، سەت لەسەت شاری موسڵ شارێکی کوردستانییە، چونکە ناوبراو لە لایەک باسی ئەوە دەکات کە فەرەنسییەکان لە هەوڵی ئەوەدابوون گەورەترین بەشی کوردستان (جەزیرەی بۆتان و موسڵ) بخەنە سەر ئەو خاکانەی کە لەژێردەستی ئەواندا بوو، لەلایەکی تریشەوە نووسەری ناوبراو نووسیوێتی کوردستانی باشوور (لیوای موسڵ)، کەواتە نووسەر

شاری موسڵ و تەواوی ویلایەتی موسڵ بە کوردستان دەزانێت، بۆیە بەمشێوەیە ناوی دەبات.

هەڵبەستوان و نووسەری ناوداری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، عەبدولڕەحمانی شەرەفکەندی (هەژار)، لە لاپەڕە (819)ی فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە)دا لە باسی شاری موسڵ-دا نووسیویێتی: (موسڵ: شارێکە لە کوردستان).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی هەژار، موسڵ شارێکی کوردییە و دەکەوێتە ناو سنووری باشووری کوردستان، چونکە ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە موسڵ شارێکە لە کوردستان، مادامیش لە کوردستان بێت، هەر دەبێت شارێکی کوردیی و سەر بە خاک و وڵاتی کوردان بێت.

خالید گرِاوی، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (تیرۆر تەواوکەری تەعریبە لە موسڵ)دا کە لە لاپەڕە (5)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (4075)ی یەکشەممە (17.9.2006)دا بڵاوکراوەتەوە، هەر هەمان وتار بۆ جارێکی تر لەژێر ناوی (لە موسڵ تیرۆر تەواوکەری تەعریبە)دا، کە لە ڕۆژی دوشەممە، ڕێکەوتی (26.3.2007)دا لە (کوردستان نێت)دا بڵاویکردۆتەوە، نووسیویێتی: (لە مێژووی کۆن کوردستانی ئەمڕۆ بەشێکی سەرەکی بووە لە ویلایەتی موسڵ، موسڵ-یش بەشێکی دانەبڕاو بووە لە کوردستان. ئەم شارە لە ساڵی (1789)دا ویلایەتێکی عوسمانی بووە کە سێ ناوچەی دەگرتەوە: موسڵ، سلێمانی و شارەزوور، وە شاری موسڵ-یش تا دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراق لەم شارۆچکانە پێکهاتبوو (دهۆک، ئامێدی، ئاکرێ و شەنگال)، بەڵام بەرژەوەندییە ئابووری و ڕامیارییەکانی هەرێمەکە وای لە ئینگلیزەکان کرد، کە ئەم ناوچەیە بخرێتە سەر دەوڵەتی ئێراق. لێکۆڵینەوە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە کورد لە سەردەمی زووەوە لەم ناوچەیە نیشتەجێبوون، لە (المختصر)ی (إبن الفقهي) هاتووە کە عارەب لە سەردەمی خەلافەتی عومەری کوڕی خەتاب هاتوونەتە ناوچەکە).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر خالید گرِاوی، شاری موسڵ شارێکی سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە نووسەری ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە کاتی خۆی کوردستانی ئێستاکە بەشێک بووە لە ویلایەتی موسڵ و، شاری موسڵ و ویلایەتی

موسڵ-یش بەشێکی دانەبڕاو بووینە لە کوردستان. ئەو بۆچوونانەی نووسەر، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەو موسڵ بە شارێکی کوردیی و پارچەیەکی کوردستان دەزانێت.

ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات-بۆکان، کە ماڵپەڕێکی ئەلکترۆنییەو لە لاپەڕە (23)ی نامیلکەیەکدا لەژێر ناوی (کرۆنۆلۆگی کوردستان)دا کە لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێتی ئەو ماڵپەڕەیەدا بڵاوکراوەتەوە، نووسیوێتی: (ساڵی 1908-1910 بۆ بەرنامەدانانی داهاتووی کوردستان کۆمیتەیەک لە ڕۆشنبیران، مامۆستایان، هونەرمەندان و.... پێکدێ و ڕۆژنامەیەکی کولتوریش دەردەچێ. لە شارەکانی کوردستان کلوپی ڕۆشنبیران و لاوانی شۆڕشگێڕی کورد پێکدێ و ناوەندی ئەو ڕێکخراوە نیزامیانە شارەکانی ئامەد، موش، ئەرزڕۆم، بەتلیس و موسڵ بوون).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات-بۆکان، شاری موسڵ یەکێکە لە شارە ناسراوەکانی کوردستان، چونکە ماڵپەڕەکە لە باسی دامەزراندنی کلوپی ڕۆشنبیران و لاوانی کورددا، باسی ئەوە دەکەن کە ئەو کلوپانە لە کوردستان و، لە شارەکانی (موسڵ، ئامەد، موش، ئەرزڕۆم و بەتلیس) بنکەیان هەبووە. کەواتە ئەو ماڵپەڕە، شاری موسڵ و شارەکانی تریش کە لە سەرەوەدا ناویان هاتووە بە کوردستان دەزانێت.

ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات-بۆکان، لە نامیلکەیەکی (34) لاپەڕەییدا چەندان نەخشەی کوردستان و شارەکانی تری کوردستانی بڵاوکردۆتەوە کە لە ئامادەکردنی (شوانە)یەو، لە لاپەڕە (3)ی ئەو نامیلکەیەدا نەخشەیەکی کوردستانی مەزن دانراوە کە شاری موسڵ کەوتۆتە نێو سنووری باشووری کوردستان. دیسان لە لاپەڕە چواردا ناوی ئەم شارانەی کوردستانی نووسیوە کە شاری موسڵ-یش وەکو شارێکی کوردستانی ناوی هاتووە. ناوی شارەکانی کوردستان کە نووسراوە ئەمانەن: (ئالیزگرد، ئورفا، ئیلام، بانە، باتمان، بۆکان، تکاب، جەزیرە، دیاربەکر، زاخۆ، سلێمانی، سەردەشت، سەقز، سیواس، سنە، قامیشلو، کرماشان، کەرکوک، مەڵاتیا، موسڵ، مەهاباد، مەریوان، نەغەدە، وان، ورمێ، هەکاری، هەڵەبجە، هەولێر و هەمەدان).

بۆچوونەکانی ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات–بۆکان، شاری موسڵ وەکو شارێکی سەر بە کوردستان نیشاندەدەن، چونکە لە لایەک ئەوان شاری موسڵ-یان خستۆتە ناو ئەو نەخشەیەی کە دایانناوە، هەروەها لەلایەکی تریشەوە لە ناوی شارەکانی کوردستاندا، ناوی شاری موسڵ-یان هێناوە. کەواتە ئەوان ئەو شارەیە (موسڵ) بە پارچەیەک لە کوردستان دەزانن، بۆیە بەمشێوەیە ناوی دەبەن. نەخشەکە لە کۆتایی ئەو بەشەدا دانراوە.

ح. س. سۆران، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (شارەگەلی کوردستانی گەورە بەپێی پیتی ئەلفوبێ)دا، کە لە ماڵپەڕی (ڕۆژهەڵات)دا بڵاویکردۆتەوە، ناوی (261) شاری کوردستانی نووسیوەو، شاری موسڵ–یش لە لیستی ناوی شارەکانی کوردستاندا ژمارە (238)ە.

بە بۆچوونی نووسەر (ح. س. سۆران)، شاری موسڵ شارێکی کوردستانییە، چونکە نووسەری ناوبراو لە لیستی ناوی شارەکانی کوردستان، ناوی شاری موسڵ–ی وەکو شارێکی کوردستانی لە ڕیزبەندی لیستەکەدا وەکو ژمارە (238) داناوە.

ویکیپیدیا، ئەنسکلۆپیدیایەکی سەربەخۆیەو، بریتییە لە پرۆژەیەکی فرە زمان و بە زۆرتر لە (100) زمانی جیاجیادا بڵاودەکرێتەوە، پرۆژەیەکە بۆ دروستکردنی ئەنسکلۆپیدیایەکی توندوتۆڵ، بێ کەموکوڕی (پێرفێکت)، جۆراوجۆر، کراوە، بێلایەن و بەخۆڕایی، لە باسی شاری موسڵ–دا نووسیویەتی: (موسڵ، پارێزگایەک و شارێکە لە باشووری کوردستان و دەکەوێتە سەر سنووری باکووری کوردستان و باشووری ڕۆژئاوای کوردستان. موسڵ، یەکێک لە شارە مەزنەکانی ئێراق، لە پارێزگای موسڵ–دا بە زاراوەی کرمانجی قسەدەکەن. بەر لە پێنج هەزار ساڵ کورد لە شاری موسڵ هەبووە. لە سەردەمی میتانییان، کورد لە موسڵ هەبووە، ناوی شارەکە (مویسیل) بوو نەک موسڵ. عارەبەکان ناوی (مویسیل)یان گۆڕیوە بۆ (موسڵ). بەر لە هاتنی عارەب، کورد لە شاری مویسیل–دا هەبووینە. ئێستا (50%)ی خەڵکی شارەکە کوردن. عارەب، فەلە (سوریان)و ئەرمەنی لەم شارەدا هەن، کوردی ئێزیدی، سوننی، شەبەک، کریستیان لە (مویسیل)دا دەژین). هەروەها

ناوی ئەم شارانەی خوارەوەی بە شاری کوردستانی نووسیوە: (ئاگری، ئاکرێ، ئامەد، ئامێدی، بانە، بایەزید، بەدلیس، بۆکان، جەزیرە، چۆلەمێرگ، چەولیک، دێرسیم، دهۆک، دیلۆک، ئەفرین، ئەلازیغ، ئەرزنجان، ئەرزڕۆم، ئیلام، هەولێر، کامیاران، کەرکوک، کرماشان، مەهاباد، مەلاتیە، مەرعەش، مێردین، مەریوان، مدیاد، موسڵ، موش، پاوە، پیرانشار، قامیشلو، قارس، ڕەها، سەمسوور، سەردەشت، سەقز، سێرت، سێواس، سلێمانی، سنە، سیرناخ، وان، خانەقین و زاخۆ).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی ماڵپەڕی ویکیپیدیا، موسڵ بێ هیچ گومانێک و سەت لە سەت شارێکی کوردستانییە، چونکە لە لایەک ئەوان باسی ئەوە دەکەن کە موسڵ پارێزگایەک و شارێکە لە باشووری کوردستان، لەلایەکی تریشەوە باسی ئەوە دەکەن کە بەر لە پێنج هەزار ساڵ کورد لەو شارەدا ژیاون و، دوای ئەو هەموو بەعارەبکردنە ئینجا (50%)ی دانیشتوانەکەی تا ئێستا کوردن، هەروەها لە باسی ناوی شارەکانی کوردستاندا ناوی شاری موسڵ وەکو شارێکی کوردستانیی هاتووە. ئەمانەش هەمووی نیشانەن بۆ کوردستانێتیی و کوردێتی شاری موسڵ.

قوباد تاڵەبانی، گەورە کوڕی جەلال تاڵەبانی، نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئەمریکا، لە ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی (6.5.2006)دا وتارێکی لەژێر ناوی (سەربەخۆیی چیتر خەونێکی مەحاڵ نییە)دا لە ڕۆژنامەیەکی ئینگلیزی بە ناوی (سۆما)دا بڵاوکردۆتەوە، لەگەڵ وتارەکەدا نەخشەیەکی کوردستانی گەورەی داناوە کە شاری موسڵ کەوتۆتە نێو سنووری کوردستان.

بە گوێرەی ئەو نەخشەیەی کە قوباد کوڕە گەورەی جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بلاویکردۆتەوە، شاری موسڵ یەکێکە لە شارەکانی کوردستان، چونکە ناوبراو شاری موسڵی وەکو شار و پارێزگا بە تەواوی خستۆتە ناو سنووری کوردستان. نەخشەکە لە کۆتایی ئەو بەشەدا دانراوە.

شۆڕش حاجی، لە لاپەڕە (12)ی پەرتووکی (تەعریبی کەرکوک سیاسەتی تەعریب لە دووتوێی هەشتا بەڵگەنامەدا)، نووسیویێتی: (بەپێی بەندی یەکەمی ڕێککەوتننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، (هیچ کەسێک نابێ خانوو وماڵی لێ بستێنرێ). بەڵام لە کوردستاندا سەدان هەزار کورد لە شارەکانی کەرکوک، خانەقین، شەنگار، موسڵ و

دەوروبەریاندا دەرکران و ماڵ و موڵکەکانیان لە لایەن عارەبی ناوەڕاست و خوارووی ئێراقەوە زەوتکراوە).

لێرەدا ئەوەی نووسەری مافپەروەر شۆڕش حاجی نووسیویێتی، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ بەدەردەخات، چونکە نووسەر لە باسی پرۆسەی بە عارەبکردنی شارەکانی کوردستاندا، باسی ئەوەی کردووە کە بە هەزاران خێزانی کورد لە شارەکانی (موسڵ، شەنگال، کەرکوک و خانەقین) لە کوردستاندا ماڵ و خانوویان لێ داگیرکراوەو دراون بە عارەبی داگیرکەر، ئەمەش بۆمان دەردەخات کە ناوبراو شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی و کوردستانیی دەزانێت، بۆیە بەمشێوەیە باسیکردووە.

هاشم عاسی کاکەیی، لە لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییدا لەژێر ناوی: (شەبەک لە نێوان ئایینو نەتەوەدا کورتە مێژوویەکی کوردانی عەلەویی)دا، کە لە لاپەڕەکانی (117-142)ی کەرکوک (19)، ژمارە (3)ی ساڵی پێنجەم، زستانی (2004)دا بڵاوکراوەتەوە، لە لاپەڕە (121)دا نووسیویێتی: (ڕێژەی یارسانەکانی کوردستانی باشوور لە شارەکانی دیالە، کەرکوک، هەولێر و موسڵ (20%) دەبێت).

بەپێی بۆچوونەکانی نووسەر هاشم عاسی کاکەیی، شاری موسڵ شارێکە دەکەوێتە ناو سنووری باشووری کوردستان، چونکە نووسەر لە باسی ئایین و نەتەوەی شەبەکەکاندا باسی ئەوە دەکات کە ڕێژەی یارسانەکانی باشووری کوردستان لە شارەکانی موسڵ، کەرکوک، دیالە و هەولێر (20%)ە، کەواتە نووسەری ناوبراو شاری موسڵ و ئەو شارانەی تریش کە ناوی بردوون بە بەشێک لە باشووری کوردستان دەزانێت.

نووسەر هاشم عاسی کاکەیی، لە لاپەڕە (126)ی هەمان بابەت و سەرچاوەدا نووسیویێتی: (شەبەکەکانیش کە لە باشوورو باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ لە ناوەڕاستی کوردستاندا بە تەنیشت باجەڵانە یارسانەکانەوە - کاکەییەکان دەژین، چەشنە ئایینێکی عەلەوی دیملییان هەیە).

بە بۆچوونی نووسەر هاشم عاسی کاکەیی، دیسان شاری موسڵ شارێکی باشووری کوردستانە، چونکە ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە شوێنی دانیشتنی

شەبەکەکان باشوورو باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ–ە لە ناوەڕاستی کوردستاندا، کەواتە ناوبراو شاری موسڵ بە شارێک لە باشووری کوردستان دادەنێت.

نووسەر هاشم عاسی کاکەیی، دیسان لە لاپەڕە (136)ی هەمان بابەت و سەرچاوەدا نووسیویێتی: (شەبەک ئایینێکی دیکەی دانیشتوانی باشووری کوردستانە، شەبەک بە ڕەگەز کوردن و زمانەکەیان کەمێک وشەی عارەبی و تورکی و هی دیکەی تێکەڵاوە، شەبەکەکان بڕوایان زۆر بە ئیمامی عەلی توندە، بەزۆری لە ناوچە بەڕێوەبەرێتیەکانی سەر بە ناوچەی نەینەوا دەژین بە تایبەتی دەرویێشە، قەرەتەپە، باجەربوغە، خەزنەتەپە، منارەڕەش، تەیراوە، تۆبزاوە، عەلیڕەش، شەبەک و کارێز ... ژمارەیان لە (16) هەزار پترە).
نووسەر هاشم عاسی کاکەیی، بۆ جارێکی تریش پێی وایە موسڵ شارێکە لە باشووری کوردستان، چونکە ناوبراو شوێنی ژیانی شەبەکەکان بە ناوچەی نەینەوا لە باشووری کوردستان ناودەبات، کەواتە ئەو شاری موسڵ بە شارێکی کوردی و کوردستانی داناوە، بۆیە بەمشێوەیە باسی دەکات.

فەهمی کاکەیی، نووسەر و ئەندامی یەکێتیی ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەنووسانی ئەلکترۆنی کوردستانی، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (ماذا لو قال الكورد باي باي عرب)دا کە لە ژمارە، (205)ی خولی سێیەم، ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (19.10.2006)دا لە بڵاوکراوەی ئەلکترۆنی ماڵپەڕی (دەنگەکان)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (خاڵێکی گرنگ هەیە کە ئەمەیە: لەوانەیە گشت لایەنەکان پەسەندی فیدڕاڵی هەرێمی کوردستان بکەن بەو سنوورەی ئێستای، بەبێ ئەوەی کە ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە بگەڕێتەوە سەر کوردستان بە تایبەتی کەرکوک، بەڵام بە هیچ شێوەیەک کورد ئەوە پەسەند ناکەن. ئەمە هەلێکی مێژووییە بۆیان و نایانەوێت بیدۆڕێنن. بەڵام ئەگەر هاتوو لایەنەکانی تر سووربوون، ئەوکاتە چارەسەری تر دێنە پێشەوەو بەرز دەکرێنەوە، ئەویش زیندووکردنەوەی دۆزی ویلایەتی موسڵ و، هاتنە ناوی کوردە بۆ کۆنفیدڕاڵی لەگەڵ کۆماری تورکیادا، ئەمەش زۆر لایەن قایل دەکات و نە بەرهەڵستکارانی تورکی بۆ خستنەسەری کەرکوک و نە بەرهەڵستکاری تورکمانی

ناوخۆ دەنگیان لێوە دێت، هەروەها دەبێتە هۆی پیرۆز باییکردنی ئیسرائیل و ئەمەریکاش. ئەوکاتە هەرێمی کۆنفیدڕاڵی کوردستان لە زاخۆ لە باکوورەوە تا بەدرەو جەسان لە باشوورەوە، لە هەورامان لە خۆرهەڵاتەوە تاوەکو موسڵ لە خۆرئاواوە دەگرێتەوە).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر فەهمی کاکەیی، شاری موسڵ یەکێکە لە شارەکانی سەر بە هەرێمی کوردستان (باشووری کوردستان)، بەڵام ئەویش وەکو سەرکردایەتی کورد بە شەرمەوە باسی موسڵ دەکات و، داواکردنەوەی موسڵ بە نەگەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەبەستێتەوە، ئەو باسی ئەوە دەکات ئەگەر عارەبی ئێراق قایل نەبوون کەرکوک بگەڕێتەوە بۆ سەر کوردستان، ئەوکاتە باسی کوردستانییەتی موسڵ-یش بە هاوکاری تورکیا بێننە پێشەوە.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس، هیشام ئاکرەیی، لە لاپەڕە (15)ی ڕۆژنامەی (میدیا)، ژمارە (262)، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (17.10.2006)دا، لە وتارێکدا بە ناوی (پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لێکترازاندنی زیاتری بەشەکانی کوردستان یان دادپەروەری و یەکگرتنەوە)دا، نووسیویێتی: (مادەی دووەم: لەم مادەیەدا باسی سنووری باشووری کوردستان دەکات و دەڵێت (کوردستان – ئێراق، لە پارێزگای دهۆک، بە سنووری کارگێڕیی ئێستای و سنووری کارگێڕیی پێش ساڵی 1968ی پارێزگاکانی کەرکوک، سلێمانی، هەولێر و قەزاکانی ئاکرێ، شێخان، شەنگاڵ، تەلەعفەر، تلکێف، قەرەقوش و ناحیەکانی زومار، باشیقە و ئاسکی کەلەک لە پارێزگای نەینەواو هەر دوو قەزای خانەقین و بەدرەو ناحیەی جەسسان لە پارێزگای واسیت بە سنووری کارگێڕیی ساڵی (1968)، پێکدێت). لێرەدا باسی چەند شار و شارۆچکەیەک نەکراوە، وەک سەعدیە و جەلەولا و هەر هیچ نەبێت ئەم بەرەی شاری موسڵ).

بە بۆچوونی ڕۆژنامەنووس هیشام ئاکرەیی، بەلای کەمەوە بەری چەپی شاری موسڵ بەشێکە لە باشووری کوردستان، چونکە ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە دەستووری هەرێم باسی کوردستانییەتی چەند شار و شارۆچکەیەکی نەکردووە، بۆ نموونە سەعدیە، جەلەولا و کەناری خۆرهەڵاتی ڕووباری دیجلە واتە بەری دەستە چەپی شاری موسڵ کە بەشێکە لە خاکی کوردستان.

کۆمەڵێک ڕۆشنبیر، ڕۆژنامەنووس، نووسەر و هۆنەری کوردستانی، لە بانگەوازێکدا لەژێر ناوی (بێدەنگی لە جێبەجێنەکردنی مادەی (140) ریسوا دەکەین)، لە ڕۆژی پێنجشەممەی ڕێکەوتی (23.11.2006)دا لە ماڵپەڕی (دەنگی سەربەخۆ، ئاژانسی نووچێن کوردستان)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسراوە: (یەکێتیی و پارتی بەرنامەیەکی ڕێکوپێکیان بۆ خەڵکی شاری کەرکوک نییەو لە هەموو پرسەکانی ناو شاری کەرکوک، یەکێتیی و پارتی هەر یەکەی لە ئاشێک لێدەکەن. ئەوانەو زۆریتر هەمووی کارەساتن بۆ گەلێک کە بەدرێژایی تەمەنی دەوڵەتی ناڕەواو داگیرکەری ئێراق، خەباتی خوێناوی بۆ گێڕانەوەی خانەقین، مەندەلی، کەرکوک، موسڵ و شەنگال بۆ سەر کوردستان کردووە). هەر لەم بانگەوازەیەدا هاتووە: (وەکو ئاشکرایە کێشەی سنووری نێوان باشووری کوردستان و ئێراقی عارەبی، خاڵێکی بنچینەیی و سەرەکی کێشەی نێوان کورد و عارەب بووە. ئەمەش لەبەر ئەوەی ڕژێمەکانی بەغدا جگە لەوەی نەیانویستووە دان بە سنووری مێژوویی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) دابنێن، هەوڵی بە عارەبکردنی ناوچە سنووریەکانیان بەردەوام داوە، دیمۆگرافیای ئەو ناوچانەیان گۆڕیووە، ناوچەکانیان وەکو ناوچەی عارەب ناساندووە، خاکی کوردستانیان وردەوردە لە کورد پاککردۆتەوەو بەمجۆرە خاکی عارەبیان بەرەو سەروو فراوانکردووە).

بە بۆچوونی ئەو کۆمەڵە ڕۆشنبیر، نووسەر و ڕۆژنامەنووسە، شاری موسڵ یەکێکە لە شارە بە عارەبکراوەکانی باشووری کوردستان، چونکە ئەوان نووسیویانە بەدرێژایی نزیکەی (85) ساڵ لە ڕۆژی دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراقەوە، کورد خەبات دەکات لەپێناوی گەڕانەوەی شارەکانی (موسڵ، کەرکوک، شەنگال و خانەقین)، کەواتە ئەوان موسڵ و ئەو شارانەی تریش کە ناویان هاتووە، بە بەشێک لە خاکی باشووری کوردستان دەزانن. هەروەها ئەو کۆمەڵە نووسەرە، باشووری کوردستان بە ویلایەتی موسڵ ناودەبەن، کەواتە ئەوان پێیان وایە کە باشووری کوردستان و ویلایەتی موسڵ هەر یەکن و یەکسانن، مادامیش هەر یەک بن و یەکسان بن، کەواتە شاری موسڵ کە شارێکی سەر بە ویلایەتی موسڵ بووە، شارێکی سەر بە باشووری کوردستانیشە.

نووسەر هەینی قادر خدر، لە لاپەڕە (11)ی ڕۆژنامەی (خەبات)، ژمارە (2353)ی ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (13.12.2006)دا، سەبارەت بە شاری موسڵ لە وتارێکدا لەژێر ناوی (پەیماننامەی سایکس پیکۆو کورد)دا، نووسیویێتی: (لەم پەیمانەدا بەشێوەیەکی فەرمیو بەنهێنی نەخشەی دابەشکردنی وڵاتانی ژێرکەوتوو و دۆڕاو لەشەڕدا کێشرا، بەتایبەت مومتەلەکاتی دەوڵەتی عوسمانی کە ژێرکەوتنی شتێکی چاوەڕوان کراوبوو. ئەوەی پەیوەست بوو بە کوردستان و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی بە پەیمانێکی نهێنی لە نێوان وەزیری دەرەوەی ڕوسیا (سازانۆف) و (پالیولۆک)ی باڵوێزی فەرەنسا لە ڕوسیا مۆرکراو یەکلاکرایەوە. بەپێی ئەم پەیمانە بەشێکی گەورەی خاکی کوردستان هەر لە سەرووی بادینانەوە تاکو ئەرزەڕۆم لە تورکیا و بەشێکیش لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەر ڕوسیا کەوتووە، بەشی فەرەنساش بریتی بووە لە دیاربەکر و ئەو ناوچانەی دەکەونە خواروو و سەرووی دیاربەکر تا شاری سیواس لە ڕۆژئاوادا لەگەڵ ئەو بەشەش کە کەوتۆتە وڵاتی سوریا. بەڵام باشووری کوردستان کە بریتی بووە لە کەرکوک، سلێمانی، هەولێر و موسڵ کە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانیەکان بە ویلایەتی موسڵ ناسرابوو، بەریتانیا خستیە ژێر دەسەڵاتی خۆی).

بە بۆچوونی نووسەر هەینی قادر خدر، شاری موسڵ یەکێکە لە شارە گرنگەکانی سەر بە باشووری کوردستان، چونکە نووسەری ناوبراو سەبارەت بە دابەشکردنی کوردستان بە گوێرەی پەیماننامەی (سایکس پیکۆ)، باسی ئەوە دەکات کە باشووری کوردستان لە سەردەمی عوسمانییەکاندا کە بە ویلایەتی موسڵ ناسرابوو بریتی بووە لە شارەکانی (موسڵ (نەینەوا+دهۆک)، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی) و بەر بەریتانیا کەوتبوو. کاتێک کە ویلایەتی موسڵ هەر باشووری کوردستان بێت و، ویلایەتەکەش لەو شارانە پێکبێت کە لە سەرەوەدا ناویان هاتووە، کەواتە شاری موسڵ شارێکی سەر بە باشووری کوردستانە.

ئیسماعیل حەقی شاوەیس، ژیاون و بەرهەمەکانی ئیسماعیل حەقی شاوەیس، لە لاپەڕە (27)ی پەرتووکەکەدا شاوەیس نووسیویێتی: (بەهێزترین و بەتواناترین و چالاکترینی ئەم کۆمەڵانە کۆمەڵی بەرزی کوردستان (کوردستان تعالی و تعاون جمعیتی بوو، وە ئەم کۆمەڵە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا دامەزراوی هەبوو، وە

تەنیا لە کوردستانی تورکیادا (34) لقی ئەم کۆمەڵە هەبوو، سەبارەت بەوەی کە ئەم کۆمەڵە کاریگەکی گەورەی لەسەر کوردستانی باشوور هەبوو کە (سلێمانی، کەرکوک، هەولێر و موسڵ) وە جگە لەوەی کە ئەم کۆمەڵە دەنگی خۆی گەیاندبۆوە دەرەوەی کوردستان وە لەگەڵ ئینگلیز و ئەمەریکاو فەرەنسا و ئیتاڵیا پێوەندی پەیدا کردبوو).

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە بەپێی بۆچوونەکانی نووسەر ئیسماعیل حەقی شاوەیس، شاری موسڵ یەکێکە لەو چوار شارەی ئەوکات کە باشووری کوردستانیان پێکدەهێنا، چونکە نووسەری ناوبراو لە باسی (کۆمەڵەی بەرزی کوردستان)دا، باسی ئەوە دەکات کە کۆمەڵەکە کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر باشووری کوردستان و ناوی شاری موسڵ-یشی وەکو یەکێک لە شارەکانی ئەوێ ناوبردووە.

ئیسماعیل حەقی شاوەیس، ژیاون و بەرهەمەکانی ئیسماعیل حەقی شاوەیس، لە لاپەڕەکانی (27-28)ی سەرچاوەی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (ئەم کۆمەڵە (کوردستان تعالی وتعاون جمعیتی) لەبەر ئەوەی کە بۆ سەربەخۆیی و یەکێتی (خاکی پیرۆزی کوردستان) تێئەکۆشا، ئینگلیزەکان زۆر ڕقیان لێ هەبوو وە بەرەنگاری وەستابوون وە هەوڵی نەهێشتن و قەڵاچۆکردنیان داوە بە تایبەتی لە (کوردستانی ئێراق) واتە لە ناوچەی موسڵ، هەولێر کەرکوک و سلێمانی).

نووسەر ئیسماعیل حەقی شاوەیس، شاری موسڵ وەکو شارێکی باشووری کوردستان سەیر دەکات، چونکە نووسەر لە باسی کۆمەڵەی بەرزی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات کە ئینگلیزەکان زۆر دژایەتی ئەو کۆمەڵەیان کردووە لە شارەکانی (موسڵ، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی) لە باشووری کوردستان. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە نووسەری ناوبراو شاری موسڵ و شارەکانی تریش بە بەشێک لە کوردستان دەزانێت.

ئیسماعیل حەقی شاوەیس، ژیاون و بەرهەمەکانی ئیسماعیل حەقی شاوەیس، لە لاپەڕەکانی (44-45)ی سەرچاوەی ناوبراو لە سەرەوەدا، سەبارەت بە شاری موسڵ نووسیویێتی: (لە (29)ی نیسانی (1920)دا، عەلی شان بەگ لەسەر ئامانج و پەیمان و داخوازییەکانی سەرۆکی کوردانی ناوچەی سیواس وە قوچگیری وە

دەرسیم وە ئالعەزیز تەلگرافێکی دوورو درێژی بۆ ئەستەمبۆل نارد وە بەهۆی (کۆمەڵی بەرزی کوردستان) وێنەی ئەو تەلگرافە نێردرا بۆ پیاوە ڕامیارییە گەورەکان و دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەوروپا وە بۆ باڵوێزو کۆنسوڵخانەکانی دەوڵەتەکانی ئەوروپا لە شاری (ئەستەمبول)، وە لەو تەلگرافەدا نووسرابوو کە مستەفا کەمال پاشا لەخۆیەوە بە ناوی (72) نوماییندەی کوردەوە بێ پرس و ڕا ئەو بروسکەیەی بۆ ئەوروپا ناردووە کە گوایا کوردستان جیابوونەوەو سەربەخۆییان ناوێت، وە ئەمە هەڵبەستراوە وە ئەم کارە بێدەنگ وەرگرتنی گەلی کورد وە بێ ئاگاداری سەرۆکەکانی کوردستان کراوە. وە لەو تەلگرافەدا سەرۆکی کوردان ڕایگەیاندبوو کە ئێمەی کوردان بەخوێن و چەک لایەنگیری سەربەخۆیی کوردستان ئەکەین بۆ ویلایەتەکانی کوردستان کە بریتییە لەم ویلایەتانە (ئالعەزیز، دیاربەکر، بەتلیس، وان، ئەرزڕۆم و سیواس) وە کوردستان لە تورکیا لە ڕووباری (قزیل ئیرماق) لە شاری سیواسەوە هەتا ویلایەتی موسڵ دانیشتوانەکانی کوردن، وە بۆ ئامانجی ژین و ژیانەوەی کوردستان داوای مێژوویان ئەکەن وە بۆ پاراستنی مافەکانیان بەخوێن ئامادەن کە هەموو گیانیان بەخت بکەن، وە لەسەر ئەم ڕاپۆرتە، مستەفا کەمال پاشا وە کازیم قەرەبەکر پاشا زۆر شپرزەو سەرسام بوون، وە پەرلەمانی (بیوک ملت مجلس) لە ئەنقەرە بە جارێک شڵەقاو پێ تێکچوون وە بەوجۆرە گەلی کورد لە هەڵگەڕانەوەی تورکان کەوتە فریای خۆی وە لە ئەنجامدا سەرۆکی کوردان لە ناوچەی قوچگیری وە دەرسیم کەوتنە کۆبوونەوەو (بۆ شۆڕش) خۆیان ئامادەکرد).

بە گوێرەی ئەو بروسکەیەی کە (عەلی شان بەگ) لەسەر داخوازی سەرۆکی کوردانی بەشێک لە ناوچەکانی کوردستاندا بۆ دەوڵەتانی ئەوروپای ناردووەو، باسی ئەوەی کردووە کە سەرۆکە کوردەکان بە چەک و بە خوێن داوای سەربەخۆیی بۆ ویلایەتەکانی کوردستان دەکەن، ویلایەتی موسڵ-یش یەکێکە لەو ویلایەتانەی کە ناوی هاتووەو داوای سەربەخۆیی بۆ دەکەن. کەواتە سەرکردە کوردەکان، ویلایەتی موسڵ-یان بە شاری موسڵ و شارەکانی تریشەوە، بە خاکی کورد و شاری سەر بە کوردستان زانیووە.

عومەر عەلی غەفور، لە لاپەڕە (6)ی ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (2358)، ڕۆژی دوشەممەی ڕێکەوتی (18.12.2006)دا، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (هاووڵاتیانی پەنابەری عارەب لە کوردستان و ڕێوشوێنی نائاسایی)دا، لە وەڵامی وتارێکی ڕۆژنامەنووسی شۆڤینیستی میسری (فەهمي هوەیدی)دا نووسیویێتی: (ئەو کەسانەی کاتێ پێیان وایە دەبێ بەڕێوەبەرێتی و خەڵکی کوردستان بەشێوەیەکی ئاسایی و بێ هیچ کۆت و مەرجێک پێشوازی لە لێشاوی پەنابەرانی عارەب بکەن لەو ڕووەوە کە لەبەر ئەوەی هاووڵاتی ئێراقین و کوردستانیش بەشێکە لە ئێراق، ئەوا مەرجە لە هەمان کاتدا پێشیان ئاسایی بێ کە کورد لە شارەکانی تری کوردستانە وە بچن لە شارەکانی کەرکوک، موسڵ و بەعقوبە نیشتەجێ بن، ئەی ئەوانیش هاووڵاتی ئێراقی نین و ئەو شارانەش شاری ئێراقی نیین؟).

به بۆچوونی نووسەر عومەر عەلی غەفور، شاری موسڵ یەکێکە لە شارەکانی باشووری کوردستان، چونکە نووسەر لە وەڵامی شۆڤینیستە عارەبەکاندا باسی ئەوە دەکات کە بۆ بە ڕەوای دەزانن عارەب لە شارەکانی تری ئێراقەوە ڕووبکەنە شارەکانی موسڵ، کەرکوک، بەعقوبە، هەولێر، سلێمانی و دهۆک، کەچی بە ناڕەوای دەزانن کە کورد لە شارەکانی تری کوردستانە وە بۆ شارەکانی موسڵ، کەرکوک و بەعقوبە بچن. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە نووسەری ناوبراو شاری موسڵ، کەرکوک و بەعقوبە بە شاری کوردستانی دەزانێت، کاتێک کە دەنووسێت: (کەچی عارەبەکان بە ناڕەوای دەزانن کورد لە شارەکانی تری کوردستانە وە بۆ شارەکانی موسڵ، کەرکوک و بەعقوبە بچن)، کەواتە ئەو سی شارەش بە بۆچوونی نووسەر هەر شاری کوردستانین.

پارێزەر کاوە ڕاجی، لە لاپەڕە (4)ی گۆڤاری (کۆنگرە)، ژمارە (21)ی ئاوگۆستی (2001)دا وتارێکی لەژێر ناوی (تاوانی پاکتاوکردنی ڕەگەزی و ڕاگواستن و و بە عارەبکردن، درێژەدانە بە تاوانی جینۆساید و ئەنفال و هۆلۆکۆستی کورد)دا نووسیوەو، دەڵێت: (شاری دێرینی کوردان (نی ئاڤا – نوێ ئاوا) بەعارەبکراو گۆڕییان بە نەینەواو موسڵ).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی پارێزەر کاوە ڕاجی، شاری موسڵ شارێکی کوردستانییە، چونکە نووسەری ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە ئەو شارە (موسڵ)

شارێکی دێرینی کوردان بووەو، لە ئەنجامی پرۆسەی بەعارەبکردنی کوردستاندا بەعارەبکراوەو، تەنانەت ناوی دێرینی شارەکەیان لە (نی ئاڤا – نوێ ئاوا)وە گۆڕی بۆ (نەینەوا دواتر بۆ موسڵ).

حەمید گەردی، لە لاپەڕە (339)ی پەرتووکی (ڕۆژی کوردی لە مێژوودا)، نووسیویێتی: (16.12.1925 ویلایەتی موسڵ، کە مەڵبەندی کوردەکان بوو بەهۆی گوشاری زیادی بەریتانیا، کۆمەڵەی نەتەوەکان ئەم ناوچەیەی خستە سەر خاکی ئێراق).

ئەوەی کە لە سەرەوەدا نووسەر حەمید گەردی ئاماژەی پێکردووە، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو لە لایەک ویلایەتی موسڵ بە مەڵبەندو خاکی کوردستان ناودەبات، لەلایەکی تریشەوە باسی ئەوە دەکات کە ویلایەتی موسڵ بە بڕیارێکی کۆمەڵەی نەتەوەکان خرایە سەر ئێراق، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە نووسەر باوەڕی تەواوی بە کوردستانی بوونی شاری موسڵ هەیە، مادام ویلایەتە بە مەڵبەندێکی کوردی ناو ببات، بێگومان موسڵ وەکو پایتەختی ویلایەتەکە شارێکی کوردییە، هەروەها مادام ویلایەتەکە لەژێر گوشاری ئینگلیز و بە بڕیارێکی کۆمەڵەی نەتەوەکان خرابێتە سەر دەوڵەتی ئێراقەوە، کەواتە شار و ویلایەتی موسڵ پێشتر هیچ پێوەندییان نەبووە بە ئێراق و نە بەشێکیش بووینە لەو وڵاتە.

نووسەر مەهاباد کوردی، لە لاپەڕە (18)ی پەرتووکی (لەبارەی باشووری کوردستانە وە)، نووسیویێتی: (پێشمەرگە کوردەکان دەڵێن شاری کەرکوکیان گرت. شەڕو پێکدادان تا ئێستاش بەردەوامە، لە زۆربەی شارەکانی ئێراقدا، قسەکەرێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕایگەیاند کە زۆربەی بەشە سەرەکییەکانی شاری کەرکوک کەوتۆتە دەستی پێشمەرگەکانەوەو شەڕیش هەر بەردەوامە. کەرکوک مەزنترین باژێڕە لە باشووری کوردستان. (دیارە کاولە موسڵ، کاول واتا ڕووخا و یا خراپ بوو، بە کوردستان ناژمێرن).

بە بۆچوونی نووسەر مەهاباد کوردی، شاری موسڵ شارێکە دەکەوێتە باشووری کوردستان، چونکە نووسەری ناوبراو لە باسی شەڕو پێکدادانی هێزی پێشمەرگە

لەگەڵ هێزەکانی حکومەتی سەدام، نووسەر گلەیی ئەوە دەکات کە بۆچی سەرکردایەتی کورد تەنیا باسی کوردستانی بوونی شاری کەرکوک دەکەن‌و، باسی کوردستانی بوونی شاری موسڵ ناکەن و ئەو شارە بە کوردستان ناژمێرن؟ ئەمەش بۆمان دەردەخات کە نووسەر مەهاباد کوردی، لە سەتا سەت شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی و باشووری کوردستان دەزانێت.

نووسەر مەهاباد کوردی، لە لاپەڕەکانی (151–152)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، لە باسی کوردستانی بوونی شارەکانی کوردستاندا نووسیویێتی: (ئێمە کە کەرکوک وەک نموونە دێنینەوە، ئەی چ لە ناوچە کشتوکاڵییە بەپیتەکانی قەراج و کەندیناوەو شەمامک بکەین؟ ئەی قەرەچوغ و کاولە موسڵ و شەنگال و شوێنەکانی دیکە چ لێ بکەین؟ ئەگەر کورد خۆیان ئەم شوێنانەیان لەبیرکردبێ، دەبێ دوژمنان چ پیلانێکیان بەدەستەوە بێ؟).

به بۆچوونی نووسەر مەهاباد کوردی، دیسان موسڵ شارێکە لە باشووری کوردستان، چونکە نووسەر مەترسییەکانی خۆی لە هەمبەر لەبیرکردنی کوردبوون و کوردستانیی بوونی شارەکانی (موسڵ، شەنگال، قەراج، کەندیناوە و شەمامک) نیشان دەدات و، پێی وایە دەبێت لەگەڵ باسکردنی کوردستانی بوونی شاری کەرکوک، باس لە کوردستانی بوونی موسڵ و تەواوی ئەو شار و شارۆچکانەی کە لە سەرەوەدا ناویان هاتووە بکرێت.

نووسەر مەهاباد کوردی، لە لاپەڕەکانی (698–699)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، نووسیویێتی: (عارەبە شیعەکان کورد بەنۆکەری ئەمەریکا ناودەبەن. هەرچی عارەبە سوننەکانیشن هەر لە دێرزەمانەوە لە کوشتن و قەڵاچۆکردنی کورددا چ درێخییەکیان نەکردووەو، ئەوەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێ ڕۆژانە لە شارێکی وەک موسڵ راوە کورد دەکەن و، تا ئێستاش بە هەزاران خێزانی کوردیان لەو شارە و دەیان شوێن و ناوچەی تری کوردستاندا دەربەدەر کردووە).

بە بۆچوونی تەواوی نووسەر مەهاباد کوردی، شاری موسڵ شارێکە دەکەوێتە باشووری کوردستان، چونکە نووسەری ناوبراو لە باسی هەڵوێستی عارەبەکانی ئێراق لە بەرانبەر بە کورددا، باسی ئەوە دەکات کە شیعە و سوننەی ئێراق کورد بە

بەکرێگیراوی ئەمەریکا ناودەبەن و، ڕۆژانە لەپای ئەوەدا بە دەیان و سەدان خێزانی کورد لە شاری موسڵ و شارەکانی تری کوردستاندا دەکوژن یان دەریان دەکەن. ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە نووسەر مەهاباد کوردی شاری موسڵ بە شارێکی کوردستانی دەزانێت، چونکە ئەو نووسیویێتی لە شاری موسڵ و شارەکانی تری کوردستان، کەواتە ناوبراو شاری موسڵ-یش هەر بە پارچەیەکی کوردستان دەزانێت، بۆیە بەمشێوەیە باسی دەکات.

فەلەکەدین کاکەیی، وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان و، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتیی کوردستان، لە لاپەڕە (3)ی ڕۆژنامەی (خەبات)، ژمارە (2386)ی ڕۆژی دوشەممە، ڕێکەوتی (22.1.2007)دا، وتارێکی لەژێر سەردێری (تورکیا مەراقی پارچەپارچەبوونی خۆیەتی)دا بڵاوکردۆتەوەو تیایدا هاتووە: (تورکیا تازە بەتازە هەندێ دۆسێی عوسمانی دەکاتەوە، وەکو هی ویلایەتی موسڵ کە لە ڕاستیدا ئەوە گەلی کوردستان تاکە لایەنێکە کە مافی بە ویلایەتی موسڵ-ەوە هەبووبێت. کورد تاکە لایەنێکە کە خاوەنی ویلایەتی موسڵە. دەبینین کە تورکیا خەریکە رووت دەبێتەوە ڕەنگە تەنیا کورد یارمەتی بدات تا بە ئاشتی لەم تەنگوچەڵەمەیە دەرباز ببێت).

بە بۆچوونی وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، شاری موسڵ شارێکە دەکەوێتە باشووری کوردستان، چونکە نووسەری ناوبراو ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بە ویلایەتێکی کوردی و کورد بە خاوەنی ئەو ویلایەتە دەزانێت، هەروەها پێی وایە گەلی کوردستان تاکە نەتەوەی ناوچەکەیە کە مافی بە ویلایەتی موسڵ-ەوە هەبێت. دەشزانین کە شارەکانی ویلایەتی موسڵ بریتیین لە (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە)، کەواتە بە هەموو شێوەیەک و لە چەند لایەکەوە نووسەر فەلەکەدین کاکەیی شاری موسڵ بە کوردستان دەزانێت.

سەعید مەموزینی، ڕۆژنامەنووس و کارگێڕی لقی (14)ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لاپەڕە (8)ی پەرتووکی (موسڵ و کورد لە دوای ئازادی)دا نووسیویێتی: (دەڤەرە کوردنشینەکانی پارێزگەی موسڵ رووبەرێکی فراوان بەخۆوە دەگرێت، لە سەرژمێری سێ ملیۆنی موسڵ، زۆرینە کوردن ئەگەر ڕاپرسیەکی ئازاد

بکرێت، وا دەردەکەوێ لە نیوە زیاتری خەڵکەکە کوردن، لای چەپی شارەکە و باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای شارەکە کوردن، لە باکوورەوە بە درێژایی ڕێگەی دهۆک گوندەکانی کوردنشینی عەشیرەتی شەبەک و کیکی و باجەلان و ئێزیدی و زێدک و مزوری دەبینرێت، ڕێگەی زێی موسڵ-یش گوندەکانی کوردنشینی شەبەک و سارلی و گۆران و، لە ڕۆژئاواش بە درێژایی ڕێگەی تەلەعفەر و شەنگال کوردی گەرگەری و ئێزیدی دەبینرێت، ناحیەی بازیوە کە (100%) کوردی شەبەکن تەنیا کیلۆمەترێک لە موسڵ دوورە، هەروەها قەزای بەردەڕەش کە (100%) کوردن (32) کیلۆمەتر لە مەڵبەندی شاری موسڵ دوورە، بە ئەندازەی دووری هەولێر و مەسیف، بۆ زانیاری زیاتر بەردەڕەش (160) کیلۆمەتر لە دهۆک و هەولێر دوورە. ژمارەی کورد لە موسڵ لە ژمارەی کوردی کەرکوک کەمتر نیە لەبواری ئابووری و سامانە سروشتیەکانیش موسڵ لە کەرکوک کەمتر نیە، لای چەپی شاری موسڵ کوردستانە و درێژەی خاکی بادینانەو پێوەندی کورد و موسڵ زۆر دێرینەو هەمیشە کوردەکان لە دوورو نزیکەوە سەردانی موسڵ-یان کردووەو، کورد بۆ پاراستنی ئەو شارە جۆگەلەیەک خوێنی ڕێشتووە، زۆرینەی گەڕیدەو نووسەرانی بیانیش داکۆکی لە هەبوونی کورد و زمانی کوردی لە شارەکەدا دەکەن).

ئەوەی نووسەر سەعید مەموزینی ئاماژەی پێکردووە، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەینێت، چونکە لەلایەک ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە زۆرتر لە نیوەی دانیشتوانی پارێزگای موسڵ کوردن و، لەلایەکی تریشەوە باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە لای چەپی شاری موسڵ کوردستانە و درێژ بووەوەی خاکی بادینانە. هەمووشمان ئەوە دەزانین کە هێرش و پەلامارەکانی میلیشیا عارەبە موسڵمانەکان هەر لە دوای دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە ڕێگەی شمشێرەوە، لەپێناوی بە عارەبکردنی وڵاتی نەتەوە ناعارەبەکان و دەستکەوتی ئابووری بووە، گومانیش لەوەدا نییە کە شاری موسڵیش وەکو شارێکی کوردیی و دانیشتوانی کوردی شارەکەش پریشکی ئاگری بە عارەبکردنی خاک و نەتەوە سووتاندوونی.

سەعید مەموزینی و خەسرەو گۆران لە پەرتووکەکانی (موسڵ و کورد لە دوای ئازادی) و (کورد لە پارێزگای موسڵ)دا باسی بنەماڵەکانی: (جەلیلییەکان، ئەلحەساوی، ئەلشەهوان، بن هیلال، جۆلبۆ، جومێرد، قەسار، جادری، ئاغەوات،

کەشمولە، ئەلعومەری، چلمێران، دیوەچی، سابونچی، مەحەلی، حەمۆ جەبەلی، ئال کەسۆ، شۆشی، شەفخون، قەدۆ، نەجم جادر، ڕەزوانی ئال ڕەشادو مودەڕس)یان کردووە کە هەر هەموویان کورد بووینەو، لە ئەنجامی شالاوەکانی بە عارەبکردندا بەعارەبکراون).

پێم وایە ئەوەی شارەزایی لە مێژووی عارەب و ئیسلامدا هەبێت یان مێژووەکەیانی خوێندبێتەوە، گومانی لەوەدا نامێنێت کە یەکێک لە ئامانجە دیارەکانی عارەب و ئیسلام بەعارەبکردنی ئاشکرای خاک و نەتەوە ناعارەبەکان بووە، بگرە بەو نەتەوانەی کە موسڵمانیش بووینە. بۆ نموونە ئێستاشی لەگەڵدا بێت زۆربەی هەرە زۆری عارەب و پارتە ئیسلامییەکانی ئێراق و وڵاتانی عارەبی و جیهانی (ئێزیدییەکان، شەبەک و کاکەییەکان) کە کوردی ڕەسەنن بە عارەب دادەنێن. ئەو بۆچوونانەی شۆڤینیستە عارەبەکان و ڕەوتە ئیسلامیە عارەبییەکان هەر هەمووی لە خزمەتی بەرژەوەندی شۆڤینییەتی عارەبیدایە. ئاخر بە عارەبکردنی ئەو هەموو بنەماڵە کوردەی دانیشتووی ناو شاری موسڵ و دەوروبەری کە ژمارەیان (24) بنەماڵەیە، دەبێت تا چەند زیانی بە کورد و کوردستانێتیی شاری موسڵ گەیاندبێ؟ دڵنیام کە بەعارەبکردنی دانیشتوانی کوردی موسڵ کە دەچێتە خانەی بە جینۆسایدکردن، زیانی یەکجار گەورەتری لە بەعارەبکردنی شاری موسڵی سەر بە خاکی کوردستان گەیاندووە، چونکە هەردەم زیانی بە عارەبکردنی تاکەکانی نەتەوەیەک زۆرترە لە زیانی بە عارەبکردنی خاکی ئەو نەتەوەیە! باشە بە عارەبکردنی ئەو (24) بنەماڵە کوردەی دانیشتووی موسڵ کە ژمارەیان بە سەدان هەزار دەبێت، کاری نەکردۆتە سەر بە عارەبکردنی شار و پارێزگای موسڵ؟ ئایا سیمای کوردبوونیی شارەکە و دیمۆگرافیای کوردیی شارەکەی نەگۆڕیوە لە بەرژەوەندی نەتەوەی عارەبی داگیرکەر؟

سەعید مەموزینی، لە لاپەڕە (84)ی پەرتووکی (بەرکورتێک لە مێژووی کورد و کوردستان)دا نووسیوێتی: (ناحەزانی گەلی کورد هەوڵی زۆریان داوە شارە کوردنشینەکان لە کورد خاڵی بکەن، ئەگەر ئەو توانایەشیان نەبێ ئەوە لەنەخشەی جوگرافی بە کوردستانی دیار نەکەن، شاری گەورەی کرماشان زۆربەی هەرە زۆری خەڵکەکەی کوردن، کەچی بە کوردستان ناژمێردرێ، موسڵ و کەرکوک لە

باشووری کوردستان، بەشێوەی کرماشان مامەڵەیان لەگەڵ کراوە، لە تورکیاش هەر نەپرسە، هیچ شارێکی کوردەکان موڵکی کورد نابێتە ژماردن).

سەعید مەموزینی، زۆر ڕاشکاوانە بۆچوونی خۆیمان بۆ دەردەبڕێت و شارەکانی موسڵ و کەرکوک بە دوو شاری سەر بە باشووری کوردستان دادەنێت، کاتێک کە گلەیی لە دوژمنان و لە خۆمان دەکات کە شارەکانی موسڵ و کەرکوکیان بە دەردی شاری کرماشان بردووە، لە دوژمنان داگیرکردنی خاکی کورد و کۆچ پێکردن و ڕاگوێزان و دەرکردنی زۆرەملێیانەی کورد و، لە خۆشمان کەمتەرخەمی و لەیادکردنی ئەو شارانە.

سەعید مەموزینی، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (کوردی شەبەک دەنگ بە لیستی 730 دەدەن)دا، کە لە ژمارە (566)ی گۆڤاری (گوڵان)ی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (13.12.2005)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (لەدێر زەمانەوە شەبەک لە شاری موسڵ نیشتەجێن لەوانەیە یەکەم کەس بن شاری موسڵ-یان دروستکردبێ و ناویان لێنا قەلای (نەوادشێر) کە زۆر لە سەرچاوەکان ئاماژەی پێدەکەن وشەیەکی میدییە، لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە قەڵایەکیان دروستکرد بۆ ئەوەی بازرگانەکان تێیدا پشوو بدەن و کاری بازرگانی بکەن).

بە بۆچوونی ڕۆژنامەنووس سەعید مەموزینی، موسڵ یەکێکە لە شارەکانی باشووری کوردستان، چونکە نووسەر باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە شەبەکی کورد یەکەمین کەس بووینە کە شاری موسڵ-یان دروستکردووەو ناویان ناوە (نەوادشێر/نیو ئەردەشێر) و لەو شارەدا نیشتەجێ بووینە. کاتێک کە کورد شارەکەی دروستکردبێت و هەر ئەوانیش بووبن وەکو یەکەمین کەس لەو شارەدا دانیشتبن، کەواتە شارەکە هەر هی ئەوانەو، لەوانیش زیاتر کەسی خاوەنی ڕاستەقینەی نییە!

سەعید مەموزینی، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (بۆ لە موسڵ کوردی شەبەکی شیعە دەکوژرێت)دا، کە لە ژمارە (592)ی گۆڤاری (گوڵان)ی ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (29.6.2006)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (فارس جویجانی، سەرنووسەری

ڕۆژنامەی (موصل الجدیدة) دەڵێت: بە بۆچوونی من تاکە چارەسەر گەڕانەوەی موسڵ-ە بۆ سەر هەرێمی کوردستان).

بە گوێرەی قسەکانی فارس جویجانی، شاری موسڵ شارێکی کوردستانییە، چونکە ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە تاکە چارەسەر بۆ کێشەی شاری موسڵ ئەوەیە کە بگەڕێندرێتەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئەو بۆچوونەی ناوبراو ئەوە دەگەیەنێت کە موسڵ شارێکی کوردیی و کوردستانییە، بۆیە داوای گەڕانەوەی دەکات بۆسەر خاکی باشووری کوردستان.

سەعید مەموزینی، لە دیمانەیەکدا لەژێر ناوی (هیام یونس: بەری چەپی موسڵ بەشێکی دانەبڕاوی کوردستانە) لەگەڵ مافپەروەر هیام یونس، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ-دا کە لە ڕۆژنامەی (خەبات)، ژمارە (2253)، ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (1.9.2006)دا بڵاوکراوەتەوە، هیام یونس دەڵێت: (ئەوەی زیاتر وامان لێدەکات لەسەر جێبەجێکردنی مادەی (140) پێداگرین، کوردستانییەتیی لای چەپی شاری موسڵە، کە ئێمە بە کوردستانی دەزانین و نابێت چیتر لەمەودوا بە هاووڵاتی پلە دوو بزانرێن، بەڵکو دەبێت هەموو مافێکی ژیاون و کاریان بۆ فەراهەم بکرێت و چێژی لێببینن).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی مافپەروەر هیام یونس، بەری چەپی شاری موسڵ کە بەشە گەورەکەی شاری موسڵ-ە بریتییە لە خاکی کوردستان، چونکە ناوبراو ڕاشکاوانە بیرو بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بەو شارە (موسڵ) دەردەبڕێت و، بە بەشێکی کوردستانی ناودەبات.

ڕۆژنامەنووس سەعید مەموزینی، لە لاپەڕە (11)ی ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (2389)ی ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (25.1.2007)دا، وتارێکی لەژێر سەردێری (ڕەوشی باشووری کوردستان بەر لە جەنگی یەکەمی جیهان)دا، ئەو وتارە نووسینێکە لە لاپەڕەکانی (60-69)ی پەرتووکی (شێخ مەحمود حەفید بەرزنجی، عەبدولڕەحمان سالح ئەلبەیاتی)دا پوختەیەکی وەرگێڕاوە بۆ کوردی و لە ڕۆژنامەی ناوبراودا بڵاویکردۆتەوە، نووسیویێتی: (هەموو باشووری کوردستان لەو سەردەمە

بریتی بوون لە پێنج پارێزگای ئێستا (کەرکوک، موسڵ، دهۆک، سلێمانی و هەولێر)و هەر پارێزگایەک چەندان قەزای هەبوو).

به گوێرەی نووسینەکەی ڕۆژنامەنووس سەعید مەموزینی، نووسەر عەبدولڕەحمان سالّح ئەلبەیاتی، شاری موسڵ بە شارێکی باشووری کوردستان دەزانێت، چونکە ناوبراو پارێزگای موسڵ بە تەواوی بە یەکێک لە پێنج پارێزگاکەی باشووری کوردستان (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی) دادەنێت.

عەبدولڕەحمان چادرچی، بەرپرسی پێوەندییەکانی کۆنگرەی گەل، لە هەڤپەیڤینێکدا کە هاوڕێ کاوە لە شەوی (18/19.1.2007)دا لەگەڵیدا ئەنجامی داوەو، لە لاپەڕە (9)ی ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە (274)ی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (23.1.2007)دا لەژێر سەردێری (باشووری کوردستان دەکەینە گۆڕستانی سوپای تورکیا)دا بڵاوکراوەتەوە، ئەو بەرپرسەی کۆنگرەی گەل دەڵێت: (تورکیا دەیەوێت بچێتە کەرکوکەوەو ئاژاوە لە ئێراقدا دروست بکات، ئێمە زانیاری زۆرمان لایە کە تورکیا سەرەتا بە فڕۆکەو تۆپخانە هێرش دەکات لەگەڵ چەند یەکەیەکی سەربازی کەم، بەڵام ئەگەر ڕێگە لەو هێرشە کەمە نەگیرا لە سەرەتاوە ئەوا تورکیا بەناو هەموو باشوورو هەتا کەرکوک و موسڵ-یش بڵاودەبێتەوە).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی بەرپرسی پێوەندییەکانی کۆنگرەی گەل، عەبدولڕەحمان چادرچی، شاری موسڵ شارێکی گرنگە لە باشووری کوردستان، چونکە نووسەر لە باسی نیازەکانی تورکیادا سەبارەت بە باشووری کوردستان، باسی ئەوەی کردووە کە تورکیا نیازی هێرش و داگیرکردنی تەواوی باشووری کوردستانی هەیە بە شارەکانی موسڵ و کەرکوک-یشەوە. کەواتە عەبدولڕەحمان چادرچی، شارەکانی موسڵ و کەرکوک بە بەشێک لە خاکی کوردستان دەزانێت.

عەبدوڵڵا زەنگەنە، لە لاپەڕە (3)ی ڕۆژنامەی (خەبات)، ژمارە (1371)ی ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (25.2.2004)دا، بە پشتبەستنی بە(موسوعة سرية خاصة بالحزب الشيوعي العراقي السري)، کە لە ساڵی (1949)دا بڵاوکراوەتەوە، وتارێکی لەژێر ناوی (57 ساڵ لەمەو بەر داواکاری کورد، لە یەکەمین پەیمانی میللی و پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کورد، لەژێر سایەی (مەلا مستەفای بارزانی)دا فیدراڵی

بووە)؟! دەقی پەیمانی میللی پارتی دیموکراتی کوردی ئێراق دەخاتەڕوو. زەنگەنە، باسی ئەوە دەکات کە: (لە خاڵی یەکەمی پەیمانی میللی و پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردی ئێراق هاتووە: 1- بۆ بەدەستهێنانی دەوڵەتێکی دیموکراسی لە کوردستانی ئێراقدا کە بریتی بێ لە لیواکانی موسڵ، کەرکوک، هەولێر، سلێمانی و خانەقین بە ڕێگای ڕامیاری و هەموو وەسیلەیەکی دی مومکین بێ کۆشش دەکەین بە مەرجێک یاساو سەرۆکی ئەو دەوڵەتە لە لایەن میللەتی کوردە وە بە شێوەی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆو دەنگی نهێنییەوە هەڵبژێردراو دابنێین). هەروەها نەوشیروان مستەفا ئەمین، جێگری پێشووی سکرتێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەویش لە پەرتووکی (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردی 1938–1958 ڕۆژنامەوانیی نهێنی-بەرگی سێیەم-بەشی یەکەم، باشووری سلێمانی 2004)دا ئاماژەی بەهەمان شت کردووە.

ئەوەی کە لە سەرەوەدا نووسەر عەبدوڵڵا زەنگەنە ئاماژەی پێکردووە، بۆمانی دەردەخات کە پارتی دیموکراتی کوردستان شارەکانی (موسڵ، کەرکوک، هەولێر، سلێمانی و خانەقین) بە پارچەیەک لە باشووری کوردستان دەزانێت، چونکە پارتی دیموکراتی کوردستان لە (پەیمانی میللی و پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کورد)دا باسی شاری موسڵ وەکو شارێکی باشووری کوردستان کردووە.

مەکتەبی سیاسی – مەکتەبی ناوەندیی دیراسات و تۆژینەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە لاپەڕە (79)ی بەشی دووەمی پەرتووکی (نەوتی کوردستانی ئێراق نەوت و چارەنووسی سیاسی کورد و کوردستان)، نووسیوێتی: (لە یاداشتی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە ڕێکەوتی (28.10.1972)دا پێشکەش سەرکردایەتی پارتی بەعسی عارەبی سۆسیالستی کرا هاتووە: پراکتیزەکردنی سیاسەتی بە عارەبکردنی کوردستان لە لایەن دەزگا حکومییەکان و حزبییەکان، دوای تێپەڕبوونی چەند مانگێک بەسەر ڕێککەوتنی ئادار، بە تایبەتی لە پارێزگاکانی کەرکوک، دیالە و نەینەوا (موسڵ)، هەوڵە بەردەوامەکانیان بۆ ئەوەی خەڵکی ڕەسەنی کورد لە ناوچەکانی دووربخەنەوەو سەرجەم نێوەندەکانی دەسەڵات لە پارێزگاکانی ناوبراودا هەمووی لەدەستی پارتی بەعس بێت ئەمانە هەموویان دژ بە ڕێککەوتنی ئادار بوو

کە دەڵێ: گەڕانەوەی دانیشتوانی گوندەکان بە عارەب و کوردە وە بۆ شوێنەکانی پێشوویان و هۆکاری سەرەکی بێ متمانەیی و پێکدادانیش دروست دەکات).
بە بۆچوونی پارتی دیموکراتی کوردستان، شاری موسڵ یەکێکە لەو شارانەی کە دەکەوێتە ناو سنووری باشووری کوردستان، چونکە ئەوان لە باسی بەعارەبکردنی کوردستاندا، شاری موسڵ بە یەکێک لە شارە بەعارەبکراوەکانی باشووری کوردستان ناودەبەن، کەواتە شاری موسڵ بە شارێکی کوردستانی دەزانن، بۆیە بەمشێوەیە ناوی دەبەن.

مەکتەبی سیاسی – مەکتەبی ناوەندیی دیراسات و تۆژینەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە لاپەڕە (92)ی بەشی دووەمی پەرتووکی (نەوتی کوردستانی ئێراق نەوت و چارەنووسی سیاسی کورد و کوردستان)دا، نووسیوێتی: (بەهەند نەزانینی فاکتەری نەتەوەیی لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم سەبارەت بە بڕیاری چارەنووسی کوردستانی باشوور، ئەمەش بەهۆی سامانی نەوتەوە بووە. فاکتەری ئابووری (بوونی نەوت لە باشووری کوردستان) بە فاکتەرێکی گرنگ دادەنرێت، ئەگەر تاکە فاکتەری لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە قەوارەی تازە دامەزراوی ئێراقەوە نەبێت).
ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەرەوەدا ئاماژەی پێکردووە، کوردستانی بوونی شاری موسڵ بەدەستەوە دەدات، چونکە ئەوان باسی ئەوە دەکەن کە بوونی نەوت لە باشووری کوردستاندا بووە هۆی ئەوەی، کە ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی ئێراقی عارەبی (ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرا)وە بلکێنرێت. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ویلایەتی موسڵ و باشووری کوردستان دوو ناون بۆ یەک خاک بەکاردێت، مادام وابێت کەواتە تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵیشەوە، شاری سەر بە باشووری کوردستانن.

دکتۆرە سروە ئەسعەد سابیر، لە لاپەڕەکانی (119–120)ی پەرتووکی (کوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل 1914–1926)دا نووسیوێتی: (سەبارەت بە چالاکییەکانی شەریف پاشاو هەوڵەکان و بە پەرۆشی بۆ کاروباری کوردی، لە ڕۆژی (6.2.1919)دا چاوی کەوت بە (مسیۆ جۆرج کلیمەنسۆ)ی سەرۆکی کۆنگرەو، گفتوگۆی لەگەڵ (کلیمەنسۆ)دا کرد سەبارەت

به داخوازییەکانی کورد لە ئۆتۆنۆمییەک لە ناوچەکانی ئامەد، بەتلیس، خەرپووت، موسڵ، ئورفە (ڕەها)و کۆیسنجەق).

به گوێرەی قسەکانی دکتۆرە سروە ئەسعەد سابیر، شەریف پاشای خەندان شاری موسڵ بە یەکێک لە شارەکانی باشووری کوردستان دادەنێت، بۆیە شەریف پاشای خەندان داوای کردووە شاری موسڵ لە باشووری کوردستان دانەبڕێت و، بەشێک بێت لەو وڵاتە.

دکتۆرە سروە ئەسعەد سابیر، لە لاپەڕە (232)ی پەرتووکی (کوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل 1914-1926)دا نووسیویێتی: (کوردەکان ئارەزووی دامەزراندنی بەڕێوەبەرێتییەکی خۆجێیی و، نەبوونی هیچ پێوەندییەک بە میری عارەبی لە بەغدایان دەربڕی بە تێکڕا لەکاتی هەڵبژاردنی شا فەیسەڵ وەکو شای ئێراق، ئەنجامی ڕاپرسیەکان لە ناوچەکانی کوردی هاندەر نەبوون، ئەوەش ئەنجامەکان دەریانخست کە دەست لایەنی بەریتانی کەوت لە پارێزگاکانی کەرکوک، موسڵ و ناوچەکانی تری کوردی).

به گوێرەی بۆچوونەکانی دکتۆرە سروە ئەسعەد، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە دکتۆرە سروە لە باسی ڕاپرسییەکان بۆ هەڵبژاردنی شا فەیسەڵ بەشای ئێراق، باسی ئەوە دەکات کە ئەنجامی ڕاپرسییەکان لە ناوچەکانی کوردی هاندەر نەبووینە بەتایبەت لە پارێزگاکانی موسڵ، کورکوکو ناوچەکانی تری کوردی. ئەوەی دکتۆرە سروە ئاماژەی پێکردووە کوردستانی بوونی پارێزگای موسڵ بە تەواوی دەگەیەنێت، چونکە نووسەر لە لایەک ئەو ناوچانە بە ناوچەی کوردی ناودەبات و، لەلایەکی تریشەوە هەر دوو پارێزگای موسڵ و کەرکوک بە پارێزگای کوردی دادەنێت کە دەڵێت: (لە پارێزگاکانی کەرکوک، موسڵ و ناوچەکانی تری کوردی)، کەواتە ئەو هەر دوو پارێزگاکە بە پارێزگای کوردی دەزانێت.

دکتۆرە سروە ئەسعەد سابیر، لە لاپەڕەکانی (304-305)ی پەرتووکی (کوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل 1914-1926)دا نووسیویێتی: (لەو کارانەی کە کۆمیسیۆنەکە (کۆمیسیۆنی توێژینەوە لە

کێشەی موسڵ) گرنگیی پێدا لایەنی ڕامیاری کێشەکە بوو بەتایبەت ئەو هەست و ئارەزووەی کە دانیشتوان دەریان بڕی بۆ لکاندنیان بە یەکێ لە دوو وڵاتەکە، لە ڕاستیدا پرسیاری زۆرتر ڕیالیستانەتر کە سەنگێکی تری دەبوو ئەگەر پرسیارەکە بەوشێوەیە بوایە، ئایا کورد دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەییان دەوێت؟ یان ئەوان بەڕاستی دەیانەوێت بخرێنە سەر یەکێک لەو دوو وڵاتە؟ پرسیارەکە بەو شێوەیە ڕاستترو ڕاستەقینە خوازانەتر دەبوو کە دەبوایە لە پێشەوەی هەموو پرسیارەکان بووایەو، زۆرتریش لەگەڵ ڕاستەقینەی ڕاستی بوونی نەتەوەی کورددا دەگونجا، کە ویلایەتی موسڵ جگە لە دڵ سەبارەت بە جەستەی کورد و کوردستان شرێکی تر نییە).

بە گوێرەی بۆچوونی دکتۆرە سروە ئەسعەد سابیر، شاری موسڵ شارێکی کوردییە و دەکەوێتە باشووری کوردستان، چونکە دکتۆرە سروە ویلایەتی موسڵ بە دڵ بۆ جەستەی کورد و کوردستان دادەنێت. کاتێک کە ویلایەتی موسڵ دڵی کورد و کوردستان بێت، کەواتە تەواوی ویلایەتەکە (دڵەکە) بە شارەکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) بەشێکن لە جەستەی کورد و کوردستان.

مام جەلال، لە لاپەڕە (33)ی پەرتووکی (اغد دیموقراطي وحرمان الشعب حتى من حق الحلم؟)دا، سەبارەت بە موسڵ نووسیویێتی: (لەکاتی شەڕی جیهانی یەکەمدا وڵاتە داگیرکەرە گەورەکانی بەریتانیا، فەرەنسا و ڕوسیای قەیسەری لەسەر دابەشکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پێکهاتن. کوردستانی باشوور کە لە ڕووی بەڕێوەبەرێتیەوە بە ویلایەتی موسڵ ناسرابوو بەر فەرەنسا کەوت نەک بەریتانیا، بەڵام ویلایەتی بەسراو لە گەڵیشیدا کوێت و ویلایەتی بەغدا بەر بەریتانیا کەوت).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی مام جەلال، شاری موسڵ کە پایتەختی ویلایەتی موسڵ بوو بەشێکە لە باشووری کوردستان، چونکە ناوبراو باشووری کوردستان و ویلایەتی موسڵ هەر بە یەک خاک و بە یەکسان ناودەبات، مادامیش یەک خاک بن و شاری موسڵ شارێکی ویلایەتی موسڵ بێت، کەواتە شارێکیشە لە باشووری کوردستان.

مام جەلال، لە لاپەڕە (16)ی پەرتووکی (حول القضية الكوردية في العراق)دا، نوسیوێتی: (بەڵام چۆن و لەبەرچی باشووری کوردستان بە دەوڵەتی ئێراقی عارەبییەوە لکێنرا؟ لەکاتی واژۆکردنی ئاگربەستی (مۆدرۆس)ی نێوان هاوپەیمانەکان و تورکیای عوسمانی، باشووری کوردستان کە بەشێوەی فەرمی و لە ڕووی کارگێڕییەوە بە ویلایەتی موسڵ ناسرابوو لە دەرەوەی سنووری دەسەڵاتی سەربازی بەریتانی دابوو. هێزەکانی بەریتانی لەسەر سنووری باشووری کوردستان لە ناوچەی کفری وەستابوون و، نەگەیشتبوونە شاری موسڵ. بەڵام سەرکردایەتی سوپای بەریتانی لە دوای ئاگربەست فەرمانی بە هێزەکانی خۆیدا کە بەرەو موسڵ بخشێن، بێ ئەوەی هێزەکانیان بەسەر شارەکانی کەرکوک، یان سلێمانی یان هەولێردا بخشێن).

ئەوەی مام جەلال نووسیوێتی، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە ناوبراو لە لایەک باشووری کوردستان و ویلایەتی موسڵ بە یەکسان و هەر بە یەک خاک دادەنێت، لەلایەکی تریشەوە باسی ئەوە دەکات کە هێزەکانی بەریتانیا لە سەرەتادا لە باشووری کوردستان لە ناوچەی کفری وەستابوون و، بەڵام دوای ئاگربەست هێزەکانیان بەرەو موسڵ، کەرکوک، هەولێر و سلێمانی چوون. کەواتە مام جەلال، شارەکانی موسڵ، کەرکوک، هەولێر، سلێمانی و کفری بە شاری کوردیی و بە بەشێک لە کوردستان دەزانێت.

مام جەلال، سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە پەیامی سەری ساڵی (2005)دا بۆ جەماوەری کوردستان کە لەژێر ناوی (مام جەلال: پێویستە بە بەشداری چالاکانە بوونی کورد لە ئەنجومەنی داهاتوودا بسەلمێنین)دا، کە لە کوردستانی نوێ ژمارە (3562)ی ڕۆژی دوشەممە، ڕێکەوتی (3.1.2005)دا لە لاپەڕەکانی (2-3)دا بڵاوکراوەتەوە، هەڤاڵ مام جەلال لە لاپەڕە (3)دا دەڵێت: (لەسەرێکی تردا پێویستە ئاوڕێکیش لە موسڵ بدەینەوە، موسڵ شارێکی گرنگە، شارێکە کورد و عارەب زۆر لە مێژە پێکەوە تێیدا دەژین، بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی موسڵ کە بەشێکی زۆری کوردە و پەڕەسەندنەکەی لە ناوچەی کوردستاندابوو).

بە گوێرەی قسەکانی مام جەلال، شاری موسڵ شارێکە دەکەوێتە باشووری کوردستان، چونکە لە لایەک ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە زۆر لە کۆنەوە کورد و

عارەب بە یەکەوە لەگەڵ یەکدا ژیاون، هەمووشمان دەزانین ئەوەی مام جەلال باسی دەکات عارەبەکان لە ڕێگەی داگیرکردن و هێزەوە لە شاری موسڵ-دا دانیشتوون. لەلایەکی تریشەوە مام جەلال بەلای کەمەوە بەری چەپی شاری موسڵ کە دەکاتە کەناری خۆرهەڵاتی ڕووباری دیجلە، زۆربەی دانیشتوانەکەی بە کورد دادەنێت و پێشیوایە دەکەوێتە خاکی کوردستان.

مام جەلال، هەر لە لاپەڕە (3)دا دەڵێت: (دەبێت ئێمە زۆر پەرۆشی ئەوەبین کە نەهێڵین بە هیچ شێوەیەک موسڵ بکەوێتە دەست تیرۆریستەکان بە هەموو شێوەیەک هاوکاری هێزی هاوپەیمانان و حکومەتی ئێراق بکەین بۆ ئەوەی موسڵ-یش پاکبکرێتەوە لە تیرۆریستەکان دەبێت بخرێتەوە سەر ئەو پارچە ئارام و ئاسایشەی کە هەیە لە ئێراقدا).

ئەوەی مام جەلال لە سەرەوەدا باسی دەکات باسکردنێکی پڕ لە پێچ و پەناو بە ترسەوەیە، بەڵام هەر مانای کورد بوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە ئەو بەپەرۆشەوە باسی دواڕۆژی ئەو شارە دەکات و، بە باشی دەزانێت کە لە تیرۆریستان پاکبکرێتەوەو دواتریش بخرێتە سەر ئەو پارچە ئارام و ئاسایشەی کە لە ئێراقدا هەیە، هەمووشمان دەزانین کە مام جەلال مەبەستی لەو پارچە ئارامە هەرێمی کوردستانە، هەروەها نزیکترین ناوچەش لە موسڵ تەنیا هەرێمی کوردستانە، بۆیە دەتوانین بڵێین مام جەلال ناڕاستەوخۆ و بە پێچ و پەنا شاری موسڵ بە شارێکی باشووری کوردستان دادەنێت.

مام جەلال، سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (التطهير العرقي ومخاطره على الوحدة الوطنية العراقية)دا کە لە لاپەڕەکانی (3-10)ی ژمارە (5)ی گۆڤاری (ئەنفال)دا بڵاوکراوەتەوە، مام جەلال لە لاپەڕەکانی (4-5)دا دەڵێت: (کاتی خۆی کۆمەڵەی نەتەوەکان، بە کۆمەڵێک مەرجەوە باشووری کوردستانی بە ئێراقەوە لکاند. هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکان میراتگری یاسایی کۆمەڵەی نەتەوەکانەو بەڵێننامەکان و بڕیارەکانە کە ڕادەستی ئەو کراون، ئەمەش مانای ئەوەیە کە نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانێت دەست بخاتە ناو کاروبارەکان و حکومەتی ئێراق ناچار بکات بۆ ڕێزگرتن لە بەڵێنەکانی و جێبەجێکردنی مەرجەکانی

لکاندنی باشووری کوردستان. ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر هاتوو حکومەتی ئێراقی ئەو مەرجانەی جێبەجێ نەکرد، هەر حکومەتێکی ئێراقی بێت کە مەرجەکانی جێبەجێ نەکرد، واتە وازی هێنا لە یەکیەتی ئەو ئێراقەی کە بەپێی ئەو بڕیارە نێونەتەوەییە دروست بووە. بۆیە لەسەر هەموومان پێویستە کە ئێمە سوورین لەسەر یەکیەتیی نیشتمانیی ئێراق، ئەو مەرجانە جێبەجێ بکەین کە مەرجی ڕەواو یاساییـن، ئەگەرنا ئێمە بە خۆشحاڵییەوە ڕێگا دەدەین بە هێزی جیاخوازانی کورد کە بگەڕێنەوە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ داواکردنی هەڵوەشاندنەوەی یەکیەتی خاکی ئێراق کە لەسەر لکاندنی باشووری کوردستان بە ئێراق و داواکردنی مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد سەر لەنوێ، یان ماوە بدەین بەو کەسانەی داوای کۆتایی  هێنانی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە ئێراق دەکەن).

ئەوەی کە مام جەلال لە سەرەوەدا ئاماژەی پێکردووە، سەتا سەت باوەڕی تەواوی بە کوردستانێتیی تەواوی شاری موسڵ هەیە لەناو دڵ و دەروونیەوە، بەڵام زۆر وەستایانە ئەو هەست و نەستەی خۆی بەرانبەر بە کوردستانی بوونی ئەو شارە دەردەخات، چونکە ئەو لە لایەک باسی لکاندنی باشووری کوردستان دەکات بە ئێراقی عارەبییەوە، ئەویش بە کۆمەڵێک مەرج کە دەبوایە هەر کۆمەڵەی نەتەوەکان خۆی سەرپەرشتی جێبەجێکردنی بکردنایە. لەلایەکی تریشەوە مام جەلال باوەڕی تەواوی بەوە هەیە کە ئەو مەرجانە هیچی جێبەجێ نەکراون، بۆیە چەندان ئامۆژگاری حکومەتی ئێراق داکات و ئەگەریش ئامۆژگارییەکانی لە گوێ نەگرن چەندان هەڕەشەی شاردراوەی لە ئێراق کردووە، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە ئەوەیە کە تاڵەبانی سەرەڕای ئەو هێزە سەربازیو ڕێکخستنە ڕامیارییە و توانا ئابوورییە زەبەڵاحەی هەیەتی ڕاستەوخۆو لە ڕێگای هێزو تواناکانی خۆی و پارتەکەی خۆیدا هەڕەشەکان ناکات، بەڵکو لە ڕێگەی هێزی جیاخواز کە هەر خۆی خەونی ئەوان لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیدا بە خەونی چۆڵەکەکان ناودەبات هەڕەشەکانی دەکات، یان ڕێگە دەدات بەو کەسانەی کە داوای کۆتایی هێنانی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە ئێراق دەکەن.

مام جەلال، سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (التطهير العرقي ومخاطره على الوحدة الوطنية العراقية)دا کە لە لاپەڕەکانی (3-

10)ی ژمارە (5)ی گۆڤاری (ئەنفال)دا بڵاوکراوەتەوە، مام جەلال لە لاپەڕە (10)دا دەڵێت: (شانبەشانی گەڕانەوەی ماف بۆ خاوەنەکەی، ئێمە سووردەبین لەسەر یەکێتیی نیشتمانیی ئێراق و دەمانەوێت مەترسییەکان دوورخەینەوەو پاڵیان بدەین بۆ دواوە، لە نێویاندا مەترسییەکانی سیاسەتی جینۆسایدکردن – هەروەکو دەست نیشانمان کرد - خستنەڕووی دوژمنکاری و ڕق و کینەی نێوان کورد و شیعەی عارەب لە لایەک وە تورکمان و داگیرکەری زەوییەکانیان لەلایەکی تر، کە دواتر دەبێتە هۆی ئاژاوەو دوژمنکاری و هەتا شەڕکردنی نێوان عارەب و کورد و کلدو ئاشور وە بە تایبەتی مەترسی داواکاری کۆمیسیۆنی دامەزراو بۆ داواکردنی گەڕاندنەوەی ویلایەتی موسڵ لە ئێراق، هەروەکو ئەو کۆمیسیۆنەیە چەندان ساڵە لە سویسرەو ئەوروپا کاردەکات بۆ خستنەڕووی کێشەی ویلایەتی موسڵ لە کۆبوونەوە نێونەتەوەییەکان وە بەتایبەت لە نەتەوە یەکگرتووەکان).

ئەوەی مام جەلال لە سەرەوەدا باسی دەکات، دووبارە هەم باوەڕبوونی ئەوە بە کوردستانیی بوونی شاری موسڵ بە نهێنی و شاردراوەیی لەناو دڵ و دەروونی خۆیدا، هەروەها هەم هەڕەشەیەو لە عارەبە شۆڤینییەکانی ئێراق دەیکات. تاڵەبانی دووبارە بەلایەنی ترو لە ڕێگای ئەو کۆمیسیۆنەی کە ئەو ئاماژەی پێکردووە هەڕەشە لە دەسەڵاتداری ڕەگەزپەرستی ئێراقی دەکات، ئەگەر دان بە مافەکانی نەتەوەی کورددا نەنێن لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراقدا، ئەوکاتە کۆمیسیۆنەکە داوای گەڕانەوەی ویلایەتی موسڵ (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) دەکات! گەڕانەوەی موسڵ بۆ کێ؟ بە دڵنیاییەوە بۆ کورد و باوەشی کوردستان، کەواتە مام جەلال بە ئاسانی پێمان دەڵێت تەواوی ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵ-یشەوە خاک و نیشتمانی کوردن و بەشێکن لە کوردستان.

شوێنەوارناس و مێژوونووسی کورد، عەبدولڕەقیب یوسف، لە لاپەڕە (13)ی پەرتووکی (حدود كوردستان الجنوبية تأريخيا وجغرافيا خلال الخمسة الاف عام وما ترتب على إلحاقها بالعراق)دا، نووسیویێتی: (زاراوەی ئێراق هەتا بە مانا زمانەوانییەکەشی جگە لە خاکە نزمەکان (سەبارەت بە کوردستان) کە بریتییە لە بەشەکانی ناوەڕاست و باشووری خاکی وڵاتی ئێراقی تازە دروستکراو، بە شوێنێکی تر نە دەگوترا، هەروەها بە واتا جوگرافییەکەشی وڵاتی بابل لە زنجیرە

چیاکانی حەمرین تێنەدەپەڕی، هەروەها ناوچەی (جەزیره) ناگرێتەوە کە شاری موسڵ-یش دەکەوێتە ناوی، کە لە سنووری تکریت درێژ دەبێتەوە تاوەکو شاری ئامەد (دیاربەکر)، بە هیچ شێوەیەکیش باشووری کوردستان ڕۆژێک لە ڕۆژان بەشێک نەبووە لە ئێراق لە ڕووی مێژوویی و جوگرافییەوە).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی شوێنەوارناس و مێژوونووسی کورد عەبدولڕەقیب یوسف، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و بەشێک بووە لە باشووری کوردستان، چونکە مێژوونووسی ناوبراو لە لایەک باسی ئەوە دەکات کە ئێراق تەنیا لە ناوەڕاست و باشووری ئێراق پێکدەهات و، هەرگیز باشووری کوردستانیش بەشێکی ئێراق نەبووە. لەلایەکی تریشەوە باسی ئەوە دەکات کە سنووری ئێراق لەلای باکوورەوە لە زنجیرە چیاکانی کێوەسوور و تکریت کۆتاییان پێ دێت و، شاری موسڵ-یش بەشێک بووە لە جەزیرە کە ئەویش بەشێکی ئێراق نەبووە، هەمووشمان دەزانین کە شاری موسڵ (245) کیلۆمەتر دەکەوێتە باکووری شاری تکریت و هەروەها نزیکەی (110) کیلۆمەترێک لە نزیکترین شوێن کە (فەتحە)یە دەکەوێتە باکووری زنجیرە چیاکانی کێوەسوور.

مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف، لە لاپەڕە (57)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیوێتی: (بەمشێوەیە بۆمان دەردەکەوێ کە ناوچەی کەرکوک و گشت دەشتەکانی حەمرین هەتا تەواوی ناوچەکانی باشووری کوردستان و لە نێویاندا ناوچەی موسڵ لەژێر دەسەڵاتی وڵاتی حۆری و سەربەخۆ بوو، بە هیچ شێوەیەک لەژێر دەسەڵاتی وڵاتی کیشی هاوچەرخی فەرمانڕەوا لە ئێراق نەبووە لەوکاتیداو هەرگیز بەشێکیش نەبووە لە ئێراق).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی شوێنەوارناس عەبدولڕەقیب یوسف، شاری موسڵ هەردەم شارێک بووە لەنێو سنووری باشووری کوردستان، چونکە نووسەری ناوبراو ناوچەی موسڵ بە بەشێک لە وڵاتی حۆری ناودەبات، حۆرییەکانیش سێ هەزارساڵ پێش زایین دەوڵەتیان هەبووە لە کوردستانی ئەمڕۆ و زۆر لە مێژوونووسان بە کوردیان دادەنێن، لە هەمان سەردەمیشدا دەوڵەتی کیشی لە ئێراقدا هەبووە، بەڵام شاری موسڵ بە هیچ شێوەیەک بەشێک نەبووە لەو دەوڵەتە.

مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف، لە لاپەڕە (60)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (لە ئەنجامی لەناوبردنی فەرمانڕەوایەتی ئاشووری ئەو ناوچانەی کە دەکەوتنە خۆرهەڵاتی دیجلە و باکووری چیای حەمرین هاتنە سەر وڵاتی میدیا و لە نێویاندا ناوچەی کەرکوک، هەولێر و نەینەوا، بەڵکو کەرکوک کە (کەی ئەخسار) لەساڵی (650 پ.ز) لەوێوە بۆ خۆرئاوای دیجلە پەڕییەوە بۆ ئابلوقەدانی شاری ئاشوور (شەرگات) هەر لەو ساڵەدا هاتە ژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتی میدی. بەڵام سنووری نێوان دوو وڵاتی میدیاو بابلی لە خۆرئاوای دیجلە دەکەوتە باکووری (بەلەد). نەبوخوز نەسر، لە نێوانی بەلەد و نێوان سامەڕا بە دووری (90 کیلۆمەتر) لە باکووری بەغدا شوورەیەکی درێژی لە دیجلە وە بۆ فورات دروستکرد لەگەڵ هەڵکەندنی سەنگەرێک لە پێش شوورەکەدا لە بەری باکوورەوە کە بە (شوورەی ماد) ناسرا بۆ ئەوەی ببێتە سنووری نێوان ئەو دوو وڵاتە. لە کۆتاییدا لە هیچ سەرچاوەیەکدا نەمبینی ئاماژە بەوە بدات کە دەسەڵاتی دەوڵەتی بابلی (ئێراقی) لە دوای لەناوبردنی دەوڵەتی ئاشووری گەیشتبێتە ناوچەکانی خانەقین، کەرکوک، هەولێر، نەینەواو ناوچەی بادینان لەبەر ئەوەی کەوتبوونە ژێر فەرمانڕەوایەتی میدی).

بە گوێرەی بۆچوونی شوێنەوارناس عەبدولڕەقیب یوسف، شاری موسڵ یەکێکە لە شارەکانی باشووری کوردستان، چونکە لە لایەک شوێنەوارناسی ناوبراو لە باسی وڵاتی شارەکانی دەوڵەتی میدیادا ناوی شارەکانی (موسڵ، کەرکوک و هەولێر) وەکو سێ شاری ئەو دەوڵەتە ناودەبات، لەلایەکی تریشەوە نووسەر لە باسی دەوڵەتی بابلی ئێراقیدا باسی ئەوە دەکات کە هەرگیز سنووری ئەو دەوڵەتە نەگەیشتۆتە شارەکانی (نەینەوا، هەولێر، کەرکوک، خانەقین و ناوچەی بادینان)، چونکە ئەم ناوچەو شارانە هەردەم لەژێر دەسەڵاتی میدییەکاندا بووینەو، سنووری وڵاتی بابل-یش لە (شوورەی ماد) کە لە نێوان بەلەد و سامەڕا ئاشوورییەکان دروستیان کردبوو، لەلای باکوورەوە کۆتایی پێدەهات. ئەمانەش هەمووی ئاماژەن بە کوردستانی بوونی شاری موسڵ و، نەبوونی هیچ پێوەندییەکی ئەو شارە بە ئێراق و بە عارەبەوە.

مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف، لە لاپەڕە (65)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (ناوچەی موسڵ هیچ کاتێک بەشێک نەبووە لە ئێراق لە ڕووی جوگرافی و مێژوویی نە لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدین یان دەوڵەتی ئەمەوی یان دەوڵەتی عەبباسی، بەڵکو ناوچەی موسڵ بەشێک بووە لە هەرێمی جەزیرە).

ئەوەی شوێنەوارناس عەبدولڕەقیب یوسف لە سەرەوەدا باسی کردووە، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە مێژوونووس و شوێنەوارناسی ناوبراو شاری موسڵ بە بەشێک لە وڵاتی جەزیرە ناودەبات، وڵاتی جەزیرەش کە ناوە کوردییەکەی (بۆتان)ە، بەڵام عارەبە ئیسلامەکان بە عارەبیان کردووە، هەردەم وڵات و خاکی کورد بووەو لە هیچ کات و سەردەمێکدا خاکی عارەب نەبووە.

مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف، لە لاپەڕە (66)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (پێوەندی و پەیوەست بوونی دەوڵەتی ئاشووری بە مێژووی کوردستان زۆرتر بووە لە پێوەندی و پەیوەست بوونی بە مێژووی ئێراقەوە، هەروەها سێ پایتەخت لە چوار پایتەختەکانی دەکەونە ناو کوردستان کە بریتین لە نەینەوا، نەمرود (کالح) و خۆرساباد کە سەر بە دەوڵەتانی کوردستانی کۆن بوونە).

ئەوەی کە مێژوونووس عەبدولڕەقیب یوسف باسی دەکات، جگە لە کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ هیچ شتێکی کە ناگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە سێ پایتەخت لە پایتەختەکانی دەوڵەتی ئاشووری لە کوردستان بووینە کە ئەوانیش شارەکانی (نەینەوا، نەمرود و خۆرساباد) بووینە، کەواتە مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف، شاری موسڵ (نەینەوا) بە یەکێک لە شارەکانی باشووری کوردستان دادەنێت.

مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف، لە لاپەڕە (162)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (موسڵ لە هەموو سەردەمەکاندا ڕاستەوخۆ لە ڕووی ئابوورییەوە پتر بە کوردستان بەسترابووەوە لە بەسترانەوەی بە خاکی عارەبی لە ئێراق. هەروەها بازاڕێکی کەرەستەو بەرهەمەکانی سەر بە ناوچەکانی کوردی کە دەکەونە باکووری ئەو شارە کە بریتین لە ناوچەکانی عەین سوفنا، ئاکرێ، دهۆک، زاخۆ، ئامێدی و

هەروەها ناوچەی شەنگال، ئەوە سەرەڕای بەرهەمەکانی کوردی کە لە باکووری کوردستانە وە لە ڕێگای ڕووباری دیجلە وە بەهۆی بەلەمەوە لە ئامەد (دیاربەکر)ەوە دەهات بۆ ڕووباری موسڵ، هەروەها بەرهەمەکانی کوردی کە دەگەیشتە موسڵ لە ڕێگای بازرگانی ووشکانی خۆرهەڵاتی دیجلە بەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراقی نوێ کە هەر دوو ڕێگای داخست بەهۆی دانان و دیاریکردنی سنووری نێوان ئێراق و تورکیا).

بەپێی بۆچوونەکانی مێژوونووس مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف، شاری موسڵ شارێکی باشووری کوردستانە، چونکە ناوبراو لە باسی شاری موسڵ-دا باسی ئەوە دەکات هەتا لە ڕووی ئابوورییەوە موسڵ پتر بە کوردستان بەسترابووەوە نەک بە ئێراق، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شاری موسڵ بەشێک بووە لە کوردستان، ئەگینا ئەگەر بەشێک بووایە لە ئێراق ئەوکاتە بە دڵنیاییەوە پتر بە ئێراقەوە دەبەسترایەوە نەک بە کوردستان.

عومەر محەمەد محەمەد کەریم، لە لاپەڕە (16)ی ماستەرنامەی خۆیدا کە لەژێر ناوی (القضية الكوردية في الصراع البريطاني - العراقي 1918-1932م)داو، بە پشتبەستنی بە لاپەڕەکانی (38-39)ی پەرتووکی (كوردستان والحركة القومية الكوردية)ی مام جەلال، سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناوبراو نووسیویێتی کە مام جەلال دەڵێت: (کوردستان بڕبڕەی پشتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پێکدەهێنێ و، هێڵی سنووری کوردستان لە باکووری خۆرهەڵاتی زنجیرە چیاکانی ئاراراتەوە شوڕدەبێتەوە بەرەو پشتکێو، بەمشێوەیە ناوچەکانی خۆرئاوای ئێرانی ئێستا دەگرێتەوە، هەروەها باشووری کوردستان (کوردستانی ژێردەستی ئێراق) دەگرێتەوە کە لە مەندەلییەوە شانبەشانی چیای حەمرین دەڕوات تاوەکو ڕووباری دیجلە دەبڕێت و لەوێوە بە هێڵێکی ڕاست بەرەو پارێزگای ئەسکەندەرونە دەڕوات، لەوێشەوە هێڵی سنووری کوردستان بەرەو ئەرزڕۆم و دواتریش بەرەو لووتکەی چیای ئارارات درێژ دەبێتەوە).

بەپێی ئەو ئاماژەیەی نووسەر و بە گوێرەی ئەو سنوورەی کە مام جەلال دەستنیشانی کردووە، شاری موسڵ دەکەوێتە ناو سنووری باشووری کوردستان، چونکە لە دیاریکردنی سنووری باشووری کوردستان (کوردستانی ژێردەستی

ئێراق)، مام جەلال سنوورەکە لە مەندەلی دەهێنێت لەگەڵ چیای حەمرین (کێوەسوور) درێژی دەکاتەوە لە دواییدا ڕووباری دیجلە دەبڕێت و لەوێشەوە بە هێڵێکی ڕاست بەرەو پارێزگای ئەسکەندەرونە دەڕوات. بە گوێرەی ئەو سنوور کێشانەی مام جەلال بۆ کوردستان، شاری موسڵ دەکەوێتە ناو کوردستان.

عومەر محەمەد کەریم، لە لاپەڕە (159)ی پەرتووکی (القضية الكوردية)داو بە پشتبەستنی بە لاپەڕە (331)ی پەرتووکی (كوردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى) لە نووسینی (دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد)دا نووسیویێتی: (ناوی ناوچە کوردییەکان لەو یاداشتەدا هاتووە کە لە لایەن حکومەتی ئێرانییەوە پێشکەش بە کۆنگرە کرابوو، کە داوای لکاندنی ناوچەیەکی فراوانی کوردی دەکرد بە ئێرانەوە، کە نزیکەی تەواوی ناوچە کوردییەکانی عوسمانی دەگرتەوە، هەتا داوای شاری موسڵ و ناوچەی دوورتریشی کردبوو، داواکارییەکانی ئێرانی زۆر دووربوون لە ڕاستی و بنەمای زانستی، بۆیە کۆنگرە تەنانەت چاویشی پێدا نەخشاند).

بەپێی ئەو ئاماژە پێکردنەی کە نووسەر عومەر محەمەد کەریم باسی کردووەو، بە پشت بەستنی بە مێژوونووسی ناوداری کورد دکتۆر کەمال مەزهەر، شاری موسڵ شارێکی کوردستانە، چونکە مێژوونووسی ناوبراو باسی ئەوەی کردووە کە دەوڵەتی ئێران لە یاداشتنامەکەی خۆیدا کە پێشکەش بە (کۆنگرەی ئاشتیی پاریس)ی کردبوو، داوای ناوچەیەکی زۆری کوردی کردبوو لە نێویاندا شاری موسڵ، مادام شاری موسڵ ناوچەیەکی کوردیی بێت، کەواتە دکتۆر کەمال ئەو شارە بە شارێکی کوردی و بەشێکی کوردستان دەزانێت، بۆیە بەمشێوەیە باسی دەکات.

دکتۆر جەزا تۆفیق تالیب، لە لاپەڕە (22)ی پەرتووکی (بایەخی جیۆپۆلەتیکیی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی ئێراق)داو، هەروەها لە لاپەڕە (17)ی پەرتووکی (المقومات الجيوپوليتكية للامن القومي في أقليم كوردستان)دا، وە بە پشت بەستنی بە وتارێکی دکتۆر ئازاد محەمەدئەمین نەقشبەندی، لەژێر ناوی (دەربارەی دەست نیشان کردنی سنووری کوردستان)، کە لە لاپەڕە (22)ی ژمارە (2)ی تەموزی (1994)ی (گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی)دا بڵاوکراوەتەوە، دکتۆر ئازاد نووسیویێتی: (سنووری کوردستانی ئێراق لە شاری بەدرەوە دەست پێدەکاو لەوێوە

سنوور بەرەو مەندەلی و شارەبان و بە تەنیشت چیای حەمرین دەڕوا تا لە دیجلە دەپەڕێتەوەو لە ڕۆژئاوای دیجلە وە بە تەنیشت چیای مەکحول و شەنگال دەڕوا تا دەگاتە سەر سنووری ئێراق – سوریا).

بەپێی ئەو ئاماژەیەی کە دکتۆر جەزا تۆفیق تالیب بە بۆچوونی دکتۆر ئازاد نەقشبەندی کردوویەتی، دکتۆر ئازاد شاری موسڵ بە بەشێک لە باشووری کوردستان دادەنێت، چونکە بە گوێرەی ئەو سنوورەی کە نووسەری ناوبراو بۆ کوردستانی کێشاوە، شاری موسڵ بە تەواوی دەکەوێتە ناو سنووری کوردستان، کاتێک کە باسی ئەوە دەکات سنوورەکە لە ڕووباری دیجلە دەپەڕێتەوەو لە ڕۆژئاوای ئەو ڕووبارە لەگەڵ چیای مەکحول و شەنگال درێژ دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی شاری موسڵ دەکەوێتە باکووری ئەو سنوورەوە.

دکتۆر جەزا تۆفیق تالیب، لە لاپەڕە (76)ی پەرتووکی (بایەخی جیۆپۆلەتیکیی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی ئێراق)داو، بە پشتبەستنی بە وتارێکی هەڵبەستوان و مێژوونووس ڕەفیق سابیر، لەژێر ناوی (ڕۆڵی کێشەی مەزهەبی لە لکاندنی کوردستانی خواروو بە ئێراقەوە) کە لە لاپەڕە (49)ی گۆڤاری نۆژەن، ژمارە (2)ی ساڵی (1992)دا کە لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانە بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت: (بەریتانیا هەوڵێکی ڕاستەقینەی بۆ لکاندنی کوردستانی باشوور بە ئێراقی عارەبەوە داو ستراتیژەکەی، پاش پەیمانی (1924)ی لۆزان، تێکهەڵکێش کردنی ویلایەتی موسڵ (کوردستانی باشوور) بوو لەگەڵ ئێراقدا بۆ ئەوەی هەمو سەرچاوەکانی نەوت بکەونە چوارچێوەی دەوڵەتی ماندێتە کراوی ئێراقەوە).

سەرەتا پەیمانی لۆزان لە (24.7.1923)دا بووە نەک ساڵی (1924). دواتر بە بۆچوونی دکتۆر جەزا تۆفیق تالیب، شاری موسڵ شارێکە لە باشووری کوردستان، چونکە نووسەری ناوبراو باشووری کوردستان بە ویلایەتی موسڵ ناودەبات و بە یەک خاک و یەکسانیان دەزانێت، مادام باشووری کوردستان لەگەڵ ویلایەتی موسڵ هەر هەمان خاک بن، کەواتە تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵ-ی پایتەختەوە، شاری باشووری کوردستان-یشن.

سەلام ناوخۆش، لە لاپەڕەکانی (3-4)ی ئەو پێشەکییەی کە بۆ پەرتووکی (کرنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ 1918-1926) لە نووسینی (دکتۆر میم کەمال ئۆڤە)دا نووسیوێتی، دەڵێت: (ساڵی (1539) موسڵ وەک مەڵبەندێکی ویلایەتی عوسمانی سەربەخۆ بووە، ئەمەش لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا کە مێژووەکەی بۆ ساڵی (1539-1540) دەگەڕێتەوە دەردەکەوێت. هەروەها لەو بەڵگەنامەیەدا سنووری ویلایەتی موسڵ بەمشێوەیە دیاریکراوە: ویلایەتی دیاربەکر لە باکوور، ویلایەتی شارەزوور لە خۆرهەلات، ویلایەتی بەغدا لە باشوور و ویلایەتی ریقە لە خۆرئاوا).

بە گوێرەی بۆچوونەکەی نووسەر سەلام ناوخۆش، شاری موسڵ شارێکی باشووری کوردستانە، چونکە نووسەر شارەکە بە مەڵبەندی ویلایەتێکی عوسمانی ناودەبات، هەموو لایەکیشمان دەزانین کە عوسمانییەکان لە ڕێگەی داگیرکردنەوە دەستیان بەسەر ویلایەتی موسڵ-دا گرت و، لە ڕابردووشدا عوسمانییەکان خۆیان لەسەر نەخشەی ویلایەتەکە نووسیویانە کوردستان، پاشان لە دەستنیشان کردنی سنووری ویلایەتی موسڵدا، شاری موسڵ لە چوارچێوەی سنووری ویلایەتەکەدایە، نەک لە سنووری ویلایەتی بەغدا.

سەلام ناوخۆش، لە لاپەڕە (4)ی پەرتووکی (کرنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ (1918-1926)دا، لە نووسینی مێژوونووسی تورک (پرۆفیسۆر دکتۆر میم کەمال ئۆڤە)و، بە پشت بەستنی بە ژمارەکانی (2) و (3)ی گۆڤاری (ئالای ئیسلام) لاپەڕە (22)، نۆڤێمبەری 1995، وتاری (الفیدرالیة الاسلامیة ووحدة العراق)دا لە نووسینی (هیوا)دا، دەڵێت: (ساڵی 1879 ویلایەتی موسڵ بریتی بوو لە سێ لیوا، هەر لیوایەکیش لە چەند قەزایەک پێکهاتبوو، بەم جۆرە:-

1- لیوای موسڵ: موسڵ-ئامێدی-زاخۆ-دهۆک-ئاکرێ-سنجار.
2- لیوای کەرکوک: کەرکوک-ڕواندز-کۆیە-ڕانیە-هەولێر-کفری.
3- لیوای سلێمانی: گوڵعەنبەر-مەعمور حەمید-بازیان-شارباژێڕ-جاف).

بە گوێرەی ئەو پێکهاتەیەی بەڕێوەبەرێتی شارەکانی باشووری کوردستان یاخود ویلایەتی موسڵ لە ساڵی (1879)دا، کە نووسەر سەلام ناوخۆش ئاماژەی پێکردووە، هەر کەسێک سەیری پێکهاتەی بەڕێوەبەرێتی شاری موسڵ بکات،

یەکسەر هەست بەوە دەکات کە ئەو شارە شارێکی کوردیی و بەشێکی کوردستان بووە.

سەلام ناوخۆش، لەو پێشەکیەی کە لە لاپەڕە (5)دا کە بۆ پەرتووکی (کرنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ 1918–1926)دا، لە نووسینی (دکتۆر میم کەمال ئۆڤە)دا نووسیویێتی، دەڵێت: (کوردستانی خواروو ناوی ویلایەتی موسڵ بووە، هەرچی وڵاتی عارەبانیش بووە، ئەوا بە ویلایەتی بەغدا و بەسراوە ناسراون، لە سەردەمی دەسەڵاتی ئینگلیزیشدا ئەوا ئێراق ناسرابوو بە میسۆپۆتامیا و وڵاتی نێوان دوو زێ. ویلایەتی موسڵیش پێی دەوترا مسیۆپۆتامیای سەروو).

بەپێی بۆچوونەکانی نووسەر سەلام ناوخۆش، شاری موسڵ شارێکە لە باشووری کوردستان، چونکە نووسەر باشووری کوردستان و ویلایەتی موسڵ هەر بە یەک خاک و یەک ناوچەی جوگرافی دادەنێت، کەواتە تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ هەر هەمان شارەکانی باشووری کوردستانن.

سەلام ناوخۆش، لە لاپەڕە (8)ی ئەو پێشەکییەی کە بۆ پەرتووکی (کرنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ 1918–1926) لە نووسینی (دکتۆر میم کەمال ئۆڤە)دا نووسیویێتی، دەڵێت: (لێرەدا دووبارە ئەو پرسیارە دەکەینەوە بۆچی لە کاتێکدا ئینگلیز پێش ئەوەی فەیسەڵ بکا بەشای ئێراق، شێخ مەحمودی کردە فەرمانداری کوردستان و لە پاشانیش دۆزەکە سەرەوگێڕ بۆوە، لە بریتی دەوڵەتی کوردی لە ویلایەتی موسڵ دابمەزرێ، ئەو ویلایەتە بێ پرسی کوردان کرا بە بەشێک لە ئێراقی عارەبی).

ئەوەی نووسەر سەلام ناوخۆش نووسیویێتی، کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە لە لایەک نووسەر باسی ئەوە دەکات کە ئینگلیزەکان دەبوایە دەوڵەتێکی کوردییان لە ویلایەتی موسڵ دامەزراندایەو، لەلایەکی تریشەوە باسی ئەوە دەکات کە بەبێ پرس و خواستی کوردان ویلایەتی موسڵ خرایە سەر ئێراق، ئەمانەش هەر دووک مانای کوردبوون و کوردستانیی بوونی شارەکە دەگەیەنن، چونکە کە دەڵێت دەبوایە دەوڵەتی کوردی لە ویلایەتی موسڵ دامەزرایە، مانای وایە خاکی ویلایەتەکە خاکی کوردە و سەر بە کوردستانە،

کاتێکیش کە باسی ئەوە دەکات کە بە بێ پرس و خواستی کوردەکان ویلایەتی موسڵ خراوەتە سەر ئێراق، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ویلایەتەکە خاک و نیشتمانی کوردە بۆیە دەبوایە پرسی پێ بکرایە.

سەلام ناوخۆش، لە لاپەڕە (10)ی ئەو پێشەکییەی کە بۆ پەرتووکی (کرنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ 1918-1926)دا، لە نووسینی (دکتۆر میم کەمال ئۆڤە)دا نووسیویێتی، دەڵێت: (ئەوەی ئێستا پێی دەوترێ ئێراق، لە سەردەمی عوسمانییەکاندا لە سێ ویلایەت پێکهاتبوو، ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان)، ویلایەتی بەغدا (ویلایەتی عارەبی سونی) و ویلایەتی بەسرا (ویلایەتی عارەبی شیعە) بوو).
بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر سەلام ناوخۆش، شاری موسڵ یەکێکە لە شارەکانی باشووری کوردستان، چونکە نووسەر لە لایەک باسی ئەوە دەکات کە ویلایەتی موسڵ جیاو سەربەخۆ بووەو هیچ پێوەندییەکی بە ئێراق و بە عارەبەوە نەبووە، لەلایەکی تریشەوە باشووری کوردستان بە ویلایەتی موسڵ ناودەبات و بە یەک خاک و یەکسانیان دەزانێت، مادامیش هەر دووکیان هەر یەک خاک بن، کەواتە تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ لە نێویاندا شاری موسڵ، شاری سەر بە باشووری کورساتان-یشن.

سەلام ناوخۆش، لە لاپەڕە (12)ی ئەو پێشەکییەی کە بۆ پەرتووکی (کرنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ 1918-1926)دا، لە نووسینی (دکتۆر میم کەمال ئۆڤە)دا نووسیویێتی، دەڵێت: (لەو چەند لاپەڕەیەدا ئەوە دەخوێندرێتەوە کە لە ڕووی مێژووییەوە ئەوەی عوسمانییەکان پێیان دەگوت ویلایەتی موسڵ وڵاتی دێرینی کوردانە و، تورک و عارەب هەر یەکەی بەبێ بەڵگەی مێژوویی هەوڵیانداوە دیمۆگرافیای ئەو شوێنە بگۆڕن).
ئەوەی نووسەر سەلام ناوخۆش لە سەرەوەدا باسی کردووە، ئاماژەکردنە بە کوردستانیی بوون و کوردبوونیی شاری موسڵ، چونکە لە لایەک نووسەری ناوبراو باسی شێواندنی باری دیمۆگرافیای ویلایەتی موسڵ-یان داوە، لەلایەکی تریشەوە نووسەر تەواوی ویلایەتی موسڵ بە وڵاتی کوردان دادەنێت. کاتێک کە

ویلایەتەکە وڵاتی کوردان بێت، گومانیش لەوەدا نامێنێت کە پاتیەختی وڵایەتەکە (شاری موسڵ) ئەویش وڵاتی کوردان و بەشێکە لە خاکی کوردستان.

سەلام ناوخۆش، لە لاپەڕە (78)ی پەرتووکی (هۆکارەکانی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە ئێراقی عارەبییەوە)دا، سەبارەت بە شاری موسڵ نووسیویێتی: (لە سەردەمی فەرمانداری عوسمانییەکانیش کوردستانی باشوور دووبەش بووە هەندێکیش سەر بە ویلایەتی شارەزوور بووە لەپاشان لە ساڵی (1879) هەر دوو بەش کران بە بەشێک لە ویلایەتی موسڵ).
بە بۆچوونەکانی نووسەر سەلام ناوخۆش، شاری موسڵ شارێکی باشووری کوردستانە، چونکە نووسەر باسی ئەوەی کردووە کە باشووری کوردستان لە سەردەمی عوسمانییەکانداو لە ساڵی (1879)دا کوردستان دووبەش بووە، بەشێکی سەر بە ویلایەتی شارەزوور بووەو بەشەکەی تریشی لەسەر ویلایەتی موسڵ بووە. ئەوەی کە نووسەر ئاماژەی پێکردووە، بۆمانی دەردەخات کە هەر دوو بەشەکە ویلایەتەکانی شارەزوورو موسڵ هەر کوردستان بووینە، کەواتە شاری موسڵ شارێکە لە باشووری کوردستان.

سەلام ناوخۆش، لە لاپەڕە (81)ی پەرتووکی (هۆکارەکانی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە ئێراقی عارەبییەوە)دا نووسیویێتی: (گیانی فراوانخوازی هەر دوو نەتەوەی تورک و عارەب لە لایەک هەروەها بە حوکمی ئەوەی بیری نەتەوەپەرستی عارەبی و تورکی بیرێکی دوو رەگی‌و ئیمپریالیستییانەیە، ئەو دوو هۆکارە وای لێکردوون لەسەر وڵاتی کوردان – ویلایەتی موسڵ – دەگەڵ یەک بکەونە ململانێ).
بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر سەلام ناوخۆش، دیسان شاری موسڵ شارێکە لە باشووری کوردستان، چونکە نووسەری ناوبراو باسی گیانی فراوانخوازی و بیری ئیمپریالیستییانەی نەتەوەکانی تورک و عارەب دەکات کە وای لەو دوو نەتەوە کردووە لەسەر وڵاتی کوردان (ویلایەتی موسڵ) بکەونە ململانێی یەکتر، مادام نووسەر ویلایەتی موسڵ بە وڵاتی کوردان ناودەبات، کەواتە پایتەختی ویلایەتەکەش کە شاری موسڵ–ە بەشێکە لە وڵاتی کوردان و خاکی کوردستان.

سەلام ناوخۆش، لە لاپەڕەکانی (13-14)ی پەرتووکی (دراسة سیاسیة حول إحتلال وتقسیم کوردستان))دا، نووسیویەتی: (لە بەشی شەشەمدا لێکۆڵینەوەکە دۆزی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە ئێراقی عارەبی دەگرێتە خۆو، هۆکارەکانی نەوت، شوێنگەی جیۆپۆلیتیکی و ئایینزایی چۆن ئەو هۆکارانە ڕۆڵی سەرەکیان بینی لە لکاندنی ئەو بەشەی کوردستان بە ئێراقەوە).

بە بۆچوونی نووسەر سەلام ناوخۆش، ویلایەتی موسڵ بە تەواوی شارەکانییەوە (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) بەشێکن لە کوردستان، چونکە نووسەری ناوبراو لە باسی هۆکارەکانی لکاندنی ویلایەتی موسڵ، باسی ئەوە دەکات کە نەوت بۆتە هۆکاری لکاندنی ئەو بەشەی کوردستان بە ئێراقەوە، کەواتە نووسەر تەواوی ویلایەتی موسڵ بە بەشێکی کوردستان دادەنێت.

سەلام ناوخۆش، لە لاپەڕە (71)ی هەمان سەرچاوەی پێشوو، دەڵێت: (ئینگلیزەکان بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەدەستهێنا بە ڕێگایەکی دیبلۆماسییانە لە کۆنگرەی (سان ڕیمۆ) لە ساڵی (1920)، بە زاڵبوونی تەواویان بەسەر ویلایەتی موسڵ (کوردستانی باشوور)و وەرگرتنی ئەو وڵاتە بۆ خۆیان لە فەرەنسا).

بە گوێرەی بۆچوونی نووسەر سەلام ناوخۆش، شاری موسڵ و تەواوی ویلایەتی موسڵ بەشێکن لە کوردستان، چونکە نووسەر ویلایەتی موسڵ بە یەک خاک و یەک ناوچەی جوگرافی و بە یەکسان دەزانێت لەگەڵ باشووری کوردستان. کاتێکیش کە یەک خاک بن و یەکسان بن، کەواتە شاری موسڵ وەکو شارێکی سەر بە ویلایەتی موسڵ، شارێکی سەر بە باشووری کوردستان-یشە.

سەلام ناوخۆش، لە لاپەڕە (129)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، نووسیویێتی: (بەڵام دەربارەی ئەو عارەبانەی کە کەوتبوونە ژێر منداتی ئینگلیزی، ئەوان هەڵسان بە دامەزراندنی چەندان پارتی ڕامیاری هەروەکو پارتی نیشتمانیی ئێراقی، پارتی ئێراقی سەربەست، پارتی پێشکەوتووخواز، پارتی گەل، پاری برایەتی نیشتمانیی و کۆمەڵەی ئەهالی. وە بەهۆی دامەزراندنی ئەو پارتانە لەسەر بنچینەی دەمارگیری نەتەوەیی عارەبی، ئەوانە هەموویان بەو چاوە دەیانڕوانییە دۆزی لکاندنی ویلایەتی

موسڵ هەروەک کێشەیەکی ئاسایی، لەبەر ئەوەی ئەوان ئەو بەشە دابڕاوە بەزۆرەی کوردستانیان، بە بەشێکی تەواوکەری خاکی ئێراق دەزانی).

بە بۆچوونی نووسەر سەلام ناوخۆش، شاری موسڵ شارێکە لە باشووری کوردستان، چونکە نووسەر باسی ئەوە دەکات کە پارتە ڕەگەزپەرستەکانی عارەبی لە ئێراق وەکو کێشەیەکی ئاسایی سەیری کێشەی لکاندنی ویلایەتی موسڵ-یان دەکرد، ئەویش لەبەر ئەوەی عارەبەکان ئەو بەشەی کوردستان (ویلایەتی موسڵ)یان بە بەشێک لە خاکی عارەب و ئێراق دەزانی. دانانی ویلایەتی موسڵ بە بەشێک لە کوردستان لە لایەن نووسەر سەلام ناوخۆش-ەوە، کوردستانی بوون و کوردبوونیی شاری موسڵ و تەواوی ویلایەتەکە دەگەیەنێت.

سەلام ناوخۆش، لە وتارێکیدا کە لە لاپەڕە (3)ی ژمارە (207)ی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (6.9.2005)ی ڕۆژنامەی (میدیا)دا لەژێر ناوی (سوننە کێن؟)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (لە سەردەمی عوسمانیدا، ئێراقی ئێستا بریتی بوو لە ویلایەتی موسڵ (کورد) ویلایەتی بەغدا- سوننە و ویلایەتی بەسرا- عارەبی شیعە. بێگومان لەسەر ئاستی ئەتنیکی، ڕێژەی عارەب لە کورد زیاترەو لەسەر ئاستی تایفەیش عارەبی شیعە لە عارەبی سوننە زیاتر بوون، دامەزراندنی ئێراقی عارەبیش بێ ویلایەتی موسڵ ئێراقێکی شیعەی لێ دەردەچوو، نەک هەر لە کەنداو بەڵکو لە ڕۆژهەڵاتی ناوینیش، جا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی و دەسکەوتەکانی شەڕی جیهانی، ئینگلیز هەتا دانی بە بڕیاری -کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبة الامم)- نەنا کە بە ئاشکرا دان بەوە دەنێ ویلایەتی موسڵ نەک هەر لە ڕووی ڕەگەزییەوە بەڵکو لە ڕووی جوگرافی و کەشناسییشەوە لە هەر دوو ویلایەتەکەی تر جودایە. جا بۆ ئەوەی هەڕەشەی شیعە لە ناوچەکەدا کەم بکاتەوە، ئینگلیز ویلایەتی موسڵی خستە سەر هەر دوو ویلایەتەکەی دیکە، بەم شێوەیەش کورد، کە زۆربەی هەرە زۆری شافیعی سوننە مەزهەبن بوون بە پارسەنگێک بەرانبەر بە شیعە).

بە گوێرەی ئەو ئاماژە پێکردنەی کە نووسەر سەلام ناوخۆش لە سەرەوەدا نووسیویێتی، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و بەشێکە لە باشووری کوردستان، چونکە نووسەر ویلایەتی موسڵ بە ویلایەتێکی کوردی ناودەبات، مادام ویلایەتەکە

ویلایەتێکی کوردی بێت، کەواتە تەواوی شارەکانی ئەو ویلایەتە بە شاری موسڵ-یشەوە شاری کوردین و بەشێکن لە خاکی کوردستان.

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە لاپەڕە (84-85)ی بەشی سێیەمی پەرتووکی (البارزاني والحركه التحرريه الكورديه)دا، نووسیویێتی: (یەکێ لە داواکارییەکانی شۆڕشی کوردستان کە لە (5)ی ئازاری 1963دا پێشکەش بەو شاندە گەلییەی کە حکومەتی ئێراق بۆ کوردستانی ناردبوو و پێکهاتبوون لە (محەمەد ڕەزا شبیبی، لە (بەرەی گەل - الجبهة الشعبية)، فائق سامەڕائی، لە (پارتی سەربەخۆیی - حزب الاستقلال)، حوسێن جەمیل، لە (پارتی نیشتمانیی دیموکراتی - الحزب الوطني الديمقراطي)، فەیسەڵ حەبیب خەیزەران، لە (پارتی بەعسی دەسەڵاتدار – حزب البعث الحاكم)، دکتۆر عەبدولعەزیز دوری، لە (ناسیۆنالیستە عارەبەکان – القوميين العرب)و زەید ئەحمەد عوسمان، کەسایەتی کوردی ناسراو)، دیاریکردنی سنووری کوردستان بوو کە لە خاڵی دوودا بەم شێوەیە باسی دەکات (2- سنووری کوردستان: لە باکورەوە تورکیا، ڕۆژهەڵات ئێران، ڕۆژئاوا سوریا و باشووریش چیای حەمرین).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی بارزانی و داواکارییەکانی شۆڕشی ئەوکاتی کوردستان، شاری موسڵ وەکو پارێزگایەک بە تەواوی دەکەوێتە ناو سنووری باشووری کوردستان، چونکە کاتێک کە سەرکردایەتی کورد داوا دەکات سنووری کوردستان لە ڕۆژئاواوە سوریا بێت، ئەوە هیچ گومانێک ناهێڵێتەوە کە موسڵ بە بەشێک لە کوردستان دانراوە.

ئاسۆ گەرمیانی، لە لاپەڕە (32)ی پەرتووکی (دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ یان سیستمێکی فیدرالی؟)دا دەنووسێت: (ئەیووبییەکان تیرەیەکی کوردن، ئەوکاتە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ژیاون. لە سەدەی دوانزەیەمدا، یەکێک لە ناودارانی ئەو سەردەمەیان، بە ناوی –نوورەدین مەحموود-ەوە، دەوڵەتی زەنگیی لە ناوچەی (کەرکوک، موسڵ و حەلەب)دا دامەزراند).

ئەوەی کە نووسەر ئاسۆ گەرمیانی لە سەرەوەدا ئاماژەی پێکردووە، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو باسی ئەوە

دەکات کە (نورەددین مەحمود)ی ئەییووبی دەوڵەتی (زەنگی) کوردی لە شارەکانی (کەرکوک، موسڵ و حەلەب)دا دامەزراندووە، کەواتە شاری موسڵ بەشێک بووە لە دەوڵەتی زەنگی کوردی.

ئاسۆ گەرمیانی، لە لاپەڕەکانی (144-145)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (هاتنی ئەو کۆمیسیۆنانەی وەک (کۆمەڵەی نەتەوەکان) و کۆمیسیۆنی ئینگلیز و کۆمیسیۆنی تورکە عوسمانییەکان، بە ڕاپۆرتی فەرمی ئەوەیان ڕوون کردۆتەوەو خستۆتە لاوە کە خاکی کوردستان بە ویلایەتی موسڵ-ەوە لەگەڵ سەرژمێریی ناوچەکاندا زۆربەی زۆریان کوردنشینن).
ئەوەی نووسەر ئاسۆ گەرمیانی باسی دەکات، کوردبوون و کوردستانێتیی شاری موسڵ و تەواوی ویلایەتی موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەر باسی ئەوە دەکات کە چەندان کۆمیسیۆن ئەوەیان یەکلا کردۆتەوە کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی خاکی کوردستان بە ویلایەتی موسڵ-ەوە کوردنشینن. مادام نووسەر نووسیویێتی: (خاکی کوردستان بە ویلایەتی موسڵ-ەوە کوردنشینن)، کەواتە ئەو ویلایەتی موسڵ-یش هەر بە بەشێکی خاکی کوردستان دەزانێت.

مێژوونووس و کوردناسی بەناوبانگی فەرەنسی، کریس کۆچێرا، لە لاپەڕە (9)ی پەرتووکی (مێژووی کورد لە سەدەی 19-20)دا، لە وەرگێڕانی محەمەد ریانی، وەرگێڕ نەخشەیەکی کوردستانی گەورەی لە دیدی ئەمین عەلی بەدرخانی میری بۆتان (1821-1847) بڵاوکردۆتەوە، بە گوێرەی دیدو بۆچوونەکانی میری بۆتان، موسڵ وەکو شار و پارێزگا بەشێک لە کوردستان پێکدەهێنێت).
بە گوێرەی ئەو نەخشەیەی کە وەگێڕی پەرتووک محەمەد ریانی، بەپێی بۆچوونی میری بۆتان میر ئەمین عالی بەدرخان کێشاوێتی، کوردبوون و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە موسڵ وەکو شار و پارێزگا دەکەوێتە ناو سنووری کوردستانە وە. نەخشەکە لە کۆتایی ئەو بەشەدا دانراوە.

دکتۆر یەحیا خەشاب، مێژوونووسی عارەبی میسری، لەو پێشەکییەی کە بۆ چاپی عارەبی پەرتووکی (شەرەفنامە)ی نووسیوە، لە لاپەڕە (128)ی سەرچاوەی

ناوبراودا نەخشەی کوردستانی سەردەمی شەرەفخانی بڵاوکردۆتەوە. لەم نەخشەیەدا شارەکانی (کەرکوک، موسڵ، هەولێر، سلێمانی، دهۆک و دیالە) دەکەونە نێو سنووری باشووری کوردستان. نەخشەکە لە کۆتایی ئەو بەشەدا دانراوە.

بە گوێرەی ئەو ئاماژەیەی کە نووسەر و مێژوونووسی عارەب یەحیا خەشاب، بە نەخشەی کوردستانی سەردەمی شەرەفخانی بەدلیسی کردووە، شاری موسڵ وەکو شار و پارێزگا بەشێکە لە کوردستانی گەورە.

شەرەفخانی بەدلیسی، لە لاپەڕە (81–82)ی (شەرەفنامە)دا چاپی عارەبی نووسیویێتی: (کوردستان لە باکوورەوە درێژ دەبێتەوە بەرەو چیای ئارارات کە دەبێتە لەمپەرێکی سنووری جوگرافی و ڕامیاری نێوان ئێران، روس، تورکیا و سنووری نیشتمانی و ڕەگەزایەتی کورد و فارس و ئەرمەن، تا دەگاتە چیاکانی حەمرین کە ئێراقی عارەبی (ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرا) لە ئێراقی کوردی یان کوردستانی ئێراق (ویلایەتی موسڵ)ی پێشوو جیادەکاتەوە. وە لە خۆرهەڵاتەوە لەوسەری لوڕستانەوە لە وڵاتی عەجەم دەست پێدەکات و بەرەو خۆرئاوا دێت تا دەگاتە ویلایەتی مەلاتیە لە تورکیا).

بە بۆچوونەکانی مێژوونووسی ناودارو بەرزی نەتەوەکەمان شەرەفخانی بەدلیسی، شاری موسڵ بە تەواوی بەشێکی دانەبڕاوە لە کوردستان، چونکە مێژوونووسی ناوبراو لە دەستنیشان کردنی سنووری نێوان کوردستان و ئێراقدا، لە لایەک کێوەسوور، زنجیرە (چیاکانی حەمرین) بە جیاکەرەوەی ئێراقی عارەبی لە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) دادەنێت، کە ئەمەش بە نزیکەی (245) کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری شاری موسڵ، لەلایەکی تریشەوە ئەو ئێراقی عارەبی بە ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرا ناودەبات و، ئێراقی کوردی یان باشووری کوردستان بە ویلایەتی موسڵ ناودەبات، کەوایە ئەو دوو خاکە زۆر لێک جیاوازن و پێش لکاندنی زۆرەملێیانەی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بە ئێراقی عارەبییەوە لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا، هیچ پێوەندییەکیان بە یەکەوە نەبووە.

خەسرەو گۆران، بەرپرسی لقی (14)ی پارتی دیموکراتی کوردستان و جێگری پارێزگاری موسڵ، لە لاپەڕە (6)ی پەرتووکی (کورد لە پارێزگای مووسڵ)دا دەڵێت: (دەوڵەتی مەڕوانی کوردی (990-1096) زایینی کە پایتەختەکەی دیاربەکر و فارقین بووە دەسەڵاتەکەی کوردستانی تورکیا و ئێراقی ئەمڕۆی دەگرتەوە تا مووسڵ).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر خەسرەو گۆران شاری موسڵ هەر زۆر لە کۆنەوە لەژێر دەسەڵاتی کورددا بووەو، بەشێک بووە لە خاکی کوردستان، هەروەکو نووسەر ئاماژەی بە فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتی مەڕوانی کوردی کردووە، کە لە ساڵی (990-1096)دا فەرمانڕەوا بووینە واتە مەڕوانییەکان بۆ ماوەی (106) ساڵ فەرمانڕەواییتیی کوردستان و موسڵ-یان کردووە. ئەمەش کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە ئەو شارە بەشێک بووە لە خاکی وڵاتی مەڕوانییەکان.

خەسرەو گۆران، لە لاپەڕە (33)ی هەمان پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (لە ساڵی 1930 پارێزگای موسڵ بەمشێوەیە بوو: قەزاکانی موسڵ: موسڵ، دهۆک، زاخۆ، ئامێدی، زێبار، تەلەعفەر، شەنگار، شێخان و ئاکرێ).

بە گوێرەی ئەو ئامەژە پێکردنەی خەسرەو گۆران بە پێکهاتەی بەڕێوەبەرێتی پارێزگای موسڵ، بە بێ هیچ گومانێک بۆمان دەردەکەوێت کە تەواوی پارێزگای موسڵ پارێزگایەکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە تەواوی قەزاکانی پارێزگاکە قەزای کوردین و هەر چواردەوری شارەکەیان داوە، ناشکرێت لەو ناوەڕاستەدا شاری موسڵ بە تەنیا شارێکی عارەبی بێت، مادام چوار دەورەکەی هەمووی شاری کوردیی و خاکی کورد بێت، بۆیە شاری موسڵ وەکو شار و پارێزگا بەشێکن لە باشووری کوردستان.

خەسرەو گۆران، لە لاپەڕەکانی (41-42)ی پەرتووکی ناوبراودا نووسیویێتی: (ئەگەر بێت و ڕاوەرگرتنێک لە خودی شاری موسڵ-دا ئەنجام بدرێت و تیایدا خەڵکی بتوانن بە شێوەیەکی ئازادانە بۆچوونی خۆیان دەرببڕن ئەوا دەردەکەوێت

که نزیکەی نیوەی دانیشتوانی خودی موسڵ کوردن و، جگە لە کەناری چەپی موسڵ، دانیشتوانی باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای موسڵ کوردن).

ئەوەی کە خەسرەو گۆران باسی دەکات، کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو ئاماژەی بەوە کردووە کە جگە لە کەناری چەپی موسڵ، دانیشتوانی باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای موسڵ کوردن. هەموو لایەکیشمان باش دەزانین کە لە ڕێگەی بە عارەبکردنەوە کەناری ڕاستی شاری موسڵ وای لێهات عارەبی زۆرتر بێت، ئەگینا عارەب لە کۆنەوە هەر نەبووینە لەو شارەداو، دواتریش عارەب تا سەرەتای سەدەی بیستەم هەردەم کەمینەیەکی زۆر کەم بووینە لەچاو کوردی شارەکە.

دیڤید ماکداول، لە لاپەڕە (365)ی بەرگی یەکەمی پەرتووکی (مێژووی هاوچەرخی کورد)داو، بە پشتبەستنی بە ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان ژمارە (6)ی ڕێکەوتی (12)ی تشرینی دووەمی (1922)دا، کە لە لاپەڕە (87)ی (ڕۆژنامەیەکی کوردی) لە نووسینی ئەدمۆندز وەریگرتووە، نووسیوێتی: (کاتێ پرسی موسڵ لە لۆزان خرایە بەرباس و لێکۆڵینەوە، سەرنووسەری ڕۆژنامە، محەمەد نوری، بە شێوەیەکی نەتەوە پەروەرانە نووسی: (کاتێ دانیشتوانی موسڵ بە شێوەیەکی گشتی کورد بن، بۆچی خەڵکی دەرەوەی ناوچەکە دەبێ داوای گەڕانەوە یان پاراستنی ویلایەتەکە بکەن؟ تورکەکان، عارەبەکان، ئاشووری‌یەکان پێگەی بانگێشە کردنەکانیان لەسەر بنچینەی ژمارەیەکی کەمی دانیشتوانەکانیان بنیات دەنێن... داوایەک کە ئێمە لە کۆنفرانسی (لۆزان)مان هەیە هەر لەسەر بنەمای پاراستنی کەمایەتییەکی دانیشتوانی ویلایەت بنیات نەنراوە، ئەمە هەقی میللەتێکی گەورەیە لە ژیان کە بیەوێ دەوڵەتی خۆی هەبێ).

سەرەتا دکتۆر کەمال مەزهەر، لە لاپەڕە (179)ی پەرتووکی (كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير)دا هەمان شتی سەرەوەی نووسیوە، بەڵام نووسیوێتی: ڕۆژی کوردستان، ژمارە (6)، ڕێکەوتی (27)ی کانونی یەکەمی ساڵی (1922). من پێم وایە ئەو بەروارەی دکتۆر کەمال مەزهەر ڕاستترە لەوەی دیڤید ماکداول، بۆیە بە پێویستم زانی ئاماژە بەوەی (دکتۆر کەمال مەزهەر)یش بکەم. دواتر بە بۆچوونی سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان (محەمەد نوری)، ویلایەتی موسڵ و

شاری موسڵ خاکی کوردن و بەشێکن لە باشووری کوردستان، چونکە نووسەری ناوبراو دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ بە کورد دادەنێت، بەڵام ئەوانەی کە داوای ئەو ویلایەتە دەکەن (تورک، عارەب و ئاشووری) هەموویان دانیشتووی دەرەوەی ویلایەتی موسڵ-ن. ئەو ئاماژە کردنەی سەرنووسەری ڕۆژی کوردستان، دەریدەخات کە تەواوی ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵ-یشەوە خاکی کورد و بەشێکن لە کوردستان.

مێژوونووسی بەناوبانگی کورد، دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد لە لاپەڕە (139)ی پەرتووکی (كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير)دا، نووسیویێتی: (دانیشتوانی موسڵ دەنگیاندا لە بەرژەوەندی شا فەیسەڵ بە مەرجێک کە مافە نەتەوەییەکەیان مسۆگەر بکرێت، هەروەها بەشێکیان دەنگیاندا بە مەرجی بەردەوامبوونی ئینتیدابی بەریتانی).

کاتێک کە مێژوونووسێکی بەناوبانگی وەکو دکتۆر کەمال مەزهەر، باسی ئەوە دەکات کە دانیشتوانی موسڵ بە مەرجی ئەوە دەنگیان بۆ (شا فەیسەڵ)دا کە مافی نەتەوایەتیان دابین بکرێت، ئەوە یەکسەر بۆمان دەردەخات کە نەتەوەی دانیشتووی ویلایەتی موسڵ (کورد) جیا بووینە لە دانیشتوانی ئێراق (عارەب). مادامیش دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ کورد بن، کەواتە گشت شارەکانی ویلایەتەکەش شاری کوردین و بەشێکن لە کوردستان.

حیلمی عەلی شەریف، نووسەر و کەسایەتی ڕامیاری ناسراو، لە لاپەڕە (145)ی پەرتووکی (دوو لێکۆڵینەوەی سیاسی نەتەوە چیەو چۆن نەتەوەی کورد پێکهاتووە؟)دا نووسیویێتی: (ئینگلیز و فەرەنسا لەتەک تورکە کەمالییەکانا بەپێی ڕێککەوتننامەی لۆزان دەستیان لە هەموو بڕیارو بەڵێنێک هەڵگرت و تورکە کەمالییەکان کوردستانی باکووریان خستە سەر خاکی تورک و کوردستانی باشووریش کە بە ویلایەتی موسڵ بەناوبانگ بوو لەتەک ویلایەتی بەغدا و ویلایەتی بەسرادا ئێراقی ئێستای لێ پێک هێنرا).

ئەوەی کە نووسەر حیلمی عەلی شەریف باسی دەکات، کوردستانێتیی و کوردێتیی شار و ویلایەتی موسڵ بە تەواوی دەگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو باشووری

کوردستان بە یەکسان و هەر بە یەک خاک لەگەڵ ویلایەتی موسڵ دادەنێت، مادامیش هەر یەک خاک و یەکسان بن، کەواتە تەواوی شارەکان و خاکی ویلایەتی موسڵ شار و خاکی باشووری کوردستانن بە شاری موسڵ-یشەوە.

دکتۆر ئەحمەد عوسمان، مامۆستای مێژوو لە زانکۆ، لە لاپەڕە (20)ی پەرتووکی (کوردستان لە سەردەمی ئاشتیدا)دا نووسیویێتی: (ویلایەتی موسڵ، یان کوردستانی باشوور، کەوتە بەر کاریگەرییەکی زۆری ناوچەی دەستەڵاتەوە (نفوذ)ەوە کە لە دواییدا کارێکی زۆری تێکرد، بە پێچەوانەشەوە .. دۆزی نەوت کەوتە ژێر کاریگەری ناوچەی دەستەڵاتەوە (نفوذ)ەوە).
بە بۆچوونی دکتۆر ئەحمەد عوسمان، باشووری کوردستان و ویلایەتی موسڵ هەر یەکن‌و هیچ جیاوازییەکیان نییە، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵ-ی پایتەختی ویلایەتەکە، شاری باشووری کوردستان-یشن.

دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، لە لاپەڕە (33)ی پەرتووکی (کورد و کوردستان لە کۆمەڵە وتارێکی مێژووییدا) نووسیویێتی: (کوردستانی باشوور (ویلایەتی موسڵ) کە بووە بەشی بەریتانیا دەبووایە بەڕاستی ئەوە چارەنووسی با، کەوتە ژێر ماندات دوای ئەوە خرایە سەر ئێراق).
بە گوێرەی بۆچوونەکانی مێژوونووس دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و بەشێکە لە باشووری کوردستان، چونکە مێژوونووسی ناوبراو باشووری کوردستان بە ویلایەتی موسڵ ناودەبات و بە یەک خاکیان دەزانێت، مادام باشووری کوردستان و ویلایەتی موسڵ هەر یەک خاک بن، کەواتە تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ، شاری باشووری کوردستان-یشن.

دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، لە لاپەڕە (37)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا دەڵێت: (شاندەکە (شاندی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە بە سەرکردایەتی کۆنت تیلکی لە کانوونی دووەمی (1925)دا گەیشتە موسڵ) لە لێکۆڵینەوەکانیدا بایەخێکی زۆر زۆری بە بۆچوونی خەڵکی کورد لە بەرانبەر ئەو زرنگکارییانەی کە

دەبوا لە وڵاتەکەیان پەیڕەو بکرێ، بە تایبەتیش سەبارەت بە چارەسەرێکی باشی پرسی کوردستانی باشوور (ویلایەتی موسڵ).

ناوبردنی کوردستانی باشوور بە ویلایەتی موسڵ لە لایەن مێژوونووس دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، مانای وایە هەر دووک یەکسانن و هەر یەک شوێنی جوگرافین، مادامیش هەر یەک بن و یەکسان بن، کەواتە شارەکانی ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵ–ی پایتەختی ویلایەتەکەش، بەشێکی باشووری کوردستانن.

ئەمین قادر مینە، لە لاپەڕەکانی (70–71)ی پەرتووکی (ئەمنی ستراتیجیی ئێراق و سێکوچکەی بەعسیان: تەرحیل تەعریب تەبعیس)دا، دەڵێت: (بەعس پێش ئەوەی دەسەڵات بگرێتە دەست، ئەندامەکانی خۆی وا فێرکردبوو لە هەر کوێیەکی کوردستاندا کاربەدەست بوو، چی لەدەست هات بۆ جێبەجێکردنی بۆچوونەکانی بەعس دژی کەمینەکان بیکات. کاربەدەست و ئەفسەرە بەعسییەکان لە ناوچەکانی جەزیرەی کوردستانی سوریا و کاربەدەست و ئەفسەرە بەعسییەکانی ئێراق لە موسڵ، بادینان، کەرکوک و خانەقین ... پێش ئەوەی دەسەڵات بگرنە دەست، هەر چییەکیان لەدەست هاتبێ بۆ تەنگ پێ هەڵچنین و ئازاردانی کوردەکانی ئەو شوێنانەو دەرکردن و دوورخستنەوەیان درێخییان نەکردووە).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر ئەمین قادر مینە، شاری موسڵ شارێکی کوردییە و سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە نووسەری ناوبراو ناوی شاری موسڵی وەکو شارێکی کوردستانی بردووە، ئەو دەڵێت: (بەعس ئەندامەکانی خۆی وا فێرکردبوو کە لە هەر کوێیەکی کوردستان کاربەدەست بوون، کوردەکان ئازار بدەن). دواتریش دەنووسێت: (کاربەدەست و ئەفسەرە بەعسییەکانی ئێراق لە موسڵ و بادینانو کەرکوک و خانەقین ... پێش ئەوەی دەسەڵات بگرنە دەست، هەر چییەکیان لەدەست هاتبێ، کەمتەر خەمییان نەکردووە)، کەواتە ئەو شاری موسڵ و شارەکانیتریش کە لە سەرەوەدا ناوی بردوون بە کوردستان دەزانێت.

ئەمین قادر مینە، لە لاپەڕە (135)ی پەرتووکی (ئەمنی ستراتیجیی ئێراق و سێکوچکەی بەعسیان: تەرحیل تەعریب تەبعیس)دا، دەڵێت: (دەوڵەتی ئێراق قەوارەیەکە دەستنێژی ئیمپریالیزمی بەریتانیایە، هیچ قوڵاییەکی مێژوویی نییەو لە

مێژووی کۆن و نوێدا دەوڵەتێک نەبووە بە ناوی دەوڵەتی ئێراقەوە. دەوڵەتی ئێراق لە ئەنجامی پێکەوە لکاندنی زۆرەملێی ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرای عارەبی و کوردستانی باشووردا پێکهاتووە).

کاتێک کە نووسەر ئەمین قادر مینە باسی ئەوە دەکات کە دەوڵەتی ئێراق بە لکاندنی زۆردارانەی ویلایەتەکانی بەغدا، بەسراو باشووری کوردستان دروستبووە، هەمووشمان دەزانین کە باشووری کوردستان و ویلایەتی موسڵ هەر دووکیان دوو ناوی جوگرافین بۆ یەک خاک کە نیشتمانی کوردە بەکاردێن. مادامیش هەر دووکیان هەر یەک خاک بن، کەواتە تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە)، شاری سەر بە باشووری کوردستانن.

ئەمین قادر مینە، لە لاپەڕە (148)ی پەرتووکی (ئەمنی ستراتیجیی ئێراق و سێکوچکەی بەعسیان: تەرحیل تەعریب تەبعیس)دا، دەڵێت: (هەموو ئەو راو بۆچوونانەی ئەو زاناو گەڕیدەو جوگرافی زانانە سەبارەت بە دیاریکردنی ناوچەکانی کوردستانی ئێراق لە چەند خاڵێکدا یەکانگیر دەبنەوە:

1- هەموو ئەو ناوچانەی دەکەوێتە باکوری چیای حەمرین، ناوچەی کوردستانە.
2- هەموو ئەو ناوچانەی دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی دیجلە لەو شوێنەوە کەچیای حەمرین دیجلە دەبڕێ تا دەگاتە شاری موسڵ، ناوچەی کوردستانە.
3- هەموو ئەو ناوچانەی دەکەوێتە باکوورو باکوری ڕۆژئاوای شاری موسڵ، واتە: ناوچەکانی شەنگال و تەلەعفەرو زمار، ناوچەی کوردستانە.
4- قەزاکانی خانەقین، مەندەلی و ئەو ناحیەو ناوچانەی سەر بەو قەزایانەن هەموو ناوچەکانی کوردستانە).

بە بۆچوونی نووسەر ئەمین قادر مینە، بەلای کەمەوە کەناری چەپی شاری موسڵ بەشێکە لە باشووری کوردستان، لەبەر ئەوەی نووسەر باسی ئەوە دەکات کە هەموو ئەو ناوچانەی دەکەونە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە، بەشێکی کوردستانن.

نەوزاد عەلی ئەحمەد، لە لاپەڕە (11)ی پەرتووکی (کێشەی ویلایەتی موسڵ لە دوو ڕۆژنامەی سلێمانیدا)، نووسیویەتی: (کێشەی موسڵ لە بنچینەدا کێشەی

کوردستانی باشوور بوو، کە پێشتر ویلایەتەکەی موسڵ ناوی ویلایەتی شارەزور بوو، پایتەختەکەشی شاری کەرکوک بوو، ئەو ویلایەتی شارەزوورەش لە لایەن دەوڵەتی عوسمانلیەوە بە کوردستان دادەنرا بە شایەدی هەموو مێژوونووسەکانی عوسمانلی و ئەنسکلۆپیدیاکەی عوسمانلی کە بە (قاموس الاعلام) ناونرابوو).

ئەوەی نووسەر نەوزاد عەلی ئەحمەد نووسیویێتی، کوردستانێتیی و کوردێتی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە کێشەی ویلایەتی موسڵ لە بنچینەدا هەر کێشەی باشووری کوردستان بووە، لە هەمان کاتدا باسی ئەوەش دەکات کە ویلایەتی موسڵ و شارەزوور هەر یەک بووینەو ویلایەتی شارەزووریش لە لایەن عوسمانییەکانەوە بە کوردستان ناو دەبرا. ئەمانەش هەمووی ئەوە دەدەنە دەست کە ویلایەتی موسڵ هەر باشووری کوردستان بووە، مادامیش ئەو دوو هەرێمە هەر یەک خاک بووبن، کەواتە شاری موسڵ پایتەخت و شارێکی باشووری کوردستان بووە.

نەوزاد عەلی ئەحمەد، لە لاپەڕە (22)ی پەرتووکی ناوبراودا، نووسیویێتی: (کورد زیرەکانە هەڵوێستی وەرگرت بەڵام نەیزانی هەڵوێستەکەی بە خراپ بەکاردەهێنرێ. ئایا بەریتانیا بۆ تا ئێستا لەسەر ئاستێکی ژیربینی و ئەکادیمی وەڵامی ئەوەمان نەداتەوە بۆ هەوڵی نەدا ئەو ڕۆژگارە لە (1918–1925)دا دەوڵەتی کوردی هەر هیچ نەبێت لە باشووری کوردستان ڕابگەیەنێت، کە بارودۆخی لە پارچەکانی تر شیاوتر بوو؟ کورد زۆرینەی ویلایەتی موسڵ بووە، ئەوەی بەئاسانی وەرنەگیراوە مەڵبەندی شاری موسڵ بووە کە ڕێژەیەکی زۆر عارەبی تیابووە، ئایا نەدەکرا هەموو ویلایەتەکە بکرێتە دەوڵەتی کوردستانی باشوورو ئەو چەند هەزار عارەبەی ناو شاری موسڵ وەک کەمە نەتەوەیەک لە کوردستان بژین و مافەکانی ژیاون و کەلتوریان پارێزراو بێت؟

ئەوەی کە نووسەر نەوزاد عەلی ئەحمەد ئاماژەی پێکردووە، کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە ناوبراو شاری موسڵ بە شارێکی ناو سنووری باشووری کوردستان داناوە. کاتێک کە شاری موسڵ–یش شارێک بێت لەناو سنووری باشووری کوردستاندا، کەواتە بێ هیچ گومانێک هەم نیشتمانی کوردە و هەم بەشێکە لە خاکی باشووری کوردستان.

نەوزاد عەلی ئەحمەد، لە لاپەڕە (86)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەداو، بە پشت بەستنی بە ڕۆژنامەی (ژیانەوە، ژمارە 54)، کە لە پەرتووکی (ژیانەوەو شوێنی لە ڕۆژنامەنووسینی کوردیدا، عەبدوللا زەنگەنە)دا وەریگرتووە، نووسیوێتی: (ڕەمزی ئەفەندی، لە ووتەیەکی خۆیدا کە لە ڕۆژی (16.12.1925)دا، لە دوای دەرچوونی بڕیاری لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی داگیرکەری ئێراقەوە، لەبەردەم خەڵکێکی زۆرەوە لەبەردەم دەرگای سەرای کۆندا لە سلێمانی خوێندیەوە ووتی: نزیکەی ماوەی هەشتا ساڵە لەژێر فەرمانڕەوایی تورکاندا ناوونیشانی مێژووی کۆنی خۆمان کەم کردبوو. شەڕی جیهان ئەم مافە ڕەوایەی پێ بەخشینەوە تەماشایەکی نەخشەی جیهانی کەن لە کەنداوی فارسەوە بە خازەرستان وە بورستان و سەنەندەج (سنە) و ساوجبڵاغ وە باشووری ئازەربایںجانەوە بڕۆن بۆ بایەزید و کەناری دەریای ڕەش، وە دیسان لە کەنداوی فارسەوە بە کەناری ڕاستی ڕووباری دیجلە وە بڕۆن بۆ دیاربەکرەوە، لە دیاربەکرەوە بۆ ئەسکەندەرۆنە، وە یا کەنارەکانی دەریای سپی ئەم خاکە فراوانە لەناو ئەم دوو هێڵەدا نیشتمانی مێژوویی ئازیزی نەتەوەی کوردە، کە هەموو زەڕەیەک خاکی نیشانەی خاکی کوردێکە).

بە بۆچوونی ڕەمزی ئەفەندی کە نەوزاد عەلی ئەحمەد ئاماژەی پێکردووە، تەواوی شاری موسڵ بەشێکە لە کوردستان، چونکە ڕەمزی ئەفەندی لە دیاریکردنی سنووری کوردستاندا باسی ئەو زەوییانە دەکات کە دەکەونە کەناری دەستە ڕاستی ڕووباری دیجلە هەر لە کەنداوی فارسەوە تاوەکو ئامەد، هەر هەمووی بە بەشێک لە کوردستان دەدانێت. بەشێکی شاری موسڵ-یش دەکەوێتە کەناری دەستە ڕاست، خۆ بەشەکەی تری کە کەناری دەستە چەپێتی ئەوە هەر گفتوگۆ هەڵناگرێ و کوردستانە، کاتێکیش کە ڕەمزی ئەفەندی کەناری دەستە ڕاستی دیجلەش بە کوردستان بزانێت، کەواتە بە بۆچوونی ئەو تەواوی شاری موسڵ بەشێکە لە باشووری کوردستان.

دلێر حەسەن عارف، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (کوردستانی باشور، لە پەڕاوێزی ڕێکەوتنە نێودەوڵەتیەکانەوە بۆ فیدڕاڵی)دا، کە لە لاپەڕەکانی (109-125)ی ژمارە (7)ی گۆڤاری (کەرکوک)دا بڵاوکراوەتەوە، لە لاپەڕە (115)دا نووسیوێتی: (بەهۆی

چەواشەکاری و دیکتاتۆرییەتی تورکیا وە نەتوانرا پەیماننامەی سیڤرە بچێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە، بەڵکو هەر بە کۆرپەیی زیندە بەچاڵکراو لەجیاتی ئەو واتە پەیماننامەی سیڤرە، پەیماننامەی شومی لۆزان لە (1923)دا واژۆ کرا. لەم پەیماننامەدا ئەوەی باسی نەکرابێ کێشەی نەتەوەی کورد بوو، ئەگەرچی ناکۆکی توندوتیژ هەبوو لە نێوان هاوپەیمانان خۆیان، لەلایەکی تریشەوە لە نێوان ئێراق و تورکیا لەسەر ویلایەتی موسڵ (کوردستانی باشور) کە ئەبوایە هەر دوو وڵات بۆ کێشکردنی کێشەکە بەلای خۆیاندا گرنگیی زیاتریان بدایە پرسی نەتەوەیی کورد، بەڵام کێشەکە تەنها لە چوار چێوەیەکی جوگرافی بەولاوە زیاتر باسی لێوە نەکرا، دواتر لە ساڵی (1926) ویلایەتی موسڵ بە فەرمی خرایە سەر ئێراق و پێوەی لکێنرا).

سەرەتا هەروەکو پێشتریش ئاماژەم پێکردووە، لکاندنی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بە گوێرەی بڕیارێکی کۆمەڵەی نەتەوەکان بوو لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا، نەک ساڵی (1926) وەکو نووسەری ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی. ئینجا بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر دلێر حەسەن عارف، شاری موسڵ یەکێکە لە شارەکانی باشووری کوردستان، چونکە نووسەر باشووری کوردستان بە ویلایەتی موسڵ ناودەبات و هەر بە یەک خاکیان دادەنێت. پێشتریش باسی ئەوەم کردووە بۆیە بە پێویستی نازانم دیسان ڕوونکردنەوەی زۆرتری بۆ بدەم.

کاکە مەم بۆتانی (عەلی خالید حەمید)، لە لاپەڕە (19)ی پەرتووکی (لەدووتوێی یادداشتی شاردا)، سەبارەت بە شاری موسڵ نووسیویێتی: (کوردستان دوو کەرت کرابوو. کوردستانی خۆرهەڵات (کوردستانی ئێران) و کوردستانی خۆرئاوا (کوردستانی – عوسمانی)، بەڵام پاش شەڕ لەپێناو بەرژەوەندی سەرمایەدارانی ئەورووپا کوردستانی خۆرئاوا کرایە: (کوردستان–ئێراق) یان ویلایەتی موسڵ).

ناوبردنی ویلایەتی موسڵ بە کوردستانی ئێراق یان کوردستانی خۆرئاوا (کوردستانی عوسمانی) لە لایەن نووسەر و چیرۆکنووسی کورد کاکە مەم بۆتانی، تەنیا مانای کوردستانیی بوونی تەواوی ویلایەتی موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەر ویلایەتی موسڵ بە یەک خاک و بە یەکسان دەزانێت لەگەڵ کوردستانی ئێراق یان

کوردستانی خۆرئاوا (کوردستانی عوسمانی)، ئەمانەش هەمووی نیشانەی ئەوەن کە نە ویلایەتی موسڵ و نە شاری موسڵ بەر لە داگیرکردنی یاخود لکاندنی زۆردارانەی ئەو ویلایەتە بە گوێرەی بڕیارێکی ستەمکارانەی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا، هیچ پێوەندییەکیان بە عارەب و بە ئێراقەوە نەبووە، ئەمەش بۆمان دەیسەلمێنێ کە شارەکە و ویلایەتەکە بەشێک بووینە لە کوردستان.

کاکە مەم بۆتانی، لە لاپەڕە (40)ی پەرتووکی (لەدووتوێی یادداشتی شاردا)، نووسیویێتی: (سەرکردەی سوپای تورک (لە موسڵ-ەوە) داوای لە شێخ مەحمود کرد، کە بە ناوی عوسمانییەوە کاری ناوچەی سلێمانی بگێڕێ.. لەم کاتەدا، سێ بۆچوون هەبوو: هەندێ لەو باوەڕەدا بوون کە ئەمە هەلێکی باشەو دەبێ شێخ دەستی پێوە بگرێ، بەڵکو لە دواییدا لەگەڵ کوردی باکوور شتێکیان لە تورک دەستکەوێ، بەڵام کوردپەروەرەکان کە بەکردەوە هیچ ڕۆڵێکیان نەبوو، دەیانویست ئەم دۆخە بە بەرژەوەندی گشتی کورد بشکێتەوە، خەباتیان یەکخەن، داوای کوردستانی گەورە لە سەرکەوتووەکان بکەن. ئەوەی کە شێخ مەحمود لە گەڵی بوو، زۆربەی سەرۆک خێڵ و هەندێ ڕوناکبیریش بۆی دەچوو: کە بەم دیوەجامەیەی تورک هەڵنەخەڵەتێن، لەگەڵ بەریتانیای براوە ڕێکەون، بەڵکو وەک عارەبی ویلایەتی بەغدا و بەسرا، لە ویلایەتی موسڵ-یشدا حکومەتێکی کوردی دروستدەکا).

ئەوەی کە لە سەرەوەدا کاکە مەم بۆیانی نووسیوێتی، بۆچوونەکانی شێخ مەحمود هاوبیرەکانیمان بۆ دەردەخات کە ئەوان لەگەڵ ئەوەدان دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لە ویلایەتی موسڵ بە هاوکاری ئینگلیزەکان دامەزرێنن، چونکە ویلایەتی موسڵ بە تەواوی بە خاک و نیشتمانی کورد دەزانن، هەروەها کاتێک کە باسی حکومەتێکی عارەبی دەکەن لە هەر دوو ویلایەتی بەغدا و بەسرا، دیارە ئەوان تەنیا ئەو دوو ویلایەتە بە خاکی عارەب دەزانن، بۆیە شار و پارێزگای موسڵ وەکو پارچەیەکی سەر بە ویلایەتی موسڵ، شار و پارێزگایەکی کوردییە و سەر بە خاکی باشووری کوردستان.

کاکە مەم بۆتانی، لە لاپەڕە (58)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، نووسیوێتی: (ئەو ویلایەتی موسڵ-ەی ئەوان (بەریتانیا و تورکیا) لەسەری گوریس کێشەکییان

بوو، لە بارەی ڕامیاری و جوگرافی و کۆمەڵایەتیەوە .. هیچ جیاوازییەکی نەبوو لەگەڵ کوردستانی باشووردا. هەر دوو زاراوەی ویلایەتی موسڵ، باشووری کوردستان .. بۆ یەک هەرێم بەکار هاتبوو، وە بەکاردێ).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی چیرۆکنووس کاکە مەم بۆتانی، شاری موسڵ شارێکی باشووری کوردستانە، چونکە نووسەری ناوبراو لە لایەک پێی وایە کە هیچ جیاوازییەکی جوگرافی، ڕامیاری یاخود کۆمەڵایەتی لە نێوانی باشووری کوردستان و ویلایەتی موسڵ نییەو، لەلایەکی تریشەوە باسی ئەوە دەکات کە هەر دوو زاراوەکانی باشووری کوردستان و ویلایەتی موسڵ بۆ یەک هەرێم بەکار هاتوون. مادامیش هیچ جیاوازییەک نەبێت لە نێوان باشووری کوردستان و ویلایەتی موسڵ، کەواتە شاری موسڵ شارێکە لەناو سنووری باشووری کوردستان.

شۆڕش حەسەن عومەر، لە لاپەڕە (13)ی پەرتووکی (حقوق الشعب الكوردي في الدساتير العراقية دراسة تحليلية مقارنة)دا نووسیویێتی: (دەسەڵاتدارانی بەریتانی، لە ساڵی (1921)دا وڵاتی ئێراقی عارەبییان لە هەر دوو ویلایەتی بەغدا و بەسرا دامەزراند. بەڵام ویلایەتی موسڵ لە دەرەوەی پێکهاتەی ئەو وڵاتە تازەیە بوو، وە مامەڵەکردن لەگەڵ ویلایەتی موسڵ بە شێوەیەکی سەربەخۆو جیا لە ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرا کە دەوڵەتی ئێراقیان پێکهێنابوو، دەکرا).

ئەوەی لە سەرەوەدا نووسەر شۆڕش حەسەن عومەر ئاماژەی پێکردووە، کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەر باسی ئەوەی کردووە کە دەوڵەتی ئێراق کە لە ساڵی (1921) دامەزرا، تەنیا بریتی بوو لە ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرا، وە بەریتانییەکان بەشێوەیەکی سەربەخۆ ویلایەتی موسڵ-یان بەڕێوەدەبرد. ئەمانەش هەمووی دەیسەلمێنن کە ویلایەتی موسڵ ویلایەتێکی کوردستانیی و خاکەکەی خاکی کوردە. کاتێکیش کە ویلایەتەکە ویلایەتێکی کوردستانیی و خاکەکەش خاکی کورد بێت، گومانیش لەوەدا نامێنێتەوە کە شاری موسڵ شارێکی کوردستانییە.

شۆڕش حەسەن عومەر، لە لاپەڕە (27)ی هەمان سەرچاوەی پێشوو، دەڵێت: (لکاندنی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بە دەوڵەتی نوێی (ئێراق)، لەو

ڕۆژە بەدواوە بە داگیرکردن دادەنرێت، کە بە گوێرەی جێبەجێکردنی نەخشەو بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا کە لەگەڵ هەندێک لە بەرژەوەندییەکانی عارەبیدا یەکیان دەگرتەوە، بەبێ گرنگیی دان بەویست و ئارەزووی ڕۆڵەکانی ئەم ویلایەتەو بەرژەوەنییەکانیان کە کورد بەشی هەرە زۆری دانیشتوانیان پێکدەهێنا، کەچی بەزۆر بە دەوڵەتی ئێراقی عارەبییەوە لکێندران).

به گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر شۆڕش حەسەن عومەر، شاری موسڵ شارێکی کوردی و بەشێکە لە باشووری کوردستان، چونکە نووسەر لە لایەک باشووری کوردستان بە ویلایەتی موسڵ ناودەبات و، لەلایەکی تریشەوە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە ئێراقەوە بەداگیرکردن دەزانێت. مادام ئەو باشووری کوردستان بە یەک خاک و بە یەکسان بزانێت لەگەڵ ویلایەتی موسڵ و، لکاندنەکەش بەداگیرکردن، کەواتە شاری موسڵ شارێکی کوردی و کوردستانییە، لەبەر ئەوەی ویلایەتی موسڵ لە شارەکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) پێکدەهات ئەوکاتەی کە بەزۆر بە ئێراقەوە لکێنرا.

شۆڕش حەسەن عومەر، لە لاپەڕەکانی (27–28)ی هەمان سەرچاوەی پێشوو، نووسیویێتی: (ویلایەتی موسڵ یەکێک بوو لە ویلایەتەکانی سەر بە دەوڵەتی عوسمانی، ڕاستەوخۆ سەر بە (بابی عالی) بوو لە (ئەستانە) هەروەکو ویلایەتە ناوخۆکانی تری ئەو ئیمپراتۆریەتە. ویلایەتی موسڵ شارەکانی: موسڵ، کەرکوک، هەولێر و سلێمانی دەگرێتە خۆی و، کەرکوک مەڵبەندی ئەو ویلایەتە بوو تا ساڵی (1878)، کە ئەوکاتی بە ویلایەتی شارەزوور ناسرابوو).

به بۆچوونی نووسەر شۆڕش حەسەن عومەر، شاری موسڵ شارێکی کوردییە و دەکەوێتە باشووری کوردستان، چونکە ئەو لە لایەک ویلایەتی موسڵ بە بەشێک لە دەوڵەتی عوسمانی دادەنێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەو ویلایەتە هیچ پێوەندییەکی بە عارەب و بە ئێراقەوە نەبووە، هەموو لایەکیش باش دەزانێت باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) چۆن لە ڕێگای داگیرکردنەوە، بوو بە بەشێک لە دەوڵەتی عوسمانی! لەلایەکی تریشەوە شارەکانی موسڵ، کەرکوک، هەولێر و سلێمانی بە شارەکانی ویلایەتی موسڵ دادەنێت، هەمووشمان دەزانین کە باشووری

کوردستان و ویلایەتی موسڵ دوو زاراوەن و بۆ یەک هەرێم بەکار دەهاتن، مادام وابێت کەواتە شاری موسڵ شارێکە لە باشووری کوردستان.

شۆڕش حەسەن عومەر، لە لاپەڕەکانی (13، 16، 27، 36، 64، 74، 79، 120و 150)ی سەرچاوەی ناوبراو لە سەرەوەدا، (باشووری کوردستان)ی بۆ ویلایەتی موسڵ بەکارهێناوە).

ئەوەندە دووبارە کردنەوەو ناوهێنانی ویلایەتی موسڵ بە باشووری کوردستان لە لایەن نووسەر شۆڕش حەسەن عومەر، مانای کوردبوون و کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە هەروەکو پێشتریش ئاماژەم پێکردووە هەر دوو زاراوەی باشووری کوردستان و ویلایەتی موسڵ بۆ یەک خاک و یەک هەرێم بەکارهاتوون.

شۆڕش حەسەن عومەر، لە لاپەڕە (417)ی هەمان سەرچاوەی پێشوو، نووسیویێتی: (لە لێکۆڵینەوەی پێکهاتنی دەوڵەتی ئێراقی و لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەو دەوڵەتەوە، لێکۆڵینەوەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە دەوڵەتی ئێراق لە سەرەتادا لە هەر دوو ویلایەتی عارەبی (بەغدا و بەسرا)ی سەر بە دەوڵەتی عوسمانی پێکدەهات. دواتریش ویلایەتی موسڵ کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانەکەی کوردن خرایە سەر ئەو وڵاتە، ویلایەتی موسڵ، ویلایەتێکی عوسمانی سەربەخۆی جیا لە هەر دوو ویلایەتەکانی ناوبراو لە سەرەوەدا بووەو، هەر لەسەر ئەو بنچینەیەشدا مامەڵەی لەگەڵ کراوە لە لایەن تەواوی ئەو پەیماننامەو ڕێککەوتننامانەی کە لەکاتی شەڕی یەکەمی جیهان و دوای شەڕیش بەستران، هەروەها لە لایەن هێزەکانی بەریتانیا کە لە نزیک سنوورەکانی بوو بۆ ماوەی نزیکەی ساڵێک).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر شۆڕش حەسەن عومەر، شاری موسڵ شارێکی کوردی و بەشێکی باشووری کوردستانە، چونکە لە لایەک نووسەر ویلایەتی موسڵ بە ویلایەتێکی سەربەخۆو جیا لە هەر دوو ویلایەتەکانی عارەبی ناودەبات و، زۆربەی زۆری دانیشتوانەکەشی بە کورد ناودەبات، لەلایەکی تریشەوە لەبەر ئەوەی ئەو باسی ئەوە دەکات کە بە گوێرەی گشت پەیماننامە

نێودەوڵەتییەکان و لە لایەن دەوڵەتی بەریتانیشەوە مامەڵەی ویلایەتێکی سەربەخۆی بۆ کراوە.

جەزا چنگیانی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (سەرۆکی ئێراق و پرسی ناسیۆنالیستی کوردی)دا، کە لە ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی (14.5.2005)دا لە ماڵپەڕی (کلاوڕۆژنە)دا بڵاویکردۆتەوە، دەڵێت: (سەرکەوتنی مرۆڤی کورد و بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکەی پابەستە بە گەڕانەوەی ویلایەتی موسڵ بۆ باوەشی نەخشەی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری باشووری کوردستان نەک بوونی تاڵەبانی بە سەرۆک).

ئەوەی نووسەر و ڕۆژنامەنووس جەزا چنگیانی نووسیویێتی، باوەڕبوونێتی بە کوردێتیی و کوردستانێتیی شار و ویلایەتی موسڵ، چونکە ئەو ویلایەتی موسڵ بە تەواوی بە باشووری کوردستان دەزانێت، بۆیە نووسەر بەلایەوە گرنگە کە ویلایەتی موسڵ بۆ کورد و کوردستان بگەڕێتەوە، نەک پۆستی سەرۆک کۆماری بۆ کوردێک.

جەزا چنگیانی، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (شەقشەقەکەی مامە، جەلال ئەم سەردانەت بۆنی خوێنی لێدێ)دا، کە لە ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (22.9.2005)دا لە ماڵپەڕی (کوردستان نێت)دا بڵاوکراوەتەوە، لەسەر ئەو سەردانەی مام جەلال بۆ ئەمەریکاو وتار خوێندنەوەکەی لە هۆڵی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (15.9.2005)دا بە بۆنەی یادی (60) ساڵەی دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان (هەرچەندە ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕۆژی (24.10.1945)دا لە شاری (سانفرانسیسکۆ)ی ویلایەتی کالیفۆرنیا لە ئەمەریکا دامەزراوە)، کە (67) وشەی بە کوردی خوێندەوە، جەزا چنگیانی دەڵێت: (دەستکەوتی میللەتی کورد لەو سەردانەدا دەبوایە دەست نیشان کردنی سنووری باشوری کوردستان و پاشەڕۆژی ویلایەتی موسڵ بوایە. ئەوان کە ئاماژەو دڵخۆشن بە بەڵگە مێژووی و جوگرافیەکانی جەختکەری کوردستان بوونی ئەو ناوچە دەخەنە مەزادی ڕامیارییە وە (سازش=مساومە) کاتێک ئەم سەردانە سەرکەوتوو دەبوو کە ڕێککەوتننامەکانی کورد و دەوڵەتی ئێراق لە (UN) جەختی

لەسەر بکرایە کە کوردستان بوونی ویلایەتی موسڵ بەو هەموو بەڵگە مێژووییانەی کە لە ئەرشیفی مۆزەخانەکانی جیهاندا هەیە).

بە گوێرەی بۆچوونی نووسەر جەزا چنگیانی، شاری موسڵ و تەواوی ویلایەتی موسڵ بەشێکن لە باشووری کوردستان، چونکە ناوبراو داوای گەڕانەوەی تەواوی ویلایەتی موسڵ دەکاتەوە بۆ باوەشی کوردستان و، پێشیوایە کە چەندان بەڵگەنامەی مێژوویی هەن لە نەتەوە یەکگرتووەکان کە کوردستانیی بوونی ویلایەتی موسڵ دەسەلمێنن.

سەلاح بەیتوڵڵا، لە وتارێکیدا بە ناوی (لە بیرەوەری 85 ساڵەی پەیمانی سیڤەردا بۆ ئەوەی دوای هەر سیڤرێک لۆزانێک نەیەتە پێشەوە)دا، کە لە لاپەڕە (11)ی ڕۆژنامەی (خەبات)، ژمارە (1881)ی ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (10.8.2005)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیوێتی: (بەپێی بەندی (64)ی پەیماننامەکەش زۆر گرنگە: دەڵێت کوردەکانی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) مافی ئەوەیان هەیە بەپێی ویست و ئارەزووی خۆیان بەو دەوڵەتە کوردییە ببەسترێتەوەو بەم شێوەیە دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردی دابمەزرێت).

ناوبردنی باشووری کوردستان بە ویلایەتی موسڵ لە لایەن نووسەر سەلاح بەیتوڵڵا، کوردستانی بوون و کوردبوونیی ویلایەتی موسڵ و شاری موسڵ دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی نووسەری ناوبراو باشووری کوردستان و ویلایەتی موسڵ بە یەک خاک و بە یەکسان دەزانێت، مادامیش هەر دوو باشووری کوردستان و ویلایەتی موسڵ هەر یەکبن، کەواتە شاری موسڵ-یش وەکو شارەکانی تری سەر بە ویلایەتەکە، شارێکی سەر بە باشووری کوردستانە.

لە بانگەوازێکی کۆمەڵێک نووسەر و ڕۆشنبیردا کە لە ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (2.9.2005)دا، لە ماڵپەڕی (کلاوڕۆژنە)دا لەژێر ناوی (بۆ بەرچاوی سەرانی کورد و رای گشتی لە کوردستان – دەستورمان ناوێ، ئێراقمان ناوێ)دا، نووسیوێتی: (ئاشکرایە ساڵی (1918) دوای تێکشکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە جەنگی جیهانی یەکەم سوپای بەریتانیا ناوچەی دەوڵەمەند بە نەوتی ویلایەتی موسڵی کوردی داگیر کردو لە ساڵی (1919)دا موسڵ خرایە سەر (ئێراق) کە لەژێر

ئینتیدابی بەریتانیادا بوو، لە ساڵی (1920)یش بە گوێرەی پەیمانی سیڤرە لە بڕگەی (64)ی ئەو پەیمانەدا هاتوە کە کوردەکان مافی چارەی خۆنوسینیان هەیە).

سەرەتا باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا بە گوێرەی بڕیارێکی نارەوای نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئێراقەوە لکێنراو، ئێراقیش بەشێوەیەکی فەرمی پێشتر لە (25.4.1920)دا خرایە ژێر ماندێتی بەریتانیا، کەچی سەرپەرشتنی کردن و بەڕێوەبردنی ویلایەتی موسڵ ڕاستەوخۆ لە لایەن نوێنەری باڵای بەریتانیا وە بووە لە بەغدا. دواتر ئەو کۆمەڵە نووسەر و ڕۆشنبیرە، شاری موسڵ و تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ بە کوردستان دەزانن، چونکە ئەوان ویلایەتی موسڵ بە ویلایەتێکی کوردی ناودەبەن، مادام ویلایەتەکە ویلایەتێکی کوردی بێت، کەواتە تەواوی شارەکانی ئەو ویلایەتە شاری کوردیی و بەشێکن لە باشووری کوردستان.

محەمەد سابیر کەریم، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (بە عارەبکردن، هەڕەشەی سامناک و بزربوونی لە گوتاری سیاسی کورداندا)، کە لە لاپەڕەکانی (9–15)ی گۆڤاری (حەمرین)ی ژمارە (1)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسەر لە لاپەڕە (10)دا، نووسیوێتی: (ئەو زرنگکاری و پرۆسێسە سامناکانەی بە عارەبکردن، کە تا ئێستا، گورزی توندو کەمەر شکێنی وەشاندووە، چ لەسەر ئاستی سڕینەوەی مۆرکی نەتەوایەتیمان و گۆڕینی سیما تۆبۆگرافی و دیمۆگرافیەکانی، ئەو ناوچانەی کە تیایدا پراکتیک و پیادەکراون. بە تایبەتی شاری (موسڵ) و ناوچەکانی دەوروبەری و چەند ناوچەی گرنگیی شاری کەرکوک و دەوروبەری وە خانەقین و مەندەلی و زرباتیەو دەوروبەریان).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر محەمەد سابیر کەریم، شاری موسڵ یەکێکە لە شارە گرنگەکانی باشووری کوردستان، چونکە نووسەری ناوبراو باسی ئەوە دەکات لە ئەنجامی پرۆسەی بە عارەبکردندا، شارەکانی موسڵ، کەرکوک، خانەقین، مەندەلی و زرباتیە، خەریک بوو سیمای دیمۆگرافی و مۆرکی نەتەوایەتی کوردییان بە تەواوی بسڕێتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو شارانە شاری کوردیی و بەشێکن لە کوردستان.

محەمەد سابیر کەریم، لە لاپەڕە (11)ی سەرچاوەی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (دەرکردن و ئاوارەکردنی کوردان، دوای قۆناغی یەکەمە، بەمشێوەیە دەستی پێکردووە، سەرەتا بە (موسڵ) و دەوروبەری، پاشانیش بە (مەندەلی، زرباتیێ، شارەبان، خانەقین و هتد)، تا هاتە سەر کەرکوک و ناوچەکانی دەوروبەری، هەر لە سەرەتای شەستەکانی ئەم سەدەیە).

ئەوەی کە نووسەر محەمەد سابیر کەریم ئاماژەی پێکردووە، کوردستانی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەر باسی ئەوە دەکات کە پرۆسەی بە عارەبکردن لە شاری موسڵ-ەوە دەستیپێکردو، دواتریش شارەکانی (کەرکوک، خانەقین، مەندەلی، شارەبان و زرباتیێ)ی گرتەوە. لای کەسیش شاردراوە نییە کە پرۆسەی بە عارەبکردن لەهەر شوێنێک و شارێک پراکتیسە کرابێت، بێ هیچ گومانێک ئەو شار و ناوچانە بەشێک بووینە لە نیشتمانی کورد و خاکی کوردستان.

محەمەد سابیر کەریم، لە لاپەڕە (12)دا سەرچاوەی ناوبراو لە سەرەوەدا بەمشێوەیە درێژەی پێدەدات: (بەڵگەو دەلالەتێکی زیندووی بێهێزی و زارەترەکبوونی کورد خۆی و هێزی پارتەکانێتی، کە لە بەرانبەر پرۆسەیەکی وەها سامناک و مەرگبازی دوژمنەکەیدا، لەو ماوە زەمەنیە دوورو درێژەداو، بەو قووڵایی و بەرفراوانی و دڕندایەتیەوەی، کاردانەوەو ئاکێڤێکی پێویست و، لانی کەم لە ئاستی قەبارەی هەڕەشەو مەترسییەکاندا، نەهێناوەتە ئاراو، واری دیفاکتۆوە. بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەم دۆخە نەگریس و ناڕاستە، لە دۆخی سازش و گفتوگۆکاندا، وەک دیفاکتۆیەک، هەڵس و کەوتی دەگەڵ کراوەو، هەندێکیان وەک بەعارەبکردنی (موسڵ) بە تەواوی پشتگوێ خراوە، بەوەش بەشێوەیەکی ناڕاگەیاندراو لەلای کورد خۆیەوە دانپیانان و ڕەوایەتی کردەییان دراوەتێ).

محەمەد سابیر کەریم، بەو گلەیی و گازاندانەی کە دەیکات سەبارەت بە شاڵاوی بەعارەبکردنی شارەکانی باشووری کوردستان و، بەتایبەت شاری موسڵ، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دووبارەو چەند باوە دەکاتەوە، چونکە ئەو باسی ئەوە دەکات کە کورد دۆزی بەعارەبکردنی شاری موسڵ-ی نەک تەنیا پشتگوێ خستووە، بەڵکو وەکو دانپێدانانێک بە ڕەوایەتی ئەو شاڵاوە جۆرێک ڕەوایەتی بەو شاڵاوە دراوە لە لایەن کوردەوە.

ئەحمەد محەمەد نەقشبەندی، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (حقوق الشعب الكوردي و الدستور القادم لدولة العراق)دا، کە لە لاپەڕە (8)ی ڕۆژنامەی (التاخي)، ژمارە (4485)ی ڕۆژی دوشەممە، ڕێکەوتی (30.5.2005)دا بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت: (فیدراڵی لە نێوان دوو هەرێم (نیشتمان)ی تەنیشت یەک دادەمەزرێت. بەرژەوەندییە ئابوورییەکان تێکەڵ و هاوبەش دەبن بۆ هەر دوو گەلەکە، ئەمەش دەبێتە هۆی باشتر دامەزراندنی وڵاتێکی یەکگرتوو لە نێوانیاندا. هەر لە ڕوانگەی ئابووریەوە بوو کە (کۆمیسیۆنی تۆژینەوەی نێونەتەوەیی) لەو ڕاپۆرتەی کە لە چارەکی دووەمی ساڵی (1925)دا پێشکەش بە (ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان)ی کردو بە پشت بەستن بەو ڕاپۆرتە، ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ڕۆژی (16.12.1925)دا بڕیاری یەکگرتنی کوردستانی دەرکرد کە ئەوکاتی بە ویلایەتی موسڵ ناسرابوو لە سەردەمی داگیرکردنی عوسمانیدا، لەگەڵ ئێراقدا).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر ئەحمەد محەمەد نەقشبەندی، شاری موسڵ یەکێکە لە شارەکانی باشووری کوردستان، لەبەر ئەوەی نووسەر باشووری کوردستان بە یەکسان و بە یەک خاک دەزانێت لەگەڵ ویلایەتی موسڵ. بەڵام سەبارەت بەوەی کە ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا بڕیاری یەکگرتنی دوو وڵاتی کوردستان و ئێراقی دابێت وانییە، چونکە یەکەم: بڕیاری یەکگرتنی دوو وڵات پێوەندی بە خواست و ئارەزووی دوو وڵاتەکەوە هەیە نەک بڕیارێکی کۆمەڵەی نەتەوەکان، دووەمیش ئەوەی کە ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان کردی، لکاندنی زۆرەملێیانەی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بوو بە بڕیارێکی ستەمکارانەو دوور لە خواست و ئارەزووی نەتەوەی کورد. دواتر ئەگەر یەکگرتن بوایە، باشووری کوردستان بەمشێوەیە بەعارەب نەدەکرا.

ڕۆژنامەی (التاخي) لە لاپەڕە (3)ی ژمارە (4568)ی ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (4.9.2005)دا لە وتارێکدا کە لەژێر ناوی (كركوك في الوثائق القديمة و الحديثة)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسراوە: (هەر لەو ڕۆژەی کە ئێراق لە لایەن ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەکانەوە داگیرکرا، ئێراق دابەشی سەر سێ ویلایەتی بەغدا، بەسراو موسڵ

کرا. ویلایەتی موسڵ پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، کەرکوک و شاری موسڵ-ی دەگرتە خۆی لەگەڵ شارەکانی دهۆک، زاخۆ، ئامێدی، ئاکرێ، شێخان و شەنگال).

هەر لە هەمان بابەتدا هاتووە: (بڵاوبوونەوەی عارەب بەڕێژەیەکی زۆر کەم بوو لەو ناوچانەی دەکەونە خۆرهەڵاتی دیجلە، هەر بۆیەشە جوگرافیناسانی سەدەی چوارەمی کۆچی (سەدەی دەیەمی زایینی)، ڕووباری دیجلە لە عەبادانەوە تاوەکو باکووری بەغدا بە سنووری خۆرهەڵاتی عارەب دادەنێن و ئەوەشیان لەسەر نەخشەکانیاندا وێنە کێشاوە لە نێویاندا ئەلبەلخی، ئەلئیستەخری، ئیبن حەوقەل، جیهانیو موقەدەسی. وە شارەکانی مەندەلی، خانەقین، زڕباتیە، بەدرە، جەسان، شەهربان، بەلدروزو گوندی بەعقوبە تا دەگاتە ڕووباری دیالە بە کوردی قسە دەکەن و کوردی تیا دادەنیشن، بەڵام خێڵە عارەبەکان پەرەیان سەند لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام و هاتنە ناوچەکانی باکوری بەغدا و بەرێڕەوی موسڵ و کەرکوک هەنگاویان ناو ئەو ناوچانەیان داگیرکرد).

ئەوەی ڕۆژنامەی (التاخي) نووسیویێتی، مانای کوردستانی بوون و کوردبوونیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە ئەو ڕۆژنامەیە لە لایەک ویلایەتی موسڵ بە ویلایەتێکی سەربەخۆ ناودەبات کە لە شارەکانی (موسڵ، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی، دهۆک، زاخۆ، ئامێدی، ئاکرێ، شێخان و شەنگال) پێکدێت، لەلایەکی تریشەوە باسی ئەوە دەکات کە خێڵە عارەبەکان هەر دوو شاری موسڵ و کەرکوک-یان داگیرکردو بەعارەبیان کرد. ئەمانەش دەیسەلمێنن کە موسڵ شارێکی کوردیی و کوردستانی بووە، کەچی لە لایەن عارەبەوە داگیرو بەعارەب کراوە.

دکتۆر ئارشاک پۆلادیان، لە لاپەڕە (144)ی پەرتووکی (کورد لە سەرچاوە عارەبییەکاندا)دا، نووسیویێتی: (کوردە رەوەندەکان لە ناوچەی موسڵ-یشدا نیشتەجێبوون کە (بازاڕێکی کوردانی) لێ بوو). لە ڕوونکردنەوەیەکدا لەسەر ئەو بۆچوونەی سەرەوەدا، ئازاد عوبێد ساڵح، وەرگێڕی پەرتووکەکە، بەمشێوەیە بۆچوونی خۆی دەردەبڕێت: (موسڵ ناوچەیەکی کوردە وارییە).

بە بۆچوونی ئازاد عوبێد وەرگێڕی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە، لەبەر ئەوەی ناوبراو باسی ئەوە

دەکات کە موسڵ ناوچەیەکی کوردییە، مادام موسڵ ناوچەیەکی کوردی بێت، کەواتە ناوچەیەک و شارێکی کوردستان-یشە.

زیاد کەریم خدر، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (کورد دەستبەرداری کەرکوک نابێت)، کە لە لاپەڕە (11)ی ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (1922)ی ڕێکەوتی (20.9.2005)دا بڵاویکردۆتەوە، نووسیویتی: (مێژوو ئەوە دەسەلمێنێ کاتێ عوسمانییەکان هاتن لە ساڵی (1514) تاوەکو ساڵی (1546ز) سەرتاپای ئێراقیان داگیرکردو بەسەر سێ ویلایەتدا دابەشیان کرد، ئەمانیش ویلایەتی بەغدا، بەسرە، لەگەڵ شارەزوور کە ویلایەتێکی تەواو کوردی بوو، مەڵبەندەکەی شاری کەرکوک بووە، لە دواییدا ناوی ئەم مەڵبەندەیان گۆڕی و کردیان بە مەڵبەندی ویلایەتی موسڵ، ئەم ویلایەتەش زۆر گەورەتر بوو لەزەوی ئەو کوردستانەی ئەمڕۆکە کە پێی دەڵێن کوردستانی باشوور یان باشووری کوردستان).

ئەوەی کە نووسەر زیاد کەریم خدر لە سەرەوەدا ئاماژەی پێکردووە، کوردستانی بوونی ویلاتی موسڵ و شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەر باسی ویلایەتی شارەزوور دەکات کە دواتر ناوەکەی گۆڕدراوە بۆ ویلایەتی موسڵ و، بە ویلایەتێکی کوردی ناوی دەبات. کاتێک کە ویلایەتی موسڵ ویلایەتێکی کوردی بێت، کەواتە تەواوی شارەکانی ئەو ویلایەتە بە شاری موسڵ-ی پایتەختیشەوە شاری کوردی و کوردستانین.

قادر نادر قادر، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (چیمان کردو چیمان دورییەوە)، کە لە ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (18.10.2005)دا لە ماڵپەڕی ئەلکترۆنی (کڵاوڕۆژنە)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیوێتی: (ساڵی 1918، دوای تێکشکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، کە زۆرینەی کوردستانی کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی، شێخ مەحمودی نەمر ئەو هەلەی قۆزتەوە، بڕیاری حکومەتێکی کوردستانی لە بەشێکی بچووکی باشووری کوردستان دا. ئەوکات هێشتا دەوڵەتی ئێراق وەکو دەوڵەت لە مێژوودا ناوی نەبوو، پڕۆژەی یەکەمی بەریتانییەکان، دروستکردنی دەوڵەتێک بوو ناویان لێنا ئێراق، لەبری هێنانی چیمەنتۆو بلۆک، سەرەتا ویلایەتی بەسراو بەغدا دروستکرا، دوای ململانێیەکی زۆر لە نێوان کورد و بەریتانیا و تورکیا، بۆ بەهێزکردنی

خانووەکە (دەوڵەتەکە، سەبیان کردو ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان)یان بەو ئێراقەوە لکاند).

ئەوەی کە نووسەر قادر نادر ئاماژەی پێداوە، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەر باشووری کوردستان بە ویلایەتی موسڵ ناودەبات، هەروەها باسی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە ئێراقەوە دەکات. کاتێک کە باشووری کوردستان هەر هەمان خاک و ویلایەتی موسڵ بێت و، هەر دوو زاراوەکە بۆ یەک هەرێمی دیاریکراو بەکارهاتبێ، لکاندنیش مانای ئەوە بگەیەنێت کە ویلایەتەکە (موسڵ) هی خۆیان (ئێراق) نەبووە، کەواتە بە دڵنیاییەوە ویلایەتی موسڵ بە تەواوی شارەکانیەوەو لە نێویاندا شاری موسڵ بەشێکی باشووری کوردستانن.

زانای گەورەو بەناوبانگی کورد، شێخ محەمەدی خاڵ، لە لاپەڕە (26)ی بەشی یەکەمی پەرتووکی (فەرهەنگی خاڵ)داو، لە دیاریکردنی سنووری کوردستاندا نووسیویێتی: (سنووری کوردستانی گەورە نەختێک لە ژوور ڕۆ (کەنداوی)ی فارسی‌یەوە بە دیوی ئێرانا دەست پێ ئەکا، وە بە قەراخ شاری (شیراز) و (ئەسفەهان) و (کاشان) و (هەمەدان) و (تەورێز) و (خۆی) و (ئەرییوان)دا ئەڕوا، وە بەلای (قارس) و (ئەرزڕۆم)دا بائەداتەوە، وە لە خوار دەریای ڕەشەوە شۆڕ ئەبێتەوە، وە لە ژوور شاری (ئەرزنجان)ەوە ئەڕوا تا ئەگاتە ڕۆی (ئەسکەندەروونە) ئنجا دێتە خوارەوە بە ژوور (حەڵەب)دا تا ئەگاتە ڕۆژئاوای (شەنگال) وە بە ڕۆژهەلاتی (بەغدا)دا تێ ئەپەڕێ تا (مەندەلی) وە لەوێوە تا ڕۆی فارسی).

گومان لەوەدا نییە لەو سنوورەی کە زانای گەورەی کورد شێخ محەمەدی خاڵ بۆ کوردستانی کێشاوە، تەواوی شارەکانی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) دەکەونە نێو ئەو سنوورەوە بە شاری موسڵ-یشەوە، چونکە ناوبراو سنوورەکە لە ئەسکەندەروونەوە دادەبەزێنێ و بەژوور شاری (حەڵەب)دا دایدەبەزێنی لە ڕۆژئاوای شەنگال-دا شۆڕ دەبێتەوەو بە ڕۆژهەلاتی بەغدادا دەڕوات، بە گوێرەی ئەو پێناسە کردنەی سنووری کوردستان، شاری موسڵ بە سەدان کیلۆمەتر دەکەوێتە باکووری ئەو هێڵە، واتە دەکەوێتە ناو سنووری کوردستان.

پرۆفیسۆر دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، مامۆستای مێژووی نوێ لەزانکۆی دهۆک، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (الموصل مدینة العرب والکورد جغرافیا وتاریخیا) کە لە لاپەڕەکانی (72–84)ی ژمارە (21)ی گۆڤاری (دهۆک)دا بڵاوکراوەتەوە، دەربارەی شاری موسڵ نووسیوێتی: (کەناری چەپی شاری موسڵ، کە جارجار بە ناوی ناوچەی (نەبی یونس)یش ناودەبردرێت، لە ڕاستیدا سەر بە شاری موسڵ نەبووە، ئەم ناوچەیە تاوەکو ئۆکتۆبەری (1933)و بە گوێرەی سەرژمێری شارەوانی موسڵ تەنیا (64) خانووی تیابووەو زۆربەی هەرە زۆرییان کورد بووینە لەگەڵ هەندێک تورکمان کە لە دەورەبەری مەزاری نەبی یونس دادەنیشتن. دەتوانین بڵێین کە بەری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە (کەناری چەپی) تاکە گوندێکی عارەبی تیا نەبووەو بەهەمان شێوە هیچ کۆمەڵەیەکی عارەبی جێنشێن لە هیچ کۆمەڵگایەکی ئاوەدان لەنێو کورد و تورکمان و  فەلەکاندا نەبووە. گرنگیی لەوەدایە کە شاری موسڵ کە چەندان گەڕیدەو جوگرافیناسی وڵاتان ناویان بردووەو باسیان کردووە لە دوای ڕوخانی نەینەوا لە ساڵی (612)ی پێش زایین، دەکەوتە کەناری ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە و، کەناری ڕۆژهەڵاتی کە چۆل بوو بەشێک نەبووە لە موسڵ).

بە بۆچوونەکانی مێژوونووس پرۆفیسۆر دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، کەناری چەپی شاری موسڵ بەشێکە لە باشووری کوردستان، چونکە مێژوونووسی ناوبراو بە ئاشکەرا باسی کوردستانی بوونی کەناری دەستە چەپی ڕووباری دیجلە یاخود بەشی ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ دەکات.

دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، لە لاپەڕە (9)ی پەرتووکی (الحیاة الحزبیة في الموصل 1926–1958)دا، نووسیوێتی: (دانیشتوانی شاری موسڵ پێکهاتەیەکی ئەتنۆگرافی جیاجیایە لە ڕووی نەژادو ڕەگیانەوە، عارەبەکان ڕێژەیەکی بەرزی دانیشتوان پێکدەهێنن، کە زۆربەیان بریتین لەوانەی لەگەڵ داگیرکارییەکانی (فەتح)ی ئیسلامی هاتوونەتە ئەو شارە، کوردەکانیش بەپلەی دووەم دێن لە دوای عارەبەکان. ئەوەی شایانی باسە کە زۆر لەو بنەماڵەو کۆمەڵە کوردییانەی بۆ ماوەیەکی زۆر لەو شارەدا ژیاون، تێکەڵ بەدانیشتوانی عارەب بووینەو بەهۆی ژن و ژنخوازی، کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی دەستەیەکی کۆمەڵایەتی بێتە بەرهەم کە دەکرێت پێیان بگوترێت (کوردە بە عارەب بووەکان)، وە زۆر لە بنەماڵەکانی موسڵ بۆ ئەو

دەستەیە دەگەڕێنەوە وەکو: ئال جادر، ئال چلمێران، ئال کەمالە، ئال کسۆ، ئال مودەڕیس، ئال ڕەزوانی، ئال ڕەشان، ئال قەدۆ، ئال جومرد، ئال شەبخون، ئال زرری، ئەو بنەماڵانە تاوەکو ئێستا تاڕادەیەک لە دیارترین و دەوڵەمەندترین بنەماڵە چاوتێرەکانی موسڵ-ن، کە بەڕەگەز کوردن، هەروەها هەموو ئەو بنەماڵانەی کە بنەچەکەی خۆیان دەگەڕیننەوە بۆ سەر خالدی کوڕی وەلید (ئەلخالدی) و خێڵی (عەباسی)، ئەوانیش کوردن).

مستەر ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ، ئەفسەری ڕامیاری و پشکێنەری بەڕێوەبەرێتی لە حکومەتی ئێراقیدا، لە لاپەڕەکانی (192-193)ی پەرتووکی (اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث)دا، باسی ئەوەی کردووە کە بنەماڵەی جەلیلیەکان، لە دەوروبەری ساڵی (600ز/1009ک) لە دیاربەکرەوە هاتوون کە خانەوادەیەکی بەدەسەڵاتی ئەو شارە بووینە. عەبدولجەلیل ناوێک کە لە کۆتایی سەدەی حەڤدەدا خزمەتکاری ماڵی یەکێک لە پاشا کریستانەکانی شاری موسڵ بووە، زۆر زیرەک و چاپووک و لێهاتوو بووە، یەکێک لە کوڕەکانی عەبدولجەلیل بە ناوی ئیسماعیل کە کوڕە گەورەی بووەو بەپیری لە ساڵی (1726)دا بووە بە والی موسڵ.

ئەوەی کە مێژوونووس دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی نووسیوێتی، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە مێژوونووسی ناوبراو ئاماژەی بەوە کردووە کە عارەبەکانی شاری موسڵ زۆربەیان بریتین لەو عارەبانەی کە لەگەڵ داگیرکارییەکانی عارەبی ئیسلامی هاتوون، هەروەها باسی ئەوەش دەکات کە زۆربەی بنەماڵە ناودارە عارەبەکانی ناو شار لە بنچینەدا کورد بووینەو، بە عارەبکراون. ئەو ئاماژانەش ئەوە دەگەیەنن کە شاری موسڵ شارێکی کوردی و کوردستانی بووە، بەڵام سەرەڕای ڕاگواستنەوەی کوردی شارەکە و هێنانی سەدان هەزار خێزانی عارەب، مرۆڤی کوردیش بەعارەب کراوە واتە خاکی کوردستان و مرۆڤی کوردمان بە عارەبکراوە، کە ئەوەی دووەمیان لەوەی یەکەمیان مەترسیدار ترە.

دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، لە لاپەڕە (23)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیوێتی: (پێشتر کەناری ڕۆژهەڵاتی دیجلە ئاوەدان نەبوو بە خەڵک، جگە لە گوندی (نەبی یونس) کە لەسەر بەرزاییەکی سەرەکی دروستکرابوو، ئەم

ناوچەیە بە چۆڵی مایەوە تا سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەم، کاتێ کە ئاوەدانکردنەوە گەیشتە ئەوێ و، کوردەکان یەکەم کەس بوون نیشتەجێی ئەم ناوچەیە بوون و، لە دوای ئەوانیش عارەبی هاوردە لە کەناری ڕۆژئاواوە پەڕینەوە بۆ ئەوێ).

ئەوەی مێژوونووس دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی ئاماژەی پێکردووە، بەلای کەمەوە بە بۆچوونی ئەو کەناری ڕۆژهەڵاتی دیجلە یان دەستە چەپی شار بەشێکی کوردستانە، چونکە هەروەکو مێژوونووسی ناوبراو باسی کردووە کوردەکان یەکەم کەس بووینە لە کەناری ڕۆژهەڵات واتە بەری (نەبی یونس) نیشتەجێ بووینەو هەر ئەوان ئاوەدانیان کردۆتەوەو، ئەو کەنارەش هەر خاکی کوردستانە.

دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، لە لاپەڕە (25)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیوێتی: (موسل، شارێکە سەر بە جەزیرە، کە ئەو ناوچەیەی دەکەوێتە نێوان هەر دوو ڕووباری دیجلە و فورات لە تکریت لەسەر دیجلە وە بۆ حەدیسە لەسەر فورات و، بەرەو باکوور ڕووە و سەرچاوەکانی دیجلە و فورات کە زۆربەی هەرە زۆری بەشەکانی کوردستانە و، کورد توخمی سەرەکی مرۆڤایەتی گرنگە بەگەڕانەوەمان بۆ مێژوو و بوونی کورد لەوێوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بە مەغۆلکردن لە کۆنەوە. هەروەها گرنگترین شارەکانی جەزیرە بریتین لە: میافارقین، ئامەد (دیاربەکر)، ئارزن، سیرت، حەسەنکێف، شاری جەزیرە، پایتەختی میرنشینی بۆتانی کوردی. سەرەڕای ئەوەی کە موسڵ دەکەوێتە گۆشەی باشووری خۆرهەڵاتی جەزیرەی (فوراتی)، کەچی ئەو گرنگییە جوگرافییەی کە هەیەتی وای لێکردبوو کە دەسەڵاتی بەسەر زۆربەی خاکی جەزیرەدا هەبێت لە چەندان قۆناغی مێژوویی، هەر لەبەر ئەوە ببوو بە پایتەختی سروشتی جەزیرە).

ئەوەی کە مێژوونووس دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی ئاماژەی پێکردووە، کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ بە تەواوی دەگەیەنێت، چونکە ناوبراو لە لایەک لە دیاریکردنی سنووری جەزیرە کە وڵات و خاکی کوردانە، شاری موسڵ وەکو پارێزگایەک دەکەوێتە ناو وڵاتی جەزیرە، لەلایەکی تریشەوە شاری تکریت (245) کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری موسڵ و شاری حەدیسە-ش (390) کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری خۆرئاوای موسڵ-ەوە، هەروەها نووسەر باسی ئەوە دەکات کە

شاری موسڵ پایتەختی سروشتی جەزیرە بووە، مادام شاری موسڵ پایتەختی جەزیرە بووبێت، ئەوکاتە بە دڵنیاییەوە شارێکیشە لە کوردستان، چونکە ناکرێت پایتەختی بەشێکی وڵاتی کوردان شارێکی سەر بە نەتەوەیەکی داگیرکەر و زەوتکەر بێت.

دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، لە لاپەڕە (25–26)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (کاتێ عوسمانیەکان دەستیانگرت بەسەر شاری موسڵ لە شەڕی (مەرج دایق) لەساڵی (1516)دا، دیارترین بنەماڵەکانی موسڵ پێکدەهاتن لەبنەماڵەی عارەب و کورد، کە ئەمەش مانای تایبەتی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی ئاراستەی ڕامیاری موسڵ ڕووەو جەزیرە (بۆتان) بوو. عوسمانیەکان، (بەدر بەگ)ی میری میرنشینی بۆتانیان کرد بە فەرمانڕەوای موسڵ، کە تا ساڵی (1518) مایەوە، کاتێ کە ئەو لادرا عوسمانیەکان فەرمانڕەوایەکی دیکەی کوردیان بە ناوی (حاجی بەگ) دامەزراند بە فەرمانڕەوای موسڵ، لە ساڵی (1534)دا سوڵتانی عوسمانی، سلێمانی قانونی (1420–1566) میرێکی کوردی ئێزیدی بە ناوی (حوسێن بەگی داسنی) دامەزراند بە فەرمانڕەوای شاری موسڵ. لە دوای ئەویش فەرمانڕەوای (کۆرگێل – کە ناوچەیەکی جەزیرەی بۆتانە) بە ناوی (ئەحمەد بەگ کوڕی میر شەمسەدین) دامەزراند. لە ساڵی (1639)دا سوڵتانی عوسمانی موڕادی چوارەم (1623–1640)، میری کوردی ئێزیدی (میرزا بەگ داسنی) بە فەرمانڕەوای موسڵ داناو نازناوی (پاشا)ی پێبەخشی. هەروەها میرەکانی میرنشینی بادینان فەرمانڕەوایەتی موسڵ–یان کردووە لە هەندێ سەردەمدا، کە سێجار لەکاتی سەردەمی سوڵتان حوسێن بەگ وەلی (1537–1581) و نەوەکەی سەیدی خان بەگ و ئەوەی دواییان لە سەرەتای سەدەی حەڤدەهەم بۆ ماوەی سێ ساڵ و حەوت مانگ فەرمانڕەوایی موسڵ–ی کردووە).

سەبارەت بە حوسێن بەگی داسنی، لە ساڵی (1534)دا سوڵتانی عوسمانی، سوڵتان سلێمانی قانونی، لە تەورێزەوە بە بەغدا و هەولێر و موسڵ–دا دەگەڕێتەوە، لەنێو هەموو میرەکاندا، میری ئێزدی میر حوسێن بەگی داسنی، ڕێزێکی لە ڕادەبەدەر لە سوڵتان سلێمانی قانونی دەگرێت و میوانداری و پێشوازییەکی شایانەی لێدەکات. کەچی میری هەولێر، میر عزەددین شێر، ڕوو ناداتە سوڵتان و

ئەویش زۆر دڵتەنگ و نیگەران دەبێت، دواتریش دەیکوژێت، لەپاداشتی میر حوسێن بەگی داسنی-ش، ئەو دەکات بە میری هەولێر، سۆران، موسڵ و بادینان پلەی میری میرانی دەداتێ.

ئەو ئاماژە پێکردنانەی دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، بەوەی کە لە سەدەی شازدەهەمدا چەندان میری کورد فەرمانڕەوایەتی موسڵ-یان کردووە، کوردێتیی و کوردستانێتیی شارەکە و ویلایەتەکە دەگەیەنێت. هەروەها نووسەر ناوی کورد دێنێت هەر لەو سەردەمەدا وەکو پێکهاتەیەکی سەرەکی شارەکە، ئەمەش دەریدەخات کە تا ئەوکاتیش هەر کورد باڵادەست بووە لەناو شاری موسڵدا.

هەڵبەستوان و نووسەر خالید دلێر، لە لاپەڕەکانی (36-37)ی پەرتووکی (كيف الحقت كوردستان الجنوبية بالدولة العراقية؟)دا دەڵێت: (کێشەی ویلایەتی موسڵ لە بنچینەدا لکاندنی باشووری کوردستانە بە ئێراق و، ئەو لکاندنە بەزۆرە وایکرد بەشێوەیەکی بەرچاو کار بکاتە سەر دابەشکردنی یەک پارچەی کوردستان بۆ سەر چوار پارچەی دیاریکراو کە جیهان دانی پێداناون. لە ئەنجامە مەترسیدارەکانی چارەسەری نێودەوڵەتی ناڕاست و دروست بۆ (دۆزی ویلایەتی موسڵ) بریتی بوو لە دابەشکردنی کوردستانی یەکگرتوو و گەلێکی یەکگرتوو لە نێوان چوار دەوڵەت و سێ گەلدا، کە تاوەکو ئێستا بریتییە لە گەورەترین دابەشکردنی نێودەوڵەتی بەزۆرو ستەمکارانەو دابەشکردنێکی قووڵ).

لە سەرەوەداو بە گوێرەی بۆچوونەکانی هەڵبەستوان و نووسەر خالید دلێر، شاری موسڵ شارێکی کوردییە و دەکەوێتە باشووری کوردستان، چونکە ئەو کێشەی ویلایەتی موسڵ بە لکاندنی باشووری کوردستان بە ئێراق ناودەبات و دۆزی ویلایەتی موسڵ بە دابەشکردنی کوردستان دادەنێت. ئەمانەی هەڵبەستوان خالید دلێر باسی کردوون کوردستانێتیی و کوردێتیی تەواوی ویلایەتی موسڵ دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی نووسەر باشووری کوردستان و ویلایەتی موسڵ بە یەک خاک و بە یەکسان دەزانێت.

عەدنان موفتی، سەرۆکی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، لە وتارێکیدا کە لە لاپەڕە (5)ی ڕۆژنامەی (الاتحاد)، ژمارە (1147)ی ڕۆژی دوشەممە، ڕێکەوتی

(31.10.2005)دا لەژێر ناوی (بناء الدولة العراقية .. رؤية كوردية)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (سەرەڕای ئەوەی کە پەیماننامەی (سیڤرە) کە لە ساڵی (1920)دا لە نێوان کورد و تورکیا واژۆ کراو بە ئاشکرا دانی نابوو بە مافی کورد لە دامەزراندنی قەوارەیەکی نەتەوەیی سەربەخۆ بە گوێرەی دوا پەرەگرافی بەندی (64)ی پەیماننامەکە، بەڵام سەرکەوتنی کەمال ئەتاتورک لە شۆڕشەکەیدا دژی دەوڵەتی خەلافەت و سەرکردایەتی کردنی جولانەوەیەکی ڕۆشنبیری کە ئامانجی ژیانەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیای نوێ بوو، لە ئەنجامی نزیک بوونەوەی بەرچاو لەگەڵ ئەوروپا و بە تایبەتی دەوڵەتە سەرکەوتووەکان لە شەڕدا، پەیماننامەیەکی نوێ واژۆکرا لە ساڵی (1923)دا کە بە پەیماننامەی (لۆزان) ناسرا کە زۆر لە بەندەکانی پەیماننامەی (سیڤرە)ی ڕەتکردەوە کە تیایاندا ئەو بەندانەی کە مافی دامەزراندنی نیشتمانێکی سەربەخۆی بە کورد دابوو. ئەو نیشتمانەی کە بریتی بوو لە یەکگرتنەوەی ئەوەی کە پێی دەگوترا باکووری ئێراق و ڕۆژهەڵاتی تورکیا. بەمشێوەیە پەیماننامەی لۆزان ئاواتی کوردەکان و ئامانجە نەتەوەییەکانی لەپێناو دامەزراندنی قەوارەیەکی نەتەوەیی سەربەخۆ لەنێوبرد. باشووری کوردستان دوای دوو ساڵ، بەبێ ئارەزووی دانیشتوانەکەی بوو بە بەشێک لە ئێراقی نوێ کە تازە دروست ببوو، دوای ئەوەی کە ویلایەتی موسڵ کە زۆربەی دانیشتوانەکەی کورد بوون خرایە سەر دەوڵەتی ئێراق. هەموو پەیماننامەکانی تایبەت بە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی ئێراق، مەرجی مسۆگەرکردنی مافە ڕەواکانی گەلی کوردی سەپاندبوو لە دەوڵەتی نوێدا).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی عەدنان موفتی، شاری موسڵ یەکێکە لە شارەکانی باشووری کوردستان، چونکە ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە دوای دوو ساڵ بەسەر تێپەڕبوونی (کۆنگرەی لۆزان)دا، باشووری کوردستان بەبێ گوێدانە ئارەزووی دانیشتوانەکەی بە دەوڵەتی ئێراقەوە لکێنرا. لێرەدا ئەوەی کە سەرۆکی پەرلەمان باسی دەکات، ئەوەیە کە باشووری کوردستان و ویلایەتی موسڵ هەر یەک خاکن، چونکە ئەوەی کە لە ساڵی (1925)دا خرایە سەر ئێراق ویلایەتی موسڵ بوو. کاتێک کە خاکی باشووری کوردستان هەمان خاکی ویلایەتی موسڵ بێت، کەواتە تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ، شاری باشووری کوردستانن.

دکتۆر محەمەد ئیحسان، وەزیری مافی مرۆڤ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان – بەڕێوەبەریتی هەولێر، لە لاپەڕە (28)ی پەرتووکی (کوردستان ودوامة الحرب)دا نووسیویێتی: (دوای واژۆکردن لەسەر پەیماننامەی لۆزان لە یۆلیۆی (1923)دا، وە بە گوێرەی یەکێک لە بەندەکانی، ئەو ئەنجومەنەی سەر بە کۆمەڵەی نەتەوەکان کۆمیسیۆنێکی تۆژینەوەی نێونەتەوەیی نارد بۆ ویلایەتی موسڵ و، کۆمیسیۆنەکە بۆ ماوەی سێ مانگ لە دیسێمبەر تا مارسی ساڵی (1925)دا لەوێ مایەوە، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان پاڵپشتی لە سەروەری زمانی کوردی و ناسنامەی کوردی دانیشتوانەکەی کرد کە هەرگیز گومان هەڵناگرێت).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی دکتۆر محەمەد ئیحسان، شاری موسڵ یەکێکە لە شارەکانی باشووری کوردستان، چونکە ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە کۆمیسیۆنی تۆژینەوە لە کێشەی ویلایەتی موسڵ، جەختی کردۆتەوە لەسەر ناسنامەی کوردێتیی دانیشتوانی موسڵ و سەروەری زمانی کوردی لە ناوچەکەدا، کەواتە تەواوی شارەکان و خاکی ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵ-یشەوە شاری کوردیی و سەر بە خاکی کوردستانن.

دکتۆر محەمەد ئیحسان، وەزیری مافی مرۆڤ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان – بەڕێوەبەریتی هەولێر، لە لاپەڕە (224)ی پەرتووکی (کوردستان ودوامة الحرب)دا، نووسیویێتی: (کاتێک کە ئێراق لە ڕێکەوتی (3.10.1933)دا لە کۆمەڵەی نەتەوەکان وەرگیرا، ئەو وەرگیرانە هەڵپەسێردرا بە مەرجی پابەندبوونی ئێراق بەو تەوزیم کردنانەی (التزامات) کە کۆمەڵەی نەتەوەکان بۆی داناوە، ئەو تەوزیم کردنانەش بایەخی نێونەتەوەیی هەیە وە لە (16) بەندە ڕاگەیاندراوەکەی حکومەتی ئێراق هاتووە کە لە ڕێکەوتی (30.5.1932)دا دەرچووە، یەکێک لەو مەرجانە ئەوەیە کە دەبێت ئێراق ڕێز بگرێت لە مافە مرۆیی و ڕۆشنبیری و بەڕێوەبەرێتییەکانی کورد و ئەو کەمە نەتەوانەی کە لەو پارێزگایانە دانیشتوون: (موسڵ، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی).

سەرەتا دەوڵەتی ئێراق لە(3.10.1932)دا بە فەرمی لە کۆمەڵەی نەتەوەکان وەرگیراو بوو بە ئەندامی ژمارە (57)ی ئەو کۆمەڵەیە، ئەوەش دوای ئەوەی کە نوری سەعیدی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی ئێراق، لە (12.7.1932)دا داواکارییەکی

نارد بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان، نەک وەکو ئەوەی کە دکتۆر محەمەد ئیحسان نووسیویێتی (3.10.1933). ئینجا بە گوێرەی بۆچوونەکانی دکتۆر محەمەد ئیحسان، شاری موسڵ شارێکە لە باشووری کوردستان، چونکە نووسەر باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە بە گوێرەی ئەو شانزە بەندەی کە حکومەتی ئێراقی لەپێناوی وەرگرتنی لە کۆمەڵەی نەتەوەکان لە (12.7.1932)دا ڕایگەیاندبوو، بەڵێنی ئەوەی دابوو کە ڕێز لە تەواوی مافە مرۆیی و ڕۆشنبیرییەکانی کورد و کەمە نەتەوەکانی تر بگرێت لە پارێزگاکانی (موسڵ، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی). ئەو پارێزگایانەی کە ناویان لە شانزە بەندەکەی ئێراقدا هاتووە، هەموویان شاری کوردی و بەشێک بووینە لە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)، بەڵام حکومەتە ڕەگەزپەرستە یەک لەدوا یەکەکانی عارەبی ئێراقی هەوڵی بەعارەبکردنی ئەو شارانەیان داوە، بەتایبەت شارەکانی موسڵ و کەرکوک.

مێژوونووس و نووسەر، دکتۆر جەبار قادر، لە لاپەڕە (56)ی پەرتووکی (چەند بابەتێکی مێژووی کورد)دا دەنووسیێ: (پێش ئەو ساڵە واتە پێش ئەوەی بڕیاری دوایی لەسەر کێشەی موسڵ بدریێ (ڕاستتر دۆزی لکاندنی کوردستانی باشوور بە دەوڵەتی ئێراقەوە)و بەهۆی سەرهەڵدانی مەزنی ساڵی (1925)ەوە لە کوردستانی باکوور، ئینگلیز و کەمالییەکان لە گۆڕەپانی دۆزی کورددا ئەمبەر و ئەو بەریان دەکرد و هەوڵی بەکارهێنانی داخوازییە ڕەواکانی گەلی کوردیان لە باکوور و باشووردا بۆ وەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەدا).

ئەوەی لە سەرەوەدا مێژوونووس دکتۆر جەبار قادر باسی کردووە، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ و ویلایەتی موسڵ دەگەیەنێت، چونکە مێژوونووسی ناوبراو باشووری کوردستانی بۆ ویلایەتی موسڵ بەکارهێناوە و بە یەک خاک ناویان دەبات. کاتێکیش کە یەک خاک بن و یەکسان بن، کەواتە تەواوی شارەکانی هەر دوو لا هەر یەکن. بەمەش شاری موسڵ دەبێتە شارێکی باشووری کوردستان.

دکتۆر جەبار قادر، لە لاپەڕە (64)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (بڕاندنەوەی کێشەی باشووری کوردستان کە بە کێشەی موسڵ نێو دەبراو لکاندنی

ئەو بەشی بە ئێراقەوە کە لەژێر دەسەڵاتی ئینگلیزدا بوو، تورکیاش ناچارکرا دەست لە داواکارییەکانی لەو بەشەدا هەڵگرێ).

ئەوەی مێژوونووس دکتۆر جەبار قادر باسی دەکات، دیسان ئەوە دەگەیەنێت کە مێژوونووس باوەڕی وایە باشووری کوردستان و ویلایەتی موسڵ هەر یەک و یەکسانن، ئەمەش مانای وایە کە تەواوی شارەکانی باشووری کوردستان و ویلایەتی موسڵ هەر هەمان شارن و، بەمەش شاری موسڵ یەکێک دەبێت لە شارەکانی باشووری کوردستان!

محەمەد رەسول هاوار، لە لاپەڕەکانی (620-621)ی پەرتووکی (سمکۆ (ئیسماعیل ئاغای شوکاک)و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد)دا، نووسیویێتی: (ئەو پەیمانەی کە لە نێوان سۆڤیەت و تورکیادا مۆرکرابوو لە دۆکیومێنتی ژمارە (F.O.371-6349)دا لە ڕاپۆرتی ساڵی (1920)دا لە لاپەڕە (154)ی ئەو ڕاپۆرتەیەدا بە دوورو درێژ باسی ئەو پەیمانە کراوە کە ئەمەی خوارەوە دەقی ئەو مادانەیە کە پێوەندییان بە کوردە وە هەبوە، پەیمانەکە ئەڵێ: (هەردوو لا، میری سۆڤیەتی و میری تورکیا لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە هیچ لایەکیان پەیمان لەگەڵ هیچ لایەکی تردا نەبەستێت کە ئەو لایە دژی میری سۆڤیەت یا تورکیا بێت وە لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە سنووری تورکیا بریتی دەبێ لەو سنوورەی کە لە لایەن کۆمەڵەی نیشتمانیی تورکەوە دەستنیشان کراوە (کە بەپێی ئەو دەست نیشان کردنەی کۆمەڵەی نیشتمانیی تورک ویلایەتی موسڵ کە خوارووی کوردستان بوە بە بەشێک لە خاکی تورکیا ژمێرراوەو لەو دەست نیشان کردنەدا وتراوە ئەگەر بە خۆشی و بە ئاشتی نەسێنرێتەوە ئەوا بە زەبری چەک و شەڕ داگیر دەکرێتەوە).

لە سەرەوەدا مێژوونووس و نووسەر محەمەد رەسول هاوار، ئاماژەی کوردبوون و کوردستانی بوونی شاری موسڵ دەکات، چونکە ناوبراو ویلایەتی موسڵ بە باشووری کوردستان ناودەبات. کەواتە ویلایەتی موسڵ و باشووری کوردستان یەک خاک و یەک وڵاتن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ بە شاری ویلایەتی موسڵ-ی پایتەختیشەوە، شاری باشووری کوردستانن.

محەمەد رەسول هاوار، لە لاپەڕە (124–125)ی پەرتووکی (شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان)دا نووسیویێتی: (هەرچەندە پارێزگاری موسڵ ئەوەی کردبوو بە بیانوو کە گوایا خەڵک لە ترسی ئەوەی نەکرێن بە سەرباز بەشداری دەنگدانیان نەکردبوو، بەڵام لە ڕاستیدا هەندێ هۆی سەرەکی تریش هەبووە کە یەکێک لەوانە باسی سەربەخۆیی کوردستان بووە کە لەو ڕۆژانەدا شێخ مەحمود بانگی شایەتیی خۆی بڵاوکردبووەوە کەوا پادشای کوردستانە، لەبەرئەوە زۆر کەس خۆیان کێشایەوە لە دەنگدان. بێجگە لەو دوو هۆیەی کە باسکرا، دەرچوونی فەتوای ئایینی و بانگی نیشتمانپەروەری کە لە زۆر شوێنی خوارووی کوردستاندا بڵاوبووەوە، لەبەرئەوە پارێزگاری موسڵ چارەسەری ئەو هەڵوێستەی بۆ نەکراو لە زۆر شوێندا دەنگدان وەستاو پەکی کەوت).

ئەوەی کە محەمەد ڕەسوڵ هاوار ئاماژەی پێکردووە، کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە مێژوونووسی ناوبراو باسی پارێزگای موسڵی وەکو پارێزگایەکی سەر بە باشووری کوردستان کردووە. کاتێکیش کە پارێزگای موسڵ پارێزگایەکی سەر بە باشووری کوردستان بێت، کەواتە ئەو پارێزگایە دەبێ سیمای کوردێتیی و کوردستانێتیی تایبەت بەخۆی هەبێت.

محەمەد رەسول هاوار، لە لاپەڕە (333)ی پەرتووکی (شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان)دا نووسیویێتی: (لە نێوانی (15 تا 17.5.1916)دا هێشتا جەنگی جیهانی یەکەم لە گەرمەی دابوو کە دوو دیبلۆماسی ئینگلیز و فەرەنسی (ماکس سایکس – نوێنەری ئینگلیز)و (جۆرج پیکۆ – نوێنەری فەرەنسا) پاش گفتوگۆو ڕاوێژێکی دوورو درێژی پێشووتر گەیشتنە ئەوەی لەسەر پەیمانێک ڕێک بکەون کە لە دواییدا بە ناوی هەردوکیانەوە ناونرا پەیمانی (سایکس–پیکۆ). ئەوەی لەو پەیمانەدا پێوەندی بە کوردستانی سەر بەعوسمانلی ئەو ڕۆژانەوە هەبوو بریتی بوو لەڕێککەوتنی خوارەوە:

1. ویلایەتی موسڵ (بەشی خوارووی کوردستان) لەگەڵ ویلایەتی شام و حەڵەب بەر فەرەنسییەکان کەوت).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی مێژوونووس محەمەد رەسول هاوار، شاری موسڵ و ویلایەتی موسڵ بەشێکی باشووری کوردستانن و هیچ پێوەندییەکیان بە عارەب و

بە ئێراقەوە نەبووە، چونکە ناوبراو لە لایەک باسی دابەشکردنی کوردستانی عوسمانی دەکات و، لەلایەکی تریشەوە ویلایەتی موسڵ بە باشووری کوردستان ناودەبات، ناوبردنی ئەم دووانەش بە یەک خاک و یەکسان بە یەکتر، مانای ئەوەیە کە تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵ-یشەوە شاری باشووری کوردستانن.

محەمەد رەسول هاوار، لە لاپەڕە (530)ی پەرتووکی (کورد و باکوری کوردستان لە سەرەتای مێژوەوە هەتا شەڕی دووهەمی جیهان)دا نووسیوێتی: (بەپێی نەخشەی سایکس پیکۆ ویلایەتی موسڵ (خوارووی کوردستان) لەگەڵ ویلایەتی شام و حەلەب بەر فەرەنسییەکان کەوتبوو (لە دوای تەواوبوونی شەڕ ئینگلیزەکان ویلایەتی موسڵ-یان لە دەست فەرەنسییەکان دەرهێنا بەرانبەر بە هەندێ شوێنی تر کە درا بە فەرەنسییەکان).

بە بۆچوونی مێژوونووس محەمەد رەسول هاوار، شاری موسڵ یەکێکە لە شارەکانی باشووری کوردستان، چونکە ناوبراو ویلایەتی موسڵ-ی بە باشووری کوردستان ناوبردووەو بە یەک خاک و یەکسانیان دادەنێت، مادامیش یەکسان و هەر یەک خاک بن، کەواتە شارەکانی هەر دووکیان هەر یەکن.

مەحمود مەلا عزەت، لە لاپەڕەکانی (18-19)ی پەرتووکی (رەگو ریشەی مێژووی تەقەلای بە ئێراقی کردنی کورد و مەسەلەی کوردستان)دا نووسیوێتی: (لۆرد کیرزن، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا) پێش جەنگ هەڵگیرسان، لە بەردەم ئەنجومەنی لۆردەکاندا وتی: بێ پێچو پەنا، ئەگەر بڵێن بەرژەوەندی ڕامیاری‌مان هەر لە ناوچەی کەنداو دایەو بەس .. ئەوە هەڵەیەو وانییە، زیاتریش هەر لە ناوچەکانی نێوان بەغدا و بەسراشدا نییەو بەس، بەڵکو درێژ دەبێتەوە بۆ سەروی بەغدا). بێگومان مەبەستی کیرزن هەر ویلایەتی موسڵ –کوردستانی خوارو- بووە).

بە بۆچوونی نووسەر مەحمود مەلا عزەت، شاری موسڵ شارێکە لە باشووری کوردستان، چونکە نووسەر ناوبراو ویلایەتی موسڵ و باشووری کوردستان هەر بە یەکو خاک و بە یەک وڵات ناودەبات. کاتێکیش کە ئەو دوو زاراوەیە بۆ یەک خاک و یەک هەرێمی دیاریکراو بەکاربهێنرێت، کەواتە شارەکانی هەر دووکیان هەر یەکن.

دکتۆر نوری تاڵەبانی، لە لاپەڕە (32)ی پەرتووکی (سیاسەتی بە عارەب کردنی کەرکوک)دا نووسیویێتی: (لە کۆتایی ساڵی (1925)دا ویلایەتی موسڵی عوسمانی کە ناوچەی کەرکوک بەشێکی سەرەکی ئەم ویلایەتەی پێکهێنابوو خرایە سەر حکومەتی پاشایەتی ئێراق).

ئەوەی دکتۆر نوری تاڵەبانی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان ئاماژەی پێکردووە، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ–ە، چونکە ناوبراو باسی ویلایەتی موسڵ وەکو ویلایەتێکی عوسمانی دەکات، مادامیش ویلایەتەکە ویلایەتێکی عوسمانی بێت، کەواتە هیچ پێوەندییەکی بە عارەب و بە ئێراقەوە نییە، ئەوەی لای هەمووشمان ئاشکەرا بێت ئەوەیە کە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) لە ساڵی (1516)دا لە ڕێگەی داگیرکردنەوە کەوتۆتە ژێردەستی عوسمانییەکان.

دکتۆر نوری تاڵەبانی، لە وتارێکی خۆیدا کە لەدوو بەشدا لە (هەفتەنامەی ئاوێنە)دا، لەژێر ناوی (باشووری کوردستان پاش جەنگی جیهانی یەکەم بە دەوڵەتی ئێراق لکێندراوە)دا بڵاوکراوەتەوە، لە بەشی یەکەمدا کە لە لاپەڕە (14)ی ژمارە (56)ی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (13.2.2007)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (بەشێوەیەکی گشتی، سنووری خوارووی ویلایەتی موسڵ لەشارۆچکەی (مەندەلی) سەر سنووری ئێران، تا خاڵی (فەتحە)ی سەر ڕووباری دیجلە بووە، واتە زنجیرە چیاکانی حەمرین. بۆیە دەتوانین بڵێین سنووری بەڕێوەبەرێتی ئەم ویلایەتە پارێزگاکانی ئێستای موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی لەگەڵ چەند قەزایەکی سەر بە پارێزگای دیالە).

ئەوەی کە دکتۆر نوری تاڵەبانی ئاماژەی پێکردووە، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو لە لایەک شارەکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و چەند قەزایەکی دیالە) بە شاری کوردی سەر بە باشووری کوردستان دادەنێت، لەلایەکی تریشەوە سنووری ئێراق لەلای باکوورەوە لە چیای کێوەسوور (حەمرین) کە نزیکەی (150) کیلۆمەترو شارۆچکەی فەتحە کە نزیکەی (110) کیلۆمەتر دەکەونە باشووری ڕۆژهەڵات و باشووری شاری موسڵ. ئەمانەش بەڵگەن بۆ سەلماندنی کوردستانێتیی موسڵ.

ژنە ڕۆژنامەنووس و نووسەری کوردی میسری، دوڕیە عەونی، لە لاپەڕە (19)ی پەرتووکی (الاکراد)دا نووسیویێتی: (دەتوانین بڵێین، بەبێ ئەوەی زۆر دووربین لە ڕاستی، کوردستان لە باکوورەوە لە زنجیرە چیاکانی ئارارات درێژ دەبێتەوە کە جیاکەرەوەی سنووری ڕامیاری نێوان ئێران، ئەرمینیا و تورکیا و سنووری نیشتمانیی کورد، فارس و ئەرمەنن، لە باشوورەوە تا دەگاتە چیاکانی حەمرین کە جیاکەرەوەی نێوان ئێراقی عارەبی (ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرا)و نێوان کوردستانی عیراق واتە باشووری کوردستان کە دەکاتە (ویلایەتی موسڵی عوسمانی) لە باشووردا، لە ڕۆژهەڵاتیشەوە دەگاتە ئەوپەڕی لوڕستان لە ئێران، هەروەها دەگاتە ویلایەتی مەڵاتیەی تورکیا لە ڕۆژئاواو، بە دووری (20) کیلۆمەتر لە دەریای سپی ناوەڕاست. پێوانەی خاکی کوردستان بە زۆرتر لە (500) هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە مەزەندە دەکرێت).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی ژنە ڕۆژنامەنووس و نووسەری کوردیی میسری، دوڕیە عەونی، شاری موسڵ یەکێکە لە شارەکانی باشووری کوردستان، چونکە ئەو ژنە نووسەرە لە دیاریکردنی سنووری باشووری کوردستاندا، شاری موسڵ دەخاتە نێو ئەو سنوورە، کاتێک کە لە لایەک چیاکانی کێوەسوور لە باشوورەوە بە سنووری جیاکەرەوەی نێوان ئێراقی عارەبی و نێوان باشووری کوردستان دادەنێت، لەلایەکی تریشەوە ئەو نووسەرە باشووری کوردستان، ویلایەتی موسڵ و کوردستانی ئێراق هەر سێک هەر بە یەک هەرێم دادەنێت.

دوڕیە عەونی، لە لاپەڕەکانی (20-21)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا لە باسی سامانەکانی ئاودا نووسیویێتی: (ئاماژە بەوە دەکەم کە سەرچاوەو لقە سەرەکییەکانی ڕووبارەکانی دیجلە و فورات لە کوردستان (تورکیا) هەڵدەقوڵێن، وە هیچ سەیریش نیە کە گرنگترین و گەورەترین بەنداوەکانی وەکو پڕۆژەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و بەنداوی (کیبان) لەسەر ڕووباری فورات (تورکیا)و بەنداوی (دوکان)و (دەربەندیخان) لەسەر ڕووباری زاب و بەنداوی سەدام لە موسڵ لەسەر ڕووباری دیجلە کە هەموویان دەکەونە ناو خاکی کوردە وە).

نووسەر دوڕیە عەونی، لە سەرەوەدا شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی و بەشێک لە باشووری کوردستان دادەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو لە باسی سامانەکانی ئاوو بەنداوەکاندا، باسی ئەوە دەکات کە بەنداوەکانی (دوکان و دەربەندیخان) لەسەر ڕووباری زاب و بەنداوی (سەدام) لە موسڵ لەسەر ڕووباری دیجلە هەموویان دەکەونە ناو خاکی کوردە وە. مادامیش شاری موسڵ بکەوێتە ناو خاکی کوردە وە، کەواتە شارەکە شارێکی کوردییە و دەکەوێتە باشووری کوردستان.

دوڕیە عەونی، لە لاپەڕە (120)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیوێتی: (تەواوی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی و، بەتایبەت ویلایەتی موسڵ (کە باشووری کوردستان دەگرێتەوە)، گرنگیی و بایەخی یەکجار زۆری بۆ بەریتانیا هەیە. هەر لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم و لەبەر چەند هۆیەک، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە بەریتانیا ناتوانێت ئامانجە ستراتیجی (سەربازی)، ئابووری و ئیمپریالییەکانی خۆی بهێنێتە دی بەبێ دەست بەسەر داگرتنی ئەو ناوچەیەدا – ویلایەتی موسڵ–).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر دوڕیە عەونی، شاری موسڵ شارێکی باشووری کوردستانە، چونکە ژنە نووسەر ویلایەتی موسڵ و باشووری کوردستان بە یەک خاک و یەک وڵات دادەنێت.

دوڕیە عەونی، لە لاپەڕە (124)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیوێتی: (دەربارەی پەترۆڵی ئێراق، دەرکەوت کە لەندەن هەوڵدەدات بۆ ئەوەی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان)ی دەوڵەمەند بە چاڵە پەترۆڵ، ببێت بە بەشێک لە دەوڵەتی ئێراق).

ئەوەی ژنە نووسەر دوڕیە عەونی ئاماژەی پێکردووە، کوردستانی بوونی شاری موسڵ دەبەخشێت، چونکە لە لایەک نووسەر ویلایەتی موسڵ و باشووری کوردستان بە یەک خاک و یەکسان بە یەک دەزانێت، لەلایەکی تریشەوە باسی ئەوە دەکات کە ئینگلیزەکان لە هەوڵی ئەوەدابوون ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بکەن بە بەشێک لە دەوڵەتی ئێراق، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە پێشتر

ویلایەتی موسڵ نە بەشێک بووە لە ئێراق، هەروەها نە پێوەندی بە عارەبیشەوە هەبووە.

دوڕیە عەونی، لە لاپەڕە (140)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (لە بەشی پێشوو بینیمان کە چۆن ئینگلیزەکان هەر لە ساڵی (1914ز)دا دەستیانکرد بە داگیرکردنی ئەو ناوچەیەی کە بە ناوی میسۆپۆتامیای خواروو (ئێراقی عارەبی) و، داگیرکردنی میسۆپۆتامیای سەروو (باشووری کوردستان) ویلایەتی موسڵ-ی عوسمانی لە ساڵی (1919)دا).

سەرەتا داگیرکردنی ویلایەتی موسڵ لە مانگی نۆڤێمبەری ساڵی (1918)دا بوو، نەک ساڵی (1919) هەروەکو نووسەر دوڕیە عەونی نووسیویێتی. ئینجا بە گوێرەی بۆچوونەکانی ژنە نووسەر شاری موسڵ شارێکە هیچ پێوەندییەکی بە عارەب و بە ئێراقەوە نەبووە، بەڵکو شارێکی کوردستانی بووە، چونکە ناوبراو لە باسی داگیرکردنەکانی ئینگلیز لە ناوچەکەدا، باسی ئەوە دەکات کە ئەوان لە ساڵی (1914)دا میسۆپۆتامیای خواروو (ئێراقی عارەبی)یان داگیرکردو، لە ساڵی (1919-ڕاستییەکەی لە ساڵی 1918)دا میسۆپۆتامیای سەروو (باشووری کوردستان) یان ویلایەتی موسڵ-ی عوسمانی-یان داگیرکرد. لە سەرەوەدا جیاوازییەکان خۆیان دەدوێن بۆیە پێویست بە ڕوونکردنەوەی زۆرتر ناکات.

دکتۆر ڕەفیق شوانی، لە لاپەڕەکانی (182-202)ی پەرتووکی (كركوك بحث الندوة العلمية حول كركوك 3-5 نيسان 2001 اربيل)دا، لێکۆڵینەوەیەکی لەژێر ناوی (مشكلة تعريب كركوك قديما والى اليوم)دا نووسیوەو، لە لاپەڕە (186)ی لێکۆڵینەوەکەیدا هاتووە: (ئەو ڕێگایەی بۆ گۆڕینی ڕاستی جوگرافی شاری کەرکوک گیراوەتە بەر، لە بنچینەدا دەگەڕێتەوە بۆ پشتگوێ خستنی کۆمەڵەی نەتەوەکان بۆ ئەم دۆزە لە حوزەیرانی ساڵی (1921)، لەدەرئەنجامی ئەو ڕاپرسییەی دانیشتوانی شارەکانی کوردستان وەکو کەرکوک (لەم ساڵەدا تەواوی پارێزگای هەولێری ئێستا قەزایەکی سەر بە کورکوک بووە - دەرسیم)، سلێمانی و موسڵ (لەم ساڵەدا تەواوی پارێزگای دهۆکی ئێستا قەزاکانی دهۆک، زاخۆ، ئامێدی و ئاکرێ سەر بە موسڵ بووەو لە (27.5.1969)دا کرا بە پارێزگا - دەرسیم) بۆ ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر

لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی ئێراقی نوێ، کە گەلی کورد لەو شارانەدا لە ساڵی (1921)دا بە توندی ئەنجامە دەستکاری کراوەکانی ئەم ڕاپرسییەیان ڕەتکردەوەو، خەڵکی ئەو شارانە داوای سەربەخۆیی ئەو بەشەی کوردستانیان کرد).

بەپێی بۆچوونەکانی دکتۆر ڕەفیق شوانی، شاری موسڵ شارێکە لە باشووری کوردستان، چونکە ئەو ڕاستەخۆو بێ هیچ پێچ و پەنایەک باسی کوردستانی بوونی شاری موسڵ–ی کردووە، کاتێک کە باسی شارەکانی کوردستانی دەکات و شارەکانی (موسڵ (نەینەوا+دهۆک)، کەرکوک، هەولێر و سلێمانی) بە شاری کوردستانی ناودەبات.

دکتۆر ڕەفیق شوانی، لە لاپەڕەکانی (182–202)ی پەرتووکی (کرکوک بحث الندوة العلمية حول كركوك 3–5 نيسان 2001 اربيل)دا لێکۆڵینەوەیەکی لەژێر ناوی (مشكلة تعريب كركوك قديما والى اليوم)دا نووسیوەو لە لاپەڕەکانی (199–200)ی لێکۆڵینەوەکەیدا هاتووە: (پێویستە لەسەر گشت جۆرە دامودەزگا حکومییەکانی هەرێمی کوردستان، پارتە ڕامیارییەکان، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا گرنگیی بەردەوام بە کێشەی شاری کەرکوک بدەن، ئەمەش واتای سووربوونە لەسەر داواکردنەوەو واز نەهێنان لەو شارە، ئەمەش دەبێتە هۆی زۆرتر بەرەو پێش بردنی ئەو کێشەیە، ئەگەرنا کەمتەرخەمی کردنی ئەو لایەنە هەروەکو پشتگوێ خستنی کێشەی شاری موسڵ دەبێتە هۆی لەبیرکردن. لەکاتی کارکردن لەپێناوی کەرکوکدا، پێویستە لە سەرمان کە ئێمە پەند و سوودمان لە کێشەی موسڵ وەرگرتبێت).

ئەوەی لە سەرەوەدا دکتۆر ڕەفیق شوانی باسی کردووە، کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە شوانی گلەیی کەمتەرخەمی کردن لە کێشەی موسڵ و لەیادکردنی کوردستانێتیی ئەو شارەیە دەکات. ئەو گلەییانەی ناوبراو ئەوەمان پێ دەڵێت کە دکتۆر شوانی شاری موسڵ بە بەشێکی باشووری کوردستان دەزانێت.

دکتۆر ڕەفیق شوانی، لە لاپەڕە(24)ی پەرتووکی (کێشەی کەرکوک و چۆنیەتی چارەسەرکردنی)دا نووسیویەتی: (ئەو شێوازانەی، کە بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای شاری

کەرکوک خراوەتەکار، لە سەرەتاوە دەگەڕێتەوە، بۆ گوێنەدانی ڕێکخراوی کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبة الامم) لە حوزەیرانی (1921)دا، بە ئەنجامی ڕاوەرگرتنی خەڵکی شارەکانی کوردستان، وەکو شاری کەرکوک، سلێمانی و موسڵ بۆ ڕازیبوونی پێوەلکاندنی ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی تازەی ئێراقەوە، کە کوردی ئەو شارانە لە ساڵی (1921)دا ئەنجامی چەواشەکردنی ڕاوەرگرتنی خەڵکەکەیان بە توندی وەکو سیاسەتێک ڕەتکردەوەو، خەڵکی ئەم شارانە داوای سەربەخۆیی ئەم بەشەی کوردستان-یان کرد، ئەنجامی ڕاوەرگرتنی حوزەیرانی ساڵی (1921)، بە تەواوی پێچەوانەی خواست و ئارەزووی کورد بوو، بە پێچەوانەوە، کاری پێنەکراو، ویلایەتی موسڵ بەزۆر درایە دەم ئێراق، خەڵکی شاری کەرکوک لەم ڕیفراندۆمەدا، داوای کارگێڕییەکی سەربەخۆی کوردیان کرد، خەڵکی سلێمانیش دژی بەشداریکردنی ئەو ڕیفراندۆمە بوون و بەشدارییان تێدا نەکرد. لەو ڕۆژەوە هەموو ڕاستییەکانی کوردانەی شاری کەرکوک لە لایەن دەوڵەتی ئێراقەوە، بە هاوکاری و بە پلانی کۆمپانیای نەوتی ئێراق، سەرو بن دەکرێت و، هەوڵی ئاژاوەنانەوە، لەنێو خەڵکی شارەکەدراوە، بۆ ئەوەی جێگای دەستیان ببێتەوەو، کوردیش لە ئەنجامی پیلانەکانیان تووشی دەرکردن و ماڵوێرانی بێت و، ئەم پیلانەش لە پەنجاکانەوە دەستیان داوەتێ و، هی موسڵیش لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە بە تایبەتی لە بیستەکانەوە).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی دکتۆر شوانی، شارەکانی موسڵ و کەرکوک-یش وەکو شارەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک و دیالە شاری کورد و کوردستانی بووینە، چونکە ناوبراو ناوی شارەکانی موسڵ، کەرکوک و سلێمانی وەکو شارەکانی کوردستان ناودەبات.

دکتۆر ڕەفیق شوانی، لە لاپەڕە (66)ی پەرتووکی (کێشەی کەرکوک و چۆنیەتی چارەسەرکردنی)دا نووسیویێتی: (شاخی حەمرین سەرەتای سنووری کوردستانە لەلای باشوورەوە، کاتی خۆی لە ئەنجامی جەنگی یەکەمی جیهانی و لە ئەنجامی دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراق لە ساڵی (1921)دا، کەرکوک و موسڵ کە بەشێکی کوردستانیان پێکهێناوە لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە، بەو دەوڵەتەوە لکێنران).

دکتۆر ڕەفیق شوانی، زۆر ڕاشکاوانە بۆچوونی خۆی دەردەبڕێت و جەخت لەسەر کوردستانی بوونی شارەکانی کەرکوک و موسڵ دەکاتەوە، کاتێک باسی ئەوە دەکات کە کەرکوک و موسڵ دوو شاری کوردستانی بووینەو لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراقییەوە لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە بەو وڵاتەوە لکێنراون.

ڕۆژنامەنووس خەلیل عەبدوڵڵا، لە لاپەڕە (42)ی پەرتووکی (ئێراق لە دیکتاتۆرییەوە بۆ دیموکراسی کۆمەڵە وتار)دا نووسیویێتی: (ساڵی (1911) ئەڵمانیا و بەریتانیا ناکۆکیەکانیان سەبارەت بە نەوتی ویلایەتی موسڵ (کوردستانی باشوور) یەکلایی کردەوەو هەر دوو لا کۆمپانیایەکی هاوبەشیان دامەزراند بە ناوی (کۆمپانیای جیاوک (ئیمتیاز)ی ئەفریقی و ڕۆژهەڵاتی) لەم کۆمپانیایەدا پشکی بەریتانی (75%)و پشکی ئەڵمانیا (25%) بوو).

ناوبردنی ویلایەتی موسڵ بە باشووری کوردستان لە لایەن ڕۆژنامەنووس خەلیل عەبدوڵڵا، مانای وایە کە نووسەر ویلایەتی موسڵ بە یەک خاک و بە یەکسان دەزانێت لەگەڵ باشووری کوردستان، کاتێکیش کە ئەو دووانە یەک خاک و یەکسان بن، کەواتە شاری موسڵ-ی پایتەختی ویلایەتی موسڵ، هەم پایتەخت و هەم شارێکە لە باشووری کوردستان.

پەیامنێری (الاتحاد) لە لەندەن، چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ دکتۆر سەعد بەشیر ئەسکەندەردا کردووە، چاوپێکەوتنەکە لە دوو بەشدا لەژێر ناونیشانی (دراسة تحليلية لمستقبل كوردستان السياسي)دا لە دوو ژمارەی (الاتحاد)دا بڵاویکردۆتەوە، لە بەشی یەکەمدا کە لە ژمارە (431)ی (الاتحاد)ی هەینی، ڕێکەوتی (27.7.2001)دا بڵاوکراوەتەوە، دکتۆر سەعد دەڵێت: (زۆربەی هەرە زۆری ئەو لێکۆڵینەوە مێژوویی و ڕامیارییانەی کە هەن، جەخت دەکەن لەسەر ئەوەی کە بە کێشەی موسڵ ناسراوە کە لە ساڵانی نێوان (1923-1926)دا دەرکەوت و هاتە پێشەوە لە ماوەی نێوانی پەیماننامەی لۆزان و پەیماننامەی سنووری ئێراقی-تورکی، کە بە گوێرەی ئەو پەیماننامەیە ئەستەنبول بڕیاریدا ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بە ئێراقەوە بلکێنرێت. لکاندنەکەش دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆمێک لە لایەن نوێنەرانی (نەتەوە

یەکگرتووەکان) جێبەجێ بکرێت، بەڵام ڕیفراندۆمەکە بە هیچ شێوەیەک خواست و بۆچوونی ڕاستەقینەی دانیشتوانەکەی ڕەچاو نەکرد).

بە بۆچوونی دکتۆر سەعد بەشیر ئەسکەندەر، ویلایەتی موسڵ پارچەیەکە لە کوردستان و هەر باشووری کوردستانە، کاتێک کە ویلایەتی موسڵ هەر باشووری کوردستان بێت، کەواتە شاری موسڵ-یش وەکو شارێکی سەر بە ویلایەتی موسڵ، شارێکی باشووری کوردستانە.

کەریم زەند، گەڕیدەو جوگرافیناسی کورد، لە لەپەڕە (20)ی پەرتووکی (جوگرافی کوردستان)دا نووسیویێتی: (هێڵی نەتەوەیی لە باشوورەوە لە بەدرەوە بۆ ڕێژەنی زێی گچکەیە، دەڤەری موسڵ ناو شارەکە و گوندەکانی زۆربەی کوردە).

ئەوەی گەڕیدەو جوگرافیناسی کورد، کەریم زەند ئاماژەی پێکردووە، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە مێژوونووسی ناوبراو دەڤەری موسڵ بە تەواوی و ناو شاری موسڵ و گوندەکانی دەوروبەری زۆربەیان بە کورد دەزانێت، مادام زۆربەی دانیشتوانەکانی کورد بن، کەواتە دەکرێت بڵێین تەواوی دەڤەرەکە بە شاری موسڵ-ەوە، شار و دەڤەرێکی کوردی و کوردستانین.

کەریم زەند، گەڕیدەو جوگرافیناسی کورد، لە لەپەڕە (306)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (لە سەدەی (16-17) بەپێی پەیمانی شا ئەباسی سەفەوی، سوڵتان مرادی چوارەم ئوسمانی – ئەردەلان بۆ ئێران مایەوە، تا جەنگی یەکەمی جیهانی (1914-1918) بەهدینان و سۆران و بابان – باشوورا کوردستان – ویلایەتی موسڵ بە گوێرەی بڕیاری (کۆمەڵەی نەتەوەکان) – ژمارە (77) لە (16.12.1925) بەسترا بە ئێراقەوە، ئەو لکاندنە بەپێی چەند مەرجێ بوو).

بەپێی بۆچوونەکانی گەڕیدەو جوگرافیناسی کورد کەریم زەند، شاری موسڵ شارێکی باشووری کوردستانە، چونکە گەڕیدەی ناوبراو باشووری کوردستان بە ویلایەتی موسڵ ناودەبات، کە ویلایەتی موسڵ و باشووری کوردستان یەک خاک بن، کەواتە شارەکانیشیان هەر یەکن، هەروەها باسی لکاندنی ویلایەتی موسڵ دەکات بە ئێراقەوە لە (16.12.1925)دا، لکاندنیش تەنیا یەک مانای هەیە ئەویش داگیرکردنە، داگیرکردنیش واتە خاک خاکی خۆیان نییە بۆیە داگیری دەکەن.

مافناس و نووسەر، دکتۆر مارف عومەر گوڵ، لە لاپەڕە (115)ی پەرتووکی (کێشەی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی گەلی کورد)دا، نووسیویێتی: (پەیماننامەی سێڤرەساڵی (1920) بەشێوەی ئۆتۆنۆمی چارەسەری بۆ دۆزی کورد دانابوو لە باکووری کوردستان، بەو مەرجەش ئەگەر کورد خۆی بیەوێت، پاش ساڵێک دەتوانێت دەوڵەتێکی کوردی دروست بکات و کوردەکانی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بچنە پاڵ ئەو دەوڵەتە).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی مافناس و نووسەر، دکتۆر مارف عومەر گوڵ، شاری موسڵ یەکێکە لە شارەکانی باشووری کوردستان، چونکە نووسەر سەرەتا ویلایەتی موسڵ بە باشووری کوردستان ناودەبات و، دواتریش باسی ئەوە دەکات بە گوێرەی پەیمانی (سێڤرە)، کوردەکانی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) لەگەڵ ئەو دەوڵەتە کوردییەی کە دەبوایە لە باکووری کوردستان دامەزرایە، یەکبگرنەوە. ئەمانەش ئاماژەیەکن بۆ باوەڕبوونی نووسەر بە کوردستانێتیی تەواوی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان).

پەیامنێری ڕۆژنامەی میدیا لە شاری موسڵ، ریپۆرتاژێکی لەژێر ناوی (لە موسڵ کورد هاووڵاتی نین)، کە لە لاپەڕە (10)ی ژمارە (235)ی (میدیا)ی سێشەممە (11.4.2006)دا بڵاوکردۆتەوەو، لە ریپۆرتاژەکەدا هاتووە: (بەپێی نووسین و بەڵگەنامە مێژووییەکان موسڵ شارێکی کوردستانییە و لە پێش زایینەوەش دەسەڵاتدارێتی کوردستان پەیوەست بەو دەسەڵاتەی فەرمانڕەوای موسڵ دەکریَ، ئەو کاتەی موسڵ (نەینەوا) بەدەست ئاشوورییەکانەوە بوو بەشێکی کوردستان لەژێر دەسەڵاتدارێتی ئاشوورییەکاندا بووە، بەڵام کاتێک موسڵ لە لایەن هاوپەیمانێتی میدی و کلدانەکانەوە گیرا کوردستان کەوتە ناو سنووری دەسەڵاتدارێتی کوردیی میدییەکان. لە کۆمەڵەی نەتەوەکانیشدا ناوی کێشەی باشووری کوردستان لە زۆر بەڵگەنامەو ململانێی دیکەدا بە کێشەی ویلایەتی موسڵ ناسراوە، بەپێی بەڵگەنامە مێژووییەکانیش لە هیچ سەردەمێکدا موسڵ بەبێ کورد نەبووە، بەڵام بێ عارەب بووە، کە ئێستا عارەب لەو شارەدا زۆرن و بە شارێکی عارەبی ناوی دێنن و سورن لەسەر ئەوە).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی پەیامنێری ڕۆژنامەی میدیا لە شاری موسڵ، موسڵ شارێکی کوردیی و کوردستانییە، چونکە پەیامنێرەکە بە پشت بەستن بە بەڵگەنامە مێژووییەکان، ئەو شارە وەکو بەشێکی کوردستان ناودەبات، هەروەها نووسەر باسی ئەوە دەکات کە ئەوکاتانەی کە شاری موسڵ لەبەردەستی ئاشوورییەکان بووە، بەشێکی کوردستان لەژێر دەستیان بووە، بەڵام کاتێک میدییەکان موسڵ-یان ڕزگارکرد، کوردستان بە تەواوی کەوتە دەست میدییەکانەوە. هەروەها نووسەر باسی ئەوەش دەکات کە لە هیچ سەردەمێکدا موسڵ بێ کورد نەبووە، بەڵام بێ عارەب بووە. ئەوانەی کە لە سەرەوەدا ئاماژەیان پێکرا، هەمووی کوردستانێتیی و کوردێتی شاری موسڵ دەگەیەنن.

شکور حەمەی هەیەر، بەرپرسی بنکەی ڕوناکبیری کفری، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (تورکمانەکانی کفری کێن؟)دا، کە لە لاپەڕەکانی (94-100)ی ژمارە (1)ی (گۆڤاری گیرفان)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسەر لە لاپەڕە (97)دا نووسیویێتی: (ئەوەی مەبەستی منە لەم بابەتەدا تورکمانەکانی ئێستای شاری کفرین، لە پێشدا ئاماژەمان بەوەدا کە گرنگیی جێگای شاری کفری خاڵی هەرە گرنگیی ململانێی دەسەڵاتەکانی سەردەمی کۆن بووە بە تایبەتی لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی و سەفەویدا. سەفەوییەکان چەندان جار هێرشیان هێناوە بۆ سەر شاری کەرکوک و موسڵ، بۆ ئەوەی ڕێگای ئەستەمبۆڵ ببڕن و بە ئاسانی بتوانن ئێراق بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، بۆیە دەوڵەتی عوسمانی گرنگیی زۆری داوە بە شارەکانی وەکو (موسڵ، هەولێر، پردێ، کەرکوک، داقوق، خورماتو، کفری، جەلەولا، خانەقین و مەندەلی). ئەم زنجیرە شارانەی کوردستانی باشور لەژێر کاریگەرییەکی زۆری عوسمانییەکاندا بونەو زمان‌و کەلتوری ناوچەکە گۆڕاوە بۆ کەلتوری تورکی، دانیشتوانە ڕەسەنەکەی ناوچەکە، کە کورد بونە ناچار بونە ملکەچی زرنگکارییە ڕەگەزپەرستەکەی تورکەکان بونە، جگە لەوەش جەختی زۆر کراوە لێیان تا خۆیان بکەن بە تورک).

نووسەر شکور حەمەی هەیەر، شاری موسڵ وەکو شارێکی کوردیی و بەشێکی کوردستان دەبینێت، چونکە نووسەر زۆر ڕاشکاوانە شارەکانی (موسڵ، هەولێر، پردێ، کەرکوک، داقوق، خورماتو، کفری، جەلەولا، خانەقین و مەندەلی) بە شارەکانی باشووری کوردستان ناودەبات.

دکتۆر خالد یونس خالد، لە بەشی دووەمی وتارێکیدا کە لە ژمارە (5)ی گۆڤاری (سردم العربي)دا لەژێر ناوی (القضية الكردية في المعادلة الدولية ودورها في مستقبل الشرق الاوسط)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (لە ڕاستیدا ئەو ململانێیە تەنیا ململانێیەکی دیاریکراو نەبووە لەسەر سنوور، بەڵکو ململانێیەک بوو لەسەر ویلایەتی موسڵ بە تەواوی، واتە لەسەر باشووری کوردستان کە ئەمڕۆ بە کوردستانی ئێراق ناودەهێنرێت، هۆکاری ململانێکە هەبوونی نەوت بووە لە ناوچەکەداو، چارەنووسی کوردی ئێراق بەو ململانێیە ببەسترێتەوە).

بەناوبردنی ویلایەتی موسڵ بە کوردستانی ئێراق و باشووری کوردستان لە لایەن دکتۆر خالد یونس خالد، باوەڕبوونی ئەو نووسەرەمان بۆ دەردەخات بە کوردبوون و کوردستانی بوونی شاری موسڵ، چونکە نووسەری ناوبراو ململانێی نێوان بەریتانیا و تورکیا تەنیا بە کێشەی سنوور نازانێت، بەڵکو پێی وایە ململانێکە لەسەر خاکی کوردان باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بووە.

دکتۆر سلێمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل، مامۆستا لە بەشی جوگرافیای زانکۆی هەولێر، لە لێکۆڵینەوەیەکدا لەژێر ناوی (مفهوم أقليم كوردستان العراق)دا کە لە ژمارە (6)ی گۆڤاری (سردم العربي)دا بلاوکراوەتەوەو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕەکانی (15-17)ی ژمارە (9-12)ی گۆڤاری گەلاوێژ، ساڵی دووەم، 1941، نووسیویێتی: (مستەفا شێخ نعمەتوڵڵا، لە وتارێکیدا کە لەژێر ناوی (جوگرافیای کوردستانی ئێراق)دا بڵاویکردۆتەوە، نووسیوێتی: کوردستانی باشوور (کوردستانی ئێراق) لە پارێزگاکانی سلێمانی، کەرکوک، هەولێر، موسڵ (نەینەوا+دهۆک)، قەزاکانی خانەقین، مەندەلی و بەدرە پێکدێت و درێژی سنووری کوردستانی ئێراق لەگەڵ تورکیادا دەگاتە نزیکەی (294) کیلۆمەتر لەگەڵ ئێراندا دەگاتە نزیکەی (630) کیلۆمەتر لەگەڵ ناوچە عارەبنشینەکانی ئێراقدا دەگاتە نزیکەی (504) کیلۆمەتر).

دکتۆر سلێمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل، بە پشت بەستنی بە ژمارەکانی (9-12)ی گۆڤاری گەلاوێژ، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە جوگرافیناسی کورد مستەفا شێخ نعمەتوڵڵا، باوەڕی تەواوی بە کوردستانی بوونی شاری موسڵ هەیە، چونکە ئەو

جوگرافیناسە شارەکانی باشووری کوردستان بە پارێزگاکانی سلێمانی، کەرکوک، هەولێر، موسڵ (نەینەوا+دهۆک)و قەزاکانی خانەقین، مەندەلی و بەدرە) دادەنێت.

سەدیق ساڵح، لە لاپەڕە (29)ی پەرتووکی (حکومەتی کوردستان لە سلێمانی (1918 – 1924) پوختەی پێشینەو مێژوو)دا نووسیویێتی: (هێزەکانی ئینگلیز (25.10.1918) شاری کورکوکیان گرتەوە. ڕۆژی (31)ی ئەو مانگەیش ئاگربەستی مۆدرۆس مۆرکراو، یەکەمین جەنگی جیهانی بڕایەوە. عەلی ئیحسان پاشا بە تەلگراف فەرمانی بە عەلی ڕەزا بەگی پارێزگاری سلێمانی دا بەڕێوەبەرێتی شار بداتە دەست شێخ مەحمود و، ناسناوی (نەقیب)یشی بۆ وەرگرت. هەر فەوجە سەربازییەکەی تورک بە فەرماندەیی ساڵح بەگی تابوور ئاغاسی مایەوە. بە داگیرکردنی (موسڵ)یش لە (10.11.1918)دا، سەرتاسەری کوردستانی باشوور بە کردەوە کەوتە ژێر رکێفی هێزەکانی ئینگلیز).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر سەدیق ساڵح، شاری موسڵ شارێکی کوردییە و بەشێکە لە باشووری کوردستان، کاتێک کە دەڵێت: (بە داگیرکردنی (موسڵ)یش لە (10.11.1918)دا، سەرتاسەری کوردستانی باشوور داگیرکرا)، چونکە بەکارهێنانی دەستەواژەیەکی ئاوا لە لایەن ناوبراوەوە دەیسەلمێنی کە بەلای ئەوەوە موسڵ کوردستانە، بۆیە بەمشێوەیە باسی دەکات. سەبارەت بە ڕۆژی داگیرکردنی شاری موسڵ چەندان ڕێکەوتی جیاجیا نووسراوە بۆ نموونە (5.11.1918، 7.11.1918، 8.11.1918 و 10.11.1918)، بەڵام پێم وایە (7.11.1918) لە هەموویان ڕاستترە لەبەر ئەوەی ڕۆژی بەستنی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەی فەرماندە سەربازییەکانی بەریتانی لە موسڵ ڕێکەوتی (7.11.1918) بووە.

سەدیق ساڵح، لە لاپەڕە (46)ی پەرتووکی (حکومەتی کوردستان لە سلێمانی (1918–1924)داو، بە پشتبەستنی بە لاپەڕە (45–54)ی سەرچاوەی (الدکتور احمد عثمان ابوبکر، کوردستان في عهد السلام، القسم الثامن)دا، کە بەشی هەشتەم لە وەرگێڕدراوە کوردییەکەدا لە لاپەڕەکانی (90–100)ی پەرتووکەکەدایە، نووسەر نووسیویێتی: (کۆنگرەی لەندەن، شوباتی (1920)دا لە لایەن گەورە دەوڵەتانی

هاوپەیمانەوە بەسترا، یەکێ لە بابەتەکانی دۆزی ویلایەتی موسڵ (کوردستانی باشوور) بوو، وەک کێشەیەکی کراوە هێڵرایەوە).

بە گوێرەی پشتبەستنەکەی نووسەر سەدیق ساڵح بە پەرتووکەکەی دکتۆر ئەحمەد عوسمان، بۆمان دەردەکەوێت کە دکتۆری ناوبراو شاری موسڵ و ویلایەتی موسڵ بە بەشێکی کوردستان دەزانێت، چونکە ناوبراو ویلایەتی موسڵ بە باشووری کوردستان ناودەبات، کەواتە هەر دووکیان یەک خاک و یەکسان بە یەکن، بۆیە دەکرێت بگوترێت شاری موسڵ و شارەکانی تری سەر بە ویلایەتی موسڵ، شاری باشووری کوردستان.

دکتۆر کاوس قەفتان، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە مێژووی نوێی کورد، لە لاپەڕە (70)ی پەرتووکی (چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی بابان.. سۆران.. بۆتان)دا، نووسیویێتی: (دەسەڵاتی بەدرخان پاشا هەتا دەهات پەرەی دەسەند، ناوچەیێکی فراوانی کوردستانی گرتەوە، هەر لە خوارووی گۆمی وان و ڕۆژهەڵاتی ئێرانەوە هەتا دیاربەکر و موسڵ بەدەست بەدرخانەوە بوو، جا کە هیچ شتێک لەوێزەی بەدرخان نەهات نانەوەی دووبەرەکی ئاییني نێوان کورد و ئاسوورییەکان بوو بە باشترین ڕێگە بۆ لێدانی بەدرخان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد).

ئەوەی دکتۆر کاوس قەفتان باسی دەکات، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە موسڵ لەژێر فەرمانڕەوایی میر بەدرخانی میری بۆتان بووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سەردەمێک ئەو شارە بەشێک بووە لە میرنشینی بۆتانی کوردیی، کەواتە بەشێکیش بووە لە کوردستان و خاکی کورد.

دکتۆر فوئاد حەمە خورشید، لە لاپەڕە (17)ی پەرتووکی (کرکوک قلب کوردستـــــان)دا، نووسیویێتی: (لکاندنی ویلایەتی موسڵ (کوردستانی باشوور) بە ئێراقەوە یەکلا نەبووەوە تاوەکو دوای شکست هێنانی گفتوگۆکانی کۆنگرەی لۆزان (1922–1923)دا لە نێوان بەریتانیا (کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا و ئێراقی بە یەکەوە دەکرد)و تورکیا دەربارەی خاوەندارێتی ویلایەتی موسڵ و، ڕادەستکردنی ئەو بابەتە بۆ کۆمیسیۆنێکی تایبەتی سەر بە کۆمەڵەی نەتەوەکان کرا لە ساڵی (1924)دا کە ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکانی ڕاسپارد تا دانبنێ بە هێڵی

برۆکسل هەر لەو ساڵەدا. ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان بڕیاری دیاریکردنی ئەو سنوورەی لە کانوونی یەکەمی ساڵی (1925)دا دەرکرد. هەروەها لە (5.6.1926)دا هەر یەک لە بەریتانیا، تورکیا و ئێراق پەسەندی ئەو بڕیارەیان کردو ئەو هێڵەیان بە سنووری ڕامیاری نێوان ئێراق و تورکیا دانا. بەمشێوەیە کوردستانی باشوور (ویلایەتی موسڵ) بەشێوەیەکی یەکجاری لە ساڵی (1926) بوو بە بەشێک لە ئێراق).

سەرەتا کۆمیسیۆنەکە لە مانگی کانوونی دووەم تا مارسی ساڵی (1925) لە ویلایەتی موسڵ بووینەو، ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا بڕیاری لکاندنی ویلایەتی موسڵ–ی بە ئێراقی عارەبییەوە داوە. ئینجا بە گوێرەی بۆچوونەکانی دکتۆر فوئاد حەمە خورشید، شاری موسڵ و ویلایەتی موسڵ بەشێکی کوردستانن، چونکە دکتۆری ناوبراو ویلایەتی موسڵ بە باشووری کوردستان ناودەبات، بەمەش هەر دووکیان یەکسان دەبن، هەروەها باسی ئەوە دەکات کە لە ساڵی (1926، ڕاستییەکەی لە ساڵی 1925)دا باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بوو بە بەشێک لە ئێراق. مادام ویلایەتی موسڵ و باشووری کوردستان یەک خاک و یەکسان بن و، باشووری کوردستانیش خرابێتە سەر ئێراق، کەواتە شاری موسڵ شارێک بووە لە باشووری کوردستان.

پارێزەر کامیل ژیر نیزامەدین، لە لاپەڕە (43)ی پەرتووکی (کوردایەتی و سەربەخۆیی)دا بەمشێوەیە باس لە کوردستانێتیی شاری موسڵ دەکات: (ئەشێ بپرسین بۆچی کوردستانی خواروو، واتا ویلایەتی موسڵ خرایە سەر ئێراقی عارەبی؟ لە کاتێکدا نە شێخ مەحمود و نە دانیشتوانی کوردستان قایل نەبوون بەو کارە).

دەربڕینی بیرو بۆچوونەکانی پارێزەر کامیل ژیر بەمشێوەیەی سەرەوە، جگە لە باوەڕبوونی ناوبراو بە کوردبوون و کوردستانێتیی ویلایەتی موسڵ و شاری موسڵ، هیچ شتێکی تر ناگەیەنێت! چونکە نووسەر بەسەر سوڕماوی باسی لکاندنی بەزۆری باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بە ئێراقی عارەبییەوە دەکات!

پارێزەر کامیل ژیر، لە لاپەڕەکانی (81-82)ی سەرچاوەی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (وا بۆ سێ ساڵ ئەچێ دەنگوباسی پڕۆژەی ویلایەتی موسڵ لە ئارادایە لە لایەن کۆمەڵەیەکەوە بە ناوی کۆمەڵەی کۆششی دروستی دەستەی ئەورووپی بۆ دارشتنی یاسا، کە لە شەست ئەورووپی و ئەمەریکی پێکهاتووە. ئەوانە بریتین لە پەرلەمانتارو مێژوونووس و پسپۆر و پارێزەر و زۆر توانای تر کە لە ئەیلولی (1990)ەوە دەستبەکارن و لەسەر داوای حکومەتەکانی هاوپەیمانان بۆ ئامادەکردنی دوو ڕاپۆرت لەسەر شەڕی کەنداو و دۆزی کورد، زانیاری پێشکەش بەو حکومەتانە ئەکەن. پڕۆژەکەش بریتیە لەوەی ویلایەتی موسڵ لە ئێراق جیاکرێتەوە و بۆ ماوەی چەند ساڵێک بخرێتە ژێر دەسەڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوەو دوای ئەوە پرسی گشتی بکرێت و خەڵکی سەرپشک بن لەوەی: ا- بچنەوە پاڵ ئێراق؟ ب- بچنە پاڵ تورکیا؟ بچنە پاڵ ئێران؟ سەربەخۆ بن؟).

ئەوەی پارێزەر کامیل ژیر ئاماژەی پێکردووە، کوردستانی بوونی ویلایەتی موسڵ و شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەر کامیل ژیر باسی ئەو پڕۆژەیەمان بۆ دەکات کە دەیەوێت باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) لەژێر دەستی ئێراق ڕزگار بکات، دیارە هەم کامل ژیرو هەم کۆمەڵەی کۆششی ئەورووپیش باوەڕیان وایە کە ویلایەتی موسڵ لە ئێراق جیایەو داگیرکراوە، بۆیە باوەڕی تەواویان بە جیاکردنەوەی ئەو ویلایەتە و ئەنجامدانی ڕیفراندۆمێک هەیە.

پارێزەر کامیل ژیر، لە لاپەڕەکانی (189-190)ی سەرچاوەی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (ویلایەتی موسڵ: لەدێر زەمانەوە موسڵ و ناوچەیەکی فراوان بەدەوریدا، ئەو ناوەی خۆی هەبووە جیاواز لە ناوی ناوچەکانی دەوروبەری، لەژێر فەرمانڕەوایەتیی دەوڵەتی عوسمانیشدا ئەو ناوچەیە نیمچە قەوارەی خۆی هەبووەو بە ویلایەتی موسڵ ناوبراوە. لە ساڵی (1925)دا ئەو ویلایەتە، بەپێی هەندێ مەرج لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە خراوەتە سەر ئێراق. ئێراقیش بەپێی هەندێ مەرج لە کۆمەڵی نەتەوەکاندا بە ئەندام وەرگیراوە لە (3.10.1932)دا دوای ئەوەی دەسەڵاتی کۆمەڵی نەتەوەکانی لەسەر لابرا. ئینجا لەبەر ئەوەی دەوڵەتی ئێراق بە هەموو حکومەتەکانیەوە لە ساڵی (1932)ەوە تا ئێستاش ڕێزی مافی گەلی کورد و کەمایەتیەکانی نەگرتووەو داهاتی بیرە نەوتەکانی نەک بۆ خەڵکی ویلایەتی

موسڵ خەرج نەکردۆتەوە، بەڵکو داوێتی بە چەکی کۆمەڵ کوژو کێشاوێتی بە سەری دانیشتوانی ئەو ویلایەتەدا و خەڵکی ئەو ویلایەتەی ئەنفال و کیمیاباران کردووە وماڵیانی کاولکردووە، بۆ خەڵکی ئەو ویلایەتە هەیە خۆی جیاکاتەوە لە ئێراق. ئەمەش مافێکە هیچ یاسایەکی ناوخۆ، یا هیچ یاسایەکی نێودەوڵەتی ناتوانێ لە خەڵکی ویلایەتی موسڵی بسەنێ. لەبەرئەوە هەر بڕیارێک کە لە دەوڵەتی ئێراقەوە دەرچێ یا لە ئەنجامی کۆبوونەوەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانە وە دەردەچێت یا تەنانەت لە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە یا لە ئەنجومەنی ئاسایشەوە دەردەچێت و بریتی بێ لەوەی ئەو مافە لە خەڵکی ویلایەتی موسڵ زەوت کات یا بریتی بێ لەوەی ئەبێ یەکێتی خاکی ئێراق وەک ئەوەی ئێستا هەیە بپارێزێت.. ئەوە بڕیارێکی نایاساییە و هیچ ڕەوایەتییەکی نیەو خەڵکی ویلایەتی موسڵ بۆیان هەیە خۆیانی پێوە نەبەستن‌و پشتگوێی بخەن).

به گوێرەی بۆچوونەکانی پارێزەر کامیل ژیر، شاری موسڵ و ویلایەتی موسڵ بە نیشتمان و بە خاکی کورد و کوردستان دادەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو لە سەرەوەدا موسڵ بەجیا لە ئێراق دادەنێت و، باسی ئەوە دەکات کە هیچ پێوەندییەکیان بە یەکەوە نەبووەو، ویلایەتی موسڵ ویلایەتێکی کوردستانی سەربەخۆو سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بووە. پاشان مادام هیچ پێوەندییەک لە نێوان ویلایەتی موسڵ و ئێراقدا نەبووبێت، کەواتە تەواوی شارەکانی ئەو ویلایەتە بە شاری موسڵ-ەوە، شاری کوردی و بەشێکی باشووری کوردستانن.

سامی شۆڕش، وەزیری ڕۆشنبیری لە میری هەرێمی کوردستان - هەولێر، لە لاپەڕە (68)ی پەرتووکی (ئێراق و دەوروبەری کورد لەو ناوەندەدا)، نووسیویێتی: (ئێراق و تورکیا دوو دەوڵەتی گرنگیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن. لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراق لە (1920-1925) ناکۆکییەکی ئاشکراو زەق کەوتە نێوانیانەوە بەهۆی کێشەی ویلایەتی موسڵ (کوردستانی باشوور)، دواتر بە تایبەتی پاش ساڵی (1958) رووگەی ڕامیاری ناوەخۆو هاوپەیمانێتی دەوڵەتی بەغدا و ئەنقەرەی تا ڕادەیەک لەیەکدی جیاکردەوە).

کاتێک کە نووسەر سامی شۆڕش، ویلایەتی موسڵ بە باشووری کوردستان ناودەبات، واتە بە یەک خاک و بە یەک هەرێمی جوگرافییان دەزانێت، کاتێکیش کە

ئەو دوو ناوە جوگرافیەی باشووری کوردستان و ویلایەتی موسڵ بۆ یەک هەرێم بەکاربێت، کەواتە تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ و لە ناویاندا شاری موسڵ، شاری کوردیی و پارچەیەکن لە باشووری کوردستان.

سامی شۆڕش، لە لاپەڕە (69)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (لە ساڵی (1925-1926)دا (کۆمەڵەی نەتەوەکان) بەپەسندکردنی هەر دوو دەوڵەتی ئێراق و تورکیا کێشەی ویلایەتی موسڵ-ی بەوە چارەسەرکرد کە کوردستانی باشوور بدرێتە پاڵ دەوڵەتی ئێراق).

لە سەرەوەدا بیرو بۆچوونەکانی نووسەر سامی شۆڕش-مان بۆ دەردەکەوێت، کاتێک کە ناوبراو باسی ئەوە دەکات کێشەی ویلایەتی موسڵ بەوە چارەسەرکرا کە باشووری کوردستان بخرێتە سەر ئێراق، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە نووسەر باوەڕی وایە ویلایەتی موسڵ و باشووری کوردستان هەر یەکن و یەک خاکن، مادامیش بەمشێوەیە بێت، کەواتە تەواوی ویلایەتی موسڵ نیشتمان و خاکی کورد و کوردستانە بە شاری موسڵ-ەوە.

شاخەوان مەنسور، لە بابەتێکیدا لەژێر ناوونیشانی (کەرکوک و چاوی چڵێسی دوژمنان)دا کە لە لاپەڕە (8)ی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (3971)ی ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (18.5.2006)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (درێژەی نەدەینێ دوژمنان هەمیشە چاویان بڕیوەتە کوردستان، بۆ نموونە سەدەی پێنج کیسرا دەسەڵاتی خۆی سەپاندووە بەسەر ناوچەکە، سەدەی حەوت عارەب بە ناوی ئیسلامەوە هاتوون، سەدەی یانزە سەلجوقیەکان، سەدەی سیانزە مەغۆل، سەدەی پانزە تەتەر، شانزە عوسمانیەکان، سەدەی بیست جەنگی جیهانی و ئاکامە شوومەکەی بۆ کورد، دواجار ئەو بایەخە لە ویلایەتی شارەزووردا کۆدەبێتەوە ئینجا پارێزگای موسڵ و سەرەنجام پارێزگای کەرکوک، دوژمنان تاوەکو لە ڕێگەی سەرەنێزەوە نووکی شمشێر و باج و خەراجەوە فەرمانڕەوایەتی کوردستان-یان کردووە، پێویستیان بە هاوزمانی خۆیان نەبووە لە ناوچەکە!).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر شاخەوان مەنسور، شاری موسڵ یەکێکە لە شارەکانی کوردستان، چونکە نووسەر لە باسی چاو تێبڕینی دوژمنانی نەتەوەکەمان

لە کوردستان، باسی ئەوە دەکات کە لە سەدەی بیستەمدا دوژمنان سەرەتا چاویان بڕییە پارێزگای موسڵ و دواتریش پارێزگای کەرکوک لە کوردستان. ئەمانەش بۆمان دەردەخات کە نووسەری ناوبراو لە سەرەوەدا، پارێزگاکانی موسڵ و کەرکوک بە بەشێک لە کوردستان دەزانێت.

ڕێبوار، لە لاپەڕەکانی (37-38)ی پەرتووکی (هەڵوێستی یەکێتیی و تاڵەبانی دەربارەی شۆڕشی کوردستانی باشوور)دا نووسیویێتی: (پارتی بەعس هەر لە نێوەڕاستی چلەکانەوە، لە نووسینەکانیاندا باسی مەترسی ئەو کەمەنەتەوانە دەکەن بۆ سەر نەتەوەی عارەب و خاکی عارەب. بۆیە هەمیشە ئەندامانی خۆی لێ وریا کردۆتەوە لەوەی کە ئەبێ هەوڵی تواندنەوە یاخود دەرکردن، یا لەناوبردنی ئەم کەمینانە بدەن..... بۆیە کاربەدەست و ئەفسەرە بەعسیەکانی ئێراق لە موسڵ، بادینان، کەرکوک و خانەقینیشی پێش ئەوەی دەسەڵات بگرنە دەست هەرچییەکیان لەدەست هاتبێ بۆ بە عارەب کردنو تەنگ پێ هەڵچنین و ئازاردانی کوردەکانی ئەو شوێنانەو دەرکردن و دوورخستنەوەیان درێغیان نەکردووە).

ئەوەی ڕێبوار ئاماژەی پێکردووە، کوردستانێتیی و کوردێتیی ئەو شارانە دەگەیەنێت کە نووسەری ناوبراو ئاماژەی پێکردون، چونکە شاڵاوی بەعارەبکردن لە هەر شار و ناوچەیەکدا پەیڕەو کرابێت، ئەوە بێ هیچ گومانێک ئەو شارە یان ناوچەیە، بریتی بووە لە نیشتمانی کورد و خاکی کوردستان. کاتێک کە ڕێبوار باس لە بەعارەبکردنی شارەکانی موسڵ، کەرکوک، خانەقین و ناوچەی بادینان دەکات، ئەوە دەگەینە ئەو باوەڕەی کە نووسەر ئەو شار و ناوچانە بە بەشێک لە باشووری کوردستان دەزانێت.

مێژوونووس دکتۆر ڕەشاد میران، مامۆستای زانکۆی هەولێر، لە لاپەڕە (42)ی پەرتووکی (ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا)، نووسیویێتی: (سەبارەت بەداگیرکردنی ناوچە کوردییەکان لە لایەن موسڵمانانەوە، مێژوونووسی سەدەی نۆی (ئەل-بەلازری-ئەبو ئەلعەباس – کتاب – ص331) نووسیویەتی: (ساڵی 20ی ک/639ز) عوتبە کوڕی فەرقەد شاری (ئورمێ)یەی دێرینی گرت، هەر لە هەمان ساڵیشدا موسڵ و هەموو قەڵاکانی کوردانی گرت).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی دکتۆر ڕەشاد میران، شاری موسڵ یەکێکە لە شارەکانی کوردیی و بەشێکە لە کوردستان، چونکە مێژوونووسی ناوبراو لە باسی داگیرکارییەکانی ناوچە کوردییەکان لە لایەن موسڵمانانەوە، باسی ئەوە دەکات کە ئەوان لە ساڵی (20ک)دا ورمێ، موسڵ و هەموو قەڵاکانی کوردیان داگیرکرد، کەواتە ناوبراو موسڵ و ورمێ-ش بە ناوچەی کوردی دادەنێت، کاتێکیش کە ناوچەی کوردی بن، بێ هیچ گومانێک شاری کوردین و بەشێکن لە کوردستان.

ئازاد جەلیل محەمەد، لە بەشی مێژوو، زانکۆی سلێمانی، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (بەعارەبکردنی کەرکوک لە سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتیی (1921-1958)دا، کە لە لاپەڕە (4)ی ژمارە (7)ی (گەڕانەوە)ی سێشەممە، ڕێکەوتی (30.12.2003)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیوێتی: (دوای ئەوەی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) لکێنرا بە ئێراقەوە لە ساڵی (1925)، ئیتر لەم ئان و ساتەوە کرداری ڕەگەزپەرستە عارەبەکان کەوتە کارەوە دژی نەتەوەی کورد و ناوچە کوردییەکان).
ئەوەی نووسەر ئازاد جەلال لە سەرەوەدا نووسیوێتی، کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەر ویلایەتی موسڵ بە باشووری کوردستان ناودەبات، مادام وابێت هەر دووکیان هەر یەک هەرێم و یەک خاکن، کەوابێ شاری موسڵ و تەواوی شارەکانی تری ویلایەتی موسڵ، شاری سەر بە باشووری کوردستانن.

سامی فەخری، لە لاپەڕە (121)ی پەرتووکی (تورکمانی کوردستانی باشوورو تۆرانچێتی و کوردایەتی)دا نووسیوێتی: (لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی (1999)دا نەخشەی ئێراقێکی نوێ کێشراو بە ناوی (ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیجیەتی تورکمانیەکان) بڵاویان کردەوە. کە هەر دوو پارتی (تورکمان ئیلی)و (نیشتمانی تورکمانی) بەشدارییان تێدا کردبوو. ئەمانەش لەژێرەوە واژۆیان کردووە: ریاز ساری کیهیە، مستەفا کەمال بالجلی، ئەرسەلان ئیحسان، جەمال شان، سەباح کورەچی، ئازاد کورەچی، جەلال ئەلخەتیب و نورەددین موسڵلو. وەکو لە نەخشەکە دەردەکەوێ سنووری کوردستانی باشووریان لە پارێزگای سلێمانی و دهۆک و هەندێ لە پارێزگای هەولێر ترنجاندووەو ناوی (ویلایەتی سلێمانی)یان لێناوە. بە

هیوای دەست بەسەڕاگرتنی کانە نەوتەکانی کوردستان. سنووریێکیان بۆ پارێزگای کەرکوک و موسڵ و زۆربەی پارێزگای دیالە نەخشاندووەو ناوی (ویلایەتی کەرکوکیان) لێناوە. عارەب و تورکمان و کورد بەڕێوەی ببەن. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە: وا چاوەڕوان دەکەن ببێتە ویلایەتی تورکمان. ئەمەش لەگەڵ پڕۆژەکانی تریاندا دەگونجێ).

به گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر سامی فەخری، شاری موسڵ شارێکی کوردیی باشووری کوردستانە، چونکە نووسەری ناوبراو لە باسی ئەو نەخشەیەی کە (تورکمان ئیلی و نیشتمانی تورکمانی) کێشاویانە، باسی ئەوە دەکات کە ئەوان لە سنووری باشووری کوردستاندا، سنووریێکیان بۆ پارێزگاکانی موسڵ، کەرکوک و بەشێکی زۆری پارێزگای دیالە کێشاوەو ناوی (ویلایەتی کەرکوک)یان لێناوە، بۆ ئەوەی بیکەن بە ویلایەتێکی تورکمانی. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە نووسەر شارەکانی موسڵ، کەرکوک و دیالە بە شاری کوردستانی دەزانێت.

عەقید ئەمین سامی ئەلغەمراوی، کە نووسەرێکی عارەبی میسرییەو تا سەر ئێسقان شۆڤینی و دژ بە کورد و کوردستانە، لە لاپەڕە (273-274)ی پەرتووکی "قصة الكورد في شمال العراق"دا ئاماژەی بە داواکارییەکانی سەرکردەی ناسراوی کورد، مستەفا بارزانی کردووە لە ساڵی 1963دا کە بۆ میری ئێراقی ئەوکاتی ناردووەو بریتین لە (8) خاڵ و خاڵی دووەمیان کە دەربارەی سنووری جوگرافیای کوردستانە کە دەڵێت:

2- سنووری کوردستان بەمشێوەیە دەبێت:

لە باکوورەوە: تورکیا.

لە ڕۆژهەلاتەوە: ئێران.

لە ڕۆژئاواوە: سوریا.

لە باشوورەوە: زنجیرە چیاکانی حەمرین.

به گوێرەی ئەو نووسینەی عەقید ئەمین سامی ئەلغەمراوی، بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان، شاری موسڵ بە شارێکی باشووری کوردستان دەزانن، چونکە سەرکردەی کورد مستەفا بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان کێوەسوور (حەمرین) بە سنووری باشوورو وڵاتی سوریاش بە سنووری ڕۆژئاوای کوردستان

دادەنێ، کە هیچ گومانێکیش نامێنێت لە کوردستانی بوونی شاری موسڵ، چونکە شاری موسڵ وەکو شار و پارێزگا دەکەونە ناو سنووری باشووری کوردستان.

جەوهەر نامیق سالم، ئەندامی پەلیتبیرۆی پارتی دیموکراتی کوردستان و، یەکەم سەرۆک پەرلەمانی هەرێمی کوردستان (باشووری کوردستان)، لەزنجیرە وتارێکدا کە لە نۆ بەش پێکهاتووەو، لەژێر ناوی (لیژنەی پیاچوونەوە بە دەستووری هەمیشەیی کۆماری العراق و مافەکانی خەڵکی کوردستان)دا لە ڕۆژنامەی (خەبات)دا بڵاوکرایەوە، لە بەشی چوارەمی وتارەکەدا کە لە لاپەڕە (6)ی ژمارە (2319)، ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (9.11.2006)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (جگە لە تەعریبچییەکانی پێش ئەمانە (تەعریبچیە سوونەو شیعەکان) کە لە سەرەتای دامەزراندنی (العراق)ەوە، بەپێی پلان و زرنگکارییەکی ڕەگەزپەرستی و شۆڤێنی ئەو سەردەمەو بە تایبەتی حکومەتەکەی (یاسین الهاشمي) کە لە سەرەتای سیەکانی سەدەی ڕابردوو، لە چەند ناوچەی کوردستان بە تایبەتی لە موسڵ و لە کەرکوک و دەوروبەری (چیای حەمرین) عارەبیان نیشتەجێ کردو، ئێستا خودی سەرانی کورد نازناوی (عارەبە ڕەسەنەکان)یان لێ ناون ........!، لەگەڵ ڕێزماندا بۆ ئەو عارەبانەی بەدەر لەو شاڵاوە نیشتەجێی کوردستانن، خودی زاراوەی (عارەبی ڕەسەن) خۆی لەخۆیدا، جێگای باس و لێکۆڵینەوەو سەرنجە).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر جەوهەر نامیق سالم، شارەکانی موسڵ، کەرکوک و دەوروبەری کێوەسوور بەشێکن لە باشووری کوردستان، چونکە نووسەری ناوبراو لە باسی پرۆسەی بە عارەبکردندا، نووسیویێتی: (لە سەرەتای سیەکانی سەدەی بیستەمدا، یاسین هاشمی سەرۆک وەزیران، چەندان ناوچەی کوردستانی وەکو موسڵ، کەرکوک و دەوروبەری کێوەسووری بە عارەبکرد)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە نووسەر شارەکانی موسڵ، کەرکوک و دەوروبەری کێوەسوور بە بەشێکی کوردستان دەزانێت.

جەوهەر نامیق سالم، لە بەشی پێنجەمی وتارەکەیدا کە لە لاپەڕە (6)ی ژمارە (2320)، ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (10.11.2006)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (ئەوەی سەرنجڕاکێش بوو تاکو پێش ئەو هەڵبژاردنە (15.12.2005)، ئەوەبوو کە

هەندێ لە لێپرسراوانی کوردستان جەختیان لەسەر کوردستانیەتی موسڵ دەکرد، گوایە بۆ کورد یەکلابۆتەوەو ئەوەندە باس نەکرێت وەکو کەرکوک. واتە موسڵ لە (گیرفانە)!. لە درێژەی باسەکەدا جەوهەر نامیق سالم، نووسیویێتی: (کەچی لە ڕاگەیاندنەکانی کوردستاندا ڕادەگەیەنن کە ئامادەن دەست لە زیاتر لە نیوەی (موسڵ) هەڵگرن و، پێشکەش تەعریبچیەکانی بکەن و، یان داوای ڕاپرسین دەکەن لە موسڵ، لە کاتێکدا لەدوا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی العراق، لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لە پارێزگای (موسڵ)و لە کۆی (19) کورسی تەنها (4) کورسیان وەدەست هێنا، لەم قۆناغەدا کە (کورد لە لوتکەیە ..!!)، بە قەزای مەخموریشەوە کە قەزایەکی پارێزگای هەولێرەو ساڵی (1997) خرابووە سەر (موسڵ)و، تاکو ئێستایش هەر سەر بە (موسڵ)ە).

ئەوەی لە سەرەوەدا نووسەر جەوهەر نامیق سالم باسی کردووە، ئەوە دەگەیەنێت کە نەک تەنیا بەبۆچوونی خۆی بەڵکو بە بۆچوونەکانی لێپرسراوانی کوردیش، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و بەشێک بووە لە هەرێمی کوردستان (باشووری کوردستان)، چونکە نووسەری ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە هەندێک لە بەرپرسانی کوردستان تاوەکو پێش هەڵبژاردنەکەی (15.12.2005)، جەختیان لەسەر کوردستانیەتی موسڵ دەکردەوە.

جەوهەر نامیق سالم، لە بەشی شەشەمی وتارەکەیدا کە لە لاپەڕە (6)ی ژمارە (2322)، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (12.11.2006)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (پێش دروستکردنی ئێراق و پاش لکاندنی کوردستانی باشوور (ویلایەتی موسڵ)، بە ئێراقی دروستکراو، بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد، لەگەڵ داگیرکەری بەریتانی و پاشتر میرییە یەک لەدوا یەکەکانی ئێراق، کێشەیەکی هەبوو پێی ئێژن کێشەی کورد).

بە گوێرەی ئەوەی کە جەوهەر نامیق، ویلایەتی موسڵ بە باشووری کوردستان ناودەبات، مانای وایە کە هەر دووکیان هەر یەک خاک و یەکسانن لەگەڵ یەکتر، مادامیش ئەوان هەر یەک خاک و یەکسان بن، کەواتە شاری موسڵ و گشت شارەکانی تری ویلایەتی موسڵ، شاری باشووری کوردستان-یشن.

جەوهەر نامیق سالم، لە بەشی حەوتەمی وتارەکەیدا کە لە لاپەڕە (6)ی ژمارە (2323)، دوشەممە، ڕێکەوتی (13.11.2006)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیوێتی: (خۆ ئەگەر هێشتا کەرکوک، موسڵ، مەخمور، خانەقین، مەندەلی، بەدرەو جەسان .. هتد وەکو پارچەیەک لەم کوردستانە لە دەرەوەی (هەرێمی کوردستان)ەو بە ناوچەی (المناطق المختلفة عليها) ئەژمار کراون، خۆ ناوچەکانی ترمان بەوانیشەوە، بەدرێژایی مێژووی ئەم (العراق)ە داتاشراوە گۆڕەپانی شەڕو تێکدان و کاولکردن و دەربەدەری و ئەنفال و کۆمەڵکوژی بووەو، هەر چ نەبێت وەکو ئاماژەمان بۆکرد، دەبێت ڕێژەیەک لە بەرهەمی نەوت بۆ ئەو ناوچانە دیاری بکرێت بۆ ئاوەدانکردنەوە و قەرەبوو و بووژاندنەوەی خەڵکی ئەو دەڤەرانە).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر جەوهەر نامیق سالم، شاری موسڵ یەکێکە لە شارەکانی باشووری کوردستان، چونکە نووسەر لە باسی ناوچە کێشە لەسەرەکان، ناوی شارەکانی (موسڵ، کەرکوک، خانەقین، مەندەلی، بەدرە و جەسان) وەکو شارەکانی سنووری باشووری کوردستان، کە دەکەونە دەرەوەی هەرێمی کوردستان ناودەبات.

جەوهەر نامیق سالم، ئەندامی پەلیتبیرۆی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان، لە بەشی یەکەمی وتارێکیدا کە لە لاپەڕە (6)ی ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (2508)ی ڕۆژی دوشەممە، ڕێکەوتی (28.5.2007)دا، لەژێر ناوی (کورد و پرۆژەی یاسای نەوت و غازی کۆماری ئێراق)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیوێتی: (لە سنووری (51%)ی خاکی کوردستان-مان لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و، هەر هەموو ئەو ناوچانەش ناوچەی (نەوت و غاز)و سەرچاوەی کانزای دیکەن. جێگای داخە بۆ یەکەم جار لە مێژووی نەتەوەکەمان سەرانی فەرمی، دانیان بەوەدا ناوە کە ئەو نزیکەی (51%)ی خاکی کوردستانی باشوورمان ناوچەی (ململانی-نیزاع)ن، (المناطق المتنازع عليها)، لە نێوان کورد و دەسەڵاتی ناوەندی بەغدا و، کە لە ڕاستیدا لە نێوان کورد و نوێنەری عارەبی ئێراقی زۆرینەیە، ئەمەش لە دەستووری هەمیشەیی ئێراق جێگیر کراوەو خەڵکی کوردستانیش ناچارکرا پەسندی بکات (مەبەستم ئەو ڕێژەیەیە کە دەنگیدا بە (بەڵێ) بۆ دەستووری هەمیشەیی لە کۆی گشتی ئەوانەی کە مافی

دەنگدانیان هەبوو لە کوردستان). واتە (بەدرە، جەسان، مەندەلی، خانەقین، گشت ناوچەکانی کەرکوک، مەخمور، زۆربەی هەرە زۆری پارێزگای موسڵ و بە تایبەتی شێخان، زومار و تەلەعفەر، شەنگال ... هتد) کە هۆکاری دابڕانیان لە هەرێمی کوردستان و بە عارەبکردنیان دەگەڕێتەوە بۆ نەوت وەکو فاکتەری سەرەکی. دەسەڵاتی ناوەند هەمیشە لە هەوڵی قووتدانی ئەو ناوچانەن. تەماشای ئەمڕۆ بکەین کە چۆن کۆسپ دروست دەکەن لەبەردەم پرۆسەی گەڕانەوەیان و مردارکردنەوەی نەخشەی ڕێگای چارەسەرکردنەکان، یان هەروا مانەوەیان وەکو ئێستا، یان چارەسەرکردنیان بەشێوەی (پارچە پارچە) کردنیان نەک وەک یەک پاکێت، بۆ ئەوەی ئەم (پارچەیە) کە ئەمڕۆ قووت نادرێت لەدەرفەتێکی دیکەدا قووتی دەن. بڕوانە پارێزگای موسڵ، ڕۆژئاوای بەعارەب کراو تەواوبوو، ئێستا بەعارەبکردن ڕوویکردە ڕۆژهەڵاتی).

بە گوێرەی ئەو بۆچوونانەی نووسەر جەوهەر نامیق سالم کە لە سەرەوەدا دەری بڕیوون، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و بەشێکە لە باشووری کوردستان، چونکە نووسەر کاتێ کە باسی بەعارەبکردن لە کوردستاندا دەکات، باسی ئەوە دەکات کە سەرەتا بەعارەبکردن لە ڕۆژئاوای موسڵ دەستپێکردو تەواوبوو، ئێستاش بەعارەبکردن ڕوویکردۆتە بەشی ڕۆژهەڵاتی موسڵ. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە نووسەر باوەڕی تەواوی بە کوردێتیی و کوردستانێتیی هەر دوو کەنارەکەی شاری موسڵ کەناری دەستە ڕاست و دەستە چەپ هەیە.

جەوهەر نامیق سالم، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (خوێندنەوەیەکی بە پەلەی پڕۆژەی یاسای نەوت و گازی کۆماری العراق)دا، کە لە ماڵپەڕی (دەنگەکان)، ژمارە (320)، خولی سێیەم، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (15.5.2007)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (زۆری و مسۆگەر بوونی نەوتی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان)، فاکتەرێکی سەرەکی بوو بۆ داگیرکردنی ویلایەتەکانی بەسراو بەغدا و پاشتر ویلایەتی موسڵ لە لایەن بەریتانیا و، دابەشکردنی کوردستانی گەورەمان لە دوو بەشەوە بۆ چوار بەش و، کوردستانی باشوورمان بلکێنێتەوە بە قەوارەیەکی داتاشراویی خۆی کە ناوی لێ نا (ئێراق).

جەوهەر نامیق سالم، لەقسەکانیدا دەریدەخات کە شاری موسڵ و ویلایەتی موسڵ بە بەشێکی گرنگیی باشووری کوردستان دادەنێت، چونکە نووسەر لە لایەک ویلایەتی موسڵ بە باشووری کوردستان ناودەبات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەر دووکیان هەر یەک خاکن، مادامیش وابێت کەواتە تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ، شاری باشووری کوردستانن، لەلایەکی تریشەوە نووسەر دۆزینەوەی نەوت لە کوردستان بە هۆکارێکی لکاندنی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بە ئێراقی عارەبییەوە دادەنێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پێشتر ویلایەتی موسڵ هیچ پێوەندییەکی بە ئێراق و بە عارەبەوە نەبووە.

شەماڵ عەبدوڵلا، لە لاپەڕە (6)ی پەرتووکی (ئێراقی نوێ)دا نووسیویێتی: (ساڵی (1914) کاتێ شەڕی جیهانی یەکەم هەڵگیرسا، بەریتانیا ویلایەتی بەسراو دوای ئەوەش ویلایەتی بەغدای گرت و لەدەستی عوسمانیەکانی دەرهێنا، ئەوکات بەتەمای دامەزراندنی وڵاتێکی عارەبی بوو لەو دوو ویلایەتە، بەڵام لە دواییدا بەرەو ویلایەتی موسڵ کشا (موسڵ، کەرکوک، هەولێر و سلێمانی) دەگرتەوە داگیریکرد).
نووسەر شەماڵ عەبدوڵلا، شاری موسڵ بە شارێکی باشووری کوردستان هەژمار دەکات، چونکە ئەو شارەکانی (موسڵ، کەرکوک، هەولێر و سلێمانی) وەکو شارەکانی ویلایەتی موسڵ دیارکردووە، هەموو لایەکیش دەزانین کە ویلایەتی موسڵ هەر باشووری کوردستانە، کەواتە موسڵ شارێکی باشووری کوردستانە.

شەماڵ عەبدوڵلا، لە لاپەڕە (77)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (من دڵنیام ئەگەر شەڕی ناوخۆ ڕووی نەدابوایە، دۆزی کەرکوک لەگەڵ ڕوخانی ڕژێمی بەعس، کوردستانی بوونی خۆی دەگەڕاندەوە، ڕەنگە ئێستا کێشەمان لەسەر موسڵ بوایە بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی موسڵ).
جەخت کردنەوەی نووسەر شەماڵ عەبدوڵلا بەمشێوەیە لەسەر کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ-دا، دەمان گەیەنێتە ئەو بۆچوونەی کە نووسەر باوەڕی تەواوی بە کوردستانی بوونی شاری موسڵ هەیە، بەڵام ئەگەر نەتوانرا تەواوی شاری موسڵ بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، هەوڵ بدرێت بەلای کەمەوە بەشە ڕۆژهەڵاتەکەی بگەڕێتەوە سەر کوردستان.

دکتۆر ئەفراسیاو هەورامی، لە لاپەرە (15)ی پەرتووکە وەرگێڕاوەکەیدا (کورد لە ئەرشیفی ڕوسیا و سۆڤییەتدا)، باسی ئەوە دەکات کە لە ئەرشیفی ڕوسی و سۆڤێتیدا و، لەنامەیەکی (کامیل بەدرخان و کنیاز شاخۆڤشکی)دا بۆ (شاردی لی) نووسیویانە هاتووە: (دەکرێ کوردەکانی باشووری کوردستان بکەین بە سێ بەش: کوردەکانی ڕۆژئاوا یا دەستەی ڕۆژئاوا واتە کوردەکانی موسڵ، سلێمانی، کەرکوک و ڕواندز و هەرکی کە زۆربەیان دژی ڕوس و لایەنگری شێخ عەبدولقادر (سیناتۆری تورکیا) کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی بەناوبانگن. دەستەی ناوەڕاست (ناوەندی): کوردی بۆتان کە شوێنی پاشایەتی و دەسەڵاتداری بنەماڵەکەی ئێمە عەزیزی (بەدرخان) بووە. دەستەی ڕۆژئاوا: کوردەکانی دیاربەکر (کە زۆر شەڕکەرن)، مالاتیا، ئۆرفە و دواتر دەستەیەکی جیاواز هەن کە کوردەکانی دەرسیم-ن).

ئەوەی دکتۆر ئەفراسیاو هەورامی ئاماژەی پێکردووە، بە گوێرەی بۆچوونەکانی کامیل بەدرخان کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە بەردخان لە نامەکەی خۆیدا باسی ئەوە دەکات کە شارەکانی موسڵ، کەرکوک، سلێمانی و ڕواندز بریتین لە شارەکانی باشووری کوردستان.

دکتۆر ئەفراسیاو هەورامی، لە لاپەرە (72)ی پەرتووکی (کورد لە ئەرشیفی ڕوسیا و سۆڤییەتدا)دا باسی ئەوە دەکات کە لە ئەرشیفی ڕوسی و سۆڤێتیدا هاتووە: (لەلایەکی ترەوە کۆمیتەی کوردی دژی دابەشکردنی کوردستانە و ویلایەتی موسڵ بە بەشێکی جیانەکراوی کوردستان دادەنێت و دژی دەست بەسەرداگرتنی بەشێکی کوردستانە لە لایەن ئینگلیزەکانەوەو دەڵێ : ئینگلیزەکان کە لە بەشێکی کوردستان دەسەڵاتیان هەیە لەوێوە تۆوی دووبەرەکی بۆ ئاژاوە دژی بەشەکانی تری کوردستان دەنێتەوەو زیان بە سەربەخۆیی کوردستان دەگەیەنن).

نووسەر دکتۆر ئەفراسیاو هەورامی، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە کۆمیتەی کوردی ویلایەتی موسڵ بە بەشێکی کوردستان دادەنێت، کاتێکیش کە ویلایەتەکە خاکی کورد و بەشێکی کوردستان بێت، ئەوە بە دڵنیاییەوە شاری موسڵ-ی

پایتەخت و شارەکانی تری ویلایەتەکە، شاری کوردیی و بەشێکن لە باشووری کوردستان.

دکتۆر ئەفراسیاو هەورامی، لە لاپەرەکانی (227-228)ی پەرتووکی (کورد لە ئەرشیفی ڕوسیا و سۆڤییەتدا)، لە باسی (پەیماننامەی شێخ مەحمودو تورکەکان) کە بریتییە لە ڕاپۆرتێکی کۆنسوڵی یەکیەتی سۆڤیەت لە ئێران (دوبسون ئەرکادی باریسۆڤیچ 1921–1928) کە لە (28.10.1923)دا بە ژمارە (73)ی نهێنی پاش چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئەحمەد تەقی)دا، وە بەپێی قسەی ئەحمەد تەقی، (پەیمانێک)ی (10) خاڵی لە نێوان شێخ مەحمودو تورکەکان مۆرکراوە کە لە خاڵی سێیەمدا لە باسی سنووری کوردستاندا هاتووە: (سنووری باشووری کوردستان لە باکوور لەگەڵ قەزای شەمدینان و لە باشوور چیای حەمرین و لە ڕۆژهەڵات تا سنووری ئێران و لە ڕۆژئاوا ڕووباری دیجلە).
بە گوێرەی ئەو پەیمانەی سەبارەت بەدیاریکردنی سنووری باشووری کوردستان کە لە نێوان شێخ مەحمودی نەمرو تورکەکاندا مۆرکراوە، بەشی ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ دەکەوێتە ناو سنووری باشووری کوردستان، لەبەر ئەوەی سنووری ڕۆژئاوای باشووری کوردستانیان بە ڕووباری دیجلە دیاریکردووە.

مەستوورەی کوردستانی، لە لاپەڕە (19)ی پەرتووکی (مێژووی ئەردەڵان)دا نووسیوێتی: (ساڵی (606) کلۆڵ بەگ بوو بە فەرمانڕەوای سەقزو سیاکێو و گەڕووس و ئیسفەند ئابادی – کە ئەوسا عەلی شوکریان پێ ئەگوت – داگیرکرد، بەرەو ڕۆژهەڵات تا هەمەدان و لە خۆرئاوا تا هەولێر و موسڵ، بەرەو باکوور تا زەنجان و بەرەو باشوور تا کرماشان و سونقوری کەوتە دەست. شارەکانی کۆیە، ئامێدی، حەریر، ڕواندز و شارباژێڕ کە ئێستا سلێمانی پێ دەڵێن، هەموویان سەر بە فەرمانڕەوایەتی ئەو کلۆڵ بەگە بوون).
مەستورە ماهشەرەفخانم کچی ئەبی حەسەن بەگ کوڕی محەمەد ئاغا (1814–1848)، یەکەم مێژوونووسی ژنە لەنێو کورداو ئەوەی مەستوورەی کوردستانی نووسیوێتی، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەر

ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لە سەرەتای سەدەی حەوتەمدا، شاری موسڵ بەشێک بووە لە کوردستانی ئەردەڵان.

مەستوورەی کوردستانی، لە لاپەڕەکانی (69-70)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (خان ئەحمەد خان کە لە ساڵی (1022)ی کۆچیدا بووەتە میری ئەردەڵان و شاری سنەی کردۆتە پایتەختی خۆی، بۆ ماوەی حەوت ساڵ فەرمانڕەوایی شارەزوور، موسڵ و کەرکوکی کردووە).

ئەوەی نووسەر مەستوورەی کوردستانی نووسیویێتی، دووبارە کوردستانی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە شاری موسڵ لە سەرەتای سەدەی یانزەهەمی کوچیدا، بۆ ماوەی حەوت ساڵ بەشێک بووە لە کوردستانی ئەردەڵان.

پارتی دیموکراتی کوردستان، مەکتەبی سیاسی، مەکتەبی ناوەندیی دیراسات و تۆژینەوە، لە لاپەڕە (10)ی بەشی دووەمی پەرتووکی (نەوتی کوردستانی ئێراق نەوت و چارەنووسی سیاسی کورد و کوردستان)داو لە لاپەڕە (8)ی هەمان پەرتووک بە زمانی عارەبی (المکتب السیاسي – مکتب الدراسات والبحوث المرکزي، نفط کوردستان العراق النفط ومصیر الکورد وکوردستان السیاسي)دا، نووسیویێتی: (لە ڕێکەوتی چواری مانگی مایسی ساڵی (1516)ی زایینی موسڵ کەوتە ژێردەستی عوسمانییەکان و ڕاستەوخۆ دوای داگیرکردنی موسڵ لەلایەن عوسمانییەکانەوە کرا بە پارێزگایەک (سەنجەقێکی) عوسمانی سەر بە ویلایەتی ئامەد (دیاربەکر)و، دواتر لە ساڵی (1539)ی زایینی موسڵ بووە مەڵبەندێکی سەربەخۆی ویلایەتێکی عوسمانی).

ئەوەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان ئاماژەی پێکردووە، کە شاری موسڵ بۆ ماوەیەک پارێزگایەکی سەر بە ویلایەتی ئامەد بووەو، ئامەدیش کوردستانە، هەروەها ویلایەتی موسڵ بە تەواوی شارەکانیەوە بۆ ماوەی چوار سەدە ویلایەتێکی سەربەخۆی عوسمانی بووە، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەو ویلایەتە هیچ پێوەندییەکی نە بە عارەب و نە بە ئێراقەوە هەبووە، بەڵکو ویلایەتێکی کوردی و بەشێک بووە لە خاکی کوردستان.

پارتی دیموکراتی کوردستان، مەکتەبی سیاسی، مەکتەبی ناوەندیی دیراسات و تۆژینەوە، لە لاپەڕە (28)ی بەشی دووەمی پەرتووکی (نەوتی کوردستانی ئێراق نەوت و چارەنووسی سیاسی کورد و کوردستان)داو لە لاپەڕە (23)ی هەمان پەرتووک بە زمانی عارەبی (المكتب السياسي – مكتب الدراسات والبحوث المركزي، نفط كوردستان العراق النفط ومصير الكورد وكوردستان السياسي)دا، نووسیویێتی: (میری ئێراق لە (14.3.1925)دا لەبەرانبەر لکاندنی باشووری کوردستان بە ئێراقەوە، چیاوگ (ئیمتیاز)ی نەوت دەرهێنانی بە کۆمپانیای نەوتی تورکی بەخشی).

ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان نووسیویێتی، کوردستانێتیی ویلایەتی موسڵ و شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە ئەوەی لە ساڵی (1925)دا بە ئێراقەوە لکێنرا باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بوو، هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستان باسی ئەوە دەکات کە ئێراق لەبری چیاوگی دەرهێنانی نەوت بە کۆمپانیای نەوتی تورکی لە (14.3.1925)دا، باشووری کوردستانی پێوە لکێنرا. ئەمانەش ئەوە دەگەیەنن کە پێشتر باشووری کوردستان جیابووە لە ئێراق و، هیچ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی بەو وڵاتەوە نەبووە.

عەدنان زیان فەرحان، لە لاپەڕە (30)ی پەرتووکی (الكورد الايزيديون في أقليم كوردستان)دا، نووسیویێتی: (کوردە ئێزیدییەکان توانیویانە پاشەکشە بەزۆر لە سەرکردە سەفەوییەکان بکەن و، سەفەوییەکان نەیانتوانی سەر بە ئێزیدییەکان شۆڕ بکەن تاوەکو شا ئیسماعیلی سەفەوی خۆی ئەو ئەرکەی گرتە ئەستۆ، ئەوکاتە سەفەوییەکان توانیان دەست بگرن بەسەر ناوچەکانی کوردە ئێزیدییەکان لە موسڵ و شەنگال لە ساڵی (1507)، هەروەها ئێزیدییەکان لە شەنگال تووشی هەڵمەتی لەناوبردن و کوشتنی بە کۆمەڵ لەسەر دەستی سەفەوییەکان هاتوون لەکاتی شەڕەکان لە دژی ئێزیدییەکان لە ساڵی (1504) تاوەکو ساڵی (1509).

ئەوەی کە نووسەر عەدنان زیان فەرحان ئاماژەی پێکردووە، کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە ئەو باسی ئەوە دەکات کە شا ئیسماعیلی سەفەوی توانی لە ساڵی (1507)دا ناوچەکانی کوردی ئێزیدی لە موسڵ و شەنگال داگیر بکات. کەواتە نووسەر شارەکانی موسڵ و شەنگال بە شار و ناوچەی کوردیی دەزانێت، بۆیە بەمشێوەیە باسیان دەکات.

عەدنان زیان فەرحان، لە لاپەڕە (33)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، نووسیویێتی: (ژیانی ئێزیدییەکان لە سەردەمی حوسێن بەگی داسنیدا ژیانی سەردەمی زێڕینی بوو، هەروەها میرنشینەکەیان لەوکاتەدا گەیشتە لووتکەی خۆشی، بە تایبەتی کە میر حوسێنی داسنی بوو بە میری چوار میرنشین لەیەک کاتدا کە بریتیبوون لە میرنشینی داسنی، میرنشینی موسڵ، میرنشینی هەولێر و میرنشینی سۆران).

ئەوەی کە نووسەری ناوبراو لە سەرەوەدا ئاماژەی پێکردووە، دووبارە کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە سەرەتا میرێکی کوردی میرێتی موسڵ–ی کردووە، هەروەها ئەو میرنشینانەی کە ئەو ناوی بردوون هەر چواریان میرنشینی کوردین.

عەدنان زیان فەرحان، لە لاپەڕە (37)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، نووسیویێتی: (لە پاداشتی هەوڵی ئێزیدییەکان بۆ یارمەتیدانی عوسمانیەکان لە دژی سەفەوییەکاندا، لە سەردەمی موراد پاشادا لە نێوان ساڵانی (1649–1650)دا، میرزا بەگی داسنی بە پلەی پاشا ویلایەتی موسڵی پێبەخشراوە).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر عەدنان زیان فەرحان، شاری موسڵ شارێکی کوردیی بووە، چونکە میرزا بەگی داسنی پادشای ویلایەتی موسڵ بووە بۆ ماوەی نزیکەی دوو ساڵێک، هەروەها لە زۆربەی سەردەمەکاندا میرو پادشا کوردەکان فەرمانڕەوایی ئەو شارەیان کردووە.

عەدنان زیان فەرحان، لە لاپەڕە (230)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، نووسیویێتی: (بە گوێرەی سەرچاوە تایبەیمەندەکان دەکرێت گوندەکانی ئێزیدییەکان لە باشووری کوردستاندا بەمشێوەیە دابەشکرێن:

**أ–** گوندەکانی ناوچەکانی دهۆک، شێخان و تەواوی موسڵ.

**ب–** گوندەکانی ناوچەکانی چیای شەنگال.

ئەوەی کە نووسەر عەدنان زیان فەرحان لە سەرەوەدا ئاماژەی پێکردووە، باوەڕی تەواوی نووسەری ناوبراومان بۆ دەردەخات کە کوردستانێتیی و کوردێتیی

شاری موسڵ–ە، چونکە نووسەری ناوبراو لە باسی گوندەکانی ئێزیدییەکاندا لە باشووری کوردستاندا، گوندەکانی ناوچەکانی دهۆک، شێخان و تەواوی موسڵ بە گوندی ئێزیدییەکان دادەنێت. مادامیش لە باسی باشووری کوردستاندا، ناوی شاری موسڵ بهێنێت، کەواتە ئەو پێی وایە شاری موسڵ بەشێکە لە باشووری کوردستان، بۆیە بەمشێوەیە باسی دەکات.

عومەر محەمەد محەمەد کەریم، لە لاپەڕە (25)ی پەرتووکی (القضية الكوردية في الصراع البريطاني – العراقي 1918–1932م)دا، نووسیویێتی: (کەچی ژمارەی جوولەکەکانی ویلایەتی موسڵ کە پارێزگاکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، سلێمانی و کەرکوک) دەگرێتەوە گەیشتە (16.865) کەس بە گوێرەی ئەو ڕاپۆرتەی کە ئەفسەرانی بەریتانی لە ساڵی (1921)دا ئامادەیان کردبوو کە شاندی بەریتانی پشتیان بەو ڕاپۆرتە بەستبوو لە کۆنگرەی لۆزان لە ساڵی (1923)دا).

ئەوەی لە سەرەوەدا عومەر محەمەد محەمەد کەریم باسی دەکات، کوردستانێتیی شاری موسڵ–ە، چونکە ناوبراو تەواوی پارێزگاکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، سلێمانی و کەرکوک) بە بەشێک لە ویلایەتی موسڵ دەزانێت، بەتایبەت کە نووسەر هەر خۆیشی لە لاپەڕە (68)دا ویلایەتی موسڵ بە باشووری کوردستان ناودەبات، کەواتە ژمارەی جوولەکەکانی باشووری کوردستان لە شارەکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، سلێمانی و کەرکوک)دا دەگەیشتە (16.865) کەس.

عومەر محەمەد محەمەد کەریم، لە لاپەڕە (68)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، نووسیویێتی: (لێرەدا ئەم تێبینییە دەخەینەڕوو: (هەرێمی کوردستانی ئێراق) لە سەردەمی باسەکەی ئێمەدا واتە ساڵانی (1918–1932)دا بەم ناوە ناو نەبردراوە، بەڵکو چەندان ناوی تر لەسەر زاری دیبلۆماسییەکان و ئەفسەرەکانی ئەوکات دەهات کە مەبەستیان ئەو ناوچەیە بوو کە ئێستا بە (هەرێمی کوردستانی ئێراق) ناودەبرێت، وە لەو ناوانەی کە کاتی خۆی بەکاردەهات (کوردستانی باشوور، باشووری کوردستان، ویلایەتی موسڵ، میسۆپۆتامیای باکوور، باکووری میسۆپۆتامیا، ئێراقی عەجەمی)و چەندان ناوی تریش).

ئەو زاراوانەی کە نووسەر عومەر محەمەد بۆ باشووری کوردستان بەکاری هێناون، کوردستانی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنن، چونکە نووسەر پێی وایە ویلایەتی موسڵ هەر هەمان خاک و هەر یەکە لەگەڵ (کوردستانی باشوور، باشووری کوردستان، میسۆپۆتامیای باکوور، باکووری میسۆپۆتامیا یان ئێراقی عەجەمی).

عومەر محەمەد محەمەد کەریم، لە لاپەڕە (72)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، نووسیویێتی: (سەبارەت بە کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان) یان (ویلایەتی موسڵ)ی ئەوکات، دەکرێت هەڵوێستی ڕێککەوتننامەی (سایکس پیکۆ) دەستنیشان بکەین کە بەمشێوەیە بوو: ا- باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) لە نێوان دوو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی هەر یەک لە دەوڵەتی فەرەنسا و دەوڵەتی بەریتانیا دابەشکرا، فەرەنسا بەشی گەورەی بەرکەوت کە شاری موسڵ و بەشێکی زۆری ویلایەتی موسڵی دەگرتەوە، هەروەها هەندێک بەشی هەرێمی کەرکوک (شاری نەوت)ی درا بە بەریتانیای مەزن).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر عومەر محەمەد کەریم، شاری موسڵ بەشێکە لە باشووری کوردستان، چونکە نووسەر لە باسی دابەشکردنی باشووری کوردستاندا بە گوێرەی ڕێککەوتننامەی (سایکس پیکۆ)دا، باسی ئەوە دەکات کە باشووری کوردستان یاخود ویلایەتی موسڵ بەسەر دوو وڵاتی فەرەنسا و بەریتانیادا دابەشکرا، شاری موسڵ و بەشێکی زۆری ویلایەتی موسڵ بەر فەرەنسا کەوتو، هەندێک بەشی هەرێمی کەرکوک-یش درا بە بەریتانیا. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە نووسەری ناوبراو شاری موسڵ بە بەشێکی باشووری کوردستان دادەنێت، چونکە ئەو لە بەشی فەرەنسادا شاری موسڵ وەکو پارچەیەکی باشووری کوردستان ناودەبات.

عومەر محەمەد محەمەد کەریم، لە لاپەڕە (81)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، نووسیویێتی: (بەمشێوەیە ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) ناوچەی دەوڵەمەند بە پەترۆل و ستراتیژی، بووە شوێنی پێشبڕکێی ڕووبەڕووبوونەوەی ململانێی نێوان بەریتانیا و فەرەنسا لە یەکەم جارداو، لە نێوان بەریتانیا و تورکیا لە دووەم

جاردا بەبێ ڕەچاوکردنی مافی نەتەوەی خاوەنی ئەو خاکە (ویلایەتی موسڵ یان باشووری کوردستان)، بەڵکو خۆیان و خاکەکەیان بوون بە دەستکەوت و جێی چاو تێبڕینی لایەنە بەهێزەکان کە ململانێیان لەسەر دەکردن).

نووسەر عومەر محەمەد کەریم شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان دادەنێت، چونکە نووسەر لە لایەک ویلایەتی موسڵ بە باشووری کوردستان ناودەبات، کەواتە هەر دووکیان هەر یەک خاکن، بەمەش تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ و باشووری کوردستان هەر هەمان شارن، لەلایەکی تریشەوە باسی ئەوە دەکات کە کێشە لەسەر ویلایەتی موسڵ یان باشووری کوردستان لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسا هەروەها بەریتانیا و تورکیا هەبووە، بێ ئەوەی خاوەنی ئەو خاکەی (ویلایەتی موسڵ یان باشووری کوردستان) بچووکترین مافی نەتەوەیی ڕەچاوبکرێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە نووسەر تەواوی ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵ-یشەوە بە خاکی کوردستان دەزانێت.

عومەر محەمەد محەمەد کەریم، لە لاپەڕە (96)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، نووسیویێتی: (لە دوای ساڵی (1879)دا ویلایەتی موسڵ پارێزگاکانی ئێستای کوردی گرتەخۆ کە بریتین لە (دهۆک، سلێمانی، نەینەوا (موسڵ)، کەرکوک (التأميم)، هەولێر).

لە سەرەوەداو بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر عومەر محەمەد کەریم، شاری موسڵ شارێکە لە باشووری کوردستان، چونکە ئەو شارەکانی (دهۆک، سلێمانی، نەینەوا (موسڵ)، کەرکوک (التأميم)، هەولێر)، بە شاری کوردیی دادەنێت، مادامیش ئەو شارانە شاری کوردیی بن، کەواتە بەشێکن لە خاکی کورد و لە باشووری کوردستان.

عومەر محەمەد محەمەد کەریم، لە لاپەڕە (301)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، نووسیویێتی: (بەمشێوەیە ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بە بڕیارێکی بەرزترین دەزگای نێودەوڵەتی (کۆمەڵەی نەتەوەکان)ی ئەوکات بە دەوڵەتی ئێراقەوە لکێنرا، هەروەها تورکیاش لەسەر کەللەڕەقی خۆی هاتە خوارەوەو، دانی بەو بڕیارەدا ناو بیروباوەڕە جیاکان گەیشتنە ڕێککەوتنێکی سێ لایەنەی درێژخایەن بۆ سەرکەوتن بەسەر هەر جولانەوەیەکی کوردی کە لە

داهاتوودا دامەزرێت. هەروەها سووربوونی حکومەتی بەریتانی لەسەر دەستگرتنی بەسەر بەشێک لە گەلی کورد و بەشێک لە خاکی کوردستانی ناسراو بە (باشووری کوردستان) یان ویلایەتی موسڵ لەژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ هۆی ڕامیاری، ئابووری و سەربازی، وە بەتایبەت کە دەیبینی ژێردەستکردنی ئەو بەشەی کورد و کوردستان ڕێگایەکە بۆ یارمەتیدانی لە جێبەجێکردنی ڕامیارییەکانیدا بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەروەها هۆیەک بۆ پاڵەپەستۆ کردنی بەردەوام لەسەر وڵاتانی دەوروبەرو، بەکارهێنانی ئەو کارتی کوردییە هەتا لەسەر بەرژەوەندی کوردی خۆیشی بێت).

لە سەرەوەدا نووسەر چەندان جار ناوی ویلایەتی موسڵ بە باشووری کوردستان دەبات، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ناوبراو ویلایەتی موسڵ بە نیشتمانی کورد و خاکی کوردستان دەزانێت. کاتێکیش کە ویلایەتی موسڵ بەشێک بێت لە خاکی کورد و کوردستان، کەواتە شاری موسڵ-یش وەکو شارەکانی تری ئەو ویلایەتە، شارێک و بەشێکە لە باشووری کوردستان.

عومەر محەمەد محەمەد کەریم، لە لاپەڕە (313)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەداو، بە پشتبەستنی بە لاپەڕە (61)ی پەرتووکی (الدور السياسي والثقافي للضباط الكورد في الحركة الكوردية في كوردستان الجنوبية 1921-1945)دا، نووسیویێتی: (کۆمەڵەی پشتیوان (الانصار)ی کوردی، ئەو کۆمەڵەیە لە ڕێکەوتی (10.7.1927)دا لە بەغدا و بەسەرکردایەتی ئەفسەری ناسراوی کورد (مستەفا شەوقی) دامەزرا، هەروەها ژمارەیەک لە ئەفسەرانی کورد هاتنە ناو ئەو کۆمەڵەیە، لە نێویاندا حەمید جەودەت، ئەمین ڕواندزی، فایەق کاکەمین و ڕەئوف بەگ جەلالی کە ڕۆڵی بەرزیان هەبوو لەو کۆمەڵەیەدا. ئەم کۆمەڵەیە چەندان لقی خۆی لە شارەکانی باشووری کوردستاندا کردەوە، لقی موسڵی کۆمەڵەی پشتیوان لە هەموو لقەکانی تری ئەو کۆمەڵەیە چالاکتر بوو).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر عومەر محەمەد کەریم، شاری موسڵ بە شارێکی کوردستانی دەژمێرێت، چونکە نووسەر لە باسی (کۆمەڵەی پشتیوان)، باسی ئەوە دەکات کە لقی موسڵ-ی کۆمەڵە لە هەموو لقەکانی تری شارەکانی

باشووری کوردستاندا بزوێنتر بووە. کەواتە نووسەر شاری موسڵ بە شارێکی سەر بە باشووری کوردستان دەزانێت، بۆیە بەمشێوەیە باسی دەکات.

ئەفسەری بەرزی ئێرانی، حەسەن ئەرفەع، لە لاپەڕەکانی (130–131)ی پەرتووکی (کوردەکان) کە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و ڕامیارییە، دەربارەی پێشەوای کوردستان، قازی نەمر، نووسیویێتی: (قازی محەمەد، لە نووسینگەی کاری خۆشیدا نەخشەیەکی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی چاپی لەندەن هەڵواسرابوو کە تیایدا سنووری ئەو دەوڵەتی کوردستانە گەورەیەی کە دەبوو دابمەزرایە، بەخەتی دەست دیاریکرابوو کە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران، ئێراق، تورکیا، سوریا، تەنانەت سۆڤیەتیشی دەگرتەوە. کە لە دەریای ناوەڕاست و بەندەری ئەسکەندەرونەوە درێژ دەبۆوە تا کەنداوی فارس و لە نێوان (بوشەهرو هندیجان)ەوە بە دەریای ئازاد دەگەیشت. زۆربەی شارە گرنگ و ناکوردییەکانی وەک ئەرزڕۆم، ئەرزنجان، قارس، ماکۆ، سەڵماس (شاهپور)، موسڵ و ورمێی دەگرتەوە. بەمشێوەیە قازی محەمەد بەنیازبوو ببێتە پێشەوای سەرجەم کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست).
ئەوەی لە سەرەوەدا ئەفسەری ئێرانی حەسەن ئەرفەع نووسیویێتی، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە پێشەوای کورد (قازی محەمەد)ی نەمر شاری موسڵ-ی بە شارێکی کوردی و بەشێک لە کوردستان داناوە، بۆیە ئەو شارە (موسڵ)ی خستۆتە نێو نەخشەی کوردستان.

حەسەن ئەرفەع، لە لاپەڕەکانی (163–164)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا، نووسیویێتی: (لە کۆتایی ساڵی (1918)دا، دیبلۆماتی پێشووی عوسمانی (شەریف پاشا) کە کورد نەژادو لە هۆزی بابانی سلێمانی بوو، ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی، بەهۆی ناتەبایی لەگەڵ پارتی یەکێتیی و پێشکەوتن (ئیتحادو تەرەقی) تورکیادا، لە فەرەنسادا بەسەر بردبوو، دەستیکرد بە نامە نووسین و پێوەندیکردن بە سەرانی کوردی وەک شێخ مەحمودو سەید تەهاو سمکۆوە. تا بەڵکو لە تێکۆشانیاندا بۆ دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ، سەرکەوتن بەدەست بێنن. لە هەمان کاتدا، بۆ ئەم مەبەستە چەند پێشنیارێکی دا بەسەرانی شاندی دەوڵەتە گەورەکانی بەشدار لە کۆنگرەی ئاشتیی پاریس (بە تایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکان،

فەرەنسا، بەریتانیا)، کە داخوازی ئەوەبوو لەقەڵەمڕەوی پێشووی عوسمانیدا دوو هەرێمی سەربەخۆ لەژێر چاودێری دەوڵەتە گەورەکاندا دابمەزرێت، هەرێمێکی ئەرمەننشین، لە ناوچەکانی وان، موش، بەتلیس و بەشێک لە ئەرزڕۆم و ئەرزنجاندا، لە بەشی باکوردا. هەرێمێکی کوردنشین، لە ناوچەکانی هەکاری، ماردین، ئورفە و موسڵ-دا، لە بەشی باشووردا).

ئەوەی کە نووسەری ئێرانی حەسەن ئەرفەع باسی دەکات، باوەڕبوونی کوردبوون و کوردستانی بوونی شاری موسڵ-ە لە لایەن شەریف پاشای خەندانەوە، لەبەر ئەوەی نووسەر باسی هەوڵەکانی شەریف پاشا دەکات بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ کە شاری موسڵ-یشی دەگرتەوە.

م. ئاورینگ، لە لاپەڕە (24)ی پەرتووکی (کوردناسی)دا، نووسیویێتی: (لەسەر زەمینی موسڵ لە سەردەمی ساسانیەکانا شارێک هەبووە کە ئاردەشێر دروستی کردووە ناوی (بوزاردشێر/بوزئەردەشێر) بووە، کە پادشای ساسانی بۆ نیشتەجێ کردنی کوردەکان دروستی کردبوو. ئەوانەی کە وترا هەندێک لەو قسەو باسانە بوون کە مامۆستا یاسمی (ڕەشید یاسمی) لە بارەی نەژادی ساسانییەکان و پێوەندی نەژادییان لەگەڵ کوردەکانا نووسیویێتی).

ئەوەی کە نووسەر (م. ئاورینگ) باسی کردووە، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەر ئاماژە بە دروستکردنی شارێک دەکات بە ناوی (بوزاردشێر) یاخود بوزئەردەشێر کە ناوە کوردییەکەی (نیو ئەردەشێر) واتە ئەدەشێری نوێ بووەو بۆ کورد دروست کراوە، هەروەها نووسەر باسی ئەوە دەکات کە ساسانییەکان ئەو شارەیان دروستکردووە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە کوردە میدییەکان ئەو شارە (موسڵ)یان دروستکردووە، هەرچەندە ڕەشید یاسمی و زۆر لە مێژوونووسانی تریش هەن ساسانییەکان بە کورد دادەنێن.

نووسەر جەعفەر عەلی، لە لاپەڕەکانی (225–228)ی پەرتووکی (ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕەکانی (1–2)ی ژمارە (10)ی ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان)دا کە وتارێکی (م. نوری) لەژێر سەردێری (قسەی ناهەق ڕەد ئەکرێتەوە) بڵاوکردۆتەوە، لە لاپەڕە (2)ی ڕۆژنامەی ناوبراو، م. نوری

نووسیویێتی: (ئەتوانم بڵێم خۆرهەڵاتی دیجلە هەتا ئاراس بەشێوەیەکی بنچینەیی کورد و کوردستانە... ئێمە میلیەتمان پێگەیاندووەو تێگەیاندووە لەبەر ئەوە پارێزگاری ئەم مافە ڕەوایە هەر ئەکەین و جیا لە ڕاستی بەیانات ئەگەر ببینین ڕەتی ئەکەینەوە. وە ئەم مافە لە حکومەتی پایە بەرزی بەریتانیا داوا ئەکەین).

بە گوێرەی ئەو ئاماژەیەی کە نووسەر جەعفەر عەلی کردوویەتی لە سەرەوەدا، م. نوری بەشی خۆرهەڵاتی شاری موسڵ کە بەشە گەورەکەی موسڵ پێکدەهێنێت بە کوردستان دادەنێت، چونکە ئەو بەشەی شار دەکەوێتە خۆرهەڵاتی ڕووباری دیجلە.

<u>لوقمان حاجی کەریم</u>، لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ((لوقمان عەبدولڕەحیم فەیلی)، بەرپرسی (دار الاسلام)دا کە لە ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (12.1.2007)دا لەژێر سەردێری (بەرپرسی (دار الاسلام) گەلی کورد باجی هەڵەکانی سیاسەتمەدارانیان سەبارەت بە دەوڵەتی کوردی دەبێت بدەن)دا، لە ماڵپەڕی (کوردستان پۆست)دا بڵاوکراوەتەوە، لە پرسیارێکدا کە ئاراستەی کەسی ناوبراوی کردووە دەپرسێت: لە ساڵی (1921)ەوە هەتا ساڵی (2003) عارەب بەشێوەیەکی بەربڵاو و بە ڕێگای جیاواز کەوتنە داگیرکردنی کوردستان و تاکو ئێستاش زۆربەی هەرە زۆری ناوچەکانی وەک کەرکوک، موسڵ، خانەقین و هتد نەگێڕدراونەتەوە بۆ خاوەنی ڕاستەقینەی، ئێوە هەڵوێستتان چییە؟).

لە وەڵامدا فەیلی دەڵێت: (دیدگای ئێمەش زۆر ڕوونە لەوانە لەسەر کێشەی کورد، گەلی کورد چەوساوەتەوە لەلایەن هەموو ئەو حکومەتە یەک لە دوای یەکانەی کەلە ئێراقدا دەسەڵاتیان وەرگرتووە بە درێژایی مێژووی ئێراق و هەوڵی پاکتاوکردنی ڕەگەزییان داوە، جا سروشتییە بۆ گەڕانەوەی گەلی کورد لە هاوکێشەی بوونیاندا لە ئێراق کاتی دەوێت تاکو هاوکێشەکە ڕاست بکرێتەوە، ئەو کێشە سەختانەی کە تاکو ئێستا بەهەڵواسراوی ماوەتەوە وەک موسڵ و جێگەکانی تر کە دیمۆگرافیایان تێکچووە هەرگیز بە شەوو ڕۆژێک چارەسەر ناکرێت).

لە پرسیارێکی تردا کە لوقمانی حاجی کەریم، ئاراستەی لوقمان فەیلی کردووە، ویلایەتی موسڵ مەبەستمان نیشتمانی کوردستانە، ناوچە داگیرکراوەکانیش ئەو ناوچانەن کە ئاماژەم پێدان، ئێمەی کورد داوای نیشتمانی خۆمان دەکەین؟ لە وەڵامدا فەیلی دەبێژێت: با بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای کێشەکەو بە دووای شێوەی

چارەسەردا بگەڕێین و سروشتی ئەو زوڵم و زۆرەی بەسەر گەلانی جیاوازی ئێراقدا سەپێنراوە ئەمەش بریتین لە کورد و عارەبی شیعەو تورکمان و، چ سیستەمێک باشترین چارەسەرە بۆ ئەم کێشانە، من دەڵێم حکومەتەکەی نووری مالکی و هێزی ئیئتیلافی شیعە گۆچانێکی سیحری نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی موسڵ و کێشە جیاوازەکانی تری ئێراق، لە بەغدادو لە باشووردا، پێویستە ئالیەتمان هەبێت، بۆ نموونە عارەبەکانی موسڵ کە دەیانەوێت بگەڕێنەوە ئایا زەرەرو زیانیان بۆ دەگێڕنەوە یان نا؟ یان ئەگەر لە موسڵ مانەوە وەک مرۆڤێک و هاوڵاتییەک ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکەن کە مافیان هەیە یان دانیشتووانی ژمارە دوو و داگیرکەر چۆن سەدام ڕەفتاری لەگەڵ شیعەو کورددا ئەکرد، چارەسەر بەئاسانی و بە خێرایی ناکرێت، ئەمە پێویستیی بە بەشداری کردنێکی کارای ئەو کەسانە هەیە کە پسپۆڕن لەو بوارەدا).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی ڕۆژنامەنووس لوقمان حاجی کەریم، شاری موسڵ شارێکی کوردی و بەشێکە لە باشووری کوردستان، چونکە نووسەری ناوبراو لە باسی داگیرکردنی کوردستاندا ناوی شارەکانی (کەرکوک، موسڵ و خانەقین)دەبات، کەواتە نووسەر ئەو شارانە بە شاری کوردستان دەزانێت. هەروەها لوقمانی حاجی کەریم، لە پرسیارێکدا دەڵێت: (ویلایەتی موسڵ مەبەستمان نیشتمانی کوردستانە)، ئەو دووبارە ناوی شاری موسڵ وەکو شارێکی باشووری کوردستان دەبات. لە کاتێکدا کە ویلایەتی موسڵ نیشتمانی کورد و کوردستان بێت، کەواتە تەواوی ویلایەتەکەو شاری موسڵ-یش بەشێکن لەو کوردستانە.

دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەنووسیدا کە لوقمان حاجی کەریم لەگەڵیدا ئەنجامی داوەو، لە ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (23.1.2007)دا، لەژێر سەردێری (دکتۆر کەمال مەزهەر: پاش تەواوبوونی هەر چوار بەرگی پەرتووکەکەم، ئەوسا هەست دەکەم ئەو قەرزەی لەسەرشانمە بەرانبەر بە نەتەوەکەم داومەتەوە)، لە ماڵپەڕی ئەلکترۆنی (کوردستان پۆست)دا بڵاوکراوەتەوە، دکتۆر کەمال مەزهەر لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە بەعارەبکردنی ناوچەکانی کەرکوک و کوردستان، دەڵێت: (هەموو باس لەوە دەکەن و دەیسەلمێنن، کە هیچ هۆزێکی عارەبی لە ناوچەی کەرکوکدا نەبووە، بەر لەوەش

لەدێر زەمانەوە باپیرانی کورد لەم دیووی ڕووباری دیجلە وە ژیاون، لەبەری ڕۆژهەڵاتی ئەو ڕووبارەدا هەمووی کورد بوون، هەرچی سامییەکانن لەوبەری ڕووبارەکەوە بوون، تەنانەت ئەو ڕووبارەیان ناو ناوە هێڵی جیاکردنەوەی ئێمە یان هێڵی پاراستنی ئێمە، واتا سنووریان ئەوێ بووە لەبەر ئەوە عارەب بە هیچ شێوەیەک لەم بەری ڕووباری دیجلە وە نەبوون و نەژیاون و ئەوێش وڵاتی کوردان بووە، ئیتر پاش ئەوەی کە وڵاتەکە بەرەو پێش دەڕوات و تێکەڵی بازاڕی سەرمایەداریی دەبێت، هەندێ لە هۆزە عارەبەکان بەرەو کوردستان هاتوون، ئەوانەش هاتنیان پێوەندی تەنها بە لەوەڕگاوە هەبووەو هیچ هۆزێکی عارەب لەو جێگایانەدا نیشتەجێ نەبوون، هیچ دۆکۆمێنتێک لەبەردەستدا نییە، کە باس لە نیشتەجێ بوونی پێش وەختی ئەوانە بکات لەم خاکەدا، هەموویان بۆ لەوەڕگا هاتوون و پاشان گەڕاونەتەوە، تەنها لە ناوەندی سییەکاندا کە پڕۆژەی حەویجە دروستکرا، ئەویش دەبوو ئەو پڕۆژەیە کە دروستکرا دابەش بکرێت بەسەر هۆزە کوردییەکاندا، چونکە ئەوان زیاتر پێویستییان بەو زەوی و زارانە هەبوو، تا بە تەواوەتیش نیشتەجێبن. هەندێکیان نیمچە کۆچەر بوون نەک کۆچەریی تەواو، چونکە عارەبەکان کۆچەری تەواو بوون).

به گوێرەی بۆچوونەکانی مێژوونووسی ناسراوی کورد دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، بەری دەستە چەپی شاری موسڵ خاکی کورد و بەشێکی کوردستانە، چونکە مێژوونووسی ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە دانیشتوانی کەناری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە کە دەکاتە کەناری دەستە چەپ هەمووی کورد بووینەو ئەو ناوچەیەش وڵاتی کوردان بووە. مادام کەناری چەپ هەمووی کورد بێت و خاکەکەشی وڵاتی کورد بێت، کەواتە ئەو بەشەی شاری موسڵ خاکی کورد و نیشتمانی کوردە کە کوردستانە.

دکتۆر سەعدی عوسمان هەرتەلی، پرۆفیسۆری یاریدەدەری مێژووی نوێ، لە لاپەڕە (88)ی پەرتووکی (بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی)دا نووسیویێتی: (لە (25)ی تشرینی یەکەمی (1918)دا هێزەکانی بەریتانیا دووبارە کەرکوکیان گرتەوە دەست و لە پێشڕەوییاندا گەیشتبوونە (پردێ – ئالتون کۆپری). وە کاتێک لە کۆتایی ئەو مانگە ئاگربەستی (مۆدرۆس) کۆتایی بە جەنگ هێنا، وە دوای ئەمەش بێ شەڕ لە

(10)ی تشرینی دووەم چوونە ناو شاری موسڵ، بەمە هەموو ناوچەکانی کوردستانی باشوور کەوتە دەست هێزەکانی بەریتانیا سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانی لەوێ بە تەواوی کۆتایی هات).

لە سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێت کە نووسەر دکتۆر سەعدی عوسمان هەرتەلی، شاری موسڵ بە شارێکی باشووری کوردستان دادەنێت، لەبەر ئەوەی نووسەر لە باسی داگیرکردنی باشووری کوردستاندا لە لایەن ئینگلیزەکانەوە لە کۆتایی ساڵی (1918)دا، باسی ئەوە دەکات کە بە داگیرکردنی شاری موسڵ لە (10.11.1918)دا تەواوی باشووری کوردستان کەوتە ژێردەستی بەریتانییەکان. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە نووسەری ناوبراو شاری موسڵ بە شارێکی باشووری کوردستان دەزانێت. هەرچی سەبارەت بە ڕۆژی داگیرکردنی شاری موسڵ-ە، هەروەکو پێشتریش ئاماژەی پێکراوە، ئەو داگیرکردنە لە ڕۆژی (7.11.1918)دا بووە، نەک ڕۆژی (10.11.1918).

ساهیرە وەزان، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (کوردانی شەبەک لە خۆنیشانێکدا لە موسڵ: دەمانەوێ بگەڕێینەوە سەر سنووری کوردستان)دا، کە لە لاپەڕە (14)ی (ڕۆژنامەی میدیا)، ژمارە (280)، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (6.3.2007)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (لە سەرەتای ئەو مانگەدا شەبەکەکانی موسڵ خۆپیشاندانێکیشیان بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان لە هەولێریش ڕێکخست و داوایان لە پەرلەمانی کوردستان کرد، کە بخرێنەوە سەر سنووری جوگرافی کوردستان. ئەوەش لە کاتێکدایە کە سەرکردایەتی کورد هیچ باسێک لە کوردستانی بوونی ئەو شارە ناکات، لە کاتێکدا بەپێی بەڵگەنامە مێژووییەکان موسڵ بەشێک بووە لە کوردستان و تەنانەت لە سەردەمی (کۆمەڵەی نەتەوەکان)یشدا پرسی باشووری کوردستان بە فەرمی بە پرسی ویلایەتی موسڵ ناسراوە). هەروەها ساهیرە وەزان دەڵێت: (یەکێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی ئێراق لە موسڵ، لەبارەی داواکاری گەڕانەوەی کوردانی شەبەک بۆ باوەشی کوردستان گوتی: "ئێمە هەمووومان لەگەڵ ئەوەین کوردی شەبەک بگەڕێندرێنەوە چوارچێوەی کوردستان و پێش چەند مانگێکیش ئەو داواکارییەمان بە بەرپرسانی پارتەکان و میری کوردستان ڕاگەیاند، ئەمەش بۆ پاراستنی خوێنی کوردانی شەبەک

بوو، کە ڕۆژانە دەیانمان لێدەکوژن و بریندار دەکەن، کوردی شەبەک ڕێژەی (30%)ی دانیشتوانی موسڵ پێکدەهێنن و ئەو هێرشانەی دەکرێتە سەریان هێرشی تایبەتن"). ساهیرە وەزان، لە شوێنێکی تردا دەڵێت: (کوردانی شەبەک لە موسڵ و دەوروبەری کە بە ئایینزا شیعەن، نزیکەی نیو ملیۆن کەس دەبن و (30%)ی دانیشتوانی شاری موسڵ پێکدەهێنن، زۆربەیان لە گەڕەکەکانی (عەدەن، قودس، سوکەر، زەهرا، جەزائیر و چەند گوندێکی دەوروبەری شاری موسڵ نیشتەجێن). کوردانی شەبەکیش وەک کوردانی دیکە بەپێی بڕیاری حکومەتی بەعس تاپۆکردنی زەوی و خانوویان لە موسڵ لێ قەدەغە کرابوو).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی (ساهیرە وەزان)دا، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و بەشێک بووە لە باشووری کوردستان، چونکە ناوبراو گلەیی لە سەرکردایەتی کوردسانی دەکات و ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو سەرکردایەتییە کوردستانی بوونی شاری موسڵ-یان پشتگوێ خستووە، هەروەها باسی ئەوەش دەکات کە بە گوێرەی بەڵگەنامە مێژووییەکان ئەو شارە (موسڵ) بەشێکی باشووری کوردستان بووەو، شەبەکەکانیش (30%)ی دانیشتوانی ئەو شارە پێکدێنن. ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ، هەروەها نووسەری ناوبراو ناوی چەندان گەڕەکی کوردنشینی بردووە، جگە لەو گەڕەکانەی کە ئەو ناوی بردوون، شەبەکەکان و کورد زۆربەی زۆری دانیشتوانی گەڕەکەکانی (دەرگەزلی، نەبی یونس، نەینەوای خۆرهەلات، نەینەوای باکوور، فەیسەڵییە، عەتشانە، جەزائیر، کەرامە، گەڕەکی قودس، گەڕەکی قاهرە، گەڕەکی بەکر، ڕەشیدییە، گەڕەکی زهور و نەعمانییە) پێکدەهێنن.

ئاکۆ و سەلام، لە ریپۆرتاژێکی هاوبەشدا لەژێر ناوی (موسڵ، ئەو شارەی لە ئەجێندای ڕامیاری کورددا جێگەی نەبووەوە)دا، کە لە لاپەڕە (9) ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە (158)، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (21.3.2004)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویانە: (دەربارەی بوونی کورد لە موسڵ و ئەو سەرچاوە مێژوویی و جوگرافیانەی باس لە کوردستانییەتی موسڵ دەکەن پرسیارێکمان ئاراستەی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ کرد. وەڵامی ئەو ئەوەبوو کە (بە هیچ شێوەیەک نامەوێت دەربارەی بابەتێکی وا قسە بکەم!). هەروەها ئەوان دیسان نووسیویانە:

(سەردانێکی موسڵ و ئاشنا بوون بە واقیعی (ڕاستی) ئەو شارە لە نزیکەوە، هەروەها چاوخشاندنێکی سەرپێیی بەنێو ئەو دیکۆمێنت و لێکۆڵینەوە مێژووییانەدا کە دەربارەی بوونی کورد لە پارێزگای موسڵ لەبەر دەستدان، ئەو پرسیارەت لەلا دروست دەکات کە ئاخۆ بۆچی دۆزی موسڵ هەرگیز لەئەژێندای ڕامیاری کورددا جێگەی نەبۆتەوەو لە هیچ قۆناغێکی خەباتی ڕزگاریخوازیی ئێمەدا نەبۆتە خاڵی دانوستان).

ڕۆژنامەنووسان ئاکۆ و سەلام، شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی و بە بەشێک لە باشووری کوردستان دەزانن، چونکە هەر دوو نووسەر باسی ئەوە دەکەن کە چەندان سەرچاوەی مێژوویی و جوگرافی باس لە کوردستانییەتی شاری موسڵ دەکەن، هەروەها سەرسوڕمانی خۆیان دەردەبڕن لە بێدەنگی سەرکردایەتی کوردستان لە هەمبەر کوردستانییەتی ئەو شارە (موسڵ).

هەفتەنامەی جەماوەر، لە دیمانەیەکدا لەگەڵ خەسرەو گۆران، جێگری پارێزگاری موسڵ کە لەژێر ناونیشانی (خەسرەو گۆران، جێگری پارێزگاری موسڵ: هەموو سوپای ئێراق بێتە موسڵ ناتوانێت ئەم شارە کۆنترۆڵ بکات)دا، لە ژمارە (214)ی ڕۆژی دوشەممە، ڕێکەوتی (5.3.2007)دا بڵاوکراوەتەوە، خەسرەو گۆران دەڵێت: (جیۆپۆلەتیکی کەناری چەپ کێشە بۆ موسڵ دروست دەکات، ئەگەر هات و تلکێف، باشیقە و حەمدانییە بوون بە بەشێک لە کوردستان، ئەو وەختە کەناری چەپ لە موسڵ دەکەوێت و وەکو (بەرلین)ی لێدێت).

ئەوەی خەسرەو گۆران، جێگری پارێزگای موسڵ ئاماژەی پێکردووە، بەلای کەمەوە کوردێتیی و کوردستانێتیی کەناری دەستە چەپی ڕووباری دیجلە لە شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە کاتێک کە ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە جیۆپۆلەتیکی کەناری چەپ کێشە بۆ موسڵ دروست دەکات، ئەوە مانای وایە کە ئەو بەشەیان پارچەیەکی کوردستانە.

عەلی تەتەر تۆفیق نێروەیی، لە لاپەڕەکانی (41-42)ی پەرتووکی (الحياة السياسية في كوردستان 1908-1927)دا نووسیویێتی: (بە گوێرەی پەیماننامەی بەرلین لە مانگی حەوتی ساڵی (1878)دا، دەوڵەتی عوسمانی بەشێکی گەورەی

خاکەکەی دۆڕاندو، هەندێک لە بەندەکانی ئەو پەیماننامەیە مافی دەستتێوەردانی کوردستانی دا بە هەر یەک لە ڕوسیا و دەوڵەتانی ئەورووپی بۆ پاراستنی ئەرمەنەکان لەهەر دەستدرێژیەک. ئەمەش بۆ یەکەمجار بوو وای لە کوردەکان کرد کە بە یەکدەنگ بوەستنەوە لە دژی بڕیارێکی دەرەکی. لە کۆنگرەیەکدا کە لە ساڵی (1880)دا بە ئامادەبوونی زۆرتر لە (200) کەس لە سەرۆک هۆزو زانا بەدەسەڵاتەکانی ئایین لە ناوچەکانی: سلێمانی، ئامێدی، هەورەمان، بۆتان، ساسۆن، سیرت، ئامەد، موش، موسڵ و وان، هەروەها بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆک هۆزەکانی کوردستانی ئێران).

ئەوەی کە نووسەر عەلی تەتەر تۆفیق نێروەیی باسیدەکات، کوردستانی بوون و کوردبوونیی تەواوی پارێزگای موسڵ دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی نووسەری ناوبراو ناوی پارێزگای موسڵی وەکو پارێزگایەکی سەر بە کوردستان بردووە.

عەلی تەتەر تۆفیق نێروەیی، لە لاپەڕە (175)ی پەرتووکی (الحياة السياسية في كوردستان 1908-1927)دا نووسیوێتی: (کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان، لە ساڵی (1919)دا پەرتووکێکی لەژێر ناوی (کوردستان و ئەرمەنستان) بەچاپ گەیاند، کە هەزاران دانەی لێ دابەشکردە سەر کەسایەتی، بنکە ڕۆشنبیرییەکان و شاندە نێودەوڵەتییەکان. کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان، داوای پاراستنی مافەکانی کوردی دەکرد لە هەر حەوت ویلاتی کوردستان، کە بریتیبوون لە: ئەرزڕۆم، سیواس، وان، بەدلیس، ئامەد (دیاربەکر)، خەرپوت و موسڵ، هەروەها کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستانی بە شێوەیەکی فەرمی دابەشکردنی کوردستانی لە ڕێکەوتی (8.12.1918)دا بەرپەرچ دایەوەو، داوای یەکێتیی خاکی کوردستانی کرد).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر عەلی تەتەر تۆفیق نێروەیی، تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵی کۆن بە شاری موسڵ-یشەوە، شاری کوردیی و سەر بە خاکی باشووری کوردستانن، چونکە ناوبراو ناوی ویلایەتی موسڵی، وەکو یەکێک لە حەوت ویلایەتەکەی سەر بە خاکی کوردستان ناوبردووە.

عەلی تەتەر تۆفیق نێروەیی، لە لاپەڕە (201)ی پەرتووکی (الحياة السياسية في كوردستان 1908-1927)دا نووسیوێتی: (ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان)،

که هەر سێ میرنشینی گرنگیی کوردی، بابان، سۆران و بەهدینانی لەخۆدەگرت، شوێنەکی گرنگیی لە بزووتنەوەی ڕامیاری و نەتەوایەتیی کوردیدا گرتووە).

لە لایەک ناوبردنی ویلایەتی موسڵ بە باشووری کوردستان لە لایەن نووسەر عەلی تەتەر تۆفیق نێروەیی، کوردبوون و کوردستانی بوونی شاری موسڵ و تەواوی شارەکانی ئەو ویلایەتە دەگەیەنێت، لەلایەکی تریشەوە نووسەری ناوبراو هەر سێ میرنشینەکانی بابان، سۆران و بادینان بە پێکهاتەی ویلایەتی موسڵ دادەنێت، هەروەها پێی وایە کە ویلایەتی موسڵ شوێنێکی گرنگیی لە بزووتنەوەی ڕامیاری و نەتەوایەتیی کوردیدا هەبووە. بۆیە ئەمانەی کە نووسەر ئاماژەی پێکردوون، هەموویان نیشانەن بۆ کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ و شارەکانی تری سەر بە ویلایەتەکە.

عەلی تەتەر تۆفیق نێروەیی، لە لاپەڕە (243)ی پەرتووکی (الحياة السياسية في كوردستان 1908–1927)دا نووسیویێتی: (کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد، دەستیکرد بە کردنەوەی چەندان لقی خۆی لە تەواوی شارەکانی کوردستان و، لە ماوەیەکی کەمدا لقی خۆی لە ناوچە گرنگەکانی کوردستان کردەوە، کە مولازم ئیسماعیل حەقی شاوەیس راسپێردرابوو بۆ کردنەوەی ئەو لقانە. ئەو ناوچانەی کە لقی کۆمەڵەی تیا کرایەوە ئەمانەن: بەدلیس، گەنج، خەرپوت، ئورفا، سیرت، ئامەد، موسڵ، ئەرزڕۆم، قارس، بایەزید، ئالاشگرد، مەلازگرد، خنس، موش، وان، شرناخ، جەزیرە ماردین و دەرسیم).

ئەوەی کە نووسەر عەلی تەتەر تۆفیق ئاماژەی پێکردووە، کوردستانێتیی و کوردێتیی تەواوی پارێزگای موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەر ناوی پارێزگای موسڵی وەکو پارێزگایەکی کوردی بردووە.

ڕێکار ئەحمەد، سکرتێری گشتی حزبی ڕزگاری کوردستان، لە نامیلکەیەکدا بە ناوی (خوێندنەوەی 10 ساڵەی ڕزگاری ئارمانج، رامان، هەڵوێست)دا، لە لاپەڕەکانی (58–59)دا نووسیویێتی: (دەبێ ئەو ڕاستیە لەبیر نەکرێ کە کێشەی ئێراق بەتەنیا بە ڕوخانی سەدام چارەسەر نابێ ئەگەر بۆ سەرچاوەو هۆکارەکانی نەگەڕێنەوە. کرۆکی کێشەکە لە پێکەوە لکاندنی نائارەزوو مەندانەی ویلایەتەکانی موسڵ و بەغدا

و بەسرا خۆی دەبینێتەوە. دوای یەکەمین جەنگی جیهان بەبێ ئەوەی پرس و راوێژ بە نەتەوەی کورد بکرێ، باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) خرایە سەر ئێراقی عارەبی و خواستی سەربەخۆیی لێزەوتکرا).

ئەوەی کە نووسەر رێکار ئەحمەد، سکرتێری گشتی حزبی ڕزگاری کوردستان ئاماژەی پێکردووە، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەردەخات، چونکە نووسەری ناوبراو تەواوی ویلایەتی موسڵ بە خاکی کورد و کوردستان دەزانێت و بە باشووری کوردستان ناوی دەبات. هەروەها ناوبراو کورد بە خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو هەرێم و خاکەی ویلایەتی موسڵ دادەنێت، کاتێک کە باسی ئەوە دەکات بەبێ ئەوەی پرس و راوێژ بە نەتەوەی کورد بکرێت، کەواتە ناوبراو بە تەنیا کورد بە تاکە خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو ویلایەو ئەو ویلایەتەش بە خاکی کورد و کوردستان دەزانێت.

تاهیر عەبدوڵڵا سلێمان، لە لاپەڕە (6)ی پەرتووکی (محمد پاشا الرواندزي والاسباب المؤدية الى سقوط إمارته)دا نووسیویێتی: (میری دووەمی میرنشینی سۆران توانی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی خۆی فراوان بکات و بیگەیەنێتە هەولێر، کەرکوک و موسڵ).

ئەوەی کە نووسەر تاهیر عەبدوڵڵا سلێمان لە سەرەوەدا ئاماژەی پێکردووە، کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەر باسی ئەوە دەکات کە شاری موسڵ بەشێک بووە لە میرنشینی سۆرانی کوردی. هەروەها فەرمانڕەوایەتی کردنی شاری موسڵ لە چەندان سەردەمی جیاجیادا لە لایەن چەندان میرو پادشای کورددا، کوردێتیی و کوردستانێتیی ئەو شارە دەگەیەنێت.

غانم گۆران، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (وقفة عند أبواب التاريخ)دا کە لە ژمارە (14)ی گۆڤاری (دوغرو – ڕاست)ی تورکمانی بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (لە کاتێکدا کە کورد دەکوژران، سەردەبڕان و رادەگوێزرانەوە شێخ مەحمودی حەفید لەپێناوی گەلەکەیدا کاری دەکرد، هەروەها قوربانی بەگیانی خۆیدا لە شەڕی (بازیان) کە وای لە بەریتانییەکان کرد ئەوکاتی فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرکەن و، دواتریش پاشگەزبوونەوە لەو فەرمانەیان و گۆڕییان بۆ زیندانیکردنی هەتا

هەتایەو دوورخستنەوەی بۆ هیندستان. بەڵام دواتر گەڕاندیانەوە بۆ کوردستان و کردیان بە (شا). پاشان پلەی شایەتییان لێ وەرگرتەوە دوای دیاریکردنی هێڵی (برۆکسل) کە کوردستانی دابەشکردو موسڵ-ی لە کوردستان دابڕی لەساڵی (1926)دا).

سەرەتا ویلایەتی موسڵ لە (16.12.1925)دا بە ئێراقی عارەبییەوە لکێنرا، نەک لە ساڵی (1926) هەروەکو نووسەر ئاماژەی پێکردووە. ئینجا بە گوێرەی بۆچوونەکانی ڕۆژنامەنووس غانم گۆران، شاری موسڵ و ویلایەتی موسڵ بەشێکی کوردستانن، چونکە نووسەری ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە کوردستان دابەشکراو موسڵ-ی لێ جیاکرایەوە، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ناوبراو تەواوی ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵ-ەوە بە بەشێک لە کوردستان دەزانێت.

عەبدوڵڵا عامر عومەر، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (بەرزی و نزمی ڕووی زەوی هەرێمی کوردستان)دا، کە لە لاپەڕەکانی (49-64)ی پەرتووکی (جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی ئێراق)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسەر لە لاپەڕە (64)دا نەخشەیەکی کوردستانی داناوە لەژێر ناوی (شاخەکانی کوردستان ئاراستەو زنجیرەکانیان)، کە بەشی خۆرهەڵاتی شاری موسڵ کەوتۆتە نێو سنووری باشووری کوردستان.

دانانی بەشی خۆرهەڵاتی شاری موسڵ لەنێو نەخشەی باشووری کوردستان، بەڵگەیەکی تری کوردێتیی و کوردستانێتیی ئەو شارەیە، دیارە نووسەری ناوبراو باوەڕی وایە کە بەشە گەورەکەی شاری موسڵ شارێکی کوردیی و کوردستانییە، هەر بۆیە خستویەتیە نێو سنووری باشووری کوردستان. لە کاتێکدا کە چەندان مێژوونووس، جوگرافیناس و نووسەری عارەب تەواوی شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی و کوردستانی دەزانن، بۆ نموونە: دکتۆر شاکر خەسباک، محەمەد هادی ئەلدەفتەری، ئینسکلۆپیدیای ئیسلام، ئەحمەد عەلی ئەلسۆفی، دکتۆر فەهمی ئەلشناوی، یوسف مالک، عەدنان حوسێن، ئیبن بەتووتە، یاقووتی حەمەوی، عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی، مەسعودی، جاسم محەمەد ئەلخەلەف، تەها ئەلهاشمي، محەمەد حوسێن ئەلزوبێدی، یەحیا خەشاب، ئەلبەلازری، محەمەد ئەلخزری و چەندانی دیکە. نەخشەکە لە کۆتایی ئەو بەشەدا دانراوە.

ئەنوەر حوسێن بازگر، سەرنووسەری (ڕێبازی ئازادی)، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (پێوەندییەکانی هەولێر ئەنقەرە لە نێوان مامەڵەی لۆژیکانەی کورد و بەخۆدا چوونەوەی تورکیادا)، کە لە لاپەڕە (6)ی ڕۆژنامەی (خەبات)، ژمارە (2466)ی ڕۆژی دوشەممە، ڕێکەوتی (16.4.2007)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (چاوەڕێی ئەوەش دەکرێت ئەمەریکا بنکەی سەربازی لە کوردستان بکاتەوەو هێزەکانی پەیمانی ناتۆ بێنە کوردستان و ئەو خەونەی تورکیا بە یەکجاری زیندەبەچاڵ بێت کە جارێکی دیکە پەلاماری کوردستان بدات و کەرکوک و موسڵ داگیربکات و (پ. ک. ک)ش لەناوبەرێت).

ئەوەی کە سەرنووسەری (ڕێبازی ئازادی)، ئەنوەر حوسێن بازگر نووسیویێتی، کوردستانێتیی و کوردێتیی شارەکانی موسڵ و کەرکوک دەگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو لە باسی زیندەبەچاڵ کردنی خەونەکانی تورکیادا، ئاواتی ئەوە دەخوازێت کە تورکیا نەتوانێت جارێکی تر پەلاماری کوردستان بدات و موسڵ کەرکوک داگیربکات. ئەمەش بۆچوونی سەرنووسەری (ڕێبازی ئازادی)مان بۆ دەردەخات کە هەر دوو شاری موسڵ و کەرکوک بە کوردستان دەزانێت.

کاروان ئەحمەد حەمە ساڵح، لە لاپەڕە (26)ی پەرتووکی (کاریگەری ئاو لەسەر دۆزی کورد لەئێراقدا)، لە باسی (پڕۆژە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستانی ئێراق)دا نووسیویێتی: (دەتوانین سەرجەمی ئەو پڕۆژە ئاویانەی کە ئەمڕۆ لە هەرێمدا هەن و ئەوانەی پێشنیار کراون، کە لە ئایندەدا دروست بکرێن، بەمشێوەی خوارەوە بژمێرین: 1- دوکان لەسەر زێی بچووک. 2- دەربەندیخان لەسەر سیروان (دیالە). 3- دوبز لەسەر زێی بچووک. 4- دهۆک لەسەر زێی دهۆک. 5- حەمرین لەسەر سیروان (دیالە). 6- موسڵ لەسەر دیجلە کراوە).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر کاروان ئەحمەد حەمە ساڵح، شاری موسڵ دەکەوێتە ناو سنووری هەرێمی کوردستان (باشووری کوردستان)، چونکە ئەو لە باسی پڕۆژە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان)دا، باسی پڕۆژەی ئاوی موسڵ وەکو پڕۆژەیەکی هەرێمی کوردستان دەکات.

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە لاپەڕە (14)ی ژمارە (4250)، ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی (24.4.2007)دا، لە بابەتی (کۆدی شار و شارۆچکەکانی کوردستان و هەندێک لە وڵاتانی جیهان)دا، ناوی شارەکانی موسڵ و دیالەی لەگەڵ ناوی شارەکانی تری کوردستاندا نووسیوە.

کاتێک کە ڕۆژنامەیەکی وەکو کوردستانی نوێ، ناوی شارەکانی موسڵ و دیالە دەخاتە لیستی کۆدی تەلەفۆنی شار و شارۆچکەکانی کوردستان، گومان لەوەدا نامێنێت کە ئەو ڕۆژنامەیە یاخود یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، شارەکانی موسڵ و دیالە بە دوو شاری کوردستانی دەزانن، ئەگینا نەیاندەخستنە ناو ئەم لیستەوە.

ئاژانسی نووچێن کوردستان، لە ڕاگەیاندنێکیدا لەژێر ناوی (ئەمریکا میلیشیاکانی عارەبی سوننە چەکدار دەکات)، کە لە ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (12.6.2007)دا لە ماڵپەڕی (دەنگی سەربەخۆ)دا بڵاوکراوەتەوە، تیایدا هاتووە: (لە هەنگاوێکدا کە لەوانەیە مەترسیەکی گەورە دروست بکات لەسەر پاشەڕۆژی هەرێمەکانی کەرکوک و موسڵ و هاوسەنگی هێز لە نێوان عارەبی سوننەو شیعەکاندا، ئەمریکا بڕیاری داوە میلیشیاکانی عارەبی سوننە چەکدار بکات و هاوکاری داراییان پێ بدات بەتایبەت ئەوانەی ئامادەن شەڕ لەگەڵ تیرۆریستانی ئەلقاعیدە بکەن. سەبارەت بەو هەنگاوە ئاژانسەکانی هەواڵ رایانگەیاند کە هۆزەکانی تکریت و دەوروبەری شاری کەرکوک و موسڵ ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە بۆ بەشداری کردن لەو هێزە چەکداریەدا. چاودێران باسی ئەوە دەکەن کە ئەم هەنگاوە لەوانەیە هاوسەنگی دروست بکات لە هێزدا لە نێوان عارەبی شیعەو سوننە .هەندێ سەرچاوەی تر بۆ ئەوە دەچن کە بە هێزبوونی چەکدارانی عارەبی سوننە لەدژی بەرژەوەندی گەڕانەوەی هەرێمەکانی کەرکوک و موسڵ دەبێت بۆ سەر هەرێمی کوردستان).

ئەوەی کە لە سەرەوەدا ئاژانسی نووچێن کوردستان ئاماژەی پێکردووە، کوردێتیی و کوردستانێتیی شارەکانی موسڵ و کەرکوک دەگەیەنێت، چونکە ئەوان باسی هەندێ سەرچاوە دەکەن کە پێیانوایە بەهێزکردن و چەکدارکردنی عارەبی سوننە لە دژی بەرژەوەندی کوردن لە گەڕانەوەی شارەکانی موسڵ و کەرکوک بۆسەر هەرێمی کوردستان، کەواتە ئەوان هەر دوو شاری موسڵ و کەرکوک بە دوو شاری کوردیی و بەشێکی گرنگیی کوردستان دەزانن.

ڕێکخراوی پۆینت بۆ ڕاپرسی و لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکان، لە ڕاپرسییەکدا کە لە مانگی ئەپریلی ساڵی (2007)دا، لەژێر ناوی (دەوڵەتی کوردی لە نێوان خەون و ڕاستی دا) ئەنجامی داوەو، لە ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (8.6.2007)دا لە ماڵپەڕی (دەنگی سەربەخۆ، ئاژانسی نووچێن کوردستان)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیوێتی: (لەم ڕاپرسییەدا کە هەولمان داوە بەبێ لایەنی و بەشێوەیەکی زانستی ئەنجامی بدەین، کە (1000) هەزار کەس لە هەموو تەمەنێک، چین، ئایین، مەزهەب، نەتەوەیەک (کورد، تورکمان، کلدوئاشووری، عارەب و ئەوانی دیکە)و هەر دوو ڕەگەز لەهەر (5) پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، کەرکوک، دهۆک و موسڵ) بەشدارییان تیادا کردووە، هەوڵمان داوە بۆچوونی شەقامی کوردستانی بخوێنینەوە، وەکو هەوڵێکی ڕژد لە لایەن ئێمەوە بۆ تێگەیشتنی سروشتی ئەم بۆچوونەو ئەو ئەگەرانەی لەپشتەوەی وەستاون، وەکو بەشدارییەک لە لایەن ئێمەوە بۆ گەڵاڵەکردنی تێگەیشتنێکی ئاشکەرا بۆ ئەم گرفتە مێژووییە).

لە سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێکخراوی پۆینت بۆ ڕاپرسی و لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکان، شاری موسڵ و هەر چوار شارەکەی تریش بە بەشێک لە باشووری کوردستان دادەنێت، لەبەر ئەوەی ئەم ڕێکخراوەیە ناوی هەر پێنج پارێزگای (موسڵ، کەرکوک، هەولێر، سلێمانی و دهۆک)ی هێناوە کە ڕاپرسییەکەیان تیادا ئەنجام داوەو، باسی ئەوەش دەکەن کە ئەوان (ڕێکخراوی پۆینت) هەوڵیان داوە بۆچوونی شەقامی کوردستانی بخوێننەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوان هەر پێنج پارێزگاکە بە پارێزگای کوردیی و خاکی کوردستان دەزانن، بۆیە بەمشێوەیە باسیان کردوون.

دارا ئەحمەد، لە نامیلکەی (پرۆژەیەکی پێشنیارکراو بۆ دەستووری کوردستانێکی سەربەخۆو سکۆلاریست لەگەڵ چەند تێبینییەکی ڕەخنەگرانە لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان)دا، لە لاپەڕەی (5)دا لە دەروازەی یەکەم، مادەی دووەمدا، نووسیوێتی: (هەموو شارەکانی هەولێر، سلێمانی، کەرکوک، دهۆک، بەشێکی نێو نەینەواو شارۆچکەکانی ئاکرێ، شێخان، شەنگال، تەلەعفەر، تەلکێف، قەرەقوش و

کۆمەڵگەکانی زوممار، باشیقە، ئاسکی کەڵەک، شارۆچکەی بەدرەو کۆمەڵگەی جەسان، هەر دوو شارۆچکەی خانەقین و مەندەلی دەکەونە نێو سنووری نیشتمان).

به گوێرەی بۆچوونەکانی دارا ئەحمەد، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو بەشێکی شاری موسڵ بەتایبەت نەینەوا کە دەکاتە کەناری خۆرهەڵاتی ڕووباری دیجلە واتە بەری دەستە چەپی شاری موسڵ، بە بەشێک لە باشووری کوردستان و بە خاکی کورد دەزانێت، چونکە ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە بەشێکی نێو شاری نەینەوا هەروەها هەریەک لە شارۆچکەکانی ئاکرێ، شێخان، شەنگال، تەلەعفەر، تەلکێف، قەرەقوش و کۆمەڵگەکانی زوممار، باشیقە، ئاسکی کەڵەک بریتین لە خاکی کورد و نیشتمانی کوردستان.

فرسەت ڕۆژبەیانی، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (پێوەندی ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی بە کوردۆلۆژیەوە)دا، کە لە لاپەڕەکانی (13–30)ی گۆڤاری (کوردناسی)، ژمارە (2)ی بەهاری ساڵی (2007)دا بڵاوکراوەتەوە، لە لاپەڕە (23)دا نووسیویێتی: (لە سەرەتای سەدەی نۆزدەمەوەو لە کۆتایی سەدەی هەژدەمەوە زۆر لە ڕۆژهەڵاتناسە ئەڵمانەکان ڕوویانکردە ڕۆژهەڵات بە تایبەتی بۆ کوردستان و ئەرمێنیاو ئێران و میزۆپۆتامیا، تیایاندا هەبووە کە مەبەستی کوردستان بووە، هەشبووە لابەلا پێیدا تێپەڕیوە، هەشبووە تەنها باسی کوردستانی بۆ کراوەو خۆی شتی لەخەیاڵی خۆی بۆی زیادکردووە. بۆ نموونە زاندارسکی (Zandarski) ناوێک سەری لە کوردستان داوەو موسڵ و ورمێ و شوێنی تر گەڕاوەو لەگەڕانەوەیدا پەرتووکێکی نووسیوە باس لەم گەشتەی دەکات لە ساڵی 1857).

بەپێی بۆچوونەکانی فرسەت ڕۆژبەیانی، شاری موسڵ شارێکی سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە ئەو باسی زاندارسکی ناوێک دەکات کە سەردانی کوردستانی کردووەو شارەکانی موسڵ، ورمێ و چەند شوێنێکی تر گەڕاوە. ئەمەش مانای وایە کە ناوبراو شاری موسڵ بە شارێکی کوردستانی دەزانێت، بۆیە بەمشێوەیە ناوی دەبات.

گۆڤاری کوردناسی، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی فرانسادا)، کە لە فرانسییەوە بۆ کوردی وەریگێڕاوە و لە

لاپەڕەكانی (83-98)ی گۆڤاری (كوردناسی)، ژمارە (2)ی بەهاری ساڵی (2007)دا بڵاوكراوەتەوە، لە لاپەڕە (83)دا دووەم یاداشتنامەی ژەنەراڵ شەریف پاشای سەرۆكی شاندی كوردی كە لە یەكی ئاداری ساڵی (1920)دا بۆ سەرۆكی كۆمیسیۆنی باڵای كۆنفرەنسی ئاشتی ناردووە، نووسیوێتی: (وڵاتی كوردەكان بریتیین لە ویلایەتە عوسمانییەكانی دیاربەكر، خارپووت، بەتلیس، وان، موسڵ، سنجاقی ئورفە، ئێلیزێ ریكلیوس هەتاوەكوو ویلایەتی ئەرزەڕۆم-یش دەخاتە ناو سنووری كوردستانە وە).

بە گوێرەی گۆڤاری كوردناسی، شەریف پاشای خەندان شاری موسڵ-ی بە بەشێك لە خاكی كوردان داناوەو، لەبەر ئەوەی شەریف پاشا تەواوی ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵ-یشەوە بە پارچەیەكی كوردستان دادەنێت.

ژەنەراڵ شەریف پاشای سەرۆكی شاندی كوردی هەر لە درێژەی نامەكەیدا لە لاپەڕەكانی (84-85)دا، نووسیوێتی: (وڵاتی كوردان خاكەكەی دەوڵەمەندی خۆی هەیە، كانەكانی، دارستانەكانی، ڕێگەوبان و زمانی نەتەوەیی خۆی هەیە. نەخشەی كوردستانیی عوسمانی لە باكوور لە بەشی باشووری چیای ئارارات دەست پێدەكات لەو شوێنەی كە سنوورەكانی توركی، ڕوسی و ئێرانی پێكدەگەن و پاشان بەرەو باشوور لەگەڵ سنووری توركی-ئێرانی شۆڕدەبێتەوە. پاشان لە لایەك تا هەرێمەكانی بایەزید، وان، هەكاری، ڕواندز، موسڵ، كەركوك، هانێكین و لەلای دیكەشەوە تا ئەرزەڕۆم، ئەرزەنجان، بەتلیس، مووش، خارپووت، دیاربەكر، ماردین، ئەلجەزیرە، سیڤیریك، ئورفە، رەئسوئەلعەین و شنگال درێژ دەبێتەوە).

شەریف پاشا لەو نامەیەی كە بۆ سەرۆكی كۆمیسیۆنی باڵای كۆنفرانسی ئاشتی ناردووەو، لە دەست نیشان كردنی سنووری كوردستانی مەزندا، ناوی شاری موسڵ-ی وەكو شارێكی كوردستانی ناوبردووە. كەواتە ناوبراو شاری موسڵ بە شارێكی كوردیی و بەشێكی كوردستان دەزانێت.

گۆران ئیبراهیم ساڵح، لە لاپەڕە (186)ی پەرتووكی (كەركوك لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لە نێوان ساڵانی 1876-1909ی ز)دا، نووسیوێتی: (لە كۆتاییدا ئەگەر سەیرێكی سەرجەم ململانێكانی وڵاتە زلهێزەكان بكەین، لە ویلایەتی موسڵ

(باشووری کوردستان)دا، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەگەر ململانێکان لەسەر سەرجەم ئەم هەرێمە بووبێت، ئەوا دەتوانین بڵێین شاری کەرکوک لەوکاتەدا چەقی ئەو ململانێیە بووە).

کاتێک کە نووسەر گۆران ئیبراهیم ساڵح ناوی ویلایەتی موسڵ بە باشووری کوردستان دەبات، بۆمان دەردەکەوێت کە ناوبراو ویلایەتی موسڵ و باشووری کوردستان بە یەک خاک دەزانێت، کاتێکیش کە ویلایەتی موسڵ و باشووری کوردستان هەر یەک خاک بن، کەواتە تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵ-ی مەڵبەندی ویلایەتەکەش، شاری سەر بە باشووری کوردستانن و بەشێکی دانەبڕاوی ئەو خاکەن.

گۆران ئیبراهیم ساڵح، لە لاپەڕەکانی (186-187)ی پەرتووکی (کەرکوک لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لە نێوان ساڵانی 1876-1909ی ز)داو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (80)ی پەرتووکی (شاری سلێمانی)، لە نووسینی (ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی)دا، نووسیویێتی: (لۆرد کیرزن لە ساڵی (1911)دا لە بەردەم ئەنجومەنی لۆرداتی بەریتانیادا دەری بڕی و وتی: هەڵەیەکی گەورەیە گەر وابزانرێت بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا تەنیا لە ناوچەی کەنداودا قەتیس دەخوات، یان لە ناوچەکانی نێوان بەغدا و بەسرا کۆتایی دێت، بەڵکو زۆر لەوە دورتر تێدەپەڕێت، کە بێگومان لێرەوە مەبەستی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان)ە. ئاشکرایە کوردستان لە نەخشەی زرنگکاری بەریتانیادا شوێنێکی دیارو بەرچاوی هەبووە، هەرچەندە باشووری کوردستان زیاتر مایەی گرنگیی پێدان بوو لای بەریتانیا لەچاو پارچەکانی دیکەی کوردستاندا).

کاتێک کە نووسەر ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی ناوی ویلایەتی موسڵ بە باشووری کوردستان دەبات، کەواتە ئەو دوو زاراوەیە گوزارشت لەیەک وڵات یان خاک دەکەن کە کوردستانە، مادام وابێت نووسەر شاری موسڵ بە یەکێک لە شارەکانی باشووری کوردستان دەزانێت، چونکە شاری موسڵ مەڵبەندی ویلایەتی موسڵ بووە.

حەسەن مەحمود حەمە کەریم، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (کورد گەلێکی زیندوو، مێژوویەکی ون)، کە لە لاپەڕەکانی (164–167)ی ژمارە (118)ی گۆڤاری (رامان)دا بڵاوکراوەتەوە، سەبارەت بە شاری موسڵ نووسیویێتی: (ئەگەر ئێمە ئەمڕۆ سەردانی مۆزەخانەی بەغدا، تەهران، ئەستەنبول، قاهیرە، دیمەشق، مۆسکۆ، پاریس، لەندەن، نیویۆرک و دەیان شوێنی تر بکەین، دەبینین زۆر بە پاشماوەکانی کوردستان دەوڵەمەندن، زۆر کەسمان کە چوونەتە دەرەوە، شایەتی ئەو ڕاستییانە دەدەن، بخوێنەرەوەو بزانە دکتۆر فەرهاد پیربال، دکتۆر جەمال نەبەز، دکتۆر جەمال ڕەشید و چەندانی ترمان، چ باس و خواسێک لەو مۆزەخانانەی دەرەوە، لەمەڕ دێرینی کورد دەگێڕنەوە. واز لەو مۆزەخانانەی دەرەوە بهێنەو بگەڕێرەوە سەر خاکی خۆمان، کە پارچەیەکە لە مۆزەخانەیەکی گەورەو مەزن، ئەوەندەی قەرەباڵغی شوێنە ئاسەوارە کۆنەکانی دەبینین، ئەوەندە گوندو شار و شارۆچکە نابینین، کە هێشتا لە سەدا پێنجی کاری پشکنینی تێدا نەکراوەو بێ دەستکاری ماوەتەوە. ئەوەی کراوە لە (ئەشکەوتی شانەدەر) و (هەزارمێرد) و (زیوی چەمی) و (شارستانی زارزێ) و (چەرمۆ) لە پارێزگای هەولێر و سلێمانی، (گنج دارە) و (تەپە گوران) و (تەپە ساران) و (نێستون) لە پارێزگای کرمانشاە، (قەرەچێوار) و (نوزی) و (قەڵای کەرکوک) لە پارێزگای کەرکوک، (سوسە) لە کوردستان و (تەپە گەورە) لە موسڵ (تلحلف) لە بۆتانو زۆری تر، کە هەموو ئەرشیڤی دەوڵەمەندو نایابن و مۆزەخانەی پڕن لە ئاسەوارو شایەتی یەکەم شۆڕشی کشتوکاڵی (شۆڕشی نیولیتیە) دەدەن لە مێژووی مرۆڤدا کە لە کوردستاندا بووە).

بە بۆچوونی نووسەر حەسەن مەحمود حەمە کەریم، شاری موسڵ شارێکە لە کوردستان، چونکە ناوبراو لە باسی مۆزەخانەکانی کوردستاندا باسی (تەپە گەورە)ی کردووە لە موسڵ. کەواتە ئەو شاری موسڵ بە شارێکی کوردستانی دەزانێت، بۆیە بەمشێوەیە باسی کردووە.

ڕۆژنامەنووس عەبدولڕەحمان عەلی، لە دیمانەیەکدا لەژێر ناوی (پ. ک. ک هەڕەشە دەکات.. ئەگەر تورکیا هێرشبکاتە سەر هەرێمی کوردستان شارەکانی تورکیا دەکەینە دۆزەخ)، کە لەگەڵ بەرپرسێکی پارتی کرێکارانی کوردستان بە ناوی هاوڕێ (کاوە) ئەنجامی داوەو، لە لاپەڕە (6)ی ژمارە (296)ی ڕۆژنامەی (میدیا)ی

(3.7.2007)دا بڵاوکراوەتەوە، هاوڕێ کاوە دەڵێت: (هەموو کەس باش دەزانێ کە مەبەست لە ئۆپەراسیۆنی دەرەوەی سنوور (پ. ک. ک) نییە بەڵکو لەناوبردنی ئەو دەستکەوتانەی نەتەوەی ئێمەیە لە باشووری کوردستان، مەبەست داگیرکردنی کەرکوک و موسڵ-ە. ئەگەر سوپای تورکیا بکەوێتە هەرێمی کوردستان ئێمە کارەکانمان لەناوخۆو لە مەترۆپۆلەکانی تورکیا وە دەست پێدەکەین وەها دەکەین کە تورکیا ببێتە دۆزەخ، ئێمە لەبەرانبەر گەلی باشووردا خۆمان بە بەرپرسیار دەزانین و تا دوایین دڵۆپی خوێنمان بەرگرییان لێ دەکەین).

به بۆچوونی هاوڕێ کاوە، شاری موسڵ یەکێکە لە شارەکانی باشووری کوردستان، لەبەر ئەوەی ئەو بەرپرسەی (پ. ک. ک) باسی ئەوە دەکات کە سوپای تورکیا مەبەستی لەناوبردنی دەستکەوتەکانی نەتەوەی کوردە لە باشووری کورردستان و، دەیەوێت شارەکانی موسڵ و کەرکوک داگیر بکات. کەواتە هاوڕێ کاوە هەر دوو شاری موسڵ و کەرکوک بە بەشێکی دانەبڕاوی باشووری کوردستان دەزانێت، بۆیە ئاوا باسیان دەکات.

عەباس سلێمان سمایل، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (مێژووی ڕامیاری کورد و کوردەکانی قوم)، کە لە لاپەڕەکانی (132-136)ی ژمارە (122)ی گۆڤاری (رامان)دا بڵاوکراوەتەوە، سەبارەت بە موسڵ و لە بابەتێکدا لەژێر ناوی (کوردی ئێراق)دا نووسیوێتی: (کوردی ئێراق، واتە کوردستانی باشووری ئەمڕۆ، کە لە سەردەمی عوسمانییەکاندا بە ویلایەتی موسڵ دەناسراو هەر سێ ویلایەتی (وان، دیاربەکر و موسڵ)ی دەگرتەخۆ، ئەمانەش قیسمەتی کوردستانیان پێکدەهێنا لە بەڕێوەبەرێتی عوسمانیدا، جا بەپێی پەیمانی سیڤرە دەبوایە قیسمەتی کوردستان بکرێت بە دەوڵەت دواتر حکومەتی تورکیا توانی ئەم پەیمانە هەڵبوەشێنێتەوەو بەپێی پەیمانێک بە ناوی (سایکس پیکۆ) و (لۆزان)، کوردستانی ژێردەستی عوسمانییەکانی بە تەواوی بەسەر سێ دەوڵەتی تازە دروستبووی ئێراق، سوریا و تورکیا دابەشکرد).

به بۆچوونی نووسەر عەباس سلێمان سمایل، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە نووسەری ناوبراو لە لایەک کوردی ئێراق، باشووری کوردستان و ویلایەتی موسڵ بە یەکسان و سێ زاراوەی جوگرافی هاو

واتا دادەنێت کە گوزارشت لە خاکی کوردان و باشووری کوردستان دەکەن، هەروەها لەلایەکی تریشەوە باسی ئەوە دەکات کە ویلایەتی موسڵ قیسمەتی کوردستان-یان پێکهێناوەو لە هەر سێ ویلایەتەکانی (وان، موسڵ و دیاربەکر) پێکدەهات، کەواتە شاری موسڵ-یش وەکو مەڵبەندی قیسمەتی کوردستان و ویلایەتێکی کوردی و کوردستانی، دەبێت سەت دەر سەت شارێکی کوردیی و کوردستانی بێت.

ڕۆژنامەنووس سەیوان ئەتروشی، پەیامنێری ماڵپەڕی (پەیامنێر) لە موسڵ، لە هەواڵێکدا کە لە ماڵپەڕی (پەیامنێر)دا لە ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (22.6.2007)دا بڵاوکراوەتەوە، هەواڵەکەی بە هەواڵێکی کوردستانی ناوبردووەو بەمشێوەیە لەژێر ناوی (کوردستانی - موسڵ... دە رفێندراو ئازاد کران و چوار تەرمیش دۆزرایەوە)، نووسیوێتی: (سەرچاوەیەک لە فەرماندەیی پۆلیسی پارێزگای موسڵ ڕایگەیاند، هەشت قوتابی زانکۆی موسڵ لەگەڵ دوو مامۆستا کە دوو ڕۆژ لەمەوبەر رفێندرابوون ئەمڕۆ (هەینی) ئازادکران، هەروەها لە چەند ناوچەیەکی جیاوازی ئەو شارە چوار تەرم دۆزرانەوە).

ناوبردنی هەواڵێک لە شاری موسڵ، وەکو هەواڵێکی کوردستانی لە لایەن ڕۆژنامەنووس سەیوان ئەتروشی، مانای کوردبوون و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە بۆمان دەردەکەوێت ناوبراو شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی و کوردستانی دەزانێت.

مزگین بینگۆڵ، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (کاتێک موسڵی کوردان دەبێتە دەریاچەی خوێن)، کە لە لاپەڕە (32)ی ژمارە (646)ی گۆڤاری (گوڵان)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیوێتی: (ئێمە پێشتریش گوتبوومان لە شوێنی ئەوەی کورد ئەوەندە پێداگیری لەسەر دۆزی کەرکوک دەکەن پێویستە بایەخ بە موسڵ بدەن، لەبەر ئەوەی نیوەی دانیشتوانی موسڵ کوردن، لەسەر ئەم بنەمایەش پێویستە گفتوگۆ لەسەر ستاتیۆی شاری موسڵ بکرێت).

لە لایەک بە گوێرەی ناوونیشانی وتارەکە کە ناوبردنی شاری موسڵ-ە بە موسڵ-ی کوردان، لەلایەکی تریشەوە کاتێک کە داوای کردووە بایەخ بە موسڵ

بدرێت لەبەر ئەوەی نیوەی دانیشتوانەکەی کوردن و گفتوگۆش لەسەر بارودۆخی ئەو شارە بکرێت، بۆچوونەکانی نووسەری ناوبراومان بۆ دەردەکەوێت کە شاری موسڵ بە یەکێ لە شارە گرنگەکانی کوردیی و باشووری کوردستان دادەنێت.

بێریڤان عەلی، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (لە تەعریبەوە تا ئەنفال)، کە لە ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی (24.6.2007)دا لە ماڵپەڕی (سبەی)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیوێتی: (ڕووپێوی خاکی کوردستانی باشوور بە زۆرتر لە (85) هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە دادەنرێت، لەو رووبەرەدا مەڵبەندی پێنج پارێزگا: سلێمانی، کەرکوک، هەولێر، موسڵ و دهۆک و سی و حەوت قەزاو سەد و سی ناحییەی تیدەکەوێت. ئەو رووبەرە بەشی هەرە گەورەی چڕی دانیشتوان و سەرچاوەی بێ شومارەکانی نەوت و ئاو و کانزاکانی هەموو ئێراقی ئێستای تێدەکەوێت. بەپێی ئەو سنوورەی کە لە ساڵی (1974)دا بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی دانراو بەعس بە کوردستانی دانا، تەنیا (36.374) کیلۆمەتر چوارگۆشەی لەو ڕووپێوە هێشتەوە کە مەڵبەندەکانی هەر سێ پارێزگای سلێمانی، هەولێر و دهۆک و بیست و یەک قەزار، حەفتا ناحییەی لە خۆگرتووە. بەمەش زۆرتر لە (48.653) کیلۆمەتر چوارگۆشەی لە خاکی کوردستانی باشوور دابڕی و هەموو ناوچە ستراتیژییەکانی کەرکوک، موسڵ، خانەقین و دەوروبەریانی لە سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەرهێنا و بە خاکی عارەبی ناوزەد کرد و بەکاوەخۆ کەوتە بە عارەبکردنیان).

بەبۆچوونی نووسەر بێریڤان عەلی، شاری موسڵ بێ هیچ گومانێک شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە ناوبراو لە لایەک هەر یەک لە شارەکانی (موسڵ، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دهۆک) وەکو پێنج پارێزگای باشووری کوردستان ناودەبات و، لەلایەکی تریشەوە باسی ئەوە دەکات کە (حزبی بەعسی عارەبی سۆسیالیستی) کە پارتەکەی سەدامی ڕەگەزپەرستی عارەبی بوو، شارەکانی موسڵ، کەرکوک و خانەقینی لە باشووری کوردستان دابڕیبوو.

پێشەوا کەرکوکی، لە بەشی دووەمی وتارەکەیدا کە لەژێر ناوی (ئیسلام ئایینی ئاشتی یان ڕێنمایی تیرۆر؟ وەڵامێک بۆ وڕێنەکانی سوار سەلیم-ی نەوەی ئەبو جەهل و ئەبو هورێرە!)دا، کە لە ماڵپەڕی (کوردستان نێت)دا لە ڕۆژی سێشەممەی،

ڕێکەوتی (18.7.2006)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (بە بۆچوونی من، هەتا ئەگەر تەنیا یەک تاکە بەڵگەش نەبێت بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئیسرائیل خاکی جوولەکەکانە، ڕەفتارو ڕەوشتی عارەب گەورەترین بەڵگەن بۆ ئەو مەبەستە. سەیرکەن سەرەڕای ئەوەی عارەب و ئیسلام باش دەزانن کوردستان خاکی کوردە، کەچی کوردستان بە بەشێک لە خاکی پیرۆزی خۆیانی دەزانن! عارەب و ئیسلام، باش دەزانن کە سەدام و بەعس کەرکوک، موسڵ، خانەقین، مەخمور و شەنگالی بە عارەبکردووە و هەزارەها بەڵگەی ڕژێم هەن کە ڕاستی بە عارەبکردنی کوردستان و ئەو شارانە دەسەلمێنن، کەچی ئەوانەی دوای سەدام–یش هەر سوورن لەسەر ئێراقێتی کوردستان و ئەو شارانە!).

بە گوێرەی بۆچوونی نووسەر پێشەوا کەرکوکی، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانە، لەبەر ئەوەی نووسەری ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە سەرەڕای ئەوەی عارەبەکان و موسڵمانەکان باش دەزانن خۆیان شارەکانی موسڵ، کەرکوک، خانەقین، شەنگال و مەخموریان لە کورد داگیرکردووە و بە عارەبیان کردووە، کەچی هەر بە شار و خاکی عارەبی دەزانن.

پێشەوا کەرکوکی، لە بەشی دەیەمی وتارەکەیدا کە لەژێر ناوی (ئیسلام ئایینی ئاشتی یان ڕێنمایی تیرۆر؟ وەڵامێک بۆ وڕێنەکانی سوار سەلیم–ی نەوەی ئەبو جەهل و ئەبو هورێرە!)دا، کە لە ماڵپەڕی (کوردستان نێت)دا لە ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (15.8.2006)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (باسی سەبراو شاتیلا دەکەی! ئەی بۆ باسی کارە قێزەونەکانی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی حەماس، حیزب الله، کەتائب عزەددین قەسام، ناسر سەلاحەدین، سوپای ئیسلام ناکەی لە ئیسرائیل؟ بۆ باسی ئەو کارە تیرۆریستییە خۆکوژییانە ناکەی، کە لە لایەن عارەبەکانەوە لەناو ژنو منداڵانی ئیسرائیلی خۆیان دەتەقێننەوەو بە سەدان و هەزاران کەسی بێتاوانی ئیسرائیلییان لەنێو بردووە؟ ئەی بۆ باسی ئەو کارە تیرۆریستییانە ناکەی کە بە دەستی ئیسلامییە هۆڤییەکانی زەرقاوی و کوڕی لادنی تیرۆریست، لە لایەن برا بەناو موجاهیدە تیرۆریستەکانی فەلوجەت، لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک و شارەکانی تری کوردستانی وەکو: کەرکوک، موسڵ، خانەقین، بەعقوبە، سەعدیە و

جلەولا ئەنجام دەدرێن و تا ئێستا چەند هەزار کوردێکی بێتاوانیان شەهید کردووە؟).

لە سەرەوەدا بۆچوونی نووسەر پێشەوا کەرکوکی-مان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو شاری موسڵ بە خاکی کوردان و بە بەشێک لە باشووری کوردستان دادەنێت، لەبەر ئەوەی ناوبراو بە ئاشکرا باسی کوردێتیی و کوردستانێتیی شارەکانی موسڵ، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی، دهۆک، خانەقین، بەعقوبە، سەعدیە و جلەولا دەکات و، گشتیان بە شاری باشووری کوردستان ناودەبات.

ئیبراهیم مەحمود، لە لاپەڕە (5)ی پەرتووکی (وێنەی کورد لای عارەب لە پاش جەنگی کەنداو)دا نووسیوێتی: (ئەسکەندەری مەقدۆنی هاتە ناوچەکەو کوردستانی کردە بوارێکی ژیاندار بۆ خۆی.. پیاو دەتوانێ پرسیاری ئەوە بکات چارەنووسی کورد لەم پەلاماردانەی ئەسکەندەری مەقدۆنی چۆن چۆنی بووە، چونکە پەلاماردەر یاسای خۆی بە سەر پەلامار دراودا دەسەپێنێ. (زاخۆ و موسڵ و هەولێر) شایەتن لەسەر ئەوەی لە شەڕی (غاوغامیلا) لە ساڵی (331 پ.ز) ڕوویدا).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر ئیبراهیم مەحمود، شارەکانی موسڵ، هەولێر و زاخۆ سێ شاری سەر بە کوردستانن، چونکە نووسەری ناوبراو کاتێک کە باسی هێرشەکانی ئەسکەندەری مەقدۆنی دەکات بۆ سەر کوردستان، باسی بەرەنگار بوونەوەی میلیشیاکانی ئەسکەندەری مەقدۆنی لە لایەن دانیشتوانی شارەکانی (موسڵ، هەولێر و زاخۆ) دەکات، کەواتە شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە کوردستان بووە، بۆیە نووسەر باسی ڕووبەڕووبوونەوەی دانیشتوانی ئەو شارە دەکات لە دژی پەلاماری مەقدۆنییەکان بۆ سەر کوردستان.

هاوڕێ قەندیل، لەسەر بەرگی پێشەوەی پەرتووکی (کوردستان ناسنامەی من)دا، نەخشەیەکی کوردستانی گەورەی داناوەو، بە گوێرەی ئەو نەخشەیە شاری موسڵ یەکێکە لە شارەکانی کوردستان و دەکەوێتە ناو سنووری کوردستانە وە.

دانانی نەخشەی کوردستان و شاری موسڵ-یش وەکو شارێکی کوردستانی لەنێو ئەو نەخشەیەدا لە لایەن نووسەر هاوڕێ قەندیل، ئەوە دەگەیەنێت کە نووسەری

ناوبراو شاری موسڵ وەکو شارێکی کوردیی و بەشێک لە خاکی کوردستان سەیر دەکات.

هاوڕێ قەندیل، لە لاپەڕەکانی (50–51)ی پەرتووکی (کوردستان ناسنامەی من)دا، نووسیویێتی: (بەدرخان پاشا لە ساڵی (1812) لە سەرهەڵدانێکدا میرنشینەکانی جزیر و بۆتانی ڕزگارکردو خستنیە ژێر فەرمانڕەوایی حکومەتی خۆی. بەدرخان پاشا دەی هەویست هەموو میرنشینە کوردیەکان ئازادبکات و کوردستانێکی یەکگرتوو پێکبێنێت. بۆ ئەم کارە بەدرخان پاشا پێوەندی بە زۆربەی شێخ و بەگ و سەرۆک خێڵەکانی کوردە وە کرد، کە هەر یەکەی میری ئەیالەت یان ناوچەی خۆی بوو. بەدرخان پاشا لە میرە کوردەکانی داواکرد لە دژی داگیرکەران یەکبگرن و بۆ ڕزگارکردنی کوردستان شۆڕش بکەن. ئەو میرانەی کە داخوازییەکانی بەدرخانیان پەسندکرد بریتی بوون لە: مستەفا بەگ و دەرویش بەگ لە میرەکانی ناوچەی وان، ئورەڵڵا بەگ میری ناوچەی هەکاری، فەتاح بەگی هەکاری، خالید بەگی زەحیمی و شەریف بەگی میری ناوچەی موش، حوسێن بەگی سەرۆک خێڵی ناوچەکانی قارس و ئاجار، شێخ یوسف میری ناوچەی زاخۆ، شێخ محەمەد میری ناوچەی موسڵ. بەدرخان لەکاتی شۆڕشەکەیدا ناوچەکانی وان، ورمێ، موکریان، پیران، ڕواندز، موسڵ، شەنگال و وێرانشاری ئازادکرد).

بەپێی نووسینەکەی نووسەر هاوڕێ قەندیل، شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە کوردستان بووە، چونکە نووسەر باسی ئەوە دەکات کە بەدرخان پاشا لە ساڵی (1812)دا داوای لە میرە کوردەکانی کوردستان کرد، کە لە دژی داگیرکەران ڕاپەڕن و یەکبگرن بۆ ڕزگارکردنی کوردستان، یەکێک لەو میرانەی کە پێشوازی لە داواکەی بەدرخان پاشا کرد شێخ محەمەد میری ناوچەی موسڵ بووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە موسڵ شارێکی کوردیی و ناوچەیەکی سەر بە باشووری کوردستان بووە.

هاوڕێ قەندیل، لە لاپەڕەکانی (66–67)ی پەرتووکی (کوردستان ناسنامەی من)دا، نووسیویێتی: (لە پەیمانی سیڤرەدا لە ڕێکەوتی (10.8.1920)دا داخوازی نەتەوەکانی ئەرمەنی و کورد بە یەکەوە لە لایەن دەوڵەتەکانی (کۆمەڵەی نەتەوەکان) پەسەندکرا.

بۆ نەتەوەی کورد لە خاڵەکانی (62، 63، 64)دا بڕیاردرا کە لە چوارچێوەی وڵاتی عوسمانیدا هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردستان دروست بکرێ و پاش ساڵێک دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی گشتی پێکبێت. پاشان لەسەر ویستی نەتەوەی کورد حکومەتی سەربەخۆی کوردستان دابمەزرێت و جوگرافیای ڕامیاری کوردستان هەرێمەکانی موسڵ و کەرکوکی ئەوسا (باشووری کوردستان) بگرێتەوە).

ناوبردنی هەرێمەکانی موسڵ و کەرکوک بە دوو هەرێمی سەر بە باشووری کوردستان لە لایەن نووسەر هاوڕێ قەندیل-ەوە، تەنیا مانای کوردستانێتیی و کوردێتیی هەر دوو شاری موسڵ و کەرکوک دەگەیەنێت.

هاوڕێ قەندیل، لە لاپەڕەکانی (141-142)ی پەرتووکی (کوردستان ناسنامەی من)دا، نووسیویێتی: (نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی کە بە قسەی خۆیان کوردەکان لە هێرشی حکومەتی داگیرکەری ئێراق بپارێزن هێڵی (36) پلە لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکاو بەریتانیادا مایەوەو حکومەتی ئێراق مافی هێرش کردنە سەر کوردەکانی نەما. هێڵی (36) پلە ناوچەکانی شاری کەرکوک و موسڵی لە خۆیدا نەگرت. واتە سێیەکی خاکی باشووری کوردستان لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی ئێراقدا مایەوە).

بە گوێرەی ئاماژە پێکردنەکانی نووسەر هاوڕێ قەندیل، شارەکانی موسڵ و کەرکوک دوو شاری کوردیی و سەر بە باشووری کوردستانن، چونکە نووسەری ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە هێڵی (36) پلە دوو شاری موسڵ و کەرکوکی سەر بە باشووری کوردستانی نەگرتۆتەوە کە سێیەکی خاکی کوردستان پێکدەهێنن و لەژێردەستی سەدامی ڕەگەزپەرستی عروبی مابوونەوە، ئەم بۆچوونەی نووسەر بۆمان دەردەخات کە هەر دوو شاری موسڵ و کەرکوک بە دوو شاری دانەبڕاوی باشووری کوردستان دادەنێت.

هاوڕێ قەندیل، لە لاپەڕە (161)ی پەرتووکی (کوردستان ناسنامەی من)دا، لە باسی چاڵە نەوتەکانی کوردستاندا نووسیویێتی: (چاڵی عەینزالە لە باکووری ڕۆژئاوای شاری موسڵ-ەوە هەڵکەوتووە. چاڵی بێتمە لە نزیک شاری موسڵە).

کاتێک که نووسەر هاوڕێ قەندیل، چاڵە نەوتییەکانی بێتمەو عەینزالەی موسڵ بە چاڵە نەوتی کوردستانی دابنێت، گومان لەوەدا نییە کە شاری موسڵ-یش دەکەوێتە ناو سنووری باشووری کوردستان و، لە هەمان کاتیشدا بە شارێکی کوردیی و کوردستانی دەمێنێتەوە.

هاوڕێ قەندیل، لە لاپەڕە (180)ی پەرتووکی (کوردستان ناسنامەی من)داو، لەژێر وێنەی پەرستگایەکی ئێزیدییەکاندا نووسیوێتی: (قیبلەی ئێزیدییەکان کە لە نزیک شاری موسڵی باشووری کوردستان هەڵکەوتووە. ئێزیدییەکان کە لە یەکەم ڕۆژی مانگی ئۆکتۆبەردا دەچن بۆ لالش کە لەوێ گۆڕی پیر عادی سەردان بکەن).
بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر هاوڕێ قەندیل، شاری موسڵ شارێکی کوردییە و دەکەوێتە چوارچێوەی سنووری باشووری کوردستان، مادام شارەکە بکەوێتە ناو سنووری کوردستان، کەواتە شارێکە هیچ پێوەندییەکی بە ئێراق و بە عروبەوە نەبووەو نییە، بەڵکو شارێکی کوردستانیی و کوردیشە، چونکە ئەو باسی ئەوە دەکات کە قیبلەی ئێزیدییەکان دەکەوێتە نزیک شاری موسڵی باشووری کوردستان.

ماڵپەڕی ناوخۆ، لە بابەتی (کەش و بای کوردستان)دا، ناوی ئەو شارانەی نووسیوە: (سلێمانی، موسڵ، قامیشلی، دیاربەکر، کرمانشا، سنە، زاخۆ، کەرکوک و هەولێر). هەروەها لە باسی (کۆدی شار و شارۆچکەکانی کوردستان)دا ناوی ئەو شارانەی نووسیوەو بە شار و شارۆچکەی کوردستانی ناوبردوون: (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، پێنجوین، تەقتەق، تەوێڵە، چەمچەماڵ، چوارتا، چوارقوڕنە، خورماڵ، دەربەندیخان، ڕانیە، زاخۆ، سەید سادق، شارەزوور، عەربەت، قەڵادزێ، کفری، کەرکوک، کەلار، کۆیە، موسڵ و هەڵەبجە). دیسان لە بابەتی (تەلەفۆنە گشتییەکانی کوردستان)دا، ناوی ئەو شارانەی وەکو شاری کوردستانی ناوبردووە: (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، کەرکوک و موسڵ).
ناوهێنانی شاری موسڵ وەکو شارێکی باشووری کوردستان لە لایەن ماڵپەڕی ناوخۆوەو، لە سێ بابەتی جیاجیادا بێ هیچ گومانێک لەخۆڕا نییە، بەڵکو نیشانەی باوەڕبوونی بەڕێوەبەرێتی ماڵپەڕەکە، وەزارەتی ناوخۆو پارتی دەسەڵاتدارە لە

ناوچەکەدا (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی)یە بە کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ.

سەڵاح بامەڕنی، لە لاپەڕە (9)ی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (4382)، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (25.9.2007)دا، لە ریپۆرتاژێکدا لەژێر ناوی (تیرۆریستان چیان لە کوردەکانی موسڵ دەوێت؟!)دا، نووسیویێتی: (موحیێدین مزوری، بەرپرسی بەشی پێوەندییەکان لە مەڵبەندی موسڵ، وتی: (زۆرمان پێ سەیرە کە عارەبی باشووری ئێراق و ناوچەکانی تر بێنە موسڵ و ئەم شارەش بۆیان کراوەبێت و هاووڵاتیانی کوردیش لە موسڵ دەربەدەر بکرێن. کوردیش تا ئێستا ناسنامەی شاری موسڵ-ی نەزانیوەو گروپە تیرۆریستەکانیش لەبەر نزیکبوونی چەسپاندنی مادەی (140)ی دەستووری هەمیشەیی ئێراق کاری تیرۆری دژ بە کوردەکان دەکەن تاکو پاشەڕۆژ کورد داوای مەترێکی شاری موسڵ نەکەن).
ئەوەی کە محێدین مزوری، بەرپرسی بەشی پێوەندییەکان لە مەڵبەندی موسڵ باسی کردووە، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە ناوبراو هۆکاری کارە تیرۆریستییەکان بە نەخشەو پلانی عارەبە شۆڤێنییەکان ناودەبات لەپێناو دەرکردنی کوردەکان لەو شارە و، کەم کردنەوەی ڕێژەی کورد لە شاری موسڵدا تا بگاتە ئەو ئاستەی کە توانای ئەوەیان نەبێت، داوای گەڕانەوەی شارەکە بکەن بۆ سەر هەرێمی کوردستان (باشووری کوردستان). ئەمانەش هەمووی ئاماژەن بۆ کوردبوون و کوردستانێتیی شاری موسڵ.

ماڵپەڕی کوردستان پۆست، لەساڵی (2007)دا لە هەواڵێکدا نووسیبووی: (سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو لە نێو حکومەتی ئێراق کە بەرپرسێکی پایەبەرزە، پێی ڕاگەیاندین کە دەوڵەتی ئێراق ئەگەریی هەڵوەشانەوەی لێ دەکرێت و ئەگەرەکان لە (65%)ی تێپەڕاندووە. بەرپرسە ئێراقییەکە لە سەر قسەکانی بەردەوام بوو: بۆیە لەو باوەڕەدام دەوڵەتی ئێراقی لەو سنوورە نێودەوڵەتییەی کە هەیەتی هەڵدەوەشێتەوەو بەم نزیکانەش دیاردەکەی ئەوە دەردەکەوێت و ئێراقیش بۆ دوو پارچەی سەرەکی دابەش دەبێت کە کوردستان و ئێراقە. بەپێی ئەو سەرچاوەیە کە باسی لێوە کرد ئێستا ولایەتی موسڵ بە پراکتیک لەژێر دەسەڵاتی کوردیدایە، هەر

کاتێکیش هەڵوەشانەوەکە ڕوویدا ئەوا سەرکردایەتی کوردیی تەواو خۆی بۆ ئامادە کردووە، هیچ ترسێکیان نییە لە هەر هێرش و پەلاماری دەوڵەتانی دراوسێ، بە تایبەتی تورکیا. هەروەها بەرپرسەکە پێی ڕاگەیاندین کە هاوپەیمانی کوردستان هیچ گیروگرفتێکیان لەمەدا نایەتە ڕێگا، چونکە لە لایەن ئەمریکاو دەسەڵاتی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکانی جیهانەوە پارێزراو دەبن و سەرنجی جیهان لەوەدا بۆ خۆیان رادەکێشن کە (ئێمە تاسەر لەگەڵ دەوڵەتی ئێراقیدا بووین، بەڵام کاتێک ئەوان نەیانەوێت لەگەڵ ئێمەدا بژین ئەوا ناچارین جیا ببینەوە). بۆیە ئەو بڕیارە لەو کات و ساتەدا بڕیارێکی نەخشە بۆ کێشراوە. بەم زووانەش کوردستان کە ویلایەتی موسڵە لە شێوەی تایواندا دەردەکەوێت).

بە گوێرەی لێدوانەکەی بەرپرسە ئێراقییەکە، ویلایەتی موسڵ ویلایەتێکی کوردییە و واش چاوەڕوان دەکرێت کە ویلایەتی موسڵ-ی کۆن بە شارەکانی (موسڵ، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی، دهۆک و دیالە) کە باشووری کوردستانە لە ئێراق جیا بێتەوە. هەروەها (کوردستان پۆست)یش ناوی ویلایەتی موسڵ بە باشووری کوردستان ناودەبات، کەواتە ئەوانیش شاری موسڵ وەکو مەڵبەندی ویلایەتی موسڵ بە شارێکی کوردستانی دەزانن.

ئیبراهیم مهماندوست، لە بەشی شەشەمی وتاری (ژئۆپۆلیتیکو سەرهەڵدانی دۆزی کورد)دا کە لە لاپەڕە (13)ی ژمارە (2608)ی ڕۆژنامەی (خەبات)، ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (5.9.2007)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (کوردستان لە بارەی نەوتەوە زۆر دەوڵەمەندو دۆزینەوەی نەوت لە ناوچەکانی موسڵ و کەرکوک لە باشووری کوردستان بە تایبەتی، هەڵکەوتێکی ژئۆپۆلیتیکی و ستراتیژی گرینگی پێبەخشیوە). هەر لەو بەشەدا ئیبراهیم مهماندوست، نووسیویێتی: (لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەشدا ململانێی هێزە کۆلۆنییەکان لەسەر بازاڕەکان و کەرەستەی خاو چڕتر بۆوەو ئەو ململانێیانە بەتایبەت بۆ دۆزینەوەی نەوت و کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە بوو بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانی و لە ئەنجامدا مامەڵەو دانوستاندن لەسەر نەوتی ناوچەکانی باشووری کوردستان و بە تایبەتی موسڵ و لۆزان شوێنی ڕێککەوتننامەی سیڤرەی گرتەوەو بوو بەهۆی قوڵتر بوونەوەی کێشەکەو بۆ جارێکی تر کوردستان دابەشکراو کێشەی کورد سەری هەڵدایەوە).

به گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر ئیبراهیم مهماندوست، شاری موسڵ یەکێکە لە شارەکانی باشووری کوردستان و بەشێکە لە خاکی کوردان، چونکە نووسەری ناوبراو لە باسی بوونی نەوت لە کوردستاندا ناوی هەر دوو شاری موسڵ و کەرکوک وەکو دوو شاری دەوڵەمەند بە نەوتی باشووری کوردستان دەبات.

عارف کەریم، لە بەشی چوارەمی وتارێکیدا لەژێر ناوی (کێشەی کورد، دوێنێ و ئەمڕۆ مادەی 140ی دەستوور چی لێدێت ؟ ئایا کەرکوک دەگەڕێتەوە باوەشی کوردستان؟)دا، کە لە لاپەڕە (5)ی ژمارە (197)ی هەفتەنامەی (ڕۆژی گەل)، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (4.11.2007)دا بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت: (لەوەتەی کوردستان دابەشکراوە بۆ چوار پارچەو ویلایەتی موسڵ (کوردستانی باشوور) بەزۆر لکێنراوە بە دوو ویلایەتەکەی تری بەغدا و بەسراو دەوڵەتی ئێراقیان لێپێکهاتووە، لەوکاتەوە کەسایەتی کورد تووشی شکستێکی ڕامیاری گەورە بووەو ستەمێکی مێژوویی گەورەیشی لێکراوەو گەلی کورد بەرەوڕووی ناکۆکی و ململانێیەکی توندوتیژ کردۆتەوە لەگەڵ نەیارو دوژمنەکانیدا سەبارەت بە بەلاداخستنی کێشەی کوردستان کە کێشەی کەرکوک بەشێکی گرنگیتی و لێی جیانابێتەوە).

ناوبردنی ویلایەتی موسڵ بە باشووری کوردستان لە لایەن عارف کەریم-ەوە، مانای یەک خاکی و یەکسان بوون و یەکبوونی هەر دووکیان دەگەیەنێت، لە کاتێکیشدا کە ویلایەتی موسڵ یەکسان بێت و هەر هەمان خاک بێت لەگەڵ باشووری کوردستان، کەواتە تەواوی شارەکانی ویلایەتی موسڵ (موسڵ، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی، دهۆک و دیالە) شاری باشووری کوردستان و خاکی کوردانن.

عارف کەریم، لە بەشی چوارەمی وتارێکیدا لەژێر ناوی (کێشەی کورد، دوێنێو ئەمڕۆ مادەی 140ی دەستوور چی لێدێت ؟ ئایا کەرکوک دەگەڕێتەوە باوەشی کوردستان؟)دا، کە لە لاپەڕە (5)ی ژمارە (197)ی هەفتەنامەی (ڕۆژی گەل)، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (4.11.2007)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (ناو بە ناویش دەم لەوەوە دەدەن کە کەرکوک بەهۆی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی جۆراو جۆرەوە بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆ! ئەگەر ئەم تەقەلایانە سەربگرێ و دەسەڵاتی ڕامیاری کوردستان لێی بێدەنگ بێت وەکو لێی بێدەنگ بووە!، ئەوا بە دڵنیاییەوە کەرکوک-

یش وەکو موسڵ لێدەکەن و ناهێڵن بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان و بە تەواوی لەدەستمان دەردەچێ‌و دەبێ نەوەکانی دوای ئێمە هەموو جارێک بڵێن: کەرکوک شارێکی کوردستان بوو لێیان دزین!!!).

کاتێک کە نووسەری ناوبراو دەنووسێت: (کەرکوک-یش وەکو موسڵ لێدەکەن و ناهێڵن بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان و بە تەواوی لەدەستمان دەردەچێ)، ئەوە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە نووسەری ناوبراو لە سەرەوەدا، شاری موسڵ بەشێوەی کەرکوک بە یەکێ لە شارە پڕ لە بایەخ و گرنگەکانی باشووری کوردستان دەزانێت.

لوقمان ا. محۆ، لە لاپەڕە (29)ی پەرتووکی: (الكورد وكوردستان ببلوگرافيا مختارة ومعروفة)دا نووسیویێتی: (لەکاتی شەری یەکەمی جیهانیدا، بەریتانیا بڕیاریدا بە دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراق. پلانەکە لە سەرەتادا وابوو کە هەر دوو ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرا یەکبگرن و، بە گوێرەی ڕێککەوتنی (سایکس پیکۆ)ی ساڵی (1916) بکەونە ژێر دەسەڵاتی ماندێت. بە هەر شێوەیەک، دۆزینەوەی نەوت لە ویلایەتی موسڵی کوردی پلانی بەریتانیای گۆڕی. ئەوکاتە بەریتانیا بڕیاریدا موسڵ بخاتە سەر دەوڵەتی ئێراقی پێشنیازکراو. هەر لەبەر ئەوەش بوو بڕیاری داگیرکردنی (موسڵ)یدا لە تشرینی دووەمی ساڵی (1918)دا (کە ئەوکاتە هێشتا ویلایەتی موسڵ لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان بوو)، سەرەڕای بەستنی ئاگربەستی مۆدروس لە (31.10.1918)دا. بەڵام بەریتانیا باش دەیزانی کە دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ بەشێوەیەکی سەرەکی کوردن، بۆیە پلانی ئەوەی دانا کە ویلایەتێک یان چەند ویلایەتێکی کوردی نیمچە سەربەخۆ لە ویلایەتی موسڵ دابمەزرێنێ و بە دەوڵەتی ئێراقی تازە دامەزراو بەشێوەی ناجێگیر بلکێنێ. بەڵام لە هەموو بارێکدا، کوردەکانی ئەو ویلایەتە دژی لکاندنیان بوون بە ئێراق).

ئەوەی کە نووسەر لوقمان محۆ ئاماژەی پێکردووە، مانای کوردستانێتیی و کوردێتیی تەواوی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە ناوبراو باسی ویلایەتی موسڵ دەکات وەکو ویلایەتێکی کوردی، کاتێک کە ویلایەتەکە ویلایەتێکی کوردی بێت، کەواتە تەواوی شارەکانی سەر بەو ویلایەتە (موسڵ، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی، دهۆک و دیالە) شاری کوردین و سەر بە باشووری کوردستانن.

سەمەد چاوشین، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (تکایە کەرکوکیش بە دەردی موسڵ مەبەن)، کە لە لاپەڕە (10)ی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (4333)، ڕۆژی دوشەممە، ڕێکەوتی (30.7.2007)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (لێرەدا دەمەوێت باسی شارێکی گرنگی تر بکەم کە بە گوێرەی هەموو بەڵگەنامەو دۆکۆمێنتەکان دەیسەلمێنن کە ئەویش بەشێک بووە لە کوردستان کە شاری موسڵە، بە داخەوە لە لایەن سەرکردایەتی کوردە وە هەر باسیش ناکرێت. زۆربەی مێژوونووسان دروستبوونی موسڵ بۆ ساڵی (401)ی پێش زایین دەگەڕێننەوە، لە سەردەمی ساسانییەکاندا ناوی (موسڵ) بە (نو ئەردەشێر) هاتووە، واتە (ئەردەشێری نوێ)، شاری موسڵ لە هەموو سەردەمەکاندا ڕاستەوخۆ زیاتر بە کوردستانە وە بەسترابوو لەبارەی ئابوورییەوە نەک بە خاکی عارەبییەوە).

ئەوەی کە نووسەر سەمەد چاوشین باسی کردووە، بۆچوونی ئەو زۆر ڕاشکاوانە دەردەبرێت کە شاری موسڵ بە یەکێک لە شارەکانی باشووری کوردستان دەزانێت. هەر لە ناوونیشانی وتارەکەیدا دەردەکەوێت کە ناوبراو موسڵ بە شارێکی کوردی و کوردستانی دەزانێت، کاتێک کە ناوونیشانەکە (تکایە کەرکوکیش بە دەردی موسڵ مەبەن)ە. هەروەها باس لەوەش دەکات کە بەدرێژایی مێژوو و بە گوێرەی گشت بەڵگەنامەکانیش شاری موسڵ شارێکی کوردستانی بووە.

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، لە لاپەڕەکانی(1-2)ی ژمارە(4383)ی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (25.9.2007)دا وتارێکی لەژێر ناوی (هەڕەشەی سڕینەوەی کورد لە موسڵ)دا، بڵاوکردۆتەوە کە تیایدا هاتووە: (موسڵ بەپێی هەموو دۆکۆمێنت و سەرچاوە مێژووییەکان ژمارەیەکی بەرچاوی کوردی تێدابووە و بەپێی شایەتی ساڵی (1925)ی کۆمەڵەی نەتەوەکانیش بێت، (63%)ی دانیشتووانی ویلایەتی موسڵ پێکدەهێنێت، ئەگەر پرۆسەی بەعارەبکردن نەبوایە، ئەوا ئێستا وەک کەرکوک و خانەقی و خورماتوو و شەنگال و زۆر شاری دیکە مۆرکی شارێکی کوردستانیی هەڵدەگرت. ئاشکرایە بەعس وەکو زۆر شاری دیکە شوناسی موسڵ-یشی شێواند، لە ئێراقی دوای سەدام-یش دەبینین تیرۆریستان و گرۆپە چەکدارە شۆڤینییەکانیش نایانەوێت ئەو بەشە کوردەش، کە لە شارەکەدا ماونەتەوە، لەسەر زێد و حاڵی

خۆیان بمێننەوە، بۆیە بە هەموو رێو شوێنێکی تۆقێنەرانە زرنگکاری (سیاسەتی) پاکتاوکردنی نەژادی بەسەر کوردەکانی موسڵدا دەسەپێنن).

ئەوەی کوردستانی نوێ نووسیویەتی بۆچوونی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەردەبڕێت، نەک بۆچوونی نووسەرێک یان سەرنووسەری ڕۆژنامەکە بەتەنیا، چونکە ناوی هیچ کەسێکی بەسەرەوە نییە. پاشان هەر لە ناونیشانی بابەتە دەردەکەوێت کە کورد بەدرێژایی مێژوو لەناو شاری موسڵ-دا ڕووبەڕووی پرۆسەی ڕاگوێزان، دەرکردن و بەعارەبکردن بۆتەوە، هەروەها کوردستانی نوێ باسی ئەوەش دەکات، ئەگەر بێتوو پرۆسەی بەعارەبکردنی شاری موسڵ لە لایەن عارەبەکانەوە ئەنجام نەدرایە، ئەو شارە (موسڵ) ئێستاش وەکو شارەکانی کەرکوک، خانەقی، خورماتوو، شەنگال و زۆر شاری دیکە مۆرکی شارێکی کوردستانیی هەڵدەگرت، کەواتە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، وەکو پارتێکی سەرەکی کوردستان باوەڕی وایە شاری موسڵ یەکێکە لە شارەکانی باشووری کوردستان، بەڵام لە ئەنجامی پرۆسەی بەعارەبکردن سیمای کوردێتیی و کوردستانێتیی خۆی تا ڕادەیەک لەدەست داوە.

سابیر سمایل، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (کوردی موسڵ و عارەبەکانی کەرکوک)دا، کە لە ژمارە (1623)ی ڕۆژنامەی خەبات، ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (18.11.2004)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیوێتی: (سەبارەت بە کوردی موسڵ-یش ئەوا کورد لە پێش عارەبەکانەوە لەو ناوچەیەدا ژیاون. شاری موسڵ بەشێک بوو لە خاکی دەوڵەتی میتانی کورد، کە لە ساڵی (1500 پ. ز) دروست ببوو، هەروەها مێژوونووسی ناودار هیرۆ دۆتسی یۆنانی ئاماژە بەوە دەکات کە وڵاتی میسۆپۆتامیا و باکووری سوریا بەشێک بوون لە دەوڵەتی میتانی).

بە گوێرەی بۆچوونی نووسەر سابیر سمایل بێت، شاری موسڵ هەر لە سەردەمە کۆنەکان و لەگەڵ دروست بوونیدا شارێکی کوردنشین و کوردیی بووە، چونکە نووسەری ناوبراو باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە ئەو شارە (موسڵ)، پازدە سەدە بەر لە زایین دروست کراوەو، یەکێک بووە لە شارەکانی دەوڵەتێکی کوردی بە ناوی دەوڵەتی میتانی. لە کاتێکدا شاری موسڵ شارێک بێت لە شارەکانی دەوڵەتی میتانی

کوردی، کەواتە بەدڵنیاییشەوە شارێکی کوردی و کوردستانی بووەو هەر بە کوردێتیش دەمێنێتەوە.

محەمەدی حاجی مەحمود، سکرتێری حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، لە لێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی هەواڵی سەربەخۆی (دەنگەکانی ئێراق)دا، سەبارەت بە کەرکوک و مادەی (140)ی دەستووری ئێراقی گوتی: (دەبوو ئێمە لەبری ئەو مادەیە داوای سنووری کوردستانمان بکردایە، ئەگەر کەرکوک سێ ملیۆن عارەبیشی تێدا بوایە ئەوکات ئەوان لەناو خاکی کوردستاندا دەبوون و میوانیش دەبوون. ئەگەر سیاسەتمەدار شتێک لە زرنگکاری (سیاسەت) بزانێت،ماڵی خۆی ناخاتە مزایەدەوە، با بە عارەب بڵێین موسڵ عارەبستانە یا کوردستانە کە لە بنچینەدا موسڵ بەشێکی کوردستانە، بزانە عارەب وەڵامت دەداتەوە، لەسەر هەر بستە زەوی وڵاتێکی دیکە بڵێ کوردستانە یا عارەبستانە بزانە وەڵام دەدرێیتەوە؟ ئێمە وەکو دەسەڵاتمان نەبوو، پێویست بوو هەر قسەمان نەکردایە، بەڵام تۆ کەرکوک دەخەیتە ئەو دووڕیانەوە کە بزانیت کوردستانە یا عارەبستانە، ئەوا ئێمە لە کەرکوک توانیمان لە ڕیفراندۆمدا ئەوە بسەلمێنین کە کوردستانە و بە هەر شێوەیەک بێت بردمانەوە، بەڵام ئایا لە حەویجە، دووزخورماتوو، قەرەتەپە، سەعدیە، مەندەلی، بەدرە، جەسان و شەنگال کە چواردەوری عارەبەو تەنانەت لە مەخموریش دەیبەینەوە؟).

کاتێک کە محەمەدی حاجی مەحمود، سکرتێری حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، باسی ئەوە دەکات کە شاری موسڵ بە شارێکی کوردی و پارچەیەکی گرنگیی باشووری کوردستان دادەنێت، بەڵام ئەو پێی وایە پرۆسەی بەعارەبکردنی ئەو شارە لە لایەن دەسەڵاتدارانی شۆڤینیزمی عارەبی بەڕادەیەک سیمای کوردایەتی شارەکەی گۆڕیوە کە سەرکردایەتی کورد بوێری ئەوەی تیا نەبێت لەوکاتەدا تەنانەت باسی کوردستانێتیی ئەو شارە دێرینەی باشووری کوردستان بکات!

دادوەر تەها بابان، لە لاپەڕەکانی (5-6)ی پەرتووکی (کۆستی شارێک)دا، نووسیویێتی: (لێرەدا بۆ ئەوەی باسەکەمان پەرشو بڵاو نەبێتەوە تەنیا باسی کوردستانی باشوور دەکەین، کە ئەوکاتە بریتیبوو لە دوو میرنشین کە ئەویش

میرنشینی سۆران و بابان بووە یەکەمیان لە ساڵی (1836)و دووەمیان لە ساڵی (1852)دا دەوڵەتی عوسمانی لە ناوی بردن و ئیتر لە شوێنەواری ئەو دوو میرنشینە ویلایەتێک هاتە کایەوە کە پێی ئەوترا ویلایەتی (موسڵ)و لە لایەن والیە تورکەکانەوە ئەبرا بەڕێوە. سنووری باشووری ویلایەتی موسڵ شاخەکانی (حەمرین) بوو ئیتر لەوێوە ناوچەی عارەبستان دەستی پێ ئەکرد. دەرکەوت کە هۆی کردنەوەی ئەو بەرەی جەنگە داگیرکردنی کوردستانی باشوور واتە ویلایەتی (موسڵ) بوو. وتمان مەبەستی بەرودوای سوپای بەریتانیا داگیرکردنی ویلایەتی (موسڵ) بوو بە واتایەکی تر نەوتەکەی خوارووی کوردستان).

ئەوەی کە دادوەر تەها بابان ئاماژەی پێکردووە، مانای کوردبوون و کوردستانی بوونی تەواوی ویلایەتی موسڵ بە شارەکانی (موسڵ، هەولێر، کەرکوک، دهۆک، سلێمانی و دیالە) دەگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە ویلایەتی موسڵ لە خاکی هەر دوو میرنشینی سۆران و بابان دروستبووە، کەواتە بە باوەڕو بۆچوونی ئەویش شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان بووەو، دەبێت هەر واش بمێنێتەوە.

ڕۆژنامەنووس عەبدولغەنی عەلی یەحیا، کارگێری لقی (14)ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە موسڵ، لە دیمانەیەکدا لەژێر ناوی (سەرکردایەتی کورد کەمتەرخەمە لە بایەخدانی بە شاری موسڵ)دا، کە لە لاپەڕە (7)ی ژمارە (271)ی ڕێکەوتی (15.3.2008)ی ڕۆژنامەی (هەواڵ)دا بڵاوکراوەتەوە، لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە کوردستانی بوونی شاری موسڵ، زۆر بوێرانە دەڵێت: (مێژوو دەڵێ کورد لە عارەب کۆنترە لە موسڵ، جوگرافیا دەڵێ بەشێکە لە کوردستان، ئاو و هەوا ژینگەی هەموو کوردستانە، هەزاران بەڵگە هەیە هی نەتەوە یەکگرتووەکان هی دەوڵەتان و گەڕۆکەکان هەر هەمووی کۆکن لەسەر ئەوەی زۆرینەی کورد بووەو دەوروبەری کورد بووە، بەڵام بەداخەوە ئاوڕەک نە لە مێژووی دراوەتەوە نە لە ئابووریی دراوەتەوە نە لە ڕەسەنایەتی ئەم خەڵکە دراوەتەوە. بە بۆچوونی خۆم دەڵێم شاری موسڵ شارێکی کوردستانیە، شاری هەموو نەتەوەو ئاینێکە).

ئەوەی کە نووسەر و ڕۆژنامەنووس عەبدولغەنی عەلی یەحیا ئاماژەی پێکردووە، کوردستانێتیی و کوردبوونیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە ناوبراو پشتی

بەسەرچاوە مێژووییەکان، جوگرافییەکان، بەڵگەنامەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان و گەڕۆکە جیهانی و ئەڕوپاییەکان بەستووە کە باس لە بوونی کورد لە شاری موسڵ دەکەن بەر لە بوونی عارەب لەو شارەدا. هەروەها نووسەر و ڕۆژنامەنووس عەبدولغەنی عەلی وەکو نووسەرێک و ڕامیارییەکی کورد بۆچوونی خۆی ڕاشکاوانە دەردەبڕێت کە شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی و کوردستانی دادەنێت.

ئاری جەلال ساڵح، لە وتارێکیدا لەژێر ناونیشانی (ئەنفال هەوڵێک بۆ جینۆسایدکردنی کورد)، کە لە لاپەڕەکانی (47–110)ی ژمارە (3)ی گۆڤاری (کەرکوک 19)دا بڵاوکراوەتەوە، لە لاپەڕە (72)دا نووسیویێتی: (بڕیاری ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە (16)ی کانوونی یەکەمی ساڵی (1925)دا بە فەرمی ویلایەتی موسڵی کوردی بە ئێراقی عارەبییەوە گرێدا).

ئەوەی کە نووسەر ئاری جەلال ئاماژەی پێکردووە، کوردبوون و کوردستانێتیی تەواوی ویلایەتی موسڵ دەگەیەنێت بە شارەکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە)، چونکە نووسەری ناوبراو نووسیویێتی ویلایەتی موسڵی کوردی، کاتێک کە ویلایەتەکە ویلایەتێکی کوردی بێت، هەڵبەت دەبێت تەواوی شارەکانی سەر بەو ویلایەتە بە شاری موسڵ–ی مەڵبەندی ویلایەتەکەش، شاری کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان بن.

عسمەت شەریف وانلی، سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، لە دووی فێبریوەری ساڵی (2002)دا، پەیامێکی بۆ کەمپینی ئەنفال (ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدکردنی گەلی کورد – چاک)دا لەژێر ناوی (پەیامی سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی بۆ کەمپینی ئەنفال)دا ناردووەو، لە ڕۆژی (2.2.2002)دا لە (کوردستاننێت)دا بڵاوکراوەتەوە، کە تیایدا هاتووە: (هەرچەندە ڕژێمی بەعس تاوانەکانی لە ئەنفالی (1988)دا زۆر سامناکتر کرد، بەڵام نابێ ئەوە لەیاد بکەین کە بەر لەوەو دوای ئەو مێژووەش لە تاوانکاری لە دژی کورد نەسڵەمیەتەوە، ڕووداوەکانی ساڵی (1991) بەڵگەیەکی تری زەقی ئەم ڕاستییەن. ئەم سیاسەتانە جیاوازییەکی ئەوتۆیان نیە لەگەڵ ئەو پاکتاوە نەژادییەی کە تاوەکو ئەورۆ بەعس لە ناوچە جۆر بە جۆرەکانی باشووری کوردستان پەیڕەویان دەکا، بە تایبەتی لە

ناوچە نەوتییەکانی پارێزگاکانی کەرکوک و موسڵ، عەینزالە، شەنگال، خانەقین، مەندەلی، زەرباتیە، بەدرەو تاد...).

ئەوەی گەورە سیاسەتوانی کورد عسمەت شەریف وانلی، سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ئاماژەی پێکردووە، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە ناوبراو ناوی شارەکانی موسڵ، کەرکوک، عەینزالە، شەنگال، خانەقین، مەندەلی، زەرباتیەو بەدرە بە شارەکانی باشووری کوردستان ناوبردووە.

ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، لە لاپەڕە (18)ی پەرتووکی (سایکس – پیکۆو ترازاندنی جەمسەری کێشەی کوردی باشوور)دا نووسیویێتی: (لە نێوان ساڵانی (1899–1906) سێر م. سایکس گەشتێکی بە کوردستانی باکووردا کردو لە ناوچەکانی موسڵ و فوراتی سەروودا کەوتە گەڕان، ئەنجام دوو پەرتووکی دانا: (گەشتێک بە پێنج ویلایەتی تورکیدا – لەندەن 1900)و (دوا میراتی خەلیفەکان – لەندەن 1915) کە ئەمەی دوایی گەشتێکە لە ناوچەکانی سەرووی جەزیرە و موسڵ و کوردستان).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، شاری موسڵ بەشێک بووە لە باکووری کوردستان و هیچ پێوەندییەکی بە عارەب و ئێراقەوە نەبووە، چونکە نووسەری ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا سێر مارک سایکس گەشتێکی بە باکووری کوردستاندا کردووەو، لە ناوچەکانی سەرووی جەزیرە، موسڵ و کوردستان گەڕاوە، کەواتە ناوبراو جەزیرە و موسڵ بە بەشێک لە باکووری کوردستانی ژێردەستی عوسمانییەکان دەزانێت. کە موسڵ بەشێک بێت لە کوردستان کەواتە بێ هیچ گومانێک خاکی کوردە و پارچەیەکی دانەبڕاوی کوردستانە.

هەڵوێست عومەر قادر، لە لاپەڕە (24)ی پەرتووکی (یهود كوردستان تأريخهم، مواقعهم، أعمالهم، صورهم)دا، نووسیویێتی: (بەڵگەیەکی تری بەهێزی پابەندبوونی جوولەکەکانی کوردستان بۆ خاکی پیرۆز لە ئیسرائیل، ناونانی ئەو شوێنانە بوو کە لە کوردستاندا تێیدا دەژین بە ناوی عیبری ناوچەکانی ئیسرائیلی، بۆ نموونە هەندێک لەو ناوچانە: (هەولێر –ئەلیەخوش)، ئاکرێ – ئەیکرون)، ئاشور – موسڵ)، (کیلاە –

کەرکوک)، ئەوەی شایەنی سەرنجە کە (زاخۆ) لە سەرچاوە عیبرییەکاندا بە ناوی (ئۆرشەلیمی کوردستان) ناوبردراوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لەو شارەدا (زاخۆ) ژیانیان زۆر خۆشبووە بەشێوەیەک کە نزیکەی نیوەی شارەکە هی ئەوان بووە).

ئەوەی کە هەڵوێست عومەر قادر نووسیویێتی، بۆچوونی ئەومان بۆ دەردەخات بەوەی کە شاری موسڵ بە شارێکی کوردی و پارچەیەکی کوردستان دادەنێت، چونکە ناوبراو ناوی شاری موسڵی وەکو شارێکی سەر بە کوردستان بردووە کە جوولەکەی تێدا ژیاوە.

هەڵوێست عومەر قادر، لە لاپەڕە (28)ی پەرتووکی (یهود کوردستان تأریخهم، مواقعهم، أعمالهم، صورهم)دا، نووسیویێتی: (لەناو شاری (موسڵ) یان (نەینەوای نوێ)، کە شارێکە دەکەوێتە نزیک سنووری سوریا و، مەڵبەندی پیشەسازی و گیانی جوولەکەکانی کوردستان بوو، کە جوولەکەکان بەشێوەیەکی زۆرو چڕ تیایدا نیشتەجێ ببوون).

لە سەرەوەدا نووسەر هەڵوێست عومەر دیسان شاری موسڵ بە شارێکی کوردستانی ناودەبات، چونکە ناوبراو شاری موسڵ بە مەڵبەندی پیشەسازی و گیانی جوولەکەکانی کوردستان ناودەبات. ئەو قسەیەی نووسەر دەریدەخات کە باوەڕی بە کوردستانێتیی شاری موسڵ هەیە، چونکە ئەو باسی شاری موسڵی کردووە لە چوارچێوەی سنووری کوردستان.

هەڵوێست عومەر قادر، لە لاپەڕە (40)ی پەرتووکی (یهود کوردستان تأریخهم، مواقعهم، أعمالهم، صورهم)دا، نووسیویێتی: (جوولەکەکان بە باشی تێکەڵاوی کۆمەڵگای کوردە واری ببوون، بەڕادەیەک کە لە هەموو شار و گوندە کوردییەکان و لەناو کۆمەڵگانشینەکاندا نیشتەجێ ببوون بەبێ ڕەچاوکردن یان گوێدان بە پابەندبوونی ئایینی بۆ دراوسێکان و گەڕەکەکان، لەگەڵ ئەوەشدا گەڕەکی تایبەت بەخۆیان هەبووە لە شارەکانی وەکو (سلێمانی، هەولێر، موسڵ، دهۆک، زاخۆ، کۆیە و ئامێدی)، ئەمەش لەپێناوی سەربەستییەکی فراوانتر بوو بۆ جێبەجێکردنی مەراسیمە ئایینییەکانیان).

نووسەر هەڵوێست عومەر لە سەرەوەدا بۆچوونی خۆیمان بۆ دەردەخات، کاتێک کە ناوبراو باسی ژیانی جوولەکەکانی کوردستان دەکات، چونکە لەکاتی ناوهێنانی شارەکانی کوردستاندا ناوی شاری موسڵی وەکو شارێکی کوردستانی بردووە، کە جوولەکەکان گەڕەکی تایبەت بەخۆیان هەبووە لەو شارە و چەندان شاری تری کوردستاندا.

هەڵوێست عومەر قادر، لە لاپەڕە (40)ی پەرتووکی (یهود كوردستان تأريخهم، مواقعهم، أعمالهم، صورهم)دا، نووسیویێتی: (جوولەکەکان لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا بوونیان هەبوو، گووندی وا هەبووە زۆربەی دانیشتوانەکەی جوولەکە بووینە، لە هەمان کاتدا لە هەندێک شوێن و ناوچەی تردا دانیشتوانەکانی تێکەڵ بووینە بۆ نموونە لە شارەکانی (سلێمانی، کەرکوک، دهۆک، هەولێر و موسڵ).

بۆ جارێکیتریش نووسەر هەڵوێست عومەر باسی کوردستانێتیی و کوردبوونیی شاری موسڵ-مان بۆ دەکات، کاتێک کە ناوبراو باسی بوونی جوولەکە کوردەکان دەکات لە شارەکانی کوردستان، ناوی شاری موسڵ-یش وەکو شارێکی کوردستان دەبات کە جوولەکەی تیا ژیاوە.

لیوای پۆلیسی یاساناس محەمەد ساڵح ئاکرەیی، لەبەرگی دواوەی پەرتووکی (الكورد والدولة المستقلة وفق المعاهدات والمواثيق الدولية)دا نەخشەیەکی کوردستانی مەزنی داناوەو، شاری موسڵ بە تەواوی دەکەوێتە نێو سنووری کوردستان.

دانانی نەخشەی کوردستان لەلایەن لیوای پۆلیسی یاساناس محەمەد ساڵح ئاکرەیی، لە کاتێکدا کە شاری موسڵ وەکو شار و پارێزگا بە تەواوی بکەوێتە ناو سنووری باشووری کوردستان، مانای کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت. نەخشەکە لە کۆتایی ئەو بەشەدا دانراوە.

کەریم یەڵدز، لە لاپەڕەکانی (272-273)ی پەرتووکی (کورد لە ئێراق)دا نووسیویێتی: (لە دیسێمبەری ساڵی (2003)دا پارتیە کوردییەکان بەرنووسێکی فیدراسیۆنێکی خۆبەخشانەی کوردستانی ئێراق-یان لەگەڵ پارچەکانی تری ئێراق

پێشکەش ئەنجومەنی بەڕێوەبەری کرد، بەرنووسەکە بەوردی باس لەوە دەکات هەموو ئەو خاکەی لەکاتی بەزۆرەملێ لکاندنی بە ئێراقەوە پاش شەڕی جیهانی یەکەم خاکی کوردستانی ئێراق بوو ئەبێ بە ئاوایەکی فەرمی ببێت بە بەشێک لە کوردستانی ئێراق).

نووسەر کەریم یەڵدز، ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە لە بەرنووسی فیدراسیۆنە کوردییەکەدا داوای تەواوی ویلایەتی موسڵ بە شارەکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، سلێمانی، کەرکوک و دیالە) دەکاتەوە، چونکە ئاشکرایە لای هەمووومان ئەو خاکەی کە بە بڕیارێکی زۆرەملێیانەی کۆمەڵەی نەتەوەکانو بەریتانیا لە (16.12.1925)دا بە ئێراقەوە بەسترا، کە ناوبراو بە کوردستانی ئێراق ناوی دەبات، بریتیبوو لە ویلایەتی موسڵ. هەروەکو لە بەشی یەکەمیشدا ڕوونکرایەوە کە کوردستانی ئێراق یان باکووری ئێراق، ئەو ناوانە ناوی جوگرافی نین، بەڵکو بریتین لە دوو زاراوەی ڕامیاری کە عارەبە شۆڤینیستەکان و داگیرکەرانی تر لە دژی کورد دایان هێناون و لەبری باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بەکاریان دەهێنن.

مراد حەکیم محەمەد، لە لاپەڕە (86)ی پەرتووکی (ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەتی ڕاگواستنەوەی کورد لە ئێراق لە سەردەمی بەعسدا)، نووسیویێتی: ( یەکەمین خەسڵەتی شاری کوردی لە پەنجاو شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، بچووکی شارەکان بوو. ئەگەر شارەکانی موسڵ، کەرکوک، هەولێر و سلێمانی لێ جیابکەینەوە، ئەوا زۆرینەی ڕەهای شارەکان ژمارەی دانیشتوانیان لە شەش هەزار کەمتر بوون).

لە سەرەوەدا بە ئاشکرا بۆچوونی نووسەر (موراد حەکیم محەمەد)مان بۆ دەردەکەوێت، کە شاری موسڵ بە یەکێک لە شارە کوردییە گەورەکان دادەنێت، مادامیش شاری موسڵ شارێکی کوردی بێت، کەواتە شارێکە لە شارەکانی سەر بە خاکی باشووری کوردستان.

سەباح پیربال قەساب، لە لاپەڕە (40)ی پەرتووکی (ئارکیۆلۆجیا لە کوردستان)دا، نووسیویێتی: (لە ساڵانی دوای (1951)دا لە ناوچەکانی کوردستاندا چەندان ناوچەی شوێنەواری وەک ئەشکەوتی هەزارمێرد و چەرمۆ و بەستوون و قسقاپان لە نزیک

گوندی زەرزی و تەپە گەورەو شوێنەوارەکانی ناوچەی شەنگال، تەلەعفەر، پردی عەباسی، ئەشکەوتی دهۆک، شوێنەوارەکانی ئامێدی، دەوروبەری موسڵ، هەولێر، شارەزوور، هەڵەبجە، عەربەت، بەردەبلکە، دوکان و زۆری تر لە سلێمانی دۆزرانەوە).

بە بۆچوونی نووسەر سەباح پیربال قەساب، شاری موسڵ شارێکی کوردییە و دەکەوێتە نێو سنووری باشووری کوردستان، چونکە نووسەری ناوبراو کاتێک کە باسی شوێنەوارو ئەشکەوتەکانی کوردستان دەکات لە پەرتووکی (ئارکیۆلۆجیا لە کوردستان)دا، ناوی شاری موسڵی وەکو شارێکی کوردستانی هێناوە. کەواتە نووسەر ئەو شارە بە شارێکی کوردستانیی دەزانێت، بۆیە لەگەڵ شارەکانی تری کوردستانی ناوی بردووە.

ڕۆژنامەنووس عارف زێرەڤان، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (کورد نیڤێ مووسلێ نەخوازن نکارن شنگالو خانەقینێ ب دەست خن)دا، لە ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (17.6.2008)دا لە لاپەڕە (5)ی ژمارە (343)ی (ڕۆژنامەی میدیا)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویێتی: (مووسڵ ژی باژارەکی کوردستانییەو دڤێت کورد دەست ژ کوردستانیبوونا وێ بەرنەدن و نیڤێ وی باژاری یانی ئالیێ ڕۆژهلاتێ دجلەیێ ڤەگەرینن سەر بەڕێوەبەریا هەرێما کوردستانی. ژ ئالیێ دیرۆکێ ڤە تەمامیا باژارێ مووسلێ بەشەکا کوردستانییە لێ بەلێ ب حکمێ کۆ نیڤەک ژ باژاری بوویە عارەب و گەلەک قەزایێن وێ ژی عارەبانن یا هەری باش ئەوە کۆ باژار ببە دو بەش: ڕۆژهلات بۆ کوردستانێ و ڕۆژاڤا بۆ ئێراقێ. قەزایێن مووسلێ یێن کوردستانی بلا ب مووسلا کوردستانی ڤە بێن گرێدانو قەزایێن ئیراقی ژی ب مووسلا ئیراقی ڤە بێن گرێدان).

لە سەرەوەدا بۆچوونی ڕۆژنامەنووس (عارف زێرەڤان)مان بۆ دەردەکەوێت کە ئەویش شاری موسڵ بە شارێکی کوردستانی دەزانێت و، باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە لە کۆندا تەواوی شاری موسڵ بە هەر دوو بەری دەستە چەپ و دەستە ڕاستی هی کورد بووەو سەر بە کوردستان بووینە، بەڵام بەهۆی پرۆسەی داگیرکردن و بەعارەبکردنەوە ئێستاکە نیوەی شاری موسڵ واتە (بەری دەستە ڕاستی) کە دەکاتە کەناری ڕۆژئاوای دیجلە دانیشتوانەکەی عارەبن. ناوبراو پێشنیاری ئەوە دەکات کە

بەشە کوردییەکەی شاری موسڵ کە خاکی کوردە و پارچەیەکی کوردستانە لەگەڵ قەزا کوردییەکانی ئەو شارە با بخرێنە سەر کوردستان و، هەرچی بەشەکەی ترە کە ئێستاکە لە ئەنجامی بەعارەبکردن زۆربەی دانیشتوانەکەی بۆتە عارەب با بخرێتە سەر ئێراق.

شوان عوسمان مستەفا، لە نێوان لاپەڕەکانی (140–141)ی پەرتووکی (کوردستان و پرۆسەی بە ئیسلام کردنی کورد)دا، نەخشەیەکی کوردستانی لەژێر ناوی (کوردستان لە سەردەمی پرۆسەی بە ئیسلام کردنی کورد)دا، بڵاوکردۆتەوە، کە تەواوی پارێزگاکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی، دیالە و تکریت)و کەوتوونەتە ناو سنووری کوردستان، جگە لەوەش سنووری کوردستان درێژ دەبێتەوە بەرەو باشوورو بەشێکی شارەکانی عمارە، کوت و بەسرا دەگرێتە خۆی تاوەکو دەگاتە سەر کەنداوی فارس.

گومان لەوەدا نییە کە نووسەر شوان عوسمان مستەفا، ئەو نەخشەیەی بۆیە داناوە بۆ ئەوەی دەریخات کە کوردستان بەر لە داگیرکارییەکانی ئیسلام ناوچەیەکی فراوان و گەورەتر بووە، لەو کوردستانەی دوای داگیرکارییەکان کە ساڵ لە دوای ساڵ لەژێر سایەی ئیسلام و عروبەدا سنوورەکانی بەر تەسکتر بووینەوە و دەبنەوە. ئەمەش دەیسەلمێنێت کە شاری موسڵ، شارێکی کوردیی و سەر بە باشووری کوردستان بووە، بەڵام بەهۆی شاڵاوەکانی بە عارەبکردنەوە سیمای کوردێتیی و کوردستانێتیی خەریکە لەدەست دەدات. نەخشەکە لە کۆتایی ئەو بەشەدا دانراوە.

مێژوونووسی ناوداری کورد حوسێن حوزنی موکریانی، لە لاپەڕە (329)ی بەرگی یەکەمی پەرتووکی (سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی)دا، نووسێویتی: (دێریکی پێشکەوتن مێژووی دوو دەوڵەتی مەزنی (دوشتێکباز – هەزبانی)یە کە لە ئاوربایەگان – ئامەد (دیاربەکر) – ئەرگیش – بۆتان (جەزیرە) – موسڵ –یدا بە ئازادی و سەربەستییێتی فەرمانڕەواییان کردووە).

ئەوەی کە مێژوونووسی ناوداری کورد حوسێن حوزنی موکریانی ئاماژەی پێداوە، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی نووسەر

باسی ئەوەی کردووە کە هەر دوو دەوڵەتی کوردی دوشتێکبازو هەزبانی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ فەرمانڕەوایەتی شاری موسڵ-یان کردووە.

جەلال جەوهەر، لە بەشی یەکەمی وتارێکدا لەژێر ناوی (پاشگەزبوونەوە لە ڕێککەوتنەکان یان نیگەرانی لە دروستبوونی هەندێک کێشە)دا، کە لە لاپەڕە (6)ی ژمارە (4632)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (24.7.2008)دا بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت: (کێشە ئاڵۆزەکانی خەڵکی کوردستانیش، کە کێشەی گۆڕینی باری دیموگرافی و ئیداری لە ناوچەکانی کەرکوک، دیالە و موسڵ بوو، ئەویش لە مادەی (140)ی دەستووری هەمیشەیی ئێراقدا چارەسەری بۆ دانرا (کە پێشتریش لەیاسای کاتی بەڕێوەبەرێتی دەوڵەتی ئێراقدا، لە مادەی (58)ی ئەو یاسایەدا نەخشەی چارەسەری ئەو ناوچانە دانرابوو).
ئەوەی کە جەلال جەوهەر ئاماژەی پێکردووە، کوردێتیی و کوردستانێتیی هەر سێ شارەکانی موسڵ، کەرکوک و دیالە دەگەیەنێت، چونکە ناوبراو باسی کێشەی گۆڕینی باری دیمۆگرافیاو کارگێڕی ناوچەکانی موسڵ، کەرکوک و دیالە دەکات و، بە یەکێک لەکێشە ئاڵۆزەکانی خەڵکی کوردستانیان دەزانێت، مادام کێشەی ئەو سێ شارە کێشەی خەڵکی کوردستان بن، کەواتە هەر سێ شارەکە شاری کوردستانن بۆیە کێشەی دانیشتوانەکەیەتی.

لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی بەعارەبکردنی کوردستان، لە لاپەڕە (9)ی پەرتووکی (ئەتڵەسی کەرکوک)دا نەخشەیەکی لەژێر ناوی (کەرکوک لە دەوڵەتی حوری و سۆپارتی)دا بڵاوکردۆتەوە، کە سنووری دەوڵەتی حوری لە ماوەی ساڵانی نێوان (2300–1590 پ.ز)دا شارەکانی (هەولێر، کەرکوک، موسڵ، ئاشوور، واششوکانی، حەڕان، کرکمیش، حەلەب، ئالالاخ و ئاوغاریت)ی دەگرتەوە. نەخشەکە لە کۆتایی ئەو بەشەدا دانراوە.
هەروەکو ئاشکرایە حورییەکان باپیرە گەورەی کوردن، فەرمانڕەوایی کردنی ئەوان بۆماوەی نزیکەی حەوت سەدە لەو شارانەی کە لە سەرەوەدا ناویان هاتووە، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەسەلمێنێ. بەتایبەت هەروەکو لە هەمان لاپەڕە ئاماژە بەوە کراوە کە حورییەکان دوای لاواز بوونیشیان لە ساڵی

(1500پ.ز)دا دەوڵەتێکی کوردییان بە ناوی دەوڵەتی میتانی لەسەر بەشێک لە خاکی خۆیاندا دامەزراند و، بۆماوەی دوو سەدە ئەو دەوڵەتە مایەوە. دواتریش دەوڵەتی سۆپارتی کوردی لەسەر پاشماوەی دەوڵەتی میتانی دامەزرا کە شارەکانی (موسڵ، کەرکوک و هەولێر)ی دەگرتەوە. ئەمانەش هەمووی ئەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە کە لە سەردەمی هەر سێ دەوڵەتی حوری، میتانی و سۆپارتی شارەکانی موسڵ، کەرکوک، هەولێر و چەندان شاری تریش بۆماوەی هەزارساڵێک لە بەردەستی کورد بووینەو خاکی ئەوان بووینە.

زوبێر ئایداری سەرۆکی کۆنگرەی گەل، لە لێدوانێکی تایبەت بە میدیادا کە لەژێر ناوی (زوبێر ئایدار سەرۆکی کۆنگرەی گەل: نەک کەرکوک بەڵکو دەبێ هەموو ویلایەتی موسڵ بگەڕێتەوە سەر کوردستان)، کە لە لاپەڕەکانی (1+9)ی ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە (349)ی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (29.7.2008)دا بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت: (پێویستە داوا بکرێ هەموو ویلایەتی موسڵ بگەڕێتەوە سەر کوردستان نەک بە تەنیا کەرکوک، بەڵکو پێویستە موسڵیش بگەڕێتەوە سەر کوردستان ئەوە شتێکی مێژووییە کە لە ساڵی (1881)دا پێشنیارکراوە موسڵ بکرێتە پایتەختی کوردستان).

ئەو ئاماژەیەی سەرۆکی کۆنگرەی گەل زوبێر ئایدار، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی سەرۆکی کۆنگرەی گەل داوای گەڕانەوەی تەواوی ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵەوە دەکات بۆ سەر کوردستان، چونکە تەواوی ویلایەتی موسڵ بە کوردستان دەزانێت. هەروەها زوبێر ئایدار باسی ئەوە دەکات کە لە ساڵی (1881)دا پێشنیاری ئەوە کراوە کە شاری موسڵ بکرێتە پایتەختی کوردستان. وەکو زانراوە لە ساڵی (1881)دا شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی شۆڕشێکی لە دژی ستەم و زۆرداری تورکەکان لە سەرانسەری کوردستاندا بەرپاکرد، بڕیاری دابوو شاری موسڵ بکاتە پایتەختی ئەو کوردستانەی کە ئەو دەیویست دایمەزرێنێت.

مەزدەکی، لە لاپەڕە (73)ی پەرتووکی (عارەب و ئیسلام)دا نووسیویەتی: (دوای کوژرانی (یەزدان گوردی سێیەم) لە ساڵی (637ز)دا لە شەڕی جەلەولادا شاری حەلوانیش گیرا، ئەوسا دوای ئەوە عارەبەکان دەستەو یەخەی کورد بوون، دوای

داگیرکردنی تکریت هێرش کرایە سەر کورد و (موزەر – ئامەد (دیاربەکر) – حەڕان)و (ڕەها – ئورفە)و رقەو رەئس ئەلعەین – نسێبین – شەنگال – خاپور – ماردین – ئامێد – میافارقین – موسڵ و سەرجەم شارەکانی تری کوردستان گیرا، لە دوای ئەو شارانەش هێرش کرایە سەر (مەلاتیە)و چەند شارێکی تری وەکو سیرت).

لە سەرەوەدا بە بۆچوونەکانی مەزدەکی، شاری موسڵ شارێکی کوردی و پارچەیەکی کوردستانە، لەبەر ئەوەی ناوبراو ناوی شاری موسڵ و دەیان شاری تری وەکو شاری کوردستانی بردووە، کە لە لایەن میلیشیا عارەبە موسڵمانەکانەوە بەر لە هاتنی ناوەڕاستی سەدەی حەوتەمدا داگیرکراون.

مەزدەکی، لە لاپەڕەکانی (78-79)ی پەرتووکی (عارەب و ئیسلام)دا نووسیویێتی: (بەدرێژایی سەردەمی دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامی هیچ کاتێک عارەبەکان پێیان خۆش نەبووە، کە دەسەڵات بە دەست جگە لە عارەبەوە بێت، هەر لەو دیدو بۆچوونە شۆڤینستیە ئیسلامی و عروبیەوە، کە ڕۆژگاری ئەمڕۆش دژی ئەوەن، کە گەلی کورد لە شام و ئێراقدا دەسەڵاتی ڕامیاریان بەدەستەوە بێت، لە کاتێکدا کورد لەسەر زێدی باب و باپیرانی خۆیەتی و (مواطن)ەو (مستوطن) نیە، بەڵکو ئەوە عارەبەکانن، کە (المستوطنات التعريبية)یان لەسەر زێدی ڕەسەنی کورد لە حەلەب، حەسەکە، قامیشلی، کەرکوک، موسڵ، دیالە و هەندێک لە ناوچەکانی (کوت) وەکو بەدرە، جەسان، مەندەلی، قازانیە، بەلەدروز، سەیف سەعد، هەنجیرە و مێمک بنیات ناوەو عارەباندنی ناوی شارۆچکەو گوندەکان دەکەن وەکو (زەینەل کۆز: زين القوس)و (شارەبان: المقدادية)و (دووبز: دبس)و (قەرەتۆغان: کە ناوزەدێکی تورکییە بۆ جلەولاء)و ....هتد).

مەزدەکی زۆر بەڕوون و ئاشکرایی بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە شاری موسڵ و دەیان شار و شارۆچکەی تری کوردی و کوردستانی دەردەبڕێت، کە شاری موسڵ و ئەوانەی تریش بە خاکی کورد دەزانێت کە لە لایەن عارەبی داگیرکەرەوە، بە بەردەوامی هەوڵی بەعارەبکردنیان دراوە. مادام شاری موسڵ و شارەکانی تریش خاکی کورد بن و ڕووبەڕووی بە عارەبکردن هاتبنەوە، کەواتە هەر هەموویان شاری کوردی و بەشێکن لە خاکی کوردستان.

عەبدوڵڵا کەریم مەحمود، لە لاپەڕە (146)ی پەرتووکی (ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال، بەرگی دووەم)دا، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (بەها جوانەکانی کوردە واری)دا کە لە لاپەڕەکانی (146–152)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیوێتی: (ئێزیدییەکان کوردن، لە کۆنەوە لە پارێزگای دهۆک و موسڵ لە کوردستانی باشوور، لە تورکیا، سوریا، ئێران و ڕوسیادا ژیاونو دەژین، ئێستا (45) هەزار کوردی ئێزیدی لە ئەوروپا دەژین، گەر بڕوانینە کلتورو داب و نەریتیان ڕەنگدانەوەی سروشتی کوردستانە، بە کرمانجی ژوورو دەدوێن، مێژووەکەیان گەڕانەوەیە بۆ ئایینی زەردەشتی دێرینی کورد).

بۆچوونەکانی نووسەر عەبدوڵڵا کەریم مەحمود، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە نووسەری ناوبراو شاری موسڵ بە شارێکی کوردی و کوردستانی دادەنێت، کە ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە ئێزیدییەکان کوردن و لە شارەکانی موسڵ و دهۆک لە باشووری کوردستان دەژین، کەواتە نووسەر شاری موسڵ بە شارێکی کوردستانی دەزانێت.

مامۆستا محەمەد ئەمین بۆزئەرسەلان، لە پەراوێزی ژمارە (420)دا کە دەکەوێتە لاپەڕە (393)ی پەرتووکی (کورد و کوردستان لە یەکەم ئەنسیکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا)، کە لە نووسینی بیبلیۆگرافیست و زاناو گەڕیدەی بەناوبانگی تورک (شەمسەدین سامی)یە، کە نووسەری (قاموسی ئەعلامی عوسمانی – ئەنسیکلۆپیدیای تورکی)یە، نووسیوێتی: (نەینەوا: پایتەختی کۆنی ئاشوورییان، ساڵی (612ی پ.ز)، لە ئەنجامی هێرشی پێکەوەی میدیاو بابلدا ڕووخا وە، ئێستا کەلاوەکانی لە کوردستانی باشووردا هەر ماوە).

ئەوەی کە مامۆستا محەمەد ئەمین بۆزئەرسەلان ئاماژەی پێکردووە، مانای کوردبوون و کوردستانی بوونی شاری نەینەوا واتە کەناری دەستە چەپی موسڵ یاخود بەشی خۆرهەڵاتی شاری موسڵ دەگەیەنێت، کە بەشە گەورەکەی موسڵ پێکدێنێت و لە (120) گەڕەکی کوردی پێکدێت، چونکە نووسەری ناوبراو نەینەوای خستۆتە نێو سنووری باشووری کوردستان.

دڵشاد مەولود مەرزانی، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (بەعارەب کردن لە قەزای موسڵ)دا، لە چوار بەشدا لە لاپەڕە (18)ی ژمارە (83)ی هەفتەنامەی بارزان، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (7.9.2008)داو، لە لاپەڕەکانی (18-19)ی ژمارە (84)ی هەفتەنامەی بارزان، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (14.8.2008)، لاپەڕە (18)ی ژمارە (85)ی ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (21.9.2008)و لاپەڕە (18)ی ژمارە (86)ی ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (28.9.2008)دا بڵاوکراونەتەوە، لە بەشی یەکەمدا نووسیویێتی: (خورییەکان لە باکووری میسۆپۆتامیا، لە نێوان زنجیرە چیاکانی ئەمانۆس لەسەر کەنارەکانی دەریای سپی ناوەڕاست نیشتەجێبوون. واتە لە هەولێر، کەرکوک، موسڵ، وان، جەزیرەی بۆتان و دەوروبەری حەلەب).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر (دڵشاد مەولود مەرزانی) و دەست نیشان کردنی شوێنی ژیاون و گوزەرانی خورییەکان لەلایەن ناوبراوەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە کە شارەکانی موسڵ، کەرکوک و ئەوانەی تریش کە ناوی بردوون، شاری کوردی و بەشێک بووینەو بەشێکن لە خاکی کوردستان، چونکە هەروەکو دەزانین خورییەکان باپیرە گەورەی کورد و بە ڕەسەن کورد بووینە.

دڵشاد مەولود مەرزانی، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (بەعارەب کردن لە قەزای موسڵ)دا، لە چوار بەشدا لە لاپەڕە (18)ی ژمارە (83)ی هەفتەنامەی بارزان، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (7.9.2008)دا، نووسیویێتی: (قەزای موسڵ مەڵبەندی پارێزگای نەینەوایە، دەکەوێتە باکوور و باکووری ڕۆژئاوای هەرێمی کوردستانی باشوور. ڕووباری دیجلە قەزای موسڵ دەکاتە دوو بەش. بەشی ڕۆژئاوای ئێراقی عارەبییەو بەشی ڕۆژهەڵاتیش هەرێمی کوردستانی باشوورە. پارێزگای موسڵ هەر لە بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە بە فرەنەتەوەو دوو نیشتمانی کوردستانی و ئێراقی ناسراوە).

بە گوێرەی ئەو پێناسەیەی کە نووسەر دڵشاد مەولود مەرزانی بۆ قەزای موسڵ-ی کردووە، ئەو قەزایە خاکی کوردە و دەکەوێتە ناو سنووری باشووری کوردستان، هەروەها کەناری دەستە ڕاست یاخود بەشی خۆرهەڵاتی شاری موسڵ بە خاکی کورد و بەشێک لە باشووری کوردستان دەزانێت.

دڵشاد مەولود مەرزانی، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (بەعارەب کردن لە قەزای موسڵ – بەشی دووەمی)دا، کە لە لاپەڕەکانی (18–19)ی ژمارە (84)ی هەفتەنامەی بارزان، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (14.8.2008)دا بڵاوکراونەتەوە، نووسیویێتی: (زۆربەی ئەو راوبۆچوونانەی لەسەر دەست نیشان کردنی سنووری جوگرافیای کوردستان دەستمان کەوتوون، لەسەر ئەوە هاوڕاو یەکدەنگن کە هێڵی سنووری باشووری ڕۆژئاوای هەرێمی کوردستانی باشوور بە شاری موسڵ دەڕوات. لێرەدا بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیانە کۆمەڵێک راوبۆچوون دەخەینە روو، تاکو کوردستانی بوونی شاری موسڵ لە ڕووی خاک و مرۆڤەوە دیار بخەین).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر دڵشاد مەولود مەرزانی، شاری موسڵ شارێکی کوردی و سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە نووسەری ناوبراو ئەو مرۆڤانەی کە لەناو شاری موسڵ–دا دەژین بە کورد و، خاکی موسڵ–یش بە بەشێک لە خاکی کوردستان دەزانێت.

دڵشاد مەولود مەرزانی، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (بەعارەب کردن لە قەزای موسڵ – بەشی دووەمی)دا، کە لە لاپەڕەکانی (18–19)ی ژمارە (84)ی هەفتەنامەی بارزان، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (14.8.2008)دا بڵاوکراونەتەوە، نووسیویێتی: (لە دوای ڕوخانی دەوڵەتی میدیا، کوردستان کەوتە بەر پەلاماری یەک لە دوای یەکی لەشکرکێشی داگیرکەرانی ئەخمینی، ئەسکەندەر مەکدۆنی، ساسان، رۆم – بێزەنتی، عارەبی ئیسلامی، مەغۆل، مەمالیک، سەفەوی – ئەفشاری – قاجاری، عوسمانی، ئینگلیز و دەوڵەتی تازەی ئێراق. بەڵام لە سەردەمە جیاجیاکاندا دەسەڵاتی کوردی لە کوردستان ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی کورتیش بوو بێت. ئەوا فەرمانڕەوایەتی شاری موسڵ–یان کردووە).

ئەوەی کە نووسەر دڵشاد مەولود مەرزانی ئاماژەی پێکردووە، کوردبوون و کوردستانی بوونی شاری موسڵ دەگەنێت، لەبەر ئەوەی نووسەری ناوبراو شاری موسڵ بە شارێک دەزانێت کە دەکەوێتە ناو سنووری کوردستان، کاتێک کە باسی ئەوە دەکات کە (لە سەردەمە جیاجیاکاندا دەسەڵاتی کوردی لە کوردستان ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی کورتیش بوو بێت. ئەوا فەرمانڕەوایەتی شاری موسڵ–یان کردووە).

کەواتە ناوبراو شاری موسڵ بە بەشێکی کوردستان دادەنێت، هەر بۆیەشە بەمشێوەیە باسیکردووە.

دڵشاد مەولود مەرزانی، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (بەعارەب کردن لە قەزای موسڵ – بەشی چوارەم)دا، کە لە لاپەڕەکانی (18–19)ی ژمارە (86)ی هەفتەنامەی بارزان، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (28.9.2008)دا بڵاوکراونەتەوە، نووسیویێتی: (سیاسەتی نیشتەجێکردنی خێڵە عارەبەکان لە کوردستان بەگشتی و شاری موسڵ بەتایبەت لەلایەن (عومەری کوڕی خەتاب)ەوە دەستپێکرد).
ئەوەی کە نووسەر دڵشاد مەولود مەرزانی باسیکردووە، کوردبوون و کوردستانی بوونی شاری موسڵ دەردەخات، چونکە نووسەر لەکاتی باسکردنی بە عارەبکردنی خاکی کورد و شارەکانی کوردستان لەلایەن خەلیفەو سەرکردە موسڵمانەکانەوە، ناوی شاری موسڵ–ی وەکو شارێکی سەر بە کوردستان بردووە.

دڵشاد مەولود مەرزانی، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (بەعارەب کردن لە قەزای موسڵ – بەشی چوارەم)دا، کە لە لاپەڕەکانی (18–19)ی ژمارە (86)ی هەفتەنامەی بارزان، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (28.9.2008)دا بڵاوکراونەتەوە، نووسیویێتی: (دەوڵەتی عوسمانی وەک هێزێکی گەورە لە ناوچەکە لەپێناو پتەوکردن و بەهێزکردنی دەسەڵاتی مەڵبەند لە ئەستەمبۆڵ و ڕوخاندنی میرنشینە کوردییەکان و نیشتەجێکردنی خێڵە عارەبەکان لە کوردستان، ریفۆرمێکی لەنێو کارگێڕی دەوڵەتدا جێبەجێکرد. لە ئاکامدا دەسەڵاتی کوردی لە کوردستان بەگشتی و شاری موسڵ بەتایبەت ڕوخاندو خێڵە کۆچەرەکانی بیابانی عارەبی شام، جەزیرە و دورگەی عارەبی لە موسڵ–دا نیشتەجێکرد. بەمشێوەیە دەبینرێ کە شاری موسڵ دەسەڵاتی ڕامیاری و کارگێڕی کوردستانییەکەی وون دەکاو واز لە بایەخی جارانی خۆی دێنێ بۆ هێزە خێڵەکییەکانی عارەبی بیابان. هەروەها دەوڵەتی ئێراقی لە سەدەی بیستەم گەورەترین پرۆسەی نیشتەجێکردنی خێڵە عارەبەکانی لە کوردستانی باشوور بەگشتی و شاری موسڵ بەتایبەت پراکتیک کرد).
ئەوەی کە لە سەرەوەدا نووسەر دڵشاد مەولود مەرزانی ئاماژەی پێکردووە، کوردبوون و کوردستانی بوونی شاری موسڵ دەبەخشێت، چونکە ناوبراو لە لایەک

باسی ئەوە دەکات کە عوسمانییەکان لەپێناو لەناوبردنی میرنشینە کوردییەکان و لاوازکردنی دەسەڵاتی کوردی لە کوردستان بەگشتی و شاری موسڵ بەتایبەت، پەنایان بردۆتە بەر شێوە فرت و فێڵێک لەژێر ناوی ریفۆرمدا، لەلایەکی تریشەوە باسی لە دەستدانی دەسەڵاتی ڕامیاری و کارگێڕی کوردستانی دەکات لەناو شاری موسڵ، کە لە هەر دوو باردا بۆمان دەردەکەوێت نووسەر شاری موسڵ-ی بە شارێکی کوردستانی داناوە. سەرەڕای ئەمانەش باسی ئەوە دەکات کە هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە شاری موسڵ لە لایەن دەسەڵاتدارانی ڕەگەزپەرستی عارەبی ئێراقەوە، تووشی پرۆسەو شالاوی شۆڤینیستانەی بە عارەبکردن و گۆڕینی باری دیمۆگرافیای نەتەوەیی بۆتەوە، کە تیایدا بەزۆرەملێیانە کورد ڕاگوێزراون‌و عارەبی داگیرکەریان هێناوەتە سەر خاکی کورد و سامانی کوردستانیان بۆ هەڵ ڕشتوون.

فەرمان عەبدولڕەحمان، لە لاپەڕە (36)ی پەرتووکی (پاکتاوکردنی ڕەگەزی کورد لە کوردستانی ئێراقدا)و، بە پشتبەستنی بە ژمارە (2689)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (20.2.2002)دا، نووسیویێتی: (لە ماوەی چل ساڵی ڕابردووداو بەپێی مەزەندەی دەزگاکانی حکومەتی هەرێم و ڕێکخراوە مرۆییەکان، زیاتر لە (700) حەوت سەت هەزار مرۆڤی کورد لە ناوچەکانی موسڵ، کەرکوک و دیالە لە جێگەی باب و باپیرانیان دەرکراون).

ئەوەی کە نووسەر فەرمان عەبدولڕەحمان نووسیوێتی، کوردبوون و کوردستانی بوونی هەر سێ شاری موسڵ، کەرکوک و دیالە دەگەیەنێت، چونکە لەهەر شوێن و ناوچەیەکدا ڕاگواستنەوەی کورد و لە هەمان کاتدا نیشتەجێکردنی عارەبی هاوردە هەبێت، ئەوە بێ هیچ گومانێک گەورەترین بەڵگەن بۆ کوردێتیی و کوردستانێتیی ئەو دەڤەرو شوێنانە، لەبەر ئەوەی شۆڤینیستانی عارەب کورد لە ناوچەیەک یان شارێک ڕاناگوێزن کە شار و ناوچەی عارەبی بن، بەڵکو هەردەم کوردیان لەسەر خاکی کوردستان دەرکردووەو، هەوڵی بەعارەبکردنی ناوچە سنوورییەکانی کوردستانیان داوە کە دەکەونە نزیک سنووری خاکی عارەبی ئێراق.

سەربەست کەرکوکی، لە لاپەڕە (7)ی ئەو پێشەکیەی کە لە لاپەڕەکانی (3-14)دا بۆ پەرتووکی (ڕاپۆرتی کارگێڕیی دەڤەری کەرکوک ماوەی 1ی کانوونی دووەم تا 31ی کانوونی یەکەمی 1919)دا نووسیویێتی، دەڵێت: (لە ڕێکەوتی 7.11.1918دا، ڕێککەوتنێک لە نێوان ژەنەڕاڵ "مارشاڵ"ی ئینگلیز و فەریق "عەلی ئیحسان پاشا""ی عوسمانیدا مۆرکرا. بەپێی ڕێککەوتنەکە لەپاش (10) ڕۆژ، عەلی ئیحسان پاشا خۆی و سوپاکەی شاری (موسڵ)یان بەجێهێشت و بەفەرمی باشووری کوردستان پاککرایەوە لە لەشکری عوسمانی. ئەم ڕێککەوتنە وەک جێبەجێکردنی ماددەکانی ئاگربەسی مۆدرۆس بوو).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر سەربەست کەرکوکی، شاری موسڵ شارێکی سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە ناوبراو باسی ئەوە دەکات بەدەرچوونی سوپای عوسمانی لەناو شاری موسڵ، تەواوی باشووری کوردستان لە لەشکری عوسمانی پاککرایەوە، کەواتە ئەو شاری موسڵ بە بەشێکی خاکی کوردستان و شارێکی کوردی دادەنێت، بۆیە بەمشێوەیە باسیکردووە.

دکتۆر محەمەد عەبدوللا عومەر لهۆنی ، لە لاپەڕە (31)ی پەرتووکی (مباحث كوردية فيلية)دا، نووسیویێتی: (لە شاری موسڵ قەزایەک هەیە هەڵگری ناوی حەمدانییەیەو بۆ خێڵی حەمیدییەی کورد دەگەڕێتەوە کە مێژوویەکی درێژی هەیە. ناوی حەمیدییە لە (ئامەدییە) وەرگیراوە، ئەم ناوە سەرەتا لە لایەن مەسعودیو دواتریش فەزلوللا عومەری هاتووە، ئەو ناوە دەگەڕێتەوە بۆ ماد. قەزای حەمدانییە سەر بە پارێزگای موسڵ-ی کوردییە، کە ناوە کۆنەکەی حەمدانییە (باخدیدا) بووە).

ئەوەی کە دکتۆر محەمەد عەبدوللا لهۆنی لە سەرەوەدا نووسیویێتی، بە بۆچوونی ئەو کوردبوون و کوردستانی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە ناوبراو تەواوی پارێزگای موسڵ بە خاک و پارێزگایەکی کوردی ناودەبات، مادام موسڵ پارێزگایەکی کوردی بێت، کەواتە پارێزگایەکی سەر بە باشووری کوردستانیشە.

ئومێد حەمەدئەمین، لە لاپەڕە (32)ی پەرتووکی (شێخ مەحمودی حەفید 1922-1925)دا، نووسیویێتی: (ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دژایەتی کردنی ئینگلیز لە ناوچەکانی کوردستان بەگشتی و لە ناوچەکانی سلێمانی بە تایبەتی کە لەساڵەکانی (1919-

1921–1922)دا، هەر لەپاش دوورخستنەوەی شێخ مەحمود، کوردەکان بۆ ساتێکیش نەوەستان و بێووچان لە کارابوون، بۆ بەگژاچوونەوەی ئینگلیز، هەر لەم کاتەشدا دەنگوباسێک بڵاوبوویەوە گوایە لەشکری تورک دێت و پەلاماری کوردستان دەدات و دەست بەسەر پارێزگای موسڵ–دا دەگرێت).

کاتێک کە نووسەر ئومێد حەمەدئەمین باسی هاتنی لەشکری تورک دەکات بۆ کوردستان و گوایە دەیەوێت پارێزگای موسڵ داگیربکات، هیچ گومانێک نامێنێت کە ناوبراو پارێزگای موسڵ بە خاکی کورد و بە بەشێکی باشووری کوردستانی دەزانێت، بۆیە بەمشێوەیە باسی دەکات.

دکتۆر سەعدی عوسمان هەروتی، لە لاپەڕە (13)ی پەرتووکی (کوردستان والامپراتورية العثمانية في تطور سياسة الهيمنة في كوردستان 1514–1851م)دا نووسیویێتی: (گەڕیدە کلۆدیس جێمس ڕیچ، کە بەریتانییەکی دانیشتووی بەغدا بووە لە نێوان ساڵانی (1808–1821)دا، لە ساڵی (1820)دا گەشتێکی بۆ کوردستان کردو سەردانی شارەکانی سلێمانی، سنە، سەقز، کەرکوک، موسڵ و چەندان شاری تری کردوە، دواتر لەسەر ئەم گەشتەیدا پەرتووکێکی لەژێر ناوی (حديث الاقامة في كوردستان ونينوى القديمة)دا نووسی).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی دکتۆر سەعدی عوسمان هەرووتی بۆمان دەردەکەوێت کە ناوبراو شاری موسڵ و شارەکانی تر کە لە سەرەوەدا ناوی بردوون، بەشێکن لە خاک و نیشتمانی کورد و کوردستان.

دکتۆر سەعدی عوسمان هەروتی، لە لاپەڕە (58)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (بەشی هەرە گەورەی کوردستان لەژێردەستی عوسمانییەکاندا بوو، کە دەسەڵاتەکەیان لەو سەردەمەدا (ساڵی 1516)دا دەگەیشتە ئەو شار و قەڵا کوردییانەی خوارەوە: ئامەد (دیاربەکر)، ماردین، بەدلیس، سەعرەد، کەرکوک، هەولێر، ئەرغەنی، شەنگال، بیرەچک، نسێبین، ئورفە، هەتاخ، ئامێدی، ورمێ، جەزیرەی بۆتان، ئەگیل، خێزان، پالو، حەسەنکێف، میافارقین، مەڵاتیە، بەهسەنی، خۆشاب، سیڤەریک، چەرموک، خەرپوت و موسڵ).

دکتۆر سەعدی عوسمان هەروتی، شاری موسڵ بە شارێکی کوردی و سەر بە باشووری کوردستان دەزانێت، چونکە دکتۆری ناوبراو لە ناوی ئەو شارە کوردییانەی کە لە سەرەتای سەدەی شازدەدا لەبەردەستی عوسمانییەکاندا بووە، ناوی شاری موسڵ-یشی بردووە.

دکتۆر سەعدی عوسمان هەروتی، لە لاپەڕە (90)ی پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیوێتی: (بەمشێوەیە کاتێک کە کوردستان خرایە سەر دەوڵەتی عوسمانی، لە پێنج ویلایەت پێکدەهات کە بریتیبوون لە: ئەرزڕۆم، وان، دیاربەکر، موسڵ و شارەزوور).
ئەوەی کە دکتۆر سەعدی عوسمان هەروتی باسی دەکات، کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ و تەواوی شارەکانی تری سەر بە ویلایەتی موسڵ دەگەیەنێت، چونکە دکتۆری ناوبراو باسی ویلایەتی موسڵ-ی کردووە وەکو بەشێک لە خاک و نیشتمانی کورد کە سەر بە کوردستان بووە لە سەرەتای سەدەی شانزەهەمدا.

دکتۆر یاسین سەردەشتی وەرگێڕی پەرتووکی (کورد عارەب بەریتانییەکان بیرەوەرییەکانی کاپتن لاین لەمەڕ ڕووداوەکانی باشووری کوردستان 1919-1929)دا، لە لاپەڕەکانی (15-16)دا نووسیوێتی: (ئەم پەرتووکەی بەردەست تەنیا وەرگێڕدراوی حەوت بەشی پەرتووکەکەیە کە سەبارەت بە دە ساڵی ڕووداوەکانی باشووری کوردستانە و تێیدا کاپتن لاین وەک ئەفسەری ڕامیاری و پشکێنەری بەڕێوەبەرێتی لە پارێزگاکانی موسڵ، هەولێر و سلێمانی هەڵسوڕاوە.
بە گوێرەی بۆچوونەکانی دکتۆر یاسین سەردەشتی بۆمان دەردەکەوێت کە دکتۆری ناوبراو، شارەکانی موسڵ، هەولێر و سلێمانی بەچەند شارێک لە شارەکانی باشووری کوردستان دادەنێت، چونکە ناوبراو لە باسی باشووری کوردستاندا ناوی ئەو شارانەی وەکو بەشێکی سەر بەو وڵاتە ناوبردوون.

دکتۆر سەعد ناجی جەواد، لە لاپەڕە (37)ی پەرتووکی (العراق والمسألة الكوردية 1958-1970)دا نووسیوێتی: (هۆکارێکی تر کە هاندەر بوو بۆ ئاواتی سەربەخۆیی

کوردەکان لە دوای کۆتایی جەنگ (جەنگی یەکەمی جیهان)، ئەو پەیمانەی کە بەریتانیا دابووی بۆ دابینکردنی مەڵبەندێکی تایبەت بە کوردەکان لە ویلایەتی موسڵی هەرێمی پێشووی عوسمانی، کە زۆربەی زۆری کوردستانی ئێراقی دەگرتە خۆی).

بە گوێرەی قسەکانی نووسەر دکتۆر سەعد ناجی جەواد، شاری موسڵ شارێکی کوردی و کوردستانییە، چونکە لە لایەک ئەو مەڵبەندەی کە بەریتانییەکان وەکو بەڵێنێک بە کوردیان دابوو، لەتەواوی ویلایەتی موسڵ دروست دەکراو، لەلایەکی تریشەوە نووسەر ویلایەتەکەش بە هەرێمێکی عوسمانییەکان ناو دەبات (کە لە ڕاستیدا هەرێمێکی کوردییە و لە ساڵی (1516)دا عوسمانییەکان داگیریان کردووە)، هەر لەسەر قسەی خۆی ئەو هەرێمە هیچ پێوەندییەکی بە عارەب و ئێراقەوە نەبووە. هەروەها دکتۆر سەعد ناجی دان بەوەدا دەنێت کە ویلایەتی موسڵ زۆربەی کوردستانی ئێراق یان باشووری کوردستان دەگرێتەوە، واتە کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان) لەوەش گەورەترە. کەواتە شاری موسڵ بە گوێرەی دەستنیشان کردنەکەی دکتۆر سەعد شارێکی کوردییە و دەکەوێتە کوردستان.

ئیبراهیم جەلال، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، لە لاپەڕەکانی (9-10)ی پەرتووکی (خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول بنیاتنان و هەڵتەکاندن 1961-1975)دا نووسیویێتی: (حکومەت و میرنشینە کوردییەکان بە پێی ساڵی دامەزراندنیان و ساڵی لەناوچوونیان بەمجۆرە بوون: (د) فەرمانڕەوایی لوڕی بچووک کە لە ساڵی (1155)ی زایینیەوە فەرمانڕەوا بوون تاکو ساڵی (1840)ی زایینی واتە نزیکەی (685) ساڵ فەرمانڕەوا بوون و لەگەڵ فەرمانڕەوایانی ئەیوبیدا بۆ ماوەیەکی زوتر هاوچەرخ بوون و دەسەڵاتدارترین فەرمانڕەوایان (خان ئەحمەد خان)ی کوڕی (هەڵۆ خان) بووە لە ساڵی (1802)ی زایینیداو کەوشەنی وڵاتەکەی کە لەژێر فەرمانڕەوایی ئەودا بووە بریتی بووە لە شاری بەغدا وە تاکو زاخۆ (واتە: بەغدا، موسڵ، کەرکوک، هەولێر، شارەزوور (سلێمانی ئێستا)و هەموو ئامێدی تاکو زاخۆ، لە سنووری ئێستای ئێرانیشدا، مەریوان و سنەوە تاکو کرماشان و هەمەدان لە ورمێ و سابڵاغیشەوە تاکو بووجەرد و نەهاوەند و گەڕوس).

بە گوێرەی ئەو نووسینەی ئیبراهیم جەلال، شاری موسڵ و هەموو شارەکانی تر کە لە سەرەوەدا ناویان هاتووە، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا بەشێک بوینە لە خاکی قەڵەمڕەوی لوڕی بچووک. ئاشکراشە کە لوڕی بچووک دەسەڵاتێکی کوردی بووەو لوڕەکانیش کوردن و لوڕستانیش بەشێکی گرنگیی خاکی کوردستانە، کەواتە موسڵ و شارەکانی تریش بەشێکی دانەبڕاوی خاکی کوردستان بووینەو هەر واش دەمێنن.

ڕەفیق حلمی، لە لاپەڕە (98)ی بەرگی دووەمی بەشی یەکەمی پەرتووکی (یاداشت کوردستانی ئێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود)دا نووسیویێتی: (یەکێک لە داواکانی مستەفا کەمال سەندنەوەی ویلایەتی موسڵ ئەبێ. هاتنی ئۆزدەمیر-یش بۆ ڕواندز لەبەر ئەم مەبەستەو بەدرێژایی شەڕی تورک و یۆنان لە ئەنادۆڵ، ئەو (واتە ئۆزدەمیر) لە کوردستانی (موسڵ)دا خەریکی بڵاوکردنەوەی ئەم بیرە بوو).
ئەوەی کە نووسەر و یاوەری شێخ مەحمودی نەمر نووسیویێتی، بیروباوەڕی نووسەری ناوبراومان بۆ دەردەخات کە ئەویش موسڵ بە بەشێکی کوردستان دادەنێت، کاتێک کە دەڵێت: لە کوردستانی موسڵ-دا.

ئەمجەد شاکەلی، لە بەشی یەکەمی وتاری (دۆڕاندنی خاک بەرانبەر دەسەڵات)دا، کە لە لاپەڕە (17)ی ژمارە (115)ی ڕۆژنامەی (بارزان)، ڕۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی (17.5.2009)دا بڵاوکراوەتەوە، سەبارەت بە کوردستانێتیی شاری موسڵ نووسیویێتی: (ئوستانی موسڵ، چ ئەو دەمەو چ لە سەردەمی ڕژێمی شایەتی و تا سەردەمی کۆماری یەکەمی ئێراقیش، چ لە لایەن کورد خۆیەوە چ لە لایەن خەڵکانی دیکەشەوە، بە بەشێک لە کوردستان دادەنراو کورد بە خاکی خۆی دەزانی. شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، زۆر جاران ئاماژەی بەوەکردووە، کە کاتێک کوردستان ئازادبوو، ورمێ و موسڵ، دەبنە دوو پێتەختی کوردستان. بەوەدا شێخی نەهری، ئەو موسڵەی، کە ئەمڕۆ کورد دەستی لێ شۆردووەو دەستبەرداری بووەو بە هی خۆی نازانێت و لە ڕاستیشدا بەشێکی جیانەکراوەی کورستانە، ئەو بە بەشێکی گرنگیی کوردستانی زانیوە).

ئەوەی نووسەر ئەمجەد شاکەلی ئاماژەی پێکردووە، کوردبوون و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی ناوبراو پێی وایە موسڵ و پارێزگای موسڵ هەر لە سەردەمی دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراق لە ئۆکتۆبەری ساڵی (1920)ەوە لە هەر دوو ویلایەتی بەغدا و بەسراو، دواتریش لکاندنی زۆرەملێیانەی ویلایەتی موسڵ بەو دەوڵەتەوە لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا، هەروەها لە سەردەمی پاشایەتی و سەرەتای دامەزراندنی ڕژێمی کۆماریش لە ساڵی (1958)دا، لە لایەن کورد و نەتەوەکانی تریشەوە شاری موسڵ بە بەشێک یان پارچەیەکی باشووری کوردستان ناو دەبردرا.

ئەمجەد شاکەلی، لە بەشی دووەمی وتاری (دۆڕاندنی خاک بەرانبەر دەسەڵات)دا، کە لە لاپەڕە (17)ی ژمارە (116)ی ڕۆژنامەی (بارزان)، ڕۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی (24.5.2009)دا بڵاوکراوەتەوەو، بە پشت بەستنی بە لاپەڕە (797)ی پەرتووکی (العراق في عهد قاسم، اراء و خواطر 1958–1988)ی نووسەری کورد جەرجیس فەتحوڵڵا، کە سەبارەت بە کوردستانێتیی شاری موسڵ نووسیویێتی: (جەرجیس فەتحوڵڵا، نووسەر و مێژوونووس و ڕۆژنامەوان و یاسایی و شارەزای ڕامیاری، پێی وایە، عارەب لە ئوستانی موسڵدا، تەنانەت ئەگەر عارەبە بەدوەکانیشی بخرێتە سەر، ئەوانەی کە لە خوارووی ئوستانەکە و دەوروبەری فورات وەک کۆچەر ژیاون و لەنێو گوندان‌دا جێگیر نەبوون، کەمینەن و ئەوەش پێویستی بە هیچ مشتومڕێک نییە. هەروەها ئەو لەو بڕوایەدایە، ئەگەر یەکیەتیی هۆزو خێڵەکانی شەممەڕی جەربا و جحێش و جبور و ئەلبومیوت، کە ئەمانە هەموویان لە دەشتایی شام و باکووری دورگەی عارەبی و نەجدەوە هاتوون، لە سەردەمێکدا، کە باوباپیرانی نەوەی سەدەی بیستەم بیریان دێتەوە، بەتایبەت لە دەیەی شەشەم و حەوتەمی سەدەی نۆزدەمدا، لەبەرچاو نەگیرێت، عارەبی ڕەسەن لە موسڵدا ناناسرێنەوە، هەرچەندە لە خوارووی شاری موسڵیشدا نیشتەجێبوون، لێ لەگەڵ ئەوەشدا، لەنێو شارەکەدا نیشتەجێ نەبوون و بوونیان نەبووە).

ئەوەی نووسەرو مێژوونووسی ناوداری کورد جەرجیس فەتحوڵڵا ئاماژەی پێکردووە، کوردبون و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی بەقسەکنی ئەو بۆمان دەردەکەوێت ژمارەی عارەب زۆر کەمترە لە ژمارەی کوردی

شار و پارێزگاکە، هەروەها ئەو عارەبەی کە لە موسڵدا هەن، هەموویان لە شام، نەجد و نیمچە دوورگەی عارەبەوە وەکو داگیرکەر هاتوون و خاکی کوردیان داگیرکردووە، نەک دانیشتوانی ڕەسەنی شارەکە و ناوچەکە بن!

ئەمجەد شاکەلی، لە بەشی سێیەمی وتاری (دۆڕاندنی خاک بەرانبەر دەسەڵات)دا، کە لە لاپەڕە (17)ی ژمارە (117)ی ڕۆژنامەی (بارزان)، ڕۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی (31.5.2009)دا بڵاوکراوەتەوە، سەبارەت بە کوردستانێتیی شاری موسڵ نووسیویێتی: (ئەوەی قسەکانی سەرانی کورد بژنەفێت، ئیدی دەبێ کوردستانیەتی موسڵ، کەرکوک، دیالە، کوت، بەشێکی ئوستانی عەمارەو شوێنە دابڕاوەکانی دیکەی کوردستان لەبیرخۆی بباتەوە و هەرگیز بە کوردستانیان نەزانێت. ساڵانی سەردەمانی ڕژێمەکانی پاشایەتی و کۆمارییەکەی عەبدولکەریم قاسم (کۆماری یەکەم)، کوردستانیبوونی تەواوی خاک و سنوورە جیۆگرافییەکانی ئوستانەکان، سلێمانی، هەولێر، کەرکوک، موسڵ و بەشێک لە ئوستانی دیالە (باژێڕەکانی خانەقین، مەندەلی، شارەبان، قزلڕەبات و ..)و بەشێک لە ئوستانی (کوت (بەدرە، جەسسان، عەزیزییە و ..)، هیچ جۆرە کێشەیەکی لەسەر نەبوو و کەس تەنانەت نا کوردیش، چ گومانێک لە کوردستانیبوونی ئەو دەڤەرانە نەبوو و نەیاندەگوت ئەوانە کوردستان نین و کەس بەخۆیشیدا نەیدەپەرموو، تەنانەت وەها بیرێکیش بە مێشکیدا بێت. لەو سەردەمانەدا خەڵکی کورد، زنجیرە چیا یا گردۆڵکەکانی حەمرین (جەوەڵ حەمرین)یان بە سنووری نێوان باشووری کوردستان و ئێراقی عارەبی دادەنا. پاش کودێتای (1963)ی بەعس (کۆماری دووەم)، ئیدی ئەو پەرژینی ترسەی عارەب و ئێراقییانە شکاو هەر، کە بۆیان لوا، دەستیان کرد بە گۆڕینی سیمای ئوستنەکانی کەرکوک، موسڵ، دیالە و کوت کوردستانن و عارەباندیانن. بڕوا ناکەم سەرانی کورد، ئەو ڕاستییانە لەمەڕ کەرکوک و موسڵ-ەوە نەزانن، لێ لەگەڵ ئەوەشدا چاوی خۆیان لێ نووقاندووە تەنێ لەپێناوی پلەوپایەو خۆشگوزەرانی و دەسەڵاتی خۆیاندا و ئەوەش گۆڕینەوەی خاکە بە دەسەڵات. ئەگەر کار بەو جۆرە بڕوات، وەک چۆن کورد کوت، دیالە و موسڵی دۆڕاند، ئەوا باسێک لە کوردستانیبوونی کەرکوک، خانەقین، مەندەلی، بەدرە، جەسسان، شارەبان، شەنگال، خورماتوو، مەخمور و تەنانەت گەلێک شوێنی تریش نامێنێت).

به گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر ئەمجەد شاکەلی، تەواوی پارێزگاکانی موسڵ، کەرکوک، دیالە، کوت و بەشێکی عەمارە شاری کوردی و سەر بە خاکی باشووری کوردستانن. لێرەدا کە کوردێتیی و کوردستانێتیی شار و پارێزگای موسڵ زۆرتر مەبەست و بابەتی ئێمەیە، کە بێ هیچ گومانێک نووسەری ناوبراویش جەخت لەسەر کوردێتیی و کوردستانێتیی ئەو شارە کوردستانییە (شاری موسڵ) دەکاتەوە.

هەژار گۆران و سەعید مەموزینی، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (دژایەتیکردنی کورد لە موسڵ)دا، کە لە ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە (389)ی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (26.5.2009)، لاپەڕە (15)دا بڵاوکراوەتەوە، سەعید مەموزینی دەڵێت: (لە موسڵ لەمێژە دژایەتی کورد دەکرێت چونکە کورد پێکهاتەیەکی گەورەی شارەکەیە و موسڵ کوردستانە، عارەبە شۆڤینییەکان دژایەتی کورد دەکەن، بە هەزاران کورد لەو شارە دابوون و ئەم پرۆسە دژ بە کوردە بەرانبەر بە تایبەتی لە دوای هاتنی لیستی حەدبا بۆ سەر دەسەڵات زیاتر دژایەتی کورد کرا سەرپەرشتیاری ئەو لیستە شۆڤینین و دژایەتی گەورەی کورد دەکەن بۆ ئەوەی کورد لە موسڵ بڕوات و شارەکە ببێتە شارێکی عارەبی کە دەبێ کورد پەسندی نەکات).

پێشتریش بۆچوونەکانی ڕۆژنامەنووس و نووسەر (سەعید مەموزین)مان بۆ ڕوون بۆتەوە کە ناوبراو شاری موسڵ بە شارێکی کوردی و پارچەیەکی گرنگیی باشووری کوردستان دادەنێت، بۆیە پێویست ناکات زۆرتر لەسەری بدوێین بەتایبەت کە لە سەرەوەدا دەڵێت: موسڵ کوردستانە. کاتێک کە موسڵ کوردستان بێت، بە دڵنیاییش شارێکی کوردییە و، بەشێکیشە لە باشووری کوردستان.

کاوە نادر قادر، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (کوردستانییەتی موسڵ نە نەژادپەرستی عارەبی ڕەشنابێتەوە)دا، کە لە لاپەڕە (5)ی ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە (364)ی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (18.11.2008)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیوێتی: (لە ڕاستیدا بە عارەبکردنی ئەو شارە کوردستانییە (موسڵ) ساڵی (18)ی کۆچی لەگەڵ هاتنی لەشکری عارەبی ئیسلامی دەستی پێکرد، کە ئەوکات زۆرینەی (دانیشتوانی موسڵ) کورد بووەو ئەوجا هەندێک لە ئاشووری، کلدانی و جوولەکە تیایدا ژیاون. سەرەتا دەستیان بە بە عارەبکردنی ناوی شارەکە کردووەو لە (میسلیا) بۆ موسڵ، ئەوجا

بەهێنانی یەکەم ڕەوە عارەب بۆ بەری ڕۆژئاوای موسڵ. زۆرینەی ئەو شارە لە کورد ماوەتەوە تاوەکو سێسەد ساڵ لەمەوبەر. کاتی خۆشی موسڵ هەر سەر بە ناوچەکانی کوردستان بووەو لە سەردەمی دەسەڵاتدارانی عوسمانی زۆربەی وەخت سەر بە ویلایەتی دیاربەکر بووەو پاشان کرایە پایتەختی ویلایەتی موسڵ کە بەشی هەرە زۆری باشووری کوردستان دەگرێتەوە. بەڵێ ئەو شارە کوردستانیەو بەپێی هەموو بەڵگەنامە مێژووییەکان درێژەدەری جوگرافیای کوردستانە و، ئێستاش لە کۆی یازدە قەزا نۆ قەزای کوردە).

بە گوێرەی بۆچوونی کاوە نادر قادر، کە هەر بەناونیشانی وتارەکەی دەردەکەوێت، کە ناوبراو شاری موسڵ بە شارێکی کوردی و بەشێکی جیانەبوەوە لە خاکی باشوری کوردستان دادەنێت و، دواتر ئەو پێی وایە شاری موسڵ هەر لە کۆنەوە شارێکی کوردنشین و بەشێک بووە لە خاکی کوردستان، بەڵام هەر لەگەڵ هاتنی میلیشای ئیسلام لە ساڵی (18)ی کۆچییەوە، هەوڵی بە عارەبکردنی دەڤەری موسڵ وەکو خاک و دانیشتوانی کوردی شارەکە وەکو مرۆڤیش دراوە.

مەهاباد کوردی، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (کورد و موسڵ و باسێک)دا، کە لە لاپەڕە (8)ی ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە (386)، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (5.5.2008)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیوێتی: (دیارە من بە پێچەوانەی سەرانی کورد و بەرپرسەکانی هەر دوو پارتی دەسەڵاتداری باشووری کوردستان، بایی ئەوەندە ئازایەتیم تێدا هەیە کە موسڵ بە شارێکی کوردستانی ناو ببەم).

بە گوێرەی بۆچوونی نووسەر مەهاباد کوردی، شاری موسڵ یەکێکە لە شارەکانی کورد و بەشێکە لە خاکی کورد و باشووری کوردستان. مەهاباد کوردی، جگە لەو نووسینە لە زۆر نووسینی تریشدا ڕاشکاوانە، شاری موسڵی بە بەشێک لە نیشتمانی نەتەوەیی کورد و بەشێک لە خاکی باشووری کوردستان داناوە.

پرۆفیسۆر د. جویس بلۆ، لە لاپەڕەکانی (104–107)ی پەرتووکی (دۆزی کورد لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیۆلۆجی)دا، نووسیوێتی: (یاداشتی کوردەکان کە لە مێژووی (24.4.1963)دا وەک بناغەی گفتوگۆ دەربارەی کوردستان پێشکەش بە

دەوڵەتی ئێراق کراوە. کوردستان بریتییە لە سلێمانی، کەرکوک، هەولێر، قارس و ناوچەکانی موسڵ و دیالە کە زۆربەی دانیشتوانیان کوردن).

ئەوەی کە پرۆفیسۆر د. جویس بلۆ ئاماژەی پێکردووە، یاداشتی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانە، کە بە دڵنیاییەوە ئەوکاتی شار و پارێزگای موسڵ-یان بە شارێکی کوردی و بە بەشێک لە باشووری کوردستان زانیوە، هەر بۆیەشە سەرکردایەتی ئەوکاتی کوردستان داوا دەکات پارێزگای موسڵ بە تەواوی وەکو پارچەیەکی کوردستان بگەڕێتەوە سەر باشووری کوردستان.

نعمەت عەبدوڵڵا پیرداودی پەرلەمانتار، لە لاپەڕەکانی (4-5)ی پێشەکی پەرتووکی (دەقەکانی کۆنگرەی سیڤرە و خوێندنەوەیەکی تر)، نووسیویەتی: (پێویستە هەموو خوێندەوارێک ئەم پەرتووکە بخوێنێتەوە لەبەر چەندان گرنگیی یاسایی و سیاسی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی: - کە ئەوە دەردەخات باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) لەگەڵ ئێراق یەک پارچە نەبووە ئەوکاتەی کە لە دەسەڵاتی عوسمانی جیاکراوەتەوە).

ئەوەی نعمەت عەبدوڵڵا نووسیویەتی کوردێتیی و کوردستانێتیی تەواوی خاکی ویلایەتی موسڵ دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی لە لایەک نووسەر باشووری کوردستان و ویلایەتی موسڵ بە یەک خاک و یەک نیشتمان دادەنێت، کە یەکیش بن کەواتە تەواوی شارەکانیان شاری کوردی و کوردستانین، لەلایەکی تریشەوە ئەو باسی ئەوە دەکات کە ویلایەتی موسڵ هەرگیز بەشێک نەبووە لە ئێراق، مادامیش بەشێکی ئەو نەبوبێت هەرگیزیش ناکرێت شارێک لە شارەکانی و بەتایبەت پایتەختی ویلایەتەکە بەشێک بێت لە ئێراق.

لە لاپەڕە (40)ی پەرتووکی (دەقەکانی کۆنگرەی سیڤرە و خوێندنەوەیەکی تر)، هاتووە: (کوردستان نەک ویلایەت بەڵکو لەئاستی ئیالەت بووە، کە بریتی بووە لە پێنج ویلایەت، بەپێی دوانامەی شێخ عەبدولقادری شەمزینی بۆ سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای ئاشتی، بریتی بووە لە: (ناوچەکانی ئامەد، بەتلیس، خەرپوت، وان و موسڵ). هەرچی ناوچەکانی جەزیرە، بۆتان، نێوان هەر دوو زێی دیجلە و فوڕات تا بەغدا بە میزۆپۆتامیا هەژمار کراوەو هەر لەسەر کورد هەژمار بووە).

ئەوەی کە شێخ عەبدولقادری شەمزینی لە پەرتووکی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی، کوردێتیی و کوردستانێتیی بوونی شار و ویلایەتی موسڵ بە تەواوی دەردەخات، چونکە شێخی شەمزینی تەواوی ویلایەتی موسڵ بە پارچەیەکی کوردستان دادەنێت.

دوریە عەونی، کچی مێژوونووسی بەناوبانگی کورد محەمەد عەلی عەونی، لە لاپەڕە (12)ی پەرتووکی (عرب وأكراد خصام أم وئام)دا نووسیویێتی: (بەشی سێیەمی ئەم پەرتووکە، قۆناغی نێوان دوای جەنگی یەکەمی جیهانی 1920 تاوەکو جەنگی کەنداو 1991 دەگرێتەوە. واتە لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراقەوە لەهەر سێ ویلایەتەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی، کە دوانیان (ویلایەتەکانی بەسراو بەغدا) عارەبی بوون و سێیەمیشیان (ویلایەتی موسڵ) کوردی بوو کە دەکاتە کوردستانی ئێراق یان باشووری کوردستان).
کاتێک کە نووسەر و ڕۆژنامەنووس دوریە عەونی، ویلایەتی موسڵ بە ویلایەتێکی کوردی ناودەبات، کەواتە تەواوی شارەکانی سەر بە ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵی مەڵبەندی ویلایەتەکەش، شاری کوردی و سەر بە باشووری کوردستانن.

دوریە عەونی، لە لاپەڕەکانی (24-25)ی پەرتووکی (عرب وأكراد خصام أم وئام)دا نووسیویێتی: (دەتوانین بڵێین بەبێ ئەوەی دووربین لە ڕاستییەوە کە کوردستان لە باکوورەوە لەزنجیرە چیاکانی ئارارات کە جیاکەرەوەی سنووری سیاسی ئێران، ئەرمینیا و تورکیا، سنووری نیشتمانی کورد و فارس و ئەرمەن درێژ دەبێتەوە بەرەو چیاکانی حەمرین (کێوەسوور)ی جیاکەرەوەی نێوان ئێراقی عارەبی (ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرا)و نێوان کوردستانی ئێراق یان باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵی عوسمانی) لەلای باشوورەوە).
بە گوێرەی ئەو پێناسەیەی کە نووسەر و ڕۆژنامەنووس دوریە عەونی بۆ سنووری خاکی کوردستان کردوویەتی، بەبێ هیچ گومانێک شاری موسڵ شارێکی کوردی و سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە ناوبراو ئێراقی بە ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرا وە باشووری کوردستانی بە ویلایەتی موسڵ داناوەو، خاکی ئێراق (ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرا)ی لە خاکی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)

جیاکردۆتەوە. کاتێک کە ئەو دوو خاکە جیابن و شاری موسڵ-یش کەوتبێتە ناو باشووری کوردستان یان ویلایەتی موسڵ، کەواتە بە دڵنیاییەوە شاری موسڵ خاکی کوردە و دەکەوێتە ناو چوارچێوەی سنووری باشووری کوردستان.

دوریە عەونی، لە لاپەڕە (33)ی پەرتووکی (عرب وأكراد خصام أم وئام)دا نەخشەیەکی بڵاوکردۆتەوە، نەخشەکە پێنج شاری (موسڵ، کەرکوک، دهۆک، هەولێر و سلێمانی) لە باشووری کوردستاندا لەخۆ گرتووە).

ئەوەی ژنە ڕۆژنامەنووس و مێژوونووسی کورد دوریە محەمەد عەلی عەونی ئاماژەی پێکردووە، باوەڕبوونی ژنە نووسەری کورد دوڕیە عەونی دەگەیەنێت بە کوردستانی بوونی شاری موسڵ، چونکە ئەو ژنە نووسەرە لە نەخشەکەی خۆیدا شاری موسڵ-ی لەنێو سنووری باشووری کوردستان داناوە. نەخشەکە لە کۆتایی ئەو بەشەدا دانراوە.

دوریە عەونی، لە لاپەڕە (58)ی پەرتووکی (عرب وأكراد خصام أم وئام)دا نووسیویێتی: (بە گوێرەی پەیماننامەی (سایکس پیکۆ) بەشی فەرەنسا بریتیبوو لە (ناوچەی شین)، کە هەرێمی موسڵ واتە (باشووری کوردستان)ی دەوڵەمەند بە نەوتی دەگرتەوە، لەگەڵ هەرێمی کیلیکیا کە ویلایەتی ئەدەنە هەتا دیاربەکری لە تورکیا (کوردستانی تورکیا) دەگرتەوە. ئەم دوو ناوچەیە یان هەرێمەیە موسڵ و دیاربەکر زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانەکانیان کوردن).

بە گوێرەی بۆچوونی نووسەر و ڕۆژنامەنووس دوریە عەونی، شاری موسڵ یەکێکە لە شارە گرنگەکانی کوردی، چونکە نووسەری ناوبراو هەرێمی موسڵ کە دەکاتە ویلایەتی موسڵ بە تەواوی بە خاکی کورد و بە بەشێکی کوردستان ناودەبات، کەواتە شاری موسڵ-یش وەکو مەڵبەندی ویلایەتی موسڵ و وەکو بەشێکی خاکی کورد و شارێکی سەر بەو ویلایەتە، شارێکی کوردی و سەر بە باشووری کوردستانە.

دوریە عەونی، لە لاپەڕە (77)ی پەرتووکی (عرب وأكراد خصام أم وئام)دا نووسیویێتی: (لە بەشی یەکەم دەرمان خست کە ئینگلیزەکان هەر لە ساڵی

(1914)ەوە دەستیانکرد بە داگیرکردنی ئەوەی کە پێی دەگوترا میسۆپۆتامیای خواروو (ئێراقی عارەبی)، تاوەکو هاتن و میسۆپۆتامیای سەروو (باشووری کوردستان) واتە ویلایەتی موسڵی عوسمانییان لە ساڵی (1919)دا داگیرکرد. هەروەها چۆن ئەو ویلایەتە کوردییە (ویلایەتی موسڵ)یان بە ویلایەتەکانی بەسراو بەغدای عارەبییەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراقی هەر دوو نەتەوەی کورد و عارەب لکاند).

ئینگلیزەکان لە ڕێکەوتی (5.11.1918)دا بوو ویلایەتی موسڵ واتە (باشووری کوردستان)یان داگیرکرد، نەک وەکو ئەوەی نووسەر نووسیوێتی لە ساڵی (1919)دا. هەروەها بە گوێرەی بۆچوونی ژنە نووسەر دوریە عەونی، شاری موسڵ و تەواوی شارەکانی تری سەر بە ویلایەتی موسڵ شاری کوردی و سەر بە باشووری کوردستانن، لەبەر ئەوەی نووسەری ناوبراو میسۆپۆتامیای خوارووی بە ئێراقی عارەبی و میسۆپۆتامیای سەرووی بە باشووری کوردستان ناوبردووە، هەموو لایەکیش دەزانن کە میسۆپۆتامیای سەروو ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرا، هەروەها میسۆپۆتامیای سەرووش ویلایەتی موسڵ دەگرێتەوە.

کەمال نوری مەعروف، لە لاپەڕە (50)ی پەرتووکی (یاداشتەکانی (لەتیف)ی حەفید لەسەر شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی حەفید)دا نووسیوێتی: (دوای ئەوەی شێخ مەحمود کودەتاکەی دژ بە تورک سازداو، پەیمانی لەتەک پیاوە ڕامیارییەکانی ئینگلیزەکاندا لە سەروویانەوە ویلسۆن بەست ئینگلیزەکان هاتنە سلێمانی و، بە ناوی حکومەتی کوردستانە وە، دەستیانکرد بەڕێکخستنی حکومەتەکەو، لە هەمان کاتیشدا، پیاوانی ڕامیاری ئینگلیز، پیلان و ژەهری خۆیان دەڕشتو، پەنجەیان لە ئیشوکاری دەوڵەتیش وەردەدا. ئەمە بووە هۆی ئەوەی، کە حکومەتەکەی کوردستان، لە کەرکوک و، هەولێر، موسڵ و شوێنە کوردە وارییەکانی کفری، خانەقین، ئیشی بە باشی نەڕوات. ویلسۆنی حاکمی گشتی سەربازی ئێراق هات دەستیکرد بە هەڵخەڵەتاندنی کوردی ئێران، کە پاڵپشتبوون بۆ حکومەتەکەی شێخ مەحمود، بەوەی لەگەڵ کوردستانی خوارووداا دەیانکات بە یەک).

ئەوەی کە شێخ لەتیفی شێخ حەفید ئاماژەی پێکردووە، کوردبوون و کوردستانی بوونی شاری موسڵ دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی ناوبراو ناوی شارەکانی موسڵ،

هەولێر، کەرکوک، سلێمانی، خانەقین و کفری وەکو شاری سەر بەو حکومەتەی کوردستان، کە لە لایەن شێخ مەحمودی نەمر دامەزرابوو بردووە.

سەرنووسەری گۆڤاری (کوردستان المجاهدة)، لە لاپەڕەکانی (4-5)ی ژمارە (3)ی ئەم گۆڤارەدا، وتارێکی لەژێر ناونیشانی (حكومة جنوب كوردستان الفدرالية)دا بڵاوکردۆتەوە، کە تیایدا سەبارەت بە موسڵ دەڵێت: (پێویستە پارتە ئیسلامییەکان و نائیسلامییەکانی ئێراقی ئەوە باش بزانن کە گەلی کورد ئێراقی نین و، ئامانجی خەباتی ڕەوایان ئەوەیە کە مافە داگیرکراوەکانیان بەدەست بهێننەوە، کە داگیرکەری ڕۆژئاوا وایلێکردن و لە ڕێگای ستەم و دوژمنایەتییەوە بەشی باشووری نیشتمانی کوردستانی بەپێی پەیماننامەی سایکس پیکۆی ساڵی (1916) بە ئێراقەوە لکاند. باشووری کوردستان بە گوێرەی دابەشبوونی کارگێڕی و ڕامیاری دەوڵەتی عوسمانی بە (ویلایەتی موسڵ) ناودەبرا. ویلایەتی موسڵ ئەوکات و ئەمڕۆکەش ئەو ناوچەو پارێزگایانە دەگرێتەوە: موسڵ، کەرکوک، سلێمانی، هەولێر و دهۆک، کە تێکڕایان لە ڕووی جوگرافییەوە بەشی باشووری کوردستان پێکدەهێنن).
ئەوەی کە گۆڤاری (کوردستان المجاهدة) ئاماژەی پێداوە، کوردبوون و کوردستانیی بوونی شاری موسڵ و تەواوی شارەکانی تری سەر بە ویلایەتی موسڵ دەگەیەنێت، کە گۆڤارە لە سەرەوەدا ناوی بردوون، چونکە (کوردستان المجاهدة) لە لایەک ویلایەتی موسڵی بە باشووری کوردستان ناوبردووە، لەلایەکی تریشەوە تەواوی شارەکانی ویلایەتەکە بە شاری موسڵ-ی مەڵبەندی ویلایەتەکەوە لە ڕووی جوگرافییەوە بە بەشێکی سەر بە باشووری کوردستان ناوبردووە.

باوکی مازیار ئاکرەیی، لە لاپەڕەکانی (15-17)ی گۆڤاری (کوردستان المجاهدة)، ژمارە (3)دا، وتارێکی لەژێر ناونیشانی (رد وتوضيح)دا بڵاوکردۆتەوە، کە وەڵامێکە بۆ دکتۆرێکی تورکمان بە ناوی (فازڵ دمیرجی)، نووسیوێتی: (لەپێناوی گرنگێتی و شوێنی ستراتێژی و زیندوێتی شاری کەرکوک بۆ گەلی کورد، ئەوەبوو لە ساڵی (1991)دا ڕاپەڕینێکی گەورەی جەماوەری بەرپابوو کە شاری کەرکوک و تەواوی ناوچەو شارەکانی سەر بە باشووری کوردستانی جگە لە شاری موسڵ ڕزگارکرد، ڕاپەڕینەکە دەیویست شارەکە (شاری موسڵ) ڕزگار بکات، کە هەندەی نەمابوو

ئەویش بکەوێت، ئەگەر ستەمی ئەمریکییەکان نەبوایە. ئایە کەمەنەتەوەیەکی بچووکی وەکو تورکمان دەتوانێت شارەکانی وەکو موسڵ، هەولێر و کەرکوک کە لە هەموو لایەکەوە بە چەند فەیلەقێک و نوێترین چەکی کۆکوژو تفاقی جەنگی قایم کراوە، ڕزگار بکات).

به گوێرەی تێڕوانینی باوکی مازیار ئاکرەیی، شاری موسڵ شارێکی کوردی و سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە باوکی مازیار ناوی شاری موسڵی وەکو شارێکی کوردی و سەر بە باشووری کوردستان بردووە، کە نەتوانراوە لەڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی (1991)دا ڕزگار بکرێت.

دکتۆر ڕێبوار خنسی، لە لاپەڕە (23)ی پەرتووکی (الملف النفطي في العراق)دا نووسیویێتی: (قەبارەی بەردە نیشتووەکان لە کوردستان نزیکەی بە (20)کیلۆمەتر دادەنرێت لە ناوچەی خانەقین و کەرکوک، بەڵام کەمتر دەبێتەوە لەلای باکووری خۆرئاوا تا دەگاتە نزیکەی (8) کیلۆمەتر لە پارێزگاکانی هەولێر، موسڵ هەروەها لە ناوچە نەوتاوییەکانی کوردستانی تورکیا و کوردستانی سوریا. وە بۆ نزیکەی (6-7)کیلۆمەتر لە شەنگال).

بە گوێرەی بۆچوونی دکتۆر ڕێبوار خنسی، پارێزگای موسڵ بە تەواوی بەشێکە لە خاکی کورد و سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە دکتۆر ڕێبوار لە باسی قەبارەی بەردە نیشتووەکان لە کوردستاندا، ناوی پارێزگای موسڵی شانبەشانی پارێزگای هەولێر وەکو پارێزگایەکی سەر بە کوردستان ناوبردووە.

دکتۆر ڕێبوار خنسی، لە لاپەڕە (26)ی پەرتووکی (الملف النفطي في العراق)دا نووسیویێتی: (تەڕایی نەوت لەسەر ڕووی زەوی لە زۆر شوێن دەرکەوت بەدرێژایی پشتێنەی نەوتی لە کوردستان (مەندەلی، خورماتو، بابەگوڕگوڕ و گەیارە)، یان نزیک لە ڕووی زەوی لە هەندێک شوێنی سەر بە پارێزگای موسڵ).

دووبارە ئەوەی کە دکتۆر ڕێبوار خنسی باسیکردووە، کوردبوون و کوردستانێتیی شاری موسڵ و پارێزگای موسڵ بە تەواوی دەگەیەنێت، چونکە ناوبراو لە باسی دەرکەوتنی نەوت لە کوردستاندا، ناوی پارێزگای وەکو پارێزگایەکی سەر بە کوردستان ناوبردووە.

دکتۆر ڕێبوار خنسی، لە لاپەڕەکانی (28-29)ی پەرتووکی (الملف النفطي في العراق)دا، سەبارەت بە موسڵ نووسیویێتی: (لە ساڵی (1890)دا گوڵبەنگیان (کالۆست سەرکیس گوڵبەنگیان) ڕاپۆرتێکی فەرمی بۆ سوڵتان بەرزکردەوەو، لە ڕاپۆرتەکەدا ڕوونیکردەوەو سەرنجی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە کێڵگەی نەوت لە تەواوی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا هەیە. دوای ئەوە چەند وتارێک لە لایەن چەندان جیۆلۆجییەوە نووسرا. بۆ نموونە (دومۆرکان لە ساڵی (1892)و ستال لە ساڵی (1893)، کۆلۆنێل موستیل لە ساڵی (1897) و بارۆن فۆن ئاوینهایم لە ساڵی 1899)دا)، کە لە ڕاپۆرتە جیۆلۆجیەکانیاندا باسی ئەوەیان کردبوو کە (نەوت لە کوردستان ئەوەندە سەرسوڕهێنەرەو مەزەندە ناکرێت). ئەوە سوڵتان عەبدولحەمیدی هاندا بۆ ئەوەی ئەو زەوییانەی کە نەوتی لێ دەردەهێنرێت، خاوەندارێتییەکەی لە حکومەتی عوسمانییەوە بگۆڕێت بۆ خاوەندارێتی تایبەتی خۆی لە ساڵی (1890)داو، دواتریش لە ساڵی (1899)دا چەند بەشێکی تریشی بە ناوی خۆیکرد. بەمەش ناوچە نەوتاوییەکان بەدرێژایی پشتێنەی نەوتی لە کوردستان بە ناوی سوڵتان عەبدولحەمید کراو بوو بە خاوەنی تایبەتی ئەو زەوییانە. پاشان سوڵتان گرنگییدا بەو ناوچە نەوتاوییانە (مەندەلی، خورماتو، بابەگوڕگوڕ و موسڵ) بەهۆی فراوانکردنی دەسەڵاتی هەندێک تیایدا، بۆ نموونە (بنەماڵەی نەوتچی، بنەمەڵەی یەعقوبی لە خێڵی زەنگەنەو بنەماڵەی ئاوچی).

دیسان بە بۆچوونی دکتۆر ڕێبوار خنسی، شاری موسڵ شارێکی کوردی و سەر بە باشووری کوردستانە، چونکە ناوبراو لە باسی دۆزینەوەی نەوت لە کوردستاندا ناوی شاری موسڵ وەکو شارێکی کوردستانی دەبات.

دکتۆر ڕێبوار خنسی، لە لاپەڕەکانی (186-187)ی پەرتووکی (الملف النفطي في العراق)دا، لە باسی چارەسەرکردنی لایەنە لاوازەکان لەپێناوی پتەوکەدنی پێگەی کوردستانی ئێراقدا، نووسیویێتی: (بە یەکەوە بەستنی تەواوی فەرمانگەکانی پەیوەست بە نەوت و گازی سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان (فەرمانگەکانی روپێوی جیۆلۆجی لە پارێزگاکان، بەڕێوەبەرێتی گشتی نەوت و کانزاکان) و گرێدانەوەیان بە دەزگای نەوت و گاز، باشتر دەبێت ئەگەر لەژێر ناونیشانی

(دەزگای گشتی نەوت و گاز)دا بێت، کە دەتوانێت لە ماوەیەکی کورتی داهاتوودا ڕۆڵی خۆی هەبێت لە کردنەوەی لقەکانی پارێزگاکانی (دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی، خانەقین و موسڵ) لەژێر ناونیشانی (بەڕێوەبەرێتی گشتی نەوت و گاز).

ناوهێنانی پارێزگای موسڵ شانبەشانی پارێزگاکانی تری کوردستان، بۆچوونی دکتۆر ڕێبوار خنسی دەردەخات کە موسڵ بە شارێکی کوردی و سەر بە باشووری کوردستان دادەنێت.

دکتۆر زرار سدیق تۆفیق، لە لاپەڕە (334)ی پەرتووکی (كوردستان في القرن الثامن الهجري دراسة في تأريخها السياسي والأقتصادي)دا، لە باسی سەرچاوە داراییەکانی هەرێمە کوردییەکان لە ساڵی (750ی کۆچی – 1349ی زایینی)دا نووسیویێتی: (هەرێمی دیاربەکر: ماردین، هەولێر، جەزیرە، میافارقین، شەنگال، موسڵ، ڕەئسولعەین و حەڕان دەگرێتەوە، داهاتی داراییان بە دینار (1.100.000) بووە).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی دکتۆر زرار سدیق، شاری موسڵ و ئەو شارانەی تریش کە لە سەرەوەدا ناوی بردوون، شاری کوردی و سەر بە کوردستانن، لەبەر ئەوەی نووسەر خۆی ئاماژەی بەوەداوە کە هەرێمی دیاربەکر هەرێمێکی کوردیە، هەروەها ئەو لە بابەتی سەرچاوە داراییەکانی هەرێمە کوردییەکان ناوی شاری موسڵی وەکو شارێکی سەر بە هەرێمێکی کوردی ناوبردووە.

دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، لە لاپەڕەکانی (152–154)ی پەرتووکی (وثائق بريطانية عن تشكيل دولة كوردية مستقلة 1924–1927)دا، ئاماژەی بە ڕاپۆرتێکی وەزارەتی فڕۆکەوانی داوە کە لە ڕێکەوتی (23.12.1927)دا بۆ دەستەی ئەرکانی ئیستیخباراتی ئاسمانی ناردوویەتی. ڕاپۆرتەکە سەبارەت بە ڕاگەیاندنێکی کوردەکانە و لەژێر ناوی (ڕاگەیاندنێک بۆ کوردەکان و باکووری کوردستان)، کە یازدە خاڵی لەخۆگرتووەو، لە خاڵی یەکەمدا هاتووە: (باکووری کوردستان، کە ویلایەتی موسڵ-یش دەگرێتەوەو نزیکەی یەک ملیۆن کەس لەخۆدەگرێ، بە هیچ شێوەیەک و لە هیچ کاتێکدا دەسەڵاتی عارەبی پەسەند ناکەن لەژێر ناوی (حکومەتی ئێراق)یدا).

بەپێی ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی فرۆکەوانی و ڕاگەیاندنەکەی کوردەکان، نەک تەنیا شاری موسڵ بە تەنیا بەڵکو تەواوی خاک و شارەکانی ویلایەتی موسڵ خاکی کورد و شاری سەر بە کوردستانن، چونکە کوردەکان لە ڕاگەیاندنەکەیاندا ویلایەتی موسڵ بە تەواوی بە بەشێک لە باکووری کوردستان دەزانن.

دڵشاد نوعمان فەرحان، لە لاپەڕە (22)ی پەرتووکی (معاناة الكورد الإيزديين في ظل الحكومات العراقية 1921–2003)دا نووسیویێتی: (سەرەڕای نەبوونی سەرژمێریێکی وورد لە ئێراق، کەچی ئێزیدییەکان نوێنەرایەتی یەکێک لە گەورەترین کەمینەی ئاینی دەکەن لەوێ. ئێزیدییەکان بەشێوەیەکی سەرەکی لە کوردستانی ئێراقدا بوونیان هەیەو، ناوچەکانی نیشتەجێ بوونیان بەتایبەت لە قەزاکانی (شەنگال، شێخان، تەلکێف موسڵ، شارەدێی بەعشیقە، تەلەعفەر، شارەدێکانی زومارو ڕەبیعە) لە پارێزگای نەینەوا، هەروەها لە قەزاکانی سمێل و زاخۆ لە پارێزگای دهۆک).
بە گوێرەی بۆچوونی نووسەر دڵشاد نوعمان فەرحان، شاری موسڵ بریتییە لە شارێکی کوردی و سەر بە خاکی کوردستان، چونکە نووسەری ناوبراو لە باسی شوێنی نیشتەجێبوونی کوردە ئێزیدییەکاندا، ناوی شاری موسڵی وەکو شارێکی سەر بە کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان) هێناوە.

دڵشاد نوعمان فەرحان، لە لاپەڕە (25)ی پەرتووکی (معاناة الكورد الإيزديين في ظل الحكومات العراقية 1921–2003)دا نووسیویێتی: (دەتوانین ئاماژە بە بەری خۆرهەڵاتی ڕووباری دیجلە (بەری دەستە چەپ)ی پارێزگای نەینەوا بکەین، کە هەرگیز تاکە گوندێکی عارەبی تیا نەبووە، هەروەها نیشتەجێبوونی خەڵکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە دامەزراندنی شانشینی ئێراقی لە مانگی ئابیساڵی (1921)و دواتریش. ئەو ناوچەیە تەنیا هیچ کۆمەڵەیەکی عارەبی نیشتەجێی لێ نەبووە، بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونە ڕاستەشمان دەبینین کە زۆرێک لەو گوندانەی عارەبی تێدا دەژیت لە خۆرهەڵاتی دیجلە لە پارێزگاکانی نەینەواو هەولێر ناوەکانیان ناوی کوردین، هەروەکو گوندەکانی: نێرگزلیا، ڕکاڤا، شێڤ شیرین، باسڤنێ، گڕ ئیسحاق، کانی شیرین و هتد...).

ئەوەی کە نووسەر دڵشاد نوعمان فەرحان ئاماژەی پێکردووە، کوردستانێتیی و کوردێتیی بەلای کەمەوە بەری دەستە چەپ یان (کەناری خۆرهەڵاتی موسڵ) واتە نەینەوا دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی نووسەری ناوبراو باسی ئەوەیکردووە کە هەر لە کۆنەوە و بەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراق و، لکاندنی زۆرەملێیانەی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بەو دەوڵەتەوە، عارەب بوونی نەبووە لە کەنای دەستە چەپی شاری موسڵ و، ناوی تەواوی گوند و ناوچەکان ناوی کوردی بووە.

وریا ڕەحمانی، لە لاپەڕەکانی (29-31)ی پەرتووکی (کوردستان و کورد لە ڕوانگەی نەخشەوانییەوە)، نووسیوێتی: (کوردستان لە سەردەمی مەغۆلەکاندا (1340ز)، لەم بەشە کارگێڕییانە پێکهاتووە: - ویلایەتی کوردستان: ئەم ویلایەتە لە شانزە یەکەی کارگێڕی بە ناوی ئیالەتەوە (نێوچە) پێکهاتبوو. وەکو: ئالانی، ئەلیشتەر، بەهار، خەفتیان، دەربەندی تاج خاتوون، دەربەندی زەنگی، دەزبیل، دینەوەر، سوڵتان ئاباد، شارەزوور، کرماشان، کرندو خۆشان، کەنگاوەر، ماهیدەشت (واستام – بێستوون) و هەر سێن. – ویلایەتی دیاربەکر و ڕەبیعە: ئەم ویلایەتە لە (29) یەکەی کارگێڕی، بە ناوی ئیالەتەوە پێکهاتبوو. وەکو موسڵ، ئەربیل، ئەرزن، ئامەد، باسەیدە، بازەرنوح، بەرتللی، بوازیج، جەسار، جەزیرە، حانیو سیوان، حەڕان، حەسەنکێف، خاپور، ڕەئسولعەین، ڕەقە، روها، ساعرد، شەنگال، سوق سمانین، ئاکرێ، ئامێدی، قەرقیسیا، کەرمەلێس، ماردین، موش، میافارقینو نەسیبین. – ویلایەتەکانی ئێراقی عارەبی و خۆزستان: بەرزای روز (بەلەدروز)، بەندنیچین، مەندەلی، حەلوان (سەپێلی زەهاو)، خانەقین، داقوق، زەنگ ئاباد، باجسرێ، شارەبان، قەسری شیرین، دێزەفۆل، سوس، لوڕی بزرگ نێوچەی بەختیاری، لوڕی پچووک، لۆردگان، بروجەرد، خوڕەم ئاباد، سەمسا و سێمەرە).

ئەوەی کە نووسەر وریا ڕەحمانی ئاماژەی پێکردووە، کوردستانێتیی و کوردێتیی تەواوی پارێزگای موسڵ دەگەیەنێت، چونکە ناوبراو تەواوی شاری موسڵ بە بەشێک لە کوردستان دەزانێت.

وریا ڕەحمانی، لە لاپەڕەکانی (70-72)ی پەرتووکی (کوردستان و کورد لە ڕوانگەی نەخشەوانییەوە)، نووسیوێتی: (کوردستانی ئێراق پێکدێت لە: تەواوی

پێکهاتەی قەزاو ناحیەکانی پارێزگاکانی دهۆک، پارێزگای سلێمانی، پارێزگای هەولێر، پارێزگای کەرکوک، پارێزگای نەینەوا، خانەقین، جەلەولا، سەعدیە، مەیدان، قۆرەتو، مەندەلی، بەلەدروز، قەزانیە، کفری، قەرەتەپە، کۆکس، سەرقەڵا، جەبارە، میقدادیە، مەنسوریە، توزخورماتوو، ئامیرلی، سلێمان بەگ، نەوجۆل، قادرکەرەم، بەدرە، جەسان و زرباتیی).

بێ هیچ گومانێک ئەوەی کە وریا ڕەحمانی باسیکردووە، کوردستانێتیی و کوردێتیی تەواوی پارێزگای موسڵە، چونکە نووسەری ناوبراو تەواوی پارێزگای موسڵی بە بەشێک یاخود پارێزگایەکی سەر بە کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان) داناوە.

وریا ڕەحمانی، لە لاپەڕەکانی (152-154)ی پەرتووکی (کوردستان و کورد لە ڕوانگەی نەخشەوانییەوە)، نووسیوێتی: (پەیماننامەی سایکس پیکۆ، کە لە ڕێکەوتی (9-16.5.1916)دا بەسترا، ناوچە کوردنشینەکانی بەمشێوەیە دابەشکردبوو: - باکووری کوردستان (باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیای ئێستا) لەژێر دەسەڵاتی ڕوسیا. - باشووری کوردستان (حکومەتی ئێستای هەرێمی کوردستان، موسڵ و کەرکوک) لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیا. - ڕۆژئاوای کوردستان (سوریەی ئێستا) لەژێر دەسەڵاتی فەرەنسا).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی نووسەر وریا ڕەحمانی پارێزگای موسڵ بە تەواوی بریتییە لە خاک و نیشتمانیی کورد، چونکە ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە باشووری کوردستان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی موسڵ و کەرکوک پێکدێت.

وریا ڕەحمانی، لە لاپەڕە (159)ی پەرتووکی (کوردستان و کورد لە ڕوانگەی نەخشەوانییەوە)، نووسیوێتی: (کە وڵاتە یەکگرتووەکان نەیتوانی خاوەندارێتی کوردستان بکا، ئیتر بەریتانیا کە بە تاکە سواری لە گۆڕەپان مایەوە، ئەوەندەی تری لە خاکی کوردستان کە بە چەوری دەزانی خستە سەر قەڵەمڕەوی خۆی. ئەوەبوو هەموو ویلایەتی موسڵ (ناوەندی کوردستان)ی کە کۆنە خاکی عوسمانیی بوو، بە ناوچەی کوردنشینیی کەرکوکەوە کە هەر گۆشەیەکی لە نەوتدا بلقی دەدا کردەماڵی

خۆی، سەرزەمینەکە هەموو خرایە سەر وڵاتی ئێراق کە بەناو عارەبی و لە ڕاستیدا لەژێر خاوەنداریێتی بەریتانیادا بوو).

باسکردنی ویلایەتی موسڵ بەو شێوەیەی کە وریا ڕەحمانی باسیکردووە، کوردبوون و کوردستانی بوونی تەواوی شارەکانی سەر بەو ویلایەتە، بە شاری موسڵی پایتەختی ویلایەتەکەش دەگرێتەوە.

وریا ڕەحمانی، لە لاپەڕە (348)ی پەرتووکی (کوردستان و کورد لە ڕوانگەی نەخشەوانییەوە)، سەبارەت بە شاری موسڵ نووسیویێتی: (گۆڕی کەونارای پەیامبەرەکانی ناو ئینجیل وەکو ناحۆم ئەلقۆش، یونا (یونس) لە نەبی یونس (نەینەوای دێرین)، دانیال لە کەرکوک، حەبەقوون لە تویسرکان و شاژن ئیستەرو موردەخای لە هەمەدانو، چەندان ئەشکەوت کە دەڵێن ئەلیا سەردانی کردوون، بەشێکن لە ئارامگاو مەزارە هەرە گرنگەکانی جوولەکەکان لە کوردستان و ئەمڕۆکە هەموو جوولەکەکان ڕێزیان لێدەگرن و بە پیرۆزیان دەزانن).

لە باسکردنی گۆڕستانی جولەکەکاندا لە باشووری کوردستاندا، نووسەر وریا ڕەحمانی ناوی شاری نەینەوا (موسڵ)ی وەکو شارێکی سەر بە کوردستان بردووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە نووسەر ئەو شارە بە بەشێکی کوردستان دەزانێت.

وریا ڕەحمانی، لە لاپەڕە (392)ی پەرتووکی (کوردستان و کورد لە ڕوانگەی نەخشەوانییەوە)، پەیوەست بە شاری موسڵ نووسیویێتی: (ئاشووریەکان (کە ناوێکی تازەو نا دروستە میسیۆنێرە ڕۆژئاواییەکان بۆ کریستانە نەستۆریەکانی ناوچەکە دایان تاشیوەو، ئەوان نەتەوەیەکی دێرین و بەشێوەی سەرەکی ئارامی زمانن) سەردەمێک بەشێوەیەکی چڕو پڕتر لە کوردستاندا، هەر لە دەوروبەری موسڵ-ەوە بیگرە تا گەیشتە کەنارەکانی گۆلی وان و ورمێ نیشتەجێبوون و دوایی، پاش کۆمەڵکوژییەکانی دوا دوای سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم ناچار هەڵاتن و سەری خۆیان هەڵگرت. ئەوان ئێستا لە لێوارەکانی کوردستان، نزیکی سەلماس و ورمێ لە ئێران و نزیکی دهۆک، هەولێر و موسڵ لە ئێراق و قامیشلو، ماردین و سێرت لە سوریا و تورکیا دەژین).

نووسەر وریا ڕەحمانی لە باسی ئاشوورییەکانی کوردستاندا، ناوی شاری موسڵی وەکو شارێکی سەر بە کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان) ناوبردووە، کە بەشێک لە دانیشتوانەکەی ئاشوورین.

وریا ڕەحمانی، لە لاپەڕە (446)ی پەرتووکی (کوردستان و کورد لە ڕوانگەی نەخشەوانییەوە)، نووسیویێتی: (ڕووباری دیجلە لە زەریاچەی گولچوک سەرچاوە هەڵدەگرێت و لە باکووری ڕۆژئاواوە بەرەو باشوور دەڕوات، هەتاکوو لە ئاوەدانی (فەتحە)ی نێوان چیای حەمرین و مکێحل، لە خاکی کوردستان دەردەچێتە دەرەوە).
بە گوێرەی بۆچوونەکانی وریا ڕەحمانی تەواوی پارێزگای موسڵ بریتییە لە خاکی کورد و بەشێکە لە باشووری کوردستان، چونکە ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە ڕووباری دیجلە لە نێوان چیاکانی حەمرین و مکێحل لە نزیک فەتحە لە کوردستان دەردەچێت، فەتحەش بە دووری (110) کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری شاری موسڵ.

وریا ڕەحمانی، لە لاپەڕەکانی (484-487)ی پەرتووکی (کوردستان و کورد لە ڕوانگەی نەخشەوانییەوە)، لە بابەتی نەوت و کانزاکانی کوردستاندا لە مەڕ موسڵ نووسیویێتی: (نێوچەی نەوتی باکوور بە گچکەترین نێوچەی نەوتی کوردستان دادەنرێ. ئەم نێوچەیە لە پارێزگاکانی سیرت، باتمان، ئامەد، موسڵ و قەزای مالکییەدا هەڵکەوتووە).
وریا ڕەحمانی تەواوی پارێزگای موسڵ بە نیشتمانی کورد و بەشێک لە خاکی باشووری کوردستان دادەنێت، لەبەر ئەوەی ناوبراو لە باسی بابەتی نەوت و کاناکانی تری ژێر زەوی کوردستاندا، ناوی پارێزگای موسڵی وەکو پارێزگایەکی سەر بە کوردستان بردووە.

هاوڕێ باخەوان، لە لاپەڕە (16)ی نامیلکەی (دەستوورم واهی خوێندەوە)دا نووسیویێتی: (من ترسی ئەوەم هەیە ئێستاش دەسەڵاتی کوردی نەزانێت کوێ کوردستانە و کوێش ئێراق. ئەمە جگەلەوەی باسی ئەو شوێنانەی تری کورد نەکراوە کە سەر بە پارێزگای کوتن وەک بەدرەو جەسان و بەپێی ئەم دەستوورەش بە هەموو شێوەیەک واز لە کوردستانیی شاری نەینەوا دێنین. ئیتر

پێویست بەوەش ناکات لیستی برایەتی گلەیی لە لیستی حەدبای عارەبەکان بکات لە شاری نەینەوادا. ئەگەر موسڵ شارێکی عارەبی بێت بەپێی دەستووری هەرێمی کوردستان، ئیدی لیستی برایەتیی پارتی و یەکێتیی چی دەکەن لە موسڵ).
ئەوەی کە نووسەر هاوڕێ باخەوان نووسیویێتی، بۆمان دەردەخات کە ناوبراو شاری موسڵ بە شارێکی کوردی و سەر بە باشووری کوردستان دەزانێت، بۆیە بە سەر سوڕمانەوە باسدەکات کە دەسەڵاتی کوردی لە باشووردا وازیان لە کوردستانێتیی شاری موسڵ هێناوەو لەو دەستوورەدا بە هیچ شێوەیەک باسیان لە کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری نەینەوا نەکردووە.

دکتۆر جەزا تۆفیق تالیب، لە لاپەڕە (30)ی پەرتووکی (تحدید حدود إقليم كوردستان العراق)دا، بە پشتبەستنی بە لاپەڕە (22)ی ژمارە (10)ی گۆڤاری (سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی)، کە وتارێکی دکتۆر ئازاد محەمەدئەمین نەقشبەندی، لەژێر ناوی (دەربارەی دەست نیشان کردنی سنووری کوردستان)دا بڵاوکردۆتەوە، دەربارەی موسڵ نووسیویێتی: (دکتۆر ئازاد محەمەدئەمین نەقشبەندی سنووری کوردستانی ئێراق وادەبینێ کە لە شاری بەدرەوە دەست پێدەکات و سنوورەکە بەرەو مەندەلی و شەهرەبان و شانبەشانی چیای سورەکێو (حەمرین) دەڕوات تا لە ڕووباری دیجلە دەپەڕێتەوە، لە خۆرئاوای دیجلەشەوە شانبەشانی چیای مەکحول و شەنگال تا دەگاتە سنووری نێودەوڵەتی سوریا).
بە گوێرەی ئەو دەستنیشانکردنەی دکتۆر ئازاد نەقشبەندی بۆ سنووری کوردستان، بۆمان دەردەکەوێت کە دکتۆری ناوبراو شاری موسڵی وەکو شارێکی کوردی و سەر بە باشووری کوردستان هەژمارکردووە، بۆیە سنووری باشووری کوردستانی بە دووری زۆرتر لە (100) کیلۆمەتر بە باشووری شاری موسڵدا بردووە.

دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر، لە لاپەڕە (98)ی پەرتووکی (چەردەیەک لە مێژووی کورد)دا نووسیویێتی: (ئەو شەڕە (شەڕی چالدێران) کوردستانی باشووری کردە دوو ویلایەتی دەوڵەتی عوسمانی کە ویلایەتەکانی (شارەزوورو موسڵ) بوون. ئەوەش دوای ئەوەی سوڵتان سەلیمی یەکەم لە ساڵی (1515ز)، فەرهاد پاشای

ڕاسپارد بۆ داگیرکردنی ئەم ناوچانە. فەرهاد پاشاش یەکێک لە سەرکردەکانی بە ناوی (محەمەد بیقلو پاشای ئامەدی) بە سوپایەکی بەهێزەوە ناردە سەر ناوچەکە بۆ گەیاندنی دەسەڵاتداریێتی دەوڵەتی عوسمانی پێیان. سەر ئەنجام شارەکانی (موسڵ، شەنگال، ئامێدی، حەسەنکێف، جەزیرە، هەولێر، کەرکوک و شارەزوور) داگیرکران).

ناوبردنی شەڕی چاڵدێران بەوەی کە باشووری کوردستانی دابەشکرد بۆ دوو ویلایەتی شارەزوورو موسڵ، ئەوەدەردەخات کە دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر تەواوی ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵ-یشەوە بە شارێکی کوردی و سەر بە باشووری کوردستان دەزانێت.

دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر، لە لاپەڕە (165)ی پەرتووکی (چەردەیەک لە مێژووی کورد)دا، لە باسی کۆنگرەی سایکس پیکۆدا نووسیویێتی: (ویلایەتی موسڵ کە بەشێک بوو لە کوردستانی باشوور لەگەڵ خۆرئاوای کوردستان درا بە دەوڵەتی فەرەنسا).

کاتێک کە ویلایەتی موسڵ بەشێک بێت لە باشووری کوردستان، کەواتە تەواوی شارەکانی ئەو ویلایەتە بە شاری موسڵ-ەوە، شار و خاک و نیشتمانی کوردن.

دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر، لە لاپەڕە (186)ی پەرتووکی (چەردەیەک لە مێژووی کورد)دا نووسیویێتی: (ویلایەتی موسڵ ئەو زاراوە عوسمانییە بوو کە دوا بەدوای داگیرکردنی کوردستانی باشوور لە لایەن عوسمانییەکانەوە لە ساڵی (1515ز) بە بەشی خۆرئاوای کوردستانی باشوور وتراو بنکەکەی شاری موسڵ بوو. لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمیش بە زۆربەی کوردستانی باشوور وترا).

بە گوێرەی ئەو شرۆڤەکردنەی دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر، ویلایەت و شاری موسڵ بە تەواوی خاک و نیشتمانی کوردن، لەبەر ئەوەی ویلایەتی موسڵ لە ساڵی (1515ز)دا لە دوای شەڕی چاڵدێران لەسەر بەشێک لە خاکی باشووری کوردستان دامەزراوەو، زاراوەی ویلایەتی موسڵ بۆ بەشێکی باشووری کوردستان کە بەشی خۆرئاوای بووە، بەکارهاتووە.

دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر، لە لاپەڕە (44)ی پەرتووکی (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی گەلی کورد)دا، دەربارەی شاری موسڵ نووسیویێتی: (لەساڵی (1515ز) بەدواوە ناوچەکانی کوردستان لە ڕووی بەڕێوەبەرێتییەوە بەسترا بە (ئەستەنبۆڵ)ی پایتەختەوە کە هەر ناوچەیەکی بەرفراوان پێی دەوترا (ویلایەت)، بە کاربەدەستی دەسەڵاتداریو ویلایەت دەووترا والی. لەو ماوەیەدا گرنگترین ویلایەتە کوردەکانی دەوڵەتی عوسمانی ئەمانە بوون: (شارەزوور، موسڵ، حەلەب، دیاربەکر، ئەرزڕۆم، سیواس، قارس و مەرعەش) و دەسەڵاتدارانی لە سەرەتاوە وەک (بێگەبەگ) لە شارەزوور، (حوسێن پاشا) لە ئامێدی و موسڵ و (شا خەلیلی ئەیوبی) لە (سعرەت و حەلەب) کورد بوون، زۆری نەبرد ئەو دەسەڵاتدارانە بە کاربەدەستی تورک ئاڵوگۆڕ کران).

کاتێک کە دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر ویلایەتی موسڵ بە یەکێک لە ویلایەتە کوردییەکانی سەر بە دەوڵەتی عوسمانی دادەنێت، کەواتە تەواوی شارەکانی سەر بە ویلایەتەکە بە شاری موسڵی مەڵبەندی ویلایەتەش هەر هەموویان شاری کوردی و سەر بە خاکی کوردستانن.

دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر، لە لاپەڕە (48)ی پەرتووکی (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی گەلی کورد)دا، لە باسی ئاسوورییەکاندا نووسیویێتی: (ئاسووری ئەمان کە کریستان بوون کۆنترین هاوسێی کوردەکان بوون لە کوردستاندا کە لە ناوچەکانی موسڵ، زاخۆ، هەولێر و کەرکوک جێگیربوون).

بەناوبردنی شارەکانی موسڵ، زاخۆ، هەولێر و کەرکوک وەکو چەند شارێکی سەر بە کوردستان لە لایەن دکتۆر کەیوان ئازادەوە، ماوەی گفتوگۆکردن لەسەر کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ و شارەکانی تریش نامێنێتەوە، بۆیە زۆرتر لە سەری ناڕۆین.

دکتۆر فوئاد حەمە خورشید، لە لاپەڕە (112)ی پەرتووکی (کەرکوک لە بەڵگەنامەکاندا)، نووسیویێتی: (لە سەرەتاکانی داگیرکردنی کوردستان لە لایەن بەریتانیا وە، زانیارییە کۆکراوەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردبوو، کە نەوت لە

کوردستانی باشوور هەیەو لە شوێنێکی بەرفراوان، کە لە باکووری ڕۆژئاوا درێژ دەبێتەوە تاوەکو باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەم ناوچانەی خوارەوە:

أ- ناوچەی باشوور: لە مەندەلییەوە درێژ دەبێتەوە تاوەکو چیاکانی حەمرین.

ب- ناوچەی ناوەڕاست: لە کفرییەوە درێژ دەبێتەوە تاوەکو خورماتوو.

ت- ناوچەی باکوور: لە کەرکوکەوە درێژ دەبێتەوە تاوەکو موسڵ و زاخۆ).

بە گوێرەی بۆچوونی دکتۆر فوئاد حەمە خورشید، شاری موسڵ و تەواوی شارەکانیتر کە لە سەرەوەدا ناوی بردوون، شاری کوردی و سەر بە باشووری کوردستانن، چونکە دکتۆری ناوبراو ناوی شاری موسڵ و ئەوانەی تریشی وەکو شاری سەر بە باشووری کوردستان هێناوە.

دکتۆر فوئاد حەمە خورشید، لە لاپەڕە (120)ی پەرتووکی (کەرکوک لە بەڵگەنامەکاندا)، دەربارەی شاری موسڵ نووسیوێتی: (کۆنگرەی قاهیرە کە لە ئاداری (1921) بەسترا، کاریگەری هەبوو لەسەر شێوازی گشتی سیاسەتی بەریتانی، کە بەهۆیەوە لە پەیماننامەی لۆزان بەتەواوەتی ڕوون بۆوە، چونکە هۆکاری ئابووری، یاخود دەوڵەمەندی کوردستانی باشوور (خانەقین، کەرکوک و دەوروبەری موسڵی باشوور) لە سامانی نەوت ڕۆڵێکی سەرەکی بینیوە لە ئاراستەکردنی سیاسەتی بەریتانیا).

دکتۆر فوئاد حەمە خورشید، شاری موسڵ و شارەکانی تریش کە لە سەرەوەدا ناوی بردوون، هەموویانی خستۆتە ناو سنووری باشووری کوردستان، کەواتە بەپێی بۆچوونی ناوبراو شاری موسڵ و شارەکانی تریش بریتین لە نیشتمانی کورد و سەر بە خاکی باشووری کوردستانن.

دکتۆر عەبدوڵلا غەفور، لە لاپەڕە (11)ی پەرتووکی (جیۆگرافیای باشووری کوردستان)دا، نووسیوێتی: (مەبەست لە باشووری کوردستان، ئوستانەکانی هەولێر، دهۆک، سلێمانی، کەرکوک و نەینەوا (جگە لە قەزایەکانی ئەلبعاج، ئەلحەزەر، ئەلشەرقات و ناحیەکانی ئەلمحلبین و حەمام ئەلعلیل) و قەزایەکانی خانەقین، مەندەلی، بەدرە و شارەبان (ئەلمقدادیە - تەنیا ناحیەی مەرکەز) و ناحیەی دەلی (ئەلمەنسوریە)و هیدیکەیە).

به گوێرەی بۆچوونی دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، پارێزگای موسڵ (جگە لە سێ قەزاو دوو ناحیەی) کە لە سەرەوەدا ناویان هاتووە، سەرجەم قەزاو ناحیەو شاری موسڵ ناوچەی کوردی و سەر بە باشووری کوردستانن. بەڵام یەک: ئەو سێ قەزاو دوو ناحیەی کە دکتۆر عەبدوڵڵا بە باشووری کوردستان-یان نازانێت، خۆ حکومەتی شۆڤینی ئێراقی لەسەر خاکی کورد لە باشووری کوردستان بە مەبەستی بە عارەبکردنی خاکی کورد بۆ عارەبی هاوردەی دروستکردووە، دوو: لە زۆر شوێنیتر دکتۆر عەبدوڵڵا پارێزگای نەینەوا بە پارێزگایەکی کوردی و سەر بە خاکی باشووری کوردستان ناوی دەبات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو سێ قەزاو دوو ناحیەش هەر کوردستانن، چونکە لەسەر خاکی باشووری کوردستان بۆ عارەب دروستکراون.

دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، لە لاپەڕە (26)ی پەرتووکی (جیۆگرافیای باشووری کوردستان)دا، دەربارەی موسڵ نووسیویێتی: (ناوچەیەکی بەرفراوان لە باشووری کوردستاندا، بە تایبەتی دەشتەیاییەکانی، بە پێکهاتەی بەردو کونگلومرات داپۆشراون، کە ڕووبارەکانی سەردەمی کۆن لەگەڵ خۆیانیان بۆ شوێنی ئێستایان هێناون. هەروەها بەرد و زیخ و غرێنی ورد کە لە ڕێگەی ڕووبارە تازەکان گەیشتوونەتە ناوچەی ئەمڕۆکەیان. ناوچەکانی ئەو پێکهاتانە ئەمانەن: ئوستانی سلێمانی – دەشتەکانی: شارەزوور، ڕانیە (پشدەرو بتوێن)، ئوستانی کەرکوک – دەشتەکانی: حەمرین، حەویجەو گردی کەرکوک. ئوستانی هەولێر – دەشتەکانی: هەولێر، کەندێناوە، ئوستانی نەینەوا – دەشتەکانی موسڵ، بەعشیقە، تلکێف، سندی و هتد).

به گوێرەی ئەو ئاماژە پێکردنەی دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، تەواوی ئوستانی (پارێزگای) نەینەوا (موسڵ) بەشێکە لە باشووری کوردستان. کەواتە تەواوی قەزاو ناحیەکانی سەر بە پارێزگای نەینەوا (موسڵ)، بە قەزاو ناحیەکانی (ئەلبعاج، ئەلحەزەر، ئەلشەرقات، ئەلمحلبین و حەمام ئەلعلیل) بەشێکن لە خاکی باشووری کوردستان.

دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، لە لاپەڕە (69)ی پەرتووکی (جیۆگرافیای باشووری کوردستان)دا، نووسیویێتی: (زێی دیجلە لە دەریاچەی گولچوک، سەرچاوە هەڵدەگرێ و، لە باکووری ڕۆژئاواوە بەرەو باشوور دەڕوات، تاکو لە ئاوەدانی (فەتحە)ی نێوان چیای حەمرین و مکێحل، لە خاکی باشووری کوردستان-دا دەردەچێت).

بە گوێرەی ئەو شوێنەی کە دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور باسیکردووە، بۆ دەرچوونی زێی دیجلە لە باشووری کوردستان ئاوەدانی (فەتحە)یە کە (110) کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری شاری موسڵ و ڕێک دەکەوێتە نێوان چیاکانی حەمرین و مکێحل کە هەر سێکیان دەکەونە باشووری شاری موسڵ، کەواتە بە دڵنیاییەوە شاری موسڵ دەکەوێتە ناو سنووری باشووری کوردستان، مادام (110) کیلۆمەتر لەو شوێنەوە (فەتحە)ەوە دووربێت بەلای باکووریەوە.

دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، لە لاپەڕە (149)ی پەرتووکی (جیۆگرافیای باشووری کوردستان)دا، نووسیویێتی: (ڕێژەی جیابوونەوە، لە ئوستانەکانی باشووری کوردستان، لەبەر پەیڕەونەکردنی یەک سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووری، لێک جودان: بۆ نموونە، ڕێژەکە لە ساڵی (2007) لە شاری هەولێر گەیشتە (5%) (3999 جیابوونەوە)و لە سلێمانی (9%) (1270 جیابوونەوە) لە سەرجەمی هارسەرێتی. ڕێژەکە لە شارەکانی موسڵ، کەرکوک، دهۆک و شوێنی دیکە، ڕەنگە هەمان شت بێت).

بە بۆچوونی دکتۆر عەبدوڵڵا، سەرجەم خاکی پارێزگای خاکی موسڵ بەشێکە لە باشووری کوردستان، چونکە ناوبراو ناوی شاری موسڵی وەکو شارێکی سەر بە باشووری کوردستان بردووە.

دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، لە لاپەڕە (198)ی پەرتووکی (جیۆگرافیای باشووری کوردستان)دا، نووسیویێتی: (ئوستانەکانی دهۆک، هەولێر، سلێمانی، لەچاو ئوستانەکانی دیکەی باشووری کوردستان وەکو نەینەوا، کەرکوک و دیالا، بە تەواوی ئارامن. ئەوەش مۆتیڤێکە بۆ هاتنی، ژمارەیەک خاڵکی بیانی، بۆ نموونە، ئێراقی، بە مەبەستی پەوانەوەو کارکردن).

دکتۆر عەبدوللا غەفور ئوستانی نەینەوا بە بەشێکی باشووری کوردستان ناودەبات، کەواتی سەرجەم قەزاو ناحیەکانی سەر بە پارێزگای موسڵ پارچەیەکن لە خاکی کورد و باشووری کوردستان.

دکتۆر عەبدوللا غەفور، لە لاپەڕە (231)ی پەرتووکی (جیۆگرافیای باشووری کوردستان)دا، نووسیویێتی: (هێلێک لە باشووری جەسان دەست پێدەکات و بەرەو ڕۆژئاوای بەلەدروز و ڕۆژئاوای شارەبان (المقدادية) و ڕۆژئاوای دەلی عەباس (المنصورية) دەکشێ تاکو دەگاتە چیای حەمرین. لێرەشەوە بە بڕبڕەی ئەو چیاو چیای مەکحول هەڵدەگەڕێ تاکو دەگاتە زێی دیجلە لە شوێنێک بە ناوی فەتحە. پاشان لەگەڵ ئەو زێیە بەرەو باشووری شاری موسڵ دەکشێ. ئینجا بەرەو ڕۆژئاوا دەکشێ و بە باشووری تەلەعفەرو شەنگالدا تێدەپەڕێ تاکو دەگاتە سەر سنووری نێوان ئێراق و تورکیا لە دەوروبەری تەل کۆچک (اليعربية)دا).
بە گوێرەی ئەو سنوورەی کە دکتۆر عەبدوللا غەفور بۆ باشووری کوردستانی کێشاوە، شاری موسڵ بە تەواوی دەکەوێتە ناو سنووری باشووری کوردستان، چونکە هێلی سنوورەکە بە درێژایی چیای حەمرین دێت بۆ فەتحەو دواتریش شانبەشانی چیای مەکحول درێژدەبێتەوە بەرەو باشووری قەزاکانی تەلەعفەرو شەنگال تا دەگاتە سەر سنووری سوریا، شاراوەش نییە کە چیای حەمرین، ئاوەدانی فەتحە و چیای مەکحول بە چەندان کیلۆمەتر دەکەونە باشووری خۆرهەڵات، باشوورو باشووری خۆرئاوای شاری موسڵ.

دکتۆر جەمال نەبەز، لە لاپەڕە (26)ی پەرتووکی (ناسنامەو کێشەی ناسیۆنالی کورد)دا، نووسیویێتی: (لە ئێراندا بە فەرمی: تەنێ بەنێوچەی ئەردەڵان کە پێتەختەکەی سنەیە دەگوترێ کوردستان، بەشەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک ئازربایجانی ڕۆژئاوا، کرماشان و ئیلام، بە کوردستان نێو نابرێن، بەڵکو بە نێوچەی کوردنشین. لە ئێراق: کەرکوک، خانەقین، موسڵ، بەشێکی زۆری هەرێمی بادینان، مەندەلی، کوت، زەرباتییە، جەسسان، بەدرە و عەلی غەربی بە کوردستان ناو نابرێن).

به گوێرەی بۆچوونەکانی دکتۆر جەمال نەبەز، شارەکانی موسڵ، کەرکوک، خانەقین، بەدرەو هتد، شاری کوردی و سەر بە خاکی باشووری کوردستانن، لەبەر ئەوەی ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە حکومەتی داگیرکەری عارەبی ئێراقی بە کوردستانیان نازانێت.

دکتۆر نەجاتی عەبدوڵلا، لە لاپەڕەکانی (75-77)ی پەرتووکی (نامە دیپلۆماتییەکانی شەریف پاشای خەندان لە ئەرشیفخانەکانی بەریتانیا و فەرەنسا 1918-1920)دا، کە نامەیەکی (ماردین زادە و محەمەد عارف پاشا)یەو لە ڕێکەوتی (26.3.1919)دا بۆ شەریف پاشای خەندانیان ناردووە، لە کۆپلەیەکی نامەکەدا هاتووە: (ئەوە تەواو مەحاڵە کە بستێک خاکی هەر حەوت ویلایەتی ئەرزرۆم، سیواس، دیاربەکر، وان، بەدلیس، خارپووت و موسڵ کە کوردستان پێکدەهێنن بۆ ئەرمەنەکان بەجێبهێڵین).

ئەوەی کە نووسەرانی نامەکە بۆ شەریف پاشایان نووسیوە، بۆچوونی ئەوان دەردەخات کە هەر حەوت ویلایەتەکە بە ویلایەتی موسڵ-یشەوە بە خاکی کوردستان دەزانن، مادامیش تەواوی ویلایەتی موسڵ بە گوێرەی بۆچوونی ئەوان خاکی کوردستان بێت، کەواتە تەواوی شارەکانی سەر بە ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵ-ی مەڵبەندی ویلایەتەکەش، خاکی کوردی و سەر بە باشووری کوردستانن.

دکتۆر نەجاتی عەبدوڵلا، لە لاپەڕەکانی (114-121)ی پەرتووکی (نامە دیپلۆماتییەکانی شەریف پاشای خەندان لە ئەرشیفخانەکانی بەریتانیا و فەرەنسا 1918-1920)دا، کە یاداشتنامەیەکی (شەریف پاشای خەندان)ی تێدایەو لە ڕێکەوتی (1.5.1919)دا بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای کۆنفرانسی ئاشتی ناردووەو، لە لاپەڕە (114)دا شەریف پاشا نووسیوێتی: (وڵاتی کوردەکان بریتییە لە ویلایەتە عوسمانییەکانی دیاربەکر، خارپووت، بەدلیس، وان، موسڵ و سنجاقی ئورفە. ئێلیزێ ڕێکلیوس (Elisee Reclus) هەتاوەکو ویلایەتی ئەرزرۆم-یش دەخاتە ناو سنووری کوردستان).

کاتێک کە ژەنەڕاڵ شەریف پاشای خەندان، ویلایەتی موسڵ و چەند ویلایەتێکی دیکە بە وڵاتی کوردان ناودەبات، کەواتە شاری موسڵ-یش وەکو شارێک و مەڵبەندی ویلایەتی موسڵ، بەشێکە لە خاکی کورد و وڵاتی کوردان.

دکتۆر نەجاتی عەبدوللا، لە لاپەڕەکانی (114–121)ی پەرتووکی (نامە دیپلۆماتییەکانی شەریف پاشای خەندان لە ئەرشیفخانەکانی بەریتانیا و فەرەنسا 1918–1920)دا، کە یاداشتنامەیەکی (شەریف پاشای خەندان)ی تێدایە و لە ڕێکەوتی (1.5.1919)دا بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای کۆنفرانسی ئاشتی ناردووەو، لە لاپەڕە (116)دا شەریف پاشا نووسیوێتی: (وڵاتی کوردان خاکەکەی دەوڵەمەندیی خۆی هەیە، کانەکانی، دارستانەکانی، ڕێگەوبان و زمانی نەتەوەیی خۆی هەیە. نەخشەی کوردستانی عوسمانی لە باکوور لە بەشی چیای ئاراراتەوە دەست پێدەکات، لەو شوێنەی وا سنوورەکانی تورکی، ڕوسی و ئێرانی پێکدەگەن و پاشان بەرەو باشوور لەگەڵ سنووری تورکی–ئێرانیدا شۆڕ دەبێتەوە. پاشان لە لایەک تا هەرێمەکانی بایەزید، وان، هەکاری، ڕواندز، موسڵ، کەرکوک، خانەقین و لەو لای دیکەشەوە تا ئەرزڕۆم، ئەرزنجان، بەدلیس، موش، خارپووت، دیاربەکر، ماردین، جەزیرە، سیوەرەک، ئورفە، ڕەئسولعەین و شەنگال درێژ دەبێتەوە).

بە گوێرەی ئەو نەخشەیەی کە شەریف پاشا وەکو کوردستانی عوسمانی دەست نیشانی کردووەو، شاری موسڵ و دەیان شاری تری خستۆتە ناو ئەو سنوورەوە، بێ هیچ گومانێک سەرجەم شار و پارێزگای موسڵ خاکی کوردە و سەر بە باشووری کوردستانن.

دکتۆر نەجاتی عەبدوللا، لە لاپەڕەکانی (114–121)ی پەرتووکی (نامە دیپلۆماتییەکانی شەریف پاشای خەندان لە ئەرشیفخانەکانی بەریتانیا و فەرەنسا 1918–1920)دا، کە یاداشتنامەیەکی (شەریف پاشای خەندان)ی تێدایەو لە ڕێکەوتی (1.5.1919)دا بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای کۆنفرانسی ئاشتی ناردووەو، لە لاپەڕە (117)دا شەریف پاشا نووسیوێتی: (لە کاتێکدا کوردەکان وەک گروپێکی هاوڕەگەز لە ئەرزڕۆم، بەدلیس، موش، وان، دیاربەکر، ئاڵازیغ (مەعمورەت ئەلعەزیز)، مەڵاتییە، ئورفە، موسڵ، سلێمانی و بەشێکی بەغدادا دەژین. ئەرمەنەکان خۆیان لە هیچ شوێنێکدا زۆرینە نین و هەر تەنیا سەرقاڵی بازرگانین و لە شارەکان یان لە ناوچە هاوسێیە نزیکەکانی کوردەکاندا نیشتەجێن).

به گوێرەی ئەوەی کە شەریف پاشای خەندان ئاماژەی پێداوەو، ناوی شاری موسڵ-یشی لەگەڵ چەندان شاری تری کوردی هێناوە، بۆمان دەردەکەوێت کە شەریف پاشا شاری موسڵ بە شارێکی کوردی و سەر بە خاکی کوردستان دادەنێت.

دکتۆر جاسم تۆفیق خۆشناو، لە لاپەڕە (166)ی پەرتووکی (مەسەلەی کورد و یاسای نێو دەوڵەتان)دا نووسیویێتی: (عارەبی ناوچەکە (ویلایەتی موسڵ) بەزۆری لە پارێزگای موسڵ دەژیان بەڵام لێرەشدا زۆربەی دانیشتوانەکەی کورد بوون. هەرچۆنێ بێ هیچ هۆیەک ڕێگەی ئەوەی نەدەدا کە پارچەیەکی کوردستان بە دەوڵەتی عارەبی ئێراقەوە بلکێندرێ).

کاتێک کە زۆربەی دانیشتوانی شار و پارێزگای موسڵ کورد بن و عارەب نەبن، لە هەمان کاتدا شاری موسڵ بکەوێتە ناو چوارچێوەی سنووری کوردستان، بۆ دەبێت شارەکە شارێکی کوردی و سەر بە باشووری کوردستان نەبێت؟ بۆیە هەروەکو دکتۆر جاسم تۆفیق خۆشناو دەریبڕیوە، لەبەر ئەوەی زۆرینەی دانیشتوانی پارێزگای موسڵ لەو کاتیدا کورد بووینەو ناوچەکە بەشێکی پارچەیەکی کوردستان بووە، نەدەبوایە بەزۆر بە ئێراقەوە بلکێندرابایە.

دکتۆر جاسم تۆفیق خۆشناو، لە لاپەڕە (213)ی پەرتووکی (مەسەلەی کورد و یاسای نێو دەوڵەتان)دا نووسیویێتی: (ئەوکاتە ئاشکرابوو کە ویلایەتی موسڵ بەشێکی تەواوکەری کوردستانە، سەرزەمینێکە نەک هەر لە ناوچە عارەبنشینەکان بەڵکو لە ناوچە تورکنشینەکانیش جیاوازبوو. بەپێی بەڵگەنامە مێژووییەکانی مێژووناسانی عارەب، تورک و فارس خاکی کورد، ئەگەرچی ناو بەناو بەشێک بووە لە ئیمپراتۆریەتی عارەبی-ئیسلامی، تورک و فارس، بەڵام هەمیشە نیشتمانێکی ئۆتۆنۆم بووە).

بە گوێرەی بۆچوونی دکتۆر جاسم خۆشناو، شاری موسڵ و تەواوی شارەکانی تری سەر بە ویلایەتی موسڵ، شاری کوردی و سەر بە باشووری کوردستانن، چونکە دکتۆری ناوبراو سەرجەم ویلایەتی موسڵ بە بەشێکی تەواوکەری کوردستان دادەنێت.

دکتۆر جاسم تۆفیق خۆشناو، لە لاپەڕە (225)ی پەرتووکی (مەسەلەی کورد و یاسای نێو دەوڵەتان)دا نووسیویێتی: (لەکاتی دروستبوونی دەوڵەتی ئێراق (1921) و بوونی بە ئەندام لە کۆمەڵەی نەتەوەکان (1922)، شارەکانی موسڵ و کەرکوک لە ڕووی گەورەیی و گرنگیی ئابوورییەوە، دووەم و سێیەم شاری وڵات بوون و زۆربەی دانیشتوانیشیان کورد بوون).

بە گوێرەی ڕوونکردنەوەکانی دکتۆر جاسم خۆشناو، شارەکانی موسڵ و کەرکوک شاری کوردی و سەر بە باشووری کوردستانن، لەبەر ئەوەی دکتۆر جاسم خۆشناو ئەوەی ڕوونکردۆتەوە کە لەکاتی دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراقدا لە ساڵی (1921)و هەروەها لەکاتی وەرگرتنی دەوڵەتی ئێراق وەکو ئەندامی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ساڵی (1932)دا نەک وەکو ئەوەی دکتۆر جاسم خۆشناو نووسیویێتی ساڵی (1922)، ژمارەی کورد لە هەر دوو شارەکانی موسڵ و کەرکوک زۆرتر بووینە لە ژمارەی نەتەوەکانی تر، کاتێکیش کە کورد زۆرینە بووبن لەو دوو شارەدا، هەر دەبێت ئەو دوو شارە شاری کوردی و سەر بە کوردستان بن.

ڕابیعە فەتاح شێخ محەمەد، لە لاپەڕە (390)ی پەرتووکی (کوردستان لە سەدەی پازدەی زایینییدا)، لە بابەتی گەرماوی گشتیدا نووسیویێتی: (لە کوردستاندا بە تایبەتی لە شارەکاندا گرنگیی زۆریان بە گەرماو داوەو شوێنەواریان لە شارەکانی وەکو هەولێر، موسڵ و ئامێدیدا بەرچاو دەکەوێ، هەروەها لە شاری مەڵاتیەدا حەوت گەرماوی خۆش و رازاوەی لێ هەبوو).

بە گوێرەی بۆچوونەکانی ڕابیعە فەتاح شێخ محەمەد، شارەکانی موسڵ، هەولێر و ئامێدی شاری کوردی و سەر بە باشووری کوردستانن، چونکە نووسەری ناوبراو ئەو شارانەو چەندان شاری تری لە بابەتی گەرماوەکانی کوردستاندا، بە شاری کوردی و کوردستانی ناوبردووە.

جەلال جەوهەر عەزیز، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) و یەکێک لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕان، لە لاپەڕە (5)ی پەرتووکی (کەرکوک لە پاکتاوی ڕەگەزییەوە بۆ چارەسەری دەستووری)دا، نووسیویێتی: (کێشەی کەرکوک بووە

هۆی ئەوەی بەدوا داچوون لە سەر مێژووی ڕامیاری ئەم ناوچەیە بکەم و بەدوای سەرچاوەکاندا بگەڕێم، بۆ مەبەستی زانین و تێگەیشتن لە ڕاستی بەسەرهاتەکانی خەڵکی کوردستان، لە ناوچەکانی موسڵ، هەولێر (ناوچەکانی مەخمور)، دیالە).

بە گوێرەی بۆچوونی جەلال جەوهەر، شاری موسڵ شارێکی کوردی و سەر بە خاکی کوردستانە، لەبەر ئەوەی ناوبراو ناوی شاری موسڵی وەکو پارچەیەک یان شارێکی کوردستانی هێناوە.

جەلال جەوهەر عەزیز، لە لاپەڕەکانی (5-6)ی پەرتووکی (کەرکوک لە پاکتاوی ڕەگەزییەوە بۆ چارەسەری دەستووری)دا، نووسیویێتی: (پرسی کورد و پاکتاوی ڕەگەزی لە کوردستان زۆر گەورەترو قورسترە لەوەی باسدەکرێت، بۆ نموونە: ئەوەی بەسەر کوردی ئێزیدیدا هاتووە لە ناوچەکانی موسڵ، شەنگال، شێخان، ..... لە مێژووی کۆن و نوێدا، زۆر قورسترو زیاترە لە هی ناوچەکانی تری کوردستان).

ئەوەی کە جەلال جەوهەر باسیکردووە، کوردبوون و کوردستانێتیی شاری موسڵ و قەزاکانی شەنگال و شێخان دەگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو لە باسی پاکتاوی نەژادی ناوچەو خاکی کوردە ئێزیدییەکان، موسڵ، شەنگال و شێخان بە خاکی کورد و بەشێکی کوردستان دەزانێت.

جەلال جەوهەر عەزیز، لە لاپەڕە (80)ی پەرتووکی (کەرکوک لە پاکتاوی ڕەگەزییەوە بۆ چارەسەری دەستووری)دا، نووسیویێتی: (کەمبوونەوەی دانیشتوانی کورد لە شارەکانی کوردستان (موسڵ، کەرکوک و دیالا)، بە ڕێژەیەکی بەرچاو و بەمشێوەیە: کورد لە ناوچەی موسڵ زۆر کەمبۆتەوە لە ئاماری ساڵی (1921)دا ڕێژەی کورد لە پارێزگای موسڵ (36.53%) بووە، کەچی لە ئاماری ساڵی (1977)دا بۆ (24.9%) کەمبۆتەوە).

ئەوەی لە سەرەوەدا نووسەر جەلال جەوهەر باسیکردووە، کوردبوون و کوردستانێتیی شارەکانی موسڵ، کەرکوک و دیالا (دێی باڵا) دەبەخشێت، چونکە نووسەر لە بابەتی کەم بوونەوەی ڕێژەی کورد لەو سێ شارەدا، هەر سێ شارەکەی بە خاکی کورد و بەشێکی کوردستان ناوزەند کردووە.

سالَح محەمەد حەسەن عزەت بادی، لە لاپەڕە (66)ی پەرتووکی (شەریف پاشا حیاتە ودورە السیاسي 1865–1951)دا نووسیویێتی: (سەرەڕای ئەمانەش دامەزراندنی یانەی کوردی (کورد کلوپلەری) لە زۆربەی شارەکانی کوردستاندا بە ڕووداوێکی هەرە گرنگ دادەنرێت. لەشێوەی ئەو یانە کوردییە یانەی تر لە شارەکانی بەدلیس، دیاربەکر ئەرزڕۆم، موش‌و موسڵ دامەزران. ئەوەی کە لە بەدلیس کرایەوە بۆ نموونە لە سەرەتادا حەوت سەد ئەندامی هەبوو، دواتریش ژمارەیان زۆر لەوە زۆرتر بوو).

ئەوەی کە نووسەر سالَح محەمەد حەسەن باسیکردووە، نیشانی دەدات کە نووسەری ناوبراو شاری موسڵ بە تەواوی بە شارێکی کوردی و سەر بە کوردستان دادەنێت، چونکە ناوبراو باسی ئەوەیکردووە کە یانەی کوردی لە زۆربەی شارەکانی کوردستان دامەزراوەو، ناوی شاری موسڵ-یشی وەکو یەکێک لەو شارانەی کوردستان هێناوە کە یانەیەکی کوردی لەو شێوەیەی لێ دامەزراوە.

سالَح محەمەد حەسەن عزەت بادی، لە لاپەڕەکانی (138–141)ی پەرتووکی (شەریف پاشا حیاتە و دورە السیاسي 1865–1951)دا نووسیویێتی: (لەو یاداشتەی کە شەریف پاشای خەندان لە ڕێکەوتی (6.2.1919)دا پێشکەش بە کۆنگرەی پاریسی کرد، دەڵێت: لەپێناوی ئەوەی کوردستان توانای ژیاون و بەردەوامی هەبێت و خۆی کۆکاتەوە بۆ بوژاندنەوەی ئابوورییەکەی، هەروەها بۆ ئەوەی شارستانێتی نوێی دامەزرێنێ و وازبێنێ لە ژیانی خێڵەکییانە، پێویستە کوردستان لە ویلایەتەکانی دیاربەکر، خەرپوت، بەدلیس، موسڵ و سەنجەقی ئورفە دامەزرێت).

بە گوێرەی نووسینەکەی سالَح محەمەد حەسەن بێت، ژەنەڕاڵ شەریف پاشا شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی و کوردستانیی دادەنێت، چونکە ئەو داوای سەرجەم ویلایەتی موسڵی کردووە کە ببێتە پارچەیەکی ئەو کوردستانەی کە دەیەوێت دایمەزرێنێت.

سالَح محەمەد حەسەن عزەت بادی، لە لاپەڕە (153)ی پەرتووکی (شەریف پاشا حیاتە ودورە السیاسي 1865–1951)دا نووسیویێتی: (لە نامەیەکی عارف بەگی ماردینی سەرۆکی (کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان – جمعیة إستقلال کوردستان)

کە لە ڕێکەوتی (3.4.1919)دا بۆ شەریف پاشای ناردووە، دەڵێت: لەپێناوی پارێزگاری کردن لە نیشتمانی پیرۆزماندا، ئەو هەوڵە گەورەو پڕ لە قوربانییەی کە ئێوە پێشکەشتان کردووە، لە ڕێگای سالح بەگەوە لێی ئاگادارین. لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجە پیرۆزەکانمان و هەرەس پێهێنانی داواکارییە پوچەکانی بانگێشە پێکەنیناوەکەی ئەرمەنەکان، ئێمە بە هیچ شێوەیەک لە تاکە بستێکی خاکی ئەو شەش ویلایەتە ئەرزڕۆم، دیاربەکر، وان، بەتلیس، خەرپوت و موسڵ سازش ناکەین بۆ ئەرمەنەکان).

ئەوەی کە نووسەر سالح محەمەد حەسەن نووسیویێتی، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە سەرۆکی کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان عارف بەگی ماردینی، سەرجەم شار و خاکی ویلایەتی موسڵ کە شاری موسڵ-یش یەکێکە لە شارە هەرە گرنگەکانی ئەو ویلایەتە، بە شارێکی کوردی و بەشێک لە خاکی سەر بە کوردستان دەزانێت، چونکە ناوبراو هەر یەک لەو شەش ویلایەتانەی ناوبراو لە سەرەوەدا بە پارچەیەک لە خاکی کوردستان دادەنێت.

شاکرۆ خدۆ محۆی، لە لاپەڕە (38)ی پەرتووکی (المسألة الكوردية في العراق المعاصر)دا، نووسیوێتی: (لە موسڵ کوردەکان زۆرینەیان پێکدەهێنا لەو سەردەمدا، لەوێ بەشێوەیەکی گشتی بڕیارەکە (بڕیاری دانانی فەیسەڵ بە پادشای ئێراق) پەسندکرا بەو مەرجەی ڕێز لە مافەکانی کورد و کەمەنەتەوەکانی تر بگیرێت. لە کەرکوک دانیشتوان دژی هەڵبژاردنی فەیسەڵ بوون و، داوایانکرد دەنگدانەکە بۆ ماوەی ساڵێک دوابخرێت و حکومەتێکی کوردی دابمەزرێت، هەروەها لە سلێمانی بەشداری ڕاپرسییەکەیان نەکرد، کەواتە دانیشتوان (دانیشتوانی کوردستان) هەموو شێوەکان لەشێوەی یەکگرتنیان لەگەڵ ئێراق بەرپەرچ دایەوە).

بە گوێرەی بۆچوونی شاکرۆ خدۆ محۆی مێژوونووس، هەر سێ شاری موسڵ، کەرکوک و سلێمانی شاری کوردی و سەر بە باشووری کوردستانن، لەبەر ئەوەی نووسەری ناوبراو لە لایەک ژمارەی دانیشتوانی کورد بە زۆرینە دادەنێت لە شاری موسڵ و، لەلایەکی تریش دوای ئەوەی کە باسی دەنگدانو هەڵوێستی دانیشتوانی شارەکانی موسڵ، کەرکوک و سلێمانی کردووە، باسی ئەوە دەکات کە دانیشتوانی کوردستان قایل نابن بە هیچ شێوە یەکگرتنێک لەگەڵ ئێراق، کەواتە شاکرۆ خدۆ

هەر سێ شاری موسڵ، کەرکوک و سلێمانی بە کوردستان دادەنێت، بۆیە بە دانیشتوانی ئەو شارانە دەڵێت دانیشتوانی کوردستان.

حەسەن گۆران، لە لاپەڕە (12)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (5074)ی ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (15.1.2010)دا لە نامەیەکی کراوەدا بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەژێر ناوی (لە خزمەتگوزارێکی ئەدەب و کلتوری کوردییە وە بۆ خزمەتگوزارێکی حکومەتی کوردی، نامەیەکی کراوە بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێم 1-4)دا نووسیویێتی: (کوردستانی باشوور کە بریتییە لە پێنج پارێزگای موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دەوروبەریان لەباری سروشتییەوە خۆشترین بەش و لەباری کشتوکاڵ، ئاوی شیرین و کانگای ژێر زەوییەوە دەوڵەمەندترین بەش و لەباری ستراتیژییەوە گرنگترین شوێنی ئێراقە).
حەسەن گۆران زۆر ڕاشکاوانە هەست و بۆچوونی خۆی سەبارەت بە پارێزگای موسڵ دەربڕیوەو، بە یەکێک لە پارێزگاکانی سەر بە باشووری کوردستانی داناوە، کاتێک کە سەرجەم خاکی پارێزگای موسڵ بەشێکی باشووری کوردستان بێت، هەڵبەتە خاکی پارێزگای ناوبراو بە تەواوی خاکی کوردە.

دکتۆر ڕەفیق شوانی، لە لاپەڕە (14)ی پەرتووکی (کێشەی کەرکوک و چۆنیەتی چارەسەرکردنی)دا نووسیویێتی: (بۆچی شاری کەرکوک، وەکو شاری موسڵ، کە ئێستاش نیوەی کوردە، لەبیربچێتەوەو وەکو بەرزەکی بانان، لەدەست بچێت؟).
ئەو دەربڕینەی دکتۆر ڕەفیق شوانی، بۆمانی ئاشکرا دەکات کە نووسەری ناوبراو شاری موسڵ بە شارێکی کوردی و سەر بە خاکی کوردستانی دەزانێت.

دکتۆر ڕەفیق شوانی، لە لاپەڕە (24)ی پەرتووکی (کێشەی کەرکوک و چۆنیەتی چارەسەرکردنی)دا نووسیویێتی: (ئەو شێوازانەی، کە بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای شاری کەرکوک خراوەتە کار، لە سەرەتاوە دەگەڕێتەوە، بۆ گوێنەدانی ڕێکخراوی کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبة الامم) لە مانگی حوزەیرانی ساڵی (1921)دا، بە ئەنجامی ڕاوەرگرتنی خەڵکی شارەکانی کوردستان، وەکو شاری کەرکوک، سلێمانی و موسڵ، بۆ پەسندکردنی پێوەلکاندنی ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی تازەی ئێراقەوە، کە

کوردی ئەو شارانە لە ساڵی (1921)دا ئەنجامی چەواشەکردنی ڕاوەرگرتنی خەڵکەکەیان بە توندی وەکو سیاسەتێک گەڕاندە دواوە، خەڵکی ئەم شارانە داوای سەربەخۆیی ئەم بەشەی کوردستانیان کرد، ئەنجامی ڕاوەرگرتنی حوزەیرانی ساڵی (1921)، بە تەواوی پێچەوانەی خواست و ئارەزووی کورد بوو، بە پێچەوانەوە، کاری پێنەکراو، ویلایەتی موسڵ بەزۆر درایە دەم ئێراق).

بەپێی قسەکانی دکتۆر ڕەفیق شوانی، بۆمان دەردەکەوێت کە ناوبراو شاری موسڵ بە شارێکی کوردی و سەر بە خاکی کوردستان، چونکە نووسەر دکتۆر ڕەفیق شوانی لە باسکردنی ئەنجامدانی گشتپرسی مانگی حوزەیرانی (1921)دا، ڕاشکاوانە هەر سێ شاری موسڵ، کەرکوک و سلێمانی بە سێ شاری کوردستانی ناودەبات.

دکتۆر ڕەفیق شوانی، لە لاپەڕە (66)ی پەرتووکی (کێشەی کەرکوک و چۆنیەتی چارەسەرکردنی)دا نووسیویێتی: (شاخی کێوەسوور (حەمرین) سەرەتای سنووری کوردستانە لەلای باشوورەوە، کاتی خۆی لە ئەنجامی جەنگی یەکەمی جیهانی و لە ئەنجامی دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراق لە ساڵی (1921)دا، کەرکوک و موسڵ کە بەشێکی کوردستانیان پێکهێناوە لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە دەربارەی چارەنووسی ناوچەکە ئەنجامدرا، خەڵکی ئەم پارێزگایانە دژی پێوەلکانی ئەم بەشەی کوردستان بە ئێراقەوە بووینە، لەجیاتی ئەوەدا داوای کارگێڕی سەربەخۆی کوردستانیان کردووە، بەڵام گوێیان نەدراوەتێ و بەزۆردارەکی کورد و بەشێکی وڵاتەکەی بە ئێراقەوە لکێنرا).

بە گوێرەی بۆچوونی دکتۆر ڕەفیق شوانی، شارەکانی موسڵ و کەرکوک دوو شاری سەر بە خاکی کوردستانن، لەبەر ئەوەی نووسەری ناوبراو زۆر ئازادانە باسی کوردستانێتیی ئەو دوو شارەی کردووە.

نووسەر حەسەن جاف، لە لاپەڕەکانی (2–3)ی ژمارە (196)ی ڕۆژنامەی ڕزگاری، ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (10.12.2009)دا، بابەتێکی لەژێر ناوی (دەستوورە حەیاتەکەی هەرێم و چەند سەرنجێک)دا بڵاوکردۆتەوە، نووسیویێتی: (لەو مادەیەی سەرەوە (مادەی 140) هیچ ئاماژەیەک بە (موسڵ) نەدراوە، ئەمەش

مانای وایە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانە و بە خاکی عارەب و بە شاری عارەب دانراوە. ئەمە لە کاتێکدا ئەوەی ئەلف و بێی مێژووی سیاسەتی خوێندبێ دەزانێ کە عارەب هەمووی هەشت سەد ساڵ نابێ کە بەهۆی ئایینەوە هاتن ئەم ناوچەیەیان داگیرکردو لە دواییشدا هەر بەهۆی ئایینەوە تەعریبیان کرد و ناوی نیشتمانی عارەبیان لێنا، لە کاتێکدا نەک موسڵ بەڵکو هەموو بستێکی ئەم نیشتمانی عارەبە و تەنانەت سانتیمەترێکی وڵاتی عارەب و نیشتمانی عارەب نەبووە. لە کاتێکدا هەموو (خاکی نێوان دوو ڕووبار) لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریرتی فارسدا بوو، کوردستانیش بە شاری موسڵ-ەوە یان سەربەخۆو نیمچە سەربەخۆ بوو یان لەژێر دەسەڵاتی یەکێ لە ئیمپراتۆریەتە کۆنەکاندا بووە. موسڵ زۆرتر لە چوار هەزار ساڵە هەبووەو هەیەو عارەبیش هەشت سەد نابێ هاتونەتە ناوچەکە ئیتر بۆ لە دەستووری هەرێمدا باس نەکراوە، ئەمە لە کاتێکدا کێشەی باشووری کوردستان هەر بە ناوی موسڵ-ەوە ناونراوەو پێی گوتراوە (ویلایەتی موسڵ) ئیتر لە دوای لکاندنی بە زۆرەملێ و بە فرت و فێڵی بەریتانیا بە دەوڵەتی دروستکراوی ئێراقەوە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانەوە حکومەتە یەک لەدوا یەکەکانی ئێراق دەستیان کرد بە تەعریبکردنی کوردستانی باشوور بە گشتی و موسڵ و کەرکوک بە تایبەتی).

ئەوەی کە نووسەر حەسەن جاف چەند جارێک جەختی لەسەر کردۆتەوە، کورد بوون و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی نووسەری ناوبراو لە باسکردنی هەر دوو شاری موسڵ و کەرکوک-دا، هەر دوو شارەکەی بە شاری کوردی و بە پارچەیەک لە باشووری کوردستان ناوبردوون.

مامۆستای زانکۆ دکتۆر فەرهاد پیربال، لە لاپەڕە (13)ی پەرتووکی (کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە)دا نووسیویێتی: (ناسک و ڕاهیبە کریستانەکانی ڕۆژئاوا لە ناوەڕاستی سەدەی چوارەمی زایینەوە (364-378) هاتوونەتە مەڵبەندی میسۆپۆتامیا، بە تایبەتیش لە کوردستاندا بڵاوبوونەتەوە: لە ناوچەکانی باشووری موسڵ، دهۆک، هەولێر، هەکاری، ئامەد و نووسەیبین).

کاتێک کە دکتۆر فەرهاد پیربالّ ناوچەکانی موسڵ، دهۆک، هەولێر، هەکاری، ئامەدو نوسەیبین بە ناوچەی کوردستانی ناودەبات، هیچ گومانێک نامێنێتەوە لە کوردبوون و کوردستانێتیی شاری موسڵ.

نووسەر دکتۆر فەرهاد پیربال، لە لاپەڕە (48)ی پەرتووکی (کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە)دا نووسیویێتی: (تەنانەت عارەبە موسڵمانەکانیش، لە سەردەمی خەلافەتی عومەردا، لە سەرەتادا هاتن کوردستانیان داگیرکرد: کوردستانیان کرد بە بنکەیەک بۆ بڵاوکردنەوەی دەسەڵات و هێرشەکانی خۆیان بۆسەر ئەستەمبۆڵ و ڕوسیا. گرنگترین مەڵبەندی سەردانی ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە لە شارەکانی کوردستاندا، ئامەد (دیاربەکر)، هەولێر و بە تایبەتیش موسڵ بووە کە کردوویانەتە کاروانسەراو مەنزلگای وەستانی خۆیان).

لە کاتێکدا کە دکتۆر فەرهاد پیربالّ شاری موسڵ وەکو شارێکی کوردستانی و کاروانسەرا بۆ میلیشیا ئیسلامییەکان ناودەبات، بۆمان دەردەکەوێت کە نووسەری ناوبراو شاری موسڵ بە شارێکی کوردی و سەر بە خاکی کوردستان دەزانێت.

ئەکرەمی میهرداد، لە لاپەڕە (15)ی پەرتووکی (کورد و گەڕان بەدوای خۆدا)، دەربارەی موسڵ نووسیویێتی: (لە ساڵانی (607-616ز) هۆزەکانی کوردی گابانی و مەیمون لە ناوچەکانی تکریت، نەینەواو هەڵوان (حەلوان) بۆ یەکەم جار ڕووبەڕووی سوپای بەدەویی عارەبی ئیسلامی بوونەوەو پاشان کوردەکانی زاگرۆس توانییان تا ساڵی (637ز) بە سەرکردایەتیی سەرکردەیەکی کورد بە ناوی (مەهران)، هێرشی عارەبەکان لە شوێنی خۆیان ڕابگرن).

ئەوەی کە نووسەر ئەکرەمی میهرداد باسی کردووە، کوردبوون و کوردستانێتیی تەواوی شارەکانی موسڵ، تکریت و حەلوان دەگەیەنێت، چونکە لەکاتی هاتنی میلیشیای عارەبی ئیسلامی تەنیا کورد ڕووبەڕووی ئەو میلیشیایە بۆتەوە (کە تا ئەو سەردەمە لە کورد زیاتر هیچ نەتەوەیەکی تر لەو ناوچانەدا نەژیاون)، بۆیە سەد لە سەد شارەکانی موسڵ، تکریت و حەلوان سێ شاری کوردی و سەر بە خاکی کوردستان بووینە، بەڵام دوای هاتنی میلیشیای عارەبی ئیسلامی داگیرکەر هەوڵی بە عارەبکردنیان دراوە.

ناسر حەفید، لە لاپەڕە (58)ی پەرتووکی (شێخ مەحمود: یەکەم کۆشش دوای بابانەکان لەپێناو ئیدارەیەکی کوردی سەربەخۆدا)دا نووسیویێتی: (کردەوەی داگیرکەرانەی بەریتانییەکان لە زۆر شوێنی کوردستانیشدا بەتایبەت لە ساڵی بیستدا بوو بەهۆی بە یەکادان. چالاکی پێشمەرگایەتیی ناوچەکانی زاخۆ، عەمادیی، موسڵ، خانەقین و کفری گرتەوە).

ئەوەی کە نووسەر ناسر حەفید نووسیویێتی، کوردبوون و کوردستانێتیی شاری موسڵ و شارەکانی تریش دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی نووسەر ناسر حەفید لە باسی چالاکییەکانی هێزەکانی پێشمەرگەدا، ناوی شارەکانی موسڵ، ئامێدی، خانەقین، کفری و زاخۆی وەکو چەند شارێکی کوردستانی هێناوە.

عومەر هەمزە ساڵح، لە لاپەڕە (22-23)ی پەرتووکی (ڕاگواستن و لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافیی و مێژوویی ڕاگواستنەوەی زۆرەملێی گوندنشینەکانی کوردستانە، پشدەر وەک نموونە)دا، نووسیویێتی: (کۆمەڵێک بۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر دیاریکردنی سنووری کوردستان بەتایبەت زاناو گەڕیدە و جیۆگرافیزانەکان هەر یەکەیان بیرو بۆچوونێکی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام دەتوانین بڵێین لە چەند خاڵێکدا یەکدەگرنەوە لەوانە: 1- هەموو ئەو ناوچانەی دەکەوێتە باکووری بەرزاییەکانی چیای حەمرین سنووری ڕاستەقینەی باشووری کوردستان پێکدەهێنن. 2- هەموو ئەو ناوچانەی دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە لەو شوێنەوە کە چیای حەمرین دیجلە دەبڕێ تا دەگاتە بەشێک لە شاری موسڵ و ناوچەکانی (تەلەعفەر، شەنگال و زومار) ناوچەی کوردستانین. 3- سەرجەم قەزاو ناحیەکانی مەندەلی و خانەقین ناوچەکانی کوردستانن. 4- هەندێکیشیان ڕووباری دیجلە دەکەنە سنووری ڕۆژئاوای هەرێمی کوردستان).

بە گوێرەی ئەو سنوورەی کە عومەر هەمزە ساڵح بۆ کوردستانی دیارکردووە، بەلای کەمەوە بەری چەپی موسڵ یان بەشی ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ کە دەکاتە شاری نەینەوا دەکەوێتە ناو سنووری باشووری کوردستان و بەشێکە لە خاکی کورد.

خالید خالید کۆچی، لە لاپەڕە (24-25)ی پەرتووکی (مستەفا بارزانی لە نێوان ئەفسانە و ڕاستیدا کورتە وەڵامێک لەسەر پەرتووکی فازیڵ ئەلبەڕاک)دا، سەبارەت بە کوردستانی باشوور، نووسیویێتی: (ئێراق وەک دەوڵەتێک (باشوور و فوراتی نێوەڕاست) لە ساڵی (1920)دا هاتە کایەوە، پاشان بەزۆری کۆڵۆنیالیستە بەریتانیەکان لە ساڵی (1925)دا کوردستانی باشوور (ویلایەتی موسڵ)یان بەو دەوڵەتەوە لکاند).

بە گوێرەی بۆچوونی دکتۆر خالید کۆچی، شاری موسڵ شارێکی کوردی و دەکەوێتە ناو چوارچێوەی سنووری باشووری کوردستان، لەبەر ئەوەی لە لایەک باسی ئەوە دەکات کە دەوڵەتی ئێراق دوای دامەزراندنی لە ساڵی (1920)دا، نە شاری موسڵ وە نە ویلایەتی موسڵ بەشێکی ئەو دەوڵەتە نەبووە، بەڵکو ویلایەتی موسڵ بەپێی بڕیارێکی نا دادپەروەرانەی کۆمەڵی نەتەوەکان لە کۆتایی ساڵی (1925)دا بە ئێراقەوە لکێنراوە، لەلایەکی تریشەوە ناوبردنی باشووری کوردستان بە ویلایەتی موسڵ لەلایەن نووسەری ناوبراو، مانای ئەوەیە کە هەر دوو زاراوە بۆ یەک ناوی جوگرافی بەکارهاتوون کە نیشتمانی کورد و خاکی کوردستانە.

دکتۆر ئیسماعیل محەمەد حەساف، لە لاپەڕە (58)ی پەرتووکی (کوردستان والمسألة الکوردیة)دا، سەبارەت بە کوردێتیی و کوردستانێتیی موسڵ، نووسیویێتی: (شارە گرنگەکانی کوردستان ئەمانەن: لە کوردستانی تورکیا: ئەرزڕۆم، بەتلیس، ئامەد (دیاربەکر)، وان، مالاتیا، ماردین، سیرت، سیواس، ئورفە، غازی ئەنتاب، موش، دێرسیم (تونجەلی)، بێنگۆل، کاراکوس، ئەرزنجان، هەکاری، ماراش، ئادی یامان، هاتای، قارس، نسێبین و خەرپووت. لە کوردستانی ئێران: مهاباد، خوی (کەلا خوێ)، ماکۆ، سەقز، سنە، کرمانشاه، ورمێ (ڕەزائیە) و شنۆ. لە کوردستانی ئێراق: سلێمانی، کەرکوک، هەولێر، موسڵ، ئاکرێ، ڕواندز، زاخۆ، دهۆک، ئامێدی، هەڵەبجە و کۆیسنجەق. لە کوردستانی سوریا: قامیشلی (قامیشلو)، دێریک، ئامودە، سەری کانیە، دەرباسیە، ترپەسپی، جالاغا، کوبانی (ئارب پینار)، عفرین، ڕاجو، میدانکێ، بولبل و هتد).

ئەوەی کە دکتۆر ئیسماعیل محەمەد حەساف نووسیویێتی، کوردستانێتیی و کوردێتی شاری موسڵ و شارەکانی تر دەگەیەنێت کە نووسەری ناوبراو لە

سەرەوەدا وەکو شاری سەر بە کوردستانی ئێراق (باشووری کوردستان) ناوی بردوون، چونکە دکتۆر ئیسماعیل حەساف زۆر ڕاشکاوانە ناوی شاری موسڵ-ی وەکو شارێکی کوردستانیی هێناوە.

فەرهاد سەنگاوی، پێشمەرگەی دێرین و بێژەری ناسراوی دەنگ زوڵاڵی ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان، لە وتارێکدا بە ناوی (پێشەکی بۆ ڕادیۆی نەوا) کە بریتییە لە پێشەکییەک بۆ سیدییەک و ئەم وتارانە دەگرێتە خۆی (خەڵکی خۆشەویستی کوردستان، نەتەوە و نیشتمان لە هەموو شت پیرۆزترن شەهیدان لە هەموومان بەرزترن، کێ بازە شاباز، کێ قازە شاقاز و کار ئاسکە کەرکوک)، سەبارەت بە هەریەک لە کوردێتی و کوردستانێتی شاری موسڵ نووسیویێتی: (خەڵکی کوردستانی پیرۆز، شەهید و پێشمەرگە قارەمانەکانی هەموو لایەنەکان ئێوە لە شاخ، ڕێکخستن و جەماوەری دلێر ئێوە لە شار، بایی دروستکردنی دوو دەوڵەت خوێن و خەباتتان ڕشت (ئەمە نەک ڕاستە هەزاران جار ڕاست و دروستە). بەڵام پێویستە ئێمە سەرەڕای ناسینی ئەمەریکا و کەم و کورتییەکانی لە جیهاندا، ئێمە ڕۆژێ سێ جار سوپاس و ستایشی ئەمەریکا و بەریتانیا بکەین، چونکە ئەوان ووتیان ڕاپەڕن، ئەوان ووتیان ناوچەی ئازاد بۆ کورد، ئەوان تا ئێستا کوردستان-یان پاڕاستووە، ئەوان سەدام و بەعسیان ڕوخاند، هەڵبژاردنیش چوار ساڵ جارێک سێ جار ئەکرێ و هەر لە ئازایەتی و پشتیوانی و پارێزگاری ئەمریکاوەیە. ڕێگای ڕزگاری تەنیا خۆ ڕێکخستن و هەڵبژاردن ماوە، بڕۆن بەرەو ڕزگارکردنی خاکە داگیرکراوەکانی هەر سێ شارە جوانە گرنگەکەی کوردستان (کەرکوک، موسڵ و دیالە) بە بێ ئەم سێ ناوچەیە کوردستان لە ساڵی (1921) تا ئێستا یەک بەردی نەخستۆتە سەر بەرد، کەمی کردووە نەک زیاد، چونکە گەرمیان خاکی نەوت و گەنمە، خاکی سەربەخۆییە. بڕۆن بەرەو کۆنفدراڵی بۆ کوردستان بەرەو دەنگدان. سێ دی کار ئاسکە کەرکوک تایبەتە بە ڕادیۆی نەوای تێکۆشەر. پێشکەشە بە هەموو خەڵکی کوردستانی پیرۆز بە بێ جیاوازی لە یەک خولەکدا لە یوتوپ دابەزیوە و بە یەک سات گەیشتۆتە هەموو سایت و کۆمپیوتەرەکانی جیهان. بەم بۆنەیەوە داوا لە هەموو خەڵکی کوردستان، هەموو دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی ئازیز و ئارام، بە گشتی هەر سێ شارە داگیرکراوەکانی موسڵ، کەرکوک و دیالە (گەرمیانی کوردایەتی). هەموو

کوردانی نزیکە توانەوە لە شارەکانی کوت، سوێرە، عەلی غەربی، تکریت و بەغدای جاران کوردستان. داوا لە هەمووتان ئەکەم گوێ لە کوڕی بچووکی خۆتان بگرن تکایە و هەزاران تکا نەک لە (99%) لە سەدا سەد بڕۆن بۆ دەنگدان، دەنگدان ئەرکی نیشتمانی نەتەوایەتی مرۆڤایەتی سەر شانتانە، دەنگ بدەن بە لیستی کوردی، دەنگدان هەم ئەرکە و هەم مافە، دەنگ بدەن بە بیری نوێ، بە کەسی نوێ، بە بەرنامەی نوێ و بە هزری نوێ).

بۆچوونەکانی فەرهاد حەمەد ساڵح کەریم (فەرهاد سەنگاوی) سەبارەت بە خاکە داگیرکراوەکانی باشووری کوردستان لەلایەن عارەبی ئێراقەوە، کوردێتی و کوردستانێتی نەک تەنیا پارێزگای موسڵ، بەڵکو پارێزگاکانی کەرکوک و دیالە-ش دەگەیەنێت، چونکە ناوبراو سەبارەت بە کوردێتی و کوردستانێتی ئەم ناوچانە دەڵێت: بڕۆن بەرەو ڕزگارکردنی خاکە داگیرکراوەکانی هەر سێ شارە جوانە گرنگەکەی کوردستان (کەرکوک، موسڵ و دیالە)، هەروەها لە شوێنێکی تردا دەڵێت: بەم بۆنەیەوە داوا لە هەموو خەڵکی کوردستان، هەموو دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی ئازیز و ئارام، بە گشتی هەر سێ شارە داگیرکراوەکانی موسڵ، کەرکوک و دیالە (گەرمیانی کوردایەتی). ئەو قسانەی فەرهاد سەنگاوی ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو باوەڕی تەواوی بە هەر یەک لە کوردێتی و کوردستانێتی هەر سێ پارێزگای موسڵ، کەرکوک و دیالە (دێی باڵا) هەیە.

نەقیب سەروەر عومەر مستەفا، لە لاپەڕە (8)ی پەرتووکی (چەند وانەیەک لەسەر مێژووی کوردستانی باشوور)دا، نووسیوێتی: (ئێراق تا جەنگی جیهانی یەکەم بەشێک بوو لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. دوای لاوازکردن و نەهێشتنی دەسەڵاتی ئەو ئیمپراتۆریەتە و بە ماندات بوونی ئێراق لەلایەن بەریتانیا وە، سەرەتا ویلایەتەکانی بەسرا و بەغدا، (دواتریش ویلایەتی موسڵ کە بەشێکی کوردستانی باشووری ئێستا دەگرێتەوە) لە لاشەی دەوڵەتی پەککەوتەی عوسمانی قرتێندراو لە (21.7.1921)دا لەلایەن بەریتانیا وە دەوڵەتی ئێراق دامەزرا).

بەگوێرەی بۆچوونی نەقیب سەروەر عومەر مستەفا، تەواوی شارەکانی سەر بە ویلایەتی موسڵ (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) شاری کوردی

و سەر بە باشووری کوردستانن، چونکە نووسەری ناوبراو ویلایەتی موسڵ بە پارچەیەکی باشووری کوردستان دەزانێت.

نەقیب سەروەر عومەر مستەفا، لە لاپەڕە (42)ی پەرتووکی (چەند وانەیەک لەسەر مێژووی کوردستانی باشوور)دا، نووسیویێتی: (فتوحاتی (داگیرکارییەکانی) ئیسلام لە کوردستانی باشووردا لێشاوی خێڵە عارەبەکانی بەدوای خۆیدا هێنا، هەموو ئەو خێڵە عارەبانەی کە لە گرتنی شاری موسڵ و شەنگالدا بەشداربوون، پاشان جێیان نەهێشت و تێیدا نیشتەجێ بوون، موسڵ و دەوروبەرەکەی کە زۆربەی دانیشتوانەکەی کورد بوون، لە سەردەمی راشدینداو پاشانیش لە سەردەمی عەباسی و ئەمەوییەکاندا، چەندان خێڵی عارەب لە بەسراو کوتەوە رژانە سەری و تا وای لێهات بە قسەی (بەلازوری) بووە یەکێک لە گەورەترین شارەکانی موسڵمان).

نەقیب سەروەر عومەر پێی وایە شارەکانی موسڵ و شەنگال دوو شاری کوردی سەر بە باشووری کوردستانن، چونکە نووسەری ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە خێڵە هێرش بەرە عارەبەکان کە بەناوی ئیسلامەوە هاتن بۆ داگیرکردنی کوردستان، لە شارەکانی موسڵ و شەنگالدا نیشتەجێبوون و، دواتریش چەندان خێڵ و هۆزی عارەبی لە شارەکانی بەسراو کوتەوە هاتوون و لە موسڵ نیشتەجێ بووینە، کە بوون بە هۆکاری گۆڕینی باری دیمۆگرافیای شارەکە.

نەقیب سەروەر عومەر مستەفا، لە لاپەڕە (43-44)ی پەرتووکی (چەند وانەیەک لەسەر مێژووی کوردستانی باشوور)دا، نووسیویێتی: (لە کاتێکدا زیادبوونی عارەب لە ماوەی نێوان (1957-1977)دا لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری ئێراقدا دابەزیوەتە خوار، هەمان ڕێژە لە نێوان پارێزگاکانی کوردستاندا پەرەی سەندووە. ئەم زیادەیە (زیادبوونی ژمارەی عارەب) بە ڕێژەی (40%) لە پارێزگای سلێمانیدا پەرەی سەندو لە (90%) لە پارێزگای کەرکوک و نزیکەی (64%) لە پارێزگای هەولێر. لە پارێزگای موسڵ-یش بە دهۆکەوە ڕێژەی زیادەکە (30%) رەت بوو).

نەقیب سەروەر عومەر مستەفا تەواوی پارێزگای موسڵ بە هی کورد و بەشێک لە خاکی کوردستان دەزانێت، لەبەر ئەوەی نووسەری ناوبراو هەر یەک لە پارێزگاکانی موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی بە کوردستان داناوە.

نەقیب سەروەر عومەر مستەفا، لە لاپەڕە (45)ی پەرتووکی (چەند وانەیەک لەسەر مێژووی کوردستانی باشوور)دا، نووسیویێتی: (روپێوی خاکی کوردستانی باشوور بە زۆرتر لە (85) هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە دادەنرێت، لەو رووبەرەدا مەڵبەندی پێنج پارێزگا (سلێمانی، کەرکوک، هەولێر، موسڵ و دهۆک) و سی و حەوت قەزاو سەدو سی ناحیەی تێدەکەوێت).

ئەوەی کە نەقیب سەروەر نووسیوێتی، کوردستانێتیی و کوردێتیی شارەکانی موسڵ، کەرکوک، هەولێر، سلێمانی و دهۆک دەگەیەنێت، چونکە ناوبراو وەکو پێنج پارێزگای سەر بە باشووری کوردستان ناوی بردوون.

نەقیب سەروەر عومەر مستەفا، لە لاپەڕە (45-46)ی پەرتووکی (چەند وانەیەک لەسەر مێژووی کوردستانی باشوور)دا، نووسیوێتی: (بەپێی ئەو سنوورەی کە لە ساڵی (1974)دا بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی دانراو بەعس بە کوردستانی لە قەڵەمدا (36.347) هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەی لەو روپێوە هێشتەوە کە مەڵبەندەکانی هەر سێ پارێزگای سلێمانی، هەولێر و دهۆک و بیست و یەک قەزار حەفتا ناحیەی لەخۆ گرتووە. بەمەش زۆرتر لە (48.653) هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەی لە خاکی کوردستانی باشوور دابڕی و هەموو ناوچە ستراتیجییەکانی کەرکوک، موسڵ، خانەقین و دەوروبەریانی لە سنووری ئۆتۆنۆمی دەرهێناو بە خاکی عارەبی لە قەڵەم دان و بە کاوەخۆ کەوتە بەعارەب کردنیان).

ئەوەی کە نەقیب سەروەر عومەر ئاماژەی پێکردووە، کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ و هەریەک لە پارێزگاکانی کەرکوک، دیالە، هەولێر، سلێمانی و دهۆک دەگەیەنێت.

یاسین سابیر ساڵح، لە لاپەڕە (1040)ی پەرتووکی (ئینسایکلۆپیدیای گشتی)دا، نووسیوێتی: (موسڵ: گەورەترین و گرنگترین شاری کوردستانی باشوورە کەوتۆتە سەر زێی گەورە کە لقێکی ڕووباری دیجلەیە. 410 کیلۆمەتر لە باکووری بەغداوە دوورە دانیشتوانی لە ملیۆنێک پترە، کە کورد و عارەبن، بەڵام دەوروبەرەکەی هەمووی کوردن).

ئەوەی کە یاسین سابیر ساڵح نووسیوێتی، کوردێتیی و کوردستانێتیی تەواوی پارێزگای موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەری ناوبراو لە ئینسکلۆپیدیای گشتیدا شاری موسڵ بە گەورەترین و گرنگترین شاری باشووری کوردستان ناودەبات.

یاسین سابیر ساڵح، لە لاپەڕە (1087)ی پەرتووکی (ئینسایکلۆپیدیای گشتی)دا، نووسیویێتی: (نەینەوا: شوێنەوارێکی مێژوویی کۆنە لە کوردستانا، کەوتۆتە خۆرهەڵاتی ڕووباری دیجلە و بەری خۆرهەڵاتی شاری موسڵ. ئەم پاشماوەیە ئێستا کەوتۆتە ناو شاری موسڵەوە. گرنگترین شوێنەواری کۆشکی ئەسەرحەدۆنە کە لە نزیک مەزاری (النبي يونس)ی ئێستاوەیە. مەڵبەندەکەی شاری موسڵە. ڕووبەرەکەی (15.192) کیلۆمەتری چوار گۆشەیە. دانیشتوانی لە دوو ملیۆن کەس پترە، کە لە (75%)ی کوردن، ئەوانی تر عارەب و ئاشووری و کلدانی و ئەرمەن و تورکمانن. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە (90%)ی کورد بوون).
ئەوەی لە ئینسکلۆپیدیای گشتیدا هاتووە، کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری نەینەوا واتە کەناری دەستە چەپی شاری موسڵ دەگەیەنێت، چونکە یاسین سابیر شاری نەینەوا بە یەکێک لە گرنگترین شوێنەوارە مێژووییە دێرینەکانی باشووری کوردستان دادەنێت و زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانەکەشی کورد بووینە.

دکتۆر نەجاتی عەبدوڵلا، لە لاپەڕە (18)ی پەرتووکی (گەشتنامەی پۆڤولا بۆ کوردستان ساڵی 1837)دا، کە لە فەرەنسییەوە وەریگێڕاوە بۆ کوردی، نووسیویێتی: (ریتۆری ژاک قەشەیەکی کاتۆلیکی فەرەنسییە و ساڵانی شێستەکانی سەدەی نۆزدەهەم لەلایەن دەستەی مسیۆنێرە کریستانەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە بارەی ژیانی کریستانەکانی کوردستان و باربۆکردنی کلێسە کریستانەکان ڕەوانەی کوردستان دەکرێ. ساڵی 1876 سەفەرێکی ئەسقەفیەی زاخۆ، بەعشیقە و هەکاری دەکات و دواتر ساڵی 1878 سەفەرێکی باشوور دەکات و لە موسڵ-ەوە دەچێتە هەولێر و دواتر کەرکوک و سلێمانی).
دکتۆر نەجاتی عەبدوڵلا لە باسی کریستانەکانی کوردستاندا، هەریەک لە شارەکانی موسڵ، کەرکوک، هەولێر و سلێمانی بە خاکی کورد و بە بەشێک لە باشووری کوردستان دەزانێت، کاتێک کە باسی ڕیتۆری ژاک دەکات و دەڵێت: (ساڵی (1878)

گەشتێکی بۆ باشووری کوردستان دەکات و لە موسڵ-ەوە دەچێتە هەولێر و دواتر کەرکوک و سلێمانی).

دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، لە لاپەڕە (11)ی ژمارە (1179)ی (ڕۆژنامەی ئاسۆ)ی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (16.3.2010)دا بەناو نیشانی (بۆ موسڵ)دا نووسیوێتی: (کاتێ لە مەهاباد کورد کۆماری کوردستانی هەبوو، سروودەکانی ئەوێ دەگەیشتنە ئێرە و ئێمەی قوتابی لەبەرماندەکرد و لە دەرەوەی قوتابخانە دەمانووتنەوە. لە سروودێکدا کە هۆنراوەی هەژار بوو دەوترا:
بابە گوڕ گوڕ دەزانێ
لە مووسڵیشدا هەمانە
لە کەسانی لە خۆمان گەورەتر و شارەزاترمان دەپرسی مەبەستی چییە؟ دەیانووت: ئەوە بابە گوڕ گوڕ کەرکوکە و نەوتی تێدایە و نەوتی (عەین زالە)ی موسڵیش هەر لە خاکی کوردستاندایە. کە بەعسی فاشست هاتە سەر کار دیارە لە قورئانی ئەواندا کە پەرتووکەکانی عەفلەقی کۆنە یۆنانییە نووسراوە کە نەوت لە خاکی کوردستاندا نابێ، ئەو شوێنەش کە نەوتی تێدایە دەبێ لە کوردستان جیابکرێتەوە، ئەوەبوو کەرکوکیان بەو دەردەبرد – چەمچەماڵ و کەلار یا وەک سەدام دەیووت کەلار بۆ سلێمانی تووز بە قادر کەرەمەوە بۆ تکریت پاشان کفری، ئیتر هەر شاری کەرکوک و بیرە نەوتەکان ناونرا تەئمیم، واتە تەئمیم کرا. هەرچی موسڵە کە لە (9) قەزا هەشتی کورد بوو بەری ڕۆژهەڵاتی شاریش بە هەندێ دێهاتەوە کە ئێستا لە سنووری شاردان هەر کوردن، بەعس هات و پارێزگای دهۆکی دروستکرد، زۆر کەس پێیان خۆش بوو کە (دهۆک و ئامێدی و زاخۆ) پارێزگا بن و بکەونە سەر ئەو (هەرێمە) یا حوکمی زاتییەی دروستی دەکرد، بەڵام لێرەشدا هەر مەبەستی هەڕاج کردنی موسڵ بوو لەسەر بەرژەوەندی کورد، چونکە لای فاشیستەکان نە ئێزیدی و نە کاکەیی و نە (شەبەک)یش کورد نین و لە دڵی خۆیاندا بە سلێمانی و هەولێریش وتراوە ڕاوەستن بۆمان، بۆ (ئاکرێ و مەخموریش) قسەم هەیە، هەر (موسڵ)ەکەی ئێستا بە شار و قەزاکانییەوە و بەپێی مێژوو و مێژوونووسانی عارەبیش بەشێکە لە کوردستان، بەڵام فاشستەکان و هەندێ کاربەدەستی ئێستاش وا بە کەرکوکەوە خەریکیان کردووین کە (موسڵ)مان لە بیر بچێتەوە، ئێمە خاکی کەسمان داگیر

نەکردووە، خوێنی کورد لە هەموو مێژوودا لەسەر خاکی کوردستان نەبێت لە شوێنێکی تر نەڕژاوە).

ئەوەی کە دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ نووسیویەتی، سەت لە سەت لە کوردێتیی و کوردستانێتیی شارو پارێزگای موسڵ بە تەواوی دەگەیەنێت، چونکە دکتۆری ناوبراو موسڵی ئێستا وەکو شارو پارێزگا بە پارچەکی خاکی کوردستان دادەنێت. هەروەها سەبارەت بە هۆنراوەکەی هەژاری شەرەفکەندی کە لە سەرەوە ئاماژەم پێیدابوو، بەمشێوەیەیە:

نەوتم ئاوی ژیانە – لە سیرت و کرماشانە
بابە گوڕ گوڕ دەزانێ – لە موسڵیشدا هەمانە
کانگام هەیە لە زاخۆ – هەر وەک نەوتەکەی شنۆ
بۆ دوژمنان بۆتە سۆ – هەر خۆشبێ ئەو زەمانە

کەمال بورکای، لە لاپەڕە (21)ی پەرتووکی (کورد و کوردستان لە سەردەمی باستانەوە تا کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم)دا نووسیویێتی: (ئەگەر لە ڕوانگەی دانیشتوانەوە سەیر بکەین، باکووری کوردستان لە کێوی کوردی، شارەکانی ئانتێپ، کیلیس، کۆبانی، ئۆرفا، جیزرێ و ناوچەی چۆمی دیجلە پێکدێت. جگە لە چۆمی دیجلە، سنوورەکانی باکووری ڕۆژئاوا دەبنە ناوچەکانی زاخۆ، شەنگال، موسڵ، سلێمانی و کەرکوک و لەلای باکووری بەغداوە شارەکانی خانەقین و مەندەلی تا دەگاتە لوڕستانی سەر بە ئێران).

بەگوێرەی بۆچوونەکانی کەمال بورکای، تەواوی پارێزگای موسڵ خاکی نەتەوەی کوردە و پارچەیەکە لە کوردستان، چونکە نووسەری ناوبراو لە ڕوانگەی پێکهاتەی دانیشتوانەوە کە کوردن ئەو دەڤەرە بە بەشێکی سەر بە کوردستان دادەنێت.

کەمال بورکای، لە لاپەڕە (63)ی پەرتووکی (کورد و کوردستان لە سەردەمی باستانەوە تا کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم)دا نووسیویێتی: (کوردستان بە سالان بەرلەوەی مێدیاکان بیخەنە ژێر رکێفی دەسەلاتی خۆیان (3000–2000ی پێش زایین) شوێنی گەلێک نەتەوە و شارستانیەتی تر بووە. فرە نەتەوەی تر وەک لوولوو، گوتی و کاسی لە داوێنی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس جێگیربوونە. لە

باكووری میسۆپۆتامیا، لە ناوچەی موسڵ و بۆتان، هۆزەكانی سوباری، حووری و میتانی ژیاون).

بەپێی بۆچوونی كەمال بوركای، شاری موسڵ شارێكی كوردی و سەر بە كوردستانە، چونكە پێش نزیكەی پێنج هەزار ساڵ بەر لە ئێستاكە دانیشتوانی ناوچەی موسڵ بریتی بووینە لە سوباری، حووری و میتانی كە بنەچەی كورد بووینە.

كەمال بوركای، لە لاپەڕە (71)ی پەرتووكی (كورد و كوردستان لە سەردەمی باستانەوە تا كۆتایی جەنگی جیهانی یەكەم)دا نووسیویێتی: (سەروبەندی (3000)ی پێش زایین، شاری موسڵ و دەوروبەری باكووری میسۆپۆتامیا، وڵاتی سوبارییەكان بووە و دواتر هەر ئەو شارە بووەتە پێتەختی ئاشوورییەكان).

كاتێك كە كەمال بوركای شاری موسڵ بە وڵاتی سوبارییەكان دادەنێت، مانای وایە كە شاری موسڵ خاكی كوردە و بەشێكە لە خاكی كوردستان.

عوسمان مستەفا خۆشناو، لە لاپەڕە (89)ی پەرتووكی (كەركوك لە ئامێزی مێژوودا)، سەبارەت بە بڵاوبوونەوە و جێگیربوونی كوردە كاكەییەكان لە باشووری كوردستان نووسیویێتی: (لە زۆر كۆنەوە كاكەییەكان كە بە دەوروبەری پەرەگەندیی هاتوون بۆ كوردستانی باشوور لەم ناوچانە جێگیربوونە: ناوچەی هاوار هەڵەبجە شوێنی سەرەكێكانە، ناوچەی داقوق، ناوچەی ئاسكی كەڵەك، بادینان، موسڵ، غەزالییە، كۆپرلو – ترلینی و خانەقین).

نووسەر عوسمان مستەفا خۆشناو، شاری موسڵ بە یەكێك لە شارەكانی باشووری كوردستان دادەنێت، چونكە ناوبراو وەكو شارێكی سەر بە باشووری كوردستان ناوی بردووە، كاتێك دێتە سەر شوێنی نیشتەجێبوونی كوردی كاكەیی.

دكتۆر سەلام ناوخۆش، لە لاپەڕە (55)ی پەرتووكی (شێخ مەحموود و سێ ئەفسەرەكەی داگیركەران)دا، نووسیویێتی: (هەر بەپێی ئەو ئاگربەسە (ئاگربەسی مۆدۆرۆس)، بێجگە لە سلێمانی، ئەوا شارەكانی دی باشووری كوردستان وەك

کەرکوک، هەولێر و موسڵ داگیرکران، بەجۆرێ هەولێر و موسڵ لەدوای ئاگربەسەوە داگیرکران).

ئەوەی کە دکتۆر سەلام ناوخۆش نووسیوێتی، کوردێتیی و کوردستانێتیی هەردوو شارە داگیرکراوەکانی موسڵ و کەرکوکی کوردان دەگەیەنێت، کە ناوبراو لە باسی داگیرکردنەکانی بەریتانیادا لە باشووری کوردستان وەکو دوو شاری سەرەکی سەر بەو پارچەیەی کوردستان ناویان دەبات.

ڕێباز، لە لاپەڕە (15)ی بەرگی یەکەم و دووەمی پەرتووکی (قەندیل بەغدای هەژاند)، دەڵێت: (کوردستان پێش شۆڕشی ئەیلول نەببوو بە مۆڵگای سەربازی، بە هەموو کوردستان واتە پارێزگاکانی (کەرکوک، موسڵ، سلێمانی و هەولێر) تەنیا یەک تیپی سەربازی (فرقة عسکر)ی لێبوو (تیپی 2) بارەگاکەشی لە کەرکوک بوو).

بە بۆچوونی نووسەر و پێشمەرگە، شەهید ڕێباز (ڕەفعەت عەبدوللا پیرداود 1952–7.5.1994)، تەواوی پارێزگای موسڵ (نەینەوا + دهۆک) بەشێکن لە خاکی کوردستان، چونکە شەهیدی نەمر پارێزگای موسڵی وەکو پارێزگایەکی سەر بە خاکی باشووری کوردستان ناوبردووە. شەهید ڕێباز، لە لاپەڕە (37)ی هەمان سەرچاوەدا بەمشێوەیە باس لە کوردستانێتیی شاری موسڵ و شارەکانی دیکەی باشووری کوردستان دەکات: (بۆ بەرگری کردن لە شارەکانت سلێمانی، هەولێر، کەرکوک، دهۆک، موسڵ، خانەقین، تەلەعفەر، دوز، سەرقەڵا، کفری، مەخمور، دوبز، شێخان و زمار دەبێ دەستە دەستە، پۆل پۆل، تیپ تیپ پێشمەرگەی کوردستان شەهیدبن).

ڕێباز، لە لاپەڕە (422)ی بەرگی یەکەم و دووەمی پەرتووکی (قەندیل بەغدای هەژاند)، دەڵێت: (بۆ یەکەم جار لە مێژووی شۆڕشی گەلی کورد لە شوێنێکی وا دوور وا ئەستەم (لە مشراقی نزیک گەیارە و شەرگات) هێزی پێشمەرگە دڵی دوژمن دەهەژێنێ ئەو دەشتە ڕەنگینە بە خوێنی یازدە ڕۆڵەی کوردستان یازدە لاوی بە جەرگ ئاودرا بۆ مێژوو مایەوە تا نەوەکانی دوارۆژ، کوڕ و کچانی کورد سنووری وڵاتی خۆیان بزانن وە پازدە پێشمەرگەش بریندار بوون پاش ئەوەی دوژمن زیانی زۆری لێکەوت زیاتر لە بیست و پێنج (جەیشی شەعبی) کوژران و

چەک و تەقەمەنی زۆریش دەسکەوت بوو، کوڕەکانی هەولێر، ڕۆڵەکانی دەشتی دزەیی، بەڕانەتی، شەمامک و مرکییە وەفادارانی گەلی کورد چاونەترسانی کەندیناوە و قەراج وەکو ئاگری نەوتی سەربەشاخ و سارەلوو، دوژمنیان سووتاند و سنووری چالاکی خۆیان بەزاند و پەڕینەوە بۆ پارێزگای موسڵ ئەو شارەی کە بە ناڕەوا و بە ستەم لە کوردستان جیاکراوەتەوە، ئەو وڵاتەی کە بەخشکە مۆرکی کوردایەتی لەسەر لاچوو. باڵادەستانی عارەب خۆیان بەهێزتر دەزانن لە میللەتی ئێمە هەر بۆیە ئەو خاکەی بە پیت و بەرەکەتە پڕە لە نەوت و زێڕ، بۆخۆیان زەوتی دەکەن و کوردی تێدا ناهێڵن بەڵام زەمان هەروا نابێ ئەو خوێنە گەشانە ئازادی دەچێنن ئەو داری ئازادیەش هەر دێتە بەر دەبێ ئەو کاربەدەستە چاوچنۆکانە ڕۆژێک لە ڕۆژان هەموو ئەو تاوانانە قەرەبوو بکەنەوە جا کوڕی کوردیش خوێنی هەرگیز بەفیڕۆ ناڕوات).

ڕەفعەت عەبدوڵڵا پیرداود (شەهید ڕێباز)، شاری موسڵ بە تەواوی بە شار و پارێزگایەکی سەر بە باشووری کوردستان دەزانێت، کە لەلایەن بەرپرسانی بەعس و کاربەدەستانی عارەبی چاوچنۆکی ئێراقی بێ ویژدانانەو بەشێوەیەکی ناڕەوا هەوڵی دابڕینیان لە کورد و کوردستان داوە و عارەبی داگیرکەریان لە شوێنی کوردی بەزۆر ڕاگوێزراو نیشتەجێکردووە، لەپێناوی سڕینەوەی سیمای کوردێتیی و کوردستانێتیی ئەو شارە کوردستانییە.

ڕێباز، لە لاپەڕە (126)ی بەرگی سێیەمی پەرتووکی (قەندیل بەغدای هەژاند)، دەڵێت: (سنووری کوردستان لەگەڵ عارەبی عێراق چیای حەمرینە بە مێژوو کورد لە پێنج شاری گەورە دەژین هەولێر، سلێمانی، کەرکو، دهۆک، موسڵ. ڕژێمی عێراق هەوڵی بێوچانی داوە کورد لە کەرکوک و موسڵ بەتەواوی هەڵکەنی و بیکاتە شارێکی عارەبی تا ڕادەیەک ئەو سیاسەتەی عێراق سەری گرت شاری موسڵ بەتەواوی بۆ خۆی هێشتەوە و هەوڵی زۆریشی خستە سەرشانی کەرکوک لەبەرئەوەی ئەو ڕاستیەی باش دەزانی کە عێراق بەبێ کەرکوک وڵاتێکی هەژار هەژمار دەکرێ گرنگی کەم دەبێتەوە بەتایبەتی لە ڕووی ئابووری سیاسەتی ڕژێم لە قۆڵی موسڵ و کەرکوک زۆر بەپەلە دەستی پێکرد).

ئەوەی شەهید ڕێباز لە سەرەوەدا باسی کردووە، باوەڕبوونی تەواوی ئەو دەگەیەنێت بە کوردستانێتیی و کوردبوونی دوو پارێزگای موسڵ و کەرکوک، کە بە خاکی کورد و بەشێک لە باشووری کوردستان-یان دەزانێت.

خەبات عەبدوڵلا، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (لە تەعریبەوە تا ئەنفال)دا کە لە لاپەڕەکانی (45-48)ی ژمارە (7)ی ساڵنامەی ئەنفالستان بڵاوکراوەتەوە، دەربارەی موسڵ نووسیویێتی: (ڕووپێوی خاکی کوردستانی باشوور بە زۆرتر لە (85.000 کچگ)دا دادەنرێت، لەو رووبەرەدا مەڵبەندی پێنج پارێزگا: سلێمانی، کەرکوک، هەولێر، موسڵ و دهۆک و سی و حەوت قەزا و سەد و سی ناحیەی تێدەکەوێت. ئەو ڕووبەرە بەشی هەرە گەورەی چڕی دانیشتوان و سەرچاوە بێشومارەکانی نەوت، ئاو و کانزاکانی هەموو ئێراقی ئێستای تێدەکەوێت. بەپێی ئەو سنوورەی کە لە ساڵی (1974)دا بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی دانرا و بەعس بە کوردستانی لە قەڵەمدا، تەنیا (36.347 کچگ)ی لەو ڕوپێوە هێشتەوە کە مەڵبەندەکانی هەرسێ پارێزگای سلێمانی، هەولێر و دهۆک و بیست و یەک ناحیەی لەخۆگرتووە. بەمەش زۆرتر لە (48.653 کچگ)ی لە خاکی کوردستانی باشوور دابڕی و هەموو ناوچە ستراتیجییەکانی کەرکوک، موسڵ، خانەقین و دەوروبەریانی لە سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەرهێنا و بە خاکی عارەبی لە قەڵەم دان و بەکاوەخۆ کەوتە بەعارەب کردنیان).

ئەوەی کە نووسەر خەبات عەبدوڵلا باسی دەکات کوردستانیی بوون و کورد بوونی شار و پارێزگای موسڵ دەگەیەنێت، چونکە نووسەر باسی ئەوە دەکات کە باشووری کوردستان مەڵبەندی پێنج پارێزگا دەگرێتەوە کە یەکێکیان پارێزگای موسڵ-ە، هەروەها نووسەر باس لەوەش دەکات کە حکومەتی بەعسی عارەبی چەندان ناوچەی گرنگ و ستراتیجی وەکو موسڵ، کەرکوک، خانەقین و چەند ناوچەیەکی تری لە باشووری کوردستان دابڕیوەو بەعارەبی کردوون، کە ئەمانەش هەمووی ئاماژەن بۆ کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ.

هەڵبەستوانی ناسراو و بڵندی کورد دکتۆر عەبدوڵلا پەشێو، لە بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی (مەد تی ڤی)دا کە سەبارەت بە یادی کیمیاباران کردنی هەڵەبجەیە،

سەبارەت بە پرسی کورد دەڵێت: (ئەمڕۆ پرسی ناوەندی لە باشووری کوردستان پرسی دیاریکردنی سنووری کوردستانە، بەتایبەتیش ناوچە نەوتییەکانی وەکو کەرکوک، خانەقین و پارێزگای موسڵ. تەنیا لە کەرکوک دووەم سەرچاوەی نەوت هەیە لە جیهاندا. کەرکوک بڕبڕەی پشتی هەر کیانێکی ئابوورییە کە لە کوردستانی دواڕۆژدا دێتە کایەوە. تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمیش ئەو بەشە کوردستانەی کە لەبن دەستی عوسمانییان بوو پێکهاتبوو لە ویلایەتەکانی شارەزوور، هەکاری، موسڵ و دیاربەکر. شارەزووریش پێکهاتبوو لە کەرکوک، هەولێر، کۆیە، سلێمانی، ڕواندز و هەریر. مەڵبەندی ئەو ویلایەتەش (شارەزوور) شاری کەرکوک بووە).

ئەوەی کە هەڵبەستوانی ناوداری کورد دکتۆر عەبدوللا پەشێو باسی دەکات کورد بوون و کوردستانی بوونی تەواوی پارێزگای موسڵ دەگەیەنێت، چونکە دکتۆر پەشێو لەلایەک پارێزگای موسڵ، کەرکوک و خانەقین بەتەواوی بە بەشێک لە خاکی سەر بە باشووری کوردستان دەزانێت، لەلایەکی تریشەوە ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵ-ەوە بە بەشێکی کوردستانی ژێردەستەی دەوڵەتی عوسمانی دادەنێت.

یوسف دزەیی، نووسەری پەرتووکی (ئەنفال کارەسات، ئەنجام و ڕەهەندەکانی)، لە لاپەڕە (169)دا سەبارەت بە کوردستانێتیی شاری موسڵ نووسیویێتی: (ئەگەر سەرنج بدەین لە ساڵی (1971)دا لە کۆی (22.03) ملیۆن دۆنم زەوی بەرهەم هێنراوی کشتوکاڵ لە ئێراق (12.43) ملیۆن دۆنم هی هەرێمی کوردستانە لە پارێزگاکانی هەولێر، دهۆک، موسڵ، کەرکوک و سلێمانی، کە ڕێژەکەی (54.02) بووە).

لەو نووسینەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێت کە بە بۆچوونی یوسف دزەیی نەک تەنیا شاری موسڵ بەڵکو سەرجەمی پارێزگای موسڵ هی کوردە و بەشێکە لە خاکی هەرێمی باشووری کوردستان.

باست حەمەغەریب لە هەڵبەستێکدا بەناوی (ڕاوەستن هێشتا ماومانە)، کە لە لاپەڕە (9)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (5497)ی ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (5.6.2011)دا بلاوکراوەتەوە، سەبارەت بە موسڵ نووسیویێتی:

ڕاوەستن هێشتا ماومانە

کوردستان هەردوو چاومانە
هەتا موسڵ بە حەدباو بە منارەوە
بەدیجلەی دڵی شارەوە
لەگەڵ دهۆک دەس لەملانی شادی نەبن
هەتا ئێزیدییان نەخەلسن
شەبەک لەشادی نەڕەقسن
خەبات هێشتا سەرەتایە
قوربانیمان دوایی نایە

بەکورتی ئەوەی باست حەمەغەریب نووسیویێتی، باوەڕبوونی ئەوە بە کوردبوون و کوردستانێتیی تەواوی شار و پارێزگای موسڵ.

دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، لە لاپەڕە (33)ی پەرتووکی (بارزانم چۆن دیت)دا نووسیویێتی: (دوکانەکانی بارزان زۆربەی هەرە زۆری پێویستییەکانی ڕۆژانەی لێ دەست دەکەویت، لە شەکر، چا، ڕۆن، برنج، هەندێ جار گۆشت، پێڵاو، قوماش، ئامرازی کشتوکاڵ و هەتا وردە پێویستییەکانی ناوماڵ. ئەو شتومەکانە لە شارەکانی دیکەی کوردستانەوە دەهێنرانە بارزان، بەتایبەتیش لە هەولێر و موسڵ-ەوە).

دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، لێرەدا زۆر ڕاشکاوانە شاری موسڵ بە شارێکی کوردی و کوردستانی دادەنێت، کاتێک کە باسی ئەوە دەکات خۆراکی دوکانەکانی بارزان لە دوو شاری کوردستانی هەولێر و موسڵ-ەوە دەهاتن.

مێژوونووس و نووسەری کورد جەرجیس فەتحوڵڵا، لە لاپەڕە (114)ی پەرتووکی (آراء محظورة في شؤون عراقية معاصرة)دا نووسیویێتی: (بۆچوونی ئەلوایت هۆل تا سالآنی 1919-1920، دامەزراندنی دوو دەوڵەتی سەربەخۆ بوو کە یەکێکیان لە باشووری کوردستان مەبەستم ویلایەتی موسڵە، شانبەشانی دامەزراندنی دەوڵەتێکی عارەبی کە پێکبێت لە هەردوو ویلایەتی بەسراو بەغدا. دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بایەخی پێنەدرا بەهۆی سووربوونی شەریفی مەککە بەوەی کە ئەو بەشەی کوردستان و کوردستانی باکوور بخرێنە سەر ئەو میرنشینە عارەبییە گەورەی کە ئەو خەونی پێوە دەبینی).

مێژوونووس جەرجیس فەتحوڵڵا، تەواوی شارەکانی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بە شاری (موسڵ)یشەوە، بە بەشێک لە خاکی کوردو بە شارێکی کوردستانیی دەزانێ، چونکە ئەو لە لاپەڕە (115)دا دەڵێ: (ویلایەتی موسڵ ئەوکات پێکدەهات لە پارێزگاکانی نەینەوا، دهۆک، هەولێر و سلێمانی. کورد پێکهاتەی سەرەکی دانیشوانی ویلایەتەکە بوون لەگەڵ کەمینەیەکی کلدوئاشووری و تورکمان. هەروەها چەند تیرەیەکی هۆزی شەمەری نەجدی گەورە و چەند خێڵێکی بچووکی کۆچەر کە هەر لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە دەهاتنە بەشی بیابانی خۆرئاوا).

مەکتەبی ناوەندی لێکۆڵینەوەو تۆژینەوەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە لاپەڕەکانی (4-5)ی نامیلکەی (نفط کوردستان العراق - دراسة تأريخية، جيولوجية، جغرافية، إقتصادية)دا نووسیویێتی: (سەبارەت بە کوردستانی ئێراق نەوت ڕۆڵێکی نێگەتیڤانەی گەورەی هەبوو لە دیاریکردنی چارەنووسی کورد لەم پارچەیەدا، هەروەکو ڕۆڵی نەوت لە سەردەمی ئەمڕۆدا ناتوانرێ پشتگوێ بخرێت. کەس لەسەر ئەوە ناکۆک نییە کە نەوت هۆکاری سەرەکی دابەشبوونی نیشتمانەکەمان کوردستان و پارچە پارچە کردنی بووە لەنێوان زۆرتر لە چوار وڵات و لە لکاندنی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بە دەوڵەتی ئێراق کە دوای کۆتایی هێنان بە جەنگی یەکەمی جیهانی دامەزرا، کە وڵاتە سەرکەوتووەکان لەم جەنگەدا بەتایبەت بەریتانیا و فەرەنسا کەمتەرخەم بوون بەرانبەر بە بەڵێننامە، پەیماننامە و وابەستبوونیان بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لەسەر خاکی باوک و باپیرانی خۆی بۆ هاوتابوونیان بە عارەب، تورک و نەتەوەکانی دیکە. هەروەها کەس جیاوازی لەوەدا نییە کە نەوت هۆکاری سەرەکی بووە ئەگەر تاکە هۆکار نەبووبێت بۆ شاڵاوەکانی ڕاگواستنی زۆرەملێیانەی کورد لە ناوچە نەوتییەکان و بەعارەبکردنیان وەکو (ناوچەی کەرکوک)، (ناوچەی موسڵ) و (ناوچەی خانەقین) هەروەها چەندین ناوچەی دیکە لە هەولێر و دهۆک. لەگەڵ سووربوونی حکومەتە یەک لەدوا یەکەکانی ئێراق لە هەموو گفتوگۆکاندا کە لەنێوان ئەوان و بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانیی کوردستان ئەنجام دراوە، بەوەی کە ئەو ناوچە نەوتییانە لەژێر دەسەڵاتی ئەواندا بمێنێتەوەو سەروەرێتیی کوردی لەسەر لابدرێ، هەتا ئەگەر ئەو

سەروەرێتییە کوردییە لەژێر سێبەری حکومەتی ئێراقی و لەچوارچێوەی دەوڵەتی ئێراقی یەکگرتووش دابێ).

ئەوەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان نووسیویێتی، بۆچوونی ئەوان دەردەخات کە کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ و تەواوی پارێزگاکەیە، کە ئەوان ویلایەتی موسڵ بە باشووری کوردستان ناودەبەن، هەروەها لە ڕاگواستن و بەعارەبکردنی ناوچە کوردییە بە نەوت دەوڵەمەندەکان ناوی ناوچەکانی موسڵ، کەرکوک و خانەقین وەکو ناوچەی کوردی و کوردستانی دەهێنن کە پێیان وایە ئەو ناوچانە بەشێکن لە خاکی کوردستان و نیشتمانی کورد.

مەکتەبی ناوەندی لێکۆڵینەوەو تۆژینەوەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە لاپەڕە (45)ی نامیلکەی (نفط كوردستان العراق - دراسة تأريخية، جيولوجية، جغرافية، إقتصادية)دا نووسیویێتی: (لەسەردەمی ئەمڕۆدا جوگرافیای کێڵگە نەوتییەکانی کوردستان بەگوێرەی گرنگی یەدەکی و بەرهەمهێنانی نەوتی دابەش دەکرێتە سەر سێ ناوچە: کێڵگەکانی ناوچەی کەرکوک، کێڵگەکانی ناوچەی خۆرئاوای ڕووباری دیجلە و کێڵگەکانی ناوچەی خانەقین).

لەسەروەدا بۆچوونی (م. س) پارتی دیموکراتی کوردستانمان بۆ دەردەکەوێت بەوەی کە شاری موسڵ بە بەشێک لە خاکی کوردستان و نیشتمانی کورد دادەنێن، چونکە ئەوان ئەو کێڵگە نەوتییانەی کە دەکەونە ناوچەی خۆرئاوای ڕووباری دیجلە بە بەشێک لە خاکی کوردو کوردستان دەزانن.

دکتۆری پرۆفیسۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لە وتارێکدا لەژێر ناوی (شاری موسڵ لە ڕاپۆرتی کۆمەڵەی گەلانی 1925)دا کە لە لاپەڕە (9)ی ژمارە (4038)ی کوردستانی نوێ، ڕۆژی (4.8.2006)دا بڵاوی کردۆتەوە، سەبارەت بە کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ نووسیویێتی: (پاش دروستبوونی دەوڵەتی ئێراقی لە ساڵی 1921 داو خستنە پاڵی ویلایەتی موسڵ، حکومەتی ئێراقی نەخشەی دارشت بۆ گۆڕینی واقیعی نەتەوەیی موسڵ، لە ڕێگای چڕکردنەوەی بوونی عەرەبەکان لە ویلایەتەکەدا، بە مەبەستی جێگیرکردنی نفوسی خۆی و بەعەرەبکردنی ناوچەکە لە هەشتاو نەوەدەکاندا، بەشێوەیەک شاری موسڵ بووەتە بنچینەی تەعریبی ناوچەی

ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە کە لە قوڵایی زەوییەکانی هەرێمی کوردستانی باشووردا ڕەگی داکووتاوە).

ئەوەی کە دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد باسیکردووە، کوردستانێتیی سەدی شاری موسڵ و پارێزگاکەی بەتەواوی دەگەیەنێت، چونکە ناوبراو باسی ئەوەی کردووە کە شاری موسڵ بۆتە بنچینەی تەعریبی قوڵایی خاکی باشووری کوردستان.

زەکەریای گۆرانیبێژ، لە یەکێ لە گۆرانییەکانیدا بە ناوی (وەرە ئەسمەر)دا، لە نووسینی (ئەدیب چەڵکی)، باس لە کوردستانێتیی شاری موسڵ دەکات. ئەمەش چەند کۆپلەیەکی گۆرانییەکەیە:

وەرە ئەسمەر
شۆڕش و بەرخوێدانێ
خەبات و سەرهەڵدانێ
ل باشورێ وەڵاتی
شەڕێ مان و نەمانی
مزگێنی هاتن خەڵات
ڕۆژا مە کوردان هەڵات
ل دوازدەهێ نیسانێ
ڕزگار بو پارچەک وەڵات
کەرکوک، موسڵ و زمار
شێخان، مەخمورو شەنگار
خانەقین و مەندەلی
ل وان پیرۆز بیت بوهار
مژدە بۆ کوردان هەمان
زۆری و بندەستی نەمان
ئاشێ دژمنان هەریفت
وەرگەڕێن چەرخ و زەمان

بلند کن ئالا کوردان
ئازاد بویه نیشتمان
ئەیرۆ کەرکوک و موسڵ
سبه ئامەد و بۆکان

به گوێرەی ئەو هۆنراوەیەی هەڵبەستوان (ئەدیب چەڵکی) که به دەنگی هونەرمەند کراوەته یەکێک له سرووده نیشتمانییەکان، کوردستانێتیی و کوردێتیی شاری موسڵ و چەندان شاری دیکەی کوردستانی دەردەخات، چونکه هەڵبەستوانی ناوبراو له هۆنراوەکەیدا، شارەکانی کەرکوک، موسڵ، خانەقین، مەخمور، مەندەلی و شەنگال به شاره بەعارەبکراوەکانی باشووری کوردستان ناودەبات.

محەمەد باقی سەعید، له لاپەڕه (213)ی پەرتووکی (ئینزیبات خانه و تاوانەکانی زەعیم سدیق 1961-1964)دا نووسیوێتی: (ئێمه نەتەوەیەکی پەنجا ملیۆنی و له دوژمنان کەمتر نین، پێویسته کردارمان زۆرتر بێ له زمانمان هەندێ دەربڕین ئەکەوێ لەسەرمان پێویست ناکات باس بکرێت وەکو بڵێین -موسڵ شارێکی کورد نییه- کەچی زۆر بەڵگەی مێژوویی هەیه و که له ساڵی (14)ی هیجری - کۆچی بەدواوه یەکەم جار عەرەب جێنشین کرا له موسڵ-دا.. کاتێ لەشکری موسڵمانان موسڵ-یان داگیرکرد و عەرەبیان نیشتەجێ کرد له کەنیسەکاندا لەژێر سەرکردایەتی عەرفەجەی بارفی-دا وه کەس زۆری لێ نەکردووین ئەم وشانه بڵێین؛ سەرچاوە: 2-443، ل213).

کاتێک که محەمەد باقی سەعید دەنووسێت: (پێویست ناکات باس بکرێت وەکو بڵێین -موسڵ شارێکی کورد نییه. له ساڵی (14)ی هیجری - کۆچی بەدواوه یەکەم جار عەرەب جێنشین کرا له موسڵ-دا. کاتێ لەشکری موسڵمانان موسڵ-یان داگیرکرد و عەرەبیان نیشتەجێ کرد له کەنیسەکاندا لەژێر سەرکردایەتی عەرفەجەی بارفی-دا)، ئەمانه هەمووی بەڵگەی کوردبوون و کوردستانێتیی شاری موسڵ دەگەیەنن.




نەخشەی ٩

دابەشبوونی ئیداری، ١٩٨٠




چاڵگە نەوتییەکان

نەخشەی ١١





نەخشەی ١٢

ڕێگەوبانی ئۆتۆمۆبیل


1 : 2 000 000
ئەرزنجان
ئەرزەرۆم
دیفریکی
ئەلازیغ
وان
موش
مەرعەش
دیاربەکر
کورتەلان
باتمان
گازی ئانتەپ
موسل
هەولێر
کەرکووک
خانەقین
سنووری دەوڵەتی
هێڵی ئاسن
مەرکەزی پارێزگا
مەرکەزی قەزا
سەقیددەش
ئەندیشک
ئاسنەڕێ


نەخشەی ١٣




نەخشەی ٧. باشووری کوردستان و حکومەتی هەرێم ١٩٨٧...

سنووری کوردستان ٤٢


تورکیا
سووریا
وان
مووسڵ
کەرکووک
عێراق
ئێران
ئێران
کەنداو
کوردستان
سنووری نێو دەوڵەتی
سنووری ئوستان
سەنتەری ئوستان
سەنتەری قەزا


الدكتور عبدالله العلياوي
كوردستان فى عهد المغول
١٢٢٠-١٣٣٥ ميلادي
دراسة في التاريخ السياسي


یەکێتیی سۆڤیێت
تورکیا
کوردستان
سووریا
عێراق
ئێران




خريطة ولاية الموصل

کوردستانی باشوور و دیالێکت و گۆڤەرەکانی




ناوچە ئیدارییەکانی
کوردستان


خريطة رقم (١)





موقع قضاء عقرة بالنسبة لكردستان العراق

## خريطة رقم (٣)


# إقليم كوردستان العراق





التوزيع الجغرافي للكورد في أقليم كوردستان العراق




قەبارەی ئێراق لە سەردەمی عەباسیاندا


میدیا
2006
٢٧٠٥ - ٢٧٠٦ کوردی


www.rojhalat.de
Sivas
Elazig
Erzrom
Deresim
Maras
Mako
Urfa
Van
Diyarbaker
Mardin
Hakari
Midya
Ormia
Jeziz
Ravanduz
Hawler
Mosel
Mahabad
Sardasht
Bokan
Solemanie
Bana
Saqez
Hamadan
Kurdstan
Kerkuk
Sanandaj
Kermansha
Ilam



BLACK SEA
TBILISI
U R S S
ANKARA
TURKEY
KARS
KELBAJAR
YEREVAN
TUNCELI
AGRI
ELAZIG
NAKHICHEVAN
NEMRUT DAGI
VAN
DIYARBAKIR
ADANA
URFA
MARDIN
CIZRE
HAKKARI
URMIA
ZAKHO
ALEPPO
DAHUK
KOREME
MAHABAD
RANIA
MOSUL
ERBIL
SAQQIZ
SANANDAJ
TEHERAN
SYRIA
KIRKUK
SULAIMANIA
HALABJA
PERSIA
BEIRUT
QASR-E-SHIRIN
KIRMANSHAH
IRAK
BAGHDAD
CASPIAN SEA


ئەرزروم
Kifri
K U R D
موسڵ
کەرکوک
کرماشان
سنوری تورکیە و ایران
سنوری کوردستان






نەخشەی کوردستان لەزەمانی شەرەفخاندا


— سەتوبیستوهەشت —





شێوەی ژمارە(١)
شاخەکانی کوردستان ـ ئاراستە و زنجیرەکانیان


قارس
ئەرزەرۆم
ئەرزنجان
بینگۆل
موش
وان
دیاربەکر
ماردین
ئورفە
دهۆک
مووسڵ
هەولێر
کەرکووک
کرماشان




90 45 0 90 180 270 Km
1 : 9000 000


سوريا
العراق

# سەرچاوەکانی بەشی شەشەم
# (بەڵگەنامە کوردییەکان):

1- عەلائەدین سەجادی، شۆڕشەکانی کورد و کورد و کۆماری ئێراق، چاپخانەی مەعاریف، ئێراق - بەغدا 1959.
2- عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کورد، چاپخانەی مەعاریف – پەرتوکخانەی زانیاری، سەردەشت – ڕۆژئاوای کوردستان 1982ز – 1361ی هەتاوی.
3- عەلائەدین سەجادی، مێژووی ڕاپەڕینی کورد، چاپی دووەم، چاپخانەی ئێران- شاری کورد - 1996.
4- دکتۆر حوسێن محەمەد عەزیز، کورد و کێشەی (کەرکووک) ڕەخنە و کۆڵینەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی- باشووری کوردستان 2005.
5- دکتۆر حوسێن محەمەد عەزیز، کورد و شۆڕش و هەلی مێژوویی – لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی ڕامیاری ڕەخنەگرانەیە، چاپی دووەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 2000.
6- محەمەد سەعید سۆفی، پارێزگای کەرکوک لەناو پاکتاوکردنی ڕەگەزییدا، چاپخانەی بەرهەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 2003.
7- دکتۆر جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، وەرگێڕانی کوردۆ عەلی، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوید، 1985.
8- دکتۆر جەمال نەبەز، بیری نەتەوەیی کوردی، بڵاوکراوەی بنکەی کوردنامە، چاپی دووەم، بەریتانیا – لەندەن 2002.
9- دکتۆر جەمال نەبەز، الامیر الکوردي-میر محمد الرەواندزي- الملقب ب (میری کۆرە)، ترجمة فخري سلاحشور، دار ئاراس للطباعة والنشر، الطبعة الثانیة، جنوب کوردستان - هەولێر 2003.
10- دکتۆر جەمال نەبەز، المستضعفون الکورد واخوانهم المسلمون، الطبعة الاولی، من منشورات کوردنامە - لندن 1997.

11- دکتۆر جەمال نەبەز، کۆبەرهەم ژمارە (6)، باشووری کوردستان – سلێمانی 2006.
12- دکتۆر جەمال نەبەز، پشتگیری لە کارەسات و هەرەسێکی بێوێنە، ڕۆژنامەی (میدیا)، ژمارە ، (272)، ساڵی یازدەهەم، سێشەممە ڕێکەوتی (9.1.2006)، ڕۆژنامەکی سیاسی هەفتانەیە، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK دەری دەکات.
13- دکتۆر جەمال نەبەز، کۆنگرە، ژمارە (19)، مارسی (2001). کۆنگرە، ئۆرگانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان بڵاوکەرەوەی بیری نەتەوەیی کوردیی.
14- دکتۆر جەمال نەبەز، کۆبەرهەم ژمارە -7، چاپخانەی منارە، چاپی یەکەم، هەولێر – باشووری کوردستان 2007.
15- دکتۆر جەمال نەبەز، ئایا ڕاستە، کە "دوژمنی دوژمنت دۆستتە"؟، ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە (315)، ساڵی دوازدەهەم، سێشەممە (20.11.2007)، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری هەفتانەیە، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات.
16- دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاپێک، ستۆکهۆڵم - سوید 1996.
17- دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان لە باشووری کوردستاندا بەپێی سەرژمێری دانیشتوانی ئێراق – 1977، چاپخانەی شڤان، باشووری کوردستان – سلێمانی 2005.
18- دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، سنووری کوردستان، چاپخانەی میدیا، ستۆکهۆڵم، سوید - 1997.
19- دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای دانیشتوانی کوردستان، چاپخانەی ئاپێک، ستۆکهۆڵم 1994.
20- دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، ئەتنۆ – دیمۆگرافیای باشووری کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، چاپی دووەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 2000.
21- دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای ئابووری نەفت لە کوردستاندا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی دووەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 2002.

22- محەممەد مەردۆخی کوردستانی، مێژووی کورد و کوردستان، وەرگێڕانی عەبدولکەریم محەممەد سەعید، چاپخانەی ئەسعەد - بەغدا 1991.
23- محەمەد عەلی عەونی و هەژار موکریانی، شەرەفخانی بەدلیسی، شەرەفنامە، هەژار کردویە بە کوردی، کۆڕی زانیاری کورد لە چاپی داوە، چاپخانەی نوعمان، ئێراق - نەجەف 1973.
24- رؤوف عقراوي، الحملة على بادينان واوضاع اللاجئين، من منشورات ئاراس، مطبعة وزارة التربية – هەولێر، الطبعة الثانية، هەولێر - جنوب کوردستان 2002.
25- حازم هاجاني، صفحات من تأريخ الكورد وكوردستان، الجذور التأريخية – الجغرافية – الاثار – اللغة – المعتقدات، الطبعة الاولى، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، هەولێر – جنوب كوردستان 2002.
26- دکتۆر عەزیز شەمزینی، بزوتنەوەی نەتەوایەتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردستان، وەرگێڕانی لە عارەبییەوە فەرید ئەسەسەرد، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ 1985.
27- مستەفا شێخ نعمەتوڵڵا، گەلاوێژ، گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری مانگانەی کوردییە، عەلائەدین سەجادی دەریدەکرد، ژمارە (1)ی ساڵی چوارەم، کانوونی دووەمی ساڵی 1943.
28- مستەفا شێخ نعمەتوڵڵا، گەلاوێژ، گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری مانگانەی کوردییە، عەلائەدین سەجادی دەریدەکرد، ژمارە (2)ی ساڵی چوارەم، شوباتی ساڵی 1943.
29- مستەفا شێخ نعمەتوڵڵا، گەلاوێژ، گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری مانگانەی کوردییە، عەلائەدین سەجادی دەریدەکرد، ژمارە (3)ی ساڵی چوارەم، مارتی ساڵی 1943.
30- مستەفا شێخ نعمەتوڵڵا، گەلاوێژ، گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری مانگانەی کوردییە، عەلائەدین سەجادی دەریدەکرد، ژمارە (9)ی ساڵی چوارەم، ئەیلولی ساڵی 1943.
31- ڕەشید شێخ عەبدولڕەحمان، مێژووی زاگرۆس، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر – باشووری کوردستان 2001.

32- عەلی سەیدۆ گەورانی، لە "عەممان"ەوە بۆ "ئامێدی" گەشتێک بە کوردستانی باشووردا، وەرگێڕانی تالیب بەرزنجی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 2000.
33- دکتۆر عەبدوللا محەمەد عەلی عەلیاوەیی، کوردستان في العهد المغول 1220-1335 میلادي دراسة في التأریخ السیاسي، جنوب کوردستان – سلیمانیة 2005.
34- دکتۆر عەبدوللا عەلیاوەیی، گۆڤاری سەردەم، العدد التاسع لسردم العربي ، مؤسسة سردم للطباعة والنشر، سلیمانیة – جنوب کوردستان.
35- ئەحمەد تیگریس و ناسری ڕەزازی و فەهد گردەوانی، جوگرافیای کوردستان بۆ پۆلەکانی ناوەندی و باڵا، سوید 1994.
36- ئاسۆ گەرمیانی و ئامەد تیگریس، کورتە مێژووی کورد و کوردستان، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم، 1992.
37- ئاسۆ گەرمیانی، دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ یان سیستمێکی فیدرالی؟ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 2004.
38- هاوڕێ باخەوان، ئاڵای کورد-کورتە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی-کۆمەڵایەتی-ڕامیاری، دەزگای سەردەم، باشووری کوردستان - سلێمانی 2001.
39- هاوڕێ باخەوان، هەفتەنامەی میدیا، ژمارە (177) ساڵی نۆیەم، پێنج شەممە، ڕێکەوتی (20.12.2004)، ڕۆژنامەیەکی سیاسی هەفتانەیە، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات.
40- هاوڕێ باخەوان، جەنگی ناوخۆ، ماڵپەڕی تایبەتی باخەوان، ڕۆژی هەینی (14.7.2006).
41- هاوڕێ باخەوان، ئەدەبیاتی کاژیک، چاپی یەکەم، 2003. لە ماڵپەڕی کوردستان نێتدا وەرگیراوە.
42- عەونی داودی و حوسین غولام، کرکوک رحلة في ذاکرة التاریخ، ئامادەکردن و وەرگێڕانی، عەونی داودی، چاپی یەکەم، چاپخانەی نینا – ئۆپسالا - سوید، 2002.
43- العلامة محمد جەمیل الملا أحمد الرۆژبیاني، نبذة عن العشیرة الرۆژبیانیة (الروزبهانیة) والمعروفین من الروژبیانیین في الکتب التاریخیة، الطبعة الثانیة، مطبعة الثقافة – هەولێر – جنوب کوردستان 2001.

44- ولاتگیری ڕەشەخاکی عیراق (فتوح سواد العراق)، مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی کردوویە بە کوردی و پەراوێزی لێکردووە، بەڕێوەبەرێتیی چاپخانەی ڕۆشنبیری، چاپی دووەم، هەولێر – باشووری کوردستان 2005.
45- محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی، فەرمانڕەوایی موکریان، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا 1992.
46- العلامة محمد جەمیل الروژبیاني، مجلة سردم العربي، العدد (2) سنة (2003)، مؤسسة سردم للطباعة والنشر.
47- شیرین نوری محەمەد، الخیار الفیدرالیة في کوردستان العراق،ماڵپەڕی هەڵەبجە.
48- دکتۆر کامەران قەرەداغی، ڕۆژنامەی الحیاة، العدد (11777)، الاحد (21.5.1995).
49- وتاری (دۆزی کورد و کوردستان) کە ناوی نووسەرەکەی بەسەرەوە نییەو لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێتی ماڵپەڕی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان کۆپیم کردووە.
50- دکتۆر سادقی شەرەفکەندی، بزوتنەوە نەتەوایەتییەکانی کورد، سوید، 1996.
51- سەدیق سەفی زادە بۆرەکەیی، سەلاحەدینی ئەیووبی، چاپ أول، مؤسسة مطبوعاتی – تهران – ایران، تابستان 1361.
52- سەلام عەبدوللا، گۆڤاری کەرکوک (16)، بەهاری 2003، گۆڤارێکی ڕوناکبیری گشتی وەرزییە، کۆمیتەی باڵای ئاوارەکان و کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوک بە هاوبەشی دەری دەکەن.
53- نجم عمر السورچي، مصیر ولایة الموصل (کوردستان الجنوبیة) ما بعد عام 2000، جنوب کوردستان - سلیمانیة 1998.
54- نەوشیروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردی 1938-1958 ڕۆژنامەوانیی نهێنی، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، باشووری کوردستان - سلێمانی 2004.
55- نەوشیروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردی، ساڵانی نێوان دو جەنگی جیهانی 1918-1938 بەرگی دووەم، چاپخانەی شڤان، باشووری کوردستان – سلێمانی 2002.

56- جلال الطالباني، اغد ديموقراطي وحرمان الشعب حتى من حق الحلم؟، من منشورات الاتحاد الوطني الكوردستاني، مركز ئەرکی نوێ الثقافي 1989.
57- سەلام ناوخۆش، دراسة سياسية حول إحتلال وتقسيم كوردستان. الطبعة الاولى، المطبعة نازه، هەولێر – جنوب كوردستان 2002.
58- غەفور مەخموری، بەعارەبکردنی کوردستان بەعارەبکردن - مەترسییەکانی - بەرەنگاربوونەوەی، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە، لە بڵاوکراوەکانی لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی بە عارەبکردنی کوردستان، هەولێر - باشووری کوردستان 2706/2006ی کوردی.
59- غەفور مەخموری، هەڤاڵ غەفور مەخموری: بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان پارێزگای موسڵ، دیالا، تکریت و بەشێکی زۆری کوت و میسانیش بەشێکن لە خاکی کوردستان، ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە (135)، ساڵی حەوتەم، هەینی (1.11.2002)، ڕۆژنامەکی ڕامیاری هەفتانەیە، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK دەری دەکات.
60- شێخ سدیق، پاکتاوکردنی ڕەگەزی کورد لە مێژوودا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی کشتوکاڵ، باشووری کوردستان - هەولێر 2005.
61- کەیوان ئازاد ئەنوەر، کورد لە چەند تۆمارێکی مێژووییدا، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی- باشووری کوردستان 2005.
62- کەیوان ئازاد ئەنوەر، فایلی هەرێمی کوردستانی ئێراق لەبەڵگەنامەکاندا، کوردستانی نوێ، ساڵی چواردەهەم، ژمارە (3779)، دوشەممە (19.9.2005)، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی ڕۆژانەیە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەری دەکات.
63- کەیوان ئازاد ئەنوەر، کەرکوک لە پەڕاوێزی ڕوداوەکانی مێژووی کۆندا، گۆڤاری کەرکوک (6)، ژمارە (2)، ساڵی دووەم، پاییزی 2000، گۆڤارێکی ڕوناکبیری گشتی وەرزییە کۆمیتەی باڵای ئاوارەکان و کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوک بە هاوبەشی دەری دەکەن.
64- کەیوان ئازاد ئەنوەر، کەرکوک لە هەڵوێستی سیاسی کوردا، گۆڤاری کەرکوک (12)، ژمارە (4)، ساڵی سێیەم، بەهاری 2002، گۆڤارێکی ڕوناکبیری گشتی وەرزییە کۆمیتەی باڵای ئاوارەکان و کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوک بە هاوبەشی دەری دەکەن.

65- کەیوان ئازاد ئەنوەر، کوردستان لە نێوان چاڵدێران‌و بەغدادا، کوردستانی نوێ، ساڵی شازدەهەم، ژمارە (4354)ی ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (23.8.2007)، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی ڕۆژانەیە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەری دەکات.
66- ئەمجەد شاکەلی، ڕۆینە لۆمبۆرن، کورد گەلێکی بێ وڵات، وەرگێڕانی ئەمجەد شاکەلی، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم، سوید 1994.
67- ئەمجەد شاکەلی، ئەوەی نابێ بگوترێ دەبێ بگوترێ، دیدارێکە (حەکیم کاکەوەیس) لەگەڵ (ئەمجەد شاکەلی)دا ئەنجامی داوە، چاپخانەی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان – هەولێر 2004.
68- ئەمجەد شاکەلی، سنووری کوردستان، کوردستان نێت، ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە، چوارشەممە (24.9.2003).
69- ئەمجەد شاکەلی، فیدراڵی تەنێ دابەشکردنی دەسەڵات نییە، دەنگەکان، ژمارە (221)، ڕۆژی چوارشەممە (31.8.2005).
70- سیروان کاروانی، موسڵ و کورد، ماڵپەڕی دەنگەکان، ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (1.6.2005).
71- سەردار جەباری، ئاوڕێک لە ڕابردو، تێڕوانینێک لە ئەمڕۆ بیرێک لە ئایندە، گۆڤاری کەرکوک (12)، ژمارە (4)، ساڵی سێیەم، بەهاری 2002، گۆڤارێکی ڕوناکبیری گشتی وەرزییە کۆمیتەی باڵای ئاوارەکان و کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوک بە هاوبەشی دەری دەکەن.
72- دکتۆر سەربەست، الفیدرالیة الکوردستانیة والتوقعات المستقبلیة دراسة قانونیة، قوس للطباعة، کوپنهاون - دانیمارک 1995.
73- مەریوان دەوڵەت، شێوەی نووسینی کوردی بە پیتی لاتینی، بڵاوکردنەوەی کۆمەڵەی لاوانی کورد لە دانیمارک، کۆپنهاون 1993.
74- خەسرەو گۆران، کورد لە پارێزگای موسڵ، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، باشووری کوردستان - هەولێر 2002.
75- خەسرەو گۆران، کوردستان لە مێژوودا، بەشی یەکەم، وەرگێڕانی ئاسۆ کەریم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی کوردستان، باشووری کوردستان – هەولێر 2001.

76- خەسرەو گۆران، تورکیا لە ڕێگەی بەرەی تورکمانی دەستی لە تێکدانی ئارامی شاری موسڵ-دا هەیەو لەو بارەوە بەڵگەمان لەبەر دەستدان، ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە (260)، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (3.10.2006)، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری هەفتانەیە، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات.

77- دیمانە لەگەڵ خەسرەو گۆران، خەسرەو گۆران، جێگری پارێزگاری موسڵ: هەموو سوپای ئێراق بێتە موسڵ ناتوانێت ئەم شارە کۆنترۆڵ بکات، ڕۆژنامەی جەماوەر، خولی دووەم - ژمارە (214)، ڕۆژی دوشەممە، ڕێکەوتی (5.3.2007). جەماوەر، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری گشتی ئازادە.

78- جەلال جەوهەر، کوردستان لەسەر بەنداوی ئاودایە، کەچی هەڕەشەی بێ ئاوی لەسەرە، گۆڤاری کەرکوک (8)، ژمارە (4)، ساڵی دووەم، بەهاری 2001، گۆڤارێکی ڕوناکبیری گشتی وەرزییە کۆمیتەی باڵای ئاوارەکان و کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوک بە هاوبەشی دەری دەکەن.

79- جەلال جەوهەر، وەڵامی چەند پرسیارێکی تایبەت بە پاکتاوکردنی نەژادی لە کوردستان، گۆڤاری کەرکوک (11)، زستانی 2002، گۆڤارێکی ڕوناکبیری گشتی وەرزییە، کۆمیتەی باڵای ئاوارەکان و کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوک بە هاوبەشی دەری دەکەن.

80- جەلال جەوهەر، 80 ساڵ تەعریبکردنی کوردستان، گۆڤاری کەرکوک (5)، ژمارە (1)، ساڵی دووەم، هاوینی 2000، گۆڤارێکی ڕوناکبیری گشتی وەرزییە، کۆمیتەی باڵای ئاوارەکان و کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوک بە هاوبەشی دەری دەکەن.

81- دکتور کەمال  مظهر احمد، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی هەلی کورد، بەشی یەکەم، چاپخانەی (الادیب البغدادیة)، العراق – بغداد 1985.

82- دکتور کەمال  مظهر احمد، کرکوک وتوابعها حکم التاریخ والضمیر دراسة وثائقیة عن القضیة الکوردیة في العراق، الجزء الاول مطبعة ڕینوین.

83- دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغداد 1975.

84- دكتۆر كەمال مەزهەر ئەحمەد، كوردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ترجمة محمد الملا عبدالكريم، الطبعة الثانية، العراق – بغداد 1984.
85- جرجيس فتح‌الله، يقظة الكورد تاريخ سياسي 1900-1925 ومما يتناول النزاع على جنوب كوردستان امام عصبة الامم مع الوثائق والمذكرات المتعلقة به، دار اراس، مطبعة وزارة التربية، جنوب كوردستان - هەولێر 2000 + جەرجيس فەتحوڵڵا، وریابوونەوەی کورد مێژوویێکی سیاسی 1900-1925، وەرگێڕانی حەسەن جاف، بەرگی یەکەم و دووەم، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی دهۆک – باشووری کوردستان 2009.
86- عەبدولعەزیز یامولکی، بیرەوەرییەکانی عەبدولعەزیز یامولکی، لەتورکی عوسمانییەوە وەرگێڕانی شێرزاد کەریم، گۆڤاری "مامۆستای کورد"، ژمارە (27)و (28).
87- عەبدولعەزیز یامولکی، کوردستان و ڕاپەڕینەکانی کورد، وەرگێڕانی لە تورکیە وە شێرزاد کەریم، ئامادەکردنی سەدیق ساڵح، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 1999.
88- حازم هاجاني، صفحات من تأريخ الكورد وكوردستان، الجذور التأريخية – الجغرافية – الاثار – اللغة – المعتقدات، الطبعة الاولى، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، هەولێر – جنوب كوردستان 2002.
89- محەمەد ئەمین زەکی، خوڵاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، بەرگی یەکەم 1931، بەرگی دووەم 1937، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، باشووری کوردستان - سلێمانی - چاپی نوێ - 2000.
90- محەمەد ئەمین زەکی، تأريخ الدول والامارات الكوردية في العهد الاسلامي، ترجمة محمد علي عوني، مطبعة السعادة، مصر 1945.
91- حوسێنی مەدەنی، کوردستان و ئیستراتێژی دەوڵەتان، بەرگی یەکەم، نۆڤێمبەری 2000.
92- دكتور عزيز الحاج، القضية الكوردية في العشرينات، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، الطبعة الاولى، بيروت - لبنان 1984.
93- المحامي الشيخ سالار الحفيد، جنوب كوردستان في موازين السياسة الدولية، المديرية العامة للطباعة والنشر، سليمانية – جنوب كوردستان 2006.

94- پارێزەر سالار حەفید، دیمانە فازڵ نەجیب، (کەرکوک لە سنووری ئەو حکومەتە کوردییە دایە کە یاسادانەرانی ئەوروپی نەخشەیان بۆ کێشاوە... شێخ سالاری حەفید دەدوێت)، ماڵپەڕی پەیامنێر، (20.3.2005).

95- شاخەوان شۆڕش، پاکتاوی ڕەگەزی لە ناوچەی کەرکوک و ئەگەری دەستێوەردانی مرۆڤانە، چاپی یەکەم، چاپخانەی دیلان، باشووری کوردستان - سلێمانی 2003.

96- هەڵکەوت حەکیم، الاکراد واشکال الموصل، سەرچاوەکەی دیار نییە.

97- دکتۆر جرجيس حسن، تركيا في الاستراتيجية الاميركية بعد سقوط الشاه، الطبعة الاولى، دمشق، مطبعة الجاحظ، 1990.

98- ليلى نامق الجاف، كركوك لمحات تاريخية، مطبعة خەبات، جنوب كوردستان – هەولێر 1992.

99- دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، کوردستان لە سەردەمی ئاشتیدا، وەرگێڕانی محەمەد نوری تۆفیق، دەزگای سەردەم- باشووری کوردستان - سلێمانی 2001.

100- دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، کورد و کوردستان لە کۆمەڵە وتارێکی مێژوویيدا، وەرگێڕانی ئازاد عوبێد سالح، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان–هەولێر 2005.

101- پرۆفیسۆر دکتۆر ئازاد محەمەدئەمین نەقشبەندی، چەمکی هەرێمی کوردستانی ئێراق، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی ئێراق، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی ئێراق، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان – هەولێر 1998.

102- دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، دیاریکردنی سنووری جیۆگرافیی هەرێمی کوردستانی ئێراق، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی ئێراق، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی ئێراق، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان – هەولێر 1998.

103- الدكتور خليل اسماعيل محمد، مؤشرات سياسة التعريب والتهجير في اقليم كوردستان العراق، مطبعة جامعة صلاحالدين، جنوب كوردستان - هەولێر 2001.

104- الدكتور خليل اسماعيل محمد، البعد القومي للتغيرات في الحدود الادارية لمحافظة كركوك، مطبعة وزارة الثقافة، منشورات مجلة كاروان، جنوب كوردستان – هەولێر 1997.
105- الدكتور خليل اسماعيل محمد، دهۆک – نينوى دراسات في الخصائص الديموغرافية للسكان، مركز كوردستان للدراسات الاستراتيجية، جنوب كوردستان – سليمانية 2005.
106- دکتۆر خەلیل ئیسماعیل، دیاریکردنی سنووری هەرێم بەرپرسیارێتییەکی نەتەوەییە، گۆڤاری گوڵان، ژمارە (549)، پێنجشەممە (11.8.2005)، گۆڤارێکە هەفتەی جارێک، دەزگای گوڵانی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر دەری دەکات.
107- دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، أقليم كوردستان العراق دراسات في التكوين القومي للسكان، الطبعة الثالثة، جنوب كوردستان – هەولێر 1999.
108- دکتۆر خەلیل ئیسماعیل، البعد القومي للاستيطان العربي في محافظة كركوك، كركوك بحث الندوة العلمية حول كركوك 3-5 نيسان 2001 اربيل، مجموعة من الباحثين - من منشورات ئاراس، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية، جنوب كوردستان - هەولێر 2002.
109- دکتۆر خەلیل ئیسماعیل، موسڵ لە نێوان چەکوشی تیرۆریستان و دەزگای بەعارەبکردندا، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (2183)، ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (23.6.2006)، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی ڕۆژانەیە - ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان-ە.
110- دکتۆر خەلیل ئیسماعیل، پرۆفیسۆر دکتۆر خەلیل ئیسماعیل لەکۆڕێکی بنکەی کاوەی ڕۆشنبیریدا: لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی ئێراقەوە تا ڕوخانی سەدامیش پلانی گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان بەردەوام بوو، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (2702)، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (11.12.2007)، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی ڕۆژانەیە - ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان-ە.
111- دکتۆر جەمال ڕەشید ئەحمەد، كركوك في العصور القديمة، كركوك بحث الندوة العلمية حول كركوك 3-5 نيسان 2001 اربيل، مجموعة من الباحثين-من

منشورات ئاراس، الطبعة الاولى،مطبعة وزارة التربية، جنوب کوردستان – هەولێر 2002.

112– عەبدولغەنی عەلی یەحیا، هەرێمێکی فیدراڵ بۆ عارەبی سوننە هەنگاوێک لەسەر ڕێگای ڕاست، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (1747)، سێشەممە (29.3.2005)، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی ڕۆژانەیە – ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان–ە.

113– محەمەد حوسێن پیرۆت، کوردستان لە چوارچێوەی پەیمانە نێو دەوڵەتیەکاندا، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (2029)، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (17.1.2006)، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی ڕۆژانەیە – ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان–ە.

114– عەبدولخالق سەرسام، ئاڤێستای نەورۆز ئەو کاتانەی ئێراق هەمووی کوردستان بوو کاوەی گوتی (جاف) و ئەژدیهاک بابلی بوو، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، باشووری کوردستان – هەولێر 2005.

115– عەبدولخالق سەرسام، ئێزیدی و کاکەیی و شیعەکانی کورد بەرانبەر سوننەی عارەب لەشنگال تا خانەقین شورەیەکی پۆڵاییینی کوردستانن، هەفتەنامەی (جەماوەر)، ژمارە (237)، ڕۆژی دوشەممە، ڕێکەوتی (20.8.2007). جەماوەر ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری گشتی ئازادە.

116– ئەحمەد باوەڕ، چارەنووسی گەلی کورد لە کۆنگرەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکاندا، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی – باشووری کوردستان 2002.

117– سەعدی ئەحمەد پیرە، هەفتەنامەی میدیا، ژمارە (194)، ساڵی دەیەم، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (7.6.2005)، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی هەفتانەیە، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات.

118– سەباحی مەلا، هەرێمی کوردستانی ئێراق، ڕۆژنامەی خەبات ژمارەکانی (1851)ی (11.7.05) و (1852)ی (12.7.2005) و (1853)ی (13.7.2005)، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی ڕۆژانەیە – ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان–ە.

119– سەباحی مەلا، جوگرافیای کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (1893)ی دوشەممە (22.8.2005)، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی ڕۆژانەیە – ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان–ە.

120- ئەمیری فەندی، کوردی موسڵ... ئەمڕۆ و ئایندەی نزیک، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (1890)، ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (19.8.2005)، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی ڕۆژانەیە - ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان-ە.

121- سەکۆی سەربەخۆیی گەلی کوردستان، بۆ جەماوەری خۆڕاگری کوردستان و بەتایبەت شار و شارۆچکەکانی کەرکوک و خانەقین و موسڵ، (30.10.2004)، کوردستان نێت، ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە.

122- فرهاد عمر سليڤاني، الاغراب فانهار ... فلنبنه ونحطه بالاسوار، جريدة التاخي، العدد (4555)، السبت (20.8.2005)، جريدة رسمية للحزب الديموقراطي الكوردستاني.

123- فەرهاد عومەر سلێڤانی، متى يتخلص البعض من عقدتي الحقد والتكابر، جريدة التاخي، العدد (4493)، الاحد (8.6.2005)، جريدة رسمية للحزب الديموقراطي الكوردستاني.

124- داود باغستانی: هەڵەیەکی گەورەی کورد ئەوەیە موسڵ وەک شارێکی عارەبی سەیر دەکات نەک کوردستانی، ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە (186)،ساڵی دەیەم، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (12.4.2005)، ڕۆژنامەکی ڕامیاریی هەفتانەیە، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK دەری دەکات.

125- ماکۆ دڵیار، یا کەرکوک و موسڵ یان دەستبەردانمان لە هەر دووک، کوردستان نێت، ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی (13.11.2004). کوردستان نێت، ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە.

126- سەردار پشدەری، نامەیەکی کراوەی بزووتنەوەی نیشتمانی کوردستان، شەممە (27.8.2005)دا لە کوردستان نێتدا بڵاوکراوەتەوە. کوردستان نێت، ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە.

127- فەرەیدون حەمەڕەشید، کەرکوک و موسڵ لە مێژووی فاشیزم و بەرەوڕووی دیموکراسیدا، لە ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (25.2.2005)دا لە کوردستان نێتدا بڵاوکراوەتەوە. کوردستان نێت، ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە.

128- شێخ عومەر غەریب، باشووری کوردستان یان باکووری ئێراق!؟، وەرگێڕانی لە عارەبییەوە جەمال گردەسۆری، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی میدیا ژمارە (24)، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان - هەولێر 2002.
129- حەمەسەعید حەسەن، ئەگەر سەر نیت، کلکیش مەبە، ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە، ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (31.8.2005)، کلاوڕۆژنە، ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانی سەربەخۆیە.
130- دکتۆر جەلیلی جەلیلی، کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، وەرگێڕانی دکتۆر کاوس قەفتان، چاپی یەکەم، خانەی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، ئێراق-بەغداد 1987.
131- دکتۆر جەلیلی جەلیلی، ڕاپەڕینی کوردەکان ساڵی 1880، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە دکتۆر کاوس قەفتان، چاپخانەی (الزمان)، بەغدا 1987.
132- دەستەی دامەزرێنەری مەڵبەندی موسڵ، الاتحاد، طبعة لندن، العدد (473)، الجمعة (17.5.2002)، السنة العاشرة، جريدة اسبوعية سياسية، الصحيفة المركزية للاتحاد الوطني الكوردستاني.
133- میهرداد ئیزەدی، ئاین و تایفە ئاینییەکان لە کوردستاندا، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە کامەران فەهمی، لە بڵاوکراوەکانی نووسینگەی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک)، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 2002.
134- میهرداد ئیزدي، الكورد نبذة وجيزة، الجزء الاول، گۆڤاری سەردەم، العدد الثاني لسردم العربي، مؤسسة سردم للطباعة والنشر، سليمانية – جنوب كوردستان.
135- میهرداد ئیزدي، الكورد نبذة وجيزة، الجزء الثالث، گۆڤاری سەردەم، العدد السادس لسردم العربي، مؤسسة سردم للطباعة والنشر، سليمانية – جنوب كوردستان.
136- دکتۆر سلێمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل، ئەو فاکتەرانەی جوگرافیا کە کار دەکەنە سەر تایبەتمەندییەکانی باران لە هەرێمدا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی 48، گۆڤارێکی وەرزییە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان دەریدەکا، ژمارە (1)، ساڵی چواردەهەم، مایسی ساڵی (2006).
137- دکتۆر سلێمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل، چەمک و سنووری هەرێمی کوردستانی ئێراق، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی 44، گۆڤارێکی وەرزییە سەنتەری

لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان دەریدەکا، ژمارە (3)، ساڵی دوانزەهەم، نۆڤێمبەری ساڵی (2004).
138- دکتۆر سلێمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل، تایبەتمەندییەکانی باران لەهەرێمی کوردستانی ئێراقدا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی 46، گۆڤارێکی وەرزییە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان دەریدەکا، ژمارە (2)، ساڵی سیانزەهەم، مایسی (2005).
139- دکتۆر سلێمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل، مفهوم أقليم كوردستان العراق، گۆڤاری سەردەم، العدد السادس (6) لسردم العربي ، مؤسسة سردم للطباعة والنشر، سليمانية – جنوب كوردستان.
140- عەبدوڵڵا قڕگەیی، لە موسڵ عارەب هەمیشە ئاغا بوون و کوردیش خولام، میدیا، ژمارە (217)، ساڵی دەیەم، سێشەممە (22.11.2005)، ڕۆژنامەکی ڕامیاریی هەفتانەیە، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK دەری دەکات.
141- عەبدوڵڵا قڕگەیی، لە موسڵ عارەب هەمیشە ئاغا بوون و کوردیش خولام، میدیا، ژمارە (218)، ساڵی دەیەم، سێشەممە، ڕێکەوتی (29.11.2005)، ڕۆژنامەکی ڕامیاریی هەفتانەیە، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK دەری دەکات.
142- دکتۆر جەواد ئیبراهیم مەلا، كوردستان والكورد وطن مقسم وأمة بلا دولة، طبعة الثانية، دار الحكمة، من منشورات المؤتمر الوطني الكوردستاني – لندن 2000.
143- دکتۆر جەواد ئیبراهیم مەلا، کۆنگرە، تورکمان ئیلی و پارتی نیشتمانیی تورکمانی، ژمارە (14)ی یەنیوەری ساڵی 2000، ئۆرگانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، بڵاوکەرەوەی بیری نەتەوەیی کوردیی.
144- تامان شاکر، نا بۆ دەستووری ڕەش، ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە (209)، ساڵی دەیەم، سێشەممە (6.9.2005)، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری هەفتانەیە، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات.
145- دارا نورەدین، دیمانە عەبدوڵڵا ڕەحمان، دارا نورەدین، ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی دەستور: سنووری هەرێمی کوردستان هەموو ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی ئێراقەوە هی کوردبوون، ڕۆژنامەی خەبات ژمارە (1866)، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (26.7.2005)، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی ڕۆژانەیە - ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان-ە.

146- دکتۆر نیاز لاجانی، دڵنیام کە ئەمەش چارەسەر دەکا، ڕۆژنامەی خەبات ژمارە (1809)ی ڕۆژی دوشەممە، ڕێکەوتی (30.5.2005)، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی ڕۆژانەیە - ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان-ە.

147- خال محمد ويس، مفهوم اقليم كوردستان العراق، جريدة التاخي، العدد (4505)، السبت (22.6.2005)، جريدة رسمية للحزب الديموكراتي الكوردستاني.

148- خەبات عەبدوڵڵا، بنەما تیۆرییەکانی جوگرافیای عەسکەریی کوردستانی باشور، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، باشووری کوردستان - سلێمانی 2001.

149- Mehmet Yuksekkaya, Kontakt, Nr. 1 – 1991/92- 44. aargang, Mellemfolkeligt Samvirke.

150- جوان قاسم، سامانی کانزا لە هەرێمی کوردستاندا، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (1911)ی ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (9.9.2005)، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی ڕۆژانەیە - ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان-ە.

151- حەبیبوڵڵای تابانی، هاونەتەوەیی قەومی کورد و ماد (بەرگی یەکەم)، وەرگێڕانی جەلیل گادانی، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 2004.

152- قادر نادر قادر، یەک پرسیار لە پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕۆژی دوشەممە (9.1.2006)، دەنگی (سەربەخۆ – ئاژانسی نووچێن کوردستان).

153- قادر نادر، پێدەچێ مالکیش کات بە کورد بکوژێ، ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە (266)، ساڵی یازدەهەم، سێشەممە (21.11.2006). میدیا، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری هەفتانەیە، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات.

154- وەهاب شاە محەمەد، ئایا موسڵ شارێکی کوردیە یان عارەبی، لە ڕۆژی یەکشەممە (23.10.2005)دا لە کوردستان نێتدا بڵاوکراوەتەوە. کوردستان نێت، ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە.

155- وەهاب شاە محەمەد، بانگەواز، لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (17.12.2005)دا لە ماڵپەڕی کڵاوڕۆژنەدا بڵاوکراوەتەوە.

156- وەهاب شا محەمەد، شەبەک، یەکێک لەهۆزە گرنگ و دانەبڕاوەکانی کورد، کوردستانی نوێ، ساڵی یانزەهەم، ژمارە (4104)، هەینی، ڕێکەوتی (20.10.2006)، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی ڕۆژانەیە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەری دەکات.

157- کاوە نادر قادر، ڕۆڵی نەوت لە چارەنووسی گەلی کوردستاندا، چاپخانەی ڕوون، لە بڵاوکراوەکانی بەشی ڕوناکبیری (ی. ن. ک)، سلێمانی - باشووری کوردستان 2008.
158- کاوە نادر قادر، کۆلۆنیالیزمی ئێراقی و ڕاگواستن و و بەعارەبکردنی باشووری کوردستان، گۆڤاری سەرخۆبوون، ژمارەکانی (7–8)ی 2001. سەرخۆبوون گۆڤارێکی هزری ڕامیاریی وەرزییە یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات.
159- سەربەست مایی، کورتە بەحسەک لسەر کوردستانیەتا شارێ موسڵێ – بەشی یەکەم، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (1957)ی چوارشەممە (26.10.2005). خەبات، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی ڕۆژانەیە - ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان-ە.
160- سەربەست مایی، کورتە بەحسەک لسەر کوردستانیەتا شارێ موسڵێ – بەشی دووەم، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (1958)، ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (27.10.2005)، خەبات، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی ڕۆژانەیە - ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان-ە.
161- فارس ناصر حسين، الشبك الكورد.. بين التذويب العرقي والانتماء القومي، الاتحاد، العدد (1097)، الاحد (28.8.2005). جريدة يومية سياسية، الصحيفة المركزية للاتحاد الوطني الكورستاني.
162- نەفتوڵڵا ئەدۆنەڤیچ خەلفین، خەبات لەڕێی کوردستاندا، وەرگێڕانی جەلال تەقی، چاپخانەی ڕاپەڕین، باشووری کوردستان، سلێمانی 1971.
163- کەیخەسرەو عەبدولکەریم، کۆنفرانسی سەربەخۆیی لە هەرێم و دەسەڵاتێکی لەت لەتدا، ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە (216)ی ساڵی دەیەم ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (15.11.2005)، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی هەفتانەیە، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات.
164- ئەحمەد شەوکەت، الشبک الکورد المنسیون، مطبعة وزارة الثقافة، جنوب کوردستان – سلیمانیة 2004.
165- لەتیف فاتیح فەرەج، کورد و کەرکوک کورتە خوێندنەوەیەکی دیرۆکییانەی کەرکوک، ئۆفسێتی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی - باشووری کوردستان 2002.

166- مەلا شاخی، کەرکوک لە (دلیل تأریخ مشاهیر الالوية العراقية)دا، کوردستانی نوێ، ساڵی یانزەهەم، ژمارە (2774)، ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (5.6.2002)، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی ڕۆژانەیە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەری دەکات.

167- ماڵپەڕی کورد دی کۆ، کوردەکان و کوردستان لە سەروەری نیشتمانی نەتەوەیی 1918-1923، www.kurd.dk.

168- ناجی ئاکرەیی، ینکر کوردية کرکوک .... نستاؤون وغزاة، موسوعة النهرين، یوم (22.4.2002).

169- پرۆفیسۆر ڕادۆڤان پاڤیچ، جولانەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە خەباتیدا بۆ سەربەخۆیی نەتەوایەتیو سیاسی، وەرگێڕانی مەحمود مەلا عزەت، چاپخانەی شەهید جەمال تاهیر لە سوید، سوید- 1985.

170- کەریمی حسامی، پێداچوونەوە، سوید – ستۆکهۆڵم 1996.

171- ڕۆژژمێری میدیا بە بۆنەی سەری ساڵی 2006، ڕۆژنامەی میدیا، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی هەفتانەیە، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات.

172- ناوەندی چاک، بۆ عەبدولعەزیز ئەلحەکیم سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە ئێراق، مانگی یەکی ساڵی (2006) لە ماڵپەری ناوەندی (چاک)دا بڵاوکراوەتەوە. ناوەندی چاک ناوەندێکی سەربەخۆی مرۆڤ دۆستانەیە کار لەسەر پرسەکانی کۆمەڵکوژی و ژینۆسایدی دژ بە گەلی کورد دەکات.

173- ئاسۆ بیارەیی، چوار ملیۆن تورکمان و یەک کورسی، لە ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (20.12.2006)دا لە ماڵپەڕی (دەنگی سەربەخۆ – ئاژانسی نووچێن کوردستان)دا بڵاوکراوەتەوە.

174- ج. کوردۆ، لە ڕوانگەیەکی کوردییە وە: هێرشی خاچ هەڵگران 1096-1996، چاپی یەکەم، وەشانخانەی ئاپێک – سوید 1996.

175- طارق محمد عبدالرحيم، المستشرق فلاديمير ف. مينورسكي وكتاباته عن الكورد في العصر الاسلامي حتى نشوء الخلافة العثمانية، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية هەولێر، جنوب كوردستان 2001.

176- حسين ناظم بيگ، تأريخ الامارة البابانية، ترجمة شكور مصطفى ومحمد الملا عبدالكريم المدرس، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، جنوب كوردستان - هەولێر 2001.
177- عزيز حسن البارزاني، الحركة القومية الكوردية التحررية في كوردستان العراق 1939-1945، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية، جنوب كوردستان - هەولێر 2002.
178- دکتۆر عوسمان عەلی، چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی کامەران جەمال بابان زادە، چاپخانەی دێکان، باشووری کوردستان - سلێمانی 2005.
179-http://de.geocities.com/duluwan1212/2.html
180- دکتۆر فوئاد حەمە خورشید، کرکوک قلب کوردستـــــان، وزارة الثقافة المديرية العامة للطباعة والنشر، جنوب كوردستان – سلێمانی 2005.
181- کاميران عبدالصمد أحمد الدوسكي، كوردستان العثمانية في النصف الاول من القرن التاسع العشر، دار سپيريز للطباعة والنشر دهۆک، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية، جنوب كوردستان - هەولێر 2002.
182- تاریق کارێزەیی، باسەرە، ژمارە (149)، ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (10.5.2006)، هەفتەنامەیەکی ڕامیاری ڕۆشنبیرییە، دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی شەفەق لە کەرکوک – باشووری کوردستان دەری دەکات.
183- نزار ئاغري، كاكا والجدار الكورد بين منازلة الجدران وتفيئها، دار الجديد وكوردنامة، الطبعة الاولى، بيروت - لبنان 1996.
184- ئەحمەد حەمید گەرمکی، شاری خورماتوو کورتەیەکی جوگرافیی، مێژوویی، ئیداری نەتەوەیی، چاپخانەی ڕوون، باشووری کوردستان – سلێمانی 2005.
185- محەمەد مەلا قادر، پارتی پێی وایە دەبێ موسڵ دابەش بکرێ و بکرێتە دوو پارێزگا، ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە (240)، ساڵی یانزەهەم، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (16.5.2006). میدیا، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی هەفتانەیە، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات.
186- دکتۆر ڕەشاد میران، ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، چاپخانەی مەنسوور، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم، سوید، پاییزی 1993.

187- ئارام داود، مێژووی کڵێسای کوردی لە سەردەمی ساسانیەکاندا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان – سلێمانی 2002.
188- کاوە ئەمین، ناسیۆنالیزمی کوردیی خەبات بۆ دەوڵەتێکی نەتەوەیی، بەراوردێک لەبەینی سێ پارتی کوردیدا. لە ماڵپەڕی (هاوبیران) وەرگیراوە.
189- کاوە ئەمین، خەباتی کوردستان بۆ ئازادی شۆڕشی 1961-1975، 2002. لە ماڵپەڕی (هاوبیران) وەرمگرتووە.
190- تاریق حەمۆ، آراء في قضية الكورد والديمقراطية، طباعة دار بافت للطباعة والنشر، مأخوذة من موقع عفرين.
191- دکتۆر فەرهاد پیرباڵ، زێڕی ناو زبڵ، ئۆفسێتی دەزگای سەردەم، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 1999.
192- جگەرخوێن، تأريخ كوردستان ج 1، ترجمة خالص مسور، مطبعة أميرال للطبع والنشر والتوزيع، بيروت – لبنان 1996.
193- جگەرخوێن، تأريخ كوردستان ج 2، ترجمة خالص مسور، مطبعة أميرال للطبع والنشر والتوزيع، بيروت – لبنان 1996.
194- کۆمەڵێک لە پسپۆران و ئەفسەرانی ڕامیاری بەریتانی، کورد و کوردستان، وەرگێڕانی حوسێن عوسمان نێرگسەجاڕی و حوسێن ئەحمەد جاف، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، باشووری کوردستان - هەولێر 2002.
195- دکتۆر فرسەت مەرعی، دراسات في تأريخ اليهودية و المسيحية في كوردستان، دار ئاراس للطباعة والنشر، الطبعة الاولى، جنوب كوردستان – هەولێر 2008.
196- تەیار عادل، 2400 خێزانی کوردی موسڵ بەجێدێڵن، ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە (243)، ساڵی یانزەهەم، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (6.6.2006)، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی هەفتانەیە، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات.
197- محەمەد حاجی ئەحمەد، مێژووی کۆچی کورد بۆ لوبنان، خەبات، ژمارە (2211)ی ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (21.7.2006)، خەبات، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی ڕۆژانەیە - ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان-ە.

198- فەوزیە ئەحمەد، شەبەک کوردی ڕەسەنن، خەبات، ژمارە (2211)ی ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (21.7.2006)، خەبات، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی ڕۆژانەیە - ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان-ە.

199- هێمن مەولود، کەرکوک لە نێوان پیلان و خەمساردیدا، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕوناکبیری کەرکوک، چاپخانەی ئارابخا، کەرکوک – باشووری کوردستان 2006.

200- ئازاد ئەحمەد عەلی، پەیمانی سیڤرو ڕەوایی سەربەخۆی کوردستان، خەبات، ژمارە (2255)ی ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (3.9.2006)، خەبات، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی ڕۆژانەیە - ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان-ە.

201- هەژار، هەنبانە بۆرینە فەرهەنگ کوردی – فارسی، محمد ماجد مردوخ ڕوحانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی انتشارات سروش لیتوگرافی، چاپ وصحافی شد، چاپ سوم 1381.

202- خالید گڕاوی، تیرۆر تەواوکەری تەعریبە لە موسڵ، کوردستانی نوێ، ساڵی پانزەهەم، ژمارە (4075)، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (17.9.2006)، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی ڕۆژانەیە (ی.ن.ک) دەری دەکات.

203- خالید گڕاوی، لە موسڵ تیرۆر تەواوکەری تەعریبە، کوردستان نێت، ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە، ڕۆژی دوشەممە، ڕێکەوتی (26.3.2007).

204- نادر فەتحی بۆکانی (شوانە)، کرنۆلۆگی کوردستان، بانەمەڕی (2703). لە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکان وەرگیراوە.

205- نادر فەتحی بۆکانی (شوانە)، نەخشەی گوندو شارەکانی کوردستان، پووشپەڕی (2704). لە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکان وەرگیراوە.

206- ح. س. سۆران، شارەگەلی کوردستانی گەورە بەپێی پیتی ئەلفوبێ. لە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکان وەرگیراوە.

207- http://ku.wikipedia.org/wiki/Destp%C3%AAk

ویکیپیدیا، ئەنسکلۆپیدیایەکی سەربەخۆیە.

208- قوباد تاڵەبانی، سەربەخۆیی چیتر خەونێکی مەحاڵ نییە، لە ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی (6.5.2006)دا لە ڕۆژنامەیەکی ئینگلیزی بە ناوی (سۆما)دا بڵاوکردۆتەوە.
http://www.soma-digest.com

209- شۆڕش حاجی، تەعریبی کەرکوک سیاسەتی تەعریب لە دووتوێی هەشتا بەڵگەنامەدا، چاپخانەی دار ئەلحکمە، لەندەن – بەریتانیا 2004.

210- هاشم عاسی کاکەیی، شەبەک لە نێوان ئایین و نەتەوەدا کورتە مێژوویەکی کوردانی عەلەویی، گۆڤاری کەرکوک (19)، ژمارە (3)ی ساڵی پێنجەم، زستانی (2004)، گۆڤاری کەرکوک گۆڤارێکی ڕوناکبیریی گشتیی وەرزییە، کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوک دەری دەکات.

211- فەهمی کاکەیی، ماذا لو قال الكورد باي باي عرب، بڵاوکراوەی ئەلکترۆنی ماڵپەڕی دەنگەکان، ژمارە (205)، خولی سێیەم (19.10.2006).

212- هیشام ئاکرەیی، پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لێکترازاندنی زیاتری بەشەکانی کوردستان یان دادپەروەریو یەکگرتنەوە، ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە (262)، ساڵی یازدەهەم، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (17.10.2006)، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری هەفتانەیە، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات.

213- بانگەوازی کۆمەڵێک نووسەر و ڕۆشنبیر، بۆ بەرچاوی سەرانی کورد و رای گشتی، بێدەنگی لە جێبەجێنەکردنی مادەی (140) ریسوا دەکەین، لە ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (23.11.2006)دا لە ماڵپەڕی (دەنگی سەربەخۆ – ئاژانسی نووچێن کوردستان)دا بڵاوکراوەتەوە.

214- هەینی قادر خدر، پەیماننامەی سایکس پیکۆو کورد، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (2353)، ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (13.12.2006). خەبات، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی ڕۆژانەیە - ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان-ە.

215- ئیسماعیل حەقی شاوەیس ژیاون و بەرهەمەکانی ئیسماعیل حەقی شاوەیس، کۆکردنەوەو پێشەکی ئومێد ئاشنا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، باشووری کوردستان – هەولێر 2003.

216- عومەر عەلی غەفور، هاووڵاتیانی پەنابەری عارەب لە کوردستان و ڕێوشوێنی نائاسایی، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (2358)ی ڕۆژی دوشەممە،

ڕێکەوتی (18.12.2006). خەبات، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی ڕۆژانەیە - ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان-ە.

217- پارێزەر کاوە ڕاجی، تاوانی پاکتاوکردنی ڕەگەزی و ڕاگواستن و و بە عارەبکردن، درێژەدانە بەتاوانی جینۆسایدو ئەنفال و هۆلۆکۆستی کورد، گۆڤاری کۆنگرە، ژمارە (21)ی ئاوگۆستی 2001، ئۆرگانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، بڵاوکەرەوەی بیری نەتەوەیی کوردیی.

218- حەمید گەردی، ڕۆژی کوردی لە مێژوودا، چاپی دووەم، بەڕێوەبەرێتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، باشووری کوردستان – هەولێر 2005.

219- مەهاباد کوردی، لە بارەی باشووری کوردستانە وە، سوید – دیسامبەر 2006. لە ماڵپەڕی ئەلکترۆنی "پەرتوک" وەرگیراوە.

220- فەلەکەدین کاکەیی، تورکیا مەراقی پارچە پارچەبوونی خۆیەتی، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (2386)ی ڕۆژی دوشەممە، ڕێکەوتی (22.1.2007)، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری ڕۆژانەیە، ئۆرگانی ناوەندی پارتی دیموکراتیی کوردستانە.

221- سەعید مەموزینی، موسڵ و کورد لە دوای ئازادی، چاپخانەی منارە، چاپی یەکەم، هەولێر – باشووری کوردستان 2008.

222- خەسرەو گۆران، کورد لە پارێزگای موسڵ، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، باشووری کوردستان - هەولێر 2002.

223- سەعید مەموزینی، بەرکورتێک لە مێژووی کورد و کوردستان، چاپخانەی منارە، باشووری کوردستان – هەولێر 2007.

224- سەعید مەموزینی، بۆ لە موسڵ کوردی شەبەکی شیعە دەکوژرێت، گۆڤاری گوڵان، ژمارە (566)، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (13.12.2005). گوڵان، گۆڤارێکە هەفتەی جارێک، دەزگای گوڵانی سەر بە پارتی  دیموکراتی کوردستان لە هەولێر دەری دەکات.

225- سەعید مەموزینی، بۆ لە موسڵ کوردی شەبەکی شیعە دەکوژرێت، گۆڤاری گوڵان، ژمارە (592)، ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (29.6.2006). گوڵان، گۆڤارێکە هەفتەی جارێک، دەزگای گوڵانی سەر بە پارتی  دیموکراتی کوردستان لە هەولێر دەری دەکات.

226- سەعید مەموزینی، حوسێن مستەفا، خەبات، ژمارە (2253)ی ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (1.9.2006). خەبات، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی ڕۆژانەیە - ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان-ە.
227- سەعید مەموزینی، ڕەوشی باشووری کوردستان بەر لە جەنگی یەکەمی جیهان، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (2389)ی ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (25.1.2007). خەبات، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی ڕۆژانەیە - ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان-ە.
228- عەبدولڕەحمان چادرچی، هەڤپەیڤینی هاوڕێ کاوە، باشووری کوردستان دەکەینە گۆڕستانی سوپای تورکیا، ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە (274) ساڵی یازدەهەم، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (23.1.2007). میدیا، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی هەفتانەیە، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات.
229- عەبدوڵلا زەنگەنە، 57 ساڵ لەمەو بەر داواکاری کورد، لە یەکەمین پەیمانی میللی و پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کورد، لەژێر سایەی (مەلا مستەفای بارزانی)دا فیدراڵی بووە، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (1371)ی ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (25.2.2004). خەبات، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی ڕۆژانەیە - ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان-ە.
230- پارتی دیموکراتی کوردستان، مەکتەبی سیاسی، مەکتەبی ناوەندیی دیراسات و تۆژینەوە، نەوتی کوردستانی ئێراق نەوت و چارەنووسی سیاسی کورد و کوردستان، بەشی دووەم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی دیراسات و تۆژینەوە، دیراسەی ژمارە (32)، باشووری کوردستان – هەولێر 1998.
231- دکتۆرە سروە ئەسعەد سابیر، کوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل 1914-1926، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، الطبعة الاولى، جنوب كوردستان – هەولێر 2001.
232- جلال طالباني، اغد ديموقراطي وحرمان الشعب حتى من حق الحلم؟، من منشورات الاتحاد الوطني الكوردستاني، مركز ئەركی نوێ الثقافي 1989.
233- جلال طالباني، حول القضية الكوردية في العراق، الطبعة الثانية، دار ارارات للثقافة والنشر، بيروت – لبنان 1996.

234- جەلال تاڵەبانی ، مام جەلال: پێویستە بە بەشداری چالاکانە بوونی کورد لە ئەنجومەنی داهاتوودا بسەلمێنین، کوردستانی نوێ، ساڵی چواردەهەم، ژمارە (3562)، ڕۆژی دوشەممە، ڕێکەوتی (3.1.2005)، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری ڕۆژانەیە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەری دەکات.
235- جلال طالباني، التطهير العرقي ومخاطره على الوحدة الوطنية العراقية، الانفال، العدد 5، سنة الخامسة 2004، مجلة تصدرها وزارة حقوق الانسان وشؤون المرحلين والمؤنفلين.
236- عبدالرقيب يوسف، حدود كوردستان الجنوبية تاريخيا وجغرافيا خلال خمسة الاف عام وما ترتب على الحاقها بالعراق، الطبعة الاولى، مطبعة شڤان، جنوب كوردستان - السليمانية 2005.
237- عومەر محەمەد محەمەد کەریم، القضية الكوردية في الصراع البريطاني العراقي 1918-1932، مطبعة كارۆ في السليمانية، مديرية الطبع والنشر السليمانية، جنوب كوردستان 2008.
238- دکتۆر جەزا تۆفیق تالیب، بایەخی جیۆپۆلەتیکیی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی ئێراق، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، باشووری کوردستان - سلێمانی 2000.
239- دکتۆر جەزا تۆفیق تالیب، المقومات الجيوپوليتكية للامن القومي في أقليم كوردستان، من منشورات مركز كوردستان للدراسات الاستراتيجية، جنوب كوردستان – سليمانية 2005.
240- پرۆفیسۆر د. میم کەمال ئۆڤە، کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ، وەرگێڕانی سەلام ناوخۆش، چاپخانەی خەبات، باشووری کوردستان – دهۆک 2000.
241- سەلام ناوخۆش، هۆکارەکانی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە ئێراقی عارەبییەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ژیان، باشووری کوردستان - هەولێر 2000.
242- سەلام ناوخۆش، دراسة سياسية حول إحتلال وتقسيم كوردستان. الطبعة الاولى، المطبعة نازه، هەولێر – جنوب كوردستان 2002.
243- سەلام ناوخۆش، سوننە کێن؟، ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە (207)، ساڵی دەیەم، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (6.9.2005). میدیا، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری هەفتانەیە، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات.

244- مسعود بارزانی، البارزاني والحركة التحررية الكوردية، الجزء الثالث ثورة ايلول 1961-1975، جنوب كوردستان - هەولێر 2002.
245- ئاسۆ گەرمیانی، دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ یان سیستمێکی فیدرالی؟ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 2004.
246- کریس کۆچێرا، مێژووی کورد لە سەدەی 19-20 دا، وەرگێڕانی محەممەد ریانی، چاپخانەی صدف تاران- ساڵ 1369.
247- شەرەفخانی بەدلیسی، شەرەفنامە، هەژار کردویە بە کوردی، کۆڕی زانیاری کورد لە چاپی داوە، چاپخانەی نعمان، ئێراق - نەجەف 1973.
248- الامير شرفخان البدليسي، شرفنامه، ترجمة محمد جميل الملا أحمد الروژبياني، الطبعة الثانية، مطبعة وزارة التربية، جنوب كوردستان – هەولێر 2001.
249- خەسرەو گۆران، کورد لە پارێزگای موسڵ، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، باشووری کوردستان - هەولێر 2002.
250- دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی ئەبوبەکر خۆشناو - بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، باشووری کوردستان - سلێمانی 2002.
251- دکتور کەمال مظهر احمد، كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير دراسة وثائقية عن القضية الكوردية في العراق، الجزء الاول مطبعة ڕينوين.
252- حیلمی عەلی شەریف، دوو لێکۆڵینەوەی سیاسی نەتەوە چیەو چۆن نەتەوەی کورد پێکهاتووە؟، دەزگای سەردەم، باشووری کوردستان سلێمانی 2001.
253- دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، کوردستان لە سەردەمی ئاشتیدا، وەرگێڕانی محەمەد نوری تۆفیق، دەزگای سەردەم- باشووری کوردستان - سلێمانی 2001.
254- دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، کورد و کوردستان لە کۆمەڵە وتارێکی مێژووییدا، وەرگێڕانی ئازاد عوبێد سالح، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان-هەولێر 2005.
255- ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی ئێراق و سێکوچکەی بەعسییان: تەرحیل تەعریب تەبعیس، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، چاپی دووەم، باشووری کوردستان - سلێمانی 1999.

256- نەوزاد عەلی ئەحمەد، کێشەی ویلایەتی موسڵ لە دوو ڕۆژنامەی سلێمانیدا، لە پەرتووکە چاپکراوەکانی شارەوانی سلێمانی، باشووری کوردستان – سلێمانی 2004.

257- دلێر حەسەن عارف، کوردستانی باشور، لە پەڕاوێزی ڕێکەوتنە نێودەوڵەتیەکانەوە بۆ فیدرڕاڵی، گۆڤاری کەرکوک 7، ژمارە (2)، ساڵی دووەم، زستانی 2001، کەرکوک گۆڤارێکی ڕوناکبیری گشتی وەرزییە کۆمیتەی باڵای ئاوارەکان و کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوک بە هاوبەشی دەری دەکەن.

258- کاکە مەم بۆتانی (عەلی خالید حەمید)، لەدووتوێی یادداشتی شاردا، چاپی سێیەم، ئۆفسێتی ژیر، سلێمانی – باشووری کوردستان 2003.

259- شۆڕش حەسەن عومەر، حقوق الشعب الكوردي في الدساتير العراقية دراسة تحليلية مقارنة، مركز كوردستان للدراسات الاستراتيجية، سليمانية – جنوب كوردستان 2005.

260- جەزا چنگیانی، سەرۆکی ئێراق و پرسی ناسیۆنالیستی کوردی، ماڵپەڕی کڵاوڕۆژنە، ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی (14.5.2005).

261- جەزا چنگیانی، شەقشەقەکەی مامە، جەلال ئەم سەردانەت بۆنی خوێنی لێدێ...!، ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (22.9.2005)، ماڵپەڕی کوردستان نێت. کوردستان نێت، ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە.

262- سەلاح بەیتوڵڵا، لە بیرەوەری (85) ساڵەی پەیمانی سیڤەردا بۆ ئەوەی دوای هەر سیڤرێک لۆزانێک نەیەتە پێشەوە، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (1881)ی ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (10.8.2005). خەبات، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی ڕۆژانەیە – ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان–ە.

263- کۆمەڵێک نووسەر و ڕۆشنبیر، بۆ بەرچاوی سەرانی کورد و رای گشتی لە کوردستان – دەستورمان ناوێ، ئێراقمان ناوێ، لە ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (2.9.2005)دا، لە ماڵپەڕی (کڵاوڕۆژنە)دا بڵاوکراوەتەوە.

264- محەمەد سابیر کەریم، بە عارەبکردن، هەڕەشەی سامناک و بزربوونی لە گوتاری سیاسی کورداندا، حەمرین، ژمارە (1) بەهاری (1999)، گۆڤارێکی سیاسی هیزری وەرزییە، مەڵبەندی (2)ی ڕێکخستنی کەرکوکی (ی. ن. ک) دەری دەکات.

265- احمد النقشبندي، حقوق الشعب الكوردي والدستور القادم لدولة العراق، جريدة التاخي، العدد (4585)، الاثنين (30.5.2005)، جريدة رسمية للحزب الديموقراطي الكوردستاني.
266- كركوك في الوثائق القديمة والحديثة، جريدة التاخي، العدد (4568)، الاحد (4.9.2005)، جريدة رسمية للحزب الديموقراطي الكوردستاني.
267- دکتۆر ئارشاک پۆلادیان، کورد له سەرچاوه عارەبییەکاندا، وەرگێڕانی ئازاد عوبێد سالح، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر – باشووری کوردستان 2000.
268- زیاد کەریم خدر، کورد دەستبەرداری کەرکوک نابێت، ڕۆژنامەی خەبات، ژماره (1922)ی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (20.9.2005)، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی ڕۆژانەیە - ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان-ه.
269- قادر نادر قادر، چیمان کردو چیمان دوربییەوه، ماڵپەڕ (کلاوڕۆژنه)، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (18.10.2005).
270- شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، بەشی یەکەم، چاپخانەی کامەران، باشووری کوردستان – سلێمانی 1960.
271- دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، الموصل مدينة العرب والكورد جغرافيا وتاريخيا، دهۆک، ژماره 21، ئۆکتۆبەری ساڵی 2003، کۆڤارهکا وەرزی رەوشنبیری گشتییه، سەرۆکاتیا باژێرڤانا دهۆک دەردئێخیت.
272- دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، الحياة الحزبية في الموصل 1926-1958، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية، جنوب کوردستان – هەولێر 2003.
273- خالید دلێر، كيف الحقت كوردستان الجنوبية بالدولة العراقية؟ الطبعة الثانية، جنوب کوردستان – سلێمانی 2004.
274- عدنان الموفتي، بناء الدولة العراقية .. رؤية كوردية، جريدة الاتحاد، العدد (1147)، الاثنين (31.10.2005)، جريدة يومية سياسية، الصحيفة المركزية للاتحاد الوطني الكوردستاني.
275- دکتۆر محەمەد ئیحسان، كوردستان ودوامة الحرب، من منشورات دار ئاراس، الطبعة الثانية، جنوب کوردستان – هەولێر 2001.

276- دکتۆر جەبار قادر، چەند بابەتێکی مێژوویی کورد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 1999.
277- محەمەد ڕەسوڵ هاوار، سمکۆ (ئیسماعیل ئاغای شوکاک) و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد، چاپخانەی ئاپێک سوید – ستۆکهۆڵم 1995.
278- محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی یەکەم، بەریتانیا – لەندەن 1990.
279- محەمەد ڕەسوڵ هاوار، کورد و باکووری کوردستان لە سەرەتای مێژوەوە هەتا شەڕی دووەمی جیهان، چاپخانەی خاک، بەرگی یەکەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 2000.
280- مەحمود مەلا عزەت، رەگ و ریشەی مێژووی تەقەلای بە ئێراقی کردنی کورد و مەسەلەی کوردستان، بەشی یەکەم، سوید – ئابی 1987.
281- دکتۆر نوری تاڵەبانی، سیاسەتی بەعارەب کردنی کەرکوک، وەرگێڕانی مەریوان حوسێن چیمەنی، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری، باشووری کوردستان – سلێمانی 2003.
282- دکتۆر نوری تاڵەبانی، باشووری کوردستان پاش جەنگی جیهانی یەکەم بە دەوڵەتی ئێراق لکێندراوە (بەشی یەکەم)، هەفتەنامەی ئاوێنە، ژمارە (56)ی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (13.2.2007). ڕۆژنامەی ئاوێنە، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری گشتییە کۆمپانیای ئاوێنە دەری دەکات.
283- دوریە عەونی، الاكراد، الناشر أبوللو للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، أغسطس 1999.
284- الدكتۆر ڕەفیق الشواني، مشكلة تعريب كركوك قديما والى اليوم، مجموعة من الباحثين، كركوك بحث الندوة العلمية حول كركوك 3-5 نيسان 2001 أربيل، من منشورات ئاراس، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية، جنوب كوردستان – هەولێر 2002.
285- دکتۆر ڕەفیق شوانی، کێشەی کەرکوک و چۆنیەتی چارەسەرکردنی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان – هەولێر 2007. ئەم پەرتووکەم لە ماڵپەڕی دەزگای موکریانەوە داگرتووە.

286- خەلیل عەبدوڵلا، ئێراق لە دیکتاتۆرییەوە بۆ دیموکراسی کۆمەڵە وتار 2005. لە ماڵپەڕی پەرتوک لە سەر تۆڕی ئەنتەرنێت وەرگیراوە.
387- دکتۆر سەعد بەشیر ئەسکەندەر، دراسة تحليلية لمستقبل كوردستان السياسي، الاتحاد، طبعة لندن، العدد (431)، يوم الجمعة، المصادف (27.7.2001)، السنة التاسعة، جريدة اسبوعية سياسية، الصحيفة المركزية للاتحاد الوطني الكوردستاني.
288- کەریم زەند، جوگرافیای کوردستان، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 2001.
289- دکتۆر مارف عومەر گوڵ، کێشەی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی گەلی کورد، دەزگا چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 1999.
290- پەیامنێری موسڵ–ی میدیا، لە موسڵ کورد هاووڵاتی نین، ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە (235)، ساڵی یزدەهەم، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (11.4.2006)، ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات.
291- شکور حەمەی هەیەر، تورکمانەکانی کفری کێن؟ گۆڤری گیرفان، ژمارە (1)، ساڵی دووەمی (2006)، وەرزە گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتیی سەربەخۆیە کۆمەڵێک ڕوناکبیر لە گەرمیاندا دەری دەکات.
292- دکتۆر خالد یونس خالد، القضية الكوردية في المعادلة الدولية ودورها في مستقبل الشرق الاوسط، گۆڤاری سەردەم، العدد الخامس لمجلة سردم العربي، مؤسسة سردم للطباعة والنشر، جنوب كوردستان سلێمانی.
293- سەدیق ساڵح، حکومەتی کوردستان لە سلێمانی (1918–1924) پوختەی پێشینەو مێژوو، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، باشووری کوردستان – سلێمانی 2003.
294- دکتۆر کاوس قەفتان، چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی بابان .. سۆران .. بۆتان، چاپخانەی ئەلحەوادس، بەغدا 1985.
295- دکتۆر فوئاد حەمە خورشید، کرکوک قلب کوردستان، وزارة الثقافة المديرية العامة للطباعة والنشر، جنوب كوردستان – سلێمانی 2005.

296- پاریزەر کامیل ژیر نیزامەدین، کوردایەتی و سەربەخۆیی، چاپخانەی ڕەنج، چاپی یەکەم، وەزارەتی ڕۆشنبیری، باشووری کوردستان – سلێمانی 2002.
297- سامی شۆڕش، ئێراق و دەوروبەری کورد لەو ناوەندەدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەوەردە، باشووری کوردستان – هەولێر 2002.
298- شاخەوان مەنسوور، کەرکوک و چاوی چڵێسی دوژمنان، کوردستانی نوێ، ساڵی پازەهەم، ژمارە (3971)، پێنجشەممە (18.5.2006)، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری ڕۆژانەیە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەری دەکات.
299- ڕێبوار، هەڵوێستی یەکێتیی و تاڵەبانی دەربارەی شۆڕشی کوردستانی باشوور، سوید 1989.
300- دکتۆر ڕەشاد میران ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، چاپخانەی مەنسوور، چاپی یەکەم، سوید – ستۆکهۆڵم، پایزی 1993.
301- ئازاد جەلیل محەمەد، بەعارەبکردنی کەرکوک لە سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتیی (1921–1958)، گەڕانەوە، ڕۆژنامەیەکی ئەهلی ئازادە، کۆمەڵێ لاوی ئازادیخوازی کەرکوک دەری دەکەن، ژمارە (7)، ساڵی یەکەم (30.2.2003).
302- سامی فەخری، تورکمانی کوردستانی باشوورو تۆرانچێتی و کوردایەتی لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و ڕامیاری بەڕێوەبەرێتی و مەیدانییە دەربارەی تورکمانی کوردستانی باشوور، باشووری کوردستان 2002.
303- عقيد أمين سامي الغمراوي، قصة الكورد في شمال العراق، دار النهضة العربية، الطبعة الاولى، مصر – القاهرة 1967.
304- جەوهەر نامیق سالم، لیژنەی پیاچوونەوە بە دەستووری هەمیشەیی کۆماری العراق و مافەکانی خەڵکی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (2319)ی ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (9.11.2006). خەبات، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری ڕۆژانەیە – ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان–ە.
305- جەوهەر نامیق سالم، لیژنەی پیاچوونەوە بە دەستووری هەمیشەیی کۆماری العراق و مافەکانی خەڵکی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (2320)ی ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (10.11.2006). خەبات، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری ڕۆژانەیە – ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان–ە.

306- جەوهەر نامیق سالم، لیژنەی پیاچوونەوە بە دەستووری هەمیشەیی کۆماری العراق و مافەکانی خەڵکی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (2322)ی ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (12.11.2006). خەبات، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری ڕۆژانەیە - ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان-ە.
307- جەوهەر نامیق سالم، لیژنەی پیاچوونەوە بە دەستووری هەمیشەیی کۆماری العراق و مافەکانی خەڵکی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (2323)ی ڕۆژی دوشەممە، ڕێکەوتی (13.11.2006). خەبات، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری ڕۆژانەیە - ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان-ە.
308- جەوهەر نامیق سالم، کورد و پرۆژەی یاسای نەوت و غازی کۆماری ئێراق، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (2508)ی ڕۆژی دوشەممە، ڕێکەوتی (28.5.2007)دا. ڕۆژنامەی خەبات، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری ڕۆژانەیە - ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان-ە.
309- جەوهەر نامیق سالم، خوێندنەوەیەکی بە پەلەی پرۆژەی یاسای نەوت و گازی کۆماری العراق، ماڵپەڕی (دەنگەکان)، ژمارە (320)، خولی سێیەم، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (15.5.2007).
310- شەماڵ عەبدوڵڵا، ئێراقی نوێ، لە بڵاوکراوەکانی نووسینگەی بیرو هۆشیاری (ی. ن. ک)، باشووری کوردستان – سلێمانی 2005.
311- دکتۆر ئەفراسیاو هەورمی، کورد لە ئەرشیفی ڕوسیا و سۆڤییەتدا، وەرگێڕان و ئامادەکردنی دکتۆر ئەفراسیاو، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، باشووری کوردستان – هەولێر 2006.
312- مەستوورەی کوردستانی، مێژووی ئەردەڵان، وەرگێڕانی هەژار موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، باشووری کوردستان – هەولێر 2002.
313- الحزب الديمقراطي الكوردستاني – المكتب السياسي – مكتب الدراسات والبحوث المركزي، نفط كوردستان العراق النفط ومصير الكورد وكوردستان السياسي، الجزء الثاني، الطبعة الاولى، من منشورات مكتب الدراسات والبحوث المركزي – مطبعة وزارة التربية – جنوب كوردستان – هەولێر 1998 + پارتی

دیموکراتی کوردستان، مەکتەبی سیاسی، مەکتەبی ناوەندیی دیراسات و تۆژینەوە، نەوتی کوردستانی ئێراق نەوت و چارەنووسی سیاسی کورد و کوردستان، بەشی دووەم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی دیراسات و تۆژینەوە، دیراسەی ژمارە (32)، باشووری کوردستان – هەولێر 1998.
314- عەدنان زیان فەرحان، الكورد الايزيديون في أقليم كوردستان، من منشورات مركز كوردستان للدراسات الاستراتيجية، جنوب كوردستان – سلێمانی 2004.
315- عومەر محەمەد کەریم، القضية الكوردية في الصراع البريطاني – العراقي 1918-1932، مطبعة كارۆ في السليمانية، مديرية الطبع والنشر السليمانية، جنوب كوردستان – سلێمانی 2008.
316- حەسەن ئەرفەع، کوردەکان، وەرگێڕانی سەردار محەمەد، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 2001.
317- م. ئاورینگ، کورناسی، وەرگێڕانی بورهان قانیع، چاپی یەکەم، ناوەندی چاپەمەنیو ڕاگەیاندنی خاک، چاپەمەنی زاموا، باشووری کوردستان – سلێمانی 1999.
318- جەعفەر عەلی، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، چاپخانەی ڕەنج، باشووری کوردستان – سلێمانی 2004.
319- لوقمان حاجی کەریم، بەرپرسی (دار الاسلام) گەلی کورد باجی هەڵەکانی سیاسەتمەدارانیان سەبارەت  بە دەوڵەتی کوردی دەبێت دەن، ماڵپەڕی کوردستان پۆست، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (12.1.2007).
320- لوقمان حاجی کەریم، دکتۆر کەمال مەزهەر: پاش تەواوبوونی هەر چوار بەرگی پەرتووکەکەم، ئەوسا هەست دەکەم ئەو قەرزەی لەسەرشانمە بەرانبەر بە نەتەوەکەم داومەتەوە، ماڵپەڕی کوردستان پۆست، ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (23.1.2007).
321- دکتۆر سەعدی عوسمان هەرتەلی، بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی، چاپخانەی وزارەتی پەروەردە، دەزگای توێژیەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان – هەولێر 2006.

322- ساهیره وەزان، کوردانی شەبەک لە خۆنیشانێکدا لە موسڵ: دەمانەوێ بگەڕێینەوە سەر سنووری کوردستان، ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە (280)ی ساڵی یازدەهەم، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (6.3.2007). میدیا، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری هەفتانەیە، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات.
323- ئاکۆ – سەلام، موسڵ، ئەو شارەی لە ئەجێندای ڕامیاری کورددا جێگەی نەبووەوە، ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە (158)ی ساڵی نۆیەم، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (21.3.2004). میدیا، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری هەفتانەیە، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات.
324- عەلی تەتەر تۆفیق نێروەیی، الحیاة السیاسیة في کوردستان 1908-1927، ترجمة تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، مراجعة دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، الطبعة الأولی، مطبعة خاني - دهۆک، دار سپیرێز للطباعة والنشر دهۆک، باشووری کوردستان 2007.
325- ڕێکار ئەحمەد، خوێندنەوەی 10 ساڵەی ڕزگاری ئارمانج، رامان، هەڵوێست، کورتکراوەی بابەتێکە کە هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد لە ڕۆژی (19.7.2003)دا لەژووری پێشکەوتنخوازان لەسەر تۆڕی پاڵتاکدا بەبۆنەی دەیەمین ساڵیادی ڕاگەیاندنی ڕزگاری پێشکەشی کرد، دەزگای ڕاگەیاندنی ڕزگاری، ماڵپەڕی ڕزگاری.
326- تاهیر عەبدوڵڵا، محەمەد پاشا الراندوزي والاسباب المؤدیة الی سقوط إمارته، مدیریة مطبعة الثقافة، جنوب کوردستان – هەولێر 2002.
327- غانم گۆران، وقفة عند أبواب التاریخ، دوغرو، مجلة شهریة سیاسیة ثقافیة تصدرها جمعیة الثقافة الترکیلۆمەترانیة لکوردستان العراق، جنوب کوردستان – هەولێر، العدد (14)، نیسان 2005.
328- عەبدوڵڵا عامر عومەر، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی ئێراق، کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆ، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان – هەولێر 1998.
329- ئەنوەر حوسێن بازگر، پێوەندییەکانی هەولێر – ئەنقەرە لەنێوان مامەڵەی لۆژیکانەی کورد و بەخۆداچوونەوەی تورکیادا، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (2466)ی ڕۆژی دوشەممە، ڕێکەوتی (16.4.2007). خەبات، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری ڕۆژانەیە - ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان-ە.

330- کاروان ئەحمەد حەمە ساڵح، کاریگەری ئاو لەسەر دۆزی کورد لە ئێراقدا، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی. ن. ک)، چاپخانەی ڕوون، باشووری کوردستان – سلێمانی 2004.

331- خەسرەو گۆران، 20 هەزار خێزانی ئاوارەی موسڵ ڕوویان لە هەولێر و دهۆک کردووە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (4286)، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (5.6.2007). کوردستانی نوێ، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری ڕۆژانەیە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەری دەکات.

332- کۆدی شار و شارۆچکەکانی کوردستان و هەندێک لە وڵاتانی جیهان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (4250)، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (24.4.2007). کوردستانی نوێ، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری ڕۆژانەیە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەری دەکات.

333- دەنگی سەربەخۆ، ئاژانسی نووچێن کوردستان، ئەمەریکا میلیشیاکانی عارەبی سوننە چەکدار دەکات، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (12.6.2007)، دەنگی سەربەخۆ پێگەیەکی گشتی، ڕامیاری، ڕۆژانەیەو سەربەخۆیە.

334- ڕێکخراوی پۆینت بۆ ڕاپرسی و لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکان، دەوڵەتی کوردی لە نێوان خەون و ڕاستیدا، دەنگی سەربەخۆ، ئاژانسی نووچێن کوردستان، ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (8.6.2007). دەنگی سەربەخۆ پێگەیەکی گشتی، ڕامیاری، ڕۆژانەیەو سەربەخۆیە.

335- دارا ئەحمەد، دەستوور (پرۆژەیەکی پێشنیارکراو بۆ دەستووری کوردستانێکی سەربەخۆو سکۆلاریست لەگەڵ چەند تێبینییەکی ڕەخنەگرانە لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان)، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی ئەمرۆ، سەرەتای ساڵی 2007. لە ماڵپەڕی کلاوڕۆژنەدا وەرگیراوە.

336- فرسەت ڕۆژبەیانی، پێوەندی ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی بە کوردۆلۆژیەوە، گۆڤاری کوردناسی، ژمارە (2)ی بەهاری ساڵی (2007)، چاپخانا هاڤیبوون، گۆڤارێکی وەرزی تایبەت بە کۆمەڵ مێژوو شارستانی، ناڤەندا هاڤیبوون یا لێکۆڵین و وەشانێن کوردی ل بەرلین دەری دەکات.

337- کوردناسی، کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی فرانسادا. گۆڤاری کوردناسی، ژمارە (2)ی بەهاری ساڵی (2007)، چاپخانا هاڤیبوون،

گۆڤارێکی وەرزی تایبەت بە کۆمەڵ مێژوو شارستانی، ناڤەندا هاڤیبوون یا لێکۆڵین و وەشانێن کوردی ل بەرلین دەری دەکات.

338- گۆران ئیبراهیم ساڵح، کەرکوک لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لە نێوان ساڵانی 1876-1909ی زاییندا، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی. ن. ک)، باشووری کوردستان – سلێمانی 2007.

339- حەسەن مەحمود حەمە کەریم، کورد گەلێکی زیندوو، مێژوویەکی ون، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (118)، ڕۆژی دوشەممە، ڕێکەوتی (5.3.2007). ڕامان، مانگنامەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە بەڕێوەبەریەتی گۆڤاری ڕامان دەری دەکات.

340- عەبدولڕەحمان عەلی، (پ. ک. ک هەڕەشە دەکات.. ئەگەر تورکیا هێرش بکاتە سەر هەرێمی کوردستان شارەکانی تورکیا دەکەینە دۆزەخ). ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە (296)، ساڵی دوازدەهەم، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (3.7.2007)، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری هەفتانەیە، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات.

341- عەباس سلێمان سمایل، مێژووی ڕامیاری کورد و کوردەکانی قوم، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (122)، ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (5.7.2007). گۆڤاری ڕامان، مانگنامەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە بەڕێوەبەریەتی گۆڤاری ڕامان دەری دەکات.

342- سەیوان ئەتروشی، کوردستانی – موسڵ... دە رفێندراو ئازاد کران و چوار تەرمیش دۆزرایەوە، ماڵپەڕی پەیامنێر، ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (22.6.2007).

343- مزگین بینگۆڵ، کاتێک موسڵی کوردان دەبێتە دەریاچەی خوێن، گۆڤاری گوڵان، ژمارە (646)، ڕۆژی دوشەممە، ڕێکەوتی (6.8.2007). گوڵان گۆڤارێکە هەفتەی جارێک، دەزگای گوڵانی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر دەری دەکات.

344- بێریڤان عەلی، لە تەعریبەوە تا ئەنفال، ڕۆژنامەی سبەی، ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی (24.6.2007). سبەی ماڵپەڕێکە کۆمپانیای وشە بەڕێوەی دەبات.

345- پێشەوا کەرکوکی، ئیسلام ئایینی ئاشتی یان ڕێنمایی تیرۆر؟ وەڵامێک بۆ وڕێنەکانی سوار سەلیم-ی نەوەی ئەبو جەهل و ئەبو هورێرە! ماڵپەڕی کوردستان نێت، ڕۆژامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (15.8.2006).

346- ئیبراهیم مەحمود، وێنەی کورد لای عارەب لە پاش جەنگی کەنداو، وەرگێڕانی حەسەن جیهاد ئەمین، وەزارەتی ڕۆشنبیری، باشووری کوردستان – سلێمانی 1997.

347- هاوڕێ قەندیل، کوردستان ناسنامەی من، چاپی یەکەم، بەفرانباری (2706)ی کوردی، چاپخانەی سان لەند.

348- سەباح بامەڕنی، تیرۆریستان چیان لە کوردەکانی موسڵ دەوێت؟! ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی شانزەهەم، ژمارە (4382)، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (25.9.2007). کوردستانی نوێ، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری ڕۆژانەیە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەری دەکات.

349- ئاژانسی دەنگوباسی ناوخۆ، کەش و بای کوردستان. ماڵپەڕی ناوخۆ کە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان – سلێمانی بەڕێوەی دەبات.

350- کوردستان پۆست، سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو لەنێو حکومەتی ئێراق کە بەرپرسێکی پایەبەرزە، پێی ڕاگەیاندین کە دەوڵەتی ئێراق ئەگەری هەڵوەشانەوەی لێ دەکرێت و ئەگەرەکە لە (65%)ی تێپەڕاندووە. ماڵپەڕی کوردستان پۆست ماڵپەڕێکی کوردییە و لە وڵاتی سویدەوە پەخش دەکرێت.

351- ئیبراهیم مهماندوست، ژئۆپۆلیتک و سەرهەڵدانی دۆزی کورد. ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (2608)ی ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (5.9.2007). خەبات، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری ڕۆژانەیە - ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

352- عارف کەریم، کێشەی کورد، دوێنێ و ئەمڕۆ مادەی 140ی دەستور چی لێدێت؟ ئایا کەرکوک دەگەڕێتەوە باوەشی کوردستان؟ - بەشی چوارەم. هەفتەنامەی (ڕۆژی گەل)، ژمارە (197)، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (4.11.2007). ڕۆژی گەل، هەفتەنامەیەکی ڕامیاری ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات.

353- لوقمان ا. محۆ، الکورد وکوردستان ببلوگرافیا مختارة ومعروفة، ترجمة هەڤاڵ، مطبعة مؤسسة ئاراس، جنوب کوردستان – هەولێر 2007.

354- سەمەد چاوشین، تکایە کەرکوکیش بە دەردی موسڵ مەبەن، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی شانزەهەم، ژمارە (4333)، ڕۆژی دوشەممە، ڕێکەوتی

(30.7.2007). کوردستانی نوێ، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری ڕۆژانەیە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەری دەکات.

355- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، هەڕەشەی سڕینەوەی کورد لە موسڵ، ساڵی شانزەهەم، ژمارە (4383)، ڕۆژی دوشەممە، ڕێکەوتی (25.9.2007). کوردستانی نوێ، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری ڕۆژانەیە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەری دەکات.

356- سابیر سمایل، کوردی موسڵ و عارەبەکانی کەرکوک، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (1623)ی ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (18.11.2004). ڕۆژنامەی خەبات، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری ڕۆژانەیە - ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

357- محەمەدی حاجی مەحمود، گەر ڕیفراندۆمیش ئەنجام بدرێت هێشتا زۆربەی کوردستان دەدۆڕێنین، ماڵپەڕی پوک میدیا، یەکشەممە، ڕێکەوتی (30.12.2007).

358- دادوەر تەها بابان، کۆستی شارێک یان بەسەرهاتی کارەساتی بۆمبابارانەکەی شاری قەڵادزێی (24.4.1974)و ڕاپەڕینە مەزنەکەی (24.4.1982)، چاپخانەی کارۆ، باشووری کوردستان – سلێمانی 2004.

359- ڕۆژنامەنووس عەبدولغەنی عەلی یەحیا، سەرکرایەتی کورد کەمتەرخەمە لە بایەخیدانی بە شاری موسڵ، لاپەڕە (7)ی ڕۆژنامەی هەواڵ، ژمارە (271)ی ڕێکەوتی (15.3.2008). هەواڵ، هەواڵنامەیەکی گشتی هەفتانەیە دەزگای هەواڵ بۆ ڕاگەیاندنو ڕۆژنمەوانی دەری دەکات.

360- ئاری جەلال ساڵح، ئەنفال هەوڵێک بۆ جینۆسایدکردنی کورد، گۆڤاری (کەرکوک 19)، ژمارە (3)ی ساڵی پێنجەم، زستانی (2004). گۆڤاری کەرکوک، گۆڤارێکی ڕوناکبیری گشتیی وەرزییە، کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوک دەریدەکات.

361- عسمەت شەریف وانلی، پەیامی سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی بۆ کەمپینی ئەنفال، ماڵپەڕی کوردستان نێت، ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی (2.2.2002). کوردستان نێت، ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە.

362- ئەحمەد سەید علی بەرزنجی، سایکس – پیکۆو ترازاندنی جەمسەری کێشەی کوردی باشوور، وەزارەتی ڕۆشنبیری بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، باشووری کوردستان – سلێمانی 2007.

363- هەڵوێست عومەر قادر، یهود کوردستان تأريخهم، مواقعهم، أعمالهم، صورهم، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، جنوب کوردتان 2007.
364- لواء الشرطة الحقوقي محمد صالح عقراوي، الکورد والدولة المستقلة وفق المعاهدات والمواثيق الدولية، مطبعة پاك، جنوب کوردستان – هەولێر 2005.
365- کەریم یەڵدز، کورد لە ئێراق، وەرگێڕانی شاهۆ بوڕهان، بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان 2007.
366- موراد حەکیم محەمەد، ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەتی ڕاگواستنەوەی کورد لە ئێراق لە سەردەمی بەعسدا، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی کوردستان، باشووری کوردستان – سلێمانی 2004.
367- سەباح پیربال قەساب، ئارکیۆلۆجیا لە کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆمەڵگەی چاپەمەنی شەهاب، باشووری کوردستان – هەولێر 2007.
368- عارف زێرەڤان کورد نیڤێ مووسلێ نەخوازن نکارن شنگال و خانەقینێ ب دەست خن، ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە (343)، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (17.6.2008). میدیا، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری هەفتانەیە، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات.
369- شوان عوسمان مستەفا، کوردستان و پرۆسەی بە ئیسلام کردنی کورد (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی‌یە)، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 2002.
370- حوسێن حوزنی موکریانی، سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی، بەرگی یەکەم، کۆکردنەوەو لەچاپدانی دەزگای ئاراس بە سەرپەرشتی دکتۆر کوردستانی موکریانی، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان – هەولێر 2007.
371- جەلال جەوهەر عەزیز، پاشگەزبوونەوە لە ڕێککەوتنەکان یان نیگەرانی لە دروستبوونی هەندێک کێشە، کوردستانی نوێ، ساڵی حەڤدەهەم، ژمارە (4632)، پێنجشەممە، ڕێکەوتی (24.7.2008). کوردستانی نوێ، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری ڕۆژانەیە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەری دەکات.
372- لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی بەعارەبکردنی کوردستان، ئەتڵەسی کەرکوک، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان – هەولێر 2005.

373- زوبێر ئایدار سەرۆکی کۆنگرەی گەل: نەک کەرکوک بەڵکو دەبێ هەموو ویلایەتی موسڵ بگەڕێتەوە سەر کوردستان، ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە (349)، ساڵی سێزدەهەم، ڕۆژی سێشەمە، ڕێکەوتی (29.7.2008). ڕۆژنامەی میدیا، ڕۆژنامەیەکی سیاسی هەفتانەیە، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات.

374- مەزدەکی، عارەب و ئیسلام، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 2006.

375- عەبدوللا کەریم مەحمود، ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری – بەڕێوەبەرێتی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە، باشووری کوردستان – سلێمانی 2004.

376- شەمسەدین سامی، کورد و کوردستان لە یەکەم ئەنسیکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا، وەرگێڕانی ئەمین بۆزئەرسەلان و ئەحمەد تاقانە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان – هەولێر 2008.

377- دڵشاد مەولود مەرزانی، بەعارەب کردن لە قەزای موسڵ (بەشی یەکەم)، هەفتەنامەی بارزان، ژمارە (83)، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (7.9.2008)، بارزان، هەفتەنامەیەکی گشتیی سەربەخۆیە لە باشووری کوردستان – هەولێر دەردەچێت.

378- دڵشاد مەولود مەرزانی، بەعارەب کردن لە قەزای موسڵ (بەشی دووەم)، هەفتەنامەی بارزان، ژمارە (84)، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (14.9.2008)، بارزان، هەفتەنامەیەکی گشتیی سەربەخۆیە لە باشووری کوردستان – هەولێر دەردەچێت.

379- دڵشاد مەولود مەرزانی، بەعارەب کردن لە قەزای موسڵ (بەشی چوارەم)، هەفتەنامەی بارزان، ژمارە (86)، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (28.9.2008)، بارزان، هەفتەنامەیەکی گشتیی سەربەخۆیە لە باشووری کوردستان – هەولێر دەردەچێت.

380- فەرمان عەبدولڕەحمان، پاکتاوکردنی ڕەگەزی کورد لە کوردستانی ئێراقدا، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی. ن. ک)، سلێمانی – باشووری کوردستان 2006.

381- سەربەست کەرکوکی، ڕاپۆرتی کارگێڕیی دەڤەری کەرکوک (ماوەی 1ی کانوونی دووەم تا 31ی کانوونی یەکەمی 1919)، وەرگێڕانی سەربەست کەرکوکی، چاپخانەی شڤان، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی – باشووری کوردستان 2006.
382- دکتۆر محەمەد عەبدوللا عومەر لهۆنی ، مباحث كوردية فيلية، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر - باشووری کوردستان 2004.
383- ئومێد حەمەدئەمین، شێخ مەحمودی حەفید 1922-1925، لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی تیشک 32، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی – باشووری کوردستان 2008.
384- دکتۆر سەعدی عوسمان هەروتی، كوردستان والامپراتورية العثمانية في تطور سياسة الهيمنة في كوردستان 1514-1851م، مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر، الطبعة الاولى، مطبعة خاني، دهۆک – جنوب كوردستان 2008.
385- د. ک. فیدڵهاوس، کورد عارەب بەریتانییەکان بیرەوەرییەکانی کاپتن لاین لەمەڕ ڕووداوەکانی باشووری کوردستان 1919-1929، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە دکتۆر یاسین سەردەشتی، چاپخانەی سیما، باشووری کوردستان – سلێمانی 2007.
386- دکتۆر سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكوردية 1958-1970، بريطانيا – لندن 1990.
387- ئیبراهیم جەلال، خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول بنیاتنان و هەڵتەکاندن 1961-1975، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی شێنێ 1998.
388- ڕەفیق حلمی، یاداشت کوردستانی ئێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، بەشی یەکەم، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، چاپخانەی ڕۆشنبیریو لاوان - 1988.
389- ئەمجەد شاکەلی، دۆڕاندنی خاک بەرانبەر دەسەڵات، بارزان، ژمارەکانی (115، 116، 117)، یەکشەممە (17.5.2009)و یەکشەممە (24.5.2009)و یەکشەممە (31.5.2009). بارزان، هەفتەنامەیەکی گشتیی سەربەخۆیە لە هەولێر دەردەچێت.

390- هەژار گۆران و سەعید مەموزینی، دژایەتیکردنی کورد لە موسڵ، ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە (389)، ساڵی چواردەهەم، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (26.5.2009). ڕۆژنامەی میدیا، ڕۆژنامەیەکی سیاسی هەفتانەیە، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات.
391- کاوە نادر قادر، کوردستانییەتی موسڵ بە نەژادپەرستی عارەبی ڕەشنابیێتەوە، ڕۆژنامەی میدیا، ساڵی سێزدەهەم، ژمارە (364)ی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (18.11.2008). ڕۆژنامەی میدیا، ڕۆژنامەیەکی سیاسی هەفتانەیە، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات.
392- مەهاباد کوردی، کورد و موسڵ و باسێک، ڕۆژنامەی میدیا، ساڵی چواردەهەم، ژمارە (386)، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (5.5.2008). ڕۆژنامەی میدیا، ڕۆژنامەیەکی سیاسی هەفتانەیە، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات.
393- پرۆفیسۆر د. جویس بلۆ، دۆزی کورد لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیۆلۆجی، وەرگێڕانی لەفارسی‌یەوە کارزان محەمەد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی – باشووری کوردستان 2004.
394- دەقەکانی کۆنگرەی سێڤرە و خوێندنەوەیەکی تر، خوێندنەوەی مەسعود عەبدولخالق، وەرگێڕانی سەلام ناوخۆش، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان، چاپخانەی منارە، هەولێر - باشووری کوردستان 2009.
395- دوریە عەونی، عرب وأکراد خصام أم وئام، طبعت بمؤسسة دار الهلال، جمهورية مصر العربية 1993.
396- رئيس التحرير مجلة كوردستان المجاهدة، حكومة جنوب كوردستان الفدرالية + باوکی مازیار ئاکرەیی، رد وتوضيح، مجلة كوردستان المجاهدة، مجلة سياسية جامعة تصدر عن مكتب الفرع الثالث للحزب الاسلامي الكوردستاني، السنة الثالثة، العدد الثالث، شباط 1993.
397- دکتۆر ڕێبوار خنسی، الملف النفطي في العراق، دار سپیرێز للطباعة والنشر، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية – هەولێر، جنوب كوردستان – هەولێر 2005.

398- دکتۆر زرار سدیق تۆفیق، كوردستان في القرن الثامن الهجري دراسة في تأريخها السياسي والأقتصادي، الطبعة الاولى، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، مطبعة وزارة الثقافة، جنوب كوردستان – هەولێر 2001.
399- إعداد وتقديم الدكتور عبدالفتاح علي البۆتاني، وثائق بريطانية عن تشكيل دولة كوردية مستقلة 1924-1927، المطبعة خاني – دهۆک، من مطبوعات الاكاديمية الكوردية، جنوب كوردستان – هەولێر 2008.
400- دڵشاد نوعمان فەرحان، معاناة الكورد الإيزديين في ظل الحكومات العراقية 1921-2003، مراجعة وتقديم الدكتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق/جامعة دهۆک، الطبعة الأولى، مطبعة جامعة دهۆک، كوردستان الجنوبية 2008.
401- وریا ڕەحمانی، کوردستان و کورد لە ڕوانگەی نەخشەوانییەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر، باشووری کوردستان 2009.
402- هاوڕێ باخەوان، دەستوورم واهی خوێندەوە، هۆڵەندە - لاهای 2009.
403- دکتۆر جەزا تۆفیق تاڵیب، تحديد حدود إقليم كوردستان العراق، من منشورات مكتب الفكر والتوعية في الاتحاد الوطني الكوردستاني، جنوب كوردستان – سلێمانی 2004.
404- دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر، چەردەیەک لە مێژووی کورد، چاپی پێنجەم، چاپخانەی ڕەهەند، باشووری کوردستان – سلێمانی 2008.
405- دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی گەلی کورد، چاپی دووەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 2000.
406- دکتۆر فوئاد حەمە خورشید، کەرکوک لە بەڵگەنامەکاندا، وەرگێڕانی نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، چاپی یەکەم، دەزگای وەرگێڕان، چاپخانەی منارە، باشووری کوردستان – هەولێر 2007.
407- دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، جیۆگرافیای باشووری کوردستان، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، باشووری کوردستان – سلێمانی 2008.

408- دکتۆر جەمال نەبەز، ناسنامەو کێشەی ناسیۆنالی کورد، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە، بڵاوکراوەی پەرتووکفرۆشی سۆران، باشووری کوردستان – هەولێر 2007.
409- دکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا، نامە دیپلۆماتییەکانی شەریف پاشای خەندان لە ئەرشیفخانەکانی بەریتانیا و فەرەنسا 1918-1920، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، باشووری کوردستان – سلێمانی 2008.
410- دکتۆر جاسم تۆفیق خۆشناو، مەسەلەی کورد و یاسای نێو دەوڵەتان، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی کوردستان، سلێمانی - باشووری کوردستان 2002.
411- ڕابیعە فەتاح شێخ محەمەد، لە لاپەڕە (390)ی پەرتووکی (کوردستان لە سەدەی پازدەی زایینییدا، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرێتیی چاپخانەی ڕۆشنبیری، باشووری کوردستان – هەولێر 2005.
412- جەلال جەوهەر عەزیز، کەرکوک لە پاکتاوی ڕەگەزییەوە بۆ چارەسەری دەستووری، )دا، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان 2008.
413- ساڵح محەمەد حەسەن عزەت بادی، شەریف پاشا حیاته ودوره السیاسي 1865-1951، دار سپیرێز للطباعة والنشر، الطبعة الاولی، مطبعة وزارة التربیة، جنوب کوردستان – هەولێر 2005.
414- شاکرۆ خدۆ محۆی، المسألة الکوردیة في العراق المعاصر، ترجمها عن الڕوسیاة دکتۆر عەبدی حاجی، الطبعة الاولی، مطبعة خانی، جنوب کوردستان – دهۆک 2008.
415- حەسەن گۆران، لە خزمەتگوزارێکی ئەدەب و کلتوری کوردییە وە بۆ خزمەتگوزارێکی حکومەتی کوردی، نامەیەکی کراوە بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێم، کوردستانی نوێ، ژمارە (5074)ی ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (15.1.2010). کوردستانی نوێ ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی ڕۆژانەیە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەری دەکات.
416- دکتۆر ڕەفیق شوانی، کێشەی کەرکوک و چۆنیەتی چارەسەرکردنی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، باشووری کوردستان – هەولێر 2007.

417- حەسەن جاف، دەستووره حەیاتەکەی هەرێم و چەند سەرنجێک، ڕۆژنامەی ڕزگاری، ژماره (196)، ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (10.12.2009). ڕزگاری ئۆرگانی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستانە.
418- دکتۆر فەرهاد پیربال، کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، باشووری کوردستان – هەولێر 2006.
419- ئەکرەمی میهرداد، کورد و گەڕان بەدوای خۆدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، باشووری کوردستان – هەولێر 2007.
420- ناسر حەفید، شێخ مەحمود: یەکەم کۆشش دوای بابانەکان لەپێناو ئیدارەیەکی کوردی سەربەخۆدا، باشووری کوردستان – سلێمانی 2006.
421- عومەر هەمزە ساڵح، ڕاگواستن و لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافیی و مێژوویی ڕاگواستنەوەی زۆرەملێی گوندنشینەکانی کوردستانە، پشدەر وەک نموونە، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی (دهۆک) – باشووری کوردستان 2009.
422- خالید خالید کۆچی، مستەفا بارزانی لە نێوان ئەفسانەو ڕاستیدا کورتە وەڵامێک لەسەر پەرتووکی فازیڵ ئەلبەڕاک، چاپی یەکەم، سوید – ستۆکهۆڵم 1992.
423- دکتۆر ئیسماعیل محەمەد حەساف، کوردستان والمسألة الكوردية، الطبعة الاولى، مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر، مطبعة خاني دهۆک – جنوب كوردستان 2009.
424- فەرهاد سەنگاوی، پێشەکی بۆ ڕادیۆی نەوا، ئەم پێشەکییەم بە دوو جار بە تەلەفۆن لە ڕۆژی پێنجشەممە (4.3.2010) و ڕۆژی دوشەممە (15.3.2010)دا لە نووسەری ناوبراو وەرگرت، کە پێشتر ناردبووی بۆ ڕادیۆی نەوا، پێکهاتبوون کە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی (5.3.2010) لە رادیۆکەدا بڵاوکردێتەوە.
425- وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە - کۆلیژی سەربازی، چەند وانەیەک لەسەر مێژووی کوردستانی باشوور، ئامادەکردنی نەقیب سەروەر عومەر مستەفا.
426- یاسین سابیر ساڵح، ئینسایکلۆپیدیای گشتی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان – سلێمانی 2005.

427- دکتۆر نەجاتی عەبدوللا، گەشتنامەی پوژولا بۆ کوردستان ساڵی 1837، وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە پێشەکی و پەراوێز نووسینی دکتۆر نەجاتی عەبدوللا، چاپخانەی حاجی هاشم، باشووری کوردستان – هەولێر 2009.

428- دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، بۆ موسڵ، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە (1179)، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (16.3.2010). ئاسۆ، ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە دەزگای خەندان دەریدەکات.

429- کەمال بورکای، کورد و کوردستان لە سەردەمی باستانەوە تا کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم، وەرگێڕانی عەلی فەتحی، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، دەزگای وەرگێڕان، باشووری کوردستان – هەولێر 2008.

430- عوسمان مستەفا خۆشناو، کەرکوک لە ئامێزی مێژوودا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر – باشووری کوردستان 2010.

431- دکتۆر سەلام ناوخۆش، شێخ مەحموود و سێ ئەفسەرەکەی داگیرکەران، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر – باشووری کوردستان 2010.

432- ڕێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، بەشی یەکەم و دووەم، چاپی دووەم، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی بنکەی ڕۆشنبیری شەهید، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی – باشووری کوردستان 2008.

433- ڕێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، بەشی سێیەم، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی بنکەی ڕۆشنبیری شەهید، چاپخانەی پەیوەند، چاپی یەکەم، سلێمانی – باشووری کوردستان 2011.

434- خەبات عەبدوللا، لە تەعریبەوە تا ئەنفال، ساڵنامەی ئەنفالستان، ژمارە (7)ی ڕێکەوتی (3.5.2010)، ل(45-48)، چاپخانەی ڕەنج، باشووری کوردستان – سلێمانی. ئەنفالستان، ساڵنامەیەکی تایبەتە بە تاوانی ئەنفال و جینۆساید لە ساڵیادی تاوانی ئەنفالدا دەردەچێت.

435- هەڵبەستوان دکتۆر عەبدوللا پەشێو، بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی (مەد تی ڤی)، سەبارەت بە یادی کیمیاباران کردنی شارۆچکەی هەڵەبجەیە.

436- یوسف دزەیی، ئەنفال کارەسات، ئەنجام و ڕەهەندەکانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر – باشووری کوردستان 2001.

437- باست حەمەغەریب، ڕاوەستن هێشتا ماومانە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (5497)، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (5.6.2011)، ل9، کوردستانی نوێ ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی ڕۆژانەیە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەری دەکات.
438- دکتۆر عەبدوڵلا غەفور، بارزانم چۆن دیت، چاپخانەی ئاپێک، ستۆکهۆڵم – سوید نۆڤێمبەری ساڵی 1995.
439- جرجيس فتحاللة، آراء محظورة في شؤون عراقية معاصرة، دار الشمس للطباعة والنشر، ستۆکهۆڵم – سوید 1994.
440- الحزب الديمقراطي الكوردستاني المكتب السياسي مكتب الدراسات والبحوث المركزي، نفط كوردستان العراق - دراسة تأريخية، جيولوجية، جغرافية، إقتصادية، الجزء الأول، الطبعة الاولى، من منشورات مكتب الدراسات والبحوث المركزي، مطبعة وزارة التربية، هەولێر – جنوب كوردستان 1997.
441- دکتۆری پرۆفیسۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، شاری موسڵ لە ڕاپۆرتی کۆمەڵەی گەلانی 1925، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (4038)، ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (4.8.2006)، ل9، کوردستانی نوێ ڕۆژنامەیەکی ڕامیاریی ڕۆژانەیە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەری دەکات.
442- زەکەریا، سێ دی تێلیناز، تێکستی ئەو سروودەی (وەرە ئەسمەرێ) هی هەڵبەستوان (ئەدیب چەڵکی)یەو، (سێ دی)یەکە پازدە گۆرانی لەخۆی گرتووەو (وەرە ئەسمەرێ)، گۆرانی ژمارە شەشە.
443- محەمەد باقی سەعید، لە لاپەڕە (213)ی پەرتووکی (ئینزیبات خانە و تاوانەکانی زەعیم سدیق 1961–1964)، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی 2008.
444- البعث والأكراد بعد ثورة رمضان 1963 في العراق، تعليمات وتوصيات الى كوادرنا وقواعدنا الحزبية، منشورات الطليعة 1986.

# دەرئەنجـــــــــــام:

بە گوێرەی هەموو بەڵگەنامە مێژوویی، جوگرافی، نێودەوڵەتی و بەپێی هەموو پەیماننامەو ڕێککەوتنە نێودەوڵوتییەکان ویلایەتی موسڵ و شاری موسڵ بەشێک بووینە لە خاک و نیشتمانی کورد. بە گوێرەی تەواوی ئەو بەڵگەنامانەی کە لە کۆمەڵەی نەتەوەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچووینەو، تاوەکو ئێستاش لە نەتەوە یەکگرتووەکان پارێزراون دەریدەخەن کە ویلایەتی موسڵ بە تەواوی شارەکانییەوە نیشتمانی کورد و بەشێک بووە لە خاکی کوردستان. هەم دیسان بە گوێرەی بەدواداچوون و لێکوڵینەوەو پەرتووکەکانی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە گەڕیدەو مێژوونووسانی عارەب و ئێراقی دەیسەلمێنن کە ویلایەتی موسڵ-ی کۆن بە تەواوی ویلایەتێکی کوردییە و، پارێزگاو شاری موسڵ-یش بە تەواوی بەشێک بووە لە خاکی کورد و کوردستان، بۆ نموونە دکتۆر شاکر خەسباک، محەمەد هادی ئەلدەفتەری، ئینسکلۆپیدیای ئیسلام، ئەحمەد عەلی ئەلسۆفی، عەبدولعەزیز سلێمان نەوار، دکتۆر فەهمی ئەلشناوی، یوسف مالک، عەدنان حوسێن، ئیبن بەتووتە، یاقووتی حەمەوی، عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی، مەسعودی، جاسم محەمەد ئەلخەلەف، تەها ئەلهاشمي، محەمەد حوسێن ئەلزوبێدی، یەحیا خەشاب، فەیسەڵ محەمەد ئەلڕەحیم، ئەلبەلازری، ئەبو ئەلفیداء، محەمەد ئەلخزری و چەندان مێژوونووس و نووسەری دیکەی عارەب کە موسڵ بە شارێکی کوردستانی دەزانن.

هەر هەندێک لە مێژوونووس و نووسەرانی تری عارەبی هەن کە کەناری خۆرهەڵاتی ڕووباری دیجلە واتە بەشی دەستە چەپی شاری موسڵ واتە نەینەوا بە کوردستان دەزانن. هەشیانە ئەگەر بێتوو لە قورئانیشدا بنووسرێت کە شاری موسڵ شارێکی کوردی و بەشێکی کوردستانە، ئەوە هەر دژی دەوەستنەوە، چونکە ئەوان لە کڵاوڕۆژنەی بێویژدانی جیهانی عارەبەوە دەڕواننە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی خۆیان و، بەرژەوەندی نەتەوەی کورد یان هەر نەتەوەکی تر دەخەنە ژێر پێ، هەروەکو هەزاران ساڵە بە ناوی ئیسلام و داگیرکارییەکانیان کە ناویان ناوە (فتوحات)و، لە ڕاستیدا جگە لە زایۆنیزمی ئیسلامی عارەبی و درێژەدان بە داگیرکردنی خاک، وڵات و نیشتمانی نەتەوەکانی تر هیچ شتێکی کە نییە، هەروەها بە

هەزاران ساڵە ماف و بەرژەوەندییەکانی کورد و خەڵکی کوردستانیان پێشێل کردووە!

هەرچی بەڵگەنامە عوسمانی و تورکییەکانن، ئەوە زۆر بە ڕاشکاوی تەواوی ویلایەتی موسڵ بە شاری موسڵ-یشەوە بە خاکی کورد دەزانن، بەڵام ئەوان کورد و تورک دەبەنەوە سەر یەک ڕەگەزو، مەبەستیشیان لەو کارەدا ئەوەیە کە مادام کورد و تورک لە یەک ڕەگەزبن و یەک نەتەوەبن، کەواتە ویلایەتی موسڵ و شارەکانی موسڵ، کەرکوک، سلێمانی و هەولێری سەرەتای کێشەی نێوان تورکیا و ئینگلیز لەسەر ویلایەتی موسڵ، بەشێکن لە خاکی تورکیا. ئەگەر بگەڕێینەوە سەر هەموو نەخشەکانی ویلایەتی موسڵ، کە پێشتر لە لایەن حکومەتی عوسمانییەوە لە سەدەکانی حەڤدەو هەژدەو نۆزدەدا دەرچووە، دەبینین بەگەورەیی لەسەر ویلایەتی موسڵ نووسراوە کوردستان. بۆ نموونە ئەو نەخشەیەی کە سەرۆک کۆماری ئێراقی بە ڕەگەز کورد (مام جەلال شێخ حوسامەدین شێخ نوروڵڵا تاڵەبانی)، کە لە ڕێکەوتی (6.4.2005)دا بۆماوەی ساڵێک لە لایەن ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی کاتی ئێراقی بە سەرۆک کۆماری ئێراق هەڵبژێردرا، دواتریش لە ڕۆژی (22.4.2006)دا لە لایەن پەرلەمانی ئێراقەوە وەکو سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرایەوە، کە لە ڕۆژی دوشەممەی ڕێکەوتی (9.2.2004)دا لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی ئێراقدا بەرزیکردەوە، بە گەورەیی لەسەر ویلایەتی موسڵ نووسراوە کوردستان. لە هەمان کاتیشدا لە قاموسی ئەعلامی عوسمانیدا کە دەکاتە ئینسکلۆپیدیای عوسمانی یان تورکیدا بۆ نموونە هاتووە: (شاری کەرکوک دەکەوێتە ویلایەتی موسڵ-ی کوردستان).

خۆ بە سەدان مێژوونووس، گەڕیدە، جوگرافیناس، شوێنەوارناس، ڕۆژنامەنووس، نووسەر و سەرکردەی ناوداری جیهانی و بیانی، ڕاستەوخۆ باس لە کوردێتیی و کوردستانێتیی شاری موسڵ و تەواوی ویلایەتی موسڵ دەکەن. ئەو بەشەیان لە (99%)یان تەواوی شاری موسڵ بە هەر دوو کەنارەکەیەوە بە شارێکی کوردی و بەشێک لە کوردستان دەزانن.

لە هەمان کاتدا زۆربەی هەرە زۆری مێژوونووس، جوگرافیناس، شوێنەوارناس، نووسەر، ڕۆژنامەنووس و پۆلەتیکی کوردی و کوردستانی بەشی هەرە زۆریان تەواوی شاری موسڵ و ویلایەتی موسڵ بە نیشتمانی کورد و بەشێک لە خاکی

کوردستان دەزانن، بەڵام هەندێکیان تەنیا کەناری دەستە چەپی شاری موسڵ واتە نەینەوا بە بەشێکی کوردستان و خاکی کورد دادەنێن.

لە ئەنجامدا بۆمان دەردەکەوێت کە لە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکانی وەکو کۆمەڵەی نەتەوەکان، نەتەوە یەکگرتووەکان، پەیماننامەو ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتییەکان، بیرو بۆچوون و تۆژینەوەی مێژوونووس، گەڕیدە، جوگرافیناس، شوێنەوارناس، نووسەر، ڕۆژنامەنووس و سەرکردەی ناوداری جیهانی، عارەبی، بیانی، تورکی و کوردی، ناوی ویلایەتی موسڵ یاخود شاری موسڵ وەکو ویلایەتێکی کوردی و بەشێک لە خاکی کوردستان، یان وەکو شارێکی کوردی و کوردستانی هاتووە. ئەوەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە بە دڵنیاییەوە بڵێین شاری موسڵ و ویلایەتی موسڵ بە تەواوی خاک و نیشتمانی کوردن.

دیسان ئەو ڕاستیەشمان بۆ دەرکەوت کە کوردستانی ئێراق و باکووری ئێراق، ئەو ناوانە ناوی جوگرافی نین، بەڵکو بریتین لە دوو زاراوەی ڕامیاری نوێ کە عارەبە شۆڤینیستەکانو داگیرکەرانی تری کوردستان لە دژی کورد دایان هێناون و، لە بری باشووری کوردستان یان (ویلایەتی موسڵ) کە هەم دوو ناوی جوگرافین کە بۆ خاک و نیشتمانی کورد بەکار هاتوون و، هەم لە زاراوە دەستکردەکانی سەرەوەدا کە دوژمنانی کورد بەکاریان دێنن، کۆنترن.

# ڕاسپاردەکان:

شالاوەکانی داگیرکردن و پرۆسەی بەعارەبکردن و ڕاگواستنەوەی زۆرەملێیانەی کورد لەسەر خاکی ڕەسەنی خۆی کە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)ە، هەر لە دوای سەرهەڵدانی ئیسلامەوە تاوەکو ڕوخانی ڕژێمی سەدام حوسێن لە ڕێکەوتی (9.4.2003)داو، لە داهاتووشدا لەسەر دەستی عارەبی موسڵمان، مەترسییەکی گەورەو کاریگەرییەکی یەکجار نێگەتیڤانەی هەیەو دەبێت بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی کورد و دواڕۆژی باشووری کوردستان، بۆیە لەپێناوی ڕێگەگرتن لەو مەترسییەو پاراستنی کورد و خاکی کوردستان گرنگە کە:

1. پێویستە سەرکردە کوردەکان، پارتە کوردستانییەکان، سیاسەتمەداران، ئەکادیمییەکان، مێژوونووسەکان، جوگرافیناسەکان، ڕۆشنبیرانی کورد و تەواوی کورد، ئەگەر بێتوو تاوەکو ئێستاش ناو شاری موسڵ یان بەشی ڕۆژئاوا واتە کەناری دەستە ڕاستی ڕووباری دیجلە-یان بە بەشێکی عارەبی یان خاکی ئەوان زانیبێت، لەمەودوا ئەو هەڵەیە ڕاستکەنەوەو بست بە بستی تەواوی خاکی پارێزگای موسڵ بە خاکی کورد و سەر بە باشووری کوردستان بزانن، چونکە تەواوی خاکەکە خاکی کورد بووەو سەر بە کوردستان بووە. هەروەها چونکە کوردستان بە داگیرکردن نابێت بەماڵی کەسانی ترو، هەموو نشینگە عارەبییەکان (المستوطنات العربية) لە سەر خاکی کورد بۆ عارەبی داگیرکەر دروستکراون.
2. پێویستە لەسەر کورد و سەرکردایەتی کوردستان، کۆمیسیۆنێکی شارەزا لە پسپۆرانی مێژوو، جوگرافیا، یاسای نێودەوڵەتی، بەڵگەنامەو زمانەوانی بە ناوی (کۆمیسیۆنی هەوڵدان لەپێناوی گەڕاندنەوەی ویلایەتی موسڵ - باشوور کوردستان) یان هەر ناوێکی ترەوە دامەزرێنن و، ئامانجی ئەو کۆمیسیۆنە کارکردن بێت لە پێناوی هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)، لە ڕێگای فشاری نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکێتیی ئەوروپا، وڵاتە بڕیاردەرو زل هێزەکانی جیهان.

3. پێویستە سەرکردایەتی کورد و پارتە کوردستانییەکان لەکاتی گفتوگۆ کردندا لەگەڵ سەرانی عارەبی ئێراقدا، داوای تەواوی خاکی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بکەنەوە، کە تەواوی پارێزگاکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) دەگرێتەوە، لەگەڵ هەر یەک لە شارۆچکەکانی بەدرە، مەندەلی، جەسان و چەند شارۆچکەو ناوچەیەکی تر کە هەموویان سەر بە پارێزگاکانی کوت و عەمارەن.
4. پێویستە تەواوی پارت و ڕێکخراوە کوردستانییەکان، لە بەرنامەکانی خۆیاندا سنووری تەواوی باشووری کوردستان دەستنیشان بکەن کە پارێزگاکانی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی، دیالە و هەر یەک لە بەدرە، زرباتیە و جەسان لە پارێزگای کوت و، عەلی غەربی، عەلی شەرقی، شێخ سەعد و تەیب لە پارێزگای میسان) دەگرێتەوە.
5. پێکهێنانی مەڵبەندێکی زانستی توێژینەوە بۆ کۆکردنەوەو بە دۆکۆمێنت کردنی بەڵگەنامە مێژوویی، جوگرافی و ئیتنۆگرافییەکان سەبارەت بە کوردبوون و کوردستانێتیی تەواوی خاکی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بە شاری موسڵ–یشەوە.
6. پێویستە هەوڵبدرێت باشووری کوردستان یان ویلایەتی موسڵ، شوێنی باکووری ئێراق بگرنەوە، کە ئەم دوو ناوانە ناوی جوگرافین و، باکووری ئێراق–یش زاراوەیەکی ڕامیارییە کە عارەبە شۆڤینیستەکان و داگیرکەرانی تری کوردستان لە ڕێکەوتی (18.7.1926)دا، بە شێوەیەکی فەرمی بڕیاڕی بەکارهێنانیان دەرکرد لە دژی نەتەوەی کورد، دوای قایلبوونی حکومەتی تورکیا بە هێڵی برۆکسل وەکو سنووری نێوان تورکیا و ئێراق – بڕوانە: (پرۆفیسۆر دکتۆر میم کەمال ئۆڤە، کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ 1918–1926، وەرگێڕانی سەلام ناوخۆش، ل7).

# چەمکی ناوی کوردســـــــتان:

چەمکی ناوی کوردستان کە چەمکێکی جوگرافی و نەتەوەییە نەک چەمکی دەوڵەتی بۆ یەکەمجار لە سەدەی دوازدەمینی زایینەوە لە لایەن سوڵتان سەنجەری سەلجوقی (1086–1157)، ناسراو بە (مەلیک شا نەسرەدین) کە لە ماوەی ساڵانی نێوان (511–557ک/1117–1157ز)دا دەسەڵاتی سەلجوقییەکانی بەدەستەوە بووە، ئەم چەمکە بەکارهاتووە. هەروەها گەڕیدەی ئیتاڵیش (مارکۆ پۆلۆ 1254–1323)، یەکەم کەس بووە وشەی (کوردستان)ی لە دوای گەشتەکەی خۆیدا لە ساڵی (1271)دا بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لە نووسیندا بەکارهێناوە. لە دوای ئەویش لە پەرتووکەکانی (جامع التواريخ) لە نووسینی (ڕەشید ئەلدین فەزلوڵڵا هەمەدانی) لە ساڵەکانی (1310–1311ز)و (نزهة القلوب)ی مێژوونووسی ناوداری ئیسلامی (حەمەدوڵڵا مستەوفی قەزوێنی)دا، کە لە ساڵی (740ک/1339ز)دا بە فارسی نووسیویێتی، ناوی کوردستان هاتووە. لە ساڵانی نێوان (1337–1411)ی زایینی فەرمانڕەوایەتی جەلائیریەکان، چەمکی کوردستان بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکارهاتووەو، بەشێوەیەکی فەرمی کوردستان بۆ تەواوی نیشتمانی کورد بەکارهاتووە، هەتا ناوی کوردستان شوێنی هەموو ناوەکانی تری لە تۆمارگاو فەرمانگەکانی دەوڵەتی جەلائیری، سەرچاوە فارسییەکان و ئەوروپییەکان لەگەڵ نامە گۆڕینەوەی نێوان سوڵتان و میرەکاندا گرتۆتەوە – سەرچاوە: (دکتۆر زرار سدیق تۆفیق، كوردستان في القرن الثامن الهجري دراسة في تأريخها السياسي والأقتصادي، ل40). لە سەدەی نۆزدەهەمیشدا لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیە تورکەکان ویلایەتی کوردستان لەسەر بەشێکی خاکی کوردستان دامەزراوە، ئەم ویلایەتە لە نێوان ساڵانی (1847–1868)دا درێژەی هەبووە. ویلایەتی کوردستانی ئەوکات لە شارەکانی: (ئامەد (دیاربەکر)، جەزیرە، موش هەکاری و وان) پێکدەهات – سەرچاوە: (دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای دانیشتوانی کوردستان، ل49). بە هەمان شێوە تورکە عوسمانییەکانیش چەمکی (کوردستان)یان بەکارهێناوە، بۆ نموونە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەداو، ڕێک لە ساڵی (1847)داو لە دوای پەڕەسەندنی دەسەڵاتی میر بەدرخان و هەوڵ و تێکۆشانی ئەو سەرکردەیە بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی ئازاد، عوسمانییەکان هێرشێکی دڕندەو بەرفراوانیان کردە سەر کوردستان لەپێناوی

لەناوبردنی حکومەتەکەی میر بەدرخان (بەدرخان کوڕی عەبدولخالق بەگ 1802–1868)، هەر بۆ ئەو مەبەستەش دەوڵەتی عوسمانی مەدالیایەکی بە ناوی (مەدالیای شەڕی کوردستان) دروستکرد – سەرچاوە: (دکتۆر عەزیز شەمزینی، جولانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان، ل111). دروستکردنی مەدالیایەک بە ناوی (مەدالیای شەڕی کوردستان)، کە لەسەر ڕوویەکی ئەو مەدالیایە نووسرابوو (مەدالیای شەڕی کوردستان) و لەسەر ڕووەکەی تریشی وێنەی قەڵای (ئاروخ/ئیروخ)ی لەسەر کێشرابوو، دانپێدانانێکی ناڕاستەوخۆیە لە لایەن تورکە عوسمانییەکانەوە بە بوونی کوردستان. بگرە تەنانەت مستەفا کەمال ئەتاتورکی فاشی سەرۆکی تورکە ڕەگەزپەرستەکانیش، چەمکی کوردستانی بەکارهێناوە، کە دکتۆر عەزیز شەمزینی لە لاپەڕە (28)ی پەرتووکی (جولانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان)دا، لەسەر زاری کەمال ئەتاتورکی یەکەم سەرۆک کۆماری تورکیا نووسیویێتی، کە دەبێژێ: (ئەگەر هاتوو بارودۆخی جەنگ لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا هاوسەنگ بوو، ئەو لایەی کە دەست بەسەر کوردستاندا دەگرێ سەرکەوتن بۆ خۆی مسۆگەر دەکا).

چەمکی کوردستانی باشوور (باشووری کوردستان)یش نزیکەی (200) ساڵێک دەبێت بەکاردێت، بۆ نموونە ئەو چەمکە (کوردستانی باشوور/ باشووری کوردستان) بۆ یەکەمجار لە ساڵی (1820)دا، واتە نزیکەی دوو سەدە بەر لە ئێستاوە لە لایەن گەڕیدەی بەریتانی (کلۆدیوس جێمس ڕیچ Claudius James Rich)، کە لە نێوان (28.3.1787–5.10.1821)دا ژیاوە، بەکارهاتووە. (کلۆدیوس جێمس ڕیچ، گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان، وەرگێڕانی لە عارەبییەوە محەمەد حەمە باقی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی سێیەم، باشووری کوردستان – هەولێر 2002. ل256 + ل305ی چاپی یەکەمی ساڵی 1992). هەروەها گەڕیدەی ئینگلیزی (ئەی. کلیمێنت/کلمان A. Clement)یش، کە لە مانگی حەوتی ساڵی (1856)دا لە ڕێگای بەغدا وە هاتۆتە باشووری کوردستان و، نزیکەی تەواوی ئەو پارچەیەی کوردستان گەڕاوەو، پەرتووکێکی لەسەر ئەو گەشتەی خۆی بۆ کوردستان نووسیوە لەژێر ناوی: (گەشتێک لە باشووری کوردستان، لە کەرکوک بۆ ڕواندز). هەر لە ناونیشانی پەرتووکەکەی ناوبراودا، دوو شتی گرنگمان بۆ دەردەکەوێت، یەکەمیان ئەوەیە کە چەمکی

باشووری کوردستان لە ناوەڕاستی سەدەی نوزدەهەم و پێشتریشەوە بەکارهاتووە، دووەمیشیان نووسەر شاری کەرکوک–ی بە بەشێک یان شارێکی ناو سنووری باشووری کوردستان ناوبردووە. (سیسیل جۆن ئیدمۆندس، کورد تورک و عارەب، وەرگێڕانی حامید گەوهەری، ل48).

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم، دەبینین ژمارەکی زۆر لە ئەفسەرانی بەریتانی، مێژوونووسان و کۆمەڵەی نەتەوەکان ناوی کوردستان یان کوردستانی باشوور (باشووری کوردستان)یان هێناوە، کە بەشێکیان ئەمانەن: (ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن، بلاد مابين النهرين بين ولاءين خواطر شخصية وتأريخية، ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ، أربعة قرون من تأريخ العراق الحديث + العراق الحديث من سنة 1900 الى سنة 1950، الجزء الاول، دکتۆر وەلید حەمدی، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، سیسیل. جۆن ئەدمۆندس، کورد تورک عارەب، کاپتن دەبلقی. ئارِ. های – W. R. Hay، سنتان في کوردستان، بارۆند ئێدوارد نۆڵد، گەشتێک بە عارەبستان و کوردستان و ئەرمەنستان، مێجەر ئێلی بانیستەر سۆن، رحلة متنكر الى بلاد مابين النهرين و کوردستان).

سێر پێرسی کۆکسی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغدا لە دوای داگیرکردنی ویلایەتی بەغدا لە لایەن ئینگلیزەکانەوە لە ڕێکەوتی (11.3.1917)دا، لە بروسکەیەکی خۆیدا کە لە ڕێکەوتی (14.1.1917)دا ناردوویەتی داوای پتەوکردنی نوێنەرایەتی بەریتانی دەکات نەک تەنیا لە باشووری کوردستان، بەڵکو لە هەر یەک لە کرماشان، وڵاتی کەلهوڕ، لورستان، بەختەران و هەمەدان، هەروەها رادەسپێرێ کە ئەفسەرانی ڕامیاری بەریتانی بنێردرێنە ئەوێ بە زووترین کات – سروە ئەسعەد سابیر، کوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل 1914–1926، ص56).

لە نامەیەکدا کە بۆ کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە ئێراق (سێر پێرسی زەکەریا کۆکس) نێردراوە، نووسراوە: (شەرەفمەندم بەوەی پێتان ڕابگەیەنم کە نامەی (سی. ئۆ. 396) لە ڕۆژی (20)ی حوزەیرانم وەرگرت، کە تیایدا دانەی ئینگلیزی لە یاسای هەڵبژاردنتان بۆ ناردبووین، کە شا فەیسەڵ لە مانگی ئازاری (1922)دا بڕیاری لە سەر داوە. سیاسەتی حکومەتی خاوەنشکۆم سەبارەت بە کوردستانی باشوور

بەخۆم لە بەردەم ئەنجومەنی گشتی بەریتانی لە ڕۆژی (11.7.1922)دا وەک لای خوارەوە ڕوونکردوونەتەوە بەمشێوەیە:

(ئەوەندەی پێوەندی بە کوردستانی باشوورەوە هەیە، ئێمە نیازێکمان نییە لەوەی خۆمان تووشی دەستتێوەردان لەوێ بکەین. ئێمە هەموو هەوڵێک دەدەین لەپێناوی کوردستانی باشووردا، بەڵام خۆمان بە هیچ پەیوەستێک نابەستینەوە. زانیاری ئاشکرام دەرکردووە بۆ ئەوەی بە هیچ شێوەیەک تێنەکەوین. ئێمە حەزناکەین کە بەزۆر داوا لە گەلی باشووری کوردستان بکەین کە لە هەڵبژاردنەکەی حکومەتی فەیسەڵدا بەشداربن، چونکە ئەوان (گەلی کوردستانی باشوور) ئازادن لە بەشداری کردن، یان بەشداری نەکردندا لەو هەڵبژاردنەدا کە لەوێ ئەنجام دەدرێ. ئێمە بە پەرۆشین بۆ جێبەجێکردنی ئارەزووەکانیان، بۆ ئەوەی حکومەتێکی ناوخۆیی بۆخۆیان پێکبێنن. لەو باوەڕەشداین کە بەرژەوەندییەکانی کوردستانی باشوور بە تەواوی بەستراوەتەوە بە بەرژەوەندییەکانی ئێراقەوە - دکتۆر وەلید حەمدی، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، ل129-130).

گۆدفری ڕۆلیس درایڤەر، مامۆستای مێژوو یەکێک بووە لە کارگێڕە بەریتانییەکان کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کاری دیپلۆماتی کردووە، هەروەها مامۆستا لە زانکۆی ئۆکسفۆردی بەریتانی و خاوەنی چەندان توێژینەوەی گرنگ و بەنرخە لەسەر کورد، بۆ نموونە: (کورد و کوردستان 1919، ئایینی کوردان، لێکۆڵینەوەی دیرۆکی کوردان، هەروەها "بڵاوبوونەوەی کورد و ناوی کورد و داڕشتنە زمانییەکانی"). درایڤەر، یەکێکە لەو کەسانەی کە وشەی کوردستانی باشووری لە ساڵی (1920)دا بەکارهێناوە.

Driver, G. R., Kurds and Kurdistan printed by the G. S. I. printing section, Mont Carmel. Palestine. 1919.

سەرەڕای ئەمانەش، ناوی کوردستانی باشوور یاخود باشووری کوردستان لە بەشێکی زۆر لە دۆکۆمێنتەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان، پەیماننامەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و سەرچاوە بەریتانییەکان هاتووە. بۆ نموونە لە بڕوسکەکانی نێوان وەزارەتی هیندو وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا کۆمیسیارەکانیان لە باشووری کوردستان و ئێراقدا، زۆرجار کوردستانی باشووریان بەکارهێناوە.

بۆ نموونە بڕوسکەی وەزارەتی هیند (سێر ئێدوین سامویێل مۆنتاگیۆی وەزیری هیند) بۆ نوێنەری باڵای بەریتانی لە بەغدا (سێر ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن) کە لە ڕێکەوتی (22.8.1919)دا ناردوویەتی، ناوی کوردستانی باشووری هێناوە. هەروەها نامەی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغدا (سێر هێنری ڕۆبەرت کۆنوای دوبس)، کە لە ڕێکەوتی (4.11.1925)دا بۆ شێخ مەحمودی نەمری ناردووە، سێر هێنری دوبز کوردستانی باشووری بەکارهێناوە. (ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، سایکس – پیکۆو ترازاندنی جەمسەری کێشەی کوردی باشوور، ل42+ل81).

سێر ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆنی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغدا، پەرتووکێکی بە ناوی (میزۆپۆتامیا لە نێوان 1917–1920)دا کە بە زمانی ئینگلیزی نووسیویێتی و لە لاپەڕە (9)دا بەمشێوەیە ناوی باشووری کوردستانی هێناوە: (ئەگەر بێتوو سەرکردەی هێزەکانی بەریتانی مارشاڵ سوپاکەی لە دوز بهێشتایەوە، یان ئەگەر سوپاکە لە کەرکوک بایە، لە دوو ساڵی ئاییندەدا هەلومەرجەکان لە کوردستانی باشوور بەشێوەیەکی تر دەبوون)، هەروەها لە لاپەڕە (145)یشدا نووسیویێتی: لە باشووری کوردستان ئارامی جێگیرە، بەهێزی چەک توانرا شێخ مەحمود لەناو ببرێ، هەروەها ئارامی شاری کۆیەشی گرتۆتەوە – Arnold Talbot Wilson, Mesopotamia 1917-1920).

دیسان ئارنۆڵد ویلسۆن، لە سەرچاوەی ناوبراو لە سەرەوەدا نووسیویێتی: (کوردەکانی خواروی کوردستان بۆیان دەرکەوتبوو کە حکومەتی بەریتانیا دەیەوێ کوردستان بخاتە سەر ئێراق، بۆیە کوردەکان چاویان پەڕییە پشتی سەریان‌و دەستیانکرد بە نانەوەی ئاژاوەو پشێوی – محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، ل184).

لە وەڵامی بەڵگەنامەی ژمارە (F.O.371-5068)ی ڕۆژی (25.3.1920)ی کە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی بۆ ئارنۆڵد ویلسۆنی نوێنەری باڵای بەریتانی لە بەغدا ناردوویەتی، نوێنەری باڵای بەریتانیش ئارنۆڵد ویلسۆن لە وەڵامدا بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی نووسیویێتی: (بیرکردنەوەی میری خاوەنشکۆ دەربارەی فراوانکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ خوارووی کوردستان دەبێتە هۆی کێشەیەکی زۆر لە ناوچەکانی تری میسۆپۆتامیادا (کە نیازی لە شیعەکان بووە) – محەمەد ڕەسوڵ

هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، ل27).

ئەفسەری پایەبەرزی ئینگلیزی سیسیل جۆن ئێدمۆندس، لە لاپەڕە (91)ی پەرتووکی (کورد تورک و عارەب، سیاسەت، گەشت و توێژینەوە لەسەر باکووری خۆرهەڵاتی ئێراق 1919–1925)دا نووسیویێتی: (لە باشووری کوردستان، بە مریدی تەریقەی قادری دەڵێن دەرویش و مریدی تەریقەی نەقشبەندی بە سۆفی دەناسن). هەروەها ئێدمۆندس لە لاپەڕەکانی (95، 97، 105، 108)دا ناوی باشووری کوردستانی هێناوە).

هەر سێر ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆنی نوێنەری باڵای بەریتانی لە ئێراق، لە لاپەڕە (42)ی بەشی سێیەمی پەرتووکی (بلاد مابين النهرين بين ولاءين خواطر شخصية وتأريخية)دا، نووسیویێتی: (پێوەندیی کورد لەگەڵ ئێراقدا لە هەندێک لایەنەوە لە پێوەندی سەدەی حەڤدەی نێوان وێڵزی و ئینگلیزەکان دەچێت. بۆ نموونە تایبەت بەوە ئاماژە بکەین بە یاسای یەکگرتن (1662. 13–14 چارلزی دووەم) کە دەقەکەی ئەوەبوو کە ئەتوانرێ پەرتووکی نوێژکردنی گشتی بەڕێکی بکرێ بە هەر دوو زمانی ئینگلیزی و وێڵزی. ئەگەر حکومەتی عارەب لە ئێراقدا ئەوە بخاتە ئەستۆی خۆی و بتوانن ئارەزووی کوردەکان و ئاشوورییەکان بهێننەدی بەوەی کە زمانی خۆیان بەکاربێنن و کاروباری ناوچەکەی خۆیان لە لایەن فەرمانبەرانی خۆیانەوە ببرێت بەڕێوە بە گوێرەی ڕەوشت و دابونەریتی خۆیان، ئەوکاتە ئەتوانرێ هیواو ئومێدی یەکێتییەکی تەواو لە نێوانی خوارووی کوردستان و ئێراقدا پێکبهێنرێت).

مێجەر ئێلە بانیستەر سۆن، ڕاوێژکاری سیاسی شێخ مەحمود، لە ساڵی (1919)دا پەرتووکێکی نووسیوە، کە نەجاتی عەبدوڵڵا بۆ کوردی وەریگێڕاوە، هەر لە ناونیشانی پەرتووکەکەدا (چەند سەرنجێک دەربارەی هۆزەکانی کوردستانی خواروو)دا ناوی باشووری کوردستانی بەکارهێناوە.

لە ڕەشنووسێکی ناو ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا، کە بریتییە لە ڕێکەوتنێکی نێوان دەوڵەتی بەریتانیا و ئێراقدا کە لە هەشت خاڵ پێکهاتووەو، لەنێو ڕێککەوتننامەکەدا شەش جار ناوی کوردستان و حەوت جاریش ناوی کوردسانی خواروو (باشووری کوردستان) هاتووە. بۆ نموونە لە خاڵی دووەمدا هاتووە: (ئاڵای

ئێراق نابێ لە ناوچەی خواروی کوردستان هەڵبکرێ، هەروەها هی بەریتانیاش بێجگە لەو جێگایانە نەبێ کە بنکەی ئەفسەری ڕامیارییەکانی ئێمەی تیادایە). هەروەها لە خاڵی هەشتەمدا هاتووە: (هەتا ئەوکاتەی ئەنجومەنی نوێنەران لە کوردستانی خوارووی هەڵدەبژێررێت و (والی) دائەنرێ، ئەرک و پێویستیی سەرشانی ئەنجومەنی ناو کوردستان دەسەڵاتی لە ڕووی داراییەوە لە لایەن نوێنەری باڵای بەریتانییەوە دەستنیشان ئەکرێ – محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، ل99–100).

لە بەڵگەنامەیەکی بەریتانیدا بە ژمارە (16– C.O 730)ی ڕۆژی (26.11.1921)، کە ڕاپۆرتێکی بە ڕێکەوتی (19.11.1921)دا تدایە کە دەڵێت: (چۆن ئینگلیزەکان لەکاتی خۆیدا لە میسر توانییان کێشەیەکی وەکو ئەوەی ئێستای کوردستان چارە بکەن کە لە ساڵی (1882)دا ڕوویدا، پێویستە ئیمڕۆش هەڵوێستی ئیمڕۆی کوردستان و ئێراق وەکو ئەوەی ئەوسای میسرو سودان سەیر بکرێ. لێرەدا لە یەکچوونێکی تەواو هەیە لە نێوان هەر دوو لاداو پێویستە فەیسەڵ وا لێبکرێ بۆ خوارووی کوردستانیش چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە هەروەکو ئەوەی لە ساڵی (1889)دا بۆ سودان دۆزرایەوە – محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، ل113–114).

لە بەڵگەنامەیەکی بەریتانیدا بە ژمارە (23– C.O 730)ی ڕۆژی (6.7.1921)دا، کە بریتییە لە نامەیەکی سێر پێرسی زەکەریا کۆکسی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغدا کە بۆ بەرپرسانی سەرووی خۆی ناردووە بۆ لەندەن، نووسیویێتی: (داوای سەربەخۆیی بۆ کورد لە خوارووی کوردستاندا لە پەرەسەندندایە کە بێگومان سەرکەوتنەکانی سمکۆ لە ئێراندا ئەو هەستەی زۆرتر بەتین کردوەو بۆ ئەو مەبەستە داوای بوونی سەرکردەیەکی کورد دەکەن‌و بە هیچ جۆرێکیش نایانەوێ بخرێنە سەر ئێراق – محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، ل235).

سێر وینستۆن لیۆنارد سپێنسەر چەرچڵ، وەزیری کۆلۆنیالی بەریتانی، لە ڕێکەوتی (11.7.1922)دا، لە ئەنجومەنی گشتی بەریتانیادا سەبارەت بە باشووری کوردستان گوتوویەتی: (بەریتانیا نایەوێ دەست بخاتە کاروباری کوردستان یا

ڕووبەڕووی کورد ببێتەوە لە خوارووی کوردستاندا یاخود هیچ جموجۆل و بزووتنەوەیەکی سوپایی بکا وە بۆ ئەو مەبەستە فەرمانی ئاشکرام داوە هیچ شتێک لەو ڕووەوە نەکرێ چونکە نامانەوێ بەزۆرەملێ دانیشتوانی کورد ناچار بکەین بچنە ژێر دەسەڵاتی فەیسەڵەوە یا زۆریان لێ بکەین بەشداریی هەڵبژاردن بکەن و بەریتانیا لە داخوازییەکانی کورد دەکۆڵێتەوە دەربارەی حوکمی ناوخۆیی کە بەلای منەوە بەرژەوەندیی کورد لەگەڵ ئێراقییەکانا یەک دەگرێتەوەو ئومێد زۆرە هەردوو لا یەک بگرن - محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، ل118).

سێر وینستۆن لیۆنارد سپێنسەر چەرچڵ، لە ڕێکەوتی (22.7.1922)دا، نامەیەکی بۆ (سێر پێرسی کۆکس)ی نوێنەری باڵای بەریتانی لە ئێراقدا ناردووە، کە تیایدا هاتووە: (ئەوەندەی پێوەندی بە کوردستانی باشوورەوە هەیە، ئێمە هیچ نیازمان نییە لەوەی خۆمان تووشی لە دەست تێوەردان و تێهەڵقورتاندنێکدا لەوێدا هەبێ.. ئێمە هەموو هەوڵێک دەدەین لەپێناوی کوردستانی باشووردا، بەڵام خۆمان بە هیچ وابەستێک نابەستینەوە – دکتۆر وەلید حەمدی، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، ل129).

مێجەر نۆئیلی ڕاوێژکاری ڕامیاری شێخ مەحمود، لە ڕێکەوتی (10.10.1922)دا نامەیەکی بۆ (بۆرد دیلیۆن)ی سکرتێری کۆمیسیاری باڵای بەریتانی (سێر پێرسی کۆکس)ی نووسیوە، کە لە نامەکەدا هاتووە: (وای بۆ دەچم بڕیاری ئەوە درابێ کە کورد، پێی خۆش یا ناخۆش بێ، دەبێ بە هەموو جۆرێ خوارووی کوردستان بخرێتە سەر ئێراق و لەژێر دەسەڵاتی ئێراقدا بێ. جارێکی تریش دووبارەی دەکەمەوە کە کورد نابێ بخرێتە ناو ئێراق. ئەگەر کەرکوک بکرێ بە ناوچەی هەڵبژاردن بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی دامەزرێن، مانای وایە بە کوردەکان بوترێ بە ئاشکرا بڕیاردراوە کەرکوک بخرێتە سەر ئێراق – محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، 484-483).

لە لایەن تورکەکانیشەوە باشووری کوردستان بەکارهاتووە، بۆ نموونە دوای بە یەکگەیشتنی نوێنەرانی شێخ مەحمود و عەلی شەفیق بەگ (ئۆزدەمیر)ی سەر بە مستەفا کەمال ئەتاتورک لە مانگی ئابی ساڵی (1923)دا، هەردوو لا گەیشتنە

ڕێکەوتنێکی دە خاڵی، کە تیایدا کەمالییەکان دانیان بە سەربەخۆیی باشووری کوردستان دانابوو، نۆ جار وشەی کوردستانی باشوور و دوو جاریش وشەی کوردستانیان لەو ڕێکەتننامەیەدا بەکارهێناوە - بڕوانە: کەمال نوری مەعروف، یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید لەسەر شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی حەفید، ل134–135 + لازاریڤ، المسألة الکوردیة 1923–1945، ترجمة د. عبدي حاجي، ل65). هەروەها لازاریڤ خۆیشی لە لاپەڕە (117)ی پەرتووکی ناوبراودا باشووری کوردستانی بەکارهێناوە.

نووسەر و ئەفسەری کارگێڕی بەریتانی ستیڤن هێمیسلی لۆنگریگ، لە لاپەڕە (320)ی پەرتووکی (العراق الحديث من سنة 1900 الى سنة 1950 تأريخ سياسة إجتماعي وإقتصادي، الجزء الاول، ترجمة وتعليق سەلیم تەها ئەلتکریتی)دا، نووسیوێتی: (لە مانگی یولی ساڵی (1930)دا دە کەس لە پیاوماقوڵانی سلێمانی سکاڵانامەیەکیان دا بە ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە (جنێڤ) و، داوایان لە کۆمەڵەی نەتەوەکان کرد کە سەرپەرشتیی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بکات. بەڵام کۆمیسیۆنی هەمیشەیی ماندات وەڵامی ئەو داخوازییانەی دابووەو پێی وتبوون کە کۆمەڵەی نەتەوەکان بە هیچ شێوەیەک ئاماژەی بە دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی نەکردووە، بەڵکو تەنیا پێشنیازی کردبوو کە ڕەفتارێکی باش لەگەڵ کوردی (خوارووی کوردستاندا) بکرێ، هەروەها کۆمیسیۆن داوای لە دەوڵەتی ماندێت کردبوو کە جێبەجێکردنی ئەو ڕەفتارە تایبەتییە مسۆگەر بکات و بە تەواوی جێبەجێیان بکات بەرلەوەی کات تێپەڕێت – (ئەوەی شایەنی باسە وەرگێڕی عارەبی سەلیم تەها تکریتی، دەستەواژەی (باشووری کوردستان)ی لاداوە، کە لە زۆر سەرچاوەی تردا بەرچاوم کەوتووە وەرگێڕی ناوبراو لە کاری وەرگێڕاندا ڕاستگۆ نەبووە لە زۆر شوێندا ناوی کورد و کوردستانی گۆڕیوە یان لایداون. کەچی مێژوونووسی بەناوبانگی کورد محەمەد ڕەسوڵ هاوار، لە لاپەڕە (659)ی بەرگی دووەمی پەرتووکی (شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان)دا، ناوی خوارووی کوردستانی هێناوە).

بە گوێرەی ئەو نووسینەی ستیڤن لۆنگریک بۆمان دەردەکەوێت کە (کۆمەڵەی نەتەوەکان)یش، هەردوو چەمکی کوردستان و خوارووی کوردستان (باشووری

کوردستان)ی بەکارهێناوە، کە ئەمەش بێگومان نرخ و بایەخی تایبەتی زۆری خۆی هەیە.

بۆیە لەسەر سەرکردایەتی کورد و تێکڕای کورد پێویستە تەواوی پارێزگای موسڵ بە خاکی کورد و بە بەشێکی کوردستان بزانن، کە هەر لە کۆنەوە سەر بە کوردستانی باشوور (باشووری کوردستان) بووە.

دوژمنانمان پێیان خۆشبێت یان ناخۆش، پێویستە بێ سڵکردنەوە لە دوژمنان لە هەموو کات و شوێنێکدا ناوی کورد و کوردستان ببەین، قایل نەبین بە کوردستان و باشووری کوردستان بڵێن باکووری ئێراق، چونکە کوردستان وەکو خاک بوونی هەیە، ئەی ئەوە نییە نەتەوەکی چل تا پەنجا ملیۆن کەسی کە پێیان دەڵێن کورد، هەموویان بە زمانێک قسەدەکەن و لەسەر خاکێک دەژین کە بە کوردستان ناودەبرێت! ئەی ئەوە نییە بە سەدان و بگرە هەزاران مێژوونووس، جوگرافیناس، گەڕیدە، ئارکۆلۆجی، ڕۆژهەڵاتناس و پۆلەتیک ناوی کورد و کوردستانیان بردووەو سنووری کوردستان و نیشتمانی کوردیان دیاریکردووە! ئەی ئەوە نییە هەر لە کۆنەوەو لە سەرەتای سەدەی دوازدەهەمەوە چەمکی کوردستان بەکارهاتووەو، چەمکی لێکدراوی باشووری کوردستانیش هەر لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە بەکارهاتووە! کەواتە کوردستان و باشووری کوردستان هەر هەبووینەو دەبێت هەر بە زیندوویی و بەرزی بمێننەوە، بۆ بەرزڕاگرتن و بەزیندوو مانەوەی هەر دووکیان پێویستە کورد و سەرکردایەتیەکەی هەوڵی بۆ بدەن و بە زۆریش بیانسەپێنن! وە ڕێگەش بە دوژمنانمان نەدەن کە لەبری کوردستان، باشووری کوردستان، باکووری کوردستان، ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان، ناوی داتاشراوی شۆڤێنییانەی خۆیان بسەپێنن کە ببنە هۆی لەبیربردنەوەو سڕینەوەی ئەو چەمکانەی سەرەوە کە تایبەتن بە کورد و کوردستان!

وەکو وەڵامێک بۆ ڕەگەزپەرستانی عارەب، تورک و فارس کە دەڵێن گوایە کورد بە درێژایی مێژوو هیچ دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆی نەبووە، ئاماژە بە چەندان میرنشین و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوو دەدەم:

لە پێش سێ هەزار ساڵ بەر لە زایین، دەوڵەتی کوردی لە مێژووی کۆندا دروست بووە کە بە ناوی وڵاتی (گۆتیام)ەوە ناسرابوو. گۆتیام لە زمانی ئاشووریدا بە مانای (زەوی جەنگاوەران) دێت – بڕوانە: فوئاد حەمە خورشید، کورد کورتە لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە، ل46.

هۆزە بنچینەییەکانی کورد، هۆزەکانی ڕۆژئاوا: (لۆلۆ، گوتی، کاسی (کاسۆ)، هۆری، شۆباری/سۆرباو/سۆباری) سەرچاوە: (مەردۆخی، ل56+107). هۆزە کوردەکانی ئاسیای ناوەڕاست (ماد (پارتاسنی، بوزیابوس، ئاسترۆشات، ئاریزانت، بودی، ماژ/ماگ/ماخ/ماگوش)، نایری، کاردۆخی/کاردۆشی) سەرچاوە: (محەمەد مەردۆخی، ل107+119–120).

دەوڵەتی (گوتی، کاسی، کیانی، ماد) سەرچاوە: (محەمەد مەردۆخی، ل77).

حکومەتی ئۆرارتۆ، حکومەتی لۆلۆ (لە سەدەی 28ی پێش زایین – 828ی پ. ز) کە لە ناوچەی سلێمانی و قەرەداغ فەرمانڕەوایەتی کردووە، حکومەتی گۆتی (2600) ساڵ پێش زایین فەرمانڕەوایەتی کردووە، حکومەتی کاسای (کاشینی) لە دەوروبەری ساڵی (2225)ی پێش زایین فەرمانڕەوایەتی کردووە، حکومەتی میتانی کە لە ساڵی (1450)دا فەرمانڕەوایەتی کوردستانی کردووە، حکومەتی میسری کە لە ساڵی (923)دا فەرمانڕەوایەتی کردووە، حکومەتی کیانی کە لە ساڵی (546)دا فەرمانڕەوایەتی کردووە، حکومەتی ساسانی کە لە ساڵی (241)دا فەرمانڕەوایەتی کردووە، حکومەتی سوباری، حکومەتی نایری، حکومەتی میدیا پەیتەختەکەی هەمەدان بوو لە نێوان ساڵانی (853–550)ی پێش زاییندا فەرمانڕەوایەتی کوردی کردووە، دەوڵەتی شەدادی (قەرەباخ و دۆڵی ئاراس) لە باکوری ئازربێجان و باشووری خۆرئاوای قەفقاس پایتەختەکەی شاری (ئەران) بووە، لە ماوەی نێوان ساڵانی (951–1175).

دەوڵەتی بەرزیکانی-حەسنەوی)، لە نێوان هەمەدان، خوڕەم ئاباد، سەرمازو شەهرەزور، لە ماوەی نێوان ساڵانی (959–1095).
دەوڵەتی حەمیدی بە سەرۆکایەتی (باز ئەبو شوجاع)، لە ناوەڕاستی کوردستان دامەزراوە، لە ماوەی نێوان ساڵانی (980–1090).
دەوڵەتی (بەنی عەنناز – بەنی عەیار) لە حەلوان، لە ماوەی نێوان ساڵانی (990–1060).
دەوڵەتی ڕەوادی لە ئازربایجان (تەوریز)، لە ماوەی نێوان ساڵانی (1029–1035).
دەوڵەتی شوانکارە، لە هەرێمی فارس، لە ماوەی نێوان ساڵانی (1035–1355).
دەوڵەتی ئەتابەگی لوڕی گەورە (دەوڵەتی فەزڵەوی) لە نێوان ساڵانی (543–800ک)، دەوڵەتی ئەردەڵان لە حەسنەوی لە هەمەدان (617–1284)، دەوڵەتی ئەیوبییەکان، دەوڵەتی براخۆیی (بلوچستان) لە نێوان ساڵانی (1172–1300)، دەوڵەتی دۆستەکی مەڕوانی (ئامەد + جەزیرە) لە نێوان ساڵانی (324–476ک)، دەوڵەتی دەیسەم و بەنی موسافیر لە ئازەربایجان (326–654ک). دەوڵەتی زەندی لە موکریان و سنە (1167–1300ک)، دەوڵەتی زەنگی (موسڵ)، دەوڵەتی سالاری لە ئازربایجان (300–420ک)، دەوڵەتی لوڕی بچوک (خوڕشیدی) لە نێوان ساڵانی (570–1250)، دەوڵەتی مەلەکییەی کورد (1245–1383ز) – سەرچاوە: (دکتۆر عەزیز شەمزینی، جوڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان، ل44 + فوئاد حەمە خورشید، کورد کورتە لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە، ل65 + میرزا محەمەدئەمین مەنگوڕی، بەسەرهاتی سیاسی کورد لە 1914وە هەتا 1958، بەشی یەکەم، ل4–6).

ژمارەیەک لە میرنشینە سەربەخۆکانی کوردستان، ئەمانەن: (میرنشینی ئاتاق، میرنشینی ئاردیال، میرنشینی ئاکرێ، میرنشینی ئالشگرد، میرنشینی ئامێدی، میرنشینی ئەگیل، میرنشینی ئەردەلان، میرنشینی ئستونی، میرنشینی ئیردکان، میرنشینی ئیروان، میرنشینی بابان لە قەڵاچوالان، میرنشینی باجەڵان، میرنشینی بادینان، میرنشینی بانە، میرنشینی بایەزید، میرنشینی بەتلیس، میرنشینی برادۆست، میرنشینی بۆتان لە جەزیرە، میرنشینی بن عنانی (حەلوان) لە نێوان ساڵانی (380–510ک)، میرنشینی پازۆکی، میرنشینی پاڵو، میرنشینی پرتک، میرنشینی پڵنگان، میرنشینی بنیامیش (بنیانیس)، میرنشینی پیرەدوزی، میرنشینی تەرجیل، میرنشینی

تیرکور، میرنشینی جەزیرە، میرنشینی جۆلانی، میرنشینی چکنی، میرنشینی چیا چقور، میرنشینی چاری سول، میرنشینی چەرموک (چیرمیک)، میرنشینی چەمشگەزەک (چمشکزگ)، میرنشینی خاک، میرنشینی خاپور، میرنشینی خۆراسان، میرنشینی خێزان، میرنشینی حازو (حەزو)، میرنشینی داسنی، میرنشینی داودود، میرنشینی دڕتەنگ، میرنشینی دمدەم، میرنشینی دونبلی، میرنشینی دنیقەر، میرنشینی دیاربەکر، میرنشینی دینەوەر، میرنشینی رەوادی لە ئازربێجان (230-618ک)، میرنشینی زەنگەنە، میرنشینی زریکی، میرنشینی ساسۆر، میرنشینی ساهران، میرنشینی سلیڤان، میرنشینی سولەیمانی، میرنشینی سۆران لە ڕواندز، میرنشینی سۆمانی، میرنشینی سیامەنسوری، میرنشینی سەیدی، میرنشینی سمغان، میرنشینی سویدی، میرنشینی شارەزوور، میرنشینی شەمدینان، میرنشینی شوانکارە، میرنشینی شێروانی، میرنشینی فێنک، میرنشینی کارزان، میرنشینی کالایی، میرنشینی کەڵهوڕ، میرنشینی کلێس، میرنشینی کورگیل، میرنشینی گەنج، میرنشینی گلی، میرنشینی گوڵباخی، میرنشینی گیزک، میرنشینی قتور، میرنشینی قوڵپ، میرنشینی لوڕ، میرنشینی ماهیدەشت، میرنشینی مەحمودی، میرنشینی موکریان، میرنشینی میردەسی (میرداسی)، میرنشینی هەکاری، میرنشینی هەق، میرنشینی هیران – سەرچاوە: (دکتۆر عەزیز شەمزینی، جوڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان، ل43-44 + فوئاد حەمە خورشید، کورد کورتە لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە، ل65-66 + کامیل ژیر، کوردایەتیو سەربەخۆیی، ل35 + دکتۆر بلەچ شێرکۆ (جەلادەت بەدرخان)، کێشەی کورد مێژینەو ئێستای کورد، ل118-119 + محەمەد جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی، مدن کوردیة قدیمة تأریخها، جغرافیتها، رجالها، علماؤها، أدبائها،ص77 + دکتۆر جەواد مەلا، کوردستان والکورد وطن مقسم وأمة بلا دولة، ص40-43).

# خوێندنەوەی دادوەر قاسم محەمەد مستەفا بۆ پەرتووكی مێژووی كوردستانێتیی شاری موسڵ

ئەو خوێندنەوەیەی كە دادوەر (قاسم محەمەد مستەفا) بۆ پەرتووكی مێژووی كوردستانێتیی شاری موسڵ كردوویەتی، لە لاپەڕە (5)ی ژمارە (649)ی ڕۆژنامەی (كوردستان ڕاپۆرت)، ڕۆژی هەینی، ڕێكەوتی (26.6.2009)دا بڵاوكراوەتەوە، دیارە دادوەر قاسم محەمەد كۆپی ئەو لاپەڕەیەی دابووە دەست برای گەورەو بەڕێزم كاك جەمال مەولود ئەحمەدی بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی تەندروستی بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە دەستم. ئەوەبوو دوای گەڕانەوەم بۆ كوردستان لە ڕێكەوتی (2.9.2009)دا كۆپییەكەم لە كاك جەمال وەرگرت، نزیكەی دە ڕۆژێك دواتر دادوەر قاسم محەمەد خۆی هاتە سەردانم و هەندێك گفتوگۆمان لەسەر پەرتووكەكە و لەسەر خوێندنەوەكەی ناوبراو بۆ پەرتووكەكەم كردو، پێم گوت: (كاك قاسم هێشتاكە هەڵسەنگاندنەكەی بەڕێزتانم نەخوێندۆتەوە، بەڵام بە دڵنیاییی بۆ چاپی دووەم دەیخەمە دواوەی پەرتووكەكەم). وەلێ بەداخەوە دوای نزیكەی پازدە ڕۆژێك لە ڕۆژی یەكشەممە ڕێكەوتی (27.9.2009)دا هەواڵی كۆچی ناوەختی كاك قاسم لەناو شار بڵاوبووەوە. وەكو بەجێگەیاندنی ئەو گفتەی كە بە كاك قاسم محەمەدم دابوو، وا لە خوارەوەدا دەقی خوێندنەوەكەی ئەو وەكو خۆی بڵاودەكەمەوە:

## مێژووی كوردستانێتیی شاری موسڵ

دادوەر: قاسم محەمەد مستەفا

خوێندنەوەیەك بۆ پەرتووكی (مێژووی كوردستانێتیی شاری موسڵ)

لە هەردوو بەرگی پەرتووكی (مێژووی كوردستانێتیی شاری موسڵ لە چەندین بەڵگەنامەی جیاجیادا) كە خۆی لە (830) لاپەڕەدا گرتووە، كۆمەڵێك ڕاستی دەرخستووە، لە سایەی ئەم پەرتوكەوە پەرتوكخانەی كوردی پەیوەست بە كوردستانێتیی ئەم هەرێمە كە موسڵ بەشێكە لێی دەوڵەمەند بووە، نووسەر (دەرسیم دیبەگەیی) بە بەڵگەنامەی (مێژوویی – جوگرافی – ڕاوبۆچوونی پسپۆر–

مێژووناسان – دیپلۆماتکاران – سیاسەتمەدار) بەڵگەنامە (کوردی – بیانی – عوسمانی – تورکی – عارەبی – ئیسلامی – ئێراقی) پەیماننامە نێودەوڵەتی و کۆمەڵی نەتەوەکانەوە هەوڵی سەلماندنی راو بۆچوونی دروستی کوردستانێتیی موسڵی دراوە، وەک نووسەر دەڵێت: ویلایەتی موسڵ و شاری موسڵ تا لکاندنی بە دەوڵەتی ئێراقی عارەبیەوە لە ڕێکەوتی (16.12.1925) هیچ پەیوەندییەکی بە عارەب و ئێراقەوە نەبووە، ئەو کاتە ئێراق بریتی بوو لە ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرە وەک بەڵگەیەک بۆ ئەم ڕاستییە نووسەر یەک لە ئاماژەکانی بە دژ وەستانەوەی دانیشتوانانی شارەکانی سلێمانی و کەرکوکە کە هەر دەنگیان نەدا، لە هەمانکاتدا دەنگدانی دانیشتوانانی هەولێر و موسڵ (نەینەوا و دهۆک) مەرجدار بووە بە دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی لەم ویلایەتە، لێرەدا نووسەر ئەم لکاندنە بە نایاسایی و نا ئارەزوومەندانە دەزانێت، لە لایەکی دیکەوە ئەو مەرجانەی بۆ ئەم لکاندنی دانراوە هیچی جێبەجێ نەکراوە، کەواتە لکاندنی یاسایی نییە.

نووسەر نموونەی بەندەکانی (62، 63، 64) ی پەیماننامەی سیڤەرە دێنێتەوە یاد کە دەبوایە کۆمەڵەی نەتەوەکان سەرپەرشتی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە باکووری کوردستان، دواتریش ئەگەر کوردانی ویلایەتی موسڵ ئارەزوویان کرد بچنە پاڵ ئەم دەوڵەتە کوردییە.

نووسەر ئاماژە بۆ خاڵی سێیەمی بڕیاری کۆمەڵەی نەتەوەکان دەکات کە دەبوایە ئێراق زمانی کوردی بکات بە زمانی فەرمی لە تەواوی دامودەزگەکانی ویلایەتی موسڵ، ئینجا هاتووە ئاماژە بۆ خاڵی چوارەم دەکات و دەڵێت: دەبوایە بەریتانیای مەزن ماف و بەڕێوەبەرایەتی دانیشتوانی کوردی ویلایەتی موسڵی بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان بەرز بکاتەوە، نووسەری ئەم پەرتووکە (دەرسیم دیبەگەیی) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کۆمەڵەی نەتەوەکان لە (28.1.1932)دا دوو مەرجی دانا بە وەرگرتنی و مسۆگەرکردنی مافەکانی مرۆڤ و دامەزراندنی بەڕێوەبەرێتییەکی کوردی لە تەواوی ویلایەتی موسڵ، ئازادی لە هەڵبژاردنی ئایینی و مسۆگەرکردنی تەواوی مافی کەمە نەتەوەکان، ئەوەبوو دەوڵەتی ئێراق ڕاپۆرتێکی لە ڕۆژی (19.5.1932) بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان بەرز کردەوە کە لە سایەیدا دانی بە مافی نەتەوەیی کورد ئاشکرا کردبوو، بەڵام نە ئێراق ئەو مافانەی سەلماند و نە کۆمەڵەی گەلان لەم مافانەی پێچایەوە، دوای دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان لە

(24.10.1946) کۆمەڵەی نەتەوەکان لە (18.4.1946) خۆی هەڵوەشاندەوە، بڕیاری گواستنەوەی هەموو پەیماننامە و بڕیارەکانی خۆیدا بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵام وەک نووسەر دەڵێت: نە ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی دا و نە دادگەی دادپەروەری نێودەوڵەتی ڕێگەی پێویستی گرتەبەر.

نووسەر لە درێژەی باسی موسڵ ئاماژە بۆ ژمارەی کوردی ئێزیدی دەکات و بە (700) هەزار کەس دەیانخەملێنێت _ (ل 20)، سەبارەت بە عارەبکردنی موسڵ دانەری پەرتووکەکە دەڵێت: لە سەردەمی خەلیفە عومەر کوڕی خەتاب ساڵی (614) ز هەرسەمەی کوڕی عەرفەجەی ئەلبارق یەکەم کەسی عارەب بوو هاتە موسڵ (ل22). موسڵ بەر لە شەڕی چاڵدێران لە ژێر دەسەڵاتی ئێرانییەکاندا بووە، دواتر لە ساڵی (1516) کەوتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان و دواتر ساڵی (1879) موسڵ کرا بە مەڵبەندی ویلایەتێکی سەربەخۆ بەناوی ویلایەتی موسڵ (ل25). دوا گۆڕانکاری لە ساڵی (1874) کراوە سەبارەت بە سنووری ویلایەتی موسڵ و کراوە بە چەند سنجەقێک و چەند قەزایەکی پێوە لکاوە، سنجەقی مەڵبەند موسڵ قەزاکانی زاخۆ، ئامێدی، شنگال و ئاکرێ ) کە هەر هەموویان کوردن. سنجەقی کەرکوک: قەزاکانی هەولێر( ڕانیە – ڕواندز – کۆیە - کفری (کە هەر هەموویان کوردن)، هەروەها سنجەقی سلێمانی: قەزاکانی (بازیان – هەڵەبجە - مەرگە و شارەزوور (کە هەر هەموویان کوردن، ل30).

نووسەر دەربارەی شاری موسڵ ئاماژە بۆ ناوی (نین ئاوا) و (نون ئاوا)ی کۆن دەکات وەک ناوی دێرینی شاری موسڵ، دواتریش باسی لە فەرمانڕەواکانی موسڵ و والییە کوردەکانی سەردەمی عوسمانی دەکات، پێشتر باس لە ناوی چەندین شار و شارۆچکە دەکات لە دەوروبەری شاری موسڵ کە کورد بوون و لەگەڵ سەرەتای فەرمانڕەوایی عارەبی ئیسلامی، لە سەردەمی عومەر کوڕی خەتاب بە عارەبکراون، بۆ نموونە ئاماژە بۆ شاری (نەو کورد) دەکات کە چەند کیلۆمەترێک دەکەوێتە باشوری شاری موسڵ، لەگەڵ هاتنی عارەبەکان ناوەکەی گۆڕاوە بۆ حەدیسە کە واتاکەی شاری نوێیە (ل22).

له درێژەی ئەم باسەدا نووسەر ئاماژە بۆ هەفتەنامەیەک دەکات کە بە ناوی موسڵ لە (25.6.1880) کە لە شاری موسڵ دەرچووە بە زمانەکانی عارەبی و تورکی و بابەتی تیا بڵاو کراوەتەوە، بە ئاشکرا پشتیوانی لە کوردەکان و مافە رەواکانی لەم شارە کردووە، دیارە بوونی کورد و بە رێژەیەکی بەرچاو هۆکاری نواندنی ئەم هەڵوێستە بووە لە لایەن ئەم ڕۆژنامەیە کە تایبەت بووە بە شاری موسڵ (ل30)، دواتر نووسەر دێتە سەر باسی دابڕانی پارێزگای دهۆک لە موسڵ و بۆ دوو هۆکار دەگەڕێنێتەوە .

1- کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد لە موسڵ .
2- بوار ڕەخساندن بۆ بەعارەبکردنی شاری موسڵ.

بەشێکی دیکەی پەرتووکەکە تایبەتە بە کێشەی ویلایەتی موسڵ پەیوەست بە پەیماننامەی سایکس بیکۆ، ئەو پەیماننامەیەی لە (16.5.1916) مۆرکرا لە نێوان سێر مارک سایکس ئەفسەر و سیاسەتمەداری ئینگلیزی و شارل فرانسوا پیکۆی کۆنسوڵی فەرەنساوی کە پەیوەست بوو بە دابەشکردنی پاشماوەی زەویەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی بەسەر یەک لە (بەریتانیا - فەرەنسا - ڕوسیا)، کە سەرەنجام ڕوسیا دوای شۆڕشی بەلشەفی لێی کشایەوە و سەرەنجام لە نێوان فەرەنسا و بەریتانیا دابەشکرا، کوردستان بەشێکی سەرەکی ئەم دابەشکردنەی لەسەر خاکەکەی ئەنجامدرا، لە نێو ئەم رێککەوتننامەیەدا و بەڕێوەبەرایەتییەک بۆ هەرێمە کوردییەکان دابمەزرێندرێت (ل35).

ئاگربەستی مۆدرۆس و کۆنگرەی ئاشتی پاریس باسێکی دیکەی پەیوەست بە کێشەی ویلایەتی موسڵە، ئینجا نووسەر دێتە سەر پەیماننامەی سیڤەر و باسکردنی لە بەندەکانی (62، 63، 64) و بە درێژەی لە سەریان دەدوێت کە باس لە کۆنگرەی لەندەنیش دەکرێت، ئاماژە بۆ ئەو پەیوەندییە دەکات کە ئەتاتورک لەگەڵ هەر یەک لە ئیتاڵیا و فەرەنسا و سۆڤیەت بەستوویەتی، کە هەر سێکیان پەیوەست بە کورد و کوردستان ئامادە بوون، بەندەکانی سیڤەری سەبارەت بە کورد لابدەن و ئینگلیزەکانیش وازیان هێناوە لە باسکردنی دەوڵەتی کوردی و مافی چارەی خۆ نوسینیان، پەیوەست بە کۆنگرەی قاهیرەش کە لە (12-1921/1/30) بەسترا

بەریتانیا قایل نەبووە نوێنەرانی کورد بەشدار بن بە مەبەستی لەباربردنی ئەو گفتانەی کە لە (1923/7/24) لە شاری لۆزانی سویسرا پەیمانێک بەسترا مەبەست لێی هەڵوەشانەوەی بڕیاری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بوو، هەروەها ئەرمەنەکان سەرکوت بکات و یۆنانەکانیش تێکبشکێنێ.

ویلایەتی موسڵ و باشووری کوردستان بۆ هەر دوو لا گرنگ بووە، بۆ نموونە شا فەیسەلی یەکەمی شای ئێراق لە مایسی (1923)دا گوتی "حکومەتی بەغدا بەبێ کوردستانی باشوور و موسڵ ڕۆژێک ناژی". سەبارەت بە کوردیش کۆمەڵەی کوردی لە سلێمانی لە (1.10.1924) یاداشتێکی بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان نارد و بەرپەرچی هەر پەیوەندییەکی کورد و تورکیان داوەتەوە، وتویانە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ کوردن، بەڵام بەرژەوەندی نێو دەوڵەتی بواری بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی نەدا. لە ئاستێکی دیکەدا نووسەر ئاماژە بۆ دامەزراندنی حکومەتی کوردستانی دەکات لە (18.11.1918)دا لە سلێمانی و فەرماندەی گشتیی هێزەکانی بەریتانیا لە ئێراق لە (1.12.1918) ڕوویکردە سلێمانی و بە فەرمی حکومەتی باشووری کوردستانی ناسی، دواتر لابردنی نۆئێل و دانانی میجەر سۆن هاتە کایەوە کە میجەرسۆن دوژمنی سەرسەختی کورد بوو، سەرەنجام لە (21.5.1919) لە نزیک سلێمانی هێزی لیڤی پێشیان لە مەحمود خانی دزلی گرت و شەڕ لە نێوان شێخ مەحمود و هاوکارەکانی بەرانبەر بە ئینگلیز ڕوویدا، نووسەر بەردەوام ئەم سەرەبابەتانە بە کێشەی ویلایەتی موسڵەوە دەبەستێتەوە، ئینجا دێتە سەر هۆکارەکانی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە ئێراقەوە، بەڕای ئەو هۆکاری یەکەم گرنگی ئابووری و هەبوونی نەوتە، دواتر گرنگی شوێنی ستراتیژی و جیۆپۆلیتیکییە، هەروەها پاراستنی سنووری باکووری و خۆرهەڵات و خۆرئاوای ئێراقی عارەبی کە لە (27.10.1920) لە ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرا دروستکران، دواتریش هاوسەنگی دروستکردن لە نێوان سوننە و شیعەی عارەب لە هەمان کاتدا بوونی سەرچاوەی سروشتی کەرەستەی خاو لە کوردستان و بەروبوومی کشتوکاڵی سیاسەتی داگیرکەرانی ئینگلیز و لە کۆتاییدا مەترسی دروستبوونەوەی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی، لە هۆکارە ناوخۆییەکان پێنەگەیشتنی هەستی نەتەوایەتی کورد و نەبوونی یەک هەڵوێستی کورد و نەبوونی عەقڵیەتی

دیپلۆماسیەتی کوردی و لاوازی کورد لە ڕووی ئابووری. واتە لاوازی ژێرخانی ئابووری کورد، ئەوسا (ل87) گشت ئەم هۆکارانە بوون بە مایەی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە ئێراقەوە، سەبارەت بە کوردستانێتیی شاری موسڵ لە بەڵگەنامەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، نووسەر بەشی دووەمی پەرتووکەکەی بە فراوانی تەرخانکردووە (ل98–122)، دواتریش کوردستانێتیی شاری موسڵ و بەڵگەنامە ئێراقی و عارەبییەکان بەشی سێیەمی بۆ تەرخان کردووە (ل132–232)، ئینجا دێتە سەر بەڵگەنامە عوسمانی و تورکییەکان (ل234–268). لە بەشی بەڵگەنامە بیانییەکانیش بە وردی و زانستی ئاماژەی بۆ کردووە (ل270–402)کە (138) سەرچاوە لە خۆوە دەگرێت، دواتریش نووسەر دێتە سەر کوردستانێتیی شاری موسڵ لە بەڵگەنامە کوردییەکاندا کە (621) بەڵگەنامەیە و (466) سەرچاوەیە کە ویلایەتی موسڵ بە ویلایەتێکی کوردی ناو دەبەن، هی واش هەیە کەناری خۆرهەڵاتی ڕووباری دیجلە بە کوردستان دەزانێت (ل432)، بەڵام هەر هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە عارەب لەگەڵ هاتنی میلیشیای ئیسلامەوە هاتوون بۆ ئەم شارە و دواتر ڕۆژ بەڕۆژ هەنگاو بە هەنگاو شاڵاوی بەعارەبکردن فراوان بووە.

لە کۆتایی بەشی شەشەم نووسەر بابەتەکە بە (22) نەخشەی پەیوەست بە ویلایەتی موسڵ دەوڵەمەند دەکات (ل765–787)، هەر لەم بەشەدا نووسەر سوودی لە (466) سەرچاوە بینیوە.

# پەرتووکی مێژووی کوردستانێتیی شاری موسڵ بۆ چاپ نەکرا؟

پەرتووکی (مێژووی کوردستانێتیی شاری موسڵ لە چەندان بەڵگەنامەی جیا جیادا)، لە مانگی سپتێمبەری ساڵی (2008)دا لە دوو بەرگی (830) لاپەڕەدا چاپکراو بەخۆڕایی دابەشکرا. هەر دوابەدوای لە چاپدانی ئەو پەرتووکە، کۆمەڵێک سەرچاوەی گرنگم لە باشووری کوردستان کڕی و لەگەڵ خۆم هەموویانم هێنایەوە بۆ دانمارک کە نزیکەی (200) پەرتووک دەبوون. هەروەها لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی دواتریشدا نزیکەی (150) پەرتووکی ترم لە کوردستان کڕی و هەموویانم هێنایەوە بۆ دانمارک کە سەبارەت بە ئەنفال، مێژووی باشووری کوردستان، ویلایەتی موسڵی کۆن و یاداشت و بیرەوەرییەکانی دەیان کەسایەتی سیاسی، سەربازی و دیپلۆماتی ناسراو کە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی هاتوونەتە ناوچەکە و دەربارەی ئێراق و باشووری کوردستان نووسیویانە. دواتر بەچڕی کەوتمە کارکردن لەسەر سەرچاوەکان و تاوەکو ناوەڕاستی مانگی مارسی ساڵی (2010)، توانیم کۆتایی بەو بابەتە بهێنم و بۆ چاپی دووەم لەژێر ناوی (مێژووی کوردستانێتیی شاری موسڵ)دا ئامادەی بکەم. بەمەبەستی دووبارە چاپکردنەوەی پەرتووکەکەم کە بە بەراورد لەگەڵ چاپی یەکەم زۆر دەوڵەمەندتر و فراوانترم کردبوو بە زانیاری و بەڵگەنامەی نوێ، کە ژمارەی لاپەڕەکانی بوون بە (1304) لاپەڕە، ئەوەبوو لە ڕێکەوتی (11.5.2010)دا لەگەڵ تەحسین نامیق جێگری بەرپرسی (مەکتەبی بیرو هۆشیاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)دا ڕێککەوتم کە ئەوان (1200) دانەی چاپ بکەن، هەزار دانە خۆیان دابەشی بکەن و دوو سەد دانەش خۆم دابەشی بکەمە سەر هاوڕێیان، نووسەران، هەندێک لە پەرتووکخانە و کۆلێژەکان. پێویستە ئەو ڕاستییە بڵێم کە تەحسین نامیق زۆری پێخۆشبوو پەرتووکەکە چاپ بکرێت، بەدڵنیاییەوە دەیلێم ئێستاکەش لە چاپدانی بەدەست ئەو بێت بەزووترین کات لە چاپی دەدات.

سەرەتا بەهۆی کۆنگرەی سێی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و دواتریش بەهۆی سەرقاڵیبوونی ئەو کارمەندەی (م. بیرو هۆشیاری) کە ئیشوکاری دیزایین و ئامادەکردنی پەرتووکەکەی گرتبووە ئەستۆ بە تاقیکردنەوەی دەرەکی پۆلی شەشەمی ئامادەیی، کارەکان هیچی نەکرابوو، دوای کۆنگرە و هاتنی فەرید

ئەسەسەرد وەکو لێپرسراوی نوێی (مەکتەبی بیرو هۆشیاری)، کە دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ (مەکتەبی هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران/ ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران)، بەبیانووی ئەوەی کە فۆنتەکەیان کە (گۆران –ئونی کورد) بوو بەدڵیان نییەو دەیانەوێت فۆنتی نووسینەکە بگۆڕن، بەڵام هەتا خۆم لێم نەپێچایەوە ئەوان هۆکاری دواخستنەکەیان پێ ڕانەگەیاندم، دیارە لە کوردستان ئیشوکارەکان هەروایە سەرەڕای بوونی ژمارەی تەلەفۆن و ئیمێیلەکانم لەسەر پەرتووکەکە و لای خۆشیان، بۆ ئەو مەبەستە زۆرتر لە مانگێک چاوەڕێیان کردبوو!

دوای هاتنی فەرید ئەسەسەرد بۆ ئەو دەزگایە و چەندان جار پێوەندیکردنم بە جێگری بەرپرس سەرەتا باسی ئەوەیکرد کە لێپرسراوی نوێ دەیەوێت ناوەڕۆکی پەرتووکەکەم بخوێنێتەوە، ئینجا بینێرن بۆ چاپ. پاش ماوەیەک ڕایانگەیاند کە پەرتووکەکە باش بوو لەو سکەش سکی خوێندنەوەی مەکتەبی بیر و هۆشیاری بەئاسانی دەربازی بووە. هاوڕێ و دۆستانم لە کوردستان و هەندەران زۆر پێوەندییان پێوە دەکردم کە بۆ لە چاپدانەوەی پەرتووکەکەم دواکەوتووە، وەڵامم دەدانەوە کە بەگوێرەی قسەی بەرپرسانی دەزگای ناوبراو وا لە چاپخانەیە و بەم نزیکانە خۆری ڕووناکی دەبینێت، کەچی نەمدەزانی لە شەوە زەنگی مەکتەبی هۆشیاری (ینک)دا، چوارپەل، دەم و چاوی پەرتووکەکەمیان بەشێوەی زیندانێکی ڕامیاری بەستۆتەوە! تا برادەرێک لە ڕۆژی (30.9.2010)دا لە هەولێرەوە تەلەفۆنی بۆ کردم، دەنگوباسی لە چاپدانی پەرتووکەی پرسی و پێم ڕاگەیاند وا لە چاپخانەیە و هەربزانە دەرچوو، ئەو برادەرە گوتی: (دەرسیم ئەوان ڕاستیت پێ ناڵێن، هاوڕێیەکم لەوێیە ئەوەی بۆ باسکردووم کە دەمێکە فەرید ئەسەسەرد بڕیاری داوە پەرتووکەکەت لە چاپ نەدرێ، گەر دەتەوێت خۆت قسە لەگەڵ هاوڕێکەم بکە). لەو هاوڕێیەم پرسی هۆکاری بڵاونەکردنەوەکە دەزانی؟

گوتی: (فەرید گوتوویەتی هەندێک تێبینیم هەیە لەسەر پەرتووکەکە و پێم باش نییە بەمشێوەیە بڵاوبکرێتەوە، دەبێ هەڵەکان چاک بکرێنەوە، ئینجا بڵاوبکرێتەوە. چەندان کەم و کوڕی تیایە، بەم جۆرە ناکرێ لە چاپ بدرێتەوە، با سەرەتا کەموکوڕییەکان چاک بکرێن، دواتر لە چاپی دەدەین).

لەو ڕۆژەوە تاوەکو ڕۆژی (4.10.2010)، زۆرتر لە (30) جار تەلەفۆنم بۆ تەحسین نامیق کرد، بەڵام بەداخەوە نە تەنیا جارێک وەڵامی دایەوە نە تەلەفۆنیشی کردەوە.

بەڵام لای برادەرێک گوتبووی: (نازانم چی پێ بڵێم و هیچ وەڵامێکم پێ نییە بۆ ئەو، بۆیە وەڵامی نادەمەوە). ڕۆژی (4.10.2010) ژمارە تەلەفۆنی ئەو هاوڕێیەی هاوڕێکەم کە لە مەکتەبی بیرو هۆشیاری کار دەکات وەرگرت و قسەم لەگەڵی کرد، کە زۆر حەزی بە لە چاپدانی پەرتووکەکەم دەکرد. داوام لەو برادەرە کرد با فەرید ئەسەسەرد تێبینی، کەموکوڕی، هەڵە یان هەرچی ئەو خۆی ناویان دەنێت بۆمیان دەستنیشان بکات و بە ئیمێڵێک بۆمی بنێرێت یان بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ دەکەم و خۆی شتەکانم بە تەلەفۆن پێبڵێت. بەڵام فەرید ئەسەسەرد بەو برادەرەی گوتبوو کە نە تێبینی، کەموکوڕی و هەڵەیەکی پەرتووکەکەم بۆ دەنووسێت و نە دەیەوێت بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ بکات، بەڵکو ئەو جارە بەو هاوڕێیەی گوتبوو پێم بڵێت: (ئێمە لە مەکتەبی بیرو هۆشیاری قەت چاپی دووەمی هیچ پەرتووکمان نەکردووەو ئەوەی ئەویش ناکەن). ئەو هاوڕێیە داوای لێکردبوو کە خۆی تەلەفۆنم بۆ بکات و ڕاستەوخۆ ئەو قسانەم پێبڵێت، کەچی ئەو گوتبووی: (با دەرسیم قسە لەگەڵ تەحسین نامیق بکات، چونکە ئەو زۆرتر ئاگاداری لە چاپدانی ئەو پەرتووکەیە).

برادەرەکەی بیرو هۆشیاری چەند جارێک داوای لە تەحسین نامیق کردبوو کە وەڵامم داتەوە، بەڵام ئەو گوتبووی: (تکا دەکەم لەوە زیاتر ئیحراجم مەکە و نامەوێ قسە لەگەڵ دەرسیم بکەم، تەنیا ئەوکاتە خۆم زەنگی بۆ لێدەدەم و قسەی لەگەڵ دەکەم، دوای ئەوەی قسە لەگەڵ فەرید بکەم، ئەگەر ئەو قایلبوو بە لە چاپدانی پەرتووکەکەی دەرسیم).

سەیرکەن جیاوازی زۆر هەیە لەنێوان کەموکوڕی و هەڵە. فەرید ئەسەسەرد جارێک دەڵێ کەموکوڕی یان تێبینیمان هەیە، جارێکی تر دەڵێ پەرتووکەکە هەڵەی تیایە! کە دڵنیامە تاکە شت ئەوەیە لەگەڵ سیاسەتی ئەمڕۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ناگونجێ بۆیە لە چاپیان نەدا.

دواتر هەموو بڕیارەکان لە دەست فەرید خۆیەتی بۆ ڕەوانەی لای (تەحسین نامیق)م دەکات؟ خۆ ئەو بەرپرسی تەحسین نامیقە، نەک پێچەوانەکەی ڕاست بێت! سەبارەت بەوەی کە گوایە مەکتەبی بیر و هۆشیاری هەرگیز چاپی دووەمی هیچ پەرتووکێکی نەکردووەو ئەوەی منیش ناکەن، دەمودەست بەو هاوڕێیەم گوت: (ئەوەی هەر ڕاست نییە، خۆم زۆرتر لە هەزار و دوو سەد پەرتووکم هەیە لە دانمارک، کە بەشێکیان لە مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ینک) لە چاپدراون، یەکە یەکە

سەیریان دەکەم دواتر کە وەڵامم دایەوە ناوی پەرتووکەکانیشی بۆ دەنووسم کە چاپی دووەمن و لەو دەزگایە لە چاپدراون). هەر بۆ ڕاستی و ناڕاستی قسەکەی فەرید ئەسەسەرد شەش پەرتووکم دۆزییەوە کە سیانیان چاپی دووەم و دووەکەی تریشیان چاپی سێیەمە و لە دەزگای مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران) لە چاپ دراون، کە بریتین لەم پەرتووکانە: (1- سەربەست حوسێن، ئێزیدییەکان لە مێژووی نەتەوەکەیاندا، چاپی دووەم، سلێمانی 2002. 2- گۆستاف ئۆلۆبۆن، سایکۆلۆژیای جەماوەر، وەرگێڕانی لە عارەبییەوە بۆ کوردی ئارام جەمال سابیر، چاپی دووەم، سلێمانی، هاوینی 2006. 3- مەحمود سەنگاوی، جاش و جینۆساید، چاپی دووەم، سلێمانی – باشووری کوردستان 2007. 4- فازڵ کەریم ئەحمەد، هەڵۆی سوور، چاپی دووەم، سلێمانی، ساڵی (2007). 5- کاوە جەلال، ژان ژاک ڕۆسۆ، چاپی سێیەم، ساڵی 2007، سلێمانی. 6- حکمەت محەمەد کەریم (مەلا بەختیار)، ثورة کوردستان ومتغیرات العصر، الطبعة الثالثة، ترجمة ومراجعة بەندەر عەلی ئەکبەر، ساڵی 2011). بەمشێوەیە دەرکەوت کە فەرید ئەسەسەرد سیاسەتی داپۆشینی ناڕاستییەکان بە چەندان ناڕاستی تر دەگرێتەبەر!

لە هەمووی سەیرتر، مەلا بەختیاری مۆدێرن و هەڵگری ئازادی بێ قەیدو شەرتی سیاسیی، لە وتارێکیدا لە لاپەڕە (1)ی ژمارە (5385)ی ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (23.1.2011)دا لەژێر ناونیشانی (تونس و کوردستان بەراورد یان کاردانەوە؟)، نووسیوێتی: (بەڵام لە کوردستانێکدا، تێکڕا حزبەکان ئازادبن، لە بازاڕی کوردستاندا، یانزە هەزار کۆمپانیای ئازاد هەبێت، لە کوردستانێکدا، یەک ڕۆژنامە، یەک گۆڤار، یەک پەخشنامە، یەک تەلەفزیۆن، یەک ئێزگە و ***یەک پەرتووک قەدەغە نەکرابێت***. یەک حزبی سیاسی و یەک ڕێکخراوی مەدەنی مۆڵەتی یاسایی و ئازادی لێ زەوت نەکرابێت. تەواوی حزبەکان و کاندید بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، ئازاد بێت، ئیتر چۆن دەکرێت ئەزموونی دیموکراسی کوردستان، بە ئەزموونی تۆلیتاری تونس بەراورد بکرێت؟). لێرەدا تەنیا سەبارەت بە قەدەغە کردنی پەرتووک قسە دەکەم و پرسیارێک لە دوو بەشدا لە مەلا بەختیار دەکەم، ئایا جیاوازی چییە لەنێوان ڕێگەگرتنی لەچاپدان و قەدەغەکردنی پەرتووک؟ ئایا لەچاپ نەدانی پەرتووکیش هەنگاوی یەکەم نییە بۆ قەدەغە کردنی پەرتووک؟

بەپێی بۆچوونەکانی خۆم هۆکاری چاپ نەکردنی پەرتووکەکەم لەلایەن ناوبراوەوە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینم:

1. ناوەڕۆکی پەرتووکەکەم لەگەڵ سیاسەتی ئەمڕۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ناگونجێت، کە ئەوان نایانەوێت پەرتووکێک لە دەزگایەکی خۆیاندا چاپ بکرێت و بە بەڵگە بیسەلمێنێ کە شاری موسڵ شارێکی کوردیی و سەر بە خاکی باشووری کوردستان بووە، نەوەک دڵی ئوسامە نوجەیفی، ساڵح موتلەگ و عارەبە ڕەگەزپەرست و کۆنە بەعسییەکانیان لێ بڕەنجێ و گلەیی زۆریان لێبکەن.
2. کاتێک کە فەرید ئەسەسەرد خۆی شاری موسڵ بە شارێکی کوردی و کوردستانیی نەزانێت، ڕێگاش نادات پەرتووکێکی تر لەو دەزگایەی کە خۆی سەرپەرشتی دەکات لە چاپ بدرێن، نەوەک کەسانێک وەکو بەڵگەیەک دژ بە پەرتووک و بۆچوونەکانی سەبارەت بەو شارە کوردیی و کوردستانییە بەکاری بهێنن.
3. فەرید ئەسەسەرد، پێوانەی باشووری کوردستانی لە پەرتووکی (ئەتڵەسی سیاسیی هەرێمی کوردستان 1914–2005)دا زۆر بچووک کردۆتەوە لەچاو ئەو پێوانە ڕاستەی کە من بەگوێرەی بەڵگەنامەکان بۆ باشووری کوردستانم داناوە. لەچاپدانی پەرتووکەکەی فەرید ئەسەسەرد و ئەوەی منیش دەبوایە لە مانگەکانی ئۆکتۆبەر یان نۆڤێمبەری ساڵی (2010)دا لە یەک کاتدا بکەوتنایە بەردەستی خوێنەران، لەوانەیە ئەوەشیان هۆکارێک بووبێت بۆ لەچاپ نەدانی ئەوەی من، چونکە هەردوو پەرتووک یەک بابەت بوون، بەڵام تاڕادەیەکی زۆر لە ناوەڕۆکدا پێچەوانەی یەکتر بوون!
4. فەرید ئەسەسەرد، لە ئێستا و ڕابردووشدا شاری موسڵ بە شارێکی کوردیی و بە بەشێک لە خاکی باشووری کوردستان نازانێت و نەزانیوە، بەڵگەشم بۆ ئەو بۆچوونەم سەیری دوا پەرتووکی ناوبراو (ئەتڵەسی سیاسیی هەرێمی کوردستان 1914–2005) بکەن، کە لە چاپێکی جوانی خواپێداوەکان لە دەرەوەی کوردستان چاپکراوە، بەهیچ شێوەیەک بەلای کوردبوون و کوردستانێتیی شاری موسڵ–دا نەچووە! ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە ئەو خۆی لە وەرگێڕانی پەرتووکی (بزووتنەوەی نەتەوایەتی

ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردستان)ی دکتۆر عەزیز شەمزینی چاپی یەکەم ساڵی (1985) و چاپی دووەمی ساڵی (2006)دا، تەنانەت لەهەر شوێنێک دکتۆر عەزیز شەمزینی باسی کوردستانێتیی شاری موسڵی کردبێت، فەرید ئەسەسەرد لە چاپی (1985)دا وەکو خۆی بۆ کوردی وەریگێڕاوە، بەڵام لە چاپی ساڵی (2006)دا (موسڵ)ی دەرکردووە لە وەرگێڕانەکەیدا. بۆ ئەوەی خوێنەر باشتر ئەو کارەی فەرید ئەسەسەردی بۆ ئاشکرابێت، لە خوارەوە ئاماژە بە دەستکارییەکانی ئەو و جیاوازییەکانی نێوان هەردوو چاپ دەکەم:

نووسەر و ڕۆژنامەنووس فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە پەرتووکی (بزووتنەوەی نەتەوایەتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردستان)ی لە عارەبییەوە وەرگێڕاوە، کە بریتییە لە تێزێکی زانستیانەی بڕوانامەی دکتۆرای (دکتۆر عەزیز شەمزینی) و پێشکەش بە زانکۆی (لینینگراد)ی ڕوسیا کراوە.

فەرید ئەسەسەرد، لە لاپەڕە (18)ی چاپی کۆنی پەرتووکەکەی دکتۆر عەزیز شەمزینی (بزوتنەوەی نەتەوایەتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردستان)دا، وای وەرگێڕاوە: (کوردستان لەڕووی سامانی سروشتی و کانزاوە زۆر دەوڵەمەندە بەڵام زۆربەی زۆری ئەو سامانە هێشتا نەدۆزراوەتەوەو گرنگترینیان ئەمانەن: نەوت، کە بەشێوەیەکی تایبەتی لە موسڵ، کەرکوک و خانەقین لە ئێراق، سیرت، باتمان و هەندێ ناوچەی تری تورکیا. کرمانشان لە ئێران و قەرەچوک لە سوریە دەردەهێنرێ و جگە لە نەوت، ئاسن، توتیا، قورقوشم، زیو، کرۆم و مولیبدن هەیە).

کەچی لە چاپە نوێیەکەیدا، لە بابەتی (سامانی سروشتی و کانزایی کوردستان)دا کە دەکەوێتە لاپەڕە (25)، نووسیویێتی: (نەوت کە بەشێوەیەکی تایبەتی لە ئێراقدا لە ناوچەکانی کەرکوک، زەممار و خانەقین دەردەهێنرێ).

فەرید ئەسەسەرد، لە لاپەڕە (27)ی چاپی کۆن بەمشێوەی وەرگێڕاوە: (تورکیاش لە ئاستی خۆیەوە لە هەوڵ و تەقەللای خۆی ناکەوێ بۆ داگیرکردنی بەشەکانی تری کوردستان و لای وایە گوایە ویلایەتی موسڵ (کە بە ناوچەیەکی کوردی دەژمێردرێ و گرنگترین مەڵبەندی نەوتی ئێراقی تیایە) بەشێکی جیانەکراوەی خاکی تورکیایە).

کەچی لە چاپە نوێکەدا کە دەکەوێتە لاپەڕە (31) بەمشێوەیەیە: (تورکیاش هەمان بیرکردنەوەی (ئێرانی) هەیە. کاربەدەستانی تورکیا تا ئەمڕۆ ویلایەتی موسڵ بە بەشێکی جیانەکراوەی تورکیا دەزانن).

دکتۆر عەزیز شەمزینی، لە لاپەڕە (74)ی پەرتووکی ناوبراوی سەرەوە نووسیویێتی: (لەسەر بناغەی دابەشکردنی کارو ئەنجامە یەکلاکەرەوەکەی کە ئالوگۆڕ کردنی بەروبومی کشتوکاڵ و بەرهەمی پیشەسازییە، شارەکانی کوردستان گەشە دەکەن و پەرەدەسێنن وەک کرماشان، سەقز، سابڵاخ، بۆکان، شنۆ، نەغەدە، ڕواندز، هەولێر، کۆیە، سلێمانی، کەرکوک، خانەقین، موسڵ، وان، بەتلیس، ئامەد، موش، سیرت، ئەرزنجان، چۆلەمێرگ، مەلاتیە، ئورفە، جەزیرەی ئیبن عومەر، قامشلی و زۆر شاری تر کە دەبن بە مەڵبەندی بازرگانی ئەو ناوچەیەی تیایدان و هەموو بەروبوم و کەرەستەی خۆراک و بەرهەمی پیشەسازی بۆ دابین دەکەن (چ ئەوەی خۆیان دەیهێننە بەرهەم چ ئەوەی لە دەرەوە دەیهێننە ناو وڵات)و بەو شێوەیە ئەو شارانە دەبنە چەند مەڵبەندێکی بازرگانی لە کوردستاندا).

کەچی لە چاپە نوێیەکەدا کە دەکەوێتە لاپەڕە (77)، فەرید ئەسەسەرد ناوی شاری موسڵ-ی قرتاندوەو بەمشێوەیە نووسیویێتی: (لەسەر بناغەی دابەشکردنی کارو ئەنجامەکەیدا کە بریتیە لە گۆڕینەوەی بەرهەمی کشتوکاڵ و بەرهەمی پیشەسازی، شارەکانی کوردستان وەک کرماشان، سنە، سەقز، مەهاباد، بۆکان، شنۆ، نەغەدە، ڕواندز، هەولێر، کۆیە، سلێمانی، کەرکوک، خانەقین، وان، بەتلیس، دیاربەکر، موش، سیرت، جۆلەمێرگ، مەلاتیە، قامیشلی و هی تر گەشە دەکەن و پەرە دەستێنن).

دکتۆر عەزیز شەمزینی، لە لاپەڕەکانی (75-76)ی چاپە کۆنەکەدا کە فەرید وەریگێڕاوە، نووسیویێتی: (بۆ نموونە ئەمە دەخەینە بەرچاو: لە کوردستانی ئێراقدا (25) هەزار کرێکار بە خێزانەوە لە سەرجەمی (75) هەزار کەسی دانیشتوانی شاری کەرکوک لە کارگەو پاڵێوگا پیترۆلیەکانی نزیک کەرکوک کار دەکەن. هەروەها زۆربەی کرێکارانی پاڵێوگە پترۆلیەکانی شارەکانی تری کوردستان وەک خانەقین و موسڵ کە سەر بە کۆمپانیای نەوتی ئێراق و لقەکانیەتی کرێکاری کوردن.

کەچی لە چاپە نوێیەکەدا کە دەکەوێتە لاپەڕە (78)، دەستەواژەی (شارەکانی تری کوردستان وەک)ی لەلایەن فەرید ئەسەسەردەوە لاداوەو نووسیویێتی: (بۆ نموونە لە کوردستانی ئێراقدا لە سەرجەمی (75) هەزار کەس کە دانیشتوی شاری کەرکوک-

ن، (25) هەزار کەس بە خێزانەوە لە کارگەو پاڵێوگا پترۆلییەکانی نزیک شاری کەرکوک-دا کاردەکەن. هەروا زۆربەی کرێکارانی دەزگاو پاڵێوگا پترۆلییەکانی خانەقین، موسڵ و دەزگا پترۆلییەکانی سەر بە کۆمپانیان نەوتی ئێراق و لقەکانی، کرێکاری کوردن). کوا دەستەواژەی شارەکانی تری کوردستان لە چاپە نوێکەی فەرید ئەسەسەردا؟ فەرید بۆ ئەو دەستەواژەیەی لاداوە؟ کە تەواو کاردەکاتە سەر مانای تەواوی رستەکە!

دکتۆر عەزیز شەمزینی، لە لاپەڕە (76)ی چاپە کۆنەکەدا لە وەرگێڕانی فەریددا، بەمشێوەیە نووسیویێتی: (بەپێی ئەوەی لە کۆمەڵە ستاتیکی ساڵانەی گشتی ساڵی (1955)دا بڵاوکراوەتەوە کە وەزارەتی ئابووری ئێراق دەریدەکا، ژمارەی کرێکارانی شارە کوردییەکانی موسڵ، کەرکوک، هەولێر و سلێمانی لە ساڵی (1955)دا جگە لە کرێکارانی کارگەو دەزگا پترۆلیەکان گەیشتۆتە (15605) کرێکار، (8032) کرێکار لە موسڵ، (3527) لە کەرکوک، (2272) لە هەولێر و (1774) لە سلێمانی).

کەچی فەرید ئەسەسەرد لە چاپە نوێیەکەدا کە دەکەوێتە لاپەڕە (78)، دەستەواژەی (ژمارەی کرێکارانی شارە کوردییەکانی) لاداوەو بەمشێوەیە دایڕشتۆتەوە: (بە پشت بەستن بە ئاماری ساڵانەی گشتی کە لە ساڵی (1955)دا وەزارەتی ئابووری ئێراق سازیکردووە، دەردەکەوێ کە ژمارەی کرێکارانی موسڵ، کەرکوک، هەولێر و سلێمانی بێجگە لە کرێکارانی کارگەو دەزگا پترۆلییەکان بەم چەشنەیە: موسڵ (8032) کرێکار، کەرکوک (3527) کرێکار، هەولێر (2272) کرێکار، سلێمانی (1774) کرێکار کە سەرجەمەکەی دەکاتە (15605) کرێکار). دیسان لادانی دەستەواژەی (ژمارەی کرێکارانی شارە کوردییەکان) لەلایەن فەرید ئەسەسەردەوە مانای رستەکە بەتەواوی بەزیانی کورد و قازانجی شۆڤینییەتی عارەبی داگیرکەری باشووری کوردستان دەگۆڕێت.

سەرچاوەکان:

1. دکتۆر عەزیز شەمزینی، بزووتنەوەی نەتەوایەتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردستان، فەرید ئەسەسەرد لە عارەبییەوە کردوویە بە کوردی، لە

چاپخانەی (شەهید ئیبراهیم عەزۆ) چاپکراوە، باشووری کوردستان،ساڵی 1985.

2. دکتۆر عەزیز شەمزینی، جولانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان، فەرید ئەسەسەرد لە عارەبییەوە کردوویە بە کوردی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، چاپی چوارەم، سلێمانی - باشووری کوردستان 2006.